# فەرهەنگی

# نەورۆز

**کوردی- کوردی**

**( کۆی هەموو فەرهەنگە کوردییەکان )**

**تێکەڵی فەرهەنگ و شێعری شاعیرانی کلاسیک و نوێ:** نالی، مەحوی، مەولەوی، حاجی قادر، گۆران، پیرەمێرد، ئەدەب، کوردی×، سالم، حەمدی، حەریق، بێکەس، بێسارانی، بێخود، ڕاوچی، هەژار، هێمن، هێدی، حەقیقی×، ناری، نالبەند×، وەفایی، جزیری، فەقێ تەیران، خانی، خادیم×، خانای قوبادی، ئاوات، ئاسۆ×، ئەسیری×، کامڕان موکری، کاکەی فەلاح، ساڵح دیلان، گەردیگلانی، ئەحمەدی کۆر، سافی×، شاهۆ×، میرزای هەورامی، تاهیربەگی جاف، عەلی مەردان، تایر تۆفیق×، ٢٤١٠٣٧٧/ ٢٠٥٠٠٠ سەرواژە/ مینەجاف، مەلا حەسەنی دزڵی، کەرکوژ، مشتاخ×، داخی×،.. هـ ﻫ

# ئا–ب(١٢٦٧/٦٣٠٨/ لاپەڕ)

**ڕەحمان جەوان**

(نە هەر مل لایقە، دەستی بە سەربەستی لە گەردن کەی/ نە هەر سەر، واجیبی دەستەی گوڵ و سەرپۆش و پووشینە) «ناری»

بۆچوون:

ئا+ب= ١٠٠٠

ئا+ب+پ= ١٤٠٠، (٧٠٠)٢

ئا+ب+پ+ت= ١٥٣٠ (٧٦٥)٢

(لە سەر زار و زمانان گەرچی سووکە/ لە میزانی حەقیقەت زۆر گرانە) «کۆیی»

(هەرکەس وێنەی تۆ گەوهەر بارشەن/ دانا و بزورگان خریدارشەن) «خانای قوبادی».

خوێنەری ڕێزدار و هێژا:

ئەم فەرهەنگەی کە لە بەر دەستی تۆی بەڕێز و گرانقیمەتایە، کۆکراوەی کۆمەڵی فەرهەنگی کوردی – کوردی و کۆی چەند دیوانی شێعری و کتێبی پەخشان و چیرۆکان و بەیت و باڵۆرە و حەیران و گەلۆ و گۆرانی و ئاوازە، کە لەوەپێش نووسریاگن و بێژراون و لێرەدا لێکدراونەتەوە و کۆکراونەتەوە و سەرلەنوێ دارێژراونەتەوە.

ئەم فەرهەنگ و دیوانانەی کە وەک ژێدەر و چاڤکانی بەهرەیان لێ وەرگیراوە، ئەمانەن:

١. کۆمەڵی فەرهەنگ سۆرانی: هەنبانەبۆرینە، کوردستان، مەردووخ، ...

٢. کۆمەڵی فەرهەنگی کرمانجی(بادینی): مشەختی، کانی، گولۆک هەڵچنین، فەرهەنگا گوتنێن پێشینیان، پەژن و گۆتنێت کوردی، ...

٣. کۆمەڵی فەرهەنگی کرماشانی و لەکی: فەرهەنگی باشوور، خۆرهەڵات، ع.ا. دەروێشیان، ...

٤. کۆمەڵی فەرهەنگی هەورامی: وەرقول، وشەوان، فەرهەنگۆک خانای قوبادی، ...

٥. کۆمەڵی دیوان و سەرچاوەی سۆرانی: نالی، مەحوی، حاجی قادر، هێمن، هەژار، ئەدەب، ڕاوچی، گەنجی سەربەمۆر، کانیمرادان، توحفەی موزەفەریە، حەمەدۆک، ڕشتەی مرواری، سوارۆ، گەلۆ، گوڵی، چەپکی گوڵ، حەیران، زەمبیلفرۆش، سەیدەوان، ...

٦. کۆمەڵی سەرچاوەی بادینی: دیوانی مەلای جزیری، مەم و زین، فەقێ تەیران، ...

٧. کۆمەڵی سەرچاوەی کرماشانی: دیوانی شاکە و خان مەنسوور/ ×

٨. کۆمەڵی سەرچاوەی هەورامی: مەولەوی، بێسارانی، دزڵی، خانای قوبادی ...

٩. نەخشەی جوغرافیایی ناوی شار و گوند و چۆم و شاخەکانی کوردستان،

١٠. کتێبی ناوی کوڕ و کچانی کوردەواری،

١١. مێژووی مۆسیقای کوردی، ئامێراکانی مۆسیقای کوردی،

١٢. فەرهەنگی باڵندە، فەرهەنگی ئاژەڵان، ...

بە پێیەی سەرچاوەکان، ئەم فەرهەنگە، دارێژراوێکی نوێی فەرهەنگی زمانی کوردییە، کە وێنەی لەوەپێش و بەم تەرزە، نەبووە و نەنووسیاگە. فەرهەنگێکی فرە واژەیی و فرە واتایی، واتا بۆ سەری مار و مێروو بگەڕێی، پەکت ناکەوێ و دانامێنی!

ئەوەی کە جێی سەرنجە، ڕادەی سەرواژەی ماناکراو و ڕادەی مانای لێکدراوە و ڕادەی وێنە شێعر و پەند و مەتەڵ و مەتەڵۆکییە، وا بۆ سەلماندنی ماناکە نووسراوە. بە دڵنیایی دەڵێم لەم بارەوە شێوەکارێکی تایبەتییە، تا نهۆ نەکریاگە و ڕەنگە بەو زووانەش نەیەتە ئاراوە. ئەوەی کە تۆ وێنەشێعرێکی: (نالی، مەحوی، مەولەوی، جزیری، فەقێ تەیران و ...) دێنێتەوە بۆ گەیاندنی مانایێک،

شک و گومان و دوودڵی و تەم و مژ لە سەر ئەو مانایە دەڕەوێ و نامێنێ. ئەو کات بۆ خوێنەر گەلێک پرسیاری جوان دێتە ئاراوە، کە ئەو حەمکە بەرهەمە چۆن لێکدرابێتەوە، چۆن بەبێ هەڵە و پشتئەستوور وە کام زانیاری لە جێی خۆی دانرابێ، ئەوە جێی وردبینی و بایەخ پێـــــدان و لـــــێو

هەر بۆیەش تکا و ڕجا و لاڵە لە خوێنەرەکەی دەکەم: لە هەر کوێ حەزی لێیەتی، دوو لاپەڕەی لێ وەکە، لێی بنێڕێ، لێی وردبێتەوە، لەگەڵ فەرهەنگێلی پێش خۆی بە قەد و بەژن و باڵای یەکیان بگرێ، جیاوازی

شک و گومان و دوودڵی و تەم و مژ لە سەر ئەو مانایە دەڕەوێ و نامێنێ. ئەو کات بۆ خوێنەر گەلێک پرسیاری جوان دێتە ئاراوە، کە ئەو حەمکە بەرهەمە چۆن لێکدرابێتەوە، چۆن بەبێ هەڵە و پشتئەستوور وە کام زانیاری لە جێی خۆی دانرابێ، ئەوە جێی وردبینی و بایەخ پێدان و لێوردبوونەوەیە و ...

هەر بۆیەش تکا و ڕجا و لاڵە لە خوێنەرەکەی دەکەم: لە هەر کوێ حەزی لێیەتی، دوو لاپەڕەی لێ وەکە، لێی بنێڕێ، لێی وردبێتەوە، لەگەڵ فەرهەنگێلی پێش خۆی بە قەد و بەژن و باڵای یەکیان بگرێ، جیاوازی و خاڵە هاوبەشەکانیان بخاتە بەر چاو، ئەوسا دەزانێ کە من بۆ نووسینی ئەم فەرهەنگە چەندەم شەکەتی چەشتووە، چەندەم ئارەق ڕشتووە، چەندەم شەو و شەونخوونی دیووە، چەندەم تیر و تانەی بنەماڵە و گلەیی خزم و سکاڵای ئەقرەبا و گازندەی دۆسانم بە گوێ گەیوە!

خاڵێکی دی لەم فەرهەنگە جێی باس و لێدوانە، ئەمەسە کە من فەرهەنگێکی فرە زاراوەیی و فرە ڕەهەندی زمانی کوردیم کۆ کردۆتەوە. فرەزاراوەیییە چون لە هەموو زاراوە سەرەکیەکانی زمانی کوردی وەک: کرمانجی ژووروو(بادینی)، کرمانجی ناوەڕاست (سۆرانی)، کرمانجی خواروو(کرماشانی و لەکی)، هەورامی کەڵک وەرگیراوە. هەم لە سەرواژەکان و هەمیچ لە مانا و شرۆڤەدا. فەرهەنگێکی فرە ڕەهەندی و گشتییە، چون باسی هەموو شتێکت بۆ دەکا، لە گژ و گیا و ئاژەڵڕا بگرە تا گیاندار و بێگیان، داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و باسی مێژوویی و کەلتووری زۆر کۆن و قەدیمی، بەیت و باڵۆرەی دنیات بۆ خڕ دەکاتەوە. وشەی کۆن و ڕەسەن و سواو و شڕە لێبڕاوی زۆری تێدا کۆ بۆتەوە. هەر خۆی بە وشە نەبەستۆتەوە، تەنانەت کردار و دەستەواژە و شێوە ڕستەی زۆری تێدا وەکۆ بوون. ناوی زۆربەی شار و شارۆچکە، دێهات و گوند، چۆم و چاڵ، کەند و لەند، تەپ و تەپۆڵک و شیو و دۆڵێکی کە دەستم کەوتبێ لەخۆی گرتووە. هەر بۆیا بۆ هەموو کەسێلی بادینی زمان، سۆرانیزان، هەورامیواچ، کرماشانیبێژ و لەکیگۆ جێی کەڵک لێ وەرگرتنە.

من قەت ناڵێم بادینیزانم، داوای ئەمەش ناکەم لە هۆرامی و کرماشانی نیمچەزانام، بەڵکوو دەڵێم: هێندێ سەرەتەقەی لە شێوەزاری سۆرانی دەکەم، کوێرە سیواتێکم لەو بەشەیدا هەیە، بە پێی ئەرکی سەرشانم ئەم کارەم کردووە تا خزمەتێکی زۆر گچکە و بیچکی زمانەکەی خۆمم کردبێ، تا کەلێنێکم لە کتێبخانەی کوردی پڕ کردبێتەوە. جا ئەوە کە ئامانج پێکاوە یا نا، قەزاوەت و بڕیار بە ستۆی خوێنەرانی هێژا بێ!

لە بواری هەڵە و پەڵەی نەدێراوی کـاریچدا، بە پێی ئەوە کە منیش وەک ئەنگۆ مرۆڤم، هـیچم لە کەس زیاتر نییە، ڕەنگە هەڵە و ناتەواویش هاتبێتە ئاراوە. وێدەچێ شتێکم بە هەڵە لێکدابێتەوە، جا هەر بـۆیە داواکـارم، ئەگەر لە شـوێنێ هەڵەیێـک بەرچـاو کەوت، لـێم نەقـوولێنن! لـێم لە هەڵـلا نەدەن! وابزانن کارەکە هـی خۆتـانە. بە بەڵـگە و سـەنەد پـێم بسـەلمێنن کـامە هەڵەیە و ڕاسـتی بابەتەکە کـامەیە، ئەوسـا منـیش دەس و چاوتـان مــاچ دەکەم. عەیبــی مــن هــی تــۆیە و بە پێچەوانەش! با بە هەر دوکمان دەس خەیـنە نـاو دەسی یەکتـر و کـارەکە ڕەنگینتـر و زەنگینتـر کەین.

**سپاس و پێزانین**:

لە کۆتـاییدا زۆر سپاسـی هەمـوو دۆسـت و بــرادەر و ڕەفیقــانم دەکەم کە بە جۆرێــک هاورکـاری و هاوفکرییـان کـردووم، وەک: زۆر بەڕێز خانم دوکتور فـاتمە مودەڕسـی مامۆسـتای زانکـۆی ورمــێ، دوکتــور حوسـێن مکـایلی مامۆسـتای زانکـۆی ئـازادی بۆکـان، هـاوڕێی هەمیشەیی کاک ئیرەج نادری ماستێری ئەدەبیـات و مامۆستای دواناوەندی بۆکان، مامۆستا حوسەین شێربەگی، کاک سەلاح نیسـاری، هەڤـالان سـەید حەمەدەمین و سەید یاسـین قورەیشـی، مامۆسـتا ئاسۆ، مامۆستا ئەمین گەردیگلانی، مامۆستا خالید عینایەتی، مامۆستا محەمەد حوسێنپوور، مامۆسـتا کـاوە عەزیزنـژاد، مامۆسـتا مسـتەفا ئێلخـانیزادە، دوکتور عەلی ڕەزا خانی (ئەیـوان)، کـاک بێهـزاد زارعی(بانە)، بنەمـاڵەی بەڕێـزم: مەنـجە خـاتوون فەکنـازی، موهەنـدیس ئەرەسـتو جەوان، عێرفـان جەوان، ئێلناز جەوان.

سەفحەی یادداشت/ماندەها///

**شێخانی**-کوردی ٥٨٧س- الف/ ب/١٢٠/٦٤//
تەواو-
پیرەمێرد: بەرگ ٢ تەواو/
**گیوی**/ تواو
**تەیران / تواو تا ٤٥٠ سفحە/**
**تەیران: فرٍ: ک / تەواو**
**خانی//// مەم و زین/ باکوری تەواو///**
**١.باشوور/کرماشانی.///-ئا ...گ**
**٢.دەروێشیان/کر. ///-ئا...ل**
**خانای قوبادی/هەورامی/فر. تەواو**
**دیوان خانمەنسوور/ ایلام/ تەواو/**
**ناونامە/ خالید ئاوات/ ئەلف- ب/ تەواو**
**شەوارە: تەواو بوو/**
**سالم: تەواو/**
**پێکەنینی گەدا/ تەواو/**
**گول شوون: تەواو/**
**ماندە.......................................**
**کەریمپوور/کر. /// -×**
**حەمدی////           ×**
**حەمەدۆک/ عەبدوڵڵا حەسەنزادە/×**
حەمەجەزا/ بە ئەمانەت لای کاک مستەفا وەرگرە××
**وەرقۆل**/**هەو**./// ئەلف/ ب. (لە وەرقول)،
شرووع «پ» لە وشەنامە١/١٢/ ٩٤/ **تەواو**
**فەرهەنگی کینایە/**
**دیاری شوان/**
**فەرهەنگی دەنگەناو/**

**ئاکسفۆرد: ئەلف/ب/ تەواو**
**لە مەهاباد بۆ ئاراس/**
**چارداوڵی/ فرهنگ ساین قەڵا.**
**زانیاری/ فلاح پور/ ا،...،پ (مهم)**
**دیوان وەفایی/ ماوە/**
**هزر و هیڤی (بادینی)×ماوە×**
**بۆکوردستان×ماوە×**
**چێشتی مجێور×ماوە×**
**حکمەتی/ ماوە**
**ئاوات/ ماوە**
**مەستورە/ ×**

**ئا**: ١. ئا، بەڵێ، واسە، ئم، ئەرێ، ئارێ: (زوانت، وەختێ ئیزنش تەڵەب کەرد/ لاڵ کەی نمەبۆ، چەنی (ئا)ش ئاوەرد؟) «مەولەوی»، (نان دەخۆی؟ ئا)٢. هی، هین: (جارییێ چەند جاران ب پێچیا ناڤین، ئا دەستێ راستێ) «مەستوورە»، (ئامنە: هیمنە)٣. ئا، ئامرازی پرسیارە، ئا؟٤. تیپی بەرایی ئەلفوبێی کوردییە٥. ئا، بۆ ئاگاداری و وریاکردنەوە ٦. راناوی مێینانە بە دوای ناوەوە دێ: (دەردێ د دلێ مەمێ جگەرریش/ زینا ژ دەرونێ دل جەفاکێش) «خانی»،٧. ئا، کورتکراوی ئاغایە، (ئاحەسەن: ئاغاحەسەن)٨. ئا، نیشانەی کۆیە، مرۆڤا: (مرۆڤان) ٩. لە کاتی سەرسووڕمان و شک لە ڕاستی شتێک: (گەر دەرسەکە بخوێنی دوچەرخەت بۆ دەکڕم، – ئا!) ١٠. پاشکۆیە بە ریشەی چاوگەوە دەلکێ و ئاوەڵناوی بکەری دەسازێنێ: زانا(زانین)،١١. ئەو، سێهەمکەسی تاک لە زاراوەی زازاییدا: (ئا بە ڕیزەی ڕاز، لێو گەزانەوە/ من بە ڕەنگی زەرد، چوون خەزانەوە) «بیسارانی»،١٢. ئەو، سێهەم کەسی کۆ: (واتش ئا یاران تۆ پەرسی ئەحوال) «م.ح. دزڵی»،١٣. پێشگری کرداری لە زاراوەی زازاییدا: ئاکەردەنە (کردنەوە، ڤەکرن)،١٤. ناسەی کاری سێهەمکەسی تاک: (شکا، دەکا، دەخوا)،١٥. پێشگرێکی زێدەیە لە کۆنەوە ماوە، بوون و نەبوونی مانا ناگۆڕێ: (ئاغەڵ: غەڵ)،١٦. پێشگرە بەڵام مانای وشە دەگۆڕێ: (ئاکار: کار/ ئاپوورە: پوورە)،١٧. هەمان پێشگرە بۆ وشە و بەشێکە لە لێی جوێ نابێتەوە: (ئاوس، ئاخوڕ)،١٨. ئامرازی گازیکرنە: (مەحویا! گەر ئەهلی حاڵی، حاڵ و ماڵم بۆچییە) «مەحوی»، ١٩. ئەو، هێما بۆ شت: (ئا باخە تازە خەزانش کەردەن) «م.ح. دزڵی»،٢٠. ئاە، ئاخ، داخ: (خەلقێ کو ددیتن ئەو کەمەرگا/ حازر دکرن ژ غەوری دل ئا) «خانی»،٢١. گاهس، شایەت: (ئا بایێ ئا نایێ)،٢٢. ئەندازەیەکی دیاریکراوە بۆ کاغەز×: (A۴، A۵).

**ئائا**: ١. بەڵێ بەڵێ، بەڵەی بەڵەی،٢. ئامرازی پرسیارە،٣. ئامرازی سەرسوڕمانە،٤. ئامرازی شک و گومانە: (فلانی کوشتم ... ئائا).

**ئائانە**: ١. ئا ئەوە(نێر)،٢. ئا ئەوانە،٣. ئەو کاتە.

**ئائانێ**: ١. ئا ئەوە(مێ)،٢. ئا ئەوانە،٣. ئەو کاتە.

**ئائل**: (ئاولنا) ناڕەوا، نابەجێ، نەڕێک، زۆر.

**ئائلبوون**: (چا) زۆردار بوون، ناڕەوا بوون، ستەمکار بوون.

**ئائلی**: زۆرداری، ناحەقی، ستەم، زۆر، زۆرداری، ملهوڕی.

**ئائوا**: ئا بەو جۆرە: (ژنەکە ئێژێ: شا عەباس وەونە ئایەت، نە دیمە، نە ناسیمە، ئائوا هەر وەو دەستوور تۆ، هاتیە عاساکەی کردیە وە زەنگەکەیا) «گوڵونێرگز».

**ئائوچە**: لە ئەوەی: (ئا ئوچە خودا دادە، تو خانەشان پەیدا ویشە!) «دەروێشیان».

**ئائۆش**: هێشتا، هێشت، هێشتاکانێ، هێشتاکو، هێشتاکونێ، هێشتاکینێ، هێشان، هێشتانەکێ، هێشتانێ، هێژ.

**ئائولا**: لە ئەولا، لەولا: (چ بەچەی ڕووداریە، ئا ئولا میگیریش، ئا ئولا دەرمیرێ، میمانە بەن تومان بۆریدە) «دەروێشیان».

**ئائونجا**: لە ئەوێ: (ئا ئونجا دەرامەدی، کودام گوڕی ڕەفتی هەی نەوودت؟).

**ئائوونە**: ١. ئـا ئەوە(نێـر)،٢. ئـا ئەوانە، ئـامرازی هێما بۆ دوور(نێر).
**ئائوونێ**: ١. ئا ئەوە(مێ)،٢. ئا ئەوانە(مێ).
**ئائەمە**: ئەمیەکە، ئەمیان، ئەمە.
**ئائەمەسە**: ئائەمەیە، خۆیەتی، ئەمەسە.
**ئائەوە**: هەر ئەوە: (کامیان تووای؟ ئائەوە).
**ئائەیە**: هەر ئەیە، ئەم یەکی.
**ئائی**: ١ . ئا ئەم،٢. لە ئەم: (یەی کلکـی ئـا ئـی ماسە بچەش، بین چەنێ ترشە!).
**ئائیت**: ئێستا، هێستا، ئائێستا، هائێستا، هانهۆ، نوکە، هەنووکە، نهۆ.
**ئائێستا**: نهۆ، ئائیت.
**ئائیش**: شۆل، کەسب، کار، ئیش.
**ئائیل**: منداڵ، مناڵ، زارۆ، زارۆک، زارو.
**ئائیلی**: منداڵی، مناڵی، دەورەی زارۆکی.
**ئائین**: ئایین، ڕێباز، ڕێبازگە، ئۆل، کیش.
**ئـائینە**: ١. ئـاوێنە، ئـاوینە، خۆدیـک، جـام،٢. لەئەوێ، لەوێ، ئالەوێ،٣. ئـا ئەمە بـۆ نێـر،٤. ئـا ئەمانە بۆ نێر.
**ئائینێ**: ١. ئا ئەمە بۆ مێ،٢. ئا ئەمانە(مێ).
**ئـــاب**: ١. ئـاب، ئەب، مـانگێکی هـاوینییە، بە کوردی تەباغە ٢. ڕۆشن، ڕەوشـەن، ڕوون، ڕۆن، ڕۆناهی ٣. ئاو، ئاڤ: (سوروشکم ئـاب و دانەی نـارە، کـێ دی:/ بە گەرمـی داوەرێ بەم تەرزە تەرزە؟!) «نالی»،٤. شاوەت، شەهوەت: (خەلقا مە کر ژ قەترەیەک ئاب/ ڕەحمان و ڕەحیم و ڕەببـێ ئەرباب) «یۆسفـوزولەیخا»،٥. فێنکی: (گەر ئـاب و تـابی جەنەتـی و دۆزەخیـت دەوێ/ بنـوارە نێوچەوانی بەشووش و برۆی عەبووس) «نالی»،٦. تەڕی، تـازەیی: (دیمـا وی نەمـا چـو ئـاب و ڕەنـگەک/ نوتفـا وی نەمـا جەواب و دەنـگەک) «خانی».
**ئابا**: ١. کورتکراوی ئـابرا یـا ئاغـابرا واتە کـاک، کاکە، براگەورەیە ٢. ئاژداد، ئەژداد، ئابـا و ئەژداد، جەد، جەدوئابا، باب‌وباپیران: (لە ئاباتت ئیبـا مەکە میرم/ ...) «شێخ ڕەزا»،٣. دالاچـۆ، نیشـانم بـدە،٤. عەبا، جل مەلا،٥. ئاباد، ئابات، ئاوەدان.
**ئاباء**: ئابا، ئەژداد: (ڕەسمی ئابـائی کیرامـی بـووە ئاســاری ســەخا/ نە لە ئابــائی حەیــا و نە لە ئەجدادی هەیە) «شێخ ڕەزا».
**ئابات**: ١. ئاباد، ئاوەدان، ئاوا، ئاڤا: (ئەگەر هاتمەو ئەیوان ئاباد/ بوونمەت وە چاو خاتر بـکەم شـاد) «خانەمەنسوور»٢. پاشگرە بە مانای ئاوەدانکەرەوە: (حەســـەنابات)،٣. پاشـــگری جـــێ و شـــوێنە: (عەلی‌ئابات).
**ئابـــاجی**: ١. ئـــاواجی، دادە، خوشـــکا مەزن،٢. خوشـک، خویشـک، خـوار،٣. میمـک، پـوور،٤. بریتی لە کەسی چـاپلووس و ڕیاکـار: (کـورەکەم خودەتە لووس بوکون دە ئاواجی) «دەرویشیان».
**ئاباچا**: دالاچۆ لەوێدا.
**ئابـــاد**: ١. ئـــاوەدان، ئـــاوا: (ئەی خـــودا عاشـــقی ســـەخابەچچە، دڵـــی خـــۆی کە بـــوێ/ کەس خەرابەی دڵـی خـۆی قەت بـووە ئـاوا نەکـا) «ئەدەب» ٢. پاشـــگرە بـــۆ هێنـــدێ شـــار و دێ: مەهابـــاد، غەوســـاباد،٣. ئابـــا، بـــاپیران،٤. نـــاوی پێغەمبەرێکی عەجەمە.
**ئابادان**: ١. ئاباد، ئابات، ئاڤـا، ئـاوەدان،٢. شـاری ئابادان لە باشووری ئێران.
**ئابادانی**: ١. ئاوەدانی، ئاوەدان کریایێ،٢. خەڵکـی شاری ئابادان.
**ئابادبوون**: ئاڤا بوون، ئاوەدان کریای.
**ئابادرگ**: جۆرێ گیای دڕکدارە.
**ئابادکردن**: ئاوەدان کردن.
**ئابادی**: ١. ئاوەدانی، ئـاوای، ئـاوایی، دێ، دیەکە، گونـد: (ئەی عەجەب سـالم لە سـەحرا ڕوو لە ئابادی دەکا/ یاری شاری مۆژدە بـێ چـۆڵگەردی

هاموون هاتەوە) «سالم»،٢. ئاوەدانی، جێی خۆش و سازگار، ٣. پۆستە، نامەی چەپەرخانە،٤. سوکەڵە ناوی عبادیللایە.

**ئاباژۆر**: ١. سەرپۆشی چرا، کڵاوەی ڕەنگی بۆ ئەهوەنکردنەوەی تیشکی چرا،٢. چرای کڵاودار.

**ئاباس**: ئابباس، عەباس، ناڤێ مێرانە: (پەروەردەیا وی سپارتە شێخ ئوول ئیسلام ئاباس، هێژاترین زانەیێ سەنەندەجێ) «مەستوورە».

**ئاباسا**: ناوی ئێلێکی کوردە، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی قامیشلوو.

**ئاباکا**: هەودا یا ڕیشاڵێک کە لە ساقەتەی مۆزی فیلیپینی ساز دەکرێ.

**ئابان**: ١. خەزەڵوەر، گەڵاڕێزان، وەزتەکنان، سەرپەڵە، ئاوان، ناوی مانگی دووهەمی پایزی ساڵی هەتاوییە،٢. یابان، ئویە بان، ئێوە وەرن.

**ئاباوئەژداد**: بن و بنەچەک، ئەسڵ و نەسەب.

**ئاباوەورکردن**: عەبا پۆشین.

**ئابایْئانایْ**: گاهس بایْ یا نە، شایەد بێ یا نەیێ.

**ئاب‌بانجان**: ڕووبارێکە لە ژوور مەندەلی.

**ئابتین**: ناوە بۆ کوڕان.

**ئابجۆ**: ئاوجۆ، بیرە، ئەوجوە، مزرە.

**ئابجۆسازی**: ١. ئاوجۆسازی، بیرەسازی، جێی ئوجۆ دروس کردن،٢.کاری دروس کردنی بیرە.

**ئابجوو**: ئابجۆ، ئاوجۆ.

**ئابجەو**: بیرە، ئابجۆ.

**ئابجی**: ١. خوشک، خوەیشک، خوەیشکە، خوشکێ، خوچ، خوچە، خوار: (بازنەی خوچە هەمینی کەتە ناو ژێرزەمینی) «هۆنراوە»،٢. یای، خوشکی گەورە: (کەوتمە نێو چاڵی دیلی وەک «مەمێ» یایە زین لە کوێیە، هاواری کەمێ «ناڵەی جودایی»،٣. ئا، میمک، میمی، پوور.

**ئابخانە**: ئاودەست، دەستاو، سەراو، سەر پێشاو، ئابدەست، ئابدەستخانە.

**ئابدار**: ١. قاوەچی، چایی‌چی، چایچی گەورەماڵان: (دەهاتە کن ئەولادی شا ڕوستەم‌بەگان، سێ ساڵان دەبوو بە سەققا و سێ ساڵان دەبوو بە ئابدارە) «مان»،٢. تەڕ، ئاودار: (ئەڤ میوە ئەگەر نە ئابدارە/ کورمانجیە ئەو قەدەر ل کارە) «خانی».

**ئابدارباشی**: سەرۆکی چاپەز و قاوەچی دیوەخان و ماڵەمیران.

**ئابدارخانە**: ١. ئاودارخانە، ژوری چا لێنان،٢. بار و بنەی تایبەتی پیاوی گەورە لە سەفەردا: (فەرموو لە کوڵمێکە ناسک دوو ماچ وەرگرە، لە برێ نانە شەکرینە و لوقمەقازییە/ هەتا حەوت ڕۆژان برسی نابی، تێشووی خۆت پێیە، ئەوە لە ئابدارخانەی کەس‌دا نییە) «لاس‌وخەزاڵ».

**ئابدانان**: شارۆچکەیەکە لە ئیلام.

**ئابدۆزەک**: ١. تورومپا، شرینقە، فیچقە، سورەنگی دەرزی لێدان،٢. لوولە شووشەی دەم تەنگ کە تنۆکەی دەرمانی پێ لە چاو دەکەن،٣. مڵە، جۆبڕ، جۆبڕکە.

**ئابدووزەک**: ئابدۆزەک، ئاودووزەک.

**ئابدەست**: ئابخانە.

**ئابدەست‌خانە**: ئابخانە.

**ئابر**: عابر، پیادە.

**ئابرا**: ١. کاک، کاکە، داشێ، برا، براگەورە، برایێ مەزن،٢. کورت‌کراوی ئاغەبرایە،٣. بۆ ڕێزگرتن لە کەسێکیش بەکاری دێنن.

**ئابرژمانە**: ناوی شوێنانە×: (جوانڕۆ سەقز و بانە و سەرا و ئابرژمانە) «ئەسیری».

**ئابڕۆ**: ئابڕوو، ئاوڕوو: (من کە مایەی فەخری تەئریخی بەرووم/ تاقە ڕەنگی ئابڕووم) «گۆران».

**ئابڕوو**: ١. ئابڕوو، شەرم، فەدی، فهێت، فەهێت، ناموس، ڕێز، ئاوڕوو، ئاڤڕوو، ڕووسپێتی، ڕووسپیایی، پۆت، ئووری، ئاوەڕوو، ڕەنگی ڕوو:

ئابڕوورژان

(بێنرخە ڕیش و ڕوو، کە نەڕەنگیێ بە ئابڕوو) «هەژار»،٢. بریتی لە سەربڵندی، سەربەرزی.
**ئابڕووبران**: ئابڕووچوون، ئاوڕوو بران، نامووس شکان، پەردەی ناموس دڕان: (بەڵای چووکی ئابڕووچوونە) «ڕاوچی».
**ئابڕووبراو**: ئەتککراو، ڕیسوا، ناموس بریاگ: (بەو موعجیزە مریەمی بوختانپێکراو و ئابڕووبراوی کردە ژنێکی پاکی مێژوویی) «توحفە».
**ئابڕووبراوی**: ئەتککراوی، ڕیسوایی، بێئابڕوویی، شەرمشکاوی.
**ئابڕووبردن**: ئابڕووبرن، پەند پێدان، لە هەڵلادان، ناوزڕاندن: (قبیلەکەم بەو زاری هەر وەک غونچە بۆیە پێکەنی/ دا بڵێن خەندەی لە گوڵ دێ ئابڕووی پەروین دەبا) «وەفایی».
**ئابڕووبرن**: ئابڕووبردن، ڕسواکرن، فهێتکرن: (بە دەنگی زل و بیری ورد/ ئابڕووی زۆڵە کوردانی برد) «بۆکوردستان».
**ئابڕووبڵابوون**: ئابڕووچوون، ڕیسواکران: (دەڵێ: کارێکی گەورە قەوماوە/ چلۆن ئابڕووم بوو بڵاوە/ ئیختیارم دە مست کچێ ماوە) «مان».
**ئابڕووبەر**: ئابڕووبەرە.
**ئابڕووبەرە**: ١. ئاورووبەر، ئاورووبەر، ئاڤرووبەر، ئەتککار، ڕووشکێن، هۆی ئابڕووچوون، مایەی سووکی، هۆکاری ڕسوایی: (زۆر جار دەمکوت برا ئێوە شەرم لە لەقەب و ناوتان بکەن، بەخەیاڵ هەڵبژاردەی هەرە زانای ئەم میللەتەن کە دەبێ خەڵکی ڕەمەکی چاوتان لێبکا و لێتان فێرە ئەخلاق بێ، کەچی ئێوە ئەوەندە سووکن و ئەوەندە ئابڕووبەرەن ...) «چێشتی مجێور»،٢. منداڵێ کە سڕ و ڕازی دایک و باب لای خەڵکی بدرکێنێ.

**ئابڕووپێنەهێشتن**: زۆر سووکایەتی پێکردن.
**ئابڕووتکان**: ئاوڕوو چوون، سووک بوون، ناو زڕان، ئاوڕوو یۆی شیەی: (.../ ئاو ئاوەپاکەی پێت ئەوت ئابڕوو/ بە جلی جوان و زێڕ و زیو، تکا) «پەشێو»، (هەر دار بە شانە و هەر سەر شکانە/ هەر خوێن ڕژانە و ئابڕوو تکانە) «بۆکوردستان».
**ئابڕووتکاندن**: ١. ئابڕووبردن، سووککرن،٢. کچێنی بردن: (لاوێکی نامەرد تووش هات لە ڕێما، بە سوێن و پەیمان/ وەک ڕەشمار پەپکەی خوارد، نووست لە ناو جێما، ئابڕوومی تکان!) «گۆران».
**ئابڕووتکاو**: ڕووسیا، ڕووڕەش، سوک و چروک: (ڕۆژی تەرزە چەندە مینای دڵ شکێنە و سەر شکێن!/ ڕۆژی باران چەن شڕە و بێ عیسمەتە و ئابڕوو تکاو!) «نالی».
**ئابڕووتکاوی**: بێئابڕوویی، بێشەرمی، ڕیسوایی: (کورد نەتواوە، ئابڕووتکاوی و ڕیسوایی مێژوو بۆ پۆلیسی ڕەزاخان مایەوە) «چەپکێ گوڵ».
**ئابڕووچوون**: حەیاچوون، ڕیسوابوون، سووکایەتی پێکران: (لە ڕاست ڕووی، دەچوو ئابڕی گوڵووک) «هێمن».
**ئابڕووچین**: ڕەنگزریان، بێئاوڕوو بوون: (هەوڵ و تەقالای پاشا بۆ تۆیە/ ئابڕووچوونی گەدا بۆ تۆیە) «قانع».
**ئابڕوودار**: بەئابڕوو، ڕووسوور، ئاڤڕوودار، فهێتو، ئابڕوومەند، سجا، هەڵکەفتی.
**ئابڕووداری**: ئابڕوومەندی، فهێتوویی، ڕووسووری.
**ئابڕوودەقوونیسەیدابوون**: بێئابڕووبوون.
**ئابڕوورژان**: ئابڕوو چوون: (خوێن ڕژا، ڕۆڵە کوژرا، کەللە پژا/ خوێن ڕژان خۆشە کە ئابڕوو

نەڕژا) «بۆ کوردستان».
**ئابڕووڕژاندن**: ئابڕووتکاندن.
**ئابڕووڕژتن**: ئابڕووبردن: (ڕیشی مامشێخی لە بنددا دەبڕن/ ئابڕووی دەڕژن و ورگی دەدڕن) «بۆکوردستان».
**ئابڕووڕێژ**: ئابڕووبەرە، حەیابەر: (ئابڕووڕێژە ویسالی یار و خوێنڕێژە فیراق/ عالەمی عیشق و مەحەبەت هەر بڕێژە، هەر بڕێژ) «مەحوی».
**ئابڕووڕێژی**: ئابڕووچوون، ڕیسوابوون.
**ئابڕووشابەردا**: ئابڕوویان بردم: (ئابڕووشا بەردا مەلای مەریوان) «م.ح. دزلی».
**ئابڕووکڕینەوە**: پێش بە ئابڕووچوونی کەسێ گرتن: (لە هەژارت کەوێ کاکە/ با پێت بنازێ ئەم خاکە/ ئابڕووی کوردت کڕییەوە/ دەستی زۆردارت بڕییەوە) «بۆکوردستان».
**ئابڕوولەماڵەبابجێهێشتن**: ١. کچێنی لە دەست دان پێش شووکردن،٢. بێحەیا و بێشەرم بوون.
**ئابڕوولێهەڵگیران**: ئابڕووتکان، حەیانەمان: (دەڵێ: مەتڵەب چییە؟ دەڵێ: قوربان ئابڕووم لێ هەڵگیراوە، مەتڵەبی من خاتوون ئەستێیە/ ئەگەر ئەویم دەدەنێ دەچمەوە بەر مەڕێیە) «تۆحفە».
**ئابڕوومان**: حەیامان، خاوەن ئابڕووبوون.
**ئابڕوومەند**: حەیابەخۆ، خودانئابڕوو، بەشەرەف، پاکمەنیش، ڕێزدار، هێژا.
**ئابڕوومەندانە**: شەرافەتمەندانە، بەحیایانە.
**ئابڕوومەندی**: بەحەیایی، ئاڤڕووداری.
**ئابڕوونەمان**: حەیاچوون، ناوزڕان: (دایکی دەڵێ: کوێنم دەبەر کەن کچەکەم دەگەڵ ئەو شەیتانەی ئابڕووی نەماوە) «شێخ فەرخ و خاتون ئەستی».
**ئابڕووحەیابردن**:سووک و چرووک کردن.
**ئابڕوووشەرەف**: کەسێکی بە هیچ نەچێ و پەکی بە هیچ نەکەوێ، لە نێو خەڵکی سووک و چرووک بێ، ئابڕوو و شەرەفی دەچێ.
**ئابڕووناموسبردن**: حەیا پێ نەهێشتن: (بڵێ کاکەمیر و کاکەشێخ تێمرستوون و ئابڕوو و ناموسی منیان بردووە) «کاکەمیر و کاکەشێخ».
**ئابڕوووەکرین**: ئابڕوو سەندنەوە: (دەیهەوێ ئابڕووی پێ وەکڕێ/ لە غارێدا جێکەی ببڕێ) «ڕاوچی».
**ئابڕوویبەهەزارساڵچوون**: ئابڕوو بۆ نەمان: (ئەگە ئەمن لەبەر خاتری تۆ نەبێ، دەنێرم لە سندووسی بێتەوە سەرباز و تۆپخانە/ بە خولای ئەمن ئابڕووی بە هەزار ساڵم چوو لە نێو عێلانە) «قەر و گوڵەزەر».
**ئابرە**: ئینان، هاوردن، ئاوردن، هانین.
**ئابڕەیبان**: چەمێکە لای مەندەلی.
**ئابرەیل**: پیادەگەل.
**ئابڕێز**: قاورمەیێگ کە بێجگە لە پیازاخ تەنیا گژ و گیای کەنە تێ.
**ئابرێس**: ئاڤەریس، هەوریشمی خاو.
**ئابساڵ**: تەڕەساڵ، ساڵی پڕ باران.
**ئابشار**: ١. تاڤگە، تافگە، تاف، تاڤ، ئاوشار، ئاوهەڵدێر، قەڵوەزە، قەڵبەزە: (بێمەحابا ئاو دەڕێژێ گەهـ بە فەور و گەهـ بە دەور/ چاوی من مودیکە شێوەی ئابشاری گرتووە) «نالی» ٢. ئاوشار، کوتانی بە قەواتی تۆپ لە والیباڵ و پینگپۆنگ، کەبباسی.
**ئابشۆڕ**: ١. شۆڕاوەی دەسکرد، دێکۆرێک کە ئاوی پێدا دێتەخواری لە بینادا،٢. ڕووبارێکە لای مەندەلی.
**ئابشۆران**: ناوی کتێبێکی چیرۆکییە، کوردی فارسی، زێڕین خامەی کرماشانی××:خ. جاف×
**ئابگینە**: شووشە، ئاوێنە: (قەت مومکینە ئاب و ئابگینە/ ئەڤ ڕەنگە نەکەت قەبوولێ کینە؟) «خانی».

**ئابلاخ**: ناوی گوندێکە: (مەلا جەلالی کوڕی مەلا حەسەنی ئابلاخیش هەبوو) «ڕشتەی مرواری».
**ئابلۆقە**: هابلۆقە، گەمارۆ، دورپێچ، دەور، دەورە، تەوق، ئابلۆقە، ئەبلۆقە، چاکمە، دەورادەور.
**ئابلۆقەدان**: دەوردان، گەمارۆدان، چواردەورە گرتن، دورپێچکرن، دۆر لێوەرێنان، خستنەتەوق: (ئەمانەش بۆ ئەوە ئەبێ کە بەبێ دەنگ و سەنگ هەر بەو شەوە ئابلۆقەی چەتەکان بدەن و بەیانی بێ قسە بیانگرن) «ڕشتەی مرواری».
**ئابلۆقەدای**: ئابلۆقەدان.
**ئابلۆقەدریا**: ئابلۆقەدراو(نێر).
**ئابلۆقەدریای**: ئابلۆقەدران.
**ئابلۆقەدریێ**: گەمارۆدریاگ(مێ).
**ئابلۆقەدەر**: گەمارۆدەر(نێر).
**ئابلۆقەدەرە**: گەمارۆدەر(مێ).
**ئابلە**: ١. هاوڵە، هاوڵێ، هاڵە، هۆڵە، هەڵوی، هەوڵە، ئاولە، ئاوڵە، ئاقلە، خرووکە، خروێنکە، خروێکە، خرۆکە، خورووکە، خوری، خۆریک، خوریکە، خورووێلکە، خوریلە، نەخۆشییەکی چڵکی و گیرۆیە،٢. بلۆق، پۆڕگ: (تەیی ئەرخەم بۆ نەکا تا ڕۆحی شاهی نەقشبەند/ کەی بە پێی پڕ ئابلەم وادی فیراقت تەی دەبێ) «سالم».
**ئابلەدەردان**: ١. ئاوڵەدەردان، خرووکەگرتن،٢. بلۆقکردن، پۆڕگدەرکردن: (ئابلەی دەردا کەفی پێی تاقەتی هەنگامی جەهد/ سالمی سەرگەشتە ئەر بەس ڕێی مسیبەت تەی دەکا) «سالم».
**ئابلەکوت**: هاوڵەکوت، خوریکقوت، کاری خورووێلکە کوتان.
**ئابنووس**: ١. عەبەنووس، ئاوەنووس، دار ئەبنووس، سەختەدارێکی ڕەش و ڕەقە بۆ مۆدنە و ناسککاری دەبێ: (بونیانی کیبر و سەرکەشی یە تاقی کیسرەوی/ دانانی زوڵم و ڕووڕەشی یە تەختی ئابنووس) «نالی»،٢. ڕەش، سیا××: (عاجز مەبە هەرگیز لە چەپی چەرخی ئابنووس/ گشتی بە دەستی فەردە، مقامات و چارەنووس) «قانع».
**ئابنووسی**: ١. ڕەشی دووکەڵی، عەبەنووسی، بە ڕەنگی داری عەبەنووس: (تەشی کە خستە بازی بە ڕانی نەرم و لووسی/ دەکەوتە پایبووسی دوو زولفی ئابنووسی) «وەفایی»،٢. لە چەشنی داری ئاوەنووس،٣. هەرچی لە داری ئابنووس ساز کرابێ.
**ئابنووسیڕەنگ**: ئابنووسی، ڕەشی دووکەڵی.
**ئابنووسیشین**: دارێکە تایبەتی ئامریکای ناوەندی، گەڵاکانی شێوەی پەڕ دەدەن، گوڵی شین و هێشوویین، بەری دەخورێ.
**ئابنەفت**: ڕووبارێکە لە ژوور مەندەلی.
**ئابۆ**: وەرە، بێ: (جە نشینگاکەی لالۆ ئاغەبرا/ ئابۆ نیشەوە، ئای تازە برا) «م.ح. دزلی».
**ئابوتاب**: ١. تاوولام، ئاوتام، جوان، ڕێکوپێک: (عەقڵم ئەپیرسی بەختم ئەیدا جواب/ تەبعم ئەیهۆندەوە بە ئاب و تاب) «ئاڵەکۆک»، (نەقڵەکەی بە ئابوتاب بۆم گێڕاوە)،٢. ناسکی، شۆخی، جوانی، تەڕ و تەرچکی: (ئاب و تابی ڕووتە، مایەی سۆزش و گریانی من/ گا غەریق و گا حەریقی میهری ڕووت وەک نیلوفەڕ) «وەفایی».
**ئابوخاک**: ئاووخاک، وڵات.
**ئابۆر**: پاشەکەوت، ئابوور، لاخستە، ئابوور.
**ئابۆرهاڵ**: هۆی ژیان و گوزەران، بژیو.
**ئابوڕەنگ**: ڕەنگوڕوو، لەتافەت، ناسکی: (دوو هیلال و دوو شەو و دوو سوبحی سادق ڕێک ئەخەن/ چینی زولف و ئاب و ڕەنگی کولم و ئەبرۆی سەوسەنی) «مینەجاف».
**ئابۆری**: ئابووری، دەستندە، دەموجەم، پاشڕۆژ،

بەڕێوەبرنی ماڵ بە باشی.
**ئابۆریزان**: ئابووریناس، وەرامناس، شارەزای بواری ئابووری.
**ئابۆریزانی**: ئابۆریناسی، وەرامزانی.
**ئابۆریکرن**: لاخستن، پاشەکەفت کرن، پەسمەندە کرن.
**ئابۆریکەر**: پاشەکەوتکەر، پەسەنازکەر، گلەودەر، نیاتەکەر.
**ئابۆریناس**: ئابۆریزان.
**ئابۆریی**: ۱. دەستندە، دەم و جەم، هۆی گوزەران، پاشڕۆژ، ۲. بەکەڵک، بەقازانج.
**ئابوستەن**: ئاوس، دووگیان: (بە ئەمر فەرمان زات .../ دەرساعەت مبۆ جە سەنگ ئابوستەن) «خانای قوبادی».
**ئابونمان**: مزی ساڵانە یا مەنگانەی بەشداری گۆڤار و ڕۆژنامە یا حەقی ئەندامەتی کارەبا و ئاو و بەرق.
**ئابونمانبوون**: بوونە ئەندام، بەشداری لە گۆڤار و ڕۆژنامە و شتیتر.
**ئابونماندان**: دانی پارەی ئابونمان.
**ئابونە**: ۱. ئابوونە، بەشدار ۲. پارەی بەشداری لە گۆڤار و ڕۆژنامە،۳. دانی پارەی مانگانە یا ساڵانەی بەشداری لە ڕێخراوە و حیزب.
**ئابۆنە**: ۱. زلحۆ، زلحۆرت، درێژی ناقۆڵا ۲. قەیرەکچ، کەنیشکی گەڕاوە و مێردنەکردوو.
**ئابوور**: ۱. ئابڕوویی، داوێنپاکی، بەناموسی،۲. ڕێز، شەرم، فەدی، ناموس، ئابڕوو ۳. کاری سازدان، پێکهێنان، (مە کارا خۆ ئابوور کر).
**ئابوورە**: ××: (سەرێ چالی ئابوورە نەکرێ، بنێ چالی ئابوورە ناکرێ) «پەند».
**ئابووری**: ۱. ئابوور، مایەی گوزەران و بژیو،۲. پێوەندیدار بە ئابوورەوە: (هەمی گۆتنەکی بەراهیەک هەیە، ڤێجا سیاسی ئان ئابۆری و جڤاتی بیت) «ف.پ.پ.»،۳. دەسننە، خواردنی بە کەموکورتی: (بابێ گوهێ خۆ نەدایێ و د دیماهیێ دا گۆتی: کوریێت من بقەتینن هێش شەڤا ڕەش و ب زەنگل یا مای، ئەو تشتێ هەی ب ئابووری بخون حەتا وێ رۆژێ!) «گولواز».
**ئابووریزان**: شارەزای بواری ئابووری، ئابووریناس، وەرامزان، وەرامناس، پسپۆڕی وەرامی(نێر).
**ئابوورییزانە**: زانای ئابووری(مێ).
**ئابووریناس**: ئابووریزان.
**ئابووریناسی**: ئابووریزانی.
**ئابوونە**: ئابونە.
**ئابوونەئەسان**: ئابوونەسێن.
**ئابوونەئەسانە**: ئابوونەسێن بۆ مێ.
**ئابوونەئەسای**: ئابوونە سەندن، ئابوونە وەرگرتن.
**ئابوونەدای**: ئابوونەدان.
**ئابوونەدەر**: کەسێ ئابوونە دەدا بۆ نێر.
**ئابوونەدەرە**: ئابوونەدەر بۆ مێ.
**ئابوونەسان**: ئابوونەسێن بۆ نێر.
**ئابوونەسانە**: ئابوونەسێن بۆ مێ.
**ئابوونەوەرگرتەی**: ئابوونە وەرگرتن.
**ئابوونەوەرگیر**: ئابوونەوەرگر(نێر).
**ئابوونەوەرگیرە**: ئابوونەوەرگر(مێ).
**ئابوونەهۆرگرتەی**: ئابوونە وەرگرتن.
**ئابوونەهۆرگیر**: ئابوونەوەرگر(نێر).
**ئابوونەهۆرگیرە**: ئابوونەوەرگر(مێ).
**ئابوەز**: ئاوباز، ئاوبازگ، مەلەوان.
**ئابوهەوا**: ئاو و هەوا، کەش و هەوا: (یاخۆ پەڵەبەفرێکی کە ئەسڵەن نەشکابێ/ قەندیلی مونیر و گوزەری ئاب و هەوا بێ) «نالی».
**ئابە**: ئەلف و بێ، ئەلف و بێتکە، ئەلفوبێی زمانی کوردیلە ۲۹ پیتی بێدەنگ و ۸ پیتی دەنگدار پێکهاتووە: (ئ، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د،

ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، ڵ، م، ن، و، هـ ی// ا، ە، و، وو، ۆ، ی، ێ، بزرۆکە **i**).

**ئابهان**: ١. ناوە بۆ کچ ٢. پیرۆز، مبارەک ٣. لە کوردی کەڤندا ئانکو ڕۆژەکا موبارەک.

**ئابەدان**: شاری ئابادان لە ئێران.

**ئابەرا**: ئاغابرا، برای مەزن: (ئابەرا تۆ کە گوتی پولەکەتە فەردا میدەم، پە چە شود؟!) «دەروێشیان».

**ئابەنووس**: ئابنوس، داری ئاوەنووس: (بەریقەی کێشدار خەت ئابەنووسی) «م.ح. دزڵی».

**ئابەوەت**: ئاوات، خۆزگە، هیوا، هومێد، خوزی، خوزیکا.

**ئابی**: ١. ئاوی، شین، کەوو، کەوگ، ڕەنگی ئاسمان: (شەدەی سەرت ئاڵ و ئابی/ سەر هەڵێنە بێ‌بەڵا بی) «حەسەن زیرەک».٢. ئاوی، ئاڤی، شتی پێوەندی‌دار بە ئاوەوە: (گیانداری ئاوی).٣. ناوی جۆرێ گوڵە: (ئابی و ئاوداری و نیلۆفەڕی زەرد/ حاشیەی دەوری وەک خاڵی بێگەرد) «پیرەمێرد».

**ئابێ**: ناوی ئەلفبای ئەبجەدی کوردییە.

**ئابیاری**: ئاویاری، ئاودێری: (نیعمەتە ئەم ئاوە پاکە، قەت بە لێڵی تێنەگەن/ ئابیاری کێڵگەکان و دەخڵ و دانی پێ‌بکەن) «قانع».

**ئابی‌بەقا**: ئاوی بەقا، ئاڤا حەیاتێ: (بۆ ماچی دەمی کوڵمەت لە نێو پەرچەمی خاوی/ لەو زوڵمەتە بۆ ئابی بەقا نووری چرامە) «وەفایی».

**ئابی‌بی**: دایەگەورە، نەنک: (دو لە رووت، ئابی‌بیم حاڵش خرابە) «دەروێشیان».

**ئابێ‌حەیات**: ئاوی حەیات، ئاڤا حەیاتێ، ئاڤا ژیانێ، ئاڤو ژیوەی: (پوڕ بوان جەرحان خوتیرن لۆکووێ دەرمان دەکەن؟ / شەربەت و ئاڤا حەیاتێ، شەکر و قەند و گولاب) «جزیری».

**ئابێ‌حەیوان**: ئابێ‌حەیات: (ئابی حەیوان تە دڤێ ڕاست بنۆشی شەبی قەدرێ/ دەست بەر گەردەنی پڕپێچ و خەمی زولفی دوتا بە) «جزیری».

**ئابێ‌حەیوان**: ئابێ‌حەیات، ئاوی حەیات.

**ئابی‌خێرخەو**: ڕووبارێکە لای زەرباتیە.

**ئابیدە**: ١. تاپۆ، کۆتەڵ، پەیکەرە، هەیکەل، مجەسەمەی کەسێک لە زێڕ یا زیو،٢. کۆشک، بینای گەورە.

**ئابێز**: جۆرێ کایەی منداڵان وەک شەشخان بە خانەی بازنەیی.

**ئابێ‌زیندەگانی**: ئاڤا حەیات: (ناگەه بڕژت ژ ئاسمانی/ سەرچەشمەیێ ئابێ زیندەگانی) «خانی».

**ئابێ‌ژێرکاهێ**: ئاوی ژێرکا، ئاڤا بن‌کایێ، بریتی لە مرۆڤی زیرەک و خۆڕێخەر و لەبنەڤەبڕ: (زوو گەهشتن چۆنە دۆرامە کەهێ/ کەتنە بۆسان مسلی ئاڤا بن‌کەهێ) «باتەیی».

**ئابی‌عینەب**: ١. ئاوی ترێ،٢. ئارەق×: (مونتەخەب ئەز چەند هەزاری، سێ و دوو دوڕی بیحاری/ شەهد و قەندی لێ دەباری، موسکیر ئەز ئابی عینەب) «ئەحمەدی‌کۆر».

**ئاپ**: ١. مام، مامۆ، مامە، هاپۆ، ئاپۆ، ئاپێ، برای باوک: (هەڤێ ب مەلا، ب ئاپ و خالی) «ف.گ.پ.» ٢. بۆ ڕەیزگرتن لە کەسی گەورەتر دەبێژرێ.

**ئاپا**: ئامک، پوور، پل، پلک، تینک، مەت، مەتکا، میمک، میم، خوشکی باوک.

**ئاپارتمان**: ئاپارتومان.

**ئاپارتومان**: ١. ئاپارتمان، وارخان، خانوی گەورەی چەند نهۆمی،٢. بە تاقە یەکەیەکی نیشتەجێش دەڵێن.

**ئاپارتی**: هەڵگیراو، ڕەدووکەوتوو، ئاپاردی، بێ‌حەیا، بێ‌فەدی.

**ئاپاردی**: حۆقەبازی، فیت فەن بازی.

**ئاپان**: کۆی ئاپ، مام: (ژ میراسا ئاپان هەبوونەکا پـــر گـــران کەت ل دەســـتێ بـــرازێ وان) «گولشوون».

**ئاپانتێز**: ١. ڕیخۆڵە کوێرە،٢. ئاپاندیس، نەخۆشی ڕیخۆڵە کۆرە.

**ئاپاندێز**: ئاپانتێز.

**ئاپاندیس**: ئاپاندێز.

**ئاپاندیسیت**: نەخۆشی پەنەمینی ڕیخۆڵەکوێرە.

**ئاپتەر**: شێت، شەیدا، خول، دەلوو، دین، دێـوانە، دێڤانە، پەتیارە، جندار، جنۆکەدار، لێوە، هەردە.

**ئاپتەرگە**: دێوانەخانە، شێتخانە.

**ئاپتەریی**: شێتی، شەیدایی، دێوانەیی، لێوەیی.

**ئـــاپرژێن**: ئـاورژێن، ئاورشـێن، ئـاوپرژێن چـلە زەوی.

**ئاپرژێنکردن**: ئاوپرژێنکردن، ئاورشێنکرن.

**ئاپرەخ**: یاپراخ، دۆڵمە، ئەپرەخ، جۆری خـواردنە لە گەڵامێوی پڕکراو لە دانەوێڵە.

**ئاپزا**: مامۆزا، ئامۆزا.

**ئاپک**: گچکە کراوی ئاپ، مامی چکۆڵە.

**ئاپنجی**: جۆرێ عابای قەدیمی بووە.

**ئاپۆ**: ١. مام، ئـاپ ٢. خـاڵ،٣. نازنـاوی ڕێـبەری گەلـی کـوردی بـاکوری، عەبـدوڵلا ئوجـالانە، سەرۆک ئاپۆ،٤. ناوی کوڕانە.

**ئاپوبرازی**: مام و برازا: (ژ بـۆ تەختـێ وەلـی باڤ و کور، دو برا، ئاپ و برازی) «مەستوورە».

**ئـــاپۆچی**: کەسـێ سـەر بە پـارتی کرێکـارانی کوردستان (p.k.k) بێت.

**ئاپۆر**: بەڵا، تەگەرە، تووشـی، مسیوەت، ئـاپۆرە، گرگاشـــە، چـۆرتم، چەتـرمە، چەل، قەتـرمە، وەیشومە، قەزا، قۆرت، تەرن، بڵێشە، دومات،

**ئـــاپۆرە**: ١. بەڵا، بەلا، ئـاپۆر، پەتە، پەتەر، پەتـا، مسیوەت ٢. ئاپوورە، ئاپۆرەی خەڵک، قەرەبـاڵغی، حەشـر، هەشـیمەت ٣. ئـاوارە، تەرە، دەربەدەر، غەریبە، مشەخت ٤. میوانی بانگ نەکراو: (میوانی ئاپۆرەیی زۆرن)،٥. بـۆرەمرۆ، بۆرەپیـاگ، مـرۆی سووک.

**ئاپۆرهال**: ئابۆرهال.

**ئـــاپۆرەبوون**: خرپـوونەوە، جڤـین: (میـوان و غەوارە لە هەر لاوە بانگ کرابوون، ئاپۆرەبوون و لێشاوبوون) «ڕاوچی».

**ئاپۆرەیی**: جڤاتی، کۆمەڵایەتی.

**ئاپۆژن**: ئامۆژن، مامۆژن، ژنی مام.

**ئاپونچە**: یاپونچی، جووری کوڵەباڵە.

**ئاپوورە**: ئاپۆرە، حەشیمەت، قەرەباڵغی.

**ئاپوورەدان**: کۆبوونەوەی خەڵک.

**ئـــاپە**: ئـاڤ، فریشـتەی زێرەڤـانێ ئاڤـان لە ئاڤێستایێدا.

**ئاپەی**: دوا، پشت، پەی، شوێن.

**ئاپی**: مامی، مامۆی، برای بابی.

**ئاپێ**: ئاپ، ئاپو، مام.

**ئاپێمووس**: گەمەیەکی زارۆکانە.

**ئـــات**: ١. پێشـگری کـۆمەڵ: (ئـات عێـاڵ، ئـات ئەشغاڵ)،٢. پاشگری کـۆیە لە عەرەبـیڕا هـاتۆتە نـاڤ زمـانی کـوردی، واتـا گەل، ئـان: (مـاڵات، دێهات، باغات)،٣. ناوی کێـوێکە: (دەچـمە سـەر کێوی ئاتێ، بۆت دێنم ئاوی حەیاتێ/ دەیدەم بەو پیرەپیاوەی، چاوکەژاڵم بداتێ) «فۆلکلۆر».

**ئاتـــابڵاغی**: گونـدێکە لای سـریلاوا سـەر بە بۆکان.

**ئاتاج**: ١. ئاتاژ، بارکەوتوو، بارکەتی، بـارچەوت، بـرەش، بێبـاڵ، پەرپـوت، پێدویسـت، چەل، موحتـاج، نەدار، دامـاو، دەسـتەنگ، دەسـکورت، ئاوسـەرکەم، هاوسـەرکەم، کەسـاس، هەژار، ژار، چـاو لە کـۆمەک: (بە نەتەوەی کـوردان ئاورووپـا دەژی/ بۆخۆمـان ئاتـاج بـۆ چنگێـک ڕەژی) «بۆکوردستان» ٢. پسوولە و قەباڵەیەکە کرێگرتە

لە خاوەن خانووی وەردەگرێ.

**ئاتاجبیێ**: ئاتاجبوو.

**ئاتاجبی‌یەی**: ١. ئاتاج بوو،٢. موحتاجبوون.

**ئاتاجکەردەی**: ئاتاج کردن.

**ئاتاجوموحتاج**: زۆر برسی و بێ‌ئەنوا.

**ئاتاجە**: ئاتاج، نەدار، هەوەجە.

**ئاتاجی**: موحتاجی، نەداری، خزانی، بەلەنگازی، کەمایەسی، فەقیری، ناڤچوویی.

**ئاتاس**: وریاکەر، نیگابان، تەسیار شەوان.

**ئاتاشە**: ئەندامی بالۆیزخانە.

**ئاتاف**: بەڵا، مسیوەت، مۆسیبەت، ئاپۆر، وەیشومە.

**ئاتئەیال**: بنەماڵە، خێزان.

**ئاتبین**: ١. گیانی پاک، نەفسی کامیل٢. ناوی باوکی فەرەیدوون.

**ئاتر**: ئاور، ئاتەر، ئێگر.

**ئاتربان**: ئاگروان، ئاگرڤان، ئاتەشبان، ئەیرەوان، کۆچەران، کۆچەلان، چاوەدێری ئاور.

**ئاترس**: ١. ناڤێ خوەدێ،٢. نەترس، بوێر.

**ئاترەش**: زێرەڤانێ ئاور لای زەردەشتی‌گەل، ئاگرڤان.

**ئاتعیاڵ**: خانەوادە، بنەماڵە.

**ئاتکبووتک**: ئاتک و مووتک.

**ئاتکمووتک**: بنەوبنەچە، نژاد، ڕەسەن.

**ئاتکوعیاڵ**: بنەماڵە، خانەوادە، ئاتعیاڵ.

**ئاتگوموتگ**: ئەووەل و ئاخر.

**ئاتڵ**: نارەوا، نابەجێ.

**ئاتلای**: مۆڵەت، ماوە، کات، مەجال، یەفش، دەرفەت.

**ئاتڵوباتڵ**: عاتڵ و باتڵ، بێکار، ماتڵ.

**ئاتمۆسفێر**: ١. ئەتمۆسفێر، ئەو هەوایەی دەور گۆی زەوی داگرتووە، پێکهاتووە لە چەن گازی: ئوکسیژن، ئارگۆن، ئیدرۆژن، ...،٢. یەکەی تەوژم، پێوانەی قورسایی هەوا کە ١٠٣٣/٦ گرەم لە سانتی‌متری چوارگۆشەیە،٣. فەزا، چلۆنایەتی دەورووبەر.

**ئاتو**: ×× (چەن چەرخان چەرخە، جە دەستت شییەن/ ئاتو سەمەرەی چێ‌نەتە دییەن) ××٨٥ دزڵی ×

**ئاتوئەشغاڵ**: ئاژاڵ، ئاڵوئەشغاڵ، خرۆخاش.

**ئاتوئەیال**: خێزان، خانەوادە.

**ئاتوئیال**: خانەوادە.

**ئاتۆش**: گوندێکە لای شارۆچکەی ئەتریش.

**ئاتۆلیە**: ١. ئاتلیە، کارگای هونەری،٢. نومایشگای کارێلی هونەری.

**ئاتۆم**: ١. ئەتۆم، گەردیلە، بچوکترین بەشی هەر ماکێک،٢. جۆرێ بۆمبای ماڵ وێرانکەرە: (کیژی خەڵکی بۆمی ئاتۆمی دروست کرد و ئەتۆش/ هەر دەزانی ناوی ئەستێلک و دەرخۆنە و پنە) «هێمن».

**ئاتۆمی**: ئەتۆمی، هەر شتێ پێوەندی بە ئەتۆمەوە هەبێ: (بۆمبی ئاتۆم).

**ئاتۆن**: خودای مسریگەلی کۆن.

**ئاتوون**: ١. ئاوردان، ئاتەشخان، توونخانە، هێتوون، ئێتوون، توون، ئەتوون، ئاگردانی گەرماو ٢. کوورەخانەی قسڵپێژان ٣. کوورەخانە، کورەی خشت‌پێژان ٤. قسڵ، ئاهەک ٥. کۆمر، زووخاڵ، ٦. قاتوقڕی، گرانی، قڕی، کولب، قاتەلێو.

**ئاتە**: ناوی کچە: (کابرایەک ئەپاڕایەوە و ئەیکوت: خوایە لە خۆم و لە ئاتەی دایکم و لە حایشەی خوشکم و پیزەی ژنم خۆش بێ!) «ڕشتەی‌مرواری».

**ئاتەت**: ئێرە، ئێرا، ئەیرا، ئێرانە، ئەمیا، ئەگرە، هرە، ڤر، ڤرا، ئەمجێیە، ئەڤجێیە.

**ئاتەر**: ئاور، ئاگر، ئاگور، ئار، ئێگر، ئایەر، ئاتەش، ئاویر، ئاهیر، ئازەر، ئازر، ئاتر، هار،

هاتەر، هایر، یاگی، تەش، هەتار.

**ئـــــاتەران**: ڕاوە ، ڕاوەڕاو، ئاتەرانوپــــاتەران، هەڵیتوپەڵیـت، هەللەقمەلـلـەق، قسـە پەڕانـدن: (هەر لە قسەی ئاتەران پاتەران ئازایە).

**ئاتەرانپاتەران**: هاتەرانپاتەران، ئاتەرانوپاتەران.

**ئاتەرانوپــــاتەران**: وڕیـــنە، وڕاوە، پـــاتەران، هەڵیتوپلیت، هەللەقمەللەق.

**ئاتەش**: ١. ئاتر، ئـاتەر: (ویڵـی وڵاتـی بێهۆشـی، گێـژی گێـژاوی سەرخۆشـی/ ماسـی سـەراوی ئاتەشی، یا غەوسی سـانی هیمەتـێ) «وەفـایی»،٢. تفەنــگ، چەک و بــاڕووت: (گــوڵزاری دەر و دەشـتن و غیلمـانی بەهەشـتن/ ئـاهوو سـەف و ئاتەش بە کەف و، تیز نیگاهن) «نـالی»،٣. بریتـی لە تینی دەروون: (کەس نییە ئەو شۆخە حاڵی کـا لە سـۆزی ئاتەشـم/ وا «ڕەزا» دیسـان لە عیشـقی هەر غەزەلخوانی دەکا) «شێخ ڕەزا»،٤. گەرم، داغ: (چار تەبعەتین ڤێکـرا زدیـن/ هەم ئاتەشـین هەو باردین) «فەقێ تەیران».

**ئاتەشئەفشـــــان**: ئـــاورپڕژێن: (بە بەرقـــی ئاتەشئەفشان و بە شکڵی ئەژدەها پەیدا) «سالم».

**ئاتەشباریی**: ئاگرباران، ئاورباران.

**ئاتەشــبازی**: ئاگربـازی، ئاوربـازی، ئەیرەکڵـێ، گرگـــــڕان، مەشـــــخەڵان، گەمە بە ئـــــاور و فیشەکەشیتەی ڕەنگاوڕەنگ: (ئاتەشبازی بە کنگـی خاڵی ناکرێ).

**ئاتەشبان**: ئاگروان، ئاتربان.

**ئاتەشبەس**: ئاگربەس، وەستانی شەڕ: (با وەکو ئیعلام کرا ئاتەشبەسە) «م. ئێلخانیزادە».

**ئاتەشپارە**: ١. بریتـی لە منـداڵی زۆر هاروهـاج، بـزۆک، وەیشـوومە، چەتـوون،٢. بـۆ پیـاوی زۆر زرینگ و ئازا لە شەڕدا دەڵێن: (فلانـی لە شـەڕدا ئاتەشپارەیە)،٣. پارچەئاور، ئاگرپارە، پزووسکە.

**ئاتەشپەرس**: ئاتەشپەرست.

**ئاتەشپەرست**: ئاگرپەرێس، ئاورپەرست، گاور، گەور، مەجووس، ئارپەرێس، پێڕەوی زەردەشـت: (چینی ئاتەشپەرستن ئێستاکەش/ گەبری بـێدین و هیندووی ڕووڕەش) «حاجی قادر».

**ئاتەشترسی**: ئاورترسی، ترس لە ئاور.

**ئاتەشخان**: ١. توون، توونخانە، ئـاتوون، دۆزەقە، دۆزەخە، ئاگردانی گەرماو و سەماوەر و گەمـی و کارخانە، ٢. قوڵکەی ژێـر تیـانە کە ئـاوری تێـدا دەکەنەوە،٣. ئـاوردان: (گۆشـەی ئاتەشـخان دڵەی پڕ جە ئێش/ پزیسکەی داخان ئـایر وەردا تـێش) «مەولەوی»،٤. تەنوور: (دڵ لە سینەمدا هیجرەتـی کرد و وتی:/ بوونە، عومرێ، فەڕشـی ئاتەشـخانە بۆچ!) «مەحوی»،٥. کوورە، کویرە، کویرهە.

**ئاتەشخانە**: ١. تەنـدووری سـەماوەر، پەنگردانـێ سەماوەری چایی چێکرنێ ٢. ئاتەشگا، جێی ئاور، ٣. ئاتەشگا، جێی ئاگرپەرستان.

**ئاتەشخوو**: تووڕە، توند، تونخوو: (دیارە خـۆ پەروانە هەر سـووتانە ئەسـڵی مـوددەعی/ بـۆیە ئێمەش عاشـقین، ئەی شەخسـی ئـاتەشخوو، بە خۆت) «مەحوی».

**ئاتەشدان**: ١. ئـاگردان، ئاورجـا، دەفـری ئـاور تێـداکردنەوە،٢. مەنگەڵـی، مەنقەڵـی،٣. وجـاخ، کوانوو، تەنوور،٤. ئاتەشخان، تونخانەی سماوەر، ٥. تەقاندن، ئاوردانی چەک: (لە بورج قوللە تۆپ مەدان ئاتەش/ زەمین مەلەرزا تـا ئەنـدام عەرش) «فەقێ تەیران».

**ئــاتەشڕاکرن**: ئـاوردان، گـڕدان، ئـاورتێبەردان: (بەس بکە شعر و سازان/ ئاتەش ل من تە ڕاکـر/ چەند ددی فڕ و بـازان/ ژ تەڕا نینن چـو ئـاگر) «فەقێ تەیران».

**ئاتەشڕێز**: ×٥٤: (یەکـی ئـاتەشڕێز یەکـێ وە مەقاش) «چەپکەگوڵ».

**ئاتەشزا**: ئاورزا، شتێ زۆر زوو ئاور بگرێ.

ئاتەشی

**ئاتەشزەدە**: سووتاو، ئاگر تێبەربوو: (فیرقەتی ڕۆژە دەروونی کردە داغێکی سیا/ وەک منی سەودازەدە، ئاتەشزەدەی هیجرانە شەو) «مەحوی».

**ئاتەشزەن**: ئاوردەر، گڕدەر: (لە بیابانی غەما بە سکی بە تیغت تەشنەم/ بەرقی ئاتەشزەنی ئەو، لەزەتی بەفراوی منە) «سالم».

**ئاتەشسوزی**: سووتمان، ڕەوتی ئاور بەربوونەوە لە شوێنێک.

**ئاتەشفرووز**: ئاگرەوان، ئاگرخۆشکەر، خزمەتچی ئێگر.

**ئاتەشفشان**: ١. ئاگرپرژێن، ئاورپژێن، گڕکان، قوڵکان، چیای سەر بەئاگر: (ماهی تالع ڕێی محاق و ڕۆژی نەگبەت جیلوەگەر/ خەرمەنی شادی لەبەر با، بەرقی غەم ئاتەشفشان) «سالم»،٢. جاروباریش مەبەست لە نووڕەیە.

**ئاتەشکردن**: ١. ڕۆشن کردن،٢. ماشێن وەکار خستن، ٣. گولە تەقاندن.

**ئاتەشکەدە**: ١. ئاورگە، ئاهیرگە، ئاتەشگە، ئایرگا، ئارگا، کوانوی پیرۆزی ئاورپەرستان و گاوران،٢. ئاورپەرستان: (ئاتەشکەدە جوملەگی ڤەکوشتن) «خانی».

**ئاتەشگا**: ١. ئاتەشکەدەی گاوران، ئاتەشگە، ئاهیرگا، ئاگرخان، ئەتوون ٢. ناوی کێفێکە لە جوانرۆ، لە پێش ئیسلامدا ئاورگە بووە،٣. شاخێکە لە نزیک پاوە: (سەر بەر کەر نە سەر کۆی ئاتەشگاوە/ بدیە وە مەسکەن خانەگا و پاوە) «مەولەوی».

**ئاتەشگرفتە**: ١. ئاگرگردی، ئاورگرتوو،٢. بۆ منداڵێ کە شەیتان و هار بێ بەکاری دێنن: (چەنی ئەزەتم مۆکۆنی ئاخە ئاتەشگرفتە!) «دەروێشیان».

**ئاتەشگەردان**: پنچەرخێن، پۆڵووگەشێن، پۆلگەشێن.

**ئاتەشگەه**: ئاتەشگا.

**ئاتەشگیراندەن**: ١. هەڵکردن، کردنەوەی ئاور، ٢. ئاگرگران.

**ئاتەشمار**: ماری ئاتەشی، سوجەمار، سووجەمار.

**ئاتەشناک**: ئاورین، ئاگری، داغ: (تیری ئاهی سوبحگاهم ڕەنگە کونکون کا فەلەک/ ئەشکی ئاتەشناکی من تەحقیق ئەگاتە سەر سمەک) «سالم».

**ئاتەشنشانی**: ئاورتەمرێنی.

**ئاتەشوپەمە**: ١. بریتی لە دو شتی دژی یەک، وەک ژن و مێر،٢. ئاگر و پەمە.

**ئاتەشە**: ١. ئاورە، ئاگرە، ئاگرۆک، زەردەبرین، زیپکەی چەنە و چر و چاو ٢. سووزاک، سووزەنەک، نەخۆشیەکی کونای میزە،٣. گولی، نەخۆشی جۆزام،٤. بای گەرم کە بۆ زەرحات زیانی هەس،٥. جووریّ نوورە و تووک و نەفرین: (ئاتەشە بەیدە لێد).

**ئاتەشەپەڕی**: جۆزامی، نووڕێگە.

**ئاتەشەدار**: جۆزامی.

**ئاتەشەک**: ١. ئاگرە، ئاورە، ئاگرۆگ، هەوڵەفەرەنگی، زیپکەی چەناگە و چرچاو،٢. سەودا، سەودای کۆن، سفلیس، فەرەنگی، نەخۆشیەکی شەرمی نێر و مێیە: (وەی ئێلاهی ئاتەشەک بەرێزە بە جانەت، یەک دەقیقە زەمین بنشین) «دەروێشیان».

**ئاتەشەگرتی**: جۆزامی، نووڕێگە.

**ئاتەشەوخورە**: ئاتەشە.

**ئاتەشی**: ١. ئاوری، ئاورنگ، ئاورینگ، ڕەنگی سووری ڕۆشن،٢. ڕەنگی گوڵی سووری تاریک ٣. مرۆڤی توورە، جنگز، ئاژری، گرگین،

توندەتەبیات(نێر) ٤. گوڵەئاتەشی، جۆرێکە لە چەشنەکانی گوڵەباخ و سوورێکی فرە تۆخە و گوڵاویشی لێ ناگیرێ: (وەک گوڵی ئاتەشی، خەملیوە بە بەرگی چەمەنی/ قامەتی نارەبەرە، ناروەرە، نارەوەنە) «نالی».٥. ژن یا پیاوێک کە زۆر حەزی لە کاری سەرجێییە.

**ئاتەشیتوور:** ئاگری نووری خودا کە بۆ حەزرەتی مووسا دەرکەوت و دای لە کێوی توور و سووتاندی: (بە ناری عیشق و ئاوی دڵ، جەسەد وەک حەزرەتی مووسا/ تەریقی: بەحری فیرعەون و، ڕەفیقی: ئاتەشی توورە) «نالی».

**ئاتەشیمەجاز:** تون، توورە، تونخوو، کەللەیی.

**ئاتەشیمەزاج:** ئاتەشی، تونەمەزاج، تونەخوو.

**ئاتەشین:** ١. لە ڕەنگی ئاور، سووری کاڵ: (دڵ دەسووتێ چین بە چین دەشکێتە سەر یەک وەک فەنەر/ ساحێبی ڕووی ئاتەشین و زولفی چین‌چینم نەهات) «وەفایی».٢. ئاگراوی، ئاگرین، ئاورین، وەک ئاور گەرم: (ئیرۆ ژ حوسنا دلبەرێ، دیسا هیلاک و سەرخوەشین/ ڕەمزێن د وی شیرین‌سورێ، سۆهتم ب پێتا ئاتەشین) «جزیری».٣. بەهەست و گەرم و گوڕ: (خوڵکی زۆر ئاتەشین بوو).

**ئاتەشین‌خوو:** ئاتەش‌خوو، توورە: (دەزانن خەرمەنی من بۆ گڕەی بەست/ بپرسن گەر لە یاری ئاتەشین‌خوو) «سالم».

**ئاتەشیە:** توورە، عێدز(مێ).

**ئاتەشیهیجران:** ئاوری دووری، خەمی دووری کەسێ.

**ئاتەک:** ١. ئەتەگ، ئاتەگ، داوێنی کەوا و کورتەک و مرادخانی و کوردیی و چاکەت و فەرەنگیی لای پشتەوە: (ببم بە قوربان ئاتەگ کەواکەت/ فەرامۆشیم دێ بە دەستە براکەت) «کانی‌مرادان».٢. لای خوارەوەی شاخ و کەژ: (سوارەکان بە ئاتەگی شاخەکەوە بوون).٣. لا، کن، تەنیشت،٤. ژێرکراسی ژنانە.٥. داوێنی زین کە دەکەوێتە ژێر ڕانی سوار: (شوانە خێرا ئاتەکی زینەکەی هەڵداوە و ئاوزەنگی بە سەردا هێنا) «ئەمیری».٦. داوێنی گیاندار: (وڵاغیان هەمووی سێ ساڵە/ شێ خەزاڵی و ئاتەگ کاڵە/ وەکوو باڵدار خاوەن باڵە) «سەعید و میرسێوەدین».

**ئاتەکوبوتەک:** گەورە و چکۆلە، ورد و درشت، هەموو، جوملەگی: (کەم هاوار بۆکۆ والا ئاتک و بوتەکە خەوەر کەردی) «دەروێشیان».

**ئاتەگ:** ١. ئاتەک، ئەتەک، شاقەل، داوێنی کەوای شۆڕ ٢. ئەتەک، بریەتیە لە بنار و دامێنی چیا: (قاز و قورینگ ئەگەر لە عاسمان دەگەڕێ/ گەورەیان هەیە، ئەگەر قاوەقاو دەکەن، دەچنەوە بۆ سەر کوێستان و ئاتەگی ئاستەڕێ) «سەعید و میرسێوەدین» ٣. تەک، تەنیشت، هەڤال، ٤. داوێنی زین کە دەکەوێتە بن ڕانی سوار٥. داوێنی گیاندار: (وڵاغیان هەموو سێ ساڵە/ شێرخەزاڵی و ئاتەگ کاڵە/ وەکوو باڵدار خاوەن باڵە) «سەعید و میرسێوەدین» ،٦. ژێرکراسی ژنانە،٧. گۆشتی لاتەڕافەی حەیوانی سەربڕاو.

**ئاتەگ‌بڕین:** ١. بریتی لە بڕینی ئاتەگی جلکی کەسێ کە ئاکاری خراپ بکات، بۆ سووک کردنی،٢. سووکایەتی پێکردن.

**ئاتەگ‌درێژبوون:** بریتی لە قوون خاوێن‌بوون، وەعز باشتربوون: (هەتا ساحەبی ئەو دایک و بابەی بێ، قەت ئاتەگی لەوەی درێژتر نابێ) «موکریانی».

**ئاتەڵ:** گۆڕین(جل و بەرگ).

**ئاتی:** ١. ئاینده، داهاتوو، پاشێ: (زانستی زۆر بەقیمەتە، ئومێدی ئاتی‌یە/ ئەم ئیحتفالە فەئلە ڕوو لە هاتی‌یە) «پیرەمێرد» ٢. زێڕ، زەڕ، تەڵا، تەلا، تەلێ، ئاڵتون ٣. فێ، فێداری، نەخۆشی

خووداری،٤. ناوی کچانە.
**ئاتێ**: ١. زێڕ، ئاڵتوون،٢. ناوی کێوە××: (دەچمە سەر کێوی ئاتێ/ دێنم ئاوی حەیاتێ/ دەیدەم بەو پیرەپیاوە/ بەشکو کەژاڵم داتێ) «فۆلکلۆر»،٣. ناوە بۆ ژنان.
**ئاتێشی**: ئاتەشی، جۆرە گوڵی سوورە.
**ئاتێل**: تەختەبەند، تەوقێکە دەیکەنە مل بۆ پێشگیری لە بزوتن یا بەستنەوەی شکستە.
**ئاتینا**: ١. جۆرێ گوڵە: (وارنە و ورەبۆسکە و گوڵی ئاتینا) «چنگیانی»،٢. ناوی کچانە.
**ئاتیوانن**: تاواندنەوە، ئاتیواندن، تواندنەوە، قاڵکردن(ڕۆن).
**ئاتیە**: ئایندە، داهاتوو.
**ئاتیەهەڵگردن**: ئایندەبینی.
**ئاج**: ١. ئاژ، ددانە، بڕگە، قرنج، قورنجقورنج، قورچ، قوڵچە، زبری بەرداش یا ددانەی بڕبەن،٢. ددانەی ژێر لاستیکی ماشێن.
**ئاجاخ**: ئاشکرا، ئەشکرا، دیار، دیاردی،
**ئاجار**: ڕەگ، ڕیشە، ڕیشەلۆک، ئاجاڕ، پنجاڕ، بنی گیا و دەوەن.
**ئاجام**: وێشە، خۆڕمە، بێشە، بێشەزار.
**ئاجان**: ١. پاسەوان، زێڕەڤان، نواوان، ئاژان، پۆلیس: (تیپێ هاتیە نیمەی ئاجانە) «ئاوینەیبێگەرد»،٢. شارێکە لە پارێزگای ورمێ،٣. سوکەناوی ئاقاجان.
**ئاجانئاجانکەشی**: شەڕی زۆر گەرم و توند کە خەڵک و پۆلیس لێی کۆ بێتەوە: (دو تا مەحەلەی چەنانی و سرتەپە ڕختاوەدەن بە هەم، نەمیدانی چە ئاجان ئاجانکەشی شۆداود) «دەروێشیان».
**ئاجانپۆست**: پاسەبانی نامەبەری ئیدارات: (ئای بەچا، ئاجان دارە میات، کورە باوا ئەو ئاجان پۆستە، کاری بشمان نەرە) «دەروێشیان».
**ئاجدار**: گرنجدار، گرناڵ، گرنجگرنج، زبر، زوور، قورنجقورنج.
**ئاجز**: ١. عاجز، زوێر، زویر، زیز،٢. وەڕەز، جاڕز، بێتاقەت: (ئەهلێ خودەێ ئاجز مەکە) «فەقێ تەیران»،٣. ئێش، ئازار،٤.بێهێز، ناتوان.
**ئاجزا**: ئادزا، جۆرێ مووررووی تەزبێحە.
**ئاجزبوون**: ١. دڵئێشان، زیزبوون،٢. وەڕەربوون.
**ئاجزکردن**: ١. دڵئێشاندن،٢. جاڕزکرن.
**ئاجزیی**: ١. عاجزی، زیزی، زوێری،٢. بێدەسەڵاتی، بێهێزی،٣. زەحمەت، کوێرەوەری،٤. وەڕەزی، جاڕزی، بێتاقەتی.
**ئاجزیکێشان**: ڕەنجکێشان، کوێرەوەری دیتن: (کاکەمەم دەڵێ: بەنگینێ، بەڵەکچاوە!/ دە قۆشەنێ بگەڕە، بزانە کێها ئاجزیی کێشاوە) «مان».
**ئاجزیهەبوون**: نێوان ناخۆش بوون.
**ئاجکاری**: ١. ئاژکاری، گرنیکاری،٢.بیرازکردنی بەرداش، گرنجگرنج کردن.
**ئاجگەرە**: دێیەکە لە دێکۆی ئارێنان بەشی ناوچەی سنە.
**ئاجگی**: خەسیس، ڕژد، چکوس، چکۆس، دەستقووچاو، دەسنوقیای، بەرچڵ، بەرچاوتەنگ، چاڤتەنگ، قاڕنان، قرچۆک، قرتن، قیرسیچم، قومش، مەنەدەمۆر، کۆنە، گزاڤ، ئارفەر، چەمتەنگ، پووردژ، پیسکە، پیسۆک، دەزگرتی، دراڤکەتی، چاوبرسی، لەچەر، چرووک، چورپێک، خوس، نگریس، نەتل، بزگیر، کوورقۆش، کۆرنان، نانکوێر، وشکەهەوڕ.
**ئاجنە**: ئاژنە، چەشنێ دوخت و دروومانی تەقەڵ درشت و زۆپ وەک هی کڵاش.
**ئاجنەکار**: ئاژنەکار، کەسێ کاری ئاژنەکارییە.
**ئاجنەکاری**: ئاژنەکاری، شێوازێک دروومان و گوڵدۆزی بە شێوەی هەوداگەلی ئەستوور بە تایبەت لە کڵاش و ئارەقچن‌دا.
**ئاجنین**: ١. ئاژنین، ئاژنەی، ئاژنای، چەقاندنی

شتێ (دەرزی) لە لە پارچە و شتیوا،٢. سەری شتێ ئاجدار کردن،٣. ئاژنەدووری کردن(تەقیلە).
**ئاجۆ**: ڕەق، سەخت، زەب، زوها، گوژم، هشک.
**ئــاجوج**: دەگەڵ باجوج دەگوترێ و ناوی هۆزێکی چیرۆکی‌یە.
**ئاجوجوباجوج**: ئاجووج و ماجووج: (لە من وابوو ئاجوج و باجوج بوو) «گەنجی سەربەمۆر».
**ئاجوجوماجوج**: ١. ئاجوج، ئاجوول باجوول، یەئجووج و مەئجووج، ناوی دوو هۆزە کە لە قورعان و تەوراتدا باسیان لێکراوە: (هێندێک دەڵێن ئاجووج و ماجووجە/ هێندێک دەڵێن دەجالە، عەبدی سۆفیانە) «گەنجی سەربەمۆر»،٢. زمانێکی قەراردادی‌یە لە نێوان دوو کەس یا تاقمێک بۆ ئەوەی کەس لێیان حاڵی نەبێ،٣. لە کۆمەڵگای موکریان و ناوچەی مەهاباد زمانێکی لاپرەسەنی لە نێوان ئافرەتاندا باو بووە، دەنگی «ز» یا «سک»یان لە هەموو کەرتێکی وشە زیاد کردووە و بە ڕاوانی قسەیان پێکردووە ناویان ناوە: ئەزەتۆزۆ یا ئەسکەتۆسکۆ،٤. ئێستاش لە نێو شایەر و چاوشاندا زمانێکی تایبەتی خۆیان هەیە: (لیتەی بەوتە: سمتی جوانە)،٥. بە ماڵ و منداڵی بێسەرەوبەرە دەڵێن: (دەڵێی ئاجووج و ماجووجە).
**ئاجور**: ئاجۆر، خشت برشیاێ.
**ئاجۆر**: ئاجوور، کەرپوچ، کارپووچ، کەلپیک، خشت بوشیای، خشتی سوورکراوە، چەن جۆری ئاجۆر: (ئاجۆری ناوپڕ، ئاجۆری پاشکار، ئاجۆری پێشکار، ئاجۆری جۆش، ئاجۆری خەتایی، ئاجۆری فشاری، ئاجۆری سووفاڵ، ئاجۆری سیمانی، ئاجۆری سوور، ئاجۆری قەزاقی، ئاجۆری گەچی، ئاجۆری نما، ئاجۆری ئێرانی، ئاجۆری تراشراو، ئاجۆری بازگ، ئاجۆری نەسووج).

**ئاجۆرئاوساو**: ئاجورێ کە تاشیبێتیان و بە هۆی گەچ و پۆدر ئاجور و گڵ ڕووەکەی لووس کرابێ.
**ئاجۆرپارە**: کەلووک، کەلۆک، لەتکە ئاجوور.
**ئاجۆرپۆش**: ئاجۆرفەڕش.
**ئاجۆرپەز**: سوورکەرەوەی ئاجۆر.
**ئاجۆرپەزی**: ١. کاری سوورکردنەوەی خشت، ٢. کاری چنینی ئاجور لە کوورەدا،٣. جێ یا کوورەی سوورکرنەوەی ئاجۆر.
**ئاجۆرپێژ**: خشتبڕ، خشتپێژ، کورەخانەچی.
**ئاجۆرپێژی**: خشتبڕی، پێژانی خشت.
**ئاجۆرتاش**: ئاجۆرتراش.
**ئاجۆرتراش**: کەسێ پیشەی ئاجورتاشین بێ.
**ئاجۆرچن**: ١.کەسێ دیوارەی ئاجۆر هەڵدەچنێ، ٢. ئەوەی خشت بۆ سوورکرنەوەی ڕیز دەکات.
**ئاجۆرچنی**: ئاجۆرکاری.
**ئاجۆرچین**: ئاجۆرچن.
**ئــاجۆرفەڕش**: ئاجۆرپۆش، کۆڵان یا جێی داپۆشراو بە ئاجۆر.
**ئاجۆرکار**: بەننا، وەستاکاری ئاجوور.
**ئاجۆرکاری**: ١.بەننایی، ئوساکاری ئاجووری،٢. ماڵی چێکراو لە ئاجۆر،٣. بەننایی، ئاجۆرچنی.
**ئاجۆرنما**: جۆرێک ئاجووری تەنک و لووس بۆ ڕووکاری بینا و ماڵ.
**ئاجۆرنیزامی**: ئاجووری گەورە، شا ئاجۆر.
**ئاجوری**: ١. دروسکراو لە ئاجور،٢. بە ڕەنگی ئاجور، سووری ئاماڵ قاوەیی.
**ئاجۆریئاوساو**: ئاجۆئاوساو.
**ئــاجوریئێرانی**: جۆرێ ئاجوری چوارلا و ڕێکوپێکە.
**ئاجوریبــازگ**: ئاجوری بەڵەک، ئاجوری دوورەنگ بۆ نما.
**ئاجۆریتراش**: ئاجوری تاشراو بۆ نما.

**ئاجوری‌تراشراو**: جۆرێ ئاجور نمایه.
**ئاجوری‌جۆش**: ئاجورێ زۆر له کوورەدا مابێتەوه و ڕەنگی گۆڕابێ.
**ئاجۆری‌خه‌تایی**: جۆرێ ئاجووره.
**ئاجوری‌کون‌کون**: سوفاڵی ناو خاڵی.
**ئاجوری‌ناوپڕ**: ئاجوری ده قاڵب داڕێژراو.
**ئاجور**: ١. ئاجۆر، خشتی سورکراوه،٢. نیمه، خرچان، زەنگوول، لەتکه خشتی نارێک.
**ئاجول**: ئاجۆڵ، ئاجیل.
**ئاجۆڵ**: شەوچەره، ئاجیل.
**ئاجول‌خوه‌ری**: ئاجیل‌خۆری.
**ئاجووڕ**: ئاجور، خشت.
**ئاجووری**: ١. ئاجۆری، دروس‌کراو له ئاجۆر،٢. ڕەنگی خشت یا هیرباری سوورکراوه.
**ئاجوول‌وباجوول**: ئاجوج ماجوج: (ئاجوول و باجوولەکانی قوونەزای گەرما بەرەو چاو هەڵئەبەزینەوه) «شەواره».
**ئاجه**: ١. لێدەر، بزەن، دەس‌وەشێن،٢. ئابجی، داده، خوشکا مەزن،٣. ناوه بۆ کچان.
**ئاجەت**: ١. حاجەت، هاجەت، دەفری ناقمال،٢. تەور، تەورداس و هیتر.
**ئاجەڕات**: ئەژداد، ئەجداد، باپیران: (تا وای لێ‌دێ مێگەلەکه کەم دەبنەوه، هێزی چنگەپڕەیان نامێنێت، ئەمەش بۆ چینی ڕەشان دەبێته پەند و بۆ ئاجەراتیشیان نیازی دەس‌کردنەوەیان به خەیاڵدا نایەت) «گورگ و بزن».
**ئاجەک**: ڕژد، ئاجەگ، چکووس.
**ئاجەگ**: ١. قەڵس، تووڕه، چاڤ‌تارێک، چاڤ‌تەنگ، زیز،٢. ڕژد، چکووس، بەئێرەیی.
**ئاجەگی**: قەڵسی، تووڕەیی، زیزی.
**ئاجی‌چایی**: ١. چۆمێکه لای بیجاڕ،٢. دێیەکه له دێکۆی قەسڵان ناوچەی قوروه.
**ئاجیر**: ژێر، خوار.
**ئاجی‌کەباب**: جۆرێ کەبابی زۆر تیژ و تاڵه به هۆی بیباری زۆرەوه.
**ئاجی‌کەند**: گوندێکه سەر به شاری بۆکان: (جێی دڵه «باغی مەلا» و «ئاجی‌کەند»/ هەر گوڵه و بولبوله، هەر سازه و بەند) «بۆکوردستان».
**ئاجیل**: ١. چەرەز، چەرەس، چورۆ، دەمچورۆ، شەوچەله، شەوچەرەی له بادام و نۆک و تۆم و شتی‌وا،٢. مۆڵەت‌دراو: (کەونەین چ عاجیل و چ ئاجیل/ غەمخواری نەبت کو تینه حاسل؟) «خانی».
**ئاجیل‌خۆر**: ١. ئاجیل‌خۆری، دەفری چەرەس خواردن،٢. کەسێ ئاجیل دەخوات.
**ئاجیل‌خۆری**: ١. چەرەزخۆری، ئاجیل‌خۆر،٢. کاری خواردنی چەرەزه.
**ئاجیل‌فرۆش**: چەرەزەفرۆش، شەوچەلەفرۆش.
**ئاجیل‌فرۆشی**: ١. دوکانی چەرەس فرۆتن،٢. کاری فرۆشتنی ئاجیل.
**ئاجیل‌مجیل**: ئاجیل و نوقڵ و شیرینی دی: (تۆ خۆدەته با ئو مۆخای بۆکۆنی یەکی، ئو پسەری حاجی‌یه، ڕوزی چەن تۆمان خەرج فەقەد ئاجیل مجیلشه!) «دەرویێشیان».
**ئاجیل‌وماجیل**: ئاجیل، چەرەزەی تێکەڵ.
**ئاجیه**: دەوری کڵاش و گیوه.
**ئاچار**: ١. هاچار، هاچەر، ئاچەر،٢. کلیل، کلێل، ٣. ترشیات، ترشی‌جات.
**ئاچارئالێن**: جۆرێ ئاچاری تایبەت بۆ کرنەوەی پێچی ئالێن.
**ئاچاربۆکس**: هاچەربۆکس، جۆرێک هاچەره.
**ئاچارتەخت**: هاچەرتەخت، جۆرێ هاچەر به ئەندازەگەلی جۆراوجۆر.
**ئاچارشێلاقی**: جۆرێک لوولەگیر پتر بۆ کردنەوەی فیلتێر و شتی‌وا دەبێ.

**ئاچاڕڕینگ**: هاچەرێکی ناوچاڵی شەش‌گۆشە بۆ کردنەوەی پێچی تگەر دەبێ.
**ئاچارفەڕانسە**: جۆرێک هاچەرە کە دەمەکەی میزان دەکرێ.
**ئاچارقوفڵی**: جۆرێک هاچەرە قوفڵ دەبێ.
**ئاچارکەشی**: ئاچارکێشی.
**ئاچارکێشی**: هاچەرکەشی، ئاچەرکەشی، کاری توندکردنەوەی پێچی ماشێن هەر بەینابەنێ.
**ئاچـــان**: ١. نـاوە بـۆ کچـان ٢. نـاوچەیەکە ل باکووری ڕۆژاوای دیاربەکر.
**ئاچخ**: ١. ئاچوخ، ئـاچغ، ئـاچوغ، ڕەنگـی کـاڵ: (بەرابەری: تاریـک، تـۆخ)،٢. ڤـالا، کـراوە، بـاز، ئاوەڵە(درگا).
**ئاچخی**: ڤالایی، کراوەیی، بازی.
**ئاچغ**: ئاچخ.
**ئاچمەز**: ١. هەر گـرێیەک کە نەکـرێتەوە،٢. هەر ڕێگـــایەک کە بەســـرابێ و نەکـــرێتەوە،٣. بـارودۆخێکی تـایبەت لە یـاری شـەترەنجدا لە مۆرەی پێش شا نەتوانێ بجووڵێ.
**ئاچمەس**: ئەجمەس، ئاچمەز.
**ئاچنە**: ئەم جۆرە، ئاوا، وەها.
**ئاچوخ**: ١. کراوە، ڤەکری، وەکری، ئاواڵە، ئاوەڵە، ڤـالا، بـاز، ئـاچوغ ٢. ئـاچخ، ڕەنگـی کـاڵ و کەوڕەنگ.
**ئاچۆخ**: ئاچوخ.
**ئاچوخ‌بیێ**: ئاچوخ‌بووگ(مێ).
**ئاچوخ‌بییە**: ١. ئاچوخ‌بووگ(نێر)،٢. ئاچخ‌بوون.
**ئاچوخ‌بییەی**: ئاچۆخ‌بوون، ڤالابوون.
**ئاچوخ‌کردن**: ئاچوخ‌کرن.
**ئاچوخ‌کـرن**: کـردنەوە، ئـاچوغ‌کردن، ڤـالاکرن، ڤەکرن، واکرن(درگا).
**ئاچوخ‌کەردەی**: ئاچۆخ‌کردن، بازکرن.
**ئاچوخە**: ئاچوخ، کراوە، ئاوەڵا(مێ).

**ئاچوخی**: ئاچخی، ئاچۆخی، ڤالا، باز.
**ئاچوغ**: ئاچوخ، ئاچخ.
**ئاچەر**: ئاچار، جەڕ، جەڕدەر، هاچەر.
**ئـــاچەردان**: هـــاچەردان، جـــۆرێ چنـــراو کە کەرەستەی تێدەخەن.
**ئاچەک‌بەرچەک**: لە یەک شێوانن، هوورد کـردن، خامیش کرن.
**ئاچی**: چما، بۆچی، لەبەرچی، سەرچی، ئەراچی، وشەی پرسیارە(؟).
**ئاچی**: ئا لەم: (ئا چی تـاڵانە و ئـا چـی زەرەرە) «م.ح. دزڵی».
**ئاچی‌دەرێ**: گوندێکە سەر بە شاری مەهاباد.
**ئاحەمەی‌سەرا**: حەمەداغای عەباسی ئاغای ئاوایی سەرا لە تاران سەناتۆر بووە: (لە حەماڵاوا کردمانە ئەم بەرۆ، شـەو چـوینە مـاڵ ئـاحەمەی سـەرا) «ئاوێنەی بێگەرد».
**ئاحیــل**: سـەر، قەیـرە، ئاحێـل، تەمەنـی نێـوان جەحێڵی و پیری.
**ئاحێل**: ئاحیل، قەیرە، گەڕی ژیان چووار بەشـە: (منداڵی، جحێڵی، ئاحێلی، پیری).
**ئاحێلی**: قەیرەیی، ژیانی نێوەڕاسـتی جەحێڵـی و پیری.
**ئاخ**: ١. ئاووخ، ئاخن، ئای، ئاە، ئۆی، ئەی، داخ، موخـابین، مخـابن، موخـابن، ڕووخـان، پەرۆش، حەیف، کەسەر، ئێزنگ، هاوار لەبەر ژان و ئـێش: (ئەیاز هەمڕازناڵە و ئـاخ و دوودە/ عەرزش هەن وە خـاک ئاسـانەی مەحمـوود) «مەولەوی» ٢. خـۆزگە، خۆزیـا، ئـاخ، خوزیکـا: (ئـاخ هێنـدە نەدەمردم کوردستانم بە ڕزگـاری و سـەربەخۆیی بـدیبایە ئەوسـا دەمـردم ... بە گـۆڕم) ٣. خـاک، خۆڵ، گڵ: (هەرچێکی ل نـاخی ئـاخ و دەریـان/ هی چۆتە بناو ئەوی ل سەریا) «خـانی»، (ئـاخ و ئاڤایی، ناڤ و ناڤـدایی) «پەنـد» ٤. زەوی، عەرد،

هەرد،٥. تەپ، تەپۆڵک، گرد: (ئاختەپە: تەپۆڵکە سپی)،٦. ئاخ، وشەی دەربڕینی شادییە: (ئاخ ئەم داواتە چەن خۆشە!).

**ئاخا**: ١. ئاغا، دێدار، بەگ، خاوەن دێ: (ئاخا ب خولام، خولام ب ئۆلام، ئۆلام ب تەنتەنەیە) «پەند» ٢. ئابرا، براگەورە ٣. ئەرباب، خاوەنکار ٤. باب، باوک ٥. پیاو، پیاگ.

**ئاخاتی**: ١. ئاغایەتی، ئاخایەتی، دێداری ٢. سەرۆکایەتی، ڕێبەری ٣. گەورەیی، ڕێزداری، هێژایی.

**ئاخازادە**: ئاغازادە، پسئاغا، کوڕەئاغا، بەگزادە.

**ئاخازێری**: زەوی پڕ داهات و بە خێروبەرەکەت.

**ئاخافتن**: ١. گۆتن، دوان، دووان، دووواندن، چەلمین، پەیڤین، پەییڤین، ئاخۆتن، ئاخفتن: (زەنگین د ئاخافتنێدا دیارە) «پەند»،٢. شەیتانی کردن: (هەچییێ د ناڤ من و تەدا باخڤت/ ئیشەلا دێ کۆرە بت ژ هەر دو چاڤە) «حەیرانۆک».

**ئاخاڤتن**: ئاخافتن.

**ئاخاڵ**: ئەشخاڵ، ئاخشال، گلێش، پیسایی، زبڵ.

**ئاخاڵسووتێن**: کوورەی زبڵ سووتێن.

**ئاخان**: سوکە ناو ئاغاخان، ناوی کوڕانەیە.

**ئاخاندن**: پڕکردن، ئاخنین، ئاخنینەوە، تێئاخنین، تێپەستاوتن، تژیکرن.

**ئاخانن**: ١. ئاخاندن،٢. هاخانن، دەباغی کردنی پێستە و هەڵاڵدانی.

**ئاخاوتن**: ١. دوان، ئاخفتن،٢. ئاژۆتن، خاوشکاندنی وڵاخ، لنگدانی وڵاخ و گێڕانی.

**ئاخایانە**: ئاغایانە، بەگزادانە، وەکی دەستووری ئاغاوات.

**ئاخایۆک**: ١. سەقری چکۆلە، بازی گچکە٢. بە یەکێکیش دەڵێن کە حەزی لە گەورەیی بێ، بەبێ ئەوەی لێی بوەشێتەوە.

**ئاخایەتی**: ئاغایەتی، بەگایەتی.

**ئاخئاخ**: ئاخوداخ، ئاخی زۆر: (وەکی تشتەک ژ دەستێ تە چوو، ئیدی ئاخ ئاخ نەکە) «سەنار».

**ئاخئازیز**: گۆرانی هەورامی‌یە.

**ئاخئوخوەیش**: ئۆخەیش.

**ئاخباران**: تۆزباران، تەپوتۆز، تۆزوغومار، تۆزێ کە بەدەم باوە دادەبارێ.

**ئاخبان**: گڵەبان، ئاخەبان، بانەناو، گڵەبانی خانی.

**ئاخبانکردن**: گڵەبان کردنی ماڵ.

**ئاخبڕ**: ئاخبڕ. ×

**ئاخبڕە**: ئاخبڕ.×

**ئاخبڕیا**: ئاخبڕاو.×

**ئاخبڕیای**: ئاخبڕان.

**ئاخبڕیەی**: ئاخبڕین.

**ئاخبڕیێ**: ئاخبڕاو.

**ئاخبڵاخ**: دێیەکە لە دێکۆی قوڕووچای ناوچەی قوروە.

**ئاخپۆل**: ١. قوڕەبان، گڵەبان،٢. سواغدانی بانی ماڵ یا لووسکردنی ٣. قوڕشێلان، خۆشکرنی هەڕگ بۆ هەور،٤. خۆڵەپۆتێ، یاری بە خۆڵ.

**ئاخ پێبردن**: هەناسە بۆ هەڵکێشان: (کارێزی شەریف مەڵبەندی جوانان/ ئاخی پێ ئەبەن پەری ئاسمانان) «پیرەمێرد».

**ئاختاچی**: یەختەچی، دێهاتی بۆکانە بەرەو میاندواو، خۆی دابەش دەبێ بە سەر دوو بەشدا: ئاختاچی ڕۆژهەڵات و ئاختاچی محاڵ.

**ئاختامار**: ١. ناوی گراڤێکە لە نزیک گۆلی واندا: (دێرا کەڤن، ئا ئاختامار/ سوورا دیرۆکی یا ئامەد) «سەنار»،٢. ناوی گوندێکە×: (گراڤا ئاختامار و دێرا ئاختامارێ د گۆلا وانێ دانن) «سەنار».

**ئاخ تف**: تف، بڵغەم، تفی خەست.

**ئاختفی**: تەواو کەچەڵ.

**ئاختە**: ١. یەختە، خەساو،٢. یەختە، بارگینی ژێر

بار و کشت و کاڵانە.
**ئاختەپە**: ١. دێیەکە سەر بە ناوچەی سەرای سەقز: (سیادەر و ئاختەپە، تەمۆغەیە و خۆشقشلاغ) «یادنامەیسەقز».٢. دێ کۆن بووە لای قورووە، بەڵام ئێستا چۆڵە و لە لاوە دەکێڵدرێ.٣. گوندێکە لە بەشی فەیزوڵڵابەگی.٤. گردەسپی، تەپۆڵکە سپی.
**ئاختەتەر**: گوندێکە لە نزیک بۆکان.
**ئاختەوێڵە**: گوندێکە لای نەغەدە: (خێلاتی نێزیک مەهاباد لە ژێر سەرکردایەتی عەقید غەفاریدا لە دوو تەوەرە «مەهاباد- ئاختەوێڵە- نەغەدە» و ئەویتر «مەهاباد- کاریز – نەغەدە» چوونە دەر) «لەمەهاباد بۆئاراس».
**ئاخجەمەجید**: گوندێکە لە ناوچەی چاردۆڵی لە نزیک سایینقەڵا، دانیشتوانی بە زاراوەی سۆرانی و چاردۆڵی دەدوێن.
**ئاخجەوان**: گوندێکە سەر بە شاری بۆکان.
**ئاخچەباش**: ١. ئاخجەواش، ئاخچەواش، ئاغەجەواش، گیایەکە وەک پەلەشوانە دەچێ.٢. ناوی کچانە.
**ئاخچەلووی‌تازە**: گوندێکە سەر بە سایینقەڵا.
**ئاخچەلی**: گوندێکە لە ناوچەی چاردۆڵی لە نزیک سایینقەڵا، دانیشتوانی بە زاراوەی سۆرانی و چاردۆڵی دەدوێن.
**ئاخچەواش**: ئاخچەباش(گیا).
**ئاخخواردنەوە**: ئاخ هەڵکێشان: (ئەمما ئەمن چەندم حەیف و جغەری لە وێ کەونە دنیایە دەکوژن/ لەبۆ وان گەورە کچی دە مەزنە ماڵان، ئەگە شەوە دە سێباری نیوەشەوێدا/ کەلەکە و کەلەکان دەگۆڕن و ئاخان دەخۆنەوە بە تاقی تەنێ) «گەنجی سەربەمۆر».
**ئاخد**: ئەندازە.
**ئاخداخ**: ١. ئاخ و داخ، حەسرەت.٢. کێوێکە لە نزیکی قەسری شیرین: (بێ لەیل، ئاخ، ئامێ جە ئێڵاخەوە/ پەی ئاخ داخ تەک دان بە «ئاخداخ»ەوە) «مەولەوی».
**ئاخدار**: خەمبار، کەسەردار، ماتەمبار، زوێر، دەردەدار، داخدار: (ئاخ چراخ! چ ئاخ؟ ئاخ پەی ئاخداری/ چون من خاترخار خەمبار، داخداری) «مەولەوی».
**ئاخدانەبا**: بەباکردنی تۆز وخۆڵ، تۆز ڕاکرن.
**ئاخدگرتن**: پێوان، ئەنازە گرتن.
**ئاخر**: ١. ئاخری، ئاخیر، قرە، قرڕە، دواجار، دوا، دوایی، دوایین، دواگین، دومایی: (فیلجوملە چ ئەووەل و چ ئاخر/ ئەلقیسە چ موئمن و چ کافر) «خانی».٢. مەگەر، مەگە: (ئاخر مەر نەوەتم نەچوو) ٣. دەسا، هەمسا، ئیتر: (ئاخر وانابێ وەک تۆ دەیکەی) ٤. بەسەرهاتی دواڕۆژ: (وەفایی ئاخری خێر بێ دەمێکە بێ سەر و شوێنە) ٥. ئاخوڕ.٦. پەی سەر، پشت سەر.٧. برانەوە، دوایی هاتن: (تۆزێک ڕووت خۆش بێ، خۆ دنێ ئاخر نابێ).٨. ئاخرەت، قیامەت، دواڕۆژ، دوییایین ڕۆژ: (عومرم سەراپا غەرق غەفڵەتەن/ زاد ئاخرم بار خەجڵەتەن) «مەولەوی».٩. پاشی ژیان، دواڕۆژی تەمەن: (بەڵکم جەی ئاخر پەی ویم فکرێ کەم/ تەدارەک پەی چەند تەزبیح زکرێ کەم) «مەولەوی».١٠. ئاخری، ئەنجام، دوایی کارێک: (ئاخر جەفاشان بێ بارە بیەن/ بەین جە بەختشان ئاوارە بیەن) «بێسارانی».١١. بۆ سەرکۆنە و تانە: (چاکە، جا ئاخر کوا ئەوە کاری کردنێیە).
**ئاخرادەنەسەر**: گڵ وەسەر کێشان، بۆ شاردنەوەی عەیب بەکار دەبرێ، تۆز لە میشکرن.
**ئاخرئاردەی**: کۆتایی هێنان.
**ئاخرئامای**: کۆتایی هێنان.
**ئاخرئاوردەی**: کۆتایی هێنان.
**ئاخرئۆخر**: ئاخر و ئۆخر، سەرەنجام.

**ئاخرباز**: زارێکی کۆتربازانە، بە کۆترێک دەڵێن کە زۆر لە زەوی نزیک دەبێتەوە و لە سەرڕاوە هەڵدەستێتەوە.

**ئاخرباش**: ئاخرخێر.

**ئاخربەخەیر**: خۆش سەرەنجام: (دیدی چە جو ئاخر بە خەیر شودەن! تا پارسال تەماتە میفرۆختن) «دەروێشیان».

**ئاخربەخێر**: خۆش سەرەنجام: (فەیز و بەرەکەت وەک باران دەڕژا/ هەرکەس بەڕاست بێ ئاخر بە خێرە) «سەیف».

**ئاخربەر**: ١. ئاخر زگ، دوا منداڵ،٢. بەر ئاخر، ئاخرتاش، دوایین بەری وێنجە و سەوزی: (وێنجەی ئاخربەر خراوەتە عەرزی) «ئەمیری».

**ئاخربەشەڕ**: ئاقیبەت خراپ: (خودا هیچ کەیە مێسلێ مە ئاخر بە شەڕ نەکونە، با ئی شووەریکە گیرم ئامەد) «دەروێشیان».

**ئاخرتاش**: ئاخربەر.

**ئاخرجار**: دوایین جار، ئاخر کەڕت.

**ئاخرچڵ**: دوایین لق، دوا تڵ: (بەڵێ! بگری هەور، بارانی پایز، بێوچان بگری/ لە سەر باغچەی گوڵێ وا سیس ئەبێ، ئاخرچڵی عومری!) «گۆران».

**ئاخرچوارشەممە**: لە دەڤەری چادۆڵی نشین لە ئاخرین چوارشەممەی ساڵدا برێکی زۆر کا و کوت و درک و داڵ خڕ دەکەنەوە و ئاوری دەدەن و بە سەریدا باز دەدەن.

**ئاخرچۆڕ**: ١. دواچۆڕ، دوایی قوم، دوایین دڵۆپی ئاو،٢. پاشەبەرە، دوایی منداڵ.

**ئاخرچەو**: ئاخرین منداڵ.

**ئاخرخەیر**: ئاخرخێر.

**ئاخرخێر**: ١. پیری پیاوچاک و عاقیبەت بەخێر، ٢. هەر کارێک ئاخری خێر بێت×: (هەوەڵ مەڕی مێگەل ئەگە نێری ببینێ، مێگەلەکە ئاخرخێر دەبێ).

**ئاخرخێربوون**: ١. کۆتایی هاتنی ژیان بە خێر و خۆشی، ٢. دوایی هاتنی کارێک بە خۆشی: (سەری دانا لە سەر ڕووی تۆ، بە شوێنی زولفی تۆدا چوو/ وەفایی ئاخری خێر بێ، دەمێکە بێسەر و شوێنە) «وەفایی»،٣. کەسێ کە دوایی تەمەنی بە دینداری بەرێتە سەر،٤. وەکو تەوس لە کار و کردەی کەسێک ناڕازیبوون: (ئاخری خێر بێ)، ٥. دۆعای ژنانە: (ژنان دوعایەکیان هەیە، دەڵێن: ئاخرت خێر بێ، ئەمن ئاخرم خێر نییە، خەڵک هەروا ناخۆشیان دەوێم، لەمێژە چەتەییم وەلا ناوە، کێ بروام پێدەکا) «میرزا».

**ئاخرخێرە**: ئاخرخێر.

**ئاخرخێری**: ١. ئەنجامباشی هەر کارێک،٢. دواڕۆژچاکی کەسێ.

**ئاخردون**: ئاخربین.

**ئاخردەس**: ئاخردەست.

**ئاخردەست**: ١.دەستی ئاخر لە گەمە و قوماردا، ٢. سەرەنجام، ئاخری، عاقیبەت،٣. کۆتایی کار: (کاراتە کە تەمام کردی، ئاخردەس یەی جارووی بزەن تو ئۆتاقەکە) «دەروێشیان».

**ئاخردەفە**: ئاخرین جار.

**ئاخرڕۆ**: ئاخرڕۆژ: (ئاخر ڕۆی وەهار نەوجەوانیمەن/ ئەوەڵڕۆی پایز زیندەگانیمەن) «مەولەوی».

**ئاخرزەمان**: ١. ڕۆژگاری دوای هاتنی پێغەمبەری ئیسلام: (بانگێکم وەبەر خولای، ئەوی دیکەم بەر پێغەمبەری ئاخرزەمانێ) «دمدم»،٢. پەسڵان، قیامەت، دنیا ئاخر بوون: (ئومێد هەن قاپیت، جوملە موخلیسان/ بکەرێم حیساب، ڕۆی ئاخرزەمان) «بێسارانی»،٣. ڕۆژگاری ناخۆش و

گرانی زۆر کە کەس دەهانای کەسێکی‌تر ناچێ: (ئەگەر ئێستر زا، ئاخرزەمانە) «موکریان».
**ئاخرساڵ**: کۆتایی ساڵ، ئاخری ساڵ: (چیم ڕوین بسینم لە یارو بەقاڵ/ ئەڕای ناو هەڵوای جومعەی ئاخر ساڵ) «چەپکەگوڵ».
**ئاخرسبات**: ئاخ‌سبات: (قەرەسبات و ئاخرسبات بە ناو وڵاتیدا هات) «پەند».
**ئاخرسەر**: ئاخرەکەی، ئاخریکەی، ئاخریەکەی، نەتیجە، داوییا کار: (دوور بۆ جە شیرین شەش‌دانگ شایی/ مکێشۆ ئاخرسەر بە ڕیسوایی) «خانای قوبادی».
**ئاخرسەری**: لە ئاکامدا، لە ئاخرەوە.
**ئاخرسەف**: نەفەر ئاخر.
**ئاخرسەفەر**: ١. دوایین سەفەر،٢. بریتی لە مردن: (ئاخر سەفەرەن، ڕا خەیلێ دوورەن/ مەنزل بێ‌پایان، تۆشە زەروورەن) «مەولەوی».
**ئاخرش**: ئاخری، ئەنجامی.
**ئاخرشکەم**: ئاخر منداڵی ماڵێ.
**ئاخرشەڕ**: ١. پیری بەدفەڕ و نەگریس: (یەسە پیر بیمە پیر ئاخرشەڕ) «چەپکەگوڵ»،٢. کەسێ لە دوایی تەمەنی‌دا کاری پێچەوانەی دین بکا: (پیری ئاخرشەڕ وەتەنت فرۆشت/ ئابڕووت گۆڕیەوە بە پێڵاو و گۆشت؟) «هەژار»،٣. دوایین کێشە،٤. بۆ دۆعا لێ‌کردنیش دەیڵێن: (ڕەبی پیرێژن بە ڕۆژێ بمری، بەفر و باران بێ/ قەبر هەڵقەنت کەری گاڕان بێ/ یاسین‌خوێنەکەت ورچێکی لەڕ بێ/ بەردی ئەلحەدت تەپاڵەی تەڕ بێ/ ڕۆژی قیامەتێ ئاخرت شەڕ بێ) «کانی‌مرادان».
**ئاخرشەڕە**: ئاخرشەڕ.
**ئاخرشەڕی**: ئاخرشەڕ، ئاقیبەت خراپی: (لە ژێر باری غەما وا شانی سەبرم ڕێشە ئێستاکە/ فیراقی یار لەبەر ئاخرشەڕی لێم بۆتە سەرباری) «کوردی».
**ئاخرشەو**: ١. دوایین شەو: (ئاخر شەوی هەفتەوەرە)،٢. کۆتایی شەو، دەسپێکی سوح: (ئەوەڵ ڕۆژ و ئاخر شەو/ پۆل ئەبەستن وەکوو کەو) «قانع».
**ئاخرعاقبەت**: ئاخرکار، سەرەنجام: (خودا ئاخر عاقبەتمانە بە خەیر بۆکۆنە) «دەروێشیان».
**ئاخرقورووش**: ئاخرین قڕان.
**ئاخرقیامەتێ**: قیامەت، پەسلان، دوارۆژ: (وێ حەتا ڕۆژا ئاخرقیامەتێ، شەرم و سۆسرەتیکە مەزن ب سەڤا مالبەتا سەفەوییا) «مەستوورە».
**ئاخرکار**: سەرەنجام، دوییایین: (لەو ڕووژە ترسم یانەی کە ئەرز کەم/ لەو ئاخرکارە گشت بای وە ڕێ خوەم) «چەپکەگوڵ».
**ئاخرکارشەن**: دواییەتی، کۆتاییەتی: (ئەر سەد کشتەکەم ئاخر کارشەن/ هەفتەکەی ئاخر نەووەهارشەن) «مەولەوی».
**ئاخرکاری**: سەرەنجام، دوماهیا کار: (دیدی کە ئاخرکاری چە بە سەرمان ئامەد! خانەکەمانە لافاو بۆرد) «دەروێشیان».
**ئاخرکە**: ئاخویرک، ئاخوورک.
ئاخرکەفتن: دواکەوتن، پاش‌کەفتن.
**ئاخرما**: ئاخرمان، ئاخرەکەمان، پاشەڕۆژمان: (ئاخرما خاکەن، خاکمان وەسەر) «م.ح. دزلی».
**ئاخرماڵ**: ئاخرین ماڵ.
**ئاخرمانگ**: ١. ئاخرین مانگ: (ئاخرمانگ بەهار وەختی درەوە/ فەلای بەش‌خوراو لە تەقلەدەوە) «قانع»،٢. کۆتایی مانگ، سەری مانگ.
**ئاخرمناڵ**: پاشەبەرە، دوامنداڵ.
**ئاخرنگا**: نیگای ئاخر، دوایی تەماشا: (توخوا بەو جووتە چاوە شینانە/ ئاخر نیگاتە تیر بۆم بروانە) «گۆران».
**ئاخرنەفەس**: ١. دواهەناسە، کاتی مەرگ: (نەوا میهمان بۆ تۆ نەوینی کەس/ خەفەت بۆ پەرێت

تــا ئــاخرنەفەس) «مەولەوی»،٢. ئــاخر، دوایــی: (حــوزنی مــن یــا حوســنی تــۆ ئیشــکالە تــا ئاخرنەفەس/ چون زەکاتی حوسنی تۆ یا حـوزنی من ناگا بە کەس) «حەریق».

**ئاخرواچە**: دواهەمین قسـەم: (ئـاخر واچە پـێم گیانم فدێت بۆ/ سەرم بە سـەرگەرد ئەی مـاوا و جێت بۆ) «خانای قوبادی».

**ئاخروئاقیبەت**: ئاکام، سەرەنجام.

**ئاخروئــاقیبەتی**: لە ئاکـامدا: (ئـاخر و ئـاقیبەتی قسەی خۆی بردەسەر).

**ئاخروئۆخر**: نزیک بە برانەوە، کۆتـایی، دوایـی، ئـاخری ئـاخر: (لە ئـاخر و ئـۆخری هـاوین‌دا هەڵدەکاتە با و تۆز بڵیند دەبێ).

**ئاخروەخێرگەڕان**: ئاخێرخێربوون.

**ئاخروەدا**: ئەخرین خواحافیزی.

**ئاخروەداد**: ١. قسـە نەهێشـتنەوە، شـەرت ئـاخر کردن،٢. تەواو بوون شتی خۆراکی.

**ئاخرهاتن**: دوایی‌هاتن، برانەوە، کۆتایی پێهاتن.

**ئاخرەت**: ئاخرەت، ئاخیرەت، قیامەت، قیامەتێ، قیام، پاشەڕۆژ، دواڕۆژ، سڵا، پەسڵان، بن دنیـایێ، ڕۆژی پاشی مرن.

**ئاخرەتزەمــان**: ئاخرزەمـان: (لەوان بـوو ڕۆژی تەنگانە/ لە کنیان ئاخرەت زەمـانە/ چەنـد گریـان ئەو خاتوونانە) «مان».

**ئاخرەتیچ**: ئاخرەتیش، قیامەتیش.

**ئاخرەمین**: هەرەپاشین، دوایی‌دوایی.

**ئاخرەمینە**: ئاخرەمین، دوییایین.

**ئاخرهەناســە**: ١. دوایـین هەناسـە: (یـاوام بە فەریاد جە ئـاخەر نەفەس) «بێسـارانی»،٢. مـردن: (بڵا ڕۆحت مـوقەددەس بـێ، ئەم و ئەو کردنـت بەس بێ/ هەتا ئاخر هەناسە ئەو بناسە، هەر بنازە بەو) «مەحوی».

**ئاخری**: ١. دوایی، دوایی، دومایی، پـاش، پاشـی ٢. لە ئاکام، ئاخرسەر، ئاخرەکەی: (کچـێکم بـوو، کچێ .. تەنیـا کچـێ .. بەس!/ ئەویشـت ئـاخری کوشت چەرخی ناکەس!) «گۆران»،٣. لە پرسیاردا: (ئاخری؟، دەی دوایی چی؟).

**ئاخرێ**: سەرەنجام، ئاخرسەر.

**ئاخریخەت**: ١. دوایی ئیزگەی پاس،٢. بریتـی لە دوایین ڕێگا و ئەنجام.

**ئاخرێژ**: گڵەبان، ئاخ دروست‌کردن لە سەربانێ.

**ئاخریزەمان**: ئاخرزەمان، ئاخیرەت: (شەختێکە خۆی دەداتەوە لە سوێسـنێ، هەڵاڵـێ، بەیبـوونێ/ دەک نەمێنم کـوڕە مـاڵوێران لە مـن چ ئـاخری زەمـــان ڕابـــوویە، لە ڕەشـــەڕێحانێ) «گەنجـــی سەربەمۆر».

**ئاخریعومر**: کۆتـایی تەمەن، دەورانـی پیـری: (بـێدایکم و بێبـابم، بێۆمـام و بـرا مـاوم/ لەم ئاخری عومرەمدا وا دیارە کە تاقانەم) «ئاوات».

**ئاخریکار**: کۆتـایی کـار، بـڕانەوە، تواوبـوونی کار.

**ئاخرین**: دواهەمین، دوایین.

**ئاخرینبەستەومەقامم**: ناوی گۆرانییەکە: (ئاخرین بەستە و مەقامم وا لە لێـو جاری دەکەم/ مـووی سـفیدی نیسـانەی مەرگە و کـۆچی یەکجـاری دەکەم) «حەسەن زیرەک».

**ئاخرینتیریتەرکەش**: ١. دووایـن تیر،٢. بریتی لە دواین هیوا، ئـاخر هومێـد: (ڕەزمئـارا ئەفسـەری بەهێز و بەدەسڵاتی ئەرتەشی ئێران وەک ئـاخرین تیری تەرکەشـی کۆنەپەرستی هـاتە سـەر کـار) «هێمن».

**ئاخرینجار**: دوایین کەڕت، جاری ئاخر.

**ئاخرینقیمەت**: ئاخرین قسەی ماملە.

**ئاخریوئاقیبەتی**: سەرەنجام، هەر.

**ئاخریهاتن**: برانەوە، دواییهاتن: (ئاخری نایێ وەکـو ڕووبـار و چـۆم/ یـا شـەڕەجوێنی لە نێـو خەڕڕات و دۆم) «حاجی قادر».

**ئاخزا**: دەرد و ژان حەیوان کاتی زان.

**ئاخزووم**: خەلەقا هەسن ئا سەرگەم.

**ئاخزە**: ئاغزە، قنگە جگەرە.

**ئاخسبات**: ئاخلەوەر، زەمبەرەک، پازدەرۆژی ئاخری چلەی زستان: (قەرەسبات ئاخسبات بە ناو وڵات داهات کەت و کوتی هەڵبژارت) «پەند».

**ئاخش**: ئۆخەی، ئۆخەیش، ئۆخەیچ، ئای چەن خۆشە.

**ئاخشان**: ئاخیان، داخیان: (دەردینان جە سەیر گوڵانی باخان/ ئاخشان مبۆ بە دەخمای داخان) «بێسارانی».

**ئاخشتە**: دۆستانی، دۆستایەتی، ئاشتی، تەبایی.

**ئاخشتی**: ئاشتی، دۆستی، نێوانخۆشی.

**ئاخشیج**: ماکی ژیان کە بریتین لە چوارینەی: ئاگر، ئاو، ئاخ، با: (هەمکار و ژ بۆ مەڕا مەزیجن/ هەر چار ژ بۆ مە ئاخشیجن) «خانی».

**ئاخف**: قسە، پەیڤ: (ژ گۆتن‌دا نەکی لەز ئاخف و بەحس/ کو تە ڕا نەبێژن پاش دا کو بەس) «گولشوون».

**ئاخفت**: پەیڤت، خەبەردا، وتی، گۆتی: (گاڤا کو ڤەخار مەمێ و زینێ/ ئاخفت ل من جهێ برینێ) «خانی».

**ئاخفتن**: ١. دوان، دووان، دوواندن، کوتن، گوتن، قسەکردن، پەیڤین، ئاخاوتن، ئاخەوتن: (باخفە: بدووێ، نەئاخفە: مەدووێ، باخێڤە: بیدوێنە، نەئاخێڤە: مەیدوێنە، پێباخڤە: وەدووانی بخە، پێنەئاخڤە: قسەی پێمەکە) ٢. کولانەوە، کرانەوەی برین،٣. قسە، گوتە.

**ئاخفین**: ئاخڤین.

**ئاخڤ**: Axiv ئاخوڤ، ئاگۆت، ڕاوێژ، وێژ، گلی گۆتن.

**ئاخڤاندن**: ١. هێنانە قسە، هێنانە ئاخاوتن، وە دووان هانین، دوواندن ٢. کولاندنەوە، هەڵدڕین، کردنەوە برین.

**ئاخڤتن**: ١. ئاخفتن، ئاخۆتن، ئاگۆتن، دوان: (ڕۆژەکێ ب سەرێک هلبووین و پێکڤە ڕونشتین، ل سەر ئاخڤتین) «ف.پ.پ.»،٢. قسە، گوتە: (سەرکێشی کاروانی گۆتی وەرە مەرجانی ئەگەر ژنا تە ئاخڤتنێن خراب نەگۆتنە تە) «گەلواز».

**ئاخڤتن‌خۆش**: قسەخۆش، زمانپاراو، گفتولفت خوەش.

**ئاخڤتنکەر**: قسەکەر: (دبێژن جارەکی کابرایەک چوو خزمەتا موسای ئاخڤتنکەرا خودێ) «گولواز».

**ئاخڤۆک**: ئاخڤەک، ئاخۆک، کەسێ کە دەدوێ.

**ئاخڤەک**: ئاخڤۆک، ئاخۆک.

**ئاخڤین**: ١. ئاخۆتن، پەیڤین، دوان، دووان، قسەکرن: (من دید عەرەبێ بێ ئاڤان ڕوون/ ها ئاخڤی گەل کورێ خون) «گولشوون»،٢. کولانەوە، کرانەوەی برین،٣. هەڵدڕین، هەڵبڕاندن، ٤. پشکوتنی گوڵ.

**ئاخ‌کرن**: ١. خستنە ژێر گڵ، داپۆشین ٢. ناشتن(مردو)،٣. ئاخ هەڵکێشان: (ئاخێ دکر ئاخ و بەر دنالین/ داران دکر ئاه و پەل دکالین) «خانی».

**ئاخ‌کشاندن**: ئاخ هەڵکێشان: (کەچکێ هنگێ ئاخ دکشاندن) «پەپووک».

**ئاخ‌کۆلان**: خاکهەڵکۆلین، زەویدانەوە، دانەوە، ئاخهەڵقەندن.

**ئاخکە**: ئەونە، ئەمەندە.

**ئاخکەند**: ١. دێیەکە سەر بە ناوچەی سەرای

سەقز، ٢. گوندێکە سەر بە شاری دیواندەرە لە دێکۆی قەرەتەورە،٣. ناوی دو گوندە لای بیجاڕ، ئاخکەندی سەرێ و خوارێ،٤. دێ سپی، گوندە چەرموو.

**ئاخکێش**: ئاخ‌هەڵکێش، دەردەدار: (دیوانە، واریس قەومی مەجنوونم/ ئاخکێش زۆخ نۆش زام نە دەروونم) «وەلی‌دیوانە».

**ئاخ کیشان**: ئاخ کێشان.

**ئاخ کێشان**: ئاخ‌هەڵکیشان، بۆ بەداخ بوون: (کویرەکانیان مەکە بە باغ/ کچەتیوان مەکە چەلاخ، لە دوای چووان مەکێشە ئاخ) «مەسەل».

**ئاخ کێشاین**: ئاخ کێشان.

**ئاخگە**: ئاهگە، ئاگە، قەیران، گیانەڵلا، تەنگانە، ئاویلکە، جەرگە، جەنگە، کاتی بڤەی نەخۆشی.

**ئاخڵ**: ١. ئاخڵ، خرمانە، خەرمانەی دەوری مانگ و ڕۆژ: (بنوورە وەو مانگە چو ئاخڵ دایە/ سەوزەیێ باڵا بەرز کشکچی نایە) «باشوور»،٢. گەوڕ، ئاخەڵ، ئاغەڵ، تەویلەی ئاژەڵ و ماڵات ٣. ئاخوڕ،٤. کێان، کادێن،٥. دیواری تەپاڵە،٦. دیواری لە شووڵ بۆ ئاژەڵ،٧. پەپکە، پاپۆکە(مار).

**ئاخڵ**: ئاخل.

**ئەخلات**: شارێکی باکووری کوردستانە.

**ئاخ‌لاوەلاوە**: گۆرانی‌یەکی هەورامی‌یە.

**ئاخڵ دان**: خەرمانە دانی مانگ: (ئەمشەو لە بەختم مانگ ئاخڵ داگە/ سەوزەی باڵابەرز قەراوڵ ناگە) «خان‌مەنسوور».

**ئاخلڤ**: Axliv ئاخلڤە، خاکەلێوە.

**ئاخلڤە**: Axlive ئاخلڤ، ئاخ لڤ، ئاخ لڤین، ئاخەلێڤە، ئاخەلێوە، خاکەلێوە.

**ئاخلە**: ١. خەرمان، خرمان، جۆخین، جوخین، بێدەر، کۆی سووری دەغڵودان(گەنم) ٢. خرمانەی مانگ، جۆخینەیێ دۆرا هەیڤێ و خۆر ٣. لادە، دیواری تەپاڵە ٤. کێان، کادێن، کاهدان،٥. کەڵکە، پەپکە، پاپۆکەی مار،٦. بە ژوورێکی کورتە دیواری سەر دانەپۆشراو دەڵێن کە بۆ کا و گیا ساز دەکرێ،٧. هەتیتە کردن، دۆردان،٨. ناوە بۆ کچان.

**ئاخلەدان**: ١. کۆزبەستن، کۆبوونەوە، گردبوونەوە ٢. خرمانەدانی مانگ: (ئیمشەو لە بەختم مانگ ئاخڵ دایە/ هەفترۆم ئاوا بوو، شەوار نەمایە)،٣. پاپۆکەدان(مار).

**ئاخ‌لەدڵ**: ١. دل ب کوڤان، داخدار، بئاخ، حەسرەت‌دار: (مردن گەلێک دەحبایەکی زەرەندەیە/ لە پیر و لە جوانان ناپرسی/ گەلێک جوانکەی دە وەکو تۆ/ دەچنەوە ژێر باری دە گڵی/ بە ئاخ لە دڵی و بەبێ خۆشی و نامرادی) «گەنجی سەربەمۆر»،٢. دۆعا و تووکی ژنانە: (یارەبی ئاخ لە دڵ بی).

**ئاخ‌لەسەرئاخ**: حەسرەتی زۆر و لەڕادەبەدەر: (ئاخ لەسەر ئاخێ ئەما سەد جاران ئاخ لەسەر ئاخ/ ئەمن دوو ماچم دەس‌قەرزن، یەکیان لە ژێر پەرەنگۆڵەی دە گواران/ ئەوی دیکە لە ژێر پەرەنگی دە سەنجاخێ) «فۆلکلۆر».

**ئاخلەوک**: ئاخلەویک، تاوە.

**ئاخ‌لەوەر**: ئاخرلەوەر، ئاخ‌سبات، ئاخلێڤە، ئاخ‌نەبات، ئاخ‌لێوەر، بەهار، بوهار، سەرێ بهارێ، سەرەتای شین‌بوون و سەوزبوونی گژ و گیا و نەبات و لەوەڕ و چەورانی بەهاری.

**ئاخلەوی**: ئاخلەویک، ئاخڵەویک، ئاخلڤینک، ئاغلەویک، ئاغلەوی، ئەغلاو، تاوە، تابە، تاویک، ڕوون‌بێژ، ڕوون‌پێژ، موریژ، ماورێژ، مەقلی، ڕمبێژ، ڕمپێشک، کەرسوون، ناوسنگانە، ناولنگان، یەغلا، یەغلاو، یەغلاوی، یەغلەوی، یەغلو، لغلاوی، تاوەی پەل بۆ شت سوورکردنەوە.

**ئاخلەویک**: ئاخلەوی، تاوە.
**ئاخڵەوێک**: ئاخلەوی، ئاخلەویک.
**ئاخڵێف**: ئاخلێڤ.
**ئاخلێڤ**: ١. درۆ، ڤڕ، فرۆفیشاڵ، بافیش ٢. ئاخلێفە، نەورۆز، نەورۆزمانگ، خاکەلێوە،٣. مێرگ، مێرغوزار.
**ئاخلێڤە**: ١. خاکەلێوە، خاکلێڤە، ئاخەلێوە، نەورۆز، ئاخلێڤ، هەوەڵمانگی بوهار کە شینکە بەحاڵ و حاستەم سەری دەرێناوە. ئاژەڵ دەلەوەڕێ، خۆڵ و گیا پێکەوە هەڵدەگرێ، ئاخ بە لێویەوە دیارە ٢. ڕەشەمە، سێهەممانگی زستان.
**ئاخلێڤینک**: تاوە، یاغلاوی، ئاخلەوی.
**ئاخلێوە**: ئاخلەوەر، ئاخەلێوە، ئادار، ئاخلێڤ، خاکەلێوە، فەروەردین، دەسپێکا بوهارێ.
**ئاخلێهەڵکێشان**: حەسرەت خواردن.
**ئاخماخ**: گەوج، گێل، سەرهەڤدە، سەمسەلە، هوڤ، هۆڕەمە.
**ئاخمە**: پرژ، بڵاو، بلاڤ.
**ئاخن**: ١. ئاخ و داخ و هەناسە هەڵکێشان ٢. ئاخ هەڵکێش،٣. ڕەگی چاوگی ئاخنین و ئاخنینەوە کە بە ناوەوە دەلکێ، ناوی تازە یا ئاوەڵناوی پێ ساز دەکرێ: نێوئاخن، باڵنجی پەڕئاخن،٤. کەسێ شتێ دەخنێتەوە،٥. پڕ، پڕاوپڕ،٦. ئاخوند، ڕۆحانی.
**ئاخناو**: تێپەستراو، پەسواو، تێئاخنراو: (هێزە هەتا ملان لە ڕۆن ئاخناوە).
**ئاخنای**: ئاخنین.
**ئاخنئاخن**: جۆرێ گەمەی ناو چاڵی حەوزێلی قەدیم بووە.
**ئاخندران**: ئاخنران.
**ئاخندراو**: ئاخناو، خنراو: (کەندوویەکی ئاخندراو) «ئەمیری».
**ئاخنران**: ١. پەستران، داپەستران، لەخۆوە ئاخندران،٢. پڕ بوون، جمە هاتن: (کۆڵان و باریکە ڕێ لە خەڵک ئاخنراو) «شەوارە».
**ئاخنراو**: پەستراو، پەستاوتراو، داپەستوو، داپەستراو، هەڵاخنراو: (کەندوو پڕپڕە، لە سەر دەرک و لێوان، دارماڵ و ئاخندراو) «ئەمیری».
**ئاخنراوەوە**: دووبارە ئاخنراو.
**ئاخنەبا**: ئاخنەبات، سەری مانگی شوباتێ، کۆتایی زستان، حەوتووی کۆتایی چلەگچکە.
**ئاخنەی**: ئاخنین.
**ئاخنیای**: ئاخنران.
**ئاخنین**: ١. هەڵاخنین، تێئاخنین، تێپەستاوتن، ترنجاندن، تەپانن، تێخنین: (لەسەر پێستی خۆی شەقی کەن وەک گا/ پێستیشی کەللەیشی بئاخنن لە کا) «پیرەمێرد»،٢. کوناگرتن، ڕۆچنە نانەوە: (کولانچەکان جوان بخنە)،٣. گوڵبێنە ئاخنین: (هەر ئێستا گڵوێنەکە داخنم و دەس دەکەم بە نانکردن)،٤. ئاخنینەوەی شتێ وەک پەنیر کە ماوەیەک دەمێننەوە: (حەسەنی پیرەی هەموو ساڵێ چل پێستە پەنیری داخنیەوە) «موکریان».
**ئاخنینەوە**: ئاخنین، هەڵاخنین، تێئاخنین، تێپەستاوتن، خنینەوە(جەڕەپەنیر).
**ئاخنیەی**: ئاخنران.
**ئاخو**: ئاخوو، ژار، ژەحر.
**ئاخۆ**: ١. ئایا، تۆبێژی، لەوانەیە، ئاخوا، ئاخووا، ئەرێ، هەرێ، داخووا، ئامرازی پرسیارە(؟): (سەر هەر دوو کوڵمی ئاخۆ، گوڵی نەوبەهارە یاخۆ/ تەرەفی نەهارە زولفی، زُلف من اللیالی) «نالی» ٢. تەویلە، گەوڕ.
**ئاخوا**: ئاخۆ، ئایا، بڵێی، تۆبڵێی، داخوم، داخوا، داخوە، داخودا، داخۆ؟، بۆ پرسیارە: (ئاخوا تۆفیقبەگ بە لای گوندیدا یا بە لای کوێخادا دادەتاشێ؟) «کاریتە».
**ئاخواخ**: ئاخئاخ، ئاخوداخ: (وەکی تشتەک ژ دەستێ تە چوو، ئیدی ئاخ واخ نەکە) «سەنار».

**ئاخوالدەین**: ئاخ باوگ و دالگ.
**ئاخوئۆخ**: ١. وشەی دەربڕینی بێزاری،٢. دەنگی ژان و ئێش: (ژ ئەشق و ئەڤینا تە کورکی/ سێباری شەڤێ هەمی پارچێت گیانێ من ب ئاخ و ئۆخن) «حەیرانۆک»،٣. داخ، کەسەر: (ئەوەند سۆچییان چەنی ئاخ و ئۆخ) «بێسارانی»،٤. ناز، عیشوە،٥. متەق، هەستوخوست: (کوڕە دەس هەڵگرە، دەنا ئەوەندەت لێدەدەم، ئاخ و ئۆخت لێدەبڕم).
**ئاخوئۆخکردن**: ١. دەنگ هەڵبڕین لەبەر ئێش و ژان،٢. ئەدا دەرێنان، ناز کردن.
**ئاخوئۆخلێبڕان**: ١. وێکەوتن و تێهەڵدرانی زۆر: (هێندەیان کوتاین، ئاخ و ئۆخمان لێبڕا)،٢. خواردنی زۆر: (ئەوشۆ هێندەمان تێ ئاخنی، ئاخ و ئۆخمان لێبڕا).
**ئاخوئۆخلێبڕین**: ١. لە زمان خستن، لێدان، دارکاری،٢. بۆ هەڕەشەش بەکاری دێنن: (بەخودای زەوت نەبی، ئەوەندەت دەکوتم ئاخ و ئۆخت لێدەبڕم).
**ئاخوئۆف**: دەنگێکە بۆ دەربڕینی ئێش و ئازار یا کەیف و وەشی: (ئۆف، هەزار ئۆف! ئاخ، هەزار ئاخ! تا قیامەت ئاخ و داخ!/ من کە سنگم بەردە، تەبعم بەرزە چەشنی شاخ و داخ!) «گۆران».
**ئاخوبەر**: ١. داروبەرد، خاکوخۆڵ: (تاهیرخان کاغەزەک نڤیسی و گۆت: ئەگەر بەرڤاژیا فەرمانێ من بلڤی، دێ ئاخ و بەرێن عەشیرا تە ل موخل و بێژینگێ کەم) «گولواز»،٢. بریتی لە گۆڕ: (بلا تە نەببای میهمانێ ئاخ و بەرا/ بلا تە حەفت سالا کربا عەسکەریا ڤێ دەولەتێ) «حەیرانۆک».
**ئاخۆت**: پەیڤ، وتە، ئاخاوتە، قسە.
**ئاخوتف**: ١. تف کردن، بە دەنگ و سەداوە تف و بڵغەم فڕێدان،٢. بریتی لە تووڕەیی و عاجزی: (لێرەدا دەبوو وە جواب بێم و لە ئاخ و تفی مەلا وەتمان کێش و پێوێک وە دەس بێنم) «شەوارە».
**ئاخوتفکەردەی**: ئاخوتف کردن.
**ئاخۆتن**: دوان، دووان، ئاخافتن: (تا باش نزانی گلی، باش دبید هێژا/ تو خو بهێشڤین و ژ گەل ئاخۆتنێدا) «گولشوون».
**ئاخوداخ**: ئاخداخ، ئاه و داخ، حەسرەت، خەم، خەفەت: (ئیتر ئەوجار من و ژنێکی بێ وەی/ ئیتر جێی ئاخ و داخان بگرێ، ئۆخەی) «هێدی»، (وان بێڵە بە ئاخ و داخ و ناڵان/ با بیینەوە سەیری چاوکەژاڵان) «خانی».
**ئاخوداخپێمان**: ڕەنج بە خەسار چوون: (لە نیوەی ڕێدا بەجێ ما و لە سویێ ئەو نیوە و نیوەچڵیە هەر ئاخ و داخی پێما) «شەرەفنامە».
**ئاخور**: Axur ١. ئیتر، ئیدی،٢. ئاخوڕ،٣. شاخێکە لای مەرعەش.
**ئاخوڕ**: Axûr ئالفدان، ئافر، ئاخوور، هاڤر، هافر، هافڕ، هافڕێ، ئاهوڕ، ئاهڕ، ئاوەڕ، ئاوەڕە، دەلاڤ، دەمگە، کۆڵ، شوێنی هەڵبەسراو بۆ جێی ئالفی ئاژەڵ: (قوش، قوشی ڕاوی نەبێ، مورغی کولانە و ئاخوڕە/ سەگ، سەگی تازی نەبێ، کادێنیی و ئەنبارییە) «نالی».
**ئاخوڕ**: Axwiî ئاخوڕ، جێی خۆراکی ئاژەڵ.
**ئاخۆران**: دەگەڵ باخۆران دێ، ١. بشێوە، هەڕەج و مەڕەج، پشێوی و ئاژاوە،٢. کۆمەڵێ دز و تالانچی.
**ئاخۆرانبخۆران**: پشێوی، شێواوی.
**ئاخۆرانزاخۆران**: ئاخۆرانبخۆران.
**ئاخۆرانوباخوران**: پشێوی، ئاژاوە.
**ئاخۆرانوبخۆران**: ئاخۆران زاخۆران، کەس بە کەسی نەبوون، پشێوی لە وڵاتا.

**ئاخۆرانوماخۆران**: هەرەج و مەرەج، پشێوی.
**ئاخوڕاو**: گـۆلاو، حەوزی درێـژووکە، ئـاخوڕی تایبەتی ئاوی ئاژەڵ.
**ئاخوڕبەرز**: بەفیز، لووتبەرز، زیادەخواز.
**ئاخوڕچەرب**: ئاخورچەور.
**ئاخوڕچەور**: ساماندار، خۆشبژیو، تێروتەسەل.
**ئاخوڕچی**: میراخوڕ، مەیتەر، کەسـێ کە بەسـەر تەویلەی خان و شا ڕادەگا.
**ئاخورک**: ئاخرکە، ئاخوورک.
**ئاخوڕگۆڕین**: گویێزتنەوە لە جێیەک بـۆ جێیەکـی دی: (لە کن برایم ئاغا بـۆم نەدەهـات، نـاحیلاج ئاخورم گۆڕی هاتمە ئێرە) «موکریان».
**ئاخوڕلێگۆڕان**: ١. نەمانی سەرچاوەی گـوزەرانی خۆش بۆ کەسی مفتەخۆر،٢. بریتی لە هەوایەکـی دیکەی لە کەللەدا بوون، خۆ لێگۆڕان.
**ئـــاخورە**: ١. ئـــاخوڕ، جـــێ لەوەڕی مـــاڵات،٢. گوندێکە لە باشووری هەولێر.
**ئاخۆرە**: تەپۆ، ئاخرگە، مێشـوولەی وردی ڕەشـە و پێوەدەدا.
**ئاخوڕهەڵبەستن**: دروسکردنی ئاخوڕ بـۆ ئـاژەڵ: (ئاخوڕ بۆ هەموو کەرێکی هەڵنابەستن) «پەند».
**ئاخوڕیبەرز**: بریتی لە بەدەمار، ترزل، بەفیز.
**ئاخوڕیچارەوێ**: ئاخوڕی تایبەت هەڵبەسراو بـۆ چـاروێ: (ئەمـــبەر و ئەوبەری گاوبەنـــدە، ســـێ ئـــاخوڕی چـــارەوێ لای ســـەرەوەی تەویـــلە هەڵبەسراون) «هەزار ئەشکەوت».
**ئاخوڕیچەور**: بریتی لە ساماندار، سایەچەور.
**ئاخوز**: ئاغوز، ژاک، ژەک، زاک، فرا ئێکەم شیر.
**ئاخۆزی**: ئاسێ، ئارنخی، ئارنخۆک، نافەرمان.
**ئاخوفتن**: ئاخۆتن، ئاخفتن.
**ئاخوڤ**: کاری کوتانی خەرمان.
**ئاخۆڤ**: ئاخڤ، ئاگۆت، گفتوگۆ.
**ئاخۆک**: ئاخڤەک، ئاخڤۆک، کەسێ کە دەدوێ.

**ئـــاخوڵ**: ١. ئـــاخوڕ، جێـــی لەوەڕی ئـــاژەڵ لە تەویلە،٢. پەرژین،٣. وشترخۆر.
**ئاخوم**: ئاخۆم، تۆ بڵێیت.
**ئاخۆم**: ئاخۆ، ئاخوا، داخوا، ئایا، تۆبێژی.
**ئـــاخون**: Axun ١. ئاخونـــد، یـــاخون، مەلای عەجەم ٢. ناخوون، نینۆک، نینۆخ.
**ئاخون**: Axwin مەلای عەجەم.
**ئاخۆن**: جۆرێ بازی و گەمە.
**ئاخونجید**: ئاهونالە، ئاخوداخ.
**ئاخوند**: ئـاخون، زانـای ئـاینی عەجەمـان: (لە گوێ مەگرن قسەی ئاخونی شـیعە/ بە ئاشـوبن مەلای سەر لنگە دەستاڕ) «شێخ ڕەزا».
**ئاخوندی**: ئاخونی.
**ئاخوننما**: مەلانوێن.
**ئاخونە**: ئاخون.
**ئاخونی**: ئاخوندی، پێوەندیدار وە مەلاوە.
**ئاخونی**: Axwinî ١. ئاوایگە لە تێلان دەیشت، ٢. بەشێ لە زەوی کشـتوکاڵی کە مالکـانەی دەنە ئاخون،٣. هەر تشتێ کە پێوەنـدی بە ئاخونـدەوە هەبێ: (کراسی یەخە ئاخونی).
**ئاخونیز**: ئاخونجید.
**ئاخوو**: ١. ئـاخو، ئـاخوویە، ژەهـر، ژار،٢. ئەرێ خوو، بەلێ،٣. ت ئوشی، تۆ دەڵیی.
**ئاخووار**: ئاخوا، ئاخۆ.
**ئـــاخوورک**: مـــوورک، مێشـــوولە، ئـــاخویرک، ئاخرکە، پێشولەیێت هوور.
**ئاخووند**: مەلا، ئاخون، مامۆستای ئایینی شیعە.
**ئاخوویرک**: ئاخۆرە، پیشکە، ئاخرکە، تەپۆ.
**ئاخوەردان**: ئاخ هەڵکێشان.
**ئاخوەوەند**: هونەرمەن، هونەرمەند، زانا، بیرمەند.
**ئاخوەوەندی**: هونەرمەندی، بیرمەندی.
**ئاخویر**: ١. مۆل، مۆلگە، جێی پشودانی گارەن لە چێشتەنگاوان ٢. تەویـلە، گەوڕ، هـۆلی ئـاژەل ٣.

ئاخوڕی ئاڵفی ئاژەڵ.

**ئاخویرک**: مێشوولە، پیشکە، پێشکە، ئاخرکە، ئاخوویرک، پێشی گەلەک هوور، جۆرە مێشوولەیێکی ورد و بە ئاڵۆشە.

**ئاخوین**: گۆشتەزوون هێنانەوەی برین.

**ئاخویە**: ژار، ئاخوو.

**ئاخە**: ١. ئاغا، ئاخا ٢. ئاخر، ئاخری: (ئاخە نەمکوت وامەکە)،٣. وشەی کاتی دوودڵی لە کارێک: (ئاخە براکەم میگی با ئی کوچ و کولفەت چە بکۆنەم، ئاخە برەم دۆزی!) «دەروێشیان».

**ئاخەئاخ**: ئاخی زۆر، ئاخ و ئۆف.

**ئاخەبان**: ١. گڵەبان، خۆڵەبان، بانەناو، ئاخبان، ئاخەبان، ئاخرپێژکرنی خانوو پێش سواغدان: (خۆڵەبانی دەکەم بە کلێ، سواق دەکەم بە خاسەر ڕەنگی، دەیڕشێنم بە گولاوی، مالنجی دەکەم بە خەنەی) «حەیران» ٢. ئاغابانوو، ئاخەبانوو، جامانە، جامەدانی، مێزەری پیاوان ٣. بانی لێک و لووس: (کیژ هەر کیژی دوو گوندانە/ جێگای خۆشیان ئاخەبانە/ کیژیان جوانە لۆ کوڕانە) «فۆلکلۆر»،٤. هاوشاری، خەڵکی شوێنێک.

**ئاخەبانوو**: ئاغابانوو، ئاخەبانی، جامەدانی، مێزەر، جووری دەسرەی سوور و سپی یا ڕەش و سپی ک پیایل بەسنەی سەرەو.

**ئاخەبانی**: ئاخەبانوو.

**ئاخەبەو**: ئاغابەگ، ئاغابەیگ، گوندێکە لای تیکاب: (تیپ ئاخەبەو، کادەرویشەڕەش) «ئاوێنەی‌بێگەرد».

**ئاخەر**: ١. ئاخر، دوا،٢. کەواتە، ئاخە: (ئاخەر ئەتۆ بێ بناوان و بێ کابان چۆن بەڕێ دەچی؟) «ئەمیری».

**ئاخەڕەش**: ١. هیچ، ترەماش: (ئەم ل ئاخەڕەشێ مانە: لە مالی ئێمەدا هیچ چتێک نەماوە)،٢. خۆڵەمێش، گڵی ڕەش، بوول.

**ئاخەزا**: ئاخێزە، ئارەما، جێ‌گۆڕکێی ئاژەلی ئاوس بە ئێش و ئازارەوەیە.

**ئاخەسپیک**: خۆڵەسپی، گڵەسپی، جۆری گڵە.

**ئاخەسووری**: هۆزێکی کوردن: (جارێک مەحموو پاشا ڕێی ئەکەوێتە خێڵێکی ئاخەسووری لە کوێستان) «ڕشتەی مرواری».

**ئاخەفتن**: دوان، پەیڤین، ئاخفتن.

**ئاخەفتەر**: قسەبێژ، قسەکەر، گوتاردەر، پەیڤدەر، ئاخەفتیار، ویژەر، ئەو کەسەی باخووێ.

**ئاخەفتیار**: ئاخەفتەر، ویژەر.

**ئاخەگەورا**: شوێنێکە لە باکووری ماردین، گەلێک قارەمانی کوردی تێدا شەهیدکراوە.

**ئاخەل**: ١. مەخەل، تەویلە، گەوڕ، گەلەخەن، ئاغەڵ، ئاخەڵ، هۆڵ، تەویلەی بزن و مەڕان ٢. هەیوانێک دەوری گیرابێ ٣. کەڵەک، وشکەبەردی بە گەڕە.

**ئاخ‌هلکشاندن**: نالین، نالاندن، ئاخ هەڵکێشان.

**ئاخەلێوکۆتایی**: کۆتایی کار و فەرمان و هەموو شتێک.

**ئاخەلیوە**: ئاخەلێوە.

**ئاخەلێوە**: خاکەلێوە، ئاخلێڤە، ئاخ‌لێوە، دارپشکیو، هەرمێ‌پشکیو، هەرمێ‌پشکوان، نەورۆز، هەن هەن وەهار، ٢١ ئادار تا ٢٠ نیسان.

**ئاخەنای**: ئاخنین، خنینەوە.

**ئاخەنەی**: ئاخنین.

**ئاخەنیا**: ئاخنراو، خندراو.

**ئاخەنیای**: ئاخنران.

**ئاخەنیەی**: ئاخنران.

**ئاخەنیێ**: ئاخنراو.

**ئاخ‌هورکێش**: ئاخ‌هەڵکێش، دەردەدار.

**ئاخهورکێشای**: ئاخ هەڵکێشان.
**ئاخهورکێشتەی**: ئاخ هەڵکێشان.
**ئاخهورکێشە**: ئاخهورکێش.
**ئاخهەلکشاندن**: ئاخکێشان، داخینبوون، داخخواردن: (وەرە بەر دەرگا تۆزێک دانیشە/ بەرامبەری من ئاخان هەڵکێشە) «فۆلکلۆر».
**ئاخهەڵکێش**: ئەزرەتەمەن، دەردەدار: (دڵم دەریای بێپایان بێ، هەر ئاخهەڵکێشی تۆمە) «ماملێ».
**ئاخهەڵکێشان**: ئاخینبوون، ئاخ هەلکشاندن: (ماڵ لە مەریوان، دڵ لە دەرویشان/ مردن خۆشترە لە ئاخ هەڵکێشان) «کانیمرادان».
**ئاخهەی**: ئەی داد و بێداد.
**ئاخەی**: ئاخەیش، ئۆخەیچ.
**ئاخەێ**: ئاخ هەی.
**ئاخەیش**: ئاخەی، وشەی دەربڕینی خۆشی.
**ئاخی**: یاغی، یاخی، ئاغی، سەرکێش، پێچەقێن، قاچاخ.
**ئاخیبوون**: یاغیبوون، پێچەقانن، سەربزێوی کردن.
**ئاخیر**: ١. دوایی، ئاخر،٢. بریتی لە ئاخیرەت: (بە حۆقەبازی و لەعبی زەمانە ناغەڵەتێین/ ئەمێستە پێدەکەنین و لە ئاخیرا دەگرین) «حاجی قادر».
**ئاخێر**: ١. ئاخیر، لەکۆتاییدا: (مەرا ژ ئەووەل چ بر خامی کشاند ئاخێر ب بەدنامی/ ژ ڕەنگێ سەعدی و جامی ژ شوهرە پێحەسین عامی) «جزیری»،٢. گەلەخان، تەویلە.
**ئاخیرک**: ئاخرکە، ئاخویرک.
**ئاخیرە**: ئاخیر، قیامەت: (خەلعەتی تەشریفی هەرکەس بێ چییە، غەیری کەفەن!/ هەر ئەوە هەم فاخیرە و بۆ ئاخیرە و یەکجارییە) «نالی».
**ئاخیرەت**: ئاخرەت، قیامەت: (هەرچەندە برایێ ئاخیرەت بوو) «خانی».
**ئاخیریزەمان**: قیامەت، ئاخرزەمان: (هێندێک دەڵێن نەخێر بایە، بارانە/ هێندێک دەڵێن بەفرە، بووەلەرزەیە، ئاخیری زەمانە) «گەنجی سەربەمۆر».
**ئاخێز**: ١. جووڵە، جم، گڵ، لەخش، چرچە، تەکان، تاو، زلف،٢. نیوەهەستاو ٣. ڕاپەڕین، هەستان بە تەواوی: (بانو ئێد شنەفت نەجا کرد ئاخێز) «خانای قوبادی».
**ئاخیزا**: ڕابوو، هەستا، هەڵسا(ڕابردو).
**ئاخیزران**: ڕابوون، هەستان، هەڵسان.
**ئاخێزکردن**: هەستان، ڕابوون: (بانوو ئێد شنەفت نە جا کەرد ئاخێز/ بۆسا پای سەریر ئەورەنگ پەرویز) «خانای قوبادی».
**ئاخیزگە**: ١. زادگە، ئاخێزگا، جێی ڕابوون و سەرهەڵدان،٢. سەرچاوە، جێی دەس پێکردن.
**ئاخێزە**: ئاخەزا، ئارەما.
**ئاخیش**: ئاو، با، ئاگر، ئاخ: (چوار ڕەگەزی سەرەکی ژیان).
**ئاخێفتن**: ڕوواندن، ڕووانن، سەوزکردن، چەقاندنی ڕیشە و شەتڵ.
**ئاخێفینی**: کولاندنەوەی برین.
**ئاخیکەماڵ**: گوندێکە لە دیکۆی لەیلاخی باکووری ناوچەی قوروە.
**ئاخین**: ١. ئاخ هەڵکێشان، ئاخێن، ئاخکرن، ئاهکرن، نالین، لە خەمان ئاخوداخ گوتن: (هۆستا ئاخینەک ڕاهێلا و گۆت:) «گولواز» ٢. کەسەر، خەم: (د خەونا خوەدا من دی گولەک/ هشیار دبووم وێ ساعەتێ/ ئاخین ژ من چوونە فەلەک/ سەبر و قرارا من نەتێ) «فەقێ تەیران»،٣. ناوە بۆ کچان.
**ئاخینداخین**: ئاخهەڵکێش، ئەزرەتمەن.
**ئاخینک**: ئاه، داخ: (گەلەک نێزیک ئەم ڕوینشتین/ ب دلێ ئێک و دو تێگەهشتین/ داخ و ئاخینک هزار جارا/ ئەڤینداری ئەمێن کوشتین) «سندی».

**ئاخێنک**: ئاخینک، ئاخ.

**ئاخین‌کشاندن**: ئاخین راهێلان، ئاهکرن.

**ئاخین‌وداخین**: ئاخ‌وداخ هەڵکێشان.

**ئـاخینی**: ئاخ‌کێشـان، ئاەکێشـان، ئاخ‌هەڵکێشـان، ئێزنگ‌ڕاهیشتن.

**ئاخێوتن**: ئاژۆتن، تەڕاتـێن، لێخـوڕینی ولاغ: (لە کوردستانێ باخێوێ/ لە بەغـدایێ سـەر ببزێـوێ/ ئێران و توووران بشێوێ) «مان».

**ئاخێوەر**: قسەکەر، بێژەر، پەیڤـدەر: (ئـاخێوەرانی کورد لە خۆراسان زۆرن).

**ئاخیە**: ١. گوڵمێخ، مێخ، بەخـیە، ئـارنج، سـینگ، سـنگی ئاسـنی یـا دارینـی ئەسـتوور بـۆ ئـاژەڵ بەستنەوە،٢. ئاخوڕ، ئەخیە، جێی لەوەڕ ئاژەڵ.

**ئاخیێنک**: ئاخینی.

**ئاد**: ١. دوورگە، جزیرە، جەزیرە، ویشکانی لە ناڤ ئاودا ٢. ئەو، وی، ڕاناوی سێهەم‌کەسی تاکی نێـر: (جە هەر دوێ دنیا ئـاد ڕەسـتگارەن/ مەحبـووبی سوبحان فەردێ غەففـارەن) «د. نێعمەتـی»،٣. ئەو بۆ شت: (ئاد مارۆ بە ویر تەرزەکەی بـاڵات/ ئەو دیدەی مەستت، ئێد خـاڵ ئـاڵات) «مەولەوی»،٤. پەیمان، عەهد،٥. ناوە بۆ کچان.

**ئادا**: ١. دڵاوایی، دڵسۆزی، دلۆڤـانی، سـەخاوەت ٢. پسـپۆڕی، شـارەزایی، لێزانـی، زانسـت ٣. هەرەس، ئـادە، هەڵپەرتـاوتنی دار ٤. خوشـکی گەورە، دادە،٥. زبانی پرۆگرامی کامپیۆتر،٦. نـاوی پیاوێکی گاڵتەجاڕ بووە.

**ئاداب**: ١. زووخاو، زۆخ، کێمی بـرین،٢. داب و نەریت، ڕێوشوێن: (بەجێ نایێ، دەبێ ڕوو کەیـنە سـارا/ حەقـی ئـادابی مەجنـوونی لە شـارا) «مەحـوی»، (بەر دو بـرهێن تە ب ئـیخلاس و یەقین/ مە دبر سەجدە ب ئادابی دوعا) «جزیری» ٣. زانستێکە باسی شێوەی موناقشـە کـردن ئەکـا: (هەنی کێ ئاداب وە ئاداب وانۆ/ کێ عیلم مەنتق جە مەنتق زانۆ؟) «مەولەوی».

**ئـادابتۆر**: کەرەسـتەی گـۆڕینی کارەبـای دوو تەرەفە بۆ یەک‌تەرەفە بە وڵتاژێکی کەمترەوە.

**ئادابدانیی**: ڕەسم و یاسا و داب زانین.

**ئاداب‌فامای**: ئوسوول فامین.

**ئاداب‌فامی**: ڕەسم و یاسا فامین.

**ئاداب‌نەفامای**: ئوسوول نەفامین.

**ئاداب‌وڕسووم**: کۆی داب و دەستوور.

**ئادار**: ١. ئـازار، ئاڤـدار، هـادار، مـارس، مـانگی ڕۆمـــی، دە ڕۆژ لە ڕەشــــەمە و بیســـت ڕۆژی خاکەلێوە: (مانگی ئاداری، بەفر بباری تاکو گـوێی داری، خۆناگرێ هەتا ئێواری)، (ئادار ناڕوا بە بێ دۆ/ نیسان ناڕوا بە بـێ جـۆ) «پەنـد» ٢. چەمەن، مـــانگی خـــاکەلێوە، یەکەم مـــانگی وەهـــار: (نە چیچەک مان، نە ئاسـمین/ نە زۆزانـێ د ڕەنگـین مان/ نە گۆیینێ د خوەشخوین مان/ نە نیسان مـا، نە ئـادارە) «فەقـێ تەیـران»،٣. ئەم وشـەیە لەگەڵ پادار دێ و مانای بناغە و بنەڕەت دەدا: (ئـاداری لە سەر پـاداری نەمـاوە) ٤. شـوێنەوار، ئاسـەوار: (هەوری چڵکنی نالەبار وەهـا تەرت و تونـا بـوو کە ئاداری بە سەر پاداریەوە نەما) «شـەرەفنامە»،٥. ناوە بۆ کچان.

**ئـــادارک**: گـــوڵاڵە، گوڵاڵەســـوورە، گیـــایەکی خۆڕسـکی بەهـارییە لە نـاو مێـرگدا دەڕوێ و گوڵی مۆری هەیە.

**ئادارلەسەرپادارنەمان**: بریتی لە خـاپوور بـوون و ڕووخــان: (نــایەڵن ئــادار بەســەر پــاداری ئەو دەربارەوە/ چونکە دەیگوت نایەڵم ئاداری کـورد، پاداری کورد) «هێمن».

**ئادارو پـادار**: چوارچێوە، قالـب: (بەڵایەکـی بە سـەر ڕادیـۆکە هێنـا، ئـاداری بە سـەر پـادارەوە نەهێشت).

**ئـــادارۆک**: ١. گـــوڵێکە لە ســـەرەتای بوهـــاردا

دەپشـکوێ، سـپی و سـوور و بنەوشـی هەیە ٢. جێژنی نوێ‌مانگی خاکەلێوەیە دابی کۆنە.

**ئــاداره**: مــانگی ئــادار: (نە چــیچەک مــان، نە ئاسمین/ نە زۆزانێ د ڕەنگین مـان/ نە گـوێینێ د خوەشخوین مان/ نە نیسان ما، نە ئـاداره) «فەقـێ تەیران».

**ئاداری**: مانگی ئـادار: (هەژدەی ئـاداری، مەلەکە زین هاتە خواری) «ڕشتەی‌مرواری».

**ئــاداش**: ١. هەواڵ، هەڤـاڵ، ویێڵـداش، ولـداش، دالداش،٢. ئابرا، برای گەورە، کاکە،٣. هـاومەڕامی ڕامیاری و حیزبی،٤. دوو کەسی هاوناو.

**ئاداک**: ١. ئـاد، ئـادا، دوڕگە، جەزیـرە، جزیـرە، ئیشکایی ناو ئاو،٢. دایک: (ئانە های نەکوو، ئـانە های نەکوو/ ئاداکێ تۆخـوا ئـانە هـای نەکـوو؟) «مینەجاف».

**ئاداکلی**: شارێکە لە باکووری کوردستان.

**ئــــادامس**: بنێشــت، چەقە، چەقــقە، جــاچکە فەڕەنگی.

**ئادان**: ١. سپیایی، قاتخ، شیر و بەرهەمەکانی شیر ٢. خۆراک، چێشت ٣. داهات، حاسڵ، بەرهەم ٤. بەکەڵـک، پڕسـوود، پڕبەروبـۆ، زەوی و زاری بە پیـت و بەرەکەت و بەرهەم بــۆ کشــتوکاڵ،٥. ناوی کچانە.

**ئــادانی**: پڕبەروبـۆیی، بەکەڵکـی، قازانجـداری، پڕداهاتی(زەوی).

**ئاداو**: ئەدەب، حورمەت.

**ئاداوەدەر**: ئەدەب‌دەر، فێرکەری ئەدەب.

**ئاداوڕسوم**: داب و نەریت.

**ئاداوزان**: ئاداب‌دان، بەئەدەب.

**ئادای**: ئاغا دایی.

**ئادبەساین**: عەهد بەستن.

**ئادت**: ئەوت، ئەو کەسەت بـۆ نێـر: (یـا بینـایی چەما! داخم تۆ بەندێوەتەر شکەبەری، جە مـن بە تۆوە زیاتەر نزیک بۆ و تۆ ئادت جە من وەشتەر گەرەک بۆ؟) «ئەفسانەی هەورامان».

**ئادداشتن**: پەیمان هەبوون.

**ئادر**: ئاور، ئاگر، ئێگر.

**ئادڕ**: نیشتەر، نەشتەر، چەقۆی برین‌کۆڵی.

**ئادڕاسان**: زەمانی ڕاستی‌یەکان.

**ئادرجا**: ئاورگ، ئاگردان.

**ئادرگان**: ئاورگ، ئادرجان.

**ئادرنال**: دوو لوی گچکەی سەر گورچیلە کە لە بەشی ناوەندی ئەم لـوانە هۆرمۆنێـک بە نـاوی ئادرنالین دەدەڵێتە ناو خوێنەوە.

**ئادرنالین**: هۆرمۆنێک کە لە ئادرنـال دەدەڵـێ و پلەی زەختی خوێن دەباتە سەرێ.

**ئادرە**: ئاورە، ئاگرە.

**ئادرەس**: ئادرێس، نیشانی: (پۆسـتەکەم شـاکان، گۆڕیم ئادرەسم/ بۆ ئەوەی نامەت نەگاتە دەستم) «حەمەجەزا».

**ئادرێس**: ١. شوێن، نیشانی، ئـادرەس، نیشـانەی ماڵی کەسێک،٢. نوسراوەی پشتی پاکەتی نامە.

**ئادزا**: ئاجزا.

**ئادشکانن**: پەیمان شکاندن.

**ئادکــان**: ١. نـاوی پـاڵەوانێکی نـاو لەشـکری فەرەیدوون بووە،٢. ناوە بۆ کوڕان.

**ئادکردن**: پەیمان بەسن.

**ئادگــار**: ١. ئەدگـار، دیـم، ڕووخسـار، چـارە، چەهــرە، ســیما، بــیچم، بچــم، پــۆتەراک، سەروسـەکوت، سـیما، ڕۆچـک، ڕوو، ڕودێـم، ڕوومـا، ڕەنـگ و ڕوو،٢. بـاڵا، بەژن، قەڵافەت،٣. ناوی کوڕانە.

**ئادل**: ئاگر، ئاور.

**ئادم**: ئایەم، ئادەم.

**ئادماد**: ڕۆژگاری ماد.

**ئادمخۆر**: ١. ئادەمخۆر،٢. وەحشی، غول، دێو.

**ئادنە**: بێگانە، خەلق، قێری، نە ژ مە.

**ئادۆ**: ١. کەیف، خۆشی، شادی، خورەم،٢. ناوی کوڕانە.

**ئادۆد**: دارمەشکە، ئادۆکە، ئادۆدە، بێلەکان، دارا نیڤەکا مەشکێ.

**ئادۆدک**: پیشەکان، بێڵەکان، هەسنەک دەم زراڤ و تووژ بۆ کەرەنگ دەرانین.

**ئادودە**: قامیش یا داری درێژوکە بۆ خاوێنکرنەوەی ماڵ.

**ئادۆدە**: ١. بژارچن، ئادوودە، ئاسنۆکێکی کلکدار و دەمپانە بۆ بژاری گیاوگژ دەبێ ٢.بێلەکان، پیشەکان،٣. ئادۆکە، ئادۆد، دارمەشکە، نێرەژەن، داری نێوەڕاستی مەشکە.

**ئادوقەرار**: عەهد و قەرار.

**ئادونیس**: گوڵەنەورۆزە، گوڵوەهار.

**ئادوودە**: ١. قامیشێکی درێژە، ئاسنێکی بە نووکەکەیەوە بۆ خاوێنکرنەوەی ماڵ ٢. بژارچنی سەوزیکاری.

**ئادە**: ١. تەڵە کەروێشک، جۆرێ تەڵەی دارینە ٢. بژار، بژارە، ئاویە، وجێش، وجێز، وجز، وژن، ناوەژیە، کاژەنگ، حەپارە، سلمتە، کاخ، کشکە، شاقۆلک، بژاری مەزرا ٣. دورگە، چزیرە، جزیر، جزیرە، ئەردێ ل ناڤەندا ئاڤێ،٤. ئەو، ڕاناوی سێهەمکەسی تاک بۆ مێ.

**ئادەت**: عادەت، خوو: (وەکە من نەکرا ئادەت/ بێئاڤێ مینا هن گیهان) «سەنار».

**ئادەتدایین**: لووس کردن.

**ئادەتژنانە**: حەیز، بێنوێژی.

**ئادەر**: ١. کەحیل، ڕەسەن، جسن، حدود(ئەسپ) ٢. نەجیم، ڕەسەندار، کورەمازێ، باخانەوادە،٣. ئازەر، ئاور، ئاتەش، ئێگر،٤. چێکەری ئاڤێ،٥. ناڤێ خودێ.

**ئادەربەرزین**: پەرستگەیەکی زەردەشتیانە لە بەلخ یا نەیشاپور.

**ئادەرشەب**: فریشتەی وەکیلێ پاراستنا ئاگری.

**ئادەک**: دوورگە، جزیر، جزیرە: (کول ئۆر تا بەحری ئادەک هەیە).

**ئادەکرن**: پاککردنەوە، بژارکردنی زەوی لە هەرێز و کەڵە و شتیوا: (پاشای گۆتی: جڤاتا من پری مرۆڤێت گەنی و نەزان بوی، پێتڤیە ئادە بکەم) «گولواز».

**ئادەکری**: زەوی یا باغ یا هەرچی بژار کرابێ.

**ئادەکەر**: بژارکەر، ئەوەی بێستان و زەرعات لە گیای هەرزە پاک دەکاتەوە.

**ئادەڵئقرار**: عەهد، پەیمان.

**ئادەم**: ١. باوەئادەم، بابەئادەم، ئایم، مێردی دایکەوا، هەوەڵین باپیری مرۆ، بابەئادەم: (ئەی زولفی کەچت، مایەی ئاشووبی دوو عالەم/ وەی خاڵی لەبت، دانەیی پابەندی ئادەم) «ئەدەب» ٢. مرۆ، مرۆڤ، مێر، مەردم، خەڵک، ئینسان، بنیادەم: (چیا نەگینە چیان، ئادەم دگینە هەڤ) «پەند»،٣. ئەوم، ئەو کەسەم: (خوای فەرماوا: بەڵێ قەساویوە جە فلان شارەنە هەن کە من ئادم جە تۆ وەشتەر گەرەکا) «ئەفسانەی هەورامان»،٤. ئا بمدەرێ،٥. ناوی کوڕانە.

**ئادەمانە**: وەک بابا ئادەم: (ئەو دەمانەی کە لە باوەشیا بووم/ ئادەمانە لە بەهەشتا ژیا بووم) «بۆکوردستان».

**ئادەمتەرزی**: وەکی مرۆڤان، چەشنی ئینسان.

**ئادەمخۆر**: ١. مرۆڤخۆر، ئەوەی ئینسان دەخوات ٢. خوونڕێژ، زۆردار، ستەمکار، زاڵم.

**ئادەمزاد**: ئادەمیزاد.

**ئادەمفرۆش**: مرۆڤفرۆش، کەسێ ئینسان دەفرۆشێ.

**ئادەمفرۆشی**: کاری فرۆشتنی خەڵک.

**ئادەمکوژ**: ١. میرکوژ، مرۆڤکوژ، قاتلی ئینسان

٢. زالم، زۆردار، ناهەقیکار.
**ئادەمناس**: مرۆڤناس، مرۆناس.
**ئادەمەک**: ١. مرۆی گچکە،٢. ئادەمێک، ئینسانێک: (شەیتان دبێ قەت شەرم مەکە/ یەک ئادەمەک نین بێ لەکە/ باندێ ژ عەیبان تو ڤەکە/ مووسا دکت شەفاعەتێ) «فەقێ تەیران».
**ئادەمی**: ١. مرۆ، مرۆڤ، مەرڤ، بەشەر، ئینسان، عیسان، عینسان، سەر بە مرۆڤایەتی: (ئەسحابێ نگین ببێژە کینە؟/ جنینە؟ پەرینە؟ یا ئادەمینە؟!) «خانی» ٢. لە نەتەوەی ئادەم: (ئیتر من هیچ نە ئادەمیم، نە نیشتمانی/ نە ئەندامی ئەم کۆمەڵەم، نە کوردستانی) «گۆران».
**ئادەمیان**: مرۆڤگەل، خەڵک.
**ئادەمیانە**: هەرچی کە وا شیاوی مرۆڤ بێ.
**ئادەمیانێ**: ئادەمی، سەر بە مرۆڤاتی.
**ئادەمیخوار**: مرۆڤخۆر: (دوو جادوو ماری ئادەمیخواری قەرار داوە/ لە سەر شانی، وەکوو زەحاک و، ناوی ناوە زولفەینی) «نالی».
**ئادەمیخۆر**: بنیادەمخۆر.
**ئادەمیزا**: ئادەمیزاد: (ئادەمیزاد لە دین دەبێ، لە خوێن نابێ) «مەسەل».
**ئادەمیزاد**: مرۆ، ئادەمی، ئادەمیزا، مرۆڤزا، ئادەمزاد، عینسان، دووپا، کورێت ئادەمی: (سەرم سوورما لە مانای ئادەمیزاد و ئەدیانی/ کە غایە لەم قەراسانە، دەبێ چی بووبێ نەمزانی) «دڵدار».
**ئادەمیساڵحان**: کەسی دڵپاک و سەربەزێر: (خودا پشت و پەناش باشە، جوانی ساڵحانییە) «دەروێشیان».
**ئادەمیساڵنوح**: بریتی لە کەسی زۆر پیر.
**ئادەمیسوورەت**: بە سەر و سیما واسە مرۆڤ: (چەنی بوراقێ چون بەرق ئەنجوم/ ئادەمی سوورەت، شۆخ، تاوسدوم) «خانای قوبادی».
**ئادەمینەقش**: ئادەم شۆخ و سەیر و قەشمەری:

(سەی کۆ چ کارای مۆکۆنە، کۆرە ئی چە ئادەمی نەقشییە!) «دەروێشیان».
**ئادەمێو**: ئەی مرۆڤ: (ئادەمێو، دەمدەمێو) «پەند».
**ئادەمیە**: ئادەمی، سەر بە مرۆڤاتی.
**ئادەنکرن**: بژارکرن، پاقژکرن، ڤەوژارتن.
**ئادەنگ**: بێدەنگ، قورِوقەپ، قسە مەکە.
**ئادەی**: ١. دادەی، وشەی هاندانە،٢. نیشانم بدە.
**ئادی**: ١. ئەویتر، ئەویکە، ئەودی، ئادن،٢. ئەدی، ئەددی، ئەی، ئا، ئم، بەڵێ، بۆ وەڵام ٣. ئەدی، بۆ پێداگری: (ئادی بارشا کرد لوەی سیاماڵ) «م.ح. دزڵی»،٤. گیانداری ژارداری بچوک وەک: زەرگەتە، و دوپشک ٥. ئەرێ؟، ئامرازی پرسیارە: (ئادی برسیت نییە؟ نانت بۆ بێنم؟)،٦. درِندە، درِننە،٧. عادی، ئاسایی،٨. ناوی کورِانە.
**ئادێ**: ١. ئەوان، ئەوانە، راناوی کۆیە(نێر، مێ)،٢. گوندێکە سەر بە نەغەدە،٣. ناوی کێویکە: (حەیرانێ وەرە لە کێوی ئادێ/ مەندۆک هەڵدەستا/ ئافتای کورِادێ) «فۆلکلۆر».
**ئادیامان**: ئادیەمان.
**ئادیان**: ئادیانی، تیرەیێکە لە ناوچەی بەرواریدا دەژین.
**ئادیانی**: خەڵکی ناوچەی بەرواری.
**ئادیچ**: ئەوانیش، ئەوانیچ.
**ئادێچ**: ئەویش.
**ئادێچی**: ئەوانیدی، ئەوانیتر، ئەوترەکان.
**ئادیدەوئامین**: ئاندیدە و ئامین، پێداگری بۆ قەبوولی ئامین.
**ئادیر**: نشتەر، نەشتەر.
**ئادیشا**: ئەوان خۆیان.
**ئادیشان**: ئەویش: (بۆ بدیە وە بەرگ، بێخ باڵامان/ من دڵ سفتەنان، ئادیشان دامان) «بێسارانی». ٩٣×
**ئادینده**: کەسکوسۆر، کۆلکەزێرینە،

کۆلکەڕەنگینە، ئەستونەزێڕینە، پەلکەڕەنگینە.
**ئادینە**: هەینی، ئەینی، جومعە، ڕۆژی جوعمە.
**ئادێنە**: مەزرای لەوەڕ خۆش، جاڕی پڕ گژوگیا.
**ئادینەگەردین**: خشڵی بووک، ئەو قۆدیک و ماشەڵلانە کو ب بووکان ڤەدکەن.
**ئادینی**: ئەوانن.
**ئادیوبۆدی**: تەفرە، ئاوبۆ، سەفسەتە، هەللەقمەللەق، هاتەران و پاتەران: (ئەگەر لێت پرسیەوە، ئەوەندەت ئادی و بۆدی بۆ دەکات، ناوی خۆت لەبیر دەباتەوە).
**ئادیەمان**: ١. ئادیامان، ئادیەمەن، شارێکی کوردنشینە لە نزیک مەلاتیا،٢. پارێزگای ئادیەمان.
**ئادیەمەن**: ئادیەمان.
**ئار**: ١. ئارد، هارد، هەرد، هاردی، دەغڵی هاڕاوەی ئامادەی نان ٢. جێ، جێگە، شوێن: (نسار: جێی نسێ)،٣. ئاور، ئاوور، ئاگر، ئێگر: (ئار دشەوتە، شون خوە ڕەش دکە) «پەند» ٤. خۆزگە، خۆزیا ٥. پاشگری هێندێ وشەیە و خاوەندیێ دەگەیەنێ(کریار) ٦. ئابڕوو، ناموس، فەدی: (ئار ژ کەسێ نەزان بارە) «پەند» ٧. عار، عەیب، شەرم، شوورەیی، نەنگ ٨. گۆیا یەکێک بووە لە ڕزگاربووانی کوولاکی تۆفانی نوح ٩. پاشگری ناوسازە: (بنار، ژەنگار) ١٠. پاشگری بکەرییە: (فرۆشیار)،١١. یەکەی ئەندازە بۆ پێوانی زەوی بەرانبەری ١٠٠ میکاب، ١٢. ئال، کول(ددان)، ١٣. لە هێندێ وشەی لێکدراو مانای ئاش دەگەیەنێ: (ئارسی، ئاروانچی)،١٤. ناوی کوڕانە. ×١٦٦ تەیران×؟دبارن ئار ژ ئاسمانی؟
**ئارا**: ١. دووسی، دۆستی، دۆسایەتی، نێوان، نێوانخۆشی: (خەبەری سیامەندی؟ جا خەبەری چی، هێندەمان ئارا دەگەڵی نییە) «موکریان»،٢. نیشتمان، وڵات: (نە هێمن ما لە ئارادا، نە ئاوات/ خودا بۆ کوردی بێئارا، دەروویەک) «ڕاوچی» ٣. لەگۆڕێ، هەبوون، وجوودبوون ٤. ئایا، ئەرێ، ئامرازی بانگ‌کردنێە ٥. ڕازێنەر، ڕازێنەوە: (دەمێکی هەستە پێ قوربان جەماڵت عالەمئارا کە/ بزانین نەخلی توویا، باغی جەننەت خاک و خاشاکە) «وەفایی»، ٦. پاشکۆی هێندێ وشەیە (جیهانئارا) ٧. ئاران، وارێ زستانێ ٨. دوو تاڵی ناوەڕاستی تەون،٩. جێ‌خەرمان، جایگ ک ئەڕای خرمان کوتان پیەنەو کەن،١٠. مابەین، بەین، دووری،١١. قاوەڵتوون، بەرچایی، بەرقلیانی،١٢. بەیداخ، ئاڵا،١٣. هۆگری، حەز لە شتێ: (ئارات لەگەڵ سەما چۆنە؟)،١٤. جێی ژیانی هەمیشەیی،١٥. ئۆقرە، سوکنایی، قەرار، هێوری: (ئارا لە چە جێیەکم نەماوە/ تۆ ئەو مەمی دیت، نەما تواوە) «هەژار»،١٦. ناوە بۆ کچان و کوڕان.
**ئارابخا**: ١. زستانە هەواری کۆچەران ٢. جێی پڕ خێر و بەرەکەت ٣. ناوی کۆنی شاری کەرکووکە،٤. ناوە بۆ کیژان.
**ئاراپخا**: ناوە بۆ کیژان.
**ئاراتە**: ئازاد، ئازاتە، ئازادەگان، بۆ چینی کاربەدەستی دەورەی ساسانیان بەکەر براوە.
**ئاراجاست**: شاخێکە لە باکووری کوردستان.
**ئاراد**: بارودۆخێکی بۆ جەحێڵ «کوڕ،کچ» دێتە پێش کە زۆر حەز لە کاری سێکسی دەکەن، دەڵێن: «گڕو ئارادە».
**ئارارات**: ١. ئاگریداغ، ئاگری، چیای ئاگرییە لە شۆڕشی کورداندا جێ و ناوێکی دیاری هەیە: (بە سەر شاخی ئاراراتدا بە لاوک پیرەمێرد سەرکەوت/ ئەڵێ شوێنم کەون کوڕگەل، شەوی سەرکەوتنە ئەمشەو) «پیرەمێرد»٢. ناوە بۆ کوڕان.
**ئاراز**: ١. ئاراس، ڕووبارێکە لە سنووری ئێران و ئازەربایجان،٢. نەخۆشی، دەرد و خوسەی فرە،٣. ناوی کوڕانە.
**ئاڕازانن**: ڕازانن، ڕازاندن.

**ئارازدڵتەنگی**: دەرد خوەیْ وەتن.
**ئارازکردن**: لە خوسە دەق کردن.
**ئاراس**: ١. فرمێسک، ڕۆندک، ئەسر، ئەسرین،٢. ئەرەس، ناوی چەمێکە لە سنووری ئێران و ئازەربایجاندا: (عەشرەت هاوارە، عەشرەت هاوارە/ کەوتوومە ئاراس، ئاو بیْبوارە) «پیرەمێرد»،٣. زنجیرە چیایەکە لە باکووری کوردستان،٤. چیاییێکە لە خۆرهەڵاتی شەقڵاوا،٥. شارێکە لە باکوور سەر بە پارێزگای ئەرزرووم،٦. ناوە بۆ کوڕان.
**ئاراسان**: هەراسان، وەڕەزی: (پیریژنێک دەشتەکی ئاراسانی لە کوڕەکەی هەڵدەرێت) «ف.پ.پ.».
**ئاراست**: ١. خەمڵ، کاری ڕازاندنەوە،٢. ڕازاندیەوە، خەملاندی: (پەی نەزەربازان جە عەرسەی زەمین/ ئاراست بیساتیْ بە زەوق شیرین) «خانای قوبادی».
**ئاراستن**: ١. خەملاندن، ڕازاندنەوە: (پەی نەزەربازان جە عەرسەی زەمین/ ئاراست بیساتیْ بە زەوق شیرین) «خانای قوبادی»،٢. خستنە پشت گویْ.
**ئاراستە**: ١. ڕازاوە، ڕازیاگەوە، ڕازیا، بەدەق، خەملێنراو، خەملاو، جوانکراو، تاسولووسکراو: (دویشەو، شەوی شەنبە، کە لە شەمعی مەهـ و ئەختەر/ ئاراستە بوو سەتحی سەراپەردەی ئەخضەر/ ...) «ئەدەب»،٢. ئاراسە، پێشکەش،٣. ئامادە، تەکووز، ڕێکوپێک،٤. ئا ڕاستە، بەڵیْ واسە،٥. ڕووی شتێک بەرەو کەسێک کردن: (تیرێکی ئاراستەی من کرد).
**ئاراستەکردن**: ١. بەرامبەر کرنی شتێک بۆ تێگرتن،٢. پێشکەش کرن، بۆناردن،٣. ئامادەکرن.
**ئاراستەکری**: کاری ئامادەکراو بۆ ئامانجی تایبەتی: (بکەتە کارەکیْ ئاراستەکری و خودان ئارمانج) «حارسیْ بدلیسی».
**ئاراستەکریا**: ئاراستەکراو، ڕازاوە.
**ئاراستەکریْ**: ڕازاوە، ئاراستەکری بۆ میْ.
**ئاراستەکەر**: ڕازێنەر، خەملێنەر.
**ئاراستەکەردەی**: ئاراستەکردن.
**ئاراستەکەرە**: ڕازێنەر بۆ میْ.
**ئاراستەی**: ڕازاندنەوە.
**ئاراسە**: ١. ڕازاوە، خەملاو،٢. ئاراستە، پێشکەش، ٣. حەواڵە.
**ئاراسەبوون**: ١. پێشکەش بوون،٢. حەواڵە بوون.
**ئاراشت**: ڕازانن، ئاڕایشکردن.
**ئاراشتوا**: ١. ناوێکی کوردستانییە واتای دەوروبەری بەهێز دەگەیەنیْ،٢. ناوی کوڕانە.
**ئاڕافوئوڕووف**: خشڵ، خشر، کەرەستەی خۆڕازاندنەوە.
**ئاراڤ**: ١. نیر و ئاموور، ئارەق و نیڵ، ئاقیلە و ماقیلە، ئاکیلە و ماکیلە، کەرەستەی جووتی ٢. ئاراو، پاشماوەی کەفاوێکە، کە جل و چتمەکی پیْ شۆرابیْ و شتیتری پیْ بشۆرن ٣. شیووکوڵ، سابوون و ئەسپۆن و کەرەسەی شۆردن ٤. ڕایەڵی یەکەمی جۆلایانە.
**ئاراڤێژ**: ئارئاڤێژ، ئارداوێژ، شوون ئار ل دەورا ئاش، میساخە.
**ئاراڨ**: ١. ئارەق، مەی: (ئوسان ژی شەراڤ، ئاراقا وەلی کەم نە دبوو) «مەستوورە»٢. خویْ، ئارەقەی جەستە.
**ئاراک**: ئاورگە، ئاتەشگا.
**ئاراکردن**: هامارکردن زەوو، ڕێککردنی زەوی، ماڵوو لە زەوی دان.
**ئاراگێڵ**: ئاوارە، هەڵوەدا، قەلەندەر: (ویڵ، جە ویڵی من، تەمام ویڵ بیەن/ چوون من، کۆ بە کۆ ئاراگێڵ بیەن) «بێسارانی».
**ئارالیک**: شارۆچکەیەکی باکووری کوردستان،

نزیک چۆمی ئاراس.

**ئارام**: ١. هێور، هێدی، هێمن، هاوێش، مەند، لەسەرەخۆ، ئۆقرەگرتوو، نەرم، هێوول، دنج، بێ‌پێژەن، نشمی، تەپس، هەدار: (خودا! چ ئولفەتە، گرتوویە دڵ، بە توورەیی تۆ/ هەتا لە باوەشی نەگرێت، ناگرێ ئارام) «ئەدەب» ٢. هێوری، خەوتن، حەسانەوە: (سەردەمێک بوو، سەردەمێکی دوور و درێژ بوو/ نوێنی ئارام بۆ من لە سەر چەرپایەی لێژ بوو) «گۆران»٣. ناوی دەریایەکە،٤. ئارام، ناڤێ کورێ نوح پێغەمبەرە،٥. یەواش، سووک، سەبر٦. بێقرە، بێدەنگ: (کوێستان زۆر ئارم و بێدەنگە)،٧. برست، ئۆقرە، توانا: (ئەم ژانەسەرە ئارامی لێ‌بڕیوم)،٨. ناوە بۆ کوڕ.

**ئارام!**: هێواش!، نەرم!، لەسەرخۆ!، هێدی بە!

**ئارام‌ئارام**: سەبرسەبر، لەسەرخۆ، یەواش‌یەواش: (ئارام‌ئارام بە لۆژەلۆژ/ ئەوا بەرەو ماڵ بوومەوە) «ناڵەی‌جودایی».

**ئارام‌ئەزێش‌پەریدە**: سەبر و قەراری نەماگە: (ئارام ئەزێش پەریدە، بین یەی ساعەتی مینشینە زەمین!) «دەروێشیان».

**ئارام‌بڕیا**: ئارام براو.

**ئارام‌بڕیان**: نەسرەویان، نەسرەوتن.

**ئارام‌بڕیای**: ئارام بڕان.

**ئارام‌بڕیەی**: ئارام‌بڕین.

**ئارام‌بڕیێ**: ئارام بڕاو بۆ مێ.

**ئارام‌بوون**: سرەوتن، دامرکان، وەقرەگرتن، ستارگرتن، ورینگ‌گرتن، داسەکنان، داکاسیان، هەدادان، هێواش بوون.

**ئارام‌بوونەوە**: ١. ژێربوونەوەی منداڵ،٢. دامرکانی ئێش و ژان،٣. هێور بوونەوە دوای توورەیی،٤. بێدەنگ بوونی ئاژاوە و هەرای خەڵک.

**ئارامبەخش**: هێورکەر، هێدی‌کەرەوە، دامرکێن، سوکنایی‌دەر.

**ئارام‌بی‌یەی**: ئارام‌بوون.

**ئارام‌بی‌یەیۆ**: ئارام‌بوونەوە.

**ئارامت‌بگیرە**: دانیشە، داسەکنە: (چەنی جموجوڵ مۆکۆنی، یەی دەی قەی ئارامت بگیرە) «دەروێشیان».

**ئارامخواز**: ناوی کوڕانە.

**ئارامدبگرێ**: بسرەویە، داکەوە، دانیشە.

**ئارامساز**: هێوری‌بەخش: (لە دەستی میران ئارام‌سازێ بووم/ دایم پەروەردەی قەدر و نازێ بووم) «پیرەمێرد».

**ئارامش**: ئارامشت، ئاراوقارا، ئاسایش، ئتر، ئشاس، ئۆخژن، ئۆقرە، ئەرەمەردەی، تەبت، تەناهی، تەنایی، خۆراس، ستار، سەکامەتی، قارا، قەرار، وەخژن، هەدا، هەراس، هەڤیان، هەندر، هەوا، هێمنایەتی، هێمنایی، هێمنەتی، هێمنی، هێونی، حەسانەوە.

**ئارمش‌بۆریدە**: نائارامە، نەسرەوتووە: (ئارامش بۆریدە، ئی پدەرسەگ ساحاب) «دەروێشیان».

**ئارامشت**: ئارامش، ئاسایشت.

**ئارام‌قەرار**: ئارام و قەرار، هێوری.

**ئارام‌کردن**: هێورکردنەوە، دامرکاندن، نەتراندن، تەبتاندن، دابین‌کردن، هۆلکاندن، دڵداری‌دان.

**ئارام‌کەردەیۆ**: ئارام‌کردنەوە.

**ئارامگا**: ١. ئارامگە، ستارگە، وەقرەگا، حەساوگە، شوێنی حەسانەوە ٢. گۆڕ، گلکۆ، قەبر، قەور، زیارەت، مەزار ٣. قسن، گومبەزی و بینای سەر گۆڕ،٤. ماڵ، مەسکەن، خانوو: (من دەڵێم مەسکەن و ئارامگەیی جانانە دەچم/ ئەو دەڵێ سەربەسەری تێکچووە وێرانە نەچی)«ئاوات»،٥. وچان، ووچان، پشوو، ئۆقرە: (جا ئەو هەلی، گەردنی دەکەمەوە حەوزی کەوسەر و بەژنی دەکەمەوە بە بەیداغی ڕۆمیانە/ لە بن وی دا

ئیستراحەت دەکەم، ئەو هەلە دەگرمەوە ئارامگا و وچانە) «شۆڕمەحموود»،٦. تاخێکی کۆنی شاری کرماشانە.

**ئارامگر**: ناوی کوڕانە.

**ئـــارام‌گرتن**: داکەسیان، داسەکنان، سرەوتن، دامرکـان، حەجمین، تەبتین، تەنـابوون: (شـنە نەبزێـوێ سـەری بسـکی ڕەشـی/ کە لەسـەر ڕوومەتـــی ئـــارامی گـــرت/ گـــوێ مەدە ئەو قسەکۆنەی کە دەڵێ:/ لەشکری کافرە ئیسلامی گرت) «هێمن».

**ئارام‌گرتەی**: ئارام‌گرتن.

**ئارام‌گردن**: ئارام گرتن: (هەرکە دەتبینم دەڵێی تۆ شەم، منیش پەروانەتم/ تا سەراپا نەبمە کۆی زووخاڵ، قەت ئارام ناگرم) «وەفایی».

**ئارامگە**: ئارامگا.

**ئارامگێڵ**: خۆشبەز، ئەسپی خۆش‌ڕکێف.

**ئارام‌لێبڕان**: ئارام لێ‌هەڵگیران.

**ئارام‌لێبڕین**: ئارام لێ‌هەڵگرتن.

**ئارامۆبی‌یەی**: ئارامەوە بوون.

**ئارام‌وقەرار**: ئارام، ئۆقرە، هەدا.

**ئارامۆکەردەی**: ئارامەوەکردن.

**ئارام‌وەنەبڕیەی**: ئارام لێ‌بڕین.

**ئارام‌وەنەهورگرتەی**: ئارام لێ هەڵ‌گرتن.

**ئارام‌وەنەهورگیریای**: ئارام لێ هەڵ‌گیران.

**ئارامە**: ئارام بە هەموو ماناکانی بۆ مێ.

**ئارامەند**: ١. ئەرامەند، فەقیر، بێ‌ئەنوا،٢. تیاماو، تیاماگ، دەسەوسان.

**ئارامەنە**: هەژار، نەدار.

**ئارامی**: ١. هێمنـی، هێـوری، هێواشـی، هێـوەرە، ئاسوودەیی، دنجی، وەقرە، ئۆقرە، ورینگ، هەدا، هەداری: (نەرمـۆڵە مەلـی تـوکنی دەنگ‌خۆشـە خەجێ/ ئارامی دڵ و باوەش و نێوکۆشە خەجێ) «ڕاوچـی»٢. بێـدەنگی، کـڕ و کپـی،٣. وەنەرمـی، وەهێوری،٤. زمانی ئارامیان ٥. نژادی ئارامیان.

**ئارامی‌بەخش**: هێوریدەر، سوکنایی‌بەخش.

**ئارامی‌بەخشای**: ئارامی بەخشین.

**ئارامی‌بەخشە**: هێوریدەر بۆ مێ.

**ئارامی‌جان**: ئـارامی دڵ، خەمـڕەوێن: (ئـارامی جانە، مەحرەمی ڕازی نیهانە دڵ/ یەعنی لە بەینـی یار و منا تەرجومانە دڵ) «بێخود».

**ئارامی‌دان**: دامرکاندن، هێوراندن.

**ئارامی‌دڵ**: ١. ئارامی گیـان، خەمـڕەوێن، هـۆی سوکنایی و حەسـانەوە: (لە دنیـادا دڵ‌ئارامێـک و ئارامی دڵێکم بوو/ بە جارێ ماڵی وێرانم، ئەمیشم چـوو، ئەویشـم چـوو) «مەحـوی»،٢. بریتـی لە گراوی، یار: (لە لایەک ئارامی دڵم بە عومری تـۆ لە بەر چـاوم هەڵگیـراوە/ لە لایەک دوژمنـایەتی حەوت هەزار سوار پێی دە دەرکم ناوە) «سـەعید و میرسێوەدین».

**ئارامیـــدە**: بێـدەنگ، ئـارام: (ئەویـچ یەکـێ بـۆ جیهان‌دیدە بۆ/ سرپۆش، خـامۆش ئارامیـدە بـۆ) «شەفیع».

**ئارامی‌دەر**: هێورکەر، هێدیکەرەوە.

**ئارامی‌ڕووح**: ئارامی‌دڵ، هۆی سـوکنایی: (بە بـێ تۆ قەت نەژیم، شادیم نەمێنێ، دیدە بێ نوور بم/ دەمێک ئارامی رووحـم بە، حەیـاتم، عـومرەکەم، چاوم) «وەفایی».

**ئارامی‌گیان**: ئارامی‌دڵ: (ئیمامیش بـا بە دووی‌دا بکا زاری هەتا ماوە/ بە زاری بانگی هاوالان بکا، ئارامی گیان ڕۆیی) «ئاوات».

**ئارامی‌لێبڕین**: ئارامی لێهەڵگرتن، جاڕس کرن.

**ئاران**: ١. گەرمێن، گەرمەسێر، گەرمیان، قشـلاق، قشـلاخ، شـوێنی ژیـانی زسـتانی کـۆچەر و هەوارچی: (ئەو لە زۆزان و من لە ئارانی دەژیـم/ کــێ دەڵــێ ئەمنــیش وەلــی دێــوانە نــیم) «ناڵەی‌جودایی» ٢. گۆشتەزەوی، نەرمان، تەختـان،

هامار، زەمینی تەخت و باش بۆ کاری جووتیاری ٣. بیابان، چۆڵگە، بیروون، دەشت، دەشتایی،٤. ئێش، ئازار، عەزیەت ٥. خرۆشان، کولانەوەی برین ٦. هان، دنە،٧. هاندان، فیتدان، ختیدان ٨. ئالان، پێچان ٩. توورە، عاجز،١٠. بێنن: (ساکەی بێ کێ دی جەی وەرتەر ڕۆیێ/ گوڵ ئاران بە کۆڵ گوڵ ئەشەد بۆیێ) «بێسارانی»،١١. ناوی کوڕان و کچانە.

**ئارانجا**: ١. گەرمەسێر، گەرمێن، ئاران: (هەموو چوینە هەواران/ ئێمە ماوین لە ئاران) «هەژار»،٢. ناوی کۆنی شاری کەرکووکە.

**ئاراندن**: ١. ئێشانن، ئێشاندن، ئازراندن، ئازریاندن، ئازاردان، عەزیەتدان ٢. هاندان، ورووژانن، فیتدان، تووڕەکردن، هەڵخڕاندن ٣. پێچانن، ئالاندن،٤. کولاندنەوە،٥. هاڕین، وردکردن.

**ئارانله**: دیەکەیگە لە سۆنقۆر.

**ئارانی**: ئەرمەنی.

**ئاراو**: ئاراڤ، پاساو، پاشاراو، کەفاوی جارێک لە کار کراو و هێشتا بەکەڵکماو.

**ئاراوئەرا**: بۆ وەڵام بەکاری دێنن.

**ئاراوبار**: ١. دەورووبەر،٢. پێوەندی دۆستایەتی، ٣. ڕاز و نیاز، سەر و سڕ.

**ئاراوقارا**: ئارام و قەرار، ئۆقرە، حەجمان: (ژانی ددانم ئارا و قارای لێ هەڵگرتووم) «موکریان».

**ئاراوە**: ئاراو.

**ئارایش**: ئاڕایشت، خەمڵ، جوانکاری، بەزەک، تاس‌ولووس، لاولووسکە، کاری خۆڕازاندنەوە: (چێشەن ئارایش سەر تا وە دامان/ مەر خاڵۆم وە عەزم سەیران ئامان) «مەولەوی».

**ئاڕایشت**: ١. دەق، خەمڵ، جوانکاری: (هۆ شوانی بەهرەدار، تێخورە چاوەڕێین/ ئاڕایشت تەواوە، ئامادەی هەڵپەڕکێین) «گۆران»،٢. خشڵ، ئەسپابی جوانکاری.

**ئاڕاێشت**: ئاڕایشت.

**ئاڕایشتدان**: ١. کەسێ ڕازاندنەوە،٢. خۆ ڕازاننەوە، ٣. ڕازانەوەی سروشت: (وەکو حەمدی دەخوێنن بلبلانی ئەم گوڵستانە/ چەمەن ئاڕایشی داوە گوڵاڵەی خستە توێی مێزەر) «حەمدی».

**ئاڕایشتنمەد**: گچکە و گەورەکردنەوەی جلی لبادی: (ئاڕایشت نمەد ئەرو وەجەس) «دەرویشیان».

**ئاڕاشتی**: شتی پێوەندی‌دار بە کاری جوانکاری.

**ئاڕایش‌خورشید**: یەکێکە لە سێ ئاوازەکانی باربود.

**ئاڕایش‌دان**: ڕازاندنەوە، خەملاندن: (ئاڕایشی دا بە هەردە و کۆسار/ خەملی لە گوڵدا، دەشت و بەربنار) «پیرەمێرد».

**ئاڕایش‌دای**: ئاڕایشت‌دان، خۆخەملاندن.

**ئاڕایش‌دریا**: ڕازاوە، خەملاو.

**ئاڕایش‌دریێ**: ڕازاوە، ئاڕایشت‌دراو بۆ مێ.

**ئاڕایش‌کاری**: جوانکاری، ئاڕایشت‌کاری.

**ئاڕایش‌کردن**: خەملاندن، بەزەک کرن، دەقدانی خۆ یا کەسێکی دن: (چرپەی گەورەکچ ڕوو ئەکاتە ماڵ/ ئاڕایشت ئەکا بە لفکەی دەسماڵ) «قانع».

**ئاڕایش‌کریا**: ئاڕایشت‌کراو، ڕازاوە.

**ئاڕایش‌کریێ**: ڕازاوە، خەملاو بۆ مێ.

**ئاڕایشکەر**: بەزەککەر، دەقدەر، ڕازێنەر، ئاڕایشتکەر، ئاڕایشگەر.

**ئاڕایش‌کەردەی**: ئاڕایشت‌کردن.

**ئاڕایشکەرە**: ڕازێنەر بۆ مێ.

**ئاڕایشگا**: خەملێنگە، سەرتاشخانە، سەرتراشخانە، سەلمانی.

**ئارایشــــگەر**: ١. دەقــدەر، جوانکــار، ڕازێــنەر، ڕازێـــنەوە، خەملێـــنەری خــۆ، ٢. ڕازێـــنەری کەسێکی تر.

**ئاڕایشی**: ئاڕایشتی.

**ئـــارایی**: پاشــگرێکە بە واتـــای ڕازێـــنەری، خەملێنەری: (سفرەئارایی).

**ئارایش**: ئارایش.

**ئارئازووقە**: ئارڤان، ئاروان، ئازووقا ئار.

**ئاربابا**: ئاربەبا، کێوێکە لای بانە: (ئەر بە بـا بـێ، ئاربەبا وێران ئەبێ!/ با نەبـێ، بـانە وەکـوو ڕزوان ئەبێ!) «ناری».

**ئاربەبا**: کێوی ئاربابای بانە: (ئـایر سـەندەبێ جە گردین لاوە/ پووشەکەی جەستەش وە ئاربەبـاوە) «مەولەوی».

**ئاربەشـــک**: ١. چەخمـــاخ، چەرخ، چەخمـــاغ، مرازی ئاورکرنەوە،٢. گێلەنگێدەنی تفەنگ.

**ئاربێژ**: بێژنگ، هێڵەگ، مرازی ئاردبێژان.

**ئاربێش**: کەروێشک، کەورێشک.

**ئارپەشک**: ئاربەشک.

**ئارپیچی**: چەکێکی شەڕە بۆ لێدانی تانگ.

**ئـارپێژ**: ١. ئـاردبێژ، دابێـژەری ئـارد ٢. هـێڵەگ، بێژنگ، ئاردبێژ.

**ئارت**: ئارد، هـارد: (چ کـار تە هەیە وە ئێش،تـۆ ئارتێ نەرم بخواز) «پەند».

**ئارتا**: یەکی، ئێکی، بەرابەری، ئێکاتی، هاوتایی.

**ئارتاخ**: ئەو کەسەیە کە بە دزی بخوازێ شـتێک لە شوێنێکی نهێنی دەربخا.

**ئارترۆز**: نەخۆشی بەینی جومگە و ئێسک.

**ئارتێبەردان**: سووتاندن، ئـاگردان: (ئەمـان جانـا ئەوا مردم لە حەسـرەت مـاهی تابانـت/ ئەپرسـی ئـاری تــێبەردام، شــەرارەی ئـاری هیجرانــت) «مینەجاف».

**ئارتێچوون**: ئار تێبەربـوون، سـووتان: (دڵ لە حەسرەت دەردی دووری وەختە ئـاری تێبچـێ/ ئەی نەسـیم پـێم بێـژە نـووری چاوەکـانم وا لەکوێ؟) «مینەجاف».

**ئـــارتیش**: ئەرتەش، سـپا: (هەمـا بێـژی ئەو بەشداری وان شەران گشکان دبوو، کـو ئارتیشا وەلییێ کوردستانا سنێ دکرن) «مەستوورە».

**ئـــارتێش**: سـپا، ئەرتەش: (وی بەری گشـکی حوسێن خانێ لوور ب ئارتێشەکە گران ڤا شـاندە سەر خالۆ خان) «مەستوورە».

**ئارتشیو**: ئینگار، ئینگیاز، قاریان، کنگرفەرەنگـی، گیایەکی سەوزە، بەرەکەی بە گەڵاکەیەوە ئەڕوێ.

**ئارتوون**: توون، ئاورخان، ئاورگ، ئاورگە، دۆژە، ئاتەشخان، ئاگردان حەمام، جەهەنەم.

**ئارتیس**: ١. ئەرتـیس، ئارتیسـت، هونەرمەنـد ٢. نیارڤان، کۆسەکار، شانۆکار ٣. ناوێ عەشـیرەتێکی کوردی عێراقین لە دهۆک، لە ئـازایەتی و مەردی و مێرچـاکیدا ناسـراون ٤. نـاوی گونـدێکی کوردنشیتی هەریمی کوردستان.

**ئارتێش**: ئەرتەش، سپای وڵاتـێ: (تەنـێ دەمـا شەرا دڤێت وی ب ئارتێشـا خـوە ڤـا ئاریکارییـا ئارتێشا شا بکرا) «مەستوورە».

**ئارتیشـۆک**: گیـایەکی خۆڕسـک و دەسـچێنە، ڕیشەی ئەستوور و گەڵای پان و گرنیگرنییە.

**ئارتین**: ١. بڵێسـە، بڵێـزە، گـڕ،٢. گونـدێکە لای ئاکرێ.

**ئارج**: حەیزەران، دارحەیزەران، قامیشـی هێنـدی، جۆرێـک قامیشـی قـورس و نێـوپڕە، دەکـرێتە گۆچان و دیرەگە خێوەت، لە نـاوکەکەی جـۆرێ دەرمان دەگیردرێ.

**ئارجۆن**: هەرزان، ئەرزان.

**ئارجەک**: شارۆچکەیەکی باکووری کوردسـتانە، لە نزیک گۆلی وان.

**ئارچەن**: چەناگە، چناگە، چەنە.

**ئارچەنگ**: ئارزن، ئارچەن، چناگە، چەنە.
**ئارخا**: Arixa ١. تین دڵ شکیان،٢. تاسـەمەند، بەداخ بۆ شتێ.
**ئارخاف**: پەڵوویەکی کەمێک وشکە تەنیا بە ئـارد و ڕۆن دروس دەکرێ.
**ئارخاڤک**: ١. پەڵوو، پەڵووڵە، مرتـۆخە، چێشتی ئارد و ورۆن و شـەکر ٢. جـۆرە ناوساجێک یا کـــوڵێرەیەک کە شـــەکر و ڕۆنـــی لێـدرابێ،٣. هەوێرێکـی تـێکەڵ بـۆ سـەر برینـێ کێمگرتـی بەکاری دێنن.
**ئارخایان**: ئارخەیان، ئارخین.
**ئارخایین**: دڵنیا، ئەرخەیان، خاترجەم، پشتڕاست.
**ئارختک**: مۆتەکە، شەوە، شەڤە، مـۆتە، دێـوەزمە، دێوەزمـــۆکە، میـــردەزمە، کـــاوس، کـــامووس، کاموسک، کابووس، خێو، ئاڵەشەوە، خەوناگران، خەفچ، خەفتوو، بەرخەفـج، بەختـەک، سـرنجک، ئارختە، ئەوەی لە خەوا دەتترسـێنێ و هـاوارت بۆ ناکرێ.
**ئارختە**: ئارختک، مۆتەکە.
**ئارخچن**: ئارەقچن، تەقیلەی ژێر مێزەر.
**ئارخە**: گاوس، مەشکەی گاوی.
**ئارخەیان**: خاترجەم، دڵنیـا، بـێخەم، بێدوودڵـی، ئارخین، ئەرخەین، فەریقەت، فریڤەت.
**ئارخین**: ئارخەیان، دڵنیایی: (ئارخینی لـێ نـایێن کرن ژ هەڤالتییا پادشاهان) «گول‌شوون».
**ئارد**: ١. هارد، هاردی، ئار، ئاردە، ئارڤان، گەنمی لێکــراوە بـــۆ نـــان: (ئـــارد و روونـــێ خـــوە) «پەپووک»،٢. دانەوێڵەی هاڕدراو(ئاردی نـۆک)،٣. هـاڕدراوەی هێنـدێ میوە(ئـاردەتوو)،٤. بـڕەدار، ئاردەمشار.
**ئارداشتن**: پێ عەیب بوون.
**ئارداف**: فێڵ، فرت‌وفێڵ، فەن، چڤ، داو، تەڵە.
**ئارداڤ**: فێڵباز، تەڵەکەباز، گزەون.
**ئاردالْ**: مێرگ، چەمەن، چیمەن.
**ئـاردان**: ئـاو کێشـان، ئـاوکێش کردنـی دەفـر و فەراقی شۆراوە.
**ئاردانە**: داپۆشراو لە توێژێکی ناسکی ئارددا.
**ئاردانەخر**: جۆرێ گەمەی منداڵانەیە.
**ئارداوا**: ئاردوڵە، ئاشی لە ئارد.
**ئـــارداوی**: ١. ئـاردین، تـۆزی ئـاش گرتـوو: (تۆزاوی و ئارداوی، ئەڵێی بەردە لە ئاشا/ سک شـۆڕە وەکـــوو هـــۆڕێ، کە خنرابـــێ لە ماشـــا) «قانع»،٢. بریتیە لە بەخۆ کردن: (فلانی دە هـیچدا نەبوو بەڵام خۆی ئارداوی دەکا).
**ئارداوی‌بیەی**: ئارداوەبوون.
**ئـــارداوێژ**: ١. ئـاراڤێژ، میسـاخە، ئەو شـوێنەی ئاردی لە لێواری بەرداشەوە تێ دەرژێ،٢. لێـوەی کوچگ هاڕ، لێـوارە بەرداش لە گەڕانـدا کە ئـارد دەهـــاوێژێتە نـــاو قـــوڵکە،٣. ئاردەشـــان، کـــاری هاویشتنی ئارد لە نێوان دوو بەرداش،٤. بـریتیە لە دەراوی دەمـــــی وێـــــژەر: (حەمەی بەیتـــــان بەیت‌بێژێکی ئارداوێژ خۆش بوو).
**ئارداوی‌کەردەی**: ئارداوی‌کردن.
**ئارداوی‌یە**: ئارداوی بۆ مێ.
**ئاردبارە**: بەشە ئاردێک کە ئاشێر بۆ هەر بارێـک کەمێکی بە خۆشی خۆی بە ئاشەوان دەبەخشێ.
**ئـــاردبەهرە**: ئـاردوەرە، بەشـێ لە ئـارد کە دەنە ئاسیاوان.
**ئاردبیز**: ئاردبێژ.
**ئاردبێژ**: ١. هێڵەگ،٢. کەسێ ئارد دادەبێژێ.
**ئاردپەینگ**: ١. ئاڤتیەنگ، ئاردێ ک کەنەێ بـان خوونێ تا خەور نەچەوسـێد،٢. لانـاوە لە دویەت چـــاخ و مەس،٣. بریتـــی لە دویەت ڕەنگـــین و تەمەڵ.

**ئاردپیەنگ**: ئاردپەینگ.
**ئاردپێچ**: جۆرێک هەڵوایە لە ئارد و شەکر چێ دەبێ.
**ئاردت**: هاوردت، هێنات، ئانیت.
**ئاردتەقاندن**: ئارد بێژتن، دابێژانی ئارد.
**ئاردچنگاڵ**: چنگاڵ.×
**ئارددابێژان**: لە هێڵەگ دانی ئارد، دابێژتنی ئارد: (پێی دەڵێ: ئەگەر ئارد دادەبێژی/ خۆت با دەدەی تۆ مەگەر گێژی؟) «غولامی».
**ئارددۆلە**: ئاردۆلە.
**ئاردڕوو**: ئاردکێش.
**ئاردزرشک**: سریش، چریش.
**ئاردشوو**: جووریَ حەڵوایە.
**ئاردشەرە**: دایهێنا.
**ئاردشیر**: ئاردووڵە.×
**ئاردڤێز**: ئاردبێژ، ئارددابێژ.
**ئاردکیش**: ئاردکێش، ئاردماڵ.
**ئاردکێش**: ئاردماڵک، ئاردمال، بێڵۆکەی دارینی ئاشەوان کە ئاردی پێ لە قووڵکە دەردەدا.
**ئاردگن**: سرینجگ، سنجوو.
**ئاردڵ**: کێشکچی، نیگابان، پاسەوان.
**ئاردلو**: شوێنێکە لە ئاسیاو کە ئاردی لێوە دێ.
**ئاردلوف**: ئاردکێش، ئاردڕوو.
**ئاردمال**: ئاردماڵک.
**ئاردماڵای**: ئاردماڵین.
**ئاردماڵک**: ١. بێڵۆکەی ئاشەوان،٢. کەوڵەبەرخ، ئەو کۆنە پەڕۆیەی ئاشەوان جێئاردی پێ دەماڵێ: (پەڕۆی ئاردماڵکی لای ئاشەوانە/ لە دەست ئالۆشەکەی ماڵم وێرانە) «قانع».
**ئاردن**: هاوردن، هێنان، ئانین.
**ئاردناودرک**: بریتی لە سەر لە لێشێویان.
**ئاردنەتەقیاگ**: ئاردی دانەبێژراو.
**ئاردو**: ١. ئاردوو، ئاوردوو، سووتمان، ئاگرکەوتنەوە ٢. سوخت، سووتەمەنی، ئێزنگ: (ژ زالمی چیرۆنەکەک دێ گۆتن کو ئاردوویێ ئاردووڤانا بێ حەیف دکری و ب قیمەت دفرۆت ب زەنگینا) «گولشوون»،٣. ئاوردوو، پووشکە نەرم بۆ کردنەوەی ئاور.
**ئاردوارکە**: مێرووخۆر، گیانداریکی لمۆز درێژە، هەر مێروولەی دەخوات.
**ئاردوبار**: ئارد و نان، بژیوی خێزان.
**ئاردوڕۆن**: میوانی، ئارخاڤک، پەڵوولە، ئاسیدە، چێشتی ئاردی بە ڕۆندا چاندن پتر بۆ زەیستان.
**ئاردوڕوون**: میوانی، ئاردوڕۆن.
**ئاردۆلە**: ئارددۆلە، ئاردهالە، ئاردئالە، مرتۆخە، جۆرە شۆرباوێکە لە ئاردی گەنم دروس دەکرێ.
**ئاردوڵە**: ئاردووڵک، خوارنێکە.
**ئاردوڵەشیر**: ئاردوڵە، ئەوڵ شیر کولانن و خواردن.
**ئاردونان**: ئازۆقە، بژیو، تفاق.
**ئاردوو**: ئاردو.
**ئاردووچن**: ئاردووڤان، دارکەر، داربڕ.
**ئاردووڤان**: ئاردووچن، ئاوردووچن، ئاردوو بەراڤکری، ئەوەک دچە چۆلێ ئاردوو و ئاردەف بەراڤ دکە: (ژ زالمی چیرۆنەکەک دێ گۆتن کو ئاردوویێ ئاردووڤانا بێ حەیف دکری و ب قیمەت دفرۆت ب زەنگینا) «گولشوون».
**ئاردووڵک**: خواردنێکە لە ئارد و سەوزی.
**ئاردوەئارد**: ١. بریتی لە گان وە گان،٢. دادوستەو، بسان و ببەر.
**ئاردوەرە**: ئاردبەهرە.
**ئاردویتەی**: ئاردبێژان.
**ئاردویتەیۆ**: ئاردبێژانەوە.
**ئاردوێچ**: ئاردبێژ بۆ نێر.
**ئاردوێچە**: ئاردبێژ بۆ مێ.
**ئاردوێژ**: ئاردبێژ، هێڵەک.

**ئاردە**: ١. تازەداهاتوو، تازەبابەت، نۆهاتی،٢. ئارد یا خاکەی هەر تشتێ.
**ئاردەبا**: ١. ئاردەوا، تراوی ئاردی جۆ و ئاو بۆ دەباغی،٢. قۆیماغ، خواردنێکە بۆ ژنی زەیستان.
**ئاردەبارە**: ئاردەوارە، قرەمز، بەشەئاردێک کە ئاشیڕ بۆ هەر بارێک بە خۆشی خۆی بە ئاشەوان دەبەخشێ.
**ئاردەبرنج**: ئاردەبرینج، هاڕدراوی برنج.
**ئاردەبرینج**: ئاردەبرنج.
**ئاردەبرینجی**: ئاردەبرنج.
**ئاردەبەڕوو**: ئاردی پووە، بەڕووی لێکراو، بەڕوو دەکەنە ناو ئاو بۆ ئەوەی تاڵی نەمێنێ، ئەوسا وشکی دەکەنەوە و دەیهاڕن و دەیکەن بە نان: (ئاردەبەڕووست نانم، گزگل خۆرشت و خوانم) «م.ح. دزڵی».
**ئاردەبێژ**: شتی وردی دابێژراو وەک ئارد.
**ئاردەبێژکردن**: دابێژان، دابێژتنی شتی هاڕاوە.
**ئاردەپێچ**: ئاردپێچ، جۆرێ هەڵوایە لە ئارد و شەکر.
**ئاردەتفی**: ئاردەتوو، ئاردی توو، تووی هاڕاوە.
**ئاردەتوو**: ١. ئاردی گاتوو، تووشیرینی هاڕدراوە: (تووی گەلێن، سرنچکی زەنان، کزنی لەیلاخ، ئاردەتووی هەورامان) «ڕشتەی مرواری»، ٢. بۆ شیرینی شتێ پێ دەشوبهێنن: (شیرنی دەڵێی ئاردەتووی/ دادبەستۆ دەگەڵ ڕەسووی/ بە دەندووکێ پێوە بووی) «ڕەسووی نادری».
**ئاردەجۆ**: ئاردی جۆ، هاڕاوەی جۆ.
**ئاردەساوار**: پیرخەنیلە، ئاردێ بندانێ، ئاردی وردی ساوارییە.
**ئاردەشان**: ١. ئارداوێژ، چتێکە ئارد لە بەرداش دوور دەخاتەوە: (هەنی چێش واچوون چۆن مەکەرۆ چوون/ گەرد ئاردەشان ئاسیای گەردوون) «مەولەوی» ٢. ئاردی بەر دۆڵیان.
**ئاردەشڵە**: ئاردەشێڵە.
**ئاردەشولە**: چوو ئارد هەڕیای و ئاسیاو کریایێ.
**ئاردەشویە**: جووری بەڕوویەک ک زوزی هەڕیەێد و ئاردەکینە.
**ئاردەشیلە**: ئاردەشێڵە.
**ئاردەشێڵە**: ئاردەشڵە، ئاردەشیلە، ڕیتکە، تراوی ئارد و ئاو بۆ چەسپانن و درزگرتن: (کچە چکۆلەکە هەڵئەسێ پڕ تاسێیەک ئاردەشێڵە ئەگریتۆ و ئەیکاتە بن دیۆەکە) «گوڵونێرگز».
**ئاردەف**: ئاورگر، ئاگرگیر، گڕبەر، ئەیربەرە، پووش، پووشکە، ئاردوویە ئاگرگر.
**ئاردەک**: هەن هەن پڕ کردن شیرەی خەلیە و خەرمان.
**ئاردەکین**: ئاردین.
**ئاردەڵ**: ١. پاسەوان، ئێشکگر، کێشکچی، یاساوڵ، ٢. نۆکەری خان، باب‌نۆکەر، ڕاوێژکاری ئاغا،٣. سەربازێک کە ئەسپ دەبات بۆ باڵادەستی خۆی،٤. ئەردەل، وەردیان، فەرمانبەرێک بووە کە لەبەر دەستی والییەکانی ئێراندا فەرمانی والی جێبەجێ کردووە،٥. ناوی کوڕانە.
**ئاردەڵان**: ئەردەڵان.
**ئاردەڵانی**: ئەردەڵانی، بنەماڵەی ئەردەڵانەکان: (لازمە شەرح و بەیانی کۆمەڵی عالی‌جەناب/ خانەدانی ئاردەڵانی، خاوەنی تیغ و تەناب) «قانع».
**ئاردەڵۆک**: ئاردەڵووک، ئاردەڵووکە: (وەزعی ئاشی گەر نەبێ، بۆچی دەبێ پڕ ئردەڵۆک؟!/ تەبعی قوففەی گەر نەبێ، بۆچی دەنیشێتە سەراو؟!) «نالی».
**ئاردەڵۆکە**: ١. وردەئاردی سەر لێوی قوڵکەی ئاش،٢. ئاردی ماوەی ناو قوڵکەی ئاش: (کاسە بۆیە لازمە تا ئاردەڵووکی دەر بدا/ سەوڵی بۆیە لازمە نەک جۆگەلەی بیبا بە ئاو) «نالی»،٣. بەفری زۆر ورد و وشک و سووک،٤. هەرچی وەک

ئارد ورد و سپی بێ.
**ئاردەڵووک:** ئاردەڵۆکە.
**ئاردەڵووکە:** ئاردەڵۆکە.
**ئاردەلین:** ئاردەلێن.
**ئاردەلێن:** ئاردەڵێن، ئاردی نەرم: (دەخلێ ل وی ئاشــی ئــادەمینە/ مەتمــورەیێ ئەرزێ ئــاردەلێنە) «خانی».
**ئاردەڵین:** تۆزی ئاشی زۆر نەرم.
**ئاردەڵێن:** ١. ئاردی نەرم،٢. هێڵەگ، ئاردبێژ.
**ئاردەماڵ:** بێڵــی ئــارد مــاڵین لە ئــاشدا: (زبــان ئاردەماڵ، دەم هەر ماچۆ دەم) «م.ح. دزڵی».
**ئاردەماڵک:** ئاردەماڵ.
**ئاردەماڵە:** ئاردەماڵک.
**ئاردەمزە:** ئــارد بە قەرز×: (هەقــم بســێنێ وەک برایە باش/ خەلاس بم لە دەس ئاردەمزەی ئاش) «عەلی مەردان».×
**ئاردەمشــــار:** بڕەمشــــار، خــــاکەڕە، خاکەمشــــار، هاردەمشار، ئاردی هەڕە، ئاردی چێو.
**ئاردەمشاری:** ئاردەمشار.
**ئاردەمەنی:** ئاردێنە، بەرهەمی ئارد.
**ئاردەنۆک:** هاڕدراوەی نۆک.
**ئاردەوا:** ١. پەڵۆ، پەڵوڵە، چێشتی گزموولە هەویر و کـــــووزەڵە: (ئەوا خەزوورەکەی دانیشـــــتووە، لەنــگەریەک ئــاردەوای بــۆ کــردوون) «ڕشــتەی مرواری»، ٢. ئاردی، ئاردەوا، هەڵوا،٣. قۆیماغ بــۆ ژنی زەیستان.
**ئاردەوارە:** ١. بەخششی ئارد،٢. ئاردەبارە.
**ئاردەوڵۆشی:** ئاردە بڕوێش.
**ئاردەهان:** شــوێنێکە لە بــاکووری کوردســتان×: (تەرەفــی شــیمال هەر لە بەحــری ڕەش/ هەتــا ئاردەهان، بەبێ غەلوغەش) «قانع».
**ئاردهەڕ:** ئاشەوان.
**ئاردهەڕین:** ئاشەوانی.

**ئاردەی:** هاوردن، هێنان، هانین، ئــانین، ئــاوردن، ئاردن، ئێنان، ئــاردەی، وەرانــدن، بــارین: (گگجــی هەسروە، کڵاش هەسووە/ هێزم ئاردەیا چا کەشــە دوورە) «م.ح. دزڵی».
**ئاردەیئیدەس:** هێنانە ئەم بەر.
**ئاردەیئیدیم:** هێنانە ئەم دیو.
**ئاردەیئیسەر:** هێنانە ئەم سەر.
**ئاردەیئێش:** هێنانە ئێش.
**ئاردەیئێگە:** هێنانە ئێرە، ئێنانە ئەگرە.
**ئاردەیئیلا:** هێنانە ئەم لا.
**ئاردەیئیلاوە:** هێنانە ئەم لاوە.
**ئاردەیباڵێ:** هێنانە باڵ، باڵ پێ گرتن.
**ئاردەیبنە:** هێنانە بن.
**ئاردەیبەر:** ١. هێنانە بەر،٢. هێنانە دەر.
**ئاردەیبەرەگاودەمی:** پێ گەیاندن، پێ گەیانن.
**ئاردەیبەرهەم:** هێنانە بەرهەم.
**ئاردەیپا:** هێنانە پێ، وەمل خستن.
**ئاردەیپاڵ:** هێنانە پاڵ.
**ئاردەیپۆ:** پێوە هێنان.
**ئاردەیپورە:** پیاهێنان.
**ئاردەیپونە:** پێداهێنان.
**ئاردەیپۆوە:** پێوەهێنان.
**ئاردەیپەڕ:** هێنانە پەڕ، هێنانە مەرز.
**ئاردەیپێسۆ:** هێنانە ئەم لاوە.
**ئاردەیپیلارە:** هێنان بەم لادا.
**ئاردەیپیلانە:** هێنانە ئەم لاوە.
**ئاردەیپێوایۆ:** هێنان بە پیرەوە.
**ئاردەیپێوەرە:** هێنان پێکەوە.
**ئاردەیپێوەنە:** پەیوەست کردن.
**ئاردەیتاوە:** تاو پێ سەندن.
**ئاردەیتگە:** هێنانە تگە.
**ئاردەیجبەر:** هێنانە دەر.
**ئاردەیجوش:** هێنانە جۆش.

**ئاردەی چڵ**: هێنانە چڵ، ئێنانە سۆ.
**ئاردەی چنگ**: هێنانە چنگ، وەدەس خستن.
**ئاردەی چووەر**: هێنانە ژوور.
**ئاردەی چووەرۆ**: هێنانە ژوورەوە.
**ئاردەی چەنە**: لێهێنان، تێداهێنان.
**ئاردەی چەنی**: لەگەڵدا هێنان.
**ئاردەی چێروباری**: هێنانە ژێر بار.
**ئاردەی چێروچنگا**: هێنانە ژێر چنگ.
**ئاردەی چێرودەسا**: هێنانە ژێر دەستان.
**ئاردەی چێرەنە**: بە ژێردا هێنان.
**ئاردەی حاڵ**: هێنانە حاڵ.
**ئاردەی خارشت**: هێنانە خوران.
**ئاردەی خروش**: هێنانە خرۆش.
**ئاردەی خەیاڵ**: هێنانە خەیاڵ.
**ئاردەی دڵ**: هێنانە دڵ.
**ئاردەی دلێ**: هێنانە ناو.
**ئاردەی دڵۆری**: هێنان بە دڵدا.
**ئاردەی دڵەرە**: بە دڵدا هێنان.
**ئاردەی دمارە**: بە دوادا هێنان.
**ئاردەی دماوە**: هێنانە دواوە.
**ئاردەی دەمەرە**: هێنان بە دەما.
**ئاردەی دەمەنە**: بە دەمدا هێنان.
**ئاردەی دەنگ**: هێنانە دەنگ، ئێنانە قسە.
**ئاردەی دۆرەنە**: بە دەورا هێنان.
**ئاردەی ڕا**: هێنانە ڕێ.
**ئاردەی ڕارە**: هێنان بە ڕێدا.
**ئاردەی ڕانە**: هێنان بە ڕێدا.
**ئاردەی ڕاوری**: هێنان بە ڕێدا.
**ئاردەی ڕاوە**: ١. هێنان بۆ ڕاو،٢. لە ڕێوە هێنان.
**ئاردەی ڕووە**: هێنانە ڕوو.
**ئاردەی ڕووەرە**: بە ڕوودا هێنان.
**ئاردەیرە**: داهێنان.

**ئاردەی ڕێک**: هێنانە ڕێک.
**ئاردەی زوان**: هێنانە زمان.
**ئاردەی ژانی**: هێنانە ژان.
**ئاردەی سۆ**: هێنانە سۆ.
**ئاردەی سەر**: هێنانە سەر.
**ئاردەی سەرۆ**: هێنانە سەرەوە.
**ئاردەی سەروچۆکا**: هێنانە سەر چۆک.
**ئاردەی سەروڕێ**: هێنانە سەر ڕێ.
**ئاردەی سەرۆری**: هێنان بەرەوژوور.
**ئاردەی سەروشانەی**: هێنانە سەر شان.
**ئاردەی سەروشکێ**: هێنانە سەر شک.
**ئاردەی سەرەرە**: بە سەرا هێنان.
**ئاردەی سەرەنە**: بە سەرا هێنان.
**ئاردەی شونی**: هێنانە شوێن.
**ئاردەی شونیەرە**: بە شوێنا هێنان.
**ئاردەی قسێ**: هێنانە قسە.
**ئاردەی قنگەرە**: هێنان بە قنگا.
**ئاردەی قۆلەرە**: قەناعەت پێکردن.
**ئاردەی کۆڵێ**: هێنانە کۆڵ.
**ئاردەی گەردەن**: هێنانە گەردن.
**ئاردەی گیر**: هێنانە گیر.
**ئاردەی لا**: هێنانە لا.
**ئاردەی لارە**: هێنان بە لادا.
**ئاردەی لانە**: هێنان بە لاوە.
**ئاردەی لاوە**: هێنان بە لاوە.
**ئاردەی مازیەرە**: هێنان بە پشتا.
**ئاردەی مشتە**: هێنانە مشت.
**ئاردەی ملەرە**: هێنان بە ملدا.
**ئـــاردەینە**: ١. داهـــاتوو، داهێنـــراو، ژنوهـــاتی، نۆچێبوویی،٢. داهێنان، خولقاندن.
**ئاردێنە**: ئاردەمەنی، شتی لە ئارد.
**ئاردەینەبەر**: هێنانە بەر، ئێنانە دەر.

**ئاردەینەبەرەگاودەمی**: پێگەیاندن، پێگەیانن.
**ئاردەینەبەرهەم**: هێنانە بەرهەم.
**ئاردەینەپا**: هێنانە پێ، هەستاندن.
**ئاردەینەپاڵ**: هێنانە پاڵ.
**ئاردەینەچنگ**: هێنانە چنگ.
**ئاردەینەچیروباری**: هێنانە ژێر بار، ڕامکردن.
**ئاردەینەدلێ**: هێنانە ناو.
**ئاردەینەدەس**: هێنانە دەست.
**ئاردەینەدەم**: هێنانە دەم.
**ئاردەینەڕا**: هێنانە ڕێ.
**ئاردەینەڕووە**: هێنانە ڕوو.
**ئاردەینەژانی**: هێنانە ژان.
**ئاردەینەکیسە**: هێنانە گیرفان.
**ئاردەینەمشتە**: هێنانە مشت.
**ئاردەینەوەر**: هێنانە بەر، هێنانە ناو.
**ئاردەیۆ**: هێنانەوە، ئینانەوە.
**ئاردەیوار**: هێنانە خوار.
**ئاردەیوارۆ**: هێنانە خوارۆ، ئینانە خوارەوە.
**ئاردەیوارەنە**: بە خواردا هێنان.
**ئاردەیۆئیدەس**: هێنانە ئەم دەس.
**ئاردەیۆئیدیم**: هێنانە ئەم دیو.
**ئاردەیۆئیلا**: ئینانە ئەملا، هێنانە ئەملاوە.
**ئاردەیۆباڵێ**: هێنانەوە باڵ.
**ئاردەیۆبەر**: هێنانە دەر.
**ئاردەیۆبەرهەم**: هێنانەوە بەرهەم.
**ئاردەیۆپا**: هێنانەوە پێ.
**ئاردەیۆپاڵ**: هێنانەوە پاڵ.
**ئاردەیۆپورە**: پیادا هێنانەوە.
**ئادەیۆپەڕ**: هێنانەوە پەڕ.
**ئاردەیۆپەنە**: پێهێنانەوە.
**ئاردەیۆپێسۆ**: هێنانەوە ئەم لادا.
**ئاردەیۆپیلارە**: هێنانەوە بەم لادا.
**ئاردەیۆپیلانە**: هێنانەوە بەم لادا.
**ئاردەیۆپێوەنە**: پەیوەست کردنەوە.
**ئاردەیۆتەلێ**: هێنانەوە جووڵە و شۆکە.
**ئاردەیۆجبەر**: هێنانەوە دەر.
**ئاردەیۆجوشێ**: هێنانەوە جۆش.
**ئاردەیۆجیزێ**: هێنانەوە جیز.
**ئاردەیۆچوورە**: هێنانەوە ژوور.
**ئاردەیۆچێروباری**: هێنانەوە ژێر بار.
**ئاردەیۆچێروچنگا**: هێنانەوە ژێر چنگ.
**ئاردەیۆچێرودەسی**: هێنانەوە ژێر دەس.
**ئاردەیۆحاڵ**: هێنانەوە حاڵ.
**ئاردەیۆخارشت**: هێنانە خووران.
**ئاردەیۆخروش**: هێنانە خرۆش.
**ئاردەیۆخیاڵ**: هێنانەوە خەیاڵ.
**ئاردەیۆدلێ**: هێنانەوە ناو.
**ئاردەیۆدما**: هێنانەوە دواوە.
**ئاردەیۆڕاسە**: هێنانەوە سەر باری ڕاست.
**ئاردەیۆسەرەنە**: هێنانەوە بە سەردا.
**ئاردەیۆشۆکە**: هێنانەوە شۆکە.
**ئاردەیۆگا**: هێنانەوە جێ.
**ئاردەیۆگۆ**: هێنانەوە گۆ.
**ئاردەیۆما**: کوڵاندن و خەست کردنەوەی چێشتی دۆکولێو.
**ئاردەیۆوەر**: هێنانەوە پێش.
**ئاردەیۆوەردەس**: هێنانەوە پێش دەست.
**ئاردەیۆویر**: هێنانەوە بیر.
**ئاردەیۆیاد**: هێنانەوە یاد.
**ئاردەیۆیاگێ**: هێنانەوە جێ.
**ئاردەیۆیو**: هێنانەوە یەک.
**ئاردەیویر**: هێنانە بیر، بیرهێنانەوە.
**ئاردەیەرە**: داهێنان.
**ئاردەیەنە**: داهێنان پاش دۆزینەوە.
**ئاردی**: ١. هەڵوا، ئاردەوا، ئاردەپێچ، لۆلکە، پەلوولەی هەڵوای ئارد و دۆشاو ٢. هارد، ئارد،٣.

ئارداوی، ئاردین، وە ئاردەوە بوو.
**ئاردێبندانێ**: ئاردەساوار.
**ئاردیبەهار**: ئاردی بەهاروو: (ئیتر وەک ئاردی بەهار بۆ هەموو شت دەبوو) «چێشتی مجێور».
**ئاردیبەهاروو**: ئاردی گەنمێ کە بەهار دادەچێنرێ، جگە لە نان بۆ هەرشتە دەبێ: (زۆر عالم، زۆر کورد، شاعیر، ئیتر وەک ئاردی بەهاروو بۆ هەموو شت دەبوو) «چێشتی مجێور».
**ئاردیتەقیاوە**: ئاردی دابێژراو، ئاردی لە هێلەگ دراو.
**ئاردێژ**: ئاردبێژ، ئارددابێژ.
**ئاردین**: ئاردی، ئاردەکین.
**ئاردیناودڕک**: ئاردی نێو دڕوو.
**ئاردینبیەی**: ئارداوی بوون.
**ئاردینکەردەی**: ئارداوی کردن.
**ئاردینە**: ١. ئارداوی بۆ مێ،٢. بنیە، هەویرێکی لە ئارد بۆ تێوەگلاندنی کووکی و شتی سوورکردنی بۆ ئەوەی لێک بڵاو نەبێ.
**ئاردینێودڕوان**: ئاردی نێو دڕوو: (لەشکری شاوێردی خۆی نەگرت و ڕای کرد و هەر کەسە لەو ڕۆژدا ببووە دزی گای خۆی، وەک ئاردی ناو دڕکانیان لێهات) «چێشتی مجێور».
**ئاردینێودڕوو**: بریتی لە پرژ و بڵاو، دەربەدەر، تیاچوون: (کوڕە تازە وا لێیقەوماوە بۆتە ئاردی ناو دڕوو).
**ئاردیهەشتەرخان**: ئاردی ئاستەڕخان، حاجی تەرخان، جۆرێ ئارد بووە لە لە ساڵی ١٢٨٨ی کۆچی لە ڕووس هاتە ئێران.
**ئارز**: ١. گیرۆدە، گرفتار، تووش،٢. سکاڵاکەر،٣. ڕووداو.
**ئارزاڵە**: ئازاڵە.
**ئارزان**: ١. هەرزان، ئەرزان: (ئارزان کڕی همبانە دڕە ...) «پەند» ٢.ساوار، ساڤار، ئاردی بڕوێشییە.
**ئارزاهی**: لاڤەکی، سکاڵا، بەرگەڕین، بەرگەڕیان.
**ئارزایی**: ئارزاهی، لاڤە.
**ئارزم**: هاوردم، هێنام.
**ئارزن**: ئارزەن، چناکە.
**ئارزە**: ١. ئازە، ئەو، جێناوی سێهەم کەسی تاک(مێ)،٢. ئەرزن، هەرزن،٣. نەساخی، نەخۆشی، بیماری، ٤. ڕووداو، ئارز، بوویەر، پێش‌هات، قەومین.
**ئارزەن**: ١. شەویلکە، ئێسکی چەناگە، چەناکە، چەناوە، چەنە، لاجانگ، ئەرزین، ئەرزینک،٢. لە زاراوەی هەورامی واتا: هاوردووە.
**ئارزەی**: هاوردن، هێنان(چاوگ).
**ئارزی**: ١. ئارەزوو، ئاوات، هێوی، دڵخواز ٢. سەرمایە، ماڵی تایبەتی: (دوکانا من ئارزییە: هەر هی خۆمە) ٣. دەنگ، دەنگی، فاش، دەرخستن.
**ئارزێ**: ئازێ، ئەوان، جێناوی کۆ( بۆ نێر و مێ).
**ئارزیان**: ١. تووڕەبوون، کەرب هەلستن،٢. ناوی کچانە.
**ئارزین**: گەرمبوون، نەڕاوەستان، شاریای.
**ئارزێنج**: میچ، سرمیچ، بن‌بان، ئاسمانە، بن‌میچی خانوو.
**ئارزینچ**: ئارزێنج، میچ.
**ئارزینگ**: چەنە، چەناگە، چەنەگە، چناگە، چناکە، چەن، چانە، چەناکێ، چەناخ، ئاگرگوشک، زنج، زەنج، ئەرزەن، ئەرزنک، ئەرزینگ.
**ئارژنگ**: ١. ئارژەنگ، ئارژنگی، ئەرژنگ، ئەرژن، ئەرجن، بادام کێوی، بادام تاڵە، دارێکە بەرەکەی بۆ دەرمان دەشێ،٢. دار بەلاڵووک،٣. چرپی، چیلکە، چلکە، داری وشک،٤. ناوی کوڕانە.
**ئارژنگی**: ئارژنگ، بادامەتاڵە.

**ئارژەنــگ**: ئارژنــگ، ئــارژنگی، بــادامە کێفــیلە، هەرجن، هەرجانە، وامەکەشیێ، چڵدســە، جــۆرێ بادامی خۆڕسکە.

**ئـــارژین**: ئــاژین، ئــاو بەردانە ســەر مەزرا بە شێنەیی.

**ئارس**: شدید، شدیدێ کۆن، گــوریس، شــەتەن، بەندێ ڕیس یێ ئستوور ل بــۆ بــار و بــارکردن: (ئەو ئارس باگرۆکە).

**ئارستن**: هێڵان، هێشتن، پشت گوێ خستن.

**ئارســم**: هەڵامەت، زوکــام، زەکەم، درم، پەســیو، پەسیڤ، پسکە، باهۆڕ.

**ئارسمی**: هەڵامەتدار، پەسیودار، پسکەدار.

**ئارسی**: بەرداش، بەردی ئاش.

**ئارش**: مانا، مەعنا، واتا.

**ئارشـــان**: ××: (مــووی بە ئارشــانەوە نمەلــۆ) «پەند».

**ئارشتی**: تیر، وەش، بیەش، سام، سەهم، بەش.

**ئارشتی**: تیر، تیری پەیکاندار.

**ئارشک**: ئارووق، قرقینە، قرپ، قرپە.

**ئارشووژن**: بەنــدروو، ئــاڕفتە، گشــتەکە بەن بــۆ جواڵدروون.

**ئارشوون**: میتر، متر، گەزی سەد سانتی.

**ئاڕشـــە**: کەمــانی ویڵــۆن و کەمــانچە، دارێکــی نیوگەزی تاڵی کلکی ئەسپی پێوەیە بۆ ژەندن.

**ئارشەق**: دوڕەشێر، وشەک، پڵینگ.

**ئارشیرک**: هۆڕە، هۆرە، گراری لە ئــارد و شــیر دێ چێکرن.

**ئارغوت**: دەسەڵخورت.

**ئارغە**: کووبوون.

**ئارف**: عارف.

**ئارفتە**: ١. لەکارکەوتە، پەککەوتــوو، کەڵــکبڕاو، تێکتەپــاو، ڕمیــاگ، ویــران، کــاول،٢. ئــاڕەفتە، تەنراوی تان و پۆ دەرکەوتوو،٣. پرژ، بلاڤ، بڵاو.

**ئارڤان**: ١. ئاردچی، ئاشــەوان، ئاردکــار ٢. ئــارد، ئار، ئــاروان، زمــهەڕ، زمهــاڕ، دەغڵــی هاڕیــاوە ٣. باراش، دەغڵێ کە دەبرێ بۆ ئاش بــۆ هــاڕین تــا دەهاڕدرێ: (ئاشەکی بهێلە کــو تــو ئارڤــانێ خــوە لێبکی) «پەند».

**ئارڤانبارکرن**: ١. باراش بــارکردن ٢. بــارکردنی ئارد.

**ئارڤانگرسکرن**: باراش هاڕین و لێکردن.

**ئارڤانە**: ١. ئــار، ئــارد ٢. دەغــڵ، بــاراش، بــاری هاڕین: (ئاشڤان هەرکو ئارڤانەکی دهێــرە، ژ خــوە رە پارا خــوە هلتیــنە) ٣. وشــتری مــێ، حوشــتر، هوشتر، دوندل.

**ئارڤانهوورکرن**: لێکردن، هاڕین(دەغڵ).

**ئارک**: ١. ئارد، ئاردی گەنــم و نــۆک و هتــد ٢. ئاردەمشار.

**ئارکردن**: تۆبە کردن.

**ئارکۆرک**: ماشە، مقاش.

**ئارکۆز**: شوونەوار، شوونا ئار و کۆز ل بهــاران، هەوارگەی بوهاری کۆچەران.

**ئارکەبرنج**: ئاردی برنج، ئارێ برنجیە،

**ئارکەساڤار**: ئارێ ساڤاریە، هاردی ساوار.

**ئارکێش**: ئاردکێش.

**ئارگ**: ١. ئــاور، ئێگــر،٢. ئــار، وار، شــوونەوار، شوونەهەوار، شوونا کۆن.

**ئارگـــا**: ١. ئــاورگە، ئــارگە، ئــاوورگ، ئــاورگ، ئاگردان، ئێگردان، کوانک، جێــی ئــاور، کــوچکێ ئاگری،٢. ئایرگا، ئاتەشکەدەی گــاوران،٣. مــانگی بەفرانبار.

**ئارگوش**: گوندێکە لە باکووری بارزان.

**ئارگۆش**: کەروێشک.

**ئارگوشک**: ئارزەن، ئەرزین، ئارزینگ.

**ئارگۆڤان**: شارێکە لە باکووری کوردستان.

**ئارگون**: ناوە بۆ کچان.

**ئارگۆن**: ١. ئـاورین، سـوور و گەش لە ڕەنگـی ئاور،٢. گازێکی بێڕەنگ و بۆنە،٣. ناوی کوڕانە.
**ئارگووش**: کەرویشک.
**ئارگووشک**: شـەویلکە، شـەویلاک، شـەویلاکە، شەویلە.
**ئـــارگوون**: ١. تەنـــدوور، تەنـــوور،٢. کوچـــک، ئاگردان، ئـاورگ، تەشـگا، تەزگـا،٣. خـۆڵەمێش، ئاخا ئاگر، هەر چ ژ شەواتا ئێگر بمینە: (هەمـا ل وێ شەڤێ ئاگرێ بلخێنیێیا ل ئەنبارا وی کەت و ملکـێن وی گشـت پێـڕا شـەوتییان و ل جیـدا ئارگوونەکا نەرم ژێ ڕا هێلا) «گولشوون».
**ئارگە**: ئاورگە، ئارگا.
**ئارم**: Arm نیشانە، نشانە، دروشمی تایبەت.
**ئارم**: Arim ئاریمی، هەلمس، پەنم، هەوا.
**ئارما**: دڵنیا، ئارخەیان، خاترجەم.
**ئارماتۆر**: ئاڵماتۆڕ، میلەی کانزایی.
**ئارماتۆربەند**: کەسێ کاری ئارماتۆربەندی بێ.
**ئارماتۆربەندی**: کاری کراو بە ئارماتۆر.
**ئارمـــاز**: ١. گرگـرە، گەرگەرە، غەرغەرە، قرقـرە، مەکـارە، مـاقرنە، خلـۆک، خولخولـۆک، چەرخ، چەرخەک، جەنـــجەری ســـەر بیـــر و کـــارێز٢. گزموولە، گردیلە، شەڵماتی قـوڕ،٣. گلـۆلە بەن و دەزوو.
**ئارمـــان**: ١. ئامـــانج، ئارمـــانج،٢. نـــاوی کـــۆنی هەورامان،٣. ناوی کوڕانە.
**ئارمانج**: ١. نیشانە، نشانە، نیشا، بەرتیر، بەرپێـک، ئامانج، کێلک: (چاومان لە ژین و کـامەڕانی بـێ/ هیوا و ئامانجمـان گەر ئینسـانی بـێ) «دڵـزار» ٢. دۆز، مەرەم، مەبەســـت، نیـــاز، بەرگ، کاربەنـــد، ئەوەی حەولی بۆ دەدەن ٣. ناوە بۆ کوڕ و کەچ.
**ئارمانجانێ**: کێبەرکێ لە تفەنگ و تیر هاوێژیدا، ئەزموونی ئەنگێوەیی، نیشانەگیری، کێلکپێکی.
**ئارمانجخواز**: هۆگری ئارمانجخوازی.

**ئارمانجخوازی**: تایبەتمەندی ئارمانخواز.
**ئارمانجدار**: مەبەستدار، بەئامانج.
**ئارماندی**: ئارمانۆک، هەڵمسێنەر.
**ئارمانۆک**: ئارماندی، باتێکەر، ماسێنەر.
**ئارمردە**: شارەدێیەکە لە دێهستانی پشتی ئاربەبای بانە: (قایرخانی ئارمردە/ لەشکر و قۆشەنی گردە) «ئاوێنەی‌بێگەرد».
**ئارموت**: هەرمێ، گولاوی.
**ئـــارمۆک**: ئـارمینۆک، ئـارمینەک، هەر شـتێ کە شیاوی هەڵماسین بێ.
**ئارمووش**: ١. هەوریـشـم، هاوریشـم، ئـارمویش، ئارمیش، ئاوریشم، ئاورێشـم، هەورەمـیش، داوی لیکاوی کرمی هەورێشم: (شازولفی دێنە خوارێ، بسـکی ئـارمووش و گەردە/ لە ولاتـی غەریبـانم هەموو جەرگم کەرت کەردە) «سێسەت هۆنراوە» ٢. تلتەی ترێ، خرت و خاڵ، پرووش،٣. ناوە بۆ کچان.
**ئارمووشـــە**: کێـوێکە هەڵکەوتـوو لە باشـووری ڕۆژهەلاتی ڕەواندزێ.
**ئارمووشـــین**: هەورێشـــمی، وەک ئەبریشـــەم: (پەنــجەی لەخـۆوە نەرموشـل/ تـاقگەی کەزیـی ئارمووشینی) «پەشێو».
**ئارمویش**: ئارموش، هاوریشم.
**ئـــــارمەڵوو**: نـــاوی مەزرایەکە لای گونـــدی شێخچۆپان.
**ئارمەن**: ئاریمەن.
**ئارمیان**: ئارمین، ماسین، هەوا هێنان.
**ئارمیای**: هەڵماساو، ماسیو.
**ئـــارمیتە**: پیشـک، پیشـکان، پیشـەکان، بێلەکـان، ئالووتە، دارێکی سەرئاسنە بۆ هەڵکەندنی کنگر و شتیوا.
**ئارمیش**: ئارمویش، ئـارموش: (قونـدەرێ بـێخە، ب گۆرێ وەرە/ هەکە گوۆرا تە درپـایە/ ئەز دێ

ئـــاڤچین کەم ب ئارمیشـــــێ ســــۆر و زەرە) «حەیرانۆک».

**ئارمین**: ١. ئەهـوەن، هـێمن، ڕام، ڕامکریـاگ،٢. ماسین، ئارمیان، باگرتن، هلگرتن.

**ئارمینۆک**: ئارمۆک.

**ئارمینەک**: ئارمۆک.

**ئارن**: ١. چەنە، ئێسقانی شـەویلکە،٢. شـەویلکە، شەویلاک، شەویلاکە،٣. گۆنا، کولمە.

**ئارنج**: ١. گولمێخ، ئاخیە، مێخ زنجیـر بـۆ پاتـاڵ بەستنەوە ٢. ئەنیشک، ئانیشک، هەنیشک، ئـارەن، قنگانیسک، قۆلانیشـک، بـالنج، بەلەمـرک، مـرک، ئایسک، بەندی نێوان قۆڵ و باسک.

**ئارنخ**: نافەرمانی، کەڵەوەشکێنی، ئاسێ.

**ئارنخۆک**: ئارنخی، سەرکێش.

**ئارنخی**: ئاسێ، ئاخۆزی، ئارنخۆک، نافەرمان.

**ئارنـــگ**: ١. شــەلکە، دەردێکــی ئـاژەڵی وردە ٢. بڵێســە، گــڕ، تـاڤ ٣. گیـایەکە ٤. ترووسـکە، ٥. روهــن، روشـــنایی ٦. دەڤەرێـکە ل بـــاکووری ڕۆژاوای دیاربەکر،٧. ژەنگ، ئافەتی گەنم و جـۆ، ٨. ساوڕ، ساوڵ، ساوڵە،٩. ناوی کچانە.

**ئارنوکە**: گوندێکە لای شەنگال.

**ئارنەنگ**: ئار، نەنگ، حەیب.

**ئاڕنێ**: گوندێکە سەر بە نەغەدە.

**ئارو**: ١. ئاروو، خەیار، هاروو، هاروێ ٢. ئالو ٣. هاروو، پووک، ئاروو،٤. مەلاشوو،٥. شەویلکە.

**ئارۆ**: ١. ئەمـڕۆ، ئیـڕۆ، ئیـڕۆیین، ئیمـڕۆ، ئەورۆ، هــارۆ، هەڤــڕۆ، هەورۆ، ئەڤـڕۆ، ئەورۆکە: (ئـارۆ یەک جیلوەش هـا نە ڕووی کـاردا/ فەردا چـێش ئەو یەک جیلوەش دیـار دا) «مەولەوی»، (ئـامینێ گیــان ئەورۆ ئەورۆ ئەورۆ/ بــۆت نەمــام دوێنــێ فەسڵی نیـوەڕۆ) «زیـرەک» ٢. ئـاروو، شــەویلکە، کاکیلە ٣. خەیار، خیار،٤. بێنێ، بێنێت: (یاشـا هەر کەسێ گوڵ بە گوڵ ئارۆ/ یاشا ئەو باڵاش سەنگ و گڵ وارۆ) «بێسارانی»، ٥. ناوی کوڕانە.

**ئـــاروا**: عەزیـز، دلۆڤـان: (تۆخـوا ئـارواکەم نەو شوێن و جادا/ منت جە بیـر بـۆ نە ڕای ئەڵـلادا) «مینەجاف».

**ئاروار**: وشتری یەکساڵە.

**ئاروان**: ١. ئارڤان، زمهەر، زمهاڕ، ئازوخەی ئـارد لە ماڵدا ٢. بەرزە، وشترێ سێ بەهاری دیبـێ ٣. ئارڤان، ئاشەوان،٤. تۆشەی سەفەر.

**ئاروانچی**: ئاشەوان، ئاسیاوان.

**ئاروانگرس کرن**: باراش لێکردن، ئاروان هاڕین.

**ئاروانلۆک**: ئاروانە، وشتری نێری چوارساڵە.

**ئاروانوشتر**: وشتری مێوی چارسالە.

**ئاروانە**: ١. ئاروانلۆک(نێر)، ٢. وشترە مێوێ چوار بوهاری دیبێ،٣. ئارد، ئار.

**ئاروانەسییە**: دەمڕەش، بەدودم، بەدنەزەر.

**ئاروانهووڕکرن**: لێکردن، هاڕینی باراش.

**ئاروبان**: شەویلکەی سەرەوە.

**ئاروپۆلارە**: ئەمڕۆ بەولاوە.

**ئارۆپۆلای**: ئەمڕۆ بەولاوە.

**ئارۆپیلارە**: ئەمڕۆ بەملاوە.

**ئارۆپیلای**: ئەمڕۆ بەملاوە.

**ئـــاروت**: فرشـتەیەک بـووە هـاوالی مـاروت لە چیرۆکاندا، دەڵێن ئاروت و مـاروت سـەرنخوون لە چالاوی بابلدا هەڵواسراون و تینویانە و ئاویان لەبەر چاوە دەمیان نایگاتێ.

**ئارۆت**: ئەمڕۆت، ئیمڕۆت: (دڵە چەند مەسـتیت جەم بی نە سـەردا/ چەنـد کـار ئـارۆت، وسـتەو ڕۆی فەردا) «مەولەوی».

**ئارۆچەڕوین**: ئیمڕۆ چە ڕۆژێکە؟

**ئارۆختە**: ڕماو، وێران، وێرانە، کاوول، کاول.

**ئاروخوار**: شەولاکی خوارێ.

**ئارۆدە**: ژنی ماڵانگەڕ، تێوەتلاو، بەدکار.

**ئارۆز**: ئالۆز.

**ئارۆزە**: ئارەزوو.
**ئارۆزیان**: هرووژان، هورووژان، وروژان.
**ئارۆسوبحی**: ئەمڕۆ بەیانی.
**ئارۆش**: کەروێشک.
**ئاروشک**: ١. پژمین، پشمین، پنژین ٢. باوێشک.
**ئارۆشە**: شەویلکە، شەویلاک، لاجانگ.
**ئارۆشیم**: ئەورۆ چووم: (ئارۆ شیم وە سەیر نەوتوڵ نەمامان) «بێسارانی».
**ئارۆغ**: قرقێنە، قرغینە، ئارشک: (نەمیدانم بەرەی چ ئەمرو ئینقەزە ئارۆغ میزەنەم) «دەرویێشیان».
**ئاروفتە**: ١. ئارەفتە، وێران،٢. دارڕزاو، داوەشاو: (ئامان سەد ئامان، خاس نیگاش دارە/ وەر نە ئاروفتەن، زوو مبۆ پارە) «مەولەوی»،٣. کارامە، کارزان.
**ئارۆفەردا**: ئەمڕۆ و سبەینێ: (سەرووەخت هەستی جە دەس وەردامەن/ تەدارەک خەیر ئارۆ و فەردامەن) «مەولەوی».
**ئارۆک**: ١. کفتەساواری پانکەڵە لە گەنمە کوتاویش دەیکەن ٢. کفتەی گۆشتی سوورکراوە.
**ئاروگۆر**: ئاڵوگۆڕ، ئاڵشت، گۆڕانکاری، ساقی و باقی، پێکگۆڕینەوە.
**ئارۆڵە**: ئاروانە، وشتری مێو.
**ئارۆمزانا**: ئەمڕۆ زانیم: (من ئارۆم زانا بە تاجت قەسەم/ بە وەسڵ شیرین تاڵیم مبۆ کەم) «خانای قوبادی».
**ئارومۆرە**: نیشاستە و مۆرە، نیشاستە و ئامرازی ساوینی نشاستە بە کاغەز و پارچەدا.
**ئاڕوموور**: هێمن، هێدی، ئارام.
**ئاڕوموورە**: هێمن، هێور بۆ مێ.
**ئارۆن**: چیایەکە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ڕەواندز.
**ئارونئاوا**: ١. ئارینئاوا، ئارونیاوا، ناو ڕونەی شابادە، ک زندان سولوسونو ناسیاو وە ئارون بویە، وامەنەی ئەو زندانە ها لە چیا خشت لە ڕوبەڕوی بەیرەی،٢. ئیسلامئابادی غەرب.
**ئارونوقارون**: بریتی لە زۆر دەوڵەمەند و دارا.
**ئارۆنە**: ١. ڕک، قین، بیانووی منداڵ ٢. پێچەوانە، واژی، چەپەوانە.
**ئارۆنیا**: چیایەکە کەوتۆتە باکووری ڕۆژهەڵاتی ڕەواندزێ بۆ لای حاجیئۆمرانەوە.
**ئاروو**: ١. خەیار، خیار، هاروێ، هاروو، ئاروو، ئاروێ، بڕکەیەکە گوڵی زەرد دەگرێ و دەبێتە خەیار: (قولچەکی ژی باجان، ئاروو و پنجارا جوورە جوورە دچاند) «مەستوورە»٢. خەیار، بەری ئەو بڕکەی سەرەوە، ٣. شەویلکە، شەویلاک، ئارۆشە ٤. مەلاشوو، ئاسمانەی ناو زار،٥. پووک، پدو، پدی.
**ئاررووسەبای**: ئەمڕۆوسبەی، دەسیدەسی.
**ئاررووسبەیپنەکەردەی**: ئەمڕۆ سبەی پێکردن.
**ئاررووسەوای**: ئارووسبەی.
**ئارووش**: کەروێشک.
**ئارووشک**: ١. باوێشک، باوشک، بایشک، دەم داچەقان لەبەر خەوهاتن،٢. پژمە، پژمین.
**ئارووشە**: ١. بزۆز، سەربزێو، نەحەجماو، نەسرەوتوو، نائارام، بێئۆقرە، ٢. ئارۆشە، شەویلکە، لاجانگ.
**ئارووق**: ئارشک، قرقنە، قورقنێ.
**ئارووک**: ١. ئارزینچ، ئاریگ، میچ، بنەبان، بنمیچی ماڵ، ٢. کفتەی برێیش و گۆشت.
**ئارووڵە**: گیایەکی کێوییە بە کاڵی و کوڵیوی دەخورێ.
**ئاروون**: ئەندەروون، دیوی ژوور: (ئەگە شەوقی خۆی دەدا/ لە ئاروونی، لە بێروونی، لە کڵاوفەڕەنگیان) «گەنجی سەربەمۆر».
**ئاروونگ**: ١. شێلانە، شلانی، قەیسی، زەردالو،

زەردەلوو ٢. قەیسیە وشکە.

**ئارووەدمای**: ئەمڕۆ بە دواوە.

**ئارووەلای**: ئەمڕۆ بەولاوە.

**ئاڕۆە**: ئەو ڕۆژە.

**ئاروهار**: ئارو خوار.

**ئاروێ**: هاروێ، خەیار، ئارو.

**ئارویس**: وەریس، گوریس، گوریێس.

**ئارویێش**: کەرویێشک.

**ئاروین**: ١. تاقیکاری، ئەزموون،٢. تاقیکراوە، بەئەزموون،٣. ناوی کوڕانە،٤. ناوە بۆ کچان.

**ئارونان**: ئازۆقە.

**ئارە**: ١. ئارد، هارد،٢.زمانلووس، زمانشیرین،٣. ئەرە، مشار، هەرە،٤. ئاسوو، ئاسۆ.

**ئارهاتن**: ١. عارهاتن، نەنگداشتن،٢. قووز بوون،٣. شەرمکردن، وەڕوا ناتن.

**ئارهان**: ١. ژان و ئێشی ئەندامی سووتاو ٢. ماس، هەوا، هەوکرنی برین.٣. هێشانەوە، چووزانەوە، کولانەوەی برین.

**ئارهاندن**: ١. چزانن، چزاندن، داغکردن بە ئاور ٢. کولاندنەوەی برین.

**ئارهایی**: ١. ژانی کولانەوە،٢. ئازارێکی هەمیشەیی لە ئەندامدا: (چرا دل تو وەسا ئەڤرۆ ژ کاکل ڕا یێ ئارهایی؟) «سندی»،٣. توشی دەردیسەری هاتن.

**ئارەب**: ١. عەرەب: (ئارەبۆغلوو: کوڕی ئارەب)، ٢. ناڤێ مێرانە.

**ئارەبانە**: عەڕەبانە، عارەبە، گالیسکە، گەردوون، گرگرۆک، عەرەبەی دەخڵ و دان کێشان.

**ئارەبۆغلوو**: ١. ناوی دو گوندە سەر بە شاری سەقز، ئارەبۆغلووی سەروو و خواروو: (کاومەلە، سەرشیو تەک ئارەبوغلوو) «یادنامەی سەقز»،٢. کوڕی ئارەب، کوڕی عەرەب.

**ئارەپانە**: گۆترە، کۆترمە، هەوەنتە، ئەڵڵاقۆیتاسی.

**ئارەجان**: جۆرێ قارچکی سەممی.

**ئارەخ**: ١. ئارەق، خوێ،٢. زەحمەت، گرفتاری×٨٤: (نەبن ب ئارەخێن ژ شەڕێ دوژێ نە مێر/ نەوەک بهورت ژ جان وی ڕژاند مێژیێ شێر) «گولشوون».

**ئارەخچن**: ئارەقچن، کڵاو: (هێندێکیان ئارەخچنان بدوورن) «مەموزین».

**ئارەزۆ**: ئارەزوو، هیوا: (ئارەزۆمە هیچنەبێ جارێکی ماچ کەم زاری تۆ/ ئارەزۆی من چووکە، ئەمما تا بفەرمووی شیرینە) «هێمن».

**ئارەزوو**: ١. ئاوات، ئاوەخت، ئاڤەزت، ئەڵها، حەز، تاو، تاسە، تەما، نیاز، مگێز، ویست، دڵخواز، داخواز، داوا، داواخوواز، گاوین، گاڤین، کام، کەووژ، کەڵکەڵە، ڤێن، ڤان، مراز، واز، خوەستەک، خوەزگە، قیتک، قرم، قەشقە، خولیا، تاسووخ، بیری، هیوا، هێڤی، هێوی، هەرس، هەز، هەسر، هەژ، هەوا، هەوەس: (چاو کە دەردی دووری تێکەوت، ئارەزووی گریان ئەکا/ نیوە موویەکیش کە کەوتە چاوەوە، هەر ژان ئەکا) «پیرەمێرد»،٢. ئیشتیا، مەیلی خواردن: (بە ساڵ گۆشتی نەخۆم، ئارەزووی ناکەم)،٣. ئارەزووی بینینی کەسێ: (ئەروێ بۆ بویە گوڵەگەزیزە، بە خودای زۆر لەمێژە ئارەزووت دەکەم)،٤. ویست: (جۆگە بە ئارەزووی خۆی دەڕوا)،٥. ناوی گۆرانییەکە: (غونچەی دڵکەم ئارەزوو، بۆم ببە بە گوڵ زوو بە زوو) «حەسەن زیرەک»،٦. ناوی ژنانە: (چۆنی دڵ هات بە ئارەزووی کچمی بسپێرێ، خۆ ئارەزوو لە نەخۆش و مەخۆشان چ نازانێ) «شەوارە».

**ئارەزووباز**: هەوەسباز، هەوەسی.

**ئارەزووبازی**: هەوەسبازی.

**ئارەزووبوون**: حەزکردن، دڵ بۆچوون.

**ئارەزوودار**: بەتاسە، بەداو و دڵ، ئارەزوومەند.

**ئارەزووداری**: ئارەزوومەندی، تاسەمەندی.
**ئارەزووزەڕ**: گوندێکە لای پێنجوێن.
**ئارەزووشکان**: تاسە شکان: (کچــێ ڕۆژێ بــزەی بەو ڕیشــە ســپیەم هـــاتە ســەر لێــوی/ لە لێــوی ئــــارەزووم نەشـــکا و ڕقــی بنیـــادەمە، گەســـتم) «جومعەکان».
**ئارەزووشـــکاندن**: بەجــێ هێنـــانی نیـــاز و حەز: (ویستی کە دایگیرسێنێ/ ئارەزووی پێ بشـکێنێ) «قانع».
**ئارەزووکار**: ئاواتەخواز، تاسەبار.
**ئارەزووکاری**: ئاواتەخوازی، ئارەزوومەندی.
**ئــــارەزووکردن**: ١. بە ئـــاوات بـــوون: (دڵ وە گێجبازی چەپگەرد بازیش وەرد/ جفت ئـارەزوو کەرد، چەپـــگەرد تـــاق ئـــاوەرد) «مەولەوی»،٢. حەزکرن، دڵ لێچوون.
**ئارەزووکەردەی**: ئارەزووکردن.
**ئارەزووگەیین**: ئاوات هاتنەدی، بە مراد گەیشتن.
**ئـــــارەزوولێبوون**: حەزلێبـــوون، بەتاســـەبوون: (عــالەم کەیفــی خۆیــانە/ دەمــرم ئــارەزووم لێــیە) «فۆلکلۆر».
**ئارەزوومەن**: ئارەزوومەند.
**ئارەزوومەنبیەی**: ئارەزووکردن، ڤیتن.
**ئارەزوومەنـــد**: ١. ئومێـــدوار، بەتاســـە، تامـــازرۆ، تامەزرۆ، تاسەمەند، تاسەدار، تەمێـار، ئـاواتەخواز، ئـــارەزوودار، خولیـــا، بینەکـــار، بەهیـــوا، هێڤیـــدار، هیواخواز، خووینکەل، خودان ئومێد، مریکـانە،٢. دڵدار، ئەویندار، ئاشق: (مـدیان گـوڵاڵان نە پـای دەربەنـــدان/ ئەو یەکـــتەر وێـــنەی ئارەزوومەنـــدان) «مەولەوی».
**ئارەزوومەنـــدی**: ئـــاواتەخوازی، ئـــارەزووداری، هەوایاداری، مریکاری، بە تاسە بوون بـۆ شـتێک: (شـــــەرحی دەردی ئارەزوومەنـــــدی لە کەس تەئسیری نابێ/ ئەو کەســە دەردم دەزانــێ گەر لە یاری خۆی جودا بێ) «وەفایی».
**ئارەزووئاوات**: ئامانج، ئارمـانج، ئـارەزوو: (گەر سەبرمان هەبێ، هەموو ئارەزوو و ئاواتمـان دێـتە دی).
**ئارەزووی پلەوەر**: ئارەزووی سەرکەوتن.
**ئارەزووی نابەدید**: ئارەزووی نادیار، نەبینراو.
**ئارەسانن**: گەیاندن.
**ئارەسن**: بگەیەنە، حەواڵەی کە.
**ئارەســـە**: ١. ئـافەرین، ئـافەریم، ئـافەرەم، بـژی، هۆپ، هەڵاڵتە، دەسخـۆش، وتەی پەسـنکرن،٢. خولقاو، ئافەریدە.
**ئارەسە**: ١. ئاراسە، ئاراستە،٢. نازڵبوون.
**ئارەسەبوون**: حەواڵە بوون، ناردران.
**ئاراسەکریای**: ناردراو، حەواڵەکراو.
**ئــارەش**: ١. ئـارەقە، هـارەش، خـوێ، خـووەی جەسە: (نەیدەزانی ئەو بە ئارەق داری ئومێد ئـاو بدا) «دڵدار» ٢. مەبەست، مەڕام، مەرەم، ئامانج ٣. ئاغەڕەش،٤. ئاڕەش، نـاوی کـوڕان ژی تێـت ٥. ناڤی پادشایەکی ئێرانیش بووە.
**ئارەغگیر**: ئارەقگیر: (ئەسپەبۆر تازە گەرم دادێ، باوی لاق و پەلی خۆش دەبـێ، ئـارەغگیری تەڕ نەکردووە) «ئەمیری».
**ئارەفتە**: ١. وێران، لەکـارکەوتە، ئـاڕفتە(دیوار)،٢. تەنراوێ کە چووبێ و تان و پۆی دەرکەوتبێ.
**ئارەق**: ١. خووەی، خووە، خووێ، خوویە، خۆە، خوەی، خۆ، ئارەش، هـارەش، ئـارەقەی لەش لە گەرمان یا لە شەرمان: (ئارەق لەو هەنیەی دەتکێ تک تک دێتە خـوار/ تەڕ دەکەن خـاڵی گۆنـای) «حەسەنزیـرەک» ٢. شـلی لە هەڵـم تکـاو، مەی سەرخۆشـکەر: (گەر لە حەوت عاسـمان نیـتە ئەســتێرە/ خــۆت بە پیــاوەتی ئــارەق بســپێرە)

«بۆکوردستان»،٣. مێوژاو،٤. ئارەقی جاترە،٥. ئاموور، ئاقیلە، باسکێش، ئەمبوور، ئێرەقە،٦. چایمانی، مەردەئارەق، ئارەقی ساردی لەش.
**ئارەقا**: گوندێکە لای سۆران.
**ئارەقاوی**: لەش بە ئارەق.
**ئارەقاویە**: ئارەقاوی بۆ مێ.
**ئارەقبەردای**: ئارەق دەردان.
**ئارەقپێکردن**: ١. هیلاک کردن، شەکەت کرن، ٢. خەجاڵەت کردنەوە،٣. ترساندن، تۆقاندن،٤. پارە ئەستاندن لە کەسێ بە نیوەزۆر و نیوەخوایشت.
**ئارەقجۆش**: ئارەقسووت، زیپکەی ورد بە هۆی تاو لێدانەوە.
**ئارەقچن**: ١. تەقیلە، تەلک، کڵاو، ژێرکڵاو، ئارەخچن، گوورۆز، کڵاوی لە پەڕۆ و دەزووی سپی ٢. ژێرکراس، کراسی تەنک بۆ ئارەق گرتن: (ئەرێ بە تویێ ئارەقچن وا ڕۆیی و بەجێی هێشتم) «حەسەن زیرەک»،٣. دێمەک، مەهار، چیلکەیەکی گچکەیە لە پەڕەی کەپۆی ئاژەڵ و وشتر دەکرێ.
**ئارەقچنیاگ**: ١.تەیۆوبووگ، ئەسپی خارا، لەکار دەرهاتوو،٢. کەسێ ئارەقەی وشک بوویێتەوە.
**ئارەقچنیاو**: ئارەقچنیاگ.
**ئارەقچین**: تەقیلە، کڵاوی لە دەزوو.
**ئارەقخانە**: مەیکەدە.
**ئارەقخۆر**: ئارەقڤەخۆر، مەیڤەخۆر، شەرابخوەر.
**ئارەقخۆری**: مەیۆشی، ئارەق خواردنەوە.
**ئارەقدەردان**: ١. دەرکەوتنی ئارەق لە لەش، ٢. شەرمەزار بوون.
**ئارەقڕژاندن**: ١. زەحمەتی زۆر بۆ کارێک کێشان: (چ بڵێم چەندە سروشت ئارەقی ڕشت/ تا وەها جووتێ مەمی داڕشت) «هێدی»،٢. ئارەق ڕشتن بە هۆی هیلاکییەوە: (لە ژێر باری گرانی مەعیسەتدا/ تەواو ماندوو و هەر ئارەق دەڕێژم) «فایز».
**ئارەقڕژتن**: ماندوو بوون: (دەدێرێ ئاو، دەچێنێ تۆو، دەکا جێ شەتڵی پەین و کووت/ دەڕێژێ ئارەقە، پەیدا بکا تا بۆ مناڵی قووت) «هێمن».
**ئارەقڕێژ**: ڕەنجدەر، ئەرکدار: (سڵاو بۆ کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش و ئارەقڕێژ) «حافز».
**ئارەقسڕ**: ئارەقڕێژ، ماندوو.
**ئارەقسڕین**: ١. وشککردنەوەی ئارەق: (دەسڕۆکێک دەچنم لە گوڵی بیزایە/ بۆ ئارەقسڕین ڕێگەی ڕەزایە) «فۆلکلۆر»،٢. برتی لە ماندوو بوون: (نە قەت ئارەقی سڕیوە/ نە قەت گەوزی هەڵبڕیوە) «هێمن».
**ئارەقسووت**: ئارەقسوز، سووتانەوەی پێست بە هۆی ئارەقی زۆر و گەرما.
**ئارەقسەگی**: ئارەقی هەرزان و دەستساز.
**ئارەقفرۆش**: مەشروبفرۆش، ئەیفرۆش.
**ئارەقفرۆشی**: ١. کار و پیشەی ئارەقفرۆش، ٢. دوکانی ئارەقفرۆتن.
**ئارەقکردن**: ١. شەرمەزاربوونەوە،٢. ئارەق دەردان بە هۆی گەرما یا نەخۆشی: (لە وەختی قەبرهەڵکەندندا ئارەق بکەی و لەشیشت پیس بێ، خاوێن دەبیتەوە) «موکریان».
**ئارەقکەردەی**: ئارەقکردن.
**ئارەقکێشان**: ئارەق گرتن لە هەڵمی گیای کوڵاو.
**ئارەقکێشی**: ئارەقگرتن، ئارەقکێشان.
**ئارەقگر**: ئارەقگیر.
**ئارەقگرتن**: گرتنی ئارەق لە هێندێ گژ و گیا و گوڵ.
**ئارەقگرتەی**: ئارەقگرتن.
**ئارەقگوڵاو**: کەسێ ئارەقی جەستەی واسە

گـولاو: (هەزار بولبـول ئەکـا مەسـت و ئەیشی گرییێنێ/ لە گوڵشەنێ کە ئەو ئارەق گوڵاوە پێئەکەنێ) «بێخود».

**ئـارەقگیر**: ١. نەرمەزیـن، ژێـرزین، تەکڵتـوو، پارچەلبادی تەنکی بن زین دەخرێتە سـەر پشتی وڵاخ،٢. فـانیلە، ژێرکـراس: (ئەرێ بە تـوێ ئارەقگیر هەر دەڕوا و بەجێم دێڵێ/ بە غـولامی جـوتێ چـاوی دێـم مـاچیکەم نـامهێڵێ) «حەسەنزیرەک»،٣. کەسێ کە ئارەق دەگرێ.

**ئارەقگێڕ**: ساقی، مەیگێڕ، ئەوەی مەی دەگێڕێ.

**ئـارەقگیر**: ١. نمەدزیـن، نەرمەزیـن، ژێـرزین، تەکەڵتـوو، پارچەلبـادێکی تەنـکە لەبـن زینـەوە دەخـرێتە سـەر پشـتی وڵاخـی سـواری ٢. ئارەقچێکەر، دروسکەری مەی.

**ئارەقلەگوڵاو**: بریتی لە ئـارەقی لەش تـێکەڵ بە گوڵاو: (گوڵباخی گەشـاوەی گەڵا تێکشـکاو/ بە کوڵمیا دێتە خوار ئارەق لە گوڵاو) «گۆران».

**ئارەقمتەی**: ئارەقڕشتن.

**ئـارەقنەڕێژ**: بریتـی لە دەوڵەمەنـدی خـۆ ماندوونەکەر: (بەری ڕەنجی عومری درێژ/ گشت کەوتە لای ئارەقنەڕێژ) «گۆران».

**ئارەقواردەی**: ئارەق خواردنەوە.

**ئارەقوەر**: ئارەقخۆر.

**ئارەقوەرش**: ئارەقفرۆش.

**ئارەقوەرشە**: ئارەقفرۆش بۆ مێ.

**ئارەقوەرە**: ئارەقخۆر بۆ مێ.

**ئـارەقە**: ١. خـوێ، خـووەی، خـووە، خـوویە، ئارەش، هارەش، ئارەقی لەش: (ئارەقەی سینگ و مەمکان دێتە خوار زەنگوڵ زەنگـوڵ) «فۆلکلـۆر»، ٢. مەهاری وڵاخ،٣. دیمەک، دارێک لەنـاو چینـی دیوار دەخرێ بۆ قایمتر بوونی دیـوار،٤. هەڵـم و هـاڵاوی سـەر ڕووی پەنجێـرە کـاتی سـەرما و گەرمای زۆور.

**ئارەقەپێکردن**: ١. شکاندنەوە، بە ڕوودا خستنەوە، ٢. ئەستاندنی شتێک بە زۆر.

**ئارەقەدەردان**: ئارەقەکردن.

**ئارەقەکردن**: ١. ئارەق کردنی لەش،٢. شکانەوە، شەرمەزار بوون.

**ئارەقیجاترە**: ئارەقی گیراو لە جـاترەی کـوڵاو بۆ زگێشە باشە.

**ئارەقیدووبارە**: ئارەقی پاڵێوراو.

**ئـارەقیدووکوڵ**: ئـارەقێ کە بـۆ زیـادبوونی ئەلکۆڵەکەی جارێکیتر بکوڵێتەوە.

**ئارەقیسووسەنبەر**: ئارەقی گیراو لە سووسـەنبەر بۆ زگێشە باشە و هێندێ توندە.

**ئارەقیشاتەرە**: ئارەقی شاتەرە بۆ دەرمانی زیـپکە و خارشت و پاڵاوتنی خوێن باشە.

**ئارەقین**: ئارەقاوی.

**ئارەقینە**: ئارەقاوی بۆ مێ.

**ئارەقینەعنا**: ئارەقی گیـراو لە گیـای نەعنـا بـۆ ژانەسک باشە.

**ئارەک**: ١. خاک، خاکوخۆڵ، تشتێن هـوورد،٢. ئـارەک، باپۆسـکە، پۆسـکە، سـوتووی کـاغەزی سووتاو،٣. خاکەبرە، خاکەمشار، ئـارێ دار: (کـور گۆ: نها باڤ و دێ ب سەبەبا ئارەکێ داران دل ژ من بەردان) «گولشوون».

**ئارەگۆز**: ئالوگۆڕ، ئاروگۆڕ.

**ئارەما**: ١. دەرد زان،٢. پـاوڕ خسـتن، هەن هەن زایین.

**ئارەمت**: دارێژەر، بنیاتنەر، چێکەر.

**ئارەمووک**: ١. گامێشی نەزۆک و قسر،٢. گامێشی نەنێر نەمێو.

**ئارەمەت**: داڕێژ، داڕێژەر، ڕێختمانکار.
**ئارەمەندە**: ئەرامەنـدە، پەرێشـان: (ئارەمەنـدەی دوور بێ دیانە خۆم) «پیرەمێرد».
**ئارەنان**: نێوی گوندێکە لای سنە.
**ئارەنگ**: بریقەدار، ورشەدار.
**ئارەو**: تات، حارەب، عەرەب.
**ئارەوان**: ئاگرەوان، ئەیرەوان، ئاگرڤان.
**ئارەوانچی**: ئاسیاوان، ئاشەوان.
**ئارەوانە**: ووشتری مێی چارساڵە.
**ئارەوستان**: حارەبستان، عەرەبستان.
**ئارەوە**: عەرەب بۆ مێ.
**ئارەوی**: عەرەبی، زمانی حارەبی.
**ئارەی**: پڕ، تژی، دارماڵ، لێوانلێو.
**ئارەیە**: ئاریە، ئاش.
**ئاری**: ١. یـارمەتی، هـاری، هاریکـاری، یاریـدە، کۆمەک ٢. ئاریایی، لە نژادی هێنـد و ئەروپـی ٣. نیشتەجێ، ئاکنجی، دانیشتوو، (بەرابەری: کۆچەر) ٤. خـۆڵەمێش، خـۆڵەکەوە، ژیلەمـۆ، مشـکی،٥. گەورە، مەزن، بەختیار،٦. شاخێکە لای دیـادین لە بـاکووری کوردسـتان،٧. نـاوی کـوڕانە: (ئـاری کورەکێ نە گوهدار بوو) «بێریڤانوهیڤی».
**ئارێ**: ١. بەڵێ، ئەرێ، واە، هەرێ، ئاها، هاها، بـۆ وڵام: (گەردشی چاوت قەراری عاشقی مسکین دەبا/ ساحیری چاوبەستە ئارێ، دڵ دەکێشێ دیـن دەبا) «وەفایی»، (ئاری واجبەن تـانەی بەدکـاران/ پەی گەرمی بازاڕ عەشق دڵـداران) «مەولەوی» ٢. ئەرێ؟، ئایـا؟، بـۆ پرسـیار: (گەردشـی چـاوت قەراری عاشقی مسکین دەبا/ ساحیری چاوبەستە، ئارێ، دڵ دەکێشێ دین دەبا؟) «وەفایی»،٣. ئـاش، ئاسیا،٤. دێنا، دەهێنا: (شانێ نێش بنێ، چوار بنـێ ئارێ) «م.ح. دزڵی».
**ئاریا**: ١. بەشی سەرەکی مێلۆدییەکی ئـۆپێرایە،٢. دەنگی تاکەکەسی ئـاواز لە ئـۆپێڕادا،٣. مەڵبەنـدی ئاگر،٤. نـژادی ئاریـایی،٥. نـاو مەدرەسـەیەکە لە قەسر شیرین،٦. ناوی کوڕانە،٧. ناوی کچانە.
**ئاریاشار**: ناو شارێکە لە کرماشان.
**ئاریان**: ١. ڕەگەزی ئاری، نفشی ئـاری، ئاریـایی ٢. ئارزیـان، کـوان، برینـی بە چڵـک و کـیم و جەراحەت ٣. ئـازار، ئـێش، ژان ٤. گونـدێکە لە دێکۆی پایگەڵان لە ناوچەی مەریوان،٥. نـاوە بـۆ کچ و کوڕ.
**ئاریانە**: گوندێکە لە خۆرهەڵاتی هەولێر.
**ئاریای**: هێنران.
**ئاریایی**: پێوەندیدار بە ڕەگەزی ئاریاوە.
**ئارێئارێ**: ئارێ، ئەرێ: (دڵ لەسـەر پەرچەمـی شێواو ئەسیری زەنەخە/ ئارێئارێ ئەوە دێـوانەیە زیندانی دەوێ) «وەفایی».
**ئاریبـــاری**: ١. هەڵـــووژە، هەڵووچەپـــایزە، هەڵـــویچکەی ســـووری پـــایز ٢. بەڵاڵـــووک، ئاڵووباڵوو.
**ئاریجاک**: شارێکە لە باکووری کوردستان سەر بە پارێزگای ئەلازیغ.
**ئارێخ**: ١. گوڵمێخ، مێخەتەوێڵە، مـێخ و زنجیـری تەویـــلە بـــۆ بەســـتنەوەی وڵاخ ٢. دارتـــار، دارەدرێژەکەی عارەبانە.
**ئـــاریختێ**: میـراو، میـراڤ، دابەشـکەری ئـاوی ئاوەدانی.
**ئارێز**: ١. ملەی ئارێز، کەلـێکە لە ڕێـگەی نێـوان سنە و مەریوان لە کێوی مراد ئەنسار: (چـاودێری هەتاوی دەم کەلی بەربەیـانەو، نیونگاییکیشـی لە ئارێزە) «نەگل»،٢. چیایەکە ل کوردسـتانی ئێـران: (فەلەک نەیخستە خاتر گەر سەنەندوج/ لە دڵمایە خەفەت وەک شـاخی ئـارێز) «سـالم»،٣. تەپ، تەپۆڵکی بەرز،٤. ڕێزدار، گەورە،٥. گونـدێکە لای سنە،٦. ناوە بۆ کچان.
**ئارێزە**: کراوە، ئاوەڵا، ئاواڵە.

**ئاریژە**: ترۆزی، چەمیلە، کالیار.
**ئاریش**: ١. گـێچەڵ، کێشـە، گرفـت، گرفتـاری، دژواری، ئـاڵۆزی، تەنـگەژە، ئاریشـە، ئارێشـە، ئاستەنگی، دژواری، چەتـوون، زەحـمەت: (لەورا گەلەک پێدڤی یە هێڤ کەینە ئارێشێن ناڤ ژیانێ بۆ چارەسەرکرنێ) «گولواز»٢. ورە، هێـز، گـوڕ،٣. هۆش، هێش، بیر.
**ئارێش**: ئاریش، ئاریشە.
**ئاریشە**: ١. دژوار، ئـاریش،٢. کێشـە، دەردیسـەر: (چ جـارا نەبـوویە سـترێ و درک و ئاریشـە بـۆ هەڤسۆیێ خۆ چێ بکە) «گولواز».
**ئارێشە**: ئاڵۆزی، ئاریش، کێشە: (ئێکی دی بهێت و قەشمەری پێ بـکەت کـو کەفتـیە د نـاڤ ڤـێ ئارێشێ‌دا) «گولواز».
**ئاریشەن**: ١. بەهۆش، هۆشدار،٢. ورەدار، بەگوڕ، گوڕدار،٣. ئاوری ژیان.
**ئارێڤ**: ئاڤشۆ، ئاڤکێشا شووشتنێ.
**ئاریک**: ئارووک، میچ، بن‌میچ، ئارزینچ.
**ئاریکـــار**: ١. هاوکـــار، هاریکـــار، یاریـــدەدەر، یارمەتیدەر،٢. ناوی کوڕانە.
**ئاریکاری**: هاوکاری، یارمەتی، یاریدە، هەرەوەز، هامەیاری، گەل، گەلەکۆمەکی، زبارە: (تەنێ دەمـا شەرا دڤێت وی ب ئارتێشـا خـوە ڤـا ئاریکارییـا ئارتێشا شا بکرا) «مەستوورە».
**ئاریگ**: ١. بنەبان، مـیچ، ئـارووک،٢. ژۆر سـەرا دیوار ب ئارووگ، ئاخر خەتی دیوار بۆ میچ.
**ئـاریلە**: پیـاوی ژنـانیلە، ژنەڕەنـگە، ئـالی‌پیواز، یۆسف‌ئەفەندی، مەحمووقوتیلە: (نێرێکـی ئـاریلە، لاسایی مێ دەکاتەوە).
**ئاریمە**: حەنەک، یاری، گەمە، کایە، تڕانە.
**ئاریمی**: ئارم، ماس، هەوا، پەنەم.
**ئارین**: ١. ئاردین، وەک ئارد ٢. ئاگرین، ئارگون، ئـاورین،٣. گونـدێکە لای گـۆلی وان ٤. نـاوی هـۆزێکی کـۆنی کـوردییە،٥. نـاوە بـۆ کیـژان و کوڕان.
**ئاڕین**: هاڕین، لێکردن(گەنم).
**ئارینـــان**: ١. گونـــدێکە لە بەشـــی دێهســـتانی ساحەبی سـەقز،٢. گونـدێکە لای سـنە ناوەنـدی دێکۆیە.
**ئارێنان**: ١. دێکۆی ئارێنان بەشـێکە لە نـاوچەی سنە،٢. ناوی گوندێکە لە سـەر جـادەی مەریـوان سنە هەڵکەوتووە.
**ئارین‌ئاوا**: ئارون‌ئاوا.
**ئارینج**: کوان، ئارێنج.
**ئـارێنج**: کـوان، کونـک، کولـک، کـۆن، کۆڤـان، کەوەن، ئارێنج، قـونێر، پەڤیـژۆک، دمەڵ، دومەڵ، هاڵی، کوانی بن هەنگڵ.
**ئاریندار**: ئاڵوودار، دەستەک، داری دارەڕا.
**ئارینک**: ١. ورک، گـڕو، گڕنـی، پەڵـپ، بیـانوی منداڵ ٢. نۆکی هاڕدراوە، ئارێ نۆکان.
**ئارینگ‌دان**: درەوشـانەوە، شـۆقدانەوە: (تمیشـا ئەکا سێ مایین دابەسراون، تفاقیان لە بەر کـراوە، هەر وەک ئاوێنە ئارینگ ئەدەن) «گوڵونێرگز».
**ئاری‌نۆک**: ١. لەپە، نخۆشەر، لەتکەنۆک،٢.ئاردی نۆک، نۆکی هوورکری.
**ئارینگ**: مەلاشوو، مەرازە، مەلازە، ئاسمانە.
**ئاری‌نۆک**: لەپە، نخۆشەر، لەتکەنۆک، ئالی‌نۆک.
**ئـــارێنە**: جێگـــایەک لە لەش کە کەوتـــۆتە لای سەرووی ڕان و خوارەوەی لەش.
**ئارینەک**: ئاگاداری، هاگەداری.
**ئاری‌واری**: ئەگەر لە کەسێ پرسیار بکـرێ، ئەو بە ڕووداری دەڵـێ: ئـاری، لە وەڵامـی‌دا دەڵـێن: ئاری‌واری.
**ئاریە**: ١. ئارەیە، ئاش،٢. ناوە بۆ ژنـان: (کیشـوەر وە کوچـک، دادە عەلی‌خـان/ یەی ڕەدیـف دنـان ئاریەی شکان) «چەپکەگوڵ».

**ئـــاریی**: ١. خـــۆڵەمێش، خـــۆڵەکەوە، مشـــکی ٢. ئاریایی، ناوی نژادێکی سپی‌پێستە، کـوردیش لەو نەژادەیە ٣. گەورە، بەختیـار، بەخـتـەوەر ٤. نێـوی نێرینانە ٥. یاریکاری، یارمەتی.

**ئارێیی**: بـۆ سەرسـوورمان و گـوێ‌نەدان بەکـار دەبرێ.

**ئاز**: ١. زیپکەی شیری، ئەو چینچک و زیپکانەی لە ڕووی ساوای شـیرەخۆرە دێـن ٢. جـوانەزوە، عـــازەوی، جـــۆش جحێڵـــی،٣. ســـاغ، ڕاســـت، بێ‌فرۆفێڵ ٤. چاولەدوویی، چاونەزێری، قارنـانی، تەماح، ئازوەری: (دووەم قەنـاعەت، لە ئـاز ئـازاد بم/ هەرچیم بدەیتێ بەوە دڵشاد بم) «پیرەمێرد» ٥. چـاڤکووری، کـوێری ٦. تونـدوتۆڵ، پیـا، ئـازا، گورج ٧. هێز، ورە، تین، توان،٨. دژوار، سەخت، چەتوون: (بۆ میوانی خانۆی کـورد دەچـم، بەڵام ڕێگـا ئـاز و چەتـوونە) «دمـدم»، ٩. چێشـت، خۆراک،١٠. بەرە، پشت.

**ئازا**: ١. نەترس، ڕەشید، کورد، بـوێر، بەغیـرەت، دلێر، گەڕناس، پـڕدڵ، خـورت، کەلەش، نەهیـتە، دینەمێر، شـێرجەنگ، شـامێر، شـەهمێر، شـامبۆز، شلێل، بلوێربەزێن، شەهلەوەند، وەن، وەنـد، زاخ، زیخ، ژێهاتی، خۆشـمێر، خـوێنگەرم، تووشـمال، گوستاخ، دیوەندڕ، تەڕدەس، چارشـا، چاوسـوور، چاڤسـۆر، چاڤشـار، سەلەحشـۆر، چەلەنـگ، بێ‌ترس، بێ‌باک، زاتدار، بەزات، بەجەرگ، توانـا، وایسۆ، ئەگید، مێرخـاس، ڕەنـد، بـدەک، جـامێر، جـوامێر، جەربەزە، دڵقـایم، دلازا، دلێـڕ، قرەمـان، پاڵەوان، بزراڤ، بۆکە، ناگۆرە، پۆزەبەران، بهنـاڤ، کوڕەباڤ، هالان، ئازاسەر، زرنگ: (وا دەردەکەوێ وشەی کورد بە مانای ئازا و بەجەرگ و بێباک لە مەرگە) «شەرەفنامە» ٢. خێـرا، زوو، بـلەز، بەپەلە، گورج: (ئازا بچۆ و وەرەوە) ٣. کاڵ‌دار، بەکاکـڵ (گوێزی ئازا) ٤. ئـازاد، ڕزگـار: (پاشـان دگـرت وەکـی ئەسـیران/ ئـازا دکەتـن وەکـی فەقیـران) «خانی»٥. پەل، ئەنـام، ئەنـدامی لەش: (جەسـتەی زەعـیفم، ئیسـتیخوان ڕێـش/ هەر ئـازای ڕێشـم مەگریـا پەی ویـش) «مەولەوی»،٦. ئـازاد، ویـڵ، ڕەها، بەرەڵڵا، سەربەست،٧. سـاغ، سـاق، سـالم، تەندروس: (تیژتەر جە ئەڵمـاس قـولابش سـازا/ یەک زەڕەی تەنم، ناستش بە ئـازا) «بێسـارانی»،٨. ناوە بۆ کوڕان.

**ئازائازا**: بۆ دنەدانی منداڵی تازەپێ‌گرتوو.

**ئازائازاکردن**: تازە پـێ هەڵگـرتن: (کـوڕەکە ئـازا ئازای دەکا).

**ئـــازاب**: ئـازار، زەحـــمەت، ئەزیەت، عەزیەت، عەزاب، عازاب، ڕەنج: (ئازابی خۆمت لێ حەڵاڵ بی دەگەڵ شیری هۆردک مەمکان) «مەم‌وزین».

**ئازاب‌دان**: ئازاردان، ڕەنجاندن.

**ئازابڕمن**: توخول، ئەو کەسەی کە هەڵەپلە کەیێ و کارێ ک وە ڕواڵەت خوەێ پێش چوو، خـراو کەیێ.

**ئـــازابوون**: ١. نەترسـان، ویـران،٢. خێرابـوون، گورجبوون،٣. سـاخ بـوونەوە،٤. سـاخ مـانەوە،٥. گەردن ئازاد بوون: (قورجی دبێ حسـێبن/ پـرس و پرسیار نە عێبن/ هوون دێ میوانێ کێ بن/ ئازا د ڕیبا خودێ بن) «فەقێ تەیران».

**ئازاب‌کێشان**: ڕەنج‌دیتن، سەخڵەتی‌کێشان.

**ئازابی‌یەی**: ئازابوون.

**ئازاپەڕ**: زێـزگەنەپەڕ، پەڕی سـەرەکی جەسـتەی مەل.

**ئازاپەرست**: ئازاخۆشەویست، لاگیـری ئـازایەتی: (کـورد لە هەمـوو شـوێنان زۆر ئازاپەرسـت و ئازاخۆشەویست بووە) «چێشتی مجێور».

**ئازاپیاو**: ئازادپیاو، جوامێر، مێرخاس.

**ئازاتر**: بـوێرتر، بەغیرەتـتر: (هەرگیـز لە گەڵـی کوردیان ئازاتر و بەجەرگـتر لـێ نەکەوتـۆتەوە)

«شەرەفنامە».

**ئازاتە**: ئازادە، ئازاد، سەربەست.

**ئازاتی**: ئازایەتی، ئازایی، نەترسان، وێرایی، وێران، مێرخاسی، زیخی، گەڕناسی، ڕەشیدی، زەندەق، هەوێری، هەیهێز، هەترە، چاوسووری، دلێری.

**ئازاجەوت**: توێخڵی ژێرەوەی بەڕوو: (ئەویش ئەڵێ: برا جەوتە! ئازاجەوتە، تاڵەجەوتە، جەوتی کوننە...) «ڕشتەی مرواری».

**ئازاچوون**: گورج ڕۆیشتن بۆ کارێک.

**ئازاخان**: کەیخودایەکی ناوداری جاف لە ناوچەی ئیسلام ئابادی غەرب.

**ئازاد**: ١. ڕزگار، ڕاهی، سەربەست، سەربەخۆ، تەرخان، بەرەڵڵا، بسەرخووە، ئازاسەر، بەرخووەدار: (وەک دەڵێن: مەیلی بە ئازادی بەندەیە، گوڵم/ گەر منم بەندە، خوایە قەتم ئازاد نەکا) «ئەدەب» ٢. عەبد، بەندەی ئازادکراو،٣. بەردراو لە زیندان،٤. مەلی ئازادکریاگ لە قەفەس، ٥. سەروی ئازاد، جۆرێ داری سوڵە: (زاری تۆ گوڵزارە خۆ بۆچ ئاوی حەیوانی هەیە؟/ سەروی تۆ ئازادە بۆچ نارنج و ڕومان بەر دەدا؟) «وەفایی»،٦. ئافرەتێ کە خۆی داناپۆشێ و شەرم ناکات،٧. نازناوی شێعری شاعیر کەریم دافعی، دانیشتووی بانە: (مەنعی شینی مەکەن، هەر سەیرە گەر/ غەم لە «ئازاد» ساعەتێ جیا بێتەوە!) «ک. دافعی»،٨. ناوی گوندێکە لە بەینی مەهاباد میاندواو سەر بە مەهابادە،٩. ناوی پیاوانە.

**ئازادانە**: ١. ئازایانە، وەکو جامێرگەل ٢. سەربەستانە، بە ئازادی.

**ئازادئازاد**: گەمەیەکە منداڵانە.

**ئازادبوو**: بەرەڵا، بەرەڵڵابوو، ڕاهی.

**ئازادبوون**: ١. ڕزگاربوون، بەربوون لە گیروگرفت، ٢. دانانی بار و کۆڵ،٣. دوایی هاتنی کۆیلەیی،٤. لە زیندان بەربوون،٥. سەربەست بوون.

**ئازادبیر**: ئازادفکر، بیرباز، ویرواز، ئازادئەندێش.

**ئازادبیری**: شێوەبیری دوور لە بیری سونەتی.

**ئازادبین**: ئازاد بوون.

**ئازادبی یەی**: ئازادبوون.

**ئازادپیاو**: ئازاپیاو، جوامێر، مەرد.

**ئازادروود**: چەمێکە لای مەریوان.

**ئازادڕیی**: ئازادنامە.

**ئازادسەر**: ١. ناوی کوردێکی بووە، کە فیردەوسی ناوی بردووە،٢. ناوە بۆ کوڕان.

**ئازادفکر**: ئازادبیر، بیربەرز.

**ئازادکردن**: ١. ڕاهی‌کردن، بەردان، ئازادکردن (لەزیندان) ٢. لێ‌خۆشبوون، عەفووکرن، لێبوردن: (ئازادت ناکەم بەردەزەرد، جەرگی منت سووتاندووە) «چاک» ٣. پەلەکردن،٤. تەڵاقدان (ژن)،٥. ئازادکردنی بەندە و کۆیلە: (ئەو بەندەیە وی بگێرە ئازاد/ زیبەندەیە، وی بدێرە داماد) «خانی».

**ئازادکریا**: ئازادکراو.

**ئازادکریێ**: ئازادکراو بۆ مێ.

**ئازادکەر**: ڕزگارکەر.

**ئازادکەردەی**: ئازادکردن.

**ئازادکەرە**: ڕزگارکەر بۆ مێ.

**ئازادماسی**: ماسی ئازاد، جۆرێ ماسی خۆشە.

**ئازادنامە**: ١. تەڵاقنامە، نامەی ئازادی ژن ٢. نامەی ئازادی لە شتێک(زیندان).

**ئازادوەیس‌خواری**: گوندێکە لای بیجاڕ.

**ئازادوەیس‌سەری**: گوندێکە لای بیجاڕ.

**ئازادە**: ١. ئازاد، سەربەست،٢. ناوە بۆ کچان،٣. ڕەسەن، شەریف، نەجیم، نەجیب.

**ئازادەڕیی**: ئازادنامە.

**ئازادەسەر**: ئازاد، سەربەخۆ: (قوربانیی تۆ بەرێزە، کە تۆ غەم‌لەبەر نەبی/ بۆ ئێمە مردنە،

ئەگەر ئازادەسەر نەبی) «پیرەمێرد».

**ئازادەگی**: ئازادەیی، سەربەستی: (ئەگەر ئازادەگییەک بێ لە عەدەمدا بۆمان/ چی هەیە غەیری بەپێچی پەلەپەل داوی حەیات) «مەحوی».

**ئازادی**: ١. ڕزگاری، سەربەستی، سەربەخۆیی، پایدۆسی، تەرخانی، ڕەهایی، بسەرخۆیی، سەربخۆیی،٢. خەلاسی، نەجات،٣. گوندێکە لای سۆران.

**ئازادیئەسای**: ئازادی‌سەندن.

**ئازادیپەرست**: ئازادی‌خواز.

**ئازادیپەرستی**: ئازادی‌خوازی.

**ئازادیخاز**: ئازادیخواه .

**ئازادیخوا**: ئازادی‌خواز: (لەلای ئازادی‌خواز و کوردی دڵسۆز/ بەڕێزتر بۆ نەبێ ئەوڕۆ لە نەوڕۆز؟) «هێمن».

**ئازادیخواز**: ئازادی‌خواه: (ئازادی‌خواز! گری گری/ کەوتە ژێر پێی درنج، پەری) «گۆران».

**ئازادیخوازانە**: کاری پێوەندی‌دار بە ئازادی‌خوازییەوە: (خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە سایەی خوێنی ڕۆڵەکانی ئەم گەلە بە ئاکام گەیشتووە).

**ئازادیخوازی**: ئازادی‌خواهی.

**ئازادیخوازین**: ئازادی‌خوازی.

**ئازادیخواه** : ئازادیخواز، ئازادیخاز، نیشتمانپەروەر، سەربەستی‌خواز، ڕزگاریخواز، ئازادیخوا.

**ئازادیخواهە**: ئازادی‌خواز بۆ مێ.

**ئازادیخواهی**: ئازادی‌خوازی، ئارەزووی سەربەستی کردن.

**ئازادیخوایی**: ئازادی‌خواهی.

**ئازادیکۆن**: گوندێکە لای چۆمان.

**ئازادینوێ**: گوندێکە لای چۆمان.

**ئازار**: ١. ئێش، ژان، برک، کۆتەک، جزار، جەفا، دەرد، دەردەسەری، دەردەساری، نەستێل، چەرمەسەرێ، تالاو، دەوس، هێش، تۆزۆر، کوێرەوەری، سەخڵەت، پەتپەتێن، پەتپەتی، ئێشی ئەندام: (قەت نەدەی ئازاری گیانی مەست و بێدارانی شەو خۆت نەخەیتە بەر شەپۆلی ئەشکی بێ‌پایانی شەو/ ...) «هەردی» ٢. ئاهۆ، پەتا، درم، هەڵامەت: (پێوە هەزار ئازار و ئاهۆ/ کۆخە و هەڵامەت، لەرز و چەق‌وچۆ) «هێمن» ٣. فێ، سەرودڵ، فێداری: (هیچی لێ نایە، وەک سەگ دەمی بە برینی خۆی بگا، خۆی چا دەکاتەوە، ئازاری لەگەڵە) «هەزار ئەشکەوت»،٤. ئازاری گیانداری جگە لە مرۆڤ: (ئازاری مریشک)،٥. ئەزیەت، عەزاب، تاڵی، ڕەنج: (لەبەر ئازاری ژینی نالەباری دەناڵێ بلبلی شەیدا بە زاری) «تاریک‌وڕوون»،٦. مارس، مارت، ئادار، گوڵان، مانگی نەورۆزێ لە ١٠ی ڕەشەمە تا ١٠ی خاکەلێوە: (ئەمڕۆ بیست و چواری ئازار بوو/ سەرداری کوردان سەر لەسەر دار بوو) «پیرەمێرد»،٧. پاشگری بکەری واتە ئازاردەر: (عەجەب ماوم بە چاوت وا بە بیماری دڵازار/ چ کافر میللەتە یارەب، لە مەستی دایە هوشیاری) «وەفایی»،٨. ناوی گۆرانییەکە: (یارەکەم بانگ کەن با بێتە دیارم/ بەشکوو تیمار کا ئێش و ئازارم) «ع. مەردان»،٩. ناوی کوڕانە.

**ئازاراندن**: ئازاردان، ئەزیەت‌کرن: (ئەو سەگەی مەئازارێنە گوناهە).

**ئازاراوی**: دەرداوی، تێکەڵ بە ئازار: (دوای حەوت ساڵی ئازاراوی/ شەوی ماتەم و خەماوی) «کامەران موکری».

**ئازارباریکە**: دەردەباریکە، نەخۆشی سێل.

**ئازارباریکەدار**: سێل‌دار، سل‌گرتوو.

**ئازارپێگەیاندن**: ئەزیەت‌کردن، ئازاردان.

**ئازارپێگەیشتن**: سەدەمەدیتن، ئێسان.

**ئازارتەلخە**: یەرقان، نەخۆشی زەردوویی.
**ئازارتێکەوتن**: قرتێکەوتن، مردن بە کۆمەڵ.
**ئازارچەشتەی**: ئازارچەشتن.
**ئـــــازاردان**: عەزیەتدان، بنپەنـــج کـــرن، چەوســـاندنەوە، چرووســـاندنەوە، تەرپلانـــدن، دەســـنین، دەوســـاندن، زەبانـــدن، کەڤانـــدن، کێشەماندن، ئێشاندن، ئەنرانـدن، ئەرنانـدن، ئـێش پێگەیاندن: (ڕۆژ گەربوو، ڕەزا خەریکی مێروولە بە شـەڕدان بـوو، هەرگیـز ئـازاری مێـروولەی ڕەشـــمان نەئەدا، ئەوان موســـوڵمان بـــوون و زەردەکان گاورا) «کۆردەرە».
**ئازاردای**: ئازاردان.
**ئازاردایِن**: ئـازاردان: (ئەگەر خەفـتگە نەدەی وە خـــاریَ/ ئەگەر بێـــدارە مەدەی ئـــازاریَ) «خانمەنسوور».
**ئازاردران**: جەوردان، جەرگبڕان.
**ئازاردراو**: سزادراو.
**ئازاردریا**: ئازاردراو.
**ئازاردریاگ**: سزادراو، ئازارچەشتوو.
**ئازاردریای**: ئازاردان.
**ئازاردریێ**: ئازاردراو بۆ مێ.
**ئازاردە**: نەخۆشی تەمەڵیت هەس؟
**ئازاردەر**: ١. ئازارگەیەن، ڕەنجدەر، چرووسـێنەر، چەوسـێنەر، عەزیەتـکەر،٢. داخـوازی ئـازاردان، سادیست.
**ئازاردەرە**: ١. ئازاردەر،٢. بەئێش، بەئازار.
**ئازاردەری**: ئازارگەیاندن، ئازاردان.
**ئازاردی**: ئازاردیتوو، ئەزیەتکریای.
**ئازاردیتن**: ئـێش پێگەیشـتن: (ئەوەی ئـازاری درکـی دی، ئەڵـێ تـا مـاوی وەک گـوڵ بە) «کاکەیۆفەلاح».
**ئازاردیو**: ئازارچەشتوو، چەوسێنراو: (ئـازاردیون کەسـوکارم بە کـۆمەڵ/ ئـاخ بـۆ فرمێسـک خـوڕ بڕژێ بە تۆپەڵ) «دیلان».
**ئازارڕەسن**: ئازارگەیێن.
**ئازارسی**: سل، ئازاری سی.
**ئازارسیَ**: سیل، سل، نەخۆشی سی.
**ئازارشـکێن**: کەمکەرەوەی ئـازار و دەرد: (ڕێگـا چۆڵ کەن ئازارشکێنی پێیە/ دوو ئاوانەی تاڤگەی زەڵمە، یا زێیە؟) «دیلان».
**ئازارکردن**: ئازاردان.
**ئازارکێشان**: چەوسـانەوە، چرووسـانەوە، ڕەنج دیتن، لبەرخووەدان.
**ئازارگرتن**: تووشی ئازار هاتن.
**ئازارگردێ**: ١. ئازارگرتوو،٢. هیوابڕاو،٣. تەمەڵ.
**ئازارگەیشـتن**: ئـێش پـێگەیین: (فرتوفێڵـت کەوتنە ڕوو، دەوران لە لام ئابڕووت تکا/ بۆیە وا بەرزت کـردمەوە، بمخەیـت و ئـازارم بگـا) «پیرەمێرد».
**ئازارلەسـەربوون**: فێـداربوون: (مامەنـد ئـازاری لەسەرە و چی پێ ناکرێ) «موکریان».
**ئازارۆ**: ئازار بدا: (دڵەی غەریبـان میسـلی گـوڵ دارۆ/ کـافر ئەو کەسـەن غەریـب ئـازارۆ) «بێسارانی».
**ئازارە**: ئازار-١
**ئازارەبـاریکە**: دەردەبـاریکە، ژانـازراڤ، سـیل، ئازاری سی، دیق، نەخۆشییەکە ئاهۆدار لە ئێسک، گورچیلە و سیپەلاک دەدا.
**ئازارەمریشک**: دەردەمر، نەخۆشی مریشک.
**ئازاریسی**: ئازارەباریکە، دیق.
**ئازاریسیل**: دەردەباریکە.
**ئازاریلەش**: ئەندامی لەش، ئازاری بەر بەدەنێ.
**ئازاریمەرەز**: ئـازار و ئەزیەتـی خەڵکـی بێهـۆ: (ئی بەرەی چ ئیجو مۆکـۆنی، مەگە ئـازاری مەرەز

داری ڕۆڵە!) «دەروێشیان».

**ئازازوکەرەم**: بە هیچ جۆر: (تییدا شل‌وکوت بووین، بە ئازاز و کەرەم ڕووی لە ماڵەکەی نەکرد).

**ئازاژیان**: ئازاد ژیان، ژینی بە سەربەستی: (بڕیارمان وایە یا ئازا ژیان یان ئازا مردن/ بەسەرچوو ئەودەم لە ڕوی بێگانان سەر نەوی کردن) «هەژار».

**ئازاسەر**: سەربەست، ئازاد، سەبخۆ.

**ئازاسەری**: سەربەستی، ئازادی.

**ئازاکار**: ناوە بۆ کوڕان.

**ئازاکردن**: ئازاکرن.

**ئازاکردە**: چارەسەرکردن.

**ئازاکرن**: ئازادکردن، بەردان، بەرەڵلاکردن: (بەلکی ب نەسیحەت و ب پەندێ/ ئازا مە بکەت ژ قەید و بەندێ) «خانی».

**ئازاکەردەی**: ١. ئازاکردن،٢. پەلەکردن،٣. چاک کردنەوە، لە نەخوەشی ڕزگارکرن: (وەتم: لەورەو زانسم حەکیم دەردی/ وە یەی هەشارە ئازامەو کەردی) «خانمەنسوور».

**ئازالە**: سوخت، سۆتەنی، سووتەمەنی، ئاوردوو بۆ زستان، ئازاڵە، قەرسەقول، سەنیر، تەپاڵە، گەمرە، کەشکوور، پشکەڵ: (وەرووەرە و بەروەلۆ و ئازاڵە) «چنگیانی».

**ئازالەئازالە**: جۆرێ گەمەی خەڵکی دێ.

**ئازالەقولاغی**: ئازا لە وەندەی، ئەوەندەی نامێنێ: (کاکە هەنگوینی شانەم هەیە، بەیانی زوو خۆت بگەیەنێ چاکە، دەنا ئەو ئاجوول باجوولانە پێ‌بزانن، هەتا ئێوارێ ئازا لە قولاغی) «موکریان».

**ئازام**: ١. من ڕەشیدم، بوێرم،٢. هەموو ئازای ئەندامم: (فیراقت فەرقم وە توتیا کەرد/ جیاییت ئازام جە هەم جیا کەرد) «مەولەوی»،٣. بێ‌مزرەتم، لەش‌ساغم، بێ‌وەیم.

**ئازامردن**: بە ئازایەتی مردن.

**ئازامەنن**: ساغ مانەوە.

**ئازان**: ١. بانگ، ئەزان، ڕاگەیاندنی کاتی نوێژ: (ئەشکەرە بەرسیسێ دبینێ/ ورد و ئازانا دخوینێ) «فەقێ تەیران»،٢. ئازایە: (سا ئیسە، ها دەرد دووریش ئاوەرد جۆش/ سەبرت ئەر ئازان، بمانۆ شنۆش) «مەولەوی»،٣. ئازار ئەدەی: (پەشێو جە پەیکان نازک ئەندازان/ چە جای تۆ نەمن، دەروونم ئازان) «بێسارانی»،٤. بێ‌مزرەتن، ئەوان تەندروستن.

**ئازان‌ئوزان**: گوندێکە لای چەمچەماڵ.

**ئازانە**: ئازایانە، بوێرانە، نەترسانە: (تا لە ماڵی دەرنەکردووی ئەم شەوی سەد شووکەرە/ «مەحوی» ئازانە بدە تۆ سێ‌بەسێ دنیا تەڵاق) «مەحوی».

**ئازانەیگ**: خێرا، گورج.

**ئازاو**: عەزاو، ئەزیەت، کچ یا کوڕی عازاب.

**ئازاوئازا**: ١. دروست، کامڵ،٢. سالم، ساغ.

**ئازاوبازا**: ئازا و لوون، ساغ و سەلیم.

**ئازاوبلا**: ئازا و لون.

**ئازاوڕزگار**: گەردن‌ئازایی: (ڕەبی ڕۆڵە ئازا و ڕزگاری ماڵی خودا بی).

**ئازاولون**: ساق، ساغ، تەندروس.

**ئازاولونی**: ساقی، لەش‌ساغی.

**ئازاونەبەرد**: ئازا، بوێر: (پیاوێکی زۆر ئازا و نەبەردە، کوڕی تەنگانەیە).

**ئازاهاتن**: زوو گەڕانەوە.

**ئازاهی**: ئازایی، ئازایەتی، جامێری.

**ئازای**: ١. تۆ ساغی، تە بێمزرەتی،٢. ئەندام، ئەنام: (لێت تێکچێ سەر و سامانی/ ئازای بەندەنت بگرێ ژانی) «فۆلکلۆر»،٣. ساقی، ساغی: (ئازای گیانێ نەیشت)،٤. زووزی، خێرا، گورج: (ئازای هات).

**ئازایانە**: ١. دلێـرانە، ئەگیـدانە، مەردانە، مێـرانە، ئـازانە: (فەرمـووی بە مـژەی مەسـتی، ئـازانە و تەڕدەسـتی/ سـا دەی لە دڵـی سستی، تیـری، بە تەمەننایە) «نالی»،٢. خێرا، بە گورج و گۆڵی.

**ئازایئەنام**: هەمووی لەش، تەواو جەستە.

**ئازاید**: ئازای، بێمزرەتی.

**ئازایسقان**: ئازای ئەندام.

**ئازای‌گیان**: ئازایئەنام.

**ئازایم**: بێمزرەتم، ساقم.

**ئازاین**: بێمزرەتین، ساغین.

**ئازایەتی**: بوێری، غیـرەت، گەڕناسـی، نەترسـان، وێـــران: (ئەگەر ئـــازەیەتی ئەوەیە کە پیـــاو لە ژنەکەی بدا، ئەوە من قەت ئازا نیم).

**ئازایی**: ١. ئازایەتی، غیرەت، پاڵەوانی، بەجەرگی، نەترسان، جامێری، ڕەندی، ئەگیدی، چاڤسۆری، زاخی، پڕکێشی، زاتداری، گەڕناسـی: (هـیچکەس بەو کارە نـاڵێ ئـازایی/ خـۆ بەکوشـت بـدا پیـاو بەخـۆڕایی) «هـێمن» ٢. ئـازادی، سەربەسـتی، ڕزگـاری،٣. ئـازای،٤. کـاری ئازایـانە، ئیشـی جـوامێرانە: (گەر لە دنیـا چـاکەیێ سـادر بـوو، تەفرەی پـێ نەخـۆی/ ڕووسـپی هەر ڕووڕەشـە، گەر بێ سەد ئازایی بکا) «مەحوی».

**ئازبەت**: تیرەیەکە لە خێڵێکی.

**ئازبێژ**: جۆرێ گەمەی زارۆکان وەک شەشخانە.

**ئازپێژ**: ئاشپەز، ئازپێش، ئازچی، ئاشچی.

**ئازپیش**: ئازپێش، ئاشپەز.

**ئازپێش**: ئازپێژ، ئاشچی، ئاشـپەز، چێشـتکوڵێن، شێوکەر، زادچێکەر، ئاشچی.

**ئازپیشە**: بەتەماح، ئـازدار، تەماعـدار، تەمەعکـار، تێرنەخۆر.

**ئازتەی**: هێشتن.

**ئازتەیپۆ**: پێوەهێشتن.

**ئازتەیپورە**: پیاهێڵان.

**ئازتەیپۆوە**: پێوەهێشتن.

**ئازتەیپەنە**: پێهێشتن.

**ئازتەیجیا**: بەجێهێشتن.

**ئازتەیچەنە**: تێداهێشتن.

**ئازتەیرە**: داهێڵان.

**ئازتەینە**: پیاکردن، پیاچەقاندن.

**ئازتەیۆ**: هێشتنەوە.

**ئازتەیۆپۆینە**: تێداهێشتنەوە.

**ئازتەیۆپەنە**: پێهێشتنەوە.

**ئازتەیۆچەنە**: تێداهێشتنەوە.

**ئازتەیوارە**: بەباد کردن.

**ئازتەیوێرە**: گوی تەڕ بەخۆدا کردن.

**ئازتەیەرە**: داهێڵان.

**ئازتەیەنە**: پیاکردن، پیاچەقانن.

**ئازچی**: ئازپێژ، ئاشچی، ئاشپەز.

**ئازر**: ئازری، تورەکەر، ئاسێکەر.

**ئازراندن**: ورووژانن، وروژانـدن، هاروژانـدن، عەزیەتدان، ئێشاندن، ئازاردان، کەربڤەکرن.

**ئازربایجان**: ئازەربایجان، بەشە هەرێـمێکە لە لە کوردستان و موکریان، سەر بە باکووری خۆراوای ئێران.

**ئـــازربوون**: بەهجـین، تۆربـوون، خەییـدین، سنجرین، سڵبوون، سۆربوون، قەهرین، ئەنـرین، هێرسبوون.

**ئازردە**: ڕەنجاو، ڕەنجیای، ئازاردیتوو.

**ئازردەبوون**: ڕەنجان، ڕەنجیان، تووریان.

**ئازردەکار**: ڕەنجێن، ڕەنجێـنەر: (دڵـی دڵڕاگـرە چونکو لەگەڵ تۆ کۆنەیارێکە/ دەمـێ هـاودەم بە، بەڵکوو پێت نەڵێن ئازردەکارێکە) «پیرەمێرد».

**ئازردەکردن**: ڕەنجاندن، دل ئێشاندن.

**ئازرگـــان**: ئەرزنجـــان، شـــارێکی کـــوردانە لە باکووری کوردستان، دانیشتوانی تێکەڵن لە کـورد و ترک.

**ئازرۆک**: ئازرینۆک، خۆڕاگر.

**ئازرۆنەک**: ئازرۆک، خۆڕاگر.

**ئازرەنگ**: ١. ڕەنگی ئاووری، سووری ئاتەشی،٢. چەخماخە، بەرقی هەورەتریشقە،٣. شـۆعلە، گـڕ، بڵێسەی ئاور.

**ئازرەوبازرە**: ئازڵەوبازڵە.

**ئازری**: ١. وروووژاو، هاندراو، هارووژاو ٢. ئـازر، تووڕەکەر،٣. برینی بە چڵک و کیم و هەوا.

**ئازریان**: ١. ناوە بۆ کچان ٢. ئاریان، تووڕەبوون، زویربوون، کەرب هەلسان.

**ئازریـــانی**: ١. ئـــاژری، تـــووڕە،٢. خەبـــات، بەرخۆدان: (دوژمـن شـيايە ب ئەگەرا ڤـی تاقمـا خـــوە فروتـــی ســـەرهلدانا وان بـــۆ دەمەکـــێ ڕابوەستينيت ژ خەبات و ئازريانی د گۆرەپـانیدا) «گولواز».

**ئازریای**: تووڕەبوو، کەسی قەڵس.

**ئازریتە**: ئازاردەر، ئەشکەنجەکەر.

**ئازرین**: ١. سەخڵەت بوون، لە ئـازاردا بـوون ٢. قەڵس بوون، تورە بوون: (ڕۆژا کو ئـادەم ئـافری/ خالق ل ئبليس ئازری/ بو مـانعێ سـەجدە بـری/ ئێخسـتە توقـا لەعنەتـێ) «فەقـێ تەيـران»،٣. زۆخاندن، هەودان.

**ئازرینۆک**: ئازرینەک، ئازرۆک، ئازرۆنەک.

**ئازرینەک**: ئازرینۆک، خوڕاگر.

**ئازفتە**: ئازلدە، ئاراسە.

**ئازڤەر**: ئارزۆ، گۆل، گۆلاڤ، چاڵی ئاو.

**ئازگـــار**: تەواو، تـــواو، هەميشـــەيی، بێبـــڕانەوە، پەياپەی، وەتەمامی، یەێ پێشت: (سێ سال ئازگار باواشان زمينگير بوو) «دەرویشيان».

**ئازگە**: جۆرێ ئاش لە گیای ئازگە درس کەن.

**ئازڵدە**: سەررەسین، هاتنی لەپڕ: (تا نـاوێ بـردم، ئازڵدە هات).

**ئازڵەوبازڵە**: ئازرە و بازرە.

**ئازڵیای**: ئاڵان.

**ئازما**: ئەزما، ئازمايش، بەراورد.

**ئازمان**: ئاسمان، عاسمان.

**ئازمای**: ئەزموون.

**ئازمـــایش**: بەراورد، ئازمايشـــت، تاقيکـــاری، ئەزموون، هێچ، ئەزمشت.

**ئازمایشت**: ئازمایش.

**ئازمایشتی**: تەجروبەکراو.

**ئازمایشگا**: تاقیگا، تاقیگە.

**ئازماین**: هەڵسەنگاندن.

**ئازمـــایی**: ١. ئاسـايی،٢. تاقيکـاری: (زۆرخـانە پاڵەوانی گەلێ پێگەیاندبوو/ گەلێ ئازمايی پشـتی لەڕی تێک شکاندبوو) «پیرەمێرد».

**ئازمودە**: تاقیکراو، تەجرەبەکراو، هەڵسەنگێندراو: (ماسـتی ئـازمودە لە کەرەی نـا ئەزمـودە چـاترە) «مەسەل».

**ئازموون**: ١. ئەزموون، تاقی،٢.بڕوانامە، تاقینامە.

**ئازموون‌دان**: تاقینامەدان.

**ئازموون‌کردن**: تاقینامەکردن.

**ئازمەند**: ئازپیشە، تەمعکار.

**ئازمین**: ئاسمان.

**ئازمێن**: ئاسمان.

**ئازن**: تیف‌تیفە، ڕازێنە، شتی ڕازاندنەوە.

**ئازنا**: ئازنە، مەلە.

**ئازن‌بیەی**: خەملاندن، ڕازاندنەوە.

**ئازنج**: ١. زنـج، ئازنـگ، خـانوچکەی لە زەل و قامیش ٢. ماڵ، خانووی بەردی بەبێ نهۆم.

**ئازنگ**: ١. ئازنج،٢. خانووی بەسەر تاوێرەبەردی پانەوە دروسکراو.

**ئازنە**: ئازنا، مەلە.

**ئازنەێرم**: توان نەێرم، هێزم نییە.

**ئازنیف**: دۆمینە، یارییەکە.

**ئـــازۆ**: ١. ئـازی، دێـو، دەوال، هەيـوولا، درنـج،

عفریت، شەیتان،٢. ناوی کوڕانە.
**ئازۆئیتی**: قەڵەو، بگەل و گۆشت.
**ئازوباز**: ئۆباڵ، هۆباڵ، وەباڵ، تاوان، گونا، گوناح، سووچ، ئازوبەزە: (ئازوبازی تۆم بە مل).
**ئازوبەزە**: ئۆباڵ، ئازوباز، دەین و گوناح.
**ئازوخە**: بژیو، تفاق، پێبژیو، پێداویستی ماڵ.
**ئازوخەخران**: وەلاخرانی ئازوخەی خواردن: (قەرزی کۆن دراوەتەوە، ئازووخەی زستان خراوە) «هەزار ئەشکەوت».
**ئازوخەداخستن**: تفاق داخستن: (با بزانن خەڵکی لادێ سەختە ئەوساڵ وەک نەدیو/ ئازوخەی سەرمایە داخەن کەم نەهێنن لە بژیو) «ڕێزان».
**ئازورتە**: ئازوردە، ئازار، ژان، ئێش.
**ئازوردە**: ١. ئەزیەتبار، خەمبار، ڕەنجیاگ، دڵڕەنج، ڕەنجاو، ئەشکەنجەدیتی: (چی جەفای باری ملم کرد، وەم نەکرد ئازوردە بێ/ تا بزانێ تا چ ئەندازە، وەفادارە ئەدەب) «ئەدەب»،٢. تێکچوو: (کەسی من گەر کەسن، کەس من نەخاتە فکری ئەو شاهە/ بە یادی ناکەسان ئازوردە حەیفە خاتیری عاتیر) «مەحوی».
**ئازوردەن**: ئازاردان، ڕەنجاندن: (بێدلیا مەمێ مە بەس کر/ ئازوردەنی من ل وی عەبەس کر) «خانی».
**ئازوقە**: ئازۆقە، ئازوخە.
**ئازۆقە**: ئازوخە، ئازۆغە، ئازووخە، ئازوقە، دانەوێڵە، تۆشە، رزق، میرە، کوویت، تفاق، بژیوی پێداویستی ماڵ: (ئازۆقەیێ مە تێرا دو مەهانە).
**ئازوگوویز**: ئاروگۆڕ، ئاڵوگۆڕ، چت پێک گۆڕینەوە.
**ئازوو**: ئازەو، عازەو.
**ئازووخە**: ئازۆقە، بژیو: (ئازووخە و چەک و چۆلی کێشا نێو قەڵاکەوە) «توحفە».
**ئازووقە**: ئازۆقە، کوویت.
**ئازوەر**: چاولەدوو، زگبرسی، چاوچنۆک، تێرنەخۆر، قاڕنان، چڵێس.
**ئازوەری**: چاولەدوویی، قاڕنانی، زگبرسێتی.
**ئازە**: ئەو، ئەڤ، ئاز، جێناوە بۆ سێهەمکەسی تاکی مێ.
**ئازەب**: ١. عازەب، عەزەب، عەزەو، جەحێل، خورت، پێگەیشتووی بێ هاوژین(کوڕ، کەچ) ٢. زەڕخری، بەندەی زێڕکریدە ٣. خاوەنکار، خاوەنبڕیار، خودیێ کارێ خۆ: (ئازەبێ مالێ خۆ بە، پاشێ یێ خەلکی بە) «پەند».
**ئازەبە**: ١. عازەبە، زیپکە، جۆش، عازەوی،٢. ئازەب، کچی پێگەیشتی.
**ئازەبەت**: عازەبی، عازەوی، جۆش، زیپکەی چرۆچاوی تازەلاوان.
**ئازەپ**: ئازەب، زەڕخری، بەندە، کۆیلەی بە دراڤ کراو.
**ئازەخ**: ١. بالووکە، بالووک، بالۆکە، بالوویک، بالۆک، بالوو، بالوول، بالوولک، بایلە، ئەزەخ، ئازخ، ئاژەخ، وەرەدان، وەزەخ، سیگیل، سگڵ، زگیل، گەندمە، گەنمە، پالوو، زیپکەی بێژانی سەر دەسوپل ٢. ناوی گوندێکە لە هەریمی کوردستان، قەزای ئەتریش.
**ئازەر**: ١. سەرماوەز، ساران، سیخوار، نۆهەمین هەیڤی ساڵی ئێرانی: (وەقتێ وەکو شەهسەوارێ خاوەر/ تەحویل دکر د ماهێ ئازەر) «خانی» ٢. ئاور، ئاگر، ئاڤر، ئێگر: (.../ وەک پێچ و خەمی دوودە، لە سەر مەجمەری ئازەر) «ئەدەب»،٣. ئازەر، ناوی باوکی ئیبراهیم پێغەمبەر بووە، کە کوردێکی ئازەربایجانییە✖: (بە جەزبەی خاڵی ڕووت بەڵکوو بە باغی حوسنی تۆ شاد بم/ دەبێ من هەر لە سەر ئایینی ئیبراهیمی ئازەر بم) «وەفایی»،٤. بریتی لە پەیکەرتاشێکی ناودار بووە:

(سوورەتی بێمیسلی تۆ، کوا دێتە تەسویر و قەڵەم/ گەر دووبارە «ئازەر» و «مانی» لە «چین» بێنە ظهوور) «ئەدەب»،٥. ناوە بۆ کچان و کوڕان.

**ئازەرباد**: موبەدەیەکی مەزن و بەناوبانگە، هی هاوچاخی ئەردەشیری بابەکانە.

**ئازەربادگان**: ئازەربایجان.

**ئازەربادگر**: ١. ناڤێ خودێ،٢. دروسکەرێ بای ژ ئاگر.

**ئازەربایجان**: ئازەربایگان، ئازەربادگان، ئاگرکان، ئاگرگان، ئاگریان، ئایریان، عەجەمستان، عەجەمسان، ئازەرباجان، ناوی دوو هەرێمی ڕۆژاوای باکوری ئێرانە، ئازەربایجانی خۆرهەڵاتی و ڕۆژاوایی، بەشی هەرەزۆری دانیشتوانی ئازەربایجانی خۆراوایی کوردن: (هەرچی پێتدەکرێ بکە ئەی دوژمنی خوێڕی بزانە/ باوی لاوی کورد و تافی گەنجی ئازەربایجانە) «هێمن».

**ئازەربایجانی**: خەڵکی ئازەربایجان: (چونکە ئەورۆ یەکتری گرت کورد و ئازەربایجانی) «هێمن».

**ئازەربایگان**: ئازەربایجان.

**ئازەردەکار**: منداڵکردار، کرداری منداڵانە.

**ئازەرمە**: گەنج، لاو، خورت، جەحێل، کوڕ و کچێت عازەو.

**ئازەرنەمگر**: ١. ناڤێ خودێ،٢. دروسکەرێ ئاڤێ ژ ئاگری.

**ئازەرهۆشەنگ**: ناوی یەکەم پێغەمبەری پارسیان بووگە کە پێشی دەڵێن: مەئاباد، مەهاباد.

**ئازەری**: ١. ئاوری، ئاگری، ئاگرین ٢. ئازەربایجانی، سەر بە ئازەربایجانەوە: (گەلەک خانێن ئازەریان، عەجەمان، کوردان) «مەستوورە»،٣. زمانی تورکی: (لەویتریان بە ئازەری بدوێ) «حەقیقی».

**ئازەرین**: ١. ئاورین، ئاگرین،٢. بەردی ئاگرین، سەنگی گڕکانی،٣. لە سەغڵەتا بوون.

**ئازەڵک**: هەللا، کەپوورە، ناڵە، هاوار.

**ئازەڵە**: کێویلە، تەپاڵە دەشتی.

**ئازەنتی**: ڕاوە، ڕاڤە، ڕاژە، شرۆڤە، مانا لێدانەوەی نووسراوە بە نووسراوە.

**ئازەو**: ١. ئازەب، عازەو، عازەب، جاێڵ، جحێڵ، کچ شوونەکردوو،٢. کوڕ بێژن: (وە بەرزی باڵاد بخرەمە هەوا/ تەنکە بیوەگەێ وە ئازەو ڕەوا)،٣. ڕەو، ڕەوش، عەقیدە.

**ئازەوانە**: ١. ئازەبە، جوانەژۆ، جوانەزمە، ئازەبەت،٢. شرینی پاقێەم بمارکی مناڵ،٣. پوولێ ک برای گەورای ژندار دەیدا بە برای ئازەو.

**ئازەوپێهاتن**: هێز وەبەر هاتن: (نان خاس بخۆ تا ئاز بیێ ئەو پێت).

**ئازەومەێن**: بە عازەبی مانەوە.

**ئازەونە**: ئازەوەن.

**ئازەوە**: ئازەوانە، عازەبە، جوانەزوە.

**ئازەوەن**: ئازەونە، جەمات ئازیەتبار.

**ئازەوی**: ١. عازەبی، جحێڵی،٢. ئازوانە، ئازەوە.

**ئازی**: ١. ئازۆ،٢. چەناگە، چەنگە، چەنە، شەویلاک، شەویلکە، شەویلە،٣. ئەیهێشت.

**ئازێ**: ناوە بۆ ئافرەتان.

**ئازیانە**: گوندێکە لە باشووری هەولێر.

**ئازیانی**: زیان، زەرەر، خەسارەت، گەزەن.

**ئازیای**: هێڵران.

**ئازیئارمین**: ئازی هاتن، گەروو ماسین.

**ئازیتا**: ١. هەژدیها،٢. ناوی کچی ئاخرین پادشای ماد،٣. ناوە بۆ کچان.

**ئازیدەن**: دارەڕاکردن، ئامادە و ئاڕایشدان.

**ئازیز**: ١. عەزیز، عازیز، دلۆڤان، ئەزیز، خۆشەویست: (عەمر و عەزیزم زارێ سەبرێ تۆ بگرە جارێ) «فۆلکلۆر»،٢. خزم، کەسی نزیک: (دەیدا خشپەی گەڵاڕێزان/ خەبەری مەرگی

ئـازیزان) «بۆکوردسـتان»،٣. جـۆرە گـۆرانییەکی موکریـانییە،٤. بـۆ گـازی کـردن بەکـاری دێـنن: (ئازیز، گوڵاو خۆی بـۆی کـوڵمی تـۆیە/ ئەگینە بـۆنی خۆشـی لە کـوێیە) «پیرەمێـرد»،٥. نـاوی کورە.

**ئازیزبەگیانت**: گۆرانییەکی هەورامییە.

**ئازیزکەردەی**: خۆشەویست کردن.

**ئازیزکەند**: عازیزکەند، گوندێکە سەر بە بۆکان.

**ئازیزگیانی**: دۆست، ئازیز: (تۆو ئێستە تەشریف ئـازیز گیـانی/ سـفتەن و تەئسیر ئـاو حەیـوانی) «مەولەوی».

**ئازیزمردوو**: ئـازیزمەردە: (وەک ئـازیزمردوو لە سەر پەڕەی گوڵ/ سەدای چەهـچەهەی ئەیـدا لە ناو دڵ) «قانع».

**ئازیزمەردە**: ئازیەتبار، جەرگبڕاو، ماتەمبـار: (بەو نیمنیگای ناز پێوار نە پەردە/ ئـاخر کێـت نەکەرد وە ئازیزمەردە) «وەلیدێوانە».

**ئازیزمەردەی**: ١. ئازیزمردن،٢. ئازیزمردوو بۆ مێ.

**ئازیزە**: ١. ئازیز و خۆشدەڤی بۆ مێ،٢. ئـازیزێ، ناوی هەوایەکـی گـۆرانی کـوردییە دەردی دڵ و ڕاز و نیازی ئەڤینداری دەگەیەنێ: (ئازیز سەرێکە من دیێشێ/ دڵی منی ماڵوێرانێ چەندی دەکـاتەوە ژانـێ/ ئـاورێکم بەربـۆتەوە دەروونـێ/ بڵێسـەم پەرپیوەتە دەروونخانێ/ نە بە بای دەکـوژێتەوە، نە بە نمەنمەی بارانێ ...)،٣. نـاوی کچـانە: (دەڵـێن: ئازیزەی کچی بووە بە قوربانی ڕووبار) «شەوارە».

**ئازیزی**: خۆشەویستی، ئەڤینداری.

**ئازیزێ**: ئازیزە، عازیزێ، ناوی بەیتێکی کوردییە: (ئایشـێ گوڵ و ناسـر و ماڵمـاڵ و پـایزە و سەیدەوان و ئازیزێ ...) «نیساری».

**ئازیزییەی**: خۆشەویست بوون.

**ئازیکە**: گیایەکی دەشتەکییە لەم گیایە بۆ چێشت کەڵک وەرگیراوە.

**ئازیکەنـد**: گونـدێکە لای هەولێـر××: (حاجـا ئازیکەند نازانی ئۆمەرم) «پەند».

**ئـازین**: ١. شـێوە، دەسـتوور، ڕەوشـت، یاسـا، داڵنگ،٢. ناوی کوڕانە.

**ئازیهاتن**: هەو کردنی ئازی، گەروو هاتن.

**ئازیەت**: ١. خەم، ماتەم، کەسەر،٢. پرسە، تـازیە، سەرەخۆشی.

**ئازیەتبـار**: خەمبـار، ماتەمبـار، کەس‌مـردوو، ئـازیزمردگ، مـاتەمین، تازیـدار، بەهیـدار: (تـۆ سەنگی کۆ بی یە کـام هەوارەن؟/ یە پەی چـێش ڕەنگت ئازیەتبارەن؟) «وەلی دێوانە».

**ئازیەتباری**: خەمباری، تازیەباری.

**ئازیەتی**: ١. خەمخـۆری، کۆڤانـداری،٢. پرسـە، تازیە، ئازیەتباری، ئازیەتی، شـینگێڕی: (شـیرینیی قـامەت قیـامەت نەوەرد/ سـەڵای فەرز بەرگ ئازیەتی ئاوەرد) «مەولەوی».

**ئازیەتی گرتن**: پرسەگرتن، سەرەخۆشیدانان.

**ئـازیەتیهێزدان**: نەریتـێکە لە نـاو کوردێـل کە دویایێ چلم گـرتن چنە مـاڵ کەس و کارێـان و داوا کەن دڵنـگ سـییە لە وەر درارن جـاروەختێ یەێ دەس دڵنـگ نـوو، ئەوڵ کەلەێ قەن یـا کیسەێ خێیە وەڵا بەن و مکیس ئەو کەسـە کەن ک گـلە و بێەیـد وەی جـوورە سـپاس کەن لەو کەسە ک لە ئازەیەتی ساومرێ بەشدار بۆیە.

**ئازیەی**: هێڵران.

**ئازیی**: جوانی، شۆخی، شەنگی، لەباری.

**ئاژ**: ١. زبر، زبروزوور، زرۆ، زڤـر، زۆق، ڕووش، نەپۆڕ، کونجڕ، (بەرابەری: لووس و لێک) ٢. لقی ناسکی تازە ڕواوی دار،٣. ئـاج،٤. دوورانـن لەتە دەوار و تاوڵ،٥. هەژار، نەدار.

**ئاژا**: ئەوێ، لەوێ.

**ئـــاژار**: ١. بەهــرە، حاســڵ، دەرامەتــی زەوی،٢. خێزان، بنەماڵە، سولالە، مالبات، خـزم و نـاس،٣. ناوە بۆ کچان.

**ئـــاژاژ**: داهــات، بەهــرە، دەرامەت، حاســڵاتی زەویوزار.

**ئاژاژک**: باوێشک، باوشک، بلووشک، باوشـکێن، بارێشک، ئاژاژکی، ئاژئـاژە، ئاژاشـکە، ئاژۆشـک، خەوەشـکێ، کەشـکەڵان، کەشـکەوڕ، کێژکـاوڕ، نشکێ، گرگەش، وەلایش، ویژە، ویژێ، ویژینگ، دەبانک، دەمەکاوکی، دمەداچەقیی وەختی خەو.

**ئاژاژکی**: ئاژاژک، ئاراشکە.

**ئاژاژگاتن**: هاژانن، ئاژانن.

**ئـــاژاژگی**: ١. ئــاژاژکی، ئاراشــکە، باوێشــک،٢. ترپکیش، کیژکاوڕ، خۆکێشانەوە بۆ حەسانەوە.

**ئـــاژاژۆکە**: هــاتنەخواریی شــتی ئــاوەکی: (ئەو چڵکاوە پیسە خێرا ئاژاژۆکە دەکا).

**ئاژاژی**: ئاژاژک.

**ئاژاشـــکە**: ١. باوێشــک، ئــاژاژک،٢. مچــوڕک، موچڕک، تەزوو.

**ئاژاڵ**: ١. ئاژەڵ، ئاژاڵ، پاتـاڵ، وڵسـات، ووڵـس، ووڵست، سەوێڵ، گیانـدار، گـا و گـۆل و مەڕ و ماڵات: (بە سۆزەی سەرما پیاوی دەکەی سڕ/ بە کرێوە و باکوت ئاژەڵ دەکەی قڕ) «هێمن» ٢. پـڕ و پووش و چیلکە و چاڵ، دەوەنی بڕاو و تێکەڵ ٣. گیـــا، ئالیـــک، ســـەوزە، لەوەڕ،٤. ئەشـــغاڵ، زبڵوزاڵ،٥. شتێ بێکەڵک و جێگر.

**ئاژاڵچەرین**: شوان، شڤان، پەزچەڕێن.

**ئاژالدار**: ئاژەڵدار، مەڕدار، خاوەنئـاژەڵ، خـودان گا و گۆل.

**ئاژالداری**: مەڕداری، پیشەی ئاژەڵدار.

**ئـــاژان**: ١. قــۆڵچی، پــۆلیس، شــاگرد داڕۆغە، جەندرمە، هەیتە، شورتە، ئاجان، کشکچی: (ئاژان وەکــوو ســەگی هــار/ دەخــولێنەوە لە نــاو شــار) «هــێمن»،٢. قنجەقــنجە کــردن ئەڕای ســێم کەس یەکڵە،٣. ناوی کوڕانە.

**ئاژانخانە**: شارەوانی، جێگەی پۆلیس.

**ئاژاندار**: ژاندار، ژاندارمە، جەندرمە، پۆلیس،

**ئـــاژانس**: ١. بـــنکە، پێشـــکاری، نـــوێنەرایەتی، ئەجـــانس، هەواڵـــدەری، هەواڵنێـــری، دەزگـــای ڕاگەیاندن،٢. شەریکەی شوێنێک بـۆ ڕاپەڕانـدنی کاروبار.

**ئـــاژانن**: ١. هــاژانن، قنجەقـنجە کـردن،٢. کونـا کردن،٣. بە ڕەگبار لێدان.

**ئاژاننەوە**: ئاژانن.

**ئاژانەمەو**: ١. کونـا کونـامی کـرد،٢. دامـیە بەر ڕەگبار،٣. دەرزیئاژنمی کرد.

**ئاژاولە**: ئاژاوڵە، ئاژاوە، ئاژەڵ، ئـاژاوڵێ، پشـێوی، کەسلەکەســی، کەڵــکەڵە، نــاکۆکی، شــپرزەیی، شەڕوکێشە، فیتنە، قەیران، شلتاخێ: (ئەی نان! بـۆ تۆیە شەڕی برایی/ ئەی نان! بـۆ تـۆیە ئـاژاولەی جیایی) «قانع».

**ئاژاوڵە**: ئاژاولە، ئاژاوە.

**ئاژاوڵەبەرپاکەر**: ئاژاوەچی.

**ئاژاوڵەبییەی**: ئاژاوە بەرپابوون.

**ئاژاوڵەچی**: ئاژاوەگێڕ، شەڕەنگێز.

**ئاژاوڵەچییە**: ئاژاوەگێڕ بۆ مێ.

**ئاژاوڵەکەر**: ئاژاوڵەچی.

**ئاژاوڵەکەردەی**: ئاژاوە نانەوە.

**ئاژاوڵەکەرە**: ئاژاوەگێڕ بۆ مێ.

**ئاژاوڵەنیایۆ**: ئاژاوەنانەوە.

**ئاژاوڵەهۆرگرنای**: ئاژاوە هەڵگیرساندن.

**ئاژاوڵەهۆرگیسنای**: ئاژاوە هەڵگیرساندن.

**ئاژاوڵێ**: ئاژاوڵە، ئاژاوە.

**ئاژاوە**: ١. ئاژاوڵە، ئاژاولە، پشێوی، کێشـە، شـەڕ، ناکۆکی، هەرای وڵات و ناوچەیەک: (ئەی زولفی کەچت، مایەی ئاشووبی دوو عـالەم/ وەی خـاڵی

لەبت، دانەیی پابەندی ئادەم) «ئەدەب»،٢. شەڕ و کێشەی ناوماڵ،٣. هەرا و هوریای منداڵ لە ماڵێدا،٤. فیتنە، پشێوی،٥. بەگژداچوونی خەڵکی شوێنێکی دیار وەک بازاڕ،٦. ناوی کوڕانە.

**ئاژاوەبوون**: پشێوی پەیدابوون.

**ئاژاوەتێ‌خستن**: ئاڵۆزی داخستن.

**ئاژاوەچی**: کەتن‌گێڕ، مایەفیتنە، قوڵەفیتنە، سەرەسۆدرە، شەڕهەڵایسێن.

**ئاژاوەچی‌یە**: ئاژاوەگێڕ بۆ مێ.

**ئاژاوەچییەتی**: ئاژاوەگێڕی.

**ئاژاوەخستنەوە**: ئاژاوەنانەوە.

**ئاژاوەکردن**: فیتنە نانەوە، شەڕ هەڵایساندن.

**ئاژاوەگێڕ**: ئاژاوەچی.

**ئاژاوەگێڕان**: ئاژاوەنانەوە.

**ئاژاوەگێڕی**: فیتنەگێڕی، هەرانانەوە.

**ئاژاوەگێڵنای**: ئاژاوەگێڕان.

**ئاژاوەنانەوە**: کەتن گێڕان، فیتنە نانەوە: (ئەبووبەکراغا لاگری شەڕ و ئاژاوە نانەوەیە، نەیدەویست دوژمن و خوێنەخوێ بۆ ئاغای پەیدا بن) «شەرەفنامە».

**ئاژاوەنەر**: ئاژاوەچی، تێکدەر.

**ئاژاوی**: ئاژاوە.

**ئاژئاژکی**: باوێشک.

**ئاژئاژەکی**: ئاژئاژکی.

**ئاژدا**: ئاژداد، ئەجداد.

**ئاژداد**: باپیران، ئابا، جەد، ئەجداد، ئەژداد، ئاژدا، ئەژدا.

**ئاژدار**: ئاجدار، گرنج‌گرنج.

**ئاژدان**: ١. پۆلیس، ئاژان،٢. ئاژ داین.

**ئاژداین**: دوورین، تەقەڵدان.

**ئاژدە**: بن و تەختی جۆرێ کڵاش لە پەڕۆ و چەرم.

**ئاژدەها**: هەژدیها، ماری زل، حەزیا، حەفی، ئاژدەهاک، زەها، هەزیا، ڤژاف، عەزیا، زهاک.

**ئاژدەهاک**: ئاژدەها.

**ئاژر**: ڕک، ڕق، قین، کین، توورەیی.

**ئاژری**: توورە، ڕکهەستاو، بەڕک، قینوەن، قەڵس، ئازریانی.

**ئاژک**: ئاژنگ، ئاژنک، بەهیڤ، باوی تاڵ، بادامێکی کێوییە.

**ئاژکرن**: ١. زبرکرن، بیرازکرن، کونجڕکرن (بەرد)،٢. ئاژین‌کرن (ئاو).

**ئاژگە**: ناوی دێیەکە لە ناوچەی کۆیە.

**ئاژگێر**: ئاش‌گێڕ، ئاوێ ئاشی پێ‌دەگەڕێ.

**ئاژگێڕێک**: ئاشگێڕێک ئاوی: (وردە بەردێک لە ئاژگێڕێک ئاوی خوڕێن‌دا چی پێدەکرێ؟) «ئەمیری».

**ئاژن**: ١. کون، کونا، زۆر تێ‌چەقان: (بکەرەمە گونووژئاژن/ بۆشە پێم کەیخوداژن) ٢. کۆڵینەوەی ددان بۆ خاوێن‌کردنەوەی شت،٣. لەگەڵ ناو ئاوەڵناو ساز دەکات: (دەرزیئاژن)،٤. بە ناوەوە دەلکێ و ناوی ئامێر ساز دەکات: (ددانئاژن)،٥. ئاژین، کاری دێرانی زەوی.

**ئاژنا**: ناوە بۆ ئافرەتان.

**ئاژنئاژن**: کون‌کون، کوناکونا بە گولە و سووزن.

**ئاژنئاژنبوون**: کون‌کون بوون بە دەرزی و شتی تیژ.

**ئاژنک**: ئاژنگ، داری بادامە کێوی.

**ئاژن‌کردن**: ئاژکرن.

**ئاژنگ**: ئاژنک، ئاژک، بادامی کێوی.

**ئاژنە**: ١. ئاجنە، جۆرێ دروومان،٢. ئاژنی، مەلە، مەلێ،٣. بنچکە دەوەنی پڕ ساقەتە بۆ ئاخنینی ڕۆچنە،٤. تۆپزی پەڕۆ بۆ خنینی کولانچکە لە زستاندا،٥. داناژن، زلووک، خلال، چیلکەی ددان خاوێن کردنەوە.

**ئاژنەکار**: ئاجنەکار، تەقەڵدەر.
**ئاژنەکاری**: ئاجنەکاری.
**ئاژنی**: مەلیَ، مەلەوانی، سۆبایی، ئاژنە.
**ئاژنی کرن**: مەلەکردن، سۆبایی کرن.
**ئاژنین**: ١. کوڵینەوە، تێوەکردنی شتی نووک تیژ بە شتێکدا ٢. داخستن، پێوەدان، دانەوە(درگاکە ئاژنە: دایخە) ٣. داکەندن، دانان(کراسەکەم ئاژنی: دامکەند) ٤. ئاجنین، زبرکردن، زرب کرن، کونجڕکونجڕکردنی بەرداش،٥. ئاژن کردن، خلال لێدانی ددان،٦. کون کون کردن.
**ئاژنینەوە**: ١. کوڵینەوە، ئەژنین، ئاژنین، ئەژنینەوە(ددان)،٢. سووژنئاژن کردن.
**ئاژۆ**: ١. لێخوڕ، شۆفێر، شۆفێر، ئاژوەر، ئەوەی باربەر لیَدەخوڕیَ: (خولاَم و دوو ئاژۆی وشترەکانی هەموو بە چەکەوە لە دەوری وەستابوون ...) «دمدم» ٢. شوێن گیری، پەیدۆزی، ٣. ڕەگاژۆ، ڕیشاژۆ، لک لیَبوونەوەی ڕیشە ٤. شوێنی پیَهەڵگرتن،٥. پاشکۆیە: (شەواژۆ: شەوبەکێو)، ٦. ناوی کوڕانە.
**ئاژوان**: ١. لێخوڕان، ڕانران، لیَخوڕدران (ئاژەڵ، ماشێن)،٢. لێخوڕین، ئاژۆتن(کەر)،٣.ئاژۆ، لێخوڕ، ٤. ناوە بۆ کچان: (ئەچم بۆ لای وەهالان/ ڕۆژان، ڕووناک و ئاژوان) «سۆز».
**ئاژواندن**: ئاژۆتن، لێخوڕین.
**ئاژۆتکار**: لێخوڕ، ئاژۆ، شۆفێر، ئاژوەر، ئاژۆتەر، ئاژۆتیار، ڕاننده، جۆتیار،
**ئاژۆتن**: ١. لێخوڕین، هاژۆتن، ڕاخین، ڕاناندن، ڕانن، ڕاندن، ڕادان، ڕانرادان، ئاخێوتن، ئاخاوتن، ژەندن، ژەنین، کوودانـدن: (دەسا خۆت هەڵکە ڕیَ ببڕە بە گورجی/ بڕۆ پێش بیَوچان، لیَبخوڕە، باژۆ) «هێمن»،٢. پێش خۆدان، بەرخۆدان(مالاَت)،٣. ژاندن، ژەندن(مەشکە)،٤. بلاَوبوونەوەی ئاژەڵ بە دەشت و سەحرادا،٥. کێلاندن، شوخم کرن: (ئەوەک خاند و عەمەل نەکر/ چێشیتی وی‌یە ئاژۆت و نەچاند) «گول شوون».
**ئاژۆتنەسەر**: هەڵکوتانەسەر، پەلامارادان: (نیوەشەو دوژمن ئاژۆتیە سەرمان بەلاَم چی پێنەکرا).
**ئاژۆتەر**: لێخوڕ، ئاژۆتکار.
**ئاژۆتی**: ١. کێلراو، شێڤکراو، شیوکریاگ، زەوی جووت لێکراو ٢. ئاژۆتراو، لێخوڕاو(ئاژەڵ)،٣. ئاژۆ، لێخوڕ.
**ئاژۆدان**: ١. شەواژۆ، بۆ شەولەوەڕ بردنی مێگەل: (ئەو ڕانە ئاژۆبدە: بلەوەڕێنە) ٢. هەڵکوتانەسەر، پەلامادان.
**ئاژۆرۆ**: ئاژەرۆ، چەقەرە.
**ئاژۆڤان**: ئاژۆ، ئاژۆک.
**ئاژۆک**: ئاژۆ، ئاژۆنەک، لێخوڕ.
**ئاژۆنەر**: ئاژۆ، ئاژۆڤان.
**ئاژۆنەک**: ئاژۆ، ئاژۆک.
**ئاژوو**: لەوەڕیان، لەوەڕان: (شەواژوو).
**ئاژووان**: ١. هەمیشە حازر،٢. ناوی کوڕانە.
**ئاژووتن**: قیژاندن، نیڕاندن، زیقاندن.
**ئاژوودان**: شەواژوودان.
**ئاژوەر**: ١. لێخوڕ، ئاژۆ، شۆفڕ، شفێر، ئەوەی چتیَ لێدەخوڕیَ،٢. ناوە بۆ کوڕان.
**ئاژوین**: ١. ئاژۆتن، لێخوڕین: (.../ کاروانی ژیان دەئاژویَ ڕوو بە نەمان/ هاکا من و تۆش دەبینە خەون و خەیال) «خەیام هەژار»،٢.بلاَوبوونەوە لە دەشتا: (ئەو ڕانە لەو پاوەنەدا ئاژوین بووە).
**ئاژە**: ١. ماڵ: (ئای هەژاری، ئای نەخوێندەواری! نازانم کامتان ئاژە کاول کەرتر و ماڵ وێران کەرترن؟) «کۆردەرە»،٢. ناوە بۆ کچان.
**ئاژەبان**: ناوی چەمێکە لای بانە.
**ئاژەخ**: ئازەخ.

**ئاژەرۆ**: ئاژۆرۆ، ئاژینرۆ، ئاژین، زیل، ئەوا ژیر، چێرەیا هێشین.

**ئاژەڵ**: ١. ماڵات، ئاژاڵ، ئاژەڵ، وڵسات، وردە حەیوان، گیانەوەر: (بە سۆزەی زریان پیاوی دەکەی سڕ/ بە کرێوە و باکوت ئاژەڵ دەکەی قڕ) «هێمن»،٢. گیای ئیشک.

**ئاژەڵدار**: حەیواندار، گەلەدار، خودان ماڵات: (کادێن فەرعانەی تێکەوتووە، دڵی ئاژەڵدار تەنگە، تفاق خۆشەویست بووە) «هەزار ئەشکەوت».

**ئاژەڵدارە**: ئاژەڵدار بۆ مێ.

**ئاژەڵداری**: حەیوانداری، مەڕداری، دەوڵەتداری: (مەلا و مام حەسەن لای سەرەوە دانیشتوون، باس باسی ئاژەڵدارییە) «ئەمیری».

**ئاژەڵداری کەردەی**: ئاژەڵداری کردن.

**ئاژەن**: زڤر، زبر، ئاجدار، دەندەن.

**ئاژەنای**: ئاژنین.

**ئاژەن کرن**: ئاژنین.

**ئاژەنگ**: وەنەوز، خەونوچکە، وێژینگ.

**ئاژەنگ لێدان**: خەونوچکەبردنەوە، وێژینگدان: (ئەمما سیامەند خەوی لێکەوت و خەجێش ئاژەنگی خەوی لێدەدانە) «گەنج».

**ئاژەنەی**: ئاژنین.

**ئاژەنیا**: ئاژەننراو.

**ئاژەنیەی**: ئاژنین.

**ئاژەنیێ**: ئاژەننراو بۆ مێ.

**ئاژیاگ**: کونکون، کوناکونا.

**ئاژیان**: کونکونکران، هاژیان.

**ئاژیایێ**: هاژیایێ، کوناکونابووگ.

**ئاژیبەن**: تەسمەی کورتان.

**ئاژی دهاک**: ئاژدەهاک.

**ئاژیر**: ١. ووشیار، هۆشیار، وریا، ژیر، زیرەک،٢. هۆشیارکەرەوە، ئاگادارکەر،٣. ناوی کەرەستەی ئاگادارکردنەوە لە مەترسی: (ئاژیری خەتەر)،٤. ناوی کوڕانە.

**ئاژیکا**: گوندێکە لای دوهیکێ.

**ئاژیل**: ئاژیر.

**ئاژین**: ١. زبربوون، کونجرکونجر بوون(بەرداش) ٢. زبر، زوور، دڕ، درشت،٣. بەردانەوەی ئاو، کاری ئاودێری: (شێلەگەکە هەڵبڕە با ئاو لە مەزرای ئاژین بێ)،٤. دیەکەیێگە لە سونقۆر،٥. گیای تەزە ژیان، چێرەیا هێشین، چێرەیا ئاخ ل سەر پییا،٦. ناوە بۆ کچان.

**ئاژین بوون**: ١. ئاو لە زەوی نران: (ئاو لە وێنجەکە ئاژین بووە)،٢. بڵاوبوونەوە بە زەویدا: (دووبارە چەشنی کەوبارڕ/ ئاژین ئەبن لە نزار) «قانع».

**ئاژین بی یەی**: ئاژینبوونی ئاو، دابەشبوونی ئاو بۆ ئاودێری.

**ئاژین دێر**: ئاودێری ئاژینی، هاژین.

**ئاژینرۆ**: ئاژەرۆ، گیهایەکی تەزە هیشین بی.

**ئاژین کران**: ئاو لە زەوی نران بۆ داشتن: (نۆرە ئاو دامەزراوە، ئاو لە زەوی ئاژین کراوە) «هەزار ئەشکەوت».

**ئاژین کردن**: ١. ئاو لە زەوی نان: (ئاوەکەم لە وێنجەی ئاژین کردووە)،٢. مەڕ و ماڵات لەوەڕاندن: (مەڕی لە پشتی کانی قولقولەوە پەڕاندەوە، ئاژینی نباری کێف و قەراخە چەمی باهێر و پڕ گژوگیای کردن) «نەگل».

**ئاژین کەردەی**: ئاژینکردن.

**ئاژین ووژین**: ١. سانسۆر،٢. هەڵەگیری.

**ئاژینە**: ١.چەقەنەی ئاش، چەقچەق، چەقچەقە، چەقچەقۆک، دار یا لوولەیەکە بەستراوە بە کەویجەوە، لە کاتی گەڕانی بەرداش، وردەوردە دان دەوەرێنێتە ناو گەرووی بەرداش بۆ هاڕین،٢. کوبیتەک، ئاسیاژەنە، چەکوشی بیرازکردنی بەرداش، سەرەکەی ددانەی هەیە.

**ئاژییە**: جۆرێ کڵاشە.
**ئـاس**: ١. قـاقوم، قـاقم، جـانەوەرێکە لە تیـرەی بانبانک و سمۆرە، کەوڵی زۆر بەنـرخە ٢. ئـاس، تەکە، تەکخاڵ، پەڕێکی قومارە: (سێ ئاس و دوو شای داناوە بە فوول/ کچیش بی‌بی‌یە، کوڕ لـۆتی بێ پوول) «پیرەمێرد»٣. پەڕی نەخشاو بۆ قومار،٤. جۆرێ کایە بە وەرەق: (ئەوان وەک ئێـوە نـاکەن پـــۆکەر و پاســـۆر و ئـــاس و نەرد/ یەکێـــک سەرگەرمی شێوە ئێستاکە، یەک خەریکـی وەرد) «هێمن»،٥. کەنەفت، شەکەت، بێزار، جاڕز، وەڕەز، ماندوو ٦. ڕووت، ڕووت‌وڕجاڵ ٧. ئاسک، مامز، خەزاڵ ٨. ئـــاس، مـــۆرد، مۆرتـــک، دارێکـــی بۆن‌خـــۆش و جـــوانە ٩. میـــتکە ١٠. نـــاوی گەمەیەکە،١١. ناوە بۆ کچان.
**ئاسا**: ١. وەک، وەکوو، وەکی، وێکچوو، ئاسـایی: (هەر من دەلوئاسا نە قەهر چاهم/ هەر من چـون مەجنـون چـارە سیاهم) «وەلی‌دیـوانە» ٢. ئـاش، ئاسیاو،٣. ئەوکـات، ئەووەخـتە، ئەوسـا،٤. عاسـا، عەســـا، دارهاســـا، دارئاســـا، گۆچـــان: (وە سەرگەردانی سارای چۆڵمدا/ وە ئاسا و کەشکۆڵ پۆست کۆڵمدا) «وەلی دیوانە»،٥. چێوێـک پیـرۆز لە نزیک ئیمامزادە ئەحـمەد ئەیتیـرن،٦. نـاوە بـۆ کچان.
**ئاسار**: ١. شوێنەوار، ئاسـەوار، ئاسـارە: (عەزیـزم کـێ دەڵـێ مـردی، نەمـا ئاسـار و ئاکـارت/ لە گوڵجـــاڕی ئەدەبدا، هەر لە گوڵـــدا، پـــۆلە ئەشـعارت) «ڕاوچـی»،٢. بـنەوا، بنچیـنە، بنـاغە، بـــنەڕەت ٣. ئاســـتەر، بەر(کەوا)،٤. دەســـکار، دەس‌نەخـــش: (هەر ســـێ ئاســـاری ئەوڵـــلای هۆمەران) «پیرەمێرد».
**ئاســـاربڕان**: ئاســـەواربڕان، ئاســـەوارنەمان: (لەشکری شێخی عارەبان تێک‌نیشتن، ئاساری بڕا بە یەکجارە) «توحفە».
**ئاساربڕانەوە**: شـوێنەوار نەمـان: (ڕووی دە مـاڵە میرزێندینی کرد، قەتی یەک خەڵاس نەبوو، یەکی نەماوە/ هەتتا بە جارێکی ئاساریان بڕاوە) «مان».
**ئاســــاربڕینەوە**: شوێنەوارســــڕینەوە، ئاســــەوار نەهێشتن: (کوڕەکان کوتیان: دایە ئابڕوومـان مەبە، دەی‌بەتلێنین بە دزییە/ ئەگەر مـام غەڵـیفە بزانـێ، ئاسارمان دەبڕییە) «مان».
**ئاسارۆێژتەی**: شوێنەوار دۆزینەوە.
**ئاســارە**: ١. ئەسـتێرە، سـتێر، ئەسـارە، ئەخـتەر، چتار، ستێر، ستێرک، سـتارە، هەسـتارە، هەسـێرە، هەسارە: (ئاسارە بە ئاسمانەنە ئەمەنەن)،٢. ئاسـار، شوێنەواری کۆن.
**ئاســارەچیل‌چیل**: ئاسـارە شیپ‌شـیپ، گەمەیەکە منداڵانە.
**ئاسارەشیپ**: جۆرێ گەمەی خەڵکی لادێ.
**ئاسارەشیپ‌شیپ**: ئاسارەشیپ.
**ئاسارەزلکە**: ئاسارەزلە.
**ئاسارەزلە**: ئەستێرەکە، ئەستێرەی ڕۆژێ.
**ئاسارەزەلە**: ئەستێرەکە.
**ئاساس**: ١. بناغە، بنەڕەت، بنەتـار، شەنگسـتە،٢. گوندێکە لای شێخان.
**ئاساســە**: کـۆی ئەسـاس، بە مانـای کەرەسـتە: (مزانۆ هەم شەرت وەرین شکەسـتەن/ ئاساسـەی ئەسباب بەین نۆش بەستەن) «وەلی دیۆانە».
**ئاساش**: ئاسایش، ئاسایشت.
**ئاساڵح**: گوندێکە لە باشووری کفری.
**ئاسان**: ١. هاسان، سانا، سانایی، هاسـانی، هەدار، هێسان، هەسان، سووک، گەنگاز، بێ‌گرێ و گۆڵ: (چ کارێ گـران و ئاسـێ بـت ب دەڤ سـاناهی بکـت) «مشـتاخ»،٢. بـێ ڕەنـج، بـێ ئەرک، بـێ کوێرەوەری: (شێت و شـەیدای ئەو کـچە بـووم، دەیرفێنم سووک و ئاسـان) «حەسـەن زیـرەک»،٣. گران، سەقیل،٤. ناوە بۆ کچان.

**ئاسانبژیو**: کەمخەرج، ژیان ڕاحەت، گوزەران هاسان.

**ئاسانبوون**: هاسانبوون، سانابوون: (پۆشیدە بکە ئەڤان لباسان/ هەر شۆلێ ببت ژ تە ئاسان) «یۆسفوزولەیخا».

**ئاسانبوونەوە**: سەقیلی نەمان، سادەبوونەوە: (دەرس خوێندن ئێستا ئاسان بۆتەوە).

**ئاسانبەر**: کەرەستەی ڕاگوێزان.

**ئاسانبی یەن**: ئاسانبوون.

**ئاسانڕێ**: باشترین ڕێ.

**ئاسانسڕ**: ئسانسۆر.

**ئاسانسلدەر**: ڕاحەتەلقوم، شیرنییەکە.

**ئاسانسۆر**: کەرەستەی کارەبایی بۆ بردنە سەرێ و هێنانە خوارێی شتی قورس لە خانوی چەن نهۆمیدا.

**ئاسانسۆرچی**: بەرپرسیاری ئاسانسۆر.

**ئاسانکردن**: دەرد لێ سووک کردن: (بەسەرهاتی خۆت بۆ من بەیان کە/ دەردی گرانم نەختێ ئاسان کە) «ف. بێکەس».

**ئاسانکەردەن**: هاسان کردن: (لوای بینایی دیدەی دەروێشان/ ئاسان کەرد جە لام مسیبەتکێشان) «مەولەوی».

**ئاسانە**: ١. ئاستانە، بەردرگانە، دەرماڵ، کەوشکەن، پاگە، دەرچک، بلندین، پیوە، شیپانە، شیپک، دەریزانک، دەرازین، دەرازینک، دێریز، پێشدرگا، جێی داکەندنی کەوش لای درگا: (ڕەوانتەر جە هەرس وە سەد قەترە و دەو/ تا وە مەکۆگەی ئاسانەکەی ئەو) «مەولەوی»،٢. ژێردەرانە، ژێربەرانە، تەکیە، داری خواری چوارچێوەی درگا: (سیوای سەودایی هەراسانەکەت/ مەحرووم جە کەفتەن پای ئاسانەکەت) «مەولەوی»،٣. بریتیە لە بەرماڵی گەورەی ماڵان ٤. بریتی لە بەرماڵی یار: (ڕەوانتەر جە هەرس وە سەد قەترە و دەو/ تا وە مەکۆگەی ئاسانەکەی ئەو) «مەولەوی»،٥. سایە، پەنا ٦. ئەستەنبووڵ،٧. ئاسان بۆ مێ.

**ئاسانکاری**: ڕێخۆشکردن بۆ کرانی کارێک.

**ئاسانکریا**: ئاسانکراو.

**ئاسانکەر**: هاسانکەر، ڕێخۆشکەر.

**ئاسانکەردەی**: ئاسانکردن.

**ئاسانکەرە**: ئاسانکەر بۆ مێ.

**ئاسانهەڵگر**: جەڕوسەقیل.

**ئاسانی**: گەنگازی، هەداری، سانەهی، سانایی، هاسانی، سووکی، هێسانی، هێساهی، هەسانی، سانیلکۆکە، بێگیروگرفت: (زیقوهۆڕی پەلەوەران، هاشەی لێڕەوار و خشەخشی قامیشەڵان، پیاوی دەترسێنێ، هەر بۆیەشە کەس بە ئاسانی ناوێرێ بچێتە ئاکچاساز) «حەمەدۆک».

**ئاساو**: ئاسیاو، ئاش، ئێشی دەغڵ هاڕین، جۆرەکانی ئاش: (ئاشی ئاو، بادئاش، دەستئاس، خەرئاس، ئاسئاگر)، (سەدای ئاسیاوچی مەیۆ پەیاپەی/ ئاساو خاڵی یەن نەوبەتەن سا دەی) «مەولەوی».

**ئاساوان**: ١. ئاشەوان، ئاسیاوان،٢. ناوە بۆ کوڕان.

**ئاساوانە**: ١. ئاشانە، جۆرێ باج لە سەر ئاش،٢. ئاشەوان بۆ مێ.

**ئاساوانی**: ئاشەوانی.

**ئاساوئاسا**: وەک ئاش.

**ئاساوبەتاڵ**: ئاشبەتاڵ.

**ئاساوگا**: ئاشگا، جێی ئاش.

**ئاساوگێڵنای**: ئاشگێڕان.

**ئاساوگێڵنێ**: ئاشگێڕێک ئاو.

**ئاساوڵە**: ١. ناوی گوندێکە لە تەنیشت شاری سنە،٢. دێیەکە لە دێکۆی گاوەڕۆ بەشی ناوچەی

کامیاران،٣. ئاسیاوبازی، ئاش منالّ‌گەل.
**ئاساویئاوکۆته**: ١. ئاشی ئاو لێبڕاو،٢. بریتی له کپی و بێدەنگی.
**ئاساویتەماع**: ئاشی تەماح: (ئاساوی تەماع کەردەنەش وەسەر/ شکەم چون دۆڵیان بار ئاسیاو وەسەر) «م.ح. دزلی».
**ئاسای**: ئاسا، وەک، وەکوو: (خوەم ئاسای).
**ئاسایش**: ١. ئاسایشت: (شەو و ڕۆژم نییە یەکدەم، قەرار و سەبر و ئاسایش/ دەمێ ناڵەم له دەوران و دەمێ هیجرانی دڵدارم) «ئەدەب»،٢. ناوە بۆ کچ و کوڕ.
**ئاسایشت**: ١. وەقرە، ورینگ، وچان، شێنەیی، فەرعانی، حەسیانی، تەناهی، بێخەمی، ئاسوودەیی، ئاسوودەگەری، ئیسراحەت: (دەستێ بنووسێ وشەی ئاسایش/ توند ئەکرێ له ناو کەلەپچە و قایش) «بۆکوردستان»،٢. ناوی ڕێکخراوەی بەرپرسی هێمنی له هەرێمی کوردستان.
**ئاسایش‌خواز**: تەناهی‌خواز، ئاسوودەخواز.
**ئاسایش‌خواه**: ئاسایش‌خواز: (ئیتر هەر بژی ئاسایش‌خواهان/ بژی ئاسایش له هەموو جیهان) «قانع».
**ئاسایش‌نەویست**: دوژمنی ئاسایش و هێوریی: (ڕەگ داکوتاوی ئیمپریالیست/ خوێن‌مژی ئاسایش نەویست) «گۆران».
**ئاسایی**: ١. ئاسا، هەروەکوو، وەک: (خۆت‌ئاسایی داوێنم لێکرد بە لادا)،٢. باو، عادەتی، مەعموولی، شتێ لای خەڵک سەیر نەوێ.
**ئاسایی‌بی‌یۆ**: ئاسایی بوونەوە.
**ئاساییش**: ١. وورینگ، ئۆقرە، هێمنی، هێوری، ئاسوودەیی، ئارامی، بێ‌ئاژاوەییتی،٢. ئاسایش، ناوە بۆ کچان.
**ئاسایی‌کەردەیۆ**: ئاسایی کردنەوە.

**ئاساییشگا**: ئاسایشگە، جێی حەسانەوە، جهێ تەناهیێ.
**ئاساییشگە**: حەسانگە، ئاساییشگا.
**ئاسبهێ**: گوندێکە لای زاخۆ.
**ئاسپ**: ١. ئەسپ،٢. ئەسپی دەریایی.
**ئاسپار**: سیار، سوار.
**ئاسپایی**: ئەسپایی، لەسەرخۆ، بەسەبر، هێواش، هێدیکا.
**ئاسپرین**: ١. دەرمانێکی ژان‌بەر و ئێش‌شکێنە،٢. تیژاوی ئەسید سالسیلیک.
**ئاسپزە**: ئەسپێ، سپێ.
**ئاسپین**: کەیف، خۆشی.
**ئاسپنای**: ١. پەساردن،٢. پەرتاوتن.
**ئاسپینە**: بەرفرەهی، گوشادی، فراوانی.
**ئاسپنەی**: ١. پەساردن،٢. پەرتاوتن.
**ئاست**: ١. زەحمەت، چەتوون، دژوار ٢. جێ، جێگا، شوێن: (بگێرەش وە دەست هەی ئاوات‌واستە/ بەرەش وە یانان ئایر، جەی ئاستە) «بێسارانی»٣. لا، تەنیشت، کن،٤. حان، حاند، حاست، عاست، ڕووبەڕوو، هەمبەر، هەڤبەر، بەرابەر: (ئامێزی بەردەزەردت بە مێلاقە نەخشاوە/ چون خوێنی شاخەوانی کوردی له ڕوو پژاوە/ هەرچی شاخە لە ئاستی بە مل‌کەچی وێستاوە) «گەردیگلانی»،٥. جەناب، میر، ئاغا، سەیدا،٦. بەرگر، لەمپەر، کۆسپ، دژواری.
**ئاستار**: ١. ئاستەر، بەر(کەوا)،٢. ئاستۆر، ئەسپ، ٣. ئەستێرە، هەسارە.
**ئاستارە**: ١. ئاسارە، ئەستێرە،٢. ماین، ماهین.
**ئاستارەبەگل**: ڕۆژەیل نووهەم، نووزدەهەم و بیس و نووهەم هەر مانگ ک باوەڕ مەردم یەیە ک نامەی تیەرێ.
**ئاستاش‌جیا**: بەجێمی هێشت.
**ئاستان**: ١. ئاسانە، دەرگانە، دەریزانە: (عەرزی

حالی مـن بگوتـایە ب عینـوانی ئەدەب/ ئاسـتان بکـرا زیـارەت چەتـر و سـەیوان و تەنـاب) «جزیـری» ٢. بارەگـا، کۆشـک، سـەرا ٣. شـیپانە، شـیپک، لاشـیپان، لاشـیپانەی درگـا ٤. پێشـماڵ، بەردرگا، بەرماڵ: (قیبلەم مەر ئەوسا ساکن بۆ جە خەم/ خـــاکی ئاســـتانەت بمـــاڵون وە چەم) «بێسارانی» ٥. ناوچە، دەڤەر،٦. ناوە بۆ کچان.

**ئاستاندن**: ئاهماندن، ماندووکرن.

**ئاستاندۆک**: ماندووکەر، خەسەکەر.

**ئاستاندی**: ئاستاندۆک.

**ئاستانگ**: ئاستەنگ، زەحمەت، دەردیسەر.

**ئاستان‌نشـــین**: دانیشـــتووی بەردەرگـــا: (ئەز موشـــتەرەکی مەمـــێ و زیـــنم/ لەو لێـــرەهە ئاستان‌نشینم) «خانی»

**ئاستانە**: ١. ئاستان، دەریزان، دەرماڵ، دەریزانـک، بەردەرگانە، ئاسانە، کەوشکەن: (هەر سوب مەماڵۆ سەر نە ئاستانەت) «بێسـارانی»،٢. پـاگە، دارەکەی خوارەوەی چوارچێوەی درگا،٣. شیپان، لاشـیپانی دریا،٤. سایە، پەنا: (لە ئاستانەی تـۆدا: لە سـایەی تۆدا)،٥. ئەستەنبووڵ: (لە دنیـادا کە مـن شـیروانە وەک فیردەوسی پێشوو بێتە بەر چاوم/ لە پـاریس و لە ئاستانە وەیا تاران و چینم چی) «مینەجاف»، ٦. بریتـی لە درگـای شـێخ و پیـاوی ئـایینی،٧. کۆشـکی سـوڵتانی عوسـمانی: (ڕووی کـردە ئاسـتانەی سـوڵتان و لاشـیپانەی درگـای مـاچ کرد)«شەرەف»،٨. بریتـی لە بەردرگـای گـراوی و یار: (کەلب کۆی یارم/ کەلـب پاسـبان ئاسـتانەی یارم) «وەلی‌دێوانە»،٩. پلەی ئاستانە، مەڵبەندێکە لە نزیک شاری سەقز.

**ئاست‌دانین**: حەسانەوە، هەسینەکرن.

**ئاســـتش**: ١. هێشـتنەوە، هـێڵانەوە،٢. هێشـتی، هێڵای، تلی، ڕێگەی‌دا.

**ئاستش‌جیا**: بجێی هێشت.

**ئاســـتک**: (زا.) ١. ئێسـک، پێشـە، سـوقان ٢. سەردەس، بەشێ لە پۆشاک کە دەس دادەپۆشێ.

**ئاستموو**: ئاسمان.

**ئاستن**: هێشتن، هێشـتنەوە، هـێلان، وازلێ‌هێنـان، هێژتن، بەجێ‌هێشتن، لیگەڕان، ئاسـتەی، ئاسـەی، تلین.

**ئاستۆر**: ئەسپ، هەسپ.

**ئاستورە**: ئاستۆر، ئەسپ.

**ئاستۆرە**: ئاستەرە، ئەستێرە.

**ئاستۆک**: ئاستینۆک، شتێ کە بۆ هیلاکی بشێ.

**ئاستۆن**: بەردرگا، بەرماڵ، پێش‌مال.

**ئاستوون**: بەردرگا، ئاستانە.

**ئاستوونە**: ئەستوون، ئستیون، کۆڵەکە،

**ئاستە**: ١. ئێسقان، ئێسک ٢. سەردەسـی جـل،٣. تۆمار، شاینامچە،٤. ئارام، هێور.

**ئاستەبو**: بەجێ هێشتنی ئاسەوار.

**ئاستەبوون**: ڤەسەکنین، ئارام‌بوون.

**ئاستەبیرە**: داخستبوو.

**ئاســـتەر**: ١. ئاســـەڕ، بەر، بەرەکەوا، بەرەلـــێفە، ئاستار، ئەستەری جل و لێفە ٢. ڕەنگی ژێـرەوەی کەرەستەی ڕەنگ‌کراو.

**ئاستەڕ**: ئاسۆ، ملە×: (وەختی ڕاو نیـیە، هـاوینە، پووشپەڕە، گوڵ نەماوە لە سەر ئاستەڕێ/ مەچـۆ دەرێ، ئەوە تازە بێری پۆل پۆل دێنەوە خوارێ لە نێو مەڕێ) «لاس‌وخەزاڵ».

**ئاستەڕکێشان**: ١.ڕەنگ پیاساوینی هەوەڵ‌دەست لە ژێر ڕەنگی سەرەکی،٢. ژێرسازی.

**ئاستەڕکێشی**: کاری ئاستەڕ کێشان.

**ئاستەرە**: هەسارە، ئەستێرە.

**ئاستەم**: ١. کەم، کـێم، کەمـووکە، کەمووسـکێک، سڤک، عاستەم، حاسـتەم، ڕشـک، تـۆز، تۆزقـاڵ، تۆزقاڵێـک، تۆسـقاڵێ، بەحـاڵ، کەمتـرین ڕادە: (دەنگێکـــی دوور، دوور، ئێجگـــار دوور/ بە

ئاستەمێک ئەگاتە ژوور/ ...) «گۆران» ٢. ئەستەم، دژوار، ئاستەنگ، زەحمەت، هەڵەموت: (تەرەغە کێوێکی ئاستەمە) ٣. هێدی، هێمن، کاوەخۆ،٤. جووڵانەوەیەکی زۆر کەم: (سەی فەتاحی مەیتەرم ڕۆژێ بە حوججەت لێی نەوی/ کلکی دەرهێنا لە بن، ئەمجا بە ئاستەم گوێی بزووت) «شێخ ڕەزا».

**ئاستەمبین**: هـووربین، زەڕەبـین، زەڕڕەبـین، وردبین، گەردبین.

**ئاستەمودوبەڵا**: زۆر کەم: (هەر بە ئاستەم و دو بەڵا، شانم وە شانی کەفت، تـواو سـنەی هێنـامە سەیر).

**ئاستەن**: بە جێ هێشتووە: (ئـازیزت ئاسـتەن هـا وە دمـاوە/ تەنە بـۆ بـێ گیـان سـا شـۆ وە ڕاوە) «مەولەوی».

**ئاستەنگ**: ١. تەنـگ، تەنگـای، جێـی سـەخت و هەڵەموت و هەڵدێر،٢. ڕێگای باریک و بزنەڕێی بەرقەدی شاخ ٣. ڕێگای پلیکاندارە بە ناو چیا و بەرقەداندا ٤. کۆسپ، کۆسپە، تگەرە، بەرهەڵست، لەمپەر: (وێ ل پەی خوە بهێلە/ تـم گێـدووک و ئاستەنگان) «سەنار»،٥. ناوە بۆ کوڕان.

**ئاستەنگی**: نەداری، دژواری: (کـو ئەو هەبـوون یێ خلاس بىن/ ئاستەنگی ببینی و پەشیمان ببـی) «گولشوون».

**ئاستەی**: هێژتن، هێشتن، هێلان، ئاسەی، ئاستن.

**ئاستەی پنە**: پێ‌هێشتن.

**ئاستەی پۆ**: پێوەهێشتن.

**ئاستەی پورە**: پێداهێڵان، لەبەردا هێشتن.

**ئاستەی پۆوە**: پێوەهێشتن.

**ئاستەی پەنە**: پێ‌هێشتن.

**ئاستەی پەی**: بۆهێشتن.

**ئاستەی جیا**: بەجێ‌هێشتن، لێگەڕان، جێ‌هێڵان.

**ئاستەی چنە**: تێداهێشتن.

**ئاستەی چەنە**: تێداهێشتن.

**ئاستەیرە**: داهێڵان.

**ئاستەینە**: پیاکردن، پیاچەقاندن.

**ئاستەیۆ**: هێشتنەوە.

**ئاستەیوارە**: بە بادا کردن.

**ئاستەیۆوارە**: بە بادا کردن.

**ئاستەیۆپنە**: پێ‌هێشتنەوە.

**ئاستەیۆپوپەنە**: لە سنوورا هێشتنەوە.

**ئاستەیۆپەنە**: پێ‌هێشتنەوە.

**ئاستەیۆچنە**: تێدا هێشتنەوە.

**ئاستەیۆچەنە**: تێدا هێشتنەوە.

**ئاستەیەرە**: داهێڵان.

**ئاستەیەنە**: پیاچەقاندن.

**ئاستی**: ئاستیای، ماندی‌بوو.

**ئاستیان**: ئاهمیان، شەکەت بوونەوە.

**ئاستیای**: ئاهمیای، ماندی‌بوو.

**ئاستین**: ١. قـوڵی کەوا و کـراس: (عـالەمێکی بێ‌سـەروپێ کـرد لە قەڕنێکـا زەمـان/ دەسـتی ئینسافی کە دەرهێنا لە چینی ئاستین) «حەمدی»، ٢. دەرازین، دەرازینک، ئاستانەی درگا،٣. ئاهمین، ئاهمیان، ئاستیان، ماندی‌بوون.

**ئاستێن**: بەجێ هێڵن.

**ئاستینۆک**: ئاستینەک، ئاستۆک.

**ئاستینەک**: ئاستۆک، ئاستینۆک.

**ئاسرم**: زوکام، هەڵامەت، پەسیو.

**ئاسرمە**: ئاشرمە، باریکە چەرمێک لە کورتاندا کە دەکەوێتە سەر کلکی بەربەر.

**ئاسرۆ**: ڕۆندک، فرمێسک، ئەسرین.

**ئاسفاڵت**: ئیسفاڵت، قیرەتاو، قیرتاو، قیلتاو.

**ئاسک**: Ask ١. ئاهوو، ئاڤۆر، ئاس، ئاسی، مامز، مـامبز، کەژاڵ، شـکار، جەیـران، خەزاڵ، غەزاڵ، بـانبز، وەرەمـاس: ( ژ مـامبزێ زووتـر کەس نابەزیـت، ئەوژە ڕزقـێ خـۆ زێـدەتر نـاخووت) «کـانی»، (فەسـڵا ئەو ناسـک غەزاڵە ڕۆیـی

عوشاقی حەزین) «دیوان ئەحمەد»، (ئەلا ئەی ئاسکی ناسک بە باسک/ شکاندت گەردنی سەد شێری شەرزە) «نالی» ٢. ڕەنگێکی بزنییە، لە نێوان سوور و زەردیدا بێ ٣. ئاسک، نێوی ئافرەتە،٤. بریتی لە خێرا و تیژڕەو،٥. بۆ جوانی ژن و کچی پێ دەشوبهێنن: (عاشقان پاک دڵیان ناسکە/ مەعشووقەیان وەکو ئاسکە) «فۆلکلۆر».

**ئاسک**: Asik زک، گەدە، سگ.

**ئاسکا**: ناوە بۆ کچان.

**ئاسکاریس**: کرمی ڕیخۆڵە.

**ئاسکانەدەو**: ئاسکەدەو، وێنەی ئاسک دەوین.

**ئاسکانی**: جۆرە هەڵپەڕینێکە.

**ئاسکل**: ئەسکل، پەل، پەنگر.

**ئاسکۆ**: ئاسکۆل، کارغەزال.

**ئاسکۆل**: ١. ئاسکۆڵە، کارمامز، کاراسک، بێچوەئاسک،٢. ناوی ئافرەتە: (دەی خوشکم، ئاسکۆڵ، برۆ لە ماڵی مام وەیسی چەند چارۆکە کا بێنە) «ف.پ.پ.».

**ئاسکۆلا**: ناوە بۆ کچان.

**ئاسکۆڵان**: ١. سیفەتە بۆ کچی ناسکۆڵ×: (خەجیش لەگەڵ پۆلی کچان، نەشمیلان، ئاسکۆڵان دەچووە گێلاخە و مەندۆکێ) «خەج و سیامەند»،٢. ناوی جێگایەکە.

**ئاسکۆڵە**: ١. بێچووە ئاسک، کارمامز،٢. ئاسکۆڵ، ئاسکی گچکە: (تەنیا وەک ئاسکۆڵەی کۆسار/ ڕوو بکەینە قەد شاخ و ناو گوڵزار) «هەردی».

**ئاسکوڵێ**: ئاسکۆڵێ.

**ئاسکۆڵێ**: ئاسکۆڵ، بێچوە مامز.

**ئاسکوند**: لای قوونی و دندووکەکانی جگ، کە بە سەر یەکێکیاندا کەوتبێ.

**ئاسکە**: ١. ئاسکی مێ،٢. کارمامز،٣. ناوە بۆ کیژ.

**ئاسکەخان**: ١. خەزاڵخان، کەژاڵخان، مامز ٢. ناوە بۆ کچ.

**ئاسکەدەو**: ئاسکانەدەر.

**ئاسکەزێڕینە**: ئاسکۆڵەی چێکراو لە زەنگیانە، چاوشان لە گۆڤەنددا بە دەستیانەوە دەگرن و هەڵیدەپەڕێنن.

**ئاسکەکوییە**: ئاسکە کێوی.

**ئاسکەکەتیرە**: ئاسکی مێ کە شاخدار بێ.

**ئاسکەکێوی**: ئاسک، مامز: (خڕنەی پاوانەی پا و پووزی خڕ/ سەرنجی جوانی لاوانی دەکا مڕ/ وەک ئاسکەکێوی ڕەوتە یاڵە پڕ) «حەمەجەزا».

**ئاسکەمل**: مل بەرز و ڕەنگین.

**ئاسکەنێر**: ئاسکی نێر، ئاهووی نێر، کەڵەکێوی.

**ئاسکیتاتار**: ئاسکی موشکێ.

**ئاسکیخوتەن**: جۆرێ ئاسکی ناوچەی خەتا و خوتەن لە ولاتی چین: (کاتێک بەو گەردەن زیوی سافەوە/ وەک ئاسکی خوتەن بە بۆی نافەوە) «مەولەوی».

**ئاسکیخەتایی**: ئاسکی موشکدار، جۆرێ ئاهوی مەڵبەندی خەتا و خوتەن.

**ئاسکیکەتیرە**: ئاسکێکی مێوینە کە بە هەڵکەوت شاخی لێڕوابێ.

**ئاسکیکەلەک**: شارێکە لە خۆراوای هەولێر.

**ئاسکیموشکێ**: ئاسکی تاتار، ئاسکی میسک، ڕەگەزێکی ئاسکە کە ماکێکی بۆنخۆش لە ژێر سکیدایە بۆ عەترسازی بەکاری دێنن.

**ئاسکیمێ**: ماسک، بزن، مامزی مێو.

**ئاسکینێر**: کەڵ، کلاسک، نێری.

**ئاسگەشت**: ئاسانگەش، بە ڕاحەتی گەڕان.

**ئاسم**: پشووسواری، نەخۆشی تەنگەنەفەسی.

**ئاسمان**: ١. ئەزمان، ئەزمین، ئەزمێن، عاسمان، عاسمانگ، عەزمان، عەزمین، عەسمان، چەرخ، چەپگەرد، مینوو، فەلەک، ئەسمان، ئاسیمان، ئاسموو، ئاسمیە، گەردوون، هاسمان، فەزای شین

و بێبنی سەر کە مانگ و خۆر و ئەستێرەی تێدایە: (کۆمەڵە شاخێک سەخت و گەردنکەش/ ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش) «گۆران»،٢. هەوا، حەوا، لا ژووروی سەر،٣. هەرکام لە حەوت قاتەکانی ئاسمان بە پێی بڕوای کۆن،٤. شوێنێ کە دەس نەیگاتێ، بڵند، بڵندایی.

**ئاسمانبلاغی**: ١. گوندێکە لە دێکۆی سیامەنسووری بیجار،٢. زنجیرە چیایەکە لە نێوان دێکانی کاوەمەلە، گاگا.

**ئاسمانپێخەف**: بریتی لە نەدار: (هەتیوێکی وا کە ئاسمان پێخەف و زەوی ڕایەخی بێ) «پێکەنینی گەدا».

**ئاسمانجل**: لات، بێماڵ، فەقیر، خزان، بەلەنگاز.

**ئاسمانجۆل**: ئاسمانجل، ڕووت.

**ئاسمانچڕەنگە**: جۆرێ گەمەی زارۆکان.

**ئاسمانخەراش**: ١. ئاسمانڕووشێن، خانووی زۆر بەرز،٢. بریتی لە ماڵی چەند نهۆمی و بەرز: (کوانی کۆڵانی مووساییەکان/ ئاسمانخەراشەو چۆتە ئاسمان) «یادنامەی سەقز».

**ئاسمانڕوشێن**: ئاسمانقلیش، ئەورماڵ.

**ئاسمانڕووخان**: کارەسات ڕوودان.

**ئاسمانغۆررە**: ئاسمانغۆرۆممە.

**ئاسمانغۆرۆممە**: چەخماخە، هەورەتریشقە: (هەیڕوا! چ ئاسمان غۆرۆممەی ئامەد، ئەلان یەی لای کرماشا خەراو میشە) «دەرویشیان».

**ئاسمانقلیش**: ئاسمانڕوشێن، بینای زۆر بەرز.

**ئاسمانقەڵیش**: ئاسمانقلیش.

**ئاسمانگەز**: ئاسمانقلیش.

**ئاسمانۆ**: بە ئاسمانەوە.

**ئاسمانودەزوو**: ئاسمان و ڕێسمان.

**ئاسمانۆری**: بە ئاسمانا بەرەو ڕۆژ.

**ئاسمانوڕێسمان**: ١. ئاسمان و دەزوو، قسە یا کارێک سەر و بنی پێکەوە نەنووسێ: (زمان و دڵ ئەبینم بەینی وەک ئاسمان و ڕێسمانە/ لە پەستی وائەڵێم یاخۆ قسەی توغیانی خۆشیمە؟) «کاکەی فەلاح»،٢. وڵامێک پێوەندی بە پرسیارەوە نەبێ،٣. وتەیەکە بۆ جیاوازی نێوان دوو چتان بەکاری دێنن: (تۆ هەتە تیغی دەبان و من هەمە تیغی زبان/ فەرقی ئەم دوو تیغە، هەر وەک ئاسمان و ڕێسمان) «شێخ ڕەزا».

**ئاسمانە**: ١. میچ، بنمیچ، پۆشە، لاسەرگ، لاژوور، لاسەرگە،٢. مەلاشوو، ئاسمانەی دەم، ئاسمانەدەمی.

**ئاسمانەدەمی**: ئاسمانە، مەلاشوو.

**ئاسمانەرە**: ئاسمانا بەرەو خوار.

**ئاسمانەنە**: لە ئاسمانا، بە ئاسماندا.

**ئاسمانەوان**: ×××

**ئاسمانەوانە**: ئاسمانەوان بۆ مێ.

**ئاسمانەیدەم**: لاسەرگ دەم، مەلاشوو.

**ئاسمانی**: ١. شین، کەوو، شینی ئاسمانی، ئەسمانی: (دوو چاوی شینی مەستی ئاسمانی/ دوو ئەبرۆی ڕەشی بوونە کەوانی) «فولکلور»،٢. شتی پێوەندیدار بە ئاسمانەوە،٣. هەر شتێ لە ئاسمانەوە هاتبێتە خوارێ(قورعان)،٤. ڕووحانی، هەرچی لەبارەی ناسکی و جوانی لە زەویدا وێنەی نەبێ: (ئەو فاتەڕەشە بە دەنگێکی زوڵاڵ و ئاسمانیی پێی هەڵدەگوت) «توحفە»،٥. ئیشقی پاک و لە دڵەوە: (ئێستا ئەوین خەتایە، هەرچەند پاک و ئاسمانی بێ) «میرزا».

**ئاسمانیباڵاپەرواز**: ئاسمانی بەرز و بڵند.

**ئاسمانیحەوتەم**: دوایین قاتی ئاسمان بە پێی بڕوای کۆن.

**ئاسمانیحەوتەمین**: ئاسمانیحەوتەم: (سێ پەری لە ئاسمانێ حەوتەمین بەستویانە لەنگەرە/ لە سەر کۆشکی کاکەمەمی هەڵدەنیشن ئەوبەر ئەوبەرە) «مان».

**ئاسمانیساو**: سایەقە، ئاسمانی سامالّ و بێهەور: (ڕوونی چارەی تۆ وەک ئاسمانی ساو/ وەختێ لێی دەدا پڕشنگی هەتاو) «دڵدار».

**ئاسمانێهەفتێ**: ئاسمانی حەوتەم: (ئاگر تە دگۆ: گیهاندە نەفتێ/ پێت ژێ چوو ئاسمانێ هەفتێ) «خانی».

**ئاسماوا**: بەشێگ گەورا لە چەرداوڕ.

**ئاسماوێ**: گوندێکە لای شنۆ.

**ئاسمن**: ئاسمین، ئاسمان.

**ئاسمە**: ئاشم، مانگ، هەیڤ.

**ئاسمەن**: ئاسمان.

**ئاسمی**: ١. ئاسمە، هەیڤ، مانگ،٢. گیرۆدەی نەخۆشی تەنگەنەفەسی.

**ئاسمین**: ١. یاسەمەن، یاسەمەنە، یاسەمین، گوڵێکی داروکەی سپی و بۆنخۆشە: (نە چیچەک مان، نە ئاسمین/ نە زۆزانێ د ڕەنگین مان/ نە گۆیینێ د خوەشخوین مان/ نە نیسان ما، نە ئادارە) «فەقێ تەیران»،٢. ئاسمان.

**ئاسمێن**: ئاسمان، ئەسمان، حەوا: (مریشک ئاقێ ڤەدخۆت، تەماشای ئاسمێن دکە) «پەند».

**ئاسمیە**: ئاسمێن، ئاسمان، عاسمان.

**ئاسمیین**: ئاسمین، یاسەمەن.

**ئاسن**: ١. هێسن، ئێسن، هاسن، ئاهەن: (جەهلی ئیشکالی مەسائیل وا خەتی زانینمە/ زولفی تۆ قەید و سیلسیلەی ئاهینمە) «حاجی قادر»، (ئاسن ب ساری ناچەمیت) «پەند».٢. بریتی لە ڕەق، سەخت: (لاوی وەتەن مستی ئاسن/ قامکی سەرەنێزەیە) «فۆلکلۆر»،٣. بریتی لە بێڕوحم و دڵڕەق: (سەرم بێ سەرگەردانی/ ڕوحم بێ بە قوربانی/ دەڵێی ئاسن و پۆڵایە/ ڕوحمی تێدا نییە گیانی) «فۆلکلۆر»،٤. سەمبولی خۆڕاگری و پتەوی و بەرخۆدانێ: (ڕەنگە ئازای بەندەنم تێککاتەوە دوژمن، بەڵام/ ئەستەمە تێکی شکێنێ باوەڕی وەک ئاسنم) «بێتووشی».

**ئاسناوا**: ١. گوندێکە لە دێکۆی خاوومیراوای مەریوان،٢. گوندێکە لای بیجاڕ.

**ئاسنبر**: ١. قەڵەمی ئاسنبڕینەوە،٢. مشاری ئاسنبڕ.

**ئاسنبەر**: ئاسنکێش.

**ئاسنجاو**: هەووڕ، هەوەڕ، هەوروهۆڵ، ئیربار، هیربار، مسینە، مسوار، قاپ و قاچاغی زەرد و مسین.

**ئاسنخۆر**: هەرچی لە سەر ئاسن کاریگەری هەبێ وەک چەرخی چەقۆ تیژ کردن×: (بلیمەتێکە هێند زۆری زۆرە/ زەنگی پیاو ئەخوا ئەو ئاسنخۆرە) «پیرەمێرد».

**ئاسند**: هاسان، سانا: (خوارن ئاسندە، داگرتن دشوارە) «پەند».

**ئاسندار**: دارئاسن، سوورەچێو، تووڵەگزی، گزگەتووڵییە، دارێکی بەری کوێستانەکانی کوردستانە و میوەکەی وەک ئاڵەتە کێفیلە دەچێ.

**ئاسندڕک**: ئاسندڕ، دڕکەئاسنینە، تێلی دڕواوی، تێلدڕی، تێلدڕک، دڕک، تەلبەند، سیمی خاردار.

**ئاسندڕگ**: گیایەکە دڕکدارە.

**ئاسنڕفێن**: مەگناتیس، ئاسنکێش.

**ئاسنڕووا**: ئاسنڕفێن، مەگناتیس.

**ئاسنڕەڤین**: موغناتیس، ئاسنکێش.

**ئاسنرەق**: بریتییە لە مرۆڤی سەرهشک.

**ئاسنسم**: ئاسنکونکەر، شتێ ئاسن بسوێ.

**ئاسنسەرە**: گزیلکەسەرە، گیایەکە.

**ئاسنشکێنە**: گیایەکە لە ڕووەکگەلی کوردستان.

**ئاسنفڕێن**: موقناتیز، میغناتیس، موغناتیز، ئاسنکێش.

**ئاسنقۆت**: ئاسنگەر، وەستاخاڵە.

**ئاسنکوت**: Asinkut ئاسنگەر.

**ئاسنکوت**: Asinkwit ١. مەکینەی ئاسنکوتان، ٢. ئاسنەواڵە، ئاسن دارِزیایێ.

**ئاسن کوتە**: ئاسنەواڵە، ئاسن قورِازە.

**ئاسنکوتی**: ئاسنگەری.

**ئاسنکێش**: موغناتیس، مۆگناتیس: (ئەڵێن مقناتیسی ئاسنکێش کە سیری لێ نزیک خرایەوە هێزی راکێشانی نامێنێ) «رشتەیمرواری».

**ئاسنگر**: ئاسنگەر، هاسنگەر: (لە سەر دوکان ئاسنگەری، جووتێک رکێفی دروس دەکرد، دانەلغاوێکی حەوێز مرواره) «قۆچ عوسمان».

**ئاسنگران**: دێیەکە لە دێکۆی شاهۆ بەشی ناوچەی کامیاران.

**ئاسنگری**: ئاسنگەری.

**ئاسنگەر**: ١. وەستاخاڵە، ئاسنکوت، ئاسنگر، هاسنگەر، هەسنگەر، هێسنگەر: (لە لای ئاسنگەر کەسێ دانیشێ/ بەرگی دەسووتێ، یا سەری دیشێ) «غولامی»،٢. نازناوی کاوەی ئاسنگەر،٣. ناوە بۆ کوران.

**ئاسنگەران**: ١. کۆی ئاسنگەر،٢. جێی تایبەتی کاری ئاسنگەران: (دوانیوەرۆیە، تاق تاق دوکان کراونەتەوە، عەتا لە مەیدای ئاسنگەران بەرەو ماڵی سەید غەفوور دەروا) «هەزار ئەشکەوت»،٣. گوندێکە لە باکووری رانییە.

**ئاسنگەرخانە**: ئاسنگەری.

**ئاسنگەری**: ١. ئاسنگری، کارکرن بە ئێسن،٢. ئاسنگەرخانە، کارگەی ئاسنگەری.

**ئاسن وپۆلا**: ١. زۆر بێروحم،٢. زۆر سەخت و قایم و نەشکێن: (ئەنگۆ وان قۆنگرە و قەلاتان باوێنە سەر ملی دە منە/ بە تۆوفیقی خولاوەندی موبین، لەبۆو دەشکێنم قەلات و قۆنگرەی دە پۆلا و ئاسن) «فۆلکلۆر».

**ئاسنۆکە**: ئاسنەواڵە، پارچەئاسنی بچوک.

**ئاسنەرێ**: هێڵی شەمەندەفەر، هێڵی ئاسن، رێی قەتار،

**ئاسنەڵان**: ١. کان، مەعدەن، کانگەی ئاسن،٢. پارچەپارچە، قورِازە، کوتکوت،٣. تیغی ئاسنینە.

**ئاسنەواڵە**: لەکارکەوتەی ئاسن، ئاسنە قورِازە.

**ئاسنی**: ئاسنین.

**ئاسنیساردکوتان**: بریتی لە کاری بێهوودە.

**ئاسنیسەردکوای**: بریتی لە کاری بێهوودە کردن.

**ئاسنیک**: هەسنیک، ئاسنجاو، ئەردزین، تشتێ مینانی هەسن.

**ئاسنین**: ١. ئاسنی، ئاسنینە، ژ ئاسنی، دروسکراو لە هێسن ٢. قایم وەک ئاسن: (هەموو پەنجەمان ئاسنین و قەوی/ لەبەر هەیبەتی مە دەلەرزێ زەوی) «بۆکوردستان».

**ئاسنینە**: ئاسنین، ئاسنی.

**ئاسو**: ١. ئاسوودە، راحەت: (تف لەو ژیانەی کە بێ دەردی عەشقە ئاسوە/ بەخ لەو ملەی کە زولفی نیگاری تەنافییە!) «گۆران»،٢. ئاسۆ: (چوو دار ئاسو ریشە خوریاگم/ وێنەی حەزرەچی جوواو دریاگم) «خانمەنسوور»،٣. ناوی کورانە.

**ئاسۆ**: ١. ئاسۆگ، ئاشۆگە، ئاسووگە، ئاسوو، بستوو، سوو، کەلەمل، کەلەملە، کەل، کەلە، کەلوو، ملە، سوویگە، سوی، سووێ، سیلە، دیارگە، کەنارەی ئاسمان کە خۆر و مانگ لێی هەڵدێن و ئاوا دەبن: (زەردەپەرِی زێرینی رۆژ لەوبەرەوە، لە کام کەژ و چیاوە، سەری لە کەل دەرێناوە) «گەدا»،٢. تارمایی، تاپۆ، رەشایی لە دوورەوە ٣. هزر، بیر، فکر،٤. ئاهو ٥. ئەسپی خۆشبەز،٦. سۆما، رۆشنایی، رووناکی،٧. روانگەی بیر و تێروانین،٨. نازناوی شاعیری هێژای بۆکانی «کاک سەعید نەجارِی» : (سەدان «ئاسۆ» لە ئاسۆگی هیوا بەشدار و پسپۆرن/ فەلەک حەیتە زەلامێکە، خەیاڵی بەیچەڵ و تۆرن) «راوچی»،٩. ناوە بۆ کوران و کچان.

**ئاس‌وپەڵاس**: ١. بریتی ڕەجاڵ، نەدار، ڕووت، ڕووت‌وقووت: (فلانی زۆر ڕووتە، ئاس و پەڵاسە و هیچی بە جەرگەوە نییە)، (وا نیمە بە کوردی تەڕەفی خۆم نەناسم/ ڕووی دیارە لە بن پەردە وەکوو ئاس و پەڵاسە» «ئەدیب»،٢. پیداگری زۆر: (ئەمیرخان بە ئاس و پەڵاس‌دا دەچوو و بە فڕ و فیڵ خۆی بە غوڵام و نۆکەر نیشان بدات) «توحفە».

**ئاسوداوئسراحەت**: ئاسوودە، ئەرخەیان: (هەرچی پوڵ دەراورد، نشت خوردشو ئاسودا و ئسراحەت) «دەرویشیان».

**ئاسۆری**: ١. پێوەندی‌دار بە قەومی ئاسووری،٢. خەت و زمان و ئەندامانی ئەو قەومە.

**ئاسۆز**: ناوە بۆ کیژان.

**ئاسۆس**: ١. چیایەکە لە نزیک شاری قەڵادزێ، ٢. ناوە بۆ کوڕان.

**ئاسۆک**: سێبەر، سێوەر، نسێ.

**ئاسۆگ**: ئاسۆ، سوو: (غەم و ئەندێشە نیشانەی بوونە/ هیچ مەترسێ کورم ئاسۆ ڕوونە) «ئاسۆ».

**ئاسۆگا**: ١. ئاسۆ، بەرزایی پەراوێزی ئاسمان،٢. جێی مانگ دۆزینەوەی هەوەڵ و ئاخری مانگ،٣. تەپ، تەپۆڵکە،٤. دیارگە، دیارگا، بەرچاو، شوێنی دیاری‌دان.

**ئاسۆگە**: ئاسۆگا.

**ئاسۆن**: ئاسان، هاسان.

**ئاسوو**: ١. ئاسۆ، جێی هەڵاتنی مانگ و خۆر،٢. سۆما، ڕۆشنایی، ڕووناکی، سۆمای چاو،٣. ئاسوودە،٤. خێرا، گورج،٥. بەرزایی، بڵێنی،٦. ناوە بۆ کوڕان.

**ئاسووار**: پاک، گەورا، ڕۆحانی: (نائووسنانی مینانی چەسەر/ تێخ دۆ دەمم بەسانە کەمەر/ نە سینەم مەکسنیوو خۆڵاسەیٚ گەوهەر/ زات ئاسووارنان نامەشەن حەیدەر) «ئاهوورا».

**ئاسووپەڵاس**: هیچ، هیچوەختێک، هیچکاتێک، توو، ببڕای‌ببڕای.

**ئاسوودە**: ١. دینج، ڕینج، دڵنیا، بێ‌خەفەت، بێخەم، رەحەت، قوتار، تەنا: (ئەو کەسە ئاسوودە و خۆش ڕابوارد/ قەت خەمی ئێخسیر و کۆیلانی نەخوارد) «ناڵەی جودایی»،٢. بێدەنگ، کڕ، کپ،٣. سەحەت، سەرسڤک، حەساو، ساو، حەسیاگەوە، حەساوە،٤. ناوە بۆ کچان.

**ئاسوودەبوون**: ١. ئاسوودەبیەی، سانەوە، بێندان، مەشکین، وچاندان، حەسانەوە،٢. لە کۆڵ کەوتنی گیروگرفت: (گوتی: مەترسە بە گۆڕی بابم/ تۆڵەت نەسێنم ئاسوودە نابم) «بۆکوردستان»،٣. بریتی لە ڕەحەت بوون.

**ئاسوودەبیەی**: ئاسوودەبوون.

**ئاسوودەحاڵ**: ئاسوودە، بێ‌خەم و خەفەت.

**ئاسوودەخاتر**: بێخەم، بە دڵێکی ڕاحەت: (ئاسوودەخاتر چایی بنۆشن) «م.ح. دزڵی».

**ئاسوودەخەیاڵ**: ١. بێ‌خەم، بێ‌کەسەر،٢. ئەرخەیان، دڵنیا، خاترجەم.

**ئاسوودەکردن**: ١.خاترجەم‌کردن،٢. پشووپێدان، حەساندنەوە،٣. لە کۆڵ کردنەوەی گرفتاری،٤. ڕەحەت‌کردن.

**ئاسوودەکەردەی**: ئاسوودەکردن.

**ئاسـوودەگەری**: ئاسـایش، ئاسایشـت، ئـۆقرە، وەقرە، ورینـگ، وچـان، تەنـاهی، ئـارامی، سـتار، ستاری، فەرعانی.
**ئاسـوودەگی**: ئاسـوودەیی، ڕاحەتـی: (ئەی دڵ لەم دنیا چاکەی چیـت ئەویٚ/ ئاسـوودەگی قەت بەر تۆ ناکەویٚ) «حەسەن زیرەک».
**ئاسـوودەوناڕەحەت**: بـۆ گـوزەرانی بەڕواڵەت خۆش و لەڕاستیدا نـاخۆش دەبیـژریٚ: (پـیٚموایە کەس لە دنیادا وەک تـۆی بـۆ نـاگوزەریٚ، کـوڕە ئەی چـی ئاسـوودە و نـاڕەحەت، وەک شـای دەگوزەریٚنم) «موکریان».
**ئاسوودەیی**: هیٚـوری، ئاشـیتی، وەرم، ئاسـایش، تەواسـیان، حەسـیانەوە، ژووژیـان، سـرەوتن،١. حاڵەتی بیٚگیروگرفتی،٢. سەرسووکی، بیٚقرەیـی، ٣. بیٚ شەڕ و شۆری.
**ئاسوور**: ١. کشتوکاڵ، وەرزیٚـری،٢. سـەرحەد، سنوور: (لیڤ و ئاسووری گەییە قوڕیچا/ کوانیٚ سپاکەت بیٚتو دەوری دا) «مینەجاف».
**ئاسـووگە**: گـرد، گـردوولکە، تەپ، تەپۆلـک، تەپۆلکە.
**ئاسووینە**: سۆرانی، فەقیٚیانە.
**ئاسوید**: جۆرە خۆراکیٚکی بە تامی خۆماڵییە.
**ئاسویدە**: ئاسـیدە، ئاسـوید: (چ یـیٚ خۆشـە ب گەرمی ئاسویدە و نانیٚ گەنمی) «پەند».
**ئاسوێری**: ڕووناکی، ڕووناهی.
**ئاسویی**: ئاسۆیی، پێوەندایدار بە ئاسۆوە.
**ئاسۆیی**: ١. ئاسۆگەیی، پێوەندیدار بە ئاسـۆوە،٢. خەتی بە دریٚژایی ئاسۆی زەوی.
**ئاسوییە**: ئاسویی بۆ میٚ.
**ئاسە**: ناڤیٚ میٚرانە: (پیاویٚک هەبوو لە سنە ئاسەی حەمە حەسەنی ناو بوو) «ڕشتەیمرواری».
**ئاسـەر**: ١. ئاسـتەڕ، زەغەرە، بەر(کەوا، لـیٚفە)،٢. ڕەنگی ژیٚرەوەی ڕەنگی سەرەکی لە بەتانە.

**ئاسەرلیٚف**: بەرەلیٚفە، چەکە، ڕووی لیٚفە.
**ئاسەڕی**: ١. ئاسـتەڕ، بەر، قوماشـیٚ کە بـۆ بەر بەکـاری دیٚـنن،٢. پەڕۆی بەردەسـی بەقـاڵ و میوەفرۆش بۆ خاویٚنکردنەوەی وەردەس.
**ئاسـەف**: ئاسـەفی کـوڕی بەرخیـای وەزیـری حەزرەتـی سـولەیمان: (سـولەیمان کـوا نگـین و ئاسەف و عیفریت و بەڵقیسـی؟/ سـکەندەر کـوا شکۆهو و تەپڵ و بەیداخ و موهیمماتی؟) «بیٚخود».
**ئاسەفاوا**: گوندیٚکە لە دیٚکۆی «بەدر» مەڵبەنـدی قوروە.
**ئاسەفەدیوان**: دەسـەڵاتداریٚک بـووە لە سـنە×: (ئاسەفەدیوانی سنە گەلیٚ دیٚ و ناوچەی هەبـوو) «ڕشتەیمرواری».
**ئاسەفیسـانی**: ١. حەزرەتـی سـولەیمان،٢. سولەیمان پاشای بابان: (هودهـودی دڵ حەبسـی بەلقیسـی سـەبای دیـوە، یەقـین/ خـۆی کە دامیٚنگیری شاهی ئاسەفی سانی دەکا) «نالی».
**ئاسەک**: ئاسیاو دەسی، دەستاڕ.
**ئاسەلاٚبوون**: لیٚدەرهاتن، بەدیهاتن، پەیـدابوون: (کوڕ خاسیٚکی لیٚ ئاسەلاٚ بووگە).
**ئاسەم**: ئاستەم، حەستەم.
**ئاسەنەرەی**: داهیٚشتن، داهیٚلان، شۆڕکردنەوە.
**ئاسـەوار**: ١. شـوینەوار، شـوون، جیٚشـویٚن،٢. ڕەگەز، بەرە، ڕەتەوە، نژاد: (دار لە داری/ ئاسن لە داری/ بەن لە ئاسەواری)،٣. ناوە بۆ کوڕان.
**ئاسەواربڕان**: فەوتان، بنەبڕبوون: (کشەکشە ڕەببی ئاسەوارتان بڕیٚ).
**ئاسەواربڕانەوە**: بنەبڕکران، ئاسەوارنەمان.
**ئاسەواربڕین**: بنەبڕکرن، نەهیٚشتن.
**ئاسەوارلیٚبڕین**: قڕکردن، هیچ لیٚ نەهیٚشتن: (چی وای نەمابوو کوردەکـان خۆیـان دەبـاڵ بـاویٚن و ئاسەواریان لیٚ ببڕن) «توحفە».
**ئاسەوارمانەوە**: نەبڕانەوەی ڕەگەز و نژاد.

**ئاسەوارنەهێشتن**: بڕینەوەی ئاسەوار.
**ئاسەواری‌کۆن**: شتی مێژووی و قەدیمی.
**ئاسەوان**: ئاساوان، ئاشەوان.
**ئاسەیرە**: پالّاوتن، ئاوگرتن.
**ئاسەی**: ئاستەی، هێشتن، تلّین.
**ئاسەیرە**: پالّاوتن، ئاوکێش کردن.
**ئاسی**: ١. ئاسک، مامز، جەیران،٢. وەرەز، جارز، حاسی، عێدز،٣. گەنمێ کە وە دەستاڕ لێکراوە،٤. زمانی تاقمێ لە خەلّکس قەفقاز.
**ئاسێ**: ١. سەخت، گران، دژوار: (زانم ژ عیشقێ دوژەهی، بەحرەک ژ ناری ئاسیهی/ ئیرۆ ل ماهی خەرگەهی، تەشبیهی سەیوان مەلا!) «جزیری» ٢. هەلّەمووت، هەلّدێر، هەزارهەزار، جێی ئەستەم: (دەلّێ: شا! جێ ئاسییە، ئەز نایچۆمێ/ هیمدادی بۆ دێ لە ڕۆمێ/ دەنشکێنێ، تێک دەدا کۆمێ، ...) «مان» ٣. حاسی، حاسیە، جارز، وەرەز ٤. گەمارۆ، دەورە،٥. نەخوش، نەساغ، نەساک،٦. ئاهوو، ئاسک،٧. جووری چیخە،٨. ناوی ژنانە: (داستانا حەسەنیک و ئاسێ ل دەڤەرا چەمێ مووراد قەومییە) «سەنار».
**ئاسیا**: ١. قارەی ئاسیا، قورنەی ئاسیا، بەشێکی گەورە لە چوارقورنەی دنێ ٢. ئاش، ئاسیو: (ئاسیا هاتە میزەمیز، ئاخیزی میزیگ) «مێژوو» ٣. بەرئاش، بەردی ئاسیاو،٤. ناوی ژنانە.
**ئاسیابوون**: لێکران، وردکران، هاڕدران(دەغلّ).
**ئاسیاتی**: ١. ئاسێیی، نەخوشی ٢. ئاسێیاتی، عەردێ ئاسێ ئێ ئاستەنگ.
**ئاسیاگەرد**: ئاسیاگێڕ، ئاسیاوگەر، ئاشگێڕێک ئاو.
**ئاسیاو**: ئاش، ئاساو: (دووکان دیاریی دا لە بناری شاخ/ ژووری ئاش و بی، خواری شیو و باخ) «گۆران».
**ئاسیاوان**: ئاشەوان، ئاشڤان، ئاسیاوەوان: (سەدای ئاسیاوچی مەیۆ پەیاپەی/ ئاساو خالّی‌یەن نەوبەتەن سا دەی) «مەولەوی».
**ئاسیاوانە**: ئاشەوان بۆ مێ.
**ئاسیاوانی**: ١. ئاشەوانی،٢. بریتی لە تووڕەیی.
**ئاسیاوئوسا**: ئاش‌وەستا، وەستای ئاسیاو.
**ئاسیاوئەسپی**: ئاشی ئاژەلّ، ئاشێ کە بە ولّاخ دەگەڕێ.
**ئاسیاوبازی**: ١. ئاسیاو منالّگەل، ئاسلّالّە، ئاساولّە، جۆرە گەمە و یاریەکە ٢. چەرخ‌وفەلەک، لەلووک، ئاشە بە تەندوورە.
**ئاسیاوچی**: ئاشەوان، ئاسیاوان: (سەدای ئاسیاوچی مەیۆ پەیاپەی/ ئاساو خالّی یەن نەوبەتەن سا دەی) »مەولەوی«.
**ئاسیاوژەنە**: ئاسیاوکرێن، چەکوشی بیرازی ئاش.
**ئاسیاوش‌تیزە**: بریتی لە کەسێ کە زوو زوو دەخوا.
**ئاسیاوقرمز**: دێیەکە لە قلّاشاین.
**ئاسیاوگلێن**: ئاسیاوگێڕ، ئاشگێڕ، ئەندازە ئاوێ کە ئاشی پێبگەڕێ: (ئاسیاوگلێنێک ئاو بەو شیوەدا دێتە خوارێ).
**ئاسیاوگۆم**: ناوی شوێنێکە لە کن سنە.
**ئاسیاوەکان**: ١. کۆی ئاشەکان، ئاشگەل،٢. ناوی سەیرانگایەکە لە دامێنی چیای ئاویەری سنە.
**ئاسیاوەوان**: ئاسیاوان.
**ئاسیاوی**: ئاش.
**ئاسیای‌گەردوون**: ئاشی گەردوون، بریتی لە زەمانە: (سیحەی هەیاهووی ئاسیای گەردوون) «م.ح. دزلّی».
**ئاسیایە**: وەرمتییە، پەرچڤتییە، نڤستییە.
**ئاسیایی**: ١. پێوەندی‌دار بە قورنەی ئاسیاوە،٢. دانیشتووی ئاسیا.
**ئاسیب**: زیان، زەرەر: (خوداوەندا بە جاهی

خۆشەویستی خۆت بەدووری کەی/ لە ئاسیب و بەڵا ئەم خوشکەزایەم خۆی و خزمانی) «بێخود».
**ئاسیب پەنەیاوای**: زیان پێ‌گەیشتن.
**ئاسیب پەنەیاونای**: زیان پێ‌گەیاندن.
**ئاسیب دیەی**: زیاندیتن، زەرەربینین.
**ئاسی‌بوون**: ١. عاسی بوون، بە تەنگ هاتن: (دبێژن بابە دەرویشەک بخۆ دگەرها و گەهشتە بەری گاری، ل سەرێ زڤستانێ گەهشتە گوندەکی، چەند رۆژ ل وێ رێ ماڤە و ئاسی بوو) «گولواز»،٢. سەربزێوی، نافەرمانی کردن،٣. حاستی ئێک هاتن.
**ئاسێ‌بوون**: ١. دەورەدران، لە گەمارۆ کەوتن،٢. گیرخواردن، تووش‌بوون.
**ئاسیب وەنەدای**: زیان لێدان.
**ئاسیب وەنەکوتەی**: زیان لێ‌کەوتن.
**ئاسیب وەنەی**: زیان لێدان.
**ئاسیب وەنەکۆتەی**: زیان لێکەوتن.
**ئاسیتان**: ئاستان، دەریزان، دەرازینک، حەوشە، حەسار: (هاڤینان خەلم لە ئاسیتانێ مالا دادروونن).
**ئاسید**: ١. ئاسیدە، جۆرێ هەڵوایە: (دۆژمنێ خۆ ب ئاسیدێ کوشت) «پەند»٢. ئەسید، ماکێکی شیمیاییە.
**ئاسێ‌دان**: گەمارۆدان.
**ئاسیدە**: (سۆر.) ١. هەڵوای بە دۆشاوی: (چ یێ خۆشە ب ساری: فرۆ و مێدهو کاری، چ یێ خۆشە ب گەرمی: ئاسیدە و نانێ گەنمی) «پەند»٢. کووکی،٣. ئاسوودە، تەنا، رەحەت.
**ئاسیرە**: ئەستێرە.
**ئاسێرە**: ئەستێرە.
**ئاسیرەدمدار**: ئەستێرەی کلکدار.
**ئاسیک**: ١. بزنەکێوی ٢. ئاسک، مامز ٣. ناوێ بۆ کچ و ژنان.

**ئاسێ‌کردن**: ١. تووش‌کردن، پێوەکرن،٢. خۆبەستنەوە، زیندانی‌کردن،٣. گەمارۆدان.
**ئاسێگەهـ**: ١. قەڵا، کەلا، قەڵات، هەسار ٢. جێی سەخت و دژوار ٣. حەشارگە.
**ئاسیل**: ئەسید، تیزاو.
**ئاسیمان**: ئاسمان.
**ئاسیمە**: ئاسینداری، شێتۆکە.
**ئاسیمێن**: ئاسمان: (ڕوویێ خوە دا ئالییێ ئاسیمێن) «پەپووک».
**ئاسین**: ١. قوڵەکراس، سۆرانی، قوڵەکەوا، ئەنگوچک ٢. سورەتی یاسین،٣. جن‌خوو، شێتی.
**ئاسیندار**: شێت، شێتۆکە، جن‌خوودار.
**ئاسین‌سەرخود**: ١. بریتی لە شتێ کە هیچ کەم‌وکەسری نەبێ،٢. بریتی لە کەسێ کە بەبێ ئیجازەی کەسێلی‌تر کاری خۆی دەکا.
**ئاسینگەر**: ئاسنگەر.
**ئاسیو**: ١. زیان، زەرەر، عەزیەت، قۆرت، بەڵا، ئازار، ڕووشە، گۆنگەڵ، گۆسرمە، کارەسات، کۆست، تەوەرە، تەمەرە، دەرد، وەی، چۆرتم، چەپۆکی ڕۆژگار،٢. ئاش، ئاسیا: (ساقی، گەرد ئارد یاران هام‌فەرد/ مدۆم نە دەماخ ئاسیای چەپگەرد) «مەولەوی».
**ئاسیودیتن**: خەساردیتن، زەرەردیتن، زیان‌بینین.
**ئاسیولێدان**: خەسارلێدان، چزەلێدان.
**ئاسیوناسی**: زانیاری بەراوردی زەرەر و زیانێ کە لەش لە زام یا نەخۆشی پێی‌دەگات.
**ئاسیهـ** : ١. ئاسێ، دژوار، سەخت: (زانم ژ عیشقێ دۆژەهی بەحرەک ژ ناری ئاسیهی) «جزیری»،٢. داروکەی سنجووەتاڵە کە ئاگری زۆر بەتینە.
**ئاسیە**: ناوی ژنانە: (ڕەزیە و ڕەزیە دارەکە، ئاسیە شەدە لارەکە) «حەسەن زیرەک».
**ئاسیهێ**: گوندێکە لای خواری زاخۆ.

**ئاسێیاتی**: زوێری، قەڵسی، توورەیی.
**ئاسییە**: ١. ئاسکی مێ، مادە مەدەوەر،٢. ناوی ژنانە.
**ئاسێیی**: ئاسێیاتی.
**ئـاش**: ١. ئاسیا، ئاسیاو، ئاسا، ئاساو، ئاساوا، ئارهێڕ، ئاریش، ئێش، هاش، ئاشی دەغڵهاڕین: (ئاشی نەزان خودا دەیگێڕێ،/ ئاشی کەم‌گەڕ هەیە، بەڵام هیچ نەگەڕ نییە،/ ژ ئێش تێم، ئەو دوێ نۆوە ناوە) «پەند» ٢. گرار، شێڤ، شام، چێشت، جەمی ئێوارێ لە خواردن: (ئاش و شیوی پەڵوولەیە/ پیشە و کاری چەمۆڵەیە) «ڕشتەی‌مرواری»،٣. دۆکولیو، دۆکلیو، خواردنێک لە دۆ و دانەوێڵە ٤. دەق، شۆ، ئاهار، ئاشی یەخە و کراس،٥. جێی دانانی دەزگای ئاش، ٦. شلە، خۆرشتی شلە بۆ پلاو، ٧. ئاشت، تەبا، کوک، شاد: (کانێ ل مە ئاشە یانە زیزە؟/ باغێ وی بوهارە یا پەییزە؟) «خانی»،٨. ئار، ئارد،٩. داناش، دەغلی لێکردن: (ئاش هەر ئەوەندەیە، ئاشەوان بیقەپێنێ!) «ئەمیری»،١٠. سیکەتۆرە، ئەندامی ماسوولکەیی باڵندە کە دوای چیکەڵدانە هەڵکەوتووە بۆ هاڕینی دان،١١. گەڕ، چەرخ، خول، دەور.
**ئاشـاخە**: ١. قرپۆک، خراپ، داشاخە، میوەی کۆنی ڕزیو ٢. حەیوانی بێ‌برەو لە جەڵەبدا ٣. هەر شتێکی نالەبار و بێکارە،٤. لای خوارەوە.
**ئاشار**: ١. چاوشارکێ، ڤەشارتوک، کایەی هشار هشار،٢. حەشار، حاشار.
**ئاشـاردن**: ئاشاردان، داشاردن، شاردنەوە، حەشاردان، ڤەشارتن.
**ئاشاریا**: داشاردراو، پێواربووگ، شاراوە.
**ئاشاریاگ**: ئاشاریا، ڤەشارتی.
**ئاشاز**: ئاساش، ئاسایش.
**ئاشاس**: ئاساش، ئاسایش.
**ئاشاست**: ئاشاز، ئاسایش.
**ئاشاسی**: ئاسایشت.
**ئاشاغە**: ئاشاخە.
**ئاشاغەکەند**: ناوی گوندە لای بیجاڕ.
**ئاشاکی‌ئێوە**: دوو لە ڕووی ئێوە: (ئەوەی ئێمەش نەناسێ، ئاشکی ئێوە، خۆی تووشی سەرئێشە دەکات) «ف.پ.پ.».
**ئاشام**: شام، شەو، ڕۆژاوا.
**ئاشامبخێر**: شەوباش، شام بخێر، ئاخشام‌بەخێر، ئەقشام بخێر.
**ئاشان**: گوندێکە لای زاخۆ.
**ئاشاندن**: داشاندن، ڕاشاندن، ڕێتن، ڤەئاشاندن، وەراندن، هلشاندن.
**ئاشاندۆک**: ئاشاندی.
**ئاشـاندی**: ئاشاندۆک، ئاشانۆک، ئاشانەک، داڕژێن، داوەرێن.
**ئاشانوبخوران**: قرمقاڵ، قرم‌وقاڵ، هەراوهوریا.
**ئاشانوخوران**: ئاشانوبخوران.
**ئاشانۆک**: ئاشاندی.
**ئاشانە**: ١. مزەئاش، مزە، فراش، دەیەکی مزاش کە بەشی خودان‌ئاشە و ئاشهێڕ دەیداتێ ٢. خراپ، ئاشاخە، داشاخە ٣. خەرج و باجی میری کە لە لایەن ئاغا یا میری لەسەر ئاش دابنرێ و لە ساڵدا لە خاوەن‌ئاش بسێنرێ.
**ئاشانەک**: ئاشاندی، داوەرێن.
**ئاش‌ئاش**: ئاش‌ئاشی، نوچلە نوچلە.
**ئاش‌ئاشۆک**: ئاشەقولی، ئاشەقولانێ، ئاشکێ مندالانە: (دێ تە زڤڕینم وەکی ئاشئاشۆکی) «پەند».
**ئاش‌ئاشوورا**: چێشتی ڕۆژی عاشوورا.
**ئاش‌ئاشی**: ئاش‌ئاش، تاوتاو، ئاش واشی.

**ئاشباز**: ئاشچی، ئاشپەز.

**ئاشبازی**: ئاشپەزی، چێشت لێنان.

**ئاش‌برنج**: خواردەمەنی‌یەکە.

**ئاش‌بگیر**: تاڵانکەری ئاش، جەردە، ئاش‌دز.

**ئاش‌بوون**: ١. ئاشت بوونەوە،٢. ژێر بوونەوەی زارۆک، ئارام بوون: (غولام ئەو جار دەریا دیدبی، ساخی ل گەمیدا نەجەربانی، دەست کر ب گری و زاری، چقاس بەر گەرین و ب ئاش بوونێ، ڤەنەگەری) «گول‌شوون».

**ئاش‌بوونەوە**: ئاشت بوونەوە، سازان، ناکۆکی لابردن.

**ئاش‌بەتاڵ**: ١. ئاسیاوبەتاڵ، ئاشدۆڵ، ئاش‌دۆڵە، ئاش‌چۆڵە، ئاشدۆڵ، وتەیەکە ئاشەوان بە دەنگی بەرز دەیڵێ کاتێ ئاش باری نامێنێ تا باری کەی بۆ بەرن: (ئاشی سمتی تۆ بە ئاوی کێری ئێمە ناگەڕێ/ ئاش‌بەتاڵی بۆ بکە گەر تاقەتی دانت هەیە) «شێخ ڕەزا»،٢. لێک دابڕان و هەڵوەشاندنەوەی حیزبێکی سیاسی،٣. بریتی لە کاری نیوەچڵ و ناتەواو: (عەجایب ئاش‌بەتاڵێکە لە مەیدانی فڕوگیری/ بە بێ نێچیرە، جێگیرە، چ ناپێکێ دەس و تیری) «ڕاوچی».

**ئاش‌بەتەندوورە**: ئاشەبەتەندوورە.

**ئاش‌بەتەنووری**: ئاش‌بەتەنووری.

**ئاش‌بەتەنووری**: ئاشەتەندوورە، ئاش بەتەندوورە.

**ئاش‌بەرمێن‌بوون**: دان هاتنی زۆر بۆ ئاش.

**ئاش‌بێ‌ئاونانەوە**: بریتی لە کاری بێهوودە کرن.

**ئاش‌بیکۆر**: گوندێکە لای سمێلان.

**ئاش‌پاڵن**: ئاش‌پاڵێو.

**ئاش‌پاڵوو**: ئاش‌پاڵێو، پاڵێونە، سەلە.

**ئاش‌پاڵێو**: پاڵێونە، سووزمە.

**ئاش‌پانگۆنی**: ئاش سوور، ئاشی شایی.

**ئاش‌پرپۆڵە**: چێشتی پرپۆڵە.

**ئاش‌پشت‌پا**: ئاشێ کە دوای چونی کەسێ بۆ سەفەر بۆی دروس دەکەن.

**ئاش‌پەڕش**: چێشتێکە لە سۆس درس دەکرێ.

**ئاشپەز**: ئاشچی، ئاشباز، ئاشپەس، ئازپێش، ئازچی، شیوکەر، شیولێنەر، چێشتکەر، چێشت‌لێنەر، چێشت‌کوڵێن.

**ئاشپەزباشی**: سەرئاشپەز، ئاشچی‌باشی، سەردەستەی ئاشپەزان.

**ئاشپەزخان**: ئاشپەزخانە.

**ئاشپەزخانە**: چێشتخانە، کارخانە، متبەخ، موتبەخ، ئاشگە.

**ئاشپەزە**: ژنی ئاشپەز، مێینەی چێشت‌لێنەر.

**ئاشپەزی**: ١. ئاشپێژی، ئاشبازی، لێنانی چێشت، ٢. هونەری ئاشپەزی، وانەی ئاشپەزی.

**ئاشپەس**: ئاشپێژ، ئاشپەز.

**ئاشپێژ**: ئاشپەز.

**ئاشپێژخانێ**: ئاشپەزخانە: (ئەو ب خوە ڕابوو چوو ئاشپێژخانێ) «مەستوورە».

**ئاش‌پێ‌گەڕان**: بریتی لە زۆری و زەوەندی: (هاتن و بوونە میوانی مامێر، گۆشت بەراز و مریشک و پلاو، ئاشی پێ دەگەڕا) «چێشتی مجێور».

**ئاشت**: ژێر، کۆک، پێک‌هاتگ، ڕێک‌کەوتوو، نێوان‌خۆش، ساز، تەبا، تەبا و ڕەبا، بێ‌داوا: (دۆست و دەسگیران گیان ئاشت دەکاتەوە) «حەسەن زیرەک».

**ئاشتائیتی**: ژمارەی هەشتا و یەک(٨١).

**ئاشت‌بوونەوە**: پێک‌هاتن، سازان، خۆش بوونەوە، هۆڕێ ئاردەنە، شازشت کرن: (کوێستانان خاڵ‌خاڵ بەفری ناچێتۆ/ لەیلم تۆراوە ئاشتی نابێتۆ) «ع. مەردان».

**ئاشت‌بی‌یەیۆ**: ئاشت‌بوونەوە.

**ئاشتش‌مەبۆوە**: ئاشتی دەبێتەوە: (جهانە ئاما وە جامێ دۆوە/ دڵەکەم ئێشان، ئاشتش مەبۆوە)

«م.ح. دزلّی».
**ئاشـــت كردنەوە**: ســازاندن، ئاشـــت كەردەیوە، ڕێکخستنەوە، پێک‌هێنان: (تـا ئاشـت کـن دلـێن سلان) «سندی».
**ئاشت‌کەردەیۆ**: ئاشت‌کردنەوە.
**ئاشت‌گری**: ×١٤٧×: (ئاغە سەیر کـرد لەوێـدا داخوا بـووکێ چـی ئەکـا/ بەربـووکی بەدبەخـت سەدای دا ئاشەوان ئاشت گری) «سالم».
**ئاشتم**: خسم، خستم، پشانم.
**ئاشتمەرێ**: خسمە، پشمانە، فرێمدا.
**ئاشتن**: خسن، خستن، پشمانن.
**ئاشتۆبی‌یەی**: ئاشتەوە بوون.
**ئاشتۆکان**: گوندێکە لای سلێمانبەگ.
**ئاشتۆکەردەی**: ئاشتەوە کردن.
**ئاشت‌وماشت**: ئاشت و ماش.×
**ئاشتە**: ئاشت بۆ مێ.
**ئاشتەبا**: شت، تشت.
**ئاشتەن**: ژمارەی هەشت(٨).
**ئاشتەوکردن**: ئاشت‌کردنەوە، ئاشتی‌دان.
**ئاشتەی**: هێشتن.
**ئاشتی**: ١. ئاشتێنی، هێمنـایی، هاشـتی، هەداری، عەدلا، کۆکی، دەنگ، تەبایی، تەباوڕەبایی، سازان: (ئەسـیل و جۆلیۆسـی دایـک و بـاوکی تـۆ/ بـۆ ئاشتی ئەیاندا لە یەک هەشت و نۆ) «گـۆران»،٢. شارێکە لە نزیک شاری دوکان،٣. ناوی کچانە.
**ئاشتی‌ئاسا**: ئاشتیانە: (هەواڵێـک لە مەلا مسـتەفاوە هـات کە هەتـا دەتـوانێ بە شـێوەی ئاشتی‌ئاسـا هێرشـی دوژمـن بخـاتە تەنگـژەوە) «لەمەهابـاد بۆئاراس».
**ئاشتی‌بلاغ**: گوندێکە سەر بە سـاین‌قەڵا بە دوو زاراوەی سۆرانی و چاردۆلّی قسیە کەین.
**ئاشتی‌خاز**: هێمنی‌خواز، ئاشـتی‌خواز، ئاشـتی‌واز، هـــۆگری تەبـــایی: (ئاشـــتی‌خوازن جەوانـــی مەردوگـــورد، مەردوگـــورد، مەردوگـــورد، مەردوگورد) «بۆکوردستان».
**ئاشتی‌خواز**: ئاشـتی‌خاز، تەباویسـت: (منـاڵێکم کـۆرپەی نـاز/ وەک بـاوکی خـۆم ئاشـتی‌خواز) «گۆران».
**ئاشتی‌خوازانە**: خودان هۆگری بە ئاشیتی.
**ئاشـــتی‌خوازی**: ئاشتی‌پەرسـتی: (بە ڕاسـت و چەپا مل بپەڕێـنن/ سـزای ئاشـتی‌خوازی لە گەل بسێنن!) «گۆران».
**ئاشتیخواه** : ئاشتی‌خاز.
**ئاشتی‌خواهە**: ئاشتی‌خواه ئاشتی‌خواز.
**ئاشتی‌خواهی**: ئاشتی‌خوازی.
**ئاشـــتی‌خوەزی**: ئاشـتی‌خوازی: (هەر تەنـێ سەرفیرازی/ هەر تەنێ ئاشتی‌خوەزی) «سەنار».
**ئاشتی‌مال**: بایلۆزخانە، باڵوێزخانە، بالوێزی.
**ئاشتینی**: ئاشـتی: (کـوڕە لاوکـێ مـن هـات ب ئاشتینی/ ب سلبینی زڤریڤە) «حەیرانۆک».
**ئاشتێنی**: ئاشتی، ئاشێتی، ئاشتائێتی.
**ئاشتیوەر**: بالوێز، ئاشتی‌خوازی وەلاتێ دەرڤە.
**ئاشچی**: ئاشپەز، شیوکەر.
**ئاشچی‌باشی**: سەرئاشپەز، ئاشپەزباشی.
**ئاشچێتی**: ئاشپەزی، شیوکەری.
**ئـــاش‌چێکرن**: ١. شـــیولێنان، شـــیوکولاندن، چێشتکەری ٢. بیرازی ئاش، بیرازکردنی بەرداش.
**ئاشخال**: ١. شتێ بێ‌کەلّک، زبڵ،٢. پیاوی ئاکـار خراپ.
**ئاشخالدان**: زبڵدان، زبلگە.
**ئاشخالی**: زبڵ‌ماڵ، سبوور، کارگەری شارەداری.
**ئاشخان**: چێشتخانە، ئاشپەزخانە، ئاشگە.
**ئاشخانە**: ئاشگە، ئاشپەزخانە، شـیوخانە، لـۆقتتە، لـــۆقەنتە، لـــۆکنتە: (هەتتـــاوە وەجـــاخ و

ئاشپەزخانەشی تێدایە) «دمدم».
**ئاشخاوەنار**: ئاش خاوەن ئارد، گەمەیەکی لاوانە.
**ئاشخۆری**: ١. دەفری گەورەی ئاش تێکردن،٢. کاسەی چێشت تێدا خواردن،٣. کاری خواردنی ئاش و گرار.
**ئاشدار**: ١. شۆدار، دەقدار، دەقدراو، ئاهاردار، ئاهادریاگ، ٢. نمدار، تەڕ، شێدار، شۆدار.
**ئاشدۆڵ**: ئاشبەتاڵ.
**ئاشدۆڵە**: ١. ئاشبەتاڵ کردن،٢. ئاش چۆڵە.
**ئاشرمە**: ١. ئاسرمە، پاشبەست، تەکەڵتوو، نەرمەزین، نمەدزین، هێشرمە،٢. قوونی ولاخی باری.
**ئاششۆلەپەتە**: جۆری ئاش لە گەنمەکولاوی نیوەکوتراو.
**ئاششۆلەقەلەمکار**: ١. جۆری ئاشە،٢. بریتی لە شتی تێکەڵپێکەڵ.
**ئاشغاڵ**: ١. زبڵ، ئەخشاڵ،٢. بریتی لە مرۆی هیچ و پووچ و خوێڕی.
**ئاشغاڵدان**: زبڵدان، ئەخشاڵدان.
**ئاشفتە**: ئاشوفتە، شێواو، شپرزە، شڵەژاو، پەکەر، ئاڵۆزکاو: (وتم: ئەی ئەحمەقی ئاشوفتە وەتەن چۆڵە، وتی:/ دەب دەب دەب، دەب دەب دەب، دەب دەب) «قانع».
**ئاشفیچقەکردن**: کونبوونی دۆڵاش و هاتنی ئارد بە تەوژم لەو کونەوە.
**ئاشڤان**: ئاشەوان، ئاسیاوان، ئاساوان، ئاردهێڕ، بەهەڕ، لونیە، لووینە، ئەوەک ئاش ددا خەوات: (ئاشڤانان ئار دکیشنە سەر کوماجا خۆ) «پەند».
**ئاشڤانی**: ئاشەوانی، ئاسیاوانی، کاری ئاشڤان.
**ئاشۆرت**: ١. لاواز، بێتین، نزیکی نەخۆشی،٢. گەرمای کەم.
**ئاشق**: ١. دڵدار، ئەویندار، بەندەوار: (ئاشقان دێن لە دوور دیارن/ ڕەنگیان زەرد و لێو بە بارارن) «فۆلکلۆر»،٢. هۆگر، گیرۆدە،٣. شایەر و گۆرانیبێژی ئازەری.
**ئاشقانە**: ١. وەک ئاشقان: (لە ئاهی ئاشقانەی من بترسە، نەک لە شاڵی من) «هێمن»،٢. هەرچی پێوەندی بە ئاشقانەوە هەبێ(گۆرانی).
**ئاشقایەتی**: ئاشقی، ئەوینداری، حەزلێکردوویی.
**ئاشقبوون**: ١. ئەویندداربوون: (ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵ نیم/ ئاشقی کێو و تەلان و بەندەنم ئەمن) «هێمن»،٢. هۆگربوون.
**ئاشقبەن**: ئاشقبەند.
**ئاشقبەند**: سینەڕێز، ئاشقەبەن، خشڵێکی سەر سینگی ژنانە.
**ئاشقبەندە**: ئاشقبەند.
**ئاشقبییەی**: ئاشق بوون.
**ئاشقپیشە**: کەسێ کاری دڵداری و ئەوینداری بێ.
**ئاشقکردن**: ١. ئاشقکردن،٢. هۆگرکردن.
**ئاشقکوژ**: ١. کەسێ ئەوینداری خۆی بکوژێ، ٢. کچێ زۆر ڕوو نەدا بە دڵدارەکەی.
**ئاشقکوژی**: کار و کردەی ئاشقکوژ.
**ئاشقکەردەی**: ئاشق کردن.
**ئاشقۆڵە**: گوندێکە لای ڕانییە.
**ئاشقە**: ١. ماری نێری ئاشق: (ئاشقە و ماشقە) بۆ ماری نێر و مێ دەگوترێ: (لە ئەشکەوتی سەرەوەی شاخ مارێک دەخوێنێ، ئاشقەیە، هەرای ماشقە دەکا) «ئەمیری»،٢. گوڵی لاولاو،٣. ئاشق، شەیدا بۆ مێ.
**ئاشقەباران**: بەو زەویە دەگوترێ کە لە پایزدا زۆر تونی و چاوەڕێی باران بێ.
**ئاشقەبەن**: ئاشقبەند، خشڵێکی ژنانە.
**ئاشقبەند**: ئاشقبەن.
**ئاشقبەندە**: ئاشقبەند.

**ئاشق بییەن**: ئاشق بوون.
**ئاشقەخەو**: عەبـدەخەو، کەسـێ زۆر حەزی لە خەوە.
**ئاشق کەردەی**: ئاشق کردن.
**ئاش قەڵا**: شارێکە لە باکووری کوردستان.
**ئاشقەوماشـــقە**: ١. جووتەمـاری نێـر و مـێ کە یەکتریـان خـۆش دەوێ: (باسـکت ئـاوێزانی گەردنی پکەم، بڵێن ئەوە ئاشقە و ماشقەی ماران وا بـوونەوە ئـاملانە) «لاس و خەزاڵ»،٢. کـوڕ و کچی ئەویندار، ٣. خۆشەویستی زۆر: (ئەو کوڕ و کچە ئەوەندەیان یەکتر خۆش دەوێ، دەڵێی ئاشقە و ماشقەن).
**ئاشقی**: ئاشقایەتی.
**ئاشقیای بەندەنێ بوون**: ئەشقیای بەندەن بـوون، لە کێو دان، یاغی بوون.
**ئاشقی ئیلاهی**: ئاشقی خودایی، ئەڤینـی خـودایی: (ئەگەر قەبـری مەم و زینیـان داوە، لە پشـتێن بەرەوژوور هەر کەسەی دە قەبری خـۆیدا بـوو، سەرەوەشیان پێکەوە نووسابوو، جا قەبرەکانین پـڕ کـردەوە و کوتیـان: ئەوانە ئاشـقی ئیلاهـین) «موکریان».
**ئاشــقی پاک**: ئەشـقی پـاقژ، ئەوینـی پـاک و بێ خەوش.
**ئاشــک**: ١. گەدە، ورگ، عـور، مەدە، مەعـدە، مەعیدە،٢. جیقەڵدان، جیکەڵدان(مر) ٣. هێز، وزە، تاقەت، توانایی، توان ٤. ئەویندار، ئەڤیندار، ئاشق ٥. ئاشی چکۆڵە.
**ئاشکار**: خویا، ئاشکرا: (نەزمی «نالی» میسلی ئاو و ئاوێنە ڕەنگی نییە/ دوو ڕووە بۆ سەیری خـاتر، یەک خەفی و یەک ئاشکار) «نالی».
**ئاشکاربوون**: دەرکەوتن: (چون نەسیم زار سـوبح زەڕنیگار/ شۆڵەی شەمع نوور خۆر بـێ ئاشـکار) «خانای قوبادی».
**ئاشکاربیەن**: دەرکەوتووە: (ئاشکار بیەن چـوون سوبحی سادق) «بێسارانی».
**ئاشــکارکردن**: دەرخسـتن، نوانـدن: (لە ئەوجـی مەیمەنەتدا وەک هومـایونی موبـارەکی کەی/ لە بـــورجی مەعـــریفەتدا هەروەک ڕۆژ ئاشـــکاری کەی) «بێخود».
**ئاشکارمەبۆ**: ئاشکار ئەبێ: (سـا ئەوسـا نە خـاو چـون بێـدار مەبـۆ/ جە ئەو سـات، ئەو سـات ئاشکار مەبۆ) «مەولەوی».
**ئاشـــکارە**: ١. خویـا، ئاشـکرا: (عەیبـا خەلقیـا ڤەشارتی، ئاشـکارە نەکـی/ دخـۆزی وان ڕوسـڤا بکی) «گولشوون»،٢. ئاشـکرایە: (ئەم سـیاڕۆزیی منە پۆشیوییە عەیبـی کەسـان/ ئاشـکارە سـەتری ئەحواڵی گونەهکارانە شەو) «مەحوی».
**ئاشکال**: زبڵ، ئەشغاڵ، ئاشقال، گلێش، زبڵ وزاڵ.
**ئاشـــکالدان**: زبڵـدان، زبڵـدانی، ئەشـغاڵدانی، ئاشغالی، ئامانێ گلێش تێدا.
**ئاشکالی**: ئاشکالدان.
**ئاشکان**: گوندێکە لای قەسرۆک.
**ئاشکرا**: ١. دیار، خویا، بەرچاو، ئافتاوی، شـتیار، ڕوهند، بەردەز، خووانی، کڤش، کەشف، عەیـان، ڕوون، ئەشکەرە، باڕەباڕ، پەرت، پەیـدا: (سـەفای ئەو کاتە گەرچی ئاشکرایە/ بەڵام تـامی نییە بـۆ من بەبێ تۆ) «هێدی»،٢. ناڤێ خوەدێ،٣. ناوە بـۆ کچان.
**ئاشکرابوون**: ١. دیاریدان، ڤیڤرین، دەرکەفـتن، ٢. ڕوونبـوون، لـێ عەیـانبوون: (لەگەڵ ئەوە لە عەباوە ئاڵابوو/ لە دیمەنی شـیرینی ئاشـکرا بـوو) «گـۆران»،٣. یەکتـر ناسـینەوە: (پـاش ئەوەی تێکخوڕین، لێک ئاشکرا بـووین)،٤. سـتردڕیان، ڕاز دەرکەفتن: (وەرە مەردی خودای بە، ڕێـیەکەم

پیشان دە با زوو بیشارمەوە، دەنا ڕۆژ هەڵێ، لێم ئاشکرا دەبێ) «فۆلکلۆر».
**ئاشکرابییێ**: ئاشکرابووگ بۆ مێ.
**ئاشکرابییە**: ئاشکرابوو، خوویا.
**ئاشکرابییەی**: ئاشکرابوون.
**ئاشکراکردن**: ١. دەرخستن، ڤەپچەڕاندن، ڤەوراندن، ڤیڤراندن، درکاندن، ئاشکرکەردەی، خویاکرن: (گاڤا کو وی دین کر ئاشکارا) «خانی»،٢. پەردەلادان لە سەر کارێک: (پیرێژن دەڵێ: ئەتۆ دێوی، دڕنجی؟ هەرچی هەی خۆم لێ ئاشکرا کە) «فۆلکلۆر»،٣. ڕوون کردنەوەی بابەتێک: (کەس بە جێی چاپخانەکەی نەدەزانی، خولە ئاشکرای کرد) «فۆلکلۆر».
**ئاشکراکریا**: ئاشکراکراو، دەرکەوتوو.
**ئاشکراکریای**: دیارکەوتن، خویابوون.
**ئاشکراکریێ**: خویابووگ بۆ مێ.
**ئاشکەراکەر**: دیارخەر، خوویاکەر.
**ئاشکراکەردەی**: ئاشکرا کردن.
**ئاشکراکەرە**: دیارخەر بۆ مێ.
**ئاش‌کڕان**: ڕێک‌خشینی بەردەئاشەکان وە یەکتر لەبەر کەمی دان.
**ئاشکرایی**: بەرچاوی، خویایی، دیاردە، شتیاری، واژی نهێنی و سڕ.
**ئاشکرایی‌لێ‌کوتن**: ڕاز درکاندن: (ئاشکرایی لێ بڵێن با ئابڕووی بچێ).
**ئاش‌کرن**: ١. ئاشت‌کرنەوە، ئاشتی‌نانەوە، سازانن، ٢. ژێر کردنەوەی زایۆکان.
**ئاشکرێ**: ئاشکرا، خوویا.
**ئاش‌کڕین**: کڕین ئاسیاو، سەندنی ئاش.
**ئاشکەرا**: دیار، ئاشکرا: (خەجێ دزیکاڤا برڤینم، نا ئەزێ هەرم ئورتا دەواتێ، خەجێ ئاشکەرا برڤینم!) «گەنجی سەربەمۆر».
**ئاشکەرە**: ئاشکرا، خویا.

**ئاش‌کەمەرەکردن**: جووتن و قەڵت و بڕ کردنی دان بە هۆی خاوی دان.
**ئاش‌گاگلوو**: ١. خواردەمەنی شوان گاڕان،٢. لاناوە لە قەر و قاتی.
**ئاشگە**: ١. جیکەڵدانە،٢. چێشتخانە، ئاشپەزخانە.
**ئاشگەپچگانی**: خواردنێکە ک منالەیل لە هەیْن گەمە درس کەن و خوەنەی.
**ئاش‌گەڕان**: کارکردنی ئاش: (باراشی بردە ئاشی، ئاو نییە ئاش ناگەڕێ/ فرمێسکی چاوم هەبێ، بە بێ ئاویش دەگەڕێ) «ماملێ».
**ئاشگەڕێن**: ١. ئاشگێڕ، ئاشەوان، ئەوەی ئاسیاو دەگێڕێ ٢. وەستای ئاش ٣. کەسێ کە ئیشی خۆی هەڵسوڕێنێ.
**ئاشگەزەڕینە**: ١. ماڵ‌خالۆو، مامەلە، خاڵخالۆکە، خاڵخالۆک،٢. کۆلکەزێڕینە، زەڕینە و سیمینە.
**ئاشگەون**: جۆرێ گەونە، تەپڵەگەوەن، تەپلەگوێنی.
**ئاشگێڕ**: ١. ئاوی ئاشگێڕ، ئەندازە ئاوێکی کە ئاشی پێ بگەڕێ: (ئاشی حەوبست و گێریش لە هەموو شوێنێ دروس نەدەکرا، بەڵکو لە جێیە دروس دەکرا کە دو سێ ئاشگێڕ ئاوی پێدا بهاتبایە) «جەوهەری»،٢. ئاشەوان، ئاسیاوان.
**ئاش‌گێڕان**: بریتی لە زۆر لە سەر زار و زمانان بوون: (هەتەرێ مەتەرێ و هەلاوە مەلاوە ئاشی دەگێڕێ) «ئەمیری».
**ئاش‌لێکەتن**: تلان، ل سەر ئالیەکدا نوچلەدان.
**ئاشم**: ١. خواردنەوە، ڤەخارن، فرکرن(ئاف) ٢. ئاشمە، مانگ، هەیڤ.
**ئاش‌ماس**: ئاش‌ماست.
**ئاش‌ماست**: ١.دۆکولێو، دۆخەوا، دۆخوا، دۆیین، خواردنێکە لە ماست و دانەوێڵە،٢. تێکەڵی ماست و برنجی کولاو بۆ نەخۆش.
**ئاش‌ماش**: ١. ئاش و ماش، وتەیەکە منالان لە

کاتی گەمە و یاری بەکاری دێنن،٢. خواردنێکە لە ماش.
**ئاشمال**: ماستاوکەر، چاپلووس، خۆرپێخەر.
**ئاشمالی**: چاپلووسی، خۆرپێخەری، ماستاوکەری.
**ئاشمای**: ڤەخارن، خواردنەوە، فرکرن.
**ئاشمز**: ئاچمز، زاراوەی شەترەنجە.
**ئاش‌منداڵگەل**: ١. چێشتەقوڵە، تێکەڵی چەند چێشت کە منداڵ لێکتری دابەش دەکەن،٢. گون سەگاوی، گونی سەگڵاو کە بۆ دەرمان دەبێ.
**ئاشمە**: ئاشم، ئاسمی، ئاسمە، هەیڤ، مانگ.
**ئاش‌میزتن**: کرانەوەی کونی بەرداشی بنەوە و دان لێ‌ڕژانی: (ئەو ئاشە لە میزتن بێ هەر دەمیزێ) «پەند».
**ئاشنا**: ١. ناس، ناسکری، ناسراو، ناسیار، ئامناس، دووس: (ئاشنا وەرە، با ئاشنا بین/ لە ئاشنا چاکتر هەر وەک برا بین) «قانع»، ٢. یار، هەڤال، دۆس: (هەتا تۆم ئاشنا بووی، ئاشنا بوون/ ئەمێستا موو بە مووم ئەغیارە بێ تۆ) «نالی» ٣. عەشرەت، قەوم، هۆز،٤. کارزان، لەکارزان، کارئاشنا، شارەزا، ئاشنا بە کار ٥. دوکاندارێک کە شتی زۆر لێدەکڕی،٦. ناوە بۆ کوڕان و کچان.
**ئاشنابوون**: ١. شناس‌بوون، ناسیاربوون: (دا سۆرگول و سونبول ئاشنا بن/ ڕەیحان و بنەفشە تا ب تا بن) «خانی»،٢. شارەزابوون: (هەر کەسێ بە من ئاشنا بوو، ڕوو بە خۆشبەختی دەبا/ بۆ گەلی ئاشنایان، کلیلی هەر موشکلم) «غولامی».
**ئاشنابی‌یەی**: ئاشنابوون.
**ئاشناژن**: ژنی ئاشنا و ناسیاو: (زاڵی دەهری دوون لەگەڵ هیچ شەوهەرێ ناباتە سەر/ دۆستی سالم لەگەڵ پڕ ئاشنا ژن موشکلە) «سالم».
**ئاشناس**: ئاشنا: (هەر وەکوو شارانی تر کەس ئاشنای کۆیی نەبوو/ شوهەتی ئەبیاتی من خەڵکی لە سەر کۆکردەوە) «حاجی قادر».
**ئاشناکردن**: ١. ناساندن، ناس‌کرن، پێ‌ناسانن: (هەناسەی حەسرەتی وەسڵی نیهانت ڕێی بەنی‌ئادەم/ معازەڵڵا بە لەب ئەم سیرە هەرگیز ئاشنا ناکەم) «سالم»،٢. شارەزا کردن.
**ئاشناکەردەن**: لیی‌دا، ئەنگاوتی: (عەزیزان ماهرووخساری ژ قەوسێ ئەبروان تیری/ وە جەرگم ئاشنا کەردەن نەدارەم هیچ تەقسیری) «سەید».
**ئاشناکەردەی**: ئاشنا کردن.
**ئاشناگرتن**: دۆست‌گرتن: (بە قلیانی تاڵ، بە چاییەک ئاڵ/ ئاشنایی بگرە بۆ هەزار ساڵ) «پەند».
**ئاشناگرتەی**: ئاشنا گرتن.
**ئاش‌نانەوە**: ١.دامەزراندنی ئاش: (خاڵە حەمە ئاشی چاک دەنێتەوە) «موکریان»،٢. ئاژاوە نانەوە، ٣. بریتی لە گێچەڵ نانەوە بۆ کەسێک.
**ئاشناو**: ناوە بۆ کچان.
**ئاشناوڕۆشنا**: ١. ئاشنا، دۆست، ناسیاو: (سەلای ساڵە ما ئاشنا و ڕۆشنایم) «دەرویشیان»،٢. کەس‌وکار، خزم‌وکەس،٣. بەڵەد، وارد: (ئی شاگردە کە دو سێ ڕوزە ئامەدە تو ئی دۆکان، هەنو ئاشنا ڕۆشنا نەشۆدە) «دەرویشیان».
**ئاشنایانە**: ١. ناسیاوانە، لە ڕووی ناسیاوییەوە،٢. دۆستانە، وەکی دۆست.
**ئاشنایەتی**: ١. ئاشنایی، نێوانخۆشی، ناسیاوی: (ئاشنایی تۆم بەسە، عالەم هەموو بێگانە بێ/ یار ئەگەر تۆ بی، چ باکی یار و ئەغیارە ئەدەب) «ئەدەب» ٢. شارەزایی، بەڵەدی، کارزانی، وەستاکری.
**ئاشنایی**: ١. ئاشنایەتی، ناسیاوی: («مەحوی» عەبەس بە دیدەیی بیمار مائیلە/ ناگیرێ ئاشنایی لەگەڵ مەستی نامیزاج) «مەحوی»،٢. شارەزایی.
**ئاشنۆ**: ١. شنۆ، ئەشنۆ، شارێکی کوردی نشینە لە

ئازەربایجـــانی ڕۆژاوا،٢. هـــۆزێکی کـــوردن لە دەڤەری شنۆ و لاجان.

**ئاشو**: ١. کـێم، کـیم، زوخـی بـرین،٢. ئاشـوب، ئاژاوە، پشێوی.

**ئاشۆ**: ١. پشـوو، وچـان، تـۆزێ ئێسـان ٢. کـێم، هەوا، چڵـک، ئاشـوو، زوخـی بـرین ٣. ئـاژاوە، پشێوی، ئاشۆب.

**ئاش‌واسەلی**: ئاش عەبـاس‌عەلی، ئاشـێکی زۆر ناسراوی کرماشانە، لە مەیدانی مەلا عەبـاس‌عەلی گەڕەکی تیمچەی کرماشان لێی دەنێن.

**ئاشۆب**: ١. ئاژاوە، پشـێوی، شـێواوی: (بـۆ: دوو زولفی نافەبار و لێوی لەعلی ئەتڵەست/ شۆڕشت خســتە تەتــار و بــوویە ئاشــووبی فەرەنــگ) «ئەدەب»،٢. مایەفیتنە، هۆی دەردیسەر: (لە چـاوم خوێنی جاری کرد و هەم ڕەنگـی لە ڕوو بـردم/ ئەم ئاشووبی دڵ و دینە بە لێـوی ئـاڵ و چـاوی کاڵ) «مەحوی».

**ئاشوب‌پاشوو**: ئاشۆپاشۆ.

**ئاشۆبگێڕ**: ئاژاوەچی، قوڵەفیتنە،

**ئاشۆب‌گێڕان**: ئاژاوەگێڕی، پشێوی نانەوە.

**ئاش‌وبۆش**: شاش‌وفیش، گێل، گێلـۆکە: (گزیـر شاش و فیش بوو، هێندە لە دونیا ناگات)«بۆرە».

**ئاشۆپ**: خەیاڵ، ئەندێشە، هـزر، بیـر: (کەفـت د ناو ئاشۆپاندا).

**ئاشۆپاشۆ**: ١. هەڵیت‌وپلیت، قسەی شڕ و بێ‌تـام ٢. خەوی پەرێشان و ئاڵۆز.

**ئاشۆپی**: هزری، بیری، خەیاڵی.

**ئاشوت**: ڕنوو، ئاشویت، کڵێڵە، هەرەس.

**ئاشۆت**: ١. جووتیار،٢. ڕەنی، ئاشویت.

**ئاش‌وتۆاش**: ××م

**ئاشوتەنوری**: جۆرێ گەمەی لادێیی.

**ئاشوران**: ١. جۆگەیەکی گەناو کە بە ناوەڕاسـتی شـاری کرماشـاندا دەڕوات و سـەری گیـراوە،٢. گوندێکە لای سەنگەسەر.

**ئاشۆرە**: هەڵوەدا، تەریدە، ئاوارە.

**ئاشـــوفتە**: شـێواو، پەرێشـان، شـڵەژاو: (مـوو ســونبولی ئاشــوفتە، دوڕ دانەیــی ناســوفتە/ دەم غونچەیی نەشگوفتە، تێفکرە کوڕ یا کچ) «نالی».

**ئاشـــــوفتەخاتر**: ئاشــــوفتە، پەرێشــــان: (ئەبەد ئاشوفتەخاتر بم لە هیجرانا هەتا دەمرم/ ئەگەر بێ زولفـی مشـکینت لە باغـا مەیلـی سـونبول کەم) «سالم».

**ئاشوفتەڕوو**: پەرێشان، شێواو، ڕەنگ‌بزرکاو: (لـێ ژار و زەعیـف و بـێ مەجـالە/ ئاشـوفتەڕوویێ وەردێ ئالە) «خانی».

**ئاشوفتەســەر**: ئاشـوفتە، شـێواو: (نـازانێ هـیچ کەس نــــاو و نیشــــانم/ ئەگەر ئاشــــق، ئەگەر ئاشوفتەسەر بم) «غولامی».

**ئاشوفتەســەری**: شـێواوی، پەرێشـانی: (نەزانــێ هــــیچ‌کەس ناونیشــــانم/ ئەگەر غافــــڵ ئەگەر ئاشوفتەسەر بم) «وەفایی».

**ئاشـــوفتەگی**: ئاشـفتەیی، شـێواوی، پەرێشـانی: (مەششاتە کە شانەی لە سەری زولفی سـەنەم دا/ ئاشفتەگی‌یی حاڵی وەفایی لە قەڵەم دا) «وەفایی».

**ئاشوفتەیی**: ئاشـوفتەگی: کـانی ئـاوی حەیـات: (ڕەونەقە بۆ حوسنی تۆ ئاشوفتەگی) «سالم».

**ئاشۆک**: ئاشۆنەک، ئاشینەک، ئاشینۆک.

**ئاش‌وکاش**: ١. کار، ئیش‌وکار،٢. جموجووڵ.

**ئاش‌وکاش‌ئەوەنیشتەی**: لە جموجووڵ نیشتنەوە.

**ئاش‌وکاش‌نیشتەیۆ**: لە جموجووڵ نیشتنەوە.

**ئاشۆکان**: گوندێکە لە باکووری هەولێر.

**ئاشۆکە**: ئاشۆک، بادزەن.

**ئاش‌ولاش**: داغان، وردوخاش: (پـا هەشـت ڕو دەس بەچەکە ئاش و لاشش کرد) «دەروێشیان».

**ئاش‌ومـــاش**: ١. گەمەی دەنـگ لە خـۆ بڕینـی منـداڵ،٢. وتەی قســەبڕینەوەی منـداڵ لەبـاتی

هیچمان لە هیچ.

**ئاش‌ومێش**: ××م

**ئاشۆنەک**: ١. ئاشۆک، چەرخ،٢. پەنکە، بادزەن، باوەشێن، باقەشان.

**ئاشوو**: ١. چڵک، کیم، زووخ،٢. ئاژاوە، فیتنە،٣. شەڕەونەر، فیتنەگێڕ، دوزەلەقنگ.

**ئاشۆو**: ١. چڵکن، پیس‌وپڵۆخ، پیس ٢. چڵک، پیسایی، گەماری.

**ئاشووب**: شەڕ، کێشە، فیتنە، پشێوی: (ئەم تاقمە مومتازە کە وا خاسسەیی شاهن/ ئاشووبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن) «نالی».

**ئاشووب‌پاشوو**: خەونی پڕ و پووچ.

**ئاشووبگێڕ**: شەڕهەڵاییسێن، ئاژاوەگێڕ.

**ئاشووب گێڕان**: شەڕ نانەوە، پشێوی نانەوە.

**ئاشووب‌نانەوە**: ئاشووب‌گێڕان.

**ئاشووبە**: ئاشووب، پشێوی.

**ئاشووبەئەوەنیای**: ئاشووبە نانەوە.

**ئاشووبەچی**: ئاژاوەگێڕ، ئاشووب‌گێڕ.

**ئاشووبەچیە**: ئاژاوەگێڕ بۆ مێ.

**ئاشووبەگێڵن**: ئاژاوەگێڕ.

**ئاشووبەگێڵنە**: ئاژاوەگێڕ بۆ مێ.

**ئاشووبەگێڵنای**: ئاشووب گێڕان.

**ئاشووپاشوو**: قسەی هەڵیت و پڵیت، وتەی شرم و برم و پڕ و پووچ.

**ئاشووت**: هەرەس، کڵێڵە، ڕنوو.

**ئاشووتە**: هەرەس، ڕنووی بەفر.

**ئاشووری**: ١. خەڵکی ئاشوور،٢. جەماوەرێک لە نژادی سامی: (لە ساڵی ١٩٣٠ز. ئەو کاتەی تورک ئاشووری‌یەکانیان لە تورکیا بەدەر نا) «لەمەهاباد بۆئاراس»،٣. شێوەی نووسینیان،٤. زمانی ئاشووری.

**ئاشووژن**: سووژن، ئافشووژن، بەندروو، بەن، گشتەکی جەواڵدروون.

**ئاشووغ**: خاوارە، لایدە، نەشناس، بێگانە.

**ئاشوویی**: پیسایی، ئالوودەیی، گەماری.

**ئاشوە**: ئاژاوە، هەرا، هەنگامە: (لە مەیدان جەنگا خوێن و ئاشوە) «ئاوێنەی‌بێگەرد».

**ئاش‌وەستا**: ١. وەستای ئاش، وەستای نانەوەی ئاسیاو: (ئاش بێ ئاش‌وەستا نانرێتەوە/ گا بێ هۆی جوتیار ناگەڕێتەوە) «پیرەمێرد»،٢. بیرازکەری بەرداش.

**ئاش‌وەستایی**: وەستاکاری ئاش، کاری چاکردنەوەی ئاسیاو.

**ئاشویت**: ڕنۆ، ڕنو، ڕنوو، ڕەنۆ، ڕەنی، ڕنی، ڕندک، ئاشوت، ئاشۆت، هەرەس، هەرەسە، کڵێڵە، کەوی، کەویە بەفر، شاپە، کۆمای گەورەی بەفری ڕووخاوی چیا.

**ئاشە**: ١. پاک، ڕاس، ڕاست: (ئاشە زەردەشت: زەردەشتی پاک)،٢. ئاش، ئاسیاو: (ئیلاهی زۆر شوکور، ئومێدی نانێ من لە شا ناکەم/ لە تۆزی ئاشەدا غەرقم، لە تەوقی سەر هەتا ئەژنۆم) «قانع».

**ئاشەبەتەندوورە**: ئاشەتەندوورە.

**ئاشەتەندوور**: ١. ئاشەبەتەندورە، ئاشەتەندورێ، گەمەی ئاش بەتەندورە، گەمەی کەری سووری پشت درێژ، ٢. گێژاو، سوڕی ئاوی گۆمی قووڵ ٣. ئاشێکی دۆڵەکەی بە قسڵ و بەرد بێ تا بە ئاوی کەمیش بگەڕێ ٤. بیری ئاشی ئاو.

**ئاشەتەندوورە**: ئاشەتەندوور.

**ئاشەتەندوورێ**: ئاشەتەندوور.

**ئاشەتەنگوورە**: ئاشەتەندوورە: (لایەک بە کەوشەک و شەڕەتۆپ، لایە وردەکان/ ئاشەتەنگوورە، بوخچەی بەگەردانی، پشت لێدان) «پیرەمێرد».

**ئاشـەتەنوورە**: ئاشـەتەندوورە: (لایە کەوشـەک و شـــەڕەتۆپ، لایە دەســـتەکان/ ئاشـــەتەنوورە بوخچەبەگەردانی حەیزەران) «پیرەمێرد».
**ئاشەتەنووریٚ**: ئاشەبەتەندوورە.
**ئاشەجۆ**: دێیەکە لە دێکۆی حەمەوی دێگـولانی ناوچەی قوروە.
**ئاشەچەپە**: ناوی ئاشێک بووە لە دێی سەرچاوە.
**ئاشەسووتاو**: ناوی شوێنێکە لای نمەشیری بانە.
**ئاشەف**: ئاشەڤ.
**ئاشەڤ**: ١. پەشۆکاو، شێواو، شڵەژاو،٢. شێواوی، ئاڵۆزاوی، پەرێشانی، ئاڵۆزی.
**ئاشـــەڤان**: ١. ئاشـــەوان، ئاســـیاوان، ئاســـاوان، مووشـــەکان، ئایشـــەوان، قەڕاش، لـووێنە، کـریچ، بەڕێوەبەری ئاش: (ئاش نەگەڕیـا، ئاشـەڤانی حەز کرد) «پەند»،٢. ناوە بۆ کوڕان.
**ئاشەڤانی**: ئاشەوانی، ئاسـیاوانی: (ئەگەرچـی تـۆ ئەنووسی ئاشەوانی فەخرە لام قوربـان/ کە چـۆن ئەشعاری پڕ مانـا و کەلامـی گەوهەریـنم هەس) «قانع».
**ئاشەقولی**: ئاشەقولانیٚ.
**ئاشەقوڵی**: ئاشەقولی.
**ئاشـــەقولانیٚ**: ئاشـــەقولیٚ، ئاش‌ئاشـــۆکانیٚ، شێڤ‌شـــێڤانیٚ، گـــاڵتە و گەمەی منـــداڵانە کە لە دەرەوە خواردن دروس دەکەن.
**ئاشـەکڵە**: ئـاژاوەچیٚ، ئـاژاوەگێڕ، گێرەشـێوێن، ژۆڤار، شۆفار.
**ئاشەکلیٚ**: وردەئیش، سەرقاڵی.
**ئاشەکۆن**: ١. تەپـۆڵکێکە لە دێـی ئەحـمەداوای فەیزوڵڵابەگـــی ئاســـەواری کەڤنـــارایی لێـــیە،٢. کاڤلاش، کۆنەئاش: میرم ئەتـۆ گولێـک بـووی لە نێو گولانە/ حەوت ساڵم دەگێـڕای بە کـۆڵ و بە شـانە/ دەچـووینە ئـاوەدانی ڕایـان نەدەگـرتین/ دەچووینە ئاشەکۆن و موقبەرستانە/ داوای شـیرت دەکرد، دەچوومەوە بۆ لای شوانە/ هیچ حـاجەتم پیٚ نەبوو، بۆم دەکردیە نێو قاپیلکەی دە جەیرانە) «برایمـۆک»،٣. بریتـی لە جێـی وێـران و کاڤـل: (وەک ئاشـە کـۆنی مەحمەشـەی) «فۆلکلـۆر»، ٤. کۆنەچاڵ، زاراوەی کایەی پشـکیلانە،٥. بریتـی لە مـــاڵ: (مـــادام تـــۆراوە و ڕووی کـــردۆتە ئەم ئاشەکۆنە، زۆر خزمەتی بکە) «ڕشتەی مرواری».
**ئاشەگوێرێژ**: ناوی شتێکی نەبوی خەیاڵی وەک دڕنج بۆ ترساندنی منداڵ.
**ئاشەوا**: ١. گونـدێکە لای مـانگێش،٢. نـاوە بـۆ کچان.
**ئاشـــەوان**: ١. ئاسـیاوان، ئاشـڤان، کەسـیٚ ئـاش بەڕێوە دەبات: (سە ئاشـی دەلسـتەوە و ئاشـەوان قـوونی سـەی) «پەنـد»،٢. ئاش‌وەسـتا، وەسـتای ئاش،٣. دەبێتە نازناوی کەسـانیٚ کە سـەروکاریان لەگەڵ ئاشــە: (خەلیلــی ئاشــەوان)،٤. بریتــی لە کەسی تۆزاوی: (دەڵێـی ئاشـەوانە)،٥. کێـوێکە لە نزیک سەقز: (قەرەقـا و ئاشـەوان و تاقەڕەشـت) «یادنامەی‌سەقز»،٦. ناوە بۆ کوڕان.
**ئاشەوان‌ئاشەوان**: ئاش‌خاوەنار.
**ئاشەوانە**: ئاشانە، مزی ئاسیاوان.
**ئاشەوانی**: ئاشەڤانی، ئاسیاوانی: (ئەگەر مووسـا و دارا بـی، لە دنیـا بەهــرەوەر نـابی/ دەزانـی مەنســەبی هەر دوو، شـوانی و ئاشـەوانی بـوو) «حاجی قادر».
**ئاشەوپاشە**: ئاڵۆز، شێواو، تێکەڵاو(خەو).
**ئاش‌هۆستا**: وەستای ئاش، چاککەروەی ئاسیاو.
**ئاشەولێس**: ئاش‌لێس، تێرنەخـۆر، بیٚ‌قەنـاعەت: (ئاشەولێس مەبە) «پەند».
**ئاش‌هەفـت‌جوش**: ١. جـۆریٚ ئاشـە،٢. پرسـی گێچەڵاوی و نارەحەت.
**ئاشەیخ‌ڕوڤی**: ئاڕوباهـ کەسی زۆر حیلەکار.
**ئاشهێڕ**: ١. ئاشێڕ، کەسـیٚ بـاراش دەبـاتە ئـاش:

(شەو و ڕۆژ زۆری دادێنا و ئاشێری زوو بەڕێ دەکرد) «جەوهەری»،٢. مزاش، مزە، مزئاش، مزی ئاش، شەهێر.

**ئاشێ**: ١. ئاشێر، ئەوە بار دەبا بۆ ئاش ٢. لاسایی، دەمەلاسکێ، چاولێکەری کوێرکوێرانە،٣. ڕەنج، کوێرەوەری، ئاشێ،٤. تەپۆلکێکە لە گوندی مووسالوو دەڵێن شوێنەواری مێژوویی تێدایە.

**ئاشێ**: ڕەنج، کوێرەوەری، دەرد، تاڵی.

**ئاش یارمە**: جۆرێ چێشتە لە ساوار دروس دەکرێ.

**ئاشیان**: ١. هێلانە، هێلوون، هێلین، ئاشیانە، هێلینک: (بە ڕەنگی زەرد و شێوەی دەست و شمشاڵی کزا، دەروێش/ حەزم کرد بەستەیەک ببیەم، سەراسەر حوزن و ماتەم بێ/ لە سیماتا بەدیم کرد، هەیکەلی عومرێکی حەسرەتکێش/ وەها دیارە کە بەختت ئاشیانی بلبلی خەم بێ!) «گۆران»،٢. بنهێر، ئاشین.

**ئاشیان گرتن**: هێلانە کردن: (وی بێ دلی هەر ل وێ مەکان گرت/ وی بلبلێ بۆ خوە ئاشیان گرت) «خانی».

**ئاشیانە**: ئاشیان، هێلانە: (نازانم ئاو سیسارکە کەچەڵە چییە، دایمە ئاشیانە و هێلانەی لە سەر پشتی تۆ داناوە) «شێخ فەرخ».

**ئاشیای**: ١. هلشیای، ڕاشیای، وەشاو،٢. سووڕاو، چەرخاو.

**ئاشیئاغای**: ناوی شوێنێکە لە ناو شیو و دۆڵی قەدەغەدا لە مابەینی گوندی سلامەت و ساردەکوێستان لە نزیک پردی سوڵتان: (گیانە بۆم بێژە بە ئاشی ئاغای/ هەر وەکوو پێشوو بووی، وا ئازای؟) «ڕاوچی».

**ئاشیئاگر**: ١. ئاشیئاور، ئاشی مەکینە،٢. بریتی لە کەسی هار و هاج،٣. بریتی لە ئازا و بەکار: (لێم بووە بە ئاشی ئاگر/ هەچی هات زوو نۆرەی بوو) «فۆلکلۆر».

**ئاشیئاو**: ئاشێ کە بە هێزی ئاو بگەڕێ، کۆنترین جۆری ئاش لە کوردستانا، ئاشی ئاو لەم بەشانە پێک هاتووە: (دۆڵاش، سپەرە، تەمبوو، بستە، بەرداشی ژێر و سەرێ، تەوەرە، بانیژە، کەویژە، چەقەنە، قوڵکەی ئاش، دۆزەقە).

**ئاشیئاور**: ئاشیئاگر.

**ئاشیئاوکەوتوو**: ١. ئاساوی ئاوکەوتوو، ئاشی ئاو لێبڕاو کە دەزگای کار ناکات،٢. بریتی لە بازاڕی کەسێ کە ڕەواجێ نەمێنێ.

**ئاشیئاوی**: ئاشی ئاو، ئاسیاو ئاوی.

**ئاشیب**: ئاشاو، جالاب، ناوی کۆنەی شاری ئامێدی.

**ئاشیبا**: ١. ئاشێ کە بە هێزی با بگەڕێ،٢. شوبهاندن بە خولانەوەی توند: (وەک ئاشی با دەخولێتەوە).

**ئاشیبا**: ١. ئاشێ بە هێزی با بخولێتەوە،٢. بریتی لە شتێ کە بلەز بخولێتەوە: (گەر لە لایەک دابەزم با زینەتم بێ سوواری بێ/ ئاوزەنگی نادا لە دەورەم دێتە خول وەک ئاشی با) «سالم».

**ئاشیبارام**: گوندێکە لای چوارتا.

**ئاشیبرەگوێز**: گوندێکە لای چۆمان.

**ئاشیبەبا**: ئاشێ بە هێزی با کار بکات×: (ئەگەر من تێروتەسەل و بێهەڵەوپەڵە و تلاسان بێژم کە من کێم؟، لەکوێم، کام سولەیمان ئاشی بەبای پێ وەگەڕ خستم) «ڕاوچی».

**ئاشیبەبای**: جۆرێ گەمە و یاری کۆنە.

**ئاشیبەتاڵ**: بریتی لە شوێنی چۆڵوهۆڵ و ساردوسڕ و وێران: (عەشقی سادە سادە بێشک هەر وەکوو ئاشی بەتاڵ/ هەر زرەی لەرزانەیە دەروێش ئەخاتە بەزمی حاڵ) «قانع».

**ئاشیپ**: ئاشیب.
**ئاشی‌پردەبەردینە**: ناوی ئاشێک بووە لە دێی سەرچاوە.
**ئاشیت**: ١. رنو، هەرەس، کلێلەبەفری داوەریو لە کێو ٢. بەلا، ئاپۆر، مسیوەت،٣. ئاشیتا، هۆزێکی گەورەی کوردن.
**ئاشیتا**: ئاشیت، ئێلێکی مەزنی کوردن لە نێوانی قامیشلوو و چلاغادا.
**ئاشی‌تس‌پێنانەوە**: بریتی لە تووشی گێچەڵ و کێشە کردن.
**ئاشیتی**: ئاشتی، تەبایی، نێوانخۆشی: (پاشی ب خوە فکرێ، خوەدێ خراپ بکە، کا کنگێ مە ئاشیتی دیتییە!) «مەستوورە».
**ئاشێتی**: ئاشتی، ئاشتێتی، ئاسایش.
**ئاشی‌جندۆکان**: زقرەک، گەرداو، گێجاو، گێژاو.
**ئاشی‌خانم**: ناوی ئاشێک بووە لە دێی سەرچاوە.
**ئاشی‌خدراغا**: گوندێکە لای سمێلان.
**ئاشی‌خۆراسانە**: ئاشی شێخ لە خۆراسانە: (چاوگە سەر ئاشی خۆراسانەش بێ/ خۆشە ئەو لە سەرچاوەش بێ) «بۆکوردستان».
**ئاشی‌خەواڵ**: ئاشی خەوتوو، ئاشێ کار نەکات، ئاسیاو لە کارکەوتوو: (وەک ئاشی خەواڵ و دەنگی نایە) «قانع».
**ئاشێر**: ئاشهێر، ئاشییر، ئەوەی باراش دەبات بۆ ئاش بۆ لێکردن: (.../ شین بوی لە زەوی، پێدەگەی و دەتهێرێ/ ئاشێرە خودا و ئاشەکەشی گەردوونە) «خەیام هەژار».
**ئاشیرک**: مەشکەی لە پێستی بزن بۆ مەشکە ژەندن.
**ئاشێرە**: هێما، ئاماژە، ئیشارە، ئیشارەت.
**ئاشێرەت**: ئیشارە، ئیشارەت، هێما: (نادان بە نەقیزە، دانا بە ئیشارەت) «پەند».
**ئاشێرەکرن**: ئاماژەکردن، چاو لێهەڵتەکاندن: (هەر کامێکی جوان وو، ئاشیرەتی لێ تێت) «گوڵونێرگز».
**ئاشی‌زادە**: گوندێکە لای قەڵادزێ.
**ئاشی‌زۆردار**: بریتی لە دەسەڵاتی زۆردارانە.
**ئاشیژن**: داوا ستوور یا بندکێن ژ مووییێن بزنان، ژ بۆ دروتنا بکار دهێت.
**ئاشیف**: بژار، بژارە، تەتەڵە، ئادە، عەشیف.
**ئاشی‌فاتێ**: ناوی ئاشێکە××
**ئاشێف**: ئاشێڤ.
**ئاشێڤ**: ١. ئاشەڤ، ئاشێف، بنکۆڵکردنی سەوزەوات بۆ بەهێزبوونی ٢. پشێوی، شێواوی، پەرێشانی، ئاژاوە.
**ئاشێڤ‌کرن**: ١. هەڵکەندن، کەنن، بەرنانەوە، دانەوەی بنی سەوزایی و کشت و کاڵ بۆ بەهێزی،٢. بژارکردنی باخ و شینایی.
**ئاشی‌قازی**: گوندێکە لای سلێمانی.
**ئاشی‌قاوە**: ئامرازێکی چووکی درێژە بۆ هاڕینی قاوە.
**ئاشی‌قۆرغی‌سەرهەنگ**: ناوی ئاشێک بووە لە دێی سەرچاوە.
**ئاشی‌کرێوە**: ١. ئاشێ کە بەرداشی زوو زوو بسووڕێ و تەپ و تۆزی هاڕینی دان وەک کرێوەی بەفر دیاری بکات،٢. بریتی لە خێرایی لە دوان و پەیڤین: (هێندە ئازایە لە قسەدا دەڵێی ئاشی کرێوەیە)،٣. بریتی لە خێرایی لە کارا،٤. بریتی لە زوو نانخواردن،٥. ناوی ئاشێک بووە لە لای میرەدێ: (تمسالم سەربزێوە/ گەییە ئاشی کرێوە) «ئاوێنەی‌بێگەرد».
**ئاشی‌گاقوڵە**: ناوی شوێنێکە لای بانە.
**ئاشی‌گوڵان**: دێیەکە سەر بە شاری بۆکان: (سەدراباد نێ، ئاشی گوڵانە/ ئەوچەل نۆرەی شارانە) «فۆلکلۆر».
**ئاشێگە**: ڕەقەن، تمتم، تمتمان، ڕەقان، ڕەقایی،

ڕەقـانی، شـوێنی سـەخت و ڕەق و بەردەڵان لە زەوی کە بۆ کشتوکاڵ نابێ.

**ئاشــی مزگەوت**: نـاوی ئاشـێک بـووە لە دێـی سەرچاوە.

**ئاشین**: ١. قوونێر، زیپکە، کـوان، کولـک، بـرین، دوومەڵ ٢. ئـاخ هەڵکێشـان،٣. ئاشـیان، هلشـین، کەنـــن، دەرکێشـــان،٤. چەرە ڤەدان، چەرخـــان، سووڕان.

**ئاشینا**: ئاشنا.

**ئاشینۆک**: ئاشینەک.

**ئاشینەک**: ئاشینۆک، ئاشۆک، ئەوەی دادەوەرێ.

**ئاشێو**: ١. ڕەنج، تـاڵی، چەرمەسـەرێ ٢. قـۆرت، ڕووشە، گێچەڵ، ئاژاوە، بشێوە، پشێوی.

**ئاشیوولاخی**: ئاسیاو ئەسپی.

**ئاشیە**: گیس، گیسوو، بسک، زلف.

**ئاشێڕ**: ئاشێر، ئاشهێڕ.

**ئاغ**: ١. زەو، زەوی، زەمین،٢. خاک، هەرد.

**ئاغا**: ١. ئاغە، سەید، سەیی، لەقەمە بۆ پیاوی زل، بۆ خاوەن گوند،٢. کەسـێ لە لایەن دەوڵەتەوە بە زۆر بـۆ کـاری دەوڵەت لە شـوێنێ دانرابـێ،٣. کەسێ کە بە هـۆی لێهـاتوویی خـۆی دەسـەڵاتی ناوچەیەکی بە دەس گرتبێ وەک: (ئاغای دزەییان لە نـاوچەی هەولێـر)،٤. سـەرۆکی بەرە، گەورەی عێل، ٥. چینـی دەرەبەگ و چەکـمەڕەق: (حەمەد ئاغای مامەش)،٦. ئـاوازێکی کـوردییە،٧. ئاغـا لە یاری دامەدا،٨. مێر، مێـرد، شـوو، پیـاوی مـاڵ،٩. بـاب، بـاوک،١٠. مامۆسـتا، فێرکـار، ڕاهێـنەری قوتابخانە،١١. مرۆی چاک و ڕێزدار،١٢. شڤان بە سـاحێبی ڕان دبێـژێ ئاغـا،١٣. نازنـاوی کـوڕ و کوڕەزای ئاغایـانە،١٤. مەنەنـی، مانـدەنی، هەرای هەری،١٥. بریتـــی لە کەســـی کـــارنەکەر و خۆش گـــوزەران،١٦. ئەی ئاغـــا، ئەی گەورەم: (بەرخێ گۆت: ئاغا! ئەی بەگێ سەردار) «پەرویـز جیهانی»،١٧. ناوە بۆ کوڕان.

**ئاغائامــان**: ئامـان لە دەس ئاغـا: (لە گشـت لا ڕۆڵەڕۆیە و ئاغائامـان/ نەوەک لایەک، نە دوو لا، بەڵکو هەمووان) «قانع».

**ئاغابـــانوو**: ١. ئاخەبـــانو، ئاغەبـــانوو، جەمەدانە، جامەدانە، جامەدانی ٢. ئاغاوبانوو، ئاغـا و خـانم، ئاغا و ئاغاژن،٣. ناوی ژنانە.

**ئاغابانی**: ئاغابانوو.

**ئاغاباوە**: ناوی کوڕانە.

**ئاغابرا**: ١. دیەکەیگە لە بەین قەسر و سـەرپیەڵ، ٢. ناوی کوڕانە.

**ئاغابزرگ**: ناوی پیاوانە.

**ئاغابەگلیان**: گوندێکە سەر بە شار نەغەدە.

**ئاغابەنۆکەرنەگرتن**: شـادبوون، بێخەمـی: (لەگەڵ تەبیعەت هـاودەمی/ شـادی، بەکەیفـی، بێخەمـی/ ئاغـاش بە نـۆکەر نـاگری/ وەک مـن لە داخـا نامری) «هێمن».

**ئاغـــاتی**: ١. ئاغـــایەتی، ئاغـــایی، گەورەیـــی، خـاوەنملکی، ملکـداریتی،٢. گەورەیـی، خـودان ڕەوشتی ئاغایانە: (لە حەوت ئاشان درەمێکی ئارد نییە، داوای ئاغاتی دەکا!) «پەند».

**ئاغاجاری**: گوندێکە سەر بە شاری دیواندەرە.

**ئاغاجلی**: شـارێکی بـاکووری کوردسـتانە سـەر شاری دیاربەکر.

**ئاغادێ**: گەورە و خاوەنی گونـد: (ئێمە بە لای خـۆی بـوینەتە خـاوەن ملـک و ئاغـادێ) «پێکەنینی گەدا».

**ئاغار**: ئاغ.

**ئاغارۆ**: ئاغارۆ ئاغارۆ، کە ئاغا دەمرد کۆتەڵێکیان بۆ دەڕازاندەوە، دەبوایە خەڵک بە ئاغارۆ ئاغارۆ بە پیلێوە چووبان: (کەژ و کێف و کۆ ئێژن: ئاغـاڕۆ)

«ئاوینەی‌بێگەرد».

**ئاغاڕووته**: ئاغای بێدەسەڵات و لێکەوتوو و نەدار×٤٢٦×: (وڵاتی بانە ئاغا ڕووتەی زۆری هەیە) «ڕشتەی‌مرواری».

**ئاغاز**: دەسپێک، سەرەتا: (لەززەتی دنیا کە هیچ و پووچە لای ئەهلی ئەدەب/ ئەووەڵ و ئاغازی جەور و دەردە، ئەنجامی ستەم) «نالی».

**ئاغازاده**: ١. ئاخازادە، کوڕ یا کچی ئاغایە،٢. بۆ پرسیار لە باتی کوڕی تۆیە دەڵێن ئەوە ئاغازادەیە؟،٣. وشەی ڕێزە بۆ کوڕی کەسێک.

**ئاغازەمان**: گەڕەکێکە لە شاری سنە.

**ئاغاژن**: ١. ژنی ئاغا، خانمی ئاغا: (خۆشخوان تەنانەت گۆرانی و بەیت و بالۆرەی بۆ ئاغاژن و خێزانی ئاغاش دەگوت) «توحفە»،٢. کەیبانوو، کلانتەرژن، گەوراژن.

**ئاغاژنی‌عەبدەبەگ**: بۆ ژن یا کچێکی بەکار دێنن کە پلەی ئاکار و کردەوەی لە جێی کۆمەڵایەتی خۆی بەرزتر بێ.

**ئاغاسوور**: گوندێکە لای مەهاباد.

**ئاغاسووری**: هۆزێکی کوردە.

**ئاغاک**: ناوی کوڕانە.

**ئاغاکردن**: دامەکردن، گەیاندنی بەردی دامە بە ڕیزی ئاخری دامە.

**ئاغاڵ**: شەڕوان، شەڕخڕ، جەنگجوو.

**ئاغاڵش**: هاندان.

**ئاغاله**: ئاغاچکۆلە، نازناوێکە بۆ کوڕی نازدار و خۆشەویست.

**ئاغالەر**: ئاغالە×: (چەند عاشقان، چەند مەعشووقەی جوان/ چەند ئاغالەر، ساحیب سفرە و خوان) «قانع».

**ئاغامانگ**: ناوێکە ژنانە.

**ئاغامورا**د: گوندێکە لە دێکۆی حەمەوی بیجاڕ.

**ئاغان**: ئاغایان، ئاغاوات: (هندەک ژ ئاغان کەنکەنە و شێخان) «سندی»، (گوزەرانی خۆی پێ نەدەسووڕا، نان و زگ فێری چەلاوی ماڵە ئاغان بووبوو) «خاک و چەوسانەوە».

**ئاغانازار**: ناوێکە ژنانە.

**ئاغانه**: ئاغایانە، بەشی ئاغا لە داهاتی جووتیار: (پارەم وەرئەگرت بە هۆی ئاغانە/ کاتی ژنهێنان ڕەسمی سوورانە؟) «قانع».

**ئاغاوات**: ١. کۆی ئاغا، ئاغاگەل: (پیاوی مازاد و ماڵیات/ دەسووڕێنەوە دێهات/ دەسێنن دەغڵ و داهات/ لە کرمانج و ئاغاوات) «هێمن»،٢. هۆز و بەرەی ئاغا و بەگان.

**ئاغاوبانو**: ١. ئاغا و خانم،٢. ژن و مێرد.

**ئاغاووک**: ١. ئاووکێ بێداری ٢. گۆرانی‌بێژ و شایەرێکی کوردی باکوورە.

**ئاغاوەیسی**: چۆمێکە لای دیواندەرە.

**ئاغاوێ**: ئاغادێ، گەورەی دێ.

**ئاغایانه**: ١. بەگانە، ئاغایی، وەکوو ئاغایان، گەورانە،٢. بەشی ئاغا لە داهاتی ڕەعیەت،٣. کارێ کە لە ئاغا دەوەشێتەوە: (ئەم فیز و ئیفادە ئاغایانە بۆ تۆ نەهاتووە).

**ئاغایانەگوزەراندن**: خۆش ڕابواردن: (خدر لەوەتی هەیە هەر ئاغایانە گوزەراندویەتی).

**ئاغایەتی**: ١. مەزنایەتی، گەورەیی: (ئاغایەتیم بە دەس نەماوە دەگەڵ ماڵی دونیایە) «توحفە»،٢. ئەربابەتی، ئاغاتی، ملکداری: (خەرمانانیساڵی پەنجا و یەکی هەتاویە، باوی ئاغایەتی گەرمە) «شەوارە».

**ئاغایەل**: ئاغایان، ئاغاگەل: (من چەم هەس بیشارمۆ؟ من چکێ دڵم بەو ئاغایەلە ئەکریتۆ) «هەزار ئەشکەوت».

**ئاغایی**: ١. گرێدراو بە ئاغاوە: (ماڵی ئاغایی)،٢. گەورەیی، ملکداری، خاوەنی کەسایەتی: (یەک بە پزیشکی، یەک بە ئاغایی/ یەک بە ڕاووڕووت،

یەک بە کوێخایی) «قانع».
**ئاغبان**: ناوە بۆ کچان.
**ئاغبلاغ**: ١. ناوی چەمێکە لای بیجاڕ،٢. گوندێکە لای بیجاڕ،٣. دێیەکە لە دێکۆی سارالّی دیواندەرە،٤. دێیەکە لە دێکۆی کەولّەی دیواندەرە،٥. زنجیرەیەک بەرزاییە لای بیجاڕ،٦. گوندێکە سەر بە شار شنۆ،٧. گوندێکە لای سنە.
**ئاغبلاغ‌چەنگ‌ئەلّماس**: گوندێکە لە نزیک بیجاڕ.
**ئاغبلاغی‌بەرقەلّا**: کوێستانێکە لای سنە×
**ئاغبلاغی‌حوسەین‌خان**: گوندێکە لە دێکۆی سلّێتانی بیجاڕ.
**ئاغ‌تەپە**: گوندێکە سەر بە ساین‌قەلّا.
**ئاغجەباش**: ئاخچەواش(گیا).
**ئاغجەقەیە**: ١. ناوی کێوێکە لە نزیک شاری بەهاری هەمەدان،٢. بەردی سپی گچکە.
**ئاغجەلەر**: ١. شارێکە لە باشووری دوکان،٢. ناحیەیەکە سەر بە قەزای چەمچەماڵ.
**ئاغجەواش**: ئاغچەواش(گیا).
**ئاغجەوان**: گوندێکە سەر بە شاری بۆکان.
**ئاغجەیوان**: ئاواییەکە لە نزیک چەمی جەغەتوو، سەر بە شاری بۆکان.
**ئاغچەباش**: گیایەکە دەخورێ.
**ئاغچەکەند**: گوندێکە لای بیجاڕ.
**ئاغچەگومبەد**: دێیەکە لە دێکۆی گورگینی بیجاڕ.
**ئاغچەلی**: گوندێکە سەر بە ساین‌قەلّا.
**ئاغچەلی‌تازە**: گوندێکە لە سەر چەمی جەغەتوو سەر بە ساین‌قەلّا.
**ئاغچەمەمەشمەد**: گوندێکە لای داقوق.
**ئاغچەواش**: ئاغچەباش، ئاغجەباش، ئاغەجەواش، پیتۆکە، گیایەکی گوڵ سپی و بێن‌خۆشە بۆ دۆکولیو دەبێ.
**ئاغچیواش**: ئاغچەواش(گیا).
**ئاغ‌دایی**: خالّۆی بیچک.

**ئاغری**: ١. پارچەیەکی بە ناوبانگە،٢. شارێکی باکووری کوردستانە.
**ئاغریداغ**: ئاگریداغ، ئۆغریداغ، کێوی دز، کێوی ئاگری لە سنووری ئێران و تورکیا.
**ئاغزوونە**: ئالّقەزوونە، ئاوزوونە، ئالّقەی ددانەداری کانزا بۆ داخستنی کەوش و پشتوێن.
**ئاغزە**: ١. ئاخزە، قونچکەسیغار، بنکی جگەرە،٢. دەمە، دەمنە، مۆننە، مۆدنە، دارجگەرە.
**ئاغزی‌تفەنگ**: پفەک، تیرتیرێن، قامیش یا دارێکی کلۆرە کە بە فوو تیری پێ دەهاون.
**ئاغ‌کەندقەرەکەند**: گوندێکە لە دێکۆی تەغامینی بیجاڕ.
**ئاغلاغ**: سەرئاوالّا، ڤالا، بەتاڵ.
**ئاغلوی**: ئاخلویک.
**ئاغلّە**: مەشکۆلە، مەشکەی گچکە.
**ئاغلەب**: زۆربە، زۆرجاران.
**ئاغلەبە**: زۆرینە، زۆری، پڕایی.
**ئاغلّەمە**: ناوی گۆرانییەکە: (ئاغلّەمە گوزەل ئاغلّەمە، دەلی ئۆلّدوم ئاغلّەمە) «ماملێ».
**ئاغلەوی**: ئاخلەویک.
**ئاغلەویک**: ئاخلەویک.
**ئاغلّیان**: گوندێکە سەر بە شاری بۆکان.
**ئاغلیک**: ئاخلەویک.
**ئاغۆتمان**: گوندێکە سەر بە بۆکان، لای قوڕوچای سەرێ.
**ئاغوز**: ژەک، فرچک.
**ئاغوستۆزی**: ئاگۆست، ناوی مانگی هەشتی سالّی زایین: (سالّی ١٩٤٢ ڕۆژی شەشی مانگی ئاغوستۆزی ئەو سالّەیە) «ڕشتەی‌مرواری».
**ئاغوش**: ١. باوەش، بەر، ئامێز،٢. شاد، شا.
**ئاغۆش**: ئاغوش.
**ئاغوشتە**: ئاوێتە، تێکەڵ: (بە ئاوی گریە هەردەم ناوی چاوم شۆشتوە، نەک جێت/ بە خوێن

ئاغوشتە بێ، تۆ، چاوەکەم، بڕوانە چۆنم بۆت!) «مەحوی».
**ئاغۆڵانی گچکە**: گوندێکە لە باکووری هەولێر.
**ئاغۆڵانی گەورە**: گوندێکە لە باکووری هەولێر.
**ئاغە**: ١. ئاخە، ئاغا،٢. گەورەیی، مەزنی: (فەریاد پەی ئیخلاس، ئاخ پەی ئایینت/ پەی ئاغەی دنیا و پەی ئاغەی دینت) «مەولەوی»،٣. هەرای هەری، هەمیشەیی، ماندگار،٤. پێشگرێکە ئەرای ناوەیل پیانە و ژنانە: (ئاغەمانگ، ئاغەبرا).
**ئاغەبانو**: ئاغابانوو.
**ئاغەبرا**: ١. ئابرا، کاک، کاکە، برای مەزن،٢. ناوە بۆ زەلامان: (جە نشینگاکەی لالۆ ئاغەبرا/ ئابۆ نیشەوە ئای تازەبرا) «م.ح. دزلی».
**ئاغەجەری**: گوندێکە لە دێکۆی دەوروبەری دیواندەرە.
**ئاغەجەواش**: ئاغجەواش، پیتۆکە(گیا).
**ئاغەڕۆ**: شین و ڕۆڕۆ بۆ مەرگی ئاغا: (ئەویش گورج خاکەنازێ قوڕی دا بە سەریا و وتی: دەی مسگەر تۆش ئاغەڕۆ بکە) «ڕشتەی مرواری».
**ئاغەڕۆو**: خواشکور، خوداشوکور.
**ئاغەرە**: ئاقدەرە، ناوی دو گوندە لای تیکاب: (تیپ کوێخا مەحمووی ئاغەرەی سەرێ) «ئاوێنەی بێگەرد».
**ئاغەرەی خوارێ**: گوندێکە لای تیکاب: (تیپ کوێخا شەریف ئاغەرەی خوارێ) «ئاوێنەی بێگەرد».
**ئاغەرەی سەرێ**: گوندێکە لای تیکاب.
**ئاغەرەی ناوەڕاس**: گوندێکە لای تیکاب.
**ئاغەسووری**: هۆزێکی کوردە.
**ئاغەڵ**: ١. ئاغەڵ، غەڵ، شاتر، مەخەل، هەوڵ، گەوری ئاژەڵ: (ئانین هەمی مێر و تژە و ڕەز کر/ ئاغەل کو شڤان تژی ل پەز کر) «خانی»٢. ئەشکەوت، ئاغەڵی دابڕاوی شاخ بۆ مالات،٣. ئاخەڵ، قسن، وشکەکەڵەکی بەگەڕە لە دەوری گۆڕ و شتی‌تر.
**ئاغەلان**: هەوارگە، وارگە.
**ئاغەڵان**: گوندێکە لای سەردەشت.
**ئاغەڵیان**: ١. گوندێکە سەر بە شاری بۆکان، لای سریلاوا،٢. ناوی چیایەکە لە دەڤەری پلەی ئاسانەی سەقز کانی ئاسنی تێدایە.
**ئاغەننە**: ١. ئاغاژن،٢. دایەگەورەی کەیبانوو.
**ئاغی**: ١. یاغی، قاچاغ،٢. کورتکراوی ناو ئاغابرار.
**ئاغیازی**: گوندێکە لە دێکۆی کوڕانیی بیجاڕ.
**ئاغین**: شارێکە لە باکووری کوردستان.
**ئاف**: پێشگرێکە بە مانای ئاو(ئافتاوە).
**ئافات**: ١. بەڵا، ئازار، چام، نەخوەستی، کوڤان، پەتا: (پور من ژ ڤێ چەرخێ «مەلا»، کێشانە ئافات و بەلا/ ئەبلەە دبینم وی هەلا، هەرچی ژ دل بت یارێ چەرخ) «جزیری»،٢. نەساخی ئا گیها، بەڵای شینکە.
**ئافاتابێ**: ئافتاوێ، مەسینە.
**ئافار**: بەرانبەر، بەرابەر، ڕووبەڕوو.
**ئافاز**: هوور وە خوەیەو بوون: (ئافاز گیان خوەێ نییە).
**ئافاق**: ١. ئاسۆ، ئاسۆگ، کەل: (ئەلقیصەە، لە شەوقی دڵی پڕ حەسرەتی موشتاق/ وا گرتمە ناو باوەشی خۆم، ئەو مەهی ئافاق/ بووە یەک: زەقەن و گەردن و سینە و کەمەر و لاق/ ...) «ئەدەب»، ٢. دنیا، دنێ، جیهان: (چ قەسر و دائیرە و تاقێ، تیا تۆ تاقی ئافاقی/ نەی و موتریب، مەی و ساقی، گوڵ و بولبول هەموو جووتن) «نالی»، (بەم هەموو تەبعە ڕەوانە، بەو هەموو هۆنراوە/ چاکە نەبمە شۆهرەیی ئافاق و هەر ئاوارە بم) «ئاوات».
**ئافاق بەئافاق**: ئاسۆ بە ئاسۆ، کەل بە کەل: (بێ‌حەد نە پایەی گەردوون شەش‌تاق/

تەی‌کەردم جیهـــان، ئافـــاق بە ئافـــاق) «خانـــای قوبادی».
**ئافاقە**: گوشادی، شادی، شادمانی.
**ئافان**: گوندێکە سـەر بە مەهابـاد: (قـۆیتەڵ نـێ، غەڵیفانە/ ئامێد دەگەڵ ئافانە) «فۆلکلۆر».
**ئافاندن**: تاواندنەوە، ئاتیواندن.
**ئافت**: وریا، زرنگ.
**ئافتا**: هاوتا، ئامتا، هامتا، هەمبەر، بارتەقـا: (ئەگەر چاوی خۆم بەیایە زینێ هەڵـدێنایە/ وەهـام دەدی ئافتای کاکە مەمێ جوانە) «خانی».
**ئافتاب**: ١. ئافتاو، خۆر، هەتاڤ: (وی ل وەجهێ ئافتـابێ گـاهی کفـش و گـاهی خەف/ عـارفێ ئەهلـــی بەصـــارەت حەیێرانـــدن مـــاهی نەو) «جزیری»، (شەو ئەگەر تۆ ماهتابی ئینتیزاری تا بە کەی/ ڕۆژ ئەگەر تۆ ئافتابی بۆچ لە هەوران نـایە دەر؟) «وەفایی»،٢. بریتی لە ڕوخسـار: (ئافتـاب و ماهی گەردوون هەڵنەیـێن بـا هەڵـێن/ ئافتـاب و بەدری کامیل تەلعەتی تابانتە) «عەلی»،٣. بریتی لە یاری شۆخ: (خەڵکی خۆریان کاتێ ئێوارە کە لـێ ئاوا ئەبێ/ من بەیانی زوو لە چـاوانم کە ون بـوو ئافتاب) «شێخ ڕەزا».
**ئافتـــاب‌پەڕ**: خـــۆراوا، ڕۆژاوا: (تـا وەخـت غورووب وادەی ئافتاب‌پەڕ/ پەڕان‌تەر جە نەخش پەڕ داڵ گوڵ زەڕ) «خانای قوبادی».
**ئافتابە**: ئافتاوە، مەسینە.
**ئافتابێ‌ڕوخسار**: ڕوخساری وەک خۆر: (تەحقیـق ب ئافتابێ ڕوخسار/ تەسدیق ب ماهتابێ دیـدار) «خانی».
**ئاف‌تاف**: ئافەت، تەشە.
**ئافتامات**: ١. جـۆرێ موسەلسـەلی خودکـار،٢. کەرەستەیەکی خۆکاری کارەبایی سەیارە.
**ئافتان**: هاڤێتن، هاویشتن، خستن.
**ئافتاو**: ١. خۆر، خۆرەتاو، ڕۆژ، هەتاڤ، ئافتـاب: (ئافتـاو جەمینـان جەمـین شـۆڵەی شـەم/ چەنـی قیبلەی من مەوینـان وە چەم) «وەلـی دێـوانە» ٢. نـاوە بـۆ ژنـان: (هەی مـاڵێ بـابم ئافتـاو، قەد باریکەی پەرچەم خاو) «حەسەن زیرەک».
**ئافتاوبەئافتاو**: هەر ڕۆژ، ڕۆژانە: (ئافتـاو بە ئافتـاو خەرجی‌شـانە میـاوۆرد دەر خـانە و میرەفـت) «دەروێشیان».
**ئافتاوبێز**: کەسێ لە بەر جـوانی خـۆر ببێزرێنـێ: (بە میشکین توڕڕەی توغرای زولـف‌دێز/ گـرتەن حاشیەی بووم ئافتاوبێز) «خانای قوبادی».
**ئافتـــاوخێز**: خـــۆرهەڵاتن: (وەڵـگ وەن‌داران وەختێ ئافتاوخێز) «بێسارانی».
**ئافتاودەرپەڕین**: خۆر هەڵاتـن: (سـبحەینێ ئەگەر ئافتاو دەرپەڕی) «توحفە».
**ئافتاوڕوو**: خۆرگر، ڕووەوخۆر، ڕوو بە هەتاو.
**ئافتاوزەردی**: خۆرەزەردە، ڕۆژاوا، ڕۆژپەڕ.
**ئافتاوگەردان**: ١. سەیوان، سێبەر، چەتری هەتـاوی ٢.ڕەشماڵ، چادری گچکە، خێـوەتی بچـووک ٣. بەرچـــاوکە،٤. شـــەپکە، کـــڵاو،٥. گـــوڵەبەڕۆژە، گوڵ‌بەڕۆژ.
**ئافتاوگەزکردن**: بریتی لە بێکاری: (سوب تا شـاو ئافتـاو گەز مۆکۆنـاو دەس خـالی میـات خـانە) «دەروێشیان».
**ئافتـــاولەگەن**: ئافتاوەولەگـان، ئافتـاوە و لەگەنـی گچکە بۆ شۆردنی دەست: (ئافتاوە و لەگەن حەو دەس/ شام و نەهار هیچ) «پەند».
**ئافتاونشان**: ئافتاونیشان.
**ئافتاونیشان**: ١. هەر شـتێ نیشـانەی ئافتـاوەی لێـدرابێ،٢. جـۆرێ قوماشـە،٣. مەرمەڕشـای ئافتاونیشان، جۆرێ بلوێری سپی وێنەی مەسینەی پێوەیە.
**ئافتـــاوە**: ئەفتـاوە، مسـینە، مسـینک، مەسـینک، مەسـینە، مەسـیینە، لـولێنە، مەعـدەنی، خۆشـدەر،

لوولەهێن: (ئافتاوە و مەسینان بگێڕەوە بچۆووە بە دوواوە) «توحفە».

**ئافتـــــاوەپێ هەڵنەگرتن**: بریتـــــی لە زۆر لەلا سووک بوون (پێی بڵێ لەخۆڕا نەنێریتە سەرم، بە خودای ئافتاوەشی پێ هەڵناگرم) «فۆلکلۆر».

**ئافتاوەدار**: مەسینەهەڵگر، خزمەتکاری ئافتاوە لە دیوەخانی ئاغاک: (من کەمتەر کەنیز پەرستار تۆم/ من ئافتاوەدار، خزمەتکار تۆم) «خانای قوبادی».

**ئافتاوەدز**: دزی ئافتاوە، گەندەدز، گەندەخۆر.

**ئافتاوەولەگەن**: ١. مەسینە و دەس‌شۆر: (کاکە مەم بانگ لێڵێ: بەنگینە خەمناکم، گەلێک دەرفکرم، ئافتاوە و لەگەنی بێنە، دەس‌نوێژێکی ممبارەک هەڵگرم) «مەموزین»،٢. ناوی جۆرێ نەخشی کڵاوی کوردی‌یە.

**ئافتاوەهەڵگرتن**: کاری ئاو هەبوون و چوونە پێشاو: (بە بیانووی ئافتاوە هەڵگرتن لە مەجلیسی وەدەر کەوت).

**ئافتاوی**: دیار، خویا، ئاشکرا: (چەن ڕۆژە یارۆ خودشۆ ئافتاوی نەکەردە) «دەرویشیان».

**ئافتاویٚ**: ١. ئافاتابێ، مەسینە،٢. خۆرێ، هەتاوێ: (ئافتاوێ بی، هەڵات و نیشتەوە) «بێسارانی».

**ئافتاوی‌بوون**: دەرکەوتن، خویابوون.

**ئافتایی**: هاویشتی، هاوێژراو، فڕەدای، فڕێدراو.

**ئافتن**: شەس خەوەرداربوون، زانستن.

**ئافتۆمات**: ١. ئۆتۆمات، ئۆتۆماتیک، خودکار، خۆمەش،٢. جۆرێ چەکە.

**ئافتووش**: ١. خۆلە کاریکەسی‌تر هەڵقورتاندن.٢. گەیشتنەیەک، لێک‌ڕاست‌هاتن.

**ئافتە**: ×١١٩×: (ئەوە ناسک و نازدارەکەی من بوو وەدەر دەکەوت لە ماڵی دە بابان/ هەڵێدەگرتەوە لەنجێکی لەوانی دە شیرین کۆتری/ دەیکوت دە بڵا سەری من ببێ بە ئافتەی ئەوان ناسکە جحێڵان) «گەنجی سەربەمۆر».

**ئافتین**: ئاستین، مچگەی شەو.

**ئافخانستان**: وڵاتی ئەفغانستان: (ناڤ و دەنگێ وەلیێ ژ هندستانێ و ئافخانستانێ حەتا مسرێ، مەخریبێ و ئاڤرۆپایێ بەلاڤ ببوو) «مەستوورە».

**ئافر**: ١. ژەک،٢. ئاخوڕ، ئافر، هافر، ئاخوڕی لەوەڕی ئاژەڵ: (دو هەسپ لسەر ئافرەکی نابە) «پەند».

**ئافرا**: ناوی دارێکە.

**ئافراد**: ئافرەت، ژن.

**ئافراز**: هەوراز، لای ژوور، سەرکێو.

**ئافراسیاو**: گوندێکە لای دیواندەرە.

**ئافران**: ١. ئەفران، خولقان، هاتنەدی، چێبوون،٢. خالیق، خودێ، خولا.

**ئافراندن**: خولقانن، خولقاندن، چێکرن، داهێنان، بەدی‌هانین، ئافەریدکردن: (وی ملەتێ فەقێ تەیران ئافراندی) «فەقێ تەیران».

**ئافرانده**: ١. خولقاو، درست‌کراو،٢. دروستکەر.

**ئافراندی**: ١. خولقاو، ئافەریدە،٢. خولقاندی، دروستی کرد(ڕابردوو).

**ئافراو**: ئافراندی، خولقاو.

**ئافرشتە**: پرس، پرسیار، پەرس، پرسین.

**ئافرک**: ئاڤر، ئاخوڕ: (دۆ هەسپ ل سەر ئافرکێ ناچێرن) «پەند».

**ئافرما**: گوندێکە لای خواری زاخۆ.

**ئافرندە**: خولقێنەر، ئافرەندە.

**ئافرەت**: ١. ژن، ژەنی، عافرەت، عەورەت، ئاڤرادە، پیرک، پیرەک، پت، پتکۆ، پتۆ، ژنی پیاو: (ئافرەتێکی بوو، کەتەی چل شووکەرە/ دەمشڕ و تەڕپیر و پەردە لادەرە) «پیرەمێرد»،٢. ڕەگەزی مێوینەی مرۆڤ: (لە وردترین دەمارم وەکوو پزیسک پژا/ تەحەسسوساتی دڵێکی پەرۆش بۆ ئافرەت!) «گۆران»، ٣. بۆ هەراکردنی ژن لە لایەن مێردەوە: (ئافرەت! ئاو بێنە، ئاو و دۆی زۆر

چاک/ ڕۆڵە! چا تێکە، بە دەستێکی پاک) «قانع».
**ئافرەتانە**: ژنانە، تایبەتی خانمگەل.
**ئافرەتانێ**: ئافرەتانە، ژنانە.
**ئافرەتبار**: خێزاندار، خێزانبار، ئەو کەسە ک دویەت فرەیگ لە ملێ بوو.
**ئافرەتباز**: ژنباز.
**ئافرەتبازی**: ژنبازی.
**ئافرەتە**: ئافرەت، ژن.
**ئافرەسییە**: بەدبەخت، سیاچارە.
**ئافرەندە**: پەروەردگار، خولقێنەر، چێکەر، داهێنەر، ئافرندە، ئافراندەر.
**ئافری**: چێبوی، دروسبوی، هاتیە ئافراندن: (ڕۆژا کو ئادەم ئافری/ خالق ل ئبلیس ئازری/ بو مانعێ سەجدە بری/ ئێخستە توقا لەعنەتێ) «فەقێ تەیران».
**ئافریان**: ناوی دو گوندە لە دێکۆی گاوەرۆ بەشی ناوچەی کامیاران، ئافریانی سەرێ و خوارێ.
**ئافریانج**: دیەکەیگە لە سونقور.
**ئافرێتن**: ئاوڕژتن، ئاوڕشتن.
**ئافریش**: ئافەریدکرد.
**ئافرین**: ١. خەلقکرن، خولقاندن،٢. ئەفرین، عەفرین، شارێکە لە باکووری کوردستان: (هاوبیری هێژا یۆسف نەسرۆ کە ئێزیدی نێوچەی ئافرینە) «جەماڵنەبەز».
**ئافرێنەر**: ١. چێکەر، خولقێنەر، ئافرەندە،٢. خودا.
**ئافزە**: کانی، کانیاو، چاوگە، چەشمە، سەرچاوە.
**ئافزیل**: ئەستێر، هەستێل.
**ئافسارک**: سەرداو، ژێرزەمینی بینا بۆ ساردکردنی ئاو.
**ئافشوژن**: ئاشووژن، بەندروو.
**ئافک**: گێرمە، گێرم، شۆربە، شۆرباو: (کێوانی زۆر بن، ئافک شۆر دوە) «پەند».

**ئافکمادک**: ئاوگۆشت، ئاڤگوشت، ئیشکەنە، ئاڤا قەلیێ.
**ئافگیر**: ئاوگیر، ئاڤگر، گۆل، زناو، زنە.
**ئافنتە**: دەفری ئاو، ئامانێ ئاڤێ.
**ئافنمت**: پڕئاو، ئاڤا بۆش.
**ئافور**: گاکێوی، کەڵەکێفی.
**ئافەت**: ١. گڕگاشە، مێمڵ، ئافات، بەڵا: (بنازم من بە کوفری زولفی تۆ ئەی ئافەتی ئیسلام/ کە ئەستۆبەندی جیزبەی خستە مل ئیمانی خاس و عام) «مەحوی» ٢. درم، پەتا، ئازار(مریشک)،٣. نەخۆشی مەڕ و ماڵات،٤. ملۆزمی دەغڵ و دان.
**ئافەتە**: چاوەقووڵکە، بلفەتە، بڵفەتە، نەخۆشی تاعوون: (جارێک لە عێراقدا ئافەتەیەک داکەوتبوو عالەم تووشی چەپڵە لێدان بووبوو) «ڕشتەی‌مرواری».
**ئافەتی‌جان**: بەڵای گیان، مێمڵی جان: (قانعی وێردی شەو و ڕۆژی ئەمەس هەر ئەیڵێت/ ڕوومەتی سوور و خڕی ئافەتی جانم گەرەکە) «قانع».
**ئافەجان**: شەیتان، نائارام، بزۆز.
**ئافەرم**: ئافەرین.
**ئافەرن**: ئافەرین، دەستخۆش.
**ئافەرۆز**: ١. بێبەش، بێپار، بێبەهرە٢. هەڵاتنی مانگ و خۆر و ئەستێرە،٣. بێتین، کوژاوە، سارد، ئاگردانی کوژاوە: (ئاگردانێکی سارد و ئافەرۆز بوو).
**ئافەرەم**: ئافەرین: (ئافەرەم وەستا ڕەجەب بۆ سەنعەت و دەسکارەکەت) «قانع».
**ئافەری**: ئافەرین، ئافەریم: (هەکە ئێقبال هاتە سەری، هەرکەس دبێ ئافەری) «ف.گ.پ.».
**ئافەریتە**: ئافەرین.
**ئافەرید**: داهێنەر، خولقێنەر.

**ئافەریدگار**: ئافەرەدەگار، خودێ.
**ئافەریدە**: خولقاو، ڕسکاو، وەدیهاتگ، دەسکار، دەسوکار، دروس‌کریاگ، داهێنراو: (باڵا سپی سەوڵ شا پەسەندیدە/ فریشتەی شەریف حەق ئافەریدە) «بێسارانی».
**ئافەریدەبوون**: داهێنران، خولقان، چێبوون.
**ئافەریدەکار**: ئافەریدگار: (ئافەریدەکار کە وا ئەزانێ/ خوومان لە خۆمان چاکتر ئەزانێ) «پیرەمێرد».
**ئافەریدەکردن**: خولقاندن، ڕەخساندن، داهێنان.
**ئافەریدەگار**: خودێ، خودا، یەزدان، داهێنەر، خولقێنەر.
**ئافەریدگاری**: خودایی، یەزدانی.
**ئافەریم**: ئافەرین.
**ئافەرین**: ١. ئافەریم، باریکەڵڵا، بارەقەڵڵا، ئوف، ئۆف، ئووفت، دەست خۆش‌بێ، لەمنت کەوێ، لە بابت کەوێ، لە خارت کەوێ، لە داکت کەوێ، لە مامت کەوێ، شاباش، عانفەرین، عافەرم، دەمخۆش، تەوتەو، بەهبەه بەهە، بژیت، پەح، پەحپەح، دەستت نەرزێ، بۆ پەسن: (ئافەرین بۆ لەشکری موژگان و زولفین سیات) «دیوان ئەحمەد»،٢. بۆ تەوس و توانج بەکاری دێنن،٣. ناوە بۆ کچان.
**ئافەرین‌ئافەرین**: بۆ پەسندی زۆر.
**ئافەرینت**: بژێت، ئافەرین.
**ئافەرینش**: ١. بەدیهێنەری، خیلقەت، ئافرێنی،٢. ئاسەوار، خولقاو.
**ئافەریننده**: خولقێنەر، دروستکەر.
**ئافەکەڵڵا**: ئافەرەم، ئافەرین، بارەقەڵڵا.
**ئافیدە**: پاقژ، پاک، خاوێن.
**ئافیر**: تەشتی ئاو خواردنەوەی ئاژەڵ.
**ئافیش**: ئاگاداری بۆ هەڵواسین و ڕاگەیاندن.
**ئافیەت**: عافیەت، لەش‌ساغی: (ئەگەر دخازی ئافیەت و تەندوروستی/ بدن دیدن نەبزا ل دەستی نەبزگرا) «گوڵشوون».
**ئاڤ**: ١. ئاو، ئاوی، ئەو، تراوی ڕونی خواردنەوە: (ئاڤا سارا وەک جەمەدێ) «پەپووک»، ٢. لیک، لیکاوی زار: (ئاڤ و گلێز دەڤی کەت) «پەرویز جیهانی»،٣. ڕۆندک، فرمێسک.
**ئاڤا**: ١. ئاوەدان، ئاوا، ئاڤەدان، ئاوا، ئاڤا، چێکری: (خانی ژن خراو کە، هەرکە هەرکە نوکو ئاڤا کە) «پەند»، ٢. ترزل، مرۆی دفن‌بلند ٣. ئاوا، ڕەوتی لە چاو گوم بوون،٤. خۆراوا، جهێ کو ڕۆژ لێ بەریڤە دبت،٥. دوئا، دۆعا: (مالی ئاڤا)،٦. ناوە بۆ کچان.
**ئاڤائاراس**: چەمی ئەرەس، ئاوی ئاراز: (ئاڤا ئاراسێ دپرست ئیرو کانێ گەمیڤان) «سندی».
**ئاڤابن‌کاهێ**: ئابی بن‌کاهێ.
**ئاڤابوون**: ١. ئاوەدان بوونەوە: (وان ئیسپات کر کو دونیا ب چاکی/ خۆش ئاڤا دبت ب ئاڤا پاکی) «سندی»،٢. ئاوابوون، ئاڤابوونا ئاوایی یا مانگ و خۆر: (ڕۆ دچوو ئاڤا) «مەستوورە»،٣. ئاوس بوون: (خودێ وەسا حەز کر ژنا پاشای ب زک کەفت و ماهین ئاڤا بوو) «گولواز».
**ئاڤابەرف**: بەفراو، سەهۆڵاو، ئاڤابەفری.
**ئاڤابەفری**: ئاڤا بەرف، سەهۆڵاو، بەفراو.
**ئاڤاپێل‌پێلۆ**: ئاوی خوڕ، ئاوی بەتەوژم.
**ئاڤاترش**: سرکە، سێک، سهک، ئاوی ترش.
**ئاڤاتری**: شیلەی ترێ، شێلیا تری، ترێی کوشراو.
**ئاڤاتوکا**: گوندێکە لای دەرکار.
**ئاڤاتەزی**: ئاوی سارد، ئاوی تەزیو، سەهۆڵاو، یەخاو.
**ئاڤاتێگەڕیای**: ئاو تێزاو، ئاو تێگەڕاو، میوەی دەمەو گەیشتن.
**ئاڤاتێوەردان**: ئاو کێشان، ئاو تێوەردان.
**ئاڤاچورتین**: کەشکاو، ئاوی کەشک، کەشکی

ساوراو، ئاڤچورتان، بشاڤ، بشاڤاچورتین.
**ئاڤاحەیاتیێ**: ١. ئـاوی حەیـات، ئاڤـا ژیـن، ئاڤـا خزری، ئاڤیێ حەیوان: (ژ ئاڤیێ حەیـاتیێ ب مە دا شەربەتەک/ زیندە کـرین مـا ژ عەدو را نەشـاج) «جزیری» ٢. بریتی ژ خۆزیێ مەعشوقیێ.
**ئاڤاخرابا**: گوندێکە لای دەرکار.
**ئاڤاداغ**: ئاوەکوڵ، ئاوی جۆشیاگ.
**ئاڤادان**: ئاوەدان، ئاڤەدان.
**ئاڤادانی**: ئاوەدانی.
**ئاڤادەستان**: ١. مسینە، ئافتاوە، مەسـینە ٢. ئـاویێ کە بۆ دەوچاو شۆردن بیێ.
**ئاڤار**: ١. ئاڤـاڕ، چەرم، کەڤـل، کەوڵ،٢. سـنوور، مەرز،٣. هەمبەر، بەرانبەر.
**ئاڤاڕ**: ١. کەوڵ و پێستەی ئـاژەڵ بەر لە دەبـاغی، ئاڤار،٢. هەمبەر، بەرانبەر.
**ئاڤاربوون**: لادان، خاریج بوون: (دڤیێ کو تـو ژ هەقییێ و ڕاستییێ ئاڤاریێ نەبی) «پەپووک».
**ئاڤاڕوو**: ئاوڕو، ئابڕو، ئاڤڕوو، حەیا، فەدی: (ئاڤـا ڕوییێ شاعیری نەڕێژن) «خانی».
**ئاڤاڕووڕژتن**: ئابڕووبردن، ناوزڕاندن.
**ئاڤارە**: ١. ئاوارە، تەرە، سەرگەردان،٢. گـوڵچن، کەسـیێ لەبەر نەداری گـوڵی نـاو جـارەگەنم کـۆ دەکاتەوە.
**ئاڤارەش**: ١. ئـاوی ڕەش، ڕەشـاوێکە کە چـووە پەردەی چـاوەوە کـوێری دەکـات ٢. ڕەش‌ئـاڤ، ڕەشاڤ،٣. ڕووبارێکی ڕەشە لە نسیبینی.
**ئاڤارەڤان**: ئاوی ڕەوان، ئاڤا جاری: (قازانجا ئاڤا ڕەڤانا/ ژین دەورا ئاشانە) «گولشوون».
**ئاڤـــاڕیێ**: ١. گـومڕا، لاڕیێ، لەڕیێ لادەر، هەڵە،٢. تەرە، ئاوارە، سەرگەردان.
**ئاڤازەر**: ١. زەرداو، زەرتاڵ،٢. زێڕاو، ئاڤ زێڕ.
**ئاڤـازەلال**: ئـاوی ڕوون و سـاف: (ئەو ڕەنـگ دبێت ئاڤا زەلال) «فەقیێ تەیران».
**ئاڤـــاژینیێ**: ئـاوی حەیـات: (وەکـی ئەزیێ وەک کانییێ/ ئاڤـا ژینـیێ ببەخشـینم/ هەبـوون چێتـرە ژ نەبوون) «سەنار».
**ئاڤاسار**: ئاوی سارد: (تا ڤەخۆ قورتەک ئاڤا سار بێخەم) «پەرویز جیهانی».
**ئاڤاسەکن**: ئاڤ نەرم، ئاوی مەند.
**ئاڤاشۆر**: سـوێراو، سـۆڵاو، شـۆراو، خویـاوک، ئاوی سوێر.
**ئاڤاڤەخارنیێ**: ئاوی خواردن، ئاو خواردن.
**ئاڤاکاری**: ئاوەدانکاری، کاری ئاڤا کرن.
**ئاڤـــاکرن**: ١. کـردنەوە، بونیـات نـان: (تەرزی خـانییەکی وسـا مەزن و خـوەش ژی ژ خـوە و مالباتـا خـوەرا ئاڤـا کربـوو) «پەپـووک» ٢. دامەزرانـدنی پێوەنـدی: (پـڕ جـاران وەلیـیەن کوردسـتانیێ ب دەولەتـێن جینـار را پەیوەنـدییێن سـەربخوە ئاڤـا دکـرن) «مەسـتوورە»،٣. کـێڵان و چانـدنی زەوی بـورە و نەکێڵـدراو،٤. سـاخ کـردنەوەی بـابەت: (چـونکی مرۆڤـیێ پاشـڤەڕۆ گەلەک پەنـد بـۆ بەرژەوەنـدا خۆیـا ژەنگـی ئاڤـا کرێنە) «ف.پ.پ.».
**ئاڤاکری**: ١. ئاڤاکەر ٢. ئاواکراو، ئاوەدان کریاگ.
**ئاڤـــاکەر**: بنیـاتنەر، بونیـاتنەر، ئـاوەدانکەر، ئاوەدانکەرەوە، ژەنی.
**ئاڤاکەری**: ئاوەدانکاری، ئاواکاری، ئاواگەری.
**ئاڤاکەل**: ئاڤاداغ، ئاوی کوڵاتوو.
**ئاڤاکەلانی**: ئاوکوڵ، ئاڤا داغ، ئاڤکەل.
**ئاڤاکەوسـەر**: ئـاوی کەوسـەر: (بـیێ ئسـم و جسـمیێ دلـبەریێ/ چ بـکەم ب ئاڤـا کەوسـەریێ) «فەقیێ تەیران».
**ئاڤاکی**: ئاوەکی، شل، تراو.
**ئاڤاگران**: ئاوی قورس، ئاو سەنگین.

**ئاڤاگۆر**: گۆراڤ، شەپۆلاوی، ئاوی مۆنجدار.
**ئاڤاگەر**: ئاواکەر، ئاوەدانکار.
**ئاڤاگەور**: ئاڤ‌مرواری، مروارید، سپیک، نەخۆشییەکی چاوە.
**ئاڤاماست**: ١. ئاوی ماست،٢. دۆغرمە، ئاودۆ.
**ئاڤالوش**: قوڕاو، لیٚلاو: (ئاڤالوش ل زراتێ مەگر: قوڕاو لە چاندنێ مەگرە) «پەند».
**ئاڤان**: ١. ئاڤا، ئاوەدان ٢. کۆی ئاڤ، ئاو: (خەزام زەربوون ژ سەرمائێ/ ڕەڤی ڕەونەق ژ دونیائێ/ ژ بۆش ئاڤان گوشێن نائێ/ نە شەت مان و نە ئەنهارە) «فەقێ تەیران»،٣. ناوی خورت و کچانە.
**ئاڤاندن**: تواندنەوە، توانەوە، تاواندنەوە، ئاتیواندن، قاڵکردن(ڕۆن).
**ئاڤانی**: ١. ئاوەنیا، ڕەپستە ٢. ئاوەدانی، ئاوایی ٣. ڕوو، بەر: (ئاڤ د هەرە ئاڤانییێ: ئاو بۆ شوێنێ دەچێ کە رووی لەوێیە) «پەند».
**ئاڤاهی**: ١. ئاوەدانی، ئاوایی، ئاواهی، دێ، گوند ٢. ئاوەدانی، میوانگری: (ئاڤاهیا گوندا ژ پاناتیا ڕێکا دیارە) «پەند» ٣. کۆشک، خانوو، خانووبەرە، خانی: (خەزیرێ وی جهێ خانی دەتێ و ئاڤاهی‌یەکێ بۆ ئاڤا دکن) «گولـواز»،٤. بەوجۆرە، وسا، ب وێ ئاواهی.
**ئاڤاهیزانی**: بیناسازی، بیناکەری.
**ئاڤاهی‌کار**: بەننا، بەنا، ئاوەدانکار.
**ئاڤاهی‌کاری**: ئاوەدانکاری، ئاڤاکەری(ماڵ).
**ئاڤایی**: ١. خانی، ماڵ،٢. ئاوەدانی، ئاوایی، دێ، گوند: (گەلۆ ب ڕاستی ژی گونەهێ وان مرۆڤان ئەوقاس مەزن بوو، وەکی ماڵ و ئاڤاییێن وان وێران دکرن) «مەستوورە».
**ئاڤایی‌دێرین**: ئاوەدانی کۆن: (ژ بەر کەڤنییا جهی هژمارەکا کەل و شویرهە و ئاڤاییێ دێرین لێ هیزان هەبوون) «سندی».
**ئاڤ‌ئاڤێژ**: هەڵدێر، ئاڤێژ، ئاڤ‌کەل.

**ئاڤبا**: بیاڤ، سەقا.
**ئاڤباز**: مەلەوان، مەلێزان، ئاڤژەن.
**ئاڤبڕ**: ١. بەند، بەنداو، لەمپەری ئاو، سەد ٢. شەلەگە، جێی ئاوبڕین ٣. ئاوهەڵبڕ، کەسێ ئاو دەشکێنێ لە جۆگا،٤. ئاوبڕ، نەخۆشیەکی ئاژەڵە.
**ئاڤ‌برک**: ئاڤدزەک، جۆبرکە، ملە.
**ئاڤ‌بنکۆک**: ئاڤ بنۆک، بریتی لە ئاوری بن کا.
**ئاڤ‌بنۆک**: ئاڤ بنکۆک، ئەو کەس کو سەرڤا ڕەنگ باشە هەما بنڤا گەڤەزە بە و کارێ پیس ژێ چێ دبن.
**ئاڤ‌بەر**: ئاڤخۆرە، ئاڤکێش، ئاڤبەرا گیاهێ.
**ئاڤ‌بەردان**: ئاو هەڵکردن بۆ ئاودێری: (ڕۆژەکی نوبا مەیا ئاڤێ بوو من ژی ئاڤ بەردابوو سەر بیستانی) «گولواز».
**ئاڤ‌بەرە**: ئاوبارە، ناڤدانی، ناودانی، دارێ درێژ و ناڤکۆل بۆنەتا دەرباس کرنا ئاڤێ.
**ئاڤبەز**: بەزاڤ، ئاوێ کە بە ڕەوانی دەڕوات.
**ئاڤبەند**: ١. ئاوبەند، بەنداو، گۆل، سەد،٢. شەلەگە، سەربەر، جێی داخستنی ئاوی جۆگا.
**ئاڤ‌پالێڤ**: ئاوپاڵێو، پاڵێونە، سافی، پاڵێن.
**ئاڤپرژ**: قەڵپەزە، تاڤگە، ئاوشار، ئاڤشۆڕ،
**ئاڤپز**: کولاو، کولیاگ، کولیا، ئەوکولوو، ئاڤ‌پەحتی.
**ئاڤ‌پژینک**: ئاوپرژێن، ئامێری ئاڤ پرژاندن.
**ئاڤ‌پڤاز**: پیازاو، پیوازاو.
**ئاڤ‌پەحتی**: ئاوکوڵ، ئاڤپز.
**ئاڤ‌پەک**: فەوارە، ئاڤ‌ئاڤێژ.
**ئاڤ‌پەنگ**: ١. پۆنگاو، پەنگاڤ، ئاوی پۆنگ خواردو،٢. ئەو قوولکە یا بەردەی ئاوی بارانی تێدا ڕادەوەستێ،٣. ئاوی بارانە.
**ئاڤ‌پێداکرن**: ئاو پێداکردن، کووژاندنەوە: (کو ئاگری وی بزۆتن، تو زەفتێ کو لێ ناکی/ ئەگەر دکاری تو ژ ئیرۆدا ئاڤێ ل سەردا کی)

«گول‌شوون».
**ئاڤ پیڤ**: ئاوپێو، کەرەستەی پێوانی ئاڤ.
**ئاڤ پیڤاز**: پیوازاو، پیازاو، شلەی پیواز، ئاڤ‌پیاز، ئاڤکا پیڤازێ.
**ئاڤ پیڤازک**: ئاوی پیواز، پیوازاو، ئاڤ‌پیڤاز.
**ئاڤ پیواز**: پیوازاو، ئاڤ‌پیڤاز.
**ئاڤ تال**: ١. دەریا، بەحر ٢.تالاو،ئاوی تەحل.
**ئاڤتاوە**: ئاخلەویک، ئافتاوە.
**ئاڤتەحلێ**: گوندێکە لە ناحیەی سلیڤانی.
**ئاڤتەزۆک**: ئاڤتەزک، یەخچال، کونەبەفر، بەفرگر، ساردداو، سەرداو بۆ فێنکی و هی ئاویێ.
**ئاڤ تەل**: ئاوتەل، تەلی بەر ئاڤێ کو رێ ل گەمیان دگرە.
**ئاڤ تێ چوون**: ئاو لێ‌چوون، کونا بوون دەفر.
**ئاڤ تێ گەڕیای**: ئاو تێگەڕاو، بۆ بەری دارێک بەکار دەبرێ کە بێتە سەروکاری گەیشتن.
**ئاڤ تێ وەردان**: ئاوتێوەردان، شۆردن.
**ئاڤتیەنگ**: ئاردپەینگ، ئاردێ کە دەکرێ بە سەر پنەوە تا گونک پێوەی نەچەسپێ.
**ئاڤتینگ**: ئاردپەینگ.
**ئاڤجۆ**: ئاوجۆ، بیرە.
**ئاڤچزک**: فیشقە، فیچقە، فوارە، کوفارە، فوویرەک، فەوارە.
**ئاڤچین کرن**: چنینەوە، دورینەوە: (قوندەرێ بێخە، ب گۆرێ وەرە/ هەکە گوۆرا تە دڕیایە/ ئەز دێ ئاڤچین کەم ب ئارمیشێ سۆر و زەرە) «حەیرانۆک».
**ئاڤ خارن**: ئاڤ‌خواردن، ئاڤ‌ڤەخارن.
**ئاڤ خاز**: ئاوخواز(چێشت).
**ئاڤ خان**: گوندێکە لای سلیڤانی.
**ئاڤ خوارن**: ئاوخواردنەوە.
**ئاڤ خور**: ئاوخۆر×١٢٩×: (پاشێ ژی ئەڤدێ سەر ڕەش نانخور، ئاڤخور، گەرەکێ هەرە دەر ژێ) «مەستوورە».
**ئاڤ خۆران**: ئاوخوادنەوە، ئاڤ خوارنا مرۆڤەکی.
**ئاڤ خۆ کرن**: مەلەکرن، مەلێ‌کردن، خۆشۆردن.
**ئاڤ خۆ**: ئارەق، خوێی جەستە: (هێسرا بارانێ ل سەر گولا سۆرتالی/ مینا ئاڤ خۆی ڕوونێ ل سەر رووخالان) «گول‌شوون».
**ئاڤخیز**: ١. زەنەک، زنە، زۆنگ،٢. ئاوێ کە بە مەندی و لەسەرخۆ بڕوا(دژی خوڕ)،٣. جۆگەلە، جۆگەی خیزدار.
**ئاڤخێز**: ئاڤخیز.
**ئاڤخێزداری**: ١. فەننی کەڵک وەرگرتن لە ئاوی ئاوخێز،٢. بەرگری لە شۆردنەوەی خاک بە هۆی سێلاوەوە لە لێژ و هەڵدێر.
**ئاڤدا**: ١. جۆرە دارێکە ٢. تاڵ، هەودا، ئاڤدە، داو، بەن.
**ئاڤدائاڤدا**: هەوداهەودا، تاڵ‌تاڵ.
**ئاڤدار**: ١. تەڕ، ئاوەکی، ئاودار(میوە) ٢. خۆش، چێژدار، تامدار ٣. جۆرە دارێکیشە،٤. وڵاتێ کە ئاوی زۆر بێ.
**ئاڤداری**: ١. تەڕی، ئاوداری ٢. چێژداری، تامداری، بەتامی.
**ئاڤدان**: ١. ئاوەدان، ئاڤا،٢. ئاودان، جێی پاراستنی ئاو،٣. ئاڤدێری، دێرانی شینکە و مەزرا: (وی سەبزەیێ دەم ب دەم ب خونێ/ دێ ئاڤ بدەن ژ پاشێ بونێ) «خانی»،٤. ئاو پێدانی ئاژەڵ: (ل سەر کانییان ئاڤ ددان) «پەپووک»،٥. ئاو دانەوەی کانزا.
**ئاڤدانک**: سەتڵ، سیتل، پەقرەج، دەفری ئاو.
**ئاڤدای**: ئاودراو، ئاوەدێری کراو، دێردراو.
**ئاڤدایی**: ئاڤدای، ئاودریاگ.
**ئاڤدڕ**: ئاودڕ، کەند، کەندەلان.

**ئاڤدرکە**: ئاڤدڕ، ئاڤدرگە.
**ئاڤدرگە**: ئاڤدڕ، ئاودرگە.
**ئاڤدز**: ئاڤدزەک، ئاوجز، ئاودز.
**ئاڤدزک**: ئاوجز، برینێ کە ئاوی تێچووبێ و تەشەنەی هێنابێ.
**ئاڤدزەک**: ئاڤدزک، ئاڤدز.
**ئاڤدزی**: ١. دمەڵ، دومەڵ، کونیر، هانەکوان ٢. ماسیو، برینی سورهەڵگەڕاو بە هۆی ئاوەوە.
**ئاڤدزین**: ئاودزین، هلگرتن، ئاوسیان، ماسینی برین بە هۆی ئاوەوە.
**ئاڤدم**: لیک، لیکاو، ئاودەم، هاودەم، ئاڤا زار.
**ئاڤدۆنک**: ١. شۆرباوی بێ ڕۆن و ناخۆش ٢. ئاوی میوە و ئیتر ٣. ئاڤڕێژ، ئاودەسخانە، جێی میزکردن.
**ئاڤدە**: داو، هەودا، تاڵ، بەن، ئاڤدا.
**ئاڤدەس**: ئاڤدەست.
**ئاڤدەست**: ١. ئاڤدەس، ئابخانە، ئاودەسخانە ٢. ئەمین، دەسپاک، جێباوەڕ ٣. ئەو ئاوەی دەستی پێ دەشۆن پێش خواردن.
**ئاڤدەستخانە**: دەساو، ئاودەس، ئاوخانە، مەبال، ئەدەبخانە.
**ئاڤدەڤ**: ١. قومقومە، قۆمۆمە، متارە، مەتارە، مەتەرە، دێمکە، دەمکە، ئاڤدان، قمقمۆکەی سەفەری یا هەر شتێ ئاوی تێکرێ ٢. لیک، ئاڤدەلیک، ئاوی زار.
**ئاڤدەل**: ١. ئاوگێڕ، ئاودەر، ئاوهێن، ئاوهێنەر ٢. نێرەپۆڕ، دوراجی نێر ٣. ناوی کوڕانە: (ئەو بوو کاک شەوکەت ئاڤدەل چەند پەندەک کۆم کربوون) «ف.پ.پ.».
**ئاڤدەلکا**: گوندێکا لای ئاکرێ.
**ئاڤدەلیک**: لیک، لیکاو، ئاڤدەڤ، ئاوی زار.
**ئاڤدەم**: ئاڤدەلیک، لیک.
**ئاڤدەو**: دۆ، ئاودۆ، هالیر: (ب راستی ژی ئەز تەخمین ناکم کا چ بین و بۆخس ژ وێ ئاڤدەوێ تێ) «مەستوورە».
**ئاڤدێر**: ئاودێر، کەسێ ئاو دەدێرێ.
**ئاڤدێری**: ئاودێری، ئاویاری زەوی.
**ئاڤدین**: تۆڵە، قەرەبوو، تۆڵەساندن.
**ئاڤر**: ١. ئاخوڕ: (ئاڤرێ گایێ خوە ڤەدا و هەر هەفت هەمیان تێدا چال کر) «سەنار»،٢. تەشتی ئاو خواردنەوەی ئاژەڵ، ٣. ئاور، ئاگر، ئێگر، ئەتەش ٤. ئاڤڕ، ئاوڕ، سەرنج: (دبێژن کابرایەکی بزنەک هەبوو، ب ڕێکی دچوو، دەمەکی ئاڤرێ ڤەدا دیت کو بزن نینە) «گولواز»٥. مۆڕە، خێسە: (مەلیکزایی بهیستم کو کورت بوو و نەرند، جارەکی باڤێ ب ئاڤر و کەراهەت لێ نهێری) «گولشوون»، ٦. چاڤ لێ نقاندن.
**ئاڤڕ**: تێبینی، سەرنج، ئاوڕ.
**ئاڤڕابوون**: لافاو هەستان، سێڵاو هاتن.
**ئاڤراد**: ئافرەت، پیرەک.
**ئاڤراز**: هەوراز، بەرەوژووری، بەربژۆر، سەرکۆ.
**ئاڤراندن**: داهێنان، خولقانن، سێوراندن، ئافەریدکرن، وەشکەردەی.
**ئاڤراندەر**: داهێنەر، چێکەر، خولقێنەر، خولقێن.
**ئاڤرتن**: ئاوڕژتن، ئاوڕشتن، رشتنی ئاڤ.
**ئاڤرژاندن**: ١. دەستاوڕژانن، چوونەسەراوێ،٢. سەرمەشق دادان، کردن بە باو.
**ئاڤرڤەدان**: ئاوڕدانەوە، زڤرینەڤە: (د دەمەکیدا بویکێ ئاڤریەک ڤەدا کو حاشەکی خویندڤانی کەری وان سترێ خۆ یێ کێشای و هەرێ ل بن زکێ خۆ دەدات!) «گولواز».
**ئاڤرمیش**: هەورێشم، هەڤرێشم، ئارمووش.
**ئاڤرنگ**: برینگ.
**ئاڤرنگچی**: ڕێبوار، ڕێوبار.
**ئاڤرو**: ئاڤروو، ئابڕوو: (ئاڤرویێ زینێ نەرێژن) «سندی».

**ئاڤڕۆ**: ١. پاشماوەی ئاوێکییە دوای خواردنەوەی لە ناو پەرداخیدا دەمێنێتەوە،٢. قوناو، پاشاو، زیادەئاوی ئاژینکراو لە زەوی،٣. گونجە، ڕەهەند، ئاوەڕۆ،٤. ئاوەڕۆی بان، لێژایی سەربان،٥. سنووری دوو لێژایی کێو یا دیرەگ.

**ئاڤڕۆپا**: ئورووپا، وڵاتێن فەرەنگ: (چ را، ل ئاڤرۆپا جارنا ژن پاتشاییا دەولەتێن زۆر و مەزن ژی دکن) «مەستوورە».

**ئاڤڕۆندک**: گریانێکی دژوار و پڕ فرمێسک.

**ئاڤڕوو**: ئابڕوو، ئاوڕوو، حەیا، فەدی: (وەلات ئاڤروویێ ئەنیا زەلامان) «سندی».

**ئاڤڕووبەر**: حەیابەر، ئابڕوبەر، ئەتککەر.

**ئاڤڕوودار**: ئابڕودار، بەحەیا، شەرمێون.

**ئاڤڕووداری**: ئابڕووداری، بەڕوومەتی.

**ئاڤڕوورژتن**: ئابڕووبردن.

**ئاڤڕوومەند**: خودانئابڕوو، بەحەیا.

**ئاڤڕوومەندی**: ئابڕوومەندی، ڕوومەتداریتی.

**ئاڤڕوی**: ئاڤڕوو.

**ئاڤ ڕەشان**: ئاوڕەشان، ئاوپاش، ئاوپژێن.

**ئاڤ ڕەشاندن**: ئاو ڕشتن.

**ئاڤرەشک**: تاورەشک، ڕەش هەڵگەڕانی چاو لەبەر تاو.

**ئاڤ ڕەشۆک**: ئاڤڕەشان، ئاوپاش.

**ئاڤ ڕەشین**: ئاوپاشی، ئاوپرژێنی، ئاو رەشین، ئاڤ رەشین، ئاڤ ڕەشاندن.

**ئاڤرەشینک**: ئاوپرژێن، ئاوپژێن، ئاڤپژێن.

**ئاڤ ڕەشینۆک**: ئاڤڕەشینەک.

**ئاڤرەشینەک**: ئاوپرژێن، کەسێ ئاو دەپرژێنێ.

**ئاڤری**: بەرماو، بەرماوە، دەمدەمۆ، ئاڤا مایی ل بن لیڤان: (تی کو ناخۆن ئاڤێ زەلال/ ئاڤری دەڤێ دەڤ گەنی یا) «گولشوون».

**ئاڤری**: ١. ئاوڕ، سەرنج ٢. ئاوی لە زار وەردراو.

**ئاڤڕێ**: ١. باریکەڕێ، لاڕێ، بزنەڕێ ٢. کلا، هەتڵە، ئاچمڕێ، ڕەت، نەتل، لە ڕێ لادەر ٣. ئاوەڕۆ، ڕێگەئاو، ئاڤرێژگە،٤. گومڕا، لادەر لە ڕێ.

**ئاڤ ڕێتن**: ئاڤڕتن، ئاوڕشتن.

**ئاڤرێج**: لیتە، هەرگ، قوڕاوی سێڵاوهێناو.

**ئاڤرێژ**: ١. ئاوڕێژ، ئاوێکە سەر نشێو بێ ٢. سەراو، ئەدەبخانە، ئاودەسخانە ٣. ئاوەڕێ، ئاوەڕۆ، ئاڤرێژگە، ئاڤرێ، گونجە،٤. لیتە، هەرێ، چلپاوی لافاوهاوردە ٥. تاڤگە، ئاوهەڵدێر،٦. شێرە، شێری ئاو.

**ئاڤرێژخانە**: ئاڤرێژ، ئاوڕێژگە.

**ئاڤرێک**: مەسینێ ئاڤدانێ.

**ئاڤرێژگە**: ئاڤرێژ، ئاودەست.

**ئاڤرێژن**: ئاوڕێژ، لێژ، لێژایی، دژاو، شوێنێ کە ئاو لەسەری ڕانەوەستێ.

**ئاڤرینگ**: ئاڤرنگ، برینگ.

**ئاڤرێنەر**: خولقێنەر، داهێنەر.

**ئاڤریی**: ئاڤری، بەرماو: (نە ئەوانەک گەلتێ قەنجا خو کن ئاڤرییێ دەستا ڤەخۆن) «گولشوون».

**ئاڤز**: ئاوس، دووگیان: (چێر ئاڤز بیت، بلا درەنگ بزێت) «پەند».

**ئاڤزبوون**: ئاوسبوون: (خودێ وەسا حەز کر ژنا پاشای ب زک کەفت و ماهین ئاڤا بوو و تازی ژی ئاڤز بوو) «گولواز».

**ئاڤزۆنە**: ١. گۆل، گۆلاڤ، ئەستێر ٢. ئاغزونە، هەسنکێ دەمهژمێر و بەندکێن پێلاوان.

**ئاڤزوونک**: ئەڵقەزوونە، ئاڤزۆنە.

**ئاڤزوونە**: ئاغزوونە، ئاڤزۆنە.

**ئاڤزە** : ئاوزێ، جێی ئاو دەڵێن.

**ئاڤزەر**: ئاڤزێر، زێڕاو.

**ئاڤزەلەلک**: ١. گێلاس، گێلاس ٢. ئاوبەند، ئاڤزەلیک، کیسەئاوێکە لە نێو لەشی پیاودا پەیدا دەبێ.

**ئاڤزەلێلک**: ١. ئاوبەند، ئاڤبەند، دەردی ئیسقایی، نەخۆشییەکە،٢. بلۆق، تاوڵ.
**ئاڤزەمکی**: درەنگ‌گەیشتوو، چتێ یا پەڤێک درەنگ بگات.
**ئاڤزی**: ئاوسی، ئاڤسی، دووگیانی.
**ئاڤزێ**: ١. زناو، زەنە، زەناو، ئاوزێ، ئاوەزێ، زۆنگ، زۆنگاو،٢. ئاودز، ئاوەدز.
**ئاڤ‌زێڕ**: زێڕاو، زێڕاڤ، ئاڤزەر، ئاوەزێڕ، زێڕی تواوە.
**ئاڤ‌زیڤ**: ئاوزیو، ئاوەزیو، زیوی قاڵ.
**ئاڤزێل**: حەوز، برک، بڕکە، ئەستێرک، هەستێر، ئاڤەڤەک، گۆلاوی بە کانی.
**ئاڤزێڵ**: ئاڤزێل.
**ئاڤزیم**: ئاڤزێم.
**ئاڤزێم**: ١. ئاوی کەم ٢. کوێرەکانی، بەهارەکانی، ئاڤزیم، کانی بهارک، کانی و سەرچاوەیەک کە هاوینان وشک بکات،٣. ئاودار، شێدار، تەڕ: (برنج زێدە ل جێیێ ئاڤزێم هێشین دبە)،٤. ناوی کچانە.
**ئاڤزێمک**: ١. ئاڵقەزوونە، ئافزونەک، ئاڵقەی پشتێندێ ٢. مامک، مەتەڵە، مەتەڵۆک، مەتەڵۆکە، هەتەڵ، هەلهێن، لۆتەر، قەوسەلە، مەیل، تشتانۆک، تشتنۆک.
**ئاڤزێمکی**: دژوار، سەخت، تووش.
**ئاڤزین**: شاپێل، گاپێل، گەڤل، لیپ، بڵندایی و گێژی نێرینەی ئاو.
**ئاڤ‌زیو**: ئاو زیو، ئاوی زیو.
**ئاڤژەن**: ١. مەلەوان، مەلەزان، سۆبەریزان، ٢. سەوڵ، سەوڵی کەلەکەوانی،٣. ناوی کوڕانە.
**ئاڤژەنی**: مەلەوانی، سۆبایی، سۆبەری، سۆبەلی، سنابەری، مەلە: (گەر دخوەزی مراریان/ ئاڤژەنی بکە ناڤ دەریان) «سەنار».
**ئاڤژین**: ناوە بۆ کچان.

**ئاڤس**: ئاوس، زکپڕ، زگپڕ، سکپڕ، تۆڵدار، دووگیان، دووجان، زکپڕ، بزک، تۆل لە زگدا: (بلا ئاڤس بە، بلا ب درەنگ بە) «پەند».
**ئاڤسارک**: ١. گۆزک، گۆزە، جەر، جەڕە ٢. بەفرگر، ساردکەرەوە، سارداو، سەرداو بۆ فێنکی و هی ئاوێ.
**ئاڤساندن**: ئاوساندن، زک پڕ کردن، دووگیان کرن.
**ئاڤسر**: ١. سێلاو، سوولاڤ ٢. تەوالیت.
**ئاڤسردۆق**: ئاوی بێ‌تام و نەکولاو.
**ئاڤس‌کرن**: ئاڤساندن، ئاوس‌کردن.
**ئاڤس‌کری**: ئاڤس، ئاوس، دووگیان.
**ئاڤسلە**: خۆشاف، ئاوی ترێ یا میوەی‌تر.
**ئاڤسی**: دوگیانی ، زگپڕی، ئاوسی.
**ئاڤسیر**: شۆرباوی سیر، ئاڤسیرک، سیراو.
**ئاڤسیرک**: ئاڤسیر.
**ئاڤسین**: ١. ئاوس‌بوون، زک پەنەمیان ٢. ئەستووربوون، ماسین ٣. تێگەیشتن، حاڵی‌بوون.
**ئاڤشلە**: ئاوقۆرە.
**ئاڤشۆ**: چلکاو، ئاریڤ، ئاوێ پاش شووشتنی قاپ و قاچاخان دەمێنێتەوە.
**ئاڤ‌شور**: ١. شۆرباو، شۆرباوگۆشت، گۆشتاو، ئاڤ‌شورک ٢. خواردنێکی هەژارانە.
**ئاڤ‌شورک**: ئاڤ‌شور، خواردنێکی هەژارانە.
**ئاڤ‌شۆرک**: ئاڤ‌شور.
**ئاڤ‌شووتک**: گرێز، گلیز، لیکاو، لیکی زار.
**ئاڤ‌شوور**: ئاڤ‌شور: (مە فرۆش دوڕان ب خەرمووریان/ جاما د دەستێ حووریان/ ئیرۆ مەدە ب ئاڤ‌شووریان/ ببوهر هەڕە ئاڤا شەتێ) «فەقێ تەیران».
**ئاڤشیز**: ١. لێلاو، لەشێو، ئاوی لیخن و پڕ لم و لیتە ٢. جۆگەلەی زیخدار.
**ئاڤشیلە**: ئاوقۆرە، ئاوی قۆرە، گوشراوی بەرسیلە،

شیلەی ترێ.
**ئاڤەخارن**: ئاڤخارن، ئاوخواردنەوە.
**ئاڤک**: Avk پەقپەق، ئاڤبەند ل بن پۆست.
**ئاڤک**: Avik ١. مەرەگە، شلە، ترش، چێشتی تراو: (میڤان بەرێ خۆ دەتێ کو برنج و ئاڤک و پاریکێن نانی و گلێشی تێکەلکن) «گولواز»٢. ئاوی کێم ٣. تووی پیاو و گیانداران.
**ئاڤ کرن**: ئاو کردن، ئاڤ پێ ڕشاندن.
**ئاڤکۆک**: ئاوی کەم، گۆلاو: (ئاڤکۆکێت دەشتێ گەرماڤن/ بە ڤە سینکێت جۆم و جەلالا خوە هاڤێتە ناڤن) «حەیرانۆک».
**ئاڤکەش**: ئاوپالێو، پالێونە، سووزمە.
**ئـاڤ کەل**: ١. ئاڤا کەلانی، ئاوکول،٢. کانی جۆشان، کانی گەرماو،٣. ئاڤئاڤێژ، فەوارە.
**ئاڤکەندال**: گوندێکە لای زاخۆ.
**ئاڤکی**: ئاوکی، ئاوەکی.
**ئاڤکێش**: ١. ئاوکێش، ئاوپاڵ، ئاڤکێش، سەلە، پالانە، پالێونە ٢. ئاوکێشی مالان، سەقا، ئاڤبەر ٣. سوێر، خۆراکی چەور و سوێر و ئاوخواز(نیسکێنە).
**ئاڤ کێشان**: سەقایی، ئاوبردن بۆ مالان.
**ئاڤکینە**: تۆنگەی لوولەدار لە شووشە.
**ئاڤگر**: ئاڤگێر، ئاوگر.
**ئاڤگرکە**: گوندێکە لای شێروانمەزن.
**ئاڤگۆشت**: گۆشتاو، شۆرباوگۆشت.
**ئاڤگۆن**: ئاسمانی، ئاوی کال، شینێکی سووکە.
**ئـاڤ گوهری**: ئاڤ گوهزی، هەوا گۆڕین، شوونەوار گوهستن.
**ئاڤ گوهزی**: هەوا گۆڕین، لبەر ئەسەرا سەرما و گەرما نەساخی گرتن.
**ئاڤگەردان**: ئاوگەردان، کەوچکی زلی دەسکدار بۆ هەلگویستنی ئاو.

**ئاڤ گەنی**: ١. گوندێکە لای شارۆچکەی دەرکار و زاخۆ،٢. شارۆچکەیەکە لای شەنگال.
**ئاڤگیر**: ١. ئاوگر، ئاوگیر، کۆگای ئاڤ ٢. زن، زنە، زناو، زنکاو، زۆنگاو ٣. شاگر حەمامچی.
**ئـاڤگینە**: ١. مینا، شووشە، گۆزە، مەسینەی شووشە ٢. جام، ئاوێنە، خودیک.
**ئاڤلدانک**: ئاڤلدانگ، پەڕەوڵ، سلی، ئاوەڵمندال.
**ئاڤلدانگ**: مندالدان، تۆلدان، زێدان، زایەدان، پزدان، هەڤالبچوک، هەزمار، هاوباز.
**ئاڤلک**: پەقوشیک، پەقویشک، پەقژک، هەک، بلق، حوباب، گومەزەی سەر ئاو.
**ئاڤلمە**: ئاولەمە.
**ئاڤلۆق**: پشک، تۆقلە، بلۆق.
**ئاڤلە**: ئاولە، هاولە، ئابلە، خوریک، پەقۆشک،
**ئاڤلەک**: ئاڤلک.
**ئاڤلیاس**: گوندێکە لای دهۆک.
**ئاڤلیتە**: گۆزەی ئاو.
**ئاڤ لێکرن**: ئاو هەلکردن، ئاو بەردانەوە.
**ئاڤمروارید**: ئاومرواری، سپیک، ئاڤا گەور.
**ئاڤمینە**: ئاڤینە، ئاڤگینە، شیشە.
**ئاڤ ناس**: ئاوناس.
**ئاڤ ناسی**: ئاوناسی.
**ئاڤناشگا**: گوندێکە لای مانگێش.
**ئاڤنگە**: کۆڤان، کەسەر، کول، خەم، خەفەت.
**ئاڤ نەرم**: ئاوی مەند، ئاڤا سەکن.
**ئاڤۆ**: ١. فرمێسک، ئەسر، ئەسرین، ڕۆندک،٢. کەل، نێری، نێریەکێوی، ئەڤۆ، هەڤۆ، ئەڤوز، هەڤووری.
**ئاڤوئاگر**: ×××م
**ئاڤوخوین**: ئاو و خوێن، فرمێسک و خوێن: (هەمیان ڤەبوون ژێ کەرب و کین/ دەربوون ژ چەهڤان ئاڤ و خوین) «فەقێ تەیران».

**ئاڤور**: ئاڤۆر، نێریە کێوی.
**ئاڤۆر**: نێریەکێوی، بزنەکێڤی نێر.
**ئاڤوردەی**: هاوردن.
**ئاڤۆک**: ١. کوولەکە، کودی، گوندۆر، قەباخ، کوندڕ، کەدوو ٢. گەلیکە پڕ ب ئاڤە، گوندەک لێیە ل دەڤەرا بەرواری،٣. ئاڤاکری، ئاواکراو، ئاوەدان.
**ئاڤۆکادۆ**: جۆرێ فیقی وەک هەرمێ دەچێ و شیرین نییە.
**ئاڤۆکێ**: گوندێکە لای ئەتریش.
**ئاڤ وهەوا**: ئاووهەوا، کەش.
**ئاڤەدان**: ئاوەدان، ئاڤا، برەوش، قەوغا.
**ئاڤەدانک**: سەتڵ، دۆڵ، دۆلکەی ئاڤ.
**ئاڤەدان کرن**: ئاوەدانکرنەوە، ئاڤاکرن، ئاڤاهی کرن.
**ئاڤەدانی**: ئاوەدانی، ئاوایی، ئاڤاهی، ئاڤایی.
**ئاڤەدوور**: گوندێکە لە هەریمی کوردستان.
**ئاڤەڕێ**: ١. لاڕێ، دەربەدەر، گومڕا، هەڵە،٢. بێئەدەب، ڕێ و ڕەسم ناس نەکری، ئنسانێ نەزان.
**ئاڤەڕێز**: ئاڤەڕێس.
**ئاڤەرێس**: هەوریشمی خاو و نەڕێسراو، ئاڤەرێز، ئابرێس.
**ئاڤەڤەک**: حەوز، هەسێڵ، ئەسێر، گۆل، گۆلاڤ.
**ئاڤەک**: ئاوەکی، شل، تراو.
**ئاڤەکی**: ئاڤەک، ئاودار.
**ئاڤ هلاڤ**: ئاڤ هلاڤێژ، ئاڤێژ، پۆرپۆرک، ئاوهەڤدێر، تاڤگە.
**ئاڤ هلاڤێژ**: ئاڤ هلاڤ.
**ئاڤ هەلگرتی**: باداری، ئاوسیان، ماسین.
**ئاڤەماست**: دۆ، دەو.
**ئاڤەند**: ١. ئاوەن، ئاوەند، ئاونە، ناوەرۆکی لقی ڕوەکی تەڕ کە ئاو ڕادەگوێزێ ٢. پەرداخ، لیوان، ئاوخۆری.

**ئاڤەهێ**: گوندێکە لای دەرکار.
**ئاڤی**: ١. ئاوی، بەراو، زەوی بەرئاو: (بەرابەری: دێم) ٢. شەونم، شەڤنم، ئاونگ ٣. ئاوژی، بوونەوەری ئاوی(ماسی) ٤. ئاوی، شینی کاڵ،٥. بێگانە، هەترە، ئاوارە، کە مەڕێک بچێتە ناو مەڕی کەسێکیتر، دەڵێن ئەڤ پەزە ئاڤییە.
**ئاڤێ**: ١. ئاو، ئاڤ، تراوی ڕونی خواردنەوە×: (ئاڤێ جەواب دا بێ سوخەن/ ئەزمان نەبوو، ب حال گۆتە من) «فەقێ تەیران»،٢. شەونم، خوناڤ، ئانگوو، خۆسە،٣. ناوە بۆ کچان.
**ئاڤیار**: ١. ئاودێر، کەسێ ئاو دەدێرێ،٢. هاوکار، ئاریکار،٣. ئاویار، ناو کوڕانە.
**ئاڤیاری**: ١. بەیاری، بەیارمەتی، لەسایەی ٢. ئاودێری، ئاویاری، ئاوداشتن.
**ئاڤیتبوونێ**: ئاڤاکربوو، سازدابوو: (وەلی گەلەک کۆچک و سەرا، مزگەڤت و مەدرەسە، پڕا و خاس باخچە ئاڤێتبوونێ و دخواست بزانییبا، کا ناپالییۆن ژی کارێن ئوسان کرنە) «مەستوورە».
**ئاڤیتن**: ئاڤێتن.
**ئاڤێتن**: ١. هاویشتن، هاوێژتن، ئاوێتن، ئاوێژتن، فڕدان، فڕەدان، فڕێدان، خستن، تووڕدان: (شەرم و ئەدەب چوو وێ دەمێ/ نالی ژ تیرا سەرتەمێ/ بوو پێکەنینێ عالەمێ/ ئاڤێت کراسێ ڕوومەتێ) «فەقێ تەیران»،٢. پڕژاندن، بڵاوکردنەوە: (بەرقێن خوە ئاڤێتن بلاڤ/ ڕەنگ ڕەنگ بەرق لەمەعدا) «جزیری»،٣. نەخشاندن: (ژ مابەینا دو ئەبرویان دبینم قابەقەوسەینێ/ تەعالەلا بنێ ڕەمزی چ ڕەنگ ئاڤێتە مابەینێ) «جزیری»،٤. گیرکردن، لێهەڵپێکان: (یا ب زیارەت بدە مە، یا سەرێ ئەنگوستێ/ دەستێ خوە مە ئاڤێتە بێچارە ڕێکابێ) «جزیری»،٥. خستنەسەر، دانان لەسەر: (ئانی و ئاڤێت سەر وێ کۆزرێ و پف کر) «پەپووک»،٦. به لادا خستن: (ژنکێ ستوویێ خوە

ئاڤێت ئالییەک) «پەپووک»،٧. پێکان، ئەنگاوتن، ئاڤێهتن: (سەحەرێ جوملە شەهیدێن تە ب ڕم ئاڤێتی/ ئێژمارینە یەکایەک مە حەمی شەش سەد و شەش) «جزیری»،٨. لە سەر کار لادان: (وەکی سلتان فەتح عەلی ژ فەرمانداریيا بانێ بهاتا ئاڤێتن) «مەستوورە».

**ئاڤێتن بلاڤ**: بڵاو کردەوە، بلاڤکرن: (بەرقێن خوە ئاڤێتن بلاڤ/ ڕەنگ ڕەنگ بەرق و لەمعەدا) «جزیری».

**ئاڤێتن سەر**: ١. لە سەر کردن،٢. دەورە گرتن، دۆرپێچ کرن.

**ئاڤێتنەدەر**: دەراویشتن، خستنە دەرێ: (خالق ل ئبلیس کر غەزەب/ با پیر ڤ جە نانی ئەدەب/ ئادەم شەیاتین بوو سەبەب/ ئاڤێتە دەر ژ جەننەتێ) «فەقێ تەیران».

**ئاڤێتە**: خستۆتە: (ئاڤێتە قەلبی عاشقی/ لەرزین و تا و جەزبەدا) «جزیری».

**ئاڤیر**: ڤاڤێر، هەڵاوێر، کاری لێک جیاکردنەوە.

**ئاڤێر**: عیددە، حەدیە، حەییە، وچانی تەڵاقدراو یا مێردمردوو.

**ئاڤێزەر**: زەردەقۆڕە، جۆرێک مارمێلکی گەورە.

**ئاڤێژ**: ١. هاوێژ، هاوێژەر، فڕێدەر، پاشگرە: (بەردئاڤێژ)،٢. ئاوهەڵدێر، ئاڤهلاڤێژ.

**ئاڤێژتن**: ١. ئاڤێتن، خستن: (داڤێژتە مەحبەسێ ب ناکام/ داتینتە مەرقەدێ سەرەنجام) «خانی»،٢. تێئاڵاندن، شەڕ پێفرۆشتن: (مە دزی نەکرییە، شارا داڤێژنە مە) «مەستوورە»،٣. لە سەر تەختی دەسەڵات لادان: (لێ وەکی ئەم سەعید پاشا باڤێژن و تەختێ بەغدایێ هلدن دەستێ خوە، ئیدی کەس نکارە من ژ وی تەختی باڤێژە) «مەستوورە».

**ئاڤێژە**: خاوێن، بێپەڵە، پاقژ، خالیس.

**ئاڤێژە**: زەڤی یێ چاندنێ، کێڵگە، ئاوێژە.

**ئاڤیستا**: ئاڤێستا.

**ئاڤێستا**: ١. ئاوێستا، پەرتووکی پیرۆزی زەردەشت پێغەمبەر، بە ڕاڤەکراویش هەیە و پێی دەڵێن: زانداوێستا،٢. ناوە بۆ کچان.

**ئاڤیسن**: ئاڤسین، ئاوس بوون، لەمپەڕ بیەی.

**ئاڤیش**: دەرمان، داودەرمان، هەتوان.

**ئاڤیڤان**: ١. ئاوکێش، ئاوهێن، ئاڤهێنەر، ئاودەر ٢. ناوە بۆ کچان.

**ئاڤین**: ئاڤێن، هەوێنی پەنیر.

**ئاڤێن**: ١. هەوێن، ئاڤین، فرشک، ئامیانی ماست و پەنیر، ٢. شوێنێ داری لێ چەقابێ،٣. ئاوی،٤. کۆی ئاڤ: (حەق دزانت و شەڤان شوبهەتی ئاڤێن د ڕەوان) «جزیری»،٤. هاویشتن: (ژ بەر تەعنان، خۆ ئاڤێتە بەحران) «پەند».

**ئاڤێن درەوان**: ئاوی ڕەوان و خوڕ.

**ئاڤینک**: شەونم، خوناو، خوناڤ، ئاونگ.

**ئاڤینە**: ئاڤگینە، شووشە.

**ئاڤێهتن**: ١. شکڵدان، شکڵ پێدان: (زولفێن ژ عەبیرێ شەکە باڤێ خەم و تابێ) «جزیری»،٢. پێکان، ئەنگاوتن: (سەحەرێ جوملە شەهیدێن تە ب ڕم ئاڤێهتی) «جزیری»،٣. ئاوێتن، هاویشتن، خستن: (دل ب رم ئاڤێهت و وێ لێ بار کر قەوسێ شەڤین/ دێ ب دت بەر گەزمەیان بێ سوج ئەو سەففاک روح) «جزیری».

**ئاڤێهتە**: ئاوێتە، خستە: (زەمرییا ژ بالا هاتە خوار/ قودسییان ئاڤێهتە چەرخێ هەلهەلە) «جزیری».

**ئاق**: ١. چیایەکە لە باکووری کوردستان لە نزیک شاری قەرەیازی،٢. ئاقچای، چەمێکە لە باکووری خۆی.

**ئاقا**: ١. ئاغا،٢. مەموو، مام.

**ئاقادای**: خاڵۆی گەورە.

**ئاقار**: ١. شوێن، جێ، جێگە ٢. دەورووبەر،

دەردۆرا: (بە ئـاهم گەر ڕەقیبانـت بسـووتێن ئەی گـوڵی ڕەعنـا/ مەڕەنجێـنە تـۆ خـودا، شـوعلە لە ئاقاری چقڵ چ بکا؟) «مەحوی» ٣. ناوچە، دەڤەر، مەڵبەنـد ٤. ئاسـت، ڕێـک، بەرابەر ٥. سـنوور، کەوشەن، مەرز: (دێرێ و هەرشـەم دوو گونـدن، ئاقاریـان لە سـەر یەکە) «ف.پ.پ.»،٦. دەشـت، بیابـان، سـارا، سـەحرا: (کـچ مـام مـامزە لە نـاو ئاقـاری/ ڕوومەت شەکرەسـێو دەیگـرم بە زاری) «سێسـەدهۆنراوە»،٧. بەرینـایی، پانـایی،٨. زەوی گوندێک: (ئاقاری سیروان)،٩. چـۆڵاتی، دەرەوەی ئاوایی: (بۆ من چوو لۆ هەقـاری) «هـۆنراوە»،١٠. زەمینێـک داری لـێ شـین بـووبێ،١١. تەپ، تەپۆڵک: (ئاختەپە: ئاقتەپە: تەپۆڵکە سپی).

**ئاقاق**: ئاقاقیا، دارجەوی، دارێکی ناسراوە.

**ئاقاقیا**: ئەکـاکی، ئەقـاقی، دارجەوی، داردەرزی، دارەردی، عەناوە، داربسمیلا، جـۆرێ داری گـوڵ سپییە.

**ئاقامیڕوو**: یەکێ لە بەزمەیل ئازیەتیە ک جـوور پـاوە مـووری لە ئـازیەتی خـوەنن و بەزمـێگە شووڕشگەرانە.

**ئاقـــایی**: ١. ئاغـایی، سـەروەری،٢. دیلەکـێ ک گورزە نەیێ درووس کەن.

**ئاقبابا**: شاخێکە لە باکووری کوردستان.

**ئاقبلاخ**: ئاقبلاغ.

**ئـــاقبلاغ**: ١. گونـدێکە لای ورمـێ لە دڕەی قاسملوو جێی کار و چالاکی زێڕۆ و تەها بـووە: (کاروانێک بە نیازی چوونە ناو گەلیی قاسملوو و گرتنی ئاقبلاغ و لە ناوبردنی زێڕۆ و تەها کەوتنە ڕێ) «لەمەهاباد بۆئاراس»،٢. گوندێکە لە دێکـۆی چواردۆڵی خۆرهەڵاتی ناوچەی قوروە.

**ئاقبلاغعەلیئەکبەر**: گوندێکە لای بیجاڕ.

**ئاقبلاغیتەغامین**: گوندێکە لای بیجاڕ.

**ئاقبلاق**: دیەکەیگە لە سۆنقۆر.

**ئاقبەت**: سەرنجام، داوییا کار.

**ئاقچای**: چۆمی ئاق لای خۆی.

**ئاقچە**: پارەیەکی زۆر کۆنە، دوانزە ئاقچە دەکـاتە درهەمێکـــــی زێـــــو: (یەکەم یوســـــف بەگ لە بەشبەشێنەکەدا ساڵانە حەفتا هەزار ئـاقچەی بـۆ بڕایەوە) «شەرەفنامە».

**ئاقچەداغ**: شارێکە لە باکووری کوردستان.

**ئاقچەقەڵا**: شارێکە لە باکووری کوردستان.

**ئاقد**: گومبەز، گـومەزی، مەزاری گەورەپیـاوان بە شێوەی کەوانەیی.

**ئاقدۆغان**: زنجیرە چیایەکە نزیک شاری ڤـارتۆ لە باکوور.

**ئاقدەرە**: ئاغەرە، ناوی دوو گوندە لای تیکاب.

**ئاقر**: ئاقڵ، عاقڵ: (پیـرە کەرێ ئـاقر جاشـکانی) «پەند».

**ئاقشـــقە**: پەنـجەرە، پەنجێـرە، دوودەری، دەلاقە، پەنـجەرەی دوودەری کەلـلەدار: (تەماشـای کـرد گومبەزێک لە دوور دیارە/ ئەو گـومبەزە تەنشـت بە ئاشقەیە، چوار تەرەفی بە حەسارە) «مان».

**ئاققەڵا**: گوندێکە لای تیکاب.

**ئاقل**: ١. زانـا، ژیـر، عاقـڵ، مامۆتـک، ژیرلـوو، هیردار، بەئاوز: (ئاقل ب پەرەیـان نـایێ فـرۆتن) «پەند» ٢. ئەقڵ، هـۆش، گـۆش، مێشـک، ژیـری: (ئاقـل تاجـا زێـرینە، نە ل سـەری هەرکیـنە) «پەند»،٣. ئارام، ڕێکوپێک، دروست: (ئاقڵ دانیشە و نان بخۆ!).

**ئاقڵ**: ئاقل.

**ئـــاقلانە**: زانایـانە، ژیـرانە، لە ڕووی ئەقـڵەوە: (قسـەی پـڕ لە پەنـد و ئامۆژگـاری زانایـانە و وریایـــانە، لەســـەرخۆ و بەئەدەب و ئـــاقلانە) «ئەمیری».

**ئاقلانێ**: ئاقلانە.

**ئاقڵبڕین**: تێگەیشتن، لێحاڵی بوون: (هیچ ئاقڵم

نەیدەبڕی ئەو کارە وا بێ).
**ئاقڵ بزرکرن**: ئاقڵ وندا کرن، ئەقڵ نەمان.
**ئاقڵ بوون**: ١. ژیربـوون، زانـابوون،٢. حەوانەوە، داسەکنان(منداڵ)،٣. تەمێبوون: (شێرکۆ ئیتر ئاقـڵ بووە و چیدی کاری وا ناکا).
**ئاقڵ بەتاڵ بوون**: ١. بێئەقڵبوون،٢. نەمانی هـۆش بە هـۆی ئاشـقی: (وردە وردە دێ کـزەی بـای شەماڵ/ جارجار دەردەخا گۆنـا و خەت و خـاڵ/ خـڕەی گـۆ و قۆیتـاس، بازیبەنـدی لاڵ/ ئاگـای لەخۆ نییە، ئاقڵی بووە بەتاڵ/ لە عیشـقی سـەعید بووە بە عەبداڵ) «سەعید و میرسێوەدین».
**ئاقڵ بەســەر**: ئاقـڵ، ژیـر، زانـا: (لێـرەڕا تـا مازندەران، بپرسن لە ئاقڵ بەسەران/ بەرخ مێیە و دایک بەران) «مەتەڵ».
**ئاقڵ بەند**: ئاقڵمەند، ئاقڵ، بەئەقـڵ: (د دەرهەڤـێ مێرانی و ئاقلبەندییا ویدا شیعر و پۆیمان بنڤیسـە) «مەستوورە».
**ئاقڵ بی یەی**: ژیر بوون.
**ئاقڵ پێ شکان**: تێگەیین، ئاقڵبڕین: (ڕەشید بەو قورعانەی مەردی ئازای لێ دەگەڕێتەوە، خەتـام نەبوو، منداڵ بووم، هەڵیـان فریوانـدم، ئـاقڵم پـێ نەشکا) «میرزا».
**ئاقڵ تەغیربوون**: ئاقڵ تەغویربوون، شێوانی ئەقـڵ: (ئەوە دایکـــی دەیکـــوت: ڕۆڵە میـــرەمەمەی بەڵەکچـاوە/ ئەوە بـۆ دەڵەی وەحشـی بـووی، بەنگت کێشاوە/ ئاقڵت تەغویر بـووە، هۆشـت لە کنە خۆت نەماوە!) «مەموزین».
**ئاقڵ تێچوون**: خەرفان، شێتبوون.
**ئاقڵ تێـکچوون**: ١. شـێوانی ئەقـڵ،٢. بریتـی لە خەرفان.
**ئاقلدار**: ئاقڵ، ئاقڵمەند، زۆر زانا، کەسێ ڕێنوێنی باشی خەڵک دەکـات: (ئەوە دەیـانگوت کوڕێـک هاتووە/ ئەوە چەند نەجیب و بەلیـغ و زرینـگ و ئاقڵدارە) «سەعید و میر سێوەدین».
**ئاقلداری**: ئاقڵی، ژیری.
**ئاقڵ دان**: تێگەیاندن.
**ئاقڵ سڤک**: بێئاقڵ، عەقڵسووک.
**ئاقڵ کرن**: ١. ژیرکرن، زانـاکردن،٢. تەنبێکـردن: (بچـن دیزێکـی پـڕ بـکەن لە مێـوژ و خورمـا و گەزۆ، بێـنن لێـرەی دانـێن، نـانیش دابنـێن بـۆ مەجلیسێ، ئەگەر زانی چی تێدایە، ئەوە یا شێخە یا شەیتانە، ئەگەر نەیزانی بۆ بابی ئاقـڵ دەکەیـن) «موکریان»،٣. دابینکردنی منداڵ.
**ئاقڵ کەردەی**: ژیر کردن.
**ئاقـڵ کێم**: ئەقڵۆسـووک، گەوج: (وەیـلا ل مـن ئەقلکێمێ/ چاڤکێت من شل بوون) «حەیرانۆک».
**ئاقڵ گر**: ئاقڵپەسـند، پەسـندی ئەقـڵ: (بڕیـار بە دەس کا قادرە/ هەرچی بێژێ ئاقڵگرە) «ڕاوچی».
**ئاقڵ گۆڕان**: خەرەفان، مێشک شڵەقان.
**ئاقڵمەنـد**: ئاقـڵ، ئاقڵـدار: (ئەوە ئاقڵمەنـدان بە منیان دەگـوت: مـامی ڕدێـن سـپییە/ ئەو خـاڵەی ئەتۆ چاوت پێیکەوتـووە .../ هەر شـاری وەکـوو بەغدا دە قیمەتی خاڵی سـینگی خەزاڵـێدا نیـیە) «لاسوخەزاڵ».
**ئاقڵە**: ئاقڵ بۆ مێ.
**ئاقڵی**: ژیری، تێگەیشـتوویی: (ئـاقلی ژ بـێئەقلا بگرە) «گولواز».
**ئاقڵی پوخت**: ئەقڵی کامڵ و پێگەیشتوو.
**ئاقڵی خاو**: زەین و ئەقڵی ناکامڵ.
**ئاقڵیی**: ١. ژیری، وریـایی، تێگەیشـتوویی: (زۆر ئاقڵیی کرد کە دەنگی نەکرد، دەنا لێیان دەبـوو بە شەڕ)،٢. چاک، چاکە: (ئەم ئیشەی ئاقڵیی بوو).
**ئاقۆ**: جۆرێ کۆترە، ئاقوو.
**ئـاقوت**: یـاقوت، یـاکووت، پـاگەنە، بەردێکـی

سۆری نرخداره.

**ئاقوچان**: گوندێکه لای چوارتا.

**ئاقوو**: حاقوو، ئاقۆ، جۆرێ کاڤۆکه.

**ئاقووبات**: پارێزگار.

**ئاقووبەت**: ئاقیبەت، دوایی: (ئەوەی بکا بە قسەی شەیتانی/ ئاقووبەتی دەبینێ پەشیمانی) «پەند».

**ئاقووت**: ئاقوت، یاقووت: (هەوەڵ وە سایەی جوقەی شاعەباس/ بێ قودره لە لام ئاقووت و ئەڵماس) «ئاوێنەی بێگەرد».

**ئاقووڵ**: شۆترخار، جووری درگە ک شامی وە تێ پەروەردە کەن.

**ئاقوویت**: ئاقوت، یاقووت.

**ئاقوەت**: ١. ئووغر، ئووغرا،٢. سەرەنجام.

**ئاقۆیانیخوارو**: دێیەکە لای شەقڵاوە.

**ئاقۆیانیسەروو**: دێیەکە لە باشووری شەقڵاوە.

**ئاقیازی**: گوندێکە لای بیجاڕ.

**ئاقیبەت**: ١. عاقیبەت، دومایی، دوماهی: (گەلەک شوکر و سابیرم چونکو ئەمری خودایە/ ئاقیبەتمان مردنە دنیا لۆ کەس نەمایە) «سێ سەدهۆنراوە»،٢. ئاکام، ئەنجام، سەرەنجام، نەتیجە.

**ئاقیبەتشەڕبییەی**: ئەنجام شەڕ بوون.

**ئاقیبەتشەڕکەردەی**: ئەنجام شەڕ کردن.

**ئاقیبەتشەڕی**: ئەنجام شەڕی.

**ئاقید**: دۆشاوی خەست، دمسی تیر، شیلەی میوەی نایاب.

**ئاقیدە**: عەقیدە، بیروبڕوا، دۆز، ڕا، بۆچوون.

**ئاقیق**: ١. یاقیق، ئاقێق، عەقیق، جۆرێ کانی جوان و بەنرخە: (ڕووت مانگە و دوو لێوت وەکوو ئاقیقە موژەت تیر) «ئاسۆ»،٢. جۆرێ مووروو سوورە بۆ کاری جەواهێرسازی بەکاری دێنن،٣. ناوی کچانە.

**ئاقێق**: ئاقیق.

**ئاقیقئاسا**: سووری وەک ئەقیق: (مەی ئاقیق ئاسا، نە جامی تەڵا) «بێسارانی».

**ئاقیقی**: سووری وەک ئەقیق.

**ئاقیقیڕەش**: بەردێکی سەخت و وەرەقی گڕکانییە ڕەنگی کەسکی مەیلەو ڕەشی هەیە.

**ئاقیقیسوور**: جۆرێ ئاقیقی ڕەنگ سووری ئاڵوباڵوویی.

**ئاقیقییەمەنی**: جۆرێ ئاقیقی سووری وڵاتی یەمەنە.

**ئاقیلوماقیل**: ئاقێلەماقیلە.

**ئاقیلە**: ئاقێلە، ئاموور، ئارەق.

**ئاقێلە**: یارەق، ئاموور، کەرەستەی جووتی.

**ئاقیلەماقیلە**: ئاقێلەماقێلە.

**ئاقێلەماقێلە**: داروباری جووتی، ئاکیلەوماکیلە، ئاموور و نیر، یارەق و نێڵ، ئارەق و نێڵ.

**ئاک**: ١. قوڵەکراوی ناوی ئاکۆیە، بڕوانە ئاکۆ ٢. ئاک، پاشگرێکە، وشەی ئامراز و هۆ دەدا وەک: پۆشاک، خۆراک، واتای پۆشیەنی و خواردەمەنی دەدا ٣. هێک، هێلکە ٤. عەیب، شوورەیی،٥. کورتکراوی ئاکبەند،٦. خراپە، کاری خەراپ،٧. ئاکە، ئەگەر، وەک: (بەرمالییەکی دەرڤیشەکی گران بوو، ئەو دەرڤیش ل عەمرێ خودا زایۆک نەدیدبوو، گۆت: ئاک خودایێ ڕەحمان کورەکی بدە من) «گوڵشوون»،٨. شاخێکە لە باکوور.

**ئاکا**: ناوی دو گوندە لای سنە×

**ئاکابر**: پیاوەگەورەکان، مرۆڤێت مەزن.

**ئاکابرانە**: ئاکاری پیاوانە، شیاوی گەورەپیاوان.

**ئاکاد**: لە سنووری ژێری کوردستانێ دادەنیشن.

**ئاکادێمی**: ١. ناوی باغێک بووە لە ئاتێن کە ئەفلاتوون لەوێ دەرسی فەلسەفەی داداوە،٢. کۆڕی زانیاری،٣. فێرگەی بەرزی هونەری.

**ئاکادێمیسێن**: ئەندامی ئاکادێمی.

**ئاکـار**: ١. کـردار، کریـار، کـرده، کـردەوە، کـار، ڕەوشـت، ڕەفتـار: (دەسـکاری خـودایە خـۆم و ئاکاریشـم/ بـۆ هەرچـی دەچـم لە دەسـتی ئەودا ڕیشـم/ ...) «خەیـام هەژار»،٢. نێزیـک، نزیـک،٣. ناوی کوڕانە.

**ئاکارباش**: ڕەوشت باش، بەئیخلاق.

**ئاکارباشی**: ڕەوشت باشی، پلەبەرزی، کارچاکی.

**ئاکاربەرز**: ڕەوشتبەرز، چاکەکار: (ئاکـاربەرزی پشوودرێژ/ نە شێواوی بژاردەبێژ) «هێدی».

**ئاکـاردئۆن**: گـاڕمۆن، گەڕەمەشـکە، ئـامێرێکی مۆسیقایە.

**ئاکاردئۆنی**: حاڵەتی شـتێ کە وەک ئاکـاردئۆن درێژ و کورت بێتەوە.

**ئاکاردیۆن**: ئامێرێکی مۆسیقایە.

**ئاکارسو**: شارێکی باکووری کوردستان سـەر بە شاری ماردین.

**ئاکارهەڵگرتن**: چاو لە کردەی خەڵکانیتر کردن.

**ئاکــاژۆ**: دارێکــی ســەختی گەرمەســێرە بــۆ جوانکاری بەکاری دێنن.

**ئاکــاژوو**: دارێکــی خۆڕســکی لێڕەوارەکــانی ئەمریکـایە چێـوەکەی سـوورە، بـۆ جوانکـاری بەکاری دێنن.

**ئاکاسـیا**: ئەقاقیـا، سـەختەدارێکی گەرمەسـێرە لقەکانی بۆ سەوەتە دەبێ.

**ئاکام**: ١. دەرەنجام، سەرەنجام، دوماهی، دوایـی، پاشـینە ٢. ئـاویلکە، گیـانەڵڵا، هەنـجەل، ئەجەل، مراز، مەرگ، سەرەمەرگ،٣. ناوی کوڕانە.

**ئاکانجی**: خەڵک، دانیشتوو، نیشتەجێ، ئاکنجی.

**ئاکاو**: چابک، چابوک، زیرەک، وریا.

**ئاکایخوارێ**: گوندێکە لای سنە.

**ئاکبەند**: ١. فابریک، دەس لێنەدراو،٢. تازە، کـار پێنەکردوویی.

**ئاکپازار**: شارێکی باکووری کوردسـتان سـەر بە تونجەلی.

**ئاکتوزلا**: شارێکە لە باکووری کوردسـتان سـەر بە پارێزگای موش.

**ئاکتێر**: ئەکتەر، شانۆکار، شانۆگەر، هونەرپیشە.

**ئاکچاســاز**: ١. نــاوی دەشــتێکە: (ئەم گــوڵە ئەستێرانە شەوانە دەشتی ئاکچاسـاز دەڕازێـنەوە) «حەمەدۆک»،٢. ناوی گۆلێکە لە دەڤەری ئاناوارزا: (لە نێو ئاناوارزاشدا گۆلاوی لێل، ئاکچاسـاز بەو قامیشەلانی وەک بێشە هەڵکەوتووە) «حەمەدۆک».

**ئاکچەداغ**: شارێکی باکووری کوردسـتانە سـەر بە پارێزگای مەلاتیە.

**ئاکچەکاڵە**: شارێکی باکووری کوردسـتان سـەر بە شاری ئورفە.

**ئاکدەمیر**: شارێکی باکووری کوردستان سـەر بە تونجەلی.

**ئاکرۆبات**: تەنافباز، وەرزشکاری سیرک.

**ئاکرۆلیک**: جۆرێ ڕەنگی وێنەکێشی بە ئاو شل دەکرێتەوە.

**ئاکرە**: ئاکرێ، ئاگرە، شارێکی کوردستانی عێـراقە کەوتۆتە ناو بادینانەوە.

**ئـاکرەیێ**: ئـاکرە، ئـاکرێ: (چـۆم ئـاکرەیێ ب چیایە/ بەحشتە و خودێ دایە) «سندی».

**ئـاکرێ**: ١. ئـاکرە، شـاری ئـاگرە لە هەریمـی کوردستان: (سیسنا ڤێ سالێ سـۆتن ئـاکرێ مـابو بـێ بهـار) «سـندی»،٢. قەزایەکە سـەر بە شـاری دهـۆک،٣. نـاحیەیەکە سـەر بە قەزای ئـاکرێ: (تووی گەلێن، سرنجکی زەنان، گوێزی هەشەمێز، برنجـی ئـاکرێ) «ڕشـتەی مـرواری»،٤. زنجیـرە چیاییێکە لە خۆراوای ئاکرێ.

**ئاکســان**: لێـدانی نـۆتێکی تـایبەت لە ناکـاو و پێداگری لەسەر ئەو نۆتە لە ئۆرکێستردا.

**ئاکل**: ئاقڵ، ژیر: (ئاکل ب پەرەیان نـایێ پشـتێ) «پەند».

**ئاکله**: ١. ئاکێله، شانکڕ، فەڕەنگی، هـالۆق، بـای بوور، نەخۆشی سـفلیس،٢. سفلیسـی،٣. جـۆینە، سەڵیتە، ژنی زماندرێژ و بێحەیا،٤. گول.

**ئاکڵە**: ئاکله.

**ئاکڵەوزڵزڵە**: ١. نەخۆشـی ئـاکڵە،٢. چـرکپەڕ بوون زام دەوری دەم.

**ئاکلێ**: نەخۆشی سیفێلیس.

**ئاکنئۆزو**: شارێکە لە باکووری کوردستان سـەر بە پارێزگای مەرعەش.

**ئاکنجی**: نیشتەجێ، دانیشتوو، جێوار، جێنشـین، جێگرتـوو، جـاگر، جـاگیر، خەڵـک، ئاکـانجی، داسەکنای، داکەسای، داکەساو، ڕەعیەتی قەدیمـی، نیشتەجێ لە کۆنەوە.

**ئاکنجیگەه**: شوێنی نیشتەجێبوون، جێی مانەوە.

**ئاکۆ**: ١. هۆزێکی کـوردن خـاوەنی سـێ تیـرەن: ئاکۆی بەردەڕێ دانیشـتوی سـەرکەپکانە(٥٠دێ)، ئـاکۆی پشـدەری ئـاکنجی دووگۆمـانە(١٠دێ)، ئـاکۆی ناودەشـتی دانیشـتوی ئینـدزەیە(٢٧دێ): (دریغ بـۆ خـانەدانیی حـارس ئاغـای سـەروەری ئاکۆ/ کە جێگەی عەیش و عەشرەت و مەنبەعـی ئەمـن و ئەمـانێ بـوو) «شـێخ ڕەزا» ٢. جێـی نیشـتەجێی هـۆزی ئـاکۆ: (نەمـا جێـیەک کە تـۆ سەدجار نەچوبی/ گەورک و مەنگوڕ و پیـران و ئاکۆ) «هێدی»،٣. کۆ، کەژ، کێوی گەورە،٤. نـاوی چیایەکە لە کوردستان: (هەر بژی قەندیل و ئـاکۆ لوتکەیی بەفرینەکەی) «قانع»،٥. کەسێ بە شەرم و حەیاوە دەپەیڤێ،٦. ناڤێ مێرانە.

**ئاکواریۆم**: وەنەدی ماسیان، حەوزی دەسـکردی شووشە لە ماڵا بۆ بوونەوەری ئاڤی.

**ئاکۆپان**: گوندێکە لای سۆران.

**ئاکۆرد**: چەند نۆتی مۆسیقایی هاوفرێکانس، کە پێکەوە لێدەدرێن.

**ئاکۆکۆن**: گوندێکە لای سۆران.

**ئاکۆکێویلە**: ئاکۆیان.

**ئاکۆلاد**: چەڵەمە، ئـاکولاد، نیشـانەیەک وەک دو ئەبرۆی پەیوەست.

**ئاکوند**: یاقووت.

**ئاکوو**: ١. ئاسۆ، بەرزایـی سـەر کـۆ،٢. بەحەیـا، شـــەرمێون،٣. بـــێ غەرەز و مەرەز دوان: (وە ئاکووەو قسیە کەیْد)،٤. ناوێگە کوڕانە.

**ئاکووم**: ئاکام، ئاخری.

**ئاکۆیـــان**: ١. ئـاکۆکێویلە، ئەو ئاکۆیـانەن کە لە نزیک ڕەواندز نیشتەجێن،٢. دەڤەرێکی دڵگیـرە لە لە کوردستان: (شەوگوردی لە وێنەی جـوانی ئەو هەرێمەوە هەڵگیراوە، هەریمی ئاکۆیان، بەتـایبەت دێـی ئەسـتیرۆک بەهەشـتە) «ڕاوچـی»،٣. نـاوی کوڕانە.

**ئاکۆیی**: ڕەمەکی، گـۆترە، هەروا، چەکەرداسـی، قەزاوقۆرتەکی، بێسەرنجدان، خەملاندنی هەروا.

**ئـــاکە**: ١. خـراپ، ناڕەسـەن، ناجسـن،٢. ئـاک، ئەگەر، وەک: (ئاکە تو هەوارێ دخۆزی ل رۆژی بـــوو هێـــرش/ حەیـــران تـــو ژی هەڕ هەوارا هەوارکێش) «گولشوون».

**ئاکەس**: دەلاو، قەیاغ، سێسوو، گیایەکە.

**ئـــاکی**: ١. ئـاک، بەلکـی، بەڵکـوو، هەڵـبەت: (حەکیمەک ل گەمیدا بـوو گـۆت: ئـاکی ل مـن ئەمر بکی) «گولشـوون»،٢. ئەگەر: (ئـاکی کەڤـر گشت لەعلێ بەدەخشان دبـوون/ هێنگـێ قـیمەتە لەعل و کەڤر یەک دبوون) «گولشوون».

**ئاکیدن**: وەکی دن، جوری دن.

**ئاکیلەوماکیلە**: ئاڤێلەماڤێلە.

**ئاکینجە**: ئاکنجی، نیشتەجێ، دانیشتوو، ساکین.

**ئاکینجەبوون**: نیشتەجێ بوون، مانەوە.

**ئاکینجی**: شارێکی باکووری کوردستان سـەر بە شاری ماردین.

**ئاگ**: ئەگەر، ئەگەروکانێ، هەگە، گەر.

**ئاگـــا**: ١. زانـا، زرنـگ، زیـرەک، ژیـر: (فلانـی کەسێکی زۆر ئاگایە)،٢. وشـیار، ووشـیار، وریـا، چـاودێر، زیرەڤـان، بریـڤ: (ئاگـات لێـی بـێ نەیدزن)،٣. خەبەر، هاگا، ئاگا، هـای: (زگـی تێـر های لە زگێ برچی نییە) «کـانی» ٤. ئاگـا، بێـدار، نەخەوتوو، نەخەفتی: (ئاگام لێیە نەخەوتـووم)،٥. باس و خوواس، خەبەر، هەواڵ، دەنـگ،٦. ئـاگە، ئـاهگە، ئـاخگە، کـاتی تەنگـانە و سـەخڵەتی،٧. بوحران، قەیران، تیژبوونی نەخۆشی،٨. دیەکەیـگە لای سۆنقور،٩. ناوی کوڕانە.

**ئاگـــابوون**: خەوەردابـوون: (هەروەک سروشـت ئاگادار بێ کە کاوە/ چ ڕەنجێکی بۆ ئـازادی گەل داوە) «گۆران».

**ئاگابوونەوە**: لە خەو هەستان، بێدار بوونەوە.

**ئاگاچنەبی یەی**: ئاگا لێبوون.

**ئاگادار**: ١. وشـیار، بریـڤ، پـارێزدار، پـارێزدار، پارێزگـــار: (خـــودا ئاگـــادارت بـــێ)،٢. بێـــدار، خەبەردار، هـایلێ، نەخەوتـوو،٣. شـاهێد، گەوا، حازر: (خودا لە ژووری سەر ئاگادارە کە شـەو و ڕۆژ هەر یەکەمان لە چەپکە گیایەکی ئـاوا زیـاتر ناخۆین!) «گورگ و بزن»،٤. ناوی کوڕانە.

**ئاگاداربوون**: خەبەردار بوون، تێگەیشـتن: (ئەگەر مازیت لەدەس چوو هێندە بێحاڵیشی ئەی غافڵ/ لە ئیستیقباڵی خۆت ئاگات نییە چون بێموبالاتی) «بێخود».

**ئاگاداربی یەی**: ئاگادار بوون.

**ئاگاداربی یەیۆ**: ئاگادار بوونەوە.

**ئاگادارکردن**: ١. ئاگاکرن، تێگەیاندن، خەبەرپێدان، ٢. بێدارکردنەوە، هەستاندن.

**ئاگادارکردنەوە**: هەستاندن، ووشیارکردنەوە.

**ئاگادارکەردەی**: ئاگادار کردن.

**ئاگادارکەردەیۆ**: ئاگادار کردنەوە.

**ئاگـــاداری**: ١. وریـایی، وشیاری، چـاوەدێری، پـــارێزەری، پارێزگـــاری ٢. بەخەبەری، بێـــداری، نەخەوتوویی،٣. بانگەشە، بانگەواز، ڕاگەیەندراو.

**ئاگاداری کردن**: پێڕاگەیاندن، وەڵامدان.

**ئاگاداری کریا**: ئاگادارکراو.

**ئاگاداری کریێ**: ئاگادارکراو.

**ئاگاداری کەر**: پێڕاگەیێن.

**ئاگاداری کەرە**: پێڕاگەیێن بۆ مێ.

**ئاگاداری کەردەی**: ئاگادار کردن.

**ئاگادەر**: وڵامدەر، پێڕاگەیەن، خەبەردەر.

**ئاگاکردن**: پێڕاگەیانـدن، ڕاگەیانـدن، خەبەردان، دەنگـــدان، دانەزان، دانەزانـــین، وریـــاکردنەوە، پێناندن، پێوتن.

**ئاگـــاڵ**: حەگـال، ئەگـال، عەگـاڵ، جـامەدانی و پەتێکی بادراوی عارەبانە، لە سەری دەنێن.

**ئاگالەخۆبڕان**: ١. بێهۆشبوون، هۆش لێبڕان، ٢. سەرمەست بوون، بە تەشەر بۆ ئافرەتی ئەویندار بەکاری دێنن: (ئەوە بۆ جوان نادەیەوە، هەی ئاگا لەخۆبڕاو).

**ئاگالێبوون**: ژێـر چـاوەدێری خسـتن، هـۆش پێوەبوون.

**ئاگاوخەبەر**: هەواڵ، خەبەر، پێزانین: (هیچ ئاگـا و خەبەرت ل ئاغا خۆ نینە/ دەمی ئاغایە خـۆت، پڕ بۆ ل خوینە) «خانی».

**ئاگاه** : ئاگا، وریا، هایژ لێ، هایژی.

**ئاگاهکرن**: ئاگا کردنەوە: (زینێ نە گونەهە مەمێ نە سوچەک/ ئاگـاه کـرن بـوزورگ و کـوچەک) «خانی».

**ئاگاهەیە**: خەبەردارە: (دلبەری سەرداری خوبـان ئەز نزام ئاگا هەیە) «جزیری».

**ئاگاهی**: ١. ئاگـایی، وریـایی: (دڵە وادەی سـوبح نەو وەهـــارانەن/ وەخـــت ئاگـــاهیی دەردەدارانەن) «مەولەوی»،٢. هەواڵ، نـووچە، خەبەر: (وا دەمـی دەورەی ڕەواحە، گوڵ لە سەحرا ڕەوح ئەدا/ مەل

لەگەڵ گـوڵدا، دڵ ئاگـاهی لە سـرِی لەوح ئەدا) «پیرەمێرد».

**ئاگـــاهی‌بوون**: ئاگـاداربوون: (هەوای کۆتـایی ناڵەی ویێت بییەن/ وە تیرێ هەنی ئاگاهیت نییەن) «مەولەوی».

**ئاگاهی‌دان**: ئاگایی‌دان، رەوشەنفکری‌دان.

**ئاگاهی‌کرن**: زانیـاری‌دان، خەبەردان: (ئاگـاهی کرن ژ ماجەرایی/ رابون ب تەعەسوب و تەبایی) «خانی».

**ئاگای**: ئاگاهی، ئاگایی، رەوشەنفکری.

**ئاگایـــانە**: شـارەزایانە، ئاگـادارانە، بەئانقەسـت، بەدانستە، لە رووی وریایی و زانستەوە.

**ئاگای‌دان**: ئاگاهی‌دان.

**ئاگای‌سەرێ**: گوندێکە لای سنە.

**ئاگـــــایی**: ١. ئاگـــاهی، زانیـــاری، ئاگـــاداری، هۆشیاری،٢. شارەزایی، سـەلیقە، سەررشـتەیی،٣. بەشێ لە ئیدارەی پۆلیسی ئێران.

**ئـــاگجە**: ١. گونـدێکە لە دێکـۆی سەرشـیوی مەریوان،٢. گوندێکە لای چلچەمەێ سەقز.

**ئاگر**: ١. ئـاور، ئـاوور، ئـایەر، ئـاتر، ئـاتەر، ئـار، ئازەر، ئاهۆر، ئاهێر، ئاڤر، ئـاییر، ئەر، ئێگـر، دۆز، یاگسـی: (ئـاگر ب چیایـان دکەڤە، تەر و هشـک تەڤ دەشـــەوتە) «پەنـــد»،٢. بریتـــی لە گەرمـــای نائاسایی یاو و تێ،٣. بریتی لە سـوور هەڵـگەڕان لەبەر رِق و تـــــوورەیی،٤. تەقە، تەقانـــــدن بە بارِووت،٥. بریتـی لە مـرۆی بەتـین و بەگـورِ،٦. بریتـی لە منـداڵی بەدفەرِ و نەحەواوە،٧. گـولە و بـــارِووت و تەقەمەنـــی: (بـــێجگە لە گەرمـــای سـووتێنەر/ ئـاگریش دەرِژێـتە سـەر سـەنگەر) «هێدی»،٨. ناوی کورِانە.

**ئـــاگراو**: ١. ئـاوێکی گەرم و داغ وەک ئـاگر،٢. بادە، شەراب: (گوڵاو و ئـاگراو و بـادە ئەمشـەو/ تەرەبناکە مەی و ساقی غەزەبناکە) «مەحوی».

**ئاگراوی**: ١. ئاوراوی، ئاورین، تێکەڵـی ئـاور،٢. بریتی لە گەرم، بەسۆز: (دەرِۆم بەو رِێگەدا شەرتە هەتا ماوم بە یادی یار/ بە هیـوای دڵ، بە مەیلـی دڵ، دڵێکی گەرم و ئاگراوی) «ئاوات».

**ئاگربار**: ١. گرِکان، ئـاگرپژێن،٢. یەکەی ئـاوری تۆپخانە،٣. شێست‌تیر، چەکـێکە: (بـۆ یەکەم جـار گوێمـان لە دەنگـی تـۆپ و ئاگربـار بـوو، کە بە ئاگرباریان دەکوت: شێست‌تیر) «چێشتی مجێور».

**ئاگرباران**: ١. ئاورباران، شەرِەتفەنگی قـورس ٢. گەرمای زۆر و بە تەوژم،٣. بریتی لە تار، تاریک، لێـڵ: (دونیـا چـۆن بـۆ مـن بـووە ئاگربـاران) «ئاوینەی‌بێگەرد».

**ئاگربارانـــدن**: ئاورباران‌ـدن، گولەبـاران کـردن، تیرباران کرن.

**ئاگربارانە**: ١. ئاوربارن، ئاووربـارانە، تیربـاران،٢. پشێوی و ئاژاوەیە،٣. هەوای حەریرە و ئاگربارانە، ناوی گۆرانییەکە.

**ئاگرباری**: کاری تیرهاوێژی بەردەوام.

**ئاگرباز**: ئاورباز، گەمەکار بە ئاوری.

**ئاگربازی**: ١. ئاوربازی، یاری بە ئێگر، گرِگـرِان، ئاتەش‌بازی، هەڵدانی فیشەکەشێتە.

**ئاگربچووەلێد**: نوورِیگە، ئاگر وە عەمرد بچوو.

**ئاگربرِ**: ١. تەمراندنی شەوات، بەرهەڵست کردنی ئاور بۆ ئەوەی نەیتەنێتەوە ٢. کوژانـدنەوەی شـەرِ و ئاشـووب،٣. وەسـتاندنی تەقە: (ئەوجـا دوای ئاگربرِ، شوێنەکانی خۆیان بەجێ بێڵن) «لەمەهابـاد بۆئاراس»،٤. بە چەشـنێکی وا ئاخـاوتن کە چتـی خراپ لە خۆ دوورخستنەوە.

**ئاگربردن**: ساز و ئامادەیی بۆ سووتان(پووش).

**ئاگربرِکردن**: کوژاندنەوە، تەمراندن(ئاور).

**ئاگربن‌کەی**: ئاگری بن کا.

**ئاگربووژاندنەوە**: ئاگر گەشاندنەوە.

**ئاگربەر**: ١. ئامادەی سـووتان، ئـاوربەر،٢. مـاکی

کیمیاییی کە زوو گڕ دەگرێ(بەنزین)،٣. چـیلکە و چەوێڵی وشک،٤. ڕاگویێزەری ئاور.

**ئاگربەربوون**: ئـاور بەربـوونەوە، ئـاورکەوتنەوە، سوتمان داکەوتن.

**ئاگربەربوونەوە**: سوتمان داکەوتن.

**ئاگربەردانەوە**: سـووتاندنی شـوێنێک، سـوتمان داخستن.

**ئـــاگربەرەک**: ١. بلـۆق، پـۆرگ،٢. ئـاگربەر،٣. پەروانە، پەپوولە.

**ئاگربەس**: ئاتەشبەس، وەستانی شەڕ و تەقە.

**ئاگربەست**: ئاگربەس، شەڕبەست.

**ئاگرپارە**: ١. بریتی لە زرنگ، زیرەک، ئاتەشـپارە، زیت ٢. بریتی لە منـداڵی بـزۆز و شـەڕفرۆش و شـەیتان،٣. ڕوودار، پـڕڕوو، سـێڕخ، سـیرتخ،٤. پریشکی ئاور.

**ئاگرپارێز**: ١. نگابانی ئاور،٢. ئاگرپەرست.

**ئاگرپارێزی**: گاوری، ئاگرپەرستی.

**ئاگرپڕ**: بەسۆز، پڕسۆز، دەروونگەرم، بەهەست.

**ئاگرپژان**: ئاتەشفشان.

**ئاگرپژین**: ئاتەشفشان.

**ئاگرپژێن**: ١. ئاگری، ئاوری، ئاورپژێن، گڕکـان، کێوی سـەر بە ئـاور،٢. تـۆپی شـەڕ: (هەر دوک حەزیای ئاگرپڕژێن) «هێدی».

**ئاگرپشان**: ئاگرتوفان، ئاتەشفشان.

**ئاگرپەرســـت**: ١. گـاور، ئـاگرپەرێس: (وەکـوو ئاگرپەرستێ ئەیپەرستم/ ئەترسم خۆ بسووتێنم بە نووری) «ڕاوچی»،٢. زەردەشتی: (میسالی ئـاگر و ئاگرپەرستن/ دەسووتێن و هەمیسان دەیپەرستن) «حاجی قادر».

**ئاگرپەرستی**: گاوری، مەجوسی.

**ئاگرپەرسەیل**: ئاورپەرست، زەردەشتی.

**ئاگرپەرەست**: ئاگرپەرێس، زەرتوشتی.

**ئـــاگرپەرێس**: ئاورپەرسـت، گـاور، مەجووسـی، پەیڕەوی دینی زەردەشت.

**ئاگرپەرێسی**: پەرەستنی ئاور و بە پیرۆز زانینی.

**ئاگرپیز**: گەلاوێژ، تیـرمە، مـانگی پێنجـی سـاڵی هەتاوی.

**ئاگرپێش کرن**: ئـاگر کـوڕ کـرن، خـۆش کردنی گڕی ئێگر بە داوێن.

**ئاگرپێش کری**: ئاورخۆشکەر، با ل ئاگر دایی.

**ئاگرپێوەنان**: ١. ئاور ئێخستن، کردنەوە، ئـاوردان، ٢. داغ کردن، چزاندن.

**ئاگرتاودان**: گڕدان، نێڵ دان ئاور.

**ئاگرتوفان**: ئاگرپژێن، ئاتەشفشان.

**ئاگرتێبەربوون**: ١. سووتان، ئاگرگرتن، گڕگرتن، ٢. توورەبوون.

**ئـــاگرتێبەردان**: بریتـــی شـــێتی دڵـــداری کـــردن: (ئاورت تێبەردام، ئـاورت تێبەربـێ/ سـەربازی عەجەم بەماڵتان وەربێ) «فۆلکلۆر».

**ئـــاگرتێچوو**: ١. نەسـرەوتوو، بێئـۆقرە،٢. ئـاور تێکەوتوو، سووتاو.

**ئـــاگرتێچوون**: ١. بێئۆقرەبـوون، نەسـرەوتن،٢. ئێرەیی کرن، بەغیلی کرن.

**ئاگرخان**: ١. توون، ئـاتوون، ئـاوردان، ئـارتوون، ئـــاگردان، جەهەنـــنەم ٢. ئاگرخـــانە، کـــوورەی ئاسنگەر.

**ئاگرخـــانە**: ١. کـوورەی ئاسـنگەری،٢. تـوونی حەمام،٣. جێی ڕێژی سەماوەر.

**ئاگرخۆر**: وشترمر.

**ئاگرخۆرە**: ١. وشترمر، جـۆرێ مریشـکی زل و ئاورخۆرە و نافڕێ،٢. مەلێکی خەیاڵییە زۆر جوان خۆش ڕەنگە.

**ئاگرخۆش**: ئاورخۆش، ئـاگرخووەش، میهەبـان، میـوانگر، میـوانەنواز، زمانشـیرین، ڕووخـۆش،

گاڵتەچی، ئەوکەسێ کو سەبرا خەلکی پێبێت ژبەر زمان شرینیا وی ل دۆر ئاگرێ وی کۆم دەبن.
**ئاگرخۆش‌کردن**: ١. گڕدار کردنی ئاور،٢. بریتی لە بەرپاکردنی فیتنە و کێشە.
**ئاگرخۆشکەر**: ١. کەسێ ئاور گڕدارتر دەکات، توونچی: (ئاگرخۆشکەر گوتی: براکەم ئەمە توونی حەمامە) «پێکەنینی گەدا»،٢. بریتی لە فیتنەچی، ئاژاوەگێڕ، بەڵافرۆش.
**ئاگرخۆشکەرە**: ئاگرخۆشکەر.
**ئاگرخووەش**: ئاگرخۆش.
**ئاگرخوەشکەر**: فیتنەگێڕ، دۆزەلەقنگ.
**ئاگردادان**: ئاگرداران، بەدخوویی، داوێن‌پیسی.
**ئاگردار**: ئاوردار، ئاورین، بەگڕ، گڕدار.
**ئاگردان**: ١. ئاوورگ، ئاوردان، گۆڕک، ئەرەگا، تەزگا، تەژگا، تژگاھ جێ ئاوری: (هیی ناو چیرۆکی گوێ ئاگردانتە/ هیی ناو لایە لایەی مناڵانتە!) «گۆران» ٢. مەنقەڵی، مەقەڵی،٣. تەنوور، کوانوو: (کابرایەکی موکری لەگەڵ ژنەکەی دانیشتبوون لە گوێ ئاگردانەکەیانا) «ڕشتەی مروارید»٤. دەسرێژی، ئاگری چەکی، ئاوردان ٥. کوچکاور، کوچکی ئاور،٦. جێی ڕەژی لە سەماوەر،٧. شەوتاندن، سووتاندن: (ئاگری دە وەک پووش و پووشوو) «هێمن»،٨. سەرماوەز، سیخوار، مانگی نۆی ساڵ،٩. تەقاندن، ئاوردان(چەک)،١٠. هان دان، ورووژاندن: (وتی: براگیان بۆچ ئاگرت دام/ بۆچ تویژی زامی تویژبەستەت لادام؟) «مینەجاف»،١١. بریتی لە داغ و گەرم: (چ بو تە هلکم نێ چاڤ‌چرانە/ ئەز چ بسوژم، دل ئاگردانە) «سندی».
**ئاگردانک**: ١. ئاوردان، ئاووردان، ئاوورگ، کوچک‌ئاور،٢. تەندوور: (دانیان لە گوێ ئاگردانێ/ سەر و نانی گەرمی دانێ) «پیرەمێرد».
**ئاگردان‌کوژانەوە**: وەجاخ‌کوێر، بە مەجاز بە بنەماڵەیەک دەبێژن کە کوڕ و کاڵی خراپیان لە پاش بەجێ مابێ.
**ئاگردایسێن**: ١. ئاگرگەشێن، هەڵکەری ئاور،٢. بریتی لە شەڕهەڵایسێن، شەڕخۆشکەر.
**ئاگردایین**: ئاوردان، گڕدان.
**ئاگردران**: ١. هەڵکران، داگیرسان،٢. سووتێندران: (گەنمی ماڵی مامە حەمە هەمووی ئاگر دران)، ٣. تەقێندرانی چەک: (دوکەڵ کەوتە ڕووی ئاسمان/ مەترەلۆزان ئاگر دران) «ف. بێکەس».
**ئاگردز**: ڤۆلکان، بۆرکان، گرکان.
**ئاگردل**: دۆعا، دوعا، نزای خراپە لە کەسێ.
**ئاگردوو**: سوخت، سووتەمەنی، ئاوردوو، ئەوەی دەسووتێ، لاناوەلە سووتەمەنی.
**ئاگردەر**: ئاوردەر، گڕدەر.
**ئاگردەمێن**: ١. ئاوردەمێن، دەمە، کوورەی ئاور خۆش‌کردن ٢. ئەو کەسەیە کوورە بدەمێنێ،٣. کەسێ بە فوو ئاور خۆش دەکات.
**ئاگرژێرخۆڵەکەو**: ١. ئاوری بن خۆڵەمێش،٢. بریتی لە کولەفیتنە.
**ئاگرژێرخوەلەکوو**: ١. پشکۆ،٢. ئاژاوەچی.
**ئاگرژێرکەێ**: ئاوری بن‌کا، درۆدزووان.
**ئاگرسەندن**: پەرەسەندنی ئاور، تەنینەوە.
**ئاگرفشان**: ئاگرتوفان، ئاگرپشان.
**ئاگرفێخستن**: گڕدان، هەڵکردن، سووتاندن.
**ئاگرڤان**: ١. ئاگروان، چاوەدێری ئاور ٢. ناوی مێرانە.
**ئاگرڤەکوژتن**: ١. کوژاندنەوەی ئاور ٢. تەمراندنی فیتنە و کێشە.
**ئاگرڤەکوژێن**: ١. کوژێنەرەوەی ئاور،٢. کەرەستەی ئاور کوژاندنەوە.
**ئاگرڤەمر**: ١. ئاورکوژێن، ئاورتەمرێن، دامرکێنەری ئێگر ٢. کوژێنەرەوەی فیتنە.
**ئاگرڤەمراندن**: ١. کوژاندنەوە، ئاگر ڤەکوژتن،٢.

کوژاندنەوەی فیتنە و هەرا.
**ئاگرڤێخ**: ئاژووەر، ئاژۆتکار، شۆفیر، شۆفێر، لێخوڕ.
**ئاگرڤێخستن**: ١. ئاگر دووبارە کردنەوە، هەڵکردنەوە،٢. شەڕ هەڵاییساندن: (ل ناڤبەرا دو کەس‌دا ئاگر ڤێخستن) «گولشوون».
**ئاگرکان**: ١. ئازەربایجان،٢. گڕگان، ئاگرفشان، ئاگرپژان، ئاتەشفشان.
**ئاگرکردن**: ١. گڕدان، سووتاندن، ئاوردان، سۆچنەی،٢. تەقەکردن، چەک تەقاندن: (دەما بووک پەیا کرن ژ تۆپێن گران ژی ئاگر کرن) «مەستوورە».
**ئاگرکردنەوە**: ١. هەڵکردن، داگیرساندنی ئاور، ٢. گێچەڵ نانەوە، شەڕ هەڵایساندن: (خۆ بە تەنیا خاڵی کوڵمی ئاوا ئاگر ناکاتەوە/ خاڵی سەر لێوی ئەگەر لەو گۆشەدا هەمدەم نەبێ) «هێدی».
**ئاگرکرنەو**: ١. ئاور کردنەوە،٢. ئاوریان هەڵکرد.
**ئاگرکوژ**: ١. ئاورکوژێن، ئێگرڤەمر، کەپسولی ئاور کوژاندنەوە ٢. کوژێنەرەوەی بەڵا و فیتنە.
**ئاگرکوژانەوە**: ١. کوژانەوەی ئێگر،٢. دامرکانی گێچەڵ و هەرا.
**ئاگرکوژێن**: ئاگرتەمرێن، ئاورکوژێن.
**ئاگرکووژێنەوە**: کوژێنەرەوەی ئێگر، ئاگرڤەمر.
**ئاگرکەرەوە**: پێکەر، وێکەر، هەڵکەری ئاور.
**ئاگرکەوتن**: گڕ تێبەربوون: (ئەوول ئاگر دکەڤی مالا گەف‌گۆتی) «گولشوون».
**ئاگرکەوتنەوە**: ١. ئاگر بەربوونەوە،٢. فیتنە دروس بوون.
**ئاگرکێش**: مەسێ، کووانی‌کێش، خاکەنازی ئاگرکێشەوە.
**ئاگرگان**: ئازەربایجان.
**ئاگرگر**: ١. ئاورگرتوو، ئاور تێبەربوو ٢. ئاگر سووزان و بەتین،٣. هەوەسباز، هۆکی، ژن یا پیاگی ئەوەسی.
**ئاگرگرتن**: ١. سووتان، داگیرسان، گڕگرتن ٢. تووڕەبوون،٣. زۆر شەیدا بوون: (گەر ئەویندار وڵاتی دەبێ ئاگر بگری/ ئەوە کارێکە پێک نایە بە ئەزمان و چەنە) «هێدی».
**ئاگرگرتی**: ١. نەمەزریاێ، نەسرەوتوو،٢. شاواتی، زوورم ئەڕای ژن.
**ئاگرگردن**: ئاگرگرتن.
**ئاگرگرووشک**: ئێسقانی چەناگە، چناکە.
**ئاگرگرە**: دەس‌ئاگر، ئاگرگیرە، دەستەچیلە، چاوگە، پووش، چیلک.
**ئاگرگوربوون**: کڵپە سەنن، گڕ سەندن.
**ئاگرگوڕکرن**: گەشاندنەوە، ئاگر گەش‌کردنەوە.
**ئاگرگوڕکری**: ئاور خۆش‌کەر.
**ئاگرگوشک**: ١. ئەرزینگ، ئارزینگ، چەنە، چناکە، ٢. چەنەژەن، زۆربڵە.
**ئاگرگەرم**: ١. ڕشت‌بوون لەسەر کارێک ٢. بۆ ژن یا پیاوی هەوەس‌پەرستیش بەکار دەبرێ.
**ئاگرگەشاندنەوە**: ئاور خۆش کردن، فوو لە ئاور کردن.
**ئاگرگەشاننەوە**: ئاگر گەشاندنەوە.
**ئاگرگەش‌کەر**: ئاگرگەش‌کەرەوە.
**ئاگرگەش‌کەرە**: ئاگرگەش‌کەرەوە.
**ئاگرگەش‌کەرەوە**: ١. ئاورگەشێن، تاولەمە، ئاگرگەش‌کەرە، ئاگرگەشەوکەر،٢. کەسێ ئاور دەگەشێنێتەوە.
**ئاگرگەشەوکەر**: تاولەمە، ئاگرگەش‌کەرەوە.
**ئاگرگیر**: ١. ئاورگر، چاوکە، چیلک، چیلکە، ئاگرخۆشکەر، قولەچیلکە، دەس‌ئاگر، دەستەچیلە، پووش و پڵاشی بن ئاور،٢. هەر شتێ زوو گڕ دەگرێ وەک: بەنزین.

**ئاگرگیره**: ئاگرگیر.

**ئاگرلێبارین**: ١. تووڕەبوون،٢. بریتیە لە توشی بەڵا و دەرد هاتن،٣. بریتی لە زۆر گەرم داهاتن: (لە سوورەی سەرخرمِ ئاگر دەبارێ/ کوتامە ژێر گونی ئاغای جەباری) «شێخ ڕەزا».

**ئاگرلێبوونەوە**: ١. زۆر تووڕە بوون،٢. پڕیشکە هاویشتن.

**ئاگرلیخستن**: ئێگر لیستن، ئاگربازی.

**ئاگرلێفڕی**: بریتی لە تەشقەڵەباز، ئاژاوەگێڕ.

**ئاگرلێوارین**: ئاگرلێبارین.

**ئاگرمژ**: زخاڵگوڕ، خەڵووزی گەش.

**ئاگرملیچ**: ئاگرمەلیچ.

**ئاگرمەدار**: ئاێرمەدار، بێقەرار و بەتاسە.

**ئاگرمەلووچ**: ئاگرمەلیچ، تووخوەرگە، جۆرێ سییەکەرکە.

**ئاگرمەلووچک**: خەزایی، ئایلەمەند.

**ئاگرمەلیچ**: ١. ڕیشۆلی، سێروو، گاوانی،٢. باڵندەیەکی بەڵەکە هێندەی سێروو دەبێ.

**ئاگرناک**: تووڕە، قەڵس، بقە، ئاوری(مرۆڤ).

**ئاگرنانەوە**: ١. ئاورکردنەوە،٢. پشێوی نانەوە.

**ئاگرنەدیو**: بەر ئاور نەکەوتوو: (ئەڵێن ئەگەر تۆزێ لە زراوی گورگ لەگەڵ تۆزێ هەنگوینی ئاگر نەدیودا تێکەڵاو بکرێ) «ڕشتەیمرواری».

**ئاگرۆ**: ناوی کوڕانە.

**ئاگرواج**: ئاگردان، کوانوو.

**ئاگرواچ**: ئاگرواج.

**ئاگرواران**: ئاگرباران.

**ئاگروئاف**: ××م

**ئاگروپووشوو**: ١. ئاور و پووشکەی نەرم،٢. بریتی لە دوو شتی کە لە سەر یەک کاریگەریان زۆرە وەک ژن و پیاو: (کە ئاگر و پووشوو گەیشتنە یەکتر/ ڕێی پارێزگاری نامێنێ ئیتر) «پیرەمێرد».

**ئاگرۆچکە**: ١. ئاورۆچکە، ئاگرۆشکە، ئاوری منداڵان بۆ یاری ٢. ئاور، ئاورە، ئاورۆکەی کز و بچوک.

**ئاگرودوو**: ١. ئاوردوو، ئایردوو، سوتەمەنی، قشپڵ، قەسەل، دار: (بەسێ لۆرکێ دەکوڵێنێ/ خەیاڵ ئاوردوو دێنێ) «تاریک و ڕوون»،٢. ئاورودوو، ئاورودووکەڵ، بریتیە لە بوونی ماڵوحاڵ.

**ئاگرودووکەڵ**: ئاگرودوو.

**ئاگرودووبران**: بریتی لە ماڵ وێرانبوون.

**ئاگرورکردن**: ئاگرکردنەوە، هەڵکردن.

**ئاگرۆشکە**: ئاگرۆچکە.

**ئاگرۆک**: ١. شەرا، شەواتۆک، زریان، بای گەرم کە گیا و سەوزە وشک دەکا ٢. ئاورە، ئاگرە، جۆرێ زیپکەی دموچاوە ٣. ئامرازی ئاگر پێکردن ٤. مەردومی دووزمانی ئاژاوەگێڕ، دووڕی، بەکرۆک.

**ئاگرۆکانێ**: ئاورە، ئاگرۆشکە، ئاورۆچکەی زارۆکان.

**ئاگرۆکە**: ١. ئاورە، ئایزەقوڵە، واز، جۆرە برینێکی ئاوداری منداڵانەیە لە روو پەیدا دەبێ ٢. ئاگرۆچکەی زارۆکان.

**ئاگروەربوون**: ئاگرکەوتنەوە، سوتان.

**ئاگروەگیانکەفتن**: ١. هەدانەدان، نەسرەوتن،٢. نفرێکە، نووریگە: (ئاگر بکەفیە گیاند).

**ئاگروەماڵخستن**: ١. ئاور لە ماڵ بەردان،٢. بریتی لە شەڕ لە ماڵ درس کردن.

**ئاگره**: ١. ئاتەشەک، ئاوورە، زەردەبرین، ئاگرۆکە، ئاگرەکە، هەوڵەفەرەنگی، جۆرێ برینی دموچاوی منداڵانە: (ئەڵێن ئەوی کە ئاگرەی گرتووە) «ڕشتەیمرواری»٢. جۆرە یارییەکی دوو دەستەییە ٣. شەرا، ئاگرەکە، نەخۆشییەکی کشتوکاڵە،٤. گیای سەرەتان، جۆرێ بژاری دژی زەرعات لێی

دەهاڵێ و ئیشکی دەکات،٥. ئەوە ئاورە.
**ئاگرهالەدەمیا**: بریتی لە کەسێ توند دەپەیڤێ.
**ئاگرهاوێژ**: گڕشان، هاوێژەی ئاور بـۆ دوشـمن لە کاتی شەڕدا.
**ئاگرهاوێژی**: کاری هاویشتنی ئاور.
**ئـــاگرەپڕ**: ١. گوویەڕیـان دەم چـاو،٢. جـۆرێ تووک و نوورە: (ئاگرە پڕ بود).
**ئاگرەپڕبـــای**: جـوورێ نـوورە، ئـاگر بکەفێـدە گیاند.
**ئاگرەپەڕ**: ئاگرەپڕ.
**ئاگرەســوورە**: ١. بریتـی لە گـورج و گـۆڵی و دەســتوبرد: (پەیامـت هـات و پەیکـت ڕۆی، خەیالم نـارد و نەیگەییـێ/ ڕەسـوولم کەوتە ڕێ، گرتی، هێنای وەک ئاگرەسوورە) «نالی»،٢. بریتـی لە شەڕ: (خەبەر چوو بۆمیرەسوورە/ قوربان شـێخ ساڵح مەغدوورە/ خۆشی خۆشی پێکەوت، وتی:/ ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە!) «شێخ ڕەزا».
**ئـــــاگرەقلێ**: ئاگرەخۆشـــــە، ئاورەخوەشـــــە، ئاورۆچکەی منـداڵان و هەڵسـووڕان بە دەوریدا: (ئاگرەقلێی خۆمانە/ گوو بە ڕیشی بێگانە).
**ئاگرەقوولە**: گوڵئەستێرە، ئاگرەقوونە.
**ئاگرەقوون**: ئاگرەقوونە، گوڵئەستێرە.
**ئاگرەقوونە**: گوڵئەستێرە.
**ئاگرەک**: جوورێ هەڵزلیانە.
**ئاگرەکووڵ**: شەڕەونەر، ئاژاوەگێڕ.
**ئاگرەکە**: ئاگرە، شەرای کشت و کاڵی.
**ئـــاگرەکەوڵ**: ١. بریتـی لە خۆشەویسـتی زۆر: (ئـــاگرەکەوڵی کورکـــانییەتی)،٢. ئاگرپـــارە،٣. ئاگرەواڕە بوون،٤. نیگەران، خەمبار.
**ئاگرەکەوڵی**: نیگەرانی، پەژارە.
**ئاگرەگڕە**: ئاورەگڕە، ئاوری هەسـتاو لە سـوتانی گوێنی و پووش کە زوو دادەمرکێتەوە.

**ئاگرەگیانچوون**: ئاڵۆزبوون، ڕەش داگیرسان.
**ئاگرەگیرە**: دەستەچیلە، قولەچیلکە، ئاگرگیر.
**ئاگرەلێچی**: ١. لاناوە ژن شـاوانی،٢. جـووری نوورە، نابووت بوون.
**ئاگرەمەلووچک**: ئاگرمەلووچ.
**ئاگرەواڕە**: نگەرانی، هووڵ کەسێ بردن.
**ئاگرەواڕەبوون**: هووڵبوون، نگەرانبوون.
**ئـــاگرەوان**: ئـاروان، تـوونەوان، کـۆچەران، کۆچەڵان، ئاگرخۆشکەری ناو ئاگردان.
**ئاگرهێن**: ١. ئاورهێن، هێنەری ئاور،٢. بریتـی لە شەڕهەڵایسێن.
**ئاگری**: ١. ئـاوری، هەوەسـی، شـاواتی، مـرۆی هەوەسپەرست(ژن)،٢. ئاورین، ئاگرین، ئـاوری، ئارگۆن، ئاهرین،٣. گڕکان، چیای ئـاگری، کێـوی ئـــاگرپژێن،٤. ئـــارارات، ئاگریـــداغ، کێـــوێکە هەڵکەوتـــوو لەســـەر سـنووری ئێـران و ڕوسـیا: (ئـاگری و پێـرس و مـازێ و ساسـۆن/ خزمـی پیرانی کەسوکاری تۆن) «بۆکوردستان»،٥. نـاوی کوڕانە.
**ئاگریبنکـــــای**: ئـــاوری بنکـــا، مـــایەفیتنە، سەرەسۆدرە، بریتی لە مرۆڤـێ دووزمـان، نەمـام، فیتنە، نەرمۆنەرمۆ.
**ئاگریبێئامان**: ١. ئاورێ کە بەرهەڵستی نەکـرێ، ٢. بەڵا و دەردیسەری گەورە.
**ئاگریپایزی**: ئاگری دیانان.
**ئاگریتوور**: ئەو نوورەی خودا کێـوی تـووری پـێ شــەوتاند: (لە ژووری ئـاوی موسـایە، لە خواری ئاگری توورە/ عەجایب خەتتی فیرعەونی نە خنکاوە و نە سووتاوە) «حاجی قادر».
**ئاگریخودێ**: ١. کارەسات و بەڵای خـودایی و سروشتی،٢. بریتی ژ مرۆڤێ زرەنگ، ئاورپارە.
**ئاگریداغ**: ئوغری داغ، کێـوی دز، دوو کێـوی

سەر سنووری ئێران و تورکیا: (بچتە ئاگری‌داغ نێزەیەک بێنێ/ ژەنگی هێنابێ بە دڵۆپە خوێنێ) «بۆکوردستان».
**ئاگری‌دیانان**: ئاگری پایزی، لە شەوی ١٤ی مانگی ئەیلولی ڕۆژاوایی، لە فەلەستین وەختی خۆی دیانەکان سەلیبیان دیتەوە، لە سەر گردان ئاگریان کردەوە تا خەبەر بە ئەستەمبول گەیشت و کردیانە جێژن، ئێستاش یادی دەکەنەوە.
**ئاگری‌ژێرکا**: ئاگرێ بن‌کای.
**ئاگری‌فیرقەت**: ئاوری جودایی و دووری: (وتم: ئاوێکی ڕەحمەت، گەییە ڕۆحم ئاگری فیرقەت/ وتی: لەم دۆزەخە زەحمەت کە دەربێ هەرکەسی تێکەوت) «مەحوی».
**ئاگری‌قودرەت**: ئاگری قورەت.
**ئاگری‌قوورەت**: ١. ئاگری قودرەت، بەڵای خودایی: (منداڵێکیان هێنا، یەکی سووری چاوزیت وەک ئاگری قودرەت وابوو) «چێشتی مجێور»،٢. شوبهاندن بە پیاوی زۆر ئازا لە شەڕدا.
**ئاگری‌گرتگە**: ١. ئاوری گرتووە، ٢.تووڕە بووە.
**ئاگری‌مەرگ**: خۆشەویستی دایک و باوک بۆ منداڵەکانیان.
**ئاگرین**: ١. ئاورین، ئاوری، شتێ وەک ئاور بچێ: (چەکی ئاورین) ٢. سووری ئاوری،٣. ئاتەشین، بەتین، داغ، گەرم: («ئەدەب» بەو غایەتەش یارت نەبوو، نامیهرەبان، ئەمما/ لە ئاهی ئاتەشینی تۆ، خوداگیر بێ سەبەبکارت) «ئەدەب»،٤. چیای ئاگری: (ئەی لاوی کورد، بە بیر و باوەڕی کوردانە یەک گرن/ بورکانی ئاگرین بن، لە ڕووی دوژمنی غروور) «قانع»،٥. مرۆی زۆر ئازا و بەکار، ئاورپارە،٦. شاوەتی، هەوەسی، ٧. هاندەر، هارووژێن: (ئەتۆ سامان و پارەی زۆر و کۆشکی بەرز و ڕەنگاوڕەنگ/ منیش بێ‌قەوم و بێ‌عەشیرەت، قەسیدەی ئاگرینم هەس) «قانع»،٨. گوڵی ئاوری، گوڵی ئاگرین، گوڵە ئەرخەوانی،٩. ناوی کوڕانە،١٠. ناوی کچانە.
**ئاگرینە**: ئاگرین.
**ئاگری‌نەورۆز**: ئاگری نەورۆزی، ئاورێک کە ڕۆژی سەرەتای ساڵ دەکرێتەوە، نەریتێکی کەڤنی کوردانە لە زەمانی کاوەی ئاسنگەر بۆ ئێمە بە جێ ماگە و وەک هێمای ئازادی چاوی لێدەکرێ.
**ئاگری‌یارە**: ئاگری نەورۆز کە لە گردی مامەیارەی سلێمانی دەکرایەوە.
**ئاگۆ**: ئاخڤ، ئاخۆڤ، گوفتوگۆ.
**ئاگوان**: گوندێکە لای سۆران.
**ئاگۆتن**: ئاخڤتن، ئاخڤتن، ئاخاڤتن.
**ئاگوردی**: ئاگردوو، ئاوردوو، سوتەمەنی.
**ئاگۆڕوداگۆڕ**: ئاڵوگۆڕ، گۆڕینەوە.
**ئاگۆست**: ناوی مانگی هەشتی ساڵی زایینی.
**ئاگول**: دارچکێکی کورتەباڵای دڕکدارە.
**ئاگوو**: ئاردێک ک کەنەێ بان‌گونگ تا نەچەوسێدە خونە.
**ئاگووتی**: گیاندارێکی گوهانداری وڵاتی ئەمریکایە، هێندەی کەروێشکێک دەبێ.
**ئاگووگەرد**: لاناوە گیایێکەر، سواڵکەر.
**ئاگوول**: تەڵەکە، دەهۆ، فێڵ، گزی، گزە.
**ئاگوولباز**: تەڵەکەباز، فێڵباز.
**ئاگە**: ١. ئاهگە، ئاخگە، قەیران، کاتی تەنگانە و سەخڵەتی نەخۆش ٢. ئۆگە، ئەوێ، وێدەرێ، ئەوێندەرێ، چاگە، وێرێ، ئەو جێگە،٣. بیر، فکر، زەین: (نوبەدارێ قوللەهێ خوە/ دەرگەڤانێ دەرگەهێ خوە/ بینە بیر و ئاگەهێ خوە/ تووڵەیێ ئاستانم ئەز) «فەقێ تەیران»،٤. نەتویەنم، تەمەڵ.
**ئاگەه**: ئاگا.
**ئاگەهبوون**: پێزانین، لێ‌تێگەیشتن: (ئیزهار بکەین بەدنامی‌یە/ دەرحەق بدەین بێ‌تامی‌یە/ ئاگەه دبن پێ عامی‌یە/ هەلاک دبن ژ غەیبەتێ)

«فەقێ تەیران».
**ئاگەهدار**: ئاگادار.
**ئاگەهدارکرن**: ئاگادار کردنەوە.
**ئاگەهی**: ئاگایی.
**ئاگەیچە**: ئاگە، ئەو جێگە.
**ئاگینجە**: پۆلیس، ژاندارم، جەندرمە.
**ئـــال**: ١. لا، ڕەخ، ڕۆخ، کـن، تەنیشـت: (مـاه شەرەف خانمێ سەرێ هەسپێ خوە زڤراندە ئالێ وێ بەسـتێ) «مەسـتوورە» ٢. تبلـی نـاوی، زەڕنەقووتە، قامکی هەرەدرێـژی پەنـجە ٣. ئـاڵا، بەیداخ، عالا، پەرچەم ٤. ئـال، سـۆرێ ڤەبـووی، سـووری کـاڵ، پەنبەیـی، کولیلکـا کشـف: (ئەی بولبول ئەگەر تو ئەهلی حالی/ پەروانەیێ شەمعێ وەردێ ئالی) «خانی»٥. مایل، ئامال: (سۆری ئـال ڕەش)،٦. ئـــال، شـــەوە، شـــوە، جنـــۆکەی زەیسـتانکوژ،٧. پێشـگر: (ئـالگەرین)،٨. بنەمـاڵە، بەرە، لەگەڵ ناوی پێغەمبەر دێ: (ئـالی مـحەمەد، ئالی عەلی، ئـالی ڕەسـووڵ، ڕووڕەشـی دەرگـای خودام و سەرفکەندەی مستەفا/ ...) «ئـاوات» ،٩. بنەماڵەی گەورە: (قووبووری پڕ لە نـووری ئـالی بابـان پـڕ لە ڕەحـمەت بـێ/ کە بـارانی کەفـی ئیحسـانان وەک هەوری نیسـان بـوو) «ڕەزا»،١٠. موسوڵمانانی هۆزی بەنی هاشم و بەنی موتەلیب: (لەگەڵ ئال و لەگەڵ صەحبی، خوصووصەن چار یـاری دیـن/ ئەبـووبەکر و عـومەر، عوسـمان و حەیدەر شێری یەزدانە) «نالی»،١١. ناڤێ مێرانە.
**ئاڵ**: ١. ئال، پەمەیی، سویەر، سووری کـاڵ: (قـژ کاڵی لێو ئاڵی، پڕشـەنگی نیگـا کـاڵ/ ئەی کـچە جوانەکەی سەر گۆنا نەختێـک ئـاڵ) «گـۆران» ٢. هەژار، نەدار، نابووت ٣. ئاڵ، ئاڵە، هـاڵە، شـەوە، ئاڵی زەنگان، ئاڵی زەنگی، نەخۆشی زەیسـتانکوژ: (بۆ ئەوەی شـەوە منداڵەکەی نەخنکێنێ و ئـاڵ خـۆی نەبـا) «تـوحفە» ٤. پەرچەم، بەیـرەق، بەیراق،٥. سڕ، بارێکە تووشی ددانی مرۆڤ دەبـێ کاتێ شتی ترش بخوات وەک هەڵووچە،٦. ترش: (ئـاڵ و بـۆڵ)،٧. پاشـگری وێـچوونە بە نـاوەوە دەلکێ: (چەنگاڵ)،٨. مەی، شـەراب: (.../ ئـاڵە و شەوە بیبا چ دەکا، با بیکا/ مەیگێر شەوی خۆشە، تێکە ئاڵێ بۆمان) «خەیام هەژار»،٩. کوڕی ئەسپ یا وڵاخ نوو پڵان،١٠. نیشتەجێ، دانیشـتوو: (ئـاڵ کـام شـاریی؟)، ١١. گـوێبیس، بگـوو ئەژنەو دار: (ئایم ئـاڵێگە)،١٢. دەشـت، سـارا: (مەوینـۆ تێـدا جۆق جۆق گـوڵاڵان/ خەیـمەش هەڵـداگەن نەو دەشـــت و ئـــاڵان) «مینەجـــاف»،١٣. بریتـــی لە خوێناوی: (سەیرم مەحاڵەن، سـەفام بەتـاڵەن/ بـۆ دووری یارێ ئەسرینم ئاڵەن) «ماملێ»،١٤. خێزان، بنەمـاڵە: (تەتـیمەی هەر سـەلات و خـاتیمەی حەمد و تەحییەی حەق/ سـەنا بـۆ ئـاڵ و بەیـتە، باقی هەر ئەفسانە و بەیتە) «حەریق».
**ئـــاڵا**: ١. نـاوی شـارێکی کوردنشـین بـووە لە کوردسـتانی گەرمێنیـدا، بەڵان ئێسـتا کـاول بـووە وەکوو دەڵێن: مەمێئاڵا ٢. بەیـداخ، ئـاڵا ٣. ئـارا، دەق، جوانکاری،٤. بـژار، هەرێـز، ئـادە،٥. ئێسـتا، نهۆ، هەنووکە،٦. ناوە بۆ کێژان.
**ئاڵا**: ١. بەیداخ، بەیداغ، بەیـاغ، بەنـدیر، بەنـدێر، بەیڕەق، بێڕاق، ئالە، ئاڵایی، عالا، عەلەم، درەوش، پەرچەمـی تـایبەتی وڵاتێـک: (لە شـان و بـاهۆی خـۆم ڕادی هەڵگـرم ئـاڵای ئـازادی) «تاریـک و ڕوون» ٢. درەوش، درێوشە ٣. تیپێک پێشـمەرگە (٤٠٠٠) کەس ٤. خـــامە، قەڵەمـــی نووســـین: (ئاڵاگرت بە دەس خورشیدی خاوەر/ نووسیا بـۆ لای بەهـــروزی ســـەروەر) «موکریـــان»٥. ئـــاڵا، ئـــاڵابووک، بەربـــووکی مناڵان(ئـــاڵابووک) ٦. پـارچەی شـاش بـۆ دابێـژتن (ئـاڵابێژ)،٧. ئـاڵای تـــایبەتی ڕێخـــراوە یـــا حیزبێـــک،٨. ڕەنگـــی، ڕەنگاوڕەنگ، ئاڵایی،٩. ئاڵ، پەمەیی: (ئاد مـارۆ بە

ویـر تەرزەکەی بـاڵات/ ئەو دیـدە مەسـتت، ئێـد خــاڵ ئــاڵات) «مەولەوی»،١٠. خــاس، بــاش، تەکووز،١١. جـوان، خەمـڵاو، ڕازاوە: (بەڵ بـاڵای ئاڵاش وە سەد خەم و چەم/ باز وینوون بێ خەم وەی چەم ئەو چەم) «مەولەوی»،١٢. بریتـــــی لە بەرز، بڵند: (باڵای ئاڵا شـەنگ سـەد بەڵا پێـوەن/ دووکـــانچەی شـــادی دەردینـــان شـــێوەن) «مەولەوی»،١٣. لێی‌هـــاڵا، بە دەوری‌دا هـــاتەوە: (توولەڕێ ئاڵا لە ڕیزە گـردێ/ لە بەر دەمیا بـوو دارتووی زۆر و دێ!) «گۆران»،١٤. جوانی: (ئینـە نەتیجەی دیای باڵای تۆن/ نیشانەی ویسال خـاڵ ئاڵای تـۆن) «مەولەوی»،١٥. بـاڵا: (خەزانـان دێـز ڕەنگ، ئاڵای گوڵ نە گڵ) «بێسارانی»،١٦. زنجیرە چیایەکە لە باکووری گـۆلی وان،١٧. شـاخێکە لە باشووری شاری ساری‌قامیش،١٨. ئەهل: (کـوانێ سواری دە نازەنین؟/ کێ بـوو لە ئـاڵی ئادەمـان؟) «دمدم»،١٩. ناوە بۆ کچان.

**ئالائی**: ئاڵایی، ڕەنگی، زەردوسوور.

**ئاڵابووک**: ئـاڵەبووک، پەڕۆی ڕەنگاوڕەنـگ بـۆ بووکەشووشەی زارۆکان.

**ئاڵابێژ**: ئاڵەبێژ، دابێژتنی شەکر و خاکە بە پەڕۆی تەنک.

**ئالات**: ١. بەهارات، ئیسۆت، ئیسوەت، ئەدوا،٢. کەرەسـتە، ئـامێر: (ئەسـپابێ نیشـات و عەیـش و عوشـرەت/ ئـالاتێ سـەفا و زەوق و سـوحبەت) «خانی»،٣. وەلات، وەتەن.

**ئاڵاتریک**: کارەبا، برق.

**ئاڵاتەر**: باڵاتر، گرانتر: (نـرخ کـاڵاکەش ئـاڵاتەر بـی‌یەن/ سـەد گیـان وە پـوولێ بـاڵاتەر نـی‌یەن) «مەولەوی».

**ئاڵاجەکیا**: شارێکە لە باکووری کوردستان سـەر بە پارێزگای ئەلازیغ.

**ئاڵاچغ**: ١. ئاڵاچیق،٢. مەلی ئاڵاچغ.

**ئاڵاچەقانـــدن**: ١. هەڵـــدانی ئـــاڵا لە بەرزی،٢. چەقانـــدنی ئـــاڵا لە ســـەر گـــۆڕ: (ئەو حەلە بیان‌گوتایە: غەریبە، ئاڵایەکیـان لە سـەر گـۆڕەکەم هەڵبدایە) «لاس‌وخەزاڵ».

**ئاڵاچی**: ئاڵادار، ئاڵاهەڵگر: (هەمزە و هەبباس و هەیدەرە/ دەگەڵ مەقلووبی پەڕ بە سەرە/ ئـاڵاچی سوڵتان سەمەرە) «مان».

**ئاڵاچیغ**: ئاڵاچیق.

**ئاڵاچیق**: ١. کەپر، کەپرۆک، چـارداخ، هەرزیـل، هەرزاڵ، کومڵان،٢. هۆدەیەکی کۆچەرانە دیـواری لە لباد و شتی سووک دروس دەکرێ،٣. ئاڵاچیغ، جۆرێ مەلووچکە.

**ئالاخ**: ئاڵاخ، بژار، ئادە، گیای هەرز و بێ‌کەڵکـی ناڤ بێستان و زەرعات.

**ئاڵاخان**: شاخێکە لە نزیک سونقوڕ.

**ئالاخانووالاخـان**: سـەرگەردان، ئـاوارە: (خـودا خوشش میـات یەی سـاڵە ئێجـومەنە ئالاخـان و والاخان کەردی!) «دەروێشیان».

**ئالادار**: ١. ئاڵادار، پەرچەمدار، هەڵگری بەیـداخ، درەوشـــدار، ئـــاڵاهەڵگر، ئاڵـــدار،٢. بریتـــی لە سەردەستەی تاقمی ناڕازیان.

**ئاڵاداری**: پەرچەمداری، ئاڵاهەڵگری.

**ئالادین**: عەلادین، جۆرێ چرای ئاشپەزی.

**ئاڵاڕەزگە**: ڕەزگی، گیای هەڵەڕەزگە.

**ئالاز**: ناوی کوڕانە.

**ئالاســتن**: لسـتنەوە، لێسـتن، لێسـان، ئاڵاسـتن، ئالسـتن بە زمـان: ( ب ئالاسـتن زک تێـر نـابە) «پەند».

**ئاڵاسەقەڵ**: گوندێکە لای تیکاب.

**ئـــالاش**: هەڵاش، هـــاڵاش، هەراش، گژوگیـــا، پەردوو، سەرمیچ، لیشامە، لیشـمە، چـڕوچیلکەی سەر دارەڕا.

**ئـــــاڵاش**: ١. ئـــــالاش، هەڵاش،٢. ڕازاوەی،

خەملاوی: (بەڵ بالای ئاڵاش وە سەد خەم و چەم/ بز وینوون بیٚ خەم، وەی چەم یا ئەو چەم) «مەولەوی».
**ئاڵاش‌ئەرمانای**: دەردیدڵ کردن.
**ئاڵاشیٚ**: زووخاو، سکاڵا، گلەیی.
**ئاڵاغ**: ئالاخ، بژار.
**ئاڵاف**: هاڵاو، تین، زمانیٚ ئیٚگر، بلیٚسەی ئاور.
**ئالاف**: ١. گڕ، بلیٚسە ٢. مراز، ئامراز، ئامیٚر، کەرەستە، وەسیلە ٣. نیر و ئاموور،٤. ژ پیتیٚک یا پتر پیٚکهاتیە ژ بۆ گریٚدانا ڕستەیان بکار دهیٚت، وەک: ل، ژ، ژی، جەم،٥. کولی دەروون، ئاهی سارد: (زالم گۆت: نزانم ئەڤ ئاگر ژ کو هات؟ - وی گۆت: ژ ئالاڤا دلە ئاردووڤانا!) «گولشوون»،٦. ناوە بۆ کچان.
**ئاڵاکۆک**: ١. ئاڵاکۆک، ئاڵەکۆک، کۆلان، کۆچە، زکاک، هەڵەکۆک، هاڵەکۆک، ئالیکۆک، پیشۆک، ئالیقۆق، پرچۆکە، قیزبەلە، گیایەکە وەک ئەسپەنگی وایە و بۆ ڕەوانی باشە،٢. ناوە بۆ کچان.
**ئاڵاکەت**: بژارچن، ئامیٚری بژار.
**ئاڵاکەر**: بژارچی، بژارکەر، وژین‌کەر.
**ئالاکەسک**: کوتە پەڕۆی سەوزی تەکییە و مزگەوتان: (ئەو پاشی نیٚزیکی ئالا کەسک بوون پاچ کرن، دانە سەر سەریٚ خوە) «مەستوورە».
**ئاڵاگارسۆن**: جۆریٚ ئاڕایشتی مووی سەر: (سەیکۆ سەرشە چ ئالاگارسۆن کەردە!) «دەرویٚشیان».
**ئاڵاگز**: گوندیٚکە لە دیٚکۆی خورخورەی بیجاڕ.
**ئالالە**: هەڵاڵە، گوڵەمیٚرگ، سپیچنە، گوڵیٚکە.
**ئالامالا**: ئیٚلابیلا، ئیٚلانوبیلان.
**ئاڵامۆد**: مۆد، باوی ڕۆژ.
**ئاڵامەت**: هەڵامەت، پەسیو، زوکام.
**ئاڵامەتاوی**: هەڵامەتدار، زوکامی.
**ئالان**: ١. ئاڵان، ئالیان، تیٚئالین، لیٚئالیان، لخۆ ئالیان ٢. ئالان، ناوی عەشیرەتی «مەمی ئالان»ە ٣. ئالان، مەڵبەندیٚکە لە ناوچەی سەردەشت ٤. شاریٚکی کۆنیش بووە ئیٚستا ئاسەواری نەماوە ٥. پەڕەی حوکم لە گەمەیٚ پاسووردا، ٦. ئەڤینداریٚکی داستانی مەمیٚ ئالانە،٧. قەومیٚکی ئیٚرانی لە قەفقاس دەژین،٨. زمانی ئەو نەتەوە، ٩. چەرەزە، شەوچەرە،١٠. زایەڵە، گەڕانەوەی دەنگ،١١. گەرمیٚن، گەرمەسیٚر،١٢. ڕەنگ ئاڵەکان: (عەنبەرین خەمری و سوسن ئالان/ سوهر و زەر، شەتری و چیچەک ئالان) «جزیری»،١٣. خەوەردان،١٤. دەسپیٚچگ، بەهانە، بیانوو،١٥. گوندیٚکە لای دەربەدیخان،١٦. گوندیٚکە لای قەڵادزیٚ،١٧. بە ناوچەی گەرمەسیٚر لە هۆوەتوو ئیٚژن ئالان، لە ئەو بەرزاییەی کە بۆ لای ئیٚرانشا دیٚتە خواریٚ: (نەیانهیٚشت بیٚنە خوارۆ وە مل ئالانا لە هەوەتووا) «ئاویٚنەی بیٚگەرد»،١٨. ناوی کوڕانە.
**ئاڵان**: ١. هاڵان، تیٚهاڵان، خۆ لیٚ هاڵان: (بە داو هەر تارە بۆ من بۆتە تاریٚک/ لە پیٚم ئاڵاوە زولفی تار و ماری) «وەفایی»،٢. بەرقەدی چیا، لاپاڵ،٣. گۆبەرۆک، بەرە، گۆدەڵە، ڕیٚزە دوگمەی زیٚڕ و زیٚو لە بەرۆک و پیٚسیر دەدریٚ.
**ئالانبڕ**: لە پاسووردا حوکم‌کردن.
**ئالانبڕکردن**: حوکم‌کردن لە گەمەی پاسوودا.
**ئاڵاندن**: ١. پیٚچان، پیٚچانن، تیٚئاڵانن، لیٚپیٚچاندن، ئالیاندن، پیٚچ‌پیٚدان، ئاڵۆسکاندن، ئاڵانن: (ئەو شۆخە کە چەفیەی لە سەر و گەردنی ئاڵان/ ڕیٚشەی دڵی عوششاقی بە ڕیٚشووی ڕەشی پچڕان) «بیٚخود»،٢. ئاڵۆسکان، بادان،٣. ئاراستەکردن، تیٚهەڵکردن.

**ئالاندنەک**: ئالاندۆک.
**ئالاندۆک**: ئالاندنەک، پێچەر، پێچاندی، بادەر.
**ئالاندەک**: ئالاندۆک.
**ئالاندی**: ئالاندۆک.
**ئالانکردن**: شەوچەرەی شەوانی زستان کە هەر کەس بە قەدەر خۆی دەیکرِی و دادەنیشتن و پێکەوە دەیانخوارد.
**ئاڵانن**: ئاڵاندن.
**ئالانۆک**: ئالاندۆک، ئالاندی.
**ئالانەر**: ئالانۆک، پێچەر.
**ئالانە**: ١. هێلانە، هێلین، هێلینک ٢. بێستانی ناو دەشت و چیای،٣. گوندێکە لای چۆمان،٤. گوندێکە لای شەقلاوە.
**ئالانی**: قرمقال، زەنازەنا.
**ئاڵانی**: کوتەڵ، ئاڵایی.
**ئاڵاو**: ئالاڤ، ئامێر، کەرەستە.
**ئاڵاو**: ١. هاڵاو، تێئاڵاو، تێکپێچراو، ئالووسکاو، ئاڵۆزاو ٢. گورِی، پێت، بڵێسە، هاڵاوی ئاگر و ئاوی گەرم،٣. تێئاڵاو، تێهاڵاو: (وەک یاری شەرمنی دەس لە مل ئاڵاو/ بە گوپچرِ دەرباز بووی شانە و قژ شێواو!) «گۆران».
**ئاڵاوان**: ١. گوندێکە سەر بە شاری سەردەشت،٢. گوندێکە لای کوێستانی پانەسەر و دووسەر لە مەڵبەندی مەنگورِایەتی.
**ئاڵاوپێڵا**: مشتومرِ، قرِە: (دەیگوت: ئاخری قیمەتی دوازدە هەزارە/ ئاڵاوپێڵا پێدا نایەتەوە بە حیساب و کارە) «سەعید و میرسێوەدین».
**ئاڵاوواڵا**: ١. ئاڵایی، ئاڵاهی، رِەنگاورِەنگ، رِەنگی،٢. رِازاوە، خەمڵاو: (زەردیم نە هیجران ئاڵا و واڵاتەن/ کڵافەی موشکین، بەژنی باڵاتەن) «بێسارانی».
**ئالاوە**: گوندێکە لای قەڵادزێ.
**ئاڵاهەڵگر**: ئاڵادار.
**ئاڵاهەڵگری**: ئاڵاداری.
**ئاڵایچکۆلە**: سهرک، سهرە.
**ئاڵایزەردەشت**: بەرکۆشەکەی کاوەی ئاسنگەر بووە کە زەردەشت کردیە ئاڵا و بۆ بانگ هێشتن بەرزی کردەوە، لە ناو نەتەوەی کورد بوو بە رِەمزی سەرکەوتن.
**ئالایش**: ١. شەونشینی، کۆرِبەستنی شەوانە، کۆبوونەوە لە شوێنێ بۆ رِابواردن ٢. ئارِایش، جوانکاری ٣. خەوش، کەترە، تێکەڵاوی،٤. ناتەواوی، کەمایەسی.
**ئاڵایش**: ئالایش.
**ئالایشت**: ١. ئالایش،٢. دەعیە، تۆز، فیز: (برارم باشە والا ئادەم بی ئالایشیە) «دەروێشیان».
**ئاڵایە**: ئاڵا، بەیداخ.
**ئالایی**: ئاڵایی.
**ئاڵایی**: ١. رِەنگاورِەنگ، رِەنگی، رِەنگامە، زەردوسوور، ئاڵاوواڵا، ئاڵوواڵا، ئاڵاهی: (تا بڵێی تەرپۆش، ئاڵ و واڵا جل/ بەژن و باڵا جوان، بەدەن نەرم و شل) «گۆران» ٢. بەشێ لە لەشکری تورکان عوسمانی،٣. لەشکرێکی پێشمەرگە، (٤٠٠٠)کەس، ٤. کوتەڵ، ئاڵانی.
**ئالئال**: ١. ئاڵئاڵ، بەرزەلنگ، گیایەکی بۆنخۆشی کوێستانییە و گەڵای شین و وردە: (سونبول ب سەما تێن و گولان پەردە درِاندن/ بشکفتنە ئالئال و هشین بوونە تەرازن) «جزیری» ٢. ناوە بۆ کچ.
**ئاڵئاڵ**: ئالئال(گیا).
**ئالئەبا**: خانەدانی پێغەمبەر: (وە ئال ئەبا، وە پەنج تەن قەسەم) «چەپکەگوڵ».
**ئالباز**: هاورِێ، ئامباز، ئاوقە.
**ئاڵبایراک**: شارۆچکەیەکی باکووری کوردستانە، لە نزیک گۆلی وان.
**ئاڵبردن**: ئاڵبردنەوە.
**ئاڵبردنەوە**: ١. مردنی زەیستان بە دەست

جنۆکەی ئالەوە: (بۆ ئەوەی شەوە منداڵەکەی نەخنکێنێ و ئاڵ خۆی نەبا) «توحفە».٢. بێهۆش بوون.

**ئالبرن**: بێهۆش‌بوون، لەهۆش‌چوون، بێحاڵ‌بوون.

**ئاڵبرنەوە**: شەوە بردنەوە.

**ئاڵبرە**: کەسێ چارەی ژنی ئاڵ لێدراو دەکات.

**ئاڵبلاغ**: ١. ناوی گوندێکە لە نزیک بۆکان،٢. گوندێکە سەر بە شاری مەهاباد،٣. گوندێکە تێکەڵ بە شاری سلێمانی بووە.

**ئاڵبلوقە**: بازڵە، بازرە، بلوغ.

**ئالبۆز**: ئالباز، ئامباز، هەمباز، هاورێ.

**ئاڵبۆم**: ١. دەفتەری مقەوایی بۆ پاراستنی وێنە و تەمر،٢. شتێ هەڵگیراو لە ئاڵبۆمدا،٣. ئاڵبۆمی کاسێت و سی.دی.

**ئاڵبوون**: ١. سڕبوونی ددان بە هۆی خواردنی ترشی: (هێندە ئاڵۆزە خەیاڵ و بە ژیان ئالە ددان/ من کە شاگردە لەڕەی مەکتەبی تۆم، ڕوو لە تەرپیم) «ڕاوچی».٢. سوور هەڵگەڕان: (بە زەردەخەندە سەرگۆنای چاڵ بێ/ بە بۆی هەناسە هەڵگرێ و ئاڵ بێ) «پیرەمێرد».

**ئاڵبوونەوە**: کوڵبوونی ددان بە هۆی ترشی.

**ئاڵبۆیاغ**: سووراو، دەرمانی کوڵمە ڕەنگاندن.

**ئالبە**: ئالبە، ئارەزوو، هیوا، هومێد، هێڤی.

**ئالبەچە**: بنەماڵە، خێزان، ئات‌عیاڵ.

**ئاڵپ‌کۆی**: شارێکی باکووری کوردستان سەر بە پارێزگای ئەرزنجان.

**ئالتاخ**: ئارتاخ.

**ئالت‌کرن**: خستن، ژێرخستن، لە عەردێ دان: (ژ سبێ هەتا ئێڤاری وان ب هەڤرا شەڕ دکرە لێ قەت یەکێ ژ وان نکاربوو ئالت بکرا) «کۆمەلە».

**ئالتندار**: تالانچی×١٤١×: (ئارتیشا ئەردەلانێ ڤا چاوان ئالتندار کەتە کێرمانشاهێ) «مەستوورە».

**ئاڵتۆ**: دەنگی زیلی ژنانە لە ئاوازی کۆڕدا.

**ئاڵتوون**: ١. زێڕ، زەر، تەلا: (شەقت هەڵدا لە زێڕ و جل/ توورت داوە کلدان و کل) «هێمن».٢. بریتی لە زەردە هەتاو لە سەر لووتکە: (لای قەرەتۆغان سەرم هەڵبڕی/ ئاڵتوونی زەردەی لووتکەکانم دی!) «گۆران».٣. نازناوی بنەماڵەیەکی پیاوچاکی دەگاشێخان بووە: (حەمەکەریم گیان نەتەوەی ئاڵتوون) «م.ح. دزڵی».٤. زەر، زەرد: (کەشتی ئاوات ڕەنگ ئاڵتوون/ لە ناو ڕووبری دەروون) «کامەران موکری».٥. ناوی دو گوندە لە مابەینی سەقز و بۆکان، ئاڵتوونی سەروو، ئاڵتوونی خواروو: (کابرایەکی کەڵهوڕ ڕێی ئەکەوێتە ئاڵتوونی لای سەقز) «ڕشتەی‌مرواری».٦. ناوە بۆ ژنان.

**ئاڵتوون‌تەبەق**: ناوی گوڵێکە پەڕەکەی ئەستێرەیە، لاسکی نەرمە و بۆنی هەیە.

**ئاڵتوون‌ڕەنگ**: ئاڵتوونی، زەرد: (ڕەشەبا لێمان بە ژار و ژەنگە/ گەلاڕێزانە گوڵ ئاڵتوون‌ڕەنگە) «پیرەمێرد».

**ئاڵتوونی**: ١. زێڕین، تەلایی، هەر شتێ لە زێڕ دروس کرابێ،٢. ڕەنگی زەردی زێڕین: (بە تاجی زیو و ئاڵتوونی لە مێرگی دڵ‌گوشا نەرگس/ لە سەر ئاوڕەنگی زمرووتی لە سیحرا شەهریارێکە) «مینەجاف».٣. خەڵکی دێی ئاڵتوون: (کابرایەکی کەڵهوڕ ڕێی ئەکەوێتە ئاڵتوونی لای سەقز، ئاڵتوونی وا مەشهوورن هیچ بە کەس نادەن، ئەڵێن پشیلەی کوێر لە ماڵیان نان ناخوات!!) «ڕشتەی‌مرواری».

**ئاڵتوونی‌سوور**: خشتی سوور×١٦٠×: (خشتی لە ئاڵتوونی سوور/ ئاڵتوون چییە؟ مەکۆی نوور بوو) «ڕاوچی».

**ئاڵتوونین**: ئاڵتوونی.

**ئاڵتوونینە**: ئاڵتوونی.

**ئاڵتووین**: ئاڵتوون، زێڕ: (قەدر ئاڵتووین ها وە

لای ئاڵتووینچییەوە) «پەند».

**ئاڵتیئای**: جۆرێک کاڵەک و خەربوزەیە.

**ئاڵتیڕەم**: کێشانەیەکە بەرابەری ٥٥گرەم.

**ئاڵچاخ**: ١. بێحەیا، بێئابڕو، سووک، سڤک، دەسبڕ،٢. نزم، نەوی، داچی: (بلند فریم، ئاڵچاخ کەتم) «پەند».

**ئال‌حەق**: ئەهلی هەق، عەلیوڵڵایی، پەیڕەوانی ئایینێکی تایبەتە لە محالی کرند و سەحەنە و کرماشان دەژین.

**ئاڵخواج**: ئاڵخوواج، قامکی شادە، تبلا دۆشاومژە.

**ئاڵ‌خورمایی**: ئاڵی تۆخ، سووری تاریک.

**ئالدار**: ١. ئاڵوودار، مەلاشوو کەوتوو ٢. ئالادار، ئالاهەڵگر ٣. ئارێندار، داری دارەڕا، دەستەک.

**ئاڵداوان**: گوندێکە لای سیدەکان.

**ئاڵدۆز**: زیرکفت، زیۆکفت: (ئاسنگەرم بۆ بێنن بە مشتەرییە/ بۆم دروس بکا ڕکێفی ئاڵدۆز، لغاوی هەویزە مرواریییە) «مان».

**ئاڵدۆزکاری**: تەلاکاری، زێڕکوت کردن.

**ئاڵدۆزکرن**: ئاڵدۆزکاری.

**ئاڵدووز**: ئاڵدۆز، زیرکوت، نەخشێندراو.

**ئاڵدووزکردن**: زێڕاودان، زێڕکوت‌کاری.

**ئالدین**: زان، زگ و زا کرن×: (ژنێ باردار ئەی مێرێ هۆشیار/ ئەگەر واختێ ئالدین مار ئانین) «گول‌شوون».

**ئالزاندن**: ئاڵۆزاندن، ئاڵۆزاندنی کارێک.

**ئاڵزایمێر**: نەخۆشی فەرامۆشی و گچکە بوونەوەی مێشک.

**ئالزی**: ئاڵۆز، ئاڵۆزاو، ئاڵۆزکاو، شڵەژا، شڵەژاو، تێکەڵاو.

**ئالزیای**: ئالزی، ئاڵۆز، ئاڵۆزکاو: (ژ کلاف ئالزیای، کولا گۆشی وەر ناکەڤە) «پەند».

**ئالزین**: ئاڵۆزان، ئاڵۆسکان.

**ئالستن**: ئالاستن، لێستنەوە.

**ئالسیدەک**: گوندێکە لای شەقلاوە.

**ئاڵش**: خارشت، خوروو، ئاڵۆش.

**ئاڵشت**: ١. ئاڵوگۆڕ، ئازوگۆز، سەودا، مامڵە، معامەلە، دان و ستان، داوبسەت، ئاڵشوێرش، عەوەزبێەڵ،٢. گیاجار، ئالف ٣. تۆزێ کە لە کاتی بەبا کردنی ساقار و شتیوا تێکەڵ بە هەوا دەبێ ٤. خووس، سیخوار، زوقم، شەونم، ئاڵشک،٥. خارشت، خوروو، خورۆش.

**ئاڵشت‌کردن**: گۆڕینەوە، ئاڵوگۆڕ کردن، گویەڕانن.

**ئاڵشتە**: ئاڵشت، زوقم.

**ئاڵشتەی**: گەوزاندن.

**ئاڵشتی**: ١. لاناوە لە جن،٢. عەوەزی.

**ئاڵش‌دگاش**: کاڵ مەکاڵ، ئاڵشت.

**ئاڵشک**: ١. شەوبۆ،٢. ناوی کچانە.

**ئاڵشک**: زوقم، سیخوار، خویز، خووس، خووسار، وەرەق، شەونمی بەستوو.

**ئاڵش‌وێرش**: سەودا، مامڵە، ئاڵشت.

**ئاڵش‌ووێڵش**: ئاڵش‌وێرش، مامڵە.

**ئاڵش‌ووێڵش‌کەر**: مامڵەکەر.

**ئاڵش‌ووێڵش‌کەردەی**: سەودا و مامڵە کردن.

**ئالغ‌وبالغ**: ××م/ مشەختی////////

**ئالغە**: مەشکۆلە، مەشکەی بووچک.

**ئالف**: ١. ئالف، ئالیک، تفاق، ئاخوڕ، پاوان، پاوەن، زرکۆ، لەوەڕ، خۆراکی ئاژەڵ: (ئەمە چل ساڵە من بارکێشی ئێوەم/ بە خەو نەمدی جەواڵی ئالف و دان!) «قانع»،٢. کەیدانکردن.

**ئالفانە**: پوشانە، پووشانە، پووش‌خۆرانە، مزی لەوەڕ، ئالفانەی لەوەڕ.

**ئاڵف‌بڕین**: کەوکەن، کۆکەن، کاتی تفاقی ماڵات دوورین و خڕکردنەوە.

**ئاڵفتە**: هۆگر، خوو پێوەگر.

**ئاڵف‌پێچ**: سوەیل، گیایە.
**ئاڵفجـــاڕ**: ئاڵفجــاڕ، گیاجــاڕ، چەراگە، لەوەڕگە، لەوەڕ، کەماجاڕ، چایەر، پاوان، شوێنێ کە لەوەڕی فرە بێ.
**ئاڵفــدان**: ١. ئــالف کــرنە بەر ئــاژەڵ ٢. کــادێن، هەماری ئالف.
**ئاڵف‌دای**: ئالک دان بە ماڵات و ئاژەڵ.
**ئاڵفدەر**: گیادەر، ئاڵفدەر، لەوەڕدەر، بەخێـوکەری ئاژەڵ.
**ئاڵف‌بڕین**: گیا دوورین، تفاق خستن.
**ئـــاڵف‌ورچ**: گیـــاورچ، گیـــاهرچ، گـــوێ‌ورچە، جۆزناق، ڕوەکێکی گەڵا گەورە و گوڵ زەردە.
**ئاڵقاڕێز**: ئاڵقەڕێز.
**ئاڵقان**: ئالکان، پێوەبوون، گیرخواردن، تێک‌ئاڵان، تێ‌ئالقان، تێ‌ئاڵان.
**ئاڵقانـــدن**: ئاڵانـــدن، پێـــوەکردن، تێ‌ئالقانـــدن، تێ‌ئاڵاندن.
**ئاڵقاو**: ××: (ڕۆژباشم ئەکرد لە کـولْم و لێـوی/ ئاڵقاوی دەمم بوو، گورجێ گەستم) «عەتری».
**ئـــاڵقە**: ١. گەو، گـــوولی، کەمە، بـــازنە، چەمەر، چەمبل، چەمبەر، خاز، خەلەک، خڕ، ترێ، قــاف، قافکە، قلـف، قوڵـف، قـوڵفە، گـاخ، گوهـارۆک، هەڤێرکی، هەڵەک، هەر تشتەکی بازنەیی،٢. شـتی بــازنەیی لە زێـڕ بـۆ جوانکـاری و خەملانـدن،٣. ئاڵقە، گەوی، یەکانەی شتگەلی جەغـزۆکە: (چـار ئاڵقە لاسـتیک)،٤. کـۆڕ، جڤـات، ئەنجـومەنی بە ئـــاڵقە دانیشـــتوو،٥. پاپۆکە(مـــار)،٦. ئـــاڵقەی دەزگیرانی، ئاڵقەی دەزگیرانداری: (ئەمڕۆ ئاهەنگی ئاڵقە و نیشـانمە/ یەکەم ئـاواتی خۆشـی ژیـانمە) «حەمەجەزا»،٧. چنراوێک لە پەتی ڕەنگی بۆ سـتۆ و مل،٨. ئەڵقەی تایبەتی گوێی بەنـدی و کـۆیلە: (سەر و پێ ڕووت و برسی، مل لە ئەڵقەی ئاسن و داو) «قـانع»،٩. جـۆرێ گـوارە لە کـانزای کەم بایەخ بۆ گوێی مریدی شێخان،١٠. ئـاڵقەی کـابە وا حاجی دەسی پێـوە دەگـرن: (ئەرێ وەی وەی ڕووبـابە، دەم دێـنم زولفـت لابە، سـەد جـار بە ئاڵقەی کابە) «ماملێ».
**ئاڵقەئاخیە**: گرێ‌کوێرە، گرێ‌پووچکە.
**ئاڵقەئاڵقە**: قوڵفەقوڵفە، خەلەک‌خەلەک.
**ئاڵقەبەســـتن**: بە دەورە ڕاوەســـتان: (ڕاوچیـــان ئاڵقەیان لە دەوری ئاسکەکە بەست و نەیانهێشت دەرباز ببێ) «موکریان».
**ئاڵقەبەگۆش**: ئاڵقەبەگوێ، زێرکڕید.
**ئاڵقەبەگوێ**: ئاڵقەلەگوێ، گوێ‌لەمسـت، بەنـدە، گوێ‌ڕایەڵ، گوێدێر، گۆش‌بەراواز، بریتی لە کۆیلە و بەنی.
**ئاڵقەپێکان**: قەف خواردن، پاپۆکەدان.
**ئاڵقەتیز**: شیرکتک، خوژیلک، ئاڵقەتیس، گیایەکی شـیرەداری ڕەوانـکەرە بـۆ خارشـتی لەش باشـە: (مێکـــووک، ڕەکێشـــە و ئەســـپەناغ/ ئـــاڵقەتیز و گێلم‌بەرباغ) «بۆکوردستان».
**ئاڵقەتیژ**: ئـاڵقەتیز، خوژیلـک: (ئـاڵقەتیز و گـێلم بەرباغ) «بۆکوردستان».
**ئاڵقەتیس**: ئاڵقەتیز، خوژیلک(گیا).
**ئاڵقەداغ**: جۆرێ داغی ئاڵقەیی بۆ دیاری کردنی گوێی ئاژەڵ.
**ئاڵقەدان**: ١. چەمبەردان، چەوەرەدان، گەوبەستن، گەمارۆدان، دەورەدان، قۆنگەرەبەستن،٢. قەفـدان، پاپۆکەدان(مـار)،٣. لە دەور ئـاڵان: (ئـاڵقەم دا لە دەور سەوڵ، پای چنار) «حەسەن زیرەک».
**ئاڵقەدووگمە**: کونی جێی داخستنی دوگمە.
**ئـــاڵقەڕێز**: ١. ڕێـــزە، ڕزە، زنجیـــرۆکەی دەرکە داخستن،٢. هەر جۆرە ئامرازێکی تر بۆ داخستنی درگا.

**ئاڵقەڕێزکردن**: هەڵپێکان، داخستنی درگا.
**ئـاڵقەڕێزودوولایی**: ئـاڵقەی سـەری زنجێـر لە قوڵفی دوولایی دەخرێ بۆ داخستنی درگا.
**ئـاڵقەزوونە**: ئـاوزوونە، ئـاوزینە، ئاڤزوونـک، ئاغزوونە.
**ئاڵقەلەگوێ**: ئاڵقەبەگوێ.
**ئـاڵقەورد**: عـاڵقەورد، جـۆرێ زرێیە: (ئەمـن قۆڵانم بۆ دە زرێی ئاڵقەوردی داوودی هەڵـدێنم) «توحفە».
**ئاڵقەوکۆچکە**: کـۆچکەیەکی ڕازاوە بە ئـاڵقەی زێڕ ژنانی مەنگوڕ لە سەری دەبەستن.
**ئاڵقەیزێڕ**: خشـڵێکی زێـڕە لەسـەر کـۆچکەی دەدوورن و دەکەویتە سەر لاجانـگ، بـاوە لە نـاو ژنانی مەنگوڕ.
**ئاڵقەیکابە**: قوڵفی کەعـبە وا حاجیـان دەسـتی پێوە دەگرن: (حەیرانـێ وەرە لە کـانیلە شـوبری/ بۆم بڵێن بە دایکی کوڕە حەیرانێ/ ئەوە نە نوێژان بکا و نە ڕۆژوان بگرێ/ ئەگەر بمداتەوە بە کوڕە حەیرانـێ/ وەبزانـێ دەسـت بە ئـاڵقەی کـابەی دەگرێ) «فۆلکلۆر».
**ئـاڵقەیونبوو**: ڕەگەزی گیانـدەرێکە لە نێـوان مەیموون و مرۆڤ، لەم ئاڵقە ونبووە هێشـتا هـیچ بەڵگەیەک نەدیتراوەتەوە.
**ئاڵقەییەکبوون**: ئاوقای یەک بوون: (دەقیانووس و شای مەردان/ ئـاڵقەی یەک بـوون لە مەیـدان) «موکریان».
**ئـاڵقەیی**: گەوی، جەغـزۆکە، خـڕۆکە، خـڕ، خازئاسا، خەلەکی، گاخ‌گۆر، وەک جەغز و بازنە.
**ئاڵقین**: ١. ئاوێزان، داوداکری، شۆڕ، هەڵواسـراو، ٢.گاڵتە کرن، گەمە کردن، شۆخی کردن.
**ئاڵک**: ١. ئاڵگ، لوو، لـۆزتێن، مـابەک، مەلازە ٢. کـاوجۆ، زرکـۆ، زرکـوو، ئالیـک، ئـالف، تفـاق، خواردەمەنی ئاژەڵ: (ژەن وەکی هێستری، چەنـد ئالیکی بـدەیێ، هەر ئەوەنـدەی دەوێ، بە کەمتـر ڕازی نابێ) «پەند»،٣. ئێم، ئیم ٤. نـاوی خێڵێکـی کوردانی باکوورە.
**ئاڵک**: ١. ئاڵو، لۆزتێن،٢. ناوی گوندێکە.
**ئالکا**: ١. ناڤی خێڵێکی کوردانە،٢. گونـدێکە لای دینارتە.
**ئاڵکان**: ئاڵۆزان، ئالقان، تێک‌هاڵان.
**ئاڵکاندن**: ئاڵۆزاندن، تێک‌هاڵاندن.
**ئاڵکاو**: شلەژاو، ئاڵۆزاو، ئاڵۆسکاو، ئاڵۆزبووگ.
**ئاڵکاوێ**: گوندێکە لای شنۆ.
**ئاڵکردن**: سـۆرکرن، سـوورهەڵگێران: (خـوێنی شەهید ئاڵی کردووە وڵات) «هێمن».
**ئاڵکری**: سوورکراو، سوور هەڵگەڕێنراو: (جاما خـودێ سـیقالکری/ تەژی شـەرابا ئـالکری/ قسمەتێ شەیخێ کال کـری/ کەلبـێ سیاه دەڤ نادەتێ) «فەقێ تەیران».
**ئاڵکوپیرئاڵک**: ئاڵک دێیەکە لای چوارتا×
**ئالکوڵ**: ئەلکوڵ، تراوێکە زوو ئاور دەگرێ.
**ئالکومالک**: ××م
**ئالکە**: گیانەڵڵا، ئاویلکە.
**ئاڵکەلۆو**: ١. دێیەکە سەر بە نـاوچەی سـاحێبی سەقز، ٢. سەرۆک، سەرعێل، گەورەی عێل.
**ئالکەیمردن**: گیانەڵڵا، سەروحەدی گیاندان.
**ئاڵگ**: ١. جێی بـرین، نیشـانەی سـەر پێسـت ٢. لوو، لۆ، لک، لکە، گرێ، ئاڵـک، ئـاڵوو، لـۆزتێن، دوپشی، توومۆر، ماهەک، مابەک.
**ئاڵگ**: ئاڵوو، مابەک، لوی دیار، گرێی گۆشت.
**ئالگۆسـیکال**: ئەلگوسـیکال، وەرنە یـاری و حەنەکێ.
**ئالگوشت**: نەخۆشـییەکە تووشـی ڕەشـەوڵاخ و کەر و هێستر دەبێ.
**ئالگۆن**: ئاڵ، سووری کاڵ، گوڵی، ڕەنگی گوڵی.
**ئالگوهری**: ڕەنگ لێ نەمایی، شەخساو.

**ئال گوهرین**: ڕەنگ چوون، زەرد هەڵگەڕان.

**ئالگوهور**: پێکهاتە، داڕشتە، قەوارە، سیغە.

**ئالگەڕاندن**: ١. هەڵگەڕانـدنەوە، چەپ کـرن، قـاژی کـرن، بەرەقـاژی کـرن،٢. بـرن و داخۆربانـدن،٣. سـەرڕێژ کـرن، لێـوڕێژ کـردن،٤. ڕەنگ گوهراندن.

**ئالگەراندۆک**: ١. هەڵگەڕێـنەر،٢. سـەرڕێژکەر،٣. خۆرباندی،٤. ڕەنگ‌گوهراندی، ڕەنگ‌گۆڕەر.

**ئالگەراندی**: ئالگەراندۆک.

**ئالگەڕانۆک**: ئالگەراندۆک.

**ئالگەڕانەک**: ئالگەراندۆک.

**ئالگەرۆک**: ١. هەڵگەڕاوە،٢. لێوڕێژبوو.

**ئالگەرۆنەک**: ئالگەرۆک.

**ئالگەرەک**: ئالگەرۆک.

**ئالگەڕیان**: ئالگەڕین.

**ئالگەڕیای**: هەڵگەڕاوە، چەپ بوو.

**ئالگەڕین**: ١. قلێپ بوونەوە، ل سەرا ئـالگەڕین: (ئاڤ ل سەر جەو ڕا ئـالگەڕی)،٢. چەپ بـوون، هەڵگەڕانەوە،٣. ئـاوابوون: (خـۆر ل چـی یـێ دا ئـالگەڕی)،٤. سـەرەژێر بـوون،٥. گـۆڕان، ڕەنـگ گوهرین.

**ئاڵلێدان**: ئاڵبردنەوەی زەیستان.

**ئاڵمادین**: دیەکەیگە لە سۆنقور.

**ئاڵماڵوو**: ١. ئەڵمەڵـوو، کێـویکی بەرزە لای قەمتەرە،٢. گوندێکە لای سەقز: (ئاڵماڵوو، قوتڵوو، تەک برایماوا) «یادنامەی‌سەقز».

**ئاڵمانا**: خێڵێکی گەورەی کوردە کەوتۆتە ژووری وولاتی (خەرزا) ئالمانا.

**ئاڵمانج**: ئامانج.

**ئاڵمانە**: ناوی گوندێکە لای مەریوان.

**ئاڵماوی**: ڕۆژ، تـوک لێکـردنەوە: (ئاڵمـاوی لە دەمت بێ: ژەهری مار، دەرمانی مەرگت لە دەمی دەکەن).

**ئاڵمۆدە**: ١. مۆدی ڕۆژ، باو: (چەندی لێ جـوانە هات و چۆی قەڵا/ بەرگی ئـاڵمۆدە، ددانـی تەڵا) «فۆلکلۆر»،٢. مـۆد و نەریتـی کە لە فەرهەنـگەوە هاتبێ: (چەندی لێ جوانە هاتوچۆی قەڵا/ بەرگی ئاڵمۆدە، ددانی تەڵا) «فۆلکلۆر».

**ئاڵمە**: قەونی ڕان.

**ئاڵمەقولاغ**: گوندێکە لای بیجاڕ.

**ئاڵمەڵو**: ناوی چیایەکە لە خوار دێی مەڵقەرەنـی لە نزیک شاری سەقز.

**ئالنجی‌کۆلنجی**: ناوی بازییەکی منداڵانە.

**ئالنگ**: ئالوو، ئالینگ، ئالێ، خڕبوونی بنهنگڵ.

**ئالنگار**: ڕەوتی کۆبوونەوە لە خواردنێک.

**ئالنگاربوون**: تێ‌مرووکـان، لە دەوری شـتێ کۆبوونەوە بۆ خواردن.

**ئالو**: ١. هاڵو، مەلازە، ئالینـگ، مەلاژوو، بـادامەی گەروو لەبن چەنە ٢. نیوەتێکەڵ: (خەواڵو).

**ئالۆ**: خاڵ، خاڵۆ، لاڵۆ، برای دایک.

**ئاڵۆ**: ئالۆ، خاڵ، خاڵۆ.

**ئالوئاگوردی**: ××م

**ئالوئیمام**: خزم و بنەماڵە پێغەمـبەر: (سـوێندت ئەدەم بە ئال و ئیمام) «ئاوێنەی‌بێگەرد».

**ئالوبال**: ××م

**ئالوبالو**: ئاڵوبـاڵو، بەڵاڵـووک، هەلهەلـوک، میوەیەکی سوری خڕ و ترشە.

**ئالوبالوی‌کێوی**: بلاڵووکە کێفیلە.

**ئاڵوبخارا**: ئاڵوبخارە.

**ئاڵوبخارە**: ئاڵوبوخـارا، ئاڵوبخـارا، هەڵـووچە پاوەیی، هەڵووژە ڕەشە، هەڵووچە ڕەشە، قەرەڵوو.

**ئاڵوبلاڵووک**: هـاڵووبلاڵووک، بلاڵـووک، هەلالووک، بەلاڵووکی کێوی.

**ئاڵوبوخارا**: هەڵووچەڕەشە، هەڵووژەپاوەیی.

**ئاڵوبۆڵ**: بەرەکە، ئەسرەمۆک، ئەسرەمووک، بۆڵەتەمە، بۆڵەتەمێ، قۆرەی ئاو تێ تزاوی ترش و شیرین: (ئێستا ئاڵوبۆڵ نەببوو، منداڵ دەنکیان پێوە نەهێشت).

**ئاڵبۆڵبوون**: ترش و شیرین بوونی قۆرە، ئاو تێزان.

**ئالوبەلاڵوک**: دارێکی بەری کێوی کە بەرەکەی ورد و سوور و مزرە.

**ئالوپەینی**: جۆرێ هەڵووی خۆڕسکە.

**ئالۆت**: ١. ناوی دێکۆیەکی تازەیە کە لە دێهستانی قەدیمی دەشتەتاڵ جیابۆتەوە،٢. گوندێکی بە ناوبانگە لای بانە: (تیپێ هاتیە گەڕەکەو گەڕەک/ کوریەل بژێریای ئالۆت و ورچەک) «ئاوێنەیبێگەرد».

**ئالوج**: هەڵووچە، هەڵووژە.

**ئالۆچنای**: ١. داڵۆچاندن،٢. هەڵواسراو، شۆڕ، دارداکری.

**ئالۆچنایره**: داهێلان، شۆڕکردنەوە.

**ئالۆچنایەره**: داهێلان، شۆڕکردنەوە.

**ئالۆچنەی**: داڵۆچاندن.

**ئالۆچە**: هەڵووژە، هەڵۆژە، عەلوکە، حەلوکە.

**ئالوچەڕەشە**: هەڵووچەڕەشە.

**ئالۆچەڕەشە**: هەڵووچە ڕەشە، قەرەڵوو،

**ئالۆچەزەردە**: جۆرێ هەڵووچە زەردی شیرینە.

**ئالۆچیارە**: ١. داهێلراو، شۆڕ،٢. شۆڕەوە بوون.

**ئالۆچیای**: داڵۆچان.

**ئالۆچیاییرە**: ئاوێزان ببوو.

**ئالۆچیایەرە**: شۆڕەوە بوون.

**ئالۆچیەی**: داڵۆچان.

**ئالودار**: ١. ئالدار، ئالیندار، ئاریندار، دەستەک، دەسەک، باهوو، ڕاژە، تەژە، شەقەل، ئەو دارانەی لە خانوو داپۆشیندا دەکەونە سەر کاریتە ٢. مەلاشووکەوتوو، کەسێ کە ئالووی هاتبێ یا کەفتبێ.

**ئالوداری**: ئالوداری، بارودۆخی مەلاشوو کەوتوو.

**ئالاڵودالْ**: ئالاووالا، ڕەنگاوڕەنگ: (دامانی کێوەکان لە سەد ڕەنگ ئالودال/ سەر بەندی شاخەکان بە گوڵ نادیاری‌یە) «قانع».

**ئالودە**: ١. گیرۆدە، خووپێگرتوو: (سا خاسەن ئەمجار شووم سیابەخت/ تۆ ئالوودەی دەرد، من زامان سەخت) «مەولەوی»،٢. تێکەڵ، ئاوێتە: (سەحەر جێی سجدە شاهید بێ لە ئەشکی سوورخ و ڕووی زەردم/ لە خاکی کۆیی تۆ ئالودەیە مەرجان و سیم ئەمشەو) «سالم»،٣. تلیاو، تلیاگ، تێوەتلاو، بواژۆ: (دەست لە خوێنم مەدە، ئالوودە مەکە دامانی پاک/ خوێنی من ثابیتە، باطیل نییە وەک ڕەنگی خەنە) «نالی».

**ئالودەچش**: ناپاک، چاوهیز، چاوحیز.

**ئالودەگی**: ١. خەوش، کەترە، ئالایشت، ناتواوی، کەمایەسی،٢. تلیان، تێوەتلان، پلیکان.

**ئالۆری**: ١. بالۆلی، خێلی، حێچبوویی، چاق سۆری پێکەتی،٢. لات، بەتاڵپە، حالۆری، کەڵەگا.

**ئالوز**: ١. خەم، کۆڤان، کەسەر، خەفەت،٢. کێشەی بێ چارەسەری: (ئالوزە دەردێ کوردان ئەی خودان/ نە زۆری چارە دکت، نە ویژدان) «سندی».

**ئالۆز**: ١. ئالۆزکاو، ئالۆزاو، هالۆز، تەڤلهەڤ، شێواو، شێلی، شێلیای، تێکهالاو: (پەرەنگی دەم عەرەقچینی، بە چەندین لوتف و شیرینی/ کە ئالۆزن دەگەڵ چینی سەری گێسوویی مشکینی/ ...) «ئەدەب»،٢. ترۆ، توورە، تووش، تون، تاڵ، نەسازاو(مرۆ) ٣. ئاژاوە، پشێوی ولات: (ئالۆزە جیهانێ لە خەمی سونبولی خاوت/ ئاشووبە دوو دنیا، لە شەڕی نێرگسی جادووت) «ئەدەب»،٤. چاروییەک توورە و بزۆز لە ژێر سواردا

گوستاخی بکات ٥. کاری سەخت و دژوار، تێگەل، لێل: (ئاگا بەرەوە، شۆڕشی گەل، وا لە مەچەکدا/ ئاڵۆزە سەری حوکمەت، چ دێهات و چ ناوشار) «قانع»٦. تووکی درێژ و لێکهاڵاو،٧. کەسی شێواوی کە ئاگای لە خۆی نەبێ، ٨. ڕۆژی سارد و تووش و کرێوە،٩. تێکەڵ و پێکەڵ(خەون)،١٠. ئاژاوەگێر، بایلووز،١١. سەر و پرچی شانە نەکراوی ژن.

**ئاڵۆزان**: ١. ئاڵۆسکان، شێوان، تێکهاڵاوی: (عەنبەری سارا وتم زولفی، نەباتی میسری لێو/ زولفی ئاڵۆزا، وتی لێوی کە ناوی مەن نەبات) «مەحوی» ٢. توورەبوون، ڕقهەستان(مرۆڤ).

**ئاڵۆزاندن**: ١. ئاڵۆسکاندن، ئاڵۆزاندن، تێکەڵدان، شێواندن(هەودا) ٢. شێواندن(بسک)، ٣. توورە کرن (مرۆ).

**ئاڵۆزاو**: ١. ئاڵۆسکاو، ئاڵۆزکاو، گرێوگۆڵ تێکەوتوو، شێواو: (شل و مل و سایەگەردن سەریان لە سایەی پەنجەران دەرهێنان/ زولفیان دەڵێی ئاوریشمی خاوە و نەئاڵۆزاوە) «سەعید و میرسیوەدین» ٢. کاری کە گرێ و چەتی تێکەوتبێ،٣. توورە، قەڵس.

**ئاڵۆزبوون**: ١. ئاڵۆسکان، ئاڵۆزکان، ئاڵۆزان، تێکهاڵان(بەن)،٢. شێوانی باری ئاسایی وڵات،٣. لێکهاڵانی پرچ،٤. شێوانی باری ئاسایی کەسێک: (چلۆن ئاڵۆز نەبێ بیرم کە مووی تۆ/ دەبینم وا لە ڕووت پەخش و بڵاوە) «هێدی».

**ئاڵۆزپاڵۆز**: ئاڵۆز، ئاڵۆزاو، ئاڵۆزپلۆز.

**ئاڵۆزپلۆز**: ئاڵۆزپاڵۆز.

**ئاڵۆزکان**: ئاڵۆزان، شێوان: (کەچی فەلەک لەناکاو لێمان بە قینا چوو/ ئاوات و خۆشی بەهارمان ئاڵۆزکا و تێکچوو) «پیرەمێرد».

**ئاڵۆزکاندن**: ئاڵۆزاندن.

**ئاڵۆزکاو**: ئاڵۆزاو.

**ئاڵۆزکاوی**: ١.ئاڵۆزاوی، ئاڵۆسکاوی، شێواوی، ٢.گرێداری(دەزوو)، ٣. قەڵسی، توورەیی.

**ئاڵۆزکردن**: ئاڵۆزاندن.

**ئاڵۆزنای**: ئاڵۆزاندن، ورووژاندن.

**ئالوزوئاین**: ××م

**ئاڵۆزوبڵۆز**: ئاڵۆزپاڵۆز، بڵاو: (فکری ئاڵۆزوبڵۆز خەویان لە چاوی دامراند) «ئەمیری».

**ئاڵۆزە**: ئالاوە، ئاڵۆزاوە: (بۆم بڵێ تۆزە تۆزە/ هەوری لە ملان ئاڵۆزە) «حەسەن زیرەک».

**ئاڵۆزی**: ١. ئاریشە، ئارێشە، گرفت، گرفتاری، کێشە ٢. شێواوی وڵات،٣. دوودڵی، شک،٤. ئاڵۆزکاوی، گرێوگۆڵاوی(دەزو).

**ئاڵۆزیا**: ئاڵۆزا، ئاڵۆزاو.

**ئاڵۆزیان**: ئاڵۆزان، شێوان، تێکەڵبوون.

**ئاڵۆزیای**: ١. ئاڵۆسکاو، تێکەڵ، شێلیای،٢. ئاڵۆزان، ئاڵۆسکان.

**ئاڵۆزینانەوە**: پشێوی سازکردن: (منیان ناردە لای سەقز کە مابەین بم و ئاگادار بم عەشایر ئاڵۆزی نەنێنەوە) «چێشتی مجێور».

**ئاڵۆزیوپلۆزی**: ١. ئاژاوە و هەراوهوریا،٢. شێوانی چلۆنایەتی کۆمەڵ: (دنیایەکی ئاڵۆز و پلۆزە).

**ئاڵۆزیێ**: ئاڵۆزیا، ئاڵۆزاو بۆ مێ.

**ئاڵۆس**: گەند، بۆگەن، خراپ، چرووک.

**ئاڵۆسکار**: ئاڵۆزاو، تێکئالاو.

**ئاڵۆسکان**: ئاڵۆزان.

**ئاڵۆسکاندن**: ئاڵۆزاندن.

**ئاڵۆسکاو**: ئاڵۆسکاو، ئاڵۆزاو: (تۆ بیلبیلەکەی هەر دوو چاومی/ تۆ شادمانی ئاڵۆسکاومی) «ع. مەردان».

**ئاڵۆسکاو**: ئاڵۆزاو: (بە داوە، کرژ و خاوە، یەعنی ئاڵۆزاوە زولفەینی/ دوو تاوە، دوو سیان و

شێوەکەی شێواوە زولفەینی) «نالی».

**ئاڵۆسکاوی**: ئاڵۆزاوی، تێکئالاوی.

**ئاڵۆش**: ١. خوروو، خورشت، خوران، خارشت، ئـاڵۆش: (پەڕۆی ئاردمـاڵکی لای ئاشـەوانە/ لە دەست ئاڵۆشـەکەی مـاڵم ویـرانە) «قانع»٢.هەکە، قنگەخورۆکە، ئارەزوو کردنی نێر(ژن).

**ئاڵۆشـــاوی**: ١. خارشـتداری، خوروشـاوی، خورشـتداری، بە خـوروش،٢. مـرۆی خونـک و دەغەل، ٣. ئاگرگەرم، هەوەسدار.

**ئاڵۆشاویە**: ئاڵۆشاوی بۆ مێ.

**ئاڵۆشدار**: ئاڵۆشاوی.

**ئاڵۆشداری**: خارشتداری.

**ئاڵۆشن**: ئاڵۆشدار، ئاڵۆشاوی.

**ئاڵۆشنە**: ئاڵۆشاوی بۆ مێ.

**ئاڵۆشـــە**: ١. ئێسـکی شـەویلکە لای سـەرو،٢. گەزنە، گەزگەزک، گەزگەسـک، گیـایەکە لاسقەکەی دەخورێ.

**ئاڵۆشـــەگیا**: گیائـاڵۆش، گـوزروان، گـوزروان گیلانـی، گیـواو، سـەودا، سـەودایی، ئەم گیـایە دەرمانێکی باشە بۆ ئاڵۆش.

**ئاڵۆفی**: ئێشان: (ددان من ئاڵۆفییە).

**ئاڵۆق**: لووی لەوزەتین.

**ئاڵۆک**: پیچک، بادەک، باداک، ئاڵۆنەک، گیـایەک کە بە دار و درەختدا هەڵدەگەڕێ.

**ئاڵۆگا**: گوندێکە لای سیدەکان.

**ئاڵوگۆڕ**: ١. ئاڵووگۆڕ، ئارەگۆز، ئالیگۆر، ئارگۆر، گەوزیـن، زانەویـر، ئاڵشـت، ئـازوگویز، کـاری گـۆڕینەوەی شـتێک بە شـتێکی تر: (ئـاڵوگۆڕی بیرورا)، ٢. کاری پێک گـۆڕینەوەی دوو شـت لە یەک جۆر: (جێگاکانتان ئـاڵوگۆڕ کەن)،٣. کـاری داکەنـدن، گـۆڕینی جـلوبەرگ: (شـمەکەکانت ئاڵوگۆڕ کە)،٤. تێکچوونی بـارودۆخی پێشـوو،٥. گۆڕانکاری ناو کۆمەڵگا: (شـا هەر شـایە، هەزار هەر هەزارە، ئەو ئـاڵوگۆڕانە سـەرفەیان نیـیە) «میرزا»،٦. ناز و ئەدای دڵدارانە کـردن: (جارجـار ناچـــار بـــوو جەفەنـــگ و دوو زەردەخەنەی دڵـتەڕانەش ئـاڵوگۆڕ بکـات) «پێکەنینـی گەدا»،٧. سـەودا، مـامەڵە×٤٠: (خـۆ مـن متومـوورووی ئاڵوگۆڕ نـیم، بـاوکم هەر کاتوسـات بە مەیلـی خۆی بمخاتە جانتای تاجرێکەوە) «شەوارە».

**ئاڵوگۆ**: ×××م

**ئاڵوگویز**: ئاڵوگۆڕ، جێگۆڕکێ.

**ئاڵولاخ**: گوندێکە لای تیکاب: (تیپ ئاڵولاخە و دەور قەرەناز) «ئاوێنەیبێگەرد».

**ئـــاڵولە**: ١. ئـالوولە، کـوڵانی تەسـک و باریـک، باریکەڕێ ٢. پیاوی بێشەرم و ئابڕوو.

**ئاڵۆلە**: گلۆلە، مچۆلە، گلۆڤ، قرمچ.

**ئالومینیۆم**: فـافۆن، بـافۆن، کـانزایەکی سـپی و سووکە.

**ئالون**: هالون، خوەشەکردن هێزە وە دووشاو.

**ئاڵۆنەک**: پیچک، بادەک، ئالۆک، گیـایەک کە بە دار و درەختدا هەڵدەگەڕێ.

**ئالوو**: ١. گەلالیشک، قورگ، گەروو، ٢. ئالووشە، ئـالگوش، ژێـرچەنە، ٣. ئالنـگ، ئاڵـگ، ئالێنـگ، بادامە، لەوزە، مەرازە، مەلاژە، مەلاژوو، دوو لـوی بادامەی ژێر چەنە،٤. لوو، گرێ، ئالگ: (لوی بـن هەنگـڵ)،٥. ئالوبـالو، بەلاڵـوک، ئالبـالو،٦. هەڵـۆ، ئەلهـۆ، شـاهین،٧. پاشـگرە بە واتـای تـێکەڵ، تـێکەلاو: (زامـی ژارئـالوو، بـێ دەوا و دامـێ/ مەزانوون جەی زام، مەوینون کـامێ) «بێسـارانی»، ٨. هەڵووژە، هەڵووچە.

**ئـــاڵووال**: ١. سـوور، سـۆر، ئـال: (پرشـنگی خوێنـــاوی جەرگە، یـــا گـــوڵاڵەی ئـــاڵووال/ پیرەمەگروونـت سەراسـەر قرمـز و گوڵنـارییە؟) «قانع»،٢. ئاڵووالا، ڕەنگی، ڕەنگاوڕەنگ: (خەملی چیا و چەمەن بە سپی و سەوز و زەرد و سـوور/

دار و دەوەن بــووە بە هەزار ڕەنگــی ئــاڵ و واڵ) «حەقیقی».
**ئاڵووالا**: ١. ئــالایی، ڕەنگاوڕەنــگ، ڕەنگــی،٢. جوان، بەرگی ڕازاوە: (بەس بێ جیلوەی زولف و خالان! ئاشقی ڕوخســاری خــۆت/ ئــاڵ و والای خولدی ناوێ تالیبی دیداری خۆت) «وەفایی».
**ئاڵووالبوونەوە**: بریتی لە بە شەرمدا کەوتن.
**ئاڵووبــاڵوو**: بەلالــووک، بەلالــۆک، بەلالــوی، ئاریبــاری، ئاریبــازی، ئــاڵوبەلاڵووک، گەراز، هەلهەلوک.
**ئاڵووبوخــارا**: هەڵووچەڕەشــە، هەڵووژەڕەشــە، هەڵووچەپاوەیی، جۆرێک هەڵووچەی ترشە.
**ئاڵووبەلاڵووک**: ئاڵووباڵوو، هاڵووبەلاڵووک.
**ئاڵووپاڵوو**: پاڵووین.
**ئالووتە**: ئارمیتە.
**ئالووچ**: ئالووچە، هەڵووچە، هەڵووژە، میــوەیەکی خڕ و ترشە.
**ئالووچە**: هەڵووژە، ئالووچ، ترشک.
**ئاڵووچێرە**: ئاڵۆچیارە، داهێڵراو.
**ئاڵوود**: ئالوودە، تێکەڵ.
**ئاڵوودار**: ١. گەرووهاتوو، مەلاژووکەفتی، کەسێ قــوڕگی پەنەمیبــێ،٢. ئالــدار، ئالێنــدار، ئارینــدار، بــاهوو، ڕاژە، تەژە، دەســتەک، دەســەک، داری دارەڕای لە کــاریتە بــاریکتر: (پــێ لەو پــردەی دامەنێ/ ئــاڵووداری ڕزیــوە/ کراســەکەی مــانتۆی کەسکە/ لە سەر سینگی خزیوە) «فۆلکلۆر».
**ئاڵووداری**: گەرووهاتگی، باری ئاڵووکەوتنێ.
**ئــالوودە**: ١. پــیس، چەپەڵ، تــێکەڵ، تلیــاگ، تلکیاگ، تێــوەتلاو، بــوواژۆ: (تــۆ ئــالوودەی بەزم جەرگەی هــامفەردان/ کەیــف مەی، ســوحبەت گرۆی هامدەردان) «مەولەوی»،٢. تووش، گرفتــار: (وەک ســۆفیی ســافی مەبە ئــالوودە بە دونیــا/ بێهوودە موکەددەر مەکە سـەرچاوەیی مەشـرەب) «نالی»،٣. هۆگری، گیرۆدەی شتێ(قومار).
**ئــالوودەبوون**: تێــوەگلان: (ئــالوودە نەبــوون ب خــاک و خاشــاک/ ئەڤ بــوو ئەســەرا مەحەبەتتــا پاک) «خانی».
**ئالوودەبی یەی**: ئالوودە بوون.
**ئالوودەدامەن**: داوێن ئالوودە: (زوبدەی مەتاعی حــیکمەتە ئەم شــیعری کــوردییە/ هەرزانە بــێ موبالەغە حەرفی بە گەوهەرێ/ جامەی حەیــاتی عارییەت کورتە زینهــار/ ئــالوودەدامەنی مەکە بــۆ پێچی مێزەرێ) «شێخ ڕەزا».
**ئالوودەکەردەی**: ئالوودە کردن.
**ئالوودەگی**: تێکەڵاوی، تێوەتلاوی، تلیان، پلکیان.
**ئاڵوودەیی**: تێکەڵاوی، گیرۆدەیی.
**ئالوودێ**: ئالوودە، خووپێوەگرتوو بۆ مێ.
**ئاڵووز**: ١. خەم، خەفەت، کوڵ، کەسەر، ئــاڵوز،٢. ئالووش، خارشت،٣. لە پیری ئاشقبوون.
**ئــالووس**: ١. خەم، خەفەت، کەســەر،٢. بەدەو، پەری، جان، جوان، جوانچــاک، چەلەنــگ، خــن، خوەشکا، خوەشک، خوەشــیک، دەلال، زەریــف، سپەهی، شۆخ، شەپال، شــەنگ، شــیرین، قشــت، قشتیلە، قۆدل، قۆز، قەشەنگ، قەنــج، کــۆک، لال، نــازدار، نەشــمیل، نەشــمیلە، یەڤەن: (ئــاخ، قیــزا کوردا، بەدەوی، بەدەو وەک حۆری) «کەشــکۆڵ»، ٣. ناوی گوند یا ئێلێکی کوردە لە نزیک مەلاتیا.
**ئاڵووس**: ئالووس.
**ئالووسی**: جوانی، شۆخی، عیشوەگەری.
**ئــالووش**: گەلالیشــک، گەلالویشــک، قــوڕگ، گەروو.
**ئــاڵووش**: ١. ئــاڵۆش، خارشــت، ئــاڵووز،٢. شاوەت، ئارەزووکردن نێر لە ما.
**ئالووشە**: ١. ژێرچەنە، ئالویشـە،٢. ئێسکی لای

سەرەوەی شەویلکە.

**ئالووکەفتن**: ١. گەروو هاتن، مەلاژەکەوتن، پەنەمینی لەوزە: (ئەڵێن یەکێ ئالووی بکەوێ، پارووی گەورە پارووی گەورە بنێ چا ئەبێتەوە) «ڕشتەیمرواری»،٢. نەخۆشی گەڕی.

**ئاڵووگۆڕ**: ئاروگۆڕ، ئازوگوویز، ئارەگۆز، سەودا، مامڵە، زانەوێر، ترومپا.

**ئالوولە**: ١. ڕێی پڕ چاڵوچۆڵی و دژوار،٢. کۆڵانی تەنگەبەر،٣. کۆڵەکە، ستوون، ئەسوندەک، ٤.مرۆی سووک و چرووک و بێئابڕوو.

**ئاڵوواڵا**: ڕەنگی، ڕەنگاوڕەنگ: (لە کانی قولی دڵما کە بۆتە گۆڕی ئاوات/ ڕژاوە نەقشی باڵای بڵندی ئاڵوواڵات!) «هەردی».

**ئاڵووهاتن**: ئاڵووکەوتن.

**ئاڵووهەڵدانەوە**: دەست پێدا هێنانی و داماڵینی ئاڵوو بۆ نیشاننەوەی لە دیوی دەرەوە.

**ئاڵوویر**: ١. ئاڵوگۆڕ، سەودا، مامەڵە، ئاڵشویرش: (کار و کاسبی زۆر شلە، خۆزگا ئاڵوویر وە برەو کەوتباوە)،٢. مامڵەچی، دەسبڕ: (من و تۆزێ ڕدێنی ڕاچەنینی پڕ لە دووڕوویی/ دەسی هەر ئاڵوویر و دەسبڕی شارانی با داوە) «ڕاوچی».

**ئاڵوەتان**: ١. گوندێکە سەر بە شاری سەردەشت: (سۆستان و ئاڵوەتانە/ بێکۆسە و گرشەیتانە) «فۆلکلۆر»،٢. ناوچەیەکە لای سەردەشت، ئەشکەوتی خەزاڵی لێیە.

**ئاڵویر**: ئاڵوێر.

**ئاڵوێر**: ئاڵوویر، سەودا: (شەنگە شێوەی ئاڵوێری ناوخۆ و دەرەوەی هاتۆتە دەس) «شەوارە».

**ئاڵویشە**: بنچەناگە، ژێرچەنە.

**ئاڵوێشە**: ئاڵووهێشە.

**ئاڵوێنی**: شێلانە، شلانە، هەڵوێنی، جۆرێ قەیسی کە چەقالەکەی خۆشە بێ.

**ئالە**: ١. ئالا، بەیداخ، بەیرەق، بێراق، پەرچەم: (من دڤێ کوو ئەز تە هەلدەم / ئالە ڕەنگی کەسک و سۆر) «سەبری عوسمان»،٢. ناوی کچانە.

**ئاڵە**: ١. ئاڵ، هاڵە، پیران، جنۆکەی ساواکوژ، دەردێکە توشی ژنی زەیستان دەبێ: (.../ ئاڵە و شەوە بیبا چ دەکا با بیکا/ مەیگێڕ شەوی خۆشە تێکە ئاڵی بۆمان) «خەیام هەژار» ٢. جلەبووکی منالان ٣. پەڵەی سەر دەم و چاوی ژنی ئاوس ٤. پارچەی شاش بۆ دابێژتن ٥. سفلیس، فەرەنگی، نەخۆشیەکی ناڤلینگە ٦. گۆڵەی زمانی وڵاخ ٧. گولی، پیسی، دەردێکی پیسە لە ماڵ و لەشی وڵاخان دەدا، بەڵەکی دەکات،٨. مووروویەکی ڕەنگ سپی یا شیری کە لە بەرمووری ئاڵە و شەوەی دەکەن،٩. ئەوە ئاڵە.

**ئالها**: ئارەزوو، تەما، هیوا، هێڤی، تاسە.

**ئاڵەبخوارە**: هەڵووژەی وشککراو.

**ئاڵەبووک**: واڵەبووک، ئالابووک: (کراسە دێویکی خالاوی بە ئاڵەبووکی ئاڵوواڵ) «شەوارە».

**ئالەبێژ**: ١. ئالابێژ، واڵەبێژ، بە پەڕۆی تەنک و شاش دابێژان ٢. واڵەبێژ، شتی هاڕدراو و ورد.

**ئاڵەبێژکراو**: دابێژراو، لە هێڵەگدراو.

**ئاڵەبێژکردن**: دابێژان بە پەڕۆ.

**ئالەت**: ١. بیبار، بیبەر، فلفل، ئیسوەت، ئیسۆت ٢. کەرەستە، ئامێر، ئامراز: (بێ ئالەت و بێ مشیر و میقراس) «خانی» ٣. داروکەی پەروازەی شوشە پەنجەرەی قەدیم ٤. ئالەتە، سوراحی، پەردە، دەڕەبزوون، هەرکام لەو ڕیزەدارە چەقێنراوانەی کە بە شێوەیەکی تایبەت خەراتی کراون،٥. بریتی لە ئامرازی جنسی ژن یا پیاو: (وەرە لادە لە شەڕی ئالەتی مەعهوودی ڕەزا/ موقتەزای گرتنە تەبعی بەخوا پێت ئەکرێ) «شێخ ڕەزا».

**ئاڵەت**: ١. ئالات، دەرمانگەرم، بەهارات، بیبار،

ئیسیوەت، ئیسوەت: (پووریٚ ناوساجی پڕ کرد لە ئاڵەت و دەل و بیبەر و خویٚ) «ڕشتەی مرواری»، ٢. ناوی داریٚکیشە گەڵاکانی وەک پەنجەی دەس دەچیٚ،٣. ئاڵەتی پەنجەرە، پارچەی وردی دار لە شووشەکاری و پەنجەرەدا،٤. کیر، کیر: (خاڵیشم ئەڵیٚ: بابە ئەچم هاوار مەکە ئەوە ئاڵەتەکەی منە) «ڕشتەیمرواری».

**ئاڵەتانج**: هەڵەتانج، جۆریٚ مراوی کیٚوی سەر بە کڵاوە.

**ئاڵەت‌توندی**: ئاڵەتونی.

**ئاڵەت‌چەرمگ**: بیباری سپی، ناوی داریٚکە بە فارسی پیٚ ئیٚژن پیٚنج قامکە.

**ئاڵەت‌سیا**: بیباری ڕەش، فلفل ڕەش.

**ئاڵەت‌فەرەنگی**: فلفل فەرەنگی، بیباری سەوز.

**ئاڵەتکاری**: ١. گەچکاری دیوار بە ئاڵەت و کەرەستەی تایبەت،٢. خەریکبوون بە چیٚکرنی ئاڵەتی ورد لە دارتاشی‌دا.

**ئاڵەتنی**: ئاڵەت، فلفل.

**ئاڵەتونی**: ١. فلفلی سەوز، ئاڵەت فەرەنگی،٢. بیباری ڕەش.

**ئاڵەتۆنی**: ئاڵەتونی.

**ئاڵەتە**: ئاڵەت، سوراحی، داری چەقیٚنراوی خەڕاتی‌کریاگ.

**ئاڵەتەسوورە**: بیباری سوور.

**ئاڵەتەفەرەنگی**: ئاڵەت‌فەرەنگی.

**ئاڵەتەکیٚفیلە**: شیوت کیٚوی، سمۆرە، دووسمۆرە، دووسمۆرکە، شواڵەدرە، گیایەکە بۆ دەرمان دەبیٚ.

**ئاڵەتەکیٚویلە**: بیباری کیٚوی، گیایەکی توند و تیژی بۆنداره، بۆ دۆکولیو و دەرمان دەبیٚ: (ئەڵیٚن ئاڵەتەکیٚویلە بیکوتی بۆ ژانی لەش باشە) «ڕشتەیمرواری».

**ئاڵەتەگیا**: گیایەکە لە کوردستان دەڕویٚ.

**ئاڵەتی**: ١. شتی ئاڵەت لیٚدریاگ،٢. وەک ئاڵەت، ٣. توورە، قەڵس، ئاڵەتی مەزاج.

**ئاڵەتی‌دەست**: ١. کەس یا وڵاتی ژیٚر دەستی بیٚگانە،٢. کەرەستە، ئامیٚر بۆ کاریٚک: (ئاڵەتی دەستت کە کز بووی، دینە تەنها بۆ سووال) «ف. بیٚکەس».

**ئاڵەدەرە**: ناوی دو گوندە لای دیواندەرە، ئاڵەدەرەی خواریٚ و سەریٚ.

**ئاڵەدەرەی‌خواریٚ**: ناوی دو گوندە لە نزیک کەوڵەی دیواندەرە.

**ئاڵەدین**: توورە، ئاڵەتی.

**ئالەزەرچووە**: فلفلی زەردەچیٚوە: (تا مەنە دید ڕەنگش شۆد میٚسیٚ ئالەزەرچووە بلەرز بلەرز ئۆفتاد) «دیٚرویٚشیان».

**ئاڵەسیاو**: ناوی دوو گوندە لە دەڤەری شارباژیٚر: (وەزعی ئاڵەسیاو و بەرزنجەم لەبەر چاوە دەڵیٚی) «حەمدی».

**ئالەسیاوی‌خواروو**: گوندیٚکە لای سلیٚمانی.

**ئالەسیاوی‌سەروو**: گوندیٚکە لای سلیٚمانی.

**ئاڵەشین**: کیٚویٚکە لای باغچە؟؟××: (دەچم ئاوت بۆ دیٚنم/ لە بناری ئاڵەشینی) «فۆلکلۆر». ×١٢٨

**ئاڵەفەرەنگ**: فەرەنگی مەئاب، ئەلمۆدە، کەسیٚ وەک فەرەنگی جل لەبەر دەکات.

**ئاڵەقۆق**: ئاڵەقیق، ئاڵەکۆک(گیا).

**ئاڵەقیق**: ئاڵەکۆک، ئاڵیکۆک(گیا).

**ئالەک**: ١. لاییٚک، تەرەفیٚک: (دهۆکا ڕەنگین چەندا جانە/ ئالەک دەشتە، ئیٚک زۆزانە) «حەیرانۆک»،٢. سیرەت، روو، ڕوخسار/ لا، لاچاو×٤٣×: (من دیت ل ویٚریٚ جوانەک/ ئاور ددا ژ ئالەک) «سندی».

**ئاڵەک**: گوندیٚکە لای چوارتا.

**ئالەکان**: گوندیٚکە لای سۆران.

**ئاڵەکۆک**: ١. ئالیقۆق، ئاڵیکۆک، پرچۆکە،

پیشۆک، قیزبەلە، هاڵەکۆک، هەڵەکـۆک، هەپلـۆک، هـاڵیکۆک، گیـایەکە وەک ئەسـپنگ دەچـێ و بە ڕەوانـی باشـە دو جـۆری خاسـە و شـوانەی هەس،٢. بریتـی لە دیـاری هەژارانە: (بە کـوردی پێت دەڵێم لێم مەگـرە ئێـراد/ دیـاری شـوانەویڵە ئـاڵەکۆکە) «ئـاڵەکۆک»،٣. نـاوی بەرهەمێکـی مامۆستا هەژارە،٤. ناوە بۆ کچان.

**ئاڵەکۆکپرچنە**: جـۆرێ ئـاڵەکۆکی گەڵاتـووکنە: (ئاڵەکۆکە پرچنە/ چۆرەچۆرم کەوتە بنە/ چبکەم لەو ماڵ و ژنە) «فۆلکلۆر».

**ئـاڵەکۆکەڕیخنە**: شـەڕواڵبەکۆڵ، شـەڵواربەکۆڵ، ڕخە، شـەلەمە، هـاڵەکۆکی، هـاڵەکۆکە بـاخی، گـوڵەنەورۆزە، هەراڵە، جـۆرێ گـوڵی جـوانە بـۆ ڕەوانی دەشێ.

**ئاڵەکۆکەمشکانە**: ئاڵەکۆکێ کە بنەکەی خـڕە و لە مشک دەکات.

**ئاڵەکۆکینێودووبەردان**: بریتـی لە کەسـێ کە لە هەموو لایەکەوە زەخت و زۆری بۆ دێنن.

**ئاڵەکوڵ**: گاگلێنە، کرمێکە بە گیـاوە دەنوسـێ و ئاژەڵ بیخوا پێی دەمرێ.

**ئالەکە**: تەڕاخوم، تراخوم، نەخۆشیەکی چاوە.

**ئاڵەکەوو**: گوندێکە لە دێکۆی حەمەوی بیجاڕ.

**ئاڵەگوێز**: گوندێکە سەر بە شار نەغەدە.

**ئاڵەم**: ١. ئالەم، عالەم، جەهـان، جیهـان: (تەک دا تاریکی ئەو لای تەریکی/ ئاڵەم چەنی نوور کەرد هـام شـەریکی) «مەولەوی»،٢. نـاوچە، دەڤەر، مەڵبەند: (بلا با نەیۆ ڕوو بە ڕووی شـەماڵ/ نەبـا ئـاڵەمێ پـێش بـۆ وە زووخـاڵ) «بێسـارانی»،٣. خەڵـک، مەردم: (شـەوەن، خەڵـوەتەن، مـاڵ بـێ ئەغیـارەن/ ئـاڵەم گـرد وتەن، دۆس خەبەردارەن) «مەولەوی»، ٤. ناوێکی ژنانە.

**ئالەم**: ئا لە ئەم، لەم، لە ئەم: (ئا لەم وەختـەدا کە ئەو کارە دەکرێ؟).

**ئاڵەمئاشکرا**: دنیا بزان.

**ئاڵەموازێ**: ئاڵەم ئاشکرا.

**ئاڵەمی**: عالەمی، دنیایی.

**ئاڵەمیە**: ئاڵەمی، عالەمی بۆ مێ.

**ئالەیرە**: ئێرە، ئەگرە، لە ئێرە.

**ئـــــالی**: ١. لا، ڕەخ، ڕۆخ، تەرەف، تەنیشـــت، جەهەت، کەنـار: (بەرخ گـۆت: ئاغـا ئەی بەگـێ سەردار/ ئاف لە ئاڵییێ تە بەر ب مـن تـێ خـار) «پەرویز جیهانی»٢. نک، جەم، کـن: (لـێ شـاهێن ئێرانێ ژی ژ ئالییێ خوەدا دییـاری ددانە وەلییـێن کوردستانی) «مەستوورە»،٣. هێڵ، کڕ، کێـڕ، خەت ٤. عالی، باش، هەری باش،٥. یارمەتی، کـۆمەک: (روڤـی و یـێن دن تـێن ئـالی هەڤـدوو دکـن) «سەنار»،٦. پیاوێ کە لە ژنەکەی بترسێ: (خەزاڵی هەوەسباز و جوانیپەرست، لاسی پاڵەوانی ئازا و زەبردەست، بەڵام ئاڵی و بێدەسـەڵات) «تـوحفە»، (فلانی ئـالیپیوازە، ئـاڵییە)،٧. سـوکەڵەی نـاوی عەلی: (قۆپیەی باباڵی) «مەسەل».

**ئاڵی**: ١. ئالی،٢. سووری کاڵ: (ئەوەنـدە نەقشـی لێوی تۆ لە جەرگ و دڵـمدا جێـی گـرت/ ئەبـێ خاکی مەزاریشم، لەباتی سوور، ئاڵی بێ) «قـانع»، ٣. ناڤێ مێـرانە: (شـەهیدیان کـرد کـاک ئـاڵییە) «دمدم».

**ئاڵێ**: ١. ئاڵنگ، خڕبوونی بنهەنگڵ،٢. جـوورێ لەپەرە،٣. تێیهاڵێ: (سـێ گەز بە گەزی کـوردی/ باسکم لە گەردنت ئاڵێ) «حەسەن زیرەک».

**ئالیـــا**: ١. نـاوی هـۆزێکی کـوردن ئـاکنجی لە خوارووی جزیر و بۆتانێ و ڕۆژهەڵاتی قامیشلو، ٢. گوڵخـونچە،٣. ئـالاوە: (عەیشـێ جـانێ مـن گۆت دیا، تە گۆت دیا/ بسـک و کەزی ل سـەر ملا د ئێک ئالیا) «حەیرانۆک»،٤. ناوە بۆ کچان.

**ئاڵیا**: ئالیا.

**ئالیــار**: ١. دێیەکە سـەر بە نـاوچەی کـولتەپەی

جانگیرخان،٢. کرێ، مز، حەقدەست،٣. مردوو، مردگ.

**ئاڵیاژ**: ١. تێکەڵی لە چەند کانزای قاڵ،٢. ئەو کانزایەی بەمجۆرە دێتە بەرهەم.

**ئاڵیان**: ١. ئالان، ئاڵیان، پێچان، لێپێچان، تێئالان،٢. چەفتەوبوون ستوون سیەماڵ،٣. گوندێکە لای شێروانمەزن.

**ئاڵیان**: گوندێکە لای شنۆ.

**ئاڵیاندن**: پێچاندن، تێوەئالاندن، ئالانن، تێوەپێچان، ئالاندن.

**ئاڵیاو**: ئالیای، پێچرای.

**ئاڵیاوا**: ١. گوندێکە لای پێنجوێن،٢. گوندێکە لای خواری قەرەداغ.

**ئاڵیاوێ**: ١. گوندێکە لای شنۆ،٢. گوندێکە سەر بە شار نەغەدە.

**ئالیای**: تێکپێچیای، تێوەپێچراو، پێچراو.

**ئالی بابان**: هۆزی بابان لە سلێمانی: (سائیل بە غینا نائیل ئەکا، بەخششی کەمتان/ ئالی بابان! یاخوا نەڕژێ دەستی کەرەمتان) «شێخ ڕەزا».

**ئالیبزاو**: گوندێکە لای سلێمانی.

**ئاڵی بوون**: لە ژن ترسان.

**ئاڵی بەدەڵ**: گوندێکە لای بیجاڕ.

**ئالی بەرمەک**: بنەماڵەی بەرمەکیان کە بنەماڵەیەکی دەسەڵاتداری ئێرانی بوون، لە سەردەمی دەسەڵاتی بەنی عەبباسدا، لە بەخشش و دڵاواییدا ناو ناوبانگیان بووە: (فیدای جوتیاران بێ حاتەمی تەی/ بە قوربانی سەپانتان ئالی بەرمەک) «حاجی قادر».

**ئالی بەگ**: ١. ناوی خێڵێکە: (یەکێ لە شێخەکانی کەسنەزان ئەچێتە ماڵی خدر وەیس سەرۆکی خێڵی ئالی‌بەگ) «ڕشتەی مرواری»،٢. گوندە×٢٧×: (قازی خدروەیس لە ئاڵی‌بەگی، پیاوێکی دانا بووە) «ڕشتەی مرواری».

**ئالی پاک**: ئەهلی پاک، دڵسافان: (شەرت و عەهدە، عززەتی نەفسم بە سەد گەوهەر نەدەم/ سەر لە پێناوی دڵا نەڕوا، ئەبێ قەت سەر نەدەم/ غەیری ئالی پاکی حەیدەر، دڵ بە هیچ دولبەر نەدەم) «قانع».

**ئالی پالی**: لار، خوار، چەپوچویر، خواروخێچ، چەفتوچەویڵ، لاروخوار، لفوەدەوردان.

**ئاڵی پڵینگ**: ئالیقوڵینگ، زیوانخۆرە.

**ئاڵی پینەک**: دێیەکە لە دێکۆی قوڕووچای ناوچەی قوروە.

**ئاڵی پیوازی**: سووری پیوازی: (دەسرۆکەی دەستت ئالی پیوازی/ خۆ من ڕازی نیم تۆ ژن بخوازی) «فۆلکلۆر».

**ئاڵیجان**: ١. دێیەکە سەر بە ناوچەی چلچەمەی دیواندەرە،٢. خوێنشیرین، مێهرەبان،٣. عەلی‌گیان، دەربڕینی خۆشەویستی بۆ عەلی.

**ئالیچە**: ئالۆچە، هەڵووچە.

**ئالی خەیر**: ئالی‌خێر، پیاگ‌خاس.

**ئالی خێر**: خێرومەن، خێرخواز، پیاوچاک.

**ئاڵی زەنگان**: ئاڵ، ئاڵی زەنگی: (لە قسان ئاڵی‌زەنگانی/ وەکی دی ڕیخ لە لینگانی) «امثال و حکم».

**ئاڵی زەنگی**: ئاڵ، نەخۆشی ئالی زەنگان.

**ئاڵیرژی**: هەستۆکی، هەستیاری، هەستەمەنی، حەساسیەتی جەستە بە شتێ.

**ئالێرە**: ئالێرەدا، لەئەگرە، لەمجێگە.

**ئالیز**: مەشکە، مەشک، ئەلیز، هەلیز، هەڵێزە.

**ئاڵی زەنگان**: بریتی لە کەسی بێ‌کردەوە: (بە قسە ئاڵی زەنگانە/ بە کردەوە ڕیخ لە لینگانە) «موکریان».

**ئالیژی**: ئالیشریک، هەڤژین، هاوژی، هاوژین.

**ئالیستن**: لستنەوە، دالیستن، ئالاستن: (وە پاریان ئەگەر تێر نەوی، وە ئالیستنێ کی قەت) «پەند».

**ئالیسک**: ١. کێرک، لیسک، چەقۆی کەوچک چاکردن ٢. بریتی ژ زمانێ گایژی.
**ئالیسکە**: زوقم، خووس، کەڕەسیسە.
**ئاڵی سور**: گوندێکە لای بیجاڕ.
**ئالیسۆر**: لاسوورە، سێڤی لاسۆر، سێوەسوورە، هەرمێ لاسوورە.
**ئالیسۆرک**: ئالیسۆر(هەرمێ).
**ئالیش**: ئالووشە.
**ئالیشت**: ئاڵوگۆڕ، ئاڵشت.
**ئاڵیشت**: ئالیشک، ئالیشت: (قەڵەمەکەم وەل قەڵەمێکی‌تر ئاڵیشت بووە).
**ئالیشت کردن**: گۆڕینەوە، پێگ‌گوهارتن.
**ئالیشت‌وڵیشت**: ئاڵوگۆڕ.
**ئالیشریک**: ١. ئالیژی، هاوژین مینای گورم و ئێنسان،٢. شەریک، هاوپشک.
**ئاڵیشک**: ئاڵشک.
**ئالیشە**: حەکەدار، ئاڵۆش، ژنی هەرزە.
**ئاڵیشە**: ناوی ڕووبارێکە: (لە سەر ڕووباری ئاڵیشە ڕاوەستابوو، ئەیویست لێی بپەڕێتەوە) «ڕشتەی مرواری».
**ئالی شەڕ**: ئاخرشەڕ، پیاوخراپ.
**ئاڵیشەڕک**: ئالیشەک.
**ئاڵیشەک**: ئالیشەڕک، تشت بەز، بەزا ل دوو تشت یەکی، ئارەزوومەند: (ئەو ئالیشەکە هۆل لیستنێ‌یە).
**ئالی‌عوسمان**: تورک، ڕۆمی: (لە بیرم دێ سولەیمانی کە دارالملکی بابان بوو/ نە مەحکوومی عەجەم، نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو) «شێخ ڕەزا».
**ئالیف**: ١. ئالف،٢. گیایەکە ڕۆنەکەی دەگرن لە وێنەگری‌دا بەکاری دێنن.
**ئالیق**: شرە، کویەنە، دلنگ کویەنە.
**ئالیقۆق**: هەڵاکۆک، ئاڵەکۆک(گیا).

**ئالی قولینگ**: ئاڵی‌قوڵێنگ.
**ئاڵی قوڵینگ**: ئاڵی‌پڵینگ، زیوان‌خۆرە، مێروویەکە زەرد و ڕەشی هەیە و وەک کوللە دەچێ.
**ئالیک**: ١. ئالف، ئالک، خوارنی ئاژەڵ: (خاوەنی ئالیکی ناڵێم پێ نەداوە، موتڵەقا/ داویەتی ئەمما وەکو بیستوومە، قووتی لایمووت) «شێخ ڕەزا» ٢. جەمەجۆ، ئالێک، ئالک، دێزی، مووچەکا و جۆیەک کە بدرێ بە وڵاخان: (برایم ئەتۆ مەترسێ، ئەمن مەجەلم لێ‌گەیوەتە مەجەلی دە نیوەڕۆیە/ .../ جەمێکی ئالیک بدەیەی هەر ناهێنێتەوە نسکۆیە) «برایمۆک»،٣. خۆراک، خواردەمەنی مرۆڤ: (ساڤار ئالیکا مێرانە)،٤. لایەک، بەرێک: (پڕ جاران ئەوێ هەسپێن خوە سیار بوونا و جارێ د ئالیکی‌دا بچوونا) «مەستوورە».
**ئالێک**: ١. لایەک، لایێک، کەنارێک، تەرەفێک، بەرێک،٢. ئالیک، جەمەجۆی یەکسم.
**ئالیکا**: ئالیک، ئالیکی: (ساوار ئالیکا مێرانە).
**ئالیکار**: ١. پشتگر، یارمەتیدەر، هاریکار، دەسگر ٢. ناوە بۆ کوڕان.
**ئالیکاری**: هاریکاری، یاریکاری، کۆمەک: (مە بوویەرێن مەزن گەلەک دەرباز کرنە، ب ئالیکاریا یازدانا مەزن ئەمێ ڤێ ژی دەرباس بکن) «مەستوورە».
**ئاڵی کاڵ**: مێرمنداڵ: (کچێکی جوانکەڵەی ئاڵی کاڵ دەهات و دەچوو) «موکریان».
**ئالیکانە**: خەڵکی گوندەکان کاتی خۆی بۆ باربوو، هەرکەس چاڵێکی هەڵدەکەند و باریکی جۆی تێدەکرد بۆ وڵاغی میوان و پۆلیسان.
**ئالیکدان**: ١. داندان، ئالفدان بە لاوران ٢. کادێن، کادان.
**ئالی کرن**: ئاریکاری‌کرن، یارمەتی‌دان.
**ئالیکری**: ئالیکار، یارمەتیدەر.

**ئالیکوشکبوون**: چلمسین، ئیشک بوونەوەی گیا.
**ئالیکوشک‌کردنەوە**: چلمساندن، گیا هەڵخستن، تفاق داخستن.
**ئاڵیکۆک**: ئاڵەکۆک(گیا).
**ئالی‌کەند**: گوندێکە سەر بە ناوچەی بۆکان لە نزیک ئەسپۆغە.
**ئالی‌کەیف**: خەنەران، خوەشرِوو، ڕووخۆش.
**ئالیگاتوور**: جۆرێک سووسماری ئامریکایی.
**ئالیگر**: تاگر، لاگر، پشتگر، پشتیوان: (سوبحان ڤێردی بەگ پلانەک ژی بەرپەیڤک کر، ئالیگرێن خوە بەرەڤ بکن و ب زۆر محەممەد حەسەن خان داینن سەر تەختێ کوردستانا سنێ) «مەستوورە».
**ئالێگرا**: ئالێرە، ئالێرەدا.
**ئالیگری**: تاگری، لاگری، پشتگری کرن.
**ئاڵیگۆڵینگ**: ئاڵیقولێنگ.
**ئالیگووشک**: ١. شەویلاک، شەویلکە، دەنگ گری گەرووە،٢. دەنگی گرِ.
**ئالێم**: پسپۆر، زانا، عالم.
**ئالیماکان**: گوندێکە لە دێکۆی کانی سووری بانە.
**ئالیمەران**: گوندێکە سەر بە شار سەردەشت.
**ئالین**: ١. لاپاڵی شاخ،٢. ئاڵان، پێچران، پێچخواردن،٣. سەرسمدان، پی ئالین،٤. ناوە بۆ کیژان.
**ئالیندار**: ئالۆدار، دەسەک، دەستەک، شەقرە، شەقلە، داری سەر کاریتە.
**ئالینک**: لاولاو، لۆلاو، لاڤلاڤ، گوڵی لاولاو، گیایەکە لە داران دەهاڵێ.
**ئالینگ**: ١. ئالۆوی جێگای برینداز ٢. دارێکی باریکی توولەدارە لە دەم دەراوان شین دەبێ و وەک شاخی مامزی جووت دەگرێ و ناخورێ.
**ئالینۆک**: ١. لەپە، لەتکەنۆک، ئاریڕنۆک، نۆکێت بێ‌تیڤل ٢. جارِەنۆک، زەوی نۆکان،٣. ئالینەک، ئالینەر، ئالۆنەک، تێوەپێچەر.
**ئالینەر**: ئالینەک، ئالینۆک.
**ئالینەک**: ئالۆنەک، ئالینۆک.
**ئالینەوا**: دیەکەیگە لە کۆیەشت.
**ئالێوا**: وەیجوورە، ئیجوورە.
**ئالیۆر**: ئالیسۆر.
**ئالیەر**: ئانتێن.
**ئالیەڕەش**: گوندێکە لای ڕانیە.
**ئاڵی‌هەمەدان**: دێیەکە لە دێکۆی گوڵچیدەر لە خۆرهەڵاتی مەریوان.
**ئالییتە**: لای تۆ، لای تووە: (ئاڤ ل ئالیی تە بەر ب من تێ خار) «پەرویز جیهانی».
**ئالیسوور**: ئالیسۆر.
**ئالییۆر**: ئالیگر، ئالییەر، هەوادار، تەرەفدار.
**ئام**: ١. مام، مامە، ئاپ، برای باب ٢. هەم، هام، پێشگری هاوبەشی، (ئامکار: هاوکار) ٣. هات، هام: (ئاموشۆت ناکەم)،٤. دوو ناو یا ئاوەڵناوی دووپات کراوە تێک دەکاتەوە و هی نوێ ساز دەکات: بەرامبەر.
**ئاما**: ١. گەیی، گەیشت، هات بۆ پیاو، بۆ ڕابردووی نزیک: (نە وەخت هیجران ویداعت فاما/ نە وە شەماڵدا پەیامت ئاما) «مەولەوی»،٢. گەیی بۆ ئافرەت: (ئەی دڵ، مزگانی، ئاما کۆچ یار/ شای شادی سەر دا، خەمان کەرد فیرار) «مەولەوی»،٣. هاتن، گەیشتن،٤. هاتنەوە، گەڕانەوە: (بەتاڵەن هەوای دۆس کۆچکەردە/ مەحاڵەن ئامای عومر ویەردە) «مەولەوی»،٥. هات، هاتووە: (کەم بێ شنۆی وەش ئاه سوبدەمی/ وشکاوش ئاما جۆی چەمەی چەمی) «مەولەوی»،٦. هات، هاتەوە: (خەبەر بیم هۆشم

ئامـــا وە بەردا/ ئەم لا گیـــان، ئەو لا دڵ، دام وە سـەردا) «مەولەوی»،٧. دێ، دێـت: (یـا بـۆ پەی دزڵـی دۆخەوا وەرە/ یـا حەسـەن ئامـا و شـەو میمانتەن) «م.ح. دزڵی».

**ئاماپێم**: بێم، بگەمە: (من کە خەجاڵەت خـزمەت ئاما پێم/ جەهەنم سەد ساڵ دۆزەخ بـۆ وە جێم) «مەولەوی».

**ئامات**: ١. نهالەکە ژ نهالێن کوردستانێ،٢. هاتنت: (ئایینەی کاملْ! ئـازیزەکەی فەردا/ فیـدای ئامـات بم، سەفاییت ئاوەرد) «مەولەوی».

**ئاماتە**: ئامادە، حازر.

**ئاماتەن**: هاتنتە: (سا ئیسـە سـاقی جەمـین جام جەم/ وادەی ئاماتەن وە بان دیدەم) «مەولەوی».

**ئاماج**: ١. ئارمانج، ئامانج، نیشانە: (ڕۆح جە تەن پەڕواز موژەی مەستێکم/ ئامـاج تـانەی خـاس و کەسێکم) «وەلی دێوانە»،٢. نیشانەی تیرەندازی.

**ئاماداژۆری**: گوندێکە لای دینارتە.

**ئاماداژێری**: گوندێکە لای دینارتە.

**ئامادە**: ١. بەرهەڤ، حازر، ساز، پوخت، پەرداخ، تەیـار، قـومراخ، دروسـت، دەردەسـت، دەربـاز، بەردەسـت، بندەسـت، تەدارەک، ئەیـڤەز، گەڵاڵە، کەمەربەسە: (دڵدۆزە تیری ئاهی فەقیرانـی ڕووت و قووت/ بۆ کوشـتنە هەمیشـە کە ئامـادە شـیری ڕووت) «مەحـوی» ٢. زینـگ، زینـدوو، گەچـی گیراوەی نەکوژراوی بەهێز،٣. ناوی کوڕانە.

**ئامادەباش**: ئامادە، ساز، حازر.

**ئامادەبوون**: ئەیڤەزین، پەرداخبـوون، سـازبوون، وەخـۆکەفتن، هلسـتن، دروسـتیا خـۆکرن: (دڵـێ ئامـادە بـوو، تـاری، هەزار ئـاوازی لێ‌هەسـتێ/ بەمەرجێ: گـوڵبەدەم جارێ بە مەستی لێی‌بـدا دەستێ!) «هەردی».

**ئامادەکاری**: کارسازی، خۆ ئامادە کرن: (هێرشـی بە شەو لە زەویەکـی نەنـاس و بـێ ئامادەکـاری) «لەمەهاباد بۆئاراس».

**ئامادەکرن**: بەهەڤـکردن، حـازرکرن، سـازکردن، ئەیڤەزاندن، ئەڤەزکرن، وەخۆخستن، هلستاندن.

**ئامادەکری**: حازرکراو، بەرهەڤ، ئامادە، تەیار.

**ئامادەکریاگ**: ئامادە، قومراخ‌کریاگ، تەیارکراو.

**ئامادەکریای**: ئامادە کران.

**ئامـادەکەر**: سـازکەر، تەدارەککـار، تەیـارکەر، وەخۆخەر، قومراخکەر.

**ئامادەکەردەی**: ئامادەکردن، سازکردن(چاوگ).

**ئامادەگی**: ئامادەیی، سازی.

**ئامادەیی**: سـازی، زیـچ، ڕێـکوپێکی، تەیـاری: (ئەو کاروانـانەی ئامادەییـان لاوەزە) «لەمەهابـاد بۆئاراس».

**ئامادین**: گوندێکە لای چوارتا.

**ئامادێوە**: هاتنۆ؟، هاتنەوە؟ ×××××

**ئامــار**: ١. بـژار، ژمـارە، ژمێرکـۆ، سـەرژماری، هەڵژمێری،٢. ناوە بۆ کچان.

**ئامارات**: ئامراز، ئامێر، ئاموورەت، ئەسپاب.

**ئامارکریا**: ژمێردراو، سەرژمێری کراو.

**ئامارکریێ**: ژمێردراو بۆ مێ.

**ئامارکەر**: سەرژمێری‌کەر.

**ئامارکەرە**: سەرژمێری‌کەر بۆ مێ.

**ئامارگەر**: سەرژمێر، بژارکەر.

**ئامارنویس**: سەرژمێری‌نووس.

**ئامارنویسە**: سەرژمێری‌کەر بۆ مێ.

**ئامارەوار**: هاتە خوار.

**ئاماژ**: ١. نیشانە، ئامانج، ئارمانج،٢. ناوی کچانە.

**ئاماژە**: ١. هێما، ئیشارە، ئیما: (چاوەکەت وەختێ بە ئیما مەیلـی جـامی مەی دەکـا/ هەرچـی مەی دەیکـــا لەگەڵ ئەو، ئەو لەگەڵ ئـــێمەی دەکـــا) «سالم»،٢. سەرەڕا، سەربار، زێدەبار، زیادە لەوە،٣. ناوە بۆ کیژان.

**ئاماس**: ماس، ئاوساوی، پەنەماوی، ماسیوی.

**ئاماسان**: ماسین، هەڵمسان، هەڵامسان، ئاووسان، پەنمان، پەنەمان، پەنمیان.
**ئاماسیان**: ئاماسان، هەڵمسین.
**ئاماسیاو**: پەنەمیاو، پەنەماگ، هەڵامساو، ماسیو.
**ئاماش**: هاتنەوەی، گەڕانەوەی: (وەرنە شێتە ویم، دڵوەشیی دڵەن/ گیان جە تەن بەرشی، ئاماش موشکوڵەن) «مەولەوی».
**ئاماشان**: هاتنەوەیان: (هێز پای ڕەفت و ئاماشان نییەن/ ئەو سەرچەمەش وشک، ئێد کۆتا بییەن) «مەولەوی».
**ئاماگەن**: هاتووە: (ئێدەن ئاماگەن وە مەنزڵگەی ویش/ بین وە هامڕاز ئەوگاری دڵڕێش) «مینەجاف».
**ئامال**: ئارەزوو، هومێ: (جگەرگۆشەی عەزیزم، نووری چاوم/ سەری تاڵە دەزووی ئامالی خاوم؟) «گۆران».
**ئاماڵ**: ١. ویچوو، وەک، نزیکبە: (ئاماڵ ڕەش: وەک ڕەش)،٢. ڕەنگە، شایەد، گاهس، هاتێ،٣. هاماڵ، ڕەقیب.
**ئاماڵ‌کەیخودا**: نیمچە کەیخودا: (خولە و پیزە ئاوارە بوون، خولە ئاماڵ کەیخودا بوو) «شەوارە».
**ئاماڵی**: هاماڵی، کێبەرکێ، ڕقەبەری.
**ئامام**: ١. هاتم، هاتمە، من هاتم: (ئەورۆ کام ڕۆ بی من ئامام جەهان/ تا لەعنش کەروو ئەو دەور و زەمان) «ئەنساری»،٢. هاتنم: (ئازیز! تەن وە نێش زامانت خەستەن/ مەینەت پای ئامام وە زنجیر بەستەن) «مەولەوی»،٣. وشەی ئاگادار کردنەوەی لە پیاوی لە خۆ زلتر.
**ئامان**: ١. قاپ، قاپ‌وقاچاغ، ئیربار، جام، حاجەت، هیتە، هێربار، ترگال، ترگار، ئاسن‌جاو، دەفر، کرکاسە، سافۆ، سینیک، سێنک: (.../ هەر لاشی هەزارە و سەری شا و خونکارە/ سووری دەدەی و دەیکەیە دەفر و ئامان) «خەیام هەژار» ٢. هاتووە، هاتوە بۆ ڕابردووی دووری نادیار (بۆ نێرینە): (ئیحیا نەبوون، نە شوون مەردەن/ نامەکەش ئامان، گلەییش کەردەن) «مەولەوی» ٣. هاتووە، گەیشتووە: (زەردیی ڕەنگ نە وەڵگ نەوتوول نەمامان/ تا لێش مالووم بۆ نەوپاییز ئامان) «مەولەوی»،٤. هات: گەیی: (قاڵب بێ ئەرواح ئامان بەی ڕاوە/ بەی ڕای نارەزای قەستی قەزاوە) «بێسارانی»،٥. ئەمان، دەغیل، دەخیل، لاڵە، پەنا، هانا، بۆ پاڕانەوە و پەنابردن: (فریوی هەر هەوەسبازێ مەخۆ ئەی تازەگوڵ ئامان/ سبەینان ئارەزووی یارێکی دی و هاوسەر دەکا شەونم) «ئاوات» ،٦. زاڵە، بێزار، جاڕس،٧. هات‌وهاوار، دادوفەریاو: (ئەی دڵا بەم تیری موژگتنە لە سەد جێ پارە بووی/ هێندە ئەم هاوارە بۆچی! بۆچی وا ئامانتە!) «عەلی»،٨. ئامان، ناوە بۆ ژنان: (لە گروهی حەرەم کارەکەر و دایک و خوشک/ فاتم و عاسم و ئامان و پەریزادی هەیە) «شێخ ڕەزا»،٩. ناوە بۆ پیاوان،١٠. بێژراوە، وتراوە، گوتراوە: (ئی سوخەن پەندەن جە قەدیم ئامان/ (خواجان مەکێشان نازی غوڵامان)) «بێسارانی»،١١. شۆڕبۆتەوە، درێژبۆتەوە: (زوڵفت بە ئامان، ئامان نە دامان/ جە دمای چێشەن؟ پێت نیەن ئامان) «بێسارانی»،١٢. ئەمما، بەڵام: (نیشانیشە بە مە داد، ئامان یادم نیس) «دەرویشیان».
**ئامان‌ئالێس**: سفرەچن، کاسەچین: (فەغفوور خانێ کاسەچین بوو) «خانی».
**ئامان‌ئامان**: ١. ئامان، ئەلئامان، لە تەنگانەدا دەگوترێ،٢. ناوی گۆرانییەکە: (ئامان ئامان ئەی ئامانم بێ/ بەو چاوانە ئەی گریانم بێ) «مامڵێ».
**ئامان‌ئەڵڵاخان**: ئەمانوڵڵا خان، سەردارێکی دادکار

کۆمەڵایەتی‌خواز بووە: (هاتە سەروکار پردەکەی گاران/ شەهەنشای ئیقلیم، ئامان ئەڵلاخان) «قانع».
**ئامانبۆبردن**: هانا بۆ بردن، پەنا بردنە بەر کەسێک.
**ئامانتوواسن**: داوایٚ تەمسیل بوون.
**ئامانج**: ١. ئارمانج، نیشانە، کێلک، سەرک، ستێرک، نچک، نوختە، هەدەف: (ئەلماسیٚ نومانە شوبهیٚ میسری/ دانین جگەریٚ مە دل کر ئامانج) «جزیری» ٢. مەنزڵ، وەر، جێی مەبەست لە ڕۆیشتندا: (لە بەغدا دەرچووە، سەیوانە ئامانجی/ ڕیٚ چۆڵ کەن ئەی برای زازایی و کرمانجی) «گۆران»،٣. دۆز، مەرام، مەبەست ٤. خزم، کەس‌وکار،٥. ناوی کوڕانە،٦. گوندێکە لە نزیک بێتواتە.
**ئامانجئەنگاوتن**: ١. نیشانە پێکان،٢. بریتی لە بە ئامانج گەیشتن: (وەکوو ڕاوچی دەستی دەستڕێژیٚ دەبزیوم/ بەڵام کەمتر ئامانجی خۆم دەنگێوم) «هێدی».
**ئامانجهاتنەدی**: بە مراد گەیشتن: (چ خۆشە بێتەدی ئامانجی بەرزم/ ئیتر کۆشک و تەلاری میر نەماڵم) «قانع».
**ئامانجەوگر**: دۆزخواز، ئارمانگەرا.
**ئامانخواستن**: ١. پەنا بۆ بردن، داوایٚ تەمسیل بوون،٢. داوای تەسلیم‌بون کردن.
**ئامانداما‌ن**: ئەمن، ڕەحەت.
**ئاماندان**: ماوەدان، مۆڵەت‌دان.
**ئامانشۆک**: دەفرشۆر، ئیسکاج، کەرەستەی شۆردنی قاپ و قاچاغ.
**ئامانشوو**: ئامانشۆر، کەسیٚ دەفر دەشوات.
**ئامانشووشتن**: شۆردنی ئامان، دەفرشتن.
**ئامانشووک**: ئامانشۆک، لفکە، ئیسکاج.
**ئامانشیرین**: ناوی گۆرانییەکە: (ئامان شیرین دڵم لەلای تۆیە، دنیا بیٚ تۆ زیندانە) «ماملیٚ».

**ئامانکردن**: گریان، زارین: (منیش کوتم: ئا ئەو کلیلەم پیٚ بە، هەرچی ئامانی کرد و دەغیلی کرد تۆ کارو وەوە نەویٚ) «گوڵونێرگز».
**ئامانگوریٚ**: جۆرێک مقامە.
**ئامانلەرزانە**: ناوی هەوایەکی گۆرانی کوردییە: (لە کلکەی کۆڵۆش لەوبەر دیوانە/ بە چەڵەڕێزان، ئامان لەرزانە) «گۆران».
**ئامانلەرزۆکە**: ناڤیٚ ئسترانەکی کوردییە: (گوڵ بە ئاهەنگی ئامان لەرزۆکە/ پێیە دابنیٚ و پێیە بەرزۆ کە!) «گۆران».
**ئامانلەیلا**: ناوی ئسترانەکی کوردییە: (بەس بدە ئازارم بۆ تۆ دڵ بریندارم، بکە تیمارم/ دایم دڵ خەمبارم، خەریک شین و زارم، بێکەس و کارم/ دەخیل لەیلا، ئامان لەیلا) «ع. مەردان».
**ئامانم**: باوەڕ دەکەم.
**ئامانمیمگورجی**: گۆرانی‌یەکی هەورامی‌یە.
**ئامانەوجوان**: ناوی گۆرانییەکە: (نەوجوان دەخیل، ئامان سەد ئامان/ ئاگری دڵ سەختە، بیٚ سەر و سامان) «ع. مەردان».
**ئامانۆ**: هاتەوە بۆ نێرینە لە زاری هەورامی.
**ئامانوزامان**: بە هیچ کلۆجیٚ، بە هیچ جۆریٚ: (بەردە گەورەیەک لە دامێنی شاخی تەرەغە هەیە بە ئامان و زامان هەرکەس بە لایدا بڕوات جندۆکە دەسی لیٚ دەوەشێنیٚ!) «چێشتی مجێور».
**ئامانوزەمان**: ئامان و زامان: (گوزەرانی خۆی پیٚ نەدەسووڕا، نان و زگ فێری چەلاوی ماڵە ئاغان بووبوو، بە ئامان و زەمان دەستی لیٚ بەرنەدەدا) «خاک و چەوسانەوە».
**ئامانوشیان**: ١. هاتن و ڕۆیشتن، هاتن و چوون، ٢. هات‌وچۆ، هاموشۆ.
**ئامانوڵڵا**: ناڤیٚ مێرانە: (کردەی یەکێکە نەدارۆ دەرەج/ ئامانەت تۆن ئەمانوڵڵا و فەرەج) «ڕشتەی مرواری».

**ئامان‌وه‌هه‌م‌دا**: هاتن به یه‌ک‌دا، سه‌ریان لێ شێوا: (جیرانان ج خه‌وف تازی‌سواران/ ئامان وه هه‌م‌دا چون باد باران) «ئاوێنه‌ی بێگه‌رد».

**ئامانه**: ئائه‌مانه، ئه‌مانه.

**ئامانه‌ت**: ١. ئاگا، پارێزگاری، چاوه‌دێری،٢. سپارده، ئه‌سپارده، ئه‌سپه‌رده، ئه‌مانه‌ت، ئه‌مانه‌تی: (چراغم ئامان .../ ئامانه‌ت فه‌رزه‌ن ئامان سه‌د ئامان) «بێسارانی»،٣. وه هور خسن: (دی ئامانه‌ت وه پێد نییه‌م با یدن)،٤. ده‌خیل، له‌بیرت نه‌چێ: (ئامانه‌ت هه‌واڵ من بپرسان چێش/ مه‌ر ئه‌و بواچۆ ویڵیم پێش) «وه‌لی‌دێوانه».

**ئامانه‌تدار**: ١. ئه‌مانه‌تدار، ئه‌مانه‌تپارێز،٢. جێی بڕوا، ده‌سپاک.

**ئامانه‌تداری**: ١. پاراستنی ئه‌مانه‌ت،٢. دروستی، ئه‌مینی، ده‌سپاکی.

**ئامانه‌ت‌فه‌ڕزه‌ن**: ئه‌مانه‌ت پێویسته: (هه‌ر ئید بواچان ئامانه‌ت فه‌ڕزه‌ن/ به هیجران کوشته‌ن، بێ ئه‌جه‌ل مه‌رده‌ن) «بێسارانی».

**ئامانه‌تی**: ئه‌مانه‌تی، شتی به ئه‌مانه‌ت دراو.

**ئامانه‌خاوش**: هاته خه‌ونی: (ناگا نه‌وشیروان عه‌داڵه‌ت‌ده‌ستوور/ ئاما نه خاوش وێنه‌ی شه‌مع نوور) «خانای قوبادی».

**ئامانه‌ن**: ١. ئامان، ده‌خیل، ده‌خیلت بم: (ساقی! ئامانه‌ن، نه‌شوو جه ویرت/ وه فریادم ڕه‌س تۆ به‌شقی پیرت) «مه‌وله‌وی»،٢. دێ، دێت: (هه‌ر مه‌واچی هۆ، دیده‌م ئامانه‌ن/ یه چه‌ندێ وه‌خته‌ن ئامان ئامانه‌ن) «بێسارانی».

**ئامانه‌وه**: هاتنه‌وه، گه‌ڕانه‌وه، زڤرین.

**ئامانه‌ی‌ئازیز**: گۆرانی‌یه‌کی هه‌ورامی‌یه.

**ئامانێ**: هاتم: (دیام خه‌یر دووریت زۆرش ئاوه‌رده‌ن/ ئامانێ به‌ڵکم ئینه چه‌پگه‌رده‌ن) «مه‌وله‌وی».

**ئاماوئاوو**: ئاوداهاتن.

**ئاماوچووه‌ر**: چوونه ناوه‌وه، وه‌ژوور که‌تن.

**ئاماوزێ**: مشه‌ما، په‌ڕۆیه‌کی ته‌نکه بۆ سه‌ر برین.

**ئاماوشیانی**: هات و تێپه‌ڕی: (ئاما و شیانی .../ چه‌ند ڕا، وه بێ ڕا، ئاما و شیانی) «بێسارانی».

**ئاماوشی‌ویه‌رد**: هات و چوو و تێپه‌ڕ بوو: (چون خه‌یاڵ و خه‌و ئاما و شی ویه‌رد) «زه‌نووری».

**ئاماوشی‌یه‌ن**: هات و چوو: (خێڵ‌خانه‌ی مه‌ینه‌ت یه‌ند ئاما و شی‌یه‌ن/ وه سه‌فحه‌ی دڵدا سۆهان‌ساو بی‌یه‌ن) «مه‌وله‌وی».

**ئاماولوا**: ئامشۆ، هاتوچۆ: (ئامان جه پرشنگ ئاما و لوای) «بێسارانی».

**ئاماولوات**: هاتن و چوونت: (دووریت عه‌زابێ سازدابێ په‌ریم/ عه‌زابێو ته‌ر دا ئاماو لوات پێم) «مه‌وله‌وی».

**ئاماولوان**: هاتوچۆ، هاتن و چوون: (نه لادێ قه‌رار، جه ئاما و لوان/ نه ده‌مێ ساکن، جه ده‌نگ و ده‌وان) «بێسارانی».

**ئاماولوای**: ئاموشۆ، هاتۆچۆن، هاتوچو، ئامشۆ: (ڕه‌فتاری شێوه‌ی ئاما و لواییت/ ئاداب و ده‌ستوور، ساحێب وه‌فاییت) «بێسارنی».

**ئاماوویه‌رد**: هات و تێپه‌ڕی: (واتش هه‌ی بێ‌مه‌یل جه ناکا جارێ/ دیم ئاما و ویه‌رد زولف ئه‌شه‌د بارێ) «بێسارانی».

**ئاماوه**: ١. هاته‌وه: (ئاماوه وه‌هار، وه‌هار شادی/ بۆی عه‌تر نه‌سیم غونچه‌ی ئازادی) «مه‌وله‌وی»،٢. گه‌ڕانه‌وه، هاتنه‌وه،٣. بێ‌مایه.

**ئاماوه‌چووه‌ر**: چوونه ژووره‌وه، وه‌ژوور که‌وتن.

**ئامای**: ١. هاتی؟: (ئازیزم، ئامای، ئای بێقه‌رار ویم!/ ئای ئای چه‌مه‌ڕا، ئای ئینتیزار ویم!) «مه‌وله‌وی»،٢. هاتی: (چراغ جه خاودا .../ نیمه‌شه‌و ئامای جه وه‌ختی خاودا) «بێسارانی»،٣.

دەرکەتن، هاتن(چاوگە)،٤. هاتنی: (ئارەزووی ئامای مەرگ ویت کەردەن/ گویا خەلاسیت وە دڵ ئاوەردەن) «مەولەوی»،٥. ڕازای برای گەورا.
**ئامایئیدەسۆ**: هاتنە ئەم بەرەوە.
**ئامایئیش**: هاتنەژان، ئیشان.
**ئامایبەر**: دەرکەوتن، هاتنەدەر(خۆر).
**ئامایبەرگاودەمی**: پێگەییین، هاتنەبەر.
**ئامایپا**: هاتنە گەردن، هاتنە مل.
**ئامایپاوە**: بە پێوە هاتن.
**ئامایپۆ**: پێوە هاتن.
**ئامایپورە**: پیادا هاتن.
**ئامایپوری**: پیادا هاتن.
**ئامایپونە**: ١. پیادا هاتن،٢. ددان پیانان.
**ئامایپۆوە**: پێوە هاتن.
**ئامایپەنە**: دان پیانان.
**ئامایپێسۆ**: هاتن بەملاوە.
**ئامایپیلارە**: هاتن بەم لادا.
**ئامایپیلانە**: هاتن بەم لادا.
**ئامایپێوایۆ**: هاتن بەپیرەوە.
**ئامایپێوەرە**: بە یەکد ا هاتن.
**ئامایپێوەنە**: بە یەکدا هاتنەوە، داخران.
**ئامایجبەر**: هاتنە دەر.
**ئامایچۆ**: لێهاتن، لێڕژان.
**ئامایچووەر**: هاتنەژوور، چوونەژوور.
**ئامایچەنە**: لێهاتن.
**ئامایچێروباری**: هاتنە ژێر بار.
**ئامایخارشت**: خوران، هاتنە خارشت.
**ئامایخیاڵۆری**: هاتن بە خەیاڵدا.
**ئامایخیاڵەرە**: بە خەیاڵا هاتن.
**ئامایدلی**: هاتنە ناو.
**ئامایدڵ**: هاتنە دڵ.
**ئامایدڵۆری**: هاتن بە دڵدا.
**ئامایدڵەرە**: بە دڵدا هاتن.

**ئامایدمارە**: بە دوادا هاتن.
**ئامایدماوە**: هاتنە دواوە.
**ئامایدەسۆ**: بە دەستەوە هاتن.
**ئامایدەسەرە**: بە دەستدا هاتن.
**ئامایدەمۆ**: بە دەمەوە هاتن.
**ئامایدەمەرە**: بە دەما هاتن.
**ئامایدەمەنە**: بە دەما هاتن.
**ئامایدی**: هاتنە دی، وەدی هاتن.
**ئامایڕا**: هاتنە ڕێ.
**ئامایڕارە**: بە ڕێگادا هاتن.
**ئامایڕانە**: بە ڕێدا هاتن.
**ئامایڕاوری**: هاتن بە ڕێدا.
**ئامایڕاوە**: ١. هاتن بۆ ڕتو،٢. هاتن لە ڕێوە.
**ئامایڕووە**: هاتنەڕوو.
**ئامایڕووەرە**: هاتن بە ڕوودا.
**ئامایرە**: داهاتن، ڕاهاتن.
**ئامایرەوار**: هاتنە خوار.
**ئامایڕێک**: هاتنە ڕێک، هاتنە ئاست.
**ئامایساو**: هاتنە ساو، تیژبوون.
**ئامایسەر**: هاتنە سەر.
**ئامایسەرۆ**: هاتنە سەرۆ.
**ئامایسەرۆچۆکا**: هاتنە سەر چۆک.
**ئامایسەروڕاسەی**: هاتنە سەر ڕاستی.
**ئامایسەروڕێ**: هاتنە سەر ڕێ.
**ئامایسەرۆری**: هاتنە بە سەردا.
**ئامایۆسەروشانەی**: هاتنە سەر شان.
**ئامایسەرەرە**: هاتن بە سەردا.
**ئامایسەرەنە**: هاتن بە سەردا.
**ئامایشونی**: هاتن بە شوێندا.
**ئامایشونیەرە**: بە شوێندا هاتن.
**ئامایقسێ**: دوان، هاتنە قسیە.
**ئامایقنگەرە**: هاتن بە قنگا.
**ئامایقۆلەرە**: بەڵێندان، قەیلبوون.

**ئامای کوولێ**: هاتنە کۆڵ.
**ئامای کیسە**: هاتنە گیرفان.
**ئامای گیر**: هاتنە گیر.
**ئامای لا**: هاتنە لا.
**ئامای لارە**: هاتن بە لادا.
**ئامای لانە**: هاتن بە لادا.
**ئامای لاوە**: بە لاوە هاتن.
**ئامای لوای**: هاتوچۆ، هاتووچوو.
**ئامایمازیەرە**: بە پشتا هاتن.
**ئامایملەرە**: هاتن بە ملدا.
**ئامانە**: ١. تێهاتن،٢. هـاتەوە بـۆ سێهەمکەسـی تاک(مێ).
**ئامانەدلێ**: هاتنە نێو.
**ئامانەوەر**: هاتنە بەر.
**ئامانەوەرم**: هاتنە خەو.
**ئامای نەفەس**: هەناسـەدان، پشـوودان: (هەر وە زۆر مەنـدەن ڕای ئامـای نەفەس/ تـای ڕیشـەی تاقەت شیەنم جە دەس) «مەولەوی».
**ئامای وار**: هاتنە خوار.
**ئامای وارۆ**: هاتنە خوارەوە.
**ئامای وارەنە**: لە خوارەوە هاتن.
**ئامای ولوای**: هاتن و چوون.
**ئامای وەر**: هاتنە پێش.
**ئامایوەرانوەر**: هاتنە بەرامبەر.
**ئامایوەروباری**: هاتنە بەر بار.
**ئامایوەروپلاری**: هاتنە بەر پلار.
**ئامایوەرچەما**: هاتنە بەر چاو.
**ئامایوەرومامێزێ**: هاتنە بەر هەڵمەت.
**ئامایوەرونمێنە**: هاتن بە بەر نوێژدا.
**ئامای وەرەرە**: هاتن بە پێشدا.
**ئامای وەرەنە**: هاتن بە بەر دەمدا.
**ئامای ویرۆری**: هاتن بە بیردا.
**ئامای ویرەرە**: هاتن بە بیردا.
**ئامای ویرەنە**: هاتن بە ناو بیردا.
**ئامایۆ**: هاتنەوە.
**ئامایۆباڵێ**: هاتنەوە باڵ.
**ئامایۆبڕەنە**: هاتنەوە بە بڕا، بەزان.
**ئامایۆبەران**: بەران گرتن، هاتنەوە وەران.
**ئامایۆپوورە**: پیاهاتنەوە.
**ئامایۆپوونە**: پیاهاتنەوە.
**ئامایۆپەڕ**: هاتنەوە پەڕ، هاتنەوە مەرز.
**ئامایۆپەنجێ**: هاتنەوە پەنجە.
**ئامایۆپەنە**: پێهاتنەوە.
**ئامایۆپێسۆ**: هاتنەوە ئەم لا.
**ئامایۆپیلا**: هاتنەوە ئەم لا.
**ئامایۆپێوەنە**: پەیوەست بوونەوە.
**ئامایۆتاوە**: تاو سەندن.
**ئامایۆتووسەری**: هاتنە تەواو بوون.
**ئامایۆتەلێ**: هاتنە جووڵە، هاتنە شۆکە.
**ئامایۆجبەر**: هاتنەوە دەر.
**ئامایۆجیزێ**: هاتنە جیزەجیز.
**ئامایۆچڵ**: هاتنە چڵ و سۆ.
**ئامایۆچووەر**: هاتنەوە ژوور.
**ئامایۆچەپۆکانی**: هاتنەوە قوڵ.
**ئامایۆدمارە**: بە دوادا هاتن.
**ئامایۆدەمەرە**: هاتنەوە بە دەما.
**ئامایۆدەمەنە**: هاتنەوە بە دەما.
**ئامایۆڕارە**: هاتنەوە بە ڕێدا بەرەوخوار.
**ئامایۆڕانە**: هاتنەوە بە ڕێگادا.
**ئامایۆڕاوری**: هاتنەوە بە ڕێدا بەرەوژوور.
**ئامایۆڕووە**: هاتنەوە ڕوو.
**ئامایۆسەروبەلەی**: منەتبار بوونەوە.
**ئامایۆسەرووێ**: هاتنەوە سەرخۆ.
**ئامایۆسەرەنە**: بە سەردا هاتنەوە.

**ئامایۆشوونی**: هاتنەوە بە شوێنا.
**ئامایۆشوونیەرە**: هاتنەوە بە شوێنا.
**ئامایۆقوڵیٚ**: هاتنەوە قوڵ، قوڵدان.
**ئامایۆکووڵیٚ**: هاتنەوە سەر شان و کۆڵ.
**ئامایۆما**: کوڵان و خەست بوونەوە.
**ئامایۆمەلیٚ**: هاتنەوە مەلە، قوشقی بوون.
**ئامایۆواردە**: هاتنەوە خواردن.
**ئامایۆوەروبەرەی**: هاتنەوە بەر درگا.
**ئامایۆوەنگیٚ**: هاتنەوە ژان.
**ئامایۆویرە**: هاتنەوە بە خۆدا.
**ئامایۆهێڵە**: هاتنەوە هێلکە بۆ مر.
**ئامایۆیاد**: هاتنەوە یاد.
**ئامایۆیاگیٚ**: هاتنەوە جیٚ.
**ئامایۆیوو**: هاتنەوە یەک.
**ئامایۆیوونە**: هاتنەوە بە یەکدا.
**ئامایەرە**: داهاتن.
**ئامایەنە**: داهاتن، پەیابوون.
**ئامایی**: کوێری، کۆری، نابینایی.
**ئامبا**: هەواڵ، هەڤاڵ، برادەر، هاوڕیٚ.
**ئامبار**: ١. ئەمبار، عەمبار،٢. هاوتا، هاوچەشن، هاوشێوە.
**ئامباز**: ١. ئاوقە، هاوقە، چنگاوش، بەرەنگار، ئاوڕیش، تووش، ئامبازد،٢. هاوڕیٚ، هەڤال، ئاواڵ، ئالبۆز: (ئامبازی زیندانم مەکە وەکوو کاکەمەم و خاتووزینی) «مێر و وەفا».
**ئامبازبوون**: ١. ئاوقابوون، لە هەمبێز گرتن،٢. بەگژدا هاتن: (یەکی دی با، ئامبازی دەبوو) «ئەمیری».
**ئامبازد**: ئامباز، ئاوقا.
**ئامبایی**: هاواڵی، برادەری، برایەتی، هاوڕێیی.
**ئامبۆلانس**: ئامپلانس، سەیارەی تایبەتی نەخۆش و مەیت.
**ئامبوور**: ئاموور، ئەمبوور، ئێرەقە، یارەق.
**ئامبوولی**: ڕێی خوێن لە ناو دەمارا گیران.
**ئامبێز**: باوەش، ئامێز، هەمبێز.
**ئامپا**: ١. هاوپیشە، هاوپلە، هاوشان، هاوکار: (هەر لەو دەمانەی لە تەرەغە دەژیاین، بە هەوای لاوەتی و کەللەپڕی بیٚ عاقڵانە جاریکی تریش لەگەڵ وردەمالکێکی ئامپامانڤا شەڕ هەڵگیرسا) «چێشتی مجێور»،٢. جووتبەندە، جۆتکار، وەرزێری دارا: (دیارە ئاغا پێکەوە نێوانیشیان ناخۆش بیٚ، ڕەعێت و ئامپا گفتوگۆیان دەگەڵ یەکتر هەیە) «لاس‌وخەزاڵ».
**ئامپلیفایٚر**: کەرەستەی بە هێز کردنی دەنگ.
**ئامپوول**: ١. دەرزی دەرمان،٢. شرینقە، سورەنگ.
**ئامپوولوەشانن**: دەرزی لێدان، ئامپوول لێدان.
**ئامپوولوەشێن**: دەرزی‌لێدەر، دەرزی‌وەشێن.
**ئامپیاڵە**: هاودەم، هاوپیاڵە، ئاودەم، هاونشین.
**ئامپێر**: یەکەی پێوانی تەزووی کارەبا.
**ئامپێرمیتر**: ئامپێرپێو، کەرەستەی دیاریکردنی ڕادەی زەبر و هێزی کارەبا.
**ئامتا**: هاوتا، هاوشان، هاولف، هەڤشان.
**ئامتایی**: هامتایی، هاوتایی، هاوسەنگی، بەرانبەری.
**ئامختە**: هووکارە، فێربوو.
**ئامداگرتی**: هەڤپشکی، هاوپشکی، هەڤبەحری.
**ئامدەم**: ١. هاوڕیٚ، ئاواڵ، ڕەفیق،٢. هاوقسە، هاوزمان: (جا فایدەی چی؟ هەر کەسە لەگەڵ ئامدەمی خۆی دەتوانیٚ قسە بکا و بچێتەوە ڕیٚ و شوێنی جێژوانی) «سەعید و میرسێوەدین».
**ئامر**: فەرماندە، فەرماندەر: (ئامرهێز).
**ئامراز**: ١. هەمراز، هەڤراز، هاوسەر، هەڤسەر ٢. ئالاڤ، ئالاف، ئالات، ئالەت، ئامراز، کەرەستە: (ئەتۆیان کردۆتە ئالەت سا لە ڕێگەی سەتوەتی خۆیان/ لە غەزوەی ئەهلی سەلیب و یا

حوروویی ئالی عوسمانی) «دڵدار»،٣. لە ڕێزمـاندا بە مانای ئەدات هەڵبژێردراوە.

**ئـامراز**: ١. هـاوڕاز، هاوسـوڕ، هەواڵـی ڕاسـت: (سکم دەسووتا مـن بە حـاڵی خـۆ/ کـۆتر نـابێتە ئامرازی هەڵۆ) «میرسیوەدین»،٢. ناوی کوڕانە.

**ئامرازی**: هاوڕازی، هاوبیر و باوەڕی.

**ئامرازیپەیوەندی**: ئامرازی پێوەندی.

**ئامرازیپێبەست**: ئامرازی پێوەندی.

**ئامرازیپێوەنـد**: ئـامرازی پێبەسـت، ئـامرازی پەیوەندی، پەڤگرێک، ئەو وشانەی دوو ڕستە یا دوو وشە پـێکەوە دەبەسـتنەوە: (زۆر و سـتەم لە من دەبارن).

**ئامرازیسەرسووڕمان**: بریتی لەو ئامرازانە کە بـۆ دەربڕینـی هەسـتی خۆشـی و ناخۆشـی بەکـاری دێنن: ئاحا، ئـارار، ئـوی، ئەر، ئەهـا، ئەهـۆ، ئەی هەوار، ئـێش، پەح، پەحـا، پەک، پەکـو، پەککـو، تەح، تەحـــا، حەک، دەک، وا، واو، وای، هەک، هەیها، هەیهای، هەیهوو، هەیهووهەیهوو: (وای بێ ناموسینە وای! وای! ساختەچینە وای!).

**ئامرازیفەرمانـدان**: ب، بـاب، دە، دەب: ١. بـۆ کەسی تاک یـا گەلـی دیـار: (بـچە، بـڕۆ، بـڕۆن، بدەن، بگرە)،٢. بۆ کەسی تـاک یـا گەلـی نەدیـو: (بابڕۆن، بابڕوا، بابخوا، دەبابڕوا، دەبابڕۆن).

**ئامرازیگەل**: نیشانەی کۆ، ئـالاقی کـۆم: یـت، ێن، یێن، ات، ان، جات، ڕەوە، پۆل، پـۆلە، یـان، کان، گەل، و: (کوڕێت من، چەهڤێن من، بـراێێن مـن، بەهـارات، ڤـان کـوڕان، میوەجـات، ڕەوە ئەسپ، پۆلە سێروو، چرایـان، دارەکـان، گـاگەل، ماڵو: ماڵتان).

**ئامرازیمێینە**: ما، مان، ئـا، ئـی، دێـڵ: (مـاکەو، مانگا، داکا من، ئێ نەخۆشە، دێڵەسەگ).

**ئامرازیناســیاوی**: ئـامرازێکە بە دوای وشـــەی ئـاڤزێکی دەنووسـێن بـۆ ناسـینی: کە، ەکە، یەکە: (کۆدەکە، پەردەکە، گورگەکە، چرایەکە).

**ئامرازینەرێ**: ئامرازی نەهێشـتن: مە، نە، بـانە، نا، نابێ، ناچی: (مەخـۆ، مەخـۆن، بـانەچی، نـابی بڕۆن).

**ئامرازینێرینە**: نێرە، گۆڵە، کەڵە، ئیی: (نێرەکەر، گۆڵەسەگ، کەڵەگا، ئیی ناساغە).

**ئامرازیوریاکردنەوە**: ئا، ئەها، ئادەی، دادەی، ها، هاهـــا، هەی: (هەی خەڵکیـــنە کەی ئەمە ڕەوای حەقە).

**ئامڕایی**: هاوڕێیی، هاوالایەتی، هاواڵەتی.

**ئامرحکمەت**: فەرمانبەری چەکداری حکـوومەت: (کـابرا گـوت: ڕۆلە! بـاوەڕیێ ب ژنـی نەئینیت، هەڤالینیـــا ئـــامری حکمەتـــی نەکەت، نەبیـــتە دەیندارێ نوێڤێکەفتی) «گولواز».

**ئامرزیان**: ئامەرزیان، بەخشیان.

**ئامرلی**: ١. شـارێکە لە پارێزگـای کەرکـووک،٢. ناحیەیەکە سەر بە پارێزگای کەرکووک.

**ئامزە**: مۆدنە، مۆنە، دەمنە.

**ئامژن**: ئامۆژن، ژن مـام: (شـویر شـام خەنـجەر ئامژن دوت مام) «پەند».

**ئامسا**: هاوسێ، دەراوسێ، دراوسێ، جیران.

**ئامســـایی**: جینـاری، جیرانەتـی، هاوسـێیی، دەراوسێیەتی، دراوسێیی.

**ئامسەر**: هاوژین، هەمژین، هەڤسەر، ژنوشو.

**ئامسەری**: هاوسەری، ژن و شوویی.

**ئامسێ**: جینار، جیران، دراوسێ.

**ئامشۆ**: هاتوچۆ، هامشۆ، هاموشۆ، ئامشۆ، دیداری دۆستانە، سـەر لە یەک دان: (دەس کۆتـا بـکە یە ڕەفتار نییە/ ئامشۆی وەگەرم سـوب ئێـوار نییە) «مەلا وەلەدخان».

**ئامشۆڕەفت**: هاتوچۆ، ئامشۆ.

**ئامشۆکرن**: هاتوچۆکرن، هاتنوچوون.

**ئامشۆکەر**: هاتوچۆکەر، ئامشووکەر.

**ئامک**: میمک، مەت، پوور، مەتک، مەتکا، مەتی، تینک، پل، خوشکی باوک.

**ئامکوف**: ئاوکوف، هاوشان، هاوپایە.

**ئامکوف‌بوون**: هاوشان بوون: (بۆ کەس نییە خەبەریکم بۆ بەریّ بۆ عێلی باڵەکان و مەملەکەتی باڵەکییە/ بڵێن پێنج هەزار کەس ئامکوفی تاقە سواریک نییە) «لاس‌وخەزاڵ».

**ئامکە**: میمک، ئامک.

**ئام‌کەلام**: هاودەنگ، هاوڕا: (ئەفرادی مورسەلین هەموو یەک‌ڕازە، ئام‌کەلام/ لەم جێگەدا بزانە موقەددەم موئەخخەرە) «نالی».

**ئاملانە**: هاودەم، ئاومل، هاوژین، ئاولانە: (باسکت ئاویزانی گەردنی پکەم، بڵێن ئەوە ئاشقە و ماشقەی ماران وا بوونەوە ئاملانە) «لاس و خەزاڵ».

**ئاملانەبوون**: هاوژین بوون، پێک گەیشتن: (جا ئەمن بۆچیمە ئەو زیندەگانی و ئەو ژیانە/ کەسێکی دیکە لە سینگ و بەرۆکم بگری پەنجانە/ میراتی شۆڕمەحموود لەگەڵی ببێتەوە بە ئاملانە) «شۆڕمەحموود».

**ئاملکان**: داماڵان، داماڵران بۆ پێست.

**ئاملکانن**: داماڵانن، داماڵین بۆ پێست.

**ئامڵە**: پوڵ، پارە، دراڤ، دراو.

**ئامنان**: هاوین.

**ئامنۆن**: هاوین.

**ئامنوون**: هاوین.

**ئامنە**: ئامین، ئامینە، ناوی ژنانە: (ئامنە و ملووک، ئاسیە و ئەقدەس) «چەپکەگوڵ».

**ئامنەت**: ئامانەت.

**ئامو**: ئامیّ، ئامینە، ناوی کچانە.

**ئامۆ**: ١. مام، مامۆ، برای باوک ٢. پێشگرە بۆ هێندیّ وشە: (ئامۆزا)،٣. ئامور، هەوجاڕ، هێش،٤. ڕیشەی چاوگی لە بیر کراوی ئامۆتن بە مانای فێرکردن: (دەستەمۆ: دەست‌ئامۆ).

**ئاموتام**: بە گشتی، سەرپاک، هەمووی.

**ئامۆچ**: ئامۆژ، پەند.

**ئاموچیار**: ئامۆژیار، ئامۆژگار.

**ئاموچیاری**: نەسیحەت، ئامۆژگاری.

**ئامۆختە**: فێر، لینی، گورۆ، ڕاهاتوو، کەوی: (ما دیە ئامۆختەی کورسی شۆدیم، بۆخارو بە دەردمان نمەخۆرۆە) «دەرویشیان».

**ئامودا**: شاریکی کوردنشینی هەڵکەوتوو لە ڕۆژئاڤای قامیشلووە، نیشتمان‌پەروەری باشی لێ هەڵکەوتووە.

**ئامودی**: دیلان، دیلانە، هەڵپەڕین، شایی‌لۆغان، ئامودی، جۆریّ هەڵپەڕکێیە.

**ئامور**: ئامو، هەوجاڕ، هێش، داری مابەینی نیر و دەندە.

**ئامورەت**: ئامراز، مراز، ئاسپاو، کەرەسە.

**ئامۆز**: ئامۆژ، پەند.

**ئامۆزا**: ١. پزمام، پسمام، کوڕاپ، دۆت‌مام، هاپۆزا، مامۆزا، کوڕ یا کچە مام: (ماشێنە شینە لەوبەری چۆمی/ حەزت لیّ‌ناکەم ئامۆزای خۆمی) «فۆلکلۆر»،٢. بۆ دواندنی کەسێک بەکار دەبریّ،٣. ناوی گۆرانییەکە: (بە غەم دەگوزەریّ وەخت و ناوەختم ئامۆزا گیان/ دەرمانت نەکرد ئەو زامب سەختم ئامۆزا گیان) «مامڵیّ».

**ئامۆزازا**: پس پس‌مام، دویت‌دوتمام، منالی ئامۆزا.

**ئامۆزاگ**: ئامۆزا، مامۆزا: (باوک بیّ، برا و ئامۆزات فرە/ لەم کارەساتە باش تیّ بفکرە) «پەند».

**ئامۆزاگیان**: ئامۆزا، ناوی گۆرانی‌یەکە: (بە غەم دەگوزەریّ وەخت و ناوەخت ئامۆزاگیان/ دەرمانت نەکرد ئەو زامی سەختم ئامۆزاگیان) «مامڵیّ».

**ئاموزگـــار**: مامۆســتا، شــیرەتکەر، دەرس‌وێــژ، وانەبێژ.
**ئاموزگاری**: ١. مامۆستایەتی، وانەبێــژی قۆنــاغی ســەرەتایی خوێنــدن ٢. شــیرەت، نەســیحەت، ئامۆژگاری.
**ئامۆژ**: ١. ئامۆژگاری، مۆچ، شیرەت، ڕێنمــایی،٢. دڵدەرەوە، پەنددادەر، بەخێوکەرەوە.
**ئامۆژا**: ١. ئامۆژگار، پەروەردەکار،٢. ناو کوڕانە.
**ئامۆژاری**: ١. ئامۆژ، ئامۆژگاری، پەنــد،٢. ئــازار، ئەزیەت: (زەن بــاوەکەش، ئــامۆژاریش مۆکــۆنە) «دەروێشیان».
**ئامۆژکاری**: ئامۆژگاری، شیرەت.
**ئامۆژگا**: ١.خوێندنگە، فێرگە، پەندگە،٢. مۆچیار، ئامۆژگار.
**ئامۆژگـــار**: ١. ڕامشــگەر، شــیرەتدەر، مامۆســتا، مۆژیار، مۆژیار، بەردەڤــک، پەنــددادەر، ئامۆژیــار، ئامۆژار، ئامۆژگا،٢. ناوی مێرانە.
**ئامۆژگـــاری**: ئامۆژکــاری، ئامۆژیــاری، ئــامۆژی، ڕێنمـــایی، شـــیرەت، پەنـــد، دابـــاش، گـــوور، نەســیحەت، نەســحەت، نســحەت، تەرن، مــۆچ، مۆژیاری، مۆچیاری: (بــێ بــاک بە لە ئامۆژگــاری شێخ و سا تێکە/ بەو دوو سێ جامە فتــوام پیــری موغانە) «مەستوورە».
**ئامۆژگـــاری‌کردن**: ڕێ نیشـــاندان، لاوانـــدنەوە، دڵدانەوە، مۆچیــــــاری‌کرن: (کە بەیــــــانی دا ئامۆژگاری کردن و کوتی:) «گورگ و بزن».
**ئامۆژن**: ١. ژنمــام، هــاپۆژن، ئــاپۆژن، مــامۆژن، ژنئاپ، ژنــا ئــاپۆ،٢. خەســوو: (ڕاســتە ئــامۆژنی فەرخ ژنێکی باش نەبوو) «توحفە».
**ئامۆژیار**: ١. شیرەتدەر، ئامۆژگار،٢. ناوی کوڕانە.
**ئامۆژیاری**: مۆچیــاری، مۆژیــاری، مــۆچ، مــۆژ، ئامۆژگاری، پەند.

**ئامۆش**: ئارام، هێدی، هێور.
**ئامۆشـــۆ**: ئامۆشــۆ، هەتوچــۆ: (زام تەن وە تیــر بەڵاش زیـــــاتەر/ ڕای ئامۆشـــــۆی دڵ وە لاش زیاتەر) «مەولەوی».
**ئامۆشـــۆ**: هــاتوچۆ، ئامشــۆ، ئامووشــۆ، ئامەشــۆ، گەڕان، گەشت: (دڵ وەلاتەوەن، ئامان سەد ئامان/ ئامۆشۆش کەردەن، فرەجار ئامان) «مەولەوی».
**ئاموشـــۆکەر**: هـــاتوچۆکەر، ئەوانەی دێـــن و دەچن.
**ئاموشی‌کەر**: ئامۆشۆکەر.
**ئاموشی‌کەردەی**: ئامۆشە کردن.
**ئاموشی‌کەرە**: هامۆشۆکەر بۆ مێ.
**ئاموشیە**: ئامۆشۆ، هاتوچۆ.
**ئاموکان**: گوندێکە لای شەقڵاوە.
**ئامۆلاقوزی**: جۆرێ گەمەی زارۆکانە.
**ئامۆنیـــا**: گیــایەکە: (گــوڵەزەردە و ســینامەکی و ئامۆنیا) «چنگیانی».
**ئاموو**: ١. ئاموور، هنجاڕ، هەوجاڕ، هێش، یەرەق، ئیرقە، ئــێلەقە، ئــاکیلە، ئــاقیلە، یــارەق، باســکێش، داری مابەینی نیر و دەندە،٢. هاپوو، مەموو، مام.
**ئاموودە**: ١. پڕکراو، تــژی،٢. خەمــڵاو، ڕازاوە،٣. تێکەڵ، لێکدراو.
**ئاموور**: ١. ئاموو، ئەمبوور، ئــێلەقە، دەستەمســتە، هەوجــاڕ، هنجــاڕ، باســکێش: (ئــاگە ئــاموورت نەدزیبێ شانت بەقوڕ نابێ) «مەســەل»،٢. مــووری گەورە، لەتی گەورەی کۆتەرەدار.
**ئاموورقوفڵی**: ئاموورقولفی، ئامێرێکی کــردنەوە و بەستنەوەی پێچە.
**ئاموورەدەست**: بزمارکێش، ئاموورەدەستی.
**ئاموورکێش**: کەرەستەیەکی جووتە×٧٢×: (سوارە لە خۆشــیان تووبەرەتــووی داگــرت، ملەنیــر و ئاموورکێشی تێک‌نا) «شەوارە».

**ئـــاموورە**: ×٢٨٨×: (ئەمـــڕۆ لەوێـــدا وەکـــوو ئاموورە/ کۆڕیان دێتە جۆش بە چەشـنی کـوورە) «پیرەمێرد».
**ئاموورەت**: ئامارات.
**ئـــــاموورىڕژد**: ئـــــاموورێ کە زۆر لە زەوی دەچەقێ.
**ئاموورىماڵ**: ئامووورێ کە کەم دەچەقێ.
**ئاموورىماڵە**: ئاموورىماڵ.
**ئاموورىهێس**: ئاموورىماڵ.
**ئاموززا**: ئامۆزا، کوڕ مام.
**ئاموززازا**: ئامۆزازا.
**ئاموززاژن**: ژن ئامۆزا.
**ئاموززاوەزا**: زڕئامۆزا.
**ئاموژار**: ئامۆژگار.
**ئاموژاری**: ئامۆژگاری.
**ئاموژگار**: ئامۆژگار.
**ئاموژیار**: ئامۆژگار.
**ئاموژیاری**: ئامۆژگاری.
**ئاموشۆ**: هاموشۆ، هاتوچۆ، ئامۆشۆ، تێکەڵی.
**ئاموشوو**: هاتووچوو، ئامشۆ.
**ئاموشووکەر**: هاتووشووکەر.
**ئامووڵە**: ئافەت یارەما.
**ئامووێر**: ١. ئامور، هـێش، هەوجـارِ ٢. ئـامراز، ئەسپاو.
**ئـــامە**: ١. دایـــک، دالـــک، داڵـــک، دی، دێ ٢. کـــورتکراوی نـــاوی ئـــامینە ٣. ســـوکەناوی ئامانوڵڵایە (ئامانالله)،٤. خەتاب بە ژنـی پیر بـۆ ڕێز لێنـانی،٥. نـاوە بـۆ کچـان: (لە دێـی شەشـۆ نێرەکەرێـک هەبـوو ناوبـانگی دەرکردبـوو بـۆ بەورەسەنی، ئەم نێرەکەرەش هی ژنێک بوو ناوی ئامە بوو) «ڕشتەیمرواری».
**ئامەد**: ١. هـات، بەخـت، مـاراو، ئـامەو، ڕەژەن، نێوچاو: (ئامەد و ئیقبـاڵ ڕووی کـردە کەسـێ/ لە دایک و باب و بـاپیر ناپرسـێ) «پەنـد» ٢. نـاوی کۆن و مێژوویی دیاربەکرە: (ئامەدا مە ب مشمشە/ دجـلە نـاڤ دا خوەشـە خوەشـە) «سـەنار»،٣. سووکەناو ئەحمەد.
**ئامەدۆ**: گرتم، ڕەنگە، ویدەچێ، شایەد: (ئـامەدۆ ئا موسافرەت بەرنەگەشتی) «دەروێشیان».
**ئامەدوشود**: هاتوچۆ: (بە مەسەل بەحرە و عشق و دڵ زەورەق/ ئامەدوشـــــود بە دڵ مســـــالی نەهەنگ) «سالم».
**ئامەدەنیتەن**: هاتتە.
**ئامەدیمۆ**: هاتوو، ڕەنـگە، ویـدەچێ: (ئـامەدیمۆ تۆ زەدی زیرەشۆ) «دەروێشیان».
**ئامەرزیان**: بەخشران، بەخشیان، پاسابوون.
**ئامەشۆ**: هاموشۆ، هاتووچۆ، ئامۆشـۆ: (لە بەینـی نوور و زوڵمەت ئامەشۆ سـەر نـاگرێ مەحـوی/ نیگارم بۆیە پێمی وت لە من هاتن، لە تۆ ڕۆیین) «مەحوی».
**ئامەکەوئامینم**: گۆرانییەکی هەورامییە.
**ئامەگرىمەگری**: گۆرانیەکی هۆرامیە.
**ئـــامەو**: ١. ئـــامەد، هـــات، بەخـــت، شـــانس،٢. بەختەوەر، بەختیار.
**ئامەولوا**: هات و چۆ.
**ئامەوە**: هـاتەوە: (مەغریـب ئـامەوە زەردە داش مەدی/ با دەوری گێرمێ جە یـانە و بەدی) «م.ح. دزڵی».
**ئامەوی**: بەختەوەری، کامرەوایی.
**ئامەهۆئامە**: گۆرانییەکی هۆرامییە.
**ئامەی**: هاتن، ئامای.
**ئـــامەێ**: ١. بەش، پـاژ، سـەهم،٢. خەرجوبـاج، خەرجوبەرج.
**ئامەێودرامەێ**: ئامەێ، خەرجوباج.
**ئامی**: هاتن.
**ئـــامیٚ**: ١. هـــاتن: (بـێ لەیـل، ئـاخ، ئـامێ جە

ئێلاخەوە/ پەی ئاخ داخ تەک دان بە «ئاخداخ»ەوە) «مەولەوی»،٢. نەهاتن،٣. هاتگ، هاتوو، ٤. هەوێن، ئامیان، هەمیان،٥. کورتکراوی ئامین، ٦. سووکەڵەناوی «ئەمانوڵلا»یە،٧. کورتکراوی ئامان، ناوە بۆ ژنان،٨. ناو، ئیسم،٩. ناوی کچانە: (هەر کە حەسەنی ئامێ دەست ئەکا بە وتن) «ڕشتەیمرواری».

**ئامیار**: ١. هەواڵ، هاوکار، هاوڕێ، یاریدەدەر،٢. ناوی کوڕانە.

**ئامیان**: ١. ئامیژەن، ئامیژە، ئامێژن، شیلاوک، فریشک، هەوێن، هێڤین، هێڤێن(ماست) ٢. هێز، تین، گوڕ ٣. ناوی گوندێکە لای بەردەڕەش.

**ئامیانئەنەکەردەی**: هەوێن تێکردن.

**ئامیانپەنیر**: ئامیان دەڵەمە، گیاشیر، گیاپەنیر، ڕوەکێکە بۆ هەوێن بەکاری دێنن.

**ئامیاندەڵەمە**: ئامیان پەنیر(گیا).

**ئامیتن**: تێکەڵکردن، لێکدان، لەهڤدان.

**ئامیتە**: تێکەڵ، ئاوێتە، هەرەمە، ئامێتە، ئاوێتە: (ئەی دنیای بێشەرت، ئەو شەربەت دارەن/ کە شیرەی قەندش ئامێتەی ژارەن) «خانای قوبادی».

**ئامێتە**: ١. ئامیتە، ئاوێتە: (نزیک وە پرشنگ پای قەڵوەزان بۆ/ ئامێتەی خاکم وەڵگی خەزان بۆ) «بێسارانی»،٢. ئامێژن، هەوێن.

**ئامێتەبوون**: ئاوێتەبوون، تێکەڵبوون.

**ئامێتەبییەی**: ئامێتە بوون.

**ئامێتەکردن**: قاتیکردن، ئاوێتەکرن.

**ئامێتەکەردەی**: ئامێتە کردن.

**ئامێتەن**: تێکەڵن: (ئامێتەن وە جزو ڕێزەی مەجنوونەندا/ حەیفەن ئاو بەرۆش وە توونای توونەندا) «مەولەوی».

**ئامێتەیی**: تێکەڵی، قاتیبوون.

**ئامێتێ**: تێکەڵ، قاتی.

**ئامێختە**: ئاوێتە، تێکەڵ: (ئامێختەیە و نوتقی بە شەکەر، وەک بە شەکەرجان/ شیرینە وەک ئەو دەم، کە لە دەر بێتەوە بەر، جان/ ...) «ئەدەب».

**ئامێد**: ١. ئامەد، ناوی کۆنی شاری دیاربەکرە لە کوردستانی تورکیە: (میدیا، ئامێد، دهۆک، زاخۆ/ کفری، کەرکووک، هەولێر و کۆ) «بۆکوردستان»، ٢. ئامێدی، شارێکە لای موسڵ لە کوردستانی عێراق،٣. گوندێکە سەر بە شاری مەهاباد: (قوێتەڵ نێ، غەڵیفانە/ ئامێد دەگەڵ ئافانە/ قۆزلوێ نێ، قۆزلوانە/ زیندووقوڵ نێ، گامێشانە) «فۆلکلۆر».

**ئامێدی**: ١. شارێکی مێژووییـیە لە هەریمی کوردستان، لە کۆندا پێیان گوتووە ئامات: (ئەزا ب ئامێدیێ ڕا دهێم وا ب شویرە/ د بەرا ڕوبیارە، د پشتدا حەرامێ خابویرە) «حەیرانۆک»٢. قەزایەکە سەر بە شاری دهۆک،٣. ناحیەیەکە سەر بە قەزای ئامێدی،٤. خەڵکی شاری ئامێدی.

**ئامیر**: ١. ئەسپاو، ئامراز، ئامێر، ئالات،٢. سەرۆک، سەرکردە، فەرماندە: (ئامیر لەوێدا وەکوو مەئموورە) «ف. بێکەس»،٣. ئەمیر، میر، لەقەبی بنەماڵەی شا: (وەسمانبەگیان ئامیرە، وەختێ کە بڵێ: دەی/ دێنە جەوەلان هەر وەکو حاجی لە تەوافا) «شێخ ڕەزا»،٤. ئەمرکەر، ئەمردەر: (ئەگەر زاهید تەنەفوور کا لە سەیری ڕوومەتی ئاڵت/ ئەبێ تووشی جەزای خۆی بێت، بە ئەمری ئامیرانی شەرع) «قانع».

**ئامێر**: ١. ئامیر، ئامراز،٢. ماشێن، سەیارە: (ئامێری بار و گواستنەوە بە هۆی قوڕ و لیتە زۆر کەمی کردبوو) «لەمهاباد بۆئاراس»،٣. ناوە بۆ کوڕان.

**ئامیربەتاڵێون**: سەرپەل.

**ئامێرد**: مێردەزمە، پسرهەڤۆک.

**ئامێردەست**: بەکرێگیراو، داردەس.

**ئامێرفەوج**: بەرپرسیاری فەوج: (هەر یەک لەو

ئەفسەرانەی کوردانی عێراق کران بە ئامێر فەوج) «لە مهاباد بۆ ئاراس».

**ئامیره**: گەورە، فەرماندە بۆ مێ.

**ئامیرهێز**: سەرۆکهێز، سەرکردەی هێز.

**ئامێز**: ١. باوەش، باوش، واوشە، حەمێز، همبێز، هەمبێز، هامبێز، تەلیک، سنگوبەر، سینگوبەرۆک: (وەرە ناو ئامێزی گەرم و گوڕ و پڕ تاسە و مەیلم) «هێمن» ٢. تێکەڵ، ئاوێتە: (دو عەنبەر بو ل شێمشادێ ب مەستی/ ڤەبەستن لەو هەوا بو عەنبەر ئامێز) «جزیری»،٣. شێوەرەیەکە: (هامێزێک قەسەل، دوو باوەش گیا)، ٤. ناوە بۆ کچان.

**ئامێزا**: ئادەمیزاد، مرۆڤ، مرۆ.

**ئامێزش**: باوەش، ئامێز: (بایەک لە شەوەی توورڕەوە، زەرێک لە قەمەر نوور/ هەر بۆیە کە ئامێزشی مەهتابە، بە دەیجوور) «ئەدەب».

**ئامێزی**: تێکەڵی، ئاوێتەیی.

**ئامێژن**: ئامیان، هەوێن، شیرما: (هەوێنی پەنیر لەم شتانەی خوارەوە دروس دەبێ: شیلکی بەرخ یا کارژولەی گۆش نەکراو، ناوکە گندۆرە، نۆک، بیبەر، خوێ، شەب).

**ئامێژە**: ئامیان، هەوێن.

**ئامێژەن**: ١. ئامیان، هەوێن، ئامێژە، فریشک ٢. سالاد، سالاد، سەلاتە، زەلاتە،٣. ئامیتە، ئاوێتە، شتی تێکەڵ: (ئەم ئاردە جۆیە، ئامێژەنێک ئاردی گەنمی لێبدە).

**ئامێژەنکردن**: ١. هەوێنکردن،٢. تێکەڵدان، لێکدان، قاتیکرن، تەڤ لهەڤ کرن.

**ئامین**: ١. ئامیین، خوایە قەبووڵی کەی: (سەیری حاجی کردووە یار هات و ئێستا دەیکوژێ/ یاخودا وابێ ئەمن چەند ساڵە وا ئامیینمە) «حاجی قادر»،٢. سووکەڵەی ناوی ئامینەیە، ناوی ژنانە: (ئاوری لە من بەرداوە ئامینێم زێدە جوانە) «حەسەن زیرەک»،٣. ئامیان، هەوێن،٤. هەر یەکە لە بەدیهاتوەکانی ئامۆنیاک لە کیمیادا،٥. ئاوازی چەن گۆرانی کوردییە وەک: (١. ئامە ئامە ئامینێ، ٢. ئامینێ نازەنینێ بەهـ بەهـ لە سیرەی پۆتینێ، ٣. ئامینێ سوورەگوڵ ئا بە لەنجە و لاری، ٤. ئامینێ گوارەکانت مەلەنگێنە، ٥. ئامینە و ئامین هەر تۆی دنیا و دینم).

**ئامێن**: هەوێن.

**ئامینا**: ئامینە، ناوی ژنانە.

**ئامینئامینئامینێ**: ناوی گۆرانییەکە: (جەرگم لەتلەت کە بە شیران، ئامین ئامین ئامین ئامینێ/ قۆڵبەستم کەن بە زنجیران ...) «ماملێ».

**ئامینکراسەکەیشینە**: گۆرانیەکی هۆرامییە.

**ئامینمەڕۆجافی**: گۆرانییەکی هۆرامییە.

**ئامێنۆ**: هاتوتەوە بۆ مێ لە زاراوەی هەورامی.

**ئامینوئامین**: گورانییەکی کوردییە: (ئامین و ئامین وەی بە تۆم دەڵێن کاڵێ/ ڕیشوەی شەدەکەت وەی عەرزی دەماڵێ) «حەسەن زیرەک».

**ئامینوئیشلا**: ئامین، خودا قەبوول بکەی.

**ئامینە**: ١. دۆستە شاعیرەکەی حەسەنی شاعر: (دەڵێم ئامینە مەولامە، دەڵێم ئامینە لەیلامە/ دەڵێم ئامینە پاشامە، لە نەسلی گورجی گورجستان) «حەسەن»،٢. گوندیکە لای شنۆ: (ئەو خالانەی بە شێخ شیرین، زەنگۆلان، تولەگی و ئامینە ناسراون) «لەمەهاباد بۆئاراس»،٣. ئامین، ناوە بۆ ژنان.

**ئامێنە**: هاتووە: (بۆ ژن).

**ئامینەخان**: ئامینە، ئامین: (براکانی لە ئامینەخان کەوتنە تۆپ و شەڕ) «پێکەنینیگەدا».

**ئامینەشووشە**: ١. ئامین، ناوی ژنانە،٢. بریتی لە ژنی زێدە جوان: (ئامینێ و ئامین وەی ئامینێم شووشە) «حەسەن زیرەک».

**ئامین‌هۆئامین**: گۆرانییەکی هۆرامییە.

**ئـــامینێ**: ١. ئـامین، نـاوە بـۆ ژنـان،٢. نـاوی ئسـترانەکی کـوردییە: (ئـامین و ئـامین ئـامینێ جـوانی/ هەسـتە بـا بـڕۆین وا بـوو بە بەیـانی) «ڕەزازی».

**ئامێنی**: هاتوی، هاتویی: (واتش ئەرێ جام، تـۆ چە جامێنی؟/ ویران بۆ ئەو شار، تۆ لێش ئامێنی) «بێسارانی».

**ئامێنێ**: هاتون، هاتن بۆ گەلی نێرینە.

**ئـــامینێ‌ئەوڕۆئەوڕۆ**: نـاوی گـۆرانییەکە: (ئـامینێ ئەوڕۆ، ئەوڕۆ، ئەوڕۆ/ کێڵ‌گەردن دوێنـێ فەسـڵی نیوەڕۆ) «حەسەن زیرەک».

**ئامینێ‌تاقانەی‌دایە**: گۆرانیەکە: (دوو کۆترم دی لە ماڵێکی/ هەر دوکیان بەری ساڵێکی/ ماچیـان دەدا بە حـــاڵێکی/ ئـامینێ تاقـانەی دایە) «حەســەن زیرەک».

**ئـامینێ‌تۆگوڵەکەم**: نـاوی گـۆرانییەکە: (بە شـەو ئەستێران دەبژێرم، ئامینێ تـۆ گـوڵەکەمی/ بە ڕۆژ قاسیدان دەنێرم ...) «مامڵێ».

**ئامینێ‌چاوی‌تۆجامی‌شـــەرابی‌منە**: گـــۆرانیەکە: (ئامینێ چاوی تۆ جامی شەرابی منە/ ئەبرۆی تـۆ کەمان و چەنگ و ڕوبابی منە) «حەسەن زیرەک».

**ئامینێ‌گیان**: ناوی گۆرانییەکە: (ئامینێ گیان ئەتۆ دینـێ مـن دینـێ/ ئەی هـاوار بە هەر دووکمـان سەرینێ) «حەسەن زیرەک».

**ئامینێم‌سوورەگوڵ**: ناوی گۆرانی‌یەکی کـوردی‌یە: (ئامینێم سوورە گوڵ، ئـاخ بە لەنـجە و لاری/ بە ڕەنگ بەگزادەی بەشی هەوشاری) «فۆلکلۆر».

**ئامینێ‌نازەنینێ**: سترانەکی کوردییە.

**ئامینێ‌ولەیلێ‌شـــەڕیانە**: گـۆرانییەکە: (ئـامینێ و لەیلـێ شـەڕیانە/ لە سـەر ئەگـریجەی خاویـانە) «حەسەن زیرەک».

**ئامینێوە**: هاتونەتۆ، هاتونەسۆ، هاتنەوە.

**ئامیوە**: هاتنۆ، هاتنەوە.

**ئامیە**: یا منە، هی منە، ئی منە.

**ئان**: ١. یان، یا، نام: (ئان ل ئاشیکە، ئان ل ئاشـی بـاریکە) «پەنـد»، (ئـان کوردسـتان، ئـان نەمـان)، (شیڤی دوو کابان ئـان سـویرە ئـان بـێ خـوێیە) «کانی» ٢. عـان، حـان، وەخـت، کـات، دەم، نـا، سات: (شەو شەوی میعراجی شاهی ئەنبیا بـێ، وا دەبێ/ بیپەرستی، بەڵکی سوجدەی بۆ ببا هەر ئانە ڕۆژ) «مەحوی» ٣. ئامرازی گەلە، یێت، یین، ئینە، وەک: دار بـۆ داران ٤. نـاز، ئەدا، ئـین، شـیرینی، نـازداری، ئـانوئوون، نازونیمنـاز، نـازونمەک، خەمـزە، دڵـبەری،٥. بە دوای کـاتەوە دەلکـێ و نیشانەی زەمانە: (ئێواران: کاتی ئێوارە)،٦. پاشگرە بۆ نیشان‌دانی شوێن: (ئالان، قەبران)،٧. پاشـکۆیە بۆ شاندانی شایی و شادی: (خەنەبەندان)،٨. کـار و کـردەوە پیشـان دەدات: (دەچـمە ماسـیان)،٩. ئاوەڵناو دەکـاتە نـاو: (باریکـان)، ١٠. یەکێـک لە پێـنج ناسـەی چـاوگەیە: دان، هەسـتان، مـان، هەڵدان،١١. نێوگر و نێوبژی دوو وسەی هاومانـا: (بەرانبەر، سەرانسەر)،١٢. سـاتێ، ئـانێ، کـاتێکی زۆر کەم: (وا عەجەب ماوم کە ماوم، بۆ بەبێ تـۆ نامرم/ وام ئەزانـی کەڵکـی ئـانێ هیجـری دڵـبەر ناگرم) «حەمدی».

**ئانا**: ١. ئەوەتا، ئەوەتە، ئەوەتـانێ، ئەوەسـە: (ئانـا من دڵم هورش‌دان بە قووڵ/ بـۆ گـوڵی هیـوا، بە وێنەی بولبول) «کۆسالان»،٢. ئەوا، ٣. ئەوە.

**ئانادۆڵ**: ئەندۆڵ.

**ئانارلە**: دێیەکە لە دێکۆی گاوەرۆ بەشی ناوچەی کامیاران.

**ئاناشتایی**: لەخورێنی، ناشتایی، بە ناشتایی مانەوە لە بەیانی تا نیوەڕۆ.

**ئانام**: ئەندام، جەستە، ئەنام.
**ئاناناس**: دارێکی کورتەباڵای گەرمەسێرە، گوڵ هێشوویی، بەرێکی خڕ دەگرێ و دەخورێ و مرەبای لێ چێ‌دەبێ.
**ئاناوارزا**: ١. ناوی قەڵایێکە: (واتە لە سەر ڕێگای قەڵای ئاناوارزا هەڵکەوتوون) «حەمەدۆک» ٢. ناوی دەڤەرێکە××: (چۆمی جەیهان بە جنووبی دەشتی ئاناوارزادا تێدەپەڕێ، لە کێوی هەمیتە ڕا تا دەگاتە بەردەڵانەکانی ئاناوارزا ڕاستەڕێ دەڕوات) «حەمەدۆک».
**ئاناهیتا**: ١. پەرستەگەیەکە لە شاری کەنگاوەر،٢. ئەناهیت، فریشتەی ئاگاداری ئاو،٣. ناهید، ناوی ئەستێرەیەکە کە دەبێتە هاوتای ڤینووسی یوونانیەکان،٤. وشەی ئاوێستایە بە واتای ئەوین و باران،٥. ناوێکی کچانە.
**ئاناهید**: ١. ناوی ئەستێرەیەکە،٢. فریشتەیەکە.
**ئانای**: ئەوەتای.
**ئانایدێ**: ئەوەتان.
**ئانبار**: عەمبار، ئەنبار.
**ئانپۆل**: ××××گ ٤١٨/دەرزی؟/
**ئانتاب**: عەینتاب، شارێکی کوردستانییە کەوتۆتە لای ڕۆژاوای کلسێ(عەینتاب).
**ئانتریک**: بلووم، دنە، هان.
**ئانتریک کردن**: دنەدان: (شووەرشە ئانتریک کەردە بیات برار مە بۆکۆشە) «دەروێشیان».
**ئانتی بیۆتیک**: دەرمانی دژی چڵک و کیم.
**ئانتی پیرین**: دەرمانی تاو و ئێش.
**ئانتی تۆرۆس**: ناوێکی کۆنی خاکی هەکارییە.
**ئانتیک**: ١. ئەنتیکە، ئەنتیقە، عەنتیکە، شتی چاک و باش،٢. شتێ کۆنە و دێرینە و کەونارا،٣. شتی قیمەتی.
**ئانتین**: ١. ئانتێن، ئامێری گرتنی شەپۆلی ئێلیکترۆمیغناتیسی،٢. شاخ، شاخەگەلی قۆلانچە، ٣. بریتی لە شۆفار، سیخوڕ، زیرەوا، گوهبەل.
**ئانجا**: ١. ل وێرێ، ل وێراهە، ل وێدەرێ، ئاڤرە بۆ جهێ دویر،٢. ئەمجا، ئەوسا: (ئەڤ ڕەنگە دکەت موورادی حاسل/ ئەنجا دبتە موریدێ واسل) «خانی».
**ئانجاخ**: ئەوجار، ئەوسا، ئەودەم: (هنەکێ بێدەنگ ما، ب دەنگێ هێدێ، وەکی ماه شەرەف خانمێ ئانجاخ دبهیست) «مەستوورە».
**ئانجاغ**: ١. دووره، مومکین نییە،٢. ڕەنگە،٣. کورت و موختەسەر.
**ئانجاک**: ئەوپەڕی هێز، ئەوپەڕی توانایی.
**ئانج قولاغ و دینج قولاغ**: بێدەنگ و کڕ و کپ: (ئەو ماڵە کێشەیان زۆرە، بەڵام من کارم بە سەریانەوە نییە، بێدەنگ دادەنیشم ئانج قولاغ و دینج قولاغ).
**ئانچی**: هەرچی، هەچی.
**ئاند**: پاشگرە، کاری تێنەپەڕ دەکاتە تێپەڕ، وەک: شکاند، کەناند، مراند.
**ئاندانتە**: زەرب و ڕیتمی هێواش لە مۆسیقادا بەینی ئالیگرتۆ و ئاداجیواد.
**ئاندرێشە**: گیایەکە واسە شنگ.
**ئاندۆسکۆپ**: جۆرێ دووربینی پشکنینی ناو لەش.
**ئاندۆسکۆپی**: کاری پشکنینی ناوەوەی جەستە بە ئاندۆسکۆپ.
**ئاندیدە**: ئادیدە.
**ئاندیدەوئامین**: ئادیدەوئامین.
**ئانزان**: ئینسان، ئنسان.
**ئانژین**: ١. گەروو هاتوویی، پەنەمیان و سوور بوونەوەی ناو دەم و گەروو،٢.بەرهەنگ، هەناسەبڕکێ، تەنگەنەفەسی.
**ئانسێکلۆپێدی**: فەرهەنگ، قامووس، کتێبێک کە تەواوی وشەکان و زاراوەکانی زانستی زمانێکی تێدابێ.

**ئانفلوئانزا**: ئامفلۆانزا، پەرکەم، نەخۆشی چلکی و گیرۆیی تاو و هەڵامەت پێکڤە.

**ئانقارا**: بێگار، سوخره، کاری زۆرەملی.

**ئانقەس**: به ئانقەست، به قەستی، ئانقەست: (جەنابی سەرتیپ، ببووره، من به ئانقەست پرێشکم نەپرژانده ئێوه) «پێکەنینی گەدا».

**ئانقەست**: ئانقەس: (جارجار به ئانقەست، ئەو جۆرەی خەڵک گوێی لێ بێ) «میرزا».

**ئانک**: وانێک، هین، شت، چت.

**ئانکا**: ئانۆکا، ئانها، نوکه، هەنووکه، ئێستا، ئانوها.

**ئانکۆ**: واته، واتا، مانا، یانی، یان، یا، ئانکوو، ئان، ئارش، یانەخۆ، خۆزکۆ، ئانگۆ.

**ئانکوو**: ئانکۆ، یان، یانی، واتا، ئان.

**ئانگ**: چت، چێو، هن، هین، شت، تشت.

**ئانگره**: ئانگژه، گژ، دەسەویەخه.

**ئانگرەبوون**: بەگژدا چوون، دەستەویەخه بوون.

**ئانگژا**: گژ، بەگژ، دەستەویەخه: (سەبەڵەک به هۆی خۆی دەزانێ، به دەوریدا دێ، ناوێرێ ئانگژای بێ) «ئەمیری».

**ئانگژابوون**: تووڕەبوون، ئانگرەبوون.

**ئانگشتانه**: ئەنگوستیله.

**ئانگو**: مێلاق، ئەو تریێەی بۆ زستان هەڵیدەواسن.

**ئانگۆ**: یانی، دەنا، ئێتر، ئێدی، واته، ئانکۆ، ئالاڤێکی گرێدانه: (ئەز وی دناسم، ئانگۆ ناسێ منه).

**ئانگۆر**: ١. هاواڵ، هاوشان، هەمبەر، هاوڕێ،٢. هاوزێ، هاوزا، هاوقوون، ئاوقوون، ئاوقەران.

**ئانگۆر**: ئانگور، ئاوزه، هاوزه.

**ئانگۆری**: بەرابەر، هەمبەر، دەوری، دەوروبەری: (ئەڤ بوو چەندک- چەند سالی/ ئانگۆری چل- پێنج جاری) «سەنار».

**ئانگوو**: خۆسه، خوناف، شەونم، ئاڤێ.

**ئانگوهت**: هنگافت، پێکای، ئەنگاوتی.

**ئانگوهتن**: هنگافتن، ئەنگاوتن، پێکان.

**ئاننه**: ١. دایەگەوره،٢. ئەونه، ئەوەنده.

**ئانْنها**: ئێستاش، شد ل سەر نها.

**ئاننەن**: ئەوەندەیه.

**ئاننەنه**: ئەوەندەیه بۆ مێ.

**ئانوئوون**: ئانوئین، نازوخەمزه، نازونووز، نازونمەک، دڵبەری، شیرینی.

**ئانوئین**: ١. ناز، نازونوز، نازونیوناز، نازونمەک، نازونووز، دڵبەری، عیشوەگەری، عیشوه،٢. فێڵ، مەکر.

**ئانۆرین**: ناوی ویتامین ب١.

**ئانوفل**: ئاتۆفێل.

**ئانوفیل**: ئانۆفێل.

**ئانۆفێل**: تەپۆ، مێشوولەی مالاریا، جۆرێ پێشکەی دەنووکخواره، دەبێته هۆی نەخۆشی نۆبەتی.

**ئانوک**: فریک، فەریکه، کاڵ(نۆک).

**ئانۆکا**: ئانکا، ئێستا.

**ئانوها**: ئانکا، نهۆ، هەرئێستا.

**ئانه**: ١. هۆوه، ئەوه، هیمای دووره: (ئانه گرد مایەی کامەرانیمەن/ ئانه گرد وەشی و شادمانیمەن) «مەولەوی»،٢. پاشگره به واتای شیاو: (پیاوانه: شیاوی پیاوان) ٣. دایک، ئامه، داڵک ٤. ئان نه، یان نا، ئالاڤێکه ژ بۆ دڵنیایی و مسۆگەریێ دپرسن: (دلۆڤان ل ماله ئان نه؟)،٥. پاشگرێکه ناو دەکاته ئاوەڵناو: (ئاغایانه، کەرانه)، ٦. هەر چەند وەختی تایبەت: (ساڵانه، مانگانه، ڕۆژانه)،٧. پارەدان بۆ کارێک: (جەزنانه، شاگردانه)،٨. من، ئەمن، ئەز،٩. دراو، پاره، له عێراق چووار فلسه: (میللەتێکن بۆ نەمانی یەکتر هەر هەوڵ ئەدەن/ داخەکەم ورد و درشتی شێت و شەیدای ئانەیه) «ف. بێکەس»،١٠. ئامرازی

ویچواندنه: (شـێرانه، مێـرانه)،١١. داپیـره، دایەگەوره،١٢. ئەوەی، ئەوی: (بەزم شـــەوق و عەیش نە دەروون جەمەن/ ئـانە هـیچ نەبـۆ نە دەروون، خەمەن) «مەولەوی»،١٣. ئەمە، ئەوە، هێما بۆ نزیک: (فیدات بوون ئازیز جەمین پەڕەی گوڵ/ دووریت کاریٚ کەرد، ئـانە چەم، ئیـد دڵ) «مەولەوی»،١٤. ئەو کـاتە، ئەو وەختـە: (وەختـیٚ فوارەی هووناوان پیٚشەن/ زوخاو جۆش بدۆ، ئانە ساڕیٚشـەن) «مەولەوی»،١٥. ئەمـانە، ئەم هەمـووە: (ئانە گشـت جە وەخـت نـادانیم بـیەن/ فەسـڵی سەرمەسـتی و جەوانـیم بـیەن) «بێسـارانی»،١٦. بریتی لە کەمترین دراو×: (سـەد سـەلاحەددین و دارا قیمەتی یەک ئانەیە) «ف. بێکەس».

**ئانها**: Anha ئەودەمی، سوک، لەسەرخۆ: (ئانهـا وەرە: ئەودەمی وەرە، سوک وەرە).

**ئانها**: Aniha نها، نهۆ، ئێستا.

**ئانەت**: ١. سەرکەش، شەمبۆزی، دەسـتنەخۆش ٢. تۆ و بەری گیای ئەنیسۆنە.

**ئانەتەر**: ئەونەیتر: (هەزار دەهەزار هەزارە کەرە/ ئانەتەر بارە، ئیزافە کەرە) «م.ح. دزلّی».

**ئانەتی**: سەرکەشی، شەمبۆزی، دەستنەخۆشی.

**ئانەجەکیٚن**: ئەوە لە کێیە؟، مندالّی کێیە؟

**ئانەچێش‌وەری**: ئەوە چی ئەخۆی؟.

**ئانەرکبریتو**: ١. ناقیٚ خوەدیٚ،٢. هەلکریٚ ڤولکانا.

**ئانەشا**: ئەویان، ئەوەیان، ئەو یەکە، جێناوە.

**ئانەگۆر**: ١. گران، بوهادار: (حەجی عەلی خـان زەنـگەنە ب دیـارییەن ئـانەگۆر ڤـا د پێشـییا خۆسـرۆخان وەلـی دا چـوو) «مەسـتوورە»،٢. چەرمی خۆش‌کراو: (تەمبا درووتنا چار جۆت کۆندەرا دابوونیٚ، لیٚ ئەو ژی نکاربوو دەست وی کاری بکە، ژ بەر کۆ بەر دەستێن وی نها چەرمیٚ ئانەگۆر تونەبوو) «مەستوورە».

**ئـــانەن**: ١. هەیە: (ئـارەزووم ئـانەن، گـاهەن سـەعاتیٚ/ دەرکـا غەم، لە دڵ مەلـوول و مـاتیٚ) «کۆسالان»،٢. ئەوەیە، ئەو کەسـەیە: (جە شـەوقی ئانەن، منیش کەرد پەیدا/ هەر جە عەشقی ویٚش شیٚتم کەرد شەیدا) «بێسارانی».

**ئانەنا**: هۆئەوەتا، ئاهۆئەوە، ئەوە، ئەوەیە، جێناوە.

**ئانەن**: فەوری، گورج: (تا تورشیەکە ئە گەڵـوش ڕەفت پاین، ئانەن تاو کەرد) «دەرویٚشین».

**ئانەنە**: ئانەنا، هۆوەتانیٚ، هۆوەتا.

**ئانەو**: کردار، ڕیٚکلاش.

**ئانەهـ**: هاوکار، یاریدەر، یاریدەدەر.

**ئـــانەهی**: هاوکـــاری، یـــارمەتی، ئاریکـــاری، یاریدەدەری.

**ئـــانەهیٚ**: ١. دەسـتوور، ڕیـدان، ئیجـازە،٢. ودم، ورمیٚ، وورمیٚ.

**ئانەی**: ×٦ میرزای هەورامی×

**ئانەیە**: ئەمەیە، ئەمەسە: (فەرقـو ئینسـان و بـاقی شعوورا/ ئـانەیە مـاچوو کە جە تـۆ دوورا) «م.ح. دزلّی».

**ئانی**: ١. ئەنیە، ئەنـی، پێشـانی، پێشـەنی، تەڤێـل، تیۆویل، جێنیـک، عەنـی، فەرشـەنی، نـاوچەوان، نێوچاو، نێوچاوان، نیوچەوان، هانیە، هەنی، هەنیە: ( ئەز نهارابم درانـی تە بکشـێنم و د عەنیـا تە دا بکەتـم) «کـۆمەڵە» (چـاوت ئەسـتێرەی ڕۆژیٚ هانیەت مانگی زراری) «سێسەد»، ٢. ئیدی، ئەدیٚ، دەنا ٣. ئەمە، بۆ یەکێکی مێینە و نزیکە.٤. هێنـای، هاوردی، هانی،٥. بە ناوەوە دەلکیٚ و ئاوەڵناو ساز دەکات: (ژنانی: ژنانیلە)،٦. بە ئاوەڵنـاوەوە دەلکـیٚ و ناو ساز دەکات: (وشکانی)،٧. بە ناوەوە دەلکیٚ و ئاوەڵناو ساز دەکات: (شەڕانی)،٨. زوزی، ئـازا، ئازای، گورج، ٩. کاتی، کات‌کـات، بیٚبـار: (قەت بە دنیـــا دڵ مەدەن جـــادووگەری ئیرانـــی‌یە/ ســینەماییکی ئاشــووب و فریــب و ئــانی‌یە) «بێخــــود»،١٠. هەتە×: (تە چ حـــــاجەت ب

سولەیمانی یێ حوسن/ خاتەمەک لەعلە ب گەوهەر ئانی) «جزیری».

**ئانێ**: ١. بۆ گەلی نزیک: ئەمانە،٢. بۆ گەلی دویر، ئەوانە،٣. بە ناوەوە دەلکێ و ناوێکی تازە بۆ یاری ساز دەکات: (جگانێ، تۆپانێ)،٤. بۆ تەحدید بەکار دێ: (ئەوەتانێ: ئەوەتا)،٥. کاتێ، کاتێک: (ئیتتیفاقی، ئافتاب ئانێ موقابیل بوو بە ڕووت/ ئافەتێکی دی، نەما تابی، بوەستێ ڕووبەڕووت) «مەحوی».

**ئانیا**: ناوی کچانە.

**ئانی خوار**: دای‌گرت، هێنایە خوارێ: (ئانی خوار، ئاڤیتە سەر ملێن خوە) «مەستوورە».

**ئانیدە**: ناوە بۆ کچان.

**ئانێدە**: نەئەمجۆرە، نەلێوا.

**ئانی ڕەش**: نێوچاوڕەش، بەختڕەش.

**ئانیسک**: ١. ئانیشک، هەنیشک، ئەنیشک، خوارۆک، ٢. هەنیسک، نزگەرەی دوای گریان.

**ئانیسۆن**: ئاڵەت، گوڵ یا بەری گیای ئەنیسۆنە.

**ئانیشا**: ئەوان، ئەمان، ئەڤان، وان(بۆ کۆ).

**ئانێشا**: ئەوەیان بۆ مێ.

**ئانیشک**: ١. هەنیشک، ئەنیشک، ئانیسک، قوونانیسک، قینگانیسک، قنگانیشک، بەلەچەق، بلەمرک، بلەمرگ، بەلەمرک، ئەنیزک، ئەنیزگ، نیشک، هەرەژنی، بەندی نێوان قۆڵ و باسک: (لەوەی دواوە دەبێ قۆڵی هەتا ئانیشکی هەڵماڵێ/ هەموو ڕۆژی هەتا ئێواری بچێتە جووت و جۆماڵێ) «هێمن»، (میوانی خوشکی ڕۆن لە ئانیشکی)،٢. ئەو شوێنە کە پۆشاک دەکەوێتە سەر ئانیشک: (دەستێک ڕانک و چۆغەی شینکی کۆن، سەر چۆکی ڕانک و ئانیشکی چۆخەکە شی بۆتەوە) «هەزار ئەشکەوت»٣. ئانیشکە.

**ئانیشک‌وێ‌دان**: ١. خۆ هاویشتنە سەر ئەنیشک،٢. هەنیشک خستنە سەر: (خۆشخوان هەقی بوو لە دیوەخان لەسەر چۆک دابنیشێ، خەنجەر بچەقێنێ، ئانیشکی وێ بدا) «توحفە».

**ئانیشکە**: ١. ئەنیشکە، جەمسەری پەرچدراوی لوولەی قۆڵەکورە و شتیوا ٢. دارێکی دوو پەلە لە ئاسیاودا پێی بەرداشی پێ بەرز و نزم دەبێتەوە ٣. پەردەی پێشدەرگانەی حەوشەیە،٤. جێی بادانەوەی کۆڵان: (ڕکێفیان هێنایە و بە چوارناڵە ئانیشکەی کۆڵانیان جێ هێشت و دوور کەوتنەوە) «میرزا».

**ئانیک**: بەرنیسکێ، هەنیسک، هەنسک.

**ئانێک**: ساتێک، لەحزێک: (لەم حاڵەتەدا ڕۆحم وەکوو چاوی گلاوی/ ئانێکی بە قەد ساڵێ پڕی زەهری ئەلەم بوو) «گۆران».

**ئانیلە**: ئەوان، وان.

**ئانی مانی**: جۆرێ گەمەی گوندی‌گەلە.

**ئانین**: ١. هێنان، هانین، هاوردن، بەرهێنان، ئینان: (قرش و قال ئانی ئاڤێت سەر وێ کۆزرێ) «پەپووک»،٢. ژنخواستن، ژنهێنان: (ژ خوەرا ژنەکا دی ئانی بوو) «پەپووک»،٣. زان، زاین، مناڵ بوون: (پشت تەوییا فەلەک ڕاست بوو ژ کێیف‌خوشی/ تا کورەک ئانی ژ تە داییکێ ئەییام ڕا) «گولشوون».

**ئانین بجی**: بەجێ هێنان، کردن: (مرازی کێ ئانین بجی بهات بن‌ئەمرن) «گولشوون».

**ئانین ب زمان**: هێنانە سەر زمان، کوتن: (گلی یێ نامربووت ئانی ب زمان) «گولشوون».

**ئانین بسەرڤە**: کۆتایی هاتن، بەس‌کرن: (قەت کەس نەما ژ دەرڤە/ ئێریش ئانین ب سەرڤە/ ل ستی‌یان بوویە ڕەڤە/ بوو دوومان، تە دگۆ شەڤە) «فەقێ تەیران».

**ئانین جی**: هێنانە جێ، بەجێ ئانین: (گوتنا حوکەما من ئانی جی کو هەر چ زانی، بێژی) «گولشوون».

**ئانین‌جێ**: بەجێ هێنان، کرن.

**ئانین‌خوار**: باراندن، داباراندن: (ژ بەر کۆ دەمسال پاییز بوو و ل دەر و دۆرا هێشنایی کێم بوو، وی ژ تۆپێن دۆر باژێر ڕووت خوەلی ڕادکر و پارەکە وێ خوەلییێ سەر باژێر دا دانی خوار) «مەستوورە».

**ئانین‌زمان**: دەربڕین، هێنانە سەر زمان: (هنەک ڕێن مایین ئانینە زمان، لێ داوییێ دیسان هاتن سەر وێ بریارێ، ...) «مەستوورە».

**ئانین‌ژێر**: ١. خستن، لە عەرز دان،٢. سووک کردن، بێ‌ڕێزی پێکردن: (بلند بوو نەزان پێ گەردن‌درێژی/ کو زانا ئوسا ئانی ژێر، ببی شەرمی) «گول‌شوون».

**ئانینڤە**: هێنانەوە، ئانینەوە: (تەعجیل بکم ژ بۆ سەوابێ/ زو بێنمەڤە ئەز دگەل جەوابێ) «خانی».

**ئانینە**: هاوردگیە، هێناویەتی: (ئانینە کارێ عالەمێ/ زاهیر کرین ل ڤێ سورەتێ) «فەقێ تەیران».

**ئانێنە**: ئەوەتا، ئەوەیە بۆ مێ.

**ئانینەخوار**: هێنانەخوارێ، داگرتن: (وی ب هۆستایی پشا ژ یاهیا بەگ و محەمەد قولی بەگ ستاند و هەر دو ژ هەسپان ئانینە خوار) «مەستوورە».

**ئانینەخەیالێ**: هێناوەتەوە بیری: (نە ئەم ئانینە خەیالێ، نە ل حالێ مە نەزەر کر) «جزیری».

**ئانینەدەر**: هێناوەتەدەر، ئانینەبەرهەم: (ئەم چار بکر ئانینەدەر/ کچ بوون د کەنزێ قودرەتێ) «فەقێ تەیران».

**ئانینەنەزم**: داتناوە، هۆنیوەتەوە: (پوڕ لەعل و دوڕ تە ژ کلکێ عیشق ئانینە نەزما سیلکێ عیشق) «جزیری».

**ئانینەوە**: هێنانەوە.

**ئانین‌هەڤ**: چەماندنەوە، هێنانەوە ئێک.

**ئاو**: ١. ئاب، ئاڤ، ئام، ئاویی، ئوو، هاڤ، هام، هاو، هەڤ، هەو، یاو، ئاوی خواردن: (سەر ئاڤ دزانت بن ئاڤێ چ کریە) (ئاڤ ل گوڵادا بمینت دێ گخنی بیت) «مشتاخ» ٢. پێشگری هاوبەشی، ئام: (ئاوماڵ: ئامماڵ) ٣. بریتی لە شاوەت، مەنی: (بە ڕۆچوونی ئاوێ دەکەی زیندەگی/ بە دەرچوونی بایەک دەبێ مردنت) «مەحوی»،٤. ئاوی میوەی کوشراو،٥. دۆشاو، شیلەی گیراو(ترێ)،٦. ڕوومەت، ئابڕوو، حەیا،٧. ڕەونەق، شەوق، باقوبریق، جوانی: (ئەو گەوهەرە نوکتە کە لە نالی دەدزن خەڵق/ ئاوی نییە وەک ئاگری بێ شۆقی دزانە) «نالی»،٨. ڕۆندک، فرمێسک: (گەر نییە ئاور لە سینەمدا بە تاو/ بۆچ لەبەر قوڵقوڵ غەریقی ئاوم ئەز؟) «نالی»،٩. ئارەقە، خوێ،١٠. ئاوی کانزای بە نرخ کە بۆ ئاوکاری بەکاری دێنن: (ئاوی زێو)، ١١. بە ناوەوە دەلکێ مانای تێکەڵی دەدات: (سەهۆڵاو، باراناو)،١٢. ئاودەست، پێشاو،١٣. ئا، ئارێ، بەڵێ، ئەرێ،١٤. دوو ناو یا ئاوەڵناو دووپات کراوە تێک دەکاتەوە و هی تازە ساز دەکات: (شەواشەو، پشتاوپشت)،١٥. بە ڕەگی چاوگی نادیار دەلکێ و ناوی بەرکار ساز دەکات: دڕاو(دڕان– دڕ)،١٦. بەراو، زەوی ئاوی: (دنیات بە خەیاڵی خۆت لە توربێن ناوە/ زێڕت هەیە، عەرزت هەیە، دێمە ئاوە/ ...) «خەیام هەژار»،١٧. بریتی لە نەرم: (ئەتۆ بۆخۆت دەڵێی شێخم، لە زومرەی ئەولیایانم/ نوفوسم پاکە بۆیە گەر دۆعا کەم، بەردی ڕەق ئاوە!) «ڕاوچی».

**ئاوا**: ١. بەوجۆرە، بەوچەشنە، وەتۆ، وەرگە، وەسان، ئەئاوا، ڕەنگ، وسا، ئاواها: (ب وی ئاوایی: بەمجۆرە) ٢. ئاوان، ئاوەدان، ئاڤەدان، ئاڤا: (چاوی مەیگوونت وەها مەیخانەی ئاوا کردووە/ چۆڵی کرد، ئاخر بە زاهید خەڵوەخانەی

شەعبەدە) «مەحـوی»،٣. بـزر، پێـوار، نادیـار، ون، نیشتگ، گوم: (ڕۆژ ئاوا ئەبـێ، چەم تاریـک دایە/ دەنگـی کنالەیـل هەر دوایـی نـایە) «گـۆران» ٤. لـووت‌بەرز، دفن‌بلنـد، (فلانـکەس د دلـی خـۆدا چەن ئاوایە!)،٥. دڵگـر، خـوەش: (بـاغی ئـاوا)،٦. گەش، بەدەماغ، سەرکەیف، شاد،٧. دەنگ، ئـاواز، سـەدا: (خۆش‌ئـاوا: دەنـگ‌خۆش)،٨. نیشـتگ، نیشتوو، ئاوابوو(خۆر)،٩. ئاوەدان بـێ: (پۆشـتەت کەردەوە ئیحسـانت یـاوا/ دەک هەی دەوڵەمەنـد یـانەت هەر ئـاوا) «مەولەوی»،١٠. دەم، کـات×: (ئەڤ گەرماتی و ڤەگڤاشتنا مە بەحس کرێ پێتڤە د ئـاوایێ شـیرەت و پەروەردەکرنـێ دا بیـت) «گولواز»،١١. ئاوارە، تەرە،١٢. ناوە بۆ کچان.

**ئاوابۆ**: ئائەدان ئەبێ: (ئیسـە کەردەنـش بە زێـد، هەم مـاوا/ ئـاوا بـۆ شـەڵڵا، پـێش نیـیەن ئـاوا؟) «بێسارانی».

**ئاوابوون**: ١. ئاڤـابوون، گوم‌بـوون، داکشـان، لە بەر چاو بزربوون: (.../ دەس باوێ ملم، مەترسـە مانگ ئاوا بێ/ زۆر دیتەوە سـەر بـدا لە گلکـۆی من و تۆ) «خەیام هەژار»،٢. داپۆشران: (لە زولفیـا ونە ڕوو، لێـوی هەر لە کـارایە/ ئەو ئافتـابە گەر ئـاوا بـووە، مەسـیحا خـۆش) «نـالی»،٣. فەوتـان، تیاچوون: (هەرچێکی هەڵێ، بەشـی لە ئـاوابوونە/ سـەرکەوتنی هەوراز و بەرەوژێـر چـوونە/ ...) «خەیام هەژار»،٤. ئاوەدان بوون: (ئـافەرەم وەسـتا شەفێ بۆ خۆت و نەسلێکی هەتە/ ڕەبـی ئـاوابێ سنە دوور بێ لە ئافات و کـودوور) «شـێخ ڕەزا»، ٥. چوونە ژوور: (ئیتر بۆ هەر مـاڵێ کە چـووی/ هەر لە دەروازە ئـاوا بـووی) «هێـدی»،٦. وەهـا بوون، ئاواها بوون بۆ پەسند: (ئافتابی حوسنی تۆ ڕۆژە کە دێ و ئـاوا دەبـێ/ قامەتیشـت وەک هیلالی یەک‌شەوە ئاوا دەبێ) «حاجی قـادر»،٧. بە یەکجاری گووم بوون لەبەر چاو: (تازە بۆ کـوێی وەدوا دەکەوی، ئەڵحـان لە حەوت کێـوان ئـاوا بووە)،٨. ئاوارە بوون، پەرێوە بـوون: (ئەو کـوردە باس‌کراوانە ئاوای وڵاتی ئێـران بـوون) «لەمهابـاد بۆئاراس».

**ئاوابی**: ئـاوەدان بـوو: (ئەر سـەد تـۆی دەروون پەرێت قەقنەس بی/ یانەی دڵ وە یـاد ئـاوا بـی، بەس بی) «مەولەوی».

**ئاوابیەوڕۆجیاری**: ئاوابوونی خۆر.

**ئاوابی‌یەی**: ئاوەدان بوون.

**ئاوابی‌یەیۆ**: ئاوەدان بوونەوە.

**ئـــاوات**: ١. ئـارەزوو، ئاوەخـت، تاسـە، نیـاز، داخوواز، دڵخواز، هەوا، هێڤی، هیوا: (کوردسـتان، کوردستان، کوردستانی جوان/ درەنگیش بێتە دی ئـاواتی گـۆران) «گـۆران» ٢. نازنـاوی شـێعری مامۆستا سەید کـامیلی ئیمـامی: (داخـوازی دڵ و بولبول، هاتوونەتە جێ ئەمـرۆ/ «ئاوات» بە تەنیـا هەر ئـاواتی بەجـێ نـایە) «ئـاوات»،٣. نـاوی گۆوارێک بووە سەردەمی کۆمـاری مەهاباد بـڵاو بۆتەوە،٤. ئاواتخواز، ئاواتخواستە: (شـەوان تـا وە ڕۆ مەسـوزۆ جەرگـم/ خـوا مەزانـۆ، ئـاوات وە مەرگم) «مینەجاف»،٥. ناوە بۆ کوڕان و کچان.

**ئاوات‌بەدڵ**: نامراد، ناکام، داخ لەدڵ.

**ئاوات‌بەزیو**: دڵشکاو، ناهومێد×: (مەلی پەڕوباڵ هەڵوەریو/ ئەی غەمگینی ئـاوات‌بەزیو) «کـامەران موکری».

**ئاوات‌خــواز**: هیـواداری، تاسـەمەندی، بەتاسـە، هێڤیدار، بەهەویا، ئاواتەخواز، ئـاواتەواز: (چـاوت ئەستێرەی دەریازی/ هەڵیـان دێنـی چەن بەنـازی/ بۆ کوشتنم ئاوات‌خوازی) «حەسەن زیرەک».

**ئاوات‌خوازتن**: هیوادار بوون، هیوا و هێڤی کـرن: (سـەرەتای دەرکەوت نـوابی تـازە/ دەمـێکە زۆر

کەس ئاواتەخوازە) «پیرەمێرد».

**ئاواتخوازی**: هیواداری، هێڤیداری، به ئاواتبوون.

**ئاوات‌خواستن**: هیواداربوون، بەتەمابوون.

**ئاوات‌خواسته**: ١. شتێ کە ئارەزووی کرابێ،٢. کەسێ خۆشەویست بێ و تاسەی کرابێ.

**ئاوات‌مەتێ**: ئارەزوومەند، هیوادار.

**ئاوات‌واز**: ئاواتەخواز: (مغنی! لێدەر یەک ئیمشەو سازان/ بەشقی ئەو کەسە تۆش ئاوات‌وازن) «مەولەوی».

**ئاوات‌وازتەی**: ئاوات خواستن.

**ئاوات‌وازە**: ئاواتەخواز بۆ مێ.

**ئاوات‌واسته**: ١. ئاوات‌خواسته، ئاواتەخواز: (شیرین بە سەد ناز مەکێشۆ دەستە/ دانە مەدۆ پێت چون ئاوات‌واستە) «سەیدی»،٢. ئاوات‌خوازم: (بگێرەش وە دەست هەی ئاوات‌واستە) «بێسارانی».

**ئاوات‌واستەم**: ئاوات بۆ خوازراو: (پەروانەی مەزار ئەو ئاوات‌واستەم/ تەرجەمەی حالات پەشێویی جەستەم) «مەولەوی».

**ئاوات‌واستەی**: ئاوات خواستن.

**ئاوات‌وەستە**: ئاوات‌خواز، ئاوات‌خوازراو: (گوشادی خاتر، پەشێوی جەستەم/ ڕۆشنی دیدە، ئەی ئاوات‌وەستەم) «بێسارانی».

**ئاوات‌وەستەش**: ئاوات‌خوازی: (شەڵلا کەس نەبۆ بەی تەورە جەستەش/ پێسە دوور نەبۆ جە ئاوات‌وەستەش) «بێسارانی».

**ئاوات‌هاتنەدی**: بە مراد گەیشتن، مراد حاسڵ بوون.

**ئاواتەخواز**: ئاواتخواز: (سەرتوێژی ماست و پەنیری تازە/ هەموو بەغدا بۆی ئاواتەخوازە) «پیرەمێرد».

**ئاواتەخوازی**: ئاواتخوازی.

**ئاواتەواز**: ئاواتەخواز، ئاواتخواز: (ئەسرین مەڕێزام پەی دووری باڵاش/ ئاواتەوازم بیم بنیشوون وەلاش) «ئەنساری».

**ئاواتەوازە**: ئاواتەخواز بۆ مێ.

**ئاواتی**: ١. تاسەمەند، ئاواتەخواز بۆ شتێ،٢. منداڵێ کە ئاواتەخوازی دایک و باب بێ،٣. ئەو شتەی ئاواتی بۆ ئەخوازی.

**ئاواتیە**: ئاو چتەی ئاواتی بۆ ئەخوازی.

**ئاواجی**: ئاباجی.

**ئاواخوێڕی**: گوندێکە لای باکووری کەلار.

**ئاوار**: ١. جودا، جوێ، جیا ٢. هەڵوای ئارد و دۆشاوی وشک‌هەڵاتوو بۆ زستان ٣. مەتبەخچی، چایچی، چایی‌لێنەری ماڵ ٤. داری پردووی خانوی ڕوخاو: (هاواری هەزاران کوڕە کوردی و کچی ساوان/ کەوتوونە بن ئاواری گەلێ بۆمبی موداوم) «جومعەکان»،٥. وێرانە، کاول ٦. تەمەڵ، سست،٧. ئاودار، ئاوەکی، پاراو،٨. کۆچەک، وشتری یەک‌ساڵەی گچکە،٩. ناوە بۆ کوڕان.

**ئاواران**: ئاوارەکان، دوورەوڵاتان: (کانی وەک دیدەی ئاواران پڕجۆش/ شنە وەک پشووی نازداران بۆن‌خۆش) «هێمن».

**ئاوارتن**: هەڵاوارتن، جووایەزکردنەوە، جیاکرنەوە، ڤەقەتاندن، چەرت‌کرن.

**ئاوارتە**: هاوێرکراو، هاوێری، هەڵاوێردراو، جوداکریاگ، دەربڕاو، دوورخراوە(بەرخ لە مەڕ).

**ئاوارخانە**: ئابدارخانە، کونەڵان، شوێنی چایی و قاوە لێنانی ناڤ‌ماڵ،

**ئاوارە**: ١. تەرە، توونا، هەڵوەدا، هەرزەگەڕ، هەرزەگەرد، هەڵەتە، هەترە، هەتڵە، هێوەلەک، چەرخچی، سرگوم، ڕەهندە، ئاقەڕێ، ئاوەکی، ئەوارە، ئەوداڵ، عەبداڵ، دەربەدەر، ڕاتوول، ریتاڵ، تارومار، گەڕانۆ، وێڵ، ئاپۆرە، گاڤ‌قەلیش ٢. نێوی نێرینانە،٣. جەوهەر و ڕەواقی شتێ،٤.

ئاوازە

پەڵوویەکی کەمێ شل و تەڕ لە ئاردوڕۆن،٥. جۆ، جۆگا، جۆگە، جۆکلێ، جۆبـاری ئـاو،٦. گەوهەر، جەواهێریکە،٧. ئافارە، گوڵچنی خاڕی گەنم.
**ئاوارەبوون**: هەڵوەدابوون، هەڵەبوون.
**ئاوارەچی**: ئاوارەکەر، تەرەکەر.
**ئاوارەکانی‌تانجەرۆی‌ســـەروو**: گونــــدێکە لای سلێمانی.
**ئاوارەکانی‌تۆپخانە**: گوندێکە لای سلێمانی.
**ئاوارەکانی‌سەلام**: گوندێکە لای سلێمانی.
**ئاوارەکانی‌کەنەوە**: گوندێکە لای سلێمانی.
**ئاوارەکانی‌مەریوان**: دێیەکە لە دێکۆی سـەرکەلی مەریوان.
**ئـاوارەکرن**: تەرەکـردن، پەڕەوازە کـردن: (خـوا ڕەقیب ئـاوارە کـا تـۆزی لە چاوما تـۆز نەبـێ/ بێ‌غەمم ئەو تا نەبێ، تاکەی لە چاوما تـانە بـێ) «پیرەمێرد».
**ئـاوارەکورد**: کـوردێکی ئـاوارە و دەربەدەر: (لە سـەر چـۆمی ڕاپـن لە ڕۆژگـاری جـاری/ تکـا ئەشکی ئاوارەکوردی، هەژاری) «بۆکوردستان».
**ئاوارەیل**: هەڵوەدایل، ئاوارەکان.
**ئـــاوارەیی**: هەڵـــوەدایی، هەرزەگەردی، تەرەیـــی، ســـەرگەردانی، دەربەدەری، بـــاژێلەیی، دووری لە زێـــد و نیشـــتمان: (ئـــاوارەیی خـــاکی وەتەن و سەیروسەفا خۆم) «عارف سائیب».
**ئاواری**: ١. کەرەستەی قاوە و چـایی ٢. کابەبـار، لە شوێنێکەوە ببرێ بۆ شوێنێکی‌تر.
**ئاوارێ**: ئاوارە، سەرگەردان بۆ مێ.
**ئاواز**: ١. بانگ، هۆرە، دەنگ و سەدا، دەنگـی بە قەو: (نەی دورە حەبیبـێ مە چ فەریـاد و فغـان کین/ وێ گۆە ل ضەمیرا دلە ئاواز چ حـاجەت؟) «جزیـری» ٢. ئاهەنـگ، هەوا، دەنگـی مۆسـیقا ٣. نەزم، نەزمی مۆسیقا ٤. مەقـام، مقـام، بەشـێ لە مۆسـیقای کـوردی، ٥.چـریکە، دەنگـی باڵنـدە،٦. سەلیقە،٧. خرینگە، دەنگی خشڵ: (ئاوازت نایە لە کرمەک و گوارە/ ... خـرینگەت نـایە لە قەتـارە) «لاس و خەزاڵ»، ٨. دەنگی تێپەڕینی تیر: (ئاوازی تیر و شەققەی هانیشک و دەنگی سـمی وڵاغ وا دەبـۆوە بـڵاوە/ هێنـدێک دەیانپرسـی: عاسـمان ڕووخـا یـا ئـاوە، سـێڵاوە) «لاس و خەزاڵ»، ٩. ئاواز، ناوە بۆ ژنان.
**ئاوازئاواز**: دەنگەدەنگ، هەراهەرا: (ئەوان تەیران ئاواز ئاواز/ نێ سۆر دبن ئەو سی و قـاز) «فەقـێ تەیران».
**ئاوازپێ‌ژەنـدن**: بریتـی لە گـێچەڵ تـێ ئاڵانـدن: (دوور نییە فێڵێک بنێنەوە و ئاوازێکی نوێ بۆ سپا بژەنن) «لەمەهاباد بۆئاراس».
**ئاوازخوان**: گـۆرانی‌بێژ، گـۆرانی‌چڕ، ستران‌بێژ، شـایەر، قـام‌بێژ، ئـاوازخوێن، ئـاوازەخووان، ئاوازەخووێن.
**ئاوازخۆش**: دەنگ‌خۆش، ستران‌خوەش.
**ئاوازخوێندن**: ١. گۆرانی گۆتن، ستران چـڕین، ٢. خوێندنی مەل.
**ئـــاوازژەن**: ژەنیـار، سـازژەن: (ئەی ئـاوازژەنە مەستەکەم/ سۆزێک بۆ دڵە پەسـتەکەم) «کـامەران موکری».
**ئاوازکرن**: ١. ئاوازدانان بۆ گـۆرانی،٢. قـاوکردن، بانـــگ‌کردن،٣. نـــاودەرکردن، دەنـــگ‌دانەوە: (پەرچەمی سێ ڕەنگ، سـپی و سـەوز و سـوور/ ئـــاوازی کـــردووە جـــوانە لە دونیـــا مەنشـــوور) «حەسەن زیرەک».
**ئاوازنگ**: زراو، زراڤ، ناسک: (ئاوازنـگ بـووە: دەنگی زراو و باریک بووگە).
**ئـــاوازە**: ١. دەنـگ، ئاهەنـگ، چـریکە، کازەکـاز، ســـەدای خـــۆش: (ســـەعید ئەگەر دڕۆیـــی، وەک

شـەهێن و تەڕلانـی/ وچـانی بە وڵاغ نەدا هەتـا کەوتە بەیانی/ ئاوازەی زەنگـوڵان دێ، دەگەیشـتە یەک کـاروانی) «سـەعید و میرسـێوەدین» ٢. چریکەی مەل: (ئاوازەی بـاز و سـەقر و باڵەبـان/ حیلەی ماین و ئەسـپی کەحـیلان) «پیرەمێـرد»،٣. دەنـگ، دەنگـۆ، قـاو، چـاو، دەنگوبـاس، بـاس‌وخواس،٤. ناوبانـگ، نـاو، ناووناوبانـگ: (ئـاوازەش بەرز بـێ جە گەردیـن شـاران/ بڵنـد کەردە بـێ نـام نـاوداران) «وەلی‌دیـوانە»،٥. کـوتە چەرمێکی گچکە لە کەوانـی جـۆلاییدا کە ژێـی دەکەویتە سەری،٦. ناوە بۆ کچان.

**ئاوازەئەرەنیای**: ئاواز دانان.

**ئـاوازەخوان**: قـامبێژ، گـۆرانیبێژ، گـۆرانی‌چڕ، خوەش‌خوان، ستران‌چڕ.

**ئاوازەخوانە**: ئاوازەخوان بۆ مێ.

**ئاوازەخوانی**: ستران‌بێژی، دەنگخۆشی.

**ئاوازەخوێن**: دەنگخۆش، ئاوازەخوان.

**ئاوازەخوێنی**: ئاوازەخوانی، شایەری.

**ئاوازەدار**: ئاوازدار، ئەو بابەتەی خاوەن ئاواز بێ.

**ئاوازەدارە**: ئەو بابەتەی ئاوازی هەبێت.

**ئـاوازهەڵبڕین**: دەنـگ هەڵبـڕین: (ئـاوازی لـێ هەڵئەبڕێ/ ڕۆحی ئاشقان ئەچڕێ) «قانع».

**ئاوازیئایینی**: ١. بانگ، زیکر، تەراویـح، قورعـان خوێنـدن بە دەنـگەوە،٢. ئەو ئـاوازانەی بە دەف لێدەدرێن، لە کـۆڕی زیکـری دەرویشـان: (حەی ئەڵڵا، دایم، بازی، قایم).

**ئاوازیبەڕوو**: ناوی گۆرانییەکە.

**ئاوازیجلیت‌بازی**: ئەو ئاوازەیە پێشان بە دەهـۆڵ و زورنـاوە بـۆ ئەسپ‌سـواران لێـدەدرا، ئەسـپ دەکەوتە سمکۆڵ و حیلەحیل، سـواریش لە سـەر پشتی ئەسپەکە یـاری و هـونەری جـوانی پیشـان دەدا.

**ئاوازیدرونەیبەکرەیی**: لە کاتی درویـنە کـردن، بەکرەیـی باشـترین شـایەر لە نـاو سـەپانەکان هەڵبەستی بەکرەیی دەخوێند.

**ئاوازین**: دیەکەیگە لە گیەلآن خوارین.

**ئاواژوو**: ئاواژی، ئاوەژوو.

**ئـــاواژی**: بەراوەژوو، پـــێچەوانە، ئـــاوەژوو، سەرەونخوون.

**ئاواســـازی**: ئاڤاکـاری، ئاواکـاری، مێعمـاری، ئاوەدان کردنەوە(ماڵ).

**ئاواســـی**: ئەنگوچـک، هەنگوچـک، گوچـک، سۆرانی کراس.

**ئاواشـــە**: ١. حەوەش، ئـاوای وەحـش: (دەنـگ ئاواشە لە ئاسمان بریا)،٢. ئاواهاشە، وەهاشە.

**ئـــاواق**: ١. چـــۆڵ، چـــۆڵگە، بەتـــاڵ، بیابـــان، بێ‌ئاوەدانی، سارا، کاکی بە کاکی، سەحرای چـۆڵ ٢. خانوی چـۆڵکراوی بـێ ئـاوەدانی ٣. ئەبـلەق، چاو بە مۆلەق وەستاو.

**ئاواک**: پەڵپ، بیانوو، بەهانە، ورک: (کارا کچـێ کن ب ئاواکێ/ سەری بشون ب ئاڤەکێ) «فەقـێ تەیران».

**ئاواکار**: ئاڤاکار، ئاوەدانکار، ئاواگەر.

**ئاواکاری**: ئاڤاکاری، ئاوەدانکاری.

**ئـــاواکردن**: ١. بنیات‌نـــان، خـــانوو کـــردن،٢. بونیات نانەوە: (تا یەک نەکەون ڕێـگە دەرنـاکەن/ ئەبێ بە کۆمەڵ وەتەن ئاواکەن) «پیرەمێـرد»،٣. بەم چەشنە کارێک کردن،٤. کێڵانی بوورە و چاندنی، ٥. نیشتن خۆر: (لە کلـۆرەدارەکەدا نیـوە بە خەو، نیوە بە بێداری ڕۆژی ئـاوا کـرد) «حەمەدۆک»،٦. لە دوورەو هاتن،٧. لە چـاو گـوم کـردن و دوور خستنەوە: (وەرە ئازیز ئەمـن کـۆمەڵێکم وەردەک هەڵدەفڕاندینە/ ئاوام دەکردن لە کەلێنی دەربەندی بـۆ ئەبەرە و بەری مەرگە و بیتـوێنێ) «گەنجـی سەربەمۆر».

**ئـــاواکردنەوە**: ١ . ئـاواکردن،٢. لە دوای چـۆڵی

دوبارە سازکردنەوە: (زامی دڵ ویران و ماڵ ئاوا تەبیب/ماڵی ویرانم کە ماڵ ئاوا دەکا) «مەحوی».

**ئاواکەر**: ئاواکەرەوە.

**ئاواکەردەوە**: ئاوەدان کردوەوە: (خاس بوو تەشریف هەم ئاوەردەوە/ گەرد پات وەتەن ئاوا کەردەوە) «مەولەوی».

**ئاواکەردەی**: ئاوەدان کردن.

**ئاواکەردەیۆ**: ئاوەدان کردنەوە.

**ئاواکەرەوە**: ئاڤاکەر، ئاوەدانکەر.

**ئاواڵ**: ١.برا، برادەر، براک، هاوزێ، ئاوزێ: (ئاواڵەکانی خۆمان کە بەقەد حەمە ئاشەوانیش لە عیلم و شەرع تێناگەن، بە ڕیش و کەوا و سیواکەوە ئی وایان هەیە ملیاردێرە) «چەپکێ گوڵ»،٢. هاوتەمەن، هاوعومر،٣. دەستەبرا، هەواڵ، هەڤاڵ، هاوڕێ: (خان ئەبدال و ئاواڵەکانی خەیاڵێکی دیکەیان بە دڵدا هات) «توحفە»،٤. ئەڤیندار، دڵدار: (سەد جار خۆزگەم بەو کەسەی/ دەگەڵ ئەتۆ ئاواڵە) «فۆلکلۆر»،٥. دۆست و پێکەوەبوون لە نێو گیانداراندا: (کۆتر قەت نەبۆتە ئاواڵی سەقری/ سەقر درندەیە، خاترجەم بە کۆتری دەگرێ) «سەعی و میرسێوەدین»،٦. پێشگرە: (ئاواڵزاوا، ئاواڵکراس)،٧. مینا، وەک، چەشن: (ئاواڵکراس: وەک کراس)،٨. گیایەکە.

**ئاواڵا**: کراوە، باز: (جاران پەناگەی شەوانم/ ئامێزی ئاواڵای ژن بوو) «هێمن».

**ئاواڵانە**: برادەرانە، هاوڕێیانە.

**ئاواڵایەتی**: برادەرایەتی، هاواڵایەتی، ڕەفیقی، دەستەبرایی.

**ئاواڵچەتە**: ڕەفیقی دز: (حەمەتاڵ و سەید حەتار ئاواڵچەتە بوون).

**ئاواڵدامان**: ئاوەڵدامان، ئاوەڵکراس.

**ئاواڵدان**: مندالّدان، پزدان، پسدان، ئاڤلدانگ.

**ئاواڵدوانە**: ١. جمک، لف، لفەدوانە، دوانە،٢. بریتی لە زۆر وێکچوون: (دەڵێی ئاواڵدوانەیە).

**ئاواڵدەرس**: هاوپۆل، هاوکلاس، هەمکلاس.

**ئاواڵزاڤا**: هاوزاوا، هامزاما: (ئاواڵزاوا ئەگەر کەوتنە کن یەک، گونیان دەخورێ!).

**ئاواڵزاوا**: هاوزاوا، هامزاما، هامزەما، هەمزەما، هەڤالزاوا، هەڤزاڤا، هاوزەوا، هامرێش، هومرێش، هەڤلنگ، دوو کەس کە ژنەکانین خوشکن.

**ئاواڵشوان**: ١. دوو یا چەن کەس کە پێکەوە شوان بن،٢. ئاریکاری شڤان: (قەر نانی خوارد و هەستا، بەرخی وەرگێڕا، چووە دەشتێ، بە بەند بە ئاواڵشوانی گوت) «مان».

**ئاواڵکراس**: ئاوەڵکراس، ئاوەڵدامان، هەڤالکراس، سەرکاپ، دەلینگ، دەپێی ژنان.

**ئاواڵکەمی**: بێکەسی، بێلایەنگری.

**ئاواڵمرید**: دوو یا چەن کەس کە پێکەوە مریدی خانەقایێک بن.

**ئاواڵمنداڵ**: جفت، یاوەرە، هاواڵ منداڵ، هـژی، هەڤالۆک، پلار، کیسەی پڕ لە ئاوی منداڵ کە لە دوای بوونی منال لە زگی زەیستان دێتەدەرێ.

**ئاواڵو**: ئاوی هەڵوو.

**ئاواڵە**: ١. وەکری، ڤەکری، کراوە، کریاوە، باز: (لە تاکی ئاوەڵای دەرکەکانەوە، بە ئیشارە و ئیما لە یەکتریان دەگەیاند) «عەسکەری»،٢. ئاچخ، ئاچغ، ڕەنگی ڕوون،٣. برینێک سەری قرتماغەی نەگرتبێ.

**ئاواڵەتی**: دۆستی، ڕفێقایەتی، هەڤالەتی، هەوالی.

**ئاواڵەکراو**: کراوە، ڤەکری، باز: (من فەقیرێکی ڕەشوڕووت و لە دەرکان دەرکراو/ تۆش خودایێکی کەریم و دەرکە ئاواڵەکراو) «ئاوات».

**ئاواڵەکردن**: کردنەوە، هەڵپچڕین، سەرلابردن.

**ئاواڵەیی**: کراوەیی، بازیی: (ئێواری لەگەڵ زیارەتکەران هاتمەوە قورعانەکە بە ئاواڵەیی بەجێ مابوو) «چێشتی مجێور».

**ئاواڵیشـەوێ**: بریتـی لە مێـرد: (ئـاواڵی شـەوێ گۆڵی گەماڵی، مێردی بە دڵ نییە چ بکا لە ماڵی).
**ئاوام**: وام، وا، ڤام، قەر، قەرز، قەرت، سەڵەف.
**ئاوان**: ١. ئاوا، ئاوەدان، ئاڤا، ئاڤەدان، دژی چـۆڵ: (سا تۆ چوون بەی تەور، هاڵێ پێت یاوان/ زامـی نەو کەردەن دەروونــت ئــاوان) «بێســارانی»،٢. ئــاوەدانە: (بــارێ دڵ وە خشـت وێرانـی ئـاوان/ حەقت وە دەسـتەن نەداری تـاوان) «مەولەوی»،٣. هــاون، هاونــگ، هاوەنــگ، ئاوونــگ، ئــاونگی دەسکاونگ بۆ شـتکوتان،٤. هەراو، فـش، فـۆڵ، گوشــاد ٥. ئامــان، قــاپ و قاچــاخ ٦. ئابــان، سەرپەڵە، مانگی گەڵاڕێزان،٧. بێفەڕێ، بەدفەڕێ، ئــاژاوەگێڕی، ناڕاســتی،٨. فیتنەکــار، ئــاژاوەگێڕ، ئاشووبگێڕ، نهێنبڕ، تەپڕەش(مرۆڤ)،٩. بێبەخـت، بەدنــمەک، خــاین، غەیــان، ناپــاک،١٠. مــزاش، ئاواناش،١١. نهێنگیر، دڕ، یانیگر(سەگ)،١٢. مـز، کرێ، کراهە،١٣. ئاوەیل، کۆ بۆ ئـاو: (هەر دەڵێـی بە سەد ئاوان شۆردراوە) «ئەمیری»،١٤. نـاوە بـۆ کچان.
**ئاواناس**: دەنگناس، کەسێ کاری ئاواناسییە.
**ئاواناسی**: زانست و عیلمی فۆنەتیک، زانستی دەنگەکان لە هەر زاراوەیەک.
**ئاواناش**: ئاوان، مزاش، مزی ئاسیاو، کرێـی ئـارد لێکردن کە ئاشەوان دەیسێنێ.
**ئاوانتر**: زۆرتر، فرەتر: (یا جە گونای مـن کەرەم ئاوانتر) «م.ح. دزڵی».
**ئاوانتە**: ١. هاوەنتە، هەوانـتە، ئـاوەنتە، نە سـار نە گەرم ٢. بەلاش، خـۆڕایی، مفـت،٣. بەخـۆڕایی، بەفیـرۆ، مفتەکـی، مفتـێ،٤. حـیلە و حەواڵە و تەشقەڵە.
**ئاوانتەچی**: ١. مفتەخۆر، هاوانتەچی، هاوانتەخۆر ٢. دەسبڕ، دەبەکار، شەڵتاخچی.
**ئاوانتەر**: ١. ئاوەدانتر،٢. زۆرتر: (یا جە گونای مـن کەرەم ئـاوانتەر/ ڕەحـمەت جە تـاوان مـن فراوانتەر) «مەولەوی».
**ئاواندن**: ئاڤاندن.
**ئاواندۆڵ**: زنـدۆڵ، زەنـدۆڵ، قـوڵکەی بەرد کە ئاوی تێدا ڕاوەستێ.
**ئاواندۆڵە**: ١. بەردی گۆلاوان،٢. زنـدۆڵ، چـاڵی جێـی ئـاو لەسـەر بەرد،٣.دۆڵە، سـوێنە، تەشـتی هیرباری هەویرشێلی،٤. دۆڵەی پڕ لە ئـاوی سـەر تاشەبەرد.
**ئاوانس**: ١. ماوە، مۆڵەت، قـان،٢. پێشـەکی دان: (وەرە تەختە بکەین دوو ئاوانسیشت دەدەمێ).
**ئاوانە**: ١. نرخی ئاو، پـوولی ئـاڤ،٢. مـزاش،٣. ئاوان، ئاونگ، هاونگ،٤. ئەوانە، هۆوانە.
**ئاوا نە**: بەو جۆرە نە، وسا نە، وەها نە.
**ئاوانی**: ١. دێ، گوند، ئاوایی، ئاوەدانی، ئـاواهی، خانوو ٢. تەپڕەشی، ناپاکی، بەدنمەکی.
**ئاوانیگــــاری**: فۆنەتیــک، فۆنێتیــک، نوســینی وشەگەلی زمانێک بە ئەلفوبێی ئاوایی.
**ئاواو**: هەلوا، هەلیل، هەلوا، ئاردەپێچ.
**ئــــاواوک**: چەنەبێــژ، زۆربــڵە، پڕبێــژ، قەهــی، گــاڵتەچی، چەقەســرۆ، چەقەســۆ، ئــاواوۆک، تیزەجاڕ، تیزەزارۆک، شایانی قەشمەری.
**ئاواوۆک**: تیزەجاڕ، ئاواوک.
**ئاواوی**: ١. تەڕ، تراو، شـل، ئـاوەکی، تـێکەڵ بە ئاڤ،٢. ئاو لێکەوتوو.
**ئاواهی**: ئاوایی، ئاوانی.
**ئاوای**: ١. گونـد، وڵات، دێ، دیەکە،٢. ڕەوشـی، تەرزی: (ئــاوایێ فەســلاندنا جــلان وســایە) «پەپووک».
**ئاوایچە**: ئاوایشە، ئاوە هایچە، بەمجۆرەیە.
**ئــــاوایە**: ١. بەراو، بەراڤ، عەردی ئــاڤێ، واژی دێم، ٢. وسایە، وەهـایە، واسـە،٣. ئـاوەدانە: (هەر شـوێنێ کە ئـاو گرتـی ئـاوایە/ دێمەکـار کـێڵان

ڕەنجی بەبایە) «پیرەمێرد».

**ئاوایەک**: جۆرێ، شێوازێک: (هەر رۆژ خوە ب ئاوایەک دخەملاندن) «پەپووک».

**ئــاوایی**: ١. ئــاوەدانی، ئــاوانی، جێــی ئــاوەدان: (ئــاوایی پەی غەیــر، وێرانمــاڵە ویــم/ عــالەم شیرینکام، مەزاق‌تاڵە ویم) «مەولەویــی»،٢. دەگــا، دێ، گوند، لادێ: (خەڵکی ئاواییش ناتوانن چ بە ئاشکرا چ ب دزی بەرانگــژی بــبن ...) «غەوارە»، ٣. شــار، بــاژێر،٤. بەوچەشــنە، بەوجــۆرە، ٥. پاشکۆیە: (ماڵئاوایی: خواحافیزی)،٦. گرێدراو بە دەنگی پیتەکانەوە، فۆنەتیک.

**ئاوایی‌حەمەکەریم**: دێیەکە لای خواری قەرەداغ.

**ئاوایی‌شێخ‌مستەفا**: دێیەکە لای خواری قەرەداغ.

**ئاوئاردەی**: ئاو هێنان، ئاو تێزان.

**ئاوئاردەیۆ**: ئاو هێنانەوە.

**ئاوئازتەیۆ**: ئاو دانەوە.

**ئاوئاژوو**: ئاوئاڵەت.

**ئاوئــاژین‌کردن**: ئــاو بەردانەوە نــاو زەوی بە شێنەیی.

**ئاوئاسا**: ئاوەکی، تراو.

**ئاوئاستەیۆ**: ئاو دانەوە.

**ئاوئاڵەت**: ئاو خوا کردن خواردەمەنی.

**ئاوئامایۆ**: ئاو هاتنەوە.

**ئاو ئامایەنە دلی‌چەما**: ئاو داهاتنی چاو.

**ئاوئامەدەن**: ئاوهاتنەوە.

**ئاوئاوانێ**: شەڕەئاو، جۆرێ گەمەی منداڵانە.

**ئاوئاوڕ**: ئاوهێنەر، ئاوکێش.

**ئاوئاوردەن**: ئاو هێنانی چاو یا جومگە: (بیچارە شکەمش ئاو ئاوردە شۆدە مەشکە) «دەروێشیان».

**ئاوئاوردەی**: ئاو هێنانەوە.

**ئاوئاوردەیۆ**: ئاو هێنانەوە.

**ئاوئاورە**: ئاوهێنەر بۆ مێ.

**ئاوئاوەشوو**: سەڵیتە، ژن شەلیتە.

**ئاوئاهەک**: قسڵاو، ئاهەک و ئاو.

**ئاوئوکسیژنە**: ماکێکی بێڕەنگ و ڕەنگ لابەرە.

**ئاوئەرەدای**: ئاو دادان.

**ئاوئەرەکەردەی**: ئاو داگرتن.

**ئاوئەرەمتەی**: ئەو ڕژاندنە خوارەوە.

**ئاوئەرەمج**: ئاوڕێژ.

**ئاوئەرەمجە**: ئاوڕێژ بۆ مێ.

**ئاوئەسید**: ئاو باتری، تێژاوی ئەسیدی تــاوە لە ئاودا وەک ئاوی باتری ماشێن.

**ئاوئەمار**: ئاوئەنبار.

**ئاوئەماڵە**: تراوێکە بۆ خاوێن‌کردنەوەی ڕیخۆڵە.

**ئاوئەمبار**: ئاوئەنبار.

**ئاوئەناختن**: ١. ئــاو حەوادان: (نەمیــدانم بــرەی چە ئەمرو هەی دەهەنم ئاو میندازە) «دەروێشیان»، ٢. ئاو خستنی ماست و دۆ: (سـەیکۆ ماسـەکەش چە ئاوی ئەناختە) «دەروێشیان».

**ئاوئەنبار**: عەمباری ئاو، عەماراو، هەماراو.

**ئاوئەنگور**: ئاوی ترێ، هەنگوری گوشراوە.

**ئاوئەنەئامای**: ئاو تێهاتن.

**ئاوئەنەزای**: ئاو تێزان.

**ئاوئەوەئامای**: ئاو تێهاتن.

**ئاوباب**: هاوباب، دوو برا لە بابێک.

**ئاوباران**: باراناو، وارانی، ئاوی واران.

**ئاوبارە**: ١. بەندی ئــاوێ، قەمــتەرە، کــۆلکەداری هەڵکۆڵراو بۆ پەڕاندنەوەی ئاو بەسەر جۆگەئــاودا ٢. هەڵاڵەی هەنــگ، شــیلە، مــایە و گەوهەری هەنگوینە کە هەنگ لە گــوڵانی دەمــژێ،٣. نــاوی جــۆگە ئــاوێکە لە ســلێمانی،٤. بــنە، بــنەبەنگە،٥. ئاوبەند، دیــوارکردنی بەر ئــاو بــۆ ئەوەی ئــاوەکە بەرز بێ و بتوانن بۆ جێی بەرزی بەرن،٦. دێیەکە ســەر بە نــاوچەی چــلچەمەی دیوانــدەرە،٧. گونــدێکە لە باشــووری کەلار: (ڕۆن و خوریــان ئەکەم بە پــارە/ ئەیــدەم بە مــوڵکی خــوڕگە و

ئاوبارە) «پیرەمێرد».

**ئاوبارەگەیٚ**: ئاو جوورەگەیٚ: (هەم دەس کردە ئاو بارەگەیٚ).

**ئاوباریک**: ١. دیەکەیٚگە لە دیٚرە،٢. گوندیٚکە لای کەنگاوەر،٣. دیەکەیٚگە لە سۆنقۆر،٤. کوێرەدێیەکە سەر بە شاری دیواندەرە و ناوچەی قەرەتەورە،٥. گوندێکە لە دێکۆی سیامەنسووری بیجار، ٦. گوندێکە لە دێکۆی چواردۆڵی خۆرهەڵاتی ناوچەی قوروە،٧. دێیەکە لە دێکۆی حەمەوی دێگولانی ناوچەی قوروە،٨. ناوی چۆمیلکەیەکە لە دێی سەرسگار سەرچاوە دەگری،٩. دێکۆن بووە لە ناوچەی قوروە، ئێستا مووچەیە،١٠. کەمداهات، کەمدرامەد،١١. ×٢٥٢×: (یادی ئاوباریک و وەیسە و دەربەن و تاریدەرت/ شاهیدە بۆ تۆ لەگەڵ کورد، چەندە ڕەنجت بردووە) «قانع». ×٦٨: (هێزی دوشمنان لە دوور و نزیک/ لە هەر چوار لاوە گەییە ئاوباریک) «مینەجاف»×

**ئاوباریکە**: ١. جۆگەلە، جۆگە ئاوی کەم،٢. زنە، تەڕایی کەم،٣. ڕزق ڕۆزی کەم و دایمی، مەعاش، ٤. کەمدەرامەد،٥. گوندێکە لای خانسوور: (لە ئاوباریکە وا دەورە درا/ لە ناو دۆڵێکی بێ پەنا و دەرا) «مینەجاف»،٣. ناوی سێ گوندە لای سنە.

**ئاوباریکەیسەریٚ**: گوندێکە لای سنە.

**ئاوباریکەیەک**: ئاماژە بۆ داهاتێکی کەم.

**ئاوباز**: ١. مەلەوان، مەلەزان، مەلەڤان، مەلێکەر، زەریەوان، ئاڤژەن، بناولێدەر، نوقرڤان،٢. کەسێ حەزی زۆری لە ئاوە،٣. ناوە بۆ کوڕان.

**ئاوبازگ**: ئاوباز.

**ئاوبازی**: ١. شەڕەئاو، گەمەی بە ئاو،٢. مەلەوانی، نوقرڤانی: (یەی سائەتە نشتە لاو حاوز ئاوبازی مۆکۆنە) «دەرویٚشیان».

**ئاوبالاٚ**: ئەوبالاٚ، هامیٚار ئاویار.

**ئاوبڕ**: ١. ئاوبڕا، بەند، دەراو یا شەلەگەی ئاو هەڵبڕین ٢. ئاوبڕکە، بەشی بە ڕووی پایەی پرد کە تیژە و ئاوەکە دەبڕیٚ،٣. ئاوبڕە، نەخۆشیەکی ئاژەڵە بە هۆی خواردنەوەی ئاڤا سار تووشی دەبیٚ،٤. مۆڵەت نیان وەکەسیٚ.

**ئاوبڕا**: ١. ئاوبڕ، بەند، شەلەگەی ئاوبڕین،٢. ئاوبڕ، دەردێکە بۆ ئاژەڵ بە هۆی ئاوی ساردەوە تووشی دەبیٚ: (ئەهلی کووفە ئاوبڕیان کردووە لە میوانی عەزیز/ خانەخوویی من مەنعی نان و ئاو و ڕیٚ و جێم لێدەکا) «سالم».

**ئاوبڕان**: چکان، چکیان، چکبوون.

**ئاوبڕبوون**: نەخۆش کەوتنی ئاژەڵ بە هۆی ئاوی ساردەوە.

**ئاوبردن**: ١. هەر شتیٚ ئاو دایماڵیٚ و بیبا: (ئاو بتبا مەچۆ سەر پردی نامەرد/ چش با بخنکیی بە سەد ئێش و دەرد) «حافز»،٢. ئاو بۆ جێگایەک بردن،٣. بریتی لە مفت لەدەسدان.

**ئاوبردوو**: ئاوبردە، لافاوبردە: (مریشکی برسی خەو بە خەرمانی ئاوبردوو دەبینیٚ) «پەند».

**ئاوبردە**: ١. ئاوبردوو، شتیٚ ئاو بیبا،٢. بریەتیە لە بە فیڕۆچوون: (مەکەن لۆمەی من و کەزیەی بڵاوی/ کە ئاوبردەی جوانی و ئاڵ و والاٚین) «ئاوات».

**ئاوبردی**: ١. ئاوبردە،٢. بریتی لە بە فیڕۆچووگ: (مامر برسی خەرمان ئاوبردی لە خەو ئەدونت).

**ئاوبردیٚ**: بریتی لە بەدبەخت.

**ئاوبڕکردن**: مووڵەت قسیەکردن وە کەس نیان.

**ئاوبڕە**: ئاوبڕ، دەردێکی کوشندەی ئاژەڵە.

**ئاوبڕین**: ئاوهەڵبڕین، ئاولێبڕین: (دەبمە ئەو ئاشە کە ئاوی ببڕن/ شۆری عەشقم کە نەمێنیٚ لە سەرا) «سالم».

**ئاوبڕیەی**: ئاو بڕین.

**ئاوبۆر**: هەڵبڕان لە ئاوخواردنەوەدا: (کورە یەی دەقەقەی ساور بۆکۆ تا ئاوشا بۆخۆرە، ئاوبۆرش کەردی) «دەرویێشیان».

**ئاوبوون**: ١. ئاتیوان، توانەوە، تاویانەوە، قالْبوون، تێویان،٢. شەرمەزاربوون، تەریقانەوە، تەریقبوونەوە،٣. لاوازبوون، لەڕبوون.

**ئاوبێر**: ئاوبارە، ئاوبار، ئەوبار، بنە، بنەبەنگە، بەند، ئەو بۆتکەدارەی ئاوی پێ دەبەنە سەر ملْک.

**ئاوبەئاوچوون**: ١. بۆ تووک لێکردن و نەفرین، ٢. ڕۆیشتنی کە گەڕانەوەی نەبێ.

**ئاوبەئاورداکران**: بریتی لە کوژانەوەی هەرا و قرە: (خەج کوتی: ئەمن دەسەڵاتی خۆم دە دەست خۆمدایە، بمبە لە جێگایەک مارەم بکە، ئاو بە ئاوردا دەکرێ) «خەجوسیامەند».

**ئاوبەئاورداکردن**: بریتی لە کوژاندنەوەی کێشە.

**ئاوبەئاوکەوتن**: ١. گۆڕینی ئاووهەوا بە هەوی سەفەرەوە،٢. نەخۆشی بە هەوی گۆڕینی ئاووهەواوە.

**ئاوبەخۆداکردن**: ١. خۆ شۆردن: (هەر کەسێ سێ چوارشەممەی لە سەر یەک، ئاوێ بە خۆدا کا و یەری بشوا، چانەسەریکی زۆر سەیر دەگرێ!)،٢. غوسڵی شەرعی کردن.

**ئاوبەدەسداکردن**: بریتی لە کەمبوون لە هەمبەر کەسێک: (ئافرەتێک لەو دیوەوە سەری دەرێنا، قەمبەرناز دەبوو ئاوی بە دەستیدا کا!) «چەشتی مجێور».

**ئاوبەدەمە**: قوبوولی، چێشتی قبوولی کە هێشتا ئاوی نەچنرابێ.

**ئاوبەر**: ١. ئاوکێش، سەقا، ئاڤدەر،٢. هەنگی کێوی پاش ئاوخواردنەوە هەڵدەفڕن بۆ سەر شانەکەیان، ڕاوکەران جێگایان بەو چەشنە دەدۆزنەوە،٣. چێشتی سوێر و ئاوکێش،٤. ڤەگوهاستنا ئاڤێ ژ ئامانەکێ بۆ ئامانەکا دی.

**ئاوبەردان**: ١.گونجە کردنەوە،٢. شەلەگە داشکاندن ٣. شێرەی ئاو بەردانەوە،٤. ئیسراف کردن لە ئاودا.

**ئاوبەردانەوە**: ئاوبەردان، دووبارە بەردانەوەی ئاڤ.

**ئاوبەردەی**: ئاو بردن.

**ئاوبەرۆش**: ئلو بیبات: (ئامێتەن وە جزو ڕیزەی مەجنوونەندا/ حەیفەن ئاو بەرۆش وە توونای توونەندا) «مەولەوی».

**ئاوبەرە**: ١. خەرەنگێزەیلێ ئاوبەر، ئەو کاروانە هەنگەی لە کاتی شانە هەڵبەستنا دەچنە سەر کانیاو ئاو دەبەنە پلوورە ٢. ئەو هەنگەی لەبەر بەرزەفڕی پلوورەی لێ ون دەبێ،٣. ئاوبارە،٤. ئاوبەر بۆ مێ.

**ئاوبەرەڵڵاکردن**: بێ مەبەست بەرەڵڵا کردنی ئاوی ئاودێری: (بەیانی کەس لە دێ نەچێتە دەرێ، ئاو بەرەڵڵا کەن، بارە ئاشیان داگرتووە، پەکی بخەن) «هەزار ئەشکەوت».

**ئاوبەرەودان**: ئاوبەردان.

**ئاوبەری**: ئاو بردن.

**ئاوبەسان**: ١. بەند هەڵبەستن، نووای ئاو جوور بەنگە گرتن،٢. ئاو لە بان چێشتێ گرتن.

**ئاوبەستن**: ١. گرتنەوەی ئاو، خنینی گونجەی ئاو،٢. شێرە بەستن،٣. یەخ کردن، جەمدین، بەستن(ئاو).

**ئاوبەش**: ئاو زیاتی ئاویاری ک بەش بوودە مل چەردەکاڵەیل.

**ئاوبەشێن**: جێگەی دابەش کردنی ئاوی وەگەڕ.

**ئاوبەگونیسەگادان**: بریتی لە کارکردن بۆ مرۆی سپڵە و پێنەزان.

**ئاوبەلێژاهەڵگێران**: بریتی لە زۆر و زوڵم: (ئەوە زاڵمێکە ئاو بە لێژا هەڵدەگێرێ).

**ئاوبەن**: ئاوبەند.

**ئاوبەند**: ١. بەند، بەربەند، بەربین، سەد، دیواری

بەرگری لە ڕۆیشتنی ئاو،٢. گونجە، کونی ئەستێر، ٣. ئیسقات، ئیسقایی، نەخۆشی زگ ئاوسان،٤. کەسێ ئاوبەند بێ، بۆ ئەم دەردە ئاوی جۆ، چای گوڵی پنگە باشە،٥. کەسێ پینەی دەفری چینی بکا.

**ئاوبەندکەردەی**: دووچاربوون وە نەخۆشی ئاوبەند.

**ئاوبەندی**: ١. کاری ئاوبەندی شتێک لە هەمبەر دەڵاندنی ئاو،٢. ئاوبەندی ماشێنی تازە،٣. ئیسقایی، نەخۆشی ئاوبەند.

**ئاوبەندیئەتاتورک**: بەنداوێکە لە نزیک شاری ئادیەمەن.

**ئاوبەندیبۆکان**: بەنداوێکە لە سەر چەمی جەغەتوو هەڵبەستراوە.

**ئاوبەندیقاراکایە**: بەنداوێکە لە نزیک مەلاتیە.

**ئاوبەندیقەبان**: سەدێکە لە نزیک دێرسیم.

**ئاوبەندیقیراڵکیزی**: بەنداوێکە لە نزیک شاری سیرت.

**ئاوبەندیمووسڵ**: سەدێکە لە نزیک شاری دهۆک.

**ئاوبەندیمەهاباد**: بەنداوێکە لە ژوور شاری مەهاباد.

**ئاوبەندییلیسوو**: بەنداوێکە لە نزیک شاری سیرت.

**ئاوبەها**: پارەی ئاو، نرخی ئاوی کڕاوە.

**ئاوبێار**: ئاوهار بێ وەلیفەت: (وەتن خەرکەو سوورە! وەت ئەر سوورە یا چەمەر م ئاوبێارم).

**ئاوبێبرنگاو**: لاناوە لە خواردەمەنیگ ک ئاوێ فرە بوو، زوورم ئاوگۆشت.

**ئاوپاچ**: ئاوپاش.

**ئاوپاش**: ١. ئاوپژێن، ئاوڕشێن، ئاوڕشێنکەر، دۆڵچەی سەر کوناکونای ئاوپڕژاندن: (دڵ هەر وەکوو عەوداڵە لە دووت، تاڵە ژیانی/ چاوم وەکوو ئاوپاشە لە ڕێگە و گوزەری تۆ) «ئاوات»،٢. فیچقە، سورەنگ،٣. هەرشتێ ئاو بپڕژێنێ: (دەرژێنێ لە ئاوپاشی فەلەک ئاوی موقەتەر) «کوکەیی»،٤. کەسێ ئاو دەپڕژێنێ،٥. لاناوێکە بۆ کەسی گەنەکار: (ژن ئاوپاش).

**ئاوپاشی**: ئۆپشکن، ئاوڕەشە، ئاوپژێن، ئاوپڕژە، ئاوڕشێن، کاری ئاو پڕژاندن: (گەردئاڵوودەن دەور مەزار لەیلێ/ ئاوپاشی و ماڵاش لازمەن خەیلێ) «مەولەوی».

**ئاوپاشیکەردەن**: ئاوپڕژێن کردن: (مەنزڵگەی دیدەم ئاوپاشی کەردەن/ چەشمەنداز بەرز، بێ تۆز و گەردەن) «مەولەوی».

**ئاوپاک**: ئاو پاکژ، ئاوی پاقژ بۆ دەسنوێژ.

**ئاوپاکژ**: ئاو پاک.

**ئاوپاڵ**: پاڵێن، ئاوپالێڤ، سووزمە.

**ئاوپاڵوو**: ئاوپاڵێو.

**ئاوپالێڤ**: پاڵێونە، ئاوپاڵ، سەفینک، سوزمە، کەوگیر، کەفگیر، ئاڤپال.

**ئاوپاڵێو**: ئاوپالێڤ.

**ئاوپاهاتن**: بێهێزبوون، ئاوی پێ داهاتن: (ئەو قەرە وسام وەپاوە، ئاو پام هات).

**ئاوپڕزە**: ئاوڕەشە، ئاوپاشی.

**ئاوپڕژاندن**: ئاوڕشتن، ئاوپاشی کردن.

**ئاوپڕژە**: ئاوڕەشە، ئاوپاشی.

**ئاوپڕژێن**: ١. ئاوپژێن، ئاوپاش،٢. گسکوماڵ، کاری ئاو پڕژاندن: (نێومال گەسک درا و ئاوپڕژێنیان کرد) «ئەمیری»،٣. گەمەی بە ئاو، شەڕەئاو: (چاوبڕکێ، ئاوپڕژێنە/ خۆلارۆکێ، مەشکەژێنە) «ڕاوچی».

**ئاوپڕژێنی**: شەڕەئاو، کایە بە ئاو.

**ئاوپڕژێنیدڵکران**: بریتی لە حەسانەوە، سوکنایی هاتن: (لاس لە پەسی چادرەکەوە چاکی چاو بە کچان کەوت، ئاوپڕژێنی دڵی کرا) «لاسوخەزاڵ».

**ئاوپڕشە**: ئاوڕەشە، ئاوپاشی.

**ئاوپڕیشکێنه**: ئاوپڕژێن، ئاوپڕژێنه: (ڕێژنه بارانەکەی بەدەست و بىرد/ ئاوپڕیشکێنەی ڕێی فریشتەی کرد) «ئاڵەکۆک».

**ئاوپژانن**: ئاوپشانن، ئاوپڕژاندن.

**ئاوپژاو**: ئاو لێ پڕژاو: (بۆنی سەر سەکۆی بە کاگڵی بە ئاوپژاوی لێوە دێ) «خەوەبەردینە».

**ئاوپژکێن**: ئاوپڕژێن، شەڕەئاف.

**ئاوپژگن**: ئاوپاش، ئاوپڕژێن.

**ئاوپژگنای**: ئاو پژان.

**ئاوپژگنه**: ئاوپاش، ئاوپڕژێن بۆ مێ.

**ئاوپژێن**: ١. ئاوپڕژێن، ئاپڕژێن، ئاوپاش، تەنەکەی ئاوڕشێنی،٢. ئاوپاشی، کاری ئاوپڕژاندن.

**ئاوپژێنکردن**: ١. ئاو پڕژاندن،٢. بریتی لە شادکردنی دڵی کەسێک: (بەختت بڵێن بێ، گەرد نەگرێ ڕەنگت/ ئاوپژێن بکرێ، جەرگ و دڵی تەنگت) «سەعیدومیرسێوەدین».

**ئاوپشانن**: ئاوپڕژاندن، ئاوڕەشەکردن.

**ئاوپشت**: ١. پشت، دەنگێکە بۆ دەرکردنی کتک، ٢. ئاوی پشت، مەنی،٣. لە پشتێک گووران: (ئەتۆ خەمی چیتە؟ برای ئاوپشتت لە ماڵێیە) «موکریان».

**ئاوپشیا**: ئاو لێ پڕژاو.

**ئاوپشین**: ئاوپڕژێن کردن.

**ئاوپۆش**: ئاوسەر، ڕەوتی ئاو داپۆشین.

**ئاوپۆنگ**: پۆنگاو، ئاوپەنگ.

**ئاوپەتی**: ئاو خاڵی: (دووکەش هەی ئاو پەتی‌یە) «دەروێشیان».

**ئاوپەڕ**: ١. زەمبوورە، زەنبورەی ئاش، دارێکی کونکری لە بنی دۆڵاشدا تا ئاوەکە بە تەوژم لە پەڕەکە بدا و هەڵیسووڕێنێ،٢. هەوا، ماس، پەنمیانی برین،٣. ئاوبڕ، نەخۆشییەکی ئاژەڵە بە هۆی خواردنەوەی ئاوی سارد،٤. کاتی شیلە بەستنی دەغڵ،٥. ئاودانێکی سووکی دەغڵ،٦. ئاوڕشێن، ئاوپڕژێن،٧. کوان، قونیر،٨. دمەڵی ک ئاودووز کردوو،٩. قرنیزی سەر دیوار، سەر ئاسەر دیوار،١٠. کێوێکە لە خوڕخوڕەی سەقز.

**ئاوپەڕە**: ١. حەیوانی ئاوەکی،٢. پەڕەیەک بە هێزی ئاو بگەڕێ.

**ئاوپەڕێن**: دژاو، زەوییەک کە ئاودێرانی دژوار بێ.

**ئاوپەز**: کولاو، کولیاگ، کەلاندی: (دۆ تا تۆخمیمۆرغ ئاوپەز، بەرەی زۆرم دۆرۆس بۆکۆ) «دەروێشیان».

**ئاوپەساو**: پەساو، پاشاو، قووناو، چڵکاو.

**ئاوپەنگ**: پۆنگاو، پەنگاو، گۆماو.

**ئاوپەنیر**: سوێراوی هەڵگرتنی پەنیر.

**ئاوپیادان**: ئاوکێشان، شۆردن، ئاو تێوەردان، تێهەڵدان، تێڕادان.

**ئاوپیاکردن**: ١. ئاو لە کەسێک پڕژاندن،٢. ئاو تێوەردان،٣. ئاو پڕژاندن لە شتێک.

**ئاوپیای**: مەنی، شاوەت، تۆماوی پیاگ.

**ئاوپێچی**: لادانی ئاو ئەڕای ئاویاری.

**ئاوپێدادان**: شۆردن، شتن: (نابینم وەکوو پار لە بەر پلووسکا/ ئاو بدا بە کولمی نەرم و ناسکا) «گۆران».

**ئاوپیزی**: مرۆی تەمەڵ و گوشاد.

**ئاوپێو**: ئامرازی پێوانی قورسی و سووکی ئاو.

**ئاوت**: ١. ئاوی تۆ، شاوەتت: (ئاوت هاتەوە؟)،٢. ئاوی ڤەخوارن: (ئاوت خواردەوە؟)،٣. ئاوی نیشتمان: (دیمەنت، هەردت، هەوارگەت، ئاوت) «هێدی».

**ئاوتا**: ١. هاوتا، هاوسەر، هاوشان، هاواڵ، ئامتا،٢. هاوزا، هاوزێ.

**ئاوتاف**: ئاوی خوڕ، ئاو قونرەدار،٢. دیەکەیگە

لە کرماشان.
**ئاوتاڵ**: عارەق، شەراب.
**ئاوتاڵوسوێڵ**: ١. ئاوی تاڵ و سوێر،٢. بریتی لە ڕەنج و ترش و تاڵی ژیان.
**ئاوتانجین**: دیەکەێگە لە کەنگەوەر.
**ئاوتاو**: ئاووتاو، ئابوتاب.
**ئاوتراز**: کاری ترازکردن بۆ گەڕانی ئاو.
**ئاوتراش**: شووتی یا میوەی بە کەوچک کرێندراو.
**ئاوتراش کردن**: کراندنی هێندێ میوە بۆ گرتنی ئاوەکەی(شووتی).
**ئاوترسی**: حاڵەتی لە ئاو ترسان کە بە هۆی نەخۆشی هارییەوە مرۆڤ توشی دەبێ.
**ئاوترنگەکەر**: ئاو لرپپەکەر.
**ئاوتلا**: ١. ئاوکاری بە زێڕاو،٢. تەلا لە ئاو هەڵکێشان و دانی ئاوەکە بە کەسێ بۆ ڕەواندنی ترس باشە: (گوشبارەتە بزەن تو ئاو بدە بۆخۆرە بەچەکەت خەیلی تەرسیدە) «دەرویێشیان».
**ئاوتلاکاری**: زێڕاودانی کانزا.
**ئاوتوم**: ١. ناڤێ خوەدێ،٢. دروسکەرێ ئاڤێ.
**ئاوتەقینەوە**: بەو کانییە دەڵێن کە لە بەهارا لە چاو ساڵی پێشوو زۆر زیاد دەکات.
**ئاوتەلا**: ئاو زێڕ، ئاڤا زەڕ، زەرکەش: (بەی دەستوور بە ئاو تەلا و لاجیوەرد/ سەرلەوح ئەی لەوح جەدوەل‌کاری کەرد) «خانای قوبادی».
**ئاوتەنی**: مەلە، سۆبایی.
**ئاوتێبەردران**: ئاودێری کران: (مەرەزەی شارەزوور دەستی بە خۆیا هێناوە، گۆلەکان ئاو تێ بەردراوە) «ڕشتەی مرواری».
**ئاوتێزان**: ١. ترێ کە تازە دێ ئاڵوبۆڵ بێ،٢. ئاو لە دەم زان بە هۆی ترشی: (ئەوەندەی باسی مزرۆکە کرد، هەرچی لە مەجلیسەکەدا بوو، دەمیان ئاوی تێزا) «موکریان»،٣. ئاوی لە چاو هاتوو بە هۆی پیوازەوە.

**ئاوتێزاین**: ئاوتێزان.
**ئاوتێکردن**: ١. پڕکردن(دەفر)،٢. ئاو ڕژاندن کاتی جووت بوون.
**ئاوتێگەڕاو**: ئاوتێگەڕیای.
**ئاوتێگەڕیای**: ١. ئاوتێگەڕاو، ئاو گرتنی میوە،٢. دڵ ئاو کردنی لاوی تازەباڵغ.
**ئاوتێوەردان**: ئاو پیادان، ئاوکێشان.
**ئاوجا**: ئاوجە، ئاوجە، هێوەرژن، براژنی مێرد: (ڕقی هەوێیە یەک بە ئەسکوێیە، ڕقی ئاوجایە یەک بە دنیایە) «پەند».
**ئاوجارو**: گەسک، ماڵین: (دەر حەسارەکە باش ئاوجارو بۆکۆن، ممان داریم) «دەرویێشیان».
**ئاوجاو**: گەوج، گەمژە، گێل، گێلۆکە، گەلحۆ، هەپلەگون.
**ئاوجز**: ١. ئاودز، ئاودەڵێن، قەڵەشت و کەلێنێ ئاو بدەڵێنێ،٢. ئاو دزینی برین، کۆبوونەوەی کیم و زووخ لە برینا: (ئەگەر مەزانی ئی بە چێش مەردەن؟/ نازە و ناخوونیش ئاوجزش کەردەن) «ڕشتەی‌مرواری».
**ئاوجۆ**: بیرە، مزرە، ڤەخوارنەکە ل جەهـ چێدکن.
**ئاوجۆساز**: کەسێ بیرە چێ دەکات.
**ئاوجۆسازی**: ١.کاری چێکردنی ئاوجۆ،٢. جێی دروسکردنی ئاوجۆ.
**ئاوجوشایجوش**: ئاوکوڵ، ئاڤا کەلاتی: (ئاو جۆشای جوش ڕختە ڕو دەساش، پوسش کەنە) «دەرویێشیان».
**ئاوجوو**: بریتی لە مفت.
**ئاوجویە**: ئاوجۆ، ئابجۆ.
**ئاوجویەپاش**: مەلێگە سییەرەنگ و خوەش‌دەنگ، حەرام‌گوشت و چەنە مەلۆچگێگە.
**ئاوجە**: ئاوجا، هێوەرژن.
**ئاوجەڕ**: ١. نیشتاو، داکشە، نشوست‌کردنی ئاوی دەریا بە هۆی گەڕانی زەوی لە هەمبەر مانگ،

دژی بەرزاو،٢. بەن مەوجـــان ک لە نـــاو ئـــاو شووریاس.
**ئاوجەو**: ئاوجۆ، ئابجۆ، مزرە.
**ئاوچا**: ١. بیر، چا، چاڵاو،٢. ئاوی چاڵاو.
**ئاوچاند**: ١. ئاوچێن، ڕەوتی چاندن و ڕوانـدنی گیا لە ناو ئاوا،٢. گیایەک کە بەو شێوە چێندرابێ.
**ئاوچاو**: فرمێسک، ئەسر، ئەسرین.
**ئاوچـــاودان**: ١. لە تماشـا دڵخـوەش بـوون، لە نوورِســـن کەیـــفبردن،٢. زاخـــاو چـــاو دان، ســـەرنجدان، بـــال کشـــاندن، لێوردبـــوونەوە،٣. ترسانن، ترساندن.
**ئاوچاودایِن**: ئاوچاودان.
**ئاوچاوسەنن**: ترسانن، ترساندن، تۆقاندن.
**ئاوچایگ**: ئاوسارد، ئاو سـازگار، ئـاو خـوەش، ئاڤا تەز، ئاڤا تەزی.
**ئاوچ تەپە**: گوندێکە لە خوار توزخورماتوو.
**ئاوچرکاو**: ئاوی پاشماوە و پـیس: (سـەیکۆ چ ئاوچرکـاوی ئـا تومـانەکەت دەرمیـادا! چەنـیە نەشوستی؟) «دەروێشیان».
**ئاوچش‌ساندن**: ئاوی چاو گرتن، ترساندن: (یەی ئـاو چشـی ئەزش سـەندم، تـا دیە ئەزی غەلەتـا نکۆنە) «دەروێشیان».
**ئاوچشـــمە**: ١. ئـــاوی کـــانی،٢. دیەکەیـــگە لە بەدرەی ئیلا.
**ئاوچک**: تکانی ئاو لە هەر شتێ.
**ئاوچلاو**: ئاوچلەو، ئاوی دوای داڕشتنی برنج.
**ئاوچلپکاو**: قـوڕ و چڵپـاوی دوای بـاران: (تـو کـوچە یەی ئاوچلپکـاوی شـۆدە کە خەر میمـانە توش) «دەروێشیان».
**ئاوچلەو**: ئاو چلاو.
**ئـــاوچن**: ١. ڕادەی ئـــاو کێشـــانی زەوی کشـتوکاڵی، ٢. ئـاوگیراو، کوشـراو: (کراسـەکە ئاوچن کریاگە).
**ئاوچنراو**: ئـاوگیراو، خەسـت، خەسـتە، هەسـە، هەسێنە، تاچن، خەستەوەبوو(ماست).
**ئاوچنکاری**: ئاوچنی.
**ئـــاوچن‌کردن**: کوشـــین، گوشـــین، ئـــاوگرتنی کراسی شۆراوە.
**ئاوچنە**: ئاوچۆڕە.
**ئاوچنی**: ئاوچنکاری، ڕەوتی گرتنی ئاوی شتێ.
**ئاوچنیای**: تەواو بوونی ئاوی چێشـت لە کـاتی کوڵاندنیا.
**ئاوچنین**: ١. گووشان، ئاوەچۆڕە کردن، ئاوچنی، ئاوگرتن(جل)، ٢. ئاو سەنن، ئاوی پۆڵا گـرتن،٣. کوشین، ئاوگرتن(فیقی).
**ئاوچۆڕ**: ئاوچۆڕە، ئاوچۆڕگە.
**ئاوچۆڕگە**: شوێنی هاتنە خوارەوەی ئاو لە بانەوە.
**ئـــاوچۆڕە**: ١. ئـــاوچنە، دەفـــری تـــۆڕی بـــۆ چۆڕاندنەوەی شتی شۆراو،٢. باریکە شوێنێک بـۆ پێدا ڕۆیشتنی ئاو،٣. لووشن، چڵمن، مووشن.
**ئاوچوون**: ١. لە ئاو چوون، کـورت بـوونەوەی قوماش بە شۆردن،٢. لاوازبوون.
**ئاوچەقچەقە**: چوو درێـژی ک سـییەکەرکەیل وە پێ تاڕنن.
**ئاوچەنەشی‌یەی**: ئاو دەڵاندن، ئاو لێ چوون.
**ئاوچێن**: ئاوچاند.
**ئاوحەوزکەش**: ئاو حەوزی.
**ئاوحەیوانی**: ئاوی حەیات: (وێت دەر وە نەرمـی نە تۆی یەمانی/ نەو تورەی مانی، ئـاو حەیـوانی) «مەولەوی».
**ئاوخاکی**: ئـاوی خـاکی، پاپۆڕێـک کە هەم لە ئاودا و هەم لە خاکی‌دا کەڵکی لێوەردەگیرێ.
**ئاوخانە**: ١. ئاودەسخانە، سەراو، کەناراو، پێشـاو، ئـاوڕێژ، ئـاودەس، ئەدەبخـانە،٢. ئاوخـانەی ژێـر

لانکەی منداڵ.

**ئاوخراپڕژان**: خراپ عاملان: (تازە ئەوە بە تۆ چاک نابێ ئاوەکەی خراپ ڕژاوە!).

**ئاوخوا**: ١. کاری ئاوئاڵەت کردن،٢. ئاوخوێ، خوێاوک،٣. تامخوا، تام بە قسیە دان.

**ئاوخواردا**: گوندێکە لای پیرانشار.

**ئاوخواردن**: ١. ئاوخواردنەوە، ئاڤنۆشکرن، ئاو نۆشین، ئاڤڤەخارن، ئاڤخارن،٢. خەرجی زۆر هەڵگرتن،٣. زۆر هاسان بوون،٤. ئاویاری کردن،٥. ئاوی تایبەت بۆ خواردنەوە،٦. واتای قووڵ بۆ قسەی ڕەق،٧. لاناوە لە ڕاساماڵ.

**ئاوخواردنەوە**: ١. ئاوخواردن، ئاڤ ڤەخارن: (ئاوت خواردەوە جارێک لە کانی/ بەردی تێمەخە، خۆ تۆ ئینسانی) «حافز»،٢. ئاڤ، ئاوی خواردنەوە: (لیوانێکم ئاو خواردنەوە بۆ بێنە)،٣. بریتی لە کاری سووک و هاسان: (بەرخەوانی بۆ وی گاڵتەیە، کارێکی نییە، ئاوخواردنەوەیە) «ئەمیری».

**ئاوخواردە**: گوندێکە سەر بە پیرانشار.

**ئاوخواز**: ١. ئاڤخاز، ئاوکێش، ئاوبەر، خواردنێک کە تونیاتی دێنێ، دەڵێن: (کەشک و نیسک ئاوخوازن) ٢. ئاوخواز، ئەوەی داوای ئاو دەکات،٣. زەوی ئیشک کە زوو ئاو هەڵدەمژێ،٤. تونی، تینوو(گیا).

**ئاوخواکردن**: ١. ئاوئاڵەت کردن،٢. تامخوا کرن.

**ئاوخۆر**: ١. ئاوگر، ئاوگیر، ئەو بەشەی ئامراز کە دەکەوێتە ناو ئاو: (ئاو خۆری کەشتی)،٢.بەراو، بنەجۆ، دەراڤ، جێی دابین بوونی ئاوی ئاڤدێری،٣. بەرسمێڵ، وەرسمێڵ،٤. ئاوچن، ڕادەی ئاو کێشانی زەوی،٥. ئاڤ ڤەخۆر، کەسێ ئاو دەخواتەوە،٦. پیاڵە، پیان، ترگال، پەرداخ.

**ئاوخۆردەن**: ئاوی تایبەتی خواردنەوە.

**ئاوخۆرشت**: ئاو چێشت، ئاوی شۆرباو.

**ئاوخۆرگە**: دەراو، دەراڤ، مەخەڵگا، جێی ئاوخواردنی ئاژەڵ.

**ئاوخۆرە**: ١. ڕەگی سەرەکی گیا و ڕوەک کە تەڕایی هەڵدەمژێ،٢. ناوەڕۆکی لق کە تەڕی ڕادەگوێزێ،٣. لیوان، شەربە، پیاڵە، ئاوخۆری: (ئاوخۆرە و قومقومۆکی چینی/ ناو ژوور دەگەڕان بە نازەنینی) «هەژار»،٤. ئاسنێکی باریکە لە لەغاوا دەچێتە ناو زاری ئەسپ،٥. قووڵکە، چاڵێ لە نێو تەپۆڵکەی خاکدا بۆ تێپڕژاندنی ئاو: (لە باکووری ئەو ئاوخۆرەی کە پەڕەگەی خۆرهەڵاتی ڕیزە ئاوخۆرەکانی سەر لێواری سەرانگوێلکەکە ڕاست، بە ڕاستی درگای حەوشە بوو، سەرنەگیراوە) «خاک و چەوسانەوە».

**ئاوخۆرەوە**: ڕەشایی، لادێ نشینی بێ زەوی کشت و کاڵی: (باراش و زەخیرەی ئاوخۆرەوە و فەلاحە هەژارەکان شڕ بووبوون) «خاک و چەوسانەوە».

**ئاوخۆرەی‌ئاوکێش**: دەماری دار و ڕوەک کە شیلەی پەروەردە لە گەڵاوە دەبات بۆ ساقەتە و ئەندامی دار.

**ئاوخۆرەی‌چێوی**: ئەو ڕەگانەی دار کە تەڕی لە ڕیشەوە بۆ گەڵا ڕادەگوێزن.

**ئاوخوری**: ئاوخۆری.

**ئاوخۆری**: ١. گۆزە، شەربە، ئاوەخۆری، ئاوخۆرگە، ئاوخوری، کاسە، جام، جامولە، زەرک، پەرداخ، لیوان، هەرشتێ ئاوی پێ بخورێتەوە،٢. تۆنگە، پارچ،٣. ئاوەخۆرە، ئاوخۆرەی دار، مێشک و نێوی دار،٤. لەغاو، دانەلەغاو، جۆرێ دەمبێنی ئەسپ کە دەتوانێ ئاوی پێ بخواتەوە.

**ئاوخۆس**: سفەتێکە بۆ هێندی گیاندار کە لە ناو ئاوا دەخەوێ.

**ئاوخۆش**: ئاوی سازگار.

**ئاوخۆش کردن**: شیلەوگەرم کردنی ئاو.
**ئاوخوناو**: خونابە، خوێناو.
**ئاوخوناوە**: خونابە.
**ئاوخووار**: هێنانە خووار.
**ئاوخوەر**: تینوو، کەسێ ئاو دەخواتەوە.
**ئـــاوخوەری**: ١. ئـاوخۆری، پەرداخ، جـامۆڵە، لیـوانی ئـاوخواردن،٢. دەراو، ئـاوخۆرکە، جێـی ئــاوخواردنەوەی چــۆم و ئەســتێر،٣. کــورەک، ئاوخۆرە، کورۆکی درەخت،٤. دیانەی عەجەمـی، جۆرێ دیانەیەکی لغاوە،٥. لایە، ئەو بەشـە لە زەو کشتوکاڵ دەنەێ وەرزێرێ ک بنچاخێ نەیرێ.
**ئاوخوەش**: ئاوچایگ، ئاوی سازگار.
**ئاوخوێ**: سوێراو، سوێراڤ، خوێی تاواوە.
**ئاوداخستن**: ١. ئاوشکاندن، ئـاوبرین، بەردانەوەی ئاو لە شـەلەگەوە،٢. ئـاوگرتن، ئـاژین کردن، ئـاو بەردانە سەر مەزرا.
**ئاوخیز**: زنە، زەمینی تەڕ و ئاودەڵێن.
**ئاوخێز**: ئاوخیز، ئاوەزا، نمرچ.
**ئاوادان**: ١.هەڵمـژین، ئـاو قـوت‌دانی زەوی،٢. تەڕاپی‌دان، دەڵاندن(گۆزە)،٣. نەخۆشییەکی لاقـی یەکسم و بەرزەوڵاخە.
**ئاودادەن**: ١. ئاودان، ئاودێری‌کرن،٢. ئاودانەوەی ئاسنی داغ.
**ئاودادە**: قایم، ئاودراو.
**ئاودار**: ١. هەزارکانی، شوێنێ کە کـانی و ئـاوی زۆر بـێ ٢. ئاڤـدار، تەڕ، پـاراو، پڕئـاو: (شـنەی شـەماڵی کەلـی بەهـارم/ لەرەی ئـاونگی مێرگـی ئاودارم) «گۆران»،٣. گەش، تەڕ: (کوڵمی سوور و خاڵی شین و لەعلی لێوی ئـاودار) «مینەجـاف»،٤. دەبـــان، بە خاڵومێـــڵ، تیغـــی بـــریقەدار و جەوهەردار،٥. پیــرۆزە، مــرواری،٦. کەســێ کە ئاوی هەبـێ یـا کێشـکچی ئـاو بـێ،٧. قـاوەچی، چایی‌چی، چاپەز، ئـاودارچی،٨. خـۆش، تامـدار: (پرتەقـاڵ پرتەقـاڵم پرتەقـاڵ/ میـوەی زسـتانم لە سـاڵ/ زۆر بەتـام و ئـاودارم/ لە نـاو باخچەکـان دیارم) «شینار محەمەد قادر»،٩. تەڕ، بەهێز و کارا: (دەسـتی عزەتـت دائـیم لەسـەر بـێ/ هەرمێـی بەهەشـــتت ئـــاودار و تەڕ بـــێ) «پیرەمێـــرد»،١٠. ئاودێر، ئاڤدێر،١١. خـاو، زولفـی تـازە شـۆردراو: (ژێرچەنەی لەعل و عەقیق و مـلەوانەی زێـڕین/ گۆ لە مل، دیدە بەکل، پەرچەمی ئـاوداری هەیە) «قانع».
**ئاودارچی**: ئودار، ئابدار، قاوەچی.
**ئاودارخانە**: ١. قاوەخانە، چایخـانە، چاخـانە،٢. عەماراو، جێگەی ئاو، عەماری ئاو،٣. بـارگەوبنەی ئاوداری شا و گەورەپیاوان.
**ئاودارە**: ئاودێر بۆ مێ.
**ئاوداری**: ١. چایچێتی، چاییچی‌گەری، قاوەچێتی، ئاڤــداری،٢. تەڕی، پــاراوی، پڕئــاوی(میوە)،٣. خیگەی ئاو،٤. خورج ئاوداری، جەواڵێ کەلوپەلی چایی لێنانی تێـدەخرا،٥. ئاوداشـتن، ئـاودێری،٦. جۆرێ گوڵە: (ئابی و ئاوداری و نیلۆفەڕی زەرد/ حاشیەی دەوری وەک خاڵی بێگەرد) «پیرەمێرد».
**ئاودارِیا**: ئاودێراو، داشتراو.
**ئاودارِیای**: ئاودێران، ئاوداشتن.
**ئاودارِیێ**:  ئاودێراو.
**ئاوداشـــتن**: ١. ئـاودێران، ئـاودێری، ئاویـاری، ئاڤدان، ئاڤـدێری زەوی: (یـا جـووت یـا جـۆگە هێنان/ بۆ ئاو داشتن دەغڵودان) «قانع»،٢. مـاوەی ئـــاودێری، مـــاوەی ک ئـــاو زەو پـــێکەن،٣. ئاوداربوون.
**ئــاوداگرتن**: سـێڵاو سەرکشـان، بـوون بە ژێـر ئاوەوە.
**ئاوداگری**: ئاو داپۆشی، ئاویەرەگێرتەی.

**ئاودامان**: ئاودامێن، کراس یا کەوای دامێن‌شۆڕ: (لە سەر قەبرەکان داری ئەرخەوان/ وەک بووکی تارا سەوزی ئاودامان) «گۆران».
**ئاودامێن**: ئاودامان.
**ئاودان**: ١. داشتن، دیران، ئاڤدان، ئاوداشتن زەوی: (لەگەڵ ڕەزا چەند بنجێک گوڵمان هێنا و لە قوژبنێکی حەوشەکە چێنامانن، بە ڕۆژ پشقڵمان کۆ دەکردەوە و دەمان‌کردە بنی و ئاومان دەدا) «کۆردەرە»،٢. ئاوپێدان، تێراوکردنی ئاژەڵ و ئایم: (ئێوارە بەرەی ماینی ئاودەدا/ بە دەستی چەپەی سمێڵ بادەدا/ بە دەستی ڕاستەی لغاو لادەدا) «فۆلکلۆر» ٣. ئاودانی تیغ، سوورکردنەوەی پۆلا: (دەڵێن زوحاک دڵی بەردی بە بەندیخانە دانابوو/ بەڵام شمشێری مەرگی خۆی لە کوورەی کاوە ئاو دابوو) «قانع»٤. ئاڤا، ئاوەدان،٥. میزەڵدان، گمێزدان، مسوڵدان، میزدان،٦. گوشاد، هەراو، ڕەسا،٧. ئاوخانەی ژێر لانکەی ساوا،٨. بریتی لە گایین: (بەهری ئاودانی مەزرەعەی فەرجی/ جووتەگون جووتە، کێریش ئاودێرە) «شێخ ڕەزا»،٩. ئاو و دانە، خۆراک، چەشتە،١٠. دەفری بۆ ئاوی مر و دیکل،١١. بریتی لە زۆر زیرەک بوون: (حەقیەتی، ئازایە، ئاقڵە، خوێندەوارە، هەزاری وەک من دەباتە سەر ئاوێ، ئاوی نادا و دەیگێڕێتەوە) «میرزا»،١٢. سوولاوک، ئابشار: (نائرەی سەبرم بە حەسرەت وا لە گریانا بڕا/ دێ بە خوڕ فرمێسکی خوێنینم لە چاو وەک ئاودان) «سالم».
**ئاودانان**: بەشێکە لە ئیلام.
**ئاودانەوە**: ١. تێغی سوورەوەبوو خستنە ناو ئاو یا ڕۆن بۆ ڕەقبوون،٢. ئاوکاری بە زێڕ و زیو،٣. ئاو دەردانەوەی ماست(چێشت)،٤. تەزین، تەزیان، ڕەحەت بوون.
**ئاودانی**: ئاوەدانی، ئاوایی، ئاوانی.

**ئاودانیشتن**: ئیسحال بوون: (ئەوڕۆ دوو ڕۆژە ئاوێکی ڕوون دادەنیشێ).
**ئاودای**: ئاودان، دێران.
**ئاودایێن**: ١. ئاو دان، تێراو کردن،٢. ئاو دانەوەی ئاسنی سوورکراوە.
**ئاودانە**: ئاو کردن بە دەمەوە.
**ئاودایۆ**: ئاودانەوە، دێرانەوە.
**ئاوددان**: هاوتەمەن، ئاودنان.
**ئاودڕ**: ١. ئاودڕکە، ئاوڕکە، ئاودڕگە، ئاوکەن، ئاڤدڕکە، کەناو، کەندەڵان، کەند، کەنداڤ، کۆریان، گەڕ، دەلاڤ، چەمبل، شیو، خڕ، شوێنێ ئاو دایدڕیبێ: (لە هەر ئاودڕێک، دەستاوێک ئاو خۆ دەکێشێتە ماشیوێ) «هەزار ئەشکەوت»٢. دڕناو، دڕناڵ، دەلاو، کەنداو، خەلیج، بەرەوپێش چوونی ئاو لە وشکانیدا.
**ئاودڕان**: ١. ئاودێری کران،٢. ئاودڕانەوەی تیغ و شتی لە پۆلا.
**ئاودڕاو**: ١. ئاودێری کراو: (شۆخێ کە ڕابیتەی دەمەکەی پڕ لە خەندەکەی/ خونچەی گوڵی بە ئاوی حەیات ئاودڕاومە) «بێخود»،٢. تیخ و تیری ئاودڕاو: (برژانگ وەک تیری ئاودڕاو بە سەم/ جەرگی عاشقان ئەبڕن بە ستەم) «پیرەمێرد».
**ئاودڕکە**: ئاودڕگە، ئاودر، کەندەڵان.
**ئاودڕگە**: کەندەڵان، کەناو، ئاودڕ.
**ئاودریا**: ئاودراو، دێراو.
**ئاودریای**: ئاودان، داشتن.
**ئاودریێ**: ئاودراو.
**ئاودز**: ١. درز و قەڵەشی ئاڤ دەڵێن: (مەنفەز و درز و ئاودزی هەرچەند/ دەیگرم، دەیکوتم، بە دەست و بە پێ) «شێخ ڕەزا» ٢. ئاوجز، ئاوەدز، تەشەنە، کۆبوونی کیم لە بریندا ٣. شرنقە، شرینقە، سرنج، ئاودزەک، ئاودووزەک، ئامرازی دەرزی لێدانە،٤. دزی ئاو،٥. مڵە.

**ئاودزکەردەی**: ئاوجز کردن برین.

**ئاودزە**: ١. ئاوجز،٢. دزی ئاو بۆ مێ.

**ئـــاودزەک**: ١. دەرزی، شـــرینقە، ســـورەنگ،٢. تکەدەڵێن، قەترەچکێن،٣. مڵە، جۆبرە.

**ئاودزیەی**: ئاو دزین.

**ئاودۆزەک**: ئاودزەک.

**ئاودۆزی**: کاری دۆزینەوەی چاوەی ئاو شیرین.

**ئاودووزەک**: ئاودزەک.

**ئـــاودل**: ئەول، عەودال، کـــورت‌کراوەی نـــاوی عەبدوڵڵا.

**ئاودڵانن**: ئاودەڵاندن، ئاو تکاندن.

**ئاودنان**: ئاو ددان، مینای دیان.

**ئاودو**: دۆی تراو و ئاوەکی.

**ئاودۆ**: ١. دۆ، ماست و ئاوی ژەندراو،٢. ماستاو، ماساو،٣. ئەوێ‌دۆ، دۆغرمە، تـریتەدۆ، ئاڤاماسـت، جۆرێ خواردنە.

**ئــــاودوزەک**: ١. قەتـــرەتکێن، تکەدەڵـــێن، قەترەچەکـــان،٢. ســـرینک، ســـورەنگ، ســـرنگ، شرینقە، ئاودووزەک.

**ئاودۆزی**: ڕەوتی دۆزینەوەی ئاوی ژێر زەمین.

**ئـــاودۆک**: نێـرەژەن، نـاودار، داری بەینـی دوو لۆلەپی مەشکە.

**ئاودونان**: جۆرێ شیرینی بە ناوبانگە.

**ئاودوو**: ئاودو، ئاو ئامێتەی دوو.

**ئاودووز**: زامێگ ک ئاو چرکپەڕێ کردو.

**ئاودووزبوون**: ئاودزینی برین.

**ئاودووزەک**: ئابدووزەک، ئاودوزەک، شرینقە.

**ئاودەئاونگ‌داکوتان**: بریتـی لە کـاری بێ‌هـوودە کردن: (لایان وایە کۆشـش و هەوڵدانـی پیـاو لە تەنگانە ڕزگار بوون، بۆ بەرەو ئاسوودەیی چوون، ئاو لە ئاونگ‌دا کوتانە!) «دایەباوە».

**ئاودەبێژنگ‌کردن**: بریتـی لە کـاری بەخـۆڕایی و بێ‌سەمەر: (پارەی بەخشندە و ئاوی نـاو بێژنـگ/ وەک پشکۆی بکرێتە ناو چنگ) «پیرەمێرد».

**ئاودەر**: ١. ئاڤدەر، ئاوبەر، ساقی، ئەوەی ئاو بـدا بە کەسێ،٢. ئاویار، ئاودێری زەوی و زار: (هەتـا بالۆرەبێژم بچنە شاخی/ هەتا ئاودێری گوڵ، گوڵ بێ لە باخی) «ڕاوچی».

**ئاودەرد**: ئاودێر، ئاویار.

**ئاودەردان**: ١. ئارەق کردن،٢. ئـاو هـاتنەدەر بە کوشین و گەرم‌کردن،٣. خاڵی کردنی ئـاو(بیر)،٤. دەڵاندن، تەڕاییدان(گۆزە)،٥. پاڵاوتن، پارزنین،٦. بریتی لە ڕەنج‌دان و زەحمەت‌کێشان.

**ئاودەرمانی**: ڕەوتی دەرمان کردنی نەخۆشـی بە ئاو وەک: خۆ لە کانیاوی گەرم شۆردن.

**ئاودەرە**: ١. بناو، کونجۆکارێزی،٢. ئاودەر بۆ مێ.

**ئــــاودەری**: ئـــاودەیی، ئـــاودەهی، توانـــایی ســـەرچاوەیەکی ئـــاوی بـــۆ ئـــاودان لە هەر چرکەیەکدا.

**ئاودەریئاژینی**: ئاژین‌دێر، هاژین، ئاژین.

**ئاودەریبارانی**: ئاویاری بارانی، جۆرێ سیسـتمی ئاودێری نوێیە.

**ئاودەریبەتەوژم**: ئادێری بە هۆی گوشـارەوە کە ئاوەکە دەپرژێنێ.

**ئاودەریدایمی**: ئاودێری بەردەوام و سەرەمرە.

**ئاودەریسووک**: نمەئاودانی مەزرا، کاتێ مەترسی ڕچان و سەهۆڵبەندان هەیە.

**ئاودەریلیپاولیـپ**: ئـاودارەی قەڵاچـین، مەسـتاو کردنی زەوو.

**ئاودەریوەرزی**: ئابیاری فەسڵی و کەژی.

**ئاودەریتنۆکەیی**: ئاودێری قەترەیی.

**ئاودەزگ**: زگێ ک ئاو هاوردوو.

**ئاودەس**: ئاودەست.

**ئاودەست**: ١. ئـاودەس، ئاودەسـخانە، ئەبخانە،

ئاڤدەست، پێشاو، کەنشت، کەنیشت، کەییل، ئاڤرێژ، ئاورێژ، ئاڤرێژن، ئاوخانە، کناراو، کەناراو، چەشمە، خەلایێ، مەبال، نیشتنگا: (کە ئەچێتە عابخانەکە سەیر ئەکا پریاسکێکی گەورە لە سەر دیواری ئاودەستەکەیە) «رِشتەی مرواری»،٢. قولەتەین، ئاوی پاک لە رِوانگەی شەرعەوە،٣. هاوتا، بەرانبەر: (نمەبۆ پیری و تەن ناتەوانیت/ وەی دوو فەردەوۆ ئاودەس جوانیت) «مەولەوی».

**ئاودەستخانە**: ئاودەست، مەبال: (دەستە راست ئاودەستخانە و سەرشۆرک) «خاک و چەوسانەوە».

**ئاودەسخانە**: ئاودەستخانە، مەبال: (زۆربەی ئاودەسخانەکانی سەرەوەی شار و خانووە بەردینەکان دەرِژانە ناو کۆردەرەوە) «کۆردەرە».

**ئاودەگونگەرِان**: بریتی لە بالغ بوون، بزووتنی هەستی نێرینەیی: (تازە ئاوی دە گونی گەرِاوە، دەرسی چی و شتی چی!).

**ئاودەل**: ١. ئاڤدەل، دورِاج، پۆرِی نێر ٢. ناوی نێرینانە.

**ئاودەڵ**: ناوی مێرانە.

**ئاودەلان**: سیفەتە بۆ گۆزە و گڵێنەی چاک.

**ئاودەڵاندن**: تەرِاییدان، ئاو لێهاتن(گۆزە).

**ئاودەڵانن**: ئاودەڵاندن.

**ئاودەڵن**: ئاودەڵێن، گۆزەیەک کە تەرِایی بدات.

**ئاودەلوک**: گوندێکە لە خواری هەولێر.

**ئاودەلۆک**: گوندێکە لە باشووری کوێسنجەق.

**ئاودەڵێن**: ١. هەر شتێ ئاوی لێ بتکێ(گۆزە)،٢. درز، قەڵەش،٣. کون، کونای زۆر ورد.

**ئاودەم**: ١. ئاڤدەڤ، لیکاو، لیک، لیق، ئاڤدم،٢. لیرگ، لێەر،٣. هاودەم، هاونشین، دۆس، هەڤاڵ.

**ئاودەماغ**: چڵم، ئاو لووت.

**ئاودەماندن**: ئاو مژینی زەوی، ئاو چەشتن.

**ئاودەنگ**: ١. هاودەنگ، هاودەم، ئاواڵ، هاواڵ، برادەر، بەردەڤک، هاوهۆ، هاڤدەم: (ئەمن پێم خۆش نییە ئاودەنگی قەل بم/ ئەمن پێم خۆش نییە بێزاوی گەل بم) «تاریک و رِوون» ٢.خەمرِەوێن، ئۆگر، هۆگر.

**ئاودەنگی**: ١. هاودەنگی، هاوبیری، هاودەمی، برادەری، برادەرایەتی، دۆستایەتی رِێگا و دانیشتن: (حەمەش دەگەڵ خۆتان بەرن هەر باشە بۆ ئاودەنگی)،٢. بریتی لە کەسێکی کە هەر ئەوەی هەبێ کە قسە دەگەڵ پیاو بکا و نەیەڵێ دوەرِەز ببێ: (هەر وەک تەنیا بم وابوو، حەمە ئاودەنگی بوو).

**ئاودەنگیلە**: هاودەنگیلە، بریتی لە منداڵی هاودەنگ و هاورِێ.

**ئاودەهەن**: تف، ئاوی دەم.

**ئاودەیی**: ئاودەری.

**ئاودیان**: ١. هاوتەمەن، هاوعومر،٢. مینا، توێژی رِەقی دەرەوەی دیان،٣. ناوی ئەشکەوتێکە لای رِەواندز.

**ئاودیدە**: ١. بارهاتوو، بارهاتگ، رِاهاتگ،٢. پۆڵای ئاودیدە،٣. تەرِ، تەرِبووگ،٤. گڵێنەی ئاو لێدراو، لەئاو خراو و کۆن: (ئی کوزەی ئاودیدە بەرەی چیزم بود خەریدی) «دەروێشیان»،٥. فرمێسک، رِۆندک، ئەسر، ئەسرین.

**ئاودێر**: ١. ئاودەری زەوی، ئاڤیار، ئاویار، ئاوێر، ئاودەشت، قۆخڵ، گۆخڵ، وەراز، تووروەوان: (جەببباری بێفتووری، سوڵتانی بێقوسووری/ رِەززاقی مار و مووری، ئاودێری دێمەکاری) «حاجی»،٢. ناوی کورِانە.

**ئاودێران**: ئاوداشتن، ئاویاری کردن: (کەوا و پاتۆڵ رِەش، ئاوێ دەدێرێ/ پەیمانم پێی نێ، نامەی دەنێرێ) «فۆلکلۆر».

**ئاودێری**: ئاوداشتی، ئاویاری، ئاودێری، ئاڤدێری، تووروەوانی، ئاڤیاری: (کە دولبەر بادەنۆشیی کا،

ئەبێ مـن خزمەتـی مێـو کەم/ بە شـەو ئـاودێری باخات و بە ڕۆژ دەفعی چڵوچێو کەم) «قانع».

**ئاودیو**: ئاوا، ون، گوم.

**ئاودیوکردن**: لە بەر چاوان ون کردن.

**ئاور**: ١. ئاگر، ئـازەر، ئـایەر، ئـازر، ئـایر، ئـادیر، ئاهر، ئاهیر، ئاڤر، ئاتر، ئاتەر، ئاتەش، ئێگـر، دۆژ، یاگی: (گا دەسووتێم، گا دەگرییم، غەرقـی ئـاو و و ئاورم/ ئاخ لەبەر بەختی سـیا! نـازانم ئەز بـۆچ نامرم؟) «وەفایی» ٢. ئاوس، دووجان، دووگیان ٣. برسی، برچی، وورسی ٤. ڕوخسـارێکە بەسـام و سەنگین و گران بێ ٥. سەرنج، خێسە، نێـڕتن ب تێی چاڤی،٦. ئاوڕ، زڤرین ل سەر ملی،٧. غەمـزە، عیشوە، ناز: (مردم و نەمزانـی ئەو ئـاورەی منـی سـووتاند، چ بـوو؟/ حاسـڵی سـەیر و سـلووکی عاشــقان هەر: حیــرەتە) «وەفــایی»،٨. شــەمچە، فەندەک، وەسیلەی هەڵکردن.

**ئاوڕ**: ١. خێسە، تێبینی، سـەرنج، هـاڤری: (وان د چەرخێـدا کـو دیـم/ ئـاوڕ پەیـاپەی دانە مـن)، «جزیری» ٢. ئاڤر، بۆ دواوە ڕوانین: (وی گـۆ: ب غەمـزە و ب ئـاوڕ) «خـانی»،٣. ڕوو، ڕوخســار، دێم،٤. یارمەتی، سەرنج،٥. ئاخوڕ.

**ئاورا**: برسی، برچی، وورسی، سەودین، ڕەودین، ئەورا، نێز: (ئەز ژ نێزا مرم) «مشتاخ».

**ئـــاوڕا**: ١. هـــاوڕێ، هەوڕێ، بـــرادەر، دۆس،٢. هاوڕا، هاوعەقیدە، هاوباوەڕ.

**ئاورابی‌یەی**: ١. برسی بوون،٢. ئاوس بوون.

**ئاوڕاخووز**: ئاو ڕۆشن، ئاو ساف و ڕوون.

**ئاوراسا**: ئاورئاسا، ئاگرین، ئاتەشی.

**ئاوراکەردەی**: برسی کردن.

**ئاورامەردە**: لە برسا مردوو.

**ئاورامەردەی**: لە برسا مردوو.

**ئاوراو**: ١. قوماشـێ کە بە شـۆردن تێـک بچـێ: (یەی میتر زیاتەر میخەریدی، پارچەش ئـاوراوە) «دەروێشیان»،٢. گونجە، کونای ئاوەڕۆ.

**ئاورای**: برسیەتی، برچینی، ئاورایی، وورسیەتی.

**ئاورایی**: برسیەتی، برسێتی، وورسیەتی.

**ئـاوڕایی**: ١. هـاوبیری، هەمبـاوەڕی،٢. دۆسـتی، دۆستایەتی، هەوڕێیی، برادەری.

**ئاورایێنەمەردەی**: لە برسا مردوون.

**ئاورئاسا**: ئاوراسا، ئاتەشی، ئاگرین.

**ئاوڕئاوڕ**: ئاوڕدانەوەی زۆر: (کچ یەک لە دووی یەکدا خێزەرە دەبەستن دێـنە تێـوێ، کـوڕ ئـاوڕ ئاوڕیان وێکەوتووە) «ئەمیری».

**ئاورئــاوێتن**: ئـاور تێبەردان: (ئـاورت داوێـمە خەرمانی/ خۆشی نەبینی لە گیانی) «فۆلکلۆر».

**ئاورباران**: ١. تیرەندازی زۆر بە توندی لە شەڕدا: (بۆ ڕۆژی ئاخر زەمانێ/ دمدمم بەردی لە نزاری/ لێیان دا تۆپی هەوشـاری/ حەوت شـەو و ڕۆژان ئاور باری) «دمدم»،٢. گەرمای زۆری ڕۆژ: (ئـای هەریرە و ئاوربارانە/ یار بەبـێ تـۆ مـاڵم وێـرانە) «فۆلکلۆر»،٣. پریشکەی ئاور لێ هەستان: (لە پـێم دەکرد جووتێکە کەوشی نوقرە و پانیەم لە بەردی مەڕمەڕ دەدانە/ ئەوان دەیـــانکردەوە ئاوربـــارانە) «گەنجی سەربەمۆر».

**ئاورباران‌کردن**: ئۆغڵەمە کردن.

**ئاورباز**: یاریکەر بە ئاو، ئاگرباز.

**ئاوربردن**: بە هاسانی داگیرسان و گڕگرتن: (ئەم گوێنێیە تەڕە ئاگر نابا).

**ئاوربڕکردن**: تەمرانـدن، کوژانـدنەوەی ئێگـر بە تەواوی.

**ئاوربووژە**: تـاولەمە، پۆلگەشـێن، پنچەرخـێن، ئاگرگەشکەرەوە، ئاورگەشکەر.

**ئـاوربەر**: ئـاگربەر، ئـاردەف، گـڕبەر، ئەیرەگێـر، ئەوەی زوو ئاور بگرێ.

**ئاوربەردان**: ١. سووتاندن، شەوتاندن،٢. کار تێکردن×: (گوێ لە نەی بگرە لە ڕیشەی جەرگ ئاور بەر دەدا) «زاری».

**ئاوربەردانەوە**: ئاور کردنەوە، سوتاندن، شەوتانن.

**ئاورپەرس**: ئاورپەرست.

**ئاورپەرست**: ئاگرپەرست، گاور، زەردەشتی.

**ئاورپەرستی**: ئاگرپەرستی.

**ئاورپەرەس**: ئاورپەرس.

**ئاورپێبوون**: بریتی لە زۆر بلەز بوون: (ترەختان و ڕکێفکوت کەوتە ڕێیە/ لە خەڵکی وایە کابرا ئاوری پێیە) «هێمن».

**ئاورتەورێن**: ١. ئاگرکوژێن، کەسێ ئاو دەکوژێنێتەوە، ٢. ئامێری ئاور کوژاندنەوە.

**ئاورتەمرێنی**: ١. ئاتەشنشانی، ئاورکوژێنی، ئاوبڕی، کاری کوژاندنەوەی ئاور،٢. ڕێخراوەی بەڕێوەبەری ئەو کارە.

**ئاورتێبەربوو**: ١. منداڵی زۆر بزۆز،٢. ژن و کچی زۆر حەکەدار.

**ئاورتێبەربوون**: ١. سوتان، شەوتین، گڕگرتن،٢. تاسەی زۆر کردن، ئۆقرە لێبڕان: (دە وەرە دەستم دە ستۆ کە/ بۆ تۆم ئاور تێبەربوو) «حەسەن زیرەک»،٣. بەزەیی بە کەسێکدا هاتن: (هەر دیم زۆرم بەزەیی پێیدا هات، هەر ئاورم بۆی تێبەربوو)،٤. دۆعایەکە: (حەک ئاوری بێئامانت تێبەربێ).

**ئاورتێبەردان**: ١. سوتاندن، گڕ تێخستن،٢. نارەحەت کردن: (ئەو قسەیەت ئاوری تێ بەردام)،٣. نارەحەت بوون: (بیبارێکم خوارد ئاوری تێبەردام)،٤. بەزەیی پێدا هاتن: (وا دەپاڕاوە ئاوری دە پیاو بەردەدا)،٥. کاریگەری لە سەر دانان: (شێعری حەڵەبجەی نەجیبە ئەحمەد ئاو لە جەرگی مرۆڤ بەردەدا)،٦. بریتی لە دڵبردن: (جوانی بە دینم جوانی، بە ملوێنێ هەرزانی/ ئاورت لە من بەرداوە، سەرتۆپی کوردستانی) «حەسەن زیرەک».

**ئاورجا**: ١. ئاوردان، ئاگردان، کوانو،٢. شوێنی دانیشتن: (واتش ئاورجای نیشاتش کامەن؟/ عەزمش سەیر کام جاگە و مەقامەن؟) «خانای قوبادی».

**ئاورچەرخان**: تاولەمە، پۆلووگەشێن، کووری.

**ئاورخان**: توون، ئارتوون، ئاگرخان.

**ئاورخانە**: ١. ئاگرگەی پیرۆزی زەردەشتیان ٢. ئارتوون، ئاگرخان، جێی ئێگر.

**ئاورخۆر**: ئەوەی ئاور دەخوا: (دەبێ گاور وەسەر خۆ کا قوڕ و خۆڵ/ کە ئاورخۆرە دەرویشی فش و فۆڵ) «ڕاوچی».

**ئاورخۆرە**: وشترمر، شوتورمورغ.

**ئاورخۆشکردن**: ١. دەست تێوەردان و تین پێدانی ئاور،٢. تێکوەردانی ئاوری خەڵووز بۆ خۆشتر سووتان،٣. سووتەمەنی زۆرتر هاویشتنە سەر ئاور،٤. بریتی لە پەرەپێدانی کێشە و هەرا.

**ئاورخۆشکەر**: بریتی لە مایەفیتنە، ئاژاوەگێڕ: (ئەم پەندە ڕاستە و جێگەی باوەڕە/ دووزمان ئاورخۆشکەری شەڕە) «حافز».

**ئاوردان**: ١. ئاگردان، ئێگردان،٢. تەقاندن: (ئاوری دا، سەگبابی گەواد ئاوری دا) «حەمەدۆک»،٣. ئاوڕدانەوە، لاکردنەوە: (من دیت ل وێرێ جوانەک/ ئاور ددا ژ ئالەک) «سندی».

**ئاوڕدانەوە**: ١. ڕوانین بۆ دواوە، زڤرین، لاکردنەوە،٢. لا لێکردنەوە، بۆ لا گەڕانەوە: (زۆر کەمێ ئاوڕ وەسەر کشتوکاڵ داوەتەوە) «توحفە»،٣. باڵکشاندن، سەرنجدان: (ئاوڕی دەورم ئەدەم، هەرکەس بە دەردێ موبتەلان/ یەک لە برسا هار و هاج و یەک لە ترسا زیز و مات) «قانع».

**ئاوردن**: هاوردن، ئێنان، هێنان، ئانین.

**ئـــاوردو**: ١. ســوخت، ســوتمان، ســووتەمەنی، سۆتەنی، واگــردوو، ئــاووردوو، ئــازاڵە، ئێزینـگ، دارودوو، دەس‌ئایەر، کەشکوور، دەوە، تەپاڵە، دار و دەوەنی سووتاندن: (هەژار لێی‌دەبــڕێ ئــاوردوو و زمــهەر/ کــۆرووژمەی دەکــا فەقیــر، مــاڵانگەڕ) «هێمن»،٢. زەرەرمەنــدی شــەڕ: (ئــاگری شــەڕ لە نێــوان ڕوســیای تەزاری و عوســمانی‌دا ئایســا و گەلی کوردیش ئاوردوی ئەو ئاگرە ماڵوێرانکەرە بووە) «توحفە».

**ئاوردەخرمان‌بەربوون**: بریتی لە زیـانی زۆر مەزن پێ‌گەیشــتن: (خەبەر بەرن بــۆ خزمــانم/ ئــاورێ بەربۆتە خەرمانم/ شێواوە دەری بابانم) «حەســەن زیرەک».

**ئاوردەمێن**: ١. مەشکەی مسگەری،٢. کەسـێ بە مەشکە ئاو دەگەشێنێتەوە،٣. ئاورگەشێن.

**ئاوردەی**: هێنان، ئێنان، هاوردن.

**ئاوردەیرە**: داهێنان، شانەکردن.

**ئاوردەینە**: داهێنان، هێنانە ناو.

**ئاوردەیۆ**: هێنانەوە، ئانینەوە.

**ئاوردەیۆیاگی**: بەجێ هێنانەوە، بەجێ هاوردن.

**ئاوردەیەرە**: داهێنان، شانە لێدان.

**ئـاوڕژان**: ١. ڕژانــی ئــاو، قڵـپبوونەوە،٢. تــوو تکان (نێر، مێ)،٣. تۆو ڕژان، مەنی ڕژان،٤. ڕەنگ ڕژان، نەخشە دانــران،٥. بــوونە بــاو: (بە ئامــان و زامان بۆلای دراوی ناچێ، ...بریکێش پیــر بــووە، بڵێم چی تازە واهــاتووە، ئــاوێکە و بــۆی ڕژاوە) «ئەمیری».

**ئاوڕژانـــــدن**: ١. ئاوڕشــــتن، قڵــــپ دانەوە، ٢. بەردانەوەی ئــاو،٣. ئــاو فڕێــدانی یەکســم،٤. بــاو کردنی کارێک: (بەبــێ ســووچ کەس نەکــوژراوە، ئەمن جورمم چییە جانا/ بە ناحەق مەمکــوژە ئەو ئــاوە تــۆ ئەمجــارە مەڕژێــنە) «مینەجــاف»،٥. ئــاو ڕژاندن، مەنــی فڕێــدان،٦. ڕەنــگ ڕژانــن، ڕەنـگ ڕشتن، نیشانە کردنی بناغە و خەندەکی ماڵ.

**ئاوڕژانن**: ئاوڕژاندن.

**ئاوڕژتن**: ئاوڕژانن.

**ئاوڕژێرکا**: نەرمەبڕ، ئاوری بن کا.

**ئـــاوڕژێن**: ١.ئــاورێژ، کەســێ ئــاو دەڕێــژێ،٢. ئاوڕشێن، ئاوپڕژێن.

**ئـــاوڕس**: ئاوڕسـک، ئــاوڕواو، ئــاوی، خــودان تایبەتمەندی ڕوان لە ئاوا ئەک نیلوفەڕ.

**ئاوڕسک**: ئاوڕس.

**ئاوڕشاندن**: ئاوڕشانن.

**ئاوڕشانن**: ١. ئاو ڕژانن، ئاو ڕشتن،٢. بریتــی لە گمێز کردن.

**ئاوڕشتن**: ئاوڕشانن.

**ئاوڕشێن**: ١. ئاوپڕژێن چلە زەوی، چلە و شـتێ بتەوێ نەرمی کەیتەوە ٢. ئاوپڕژێن، ئاوپڕژێنکــار، ئەوەی ئــاڤ دەپڕژێنــێ،٣. ئاوپاشــی، ئــاوپڕژێنی: (دڵم دەیزانی ڕادەبری بە سەرما/ بەڕێـی کـرد دوا هەناسێکی لەبەرما/ بە چــاوم ئاوڕشــێنی ڕێگەتــم کـــرد/ گیـــان دەرکەوتە پێشـــواز و لە دەر مـــا) «هەژار».

**ئاوڕشێن‌کەر**: ئاوڕشێن، ئاوپڕژێن.

**ئاوڕشێن‌کەرە**: ئاوڕشێن بۆ مێ.

**ئاورکردنەوە**: ١. داگیرساندن، هەڵکردنی ئــاور،٢. بریتــی لە فیتــنە نــانەوە: (عەوڵاســوور ئــاوری کــردۆتەوە، کوڕەبــابی خــۆم نەبــم ئەگە کەلاکــی نەخەم) «ئەمیری»،٣. سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆ ڕاکێشــان بە نــاز و کرێشــمە: (خــۆت وەدەرنــا، عالەمت سووتاند و ئاورت کــردەوە) «وەفــایی»،٤. کچێک بۆ گرتنی دۆست شەرم و شکۆی نەمابێ: (کچی فلانی ئاوری کردۆتەوە).

**ئاورکوژێن**: ئاوورکوژێنەوە.

**ئاورکەردەی**: ئاوس کردن.
**ئاورکەوتنەجەستە**: بێئۆقرە بوون، حەجمان لێبڕان.
**ئـــاورگ**: ١. وەجـاخ، تفـک، کوانـو، کوانـگ، کــوانی، ئــاگردان، گــۆڕک، گــۆڕکە، ئــاورگە، کوچککووانی، ئاووردان، ئادرگان، ئاوریا، ئەرگ، کۆچـک، پێکوچـک، پفـکە، بنـدن: (لە ئـاورگی گەفی گاور بنۆڕن/ دەزانـێ حیکمەتـی بـاری لە گۆڕن) «ڕاوچی»،٢. بوغـاری، شـوێنێک لە دیـوار بۆ گەرمکردنی ماڵ،٣. تەنوور، تەندوور.
**ئاورگە**: ئاورگ، کوانـوو، جێگـای ئـاور: (نەنـێ نەنێ مانگا کـاڵەکەمی/ بـنەی مـاڵ و حـاڵەکەمی/ ڕۆنــی زەنــگ بــۆ کــوڕەکەمی/ شــیری ســەر ئاورگەکەمی) «فۆلکلۆر».
**ئاورگەردان**: تاولەمە، پۆلووگەشێن.
**ئاورگەرم**: ١. ڕژدبوون لەسەر کارێک،٢. مـرۆی زۆر بە هەوەس.
**ئــاورگهەڵکردن**: داگیرســاندن و هەڵکردنــی ئــاورگ: (حـاجیژن بە پەلە ئـاورگی هەڵکـرد) «ئەمیری».
**ئاورلەبەرنەبوونەوە**: چـاک نەسـووتانی تەنـوور، تەنــوور ئەگەر کڵــی بــۆ نەچنــی، نایســێ: (تەندوورەکە ئاوری لەبەر نەبۆتەوە).
**ئاورلێبوونەوە**: ١. گەرم داییسان: (ئازای بەدەنم ئاوری لێ دەبێتەوە)،٢. بریتی لە تووڕەبوونی زۆر.
**ئاوڕلێـــدانەوە**: ١. لێــڕوانین بــۆ دواوە،٢. بـال کشاندن، سەرنجپێدان، چاکە دەگەڵ کـردن: (تـا لەپڕ و نەکاودا فریشتەی بەختی ئاوڕێکی بەخێری لێدانەوە و گەلە ئـازا و نەبەز و مەرد و ڕەنـدەکەی خۆی وەبیر هێنانەوەتەوە) «شەڕەفنامە».
**ئاورنگ**: ١. ئاورینگ، پڕشەنگ، پڕشنگ، پشـک، پڕیشـکەی ئـاور ٢. بـریقە، ترووسـکە، شـۆق ٣. هەستێکی نەرم و لـوس و کارەبـاییە کە دەس بە هەورێشمدا دێنی دیار دەکات و دەڵێن ئاورینگـان دێنێ،٤. ئاونگ، خوناف: (بـا بڕێژێـت فرمێسـکی زۆر/ وەک نمـی ئـاورنگی بەر خـۆر) «کـامەران موکری»،٥. ناوی ژنانە.
**ئاورنــگدان**: ١. پڕیشـکە لە ئـاور بـوونەوە،٢. بریقەدانەوە، بریسکان، بریسکانەوە، ترووسکانەوە، ورشەدان،٣. بریتی لە قەڵسبوون.
**ئاوڕنەدانەوە**: ١. وەکوو هەڕەشـە دەکـار دەکـرێ: (بڕۆ، ئیدی تۆ بی و ئـاوڕ نەدەیەوە)،٢. بریتـی لە هەڵاتنی توند و لە ترسان: (ئۆقرەی لێ هەڵگیـرا، کونە مشکی لێ بوو بە قەیسەری، سـەری خـۆی دە بــن کەوشــێ گــرت و ئەو هەڵاتــنەی پێــی هەڵات، ئاوڕی نەداوە) «شەڕەفنامە».
**ئاوڕو**: ئـابڕوو، فەدی، شـەرم، ڕێـز، قەدر، پـایە، حەیا، شەرەف، گەورەیی، شـان و شـکۆ، ڕەنگـی ڕوو، ئاوی ڕوو.
**ئاوڕواو**: ئاوڕس.
**ئاوڕوبەر**: ئابڕووبەرە، ڕیسواکەر.
**ئاوروپا**: ئوروپـا: (بە نەتەوەی کـوردان ئاوروپـا دەژی/ بۆخۆمــان ئاتــاج بــۆ چنگێــک ڕەژی) «بۆکوردستان».
**ئاوڕوت**: ئاوەڕووت.
**ئاوڕوتکان**: ئابڕووچوون، ناوزڕان.
**ئاوڕوتکاو**: حەیانەماو، ڕووسیابوو.
**ئاوڕۆچکە**: ئـاورۆکە، ئاگرۆشـکە، ئاگرۆکـانێ، ئاگرۆچکە، ئایرەقوڵە، گـڕەمەلا، ئـاوری منـداڵان: (ئاوڕۆچکەی دەکردەوە و خانووچکەی دروسـت دەکرد) «هێمن».
**ئاوڕوچوون**: ناوزڕان، ئاوڕو تکان.
**ئاوڕوڕژاو**: ئاوڕووتکاو، ناوزڕاو، سووککراو.
**ئاوڕۆشـــنکەرە**: ئاوڕۆشـــنەوکەرە، مێرووویەکـــی گچکەی سەر ئاوی لێڵە.
**ئاوڕۆشنەوکەرە**: ئاوڕۆشنکەرە.

**ئاوروشـــون‌که‌ره:** ئاوڕۆشـــنه‌وکه‌ره: (مــس ئاوروشون‌که‌ره ئامه‌دۆ ڕه‌فت، هه‌ی نه‌نشت تا بینیمش) «ده‌روێشیان».

**ئـــاوڕۆکه:** ١. ئـاگری گچـکه،٢. گـڕه‌مه‌لا، ئاگرۆچکه‌ی منداڵان.

**ئاوڕۆن:** ڕۆناو، ڕوه‌نـاوه، ئـاوه‌کوڵ و ڕۆنـی تێکه‌ڵ.

**ئاوڕۆنکه:** ئاوڕوونکه‌ره.

**ئاوڕوو:** ١. ئابڕوو، شه‌رم، ناموس، شه‌ره‌ف، حه‌یا،٢. گه‌وره‌یی، ڕێز، قه‌در.

**ئـــاوڕووبردن:** ئـــابڕووبردن، ڕیســـواکرن، ناوڕزاندن.

**ئاوڕووپا:** ئوروپا، ئوڕووپا.

**ئـــاوڕووت:** ئـاوه‌ڕووت، پـاک، پاککریـاگ، داماڵراو(مریشک).

**ئـــاوڕووت‌کردن:** دامـــاڵین، پـــاک‌کردن، ڕووتانـــدنه‌وه‌ی په‌ڕی مـــر به هـــۆی ئـاوی گه‌رمه‌وه.

**ئاوڕووچوواندن:** ئابڕووبردن.

**ئاوڕووچووگ:** حه‌یاتکاو، ئابڕووتکاو، ڕیسـوا، به‌دناو، بێ‌ئابڕوو.

**ئاوڕووچوون:** ئابڕووچوون، ڕسوابوون.

**ئاوڕوودار:** ئابڕوومه‌ن، به‌ئابڕوو، به‌حه‌یا.

**ئاوڕووداری:** ١. ئابڕووداری، به‌ئابڕوویی، ٢. به‌رگری له ئابڕوو چوون.

**ئاوڕووشنکه‌ر:** ئاوڕۆشن‌که‌ره، جانه‌وه‌رێکه.

**ئاوڕوومه‌ند:** ئابڕوومه‌ند، به‌حه‌یا.

**ئاوڕوومه‌ندی:** ئابڕوومه‌ندی، حه‌یابه‌خۆیی.

**ئاوڕوونکه‌ره:** ئاوڕۆشنکه‌ره.

**ئاوڕوونکه‌ره‌وه:** ئاوڕوونکه‌ره، ئـاوه‌ڕوونکه، ئاوڕۆنکه، ئاوڕه‌وشه‌نکه‌ره‌وه، قوڕاویلکه.

**ئاوڕه‌دان:** ئاوردانه‌وه: (ئاوڕێـک بێتـو وه‌دا، پیری سه‌دساڵه ئه‌دا/ گه‌سکی به‌رپێی به قه‌فـی سمێڵ و برۆ و ڕیشی) «حافز».

**ئاوڕوه‌ده:** ئاوڕ بده‌وه، ئاوڕ ده‌وه(ئه‌مره).

**ئاوڕێدان:** ئاوڕ لێدانه‌وه، ئاگا لێ‌بـوون: (مـاڵی مـن وه‌ک قـوله‌تێنه، نه پـیس ده‌بێ، نه به مسته ئاوێکی که‌م ده‌کا، ئاگام لێـی ده‌بێ، ئـاوڕی وێ ده‌ده‌م) «ئه‌میری».

**ئاوره:** ١. ئـاگره، ئـاگره‌که، ئـاگرۆک، ئـاگرۆکه، ئاگرۆشـــکه، ئاته‌شـــه‌ک، ئـــایره، زه‌رده‌بـــرین، زه‌رده‌زه‌خـم، هه‌وڵه‌فه‌ڕه‌نگـی، جـۆرێ زیـپکه‌ی ته‌ڕی دموچاوه،٢. ئـافه‌تی هه‌وربردنـی زه‌رحـاتی نۆک،٣. ئاور، ئاووس، دووگیـان،٤. ئه‌وره، ئه‌وێ، هۆوێ، هێما بۆ دوور.

**ئاوڕه:** ئاخوڕ.

**ئاوڕه‌شه:** ئاوپاشی، ئاوپڕژێن، ئاوجاڕووکرن.

**ئاوڕه‌شین:** گریانی به کـوڵ و له دڵه‌وه که ژێـر بوونه‌وه‌ی حه‌سته‌وه.

**ئاوڕه‌شێن‌کریا:** ئاوڕشێن کراو.

**ئاوڕه‌شێن‌کریای:** ئاوڕشێن کردن.

**ئاوڕه‌شێن‌کریێ:** ئاوڕشێن کراو.

**ئاوڕه‌شێن‌که‌ر:** ئاوڕشێن‌که‌ر.

**ئاوڕه‌شێن‌که‌رده‌ی:** ئاوپڕژێن کردن.

**ئاوڕه‌شێن‌که‌ره:** ئاوڕشێن‌که‌ر.

**ئاوڕه‌فته:** له‌ئاوچووگ، سیفه‌ته بۆ قوماشێ که به شۆردن تێک‌ده‌چێ.

**ئـــاورەگڕە**: ئــاگرۆچکە، ئــاگرەگڕە، ئــاگرۆکە، ئاورۆچکە، گڕەمەلا، ئاگرۆکانێ، ئایرەقوڵە، ئاوری بڵێسەداری زارۆکان بۆ گەمە و کایە.

**ئاورەنگ**: ئەورەنـگ، تەخـت، تەختـی شـا: (بە تــاجی زیــو و ئــاڵتوونی لە مێرگــی دڵگوشــا نەرگس/ لە سەر ئـاوڕەنگی زمڕووتـی لە سـیحرا شەهریارێکە) «مینەجاف».

**ئاوڕەنگ**: ١. ماکێکی ڕەنگی بـۆ نیگارکێشی،٢. تابلۆی نەخشـاو بە ئاوڕەنـگ،٣. هاوڕەنـگ، هەر چەن شت کە یەک ڕەنگ بن،٤. هاوتا، هاوشـێوە، چەن کەس کە پـێکەوە هـاورەگەز بـن،٥. ئـاوی، عابی، ئابی، هەرچی ڕەنگی وەک ڕەنگی ئاو بێ.

**ئاوڕەو**: ڕێی ئاو، ئاوڕا.

**ئاوڕەوشەنکەرەوە**: ئاوڕونکەرە، ئاوڕۆشنکەرە.

**ئاورهەڵبوون**: ١. گڕ گـرتن،٢. بریتـی لە شـەڕ و کێشە هەڵایسان.

**ئاورهێنان**: زۆر توورە بوون: (ئاژانە کـزە، وەهـا کەچەوەترێن کراوە هەر ئاوران دێنێ) «میرزا».

**ئاورێ**: برسی بۆ مێ.

**ئاوڕێ**: ١. هاوڕێ، بـرادەر، هەمـڕاز،٢. ئـاوڕێژە، ڕائاو، ڕەهەند، گونجەی ئاوە ڕۆیشتن.

**ئاوریا**: ئاورگ، ئاگردان.

**ئاوریای**: هێنران.

**ئاوری‌بن‌کـــا**: مـــایەفیتنە، نەرمەبـــڕ، فیتـــنە، سەرەسـۆدرە، سـەربەگێچەڵ، دووڕوو، دووزمـان، مسمەدە، چوکڵەشـکێن: (هەتـا وەک ئـاگری نیـو کان، لەگەڵ یەک/ ئەگەر تۆفان بێ، لەشـکرتان بە پووشەک) «حاجی قادر».

**ئـــاوری‌بێ‌دووکەڵ**: ئــاوری ســوور و گەش: (شێواوی خەزنەدار، دڵت هەڵەشەیە/ دایمە ئاوری بـێ دووکەشـت لە سـەر دڵـی هەیە) «سـەعید و میرسێوەدین».

**ئاوری‌جگەر**: بریتی لە منداڵ: (سەتم بمـرێ لە پشت دەرێ، سەتم مرێ لە پـێش دەرێ، نـابێ بە ئاوری جگەرێ) «مەسەل».

**ئاوری‌جەرگ**: ئاوری جگەر.

**ئـــاوری‌خێر**: ئـاوڕی بە خێـر، شـانس، بەخـت، خۆشی.

**ئاوڕی‌خێرلێدانەوە**: بەخت ڕووتێکردن.

**ئاوڕێ‌دانەوە**: ئاوڕ لێدانەوە، بال کشـاندن: (ئەو ئــاوڕەی لێــی دامەوە کەوتــم هەڵنەســتامەوە) «زیرەک».

**ئاوری‌دڵ**: بریتی لە سۆزی خۆشەویستی×: (بە بای هەناسەی ساردت دەسپێرم/ ئاوری دڵمـت لە دەور دەگێرم) «مامڵێ».

**ئـــاوری‌ڕەحمەت**: ئـاوڕی لوتـف و پشـتگری×: (خاوەنشکۆ ئاوری ڕەحمەتی لێداوە و مەزنایەتی و دەســـەڵاتداری تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕی پـــێ بەخشی) «توحفە».

**ئـــاوریز**: نـاوی پـارچە بەراوێـکە لە گونـدی ڕەمشت: (کابرا ئەڵێ: قوربان بەراوی ئـاوریز هـی منە و ئێستا میرزا حەمە عەلی خانی زاوتـی ئێـوە لێی داگیر کردووم) «ڕشتەی‌مرواری».

**ئاوڕێز**: ئاوڕێژ، کەناراو، پێشاو، چەشمە.

**ئـــاوڕێژ**: ١. ئـاڤڕێژ، ئەوەی ئـاو دەڕێــژێ ٢. ئاوڕێژی مردوو،٣. تاڤگە، ئاوهەڵـدێر، جێگـایەکی بڵند کە ئـاوی لـێ بـڕژێتە خـوارەوە ٤. ئـاوەڕۆ، گــونجەی ئاوڕۆیشــتن ٥. ئـاوڕێز، ئاودەســت، کەناراو،٦. ئاوڕێژگە، جێی ڕژانی ئاوی کێو بەرەو بناری کۆ: (ئـاوڕێژی ڕێگـای نێـوان و دیـبەگە و مەغموور ناوچەکەی کردۆتە دوو دیـو) «خـاک و چەوســانەوە»،٧. شــوێنێک کە هەمــوو ئــاوە گەڕاوەکـان ئەڕژێـنە چۆمێـک یـا زەریـایەک،٨. گیایەکە لە ناو مێرگ دەڕوێ، لاسکس لـووس و بەرز و نیوە هەڵۆڵە.

**ئاوڕێژکەی**: ئاوی ژێر کا.

**ئاوریژێرکا**: ئاوری بن کا.
**ئاوڕێژگە**: ١. ئەو شوێنەی ڕووبار تێکەڵی دەریا دەبێ ٢. ئاوڕێژ، جێی ڕژانی ئاوی شاخ کە بەرەو بنار دادەگەڕێ،٣. تاڤگە، ئاوڕێژ، ئاوهەڵدێر.
**ئاوڕێژنگە**: ئاوڕێژ، تاڤ، تاڤگە.
**ئاوڕێژوانی**: زانستی بەهرەگری لە زەوینگەڵی بەستێنی ئاوڕێژگە و پێشگیری لە پووکانەوەی خاک.
**ئاوڕێژە**: ئاوڕێژەک، گیاکتک، گیاکەتک، ئەشەدبۆ، ڕیخەدارو، سملەتیف، سونبولەتیف، گیایەکی دەرمانییە.
**ئاوڕێژەک**: ئاوڕێژە(گیا).
**ئاوریسوور**: ١. ئاگری گەشاوە، ئاوری بێدووکەڵ،٢. بریتی لە بەڵای گەورە: (ئاوری سوور بێ خۆی تێ داوێ).
**ئاوڕیش**: ١. بەگژ، بەرەنگار، ئاوقە، بەگژداهاتنی بێسەبەب: (خەو وەها ئاوڕیشت بوو دەستە و یەقە) «ئاڵەکۆک»،٢. هاوڕیش، هاوتەمەن.
**ئاوڕێش**: ئاوڕیش، پەلامار.
**ئاوڕیشبوون**: ١. ئاوقابوون، بەرەنگاربوون،٢. هاوتەمەن بوون.
**ئاورێشم**: ١. هەورێشم، ئارمووش، ئارمیش، ئاوریشم، ئەوریشم، ئەورشم، ئاڤلمیش، ئەبرێشم، ئەپەرێشوم، ئووریشم، هارمووش، هەلبسم، هەڤرووشم، هەڤریشم، هەڤرمێش، هەڤرمش، هەورەمیش، هۆریشم، تەمووش، کەژ، کرمێکی تایبەتە قۆزاخەی دەکات جل و پارچەی لێ ساز دەکرێ،٢. داوی لیکاوی کرمی هەورێشم: (گیفکا کلاڤی ئارمیشی خاڤە) «هۆنراوە» ٣. بەن و قوماشی چێکراو لە هاورێشم: (لاس دەڵێ: یای خەزاڵ، ئەمن بۆ تۆ دەچوومە کوێستانی عەزیم و بوزرگینە، دەسکێکی سۆسن و هەڵاڵەم دەچنینە، دەسک بە دەسکم کردن، بە ئاوریشمی دوکانێم بەستینە) «لاس‌وخەزاڵ»،٤. بریتی لە خاو، نەرم و زراڤ: (ڕوومەتی وەک گوڵی بێگەرد/ قژی خاو، ئاورێشمی زەرد) «کامەڕان موکری»،٥. ناوە بۆ کچان.
**ئاورێشمباف**: هەوریێشمچن.
**ئاورێشمبافی**: ١. هەورێشمچنی، گوڵدۆزی، کاری چنین لە ئاورێشم،٢. کارگەی هەورێشمچنی.
**ئاورێشمچن**: ئاورێشمباف.
**ئاورێشمچنی**: ئاورێشمبافی.
**ئاورێشمچنین**: ئاورێشمچنی.
**ئاورێشمدۆز**: ١. قوماشێ کە بە هەورێشم لە سەری چنرابێ،٢. هەر شتێ بە ئاورێشم نەخشابێ: (دە بڕۆن و ڕامێنن، وەستای سەرڕاجم لە بۆ بێنن/ تەقەڵتووی ئاورێشمدۆزم بۆ پێک بێنن) «مان»،٣. کەسێ بە هاورێشم شت دەچنێ.
**ئاوریشملەکۆڵ**: ژنی چارەکەی هەورێشم لە کۆڵ: (ئاورێشملەکۆڵ ناسکی شارەزوور/ بەخێرێی سەر چاو تۆ لە ڕێگەی دوور) «ع. مەردان».
**ئاورێشمی**: ١. هەورێشمین، هەڤرووشمی، ئارمووشی، ئاورێشمین، کەسرەوان، لە جنسی ئاورێشم: (باڵا بەرز و بچکۆڵە پێ و ئیسکارپین/ گۆرەوی و پووز: سفت و سپی و ئاورێشمین) «گۆران»،٢. بریتی لە نەرم و باریک: (کەزیەی ئاورێشمی خاوە/ من ڕۆحم لەبۆی نەماوە) «حەسەن زیرەک».
**ئاورێشمیبادراو**: خەیاتە.
**ئاورێشمیخاو**: ١. ئاورێشمی نەڕێسراو کە بۆ چنینی هێندێ پارچە بەکاری دێنن وەک: هەوری و سرکەیی: (لە ڕەندۆڵێ شنۆوە/ لاجان هەستێ

به کۆوه/ بریا ئاورێشمی خاو بام/ به لایەک زولفی تۆوه) «فۆلکلۆر»،٢. بریتی له زۆر جوان: (سەمەنبۆ دەتکوت ئاورێشمی خاوه، هێنده جوانچاک بوو) «بارام و گوڵندام».

**ئاورێشمی کێوی**: کەژۆک.

**ئاورێشمی گشت**: ئاورێشمی بادراو، هەوریشمی ڕێسراو.

**ئاورێشمین**: ئاوریشمی: (که کەوته گۆشەیی گیرفان گوڵێکی ئاورێشمین/ چییه تەفاوەتی بوون و نەبوونی، قیمەتی لات؟) «گۆران».

**ئاوریشۆم**: ئاورێشم، ئەبریشەم.

**ئاوریشی**: بەرەنگاری، تێکگیران، بەگژدا هاتن.

**ئاوریغەزەب**: ئاگری غەزەب.

**ئاوریقودرەت**: ١. ئاگری غەزەب، بەدفەڕ،٢. زرینگ، زیرەک،٣. بەڵا، چۆرتم: (حەیرانێ وەره له لای ڕەبەتێ/ ئەمن دەچوومەوه ماڵه بابی کوڕه حەیرانێ هەر به بیانووی چووکەڵه حاجەتێ/ ئەوه دایکی کوڕەتیو حەیرانێ بۆم دەهات هەر وەک ئاورەکەی ده قودرەتێ) «فۆلکلۆر».

**ئاورێک**: ئاگرێ، ئایرێ: (ئاورێک بەربۆته هەناوم دێته دەر له هەناسەم بۆسۆ) «ماملێ».

**ئاوڕێک**: ئاوڕێ، ئاوڕدانەوەیێک.

**ئاوڕێگه**: ئاوڕێ، ئاوڕۆ، ئاوەڕێ، ڕێگەی ئاو.

**ئاوریل**: ئاپریل، مانگی چواری ساڵی زایینی.

**ئاورین**: ١. ئاگرین، ئارگۆن، ئاوری، ئاتەشی: (له بن خاکی مەغاکی ئاتەشینی، لەعلی لەب توشنه/ له سەر ئابی سەرابی، سەروی سێرابی موغەیلانه) «نالی»،٢. گەرم، داغ، پرهەست: (خەیاڵت ئاڕوی بوو کەوته سینه/ هەناسەم ئێسته بۆیه ئاورینه) «زاری»،٣. سوور، ڕەنگی ئاوری،٤. ناوی کوڕانه.

**ئاورینگ**: ١. ئاورنگ، پزووسک، پڕیشکەی ئاور: (له ناو ئاورینگ و ئاونگا شەوم ڕادەبرێ بێ هەمدەم/ بەڵێ شەوگاری تەنیایی بەبێ فرمێسک و خەم نابێ) «هێمن»،٢. بریقه، ترووسکه،٣. ناوه بۆ کچان،٤. تاوتوویی برین و قوونێر،٥. ئاڵوو یا ئێشی برینان.

**ئاورینگدان**: ١. پڕیشک له ئاور بوونەوه،٢. بریقەدان، ترووسکانەوه،٣. بریتی له تووڕەبوون.

**ئاورینگلێکردنەوه**: ١. پڕیشکەی ئاور لێهەستاندن، ٢. بریتی له کزه له جەرگ هێنان: (زرینگەی ئەو سەفەره بێ گەڕانەوەیه ئاورینگی له دڵم کردەوه) «ڕاوچی».

**ئاوریەی**: ئاوریای، هێنران.

**ئاوریی**: ئاوسیی، ئاوسێتی.

**ئاوڕێیی**: ١. هاوڕێیی، برایەتی،٢. ئاریکاری، یارمەتی.

**ئاوز**: ١. هۆش، فام، ژیری، ئاوەز، ئاریش،٢. ئاڤس، ئاوس، دووجان.

**ئاوزا**: ١. ئاوزێ، هاوزا، هاوزێ، هاواڵ، هاوتەمەن،٢. زنه، زنەک، زۆنگ، قۆپیه، قۆپی.

**ئاوزابوون**: هاوتەمەن بوون، پێکەوەزانی چەن کەس.

**ئاوزار**: دیەکەیگه له شیروانی چەرداوڕ.

**ئاوزان**: ١. تابشت، تاقەت، توانایی،٢. زانست، زانیاری،٣. ئاوزیان، ئاوزین، فامین، زانین، تێگەیشتن،٤. توانین، تانین،٥. پێگەیین، پێگەیشتن، ٦. شۆڕ، دالەقاو: (نەمیدانەم والا چیزشه، لاو و لۆچش ئاوزان شۆده) «دەرویشیان».

**ئاوزانەچاو**: ئاو تێزانی چاو، فرمێسک زانه چاو، چاف ئاف کرن.

**ئاوزانەدەم**: ئاو ده زار گەڕان، دەم پاراو بوون.

**ئاوزاین**: ئاو کۆوەبوون له.

**ئاوزاینەچاو**: فرمێسک داهاتن، ئاو زانه چاو.

**ئاوزاینەدەم**: ئاو زانه دەم.

**ئاوزایەچەو**: ئاو زاینەچاو.

**ئاوزایەدەم**: ١. تەماێ چشتێ کردن،٢. ئاو له

دەم جەمەو بوون.

**ئاوزرتکاو**: هەر شتێکی ئاوەکی و بێکەڵک: (تۆ بگو ئی ئاوزرتکاو چ بود هەشتەن جلەومان!) «دەروێشیان».

**ئاوزنگ**: ئاوزینگ، ئاوەزینگ، ئاویلکە، سەرەمەرگ، گیانەسەر، گیانەڵڵا، هاوزنگ، هەنیسک، ڕۆحدان: (بە خاکی تۆ دەمی ئاویلکە دانم/ ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە) «تاریک و ڕوون».

**ئاوزوخاوە**: ئاو و چڵک و خوێن: (ئا دەس تۆ ڕوزی یەی کاسە ئاوزوخاو مۆخۆرەم) «دەروێشیان».

**ئاوزولە**: ئاوی کۆوەبووی ژێر بلۆقی سووتاو.

**ئاوزۆنە**: ئاوزینە.

**ئاوزوونە**: ئاغزوونە، ئاوزینە، ئاڵقەزوونە.

**ئاوزە**: ئاوزێ، هاوتەمەن، هاوشان.

**ئاوزەڵدان**: کار بێوەلیفەت و خۆڕایی.

**ئاوزەنگ**: ١. ئاویلکە، ئاوزینگ،٢. ڕکێف، زەنگۆ، وزەنگی، ویزەنگی، پلیکانی سوار بوون لە ئەسپ.

**ئاوزەنگی**: ١. زەنگوو، زەنگی، ڕکێڤ، ڕکێف، وزنگی، ویزەنگی، مەنەک، پلیکانی ئاسنی سەرکەوتنی خوانی زین: (گەر بە ئاوزەنگی پەراسووی ئەمسەر و ئەوسەر هەڵدڕم/ هێندە نابزوێ بزانم ماوە یاخود مردووە) «شێخ ڕەزا»،٢. ئاویلکە، گیانەڵڵا، سەرەمەرگ، ئاوزینگ، ئاوەزینگ، هەوزینگ، گیانکەنشت.

**ئاوزەنگیپێداهێنان**: خێرا لێخوڕینی وڵاخ، ئاوزەنگی لێدان: (قەیتوول ئاوزەنگی پیا هاورد، خێروبێرێ، نۆما هات وە خۆیا) «ڕشتەی مرواری».

**ئاوزەنگیتەقێن**: ١. خێرا، بەخێرایی، گورجێ، چوارناڵ، ڕکێفکوت: (لەشکر وورووژا، سوار فڕێن فڕێن/ کەوتنە شوێنی سوار ئاوزەنگی تەقێن) «گۆران»،٢. بریتی لە ئاودانی وڵاخ، واتا کەسێ کە وڵاخەکەی ئاو دەدا.

**ئاوزەنگیتێتەقاندن**: ئاوزەنگی لێدان.

**ئاوزەنگیدار**: کەسی ژێرپێ چاڵ، قاچی کەوانی.

**ئاوزەنگیداگرتن**: ١. پێداگرتن لە سەر ئاوزەنگی بۆ ڕاگرتنی وڵاغ،٢. بریتی لە پێداگری و جەخت لە سەر کارێک.

**ئاوزەنگیدان**: ١. ئاویلکەدان، گیان کەنین،٢. ئاوزەنگی لێدان: (گەر لە لایەک دابەزم با زینەتم بێ سوواری بێ/ ئاوزەنگی نادا لە دەورەم دێتە خول وەک ئاشی با) «سالم».

**ئاوزەنگیکوت**: ئاوزەنگیتەقێن، ڕکێفکوت، خێرایی، بەهەشتاو.

**ئاوزەنگیلێدان**: ١. لێخوڕینی وڵاخ بە زین و بەرگ بە ڕکێف تێکوتان: (کوڕە ئاوزەنگی لێدە با بڕوا)،٢. خێرا ڕۆیشتن.

**ئاوزەنگیوەنەدای**: ئاوزەنگی لێدان.

**ئاوزی**: ئاڤزی، ئاوسی، زگداری(ژن).

**ئاوزێ**: ١. ئاوزە، ئاواڵ، هاوشان، هاوتەمەن،٢. جمک، دووانە،٣. ئاوەزا، زەمینی تەڕ و زنە،٤. مەل ئاوی، ئاوژی.

**ئاوزیاگ**: ١. میوەی تەڕایی تێزاو،٢. ئاقڵ، توانا، تێگەییگ، ژیر.

**ئاوزیان**: ئاووزان، ئاوزان.

**ئاوزیای**: پاسگایەکی سنووری لە مێهران.

**ئاوزێم**: ١. ئاوبڕان، کاتی کەمئاوی ئاخری هاوین،٢. ویشکەڕۆ، چۆمێ کە هاوین وشک دەکات.

**ئاوزین**: ئاووزان، ئاوزان.

**ئاوزینگ**: ئاویلکە، گیانەڵڵا، گیانەلاو، سەرەمەرگ، دواهەناسە، ئاوزنگ، هەوزینگ، دەمی مەرگ.

**ئاوزینگدان**: هەوزینگدان، ئاویلکەدان، سەرەمەرگ.
**ئاوزینە**: ئاوزوونە، ئاڵقەزوونە، ئاغزوونە، ئاوزۆنە، ئابزۆنە، ئاغزووم، ئاسنێ سەرێ قاووشێ.
**ئاوزینی**: هاوشانی، هاوتەمەنی، هاوسەنگی.
**ئاوزێیی**: ١. هاوتەمەنی، هاوشانی،٢. دوانەیی، لفەدوانە بوون.
**ئاوژی**: ئاوی، ئاڤی، گیانداریک کە توانایی ژیانی ناو ئاوی هەیە(ماسی).
**ئاوژیانەوە**: ئاو تەقینەوە، کانی ژیانەوە.
**ئاوژێرخان**: زانستی دۆزینەوە و کەڵک وەرگری لە ئاوی ژێر زەوی.
**ئاوژێرکا**: بریتی لە مارمزۆک، مارمەزۆک، نهێنکار، ئاژاوەگێڕ، چێرەنەبڕ، نەرمەبڕ، کوڵەبنە، کولەوەیوا، نەرمەکێ بن کایێ.
**ئاوس**: ١. ئاوز، ئێمڵە، باردار، زگپڕ، زکپڕ، دووگیان، دووجان، ئاووس، ئاڤس، واڤز، هاوس، هاووس، هەمس، تلدار، بەتۆل، پابەزێ، تۆلدار، بەزگ، زکدار، سکدار، سکپڕ، بەتێشت، لەمەپەڕە، نۆسەک، یاوس، ژنی سکدار،٢. ئاژەڵی ئاووس،٣. دار و درەختی بووژاوەی سەرەتای بوهار: (باری لێ قورس ئەبێ داری ئاوس/ چەتر ئەنگێوێ ئەبێتە تاوس)«هێدی»،٤. هەورێ کە بارانی پێوە بێ،٥. بریتی لە زک ماسین لە داخان: (ساحەی وادی، لە وادەی ڕووی سەحەردا تاووسە/ کەڵکەڵەی ئەم مولکە دوو سەد کاوسی لێ ئاوسە) «پیرەمێرد»،٦. بریتی لە نزیک بوونەوەی کارەسات و ڕووداو: (دایکی زەمان ئاوسی بەسەرهاتێکی قورس و گران بوو)،٧. بریتی لە تەمەڵ: (بۆ دەڵێی ئاوسی).
**ئاوسا**: ١. جیران، هاوسێ، هاوسا، دراوسێ، دەراوسێ، هامسا، ئاوسێ، دوو ماڵی دیوار بە دیوار،٢. چەن ماڵی لە نزیک یەک،٣. دوو یا چەن ناوچە کە لە پەنا یەکن،٤. ئەوسا، ئەوکات.
**ئاوسار**: هەوسار، هەڤسار.
**ئاوساردڕیدەن**: بریتی سەرپێچی‌کردن.
**ئاوسارشل‌کردن**: بریتی لە ئازادی زۆر پێدان.
**ئاوساگ**: ١. پەنەماو، پەنماو، پەنەمیاگ، هەڵامساو، دێمگر، ئاوساو، ماسیو ٢. ئاوس، ئاڤس، دووجان، زکپڕ،٣. ئەوساگ، ئەو کاتانە.
**ئاوساڵ**: ١. تەڕەساڵ،٢. ئەو ساڵ، ئەو ساڵە، ئیشارە بە ساڵێکی دوور.
**ئاوساڵەگە**: ئەو ساڵەگە، ئەو ساڵەی کە.
**ئاوسان**: ١. هەڵامسان، ماسین، پەنەمان: (ئەڵێن یەکێ چاوی ژان بکا و بئاوسێ و ئاو بکا) «ڕشتەی‌مرواری»، ٢. ئاوس بوون، دوجان بوون،٣. زۆربوونی نرخی کالاً،٤. بێ‌نرخ، بێ‌ئەرزشت،٥. ئاوسێن، ئاوکڕ.
**ئاوسانبوون**: بێ‌ئەرزشت بوون.
**ئاوساندن**: ماساندن، هەڵماساندن، پەنماندن: (خۆ بەکسەمەد و خەپلەیی جۆ و ساوەر و گۆشت گا/ ئاوساندی زگم عەینی وەکوو ڕەشکەیی کا خۆم) «عارف سائیب».
**ئاوسانە**: ١. ئەوسانە، ئەفسانە، خەبەرۆشک، چیرۆک، حەقایەت، حەکایەت،٢.وەک ئاوس، ئاوس ئاسا،٣. ئاوسێن بۆ مێ.
**ئاوساو**: هەلامساو، پەنەماو، ئاوساگ، گوپ‌کری، وەرمتی: (لە جیاتی گیپەی ئاوساوی نەکولاو/ پێشکێشت ئەکەم دوو پەردە پلاو) «پیرەمێرد».
**ئاوساو**: ئاجوری ئاوساو.
**ئاوساون**: ئاراو، ئاوی سابووناو، سابوون.
**ئاوساوی**: پەنەماوی، هەڵماساوی.
**ئاوس‌بوون**: ١. دوجان بوون، زک‌پڕ بوون(مێ)، ٢. چەکەرە دەردانی دار و دەوەن،٣. بریتی لە ماسین لە حەیفان.
**ئاوس‌کرن**: ١. سک‌پڕکردن، دووجان‌کرن(ژن)،٢. داخدارکردن.

**ئاوسۆبۆک**: ئاوی خۆش و سازگار و زووهەزم.
**ئاوسەر**: ئاوپۆش، ڕەوتی ئاو سەر گەڕان.
**ئاوسەردکەرەوە**: ئـاو فێنـککەرەوە، کەرەسـتەی ساردکردنی ئاو.
**ئاوسەرکەفتن**: ئاوپۆشی، سەرکەوتنی ئاو.
**ئاوسەرکەوتن**: ئاو داپۆشین، ئاو بەسەردا کشان.
**ئاوســـەرکەم**: ئاتـاج، ژار، ژارۆ، هاوسـەرکەم، هەژار، هەژێــر، نەدار، دەســکورت، بەلەنگـــاز، بێئەنوا.
**ئاوســـەرکەمی**: هاوســـەرکەمی، دەســـکورتی، کەمایەســـی، کەماســـی، کەموکـــووڕی، هەژاری، نەداری، ئاتاجی.
**ئاوسەنن**: ١. ئـاوگرتن، ئـاو چەشـتی گـرتن،٢. کۆل بوون چەقۆ.
**ئاوسەین**: ئاغا حوسـەین: (دیـروز ئـا ئاوسـەین یەی دانە قەلەم دۆرۆشتی خەریدەم) «دەرویشیان».
**ئاوسی**: زکداری، زکپڕی، ئاڤسی.
**ئاوسێ**: ١. ئامسـا، ئاومـاڵ، هاوسـێ، هەمسـایە، هامسا، هاوسا، هۆن، هەقاپی، دەراوسێ، دراوسێ، ماڵاوسێ، جیران، جینـار، چەن مـاڵ لە تەنیشـت ئێکتــر: (ماڵمــان ماڵئاوســێ، دیوارمــان بەیــنە/ کەسـمان تێناگـا لەو کەینوبەیـنە) «فۆلکلـۆر»،٢. جیران مووچە: (بیهێنە بیبرە لێـوە کەچەکەم/ ئەوە بـاری کـرد ئاوسـێی مـووچەکەم) «فۆلکلـۆر»،٣. چەند دوکان لە لای ئێک: (کولین خوە قایم بـکە و سەگ مال ئاوسێ وە دز مەکە) «پەند».
**ئاوسیا**: جۆرێ نەخۆشی چاوە.
**ئاوسیاگ**: ئاوساگ، ئاوساو، دێمگر.
**ئاوسیان**: ماسین، پەنەمان، ئاوسان.
**ئاوســـین**: ١. جـووری دوواس ئەڕای مـامر و جوجگ،٢. دووا خوەنین چەقۆ ئەڕای سەربڕین.
**ئاوش**: ١. ئاوی: (یا ئیمساڵ ئـاوش نەوشـیروان وەردەن) «م.ح. دزڵی»،٢. باوەش، باوش، هاوش.
**ئاوشار**: تاڤگە، تافگە، تافە، تـافینە، تـاف، تـاڤ، تاوتاف، ئاوشـار، ئاوهەڵـدێر، سەرووەشـێن، بافـڵ، قەڵـپەزە، قەڵـبەزە، سـواڤ، سـولاڤ، سـویلاڤ، سیتاڤ، سیتاڤک، سوپێل، سـول، ڕێـژاو، ڕێـژاڤ، لووس، لووساو.
**ئاوشـــان**: ١. هاوشـان، هـاوکووف، ئـاوکووف، هـــاوزێ، هەمـــبەر، لە یەک پـــلەدا،٢. جـــاترە، جاترەکێوی، ئەزبی، گیایەکی بێن خۆشە.
**ئاوشانای**: ئاو شاندن، تەڕکردن.
**ئاوشاندن**: ئاوشانای، تەڕکردن.
**ئاوشانراو**: ئاوشانیا، تەڕکراو.
**ئاوشانە**: ئاووەڕشین.
**ئاوشانی**: هاوکووفی، ئاوکووفی، هاوشانی.
**ئاوشانیا**: ئاوشانراو، تەڕکراو.
**ئاوشانیای**: تەڕکراو، ئاو لێ شێنراو.
**ئاوشانیێ**: تەڕکراو، ئاوشانراو بۆ مێ.
**ئاوشروا**: ئاوگۆشت، گۆشتاو.
**ئاوشرینک**: قەلیـۆک، جـۆرێ ئـاو بـۆ شـیرینی گەلەک بەتامە: (شەللە و قەلیـۆک- مەل بەرڤەدان چۆک/ ئاڤ یێ بـوونە جـۆک- شـبتی مەسـینی) «نالبند».
**ئاوشـــکان**: کەلەبەر کەوتـنە جـۆگەی ئـاودێری کشتوکاڵ: (کورە وەرە بەسەر ئەو جۆگەیدا بـڕۆ بزانە لە کوێ ئاوەکە شکاوە وا کەمی کردووە).
**ئاوشکاندن**: لادانی ئاوی ئاودێری بۆ لایەکی دی.
**ئاوشکن**: ئاوبڕ، ئاوبرکە، ئاوشکێنی پێشی پرد.
**ئاوشلپەکاو**: قوڕ و چڵپاوی دەگەڵ باران دێ.
**ئاوشنگ**: ١. ئاژەڵی بێچـوو مـردوو،٢. حەیـوانی بێچـوو مـردوی شـیر ئێشـک کـردو کە وەشـیر دێتەوە.
**ئاوشۆدەن**: ١. زۆر کزبوون: (نەمیدانەم بـرای چ

بەچەکەم ڕوز ب ڕوز ئاو میشە) «دەرویشـیان»،٢. شـەرمەندەبوون: (یەی چیـزی بشـم گۆفـت ک دەرجا ئاو شۆدەم) «دەرویشیان».

**ئاوشـور**: بە ئـاو شـۆردن: (سـەرەکەتە خـوب ئاوشور بۆکۆ تا گەچەرە نەزەنە) «دەرویشیان».

**ئاوشۆر**: ئاوشۆران، ناوی چەمێکە لە کرماشان.

**ئاوشۆش**: سی، سی ئاوی.

**ئاوشۆشدار**: سـیدار، سـیئاودار، تایبەتمەنـدی گیالەبەری ئاڤژی.

**ئاوشۆشی**: ١. سی، سیهـ ، ئەندامی هەناسـەدانی گیانداری ئاوژی،٢. سیئاوی، پێوەندیدار بە سـی ئاوەوە.

**ئاوشە**: شەونم، ئاونگ، خوو، خوناوە.

**ئاوشەقەکەر**: ئاو فرە ڕووشن و سەرد.

**ئاوعیمالە**: ئاوی سابوون یا ڕۆنـی بـادام کە بـۆ چارەی زگ بەستن بکرێتە ناو ڕیخۆڵەوە.

**ئاوغورە**: ئاوی قۆرە.

**ئاوغورەگرفتەن**: بریتی لە گریـان: (کەم ئـاوغورە بگیـر دیە بەرامـان بەسـە، یەی سـاعەتە چـش میتلانی) «دەرویشیان».

**ئـاوفرۆش**: کەسـێ ئـاو دەفرۆشـێ: (پیـاوێکی ئاوفرۆش لە شاری غەزنەیدا ئاوفرۆشی دەکـرد) «هەقایەت».

**ئاوفرۆشی**: پیشەی ئاوفرۆش.

**ئاوفڕێدان**: ١. ئاوفڕێدانی مـایین کـاتی جـووت خوازی،٢. وەک جوێن بۆ ئافرەت بەکار دەبرێ.

**ئاوفێنککەرەوە**: ئاوسەردکەرەوە.

**ئاوڤ**: ئۆف، ئاهـ ئای، ئاخ، داخ.

**ئاوڤە**: هێنانەوە، هاوردنەوە.

**ئاڤێ**: ئانگوو، ئاونگ، شەونم.

**ئاوق**: زمان بەند بوون.×

**ئاوقا**: ١. ئامباز، هامباز، هێرش: (ڕۆژباشم ئەکـرد لە کـوڵم و لێـوی/ ئاوقـای دەمـم بـوو سـەبرێ گەستم) «نووری»،٢. دووچار، تووشـبوو، گیـرۆدە (نەخۆشی).

**ئاوقـــابوون**: پەلامـــادان، یەخەگـــرتن: (گەڵاز بە دەنگی هاواری حەمە، ئـاوقەی عەتـا بـووە، سـێ چوار مەلای پێدا دێ) «هەزار ئەشکەوت».

**ئاوقات**: ئەوقات، لە کۆندا پاریزەر وەک ئەمڕۆ نەبووە، کەسێ کە بەم کـارە هەڵدەسـتا هەمـووی مەلا و میـرزا بـوون، جـا بە مانەیـان گوتـوە «ئەوقات»،٢. پاریزەر، وەکیل، محامی، دادیار.

**ئاوقاتی**: ئاوقات.

**ئاوقاتیکردن**: ١. ١. ئاو بە شتێک زیـاد کـردن،٢. چەت لە سەودا خستن.

**ئاوقاســـی**: ئەوقاسـی، چەنـدە: (هـن ژی ئەو ئاوقاسی نە ب هێزە، وەکی حەسابێ وەلـی نەکە) «مەستوورە».

**ئاوقـــاکردن**: ١. تـــووش کـــردن(هەڵامەت)،٢. هـــــاندان، دنەدان، هەڵخڕاندن(ســـــەگ)،٣. ئاراستەکردن، تێگـرتن، بۆخسـتن: (کـێ چاکە و نیەت پاکە، لەگەڵ ئەو بەوەفا بن/ ئاوقـای چەپەڵ و ڕووڕەشـی کەن تیـری جەفاتـان) «حـافز»،٤. تێبردن، بردنەژوور، لەناونان.

**ئاوقۆرە**: بەرسیلە، ئاڤشیلە، ئاڤشلە، قورە، سیهک، گوشراوی بەرسیلە.

**ئـاوقۆرەگرتن**: ١. گرتنـی بەرسـیلە بە کوشـینی قۆرە، ٢. ئەسرین ڕژاندن، فرمێسک وەراندن.

**ئاوقوف**: ئامکوف.

**ئاوقوڵ**: ئاوکوڵ، ئاوەکوڵ.

**ئاوقۆڵاقۆڵ**: ئاوی بە کوڵەکوڵ و جۆشان.

**ئاوقوورە**: ئاوقۆرە.

**ئاوقە**: ئاوقا، ئەوقە، تووش، تووشـیار، دووچـار، گیرۆدە: (یاخوا کورم ئاوقای نسکۆیان نەبی).

**ئاوقەبوون**: تووشبوون، گیرۆدەبوون.

**ئـــاوقەد**: ١. ئاوقـــا، تـــووش،٢. هـــاوقەد، بەقەد،

هاوئەندازە.

**ئـــاوقەرا**: ١. هەڤـــال، هەوالّ: (لە زۆرەبـــانی و دەستگەمەدا چیڕ بوو، ئەگەر لە ئاوقەرانی خۆی بەوەجتریش نەبـووبێ، کەمتـر نەبـووە) «خـاک و چەوسـانەوە»،٢. بە قەد ئێـک، هاوتـا، هاوپـایە، هاوشان.

**ئـاوقەرت**: ١. ئـاو قەرزکـردن بـۆ ئـاودێری،٢. لاناوە لە نەداری.

**ئاوقەن**: ١. شەربەتی قەند،٢. قەنداغ، قەنداخ، ئاو گەرم و قەند.

**ئاوقەند**: ئاوقەن.

**ئـــاوقەو**: ئاوقـــا، تـــووش: (وتـــی: ئـــاوقەو ڕیشچەرمووێ هات) «گوڵونێرگز».

**ئاوقی**: تور، کەسی زمان گیراو.

**ئاوقین**: زمانلەنگی، توری، تکزووانی.

**ئاوکا**: گوندێکە لە باکووری دێرالوک.

**ئاوکار**: زێڕکوت، تەلاکار.

**ئاوکاری**: زێڕکـوت، کـاری داپۆشـینی کـانزا بە زێڕ و زیڤ.

**ئاوکان**: ئەوکان، ئەوبەری چۆم.

**ئاوکانی**: ئاوی کانی، ئاوی مەعدەنی.

**ئاوکردن**: ١. شۆڕاوە کـردن، ڕۆنـدک دارژان،٢. ئاو لە چاو هاتن بێ گریـان: (هەر گـولە پیسـێک چاوی ئاو دەکا/ بۆخۆی لێی دەنـوێ و ژنـی ڕاو دەکا) «فۆلکلۆر»،٣. پەیدابوونی زنچکاو لە برین و کوان،٤. ئاوپرژاندن(نان)،٥. تواندنەوە، تاواندنەوە، قالّکردن، ئاتیوانن،٦. فرۆشتنی مـالّی خـراپ: (لە بازاڕ شتەکانم ئاو کرد)،٧. وەدزیەو فرووشان مالّ دزیەتی.

**ئاوکردنەژێر**: دەرکردن، بریتی لە جێ پێ لێژکردن و زۆر بۆ هێنانی کەسێ.

**ئـاوکردنهڵووک**: کچـانن، کـزانن، لاهنـاێگە لە گەمەێ هڵووکـان، ئەگەر چـوو نیشـان لە داڵ بکەفێ.

**ئاوکشانن**: ١. ئاو کێشـان،٢. شـۆردن، ئـاوکێش کردن،٣. گلاوکردن.

**ئاوکوتان**: لاناوە لە کار بێوەلیفەت کردن.

**ئاوکور**: ناسپاس، حەقنەشناس.

**ئاوکورتێ**: ناوی گوندێکە: (کـابرایەک لە دێـی ئـاوکورتێ هەبـوو ویسـتی ژن بێنـێ) «ڕشـتەی مرواری».

**ئاوکوف**: ئامکوف، هاوکێش، هاوشان.

**ئاوکوڵ**: ئاوەکوڵ، ئاوەقوڵێ، ئاو کولاتوو.

**ئاوکولاتگ**: ئاڤکەل، ئاڤا کەل هاتی، ئاوەکوڵ.

**ئـــاوکولانن**: ١. جـۆش دان ئـاو،٢. بریتـی لە نەداری.

**ئاوکوڵهاتگ**: ئاو داغ، ئاوکولاتگ.

**ئاوکووف**: هاوکێش، ئاوکوف.

**ئاوکە**: جۆرێک ترێیە.

**ئاوکەردەی**: ئاو کردن.

**ئاوکەردەیرە**: ئاو داکردن.

**ئاوکەردەینە**: ئاو تێکردن.

**ئاوکەردەیۆ**: ئاو کردنەوە.

**ئاوکەردەیەرە**: ئاو داکردن.

**ئاوکەردەیەنە**: ئاو تێکردن.

**ئاوکەش**: ئاوکێش.

**ئاوکەشی**: ئاوکێشی.

**ئاوکەل**: ئاوکوڵ، ئاوی کوڵهاتگ.

**ئاوکەن**: ئاودڕ، کەندەلان.

**ئاوکەند**: ئاوکەن.

**ئاوکەوتە**: ١. ئاشی ئاو کەوتوو، ئاشی خەوتـوو: (نە هاژەی ئاوە، نە دان و نـانە/ ئـاش ئـاوکەوتە، چۆڵ و وێرانە) «م.ح. دزلّی»،٢. بریتی لە مردوو.

**ئاوکی**: ١. وەکو ئاو، ئـاڤی، ئـاوەکی، ڕوون ئەک ئـاو ٢. شـل، ئـاوەکی، تراو(چێشـت) ٣. ئـاوارە، باژیلە، بـاژلە، ئاژەلێـک لە مـێگەل تەرە بـووبێ و

چووبێتە ناو مێگەلی ترەوە ٤. ئاوی، ئاوژی، شتی ئاڤی ٥. تەڕ، پڕئاو، ئاودار(شوتی).
**ئاوکێ**: گوندێکە لە باکووری دێرالوک.
**ئاوکیش**: ئاوکێش، ئاوهار، ئاوبەر.
**ئاوکێش**: ١. سەقا، سەقاو، ئاوبەر، ئاڤدەر، ئاڤکێش، ئاودەر، ئاوهێنەر، ئاوهاور،٢. ئاوفرۆش: (لەو سەرە کابرایەکی ئاوکێش هەبوو پێیان ئەکوت: شێرمەردە) «ڕشتەی‌مرواری»،٣. ئاوبەر، خۆراکی ئاوخواز(چێشتی سوێر)،٤. ئەو زەویەی کە زوو ئاو دەخواتەوە،٥. کەرەستەی ئاوکێشان: (جا ئەی قوڵەدار بوو، ئەی ماشەی مقاش بوو، ئەی ئاوکێش بوو، وەبەر دەستی هات و هەرڕای کردە سەر برایمی مەلا زیندینان) «برایمۆک».
**ئاوکیشان**: ئاوکێشان.
**ئاوکێشان**: ١. ئاو بردن، ئاو ڕاگوێزتن: (کوتیان گوێدرێژ بۆ سەر دوەت لێیان گێراویەتەوە، کوتی: یا بۆ ئاو کێشانە، یا بۆ دار هێنانە)،٢. ئاودزینی برین: (زەخمەکەش ئاو کەشیداو شۆدە یەی ماجرای براش) «دەرویشیان»،٣. ئاو دەردان، خاڵی‌کردن(بیر)،٤. بە جۆگا یا بۆری ئاو هەڵکردن بۆ شوێنێ،٥. ئاوفرۆشی،٦. ئاو تێوەردان دوای شۆردن(دەفر)،٧. دوائاو پێداکردنی جلی شۆراوە: (فاتمی خێزانی فەیزە درێژ جل ئاو دەکێشێ) «هەزار ئەشکەوت»،٨. پالاوتنی برنج و خواردەمەنی،٩. خوسڵ‌دان.
**ئاوکێشای**: ئاو کێشان، سەقایی.
**ئاوکێشتەی**: ئاو کێشان.
**ئاوکێش‌کردن**: دە ئاو هەڵکێشانی شیووکوڵی کەفاوی: (ئێستا شیوەکەم ئاوکێش نەکردگە).
**ئاوکێش‌کەردەی**: ئاوبردن، سەقایی.
**ئاوکێشە**: ئاوکێش بۆ مێ.
**ئاوکیشی**: ئاوکێشی.
**ئاوکێشی**: ١. ئاو تێوەردان،٢. سەقایی، ئاوبەری، ئاوبردن بۆ مالان،٣. پاڵوین، پالاوتن،٤. خوسڵ‌دان.
**ئاوگر**: ١. جێی چاڵ و قووڵکە: (کەندی دێمەکار کەوتۆتە باکووری خۆرئاوا، بە درێژایی سەد هەنگاو قووڵ و ئاوگرە، زیاتر لە مانگێک ئاوی لێ نەدەبڕا) «خاک و چەوسانەوە»،٢.لافاوگر، زەوینی بە سێلاو.
**ئاوگرتن**: ١. ئاونیشتن، نیشتنە ئاو، ئاڵوبۆڵ بوون، ئاوتێگەڕان(فیقی)،٢. ئاودێران، ئاونیان، ئاو گرتنی نۆرەئاو بۆ داشتنی زەوی: (دەرمان ئاویان گرتووە)،٣. ئاو لاخستن لە کەم ئاویدا،٤. گوشانن، کوشین، گوشینی میوە و گیا،٥. سەرەتای لاوی و دڵ ئاو گرتن،٦. سێلاوگرتن، جێی لەبەر سێلاو بوون: (ئێرە ئاو دەیگرێ بۆ ماڵ نابێ)،٧. ئاو گرتنەوە، زەوییەک کە ئاوی ئاودێری بیگرێتەوە: (ئاو هەر کوێیەی گرت ئاوەدانییە/ زۆردار دیوێکی بگرێ وێرانە) «پیرەمێرد».
**ئاوگرتەی**: ئاو گرتن.
**ئاوگردان**: ١. ئاوگەردان، کەوجێز،٢. گوندێکە لای سلێمانی.
**ئاوگردن**: ئاو گرتن.
**ئاوگری**: ئاوەچنی، کاری ئاوگرتن.
**ئاوگڵ**: ١. جەستە، ئەندام، لاشە،٢. قوڕاو، قوڕ، هەڕگ، هەڕگاو.
**ئاوگوزەشتن**: ساق و سەلیم گەینە مەقسەد: (حالا کە دیە خەرش ئە ئاو گوزەشتە ئەوالمانە نمیپۆرسە) «دەرویشیان».
**ئاوگوشت**: ئاوگۆشت.
**ئاوگۆشت**: ١. گۆشتاو، شۆرباو، شۆربا، شۆراو، شۆرباوگۆشت: (مەلیچک خوەی چەس تا ئاوگۆشتی چە بێ؟!) «پەند»،٢. بریتی لە کەسێلی تەمەڵ و بێکارە.
**ئاوگوشتی**: بریتی لە کەسێلێ لە ناز و نێعمەتا

ئەژین: (ئای خۆشگل ئاوگوشتی بیا ئینجا بینەم چ میگی) «دەرویشیان».

**ئـــاوگون‌خەردان**: ئـاوزەل‌دن، بریتـی لە کـاری بێهوودە کرن.

**ئاوگووش**: ئاهووگووش، جۆرێ چەک.

**ئاوگووشت**: گووشتاو، شۆرباوگۆشت.

**ئاوگووشتی**: لاناوێگێ لە گولووان.

**ئاوگووش‌هاوردن**: خوەێ وە یامە دان.

**ئاوگەڕ**: نۆگەئاو، نۆرەئاو، سەرەئاو.

**ئاوگەردان**: کەوچێز، کەوجز، دەفرێکی مەعـدەنی دەسکدارە بۆ هەڵگوێستنی ئـاو: (مەنـجەڵە ئـاو و ئاوگەردانیان بۆ دەبردە شۆرکە) «ئەمیری».

**ئاوگەرم**: ١. ئاوەکوڵ، ئاوداغ،٢.گەڕاو، گەرمکاو، گەرمکە، گەرمووک، گرماڤ، گڕاو، بلاخ، پـلاخ، کانیاوی گەرم و سوێل.

**ئاوگەرمکەر**: ١. ئاوخۆشکەر، کەرەستەی ئاوگەرم کردن، دیئۆتێرم،٢. کەسێ ئاو گەرم دەکات.

**ئاوگەرمە**: دیەکەێگە لە ساڵەح‌ئاباد.

**ئاوگەز**: ١. چرزانی تەڕەکاڵ لە بـاردا،٢. میـوەی کوشـراوی تەڕەبـار،٣. هەر میـوەیەک کە بە ئـاو خراب بووبێ.

**ئاوگەزەر**: ئاوی گێزەر، ئاو هەویج.

**ئاوگەستوو**: ئاوجز، ئاودز، گەنەئاو.

**ئاوگەڵە**: ئاوەکی، ئاڤی، ئاژەڵێ کە بچێتە ناو هەر مێگەلێک هەست بە نامۆیی نەکات.

**ئاوگیر**: ١. شاگرد حەمامچی، کاریگەری گەرماو: (ئەو خانەقـایە لە کـاتی جەمـاعەتدا وەکـوو حەمامێکی قەدیمی وابوو کە حەمامچی و ئـاوگێڕ و ...) «پێکەنینی‌گەدا»،٢. چالاو، چاڵ، بیر،٣. گۆم، گۆماو، گۆل، گولەم، زەلکاو، زۆنگـاو، پۆنگـاو،٤. گـۆل، گـۆلاوی بـن دار،٥. سـەراو، سـەرچاوە، چاوەی ئـاو،٦. ئـاوگەردان،٧. حەوزی گەرمـاو،٨. پرووشەکردن لە خواردن تا نان و شیو دێنن.

**ئـــاوگیرکردن**: خـــواردنی شـــتێکی کەم پـــێش نان‌خواردن بـۆ لابردنـی برسـییەتی: (ئـاوگیرێکم کرد).

**ئاوگیرە**: ئاوگیر بۆ مێ.

**ئـــاوگیری**: ١. نەرمکـــردن، ئـــاوگرتن(پۆڵا)،٢. ئەنـدازەی کۆبـوونەوەی ئـاو لە چـالاودا، تـا ئەو شوێنەی ئاوی تێدایە.

**ئاوگیریا**: ئاوگیراو، ئاوگیریاگ.

**ئاوگیریێ**: ئاوگیراو بۆ مێ.

**ئاوگێز**: ئاوگەز.

**ئاوگێڵ**: ١. لەش، تەن، قالـب،٢. قـوڕاو، هەڕگ، هەڕگاو.

**ئاوڵ**: ١. دۆڵی چکـۆڵە،٢. ئـاووڵ،٣. گیـایەکە،٤. ئاوڵە، ئاوڵە، هاوڵە.

**ئاولا**: ئەرێ ولا، ئەرێ وەڵڵا.

**ئاولان**: هاولان، تێکەڵاو.

**ئاولانک**: گوندێکە لای بەنداوی دوکان.

**ئاولانە**: ئاومل، ئاملانە، هاودەم، هاوژین: (بـرای تۆ دەیانگوت هەتـا ئەمە بـژین هەر بە ژیـنە هەر بەمانە/ خەج و سیامەند نابنەوە بە ئـاولانە) «خەج و سیامەند».

**ئـــاوڵاوی**: گـرۆ، گـروێ، گـرواوی، ئـاوڵەدار، خروێرکەدار، خوروێلکەدار، هاوڵاوی: (کـابرایەک دەوڵەمەنـد بـوو، جلـی جـوانی دەپۆشـی، بەڵام دەسێکی کۆج بـوو، سـەروچاوی ئـاوڵاوی بـوو) «ڕشتەی مرواری».

**ئاولریپەکەر**: ئاو لریقەکەر، ئاو ڕوون و زوڵاڵ.

**ئاولک**: بلۆق، پۆڕگ، زیپکەی هەڵتۆقیوی پڕئاو.

**ئاوڵکە**: گیایەکی کوردستانە.

**ئاوڵمە**: ئاولەمە.

**ئاولناو**: ئاوەڵناو، هەڤالناڤ، سیفەت.

**ئاول‌واول**: گەوج، ئەوڵە وەیل و چەیل.
**ئاول‌وتاول**: پڕ لە زام و برین و تۆقلە: (ئاو سەماوەر ڕختە ڕو بەچەش ئاول و تاولش کەردە) «دەروێشیان».
**ئاولووت**: چڵم، کڵم، ئاوی لووت.
**ئاوڵە**: ١. خرووکە، خروێکە، خروێلکە، خروێلە، خروێنکە، خوری، خوریک، خوریکە، خورووێلکە، هەوڵە، هاوڵە، نەخۆشییەکی مرۆڤ و گیاندارانە: (سێ جۆرە: ئاوڵەی بەلاو، خوێنێژ، سفت): (ئاوڵەش هوردان لاڵ یەمانی/ وێنەی گۆی حوباب ئاو حەیوانی) «مەولەوی»،٢. بلۆق، تۆقلە: (لەب وە تەمای دڵ چەند حەسرەتش بەرد/ پێش ئاوڵە کەرد فرسەتش ناوەرد) «مەولەوی»،٣. سادە، گەوج، ئاول، ئەوڵە.
**ئاولەئاوەڕۆبران**: ١. وشک بوون، ئیشک کردن و لە جاریۆبوون کەوتنی ئاو،٢. کوێربوونەوەی قازانج و سوودی کارێک.
**ئاولەئاوەڕۆدەرکردن**: زۆر ناجسنی و بەدفەڕی کردن: (زۆری شوو لێ هەڵمەکێشە کاکە/ ئاو لە ئاوەڕۆ دەرنەکەی چاکە) «حافز»، (تا وای لێهات ئاوی لە ئاوەڕۆ دەرکرد) «توحفە».
**ئاوڵەپوکە**: سۆکە، ئاوڵە مەل، هاوڵە مورغان.
**ئاولەچاوزان**: چاو ئاوکردن لە چاکردنی پیواز.
**ئاولەچاوگەڕان**: فرمێسک هاتنە چاو بەهۆی نارەحەتی و خەم: (لە مەشەدیم پرسی: ئەو کچە بۆ دەفرۆشی؟ ملی بە لاوە نا، هەناسێکی هەڵکێشا، ئاوی لە چاوی گەڕا و کوتی: ...) «هێمن».
**ئاولەدڵڕۆیین**: مەبەی زۆر برسی بوونە.
**ئاولەدەمزان**: ١. ئاو لە دەم زان بە هۆی خواردنی شتی ترشەوە،٢. حەز لە خواردنی شتێ کردن.
**ئاولەدنگاکوتان**: بریتی لە کاری بێ‌سوود و گرفتاری پووچ.
**ئاولەدنگاکوتانن**: بریتی لە کاری بێهوودە کردن.
**ئاولەدوابێڵ‌هاتن**: بریتی لە تاقەت هێنان××: (ئەو کەسەی خۆی بە پیاو دانابوایە، هەتا ئاو لە دوا بێڵی بهاتبوایە، نەی دەهێشت شتی ئاوا ئاغا بزانێت) «خاک و چەوسانەوە».
**ئاوڵەدەردان**: خورێلکە لێ‌هاتن.
**ئاوڵەڕوو**: هاوڵەڕوو، هاولاوی، گڕواوی، گڕوێ، ئایمێ ک دەم چاوی ئاوڵە بێاشتوو.
**ئاوڵەفەڕەنگی**: ئاکلێ، سفلیس، سیفێلیس.
**ئاوڵەکردن**: بلۆق کردن.
**ئاوڵەکوت**: ١. کاری هاوڵە کوتان،٢. پزیشکی خورێلکە کوت.
**ئاوڵەکوتان**: هاوڵە کوتان، خورووێلکە کوتان.
**ئاوڵەکووی**: ئاوڵەکوتی، کوتانی هاوڵە.
**ئاوڵەلەڕوو**: ئاوڵەڕوو.
**ئاولەمە**: ئاوڵەمە.
**ئاوڵەمە**: ١. ئاولەمە، ئاوڵمە، جەنین، بێچوی ناوزگ کە هێشتا باش خۆی نەگرتووە،٢. منداڵی لەبار چوو،٣. بێچووی ناو زگی ئاژەڵ کە دوای سەربڕینی دەخورێ،٤. ئاوەلەم، پەسێ ک تازە زایە،٥. قووزی، دەعیە،٦. میوەی کاڵ و نارەس.
**ئاوڵەمەل**: سۆکە، سووکسووکە، خووریکە مریشک، نەخۆشییەکە پتر لە منداڵدا دەبینرێ.
**ئاولێ‌چوون**: تکەکردن، ئاودەلاندن(گۆزە).
**ئاولێ‌چین**: ئاولێ‌چوون.
**ئاولێژگە**: تاف، تاڤ، تاڤگە.
**ئاولێژنگە**: ئاوشار، تاڤگە.
**ئاولێلاو**: ١. ئاو لیقاو، ئاوی برنجی پاڵێوراو،٢. قوڕاو، ئاو لێخن.

**ئاولیمۆ**: ئاوی لیمۆی ترشی گوشراو: (سووره پیـواز و بەهـاره و ئـاولیمۆ و ڕۆنەکەره و نـانی لێوەرگرتن) «شەواره».

**ئاولێنان**: ١. داشتن، دیڕان: (ڕێگاکەی پەسوێ دەچێنم بە گوڵ/ ئاوی لێ دەنـێم بەنیـاز و بەدڵ) «فۆلکلـۆر»،٢. ئـاوتێگرتن، ئـاودان، تەڕکـردن: (تەزووی پیریێژن کـوژاوه/ ئاویـان لە جـێ مـاڵی ناوه) «بۆکوردستان».

**ئاومار**: ئاوداشکێن، ئاوشکێن.

**ئاومارای**: ئاو داشکاندن، جۆگا کەل کردن.

**ئاومارک**: ئاومالک، هەرچی ئاو بیبـات: (ئێـواره گەوارەیەکی داهێنا، برووسک دەڤەرەکەی ڕووناک کرد، ڕەوسه بوو بە ئاومارک) «ف.پ.».

**ئاوماره**: ئاوداشکێن بۆ مێ.

**ئاوماری**: ئاومارێ.

**ئاومارێ**: ئاوماری، ئاوهاوردن ئەڕای سیاماڵ.

**ئاوماس**: ئاوماست.

**ئاوماست**: ١. ئاوی ماسـت، ئـاوی نـاو ماستی شکاو،٢. ماستاو، ماستی شل کراوه و تراو،٣. ئـاو لەگەڵ ماستی لە مەشکه کراو بۆ ژاندن.

**ئاومـــاڵ**: ١. شــەریک، پشــکدار، هــاوبەش،٢. جیـران، خــۆیی، هاوســا، هاوســێ، ئاوســێ، دەراوسێ، دراوسـێی نزیـک،٣. چەن دراوسـێ لە ماڵێکدا،٤. ئاوماڵـک، قـافوو، لافـاو هـاوردێ: (چ نیـیە ئاومـاڵکە ئـاخری لافـاو بە لایەکـیدا دەدا) «شەواره»،٥. ناوی ژنانه.

**ئاوماڵک**: ١. لایەز، گلار، قافوو، ئاومـاڵه، شـتێ لافاو هێنابێتی: (خـودا ئەگەر بیـدا گـورگ مەڕی دێنێ، ئاوماڵک دراو)،٢. مفت، خۆڕایی.

**ئاومـــاڵه**: ١. ئاومــاڵ، دراوســێ،٢. ئاوماڵــک، سێڵاوهێناو، چیلکه و پل و پووشێ لافاو داویەته کەنار.

**ئاوماڵی**: ئاماڵی، هاماڵی، هاوماڵی.

**ئاومتەی**: ئاو ڕژاندن.

**ئاومتەیره**: ئاو ڕژاندنه خوارەوه.

**ئاومتەینه**: ئاو ڕژاندنه ناو.

**ئاومتەیەره**: ئاو ڕژاندنه خوارەوه.

**ئاومتەیەنه**: ئاو ڕژاندنه ناو.

**ئـــاومردار**: چیامـــانی، چایمـــانی، مەردەئـــارەق، ئارەقەی مردوو، ئاوی پەسیوی، ئـارەقی سـاردی لەش.

**ئاومروار**: ئاومرواری.

**ئاومرواری**: مروار، ماشاو، ئاوی سپی، ئەوئسـبێ، نەخۆشیەکی چاوه ئاوی سپی هەڵدێنێ.

**ئاومژین**: ئاو هەڵمژین(زەوی، کوتاڵ).

**ئاومل**: ١. دەسـتەملان، دەس‌لەمـلان،٢. ئـاولانه، هاوژین، هاوڕێ،٣. هاوجووت، هاومل، هـاونێله، هاونیر(دوو گا).

**ئاوملبوون**: دەستەملان بوون، بوون بە هاودەم.

**ئاوملکردن**: هـاونیر کـردن، پـێکەوه بەسـتنەوەی دوو گا بۆ جووت: (ڕۆڵه بـڕۆ گاسـووری لەگەڵ گابۆر ئاومل بکه).

**ئـــاومیوه**: ١. ئـاومێوه، ئـاوی فیقـی گوشـراو،٢. خۆشاو، گوشاب، میوەی وشکی لە ئـاوا خوسـاو وەک: هەنجیر و مێوژ.

**ئاومیوەفرۆش**: ئـاومێوەفرۆش، گوشـابفرۆش، خۆشاوفرۆش، کەسێ ئاومیوه دەفرۆشی.

**ئاومیوەفرۆشی**: ١. گوشابفرۆشی، کاری فرۆتنـا ئەڤا فیقی و خۆشاو،٢.جێی فرۆتنا ئاومیوه.

**ئـــاومیوەگر**: ١. کەسـێ ئـاوی میـوه دەگـرێ،٢. کەرەستەی ئاومیوەگری.

**ئاومیوەگری**: ١. خۆشـاوگری، گوشـابگیری، ڕەوتـی گرتنـی ئـاومیوه،٢. جـێ یـا کـارگەی ئاومیوەگری،٣. پیشەی ئاومیوەگر.

**ئاومیوەگیر**: ئاومیوەگر.

**ئاومیوەگیری**: ئاومیوەگری.

**ئاون**: ١. ئاونگ، هاونگ،٢. ئاودار، شتی تەڕ.

**ئاونا**: بەڵێ و نەخێر، ئەریّ و نەریّ: (خۆم لە سوێی تۆ بوومە سووتوو، سوودی چییە بۆم ئا و نا؟/ وا بە ئاە و ئاخی تـوایەوە کێوی خەمیّ) «بێتووشی».

**ئاونارنج**: گوشراوی نارنج.

**ئاونازەی‌بین**: کرکراکە، کشکشیّ، خرخرۆکە، بەشیّ لە گەرو تایبەت بە دەنگ.

**ئاوناس**: ئاڤناس، پسپۆڕی ئاوناسی.

**ئاوناسی**: ئاڤناسی، زانستی ناسینەوەی ئاو.

**ئاونشاستە**: ئاوی نشاستە×: (زەرف ماس تیەرم دوو هەفتە مینی/ ئاو نشاستە کەسی نیەسینی) «چەپکەگوڵ».

**ئاونشین**: هاونشین، هاودەم: (میرسێوەدین بەگ پیاوێکە هەمیشە ئاونشینە بە دەوڵەتی تورکان و بە سوڵتانی/ ئەوە لە دەرکی والی موسڵیّ دادەبەزیّ بە میوانی) «میرسێوەدین».

**ئاونشینی**: هاونشینی، هاودەمی.

**ئاونگ**: ١. هاوون، هاوونگ، ئاوان، دەسکاونگ، هاوان، هۆد، هەڤنگ دەستە، دەسگ هاوەن، جەوهنی، ئەو زەردە قووڵەی شتی تێدا دەکوتن ٢. ئاوونگ، ئاوورنگ، ئانگوو، خوسە، خوناڤ، خوناو، شەونم، شەڤنم، قەراو: (زێوی ئاونگ بۆتە ملوانکەی ملی گیابەند و خاو/ هەر تروسکەی دیّ و دەلەرزیّ بای لە سەر بیّ یا هەتاو) «هێدی» ٣. مێلاق، ئاوەنگ، ترێی هەڵواسراو بۆ زستان: (ڕۆڵە بزانە تریّ چەند ڕەنگە/ کامیان زوورەزە و کامیان ئاونگە) «پیرەمێرد»،٤. پاندۆل، ئاونگی ساعەت،٥. تەڕایی ئارەقی لەش: (مەنیژە گەیشتە بەرەوە، کەمێک ئاونگی عەرەقی ئاڵۆزی و شەرم بە سەر لووت و ژێر برژانگە ڕەشەکانی‌دا نمایان بوو) «کۆردەرە».

**ئاونگان**: دێیەکە لە دێکۆی تازەی پەنجەعەلی مەڵبەندی قوروە.

**ئاونگباران**: داباراندنی ئاونگ لە سەرەوە: (شۆڕابەی شۆڕەبی‌یان لە زۆربەی شوێنان تەرمی بیّ‌گیانی کەژاڵ لە باوەش دەگرن و ئاونگ‌بارانی دەکەن) «شەوارە».

**ئاونگودەستە**: ئاونگ و دەسکەکەی بۆ کوتان.

**ئاونگە**: ١. ئاونگی هاڕین،٢. ئاونگ، ئاڤینگ، شەونم، خوناڤ، خوناو.

**ئاونگی**: ١. ئاونگ، مێلاق، تریّ تۆپیگ، ٢. شەونم، ئاونگە.

**ئاونگی‌گەزۆ**: شیلەی گەزۆ: (خری ناو مەم پڕی ئاونگی گەزۆ/ شیری خاوی لە دەما بوو لیمۆ) «بۆکوردستان».

**ئاونما**: ١. تاڤگەی دەسکرد،٢. چاوانەی کارێز.

**ئاونە**: ١. مێلاو، میلاو قلیان، لوولەی نێرگەلە،٢. ئاونە، تەڕ، شتی ئاودار.

**ئاونەبات**: شەکروکە، نوقڵ، ئاونەوات.

**ئاونەپالاوتن**: ١. سفت و قایم بوونی بناوانی هەڵبەستراو،٢. بۆ نیشاندانی زێدە لە حەدی سفتی کەسێک دەگوتریّ: (ئەو چینە دەسەلاتدارە یەکجیّ ڕەنگیان گۆڕی و هەڵگەڕانەوە، خۆیان کردە مامۆستای ئازادی و دێموکراسی، بە ناو دێموکڕات و ئازادیخوازێک بوون ئاو نەیدەپالاوتن) «هێمن».

**ئاونەدیتوو**: ئاونەدیدە.

**ئاونەدیدە**: ١. شتیّ ئاوی لیّ نەکەوتبیّ: (ئاهەک، قوماش)،٢. وشک، هشک،٣. نەشۆراو.

**ئاونەدیگ**: ئاونەدیدە.

**ئاونەدیە**: ئاونەدیدە.

**ئاونەکێشاو**: شۆردراوی ئاوکێشی نەکراو.

**ئاونەکێشراو**: ئاونەکێشاو، ئاوکێشی نەکراو.

**ئاونەکێشیاو**: ئاونەکێشاو، ئاونەکێشیاگ.

**ئاونەوات**: ئاونەبات.

**ئاونەویارای**: ئاو بۆ قووت نەدرانی ناساغ.

**ئاونەیدە**: ئاونەدیدە، ئـاونەکراو: (بـراو یەی دانە ئـاجۆر ئاونەیـدە داغ بۆکـۆن بـزا زیـرت بـرای باوەسیرت خەیلی خوبە) «دەرویێشیان».

**ئاونیش**: ئارەقاوی×۳۰×: (موسـەدق کەی وەت تـو شـیرەکیش بـوو/ سـەرتاپا عوریـان لوخـت ئاونیش بوو) «چەپکەگوڵ».

**ئاووا**: ئاوا، ئاواها، ئاوها، وسا، بەمجۆرە.

**ئاووارەدەی**: ئاو خواردنەوە.

**ئاووارژان**: باو بوون، ڕەسم بوون: (ئاو وا ڕژاوە هەر پیاو بۆ ژنان/ قەراریان بووە و هاتوونە ژوان) «سەعید و میر سێوەدین».

**ئاوواز**: ئاوخواز.

**ئاووازتەی**: ئاو خوازتن.

**ئاووازە**: ئاوخواز بۆ مێ.

**ئاوۆئاردەی**: ئاو هێنانەوە.

**ئاوۆئامای**: ئاو هێنانەوە.

**ئاوۆئاوردەی**: ئاو هێنانەوە.

**ئاووئاش**: چێشتی تراو و ئابەکی.

**ئاووئاگر**: بەڵا، مەترسـی یەکجـار زۆر: (ئـاو و ئاگر ئامانیان نییە) «پەند».

**ئاووئاڵف**: ۱. ماڵ و دارایی، زەوی و نـیعمەت، ۲.ئاو و گیا.

**ئاووئـــاور**: دوو کەس یـــا شـــتی دژ بە یەک: (پێکەوە ناچارێن وەک ئاو و ئاور وان).

**ئاووپیای**: ئاوی پیاگ، مەنی.

**ئاووتام**: پیازاو، چێشتی پیوازاو.

**ئاووتـــاو**: ۱. ئاوتـاو، ئـابوتـاب، شـانوشـکۆ، تـاوولام، بەکـوڵ، بەدڵ، جەخـت،۲. دار و بەرد، هەرد و بەرد،۳. ڕەزاسووکی، ڕەنگ و ڕوو.

**ئاووچەما**: ئاوە و چەما.

**ئاووخـــاک**: زێـد، سـەرزەمین، سـەرزەوی، نیشـتمان، وەتەن، وەڵات، وڵات، وەڵـگ، هێڤـر: (نەسـییم هەر نەبـوو لەم ئـاو و خـاکە، بشـمرم بێجێم/ بە دەردی خۆمەوە دەتلێمەوە بـێ ئـاو و گڵ چبکەم) «ئاوات».

**ئاوودان**: ۱. ئـاو و دان پـێکەوە، بژیـوی مەل،۲. بریتی لە ڕێوشـوێنی ژیـان/ چـارەنووس×۲۰۰×: (بە خۆت نییە خۆ بادانت/ پێواویانە ئاو و دانـت) «ڕاوچی».

**ئـــاوودانە**: ۱. ئـاو دان، دانە و ئـاو،۲. بریتـی لە ڕسق، ڕۆزی، بژیوی ژیان: (لایەکی تیـری تـوانج و تانە/ لایەکی سەخڵەتی ئاو و دانە) «هێدی».

**ئاوودۆ**: ئاودۆ: (ئافرەت! ئاو بێنە، ئـاوودۆی زۆر چاک/ ڕۆڵە! چا تێکە، بە دەستێکی پاک) «قانع».

**ئاوودەم**: قسە و گوفتار.

**ئاوور**: ۱. برسی، برچـی،۲. ئـاور، ئـاگر، ئێگـر، ئازەر، ئازر، ئایەر، ئادیر، ئاهر، ئـاهیر، ئـاتر، دۆژ، یـاگی،۳. ڕوخسـارێکە بەسـام و سـەنگین بـێ،٤. ئاووس، دووگیان.

**ئـــاووڕ**: ۱. ڕوو، بـال، سـەرنج، لا،۲. کـۆمەک، یارمەتی،۳. ڕوو وەرگێران،٤. ئاخوڕ.

**ئاوۆر**: خێسە و مۆڕەی لاچاو: (وان د ڕەقسـێدا کو دیم ئاوۆر پەیاپەی دانە من/ بەرق و تێریـژان ل دل دان، جەزبەیا عشقێ ڕەڤام) «جزیری».

**ئاووڕباران**: ئاگرباران، ئاگربارانە.

**ئاووڕباز**: ئاگرباز، یاریکەر بە ئێگر.

**ئاووڕبازی**: ئێگربازی، ئاگربازی.

**ئاووڕبایگان**: ئازەربایجان.

**ئاووڕبەردان**: ئاگربەردان، ئاوربەردانەوە.

**ئاووڕپەرست**: ئاگرپەرست، زەردەشتی.

**ئاووڕپەرستی**: ئاگرپەرستی، گاوری.

**ئاوورتێکەوتن**: شەوتین، سووتان، سۆزیان.
**ئاوورخان**: ئاگرخان، ئارتوون، ئاوورگ.
**ئاووردار**: گڕدار، ئاگردار.
**ئاووردان**: ١. سووتاندن، شەوتاندن، گڕدان،٢. تۆقاندن، نەقاندن(چەک)،٣. ئاگردان، گۆڕک، کوچکاور، کوچکانی.
**ئاووڕدانەوە**: ١. هاوڕدانەوە، لاکردنەوە، سەر وەرسووڕاندن،٢. ڕووانین، بال کشاندن، ڕوودان، سەرنجدان،٣. یارمەتیدان، کۆمەکی کردن.
**ئاووردران**: ١. سووتان، شەوتین،٢. تەقین.
**ئاووردن**: هێنان، ئێنان، هانین.
**ئاووردوو**: ئاگردوو، دارودوو، دەسئایەر، سووتمان، سووتەنی، سوخت، سۆتەنی.
**ئاووردەی**: هێنان، ئانین.
**ئاووردەیۆیاگێ**: هێنانەوە جێی ئەندامی شکستە.
**ئاوورکردنەوە**: ١. گرتێخستن، داگیرساندن، هەڵکردن، ٢. شەڕنانەوە، کێشەدامەزراندن.
**ئاوورگ**: ئاورگە، ئاورگا، ئاوردان، ئایرگا، ئاتەشگە، بندن، ئەرگ، پفکە، کووانگ، کوانوو، کووانی، کوچکاور، کووچک، کۆچک، گۆڕک، گۆڕکە.
**ئاوورگرتن**: ١. داگیرسان، گیرسەندن، سووتان، ٢. تووڕەبوون.
**ئاووڕلێدانەوە**: ١. بالکشاندن، سەرنجدان، ٢.یارمەتیدان، لالێکردنەوە.
**ئاوورنگ**: ئاونگ، شەونم.
**ئاووڕەنگ**: ١. سپی و سووری چێرە، دیمەنی جوانی تەڕ و تازەی ڕوخسار،٢. ڕەنگی تازەیی بۆ بەرگ: (ئانقەدەر پیرەنەکەمە شۆستەم دییە ئاو و ڕەنگ بەرەش نەماندە) «دەروێشیان».
**ئاووس**: ئاوس، ئاڤس، هاووس.
**ئاووسان**: باکردن، پەنەمان، هەڵامسان.
**ئاووش**: ئامێز، هەمبێز، باوەش، واووشە.

**ئاوۆشەوێ**: ئاوی شەوێ.
**ئاووکوڵ**: جۆش، مەراق، تاسە، حەز.
**ئاووکوڵئەرەمرنای**: جۆش دامرکاندن.
**ئاووکوڵئەرەمەردەی**: جۆش دامرکان.
**ئاووکوڵمرنای**: جۆش دامرکاندن.
**ئاووکوڵمرنایره**: جۆش دامرکاندن.
**ئاووگڵ**: ١. بریتی لە وادەی مەرگ، ئەجەل، ئاکام، هەنجەل: (دیسان بۆ پێنجوێن تێکۆشایەوە/ خێرا! ئاو و گڵ بوو وا هێنایەوە) «پیرەمێرد»،٢. گڵ، بنەما، سرشت، سروشت، ڕسکان: (هەر چووینە نزیکی وان بە دیمەن/ دیمان نە لە ئاو و گڵ وەکی مەن) «خانی»، ٣. قوڕ، قوڕاو، هەڕە، هەرگ، حەڕی، قوڕوچڵپاو،٤. هەراش، گەورە: (کوڕەکان لە ئاو و گڵ دەرهاتوون و لە خەم ڕەخسیون)،٥. جوان، شۆخی، ڕندی، زیبایی: (دۆختەرەکەشان ئەلحەمدولا ئاووگڵی دارە) «دەروێشیان»،٦. مافی نیشتەجێ بوون،٧. شوێنی مەرگی مرۆڤ: (دەترسم بمرم داخ لە دڵم بێ/ خاکەکەی بەغدا ئاو و گڵم بێ) «حەسەن زیرەک»،٨. قەبر، گۆڕ،٩. نیشتمان، وڵات: (گەلی کچان چاو بە کل فریشتەکانی ئاو و گڵ/ دەمێ کە دەچنە گوڵچنین بە عەینی هی خەزاڵی سڵ) «حەقیقی».
**ئاووگڵئاردەی**: ئاووگڵ هێنان.
**ئاووگڵئاردەیۆ**: ئاووگڵ هێنانەوە.
**ئاووگڵئاوردەی**: ئاووگڵ هێنان.
**ئاووگڵئاوردەیۆ**: ئاووگڵ هێنانەوە.
**ئاووگۆشت**: ئاوگۆشت، گۆشتاو.
**ئاووڵ**: ١. پێخەف، جێ، نووان، نووێن،٢. جۆگەی سەر داپۆشراو،٣. ئاودڕن، ئاودڕ، شیو، کەند، کەندەڵان،٤. دۆڵ، دەرە، دەربەند.
**ئاووڵاخ**: گوندێکە لای سنە.
**ئاوومڵک**: مڵک و ماوا، زەوی و زار، ماڵ و

ملک، زەوینی کشت و کاڵی: (لە هەزار ئەشکەوت بەو دیودا دێکۆنە، بە بیرەوەری کەس نییە لە گەنگێوە ئەو دێیە چۆڵە، ئەویش ئاو و ملکی هەمزەبەگە) «هەزار ئەشکەوت».
**ئاوونان**: ئاوناو، نان و ئاو، ڕسق، ڕۆزی، بژیو، خۆراک: (بە خوێندنەوە کراوە فرچک گیانم/ زانستە مژیم و بۆتە ئاو و نانم/ ...) «خەیام هەژار».
**ئاوونگ**: ١. ئاونگ، شەونم: (ئاوونگی بەیانی بنیشێ لە کەناران/ دەستی چ کەسی لێ نەدرابێ، لە چ یاران/ ...) «ئەدەب»،٢. ناوە بۆ کچان.
**ئاوونگە**: شەونم، ئاوونگ، ئاونگ: (ئاونگ وەک گیا تەڕی کردم/ هەر نەهاتی ئەوا مردم) «گۆران».
**ئاوونگی**: ١. مێلاق،٢. ئاونگ، شەونم.
**ئاوۆواردەی**: ئاو خواردنەوە.
**ئاووەبانکشان**: ئاو هەڵکێشان.
**ئاووەبانکێشان**: چشتێ بردن و وەژێرێ دان.
**ئاووەرداشتن**: بریتی لە قسەی بەتوێکوڵ گوتن: (حەرفاش خەیلی ئاو وەرمیدارە داشی!) «دەروێشیان».
**ئاووەملئاگردان**: دەوەرەێ کارێ بردن.
**ئاووەملئاگرکەر**: ١. ئاشتیخواز، دووسیخواز، ٢. لاناوە لە ئایم چالاک و کارزان.
**ئاووهەوا**: ١. کەش، کەش و هەوا، کەژ، کژ، خوەربان، چۆنیەتی سەرما و گەرما و گۆڕانکاری هەوا،٢. ڕادەی ئاو زۆری و هەواخۆشی: (حەقمە گەر شەیدای وەتەن بم ئەی ڕەقیبی نابەکار/ سەیری ئەم شاخ و چیا و ئاو و هەوای کوێستانە کە!) «قانع».
**ئاووهەواشناسی**: کەشناسی، زانستی هەواناسی.
**ئاوویار**: ئاو بواردن، ئاودان جارێ ناجارێ.
**ئاوویارای**: ئاو بواردن، ئاو بۆ قوت دران.

**ئاووینە**: ١. وەکوو ئاو، برەنگی ئاڤێ، وێنەی ئاو: (حەستەمە تا دڵ ئەبێتە ئایەنە نانوێنێ هیچ/ تۆ دڵت ئاو وێنە و تێراو دەکا ڕۆحی بەشەر) «جومعەکان»،٢. قۆدیک، ئاوێنە، گوزکی، گۆزکی، خۆدی، خۆدیک، قۆدی، جام، نەینک.
**ئاوە**: ١. ئەوە، هەرئەوە، هێما بۆ کەس یا چتێک، ٢. شێوە، تەرز، چەشن: (ئەو بوو کاک شەوکەت ئاڤدەل چەند پەندەک کۆم کربوون، گەلەک خەبتین ددان کو ب ئاوەیەکی ڤان پەندا ل چاپ بدەت) «ف.پ.پ.».
**ئاوها**: بەمجۆرە، بەوتەرحە، بەمتەرزە، ئاوەها، ئاووا، ئاواها، وسا: (ئاوهام لێقەوماوە چەقیمە ناو خەم/ کێ دەرمبێنێ، هاوار بۆ کێ بەم؟) «ع. مەردان».
**ئاوهاتن**: ئاوهاتنەوە، شاوەت ڕشانن.
**ئاوهاتنەوە**: وەرسیان، وەرسان، شاوەت ڕژاندن، ڕەحەت بوون.
**ئاوهار**: ١. ئاوکێش، ئاوهێنەر، ساقی،٢. لاناوە لە بازڵەبوون،٣. کەشی، کەشە، جۆرێ کەمەربەندە.
**ئاوهاوردن**: ١. ئاوهاتنەوە،٢. ئاودان بە کەسێ،٣. ئەوانە ئاویان هێنا،٤. دەس یا پێ یا چەوێ ک ئاو بارێ.
**ئاوهاوێژ**: فوارە، فووارە، ئاوهۆڕشان.
**ئاوهاویشتن**: ١. ئاو هاویشتنی ماینی بە فال،٢. بۆ کچ و ژنی حەشەری بەکاری دێنن.
**ئاوەبۆرکە**: گوندێکە لە خۆرهەڵاتی چەمچەماڵ.
**ئاوەبەرە**: ئاوبارە.
**ئاوەپژگالی**: ئاو لێکتر پژاندن بۆ یاری.
**ئاوەچۆڕ**: ڕەوتی چۆڕانەوەی ئاوی شتی تەڕ.
**ئاوەچۆڕکردن**: هەڵخستنی شتی شۆراوە بۆ وشک بوونەوەی: (پەتووەکان بەرە دەرێ و ئاوەچۆڕەی کە!).

**ئاوەچۆڕە**: ١. ئاوەچۆڕ، ڕەوتی ئاوتکان لە چتی شۆڕاوە و تەڕ،٢. بارانە بە دیوارا هاتنەخوار: (بە شانمدا دێتە خوار/ ئاوەچۆڕەی گوێسوانان/ لەسەر باڵاکەی ئایشێ/ با لێمدەن بە دەبانان) «فۆلکلۆر»،٣. ئاو لە بەر بەفر هەڵنیشتن: (ئاوەچۆڕەی کەوتە بن بەفری نواڵە و شیو و دۆڵ) «هێدی»،٤. بریتی لە تکانی ئارەقەی لەش،٥. بریتی لە تکانی ئاوی لووت،٦. شۆڕەشۆڕ، چوڕەچوڕ، دەنگی دارژانی تراو،٧. لووشن، مووشن، چڵمن، لووت و چاو تەڕ و تەلیس.

**ئاوەچوورە**: ئاوەچۆڕە.

**ئاوەچەما**: فرمێسک، ئەسر، ئەسرین، ڕۆندک.

**ئاوەخ**: ئاخ، ئۆف، داخ، وشەی بە داخبوون.

**ئاوەخان**: ئاوەخانە، میزدان.

**ئاوەخانە**: ئاوەخانەی ژێر لانکەی منداڵ.

**ئاوەخت**: تاسە، ئارەزوو.

**ئاوەختخواز**: تاسەمەند، ئارەزوومەند.

**ئاوەختەن**: ئەو کاتەیە، ئەو وەختەیە.

**ئاوەختی**: ناوێکە کوڕانە، برایێ نازار.

**ئاوەخور**: ئاوەخۆر، چارەنوس.

**ئاوەخۆر**: بەخت، هات، چارەنووس.

**ئاوەخورانە**: جۆرێ باجی ئاغاوات لە کۆندا×: (شەکە زەکات و هەوارانە و ئاوەخورانەمان پێ بەخشراوە) «شەوارە».

**ئاوەخۆرە**: ١. ئاوگیر، ئاڤگر، ئاڤڤەخور، ئەو بەشە لە ئامراز کە دەکەوێتە ناو ئاوەوە،٢. بەرسمێڵ، وەرسمێڵ، بەشی خوارەوەی سمێڵ،٣. ئاوخۆرە، مێشک و ناوەڕۆکی دار و لق،٤. ئەو ئاوەیە کە لە لمبۆزی وڵاخ دەتکێتە نێو ئاو کاتی ئاو خواردنەوەی،٥. ئەو بەشە لە لمبۆزی وڵاخ کە کاتی ئاوخواردن دەکەوێتە ناو ئاو،٦. قوڕقوڕۆچکە، قورگ، گەروو،٧. ئاوەوەرە، ڕاوی کەو کاتێ بۆ ئاوخواردنەوە دێنە سەر کانی،٨. ئاوخۆری، بادە، بادی، بەرداخ، پەرداخ، پیاڵە، پینف، تاس، ترکال، خوواروفک، قاپ، کاسەی ئاوخواردنەوە.

**ئاوەدان**: ١. ئاوا، ئاڤا، ئابادان، دژی چۆڵ،٢. بریتی لە جێی قەوغا و جەنجاڵ،٣. ناوی کوڕانە.

**ئاوەدانبوون**: ١. ئاوابوون، ئاڤابوون، ئابادبوون: (هەرچی هەی تۆ گوڵی یا گوڵدانی/ ئاودان بی، وەتەنی کوردانی) «هێدی»،٢. قەرەباڵاغ بوون.

**ئاوەدانبوونەوە**: ١. قەرەباڵغ بوون،٢. پاش وێرانی دوبارە سازبوونەوە.

**ئاوەدانبی یەی**: ئاوەدان بوون.

**ئاوەدانبی یەیۆ**: ئاوەدان بوونەوە.

**ئاوەدانکار**: ئاواکەر، ئاواکەرەوە.

**ئاوەدانکاری**: ڕەوتی ئاوەدان کردنەوە.

**ئاوەدانکردن**: ئابادکردن، ئاڤاکرن: (ڕق هەیە چەن ماڵ ئاوەدان دەکا/ ڕقی واش هەیە ماڵ وێران دەکا) «حافز».

**ئاوەدانکرنەوە**: نیشتەجێ بوونەوە، بۆ جارێکیدن ئاڤا ڤەکرن.

**ئاوەدانکەر**: ئاڤاکەر، ئاڤاکەرەوە.

**ئاوەدانکەردەی**: ئاوەدان کردن.

**ئاوەدانکەردەیۆ**: ئاوەدان کردنەوە.

**ئاوەدانۆبی یەی**: ئاوەدان بوونەوە.

**ئاوەدانۆکریا**: ئاوەدانکراو.

**ئاوەدانۆکریێ**: ئاوەدانکراو.

**ئاوەدانۆکەردەی**: ئاوەدان کردنەوە.

**ئاوەدانە**: ئاوەدان، ئاڤا.

**ئاوەدانەخاتوونباغ**: بە تەشەر بە جێی وێران یا ماڵی هەژار دەگوترێ: (یەکێک دەڵێ: بۆ نەهاری دەچینە ماڵە فڵانەی، ئەوی دی دەڵێ: ئاوەدانە خاتوونباغ!).

**ئاوەدانەماڵ**: مـاڵی ئـاوەدان: (بە دەرک و دیـوانی ڕا، دەبێ ئاوەدانە ماڵ بێ).
**ئاوەدانی**: ١. ئاوایی، ئاڤانی، ئاڤایی، دژی چـۆڵی، ٢. ئـاوەدەنگی، هـاودەنگی بـۆ ژیـان،٣. بریتـی لە قەرەبـاڵغی خەڵـک: (هەی داد، هەی بێـداد، ئەی ئـاوەدانی/ قەبـرم بـۆ بـکەن لە ڕێـگەی کـانی) «فۆلکلۆر»،٤. زۆری دەغـڵ و دان: (گەنـمە زەردە کە ساڵی تەڕەساڵ/ ئاوەدانی بەوە عەمبار و چـاڵ) «هێـدی»،٥. جـێگەی ئـاوەدان: (مناڵەکـان، منـیش هەروەک ئێـوە حەز بە ڕوونـاکی و ئـاوەدانی و سەوزەلانی دەکەم) «نیساری».
**ئاوەدز**: ئاودز، ئاوجز، تەشەنە(برین).
**ئاوەدزبوون**: ١. تەشـەنەبوونی بـرین: (دەسـت تەڕ نەکەی، دەنا ئاوەدز دەبـێ)،٢. ئـاوس بـوونی کچ بە بێ لاچوونی پەردەی کچێنی.
**ئاوەدزکردن**: تەشەنەدار کردن.
**ئاوەدزی**: تەشەنەیی.
**ئاوەدیو**: ١. گوم، ون، ئاوقای ئەو دیوی شتێ×: (سـوورە دەسـی لە خـڕکە کێشـا و شووشـەی پەنجەرەی شکاند، پشیلەش پـۆڕی لەو کەلێـنەوە ئاوەدیو کرد) «شەوارە»،٢. حەواڵە، ڕەوانە بـۆ ئەو دیـــوی مەرز×: (دێ بە دێ و نووســــراوە بە نووسراوە وەردەگیرا و ئاوەدیو دەکران) «ڕاوچی».
**ئاوەر**: ١. پاشـگرێکە بە واتـای هێـنەر، هـاوەر: (قەدیم تەنپەروەری نازن بە بازاڕدا غوبارئـالوود/ ئەگەر گا باری کـا ئـاوەر، وەگەر هێزمفرۆشـانن) «سالم»،٢. کەسێ کە شتێ دێنێ،٣. هـۆش، زەیـن، ژیری،٤. باوەڕ، بڕوا،٥. ئاخوڕ،٦. ناوی کوڕانە.
**ئاوەڕ**: ١. بڕوا، متمانە، عەقیدە،٢. ئاوەڕە، ئاخوڕ.
**ئـاوەران**: بێـنن، بهێـنن: (موتریبـان وە سـۆز نە وارگەی ویشـان/ وە ڕەقـس ئـاوەران، دەسـەی مەیئۆشان) «مینەجاف».

**ئاوەرخت**: ئاوات، هیوا، هێڤی.
**ئاوەرد**: ١. هێنا، ئینا: (شـیرینیی قـامەت قیـامەت نەوەرد/ سـەڵای فەرز بەرگ ئـازیەتی ئـاوەرد) «مەولەوی»،٢. هێنای، ئینای: (ئـاوەرد بە ڕوخسـار بومی ئافتاودا) «بێسارانی».
**ئـاوەردم**: هێنـام، هـانیم: (مەزهەبـی مـیللەت مەسیحای مەریەم/ دەردەم، دەرسـاعەت، ئـاوەردم بە هەم) «بێسارانی».
**ئاوەردن**: هێنایـان: (فەرمـاش شەهەنشـای بەور دەریـادڵ/ ئـاوەردن شەخسـێ چۆبتـاش قابـل) «خانای قوبادی».
**ئاوەردنەدڵ**: هێنانە دڵ، بە دڵا هێنان: (ئـاوردش نە دڵ شای سکەندەرتەور/ بکەرۆش مەحبۆس نە ڕۆی عەرسەی دەور) «خانای قوبادی».
**ئاوەردنەپەرواز**: هێنایە فڕین.
**ئاوەردوەدامان**: هێنایە خوارەوە.
**ئـــاوەردوەهەم**: هێنـــایەوە یەک: (چەپ کەرد وە ستون، ڕاست ئاوەرد وەهەم) «بێسارانی».
**ئاوەردە**: هاوەردە، هاوریاگ، هێنراو، هێناو: (دڵە، وەردەی نەفس گوناه ئاوەردە/ سیفەت نە ڕووی زات وە پەردە کەردە) «مەولەوی».
**ئاوەردەت**: تێکـردی، کـردی×: (مەبـۆ وەخـت سەخت زامان ئاوەردەت/ ڕەمـا و پەلەپەل هەردە و هەرد کەردەت) «مەولەوی».
**ئاوەردەم**: هێناومە، هاوردمە: (بە وێـنەی نەچیـر زامـان ئـاوەردەم/ نـێش گولـوولەی خەمبـاری وەردەم) «مەولەوی».
**ئـــاوەردەن**: ١. هێنـــاوە، ئێنـــاوە، هەڵکێشـــاوە: (پەژارەت شـادیم جە بـێخ ئـاوەردەن/ دووریـت ڕیشـەی دڵ خەیـمە کەن کەردەن) «مەولەوی»،٢. هێناوە، ئێنـاوە، خـواردووە: (سـەوگەندم وەردەن، سینە چاک چاکان/ فرەم ئاوەردەن، زامی ناواکـان)

«بێسارانی»،٣. پەیداکردووە، گەیاندووە: (نێشی ئەو خارە یاوان بە کاریٚ/ کزەش ئاوەردەن جە گۆشتەتاریٚ) «بێسارانی».

**ئاوەردەنوەدەو**: هێنانە دەو، غاردان: (هەرچەند وێنەب باد ئەسپ ئاوەرد وەدەو/ جە هیچ کۆ نەدی، نەدی شۆن ئەو) «خانای قوبادی».

**ئاوەردەوە**: ١. هێنا، هێناوە: (چێش خزر نامەی تۆش ئاوەردەوە/ دەک ڕستگار بۆ، ئیحیام کەردەوە) «مەولەوی»،٢. هەڵێناوە: (جە بالاّی ئەو سەنگ پا ئاوەردەوە/ بەرقەی ناز جە ڕووی ئەو شەنگ کەردەوە) «مەولەوی».

**ئاوەردەی**: هاوردن.

**ئاوەردی**: هێنات: (چەرخە یە تۆنی ئەی مەیلە کەردی/ بەختە یە تۆنی شادی ئاوەردی) «مەولەوی».

**ئاوەڕۆ**: ١. گونج، گونجە، ڕەهەند، ئاوەڕویٚ، ئاوڕێژ، ئاوڕیٚ، کونای ئاوی ژێر دیوار،٢. بەرزترین جێگەی کێو کە ئاوی باران لێی دابەش دەبیٚ،٣. لێژایی سەربان ڕوو بە پلووسک،٤. جێی دانانی پلووسک لە بان،٥. دەراو، بوار، بوارگەی سەر چەم،٦. باری ڕژان و شۆڕبوونەوەی ئاو ناوچەیەک بۆ سەر شوێنێکیتر: (ئاوڕۆی مەیدان بەڵەک دیتەوە مەهاباد)،٧. باری ڕژانی ئاوی گیشە و تایە: (ئاوەڕۆی دەرچووە، بە سیٚسوو و جەگەن بارانی کراوە) «ئەمیری»،٨. گونجە، بۆری، لوولەی ئاوەڕیٚ،٩. جۆگەی سەر داپۆشراو،١٠. زەهاو، ئاوزا، ئاوزیٚ، زنە، زەوی تەڕ و ئاودار، (واژێ: دەیمەڕۆ).

**ئاوەڕۆدەرچوون**: دەرکرانی ئەوەڕۆ: (گیشە گیایەک دەستی ویٚ نەکەوتبوو، چڵی ڕانەکشابوو، ئاوەڕۆی دەرچووە) «ئەمیری».

**ئاوەڕۆدەرکردن**: دەرکردنی ئاوی ئاوەڕۆی قەڵاغ و گیشە و خێوەت وشتیوا.

**ئاوەڕۆگە**: ئاوەڕیٚ، ئاوەڕۆ.

**ئاوەڕونکە**: ئاوڕونکە، ئاوڕۆشنکەرەوە.

**ئاوەڕوو**: ١. شوێنی ئاوەزیٚ،٢. ئابڕوو، ئاوڕوو.

**ئاوەڕووبریا**: ئاوڕووبراو.

**ئاوەڕووبریٚ**: ئاوڕووبراو بۆ میٚ.

**ئاوەڕووبەر**: ئاوڕووبەر.

**ئاوەڕووبەردەی**: ئاوڕوو بردن.

**ئاوەڕووبەرە**: ئاوڕووبەرە بۆ میٚ.

**ئاوەڕووت**: ١. ئاوڕووت، پەڕپووت، ئاوەکوڵ، ڕووتاندنەوەی مەلی سەربڕاو بە هۆی ئاوی کوڵیو: (زودباش مۆرغەکە ئاوڕووت بکە زۆر میشە) «دەرویٚشیان»،٢. ئاوکوڵ بە کەسێکدا ڕشتن: (ئاوداخ ڕختە ڕوش ئاوڕووتش کەردە) «دەرویٚشیان»،٣. سووتاوی، سووزیاگی، داپلۆخاوی، پۆرگ، بلۆق بە هۆی ئاڤا کەڵهاتی، ٤. بریتی لە کەسێک کە لە بەر باران تەڕ بووبیٚ.

**ئاوەڕووتکا**: ئاوەڕوو تکاو، ئابڕوو تکیای.

**ئاوەڕووتکای**: ئاوەڕوو تکان.

**ئاوەڕووتکران**: پڕچکین، ڕووتانەوە، خاوێنکرانەوەی پەڕ بە هۆی ئاوی گەرمەوە.

**ئاوەڕووتکردن**: ئاوڕووتکرن، قوشقنکردن، داڕنین، ڕنینەوە، پەرتاندن، پرچکاندن، پەڕپووتکردن، پەڕ و پۆ لێکردنەوە، ڕووتاندنەوەی مری سەربڕاو بە هۆی ئاوی گەرمەوە: (بە پێی خوو و خدەی تایبەتی خۆی دەقیژێنیٚ، تەنانەت ڕەنگە لە داخان سەر و قژیشی بڕنێتەوە و سەری وەک مریشکی ئاوەڕووت لیٚ بکا) «ئەمیری».

**ئاوەڕووتکریا**: ئاوەڕووتکراو.

**ئاوەڕووتکریٚ**: ئاوەڕووتکریاو.

**ئاوەڕووتکنای**: ئاوڕوو تکاندن.

**ئاوەڕووتکەر**: کەسیٚ ئاوەڕووت دەکا.

**ئاوەڕووتکەردەی**: ئاوەڕووت کردن.

ئاوەژوو

**ئاوەڕووتکەرە**: پاککەری مر بە هۆی ئاوەکوڵ.
**ئاوەڕووتکێ**: ئاوڕووتکاو بۆ مێ.
**ئاوەڕووتکیای**: ئابڕوو تکان.
**ئاوەڕووشی یە**: ئاوڕووچووگ، بێئابڕوو.
**ئاوەڕووشی یەی**: ئاوڕوو چوون.
**ئاوەڕووگە**: ئاوڕێژگە، ئاوڕێژ.
**ئاوەڕوولوای**: ئاوڕوو چوون.
**ئاوەڕوونازتەی**: ئاڕوو نەهێشتن.
**ئاوەڕووناستەی**: ئاوڕوو نەهێڵان.
**ئاوەڕوونکە**: ئاوڕوونکەرە.
**ئاوەڕوونەمەنەی**: ئاوڕوو نەمان.
**ئاوەڕووی**: دەربەندی.
**ئاوەرە**: داوەرە، ساوەرە، بێ.
**ئـــاوەرە**: ١. ئـاخوڕ، ئـاوەڕ، ئـافڕ،٢. وەرە، بـێ، دادەی بێ، داوەرە، ئابۆ(ئەمرە).
**ئاوەڕەش**: ئاڤاڕەش.
**ئاوەڕەش‌هێنانەوە**: بـۆ کەسـێ بەکـار دەبـرێ کە دایمە هەر خەبەری ناخۆش و شووم بێنێ.
**ئاوەرێ**: ئاڤەرێ، کلا، لادەر، ژ رێ دەر.
**ئاوەڕێژ**: ١. ڕەهەند، گـونج، گـونجە، ئـاوڕێژگە، ئاوەڕۆ،٢. تاڤگە، تاف،٣. لێژ، لێژایی.
**ئاوەڕیس**: جاوی داخداخ و خەتخەت.
**ئاوەڕێس**: ١. ڕێسراوی لووس و زراڤ،٢. جاو، جاوی سپی، کرێکە لە کەژۆک دروس کرابێ.
**ئاوەڕیس‌کردن**: جاوتەنین، جاو دروس‌کردن.
**ئـــاوەز**: ١. هـۆش، فـام، ئـاوز، ئەقـڵ: (لە دنیـادا ڕەفێقی پیـاوی کەر هەرگیـز نەکەی ئەحـمەد/ لە دەس ئینسـانی بێئـاوەز هەتـا ئاخرسـەرا ڕاکە) «ئەحمەد موختار»،٢. ناوی کوڕانە.
**ئـــاوەزا**: ١. زۆنـگ، زوی، زنە، نمـاوی، تەڕ، ئاوەزێ، زەوی ئاودەڵێن و تەڕ و شلە،٢. بەشێ لە کێو کە ئاوی لێ دەدەڵێ،٣. ئاودز، ئـاوجز، زامـی ئاو تێزاو،٤. دیەکەیگە لە چەوار ئیلام.
**ئاوەزدار**: بەفام، ئەقڵدار.
**ئاوەزدارە**: فامیدە، بەهۆش بۆ مێ.
**ئاوەزداری**: فامیدەیی، بەفامی.
**ئاوەزووڵک**: بلۆق، تۆقلە، تووقاڵە، تیقاوڵە.
**ئاوەزێ**: ١. ئاڤزێ، ئاڤزیم، زەناو، زەوی زەنەک، زۆنـگ، زنە، زەوی ئـاوەزا لە بەهـاردا،٢. ئـاودز، برینێ ئاو بدزێ،٣. گوندێکە لای چۆمان.
**ئاوەزێڕ**: ئاودراوی زێڕ: (خـانوبەرەی بـۆ دروس کـرد، خشـتێکی ئـاوەزێڕ، خشـتێکی زێـو) «مەم‌وزین».
**ئاوەزێن**: ئاغزوونە.
**ئاوەزێندار**: ئاغزوونەدار: (قایشە ئاوەزێندارەکەی لە پشـتی بەسـت و چەفـیە مـۆرە گوڵسـپی و ڕیش‌دارەکەی لە سەر نا) «خاک و چەوسانەوە».
**ئاوەزیـــاگ**: پێگەییـک، پێگەییـو، پێگەیشـتوو، فامیدە، فام‌کری، زانا.
**ئاوەزیان**: ١. خۆناسین، پێگەیشتن،٢. عاقڵ بووە.
**ئاوەزیای**: فامین، ئاقڵ‌بوون.
**ئاوەزێڕ**: ئاوزێڕ، ئاڤزێڕ، تامزێڕ، زێڕاو، زێرکفت، ڕووکێشی زێڕین.
**ئـــاوەزێڕکردن**: ڕووکـێش کـردن، زێڕاوکردنـی کانزای کەم‌نرخ.
**ئاوەزینـــگ**: ئاوزینـــگ، گیـــانەڵا، ئـــاویلکە، سەرەمەرگ، دوادەمی مەرگ.
**ئاوەزێو**: ئاڤا زێڤ، تامزێڤ، زێوکفت.
**ئاوەزیەی**: فامین، هۆش کردنەوە.
**ئاوەژنە**: ١. ئاوشکێنە، شەلەگە، کەلگە، جێی ئـاو داشکاندنی جۆگا،٢. کەلەبەرێکە لە پشت ئاشـەوە ئاوی لێوە ئەشکێندرێ کاتێ ئاش نەگەڕێ.
**ئـــــاوەژوو**: ١. بەرواژی، بەراوەژوو، بەراوەژی، بەرەواژ، پاشبۆکی، پێچەوانە، پشت‌وڕوو، تەرسـە،

چەواشــــە، ڤــاژی، قەلەواژی، واژی، هۆکـــدار: (کراســــەکەت بەراوەژوو دەبەر کـــــردووە)،٢. هەڵگەڕیـاوە، هەڵـگەڕاوە: (ڕێـوی کەوڵـی خـۆی ئاوەژوو کرد/ ژیشک کەوڵی مووی ئارەزوو کرد) «سەیف»،٣. جل و بەرگی ئاوەژووکراو.

**ئاوەژووبوونەوە**: ١. هەڵـگەڕانەوە، وەرچەرخـان، وەرگەڕان،٢. لە بڵینـدی سـەرکەوتن و بە دیـوی ئەو دیوی‌دا ڕۆیشتنە خوار.

**ئـاوەژووکردنەوە**: ١. هەڵگێـڕانەوە، وەرگێـڕان،٢. کوشتن: (ڕمبێکی داهێنـاوە لە سـەرڕا ئـاوەژووی کردەوە).

**ئاوەژنە**: ١. شەلەگە، ئـاوەژەنە، ئـاوبڕ، ئـاوژنە، جێی ئاو بڕین،٢. بەردێکی زلە لە سـەر جـۆگەی ئاش بۆ لادانی ئاوی ئـاش کـاتێ کـار نـادات،٣. کەلەبەرێکە لە کاتی ئاش وێسـتاندا ئـاوی ئاشـی لێوە بەر دەدەنەوە.

**ئاوەژی**: ئاوژی، گیانداری ئاڤی(ماسی).

**ئاوەژێ**: ١. ئاوەژوو، چەواشە، واژی،٢. ئـاوژی، گیانداری ئاوی،٣. نـاوچەیەکە لە نزیـک مەرگەی سەر بە باژێری قەڵادزێ.

**ئاوەســـپی**: ١. نــاوی کوێســـتانێکە لە بەشــی سەرشـــیو، ٢. گونــدێکە لە خـــواری قەرەداغ: (خەڵکەکەشی لە عەشرەتی زەنگەنە بوون چـوون بۆ ناو زەنگەنە لە سەر ئاوەسپی) «ڕاگواستن».

**ئاوەســـتێ**: مەچەکپـێچ، ئەنگوچــک، فەقێیــانە، جۆرێک سۆرانی کراس.

**ئاوەسو**: ١. ئاوەسـۆ، بەردێ کە بە هـۆی ئـاوەوە ســوابێ ٢. حــاڵەتی هەر تشــتەکی کە بە هــۆی ئــاوەوە ســوابێ: (هەڵمــاتی ئاوەســوو)،٣ پینــەی پێڵاوێـک سـوابێ و لـووس بـووبێ ٤. بریتـی لە سـەڵیتە، بێشــەرم، چەقەســوو، پۆسکوڵوفــت، ڕوودار، گــوێنەدەر(مرۆڤ) ٥. نەزۆک، نەشـۆر، عوزرنەشۆر، ژنی لەزگ وەستاو،٦. قسر، ئەستێور، ستێور، گیانداری کە بێچووی نابێ،٧. چڵـکمردە، جلێ زۆر لە ئاودا مابێتەوە،٨. ئەو پێستەی زۆر لە ئاوا مابێتەوە،٩. ئاوەسۆ، دارێ کە بسـووتێ و ئـاو لە سەرەکەی بێ.

**ئاوەسۆ**: ئاوەسو.

**ئاوەسوانە**: ئاوی گوێسوانە.

**ئاوەسوو**: ئاوەسو.

**ئاوەسووبیەی**: ئاوەسوو بوون.

**ئاوەسوور**: بریتی لە شەراب: (کەئسێ کەرەم کە لەو ئــاوە ســـوورە/ فیــدای پەنــجەت بــم ئەڵێــی بلوورە) «ع. مەردان».

**ئاوەسووکریا**: ئاوەسوو کراو.

**ئاوەسووکریێ**: ئاوەسوو کراو بۆ مێ.

**ئاوەسووە**: ئاوەسوو بۆ مێ.

**ئاوەســـە**: ئەوەســـە، ئەوەیە: (دێـو کـوتی: مـن کــوولەکەی ڕۆحەکەم ئاوەســە لە بـان ئەو دارەیـا هەڵۆیێ نگابانی‌یە) «گوڵونێرگز».

**ئاوەســـەر**: ١. شـۆنە، ڕەقەن، ئەو زەویـیەی ئـاو قووت نادا، ٢. ئاو قووت نەدانی زەوی.

**ئاوەسی**: ئاوەکوول، ناخۆشی.

**ئاوەسێ**: فەقێیانە، فەقیانە، سۆرانی کراسە.

**ئاوەشکێنە**: ١. ئاوەژەنە،٢. شەلە، دەراو، شەلەگەی ئاوهەڵبڕین.

**ئاوەشۆر**: شۆردن وە ئاو خاڵی.

**ئاوەشەم**: ئەو جێگەی ئاوی ئاشی پێـدا دەڕواتە دەرەوە.

**ئاوەشی**: ١. گوهانۆک، نەخۆشـی گـوانی مەڕ،٢. بە ئــاو کەوتنــی دەغــڵ: (دەغڵەکەمــان ئاوەشــی بووە)،٣. باڕێزە، میوەی وەریو بە با.

**ئاوەشـــیبوون**: ١. تووشــی نەخۆشــی ئاوەشــی بوونی مەڕ،٢. ئیشـک بـوونی دەغـڵ لەبەر ئـاوی زۆر.

**ئاوقوڵێ**: ئاوەکوڵ، ئاوقوڵ.

**ئاوەکان**: گوندێکە لای سیدەکان.

**ئاوەکلێ**: یاری منداڵان وە ئاو.

**ئاوەکورتە**: گوندێکە لای چۆمان.

**ئاوەکول**: ١. ناخۆشی، تاڵی، لێقەومان،٢. ئـاوداغ، ئاڤا کەل، ئاوی کوڵهاتوو،٣. ئـاوەڕووت،٤. جـل لە نـاو ئـاوا کوڵانـدن بـۆ کوشـتنی میکـڕۆب،٥. کوڵاندنی گۆشت لە ئاودا.

**ئاوەکوڵ**: ئاوەکول.

**ئاوەکوڵن**: ١. ئاوەڕووت،٢. کوڵاندن.

**ئاوەکووڵاکردن**: حەمامکردن، سەر مل شۆردن.

**ئاوەکوولێ**: ئاوی ڕەنگ شین.

**ئاوەکەیئەلوەند**: گۆرانییەکی هۆرامییە.

**ئـاوەکی**: ١. تەڕ، تـراو، پڕئـاو، ڕەوان، ئاڤـاکی، ئاوکی،٢. بیرە، ئارەق: (گوتی: شیرنی قەیدی نییە/ من مەبەستم ئـاوەکی‌یە) «هێـدی»،٣. ئـاڤی، شـتی ئـاوی،٤. ئـاوارە، دەربەدەر، بـۆ ئاژەڵێـک بەکـار دەبرێ کە هەتەرە و گوێ کوڕە بووبێ و کەوتبێتە لاوە: (مەڕ لە سـەرت ڕانەدا، ئاوەکیـت نەبـێ، لاوەکیـت نەیە) «ئەمیـری»،٥. ئەو کەسـەی زۆر دەگەڵ ئاو خەریکە و حەنبەڵی‌یە.

**ئـاوەکی‌بوون**: تەرەبـوونی سـەرێک مـێگەل و چووونە ناو مەڕی دیکەوە: (... دڵێشە وا دەزانێ شەکە خەزاڵ ئاوەکی بووە) «ئەمیری».

**ئاوەکی کەوتن**: ئاوەکی‌بوون.

**ئـاوەکی‌بوون**: هەترەبـوون، ئـاوەکی کەوتنـی ئـاژەڵ، ئەو مەڕەی لە سـەر ئـاوێ دەچێـتە گەڵ مەڕی دیکە: (بەڵام خەزاڵ ئەگەر تۆ بفرۆشن، یـا ئاوەکی بی) «ئەمیری».

**ئاوەکی‌کەوتن**: ئاوارە بوون، لە غوربەت مانەوە.

**ئاوەکین**: ئاوەکی، شل، تراو.

**ئـاوەگر**: ١. ئـاوخواز، ئـاوواز، بە تایبەتمەنـدی ئـاووازییەوە،٢. یـانی‌گر، دڕ: (مەلا کـوتی: بـرا کوفرە، سەگی ئاوەگر چییە تەڵقینی بـۆ بـدرێ!) «ف.پ.پ.».

**ئاوەگرد**: چیـایەکە لە سـەرووی کـۆیێ: (مەڵـێ غەم گەورەیە یـا گـریە وورده/ ئەمیـان گەرداوە، ئەویان ئاوەگردە) «حاجی قادر».

**ئاوەگردی**: ئاوەگردە، چیایەکە لای شاری کۆیە.

**ئاوەگرە**: ئاوواز، ئاوخواز.

**ئاوەگری**: ئاوخوازی، تایبەتمەنـدی گیـایەک کە لە ئاوا گەشە دەکا.

**ئاوەگڵ**: گلاو، پیس، سپلۆت.

**ئاوەگڵ‌بوون**: گلاوبوون.

**ئاوەگڵ‌کردن**: گلاوکـردن، حەوت ئـاو کردنـی شتێ گلاو.

**ئاوەگی**: ئاوایی، دێ، گوند.

**ئـاوەل**: ئەو گیـایە پـێش بەهـار لە دەم جۆگـا دەڕوێ.

**ئـاوەڵ**: ١. دۆس، دۆسـت، ڕەفیـق، هـاودەم، هـاوڕێ: (وا دوا بە دوای یەک کۆچیـان کـرد ئـاوەڵ/ تەنهـا مـن مـاوم پـێم ڕۆچـۆتە گـڵ) «پیرەمێرد»،٢. نەخۆشی چۆکی ئاژەڵ،٣. خڕ، شیو، گەڵـی، دەڕە،٤. ئاوەڵمنـداڵ،٥. قەیـاخ، دەڵاو، گیـایەکە لە نێـو ئـاوا شـین دەبـێ: (کـووزەڵە و مـاکووز، پـنگە و ئـاوەڵ گەڵایـان پـان بـووە) «هەزارئەشکەوت».

**ئاوەڵا**: ئاواڵە، ڤالا، ڤەکری، وەکری، کـراوە، واز: (دەرکەی ماڵم ئـاوەڵایە، ئەگەر دێـی بـۆ دیـدەنی من) «حەمەجەزا».

**ئاوەڵابوون**: بازبوون، ڤەبوون: (دەرکەی باخچەم ئاوەڵا بوو/ دزێکی زۆر بێ‌ڕەزا بوو) «حەمەجەزا».

**ئـاوەڵاکردن**: کـردنەوە، هەڵگـرتن: (پیرێـژن دەرگای ئاوەڵا کرد و وتی:) «شێربەگی».

**ئـاوەڵانە**: شـیرینی شـوان کە بەرخ و کـاری تازەزای بۆ خاوەنەکەی دێنێتەوە بۆ ماڵێ.

**ئاوەڵچنە**: ئاوهەڵچنە، ئـاوچنە، ئـاوگر، کـاغەزی

جەوهەرکێش.

**ئاوەڵدامان**: ١. ئاوەڵکراس، دەرپێ،٢. ئاودامێن، ئاودامان، جلکی بە داوێنی شۆڕەوە: (شێخ جوبیەکی قاوەیی ئاوەڵدامانی کردبوو بە سەر کەوا و سەڵتەکەیا) «ڕشتەی مرواری».

**ئاوەڵدامەن**: ئاوەڵدامان: (کوێخای زەنگابات/ هەڵکێشە عابات/ چەفتەی سەر شانت ئاوەڵدامەنە/ ئەو لارولەنجە هەتە، دایەمەنە) «ڕشتەی مرواری».

**ئاوەڵداوێن**: ئاوەڵدامان، داوێنی شۆڕ(عەبا).

**ئاوەڵدووانە**: لفەدوانە، دووانە، جمک.

**ئاوەڵزاوا**: هاوزاوا، هاڤلینگ، ئاواڵ زاوا.

**ئاوەڵشوان**: هاوشڤان، ئاریکاری شوان.

**ئاوەڵکار**: ئاوەڵکردار، ئاوەڵفرمان، زارێکی ڕێزمانە کە حاڵەت و چۆنیەتی و جێگە و زەمانی کار(فعل) دەسنیشان دەکات وەک: (دوێنێ، خێرا، دایمە، ...).

**ئاوەڵکاری حاڵەت**: شێوەی بەڕێوەبردنی کارێک نیشان دەدا: (بەنهێنی، بەکاوەخۆ، سەبر).

**ئاوەڵکاری پرس**: ئاوەڵکاری پرسیار.

**ئاوەڵکاری پرسیار**: ئاوەڵکارێک کە نیشانەی پرسیارە: (کام، چما، چلۆن؟).

**ئاوەڵکاری جەخت**: ئاوەڵکارێک کە جەخت دەگەیەنێ: (بێ‌شک، بێ‌گومان، ناچار).

**ئاوەڵکاری دۆخ**: ئاوەڵکارێ کە دۆخی کردارێک نیشان دەدا: (ئاشکرا، بەگریان).

**ئاوەڵکاری زەمان**: زەمانی کردنی کارێک دەگەیەنێ: (ئەوشۆ، ئەمڕۆ، ساتێکی‌دی).

**ئاوەڵکاری شک**: ئاوەڵکارێ کە شک و گومانی تێدابێ: (ڕەنگە، مەگەر).

**ئاوەڵکاری شوێن**: ئاوەڵکاری مەکان.

**ئاوەڵکاری کات**: ئەوەڵکارێ کە کات دەگەیەنێ: (دوێنێ، زوو).

**ئاوەڵکاری مەکان**: جێی بەڕێوەچوونی کارێک دەس‌نیشان دەکات: (سنە، ماڵ، دوکان).

**ئاوەڵکاری نۆرە**: ئاوەڵکارێ کە نۆبە و ڕیز دەگەیەنێ: (لە پەستا، یەک‌یەک).

**ئاوەڵکاری نەرێ**: ئاوەڵکارێ نیشانەی نەرێ و ڕەت‌کردنەوەیە: (هیچ، هیچ‌کات، قەت).

**ئاوەڵکاری هاوێر**: ئاوەڵکارێ کە نیشانەی جیاکردنەوەیە: (جگە، بێجگە، مەگەر).

**ئاوەڵکراس**: ئاواڵ‌کراس، ئاوەڵدامان، دەرپێ، زێرجومە، هاوەڵکراسی ژنان.

**ئاوەڵکورد**: کوردی هاوخوێن: (هەرگیز نامووست بە پارە نەدەی/ ئاوەڵ کوردی خۆت ئاوارە نەکەی) «قانع».

**ئاوەڵمنداڵ**: پزدان، پزان، پرزانگ، پیزەدان، پەڕوڵ، پاور، تیزانگ، یاوەرە، یاگۆزاوڵەی، هەڤالۆک، هەڵپەز، هژی، هاوباز، مالبچویک، مناڵدان، منداڵدان، کاردانک، بەچەدان، بێچوودان، بز، جفت، ڤاگینا، زێدان، زاگە، زامار، جێی گەورەبوونی تۆڵ لە زگی دایکی‌دا.

**ئاوەڵموستەعید**: هەواڵی موستەعید: (مەلا برایم ئاوەڵ موستەعیدێکی ئەبێ) «ڕشتەی‌مرواری».

**ئاوەڵمە**: ١. دەڵەمە، هێلکەی بێ تێخوڵ کە مر دایدەنێ،٢. ئاوەلەمە، منداڵی ناو زگ کە هێژ نەگورابێ.

**ئاوەڵناو**: ئاوڵناو، بری ناو، سفەت، ناونیشانە، ڕەوش، پەسن، سیفەت لە ڕێزماندا، زارێکی ڕێزمانییە کە حاڵەت و چلۆنایەتی ناو نیشان دەدا وەک: سوور، کز، چووک، سارد.

**ئاوەڵناوی ئاماژە**: ئاوەڵناوێکە کە ئاماژە بە شتێ دەکات: (ئەو، ئەمان).

**ئاوەڵناوی بەرکاری**: ئاوەڵناوێ کە نیشانەی بەرکاری بێ: (پساو، گیرۆدە).

**ئاوەڵناوی پرسیار**: ئاوەڵناوێ کە پرسیار دەگەیەنێ:

ئاوەنووسی

(چۆن، کامە؟).

**ئاوەڵناوی‌سادە:** ئاوەڵناوێ کە تەنیا لە وشەیەک دروس بووگە: (چاک، دروست).

**ئاوەڵناوی‌سەرسووڕماوی:** ئاوەڵکارێ کە نیشانەی سەیرمانە.

**ئاوەڵناوی‌کرۆکی:** ئاوەڵناوی بکەری، ئاوەڵناوێ کە نیشانەی لێهاتوویی بکەری تێدابێ: (سووتێنەر، کرِیار).

**ئاوەڵناوی‌لێکدراوە:** ئاوەڵناوێ کە لە دوو یا چەن وشە پێک هاتگە: (بەلەپا، تەڕدەست).

**ئاوەڵناوی‌نەدیار:** ئاوەڵناوێ کە نیشاندەری شت یا کەسێکی نادیارە: (فلان، کەسێک).

**ئاوەڵناوی‌هەڤیازی:** ئاوەڵکارێ کە نیشانەی باشتری شتێک بە سەر ئەوانی‌تر دەگەیەنێ: (چاکتر).

**ئاوەڵواتا:** هاومانا، وشەیەک کە دوو مانای هەبێ.

**ئاوەلۆڵکە:** ئاوەلۆلێ، تەڕەتوولکە، تەڕەتووڕکە، خۆراکێ ئاوەکی و تراو.

**ئاوەلۆڵێ:** ئاوەلۆڵکە.

**ئاوەڵە:** ئاواڵە، واز، باز، داچەقاو، سەرکراوە، بەتاک، سەربەتاک، سەربەتاڵ، ڤالا، ڤەکری، کراوە، کراوەوە، گوشاد، وەتاک، لەسەر پشت: (خەڵکی پێی وایە لە خۆشیانە هەرا و گاڵەم دێ/ نا براکەم لە دەسی زاڵمەکان زاڵەم دێ/ ورتەیی کۆنە برینانی دەم ئاواڵەم دێ) «چەپکێ گوڵ».

**ئاوەڵەبوون:** بەش‌بوونەوە، داچەقان، ڤالابوون، کرانەوە.

**ئاوەڵەکردن:** کردنەوە، ڤەکرن، ڤالاکرن، ڤەدان، داچەقاندن، واکردنەوە، گوشادکردنەوە.

**ئاوەلەم:** ئاولەم.

**ئاوەلەمە:** ئاوەلمە، منداڵ لە ناو سکی دایکی بەر لە گووران.

**ئاوەلیان:** خانووی سەر ئاو لە کەناری دەریا بە سەر کۆڵەکەی ناو گۆل و گۆمانەوە.

**ئاوەلێز:** ١. ئاو لافاو ک جاێ لێزگرتن بگرێدەوەر، ٢. لاناوە لە ئاوارەبوون.

**ئاوەلێزبوون:** دەروەدەربوون.

**ئاوەلێزکردن:** دەربەدەرکردن.

**ئاوەن:** ١. ئاونگ، دەسکاونگ،٢. ئاونگ، شەونم،٣. ئاوە، ئاڤە: (زەمین زومرووتی جە گیا و ئاوەن/ گوڵان وە سەد ڕەنگ نەقشی پای کاوەن) «مینەجاف».

**ئاوەنجیر:** ئاوی هەنجیر.

**ئاوەند:** ١. ئاوەنگ، ئاونگ، گوریسی هەڵواسراو بۆ هەڵخستنی ترێ،٢. بەڵگە، دەلیل، قولپ، ٣. ئاوەن، ئاونە، ڕەگی ناوەڕۆکی لق کە تەڕایی ڕادەگوێزێ،٤. لیوان، پیاڵە، قومقومە، شەربەی ئاوخواردنەوە.

**ئاوەندە:** ئەوەندە، ئەمەندە، هێندە.

**ئاوەندیار:** ناڤبەر، ناڤبەرچی، نێونجیگەر.

**ئاوەنگ:** ١. ئاونگ، شەونم،٢. ناوە بۆ کچان.

**ئاوەنگان:** ئاوێزان، شۆڕ.

**ئاوەن‌ودەستە:** ئاوەنگ و دەسکەکەی بۆ کوتان و هاڕینی شت.

**ئاوەن‌وڕەوەن:** ١. هاتوچوو، هاتوچۆی زۆر،٢. ماڵێ کە میوانی زۆر بێ.

**ئاوەنۆس:** ئاوەنووس، ئەبەنووس.

**ئاوەنووس:** ئابەنووس، ئابنووس، عەبەنووس، داری عەبەنووس بۆ مۆدنە دەبێ: (دەهەم نسرەتە هوول و سووەر هەمس/ گل مەخوەی لە بان خورشێ ئاوەنووس) «خان‌مەنسوور».

**ئاوەنووسی:** ١. لە ڕەنگی ئاوەنووس،٢. لە چەشنی عەبەنووس.

**ئاوەنە**: ئاوێنە، جام، قودیک.
**ئاونەوات**: نەبات، ئابنەبات: (یەی بیسپەنجی ئەزو ئاونەوات بکەش بینەم) «دەروێشیان».
**ئاوەنیـــا**: ١. ڕەپســـتە، ڕەبـــاس، کۆڵەبەســـت، کۆڵەپەست، کۆڵەوەس، ئاڤـانی، دەغڵـی چێنـدراو کە زەوییەکەی لە پێش چاندن ئاو درابێ: (ئـاوی ئاوەنیا ڕووبـی تەمـاتە/ دڵـداریی ئاغـا هەر یەک سەعاتە!) «فۆلکلۆر»،٢. دەغڵێک پێش بـارانی پەڵە چانــدرابێ: (ڕەهـــێڵەی پەرێشـــانی و پەشـــێوی دایکـرد، وەرزێـر لە کشـتوکاڵی بەهـاری و لە ڕەپستەی پایزە مافنگی مایەوە) «پێکەنینیگەدا»،٣. بەراو، زەوی پـــاراو، ٤. زرکـــوڕ، زرمنـــداڵ، کۆڵەبەس، کۆڵەبەست، کوڕی هاوسەر لە مێردی پێشوو.
**ئاوەنیک**: لوولاق، سقان بەلەمرک.
**ئاوەنێک**: لوولاک.
**ئاوەوچەما**: ئاوی چاو.
**ئاوهورزتەی**: ئاو هەڵسان.
**ئاوهورستەی**: ئاو هەستان.
**ئاوهۆرشان**: ئاوهاوێژ، فووارە.
**ئاوهورکەر**: ئاوهەڵکەر.
**ئاوهورکەردەی**: ئاو هەڵکردن.
**ئاوهورکەرە**: ئاوهەڵکەر بۆ مێ.
**ئاوهورگوزتەی**: ئاو هەڵێنجان.
**ئاوهورگوستەی**: ئاو هەڵێنجان.
**ئاوەوئـــاوچوون**: ئـــاو بە ئـــاو چـــوون، چـــوونێ گەڕانەوەی نەوێ.
**ئاوەوەر**: ئاوخۆر.
**ئاوەوەرانە**: باجی ئاوخواردنەوە.
**ئاوەوەرە**: ١. شەربە، گڵاس، ئاوخۆری،٢. ڕاوی سەرکانی بۆ کورکوڕ و کەو،٣. ئاوخۆر بۆ مێ.
**ئاوەها**: ١. وسا، وەسـا، هۆسـا، بەمجـۆرە،٢. بـۆ پرسیار و سەیرمانە: (ئاوەها ئەم کارەشت کرد؟!).

**ئاوەهادیتە**: بە ڕووی تۆدا نازڵ بێ.
**ئاوەهەر**: دیەکەیگە لە بەدرەێ ئیلام.
**ئاوهەڵاوردن**: هەڵاوردن، هێنانەوە، ڕشانەوە.
**ئاوهەڵبڕین**: ئاو لێبڕین، ئاو ویشک کردن: (ئاو لە دۆڵیانی ئاش هەڵدەبڕم) «هەزار ئەشکەوت».
**ئاوهەڵچن**: ئاوچین، ئاوچن، ئـاومژ، ئـاوهەڵمژ، ووشککەرەوە.
**ئاوهەڵدێر**: تاف، تاڤ، تـاڤگە: (لە ترووسـکەی ئاوی ئاوهەڵدێر/ لە وێـنەی مـانگی نـاو ئەسـتێر) «هێدی».
**ئاوهەڵڕێژ**: ئاوهەڵـدێر: (پـردی سـوڵتان لە نـاو باوەشی کێوەکانی گردەگڕوێ و بـاغی بـاڵەکوو و دۆڵەڕەش و ڕەزاکـــوژاو لە ســـەر دەراوێکـــی ئاوهەڵڕێژ دروس کراوە) «شەوارە».
**ئاوهەڵکردن**: ئاوداخستن، ئاوگرتن، ئاوشـکاندن، ئاوداشکاندن، ئاو بەردانەوە بۆ ئاودێری.
**ئاوهەڵگر**: ئـاوخۆر، زەوی تەخـت و بەبڕشـت: (ئەو دێیـــانەی کەوتـــونەتە نکـــاری زۆرگ و کێوەکان، زەوی زۆربەیـان بەرزایـی و چەقـێن و بەردەڵانن، زۆر ئاوهەڵگر و بەبڕشت نین) «خـاک و چەوسانەوە».
**ئاوهەڵگرتن**: ١. جۆگـا سـازکردنی و هەڵبەسـتن بۆ هێنانی ئاو بۆ ئاودێری،٢. هەڵمژین و ئاو تێـدا کۆبوونەوە: (جەواڵەکە لە کانیدا بوو، بارێکی ئـاو هەڵگرتووە)،٣. ئاو لە مەشکە کـردن،٤. لانـاوە لە ڕشبەت دان.
**ئاوهەڵگوێزان**: هەڵێنجانی ئاو، ئاودەرێنان(بیر).
**ئاوهەڵێنجان**: هەڵگوێستنی ئاو بە سەتڵ و دۆڵچە.
**ئاوهەنجیر**: هەنجیراو، ئاوی هەنجیری خووساو.
**ئاوهەنگوور**: ئاوی ترێ، ئاوی ترێی گوشراو.
**ئاوهێنـــان**: ١. ئـــاو هـــاوردن، ئێنـــانی ئـــاڤ: (چاوکەژاڵانی لە چەم ئاو دێنن/ دەم بە جـادوون و دڵان دەڕفێنن) «بۆکوردستان»،٢. ئاوهێنانی چاو،

نەخۆشییەکی چاوە،٣. نەخۆشی لاق ئەستوربوونی یەکسم.

**ئاوهێناندنەوە:** وەرسیاندن، مەنی هێنانەوە.

**ئاوهێنانەوە:** دەسپەڕ کردن، جلق، مشتە.

**ئاوی:** ١. ئاڤی، بەراو، زەوی بەر ئاو، بئاڤ، زێز دەیمی٢. ئاوی، ئاوژی، ئاوزێ، شتێ بە ئاو بەڕێ بچێ: (مەگە شۆدی مورغاوی ئینهەمە میری حەمام!) «دەرویشیان»، ٣. ئاوڕواو، ئاوڕس، ئاوڕسک (گیا)،٤. شین، کەوی، کەوو، ڕەنگی عاسمانی، ٥. شوێن، جێگە: (شیلاناوی: شیلانئاوی: جێی شلان)،٦. ئالو، تێکەڵ، تێهەڵسواو: قوڕاوی، ئارداوی،٧. ئاو، ئاڤ: (ئاوی پۆژنان: ئاو داپۆشاندووە)،٨. ئاوفرۆش، ئاوکێش، ٩. ئاوەکی، ئابەکی، تراو،١٠. ئاو، شاوەت، ئاوی پشت.

**ئاوێ:** ١. پاشگرە: خدراوێ، مامکاوێ، میراوێ، ٢. ئاوا، ئاوەدان،٣. ئاوێک بۆ خواردن: (دادەی ڕۆڵە ئاوێ، دۆیەکی سارد، زۆرم تینووە) «هەزار ئەشکەوت».

**ئاویار:** ١. ئاوهار، ساقی،٢. ئاوێر، ئاودێر، ئاڤیار، ئاڤدێر: (ئاویارەکەی سەوزەی ئارەزووم/ دانا بە گردین راز کۆنە و نۆم) «مەولەوی»،٣. ناوی کوڕانە.

**ئاویاری:** ١. ئاوهێنان،٢. ئاودێری، ئاوداشتی، ئاڤیاری، ئاڤدێری: (وە قەترەی منیچ ئاویاری کەر/ مەست بوو تا مەحشەر سەر باروو ئەو بەر) «مەولەوی».

**ئاویاریئاویاری:** گەمەیەکی گوندینشینانە.

**ئاویاری کردن:** ئاودێری کردن: (ئاوی لافاوی خەیاڵم، هێندە ساف و ڕۆشنە/ ئاویاری خۆی ئەکا، بێفەرقە لای هەوراز و لێژ) «قانع».

**ئاویاری کەر:** ١. ئاودێریکەر، ئاویار،٢. جایڵێ ک بازڵەوە بۆیە.

**ئاویان:** ئاڤا، ئاوەدان.

**ئاویانی:** ئاوەدانی.

**ئاوێانی:** ئاگر کوانێ.

**ئاویئاراس:** چۆمی ئاراس، چەمێکە لە باکووری کوردستان: (لە ئاردەهانۆ بۆ ئاوی ئاراس/ ئەمە شیمالە بە عیلمی قیاس) «قانع».

**ئاویبوون:** ١. ئاوی بوونەوە، لاناوە لە جایڵ تازە سور،٢. زەوێ ک دەیم بویە ئێرە ئاوییە.

**ئاویبەقا:** ئاوی حەیات، ئاڤا ژیان: (لێوی تۆ ئاوی بەقا، من خزرم/ فەیزی تۆ ڕەحمەت و من سەوزە گیا) «نالی».

**ئاویبێلەغاوخواردنەوە:** سەرەڕۆ بوون و گوێنەدان: (ئاگات لە زاری خۆت بێ، ئێستا بۆنی شیری خاوت لە دەم دێ، زۆرو ئاوی بێ لەغاو خوادۆتەوە) «میرزا».

**ئاویبینایی:** فرمێسک، ڕۆندک، ئەسر: (وەکوو یەعقووب ئەوا کوێربووم تکاوە ئاوی بیناییم) «مینەجاف».

**ئاویپرژ:** ١. تاڤگە، تاف، سوولاف،٢. تاڤگەیەکە لە سەکران، زۆر سارد و خۆشە.

**ئاویپۆژنان:** ئاو داپۆشاندووە.

**ئاویپەسیرە:** ئاوی بەرسیلە، ئاوقۆرە.

**ئاویپێداهاتن:** شل بوونی پێ: (هەموو ڕۆژێ لەبەر سەیری بتی ئەو بەژن و باڵایە/ لەسەر ڕێیی‌دا ئەوەستم من، هەتاکوو ئاوی پێم دایە!) «هەردی».

**ئاویتاچنۆ:** ئاوی دەدەڵێنێ.

**ئاویتاڵوسوێر:** بریتی لە ڕەنج و کوێرەوەری.

**ئاویتن:** ١. ئاوێتن، هاویشتن، فڕدان، فڕێدان،٢. خسن، کەواندن، جێگیرکردن: (دەمگوت: سایەت باوییە کوێ/ لەوێ نرخی هوما دەشکێ) «هێدی»،

٣. وەشـاندن، چانـدن: (نە هەورە، نە سـایەقەت، خەبەرەک هاتیە لە کن خەلیفەت، هەتا شـۆووەرد هەنە، تۆی ماوینە بەیارا قەت) «ف.پ.پ.».

**ئاوێتنسەردەست:** خستنە سەر بەری دەست: (لە رێی گەلدا رۆحی باوێتە سەر دەست) «هێدی».

**ئاویتنەسەرشـــان:** بە ســـەر شـــان هەلگـــرتن: (خەلاتیان بۆ بردن، ئاویتیانە سەرشان) «توحفە».

**ئاویتوربەت:** ئاوی شەفا: (ئاوی توربەت هەموو دەردێک چا دەکاتەوە) «کۆردەرە».

**ئاویتە:** ١. مەساسـەی سـەری نەقیـزە،٢. پیشـک، پیشـــەکان، پیشـــەقان، ئـــاویتە، بێلەکـــانی کنگـــر هەلکەندن،٣. ئاوێتە، ئامێتە، قاتی، تێکەڵ: (چـاوی کیژیش ئەمنی خستە ئەو گـولە/ ئیستە ئـاویتەی گلە، کوشتەی دلە) «هەژار»،٤. بێچووی لە زگدا مـــردگ،٥. فوغـــان، نـــالە، کـــالین،٦. کـــردۆتە، پرژانـدۆتە: (کوشـتین و ژەهـر ئـاویتە دل، هێـژ کوشتییێ رەمزا بەرێ) «جزیری».

**ئاوێتە:** ١. تـێکەڵ، تێکەلـدای، تـێکەلاو، ئـامێتە، ئـــاویتە، لێکـــدای،٢. هاوکـــات: (بـــزانە چەنـــێ بەخـــتەکەم شـــەڕە/ کـــۆچم ئـــاویتەی کـــۆچی سەگوەڕە) «پەند»،٣. ناوە بۆ کچان.

**ئاویتەماتە:** ڕوب، دۆشاوی تەماتە.

**ئاویتیانە:** هاویشتیانە.

**ئاویچاو:** فرمێسک، ئەسرین: (ئاوی چاوم بۆتە مایەی سـۆزش و گریـانی مـن/ گـا نەخـۆش و مەسـت و حەیـران، گـا بەهـۆش و بـاخەبەر) «وەفایی».

**ئاویچاوبردن:** بریتی لە زۆر جوان بوون.

**ئاویچاودان:** ئاوی دەمدان، ترساندن.

**ئاویچاوداهاتن:** ١. کوێربوون، کەمبوونی بینایی، ٢. ماندووبوون لەبەر ڕوانینی زۆر: (چەوسـێنەر و زۆردارانـم لەسـەر داری قـالێ دادەنـا، هەتـاکوو ئەوان ئاوی چاویان داهاتبایە) «نیساری».

**ئاویچـاوڕۆڕژان:** ئـاو لە چـاو هـاتن بە هـۆی زەبری لەشی یا رۆحی: (دوژمن ئەگە چاوی پێت بـکەوێ، ئـاوی چـاوی ڕۆ دەڕژێ، دادەنیشـێ بە کـــوێرییە/ قـــاقەزی ئاخریـــت دەداتـــێ، دەلـــێ: دوژمنایەتیم دەگەڵ تۆ نییە) «لاسوخەزاڵ».

**ئاویچۆکچوون:** زۆر ماندوو بوون.

**ئاویچەرمی:** ئاوەسپی چاو.

**ئـــاویچەوری:** سـێهەمین ئـاوێ کە لە مەشـکە دەکرێ لە چوار ئاوان.

**ئاویحەیات:** ١. ئاوی ژیان: (خزر ئەگەر چـاوی حەیاتی برییە ئاوی حەیات/ من لە خـاکی دەری جانانەمە چاوی حەیـات) «مەحـوی»،٢. بریتـی لە شـتی زۆر بـاش،٣. بریتـی لە ژن و کچـی زۆر شۆخ،٤. بریتی لە شتی دەسنەکەوتوو: (یا چـاکی گوێنیان هاوار/ لە زینوێی ئەمینئاباتێ/ لە سـوێی ماچێکـت مـردم/ بـووی بە ئـاوی حەیـاتێ) «فۆلکلۆر»،٥. خواردنەوەی زۆر سارد و بەتام.

**ئاویحەیوان:** ئاویژیان: (ئیشـارەی یەک سـەر ئەنگوشتی، مەهی لەو دوورە شەق کرد/ هەر ئەو ئەنگوشتە بوو دەتـوت فەوارەی ئـاوی حەیـوانە) «مەحوی».

**ئـــاویخزر:** ئـاوی ژیـان: (سیاپۆشـن لە داخـی خەت و خاڵ و لێو و ڕوو و زولف/ وەنەوشـە و میسـکی چـین و ئـاوی خـزر و لالە و عەنـبەر) «مەحوی».

**ئاویخوێنین:** بریتـی لە ئـاوی لێـل و شـلوێ: (بەفر ئاسۆی بلند بگریتە چوارچێوەی بلـوورینی/ لە چەم هەلسێ خورە و هـاژەی شـەپۆلی ئـاوی خوێنینی!) «گۆران».

**ئاویخەزایی:** ئاوی عەینەمەل، ئەو سالانەی کە کوللە زۆر دەبـێ و شـالاو دەبەنە سـەر دەغـل و دان، کەسـێ شـەڕوالی بە حەرامـی نەکـربێتەوە و ئارەقی نەخـواردبێتەوە، دەچـێ ئـاو دێنـێ و بەو

گەنمەیــدا دەپڕژێنــێ، ئەوســا خەزایــی دێــن و کــوللەی قوتــار دەکەن: (کــوللەت کەوتە نــاو شینایی/ بۆی بێنە ئاوی خەزایی) «بۆکوردستان».

**ئاوی‌دانوو**: ئاوی نۆک و گەنمی کوڵاو.

**ئاوی‌دانووان**: ئاوی دانوو.

**ئــاوی‌دانووبەخۆداکردن**: بریتــی لە زۆر تەمەڵ بوون: (دەست لە ڕەش و سپی نادا و بە جارێکی ئاوی دانوانی بە خۆدا کردووە).

**ئاوی‌دانوولە**: ئاوی دانوو کاتی نەخۆشی مەڕ.

**ئــاوی‌دۆینە**: تامــاوی دۆیــنەی کــوڵاو: (هەســتام تۆزێکم لە ئاوی دۆینەکە هەڵقوڕاند) «کۆردەرە».

**ئاویدەر**: ١. ئــاویەری گەورە، کێــوی ئــاویەر لە نزیک سنە،٢. ناوی دێکۆیەکە سەر بە شاری سنە بە ناوەندی حەسەناوا.

**ئاوێدەر**: کێوی ئاویەر لای سنە: (دەی سا شۆ بویەر نەو سوب سەحەردا/ چون دووی هەناسەم وە ئاوێدەردا) «مەولەوی».

**ئاویدەری‌چکۆلە**: کێوێکە لە نێــوان ســنە، نەوەرە، دادانە، عەمبەربزان.

**ئاوی‌دەم**: لیک، لیکاو، تف: (وەستای موحتەرەم سەلیمی خەیات/ ئــاوی دەم شــیرین وەک ئــاوی حەیات) «م.ح. دزڵی».

**ئاوی‌دەم‌دان**: ئازاردان، ترسانن، گەف لێکرن.

**ئاوی‌ددان‌دان**: ئاوی‌دەم‌دان.

**ئاویدەر**: ئاویەر، کێوێکە لای سنە.

**ئــاوی‌دیــدە**: فرمێســک، ئــاوی چــاو: (نەمــامی قــامەتی پەروەردەی ئــاوی دیــدەکەی مــن بــوو/ کەچــی گــوڵچینی بــاغی وەســڵی ئەو ئێســتاکە ئەغیارە) «مەحــوی»، (مەگەر هەر یــاری نەقشــینم ببێتە نەقشبەندی دڵ/ کە نەقشی غەیــری ڕەنگــی ئەو بە ئاوی دیدە شۆرابێ) «نالی».

**ئاویر**: ١. ئاودێر،٢. ئــاور، ئــاوور، ئــاتەش، ئــاگر: (واتش ساڵیان چــوون ســەقەر و تــوون/ لــزگەی ئاویرم یاوا وە گەردوون) «م.ح. دزڵی».

**ئاوێر**: ١. ئاودێر، ئاویار، ئاڤدێر،٢. ئاگر، ئاویر.

**ئاویربازی**: ئاگربازی.

**ئاویربڕ**: ئاگربڕ.

**ئاویربڕدای**: ئاگر بڕدان.

**ئاویربەردەی**: ئاگر بردن.

**ئاویرپرس**: ئاگرپەرست.

**ئاویرپرسای**: ئاگرپەرستن.

**ئاویرپرسە**: ئاگرپەرس بۆ مێ.

**ئاویرپۆنیای**: ئاگر پێوەنان.

**ئاویرپۆوەنیای**: ئاگر پێوەنان.

**ئاویرخانە**: ئاگرخانە، کوورەی ئاسنگەر.

**ئاویردای**: ئاگردان، ئاگر تێبەردان.

**ئاویرکۆتەونە**: ئاگر تێبەربوون.

**ئاویرکۆتەیۆ**: ئاگر کەوتنەوە.

**ئاویرکەردەیۆ**: ئاگر کردنەوە.

**ئاویرگــا**: ئــاوردان، ئــاگردان، ئــاورگە: (هێــزم ئاویرگاش پەنە ) «م.ح. دزڵی».

**ئاویرگرتەی**: ئاگر گرتن.

**ئاویرگەژیونایۆ**: ئاگر گەش کردنەوە.

**ئاویرگەژیویایۆ**: ئاگر گەش بوونەوە.

**ئاویرگەش‌بی‌یەیۆ**: ئاگر گەش بوونەوە.

**ئاویرگەش‌کەردەیۆ**: ئاگر گەش کردنەوە.

**ئاویرگەشتایۆ**: ئاگر گەشاندنەوە.

**ئاویرگەشۆکەردەی**: ئاگر گەش کردنەوە.

**ئاویرگەشیایۆ**: ئاگر گەشانەوە.

**ئاویرنیایۆ**: ئاگر نانەوە.

**ئاویرواران**: ئاگرباران، ئاورباران.

**ئاویروچێروسمەرا**: ئاگری بن کا.

**ئاویرودوو**: ئاگر و دوو.

**ئاویرۆکەر**: ئاگرکەرەوە، ئاگرەوەکەر.

**ئاویرۆکەردەی**: ١. ئاگر کردنەوە،٢. بریتی لە شەڕ هەڵاییساندن.

**ئاویرۆکەرە**: ئاگروەکەر بۆ مێ.

**ئاویرۆگەژیۆنای**: ئاگر گەشاندنەوە.

**ئاویرۆگەشنای**: ئاگر گەشاندنەوە.

**ئاویڕوو**: ١. ئابڕوو، ئاوڕوو، ئاوی جوانی و مەردایەتی: (ئاوی ڕووی چیی؟ وەک عەرەب فەرمووی: تکا! دەتکێ ئەدی!) «جومعەکان»،٢. ئاوێ کە بە ڕووی زەویدا دەڕوا.

**ئاویروەربیەینە**: ئاگر تێ بەربوون.

**ئاویروەربیەیۆ**: ئاگر بەربوونەوە.

**ئاویروەردانە**: ئاگر تێبەردان.

**ئاویروەردایۆ**: ئاگر بەردانەوە.

**ئاویروەشکەر**: ئاگرخۆشکەر.

**ئاویروەشکەردەی**: ئاگر خۆشکردن.

**ئاویروەشکەرە**: ئاگرخۆشکەر بۆ مێ.

**ئاویروەنەکۆتەی**: ئاگر تێبەربوون.

**ئاویروەنەوزتەی**: ئاگر تێبەردان.

**ئاویروەنەوستەی**: ئاگر تێبەردان.

**ئاویرە**: ئاگرە، ئاورە.

**ئاویڕەش**: ئاڤا ڕەش، ئەوسێ، دەردێکی چاوە.

**ئاویرین**: ئاگرین، ئاورین.

**ئاویرینە**: ئاگرین، ئاورین.

**ئاویز**: ئامێر، وەسیلە: (ئاویزێد رادیۆ).

**ئاوێز**: ١. ئاوێزان، شۆڕ، دارۆچکە، دارالووس، دالووزکە، دالۆسکە، هەڵاواسراو، شتی هەڵواسراو،٢. کاری داهێشتن و دالەقان،٣. کەنارنشین: (پەراوێزی کەوا)،٤. خشر، پلپلە، پاوینک، شتێ وەک خشڵ بۆ ڕازاندنەوە،٥. بەردی بە نرخ بۆ ئەڵقەی گوارە،٦. ئاوێزەی گوارە،٧. ئاوێزەی هەڵواسراو بە شەمدانی شووشەوە،٨. پاشگرە بۆ شتێ هەڵولسراو: (ڕووی وەدەر نا بە تا زولفی دڵاوێزی/ ئاه و ناڵەی ئاشقان هات بوو بە ڕۆژی مەحشەرێ) «وەفایی».

**ئاویزار**: ئاڤدەم، لیک، لیکاو، ڕینک، ڕینگاو.

**ئاویزاردان**: ترسانن، ئاوی چاودان.

**ئاوێزان**: ١. شۆڕ، شۆڕکراوە، دالەقاو، دالۆچکە، دالۆزکە، دالووزکە، هەڵواسراو: (ئەر چوو فرەیدوون زەهاک وە بەند کەی/ ئاوێزان لە ناو چای دەماوەند کەی) «خانمەنسوور»،٢. خۆ پێوە هەڵاوەسین: (وەرگەڕێ ئاوێزانت بم، ئاوێزی ناو مەمکانت بم)،٣. ناوی کچانە.

**ئاوێزانبوون**: ١. خۆ پێوە هەڵواسین،٢. لە باوەش گرتن: (پێم گوت ئاوێزانت بم، لەزەت هەر لەوەیدایە) «حەسەن زیرەک».

**ئاوێزانشەن**: ئاوێزانیەتی: (دیش کە پەروانە ئاوێزانشەن/ بێ پەروا پەرێ ئەو سۆزانشەن) «بێسارانی».

**ئاوێزانکردن**: هەڵواسین، هەڵکێشان، شۆڕکردنەوە: (چون نەسیم یاوا بەو جا بە جەختێ/ ئاوێزان کەرد نە پای درەختێ) «خانای قوبادی».

**ئاویزمزم**: ئاوی زەمزەم، ئاوێکە حاجی لە مەکە بۆ متفەڕک لەگەڵ خۆیان دەیهێنن: (بێت و گەر دەستم کەوێ ماچی دەمی تۆ چاوەکەم/ ڕووڕەشم گەر تەرکی ئاوی زەمزەم و کەوسەر نەکەم) «ئەحمەد موختار».

**ئاوێزنای**: ١. ئاوەسین،٢. پەساردن×

**ئاوێزنەی**: ١. ئاوەسین،٢. پەساردن.×

**ئاویزە**: ١. چلچرا، لوستێر،٢. گوارە: (سەف سەف چوو سپای چاووش، چاووشەن/ ئاویزەی گووشێ عین ئاهووشەن) «خانمەنسوور».

**ئاوێزە**: ١. شۆڕ، ئاوێز، ئاوێزان،٢. چلچرا، لالە، شەمدان،٣. پپلە و سسلەی خشلی ژنان،٤. باندۆلی سەعات،٥. شووشەی شەبەنگی دەوری چرا و گڵۆپ،٦. شەبەنگ، مووشوور،٧. ناوی کچانە.

**ئاوێزەڕۆ**: ناوی چەمێکە لە کوردستان: (چ کەڵوە و چ سیروان و ئاوێزەڕۆیە/ بە دیمەن هەمووی شۆخ و شەنگتر لە تۆیە) «بۆکوردستان».
**ئاویزەمزەم**: ئاوی زمزم: (گەرووت وا لێ تاڵ بکەم، گەر بتدەنێ ئاوی زەمزەم/ ڕوفیەت لێ بە میرات بێ، پێبزانن ڕۆم و عەجەم) «سەعید و میرسێوەدین».
**ئاوێزیای**: ١. ئاوەسران،٢. پەسێران.
**ئاویزیندەگی**: ئاوی حەیات، ئاڤا حەیوان: (ئاوی زیندەگی دێتە زەمزەمە/ ئەبێ بە زەمزەم ئاوی ئەو چەمە) «پیرەمێرد».
**ئاوێزیەی**: ١. ئاوەسران،٢. پەسێران.
**ئاوێژ**: پاشگری بە واتای ، هاوێژەر، ئاوێژەر، بخەر: (بە تاقی ئەبرۆی قەڵەمکێشی تۆ/ بە موژەی ناواک ژار ئاوێژی تۆ) «بێسارانی».
**ئاویژیان**: ئاوی حەیات: (دەچمە لای و بەوە چم لێنایە/ ڕەشییە و ئاوی ژیانی لایە) «بۆکوردستان».
**ئاوێژتن**: ١. ئاڤێتن، ئاوێژتن، تێئاوێژتن، پشانن، خسن، خستن، فرێدان، فڕدان، هاڤێتن، هاوێژتن، هاویشتن،٢. لە خۆ دوور خستنەوە، دووری کرن: (ئەوی عاقیل کو گەل مەجنوون درووندی/ کو ئەو ئاویژید خێنجی دەلالییا لیلی) «گولشوون».
**ئاوێژتن**: هاوێژتن، هاڤێتن، ئاوێتن، خستن.
**ئاوێژتنەسەر**: خستنە سەر، ئاوێتنە سەر: (سەد شوکر هێنامیە بەر ئەبرۆ، لە قەیدی زولفی خۆی/ پاشی عومرێکی درێژ باڵی هومای ئاوێژتمە سەر) «وەفایی».
**ئــاوێژە**: ١. بەراو، ئاوی، ئاویە،٢. ئاوەنیا، ڕەپستە،٣. جۆرێ ترۆزی باریک و درێژە.
**ئــاوێژە**: ١. ئاوێ، بەراو، زەڤی بەراو: (گا دەیکێشێ بۆ دێمەکاری، فەلا دەیکێشێ بۆ ئاوێژە) «پەند»،٢. کێڵگە، زەوی داچەندن، واژی خۆزان،٣. جۆرێک ترۆزی،٤. ئاوەنیا، ڕەپستە،٥. ئاڤێژە، ڕەوتی گەڕانەوەی دەنگ یا تیشک.
**ئاوێژەر**: ئاوێژ، هاوێژەر، هاوێژ، ئاوێژیار، وەشێن، وەشێنەر، فڕێدەری شتێک.
**ئاویژەلەبەراودەرچوون**: بەراو پێویستیان بە ئاو نەماوە: (جێی تووتن شێو کراوە، ئاویژە لە بەراو دەرچوون، ئەسایر داریان لێ ڕاکێشراوە) «چەپکێ گوڵ».
**ئاویژیار**: ئاوێژەر، هاوێژەر.
**ئاوێژیار**: هاوێژ، هاوێژەر، ئەوەی شتێ فڕێ بدات.
**ئاویژیان**: ١. ئاوی ژین، ئاوی حەیات،٢. بریتی لە زار و لێوی یار.
**ئاویسارد**: چەییگ، چاییگ، چیاو، چیو، ڕچیاو، ئاوی تەزیو.
**ئاویساردخواردنەوە**: ١. بریتی لە چ دەکەی بکە: (بە عەرەبی دەڵێم: ئاوی ئاوە، هەوا هەوایە، هەرچی باوەڕ ناکا، ئاوی سارد بخواتەوە) «چێشتی مجێور»،٢. بریتی لە چوونە زیندان: (خاین بخەوە تا دە ساڵیتر، ئاوی سارد بخۆوە) «میرزا».
**ئاویساردوسووک**: ئاوێ کە بۆ خواردنەوە خۆش و سووکە: (ئەو کوێستانەی دەیبینی/ هێند سوورە دەڵێی بووکە/ .../ لە بن سێبەری بی‌یان/ ئاوی زۆر سارد و سووکە) «فۆلکلۆر».
**ئاویسازگار**: ئاوی شیرین و خۆش.
**ئاویسپی**: ١. ئاومرواری، ئەوئسبێ،٢. ئارەق: (ئاوی سپیت نییە برێکی لێ بخۆینەوە).
**ئاویستا**: ئاڤێستا، پەرتوکا پیرۆزا زەردەشتیان: (کتێبی زەردەشت کە ئاوێستایە/ وەک باقیی کتێب خەڵاتی خوایە) «قانع».

**ئاوێستا**: ١. ئاڤێستا، ئاویستا، کۆنترین بەجێ ماوی ئاایینی زەردەشتەیە: (بە ئاوێستا و بە زەردەشت یان بە ئاگر چۆن نەنازم من/ بناغەی وەحدەت و ئەفکاری ئینسانی کە دامەزران) «قانع»،٢. ناوی کچانە.

**ئاوێستن**: ئاوێزان کردن.

**ئاویسۆڵ**: سوێراو، شۆراو، خوێاوک.

**ئاویسۆڵە**: ئاوی سۆڵ.

**ئاویسوێر**: ١. شۆراو، سوێراو، خوێاوک،٢. بریتی لە فرمێسک: (ئاوی سوێری چاو و باری تاڵی لێو/ سوێر و تاڵی دەمدەم و ژەمژەم دەخۆم) «نالی»،٣. تەماح، تەماع: (هێندە بەتەماع مەبە، ئاوی سوێر تینوێتی ناشکێنێ)،٤. ئاوی دەریا، ئاوێ کە بۆ خواردن نابێ.

**ئاویسەر**: ئاوێسەر.

**ئاوێسەر**: ئاویسەر، هاوینە هەوارێکی خۆشە لە سەرووی تەوێڵەوە: (مەلا کوتی: کە پیاو بە لای گۆڕستانا ئەڕوا، دڵی لە ئاوێسەر و حەوش و بارانیش هەڵئەکەوێ) «ڕشتەیمرواری».

**ئاویسیاوە**: ئاوی ڕەشی چەو.

**ئاویش**: دەرمان، دەوا.

**ئاوێش**: ١. ئاویش، دەرمان،٢. ئاوێ، ئاوێکی: (کەس نەبی ئاوێش بکەرۆ سەردا/ بڵێسەی بەرز بی، وە وە هەر تەرەفدا) «مەولەوی».

**ئاویشابوون**: بریتی لە مەی: (مەیگێڕ بکە پیاڵە ئاوی شابوون/ ئەو ئاوە کە چاوی دڵ دەکا ڕوون) «هەژار».

**ئاویشتن**: ١. هاویشتن، فڕدان، فڕێدان، خستن: (خۆی داویشتەوە ئامێزی هەتیم حەیرانی) «گەنجی سەربەمۆر»،٢. ئاوێتن، تێخستن: (شوکولاتە نەرمەکانم/ سەبرێک داویشتە گیرفانم) «هێدی»،٣. تەقاندن، تەقەکردن،٤. کۆکردنەوە بە چۆرت.

**ئاوێشدەر**: ئاوێکی پێدا بکە: (دیدەت تۆز غەیر نیشتەنش وەنە/ جە جۆی سەوزەی دڵ ئاوێش دەر پەنە) «مەولەوی».

**ئاویشنشیرازی**: ئەم گیایە هەنگ زۆری حەز لێدەکا، بۆ گمیزدان باشە، ژنی ئاوس بیخوا منداڵی لەبار ئەچێ.

**ئاویشۆر**: ئاوی سوێر، سوێراو، شۆراو.

**ئاویشەفا**: ئاوی توربەت، ئاوی سەرزەوی کەربەلا: (سبەینێ دەڕۆم بۆ لای فاتمەی ژنی کەلایی جەعفەر، ئاوی شەفای بۆ دێنم) «کۆردەرە».

**ئاویشەو**: ئاوی شەوێ: (ئەمانە قیسسەیەکە زۆر کراوە/ وەکو ئاوی شەوێ تامی نەماوە) «حاجی قادر».

**ئاویشەوێ**: ئاوی لە گۆزە هەڵگیراو بۆ سبەینێ: (بۆ ئاوی شەوێ گۆزەشکاوێک لامە/ فرمێسکی وشک نابێتەوە بێئارامە) «خەیام».

**ئاویشیرەتین**: ئاوی شیلەتین.

**ئاویشیرین**: ئاوێ کە ئەڕای خواردن دەبێ وەک ئاوی کانی: (سەرچاوەی ئاوی شیرین قەرەباڵغ ئەبێ) «پەند».

**ئاویشیلەتین**: ئاوی شیرەتین، ئاوی شیلەوگەرم.

**ئاویقورس**: ئاوی گران، ئاوی ناخۆش.

**ئاویکاڵ**: ئاو، ئاوی ڕووت×: (دڵێ بچێتە سەر شەربەتی ئاڵ/ بە بیریا نەیەت، خەم دراوسێماڵ/ ئەو بیرە بخوا و منیش ئاوی کاڵ) «قانع».

**ئاویکام**: بریتی لە ئاوی شاوەت: (ئاغاژن رووی کردە مێردەکەی و کوتی: پیاوەکە! ئا ئەو ژن و پیاوەی تەنیشتمان شەو نییە بەبێ شەوچەرەی بووکێنی ڕۆژ کەنەوە، بەیانییەک نییە لەشیان بە ئاوی کام تەڕ نەکەنەوە) «ڕشتەیمرواری».

**ئاویکەوسەر**: ئاوی حەوزی کەوسەر لە

ئاوێنەداری

بەهەشت: (ئاوی کەوسەر نۆشی گیانی سۆفی بێ کە من/ ئاوی ئینسان یەعنی ماچی دەم دەخۆم) «نالی».

**ئاوی گران**: ئاوی قورس و ناخۆش.

**ئاوی گوێدادان**: پەند پێدان، نەسیحەت کردن.

**ئاوی گەرم**: ١. ئاوەکوڵ، ئاڤا کەل هاتی،٢. بریتی لە فرمێسکە،٣. بریتی لە میز: (بابت سەری وە بن کڵاوی کەوتووە، ملی دە نێو هەر دووک شانی چەقیوە، ئاوی گەرمی لە بەر دەڕوا!).

**ئاوی گەوارا**: ئاوی خوەش، ئاوێ بە ئاسانی قوت بچێ: (کە شک بەم «مەحویا» هەر شەربەتی مەرگ/ لەسەر ئەرزا نییە ئاوی گەوارا) «مەحوی».

**ئاویلکە**: ١. گیانەڵڵا، گیانەلاو، گیانکەنشت، گیانەسەر، سەرەمەرگ، ئاوزینگ، ئاوزەنگی، ئاوزینگ، ئاوەزینگ، هەوزینگ: (ئاویلکەی مردنیم بێ، ئاو لە دەستی پیاوی وا وەرناگرم) «ئەمیری»٢. خەلیلی، جۆرێ ترێیە.

**ئاویلکەدان**: مردن، گیان دان، ئاوزەنگی دان: (لە سەنگەردا بەرەوڕووی دوژمنانم/ بە خاکی تۆ دەمی ئاویلکەدانم) «هێمن».

**ئاوی لوولە**: ئاوی شاری، ئاوی خواردنی پاک: (دەم دەمێک خاوەنخانووەکە لە دەرەوە سەری دەکێشایە ژوورەکە، گەلێکی لا خۆش بوو وا بەدڵ دەگرین و کۆسکەوتوو پرسەدار نوقمین لە ناو ڕووداوەکانی کەربەلادا، تا نەکەوینە بیری نەبوونی کارەبا و ئاوی لوولە) «کۆردەرە».

**ئاوی ماستاو**: دووهەم تەنەکە ئاوی مەشکە لە چوار تەنەکەی کە تێی دەکەن.

**ئاوی مرواری**: ئاومرواری، نەخۆشییەکی چاوە.

**ئاوی مڵک**: گوندێکە سەر بە شاری نەغەدە.

**ئاوی مەند**: ئاوی ڕاوەستاو: (هاتە خوار لە لەندی/ هەر دەڵێی ئاوی مەندی/ سەر کوڵمانی دەگەزێ/ سەگبابی فەندی فەندی) «فۆلکلۆر».

**ئاوین**: ١. تەڕ، تەوش، برنگاو، دولە،٢. ئاڤین، وەک ئاو بێگەرد،٣. ناوە بۆ کچان.

**ئاوینک**: دەزبەن، دەسینک، دەزونک زینەتی.

**ئاوینە**: ئاوێنە، جام: (بە ئاوێنە نەکەن بڕوا، ئەگەر خەندەی بە ڕووتا هات/ لەگەڵ جەمعی خەلایق دڵ دەگۆڕێ ڕۆژێ سێ سەد جار) «قانع».

**ئاوێنە**: ١. ئاوێنە، ئاوینە، ئاینە، ئایێنە، ئایینە، ئەینک، ئەینێ، جام، جامەک، خودیک، خۆدێ، قبالە، قۆدی، قۆدک، قودیک، عەینەک، گزگی، گوزگی، گوزین، مریک، مێرک، نۆینک، نەینک، نەنیک، نەینۆک، نەینووک، باڵەبان، باڵانوێن، درۆڤ، درووڤ، ڕۆنایی، ڕۆگە، هاوێنە، هیلی، هێلی: (نەینۆک و شانە و کلتور لە ناو بەریک) «شەرەف»،٢. ئاووێنە، وێنەی ئاو،٣. ڕۆنایی، ڕوونـاکی، ڕۆشنایی،٤. درووڤ، شکڵ، وێنە،٥. مرازێکە لە مەکینەی درومانداا،٦. بریتی لە پاک و خاوێن: (ساڵدەری دوازدەی مانگێ دەڵێی ئاوێنەیە)، ٧. بریتی لە ساف و لووس، بێخەوش: (مەفەرموو دڵ وەکوو ئاوێنە سافە/ بەڵێ بەم ئایینە بۆی بووی بە خودبین) «نالی»،٨. گوندێکە لە نزیک کەرکووک،٩. ناوە بۆ کچان.

**ئاوێنەبەند**: ڕازاوە بە ئاوێنە، ئۆدەیێ شیشەبەندکری: (کۆشکی ئاغا گەچکارییە، ئاوێنەبەندە/ کەس نازانێ بە ژمارە پەنجەرەی چەندە) «گۆران».

**ئاوێنەدار**: ١. کەسێ ئاوێنەی پێیە،٢. شتێ کە ئاوێنەی پێوەیە،٣. کەسێ لە زەماوەندا ڕووبەڕووی بووک ئاوێنەی ڕاگرتووە: (فەرموویە کە من پادشاهی حوسنی دڵارام/ خورشید و مەهی ئاوێنەداری ڕوخی زیبام) «وەفایی».

**ئاوێنەداری**: گرتنی ئاوێنە لە بەر دەمی بووک.

**ئاوێنەسەنگ**: ئاوێنە سەنگی.

**ئاوێنەسەنگی**: جۆرێ خشڵی سەنگی بریقەدار کە بە خۆیاندا هەڵواسیوە: (با بێتە خوار و بێتە خوار/ بێتە خوار لە لەندی/ هارەی بەرمورەکەی دێ/ دەگەڵ ئاوێنەسەنگی) «فۆلکلۆر».

**ئاوێنەقاپ**: جۆرێک دەرگای کە قەراغەکانی گوڵگوڵ و ڕازاوە بێ.

**ئاوێنەکاری**: ١. کاری ڕازاندنەوە بە ئاوێنە،٢. ژووری ڕازاوە بە ئاوێنە.

**ئاوێنەی‌باڵابەژن**: ئاوێنەی باڵانوێن.

**ئاوێنەی‌باڵاڕوان**: ئاوێنەی باڵانوێن.

**ئاوێنەی‌باڵانوان**: ئاوێنەی باڵانوێن.

**ئاوێنەی‌باڵانوێن**: ئاوێنەی گەورە.

**ئاوێنەی‌بەخت**: ئاوێنەی بەر بووک کاتی زەماوەند.

**ئاوێنەی‌بەرد**: ئاوێنەی بەرد و بلوورین.

**ئاوێنەی‌دووڕوو**: ئاوێنەیەک کە پشتیشی ئاوێنە بێ: (دەسکی فەرمانت دەگرم لە مووروو/ هاتوچۆی پێ بکە ئاوێنەی دووڕوو) «فۆلکلۆر».

**ئاوێنەی‌ژێروسەر**: کە تیشکی مانگ ئەیدا لە کانی‌یەکە، بووبووە ئاوێنە، کانیەکە ئاوێنەی ژێر و بووە وێنەی مانگی سەر، سەرەوە.

**ئاوێنەی‌گچکە**: قۆدیلە.

**ئاوی‌وەشەن**: ئاوی خوەش و سازگار.

**ئاویە**: ١. سواغ، سواخ، سواقی دیوار،٢. کاگڵ، قوڕ، قوڕی قوڕەسواغ،٣. جۆش، لکاندنی کانزا،٤. هاویە، کەرەستەی لەحیمکاری،٥. بەراو، ئاقی، زەوی ئاوی،٦. ئاوی، پێوەندی‌دار بە ئاوەوە،٧. شەونم، خوناف،٨. پەسێ ک لە گەلیەی خوەی وێڵەو بویەو چیەسە ناو ڕییەنێ تر.

**ئاوی‌هابەبێڵەوە**: بریتی لە قسەڕەوا و ڕێزدار.

**ئاویەخ**: یەخاو، سەهۆڵاو: (شەیتان بەو قەدەح، سەردە ئاویەخ/ ئەبلەقی چەمان، هورتەکنای زەنەخ) «م.ح. دزڵی».

**ئاویەدان**: ١. جۆشدان، لەحیم کردن،٢.سواغدان، قوڕدان، هەرگ تێ‌هەڵسوون.

**ئاویەر**: ١. ناوی دوو کێوە لە باشووری شاری سنە، لە ڕابردوودا سەرچاوەی کانی و ئاوی باغ و باغاتی شاری سنە بوون: (دەسا دەی ئاویەر، ئاگر ببارێنە لەسەر سێعرم/ شەوی شێعرم، کە نابیسێ شەمی ئەشعاری ژیلایە) «ڕاوچی»،٢. دەراوی ئاو، جێیەک ئاوی پێدا بڕوا.

**ئاویەرەگێرتەی**: ئاوداپۆشی، ئاوداگری.

**ئاویەو**: بیرە، ئاوجۆ، ئاوی جێە.

**ئاویی**: ١. ئابی، عابی، شین،٢. شتێ کە بە ئاو دەژی.

**ئاوییە**: ١. ئاوی، ئابی،٢. ئاوژی.

**ئاه** : ١. ئاخوداخ، داخ، داخی‌داخانم، حەیف، مخابن، ئاوف، ئای، ئۆف، ئۆه ئاخن، هەناسەی خەمباری: (دڵدۆزە تیری ئاهی فەقیرانی ڕووت و قووت/ بۆ کوشتنە هەمیشە کە ئامادە شیری ڕووت) «مەحوی» ٢. وزەی کەم، هێزێکی کەم: (ڕێوییەک کەوتبووە حاڵی خۆیەوە، بە سەرەتەقێ و لۆکەلۆک کەوتە ئەو دەشتی گەرمییانەوە، تووشی گورگێک هات، گورگ پەلاماری دا، ڕێوی کوتی لە خواردنی گەرێکی وەک من چ ئاهێک ئەکەوێتە سکتەوە؟) «ڕشتەی مرواری»،٣. دەمێکی کەم، زەمانێکی کێم: (بەهارە، ئاخر شەوی خاکەلێوەیە، شەوگار ئاهێکی بە دەمەوە نەماوە)،٤. هەناسە، نەفەس، ئاهی دەردەدار: (هەر ئاهی عاشقە دەمی پێ بێتە پێکەنین/ ئەم غونچە بەو نەسیمەیە بپشکوێ دەماغ) «مەحوی»،٥. وشەی سەرسوورمانە، ٦. دۆعا، نزا، تووک، نەفرین.

**ئاها**: ١. کەی وایە؟، کێ باوەڕ دەکات؟ ٢. ئارێ، ئەک، دەک، وشەی وریاکرنەوەیە ٣. ئائا، ئاها، حەکوو، حا، تەحا، تەح، تیاح، حەتەق، پەح،

پەحا، پەکوو، پیاح، پیاو، پیپیک، تەق، واه ، هاها، هەرک، هەللا، هەو، پەیها، یا، وشەی سەرسوورمانە ٤. حەو، حێو، هاها، داخو بەڕاستیتە، بۆ کاتی گەمەپێکردنە ٥. ئەوجۆرە، بەوجۆرە: (ساڵێ باش‌قەلاَ نان‌براو ئەکا/ ئاها کە فەلەک شاڵ و جاو ئەکا) «قانع»،٦. بۆ دەربڕینی تووڕەیی: (ئاها دە لە کۆڵم بەرەوە)،٧. وشەی لێخوڕینی کەڵ و گامێشە، ٨. بەڵێ، ئەرێ، ئم: (ئاها تازە زانیم چ ئێژێ).

**ئاهاء**: ئاها، پیا، پیاح، پی، هاها، حەک، حەکوو.

**ئاهار**: ١. ئاش، گلێز، دەق، ئاش، نیشاستە، شۆیەک بە شتی تەنراوەوە بێ،٢. گوڵەتیکە، گوڵەدەقاق، شەشپەڕە فەرەنگی.

**ئاهاردار**: ئاهەردار، دەقدار، شۆدار، ئاشدار.

**ئاهاردان**: شۆدان، ئاشماڵی، نیشاستە لێدان.

**ئاهارلێدان**: دەقلێدان، شۆلێدان، ئاهاردار کرن.

**ئاهاری**: ئاهاردار، شۆدار.

**ئاهال**: ئەهل، ئارام.

**ئاهان**: کۆی ئاه داخ، کەسەر: (ئاهان کو ڤەرێ بکەت سەحەرگا/ هەمواره دگەل نەسیمێ هەمرا) «خانی».

**ئاهانە**: وایە، وسایە: (ئەگەر خو رۆژ ڕا گۆت ئەڤە شەڤ و شیڤ/ گەرەک هەر گۆت ئاهانە پێرک و هیڤ) «گولشوون».

**ئاهاهاها**: وتەی بێزاری لە کار یا گوفتارێکە.

**ئاهای**: هۆی، هۆو، ئەهای، هێی، بۆ گازی کردنی دوور(نزیک).

**ئاهبێ**: عەهد بێ، پەیمان بێ: (نامەوێ بیدەن ئاه بێ بیستێنم/ فکرم ئەمەیە هەتا ئەمێنم) «پیرەمێرد».

**ئاهپێوەنەمان**: بریتی لە زۆر کۆنە و شڕبوون: (هەر دوو ئانیشکی چۆخەکەی شی بوونەوە، ئاهێکی پێوە نەماوە) «ئەمیری».

**ئاهتێدانەمان**: ١. مردن،٢. لە کەڵک بوون: (ڕووی نەبوونی ڕەش بێ، دەنا ڕانکەکەی ئاهی تێدا نەماوە).

**ئاهر**: ئاور، ئاگر، ئایر، ئاتر: (ئاهر جەستەم هەر نەبێ خامۆش/ تا قرچەی جەرگم شنەفتم بە گۆش) «وەلی دێوانە».

**ئاهر**: ئاخوڕ، ئاهوڕ.

**ئاهران**: دیەکەیێگە لە هلێران ک وە لەکی قسیەکەن.

**ئاهربەردان**: ئاور تێبەردان: (دەورەکەی قەدیم وە یاد ئاماوە/ ئاهر جە هەردەی دەروون بەرداوە) «مینەجاف».

**ئاهردان**: ئاوردان، سووتاندن: (نەیچی تۆیش وە سۆز گەرمی نەوای نەی/ ئاهر دەر وە گیان مەیخۆران پەی‌پەی) «مینەجاف».

**ئاهرمەلووچ**: ١. ئاینەمەل، عایلەمەل، خەزایی، سێروو، ٢. باڵندەیەکی بەڵەکی تاجدارە.

**ئاهرناک**: ئاگری، ئاگرین، ئاورین: (چەندیۆن جە دین شای شەم دوور کەفتم/ سفتە و ئاهرناک، ساتێ نەسرەفتم) «وەلی دێوانە».

**ئاهریمەن**: ئەهریمەن، ئاوریمەن، دۆزاک، شەیتان، هۆی شەڕ و خراپی.

**ئاهرین**: ئاورین: (سەرتاپام گوناح دڵ هەن ئاهرین) «ئاوێنەی‌بێگەرد».

**ئاهزا**: ئاخ‌هێن، ئۆف‌هێنەر: (لە تیری ئاهزا ترسی بدا لێت) «زاری».

**ئاهسەرد**: ئاهی سەرد، هەناسەی دەردەداری: (تا کەی تەقالا، تا کەی بەردەڵبەرد؟/ تا کەی بکیشم وە دڵ ئاه سەرد؟) «چەپکەگوڵ».

**ئاهش**: ئاهی، دەردی: (فەرهاد هەر سەنگش مەتاشا جە تاش/ مەجنوون جە تاش سەنگ مەبی خاش‌خاش) «بێسارانی».

**ئاهشکان**: بریتی لە ئارەزوو شکان و تێر خواردن: (بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو سامانەی، نە

خۆی تێری لێخوارد و نە ژنەکەی ئـاهی سـکی لە پێخۆر ئەشکا) «ڕشتەیمرواری».

**ئاهکرن**: ئاخ هەڵکێشان، نـاڵین: (گـۆ رابە بـرا ژ ناڤ نڤینان/ بەس ئاه بکە ژ بەر برینان) «خانی».

**ئاهکێشان**: ئاخین، ئاخ هەڵکێشان: (ئەی وەلات ئاهان نەکێشە/ پاشەڕۆژ هێشتا ل پێشە) «سندی».

**ئاهکێشای**: ئاه کێشان.

**ئاهکێشتەی**: ئاهکێشان.

**ئاهگرتن**: تووشـی کارەسـات هـاتن: (جەماڵـت ئاهی من گرتن خەتی سەبزت بە سـەر داکەوت/ چەمەن ڕابـــورد و ســـەرما هـــات و تێکچـــوو نەوبەهاری تۆ) «وەفایی».

**ئاهگە**: ئاخگە، ئاگە، قەیران، جەنگە، ئاستان.

**ئاهلاوردن**: هژ هەلاوردن.

**ئاهلەماڵانەمـان**: بریتـی لە نەدابـوون: (سـۆفی تـا ئێسـتا فکـری ئەو ڕۆژەی نەکردبـوو، لەمێـژ بـوو نەدار کەوتبـــوو، ئـــاهێکی لە مـــاڵیدا نەمـــابوو) «ئەمیری».

**ئاهم**: ئاست، ماندویەتی، هیلاکی.

**ئاهمان**: دواین پشوو دان، هەندێک مـان: (چـۆن بە سەری پیری کارێکی وا دەکەم، هەر ئاهێکمان ماوە).

**ئاهماندن**: ئاستاندن، خەسەکردن.

**ئاهماندۆک**: ئاهماندی.

**ئاهماندی**: هیلاککەر، ماندیکەر.

**ئاهمانۆک**: ئاهماندی.

**ئاهمانەک**: ئاهماندی.

**ئاهمۆک**: ئاهمینۆک.

**ئاهمی**: ئاستیای، ماندی.

**ئاهمیان**: ئاستیان، هلاکبوون.

**ئاهمیای**: ئاستیای، هیلاکبوو.

**ئاهمین**: ئاهمیان، شەکەتبوون: (هەسپێ کەحێل ژ خاری هەر ئاهمی/ قەدان هێشـتران ڕێیا درێـژ ب هێدی) «گوڵشوون».

**ئاهمینۆک**: ئاهمینەک، ئاستی بوویەک.

**ئاهمینەک**: ئاهمینۆک.

**ئـاهن**: ئاسـن، هەسـن، ئـاهەن: (گـا جەوشـەنی ڕووییین و دەمـێ مەغـفەری ئـاهن/ گـا شـۆخی کەمەندئاوەر و گا تورکی کەماندار) «ئەدەب».

**ئاهنڕوا**: موغناتیس، ئاسنکێش.

**ئاهنکو**: شیروانیکوت.

**ئاهنگ**: ئاهەنگ.

**ئاهو**: ١. ئاسک، جەیران، مامز، ئاهوو: (گەر بێـیە دەرێ، سـەروی ڕەوانـی لە ئیـرەمدا/ وەرە نەیـیە دەرێ، ئاهووی چینی لە حەرەمدا) «نالی»،٢. ناوی کچە.

**ئاهۆ**: ١. درم، پەتا، ئازار، ئەیهۆ، تۆرتە، نەخۆشی گیـرۆ: (پێـیەوە هەزار ئـازار و ئـاهۆ/ کـۆخە و هەڵامەت، لەرز و چەقوچۆ) «هـێمن» ٢. شـێتی، لێوەیی، فێ، دێوانەیی ٣. عەیب، ناتەواوی، کەترە، کەموکووڕی، کێمی، کەمایەسی ٤. فـێ، فێـداری، خووداری، پەرکەم، گەشـکە، ئـاهۆ، نەخۆشـیەکی مێشکە ٥. ئاسۆ، دیتنا ژ دوورڤە ٦. مامز، ئاسـک: (نەدیـت ئـاهۆکەی تـوونی هەردەی دڵ/ چەم سیاوەکەی سەر دەلیلەی دڵ) «مینە جاف»،٧. نـاوە بۆ کوڕان و کچان.

**ئاهوئۆف**: ئاخوداخ، کوڵوکەسەر: (لە ئاهوئۆفی عالەم سینە وا کونکون بوو وەک بێژنگ) «تاپۆ».

**ئاهوڕ**: ئاهڕ، ئاخوڕ، ئاڵفـدان.

**ئاهۆر**: ئاگر، ئاور: (ئاهۆر پەرست).

**ئاهۆرا**: یەزدان، خوا، خودێ.

**ئاهوڕاز**: ئاهوناڵە، ئاخوئۆف: (قـانوونی چەرخ و ڕەسمی زەمانە وەها بووە/ جاهیل بە کام و شادۆ، ئەدیبان بە ئاه و ڕاز) «قانع».

**ئاهورامزده**: ئەورەمزدا، یەزدانی گەورە و تاک و تەنێ.

**ئاهورامەزدا:** ئاهورامزدا، خودای خێر و چاکە.
**ئاهۆرایی:** خودایی، یەزدانی.
**ئاهوفوغان:** ئاهونالە، گریەوزاری: (پێشی دەمیان شیلکی تـۆپ، پشـتی سـەر ئەو ئـاگرە/ گەیـە چەرخی حەوتەمین لەو عانە ئاهوفوغان) «سالم».
**ئاهۆن:** ئەهوەن، ئارام، هێدی.
**ئاهونالّە:** ئاخ، ئاخوئۆف، نـزوولە، تـووک، داد و فوغـان، نکـونـاڵ: (سـەدای یـاهووی دەروێشـان هــات، ئـاه و نـاڵەی دلّڕێشــان هـات/ ڕەگ و ڕووحم وەئێشان هات، یا غەوسی سانی هیمەتێ) «وەفایی».
**ئاهونالّین:** ئاهونالە: (لە باغان ئـاه و نـالّین دێ، دەلّێن شای نێو گولّان ڕۆیی/ لە مەیخانان سەدای شین دێ، مەگەر پیری مۆغان ڕۆیی) «وەفایی».
**ئاهونزا:** ئاهونزوولە، تووک، نفر.
**ئاهونزوولە:** تـووک، نفـرین، نەفـرین، دۆعـای خراپ.
**ئاهوو:** ١. ئاهۆ، کەمایەسی، کەموکووڕی، عەیب: (حافز بۆ وە عەشق مەستان یا هوو/ بـێـپـچەش نە دەور باهووی بـێ ئـاهوو) «مەولەوی»،٢. هـاهوو، دووره، زۆر لەمێــژە،٣. ئاســک، کەژاڵ، مــامز، جەیران: (ئـازیز شـۆخ شـەنگ شـیرین تـارەنی/ ئـــاهووی بـــێ ئــــاهووی وەش ڕەفتـــارەنی) «مەولەوی»،٤. بێ‌دەسەلات،٥. تاوان، سووچ: (ئەو غەمـزەی ئـاهووت، کە شـێری دەشـکاندن/ یـا لـیلەعەجەب، ئەورۆ چیـیە، وا مەیلـی بە ئـاهوو) «ئەدەب»،٦. کارجوانکەر،٧. ناڤێ خوەدێ،٨. بریتی لە چاو: (چاوا ڤەکرن تە هەر دوو ئـاهوو/ بەردانە فەقیری هەر دوو جادوو) «خانی»،٩. ناوی کچانە.
**ئاهووبێز:** چاوێ کە لەبەر جوانی چاوی ئاسـک لەبەر چــاو بخــات: (بەو دیــدەی مەخمـــوور ئاهووبێزی تۆ/ بەو قەوسـی قەتـران شـەڕەنگێزی تۆ) «کۆماسی».
**ئاهووتەرز:** شێوە ئاسک، وەک مامز.
**ئاهووچش:** کەسێ چاوی وەک چاوی ئاسک بێ.
**ئاهوورامازدا:** هورمزد، خودا، خـودێ، یەزدان لە ئایینی زەردەشتی‌دا.
**ئاهوورامزدا:** ئاهوورامازدا.
**ئاهوورامەزدا:** ئاهوورامازدا.
**ئاهوونالّە:** ئاهوونزا، ئاخ هەلّکێشان.
**ئاهوونزا:** ئاهوونالّە.
**ئاهوونیگـــا:** وەک ئاسـک لاکەرەوە: (قـــومری سـەلّایێ، بولبـول نەوایــێ/ لالە لیـوایێ، ئــاهوو نیگایێ) «مەولەوی».
**ئاهووی‌تاتار:** ئاسکی خـوتەن: (ئەگەر ئەفشـان بێ نەفحەی چینی زولفت/ خەجـالّەت دەیگـرێ، ئاهووی تاتار) «سالم».
**ئاهووی‌چین:** جۆرێ ئاسکی زۆر بەناوبانگە.
**ئاهووی‌خوتەن:** ئاهووی موشک، جۆرێ ئاسـکی کێوەکانی خوتەن، ماکێکی بۆنخـۆش لە ناوکیـان دێتە دەرێ زۆر بەناوبـانگە: (حەسـرەتی میشـکی خەتا و میحنەتی ئاهووی خوتەن/ مونقەتیغ نەبـێ هەتا ئەو زولف و ئەو چاوانە بێ) «موخلیس».
**ئـــاهووی‌خوتەن‌بێز:** لەبەرچـــاوخەری ئاســـکی خـــوتەن بە هـــۆی جـــوانی: (جە گەردش عەیـــن ئــاهووی خـــوتەن‌بێز/ دیـــش هەم ئەو ســـوورەت کریان سەراوێز) «خانای قوبادی».
**ئاهووی‌وەحشی:** ١. مامزا دەشتی، ئاسکی کێـوی، ٢. بریتی لە دلّ: (زلفەکەت لادە با دلّ بێتە بـاغی کـــولّمەکەت/ ئـــاهووی وەحشــــی کە داوی دی خەیالّاتی ڕەمە) «عەلی».
**ئاهوهەناسە:** ئاهوونزوولە، تووک: (ئاهوهەناسەم داوێنت بگرێ بۆ ماچێکت نەدامێ).
**ئاهوی‌بەڕێز:** کەسێ ئەونە جوان بـێ، ئاسکی

دەشت لە بەر چاو بیژرێنێ.
**ئاهـ هاتنەوەبەر**: هەستانەوە، بووژانەوە، بەخۆدا هاتنەوە.
**ئاهەتە**: ئاگرەوارە بوون.
**ئاهەر**: ئاش، ئاهار، تراوی نیشاستە، کەتیرە یا جەوی بۆ ڕەپ و لووسی قوماش یا کاغەز.
**ئاهەرا**: کوێرەڕێ، بزنەڕێ، توولەڕێ، ڕێچکە، ڕچە، باریکەڕێ: (وەروی بەرد ئەو بەست گرد گوزەرگایێ/ دووی ئازیزشەن دڵ ئاهەڕایێ) «مەولەوی».
**ئاهەردار**: ئاهەرلێدراو، ئاهاری.
**ئاهەردارکردن**: ئاهاریکرن، ئاش‌لێدان.
**ئاهەرماڵی**: ئاهەرماڵین.
**ئاهەرماڵین**: شۆلێدان، ئاهەرلێدان.
**ئاهەری**: ئاهاری، ئاهاردار.
**ئاهەڕێ**: ئاهەڕا، بزنەڕێ، ڕێی سەخت.
**ئاهەک**: قسڵ، کسڵ، کلس.
**ئاهەکئاونەیدە**: ئاهەکی زیندو.
**ئاهەکزنە**: ئاهەکی زیندوو.
**ئاهەکغۆمچە**: ئاهەکی زیندوو.
**ئاهەکمۆردە**: ئاهەکی مردوو.
**ئاهەکی**: ١. ئاهەکاوی، قسڵاوی، پێوەندیدار بە ئاهەکەوە،٢. لە ئاهەک خراو(مرەبا)،٣. زەوییەک ئاهەکی زۆر بێ،٤. ئاوێ ئاهەکی زۆر بێ.
**ئاهەکیزیندوو**: ئاهەک ئاونەیدە، ئاهەکی ئاو نەدیتوو و نەپشکوتوو.
**ئاهەکیمردوو**: ئاهەک مۆردە، ئاهەکی ئاودییە، ئاهەکی پشکوتوو و ئاو لێکەوتوو.
**ئاهەن**: ئاسن، ئاسنگ، ئاهێن، ئێسن، هاسن، هەسن، هەسنگ، هێسن، کانزایەکە: (پەیوەست مەکێشاش هەناسانی سەرد/ هەر سەنگ و ئاهەن، پەیش مەبی وە گەرد) «بێسارانی».
**ئاهەنڕوبا**: ئاسن‌کێش، ئاسن‌ڕفێن، هەسن‌فرێن، مەگەن، موغناتیز، موگناتیس.
**ئاهەنفرۆش**: ئاسن‌فرۆش، فرۆشەری ئێسن.
**ئاهەنفرۆشی**: ١. دوکانی ئاسن‌فرۆتنێ،٢. کاری ئاسن‌فرۆتن.
**ئاهەنکار**: ئاسنکار، ئاسنگەر، ئاهێنگەر، وەستاخاڵە، هەسنکەر.
**ئاهەنکوت**: ئاسنگەر، هەسنگەر.
**ئاهەنکوتی**: ١.ئاسنگەری، پیشەی ئاسنگەر،٢. ئاسن‌کەشی.
**ئاهەنکەشی**: ئاسن‌کەشی، قایمکاری بە ئاسن.
**ئاهەنگ**: ١. ئاهنگ، بەزم، شادی، شایی، ڕەزم، گۆوەند، گۆڤەند، لۆغانە، لووخانە، زەماوەند، سکوسەودا: (ئەوی ئەوساکە ڕووناکی ئەدا بەم ژینە شێواوە/ دڵێکی پڕ لە ئاهەنگ بوو، کە ئێستا پاکی ڕووخاوە) «هەردی»،٢. نەوا، مەقام، هەوای ستران: (نەوای ئاهەنگی «قد قامت» تەریقی جەمعی زوههادە/ قەد و قامەت بە لەهجەی ڕاستی توبایی عوششاقە) «نالی» ٣. دەنگ، سەدا: (نیوەشەوە دنیا خامۆش/ دێتە گوێم ئاهەنگێکی خۆش) «هێمن» ٤. سۆز، نەژم،٥. نیاز، ویست، خەیاڵ: (من کە شەهبازی شکار ئەندازی شاهیم پێ‌دەڵێن/ حەیفە با ئاهەنگی جەنگی سەرگەڕ و لەقلەق نەکەم) «شێخ ڕەزا»،٦. کۆڕی شایی و شادی،٧. سەرەتا، بەرایی، پێشدەستی، دەرامەد، دەسپێک،٨. ناوی کوڕ و کچانە.
**ئاهەنگادەرچوونێ**: ئاهەنگی دەرچوون و کۆتایی فێرگە و خوێندن.
**ئاهەنگدار**: ١. دەنگی خاوەن ڕیتم و مێلۆدی مۆسیقایی،٢. شادیهێنەر، بەزمهێنەر.
**ئاهەنگداری**: شادمانی، شادی، خوەشی.
**ئاهەنگساز**: مۆسیقاڕ، نەواچی، دەنگ‌نقیس، ئاوازدانەر، بەستەکار، ستران ڕێکخەر.
**ئاهەنگسازکەردەی**: ئاهەنگ ساز کردن.

**ئاهەنگسازە**: ئاهەنگساز بۆ مێ.
**ئاهەنگسازی**: ١. مووسیقاری، کاری رێکخستنی هەوای ستران،٢. پیشەی مووسیقار.
**ئاهەنگڤان**: بەشداریکەری ئاهەنگ و بەزم.
**ئاهەنگ کردن**: ١. بەزمگرتن، کۆبوونەوە،٢. نیاز کردن، خەیاڵ کردن.
**ئاهەنگ گرتن**: ١. بەزم گرتن، شایی کردن،٢. گوێ لە مۆسیقا گرتن.
**ئاهەنگ گێڕ**: سترانبێژ، گۆرانیچڕ، شایەر، بەزمگێڕ.
**ئاهەنگ گێڕان**: بەزم سازدان، گۆڤەند گێڕان، شایی هەڵسووڕاندن.
**ئاهەنگ گێڵێن**: ئاهەنگ گێڕ.
**ئاهەنگ گێڵنای**: ئاهەنگ گێڕان.
**ئاهەنگ گێڵێنە**: ئاهەنگ گێڕ بۆ مێ.
**ئاهەنگە**: ئاهەنگ.
**ئاهەنگەر**: ئاسنگەر، ئاهەنکار.
**ئاهەنگەری**: ١. ئاسنگەری، ئاسنکارخانە، ئاهەنکاری: (سولەیمان وەو حوکم جن و پەرییەوە/ داوود وەو کوورەی ئاهەنگەرییەوە) «خانمەنسوور»،٢. کاری ئاسنگەر.
**ئاهەنگی بووک**: داوەت، شایی.
**ئاهەنگی بەرز**: دەنگی بڵند: (لە دەوری ئاڵا سروودی جێژن/ بە ئاهەنگی بەرز تێکڕا ببێژن) «بۆکوردستان».
**ئاهەنگی مۆسیقا**: ڕیتم و نەزمی مۆسیقا.
**ئاهەنگین**: نەزمین، خوەش، خۆشئاهەنگ.
**ئاهەنی**: ١. ئاسنی، ئاسنگی، ئاسنین، ئاهێنی،٢. ڕەق، سەخت، پۆڵایین.
**ئاهەنین**: ئاهەنی.
**ئاهەنین بازوو**: باهۆپۆڵایین، گورد، هێزدار.
**ئاه هەڵکێشان**: ئاخ هەڵکێشان، خەفەت خواردن: (سەعید تەماشای دەکرد و ئاهی ساردی لە دەروونی هەڵدەکێشا و ئاخی هەڵدەکێشاوە) «سەعید و میرسێوەدین».
**ئاهی**: ١. ئاسک، مامز، خەزاڵ، جەیران ٢. ئاخ، هەناسەی دڵ،٣. ناوە بۆ کچان و کوڕان.
**ئاهێ**: ئاهێک، هەناسەیەک، هەناسێک.
**ئاهی ئاتەشین**: ئاهی ئاگراوی و سووتێنەر: («ئەدەب» بەو غایەتەش یارت نەبوو، نامیهرەبان، ئەمما/ لە ئاهی ئاتەشینی تۆ، خوداگیر بێ سەبەبکارت) «ئەدەب».
**ئاهیا**: ئەوان، وان.
**ئاهیتە**: خراپ، خەراو، بەد.
**ئاهی دڵ شکان**: ئارەزوو پێ شکان: (چ بلا بوو خوشکە ڕابی/ نابێ تۆزێک بۆ خوا بی/ ترخێنێکمان بۆ لێنێ/ ئاهی دڵمان بشکێنێ) «بۆکوردستان».
**ئاهی دەروون**: ئاخ، داخ، خەفەت، کۆڤانی دەروون: (بەو گەردنە هەرتا شکەنی زولفی دوو تات بێ/ دەگریم و لەگەڵ ئاهی دەروون سۆزی دڵم دێ) «وەفایی».
**ئاهیر**: ئاوور، ئاگر، ئێگر، ئازەر، ئاتر: (ئازیزم ئاهیر دووری باڵای تۆ/ جەستەم کەرد وە بووڵ شەماڵ بەرد پەی کۆ) «مەولەوی».
**ئاهێر**: ئاگر، ئاهیر: (واتم ئەی خەزان، یە فەسڵ تۆ بی/ ئەی گڕەی ئاهیر، پەی تۆ جە کۆ بی؟) «بێسارانی».
**ئاهیربشۆلێم**: ئاگرم تێچێ، ئاگر بچێ لێم.
**ئاهیرناک**: ئاگراوی، ئاوراوی: (نەک بە وێنەی من بە ئاە ئاهیرناک/ دوور جە باڵای تۆ سەر مەنیو نە خاک) «بێسارانی».
**ئاهیرنۆش**: سوورکراوەی ناو ئاور: (گێج ئاڵانیی ها وە دۆشەوە/ وە قولاب چەنگ ئاهیرنۆشەوە)

«مەولەوی».

**ئاهیروەدەست**: ئاگر بە دەست: (من کۆی نەفتیم، تۆ ئاهیر وە دەست/ هەر کاتێت زانا گڕ بڵێسەی بەست) «بێسارانی».

**ئاهیرین**: ئاوری، ئاگری، ئاگرین، وەک ئاور: (نامەکەت یاوا کۆسم کەفتەوە/ دڵەی ئاهیرین دا وەنەفتەوە) «مەولەوی».

**ئاهی‌سارد**: ئاهی سەرد، هەناسەی سارد، ئاهی ناهومێدی: (ئەی دڵ لە داخی ئەو مەهە بتلێ بە دەردەوە/ بڕژێنە ئەشکی گەرم بە دەم ئاهی سەردەوە) «بێخود».

**ئاهیست**: ئارام، هێدی، هێور، هێمن: (عەجەب ئاهیستە خەرامێ بە تەرەف ئێمەوە با/ بارە بۆ پەنجەیی پێی نازکی تۆ ڕەنگی حەنا) «سالم».

**ئاهیستە**: ئارام، لەسەرخۆ، هێدیکا، هێور، هێدی: (هەر لێرە هەتا دەشتی بەهەشت‌ئایینی لاجان/ ئاهیستە بڕۆ، نەک وەکوو دێوانەیی هەرزە) «حاجی قادر».

**ئاهیستەیی**: هێدیتی، لەسەرخۆیی.

**ئاهی‌سوێند**: ناوی سوێند، ناوی خودا: (مام ڕەسوو ئەو مام ڕەسووەی جاران نەمابوو، بۆ ئاهی سوێند سووکە نووزەیەکی تیا مابوو) «ڕشتەی‌مرواری».

**ئاهی‌سەرد**: هەناسەی ناهومێدی، ئاهی سارد: (لە ناڵەی گەرمی دڵت باکت نەبوو تۆ/ بە ئاهی سەردی مەحوی من دڵم سووت) «مەحوی».

**ئاهیلەک**: شارێکی باکووری کوردستانە لای گۆلی وان.

**ئاهێمین**: گلەیی کرن، ناڵاندن: (ئەی تو هەسپا کحێل سواری هێدییا/ کەرا ئاردووڤان ئاهێمی، ما ل هەڕییا) «گولشوون».

**ئاهین**: ١. دەرد، حەسرەت، خەم، کوڵوکەسەر: (وەها پڕ بوو بە ئیما دڵ لە پەیکان/ بە مادە دێتە دەر ئاهین لە جێی ئاه) «سالم»،٢. ئاهێن، ئاسن: (جەزبەی ئاهینم دەماخ دان پەرداخ/ میقناتیز تۆی جام کەردەن وە یاتاخ) «مەولەوی»،٣. ئاخین، ناڵان،٤. ناوە بۆ ژنان.

**ئاهێن**: ١. ئاسن، هەسن، کانزایەکی ناڤدارە: (جەزبەی ئاهێنم دەماخ دان پەرداخ/ میقناتیز تۆی جام کەردەن وە یاتاخ) «مەولەوی» ٢. ناڵان، ناڵین ٣. خەم، خەفەت، پەرۆش ٤. ناوە بۆ ژنان.

**ئاهینروبا**: ئاینڕوبا، مەگن، موگناتیس، ئاسنکێش.

**ئاهینگەر**: ئاسنگەر: (ئارۆ ڕاگەم کەفت نە ئاهینگەرێ/ دیم کە نیشتەبێ کان گەوهەرێ/ پادەم مەدەمنا زولف عەنبەرێ) «مەولەوی».

**ئاهێنگەر**: ئاسنگەر، هۆستای هەسنان، وەستاخاڵە: (نە ئاهێنگەرێ نە ئاهێنگەرێ/ ئارۆ ڕاگەم کەفت نە ئاهێنگەرێ) «مەولەوی».

**ئاهی‌نەگرفتە**: دوبەختی، شانسی، جاروبار، بەهەڵکەوت، خۆشانسی: (دەیجا دەچین بۆی دەخوازین، ئاهی نەگرفتەیە ئیدی).

**ئاهیی**: ئاهی، ئاسک.

**ئاهییر**: ئاوور، ئاگر، ئازەر.

**ئاهیین**: ئاهین.

**ئای**: ١. ئاخ، ئاووف، ئەی، ئەدی، ئۆخ، ئاییش، وای، های، ئۆف، ئۆ، ئۆه ئۆی، ئاه هاوار لە بەر ئێش و خەفەت: (قالە تیری مەرگ پێش وادە پێکای/ ڕۆڵەی گەورەت مرد، ئای ئایشەخان ئای!) «گۆران»٢. ئالاڤێ پوشمانی،٣. های، هەی، بۆ گاڵتە پێکردن،٤. تەح، تاح، وەی لەوە، وشەی بە بچوک زانین و سەرسووڕمانە: (ئای لەێ درووەگەدا!)،٥. کەلیمەی بەزەیی: (ئای یە مناڵێگە)،٦. لە زاراوەی هەورامیدا نیشانەی چاوگە: (مەڕیای، ئامای، لوای)،٧. ئالاڤێ هەرا و گازی‌کرنا: (ئای داشی وەیسا بینم کوجا دەر میری!) «دەروێشیان»،٨. ئایی، ورچ، حورچ،

حەش: (ئـــایچی)،٩. پاشـــگری ڕازا: (درێـــژای، پیەنای).
**ئایا**: ١. میمی، میمک، پوور، خوەشکی بـاوک،٢. ئاگا، هۆش، هەست: (لە کوشتن سەردار ئایایشـی نییە) «ئاوێنەی‌بێگەرد».
**ئایـــا**: ١. ئـــارا، ئایـــاکوو، ئەیە، دامەکە، داخـــۆ، داخووم، تۆبڵێی، دەڵێی، ما، مەگەر، گەلۆ تۆ بڵێی، ئاخۆ، چما، چمان؟، بـۆ پرسـیارە(؟) (ئایـا ب چ وەجهێ مانە مەحرووم؟/ بالجملە ژ بـۆ چ بـوونە مەحکووم؟) «خانی»،٢. گەلۆ، تـۆبڵێی: (ئایـا نە تە چێکرن موقابیل؟) «خانی».
**ئایا**: ئایانا، تۆ ئوشی؟
**ئایات**: کۆی ئایەتە بە مانای ڕستەکانی قورعـان: (هەیـڤ بـو ئەو د زولمـاتێ دخـۆم سـوندێ ب ئایاتێ) «جزیری».
**ئایاخ**: ١. ئایەخ،٢. خوەشی و شـادی لە دویـاێ دلنگەرانـی و لێقوومیـان،٣. وە هـووش هـاتن لە دویاێ غەش‌کردن یا لەخوەێ‌چین.
**ئایـــار**: ئـادار، ئـازار، مـانگێکی ڕۆمییە کە لەو مانگەدا کۆمەڵێ لاوی کورد لە سـێدارە دریـاگن: (بۆ ئێمە لازمە، هەموو ساڵێک هەتـا دەژیـن/ ئەو ڕۆژەی ٢٤ی ئایارە، بکەین بە شین) «پیرەمێرد».
**ئایارە**: پێـوانە، پێـوەر، پەیمـانە، ئەنگـارە، کەوچ، کیلە، میهەنگ، ئایەرە، ئامرازی پێوان.
**ئایاکوو**: ئایا، داخۆ، داخوا، ئاخۆ، بۆ پرسیار(؟).
**ئایاگێ**: ئەوجێگە.
**ئایانی‌ڕۆژ**: ناشتا، نەخری، خورێن.
**ئایانە**: ئایا، تۆ ئوشی؟
**ئایاولە**: گوندێکە لای سنە.
**ئایای**: ئای‌ئای، جۆرێ گۆرانی کوردییە.
**ئای‌ئای**: ١. ئایای، چەشنێ گۆرانی کـوردیە: (.../ دەخیلـت بـم دەسـا بەو لاوک و ئای‌ئـــای و حەیرانە) «گۆران»،٢. چۆن‌چۆن، لە کـاتی لـۆمە و سـەرزەنش‌دا بەکـار دەبـرێ،٣. پیشـاندانی سەرسووڕمانی، بـڕوانە: (ئای‌ئـای لەو پیـاگە ئەوە شـێت بـووە)،٤. وشـەی بەرەنگـاری: (وامەکە ئای‌ئای).
**ئائین‌نەئینە**: ١. ناڤێ خوەدێ،٢. وەکی وی نینە.
**ئای‌بەخاڵۆ**: گۆرانییەکی هۆرامییە.
**ئایچی**: ١. دێـیەکە لە نزیـک سـەقز، قەبرسـتانی سەقز ئێستا لەوێ هەڵکەوتووە: (مامەشا و ئـایچی و ئـــاوایی کـــانی‌جەژنی) «یادنامەی‌ســـەقز»،٢. ورچ‌بەخێوکەر، ٣. ورچەوان، لۆتی.
**ئای‌حەریرە**: ناوی گـۆرانییەکە: (هەرچەن دەکەم دڵ پیـر نـابێ/ دەسـتم لە مەمکـی گیـر نـابێ) «حەسەن زیرەک».
**ئای‌دلێ‌من**: ناوی شێعرێکی فەقێ تەیـرانە: (دل ژ من ناکت خەیـالان/ بـوومە پەروانـا شـەمالان/ بێری‌یا حوسن و جەمالان/ ئـای دلـێ مـن، ئـای دلۆ) «فەقێ تەیران».
**ئایدیا**: ئیدە.
**ئایدیال**: ئارمان، دۆز، گاڤین، کاربەنـد، ئیـدەئال، باشترین شت.
**ئایدینلەر**: شـارێکە لە بـاکووری کوردسـتان لە نزیک سیرت.
**ئایدیۆلۆژی**: ئیدیۆلۆژی، عاقیدە.
**ئایر**: ئاور، ئەگر، ئایەر، ئاڤر: (ئیمشەو هەم‌خەمـان وەنەم سەرداوە/ سەر تا پای تەنـم ئـایر وەرداوە) «مەولەوی».
**ئایێر**: ئایر، ئاور، ئاگر.
**ئایرا**: ئەیریا، ئاریا، ئاریە، ئەم وشە ئاوێستاییە بـۆ ناوی نـژادی ئێرانـی، هێنـد و ئورووپـایی بەکـار دەبرێ.
**ئای‌ڕاست**: ئایاکوو ڕاستە: (لە ناو مەنگـوڕایەتی ژنێک هەبوو ناوی شەمێ بوو، ئای ڕاست، ئـای درۆ، شەمێ ناوی خـراپ دەرچووبـوو) «ڕشتەی

مرواری».

**ئایران**: ئیران، وڵاتی ئێران.

**ئایرباران**: ١. ئاگرباران، دەسرێژی گولله،٢. زاری، شین، ڕۆڕۆ: (دایک شێرەزەد ئیمجا کردی وە ئایرباران/ هەتاکەی وە ڕۆژ ئەی زاران) «ئاوینەی‌بێگەرد».

**ئایربشۆلێم**: ئاورم تێبەربێ، ئاگرم تێ‌چێ: (یا زەرپۆ مەیلت بکیانە پەرێم/ نەبا چوون قەقنەس ئایر بشۆ لێم) «بێسارانی».

**ئایرتێ‌وەردان**: گڕدان، سووتاندن: (گۆشەی ئاتەشخان دڵەی پڕ جە ئێش/ پزیسکەی داخان ئایر وەردا تێش) «مەولەوی».

**ئایرسەندن**: ئاور گرتن: (ئایر سەندەبێ جە گردین لاوە/ پووشەکەی جەستەش وە ئاربەباوە) «مەولەوی».

**ئایرگا**: ئایەرگا، ئاوورگ.

**ئایرگان**: ئازەربایجان.

**ئایرمەدار**: ئاگرمەدار.

**ئایرناک**: ئاورین، ئاوری: (شەماڵ شۆ واچە، بەو ئایرناکە/ بەو دڵ سفتەی خەم، سینە چاک‌چاکە) «بێسارانی».

**ئایرنما**: ئاگرین، ئاورین: (دەروون وە سۆزش ئایرنماوە/ زوان پەی تەئریخ پڕ جە دوعاوە) «مەولەوی».

**ئایرۆ**: ئەیرۆ، ڕۆ، وەیرۆ، هەیرۆ، ژنان بۆ دەربڕینی سەرسوڕمان و تەنگانە دەیڵێن.

**ئایرواران**: ئاگرباران، ئاورباران: (وەرنە جە دەروون پڕ دەردی زامەت/ ئایروارانە تا ڕۆی قیامەت) «بێسارانی».

**ئایرواستەن**: ئاور خواستن، ئایر وەرگرتن. ×

**ئایرواستەنی**: ئاور ئەخوازی: (ئایرێ چوون دڵ من بە دەستت بۆ/ ئایر واستەنی، پەی چی قەستت بۆ؟) «بێسارانی».

**ئایروان**: ئاگرەوان، ئارەوان، ئاورەوان.

**ئایروستن**: گڕدان، ئاوردان، سووتاندن: (دووریت ئایر وست وە یانەکەی من/ یانێ یانەی دڵ وێرانەکەی من) «مەولەوی».

**ئایروەرداوە**: ئاگری بەردایەوە.

**ئایرە**: ١. ئاورە، ئاگرە، ئاگرۆکە، زیپکەی چرچاو،٢. پەیمانە، پێوانە، کێشانە.

**ئایرەقوڵە**: ئاورۆچکە، ئاگرۆچکەی منداڵان.

**ئایرەقوولە**: گۆستێرە، گوڵەستێرە.

**ئایرەمەلێ**: ئاینەمەل، مەلێکە.

**ئایری**: ئایران، ئێران.

**ئایریچم**: ئاوریشم، ئاگریشم: (پووش ئایریچم جای نەسیم نییەم) «مەولەوی».

**ئایرین**: ١. ئاگرین، ئاورین، ئاهرین: (نامەی ئایرین گەرمی ئەنگێزت/ دووی پووش جەستەی دەردینان خێزت) «مەولەوی»،٢. ناوی کچانە.

**ئایرینە**: ئاگرین، ئاورین.

**ئایسا**: ئاسا، ئاش: (ئاو سەرناسای ئەی ئایساش وەس) «م.ح. دزڵی».

**ئایسان**: ١. ئیسان، سوتان، گرگرتن، پێ‌بوون: (زەیتێ مە و ئاگرێ مە دیسا/ بەربو مە و دل مە پێ ئایسا) «خانی»،٢. بریتی لە جوانی لە ڕادە بەدەری مێینەی مرۆڤ: (شۆعلە هێندە جوانە دڵێی چرایە دایسێ).

**ئایساندن**: داگیرساندن، هەڵکردن، سووتاندن.

**ئایسە**: ١. ئێستا، نهۆ، نها،٢. قسر، نەزۆک، نەشۆر، ئاوەسوو.

**ئای‌سەلەسەلما**: گۆرانییەکی هۆرامی‌یە.

**ئایسین**: ئایسان، گران، شەوتین.

**ئایسیوە**: گوندێکە لە دەڤەری پشدەر.

**ئایش**: ١. ئای، ئاخ، ئاه، ئۆە، ئۆخ، ئۆف، وشەی دەربڕینی ئێش و ئازارە: (ئایش ... کەی لام وابوو من ڕۆژێک دەبینم بێ پارە بم) «شەوارە»،٢.

ئایش، ئایشێ، عایشێ، کورتکراوی ئایشێیە: (هەر سێکیان شەنگەبێرین/ ئامین و ئایش و مێرێ/ کیژ و کـورِ بە سـۆرانیان/ لێکـرِا دەکەن هـاوێرێ) «فۆلکلۆر»،٣. هێور، هێدی، ئاسوودە.

**ئایشا**: ئەوان، وان، ئەوانە، ئـادێ، ئـانێ، جێنـاوی ئاماژە بۆ سێهەمکەسی کۆ: (تۆ بە رِەفاقەت ئایشـا مەفتـوون/ چ دەربەسـەنی مـن پـاخەروا بـۆون؟) «م.ح. دزلّی».

**ئایش‌بوون**: هێوربوون، هێدیبوونەوە.

**ئایشت**: ئایش، ئالّشت.

**ئای‌شل‌ئای‌شل**: ئستـرانەکی کـوردییە: (ئەرێ ئـای شل ئای شل، باوانم شل/ نەجیبزادە و چاو پـرِ لە کل) «حەسەن زیرەک».

**ئای‌شل‌وای‌شل**: ئای شل ئای شل.

**ئایشۆک**: ناوە بـۆ ژنـان: (پیاویـک لەو دەشـتی هەولێرە هەبوو عەزیزۆکی ناو بوو، ژنێکی هەبـوو ئایشۆکی ناو بوو) «رِشتەی مرواری».

**ئایشـــۆکێ**: ١. چەشـنێ گـۆرانییە،٢. جـۆرێ هەلّپەرِینە.

**ئایشە**: ١. لاناوە لە ژن ئاشوو و سەلّیتە،٢. نـاوی ژنێکی پێغەمبەر بووە،٣. ئایشێ، ناوە بۆ ژنان.

**ئایشەدەرەگوشێ**: ئایشە گوێدرێژ.

**ئایشەگوێدرێژ**: ١. شەولەبان، لوولکە، ئولوولـوو، بەئـۆک، ئـووڤ، مەوت، قازانەسـەرە، کـاورِە، خۆخۆلێ، جنۆکەی منالّ ترسێن،٢. بریتی لە کەر، گوێدرێژ.

**ئایشەنەرِنەرِ**: ناوێکی ناو چیرۆکـانە: (بەلایەکـی لە سـەرهەلّقەنە زۆر گەورەتـرە، هەنکــی نەفرەجایەک سـەری لە تـاقی ئاسـمان، بە نـاوی ئایشە نەرِنەرِ) «گورگ و بزن».

**ئایشەوان**: ئاشەوان، ئاسیاوان.

**ئایشەوەن**: دیەکەیگە لە جوانرۆ.

**ئایشێ**: ناوە بۆ ژنان: (دەبەرت مـرم بەری شـێ/ رێحـانە دەگـرێ تیشـێ/ میـوانی پـوورە ئایشـێ) «فۆلکلۆر».

**ئایشێ‌حەلی‌حەیزی**: دایکێکی تەمەن ٨٠ سالّانەی ناوچەی مەنگورِایەتی‌یە، دەنگێکی زۆر غەریب و بەســۆزی هەیە و حەیــران و لایەلایەی بــاش دەزانێ، ئێستا لە شاری مەهاباد دەژی.

**ئایشـــێ‌خان**: نــاوە بــۆ ژنــان: (ئایشــیلێ و ئایشێ‌خانێ/ سوێسنە لە نوالّەی بانێ) «فۆلکلۆر».

**ئای‌شیرینەوخانم**: ناوی گۆرانییەکە: (ئای شـیرینە و خــانم هــاتیەوە بــاوانم/ شــەوێ بە دزی دایکەکەت خۆ بخەرە باوانم) «حەسەن زیرەک».

**ئایشێ‌گولّ**: ١. ناوی بەیتێکـی کـۆنی کـوردییە: (ئایشــێ‌گولّ و ناسـر و مالّمـالّ و پـایزە و ...) «نیسـاری»،٢. هەوایەکـی گـۆرانی‌یە: (وەرە وەرە ئایشێ‌گولّ، بۆ تۆ نەمام سوورەگولّ) «مـاملێ»،٣. نـاوە بـۆ ژنـان: (عەمـر و چـاوم ئایشـێ‌گولّ/ بـا سـەیرت کەم پـرِبەدلّ/ پەرچەمـت وەک قەرەولّ/ رِوومەتـت کـارگی سـامرِەندان/ ددان سـەدەفی ئەسلّ) «فۆلکلۆر».

**ئایشێ‌گوێدرێژ**: ئایشەگوێدرێژ.

**ئایشیلێ**: ئایشـێی شـیرین و گچـکە: (دەنگیـان نایە، دەنگیان نایە/ ئایشیلێ نـازیلێ دیـت خرِیـی دایە) «حەسەن زیرەک».

**ئایشیلێ‌نازەنینێ**: ئسـترانەکی کـوردییە: (ئایشـیلێ نازەنینێ/ وەی وەی لە زیرِەی پـۆتینێ) «حەسـەن زیرەک».

**ئایشێ‌مینەکاکی**: ژنە مەنگورِێکی تەمەن ٦٤ سالّە لە حەیران و بەندی شین‌گێرِی‌دا پسپۆرِە، ئێستا لە گوندی مێرگی قورێی پیرانشار دەژی.

**ئایشێ‌وەی**: گۆرانییەکی هۆرامییە.

**ئایفت**: ١. سوود، قازانج،٢. ئومێد، هیوا.

**ئای‌قەلعەسی**: گوندێکە لای بیجارِ.

**ئــایگۆن**: شـارێکی بـاکووری کوردسـتانە سـەر

شاری دیاربەکر.

**ئایل**: ١. ئایەڵ، منداڵ، مەلاڵ، زارۆ، فرزەند ٢. کەسێ کە کاری ناڕەوا دەکات.

**ئای‌لاچن**: ناوی گۆرانییەکە: (ئای لاچن گیان لاچن/ یارەکەم دێ با ببینم/ جەرگم هەلاهەلایە/ ئەو سارێژ دەکا برینم) «حەسەن زیرەک».

**ئای‌لادەگیان‌لادە**: ناوی گۆرانییەکە: (ئای لادە، ئۆف لادە، برام لادە، دەی لادە/ ئەرێ لادە لادە لادە ڕووبەند شیرینە) «حەسەن زیرەک».

**ئایلە**: خێزان، ژن و منداڵ.

**ئای‌لەخالانی**: گۆرانییەکی هۆرامییە.

**ئای‌لەگوڵ**: گۆرانییەکی هۆرامییە.

**ئای‌لەلەنجەولاری**: ناوی ۆرانیەکە: (ئێواری تەکبیر وەی سبحەینێ بارە/ .../ ئای لە لەنجە و لاری، لە چاوی خوماری، مەمکۆڵەی هەناری) «حەسەن زیرەک».

**ئای‌لەلەنجەیە**: ناوی گۆرانییەکە: (ئەی وەی لەنجە و خانم لەنجەیە/ ئیشتیای لە کراسی کرێشەیە) «حەسەن زیرەک».

**ئای‌لەمریەم‌کچێ‌مریەم**: ناوی گۆرانییەکە: (ئای لە مریەم کچێ مریەم خەڵکی ئەو خوارە/ دایکەکەت کوێر بێ کچێ مریەم، بۆی نەکرێ گوارە) «ماملێ».

**ئای‌لەمن‌وهای‌لەکێ**: ناوی گۆرانییەکە: (ئای لە من و های لە کێ، ئای لە لەنجەی لەیلایە/ کاری من و بەژنێ باریک، وا زوو کۆتایی نایە) «ماملێ».

**ئایلەمەل**: ئایلەمەن، خەزایی.

**ئایلەمەن**: ١. عایلەمەن، ئایلەمەن، ئایرەمەن، ئەیرەمەل، ئاینەمەل، ئاهرمەلۆچ، خەزایی، سێروو، گاوانی، ڕیشۆڵە، ڕیشۆڵی، ڕەشۆڵە، ڕەشۆڵی، ڕەشیلە، ڕەشێڵە، ڕەڤشیلە، ڕەشویلە، ڕەشڤیلە، شاروور، شالوور، شاوو، شالوویل، شالیل، کەشوشکە، کەشۆیلە، سیاکەرک، سوێروو، مرچیلە، مرچۆڵە، قازلاخ، تەیتۆک، تیتک، ئاگرەمەلیچ، مەلێکی گچکەی ڕەشە مێملی کوللەیە،٢. مەلێکی بەڵەکی تاجدارە،٣. خێزاندار، مناڵوار، دارای ژن و منداڵی زۆر.

**ئایلەیل**: مناڵەیل، ملاڵەیل.

**ئایلین**: ناوی کوڕانە.

**ئایم**: ١. مرۆ، مرۆڤ، ئینسان، بنیادەم،٢. پیاو، نۆکەر.

**ئاێم**: ئایم، بنیادەم، مرۆ.

**ئاێم‌پاپەڕووین**: لاناوە لە ئاێم سەنگین‌پا.

**ئایم‌چووی**: ئادەم چێوی، بریتی لە کەسێلی چڵمن و بێ‌دەس و پا: (برەی چ مس ئادەم چووی وەیسادی ڕو سەرم، برەو تۆنم یەی کاری بۆکۆن ها!) «دەروێشیان».

**ئایم‌حەساوی**: مرۆی تەواو پیاو و کامڵ.

**ئایم‌سایم**: جارجار، گاگا، بەدەگمەن.

**ئایم‌فامیدە**: کەسێلی ژیر و تێگەیشتوو.

**ئایم‌کۆش**: مرۆڤ‌کوژ، قاتڵ.

**ئایم‌ناتاو**: ئادەمی بێ‌ڕەزا و نالەبار.

**ئایم‌نەیدە**: مرۆڤ‌نەیدە، وەحشی.

**ئای‌مەلەک‌مەلەک**: گۆرانییەکی کوردییە: (قوربانت بم بە تۆی دڵێم/ ئای مەلەک مەلەک مەلەک) «حەسەن زیرەک».

**ئاێمی**: ئادەمی، ئنسانییەت.

**ئایمیزا**: ئامیزا، ئادەمیزاد.

**ئاێمیزا**: ئادەمیزا.

**ئاێمیزایە**: ئادەمیزادە.

**ئاین**: ١. ئایین، دین، ئۆل، مەزەو، مەزەب،٢. داهاتوو، ئایندە، ئەوەی کە دێ،٣. باو، مۆد،٤. یاسا، قانوون،٥. داب، نەریت، ڕەوشت: (هەم واریسی فەرهادم و هەم ئایینی مەجنوون/ وا تێ‌مەگە، قوربان، کە گەدا، بولهەوەسێکم) «نالی».

**ئاینـــده**: داهـــاتوو، دوارۆژ، لەمەولا، لەمەوســـا، لەمەودوا، لەمەوپاش، پاشەڕۆژ، نهـۆ پـێڤە، دامـێ دابێت: (ساڵی ئاینده مەڕ ئەبـێ بە دوان/ زاووزێ ئەکەن بۆم ئەبن بە ڕان) «پیرەمێرد».
**ئایندەوڕەوندە**: هاتوچۆکاران.
**ئاینڕوبا**: ئاهەنڕوبا، ئاهینڕوبا، مەگن، موغناتیس.
**ئاینڵە**: دیەکەیگە لە سۆنقۆر.
**ئاینزا**: ناوی کوڕانە.
**ئاین نامە**: شەرع، ڕێ و ڕەسما ئاینی.
**ئایننە**: ئاینده، داهاتوو.
**ئاین وئۆین**: ١. نازونوز، ئانوئۆن،٢.فێـڵ ومەکـر، چەپوگـــوپ: (خـــوداکەی! بەس کە بـــۆ دنیـــا ئەمەندە ئاین و ئۆیین/ تەماشا کە ئەحیببا ساغ و، ئۆینچی هەموو ڕۆیین) «مەحوی».
**ئاین وڕەوەن**: هاتوچۆکەر، هاموشۆکەر.
**ئـــاینە**: ١. ئـــاوێنە، جـــام، جـــامەک، نەینـــووک: (هەرکەســێ نوقســانی بـــاوێتە ســەر ڕووی ئـــاینە/ شـــاهیدی هەرچەنـــدە (رای‌العـــین)ە، کـــێ بـــاوەڕ دەکا؟!) «نالی»،٢. دیەکەیگە لە سەرپیەڵ.
**ئاینەبەنی**: ئاوێنەبەندی، ڕازاندنەوە بە ئاوێنە.
**ئاینەجوو**: دیەکەیگە لە سۆنقۆر.
**ئاینەخـــانە**: مـــاڵی ڕازاوە بە ئاوێنەکـــاری×: (بە ئەبەد جێگەیـــی مـــن مەنزڵـــی جانـــانە نیـــیە/ ئاینەخانەیی شەهـ مەسکەنی دێوانە نییە) «سالم».
**ئاینەخشانم**: گۆرانییەکی هۆرامییە.
**ئاینەسازیش وســـت**: ١. دەســـی کـــرد بە ئـــاوێنە تێخستن،٢. بریتـی لە مەیانـدنی سـەر چەمەکـان: (ئوسای بلووبەند پەنجەرەی کاوان/ ئاینەسـازیش وست ئەو شەتاوان) «مەولەوی».
**ئاینەک**: عەینەک.
**ئاینەکاری**: ئاوێنەکاری ماڵ.
**ئاینەگرتن**: بـوونە ئـاوێنە: (پەی نیگـای بـاڵای مەحبووب بێگەرد/ یەخ ئـاینەگرت، تەم چارشـێو ئاوەرد) «مەولەوی».
**ئاینەلە**: دیەکەیگە لە سۆنقۆر.
**ئاینەمەرگ**: تاڵی زۆر، وە شەرای مەرگ ڕەسین.
**ئاینەمەل**: عاینەمەل، سێروو.
**ئاینەوڕەوەن**: هاموچوو، هاتوچوو.
**ئاینەوەن**: دیەکەیگە لە گاوارەیَ گووران.
**ئاینەویشێوە**: ناو دیەکەیگە لە سەرپیەڵ.
**ئاینی**: دینی، مەزەوی، مەزەبی.
**ئای نیزام**: سترانەکی کوردییە: (ئای نیزام بۆخـۆم نیزام، نیزام نیم و عەسکەرم) «حەسەن زیرەک».
**ئایۆ**: ١. دێ، دێت، پەیا دەبـێ: (کەشـە و گیـرۆم خەیالی تە بە ئاغوش/ سەهەر ئەز بوستەرم بـۆیی گول ئایۆ) «باباتایەر» ٢. کات، ژین.
**ئای‌وای**: هەی‌هاوار، ئـای‌داد، وەی‌داد، هەی‌داد: (گـوێ نەدەی هەرگیـز بە نـاڵە و ئـای و ئـۆی بیماری کورد) «قانع».
**ئای وئۆف**: ١. ئـای، ئـاخ، ئـۆف: (بە نەڕەنەڕی بـاوکم و ئـای و ئـۆفی مـن و بۆڵەبـۆڵی داڵـگە) «کۆردەرە»،٢. غەمزە، ناز، ئەدا: (ئیشتیهای خەمـزە و نەزاکەت، ئای و ئۆف و لا ئەکەم) «قانع».
**ئای وئۆی**: ئای‌وای، هاوار و ناڵە: (.../ لە کـونجی سینە دەنگی ئای و ئـۆی دڵ دێ بە مەحزوونـی/ وێـران بـێ نەمـدی سـاتێ لێـی نەیـێ نـاڵەی برینداریَ) «شێخ ڕەزا».
**ئای وەرەوەرەسورەگوڵ**: ناوی گـۆرانییەکە: (ئـای وەرە وەرە ســوورەگوڵ، ئـاورت بەرداوم لە دڵ/ مەیلی تۆ قەت‌قەت نانێم تـا دەمنـێن لە خـاک و گڵ) «ماملێ».
**ئای وەگەرد**: نـاوی گـۆرانییەکە: (ئـای وە گەرد ناســکۆڵەی بــێ‌گەرد/ مــاڵەکەی چــۆڵ کــرد لووتەوانەی زەرد) «ع. مەردان».
**ئـــایە**: ١. ئـاخۆ، دەخـۆ، ئایـانە، ئایـا، ئایا؟، بـۆ پرسیار،٢. پور، پوور، میمی، خوشکی بـاب،٣. لە

زاری منداڵ خۆشکی گەورە،٤. ئایەت،٥. سوود، قازانج، خێر: (ئایەومایە).

**ئای‌هاوار**: وای داد: (ئای هاوار مۆسەلمانا برەسین دارە مۆکۆشەتم!) «دەرویشیان».

**ئایەت**: ١. ئایە، بەن، بەند، بەند و برێک لە سوورەتی قورعان: (بایەقوش لە کاولاشی نێو دڵی خۆمدا/ بۆم بخوێنێ ئایەتی یاسین) «مەلەکشا»،٢. نشانە، نیشان، نیشانە، بەڵگە: (بورهانە لەسەر قودرەتی حەق، ئایەتی حوسنی/ بۆ دەعوەیی ئیسپاتی خودا، موعجیزە جافە) «شێخ ڕەزا»،٣. مرۆڤێ مەزن و ژیهاتی،٤. تشتێ حیبەتی و چریسە.

**ئایەتاکورسی**: ئایەتەلکورسی: (ئایەتا کورسی ژ بەر کر مە جحێل و پیر و ژن) «سندی».

**ئایەتە**: ئایەتی قورعان.

**ئایەتەل‌کورسی**: چەند ئایەتێکی قورعانە: (من بە دەور و پشتی یارا ئایەتەلکورسیم ئەخوێند/ ئەو بە عیشوە پێی وتم، لاچۆ، هەتاکەی نووکەنووک؟) «قانع».

**ئایەتم‌واوێ**: سوێن بە قورئان: (وتی: دایکە قەسەمم خواردە و ئایەتم واوێ) «ئاوێنەی‌بێگەرد».

**ئایەتی**: ١. پاشگری واتای چۆنیەتی و حاڵەت دەدا: (کوردایەتی، برایەتی)، ٢. مەڵبەند و ژینگەی عەشیرەتان نیشان دەدا: (مەنگورایەتی: وڵاتی مەنگوڕان)،٣. پاشگرێکە وە مانای وڵات و نیشتمان: (هاووڵایەتی).

**ئایەخ**: ١. ڕهەند، گونجە، ئاوەڕۆ،٢. بێ‌بایەخ، کەم‌نرخ: (شورت و ون بێ‌دەنگورەنگ و بایەخە/ کورت و قورت و قرکراو و ئایەخە) «ڕاوچی»، ٣. جیاکردنەوەی خراپ لە چاک،٤. کەرێز، کارێز، کارێزاو.

**ئایەختە**: ڕووت، بێ‌بەرگ، پتر بۆ دەرکێشانی شیر و خەنجەر بەکار دەبرێ.

**ئایەر**: ئایر، ئاوور، ئاور، ئاڤر، ئاتر، ئێگر، ئاگر: (چراغم نە دڵ .../ دڵ پڕ ئایرەن، بۆ وەس شۆ نە دڵ) «بێسارانی».

**ئایەردان**: ئاوردان، ئاگردان.

**ئایەرگا**: ئاوورگ، ئاورگە.

**ئایەرە**: پێوانە، ئەندازە، عەیارەی پێوان: (میترم ڕووسووری لای یەزدان ئەبوو؟/ ئایەرەم تەواو، یان نوقسان ئەبوو؟) «قانع».

**ئایێرە**: ئایەرە، ئێارە، ئێار.

**ئایەزنە**: زاوا، مێردی خویشک.

**ئایەغ**: ئەیاغ، خراپ، شتی لە برەو کەوتوو.

**ئایەکو**: داخوا، داخۆ، توبێژی، تەبڵێی؟.

**ئایەم**: ١. حەزرەت ئادەم: (عەدڵ نەوشیروان عەداڵەتگەر کوو؟/ چوو ئایەم لە باخ بهێشت ئەو دەر کوو؟) «خان‌مەنسوور»،٢. ئادەم، مرۆ، ئینسان: (کوێ وە کوێ نیەڕەسی، ئایەم وە ئایەم ڕەسی) «پەند».

**ئایەنان**: ١. دێیەکە سەر بە ناوچەی ساحێب،٢. لۆتی، ورچەوان،٣. ئایێنان، ئاوێنە×.

**ئایەندوڕەوەند**: هاموشۆ، هاتوشۆ.

**ئایەنە**: ١. ئایندە، پاشەڕۆژ، دوارۆژ، داهاتوو،٢. ناوی وڵاتێکە×: (کابرایەکی بامۆکی چووە ئەو وڵاتی ئایەنە و ئەستەمبوڵە) «ڕشتەی مرواری»،٣. ناوی کچانە.

**ئایهۆ**: هایهۆ، هەیهۆ، ئەیهۆ، بۆ کاتی باوەڕنەکردی یا تووڕەیی‌دا دەیڵێن.

**ئایهۆئایهۆ**: حەیەحەی، هەیهۆهەیهۆ.

**ئایهۆت**: هەیهۆت، تەواوبوونی دوو مانگ(دو کانوون) پێکەوە دەڵێن: هەیهۆت و ئەیهۆت، لە کاتی سەرما و سەغڵەتی‌دا باب و کاڵێت مە دبێژن: (ئەیهۆت خلاس بوو مەهێت بجۆت / دایێ کچ فرۆت، دابدار و لبەر خۆ سۆت!).

**ئای‌هەوارهەوار**: گۆرانییەكی هۆرامییە.
**ئایەی‌قورعـــان**: ١. ئـــایە، ئـــایەت، هەر كـــام لە ڕســـتەكانی قورعـــان،٢. بریتـــی لە هەر قســـە و كردەیەک كە شیاوی ئاڵوگۆڕ نەبێ.
**ئایەی‌كەلام**: ئایەت، ئایەی قورعـان: (نەواچـان پی دەرد، هەر من موبتەلام/ سەد كەس ها چوون من، بە ئایەی كەلام) «سەیدی».
**ئایی**: ١. ئای، ئۆخ، ئۆف، مرازی كاتی نەخۆشـی و ئـازارە،٢. پاشـگرە، سـفەت دەكـاتە چـاوگ: (درێژایی، پانایی).
**ئایێ**: ئەوان، وان: (ئایێ واتا: ئەوان وتیان).
**ئاییـا**: ١. پـوور، میمـی، مەت، میمـک، پلـک، خوشكی باوک ٢. دایک، داڵک.
**ئای‌یای**: جۆرێ گۆرانی كۆنی كوردییە.
**ئاییچی**: ئایچی.
**ئاییر**: ئاور، ئاگر.
**ئاییر**: ئاگر، ئاوور، ئاڤر.
**ئاییركوشن‌ئازەر**: ئاووركوژێنەوە.
**ئاییرگا**: ئاوورگ، ئاگردان.
**ئاییرگە**: ئاییرگا، ئاوورگ.
**ئاییســـان**: ١. ئایســـان، پێ‌بـــوون، داگیرســـان، داگیران، داگیرسیان، گیران، هـۆرگیران، ڤـێكەتن: (ئەتۆی نووری شەوبێداران، ئەمن بـۆ وەک شـەم دایسێم/ ئەتۆی گوڵی شای گوڵزاران، ئ ەمن بـۆ غەرقی خوێناوم) «وەفایی»،٢. ناوی كچانە.
**ئاییساندن**: داگیرساندن، هەڵكردن(چرا).
**ئاییساو**: داگیرساو، داگیراو، هەڵبوو.
**ئاییســـە**: ١. یائیســـە، نەزۆک، قســـر، ئاوەســـوو، ئەستێور،٢. ئێستا، نهۆ، نها.
**ئاییک**: تووک، نفر، قساسا ئاه و نالە: (كو نـامین سێتەمكار پیس ل ڕۆژگار/ یێ بمین ل سـەر وی ئاییكا زولمدار) «گولشوون».

**ئایێل**: بەچكە، بچووک، پچووک، منداڵ.
**ئایین**: ١. دین، كێش، یاسا، ڕەفتار، ڕەوشت، ڕێ، زێ، ڕێبازگەی مەزهەبی: (عەزمی تابووری سەفی موژگانی تۆ بۆم هات بەتاو/ هێرشی بۆ قەلعەیـی ئیمانە یا ئایینمە) «حاجی قـادر»،٢. یاسـا، ڕەسـم، داب و نەریتی بـاوی كۆمەڵگـا: (ئەڤ تەنـتەنە و شـیعار و ئـایین/ چـون، لەحزەیەكـی گیهـانە تاجدین) «خانی»،٣. بیر و ڕا، بیـر و بـڕوا: (بەڵام وەک ئێوە لە دڵما ئەگرێـت مەیلـی سەربەسـتی!/ ئەمەش ئـایینم وەک ئاییتـانە: هەردەپەرسـتی!) «گۆران»،٤. شێوە، شێواز: (مەفەرمـوو دڵ وەكـوو ئاوێنە سافە/ بەم ئایینە بـۆی بـووی بە خـودبین) «نالی»،٥. ئاینە، ئاوێنە،٦. چراغان، چراخان.
**ئایین‌بەستن**: ١. ئاوێنەكاری كـردن،٢. چراغـانی كردن، ڕازاننەوەی وڵات: (ڕۆژا كو سـتی تە دایە تاجـدین/ چـاوا تە د شـەهرێ بەسـتن ئـایین) «خانی».
**ئایین‌پەرست**: دیندار، دین‌پەروەر، بڕوامەند.
**ئـــایین‌پەروەر**: ڕەواجـدەری ئـایین، ئیمانـدار: (زۆربەی ژنەكـان تەنیـا یەک دەسـتە پۆشـاكیان هەبوو، لە كاتی شۆردنی شمەكەكانیان، تا ویشک دەبۆوە، ڕووت و قووت بـوون، تەنیـا پیرێـژن و ژنە كاملە ئـایین پەروەرەكـان، بەرامپیلیـان لەخـۆ وەردەگرت) «خاک و چەوسانەوە».
**ئایین‌پەروەرە**: ئایین‌پەروەر بۆ مێ.
**ئاییندار**: باوەڕمەنـد، خودانئـایین، خـاوەن‌دین، بەدین، ئیماندار.
**ئایینداری**: دینداری، ئیمانداری.
**ئایین‌دۆس**: كەسێ حەزی لە ئایینە.
**ئایین‌دۆسە**: كەسێ حەزی لە ئایین هەس بۆ مێ.
**ئایین‌دۆسی**: حەز لە ئایین كردن.
**ئایینده**: دووارۆژ، پاشەڕۆژ، لەمەودوا.

**ئاينرا**: ئايينزا.

**ئايينزا**: زادەی ئايين، زادەی دين، مەزهەب.

**ئايين‌نامە**: ١. دەستووری حکوومەتی،٢. باوەڕ، ڕێبازی فکری کەسێ: (مـن ئەو دیـلەم لە پشت شوورای پۆڵاوە/ ئاسۆی هیـوای گەشـم هەرگیز ون نـاکەم/ لە ڕووی ئاسـمان بە گـڕی سـوور نووسراوە/ بەنـدە بەنـدەی ئایین‌نـامەی بـڕواکەم) «گۆران».

**ئايين‌وئۆيين**: ١. ناز، عیشوە، ئەدا ٢. گزی، فێـڵ، حۆقە ٣. چەپ و چوڕ و حـیلەی ئـاینی: (لەکـن خۆتان فلان ئیبنی فلانـن/ لە دنیـا ئـاین و ئـۆین دەزانن) «حاجی قادر».

**ئايين‌وڕەوەن**: ١. هاتوچۆکار،٢. ئايەن و ڕەوەن، هامشۆ، هاتوچۆی زۆر.

**ئايينە**: ١. ئاوێنە، نەینۆک، جام، قـۆدی، قودیـک: (ئايينە بە مايينە دەبێ ڕەنگ نوما بێ/ مەسـتوورە بەمەستوورە دەبێ موهرە گوشا بێ) «نـالی»، (کـو ئیشارەت ب بیشارەت بدرت نەغمەیێ چەنگ/ ژ روی ئـــاییـنەیێ دل بـــرتن پەردەیـــێ زەنـــگ) «جزیری»،٢. عەینەک، عەینک.

**ئايينەبەنی**: ئاوێنەکاری، ئاوێنەبەندی.

**ئايينەدار**: ئاوێنەدار.

**ئايينەداری**: ئـاوێنەداری: (لەو شـارە خەدەنگـی ســـەنەمێکم لە جـــگەر دا/ شـــۆخێکە غەمـــی ئایینەداری بە قەمەر دا) «وەفایی».

**ئايينەسێفەت**: وەک ئاوێنە شەفاف، ڕۆشن: (میم مەتلەعێ شەمسا ئەحەد ئايينەسێفەت کـر/ لامێـع ژ عەرەب بەرقـــێ ل فەخخـــارێ عەجەم کـــر) «جزیری».

**ئايينەی‌ســـــکەندەر**: ئـــاوێنەکەی ئەســـکەندەری مەکـدوونی کە ئەڵـێن ئەوەنـدە بەرز بـووە دنیـای هەموو لێوە دیار بووگە: (تۆزی ئایینەی سکەندەر وا بە دەم بـاوە، وەڵـێ/ گەردی دامـانی غەریبـانە بلووری جامی مەی) «نالی».

**ئايينەی‌کامڵ**: ١. ئـاوێنەی بـێگەرد،٢. بریتـی لە وجـودێکی پـاک و نـوورانی: (ئـایینەی بـێگەردا! ئـازیزەکەی فەردا!/ فیـدی ئامـات بـم، سـەفاییت ئاوەرد) «مەولەوی».

**ئايينی**: دینی، ئۆلی، سەر بە ئايين.

**ئايينی‌نوێ**: ئۆلا نوی، بیدعە.

**ئايينیە**: ئايينی، دینی.

**ئاییە**: ١. مەتک، پوور، خوشکی باب،٢.دایک.

**ئاییەی**: وشەی سەیرمانە.

**ئباشـــانیا**: ترسـیان نیـیە، خـۆی لـێ ناپـارێزن: (هەرچەن مەزانــوو ڕەزاخانیـا/ جە وشـک و جە تەڕ، ئباشا نیا) «م.ح. دزڵی».

**ئبتـــدا**: سـەرەتا، دەسـپێک: (ئەوەڵ ئبتـدا بە نـام ئەکـبەر/ فەرد بـێ هەمتـا بـێ یـار و یـاوەر) «چەمەن‌ئارا».

**ئبلـــیس**: ئیبلـیس، شـەیتان: (ئەوان بهیسـت ئەو خەبەر/ کەس ژ ئەمرێ نەچوو دەر/ ئیللا ئبلیسـێ بەدنەزەر) «بەیت».

**ئبۆهەت**: ئوبوهەت، هەیبەت، جلال.

**ئتاق**: وتاق، وەتاغ.

**ئتر**: ١. سپیران، سپیراو، بەهەشت، ئاسمانی نۆهەم وەلای پێشینیانەوە،٢. وتاق شاری، هەڤـدەنەفەری، ٣. درەنگ، دەسیدەسی، ئتروتتر.

**ئترام**: ئێحترام، ڕێز.

**ئتروتتر**: درەنگ، دەسیدەسی.

**ئتریس**: ئتلیس، قێز، قێزوبێز.

**ئتریس‌کەردەی**: قێزوبێز کردن.

**ئتلاویتلا**: گونەوەجەڕی، سەرسەختی.

**ئتلیس**: قێز، قێزوبێز، وەڕەزی، جاڕزی.

**ئتماڵ**: ڕەنگە، گاهس، هاتێ.

**ئتووختوو**: پرسین و تیتاڵی و لۆمە.

**ئتووخەتوو**: ئتووختوو.

**ئتیات**: پارێز، خۆپارێزی.
**ئیتاج**: نیاز، ئاتاجی، موحتاجی، مختاجی.
**ئجاره**: ئیجاره، کرێ.
**ئجارهدار**: ئجارەنشین، کرایەنشین.
**ئجارهداری**: کرێنشنی.
**ئجر**: ئەجر، مز، پاداشت.
**ئجلاڤ**: ڕەنگین، ڕازا، زیبا.
**ئجلاڤی**: ڕازایی، ڕەنگینی، زیبایی.
**ئجۆ**: ××
**ئجوو**: مەیل، ئشتیاق.
**ئجیای**: وازانین.
**ئجیەی**: وازانین.
**ئچوونه**: ١. ئەونە، فـره، فـرەوان: (ئچـوونه وەرسیمه)،٢. ئەچنەو، ئاوا: (ئی کاره ئچونه نییه).
**ئچونهو**: ئچونه، ئێقه، ئێقره، لەبە.
**ئح**: ١. وشەی دەنگدانه،٢. دەنگێکه له قوڕگدا له کاتی سافکردنیا دێ.
**ئحرام**: ئیحرام، خاولی و فیتەی تایبەتی حەج.
**ئحرامبەستن**: ئیحرام بەسن، بەرگی تایبەتی حەج پۆشین: (پێلا کو من ئحرام دبەسـت/ شـاهد مـن بوون هەر دوو دەست) «فەقێ تەیران».
**ئحسان**: ئیحسان، ئێحسان، چـاکه: (ل هجرانـا د مەهجوورین/ بریندارین د ڕەنجوورین/ ژ ئحسانا قەوی دوورین/ ژ دیـداری شـەکەرخایێ) «فەقـێ تەیران».
**ئحسانکرن**: چاکه کردن: (یەعنـی ب مه ڕا هەیه مەحەببەت/ ئحسان تو بکی قەوی ب شـەفقەت) « یۆسفوزولەیخا».
**ئحم**: ئحمئحم، دەنگی کۆکه و سیخەی سینگ×: (سەعه خرته به ئحم ئحم له لای دیوەخان پەیدا بوو) «خاک و چەوسانەوه».
**ئخ**: دەنگی ئاوێژتنی بلغەم و تفه.
**ئخبار**: دەنگوباس، نووچه.

**ئختیار**: ١. زیرەک، زرنگ، وریا،٢. وەمەیل خۆی: (هێژا ئادەم ژ عەدەمێ/ خێر و شەڕێ د عـالەمێ/ دەفتەر کـرن ته وێ دەمـێ/ کەنگـی هەبـوو مـن ئختیار؟) «فەقێ تەیران».
**ئختێار**: ئیختیار، وەمەیل خوەی.
**ئختیارکرن**: هەڵبـژاردن: (بـێ ئسـم و جسـمێ دلبەرێ/ چ بکەم ب ئاڤا کەوسـەرێ/ دێ ئختیـار کم سەقەرێ/ نار خۆشتره ژ ڤێ فرقەتـێ) «فەقـێ تەیران».
**ئخوان**: برایان، براگەل: (نەجمێ کو برن ژ بۆ ته سـەجده/ ئخـوان دبـن ژ بـۆ ته بەنـده) « یۆسفوزولەیخا».
**ئد**: له، ده، ئل.
**ئدا**: ١. داوا، ویست، ڕەوتی تووانس، خواستن،٢. ملهڕی، زۆرداری.
**ئداداشتن**: ملهڕی کردن.
**ئـداکار**: ١. خـوازمەنیکەر، داواکـاری ژن،٢. تەلەوکار، داواکار.
**ئداکردن**: ١. تـووانسـن، خواسـتن،٢. خـوازمەنی کردن.
**ئدامه**: بەردەوامی، درێـژه: (دوو سـاعەت و نـیم جەنگ ئدامه داشت) «چەپکەگوڵ».
**ئداهاتن**: زۆرداری کردن.
**ئـددەئا**: داوا، ئیـدیعا: (ئـادەم بوچـک ئـددەئای فرەس) «چارداولی».
**ئدعا**: داوا: (وەت نوسرەتملووک هەم زگی ژان کەی/ وه بەنـده ئـدعای گـوڵ گاوزبـان کەی) «چەپکەگوڵ».
**ئـدلب**: شـارۆچەیەکی کـوردانه کەوتـۆته ڕۆژهەڵاتی شاری حەڵەب له سوریا.
**ئدیەی**: ڕوانین.
**ئرا**: وەروه، بۆلای.
**ئـڕا**: ١. ئەڕا، ئـڕاو؟،٢. ئەڕای، لەبەر: (له

قەندەهارەو قەنێ وە بارە/ ئـڕای شـاپەروەر کـول ژارمارە) «خانمەنسوور».

**ئڕاچه**: بۆچی، ئەڕای چە؟

**ئڕاز**: بوغز، ئوناق، ئاراز دڵتەنگی، گیرانـی گەروو بە هۆی خەم و خەفەت.

**ئڕاگرتن**: داوڕانن، داگیرکردن، زەوتکرن.

**ئڕاگوڵێ**: ئڕاسەر چەپەیٚ گوڵێ.

**ئڕاگیردێ**: وەرەلا، خوێڕیلە، گەللایی.

**ئڕاگیرکردن**: دابڕین، داوەڕین، زەوتکردن.

**ئڕام**: بۆم، بـۆ مـن: (هـام لە قەنـدەهار لە قـڵای گـورگین/ ئەر کوشـیام لە جەنـگ، ئـڕام نەکەی شین) «خانمەنسوور».

**ئڕاو**: بۆ، بۆچی، ئڕا، ئەڕا؟

**ئـردەک**: یەدەک، یەختـرمە، ئەردەک، ئێـردەک، ئەسپی نۆرە.

**ئرز**: ١. ئرزە، عورزە، غیرەت،٢. ئاوڕوو.

**ئرزەوئابڕوو**: ئابڕوو.

**ئرزەوئاوڕوو**: ئابڕوو.

**ئرساڵ**: بەلەفیرە، ئیسهال.

**ئرشـاد**: ڕێنـوێنی، ئیرشـاد: (حوسـنا حەبیبـان مەحەکە/ سافی دبێ زێڕ و سکە/ لێ کفش دبـێ عەیب و لەکە/ ب کێـرا ئرشـادێ نەتـێ) «فەقـێ تەیران».

**ئرشت**: هێرش، هوژوم.

**ئرفانای**: ڕفاندن.

**ئرفانەی**: ڕفاندن.

**ئرفانیەی**: ڕفێنران.

**ئرمانای**: نواندن.

**ئرمانەی**: نواندن.

**ئرمانیای**: ڕانران، نیشاندران.

**ئرمانیەی**: ڕانران، نیشاندران.

**ئرمس**: ئەسرین، فرمێسک، ڕۆندک.

**ئرمێس**: ئرمس، ئڵمێس، ڕۆندک.

**ئرمێسک**: ئرمس، ئڵمس.

**ئرنگە**: ئێستا، نهۆ.

**ئـڕۆ**: نیشـانەی سەرسـوورمانە: (ئـۆ .. ئـڕۆ .. ماڵەوەدان چەنـد لەمێـژە هەتـا هەنـووکە لەبیـری نەچووە!) «خاک و چەوسانەوە».

**ئریشت**: هێرش، هێڵمەت، هۆمەن، پەلامار.

**ئزر**: نەخوەشی ک جگر خراو کەیێد.

**ئزرایل**: ئیزرائیل: (یێ نەخۆش پتر تنگـژی بـوو و گۆت: ئەرێ ئزرایل دی هێت!) «گولواز».

**ئزرەو**: ١. سیل، دەردەباریکە،٢. دایمە نەخۆش.

**ئزرەودار**: سیلدار، سیلاوی.

**ئزقاڵ**: ئزگڵ، خەڵووز.

**ئزگڵ**: ئزقاڵ، خەڵووز، زووخاڵ.

**ئزگڵەویاوەیسی**: دیەکەیگە لە دەیشت زەهاو.

**ئزمری**: ئەزمەڕی، جۆرێ ترێ.

**ئـزمەت**: ڕێـز، قەدر، حـرمەت، حـورمەت، هسمەت.

**ئزمەتگرتن**: ڕێزگرتن، قەدرگرتن.

**ئزن**: ئیزن، مۆڵەت، ڕوخسەت، دەستوور: (کـابرا گـۆتی: ئەگەر تـۆ ئزنـا مە بـدی ئەم دێ قەسـتا دەڤەرا خۆ کەینەڤە) «گولواز».

**ئزندان**: مۆڵەتدان، ڕێدان، دەسووردان، ئیزندان.

**ئزهارکرن**: ئیزهارکردن، دەربـڕین: (هـاتم قسـا بەرسیس ببێم/ شەیتانییا ئبلیس ببـێم/ ل عابـدێ حەبیس ببێم/ ئزهار بکم وێ شـوهرەتێ) «فەقـێ تەیران».

**ئزهاڵ**: ئیسهال، بەلەفیرە.

**ئژمارای**: ژماردن.

**ئژمارتەی**: ژماردن.

**ئژمارەی**: ژماردن.

**ئژماریای**: ژمێردران.

**ئژماریەی**: ژمێردران.

**ئژناسای**: ناسین.

**ئژناسەی**: ناسین.

**ئژناسیەی**: ناسران.

**ئژنیەی**: ١. بیستران،٢. بەستران.

**ئسا**: ١. وەستا، ئوسا: (ئسای ئاسن: ئاسنگەر)،٢. ئوسا، وسا، وەها، ئەو جۆرە.

**ئساکار**: وەستاکار، کارزان.

**ئسبڵ**: ئسپڵ، سپڵ.

**ئسبید**: سپی، سفێد.

**ئسبینی**: چەرمینەی چەو.

**ئسپار**: تەکمیش، ئەسپار، بە پێمەڕە وەرگێڕانی ناو ڕەز.

**ئسپارتن**: ١. سپارتن، ئەسپاردن،٢. هێز دانە سەر.

**ئسپارتەک**: ئسپارتی، بە ئەمانەت دراو.

**ئسپارتی**: ١. ئەمانەتدەر،٢. سپێردراو، ئەمانەتی.

**ئسپارتیای**: ئسپارتی.

**ئسپارنای**: ١. پەساردن،٢. پەرتاوتن.

**ئسپارنەی**: ١. پەساردن،٢. پەرتاوتن.

**ئسپارۆک**: بە ئەمانەتدەر.

**ئسپاریەی**: ١. پەسێران،٢. پەرتێوران،٣. سپێردران.

**ئسپڵ**: سپڵ.

**ئسپناخ**: ئەسپەناغ، ئەسپەناخ(گیا).

**ئسپەناخ**: ١. ئەسپەناغ،٢. پۆلات عەلی، ناڤێ باژەرۆکێگە ل باکووری کوردستان.

**ئسپەند**: ئەسپەناغ: (ئەڤ دوو ک ژ دلێ مالویران هلکشین/ ئاگر ژ دلێ ئسپەندێ هلناکشین) «گولشوون».

**ئسپی**: سپێ، سپی، ئەسپێ، سپیە: (گەپێ کوتی ژ کوتیان: ئسپێ رەش ژ پرتیان) «پەند».

**ئسپێ**: سپی، چەرمێ.

**ئسپێچنار**: سپیچنار، دارێکە: (بووچگ لە وێنەی ڕەنگی مەنارە/ گەورە لە وێنەی ئسپێچنارە) «خانمەنسور».

**ئسپێنە**: لێ زڤرین، لێ فەتلین، دۆرپێچ بوون.

**ئستان**: ئستینەر، ئەستێن، ئستینۆک.

**ئستاندن**: ١. ئەستاندن، ستاندن، ئەستاندنەوە،٢. داگیرکردن،٣. سەنن، کڕین.

**ئستاندی**: ١. ئەستێن،٢. ئەستێندراو،٣. ئەوەی دەکڕێ،٤. کڕاو، سەنراو.

**ئستدئاوا**: دیەکەیگە لە کرماشان.

**ئستران**: ١. دەنگ، ئاواز، گۆرانی، مقام، دەنگبێژی، لاوژبێژی، ستران، کلام،٢. ناوی کچانە.

**ئسترانبێژ**: گۆرانیچڕ، دەنگبێژ، لاوکبێژ، لاوژەبێژ، سترانخوێن،

**ئسترانە**: لاوکێکی دڵداری و ئەویندارییە.

**ئسترک**: ئەستێرە: (ئستركا بەختێ وی هەر ئوسا لێ بلند بوو) «گولشوون».

**ئسترۆ**: قسر: (ئسترۆیێ بزنا مەیا ئستەور ئشکەستییە).

**ئستری**: ١. درک، دڕوو، چقڵ، ستری، کەلەم، ٢. ئەستری، ئوستری، شاخ.

**ئستریان**: گوندێکە لای شارۆچکەی بجێل.

**ئسترێلک**: گیایەکی کوێستانییە.

**ئسترین**: ئستری، دڕوو: (جا وارە، بنێ پیێیا من مێزە کە، دبێژی قەی ئسترینەک تێڕا چوویە) «سەنار».

**ئستوو**: گەردن، ستوو.

ئستوور: ستوور، کلفت، واژی زراڤ.

**ئستووکرک**: ستووکرک، خرخرک، ریێیا ژ گەوری تا پششک.

**ئستوون**: ستوون، کوتەک.

**ئستوونا پشت**: مۆغەرە، مۆریکێن پشت، پشت مۆریک، زۆلا پشت.

**ئستە**: ١. ئاسنێ ک دەنەێ چەخماخە و تا تربووسکە بوەشنێد،٢. چەخماخ تفەنگ.

**ئستەبرەق**: پارچەی ئاورێشمی زەرچن: (یوسف خەمملی زیادە چالاک/ ژ ئستەبرەق و سوندسێ شەرەفناک) « یۆسف‌وزولەیخا».
**ئستەبلان**: گوندێکە لای شارۆچکەی دەرکار.
**ئستەرم**: تێر، توور، خەلیس، مایەدار.
**ئستەکان**: ئیستیکان، پیالە.
**ئستەور**: ستێوور، ئەستێور، ستەور، نەئاقس، لە شیروەستانی مەڕ و مالاتی شیردەر.
**ئستەویر**: ئستەور، ئستێور، نەئاقس.
**ئستەیرک**: ئەستێرە، هەسارە، هەستێرە.
**ئستێر**: ١. ئستەیرک، ئەستێرە،٢. پێرک، جێ نوێن، قۆتان.
**ئستێرک**: Istêrîk گۆل، گۆلاو، گۆلاڤ، تالاو.
**ئستێرک**: Istêrk ١. هەرزال، پێرک، ئەستێرک، سەکۆی دارین بۆ کەلوپەل،٢. هەسارە، سەیرەک، ئەستێرە: (هیڤ و ئستێرکان هاوردۆر پر رۆنی کرنە) «سەنار»،٣. ستێرک، جۆرێ گیای کوێستانییە و دەخورێ.
**ئستێرکاشەواق**: ئەستێرەکە، ئەستێرەی بەربەیان.
**ئستێرکناس**: هەسارەناس، مونەجیم.
**ئستێرە**: ئستێرک، هەسارە.
**ئستیکان**: ئیستیکان: (ڤێجا ئەز دێ ئستیکانەک ژەهری ڤەخۆم) «گولواز».
**ئستین**: ١. ئستاندن، ڤەگرتن،٢. پاشگر بکەری واتە ئستێن: (ڕوح‌ئستین).
**ئستینک**: ١. زەردەواڵە،زەرگەتە ٢. ژەنگەسوورە.
**ئستینگ**: زەردەواڵە، زارگەتە، ئستینک.
**ئستینۆک**: ئستان، ئەستینەر.
**ئستێور**: ئستەور، ستێور.
**ئسران**: ئستران، سران، لاوژە.
**ئسفەناج**: ئەسپەناغ(گیا).
**ئسکام**: ئیسکان، پیاڵە.
**ئسکامەتی**: سلامەتی، سکامەتی.

**ئسکان**: ئیسکان، ئیستیکان: (چوار ئسکان چرک نریاسە شانی) «چەپکەگوڵ».
**ئسکڵ**: سکڵ، زووخاڵ.
**ئسکناس**: ئەسکیناس، پووڵ قاقەزی: (مشتی زەرپەرس سکەی زەڕ شناس/ هیچ دینی نەیرن غەیر لە ئسکناس) «چەپکەگوڵ».
**ئسکۆف**: ئسکووف.
**ئسکووف**: ١. تەپلە، ڕووپۆشا کو نێچیرڤان داوێژن سەر چاڤێ تەیرێ بازێێ بۆ ڕاڤێ: (ئسکووفەکە زولمەتێ ب سەردا/ جلفوویەکە ئولفەتێ ب بەردا) «خانی»،٢. گرێیا ناڤ چاڤا کو بەر نەرەحەتی و توورەیی چێدبە.
**ئسکەنج**: خەیارە، دمەڵی ژێر پێست و لای ڕان.
**ئسکەنجەبین**: شەربەتا سرکە و هنگڤ.
**ئسکەندەر**: ئەسکەندەری مەقدوونی: (ئسکەندەر وەو شای هەفت کشوەرییەوە/ هووشەنگ وەو پەرچەم سەراسەرییەوە) «خان‌مەنسوور».
**ئسکینی**: نزگەرە، ئیسک، دەنگی گەوریێ.
**ئسم**: ١. ئیسم، ناو: (بێ ئسم و جسمێ دلبەرێ/ چ بکەم ب ئاڤا کەوسەرێ) «فەقێ تەیران»،٢. تلیسم: (وان قەت نەزانی حال چییە/ هەمیان دگۆت چاڤینییە/ لازم کچێ نێت گرتییە/ ئسم و تلسمەک لێ نەتێ) «فەقێ تەیران».
**ئسمایل‌کەل**: دیەکەیگە لە سنجاوی.
**ئسمایلی**: دیەکەیگە لە گیەڵان.
**ئسمبازی**: ×٥١×: (لە ماڵ هاتەو دەر وە ئسمبازی/ هوونەیل ها بان کوڵەنجەی شیرازی) «خان‌مەنسوور».
**ئسم‌بردن**: ناو بردن، ناو هێنان: (خجاڵەت کیشم ئسم پووڵ بارم) «چەپکەگوڵ».
**ئسم‌تاق**: تەمێ، کاری گاوشە کردن.
**ئسم‌زێدە**: ١. ناوبریایێ،٢. دەزورانیکریایێ.
**ئسمەکن**: ناوێکن: (لەو عشق و موحبەت

ئسمەکن/ مەعشوق و عاشق جسمەکن/ هەر چار د هەڤدا قسمەکن/ شەیخەک دڤێ مەعنێ بدەتێ) «فەقێ تەیران».

**ئسنای**: حەساندن.

**ئسنەی**: حەساندن.

**ئسیەی**: حەسان.

**ئش**: هەڵپەڕین بە زمانی منداڵان.

**ئشارئشار**: هشارهشار.

**ئشارەت کرن**: ئیشارەکردن: (لێ دخستن وان ب نوبەت/ خان ئەبدال کر ئشارەت) «فەقێ تەیران».

**ئشپش**: شش، ئەسپێ.

**ئشت**: وشەی دواندنی منداڵ.

**ئشتر**: وشتر، ووشتر، حوشتر، حویشتر.

**ئشک**: قولاپە، دەمارە هەرە ئەستوورەکەی سەرەوەی پانییە.

**ئشکاندن**: شکاندن، کەشتاندن: (کاغەز دڕاندن و قەلەم ئشکاندن/ ئوو ژ دەست و زمانێ گەڤەزان کەتن) «گولشوون».

**ئشکاندی**: شکێنەر، ئەوەی دەشکێنێ.

**ئشکانۆک**: ئشکینۆک، ئشکانەک، ئشکینەک.

**ئشکاوای**: کەڵاشتن.

**ئشکاوتەی**: کەڵاشتن.

**ئشکاوەی**: کەڵاشتن.

**ئشکاویەی**: قەڵشان.

**ئش کەردەی**: هەڵپەڕینی منداڵ.

**ئشکەستن**: شکەستن، کەشتن، هووربوون.

**ئشکەستەک**: ئشکەستی، ئشکەستیای، کەشتەک.

**ئشکەستی**: شکاو، شکستە.

**ئشسکەستیای**: ئشکەست بی، شکاو.

**ئشکەستینەک**: شکێنەو، ئشکەستیای، شکەستەنی، شیاوی شکان.

**ئشکەف**: سوێنە، تەشتی هەویر شێلان.

**ئشکەفت**: شکەفت، ئەشکەوت، غار.

**ئشکەڤ**: ناندێن، تەشتی دارین بۆ نان.

**ئشکەنجە**: ئەشکەنجە، شکەنجە، ئازار: (تەب و تابی هەزار ئشکەنجە دا دل/ شیرازێ نگاهێ مەستێ تەبریز) «جزیری».

**ئشکەولەت**: بن کاخ، بنێ کووز، سواڵەت.

**ئشکیل**: ۱. پاوەن، پێوەند، ئەڵەفە،۲. فەرمان، بڕیار، دەستوور، دەسەڵات: (ها لە ئشکیلیا).

**ئشکێل**: ۱. چارمێخە، چوارمێخە، چوارپەل بەستن و لە زەوی دان،۲. هێز، توانایی، دەسەڵات،۳. فەرمان، حوکم، دەستوور.

**ئشکێڵ**: ئشکێل.

**ئشکێڵ نیای**: چووارمێخە کێشان.

**ئشکینۆک**: ئشکانۆک.

**ئشکینەک**: ئشکینۆک.

**ئشنەی**: شیاندن.

**ئشۆ**: ئەشێ، ئەبێ، ئەبێت.

**ئشیو**: ئەگونجێ، ڕێ ئەکەوێ.

**ئشیۆ**: ئەشێ، ئەبێ.

**ئشیۆمری**: ۱. ئەبێ بمری،۲. خەجاڵەت کێشە.

**ئشیەی**: شیان.

**ئغ**: ئغە، گڕوگاڵ، زیق باڵ کردن مناڵ.

**ئغ ئوو**: گڕوگاڵ.

**ئغە**: ئغ، گڕوگاڵ.

**ئڤادە**: ئیفادە، فیز، فیس: (عەدلێ تو بکی ل وی زیادە/ ڕەحمێ تو بکی ل وی ئڤادە) « یۆسفوزولەیخا».

**ئڤتادە**: بێفیس، بێکبر.

**ئڤتار**: ئیفتار، دەم واکەران، ڕووژە واکردن.

**ئڤترا**: تۆمەت، بوختان، بخت خوەێ وە کەسێ کردن.

**ئڤلیج**: چەویر، پاپێڵ چەفت.

**ئڤلیج دیۆ**: ناتەوان، زەبوون، نەتوەنم.

**ئڤادور**: گوندێکە لە باکووری بارزان.

**ئثقەڵ**: ئەوەڵ، سەرەتا: (ئثقەڵ فکر کرد وە لاو کەفتیە) «چارداوڵی».

**ئقباڵ**: ئیقباڵ، بەخت: (سەر بەور بەد ماوەرووم پەرێت/ وە عەون یەزدان وە ئقباڵ وێت) «چەمەنئارا».

**ئقرار**: ئیقرار، پێهاتی: (دخوم سووندێ ب باب‌ئادەم/ ب ئنجیلێ کەلام دادەم/ ئێدی مەیلێ ب تە نادەم/ تە نە عەقلە و نە ئقرارە) «فەقێ تەیران».

**ئقلیم**: وڵات، هەرێم، سەرزەمین.

**ئقلیم‌گیر**: وڵات‌گر، داگیرکەری وڵاتان: (فەرِ فرەیدوون هەفت ئقلیم‌گیر کوو؟) «خانەمەنسوور».

**ئکرام**: ١. قەدر، ڕێز، حورمەت،٢. ئێحسان، چاکە: (ڕابە تو هەرە ئەوی وەرینە/ ئکرام بکە ژ بو خوە بینە) « یۆسف‌وزولەیخا».

**ئکرام‌کرن**: ڕێزگرتن، ڕێزنان: (بابێ خەزینا موهر ل سەر/ شەیخ ئەژدها ئاڤێتە بەر/ دێم‌دوڕ ژ دێرێ هاتە دەر/ ئکرام کرە کالێ کەتێ) «فەقێ تەیران».

**ئل**: ١. لە دە، ئد،٢. وەتاغ هاڵ.

**ئڵات**: ئەڵات.

**ئڵاتن**: ١. داڵدەدان، پشتیوانی‌کردن،٢. وەرهاتن خەور، هەڵاتن،٣. دراتن خوەر.

**ئلاتەوەکڵی**: ئەلابەختەکی، شانسی.

**ئڵاج**: ١. عیلاج، چارە،٢. ڕاکشێ، ئەمر بە درێژ کێشان.

**ئلاجەو**: عەجەب، نەنوومەت، سەیر.

**ئڵاجەوئڵامەت**: نەنوومەت، سەیر.

**ئڵاژ**: ڕاکشێ، درێژبکیش.

**ئڵاژانن**: ١. درێژکێشانن، ڕاکشان،٢. لە نەخۆش‌خانە خەفانن.

**ئڵاڵ**: ١. دەسوور وە مانا کردن،٢. برشێوە، ئەمر بە هەڵاوردن.

**ئاڵاڵەت**: ئدالەت، عەدالەت: (خودا شوکر وە ئلاڵەتد).

**ئڵامەت**: ئەڵامەت.

**ئڵاوئەیۆلا**: ئەرێ ولا، ها ولا.

**ئڵاوردن**: ١. هژ هەڵاوردن، ڕشانەوە،٢. خایگ ک بچەقێ،٣. ماناکردن، لێکدانەوە: (ئی خەتە ئەڕام ئڵاڵ)،٤. ڕشک و موور هەڵاوردن،٥. خرەوبرین،٦. نەخۆشی شەلگە.

**ئڵاوییم**: ١. بڕیار، تەما، تەسمیم،٢. ئەستەخوارە.

**ئڵایە**: هەڵایەت.

**ئڵایەت**: ١. هەڵایەت، ئڵایە: (ئڵایەت چەقوو کردویە زگێ)،٢. وە نسبەت، تەقلیبەن.

**ئلتفات**: سەرنج، بال: (گوستاخی‌یە ئەم شیرەتان/ ئعلان شەیخ کن قسسەتان/ پیرێ ل سەر مەعمەلەتان/ کەس ئلتفات قەت پێ نەتێ) «فەقێ تەیران».

**ئللاه**: ئەڵلا، خودا: (ئازا د ڕییا خوداه بن/ ئەمێد پڕ گوناه بن/ میوانێ خەلیفێ شاه بن/ غازی د ڕییا ئللاه بن) «فەقێ تەیران».

**ئلم**: زانست، عیلم، ئاگایی: (ب ئلمێ مەلێ بکە، ب ئەمەلێ وی نەکە) «پەند».

**ئڵمس**: ئرمس، ڕۆندک.

**ئڵمێس**: ئڵمس، فرمێسک.

**ئلۆل**: هلۆل، هەلۆل، ناوخالی، ڤالا، بۆش، بەتاڵ.

**ئله**: ئلهۆ، هەلۆ.

**ئڵەت**: هەر نەخوەشی مانگا.

**ئلهۆ**: هەلۆ، هکور، هولی، ئەلوو، ئەلوە، ئەیلۆ، ئلهۆ، ئەلهۆ، ئالۆ، ئلە، ولە، سپر، کورت، سەرکەنک.

**ئلەه**: مرازیکە بۆ ڕاست‌گێڕان و جەخت بەکار دەبرێ: (ئلەه تێ یێ ئەم هەڕن نان بخۆن).

**ئلەهە**: دەبا، با، بێسە، جا، لێگەڕێ.

**ئلیاس**: ١. ئەلیاس، ناوی پێغەمبەرێک بووە: (ژ

یەک دکن هەر دوو سوئالان/ ژ خزر و ئلیاس و هەڤالان) «فەقێ تەیران»،٢. ناوێکە کوڕانە.

**ئلیاس‌ئاباد**: دێەکەیێگە لە سۆنقۆر.

**ئلیاس‌وەن**: دیەکەیێگە لە هەرسین.

**ئلێمی**: شاڵگەردن، ملپێچ، شاڵی مل.

**ئم**: ١. چەمۆڵە، چەمبۆڵە، پوکاوڵ، وشەی ناڕەزایەتی: (ئم وە سەرد ئەڕای کاروبارد)،٢. مستێک خاک: (ئم وە سەرت)،٣. بەڵێ، ئا، ئارێ، ئەرێ،٤. ئیم، ئەم، ئەمە.

**ئما**: ئەمما، وەلێ: (ئما وەختێ دی شێر خۆرەی ئەیەت) «چارداوڵی».

**ئمام**: دیەکەیێگە لە ئیلام.

**ئمامعەباس**: دیەکەیێگە لە زەهاو.

**ئمبار**: عەمبار، ئەنبار، هەمار.

**ئمتحان**: ئیمتیحان، تاقیکاری: (لە سلێمانی مەلا سەعید ئەفەندی ئەچێتە ژوورەوە ئمتحانی قوتابیان بکا) «ڕشتەی مرواری».

**ئمجا**: ١. قەیْنەیرێ، قەیدی نییە: (ئمجا چەس دی گوزەیشتیە)،٢. دی، دەی چی‌تر، ئەو وەخت، ٣. ئەمجار، جارێکی‌تر: (شاکە لە سەردا، شاکە لە سەردا/ ڕاس باچە پەرێم ئمجا لە سەردا) «خانمەنسوور»،٤. دوایی، دوماهی،٥. چۆن، چلۆن؟

**ئمجاچە**: ئمجا، ئیرادی نییە.

**ئمجاچەس**: ئمجا، قەیدی نییە.

**ئمڕوو**: ئیمڕۆ، ئەمڕۆ: (ئمڕوو ڕاگەت کەفت لە دەێشت و دەردا/ کی گرەێ ئاگر لە جەسەت وەردا) «خانمەنسور».

**ئمروور**: ئیمروو، ئیمرووژ، ئەمڕۆ.

**ئمرووز**: ئیمرۆ: (بسیار وینەی تو لەی باغە بییەن/ ئمرووز ئاساری لە لیشان نییەن) «چەپکەگوڵ».

**ئمرووژ**: ئمروو، ئەمڕۆ.

**ئمرووسووکردن**: لاناوە لە دەسی‌دەسی و تەفرەدان.

**ئمساڵ**: ئیمساڵ.

**ئمشەو**: ئەمشەو، ئیشەڤ: (ئمشەو لە بەختم مانگ ئاخڵ داگە/ سەوزەی باڵابەرز قەراوڵ ناگە) «خانمەنسوور».

**ئمشی**: سەم‌پاش، سام‌پاش دەستی.

**ئمشی‌پاش**: سەم‌پاش، تراوپاش: (توپ چو ئمشی‌پاش خەلق وینەی مەگەس) «چەپکەگوڵ».

**ئم‌لێکردن**: چەمۆڵە لێنان.

**ئمێد**: ١. ئومێد، هۆمێد، هیوا: (ئمێدم وە تۆن پاتشای شاهان/ بدەری بڕشت نەزمم وە زووان) «چەمەن‌ئارا»،٢. ناوی کوڕانە.

**ئنت**: بێهن‌تەنگ، کەم‌حەوسەلە.

**ئنتحان**: ئیمتیحان، تاقیکاری، ئەزموون.

**ئنتراف**: قورنە، دەردۆر، دەورووبەر.

**ئنتزار**: ئینتیزار، چاوەڕوانی: (دێ عاشقان مەیلەک هەبێ/ گوهدارێ مەحبووبا خوە بێ/ قەت های ژ پاشڕۆژێ نەبێ/ ل ئنتزارا وەسلەتێ) «فەقێ تەیران».

**ئنتەئنت**: نقەنق: (تو ژ کو تییی، ئوسا ئنتەئنت دکی؟) «سەنار».

**ئنتێن**: کەرب، ژ کەربان دا دەنگەک ژ مرۆڤی دهێت.

**ئنج**: ئەنج، نق، نازی، گۆت و بێژا بێهوودە.

**ئنجا**: ١. ئمجا،٢. ئەمجار، لەوەپاش: (ئنجا بزانن بێ‌سەر و شوێنم) «پیرەمێرد».

**ئنجاس**: ئنجاس، هنجاس، هلووترشک، هلوورشک: (تو ژ کو تییی، ئوسا ئنتەئنت دکی؟ – ئەز چووبووم دارستێن، بۆنا بەراڤکرنا ئنجاسان) «سەنار».

**ئنجاکوو**: ئینجا، ئینجاکوونێ.

**ئنجاکێ**: ئنجا ئەو کاتە.

**ئنجک**: جل، بەرگ، پۆشەر.

**ئنجلاسی**: بەزاز، پارچەفرۆش، هوردەوالەفرۆش.

**ئنجلاف**: ئجلاف.

**ئنجنار**: گیایەکی دەس‌چێنە وە گولەبەڕۆژە دەچێ، تامی ناوکی وەک باینجانە، گوڵی مۆرە و بۆ دۆلمە بەکاری دێنن.

**ئنجەنای**: ئەنجنین.

**ئنجەنەی**: ئەنجنین.

**ئنجەنیەی**: ئەنجران.

**ئنجیل**: ئینجیل، نامەی عاسمانی عیسا پێغەمبەرییە، چار بەرگن: ئینجیلی لۆقا، ئینجیلی مەتی، ئینجیلی یوحەننا، ئینجیلی مەرقۆس: (بۆیەکە ناموس و عارو، بۆچی‌یە ئیمان و دین/ خاچ و ئینجیلی لە جێی تەفسیر و قورئان دادەنێ) «حاجی قادر».

**ئندا**: ١. بزر، بەزر، گوم، نادیار، وندا، بەرزە٢. ئەگینا.

**ئندەکرشان**: ئاڕایشی تۆخ کردنی ژنان.

**ئنرین**: ئەنری، تورەبوون.

**ئنزان**: ئنسان، مرۆ، عیسان، حیسان.

**ئنس**: ئنسان، خەلک، مەردم: (هندی سەر و ئەزمان هەنە/ هندی کو ئنس و جان هەنە/ هەمیان ل پێ شەیتان هەنە) «فەقێ تەیران».

**ئنساف**: ئینساف: (زاهد ئنسافت هەبێ، تو چیت لە ڕەندی بادەخۆر/ تۆ و بەهەشت و حور و غلمان، ئەمن و چاوی دولبەرم) «وەفایی».

**ئنسان**: ئینسان، ئینزان، ئادەمیزاد: (هندی بچووک و مەزنن/ گەلۆ هەمیان گوه ل منن/ ئنسان و شەیتان دوژمنن/ ژمێژ بوویە عەداوەتێ) «فەقێ تەیران».

**ئنشا**: ئینشا، کاری نووسین: (ئنشا تو بکی ژ بۆ مە باغەک/ هێشین ببتن ژ بۆ مە شاغەک) « یۆسفوزولەیخا».

**ئنشەک**: گیایەکی خۆڕسک و وەحشی وەک مووسیر دەچێ و دەخورێ.

**ئنکار**: ئینکار، حاشا: (قەولێ وە زیادە بێ فورووغە/ ئنکار مەکن کو ئەڤ دورووغە) « یۆسفوزولەیخا».

**ئنکاربی**: ئارنخی، ئاسێ، نافەرمان.

**ئنگاڵ**: وەردەسەک پالان، سینەبەند.

**ئنگراندن**: تورەکردن، هێرس‌کرن.

**ئنگرین**: ١. خۆ مات‌کرن،٢. تورەبوون، ئەنرین، خەییدین: (ل مە دەرکەت هیڤا ساڤا/ ئەو ئنگریە ناچە ئاڤا) «سەنار».

**ئنگشتەر**: ئەنگوستیلە: (نەوبەی لەیلی بوو قاو لە بەلەیشەن/ ئنگشتەر هاورد تەبڵ شاهی ژەن) «خانەمنسوور».

**ئننا**: ئندا، ئەگینا.

**ئننە**: ئەوەندە.

**ئنەوسۆنگلێ**: بەرگایلکە، بەرگایلە.

**ئنیەت**: نیاز، قرم، نیەت، مەرام.

**ئنیەت‌باش**: نیازباش، نیازپاک، دڵساف.

**ئنیەت‌پیس**: دڵڕەش، دڵچەپەڵ، دلپیس.

**ئنیەت‌ئینان**: نیەت‌هێنان، بە دڵدا هاتن.

**ئو**: ١. ئوف، ئاخ، هاوار لە ئێش،٢. و، واوی پەیوەندی: (ئیرۆ ژ دەست حوسنا حەبیب/ سەرگەشتە ئو حەیرانم ئەز) «فەقێ تەیران»،٣. هۆ، هۆو، بۆ گازی‌کرن: (ئو یارێ خەما برەڤینە) «سندی»،٤. ئەو: (××٤٣٠) «جزیری».

**ئۆ**: ١. ئاو، ئاڤ،٢. ئۆف، ئۆهـ ئەی، داخ، حەیفێ، مخابن: (ئۆ بۆ ئەو ڕۆژەی لە دەسمان چو) ٣. هۆ، هۆو، وا، وشەی بانگ‌کردنە: (ئۆ فاتێ) ٤. وشەی سەرسوڕمانە: (ئۆ چ سەیرە!).

**ئوار**: ئوئار، کەشی.

**ئوئار**: کەشی، کەشە، جۆرێ کەمەبەندە.

**ئۆئەزیفە**: ئەو خواردن و جل و بەرگەی ماڵی زاوا بەر لە زەماوەند دەینێرن بۆ ماڵی بووک.

**ئۆب**: ١. عێل، ئێل، زۆم، هۆب،٢. هۆبە، ئۆبە، کۆمەڵێ ڕەشماڵ پێکەوە،٣. هۆپ، فەرمان بۆ ڕاوەستانی ماشێن.

**ئۆباڤ**: باب، باو، باوک، تاتە.

**ئوبال**: ئۆباڵ.

**ئۆباڵ**: گوناح، ئازوبەزە، وەباڵ، سووچ، تاوان: (زوبانی واعیزی بێ‌دڵ درێژە دەرحەق ئەهلی دڵ/ بەجێشە، غەیری ئەو ملپانە، کێ بێ هەڵگرێ ئۆباڵ!) «مەحوی».

**ئۆبژنک**: بێژنگ، کارماخ، کەو، گڵگیر.

**ئۆبلیسک**: مایل، یەکەی مەودا بەرانبەری ١٦٠٩ میتر.

**ئۆبنە**: ١. کوونی، قوندەر،٢.گرێ، گرێی دار.

**ئۆبوا**: کەرەستەی مۆسیقای ئوروپی لە زوڕنا دەچێ.

**ئۆبە**: ١. ئۆڤە، هۆبە، زۆم، زۆمە، زووم، هەوار، کۆمەڵێ ڕەشماڵی خێڵاتان پێکەوە: (ئەو مانگ هەڵات دەیدا لە هۆبە/ ماچ کردن خۆشە نۆبە بە نۆبە) «فۆلکلۆر»،٢. دەستە، چەند،٣. کۆشکێکی دارینە کە بە ڕایەخ و فەڕش داپۆشرابێ.

**ئوبەبلاغی**: گوندێکی چاردۆڵی نشینە لای سایین‌قەڵا.

**ئۆبەر**: ١. ڕوو، بەر، بەرگە لێفە،٢. لێفەی هەرە سەرەوەیە.

**ئۆبەرە**: پێخەف، پێخەو، لێفە، ڕەحێف.

**ئۆبەری**: لێفەی چکۆلە.

**ئۆپال**: ئاقیق، عاقیقی سلێمانی.

**ئۆپالی**: شارێکە لای شەرناخ.

**ئۆپەراسیۆن**: کردەوە، عەمەلیاتی نیزامی: (بۆ ئەوەی یادێک لە خۆبەتکەریی ئەفسەر و سەربازان بکرێتەوە و ناوی ئەو یەکانەی لە ئۆپەراسیۆنەکەدا بەشدار بوون دەخەینە ڕوو) «لەمەهاباد بۆئاراس».

**ئۆپێرا**: ١. جۆرێک شانۆی لەگەڵ مۆسیقا: (لە ویلا و ئۆپێرای شاران، دەگەڵ جندە و خرابکاران) «ڕاوچی»،٢. جێی بەڕێوەبردنی ئەو کارە.

**ئوتاخ**: ١. وەتاخ، ماڵ، هۆدە، ئۆدە، بەرکە، ژووری دانیشتن: (ئیسە خاپوورەن سارا و ئوتاغت/ خامۆش و بێ نوور شەمع و چراغت) «مەستوورە»،٢. خێوەت، خەیمە،٣. دیوەخان، دیواخان: (یاوا وە سەر دار دەروون پڕداخان/ پەروانەی پای شەم سەلار ئوتاخان) «داخی».

**ئوتاخ‌خەو**: خەوگە، خەوگا، خاوگە، خوزگە.

**ئوتاغ**: وەتاغ، ئوتاخ.

**ئوتاق**: ئوتاخ، هۆدە.

**ئوتاقلوو**: گوندێکە سەر بە سایین‌قەڵا.

**ئوتراق**: نشینگە، جێی دانیشتن: (پارچەی ئیستخوان گەردەن کەردم واز/ کەردم وە ئوتراق باز نازپەرواز) «تالع».

**ئوترمبیل**: ئۆتۆمبێل، ماشێن.

**ئۆترۆمبیل**: ١. ماشێن،٢. وەک ئوترۆمبیل: (بۆ ڕێگەڕەو بەرقی فەلەک، وشترزمان و دەمدەڵەک/ لوولاقی ڕانی وەک دمەک، ئۆترۆمبیلی ڕەهگوزەر) «قانع».

**ئۆترەکای**: قرنجان، قەڵەشان.

**ئۆتلوکبەلی**: شارێکی باکووری کوردستان سەر بە پارێزگای ئەرزنجان.

**ئوتو**: وتوو، ووتوو، کەرەستەی لابردنی گنجی قوماش.

**ئۆتۆ**: ئامرازی بێدەسەڵاتی و سەرسووڕمانە: (ئۆتۆ ئەز بە تە ڕا کەتم بەلایێ: ئاها ئەوا ئەمنیش بە تۆوە کەوتمە ناو بەڵایێ).

**ئۆتۆبان**: شاڕێ، ڕێیا مەزن.

**ئۆتۆر**: ترەیتوون، تراکتۆر.
**ئوتوز**: خـلار، گـلار، تـل، ڕەوتـی بەربـوونەوە: (بەردێک لە کێوەکە ئوتوز بوو، لە چۆم کەوت و بەری ئاوەکەی گرت).
**ئوتوس**: ئوتوز.
**ئوتول**: ئوتۆمبێل، تەختی ڕەوان.
**ئۆتۆماتیـــک**: چەکـی خودکـار: (نـامەوێ نێـزە بەستێ لە پشتی/ یـا ئۆتۆماتیـک بگـرێتە مشـتی) «قانع».
**ئوتومبیل**: ماشـێن: (دوو کـابرای بەنـگ‌کێش لە گردەکەی زێڕینۆک بەنگیـان ئەکێشـا، لە دوورەوە ئوتومبیلێک دیاری دا) «ڕشتەی مرواری».
**ئۆتۆمبیل**: ماشێن، سەیارە.
**ئوتومبێـــل‌چی**: شـــۆفێر، ڕانـــندە: (زەمـــان لەم دوادوایی‌دا بوو بە ئوتومبێل‌چی) «کۆردەرە».
**ئۆتۆمۆبیل**: ماشێن، سـەیارە، بەزۆک، خۆشـبەز، کـــارامە: (بەنزینـــی ئوتومبێـــل و زرێپۆشـــەکان نەمابوون) «لەمهاباد بۆئاراس».
**ئۆتۆمۆبیـــل‌چی**: خۆشـبەزەوان، بەزۆکـوان: (بـا شاگرد ئوتوموبێل‌چیش بم حەزم دەکرد بزانم دنیا بەرەو کوێ دەڕوات!) «کۆردەرە».
**ئۆتۆمۆبیلی‌زرێدار**: تانگ، بەزۆکی زرێدار.
**ئۆتۆنۆمی**: خـۆ بە ڕێـوە بـردن: (کاربەدەسـتانی دەرەکـیش کە هـیچ دژبەریەکیـان بـۆ ئۆتۆنـۆمی کوردی نەدەکرد) «لەمەهاباد بۆئاراس».
**ئوتوو**: ئوتی، وتوو، ئامرازی دەق‌پێدان.
**ئوتووچی**: ئوتووکێش، دەقدەری قوماش.
**ئوتوودای**: ئوتوو لێدان، وتوو کێشان.
**ئوتوودریا**: ئوتووکێشراو.
**ئوتوودریێ**: ئوتوودراو، وتووکێشراو.
**ئوتوودەر**: کەسێ وتووی جلک دەکات.
**ئوتوودەرە**: وتووکێش بۆ مێ.
**ئوتووکاری**: ئوتوو کردن، لە وتوو دان.
**ئوتووکراو**: دەق‌کرای، ئوتووکێشراو.
**ئوتووکردن**: دەقلێدان، وتوو کێشان.
**ئوتووکریا**: جلکی لە ئوتوو دراو.
**ئوتووکریێ**: دەق‌دریاگ، ئوتووکێشراو.
**ئوتووکەر**: کەسێ ئوتوو دەکات.
**ئوتووکەردەی**: ئوتوو کردن، وتوو کێشان.
**ئوتووکەرە**: ئوتووکێشی جل بۆ مێ.
**ئوتووکێش**: ئوتووچی، دەقلێدەر.
**ئوتووکێشـــان**: دەق‌دان، وتـــووکردنی قومـــاش: (ڕانک و چۆغەکەی ئوتوو کێشاون) «نیساری».
**ئوتووکێشی**: ١. کاری ئوتـوو کێشـان،٢. جێـی ئوتوو کردن.
**ئۆتە**: نوستن، نڤستن، خەفتن، خەوتن.
**ئۆتەر**: گوندێکە لای شارۆچکەی بنگرد.
**ئوتی**: ئوتوو، وتوو.
**ئۆتێل**: هوتێل، میوانخانە.
**ئوتیە**: ئوتو، وتوو.
**ئۆجـاخ**: ١. ووجـاخ، وجـاخ، کوانـوو، کوانـگ، قـوولکە، کوچـک، کوچکـدانی، جێ‌قـازانکێ ٢. تـایفە، خێـڵ، ئیجـاخ، هـۆز، نەوەی کەسـێ ٣. ڕەسەن، بنەماڵە، خـانەدان، گەورەمـاڵ: (چەنـدش دان وەهەم خـانەدان ئوجـاخ) «م.ح. دزڵـی»،٤. مورشید، پیری تەریقەت،٥. بریتی لە کوڕ.
**ئوجاخ‌ڕۆشن**: وەجاخ‌ڕۆشن، منداڵدار.
**ئوجاخ‌ڕۆشـــنۆکەردەی**: ١. وەجـــاخ ڕۆشـــن کردنەوە، ٢. بریتی لە دییە ڕۆشن کردنەوە×
**ئوجاخ‌ڕۆشنە**: منداڵدار بۆ مێ.
**ئوجاخزادە**: ئۆجاخزادە، ڕەسەن.
**ئۆجاخزادە**: نەجیمزادە، خانەدان، ڕەسەن.
**ئوجاخ‌زادێ**: وەجاخزادە بۆ مێ.
**ئوجاخ‌کۆر**: وەجاخ‌کوێر، بێ‌منداڵ.
**ئۆجاخ‌کۆر**: ئوجاخ‌کوێر.
**ئوجاخ‌کۆربی‌یەیۆ**: وەجاخ کوێر بوونەوە.

**ئوجاخ کۆرکەردەیۆ**: وەجاخ کوێر کردنەوە.
**ئوجاخ کۆرۆبی یەی**: وەجاخ کوێر بوون.
**ئوجاخ کۆرۆکەردەی**: وەجاخ کوێر کردنەوە.
**ئوجاخ کۆرە**: وەجاخ‌کوێر بۆ مێ.
**ئوجاخ کوێر**: وەجاخ‌کوێر، بێ‌زارۆ، بێ‌منداڵ.
**ئوجاخ‌ڕۆشن‌بی‌یەی**: وەجاخ ڕۆشن بوونەوە.
**ئوجاخ‌ڕۆشن‌کەردەی**: وەجاخ ڕۆشن کردن.
**ئوجاخ‌کۆربی‌یەی**: وەجاخ کوێر بوون.
**ئوجاخ‌کۆرکەردەی**: وەجاخ کوێر کردنەوە.
**ئوجاخ کۆری**: وەجاخ‌کوێری، بێ‌منداڵی.
**ئوجاخە**: وەجاخە.
**ئۆجاق**: بریتی لە کوڕ.
**ئوجاق‌ڕوشون**: بریتی لە کەسی کوڕدار.
**ئوجاق‌سەرد**: بریتی لە بێ‌منالّی کوڕ.
**ئوجاق کور**: وەجاخ‌کوێر، بێ‌کوڕ.
**ئوچ**: قامیشی قەڵەم، قەڵەم‌قامیش.
**ئوچاغ**: ×٦٨ شێخ ڕەزا×
**ئوچ‌بلاخ**: دێیەکە لە دێکۆی قەسڵان ناوچەی قوروە.
**ئوچ‌تەپە**: گوندێکە لای جەلەولا.
**ئـــوچ‌دام**: شـاریکی بـاکوری کوردسـتان لای تونجەلی.
**ئۆچک**: زک، زگ، سگ، سک، گەدە، ورگ.
**ئوچ‌کومبەدی‌خان**: گوندێکە لای بیجاڕ.
**ئوچ گول**: گوندێکە لای بیجاڕ.
**ئوچ‌گومبەدی‌خان**: گوندێکە لای بیجاڕ.
**ئوچ‌گومبەدی‌خان‌سوڵتان**: گوندێکە لای بیجاڕ.
**ئوچ‌گومەدی‌سوڵتان**: گوندێکە لای بیجاڕ.
**ئۆح**: ئـۆحە، ئـۆحە: (فیـتەی شـوان، ئـۆحەی گاوان/ دێ لە مۆڵگە و دەراوان) «هێمن».
**ئۆحە**: ئۆهە، بۆ دەنگدانی گا و چێل.
**ئۆحەی**: ئۆحە، ئۆح.

**ئۆحە**: ئۆهە، ئـۆح، ئـوە ، ئـۆحە، ئـۆحەی، وشەی دەنگدانی وڵاخ: (چ خۆشـە کـاروکووری مەڕ، چ خۆشـە پـرمەکەی کەحـلان/ چ خۆشـە فیتەفیتـی شـوان، چ خۆشـە ئـوحەکەی گـاوان) «هێمن».
**ئۆحەئـۆح**: ئـۆحە، ئـۆحە: (لە ئـۆحە ئـۆحی گاوان و قییـرە قییـری شـوان/ لە بگـرە بەردەیـی کابان دەبێتە حەشر و حەلا) «حاجی قادر».
**ئــۆخ**: ١. ئـاخش، چ خۆشـە، ئـۆخەیچ، لـێ، ئۆخەی، ئۆخەیش، خەی، وشەی شـادی،٢. ئـاخ، ئۆف، بۆ دەربڕینی ژان و دەرد،٣. بەس.
**ئوخت**: جۆر، چەشن.
**ئوختاپووس**: هەشت‌پای دەریایی.
**ئۆخچی**: ١. تیرهاوێژ، تیرەنداز،٢. تفەنگچی.
**ئوخر**: ئۆخر.
**ئۆخر**: ١. دوایـی، دومـایی، دوومـاهی، کۆتـایی، ئاخر، ئاخروئۆخر: (لێ وەلـی فکـری چ دبە، بـرا ببە، سەریکە، ئەڤ ئۆخرە) «مەستوورە»،٢. ئـۆغر، سەفەر، ڕۆین،٣. ئاخر خەیر، ڕێوتی ب خەیـر،٤. ممبارەک، پیرۆز، واییک، یۆم، مەیمەنەت، ڤەخێر، قدۆش.
**ئۆخرا**: ١. ڕەنگی ئۆخرا، جۆرێ ڕەنگی قـاوەیی ئاچخ،٢. خاکێکە ئۆکسیدی ئاسنی هەیە.
**ئـــۆخربە**: ١. داخـــوازا ئۆخرەکـــا خـــوەش،٢. ئەرخەیـان بە: (مـار گـۆت: هەرە تە ئـۆخر بە) «سەنار».
**ئۆخر کەر**: سەفەرکەر.
**ئۆخر کەردەی**: سەفەر کردن.
**ئۆخر کەرە**: سەفەرکەر بۆ مێ.
**ئوخرەوی**: ئەو دنێ، قیـامەت: (مەجلیس‌ئـارایی ئەدیبـــانی زەمـــان/ پیـــری دنیـــایی و جەوانـــی ئوخرەوی) «بێخود».

**ئـۆخژن**: ١. ئـارامی، ئاسـوودەیی، سـوکنایی،٢. ئۆخە، ئۆقرە، ئارام: (ئۆخژنی هات دڵـی گەرمـی بێوەژن) «هێمن».
**ئۆخژنهاتن**: دڵداکەوتـن، کفـت و کـۆی دڵ دامرکان.
**ئۆخسەر**: گوندێکە سەر بە نەغەدە.
**ئۆخووەش**: ئۆخەی، ئۆخەیچ.
**ئۆخە**: ١. ئۆخژن،٢. کۆخە، قۆخە.
**ئۆخەئۆخ**: کۆخەکـۆخ: (کـابرا ئـاگرێ خـودێ بەربوو دل و هەر بۆ ئـۆخە ئۆخـا وی و ژ مـالا دەرکەفت) «گولواز».
**ئۆخەش**: ئۆخەی: (با منی ڕەنـجەڕۆ لە ژیـنمدا/ هیچ نەبێ جارێک بڵێم ئۆخەی) «هێمن».
**ئـۆخەن**: ئـۆخەننە، حەوتـووی شەشـی زسـتان، (ئۆخەن دبینیت، مریەم دشکینیت)،
**ئۆخەی**: ١. ئۆخەیش، ئۆخ، ئـای ژ خۆشـە، بـۆ دەربڕینـی شـادی: (چ زوو کەوتیـتە بـن گـۆمی عەدەم؟ خۆ/ بە ئۆخەی تەڕ نەبوو لێوم وتـم ڕۆ) «گۆران»،٢. بەس، بەسندە، قایلی.
**ئۆخەیئۆخەی**: ئۆخەی، وشەی دەربڕینی شادی: (ئـۆخەی ئـۆخەی کـوڕەکە/ سـەر زیـن ئەسـپە شرڕەکەم) «فۆلکلۆر».
**ئۆخەیئۆخەیبووکمریەم**: گـۆرانییەکە کـوردی: (ئۆخەی ئـۆخەی بـووک مـریەم/ ئەتـۆ گـوارەی ئەمن گویێم) «حەسەن زیرەک».
**ئۆخەیئۆخەیلەوبـاڵایە**: گـۆرانییەکی کـوردییە: (ئۆخەی ئۆخەی لەو بـاڵایە/ هەر دەڵێـی خەڵفـی بێگەڵایە) «حەسەن زیرەک».
**ئۆخەیپشتێنەیە**: بەفر گەیشتۆتە پشتێن، ناو قەدێ باریوە.
**ئۆخەیچ**: ئۆخەی، بۆ دەربڕینی چێـژ دەگـوترێ: (ئۆخەی وا دیسان، خۆشیم دی شەوێک/ ئەویش بۆ ژیان لێم بوو بە خەوێک) «هەژار».
**ئۆخەیچە**: گیایەکی کوردستانە.
**ئـۆخەیش**: ئـۆخ، ئـۆخەی: (لەبەرچـی ڕۆژی هیوای کوردستانم/ نەبوو جارێ بڵێن ئـۆخەی کە هەڵهات) «قانع».
**ئۆخەینەکردوو**: بریتی لە کەسی زۆر ژیـان تـاڵ و چەرمەسـەرێ دیتـوو: (داڵـگەی ئـۆخەی نەکـردووم ڕۆژگـار هـاڕیبووی بە سـەر یەکـدا) «کۆردەرە».
**ئۆخین**: خەمخۆری، پەرۆشی، دڵسۆزی.
**ئۆدا**: دایک، دایکە، دایە، دالک، دێ.
**ئۆدۆکلۆن**: ئۆدکولۆن، تراوێکی بۆنخۆشە.
**ئۆدە**: ١. هۆدە، دیو، وەتـاغ، ژوور، ژۆر، ئۆتـاق، چاوە، چاوەمـاڵ: (دێ بـاقی وی ئەو کـر بـوون، ئۆتاخەکە تاعری) «کۆمەڵە»،٢. دایک، ئۆدا.
**ئۆدەس**: ئەو بەر، بەری ئەولا.
**ئۆدەڤان**: سەرکاری دیوەخان.
**ئۆدێ**: ١. ئـۆدا، ئـۆدە، دایـک، دایکە،٢. هـۆدە، ئۆدە: (مالا قازی کوویەک حەلیسە چـێ کربـوون قاشکەک ڕوونێ چێلەکان بەری سەر دابوون، پـێ لاچکەکـێ دەڤـێ وێ گـرێ دابـوون، دابـوونە قونجەکێ ئۆدێ سەکنیبوو) «سەنار».
**ئۆدێسا**: ئورفە، ناوی شارێکە لای دیاربەکر.
**ئۆدیکلـۆن**: ئۆتکولـۆن: (پـۆدر و کـرێم و ماتیکـت نیـیە/ هەر نەتبیسـتووە ئودیکلـۆن چییە؟) «هێمن».
**ئۆدیم**: ئەو دیو.
**ئـور**: ١. عـور، ئـورک، زک، زگ، سـک،٢. جیکەڵدانە، چیکەڵدانە.
**ئۆر**: ١. ئور، زک ٢. گێژ، هێڕ، هور، گەمژە.
**ئورامشـالوم**: جـوولەکەیەکی زۆرزان بـووە، لە سلێمانی دەمڕاستی جووەکان بووگە.
**ئۆرانووس**: حەوتەمین ئەستێرەی نزیک بە گـۆی زەمین.

**ئۆرت**: ۱. لا، ڕەخ، کن، تەنیشت: (مەسینەکی ب چەقلماست ڤا تژی ل ئۆرتا سفرێ دانییی بوو) «مەستوورە» ۲. ناو، ناوەڕاست، نێوان: (ئەز دڤێم ژ خوەڕا دوو شرمیش بوو، خەجێ دزیکاڤا برڤینم، نا ئەزێ هەرم ئورتا دەواتێ) «گەنجی سەربەمۆر»۳. ڕێز، قەدر، ئێحتبار، ئەرزش.

**ئورتا**: گەردەنە، ملە، بستوو، زینوو.

**ئورتاخ**: ئۆرت، تەخت، ناو: (پەرێ ئورتاخش زەڕگەران بە تاو/ زەڕکاریش کەردن دانای مووشکاو) «خانای قوبادی».

**ئورتاداغ**: کێوێکە لای بیجاڕ.

**ئۆرتاغ**: هاوبەش، هەڤپشک.

**ئۆرتز**: وشەی فەرمانە: بازدە، هەڵبەزە.

**ئۆرتزە**: ۱.ئۆرتز، هەڵپەڕە(ئەمرە)،۲. قنچکەسلاو، سیتکەسەلام.

**ئۆرتزیان**: هەڵپەڕکێ، هەڵپەڕین، ئۆرتزین.

**ئۆرتزە**: هەڵپەڕە، هەلپەرە، (ستیکە سەلام، ئۆرتزە جەلام، بەلا همرام) «پەند».

**ئۆرتزین**: ئۆرتزیان، هەڵپەڕکێ.

**ئۆرتڤالا**: ناوخاڵی، بەتاڵ: (زانا مسالی تاسا عەتتار، بێدەنگ و هونەرزا/ نەزان مسالی دەفا موتربێا، بلنددەنگ و ئۆرتڤالا) «گولشوون».

**ئۆرتل**: هۆز، عاشیرەت، خێڵ.

**ئورتە**: ئۆرتە.

**ئۆرتە**: ۱. ناڤنجی، ناوەڕاست، ناوەند، نێو، نێوان ۲. مافوورەی گەورە لە ناوەڕاستا ڕادەخرێ: (لە سەر ڕایەخە ئۆرتەکە دانیشت) «ف.پ.پ.».

**ئورتەخراب**: گوندێکە لە باکووری مووسڵ.

**ئۆرتەکەند**: هۆرتەکەند، ئۆرتاکەند، دێیەکە سەر بە شاری بۆکان.

**ئۆرتی**: ناڤین، ناوین، ناڤنجی، ئۆرتە.

**ئۆرتێر**: ناوەنجی، ناونجی، مامناوەندی.

**ئۆرتیمەیدانێ**: ناوەڕاستی گۆرەپان، نیڤەکا مەیدانێ.

**ئۆرچنین**: هەڵچنین، کەڵەکەکردن.

**ئۆرخان**: ڕووخەر، لەهیف، لێفە، ڕووخاو.

**ئورخە**: وێرغە، ئەسپی سواریخۆش: (هەسپێ مەمۆ ئۆرخەیە).

**ئۆردو**: ۱. ئۆردی، هۆردوو، هۆردی، سپا، سوپا، لەشکر، قۆشەن، قشوون، بتۆم، پێکەش، پێگە: (یایە کە مەعبەری دوبری و دەهلیزی کوزی/ یاتاغی ئەشقیایە گوزەرگاهی ئۆردووە) «شێخ ڕەزا»،۲. تاقمێ خەڵک کە لە شوێنێ کۆ ببنەوە: (ئەو ئوردووی لەیل دەس وە جامەوە/ ئەو نازارەیل کول مەقامەوە) «خانمەنسوور»،۳. زمانی هیند و ئێرانی کە لە هیند و پاکستان و ئەفغانستان پێی دەپەیڤن.

**ئۆردۆ**: ئۆردوو، سپا: (وە سوپای ڕەنگین وە تەپڵ و کۆسۆ/ برۆ مەیدان ئۆردۆکەی ڕووسۆ) «مینەجاف».

**ئۆردوبازار**: ۱. بازارێکی لە زەمانی کۆندا لە شوێنێکە بۆ شوێنێک دەچوو،۲. بریتی لە جێی بە ئاژاوە و هەرچیپەرچی.

**ئۆردوبەز**: لەشکرگە، هۆردوبەز، سپاگە، ئەو جێیەی ئۆردووی پێدا دەڕوا.

**ئۆردوکێشی**: لەشکەرکێشی.

**ئۆردوگا**: ئۆردوبەز، سوپاخانە، سپاگە.

**ئۆردوو**: ۱. ئۆردی، هۆردوو، ئۆردو، پێگە، لەشکر: (باری کە مەیلی هەس، بە خراپبوونی مەملەکەت/ ئەسپابی زاهرییە ئۆردووی تورک و ڕووس) «قانع»،۲. دەستەوارێک نان: (چەنگ سووتەکەی بە ئاو و کەڕووی ئۆردووە نانی کۆن) «پیرەمێرد».

**ئۆردووبەز**: لەشکرگە، هۆردووبەز.

**ئۆردووگا**: هۆردووگا، سپاگە.

**ئۆردوی‌سوور**: بریتی لە سپای سووری سۆڤیەت کە سەردەمانێ ئاریکاری شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد بووە: (لەشکری کوردی بە ئازا مەشهوور/ دەرسی جەنگ فێر بێ لەکن ئۆردووی سوور) «بۆکوردستان».

**ئۆردەک**: ١. مراوی، سۆنە: (هەر مودامی ئەو هەڤالە/ شەڤ و ڕۆژێ من ل بالە/ ئۆرەکا گەردەن ب خالە/ ڕش ڕحانا پڕ عەمیق) «فەقێ تەیران»،٢. قاز، قازی، باڵدارێکی لە مراوی زلترە: (ڕەف ڕەف قاز و ئۆردەکان/ دەفرن ل دەر و کولەکان/ حەیفا منە ل وان چاوبەلەکان) «فەقێ تەیران».

**ئوردەنگ**: شەق، دەخش، تێهەڵدان: (پوولدار بوود هێڵن وە بان سەندەڵی/ بی‌پوول بەدبەخت ئوردەنگ دەنە لی) «چەپکەگوڵ».

**ئۆردەنگ**: ئوردەنگ، بلتە.

**ئۆردەنگی**: ئوردەنگ، شەق.

**ئۆردەی**: هاوردن، هێنان.

**ئوردی**: ئۆردو، سپا، چەکدار.

**ئۆردی**: ١. ئوردی، هۆردوو، سپا،٢. سپاگە، ئۆردووگە.

**ئوردی‌بەهەشت**: مانگی ناوەڕاستی بەهار: (شنۆی ئوردی‌بەهەشتی وەسڵی یار ئەر بێ بەسەر مندا) «سالم».

**ئۆردی‌بەهیشت**: گوڵان، دووهەم مانگی ساڵی هەتاوی.

**ئۆردی‌خان**: ناڤێ مێرانە: (ئۆردی‌خان کوڕێ جاسمێ جەلیل و خانما رزگۆیە) «سەنار».

**ئۆردیگە**: ئۆردووگا، لەشکرگە.

**ئورز**: هەستە، هەڵسە(ئەمرە).

**ئوورزان**: ١. هەستان، هەڵسان، ڕابوون،٢. هەڵپەڕکێ، هەڵبەزین.

**ئورزانە**: ١. پادشای ناوچەی موساسیر (ڕەواندز، شنۆ)، بووە،٢. ناڤێ مێرانە.

**ئورزلینان**: هەڵزلیان، تێمیسک دەرکردن.

**ئۆرزە**: ڕابە، هەستە، هەڵسە، هلۆ.

**ئورسان**: ××: (چوومە ئورسان و ڕاڤینا/ کیچ یێ سویند دخون ب چەمێ/ تو نانڤی ل ناڤ نڤینا) «بەیت».

**ئۆرسپی**: ژنا/ مێرا پووچ، مرۆی حیز.

**ئورسی**: کەوش گیلاس، کەوشی چەرمی.

**ئۆرسی**: ١. پێڵاوێکی ژنانە لە قەدیما لە شاری سنە باو بووگە،٢. عورووسی، جۆرێ پەنجێرەی شووشەداری ڕەنگی.

**ئۆرشەلیم**: قودس، قورس خەلیل.

**ئۆرشیان**: ڕشانەوە، دڵ تێکەڵهاتن، دلزڤرین، ڤەڕشیان.

**ئورغان**: لێفە، ڕەحێف، ئۆبەرە.

**ئورغێن**: لێفە، لحێفکێ: (یەکی ژ قارێ کێچی ئار بەردایە ئورغێن) «پەند».

**ئورفا**: ١. ئورفە: (ئورفا هەمان باژارێ رهایێیە) «سەنار»،٢. ناوی کچانە.

**ئورفە**: ١. ئەدەسا، ئۆدێسا، ئۆرهایی، ئەریها، ئەلرها، شارێکی کوردنشینە لە ڕۆژاوای دیاربەکر: (تەمرپاشا ل سیوێرەک، بیرەجەک، ئامەد، ئورفە دژییان) «سەنار»،٢. پارێزگای ئورفە لە باکووری کوردستان: (پارێزگەها ئورفایێ ب باژارێن سەمسوور، ئامەد، دیلۆک، مێردین هەڤسنوورە) «سەنار».

**ئۆرفە**: ئورفە: (ئەسکەندەروون، ئۆرفە، خەرپووت/ عەقرە، مووسل، عمار، کووت) «بۆکوردستان».

**ئورفی**: گەلانی، ملەتی، نەتەوەیی.

**ئۆرقم**: جمە، جووڵە، تەکان.

**ئۆرک**: ١. ئور، سک،٢. کەزی، پرچی هۆنراوە.

**ئۆرکێستر**: ئۆرکێستێر، گروپێکی مۆسیقا کە پێکڤە کار دەکەن.
**ئۆرگ**: ئامێرێکی مۆسیقایە.
**ئۆرگیلان**: گەڕانەوە، ڤەگەڕیان، وەگەڕان، زڤڕیان، ورگێلان.
**ئۆرگیلە**: ڤەگەڕی، ورگیلە، ڤەزڤڕی.
**ئورم**: هورم، پیت.
**ئۆرمزیار**: نژادێکن: (لەک و کورد و ئۆرمزیار، بە لەعنەت بن هەزار جار) «ف.پ.پ.».
**ئۆرمە**: ورمێ، وورمێ، ئۆرمێ، شاری ڕەزاییە، ١٦٠ ساڵ لەوەپێش هەمووی کورد بوون.
**ئۆرمەزم**: ئۆرمەشک، زکزل.
**ئورمەزد**: ١. ناڤێ خوەدێ،٢. هەست ڕوشن هورمزد.
**ئۆرمەشک**: زکمەشک، ورگن.
**ئۆرمەوی**: ١. ورمێیی، خەڵکی ڕەزاییە ٢. هەر شتێکی گرێدراو بە ورمێوە.
**ئورمێ**: ئۆرمە، وورمێ، شاری ڕەزاییە کە تا ١٦٠ ساڵ لەمەوپێش سەرپاک کورد بووگن.
**ئۆرناگ**: نموونە، نمانا، نموودە، نمینە، سەمبول، سەنبول.
**ئۆرنج**: هاوسەری زەردەشت پێغەمبەر.
**ئوروس**: عوروس، ڕووس: (جولەکەیە، فەرەنگە، داسنییە، ئوروسە) «مەموزین».
**ئۆڕووپا**: فەرەنگ، وڵاتانی ڕۆژاوایی: (بۆتدێنم بۆتدێنم، بۆتدێنم لەو مورسایە/ ئەگەر لە ئێران لێی نەبێ، بۆت دەچمە ئۆڕووپایە) «فۆلکلۆر».
**ئۆرۆس**: کەڵەشێر، کەڵەباب، دیکل.
**ئۆروسی**: عوروسی، جۆرێ پەنجێرەی قەدیمی.
**ئۆرۆمۆن**: هەورامان.
**ئورووسی**: ئۆروسی، جۆرێ پەنجێرەیە: (ئەمن قبووڵ دەکەم لەمسە و ئورووسی سوڵتانم قبووڵ نییە) «قۆچ عوسمان».
**ئۆرە**: ١. هۆرە، بای توندێ ڕۆژهەڵاتێ ٢. وێرێ، ئێرە، ئەگرە، ئۆگرە.
**ئورهانیە**: ناوی گوندێکە لە باکووری کوردستان✕: (گوندەکانی: هەمیتە، ئورهانیە، سەلیمیە، ئەندەل) «حەمەدۆک».
**ئۆرهایی**: ئورفە، ناوی شارێکە لای دیاربەکر.
**ئۆرهەق**: شاخێکە لە باکووری.✕
**ئوریف**: شەفتوور، کەشوتووش، لار، خوار، خواروخێچ، پێچەڵپێچ.
**ئۆرین**: ئۆرێن، قۆڕەی ولاغ.
**ئۆرێن**: قۆڕە، عوورێن، بۆڕەی چێلان.
**ئوریە**: دێیەکە لە دێکۆی بەدر، مەڵبەندی قوروە.
**ئۆریەتوو**: گوندێکە لای تیکاب: (تیپ ئۆریەتوو بەش چوارئۆیماخە) «ئاوێنەیبێگەرد».
**ئۆزار**: کراس: (ساتێکم خەریکی گرەهی بەندی ئوزاری/ دەستم لەپڕا کەوتە سەر ئەو مەوزیعی کاری/ ...) «ئەدەب».
**ئۆزالب**: شارێکی باکووری کوردستانە لە نزیک گۆلی وان.
**ئۆزپینار**: شارێکە لە باکووری کوردستان لە نزیک سیرت.
**ئوزر**: ١. بیانۆ، حجەت،٢. عوزر، عوزرمایی، مەعزەرەت: (دەنگ ل برایێ خوە کر و ئوزر ژێ خواست) «پەپووک».
**ئۆزلک**: ئەسپەندەر، قانگ، ئووزلک، دیدی، ئسبەن.
**ئوزمانا**: گوندێکە لای زاخۆ.
**ئوزنقشلاغ**: ئوزنقشلاق، گوندێکە سەر بە شاری بۆکان.
**ئۆزنگ**: زرانی، ئەژنۆ، ژنۆ.
**ئۆزۆر**: ئازار، ئێش، جەزرەبە، ژان.

**ئوزومولو**: شارێکی باکووری کوردستان سەر بە پارێزگای ئەرزنجان.
**ئۆزۆن**: ئوزون، گازێکی سوک و بۆدارە، بەر ئازاری تیشکی هەتاو دەگرێ.
**ئۆزونچایری**: شارێکی باکووری کوردستانە سەر بە شاری باتمان.
**ئوزەر**: ناسراو، ناودار، مەزن، شکۆدار.
**ئۆزەل**: ئەوەزەل، زانا.
**ئوزەنگی**: ئاوزەنگی: (دایکی گرتی چەکمەی بولغار و پا و ئوزەنگی) «ئاوێنەی‌بێگەرد».
**ئۆزیرە**: دووێنێ، دوێکە، دوێنەکە، دێنێ.
**ئۆزیزە**: دوێنێ، دوێکە.
**ئوسا**: ١. وسا، بەم‌جۆرە: (ئاهای برایێ دلۆڤان/ چما د بن ئەرکێ/ ئوسا تە چۆکا دلەرزن؟) «سەنار»٢. بەجۆرێ، وەها: (ئوسا تێ وەک بایێ بەزێ) «پەرویز جیهانی»،٣. وەستا، سەنعەتکار: (سەنعەت پاک و ساف، کەسابەت زەریف/ شاگردی ئوسا موحەمەد شەریف) «م.ح. دزلی»،٤. مۆچیار، مۆچدەر، مۆچکەر، مامۆستا، فێرکەر.
**ئۆسا**: ١. وسا، ئاواها، ئاوا، بەم‌جۆرە ، ئۆسان: (گور گۆت: ئوسا بە ئێدی تەمامە) «پەرویز جیهانی»،٢. وەستا، وەستاکار: (بەتیەی کارخانەی ئۆسای بەغدایی/ دروومان وە تای نەی ئاشنایی) «مەولەوی».
**ئۆسادەی**: وەستا دەی دەس پێ‌بکە: (مەرد پەی ئۆسا دەی بێ درێغەکەت/ بسمیللا تەکبیر دەس بە تێغەکەت) «مەولەوی».
**ئوسادیوار**: وەستا دیوار.
**ئۆساژی**: هەر وەها، هەر وسا.
**ئوساکەردەی**: وەستایی کردن.
**ئوسان**: ئۆسان، وەها: (ئوسان چەند جاران هشیار بوو و ب خەورا چوو) «مەستوورە».
**ئۆسان**: وەها، ئاواها، ئاوا، هەروەها، ئۆسە: (د دیوانا وەلی‌دا هن وەزیر هەبوو، هن ژی وەکیل. ژ وەزیررا ئۆسان ژی دگۆتن پیشکار) «مەستوورە».
**ئوسانژی**: وەهاش، هەر بەو دەستوورە: (خالۆ خان ئوسان ژی کورێ خوە، خان ئەحمەد خان) «مەستوورە».
**ئوسانژی‌گۆت**: وەهاشی کوت: (ئەزبەنی، میرێ تە ل دیوانخانێ دخوازە، وی ئوسان ژی گۆت: ئەگەر تو پڕ نەخوەش بی، نکاربی بێیی، ئەوێ ب خوە بێ) «مەستوورە».
**ئوسانە**: ئوسا، وەها، بەوجۆرە: (ئوسانە قوسوور کە کورێ مەزن هەیە) «مەستوورە».
**ئوساوب**: شێواز، شێوە.
**ئوسایانە**: وەستایانە، وەستاکارانە.
**ئوسایبلووربەند**: بریتی ژ خوەدێ: (ئوسای بلووبەند پەنجەرەی کاوان/ ئاینەسازیش وست ئەو شەتاوان) «مەولەوی».
**ئوسایی**: وەستایی، وەستاکاری.
**ئۆسپ**: سوکەڵەی ناوی یوسف.
**ئوستا**: وەستا، ئوسا، ئۆسا، مامۆستا، یوسو.
**ئۆستا**: ١. ئوستا، وەستاکار،٢. ڕێبەر، شێخ: (بێ شێخ و بێ ئۆستایەکی/ ب تنێ کەتی چیایەکی/ بابێ د ڤێ بەلایەکی/ ئێمن مەبە ژ تەعلقەتێ) «فەقێ تەیران».
**ئوستاد**: ١. مامۆستای زانکۆ،٢. مامۆستا، ڕاهێنەر: (ئوستاد تەعلیم دەرس مەجنوونیم/ دەسگیر ڕاگەی سەختی و زەبوونیم) «مەولەوی»،٣. ئوسا، ئوستا، سوا، سواکار: (هەر گل و سەنگ دبتن زێڕ ب تەدبیرێ حەکیم/ قابیلیەت کو نەبت، حیکمەتێ ئوستاد چ کت؟) «جزیری»،٤. شاعیری زۆر بەرز: (نالی ئوستادەکی گەلێ چا بوو/ خزری ئابی حەیاتی مەعنا بوو) «حاجی قادر»،٥. لێزان، ماهیر، شارەزا: (بە بالا: سەروی ئازادن، بە

گێسوو: دامی سەیادن/ له سەیدی دڵ چ ئوستادن، چ ماهیر جانشکارانن!) «ئەدەب»،٦. نەققاش، وێنەکێش: (واتش ئەی خورشید خاتر پەسەندم/ من ئوستاد نەقش ئەی سوورەتبەندم) «خانای قوبادی».

**ئوستادی**: وەستاکاری، کارامەیی: (ئوستادی دبێتن و تەئەممول/ ئیخفا و تەغافول و تەحەممول) «خانی».

**ئوستادێموتلەق**: بریتی له خودێ، خودا: (ئەو سەنعەتێ ئوستادێ موتلەق/ هەرچی کو ددی دگۆ: هوەلحەق) «خانی».

**ئوستادیمەکتەب**: بریتی له مامۆستا: (له لەوحی تەربیەت نەیخستە یادم/ بەجوز ئەلفی قەرت ئوستادی مەکتەب) «سالم».

**ئوستاکار**: وەستاکار، ئوسا.

**ئوستاندار**: پارێزگار، والی، بەرپرسیاری ئوستان.

**ئوستانداری**: ١.بینای ئوستاندار، جێی پارێزگار، ٢.کاری ئوستاندار.

**ئوستخۆر**: ١. ئوستوخۆر، گەردنخۆر، ملڵار، ٢. تەنگەزار، وەڕەز.

**ئوستره**: گوێزان، گیزان، تیغی مووتاشین.

**ئوسترلاب**: عاسمانپێو، کەرەستەیەکی نجومە: (جەو دما ئەسحاب زیج و ئوسترلاب/ ئەختەرشناسان ئەرەستوو خیتاب) «خانای قوبادی».

**ئوستری**: ئستری، شاخ.

**ئوستکار**: ئوستاد، ئوستادکار، پیری زانا: (بێ شیرەت و تەدبیرەکی/ بێ ئوستکار و پیرەکی) «فەقێ تەیران».

**ئوستو**: ئەستۆ، ئوستوو، مل: (باڤێ ب دەوسێ گرتن و زنجیر ل ئوستوو ئالاندن) «گولشوون».

**ئوستوخار**: ملخوار، ملڵار.

**ئوستوخودوس**: گیاژانۆما، شارێحانە، ڕەشەرێحانە، ڕێحانەرۆمی، خەزێمەکێوی، ئەسەرە رۆمی، جۆرێ گیای بۆنخۆشە بۆ کەمخوێنی باشە.

**ئوستوخۆر**: ئوستوخار، ملڵار.

**ئوستورلاب**: ئامێرێکە بۆ پێوانی مەودای ئەستێرە له نجومدا بەکاری دێنن: (گشت تەمام خۆشلەفز، گشت شیرینخیتاب/ گشت ساحێبی زیج جەفر و ئوستورلاب) «خانای قوبادی».

**ئوستوروو**: قۆچ، شاخ.

**ئوستوکور**: ١. پاتک، پژمل، پاش پێسیر،٢. مل، گەردن: (وەختا ڕوڤی قاییشێ داڤێژە ناڤا خوە و ئوستوکورا کەرێ) «سەنار».

**ئوستوور**: شاخ، قۆچ: (بزن دبێژە: گور تە درانێن خوە تووژ بکە، ئەزێ ژی ئوستوورێن خوە) «سەنار».

**ئوستووروو**: ئوستوور، قۆچ، شاخ.

**ئوستووره**: ئەفسانە و دیرۆکی لەمێژینە.

**ئوستوون**: ١. ستوون، بناغە، بنەما، پایە: (جیهانێ ل سەر خیمێ چار تشت: ئاڤ، ئاگر، با و ئاخ ئاڤا بوویە، ئەڤ چار تشت بنەما و ئوستوونێن ژیانێنە)،٢. کۆڵەکە، ستوون، ئەستوندەک: (کۆنێ وی ل سەر بیست و چار ئوستوونان دهات ڤەگرتن) «سەنار».

**ئوستی**: ئەستۆ، ئەستوو، مل، گەردن، ستۆ.

**ئوستیخار**: ستۆخوار، لارەمل: (مەڤێ ئوندابووی هەر تم ئوستیخار و گیرۆدەیە) «سەنار».

**ئوستیخوار**: داماو، مەلوول، بێگێول.

**ئوسقۆف**: دادپرسی مەسیحیگەل.

**ئوسکوف**: چاوبەندی باز، کڵاوی چەرمینەی بازی ڕاوی.

**ئوسکۆف**: ئوسکوف، ئسکووف: (ئوسکۆفەکە زولمەتێ ب سەردا/ جلفۆیەکە ئولفەتێ ب بەردا)

«خانی».

**ئوسمان**: ١. حەزرەت عوسمان: (جیگر ئوسمان د دەما جیگیریا خوەدا دەستوورا یەکسانسازییا بەرگێن قورئانێ دایە) «سەنار»،٢. ناڤێ مێرانە.

**ئوسمانەلەک**: دێیەکە لە باشووری چەمچەماڵ.

**ئوسۆ**: سووکەڵەی ناوی یوسف.

**ئوسوول**: دەستوورات، ڕێوشوێن.

**ئوسوولی**: هەرچی لە بە پێی ڕێوشوون بێ.

**ئۆسە**: ئۆسان.

**ئوش**: بێژەر، پەیڤدەر، ئەو کەسە ک قسیە کەیێد.

**ئۆش**: ئۆشت، هۆش، هۆئش، هێش، چۆش، وشەی ڕاوەستاندنی کەر.

**ئۆشت**: ئۆش، هۆش، چۆش(کەر).

**ئوشتر**: وشتر: (وتم: داخۆ چییە سوور و سپی تێکەڵ؟! کە تێفکریم/ سەراسەر کەللەیی ئوشتر، لەبالەب خوێنی ئینسانە) «نالی».

**ئۆشتر**: وشتر، حێشتر، ووشتر، حوشتر، فوشترا، ئوشترا: (مەقام و زەمزەمەی حادی، لە شەوقی کەعبە و حوجرەی/ مەقام و زەمزەمە، وا ئوشتری هێنایە جۆلانە) «نالی».

**ئوشریەێ**: ئەوە ئوشن، دەڵێن.

**ئوشریەێد**: ئوشریەێ.

**ئوشریەێدەو**: دەردەکەوێ، ئاشکرا بوودەو.

**ئوشم**: ١. م ئوشم، ئێژم، دەڵێم،٢. ئەوسا، ئینجا: (ئوشم ت ئەڕا نەچیدەو).

**ئوشما**: سڕەگە ئاشکرا کەم.

**ئوشمەو**: ئەو سڕەیلە ئاشکار کەم.

**ئوشمێا**: ئوشما.

**ئوشمێەو**: ئوشما، ئوشمێا.

**ئوشن**: ١. گوتن، گۆتن، وتن، ووتن،٢. دەبێژن، دەڵێن، ئێژن، ئەوانە ئەیژن،٣. دەڵێن چی؟.

**ئوشنا**: ئەوانە ئاشکرا کەن.

**ئوشنەو**: ئاشکرای کەن.

**ئوشنەوەێ**: ئوشنێەو.

**ئوشنەێ**: ئاشکرای کەن.

**ئوشنێا**: ئوشنا.

**ئوشنێەو**: ئوشنا، ئوشنێا.

**ئۆشۆ**: بە زاری زارۆکان واتە کەر.

**ئوشی**: ١. هووشی، وشی، هێشوو، بۆڵ(ترێ)،٢. باقە، باغەگەنمی درواو،٣. ت ئوشی، ئێژی، دەڵێی.

**ئوشێ**: ئەو ئوشێ، ئوشێد.

**ئوشیا**: ئوشیدا، دەڵێی.

**ئوشێا**: ئوشێدا، پێیدەڵێی.

**ئوشید**: ئوشی، دەڵێی.

**ئوشێد**: ئوشێ، دەڵێی.

**ئوشێگ**: ئوشێد.

**ئوشیم**: ئوشیمن، دەڵێین.

**ئوشیما**: ڕازەکە دەڵێین.

**ئوشیمن**: ئوشیم.

**ئوشیمنەپێ**: ئوشیمە پێ.

**ئوشیمنەو**: ئوشیما.

**ئوشیمنێا**: ئوشیما.

**ئوشیمەپێ**: پێی دەڵێین.

**ئوشیمەو**: ئوشیما.

**ئوشیمێا**: ئوشیما.

**ئوشیمێەو**: ئوشیما.

**ئوشین**: ئویە ئوشین، دەڵێیت.

**ئوشینا**: ئوشینەو، دەیدرکێنی.

**ئوشینەپێ**: وەپێ ئوشین.

**ئوشینەو**: ئاشکار کەینەو.

**ئوشینەوەێ**: ئوشینێەو، دەڵێی.

**ئوشینەێ**: ئاشکارێ کەین.

**ئوشینێەو**: ئوشینەوەێ.

**ئوغر**: ئۆغر.

**ئۆغر**: ١. ئۆخر، سەفەر، وەغر، وەغەر، کۆچ، ڕۆین: (علیک السلام! کاکەی کوت و کویێر/ بەم

قرچە قرچە ئۆغرتان بە خێر!) «گۆران»، (سواری ئەسپ ئەبێ، ئۆغر بۆ خەرمان/ فەلاش پەلەپەل دروست ئەکا نان) «قانع»،٢. خێردیتن لە سەفەردا: (ئۆغرایە تەیا خێر بێ).

**ئۆغراتەیاخێربێ**: کۆچت خێر بێ.

**ئوغران**: گوندێکە لە خۆراوای هەولێر.

**ئۆغربڕین**: ناوی یارییەکی ئەسپ سواری کۆنە.

**ئۆغربوت**: بۆ کوێ دەچی؟

**ئۆغربێ**: بۆ کوێ دەچی؟ (ماندوو نەبوونی لە ڕێوی کرد و کوتی: مامڕێوی ئۆغربێ؟) «توحفە».

**ئۆغرتخەیربۆ**: سەفەرت خێر بێ، خێر بێتە ڕێت: (ساتێ قافڵەکەت ساکن نە سەیر بۆ/ یەک عەرزێ دێرم، ئۆغرت خەیر بۆ) «مەولەوی».

**ئۆغرخاس**: ئەو کەسەی دێتە سەر ڕێی ڕێبوار، کەسێکی باش بێ.

**ئۆغرخراو**: ئەو کەسەی دێتە سەر ڕێ، کەسێکی بەدشگون بێ.

**ئۆغرکردن**: سەفەرکردن، وەغرکرن.

**ئۆغرلێبڕین**: خێر و خۆشی سەفەر لێ گرتن: (لووزەوی هەوەڵین دەستەسوارانی داگیرکەرانی کوردستان، ئۆغریان لێ بڕیمەوە) «شەرەفنامە».

**ئۆغرمڵدی**: بۆچ لایەک ئەڕۆن؟

**ئۆغرەتخێر**: سەفەرت بەخێر.

**ئۆغز**: ناوە بۆ پیاوان: (ئۆغزبەگ).

**ئۆغزەلی**: شارێکی باکووری کوردستانە.

**ئۆغسەلەو**: گوندێکە لە خۆرهەڵاتی هەولێر.

**ئوغلانیمیرئەحمەد**: گوندێکە لای بیجاڕ.

**ئۆغڵبەگ**: ناوی گوندێکە لە ئازەربایجانی ئێران، دانیشتوانی بە زوڕناژەن و دەهۆڵکوت ناسراون، لۆتی ئۆغبەگ ورچ و مەیمونیان پێبووە، بە گوندەکانی کوردستاندا گەڕاون و بەزمیان گێڕاوە: (تیپ ئیفتیخار قەییم ئۆغڵبەگ) «ئاوێنەیبێگەرد».

**ئۆغلمە**: جەنگ و هێرشی توند، شەڕی مەغلوبە، هنگامە، دەسریژ، قەرەباڵغی: (کێ دزانت من ژ رمبازان دەما ئوغلمە تێن/ تێتە دل سەد ڕم ژ وان و سینە تێتێ سەد جەرید) «جزیری».

**ئۆغلەمە**: ئۆغلمە.

**ئۆغوزەلی**: شارێکی باکووری کوردستانە سەر بە شاری غازیعەنتاب.

**ئۆغوس**: شارێکی باکووری کوردستان سەر بە پارێزگای ئەرزنجان.

**ئۆغوڵبەو**: گوندێکە لای تیکاب.

**ئوغەر**: ١. وەغەر، سەفەر کرن ٢. خێردیتن لە سەفەرێ.

**ئوغەڵ**: دێیەکە لە دێکۆی کانی سووری بانە.

**ئۆغەن**: ١. دواهەمین حەوتووی چلەی بچووک: (مێرەم دەبینێ، ئۆغەن دەشکێنێ) «پەند»،٢. گوندێکە لای پیرانشار.

**ئوف**: ١. ئاخ، ئۆف، واخ، بۆ ئازار: (ئۆف خوایە وا منالّ لە خەوا، نووستووە شەوە/ دەستیشی وا لە گەردنی دایکیا و ئەژی بەوە) «پیرەمێرد»،٢. ئافەرین،٣. ئۆخ، ئۆهـ، ئۆخەی، بۆ خوەشی.

**ئۆف**: ١. ئاهـ ئۆ، ئۆهـ واخ، ئۆفت، ئوف، ئۆف، وشەی ئێش و ئازارە: (بە خەنجەر دڵمی لەتلەت کرد/ وتی: خۆ وا خراپ و دڵ واها چاک!) «مەحوی»،٢. ئۆخەی، ئۆخەیچ، وشەی دەربڕینی وەشی‌یە: (موتریب سازەکەت ئۆف چ وەشتەرز بی/ ئەمجاریش وەک دەنگ مەجلیس هەر بەرز بی) «مەولەوی»،٣. تۆف، کڕێوە✕: (بەفر و بەستەڵەک، بزیسکە، بریسکە، شاخە و شریخە، با و بۆران، تۆف، ئۆف و کڕێوە، لێزمە و تاو و لافاو ...) «کۆردەرە».

**ئۆفپەری**: ئسترانەکی کوردییە: (ئۆف پەری،

پەری، پەری/ قورینگی چۆمی گادەری) «حەسەن زیرەک».
**ئۆفت**: ئۆف.
**ئوفتادە**: ١. لێکەوتوو: (چ قەد کەوانیێ؟ وەکوو پێ شکاو و ئوفتادە/ کە بازی سێ قەدەمی قەت نەداوە وەک پەڕی تیر) «نالی»،٢. دانوشتاو، بە سەردا کەوتوو: (دەرسات جە خاودا ئوفتادەی پات بیم/ ڕوخسار گەردئالود، خاکی پالآت بیم) «بێسارانی».
**ئوفتادەبوون**: لێکەوتن، پیربوون: (ئەمن ئوفتادە بووم بۆخۆت بە ڕوحمت دەستگیرم بووی/ پەشیمانی نە شێوەی تۆیە، ئەی خورشیدی ئیقبالم) «وەفایی».
**ئوففە**: ئوفەر، مەقاو.
**ئوفق**: ئاسۆ، ئاسۆگ، سۆێگە: (توخوا دڵەکەم کوانێ خوتووراتی جوانیت؟! بۆ ڕەش بوو هەموو ئوفقی خەیالآت و سەرابم؟) «گۆران».
**ئۆفلاز**: ١. خۆشەویست، ژیرکەڵە، عەزیز، ٢. ناڤێ مێرانە.
**ئۆفوئامان**: ئاخوئۆف، داخوکەسەر: (ئەی کوردە بەسیەتی تاکەی ئەم شیوەن و فوغانە/ بێسوودە ئۆف و ئامان، لەم عەسرە بێئامانە) «ف. بێکەس».
**ئوفوق**: ئاسۆ: (شەو شەق، کراسی خومی خۆی داکەند/ ئوفوق بە شەفەق کەوتە شەکەرخەند) «پیرەمێرد».
**ئۆفووەی**: ئاخوئۆف، خەموخەفەت: (بنووسم شەرح و حاڵی ژینی تاڵم/ هەتاکەی پڕ لە داخ و ئۆف و وەی بێ) «ڕاوچی».
**ئوفە**: ئۆفە، ئۆففە.
**ئۆفە**: ئوفەر، ئوففە، مەقاو، نەخۆشیکی یەکسەمە وەک هەڵامەت ئاو بە چاویا دێتە خوارێ.
**ئوفەر**: ئۆفە، مەقاو.
**ئۆڤاجیک**: شارێکی باکووری کوردستان سەر بە ئورفە.
**ئۆڤە**: بقە، وشەی ترساندنی منداڵ.
**ئۆڤەباغ**: شارێکی باکووری کوردستانە سەر شاری دیاربەکر.
**ئۆڤیرئایشتن**: هێنانەوەبیر، وەهور خستن.
**ئۆق**: قەتیس کراو.
**ئۆقرە**: وەقرە، هەدا، ئارام، تۆتکە، ئۆخژن: (لە سوێی ئەو شۆخە ئۆقرەی لێ بڕابوو/ لە ژیندا ژان و ئێشی پێبڕابوو) «ناڵەی جودایی».
**ئۆقرەبڕان**: ئارامی لێبڕان، هەدانەدان: (نەیمابوو هۆش و هەدادان و خەو/ ئۆقرەی بڕابوو بە ڕۆژ و بە شەو) «هێمن».
**ئۆقرەگرتن**: هەدادان، داسەکنان، ئارامبوون: (دڵەکوتەم نییە، دڵم/ جێی کیژێکی خانومانە/ منداڵە، ئۆقرە ناگرێ/ بۆم دروست کردووە جۆلانە) «هێمن».
**ئۆقرەلێبڕان**: هەدانەدان، نەسرەوتن: (ڕەزا ئۆقرەی لێبڕابوو، بە دەم گریانەوە سوێسکئاسا دەرپەڕی) «کۆردەرە».
**ئۆق کریا**: قەتیس کراوە.
**ئۆق کریای**: قەتیس کران.
**ئۆێق کریێ**: قەتیس کراوە.
**ئۆق کەردەی**: قەتیس کردن.
**ئۆقووف**: وەنەرمی و کارامەیی.
**ئۆقووفئۆقووف**: یەواش یەواش.
**ئۆقە**: قەتیس کراو.
**ئوقیانووس**: ئۆقیانووس، دەریای گەورە: (مژێکی زۆر سەراسەری ئوقیانووسی داپۆشیبوو) «پێکەنینی گەدا».
**ئۆقیانووس**: زەریا، زرێ، دەریای مەزن: (نە خەوم خەو، نە خەیاڵم وەک خەیاڵ وابوو/ هەستیم وێنەی ئوقیانووسی ژێر ڕەشەبا بوو) «گۆران».

**ئوک**: قورگ، قرگ، گەروو، ئووک.
**ئۆک**: ١. پاشگری وشە بۆ زۆرکردن: (گرینۆک، ترسەنۆک) ٢. پاشگر بۆ چوککردن: (چنارۆک، زارۆک، بەگۆک).
**ئوکالیپتۆڵ**: عەتریکە لە داری ئۆکالیپتووس دەگیرێ.
**ئۆکالیپتووس**: ئوکالیتۆس، داریکی جەنگەڵییە.
**ئۆکالیتۆس**: ئووکالیتوس.
**ئۆکتوبر**: ئوکتۆبر، تشرینی یەکەم، مانگی دەیەمیساڵی زایینی: (بە شۆڕشگێڕی ئوکتۆبری مەزن/ پاڵەوانانی هەرگیز نابەزن) «بۆکوردستان».
**ئوکە**: پاشگری بچوککردنەوە: (ئەوەندوکە).
**ئۆکە**: پاشکۆی چوک نیشاندانە: (منالۆکە).
**ئۆگار**: ئەوگار، داماو، کز.
**ئۆگارە**: ئۆگار، ئەوگار، داماگ.
**ئۆگاری**: ئەوگاری، کزی، داماوی.
**ئۆگر**: ١. هۆگر، لایەنگر، متوو، هەوادار: (دڵ وەها ئۆگر بە زولفە، ساعەتێ بێی ناسرەوێ/ تا سەرەنجامی چییە، ئەو سوحبەتەی کەبک و عوقاب) «ئەدەب»،٢. ڕام، دەستەمۆ، خوو پێگرتوو.
**ئۆگربوون**: ١. هۆگربوون، لاگرتن،٢. ڕاهاتن، ڕامبوون: (بەرخە خەزاڵ زۆر ئۆگری یارییە) «ئەمیری».
**ئۆگرە**: ئەگرە، ویرێ، ڤێرێ، ئێرە، ئێرانە، ئەورە.
**ئۆگری**: ١. هۆگری، لایەنگیری،٢. ڕامی، دەستەمۆیی.
**ئۆگوس**: شاریکی باکووری کوردستانە سەر بە شاری باتمان.
**ئۆگە**: ئەوێ، وێدەرێ، ئێنە، ئەینە، وێنە، ئەوردانە.
**ئول**: ١. ئوول، دین، ئایین: (ژ وان کەسان بێتر گوهـ ددانە شێخ ئول ئیسلام) «مەستوورە»،٢. داب‌ونەریت: (دەڵێن شوانەوێرەیەکی ئەم دەشتی هەولێرە لە نەریتی ئولی ئاوەدانی نەدەزانی) «ف.پ.پ.».
**ئۆل**: ١. ئایین، ڕێ، ڕێبازگە، مەزەو: (سوسنا ژارا ئەڤینێ تو خودێ هاژێ هەبە/ نازکن سوسن دلبەرێ دل ڕەق و بێ ئول نەبە) «سندی» ٢. پاشگری بچوک شاندان: (مچۆل)،٣. ئول، داب، نەریتی باوی ناو کۆمەڵ،٤. دین، ئایین، ڕێبازی دینی: (ناڤێ پرتووکا پیرۆز ئا ئۆلا ئیسلامێ قورئانە) «سەنار»،٥. وەک، وەکوو، مینا: (مار گۆت: ئەزێ تەرا بێژم خەونا دەولەتی، لێ چ دا تە، بینە ئەم هەڤدوو را پار بکن ئۆلا بران) «سەنار».
**ئۆڵ**: ١. پاشگری زۆری و زیدی:(فرتۆل) ٢. پاشگرە بۆ پچوک شاندان:(خانمۆڵ).
**ئۆلا**: ئەولا.
**ئۆلاتەر**: ئەولاتەر.
**ئۆلاتەرلوای**: ئەولاتر چوون، دۆعای شەڕە.
**ئۆلاخ**: ١. ولاخ، ئولاخ، ولاغ، ئۆلاغ، گا و گۆل ٢. کەر، گوێدرێژ، چاروا، بارکێش، پاکێش، یەکسم، دەوار: (غەمزەبازی ئاسکەکەی دەرگانەکەت گەر ڕوو بدا/ تازە ئەسپیی هاڵەدار و یا ئوڵاخی لەڕ چییە؟) «قانع».
**ئۆلاخدار**: ولاخدار، خاوەنولاغ، خودانئۆلاغ، خەرەکدار، چاروادار.
**ئولاخدار**: ئۆلاخدار.
**ئولاخدارە**: ئولاخدار بۆ مێ.
**ئۆڵاخداری**: وڵاخداری، کەرداری.
**ئولاخداری**: وڵاخداری.
**ئۆلاد**: ئەولاد، منداڵ، ڕۆڵە.
**ئولاغ**: ئۆلاغ، وڵاخ.
**ئۆلاغ**: ووڵاخ، ئولاخ.
**ئولاغدار**: وڵاخدار.
**ئولاغدارە**: وڵاخدار بۆ مێ.

**ئولاغداری**: وڵاخداری.

**ئولاق**: ئۆلاق.

**ئۆلاق**: ١. ئولاق، ئەسپی نارەسەن ٢. ماینی بێ‌تین و لاواز.

**ئۆلام**: ١. نۆکەر، خزمەتکار: (ئاخا ب خولام، خولام ب ئۆلام، ئۆلام ب تەنەتەنەیە) «پەند». ٢. کۆیلە، زێڕخڕی: (چاخا ئۆلام پێ زێڕ دێیید کرینێ/ تو جانێ خو مەدە بەر مرنێ) «گول‌شوون». ٣. خزمەتکاری، کۆیلەیی، پشتەملە، کار بێ حەق: ( دوو کەس ئۆلام بێهوودە برن/ خەوات بێ‌فایدە کرن) «گول‌شوون».

**ئۆلام‌کرن**: ئۆلامی کردن، خزمەت کرن: (تو چون گا ژ خاری بهەر کۆکی/ گەرەک مینا گا تو ئۆلاما بکی) «گول‌شوون».

**ئۆلامەت**: ستەم، بێگار، بێگاری.

**ئۆلامی**: خوڵامی، خزمەتکاری: (دوو برا هەبوون یەکی ل سولتانی ڕا خدمەت دەکری، ئێدن ب زۆرا چەپلان نان دەخۆری، جاری برایێ تونەبی ب برایێ هەبی ڕا گۆت: تو چما کار نەکی تا ژ وێ ئۆلامی خلاس ببی) «گول‌شوون».

**ئۆلانوی**: ئایینی نوێ، دینی تازە.

**ئۆلاوە**: ئەولاوە، بەولاوە.

**ئۆلاین**: ئەوەی ئەولا.

**ئۆلاینە**: ئەوەی ئەولا.

**ئۆلاینێ**: ئەوانەی ئەولا.

**ئۆل‌پەرست**: دیندار، دین‌پەرست: (مەحموود پاشا مرۆڤەکی ئۆل‌پەرست بوو) «مەستورە».

**ئۆل‌پەرستن**: دین پەرستن.

**ئۆل‌پەرستی**: دینداری، دین‌پەرستی.

**ئۆل‌پەروەر**: ئۆل‌پەرست.

**ئۆل‌پەروەری**: دینداری، ئۆل‌پەرستی.

**ئۆلدار**: دیندار، ئایینی.

**ئۆلس**: گوندێکە لە نزیک شارۆچکەی قەراج.

**ئولف**: هۆگری، مەیل: (ژ ئولفێ شوبهەتی زولفێ، مەدام لەو بێ‌قەرارم ئەز/ کو جانێ من عەزیز ئیرۆ چوو دل وێ د ئولفێ دا) «جزیری».

**ئولفەت**: ١. خوو، خدوو، هۆگر، خدێ‌دان، گورۆ بوون: (گا ماچم ئەکرد لێوی قوت و چاو و برۆی مەست/ چەن ساتێ وەها ئولفەتی تۆم بووبوو بە عادەت) «گۆران». ٢. دۆستی، دۆستایێتی، نزیکاتی، نزیکی: (ئولفەتی زولفت چییە قوربان لەگەڵ ڕوخساری تۆ؟/ خۆ بە هیچ دینێکی نابێ کوفر و ئیمان پێکەوە) «وەفایی».

**ئولفەت‌گرتەی**: لەگەڵدا ڕاهاتن.

**ئۆلڤان**: ئایین‌پەروەر، دیندار.

**ئولک**: چەپەر، تامان، تەیمان، پەرژین.

**ئۆلک**: ١. مێخ زنجیر، گولمێخ، مێخ تەویلە ٢. پێوانەیەکی عەرزە.

**ئولکە**: ١. پاشگری بچوک نیشاندان: (گردوولکە)، ٢. وڵات: (لە ئولکەی عیشقەدا بێ چوونە سەر دار/ بە ئاسانی مەزانە بووونە سەردار) «مەحوی».

**ئۆلکە**: ولات، وڵات، وەلات، نیشتمان: (لە ئۆلکەی عیشقە دابێ چونە سەردار / بە ئاسانی مەزانە بوونە سەردار) «مەحوی».

**ئۆڵکە**: پاشگری چووک شاندان: (تەپۆڵکە).

**ئۆڵگ**: گیا، ڕووەک.

**ئۆڵگە**: مەڵبەند، مەڵوەن، جیگە، ناوچە، دەڤەر.

**ئولمش**: گوندێکە لە باکووری مووسڵ.

**ئۆل‌وئاین**: ××م

**ئولودەرە**: شارێکی کوردستانی تورکیا لای شیرناق ل دەڤەرا هەکاری.

**ئۆڵوڵو**: ١. لای‌لای، لایلایە، سرودی خەواندنی منداڵ. ٢. خۆخۆلێ، قازانەسەرە، شەولەبان، شتێکی خەیاڵی بۆ ترساندنی منداڵ. ٣. ئای‌ئای، ئۆف‌ئۆف، بۆ کاتی خەم و پەرۆش.

**ئوڵۆڵۆ**: ئای‌ئای، ئۆف، ئوف، وای.
**ئۆڵۆڵە**: خەفتن ئەڕای منداڵ.
**ئوله**: ئۆڵە، پاشگری چوک نیشاندانە: (گزمووله).
**ئـۆلە**: ١. باڵنـدەیەکە ٢. ئـوله، پاشـگری گچـکە شاندانە: (ناسکۆلە).
**ئـــۆلی**: ١. ئوســـان، ولـــیٚ، وەیلـــیٚ ٢. ژوور، ژورەوە،٣. بـــالکوون،٤. دینـــی، ئـــایینی: (د ویٚ شیٚوریٚ دا نۆنەریٚ ئۆلییٚ بوون، ئەنـدەمیٚ دیوانـا وەلی، قازییٚ سەنەدەجیٚ و سەرۆکیٚن عەشیرەتیٚن مەزن) «مەستوورە».
**ئـــۆلیفەت**: دەس‌خۆشـانە، پـارە بـۆ حەکیمـی محەللی: (دەرمـان و تیمـاری بـیٚ ئـۆلیفەت کـار ناکات) «پیٚکەنینی‌گەدا».
**ئۆمای**: هاتن.
**ئومئەرخە**: گوندیٚکە لە دەڤەری شەنگال.
**ئۆمجالی**: شاریٚکە لە باکووری کوردستان سـەر بە پاریٚزگای موش.
**ئومر**: عومر، تەمەن: (هەتا دوایيا ئومریٚ خـوە ل پیٚشبەریٚ مالباتا خوە ...) «پەپووک».
**ئوم‌رەواف**: گوندیٚکە لای بەدرە.
**ئومشت‌هوشیار**: ١. ناڤیٚ خوەدیٚ،٢. هەمیشە هوشیار.
**ئومک**: پوکاولە، چەمۆڵە، چەمبۆڵە.
**ئومما**: لەگەن، کاسیلە، کاسەی سمت.
**ئوممەت**: ئومەت، پیٚڕەوانی دینیٚ: (سـی ڕۆژەی ڕەمەزانیٚ/ فەڕزە لە سەر ئوممەتیٚ) «فۆلکلۆر».
**ئوممی**: ئومی.
**ئوممید**: ئوممیٚد.
**ئوممیٚـــــد**: ئومیـــد، هیـــوا: (بە ئوممیٚـــدی شـەکەرخەندیٚ لە خـونچەی لیٚـوی شـیرینت/ بە لالەی ئەشکەوە وا دیـدە پـڕ گریـانەکەی خـۆت هات) «بیٚخود».
**ئومور**: کـاران، کارەیـل: (دەسـپیٚرنە وان کەسـان ئوموریٚ/ ئەو تیٚخنە دەولەتا قوسوریٚ) «خانی».
**ئۆمەت**: ١. ئۆمەت، پەیڕۆەو، پیٚڕەوانـی ئایینیٚـک: (ســـی ڕۆژەی مـــانگی ڕەمەزان فەڕزە لەســـەر ئۆمەتیٚ/ سینگت قاقەزی مەرجان مەلا للیٚ دەدەن خەتیٚ/ لە دنیایەم بۆ نەبووی چـت لـیٚ بـکەم لە قیـامەتیٚ) «فۆلکلـۆر»،٢. نـاڤیٚ میٚـرانە: (وەختیٚـک دەهات سەریٚکی ئومەتە زەردی دەدا و شـەویٚکی لە کن دەمایەوە) «حەمەدۆک».
**ئۆمەت**: دەسـتەی پەیڕەوانـی دینیٚکـی تـایبەت: (قەت کەس نەکر ئەڤ پرس ژ من/ نە ژ ئەنبیائیٚ ئوممەتیٚ) «فەقیٚ تەیران».
**ئۆمەر**: ١. هۆمەر، عومەر، عومبەر، ناوی پیـاوانە لە عومەر وەرگیراوە: (مام ئۆمەرەی بـن کەنـدی/ بە خـۆت و بە توڵەقەنـدی/ پیٚسـتی ڕیٚویـت بە چەنـــدی؟) «فۆلکلـــۆر»،٢. ئەحە، بە مەجـــاز بەو کەسە دەگوتریٚ کە لە ژنەکەی بترسیٚ×: (نـاحەق نەبـوو: پـرتە و بـۆڵە، لە دەرەوە بیسـتن پیـاوی ماڵەکە بە بۆرەپیاو و ئۆمەر حسیٚب دەکرا) «خـاک و چەوسانەوە».
**ئۆمەران**: ئاوەدان، عومران.
**ئۆمەراوا**: ١. گونـدیٚکە لای گەلاڵە،٢. گونـدیٚکە لە خۆراوای مەخموور.
**ئۆمەراوە**: گوندیٚکە لە باشووری هەولیٚر.
**ئۆمەربـــل**: خیٚلیٚکـــی نـــاوداری کـــوردن پـــیٚش پەیدابوونی ئیسلام پیاویٚکی هەڵکەوتوی بە نـاوی هۆمەر لیٚکەوتـۆتەوە کە ئەم خـیٚڵە بە نـاوی وی ناودیٚر بووگە.
**ئۆمەربەگ**: گوندیٚکە لە نزیک کەرکووک.
**ئۆمەرخان**: دیٚیەکە لای شارۆچکەی سورداش.
**ئۆمەرخوچان**: ١. ناوی خوشک و بـرایەک بـووە کە لە شـاری کـۆیە لە سـەر گردیٚـک نیٚـژراوە،٢. ناوی ئەو گردەی کە ئەم دوو کەسەی لیٚنیٚژراوە،

٣. ناوی ڕەزێکە بە ناوی ڕەزی ئۆمەرخوچان.

**ئومەرخۆشناو**: گوندێکە لای ئاکرێ.

**ئۆمەرسینا**: گوندێکە لای قەسرۆک.

**ئۆمەرکـا**: خێڵێکـی بچـوکی کـوردانە کەوتـۆتە ڕۆژاوای شاری قامیشلو.

**ئۆمەرگـونبەت**: ١. پیاوچاکێـک بـووە لە وراتـی کۆیێ،٢. ناوی گونـدێکە بە نـاوی ئۆمەرگـونبەت لای کۆیە.

**ئۆمەرگێلە**: عومەرگێلە.

**ئۆمەرلی**: شارێکی باکووری کوردستان سـەر بە شاری ماردین.

**ئومەرمامکە**: گوندێکە لە باشووری هەولێر.

**ئۆمەرمەنـدان**: ١. پیاوچاکێـک بـووە ل نزیـک تەقتەق، مەزاری لەوەییە،٢. ناوی ئەو گـردەیە کە چاکەکەی لێ نێژراوە،٣. ناوی گـردێکە لە شـاری کـۆیە کە جێـی نەزرگەی ئۆمەرمەنـدان بـووە: (یەکێ شێت بێ دەچێتە سەر ئۆمەرمەندان، ئەگەر ئۆمەرمەندان شێت بێ دەچێتە کوێ؟).

**ئۆمەرەخێـل**: نـاوە بـۆ پیـاوان: (دەرێـی گێـرەی ئۆمەرەخێلی قووچییە!) «پەند».

**ئۆمەرەگەدە**: گوندێکە لە باشووری چەمچەماڵ.

**ئۆمەریـا**: هـۆزێکی کـوردی دانیشـتوی شـاری نسیبینی.

**ئۆمەی**: هاتن.

**ئومێ**: هێوا، هێڤی، ئاوات.

**ئومی**: ئۆمی.

**ئۆمی**: ١. نەخوێنـدەوار، نەخـوەنە، نەخـوێنەوار، بێسـیوات: (ئیقبـاڵی ئـوممی، گـڕ و دەورێـکە/ وەکـوو نیشـانەی پەڵە هەورێـکە) «پیرەمێـرد»،٢. جگە لە سەید.

**ئومید**: ١. هیوا، هومێد، هێڤـی، هەویـا، پونگـاڵ، مەرەم: (تێدا ئوممێد و بیم و گریە و سۆز/ بەهـار و پایز و زستان و هاوین) «نالی»،٢. ناڤا زەلامـان ژی هاتیە.

**ئومێد**: ١. ئومید، ئەرجو، همێ، هانا، هێڤی، هیوا: (تا چەند بە میهر و ستەم، ئەو بیم و ئومێدە؟/ یا: بمکــوژە، یــا: ڕووم بــدەرێ، خەوف و ڕەجــا چەند؟) «ئەدەب»،٢. ناوە بـۆ کـوڕان،٣. نـاوە بـۆ کچان و کوڕان.

**ئۆمید**: ئمێد، ئومید.

**ئومیدئاوا**: گوندێکە لای بیجاڕ.

**ئومیدئەوە**: چـاوەڕوانیم ئەوەیە: (ئومیـد ئەوە ژ ئەهلـێ عیرفـان/ ئەو دێ نەگـرن ل مـن چـو حەرفان) «خانی».

**ئومیدبڕان**: هیوا چوون، هێڤی بڕیان.

**ئومێدچوون**: هیوا بڕان، دڵ شکان: (سەری عەقڵم لە دەستم چوو، کەماڵ و هۆش و عـیلمم چـوو/ ئومێـــدی وەســـڵی یـــارم چـــوو، مەدەد یـــا «ساکینولبەغداد») «سەفوەت».

**ئومێدش**: هومێدی، هیوای: (ئەحـمەد ئومێـدش بە دانای داوەر/ یا تاقەت، یـا مەرگ، یـا وەسـڵی دڵبەر) «ئەحمەد بەگی کۆماسی».

**ئومێدکران**: هیوا چاوەڕوان کران: (پێم ئەڵێن مینە وەفا لەو شۆخە ئومێـد نـاکرێ/ گـوڵبەدەن سـەد جــار بڵــێن سەنعاســفەت عەودالــی تــووم) «مینەجاف».

**ئومێدکرن**: ئومێدواری، هیـواداری، هێڤیـداریێتی: (ئیلاهی زۆر شوکور، ئومێـدی نـانێ مـن لە شـا ناکەم/ لە تۆزی ئاشـەدا غەرقـم، لە تەوقـی سـەر هەتا ئەژنۆم) «قانع».

**ئومیدوار**: هیوادار، هێڤیدار، بەتەما: (هندی کـو ژ هیجرێ بـێقەرارم/ ئەوچەنـدە ژ تە ئومیـدەوارم) «خانی».

**ئومێدوار**: ئومیدوار، هومێدەوار: (ئەمشەو گـوڵی ئومێدی وەتەنمان ئەپشکوێ/ میللەت ئومێـدەوارە بە زانستی پێشکەوێ) «پیرەمێرد».

**ئومێـدەک**: هیوایێـک، هێڤیـیەک: (نە ئومێـدەک کویر و دویرە، باوەری ب سالا هەبت) «سندی».

**ئومێدەوار**: ئومێدوار، تەمـادار: (مـن و نەسـیمی سەحەرگاه و بولبولی شەیدا/ ئومێـدەواری گـوڵێ بووین، ئەوان دیان، من مام) «ئەدەب».

**ئومێدەواری**: هێڤیداری، تەماداری: (بە سـەری خەدەنگی نازت جیگەری بریم چـاوی بـازت/ بە ئومێـدی نـازێکی ویـم، ئەگینـا ئەمـن نەمـاوم) «وەفایی».

**ئومێدهەن**: ئومێـدوارم، هێڤیـدارم: (ئومێـد هەن دەرگێڵ سـەرزەمینان بـای/ ئـاوارەی وەتەن جـام جەمینان بای) «بێسارانی».

**ئومێوار**: هیوادار، هێڤیدار.

**ئومێواری**: هیواداری، بەهیوابوون.

**ئومیە**: ئومی، نەخوێندەوار بۆ مێ.

**ئونجە**: وێنجە(گیا).

**ئۆنجە**: ئونجە، وێنجە.

**ئۆنجەلیک**: شاخێکە لە نزیک شاری سەلماس.

**ئۆنجێ**: ئۆنجە، وێنجە: (هەسـپ حەژی ئـۆنجێ دکە).

**ئوندا**: بزر، ون، وندا، گـوم: (مەرڤـێ ل وەلاتـێ خوە دوورکەتی ئوندایە) «سەنار».

**ئوندابوون**: تێداچوون، ونبوون: (وەختـێ مـالێ مە ئوندا ببە، مالێ جیهانێ وێ تەمام تێک هەرە!) «سەنار».

**ئوندابووی**: ونبـوو، بێسەروشـوێن: (مەرڤـێ ل وەلاتێ خوە دوورکەتی ئوندایە، کەسێ وندابووی دبە کو کێری خەلکێ وارە) «سەنار».

**ئونداکرن**: ون کردن، بزر کرن.

**ئونس**: ١. سەنگی کێشانە (٢٤ گـرەم)،٢. گـورۆ، عادەت، خوو، هیروو، هۆ، هۆگری بە شتێ.

**ئونڤان**: ١. نیشانی، نشـانە،٢. پێشـەکی، عینـوان، پێش نڤیسا کتێب.

**ئونگانن**: ئیرادگرتن بە گریانەوە.

**ئونگئانگ**: نازونووز، ئاین‌وئۆین.

**ئونگە**: ئونگەئونگ، نازونووز.

**ئونگەونوگە**: ئونگە.

**ئونە**: ١. هۆئەوە، هۆوە، ئەوە،٢. ئەوانە بۆ دوور.

**ئونێ**: ١. ئونە، ئەوە،٢. ئەوانە بۆ دوور.

**ئونیشک**: نویشک، کەرە، ڕۆنەکەرە، فەریکەڕۆن.

**ئوو**: ١. و، وە، پیتی پێوەندی دوو ڕستەیە،٢. ئەو، ئـامرازی ئیشـارەت بـۆ دوور: (خـایین دەرکەت فەلەکـا مـن/ ئـوو چەرخـا مـن چەپ زڤرانـد) «سەنار».

**ئوواره**: ١. ئاوبارە، بەربەند بۆ هەستاندنی ئـاو،٢. دێم، لێژاو، جێی دژاو کە ئاو هەڵنامژێ.

**ئـــووازیفە**: خەرج مەیـوە، حەق مـدوەق، ئەو خواردەمەنی‌یە ک زاوا ئەڕای ماڵ وەوو کل کەێد.

**ئووب**: ئۆبە.

**ئووبـــا**: ١. ئـوون، ئوونـگ، ئیـراد،٢. مەیێنکـردن، حاشـاکردن: (ئووبایـان کـردن)،٣. ئەژداد، ئابـا، باب‌کال: (ئێڵ ئووبا).

**ئووبادراوردن**: عەیب‌گرتن، ئیراددەرهێنان.

**ئووپشکن**: ئاوپرژێن، ئاوپژێن.

**ئووتاڤ**: تاف، تاڤ، تاڤگە.

**ئۆوتاڤ**: تاڤگە، تاڤ، سۆلاف، قەڵپەزە.

**ئۆوتمۆن**: هاویشتمان، ئاویتمان، خستمان.

**ئۆوتن**: هاویشتن، فڕدان، خستن.

**ئووتی**: ئوتوو، وتوو.

**ئووچ**: ١. ئوچ، قەڵەمـی قـامیش: (بـانی خـێڵان ئاوەدان بێ، بـۆ قەڵەم بـۆ کوردەکـان/ تـازە ئیتـر ئـووچی پیسـی بەدنیگـارم بـۆچییە؟) «قـانع»،٢. حووج، ناڤە کوڕ یەکی نۆح بووە.

**ئووچک**: ١. ئەنگوچک، فەقیانە، سۆرانی،٢. تل، تبل، قامک.

**ئووحە**: ئۆوحە، واحا، بۆ گاگێڕانەوە.

**ئۆوحە**: ئۆح، ئۆحە.

**ئووخ**: ئاخ، داخ.

**ئووخر**: ئووخرا.

**ئووخرا**: وەخەیر بچی.

**ئـــووخەی**: ١. ئـۆخەی، ئـۆخەیچ، ئـۆخەیش: (ئـــووخەی، ئـــۆۆخەی: زینـــدوو بـــوومەوە، رەحـمەت لە گـۆڕی مردیـت، ئـۆۆخەی تێـرم خوارد)،٢. وشەی هاندانی مندالە،٣. ناوی کچانە.

**ئووخەیش**: ئووخ، ئووخەی.

**ئوود**: رێز، قەدر، حورمەت.

**ئوودگرتن**: رێزگرتن، قەدرگرتن.

**ئوودە**: رێزدار، قەدرگران، بەرێز، سەنگین.

**ئـــوور**: ١. زگ، سـک، گەدە،٢. بێ تـاوان، بەری، بێ گوناح،٣. ئەور، هەور،٤. بالا، سەر، سەروو.

**ئووربەلیشک**: ١. ترتـرۆک، بـۆری خـواردنێ، ٢. دووچەرخەی ماتۆری، ماتۆر، مۆتۆرسیکلێت.

**ئوورت**: ١. میرات، میراتە، ئیرس: (بـاڤ ئوورتـا من بـوو ملکـێ خـاس) «گولشـوون»،٢. مەزرای نزیـــک گونـــد ٣. نیشـــتمان، ولات، وەلات، ٤. سووتەمەنی بۆنخۆش.

**ئوورتوئۆجـــاخ**: بـنەچە، بـنەچەک، بـنچەکە: (ئوورت و ئۆجاخا مە قەلاندن).

**ئووردی**: ئۆردو، سپا، لەشکەر.

**ئوورس**: ؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟

**ئوورک**: ورگی ولاخ، گەدەی ئاژەل.

**ئوورگ**: ئوورک، گەدە.

**ئوورهەتن**: ١. هاتنەسەر، وەسەرکەوتن،٢. رِوان، شـــینبوون(گیا)،٣. کەوتـــن، هەلاتن(خـــۆر)،٤. هەلاتن(هەویر)،٥. پەنەمین، ماسین.

**ئوورین**: لووراندن، لوورەی سەگ و گورگ.

**ئووزلک**: ئۆزلگ.

**ئووزەر**: جێ، جێگە، شوێن.

**ئووزیاین**: ئاوابوون، ئاڤابوون(خۆر).

**ئووسا**: وەستا، سەنعەتکار، هۆستا.

**ئووسار**: هەوسار، رەشمە، ئەڤسار.

**ئووسرە**: کەندوو، کەننوی دەغل.

**ئووسڤ**: ناوی پیـاوان: (سـیناگۆکا بـاژێر بـاقێ سـلێمان، ئووسـڤ ژ کیسـێ خـوە چێکربـوو و دوایێ رۆژا شەمبیێ حەتا نهـا ژێ وی وخوەنـد) «مەستوورە».

**ئووش**: بۆ هەمی گیانداریَن چوارپێ.

**ئووشم**: ئێژم، ئەلـێم: (یـا بەم فرووشـم یـا نەمە گـــرەو/ ئووشـــم کـــراکەم بەلـــکە نەمینـــی) «چەپکەگول».

**ئووشن**: ئیشن، دەلێن، دەبێژن: (ئووشن گووشت گەن ئەرامان سینی) «چەپکەگول».

**ئووشـــی**: ١. هیشـــوو، گـــولی گەنـــم و جـــۆ،٢. هێشـــوو، بـــول(ترێ)،٣. ئێـــژی، ئەلێـــی، دەبێـــژی: (ئووشی وە پێدا تا وە نزم شەو/ تا وەخت وادەی ئەو مەچووگەو خەو) «خانمەنسوور».

**ئووغر**: ئووخر، ئووخرا.

**ئووف**: ئۆف، ئوف.

**ئووفت**: ئافەرین، ئوویفت.

**ئووفە**: ١. مەقـاو، ئـوفەر، نەخۆشـیەکی یەکسـمە وەک هەلامەت ٢. کولک و قوونێریکە لە ئێسک پەیدا دەبێ.

**ئووفەیش**: ئووخەیش.

**ئووقە**: بقە.

**ئووقەت**: دەیێن وقەت، دەین: (ئووقەتد وە ملم).

**ئووک**: ئوک، قورگ، گەرو.

**ئوول**: ١. تـیلە، تەشـیلە، مەرمەر، گولـوو ئەرای گەمەی منالەیل،٢. ئول، دین: (ژ وان کەسان بێتر گۆهـ دانە شێخ ئوول ئیسلام) «مەستوورە».

**ئوولا**: ئەولا، ئەوبەر.

**ئوولوو**: گولوو، ئوول، تیلە.

**ئوولی**: قات، نهۆم، تەبەقەی سەرەوەی مال.

**ئـــوومەت**: ئـوممەت، دەسـەی پەیـڕەو دیـن: (ئوومەت موحەممەد).

**ئوومەتەگە**: ئەی مەردم، هەی خەڵکینە.

**ئوون**: ئوونگ، بەهانە، بیانوو، ورک، پەڵپ.

**ئوونا**: ئەوەتە، ئەوەتا.

**ئووناره**: ئەوەتانێ، ئەوەتا.

**ئوونجە**: وینجە.

**ئوونگ**: ئوون، ئوونە.

**ئوونە**: هۆوە، هۆئەوە، ئەوە بۆ دوور.

**ئوونەن**: ئەوەیە بۆ دوور.

**ئوونەنە**: ئائەوەیە بۆ دوور.

**ئوونێ**: ئوونە، ئەوە، هۆوە بۆ دوور و مێ.

**ئوونێنە**: ئەوە بۆ دوور.

**ئوونێنێ**: ئەوانەن بۆ دوور.

**ئووە**: شەونم، ئاونگ، ئاوشە.

**ئووەڕویت**: ئاوەڕووت.

**ئۆووەی**: ١. بۆ شەرم کردن(ژن)،٢. بـۆ دەربڕینـی خەم و کوڤان.

**ئووەیسیقەرەنی**: وەیسی مایدەشت: (ڕۆحی مـن و پەروانەیی شەمعی سەری غەوس/ دەسـتی مـن و داوێنی ئووەیسی قەرەنی) «بێخود».

**ئـــووی**: ١. ئـۆی، ئـاخ،٢. بـۆ سەرسـووڕمانە،٣. هۆی، ئۆی، هاواری ژن بۆ گازیکردن کەسـێ،٤. وە ڕووی نازەوە قسیەکردن: (ئووی دەردەگیانم).

**ئۆوێرکۆت**: قوڵەباڵتە، کۆت، باڵتە.

**ئوویژە**: هزتە، هیپە، هیرتەی جووتی.

**ئوویژە**: ئوویژە، هیرتە.

**ئوویف**: بەهبەه چجوانە، پەک.

**ئوویفت**: ئافەرین، ئویف، باریکەڵڵا.

**ئوویەردە**: بووردنەوە، بێحاڵ بوون.

**ئۆهـ**: ١. ئۆخ، ئاخ، ئۆف، ئای، ئەی، وشەی ئـێش و ئازار و ناهومێـدی و سەرسوڕمانە ٢. ئاونـگ، شەونم.

**ئۆها**: ئاوا، ئاواها، وەهـا: (بەرخـێ ئوهـا گـۆت: ئەی گوڕێ سەردار) «پەرویز جیهانی».

**ئۆهاگۆت**: وەهای کوت.

**ئۆەڕویت**: ئاوەڕووت.

**ئۆهنـــای**: ئـۆه ئـۆخ، ئـۆخەی، ئـۆخەیچ، بـۆ دەربڕینی خۆشییە: (ئۆهنای ئەڤ ژ خوەشە).

**ئۆهۆ**: ١. وشەی بێدەسەڵاتی و لاوازیـیە: (ئۆهـۆ ڕەنگە تالانەکەمان بۆ بگەڕێتەوە)،٢. وشەی بانگی مەڕ کردنە: (مەڕ لە تاریکیدا ڕێ داناگرێ، شوانە بزنەگەلی وەپێش خـۆی داوە، ئۆهـۆ بـۆ مـێگەل دەکا) «هەزار ئەشکەوت».

**ئۆهۆو**: وشەی بێزاری و قیزە.

**ئـــۆهە**: ١. وەحـــا، ئـــوحە، وشـــەی لێخـــوڕینی ڕەشـــەوڵاخە(ئۆحە گـــارەش) ٢. وشـــەی ڕاوەستاندنی ئاژەڵە.

**ئۆی**: ١. ئای، ئـاخ، ئـایش، ئـۆه ، ئـۆخ، ئـۆف، وەی، بۆ دەربڕینـی ئـاخ و ئـۆف ٢. ئـووی، بـۆ سەرسووڕمانە،٣. هۆی، بۆ دەنگدانە.

**ئویجاخ**: وەجاخ، بنەماڵە، بەرەباب: (هەکە مـن ژ بەر چاڤێت بەلەک نەبا/ د ئویجاخا ماڵا بابێ منـدا تەژی کیـــژە) «حەیرانـــۆک» ××× ٨ حارســـی بدلیسی×××

**ئویچ**: زۆرخۆر، بێنەفس، نەفسەک.

**ئوێژنگ**: بێژنگ، کەو.

**ئویژە**: گاینجە، سەرمژانە، دارێکی کورتە لە نێوان نیر و ئاموردا.

**ئـــویژی**: ئەڵێـــی، ئێـــژی: (دەمـــی ئـــویژی چەقچەقەس) «چارداولی».

**ئویف**: ئافەرین، ئوویفت، وشەی پەسنکرنە.

**ئۆیمە**: جۆرێ کراسی ژنانە.

**ئۆین**: ١. مەکر، فێـڵ، حیلە، ئـۆیین: (گەر هـیچ نەبێ بە ئۆین، تابیع دەوڵەتـێ بـن/ بێگـانە چاکە دوشـــمن نەک دوشـــمنی لە خۆتـــان) «حـــاجی

قادر»،٢. فێڵباز، فێڵاوی، شارەزا: (جێ‌بەجێ یەک‌دەم و یەک‌ڕێ ڕۆیین/ چوونە لای کوندەبووی ئۆین) «ڕاوچی»،٣. یاری، کایە، گەمە، عوین،٤. دەستێک نەردێن، نیوەی مارسێک لە نەردێن‌دا.

**ئۆین‌باز**: ١. کایەکەر، یاری‌کەر، گەمەکەر، ٢. مەکرباز، بەمەکر.

**ئۆین‌چی**: ئۆین‌باز، چەپ‌گوپکەر: (خوداکەی! بەس کە بۆ دنیا ئەمەندە ئاین و ئۆیین/ تەماشا کە ئەحیببا ساغ و، ئۆین‌چی هەموو ڕۆیین) «مەحوی».

**ئۆینەچی**: دێیەکە سەر بە شاری بۆکان لای جامەرد: (هاتم لە لای ئۆینەچی/ کەس نازانێ دەڵێم چی/ وردەواڵەی هەڵدەگرم/ لە دوای دەبم بە چەرچی) «فۆلکلۆر».

**ئۆین‌دەرهێنان**: یاری کردن بۆ ڕابواردن: (ئەوە ئۆین دەردێنێ، هەی ... ئەوا بۆم بووی بە مودەڕیس!).

**ئۆینێک**: فێڵێک، حیلەیێک: (بە بارەبارِ دیارە کە ئۆینێک لە نێوان شێخ و سەرهەڵقەنە و سەرۆکەکان‌دا هەیە!) «گورگ و بزن».

**ئویە**: ئێوە، ئەنگۆ.

**ئۆیە**: ١. ئۆییە، پووڵەکە، حشڵ، بریقەی دەسماڵی ژنان ٢. تیسماڵکی پارچەی کون‌کون بۆ قەراغی کەوا.

**ئۆیها**: ئۆیهای، وشەیەکە بۆ تێبەردانی سەگ بەکار دەبرێ.

**ئۆیهای**: ئۆیها.

**ئۆیین**: ١. نەخشە، پیلان، پلان ٢. حیلە، مەکر، ناز، ئان: (یەک دەبێتە حەیادۆشی/ یەک بۆ ئۆیین دێتە کۆشی) «ڕاوچی».

**ئۆیین‌باز**: نازکەر، حیلەباز، عیشوەگەر: (پیرێژنێکی ئۆین‌باز ژنێکی بۆ کوڕەکەی خواست) «ف.پ.پ.».

**ئۆین‌بازە**: مەکرباز، حیلەباز.

**ئۆین‌بازی**: مەکربازی، حیلەگەری.

**ئویە**: ئۆیە، ئۆییە.

**ئۆیی**: نیشانەی سەرسووڕمانە: (بڕوا بکە ئەمن لۆ توو خراترم، - ئۆیی .. لەو شینە درۆیەی!) «خاک و چەوسانەوە».

**ئۆییە**: خشڵ، خشر، شورابە، پوولەکە.

**ئە**: ١. دە، د، نیشانەیەکی ڕێزمانییە، کە بە پێش ڕەگی کاری ڕانەبردوو دەکەوێت، (ئەچم، ئەخۆم، دەچم، دەخۆم)،٢. مرازی مێیینانە: ئەو ئاوەدانە لە زگی خۆیدا(ئافرەت)،٣. بەڵێ، ئەرێ،٤. بۆ هێندێ وشە بەشێکی سەرەکی(خورستی)ە و فرێ نادرێ، وەکی: ئەز، ئەرزان، ئەبدال ٥. پێڤەنووس، ئەوەکو لە لەشی واژە بێ و بە فرێدانیشی مانای ناگۆڕێ، وەک: شکەفت(ئەشکەفت)، گەر(ئەگەر)،٦. ئامرازی هێما بۆ جێناوە، ئەو، ئەم، ئەمن، ئەتۆ، ئەمانە، ئێمە،٧. مرازی هێما بۆ نزیک و دویر، ئەمە، ئەوانە،٨. بە جێی ئا بەکار دەبرێ: (ئەئێرە: ئائێرە)،٩. بۆ: (ئە لای هەرکەس دەچم مەنعم دەکا خۆت بۆچی ڕیسوا کرد/ درێغ کووا حاڵزانێ، ڕەببی تووشم بێنی بیمارێ) «کوردی»، ١٠. لە: (کوردینە حەقی ئێمە مەخەن ئێوە ئە بنی ئاو) «مینەجاف».

**ئـە** : ئەه، ئاها ئەها، ئامرازێکە بۆ زوێری و تیزەجارِی بەکاری دێنن: (ئە دێ عەلۆ ژ مە رە تالانە ڤەگەڕینێ: ئاها ئەو عەلۆیە تالانێ بۆ مە بگەڕینێتەوە).

**ئەئا**: بۆ منداڵ بەکار دەبرێ تا پیسایی بکەن.

**ئەئاوا**: بەم‌شێوە، بەوجۆرە، ئاواها، ئابەم‌جۆرە، ب وی ئاواهی.

**ئەئۆ**: هۆو، دەنگێکە وڵاخی پێ لێ‌دەخوڕن.

**ئەئۆجنگە**: ترۆپک، تەشق، قووچکە، بلندترین،

ئەوج،
**ئەئۆرەنت**: ئەلوەند، ناوی چیایەکی ئێرانە.
**ئەئەشما**: کین، قین، خەشم،
**ئەئەوە**: ئەڤێها، ئەڤێهێ ئید.
**ئەئێرانە**: ئەئێرە، ئەگرە.
**ئەئیترە**: مامۆستای زانکۆ، مام وەستایێ دانیشگای.
**ئەئێرە**: ئەئێرانە، ئێرە، ئەئێگە، ئەچێگە، ئەڤێرێ.
**ئەئیریشت**: بێ ڕیش، کۆستە، پیاوی بێ موو.
**ئەئیش**: کار، ئیش، سەرقالی.
**ئەئێگە**: ئەئێرانە، ئەگرە.
**ئەئیوسپەرە**: سپاردن، راسپارتن، ئەسپارتن.
**ئەئیویرەتۆچە**: رۆن‌کرن.
**ئەبا**: ئابا، ئەژداد، کال: (.../ ئەوە عەباکەتە، کێرم بە قنگی خۆت و ئەبات) «شێخ ڕەزا».
**ئەبابۆز**: ١. دز، جەردە، تەریدە، پیاوخراپ،٢. لەز، عەجەلە.
**ئەبابۆزی**: ١. دزی، جەردەیی، ڕێگری،٢. لەزی، عەجەلەیی.
**ئەبابوو**: هەپاپوو، کەبابوو، ناشیرین، ناقۆلا: (کەچەڵ کەچەڵ ئەبابوو/ سووار ئەسپ یابوو/ یابوو نییە کوڕیە ...).
**ئەبابەیلێ**: عەبابەیلێ، دییەکی خۆشە لە سەرووی هەڵەبجە.
**ئەباس**: ١. ئەبباس، عەباس، ناو پێغەمبەرێک بووگە: (یا حەزرەت ئەباس، یا موشکڵ‌گوشا، دە فلس و دوو مۆمم نەزرت وت!) «کۆردەرە»،٢. ناوە بۆ پیاوگەل.
**ئەباس‌بلاغی**: گوندێکە چارداولی نشین.
**ئەباڵ**: وەپاڵ، ڕەپاڵ: (قسەی خراپ ئەباڵ کەس مەدە).
**ئەبان**: ١. ئابان، هەیڤا هەشتێ ئێرانی ٢. ناوی فریشتەی ئاسنیە.
**ئەبانۆس**: ئابەنووس، ئاوەنووس.

**ئەبانووس**: ئابنووس، عەبەنووس، دارێکی گەورەی وڵاتانی هێند و حەبەشە، بەری وە ترێی زەرد دەچێ، گوڵی وەک هی خەنەیە.
**ئەبتەح**: گوندێکە لە دەڤەری شەنگال.
**ئەبتەر**: ١. بێ‌منال، بێ‌کلک، دویڤ‌بڕی، دوابڕاو، دوابڕیاگ، ئویجاخ‌بڕیای: (کەس نینە رەت مەهدەر بکت، بەس گرتیان ئەبتەر بکت/ خەملێ زێرێ زەر بکت، شەفقەت ژ یەکتا بدرێ) «جزیری»،٢. دێوانە، شێتۆکە: (نایێت ژ شەیخ ئەڤ حال و ڕەنگ/ عەیبە ل وی ئەڤ ناڤ و دەنگ/ پوڕ چوون ژ سەر زولفێ د شەنگ/ ئەبتەر ب دونیایێ کەتێ) «فەقێ تەیران»،٣. کێم‌وکاس، نەدروس، عەیبدار.
**ئەبتەربکت**: دوابڕاو بکات.
**ئەبتەرکرن**: ١. دوابڕاو کردن،٢. شێت کردن: (سەرخوەش و ئەبتەر کرم تە/ ژ عللەتان ڕەنگ‌زەر کرم تە) «فەقێ تەیران».
**ئەبد**: ١. جۆرە گەنمێکە،٢. عەبد، بەنی.
**ئەبدال**: ١. پۆرێ نێر، مەلێکی گۆشت‌خۆشە،٢. بەلەنگاز، هەژار، فەقیر، دەروێش، سەوداسەر، عەودال،٣. سوکەڵەی ناوی عەبدوڵڵایە،٤. دەروێش، عەودال،٥. ناڤێ کوڕانە.
**ئەبداڵ**: ١. ئەبدال، سەوداسەر،٢. تاقمێک لە پیاوانی خودا، ئەڵێن کاری گیتی بەمانە سپێردراوە: (ئەبدال، ئەگەر ڕیجال، ئەگەر ئەوتاد، ئەگەر وەلی/ بەخوا هەموو پەپوولەن ئەوان و چرایە غەوس) «بێخود».
**ئەبداڵی**: دەروێشی، عەودالی: (شا بە ئەدالی گەڕایە/ هۆ لە دمدمی دی دەزگایە) «دمدم».
**ئەبدەهـ**: ١. ناڤێ خوەدێ،٢. بێ دەست پێ‌کردن.
**ئەبر**: هەور: (دەم بە دەم شادان و خوڕڕەم بێ، ئێلاهی بێ مەلال/ وەک لە ئەبری بەهمەنی، خەندانە نەسیرین و شەقیق) «ئەدەب».

**ئەبرالوود**: هەوری، هەوراوی.
**ئەبرسیفەت**: وەک هەور: (دەم ئەبر سیفەت حەزین و گریان/ گەهە غونچە مەسەل لەتیف و خەندان) «خانی».
**ئەبرو**: ئەبرۆ، برۆ: (چەعقید ڕەش بەلەک تژی حوب ئاگر، ئەبرویێ قەیتان) «کەشکۆڵ».
**ئەبرۆ**: ١. ئەبرو، برۆ، برو، برە، بەرم، بریٚ، موژەلانک: (شیرین پەیوەندەن، شیرین پەیوەندەن/ دوو ئەبرۆی، سیات، وەهەم پەیوەندەن) «سەید شەورامی»، (ئەبرۆ چ کەوانی بیٚگریٚ و ڕیٚک/ پەیکانی بژانگ چ تیری دلٚپیٚک) «خانی»،٢. بریتی لە داس: (وە داس ئەبروان درویم جگەر کردم وە قەلبیری) «سەید»،٣. بریتی لە شمشێر: (غەیری سەردانان لە ژێر شمشێری ئەبرۆی دولبەرا) «مینەجاف».
**ئەبروان**: دوو ئەبرۆ: (دین بوو ژ خال و ئەبروان/ ژ بێهنا ڕحان و نیموان) «فەقیٚ تەیران».
**ئەبروپاچەبۆزی**: ئەبرۆ پانی سەر نازک.
**ئەبرۆپەیوەس**: دوو برۆی پێکەوە لکاو.
**ئەبرۆخەمیدە**: برۆکەمانی: (هەر وەکو هیلال ئەبرۆخەمیدە/ دیٚژی وە پەرگار مانی کەشیدە) «مینەجاف».
**ئەبرۆخەمین**: برۆکەمان، ئەبرۆچەماو: (بەرق سەیف ناز ئەبرۆخەمینان/ عەکس ماوی خاڵ خورشیدجەمینان) «خانای قوبادی».
**ئەبرۆقەیتانی**: برۆ باریک.
**ئەبرۆکەوان**: برۆی وەک کەوان چەماوە: (نەمدی جوانیٚ وەکو تۆ، چاوباز و ئەبرۆکەوان) «حەسەن زیرەک».
**ئەبرۆکەوانی**: کەسیٚ برۆی کەمانی بیٚ.
**ئەبروو**: ئەبو، برۆ: (عەجەب سریٚ لە ئەبرووتا بەیانە/ موخالیف پێکەوەن هەم تاق و هەم جووت) «تاهیربەگ».
**ئەبرووەت**: ئەبرۆت، برۆی تۆ: (باری غەمی جان ئەبرووەتی تیر و کەمان کرد/ یەعنی قەدەکەی ئەلفی منە ئیستە کە دالم) «نالی».
**ئەبرۆهیلال**: برۆ کەوانەیی وەک مانگیلە: (دیٚم قەمەرا، ئەبرۆ هیلال/ ڕەنگ کەوکەبا، خورشید مسال) «فەقیٚ تەیران».
**ئەبرۆیخەم**: برۆی کەوانەیی، ئەبرۆی هیلالی: (تیغی ئەبرۆی خەمت سورەتی سەیفی عەلی‌یە/ باعیسی زەمزەمە و شۆری جیهانە بەعمر) «سالم».
**ئەبرە**: هاوردن، هێنان، ئێنان، هانین.
**ئەبرەش**: ١. عەبرەش، بێژەک، بێژوو، ژن یا ئاژەڵی کەمشیر،٢. ئەسپی شینبۆری گوڵگوڵ،٣. ئەبڵەق، سوور و سپی،٤. زۆر تینوو، تونی.
**ئەبڕەش**: ١.هەبڕەش، سیاوڵە، ڕەشکە،٢.ئەبرەش.
**ئەبریز**: زیٚڕی پاک و ساف، شمش،
**ئەبرەوەند**: ١. ناڤیٚ خودیٚ،٢. بەرزترین.
**ئەبریان**: ڕووت، عۆریان، لویەت.
**ئەبریٚشم**: ئاوریٚشم، هەوریٚشم: (کەمەندی زولفی وەک ئەبریٚشمی خاوی نیگاریٚکت/ لە دڵ ئالاٚ، خەیاڵی خاوە، دڵ لەو داوە بەربوونت) «مەحوی».
**ئەبرینکوهنتەوان**: ١. ناڤیٚ خوەدیٚ،٢. دروسکەری بەتوانا.
**ئەبریننەتەوان**: ١. ناڤیٚ خوەدیٚ،٢. بەتوانا.
**ئەبزیم**: ئابزوونە، ئاڤزونە، ئاغزونە.
**ئەبل**: ئەوڵە، ئەبلە، نەفام: (نابالغ و ئەبلەهـ و سەفیهن/ یا زاهید و سوفی و فەقیهن) «خانی».
**ئەبلۆقە**: ئەبلووقە، دۆرپێچ، گەمارۆ.
**ئەبلووقە**: ئابلۆقە، ئابلووقە، گەمارۆ.
**ئەبلە**: بیٚمێشک، بیٚهۆش، چەپنگ، دیلانە، گەمشۆ، گەوج، گێژ، کەمفام، کەودەن، لازودان، لاژگ، وڵحی، هۆڕ، هەپلەگون، هێڕ: (زاهید بە تەکەبوور بەڵەدی عیشقی دەکردم/ کەودەن ئەو زاهیدە کە نەزانی خەبەرم بوو) «ساڵە»، (لاوە،

وەرە لاوە! ئەبلەی شێتی ئاقڵ ناتەواوە!) «توحفە».
**ئەبلەتراش**: شێت، دێوانە.
**ئەبلەخەرج**: دەس‌بڵاو، هەڵەخەرج.
**ئەبلەڕەنج**: ڕەنج بە خەسار بە هۆی بێ‌ئەقڵی.
**ئەبلەق**: ١. باز، بازگ، بازو، بازەڵە، بازی، بەزەڵە، دووڕەنـــگ، بەڵەک، پلپلـــی، کەژ، کاســـەڵە، ڕەش‌وسپی، سوورسن، سوروسپی، هەر تشتەکی دووڕەنگ: (چەن جوانی بەرەو مەغریب ئەچـی زەردە ئەدا لێـت/ پرشنگی خشـڵ ئەبـڵەق ئەکـا دەوروبەری ڕێت) «گۆران»،٢. هەر شـتێکی ڕەش و سپی،٣. ئەسپ یا ماینی ڕەش و سپی،٤. مۆلەق بـوونی چـاو: (کە زینیـان کـرد لە پشـتی مـاینە ڕەش‌کویت/ گەڕا چاوم لەویـدا زەرد و ئەبـڵەق) «شـێخ ڕەزا» ٥. چـاوێکی داپچـڕاو کە تەماشـای جێگایەکی تایبەت نەکات،٦. سـەرگەردان، ئـاوارە ٧. بەردی مەڕمەڕ، ٨. جـــۆرێ تەســـبیحە،٩. پەڵەپەڵەی سەر پێستی لەش.
**ئەبڵەق**: ئەبلەق.
**ئەبڵەق‌بوون**: عەجێب گرتی.
**ئەبلەق‌بیەی**: ئەبلەق بوون.
**ئەبلەق‌کەردەی**: بازگ کردن.
**ئەبلەقە**: ١. ئەبلەق،٢. جۆرێ تەسبحێکە.
**ئەبلەقی**: بازگی، دووڕەنگی.
**ئەبلەک**: ئەبلەق، ئەبڵەق.
**ئەبلەکوت**: ئاوڵەکوت، کەسـێ دەرزی بەرگـری لە منداڵ دەدات.
**ئەبلەمەزێج**: زێدەڕەوی، هەڵەخەرجی.
**ئەبلەهـ**: ئەبلە، نەفام: (بەدبەختـێ چـون مـن تەن کەفتەی کـۆیێ/ یـا خەیـاڵ خـامێ ئەبـلەهـ چـون تۆیێ) «مەولەوی».
**ئەبلێ**: ئەیلە، کەم‌فام بۆ مێ.
**ئەبنووس**: ئەبانووس، ئابنووس.

**ئەبـوبەکر**: ١. حەزرەت ئەبـووبەکر: (حەمی‌یـان ڕایەک قەکر/ گۆ ئافەرین عەهـدا تە کـر/ ئـاڤێتن تـاج قەبـوول نەکـر/ ل سـەر خـاترا ئەبـووبەکر) «فەقێ تەیران»،٢. بابکر، بابەکر، عەبابەکر، بـاوەکر، بەکر، بەکرۆک، بەکۆ، ناوی کوڕانە: (توکانی بەکـۆ و دوو قالب سابوون) «پەند».
**ئەبوتەیارە**: ئەبو قوڕازە، بریتی لە ماشێن یا هەر شتێکی قوڕازە.
**ئەبوحەسەن**: گوندێکە لە باشوری توزخورماتو.
**ئەبوخورجە**: گوندێکە لای کەرکووک.
**ئەبوریدا**: گوندێکە لە باشووری توزخورماتوو.
**ئەبوسەباح**: ناوی دو گوندە لە خواری داقوق.
**ئەبوسەخرە**: گوندێکە لە خۆراوای کەرکووک.
**ئەبوسـینا**: ئەبۆسـینا: (ئەبوسـینا ژ کـۆ بیـنم/ ل مەجنوونێ ببی پەیدا) «فەقێ تەیران».
**ئەبۆسینا**: ئەبو عەلـی سـینا، پزیشـکی ناڤـداری ئێرانی: (ژ سەودایێ وەکی دیـنم/ ل سـەر ئەقلـێ خوە نامینم/ ئەبۆ سینا ژ کوو بینم/ ل مەهجـوران بکت ڕاییێ) «فەقێ تەیران».
**ئەبوشیتە**: گوندێکە لە خواری هەولێر.
**ئەبوقوڕازە**: ئەبو تەیارە.
**ئەبول**: ئەبۆلی، سەرناوە: (ئەبول‌حەسەن).
**ئەبۆلی**: ئەبۆل.
**ئەبـووا**: ئەبـوایە، دەبـا، دەبـوو، دەبـوایە، ئەشـیا، مەشیا.
**ئەبووئەلیک**: گوندێکە لای سلێمان‌بەگ.
**ئەبووبەکرە**: گوندێکە لای ڕانییە.
**ئەبووتەیـــارە**: ١. سـێ‌چەرخە، سـێ‌تگەری،٢. ماشێنی زۆر کۆنە و شەقوشڕ.
**ئەبوودجـــانە**: ئەبوودووجـانە: (کیـژم دوعـای ئەبوودووجـانەت بە دڵ و گیـان بـۆ دەنووسـم) «شەوارە».

**ئەبوودووجانە**: دۆعا و نوشتەی شێخەکانە: (حەبی گەورکرد کەی بۆ ئیسلامە؟/ ئەبوودووجانە بۆ خاس و عامە) «قانع».

**ئەبۆودووجانە**: ئەبوودجانە، جۆرێ دوعایە: (حەسەن هەورامین دەماخش بەرزا/ پەیت کەرۆ دوعای ئەبۆودووجانە) «م.ح. دزڵی».

**ئەبووقات**: پارێزەر، بەرڤانیکەر.

**ئەبوولەهەب**: ١. مامی پێغەمبەر،٢. ئاگر، ئاور: (داری ئیراک و داری هیند هەر دوو کە عوودە ئیسمیان/ هەمدەمی سوننەتە ئەوەم مەیلی ئەبوولەهەب دەکا) «نالی».

**ئەبووهەدلان**: نەخۆشییەکە کو توشی مەڕ و مالاتان دبیت.

**ئەبوویابوو**: یابوو، باربەر: (بچۆرە مالّی ئەبوو یابوو/ حوشترەکەی بکە بە تێشوو) «پیرەمێرد».

**ئەبووێد**: ئەسپێ، مۆریان، سپێ.

**ئەبەد**: ١. تاهەتا، هەتاهەتا، هەتاهەتایی، تادوایی، هەمیشە، بێبڕانەوە: (عاشق ئەر جارەک ژ بالا لێ بدەت بەرقا مەجاز/ دێ ل نک ساحێبدلان حەتتا ئەبەد بت سەرفیراز) «جزیری» ٢. قەت، هەرگیز: (ئەبەد نابێ: کە خوشکی گوڵ، برای دەرکات و لێی دوور بێ/ کە تیشکی ڕۆژ، زەمینی هەر وەکوو دولبەر لە کۆشا بێ) «هەردی»،٣. پاش، دوایی، دوادوایی: (ئەسرارێ ئەزەل دێ د ئەبەد بێنە زوهووری/ ئەنجامێ سەرئەنجامێ ژ ئاغاز چ حاجەت؟) «جزیری».

**ئەبەدا**: ئەبەد، ئەسلا، قەت، هەرگیز: (دەخیلی شێخ و مێخ مەبن ئەبەدا/ هیچ کەسێ ڕزقی هیچ کەسێ نادا) «حاجی قادر».

**ئەبەدەن**: ئەبەد، قەت، هەرگیز، نە بە هیچ جۆرێ: (ئەبەدەن ڕەنگی عەدەم نایەتە ڕووی کوشتەی عەشق/ بە دەمی تیغی ستەمدا دەڕژێ ئاوی بەقا) «سالم».

**ئەبەدی**: هەرهە، نەمر، نەمری، بێدوا، بێکۆتایی، هەمیشەیی.

**ئەبەر**: ١. بەر: («نالی» ئەو وەحشی غەزالە کەس ئەبەر داوی نەکەوت/ چونکە شاهێنی دوو چاوی تیژە، دائیم سەر ئەکا) «نالی»،٢. لەبەر، ژ بەر، بۆخاتری، بۆخاتر، لەروی: (ئەشێ جوانگەل سوژدە ئەبەر چاوی تۆ بەرن)،٣. لەبەر، لە حیفز، ٤. ئەم بەر: (هەشتا نۆکەری خەنجەریان دەسک پازارە ئەبەر ئەوبەر ڕاوەستاوە/ هەمووی تورمەپۆشە، کەوڵی قاقوومی غەزی بە سەر شانیدا داوە) «سەعید و میرسێوەدین».

**ئەبەرقو**: شارێکە لە عێراقی عەجەم.

**ئەبەرگون**: نەدار، هەژار، فەقیر.

**ئەبەس**: ئەزبەس، چونکە، چون.

**ئەبەستم**: ئەبەستم، ئەوەسم، دەبەستم.

**ئەبەلا**: ئەڤدلا، ئەولا، کورتکراوی عەبدوڵلا.

**ئەبەن**: لە ئەسڵ، لە ڕیشە.

**ئەبەنجەد**: پشتاو پشت، نەسل دوای نەسل.

**ئەبەنووس**: ئاوەنووس، داری ئابنووس: (یا سپیچنار بەرزی تەماشای؟/ یاخۆ ئەبەنووس تەختی پادشای) «قانع».

**ئەبێ**: دەبێ، ئەشێ، ئەشیا: (دەستێ نەتوانی لە بندا بیبڕی/ ئەبێ بێشۆیت و بە خاولی بیسڕی) «پیرەمێرد».

**ئەبیال**: ١. پەتوو، ئەدیاڵ، بەتانی،٢. جاجم.

**ئەبیخ**: لە بن، لە ڕیشە، تەواو.

**ئەبێد**: جۆرێ گەنم.

**ئەبیر**: ئاوارە، سەرگەردان.

**ئەبیسۆر**: گوندێکە لای سیدەکان.

**ئەبیش**: ١. ناڤێ خوەدێ،٢. بێڕەنج، بێزەحمەت.

**ئەبێم**: ئەڵێم، دەڵێم، دەبێژم، وارێم، یەژم، دەرێم.

**ئەبیەت**: ئەبیسێ، ئەبیسێت.

**ئەبیەم**: ئەبیسم، ئەژنەڤم: (کاشکی گوێچکەشم وا

نەی بیستایە/ هەر دەنگێ ئەبیەم هەر ناڵەی تیایە) «پیرەمێرد».

**ئەبیەی**: ئەبیسی: (بە دەوری بێستوونەدا شەو کە دەنگێکی بەسۆز ئەبیەی) «پیرەمێرد».

**ئەپائەناختن**: لە پا خسن.

**ئەپارە**: بەوێدا.

**ئەپاسۆ**: ئاوارە.

**ئەپاسە**: ئاوا، ئاواها، وەها.

**ئەپاسەرە**: وەهاوە.

**ئەپاسەنە**: وەهایە، واسە.

**ئەپاسەوە**: ئاواوە، واوە.

**ئەپاگۆ**: بەوێوە.

**ئەپاگۆری**: بەوێوە بەرەوژوور.

**ئەپاگۆریە**: بەوێوە بەرەوژوور.

**ئەپاگەنە**: بەوناوەدا.

**ئەپاگەوە**: بەوێوە.

**ئەپالارە**: بەو لایەدا.

**ئەپالانە**: بەو ناوەدا.

**ئەپانە**: بەو ناوەدا.

**ئەپاوری**: بەو ناوەدا بەرەوژوور.

**ئەپاوە**: بەوێوە.

**ئەپراخ**: دۆڵمە، یاپراغ، ئیپراخ، گەڵایاپراخ، خواردنێکە.

**ئەپراغ**: ئەپراخ.

**ئەپرونگ**: گرەوشیان و نەخنەما بوون دڵنگ.

**ئەپرەخ**: یاپراخ، ئەپراخ.

**ئەپری**: تەمەزی، پۆشی، قوماشێکە ژن لە سەری دەپێچن.

**ئەپلۆک**: هەپلۆک، هەپەلۆک، قیزیەلە، گیایەکە.

**ئەپنەکوکەپنەک**: فیتفەن، مەکروحیلە: (ئەپنەک و کەپنەک نەیزێ).

**ئەپۆرە**: بەو ناوەدا بەرەوخوار.

**ئەپۆری**: بەو ناوەدا بەرەوژوور.

**ئەپۆڕێ**: پووڕێ.

**ئەپوگەنە**: بەو ناوەدا.

**ئەپۆلۆ**: خوای شێعر و حیکمەتی یۆنانی کۆن: (هیچ نەبێ بۆ .. بۆخاتری جاهی ئەپۆلۆ/ مەلی شیعرم مەیدان مەدە بکەوێ لە گۆ) «گۆران».

**ئەپۆلێت**: سەرقۆڵ، لە جلکدا پارچەیەکە لە سەر شان دەکرێتەوە.

**ئەپۆنە**: بەو ناوەدا.

**ئەپۆوە**: پێوە، بەوێوە.

**ئەپە**: ئاو، ئاڤ،

**ئەپەرتر**: زۆرتر، زێدەتر، زیاتر، هناڤیشی، فیشر، ئلالێ، شلشل، فرەتر.

**ئەپەغژرە**: ئاڤرشتن،

**ئەپەکژەرە**: ئاورژتن، ئاڤرشتن، ئاوپژێن.

**ئەپەنایۆ**: نابالغ، نەگەیشتی، ناکامڵ.

**ئەپەیجە**: ئەپێچە، زۆر خاس.

**ئەپی**: ئابەم.

**ئەپێ**: وشەیەکە بۆ خواردنی منداڵ بەکار دەبرێ.

**ئەپێچە**: زۆر چاک: (ئەپەیجە گەرپیا) «کۆمەڵە».

**ئەپێرە**: بەمەدا، بەئەمەدا.

**ئەپێسنە**: وەک ئەمە.

**ئەپێسنێ**: وەک ئەمە.

**ئەپێسۆ**: بەم لاوە.

**ئەپێسەرە**: ئاواوە بەرەو ئەملا.

**ئەپی گرزو**: بەم هەموو.

**ئەپێگۆری**: ئاواوە بەرەوژوور.

**ئەپێگەرە**: ئاواوە بەرەوخوار.

**ئەپێگەنە**: بەم ناوەدا.

**ئەپیلارە**: بەم لادا.

**ئەپیلانە**: ئابەم ناوەدا.

**ئەپیلاوری**: بەم لادا بەرەوژوور.

**ئەپێنە**: ئابەم ناوەدا.

**ئەت**: ١. لێدان، لێیان، شێوەزاری منداڵانە، بابە

ئەت،٢. دادە، دیـدە، ئـات، خوشـکی گەورە، ٣. دەت، پێشگری داهاتووە: (ئەتکوژم).

**ئەتا**: ئەوەتا، ئەوەتانێ، ئەتانێ.

**ئەتابەک**: ١. لەقەبـی وەزیـر لە کـۆنـدا،٢. بـاوە، باوەگەورە،٣. ناوی پێنج تیرەی فەرمـانڕەوا بـوون لە کوردسـتان،٤. گونـدێکە لە بەشـی دیهسـتانی پشتی ئاربەبای بانە.

**ئەتابەگ**: ئەتابەک.

**ئەتانێ**: ١. ئەتوانێ، دەتوانێ،٢.ئەتا، ئەوەتانێ.

**ئەتر**: عەتر، حەتر، بۆ خوەش: (بشکاوان یەخەی بچـوو لە جـامەی/ تەسـەل بـوو لە بـوو ئەتـر و شەمامەی).

**ئەتـراف**: دەورووبەر، دەردۆرا، مەڵبەنـد: (دەڵـێ هەرکەس ببینێ یار و، ئەغیاری بە ئەترافا:/ خـودا چـــین ئەم هەمـــوو دێـــوە لە دەوری ئەم پەری شێوە!) «مەحوی».

**ئەترنج**: ترنج، تورنج، بـارۆنە، بەری دارێـکە بـۆ مرەبا دەبێ.

**ئەتروش**: ناحیەیەکە سەر بە قەزای شێخان.

**ئەترۆش**: ١. ئەترەش، فریشتەی چـاوەدێری ئـاو و ئاگرە ٢. زراڤ، زات، زەندەق، ورە، جەسارەت ٣. نـاوی شـارێکی کـۆنی کـوردانە لە پارێزگـای دهۆکێ کوردستانا عێراقێ، تا ساڵی ١٩٧٥ ئاوەدان بوو، بەعیسیەکان وێرانیان کرد.

**ئەترووش**: ناوی کچانەیە.

**ئەترەش**: ١. زەندەق، زەهلە، زراو، زەراڤ، زات، زاوور، زاور، زنەق، زات، زیلـک، ڕوح، بـوێری، جورئەت، هەترەش، ئـازای مەعـنەوی مـرۆڤ،٢. فریشتەی زێرەڤانی ئاوە لە ئـاینی زەردەشـتیدا،٣. ناوی کچانە.

**ئەترەش بردن**: زویەلەبردن.

**ئەتـرەش پەقین**: زەنـدەقچوون، زراڤبزدیـان، ترسان، ترسیان.

**ئەترەش چوون**: ترسان، ئەترەش پەقین.

**ئەترەک**: ئەترەش، زەنەق.

**ئەتریش**: شارۆچکەیەکە لە خۆرهەڵاتی دهۆک.

**ئەترێمێ**: پێت ئەڵێم، پێت دەڵێم.

**ئەتشـــان**: نـاوی شـوێنە×٢٥: (دەشـتا ڕەنگینـا هەرانێ/ گرێ پیرۆزێ ئەتشانێ) «سەنار».

**ئەتشە**: جۆرێ نەخۆشی مەڕە.

**ئەتفک**: بۆڵ، عەتفک، هێشووی چکۆلە.

**ئەتـــک**: ١. هەتـک، پەنـد، دەکـن، ڕیسـوایی، سووکایەتی، شوورەیی: (چەن جارێ شـەو مـاڵی ئاغای دایە بەر تفەنـگ/ دەغڵـی سـووتان، بـاغی بڕی، بۆ ئەتک و بۆ پەنگ) «گۆران» ٢. خوشـکی چکۆلە.

**ئەتکبەر**: حەیابەر، هەتککەر.

**ئەت کردن**: لێدان، کوتان.

**ئەتک کران**: ئابڕووبران، جنێوپێدران.

**ئەتک کردن**: سووکایەتی پێکردن، ئابڕوو بردن: (دەم و لووتیان دەبڕین و ئەتکیان دەکردن).

**ئەتک کریا**: ئەتککراو.

**ئەتک کریای**: ئەتک کران.

**ئەتک کریێ**: ئەتککراو.

**ئەتک کەر**: سووکایەتیکەر.

**ئەتک کەردەی**: ئەتک کردن.

**ئەتک کەرە**: ئەتککەر بۆ مێ.

**ئەتک لێبرن**: حەیابردن، فهێتکرن، ئابڕوبردن.

**ئەتـڵەس**: ١. پـارچەیەکی جـوان و بوهـاداری ئاورێشمی بەناوبانگە: (یاخوا لێـت موبـارەک بـێ ئەتڵەس و کێمخا و خـارا) «فۆلکلـۆر»، ٢. سـادە، بێکورک،٣. نەخشە، کتێبی خەریتەی جوغرافیا،٤. جۆرێ ماشێنی عەرز کۆڵین،٥. نـاوی زەریـایەکە، ئوقیانووسی ئەتـڵەس،٦. ڕەنگـی سـووری تێـری مەیلەو ڕەش: (بـۆ: دوو زولفـی نافەبـار و لێـوی لەعلی ئەتڵست/ شۆڕشت خستە تەتـار و بـوویە

ئاشووبی فەرەنگ) «ئەدەب»،٧. چەرخی نۆهەم، چەرخی ئەتلەس: (ڤێکرا دکرن هەوار هەرکەس/ ئەفغان دگەهانە چەرخێ ئەتلەس) «خانی»،٨. بریتی لە جوان: (ڕایخستووە فەرڕاشی سەبا فەرشی زومەڕڕەد/ وەک ئەتڵەسی یەکڕەنگە بە بێ گەرد و غوبارە) «کۆکەیی».

**ئەتڵەسی**: ١. ئەتڵەسیی، گوڵ ئەتڵەسی، گوڵ بۆری، گوڵ شەیپوری، گوڵە حەریر، گوڵێکی شۆخ و شەنگە،٢. بە ڕەنگی گوڵی ئەتڵەسی،٣. جۆرێ قوماشی بریقەدارە: (لەبن لێفەی ئەتڵەسی سوور/ لەسەر دۆشەگێکی ئەستوور) «هێمن».

**ئەتنا**: سەرنج، نیگا، دیقەت.

**ئەتۆ**: تۆ، ئەتوو، ئەتە، تە، توو، تەوە، تی، تێ، جێناوی ئاماژە بۆ تاکی بەرابەر: (کچ: هەتیم کەچەر بگرە نانی/ تۆ بە جێمای لە کاروانی، کوڕ: ئەتوو کۆتری من کۆلارە/ پەڕ و باڵم شێست و چوارە) «هۆنراوە»، (ئەتۆ ئەی چرچە پیسەی لینگ گواوی!/ لەگەڵ زەڕڕاتی عالەم تێکەڵاوی؟) «جەنابی مەلا».

**ئەتوا**: ١. دەوێ، دەخوازی: (تۆ چت ئەتوا؟)،٢. بڕوا، باوەڕ، ئیمان.

**ئەتوار**: ڕەوشت، ڕەفتار، ئەدا، کردەی سڤک: (مەشرەبی نالی گەلێ ئابی و ترشە بەڵێ/ موعتەریف خۆی دەڵێ: چانیە ئەتواری من) «نالی».

**ئەتوارپیس**: ڕەوشتگەن.

**ئەتوارپیسە**: ڕەوشتگەن بۆ مێ.

**ئەتوارپیسی**: کردارچەپەڵی.

**ئەتوارلەق**: ئاکارناشیرین.

**ئەتوام**: دەمەوێ، گەرەکمە، گەرکمە، دەخوازم: (ئەتوام سەر و بەچکم بشۆرم).

**ئەتوان**: ١. هەتوان، مەڵحەم، مەرهەم ٢. خوازتن، ویستن.

**ئەتۆران**: ١. زەردەشتی، مەزدەسنی، پێڕەوی زەڕتوشت،٢. زیزدەبوون، دەتۆران.

**ئەتۆبڵێی**: ئەتۆبێژی، تۆ بڵێی.

**ئەتۆش**: تۆش، تەژی، ئەتۆیچ.

**ئەتوشک**: ١. ناڤێ خوەدێ،٢. زیندوو.

**ئەتوو**: ئەنگۆ، ئەتۆ.

**ئەتووخەتوو**: سەرکۆنە، لۆمە، سەرزەنشت.

**ئەتوون**: ئێتوون، ئارتوون، توون، دۆژە، جەهەننەم.

**ئەتۆیش**: ئەتۆش، تۆش: (ئەتۆیش تیماری کە زەخم و برینم/ بە غەمزەی چاو و تیرئەندازەکەت) «ع. مەردان».

**ئەتەر**: ١. ئاسەوار، سۆراخ، شۆپ، شۆن، شوێن، نشان، نشانە، نیشان، نیشانە، نوتگ، یافت،٢. هەتەر، هێزی دیتن.

**ئەتەش**: ئەترەش، زەندەق.

**ئەتەک**: ١. ئاتەک، ئاتەگ، داوێن، شاقەل: (ئەو هەر دو کرن تەمامی مەلبوس/ ڕابون ب ئەدەب ئەتەک کرن بوس) «خانی»،٢. ئاوەڵکراس،٣. پارزۆنگ، پاڵونە، پاڵووێنە.

**ئەتەگ**: ئاتەگ، ئەتەک-١

**ئەتەم**: ١. گەرای وەگیان هاتوو،٢. تەنین، چنین.

**ئەتەو**: ئەرتەو، ئوون، ئوونگ.

**ئەتەیدڵ**: لە قووڵای دڵەوە.

**ئەتی**: پاشگرێکە ناو دەکاتە چاوگ: (پیاوەتی).

**ئەتێ**: بۆ گازیکرنا باجی، خوشکی گەورە.

**ئەتێت**: هێدی، هێواش×١٢٤×: (ئەوا ئەتێت ئەتێت بەرەو ئێمە خۆی ئەکوتێ) «کۆردەرە».

**ئەتیقە**: عەتیقە، کەڤنار، کەونار، شتی کۆن.

**ئەجاب**: ئەجاو.

**ئەجانس**: ئاژانس.

**ئەجاو**: ئەجاب، شەرم، حەیا، فەدێ: (هەی بانووی بێعەیب پەردەی ئەجاو هەی/ هەی

مەنیجەی دوخت ئەفراسیاب هەی).

**ئەجاودار:** بەحەیار، ئابڕوودار، شەرمدار.

**ئەجاوکردن:** شەرمکرن، فەدیکردن: (ل خوا ئەجاو کە).

**ئەجباندن:** عەجباندن، پەسن کردن.

**ئەجداد:** ئەژداد، ئەژدا، باپیران: (ئەجدادی خۆمان نەبوو لەبیرمان/ نەمان ئەزانی باو و باپیرمان) «قانع».

**ئەجر:** ١. سزای باش، قەرەبوو، پاداشت: (ساقی بە فیدای دیدەیی مەخموورت ئەکەم دین/ لێوڕێژم ئەوێ پیاڵەی مەی ئەجری سەوابم!) «گۆران»،٢. مز، کرێ، حەق.

**ئەجرۆدای:** پاداش دانەوە.

**ئەجرهۆرگرتەی:** پاداشت وەرگرتن.

**ئەجزا:** ١.شتێ لە نەوت و بنێشت دروس بووبێ (تەزبیح)،٢. دەرمان، داروو، دەوا،٣. ئەندام، ئەندامگەل، دەس و پێ، دەسوپا: (هەموو ئەجزای ئەندامم دێشێ)،٤. تیکەگەل، تیکەکان، کەلوپەلی پێکهێنەری شتێک: (دوودی سەرمیچی گوڵەنگی لەتلەتی دەسرازەی کۆن/ بان و دیواری بە میسلی لانکەی ئەجزا شکاو) «نالی».

**ئەجزاچی:** دەرمانفرۆش: (کابرایەکی جاف ئەچێتە بەغدا و لە دوکانی ئەجزاچییەک ئەیەوێ خۆی بکێشێ) «ڕشتەی مرواری».

**ئەجزاچییە:** ئەجزاچی بۆ مێ.

**ئەجزاخانە:** دەرمانخانە، دەواخانە.

**ئەجکاندن:** ١. لەنێوبردن، تیابرن، پرووکاندن، چوواندن،٢. قڕکردن، کوشتنی بە کۆمەڵ.

**ئەجکین:** تیابران، پرووکان، نەبووکران.

**ئەجمەس:** ئاچمەس، ئاچمەز لە شەترەنجدا: (بێقەڵەم، لامێژە مێژوو، بێکەسە/ لات و پاتە، کشکراو و ئەجمەسە) «ڕاوچی».

**ئەجندە:** جن، جندۆکە، جنۆکە، درنج، ئەجنە.

**ئەجنە:** عەجنە، جن، ئەجندە، ملاێکەت.

**ئەجنەبی:** بێگانە، نەناس، بەیانە: (میللەتی بێعیلم و سەنعەت باوەڕت بێ دائیما/ وا لە ژێر پێی ئەجنەبیدا، هەر بێقیمەتە) «ف. بێکەس».

**ئەجننە:** ئەجنە، ئەجندە: (فێڵێ تۆ کردت تا ئێستا نەمدیوە، تۆ فێڵت لە ئەجننە کردا!) «هەزار ئەشکەوت».

**ئەجو:** ئەڵێی، ییژی، هەروەک.

**ئەجۆ:** وائەزانم، دەڵێی.

**ئەجودان:** یاریدەدەر، دەسیار، ئاریکار.

**ئەجۆزە:** مۆجزە، مۆعجیزە.

**ئەجووری:** هاروێ، جۆرێک خەیار.

**ئەجووڕێ:** ١. جۆرێ هاروێ و خەیارە،٢. بە هەڵەدا دەچێ؟ مرازی پرسیارە لە گەمەی هەلوکێن و ئەلەک دوولەکدا، ئەوی‌تر دەڵێ: «ناجووڕێ»،٣. دەدۆڕێت،٤. قسە لە دەمیا تێک دەچێ.

**ئەجووزێ:** ئەجووڕێ.

**ئەجەقوەجەق:** ناڕێک، چەفتوچڵ.

**ئەجەل:** ١. گا، وەخت، کات: (ئەتۆ بە ئەجەلی سەعاتێکی سەد و بیست و دوو جاران وەرە) «گەنجی سەربەمۆر»،٢. زەمانە، ڕۆژگار،٣. مۆڵەت، ماوە، دوماهی‌یا تشتی: (بە ئەجەلی دوو ڕۆژان فەرهەنگی کۆلکەزێرینەم دەیە)،٤. ئاکام، عەجەل، ئەنجەل، مەرگ، وادە، وەعدە، دەمێ مرنێ، وادەی مەرگ: (ئەجەل داد! ئاسمان داد، عەرشی خوا داد!/ حەکیم، عیلمی بەشەر، دەرمان، دەوا داد!) «گۆران»، (ئەجەل بزنێ تێ، نانێ شڤێن دخوە) «پەند».

**ئەجەل!:** ئەی ئەجەل: (ئەجەل! تۆ بمکوژە و گۆڕیش دەبا زوو ڕێزە ڕێزەم کا) «قانع».

**ئەجەل‌ئامای:** ئەجەل هاتن.

**ئەجەل‌هاتن:** مردن، نزیک بوونەوەی کاتی

مەرگ: (ئەجەڵێ بزن هات، نـانێ شـڤانێ خـوار) «پەند».

**ئەجەڵهـــاوردە:** ئەجەڵهەڵگـرتە، ئەجەڵهێنـاو: (دوو سـێو دوو هەرمـێن، دوو گـوڵن لە باغـت/ ئەجەڵهاوردەی کوشتەی بەیداغت) «فۆلکلۆر».

**ئەجەم:** عەجەم، فارس، ئێرانی.

**ئەجەمی:** ١. مرۆڤێ ئەجەم ٢. شتی پێوەنـدیدار بە عەجەمەوە.

**ئەجەو:** عەجەب، ســـــــەیر: (دەس بەی وەو چاووان گوپار گەردە خەو/ ئەجەو وەو سـەروەن وە ناز بەسە تەو) «خانمەنسوور».

**ئەجی:** ئێژی، ئەیژی، وەک ئەوەیە، (وێش ئەجی سەڵۆێنە مدرێنە پاوە) «سەیدی».

**ئەجێ:** ١. ئەجی، ئەتـوت،٢. نـاوی ژنـانە: (کـوا هاجەرە دۆم، کوا دادە خەجێ/ ئەی کوا خەرامان، پێیان ئەوت ئەجێ) «یادنامەیسەقز».

**ئەجیا:** وامئەزانی.

**ئەجیام:** ١. وامزانی: (ئەجیام دەمـاو مـن کەرەس مەوەران) «م.ح. دزڵی»،٢. واتزانی،٣. وایزانی.

**ئەجیای:** وازانین، پێوابوون.

**ئەجیب:** ئەجێب، سەیر، ئەنتیقە.

**ئەجێب:** سەیر، عەجیب: (هەمی هەیوان گۆشـت دخون، بەلێ ناڤێ گور ب ئەجێبی بالاڤ بـوویە) «ف.گ.پ.».

**ئەجـــیج:** ١. هەجـیج، گونـدێکە لە هەورامـانی ئێران،٢. گوندێکە لای چیای حەمرین.

**ئەجێڤ:** ئەجێب، سەیر: (چرا تشـتەکی ئەجێـڤ مایینە وەکی ئوسان بگۆتا) «مەستوورە».

**ئەجێلۆسک:** بەرگ گـۆڕین، خـوە ئەجێلۆسـک کرن.

**ئەجێلۆک:** بەرگ گۆڕین.

**ئەجیۆ:** وائەزانـم، دەڵێـی، لەوە ئەچـێ: (ئـازادی ئەجیۆ ئاوێرا).

**ئەجیەی:** وازانین، پێوابوون.

**ئەچ:** لە.

**ئەچا:** لەوێ، لە ئەوێ.

**ئەچاچیوی:** ئا لەو شتە.

**ئەچاگۆ:** لەوێوە، لەو جێگەوە.

**ئەچاگە:** لەوێدا.

**ئەچاگەنە:** لەوێدا.

**ئەچامنە:** وەک ئەوە.

**ئەچامنێ:** وەک ئەوە.

**ئەچانە:** لەوێدا.

**ئەچاوۆ:** لەوێوە.

**ئەچاوە:** لەوێوە.

**ئەچمۆ:** دەچمۆ، دەچمەوە، ئەڕۆمەوە.

**ئەچنە:** ئەقەرە، ئێقرە، ئەوەندە، ئەوەند، ئەونە.

**ئەچنەد:** وتەیەکە بەکـار دێنـرێ بـۆ پیشـاندانی چتێک بە یەکێک لەسەر جۆرێکی تایبەتی.

**ئەچنەو:** ١. لێوا، وەیجوور، بەوجـۆرە، ئاواهـا،٢. وێدەچێ، دەشبێ، دەشبهێ، لێیدەچـێ،٣. چـنەو، دەگەڕێنەوە.

**ئەچێ:** لێرە؟

**ئەچێگە:** ئەگرە، ئێرانە، ئەئێرە.

**ئەچێگەنە:** لەئەگرە، لێرەدا.

**ئەچیم:** ١. ناڤێ خوەدێ،٢. ئاگا، بێدار.

**ئەچیمنە:** وەک ئەمە.

**ئەچیمنی:** وەک ئەمە.

**ئەچینە:** وەک ئەمە.

**ئەچێنە:** لێرەدا.

**ئەچینی:** وەک ئەمە.

**ئەچێوە:** لێرەوە.

**ئەچییۆ:** دەچییەوە، ئەڕۆیتەوە.

**ئەح:** ١. ئەهـ ، وشەی گوێ پێنەدان و بێزاری،٢.

دەنگی کۆکین.
**ئەحا**: وشەی باوەڕنەکردن و سەیرمان، تەحا، پەحا.
**ئەحئەح**: کسە، کستە، دەنگێکە مەڕی پێ لێدەخورن.
**ئەحکردن**: لێدان بە زمانی منداڵان.
**ئەحمەتلی**: شارێکی باکووری کوردستانە سەر شاری دیاربەکر.
**ئەحمەد**: ١. ناوێکە بۆ پێغەمبەر: (گو موژدە ددەم ڕەسوولێ ئەمجەد/ دێ پاش م بێت ب ناڤێ ئەحمەد) «خانی»،٢. نازناوی شێعری ئەحمەد موختار جاف: (لادە «ئەحمەد» تۆ لە باسی میللەت و سا پێی بڵێ:/ تاکو ساقی زوو بدا بادە بە دەم مەستانەوە) «ئەحمەد»،٣. ناوی باوکی حاجی قادر کۆیێ: (باوکم ئەحمەد بوو ناوی فیکرم دێ/ خەڵقی لادێ بوو، دایکی من فاتێ) «حاجی قادر»،٤. ئەحمەدی خانی، دانەری مەم و زین: (یەعنی ژ ویلایەتا موحەممەد/ مەحرووم نەکی تو یارەب «ئەحمەد») «خانی»،٥. ئەحمەو، ئەحمۆ، ئەحە، ئەحمێ، ناوە بۆ پیاوان.
**ئەحمەداوا**: ١. ئەحمەدئاوا، دێیەکە سەر بە سەرای سەقز: (ئەرێ قوربن کۆچەکەی ئەیوەی ئەحمەداوات بم) «حەسەن زیرەک»،٢. گوندێکە لە بەشی فەیزوڵڵابەگی سەر بە شاری بۆکان، ئاسەواری مێژوویی لێیە،٣. گوندێکە لای سەوڵاوای مەریوان،٤. ئەحمەداڤا، دێیەکە لە بەشی دێهستانی بۆیەنی بانە: (ل گوندێ ئەحمەداڤا فەرمانداری بانێ عەلی سلتان، فەرمانداری سەردەشتێ مووسا خان ... ب مرۆڤێن خوە ڤا پێشییا وەلی دا هاتبوون) «مەستوورە»،٥. گوندێکە لە دێکۆی کەوڵەی دیواندەرە،٦. ناوی دوو گوندە سەر بە شاری تیکاب: (تیپ میرزاشێرە بەشی ئەحمەیاوا) «ئاوێنەی‌بێگەرد»،٧. گوندێکە لای پێنجوێن، ٨. گوندێکە لە دێکۆی ئەمیراوا بەشی ناوچەی کامیاران.
**ئەحمەداوای‌باش**: دێیەکە لە دێکۆی لەکی ناوچەی قوروە.
**ئەحمەداوای‌پەنجە**: دێیەکە لە دێکۆی تازەی پەنجەعەلی مەڵبەندی قوروە.
**ئەحمەداوای‌خواری**: ١. دێیەکە لە دێکۆی سەوڵاوای بەشی مەریوان،٢. گوندێکە لای تیکاب.
**ئەحمەداوای‌داشکەسان**: گوندێکە سەر بە شاری ساین‌قەڵا لە سەر چەمی جەغەتوو.
**ئەحمەداوای‌ڕوغزایی**: دێیەکە لە باکووری کەلار.
**ئەحمەداوای‌سونج**: گوندی ئەحمەداوای سەرا.
**ئەحمەداوای‌سەرا**: دێیەکە لە دێهستانی سەرا سەر بە شاری سەقز.
**ئەحمەداوای‌سەری**: گوندێکە لای تیکاب.
**ئەحمەداوای‌گوڵانە**: گوندێکە لە بەشی دێکۆی کەوڵەی دیواندەرە.
**ئەحمەدئاباد**: ١. دیەکەیگە لە سونقۆر،٢. دیەکەیگە لە ناودەروەن،٣. دیەکەیگە لە مایەشت، ٤. دیەکەیگە لە دینەوەر.
**ئەحمەدئابادملەماسە**: دیەکەیگە لە دینەوەر.
**ئەحمەدئاوا**: ١. ئەحمەداوای سەرا: (قوربان کۆچەکەی ئەحمەدئاوات بم/ لانکەڕاژێنی کۆرپەی ساوات بم) «فۆلکلۆر»،٢. گوندێکە لای بیجاڕ، ٣. گوندێکە لای خواری شارەزوور.
**ئەحمەدئاوایی**: خەڵکی گوندی ئەحمەدئاوا: (ڕۆژێ کابرایەکی ئەحمەدئاوایی ئەبێ بە میوانی کابرای لەیلاخی) «ڕشتەی‌مرواری».
**ئەحمەدئەمین**: حەمەدەمین، حەمەمین، مینە، ناوە بۆ پیاوان.
**ئەحمەدبڕندە**: ناوی شوێنی نیشتەجێی شێخ عەبدولکەریم بووە: (خوا لە دزیایش هەتا

ئەحمەدبڕنــدە و تــا پــریس/ تــا عەبــابەیلێ و هەڵەبجەی قیبلەی بۆ من کردووە) «بێخود».
**ئەحمەدبڕنە:** گوندێکە لای دەربەندیخان.
**ئەحمەدبریو:** گوندێکە لای سەردەشت.
**ئەحمەدبەگ:** ١. ئەحمەد موختار بەگی جـاف، شاعیر و نیشتمانپەروەری کورد،٢. گوندێکە سەر بە شاری ساینقەڵا.
**ئەحمەدجەشـــنی:** نــاوی تیــرەیەک کــوردی لوڕستانن.
**ئەحمەدچاوش:** ناوی کوێستانێکە لای سەقز.
**ئەحـــمەدڕاوکەر:** باڵــدارێکی لاقڕرێـــژە لە دەم دەراوان دەژی.
**ئەحمەدڕۆمـــی:** لــووتکەیەکی بەرزە لە نزیــک گوندی دۆڵەسوور لە هەریمی کوردستان.
**ئەحمەدکوڵوان:** گوندێکە لای پێنجوێن.
**ئەحمەدگــوزەڵ:** گــۆرانیبێژێکی کــوردی بــووە: (ئەحمەد گوزەل، مەجە گرِوێ/ هەلامە و حاجیلە و ماملێ) «بۆکوردستان».
**ئەحمەدمــردی:** ١. دێـیەکە سـەر بە نـاوچەی تیلەکۆی سەقز،٢. ئەحمەدی مردوو.
**ئەحمەدوەلی:** گوندێکە لە باشووری کەلار.
**ئەحمەدەکەڕ:** گوندێکە لای زەرِینەی هۆوەتوو.
**ئەحمەدەمەردە:** گوندێکە لە دێکۆی تیلەکۆ.
**ئەحمەدێخانی:** خانی، شـاعیری هەرە مەزنـی سەدەی هەڤدەمین لە کوردستانی سەروو (١٧٠٦- ١٦٥٠ ز.): (هەچەنــد ئەز گەوهەریــت ڕێــژم، ژ حوببا تە قەوی گێژم/ ئیـدی زیـدە نەشـێم بێـژم، نەبووم ئەز ئەحمەدی خانی) «ناجی».
**ئەحمەدێشەنگ:** بەیتێکی کوردییە.
**ئەحمەدیکـــاکی:** کــاک ئەحـــمەدی ســلێمانی: (مەربــووتە حەیــاتم بە ســولەیمانی و خــاکی/ خۆزگەم بە سەگی قـاپیەکەی ئەحـمەدی کـاکی/ ...) «شێخ ڕەزا».
**ئەحمەدیکۆر:** شاعیرێکی هەسـتیاری موکریـانی بووە: (گەوهەرێ ئەی گەوهەرێ/ چ ناهێنێ کـار بە زۆر/ ڕەبــی مێردەگــولەت مــرێ/ پەنــام بە ئەحمەدی کۆر) «فۆلکلۆر».
**ئەحمەدێلاوێشرقێ:** ناوی بەیتێکی کوردییە.
**ئەحمەدیموختار:** ناوێکی پێغەمبەرە×: (قەبـاڵەی عیسا و ئەحمەدی موختار/ پارێزگارم بـن لە دوو توێی مەزار) «پیرەمێرد».
**ئەحمەر:** سـوور: (لە مەیخـانەی چەمەن بەزم و تەرەبیان گرت مەینۆشان/ شەقایق بـادە نەسـرین و کووپەی مەی ئەحمەریان هێنا) «وەفایی».
**ئەحـــمەق:** کەر، گەوج، گەلایـی، گێـژ، نەفـام، هەقـمەق: (وەکـو یەک دێـتە بەر گـوێی پیـاوی ئەحــمەق/ ســەفیری بولبـول و ئـاوازی لەقـلەق) «شێخڕەزا».
**ئەحمەقانە:** گەوجانە، بێئاقڵانە.
**ئەحمەقی:** گەوجی، نەفامی، گەمژەیی.
**ئەحمەندە:** گوندێکە لای شارۆچکەی هێرۆ.
**ئەحمەوەکەڕ:** ئەحــمەدەکەڕ: (ئەمـانیش ئەچـنە گەردەنەکەی بەیــن تیلەکـۆ و گەڵـواخی، بەشــی ئەحــمەوەکەڕ، ئەمــدیوی تیلەکـۆیە، ئەو دیــوی گەڵواخی) «ئاوێنەی بێگەرد».
**ئەحمەیــــاوا:** گونــدێکە لای تیکــاب: (تیــپ میرزاشێرە بەشی ئەحمەیاوا) «ئاوێنەیبێگەرد».
**ئەحمەیەکەڕ:** ئەحمەدەکەڕ، گوندێکە لە نزیـک زەرِینەی هۆبەتوو.
**ئەحۆ:** سووکەڵەی ناوی ئەحمەدە.
**ئەحـــوال:** ١. ئەحــوال، حــاڵ، حــاڵ و حەواڵ، هەواڵ: (من جە خێڵخانەی مەینەت پاماڵم/ کۆن بەینەتدارێ پەرسـۆ ئەحـواڵم؟) «مەولەوی»،٢. ئەو حاڵەی بەسەر ئەهلی تەسەوفـدا دێ: (لە ئەحواڵ

و مەقامات ئەر دوا خۆ، خۆ نەگـۆڕێ لیـت/ هەر ئەو گـورگە، (ئەبووزەیـدی سـورووجی) تەوری گۆڕیـوە) «مەحـوی»،٣. کـردەوە، کـردە: (ئەم سیارۆزیی منە پۆشیوییە عەیبی کەسان/ ئاشکارە سەتری ئەحواڵی گونەهکارانە شەو) «مەحوی».

**ئەحواڵپرسـی**: ١. سـەردان، دیەنـی، دیـدەنی نەخـۆش، ٢. هەواڵپرسـی، چـاک و چـۆنی، خەوەرپرسی، بەیەرکردنەوە، لێپرسین.

**ئەحواڵپرسین**: لێپرسین، هەواڵپرسی: (سەرەڕێ دەگرم بە دەلیلەوە/ ئەحواڵ دەپرسم بە زەلـیلەوە/ تاران جێی تۆ نێ، هەستە وەرەوە) «فۆلکلۆر».

**ئەحواڵپەرسای**: ئەحواڵ پرسین.

**ئەحواڵزانای**: ئەحواڵ زانین.

**ئەحواڵێ**: هەواڵـێ، خەبەرێ: (بـا جـا بگێلمـێ سارا و کۆ پەیوەسـت/ بەڵـکە ئەحـواڵێ بگنۆمـان جە دەست) «خانای قوبادی».

**ئەحوەل**: خێـل، هەڵـجەڕ، چـاوخوار، چـاولار، خـوول، خوویـل، خـێچ، یەک بە دوو بـین: (ئەحوەلی تەفرەقە نەزەر تەقوییەتی سەبەب دەکا/ عاریفی وەحدەت ئاشنا لەم قسەیە ئەدەب دەکـا) «نالی».

**ئەحە**: سووکەڵەی ناوی ئەحمەد: (ئەحەی سەلیم وتی: سەگی ماڵە عەزەی قادر زۆر دڕە) «ڕشتەی مرواری»، (ئەو بزنە ئەیدەم بە ڕەئی بێفەڕ/ ئەیدەم بە کڵاش بۆ پێی ئەحەکەڕ) «قانع».

**ئەحەخڕنۆک**: نـاوی پیـاوانە: (کـابرایەک هەبـوو ئەحە خڕنۆکی ناو بوو) «ڕشتەی مرواری».

**ئەحەد**: ١. تـاق، تاقـانە، تاکوتەنیـا، ئەوێ بـێ میناک و هەڤگورە: (میم مەتلەعی شەمسـا، ئەحەد ئـایینە سـیفەت کـر/ لامیـع ژ عەرەب بەرق، ل فەخخـاری عەجەمـدا) «جزیـری»،٢. یەک، ئێـک، دەسپێکا هژمارێ،٣. خودای تاک و تەنیا: (قیبلەم، بەو ئەحەد بـێ هەمتـای فەردەن/ سـەوگەند یەکێوەن چەنی تـۆم وەردەن) «مەولەوی»،٤. ڕۆژا ئێکی ژ حەفتێ.

**ئەحەکە**: ئەحمەدۆکە، ئەحمەدی گچکە.

**ئەحیـا**: ١. شـەونخوونی، شەونوخسـی، شـەوبەیاری، شـەوبێداری، شـەوزیندوویی، شـەوخەوەری، شـەووریایی،٢. ئیحیـا، زینـدوو، ڕەوتی ژیانەوە، بوژانەوە: (عاشقی سەروم عەزیزم مائیلی ڕەنگی گوڵم/ بەستەیی تای سونبلم ڕۆحم چ وەخـت ئەحیـا ئەبـێ؟) «مینەجـاف»،٣. کـاری ئاوەدان کـردنەوەی زەوی،٤. ژیـان، زینـدەگی،٥. ناڤێ مێرانە.

**ئەحیـانە**: ئەگە، ئەگەر، هەگەر، ئەگەرهـاتوو، دەسوڕەتێکدا.

**ئەحیانەن**: جاروبـار، ئەگەر هـاتوو: (ئەحیـانەن نەسیم پرسام لێ جە حاڵ/ مەوینـیم وەی ڕەنـگ بیم وە زووخاڵ) «مینەجاف».

**ئەحیاوان**: بژوێنەکان: (ئەحیاوان پڕ گوڵ، نـاڵەی بولبـولان/ دایەرەی زنجیـر زولـف سـونبولان) «بێسارانی».

**ئەخ**: ١. قخە، پیسی بە زمانی مناڵەیل،٢. وشـەی دەنگە.

**ئەخا**: ١. ئەیخا، دەیخا، فڕئەدا، فڕەئەدا، دەهاوێ، ٢. لارەو ئەکا، لاری دەکاتەوە.

**ئەخبار**: باس‌وخواس، دەنگ‌وباس.

**ئەخباردای**: دەنگ‌وباس خوێندنەوە.

**ئەخباردەر**: کەسێ هەواڵ دەخوێنێتەوە.

**ئەخباردەرە**: ژنێ کە هەواڵ دەخوێنێتەوە.

**ئەخـت**: ١. کۆشـش، حەول، تەقەلا،٢. ئەقـد، ئەخد، ئەندازە.

**ئەختاچی**: یەختەچی، ناوچەیەکە لە کوردسـتانی ئێران.

**ئەختان**: فرسەت، دەرفەت، کەیس.

**ئەخترمە**: ١. یەخترمە، یەختـە، ئەسـپی ئەختـە،٢.

ئەسپ و چەکێن لە دوژمن گیراوە لە شەڕدا.

**ئەختوبار**: بەئەمەگ، ئەمەکدار، وەفادار، پێزان.

**ئەخت‌وچـــار**: حەول، تەقـــالا، کۆششـــی زۆر: (ئەخت‌وچارم کرد نەهاتە ژووری).

**ئەختە**: ١. یەختـە، خەسـاو، خەسـە، خەسیاگ، گوندەرهـــاتوو(کەڵ) ٢. دارەتەڕی ســـەر قرتـــا،٣. یەختە، داربی چەقێنراو لە گـوێ ئـاو بـۆ ڕوان،٤. بـــارگیر، ئەســـپی بـــاربەر،٥. پیـــاوی خـــوێڕی و بێ‌جەرگ.

**ئەختەر**: ١. ئەستێرە، هەسارە، ئەستارە: (ئەختەری ئیقبال و مەهی بورجێ بەخت/ میهـری سـپێهرێ کەمەر و تەخـت و تـاج) «جزیـری» ٢. بەخـت، هات ٣. فریشتەی وەکیلـی عەردێ،٤. ئـالا، ئـاڵا، بەیداخ، ٥. نازناوی شێعری «ئەمین ئاغا»ی کوڕی بەکر ئاغای حەوێزی، شاعیرێکی کوردە، لە ساڵی ١٨٣٩ی زایینی لە شاری کۆیە هاتۆتە دنیاوە و لە ساڵی ١٨٨٨ی زایینی کـۆچی دوایـی کـردووە،٦. ناوە بۆ ژنان: (ئەختەر کچی کوردی چاومەست!/ ئیلهام بەخشی شێعری پڕهەست) «هێمن»،٧. نـاوە بۆ پیاوان: (لەشکری ئەختەشای کەوتن، کـارێکی وایـــان پێ‌کـــرد، بـــا بە دەواری پـــایزێ ناکـــا) «بەهرام‌وگوڵەندام».

**ئەختەرژمار**: ئەختەرژمێر، هەسارەناس.

**ئەختەرژماری**: هەسارەناسی.

**ئەختەرژمێر**: ئەستێرەناس، هەسارەژمار.

**ئەختەرســـتان**: کتێبێکـــی زانســـتیە لە هەمـــبەر ئستێران.

**ئەختەرســۆتی**: ١. ئەســتێرە ســۆتی، بێ‌بەختــی، چارەڕەشی،٢. چارەڕەش، بێ‌بەخت.

**ئەختەرشــــناس**: هەســـارەناس: (جەو دمـــا ئەســحاب زیــج و ئوســترلاب/ ئەختەرشناســان ئەرەستوو خیتاب) «خانای قوبادی».

**ئەختەرشومار**: هەسارەژمێر.

**ئەختەرشوماری**: ئەستێرەژماردن.

**ئەختەرشناسان**: ئەختەرناسان، زانایـانی بـواری ئەستێرەناسی.

**ئەختەرناس**: نجوومگەر، ستارەناس.

**ئەختەری‌کاویان**: ئـالایی فەرەیـدونێ، درەفشـی کاویـــان، ئەو ئـــاڵایەی کـــاوەی ئاســـنگەر لە دژی زوحاک هەڵیگرت گوایە پـارچە کەڤـلەک(کەوڵ) بووە.

**ئەختەکرن**: هەختەکـردن، خەسـاندن، خەسـانن، گون دەرێنان.

**ئەختەلات**: شۆخی، کایە، گەپ، گاڵتە، گەمە.

**ئەختەلاتچـــی**: شـۆخیباز، گـاڵتەچی، نوکتەبـاز، تیتاڵیباز.

**ئەختیار**: ١. ئیختیـار، یختریـار، کـاڵ، تەمەنـدار، پیر، پیرەمێرد،٢. پیرەژن، پیرێژن.

**ئەخچە**: جۆرە پارەیەکی کۆنە.

**ئەخد**: ئەخت، ئەقد، ئەندازە.

**ئەخراج**: ئەقراژ، ئەخراژ، تەرازی گوڵدۆزی‌کراوی لیباس.

**ئەخراژ**: ئەخراج.

**ئەخـــرەب**: دوپشـک، مـارەکۆڵ، دومـارەکۆڵ، گادین، چزەپیلە.

**ئەخرین**: لەغـرین، بەرتێشـت، ئەرخـین، ئەوەی ژەمی بەیانی نەخواردبێ.

**ئەخزە**: خوسە، دەرد، مەرەز، بغوزە.

**ئەخزەر**: ١. سەوز، کەسک: (شەترەنجی یێ مـاه و جونـدی ئەخـتەر/ بیلجـوملە ل سـەر بیسـاتێ ئەخزەر) «خانی»،٢. شین، ئاوی، عابی، ٣. دەریـا، زەریا،٤. تەڕ و تازە.

**ئەخزەرئاوا**: ١. دێیەکە سەر بە ناوچەی کولتەپەی جانگیرخـانی سـەقز،٢. شـوێنێکی سەرسـەوز و

ئاوەدان.

**ئەخزەروئەلوان**: سەوزوزوڕەنگاوڕەنگ.

**ئەخشال**: ئەخشاڵ.

**ئەخشاڵ**: ١. قاپ و قاچاخی ناو ماڵ، پڕوپیت، شتومەک، ناڤمالی،٢. زبڵ، خاشاڵ، ئەشخاڵ،٣. دەغەڵە، خەوش و خاڵی ناو دەغڵ،٤. ئاژەڵ، پاتاڵ، ساوەیل.

**ئەخشام**: مۆزیکان، موزیک، مۆسیقا.

**ئەخکە**: ئەونە، ئەوەندە، ئەقرە.

**ئەخگـر**: ئەخگەر، سکڵ: (لالەیی گوڵباخە، مانگە یاکو خورشیدە ڕوخت؟/ ئەختەرە یا ئەخگرە یا ڕەنگی لۆکسی جەرمەنی؟) «مینەجاف».

**ئەخگەر**: ئاور، ئاگر، پەنگر، پشکۆ، سکڵ: (من ئاسا بنیان پا وە ئەخگەردا) «بێسارانی».

**ئەخلاق**: ئەدا، توۆزم، پیشە، خوو، خدە، خدێ، ڕەوشت، ڕەفتار، ڕەویە، سچینە، سینجی، شێوە، کردار، کردەوە، کەنشت، گەشکە، مەشرەف، نەریت، نەریەت، هیم، هی، یانەک.

**ئەخلەخ**: سوخمە، سیخمە، ئیلەک، ژێرکەوا، نیمتەنە، کۆڵۆنجەی بێ قۆڵی ژنان.

**ئەخلەدان**: پاپۆکەخواردن(مار)، ئاخلەدان.

**ئەخلەویک**: ئاخلەویک.

**ئەخم**: ڕووترشی، مرومۆنی، ترشڕوویی، گرژی، لووتوپووت، تەشقەیز، قەیزکردن.

**ئەخماز**: ئەدەو، ئەدەب، تەربیەت.

**ئەخمتیەڵی**: ئەخموتەخم.

**ئەخمکرن**: نێوچاو تێکنان، مۆنبوون، تورشیان، ناوچاو تورشانن، لووت و پووت کردن.

**ئەخموتەخم**: ڕووگرژی، مۆنی، مرومۆچی.

**ئەخموو**: ڕووترش، مۆن.

**ئەخمە**: زاف، بۆل، پڕ زۆر.

**ئەخنکە**: ئەخنە، ئێقرە.

**ئەخنە**: ئەخنکە، ئەقەرە، ئەونە.

**ئەخنێس**: گوندێکە لە هەرێمی کوردستان.

**ئەخۆ**: ئۆخەیش، ئۆخووەش، ئۆخەیچ.

**ئەخوا**: دەخوا، دەخوات، دەیخوا.

**ئەخوان**: ١. ناڤێ خوەدێ،٢. بێخەو.

**ئەخوتف**: ئاخوتف.

**ئەخۆل**: ناڤێ مێرانە: (ئیمڕۆ لەگەڵ حەمەی نادر و مارفی ئەخۆلا باسی جەنابتان کرا) «ڕشتەی مرواری».

**ئەخۆن**: دەخۆن، دخۆن.

**ئەخیار**: ١. هۆشیار، نەمەست، بەهۆش،٢. بێگانە، بیانی، نەناس.

**ئەخیاوان**: شەقام، خیابان، خیاوان، کۆڵانی پان، ڕێگەی درەختدار.

**ئەخیجان**: ناوی گوندێکە لای سایینقەڵا.

**ئەخیە**: ١. گوڵمێخ، سنگ، مێخ تەویلە، مێخ زنجیر بۆ بەستنەوەی ئاژەڵ،٢. ئاخوڕی لەوەڕ.

**ئەدا**: ١. ئاکار، کردە، ڕەفتار، ڕەوشت: (ئەی شەککەرین دەهانی شەکەر نوتقی، لێو نەبات/ شیرین هەموو شەمایل و شیرین هەموو ئەدات) «ئەدەب»،٢. ناز، نازونوز، عیشوە، کرشمە، لارولەنجە: (ژنێکی بە ئەدایە)،٣. ڕەوتی دانەوە، وێدانەوە٤. لاسایی، لاسا، دەمپاسکانی، دەمەلاسکێ ٥. دایک، داڵک، دێ ٦. حازر، بەجێ، بەجێگە، نەفەوتاو: (نوێژەکەم بە ئەدا کرد) ٧. بەجێ هێنان: (تا وە زولف و ڕووی تۆ تەماشامەن/ ئەدای نمای فەرز سوبح و عیشامەن) «مەولەوی»،٨. بەجێ، جێبەجێ، دان: (هەرچی تە دبێژی، ئەم وسا کین/ هەرچی تە دخوازی، ئەم ئەدا کین) «خانی»،٩. دەربڕینی وشە: (شێعرا تە «مەلا» سیحری شەکەرریزە بە موعجیز/ زانم ژ لەبێ لەعل تە ئەڤ لەفز و ئەدا گرت) «جزیری»،١٠. باس، لێدوان: (ئەدای پەشێوی

حـالات جەسـتەم/ دوورەن جە تەحریـر خـامەی شکەستەم) «مەولەوی»،١١. دەدا، دەدات: (ئەو ژنە ئەدا)، ١٢. ئەگەر دادەو، ئەگەر دای،١٣. نـــــاوی کچانە.

**ئەدابابا**: ئەداوبابە، گوڵێکی سـوورە وەک دەسـتی مـرۆڤ پەنـجەدارە بـۆ چارەسـەری دمەڵ و زام بەکاری دێنن.

**ئەداتمرۆ**: دایکت بمرێ.

**ئەدادەرهێنان**: لاسایی کردنەوە، دەمەلاسکێ کرن.

**ئەدارزیەت**: خۆ لووس کردن، ناز کرن.

**ئەداڤ**: کێم، کیم، عەداب، عەداڤ، چڵکی برین.

**ئەداکردن**: ١. دانەوە، وێدانەوە(قەرز)، ٢. کردن، جێوەجێ کردن: (ناحەقە شەکوە لە بێعەهـدی و بێپەروایی/ کەی وەفـایێکی ئەدا کـردووە؟ سـەد دەفعە زمووت) «حاجی قادر»،٣. بەجێگە هاوردن، بەجێ هێنان: (ئەو دبێ شەیخێ ژ شامە/ ئەو تنـێ قوتبێ کـرامە/ لازمە چیـنە سـەلامە/ مـا ئەدا کـن سوونەتێ) «فەقـێ تەیـران»٤. کـردنەوە، گێـڕانەوە (نـوێژ)،٥. باسـی ڕووداو کـردن: (تەقریـر و ئەدا کرن مەحالە/ تەدبیر و دەوا کرن بەتالە) «خانی»،٦. دان، پێدان، پارە دان: (تو چـێکە سـەلکێد چـاکە/ بینە دەرگاهی بەها کە/ میر حەقێ تە دێ ئەدا کە/ شوغلەکە خێرا تە تێ) «فەقێ تەیران».

**ئەداکرن**: ئەداکردن.

**ئەداکریاگ**: ١. دریاگەوە، دراوە،٢. کراو، بەجـێگە هاوردراو،٣. گێڕاوە(نوێژ).

**ئەدالوسووریچێ**: دایکەلێی سووریژە.

**ئەدالوسەیارانی**: دایکەلێی سەیاران.

**ئەدالوگەبڵەی**: دایکەلێی گەبلە.

**ئەدالووەنەوشەی**: دایکەلێی وەنەوشە.

**ئەدالوهەڵوێ**: دایکەلێی ئاولە.

**ئەداڵەکەرەسێ**: ڕازیانە کێوی، گیایەکی کوردستانە.

**ئەدالەمەردە**: دایکەلێی مردوو.

**ئەدالەمەردێ**: دایکەلێی مردوو.

**ئەدالێ**: دایکە، دایکەلێ، دایکەچکۆلە.

**ئەدالێسووریجێ**: دایکەلێی سووریژە.

**ئەدالێسەیارانی**: دایکەلێی سەیاران.

**ئەدالێگەبڵەی**: دایکەلێی گەبلە.

**ئەدالێوەنەوشەی**: دایکەلێی وەنەوشە.

**ئەدالێهەڵۆی**: دایکەلێی ئاولە.

**ئەدامەردە**: ١. دایکمردوو،٢. بریتی لە بێچارە.

**ئەدامەردێ**: دایکمردوو بۆ مێ.

**ئەداوئەتوار**: ئۆین، ئەدا، ئاین و ئـۆین، کـردەوە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکی.

**ئەداوئەدێ**: نەنە، نەنک، دایکی دایک.

**ئەداوبـــابە**: ئادابابـا، نـاوی گـوڵێکی زەردە لە دەسپێکی بوهاردا دەڕوێ.

**ئەداوتاتەی**: ١. دایک و باب،٢. نەنە، نەنک.

**ئەداوحیلا**: دایک حیلە، فێڵباز.

**ئەداوەت**: عەداوەت، دوژمنی.

**ئەداوەکـــردن**: ١.وتـنەوە، گـوتنەوە، واویژکـرن، دووپات کردنەوە(قسە)،٢. دانەوە، پێدانەوە(قەرز).

**ئەداوهەڵوێ**: دایکی ئاولە.

**ئەدایشوتیە**: دایکی شیری.

**ئەددێ**: ١. لەبەرچـی، ژ بەرچـێ،(ئەددێ تـۆ بـۆ ناخوونی؟) ٢. وشەیەکە بـۆ پوچانـدنەوەی وتەی ویژەر بە گاڵتەوە: (ئەددێ! چاک نەتبردەوە).

**ئەدرنە**: ناوی شارێکە×: (چارناچار ماڵ و منـاڵی

بەجێ هێشت و چووە شارێکی وەک ئەدرنە) «ڕشتەی مرواری».

**ئەدرۆشێ**: زریوەی دێ، ئەبریسکێتەوە.

**ئەدرێس**: ئادرەس، ناوونیشان، نشانی.

**ئەدگار**: ئادگار، بێچم، بیچم، سەروگوێلاک.

**ئەدڵ**: ١. هامار، زەوی تەختان،٢. تاقەێ پارچە، ٣. داد، عەدڵ، ئینساف،٤. ئاسایش، هێوری.

**ئەدڵانی**: تەختانی، دەشتانی، دەشتایی، هاماری.

**ئەدڵدای**: دادخوازی، دادخوازین.

**ئەدلین**: ئارامبوون، ئاسایشیەتی.

**ئەدنا**: سووک، کەسێلی هیچوپووچ: (لە لای ئەدنا پیاوی خوا، چ نەوشیروان، چ گاوانێ) «قانع».

**ئەدنانەفەر**: کەسی سووک و پەست: (گەهێ نەوبەت نەهار و گاهێ لەیلی/ گەهێ سفتە بە هەر ئەدنانەفەر کەم) «قانع».

**ئەدوا**: ١. ئالات، ئیسوەت، چێشتەخۆشە، داودەرمانی ناو چێشت،٢. باسی دەکرد، ڕابردوی دوان.

**ئەداوەت**: عەداوەت، نەیاری، دژمنی.

**ئەدەب**: ١. شەرم، فەدی، حەیا: (ئەحوەلی تەفرەقە نەزەر تەقوییەتی سەبەب دەکا/ عاریفی وەحدەت ئاشنا لەم قسەیە ئەدەب دەکا) «نالی» ٢. ناوگەڵ، گەڵوگون ٣. ئارامی، سەنگینی، هێمنی،٤. ئارام، هێمن، بەشەرم،٥. ویژە، تۆرە، هەڵبەست، شێعر و پەخشان: (لەززەتی دنیا هیچ و پووچە لای ئەهلی ئەدەب/ ئەووەڵ و ئاغازی جەور و دەردە، ئەنجامی ستەم) «نالی» ٦. پێشاو، ئەدەبخانە ٧. تەمێ، تەمبێ، سزا: (ئەدەبم کرد)،٨. نازناوی شاعیری گەورەی کورد، «عەبدوڵڵا بەگی میسباح دیوان»: (ڕێم بە گوڵزارت تەڵەب کرد، ئەو شەوە فەرمووت: نەیێ/ یەک نەفەس بێت و بچێ، لەم باخە موختارە «ئەدەب») «ئەدەب»،٩. هۆرتە، ڕست، داب، کردەوەی شیاو لای کۆمەڵگا: (ئەدەب وایە کە لەم گوستاخییانەش تۆبە کەی «مەحوی»/ خەیاڵی خاوە، عەنقا ناکەوێتە داوی ئەفسانە) «مەحوی»،١٠. ڕێ و ڕەوشتی هەر کارێک.

**ئەدەبئەرەدای**: ئەدەب دادان.

**ئەدەبپەروەر**: ئەدەبدۆست، لاگیری ئەدەب: (لە ئەنجامدا خۆی بووبووە ئەدەبپەروەری کورد) «ڕشتەیمرواری».

**ئەدەبخانە**: ئاودەستخانە، ئاودەس، ئاوخانە، ئاڤدەس، کەناراو، پێشاو: (خانەقاکەی کەنەفی ئەمنە، ئەدەبخانەیی عام/ جێی قەزای حاجەتە خەڵقی بە زەرووری دەچنێ) «حاجی قادر».

**ئەدەبدان**: ١. ئارامکردن، مۆچیاریکرن، سەنگینکرن،٢. تەزانن، تەمێکردن، ئەدەبکرن، سزادان.

**ئەدەبدایرە**: ئەدەب دادان.

**ئەدەبدایەرە**: ئەدەب دادان.

**ئەدەبدۆس**: لایەنگری ئەدەب.

**ئەدەبدۆست**: ئەدەبدۆس.

**ئەدەبدۆستی**: ئەدەدۆسی: (شاعیریی و ئەدەبدۆستیی لە کوردەواریدا، بە هیچ دەور و زەمانان، نەبۆتە نان و ئاو) «چەپکێ گوڵ».

**ئەدەبدۆسە**: ئەدەبدۆست بۆ مێ.

**ئەدەبدۆسی**: ئەدەبدۆستی، لاگیری لە ئەدەب.

**ئەدەبسز**: بێئەدەب، بێشێواز، بترک، چارقاب، چاونز، لاقردی، کانج.

**ئەدەبکردن**: ئەدەبدان، سزادان: (ئیرۆ ل مەمێ ئەزێ غەزەب کم/ سوچەک وی هەیە، ئەزێ ئەدەب کم) «خانی».

**ئەدەبگرتن**: ١. سەنگین بوون، ئاقڵ بوون، مۆچ گرتن، ٢. تەزیان، تەمێ بوون.

**ئەدەبگرتەی**: ئەدەب گرتن.

**ئەدەبی**: ویژەیی، نووسراوەی پێوەندیدار بە ئەدەب و ویژەوە: (ب رەنگەکێ ئەدەبی یێ جوان بقەهینت) «حارسێ بدلیسی».

**ئەدەبیات**: ویژە، بێژە، توورە، تۆرە، شێعر و پەخشانی دلگر.

**ئەدەبیفۆلکلۆر**: پەندی پێشینیان، قسەی نەستەق، مەتەڵ، گاڵتەوگەپ، هۆنراوە، چیرۆک و داستان و ئەفسانە دەگرێتەوە.

**ئەدەبیەت**: ئەدەبیات: (وی کوری وەلی فێری خوەندن و نڤیسارێ کربوو، ب دیرۆک و ئەدەبیەتێ را کربوو ناس) «مەستوورە».

**ئەدەت**: ئەدا، ئەدات.

**ئەدەس**: ئەودەس، ئەوکان، ئەولا، ئەوبەر.

**ئەدەسا**: ئورفە، ناوی شارێکە لای دیاربەکر.

**ئەدەم**: ئادەم.

**ئەدەن**: گوندێکە لای شارۆچکەی کانیماسێ.

**ئەدەو**: ئەدەب، ئەیەو.

**ئەدەوای**: ١. ناڤێ خودێ،٢. تەنها، تەنیا.

**ئەدهەم**: ئەسپی ڕەش: (ئەدهەم د تەویلەیێ نهین کر/ ئەشهەب ژ خوەڕا ژ نوقە زین کر) «خانی».

**ئەدی**: ١. ئیدی، ئیتر، چیتر، پەس، لەمەولا: (ئەو کارەت کرد، ئەدی مەیکە) ٢. بەڵێ، ئەرێ، بۆ ولام ٣. کەوابوو، کەواسە، ئەی کە واتە، جا: (دڵ گلە و شەکوەی لە ئەشکەنجەی عەزابی زولفی یار/ کرد و، ئەو فەرمووی: ئەدی زنجیری زاڵم بۆچییە!) «مەحوی»،٤. مەگەر، گەر، ئەگەر،٥. پرسیارە بۆ پتەوی، تاکید: (وەرە ئێرە و مەپرسە تۆ، ئەدی چارشێو و ڕووبەند کوان؟) «هێمن»، (ئەدی چۆن نایەم؟)،٦. ئەی: (ئەدی چی ئەڵێی؟ : ئەی چی ئەیژی؟)،٧. بۆ سەرسووڕمان: (ئەدی نەتبیست زارا مێردی کرد؟)،٨. بۆ ناڕەزامەندی: (کە بەم خانووە ڕازی نەبووی، ئەدی بۆ دەتکڕی؟)،٩. ئەگەر دیتی، ئەگەر دی.

**ئەدێ**: دایە، دایکە، دایکێ.

**ئەدیئەدی**: ئەرێئەرێ، بەڵێبەڵێ.

**ئەدیب**: ١. توورەوان، ویژەناس، ویژەوان: (دەڵێن زانا و ئەدیب و خوێندەوارە/ ئەگەر نەیخوێندبێ شەش پیت و دوو دێڕ) «هێمن»، ٢. نووسەر، شاعیر: (لە «ڕاوچی» چی دەوێ خەڵکی بە شینی چینی ئەو شارە/ لەسەر گۆڕی ئەدیبی گەل، بە کۆمەڵ فاتیحا دیسا) «ڕاوچی»،٣. نازناوی شاعیری کورد، مەلا ڕەسوڵی ئەدیبە کە لە دێی شاوەڵی لەدایک بووە: (سوئی زەننی تۆ لە کەملوتفیە دەرحەقی «ئەدیب») «ئەدیب»،٤. گوندێکە لای مەندەلی،٥. ناوێکی کوڕانە.

**ئەدیبی**: ١. توورەوانی، ویژەناسی،٢. شاعیری، نووسەری: (هەر کەسێ لافی ئەدیبی و شاعیری بێنێتە سەر/ حەیفە ئەشعاری خەرافی، یا قسەی ئەفسانە بێ) «موفتی پێنجوێنی».

**ئەدی کو**: بێگومان، پاچەوا.

**ئەدی کۆ**: مەگەر چۆن؟

**ئەدی کوا**: کەوابو لە کوێیە؟

**ئەدی کوانێ**: ئەدیکوا؟

**ئەدیکە**: گوندێکە لای شەنگال.

**ئەدینا**: مەگەر وانییە؟

**ئەدینە**: ئادینە، ئەینی، جمعە.

**ئەر**: ١. ئەگەر، گەر، مەگەر، ئالاڤێ مەرجە: (جانێ من ئەر بێ سەر جەسەد، مزگین ب ئافاقان ڕەسەد/ عالەم حەمی پێ بن حەسەد، ئینسان و جینن و جانەوەر) «جزیری» ٢. پاشگرێکی ناوی بکەرسازە: (نووسەر، هاوێژەر) ٣. ئا، بۆ واقمانە،٤. لە ئێرە تا.

**ئەڕ**: مرازی سەر سوڕمانە.

**ئەرا**: ئەڕا، بۆ، بۆچی؟: (وەت ئەمیر ئەرا ناخۆش کەفتیە؟) «چاردۆڵی».

**ئەڕا**: ١. ئرا، بۆچ، بۆ، لۆ، لۆچی، بۆچی، چما،

ئەڕای چی، لەبەرچی؟ ٢. بۆ، بۆخاتری، لەبەر: (بزن ئەرا یە شەو جێ خوەی خوەش کێگ) «پەند»٣. مشار، هەرە.

**ئەڕائەوان**: ئڕا ئەوان، بۆ ئەوان.

**ئەڕابە**: ١. ئارەبانە، عارەبە، عەڕابە، گاری، گاریە، گەردوونە، عەڕابەی وەرزێڕی،٢. داشقە، گاری دەستفرۆش، ٣. تەگەر، تەگەرە، خرتک، خرتەک، چەرخ، پێچکەی عەڕابە.

**ئەڕابەدەستی**: ١. فەرغوون،٢. داشقەی دەستی.

**ئەڕاتان**: بۆتان، بۆ ئەنگۆ.

**ئەرارات**: ئارارات.

**ئەڕابەی‌جەنگی**: دەبابە، تانگی شەڕ.

**ئەرات**: لەبەر تۆ، بۆ خاتری تە.

**ئەراتانە**: لە بەر خاتری ئێوە.

**ئەڕاچووێ**: بۆچی؟، چما؟، بۆچ؟

**ئەڕاچە**: ئڕا، ئڕاچە، چما؟

**ئەرادریا**: بۆچی دریا؟

**ئەرارات**: ئارارات.

**ئەڕازووان**: لاناوە بۆ کورد باشووری.

**ئەرازی**: ×٢٨×: (ئەحمەد بەگی فەتاح بەگی ئەرازی پیاوێکی بۆشناغ و بە دەمار بوو) «ڕشتەی مرواری».

**ئەڕاکرایە**: بە کرێ، بۆ کرێ: (د خودا خەیر باریتە ڕاتان، ئەڕا کرایە ئوتاق خالی نەیرین؟) «کۆردەرە».

**ئەڕاگیل**: ئەڕاگێڵ.

**ئەڕاگێڵ**: ١. وەیلان، هەڵوەدا، ئاوارە، مات، سەرگەردان، تەرە، دەربەدەر: (تا ئەو ڕۆ خاکم بشۆ نە دیدە/ ئەراگێڵی تۆم، لەب‌بەرگوزیدە) «بێسارانی»،٢. بە دوادا گەڕاو: (خسووس من سەرعی و لێوە و وێڵ تۆم/ سەودایی خەمبار ئەڕاگێڵ تۆم) «مەولەوی».

**ئەرالیک**: شارێکی باکووری کوردستانە.

**ئەرام**: بۆم، بۆ من.

**ئەڕامان**: بۆمان، بۆ مە، بۆ ئێمە: (ئووشن گووشت گەن ئەڕامان سینی) «چەپکەگوڵ».

**ئەرامەند**: ١. پەرێشان، داماو،٢. خەمبار، غەمگین، کۆقاندار.

**ئەرامەندە**: پەرێشان، داماگ، داماو: (جە واتەی شێرۆ سەرەفکەندە بین/ جە سەودای گەردوون ئەڕامەندە بین) «خانای قوبادی».

**ئەرامەندەبای**: داماو بی: (خەریکی خەرکاو ئەرامەندە بای) «بێسارانی».

**ئەرامەندێ**: داماگ، داماو بۆ مێ.

**ئەرامەنە**: ١. ئارامەنە، گیرخواردو، دەستەوەستان، ٢.لانەواز، هەژار،٣. کۆی ئەرمەنی.

**ئەرانتەپە**: شارێکە لە باکووری کوردستان سەر بە پارێزگای موش.

**ئەرانە**: خەزێم، لووتەوانەخشڵێکی لووتە: (خەزێم و خەزێم پووڵەکە/ خەزێمی یاریم سەد زێڕی هەقە) «سێسەد».

**ئەڕانی**: داژوا، لێی ئەخوڕی.

**ئەڕاو**: ئاڕا، بۆ، بۆچی؟

**ئەراوەند**: ١. بەرز، بلند، بڵیند،٢. ناوی کوڕانە.

**ئەڕای**: هن، ئڕای، بۆ، ماڵ.

**ئەڕایان**: بۆیان، بۆ ئەوان: (تو کارت نەوت، خۆم ئەڕایان زەحمەت کیشم) «کۆردەرە».

**ئەرای‌چە**: بۆچی، لەبەر چی.

**ئەڕای‌چەشە**: بۆچییەتی؟: (کوڕ خاس ماڵ ئەڕای چەشە، کوڕ خەراو ماڵ ئەڕای چەشە؟) «پەند».

**ئەرئازان**: ئەگەر ئازایە: (سا ئیسە، ها دەرد دووریش ئاوەرد جۆش/ سەبرت ئەر ئازان، بمانۆ شنۆش) «مەولەوی».

**ئەرئانە**: ئەگەر ئەوە: (ئەوسا من زامەت تەن کێشانم بۆ/ حاشا ئەر ئانە چێو ئێشانم بۆ) «بێسارانی».

**ئەرئەر**: عەرعەر، داریـکە: (سـوو نەکەی لە وەر ئەرئەر چناران/ قەتراوپـووش نەکەی وەنەوشـەی داران) «خانمەنسوور».

**ئەرئەرقـامەت**: بریتـی لە بـاڵابەرز: (سـەروی سایەدار ئەرئەرقامەتم/ بێ وادە بردی تا قیـامەتم) «ڕشتەی مرواری».

**ئەربائیلو**: هەولێر، شاری ئەربیل.

**ئەرباب**: ١. خـاوەن، خـودان، سـاحەب: (لەبەر قاپی سەرا سەفیان دەبەست شێخ و زاهید/ مطافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گـردی سـەیوان بـوو) «شێخ رەزا»،٢. ڕووخۆش، سەوداخۆش: (کوڕێکی زۆر ئەربابە).

**ئەربابـانە**: ١. ئاغایـانە، سـانانە، وەک ئەربـاب، ٢.بەهرەی مالکانە.

**ئەربـابوڕەعیەتی**: دەرەبەگـایەتی، شـێوازێک دەسەڵاتداری کە ئاغاوات خودان زەوی بـوون و خەڵکیان چەوساندۆتەوە.

**ئەربابیوەفا**: وەفاداران، سـۆزداران: (بـێ یـار و دیار، وەحشی و مەجنوونی بیابـان/ مەهجـووری سەفای مەجلیسـی ئەربـابی وەفـا خـۆم) «عـارف سائیب».

**ئەربابیتەڵەب**: خودانقەرز، تەڵەبکـار: (ڕوو لە بازاڕ دەکەم ئەربـابی تەڵەب/ هەرکەسـێ تووشـی دەبم داوای دراوم لێدەکا) «کۆکەیی».

**ئەربـابیغیرەت**: خـاوەنغیرەت، بـوێر: (عیبـرەتە ئەربابی غیرەت، تێبگەن من چی ئەڵێم) «قانع».

**ئەربابیغینا**: دەوڵەمەندان: (ئەربابی غینا ئەوەندە غەڕرە بە زەڕن/ بـێ بـۆنی بەهـار و دیتنـی جـۆ دەزەڕەن) «مەحوی».

**ئەربابیوەفـا**: وەفـادار، ئەمەگـدار: (نەمـدی بە حەقـیقەت یەکـێ ئەربـابی وەفـا بـێ/ یـاخود بە سەداقەت کەمەکێ پیاوی خودا بێ) «قانع».

**ئەربگنۆ**: ئەگەر بـکەوێ: (ئەو زامەت جەسـتەی من کەردەن بە خۆ/ پێش مەبۆ زوخاڵ، ئەر بگنـۆ بە کۆ) «بێسارانی».

**ئەرببووش**: ئەسپی شێی سوورهوول.

**ئەربە**: شمر، شەلاخ، قامچی.

**ئەڕبە**: ڕبە، کێشانەیەک بەرانبەری شـەش مست دانەوێڵە یا ٢/٥ کیلۆ دەغڵ.

**ئەربەت**: ١. ناوی شارێکە لە نێـوان سـلێمانی و هەڵەبـچە، ئێستا پێـی ئێـژن عەربەت،٢. وشـک، دەشتی بێ ئاو و سەوزایی: (چەن چۆڵی ئەربەت، بەڕی بێ سامان/ چەن گێجی گلاو، دەریـای بـێ شامان) «بێسارانی».

**ئەربەتان**: پایتەختی دەولەتی میدیا بووە.

**ئەربەخوەر**: دێەکەیگە لە ئارونئاوا.

**ئەربەدە**: عەربەدە، ملهڕی، ئداهاتن.

**ئەربەس**: ئەگەربەس، بەخـۆڕایی×: (ئـابلەی دەردا کەفی پێی تاقەتی هەنگامی جەهد/ سـالمی سەرگەشتە ئەربەس ڕێـی موسیبەت تەی دەکـا) «سالم».

**ئەربەنووس**: گوندێکە سەر بە شاری بۆکان.

**ئەربەی**: ئەگەر بێـی: (چـراغم ئەر بەی .../ ئەر بەی بوینی ئی ڕووخسار چوون بەی) «بێسارانی».

**ئەربیل**: ١. هەولێر: (دوو بیرۆکە لە هەمبەر ناوی ئەربیـل هەیە، یەکەم: اربیـل: نـاوێکی کـۆنە و دەگەڕێـتەوە بـۆ ٤٠٠٠ سـاڵ لەمەو پـێش، چـوار خواوەندی ئاشوورییەکان تیا بووە، نـاوی ئەربیـل لەوێوە هاتووە، واتا (ارپا- ئیلو)، دووهەم: اروبـل، اولیر، هەولیر، هەولێر: بیروڕای دووهەم دەڵـێ کە ناوی هەولێر لە (اروبل، اولیر- هەولیر) هاتووە،٢. زەوی یەزدان، عەردێ خودێ.

**ئەربینەبو**: ئەر بێتو نەبێ.

**ئەرپیزە**: باوەشێن، باڕوشە، بارۆشە.

**ئەرپیزەلێکرن**: باوەشێن لێکردن.

**ئەرتش**: گوندێکە لە باکووری دێرالوک.

**ئەرتک**: ئەتک، هەتک، سووکایەتی.
**ئەرتووشـــی**: نـاوی عەشـیرەتێکی کـوردن ل دەڤەری هەکاری.
**ئەرتـــووین**: شـارێکی کـوردانە لە بـاکووری کوردستان.
**ئەرتە**: ڕاست، ئاویتا، حەقیقەت.
**ئەرتەپاتە**: پاسەوانی زەوی لە ئولا زەردەشتیدا.
**ئەرتەسەر**: ١. سەرپاک، پاک،٢. ناوی کوڕانە.
**ئەرتەش**: ئـاتەش، سـپا، لەشـکری دەوڵەت: (هەترەشـــی چـــوو ئەرتەش لە ترســـی لاوان) «هێمن».
**ئەرتەشبود**: بانترین دەرەجەی نیزامـی لە سپای ئێراندا لە ڕابردودا.
**ئەرتەشـــی**: ١. پێوەنـدیدار بە ئەرتەشـەوە،٢. ئەندامی ئەرتەش.
**ئەرتەقشڵاق**: گوندێکە لای بیجاڕ.
**ئەرتەنگ**: ئەرژەنگ، وێنە نـامەی مـانی: (ئەگەر لوتف پادشـاهییا وی ل سـەر بخەملن/ دبـوون نگارخانا چینی و نەقشێ ئەرتەنگی) «گولشوون».
**ئەرتەو**: بیانوو، بەهانە، پەڵپ، ئەتەو، ئوونگ.
**ئەرتیچۆک**: کنگر، کەنگر، کەرەنگ.
**ئەرتیس**: گوندێکە لە باکووری بارزان.
**ئەرتێش**: ئەرتەش، سـپای وڵاتێـک: (بـوو بـڵاو ئەرتێشی شەهەنشاهی) «ئاڵەکۆک».
**ئەرج**: وەرج، مەزنی، مەزنایی.
**ئەرجائی**: ناوی گـوڵێکە پەڕەی گەورە و وردی هەیە، لاسکی نەرم و دڕکاوییە، ماڵییە و بە تـوو زۆر دەبێ.
**ئەرجس**: نرخ، بایی، ئەرزش، قیمەت.
**ئەرجمەند**: گەورە، مەزن، بزرگوار.
**ئەرجن**: هەرجن، ئەرجەن، ئەرجەنە، بادامەتـاڵە، بادام کێوی، دارێگە پەلەیلێ سوویەرە.
**ئەرجندە**: جنۆکە، جن.

**ئەرجنەک**: بریتی لە لەڕ و درێژ.
**ئەرجو**: تکا، داخواز، خـوازە، خوایشـت، همـێ، ئومێد، پاڕانەوە: (ئەوەندە ئەرجو دەکا کـوردی کە جارجـــار/ بـــکەن یـــادی مـــوحیبی بێڕیاتـــان) «کوردی».
**ئەرجوکت**: داوا بکا، تکا بکـات: (ئـی د خـاتر ئەرجـــو کـــت، دی هەر ڕەجاکـــارێ تە بـــێ) «جزیری».
**ئەرجـــوم**: تکـام، داوام: (نەبـۆ بێنەسـیب جە سایەی لیوات/ ئەرجـوم هەر ئیـدەن، قیبلەم جە دەرگات) «بێسارانی».
**ئەرجووم**: ١. تکا، پاڕانەوە، ئەرجو،٢. تکام، تکا دەکەم: (ئەرجووم هەر ئێدەن شەماڵ فیدات بـام/ وە فیـــدای ســـروەی سوبســـەحەرگات بـــام) «مینەجاف».
**ئەرجوومەن**: ١. ئەرجووم، تکامە، تکا دەکەم،٢. ئەرجومەند.
**ئەرجومەنـــد**: پیـــاوی گـــرانقەدر و گەورە: (خسووسەن ئاستانەی ئەرجومەندی/ جەلیزادێکە عەبدوڵلا ئەفەندی) «حاجیقادر».
**ئەرجە**: ئارجن، هەرجن.
**ئەرجەئەرجە**: داری قەیسی کێوی.
**ئەرجەن**: ئەرجن، ئەرژن، ئەرژەن.
**ئەرجەنە**: ئەرجەن، ئەرجن.
**ئەرجـــیش**: شـارێکی بـاکووری کوردسـتانە لە نزیک گۆلی ورمێ.
**ئەرجێن**: هەرجن، ئەرجن.
**ئەرچەند**: ١. ئەوەنـدەی، هەرچەنـدە: (شـاهباز ئەرچەنـــد پەروازی ب بـــاڵا بێـــت و ڕەت) «جزیـــری»،٢. ئەگەرچـــی، گەرچـــی، ئەگەرکـــو: (ئەرچەنـد هەفتەیـێ عـومرم مەنـدەبۆ/ بەڵکـم دووری تۆ لێم نەسەندەبۆ) «مەولەوی».
**ئەرچی**: گەرچی، ئەگەرچی: (کافریش ڕەحمـێ

بە یەخسیری و زەلیلی خۆی دەکا/ سا وەرە ڕەحمێ بە حاڵم کە ئەگەرچی کافری) «کوردی».

**ئەرخ**: چاڵ، قووڵک، قووڵکە.

**ئەرخاندن**: ماندووکردن، شەکەتکرن.

**ئەرخایەن**: ئەرخەیان.

**ئەرخایین**: دڵنیا، ئەرخەیان.

**ئەرخوان**: ئەرخەوان، ئەرغەوان.

**ئەرخوت**: دەسەژەن، لۆلەپە مەشکە، دوو داری گڕوفەڕی خەڕاتی کراوی دە دۆژەنگ خراوە.

**ئەرخۆت**: ئەرخوت، لۆرەلەپ، لۆلەپ، دەسەخورد: (مەشکە مەشکەی مامزی/ لۆلەپ داری نێرگزی/ شەقەی لە مەشکەی دەدا/ دەنگی گەییە ڕواندزی) «هۆنراوە».

**ئەرخە**: ١. هاریکار، ئاریکار، پشتیوان، پشتگر،٢. ئەرغەئەرەسوو، شۆفار، فیتنە، چوکڵەشکێن، ئاژاوەگێڕ، لەیلاج،٣. ئەرخەوان، داری ئەرغەوان، ٤. ناوی کوڕانە.

**ئەرخەدە**: لە پاشان، لە دوایی: ("نا" حۆرییێد دەلال ئەزی ئەرخەدە هەریم ...) «کۆمەڵە».

**ئەرخەڵق**: جۆرێ عاباس.

**ئەرخەنناس**: جادووباز، فێڵباز، گزیکار، موقربازو: (پیریژن ئەرخەنناسن / هەمو دەرکان دەناسن/ هەر وەک شینە دووکەڵێ/ هەموو دەرکان دەگەڕێ/ هەر من کیژێک ساز دەکەم/ ئەو بۆ کوڕەکەی پێی دەڵێ) «بەیتی کیژوکوڕ».

**ئەرخەوان**: ١. ئەرغەوان، داریکە گوڵی سووری ئاماڵ بنەوش دەکا، پاش گوڵ گەڵا دەگرێ: (لە سەر قەبرەکان داری ئەرخەوان/ وەک بووکی تارا سەوزی ئاودامان) «گۆران»،٢. ناوی کچانە.

**ئەرخەوانسوور**: ١. ئەرغەوانی سوور، بریتیە لە هەوەڵی نەورۆز: (چوالە گوڵی کرد ئەرخەوان سوورە/ هێشتا پشێوی لە ناو شار دوورە) «پیرەمێرد»،٢. سێڵاوی بەهاری کە ڕەنگی لێڵ و سوورە: (ئەرخەوان سووری بەهارە خەخەتووی فرمێسکم/ ئەوی سامانی دڵە بردی هەمووی فرمێسکم) «بۆران».

**ئەرخەوانی**: بنەوش، بنەوشی، مۆر، وەنەوش، ئەرغەوانی، سوری ئاماڵ بنەوش: (بووکی ژێر تارای ڕەنگ ئەرخەوانی/ شۆخ و شەنگە وەک گوڵی بەیانی!) «گۆران».

**ئەرخەوانیسوور**: ئەرخەوان سوور: (وەک ئەرخەوان سوور، ئەبوو بە لافاو/ پیرەژنی چەرخ، ئەیکرد بە سووراو) «پیرەمێرد».

**ئەرخەوانیە**: ئەرخەوانی.

**ئەرخەیان**: ١. ئارخەیان، ئەوڵە، پشتڕاست، دڵتەخت، فەریقەت، خاترجەم، دڵنیا، دڵارام، دنج، قیمە، بێخەم،٢. ناوی کوڕانە.

**ئەرخەیانبوون**: سەوگرین، دڵنیابوون.

**ئەرخەیانکردن**: سەوگراندن، دڵنیاکردن.

**ئەرخەین**: ئەرخەیان.

**ئەرخین**: ١. ناشتا، لەخورێن، ئەخرین،٢. ماندووبوون.

**ئەرد**: ١. عەرد، عارد، هەرد، خاک، زەوی، زەوین، عەرز، ئەرز: (ئەرد زێڕێ زەرە، شیر ژی یێ میێ قەرە) «پەند» ٢. ناوی فریشتەیەکە لە ئایینی زەردەشتیدا، وەکیلێ سەرمالییە ٣. هێز، گوڕ، توانایی ٤. نامووس، ئابڕوو، حەیا ٥. ڕق، قین، کین ٦. ڕۆژی ٢٥ی هەر مانگێکی هاتاوی.

**ئەردا**: گوندێکە لای مانگێش.

**ئەرداوێڵ**: گوندێکە لە باکووری بارزان.

**ئەردبەهشت**: ١. گوڵان، بانەمەڕ، هەیڤا دووهەمینێ بوهارێ،٢. ناوی فریشتەیەکە لە ئایینی زەردەشتدا ٣. ناڤی ڕۆژی سێی هەر مانگێکی هەتاوی ٤. ناوی جێژنێکی کۆنە لە ئایینی زەردەشتیدا لە ڕۆژی سێی هەیڤا ئەردبەهەشتدا دەگیرێ.

**ئەردپێناس**: جوغرافیا، عەردگراف، ئەردگراف،

زەوی پێناس، پەرگارا عەرد پێناس.
**ئەردچنی**: کێڵگە، ئەردێ چاندن.
**ئەردزین**: ئاسنیک، هەسنیک.
**ئەردگراف**: ئەردپێناس.
**ئەردناس**: جیۆلۆج، پسپۆڕی بواری زەوی‌ناسی.
**ئەردناسی**: زەوی‌ناسی، جیۆلۆجی.
**ئەردول**: ئەردەڵ، کووچەک، خزمەتکار.
**ئەردە**: ١. حەڵوا شەکەری،٢. سووکە ناو ئەردەشێر،٣. کورتکراوی ناوی ئەردەڵانە.
**ئەردەبێژ**: ١. زەویناس، ئەردناس،٢. ناوی کوڕانە.
**ئەردەبێژی**: زەمین‌ناسی، ئەردناسی، زەویناسی.
**ئەردەژیان**: بوومەلەرزە، بیبەلەرز، زەلزەلە.
**ئەردەشیر**: ئەردەشێر.
**ئەردەشێر**: ١. ڕق و قینی شێر،٢. مەڵبەند و ژینگەی شێر،٣. نەعرەتەی شێر،٤. ناوە بۆ پیاوان، ٥. ئەردەشێری بابەکان، یەکەم شای ساسانی کە لە هۆزی شووانکارەی کوردان هەڵکەوتووە، ئاوێستای گۆڕیوەتە سەر زمانی پەهلەوی و ناوی ناوە زەند، بژاریان کردووە و ناویان ناوە پازەند،٦. قسەی ڕاست،٧. نەترس، بوێر، نەبەز.
**ئەردەک**: یەدەگ، ئێردەک، وڵاخی زێدی کە سیار بە دوای خۆیدا دەیکێشێ.
**ئەردەڵ**: ئازا، بوێر، نەترس.
**ئەردەڵان**: ١. کۆی ئەردەڵ، دلێران،٢. زاراوەی سنە و دەردۆرا سنە،٣. ناوە بۆ پیاوان،٤. ناوی بنەماڵەیەکی هەرە گەورەی کوردە، کە پێش سەفەوییەکان بۆ ماوەی ٧٠٠ ساڵ دەسەڵاتی سنە و دەوروبەریان بەڕێوە بردووە،٥. ناوچەی ئەردەڵان، جێی دەسەڵاتی میرانی ئەردەڵان: (ئەڤ کەڤنەشۆپی ل میرگەها ئەردەلان) «مەستوورە»،٦. شاری سنە: (ئیسە وە ئەڵماس دووری دڵ کاوام/ مەلال بەدحاڵ، ئەردەڵان ماوام) «مەولەوی»،٧. کووچەک، فرمانی، نۆکەر، خزمەتکاری تایبەتی.

**ئەردەلانی**: ١. زاراوەی ئەردەڵانی تایبەتی ناوچەی سنە ل کوردستانی ئێران،٢. شتی پێوەندی‌دار بە بنەماڵەی ئەردەڵانەوە،٣. خەڵکی ناوچەی ئەردەڵان: (کەویارەی کەویار ئەردەڵانی‌یە) «حەسەن زیرەک».
**ئەردەمیت**: شارۆچکەیەکی باکووری کوردستانە، لە نزیک گۆلی وان.
**ئەردەنئیسلام**: گوندێکە لای بامەرنی.
**ئەردەننسارا**: دێیەکە لای شارۆچکەی بامەرنی.
**ئەردەوان**: ١. چاوەدێری زەوی،٢. ناوە بۆ مێران.
**ئەردەوێڵ**: ئەردەبیل، شارێکی تورک نشینە لە ئێران: (نەزاکەتیان برد بۆ ئەردەوێڵێ) «حەسەن زیرەک».
**ئەردەوێڵی**: خەڵکی ئەردەوێڵ: (لە دەورانی سەفەویەکاندا کوردێکی ژەنگاری خۆی کردۆتە شێخی سەر بەرماڵ، بە ناوی شێخ سەفی ئەردەوێڵی) «چێشتی مجێور».
**ئەردەهان**: شارێکی کوردانە لە ژێر دەستی تورکدایە.
**ئەردهەژ**: بوومەلەرزە، ئەردهەژین.
**ئەردهەژین**: بوومەلەرزە، زەلزەلە.
**ئەردهێژ**: ئەردهەژ، بوومەلەرزە.
**ئەردیج**: شاخێکی بەرزە لە سنووری خۆی.
**ئەردیل**: شاخێکە لای گوندی دەودکە لە هەریم.
**ئەردین**: عەرزی، زەوینی، تشتێ تێکەلی ب ئەردەوە هەبێ.
**ئەڕدێن**: ڕدێن، ڕیش، مووی چەنەگە.
**ئەرر**: ئەرک، مرازی سەیرمانە.
**ئەڕڕا**: هەرە، ئەرە، مشار.
**ئەررک**: ئەرر، ئەرک.
**ئەررە**: ئەررا، هەرە، مشار: (ئەڤ ئەررەیان ژەهری ددان، من ژێ د دل دانن سینان/ مالبەهرێ فەرقێ دوژمنان، بێت و برەت مێنشارێ

چەرخ) «جزیری».
**ئەڕڕەئەڕڕ**: زەڕە، سەڕەسەڕ، عەڕعەڕ، زەڕینی کەر.
**ئەرز**: ١. سوود، خێر،٢. پارەی بیانی،٣. خاک، زەوی، عەرز: (لەبەر باری مەحەببەت ئاسمان و ئەرز ئەناڵێنن/ چییە ئەم دەعوییەت زاهید، جلی لێ بارە گاپیرت) «مەحوی»،٤. بریتی لە نزمایی: (گەرچی ئەرزی، هێند بڵیندی لای من بچیە عەڕش/ واسیتەی سەربەستی و ئیجرایی ئایینی منی) «زێوەر»،٥. فەرمایشت، عەرز: (چەرخەی چەو شرین شۆخ دیدەمەس/ سای سەر ئەو بان کە، بزان ئەرزم چوەس) «خانەمەنسوور»،٦. ناموس،٧. گوندێکە لای سیدەکان.
**ئەڕزاق**: تفاق، ئازوخە، ئازۆقە: (کو ئەقل باڤەر کا کو ئەڤ تریاقن یان کلیدا خەزانا ئەرزاقن) «گولشوون».
**ئەرزان**: ١. هەرزان، کەمبایی، کێمبها: (ئەرزا کرۆ، هەمبان درۆ) «مشتاخ»٢. کەمتەرخەم، بێمبالات، گوێنەدەر: (زارا ب سیر دل ژیم ڤەکر، دەرحەق مە پڕ ئەرزان مەبە) «جزیری».
**ئەرزانبایی**: هەرزانی، ئەرزانی.
**ئەرزانبوون**: هەرزان بوونی شت: (دەماکو تەنە ئەرزان دبوو وی گەلەک تەنە ئەرزان دکری) «پەپووک».
**ئەرزانجان**: هەرزانفرۆش، هەرزانجان، دژی گرانجان.
**ئەرزانجانی**: هەرزانبایی.
**ئەرزانفرۆش**: ١. ئەرزانجان،٢. فرۆشی ماڵ بە نرخی هەرزانتر لە قیمەتی خۆی.
**ئەرزانفرۆشی**: فرۆشتن بە هەرزان.
**ئەرزانقیمەت**: هەرزان، ئەرزان، کەمنرخ.
**ئەرزانکەردەی**: هەرزان کردن.

**ئەرزانوای**: ١. ئەرزانبایی،٢. ئەرزانی، هەرزانی.
**ئەرزانی**: ١. هەرزانی، کەمنرخی، زێز گرانی: (کابرایێکی بریکێ ڤە گەهیشتە یەکی دن و گۆت: برا تۆ هنگڤینێ ئاکرێ ب ئەرزانی نادەیە من؟!) «گولواز»،٢. فەراوانی و نیعمەت: (وان دەنگوبەس پەڤ دگوهاستن، سەر بهایێ، ئەرزانییێ دپەیڤین، خوەشی خوە ل هەڤ دکرن) «مەستوورە».
**ئەرزدای**: خۆنوێنی: (گەن وە گەنیی مەنووڕ، وە ئەرز دایی بنووڕ).
**ئەرزڕۆم**: ئەرزڕووم.
**ئەرزڕووم**: ١. عەرزەڕۆم، ئەرزەڕۆم، شارێکی کوردنشینی باکووری کوردستانە: (لە وان و ئەرزڕۆمۆ تاکو شامات/ هەموو دڵتەنگ و پەست و بێدەنگ و مات) «قانع»،٢. پارێزگایەکە لە باکووری کوردستان: (شاکر ل گوندێ ئەلاژگرا ئاگرییێ ژ دایک بوویە، پاشێ مالباتا وی کۆچێ قەرەیازییا ئەرزڕۆمێ کرنە) «سەنار».
**ئەرزش**: قیمەت، بها، نرخ.
**ئەرزکردن**: عەرز کردن، بە عەرز گەیاندن: (ئەوەڵ ئەرز کردم من دەرویشوارم) «چەپکەگوڵ».
**ئەرزن**: هەرزن، ئەرزەن، ئەرزینگ، باچیک، دێمیلە، گاڵ، گارسێ زەرە.
**ئەرزناس**: ئەردبێژ، ئەردەبێژ، زەویناس.
**ئەرزناسی**: ئەردەبێژی.
**ئەرزنج**: ئەنیشک، هەنیشک، ئانیشک.
**ئەرزنجان**: ١. شارێکی کوردنشینە لە باکووری کوردستان، ناوەندی پارێزگایە،٢. پارێزگایەکە لە باکووری کوردستان.
**ئەرزنک**: چەنە، ئەرزێن، ئەرزەن-١
**ئەرزنویٚبوونەوە**: لە کۆتایی زستاندا کە باران

ئەباری نابێ بە قوڕ.
**ئەرزنی**: جۆرێک هەنجیرە.
**ئەرزنێ**: هەرزن، گاڵ.
**ئەرزۆ**: ناوی ئافرەتە.
**ئەرزوون**: ئەرزان، هەرزان.
**ئەرزەڕۆم**: عەرزەڕۆم، ئەرزڕۆم، شاریکی کوردستانی تورکیەیە: (دەرسیم، ئەرزڕۆم، ئەرزنجان/ بایەزید و سعرد و وان) «بۆکوردستان».
**ئەرزەن**: ١. چەنە، چناکە، چەنەگە، ئەرزنک، ئەرزینگ: (کاتبی نەقشی قودرەتێ، زێری رەشاندی سەر خەتێ/ ئەرزەن و دێم و جەبهەتێ، پێ نەقشاند و کر نۆقەط) «جزیری» ٢. شارێکی وێرانی کوردستانە کەوتۆتە نێوان ولاتی (خەرزا و هەسکێف)،٣. ئەرزن، هەرزن.
**ئەرزەنجان**: شارێکی کوردانە لە تورکیا: (دەرسیم، ئەرزڕۆم، ئەرزنجان/ بایەزید و سعرد و وان) «بۆکوردستان».
**ئەرزەند**: دێیەکە لە دێکۆی حەمەوی دێگولانی ناوچەی قوروە.
**ئەرزەنە**: گوندێکە لای پێنجوێن.
**ئەرزەنی**: ئەرزنی.
**ئەرزەوحاڵ**: سکاڵانامە، نامەی گلەیی.
**ئەرزوحاڵنووس**: عەریزەنووس.
**ئەرزیز**: قەلع، قالایی.
**ئەریزە**: عەریزە، نامەی سکاڵا.
**ئەرزێل**: ١. هەرزاڵ، هەرزەل، پێرک،٢. تەختی لەسەر نوستن،٣. زنج، کۆل، کۆلک،٤. داچی، جێی نزم.
**ئەرزین**: شارێکە لە باکووری کوردستان سەر بە شاری عوسمانییە.
**ئەرزێن**: ئەرزەن، ئەرزنک.
**ئەرزێنک**: چەناگە، ئەرزەن-١
**ئەرزینگ**: چەنە، ئەرزەن-١
**ئەرزییە**: کرێی جێ قەپان.
**ئەرژن**: ١. هەرجن، ئەرجن، بادامەتاڵە، دارێکی بێبەرە داردەست و گۆپاڵی لێ دروس دەکرێ،٢. ناوی پیاوانە.
**ئەرژنگ**: ١. ئەرژەنگ، بادام کێوی،٢. ناوی دێوی شانامە،٣. شەیتان،٤. کتێبی وێنەی مانی پێغەمبەر: (نەقشی سێو وەک لەوح بەهزادی ئەرژەنگ/ کالای سەر بالای ئالای شۆخ و شەنگ) «پیرەمێرد»،٥. ترس، خۆف،٦. ناوە بۆ پیاوان.
**ئەرژەن**: ١. ئەرژن، هەرجن،٢. ئاگرکەرەوە،٣. ناوە بۆ مێران.
**ئەرژەنگ**: ١. وێنەنامەی مانی، کتێبی وێنەی مانی: (ب سیماڤێ ب زێراڤێ، تو روژێ نەقشەکی باڤێ/ کو دا ئەرژەنگ ژ وی ناڤێ، لبەر رۆژێ نەبت پەردە) «جزیری» ٢. پاڵەوانێکی تورانە بەدەس تووسی کوژراوە ٣. ناوی دێوێکە لە مازندەران لەگەڵ رۆستەم تێوەچووە: (کەوتمە سەر ڕێگای تەلەسمی ئەرژەنگ/ گیرۆدەیی سیحرم، بێسەواد و بێدەنگ) «پیرەمێرد»٤. دێو، شەیتان، ئەرژەنگی دێو، شتی ناحەز،٥. ئەرژنگ،٦. سامناک، ترسێنەر،٧. ناڤێ کوڕانە.
**ئەرژەنگە**: سامناک، تۆقێنەر.
**ئەرژەنگیدێو**: ١. ناوی گیاندارێکی زل و قەبە ناشیرین کە شتی ناحەزی پێ دەشوبهێنن،٢. ناوی یەکێ لە دێوەکانی ئەفسانەیی ئێرانییەکان: (هەتا کەنگێ نامکەی بەخێو؟/ هەتا کەنگێ بم دڵ پەشێو؟/ برژۆڵ تیری ئەرژەنگی دێو) «فۆلکلۆر».
**ئەرس**: ڕۆندک، فرمێسک، ئەسر، ئەسرین.
**ئەرستۆ**: ١. ناوی پزیشکێکی مێژوو بووە: (ئەرستۆ دەوای دەردم نەزانا) «بێسارانی»،٢. ناوە بۆ پیاوان.

**ئەرسەد:** ئەگەرچە، ئەرچە، گەرچی، هەرچەن، هەرچەنده: (ئەر سەد تۆی دەروون پەریٚ قەقنەس بی/ یانەی دلٚ وە یاد ئاوا بی بەس بی) «مەولەوی».

**ئەرسەلان:** ١. کورە پادشایەک بووە، ئاشقی فەڕوخلەقا بووە و چیرۆکی ئەویندار خولقاندووە: (تۆ ببە فەڕوخلەقا/ ئەمنیش دەبمە ئەرسەلان) «فۆلکلۆر»،٢. ناوە بۆ پیاوان.

**ئەرسیم:** مەسە، مەسیٚ، قەلانگ، شیشی سەر تەنوور.

**ئەرش:** ١. بان، تەخت، سەر، زۆر سەر،٢. حەرش، عەرش، تەختی خوا لە عاسمان.

**ئەرشتات:** ژمارەی هەشتیٚ (٨٠).

**ئەڕشەد:** گەورە، مەزن: (ئەڕشەدی موکری و بەگزادەیی ئەکڕادی نەجیب) «ئەدیب».

**ئەرشەک:** ١. ئێرەیی، بەخیٚلی، رشک، رەشک،٢. چکووس، بەخیل، بەغیٚل، حەسوود.

**ئەرشەکە:** ئەرشەک.

**ئەرشیا:** ١. تاج و تەختی پادشاکان،٢. ناوە بۆ کچان.

**ئەرشیڤ:** ئەرشیو، ئارشیو.

**ئەرشیو:** ئەرشیڤ، ئارشیڤ.

**ئەرغانی:** شارێکی باکووری کوردستانە.

**ئەرغون:** پیانۆ.

**ئەرغوو:** دار یا گوڵی ئەرخەوان.

**ئەرغە:** ئاشوو، ئەرخە، فیتنە، ئاژاوەگێڕ.

**ئەرغەئەرەسوو:** ئەرغە، ئەرەسوو.

**ئەرغەن:** شارێکی کوردنشینی کوردستانی باکوورە.

**ئەرغەنوون:** جۆرێک ئۆرگی گچکەیە: (گەه سەماعی ئەرغەنوون و گەه سوراحی لەعلی ناب) «ئەدەب».

**ئەرغەوان:** ١. ئەرخەوان، دار ئەرخەوان، دار ئەرغوو، ئەرجەوان، دارێکە گوڵی هەلاڵەیی سوور دەگریٚ: (خوون و زۆخ جۆ جۆ ڕەوان تیٚ، وەک عەقیق و ئەرغەوان تیٚ/ لیٚ ژ دەست سەلوا جەوان تیٚ، ئەو شەپالا شەنگ و شۆخ) «جزیری»،٢. بریتی لە سوور: (لە من تا دوورە چاوی ئەرغەوانت/ سریشکم دێتە دامەن وەک شەقایق) «سالم».

**ئەرغەوانی:** سوور، ئەرخەوانی: (دێما منە سۆرە ئەرغەوانی/ زەر بویە وەکی وە زەعفەرانی) «خانی».

**ئەرغەوانیڕەنگ:** ئەرغەوانی، سوور: (بنۆشیم بادەی ئەرغەوانی ڕەنگ/ گۆش دەریم وە ساز نەغمەی عوود و چەنگ) «خانای قوبادی».

**ئەڕفانای:** ڕفاندن.

**ئەڕفای:** ڕفاندن، فڕاندن.

**ئەڕفەی:** ئەڕفای، ڕفاندن.

**ئەرڤا:** گورجوگۆل، چالاک، فرز.

**ئەرڤاز:** ١. ئەوراز، ئەڤراز، عەڤراز، هەڵ، هەوراز، بڵندی، تەپ، تەپۆڵکە، ژێهەلی ٢. سەختی، ناخۆشی، دژواری: (هەچی ب کۆتەکی هەرت مازی، نانێرە ئەرڤازی) «ف.گ.پ.».

**ئەرڤان:** ١. ئازۆخەی ئارد، ئەروان،٢. ئەروان، هشتری میٚ: (ل شۆر عەردا هێشین نابن کو سمل/ ک ئەرڤانی ژیٚ هل نادی تو تو مالیٚ ڕا) «گولشوون».

**ئەرقوت:** جووریٚ مەشکەس ک لە پووس گوور درس بویە.

**ئەرقەم:** ١. ماری جنجیر، ماری ڕەش و سپی: (زینهار کەسیٚ دەست ببت ئەرقەمی سەرویٚ/ بیٚ عیشوەیێ لەعلان نە ب تەسلیم ژها گرت) «جزیری» ٢. بریتی لە زولفی یار،٣. ناوی ئەو ئەسحابەیە کە پێغەمبەر و یارانی لە شەوانی سەرەتای ئیسلاما لە ماڵی وی کۆبوونەتەوە:

(کوفری زولـفە تـار و، مـاری ئەرقەمـن/ سـفری خاڵە، حەڵقەیی هیندسییان) «نالی».

**ئەرقەنگ**: ڕەش، قەتران×١٢٧×: (زولفان سیای، سـیای ئەرقەنگـی/ برەنـدەی بێنـام، ئێژدەهـای جەنگی) «خانمەنسوور».

**ئەرک**: Erk ١. ڕەنـج، کـوێرەوەری، تـاڵی، چەرمەسەرێ، ئەرکە: (ژیـان و ئەرکـی ناخۆشـیی پەپـوولەی ئـارەزووی کوشـتم/ شـەرابی جـامی دڵـداری لە تـافی لاوییـا ڕشـتم!) «هەردی» ٢. ئیش، کاری سەر شان، سـەرقاڵی، سـەرجەنجاڵی، وەزیفە: (ئەرکی بەخێوکردنی منداڵەکان لە سـتۆی مـندایە)٣. دەربـار، بارگـا، بارەگـا، پـاڵە، سـەرا، دیوەخـانی گەورەپیـاوان: (تیپـێ هـاتیە بـۆ ئەرک شاهی) «ئاوێنەیبێگەرد»،٤. خێزان، ماڵومناڵ.

**ئەڕک**: Erîk ئەرر، ئـامرازی سەرسـوڕمانە: (ئەرک کورۆ تە دێ چ بکی؟).

**ئەرکـان**: ١. ڕەخـت و ئەسـپابی شـەڕ،٢. ڕێـنج ڕێخراوی پادگـانی نیزامـی: (ئەو لەگەڵ ئەرکـانی خـۆیدا گەیشـتە بەرە) «لەمەهابـاد بۆئـاراس»،٣. ناوی فەرماندەرێکی لەشکری ترکان بووە، سـاڵی ١٩١٦ی زایینی هاتۆتە کوردستانی ئێران و گەلـێ پیاوی گەورەی لە سێدارە داوە وەک: شێخ بابـای بەرزەنجی،٤. سەردار و سەرۆکێ گەلێ خـوە: (د نیشاکا فـرەهـ ڕاتوانـدن: ئەرکـانە شـاهی و گـرێ گرێ پاشـان) «گولشـوون»،٥. پارچـا مەزن و ب هێـز د هەر تشـتەکیدا،٦. کـۆڵەکە، سـتوون: (ئەم چار بـرانە: چـار دیـوار/ ئەرکـانێ سـەعادەتا وی هەرچار) «خانی»،٧. کۆی ئەرک، کاری سەرشـان: (جە دومای ئەرکـان تەوافـی یـانەش/ بـویەر جە مابەین پەردەی ئاسانەش) «مینەجاف»،٨. نـاوە بـۆ پیاوان.

**ئەرکدار**: ڕەنجبەر، ڕەنجدار، زەحمەتکێش.

**ئەرکدارە**: کەسێ ئەرکدار بۆ مێ.

**ئەرکداری**: کار زۆری، پڕزەحمەتی کەسێ.

**ئەرکزان**: ئەرکناس.

**ئەرکزانی**: ئەرکناسی.

**ئەرککێش**: زەحمەتکێش.

**ئەرککێشتەی**: ئەرک کێشان.

**ئەرککێشە**: زەحمەتکێش بۆ مێ.

**ئەرکگرانبـوون**: زەحـمەت و کـوێرەوەری زۆر بوون: (ئەسرا ئەرکی ئەوەندە گـرانە ڕۆحـم لێـی تۆقیوە).

**ئەرکناس**: وەزیفەناس، وەزیفەشناس.

**ئەرکناسی**: ئەرکزانی، وەزیفەشناسی.

**ئەرکە**: ١. ئەرک، کـاری گرنـگ،٢. ئـاگردان، کوانوو، ئاوردان، شۆمینە،٣. گوندێکە لای ڕانییە.

**ئەرکەواز**: ١. ئەرگەواز، شـارێکە لە ئـیلام،٢. مەڵوەنێگە لە ناوەێن ئیلام و خـانەقین ک فەیلـی قسیە کەن.

**ئەرکەوازی**: ١. گوندێکە لای خانەقین: (دووسەد مـاڵی تـر لە ئەرکەوازی/ بەم سـەرما و سـۆڵە ئەشـێوی نـازی) «مینەجـاف»،٢. دیەکەیـگە لە ئارونئـاوا،٣. نـاوی تیـرەیەک لە کـوردانی دانیشتووی لوڕستانن: (عەلیخـانی ئەرکەوازی لە بەغدا ئەچێتە چێشتخانەیەک) «ڕشتەیمرواری».

**ئەرکەوازیچڕ**: یەکێ لە بەزمەیل هوورە.

**ئەرگ**: بارەگای شاهان.

**ئەرگاڵە**: دڵگاوی، هان، دنە، بڵووم.

**ئەرگاڵەدان**: هاندان، هانەدان.

**ئەرگانی**: شـارێکی بـاکووری کوردسـتانە سـەر شاری دیاربەکر.

**ئەرگن**: گوندێکە لە باکووری قەسرۆک.

**ئەرگنە**: دیەکەیگە لە چەمچەماڵ.

**ئەرگۆش**: گوندێکی کوردستانییە.

**ئەرگۆشی**: خەڵکی ئەرگۆش.

**ئەرگووش**: ١. گوندێکە لە هەریمی کوردستان،

٢. ناوە بۆ ئافرەتان.
**ئەرگەواز**: ئەرکەواز.
**ئەرما**: بنەگیا، بڕکەی یارەماسی و شووتی و هتد.
**ئەرمـــان**: دلۆڤـان، بەڕوحـم، بەڕەحـم: (ئەڵـڵا ئەرمان/ لە جێی نەرمان/ یان کاکۆن بێ/ یا جێـی خەرمان) «فۆلکلۆر».
**ئەڕمان**: ڕووخان، ڕمیان، تەپین، کەوتن.
**ئەڕمانای**: نواندن، پێنیشاندان، شاندان.
**ئەڕمانەی**: شاندان، نواندن.
**ئەرماوانی گچکە**: گوندێکە لای شەقلاوە.
**ئەرماونی گەورە**: گوندێکە لای شەقلاوە.
**ئەرمبۆت**: ئەگەر ئەتەوێ.
**ئەرمن**: ئەگەر من: (نائومێد نیشۆ وە بەختی سیا/ زیانش چێش بی، ئەر من تۆم بدیا؟) «بێسارانی».
**ئەرموزد**: ئەهورامزدا، یەزدان، خودا.
**ئەرمـــۆن**: عربـــۆن، ســەودایەک کە یەکەم جــار هێندێ ماڵ دەدەنە فرۆشیار.
**ئەرموود**: ئەمروود، هەرمێ، هەمرۆ.
**ئەرمووش**: هاورێشم، ئاورێشم، ئەبریشم.
**ئەرمەغـــــان**: ١. کەونە شــــارێکی کــــوردانە لە کوێســـتاندا، ٢. دیـــاری، ســـەوقات، ســـلامانە: (یاڕەب! چ خێر مەقـدەمە ئەو قاسیدە، دەڵێـی:/ ڕۆحـــی ڕەوان بە پەیـــکەری مە، ئەرمەغــــان گەیشت) «ئەدەب».
**ئەرمەن**: ١. هەرمەن، گەلی ئەرمەنی،٢. ئەرمەنی، کەسی سەر بە نەتەوەی ئەرمەنی: (چـون بـانووی ئەرمەن وێش دولبەر نەبـۆ/ شـازادەی بێعەیـب لێوشەکەر نەبۆ) «مینەجاف»،٣. وڵاتی ئەرمەنسـتان: (ئەر بەینت بدەو بە خەتا و خـوتەن/ ئەر ڕێـزەی ڕازت بــدەو بە ئەرمەن) «بێســـارانی»،٤. نـــاوی کێوێکە✖: (فەسڵ تابوستان کۆی ئەرمەن جاشەن/ لالە و شـەقایق گشـت فەرش پاشـەن) «خانـای قوبادی».
**ئەرمەنستان**: ئەرمەن، وڵاتی هەرمەنستان.
**ئەرمەنی**: ١. عەرمەنی، لقـێ لە نیـژادی هێنـد و ئوروپایی: (عرووسم، جووم، ئەرمەنیم/ دیـنم بـۆ تـو بەتـاڵە) «حەسـەن زیـرەک»،٢. ئەنـدامی ئەو قەومە،٣. خەڵکی ئەرمەنستان: (شـەمیراش نـامەن ئەو خاڵسۆســـەنی/ شـــەمیرا بە لەفــز خەڵـــق ئەرمەنـــی) «خانـــای قوبـــادی»،٤. زمانیـــان،٥. پێوەنـدیدار بە ئەرمەنسـتانەوە: (زووخـاڵ ئـایر سیای ئەرمەنی/ گا مبی خوونی، گاهێ سۆسەنی) «خانای قوبادی».
**ئەرمەنی بلاغی**: گوندێکە لای ڕەحیمخان سەر بە شاری بۆکان.
**ئەرمەنی جان**: دیەکەیگە لە دینەوەر.
**ئەرمێ**: دیەکەیگە لە ئیلام.
**ئەرمین**: ١. ئەسـێرەی قیـبلە، ئەسـتێرەیەکە لای باشوور هەڵدێ،٢. ناوە بۆ کچان.
**ئەرن**: ١. نەعرە، نەعرەتـێ، نەعـرەتە، نەڕە، نەڕڕە (شـێر)،٢. ڕق، ڕک، کیـنە، قـین، قـار، قەهـر: (ئەرناڤی لێچوو: ڕقی نیشتەوە).
**ئەرنا**: ئەگەنا، ئەگەرنا: (ئەرنا من خۆم و شەریفی کوڕم/ بە نووکی گاسن کێو هەڵئەدڕم) «قانع».
**ئەرناڤ**: قین، کینە، ڕک، ئەرن.
**ئەرناڤ لێچوون**: ڕق نیشتنەوە، ئارام بوونەوە.
**ئەرنان**: دانان، دانیان.
**ئەرنانـــدن**: چەوســاندنەوە، ئـازاردان، ئەنرانـدن، ڕقهەستانن، چرووساندنەوە.
**ئەڕناویت**: ئەڕنەووت، ئەڵبانی.
**ئەرنۆ**: ڕقئەستوور، ئەرنۆک، قینوەن.
**ئەرنۆک**: ئەرنۆ.
**ئەرنە**: ١. ئەگەرنە، مەگەرنە، وەرنە، وەگەرنە: (ئەرنە هودهود ژ سەبا بێت وەکـی بـادی صـەبا/ دی ژهیـر بگەهـت دەسـت قـِپەیکـی حەرەمـێ) «جزیری»،٢. لوومە، ڕسوا، ڕیسوا.

**ئەڕنەبووت**: ١. جۆرێ مەیموونە وەک مرۆڤ دەچێ،٢. ئایم وەحشی، ئەڕای حەیوان «دەێ، دەێدام»، ئەڕای باڵەندە «ئاواشە»، ئەڕای خەرەنگێز «قۆرەباکەر» ئوشیمن،٣. ملهڕ، نەپوور.

**ئەڕنەمووتە**: زەڕنەقووتە، هەڵمەقووتە، قامکی قوونێ، تبلا ناوەڕاست.

**ئەرنەمووتێ**: ئەرنەمووتە.

**ئەرنەواز**: ناوە بۆ کچان.

**ئەرنەێ خەڵک**: ڕیسوای زەمانە، ئەرنەێ خەڵق.

**ئەرنەێ یانە**: ئەگەر نەیتە ماڵێ.

**ئەرنین**: تووڕەبوون، ئەنرین، ئازارکێشان.

**ئەرۆ**: هەرۆ، هەرێ، ئەرێ، هۆی، مرازی بانگکردنە بۆ نێر.

**ئەروا**: ڕووح، ڕۆح، ڕح، گیان، جان: (قالبم بێ ڕۆح ئەروام نەمەندەن/ من دان حەیات زندەگیم کەندەن) «مەولەوی».

**ئەڕواح**: ١. گیان، ڕۆح: (نە ڕاش چەندین جەور، چەند جەفا بەردش/ ئاخر بە ناکام ئەرواح سپەردش) «خانای قوبادی»،٢. ئەی گیان: (فرسەتەن ئەڕواح! بشۆ وە پێشواز/ پەردەی بینایی تۆ پەی پایەنداز) «مەولەوی».

**ئەرواحسپەردن**: ڕۆحسپاردن، گیاندان.

**ئەرواز**: ئەڤراز، هەوراز، بڵندی، تەپ، سەری کۆی.

**ئەرواسپەردش**: ڕۆحی سپارد: (نە ڕاش چەندین جەور، چەند جەفا بەردش/ ئاخر بە ناکام ئەروا سپەردش) «خانای قوبادی».

**ئەروام**: ڕۆحم، گیانم: (ئەڕای چە لەیلی خوی نەبوو؟ بەرشی جە تەن ئەروام بەزوو) «قانع».

**ئەروان**: ئەرڤان، ئازۆقەی ئارد.

**ئەروانە**: هێشترا مێ.

**ئەرواو**: ئەرباب، ئاغادێ، خاوەن ملک.

**ئەرواوی**: ١. کشتوکاڵ،٢. ئاغایی.

**ئەروو**: دۆست، ناسیار، ناسیاو، ئاشنا.

**ئەروە**: شارێکی باکووری کوردستانە.

**ئەرووەت**: ×٣٢×: (ناوی تۆ ئەرووەت بە خاوەن ئێش و بێ ئێشان ئەدا) «بێخود».

**ئەرووەمک**: نەزۆک، نەزا، نەزێ.

**ئەرووەند**: ١. فێڵ، فەرەج، ساختە،٢. ژیر، ئاقڵ، زانا ٣. جوان، شۆخ، خوەشیک،٤. چەمی ئەرووەند لە باشووری ئێران.

**ئەڕوی**: دەڕویی، دەڕۆیشت.

**ئەڕوێ**: دەچێ، ئەڕوا، دەڕوا: (کەر بە نەقیزە ئەڕوێ بە ڕێگادا) «پەند».

**ئەرە**: دا: (ئەرە ئاردەی: داهێنان).

**ئەڕە**: هەڕە، بڕەک، مشار، شەقەمشار: (تا وە ئەڕەی دەرد دڵەی من شانەن/ زەریفتەر توڕڕەی ئەو دانە دانەن) «مەولەوی».

**ئەرەئاردەی**: داهێنان، دائینان.

**ئەرەئازتەی**: ١. پاڵاوتن،٢. داهێلان.

**ئەرەئازیا**: ١. پاڵیوراو،٢. داهێلراو.

**ئەرەئازیای**: ١. پاڵیوران،٢. داهێلران.

**ئەرەئازیێ**: ١. پاڵیوراو،٢. داهێلراو.

**ئەرەئاستەی**: ١. پاڵاوتن،٢. داهێلان.

**ئەرەئاڵوچن**: شۆڕکەرەوە.

**ئەرەئاڵوچنای**: شۆڕکردنەوە، داهێلان.

**ئەرەئاڵوچنە**: شۆڕکەرەوە بۆ مێ.

**ئەرەئاڵوچیا**: داهێلراو، شۆڕەوەبوو.

**ئەرەئاڵوچیای**: داهێلران، شۆڕ بوون.

**ئەرەئاڵوچیێ**: داهێلراو، شۆڕەوەبوو.

**ئەرەئاما**: داهاتوو، داهاتگ.

**ئەرەئامای**: داهاتن، شانەکران.

**ئەرەئامێ**: داهاتوو، شانەکراو.

**ئەرەئاور**: داهێنەر، شانەکەر.

**ئەرەئاوردەی**: شانەکردن، داهێنان.

**ئەرەئاورە**: داهێنەر، شانەکەر بۆ مێ.

**ئەرەئاوریا**: داهێنراو، شانەکری.

**ئەرەئاوریێ**: شانەکراو، داهێنراو.

**ئەرەئێژن**: ڕاکێشەر، پاڵخەر.

**ئەرەئێژنای**: پاڵخستن، ڕاکێشاندن.

**ئەرەئێژنە**: ڕاکێشەر بۆ مێ.

**ئەرەئێژیا**: ڕاکێشاو، ڕاکشاو.

**ئەرەئێژیای**: ڕاکێشان، هەڵاژیان.

**ئەرەئێژیێ**: ڕاکێشاو، پاڵکەوتوو بۆ مێ.

**ئەرەب**: ئەڕەب، عەرەو: (ئەرەب و رەز، فـــلەە و پەز؟) «پەند».

**ئەڕەب**: عەڕەب، عارەی، عەرەو.

**ئەرەبانە**: فەرغوون، جۆرێ زەمبەر چەرخدار.

**ئەرەبڕ**: دابڕ.

**ئەرەبڕە**: دابڕ بۆ مێ.

**ئەرەبڕیا**: دابڕاو.

**ئەرەبڕیای**: دابڕان.

**ئەرەبڕیەی**: دابڕین.

**ئەرەبڕیێ**: دابڕاو بۆ مێ.

**ئەرەبە**: ئەرەبانە.

**ئەرەبەردەی**: قەلا کردن.

**ئەرەبەس**: ئەرەبەستە.

**ئەرەبەســتە**: پەروار، دابەس، دابەســتە، بەســلەمە، دابەستی، حەیوانی لە ماڵ ڕاگیراو بۆ قەڵەوبوون.

**ئەرەبەستەی**: دابەستن.

**ئەرەبەسە**: ئەرەبەستە.

**ئەرەبەسیا**: ئەرەبەس، دابەستە.

**ئەرەبەسیای**: دابەستن حەیوان.

**ئەرەبەسیێ**: دابەسە، دابەستە.

**ئەرەبین**: دابین، دابەس.

**ئەرەبینای**: دابەستن، دابەسن.

**ئەرەبینە**: دابین، دابەسە بۆ مێ.

**ئەرەبینیا**: دابەستراو، دابەسە.

**ئەرەبینیێ**: دابەسە، دابەستراو.

**ئەرەبی یەی**: دابوون، قەلا کردن لە یاریدا.

**ئەرەپاتەی**: داپاچین.

**ئەرەپاچ**: داپاچ.

**ئەرەپاچە**: داپاچ بۆ مێ.

**ئەرەپاچیا**: داپاچراو.

**ئەرەپاچیای**: داپاچران.

**ئەرەپاچیایێ**: داپاچراو بۆ مێ.

**ئەرەپڕا**: بازدەر، قەڵەمبازدەر.

**ئەرەپڕای**: بازدان، پەڕشت کردن.

**ئەرەپڕتن**: داجووقێن.

**ئەرەپڕتنای**: داجووقاندن.

**ئەرەپڕتنە**: داجووقێن.

**ئەرەپڕتیا**: داجووقاو.

**ئەرەپڕتیای**: داجووقان.

**ئەرەپڕتیێ**: داجووقاو.

**ئەرەپڕن**: بازپێدەر.

**ئەرەپڕنای**: باز پێدان.

**ئەرەپڕنە**: بازپێدەر بۆ مێ.

**ئەرەپروون**: داپروێن.

**ئەرەپروونای**: داپرواندن.

**ئەرەپروونە**: داپروێن بۆ مێ.

**ئەرەپروونیا**: داپرواو.

**ئەرەپروونیای**: داپروان.

**ئەرەپروونیێ**: داپرواو.

**ئەرەپڕێ**: بازدەر، پەڕشکەر بۆ مێ.

**ئەرەپژگن**: داپژێن، داپڕژێن.

**ئەرەپژگنای**: داپژاندن.

**ئەرەپژگنە**: داپژێن، بڵاوکەرەوە.

**ئەرەپژگیا**: داپژاو، پرژاو.

**ئەرەپژگیای**: داپژان، بڵاوبوونەوە.

**ئەرەپژگیێ**: داپژاو، بڵاو.

**ئەرەپڵۆسن**: داپڵۆسێنەر.
**ئەرەپڵۆسنای**: داپڵۆسین، داپڵۆساندن.
**ئەرەپڵۆسنە**: داپڵۆسێنەر بۆ مێ.
**ئەرەپڵۆسیا**: داپڵۆساو.
**ئەرەپڵۆسیای**: داپڵۆسین.
**ئەرەپڵۆسیێ**: داپڵۆساو بۆ مێ.
**ئەرەپۆژن**: داپۆشەر.
**ئەرەپۆژنای**: داپۆشین.
**ئەرەپۆژنە**: داپۆشەر بۆ مێ.
**ئەرەپۆژیا**: داپۆشراو.
**ئەرەپۆژیای**: داپۆشران.
**ئەرەپۆژیێ**: داپۆشراو.
**ئەرەپەستە**: پاڵپالانێ، قەرەپەستۆکانێ، قەرەپەستۆک.
**ئەرەپێتەی**: دابەستن، پێچانەوە.
**ئەرەپێچ**: دابەس، داپێچ.
**ئەرەپێچە**: دابەس، داپێچ.
**ئەرەپێچیا**: دابەسراو، شەتەکدراو.
**ئەرەپێچیای**: دابەستن، پێچانەوە.
**ئەرەپێچیێ**: دابەس، داپێچ.
**ئەرەتاش**: داتاش.
**ئەرەتاشای**: داتاشین.
**ئەرەتاشە**: داتاش.
**ئەرەتاشیا**: داتاشراو.
**ئەرەتاشیای**: داتاشین.
**ئەرەتاشیێ**: داتاشراو.
**ئەرەترەکن**: ئەو کەسەی کە بە زۆر کەسێ دادەنیشێنێ و بێدەنگی دەکات.
**ئەرەترەکنای**: دانیشاندن و بێدەنگ کردن.
**ئەرەترەکنە**: ئەرەترەکن.
**ئەرەترەکیا**: دانیشراو، دانیشێندراو.
**ئەرەترەکیای**: دانیشتن و بێدەنگ کردن.
**ئەرەترەکیێ**: کەسی دانیشێنراو بۆ مێ.

**ئەرەتسا**: چۆکدادەر، فساو.
**ئەرەتسای**: چۆکدادان، فسان.
**ئەرەتسن**: چۆک پێ دادەر.
**ئەرەتسنای**: چۆک دادان.
**ئەرەتسنە**: چۆک پێ دادەر بۆ مێ.
**ئەرەتسێ**: چۆکدادەر، فسای.
**ئەرەتکا**: تکاو، داتکاو.
**ئەرەتکای**: داتکان، تکان.
**ئەرەتکن**: داتکێن، تکێن.
**ئەرەتکنای**: داتکاندن، تکاندن.
**ئەرەتکنە**: داتکێن بۆ مێ.
**ئەرەتکێ**: داتکاو، تکیاو.
**ئەرەتڵیشن**: داتڵیش، داتڵیشێن، داقڵیشێن.
**ئەرەتڵیشنای**: داتڵیشاندن، داقڵیشانن.
**ئەرەتڵیشنە**: داتڵیشێن بۆ مێ.
**ئەرەتڵیشیا**: داتڵیشاو، داقڵیشاو.
**ئەرەتڵیشیای**: داتڵیشان، داقڵیشان.
**ئەرەتڵیشیێ**: داتڵیشاو، داقڵیشاو.
**ئەرەتووشقن**: گیانلەبەرێک ک پیسابیەکەی تەڕ بێ و بە تووشقەوە بیکات.
**ئەرەتووشقنای**: تووشقاندن.
**ئەرەتووشقنە**: ئەرەتووشقن بۆ مێ.
**ئەرەتەپا**: داتەپیو، داتەپاو.
**ئەرەتەپای**: داتەپان، داتەپین.
**ئەرەتەپن**: داتەپێن، تەپێن.
**ئەرەتەپنای**: داتەپاندن، داتەپانن.
**ئەرەتەپنە**: داتەپێن، تەپێن.
**ئەرەتەپێ**: داتەپیو، داتەپاو.
**ئەرەتەکن**: داتەکێن، داتەکێنەر.
**ئەرەتەکنای**: داتەکاندن، داتەکانن.
**ئەرەتەکنە**: داتەکێنەر بۆ مێ.
**ئەرەتەکیا**: داتەکاو، تەکاو.
**ئەرەتەکیای**: داتەکان، داتەکێنران.

**ئەرەتەکییێ**: داتەکاو، تەکاو.
**ئەرەتەمن**: خەمبارکەر، خەمدارکەر.
**ئەرەتەمنای**: خەمبار کردن.
**ئەرەتەمنە**: خەمبارکەر بۆ مێ.
**ئەرەتەمیا**: خەمبار، ماتەمبار.
**ئەرەتەمیای**: خەمبار بوون.
**ئەرەتەمییێ**: خەمبار، ماتەمبار.
**ئەرەج**: ١. مەچەک، جومگە، جمگە، بەندی دەس،٢. باسک، قۆڵ، لە نووکی پەنجەوە تا ئەنیشک،٣. گونا، گوناح، گوناھ تاوان.
**ئەرەجما**: ڕێکەوتوو، کەوتووە ڕێ.
**ئەرەجمای**: ڕێکەوتن، کەوتنە ڕێ.
**ئەرەجمن**: ڕێخەر، بەڕێکەر.
**ئەرەجمنای**: خستنەڕێ، وەڕێخسن.
**ئەرجمنە**: ڕێخەر، بەڕێکەر.
**ئەرەجمێ**: کەسی ڕێکەوتوو بۆ مێ.
**ئەرەجوڕن**: ١. داچۆڕین،٢. ئەرەتووشقن.
**ئەرەجوڕنای**: ١. داچۆڕاندن،٢. ئەرەتووشقنای.
**ئەرەجوڕنە**: ١. داچۆڕین،٢. ئەرەتووشقن.
**ئەرەجوڕیا**: داچۆڕاو.
**ئەرەجوڕیێ**: داچۆڕاو.
**ئەرەجێ**: وەک، وەکوو، مینا، شێوە.
**ئەرەجیا**: دەتزانی، دەتگوت، وەک، شێوە.
**ئەرەجیای**: وازانین، پێوابوون.
**ئەرەجیوم**: گومان ئەکەم، گومانم هەس، وا ئەزانم.
**ئەرەجیەی**: وازانین.
**ئەرەچکا**: داچکاو، داچۆڕاو.
**ئەرەچکای**: داچکان، داچۆڕان.
**ئەرەچکن**: داچکێن، داچۆڕێن.
**ئەرەچکنای**: داچکاندن، داچۆڕاندن.
**ئەرچکنە**: داچکێن، داچۆڕێن.
**ئەرەچکێ**: داچۆڕاو، داچکاو.

**ئەرچکیا**: داچکێنراو.
**ئەرەچکیای**: داچکان، داچۆڕان.
**ئەرەچکیێ**: داچکێنراو.
**ئەرەچلاکن**: داچڵەکێن، ترسێنەر.
**ئەرەچلاکنای**: داچڵەکاندن.
**ئەرەچلاکنە**: داچڵەکێن بۆ مێ.
**ئەرەچلاکیا**: داچڵەکاو، داچڵەکیو.
**ئەرەچلاکیای**: داچڵەکان.
**ئەرەچلاکییێ**: داچڵەکاو بۆ مێ.
**ئەرەچن**: داچن، پێچەوانەی هەڵچن.
**ئەرەچنە**: ئەرەچن بۆ مێ.
**ئەرەچنیا**: داچێنراو، چێنراو.
**ئەرەچنیاێ**: داچنیان.
**ئەرەچنیەی**: داچنین، پێچەوانەی هەڵچنین.
**ئەرەچنییێ**: داچێنراو.
**ئەرەچوڕنای**: داچۆڕین.
**ئەرەچوڕیا**: داچۆڕاو، چۆڕاوەوە.
**ئەرەچوڕیای**: داچۆڕان.
**ئەرەچوڕییێ**: داچۆڕاو.
**ئەرەچەقا**: داچەقاو.
**ئەرەچەقای**: داچەقان.
**ئەرچەقن**: داچەقێن.
**ئەرەچەقنای**: داچەقاندن.
**ئەرەچەقنە**: داچەقێن.
**ئەرەچەقێ**: داچەقاو.
**ئەرەخ**: ١. ئارەقی گوڵ و گیا،٢. ئەرەق، خوێی بەدەن.
**ئەرەخ خۆر**: ئارەقخۆر.
**ئەرەخزا**: خلیسکاو، خزاو بۆ خوارێ.
**ئەرەخزای**: خلیسکان بەرەو خوارێ.
**ئەرەخزن**: داخلیسێن.
**ئەرەخزنای**: داخلیسکاندن.

**ئەرەخزنە**: داخلیسێن.
**ئەرەخزێ**: خزاو، خلیسکاو.
**ئەرەخشن**: داخشێن، داخزێن.
**ئەرەخشنای**: داخشاندن، داخزاندن.
**ئەرەخشنە**: داخشێن بۆ مێ.
**ئەرەخشیا**: داخشاو، داخزاو.
**ئەرەخشیای**: داخشان، داخزان.
**ئەرەخشییێ**: داخشاو، داخزاو بۆ مێ.
**ئەرەخگیر**: ئەرەقگیر، لیباسی ژێرەوە.
**ئەرەخلن**: داتلێن، تلێنەر.
**ئەرەخلنای**: داتلاندن.
**ئەرەخلنە**: داتلێن بۆ مێ.
**ئەرەخلیا**: تلراو، تل‌پێدراو.
**ئەرەخلیای**: داتلان.
**ئەرەخلییێ**: تلێنراو، تلراو بۆ مێ.
**ئەرەخوڕپن**: داخوڕپێن، داخوڕپێنەر.
**ئەرەخوڕپنای**: داخوڕپاندن.
**ئەرەخوڕپنە**: داخوڕپێن بۆ مێ.
**ئەرەخوڕپیا**: داخوڕپاو.
**ئەرەخوڕپیای**: داخوڕپان.
**ئەرەخوڕپییێ**: داخوڕپاو بۆ مێ.
**ئەرەدار**: داهێلەر، شۆڕەوەکەر.
**ئەرەدارای**: دەهێڵان، شۆڕکردنەوە.
**ئەرەدارە**: داهێلەر بۆ مێ.
**ئەرەداریا**: داهێڵراو، شۆڕ.
**ئەرەداریای**: داهێڵران، شۆڕبوونەوە.
**ئەرەداریێ**: داهێڵراو، ئاوێزان.
**ئەرەدای**: دادان.
**ئەرەدڕ**: دادڕ.
**ئەرەدڕە**: دادڕ.
**ئەرەدریا**: دادراو، تاشراو.
**ئەرەدڕیا**: دادڕاو.
**ئەرەدریای**: دادران، تاشران.
**ئەرەدڕیایی**: دادڕان.
**ئەرەدڕیەی**: دادڕین.
**ئەرەدریێ**: دادراو.
**ئەرەدڕیێ**: دادڕاو.
**ئەرەدنا**: شوێنێکە××: (ژ وێرێ چوومە ئەرەدنا/ کێچێت سویند دخون ب مال و ژنا/ ئەم وەنەکەین بچییە چ شکەفت و کونا) «بەیت».
**ئەرەدوش**: دادۆش.
**ئەرەدوشای**: دادۆشین.
**ئەرەدوشتەی**: دادۆشین.
**ئەرەدوشە**: دادۆش بۆ مێ.
**ئەرەدوشیا**: دادۆشراو.
**ئەرەدوشیای**: دادۆشران.
**ئەرەدوشییێ**: دادۆشراو.
**ئەرەدەر**: دادەر.
**ئەرەدەرە**: دادەر.
**ئەرەڕن**: داڕن.
**ئەرەڕنە**: داڕن.
**ئەرەڕنیا**: داڕنراو.
**ئەرەڕنیای**: داڕنران.
**ئەرەڕنیەی**: داڕنین، داڕنیین.
**ئەرەڕنییێ**: داڕنراو.
**ئەرەڕێزا**: داڕزاو، ڕزاو.
**ئەرەڕێزای**: داڕزان، ڕزان.
**ئەرەڕێزن**: داڕزێن، داڕزێنەر.
**ئەرەڕێزنای**: داڕزاندن، ڕزاندن.
**ئەرەڕێزنە**: داڕزێن، داڕزێنەر بۆ مێ.
**ئەرەڕێزێ**: داڕزاو، داڕزیو.
**ئەرەز**: چۆمی ئاراس: (سەیلا جگەرێ وسا ل گوڕ هات/ گۆیا کو ب سەر ئەرەز ڤە گوڕ هات) «خانی».
**ئەرەزن**: بکەری کردنەدەر.
**ئەرەزنە**: بکەری کردنەدەر.

**ئەرەزنیا**: دەرکراو، کراوەدەر.
**ئەرەزنییێ**: دەرکراو بۆ مێ.
**ئەرەزۆ**: ناوی ئسترانەکی دیلانێیە.
**ئەرەزیا**: ئەوەی چۆتە دەرێ.
**ئەرەزیای**: چوونەدەر.
**ئەرەزیێ**: ئەوەی چووەتە دەر.
**ئەرەس**: ئاراس، چۆمی ئەرەس، ئاراکس، پڕئاوترین چۆمی ئازەربایجانە، لە کێوەکانی هەزاریرکە نزیکی سەرچاوەی چۆمی فورات لە باشووری ناوچەی ئەرزرومی کوردستانی تورکیە سەرچاوە دەگرێ.
**ئەرەساکن**: کەسێ کەسێکی دی دادەنیشێنێ.
**ئەرەساکنای**: دانیشاندن، ئارامکردنەوە.
**ئەرەساکنە**: ئەرەساکن بۆ مێ.
**ئەرەساکیا**: دانیشتووی ئارام.
**ئەرەساکیای**: دانیشتن و ئارام بوون.
**ئەرەساکییێ**: دانیشتووی ئارام.
**ئەرەستۆ**: ئەرەستوو.
**ئەرەستوو**: ١. عارەسو، ناوی فەیلەسووف و پزیشکێکی ناوداری مێژوو بووە: (کە هات و کەوتە حەڵقەی گێژی مریەم ئەو دەمە یەکسەر/ ئەرەستۆش وەک فلاتوون توون بە توون چوو کەوتە حەیرانی) «حاجی قادر»،٢. بە هەر دوکتۆرێکی زۆر قابیلش دەڵێن: (ڕەنجووری هیجرانی ئەدەب، بێ لەبی شەهدت/ باوەڕ مەکە، گەر بێت و شیفای بێ بە ئەرەستوو) «ئەدەب»،٣. ناوە بۆ پیاوان.
**ئەرەستوودەستوور**: ڕێوشوێنی ئەرەستوو: (ئەو بزورگ ئومێد نامش بی مەنشوور/ ئاگا بی جە عیلم ئەرەستوو دەستوور) «خانای قوبادی».
**ئەرەسوو**: ١. ئەرغە، ئەرغەئەرەسوو،٢. ئەرەستوو، دوکتورێکی ناوداری مێژوو بووە: (دەو دەمەیدا ئەرەسوو دەس ناکەوێ) «توحفە»،٣. ناوە بۆ پیاوان.
**ئەرەش**: پێگەیشتوو.
**ئەرەشان**: داوەشێن.
**ئەرەشانای**: داوەشاندن.
**ئەرەشانە**: داوەشێن.
**ئەرەشانیا**: داوەشاو.
**ئەرەشانیای**: داوەشان.
**ئەرەشای**: داوەشاندن.
**ئەرەش‌بیەی**: پێگەیین، گەورەبوون.
**ئەرەشتەی**: داشۆرین.
**ئەرەش‌کریا**: گەورەکراو.
**ئەرەش‌کریای**: گەورەکران، پێگەیشتن.
**ئەرەش‌کریێ**: گەورەکراو.
**ئەرەش‌کەر**: گەورەکەر.
**ئەرەش‌کەردەی**: گەورە کردن.
**ئەرەش‌کەرە**: گەورەکەر بۆ مێ.
**ئەرەشنیا**: داوەشیو.
**ئەرەشنیای**: داوەشین.
**ئەرەشنییێ**: داوەشیو.
**ئەرەشور**: داشۆر.
**ئەرەشورە**: داشۆر بۆ مێ.
**ئەرەشوریا**: داشۆراو.
**ئەرەشوریای**: داشۆران.
**ئەرەشورییێ**: داشۆراو.
**ئەرەشە**: پێگەیشتوو.
**ئەرەشیل**: داشێل، پێشێلکەر.
**ئەرەشێلای**: داشێلان.
**ئەرەشیلە**: داشێل بۆ مێ.
**ئەرەشێلیا**: داشێلراو.
**ئەرەشێلیای**: داشێلران.
**ئەرەشێلییێ**: داشێلراو.

**ئەرەشی‌یە**: لاوازبوون.

**ئەرەشی‌یەی**: گەورەیی، مەزنی.

**ئەرەشی‌یێ**: لاوازبوون.

**ئەرەق**: ١. ئارەق، مەی،٢. خوێ، ئارەقی لەش.

**ئەرەقچن**: ئەرەقچین.

**ئەرەقچین**: ئارەقچن.

**ئەرەق‌خواردن**: ئارەق‌واردن، مەی‌نۆشین.

**ئەرەق‌خوەر**: ئارەق‌خۆر.

**ئەرەق‌کردن**: ئارەق‌کردن لە کار یا گەرمان.

**ئەرەق‌گرتن**: ئارەقی گیا و ڕوەک گرتن.

**ئەرەقگیر**: ١. ژێرزین، ئارەقگیر،٢. ژێرکراس،٣. ئارەقچن، تەقیلە،٤. تونگەی لوولەدار بۆ گرتنی ئارەقی جاترە و گولاو،٥. هەڵم‌تکێن، کەسێ ئارەقی شتێ دەگرێ وەک: ئارەقی جاترە.

**ئەرەقی**: ئارەقی، ئاێم ئارەق‌خوەر.

**ئەرەکاسن**: داساکێن، هێورکەر.

**ئەرەکاسنای**: داساکاندن، دانیشاندن.

**ئەرەکاسنە**: داساکێن بۆ مێ.

**ئەرەکاسیا**: داساکاو، هێورکراو.

**ئەرەکاسیای**: داساکان، ئارام‌گرتن.

**ئەرەکاسیێ**: داساکاو، هێورکراو.

**ئەرەکریا**: داکراو.

**ئەرەکریای**: داکران.

**ئەرەکریێ**: داکراو.

**ئەرەکنیا**: داکەندراو، دانراو.

**ئەرەکنیای**: داکەندران، دانران.

**ئەرەکنیێ**: داکەندراو.

**ئەرەکو**: داکوت.

**ئەرەکوای**: داکوتاندن.

**ئەرەکۆتە**: داکەوتوو.

**ئەرەکۆتەی**: داکەوتن.

**ئەرەکۆتێ**: داکەوتوو.

**ئەرەکوشن**: کوتایی پێ‌هێنەر.

**ئەرەکوشنای**: کۆتایی پێ‌هێنان.

**ئەرەکوشنە**: کۆتایی پێ‌هێنەر.

**ئەرەکوشیا**: کۆتایی پێ‌هاتگ.

**ئەرەکوشیای**: کۆتایی پێ‌هاتن.

**ئەرەکوشیێ**: کۆتایی پێ‌هاتگ.

**ئەرەکومن**: چەمێنەوە.

**ئەرەکومنای**: چەماندنەوە.

**ئەرەکومنە**: چەمێنەوە.

**ئەرەکومیا**: چەماوە، کۆم.

**ئەرەکومیای**: چەمینەوە، کۆم‌بوون.

**ئەرەکومیێ**: چەماوە، کۆم.

**ئەرەکوە**: داکوت.

**ئەرەکۆتەی**: کەتن، کەوتن، داکەفتن.

**ئەرەکەر**: داکەر.

**ئەرەکەردەی**: داکردن.

**ئەرەکەرە**: داکەر.

**ئەرەکەن**: داکەن.

**ئەرەکەندەی**: داکەندن.

**ئەرەکەنە**: داکەن بۆ مێ.

**ئەرەکێش**: ڕاکێشەر.

**ئەرەکێشتەی**: ڕاکێشان.

**ئەرەکێشە**: ڕاکێشەر بۆ مێ.

**ئەرەکێشیا**: ڕاکشاو.

**ئەرەکێشیای**: ڕاکشان.

**ئەرەکێشیێ**: ڕاکشاو.

**ئەرەگرتەی**: داگرتن.

**ئەرەگیر**: داگر.

**ئەرەگیرە**: داگر.

**ئەرەگیریا**: داگریاو.

**ئەرەگیریای**: داگیران.

**ئەرەگیریێ**: داگیراو.

**ئەرەلکا**: چەسپ‌کراو.

**ئەرەلکای**: چەسپ‌بوون.

**ئەرەلکن**: چەسپکەر.

**ئەرەلکنای**: چەسپ کردن.

**ئەرەلکنە**: چەسپکەر بۆ مێ.

**ئەرەلکێ**: چەسپکراو.

**ئەرەلوا**: داچوو، داچەقیو.

**ئەرەلوای**: داچوون، داچەقین.

**ئەرەلوێ**: داچوو، داچەقیو.

**ئەرەماڕ**: داشکێن.

**ئەرەماڕای**: داشکاندن.

**ئەرەماڕە**: داشکێن بۆ مێ.

**ئەرەماڵ**: داماڵ، پاککەرەوە.

**ئەرەماڵای**: داماڵین، پاک کردنەوە.

**ئەرەماڵە**: داماڵ بۆ مێ.

**ئەرەماڵیا**: پاککراو، داماڵراو.

**ئەرەماڵیای**: داماڵان، پاککران.

**ئەرەماڵیێ**: پاککراو بۆ مێ.

**ئەرەمتەی**: ڕژاندنە خوارەوە، ڕۆکردن.

**ئەرەمج**: ڕۆکەری شتێ.

**ئەرەمجە**: ڕۆکەر، کەسێ شتی دەڕژێنێ.

**ئەرەمجیا**: ڕۆکراو، دارژاو.

**ئەرەمجیای**: ڕۆکران، دارژان بۆ خوارێ.

**ئەرەمجیێ**: ڕۆکراو، دارژاو.

**ئەرەمدار**: ڕاوەستاو، وێستاو.

**ئەرەمداری**: ڕاوەستان، وەستان.

**ئەرەمدرن**: ڕاوەستێن.

**ئەرەمدرنای**: ڕاوەستاندن.

**ئەرەمدرنە**: ڕاوەستێن.

**ئەرەمدرێ**: ڕاوەستاو بۆ مێ.

**ئەرەمرکن**: دامرکێن، دامرکێنەر.

**ئەرەمرکنای**: دامرکاندن.

**ئەرەمرکنە**: دامرکێن بۆ مێ.

**ئەرەمرکیا**: دامرکاو، دامرکیاو.

**ئەرەمرکیای**: دامرکان.

**ئەرەمرکیێ**: دامرکاو بۆ مێ.

**ئەرەمرن**: دامرێن، دامرێنەر.

**ئەرەمرنای**: دامراندن.

**ئەرەمرنە**: دامرێن بۆ مێ.

**ئەرەموتەرەم**: قەدر، ڕێز، ئێترام و عەزەت.

**ئەرەموتەرەمدار**: گەورە، سجا، هەلکەفتێ.

**ئەرەمەردە**: دامردوو.

**ئەرەمەردەی**: ١. داسەکنان، هەدادان، سرەوتن، ٢. دامردن، دامردنەوە.

**ئەرەمەردی**: دامردوو.

**ئەرەمەرزای**: ئەرەمەرزیای.

**ئەرەمەرزن**: دامەرزێنەر.

**ئەرەمەرزنای**: دامەرزاندن، دامەزراندن.

**ئەرەمەرزنە**: دامەرزێنەر بۆ مێ.

**ئەرەمەرزیا**: دامەرزاو، دامەزراو.

**ئەرەمەرزیای**: ١. دامەزران، دامەرزان،٢. ئەرەمەرزای، دامەزراندن.

**ئەرەمەرزیێ**: دامەزراو بۆ مێ.

**ئەرەمەڕیا**: داشکاو.

**ئەرەمەڕیای**: داشکان.

**ئەرەمەڕیێ**: داشکاو.

**ئەرەمەنە**: داماو، داماگ.

**ئەرەمەنەی**: ئارامەندی، دەستەوەستانی، تیامان، دامان، مانەوە، ڕاوەستان.

**ئەرەمەنێ**: داماو، داماگ بۆ مێ.

**ئەرەناردەی**: دانەهێنان، شانە نەکردن.

**ئەرەنازتەی**: ١. دانەهێلان،٢. نەپاڵاوتن.

**ئەرەناستەی**: ئەرەنازتەی.

**ئەرەنامای**: ١. دانەهاتن، ڕانەهاتن،٢. شانە نەکردن.

**ئەرەنامن**: دانەوێن.

**ئەرەنامنای**: دانەواندن، چەماندنەوە.
**ئەرەنامنە**: دانەوێن.
**ئەرەنامیا**: دانەویو، چەماو.
**ئەرەنامیای**: دانەوین.
**ئەرەنامیێ**: دانەویو بۆ مێ.
**ئەرەناو**: سواغکەر، سواغدەر.
**ئەرەناوای**: سواغدان، قوڕ پێوەدان.
**ئەرەناوە**: سواغدەر بۆ مێ.
**ئەرەناویا**: سواغدراو.
**ئەرەناویای**: سواغدران.
**ئەرەناویێ**: سواغدراو.
**ئەرنریا**: دانراو.
**ئەرەنریای**: دانران.
**ئەرەنریێ**: دانراو بۆ مێ.
**ئەرەنیای**: دانان، دانیان.
**ئەرەنیشتە**: دانیشتوو.
**ئەرەنیشتەی**: دانیشتن، ڕۆنیشتن.
**ئەرەنیشتێ**: دانیشتوو بۆ مێ.
**ئەرەنیشن**: دانیشێنەر.
**ئەرەنیشنای**: دانیشاندن.
**ئەرەنیشنە**: دانیشێنەر بۆ مێ.
**ئەرەنیەر**: دانەر.
**ئەرەنیەرە**: دانەر بۆ مێ.
**ئەرەو**: عەرەو، عەرەب.
**ئەرەوار**: خوارەوە، بۆ خوارەوە.
**ئەرەواردەی**: داخوراندن، دارزاندن.
**ئەرەوارن**: داباریێن.
**ئەرەوارنای**: داباراندن.
**ئەرەوارنە**: داباریێن.
**ئەرەواریا**: داباریو.
**ئەرەواریای**: دابارین.
**ئەرەواریێ**: داباریو.
**ئەرەواڵن**: داچڵەکێن.

**ئەرەواڵنای**: داچڵەکاندن.
**ئەرەواڵنە**: داچڵەکێن بۆ مێ.
**ئەرەواڵیا**: داچڵەکاو.
**ئەرەواڵیای**: داچڵەکان.
**ئەرەواڵیێ**: داچڵەکاو.
**ئەرەوتەی**: کەوتن و ڕاکێشان.
**ئەرەوراز**: دادوور، دادروو.
**ئەرەوازتەی**: داروون، دادوورین.
**ئەرەوازە**: دادروو.
**ئەرەوازیای**: دادروون.
**ئەرەوڕا**: داڕووخاو، داڕماو.
**ئەرەوراستەی**: دادرووین.
**ئەرەوڕای**: داڕووخان، داڕمان.
**ئەرەوڕن**: داڕووخێنەر.
**ئەرەوڕنای**: داڕووخاندن.
**ئەرەوڕنە**: داڕمێنەر، داڕووخێنەر.
**ئەرەوریا**: داخوراو.
**ئەرەوریای**: داخوران.
**ئەرەوریێ**: داخوراو.
**ئەروڕیێ**: داڕووخاو.
**ئەرەوز**: داخەر، ڕاخەر.
**ئەرەوزتەی**: داخستن، ڕاخسن.
**ئەرەوزە**: داخەر بۆ مێ.
**ئەرەوزیا**: داخراو، ڕاخراو.
**ئەرەوزیای**: داخران، ڕاخران.
**ئەرەوزیێ**: داخراو بۆ مێ.
**ئەرەوستەی**: ١. داخستن، بەستن، پێوەدان،٢. ڕاخستن، داخستن، پانکردنەوە(قاڵی).
**ئەرەوسن**: خەوێنەر، پاڵخەرو.
**ئەرەوسنای**: خیتن و خەواندن.
**ئەرەوسنە**: پاڵخەرو بۆ مێ.
**ئەرەوسیا**: خراو و خەوێنراو.
**ئەرەوسیای**: خران و خەوتن، کەوتن و خەوتن.

**ئەرەوسییێ**: خراو و خەوێنراو.

**ئەرەوودە**: جەرباندی، تاقیکراو، ئارووینکراو.

**ئەرەوەر**: داڕزان، دارزین.

**ئەرەوەزتە**: دابەزین.

**ئەرەوەزتەی**: دابەزین.

**ئەرەوەزتێ**: دابەزین.

**ئەرەوەزن**: دابەزێن.

**ئەرەوەزنای**: دابەزاندن.

**ئەرەوەزنە**: دابەزێن بۆ مێ.

**ئەرەوەسای**: داخوەستن، دابەزین، هاتنەخوار.

**ئەرەوەستەی**: دابەزین.

**ئەرەوی**: ١. عەرەبی، زووان عەرەوی،٢. لانەمایَ جووریَ گاسە.

**ئەرەهار**: کەسێک یا شتیَ ک بهاڕێ.

**ئەرەهاڕای**: هاڕین، وردکردن.

**ئەرەهاڕە**: ئەرەهاڕ بۆ مێ.

**ئەرەهاڕیا**: هاڕراو بە سەر یەکدا.

**ئەرەهاڕیای**: هاڕران بە سەر یەکدا.

**ئەرەهاڕیێ**: هاڕاو، هاڕدراو.

**ئەرهەموتەرهەم**: ئەرەموتەرەم.

**ئەرهەنی**: گەر ئیتر: (سپی سەنگیَ دیـم بە لاڵـم زانا/ لاڵ بام ئەر هەنی بە لاڵش وانا) «بێسارانی».

**ئەرهەیوەیلکــــان**: گەمەی دویەتـــانە جـــوور پشلەماران.

**ئەریێ**: ١. ئاخۆ، داخـۆ، ئایـا، ئایـانە؟: (ئەرێ ت نیەچی؟)،٢. ئاری، ئـاریَ، ئـم، ئـا، ئە، ئەری، بـا، بەری، بەلـی، بەڵـی، قەی، هەرێ، ئـالاڤی وەرامە: (یار دڵی خوێنین و چاوی پـڕ لە گریـانی دەویَ/ ئاریَ ئاریَ گـوڵ لە باغـان ئـاوی بـارانی دەویَ) «نــالی»، (ئەتــۆ حەمەدۆکــی؟ ئەرێ)،٣. وەڵامــی ئەرێنی و جوابی خـوازبێنی: (تە چاڤڕەشـا بەژن زراڤێ/ دادگری ئاڤا چراڤێ/ حەتا باڤێ تە گـۆت ئەرێ/ ژ دەردێ تە، مــن دا نــاڤێ) «ســەنار»،٤. ئەرۆ، هەرێ، ئـامرازی بانـگ کردنـی ژنـان بـۆ پیـاوان،٥. هەی، پـێش پرسـیارێکی ئاگـادارکردن: (ئەرێ ئەی شێخە پیسـەی بـۆری چڵکـن/ ئەرێ ئەی زک هەمـــــانەی غـــــازی بـــــۆگەن) «مەلای گەورە»،٦. ئەریە، پیـاو بەشـەرەف: (پیـایَ ئەرێگە).

**ئەڕێ**: ئەچێ، خەرج ئەبێ: (ئەڵێن: برا بچینە ئێنە و بینەوە، ئەونەمانە ئەڕێ) «گوڵونێرگز».

**ئەرێئەرێ**: ١. دوودڵـی، ڕاڕایـی، گومـان،٢. بکـرێ نەکـرێ؟!،٣. بەڵـێ بەڵـێ: (ڕوڤـی گـۆتێ: ئەرێ ئەرێ/ م خـــو شـــاش کـــر ل وێ دەرێ) «پەرویز جیهانی».

**ئەرێبوون**: مسۆگەر بوون.

**ئەرێبەنازهاتبەنـــازەوە**: گـۆرانیەکی کـوردییە: (ئەرێ بەناز هات بە نازەوە/ جەرگی دام بە دەس کەبابسازەوە) «حەسەن زیرەک».

**ئەرێبێدەبڵەبێ**: ناوی گۆرانییەکە: (ئەرێ بـێ دە بڵە بێ، یارم لە نیوە شەودا/ ئەرێ ئەو دەستە کێیە گیانە دە شیرین خەودا) «ماملێ».

**ئەریتۆلوای**: ئەوە تۆ چووی؟

**ئەریح**: ئەریش، فج، نەیخۆی.

**ئەرێخوو**: ئاخوو، ئەرێ، بەڵێ.

**ئەریڕێحان**: گۆرانییەکی هۆرامییە.

**ئەرێدانین**: ئەرێکرن.

**ئەریدی**: ئەرێ ئیدی.

**ئەریز**: پان، پۆڕ، بەردار، بەرین، هەراو.

**ئەڕێز**: ئەریز، پان، هەراو.

**ئەریڤان**: شارێکی باکووری کوردستانە.

**ئەریڤان**: ئێرەوان، ڕەوان، پێتەختـی هەرمەنسـتان، لەپێشدا کوردستان بووە.

**ئەرێکرن**: مسۆگەرکرن.

**ئەرێلەماڵهاتەدەر**: ئسترانەکی کوردییە: (ئەرێ لە ماڵ هاتەدەر، هاتەدەر، با بێتەدەر، قەد باریکەی سنەوبەر) «حەسەن زیرەک».

**ئەرێمەگرێمەگری**: ناوی گۆرانییەکە: (ئەرێ مەگری مەگری، چاوەکەت جوانە/ هەرچی تۆ دەگری جوانێ گیان، ماڵم ویرانە) «ماملێ».

**ئەرین**: ١. ئەرێن،٢. شێری گەورەی نێر، ٣. ناوی کوڕانە.

**ئەرێن**: ١. نەعرەتە، نەعرەتێ، نەڕڕە، نەڕەی شێر، ٢. نەڕڕەشێر،٣. گەز، ئامرازی پێوانەی کووتاڵ،٤. ناوی کوڕانە.

**ئەرێناز**: ئسترانەکی کوردییە: (ئەرێ ناز وەی ناز، توخودا ناز مەکە) «حەسەن زیرەک».

**ئەرێنازدار**: ناوی گۆرانییەکە: (ئەرێ نازدار، عەمرم نازدار/ دەرمانی دەردم کە چار) «حەسەن زیرەک».

**ئەرێناکەمناکەم**: گۆرانییەکە: (ئەرێ ناکەم ناکەم، برادەرگیان ناکەم/ ئەو کابرا پیرە، مێردی پێ ناکەم) «حەسەن زیرەک».

**ئەرێنە**: نیڤ‌گەز، نیوەگاز.

**ئەرێنەرێ**: دوودڵی، ڕاڕایی، د شک مەنن.

**ئەرینی**: ئەرێنی.

**ئەرێنی**: ١. راسڤەکری، پشت‌راست کری،٢. چاک، ئەینی، موسبەت، پۆزەتیڤ،٣. ئەرێ، جوابی بەڵێ.

**ئەرێنیزلموخۆمنیزام**: ناوی ئسترانەکە: (ئەرێ نیزام و خۆم نیزام، جا نیزام نیم و سەربازم) «ماملێ».

**ئەرێونەرێ**: بەڵێ و نەخێر، دوودڵی، دووشکی: (بۆ ئەرێ و نەرێ مردم).

**ئەرێوەرەشەماڵوەرە**: ناوی گۆرانییەکە: (ئەرێ وەرە، شەماڵ وەرە/ دەردی دڵەکەم بۆ یار بەرە) «ماملێ».

**ئەرێوەیدیسانوەی**: ناوی گۆرانییەکە: (ئەرێ وەی دیسان وەی، ناسکۆڵیی نازدار ئۆخەی) «ماملێ».

**ئەرێوەیوەیڕوبابە**: ناوی ئسترانەکە: (ئەرێ وەی وەی ڕوبابە، دەم دێنم زولفت لابە، سەد جار بە ئاڵقەی کابە) «ماملێ».

**ئەریە**: ئەرێ، باشەرەف، بەشەرەف، شەرەف.

**ئەریها**: ئورفە، ناوی شارێکە لای دیاربەکر.

**ئەرێهاتدیسانهات**: ناوی گۆرانییەکە: (ئەرێ هات جا دیسان هات عەزیزم ئەو ڕوحی شیرینم هات/ حوکمی حاکم خۆشترە یانە مەرگی موفاجات) «ماملێ».

**ئەریەت**: ئەریە، ئەرێ، ڕاسی و دروسی.

**ئەرێهۆلەیلی**: ناوی گۆرانییەکە: (ئەرێ هۆ لەیلی لەیلی باوانم/ هێندە ناز مەکە ئەسمەر نازت ناتوانم) «حەسەن زیرەک».

**ئەرێهۆنازەنین**: ناوی ئسترانەکە: (ئەرێ هۆ نازەنین نەشێوێ نازت/ بە کلە بیڕێژن دوو چاوی بازت) «حەسەن زیرەک».

**ئەرێیار**: ئاوازێکە×: (حەیران و نقام و خاڵی ڕێبوار/ پایزە و نیوەشەو، ئەرێ یار) «هەژار».

**ئەز**: ١. من، م، مۆ، ئەمن، وەز، ڕاناوی یەکەم‌کەسی تاک لە کۆمەڵەی ڕاناوی کارییی‌دایە: (ئەز، تە، ئەو، ئەم، هون، ئەوان)، (وەز کۆترەکی بە شۆڕابم/ وەز کێویمە و کەوی نابم) «هۆنراوە» (ئەگەر دیتیانم ئەزم، ئەگەر نەیاندیم دزم) «مەسەل»، ٢. لە: (وتم: بێ‌باکە بۆ خوێنڕێژی، ئەبرۆت/ وتی: تێغ ئەز بڕش ناکا حەیا قەت) «مەحوی»، (ئەڤ زینەت و خەمل و قشت و حەنبەل/ ئەز پێش و پەس و یەمین و قەنبەل) «خانی».

**ئەزا**: ١. ئازا، ئازاد، سەربەست،٢. گورج، خێرا،٣. لەجێی، باتی، لەباتی،٤. ئەز، من: (ئەزا جندی مە/

ئەزا ب کراسێ کتانی و کورتەکێ ئەتلەسی مە) «حەیرانۆک».

**ئەزاب**: ئەزاو، عەزاب: (دڵ ئاست پەی دڵبەر دەلیل پەی ئەزاب/ هەر نە ئەزاب بۆ، تا نە ڕۆی حساب) «بێسارانی».

**ئەزاتە**: قسر، نەزۆک، نەزێ، نەزا، ستێور، ئەستێور.

**ئەزازیل**: ئەڵماسە، زوقم.

**ئەزاف**: زیاتی، ئێزافە.

**ئەزاف‌بوون**: زیادبوون، زیاتی.

**ئەزاف‌کردن**: زیادکردن.

**ئەزافە**: ١. ئێزافە، زیادی، زیاتی،٢. گلێش، عەزافە××م.

**ئەزاف‌هاتن**: زیایێهاتن، ئێزافەهاتن.

**ئەزافی**: ئەزافە، زیاتی.

**ئەزان**: ١. ئەزانگ، بانگ،٢. دەزێن،٣. دەزانن.

**ئەزاندەر**: بانگبێژ، کەسێ ک ئەزان دەێد.

**ئەزانگ**: ئەزان، بانگ.

**ئەزانێ**: ١. دەزانێ،٢. دەستەواژەیەکە بۆ پرسینی قیمەت: (بزن بە چەندەیە؟ بزن دەزانێ، واتە چۆنیەتی دۆخی بزنەکە قیمەتی دیاری دەکات).

**ئەزاوتاتە**: دایک و باب.

**ئەزای**: ئەزا، لەجێی، بەجێی: (ئەمە ئەزای ئەوە).

**ئەزای‌خاسی**: بە جێی چاکی.

**ئەزایی**: ئازایی، میرخاسی، جوامێری.

**ئەزئەز**: من من، بریتی لە خۆپەسند: (گوندێ بێ ڕەز، کۆنێ بێ پەز، مەرقێ کو ببێژە ئەز ئەز، ئەو هەموو ژی نە تو تشتن) «سەنار».

**ئەزئەزی**: خۆپەرستی، خۆویستی، خۆپەسنی، ئەزتی.

**ئەزئەسڵ**: لە سەررا، لە ئەوەڵڕا: (تو نە خودا مەتەڵەکە ئەز ئەسڵ بگو).

**ئەزبۆلە**: ئەزبیلە، ئەزبۆلە، هەزبیلە، هەزبیە، هەزویە، جاترە، چێشتەخۆشە، داودەرمان، ئەزبیە، ئەزویە، ئەزبێ، بەهارات، هەزوا، وشکەگیای هاڕدراوە بۆ چێشت وەک: بیبار، نۆک، پاقلە.

**ئەزبوو**: هەزوە، وشکەگیای بۆن‌خۆش.

**ئەزبووە**: ئەزبێ، ئەزبۆلە، جاترە.

**ئەزبووەکێفیلە**: جاترە کێویلە.

**ئەزبە**: کاپسوول، گەپسوول.

**ئەزبەر**: لەبەر، ژبەر، لەحیفز: (ئەنجیل و زەبوور چوون ژ ئەزبەر) «خانی».

**ئەزبەرکرن**: لەبەر کردن، بە بیر سپاردن: (دەیویست هەڵبەستەکەی بە یەک کەڕەت ئەزبەر بکات) «خاک و چەوسانەوە».

**ئەزبەرگۆتن**: لەبەر خوێندنەوە: (لێ شێعرێن بابا تاهیر هەمەدانی هەما بێژی گشک ب ئەزبەرێ دگۆتن) «مەستوورە».

**ئەزبەس**: لەبەر، ژبەر، ئەزبەسکی: (بە یادی بۆسەیی لەعلی لەبت ئەزبەس کی لەب خوشکم) «سالم».

**ئەزبەسک**: ئەزبەس، لەبەر ئەوە کە زۆر: (شام و سەحەر وەکوو خاک پامالی پایی خەڵکم/ ئەزبەس بە یادی لوتفت کەوتم لە ڕێگوزاران) «سالم».

**ئەزبەسکی**: لەبەر ئەوەی: (بۆیە ئەزبەسکی نزارم لە فیراقی مەهی ڕووت/ وەکوو ئەبرۆیی هیلالت قەدم ئەنگوشت‌نما) «سالم».

**ئەزبەنی**: گەورەم، مەزنێ من، ئەز کۆیلەم، من کۆیلەتم.

**ئەزبی**: ١. ئەزبێ، جاترە،٢. زمگە، زمیە، زمێە، زمییەێ گەرمەسێری بۆ ماڵات.

**ئەزبێ**: ئەزبۆلە، گیای جاترە.

**ئەزبی‌کێویلە**: ئەزبی، ئەزبێ، نەعناکێوی.

**ئەزبیلە**: ئەزبی، نەعنا، هەزبیلە.

**ئەزبێلە**: ئەزبیلە، جاترە.

**ئەزبێلێ**: ئەزبۆلە، جاترە.
**ئەزبیە**: ئەزبۆلە، ئەزبێڵە.
**ئەزبیەکێفیلە**: ئەزبیە، نەعنا، مەرزە، هەزبیە کێوی، جاترەی کێوی.
**ئەزپرزە**: ڕکێشە، گیادومەڵ، ئەسپرزە.
**ئەزپەرست**: ئەزئەزی، خۆپەرست.
**ئەزپەرستی**: ئەزئەزی، خۆخوازی.
**ئەزت**: منت، ئەمنت، من: (سەرگەردان و دەستبەرداری خەزێمشۆڕان، ئەزت مرم پایزێ) «گەنجی سەربەمۆر».
**ئەزتی**: ئەزئەزی، خۆپەسندی.
**ئەزحەیران**: من بە سەرگەردانت بم.
**ئەزخدام**: من خزمەتکارتم، قەرەواشتم، وشەی ڕێز لێنانی ژن بۆ گەورەتر لە خۆی.
**ئەزخلام**: ئەزخولام: (کابرا گۆتی: ئەز خلام، نانە بۆ خارنا من) «گولواز».
**ئەزخولام**: ئەزخدام، ئەزغولام.
**ئەزخوڵام**: ئەزغولام.
**ئەزخوە**: من خۆم، من بۆخۆم.
**ئەزخوەژی**: من بۆخۆشم: (ئەز خوە ژی ناس ناکم چییە؟) «پەرویز جیهانی».
**ئەزدا**: ١. ناوی گیایەکە مەیلەو زەردە بۆ دەرمان دەشێ،٢. ناڤێ خوەدێ،٣. ئەز دام، خالقی.
**ئەزدبێم**: من دبێژم، من دەڵێم: (ئەز دبێم ئاخر زەمانە دێ قیامەت رابێتن/ لەو شەڤا تاری کشاندی یو نهیشت ئەسوەد غوراب) «جزیری».
**ئەزدینزەری**: ١. جۆرێ پارچەی باش و نرخدارە،٢. جۆرێ هەڵپەڕکێیە.
**ئەزراییل**: عیزرائیل، ئێزائیل: (یەن دەرد بێحەد جە لاش جەم بەستەن/ تەسدیق جە گەردەن ئەزراییل وەستەن) «مەولەوی».
**ئەزرنگە**: دەنگی زڕ و ناخۆش.
**ئەزرنگەتاو**: دەنگی زڕ.

**ئەزرۆ**: ئارەزو.
**ئەزرە**: دیەکەیگە لە کرماشان.
**ئەزرەبە**: جەزرەبە، ئازار.
**ئەزرەت**: ئارەزوو، حەسرەت، حەزرەت، تاسە: (ڕۆڵە دەزانی لەو ماوەیە بە ئەزرەت چییەوە بووم) «حەمەدۆک».
**ئەزرەق**: ١. شین، کەوو: (بنواڕە خۆشیی ڕەقسی لەگەڵ خەرقەیی ئەزرەق/ مومکین نییە بەم پاکییە، لەم ئەرزە، سەمایێ) «نالی»،٢. ناوی پاڵەوانێکە چاوی شین بووە: (ئەزرەق لە دەستی بێزار بوو، جەددی سام و نەریمان نەما) «ئەحمەدیکۆر».
**ئەزرەقچەو**: چەوکەوو، چاوشین.
**ئەزرەنگ**: نوتەک، تاریک: (شەو ئەزرەنگێگە).
**ئەززا**: دایک، دایکە، دایە، دێ.
**ئەززاوتاتە**: ئەززێ، دایک و باب.
**ئەززێ**: ئەززا، داڵک و باڤۆ.
**ئەزشیام**: من توانیم: (پشتی ل دیڤ گەرهانەک پر زەحمەت و ئیزا، ئەز شیام) «ف.پ.پ.».
**ئەزغولام**: نۆکەرتم، بە نۆکەرت بم، ئەزخولام.
**ئەزغەنی**: شارێکی کوردانە لە ڕۆژاوای دیاربەکرە.
**ئەزغەنی**: شارێکی کوردانە لای دیاربەکری.
**ئەزفەر**: جۆرێکی میسکی باشە×: (سەحنش جە بخوور، عەبیر و عەنبەر/ جە ڕایحەی عوود، جە میشک ئەزفەر) «خانای قوبادی».
**ئەزقوربان**: من قوربانت، قوربان، بە قوربانت بم، وشەی ڕێز لێنانە.
**ئەزقەزا**: بەڕێکەوت، بەهەڵکەوت: (ئەزقەزا ل ناڤ واندا خۆرتەک هەبوو) «گولشوون».
**ئەزقین**: ئالۆبوون، تێکرامان، هەزقین.
**ئەزگڵ**: زکڵ، زخاڵ، خەڵوز.
**ئەزگلە**: شارۆچکەیەکە لە باکووری قەسر.

**ئەزگوڕی**: قوربانت بم، بە ساقەت بم.
**ئەزگۆری**: ئەزگوڕی.
**ئەزم**: ١. مـــنم، خـــۆمم: (بولبـــول ئەزم، ئەی نیکوسەرەنجام/ بێهوودە چڕا دکی خـوە بەدنـام؟) «خـانی»٢. هەزم، هەرسـەک، کـاری توانـدنەوەی خۆراک لە ورگدا.
**ئەزما**: ئەزمە، ئازمایش، سەنگین و سووک کردن.
**ئەزمام**: من مامەوە.
**ئەزمان**: ١. زمان، زبان، زوبان، پارچەگۆشتی ناڤ دەڤ: (دایـم دسـۆژت مە ڕشـتەیێ جـان/ تە ناسۆژتن ب غەیـرێ ئەزمـان) «خـانی»،٢. زمـان، شـێوەزاری ئاخـاوتن: (ئـاڤێ جەواب دا بـێ سوخەن/ ئەزمان نەبوو، ب حال گۆتە من) «فەقێ تەیران»،٣. ئاسمان، عاسمان: (نە ئەورە نە ئەزمانە، گـۆ خەجـێ دڤە تـوو پۆشـمانی؟) «گەنجـی سەربەمۆر»،٤. بێزمان،٥. ناڤێ خـوەدێ،٦. بریتـی لە قسەی تاڵ و ناخۆش: (جهێ خەنجەران سـاخ دبن، جهێ ئەزمان هەر برینە) «پەنـد»،٧. ئینسـان: (هندی سەر و ئەزمان هەنە/ هنـدی کـو ئـنس و جان هەنە/ هەمیـان ل پـێ شـەیتان هەنە) «فەقـێ تەیران».
**ئەزماناشین**: عاسمانی شین.
**ئەزمانپیس**: ئەزمانڕەش.
**ئەزمانتاڵ**: قسەڕەق، قسەناخۆش.
**ئەزمانتیژ**: زماندرێژ، دەمپیس، زمانشڕ.
**ئەزمانخۆش**: ڕەوانبێژ، قسەپاراو، زمانپاراو.
**ئەزمانخوەش**: زمانشیرین: (من گـۆتە تە حەز ژ ژنا ب مێر نەکە، نە چ یـارن/ حەز ژ بێژنـا نەکە، بێژن ئەزمانخوەشن) «حەیرانۆک».
**ئەزماندرێژ**: زماندرێژ، زارپیس، جنێوفرۆش.
**ئەزمـــانڕەش**: دەمپـیس، زمـانپیس، بەدگـۆ، پیسدووێن.
**ئەزمانزان**: زمانزان، قسەزان، زمانپاراو.

**ئەزمانسۆرک**: ئەزمانسوورک.
**ئەزمانسوورک**: مرۆ، مرۆڤ، بنیادەم، ئادەمیزاد،
**ئەزمانک**: زمانە، زمانەچکۆلە.
**ئەزمانگا**: زمانگـا، زوانەگـا، گـوڵی گـیـایەکە بـۆ دەرمان دەشێ.
**ئەزمانی**: ئاسمانی، عاسمانی.
**ئەزمڕ**: ١. ئەزمەر، ناوی چیـایەکە لای سـلێمانی: (ئەمەوێ گۆیژە و ئەزمڕ بێ بە ڕێم/ وەک قەیسی دوجەیل پیایا بگەڕێم) «پیرەمێرد»،٢. ناوی کچانە.
**ئەزمو**: ١. تاقی،٢. تاقیکراوە، ئەزمودە.
**ئەزمـودە**: تـاقیکراوە، تەجرەبەکریـاگ: (ماسـتی ئەزمودە لە کەرەی نائەزمودە باشترە).
**ئەزموو**: ئەزمو.
**ئەزمووم**: تاقیمکردەوە.
**ئەزموون**: ١. تاقی، تاقیکاری، کـاری جەڕبانـدن، ئیمتیحـــان: (لە ئەزمـــوون ســـەرکەوت)، ٢. بەســەرهات، ســەربهۆرد، تەجــرەبە: (فلانـــی ئەزموونی ژیانی زۆرە)،٣. ناوە بۆ کچان.
**ئەزمە**: ١. ئەزما، ئازمایش، تـاقی،٢. تـاقیکەرەوە، تاقیەوکەر.
**ئەزمەڕ**: ئەزمـــر، کێـــویکە لای ســـلێمانی: (لە گۆیژەوە سـەرکەوە، بـۆ ئەزمـر هەتـا قەیـوان/ بە ڕیـــزە، تونێـــل و ئەیـــوانی گەیـــوەتە کەیـــوان) «پیرەمێرد».
**ئەزمەڕی**: ئزمری، جۆرێ هەنگوور.
**ئەزمەک**: گوندێکە لای چۆمان.
**ئەزمهەڵدەبەزم**: وەکوو ڕەخنە بۆ کەسێکی دەکـار دەکـرێ، ئەگە بە عـالەمی ئاشـکرا خـۆی پـێ لە خەڵکی زلتر بێ.
**ئەزمیر**: ١. زنجیرە چیایەکە لە باکووری قەرەداخ: (ل باکووری قەرەداغ چار زنجیرە چیـا ژی هەنە: بێرانـــان، ئەزمیـــر، کورخـــاکەزەڤ و چییـــاییێن زاگرۆسێ) «مەستوورە»،٢. ناوی پیاوانە.

**ئەزمیـری**: سـەر بە دەڤەری ئەزمیر: (کشـمیش ئەزمیـری پێکـورەی ئەمە/ هەرچـی پـێ بـدرێ هێشتا هەر کەمە) «پیرەمێرد».

**ئەزمین**: ١. زەوی، زەمین،٢. تـامکردن، چێشـتن، چێژکرن.

**ئەزمێن**: ئەزمان، حەوا، ئاسمان، عاسمان.

**ئەزنا**: شارۆچکەیەکە لە پارێزگای لوڕستان.

**ئەزناو**: دیەکەیگە لە سەحنە.

**ئەزنزانم**: من نازانم.

**ئەزنو**: کێویکە لای تیکاب.

**ئەزنەشێم**: من ناتوانم، ناتانم.

**ئەزنەق**: زنەق، زەنەق، زەندەق، ترس.

**ئەزنەک**: ئەزنەق، زەندەق.

**ئەزنیف**: یارییەکە وەک دۆمینە بە مۆرەی دۆمینە دەکرێ.

**ئەزو**: ئەمن، ئەمنتان، منتان: (ئەزو ببم قوربان).

**ئەزۆ**: ناوە بۆ کچان.

**ئەزوا**: ١. ئالات، ئیسـۆت، گیـای بۆنخـۆش بـۆ چێشـت ٢. دەرمـانێکی ڕەشـە، سـیبری، هەزوا، تالیشاری، بۆ ڕەوانی باشە.

**ئەزوان**: ئەزمان، زمان.

**ئەزوئیمانم**: من و ئیمانم، بۆ پشتڕاسکرنەوەی قسەیەک: (ئەز و ئیمانم قسەی وی ڕاستە).

**ئەزوبم**: من ببم.

**ئەزوبـیم**: مـن بـبم: (ئێسـتە بە پیـری تووشـی ئەستۆم بوو وەجـاکوێری، ئەز و بـیم بە قوربـانی هەر دووک چاوانە) «مەموزین».

**ئەزوپەز**: ××××××م

**ئەزوتو**: من و تۆ××م

**ئەزودین**: من و دینم(ئەلحەق).

**ئەزوڕەز**: ڕەز و ئەز، ئیشـارەتا ب سـەرهاتەکی کوردی، دبێژن ڕۆژەکی ئێکێ ژ خانما خۆ پرسی: (ئـافرەت چ خۆشـە و ل چ جـێ؟، - ئەو ژی هۆسا پاگۆدا: بهـارێ ئەز و پەز، هـاڤینێ بەفـر و ئەز، پاییزێ ئەز و ڕەز، زستانێ ئاگر و ئەز).

**ئەزۆکی**: منۆکی، منمنی.

**ئەزوو**: ئەزان، ئەزانگ، بانگ.

**ئەزوە**: جاترەکێوی، هەزبیلە کێفیلە.

**ئەزوەکێفیلە**: هەزبی کێفیلە، هەزبیلە، ئەزوە.

**ئەزویە**: ئەزبیە، ئەزبۆلە، سەوزەوات.

**ئەزەخ**: ناوی گوندێکە لە هەریمی کوردستان.

**ئەزەر**: ئسمەت، هسمەت، ئزمەت.

**ئەزەل**: هەربـــوو، بێســـەروتایی، پێشـــینەترین، ئەزەڵ: (دێ ژ حەق جازیبەیەک دل بگرت وەرنە «مەلا»/ ژ ئەزەل گەر تو هیدایەت نەبت ئیرشاد چ کەت؟) «جزیری».

**ئەزەڵ**: هەمیشە، ئەزەل، زۆر کۆن، هەرایێهەرایێ، بێسەرەتا: (بەندە ئەزەڵ بە خەتتی خـۆی قـابیلی قیســمەتی بــووە/ ئیســتە بە ئیقتیضــای عەمەل جێگەی خۆی تەڵەب دەکا) «نالی».

**ئەزەلــی**: بێپێشـــینە، هەربـــووگ، هەمیشـــەیی: (حـوکمی ئەزەلـی چـونکە نیـیە قـابیلی تەغیـر) «دیوانی ئەحمەد».

**ئەزەلی**: بێسەروتا، بێپێشینە، ئەزەلی.

**ئەزەلیا**: دەئـالا، دەپێچـرا: (ئـازیزا! تـای ڕشـتەی دڵەی خەم بێشۆ/ ئەزەلیا نە بەند تای ڕشـتەکەی تۆ) «مەولەوی».

**ئەزەڵیای**: ئازڵیای، ئالان.

**ئەزی**: ئەز، من: (ئەزی دۆسـتم، نەکـو دوژمـن) «پەرویز جیهانی».

**ئەزێ**: ١. چما، داخۆ، تـۆبلێی، دەلێـی، تەبێـژی: (ئەزێ هەرم بەر لێڤا چەمێ ئەرەز)،٢. من، ئەمن، ئەز: (ئەز ئێـدی هشـیار بـوومە، ئەزێ ڤـا ڕابـم) «مەستوورە»،٣. دەزێ، مندالی دەبێ،٤. دایک، دایە.

**ئەزێت**: عەزیەت، ئەزیەت، جەزرەبە: (بۆ ئەزێت و دڵبەخـوێن بـوون ڕووت کە پۆشـی کـافییە)

«مینەجاف».

**ئەزیچ**: ئەز ژی، منیچ، منیش.

**ئەزێچ**: ١. ئەزیش، منیش، منیچ،٢. لەو، لە ئەو.

**ئەزیز**: ١. عەزیز، خۆشەویست: (دەستێکی هەیە مەستییە فەندی لە کەرەمدا/ میوانی ئەزیزی هەیە دایم لە حەرەمدا) «شێخ ڕەزا»،٢. ناو کوڕانە.

**ئەزیزگرانی**: فرە دڵخواز.

**ئەزیزمردێ**: داخدار، ئازیەتبار.

**ئەزیزێخەلک**: خۆشەویستی گەل: (گۆتی تو کەدێ بدی/ هەتا خوە ڕە کار نەکی/ نابی ئەزیزێ خەلکی) «سەنار».

**ئەزیماندن**: عەزیماندن، حورمەت گرتن، خزمەت کرن.

**ئەزیموات**: دایکم کوتی.

**ئەزیەت**: ئازار، ئێش، جەزرەوە، جەزرەبە، چەرمەسەرێ، ژان، عازاو، عەزاب، عەزیەت: (ئەزیەتم کەمتر دەدا، دا ڕۆژی حەشر/ زۆری ڕانەگرن لەگەڵ من بۆ حیساب) «مەحوی».

**ئەزیەتبوون**: توش ئەنگەمە هاتن.

**ئەزیەتدای**: ئەزیەت دان.

**ئەزیەتدریا**: ئەزیەتدراو.

**ئەزیەتدریای**: عەزیەت دان.

**ئەزیەتدریێ**: ئازاردراو بۆ مێ.

**ئەزیەتدەر**: عەزیەتکەر.

**ئەزیەتدەرە**: عەزیەتدەر بۆ مێ.

**ئەزیەتکران**: ئازاردران: (بە زستانا لە ناو بەفر و سەهۆڵا/ فەلاقە و ئەزیەت و دارکاری بکرێم) «قانع».

**ئەزیەتکردن**: ئازاردان، شکەنجەدان.

**ئەزیەتکێش**: ڕەنجاوی، زەحمەتکێش.

**ئەزیەتکێشان**: زەحمەتکێشان، ڕەنجدیتن.

**ئەزیەتکێشای**: زەحمەتکێشان.

**ئەزیەتکێشتەی**: ئەزیەت کێشان.

**ئەزیەتکێشە**: زەحمەتکێش بۆ مێ.

**ئەزیەتی**: زۆر زەحمەتکێش.

**ئەزیەتیە**: زەحمەتکێش بۆ مێ.

**ئەژ**: لە، وە.

**ئەژار**: خرمان، خەرمان، جێی دەغڵ و دان.

**ئەژب**: ١. ئەژم، عەژم،٢. شێوە، شکڵ.

**ئەژتی**: ناوە بۆ کچان.

**ئەژدا**: جەد، جەرد، ئاژدا، باپیران، ئەژداد.

**ئەژداد**: ئەژدا، ئەجداد، ڕشتارە: (ئەجدادم شێخ و هەر شێخ بیەنا) «م.ح. دزڵی».

**ئەژدان**: ئەژداد: (فرمە فرمی ئەسپەکەی عەولا ئاغا لە دوورەوە دەبیسترا، چما سەرت لە گۆڕی ئەژدانت نانێم!) «خاک و چەوسانەوە».

**ئەژدەر**: ١. لە ئەفسانەی کۆنا ئەڵێن مارێکی زۆر زل بووە، گۆیا ئاور لە دەمی دەرچووە،٢. هەژدیها، ئەژدیها، حەفی، ماری زل: (لە پاشی ئەم هەموو داستانە بەختی خوابئالوود/ میسالی ئەژدەری نوستوو بە ڕق لە خەو هەستا) «حاجی قادر»، ٣. سەرەبەیداخ، سەری ئاڵا،٤. بەیداخ، ئاڵا،٥. جۆرە موشەکێکی ژێر ئاوە،٦. کەرەستەیەکی شەڕ بووە لە کۆندا×: (چوون و ژێ ڕووبەڕوو بوون/ ئەژدەر قەوی ب سوو بوون) «فەقێ تەیران»،٧. ناوە بۆ کوڕ و کچ.

**ئەژدەرئەناز**: ١. ئەسڵەحەیەک کە ئەژدەر دەهاوێ، ٢. پاپۆڕێ کە موشەکی ئەژدەر دەخات.

**ئەژدەرشکار**: ئەوەی ڕاوی ماری ئەژدەر بکات.

**ئەژدەرگاز**: ××٣٨٣پ.×: (قەترەی قتمیران تازی ئەژدەرگاز/ شریخەی شاهێنان چەرخ بەحری باز) «زەنووری».

**ئەژدەها**: ١. هەژدیها، ئەژدیها، ئەژدەر، عەفی، حەفی، حەزیا، زەها، ماری زل و زەبەلاح: (بە وەسڵی ئەو نیگارە بێڕەقیب، زەحمەت بگەی بێخود/ لە دنیادا کەسێ بێ ئەژدەها نەیدیوە

گەنجینـەنه) «بێخـود»،٢. بریتـی له زولفـی درێـژ: (ئەژدەهـای زولفـی له دەوری گەنجـی حوسـنی حاریسه/ حەڵقه حەڵقه، چین چین، سـەر تـا به خـواری گرتـووه) «نـالی»،٣. بریتـی له هەوا و هەوەسی نەفسانی.

**ئەژدەهــاک**: ١. ئەژدەهـا،٢. بریتـی له زاڵـم و زۆردار: (ئەژدەهاک! ئەی دێوی له بیر زراوچـوو/ ئەی ناشتای مارانت به مێشک کردوو!) «گۆران».

**ئەژدیار**: ئەژدیها.

**ئەژدیها**: ئەژدەها، ئەژدەهاک، ئەژدەر، ئەژدەهـار، ئەژدەرهـا، ئاژدیهـا، ئاژدەهـار، ئیختووپگـو، ئیشتوویگو، هەزیا، هەژدیها، زیـا، زەهـا، حەزیـا، حەفی، حەفیان، هەڤی، شـامار، ڤشـاب،١. مـاری زۆر زل،٢. بـوونەوەرێکی خەیـاڵی له چیـرۆکه کۆنەکاندا: (وتم تاکەی عەقرەبی جەڕاڕ و ئەژدەر کەم) «دیـوانی ئەحـمەد»،٣. بریتـی له هەوا و هەوەسی نەفسنی: (بۆ قەتڵی زەبیبەقـی هەوەس و هەژدیهـای لەعـین/ تلیـاکه خـاکی، مەرقەدی ئیقلیمیایه غەوس) «بێخود».

**ئەژدیهای‌سیارەنگ**: بریتی له مەرگ: (جان برەت مه د ڤـێ عەزابـێ، ئەڤ سـیاهرەنگ ئەژدیهـایه) «جزیری».

**ئەژژی**: منیش، منیچ، ئەز ژی.

**ئەژک**: ئەز، مـن، منـیش: (خەڵـکەکه وتیـان، ئەزبەنی! ئەم فەلهەین، تـۆ بـۆ داوەتـێ لـگەل مه تکـێ؟ مەلاش وتـی: ئەژک قەشـێوه) «ڕشـتەی مرواری».

**ئەژکەفت**: ئەشکەوت، ئشکەوت، شکەفت، غار.

**ئەژگەڵ**: ١. هەژگەڵ، هەژگ و بـژاڵ، چـیلکه، چـڕوچیلکه، دڕک و داڵ: (هەژگەڵیشـی له دوو بوو فلی ئەم ئەژگەڵه بوو) «عینایەتی»،٢. خوێڕی، بێکاره، ئاکار ناشیرین.

**ئەژگەڵک**: ئەژگەڵ، چڕوچیلکه.

**ئەژم**: ئەژب، عەژم.

**ئەژمار**: ١. ژمێردراو، بژاردراو،٢. شومار، هەژمار، ژمار، ژمێر، هەڵژمار: (به ئەژمـار کەلاکـی شـەش هەزار ژن و منـــداڵم شـــاردەوه) «تـــوحفه»،٣. هەڵبژارتوو، هەڵبژێردراو.

**ئەژمارای**: ژماردن، بژارتن.

**ئەژمــارتن**: ژمـاردن، ئەژمـاردن، هەژمـارکرن، هەژمارتن، بژاردن.

**ئەژمارتی**: ١. بژێردراو، ژمێردراو، هەژمارکراو ٢. بژارده، هەڵبژێردراو.

**ئەژماردن**: ١. ئەژمـارتن، بـژارتن، شـوماردن،٢. تاوان بژاردن، بۆ بژاردن، تۆڵەدانەوه.

**ئەژمارده**: ١. ژمارده، بژارده،٢. ئەژمارتی.

**ئەژمـــارکردن**: ئەژمـــارتن: (مێشـــکم نـــیمچه کۆمپیـــوتەره ڕووداوەکـــان ئەژمـــار دەکـــا) «حەمەجەزا».

**ئەژمارکەر**: شومارکەر، هەژمارکەر.

**ئەژماره**: شوماره، ڕەقەم، بژاره.

**ئەژمارەخواز**: ژمێرکار، ژمێریار، هەژمارکەر.

**ئەژمارەکریا**: ژمارکراو، بژێردراو.

**ئەژمارەکریای**: ژماره کردن.

**ئەژمارەکریێ**: بژێردراو، شوماردراو.

**ئەژمارەکەر**: ژمێریار، کەسێ دەبژێرێ.

**ئەژمارکەردەی**: ژماردن، بژارتن.

**ئەژمارکەره**: ژمێریار بۆ مێ.

**ئەژمارەی**: ژمارتن.

**ئەژماریای**: ژمێردران.

**ئەژماریەی**: بژێردران.

**ئەژماه** : بژاره، بژار، ژماره.

**ئەژمەت**: ١.مەیـــنەت، پەژاره، خەم، هەژمەت ٢. تاو، تاوان، مەراق، رق، حەیبەت، حەجـمەت: (له ئەژمەتان چی بۆ نەکرا).

**ئەژمێــر**: ژمێـر، پاشـگری بـکەری، کەسـێ که

دەژمێرێ: (ماڵئەژمێر).

**ئەژمێراو**: ژمێردراو، حەساب‌کراو.

**ئەژناس**: ناسیار، ناسیاو، شناس.

**ئەژناسای**: ناسین.

**ئەژناسەی**: ناسین.

**ئەژناسیای**: ناس‌کران، ناسران.

**ئەژناسیەی**: ناسران.

**ئەژنۆ**: ۱. زرانی، زانی، زانووک، ڕەزانوو، زرانۆ، رزانوو، زرانی، ژنۆ، وژینگ، وژنگ، ووژەنگ، هەژنۆ، هەژنوو، هژنوو، زەنگوڵ، زەنگۆڵ، چۆک، چوگ، چمچ، چونک، جومگەی نێوان ڕان و لوولاک: (پیشانم هەوەس زانووش جازمەن ئیرەن) «ڤاچ»، (ئەڕۆم و ناڕۆم ئەژنۆم ئەلەرزێ) «فۆلکلۆر»،۲. بریتی لە زۆر: (زەوی ئەژنۆیەک قوڕی تێدا، کەڵ لێی دەرناچێ) «ئەمیری»،۳. پێوانەیەکە بۆ قووڵی چۆم و ڕووبار×: (پردە بەردێکی لە سەر ئەستۆیە/ ئاوی بەحرانی هەتا ئەژنۆیە) «ڕاوچی».

**ئەژنۆئێشە**: ژانی چۆک، ئازارێکە بۆ چارەسەری مێوژ و مێخەک و ڕەشکە بە جوێ دەکوڵێنن و شل‌شل بە هێلکە دەیگرنەوە و لێی دەنێن.

**ئەژنۆپێدادان**: شکست‌دان، چۆک پێدادان: (ئۆردووی سوور لە ستالین‌گراد ئەژنۆی بە هیتلێر دادا).

**ئەژنۆدادان**: چۆک دادان، دانیشتن لە سەر ئەژنۆ.

**ئەژنۆڕووتە**: زەڕنەقووتە، دۆڵەدرێژە، قامکی ناوەڕاست: (هەر کە زانی سەری لە ڕادەبەدەر دێشێ و چیشی پێ ناکرێ، چاوی گێڕا، گێڕا، پەنجە ئەژنۆڕووتەی دەستی چەپەی کەوتە بەر دەست و کرۆشتی) «خاک و چەوسانەوە».

**ئەژنۆشکان**: بەڵای زل بەسەردا هاتن.

**ئەژنۆشکاو**: بەڵا بەسەرهاتوو، بەڵالێدراو: (مەرگە میوانی ئەوجارەم/ ئەژنۆ شکاو و پارەپارەم) «ڕاوچی».

**ئەژنۆلەباوەش‌گرتن**: بریتی لە زۆر خەمباربوون: (ئەو دەمەی کوڕ ئەژنۆ دەگرن لە باوەش/ کیژان لە سەر دەهاڵێنن دەسرەی ڕەش) «هێدی».

**ئەژنوو**: چۆک، ئەژنۆ: (تا ئەژنۆ لە قوڕدا و کەپەنک بە سەر/ بۆ ڕانی تەریوی هەڵپە و خەم‌لەبەر) «گۆران».

**ئەژنۆهێشان**: چۆک ژان کردن.

**ئەژنەفتن**: بیستن، ژنەوتن، ژنەفتن، ئەژنەوتن، ئەژنەوین، ئەژنەویەی.

**ئەژنەو**: ژنەو، نەسیحەت‌هەڵگر: (ئایم بایەس بگوو ئەژنەو هالیی بوو).

**ئەژنەوا**: ۱. ژنەوا، بەرپەیف، بیسەر، شنەوا، بەڵبەڵەگۆش،۲. گوێڕایەڵ، گۆهدەر، گوێدێر، ڕام، فەرمانبەر.

**ئەژنەوای**: بیستن، ژنەفتن.

**ئەژنەوتن**: ئەژنەفتن، شنەفتن، ژنەوتن، بیستن.

**ئەژنەوین**: ئەژنەفتن، بیستن، گولێ‌بوون.

**ئەژنەویەی**: بیستن، ئەژنەفتن.

**ئەژنی**: بیستی، گولێبوو.

**ئەژنیای**: ۱. بیستران،۲. بەستران.

**ئەژنیش**: بیستی، ژنەفتی.

**ئەژنیم**: بیستم، ژنەفتم، گێم لێبوو، گوێم لێبوو.

**ئەژنینەوە**: ئاژنینەوە.

**ئەژنیەی**: ئەژنەوای، بیستن.

**ئەژەخ**: ئەزەخ، بالووک، بالووکەی پێست.

**ئەژەسەرێ**: نیوەشەو، بەینی نیوەشەو و بەرەبەیان.

**ئەژی**: ۱. دینێ، دەهێنێ، دەهێنێت، دەهێنیت، ئەژیت، (ماچێکت هەزار زێڕی سوور ئەژی)،۲. نامرێ، دەمێنێ، زیست ئەکا، زیست ئەکەی، زینگی ئەکا،۳. منیش، منیچ: (خودێوۆ دێ مرادا من ژی حاسل بکە/ مانێ ئەژی عەبدێ تەمە) «حەیرانۆک»،٤. مار، حەفی، جۆرە مارێکی سۆری

شکفتایە،٥. ناوە بۆ مێران.

**ئەژێ**: ١. ئەژی، دێنێ ٢. ڕادەتڵەکێ: (مەشکە ئەژێ و دەژێندرێ).

**ئەژیر**: ژیر، هێژا، زیرەک، ژیهاتی، فاما، فامیدە.

**ئەژین**: ١. دەژین، دەمێنن،٢. ناوە بۆ کچان.

**ئەژیەدویا**: ١. لە یە دویا، لەمەبەدوا،٢. لەێرە تا.

**ئەژیەم**: ژیەم، ژیان ئەکەم.

**ئەژیەوەر**: وەر جلەیە.

**ئەس**: ١. گەورەس، گەورەیە، مەزنە،٢. هەس، هەیە،٣. ئەمن، ئەز، من.

**ئەساتیر**: ئەفسانە، نەزیلە، سەرگورەشتەی مێژوویی و دیرۆکی کۆن.

**ئەسارە**: هەسارە، ستێر، ئەستێرە.

**ئەسارەناس**: هەسارەناس، مونەجیم.

**ئەسارەیبەخت**: ئەستێرەی بەخت.

**ئەساس**: ١. بنەڕەت، بنچینە، بناغە: (دیارەن ئەساس دووری مسازۆ/ وە باڵام کاڵای خەمان موورازۆ) «مەولەوی»،٢. دەروون، ناخ: (نە هەرکی ژ ڕووی جەمال بوو/ ژ سێیرەتێ دەلال بوو/ ئەسل ژ ئاساسان/ نە ژ پۆستان) «گولشوون»،٣. ئامێر، کەرەستە، تشت، شت: (بێنازەن ئەسباب ئەسپ و سواریت/ بێکەیفەن ئەساس خاسەی شکاریت) «مەولەوی»، (ئەساس کار دکە، ئوستا لاف دکە) «پەند».

**ئەساسە**: پێداویستی، ئەسپاب: (ئەساسەی نەبەرد پووشان وە باڵا/ پەنا بەردشان وە زات ئەڵڵا) «چەمەنئارا».

**ئەساسەی**: هۆی، هۆیەکانی: (ئەو وەخت پای کاو هەرد دڵ تەم بۆ/ ئەساسەی دووری ئازیزان جەم بۆ) «مەولەوی».

**ئەساسەینەچیر**: کەرەستەی پێداویسی ڕاو: (ئەساسەی نەچیر ماوەردم پەرێت) «مەولەوی».

**ئەساسی**: بنەڕەتی، بنەمایی.

**ئەساسیە**: ١. ناڤمالی، ناومال، کەلوپوور، ئەسپاو، پیتاک، کەل و پەلی ناومال،٢. بنەڕەتی، بناغەیی.

**ئەسالانلو**: گوندێکە لای بیجاڕ.

**ئەسام**: کڕیم، سەندم، سەنم.

**ئەسان**: ١. ئاسان، هاسان، سانایی، ساناهی،٢. کڕیار، بکڕ، ئەستێن، بسێن.

**ئەسانای**: کڕین، سەندن.

**ئەسانە**: بکڕ، بسێن بۆ مێ.

**ئەسانەی**: سەندن.

**ئەسانسێر**: قادرمەی کارەبایی، ئەسانسۆر.

**ئەساوی**: کڕین، سەنن، سەندن، خڕید.

**ئەسای**: ١. کڕین، ساندن (چاوگ)،٢. ستاندن، ئەستاندن، وەرگرتن.

**ئەسایۆ**: سەندنەوە، کڕینەوە.

**ئەسب**: ئەسپ، هەسپ، نێری مایین.

**ئەسباب**: ١. ئەسپاب، کەرەستە: (نەفەس هەروا لە ڕێدا دێت و نایێ/ لە سەیر و مەیری ئەسبابی سەفەردام) «نالی»،٢. هۆ، هۆکار، سەبەب: (موسەببیب حەز نەکا، پڕ عالەم ئەسبابت پەڕێ کایە/ فەقەت چاری نییە قەت یەک بە دوو بینینی مام ئەحوەل) «مەحوی».

**ئەسبخاس**: کەحیل، ئەسپی ڕەسەن.

**ئەسبگێر**: ئەسپی ناڕەسەن و گێژ.

**ئەسبۆنەواڕ**: ناوی کێوێکە لە نێوان هەرمێدۆڵ و قزڵویڵدایە.

**ئەسبەمێزە**: گوندێکە لای سەردەشت.

**ئەسبەن**: ئەسپەن، ئەسپۆن.

**ئەسپ**: ١. هەسپ، حەسپ، ئوسپ، ئەسب، ئەستۆر، بۆڕ، شەودێز، ڕەخش، ڕەخت، چاروا، نێری ماین. (بارە، بارەگی، یابوو(هەسپێ باری)، بالا، بالادە(هەسپێ توندرۆ)، بۆزە(هەسپێ نێلە)، تۆسن (هەسپێ سەرکێش)، جەردە(هەسپێ دووڕەگ، ئەختە)، چەرمە(هەسپێ سپی)، حدوود،

(ئەسپی هەرە باش)، خنگ(هەسپێ باز)، دێزە(هەسپێ ڕەش)، سەمەند(هەسپێ ڕەنگ‌زەر)، توند (توندڕۆ))، ٢. مۆرەیەکی شەترەنجە: (تۆ کە شاهی بە ڕوخ لەبەر ئەسپت/ فەرزە بۆ من پیادە بم دایم) «سالم».

**ئەسپا**: ١. ماین، ماهین،٢. ئەسپ، هەسپ،٣. ئەسپەکان.

**ئەسپاب**: ١. ئەسپاو، ئامراز، ئامێر، خرتوپرت، تفاق، کەرەستە: (لە ئەسپابی فەرەح سالۆنی عەیشت پڕ تەدارەک بێ/ شەوت هەر ڕۆژ و ڕۆژت جەژن و جەژنت لێ موبارەک بێ)،٢. کەرەستەی تایبەتی شەڕ: (هەموو لە خۆیان دا تانووت و هونەرییە/ خۆیان غەرق کرد لە ئەسپاب و هاچە و چەکییە) «لاس‌وخەزاڵ»،٣. هۆ، هۆکار: (بەڵام بەو شەرتەی چەنیم قبووڵ کەی/ بەهانەی ئەسپاب عەفووم وسووڵ کەی) «مەولەوی».

**ئەسپابکێشی**: ١. ماڵ ڕاگوێستن،٢. کێشانی کەلوپەلی ناوماڵ بۆ جێیەک.

**ئەسپابیجەژن**: پێداویستی ماڵ بۆ جێژن: (کە حاڵی بوون لە سەر ئەسپابی جەژنە/ برنج و ڕۆنیان پێدان بە ئیحسان) «قانع».

**ئەسپابیلەشکر**: تفاقی شەڕ، پێداویستی سپا: (ئەسپابی لەشکریان دروست کرد) «توحفە».

**ئەسپار**: ١. ئسپار، شێوکردنی زەوی بە پێمەڕە،٢. بێڵ، بێلاسن، پێمەڕە،٣. برینی چڵ و پۆپی دار،٤. کەسێ کە دەسپێرێت یا ڕادەسپێرێ.

**ئەسپارای**: سپارتن، سپاردن.

**ئەسپارایرە**: ڕاسپاردن.

**ئەسپارتن**: ئەسپاردن.

**ئەسپارتە**: ئەسپاردە، سپاردە: (وەرە ڕۆڵە ئەسپاردەی خودای بی و بۆ من ببیتەوە پیاوەکەی دەرک و دیوانێ) «فۆلکلۆر».

**ئەسپارد**: سپارد، پێ‌کوتی: (ئاخر ئەو کاتە ئەتۆم نارد/ چەند کەڕەتم بە تۆ ئەسپارد) «هێدی».

**ئەسپاردن**: ١. سپاردن، سپارتن، پێ‌سپاردن، پێدان، تەڵپ‌کردن، دانەدەست، بازگوڕ بوون: (بە قوربانت دەبمەوە/ لە کچانت دەستێنمەوە/ لە شارانت دێنمەوە/ بە یارانت دەسپێرمەوە) «فۆلکلۆر»،٢.ئەمانەتی، ئەسپاردە، سپاردە،٣. وڵام، قەوینی، جواو قسەیەک بۆ کەسێک.

**ئەسپاردە**: سپاردە، ئەمانەتی، تەلپ، قەوینی کری: (ئەسپاردەی منت لە بیر کرد/ ئەویشت ئاوا دڵگیر کرد) «هێدی».

**ئەسپاردی**: ئەسپاردن، سپارتن: (بە خوام ئەسپاردی).

**ئەسپارنای**: ١. پەساردن،٢. پەرتاوتن.

**ئەسپارەی**: سپاردن.

**ئەسپاریارە**: ڕاسپێراو، ڕائەسپێراو.

**ئەسپاریای**: ١. پەسێران،٢. پەرتێوران،٣. سپێردران.

**ئەسپاریەی**: ١. پەسێران،٢. پەرتێوران،٣. سپێردران.

**ئەسپارێرە**: ڕاسپێراو بۆ مێ.

**ئەسپاسنینە**: پاسیکڵ، ئەسپەئاسنینە.

**ئەسپانە**: جۆرێ پۆڵکەیە.

**ئەسپانی**: ئیسپانیا، وڵاتی ئیسپانیا×١٦٧×: (شەکە ڕەش بۆخۆی پیاوێکی سەیر بوو، زۆر حەزی لە ڕەنگی سوور بوو، ئەگەر ئافرەتێکی بە کراسی سوور بدیبایە، وەک گای ئەسپانی دەیپڕماند و دەیقریواند) «کۆردەرە».

**ئەسپاو**: ١. ئەسپاب، ئەوراز، تفاق، ساز، کەلوپەل، ٢. هۆ، هۆکار، بۆنە، بەهانە، بیانگ، ئەسەل، گەزەک، مایە،٣. بریتی لە کیر و گون.

**ئەسپاوبەنایی**: کەرەستەی بەننایی، تفاق

هەڕەکاری و خانوبەرە وەک: خشت، گەچ، سیمان.

**ئەسپاوچێشت**: ئەزبیە، هەزبیە، چێشتەخۆشە.

**ئەسپاوسەفەر**: تفاق ڕێگە، پێداویستی سەفەر.

**ئەسپاوکار**: ئامێری کار.

**ئەسپاوماڵ**: کەلوپوور، پیتاک، ناوماڵ، ناقماڵی، شەنگ، خرتوپرت، خڕەوپڕە.

**ئەسپایی**: ١. هێواشی، هێدیێتی، بەکاوەخۆیی، ب کەڕی: (دەڕۆیشتم: بە ئەسپایی، کش و مات/ لاشە سست و، دڵ کەیلی تاسە و ئاوات!) «گۆران» ٢. دەرەبەگ یا جێگری دەرەبەگی.

**ئەسپئاسن**: ئەسپەئاسنینە، ئەسپەدارینە، بایسیکڵ، پایسیکڵ، دووچەرخە.

**ئەسپئاوی**: ئەسپی دەریایی، ئاژەڵێکی زلی ناو ئاوە، لە وشکیش دەژی.

**ئەسپئاهەنین**: ئەسپئاسن، دوچەرخە.

**ئەسپئەنگوان**: مەحتەل و بێ‌کەرەسە مانەوە.

**ئەسپباری**: یابوو، بارە، بارەگی، ئەسپی بارکێشان.

**ئەسپبازی**: غارەئەسپ، غارغارێ بە هەسپ، قۆشمە و چریدانێ بهسپان.

**ئاسپتالیمدان**: سوارکاری کردن، ڕاهێنانی ئەسپ، فەنتازی.

**ئەسپتالیمدەر**: سوار، سوارچاک، سیارخاس، ڕاهێنەری ئەسپ.

**ئەسپتاودان**: غاردان، لینگ‌دان بە ئەسپ.

**ئەسپتەڵایی**: زەڕی، ئەسپەشێ، ئەسپی زەرد.

**ئەسپتەمەڵ**: سلْپ، تەڕاڵ، هەسپی تەوەزەل.

**ئەسپچەپەرخانە**: ئەسپی پۆستەخانە.

**ئەسپحیلنۆ**: هەسپ هیلنۆ، ئەسپ دەحیلێنێ.

**ئەسپدز**: هەسپدز، دزی ئەسپ.

**ئەسپدووڕەگ**: ١. هەسپی دوو تۆمە،٢. بارگین، ئەسپی بار،٣. ئەسپی خەساو.

**ئەسپدەوانی**: غارغارێن، سوارکاری، سیاری، لنگداران، پێشبڕکێی ئەسپ تاودان.

**ئەسپرتو**: مادەیەکە شل بۆ پاک‌کردنەوە.

**ئەسپرزە**: کەپەک، سۆس، سپۆس.

**ئەسپرنگ**: سپرنگ، سپرینگ.

**ئەسپڕەس**: دەسەناو، ئەسپەڕێز، گۆڕەپانی غارغارێن.

**ئەسپزین‌کردن**: ١. زین خستنە سەر ئەسپ بە تەنگە توند کردنی،٢. بریتی لە لێ‌نەبڕینەوە: (چاکە چاک، ئەمن کوتم حەق بە تۆیە، ئیدی نەمکوت ئەسپت زین بکە).

**ئەسپسوار**: سوار، سووار، سیار، سیاری هەسپ: (کابرای ئەسپسوار کوتی: خوا غەزەبت لێ بگرێ ئەونە گەڕاین بۆین بە هەریسە!) «گوڵونێرگز».

**ئەسپسوارە**: سووار، سوار بۆ مێ.

**ئەسپسواری**: ١.سوارکاری، سیاری، سواری ئەسپ بوون،٢. فەنتازی، ئەسپی ڕاهێنراو، ئەسپی تایبەتی سواری،٣. ئەسپی تایبەتی سواری.

**ئەسپسیار**: ئەسپسوار، سوار.

**ئەسپشێ**: سپێ، ئەسپێ، زیندوی خوێن‌خۆری لەش.

**ئەسپعیوەزی**: یەدەکی، ئەسپی سپێر، ئەسپی یەدەگ، ئەسپی یەدەک.

**ئەسپفاڵ**: مایین‌بەراز، ماین‌وەراز، ئەسپی فەحل کە ماینی لێ چاک دەکەن.

**ئەسپل**: سپڵ، سپل، خاش، خالخالک، سەپەل.

**ئەسپلغاوکرن**: لەغاو خستنە ناو دەمی ئەسپەوە.

**ئەسپلینگدان**: ١. لێخوڕین، غاردان، ئەسپ هاژۆتن، ٢. بریتی لە ئەوپەڕی حەولدان✗: (بێرە مەیدانی فەساحەت، ئەسپی خۆت لینگ دە حەریق/ تا بزانم کێ بە شێعرت سوحبەت و یاری ئەکا) «حەریق».

**ئەسپنگ**: ئەسپینگ، سپنگ، سپندک، شن، شنگ، گیایەکە چەن جۆری هەس: ئەسپنگ بەنێ(کێو)، زەویان،ماینە: (دەدۆزیێتەوە ئاڵەکۆک، کەنگر، ئەسپنگ) «ئەمیری».

**ئەسپنگەبەنە**: جۆرێ شنگی گەڵاپانە.

**ئەسپنگەماینە**: شنگەماینە، شنگەماینانە.

**ئەسپو**: ئەسپی، چارویێ: (مێزەرەکەم چێرۆ ئەسپو بەچکە شێخانە میفەڕک بۆ) «م.ح. دزڵی».

**ئەسپوئێسک؟**: بریتی لە دوو شتی دژ وە یەک.

**ئەسپوسوار**: یەکێ لە وێنەکانی کڵاوی کوردی.

**ئەسپۆغە**: دێیەکە سەر بە شاری بۆکان لای ئاڵیکەند و داشبەند.

**ئەسپوڵ**: سپڵ.

**ئەسپۆن**: ١. ئەسپوون: (سریێش و ئەسپۆن و میلەگورگانە) «چنگیانی»،٢. بریتی لە شتی زۆر ورد و شکاو: (کابرا کوتی: قوربان ئەگەر من لەو بانەوە خۆم بەردەمەوە خوارێ، ملم ئەبێ بە ئەسپۆن!) «ڕشتەی مرواری».

**ئەسپۆنەوار**: زنجیرە کێویێکە لە لای سەقز.

**ئەسپۆنیورد**: بریتی لە شتی عەیبدار: (پێی وابوو نایناسم، دەستی پێکردبوو: وا دەکەم و وا بچێ، کوتم: ئەتۆ زۆری وەدوا مەکەوە، ئەسپۆنەکەت وردە!).

**ئەسپوول**: سپڵ، ئەسپل.

**ئەسپوون**: ١. ئەسپۆن، پووشعەنتەر، پووشەنەورۆزە، تۆسینە، ئێسوو، تێسوو، حوزە، چۆغان، چەوغان، دڕکەئاڵەت، زرۆ، زرۆی، زرویێ، سپۆن، سەونجە، سەونچک، قەران چۆغان، کافوور، کەفکەفۆک، کەفکەفۆگ، گلۆک، گرۆکە، گیائەسپۆن، گیاکەفە، هلۆت، هیلۆ، یەوشە، بنەگیایەکە بە کەف، بۆ جل و دەس شۆردن دەبێ، ئەسپۆن لەم سێ گیایە پەیدا دەبێ:

گلۆک، تیسوو، کافوور، بۆ چارەسەری خارشت، تا، ژانی سک و کەلەکە بەکاری دێنن،٢. بۆ وردی شتی پێ شوبهێندراوە: (ڕۆژگار هاڕیمی وەک ئەسپۆنی ورد/ هێز و تینی لێ بڕیوم دەردەکورد) «ناڵەی جودایی».

**ئەسپە**: ١.ویسپا، ڤیسپا، ڤیسڤا(نێری ماین)،٢. سوریجە، سووریژە، سۆرکە، نەخۆشیەکی زارۆکانە،٣. گازوولکە، جۆرێ تەڵەی ڕاوە،٤. ئەسپی زەرد.

**ئەسپەئاسنینە**: دووچەرخە، پاسیکڵ.

**ئەسپەخڕ**: ئەسپی کورتەباڵا: (بۆزە بەو عیسمەتەوە هەر کە ئەوا تەقریر بوو/ ساحبی بەستیە جووت لە تەنیشت ئەسپەخڕی) «سالم».

**ئەسپەخۆر**: ×١٤٦: (ئەسپەخۆر توند و بەجۆش ماینەکوویێت بۆز و بەخرۆش) «سالم».

**ئەسپەدارینە**: ١. دووچەرخە، ئەسپەئاسنی ٢. ئەسپێکیشە منداڵان لە دار دروسی دەکەن بۆ گەمە و سواری.

**ئەسپەر**: ١. سپەر، سوپەر، مەتاڵ، ئەسپرە،٢. ئەسپەرە، مەترەکە، جێگەی پێ لە پێمەڕەی ئەسپەرەداردا،٣. گوڵێکە شەشپەڕ،٤. چیت ئەسپەر، جۆرێ چیتی گوڵدارە: (شەدەێ یەێ تاڵ زەڕ بەساسە سەرەو/ سپەریاس وە ڕوو چیت ئەسپەرەو) «عەباس باباخانی».

**ئەسپەڕاو**: ڕاو بە ئەسپ: (هێشتا لە ناو عەشایری جافا هەر باوی ئەسپ و لەشکر و ئەسپەڕاو ماوە) «کۆردەرە».

**ئەسپەرپێچ**: جۆرێ چیتە: (چیت ئەسپەرپێچ ها لە خوار پاش/ وە ڕوو ئەو چیتە شەو بچوو وە لاش) «خانمەنسوور».

**ئەسپەردن**: سپاردن، سپارتن.

**ئەسپەردە**: ١. سپاردە، سپێریاگ، سپەردە،

ئەسپاردە، سپارتە، ئەمانەت،٢. نێژراو: (لەو ساوە کە ئەو ئەسپەردەی گڵە/ فرمێسکم تێکەڵ بە خوێنی دڵە) «پیرەمێرد».

**ئەسپەردەکردن**: ١. سپاردن، ئەمانەت دانان، پێدان، ٢. ناشتن، بە خاک سپاردنی مردگ،٣. ڕێبڕین، بڕینی ڕێگا.

**ئەسپەردەکریا**: نێژراو، مردووی ناشتراو.

**ئەسپەردەکریای**: نێژران، ناشتران.

**ئەسپەردەکریێ**: نێژراو بۆ مێ.

**ئەسپەردەکەر**: مردوونێژ.

**ئەسپەرەکەردەی**: مردوو ناژتن، ناشتن.

**ئەسپەردەکەرە**: مردوونێژ بۆ ژن.

**ئەسپەرزە**: ١. کەپەک، سڤی، کاپەک، پۆستێ گەنم و دەغلی،٢. ڕکێشە، ڕەکێشە، گەڵادمەڵ، ئەسپرزە، توخم سفی، گیا سنگ ئێشە.

**ئەسپەرم**: ئەسپەرەم، ڕەشەڕەیحانە، ڕێحانە.

**ئەسپەرە**: ١. ئەسپەر، پامەڕە، مەترەکە، مەدرەخە، کێیووپ، داری جێ پێ لە بێلاسندا،٢. پارچەدارێکە دەخرێتە نێوان میچ و کوڵەکەوە ٣. گێنو، گێنوو، زەرتک، گیازەرتک کە بەنی پێ ڕەنگ دەکەن،٤. ئەگریجە.

**ئەسپەرەدار**: ١. داری ئەسپەرە،٢. بێلاسنی ئەسپەرەدار.

**ئەسپەرەم**: ڕێحان، ڕەیحان، ڕێحانە، ڕیون.

**ئەسپەڕێ**: ئەو ڕێگایەی ئەسپ لە مەدای ڕۆژێک ببڕێ: (ئەو ئەگەر تا ئەسپەڕێی دووری منیش تا زولفی تۆن) «جومعەکان».

**ئەسپەڕێز**: ١. ئەسپڕەس، دەسەناو، مەیدانێ کە ئەسپ بە یەک غار بیگاتێ،٢. ناوی گوندێکە لە هەورامان لە دێکۆی پایگەلان.

**ئەسپەژن**: ژنی باڵابەرز و شۆخ و شەنگ.

**ئەسپەشێ**: زەڕی، ئەسپ تەڵایی، ئەسپی زەرد: (دیاری ئەسپە شێن، دیاری قەسپە!) «گولواز».

**ئەسپەشێرە**: باڵندەیەکە هێندەی کۆترەباریکەیەک دەبێ و خوێندنەکەی وەک حیلەی ئەسپ واسە.

**ئەسپەشینە**: کاسەڵکەشینە، مێشخۆرە، زەردەواڵەخۆر، باڵندەیەکی مێشخۆری شینە.

**ئەسپەک**: ١. کەرخنکێنە، گیایەکە بۆ سەرێشە و گرانەتا باشە،٢. ئەسپەنەک، سەرێشە، ژانەسەر، نەخۆشییەکی مێشکە زیپکە لە سەر و تویڵ دێ،٣. ئەسپ، پێشەوەی سیارەی گەورە،٤. ماکی سوورێژەیە.

**ئەسپەکلەسەردان**: شێت بوون: (دەیکوت زۆر بەخێرێی سەعید/ بۆچی ڕەنگت شێواوە؟ عەزیزەکەم زۆر فکر مەکە/ دەڵێی ئەسپەک لە سەرتی داوە!) «سەعید و میرسێوەدین».

**ئەسپەکوێت**: کوێت، کومەیت، ئەسپی سووری ئاماڵ ڕەش: (ئەسپە کوێتی زین دەکەم، دەڕۆم دەچم بۆ ڕاوێ) «مامڵێ».

**ئەسپەکی**: گوڵێکە: (گوڵی ئەسپەکی و گوڵی دووپشکە/ گوڵی قەتارە و گوڵی گوێمشکە) «پیرەمێرد».

**ئەسپەلک**: گیایەکە بۆ چارەی گرانەتا بەکاری دێنن.

**ئەسپەمار**: تیرەمار، تووڵەمار.

**ئەسپەن**: ئەسپەندەر.

**ئەسپەناج**: ئەسپەناخ.

**ئەسپەناجڕۆمی**: گیایەکە بۆ دەرمان دەشێ.

**ئەسپەناخ**: ١. ئەسپیناخ، سپناخ، ئسفناج، ئەسفەناج، سپەناغ، سپیناغ، جاتەڕە، گیایەکە دەخورێ: (ئەڵێن شیرەی ئەسپەناخ لەگەڵ شەکر تێکەڵاو بکرێ و بخورێ، بۆ زەردوویی چاکە) «ڕشتەیمرواری»،٢. جۆرێ چێشتە.

**ئەسپەناغ**: ئەسپەناخ.

**ئەسپەند**: ١. ئەسپەن، ئەسپەندەر، دیدی، قانگ ٢. ڕەشەمە، سێهەممانگی زستان، ئیسفەند.

**ئەسپەن‌دود**: ئەسپەن سزانن.

**ئەسپەندەر**: ١. قانگ، قانگلە، ملوانە گیا، گیایەکە بەرێکی گزمووڵە دەگرێ و بۆ چاوەزار دەیسووتێنن: (سەیدۆکەی سەر گوڵینگەدار/ ئەسپەندەر نوشتەی چاوەزار) «بۆکوردستان»،٢. یەکێ لە وێنەکانی کڵاوی کوردی،٣. ئیسفەندیار: (هەتا بەخت بوو یار، ئەسپەندەر و هەزار هەزار/ ئەگە بەخت نەبوو یار، پیرێژنێک و تاقەدار).

**ئەسپەنەر**: ئەسپەندەر.

**ئەسپەنەک**: ئەسپەک، گرانەتا، نەخۆشی کەوتوویی.

**ئەسپەنیار**: ناوی کوڕانە.

**ئەسپەنیک**: ×××××فر. هۆرامی×

**ئەسپەو**: ئەسپاو، کەرەستە: (سوب تا ئیوارە هام لە تەقودەو/ تا سەر مانگ بای دوو تیکە ئەسپەو) «چەپکەگوڵ».

**ئەسپەهان**: ئیسفەهان، شاری ئەسفەهان، پایتەختی کۆنی ئێران کە لە ساڵی ١٧٨٩ی زایینی گوێزاوە بۆ تاران.

**ئەسپ‌هەڵگرتن**: سوارێ کە ئەسپی سەرکێش دەیڕفێنێ و بۆی ناوەستێ.

**ئەسپی**: ئەسپێ، ئەسپشێ، ئەسپشێ، سپێ، سپی، سپەه، سپه، سپهک، هەسپێ، سپێ‌هەشێش، هەشپشی، شش، ئەبوویێ، عەبوویژ، گنار، مێروویەکی بە ئاڵۆشە: (بە ریشی پان و پڕ لە ئەسپێ/ بناغەی دینی ئیسلام چۆن ئەچەسپێ؟!) «پەند».

**ئەسپێ**: ١. ئەسپی، سپێ، سپی، سپە، زندی، کێچ: (ئەسپێ بکەویتە دەس کوڕەی کارێ، یا شتێ بکەویتە دەس مرۆی رەزیل)،٢. ئەسپێک، هەسپێ،٣. سپی، سفێد، چەرمگ.

**ئەسپ‌یاڵ‌چەرمگ**: هۆل، هەسپی یاڵ سپی.

**ئەسپی‌ئاوی**: گیاندارێکی گیاخۆری زلی ئاوژییە.

**ئەسپی‌ئاهنین**: ئەسپەدارینە، دووچەرخە.

**ئەسپی‌باوبۆران**: ئەسپێکی خەیاڵی ناو چیرۆک و حەقایەتی کوردی‌یە، ئەسپی تیژڕۆ: (کچەکە ئەڵێ: باوە بچۆ ئەسپێکی با و بۆرانمان بۆ بکڕە سواری ئەبین) «گوڵونێرگز».

**ئەسپی‌بەحری**: مەوجوودێکی خەیاڵی ناو چیرۆکانە، شکڵی وەک ئەسپ وایە.

**ئەسپی‌پڕتاو**: ئەسپی خێز و گورج و گۆڵ.

**ئەسپی‌تەروادە**: هەسپێ تەروادە.

**ئەسپی‌چاپار**: وپاغی پۆستە.

**ئەسپی‌حدود**: ئەسپی رەسەن، ئەسپێ رەگەزی بچێتەوە سەر ئەسپی عەرەبی.

**ئەسپێ‌خۆر**: بریتی لە پیاوی زۆر چنۆک و خەسیس.

**ئەسپیدار**: سپیدار، ئەسپیندار، چنار.

**ئەسپێراو**: ئەسپاردە، سپاردە.

**ئەسپێردران**: ئەسپێران، سپێردران، سپاردران، دران، پێدران.

**ئەسپێردراو**: سپاردراو، سپێردراو، ئەسپێر، ئەسپاردە، ئەسپەردە، ئەمانەتی.

**ئەسپی‌شێ**: ئەسپەشێ، ئەسپی تەڵایی: (شتی پاک دەبێ رەسەنی چاک بێ/ لە ماینی قوتڕ، ئەسپی شێی نابێ!) «حافز».

**ئەسپی‌شێرە**: کێوێکە لە ڕشتەکێوی زاگرۆز، لای چلچەمەی مەریوان.

**ئەسپی‌عەرەبی**: ئەسپی عەرەب، رەسەنێکی باشی ئەسپ: (شین‌بۆرە، نەخشە، رەخشە، دوڵ‌دوڵە، حدوودە، مەری دەڕوا، نەرمەغاری وەک سەما دەچێ، رەسەنە ئەسپی عەرەبە) «ئەمیری».

**ئەسپێ‌کوژە**: پەنجەگەورە، بەرانی، تبلامەزن، تلیاستوور، تلیا مەزن، سپیەکوژە، شەس،

قامکەزلە، قامکەگەورە، کلگکەڵە، کلگەکەڵە، کەڵە ئەموست، کەڵەئەنگوست، کەڵەموست، گشتاپلل: (تۆ ناوت ئەسێکوژە/ من ناوم دۆشاومژە) «هەژار».

**ئەسپێکوشتن**: ١. کوشتنی سپێ: (لامل چرچولۆچ، هەموو کوورەپشت/ خۆیان ئەدۆزی و ئەسپێیان ئەکوشت) «قانع»،٢. بریتی لە بێکار بوون.

**ئەسپیلەڕ**: دژی ئەسپی خورت.

**ئەسپیناخ**: ئەسپەناخ(گیا).

**ئەسپیندار**: ١. سپیدار، سپیندار، ئەسپیدار، جۆرێ چنارە، لەگەڵ شاتانێ یەک کۆزن، بەڵان لکی بڵاو دەبێ، گەڵای وەهی شاتوو دەچێ: (سپیندار و گێلاس و توو/ مازوو، دەمووکانە و بەڕوو) «بۆکوردستان»،٢. جۆرێک کارگ و قارچکە.

**ئەسپین**: هۆرە، پواز، داری کۆلکە شکاندن.

**ئەسپیندار**: سپیندار، سپیدار، دارێکی بێبەرە: (لە دینان دینی محەمەدی، لە نانی گەنمی قەندەهاری، لە داری ئەسپینداری) «پەند».

**ئەسپیندارە**: گوندێکە لە نزیک هیران.

**ئەسپینگ**: ئەسپنگ، شنگ، سپنگ، سپندک.

**ئەسپێون**: ئەسپێدار، سپێدار، هەسپێوون.

**ئەسپێوەن**: ئەسپێکە: (گوڵگوون ئەسپێوەن نە پشت شەودێز/ تەمام گێلانەن شۆخ سوبووکخێز) «خانای قوبادی».

**ئەسپێبزن**: کەوەیی، قرنویەکی شینکارە.

**ئەسپێقوزان**: ئەو پیاوەی کە ناو ژنانی پێخۆشە و لە ناویان نایەتە دەر.

**ئەسپێکراسیکۆن**: بریتی لە دەوڵەمەندی چڵکن: (قەت ئەوە تمەنێکی لە دەس دەردێ؟ ئەوە ئەسپێی کراسی کۆنە!).

**ئەسپێمریشکان**: کەپلە.

**ئەسپێواوی**: جنێوێکی ژنانە.

**ئەسپێوەن**: ئەسپێکە.

**ئەسپییەکەناس**: ئەو ئەسپەی هەر خاوەنەکەی بناسێ، ڕکێفی بە هەموو کەس نەدا.

**ئەست**: یە، ئەس: (گەورەست: گەورەیە).

**ئەستا**: گوندێکە لای بارزان.

**ئەستار**: ١. ئەستەر، بەر، بەتەنێ جلکان و لێفە،٢. ئەستێر، گۆل، گۆلاف، هەسێڵ،٣. کۆی سەتر، پەردە: (کەنگێ دکەتن قەبولێ ئەستار؟/ حەتتا عەلەما خوە ناکەت ئیزهار!) «خانی».

**ئەستارە**: ئەستێرە، هەسارە.

**ئەستان**: ١. هەسان، هەستان، بەردەسماتە،٢. جستان، زستان، زمسان، زسان.

**ئەستانای**: ستاندن.

**ئەستاندن**: ١. ئەستانن، ستانن، سەنن، سەندن: (بە منداڵی لە لێوی ئاڵی تۆم ئەستاندووە ماچێ/ بە شیریش لەززەتی ئەو ماچە شیرینەم لەبیر ناچێ) «هێمن»،٢. سواڵکردن، شت وەرگرتن: (یارەبی دڵی کەس بە دڵی منی قەلەندەری غەریبێ ماڵوێرانێ نەبێ/ چەندی لە ئێشە، چەندی لە ئۆفە/ چەندی لە بن بارستی دە غەماندا دەناڵێ/ ئەمن ئێرەیی‌یان نابەمەوە بە سام سامە شێتەی/ ئەگەر دەیئەستاندەوە هەر دەرک و دوو ڕیاڵی) «گەنجی سەربەمۆر».

**ئەستاندنەوە**: ١. ستاندنەوە، لێسەندنەوە: (بە قوربانت دەبمەوە/ لە کچانت دەستێنمەوە) «فۆلکلۆر»،٢. قەرەبووی تاوان کردنەوە.

**ئەستانە**: ١. ناوی پیاوانە،٢. ئەستەموڵ، ئستانبول.

**ئەستر**: هێستر، ئێستر: (بە ئێستری گوت: پیتاکت بێنە/ وتی: لەوبارە ئێستر مەدوێنە) «بۆکوردستان».

**ئەستران**: ستران، گۆرانی، ئاواز.

**ئەستڕان**: سڕان، سڕدران، سڕین، ئەستڕین: (ئەستڕاوە فرمێسکی ڕۆڵە کوژراو/ ئەستێنراوە تۆڵەی بێکفن نێژراو) «هێمن».

**ئەستڕاو**: سڕاو، سڕاوە، سڕایەوە، سڕیاگ، سڕدراو.
**ئەستروکان**: گوندێکە لای ڕانییە.
**ئەستڕی**: ١. دڕک، دڕوو، دڕووداڵ، زی، چقڵ، تیکان، ئەستری،٢. دارێکی دڕکاویە دوو هێندەی باڵا پیاوێک بەرز دەبێتەوە،٣. ئستری، ئوستری، شاخ.
**ئەستڕیزەردکە**: دڕووەزەردە، جۆرێ دڕکە.
**ئەستریشک**: سرێش، سریچ، هاڕدراوەی گیایەکە.
**ئەستریێشک**: ئەستریشک، سرێش.
**ئەستریلک**: ئەسترێلک، گیای سرێش.
**ئەسترێلک**: سرێش، چرێش، گیای ئەسرێلک.
**ئەستڕین**: ١. سڕین، سڕینەوە، سڕاندنەوە، ئەستڕین، ماڵین، پاقژکرن،٢. وشک کردنەوەی تەڕایی: (دوانیگای بڕیە لای ئاسۆ/ بە مۆلەق ڕاوەستا چاوی/ شنەبای شەو هات ئەستڕی/ وەک پەنجەی جوانێک جواناوی) «هێمن».
**ئەستڕینەوە**: سڕینەوە، سڕاندنەوە، ئەستڕین، سڕین، کوژاندنەوە.
**ئەستنگ**: ١. زەرگەتە، زەردەواڵە،٢. چوزو، چوزەی هەنگ و زەرگەتە،٣. پلەبەردینەی شاخ.
**ئەستۆ**: ١. گەردن، گەردەن، مل، ستۆ، ستوو، ستووکور، ستۆه سکوورت، سکوورد، سوکر، سۆکر، ئوستی، ئەسکورد، ئەسگورد، ئەستۆک: (دەستم لە سەد جێگە بە سەد وەعدە شکاوە/ جەبری نییە ئەم کەسرە هەتا نەیخەمە ئەستۆ) «نالی»،٢. ملە، بستووی کەژ: (کێوەکانی سەر لە ئەستێرەن و ئەستۆیان تماشاگەی شا و شالیارن) «ڕاوچی».
**ئەستۆبەرەڵلا**: سینگ و بەرۆک ئاواڵە: (چەند خۆشە شێتی ئەستۆ بەرەڵلا/ دوور لە ناکەس و لە شەڕ و هەڵلا) «پیرەمێرد».
**ئەستۆبەقەڵات**: قەڵاتە دە ستۆ: (جووتێکم تاجیلەی ئەستۆ بە قەڵاتی گوێ بە زریز بەردەدا) «گەنجی سەربەمۆر».
**ئەستۆبەند**: ١. تۆق، تەوق، ملوانکە، ملوێنک: (بنازم من بە کوفری زولفی تۆ ئەی ئافەتی ئیسلام/ کە ئەستۆبەندی جیزبەی خستە مل ئیمانی خاس و عام) «مەحوی»،٢. شاڵگەردن، ملبەند، ملپێچ،٣. تەختەبەند، ئاتێل، مرازی تایبەتی شکستەبەند.
**ئەستوخوار**: ئەستوخوارە، ملکەچ.
**ئەستۆخوارە**: ملکەچ، مات و مەلوول: (نۆکەر و تابیعەی کوڕی من پاکی ئەستۆخوارە) «توحفە».
**ئەستۆخۆدۆس**: گیاژانۆما، گژە، ڕەشەڕێحانە، شاڕێحانەی ڕۆمی.
**ئەستوران**: ڕیسی ئەستوور، داوی کڵفت.
**ئەستورک**: ١. سەوک، کولێرە، نانی ئەستوور،٢. پشری، نانی پرپۆڵە، پشریای مریشکان.
**ئەستورنەوە**: پشریان، هووربوون.
**ئەستۆشان**: ١. ملشکان،٢. جۆرێ دۆعای خراپە: (فەقیری بە بەژنم نڕاوە، ئەستۆم شکێ، تازە درەنگە، چۆن بکەم؟) «ئەمیری».
**ئەستۆشکاندن**: زیان گەیاندن بە خۆ و خەڵک: (با بڕۆین تا لە خشتەی نەبردووین و ئەستۆی نەشکاندووین).
**ئەستۆشکاو**: ماڵوێران×: (چاوەڕێتە شاعیری ئەستۆشکاو/ هەستە بۆی وە سوێ کەوە، بۆی تێکەوە) «ڕاوچی».
**ئەستۆک**: ئەستۆ، ستۆ: (بیست و حەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم/ بە نان و ئاو و جل و بەرگی خۆم) «ف. بێکەس».

**ئەستۆکورد**: ملەقۆجە، ملەقووتە، قۆجەملە.
**ئەستۆکوردە**: پشتەمل، پژمل.
**ئەستۆکوڵ**: ملکورت: (شێرەت و بەدعەمەل و کەمڕەوش و بەدسیرەت/ سەرکەش و دومقەوی و ئەستۆکوڵ و پوزەخڕی) «سالم».
**ئەستۆکەچ**: ١. ناهومێد، هیواشکاو،٢. موحتاج، ئاتاج: (هەتا کەنگێ بە ئەستۆکەچی بژین؟!)،٣. دیل، یەخسیر: (لە ڕاست تۆ ئەستۆم کەچە).
**ئەستۆکەچی**: لارەملی: (ئەوەن گریام و شینم خستە کێوان/ ئەوەن ئەستۆکەچیم دانا لە بەر پێی) «ڕاوچی».
**ئەستوکەهەنجیر**: ×١٢٦×: (بەلەکی بۆتە ئەستوکە هەنجیر) «پەند».
**ئەستۆگوردە**: پشتمل، بۆقمل.
**ئەستون**: ١. ستون، کۆڵەکە،٢. بریتی لە لاق: (وەک خەیمە بە پەردێکی دوو ئەستوونە بە پا بێ/ سەر تیلەکی نەختێ بە نەزاکەت قلەشابێ) «نالی».
**ئەستوند**: ئەستون، پاژەر، کۆڵەکە.
**ئەستوندەک**: ئەستووندەک: (لە دامێنی چیا بۆ خەرمەنی گوڵ خێواتی خارا/ بە دوو ئەستووندەکەی زیوین تەنافی زولفی هەڵداوە) «حاجی قادر».
**ئەستونگ**: ئەستوون، کۆڵەکە.
**ئەستوو**: ئەستۆ، مل، گەردن، سوکر.
**ئەستوور**: ١. ئەستوویر، ستوور، ستویر، قۆڵ، قەڵەو، قەوی، کانە، کلەفت، کولوفت، لکفت، ستوورکوور، ستۆکوور، تیر، تیە، قانج، هۆڵ، هەقەتی، یانج: (هێندەی من دوعا دەکەم لە گولەی پیسی بێچارە/ دەڵێی لە ئەستۆی دایە نوشتەی شێخی بیارە) «حەسەن زیرەک»،٢. ئەستێور، قسر،٣. زۆر، فرە: (دەوڵەتی عێراق پارەیەکی ئەستووری بۆ خێلانی خۆلاتی تەرخان کردبوو) «لەمەهاباد بۆئاراس».
**ئەستووران**: ڕیسی ستوور، بەنی کلەفت بۆ گوریس و کەژوو.
**ئەستوورایی**: ١. کلەفتی، پۆزایی، ڕادەی ئەستووری،٢. جێی ئەستووری شتێ: (هەموو شتێک لە باریکیدا دەپچڕێ، زوڵم لە ئەستوورایی‌دا) «پەند».
**ئەستووربوون**: ١. پەنەمان، پەنەمیان، ماسین،٢. بریتی لە قەڵەو بوون: (دەتکوت شەمی شایی بای‌یە، چۆن ئەستوور بووە!).
**ئەستوورک**: ١. ئەستوورکە، ئەستووک، دۆرک، کولێرە، کوللێرە، پەپک، نانسێلێ: (بەستریپێرێ بە تاقی تەنێ هێلکەیەکم خوارد، ئەو سبیانەش شینە ئەستوورکێکی مزاشم، نازانم هەنگی چەند گەورۆنە بوو خوارد!) «خاک و چەوسانەوە»٢. قەوی، کلەفت، ستوورگ، بقەلافەت.
**ئەستوورکان**: ڕیسی ئەستوور، دژی باریکان.
**ئەستوورکە**: ئەستوورک، کولێرە.
**ئەستوورگ**: ئەستوورک.
**ئەستوورەمل**: ملئەستوور: (یالماین و ئاوازەخۆش، ئەستوورەمل، پارێنەسەر) «قانع».
**ئەستووری**: کلەفتی، کولفتی، بارستا، بارستایی، ستووری، ئەستوورایی، قەبەیی، قەویاتی.
**ئەستووک**: کولێرە، ئەستوورک.
**ئەستوون**: کۆڵەکە، کۆڵەگە، کوولەکە، ستوون، ستوین، ئستین، عامود، ئەستوندە، ئەستوین، ئەستووندەک، هەستوون: (ئەو سەروی نازە، تەوسەنی هێنایە تاز و تەک/ هەستا قیامەت و فەلەک ئەستوونی‌یە گەرەک) «مەحوی».
**ئەستووند**: ئەستووندەک: (بە تاکە ماڵە لە سەر حەوت ئەستوندان لە دۆڵەچرەی هەڵیانداوە) «ف.پ.پ.».
**ئەستووندە**: ئەستووندەک.

**ئەستووندەزێڕینە**: کۆلکەزێڕینە.
**ئەستووندەک**: ئەستوونەک، ئەستونگ، ستیون، ستون، ستوند، قیسپ، کۆڵەکە، هوستون، داری خێوەت و ڕەشماڵ.
**ئەستووندەکە**: ئەستوندەک: (کە بارگەت بۆ هەوار تێکنا عەزیزم/ شکا ئەستوندەکی تاولی مرادم) «هێمن».
**ئەستوونگ**: ئەستووندە.
**ئەستوونەزێڕینە**: ئەسوونەزێڕینە، کۆلکەزێڕینە، کەسکوسۆر، کەسکەسوور، پەلکەزێڕینە، کەمەی پاش باران لە حەوا دەبینرێ: (حوققەی فەلەکول‌ئەتلەس و ئەستوونەی زێڕین/ بێ بیکە بە تارای سەر و ترکەی خەز و والا) «نالی».
**ئەستوونەک**: ئەستوون، ئەستووندەک.
**ئەستوونی**: ستونی، کۆڵەکەیی.
**ئەستۆی‌شکاوم**: پەیڤا ب داخ بوونە: (ئەستۆ و گردەڕانی شکاوم، لە دەستم دا) «ئەمیری».
**ئەستوێڵک**: ئەستێوڵک: (تەنوور بووە بە دەنووکی کەو، ئەستوێڵکێ بە سەر تەنوورەکەدا ڕایەڵ کراوە) «هەزارئەشکەوت».
**ئەستە**: گرتوو، گرتە: (نەک چون من وضوو وە هووناو ئەستە/ خەم سیواک، نمای مەینەت بەستە) «مەولەوی».
**ئەستەخفیرەڵڵا**: وشەی پەشیمانی لە کاری ناحەز و دژە شەرعی.
**ئەستەر**: هێستر، هەستەر، ئەستر.
**ئەستەڕ**: ١. بەر، بەرە، ئەستاڕ، ئاستەڕ(کەوا)،٢. بەتانە، بەتان،٣. کێو و کوێستانێکی کوردستانە لە ناوچەی مەنگوڕان: (ئەستەڕ و قەندیل و سامرەند و سپی‌ڕێزت کە دین) «هێدی».
**ئەستەڕک**: هەرزاڵە، هەرزاڵ، پێڕک، جۆرێ هەرزاڵی چوار پایەیە.

**ئەستەرە**: ١.گوێزان، گووزان، چەقۆی سەرتاشین، ٢. ئەستێرە، هەسارە،٣. دەرەجەی ئەفسەری لە ئەرتەش‌دا،٤. هەر شتێ بە شکڵی ئەستێرە بێ،٥. ئەکتەری پایەبەرزی سینەما، ئەستێرەی سینەما.
**ئەستەم**: ١. دژوار، دوخشار، ئاسێ، حەستەم، سەخڵەت، سەخت: (ئەم چەرخەکۆنە، ماشینەکەی ژەنگی گرتوە/ چەوری نەکا بە خوێنی ئێمە، سووڕانی ئەستەمە) «پیرەمێرد»،٢. جێی شاخاوی و هەڵدێر: (مەندۆک و خاو و کەما/ لە نەرمان و ئەستەما/ ...) «هێمن»،٣. نەکراو، نەشیاو، نامومکین: (ئەمن دەمکوت لە دنیا تا بمێنم/ لەبەر کەس ئەستەمە سەر دانوێنم) «هێمن»،٤. ئەسپایی، ئارام: (شنەی شەماڵ بە ئەستەم/ هەواڵێکە گوڵ‌بەدەم) «سۆز».
**ئەستەمبۆر**: ئەستەمبول، شاری ئیستانبوول: (کەزیێ شامۆکێم کەتە پاشۆرێ/ شامێ هەردەگرم لۆ ئەستەمبۆرێ) «فۆلکلۆر».
**ئەستەمبووڵ**: ئیستامبوول، شارێکی ناوەندی دەسەڵات لە تورکیا: (تەنانەت سوڵتانی ئەستەمبووڵێ لەو بارەدا فەرمانی مۆرکردبوو) «توحفە».
**ئەستەمبووڵی**: ١. ئێستامبوولی، جۆرێک خواردنی تێکەڵ لە برنج و گۆشت و شتی‌تر،٢. کاسەی مالات کێشانی بەنایی.
**ئەستەمووڵی**: ١. ئێستامبوولی، جۆرێ پڵاوی بە قیمە و یارەماسی،٢. ئەستەمووڵی قوڕکێشی بەنایی،٣. خەڵکی ئێستامبوولی تورکیا.
**ئەستەمەبوار**: بواری دژوار، دەراوی پەڕینەوەی سەخت.
**ئەستەنگ**: ستێنگ، زەمبۆر، زنبور.
**ئەستەور**: نەزۆک، ستەور، خرش.
**ئەستەویر**: ستێور، ئەستێور، قسر، ئاژەڵێ کە

سالێک ئاوس نەبووبێ: (زا زایە، ئەستەویر ئەتو چ بەرایە) «پەند».

**ئەستەی**: ١. ستاندن،٢. سەندن.

**ئەستەیڤێر**: ئەزاتە، ئەستێور، ئەستەویر، نائاوس، نەزۆک.

**ئەستی**: ١. ستی، ناوە بۆ ژنان: (ئەستی دەکا هاوێرێ/ گوڵێ بەرخان دەژمێرێ) «هێمن».٢. ئەستێ، چەخماخ.٣. لە زمانی خووریدا (ئەشتی-ئەژتی) واتای ژن دەبەخشێت.٤. ××: (ئەستێرەگەشەی بەرەبەیان لە سەر ئەستۆی بەرازیان ئەستی وەدەر دەخا) «شەوارە».

**ئەستێ**: ١. ناوە بۆ ژنان ٢. ئاوگەردان، کەوچکی زل.٣. ستە، ئستە، ستێ، چەخماخ، ئاسنێکە لە بەردەستێ دەدرێ و پریشکەی لێ هەڵدەکا: (سەبیلی بادا تەواو/ دەریهێنا ئەستێ و قاو) «قانع».

**ئەستیر**: ئەستوور، کلفت.

**ئەستێر**: ١. گوڵ، گۆلاو، گۆلاڤ، بەنداو، ئەستێڵ، ئەستێلک، ئەستێرک، ستێر، ستێل، هەسێل: (لە تروسکەی ئاوی ئاوهەڵدێر/ لە وێنەی مانگی ناو ئەستێر) «هێدی».٢. ڕۆندک، فرمێسک، ئەسرین،٣. گوڵێکە بۆندار و پەڕەکەی ئەستێرەیە،٤. ئەستێرە، هەسارە: (ئەستێرێک هەڵدێ لە لای یەمەنێ/ پێروو هەڵدێ، تەرازوو نایگەنێ) «فۆلکلۆر».٥. ناوی ئافرەتە.

**ئەستێرک**: ١. هەرزاڵ، شوقەلەت، پێرک، جێی لە قوڕ یا دار دروس‌کراو بۆ ئازۆقە ٢. گۆل، حەوز، بڕک، شووقەللەت، ڕفکە، ئەستێڵ، ئەستێرۆکە.

**ئەستێڕک**: ١. ئەستێر، گۆل،٢. هەرزاڵ: (بنەبانی ماڵەکە دووبەشی ئەستێڕک گرتبووی) «خاک و چەوسانەوە».

**ئەستێرکە**: ئەستێرک، گۆل.

**ئەستێرۆک**: ١. گوەستێرە، گولەستێرە، کرمێکە ٢. ئەستێر، گۆل، ئەستێڵ،٣. گوندێکە لای چوارتا: (هەرێمی ئاکۆیان بەتایبەتی گوندی ئەستێرۆک دەبێی بەهەشتە) «شەوارە».

**ئەستێرە**: ١. هەسارە، ستێر، هەستێرە، چتارە، ئەختەر، هەرین، ئاسارە، ئاسیرە: (ئەستێرە بەرزەکان ئەدرەوشێنەوە بە شەو/ وەک چاوکانی من نە سرەوتیان هەیە، نە خەو) «پیرەمێرد»، (ناوی ئەستێرەکان: گەلاوێژ، کاروانکوژە، بارام، تەرازوو، لەیل‌ومەجنون، حەوتەوانە، ناهید، کەهکەشان) ٢. بەخت، هات، تاڵە: (گونای تۆ نیەن ستارەم چەفتەن/ ستارەم جە ناو ستاران کەفتەن) «بێسارانی».٣. یەکێکە لە وێنەکانی کڵاوی کوردی،٤. نیشانەی ئەفسەری لە پلەی سپاییدا: (لە سەر ئەمشان و ئەوشانی سێ ئەستێرەی زەردیان لە سەرە) «هەزار ئەشکەوت».٥. ناوی ئافرەتە.٦. ئەستێر، گۆل: (یار کە دیتە سەر گۆل و ئەستێرە/ سەیری ئەو دەکەن مانگ و ئەستێرە) «سەیف»، ×(هونەر وایە کەسێ کە مەردگوزین بێ/ بە چاکە و خزمەت ئەستێرەی زەمین بێ) «پیرەمێرد».×

**ئەستێرەبەئاسمانەوە**: بریتی لە بەیانی زوو: (وەنەبێ کچ کە نەچووە بەر ماڵات بحەسێتەوە، نەخێر ... هێشتا ئەستێرە بە ئاسمانەوە هەن هەڵدەستێ...) «چەپکێ گوڵ».

**ئەستێرەتۆر**: ×٢٥٧ ×گۆران

**ئەستێرەڕاخوشین**: ڕاکشانی ئەستێرە لە ئاسمان: (ئەستێرە یەک یەک ڕاخوشین/ ڕەش هەڵگەڕا ئاسمانی شین) «هێمن».

**ئەستێرەڕاکشان**: ڕاخوشینی ئەستێرە وە ئاسمانا.

**ئەستێرەزێڕینە**: کۆلکەزێڕینە: (ڕیزی هەڵپەرکێی کوڕانی مشکی بە سەر و کچانی کریشە لەبەر، ئەتوت ئەستێرە زێڕینەی ڕۆخی ئاسمانە) «ڕشتەی مرواری».

**ئەستێرەژمێر**: ١. ئەستێرەناس، نجومگەر، مونەجیم: (لەم ولاتی مادستانە پادشایەکی بە دەسەلات و ساماندار هەبوو، ڕۆژێک هەموو ئەستێرەژمێری مەملەکەتی کۆ کردەوە) «ڕشتەی‌مرواری»٢. جۆرێک مورگی سووری بریقەدارە ئەکرێتە خشڵ.

**ئەستێرەژمێری**: نجومگەری، مونەجیمی: (من مەبەستم ئەستێرەژمێری یەکێک لەو گەڵباغی‌یانە بوو، ئەویش ئاغا براخانە) «ڕشتەی‌مرواری».

**ئەستێرەشناس**: ئەستێرەناس، نجوومگەر، خێبزان، خێڤزان، شارەزای بواری ئەستێرەناسی.

**ئەستێرەشناسی**: ئەستێرەژمێری.

**ئەستێرەشوناس**: ئەستێرەناس.

**ئەستێرەشەلە**: ئەستێرەیەکی کزە لە کلکەی حەوتەوانان هەڵدێ.

**ئەستێرەکاری**: فال‌گرتن، ڕەمل‌لێدان.

**ئەستێرەکە**: ئەستێرەی ڕۆژێ، هەسارەی بەرەبەیان.

**ئەستێرەکەی‌کاروان‌کوژە**: ناوی گۆرانییەکی کوردییە: (ئەستێرەکەی بەری بەیان ورشە زیوین جوان و نیان/ تۆی تەمی خەم ئەڕەوێنی) «ع. مەردان».

**ئەستێرەگەر**: نجومگەر، ئەستێرەناس.

**ئەستێرەگەری**: نجوومگەری، ئەستێرەناسی: (ئەستێرەگەری دەکرد لە چالا/ چارەی ڕەشی خۆی دەدی لە خالا) «خانی».

**ئەستێرەگەشە**: ئەستێرەکە: (ئەستێرەگەشەی بەرەبەیان لە سەر ئەستۆی بەرزیان ئەستی وەدەر دەخا) «شەوارە».

**ئەستێرەناس**: نجومگەر، ئەستێرەشناس، هەسارەژمار، ئەختەرژمێر.

**ئەستێرەناسی**: ئەستێرەگەری، نجومگەری.

**ئەستێرەی‌ئینسان‌گر**: بریتی لە زەمین کە مرۆ تیا ئەژی: (بە سوورەتێکی‌تر ئەستێرەی ئینسان‌گر/ قەومی کۆنی خستەوە جەژنی ئاگر) «گۆران».

**ئەستێرەی‌ئێوارە**: ناوی هەسارەیەکە××: (چاوت ئەستێرەی ئێوارە/ هەڵدێ لە سەر تاقەدارە) «حەسەن زیرەک».

**ئەستێرەی‌بەرەبەیان**: ئەستێرەی ڕۆژێ: (لە هەموو ئاسمانا ئەستێرەی بەرەبەیان/ ئەخاتە دڵی من هەستێکی سپی و جوان!) «گۆران».

**ئەستێرەی‌بەیان**: ئەستێرەی ڕۆژێ.

**ئەستێرەی‌بەیانی**: ئەستێرەی ڕۆژێ.

**ئەستێرەی‌پووت**: ئەستێرەی مانگێ، پووت، ئەتێرەیەکە لەگەڵ مانگ دەردێ، لێی نزیکە هەرچی مانگ گەورەتر دەبێ، لێی دوور دەکەوێتەوە: (چاوت ئەستێرەی پووتە/ دەگەر مانگێ ڕا جووتە) «سێسەدهۆنراوە».

**ئەستێرەی‌جری**: گووئەستێرە، ئاسێرەی جری.

**ئەستێرەی‌جەددی**: ئەستێرەی جودەی.

**ئەستێرەی‌ڕۆژێ**: ١. بارام، ئەستێرەی بەیان، ئەستێرەیەکە، مەریخ، پاش نیوەشەو هەڵدێ و بە شەوقە: (چاوت ئەستێرەی ڕۆژێ، ئەبرۆت لە خەو بمێنێ) «حەسەن زیرەک»،٢. بریتی لە چاو: (چاوت بە من بمێنێ بە ئەستێرەی ڕۆژێ) «میهرووەفا».

**ئەستێرەی‌سۆرک**: ئەستێرەیەکە سوورە هەمیشە دیارە.

**ئەستێرەی‌سەحەر**: ئەستێرەی بەیان: (چاوت ئەستێرەی سەحەرێ/ هەڵدێ لە بێژنگ‌بەسەرێ) «حەسەن زیرەک».

**ئەستێرەی‌سیوەیل**: پەرەک، گەلاوێژ: (چاوت ئەستێرەی سیوەیلە/ ئەمن مەجنوون، یارم لەیلە) «حەسەن زیرەک».

**ئەستێرەیشوان**: ئەستێرەی ڕۆژێ، ئەستێرەیەکە شوان مەڕی پێ وەردەگێڕن.

**ئەستێرەیشوانان**: ئەستێرەیەکە: (چاوت ئەستێرەی شوانان، هۆ لەیلی/ هەڵدێ هەموو بەیانان، هۆ لەیلی) «حەسەن زیرەک».

**ئەستێرەیشەوێ**: ئەستێرەیەکە: (چاوت ئەستێرەی شەوێ/ ئەبرۆت لە خەودا بمێنێ) «حەسەن زیرەک».

**ئەستێرەیقوبلە**: ئەستێرەی قیبلە.

**ئەستێرەیقیبلە**: دەغدان، دەغدەغان، دەگدەگان، هێتم، مەگەنی ئەزمین، ئەستێرەیەکە لای باشووری ئاسمان هەڵدێ.

**ئەستێرەیکاروانکوژە**: کاروانکوژە، کاروانکوژ، کارڤانکوژ، کاروانقڕان، مژمژ، ناهی، ناهید، زل، زێڕگۆن، زوهرە، قورخ، قورغ، ئەستێرەکە، هەسارەی ڕۆژ، ئەستێرەی ڕۆژێ.

**ئەستێرەیکلکدار**: ستێرابدۆڤ، کلکەستێر، ئاسیرە دمدار، ئەستێرەی کشاو.

**ئەستێرەیمانگێ**: ئەستێرەی پووت، پووت.

**ئەستێرەیی**: ستێریینی، هەسارەیی.

**ئەستێرێک**: ئەستێرەییک، هەسارەیەک: (ئەستێرێک هەڵدێ لە لای مەراغێ/ دەداتەوە لە کۆشکان، پەنجەران، دوو دەرێ دە پیرە سابلاغێ) «فۆلکلۆر».

**ئەستیڤ**: ئەستیو، خاکەنازی ئاور گوێزانەوە.

**ئەستیڤک**: ئەستێڤک.

**ئەستێڤک**: کەوگیر، سووزمە، پالێونە، ئەستیڤک، کەفگیر.

**ئەستێل**: ١. ئەستێر، گۆل،٢. ناوی ژنانە: (کابرا لە کلاوڕۆژنەکەوە بانگی کرد لە ژنەکەی: ئەستێلێ، ئەستێلێ) «ڕشتەی مرواری».

**ئەستێڵ**: ناوی دوو گوندە لای قەرەداغ: (حەیادارانی بێحورمەت لە تاو بێ ماڵی و عوسرەت/ فەقیری دێی فەقیرە و تەکیە و ئەستێڵ و تافانن) «سالم».

**ئەستیلان**: پشکیلان، کەڵەمستێن، کاڵەمستێن، جۆرێ گەمەی دوو دەستەییە.

**ئەستێلان**: ناوە بۆ ژنان.

**ئەستیلک**: ئەستویلک، ئەستیولک، ستێولک.

**ئەستیلکە**: ئەستێر، گۆل، گۆلاو.

**ئەستێڵەباخەڵ**: جۆرێ گەمەی خاکی بابانە.

**ئەستێڵیخوارووو**: گوندێکە لای قەرەداغ.

**ئەستێڵیسەروو**: ناوی دو گوندن لە نێوان سەنگاو و قەرەداغ.

**ئەستیم**: ئەستوێلک.

**ئەستێم**: ئەستێلک، ئەستوێلک.

**ئەستێن**: وەرگر، پاشگری کردارییە: (سەدبری باج ئەستێنی ماچان بام لەسەر ڕێی خێڵاتی) «فۆلکلۆر».

**ئەستیو**: ١. ئەستیم، ئەستوێلک،٢. خاکەنازی ئاور گوێزانەوە.

**ئەستێوبەرد**: بەرد و ئەستێ، پێش دۆزینەوەی باڕووت و غاز و نەوت و بەنزین، مرۆڤ بە هۆی لێکدانی بەرد و ئەستێوە ئاگری کردۆتەوە: (ڕەقی ڕەقایی/ نەرمی نەرمایی/ ڕەقم دا لە ڕەقایی/ گەیی بە گەرمایی) «مەتەڵ».

**ئەستێوپووشوو**: ١. پارچە ئاسنێکە کەوانەدار پووشووی لەسەر دادەنێن، بە پریشکەی ئەستێ و بەردەکە پووش ئاور دەگرێ: (بە ئەستێ و پووشوو دایگیرساند) «ئەمیری»،٢. بریتی لە دژایەتی توند: (ئەو دووانە پێکەوە ئەستێ و پووشوون).

**ئەستێور**: ١. ستێور، ئەستەوێر، ئەستەویر، قسر، بزن و مەڕێ کە نەزێت: (ئەوساڵ گیابڕ زۆرە، ئەمن قولاغی چاردە سەرم بۆ هاتۆتەوە زۆریشی مەڕە ئەستێور بوون) «ئەمیری»،٢. ژنێ کە منداڵی

نەبێ، ٣. وەجاخ‌کوێر، بێ‌منداڵ و نژاد: (میللەتان هەرگیز ئەستێور و وەجاخ‌کوێر نابن) «حەسەن قزڵجی»،٤. زەوییەک کە بۆ چەن ساڵ تۆ نەکرابێ،٥. داری کە ساڵی پێشوو بنێشتی لێ نەگیرابێ: (دارە بەنەکان ئەستێور بوون و بنێشتێکی زۆریان دەرداوە ...) «گەدا».

**ئەستێوڵک**: ئەستوێڵک، ئاسنی سەر تەنوور.

**ئەستیوبەرد**: چەخماخ، پارچە ئاسنێکی کەوانەدارە، بەردەستییەکی تایبەتی هەیە بۆ ئاگر کردنەوە.

**ئەستێوڵک**: ١. ستێوڵک، ئەستێم، ئاسنێکی پان و درێژە بۆ سەر تەندوور: (کیژی خەڵکی بۆمی ئاتۆشی دروست کرد و ئەتۆش/ هەر دەزانی ناوی ئەستێوڵک و دەرخۆنە و پنە) «هێمن»،٢. کاردەکێ بۆ لێکردنەوەی هەویری قەراغ سوێنە.

**ئەستێ‌وبەرد**: پارچە ئاسن و بەردێکە بۆ هەڵکردنی پووشوو: (کابرایەک بوو سەبیلی دەکێشا، بە ئەستێ و بەرد ئاگری ئەکردەوە) «ڕشتەی مرواری».

**ئەستێ‌وپووشوو**: بریتی لە دژایەتی توند: (ئەو دوانە پێکڤە ئەستێ و پووشوون).

**ئەستێور**: ١. ئەستەوێر، بەربوار، ئاژاڵ، ستەوور، ستێور، کۆندۆ، کەندۆ، نەزۆک، نائاوس، ڕەشە وڵاخ، یا ماینێک کە ساڵێک نەزابێ: (زای زایە، ئەستێور چ بەرایە؟) «ف.پ.پ.»،٢. دارە بەنێک کە چەند ساڵ بنێشتی لێ نەگیرابێ: (دارە بەنەکان ئەستێور بوون و بنێشتێکی زۆریان دەردەدا) «پێکەنینی گەدا».

**ئەستیوک**: ئەو ئاسنەی هەویری پێ تێکەڵ دەدەن.

**ئەستێوور**: ئەستێور، ئەستەوێر، ستێور.

**ئەستێوولک**: ئەستیم، ئەستیو، ئەستیلک، ئەستێوڵک، ئاسنێکی دەم‌پانی سەر تەنوورە.

**ئەسحاب**: ١. ساحێبان، خاوەنان، خودان‌گەل: (ئەسحابێ قوماشێ لوتفێ ڕوخسار) «خانی»،٢. یاران، دۆستان،٣. گوندێکە سەر لە دێکۆی حوسەیناوای دیواندەرە،٤. ناوی دێیەکە سەر بە ناوچەی کولتەپەی جانگیرخانی سەقز،٥. گوندێکە سەر بە شاری مەهاباد،٦. کوێستانێکە لای دیواندەرە،٧. ناوی شیوێکە لای سەقز.

**ئەسحابان**: ١. شوێنێکە لە دزڵیدا: (وەشەن گوراڵان خەیمەی ئا خیابان/ ناڵەی بەختەمەر جە لای ئەسحابان) «م.ح. دزڵی»،٢. گەردەنەیەکە لە نزیک دێی تورجان.

**ئەسحابە**: ١. یاران و هاونشینانی حەزرەتی محەمەد،٢. بریتی لە مرۆی چاک.

**ئەسحابەسپی**: ١. زیارەتگا و چاکێکە لای مەهاباد: (پیرە سەر سەوزەکە ئەسحابەسپی/ بوویە پێشێلی عەجەم بۆیە کپی!) «بۆکوردستان»،٢. ناوی شوێنێکە لە شاری سلێمانی: (لە شوێنێک کە پێی ئەڵێن ئەسحابەسپی و ناوەندی شارەکەیە) «ڕشتەی‌مرواری».

**ئەسر**: ١. ئەسرین، فرمێسک، ڕۆندک، ئرمس: (هەر ئەسر هوونش مەیۆ بە زەروور) «بێسارانی»، ٢. ئەسرین، ناوی کچانە.

**ئەسرا**: ١. شەوڕەوی مێعراج، شەوی مێعراج: (ئەو بوو کە وەک مەلەک شەوی ئەسرا لە ئاسمان/ یەزدان تەوافی مەقدەمی بەو حەو ستارە کرد) «بێخود»،٢. ناوە بۆ کچان: (دار و پیرەدار قەت بە دار نابێ/ ئەسرای سنەیی قەت وە یار نابێ) «جەوان».

**ئەسرار**: ١. تریاک، تلیاک،٢. نهێنی، ڕاز، سوڕ: (تو ژ «مەلا»یێ هەر بپرس ئەسرارێ عیشقێ حەل دکت/ ڤێ موعەممایێ چزانن سەد مەلا و

موستەعید؟) «جزیری».

**ئەسرارکێش**: تریاکی، تریاککێش.

**ئەسرارکێشی**: تریاککێشی.

**ئەسراریهودا**: رازی پەیبردن بە راستی و رێگە دۆزینەوە بۆ لای خودا: (وا چاکە خەیاڵ و خەوت ئەسراری هودا بێ/ نەک بەحسی سووروور و عەلەم و بادی هەوا بێ) «نالی».

**ئەسررشانن**: گیرسن، گریان، گیریان.

**ئەسرۆ**: قۆچ، شاخ، شەقۆن، شاخی حەیوان.

**ئەسراوا**: ١. گوندێکە لە بەشی دێهستانی ساحەبی سەقز،٢. ناوی دو گوندە لای مەریوان.

**ئەسراوایتازە**: دێیەکە لە دێکۆی سەرکەلی مەریوان.

**ئەسراوایکۆنە**: دێیەک بووە لە دێکۆی سەرکەلی مەریوان، ئێستا کێڵگەیە.

**ئەسرۆچڵک**: کەڵەشاخی رۆنی دروێنەوان.

**ئەسرۆڵک**: ئەسرۆچڵک، کەڵەشاخ.

**ئەسروو**: ئەسر، ئەسرین، رۆندک.

**ئەسرەمۆک**: ١. گلێرکە، گژنیژە، بنگەرەک، بەفرئالووکە، دەنکە بەفری وشک و ورد و خڕ،٢. ئەسرەمووک، بەرەکە.

**ئەسرەمووک**: ئاڵوبۆل، بەرەکە، قورەی ئاڵوبۆل.

**ئەسری**: فرمێسکاوی، ئەسرین.

**ئەسریلک**: سریێش، چریێش، ئەستریلک.

**ئەسرێلک**: چریێش، ئەسریلک.

**ئەسرین**: ١. ئەس، ئەسر، ئەسروو، ئەسرەڤ، ئەزرەڤ، ئەشک، ئێستر، ئاڤا هێستر، حێستر، رۆن، رۆنتک، رۆند، رۆندوک، رۆندک، روونەک، روونتک، رندک، ستر، سرشک، سروشک، فرمێسک، گلۆرک، نەموراو، هورمیس، هورمێس، هەسێر، هەڵسی، هێستر، هێسر: (بۆ وڵاتێکی بە فرمێسک و خوێن دێرابێ، من کە سەیرانی دەر و دەشت دەکەم خوێن دەگریم) «هێمن»، (مەگری، مەنال، حێستران ژ رویٚ خوٚ بماڵ) «ئێزدیاتی»، (خابیریٚ هار ژ خەمان رووندکا برژێت ... چ بکەم ئەز) «کەشکۆل»، (رەفیقی کونجی میحنەت، عاجزن هەر شەو لە ناڵینم/ بزانن گەر لەبەر لێشاوی بەحری مەوجی ئەسرینم) «کوردی» ٢. ئەسری، چاو بە فرمێسک، چەم بە گیریان،٣. ناوە بۆ ژنان. ×١١٢راوچی×

**ئەسرین**: سرین، ئەسترین.

**ئەسرینبار**: فرمێسکاوی: (شەراوم شووراو دیدەی ئەسرینبار/ نەوای نەی کزەی جگەر سوزای نار) «مینەجاف».

**ئەسرینباراندن**: فرمێسک بۆ هەڵرشتن، بۆ لەکول بوون: (لە کۆ ئەسرین دەبارێنم لەبۆ کوردی پەراکەندە/ لە گەرمێن غەرقی ئارەق بووم و چاوم هەر لە سامرەندە) «ناڵەی جودایی».

**ئەسرینتێزاو**: فرمێسکاوی، رۆندەکاوی: (بە چاوی ئەسرینتێزاو، بە دو هەناسەی ساردەوە) «خانی».

**ئەسرینرژان**: فرمێسک بارین: (نارژیٚ ئەسرینی من هێندە، ئەگەر دڵ داکەویٚ/ ماڵی دڵ وێران بیٚ، ماڵوێرانی کردم، ناسرەویٚ) «هێدی».

**ئەسرینهەڵرشتن**: فرمێک وەراندن: (گیانە گەر جارجار ناچار لە تاوا/ ئەسرینم هەڵرشت لە گۆشەی چاوا) «پەشێو».

**ئەسریهوون**: فرمێسکی خوێنین: (سەیل ئەسری هوون دیدەم بە زاریی/ مەنمانۆ نە رووم رەنگی وەهاریی) «بێسارانی».

**ئەسعەدئاباد**: شارێکە لای کرماشان: (کرند و ئەسعەدئاباد و برووجەردە و نهاوەندیش) «ئەسیری».

**ئەسغەراوا**: گوندێکە لە ناوچەی فەیزوڵڵابەگی سەقز: (یان گەردیگلان و دێی شەریفاوا/ ئەسغەرئاوا و دێکەی عەسراوا) «یادنامەیسەقز».

**ئەسفەنج**: ئسفەنج، ئیسفەنج.
**ئەسفەنجین**: ئسفەنجی، ئیسفەنجی.
**ئەسفەنجینە**: ئسفەنجی، ئیسفەنجی.
**ئەسفەنداوا**: گوندێکە لای قوروە.
**ئەسفەندیار**: ناوی پاڵەوانێکە: (ئەسفەندیار، ڕووئین‌تەن بوو، کاری جەنگی تەن بە تەن بوو) «ئەحمەدی‌کۆر».
**ئەسفەهان**: شاری ئیسفەهان لە ئێران: (بە درێژی لە قاف کە ڕابوردن/ تا بە ئەسفەهان کوردن) «حاجی قادر».
**ئەسقەزا**: خۆ××: (بۆ بوختان دەکەی خات زارا؟! ئەسقەزا کەوێ ئەوانەی نییە) «هەزار ئەشکەوت».
**ئەسک**: ١. وێنە، عەکس، شکڵ،٢. ئاسک، ئاهو.
**ئەسک‌بڕین**: وێنەخستن، عەکس‌کێشان.
**ئەسک‌خستن**: وێنە کێشان.
**ئەسک‌گرتن**: وێنە گرتن.
**ئەسکل**: ١. پەل، پەن، پەنگر، پەرەنگ، پۆل، پۆلو، پۆلک، پشکۆ، پەرەنگ، بڕ، بۆڵ، ئەزگە، تراد، چلۆسکە، چەلاسک، سکڵ، سکەڵ، ئەسکڵ، کۆز، کەڵە، گوزمە، خەڵووزی سورەوەبوو: (گڕ و بڵێسە نیشتەوە، تەنیا هەر سکڵ و پشکۆ مابوون) «کاریتە»، ٢. نێک، جوجکەسمت،٣. ئێسکی سەرەوەی ڕان.
**ئەسکڵ**: ئەسکل.
**ئەسکنجە**: زیزەڵە، قولقولە، نێک، ئەسکەنج، جوجکەسمت، جومگەی نێوان ڕان و پشت.
**ئەسکو**: ئەسکور.
**ئەسکودار**: جۆرێ سەروپێچی کوردانە، دیلەکانی ژێر دەستی تورکان لە سەری دەنێن.
**ئەسکور**: هەسکوو، هەسکۆ، هەسک، هسکو، ئەسکوێ، ئەسکو، ئەسکوو، کوودە، کەوچێز، کەوگێز، باتک، کەوچکی گەورەی کلک‌درێژ.
**ئەسکۆڵ**: ١. ناوی دو دێیە لە هەورامان، لە نزیک کێوی سورێن، ئەسکۆڵی سەرێ و خوارێ،٢. ناوە بۆ ژنان.
**ئەسکۆڵا**: ١. ناوی ژنانە،٢. ناوی گوندێکە لای هەورامان.
**ئەسکولند**: ئەشقونج، کە جگ هەڵاوێژرا و بکەویتە سەر دوو نووکەکەی سەری یا قوونی، ئەسکولندە، ئەسکوندە.
**ئەسکوند**: ١. بەرزی، بەرزایی، بڵندی،٢. چاڵ، چاڵایی، قوڵکە، کەند و لەند،٣. حاڵەتی ڕاوەستانی جگ لەسەر کەللە.
**ئەسکوندە**: ئەسکوند، ئەسکولند.
**ئەسکوو**: ١.کەوگیر، ئەسکووێ، ئەسکور: (چ لە مەنجەڵ بێ ئەو دێتە ئەسکووی) «پەند»، ٢. لە کوێیە؟، لە کوێ؟، ها لە کوێ؟، ها لە کوورە؟، چکۆن؟
**ئەسکوێ**: ١. ئەسکو، ئەسکوور، باتک، کوودە، کەوچێز، کەوگێز، هەسکۆ، هەسک، کەوچکێکی گەورەی دەسکدارە بۆ ئاو هەڵگوێزتن: (ئەوەی لە دیزەدا بێ، بە ئەسکوێ دەردێ) «پەند»،٢. بریتی لە خۆتێ‌هەڵقورتێن: (بەڵام هێند بەتام و خوێیە/ لە هەموو دیزان ئەسکوێیە) «ڕاوچی».
**ئەسکووێ**: ئەسکوێ، ئەسکوور.
**ئەسکە**: ١. ئەو کاتە، ئەو وەختە،٢. زونە، وێردە، گوزەشتە،٣. ناوی کێوێکە لای سەقز.
**ئەسکەر**: ١. سەرباز، عەسکەر، چەکدار: (خوێنت دەتکێ لە دمی خەنجەر/ دەگری بەری هێرشی ئەسکەر) «هێمن»،٢. ناوی کوڕانە: (پیاوێک هەبوو لە سنە، دراوسێکیان هەبوو ئا ئەسکەری ناو بوو) «ڕشتەی‌مرواری».
**ئەسکەران**: گوندێکە لای سنە×

**ئەسکەرخانی**: دیەکەیێگە لە سەرپیەڵ.
**ئەسکەرلەتی**: جۆرێ قوماشی چاکە بۆ جلکی پیاوان.
**ئەسکەری**: ١. عەسکەری، جۆرێ ترییە،٢. عەسکەری، سەربازی،٣. نیزامی، پێوەندیدار بە عەسکەرەوە.
**ئەسکەریخاسە**: هێزی تایبەتی: (دەڵێم ئەمن لە تاریکەبازاڕەکەی شارەکەی قۆجەموسڵێ ڕەنگین دادەنیشم/ بە سەرمدا دێ تابوور بە تابوور ئەسکەری خاسەی گەرمێنێ) «گەنجی سەربەمۆر».
**ئەسکەلە**: ١. ئیسکەلە، لەنگەرگە، بەنەر، بەندەر،٢. شاری لێواری دەریا: (نەسیمی سوبحدەم! شەبگیرییێ تا ئەسکەلەی بێرووت/ بڵێ بەو ئاشنایە: بێ چرایە شامی من بێ ڕووت) «مەحوی»،٣. داربەست، چێوبەس.
**ئەسکەمل**: ١. سەندەڵی، کورسی دانیشتن: (ئەچێتە دوکانەکە و کابرای سەرتاش لە سەر ئەسکەملی دایئەنێ) «ڕشتەی مرواری»،٢. بەرزیلان، شێروخەت، شێریاخەت. ×٤١ شێخ ڕەزا ×
**ئەسکەملە**: ١. جۆرێ کورسی یەک کەسییە،٢. جووریک یارییە.
**ئەسکەملی**: ئەسکەمل، سەنگەڵی، سەندەڵی: (لە سێوسێنان لە دیوەخانی کوێخا نەجمەدا ئەسکەملی دانرابوو) «ڕشتەیمرواری».
**ئەسکەناز**: ئەسکەناس، ئەسکیناس.
**ئەسکەناس**: ئسکناس، ئەسکیناس، بانگەنووت، کاغەز، شاڕەوا، پارە و دراڤێ کاغەزی: (دوکتور دەسی کرد بە گیرفانیا، برێک ئەسکەناسی بژارد و خستیە جزدانی ژنەکەوە!) «پێکەنینی گەدا».
**ئەسکەنج**: ١. ئەشکەنجە، شکەنجە،٢. ماس، پەنەماوی، هەوا،٣. ئەسکنجە، نێک.

**ئەسکەنجەبین**: ١. ئەسکەنجەمین، شەربەتی شەکر و هەنگوین: (من کە خۆشاوی زەریف و شەربەتی مێوژم بێ/ نامەوێ شەمپانیا و، ئەسکەنجەبینم بۆچییە؟) «ف. بێکەس»،٢. جۆرێ خۆشاوی ترشە لە ئاوی ترێ: (جەو ئەسکەنجەبین دەس‌سوروشتەکەت/ یانێ: نامەکەی زیبا و زوشتەکەت) «مەولەوی».
**ئەسکەنجەمین**: ئەسکەنجەبین.
**ئەسکەندەر**: سکەندەر، کوڕی فیلیپی مەقدوونیانی، بە لەشکرێکی زۆرەوە ڕووی کردە ڕۆژهەڵات و لە ساڵی ٣٣١ی پ.ز. لای هەولێر داریوشی شای ئێرانی بەزاند و دەوڵەتی هەخامەنشی ڕووخاند: (کە چەرخ ئەسکەندەری دی دەردەدارە/ وتی: ئەم هەم بووە هەمدەردی دارا) «مەحوی».
**ئەسکەندەرنامە**: کتێبێک بووە کە لە چایخانەکانی سلێمانی حیکایەتخوان هەر شەوە برێکی لێ ئەخوێندەوە.
**ئەسکەندەروون**: ١. شارێکە لە باکووری کوردستان: (ئەسکەندەروون، ئورفە، خەرپووت/ عەقرە، مووسڵ، عمارە، کووت) «بۆکوردستان»٢. پارێزگای ئەسکەندەروون لە خۆراوای کوردستان: (لە کێوی تووروس تا ئەسکەندەروون/ هەتا بەحری ڕەش بەبێ چەند و چوون) «قانع».
**ئەسکەندەرنامە**: ناوی حیکایەتێکی کۆنە: (لەگەڵ عەزیز و حوسێن چووینە قاوەخانەی حیکایەتخوان، حیکایەتی ئەسکەندەرنامەی دەگوت) «چێشتی مجێور».
**ئەسکەندەریشەن**: وەک ئەسکەندەرە: (زانا شکۆی سام ئەسکەندەریشەن/ مەرتەبەی بزورگ دانشوەریشەن) «خانای قوبادی».
**ئەسکەنە**: مەکارە، ئامرازی دارکۆڵینی دارتاشە.
**ئەسکەوسەرە**: کەوچکەقوڵە.

**ئەسکێف**: حەسەنکێف، شارێکی کوردانە لەسەر ڕووباری دجلە کەوتۆتە ڕۆژاوای جزیر و بۆتانەوە.

**ئەسکی کۆیە**: ئەرشی کۆیە، عەرشی کۆیە، کویەی کۆیە، ناوی شوێنێکە لای کۆیە تا ئێستاش شوورەی ماوە: (لەو جێگەی کە پێی ئەڵێن ئەسکی کۆیە دوو لەشکری کورد و تورک پێک دەگەن) «مامەیارە».

**ئەسکیناس**: ئەسکەناس، شارەوا: (ڕەواجی نەقدی عەهدی سککەیی دێرینە، فەوتاوە/ بە ئەسکیناسە ئێستا مامەڵەی بازاڕی مەککاری) «حەریق».

**ئەسڵ**: ١. هەرخۆ، عەسڵ: (واژ: بەدەڵ، ناعەسڵ) ٢. نەجیم، نەجیمزادە، ڕەسەن، بنیچە بەڕێز: (خووخدەی جوان و پەسەن بەڵگەیە بۆ ئەسڵ و ڕەسەن) «حافز»،٣. بنەڕەت، ڕەگەز، بناغە، ڕیشە: («نالی» ئاسوودە نییە توولی نەمامی عومرت/ بە نەفەس دێت و دەچێت، ئەسڵی لەسەر بایێکە) «نالی»،٤. بۆ سەیرمانی نابەدڵ: (بەخوا بابە ئەسڵ: خۆ گاڵتەشم پێ ئەکا)،٥. مایە، گەوهەر، ماکی ڕاستەقینەی شتەکان،٦. بنچینە، بنەمایی، ئەسڵی: (کوردی زوبانی ئەسڵمە، گەر تەرکی کەم بەکول/ بۆ فارسی، بە کوللی ئەمن دەبمە بێوەفا) «مەحوی»،٧. ڕەگەز، نژاد، ڕەچەڵەک: (ئەوی لە دیزەی خەڵکا ئەسکوێیە/ هیچ کەس نازانێ ئەسڵی لە کوێیە) «پیرەمێرد»،٨. دەستووری پەژێرداو وەک: ئەسڵی ئەرەشمیدۆس لە هێندسەدا.

**ئەسڵا**: ١. قەت، هەرگیز، هەرای هەر،٢. بە هیچ جۆر: (قەتعا وی نەبو ل جێهـ قەرارەک/ ئەسلا وی نەبو ب کەس مدارەک) «خانی».

**ئەسڵان**: ١. ناوە بۆ پیاوان،٢. شێر(دڕندە).

**ئەسڵانلی**: ناوی گوندێکە×: (کەمێک لەولاتر گوندی ئەسڵانلی‌یە ئەم گوندە کوردی لەکی لێ دەژین) «حەمەدۆک».

**ئەسڵاوئەبەدا**: بووڕای بووڕ، قەت.

**ئەسڵبەحری**: جۆرێک ماینی ڕەسەن: (ئەمن ماینێکی دەدەمێ، ئەسڵ بەحری‌یە) «فۆلکلۆر».

**ئەسڵزادە**: دایک و باب نەجیم، فرزەندی چاک.

**ئەسڵمەن**: عەسڵ، ئەسڵ، ڕەسەن، نەجیم.

**ئەسڵنەسەوخاس**: نەجیم، ڕەسەن: (یە هەیدەر نامێ خولامی شا بوو/ ئەسڵ نەسەوخاس خورشی‌لەقا بوو) «ئاوێنەی بێگەرد».

**ئەسلونەسەب**: تۆرەمە و ڕەگەز: (ئەسل و نەسەب حەسەب عەیان بو) «خانی».

**ئەسلەحە**: چەک، ئەسڵەحە.

**ئەسڵەحە**: چەک، کەرەستەی شەڕ: (سوپەری ئەهلی سنە بۆ شەڕی بێگانە ژنە/ خۆبەخۆ شەڕ دەکەن و ئەسڵەحەیان هەر بەتنە) «شێخ ڕەزا».

**ئەسڵەحەی‌سەرد**: بریتی لە سیلاحی وەک: دار، زیلە، شەق، چەقۆ: (جەنگ شروع کریا وە ئەسڵەحەی سەرد) «چەپکەگوڵ».

**ئەسڵەن**: ١. لە ڕاستی‌دا، ڕاستت دەوێ، ڕاستیەگەی: (ئەسڵەن زانی چەس، دروو ئوشم)،٢. لەبنەڕات‌دا، لە ئەسڵا،٣. قەت، هەرگیز، ببڕای ببڕا: (یاخۆ پەڵەبەفرێکی کە ئەسڵەن نەشکابێ/ قەندیلی مونیر و گوزەری ئاب و هەوا بێ) «نالی».

**ئەسلی**: ئەسڵی.

**ئەسڵی**: ١. بنەڕەتی، بنچینەیی، سەرەکی،٢. گرینگ، ئەساسی، دژی فەرعی و شاخ و بەرگ،٣. ڕەسەن، خانەوادەی نەجیم: (ژنا بینە ژ ئەسلیا، ئاڤێ بینە ژ کانیا، دا ببینی عەجێبیا) «پەند»،٤. ڕاستی، بونیادی: (قسەی ئەسڵیت چییە؟).

**ئەسلێرک**: ئامرازی دارتاشینە.
**ئەسلیٚقسە**: ناوەڕۆکی واتا، بابەتی سەرەکی: (ڕاستە قەوی ئەڤ مەسئەلە/ ئەسلیٚ قسان دزانی مەلا) «فەقیٚ تەیران».
**ئەسمان**: عاسمان، حەوا: (قرچە قرچا شوور و مەرتالێن وان بوو، قورتینێن وان دچوونە بەر پەریٚ ئاسمانا) «مەستوورە».
**ئەسمانگەر**: ئاسمانپێو.
**ئەسمانی**: ١. شینی ئاسمانی ٢. شتیٚ پێوەندی بە ئاسمانەوە هەبیٚ(کانال).
**ئەسمەر**: ١. گەنمڕەنگ، گەندمی، گەندومی، گەنمی، چاڤکەسپەر: (دەما دل دی ب مەحبوبان، ب شوخ و شەنگ و ئەسمەر دە) «جزیری»،٢. ناوی گۆرانییەکە: (ئەسمەر و نازەنینە، شۆخ و پەرچەم چین‌چینە) «ع. مەردان»،٣. ناوە بۆ ژنان: (زیٚن و مروەت و ئەسمەر/ لە تاوڵی هاتوونە دەر) «هێمن».
**ئەسمەراندولبەران**: ناوی گۆرانییەکە: (ئەسمەران دولبەران وەکۆ بوون بۆ گوڵچنین) «ماملیٚ».
**ئەسمەرپێچ**: چیخی ئەسمەرپێچ، چیغی چادری بە بەنی ڕەنگاوڕەنگ نەخشاو: (چیغی ئەسمەرپێچ ڕەشماڵانی جاف/ ڕووپۆشی شێوەی شای مشکین کەڵاف) «شێخ‌سەلام».
**ئەسمەرە**: ١. ئەسمەر، ڕەشتاڵە، سەوزە، گەنمی، ٢. ناوی گۆرانییەکە: (خۆم قوربانی یاری جوانم، ئەسمەرە ڕەنگی/ فیدای باڵا و قەدی ئاڵا و کەمەرەی تەنگی) «ع. مەردان».
**ئەسمەریارمجوانە**: ناوی ئسترانەکە: (ئەسمەر یارم جوانە، وەک مانگی تابانە، ئەسمەر ئەسمەر) «ماملیٚ».
**ئەسمەریٚدولبەریٚ**: ناوی گۆرانییەکە: (ئەسمەریٚ دولبەریٚ گوارەکەت زیٚوە/ مەردی خودا بە، لیٚوت مەبزیٚوە/ مەمکێکت هەنار، یەکێکت سیٚوە) «حەسەن زیرەک».
**ئەسمین**: یاسەمەنە.
**ئەسمێن**: ئاسمان: (خۆف و بیٚهێڤیتییٚ/ ژیانا مە ڕەش کریە/ خەنقاندیە زولمیٚ/ ڕوویێ ئەردیٚ و ئەسمێن) «سەنار».
**ئەسنای**: حەساندن.
**ئەسواران**: ئەسپسواران، یەکەی چەکداری ئەسپسیار.
**ئەسوور**: سەوزی، سەوزەوات، گیا و گژی خواردن.
**ئەسوون**: چیلکەی دارینی درگای قەفەسی کەو.
**ئەسوونم‌کۆن**: توانام نیە، هێزم وا لەکویٚ.
**ئەسوونی**: توانا، هێز.
**ئەسوەن**: ئەسپەن، ئەسپەندەر.
**ئەسە**: ١. ئەمەسە، ئەمەیە،٢. ئەوکاتە، ئەسکە: (چاوان ژی هەبە ئەو ئیٚ ژ خوە ڕا ڕێکیٚ ببینە و وان شیعرا ئەسە بخوینە) «مەستوورە»،٣. هەر دەبیٚ، هەر دەبیٚ ببیٚ،٤. لازم، پێویست: (ژ بۆ وەلی مرۆڤان جەزا بکە، ئەسە نینە وەکی ئەو مرۆڤ گونەهکار بە) «مەستوورە»،٥. ئێکە، دوایی، پاشان،٦. ئەگە، ئەگەر: (ئەسە ئوشی بەو).
**ئەسەح**: ڕاس، ڕاست، ڕاستی، دروست، تەواو: (بمدەیە خەبەرێکی بە ڕاستی و ئەسەحی‌یە/ ئەمما قسەی تۆ ڕاستە و درۆی تێدا نییە/ کورە درۆ پکەی، دەتبەستم لە کلکی ئەسپی‌یە) «شۆڕمەحموود».
**ئەسەد**: ١. شێر، شای دارستان: (قەوسی دو هیلالان کو ل سەر بورجی ئەسەد بت/ بو شوهرە د عامی عەمەل ئەنگوست نوما گرت) «جزیری»،٢. ناوە بۆ زەلامان: (کچێکیان بوو ناوی ئیساف بوو دایانە ئەسەدڵاخان) «ئاوێنەی بێگەرد»،٣. گەلاوێژ، کەلووی پێنجەم، پێنجەمین مانگی ساڵی هەتاوی،٤. ناوی

ئەستێرەیەکە: (فەرقی فەخری مێملایی گەیە بەهرام و ئەسەد) «سالم»، (کو نووری دا سەکاواتێ ئەسەد هات ڕاستی میزانێ) «جزیری».

**ئەسەداوا**: عەسراوا، گوندێکە لە دێکۆی ژاوەرۆی بەشی ناوچەی کامیاران.

**ئەسەدئاباد**: ناوچەیەکە کوردنشین لای هەمەدان.

**ئەسەدلآ**: ناڤێ مێرانە: (کچێکیان بوو ناوی ئیساف بوو دایانە ئەسەدلاخان) «ئاوێنەی بێگەرد».

**ئەسەدوا**: ١. دوا، دۆعا،٢. تکا، ڕجا، ڕەجا، خوایشت: (ئەسەدوا دیرم ئی کارە ئەڕام ئەنجام بەی).

**ئەسەر**: ١. ئەتەر، سۆراغ، سۆراخ، شوێن، شوێنەوار، نشان، نوتگ، نیشان، یافت: (نالی ئەسەری بێئەسەری غایبە ئەمما/ نالەیەکی حەزین دێ لە مناجاتی سەحەردا) «نالی»،٢. کاریگەری، شوێن، شوێندانەری،٣. سۆ، سۆما، نێش، ژان، چز،٤. جێ پێی ئینسان و گیاندار،٥. سەر، لەسەر،٦. تا سەر، تا کۆتایی: (بۆ لێڵ هەموو کەس شەرت و قەول ئەکەی/ لەگەڵ هیچ کەسێ ئە سەری نابەی؟) «مینەجاف».

**ئەسەربوون**: ئەسەر کردن، کاریگەر بوون: (نەفەس گەرما من ل ئاسنێ سەرێ وی ئەسەر نابن) «گولشوون».

**ئەسەرکردن**: کار تێکردن، زەبر نواندن: (کێ بوو شەوەکی، بەو گوزەرەیدا گوزەری کرد؟/ تیری نیگەهی، وا لە دڵی مە، ئەسەری کرد!) «ئەدەب».

**ئەسەرمێش**: بۆ سەر مەڕ: (تەعەشوق بۆ کەماڵی عاشقی زار/ بە میسلی حەملەیی گورگە ئەسەر مێش) «سالم».

**ئەسەرە**: ئەسەر، ئاسەوار، شووێنەوار.

**ئەسەری**: ١. شتی کۆنی دۆزراوە،٢. تا سەری: (بۆ لێڵ هەموو کەس شەرت و قەول ئەکەی؟/ لەگەڵ هیچ کەسێ ئە سەری نابەی) «مینەجاف».

**ئەسەشات**: شاهێدی، گەواهی، شات بوون و ئەمزاد کردن.

**ئەسەف**: ١. جخار، جەخار، خەفەت، خەم، کەسەر، هایلۆ، کوڵ و زووخاو،٢. ئاخ، داخ: (بۆ پارە حەیفە خۆ دەکەیە پوولی نارەواج/ بۆ پارووەکی نان ئەسەفە ڕوو دەکەی بە ساج) «مەحوی».

**ئەسەفخواردن**: داخ لەدڵبوون: (خۆشەویستت هەر لە قەسری عوشرەتا بێ بادەنۆش/ ناحەزت دایم لە بیری حەسرەتا بخوا ئەسەف) «بێخود».

**ئەسەفدرێژی**: کەسەرداری، خەمباری، دەردەداری: (ئەسەفدرێژی شەو و ڕۆژی ئەو شەو و ڕۆژەم/ قوسووریان بووە توولی نەدامەتی تەقسیر) «نالی».

**ئەسەکامی**: ئسکامەتی، لەشساغی.

**ئەسەل**: ١. ئەسپ، هەسپ،٢. هۆ، هۆکار، بۆنە، سەمەد، سەبەب، گەزەک، مایە.

**ئەسەڵ**: هەنگوین، هەسەڵ، عەسەل.

**ئەسەڵبڕ**: هەنگوینبڕ، کەسێ کەندوی مێش لە جێی سەخت و شاخاوی دەبڕێتەوە.

**ئەسەڵبڕین**: بڕینەوەی شانەی هەنگوین.

**ئەسەموڵی**: ١. دەفری قوڕەکاری و گەچ گرتنەوە، ٢.شێوەیەک ئاڕایشی قژی پیاوان.

**ئەسەمووری**: سەڵەبچە، ناوەی گڵکێشان.

**ئەسەندەرە**: شارۆچکەیەکی باکووری کوردستانە سەر بە پارێزگای هەکاری.

**ئەسەو**: ئەسەد، ناڤێ مێرانە: (ئەمجار ئەسەو چ کارێکی کرد) «ئاوێنەیبێگەرد».

**ئەسەی**: ١. سەندن، ستاندن، کڕین،٢.گرتن، بە پارە کەسێ کڕین.

**ئەسەیلا**: سووکە ناو ئەسەدولا.

**ئەسێ**: سووککراوەی ناوی «ئەسەدوڵڵا»یە.

**ئەسیای**: حەسانەوە.
**ئەسیتو**: ١. ناقێ خوەدێ،٢. پیشاندەر.
**ئەسیتۆن**: تراوێکی بێڕەنگ بۆ لابردنی لاکی ناخوون ژنان بەکاری دێنن.
**ئەسێح**: میزان، ڕاست، دروست، دەقیق(خەبەر).
**ئەسید**: شیرنیاتێکە لە دۆشاو و نیشاستە.
**ئەسیدە**: چێشتێکە لە برنج و سەوزە و گۆشت.
**ئەسیر**: ١. بەندە، بەنی، بەردە،٢. دیل، گراو، گیراو، گیریاگ، یەخسیر: (ئەگەر بێ یادی زولف و چاوەکەت یەک لەحزە سابیر بم/ ئەسیری بەندی کافر، کوشتەیی بێدادی سابیر بم) «وەفایی»،٣. سەرقاڵ، خەریک: (زەمبیل‌فرۆش لاوێ فەقیرە/ د سەنعەتێ خۆدا ئەسیرە/ دائما یێ حەق ل بیرە/ ڕاست ب کەرەستێ سەنعەتێ) «فەقێ تەیران».
**ئەسیربوون**: ئەسیر بیەی: (کە من بۆم دەس نەدا ڕەندی، دەسا تەقوا نەکەم، چی بکەم؟/ ئەسیری زولفی تاتا بم، کە واوەیلا نەکەم، چی بکەم؟) «قانع».
**ئەسیربی‌یەی**: ١. ئەسیربوون، بە دیل گیران،٢. گرفتاربوون: (ئەسیری شێری دڵی ئەو کەسەم لە خۆشیانا/ کە کەوتە سیلسیلەی ئەو زولفە خاوە پێئەکەنێ) «بێخود».
**ئەسیرکەردەی**: ئەسیر کردن.
**ئەسیروتۆن**: دیلی تۆیە، گرفتارتە.
**ئەسیروعەبیر**: ئەسیر، دەستەوەستان و دامان بە دەست شتێ یا کەسێکەوە.
**ئەسیرەک**: ئەسیرێک، دیلێک: (کو میرە بەلکە بیر نایێ ئەسیرەک وی د زیندانێ) «جزیری».
**ئەسیری**: ١. دیلی، یەخسیری،٢. ناوی شاعیر و هەڵبەستڤانێکی کوردە: (ئەسیری وا لە مەیدانی خەما کەوتوو، ئەناڵێنێ/ لە داخی دڵسافی کوردان و دوونی ئالی عوسمانی) «ئەسیری».
**ئەسیل**: ١. ڕەسەن، نەجیم، جسن، جانەدان، حدود، هیلاو: (بێتو ئەسپێ چەند ئەسیل بێ سواری چالاکی نەبێ) «دڵدار»،٢. چاک، ڕەچەڵەکدار، ڕەگەزدار: (سرووشتا چیایی کوردستان ل سەر مەرفێ کورد گەلەک باندۆرا خوەزایی دانییە، پرانییا وان چاڤتێر، ئازاد، ئەسیل، چاپکن).
**ئەش**: جێناوی کۆ لە پاشی وهە دێ مانای غایبی دەگەیەنێ: وترەش، بەردەش، کەردەش.
**ئەشا**: حەتاحەتا، ئەزەلی، ئەبەدی.
**ئەشب**: باشتر، خاستر، چاکتر، چێتر، قەنجتر.
**ئەشپا**: چاکتر، باشتر، بەرزتر.
**ئەشپیش**: ئەسپی.
**ئەشپێشۆ**: سپێون، ئەسپێدار، سپیهۆ.
**ئەشپیل**: هێلکەی ماسی.
**ئەشت**: شت، چت، شتومەک، چتمەک.
**ئەشتر**: شەتڵ، شتل، شتلی چەقاندن.
**ئەشترینان**: شارۆچکەیەکە لە پارێزگای لوڕستان.
**ئەشترین‌نان**: شارۆچکەیەکە لە پارێزگای لوڕستان.
**ئەشتوور**: وشتر، حوشتر، حێشتر.
**ئەشتووردار**: وشتروان، حێشترڤان، حێشترەڤان،
**ئەشتووروان**: خاوەن وشتر، خودان حێشتر.
**ئەشتەبا**: هیچ، هیچ‌چتێک، هیچ‌شتێک.
**ئەشتەلوم**: هەڵچوون و تووڕەبوون: (دەریایێ مەحەببەت ئەشتەلوم کر/ ئارام و شەکیب و سەبر گوم کر) «خانی».
**ئەشتەها**: ئیشتیا، مەیل، هەوەس، ئارەزوو، حەز، حەژ، دڵبرن.
**ئەشتی**: ناوە بۆ کیژان.
**ئەشتیها**: ئیشتیا، حەز، مەیل، مگێز.
**ئەشخاس**: کەسان، کەس‌گەل، کەسێل: (خۆزگە بەو ئەشخاسە وا حافیزەیان هەن موختەسەر/ سەد

شتی جوان جوان دەبینن دانەیان ناچێتە بەر) «جومعەکان».

**ئەشخاڵ**: ١. ئەخشاڵ، ئەشخەڵ، ئەشخال، خاشاڵ، خەوش‌وخاڵ، دەغەڵە، پلوپووش، وردەی ناوماڵ،٢. ئاژاڵ، ئاژەڵ، پاتاڵ.

**ئەشخاڵدار**: ئاژەڵدار، پاتاڵدار.

**ئەشخاڵداری**: پاتاڵداری، چێوداری.

**ئەشخەڵ**: ١. دەوەن، بنچکەگیا،٢. گوندێکە سەر بە شار سەردەشت.

**ئەشرمە**: لووت‌بڕاو، کەپۆبڕاو.

**ئەشرەت**: زاڵە، بوێری، شەهامەت.

**ئەشرەسی**: جووریٰ خورماس.

**ئەشرەف**: ١. ناوە بۆ پیاوان و ژنان،٢. شەریفترین، ماقووڵترین.

**ئەشرەفاوا**: ئەشرەف‌ئاوا.

**ئەشرەفاوای‌قوچ**: گوندێکە لە دێکۆی خەسراوای بیجاڕ.

**ئەشرەف‌ئاباد**: ١. گوندێکە لای بیجاڕ،٢. دیەکەێگە لە کەنولە.

**ئەشرەفی**: ١. عەشرەفی، سورەت‌شایی، دراڤێکی زێڕی کۆنی ئێرانییە: (هەرگا دیم هیلال ئەو ئەبرۆی سێوەنگ/ یە سیم ئەسرین، یە ئەشرەفی ڕەنگ) «مەولەوی» ٢. گوڵەباغ، گوڵی گوڵاو،٣. جۆریٰ گوڵی سوورە: (کولمی وەک گوڵی ئەشرەفی وایە/ ئەبرۆی کەوانی تیری بەڵایە)،٤. ناوێکە ژنانە.

**ئەشرەفی‌بەند**: لیرەبەند: (زێڕینگەر زێڕکفتی کردبام، نێوەڕاستم ئەشرەفی‌بەند) «لاس‌وخەزاڵ».

**ئەشرەفی‌ڕەنگ**: لە ڕەنگی ئەشرەفی: (هەرگا دیم هیلال ئەو ئەبرۆی سێوەنگ/ یە سیم ئەسرین، یە ئەشرەفی ڕەنگ) «مەولەوی».

**ئەششەرایە**: گوندێکە لە خۆراوای کەرکووک.

**ئەشعارنەو**: شێعریٰ نویٰ: (یا فەراق ئاخر کوشیدم یا غەم ئەشعار نەو) «چەپکەگوڵ».

**ئەشغاڵ**: ئیش‌وکار: (بە وردە ئەشغاڵ سەرش لیٰ شێویان) «م.ح. دزڵی».

**ئەشق**: ١. عیشق، حەز، تاسە: (ئەشقا دزان د شەڤارشان دە تیٰ) «پەند»،٢. خولیا، تاسەمەن: (ئەشقی ژنێک بوو لەلای خۆمانە) «ئاوێنەی بێگەرد».

**ئەشقارتە**: شقارتە، شەمچە.

**ئەشقو**: ئاشق، ئەویندار، دڵدار.

**ئەشقوتۆنا**: ئاشقی تۆم، ئەڤیندارتم.

**ئەشقونج**: ١. ئەسکوندە، ئەسکولند(جگ)،٢. ئەسکوند، قۆقزی، بڵندی.

**ئەشقەمە**: عوورگ، ورگ، عوورگی ئاژەڵ.

**ئەشقەمەماسای**: ماسیانی زگ، ورگ پەنەمیان.

**ئەشقی**: یاخی، یاغی، ئەشقیا، ملهوڕ.

**ئەشقیا**: پیاوخراپ، ئاسیٰ، نافەرمان: (دڵ لەت دەبیٰ کە هەر دو جگەرگۆشەی ئادەمن/ قابیلە ئەشقیایە، (ابوالانبیا)یە شیث) «مەحوی»، (ئەوەی بەرەو ئاسمان ئەفڕیٰ ئەشقیایە) «مەلەکشا».

**ئەشک**: ١. فرمێسک، ڕۆندک، ئەسرین، ئەسر: (ئەشکم کە دەگەڵ عەشقمە، تفڵێکی فەهیمە/ هۆشم کە دەگەڵ خۆشمە پیریێکی نەزانە) «نالی» ٢. ئەوین، ئەڤین، حەز، دڵداری،٣. جۆریٰ قوماشە ڕازاوە بە مووروو،٤. لوولاکی ولاخ و گوێدرێژە، ٥. کێرەوڵ، چەرمی ژێر زگی گا،٦. وردبەردی مابەینی بەردی زل لە دیواری سەنگچن،٧. پرپرەی شووشەی چلچرا،٨. مرۆی دەس و لاق کورت،٩. لە ناو گۆڕدا لە هەر دوو تەنیشتی دوو بەردی تەنک و درێژ دادەنریٰ، دوو بەردیش لای سەری و لاقی لە نێو بەردەکان دادەنریٰ تا نەلەقن.

**ئەشكارتە**: شكارتە.

**ئەشكاف**: گەنجە، دۆلابی، کومێدديواری.

**ئەشكال**: هەمەڕەنگە، ڕەنگی، هەموجۆرە.

**ئەشكالە**: شارێکە لە باکوور سەر بە پارێزگای ئەرزرووم.

**ئەشكان**: ١. کۆی ئەشک، ڕۆندک: (ئەشکان نەددانە چاڤێ فرسەت/ ئاهان نەددا دەهانێ موهلەت) «خانی»،٢. دەنکەکانی باران،٣. گوندێکە لای سەردەشت،٤. نازناوی پادشاکانی پارتی،٥. ناوە بۆ کوڕان.

**ئەشكانی**: ژ مێرەکا پاشاییێت ئێرانی بوو.

**ئەشكانیان**: کۆمەڵێک دەسەڵاتداری ئێران بوون.

**ئەشكاوای**: ١. وردکردن، ئەنجنین،٢. کەڵاشتن، قەڵشاندن.

**ئەشكاوتەی**: کەڵاشتن.

**ئەشكاوەر**: فرمێسکهێن، ڕۆندکچێکەر،

**ئەشكاوەی**: کەڵاشتن، قەڵەشاندن.

**ئەشكاویای**: قەڵشان، درزبردن.

**ئەشكاویەی**: قەڵشان، داقڵیشان.

**ئەشكئالود**: بڕۆندک، فرمێسکاوی: (دەزانی تۆ لە شیشەی دیدە مابی ئەشکئالودم) «سالم».

**ئەشكبار**: فرمێسکاوی، بگریان، بڕۆندک: (کوا ئەو دەمەی کە سورمەی دوو چاوی ئەشکبار/ بەو گەردی نەعلی پارەیی ئەو شەهسوارە کەم؟!) «ئەدەب».

**ئەشكرا**: ئەشکەرە.

**ئەشكرابوون**: ئەشکەرەبوون.

**ئەشكراكرن**: دیاریدان، دەرخستن.

**ئەشكراكەر**: دیارخەر، ئاشکراکەر.

**ئەشكرایی**: دیاری، بەرچاوی، روونی.

**ئەشكڕژاندن**: فرمێسک هەڵوەراندن: (ئەی دڵ لە داخی ئەو مەهە بتلێ بە دەردەوە/ بڕژێنە ئەشکی گەرم بە دەم ئاهی سەردەوە) «بێخود».

**ئەشكڕژتن**: فرمێسک ڕژانن: (بە یادی جاران بەستە ئەبێژم/ بۆ لاویتی خۆم، ئەشک ئەڕێژم) «حەمەجەزا».

**ئەشكڕشتن**: فرمێسک هەڵوەراندن: (چل ساڵە من تەرمی خۆمم لە کۆڵ ناوە/ دەیگێڕم و ئەشک ئەڕێژم) «مەلەکشا».

**ئەشكڕێز**: فرمێسکڕێژ: (سەفی مەقرووزی بێ تەوسەن لە سەهمی سەن سەنی ئەتراک/ وەکوو عاشق لە هیجرانا یەکایەک ئەشکڕێزانن) «سالم».

**ئەشكڕێژ**: ڕۆندکبارێن، فرمێسکڕێژ.

**ئەشكستە**: شکستە، شکاو، جۆرێ خەتە: (چ خەت ئەشکستە موسەلسەل یارەب/ کو تە پێ نەسخ کری دیوانێ) «جزیری».

**ئەشكفتیان**: گوندێکە لای شەنگال.

**ئەشكنج**: ئەسکنجە، جوجکەسمت، بەندی نێوان ڕان وسمت.

**ئەشكنجە**: ١. جەڕ و مەنگەنە، ماوش، ئەشکەلە: (ها نە ئەشکەنجەی پەستیی نەنگدا) «مەولەوی»،٢. ئازار، جزیا،٣. گیرەی دارتاش و ئاسنگەران.

**ئەشكنە**: گوندێکە لە محاڵی پشدەر.

**ئەشكول**: ئەشکۆڵ، پشکۆڵ، پشتیوانی درگا.

**ئەشكۆڵ**: ئەشکول.

**ئەشكەبووس**: ئەشکەپووز.

**ئەشكەپۆمی**: قوڕ، قیرە، گونگ، دەبە، دەبەگون.

**ئەشكەپووز**: ١. ئەشکەبووس، ناوێ قارەمانێکی شانامەیە،٢. گووگە، دێوەزمە، وشەیەکە ئەرای تۆقاندنی منداڵ،٣. بریتی لە زلی ناقۆڵا، زلحۆرت.

**ئەشكەر**: ئەشکەرە، خوویا: (حاشەلیللا کو بکم ئەشکەرە ڤان غوسسە و دەردان) «جزیری».

**ئەشكەرە**: ئاشکرا، دیار، خویا، بەرچاو، بەرچاڤ، پەنی: (چێل هەرچی ب دزیڤە گای بدەت، بەلێ ئەشکەرە دزێت) «پەند».

**ئەشـــــکەرەبوون**: دەرکەوتـــــن، دیـــــاریدان، ئاشکرابوون.
**ئەشـــکەفت**: ئەشـــکەوت، شـــکەفت، شـــکەوت، ئشکەفت، تلیش، غار، قلیش: (ئەگەیـتە کـۆمەڵی پیاوانی بەردەمی مزگەوت/ سـڵێک ئەکەی وەکـو ئاسک لە سێبەری ئەشکەوت) «گۆران».
**ئەشـــکەفتە**: ١. نەزان، نـــادان، گێـــل، نەفـــام،٢. گوندێکە لای شەنگال،٣. گوندێکە لای بالیسان.
**ئەشکەفتیسەقا**: دێیەکە لە خۆرهەڵاتی هەولێر.
**ئەشکەفک**: ١. ئەشکەو، شکەفک، تەبەکی دارین بۆ هەویر،٢. سواڵەت، دەفری گڵێنە.
**ئەشـــکەلک**: ســـواڵەت، ئەشـــکەولەت، لەتـــکە سواڵەت.
**ئەشکەلە**: ١. ئازار، ئێش، ڕەنج، ژان،٢. قوڵفەکانی دەوارە کە تێـــک دەخـــرێن و قـــایم دەکـــرێن ٣. باوەش، ئـامێز ٤. دارێکـی بـاریکی هەلـوکی بـۆ جەلەکرنی لاقی ئاژەڵ،٥. گیرە، مەنگەنەی نەجـاڕ و دارتاش و ئاسـنگەر،٦. چێـوجەلە، ئەشـکەنجە، مـاوش، فەلاقە، ئـامرازێکی سـزادانی تاوانبـارە،٧. دارێکی درێژە لە کاتی گێرە سـەری وڵاغـی پـێ گرێ دەدەن،٨. سزا، تەمێ، شکەنجە.
**ئەشکەڵە**: ئەشکەلە.
**ئەشـــکەڵەکردن**: ئەشـــکەنجەکردن، مـــاوشدان، چێوجەڵەنیان، مەنگەنەکردن، فەلاقەکرن، سزادان.
**ئەشکەمبە**: ئەشقەمە، ورگ، گەدە.
**ئەشکەمدوڕیدە**: شکەمدوڕیدە.
**ئەشکەمە**: ئەشکەمە، عوورگ.
**ئەشکەنج**: ١. شکەنج، چین، لۆ ٢. چـۆڵایی لای ڕاست و چەپی بەرمووسڵدانییە.
**ئەشکەنجە**: ١. ئەشکنجە، شکەنجە، ئازار، تـاڵاو، چەرمەسـەرێ، سـزا، ئەزیەت: (لە ئەشـکەنجەی شکەنجی زولفـی ئەو بـێ وەعـدە مـورغی دڵ/ دەناڵێنێ وەکوو بولبول لە سوبحی کازیبی شەودا) «نـالی»، ٢. جەڕومەنـگەنە، چێـوجەلە، مـاوش، مەنـگەنە، فەلاقە، ئەشـکەلە، مـرازی جەڕدانـی تاوانبارە،٣. گیرەی دارتاش و ئاسنگەران.
**ئەشکەنجەچی**: ئازاردەر، تەمێکەر.
**ئەشکەنجەکەر**: ئەشکەنجەچی.
**ئەشـــکەنە**: ١. پیـــازاو، پیـــوازاو، کاروانئاشـــی، مـزراویلکە، مـزرۆکە، گۆشـتاوی بە پیـوازەوە،٢. کارواناشـی، چێشـتێکە بە گەنـم لێدەنـرێ،٣. گوندێکە لای شارۆچکەی هێرۆ.
**ئەشـــکەو**: ١. ئەشـــکەفک، غـــار،٢. تەبەک، ئەشکەفک، تەشتی دارینی هەویر.
**ئەشـــکەوت**: ١. ئەشـکەفت، خـار، زاخـوور، زایەبەند، شکەفت، غار، غولۆلیـف، کـاو، کـۆڤ، کوونرەخ، کەورک، کەووڕ، مەڕ، زقنگ، هلـۆڵایی سروشـتی شـاخ: (دەنگـی کـاروانەکێ ل دەرێ شـــکەفتێ ســـەحکێ ...) «مشـــتاخ»،٢. جێـــی دەسکردی شاخ بۆ ژیان لە ڕابردوودا،٣. بریتی لە گەورە: (زاری دەڵێی ئەشکەوتی دەلووکولێیە)،٤. بریتـی لە کـوز: (پیرێـژن لنگەوقـووچ ئەکەوێ و کـونی ئەشـکەوتەکەی خـۆی ئەخـاتە بەر دەس) «ڕشـــــتەی مـــــرواری»،٥. دادڕاوی، دڕاوی، هەڵوەشاویی: (کابرا کەواکەی لەبەر ئەکا، کە قۆڵی پیا ئەکا لە سەر شانیەوە تەقەڵەکـانی بەر ئەبـێ و ئەشکەوتی تێئەکەوێ) «ڕشتەی مرواری».
**ئەشکەوتان**: ١. دێیەکە سەر بە شاری بۆکـان لە نزیـک حەسـاربلاغی،٢. نـاوی کێـوێکە لە نێـوان سەرا و مەندیلبەسەر و قۆچاخ دایە،٣. گونـدێکە لای سنە،٤. گوندێکە لە دێکـۆی ئەمیـراوا بەشـی ناوچەی کامیاران.
**ئەشکەوتە**: گوندێکە لای سەیدسادق.
**ئەشـــکەوتەڕەش**: شـاخێکە لە نزیـک گونـدی

پوشین لە هەریمی کوردستان، لە خۆرهەڵاتی سلێمانی.
**ئەشکەوتەلووت**: بریتی لە کەرێ کونای لووت زل بێ: (سەر ڕەشکەکا، ئەشکەوتە لووت، وەک بەعزێ ئاغا ڕووتوقووت) «قانع».
**ئەشکەوتیخەزاڵی**: ئەشکەوتێکە لە ئاڵوەتان ناوچەی سەردەشت: (لە سەر ئەشکەوتی خەزاڵیش تاوێ/ با خەیاڵی سەرەڕۆ خۆی باوێ) «هێدی».
**ئەشکەوتیدەلووکول**: غارێکە لە کن دێی قەرەگوێزە.
**ئەشکەوتیسایی**: غارێکە لە کێوی غەزەبدا.
**ئەشکەوتیفەقرەقا**: ئەشکەوتێکە لە نزیک مەهاباد، دەسکردی مادەکانە.
**ئەشکەوتیقوڕاوا**: غارێکە لە نزیک دێی قوڕاوا.
**ئەشکەوتیقیسقەپان**: لە دێی زەرزی، لە کن چەمی ڕەزان.
**ئەشکەوتیوە**: غار، ئەشکەوت، مەرە.
**ئەشکەولەت**: ١. ئەشکەلک، سواڵەت، کاسەکەل، بنەدیزە و گۆزەی بەکار هاتوو،٢. دەفری گلێنەی خواروخێچ،٣. بۆ خواروخێچی شتی پێ شوبهێنراوە: (زاری دەڵێی ئەشکەولەتە).
**ئەشکی**: دیەکەیگە لە باوەجانی.
**ئەشکیئاڵ**: فرمێسکی سوور: (سیرڕی ڕازی تۆ من بە کەس ناڵێم/ ڕەنگی زەرد، ئەشکی ئاڵ، هەر دوو غەممازن) «وەفایی».
**ئەشکیتە**: ئەشکیرتە، میلی تەڵە چۆلەکە.
**ئەشکیحەسرەت**: فرمێسکی خەفەت و داخ: (لە باوەشما دەدا مەوج ئەشکی حەسرەت/ کەمەرتی گرتە باوەش تا کەمەرچین) «مەحوی».
**ئەشکیخوێن**: بریتی لە فرمێسکی خوێنین: (لە ئەشکی خوێن بە یادی لێوی ئاڵت/ کەنارم بوو بە کانی لەعل و یاقووت) «سالم».
**ئەشکیخوێنین**: بریتی لە فرمێسکی سوور: (کە خۆیان خستە بەحری ئەشکی خوێنین/ دڵ و جان بۆ تەوافی خاڵی هیندوو) «حاجی قادر».
**ئەشکیرتە**: ئەشکیتە.
**ئەشکێرک**: شلکێنە، ئەشکێڵکە، ئەشکێلە، کزێنکە، کزینکە، خواردنێکە لە هێلکە و ڕۆن.
**ئەشکیڕەوان**: ١. ڕۆندک، فرمێسکی ڕەوان،٢. بریتی لە مەنی و شاوەت: (دیوانە کە زانی کە دەبێ عوقدەگوشا بێ/ هەستا و گوتی: ئەشکی ڕەوانم بە فیدا بێ!) «نالی».
**ئەشکیسورخ**: فرمێسکی سوور و خوێناوی: (سەحەر جێی سجدە شاهید بێ لە ئەشکی سورخ و ڕووی زەردم) «سالم».
**ئەشکیسوور**: بریتی لە فرمێسکی خوێناوی: (بە سەر ڕوخساری زەردا جۆگەلەی کێشاوە ئەشکی سوور/ بە یادی سەروی باڵایەک، ئەوەندەم شین و زاری کرد) «مەحوی».
**ئەشکیگوڵنار**: ئەشکی سوور وەک گوڵی هەنار: (گەر بە قانوونی وەفاداریی دەپرسی حاڵی زار/ ڕەنگی زەرد، ئاهی سەرد و ئەشکی گوڵنارە ئەدەب) «ئەدەب».
**ئەشکیگوڵناری**: ئەشکی گوڵنار، فرمێسکی خوێنین: (وەکوو باران لە چاوم دائەبارێ ئەشکی گوڵناری/ دەڵێی لافاوی زووخی دڵ لە ویرانەی دەروون ئارێ) «مینەجاف».
**ئەشکیل**: پاوەن، پێوەند.
**ئەشکێل**: ١. چوارمێخە، شکێل، سەمەندک، کۆکان، چەپوڕاست، شریت یا گوریسی تایبەتی بەستنەوە،٢. زنجیری سەگ بەستنەوە، ٣. پشتکۆڵ، پشتیوانی پشت درگا،٤. پێوەند و قوڵفەی خێوەت،٥. دەسەڵات، توانایی،٦. فەرمان، ٧. بەستنەوەی هەر دوو دەستی وڵاخ یا دەس و لاقێکی،٨. دار وە پشت دەرکەی دان و داخستنی،

٩. پەندپێکردن، ئازاردان، ڕیسواکردن.

**ئەشکێڵکە**: ١. ئەشکێرک، شلکێنە،٢. نانێکە لەبەر خراپی ئارد وەک شلکێنە بە شلی لەسەر ساج ڕۆدەکرێ.

**ئەشکێڵ‌نیای**: چوار مێخە کێشان.

**ئەشکیلۆک**: تویکڵ، قاپێلک، تویخ، تێکوڵی گوێز.

**ئەشکێلە**: ئەشکێرک، ئەشکێلکە.

**ئەشکی‌نەدامەت**: ئەشکی پەشیمانی، فرمێسکی پەژیوانی: (هەتا ماوە دەبێ ئەشکی نەدامەت داوەرێنێ چاو/ عەرەق ڕێتن نەبێ، شەخسی لە کاری خۆ خەجڵ چ بکا؟!) «مەحوی».

**ئەشم**: کەری شین، گوێدرێژ کەوە.

**ئەشمەک**: شمەک، چت.

**ئەشناس**: شناس، ئاشنا، ڕۆشنا، ناسراو، هاوڕێ.

**ئەشناسای**: ناسین، شناسین.

**ئەشناسنای**: ناسانن، ناساندن.

**ئەشناسەی**: ناسین.

**ئەشناسیای**: ناسران.

**ئەشناسیەی**: ناسران.

**ئەشنە**: گێووژ، گوێژ.

**ئەشنەفتن**: ژنەفتن، ئەشوەن، بیستن.

**ئەشنیا**: دەشنایەوە، دەشنیاوە، دەشەکاوە(ئالا).

**ئەشۆ**: ؟؟؟؟؟؟؟؟؟×

**ئەشوەن**: ئەژنەفتن، بیستن.

**ئەشهەب**: شێ: (دوو ئەسپە مەنزڵت پێ تەی دەکەن تا سەرحەدی مردن/ بە دیققەت «مەحوی» تێفکرە، شەو شەبدێزە، ڕۆژ ئەشهەب) «مەحوی».

**ئەشەبۆ**: ئەشەدبۆ.

**ئەشەد**: ١. زۆر، فرە، بۆ پێوانە: (ساکەی بێ کێ دی جەی وەرتەر ڕۆیێ/ گوڵ ئاران بە کۆڵ گوڵ ئەشەد بۆیێ) «بێسارانی»،٢. توند، توندتر: (زولف ئەشەد کلاف، خالان عەنبەربۆ) «بێسارانی».

**ئەشەدباری**: زۆر بۆن‌خۆش: (واتش هەی بێ‌مەیل، جە ناکاو جاری/ دیم ئاما و ویەرد زولف ئەشەد باری) «بێسارانی».

**ئەشەدبۆ**: ١. ئەشەبۆ، گوڵێکی بۆن خۆشە: (شەوبۆی نازەنین ئەشەد بۆش وەشەن/ سار و دەر و دەشت کەش و کۆش وەشەن) «هە، سەیدی»،٢. ناوی کچانە.

**ئەشەدبوو**: ئەشەدبۆ.

**ئەشەدو**: ئەشەدوبیللا: (وتی: وەڵڵا ئەشەدو برا ڕێک و ڕاست هاوردیتەتەو) «گوڵونێرگز».

**ئەشەدوبیللا**: ئەشهەدوبیللا: (ڕووی بابت سپی بێ، ئەشەدوبیللا هیچ کەس تەگبیری وای لە پاشای نەکردووە) «موکریان».

**ئەشەدوو**: کورتکراوی ئەشهەدوو بیللا.

**ئەشەدوومەشەد**: وشەی تاریف‌دانە.

**ئەشەدهاوردن**: بسەلمان بوون.

**ئەشەدەم‌بیللا**: بۆ قسە یا کرداری نابەدڵ بەکاری دێنن: (ئەشەدەم‌بیللا، وەڵلا ئەوە بابت بەخێو کرد).

**ئەشهەب**: ئەسپی شێ: (ئەدهەم د تەویلەیێ نهین کر/ ئەشهەب ژ خوەڕا ژ نوقە زین کر) «خانی».

**ئەشهەد**: ئیمان بە خودێ: (فیلحال تلی‌یا خوە وێ هلانی/ ئەشهەد ب خودێ ئەوێ کو ئانی) «یۆسف‌وزولەیخا».

**ئەشهەدۆ**: ئەشهەدووبیللا: (یان ئەشهەدۆ یان نان و تۆ) «پەند».

**ئەشهەدوبیللا**: بەیین و بەیینەڵڵا: (بەم حاڵە پەرێشانەوە باز ئەشهەدوبیللا/ شیعرت تەرەب‌ئەنگێزە ڕەزا شاعیری چاکی) «شێخ ڕەزا».

**ئەشی**: زمانی کۆنی کوردی کە میدیییەکان پێی دەدوان.

**ئەشێ**: ١. دەبێ، دەبێت، ئەبێ، ئەوێ، دەشێ،

شایانە، دروستە، دبووک، پێویستە، مشێو، ئەشیا: (ناچاری ئەشێ باری مەرگ هەڵبگری/ ناشێ هەموو دەم لە ترسی مردن بمری/ ...) «خەیام هەژار»،٢. ئەبێ، دەبێ، دەکرێ: (ئەم کارە ئەشێ یا ناشێ؟)،٣. ئەتوانێ، دەتوانی،٤. دێنێ، دەهێنێ، دەژێیت،٥. شایستەس، سزاوارە، شیاوە.

**ئەشیا**: ١. ئەژیا، دەیهێنا،٢. مەشیا، ئەبوا، دەبوو، پێویست بوو: (بە قانوونی خودا ئەشیا، ئەبێ: تێکەڵ بە یەکتر بن/ ئیتر بۆچی من و تۆ تێکەڵی یەکتر بین، نابێ!؟) «هەردی»،٣. وشەیەکی فارسییە واتا: شت، چت: (بە قانوونی خودا ئەشیا، ئەبێ تێکەڵ بە یەکتر بن/ ئیتر بۆچی من و تۆ تێکەڵی یەکتر ببین، نابێ...؟!) «هەردی».

**ئەشیای**: ئەبوای، ئەبووایای، دەبووایێ.

**ئەشیایێ**: ئەبووایا، دەبووایێ.

**ئەشیایە**: ئەبووا، دەبووا، دەبێ.

**ئەشیتا**: ١. ناوی هۆزێکی کۆنی کوردە،٢. ناوە بۆ کچان.

**ئەشیران**: عەشیران، مەقامێکی کوردییە.

**ئەشیعە**: تیشک، تیسک، پەڕتەو: (شوعاع و شەعشەعەی میهری، ئەشیعە و میشعەلی بەدری) «حاجی قادر».

**ئەشیف**: ئەشێف، ئادە.

**ئەشێف**: بژار، هەرێز، گیای خراپی ناو زەرحات.

**ئەشێکان**: ئەبووا، دەبێ.

**ئەعدا**: دوژمن، دژ: (وەکوو حاتەم لە بەخشش‌دا بە ئەعدا/ لەبەرچی وا لە بەختی ئێمە ڕژدە؟!) «قانع».

**ئەعزا**: ئەندام، لەش: (لە ناڵین کەوتووم بۆ دەستی یار و موتریبی مەجلیس/ وەکوو تای پچکراوە تێکچووە بەن‌بەندی ئەعزاکەم) «وەفایی».

**ئەعزەماوا**: دێیەکە لە دێکۆی بێڵەوار بەشی ناوچەی کامیاران.

**ئەعلا**: ١. هەرەباش، فرەچاک: (جە نەسل شاهان ئەعلای قەدیمەن/ وێنەی ئەسکەندەر سوپاش عەزیمەن) «خانای قوبادی»،٢. باڵا، بڵند: (بۆ عیشقی مەجازیی تۆ، بۆ مەحرەمی ڕازی تۆ/ شەوگاری درازی تۆ، ئەعلا کوڕ و ئەحلا کچ) «ئەدەب».

**ئەعمال**: کردار، کردەوە: (گەر ڕاستە مەلەک نامەیی ئەعمالم ئەنووسێ/ با سوور بێ وەکوو خوێنی جگەر خەتتی کیتابم!) «گۆران».

**ئەعیان**: ١. چینی دەوڵەمەند: (ئەشرافەکان دایەرەی قایمقامیان کردبوو بە یانەی دووەم ...) «تەنەکە»،٢. پیران، گەورە پیاوان، کەیخوداگەل: (گاجووت ئەکەیتە سەردەستەی ئەعیان/ ئەدەی بە ڕێوی نەعرەتەی شێران) «قانع».

**ئەغد**: ئەندازە، قاس.

**ئەغدبڕین**: مارە بڕین.

**ئەغدگرتن**: ئەندازەگرتن، پێوان.

**ئەغرەو**: دووپشک، ئەقرەب، ئەقرەو.

**ئەغز**: زوڵم، ناهەق، دەسدرێژی.

**ئەغزە**: قونکە جگەرە، قونچکە سیغار: (کابرا پەڕەیە بەرماخی دەرهێنا و ئەغزە کۆنەکەی کردبوو بە پێچی جامەدانەکەیا) «ڕشتەی مرواری».

**ئەغلەب**: ئەغڵەب، زۆربەی: (ئەغلەب دبن ئەو ب عەقلێ مەغروور/ ئەکسەر دگەڕن ژ دانشێ دوور) «خانی».

**ئەغڵەب**: پڕایی، زۆربە، زۆرینە، زۆربەی، زۆرتری.

**ئەغلەوی**: یەغڵەوی: (هندەکی گراری بۆ من بکە ئەغلەوی دا بخۆم) «گولواز».

**ئەغیار**: ١. بەهۆش، هۆشدار، ئاگادار، واژی سەرخۆش،٢. نەیار، نادۆست، دوژمن: (بز چێش بۆ؟، یاران دەروون پڕ داخەن/ ئەغیاران دەماخ دڵ وە پەرداخەن) «مەولەوی»،٣. بێگانە، بیانی،

غەوارە: (ئەو غاری یارە ئێستە پڕ ئەغیارە یا نە خۆ/ هەر غاری یارە، یا بووەتە غاری مار و موور؟) «نالی».

**ئەفات**: درندە، گیانداری کێوی: (ل وان چییا شێر و ئەفات دژین کۆ هەر یەکی ژ وان نۆلی رۆستەم و ئیسفاندارییا) «مەستوورە».

**ئەفارە**: هێشووکەر، گوڵهەڵگرەوە.

**ئەفاقە**: چارە، چارەسەر، عیلاج.

**ئەفاقەکردن**: ماریجەکرن، چارەکردن.

**ئەفام**: وام، دەین، قەرز.

**ئەفاوەن**: چکڕاو، شافە، واتوورە، شایعە.

**ئەفتار**: کەمتیار، کەفتار، گورنەباش.

**ئەفتانوخێزان**: تەپوکۆ، تەپوکوت، تەپوتل، زرموکوت، کەفتن و هەستان.

**ئەفتاو**: خۆر، هەتاو: (مووریژ بار فیل بووەی وە رەوان/ ماهی بلوورەی لە بەر ئەفتاوان) «خانمەنسوور».

**ئەفتاوە**: ئافتاوە، ئەفتووە: (حەڤدە ئەفتاوە نریاسە قەتار) «چەپکەگوڵ».

**ئەفتووە**: ئەفتاوە، مەسینە.

**ئەفتەو**: خۆر، ڕۆژ، هەتاو، تاف.

**ئەفتەوبەر**: ١. سێبەر، سەیوان، سایە، چەتری هاوین و زستان،٢. چەتر.

**ئەفتیار**: کەمتیار، کەفتار.

**ئەفچکاندن**: جیقدەرهێنان، فلیقاندنەوە، تلیقاندنەوە، جیقدەرێنان.

**ئەفچکین**: جیقدەرهاتن، فلیقانەوە، پلیشانەوە.

**ئەفخەم**: بریتی لە میرزا برایمی ئەفخەمی شاعیری بۆکانی: (لە ڕیزی مام هەژار و ئەفخەم و ئاوات و هێمنمە) «ڕاوچی».

**ئەفرا**: دارئەفرا، کاکیف، کێکف، کەیکف، کەڤۆت، کەوەت، دارکەو، دارکەوت، کەیکوم، شروو، هەڤرەس، هێڤرست، بێزبالوک، دارێکە لە تیرەی چنار و گەڵا برگەبرگە.

**ئەفراد**: خەڵک، کەسان: (داخەکەم داری پەشیمانی و نەزایم نا لە ژین/ گەرچی شاگردی گەلێ ئەفرادی دانا بووم) «جومعەکان».

**ئەفراز**: ئەڤراز، بلند، بەرز، هەوراز: (مەحبوب د دلدا مەبە ئەڤراز چ حاجەت؟/ عەنقا ب خوە بێتن فرو پەرواز چ حاجەت؟) «جزیری».

**ئەفرازدوم**: ١. ناڤێ خوەدێ،٢. سەرفەرازترین.

**ئەفراسیاب**: ١. ئەفراسیاو، ناڤێ مێرانە،٢. گوندێکە لە ناوچەی سارالّی دیواندەرە.

**ئەفراسیاو**: ١. ناوە بۆ زەلامان،٢. پالەوانی توورانی کە لەگەڵ ڕۆستەم شەڕی کرد: (ئەر چوو کەیکاووس خودا یارد بوو/ شا ئەفراسیاو گرفتارد بوو) «خانمەنسوور»،٣. کەسێ کە هەر بە دوای پلە و پایەوە بێ.

**ئەفراندن**: داهێنان، ئافڕاندن، خولقاندن.

**ئەفراندی**: داهێنراو، خولقاو، چێکراو.

**ئەفرۆز**: ١. ئەفرووز، کاری دابەزین و هاتنەخوارێ،٢. ناوی ژنانە: (ژنێکی روغزایی هەبوو میمکە ئەفرۆزیان پێ ئەوت) «ڕشتەی مرواری».

**ئەفرووختە**: ڕۆشن، هەڵکراو: (کەفتەبی وە پای شەمع ئەفرووختە) «چەپکەگوڵ».

**ئەفرووز**: دورخراوە، دوورئێخستی، دەرکری، چماندی.

**ئەفرەس**: ناوی دارێکی هەمیشە سەوزە.

**ئەفریفە**: ١. ناڤێ خوەدێ،٢. نەخەڵەتێنراو.

**ئەفریقا**: کەرتەی ئەفریکا، ئافریقا.

**ئەفریقایی**: ١. دانیشتوانی ئافریقا،٢. شتی پێوەندیدار بە ئەفریقاوە.

**ئەفرین**: ئافرین، عەفرین، شارێکە لە باکووری کوردستان.

**ئەفرینگان**: شوێنێکە لە ناوەراستی جەحەندەم و

بەهشتدا.
**ئەفریی**: چەسپی ماسی، هێلمی مایی، چەسپی دارتاشی.
**ئەفزا**: ١. ناقێ خوەدێ،٢. زۆرکەر،٣. زۆر، زیاد: (بلا با نالەی هاودەم بێ، قەدی چەشنی ئەلف خەم بێ/ زیای رۆژی فەرەح کەم بێ، شەوی غەم زوڵمەت ئەفزا بێ) «بێخود».
**ئەفژووڵ**: ئاغالش، هان، دنە.
**ئەفسار**: هەفسار، هەوسار، رەشمە: (نەریمانی قەدیمی موستەعیدن بۆ خەرەکداری/ بە یادی تۆربە و کا و جۆ و ئەفسار و پالانن) «سالم».
**ئەفسان**: هەسان، بەردەسان، سان، کوچک هەسان.
**ئەفسانە**: ١. سەرهات، چیرۆک، حەکایەت، سەرگوزەشتە، راز، دەسان، بەسەرهاتی پڕوپووچ: (بە ئەفسوون و دوعا تەسخیری ئەو شۆخە چ ئیمکانە!/ خەیاڵی خاوە، عەنقا ناکەوێتە داوی ئەفسانە) «مەحوی»،٢. ئەفسوون، سیحر: (شێخ کە قودسییەتی پیرانی تەریقەت لە کنی/ هەموو ئەفسانە و ئەفسوون، هەموو گاڵتە و گەمە بێ) «شێخ رەزا»،٣. ناوە بۆ ژنان.
**ئەفسانەبێژ**: چیرۆکبێژ، سەرهاتبێژ.
**ئەفسانەساز**: ١. کەسێ ئەفسانە ساز دەکات،٢. درۆکەر، بوختانکەر.
**ئەفسانەکۆن**: ئەفسانەی کۆن، داستانی قەدیمی: (تا هەژاری نیکتەگۆ، وەک قانعی پەیدا ببێ/ دەفتەری ئەفسانەکۆنی پڕ لە عارم بۆچییە؟) «قانع».
**ئەفسانەکەر**: فێڵباز، حۆقەباز، چاوبەست.
**ئەفسانەناس**: ئەفسانەزان.
**ئەفسانەناسی**: ئەفسانەزانی، زانینی ئەفسانە.
**ئەفسانەوی**: ئەفسانەیی، زۆر سەیر: (عەفدالێ زەینەکێ شاعر، دەنگبێژەکی ئەفسانەوی ئێ دیوانا سوور مەلی مەمەدپاشا بوو) «سەنار».
**ئەفسانەیی**: ١. سەیر، لە باوەڕدا نەگونجاو،٢. گرێدراو بە ئەفسانەوە.
**ئەفسانەییە**: ئەفسانەیی.
**ئەفسوردە**: ١. پەشێو، خەمۆک، خەمناک، خەمین، دڵسەرد، دڵمردوو، دڵمردگ،٢. بەستەڵۆک، بەستەڵەک، بەسڵەک، بەستوو.
**ئەفسوردەکرن**: پەشێوکردن، دڵمراندن: (پەژمردە کرن ب رەنگێ سۆرگول/ ئەفسوردە کرن ب دەنگێ بولبول) «خانی».
**ئەفسووس**: داخ، خەفەت، پەرۆش، حەیف، مخابن، مەلالی، خەم، ئەنو، پەژارە: (سەد هەزار ئەفسووس بۆ، ئەهلی بیلادی مە: «ئەدەب»/ قەت نەبوو فەرقی بکەن، کێ زەرگەرە، کێ گۆزەتاب) «ئەدەب»، (ئەفسووس بۆ مەریوانی رەوشت خاوێن ...) «ئاشتی».
**ئەفسوون**: ١. جادو، سێحر، سیعر، ئەفسانە، نشتوو، چاچول، چاوبەندی، چاڤبەستی، تەلەسم، حیلە، پرتەپرت و پسپسا جادوگەری: (بە ئەفسوون و دوعا تەسخیری ئەو شۆخە چ ئیمکانە!/ خەیاڵی خاوە عەنقا ناکەوێتە داوی ئەفسانە) «مەحوی»،٢. ئەو ئەدا یا قسانەی کە پیاو لە خشتە دەبەن،٣. ناوی کچانە.
**ئەفسووناوی**: سێحراوی، سیعراوی: (پۆلی پەپوولە وەک شەهابێکی تیژڕەو بەرەو ئاسمان وەڕێ ئەکەون، دنیای دەورووبەری خۆیان دەکەنە دنیایێکی بێوێنە، سەرسوورهێنەر و نائاسایی و ئەفسووناوی) «حەمەدۆک».
**ئەفسووناوییە**: سێحراوی.
**ئەفسوونباز**: جادووباز، جادوکەر، سێحرباز، سیحرباز، نویشتەنویس، نشتوونووس.
**ئەفسوونکردن**: جادووکردن: (گۆزەی هەڵگرت بۆ گوێ ڕووبار، خاتوونێ لۆرکێ/ ئەفسوونی

کرد شۆخی عەییار، خاتوونێ لۆرکێ) «حەسەن زیرەک».

**ئەفسوونگەر**: ئەفسوون‌باز، کوولەنانی.

**ئەفسوونگەرە**: ئەفسوونگەر بۆ مێ.

**ئەفسوونگەری**: جادوگەری، سێحربازی.

**ئەفسەر**: ١. پلەمەند، جێگەدار، خاوەن پایە، ساحێو مەنسەب،٢. دەرەجەدار لە سپادا: (ڕۆڵە دنیا سەری بە پووش نەگیراوە، خۆ هەموو کەس نابێتە ئەفسەر، بۆ پێت وایە ئاسمان ڕووخاوە!) «گێلەپیاو»،٣. کڵاو و تانجی شا: (ئەوە حسێبە بە گەوهەر، ئەگەر دروستت ئەوێ/ کە بۆتە جاذیبی ئەنظاری عام بۆ ئەفسەر!) «گۆران»،٤. حاکم، شا، تاجدار: (حاکمی ئیقلیمی حوسن و ئەفسەری شۆخی جیهان/ ئەفزەلی مەحبووبی دەوران تاجدارم هاتەوە) «مینەجاف»،٥. ناوە بۆ ژنان.

**ئەفسەری**: ١. کار و ئیشی ئەفسەری،٢. پێوەندیدار بە ئەفسەرەوە،٣. شێوازێک درونی جلک×: (کەوا و پاتۆڵ ئەفسەری/ پشتێن چیتی کودەری) «فۆلکلۆر».

**ئەفسەری‌کەریمخانی**: جۆرێ تاج بووە×١٤×: (دەبەری دا لیباسی سوڵتانی/ لە سەری ئەفسەری کەریمخانی) «ئاڵەکۆک».

**ئەفسی**: جیران، دراوسێ، هاوسێ، هەڤسی.

**ئەفشا**: ئەفشان، بڵاو، ئاڵۆز: (بە حەسرەت ئەشکی ئالم دێتە سەر ڕوو/ بە سەر ڕووتا کە ئەفشا بێ سەحەر موو) «سالم».

**ئەفشار**: ١. ناوی جۆرێک مقامە،٢. عەشیرەتێکی کوردی‌یە، نادرشای ئەفشار لە وانە،٣. عەشیرەتێکی تورک زبانی دەڤەری سایین‌قەڵایە،٤. خانەی پێنجەمی تەختەنەرد،٥. هەوشار، ناوچەی هەوشار، پارچەیەکە لە کوردستانی ئێران کە لە ناوچەی فەیزوڵابەگی و تیلەکۆ و بیماردا هەڵکەوتووە: (جوانڕۆ و سەقز و بانە و سەرا و ئابرژمانە/ لەگەڵ بیجاڕ و ئەفشار و لەیلاخ و مەریوانی) «ئەسیری»،٦. تەوژم، گوشار، فشار، زۆر.

**ئەفشاربۆهێنان**: زۆر بۆ هێنان، تەنگ پێ‌هەڵچنین.

**ئەفشارسانقەڵا**: تایفەیەکی گەورەی کورد و تورکی دەڤەری سایین‌قەڵان.

**ئەفشاری**: مەقام و دەزگایەکی مۆسیقایە.

**ئەفشان**: شاش، بڵاو، بلاڤ، پەرش، پەخشان: (لە سایەی زولفی ئەفشانی پەریشان دێ خەتی مانی/ لە تەسویری ئەگەر جارێ بە وەستایی قەڵەم دادا) «حاجی قادر».

**ئەفشان‌بوون**: بڵاوبوون: (ئەگەر ئەفشان بێ نەفحەی چینی زولفت/ خەجاڵەت دەیگرێ ئاهووی تاتار) «سالم».

**ئەفشان‌کردن**: ١. پڕژاندن، هەوەراندنی فرمێسک: (ڕوو ماڵا وە خاک جە ڕووسیاهی/ ئەفشان کەرد ئەسرین جە پای تەخت شاهی) «خانای قوبادی»،٢. بڵاوکردنەوە، پەخشان کرن: (زولفت ئەفشان کرد و پەنهان بووی و دونیات کردە تەم) «وەفایی».

**ئەفشین**: ١. ناوە بۆ پیاوان،٢. سەردارێکی موعتەسەم خەلیفەی عەباسی بووە،٣. سنووروان، مەرزدار،٤. غەمخوار، مامەخەمە،٥. نگادار، پارێزەر.

**ئەفعی**: ١. جۆرێ ماری زلە: (لە نێشی ئەفعی و ئێشی موساحەبەتی نادان/ موخەییەری کەن «ئەدەب» گەر، بە سەر دەچێ بۆ مار) «ئەدەب»،٢. بریتی لە زولف: (گوتم: زولفت لەسەر کولمت، بە حەلقە و پێچش و تابە/ گوتی: ئەفعی لەسەر پشکۆ، قەراری پێچش و تابە) «ئەدەب».

**ئەفعی‌سییەر**: مارئاسا، مارڕەوشت: (زولفی

عەقرەبڕەوش و چیهرەیی هەم ڕەنگی قەمەر/ تورە: ئەفعی سییەر و نێرگسی: هەم شێری مەراڵ) «ئەدەب».

**ئەفعیگەستە**: مارگەزیدە: (مەرهەم بی پەی زام ئەفعییان گەستەم/ دەوا بی پەی دەرد جەستەکەی خەستەم/ ) «مەولەوی».

**ئەفغان**: ١. هاوار، فەغو، فوغان، شیوەن، گریان: (شەرەر و تابش و بارش لە دەمی ڕەعدی بەهار/ ئەسەری سۆزشی گریانە لە ئەفغانمدا) «نالی»،٢. خەڵکی ئەفانستان.

**ئەفغانکرن**: گیریان، شینکردن: (زینێ کو دکر ژ دەردێ ئەفغان/ دەنگێ ستیێ دبویە دەرمان) «خانی».

**ئەفڤەل**: ئەوەڵ، یەکەم.

**ئەفکەن**: ١. هووش، کفن دڵ، مەیل دەروونی،٢. جانەوەرکوژی کیمیایی، حەشەرەکوژ.

**ئەفگار**: ١. زامار، بریندار: (حیکمەتی تۆ مولهەمە، هەم قەدەمت مەرحەمە/ موستەحەقی مەرهەمە سینەیی ئەفگاری مەن) «نالی»،٢. کز، داماو، ماندوو، شەکەت.

**ئەفگەن**: برمێن، بە زەویدادەر.

**ئەفگەندەسەر**: ١. شەرمەندە، خەجاڵەت،٢. ئاوێزان، شۆڕ: (سجدە چوون وەک بیدی مەجنوون سەر وەها ئەفگەندەسەر/ بۆ تەفەڕڕوج گەر نمایان کەی لە باغا قامەتت) «سالم».

**ئەفلاتوون**: فەلاتوون، پیتۆلی ناوداری یۆنانی: (بازار بکەت ژ بۆ فەلاتوون/ مەجموعێ خەزانەیێ د قاروون) «خانی».

**ئەفلاک**: ئاسمانگەل، کۆی فەلەک: (باوەڕم وایە کە وا گیانی پاک/ نامرێ ئەچێتە هەوارگەی ئەفلاک) «پیرەمێرد».

**ئەفوایی**: دەمی، زارەکی: (قسەی ئەفوایی: وتەی خەڵک، قسەی نەسەلمێندراو).

**ئەفەجان**: شلووقکەر، شلووقیکار، هەدانەدەر، نەسرەوتوو.

**ئەفەرموش**: ١. ناڤێ خوەدێ،٢. لەبیرنەکەر.

**ئەفەرۆز**: ١. ئافەرۆز، بێشەرم، بێحەیا،٢. دوورخراوە، دەرکراوە، ولانراو، لانراو، بێوەری، بێبەش، بێبەهرە.

**ئەفەرۆزکرن**: دەرکردن، بێبەش کرن.

**ئەفەریم**: ئافەریم، ئافەرین، باریکەڵڵا.

**ئەفەندم**: ئەفەنم.

**ئەفەندی**: ئاغا، وشەی ڕێزگرتنە.

**ئەفەنم**: ١. ئەفەندم، ئەفەندی، وشەی ڕێزە بۆ پیاوی دەوڵەت،٢. وشەی ڕێزە لە زمانی تورکان بۆ کاربەدەستی تورک.

**ئەفی**: هەفی، حەفی، کوڵەژ، ئەفعی، ماری زل.

**ئەفیاری**: نەی مەست، هۆشیاری، ئەغیاری.

**ئەفیهان**: ئەمە، ناوی ئاماژەدان بۆ نزیک.

**ئەفیهانێ**: ناڤێ ئاماژەدان بۆ کۆیە.

**ئەڤ**: ١. ئەم، ئەمە، ئەڤە، ئی، یە، جێناوی ئاماژە بۆ نزیک(کەس، شت): (ڤی: بۆ نزیک و نێر: ڤی خار، ڤێ: بۆ نزیک و مێ: ڤێ خاریە، وی: بۆ دور و نێر، وێ: بۆ دور و مێ): (ئەڤ میوە ئەگەر نە ئابدارە/ کورمانجیە ئەو قەدەر ل کارە) «خانی»،٢. ئەو: بۆ نیشاندانی کەس دور: (ئاها! حەتتا مرنێ ئەڤ ژ مەرا داغ و کەسەر کر) «جزیری»،٣. بۆ ماڵات و زیندەواری دوور بەکار دەبێ،٤. وەها، بەمجۆرە، هۆتۆ: (ئەڤ ڕەنگ د وان تو بوویی موزمەر) «خانی».

**ئەڤا**: ١. ئەم، ئەمە، ئەیە، یە، ئی، ئەی،٢. ئەوە، ئەوا: (ئەڤا سێ هەیڤە هاتمە دونیایێ) «پەرویز جیهانی».

**ئەڤاژی**: ئەڤ ژی، ئەویش.

**ئەڤاک**: ئەڤڤاک، ب من چ، چ ب من مربووت.

**ئەڤان**: ١. ئەمان، ئەمانە، ئەڤانە، ڤان، هێمایە بۆ

کۆی نزیک،٢. وان، ئەوان: (میر گۆ کو ڤەکن ئەڤان غەزالان/ پابەندە مەکن ئەڤان شەپالان) «خانی».

**ئەڤانا**: ئاڤانان، ڤان، ڤانان، کۆما ئەڤ.

**ئەڤانان**: ئەڤانا، ئەوان، ئەمانە.

**ئەڤاندن**: حەباندن، حەزکرن، ڤیان، خۆشویستن: (شیڤا دوو جاران کەلاندی، نانێ دوو جاران ڕەشاندی، بوویکا دوو جاران خەملاندی، چو دلا نەئەڤاندی) «پەند».

**ئەڤاندی**: خۆشەویستی، حەزلێکردوویی: (لێ وەلی نە ئەو مرۆڤ بوو، کو ژ بریارا خوە ڤەکشە و ب ئەڤاندییا خوە، ڕەوشان خانما کەچا بانکیرێ سەنەندەجێ ڕا زەوجی) «مەستوورە».

**ئەڤانە**: ئەمان، ئەڤان، ئەمانە: (ئەنگوشتەرێی د وە ئەڤانە/ ئینانە مە ئەو ژ بۆ نیشانە) «خانی».

**ئەڤانی**: خۆشەویستی: جێی ژوان: (ئەو لەو نەدچو حەتا ڤە ئیرۆ/ مابو ژ ئەڤانی‌یا تە گیرۆ) «خانی».

**ئەڤایا**: ئەڤا، ئەڤ، ئینەی، ئەوایان.

**ئەڤایان**: ئەڤانان، ئەوەیان، ئەڤان.

**ئەڤبارا**: گوندێکە لای پیران.

**ئەڤجا**: ئەوجا، ئەوجار، ژبەرکو، ژبەر، ئالاڤا گرێدانا رستە ژ بۆ بەردەوامی.

**ئەڤجار**: ئەڤ بار، ئەم جارە.

**ئەڤچەند**: ١. ئەوەندە، هەند، هەندە، هێندە، ئەوەندوکە، ئەوەندە، ئەونە،٢. ئەوەندەی بلێی، زۆرزۆر: (ئەڤ چەندە مونافیق و نەیاری/ هێژا تو ب چاڤێ من دیاری؟!) «خانی».

**ئەڤچەندە**: ئەڤچەند، ئەوەندە: (ئەڤ چەندە موعەززەم و مودەوەر) «خانی».

**ئەڤدال**: ١. عەودال، ئەودال، ئەبدال، دێوانە، سەوداسەر: (وە شای ئەڤدالان، وە شای ئەڤدالان/ گرەێ دەلەگم سقانم تاوان) «خانمەنسوور»٢. ئەبدال، نێرەپۆڕ.

**ئەڤدالی**: عەودالی، سەوداسەری.

**ئەڤدۆڵ**: سووکە ناو عەبدۆڵ.

**ئەڤدلا**: ئەولا، ئەبەلا، کورتکریاگی عەبدوڵڵا.

**ئەڤدەر**: ئێرە، ڤر، ڤرا، ڤێدەرێ، ئەگرە.

**ئەڤدێل**: ناوە××٢٣×: (چێتر ژ زەنگلێ ئەڤدێل/ ئەز دەنگێ تە دهەبینم) «سەنار».

**ئەڤدین**: تۆڵە، حەیف: (ئەڤدینا خوە ستاندن: تۆڵەی خۆی لێکردەوە).

**ئەڤر**: ئەور.

**ئەڤرا**: ١. بەرز، هەوراز، بلند، بڵێند،٢. ناڤێ مێرانە.

**ئەڤراختن**: هاندان، هەڵخڕاندن، پێهەڵگۆتن، تاریفدان.

**ئەڤراز**: ١. ئەفراز، هەوراز، ئەوراز، سەرکۆ: (ئەڤرازێ د ڕکن/ ڕستکێت مۆری و مەرجانا زراڤکن/ خودانێت دۆست و یارا/ ڕێ ل بەر د سڤکن) «حەیرانۆک»،٢. ناڤێ مێرانە.

**ئەڤرازکرن**: بەرزکردنەوە: (دەستێ د خوە پەرواز کرن/ وەجهێ د خوە ئەڤراز کرن) «فەقێ تەیران».

**ئەڤرازی**: ١. هەورازی، ئەورازی: (هەر ئەڤرازی‌یەک نشیڤی‌یەک ل دوو تێت)، (مریشک مریشکە دەمێ ئاڤێ ڤەدخۆت، تەماشای ئەفرازی‌یێ دکەت!) «پەند»،٢. سەربلندی: (هەم سوفلەوی بازی دکین/ هەم مەیلی ئەڤرازی دکین) «فەقێ تەیران»،٣. ئەڤراز، هەوراز: (ل مە بایی کرە گازی/ خەزام پێچان ل بەر ئەڤرازی/ موقیم ئەڤ ئاش ل ڤێ سازی/ ڕەشاندن سونبلان ئارە) «فەقێ تەیران».

**ئەڤراڤ**: پیرۆز، خودایی.

**ئەڤراندن**: ١. ئاڤراندن، خولقاندن،٢. پەسندان، تاریفدان، ڕێزگرتن.

**ئەڤرست**: هەڤرست، ئێرڤست، جۆرێ داری عەرعەرە.

**ئەڤرۆ**: ١. ئەمرۆ، هەڤرۆ، ئیرۆ: (ئەمرۆ دلی

بێچارە ئەبەی ئەیخەیە ناو داو/ نایزانی سبەینێ ئەکەوی سەرکز و داماو/ ...) «هەردی»،٢. لەم زەمانەدا: (لێ هێشتا بەکروک ساخ و بهێزن/ بەکرۆک ئێک بو، لێ ئەڤرۆ ریز ریزن) «سندی».

**ئەڤرۆپاش**: لەمرۆ بە دواوە، لەمە بە دواوە، ئەڤرۆپێڤە، ئەورۆ بەولاوە.

**ئەڤرۆپێڤە**: ئەڤرۆپاش.

**ئەڤرۆکانێ**: ئەمرۆ، ئەمرۆکە: (ئەڤرۆکانێ ل من وێ رۆژێ پر ژ خۆشی و رەنگە رەنگ) «سندی».

**ئەڤرەنگ**: وەها، بەمشێوەیە، بەورەنگە، وسا، وەسا: (ئەڤرەنگە فەلەک هەمی موعەززەم) «خانی».

**ئەڤرەنگسوخەن**: ئەو قسانە، ئەو جۆرە لێدوانانە: (شەیخ گۆتە وان ئەڤ رەنگ سوخەن/ شیرەت ئەسەر ناکەن ل مەن) «فەقێ تەیران».

**ئەڤرەنگە**: وسا، وەها، بەمجۆرە: (ئەڤرەنگە ببێژە وان حەبیبان/ مەجموعێ مەوالی و خەتیبان) «خانی».

**ئەڤرەنگەهە**: وسا، ئەوجۆرە، بەمشێوە: (دانایێ موعەممەرێ کوهەن سال/ ئەڤرەنگەهە گۆ ژ بۆ مە ئەحوال) «خانی».

**ئەڤریشم**: هەوریشم، ئاڤرمیش.

**ئەڤریک**: ناوی دو گوندە لای دهۆک ××: (ژ ئەڤریکێ هەتا چەڤریکێ، هژیر ما دەڤێ بیکێ!) «پەند».

**ئەڤریکژۆری**: گوندێکە لای دهۆک.

**ئەڤریکژێری**: گوندێکە لای دهۆک.

**ئەڤزریکمیری**: گوندێکە لای سلیڤانی.

**ئەڤژی**: ئەویچ، ئەویش.

**ئەڤسار**: هەڤسار، هەوسار.

**ئەڤسارکێ**: گوندێکە لای دێرالوک.

**ئەڤسال**: ئەمسالّ، ئیسال: (ڤێکرا دکرنە گازی وەرن کو هات سەرسال/ وەرن کو جێژنە ئیرۆ، پیروز بیت ل مە ئەڤسال) «هزروهیڤی».

**ئەڤساله**: ئیسال، ئەمسالّ: (بۆ مری پار ئەڤساله دەکەنە گری) «کانی».

**ئەڤسەنا**: ئەفسانە: (ناڤین خوە ب ئەوقاس میرانی و ئەڤسەنا خەملاندنە) «مەستوورە».

**ئەڤسەنە**: ئەڤسانە، ئەفسانە: (د بیرا وێدا چاوان ئەڤسەنە مابوون) «مەستوورە».

**ئەڤشەڤە**: ئەمشەو، ئەمشۆ، ئیشەڤ، شەوێ کە تێیداین.

**ئەڤشی**: ١. ئاژەڵی لە شیر وەستاو، وشکبوو، هشکبوو: (بزنێت مە هە ژ بهاریڤە ئەفشین و نزانم چ بەلا بوو)،٢. حەوشە، هەڤشی، حەساری لە درک و پەرژین و چەپەر بۆ مالات،٣. نگاداری، نگادێری و هێشتنەوە.

**ئەڤشین**: ١. هەڤشین، وشکبوونی شیری مەڕ و ماڵات بە هۆی نەخۆشی،٢. ناوی فەرماندەیەکی «موعتەسەم» بووە.

**ئەڤقاک**: ئەڤاک: (ژ وان ک ژ تە ترسین بترس ئەی حەکیم/ ئەڤقاک بەر کەفی گەل سە دیسان ل جەنگ) «گولشوون».

**ئەڤقا**: هێندە، ئەوەندە، ئەوقاس، ئەڤقاس.

**ئەڤقەدەر**: ئەو ئەندازە، ئەو ڕادە: (زاهیر تە کر ئەڤ قەدەر سەنایع) «خانی».

**ئەڤک**: میتکە، قیتکە.

**ئەڤکینگ**: ئاردی ناو کەوڵ کە بە گونکەوە دەکرێ.

**ئەڤگنی**: شارۆچکەیەکە لە رۆژهەڵاتی شەنگال.

**ئەڤل**: پەیڤەکە دارژتییا کەڤنە ئانگ: دگەل هلاڤێتنا یەکەم بلقا ئاڤێ.

**ئەڤنەهێ**: گوندێکە لای شارۆچکەی دەرکار.

**ئەڤنەیاپە**: ١. ناڤێ خوەدێ،٢. نایاب.

**ئەڤۆ**: ئاڤۆ، ئەڤوز، نێری کێوی.

**ئەڤۆر**: نێریە کێوی، بزنەکوڤی.
**ئەڤوز**: ئەڤۆر، ئەڤۆ، هەڤووری.
**ئەڤە**: ١. ئەمە، ئەم بۆ نزیک: (چ حەدی عەقڵە قیاسی تە کرت؟/ ئەڤە بورهان کو تو بێ بورهانی) «جزیری»،٢. ئەوە، وە(دوور)،٣. ئەمەیە، ئەوەیە: (قەست و داخوازا مەلێ دائیم ژ جان و دل ئەڤە) «جزیری».
**ئەڤها**: ١. ئەمانە، ئەڤانە(نێزیک)،٢. وە، ئەوە، ئەوانە (دوور)،٣. ئاها، ڤی جووری، ئەو تۆر.
**ئەڤەبێ**: گوندێکە لای ئاکرێ.
**ئەڤەت**: ئەوەتە، ئەوە، ئەڤە.
**ئەڤەخشیدار**: ١. ناڤێ خوەدێ،٢. بێدار.
**ئەڤەڤە**: ئەوەتا، ئەوها، ئەوتا، ئەمەتا.
**ئەڤەکو**: ئەوەیە کە: (یان یەکێ ژ وان ددا بەر روویێ خوە، ئەڤە کو ...) «پەپووک».
**ئەڤەڵقارە**: شاڵدۆڕکی، شاڵدۆڕەکی.
**ئەڤەندە**: ئەوەندە، ئەمەندە، هێندە، ئەڤهندە.
**ئەڤهندە**: ئەڤەندە، ئەڤقاس.
**ئەڤهە**: ئەم، ئەمە، ئەڤە، جێناوی ئیشارە بۆ نزیکە.
**ئەڤی**: ١. ئەم، ئەمە، بۆ نێر دەبێ،٢. ئەوەی.
**ئەڤێ**: ئەم، ئەمە، ئەمیەکی(مێو).
**ئەڤێتهەنێ**: ئەڤێهانێ.
**ئەڤێرێ**: ئێرە، ئائێرە، ئائێرانە، ئەئێرە، ئەگرە، ئەئێگە، ئەچێگە، ڤێرێ.
**ئەڤیستا**: ئاوێستا.
**ئەڤین**: ١. ئەوین، دڵداری، دڵداریتی، خۆشەویستی، ڤیان: (سۆتن و دەردێ ئەڤینێ، عیللەتێ داغ و برینێ/ خوەش دبن ما ئەو ب دینێ، شەربەتا لێڤان موفایە) «جزیری» ٢. ناوە بۆ ژنان: (ئەڤین و ڤییان دەستەخووشکن).
**ئەڤینپەروەر**: کەسێ ئەڤین ل جەم پیرۆزە.
**ئەڤینپەروەری**: پیرۆزیا ئەڤینێ.
**ئەڤینتیی**: دڵدار، ئەویندار: (وێ دخوەست بزانبیبا کا د وان شعران دا قەت شیعرێن ئەڤینتییێ هەنە) «مەستوورە».
**ئەڤینچریک**: کەسێ بەهایێ ئەڤین نازانێ.
**ئەڤینبەخش**: هەر شتێ خۆشەویستی فێر بکا: (بوونت مایەی ژیانە/ ئازادی‌یە و ئارامی/ وانەی ئەڤینی بەخشە/ بۆ وەی لە ژین نازانی) «ئیدریس عەبدوڵلا».
**ئەڤیندار**: ١. دڵدار، ئاشق، ئەویندار، سەوداسەر: (بێریی تو خوین‌شیرینی/ دەلالێ لێڤ هنگڤینی/ بشکور بە گاڤا من دبینی/ بێری یێ ئەز ئەڤیندارم) «سندی»،٢. ناوی پیاوانە.
**ئەڤینداری**: دڵداری، ئەوینداری، خۆشەویستی، حەزلێکردویی،حەزلێکەری، عیشق.
**ئەڤینڤان**: دڵدار، ئەویندار، ئاشق.
**ئەڤین کرن**: خۆش‌ویستن، حەزلێکرن، دڵداری کردن.
**ئەڤینەژی**: ئەڤا ژی، ئەویش.
**ئەڤینی**: ئەڤینداری، ڤین، سەودا، دڵداریتی، خۆشەویستی، حەزکرن.
**ئەڤینی کرن**: ئەڤاندن، خۆشەویستی کردن.
**ئەڤێها**: ئەوە، ئەئەوە، ئەوەها، مرازی نیشانەیە بۆ یەکێکی نزیک.
**ئەڤیهانێ**: ئەڤێهانێ، ئەڤێتهەنێ، ئەئەوە، ئاوەتەنێ، ئەوەهای، ئیشارە بۆ دور و کۆ.
**ئەڤێهانێ**: ئەڤیهانێ.
**ئەقار**: زەوییەکی داری لێ چەقابێ.
**ئەقاقیا**: ئەقاقی، ئاقاقیا، ئەکاکی، دارجەوی، داربسمیلا، دارێکی گوڵ سپییە.
**ئەقباڵ**: ١. بەخت، هات، شانس،٢. ناو کوڕانە.
**ئەقچەم**: ئەجگەم، پێل، شەپۆل، مەوج.
**ئەقحەوان**: چاوێشە، گوڵ چاوێشە، بەیبوون.
**ئەقدەس**: ناوی ژنانەیە: (ئامنە و ملووک، ئاسیە و ئەقدەس) «چەپکەگوڵ».

**ئەقر**: ئەقڵ، ژیری: (نە هەورە نە سایقە، مانگ ڕەق ڕاوەستایە، پیاوی بێ ئەقر ژنی خۆی تەراق دایە) «ف.پ.پ.».

**ئەقراج**: ئەقراژ، ئەخراج.

**ئەقرار**: ١. ئقراری، ئەونە، هێندە،٢. وەتن.

**ئەقراربوو**: ئاد بوو، شەرت بوو.

**ئەقراركردن**: دركاندن، وە ژێرێ چین.

**ئەقرارهاوردن**: قەبووڵ نەكردن، ڕەت كردنەوە.

**ئەقراژ**: ئەخراج.

**ئەقراوی**: ڕەش، سیا: (دوپشكی ئەقراوی: دەماركوڵی ڕەش).

**ئەقرۆت**: ئەكرۆت، عەكرۆت، بێناموس، گەواد.

**ئەقرە**: ئەوقرە، ئەوقە، ئەونە.

**ئەقرەب**: عەقرەب، دوپشك: (زولفت وەكو مارە و سەری زولفت چزی ئەقرەب) «قانع».

**ئەقرەبا**: قەوم و خوێش، خزم و كەس.

**ئەقرەبلو**: ناوی گوندێكە لای سایینقەڵا.

**ئەقرەبە**: عەقرەبە، ئامرازێكی جووت كردن، ئاسنێكی چەماوەی وەك چنگاڵە لە ناوەڕاستی ئەقرەبەیە كلكی مژانە ئەڵقەیەكی ئاسنی پێوەیە ئەڵقەكە دە سەر ئەم ئەقرەبە دادێ.

**ئەقرەو**: ١. دووپشك، كولاژدم،٢. قەرەبوو، ئەقرەوی: (ئەقرەوی دەیدەو).

**ئەقرەوە**: قەرەبوو، ئەقرەو.

**ئەقرەوی**: قەرەبوو، ئەقرەو.

**ئەقرەویدان**: ئەقرەوەدان، سەزاچەشتن.

**ئەقرەویكردن**: قەرەبووكردنەوە، بۆبژاردن.

**ئەقسام**: جۆرگەل، زۆرجۆر: (ئەقسامێ بخوور و عود و عەنبەر/ ماوەرد و زەباد و میسكێ ئەزفەر) «خانی».

**ئەقفی**: خەنجەرێكی گچكەڵەیە لە پشتەوە هەڵدەگیرێ.

**ئەقڵ**: ١. ئاقڵ، ژیر، بەئاوەز،٢. فام، فامسن، ئاوەز، هیر: (وا چاخی گوڵە و دار و دەوەن گوڵپۆشە/ دەروێش وەرە بەر! وەرگرە مەی بینۆشە/ بڕوانە لە گوڵ بە ئەقڵی تۆ پێدەكەنێ/ بۆ بیری جەهەندەم، دڵ و ڕووت ناخۆشە) «خەیام هەژار».

**ئەقڵبرن**: ئەقڵبردن، شێتكردن.

**ئەقڵبركردن**: ئەقڵ پێشكان، تێگەیشتن.

**ئەقڵبڕین**: ئەقڵ پێشكان: (شتی تر ئەقڵم نەیبڕی/ منیش هەر ئاوەكیم كڕی!!) «هێدی».

**ئەقڵپێشكان**: سەرەندەر كردن، لێزانین: (گوندنشین ئاوە زوو ئەقڵیان بە مەدا ناشكێ) «تەنەكە».

**ئەقڵتێكچوون**: خەرەفان، گوڕانی ئەقڵ.

**ئەقڵدار**: عاقڵ، ژیر، فامیدە.

**ئەقڵسفك**: ئەقڵسووك: (زەم ژنكەكی ئەقڵسفك بوو، قەردا ڕەمەزانێ و ڕەجەب و شەعبان بەجێ هێنا) «پەند».

**ئەقڵسووك**: شێتۆكە، نەفام، نادان.

**ئەقڵشێواندن**: مێشك هورووژاندن: (قەڵەم مەردانە نوتقی دا، جوابی دامەوە، فەرمووی:/ بە هیچ ئەقڵت ئەشێوێنێ، خەرافەت بۆ ئەكەی ئیزهار) «قانع».

**ئەقڵگرتن**: برواكردن، چوونە ئەقڵەوە: (بەڵام هیچ وایان بە بیردا نەدەهات تۆزێ بە ڕێوجێ بێ ئەقڵ بیگرێ) «تەنەكە».

**ئەقڵگەیین**: تێگەیین، فامین، فامان.

**ئەقڵمەند**: ئەقڵدار، ژیر: (ئەندیشە بكە تو ئەی ئەقلمەند/ باوەر تو بكی كو ئەی شەكەرخەند) «یۆسفوزولەیخا».

**ئەقڵمەندی**: ئەقڵداری: (زانین و ئەقلمەندی ل سەر بچوویكیێ و مەزنیتێ نینە) «پەند».

**ئەقڵهەبوون**: ئەقڵدار بوون: (گوڵ ئەگەر ئەقڵی

ببـێ، سـەر لە خـاک ناکـاتە دەر/ چـونکە ڕۆژی دڕک و داڵە، گەرمی بازاڕی گیا) «قانع».
**ئەقوورِێ**: ئەجوورِێ.
**ئەقوەت**: ئەنجام، دویاخر.
**ئەقەرە**: ئێقرە، ئەخنە، ئەخنکە.
**ئەقەللەن**: لانی کەم، هەر نەبێ، هیچ نەوێ.
**ئەقەورە**: ئەوقە، ئەقرە، ئەونە.
**ئەقیـانووس**: ئوقیـانووس، ئۆقیـانووس، زەریـا، دەریای گەورە و بێ پەی.
**ئەقیق**: ئاقیق، عەقیق، یاقیق.
**ئەک**: ١. دەک، ئەو وشە دەکەویتە پێش ڕستەی نفرین و دۆعا: (ئەک ملت بشکێ!، ئەک نەمێنی!)، ٢. پاشگرێکە لە ناوی تایبەت ناوی گشـتی سـاز دەکـات: (پەشـمەک، کـرمەک)،٣. دوای پەسـن (سـفەت) دەکەوێ و دەیکـات بە نـاو: (کـاڵەک، خـامەک)،٤. دوای ڕیشـەی چـاوگ دەکەوێ دەیکـاتە نـاو: (پەسـتەک، ڕنەک)،٥. لە دوای ڕیشەی چاوگ واتـای زیـادەڕەوی دەدا: (بـڕەک، پیرەک)،٦. یەک، ئێک: (گوندەک)،٧. دەک، حەک، بۆ دەربڕینی داخ و خەفەت بەکاری دێنن.
**ئەکابر**: ١. ئەکابیر، گەورەگەل، گرەگرە، مەزنـان: (هندەک د ئەعـالی و ئەکـابر) «خـانی»،٢. گەورە، تەمەندار، گەڕاوە: (هـیچ وە وەی نـاچێ ژنهـێن بێ، میرزا یەکی ئەکـابر، یەکـی وەک مـن دێنـێ) «ئەمیری» «ئەمیری»،٣. دەرس شەوانە.
**ئەکـــابیر**: ١. ئەکـــابر، مەزنـــان: (ڕونیشـــتی ل شەهنشینێ عالی/ جەمعەک ژ ئەکابیران حەوالـی) «خانی»،٢. دەرسی شەوانە خوێندن.
**ئەکارە**: وەرزێرێ ک خوەێ زەو نەیـرێ وچـوو مزوری کەێد.
**ئەکان**: ئەوکان، ئەوبەر چەم.
**ئەکاوێز**: جمەوجۆڵ.

**ئەکئەک**: ئەهائەها، ئاها، بۆ ئاگاداری.
**ئەکباتان**: پایتەختی ئەوەڵی دەوڵەتی مـاد بـووە، ئێستا ناوی هەمەدانە: (شـاری پایتەختیـان نـاو نـا ئەکباتان/ ئێستا پێی ئەڵێن شاری هەمەدان) «قانع».
**ئەکـــبەر**: ١. گەورە، مەزن، سـفەتە بـۆ خـودا: (قەسەمت دەدەم تـۆ بە خـودای ئەکـبەر/ وەخـتە وەک سـەنعان لە دیـن بچـمە دەر) «حەسـەن زیرەک»،٢. گەورەتر: (هەر ڕەوزە، ڕیازێ خولدێ ئەکـبەر/ هەر چەشـمە ژ عەینـێ ئـابێ کەوسـەر) «خانی»،٣. ناڤێ زەلامانە: (جـار جـار لـێم تـووڕە دەبوو دەیکوت: هەزار کوڕم هەبێ، تاقی ناو نانێم ئەکبەر!) «کۆردەرە».
**ئەکـــبەراوا**: گونـــدێکە لە دێکـــۆی حوســـەیناوای دیواندەرە.
**ئەکبەرئابـــاد**: ١. دیەکەیـــگە لە کەنـــگەوەر،٢. دیەکەیگە لە بیلەوار،٣. دێیەکە لە سەرپیەڵ.
**ئەکتەر**: شانۆکار، ئارتیست، هونەرپیشەی شانۆ و سینەما.
**ئەکسەر**: ١. زۆربەی، زۆری: (ئەغلەب دبـن ئەو ب عەقلێ مەغـروور/ ئەکسـەر دگەڕن ژ دانشـێ دوور) «خـانی»،٢. هەمـوو، حەمـی، بگشـتی: (تەورات ئەوان ژ بیر کر ئەکسەر) «خانی».
**ئەکسیر**: ئێکسـیر، کیمیـا، شـتی نایـاب و دەس نەکەوتوو.
**ئەککێش**: خەریک بوو.
**ئەککــوو**: ئەک، دەک، پەک، پەککـوو، وشـەی زۆر سەیرمانە.
**ئەکمە**: جوابی ناشایست هاوتای کوفت.
**ئەکن**: حاسڵ، داهات، بەرەجووت: (ئەکنێ گەنم و جەهـ ل کوردســـتانێ گشـــکا باشـــتر ل ئیســـفاندابادێ دهـــات) «مەســـتورە»، (خوەلییـــا شەهرەزوورێ وەکی سالێ دوو ئەکنا دکـاری ژێ

بەرەڤ بکی) «مەستوورە».
**ئەکنجی**: ئاکنجی، نیشتەجێ.
**ئەکۆ**: مرۆڤی پشتپان و ناقمل.
**ئەکوان**: ١. دێوان، دێوەگەڵ،٢. ناوی دێویکە،٣. کێوان، چیاکان، زنجیرە چیا.
**ئەکودەک**: ئەک، دەک، داخ، ئاخ، حەسرەت.
**ئەکولین**: لێکۆڵین، لێپرسینەوە: (حکمەت مام و هەر دوو کورێن وی گازی کرن و ئەکولین دگەل کرن) «گولواز».
**ئەکۆنیت**: گیایەکە.
**ئەکوو**: ئەکان، ئەوکان، ئەوبەر چەم.
**ئەکوێ**: بۆ کوێ؟: (ئەی دڵ ئەو شادی و سەفا ئە کوێ چوو؟) «مینەجاف».
**ئەکە**: ١. پاشگرێکە بۆ ناساندنی نەناس: (پیاوەکە، ژنەکە) ٢. نیشانەی بچووکی: (شڕەکە، خڕەکە) ٣. بۆ خۆشەویستی و دۆستی: (کچەکە وا مەڵێ) ٤. گەر، ئەگەر، ئەر، هەگەر.
**ئەکەت**: ئەکا، ئەکات، ئەکاتن: (بوژی نەیژی ئەو کارە ئەکەت).
**ئەکی**: ١. پاشگری کات و شوێن: (پێشەکی، دوپشتەکی)،٢. بە واتا ئی، هی: (خێڵەکی، دەشتەکی، سەرەکی)،٣. بە تەنیا واتا: کێ؟،٤. سووکە ناو ئەکرەم.
**ئەکێ**: ١. کێ؟، چکەس؟ ٢.پاشگرە بە واتای ئەکە.
**ئەکید**: ١. ڕیش‌سپی، گەورەگەورە،٢. خورت، ئەگید، بەهیز.
**ئەکیل**: ×××١٨٨مینەج.
**ئەکین**: توو، تۆم، چاندنی: (ژ ئەکینا پاک ڕە، بەرەڤکرنا پاک پێویستە) «پەند».
**ئەگا**: ئەگە، ئاگا، ئاگە.
**ئەگال**: حەگال، ئاگال، ڕشتە، عەگاڵی عارەبان بۆ بەستنی سەریان.

**ئەگرە**: ئێرە، ڤر، ڤێرە، ئێگرە، هێرە.
**ئەگرەنە**: ١. ئەگرەنا، لێرەنا، ئێرەنا،٢. لێرەن، لە ئێرەن، لە ئەگرەن،٣. ئەگرە، ئێرە.
**ئەگرەیی**: ئێرەیی، خەڵکی ئەگرە.
**ئەگریجە**: ١. بسک، جخ، تووک، تیتک، بسک‌وپەرچەم، پەرچەم، قژ، لزگەمووی لاجانگ یا ناوچاو: (وەختێ کە ئەکەی چەشنی نەسیم لەنجە بەرەو ماڵ/ ئەگریجە پەخشە لە سەر کولم و خەت و خاڵ) «گۆران»،٢. ڕوومەت،٣. ڕیشاڵ و گەڵا و پەلکی گوڵ و گیا: (شنۆی ئەگریجەیی شەوبۆ لە بەینی لالە و نەرگس/ مەڵێ نەمدیوە وەک زولفی پەشێوی دڵفگاریکە) «مینەجاف»،٤. ناوی کچانە.
**ئەگریجەبڕین**: ١. بڕینەوەی پرچی درێژ،٢. بریتی لە ئەتک پێکردنی ژن لە سەر تاوان: (بیستم ئەگریجەی لوولت بڕاوە/ هێلانەی دڵان یەکسەر شێواوە) «پیرەمێرد».
**ئەگریجەبڕینەوە**: قەیچی کردنی بسک و ئەگریجە بۆ جوانی: (لە کولمت هەرچێ خاریج بێ سەری ئەگریجە قەیچی کە/ بڵێن با سەربڕینی خاریجی بۆ ڕەونەقی دین بو) «سالم».
**ئەگریجەخاو**: بسکخاو، زولفخاو: (وا لەکوێ گەردنبلوور، وا لەکوێ ئەگریجەخاو) «مینەجاف».
**ئەگریجەی‌کاڵ**: بسکی کاڵوکرچ: (ئەمانە باون: بەزم لە کۆیە، ڕەزم لە سلێمانی، ئەگریجەی کاڵ لە ئامێدی) «ڕشتەی مرواری».
**ئەگریمۆنی**: گیاجگەر، دەواجگەر، گیایەکی دڕکاوییە خوێن دەپاڵێوێ.
**ئەگرێنجە**: ئەگریجە، کەزی.
**ئەگرێنجەبڕیەی**: ئەگریجە بڕین.
**ئەگرێنجەوادای**: ئەگریجە بادان.
**ئەگز**: ناوی مووچەیەکە لای بیجاڕ.
**ئەگلەنجە**: گۆوەند، گۆڤەند، حەپلە، شایی.

**ئەگومان**: ١. ناڤێ خوەدێ،٢. بێشک، بێگومان.
**ئەگوەر**: ١. گەورە، مەزن،٢. سووکە ناو ئەکبەر.
**ئەگە**: ١. ئاگە، ئەگا، تەمەڵ،٢. ئەر، ئەگەر، گەر، ئەیەر، هەرگا، هەگە: (ئەگە دەمزانی شەو جێگات کامە/ دەمنایە باخەڵ جووتێ شەمامە) «فۆلکلۆر».
**ئەگەچە**: ئەرچە، ئەگەرچە.
**ئەگەر**: ١. هۆکار، هۆ، بۆنە، پەلپ، بیانگ، سەمەد، سەبەب، فاکتەر: (من ئەو کارا ژی نەدکر بەلی تو بوویە ئەگەر کو ب ڤی کارێ پیس ڕابم) «گولواز»،٢. ئەر، گەر، ئەگەکوو، ئەگەرەکینی، خۆ، ئەگە، هەکە، هەکو، هەکی، هەرکی، هەرکە، وەگە، ئەیەر، وشەی مەرجە: (هەکو هەتا ئێڤاری ئەز نەهاتم ئەو ئەز شەڤێ ژی ناهێم)، (ئەگەر گول نەبی، ستری ژی نەبە) «پەند» ٣. قۆرت، تەگەرە، گرێ، لەمپەر، ٤. لەوانەیە.
**ئەگەرئاگر**: ١. ناڤێ خوەدێ،٢. دروسکەرێ چوار مادەکان: (ئاگر، ئاڤ، ئاخ، با).
**ئەگەرئاگرگەر**: ١. ناڤێ یەزدان،٢. دروسکەری ئەستێرەکان.
**ئەگەربۆ**: ئەگەر بێتو، بێتوو، ڕەنگە.
**ئەگەرتێخستن**: ١. گومان خستنە سەر شتێک،٢. بەرهەڵست هێنانە سەر ڕێگای کارێک: (ئەوە چیتە، هەرچی پێت دەڵێن ئەگەرێکی تێدەخەی!).
**ئەگەرچووێ**: ئەگەرچی، ئەرچە.
**ئەگەرچە**: ئەرچە، ئەگەرچی: (ئەگەرچی ڕۆژ و شەو، مەشغووڵی نەغمەی موتریبم، ئەمما/ لە تەم خاڵی نییە ساتێ، دڵەی مەفتوون و غەمگینم) «کوردی».
**ئەگەرچی**: لەگەڵ ئەرسەد، ئەرچە، ئەرچی، ئەوەشا، گەرچی، لەگەڵ ئەوەشدا، هەرچەن، هەرچەندە: (کوردستان: ئەگەرچی دوورە دنیای تۆ/ دۆڵ و دارستانی چۆڵ و تەنیای تۆ) «گۆران».
**ئەگەرخۆ**: هەرچەندە: (خەندە و دەمی مەحبووبە کە وا زۆر نمەکینن/ بەس خۆشە ئەگەرخۆ نمەکی زەخم و برینن) «نالی».
**ئەگەرکو**: ١. گریمان، وای دانێین،٢. ئەگەر: (ئەگەر زیندانە، ئەگەر دارە، ئەگەر بەند/ بەسە جانا! عەزابی مە، هەتا چەند؟) «ئەدەب».
**ئەگەرمەگەر**: ئەگەر و نەگەر، دووبەختەکی.
**ئەگەرنا**: ئەگینا، دەنا، ئەرنا، ئەرنە، وەرنە، وەرنا، وەگەرنا: (موددەتێکە مەیلی جارانت نییە جانا بە مە/ گەرنە، جارێکم دەدی، نامە، یا پەیغامەکەت) «ئەدەب».
**ئەگەرنە**: ئەگەرنا، ئەینا، دەنا، ئەگینا.
**ئەگەرونەگەر**: دووبەختەکی، خۆوشانسی، کارێ کە دەرەنجامی ڕوون نییە: (نازانم کارەکەم جۆر دەبێ، لە ئەگەر و نەگەر دایە).
**ئەگەرەکو**: ئەگەرکو.
**ئەگەرەکی**: ئەگەرکو.
**ئەگەرەم**: ئەگەر ئەم: (هاتووم، وتی: عوقدەم هەیە، قەت مومکینە وا بێ؟/ هیی تۆم ئەگەرەم مەسئەلە حەل کەی بە جەوابێ) «نالی».
**ئەگەرێ**: لەبەر.
**ئەگەرێبەخەو**: دەبێت بە خەو.
**ئەگەرێکو**: ئەگەرکو.
**ئەگەرێکهەیە**: بۆی هەیە، وێدەچێ، ڕەنگە، شایەد، ڕێی تێدەچێ.
**ئەگەینا**: ئەگینا، وەرنە.
**ئەگیت**: ڕەشید، ئازا، جامێر، مێرخاس، نەبەز، پڕدڵ، ئەگید: (تو ژی دێ ببی خورتەکا ئەگیت و فێرس) «پەپووک».
**ئەگیتی**: خورتی، مێرخاسی، ئازایەتی، نەبەزی.
**ئەگید**: ١. خورت، ئەگیت، نەبەز، ئازا،٢. گەورەی خێڵ، ڕیشسپی، مەزن،٣. پیاوماقووڵ، بەڕوومەت.
**ئەگیدی**: ١. ئازایی، نەبەزی،٢. گەورەیی، مەزنی.

**ئەگیل**: شارێکی باکووری کوردستانە سەر شاری دیاربەکر.
**ئەگین**: ئەگینا، ئەگینە، دەنا، وەئیللا، سەکو، نەخۆ، نەکو.
**ئەگینا**: ئەگین، دەنا، وشەیەکە لە نێوان دوو ڕستەدا دێ بەو واتایە کە ڕستەی دووهەم ڕستەی یەکەم پووچەڵ دەکاتەوە: (تۆ ئەم ڕۆژنامە بخوێنەوە، ئەگینا خۆم دەیخوێنمەوە).
**ئەگینە**: ئەگین، ئەگینا: (ئەگینە دیارە ئەو باکی نییە/ ئیحتیاجێکی پیاوچاکی نییە) «پیرەمێرد».
**ئەل**: سوڕ، لاسار، سمنج.
**ئەڵ**: ١. پێشگرە وە مانای بەرز: (ئەلگرتن، ئەلۆڕیای تر)،٢. پێشگرە وەمانای شەدەت: (ئەلدرووماندن)،٣. پێشگر کردار بانییەی دەسووری: (ئەلگر).
**ئەلا**: ١. ئەللە، خودا،٢. سووکە ناو ئەللامووراد،٣. ئەولا، ئەوبەر.
**ئەلابەختەکی**: ئەڵابەختەکی.
**ئەڵابەختەکی**: هەلکەوت، شانسی، خووبەختی، دوبەختەکی، ڕەمەکی، قەزاوقورتەکی، قەزا و قوورەتی، ئاکۆیی، هاکۆیی.
**ئەڵابەختی**: ئەڵابەختەکی.
**ئەلات**: لات، لای تۆ: («نالی» مەکە، تۆرابوو، لەبەر جەبهەتی گرژت/ نایێتە ئەلات، عیجزی لەبەر دووکەڵی قانگە) «نالی».
**ئەلاجگەر**: ئەلاجگر، شارێکی کوردستانە و بەناوبانگە، کەوتۆتە دەشتی «خنووسێ»وە.
**ئەلاجووقە**: هەقلیمەقۆ، کایەی حەقلیمەقۆ.
**ئەڵاجەو**: سەیر، سەمەرە، عەجایب.
**ئەلاجەوی**: سەیر، سەمەرە، عەنتیکە.
**ئەلاحیدە**: تایبەتی، تایبەت، جیاواز، بەجیا.
**ئەلادانە**: دیەکەیگە لە کەنگەوەر.
**ئەڵادە**: سووکەڵەی ناوی «ئەڵڵاداد»ە.

**ئەلازگ**: ناوی هۆزێکی کوردی باکووری کوردستانە، دانیشتوی ناوچەی گۆلاگۆجگێ.
**ئەلازیغ**: ١. شارێکە لە باکووری کوردستان،٢. پارێزگای ئەلازیغ لە باکووری.
**ئەلاژ**: ئلاژ، ڕاکشێ، ڕازێ.
**ئەڵاژ**: ئەلاژ.
**ئەلاژگرا**: ناوی گوندێکە لە باکووری کوردستان: (شاکر ل گوندێ ئەلاژگرا ئاگرییێ ژ دایک بوویە) «سەنار».
**ئەڵاژیاگ**: ڕاکشاو، هەڵاژیاو، ڕازاو، درێژبووگ.
**ئەڵاژیاگە**: ئلاژیایە، ڕاکشاو.
**ئەڵاژیان**: ڕاکشان، ڕازان، درێژبوون.
**ئەلاسکە**: ئالاسکە، چوکلەقنگە، نوقلی دەسکدار.
**ئەلاقە**: ١. عەلاقە، حەز،٢. پێوەندی، پێڤەند، هەڤالبەندی.
**ئەلاقەدار**: پەیڕۆ، پێڕەو، شوێنکەوتوو.
**ئەلاکەت**: ئیلاکەت، هەلاکەت.
**ئەڵاگێڵی**: ناو شوێنێکی پیرۆزە××: (قەسەمم بۆ بخۆ بەو ئەڵاگێڵی) «ئاوێنەیبێگەرد».
**ئەلالە**: هەلالە، هەراڵە، میلاقە، ڕەبەنۆک، لالە: (بەنەوشەی جوکەناران هەفتەی بیی/ ئەلالە کوهساران هەفتەی بیی).
**ئەلالەت**: ١. دەستە، تاقم، پەلاتەمان، پالووتە، بتۆم، زێوە، جفات، جڤات، کۆمەگ، کۆ، کۆمەڵ، کۆمەڵە، هوومین، هەنگ،٢. لێژنە، هەیئەت،٣. حیزب، پارت.
**ئەڵامەت**: ١. ئالامەت، هەڵامەت، پەسیو، درم، زوکام: (ئەڵێن: یەکێ ئەڵامەتی بێ، نافەکەی دەرپێکەی خۆی بگرێ بە ئاگرا، چا ئەبێتەوە) «ڕشتەیمرواری»،٢. عەلامەت، شتی سەیر و سەمەرە،٣. نشانە، کفش.
**ئەلان**: ئێستا، هەیرنگە.
**ئەلانش**: گوندێکە لای شارۆچکەی دەرکار.

**ئەلانەکی**: زوزی، هەر ئێستا، هەیرنگە.
**ئەلاوبەختی**: ئەلابەختی.
**ئەڵاوردن**: ئڵاوردن.
**ئەڵاوەیسی**: مەقامێکی کۆنی کوردییە.
**ئەلای**: بۆلای، لای: (ئەلای هەرکەس دەچم، مەنعم دەکا، خۆت بۆچی ڕیسوا کرد؟/ دریغ! بۆ حاڵزانێ! ڕەببی توشم بێنی بیمارێ) «کوردی».
**ئەلئان**: ئێستە، ئێستەکێ، ئەمدەمە، نهۆ، نها: (ئەلعان لە کوێستان دەبارێ باران/ دەیدا لە گۆنای ناسک نازداران) «حەسەن زیرەک».
**ئەلئانە**: ئێستا، ئەلعان، ئەلئان.
**ئەلب**: ١. پێوانە، کیلە، دەفر: (ب ئەلبا مەزن نەدە خەلکی، ب ئەلبا بچوک بدە) «پەند».٢. سەتڵی گەورەی ئاو، مەزن ساتل.٣. دەلب، داهۆڕ، فش.
**ئەڵبان**: ئەرنەووت، خاکێکە لە باڵقانێدا.
**ئەڵبانی**: ئەونەتەوەی لە ئەرنەووتە دانیشتوون.
**ئەڵبرزگیان**: هەڵبرزگیان، هەڵزلیان.
**ئەڵبرکیان**: ئەڵورکیان.
**ئەڵبژارتن**: هەڵوژاردن.
**ئەڵبژاردن**: هەڵوژاردن.
**ئەلبستان**: ئەلبیستان.
**ئەلبورز**: کێوی ئەلبورز لای تارانە: (بە تەم کەلەی «دەماوەند» بوو، لە ئاهم گەردەنەی «ئەلبورز»/ بە ڕێی «ڕەی»دا، کە قیسمەت ڕۆژی ئەووەڵ بوو) «سالم».
**ئەلبوسەباح**: گوندێکە لای کەرکووک.
**ئەڵبووقیان**: تووڕەبوون، تن و تێژەوبوون.
**ئەڵبەت**: هەڵبەت، هەڵبەتە، بێگومان، بێدەرد: (دەپرسی: بۆچی من دەرکەوتم و، دڵ بوو لە تۆ غایب؟/ کە وەختێ ڕۆژ هەڵات، ئەڵبەت دەبێ شەونم لە خۆ غایب) «مەحوی».
**ئەڵبەتتە**: ئەڵبەت، پاسەن، هەڵبەت، هەروایە: (ئەڵبەتە مەجنوونی ڕۆژی ڕوومەتی لەیلایە کە/ موتتەسیل، شام و سەحەر، کەوتۆتە ئەم شاخانە ڕۆژ) «مەحوی».
**ئەڵبەتە**: هەڵبەت، بێدرۆ، بێگومان، بێشک: (هەرچی وەکو ئەو ژ عەردێ ڕاکەت/ ئەلبەتە وی دێ عەردێ ڕاکەت) «خانی».
**ئەلبەکی**: دیزە، قازان، بەرۆش، مەنجەڵ.
**ئەلبەیلی**: شارێکی باکووری کوردستانە سەر بە شاری غازیعەنتاب.
**ئەلبیزە**: باوەشێن، ئەرپیزە.
**ئەلبیستان**: ئەلبستان، شارێکە لە باکووری کوردستان سەر بە پارێزگای مەرعەش.
**ئەلبیسە**: جل، جلک، لیباس.
**ئەلبیسەشین**: بریتی لە خەفەتبار، شینپۆش: (بۆ مەرگی وەتەن ئێمە هەموو ئەلبیسە شینین) «قانع».
**ئەلپ**: سەتڵی ئاو.
**ئەڵپاچین**: هەڵپاچین، برین(دار).
**ئەڵپڕووچقانن**: هەڵپڕووچگانن.
**ئەڵپڕووچگانن**: ١. هەڵکەندن، دەرێنان،٢. بردن، ڕووکانن، فڕاندن.
**ئەڵپڕووگیاگ**: خەجلاو، شڵەژاو.
**ئەڵپڕووگیان**: خەجلان، خەجلین، شڵەژان.
**ئەڵپشانن**: پرژاندن، لێپرژاندن.
**ئەڵپووقیان**: ئەڵبووقیان.
**ئەلپەڕ**: دووڕوو، فێڵباز، زەرقیباز، ڕیاکار.
**ئەڵپەڕگە**: هەڵپەڕکێ، دیلان، شایی.
**ئەڵپەڕودابەڕ**: هەڵبەزودابەز.
**ئەڵپەڕین**: هەڵپەڕین، شاییکردن.
**ئەڵپەشک**: بەردەپێ(بۆ گەرماوێ).
**ئەڵپەهوت**: گوندێکە لای بیجاڕ.
**ئەڵپێچانن**: ئفتڕادان، بوختان بۆکردن.
**ئەلترازیاگ**: ترازاو، ترازیاگ، ترازی.

**ئەڵترازیان**: هەڵترازیان، ترازان.
**ئەڵترەقیان**: هەڵترەقیان.
**ئەڵترەکیان**: ئەڵترەقیان.
**ئەڵ تلێشانن**: هەڵ تلیشانن.
**ئەڵتەک**: چاڵبلووق، دەسەناز.
**ئەڵ تەکانن**: ١. گووش تەکاندن،٢. دودە گرتن، ٣. کوشتن کرمەیل ئەنام بە هۆی دوکەڵی کەماوە،٤. هەڵپێچانن.
**ئەڵتەکوەڵتەک**: چاڵبلۆق، دەسەناز.
**ئەڵتەکیاگ**: هەڵتەکاو، هەڵتەکای.
**ئەڵتیزگانن**: هەڵخستنەوە، هەڵتیزاندن.
**ئەڵتیزگە**: کاری هەڵخستنەوە، جووتە خستن.
**ئەڵجرانن**: هەڵجرانن، جەڕانن.
**ئەڵجەک**: دەسکێش.
**ئەڵچاخ**: ئاڵچاغ، بێئابڕوو.
**ئەڵچپانن**: ١. هەڵپاچین، بڕین،٢. سەفتەکردن، دەستەکردن.
**ئەڵچپیا**: هەڵچپیا.
**ئەڵچپیاگ**: هەڵچپیاگ.
**ئەڵچپیان**: هەڵچپیان.
**ئەڵچپیای**: هەڵچپیای.
**ئەلحان**: ئێستا، ئەلئان: (ئەلحانە بۆچ نامناسی، دەڵێ برادەر کوێندەری؟/ دەردت لە ماڵم لێوئاڵ، هەر ئەتۆ تانجی سەری) «فۆلکلۆر».
**ئەلحە**: سووکەڵەناوی «عەلیموحەممەد»، ناوە ئەرای زەلامان.
**ئەلحەد**: ١. گۆڕیچە، جێی مردگ لە بنی گۆڕا: (حەقی بوو دڵ لە کۆیا ما بە سینەی ئێمە ناڕازی/ کە عاسی قەسری خولدی دی، بە جێ ئەلحەد نەما ڕازی) «مەحوی»،٢. بەردی ئەلحەد: (سەر نەنیام نە سای ئەلحەد بێ پەروا) «مەولەوی».
**ئەلحەدسەرا**: ئەلحەد، گۆڕیچە: (ئینجا ئەزانیت ڕۆژێ هاتە ڕێت/ ئەلحەدسەرای تەنگ بوو بە ماوا و جێت) «مینەجاف».
**ئەلحەدە**: ئەلحەد.
**ئەلحەدیقە**: گوندێکە لە باشووری قەراج.
**ئەلحەق**: ئەلهەق، بەڕاستی: (دەستی چەوری خۆت بەسەر خەڵقا مەسوو بێئابڕوو/ مەستی ئەلحەق گاتی، ئەم سیڕڕە ئەڵێم ئیفشا نەکەم) «شوکری فەزڵی».
**ئەلحەمدولیلا**: سوپاس بۆ خودا: (ئەلحەمدولیلا بەبێ دڵئێشان/ جیابووینەوە لە یەک، بە سەهل و ئاسان) «قانع».
**ئەلحەمدوورلا**: ئەلحەملای، ئمێد خودا.
**ئەلحەملا**: ئەلحەملای.
**ئەلحەملای**: سپاس بۆ خودا کە وا ڕوویدا.
**ئەلحەمیلا**: ئەلحەملای.
**ئەلحەونارینحە**: گۆرانییەکی چەلەپاییە.
**ئەلحەونارینحەو**: سرووودێکە لە هەڵپەڕکێی کوردیدا.
**ئەڵحەی**: کوچک قەور، سەنگ گۆڕیچە.
**ئەلخان**: گوندێکە لای شەنگاڵ.
**ئەڵخرانن**: داکێشان، وەخوارهاوردن(پاتۆڵ).
**ئەڵخسن**: هەڵخستن، بەرتاودان.
**ئەڵخووز**: لاناوە ڕووتەڵ.
**ئەڵخووز**: Elxwiz لاناوە ڕووتەڵ.
**ئەڵخە**: هەڵخە.
**ئەڵخەرانن**: ١. کوناکردن،٢. بێگورتینەکردن.
**ئەڵداغ**: فێڵ، دەهۆ: (بە زمانی ئەڵداغ ماڵەکەی لە دەس کردەوە).
**ئەڵدان**: ١. هەڵات، هەڵدا، دەرکەوت (تاو)،٢. سەر بەرزەو کرد،٣. سیەماڵ هەڵدان،٤. لادان، لاوردن،٥. هەڵدان، هەڵاویشتن، هاویشتن: (دەرزی ئەڵدەی لە زەوی نییە کەفی).
**ئەڵدڕ**: هەڵدڕ، دەسوور بە درین.

ئەلف

**ئەڵدڕوومانن**: وە شەدەت داخروومیان.
**ئەڵدڕیاگ**: دڕاو، دڕیاگ.
**ئەڵدڕیان**: هەڵدڕیان، دڕان.
**ئەڵدڕیای**: دڕیای، دڕیاگ.
**ئەڵدڕین**: هەڵدڕین، دڕین.
**ئەڵدە**: هەڵدە، دەسوور وە هەڵدان.
**ئەڵدەنگ**: ساتوڕ، ساتساوڕ، گێژ.
**ئەڵر**: ئەلگر، هەلگر.
**ئەلرها**: ئورفە، ناوی شارێکە لای دیاربەکر.
**ئەڵز**: ١. هەڵز، گیایەکە بۆ خارشت باشە و ئاژەڵ پێی خۆشە،٢. جۆرێک کارگە.
**ئەڵزڕیان**: ١. هەڵزڕیان، تێمیسک دەرکردن،٢. زڕیان، ڕیسوابوون،٣. کولیان زام.
**ئەڵزڵیان**: هەڵزڵیان، ئەڵزڕیان.
**ئەڵس**: هەڵس، هەستە، ڕابە.
**ئەڵسان**: ١. هەڵسان، هەستان، ڕابوون: (چای دیر دەم کردوود ئەڵساد وە قین) «چەپکەگوڵ»،٢. لە خەو هەستان، بێدار بوونەوە: (وە کوڕم ئووشن خەر بیشعوور/ سوب لە خاو ئەڵسی سوورەتت نەشوور) «چەپکەگوڵ»،٣. ئەوان هەستان.
**ئەڵسانن**: هێزدان، هەستاندن.
**ئەڵسانەپا**: هێزگرتن، هەستان.
**ئەڵسبرم**: هەڵسوکەوت، هەڵسان و ڕمیان.
**ئەڵسبنیش**: هەڵسوبنیش، دانیشتن و ڕابوونەوە.
**ئەڵست**: مەی ئەڵست، مەی سەرەتایی×١٣٣×: (ئەم عاشق ئەگەرچی مەیپەرستن/ ئەمما ژ مەیا ئەڵستێ مەستن) «خانی».
**ئەڵسمان**: هەڵسمان، پەسڵان، قیامەت.
**ئەسـڵەمەرز**: دێیەکە لە دێکۆی قوڕووچای ناوچەی قوروە.
**ئەڵشریقانن**: قیراندن، هەڵشریقانن.
**ئەڵشکاگ**: تیاچووگ، نابوو، نابود.

**ئەڵشکاندن**: بەرشکست کردن، تیابرن.
**ئەڵشکانن**: ئەڵشکاندن.
**ئەڵشکیا**: شکستخواردو، تێشکاو.
**ئەڵشکیاگ**: ئەڵشکیا، ئەڵشکیای.
**ئەڵشکیان**: ١. وەرشکستەس بوون،٢. شکەسخواردن، تیاچوون، نابووتبوون.
**ئەڵشکیای**: شکەسخواردێ.
**ئەڵشێوانن**: ١. هەڵشێوانن، تێکەڵدان،٢. دڵپێکاهاتن، هژهلاڵ.
**ئەڵشێویان**: ١. هەڵشێویان،٢. دڵ هەڵشێویان،٣. لێوەبوون، دینبوون.
**ئەلعان**: ئێستە، ئەلئان، نهۆ: (چی بکەم یاری سەنگەسەر، ئەلعان کەوتۆتە یادم) «حەسەن زیرەک».
**ئەلعانوەنام**: ئێستە خوندم.
**ئەلعانە**: ئەلعان، ئێستا.
**ئەلعانەکونێ**: ئەلعان، نهۆ.
**ئەلعەدلە**: گوندێکە لە باشووری قەراج.
**ئەلعەیازوبیللا**: پەنا بۆ خوا، پەنا بەر خوەدێ.
**ئەلف**: ١. ناوی یەکەم پیتی ئەلفوبێتکەی کوردی، ئەلف لە سەرەتا و ناوەڕاست و دوایی وشەدا دێ. ئەلفی سەرەتا سێ جۆرە: ١) بنچینەیی، ٢) بەندیواری، ٣) پتر. ئەلفی بنچینەیی فرێدانی دروست نییە وەک: ئاش، ئاتەش، ئاوور، هی بەندیواری فرێدانی دروستە وەک: ئەگەر(گەر)، هی پتر ئەلفێکە لە ڕەچەڵەکدا هی وشەکە نەبێ وەک: (ئەمن: من، ئەتۆ: تۆ). ئەلفێکی لە ناوەڕاس بێ دوو جۆرە: بەندیواری و پتر. بەندیواری کە دوو وشان پێک دەبەستێتەوە: سەرانسەر، بەرانبەر، سەراپا. هی پتر وەک: خەمخووار: خەمخۆر، ڕێگوزار: ڕێگوزەر. ئەلفی دووایی دوو جوورن: بنچینەیی، دەمەکی، ئەلفی

بنچینەیی وەک: برا، ئینجا، کوویخا، هـی دەمەکـی وەکـوو: کـرا، خـرا، پـژا، بـۆ کـرداری ڕابـردوو دادەنرێ،٤. بریتی لە باڵای ڕاسـت و ڕێـک: (بـێ قامەتی تۆم، بـاڵای وەک «ئەلـف»/ چەنـگە، وەک حەلـقەی دوو زولفـی «لام»ت) «ئەدەب»، (دالـی قەدم کە ئەلفـی عەسـای گـرت بە دەسـتەوە/ تیروکەمانە، سەیدی جەوانیم نەبەستەوە!) «حـاجی قادر»،٥. بریتی لە باش بۆ هاتن: (ئەلـف نـائێ ل فالا من/ قەبوول نابی دوعایا من) «فەقێ تەیران».

**ئەلفاو**: گوندێکە لای شەنگال.

**ئەلـــفـوبێ**: ١. پیتەکـانی خوێنـدن و نڤیسـین، ئەلـــفـوبێتکە: (تـــا لە مەکـــتەب ئەو مەهەم دی مەشقی ئەلف و بێ دەکا/ چاوەکانم بوویتە دوێت و گریە سورخی تێ دەکا) «حاجی قـادر» ٢. دوو پیتی (ئا، ب)ێ.

**ئەلفوئەوەندە**: هەزار و ئەوەندە سـاڵ: (.../ لە پاش ئەلف و ئەوەندە، ئەم جوابە جوانەی دایەوە شـەیتان/ ئەمەی دیـوە کە ئـوممەت وا ئەسیری نەفس و شەیتانە) «مەحوی».

**ئەلفوبێتـــان**: ئەلـف و بـێ، پیتگەلـی سـەرەتای خوێنـدن: (شـکایەت نەبـێ لە ڕووتـان، تەتەڵەی ئەلـف و بێتـان، هەمـوو تەتەڵەی گـاڵتە و گەپـی خۆشی نێو منداڵانی لە دەس وەرگرتم) «ڕاوچی».

**ئەلفوبێتکە**: ئەلفوبێ: (بابم بەو پێ و شـوێنە هەر لە تەمەنی پێنج ساڵیەوە ئەلـف و بێـتکە و جزمی عەممەی پێ خوێندم) «چێشتی مجێور».

**ئەلفودالوبێ**: ئەدەب، ڕێـز، قەدر: (بە ڕەسـمی «ئەلف و دال و بێ» وەرم گرت/ چ وەرگرتن: بە «میم و ئەلف و چیمۆ») «ناری».

**ئەلفە**: ئەشکیل، ئەشـکێڵ، پێوەنـد، قەیـد، بەنـد، هەڵوەزنینی گوریس و ئیتر.

**ئەلفەندی**: گیایەکی بۆنخۆشە ژنان بۆ بۆخۆشی بەکاری دێنن: (عەترش چـون سینەی ئەلفەنـدی داران) «م.ح. دزڵی».

**ئەلڤەند**: ئەلوەند، ناوی چیایێکی بلندە ل ئێـران: (وێ منـارا بلنـد ل بەر کونتـارا چیـایێ ئەلڤەنـد بەرژنێ کن دئینە) «گولشوون».

**ئەلق**: حەلق، هەڵق، گەروو، قوڕگ، قوڕوو.

**ئەڵق**: ئەلق، ناق، قوڕگ.

**ئەڵقاچین**: هەڵقاچین، ئەڵپاچین، تاشین.

**ئەلقادار**: تفەنگی خەتخەتدار.

**ئەلقـــاویز**: ١. ئـاڵقەڕێز، ئەلقەڕیـز، خزیمـۆک، خەلەیـێ درگاداخسـتن،٢. ئەلقەوێـز، داردریـاگ، لەداردراو، خنکاو بە سێدارە، هەڵواسراو.

**ئەلقاوێز**: ئەلقاویز.

**ئەڵقاوێزکردن**: ١. ئـاڵقەڕێزکردن،٢. هەڵواسـین، هەڵخستن، خنکانن، داردان، لەسێدارەدان.

**ئەلقایی**: دەروازە، قـاپی مەزن، درگـای گەورەی گوڵمێخی پان لێدراو.

**ئەڵقرتانن**: قرتاندن، بڕین.

**ئەڵقرچانن**: ١. وە بـان ئـاگر برشـانن،٢. سـووز کێشان زامێگ ک خوا چودە تێ.

**ئەڵقوڕانن**: هەڵقوڕانن.

**ئەڵقوڕتانن**: لچقورتان، لێوگەزین.

**ئەلقوش**: ١. شارێکە لە پارێزگای کەرکـوک،٢. ناحیەیەکە لە باکووری پارێزگای کەرکووک.

**ئەڵقوونەوشەڵقوونە**: پاوەزگی.

**ئەلقوەحین**: گوندێکە لای شەنگال.

**ئەلـــقە**: ١. ئـــاخڵە، ئـــاڵقە، حەلـــقە، کەمە، گەو، چەمەر، هەر تشتەکی بـازنەیی،٢. ئـاڵقەی پەنـجە: (موبارەک بێت موبارەک بێت/ ئەڵـقەی پەنـجەت موبـــارەک بـــێ)،٣. قـــوڵفی دوگـــمە، ٤. ئەڵـــقەی خێوەت و دەوار.

**ئەڵقەئاخیە**: گرێپووچکە.

**ئەڵقەبەگۆش**: ئەڵقەبەگوێ، بەندە، بەنـی، بەردە، زێڕکرێد، زەڕخڕی.

**ئەڵقەبەگۆشە**: ئەڵقە بە گوێ بۆ مێ.
**ئەڵقەبەگۆشیی**: ئەڵقە لە گوێیی.
**ئەڵقەبەگوێ**: بەنی، بەندە، غوڵامی ئاڵقە لە گۆهـ.
**ئەڵقەپانن**: قاپاندن، فڕاندن، ڕفاندن.
**ئەڵقەپێکـــان**: ١. ئـاخڵەدان، ئەڵـقەدان، پـاپۆکە خـواردن، پەپـکە خـواردن، چەمەرە خـواردن،٢. داخستن، بەستن.
**ئەڵقەتیز**: خوژیلک، خوشیلک، گیایەکە.
**ئەڵقەدان**: ١. گەمارۆدان، دەورەدان،٢.پێچخواردن، جینگڵدان، مار دەمێ خۆ دەکەتە گەڕێگەڕێ.
**ئەڵقەدای**: ئەڵقەدان.
**ئەڵقەدوگمە**: جێی دوگمە، قوڵفی دوگمە.
**ئەڵقەڕێــز**: چفـت، ئـاڵقە و زنجیـر، ئـاڵقەڕێزی داخستنی درگای حەوشە: (سـندووقێکی بـۆراقی کۆن، دەسک شکاو بێ ئەڵقەڕێز) «حەمەجەزا».
**ئەڵقەڕێزودوولایی**: ئـاڵقە و زنجیـری داخسـتنی درگا کە دوولایی دەچێ بە ناویدا.
**ئەڵقەگورس**: گورزەهـۆن، جـۆرێ هـۆنینەوەی خڕە بۆ قۆچەقانی و سەری ڕەشمە.
**ئەڵقەمچی**: ئەڵقەقەمچی، ئەنگوسـتیلە، ئـاڵقەیێکی زێڕینە لەباتی نقێم، غـازی یـا ئەشـرەفی پێـوەیە، ژنان لە قامکی دۆشاومژەیاتی دەکەن.
**ئەڵقەورد**: جۆرێـک زرێـی شـەڕ بـووە: (زرێـی ئەڵقەوردم بۆ بێنن، قۆڵی خـۆمی تـێ هەڵکێشـم) «توحفە».
**ئەڵقەویز**: ئالقاویز.
**ئەڵقەیئـاخیە**: ئـاڵقەی گـوڵمێخ، ئەڵـقەی مێخـی ئاخوڕ.
**ئەڵقەیچادر**: قوڵـف چـادر و خێـوەت، ئـاڵقەی ڕەشماڵ.
**ئەڵقەیدوگمە**: قوڵف دوگمە، ئەڵقەی قۆپچە.
**ئەڵقەیگوریس**: قوڵف، ئەڵەفە، قوڵفی وەریس.

**ئەڵقێ**: ئەڵقە، ئەڵقە، ئاڵقە.
**ئەڵقێوە**: تاڵێک، هەودایێک: (ئەڵقێـوە جە زوڵـف زوننـــاری دڵـــبەر/ نـــمەدۆ بە موڵـــک دارا و ئەسکەندەر) «بێسارانی».
**ئەلک**: شەوە، هاڵ، ئال، جنۆکەی ساواخنکێن.
**ئەلکاو**: لکـاو، ئەلکـای، پێوەنووسـاو، پێڤەمـای، پێڤەچەسپیای، پێڤەداوزای، نووساو.
**ئەلکـــای**: ١. چەســـپاو، ئەلکـــاو،٢. دەلکـــای، دەچەسپای.
**ئەلکبرن**: مرنا زاۆو ب دەستە ئەلکێ.
**ئەڵکــڕانن**: ١. هەڵکــڕانن، کــڕانن، کڕانــدن،٢. هەڵکەفتن،٣. لاناە لە گەورابوون و چاخبوون.
**ئەڵکردن**: ١. هەڵکردن، وەسەربردن،٢. هەڵکردن بەن مەوجان،٣. وا هەڵکردن، با هاتن.
**ئەڵکزانن**: ١. کزانن موو،٢. سزانن خواردەمەنی.
**ئەڵکزیا**: هەڵکزیا، سووتاو.
**ئەڵکزیاگ**: هەڵکزیاگ.
**ئەڵکزیان**: هەڵکزیان.
**ئەڵکزیاێ**: هەڵکزیاێ.
**ئەڵکفیان**: پیتەڕووا، پیتـاڵووز، سـووتان بە هـۆی ئاوی کوڵاو.
**ئەڵکڵاشتن**: هەڵکڵاشتن.
**ئەڵکنیاگ**: هەڵکنیاگ، هەڵکەندراو.
**ئەڵکنیان**: هەڵکەندران، هەڵکنیان.
**ئەڵکنیاێ**: هەڵکەندراو، هەڵکنیاێ.
**ئەڵکنین**: هەڵکەنین، کەندن.
**ئەڵکوشانن**: کوشاننەوە، کوژاندنەوە.
**ئەڵکوکانن**: فڵنگەکردن، وە دزیەو هەیۆاین.
**ئەلکول**: ئەلکۆل.
**ئەلکۆل**: ١. ئەلکـول، نـاوی گشـتی چەن جـۆر تراوە بە تام و بۆی تایبەت، زوو گڕ دەگرن، دوو جـۆری خـواردن و غەیـرە خـواردنی هەس،٢.

خواردنەوەی ئەلکولی: (لە لادێ خراب زۆر کەم دەبینی نێر و مێ چاکن/ نە ئالوودە بە ئەڵکوڵ و نە فێری بەنگ و تریاکن) «هێمن».
**ئەلکە**: سووکەڵە ناوی «عەلی‌کەرەم»ە.
**ئەلکەن**: تور، لاڵ، لاڵەپەتە، گەیگیر: (من کە پێکراوی خەدەنگی چاوی یارم، کوا دەکا/ وەسفی حاڵی من زمانی ئەلکەن و لاڵی خەیاڵ) «ئاسۆ».
**ئەڵکەن**: هەڵکەن، دەسوور وە کەنین.
**ئەلکەند**: گوندێکە لای مانگێش.
**ئەڵکەنین**: هەڵکەنین، کەندن.
**ئەلکەوتوان**: گوندێکە لای سۆران.
**ئەڵکێشان**: ١. هەڵکێشان، هێنانەسەرێ،٢. ئاو هەڵێنجان،٣. دروو دەرێنان.
**ئەلکیشک**: دێیەکە لای شارۆچکەی کانی‌ماسێ.
**ئەلکیشێ**: گوندێکە لای مانگێش.
**ئەڵگر**: هەڵگر.
**ئەڵگرتن**: ١. هەڵگرتن،٢. وازکردن قڵف وە کلێڵ خوەێ،٣. هێزدان،٤. هەڵوژانن، هەڵبژاردن،٥. سەروتا کردن خا لە خا هێلکەشکێنەدا.
**ئەڵگۆڵوژانی**: پەژارە، پەرێشانی.
**ئەڵگۆلوفیان**: هەڵزلیان.
**ئەڵگەردانن**: ١. هەڵگێڕانەوە، هەڵگەردانن نان،٢. گەردانن، چەرخاندن،٣. ژێرورووکردن،٤. ڕوو وەرگێڕان،٥. کلەوکردن،٦. دیلمانج‌کردن.
**ئەڵلا**: ١. خودا، خودێ: (ئەرێ ئەو ماڵەی هەمە، ئەیوەی نەزری ئەڵلا بێ) «حەسەن زیرەک»،٢. بۆ دوور کردنەوەی بەلا دەگوترێ،٣. وەکوو ئافەرین دەکار دەکرێ،٤. خودایا، ئەی خودا: (گولەت لە کێو و شاخێ، ئەڵلا لێی‌دا یەکانە) «حەسەن زیرەک»،٥. ئەڵلا ئەڵلا، زیکر: (جا سەعاتەخانم دایک عەلیخان/ دەورێشێکی بوو خۆ ئەڵلای ئەکرد) «ئاوێنەی بێگەرد»،٦. ناوە بۆ پیاوان.
**ئەڵلائەڵلا**: ١. دایکان سەربەندی لایلایەی پێ دادەمەزرێنن: (ئەمن مەلام، ڕانامێنم/ ئەو بەیتەو چاک بۆ دەخوێنم/ چاکو بۆ ڕەعەمەل دێنم/ تۆوێکی واو بۆ دەچێنم/ بە ئەڵلا ئەڵلای ڕادەژێنم) «فۆلکلۆر»،٢. وتەی زیکری دەروێش‌گەل: (کوانێ دەرویشان بە ئەڵلا ئەڵلا/ کوانێ سەیدان، کوا شێخ و مەڵلا؟) «فەقێ».
**ئەڵلابەختەکی**: گۆترە، گۆترەکاری، کاری شانسی.
**ئەڵلابەختی**: ئەڵلابەختەکی.
**ئەڵلاوئاڵەم**: خوا ئەزانێ: (ئەر هەر ئەو بەختەن، هەر ئەو تاڵەمەن/ دیدەم دیدەنیت ئەڵلاو ئاڵەمەن) «مەولەوی».
**ئەڵلاووەڵلا**: بە زەحمەت و گرفتی زۆر: (کیچ بە سەد ئەڵلا و وەڵلا وە سەر سینگی ناکەوێ) «فۆلکلۆر».
**ئەڵلاوەیسی**: جۆرە مقامێکی کۆنی کوردی خۆشە: (هەر لە تۆم بیستووە ئەی کوێری لە یەزدان عاسی/ زیکر و تەهلیلە بە خورشید و ئەڵلاوەیسی!) «شێخ ڕەزا».
**ئەللاه** : ١. ئۆخە، ئۆهنای، ئامرازی خۆشییە،٢. خودا، یەزدان: (ئەللەه چ زاتەک ئەحسەنە/ زێدە لەتیف و قادری/ مەخلووق هەمی نەخشێ تەنە/ ڤێکرا ل هەمیان فەکری) «فەقێ تەیران».
**ئەڵلاهوئەکبەڕ**: ١. خودێ مەزنە،٢. وتەی دابەستنی نوێژە: (مەلا کەس نەبوو لە پشتی نوێژ بکا، گوتی: کەس نییە بە کیرم، ئەڵلاهوئەکبەڕ!) «پەند»،٣. کاتی سەرسوڕمان بەکاری دێنن.
**ئەللاهی**: گوندێکە لە باکووری بەردەڕەش.
**ئەڵلای**: بنوو بە زمانی منداڵان.
**ئەڵلایاری**: دێیەکە لە دێکۆی قەسڵان ناوچەی قوروە.
**ئەللو**: هەڵووچە، هەڵووژە، ئەللۆ، حولی‌ڕەشک.

**ئەللۆ**: ئالوو، ئەللو.
**ئەللەهـ**: دەبێ، دەشێ، دەشیا.
**ئەللیڕەم**: کێشانەیەکە بەرانبەر بە ٤٥٠گڕەم.
**ئەلمات**: هەڵمات، مەڕمەڕ.
**ئەلماس**: ١. ئەڵماس، ڕووژە، بەردێکی ڕەق و نرخدارە، بۆ بڕینی شووشە یا جوانکاری قامکەوانە بەکار دەبرێ: (خەدەنگی غەمزەکەت ئەڵماس و دڵ وەک: شیشەیە، نازک/ کەسێ دێوانەیە وەک من، ئەگەر بووبێتە پەیکارت) «ئەدەب»،٢. ناوی هونەرمەندێکی دەنگخۆشی کوردە: (فەوزیە و ئەڵماس، مریەمخان/ نەسرین شێروان، مەنیج حەیران) «بۆکوردستان»،٣. بڕیتی لە تیژ: (فیدای ئەو جووت مەمکەت بم/ دیارن لەبن کراسە/ ئەگەر دێت و ڕادەبرێ/ مژۆڵت وەک ئەڵماسە) «فۆلکلۆر»،٤. ناوێکە کوڕانە،٥. ناوی کچانە.
**ئەڵماس**: ئەلماس.
**ئەلماس‌تراش**: پیاڵە و پەرداخێکە تاشرابێ، ئیستکانێ پەراسوو پەراسوویە.
**ئەلماس‌کرن**: خەملاندن، ڕازاندنەوە بە ئەلماس: (تێک جەوهەر و ئەلماس دکن/ کوفی ژ بافتێ خاس دکن) «فەقێ تەیران».
**ئەلماس‌نیشان**: شتی ڕازاوە بە ئەلماس.
**ئەڵماسە**: ١. زوقم، خویز، خوێز، خووس، خوسار، ئالشت، ئالشک، سایەقە، سیخوار، وەڕەق، قراف،٢. ئەلماس، جۆرێک تیغەی دەمی برغوو بۆ بڕینەوە.
**ئەڵماڵین**: ١. هەڵکردن، هەڵماڵین،٢. پاکردن.
**ئەلمان**: ١. وڵاتی ئاڵمان: (چەن شاری عەزیم گەڕام/ عێراق و ڕۆم و ئەلمان) «حەسەن زیرەک»، ٢. جۆرێ چەک بووە: (سلێمانی حەمەجان چۆکی دادا لە گلەجان/ بە شێست‌تیر و بە ئەلمان) «ئاوێنەی‌بێگەرد».
**ئەڵمانە**: ١. ناوی چۆمێکە لای مەریوان،٢. . دێیەکە لە دێکۆی سەوڵاوای بەشی مەریوان.
**ئەڵمگرتگە**: سوڕ، پێداگر.
**ئەلمۆدە**: ١. ژنێ کە بە دابی ژنە ئوروپایی جل دەپۆشێ،٢. جلی بە مۆدی ژنە ئوروپی: (مێخەک‌بەند ئەخشێ لە ناو مەمکانی/ هەزار ئەلمۆدە بێ بە قوربانی) «فۆلکلۆر».
**ئەلموودی**: ئەلمۆدە.
**ئەلمەدین**: ١. پارچەی هەوریشمی،٢. داردەس، تێلا، گۆپاڵ.
**ئەڵمەڵو**: کێوی ئاڵماڵو لای قەمتەرە: (کەی دانیشین دوو بە دوو/ کەڵەگەتی خاڵ لە ڕوو/ مەمکت خڕە وەک هەڵوو/ سنگت بەفری ئەڵمەڵوو) «حەسەن زیرەک».
**ئەلمەندان**: گوندێکە لای شەقڵاوە.
**ئەلمەنسوور**: گوندێکە لە دەڤەری شەنگال.
**ئەڵناگە**: دەس ناگە: (دەس ئەڵناگە گری).
**ئەڵنان**: دەس‌پێکردن.
**ئەلند**: ١. کازیوە، کازێوە، بەرەبەیان، سپێدە، سوای ساڵحان: (ڕێڤینکێن ڕێکێن زناران/ ئەلند نێزیک و زێرینە) «سندی»،٢. ناوی مێرانە.
**ئەلو**: ئەلوو.
**ئەلۆ**: ١. ئەلۆی تەلەیفون،٢. هەڵۆ، ڕاوکەری ناقدار: (ئەلۆ بلند فڕی)،٣. ئەرۆ، لە باکوور بۆ مێران بەکاری دێنن.
**ئەلوا**: ئیجور، لێوا، وسا.
**ئەلوات**: ١. ئەلوجەلو، ڕەجاڵ، ڕەشوڕووت، بێ‌شەرم، خوێڕی، سەرسەری، لات، وەرەلا، هەرزە، بەدفەڕ: (درەخت چوو ئەلوات پاکباختەی بیعار) «چەپکەگوڵ»،٢. دەست‌بڵاو، ماڵ‌بەفیڕۆدەر.
**ئەلواتە**: ئەڵواتە، سەرسەری بۆ مێ.
**ئەلواتی**: هەرزەیی، هەرزەگی، کاری ئەلوات.

**ئەلوار**: ١. باهوو، کوڕ، مۆدە، دیـواری قـوڕیٚ،٢. ئـالودار، ئـالۆدار، لادار، مـووری داری دریـٚژی چوارپـالوو کـراو،٣. کـۆتەرە، کـۆتەداری بـڕاو،٤. مۆرە، داریٚ کە بە پیٚی نیازی دارتاش بڕاوە.

**ئەلوارکیان**: ١. هەلزلیان،٢. لابەکردن، پاڕانەوە،٣. لەخەوپەڕین، هەستان.

**ئەلوان**: ڕەنگامە، ڕەنگی، ئالایی.

**ئەلۆئەلـۆ**: قەلەمـوونە، قەل، بـۆقلە، عەلیشـیش، عەلەشیش، بۆقلەموونە.

**ئەلۆتەرش**: ئالۆتەرش، ئالی تەرش، مەسخەرە.

**ئەلوجە**: ئالوچە، هەلووژە.

**ئەلوجەلـــو**: هەرزەوهـــورزە، هەرچیپەرچـــی، بیٚســـەروپا، ڕەشوڕووت، ڕەجـــال، ئەوبـــاش، خوتوخویٚڕی، خویٚڕی.

**ئەلۆجەلــۆ**: ڕەجــالە، ڕەش و ڕووت، ڕووتە و پوتە.

**ئەلوچە**: ئەلوجە، ئەلوو، ئالووچە.

**ئەلوچەو**: هەلووچە، هەلووژە، میوەیەکە.

**ئەلۆختۆر**: قولان، قولەکردن.

**ئەلۆر**: بەفال، بەبا، دەلەوەبا، دیلی نیٚرخواز.

**ئەلورانن**: هەلورانن، داخستنی دوگمە و یەخە.

**ئەلورکیاگ**: ئەلوڕکیان.

**ئەلوڕکیـــان**: ١. دوو یامـاس ک فـژ کـردوو،٢. جاجگیٚ ک سفتەو بود،٣. ئەلبرزگیان.

**ئەلوڕکیای**: ئەلوڕکیان.

**ئەلۆری**: ١. کەل، هەڤۆ، نیٚـری بزنـانە،٢. بەفـالی، بەبایی، نیٚرخوازی.

**ئەلوڕیـــاگ**: ترشـگیایٚ، هەلاتـوو، خەوری ک ئەلاتیٚە و ترشگیایە.

**ئەلوڕیان**: هەلوڕیـان، یەکتـری بـڕین، بریتـی لە جەنگ و داوا.

**ئەلوڕیایٚ**: ١. هەلوڕیایٚ، بازرە،٢. ئەلوڕکیان.

**ئەلوڕیایٚتر**: باوخۆشتر، گەوراتر: (لە ت کەمیٚ ئەلوڕیایٚتر بووم هاتمە شار).

**ئەلوڕیەیٚ**: گەوراتر نەود، نووڕیٚگە.

**ئەلوژانن**: هەلوژانن.

**ئەلوژە**: ئەلوچە.

**ئەلوژیاگ**: هەلبژاردە، هەلوژیاگ.

**ئەلوژیان**: هەلوژیان، هەلبژیٚردران.

**ئەلوژیایٚ**: هەلبژاردە، هەلوژیایٚ.

**ئەلــۆک**: مریشکەشــا، شامریشـک، جۆقجـۆق، ئەلیشیش: (لیٚ مژوولیێن وان ئـیٚن هزکـری ئەو شەریٚ کووچکا، شەریٚ بەرانان، شــەریٚ ئەلۆکـان بوو) «مەستوورە».

**ئەلوو**: ١. هەلۆ، باز،٢. ئەلو، هەلوو، هەلووچە.

**ئەلووجەلۆ**: ڕەشڕووت، ڕووتەوپووتە، ڕەجـالە، عەلۆجەلۆ، خویٚڕی، هەرزە، تڕۆ، لاتولووت.

**ئەلووچە**: هەلووژە، هەلووچە، ئەلوچەو.

**ئەلووژە**: ئەلوجە، ئەلوجە، هەلوژە، ئالوچە.

**ئەلووفیاگ**: ئەلگۆلووفیاگ، بلۆقکردە.

**ئەلووکیان**: هەلووکیان، ئەلوڕکیان.

**ئەلۆهـ**: ئەلهۆ، هەلۆ.

**ئەلوەدا**: ١. هەلوەدا، سەرگەردان، ئاوارە: (دیـدەم ئەلوەدای نەدییەن تۆشەن) «بیٚسارانی»،٢. مالاوایی، خاترخوازی، خواحافیزی: (ئازیز! دیـارەن، وادەی لوامەن/ ئەلوەدای ئاخر ئەوەنامامەن) «مەولەوی».

**ئەلوەدابییەی**: هەلوەدا بوون.

**ئەلوەداکەردەن**: ١. خواحافیزی کردن،٢. بریتی لە مردن: (ما تەن ئەلوەدای زیندەگانیش کەرد/ قەدەم ڕەنجە کەر، هامفەردەکەی فەرد) «مەولەوی».

**ئەلوەداکەردەی**: هەلوەدا کردن.

**ئەلوەدایی**: هەلوەدایی، سەرگەردانی.

**ئەلوەدیٚ**: ئەلوەدا، سەرگەردان.

**ئەلوەسان**: هەلوەسان، بەستن.

**ئەلوەشانن**: هەلوەشانن، فڕدان.

**ئەلوەلا**: هاوارووداد.

**ئەلوەن**: ١. ناوی ئافرەتانە،٢. ناڤێ مێرانە.

**ئەڵوەن**: ١. ناوی چەمێکە لای قەسری شیرین: (ئەڵوەن هاتووەن نادا بوارم/ تا سەرێک بدەم لە دۆس و یارم) «کۆردەرە»،٢. ناوی کێویکە لە نزیک هەمەدان: (چوومە کێو ئەڵوەن) «ئاوێنەی‌بێگەرد»،٣. ڕەنگاوڕەنگ: (حەوزەکەی ڕەنگاوڕەنگە/ تێیدایە ماسی ئەڵوەن) «حەسەن زیرەک»،٤. ناوی گۆرانییەکە: (ئەڵوەن سەرچاوەت لەلای بێستوونە/ ئەوەی نەیدیبێت حاڵی زەبوونە) «ع. مەردان».

**ئەلوەند**: ١. گوندێکە لای خانەقین،٢. ئەڵوەن، ناوی چیایەکە لە نزیک هەمەدان: (تەرەفی شەرقی لە کێوی ئەلوەند/ تا گۆلی وەرمێ، بەبێ چوون و چەند) «قانع»،٣. ناوی چەمێکە،٤. هەرچی کە دەنگی ئەڵوەندی بێت،٥. ناوی مێرانە.

**ئەلوەندقولی**: گوندێکە لە دێکۆی حەمەوی بیجاڕ.

**ئەڵوەندە**: ئەڵوەند، هەرچی کە دەنگی ئەڵوەندی بێت.

**ئەڵوەندی**: دەنگی ئەڵوەند.

**ئەڵوەی**: هەڵگری، بەرزکەیتەوە: (دەس ئەڵوەی، سەێ دز دیارە).

**ئەلوێ**: دەستەیدا، بۆت‌ئەکرێ، دەکرێ.

**ئەلە**: ١. سوکەڵەی ناوی «عەلی»یە،٢. ئەلۆ، هەلۆ، ٣. ئەگەر لە: (ئەلە منە خودا بکوشێدەم)،٤. کێر.

**ئەڵە**: ١. ئاڵە، ئاتەشەک،٢. پێشگرە وە مانای گەوراتر: (ئەڵە گەوراگە)،٣. پاشگر بۆ بچوک نیشاندان: (سووکەڵە سوار).

**ئەلها**: ١. ئارەزوو، کەڵکەڵە، هانا، ئالیا، بوری، مگێز، خۆزی، خوزگە: (کابرایەک ئەلهای باران ئەکا) «ڕشتەی مرواری»،٢. ئارەزووی دیتنی کەسێک لە سەرەمەرگدا،٣. ناڤێ خودێ ب زمانا عیبری،٤. بەرەبەیان، سفتەێ سوو: (ئەلهای شەوەکی تا ئێرە)،٥. هانا، یاری.

**ئەڵها**: هانا، هامیاری تواسن.

**ئەلەتریک**: کارەبا، برق، بەرق، ئەلەکتریک، ئەلەمتریک.

**ئەڵەجبڵەج**: ئلاجەو، نەنوومەت.

**ئەلەجە**: پارچەیەکی خەتخەتی ئاورێشمی‌یە.

**ئەلەزیز**: ناوی شارێکی کوردنشینە لە تورکیا.

**ئەلەست**: ١. سەرەتا، دەسپێکی بەدی‌هاتنی جیهان: (ئەمە تەقسیمی ڕۆژی ئەلەستە/ عالەم لەم سرە، گێژ و دەم بەستە) «پیرەمێرد»،٢. بادەی ئەلەستی، مەی خودایی: (دڵی دا دڵشکستی خۆی هەڵستا، هات بە دەستی خۆی/ بە جامێکی ئەلەستی خۆی، وەفایی شێت و شەیدا کرد) «وەفایی»،٣. خودا، خودێ: (ئەو عابدێ حەیران و مەست/ بەند بوو ب تەقدیرا ئەلەست) «فەقێ تەیران».

**ئەلەشکرت**: ئەلەشکیرد.

**ئەلەشکیرد**: شارێکە لە باکووری کوردستان.

**ئەلەش‌مەلەش**: ئێچش ئەلە، گەمەیێکە ک وە دۆ چوو گەورا و بوچگ کریەید.

**ئەلەفە**: ١. ئشکیل، ئەشکێڵ، قوڵفەی خێوەتانە، ٢. پێوەن، پێوەند، بەستنی دەست و پێی وڵاخ بۆ وێرغە بوون،٣. دەسە، دەستە (دەستەکردنی گوریس).

**ئەڵەفە**: ئەلەفە.

**ئەڵەفەکردن**: ١. دەسەکردن، دەستەکردن (وەرێس)، ٢. ئشکیل کردن، پێوەندکردن(وڵاخ).

**ئەلەڤی**: ئەلەوی، عەلەوی.

**ئەلەک**: ١. هێلەک، ئێلەکەی ئاردبێژان،٢. دێیەکە لە دێکۆی شاهۆ بەشی ناوچەی کامیاران.

**ئەڵەک**: ئەلەک، هێلەک.

**ئەلەکتریک**: ئەلەتریکە، کارەبا: (ئەلەکتریک لە

بەرانەوە هەتا گۆیژە/ تەلی بە سەرا ڕاکێشرابوو بەبێ پەیژە) «پیرەمێرد».

**ئەلەکتریکە:** ئەلەکتریک، برق: (ئاخۆ ئەلەکتریکە شەوی کردە عەینی ڕۆژ/ یاخۆ بلێسەی ئاگری کوورەی بەتاومە) «بێخود».

**ئەڵەک کردن:** دابێژان، وژانن.

**ئەلەکە:** هەلەکەسەما، سەقر، واشە، باشوو.

**ئەلەکەکۆن:** دێیەکە لە دیکۆی شاهۆ بەشی ناوچەی کامیاران.

**ئەلەکی:** هەروا، بێهوودە، قەسدی.

**ئەڵەکی:** ئەلەکی، شانسی، ئەلابەختەکی.

**ئەلەگ:** هێڵەگ، ئەلەنگ.

**ئەڵەگ:** ئەلەگ.

**ئەلەگا:** ئێورگە، بۆسە، پەنا، پەناگە.

**ئەلەگەز:** ١. گیایەکە کوێستانی: (ئەلەگەز، سپنگ، سلماسک/ سپیتانگ تەڤی پێڤاسک) «سەنار»،٢. ناوی کێژە.

**ئەلەگەو:** ١. نێوی گیایەکە،٢. ناڤی چیایەکە لە نزیک ئاراڕات.

**ئەلەم:** دەرد، ژان، ئێش، ئازار، برک، عەلەم: (زانی کو ژ بەر جەور و جەفایان ئەلەمێن دل/ ڕەحمێ ب گەدایێ خوە کە سولتان و شەهێ من) «جزیری».

**ئەڵەم:** ١. وە سنگ م، بە نەزەرم،٢. عەلەم، ئالا: (یا ئەڵەم کاوەی حەداد بەڵەن کەی/ هەفت ئقلیم تەقسیم لە سێ فەرزەن کەی) «خانمەنسوور».

**ئەلەمان:** هێمان، ڕەگەز، مادە، ماک.

**ئەلەمبوور:** لوورە، کازکاز.

**ئەلەمتریک:** ئەلەتریک.

**ئەلەمدیدە:** ئازارچەشتوو، ڕەنجدیە: (ئاشق لە دڵ و دیدەیی ئەغیاری جەفاکار/ ڕیسوا و ئەلەمدیدە و بەدنامە هەموو دەم) «سالم».

**ئەلەمشەنگە:** هەراوهوریا، مەرافە، دەنگ.

**ئەلەمکەنی:** گوندێکە لای تیکاب: (تیپێ هاتیە وە جای جەنجە/ دەور ئەلەمکەنی و محاڵ قاینەجە) «ئاوێنەیبێگەرد».

**ئەلەموقەلەم:** پڕوپیتاک، دەنگ و فەنگ، کەرەستەی تەشریفاتی.

**ئەلەمووت:** قەڵایەکی کۆنە بە دەس حەسەن سەباح، سەرۆکی ئیسماعیلیان، هاتیە چێکرن.

**ئەلەمی:** ئێشا، هێشا، ژانی کرد.

**ئەلەند:** ١. تیشکی خۆر، پڕشەنگی هەتاو: (مە ژ مێژە سەر هەلاندی بۆ ئەلەندێن پشت چیای) «سندی»،٢. ناوی چۆمێکە لای سەلماس،٣. ناوی کچانە،٤. ناوی کوڕانە.

**ئەڵەند:** کازیوە، سپێدە، بەرەبەیان.

**ئەلەنگ:** ١. هێڵەک، ئێڵەک، ئێڵەکی ئاردێ،٢. بێژنگ، بێتنگ.

**ئەڵەنگ‌ئەڵەنگ:** وە سنگەسنگ، وە گاتەگات: (ئەڵەنگ ئەڵەنگ لە چنگ شێر دەرچیم، کەفتمە چنگ پڵنگ).

**ئەلەنگە:** زمانەچکۆلە، پارچەگۆشتێکی زارە.

**ئەلهۆ:** ١. هەڵۆ، ڕاوکەری پەلەوەر: (ئەلهو بلند فڕی)٢. کەسێ سڤک و چەسپان ٣. سنەت، سونەت.

**ئەلهۆکرن:** سنەتکرن، سوننەتکردنی کوڕ.

**ئەلەولەمانیی:** عەلەولەمانی، جۆرێ هەنجیرە.

**ئەلەوی:** ناوی ئایینێکە.

**ئەلەویتی:** ئەلەوی بوون: (بۆم دەرکەوت کە ئێزیدیتی، کاکەیەتی و ئەلەویتی ... بنە و ڕەچەخلەکیان دەگەڕێتەوە بۆ کورد و کوردستان) «جەماڵنەبەز».

**ئەڵەهپوت:** هەڵپەیوت، گوندێکە لای بیجاڕ.

**ئەلهەق:** ئەلحەق، بەراستی، دوور لە درۆ.

**ئەڵهێ:** گۆڕیچە، جهێن مردوو ل گۆڕا.

**ئەلەیک:** عەلەیک، عەلەیکوموسەلام: (سلامی

کردم وەت: ئەلەیک گش کەس) «چەپکەگوڵ».
**ئەلەی‌یەک‌چەم**: ئەلە، کیر، کێر.
**ئەلی**: ۱. بریتی لە ناو حەزرەت عەلی: (وە ئەلی لەرز کوشتەم، سەرم مەنگ بیە) «کۆردەرە»،۲. عەلی، ناڤێ مێرانە: (خولەی ئەلی کەوکوژ وە خوّی و وە زورنایەوە پەیدا بوو) «ڕشتەی مرواری».
**ئەڵێ**: دەڵێ، دەبێژێ، دەبێژە، دبە، دبێژە، ماچۆ، ئویشی، وارێ، یەژی، یێژێ، سەرگاوەکەی (ووتن، کوتن، گوتن، گۆتن)ە، (کێ دبە چاڤێ من کۆربە) «پەند».
**ئەلیا**: ئەلها، ئارەزوو، هەوەس، هۆک، کەلکەلە.
**ئەلیاس**: ۱. ئلیاس، نوی پێغەمبەرێک بووە: (شەیخێ مە دێ ڕێناس بتن/ سەرداریێ قوتبێ خاس بتن/ یان خزر یان ئەلیاس بتن/ یا ساحبێ نوبووەتێ) «فەقێ تەیران»،۲. ناوێگە کوڕانە.
**ئەلیاسان**: گوندێکە لای سنە.
**ئەلیاسەچەوتە**: گوندێکە لای کێوی ئاوپەڕی سەقز.
**ئەلیاسەسوور**: گوندێکە لە نزیک دوکان.
ئەلیاسی: دیەکەیگە لە سەرپیەڵ.
**ئەلیئاقەیی**: دیەکەیگە لە جوانڕۆ.
**ئەلی‌ئەلیی**: هەڵووچە، هەڵووژە.
**ئەلی‌باڵتا**: ناوی گوندیکە لای ساییین‌قەلا سەر بە دێهستانی هولەسو.
**ئەلی‌بووردۆ**: دانولە، شۆرباوی دانی، شۆربای بە دانەوێڵە.
**ئەلی‌بوردە**: عەلی‌بوردە، نان لە تۆزاشی ئاشەوان.
**ئەلی‌تەرک**: گیایەکە.
**ئەلیجا**: شارێکە لە باکوور سەر بە پارێزگای ئەرزرووم.
**ئەلیجان**: ناڤێ مێرانە.
**ئەلیرەم**: ئەللی‌رەم.
**ئەلی‌سیە**: ئەلیی‌سییە، عەلی سییە، قەرەڵوو، هەڵوچەی ڕەش.
**ئەلیشیش**: عەلیشیش، قەل، قەلەموونە، بۆقلە.
**ئەلیف**: ۱. هۆگر،۲. ئیلف، هاوشان: («نالی» حەریفی کەس نییە، ئیلف و ئەلیفی کەس نییە/ بەیتی ڕەدیفی کەس نییە، هەرزە نویسە، گەپ دەکا) «نالی»،۳. گیایەکە ڕۆنی ئەلیفی لێ‌دەگرن، بۆ وێنەگری و نەقاشی ڕەنگ و ڕەوغەن بەکاری دێنن: (ڕەقیبی جوفتەلی نابێتە نەخچیرت کە خەرکوڕرە/ ئەلیفی چایرە دائیم لە قەشقەی کەردڕ و جەودا) «نالی»،٤. بریتی لە بەژن‌زراف: (عاشقێ بەژنا لەتیفم/ خەستە حالم پڕ زەعیفم/ موبتەلا قامەت‌ئەلیفم/ کەس ب حالێ من نەزان) «فەقێ تەیران».
**ئەلی‌فوورنە**: عەلی‌فوورنە، قاقەزی زووری ئەستوور.
**ئەلی‌ڤالی**: ئالووبالوو.
**ئەلیقەل‌گچکە**: گوندێکە لای دوکان.
**ئەلیقەل‌گەورە**: گوندێکە لای دوکان.
**ئەلیک**: کولمە، ڕوومەت، گۆنا.
**ئەلی‌کوتەکی**: زۆرەکی، بەزۆری.
**ئەلی‌کووفتر**: هەلی‌کووفتر.
**ئەلیگودەرز**: شارۆچکەیەکە لە پارێزگای لوڕستان.
**ئەلی‌گولان**: گوندێکە لای بەنداوی دوکان.
**ئەلیلێ**: گوندێکە لای قەسرۆک.
**ئەلی‌مرا**: ناوی پیاوانە: (ئەلی‌مرای برام کچێکی باشی هەیە با بیهێنین بۆی) «ڕشتەی‌مرواری».
**ئەلێمی**: شالگەردن، مل‌پێچ.
**ئەلی‌والی**: ئالووبالوو.
**ئەلیەسکەر**: عەلی‌ئەسکەر، ناڤێ مێرانە: (ماشەلا وە زوور مەشەی ئەلیەسکەر) «چەپکەگوڵ».

**ئەڵێی**: ئەوشی، دەبێژی، ئێژی، ئەیژی، دەڵێی، ماچی، وەکوو: (ئەڵێی مانگە ئەونە شۆخە).
**ئەڵێی**: ئەڵێی، دەمنی: (دەمنی گوری ناو باغانی).
**ئەم**: ١. ئێمە، ئەمیّ، خۆمان، جێناوە بۆ یەکەم کەسی کۆ: (هەرچی تە دبێژی، ئەم وسا کین/ هەرچی تو دخوازی، ئەم ئەدا کین) «خانی»،٢. من، ئەز بۆ یەکەم کەسی تاک: (نە ئەم ئانینە خەیالیّ، نە ل حالیّ مە نەزەر کر) «جزیری»،٣. ئەڤ، ئەو، ڤی، ڤێ، هێما بۆ نزیک: (ئەم جەمە لاتین)،٤. پێشگرە، ئامرازی یەکەم کەس، بۆ ڕابردوی بەردەوام: (ئەمنووسی، ئەمخوارد)،٥. لە جێی دەم: (ئەمخوارد: دەمخوارد)،٦. هەر خواردنێک لە زاری منداڵ.
**ئەما**: ئەما، ئەمما، بەڵام، بەڵان: (ڕوخی تۆ گوڵێکە سەد وەک هوزاری عاشق، ئەمما/ لە هەموو چەمەن دیارە بە ئوصوولی ناڵە «نالی») «نالی».
**ئەمار**: ١. عەمار، هەمار، عەنبار، کیلێر، کیلێل، کوونگە، پانگە، هیزرە، ئەمبار(دەخڵ)، مەرەک، مەسنا(گەنم) ٢. خەوئاڵۆز، خەوپەرێشان.
**ئەمار**: عەمار، عەمبار، شوون داکردن خەلە و خەرمان.
**ئەماراو**: عەماراو، هەماراو، جێی ئاو.
**ئەمارداری**: ١. عەمارداری، عەمبارداری، کاری بەڕێوەبردنی ئەمبار،٢. شۆلی ئەمبار،٣. کرێی ئەمباردار.
**ئەمارقەرسێنی**: ئەمارداری، سەرحیساب و ئەژماردنی شتی عەمبار.
**ئەمارکردن**: ١. داکردن خەلیەیە لە ئەمار ئەڕای زمسان،٢. شاردنەوەیّ خواردەمەنی.
**ئەمارەپوو**: عەمارەپوو، عەنبارەپوو.
**ئەمارەت**: ١. میرنشین، وڵاتی وەردەسی ئەمیر،٢. میری، گەورەیی،٣. نشانە، نیشانە: (شەقاوەت بوو بە دوود و داخیلی کوورەی زەلالەت بوو/ ئەمارەت خوسری خوسرەو، کەسری کیسرا، شەققی ئەیوانە!) «نالی».
**ئەماری**: عەمباری، جێی کەلوپەل.
**ئەماس**: مەیو، مەییو، مەیس، مەیی، بەستو، بەسراو، گرساو، گیرساو(شیر).
**ئەمان**: ١. وشەی وەڕەزی و تووڕەیی: (ئەمان لە دەستت) ٢. ئەمانە، ئەڤانە، ئەم کەسگەلە، ئەوانی نزیک: (ئەوان چون، ئەمان هاتن) ٣. بێترسی، ئەمنی: (دنیّ ئەمن و ئەمانە) ٤. بەڵان، بەڵام، وەلی، وەلێ، ئەمما،٥. ئامان، دەخیلە، دەغیلە: (بووکە شووشەی بن سینەمان/ بۆ تەلانیان نەبەی ئەمان) «ڕاوچی»،٦. داد، پەنا، هانا، هاوار: (ئەمان بگەنێ خورام)،٧. فرسەت، هەل، دەرفەت، مۆڵەت، کەیس: (تا دەستی نەدا خەنجەر و نەیفەرمو دەسا دەی/ حاجی بکوژن خێرە مەدەن ئیتر ئەمانی) «حاجی قادر»،٨. ناوە بۆ ژنان: (پوور خەرامان، حاجیژن و ئەمان بێوەژن و کوێخانژن) «هەزار ئەشکەوت».
**ئەمانئەمان**: ناوی گۆرانییەکە: (ماڵ وا لە تاران ئەمان خۆم لە سولێمانی/ عاشقی قەد و باڵای بووم خۆ دنیا زانی) «حەسەن زیرەک».
**ئەمانئەماننەیکەیئەمان**: ناوی گۆرانییەکە: (ئەمان ئەمان نەیکەی ئەمان، دەردی بێدەرمان ئەمان/ لەسەر چی لێمان زیزی شیرین گیان) «مامڵێ».
**ئەمانپێدان**: فرسەتدان، پاراستن، پەنادان.
**ئەماندان**: ئەمانپێدان: (هەرچی وەبەریان هاتبا بە شیر سەریان دەپەڕاند، پاشان ئەمانیان دا) «توحفە».
**ئەماندوکتور**: ناوی گۆرانییەکە: (ئەمان دوکتور عەمرم دوکتور، چاوم دوکتور دەردم چارە کە) «حەسەن زیرەک».
**ئەمانکرن**: ئەمان دان، پاراستن: (دنیێ بەردا عەوانان/ لەعنەت بی ل کال و جانان/ ڤێکرا بچنە

سلتانان/ عەجەم نەکن ئەمانان) «فەقێ تەیران».

**ئەمان‌گوڵ‌ئەمان**: ناوی گۆرانییەکە: (ئەو کـۆڵانەی تەنگەبەرە/ بەردەرکی ناسکە دولبەرە/ ئەمان گـوڵ ئەمان) «حەسەن زیرەک».

**ئەمان‌لێبڕین**: تەنگ پێ‌هەڵچنین، وەڕەز کردن.

**ئەماننامە**: ئامان‌نـامە، هەڤان‌نـامە، نوسـراوەیەکی فەرمی کە تێیدا گیان و ماڵی کەسێک دەستەبەر دەکرێت.

**ئەمان‌نەدان**: فرسەت نەدان: (شـێر بـاز دا بـانی نەدا پی ئەمان) «چاردۆڵی».

**ئەمان‌وزەمان**: خوایشت، لاڵە، لالکیان، پاڕانەوە.

**ئەمانوڵلاخـــان**: ئەمانولاخـــان، ئەمـــانولاهخـــان، ئامانالهخـــان، ناســـراو بە ئەمانوڵلاخـــانی والـــی کوردستان، پیاوێکی بەخشـندە و دڵاوا و بـوێر و دەسڕۆیشتووی شـاری سـنە بـووگە کە لە سـاڵی ١٢١٤ کۆچی لە لایەن فەتعەلـی شـای قاجـارەوە دەسەڵاتی سنە و دەورووبەری پێ‌دراوە: (وەلییـێ کوردستان، ئەمانولاخان) «مەستوورە».

**ئەمـــانە**: ١. ئەم نزیکـانە، ئەم کەسـگەلە، یـانە، ئەڤانە،٢. ئەمان، ئەوانە، کۆی «ئەم»ە.

**ئەمانەت**: ١. ئامانەت، ئەمانەتی، سپاردە: (وەفـای عەهدە لە من ڕۆح و لە تۆ مـاچ/ چییە چـارەی ئەمانەت غەیری تەسـلیم) «نـالی»،٢. بێ‌مەترسـی، بـێ‌وەی، سـڵامەتی: (بـۆ هەرکەسـێ مەبـذوولە تەریقێکی ئەمانەت/ هەر عاشقی بێچارە لە ڕێـی خەوف و خەتەر ما) «نالی»،٣. گیان، ڕۆح: (خودا هەر وەخـت حەزی کـرد بـا ئەمـانەتی خـۆی بەرێـتەوە)،٤. کـاتی، دەمـی، نە بـۆ هەمیشـە: (چ فەرقێکی نییە لام گەدایی یاخۆ پادشـایی/ کە هەر دوو ئەمـانەت بـن، خەیـاڵی تەختـی شـا نـاکەم) «قانع».

**ئەمانەتخواز**: خوازەری ئەمانەت لە کەسێک.

**ئەمانەتخوازی**: داواکاری شت بە ئەمانەت.

**ئەمانەتدار**: ١.پارێزەری ئەمانەت، ئەمانەت‌پارێز، ٢. ئەمین، ڕاست، دروستکار.

**ئەمانەتـــداری**: ١. ئەمانەت‌پـارێزی،٢. ئەمینـی، جێی باوەڕی، دەسپاکی.

**ئەمـــانەت‌دان**: سـپاردن، سـپارتن، ئەسـپاردن، پێدان.

**ئەمانەتە**: ئەمانەت، سپاردە.

**ئەمانەتی**: ١. ئامانەتی، ماڵی ئەسـپاردە: (ئـازیزم، گەردەن بلوور بێ‌گەرد!/ ئەمانەتی تـوو دڵەی پـڕ جە دەرد) «مەولەوی»،٢. بۆ ماوەیەک، بۆ کاتێک.

**ئەمانەتیت‌بۆ**: ئامـانەتی تـۆ بـێ: (ئامەنەتیت بـۆ وەختی عەلاجەن) «م.ح. دزلی».

**ئەمانەتی‌حەق**: بریتی لە گیان، ڕۆح: (تەسلیم بکم ئەمـــانەتێ حەق/ تەفـویزێ تە بـم ب خەمـل و ڕەونەق) «خانی».

**ئەمان‌یاریاریار**: نـاوی ئـسترانەکە: (ئەونە بـۆ تـۆ دەردارم ئەمان یـار یـار یـار/ دایـمە ئەو دڵەشـی بیمارە ...) «ماملێ».

**ئەمانیچ**: ئەمانیش، ئەمانەیچ، ئەمانە.

**ئەمانیچە**: ئەمانیچ.

**ئەمانیش**: ئەمانیچ.

**ئەمانیشە**: ئەمانیچ.

**ئەمبا**: ١. هەمبـا، هاوشـان، هاوسـەنگ،٢. دەمبـا، لەگەڵ خۆی دەمبا.

**ئەمبــــار**: ١. هیـــزرە، ئەنبـــار، ئەمـــار، مەرەک، مەسنا(گەنم)،٢. گوندێکە لای گردی قەبران.

**ئەمباز**: ئامباز، ئاوقە.

**ئەمبـــایی**: هاوشـــانی، هەمســـەنگی، هەمبـــایی، هاوقەدری.

**ئەمبو**: ئەمو، پڕ، چڕ، ئەنبو.

**ئەمبـــورِ**: گـــاز، گـــازئەمبورِ، ئەمبورِدەســـتی،

ئەمۆردەستی، دەمباریک.
**ئەمبوردەس**: ئامووردەس.
**ئەمبوور**: ئاموور، کەرەستەی جووتە.
**ئەمبووین**: ئێمە بووینە: (ئەم بووین پێت و پەرەنگ، لەو ژ ویسالێ مە حەزەر کر) «جزیری».
**ئەمبەر**: بەری لای خۆ: (لە دەشتی ئەمبەر گەڕەکی بچووک/ تیایەتی ماڵی کوێخا و زاوا و بووک!) «گۆران».
**ئەوبەرئەوبەر**: ئەمبەرو ئەوبەر: (ماڵمان ئەمبەر ئەوبەرە گیانە، کێ منی کوشت ئەو دولبەرە) «حەسەن زیرەک».
**ئەمبیق**: لوولە، ئەمیق، ئامێری دڵۆپاندن.
**ئەمپەڕ**: ١. بێقام، پەرگر،٢. ئەمڵا، ئەمبەر: (سەرم گێژە، سەرینەکەم لاخوارە/ ئەم پەڕەوەم بە ئاستەمی لێ دیارە) «دیلان».
**ئەمپەڕوئەوپەڕ**: ئەم سەر و ئەو سەر: (شوان لە سەر بەرزاییەک دانیشت و ئەم پەڕ و ئەو پەڕی لەوەڕگاکەی لێ دیار بوو) «نەگڵ».
**ئەمت**: سپاس، سوپاس، سۆپاس.
**ئەمجا**: ١. ئنجا، ئەمجار، ئەمجارە، ئەم جارەکە، ئەمدەمە، ئەڤجار، ئەڤجا، ئەوجا، ئیمجار، ئەم بارە، ئەم کەڕەتە: (ئەمجار کەمێ هاتەوە پێشێ، بە شەکەرخەند/ فەرمووی کە: «ئەدەب» حیرەت و نەفرەت لە مە، تا چەند/ ...) «ئەدەب»،٢. دوای ئەوەی، بە شوێن ئەمەدا.
**ئەمجار**: ئەمجا: (ئەمجار ئەی یار، ئەی خواژنی عیشقم، ئەی ڤینووس/ ئەی هەیکەلی بەدەن لە عاج، توالێت ئابنووس) «گۆران».
**ئەمجارە**: ئەمجا: (نەگەییە دامەنی دەستی دوعا، جا دەبمە خاکی ڕێی/ تەریقەتی گۆشەگیری بەردەدەم، ئەمجارە ڕێ دەگرم) «مەحوی».
**ئەمجاریچ**: ئەمجاریش: (بەڵکەم ئەمجاریچ گەردەن جە گەرد پاک) «بێسارانی».

**ئەمجاریش**: ئەمکەڕتەش: (دیارەن دیدەم هەم دەرد نۆمەن/ ئەمجاریش جە نۆ ئارەزووی تۆمەن) «مەولەوی».
**ئەمجەد**: ١. گەورە، مەزن: (گو موژدە ددەم ڕەسوولێ ئەمجەد/ دێ پاش م بێت ب ناڤێ ئەحمەد) «خانی»،٢. ناوە بۆ پیاوان.
**ئەمچڵئەوچڵ**: لقاولق، چڵاوچڵ: (بە بۆی شەوبۆی گوڵی کوڵمت دەسووڕێم/ دەروونم ئەم دار و ئەو دار، ئەم چڵ، ئەو چڵ) «ئاوات».
**ئەمدای**: ئەدڵدای، دادپەروەری.
**ئەمدەستوئەودەست**: دەستاو دەس: (دەستاڕ ماڵە و ماڵ و ئەم دەست و ئەو دەست دەگەڕێ) «هەزار ئەشکەوت».
**ئەمدەمە**: ئەمجا.
**ئەمدیوئەودیو**: ١. هەر دوو دیوی شتێک: (خەنجێری دەبان، کالان تەواو زیو/ نەخشین کراوە ئەم دیو و ئەو دیو) «قانع»،٢. کونا، کوناودیو: (لە دنیا تا دەگاتە ئاخیرەت کاریگەرە تیری/ وەکوو تیری تەهمەتەن زامی پاک ئەمدیو و ئەودیوە) «مەحوی».
**ئەمدیوەوئەودیوەکردن**: ١. کەسێکی ڕاکشاو کە هەر خۆی بەملاوبەولادا بخا،٢. سەرنجدان، لێوردبوونەوە،٣. هەڵگێڕانەوە،٤. کوناکردن.
**ئەمر**: ١. فەرمان، دەسور، دەستوور، وتە، هەود، عەمر: (حازری ئەمر و خیتابە دڵ، ئەگەرچی مەنهییە!/ ڕاجیعی تۆیە زەمیری من، ئەگەرچی غائیبە!) «نالی»،٢. وتن، ڕاگەیاندن،٣. ئیش، کار، هەرمانە،٤. ڕووداو، پێشاما، ڕێکەوت: (لە ئەمری فیتنەئەنگێزی سەراسەر میسلی مەردانن) «سالم»،٥. تەمەن، عەمر، عومر: (ئا، ئەمرێ تە درێژ بە، دبینی تو چڤواس کورەکی ئاقلی) «مەستوورە»،٦. پرس، بابەت، باوەتی بەر باس: (ئەڤ ئەمر ب من قەوی مەحالە/ ئەڤ خەونە وە

دیتی؟ یا خەیالە) «خانی».

**ئەمرا**: ئەمجار، ئەمکەڕتە: (ئەمرا دایکم هاوار ئەبا بۆ برایەلی و ئێژێ:) «گوڵونێرگز».

**ئەمڕاتە**: فەرمانی تۆ، دەستووریٚ تە: (ئی ژ ئەمرا تەی موکەررەم سەرکەشی کت، میسلی شەمع/ بەر سەری تیخێ تە و مەقتولی موکاریٚ تە بیٚ) «جزیری».

**ئەمراز**: ئامراز، مراز، کەرەسە، کەرەسە.

**ئەمڕاز**: ئامڕاز، هەمڕاز، هاوقسە، هاونشین.

**ئەمراوا**: دیەکەیێگە لە ڕەوانسەر.

**ئەمرت**: Emirt ئەمرد.

**ئەمرت**: Emrit فەرمانت، گوفتەت: (ئەمرت دڵگیرەن، فەرموودەت خاسەن/ بێشک ماهەنی ماهانەت ڕاسەن) «مەولەوی».

**ئەمرخان**: ١. ناوی ناودارێکی مێژوو، ئەمرخانی لەپزێڕین، میریٚ تەرگەوەر، مەرگەوەر، ورمێ و شنۆیێ بووە: (لەپزێرین ناسناڤیٚ ئەمرخان، مەزنێ عەشیرا ب ناڤ و دەنگ ئا برادۆستییە) «سەنار».٢. ناڤیٚ مێرانە.

**ئەمرداد**: ١. گەلاوێژ، مورداد، نێوەڕاست مانگی هاوین ٢. ناوی ڕۆژی سێی هەر مانگێکی ئێرانی ٣. بەرپرسیار لە کاروباری مرۆڤاندا لە وەرزی زستاندا ٤. نەمر، ناوی فریشتەیەکە لە ریزی ئەمشاسپەندان.

**ئەمرکرن**: فەرماندان: (گۆ: ئەمر بکە مەمێ بخونن/ هون هەر دوو د خەلوەتیٚ کو ڕونن) «خانی».

**ئەمرکەر**: فەرماندەر، فەرماندە.

**ئەمرکەردەی**: فەرمان کردن.

**ئەمرکەرە**: فەرماندەر بۆ مێ.

**ئەمرو**: ئەمڕۆ، گوڵاوی، هەرمێ.

**ئەمرۆ**: هەمروو، هەمرود، هەرمێ.

**ئەمڕۆ**: ئەڤرۆ، ئیرۆ، ئەورۆ، هیرۆ، ئارۆ، ئەمڕۆکە، ئیمڕۆکە، ئەورۆکە: (بە تیر ئەمڕۆ دڕی وا هەرچی پێش هات/ خوداپێداوە هەرکەس بەر نەزەر کەوت) «مەحوی».

**ئەمڕۆبەفەردا**: ئەمڕۆسبەی، بریتی لە تەفرە و فریو: (هەر لەحزە ئەدەی وەعدەی وەسڵ و نییە ئەسڵی/ کارت وەکوو دنیایە، هەر ئەمڕۆیە بە فەردا) «تاهیربەگ».

**ئەمروخوداکەردەی**: مردن، ئەمری خودیٚ کرن.

**ئەمروخەت**: فەرمان و دەسنوس: (حەتتا نەمام سالەک تەمام، شیرین کەلام ما دامە جام/ بێ جەهد قەت تێن ئەمر و خەت، هەرچی کو مەتلەب مەنسەبە) «جزیری».

**ئەمڕۆسبەی**: ١. لەم ڕۆژانەدا، بەم زووانە،٢. تەفرە، دەسی دەسی.

**ئەمڕۆسۆزی**: ١. ئەمڕۆسبەی، بەم زووانە: (ئەمجا ئەزانێ هیچی بۆ ناکرێ/ ئەمڕۆ و سۆزییەک خاترجەم ئەمرێ) «قانع»،٢. تەفرە، دەسی دەسی.

**ئەمڕۆکە**: ئیمڕۆ، ئەمڕۆ: (دوێنێ، کە نەوبەهاری ئەمن بوو جەماڵی تۆ/ ئەمڕۆکە، خاکی توربەتی تۆیە، بەهاری من) «ئەدەب».

**ئەمڕۆڵە**: گوندێکە لای حسێنئاوا، سەر بە شاری دیواندەرە.

**ئەمرونە**: بکە و مەکە، وابکە و وامەکە.

**ئەمرونەهی**: ئەمرونە، بکە و مەکە: (لە سایەی ئەمر و نەهیی، حەقق و باتیل بوو بە دوو فیرقە/ بە میسلی فەرقی ڕۆژ و شەو کە فاریق نووری ئیمانە) «نالی».

**ئەمروو**: هەمروو، گوڵاوی.

**ئەمڕوو**: ئەمڕۆ، ئیمڕۆ.

**ئەمرووڵە**: ١. ئەمروو، هەرمێ،٢. دیەکەیێگە لە مایەشت.

**ئەمڕۆیی**: ئیمڕۆژی، مۆدی ئەمڕۆ، بابەتی ئیمڕۆ.

**ئەمرە**: ئەمر، فەرمان.

**ئەمرەد**: ١. هەرزەکار، دەمڕووت، ئەو سنێلە یێ کو بەرێ کەپێ وی ڕەش بووی و هێشتا ڕەهێت وی نەهاتین: (مـن ئـاه و مەدەد تـویی/ یوسـفێ ئەمرەد تویی) «فەقێ تەیران»،٢. ژن: (دوور بوو ژ ئەفعالێ بشـک/ ژ ئەمـرەد و بـوکرێ خوەشـک) «فەقێ تەیران».

**ئەمــرەک**: ئەمرێــک، فەرمانێــک: (وی وەســا ئەمــرەک وێ دایــی ســوتییە دل ل مە جەگەر) «سندی».

**ئەمریخودابەجێهێنان**: بریتـی لە مـردن: (عەولا گزگل ژنی یەکەمی منداڵی نەبوو، ئەمری خـودای بەجێ هێنا) «خاک و چەوسانەوە».

**ئەمرێخودێکرن**: ئەمـری خـودا کـردن، مـردن، کۆچا داڤی کرن: (ئێلچی گـۆت: زیکـا تـابیتەکی درست کە، سـولتان ئەمـری خـودێ یـێ کـری!) «گولواز».

**ئەمریخێر**: کاری باش، چاکە، کاری خێر وەک: گۆڤەند، ژن مارەبڕین.

**ئەمریدا**: ئەمری کـرد، فەرمـانیدا: (چـۆلی دی سینەم لە دڵ، بۆ سووتنی/ ئەمریدا، شێری نەبـێ ئەم لانە بۆچ!) «مەحوی».

**ئەمرێعەزیم**: کاری گران: (بـابێ قەوی ئەو کـچ دڤێت/ باندێ قسێ ژێڕە دبێت/ ئەمرێ عەزیم ب سەر تە تێت/ نابی خلاس، بـێ عبرەتـێ) «فەقـێ تەیران».

**ئەمزگسیگار**: دوسیگار، مۆدنە، مۆننە.

**ئەمزووک**: مـۆدنە، مـۆننە، دەمـنە، دارجـگەرە: (جغارە کێشان بە بێ ئەمزووک خۆش نییە).

**ئەمژتە**: ئێمە لە تۆ: (گـۆتە مە دۆردانەیـێ ئەم ژ تە و تو ژ مەیی) «جزیری».

**ئەمســا**: ئێسـتە، ئیسـە، ئیسـا، ئێسـتا، لەمەوسـا، لەمەوپاش، هەنووکە.

**ئەمسار**: ئیمساڵ، ئیسال.

**ئەمسال**: ئەمساڵ.

**ئەمســاڵ**: ئیسـاڵ، ئیمسـاڵ، سـاڵێ کە تێیـداین: (پارت جەفا، ئەگەر لەگەڵ ئێمە بە جەبر دەکـرد/ ئەمسـاڵەکەت وەفـا، بە مە بـووبێ بە ئیختیـار) «ئەدەب».

**ئەمسەر**: ١. ئەمسار، ئەمساڵ،٢. سەری لای مـن: (ئەم سەری گوریسەکە بگرە).

**ئەمسەرڤەرا**: ساڵی داهـاتو، سـاڵێ کە دوای ئەم ساڵ دێ.

**ئەمسەروئەوسەر**: ١. هەر دوو سـەری شـتێک،٢. لە هەر دوو لای هـــــاتوچۆوە: (دارە گەورەکەی سەرکەل تاریـدەر/ نشـینگەی ڕێبـوار، ئەمسـەر و ئەوسەر) «قانع».

**ئەمشاسپانتا**: ئەمشاسپەندان.

**ئەمشاسپەند**: نەمرانی پیـرۆز، نـاوی هەرکـام لە حەوت فریشتەی ئایینی زەردەشتی.

**ئەمشاسپەندان**: پاکەکانی جاویدان، پاکێت نەمـر، شەش فریشتەی نەمر لە ئاوێستادا، ئەهورامەزدا لە سەرێ وانە.

**ئەمشــۆ**: ئیشـەڤ، ئەمشـەو: (ئەمشـەو گـوڵی ئومێدی وەتەنمان ئەپشکوێ/ میللەت ئومێـدەوارە بە زانستی پێشکەوێ) «پیرەمێرد».

**ئەمشــەب**: ئەمشـۆ، ئیشـەڤ: (جێـی دەم دەمە، جێی لەب لەبە، ساقی وەرە ئەمشەب/ هەم ماچی دەمادەم بدە، هەم جامی لەبالەب) «نالی».

**ئەمشەسپانتا**: پاکەکانی جاویدان.

**ئەمشەو**: ئەمشەو، ئیمشەو، ئیشـەڤ، ئەڤشـەڤە: (شەوی یەلدایە، یا دەیجوورە ئەمشەو/ کە دیـدەم دوور لە تۆ بێ نوورە ئەمشەو؟!) «نالی».

**ئەمشەوانە**: ئەم چەند شەوە.

**ئەمشــــەوگین**: هــی ئیمشــەو، ئەمشــەوین، پێوەندیدار بە ئەمشەووەوە: (شامی ئەمشەوگین).

**ئەمشێر**: هەمشێر، چو شێر تیاربوون ئەڕای کارێک.

ئەموئەو

**ئەمشێربوون**: هەمشێربوون، وە دڵخـواز یەو تێـار بوون ئەڕای کارێک.

**ئەمــــل**: **××**: (گــردی کەینـــۆ دەوار و پەڵاس/ بیکەینە ئەمل، بیکەینە لباس) «مینەجاف».

**ئەملا**: ئەمبەر، لای خۆم، بەری خۆم، دژی ئەولا: (ئەملا دەکا، ئەولا دەکـا/ بە دەسـت و لاق سـەما دەکا/ خۆراکی پاتشا پەیدا دەکا) «مەتەڵ».

**ئەملاوئەولا**: ١. شانەوشان، ئەمشانە و ئەوشـان، ٢. لای ئەم و ئەو چوون بۆ ئەنجـامی کارێـک،٣. ئەملاولا، جێگای جۆراوجۆر.

**ئەملاولا**: ئەملاوئەولا.

**ئەملک**: بەرخی ساوا.

**ئەملکن**: بەرخی سـاوا، کە تەمەنـی لە دو مانـگ کەمتر بێ.

**ئەمڵە**: ١. کووچ و کووچبـار: (ئەمـڵە داسـە بـار دویـا خـێڵانە/ قـوو قــوو بـایەقوش دەیشـت گــیەڵانە)،٢. نـــاو زونەی گـــیەڵان،٣. ئـــووردی، ئـوردوو،٤. عەمـلە، حەمـڵە، هەمـڵە، تیـرەیەکە لە جاف.

**ئەملەس**: نۆکەر، کارەکەر، خزمەتچی.

**ئەممــــا**: بەڵام، بەڵان، ئەمـــا، ئەمـــان، وەلـــێ: (ئەبووزەیدی دەکـا ڕۆحـم لەگەڵ مـاچی دەمـت ئەممـا/ دەترسـم وەک نیشـانمدا بڵـێ: هـیچە و پەشیمانم) «حاجی قادر».

**ئەمــن**: Emn بێتــرس، هــێمن: (دریـغ بـۆ خـانەدانیی حارسئاغـای سـەروەری ئـاکۆ/ کە جێگەی عەیش و عەشرەت و مەنبەعـی ئەمـن و ئەمانێ بوو) «شێخ ڕەزا».

**ئەمن**: Emin مـن، ئەز، م، وژم، تـاکی ویـژەر: (چەنـدە خۆشـە دابنیشـین دوو بە دوو ئەمـن و گوڵم/ داکەوێتن مـوددەعی لەو خـوارە هەر وەک دەستی کەر) «نالی».

**ئەمناک**: ئەمن، بێترس، هـێمن: (دنـێ ئەمـن و ئەمناک بوو).

**ئەمنوئەمان**: ئارام و دوور لە ترس و خۆف.

**ئەمـــنە**: ١. ئەمەنە، ئەمنـدە، هێنـدە، ئەونە، یەنـد، ئەوەندە،٢. ئەمـن بـۆ مـێ،٣. ئەمـن، ئاسـایش،٤. ئارامە، هێمنە.

**ئەمنەخان**: ناوە بۆ ژنان.

**ئەمنەســوورەکە**: نـاوی سـازمانێکی ئەمنیەتـی ڕێژیمی بەعس بووە لە شاری سلێمانی.

**ئەمنەگیان**: گۆرانییەکی هەورامییە.

**ئەمنیش**: منیش، منیچ، خۆشم: (ئەمنیش بۆ خۆم بڕێک کورتەباڵام، لەبەر گەردن هەڵێنانێ) «گەنجی سەربەمۆر».

**ئەمنیە**: ژاندارمەی قەدیم: (لە دێدا ئەمنـیەی لـێ بوە میمـڵ/ لە شـاری شـارەبانی لـێ ببـوە سـۆ) «هێمن».

**ئەمنــیەت**: هێمنـایەتی، هێـدیەتی، هێمنیەتـی، ئارامی، بێخۆفی: (ئەمما پێویسـتییە ئەم مـیللەتە عیرفان و ئەمنـیەت/ ئەمە بـۆ سـەڵتەنەت تەختـە، ئەوە بۆ مەفخەرەت ئەفسەر) «حەمدی».

**ئەمنیەقڕان**: قـڕ کـردن و کوشـتنی بە کـۆمەڵی ئەمنیە: (ڕۆژ ڕۆژی ئەمنیەقڕانە/ مەپارێزن ئەمنـیە) «ئاوێنەیبێگەرد».

**ئەمــو**: پـڕ، فرەپـڕ، ئەمبـو، ئەنبـو، تـژی، چـڕ: (دارستانی چڕ).

**ئەمــوار**: هەمـوار، ڕێـک، ڕاسـت، سـاف: (لەو دەشتە هەموارەدا دەریایەکی ئاگرین شەپۆلی دەدا) «حەمەدۆک».

**ئەموئەو**: ١. ئیشارە بە خەڵکی نادیـار: (بە شـەو تاکوو بە سـەرما زاڵ دەبـێ خەو/ بە ڕۆژ تـاکوو دوبارە دیتەوە شەو/ لە کاتێـکدا کە دەدوێـنم ئەم و ئەو/ ئەمــن ئەی نیشـتمان تـۆم هەر لەبیـرە)

«هێمن»،٢. جودایەتی: (ئەم و ئەومان نییە، یەک ماڵین).

**ئەموئەوکردن**: هەر ڕۆژێ دۆست و دڵدارێ گرتن: (بڵا ڕۆحت موقەددەس بێ، ئەم و ئەو کردنت بەس بێ/ هەتا ئاخر هەناسە ئەو بناسە، هەر بنازە بەو) «مەحوی».

**ئەموئەولا**: ئەملاوئەولا، ئەمشانەوشان: (چارەڕەش، شەو تا بەیانی هەر ئەموئەولا دەکەم) «ئاوات».

**ئەموست**: تلی، تبل، قامک، پەنجە، ئەنگوست.

**ئەموستانە**: قوچەکە، ئەنگوستیلەی دروومان.

**ئەموستبەستە**: بریتی لە فریودریاگ، خەڵەتاو، خاپێندراو.

**ئەموستەچاو**: ئەمووستەچاو، تاریکەشەو.

**ئەموشی**: ئەمکوشی، ئەمگوشی: (گا ئەموشی ئەو ڕوومەتە نەرمە بە بەری دەست/ گا شانە و گوڵباخم ئەدا لەو قژە زەردەت) «گۆران».

**ئەموو**: ١. مام، مامۆ، ئاپ،٢. پڕ، تێکچڕژاو.

**ئەمووس**: ئەنگوست، قامک، تبل، تل، ئەموست.

**ئەمووست**: ئەمووس، تبل.

**ئەمووستبەستە**: خاپێندراو، دەستخەرۆ.

**ئەمووستەچاو**: شەوەزەنگ، شەوی تاریک.

**ئەمووستەویلە**: ئەنگوستیلە، ئەنگوشتەویلە، گوستێل، ئەموستیلە، کلکەوانە.

**ئەمووستیلە**: ئەنگوستیلە، کلکەوانە: (هەناسەی دەوای دڵەی پڕ خەمە/ بە ئەموستیلە ناوی مریەمە) «پیرەمێرد».

**ئەمووسە**: ئەنگووست.

**ئەمووسەچەم**: تاریەکەشەو، شەوەزەنگ.

**ئەمووسەوێڵە**: ئەمووستیلە.

**ئەمە**: ١. ئەم، ئێمە، مە، من و کەسانیتر: (بۆ دەپرسێ پیری مە، ئەمرۆ لە ئایینی ئەمە/ زولفی تۆ، بۆخۆی گەواهە، ئەهلی زوننارە «ئەدەب» «ئەدەب»،٢. هەوە، یە، هەوە، ئینە، هێما بۆ نزیکی تاک کەس یا چت،٣. کورتکراوی ناوی ئەحمەد.

**ئەمهاتنە**: ١. ئێمە هاتووین،٢. من هاتووم: (وان گۆتە مەمێ کو ئەی جەگەرخوون/ ئەم هاتنە دا نەبی تو مەجنوون) «خانی»،٣. ئەم شێوە هاتنە: (ئەم هاتنە بە هاتن حیساب ناکەین).

**ئەمەتا**: ئینەشا، ئائەمەتە، ئەوهەیە، خۆیەسی.

**ئەمەتانێ**: ئەمەتە، ئەمەتا.

**ئەمەتە**: ئەمەسا، ئەمەتا.

**ئەمەچەو**: ئەمە چی بوو؟، ئەو شتە چیبوو؟ (ئەمەچەو هەموو ڕۆژێک دێیت؟).

**ئەمەخان**: سووکە ناو ئەحمەدخان.

**ئەمەدی**: ئامەد، ناوی شارە×: (سێبەش دەکەن چۆپییە/ سوار دەکەن ڕمبازیە/ هات و گەییە ئەمەدییە) «دمدم».

**ئەمەر**: ناوی پیاوانە: (بە داوی قالەزلەی کۆنە میراوی ئاغا، تۆی ڕاو کرد هەر وەکوو کچی ئەمەر خانی لە خەیانەتدا سووتاند) «شەوارە».

**ئەمەسا**: ئەمەسە، ئەوەتە.

**ئەمەسە**: ئەمەتە، ئەمەتا.

**ئەمەش**: ١. ئەمنیش، منیش: (بەڵام وەک ئێوە لە دڵما ئەگرێت مەیلی سەربەستی/ ئەمەش ئایینم وەک ئایینتانە: هەردەپەرستی!) «گۆران»،٢. ئێمەش: (با ئەمەش ئەوشۆ بچین وەکی وان گندۆرە و تەرۆزیان بدزین) «خاک و چەوسانەوە».

**ئەمەڵقەمە**: سەمەڵ یەمەڵ، کار و کرداری ناحەز.

**ئەمەک**: ١. ئەمەگ، وەفا، سۆز، ماخوێ، چاکە، پەیمان: (عومری بێ حاسڵی من چوو بە عەبەس/ ئەمەکم هەرچی هەبوو چوو بە عەبەس) «نالی» ٢. ڕەنج، زەحمەت، ئەزییەت، ئەرگ ٣. بەرچاڤ گرتنا چاکییان: (گیانێکم بە پوورە گوڵەیە مام کوێخا! ئەو ئەمەکی دایکێکی دڵسۆزی بە سەرمەوەیە) «هەزار ئەشکەوت».

**ئەمەک‌حەرام**: بێ‌وەفا، پێنەزان، سپڵە.
**ئەمەکدار**: وەفادار، بوەفا، ئەمەگدار، پێزان، پەیمان‌ڕاگر.
**ئەمەک‌دانەوە**: قەرەبوی چاکە کردنەوە.
**ئەمەک‌کێشان**: ڕەنج دیتن، وەفا ڕاگرتن.
**ئەمەگ**: ١. ئەمەک، وەفا، چاکە، پەیمان: (ئەمەکت زۆرە لە سەر شانی گەل/ گەل بە تۆ زیندووە، ڕۆژانی هەل) «ڕاوچی»،٢. کاری سەخت کە پیاو ماندوو بکا.
**ئەمەگ‌بەجێ‌هێنان**: ١. جوابی چاکە دانەوە،٢. مرن، مردن: (زۆر نەخایاند دایکیشی ئەمەگی بەجێ هێنا و دوای باوکی کەوت بۆ شاری خامۆشان) «پێکەنینی گەدا».
**ئەمەگدار**: ئەمەکدار، بەئەمەگ، پەیمان‌ڕاگر.
**ئەمەگداری**: پەیمانداری، دەستگیری، پێزانین، بەڵێنداریتی.
**ئەمەگناس**: وەفادار، ئەمەگدار: (سڵاو بۆ میللەت و ڕۆڵەی ئەمەگناس و وەفاداری) «حافز».
**ئەمەل**: حەز، تاسە، ئارەزوو: (وەکو نەهاری بەهاری درێژ و پایزی کورت/ ئەمەل گەلێک و تەویل و، عەمەل کەمێک و قەسیر) «نالی»، (ب ئلمێ مەلێ بکە، ب ئەمەلێ وی نەکە) «پەند».
**ئەمەڵی**: عەمەڵی، عەمبەڵی، کەسێ کە لە خۆراک و شت دوودڵ و قێزەون بێ.
**ئەمەن**: ئەوەند، هێندە، ئەوقاس، ئەونە.
**ئەمەندوچکە**: ئەوەندوکە، ئەم تۆزە، ئەم تۆزقاڵە، ئەم تۆسقاڵە.
**ئەمەندوسکانە**: ئەمەندوچکە.
**ئەمەندوسکە**: ئەمەندوچکە.
**ئەمەندوکانە**: ئەمەندوچکە.
**ئەمەندوکانێ**: ئەمەندوچکە.
**ئەمەندوکە**: ئەمەندوچکە.
**ئەمەندە**: هێندە، ئەوەندە، ئەوقاس لە شتێک: (برۆت هەر چین و پەرچەم چین لەسەر چین/ ئەمەندە چینە، قوربان، پێم بڵێ چین؟!) «نالی».
**ئەمەنە**: هێندە، ئەمەندە.
**ئەمەنی**: پاشگرە بە واتای شیان: (خواردەمەنی: شیاوی خواردن).
**ئەمەو**: ئەم، ئەو: (ئەو شاهی ماهی میسرە، ئەهالی لە ڕێی سوجوود/ قورئان دەڵێ کە بەندە ئەمەو بەندەپەروەرە) «نالی».
**ئەمەوێ**: دەمەوێ، دەمهەوێ، مەڤێ.
**ئەمەها**: ئەوەتا، ئەوەتانێ، ئەمەتا، ئا ئەمەتە.
**ئەمەهای**: ئەمەتا، ئەمە لێرە.
**ئەمەهە**: ١. ئەمە،٢. ئەمەتە، ئائەمە.
**ئەمەهەی**: ١. ئەمە،٢. ئەم شتەی فلان.
**ئەمەیچە**: ئەمیشە، ئەم یەکەش.
**ئەمەیشە**: ئەمیچ، ئەمیچە.
**ئەمەێ‌قولی**: ١. دێکەیێکە لە چەرداوڕ،٢. ناوی کوڕانە.
**ئەمەیەجوان**: ناوی گۆرانییەکە: (ئەمەیە شۆخ و جوان، دیدە گەش، ئەبرۆ کەوان) «ع. مەردان».
**ئەمێ**: ١. ئەگرە، ئێرە، ڤر، ڤرا ٢. ئێمە ئەبێ، گەرەکە ئێمە: (دوو را ژی ئەمێ کەلێ بنهێرین) «مەستوورە» ٣. ئەم، ئێمە: (ڕۆژا تەمەن دچە ئاڤا/ هەتا کینگێ ئەمێ ها بن؟) «سەنار»،٤. ئەمێ، مێ، مێوینە: (جوانوی ماینەکەمان ئەمێیە، نێر نییە).
**ئەمیان**: ١.کیسە، هەمیان، هەمانە، کیسێ دراڤێ،٢. ئەمەیان، ئەم نزیکەیان، هێما بۆ یەکی نزیک لەناو هیتردا.
**ئەمیانە**: ئەم دەنکەیانە.
**ئەم‌یانە**: ئەم بۆنەیە: (ئەگەر ئەویانە و ئەگەر ئەمیانە/ خوا سەربەرزیان کا ئەعزای ئەم یانە) «بێخود».

**ئەمیتر**: ئەویکە، ئەمەیتر، ئەویەکەش.
**ئەمیچ**: ١. ئەمیش، ئەیەش، ئیشارە بە تاکی نزیک،٢. ئەویەکەش، ئەویش، ئیشارە بە تاکی دوور.
**ئەمیچە**: ١. ئەمیچ، ئەڤژی،٢. ئەویش.
**ئەمیر**: ١. فەرمانڕەوا، سەرەک، سەردار: (ئەجناسێ میلەل موتیع و مونقاد/ نەسلا وی عەرەب، ئەمیرێ ئەکراد) «خانی»،٢. پلەیەکی چەکداری بانتر لە سەرهەنگ،٣. ناوە بۆ پیاوان.
**ئەمیرانە**: میرانە، چوون ئەمیرگەل: (لە خۆشی زەوقی ئەو لوتفی ئەمیرانە کە تۆ کردت) «مینەجاف».
**ئەمیراو**: ئێراو، گوندێکە لە دێهستانی ئیمامی سەقز.
**ئەمیراوا**: ١. گوندێکە لای کامیاران،٢. ناوی دێهستانێکە لە کامیاران،٣. ناوی چەمێکە لە بەرزایی گوندەکانی مارنج و گائیدەر و ئەشکەوتان سەرچاوە دەگرێ.
**ئەمیراوی**: گوندێکە لە دێکۆی لەیلاخی باکووری ناوچەی قوروە.
**ئەمیراوایقەڵالان**: دێیەکە لە دێکۆی تازەی پەنجەعەلی مەڵبەندی قوروە.
**ئەمیرئاباد**: گوندێکە سەر بە شاری بۆکان.
**ئەمیرئاوا**: ١. دیەکەیگە لە نزیک ئارونئاوا، ناو زونەی سراوقولی بویە،٢. دیەکەیگە لە ئیلام،٣. دیەکەیگە لە کرماشان.
**ئەمیرئەسلان**: گوندێکە لە دێکۆی کوڕانیی بیجاڕ.
**ئەمیربەگ**: دیەکەیگە لە جووانڕوو.
**ئەمیرتانج**: ویکس، خەمیرێکە بۆ چەورکردن.
**ئەمیرخان**: ئەمیرخانی برادۆست: (ئەمیرخان سەری بۆ دانەنواند و ملی بۆ ڕانەکێشا) «توحفە».
**ئەمیرخانیچۆلاق**: ئەمیرخانی برادۆست: (یەکێک لە ژنەکانی ئەمیرخانی چۆلاق کە لە کچانی خەڵکی خوێڕی ئەو مەڵبەندە بوو) «توحفە».

**ئەمیرزادە**: میرزادە، کوڕە ئەمیر.
**ئەمیرزەینەدین**: میرزەینەدین، میری جزیر و بۆتان: (زیبەندەیێ مولک و زەینێ دین بو/ ناڤێ وی ئەمیر زەینەدین بو) «خانی».
**ئەمیرغاز**: جۆرێ قوماشە×: (هاتنەخوار لە میرقازی/ بە کراسی ئەمیرغازی) «فۆلکلۆر».
**ئەمیرۆد**: هەرمێ، هەمرو، گوڵاوی.
**ئەمیروەلی**: حەزرەت عەلی: (نە ڕای تیجارەت ئەمیر وەلی/ تۆ مایەی ڕەواج عەباس و عەلی) «مەولەوی».
**ئەمیرە**: ١. لەقەبی ژنێکە لە بنەماڵەی پاشا و ئەمیر بووگە: (ڕەئیسە و خانەدانزادەی سیادەت/ ئەمیرە و شای ژنانی بەختیاران) «بێخود»،٢. ئەمیر بۆ مێ،٣. ناوە بۆ کچان.
**ئەمیری**: ١. فەرمانڕەوایی،٢. ناوی فەتاحی ئەمیری، نووسەری بۆکانی: (بژی بۆ گەنجی هەرمانت «ئەمیری») «حەقیقی».
**ئەمیسان**: هەمیسان، دووبارە.
**ئەمێستا**: ئێستا، ئیسا، ئەمێستاکە، ئەمێستە، ئێستاکە: (لە پێشا خاکی مە لانەی پڵنگ و شێری ئازا بوو/ ئەمێستا مار و مێروو، گورگ و ڕێوی لێی دەکەن سەیران) «حاجی قادر».
**ئەمێستاش**: ئێستاش، ئێستاکەش: (ئەمێستاش شێخ عەلی نەجلی کەبیری ساحیبئیرشادە/ ...) «شێخ ڕەزا».
**ئەمێستاکە**: ئەمێستا، ئەمێستێ: (ئەمێستێ مووری خەتتی ماچ بە وەجهی توحفە گەر بێنێ/ ئەگەر لاقی کولەی پێ دا سولەیمان خاتەمی داوە) «حاجی قادر».
**ئەمێستاکێ**: ئەمێستا: (مەپرسە دەردی غەریبی و لەززەتی وەتەنم/ ئەوی لە دەستی دەگریام، ئەمێستە بۆی دەگریم) «حاجی قادر».
**ئەمێستە**: ئەمێستا: (دڵم بەردە ئەگەر شاخە، بە

ئەمینداری

چاوی سووکی مەنوارێ/ بەخـۆڕایی نەسـووتاوە، ئەمێستە کێوی تووریکە) «نالی».

**ئەمێســتەکانێ**: ئەمێسـتا: (لە سـایەی دەهـری دوونپەروەر ئەمێســـــتە لەک لە لەک ئەدوێ/ بە کـوڵێ کلــکەوە ڕێـوێ لەگەڵ کەولــی دەڵەک ئەدوێ) «شێخ ڕەزا».

**ئەمێستەکێ**: ئەمێستا.

**ئەمێستەیش**: ئێستەیش، ئێستاکەش: (ئەمێستەیش، گەرچی عەیش و عوشرەتت هەر تـاڵ و تـاڵاوە/ بە مەرگــی تـۆ، لە پاشـانیش دەخـۆی تـاڵاوی تاڵاوی) «نالی».

**ئەمیش**: ئەوی دیکەش، دیترژی، ئەڤـژی.

**ئەمیق**: ئەمبیق، لوولەی تکاندن.

**ئەمـــین**: ١. جێ‌متمـــانە، جێی‌بـاوەڕ، ڕاســت، دەسپاک، کەسی ئامبۆز: (هەتا ئێستا ئەمینـی مـاڵی مـن بـووی، نهـۆ بە خـوار و غەیـان دەرهـاتی) «تـوحفە»، ٢. خـاترجەم، ئەرخەیـان، ئاسـوودە، هێدی، دڵنیـا،٣. ئێـمەین: (تێن سینەیان پەیکـان نهین، ئامانجێ وان تیران ئەمین/ داما بەلایـێ دەر کەمـــین، هەر گوشـــە دور مـــاداری چەرخ) «جزیــری»،٤. هەر یەکە لە ئەنــدامانی کــۆڕی دەســپاکان (ئومەنــا)،٥. کەســێ سەرپەرشــتی کەسێکی‌تری لە ئەستۆدایە،٦. حاڵی ڕێگـایەک کە ترســی دز و جەردەی لــێ نەکــرێ،٧. گــران، گرانبایی، گرانبەها: (هەر بەردی جۆیبارە سـپی و سـافە وەک سـەدەف/ هەر شـەونمە لە دانەیـی دوڕری ئەمـین ئەکـا) «بێخـود»،٨. «ئەمـین زەکـی بەگ» کە لە سـاڵی ١٣٦٧ی هیجـری‌دا کـۆچی کردووە: («ئەمـین»ی عاسیمەی غیـرەت، «زەکـی بەگ» خـادیمی مـیللەت/ دەبیـری مەکتەبـی قودرەت، وەزیری شاری بەغدا بـوو) «بێخـود»،٩. ناوە بۆ پیاوان: (ناڤێ لاوکـێ مـن ئەمینـە/ قاییشـا سەعەتێ ڕەشە مۆرکا وێ شینە) «حەیرانۆک».

**ئەمینان**: کۆی ئەمین، کەسێلی باوەڕ پێکراو: (ئەو ژی وەهە ڕەنگ دگەل ئەمینان/ حازر وەهە بوون وەکی حەزینان) « یۆسفوزولەیخا».

**ئەمینــاوا**: ١. گونـدێکە لە دێکـۆی خەسـراوای بیجاڕ، ٢. شاخێکی بەرزە لای بیجاڕ،٣. گونـدێکە لە دێکۆی کانی‌شیرینی دیواندەرە.

**ئەمیناوای‌قەسـڵان**: دێـیەکە لە دێکـۆی قەسـڵان ناوچەی قوروە.

**ئەمین‌ئابات**: گوندێکە سەر بە شـاری مەهابـاد: (یا چاکی گوێتیان هاوار/ لە زینویێ ئەمین‌ئاباتێ/ لە سویێ ماچێکت مردم/ بووی بە ئاوی حەیاتێ) «فۆلکلۆر».

**ئەمین‌ئاغا**: ناوداریکی شاری کـۆیێ بـووە: (دوو ئاغای ماوە وەک بیستوومە ئەخبار/ ئەمین ئاغـا و حەمە ئاغای ساحیبی کار) «حاجی قادر».

**ئەمین‌ئاوا**: ١. گوندێکە لای تیکاب: (تیپ سەی شـامحەمەو لە ئەمین‌ئــاوا) «ئـاوێنەی‌بێگەرد»،٢. دیەکەیگە لە ناودەروەن.

**ئەمین‌باپیر**: گوندێکە لای خانەقین.

**ئەمین‌بـــوون**: ١. ئەرخەیـان بـوون: (هەر ئەو دڵۆپەیە ئەتکێ لە دیدەیی گریان!/ بەڵام ئەمـین بە شـەو و ڕۆژ هەتـا بەرو دوا بـێ) «گـۆران»،٢. دەسـت پـاکبوون، جێـی بـاوەڕ بـوون: (ئەمینـی خەڵکە پیـاوی داوێن‌پـاک/ ئالیک زیاد دەکـا لە خۆی ئەسپی چاک) «حافز».

**ئەمین‌حەبیب**: گوندێکە لای جەلەولا.

**ئەمیندار**: ١. جێی متمانە، جهێ باوەڕ، دەسـپاک: (لە هــیچ دەوڵەتــان وە چەنــگ نــاکەون ئەو ئەمینـدارە) «تـوحفە»، ٢. ئەمینـداری خـان بـۆ هەڵگرتنی خەرمان.

**ئەمینداری**: ١. دەس‌پاکی، جێی بـاوەڕ بـوون،٢.

کاری ئەمیندار،٣. شۆلی سەرکاری و خرمان هەڵگرتن لە گونددا.

**ئەمین دیوان**: کاک‌سەوەنی: (لەوەلا ئەمین دیوان، کاک سەوەندی، دایانە لی، کوشتوویانە) «ئاوێنەی‌بێگەرد».

**ئەمین‌زەکی‌بەگ**: محەمەد ئەمین کوڕی حاجی عەبدوڕەحمانی کوڕی مەحموودی باپیرە، ناودارێکی مێژوونووسی گەورەی کورد بووە لە ساڵی ١٨٨٠ز. لە گەڕەکی گۆیژە لە سلێمانی لە دایک بووە: (جەنابی «ئەمین زەکی بەگ» کە وا/ پیاوێ بوو بۆ کورد گەورە و پێشەوا) «ف. بێکەس».

**ئەمین‌سندووق**: گەنجینەدار، خەزنەدار، خەزێنەدار، سنووقدار.

**ئەمین‌شەتب**: گوندێکە لای جەلەولا.

**ئەمین‌کردن**: دانانی کەسی جێی باوەڕ لە شوێنێ: (ماری موو بۆ باغی ڕوو پەرژین دەکەی/ کافری بێ دین ئەمینی دین دەکەی) «سالم».

**ئەمینوگەر**: ١. ناقێ یەزدان،٢. دروسکەرێ دنیا مادی.

**ئەمینە**: ئەمین، دەسپاک بۆ مێ.

**ئەمینی**: هێمنی، دەس‌پاکی: (قەنج کر و وەزیر ئەمینی کر/ بابێ کەنزکێ ڕەبەنی کر/ خور کردن و خودبینی کر/ ژ کێم‌فەهم و جەهالەتێ) «فەقێ تەیران».

**ئەمینێ‌عەڤدال**: تیرەیەکی کوردی ئێزدین: (ئێزدییێن وەکە: عەربێ شەمۆ، ئەمینێ عەڤدال، حەجییێ جندی، قاناتێ کوردۆ، مالباتا جاسمێ خزمەتا پر مەزن ب زمانێ کوردی کرنە) «سەنار».

**ئەن**: چەن، چەند، چەنێ، چەندێ، ئەند، وردە، هەند، هەندێ، هێندێکی کێم.

**ئەنا**: ١. دەنا، ئەگەنا، ئەگەرنا، ئەگینا ٢. ئێستە.

**ئەناب**: شیلە، نیشانەیەکە لەسەر ددانی وڵاخی بەرزی پیر.

**ئەناج**: سەرکێش، سەرڕەق، ئەنناج، عەنناج.

**ئەناجیر**: گوندێکە لە خۆراوای کەرکووک.

**ئەناخوانی**: پیاهەڵدان و ستایش کردن: (بولبولی تەبعم ئەوا دیسان ئەناخوانی دەکا/ نوکتەسەنجی و بەزلەگۆیی و عەنبەر ئەفشانی دەکا) «نالی».

**ئەنار**: ١. هەنار، هنار، دار یا بەری هەنار،٢. بریتی لە مەمکی وەک هەنار: (سەد نامی خودا بێ لە دوو پستانی ئەنارت/ گرد و شلک و نازک و پرچنگ و قەشەنگ) «تاهیر بەگی جاف».

**ئەناردن**: هەناردن، ناردن، هنارتن.

**ئەنارفەرهاد**: هەناری فەرهاد، دارێکی هنارە لە بێستوون هەڵکەوتووە.

**ئەنارک**: دیەکەیگە لە هووزمانەوەن لەکی قسیە کەن.

**ئەنارلو**: باغی هەنار، هەنارستان.

**ئەناروو**: کوڵمک، زەقایی سەر ئێسکی ڕان.

**ئەناروون**: ئەنارەک، ئەناروو.

**ئەنارە**: ئەناروو، کوڵمک.

**ئەنارەک**: ١. کوڵمک، ئەناروو،٢. دیەکەیگە لە چەوار.

**ئەناری**: هەناری، هناری، دروس‌کراو لە هنار.

**ئەناز**: ١. ڕاخراو، داخراو، فرێدراو: (زێڕ و خاوەن‌زێڕ پایەنازت بۆ)،٢. پاشگری بکەری، بە واتای هاوێژەر، فرێدەر: (تیرئەناز: تیرهاوێژ)،٣. هەناز، ڕزار: (لەێ ئەنازەو بچوو).

**ئەنازکر**: وەتەمامی، وەکولی: (ئەنازکریان هاتن).

**ئەنازە**: ئەندازە، پێوانە، ژمار، ڕادە، ئەیارە، ئەقد، قەد، بەقەد، ڕەی، هەند، هەندەی، ئەوەندەی، سەنگینی، سەنگاتی، کێش، هاوکێش، ئەناژە، سێو، سنور، قاس، بارست، چاپان، چەندێتی، تیەن، بە: ١. سەنگاتی، کێش: (ئەنازەی دو مەن گەنم بەچەن؟)،٢. مابەین، مەودا: (ئەنازەی دوو گەز

دوور بـوون لێکتـر)،٣. ژمـاره، شـوماره، شـماره: (ئەنـازەی دە کەس هـاتن)،٤. هاوتـا، بەقەد: (ئەو کەوا بە ئەنــازەی بــاڵای مــنە)،٥. ڕادە، ژمــاره: (لەشـکری بێ‌ئەنـازە هـاتگن)،٦. جـێ، جـێگە، سنوور، پـلە: (لە ئەنـازەی خـۆی دەرچـووگە)،٧. پێـوانە، ئەیـارە، گەز، گاوەخـان، میتـر، ئـامێری پێوان،٨. ئەندازەزانی، پێوانەزانی، زانیاری ئەندازە، ٩. نیشانەگیری.

**ئەنازەگرتن**: ١. ئەقد چشتێ گرتن،٢. نیشانەگرتن.

**ئەناژە**: ئەنازە، ئەندازە.

**ئەناسمەی**: ئەیناسم، ئەیشناسم.

**ئەناسنەی**: ئەو دەناسن.

**ئەناشـــتا**: ١. بەرچـــا، بەرچـــایی، بەرتێشـــت، بەرقلیـــانی، خـــواردنی بەیـــانی،٢. لە خـــورێنی، سبەینێ پێش بەرقلیان خواردن.

**ئەنام**: ١. ئەندام، تەن، تەنە، تەلە، سەرتاپا، قاڵـب، لەش، گشت گیان، گژیـان، ئـازای گیـان: (مەڵـێ پیـره ئەنـامی سوسـت و بـێ هێـز) «هـاوار»،٢. پاداشت، دەس‌خۆشانە.

**ئەنام‌گیان**: ئازای لەش، ئەندامی ژیـان (مێشـک، دڵ، جگەر، هەر دوو باتوو).

**ئەناو**: ١. هەناو، ژوور،٢. ئەنوود، بان‌ئەنوود.

**ئەناهیتـــا**: ١. خوداوەنـدی دایـک و پەیمـان و ئەڤینی: (بینـم نـا بە جـامی ئەناهیتـاوە/ خـواژنی نـازداری کـانی و سـەرچاوە) «گـۆران»،٢. نـاوی کچانە.

**ئەنایشـــتە**: ناشـتا، نـانی بەیانیـان: (ئەنایشـتەی شەوەکیان سی نان و شانەیەک هێکە!).

**ئەنبار**: ١. ئەمـار، ئەنبـار، ئەمبـار، همـار، هۆمـار، هومـار، هەمـار، هەنبـار، عەمبـار، هامـار، کـۆگە، کۆمگە، کوونگەهـ، کیلێل، کیلێـر، بارخـانە، پـانگە، پانگەهـ، مەکۆی چت: (لامەدە «نـالی» لە ئەنبـاری جیـرایەی سـاڵحان/ گەرچـی ببـیە خۆشـەچینی دانەیی خەرمانی ڕۆم) «نـالی»،٢. عەمبـار، دێـیەکە سـەر بە شـاری بۆکـان لای گـردی قەبـران هەڵکەوتووە،٣. شەهک، بەرەم، ئەنباری تفەنگ.

**ئەنباربوون**: عەمباربوون، هەڵگیران.

**ئەنباردار**: کۆگەوان، کۆگەڤان، هەمادار.

**ئەنبـــارداری**: ١. هومــارداری، هەمبـــارداری، کۆگەڤانی، پیشەی هەمباردار،٢. کرێی هەنبار.

**ئەنباری**: ١. عەمباری، هەماری، ژووری تـایبەتی کەلوپەل،٢. شتی ڕاگیراو لە عەمباردا،٣. وەردێنەی نـان‌کردن،٤. نیشـتەجێی ئەنبـار: (قـوش، قوشـی ڕاوی نەبێ، مـورغی کـولانە و ئـاخورە/ سـەگ، سەگی تازی نەبێ، کادێنی و ئەنبارییە) «نالی».

**ئەنبـاز**: ١. هاوئـامێز، هاوبـاوەش، بـاوەش تێـک وەرێنان،٢. شەریک، هـاوبەش: (ئەنبـازێ فەرەح، شەریکێ غەم بوو) «خانی».

**ئەنبازی**: ١. دۆستایەتی، هاوکـاری،٢. شـەریکی، هاوبەشی،٣. هاوئامێزی، هاوباوەشـی: (سـاغی لەم ڕێگایەدا کاری لە دین چی؟ سادقە/ هەرکەسێکی عاشیقە ئەڵبەتە ئەنبازی دەکا) «حاجی قادر».

**ئەنبان**: هەمانە، هەمبـانە، هەوانە، هەڤـانە، هەوان، هومبان، هەفـان، هەنبـانە، مـانی، مـانێ، پێسـتەی گووراوی بزن و مەڕ بۆ شت.

**ئەنبانۆکە**: هەمانۆکە، هەنبانۆکە، هەوانچە.

**ئەنبو**: ئەمو، ئەمبو، پڕ(دارسان).

**ئەنبوڕ**: مقاش، ئەمبوڕ، پۆلووگر، سکڵ‌گر.

**ئەنبوردەستی**: ئەمبوردەسی، ئاموردەستی، گاز.

**ئەنبۆژەن**: ماددە، ماک، ئەنبووژەن.

**ئەنبۆژەنێ**: ماددی، ماکی، سەر بە ماک.

**ئەنبوو**: پڕ، تژی، تەژی(دارستان).

**ئەنبووژەن**: ماددی، ئەنبۆژەن.

**ئەنبە**: ١. عەمبە، دارێکە هەمیشە سەوزە،٢. بەری ئەو دارە.

**ئەنبەر**: عەنبەر، مەڤادیەکی گەورڕەنگ ل ناڤ گەودە و ناڤسی یێ جورێک ماسی ب ناڤ ئەنبەر یا کاشالۆت یا گاماسی چێ دبە.

**ئەنبیر**: هەلاش، ئالاش، هالاش، هەراشی سەر شەقلە و کاریتە.

**ئەنبیق**: ئەمیق، ئەمبیق، ئامێری دلۆپاندن.

**ئەنتاری**: کەوا، قەبا، کورتەک.

**ئەنتریک**: ئانتریک.

**ئەنتوپەهت**: گومانلێکراو، گوماناوی، جێی شک، چاڤزۆورک، چکزین.

**ئەنتووفە**: دیاری، سەوقاتی، تووفە.

**ئەنتەر**: ١. عەمتەر، قوونسوور، حەمتەر، عەنتەر، جۆرێک مەیمونە،٢. بریتی لە کەسی ناحەز.

**ئەنتەرە**: رۆژەکە ژ یێن سەقەم ل مەها کانوندا: (ئەنتەرە، هەچییێ ژ مال بچت دەرە، یێ کەرە) «پەند».

**ئەنتیق**: ئەنتیکە، ئەنتیقە.

**ئەنتیقە**: ئەنتیکە، نەجیب.

**ئەنتیک**: ئەنتیکە، کارامە، وەدەردبخور.

**ئەنتیکە**: ١. سەیر، کەموێنە، عەنتیکە: (عەنتیکە و زێدە لاوە، چۆنی لێ بکەم سلاوە/ سنگت پەنیری کوردی، زولفی گیابەند و خاوە) «فۆلکلۆر» ٢. کەڤن، کەلوپەلی کەونارا، عەتیقە، کۆنە، کەڤنارا، کۆنینە.

**ئەنتیکەخانە**: مۆزەخانە، مووزە، جایگ ک جسن قەدیمە لە تێ ئەلگرن.

**ئەنتیکەفرۆش**: فرۆشەری شتی کەونارا.

**ئەنتیکەفرووش**: ئەنتیکەفرۆش.

**ئەنتیکەناس**: کەونناس، کۆنناس، کۆنەناس، سەربشەو لە جسن قەێمە.

**ئەنتین**: ئەنرین، خەمخواردن، پەرۆش بوون.

**ئەنج**: ئنج، نق، نازی، گۆت و بێژا بێهوودە.

**ئەنجا**: ئینجا، ئەمجا، ڤێجا، ئەڤجا: (ئەنجا دێم، لە سەر سینەی نەرم و شل/ ڕائەکشێم تاوێک، نوقمی تەئەممول) «گۆران».

**ئەنجاخ**: وەو شەرت، ئەگەر.

**ئەنجار**: ئینجا، ئینجاکۆنی، ئنجاکو، ئیمجاکۆنی، ئەوجاکونێ، ئەوجارەکێنێ، ئەوجاکو، ڤێجا، وێجا، هیجا، جا، ئەمجا: (ڤێجا هەما حیجەتۆکەک پێختێر لێ پەیدا ببت ...) «مشتاخ».

**ئەنجام**: دوایی، دوماهی، ئاقیبەت، پایان، پەڕ، پەڕتاڵ، پڕتووک، شەوت، دەرەنجام، پاشەرۆژ، ئاکام، کۆتایی، دیماهیک: (لەززەتی دنیا کە هیچ و پووچە لای ئەهلی ئەدەب/ ئەووەڵ و ئاغازی جەور و دەردە، ئەنجامی ستەم) «نالی».

**ئەنجامدان**: کردن، کرن، چێکرن، پێکهێنان، بڕینەوە، سەقامدان، بەجێهانین: (هەرووەسا میرانی و مێرچاکی ڤێ گەلی دیارە د ڤان پەنددا و سەلماندییە کو مێراتیێن بێوێنە ئەنجام داینە) «گولواز».

**ئەنجامدای**: ئەنجامدان، کردن.

**ئەنجامدایدەسۆ**: ئەنجام بە دەستەوە دان.

**ئەنجامدریا**: ئەنجامدراو، کاری کراو.

**ئەنجامدریای**: ئەنجام دران، کران.

**ئەنجامدریێ**: کاری کراو، ئەنجامدریاگ.

**ئەنجامدەر**: بکەر، کەسێ کارێ دەکات.

**ئەنجاممەوەرۆ**: دەکرێ، دروس دەبێ، ئەنجام ئەبێ: (زوو بە زوو کارش ئەنجام مەوەرۆ) «م.ح. دزلی».

**ئەنجامە**: لاولاوە، لەولاوە، لەولای درگا و پەنجێرە.

**ئەنجاوەروو**: دیەکەێگە لە قلاشاین.

**ئەنجئەولا**: ئەوباو ئەژداد.

**ئەنجڕئەنجڕ**: ونجڕونجڕ، زۆر شڕۆل.

**ئەنجڕئەنجڕبیەی**: ونجڕونجڕ بوون.
**ئەنجڕئەنجڕی**: ونجڕونجڕی، شڕۆڵی زۆر.
**ئەنجز**: ئەنجام، ئەقوەت.
**ئەنجگ‌ئەنجگ**: ئەنجن‌ئەنجن، لەت‌لەت، وردورد، پل‌پل(گۆشت).
**ئەنجمەن**: ئەنجومەن، جڤات، کۆڕ.
**ئەنجن**: ١. کاری وردکردن و جنین: (کە سینەی ریشمی بەو تیغی نازەی ئەنجن ئەنجن کرد/ وتی: پەژمردەیە ئەم لالەزارە ئاوی تێدەگرم) «مەحوی»،٢. هورد، شتی جنراو،٣. بجنە، دەسوور وە هەنجنین،٤. وردکەر.
**ئەنجانن**: هەنجانن، ئەنجنین.
**ئەنجناو**: جنراو، هورد، وردکریاگ.
**ئەنجنای**: ئەنجنین، جنین.
**ئەنجن‌ئەنجن**: کوت‌کوت، جنراو، قیمەقیمە: (کە سینەی ڕیشمی بەو تێغی نازە ئەنجن ئەنجن کرد/ وتی: پەژموردەیە ئەم لالەزارە ئاوی تێ‌دەگرم) «مەحوی».
**ئەنجن‌ئەنجن‌کردن**: وردورد جنین: (من لە حەڵقەی خەتمی نازا زۆر هیلاکی غەمزە نیم/ ڕابیتەی ئەبرۆ جگەرمی ئەنجن ئەنجن کردووە) «بێخود».
**ئەنجنراو**: ئەنجناو، جنیاگ، جنردراو.
**ئەنجنە**: ئەنجن، وردکەر بۆ مێ.
**ئەنجنیا**: هەنجنیا، ئەنجنراو، جنراو.
**ئەنجنیاگ**: هەنجنیاێ، جنراو.
**ئەنجنیان**: هەنجنیان.
**ئەنجنیای**: جنران، جندران.
**ئەنجنیاێ**: هەنجنیاێ.
**ئەنجنین**: جنین، هەنجنین، ئەنجنەی، ئەنجەنەی، ئەنجەنای، هەنجاندن، ورد کردن بە تێغ: (تیغی بێ‌مەیلی و جەفای ئەو نازەنینە دڵڕەقە/ جەرگی لەت‌لەت کردم بەجارێک ئەنجنیویە سینەشم) «هێمن».
**ئەنجنیەی**: جنین، ئەنجنین.
**ئەنجوجە**: ئەنجووجەک، ناوکەهەرمێی برژاو بۆ تروکاندن.
**ئەنجوڕ**: عەنجور، خرچە، گندۆرە، قەرەخرچە، کاڵەکی کاڵ و نەگەیشتوو.
**ئەنجومەن**: ١. لیژنە، جڤات، جوات، مەجلیس، مەلیس، کۆڕ، کۆم، کۆمە، جێی کۆبوونەوە: (بێ‌موحابانە و پەروا، دەگەڕێم و دەگریم/ شەمی هەر کۆڕم و پەروانەیی هەر ئەنجومەنم) «ئاوات»،٢. تاقمی ڕاسپێردراو بۆ کارێکی تایبەتی.
**ئەنجومەن‌ئارا**: کۆڕڕازێن، مەجلیس‌ئارا.
**ئەنجومەنە**: گوندێکە لای مەریوان لە دێکۆی سەولاوا.
**ئەنجومەنی‌ئاسایش**: جڤاتا تەناهی، ئەنجومەنی نێو نەتەوەیی.
**ئەنجومەنی‌ئەمینداران**: جڤاتا ئەمینداران.
**ئەنجومەنی‌بەڕێوەبەری**: لیژنەی هەڵسووڕاندن.
**نەجومەنی‌پیران**: دیوانی برا گەورەکان.
**ئەنجومەنی‌دامەزراندن**: جڤاتا دامەزراندنێ.
**ئەنجومەنی‌ڕاوێژ**: جڤاتا شیرەتکارا.
**ئەنجومەنی‌شارەوانی**: لیژنەی شارەوانی.
**ئەنجومەنی‌شۆڕش**: جڤاتا شۆڕش.
**ئەنجومەنی‌گەل**: جڤاتا میللەت.
**ئەنجومەنی‌نیشتمانی**: جڤاتا نیشتمانی.
**ئەنجومەنی‌وەزیران**: جڤاتا وەزیران.
**ئەنجومەنی‌یاسادانان**: جڤاتا یاسا دانان.
**ئەنجووجەک**: ئەنجوجە.
**ئەنجووڵ**: ساچووڵ، کولێت، کۆخ.
**ئەنجە**: ١. ئەنجن، ئەنجن‌ئەنجن، ئەنجنراو، بوغون، پل، جنک، جنکە(گۆشت)،٢.تیکە، وردە

پارچەی بچوک و باریک.
**ئەنجەئەنجە**: ئەنجنئەنجن، ئەنجنراو، هوردهـورد، پلپل، ڕیزەڕیزە، بوغونبوغون.
**ئەنجەئەنجەکرن**: جنین، پلپل کردن.
**ئەنجەت**: ئینجەت، بەهانە، بیانوو، بیانگ، بیانک، مەهــانە، هەجەت، هەنــجەت: (هەجەتــا نەهێــژ کەری پێلاڤە) «کانی».
**ئەنجەڕومەنجەڕ**: لار، کەج، قەڵقورچ: (ئەنــجەڕ و مەنــجەڕ جەڕێ وە لاشــە/ چــووار گــووش و دو دەم، هەیشت دەس و پاشە) «مەتەڵ».
**ئەنجەرە**: ١. گەزنە، گەزەنە، گەزگەزک، ئاڵۆشــە، گیــایەکە لاســکی بە شــلکی دەخــورێ،٢. نــاوی دەشتێکە.
**ئەنجەرەک**: ناوی دەشتێکە.
**ئەنجەکـــــردن**: جنــین، ئەنجنــین، پــلکردن، وردکردن، هوردکرن(گۆشت).
**ئەنــجەل**: ئەجەل: (ئەی خــوا چ بــکەم؟ ئەجەل لەم لاوە قەسدی جــانیە/ دلــبەریش نــاردوویەتی: جان ماڵمە نەیدا بە کەس!) «حاجی قادر».
**ئەنجەڵ**: هەنجەڵ، خرتوپرت ئاشپەزخانە.
**ئەنجەڵئامای**: ئەجەل هاتن.
**ئەنجەنای**: ئەنجنین.
**ئەنجەنەی**: ئەنجنین.
**ئەنجەنیا**: ئەنجنراو.
**ئەنجیای**: ئەنجران.
**ئەنجیر**: ١. هەنجیر، هەنیر، هژیر، هەژیرە، هێژیر، هنجیر، تەفارە، تەوسکە، دار یا میوەی دارهەنجیر، ٢. دیەکەیێگە لە جوانڕوو.
**ئەنجیرباوا**: مەوز، مۆز.
**ئەنجیربووسە**: دیەکەیێگە لە باوەجانی.
**ئەنجیرخـــۆرە**: هەنجیرخــۆرە، هەنجیــروەرێ، مەلێکە زۆر حەزی لە هەنجیرە.
**ئەنجیرک**: ١. دیەکەیێگە لە هووزمانەوەن، لەکــی قسیە کەن،٢. دیەکەیێگە لە هەرسین.
**ئەنجیرەناو**: دیەکەیێگە لە گوواوڕ.
**ئەنجیری**: دیەکەیێگە لە حەسەنئاوا.
**ئەنجیل**: ئینجیل، پەرتوکا ئایینێ فەلا: (ئەنجیل و زەبوور چوون ژ ئەزبەر) «خانی».
**ئەنجیلە**: گوندێکە لە دێهستانی بۆیەنی بانە.
**ئەنجینە**: ١. چــیلکە، چێلــگ، چەواڵ،٢. ئێزنــگ، ئێزینگ، قەلاشکەری، داری سوتاندن.
**ئەنجێـــــنە**: ١. ئەنجیــــنە،٢. نــاوی دو گونــــدە لە دێکۆی ئاڵۆتی بانە، ئەنجێنەی سەروو و خواروو.
**ئەنچسەک**: ئەنچۆسەک، کز و بێنموود.
**ئەنچۆسەک**: ئەنچسەک.
**ئەنچەل**: ئەوچەل، ئەوجار: (ئەنچەل بە حــوکمی باری تەعــالای، بــامەوە پۆلەداریــک لە وانەی دە شەنگەبی‌یە) «فۆلکلۆر».
**ئەنحام**: بخشش، ئەنعام، خەلات.
**ئەنــد**: هەنــد، چەنــد، هێنــدە: (ئەوەنــدە وشــیارە مەحوی تێدەگا دنیا خەراباتە/ خەرابەی گەر دەکــا ئەهلی خەرابە بۆچی لێدەگرم) «مەحوی».
**ئەنداخت**: تفەنگ و تۆپ بەرەو نیشان ئاوێژتن.
**ئەنداز**: ١. ڕادە، حەد، ئەنازە، ئەننازە: (پێتوانەبێ ئەنــدازی نیــیە ســەرووەتی بۆکــان) «حــافزی مەهابادی»،٢. پاشــگری بــکەری، واتــا تــووڕدەر، فڕێــدەر، هــاوێژەر: (تیرئەنــداز)،٣. ڕاخەر، داخەر، پانکەرەوە(فەڕش)،٤. باڵا، بەژن: (دڵ حەیران مبی جە ئەندازشــان/ شــەکەر مبێــزا ڕێــزەی ڕازشــان) «خانای قوبادی»٥. ناوی کچانە.
**ئەندازە**: ئەنازە، قاس، هێنــدە، هەنــد، چەنــدێتی، ڕادە، سێو، بارست، تیەن، حەد، قەد، قەرا، پڕبەپڕ، نەزیاد نەکەم.
**ئەندازەبوون**: بــۆ بــوون، بەقەد بــوون، پڕبەپــڕ بوون(کەوش).
**ئەندازەروو**: ڕووکار، ڕووپەڕ، ڕووپێو، ئەندازەیا

سەر و بەرا تشتان، مەساحەت.
**ئەندازەزانی**: موهەندسی، ئەندازیاری.
**ئەندازەگر**: ١. پێوەر، ئەندازیار، ئەندازەناس، لەگەزدەر،٢. نیشانەگر.
**ئەندازەگرتن**: ١. پێوان، پێوانن، بەقەد گرتن،٢. نیشانە لێگرتن.
**ئەندازەگرتەی**: ئەندازە گرتن.
**ئەندازەگری**: ڕادەگری، ئەندازەناسی، بەردەباری.
**ئەندازەگیر**: پێوەر، ئەندازەگر.
**ئەندازەگیریا**: پێوراو، ئەنازەگیریاو.
**ئەندازەگیریای**: پێوران، ئەندازەگیران.
**ئەندازەگیری**: ئەندازەگیریی.
**ئەندازەگیریی**: هەندەسە، کاری پێوان.
**ئەندازەگیریێ**: ئەندازەگیراو.
**ئەندازەیار**: ئەندازیار، موهەندیس.
**ئەندازەیی**: شێوەیێ ئەندازەیی.
**ئەندازیار**: موهەندیس، مهەندیس، ئەندازەگر، ئەندازەزان، ئەندازکەر، زانای پێوان.
**ئەندازیارە**: موهەندیس بۆ مێ.
**ئەندازیاری**: موهەندسی، ئەندازەگری، کارێ تێکەل ب زانینا ئەندازەیێ.
**ئەندام**: ١. پەل، یەکێ لە لێژنەیەکی چەنکەسی: (ئەوی ئەندامی کۆمەڵی بە تەمان) «ئالەکۆک» ٢. باڵا، بەژن، قەد، ئادگار، ئانام: (عاشقان شاد بن لەبەر دیدە و لەبەر ڕوخساری یار/ من بە کێ شاد بم، چ ئەندامێ بێنمە باوەشم؟) «ماملێ»،٣. یەکێ لە ئەعزای ئەنام: دەس، لاق، چاو و ...: (لە کردەی ئەندام دڵت بێزارەن/ یانەی دەروونت چون شەوی تارەن) «کۆسالان».
**ئەندامەتی**: هاوبەشی، ئەندام بوون.
**ئەندامزانی**: ئەندامناسی.
**ئەندامی**: کارێ یا هەبوونا مرۆڤی د دەزگاییەکی دا.
**ئەندرێشە**: هەندرێشە، جۆرێ گیایە.
**ئەندۆ**: خەم، خەفەت، کوڵ، کەسەر: (ئەوەند زاری کەرد نە ئەندۆی دەروون/ خورۆش کەرد نە سەنگ قولەی بێستون) «خانای قوبادی».
**ئەندۆک**: ناودۆک، ناومیری، ناومێری، نێرەژەن، نێرەژن، داردۆژەنگ، داری ناوەڕاستی مەشکە.
**ئەندوکە**: ئەوەندوکە، هێندێکی کێم.
**ئەندوگین**: سەرماوەز، چریا دووێ.
**ئەندۆه** : ئەندۆ، خەم: (بازاڕی دەرد و خەمکەدەی ئەندۆه و کونجی غەم/ بێ ڕەونەق و نیشات و سەفا ما کە من نەمام) «مەحوی».
**ئەندوهی‌کوبڕا**: غەمی مەزن، دەردی زۆر گران: (ساقلم بێ دادی ئەم ئەندوهی کوبڕایە بدە) «سالم».
**ئەندەر**: ١. لەناو، لەنێو: (سەفەر ئەندەر وەتە چ کەڵک دەگرێ/ سەیری ناکەی شەمەندەفەر دەفڕێ) «حاجی قادر»،٢. گوندێکە لای سنە/مەریوان××
**ئەندەرو**: گوندێکە لای سنە.×
**ئەندەروون**: ١. ناو، ناوەوە، ژوور، هوندر، هندروو، هوندروو، ناوی هەر شتێ،٢. هەناو، ناخ، ناو، ناوزگ،٣. ژووری نووستنی خان و ئاغا: (خۆشخوان دەیتوانی بچێتە ئەندەروون، لە ژووری نوستن‌دا حیکایەت بۆ ئاغا بڵێ تا خەوی لێ‌دەکەوێ) «توحفە»،٤. کۆسەر، حەرەم، خانوی ژن و منالی پیاوی گەورە.
**ئەندەروونی**: ١. ژوور، ئەندەروون، هۆندۆر، ژووری تایبەتی خێزانی گەورەپیاوان: (نێوەڕاستی ئەو حەوشە گەورە، کۆشک و تالارێکی بەرجەوەن خۆشی لێ دروس کراوە، میوان‌خانە و ئەندەروونی لە ناو خۆیدایە) «هەزار

ئەشکەوت»،٢. ناوەکی، ناوەوەیی، دەروونی.
**ئەندەرێشە**: هەندەرێشە، جۆرێک گیایە.
**ئەندەک**: هـنەک، هێنـدێک، هنـدەک، کـێم، کەم: (هەر خەزان ڕشـتەی فەسـڵی سـوەیلەن/ ئەو بـۆ نیازیش ئەندەکێ مەیلەن) «بێسارانی».
**ئەنـــدەکو**: بـــۆرەمرۆڤ، بۆرەپیـــاو، عەنـــدەکو، کنێرۆک.
**ئەندەکۆ**: وێنجە، هێنجە(گیا).
**ئەندەل**: ناوی گوندێکە لە باکووری کوردستان: (گوندەکانی: هەمیتە، ئورهانیە، سەلیمیە، ئەنـدەل) «حەمەدۆک».
**ئەندەلی**: تیتیک(چوچک).
**ئەندەم**: ١. ئەندام،٢. پەل، یەکێ لە لێـژنە: (بـاقێ جارانا یا نەبینایی دانی سـەرێ وەکیـل، وەزیـرێ خوە، ئەندەمێن دیوەخانێ) «مەستوورە».
**ئەندیش**: ئەندێش، بیر: (هندی دکـرن ژ بـۆ وی تەفتـیش/ هنـدی دکـرن زیـادە ئەنـدیش) « یۆسفوزولەیخا».
**ئەندێش**: ١. بیر، هزر،٢. سام، خـۆف، مەترسـی، خەتەر.
**ئەندێش کردن**: بیرکـردنەوە، فکرکـردنەوە: (لـۆتی نەیان کرد هیچ فکر و ئەنـدێش/ بەرەو بارەگـای پادشا چوونە پێش) «کەڵوشێر».
**ئەندێشـــمەند**: هـزروەر، خـودانهزر، بیرمەنـد، ئەندیشیار.
**ئەندیشە**: ١. هزر، بیر، ئەندێشە: (ئەندیشە بـکە تـو ئەی ئەقلمەنـد/ بـاوەر تـو بکـی کـو ئەی شـــەکەرخەند) « یۆســـفوزولەیخا»،٢. تـــرس، خووف: (چوو وە دڵـت هـات وە بـێ ئەندیشـە/ سـوورەت شـیرین تاشـای وە تیشـە) «خانـای قوبادی».
**ئەندێشە**: ١. هزر، خەیـاڵ، پـۆنج، بیـر، ئەنێشـە، ئەنیشــە، فکـر: (تاوێـک نەغـمەی مەل، تاوێـک شـنەی بـا/ تـا ئەودیـو شـاخی ئەندێشـەم ئەبـا) «گۆران»،٢. ترس، خـۆف، بـاک: (چـاوەکەت بـۆ قەتڵی من، هیچ ڕەحم و ئەندێشەی نییە/ حاکمێ مەسـت بـێ، هەمیشـە مەیلـی غەدداریـی دەکـا) «کوردی».
**ئەندێشەکرن**: ڕامان، پـۆنجین: (میـرزا جـڵەوی شینبۆرەی شل کردووە، دەنگـی نـادا، ئەندێشـێ ناکا و دڵنیایە) «میرزا».
**ئەندیشیار**: ئەندیشمەند.
**ئەندیل**: گوندێکە لە نزیک بێتواتە.
**ئەنراندن**: تووڕەکرن، ڕەنجاندن.
**ئەنڕۆک**: جنگز، تووڕە، قەڵس، زیز.
**ئەنڕیشە**: هەندڕیشـە، هەندڕێشـە، هەندڕێشـن، گیایەکە تام تیژ، گەڵا بڵند، بۆ دەرمان دەبێ.
**ئەنـــرین**: تووڕەبـــوون، زوێربـــوون، ئازارکێشـــان، بەهجـــین، خەییـــدین، ســـنجرین، ســـڵبوون، سۆربوون، قەهرین، هێرسبوون.
**ئەنزەڕووت**: حەنزەڕووت، عەنـزەڕووت، گـوژە، شـیلەی تـاڵی دار و دەوەن بـۆ دەرمـان دەشـێ: (پشتی ریش و شانی زامدار و جدەو بو ناعیلاج/ چەنـــد قرۆشـــێکم هەبـــو، بـــۆمدا بە نەوت و ئەنزەروت) «شێخ رەزا».
**ئەنزەڵ**: دیەکەیگە لە قڵاشاین.
**ئەنزەلۆک**: کولبە، کۆلیت، کۆلک، کۆخ، کۆخت، هۆلک، زنج، خانووی خراپۆچکە.
**ئەنزیل**: لیس، شوێنی هەڵنیشتنی باڵندە بە شەودا.
**ئەنزێڵ**: ئەنزیل، لیس.
**ئەنعا**: ئینکێری، ئینکار، حاشا، ڕاستی ڤەشارتن.
**ئەنعاد**: نکۆڵی، نکووڵی، حاشا.
**ئەنعادکردن**: پشتەوکەفتن، حاشاکرن، پێنەهـاتن، ڕووگەردان بوون.
**ئەنعـــام**: ١. ئەنحـــام، بەخشـــش، پاخۆشـــانە، دەسمەرێزانە، دەمخۆشانە، شاگردانە، وەڵـیفەت،٢.

خەڵات، دیاری، پاداش: (زێڕینگەر زێڕکفتی کردبام، نێوەڕاستم ئەشرەفیبەند، زێڕینگەر لە سەر هۆردک دەستانی ڕۆنابام، بە دیاری و ئەنعام هێنابامەوە بۆ یای خەزاڵی) «لاسوخەزاڵ»،٣. خێر، ئەوەی بە سواڵکەر دەدرێ: (ڕۆژێک سوڵتان چووە نوێژی جومعە، سواڵکەر زۆر هەبوون سوڵتان ئەنعامی دانێ) «توحفە».

**ئەنعێم**: گوندێکە لە دەڤەری شەنگال.

**ئەنفال**: ١. ناوی سورەیەکە لە قورعان: (گەر گەهشتی ڕەخ و دورێن میرێ باکێ پڕ ئەڤین/ ڤەکە ژێ ڕا دل و جەرگان، سورەتا ئەنفال بخوین) «سندی»،٢. ناوی کۆمەڵکوژییەکە لە سەدام حوسێن بە ناوی سورەی ئەنفال لە هەریمی کوردستان بەرێوەی برد و کۆمەڵێکی زۆر کوردی تێدا قڕ کرد.

**ئەنفەئینە**: ١. ناڤێ خوەدێ،٢. بێشێوە.

**ئەنفیە**: برنووتی: (ئەنفیەکەی گەرد ڕای دەردم هەوا/ مەکەرۆ دەماخ ئەفلاتوون دەوا) «مەولەوی».

**ئەنقاب**: پایە و نیشان.

**ئەنقەس**: ئەنقەست، قەستی، دەسی، لەقەس: (سا زانام تاقی حەقش بە دەستەن/ ڕاویارکۆشەن، ئەنقەسش بەستەن) «بێسارانی».

**ئەنقەست**: دەستقەس، ئانقەست: (بە پەنجەی گۆشتنی ئەوشۆ وەها ڕاسا کە پێم وابوو/ کە نابوورێ لە تاوانی دەس و گازی بە ئەنقەستم) «ڕاوچی».

**ئەنقەستە**: ئانقەست، دانستە، عەمدی.

**ئەنقەسد**: ئەنقەسد.

**ئەنقەڵ**: ١. تل، کرانن بار وە ڕوو زەو لە ڕوو نەتوەنسن،٢. کوتەککاری، کوتەڵ کوو کردن: (هەێ داد هەی بێداد ئەنقەڵم کردن/ یاو لەڕ مەردم لە دەسم بردن).

**ئەنقیرومەنقیر**: ئەنکیر و مەنکیر.

**ئەنکەناز**: ×٣١٢×: (لەباتی شێلم سڵق و سپێناخ/ لەگەڵ ئەنکەناز بیکە بە یاپراخ) «پیرەمێرد».

**ئەنکیرومەنکیر**: دوو فریشتەی لێپرسین لە ناو گۆڕ لە شەوی یەکەمی مەرگ.

**ئەنگ**: ١. پاشگری ئامرازییە: (تفەنگ)،٢. ڕووپەڕێکی نوسراو و کونا بە دروشمی تایبەت بۆ نوسین لەسەر تەلیسی کاڵا.

**ئەنگار**: گری، گریمان، گاوا، مەرسە، بۆچوون، وازانین، دانان، شماردن.

**ئەنگاز**: ×××: (سوارێک هاتووە ئەسپی تازە/ مل بە قەتلا پڕ ئەنگازە) «دمدم».

**ئەنگافتن**: ئەنگاوتن، هەنگاوتن، لێدان: (پێش ئەوەی گزنگی هەتاو/ ترۆپکی چیا بنگێوێ) «هێمن».

**ئەنگافتە**: پێکراو، هەنگواو، هەنگاوتە، ئانگاوتە.

**ئەنگام**: هەنگام، هنگاڤ، گاڤ، چاخ، دەم، هەنگاو.

**ئەنگامە**: هەنگامە، ئاپۆرەی خەڵک: (چەند لەشکرێکی ئەنگامەیە/ بە قۆشەن و زمزمەیە) «دمدم».

**ئەنگاو**: هەنگاو، شەقاو، قەدەم.

**ئەنگاوتن**: ١. هەنگاوتن، پێکان، پێکاندن، ئەنگافتن، خرچاندن، خچاندن، خیچاندن، هنگافتن، لەنیشانەدان بە تیر: (هەر کە ئەنگاوتی وتم: دەک دەس و بازووت نەڕزێ/ هەر کەسێ پێت نەڵێ ڕۆستەم تەرەسە و قورمساغ) «شێخ ڕەزا»،٢. دیتن، بەدیکرن لە دوورەوە: (ئەوە بە چاوم دەنگاوتەوە مامزێ شینکی پشت بە خوسار) «گەنجی سەربەمۆر»،٣. لێکەوتن: (ئەوە شەختە خوێ دێ و دەنگێوێ، دەیداتەوە/ لە سەری دە سوێسنێ، لکی دە هەڵالێ، گوڵە خاشخاشکێ، گوڵە مێلاقێ) «گەنجی سەربەمۆر»،

٤. هەڵپێکان: (لەگەڵ کار مەچەکی ئەنگاوتووە) «ئەمیری».

**ئەنگاوتو**: ئەنگاوتە، ئەنگافتە.

**ئەنگاوتە**: ١. پێکراو، لێدراو، هەنگواو٢. دەردی کوتوپڕ، سەکتە: (یاخوا ئەنگاوتە لێیدا).

**ئەنگاوتەبوون**: ١. کتوپڕ نەخۆش کەوتن،٢. نفرێکە: (یاخودا ئەنگاوتە بی!).

**ئەنگبین**: ١. هەنگوین،٢. شیلەی هەنگوین،٣. بریتی لە شتی شیرین: (باریٰ بە سروەکەت بە شنەی ئەنگبینی گەز/ گرتویە جونبوشت بە هەمئاغۆشی نەیشەکەر) «سالم».

**ئەنگدان**: قاخلێبەبەهارە، شەماڵگیر، گیایەکی گوڵزەردە.

**ئەنگر**: ١. سڵ، سرک، زیز، تووڕە، قوشقی،٢. فەناکەر، ویرانکەر، لناقبەر.

**ئەنگڕان**: ١. هەنگڕان، لە ڕادە بەدەر، لە ئەندازە دەرچوون،٢. زۆر دارا بوون.

**ئەنگرۆزە**: پارچەیەکی قەدیمی ژنان بووە.

**ئەنگرۆک**: سرتخ، گەگر، لاسار، لەج، مانگر.

**ئەنگرین**: ئنگرین، ئاسیٰبوون.

**ئەنگز**: دیەکەیگە لە کرماشان.

**ئەنگژین**: عنرین، تووڕەبوون.

**ئەنگل**: ١. هەنگڵ، هنگل، قوڵف، دەسکی دیزە و گۆزە ٢. قۆڵ لە لای شانەوە(بنەنگڵ).

**ئەنگلات**: چاوەڕوان، چەمەڕا، چاوەنواڕ.

**ئەنگڵات**: ئاویزان، شۆڕ.

**ئەنگ‌لێدان**: ١. مۆر و نیشانە لێدان لە سەر بەستە و جەعبە و گۆنی کاڵا،٢. بوختان لێدان، تۆمەت لێدان.

**ئەنگۆ**: ئێوە، هن، هنگ، هنگۆ، هۆن، هوون، شمە، وە: (ماڵو شێویٰ، ئەنگۆ شێت بوون، ڕێوی هەمووتان دەخوا) «توحفە».

**ئەنگوا**: پێکرا، پێکیا، لێدرا، لێیدرا.

**ئەنگوان**: پێکران، لێدران، ئەنگێوران، هەنگێوران: (چەند کەسێکیان ئەنگووان و هەڵدێران) «توحفە».

**ئەنگواو**: ئەنگوا، ئەنگافتە.

**ئەنگوتران**: ئەنگێوران، پێکران، لێدران، ئەنگووان، ئەنگووتن: (مودەعی کویر بیٰ، نیزام ئیفلیج، مەکان ژێروژوور/ میری سورداش و ئەمنیەی پیاوی هەر دوو ئەنگووان) «سالم».

**ئەنگوتراو**: ئەنگێوراو، هەنگوواو، پێکراو بە تیر.

**ئەنگوتک**: گوتک، گونتک، گونک، گونکیٰ، گشک، گشتک، گووشت، کووتک، گوندک، گرنکی، گلۆر، ئەنگوتکە، هەنگوتک، پەپک، پەپکە، تۆپەڵەی هەویر بەشی نانێک: (ژنێک هەویری دەشێلا و یەکێک ئەنگوتکی دەگرتن) «حەمەدۆک».

**ئەنگوتک‌بڕ**: کەسیٰ ئەنگوتک دەگریٰ.

**ئەنگوتک‌بژێر**: بریتی لە ڕژد و خەسیس.

**ئەنگوتک‌گرتن**: خڕ هەڵدانی گونکە هەویر.

**ئەنگوتکە**: ١. گونک، ئەنگوتک،٢. جۆریٰ تریٰ.

**ئەنگوتن**: کەوتن، کەفتن: (دەجا براینە برادەرینە دووبارە گەلاویژ لە من ئەنگوتووە/ گەلاویژ لە سۆزیٰ) «گەنجی سەربەمۆر».

**ئەنگوچک**: فەقێیانە، فەقیانە، گوچک، لەوەندی، سۆرانی، ئەنگوچکەسۆرانی، کەلانگوچک، کلکئەنگوچک، کلکە، ئووچک، ووچک، ئاسوێنە، ئادەستیٰ، قۆڵەکراسی فش و فۆڵ و درێژ: (فەقیانە سپی، سەڵتە بابردوو، دوژمنت بۆچییە لە برسا مردوو) «پەند».

**ئەنگوچکەسۆرانی**: ئەنگوچک، فەقێیانە: (کنجی دێوجامەی بۆتانی/ ئەنگوچکی شۆڕی سۆرانی) «بۆکوردستان».

**ئەنگور**: ئەنگۆر، تریٰ.

**ئەنگۆر**: ١. هەنگوور، تریٰ، ئەنگوور: (هیندی کو

ڕوژ و شەڤن تێک عید و لەیلـی قەدر بـن/ جـام مەدام پڕ بـادە بـت، لـێ نە ژ مەیـا ئەنگـور بـێ) «جزیری» ٢. تام، چێژ.

**ئەنگۆڕ**: تاو، چێژ، چێژە.

**ئەنگورقوش**: ترێی کێوی.

**ئەنگـــۆرە**: ١. لەمەوپـێش، لەوەپـێش، ئەودەم، پێش‌ئێسا ٢. ئێوارێ، ئێڤار،٣. سەرەتای تاریکـایی شـەو،٤. سـەرەتای هەڕەت، جەنـگە: (لە ئێسـتادا ئەنگۆرەی میوەیە)،٥. قوماشێکی جوانی ژنانە.

**ئەنگۆڕە**: بەرێوار، بەرێڤار، نێزیکـی ئێڤـار، دەمـا چوونا ب ئار و ئارگ.

**ئەنگوری**: ئەنگور، ترێ.

**ئەنگۆری**: ئێڤاری، نێوانی مەغریب و عیشایی.

**ئەنگۆز**: گوندێکە لە نزیک بێتواتە.

**ئەنگوژان**: دێیەکە لە دێکۆی نەڕان بەشی سنە.

**ئەنگوس**: قامک، بەتک، بیسـیلک، تپـل، تپلـک، تبل، تل، تلیک، تلهد، تلی، تلـم، پەنـجە، پتـوی، کلک: گلـک، گـوت: (نـاوی پەنجەکـان: تـووتە، براتووتە، زەڕنەقووتە، دۆشاومژە، سپیٚ‌کوژە).

**ئەنگوسانە**: ئەنگوستیلەی درووما‌ن.

**ئەنگوس‌پێچ**: جۆرە هەڵوایەکی بەناوبانگە.

**ئەنگوست**: کلـک، پەنـجە، قامـک، هەنگوسـت، گوست، ئەموست، ئەنگوس: (یا پیٚ ب زیـارەت بدە مە، یا سـەرێ ئەنگوسـت/ دەسـتێ خـوە مە ئاڤێتە بێ‌چارە ریکابێ) «جزیری».

**ئەنگۆست**: ئەنگوست، کلک، کلگ.

**ئەنگوستانە**: ئەنگوستیلە، کلکەوانە.

**ئەنگوس‌ڕاگیران**: گیرانـی قامـک: (نە ئەنگوسـی ڕاگیراوە/ نە داسوو لە چاوی داوە) «هێمن».

**ئەنگوســت‌نما**: تل‌نیشـان، ئەنگوسـەنما: (ئاغـا مەیلی هامسـەری بـوو زوو هەوای دا عـاقیبەت/ چارەنووس ئەنگوست‌نما بـوو پەردەیـی شـەرمی دڕی) «سالم».

**ئەنگوســتەچاو**: زۆر تاریـک، شـەوەزەنگ: (لە ئەنگوستەچاوی دڵی خێوی کێوا) «خەوەبەردینە».

**ئەنگوســــتەویلە**: کلــــکەوانە، هەنگولیســــک، ئەنگوستیلە، ئەنگوشتەر.

**ئەنگوستەوێڵە**: کلکەوانە.

**ئەنگوستیلە**: ١. کلکەوانە، پەنـجەوانە، گوسـتک، گووستیلک، گوستیلە، هەنگولیسـک، ئەنگوشـتەر، ئەنگوشـتەری، ئەنگوسـتەویلە، ئەنگوشـتەویلە، ئەنگوشتیلە، ئەموستیلە، هنگوستێل، مینکە، نگـین: (بووک نییەتی شیوی شەوێ، ئەموسـتیلەی لێمـان دەوێ) «پەنـد»، (جارەکـا گوسـتیلکا ژنـا پاشـێ وندابی) «مشـتاخ» ٢. قـامکەوانەی درویـنەوان ٣. ئەنگوستیلەی درومانێ، قووچکە، دەق، سەرتیلک، هنگوستۆک.

**ئەنگوســتیلەتێ‌گیران**: گیرکردنــی ئەموســتیلە لە ئەنگوس: (دە وەرە عازیزێ ئەمن قامکـت بـۆ وا شووشـــن؟/ ئـاخر لەبەر ئەنگوسـتیلە تێ‌گیرانــێ) «گەنجی سەربەمۆر».

**ئەنگوســتیلەی‌درووما‌نێ**: ئەنگوسـانە، قـووچکە، قامکەوانە، کلکەوانە، دەق، سەرتیلک، هنگوستۆک.

**ئەنگوس‌شادە**: دۆشاومژە، قامکی شادە.

**ئەنگوس‌نـــاوگین**: زەڕنەقـــووتە، بەرزەلـــووتە، باڵابەرزە، قامکی ناوەڕاست.

**ئەنگوس‌نما**: کلکەنمـا، ناسـراو، بەناوبانـگ (لە چاکی یا خراپی).

**ئەنگوســــــەنما**: کلکەنمــــا، ئەنگوشـــــت‌نما، ئەنگوشت‌نیشـان: (بـۆیە ئەز بەسـکی نـزارم لە فیراقی مەهـی ڕووت/ وەکـوو ئەبرۆیـی هیلالـت قەدم ئەنگووست‌نما) «سالم».

**ئەنگوسەتووتەڵە**: تووتە، تووتەڵە، قامکەگچکە.

**ئەنگوسەچاو**: ئەنگوستە چاو.

**ئەنگوسەگەورە**: سپیکوژە، ئەسپیکوژە، قامکەگەورە.
**ئەنگوسەویلە**: ئەنگوستیلە.
**ئەنگوسەوێڵە**: ئەنگوستیلە.
**ئەنگوسێ**: هێندێ، کەمێ، تۆزێ.
**ئەنگوسیلە**: ١. کلکەوانە، ئەنگوستەویلە،٢. ئاڵقە، ئەڵقە، کلکەوانەی بێ نەقێم،٣. ئەنگوسانە، قامکەوانەی لە چەرم بۆ سەری پەنجە کاتی گۆرەوی چنین.
**ئەنگوسیلەیبێکاسە**: ئاڵقە، ئەنگوستیلەی بێ نەقێم و قاش.
**ئەنگوشت**: ئەنگوس، قامک، تل، تبل، کلک: (ئەنگوستت دەرزی وەی زولفت خەیاتە) «حەسەن زیرەک».
**ئەنگوشتنما**: ئەنگوسەنما: (بۆیە ئەزبەسکی نزارم لە فیراقی مەهی ڕووت/ وەکوو ئەبرۆیی هیلالت قەدم ئەنگوشتنما) «سالم».
**ئەنگوشتنیشان**: ئەنگوسەنما.
**ئەنگوشتەر**: ئەنگوشتەری، کلکەوانە: (مالی دنیا دەوری داوی پیاوەتیت بۆ ناکرێ/ بەندی گژنیژەی تەلایە بە مۆری ناو ئەنگوشتەری) «قانع».
**ئەنگوشتەری**: کلکەوانە، ئەنگوستیلە: (ئەنگوشتەریێ د وان ئەڤانە/ ئینانە مە ئەو، ژ بۆ نیشانە) «خانی».
**ئەنگوشتەوێڵە**: ئەنگوستیلە.
**ئەنگوشتیلە**: ئەنگوستیلە.
**ئەنگووت**: ١. هەڵات، دەرکەوت: (زانیم گوڵی هیوا پشکووت/ بەیانی ئازادی ئەنگووت) «هێمن»،٢. هەڵیکرت، هات: (هەناسەم زولفەکەی لادا و مەیلێکی نەکرد چاوی/ نەسیم ئەنگووت و شەو ڕابورد و نەرگس هەر لە خەودایە) «نالی».
**ئەنگووتن**: ١. هەڵاتنی تاک ئەستیرە: (گەلاوێژ ئەنگوت)،٢. هەڵاتن، هاتنە دەرێی مانگ و خۆر: (سەد هەتاو ئەنگووت لە دڵدا ئێ مالی دڵ بێ نوورترە) «جومعەکان»،٣. هەڵکردنی بای هێدی: (هەناسەم زولفەکەی لادا و مەیلێکی نەکرد چاوی/نەسیم ئەنگوت و شەو ڕابرد و نەرگس هەر لە خەودایە) «نالی»،٤. ئەنگێوران، پێکران.
**ئەنگوور**: ترێ، تری، هەنگوور.
**ئەنگووس**: ئەنگوس، کلک.
**ئەنگووسگەزین**: پەژیوان بوونەوە، پەشیمانی.
**ئەنگووسێ**: ١. قانکێ، تبلێ،٢. کەمێ، نەختێ.
**ئەنگەبین**: ١. هەنگوین، هنگڤین، هنگوین، هنگڤ: (کە شەهدی لەعلی لێوی دڵستانم دەسکەوێ جا من/ لە ئاوی کەوسەری جەننەت، لە شەهد و ئەنگەبینم چی) «مینەجاف»،٢. شیرەی ئەنگەبین: (گەه لە فنجانی دەمی تەنگی، ڕەواقی ئەنگەبین) «ئەدەب».
**ئەنگەچەری**: بێشەرم، بێحەیا.
**ئەنگەدان**: قاخلیە، بەهارە، شەماڵگیر، هەنگەدان، بنەگیایەکی چەتریە، گوڵی زەرد دەگرێ، گەڵاکانی جەویەکی بۆنتوندی لێ دەبێتەوە.
**ئەنگەمە**: ١. ئەزیەتبار، داخدار،٢. چەم، خەم،٣. بەڵا، ڕووشە، مەخمەسە، گێچەڵ: (کەفتمەسە یەێ ئەنگەمەیگ نەوش).
**ئەنگیر**: ترێ، هەنگور، هەنگیر.
**ئەنگیرکشمیشی**: ترێ کشمیشی، جۆرێ ترێیە.
**ئەنگیز**: ئەنگێز، هاندەر: (ژ ڕەعنا نێرگزێن تەی مەست و خونریز/ زەمان بو عەهدی جەنگ ئەنگیزی چەنگیز) «جزیری».
**ئەنگێز**: ١. هانەدەر، دنەدەر،٢. پاشگری بکەری بە واتای هەڵایسێن، هەڵگیرسێن: (دەس دا نە دیدەی شۆخی شەڕئەنگێز) «بێسارانی».
**ئەنگێزا**: هەڵدا، بەرپا کرد.
**ئەنگێزان**: هەڵدان، هەستاندن: (وەیشوومەی

مەینەت تەم ئەنگێزاوە/ وەڵگەکەی شادی سەرتەڵ ڕێزاوە) «مەولەوی».

**ئەنگێزنا**: بەرپای کرد، وەڕێی خست: (ناڵەم جە ئاڵەم ئایر خێزنا/ ئەسرینم تۆفان نوح ئەنگێزنا) «بێسارانی».

**ئەنگێزنای**: ١. بزواندن،٢. بەرپاکردن.

**ئەنگیزە**: هۆ، هۆکار، سەبەب، مایە، غەریزە، پاڵدەر.

**ئەنگیـــزەک**: زنجیرە چیایەکە لە باکووری مەرعەش.

**ئەنگیشتە**: گوستیل، ئەنگوشتەری.

**ئەنگینار**: کەنگر، کنگر، کرنگ، کەرنگ.

**ئەنگێـو**: ١. نیشانەپێک، نشانەچی، نیشانچی، نیشاندار، تفەنگچی، پلحەتکە، ئەنگێوە،٢.گەزندە، گەزەندە: (ئەمینی شێتییە «مەحوی» لە مەکری نەفسی ئەممارە/ مەگەر ڕەحمی خودا دەمبەستی کا ئەم مارە ئەنگێوە) «مەحوی».

**ئەنگێوران**: لێدران، پێکران، خچان، خرچان، خێچان، بەرکەوتن، وەبەرکەفتن(تیر).

**ئەنگێوراو**: پێکراو، لێدراو، بەرکەوتو، ئەنگاوترو.

**ئەنگێوە**: ١. دەستڕاست، نیشانەئەنگێو، ئەنگێو، ٢.زەنەی سەر پێست.

**ئەننام**: ئەنعام، دەسخۆشانە، دەسمەرێزانە.

**ئەننە**: ١. ئەونە، ئەوەندە،٢. ئەێنە: (بۆچ ئەنە شۆنتەو؟) «پەند».

**ئەننەهوو**: هەر وەک نەبێ، هەر دەڵێی: (ئەننەهوو لەگەڵ تۆشم نییە).

**ئەنـو**: ١. ئەنـدۆ، خەم، خەفەت، پەژارە، پڵـمە، کۆڤان، کەسەر،٢. ئێکە، دی: (ئەنو چە بکەم؟).

**ئەنوا**: ١. ماڵ، سامان، شت، تەواخوا، دارایی،٢. پەنا، پەسیو: (ماڵی بۆ دەربەدەران ئەنوایە/ خانەخوێی دەربەدەری هەر وایە) «هێدی»،٣. جێی حەوانەوەی شەو،٤. شوێنی باران نەگر،٥. ناوی زەلامانە،٦. ناوی کچانە.

**ئەنوابڕبوون**: هەژاربوون، فەقیربوون.

**ئەنوابڕکردن**: دەستەنگ کردن، نەدارکرن.

**ئەنواع**: جۆرگەل، چەند جۆر: (وەک حەکیم ئەنواعی دەرمان و دەوا تەوسیف ئەکا) «قانع».

**ئەنوچک**: ئەنگوچک، لەوەندی.

**ئەنۆچە**: ئەێ چە، ئیتر چی.

**ئەنوختە**: پاشەکەوت، ئابۆری.

**ئەنۆز**: ئەنووس.

**ئەنۆش**: نۆش، نۆشی گیانت بێ.

**ئەنوشک**: ١. ناڤێ خوەدێ،٢. هەمیشە زیندوو.

**ئەنۆشیرڤان**: نەوشیروانی دادگەر: (ب قەولا کو ئەنۆشیرڤان عادل ل نێچیرێدا ژ نێچیرا وی ژێ ڕا کەواو چێ دکرن) «گولشوون».

**ئەنوکی**: ئەێ کی.

**ئەنـــــوو**: ١. خەم، خەفەت، پەژارە، پەرۆش،٢. سواغ، سواق(دیوار)،٣. لچەقوڵی، پەڵمەگیرە.

**ئەنــووختە**: ئەنـدووختە، پاشـەکەوت، نـووتە، پەسەناز، نیاتە.

**ئەنووختەکار**: پاشەکەوتکەر، لاخەر، بەئابور.

**ئەنووختەکردن**: لاخستن، نـووتەکرن، نیـاتەکردن، پاشەکەفت کردن.

**ئەنووختەکەر**: ئەنووختەکـار، لاخەر، نـووتەکەر، نیاتەکار.

**ئەنوود**: بانئەنوود.

**ئەنووددایین**: سواغدانی بان، بان ئەنوود داین.

**ئەنوودکردن**: بان ئەنوود کردن.

**ئەنووز**: لاناوە لە خەو، وەنەوز، چـۆرت، چـرچ: (ئەنووز لە بان چەوم نەچییە).

**ئەنووس**: ١. ئاساش، ئاشاز،٢. چرچ، وەنەوز.

**ئەنووشـــیروان**: ١. نـاوی یەکـێ لە شـاکانی

ساسانی،٢. ناوە بۆ کوڕان.

**ئەنووکردن**: سواغدان، سواقدانی دیوار.

**ئەنووگرتن**: پەڵمە گیرەکردن.

**ئەنوویر**: ئەنگوور، هەنگوور، ترێ.

**ئەنوەر**: ١. ڕووناکتر، ڕۆشنتر: (تەشبیهی حوسنی فائیقی، ئاخر، بە چی بکەم!/ نووری سونووحی تەلعەتی سەد لەوحی ئەنوەرە) «نالی»،٢. نوورانی، درەخشان: (ئەنوەرە بۆ گشتی عالەم زوڵمەتی دوو زولفەکەت) «دڵدار»،٣. ناوە بۆ پیاوان.

**ئەنە**: ١. هەوێ، هەڤــی، هەوە، هەوو، دو ژن ک یەی شــوو بێاشــتوون،٢. قــوڵەکراوی ئەنەدۆڵە،٣. وەنە، وەگەرنە: (حەیف کوڕ فلانیـدن ئەنە دیـامە لێد)،٤. پاشگر نەفیە جوور: (ئەنەخورد)،٥. تێ.

**ئەنەئاخەن**: تێئاخن.

**ئەنەئاخەنای**: تێئاخنین، تێخنین.

**ئەنەئاخەنیا**: تێخنراو، ئاخنراو.

**ئەنەئاخەنیەی**: تێئاخنین، ئاخنین.

**ئەنەئاخەنیێ**: تێئاخنراو، پڕکراو.

**ئەنەئاخەنە**: تێئاخن.

**ئەنەئاردەی**: تێهێنان، هێنانە ناوەوە.

**ئەنەئاستەی**: ١. تێچەقاندن،٢. تێکێشان.

**ئەنەئاما**: ١. تێهاتوو،٢. داهاتگ، داهاتوو.

**ئەنەئامای**: تێهاتن، هاتنە ناوەوە.

**ئەنەئامێ**: تێهاتگ بۆ مێ،٢. داهاتوو بۆ مێ.

**ئەنەئاور**: تێهێنەر، هێنەر، کەسێ شتێک بێنێتە ناو کایەوە.

**ئەنەئاوردەی**: تێهێنان، هێنانە کایەوە.

**ئەنەئاورە**: هێنەر، تێهێنەر بۆ مێ.

**ئەنەئیشم**: ئەز نەشیم، ناتوانم.

**ئەنەباوای**: تێگەیشتن.

**ئەنەبڕ**: تێبڕ، ئەوی بە زۆر شتێ لە شـتێکی دی ببڕێ.

**ئەنەبڕە**: تێبڕ بۆ مێ.

**ئەنەبڕیا**: تێبڕاو.

**ئەنەبڕیای**: تێبڕان.

**ئەنەبڕیێ**: تێبڕاو بۆ مێ.

**ئەنەبەر**: تێبەر، لێبەر.

**ئەنەبەردەی**: تێبردن، لێبردن.

**ئەنەبەرە**: تێبەر بۆ مێ.

**ئەنەبەستەی**: ١. تێپێچان،٢. لێنەبوونەوە، واز لێ نەهێنان.

**ئەنەپەنگن**: تێگیرکەر.

**ئەنەپەنگنە**: تێگیرکەر.

**ئەنەپەنگیا**: تێگیراو.

**ئەنەپەنگیای**: تێگیران، گیرکردن.

**ئەنەپەنگیێ**: تێگیراو.

**ئەنەپیتەی**: ١. تێپێچان،٢. واز لێ نەهێنان.

**ئەنەپێچیا**: تێپێچراو.

**ئەنەپێچیای**: تێپێچان.

**ئەنەپێچیێ**: تێپێچراو.

**ئەنەتڕ**: تێتڕ.

**ئەنەتڕای**: تێتڕان.

**ئەنەترخن**: پڕکەر، تێئاخن.

**ئەنەترخنای**: پڕکردن، تێئاخنین بە زۆر.

**ئەنەترخنە**: پڕکەر بۆ مێ.

**ئەنەترخیا**: پڕکراو بە زۆر.

**ئەنەترخیای**: پڕکران بە زۆر.

**ئەنەترخیێ**: ئاخنراو، پڕکراو.

**ئەنەتڕن**: تێتڕان.

**ئەنەتڕنای**: تێتڕاندن.

**ئەنەترنجن**: تێترنجێن.

**ئەنەترنجنای**: تێترنجاندن.

**ئەنەترنجنە**: تێترنجێن بۆ مێ.

**ئەنەترنجیا**: تێترنجاو.

**ئەنەترنجیای**: تێترنجان.

**ئەنەترنجیێ**: تێترنجاو.

**ئەنەترِنە**: تێتران.
**ئەنەترِە**: تێترِ.
**ئەنەتس**: تێتس.
**ئەنەتسای**: تێتسان.
**ئەنەتسن**: تێتسێن.
**ئەنەتسنای**: تێتساندن.
**ئەنەتسنە**: تێتس، تێتسێن.
**ئەنەتفا**: تەێتفاو.
**ئەنەتفای**: تێتفان، تێتفین.
**ئەنەتفنای**: تێتفاندن.
**ئەنەتفێ**: تێتفاو، تێتفیو.
**ئەنەتکا**: تێتکاو.
**ئەنەتکای**: تێتکان.
**ئەنەتکن**: تێتکێن.
**ئەنەتکنای**: تێتکان.
**ئەنەتکنە**: تێتکێن.
**ئەنەتکیای**: تێتکان.
**ئەنەتکیێ**: تێتکاو.
**ئەنەتەپا**: تێتەپیو.
**ئەنەتەپای**: تێتەپان.
**ئەنەتەپن**: تێتەپێن.
**ئەنەتەپنای**: تێتەپاندن.
**ئەنەتەپنە**: تێتەپێن.
**ئەنەتەپێ**: تێتەپیو.
**ئەنەتەکن**: تێتەکێن.
**ئەنەتەکنای**: تێتەکاندن.
**ئەنەتەکیا**: تێتەکیو.
**ئەنەتەکیای**: تێتەکان.
**ئەنەتەکیێ**: تێتەکیو.
**ئەنەچەقا**: تێچەقیو، تێچەقاو.
**ئەنەچەقای**: تێچەقان، تێهەڵچەقان.
**ئەنەچەقن**: تێچەقێن.
**ئەنەچەقنای**: تێچەقاندن.

**ئەنەچەقنێ**: تێچەقێن بۆ مێ.
**ئەنەچەقێ**: تێچەقیو بۆ مێ.
**ئەنەخز**: تێخز.
**ئەنەخزای**: تێخزین، تێخزان.
**ئەنەخزن**: تێخزێن.
**ئەنەخزنای**: تێخزاندن.
**ئەنەخزنە**: تێخزێن.
**ئەنەخزە**: تێخز بۆ مێ.
**ئەنەخزیا**: تێخزێنراو.
**ئەنەخزیای**: تێخزان.
**ئەنەخزیێ**: تێخزێنراو.
**ئەنەخورد**: هەنە خورد.
**ئەنەدای**: تێدان.
**ئەنەدریا**: تێدراو.
**ئەنەدریای**: تێدران.
**ئەنەدریێ**: تێدراو.
**ئەنەدەر**: تێدەر.
**ئەنەدەرە**: تێدەر بۆ مێ.
**ئەنەدیا**: سەیرکەر، تێروان.
**ئەنەدیای**: تێروانین، سەیرکرن.
**ئەنەدیێ**: تێرووان، سەیرکەر.
**ئەنەدییەی**: تێروانین، سەیرکردن.
**ئەنەزا**: تۆرە، کچی هەوێ، قیزا هەڤی.
**ئەنەس**: ناوی کورانە.
**ئەنەسرەون**: تێسرەوێن، تێسرەوێنەر.
**ئەنەسرەونای**: تێسرەواندن.
**ئەنەسرەونە**: تێسرەوێن بۆ مێ.
**ئەنەسرەویا**: تێسرەواو.
**ئەنەسرەویای**: تێسرەوان.
**ئەنەسرەوییێ**: تێسرەواو.
**ئەنەشان**: ١. تێوەشێن،٢. پێوەکەر.
**ئەنەشانای**: ١. تێوەشاندن، ٢. پێوەکردن.
**ئەنەشانە**: ١. تێوەشێن،٢. پێوەکەر بۆ مێ.

**ئەنەشانیا**: ١. تێوەشێنراو،٢. پێوەکراو.
**ئەنەشانیای**: ١. تێوەشان،٢. پێوەکران.
**ئەنەشانیێ**: ١. تێوەشێنراو،٢. پێوەکراو.
**ئەنەشای**: ١. تێوەشاندن،٢. پێوەکردن.
**ئەنەفڕەدای**: تێفڕێدان.
**ئەنەفڕەدریا**: تێفڕێدراو.
**ئەنەفڕەدریای**: تێفڕێدران.
**ئەنەفڕەدریێ**: تێفڕێدراو.
**ئەنەفڕەدەر**: تێفڕێدەر.
**ئەنەفڕەدەرە**: تێفڕێدەر بۆ مێ.
**ئەنەقوپن**: تێقوپێن.
**ئەنەقوپنای**: تێقوپاندن.
**ئەنەقوپنە**: تێقوپێە بۆ مێ.
**ئەنەقوپیا**: تێقوپاو.
**ئەنەقوپیای**: تێقوپان.
**ئەنەقوپیێ**: تێقوپاو.
**ئەنەک**: سەبەب، هۆ، هۆکار.
**ئەنەکریا**: ١. تێکراو،٢. لەبەرکراو.
**ئەنەکریای**: ١. تێکران،٢. لەبەر کردن.
**ئەنەکریێ**: ١. تێکراو،٢. لەبەرکراو.
**ئەنەکو**: تێکووت.
**ئەنەکوای**: تێکوتان.
**ئەنەکۆتە**: تێکەوتوو.
**ئەنەکۆتەی**: تێکەوتن.
**ئەنەکۆتێ**: تێکەوتوو.
**ئەنەکوە**: تێکووت بۆ مێ.
**ئەنەکویا**: تێکوتراو.
**ئەنەکویای**: تێکوتان.
**ئەنەکویێ**: تێکوتراو.
**ئەنەکەر**: تێکەر.
**ئەنەکەردەی**: تێکردن.
**ئەنەکەرە**: تێکەرە بۆ مێ.
**ئەنەکیش**: تێکێش.
**ئەنەکیشای**: تێکێشان.
**ئەنەکیشتەی**: تێکێشان.
**ئەنەکیشە**: تێکێش.
**ئەنەکیشیا**: تێکێشراو.
**ئەنەکیشیای**: تێکێشران.
**ئەنەکیشیێ**: تێکێشراو.
**ئەنەگازن**: گازلێگر.
**ئەنەگازنای**: گاز لێگرتن.
**ئەنەگازنە**: گازلێگر.
**ئەنەگازیا**: گازلێگیراو.
**ئەنەگازیای**: گاز لێگیران.
**ئەنەگازیێ**: گازلێگیراو.
**ئەنەگرتەی**: ١. بە خۆوە پێچان،٢. لەبەرکردن.
**ئەنەگیای**: داگیرسان.
**ئەنەگیر**: ١. بەخۆوەپێچ،٢. لەبەرکەر.
**ئەنەگیرە**: ١. بەخۆوەپێچ،٢. لەبەرکەر بۆ مێ.
**ئەنەگیریا**: بەخۆوەپێچراو.
**ئەنەگیریای**: ١. بەخۆوە پێچان،٢. لەبەرکران.
**ئەنەگیریێ**: بەخۆوەپێچراو.
**ئەنەگیسن**: ١. داگیرسێن،٢. دەسپێکەر.
**ئەنەگیسنای**: ١. داگیرساندن،٢. دەس پێکردن.
**ئەنەگیسنە**: ١. داگیرسێن،٢. دەست پێکەر.
**ئەنەگیسیا**: ١. داگیرساو،٢. دەس پێکراو.
**ئەنەگیسیای**: ١. داگیرسان،٢. دەس پێکران.
**ئەنەگیسیێ**: ١. داگیرساو،٢. دەست پێکراو.
**ئەنەلا**: ئەم دیوو ئەو دیوو.
**ئەنەلوا**: تێچووگ.
**ئەنەلوای**: تێچوون.
**ئەنەلوێ**: تێچووگ.
**ئەنەمار**: تێشکێن.
**ئەنەمارای**: تێشکاندن.
**ئەنەمارە**: تێشکێن بۆ مێ.
**ئەنەمەڕیا**: تێشکاو.

**ئەنەمەڕیای**: تێشکان.

**ئەنەمەڕیێ**: تێشکاو بۆ مێ.

**ئەنەمەنە**: تیاماو.

**ئەنەمەنەی**: تیامان، تێدامان.

**ئەنەمەنی**: تیاماو.

**ئەنەناردەی**: تێنەهێنان.

**ئەنەنامای**: تێنەهاتن.

**ئەنەناوردەی**: تێنەهێنان.

**ئەنەنریا**: تێنراو، تێخراو.

**ئەنەنریای**: تێنران، تێخران.

**ئەنەنریێ**: تێنراو، تێخراو.

**ئەنەنیای**: تێنان، تێخسن.

**ئەنەنیشتەی**: ١. تێدادانیشتن،٢. سواربوون.

**ئەنەنیشنای**: ١. تێدادانیشاندن،٢. سوارکرن.

**ئەنەنیشیا**: سوارکراو.

**ئەنەنیشییێ**: سوارکراو.

**ئەنەوچن**: نیشانەگر.

**ئەنەوچنای**: نیشانە تێگرتن.

**ئەنەوچنە**: نیشانەگر.

**ئەنەوچیا**: نیشانە تێگیراو.

**ئەنەوچیای**: نیشانە تێگیران.

**ئەنەوچییێ**: نیشانە تێگیراو.

**ئەنەوڕا**: تێڕووخاو.

**ئەنەوڕای**: تێڕووخان.

**ئەنهورچای**: دۆڵی ئەنهورچای، ڕێبازگەیەکە لای ورمێ و دۆڵی قاسملوو.

**ئەنەوڕن**: تێڕووخێن.

**ئەنەوڕنای**: تێڕووخاندن.

**ئەنەوڕنە**: تێڕووخێن.

**ئەنەوڕێ**: تێڕووخاو.

**ئەنەوز**: تێخەر.

**ئەنەوزتەی**: تێخستن.

**ئەنەوزە**: تێخەر.

**ئەنەوزیا**: تێخراو.

**ئەنەوزیای**: تێخران.

**ئەنەوزیێ**: تێخراو.

**ئەنەوستەی**: تێخستن.

**ئەنەوەردای**: تێبەردان.

**ئەنەوەردریا**: تێبەردراو.

**ئەنەوەردریای**: تێبەردران.

**ئەنەوەردریێ**: تێبەردراو.

**ئەنەوەردەر**: تێبەردراو.

**ئەنەوەردەرە**: تێبەردراو.

**ئەنەوەز**: دابەزیوە ناو.

**ئەنەوەزتەی**: دابەزینە ناو.

**ئەنەوەزە**: دابەزیوە ناو.

**ئەنەوەزیا**: جێی لێ دابەزین.

**ئەنەوەزیێ**: ئەو جێیەی کە دابەزینە ناوی.

**ئەنەوەستەی**: دابەزینە ناو.

**ئەنەهـــوو**: ١. زوورم،٢. ئەیـن مەیـن، ویـنەی: (ئەنەهوو باوگیە).

**ئەنی**: ١. نێوچاو، نێوچاوان، هەنیە، توێڵ: (ئەنییـا وان دتەرکە) «پەپـووک» ٢. هەڤالبەنـدیـیا نـاڤبەرا چەند پارت یا دەستە.

**ئەنیا**: ١. هێز، وزە، تـین، گـوڕ، تـاقەت،٢. نـاڤێ مێرانە.

**ئەنیپێشانی**: ئەنی، نێوچاوان.

**ئەنـــیتەرکین**: بریتـی لە ڕەنـج و ئـازارێکی زۆر بینین: (زکێ زاروو زیچـێن خـوە پـێ تێـر دکـن ئەنییا وان دتەرکە) «پەپووک».

**ئەنیزک**: ئەنیشک، ئانیشک، هەنیشک.

**ئەنیژ**: بووژانە، بۆماران، بۆمارانە، گوڵە مارانێ.

**ئەنیس**: هـۆگر، هـاودەم، یـار: (ئەنـیس خەیـاڵ دەردان پـڕ زام!/ مەرهەم جەسـتەی خەسـتەکەی

ناکام!) «مەولەوی».

**ئەنیسا**: ناڤێ دویەتانە.

**ئەنیسک**: هەنیسک، خیسک، نزگەرە بە گریانەوە: (سەری بە ئەنیسکانەوە هەڵدەقەندرێ) «ئەمیری».

**ئەنیسکدان**: هەنیسک دان: (لاقی سارد بۆتەوە، ڕەگی ملی بەحاڵ لێدەدا، ئەنیسکی دیتێ) «ئەمیری».

**ئەنیسۆن**: ئانیسۆن، بەرزەک، کتاف، بەری گیایەکە وەک کونجی دەچێ، بەڵام تۆزێ درشتترە و بۆ دەرمان دەشێ.

**ئەنیش**: ترس، باک، خۆف، خووف، هەراس، ئەنێش، ئەندێش.

**ئەنێش**: ئەنیش، ترس، پەروا، خۆف.

**ئەنیشک**: ١. ئانیشک، هانیشک، عەنیشک، بەلەمرک، قونانیشک، ئەنیزک: (خویشکێ کولکا سەرێ ئەنیشکێ، دایێ بەلا دونیایێ، ژنێ وەرە پشتا منێ، دا تە بگێڕینم ل هەمی دنێ) «پەند».٢. ئەنیشکە، زانوو، هەڤ ڤەنیا لوولا وەکی ئەنیشک.

**ئەنیشک کردنەوە**: پێچ کردنەوە، بادانەوە(ڕێ).

**ئەنیشە**: ١.بیر، ئەندیشە،٢. ترس، باک.

**ئەنێشە**: ١. بیر، فکر، هزر، هۆش،٢. ئەنێش، خۆف، ترس.

**ئەنیڤەبووی**: ئەنیگەش.

**ئەنێکا**: ئەگینا، ئەگەرنا، ئەینا.

**ئەنیگرێ**: ڕووگرژ، مۆن، مرومۆچ، ڕووتاڵ، نەعیمنەخۆش.

**ئەنیگەش**: ١. ڕووگەش، ڕووخۆش، دەم بە خەندە، ئەنیڤەبووی،٢. جوان، شۆخ، خۆشکۆک.

**ئەنین**: هاوار، داد، ڕۆڕۆ: (ئەڵێی بەحرێکی قووڵ و مەنگە دنیای پڕ لە بێدەنگی/ بە سەریا هاژەهاژ ئەڕژێ، ئەنینم سۆزی ئاهەنگی!) «گۆران».

**ئەنین وئەفغان**: هاواروداد، ناڵەوهاوار: (سەد ئاه و دووسەد ئەنین و ئەفغان/ بێ گاڤ مە تێن ژ ناڤ دل و جان) «خانی».

**ئەنیور**: ئەنگوور، ترێ.

**ئەنیوور**: ئەنیور، ترێ.

**ئەنییسوون**: ئەنیسون.

**ئەو**: ١. وی، وێ، هێما بۆ یەکی دور(کەس، چت) ٢. ئەم، ئەڤ، هێما بۆ ئێکی نزیک(کەس، شت) ٣. ئەوان، هێما بۆ کۆمەڵێک نزیک یا دور: (نەهـ چەرخی سپیهرێ ژ هەوایا تەوو میهرێ/ سەرگەشتەنە ئەو تێک ڤە مەڕا شوبهی حوبابێ) «جزیری» ٤. بە، وە: (سەد دووری چون دڵ مەعدوومی دڵتەنگ/ مارۆ ئەو فریاد، دڵەی سەخت سەنگ) «مەولەوی».٥. او: (دەس ئەو دەس: دەساودەس)،٦. ئەوێ بۆ مێ،٧. ئەوێها بۆ نێر، ٨. منیش، ئەزیش، ئەزیچ،٩. هێما بۆ سێهەمکەسی تاک: (من دەڵێم: شاری دڵم باغ و گوڵستانە دەچم/ ئەو دەڵێ: نا قەسەبە شۆڕشی مەستانە نەچی) «مامڵێ»،١٠. جێناوی ئاماژە بۆ کەسی بەرانبەر: (ئەو ژنە)،١١. ژنان بە جێی وشەی مێرد بەکاری دێنن،١٢. لە: (سەوزە وستەن فەرش ئەو چەمەن دەس دەس) «مەولەوی»، ١٣. بەو، بە ئەو: (گوڵ بە دەم بادی سەباوە پێکەنی، یەعنی وەرە/ تۆ لە وەسڵم بۆ بەرە، ئەو بۆیە بولبول شین دەکا) «نالی»،١٤. ئاو، ئاڤ: (ئوتاقی گردم بی بەرق و بی ئەو) «چەپکەگوڵ»،١٥. ئەوە، ئەوەتا: (چار نییەن جە دەس جیلوەی نەکەردەن/ بسم‌الله ئەو تێخ، ئێد کەچیی گەردەن) «مەولەوی»،١٦. بۆ: (کەی تۆ خەیاڵێت وە دەروون ئاوەرد/ هانات کەرد ئەو من، من بێ‌مەیلیم کەرد؟) «مەولەوی»،١٧. ناو، نێو: (من وزۆ ئەو دەرد، ئەو ئەو سەردیی مەیل/ ئەو ئەو قەبایل، من ئەو کۆی دوجەیل) «مەولەوی»،١٨. یا، یان: (بەرگێ د وە سەدنە ئەو هەزارن/ هون بۆچی زەرن زەعیف و ژارن؟) «خانی»،١٩. عەبدوو،

عەبدول: (حاجی ڕووی کردە کورە گەورەکەی: ئەورەحمان! ئا ڕاکە میرزا ساڵح بانگ کە) «پێکەنینی گەدا».

**ئەوا**: ١. وا، ئامرازی ئێستایە: (ئەوا دێم: ئێستا دێم) ٢. ها، هەیە: (ئەوا لەگرە: لێرەیە)،٣. وشەی خەبەردانە لە ڕووداو: (ئەوا لەیلا بە ڕۆژی حەشر ئەدا وەعدە و دەڵێ مەحوی/ هەتا قامی قیامەت ئاه و واوەیلا نەکەم چ بکەم) «مەحوی»،٤. دایکەوا، ژنی بابا ئادەم: (مەمکی بدیبایە چ ئادەم، چ ئەوا/ بە لەز ئەیقۆزتەوە هەر کەس لە هەوا) «بۆکوردستان».

**ئەواب**: پاداش، پاداشت: (هەر دو برهێن تەنە مێحرابێ چ ئیمان و چ کوفر/ بود و نابود کو یەکن ئەڤ چ ئەواب و چ عیقاب) «جزیری».

**ئەواجیق**: شارێکی کوردستانی ئێران لای ماکۆ هەڵکەوتووە.

**ئەوار**: ١. پاشگری هەبوون: (خوێندەوار) ٢. جێ، شوێن، (شوینەوار).

**ئەوارە**: ١. ئاوارە، دەروەدەر، تەرە، هەڵوەدا، بێئیش، بێکار،٢. ناوی پیاوانە.

**ئەوارەیی**: بێکاری، ئاوارەیی، هەڵوەدایی.

**ئەواری**: ١. پاشگری بە واتا هەبوون: (کۆڵەواری)،٢. بە مانا جێگە: (کوردەواری).

**ئەوازن**: ١. وازن، چرۆکردن، گۆپکە دەرکردنەوەی دووبارەی درەخت،٢. گوندێکە لای خواری ورمێ: (لەم شەڕەدا گوندی کۆکێ و ئەوازن و تومانبە و قەڵاچەم و مەحمووداوا گیران) «لەمەهاباد بۆئاراس».

**ئەوازین**: وازن، زریان، زنیان، ترەکین، چرۆکرن.

**ئەواک**: ١. وەک، وەکۆ، وەکی،٢. ئەوەی کە: (ڕەحمەتییێ باقێ تە نەبوو/ ئەواک م دیم، داییکا تە بوو) «پەرویز جیهانی».

**ئەواگل**: واگل، هەو، هۆ، ڤەگەڕ، وەگەڕان، گەڕانەوە.

**ئەوان**: ١. ئەوان، وان، ئەڤان، هوون، ئانیلە، ئەمان، ئەیانە، ئادێ، هۆوان، ئانیشا، جێناوی هێما بۆ سێهەم کەسی کۆ(نێر، مێ): (مەگەر دەردەدار چوون ئەوان مەبۆ/ دایم ڕەنگ زەبوون، ناتەوان مەبۆ) «بێسارانی» ٢. ئەوانەی دور ٣. ئەم نزیکانە ٤. پاشگری ئاگادارە، پەیڕەزەر، پارێزگار: (باخەوان)،٥. سەردەم، کات: (بە جاهی ڕۆحی محەممەد لەوانەبێ «مەحوی»/ جەماڵی پێ بنوێنێ ئەوانی (جاء اجل)) «مەحوی»،٦. ئاوەدان: (لەعل کو مسالێ قەند و شەکەر/ دنیا کربوون ئەوان سەراسەر) «یۆسفوزولەیخا».

**ئەوان تر**: ئەوانیتر، کەسانیدی، کەسێندن، ئەوانیدی، ئەوانیدیکە.

**ئەواندن**: خۆشویستن، حەباندن.

**ئەوانگەل**: ئەوانیتر، ئەوانیدی، لەمەوچێتر، مێردەزمەکان، جنۆکەکان: (گوڵە دەسبەجێ تێدەگا کە ئەوە خێڵی ئەوانگەلن) «هەزار ئەشکەوت».

**ئەوانمەجالان**: ئەو دەمانە، ئەم وەختانە: (پار ئەوان مەجالان دە ئیجازەی مندا بوون) «گەنجی سەربەمۆر».

**ئەوانە**: ئەمانە، ئەڤانە، ئەوان، ئینێلە، ئەنیشا، بۆ دور و کۆ.

**ئەوانەی**: ١. ئەو کەسانەی، ئەڤ کەسێن کو،٢. ئەوانە + ی (ئامرازی خستنە سەر).

**ئەوانەێگ**: ئەوانەی کە، ئەوانەێ ک.

**ئەوانی تر**: ئەوانتر، یێت دن، یێن دی.

**ئەوانیچ**: ئەوانیش، ئەوانەش.

**ئەواوڵ**: ١. فرەوێژی، زۆربڵەیی،٢. گەنم ئەڕای هاڕین وە ناو دەفر کردن.

**ئەواوڵکردن**: فرە وڕای کردن، هەرچو پەرچو وتن.

**ئەواها**: ئەو بۆ مێ، ئەواهێ.
**ئەواهە**: ئەوێهە، ئەو کەسە(مێ) یا ئەو تشتە.
**ئەواهێ**: ئەو بۆ مێینە، ئەواها.
**ئەوئانە**: ئەو کاتە، ئەو دەمە: (ئەو ئانە پەی دڵ ئەو نەبۆ پەی چێش/ ئەو لانە پەی دڵ ئەو نەبۆ پەی چێش) «مەولەوی».
**ئەوئسبێ**: ئاومرواریدە، مروار، ماشاو.
**ئەوباش**: ١. لات، لاتولوت، هەتیومەتیو، بەرەڵڵا، بڵح، ئەلۆجەلۆ، بێسەروپا، جلف، ڕەجاڵ، خویڕی، خوتوخویڕی، وێڵگەرد، هەرزە، گەدەوگودە، سووکوچرووک،٢. هاوسەر، هاوقەر، هاوباڵا: (ڤان هەر دو بران کو ئەو دو ئەوباش) «خانی».
**ئەوباشی**: شەلاتی، شەڕلاتانی، هەرزەیی.
**ئەوباشیگەری**: لاتی، لۆتیگەری، وێڵگەردی.
**ئەوباڵ**: وەباڵ، ئۆباڵ، سووچ، گوناح.
**ئەوباڵا**: ئاوباڵا.
**ئەوبخوەبێ**: ئەو هەر بۆخۆی بێ: (گەر ئەز ببینم ئەو بخوە بێ، ناکم ژ دل هێژ باوەرێ) «جزیری».
**ئەوبەر**: ١. لای ئەولا، ڤێ ڕەخی، بەرەکەی دی، ئەولا، ئەو تەرەف، ئەوپەڕ، ئەدەس: (لە ڕێی ئەوبەری شاخ دەنگی زەنگ دێ/ لە شوێنی ڕاوکەر تەقەی تفەنگ دێ!) «گۆران»،٢. دەرەوە، بۆ دەردەوە: (هەناسەم ڕێزەی دڵ مارۆ ئەوبەر/ سەر کەردەن زوخاو جە زام خەتەر) «مەولەوی»، ٣. بریتی لە ئەو جیهان، ئەو دنێ: (خەم بیم یانێ های پێم مدۆ خەبەر/ نە دەرگای هەستی تەشریف بەر ئەو بەر) «مەولەوی»،٤. پێشەوە، بەرەوە: (لە پەرچ ئەوبەر، لە قوڕ ئەودەر) «پەند»، ٥. گوندێکە لای دەربەند.
**ئەوبەرئەوبەر**: هەر دوو تەرەف، هەر دوو شان: (لە پلەکان دەهاتە خوار قۆڵیان دەگرت ئەوبەر ئەوبەرە) «مەموزین».
**ئەوبەرەوبەر**: ئەمبەر و ئەوبەر: (ئەمما ئەوبەرە و بەریان پێدەکرد) «گەنجی سەربەمۆر».
**ئەوبەرەوبەرە**: ناوی گۆرانییەکە: (ئەو بەرەو بەرە، ناسکە دولبەرە/ بە چاو لێم زیزە، پێم دەڵێ وەرە) «ماملێ».
**ئەوبەری**: ١. ئەو ڕووی تری،٢. ئەو لا، ئەو تەرەف، ٣. لیفەی گچکە.
**ئەوپا**: بەرپا، ئامادەی ڕۆیشتن: (وەختێ جەنازەی «مەحموود» ئەوپا بۆ/ هیمەتت چون ویت، بەدرەقەی ڕا بۆ) «م.ح. دزڵی».
**ئەوپابۆ**: بەرپا بێ، هەستێ: (وەختەن قیامەت پەی خەڵق ئەوپا بۆ) «بێسارانی».
**ئەوپەڕ**: ١. ئەو سەر، ئەو بەر، بەرەکەی دی: (گۆرانییە و هەڵپەڕکێ/ دەنگیان هەتا ئەوپەڕ دێ) «سۆز»،٢. دووایی، دوماهی، بنەبان، کۆتایی، نیهایەت: (.../ بووکی ڕازاوەی خەیاڵم گیانەکەم ستفاتمە/ تاقە پڕشنگێکی چاوت ئەوپەڕی ئاواتمە) «هەردی»،٣. خت، چخ، وشەی دورکردنی سەگ.
**ئەوپەس**: بە دوایدا، بە شوێندا: (سەحەر بوو شەشخان وێم گرتمەو دەس/ خوەم کەفتم وە پێش یارانم ئەو دەس) «خانمەنسوور».
**ئەوت**: Ewt ١. حەپەحەپ، هەف، دەنگی ڕەوینا سەگان،٢. ئاوت، چونەدەری تۆپ لە یاری تۆپێندا،٣. قرت، فت بوون لە گەمە.
**ئەوت**: Ewit ١. ئەگوت، ئەکوت: (وەختێ چاوم هەڵبڕی، لۆزەندەیێکی لنگ ڕووت/ بە یابە ڕووی کردە من و عەتابەی ئەوت) «پیرەمێرد»،٢. ئەو کەسەت، ئادت: (تۆ ئەوت لە من خۆشتر دەوێ).
**ئەوتا**: هاوتا، هەمتا، هاوئەندازە.
**ئەوتاندن**: وەڕاندن، تورەکرنی سەی.
**ئەوتر**: ئەویتر، ئەڤدن، ئەویدیکە، ئەو یەکەکە، ئەو کەسەکە.

**ئەوتـــۆ**: ١. وتـــۆ، ئەوهـــا، ئەتـــۆڤ، ئەوچەشـــن، ئەوجۆر، ئەورەنگ: (کاری ئەوتۆی دەکـرد کە بە هـیچ بارێـک دەگەڵ پـاکی و یەکڕەنگـی یەکیـان نەدەگرتەوە) «توحفە»،٢. ئـاوا، وا، وەهـا، شـیاوی باس: (مەلا مستەفا بارزانی مرۆڤەکی ئەوتۆ بـووە کە بۆ نەتەوەی کورد جێی ڕێزە و قەدرە).

**ئەوتۆر**: ئەڤها، ئاوا، ئەو جۆرە.

**ئەوتۆیی**: هۆتۆیی، وەتۆیی.

**ئەوتە**: ئەبێ، ئەبێتە: (یە ڕۆژ پیرەمەردێـک ئەوتە میوان ئەوانە) «چارداوڵی».

**ئەوتەئەوت**: وەڕەوەڕ، حەپەی سەگ.

**ئەوتەئەوتە**: حەوتوحەوتـــــو، حەفتەحەفـــــتە، هەفتەهەفتە: (ئەوتە ئەوتە ئەوان ب وی دەرەبیانـا) «پەپووک».

**ئەوتەو**: ئەوتۆ.

**ئەوتین**: وەڕین، حەپەحەپ کردنی گەماڵ.

**ئەوج**: ١. تەشـق، پـۆپە، پـۆپە، بوڵـونی، بەرزی، بڵندی، ئەڤراز، ترۆپـک، دونـد، کەڵـلە: (قەتـاری زەنگ و قـۆڕی ئوشـتر و ئێستر لەسـەر کێـوان/ دەڵێـی زیـڕەی سـەدای قـاز و قـولنگی ئەوجـی کەیوانە) «نالی»،٢. بڵندترین نوقتە، باڵاترین پـلە و دەرەجە: (دڵە! وە بـادەی وەسـڵش بـادی بــی/ دەماخت نە ئەوج برج شادی بـی) «مەولەوی»،٣. باڵاترین نوختەی بڵندی ئاواز: (لە ئەوجی بوڵندی سـەدای دووڕڕاج/ بە ئەسـتوون فەلەک بـوویەتی ئیحتیاج) «حەمدی»،٤. بەرزتـرین پـلەی ئەسـتێرە: (ئەی قەلعەیی ماهم کە دەڵێی ئەوجی بورووجی!/ وەی قوللەیی دووری کە دەڵێی قامەتی عووجی!) «نالی»،٥. ئاوازێکی مۆسیقایە.

**ئەوجـــا**: ١. ئەوجـــار، ئەوجارەکـــانێ، ئەمکەڕتە، ئەوسـا، ئەوسـایە، ئەمجـار، ئەمجـارە، ئەیجـارە، ئینجا، ئیجار، دیسا، دیسان، سـەرلەنوێ، هەوجـا، هەم، هەمیسـان، لەنوێـوە، لەمەوپـاش، لەوەمـدوا، لەوەبەولاوە، پاشکی،٢. کەوابو، کەوایە، کەواسە.

**ئەو جا**: ئەو شوێنە: (ئە جا بەزمگەی کەس جێ نە ڕەسـتە/ مەنـزڵگەی سـەیاد هـازاران خەسـتە) «مەولەوی».

**ئەوجار**: ئەوکەڕت، ئەوجا، ڤێجا.

**ئەوجاڕ**: ١. دو خوشکی ژنی دو بـرا بـۆ یەکتـر، ٢. یەرەق، ئامور، ئەسپابی جووتە.

**ئەوجارە**: ئەوجار، ئەوکەڕتە: (نە ئەمجارەی مـن چون ئەوجارانەن/ نە ئازیز وێنەی ئیفتەر یارانەن) «مەولەوی».

**ئەوجارەکانێ**: ئەوجا، ئەمجارە.

**ئەوجارەکە**: ئەوجا، ئیجارە.

**ئەوجارەگە**: ئەوکەڕتەگە.

**ئەوجاریش**: ئەمجاریش، هەمیسانەکە.

**ئەوجان**: کۆی ئەوج، تەشق، بلندایی: (عیسـا تە کوسا گەهاندە ئەوجـان؟/ ئایـا ب چ تە حەبانـدە ئەو جان؟) «خانی».

**ئەوجان**: ئەو گیان، گیانی ئەو.

**ئەوجگە**: ئەوچگە.

**ئەوجن**: جۆرێ سەختەدارە.

**ئەوجۆر**: ئەو جۆرە.

**ئەوجۆرە**: ئەو شێوە، وەها.

**ئەوجوە**: ئاوجۆ، ئابجۆ.

**ئەوجە**: ١. نیـاز، ئاتـاجی، پێویسـتی، پێویسـت، پێداویست،٢. ئەوجار، ئەمجار: (ئەوجە هەنگینێکە وەکی ئەو قسەی بە شێخ حوسێنی بە دەوی گـۆ) «لاوک».

**ئەوجی**: لەجی، وەجی، بەجێی.

**ئەوجیعیززەت**: ئەوپەڕی قەدر و مەزنی: (حەتـا نەکەڤـت ژ ئەوجـێ عیـززەت/ حەتتـا نەگەهیـتە خاکێ زیللەت) «خانی».

**ئەوجی‌کردن**: ١. داکردن، خاڵی کردنی تراو،٢. وەجی‌کردن، داکردن بۆ تەویلە.

**ئەوچ**: ئەوەی‌کە، هەرتشتێک، هەرچییەک، هەرچێیوێ، هەرچێکی، هەچێکی، شتێ‌کە، ئەوشتەی‌کە، ئاچێوە، ئانە.

**ئەوچگە**: ١. تاتویەنی، تائەتوانی: (ئەوچگە لە دەسد تێ کووتای مەکە)،٢. هەرچی: (ئەوچگە داشتم لەدەستم چی).

**ئەوچلە**: ئەوچگە.

**ئەوچون**: لە چەشنی.

**ئەوچەل**: ئەوجار، ئەوجارەکە: (وا کوڕ ڕازاوە، بێ‌ئەغیار، ئەوچەل) «ئاوات».

**ئەوچەند**: ئەوەندە، ئەوەندوکە، هێندەی، هێندە، چقاس، ئالاڤێ پێڤانە: (ئەوچەندە شەراب و قەند و شەککەر/ ئەوچەندە گولاب و میسک و عەنبەر) «خانی».

**ئەوچەندە**: ئەوچەند، ئەوەندەی: (ئەوچەندە ب یەکڤە را دموسان/ نەوبەت نەددانە هەڤ ل بوسان) «خانی».

**ئەوحەلە**: ئەو کاتە، ئەو وەختە: (ئێمەش ئەو حەلە ناچار دەبین بیکەینە هەڵبژاردن) «گورگ و بزن».

**ئەوخوار**: سەر بەرەوخوار: (جەورەکەی سەرئێل خەم بێ‌شومارەن/ خێڵ‌خانەی بەرپێچ ،تا خێڵ ئەو خوارەن) «مەولەوی».

**ئەوخوەێ‌خرین**: وە خوەێ خڕین، وە خوەێ بارکردن.

**ئەوخوەێ‌گرتن**: ١. وە خوەێ خڕین،٢. گرەو سیان، مییەێ ک دو یاێ وەرەن داین ئارەخا بوو.

**ئەودا**: ئەورە، هێما بۆ جێی نادیار.

**ئەودال**: ١. ئاوارە، عەودال، هەڵوەدا، وێڵ، سەوداسەر، ئیرۆرۆ، وارەسە، بگەرد، بگردگ، تەرکەدونیا، خاسەگەل،٢. ناوی کوڕە،٣. سووکەڵەی ناوی عەبدوڵلایە،٤. پەرێشان، شێواو.

**ئەودالان**: ١. عەودالان، عەوالان، چیایەکە زۆر بەرز، لە هەورامان: (سەراسەر عومرم گرد شۆ بە تالان/ جاگەم نە بەرِ بۆ نە پای ئەودالان) «بێسارانی»،٢. بە زاراوەی عیرفانیش دەستەیەک لە پیاوچاکانی خودا کە لە هەموو جێیەکی دنیا پەخش و بڵاون: (چراغ ئەودالان .../ پەیم کەردی تەواف، بارگەی ئەودالان) «بێسارانی».

**ئەودالی**: ئاوارەیی، وێڵی، دەربەدەری.

**ئەودزە**: کوسبرک، ملە.

**ئەودنیا**: قیامەت، ئاخرەت: (پەیدەرپەی کەوتنە ڕێی ئەو دنیاوە/ وەک تاق‌تاق‌کەرە هەر داخی ماوە) «پیرەمێرد».

**ئەودوا**: بۆ ئەولاوە: (شارنشین خاسە یەی کاریَ گەنە/ لە شام ئەو دوا قاپیەیل بەنە) «خان‌مەنسوور».

**ئەودۆزەخ**: ئەو جەحەندەم، جەحەندەمی ئەو دنێ: (ئەو دۆزەخ چێشەن عەزابش جە کۆن؟/ دۆزەخ هەر دۆزەخ دووری باڵای تۆن) «مەولەوی».

**ئەودونیا**: ١. ئەودنێ، ئاخیرەت، دونیای پاش مەرگ، ٢. ئەم دونیایە، دنیای ئێستا.

**ئەودەر**: ١. دەر، دەرەو، دەرەوە، هەندەر: (واژی: ناوەوە)،٢. بەدەر، لە ڕادە بەدەر: (بێ‌شەرت و شۆنیت جە حەد ئەودەرەن/ ڕەحمەت ئەو یادت، وەفادارتەرەن) «مەولەوی»،٣. بۆدەرەوە، ئەو دەیشت، وەدەر،٤. دوا، دواوە: (لە پەرچ ئەوبەر، لە قوڕ ئەودەر) «پەند».

**ئەودەرە**: ١. دەرەوە، دەرڤە، هەندەر، دیوی دەرەوە ٢. زێ، چۆم، شەتێ ئاڤێ.

**ئەودەرەن**: بەدەرە، تێپەڕیوە: (ئەر سەد تاوانم جە حەد ئەودەرەن/ دەفتەرم جە ڕووی وێم سیاتەرەن) «مەولەوی».

**ئەودەس**: ئەدەس، ئەوکان، ئەوتەرەف.
**ئەودەم**: ئەووەخت، ئەوکات، ئەوسا: (ئەوسا مەگێرۆ، کلافەی کولْفش/ لازم مەدەرو بە دەستی، زولْفش) «بێسارانی».
**ئەودەمدا**: لەو دەمەدا: (ئەو دەمدا ڕۆسەم هەوریزا وە پا/ سوجدەی ئەدەب کرد نەری پاتشا) «چەمەنئارا».
**ئەودەمە**: ئەوکاتە، لەوکاتەدا.
**ئەودەمەی**: یەمە، ئەو کاتەی.
**ئەودەیشت**: وە دەیشت، بۆدەرەوە، دەرکردن.
**ئەودی**: ١. ئەوسا، ئەودەم، ئەوکاتە: (ئەو دی هەم بەردش سەر نە دەهانم/ ڕاگیر بی، پەریٚ ڕۆحی ڕەوانم) «بێسارانی»،٢. دیسان، هەمیسان: (پایز ئاماوە ...، ئەودی نەو پایز جە نەو ئاماوە) «بێسارانی».
**ئەودیم**: ١. ئەو وتاق،٢. ئەودیو، ئەو تەرەف: (جە ڕووی بێشەرمی پەردەت دەڕدەوە/ هیچ نەویت وە تەنگ ئەودیم پەردەوە) «مەولەوی».
**ئەودیو**: ١. دیوی بەرانبەر،٢. ناوچەی هەریمی کوردستان،٣. ئەو بەری سنوور: (دەستی ڕاست تورکیایە ئەگەر دەسکێش و بالْتۆ و کورتەک و کوولْەبالْ و کلْێتەم هەبا و یارۆیەکی ناسیاو، لێزان، هەر ئەورۆکە ئاوای ئەودیو دەبووم) «شەوارە».
**ئەور**: ١. هەور، عەور، ئەڤەرە: (نە ئەوریٚ گرگری، نە مێریٚ ترتری) «پەند» ٢. ئۆرە، وێریٚ، لەویٚ، ٣. گوندێکە لە باشووری شەقلاوە.
**ئەورا**: ١. ئەورە، ئەویٚ،٢. برسی، برسیەتی، برسیایەتی، برچی، وورسی، نێز، هەورا: (توتیکە منیەی پێسە سەرەکت/ من چێگە ئاورا دەمم گرتەن قوت) «م.ح. دزلْی».
**ئەوڕا**: ئەوجار، ئەوکەڕت.
**ئەورائی**: ورسیەتی، برسیەتی.
**ئەوراتا**: برسیتە.
**ئەوراتنەبوو**: برسیت نەبوو.
**ئەوراد**: ویرد، ورتەورت، دۆعا: (نامت چون ئەوراد، سوبح و ئێواران/ موانووش وە گەرم، نە پای دیواران) «مەولەوی».
**ئەوراز**: ئەڤراز، هەوراز، وەزەن، عەڤراز، بەرزایی، بەرەوژوور.
**ئەورازە**: دێکەیێکە لە جووانڕوو.
**ئەوراش**: برسی: (بەشەر ئەوراش بۆ، تەوەیچ مەهاڕۆ) «پەند».
**ئەوراشان**: برسیانە.
**ئەوراف**: هەورێکە بارانی سوکی لیٚبیٚ و زوو کڕی بکات.
**ئەوراڤی**: ١. ئەور ئاڤی، ئەسمانیٚ ئەور، ئەورۆ، ٢. کەوەرۆژ، سپیەڕۆژ، ڕۆژی بیٚهەتاو.
**ئەوراق**: ١. هاوڕیٚ، برادەر،٢. کۆی وەرەق، کاغەز: (ئەوراقی سەبری ئێمە بەجاریٚ دڕیت دریغ/ ڕۆیی بەهاری عەیش و پەیا بوو خەزانی کورد) «بێخود».
**ئەوراقچی**: ئەوراقفرۆش، کۆنەفرۆش.
**ئەوراقی**: ١. کۆنە، شڕ، شەق و شڕ،٢. هەلْوەشاوە، لێکبەربوو،٣.شیاوی لێکهەلْوەشاندن، ٤. دوکانی کۆنە و ئەوراقفرۆشی.
**ئەورام**: ١. ساز، سازشت، سازش، سازگاری،٢. دورسی، پێشرەفت، بەرەوپێش چوون،٣. کەلوپەل، کەرەستە، ئامێر،٤. ناوی کوڕانە.
**ئەوراما**: برسیمە.
**ئەورامان**: هەورامان.
**ئەورامنیا**: برسیم نییە.
**ئەوران**: کۆی ئەور، هەور: (لیٚ هەیفیٚ بیر کرن دەریان/ هم با و چیاییٚ ئەوران) «سەنار».

**ئەوراندن**: هورووژاندن، ورووژانن، تورەکردن، ئازراندن.
**ئەوراوی**: هەوری، هەوراوی(ئاسمان).
**ئەورای**: برسیەتی، برسیایەتی.
**ئەورئاڤی**: ئاوراڤی، ئاسمانی هەوری.
**ئەوربردێ**: هەوربردێ، هەوربردو.
**ئەورترشکی**: هەورەتریشقە، هەورەبرووسکە.
**ئەورتەڕ**: ئەور واراندار، هەوری بەباران.
**ئەوردا**: ئەوێ، ئەورە، وێ.
**ئەوردانە**: ئەوردایلە، هەر ئەوێ.
**ئەوردایلە**: هەر ئەورە.
**ئەوردەی**: هاوردن.
**ئەورقوڵەکەر**: هەور واراندار، ئەور تەڕ.
**ئەورۆ**: ١. ئیـرۆ، ئەمـرۆ، هەورۆ، ئەرۆ، ئیمـرۆ، ئەوڕۆکە، ئەمـڕۆکە: (بە کـوێری چـاوی پیسـی بێگانە/ ئەوڕۆکە ڕۆژی جێژنی کوردانە) «هـێمن»، ٢. ئەو ڕۆژە: (خوسرەو نیشت تێش‌دا ئەورۆ تا بە شەو/ نۆشـا بـادەی نـاب وێـنەی کەی‌خوسـرەو) «خانـای قوبـادی»،٣. لەو ڕۆژەوە: (ئەورۆ بینـایی دیدەم بیەن کەم/ فەڵەک جییاش کەرد ئێمە و تـۆ جە هەم) «بێسارانی»،٤. هەوری، ئەسمانێ ئەور.
**ئەوڕۆ**: ١. ئەمڕۆ، ئەمڕۆکە: (بە لە قـوڕ نیشـێ و لە هەش نێ، دوژمنی وان پیل و شـانی/ چـونکە ئەوڕۆ یەکتـری گـرت کـورد و ئازەربایجـانی) «هـێمن»،٢. ئەو ڕۆژەی: (واتـــت تـــا ئەو ڕۆ بەرمەشۆم نەفەس/ جە بەد بێزارم، هەر تۆم هەنی کەس) «بێسارانی».
**ئەوروپا**: ئوروپا، فەرەنگ: (موهەندیس دێـنم لە ئەوروپـــاوە/ بە ســـەر گـــردەکەی کانی‌بـــاوە) «پیرەمێرد».
**ئەوڕۆکانە**: ئەوڕۆ، ئەوڕۆکە: (نییە وەک شێعری من ئەوڕۆ تەڕ و تێراو، ئیتر/ قەدی شلکی تـۆ کە هەڵبەستی خوایە، جیایە) «هێدی».

**ئەوڕۆکە**: ئەمـڕۆکە، ئەمـڕۆ، ئیـڕۆ: (گەر نەگـا ئەوڕۆکە نـامەی سـیحەتی ئەنـدامی تـۆ/ خەو لە چـاوم نـاکەوێ، بەو دوو لەبـی لەعلـت قەسـەم) «ئەدەب».
**ئەوڕوو**: مەڵاشوو، ملاشک، مەڵاشک.
**ئەورووپا**: ئورووپا.
**ئەورووپایی**: ئورووپایی.
**ئەورە**: ئوورە، ئەوێ، وێ، ڤێدەرێ، ئەوێدەرێ.
**ئەورەت**: عەورەت، ئەیبا ژن و مێر.
**ئەورەتەرەقە**: ئەورەتریشقە.
**ئەورەتریشقە**: ئەورەتەرەقە، گرمهڕ.
**ئەوڕەحمان**: عەبدوڕەحمان، ناوی پیاوانە: (سۆفی مەولان و کـاکە ئەوڕەحمـان/ کوێخـا بـاوەیس و لالە نەریمان) «قانع».
**ئەوڕەزاق**: عەبـدوڕەزاق، زنجیـرە چیـایێکە لە نێـوان سـولاکان و ئەولمـومن و یورقـول و پاش‌بڵاغ.
**ئەورەمزدا**: ئەهورامەزدە، خوای تاق و تەنیا.
**ئەورەنگ**: ١. شکۆ، دەبدەبە، پایە، تەختی شاهی: (بە گۆشەی چاو و خاڵی لێو و خاکی کـۆی یـار نـادەم/ ئەگەر سـەد جـامی جەم، ئـابی خـزر، ئەورەنگی دارا بێ) «وەفایی»، ٢. فامین، تێگەیـین، ٣. ئەو شێوە، ئەو جـۆرە: (ئەو ڕەنـگە زەعیـف و ژار بوبو/ گۆیا کـو ب جیسـمی تـایێ مـوو بـو) «خانی»،٤. ناوی کوڕانە.
**ئەوڕەنگ**: ئەورەنگ.
**ئەوڕەنگە**: ئەوجـۆرە، ئەو شـێوەیە: (ئەو رەنـگە سزایە تەخـت و ئەوڕەنـگ/ فەرزانە ب عەقـل و فەڕر و فەرهەنگ) «خانی».
**ئەورەنگەبکم**: وێدەچێ ئەو بـکەم✕: (ئەو رەنـگە بکم ژ نو سەرەفراز/ دا بێنە تەماشایێ نەزەر بـاز) «خانی».
**ئەوڕەنگەهە**: بەم‌جۆرە، ئاوا: (تەدبیرکونەندە پیرێ

عاقل/ ئەو ڕەنگەهەە بو ژ بۆ مە ناقیل) «خانی».

**ئەورەویان**: ڕەویان، بڵاوبوون.

**ئەورەی**: خەڵک ئەورە، زایەندەیٚ ئەورە.

**ئەورەیلە**: ئەورە، ئەوردا.

**ئەوریٚ پاکلاش نەمەنن**: زۆر بەهەڵپەبوون، هەڵەپلە داشتن، وەخت ئەڕای هەڵکێشانی کلاش نیاشتن.

**ئەوریٚ شاتمان نەمەنن**: ئەو کەسە ک فرە هەڵەپلە کەیٚد، تەنانەت فرسەت وەتن شەهادەت نەیریٚ.

**ئەوریشم**: ۱. ئاوریٚشم،۲. ناوی کچانە.

**ئەوریٚشـــم**: ۱. هاوریٚشـــم، ئـــارمووش،۲. نـــاوی کچانە.

**ئەوریـــــــن**: ۱. ورووژان، تورەبـــــوون، کەرب هەلستان، ئازریان،۲. نیشـــتن، دانیشـــتن،۳. نیشـــتن (خڵتە)

**ئەوریین**: ئەورین.

**ئەوزا**: بـــارودۆخ، ئەوزاع: (ئەوزا مەمـــــلەکەت دەرهەم- بەرهەمە) «چەپکەگوڵ».

**ئەوزار**: ۱. ئامێر، تفاق، ساز، کەلوپەل، دیـــش،۲. ×۱۳۷×: (بە غەیـــرەز باســـی ئەو زارە، مـــوهیمە دەرکی ئەوزارە/ ئەوی بیستوومە بیستوومە، ئەوی دیتوومە دامناوە) «حاجیقادر».

**ئەوزان**: ناوی هۆزێکە: (ئەوی ســەرخێڵی عێلـــی ئەوزانە/ لە عەشـــایر مەلا وەڵەدخـــانە) «حـــاجی قادر».

**ئەوزارە**: ئەو دەمە: (بە غەیـــری باســـی ئەو زارە، مـــــوهیمە دەرکـــــی ئەوزارە/ ئەوی بیســـــتوومە بیستوومە، ئەوی دیتوومە دامناوە) «حاجی قادر».

**ئەوزاح**: ئەوزاع.

**ئەوزاع**: ۱. باودۆخ، حاڵ،۲. توانایی ماڵی: (هەتـــا بردیە ماڵەکەی خۆی تماشای کرد ئەوزاحـــێ وای نەبوو) «ئاوێنەیبێگەرد».

**ئەوزەڵ**: ئەوەزەڵ، فرەزان، زانا، ژیر.

**ئەوزێنە**: تەرەختی کردن، هرشت کردن.

**ئەوژت**: ئێژیٚ، ئەڵیٚ: (دڵم ئەوژت تـــونیش یەی ڕووژ ئەیەیتە) «چارداوڵی».

**ئەوژم**: ئێژم، ئەڵێم: (من ئەوژم نێـــرە، تـــۆ ئەوژی بدوشە) «چارداوڵی».

**ئەوژوو**: وزە، گوڕ، توانا، هێز.

**ئەوژی**: ۱. ئێژی: (مـــن ئەوژم نێـــرە، تـــۆ ئەوژی بدوشە) «چارداوڵی»،۲. ئەویش، ئەویـــچ: (ئەو ژی هەمی عاشقن د تالب) «خانی».

**ئەوژیـــــی**: شـــەش ئـــامرازی پەیـــدابوون و پێکهاتنیٚیە: مادا زیندی، ئاخ، شە، گەرمـــا، هەوا، روناهی.

**ئەوســـا**: ئەودەم، ئەو وەخـــتە، جـــاران، وێەردە، ئەوکـــات، ئەوکـــاتیٚ، ســـا، ئەوســـاکە، ڤیٚگـــاڤیٚ، لەمەودوا، لەمەوپـــــێش، لەودەمەدا، پاشـــــکیٚ، ســـەرداویٚ، لەوەدوا: (.../ مەیخـــانەیەکم نیشـــان دە ئەوسا دنیا/ مزگەوتە هەمووی، دێر و کەنشتە، بە مە چی؟) «خەیام هەژار».

**ئەوسار**: هەوسار، دەسکەڕەشمە، ڕەشۆ، ڕەشمە.

**ئەوســـاکە**: لەودەمـــدا، لە ویٚ چـــاخیٚدا: (ئەوی ئەوساکە ڕووناکی ئەدا بەو ژینە شـــێواوە/ دڵێکـــی پڕ لە ئاهەنگ بـــوو، کە ئێســـتا پـــاکی ڕووخـــاوە!) «هەردی».

**ئەوســـــاگە**: ئاوســـــا، ئەو وەختـــانە، وێەردەگە: (بچۆرە گـــوڵزار چـــاویٚ بگێـــڕە/ ئەوســـاگە ئەڵێـــی بەهەشت وا لێرە) «ع. مەردان».

**ئەوساڵ**: ۱. پار، پارەکە، ساڵی وێەردە،۲. ئیسال، ئەمساڵ: (بۆ بە من دەڵێی قســـەی ســـوێر و تـــاڵ/ بۆچی نازانی بێخەبەرا! ئەوساڵ) «هێمن».

**ئەوساڵە**: ساڵ ناسیاری.

**ئەوساڵەگە**: ساڵیٚ ک ناسیارە.

**ئەوساڵەیل**: ئساڵەیل وێەردە.

**ئەوسان**: ئەوکات: (قیامەت ئەوسان بە ڕووی دنیاوە/ یاران جە یاران جیا مەباوە) «م.ح. دزڵی».

**ئەوسایش**: ئەوساش، ئەودەمیش: (ئەوسایش پەنا بۆ پەککەوتوو/ هەر مردنە و، مردنی زووا!) «گۆران».

**ئەوسەر**: لەو سەر، زێز ئی سەر.

**ئەوسەراسەر**: لەم سەر بۆ ئەو سەری زەوی: (سوورە: گابۆر و گازەردی کردنە ناو لەوەڕگە تا تێر بلەوەڕێن ئەمجا ئەو سەراوسەر هۆگانەجووتیان بۆ وەڕازێنێ) «شەوارە».

**ئەوسەعەت**: ئەو ساعەتە، ئەو دەمە: (لەیلەتولقەدرە ب من ئەو سەعەت و عیدە د سالێ) «جزیری».

**ئەوسێ**: ئەوێسێ، ئاڤا ڕەش، شیناوی چاو.

**ئەوش**: ئەویان، ئەویانم: (نامە و کەبابت وە مەعدووم یاوا/ ئەوش نە ڕووی چەم، ئێد وە دەم ساوا) «مەولەوی».

**ئەوشا**: ئەوەیان، ئەویان.

**ئەوشارەوشار**: شارەو شار، لەم شار بۆ ئەو شار: (قەت خۆت وەبەر دەستی دوژمنی مەدە، هەڵێ ئەو شارە و شارە) «فۆلکلۆر».

**ئەوشاریایێ**: گومنام، بێ ناونیشان.

**ئەوشان**: ١. ئاوشان، هاوشان،٢. جۆرە گیایەکە.

**ئەوشۆ**: ئەمشەو، ئیشەڤ، ئیمشەو: (بێسەبەب ئاوا نەبوو، ئەوشۆ هیلالی یەکشەوە) «ئەدەب».

**ئەوشۆکانە**: ئەوشۆ، ئەمشەو: (ئەگە نەیانهێشت هەتیوە لاوەکەم ئەوشۆکانە لە سەر سینگ و مەمکۆڵەم بکەم بە میوان) «فۆلکلۆر».

**ئەوشۆکە**: ئەوشۆ، ئەمشەو: (ئەوشۆکە شەو زستانە/ بەفران گرتی کۆڵانە) «حەسەن زیرەک».

**ئەوشۆن**: بە دوادا، بە شوێندا: (ئای جە ئێش تەن جە گیان جیای من/ ئای جە لوای تۆ و ئەو شۆن دیای من) «مەولەوی».

**ئەوشۆنت**: بە دواتا: (مدیا ئەو شۆنت دڵ نە پەنهاندا/ چون ئیسم ڕەحیم وە ڕەحمان دا) «مەولەوی».

**ئەوشە**: ١. ئەویشە، ئەویچە: (کەلامێکە لە حیکمەتی کەیل و جامیع:/ عەتاکەر هەر یەکە، هەر ئەوشە مانیع) «مەحوی»،٢. حەوشە: (ئەوشەکە ئوسان ساز ببوو) «مەستوورە».

**ئەوشی**: هۆشێ مرۆڤێ.

**ئەوشین**: هەڤشین، ئەڤشین، هشکبوونا مەڕ و ماڵات لە شیر.

**ئەوعانە**: ئەو دەمە، ئەو کاتە: (کابرا ئەڵێ: خۆزیا ئەمدی، پرس و بجۆ و ئەملا و ئەولا ئەکات، ئەو عانە ئێژن: مەگەر ئەو کەسە تەویرو بۆ بکا بیوینی) «گوڵونێرگز».

**ئەوفرییتەر**: ١. ناڤێ خوەدێ،٢. کەسێ نەخاپێندراو.

**ئەوق**: ١. قەتیس، گیر، گیرخواردوو: (شەپۆلی شەو لە گەردندا بێ شەوقە/ چاو بڕ ناکا، گلێنەش لە من ئەوقە) «دیلان»،٢. زەوق، حەز، مەیل: (نێرەکەرەکە لەبەر ئەوق و زەوق ڕێگای لێ تێک ئەچێ، وەکوو تێلا هەموو جار ئەیدا لە بن ڕان و پشتی مەلا حەمەمین!) «ڕشتەیمرواری».

**ئەوقا**: ئەڤ، هێندە، ئەوەندە، ئەوقاسی، ئەوقاس: (گەلۆ ب ڕاستی ژی گونەهێ وان مرۆڤان ئەوقاس مەزن بوو، وەکی مال و ئاڤاییێن وان وێران دکرن) «مەستوورە».

**ئەوقاتێزەمانە**: ١. ڕۆژگار، زەمانە،٢. دەم و کاتی شەو و ڕۆژ: (ئەوقاتێ زەمانە گونە گونە/ باری ژ مەرا کون نمونە/ یەعنی شەڤ و ڕۆژ و سوبح و شامن/ هن ڕوهنینە، هن ژ وان زەلامن) «خانی».

**ئەوقاس**: ئەوقا، هندی، هێندە، ئالاڤێ نرخاندن و نیشاندانە: (ژ تەرا ئەوقاس قوماش لازمە) «پەپووک».

**ئەوقاسی**: ئەوقا، ئەوقاس: (د مالباتێن تورنێن

کوردیـاندا ئەوقـاس ژی گـوە نە ددان خوەنـدنا کەچان) «مەستوورە».

**ئەوقرە**: ئەوقەرە، ئەقرە، ئەونە.

**ئەوقە**: ١. تـووش، تووشـیار، دوچـار، ئـاوقە، گیرۆدە،٢. ئەوقرە، ئەقرە، هێدندە.

**ئەوقەبوون**: دووچاربوون، ئاوقابوون.

**ئەوقەدەر**: ئەوەنـدە، هێنـدە: (مـا ب عەیـش و نـوش و شـاهی ئەوقەدەر عـومرێ تە بـت) «جزیری».

**ئەوقەر**: ئەوقرە، ئەوقە، ئەوەندە.

**ئەوقەرە**: ئەوقە، ئەقرە، هێندە.

**ئەوک**: Ewik ١. گەرو، قـورگ، قورقـوڕاچکە، بەرمل: (ئەوکی ئیسـتیعماریان گـرت وەک بەڵای ناگەهانی/ تازە بەربوونی مەحاڵە تا نەدا یەکجاری گیانی) «هێمن» ٢. ئاوک، ئیوەر، ئەوەکە، ئەوکـی، ئەوکێ، ئەوکۆ، ئەوە، فیسارە، فیسکە، کابرا، واک، وانێک، وانەک، فلانی، هین، هەرامە، یاروو، یارۆ: (فەرق هەی ل نـاڤ ئەوک یـارا وی بەردەسـتن/ تـا ئەوک ل دو چاڤـا هێڤییـا یـار ڕاوەسـتن) «گولشوون»،٣. تشت، چت.

**ئەوک**: Ewk تشت، ئەو تشت.

**ئەوکات**: ئەوسا، ئەودەم، ئەووەخت.

**ئەوکاتە**: ئەوسا، ئەوساکە، لەوکـاتەدا: (ئەوسـاکە دۆعای مـن واگیرابـێ/ لە خـانەی خاکـا، ئـاواتم نابێ) «پیرەمێرد».

**ئەوکاتەیڕۆیی**: ناوی گـۆرانییەکە: (دیسـان لـێم ون بوو چاوی کاڵی تۆ، ئاخ ئەو کـاتەی ڕۆیـی) «ماملێ».

**ئەوکبەربـوون**: گەروو کـرانەوە، دەنـگ هـاتن، دوان: (ئـارەزوو بە قسـەکانی بـاوکی ئەوکـی بەر بوو، گەشەی تێگەڕا و گوتی: ...) «شەوارە».

**ئەوکردنەوە**: کردنەوە، واکرن، ڤـالاکرن، ئـاوەڵا کردن: (درانە ئەو کە).

**ئەوکۆ**: ئەو، فلان، فیسارەکەس.

**ئەوکەڕەت**: ئەوجار، ئەوچەل: (عەقڵ و فکـر و بیروڕای تێکڕا لەقیس چوو، ئەوکەڕەت) «ئاوات».

**ئەوکەسە**: ئەو، وی، ئەڤ کەسە.

**ئەوکی**: ١. ئەوکێ، فلانی،٢. بە کێ، وە کـی، لە کی، بە چ کەسێ؟.

**ئەوکـێ**: ١. فلانـکەس، هـین، وانێـک، هەرامە، واک، یارۆ، لە شـێوازی بـادینی بـۆ ڕەگەزی مـێ بەکاری دێنن: (ئەمرۆ هەرامەت دی) «حەمەدۆک» ٢. گەروو، هەوک.

**ئەوکیپـڕلەداوا**: گەرووی پـڕ لە داوخـوازی و هیوا: (ناز دەیەوێ بڕواتە ئەو دیو بەڵکوو بـاوکی بە ئەوکی پڕ لە داوای نەزانێ، ئارەزووی کچانەی نەخوێنێتەوە) «شەوارە».

**ئەوکێمبۆ**: لە کێم ببێ: (تـۆم هەنـی، هەنـی ئەو کێم بۆ هانا) «م.ح. دزڵی».

**ئەوگار**: ١. سیس، کز، دامـاو، دڵـڕێش، دڵـڕەنج، ڕێش، زگار، زەخمـدار، کـپ، کۆڤانـدار، پەشـێو، پەژێـو، پەرێشـان، برینـدار: (ناگـا دەوای دەرد دەروون پڕ خـاران/ نۆشدارووی زامـان زامەت ئەوگاران) «داخی»،٢. گرفتار: (مـاڵاتش سـەرجەم وە دەرد ئەوگـــــارەن/ هەر دوو هەوارگەش مافەتەدارەن) «مەولەوی»،٣. ناوی مێرانە.

**ئەوگاری**: ١. هەوکاری، سیسی، کپی،٢. گرفتاری، گیرۆدەیی: (غونچەی نەشکوفتەی زام کـاریەن/ بولبولم ناڵەی دڵ ئەوگاریەن) «مەولەوی».

**ئەوگە**: خالێگە، پەراسوو، کەلەکە.

**ئەوگەرم**: ئاوگۆشت، گۆشتینە، چەلاو.

**ئەول**: وەل، با: (ئەول منەو بەو).

**ئەوڵ**: ١. هەوڵ، سـەهوو، بەهەڵە چـوو: (دنیـای هووچ و پووچ بێی سایە و مایە/ ئەوڵە ئەو کەسە وەێ دنیا شایە)،٢. ئەوەڵ، سەرەتا: (ئەوڵ حەنـیفە گـوڵ جەماڵشـەن/ ئـاڵەم حەزرەتـمەن زنـج و

خاڵشەن) «خانمەنسوور».
**ئەولا**: ١. ئەوتەرەف، ڤیَرەخ، ڤیَرەخیَ، ئەوبەر، هۆولا، قاما دی، ڕەخیَ دن، ئیلا(ژوور، خوار، بەرانبەر): (لە ئەولای کەس قوتار نابیَ چ موئمین بیَ چ کافر بیَ/ لە ئەملاش کەس خەلاس نابیَ لە هیندو دەیلەم و زەنگی) «حاجی قادر».٢. بریتی لە ئەو دنیا، ئاخیرەت: (لەم لاوە هەتا حاجی نەچیَتە ئەولا/ مومکین نییە تیَبگا لەوە گەر بفڕیَ!) «حاجی قادر».٣. کورتکراوی عەبدوللا.٤. شایانتر: (تۆ چون جە ئەولاد ئەمجاد مەولای/ پەی ڕجا وەجا، پەی هیممەت ئەولای) «مەولەوی».
**ئەو لا**: بۆ لای: (ئەو لا کیَ بەروون، ئەی ڕا و تەدبیرە/ ئاخ جەی تەدبیرە، داخ جەی تەقدیرە) «مەولەوی».
**ئەوڵا**: ١. فرزەند، عەولاد، ئەولاد، منداڵ: (ئەو ئەوڵاگەل ساڵحی هەس).٢. ناوی عەبدوڵا: (پاشا ئەوڵاغای وەزیری بانگ کرد) «ڕشتەی مرواری».
**ئەولاتر**: ١. دوورتر، بەولاوەتر، ئەولاوەتر: (ژوورتر، خوارتر، ئەوبەرتر).٢. بیَگانە، خاوارە: (فلانی ئەولاتریَگە).٣. دژوارتر، خراپتر: (پاش کو بەلا بوو سادرە/ قەتلا کچیَ ئەولاترە/ دا سەح نەکن باب و برا/ ترسم ژ تە سیاسەتیَ) «فەقیَ تەیران».
**ئەولاد**: ١. ڕۆڵە، فرزەند، منداڵ: (ئەمرۆ با وا بیَ بەڵام ڕۆژیَ ئەبیَ ئەولادی کورد/ دیَنە مەیدان، بە عیلم و سەنعەت و عیرفانەوە) «ئەحمەد».٢. ئەولادیَ تە، ئەوبەری تۆ.
**ئەوڵاد**: ئەولاد، فرزەند، توخم، توخمە، تۆم، تورم، بەرە، مناڵ، زاوزوە، ڕەسەن، ڕەچەڵەک: (نە باوک ڕوحمی لەگەڵ ئەولادە/ نە ئەوڵاد دڵی بە باوک شادە) «غولامی».
**ئەولادان**: ئەولادیَ ئویە، ئەو تەرەفی تە.

**ئەوڵادزادە**: نەوە، نەتەوە، توخم، تۆم، تۆرم، ڕۆڵەزا، کوڕەزا، کچەزا.
**ئەولاسالار**: ناوی پیاوانە: (ئەم دەرویَش عەوڵایە کچی ئەولاسالاری ژن بوو) «ڕشتەی مرواری».
**ئەولاش**: ١. ئەولا، لایەکەی تر.٢. بریتی لە قیامەت: (.../ لە سایەی گەردنی تۆ بام وچانیَ/ لە ئەولاش داری تووبام ناگەرەک بوو) «هەژار».
**ئەوڵاقئاوا**: دیەکەیگە لە لوڕستان.
**ئەوڵاقوت**: گوندیَکە لە باشووری کفری.
**ئەوڵاکان**: کۆی ئەوڵا، منداڵەکان.
**ئەولام**: ئەولایَ خوەم.
**ئەولامان**: ١. ئەولایَ خوەمان.٢. لاناوە لە بنیایَ ماڵی: (ئیمە هوچ وە ئەو لامان نیە).
**ئەولان**: گوندیَکە لای قەڵادزیَ.
**ئەولاولا**: ئەمـلاوئەولا، ئەمـلاولا، ئەیلاوئـوولا، ئەیلاوئەولا.
**ئەولای**: بۆ لای: (باڵا کەردەوە مەیل ئەو لای پەستی/ وردیکلانەن دەروازەی هەستی) «مەولەوی».
**ئەولایَ**: ١. ئەولای، ئەوبەری ئەو.٢. سووکە ناو ئەڤدللا.
**ئەولایان**: ئەولای ئەوان.
**ئەولایَان**: ئەولایَ ئەوان.
**ئەولایە**: ١. ئەوبەر.٢. ئەوبەرە، ئەوتەرەفە.
**ئەولایَە**: ئەو تەرەفە، ئەو دیمیَە.
**ئەولئەزیز**: سووکە ناو عەبدولعەزیز هوورەچڕ ناودار کورد.
**ئەوڵجار**: یەکەمجار: (نەزۆنیَنیَ ئەوڵجار دڵ بە کیَ دەو/ تە دڵ بەردت ئەزت گیرۆ تەمایی) «سەیدی».
**ئەولما**: وەلما، لەگەڵ من.
**ئەولمان**: وەلمان، لەگەڵمان.

**ئەولمانا**: وەلمانا، لەگەڵمان.
**ئەولمانەو**: وەلمانەو، لەگەڵمان.
**ئەولموئمێن**: دێیەکە سەر بە ناوچەی کولتەپەی فەیزوڵلابەگی سەقز.
**ئەوڵلا**: عەبدوڵلا.
**ئەوڵلای‌هۆمەران**: عەبدوڵلا عومران، عەبدوڵلا عومەر، ئەو کەسەی گۆیا مزگەوتی خورماڵ و کرمان و نەگڵی داناوە: (سێهەم لە خورماڵ سەرچاوەی کوردان/ هەر سێ ئاساری ئەوڵلای هۆمەران) «پیرەمێرد».
**ئەولوق**: بەڵەک، بازگ، ڕەش‌وسپی.
**ئەولە**: ١. خاترجەم، دڵنیا، ئەرخەیان،٢. ئەبلە، گەوج، زەلام: (دنیا هووچ پووچ، هووچ بێ‌مایە/ ئەولە کەسێکە وەی دنیا شایە) «خانەمەنسوور»،٣. خەتەر، مەترسی: (هەفت برا بوون هەمی کۆسە بوون، هەر یەکێ هەمیانەیەک زێر پشتی بوو، چوونە سەفەر، ل سەرێ ڕێ جیبەکی بێ ئەولە هەمی ڕازان) «سەنار»،٤. ناوی پیاوانە: (ئەولە و نەسە لێیان چێن، بە دوویاندا دەڕۆنەپێش) «ئەمیری».
**ئەوڵە**: ١. ئاوڵە، خروێرکە، خرووکە،٢. گەوج، گەمژە، کەر: (دنیا شەشدانگە هەر شەشی بایە/ ئەوڵە کەسێگە وەی دنیا شایە) «خانەمەنسوور»،٣. ئاسایش، ئەمین، پێباوەر، ئەولەدار.
**ئەولەبوون**: خاترجەم بوون.
**ئەولەد**: ئەولاد، عەولاد، منداڵ، منداڵ، ڕۆڵە، فرزەند.
**ئەولەدار**: ئەولە، ئەمین، جێی باوەڕ.
**ئەولەزیز**: کورت‌کراوەی عەبدولعەزیزە: (یاری میهرەبان شیرین و لەزیز/ ئوسای گیوەبەند، ئوسا ئەولەزیز) «م.ح. دزڵی».
**ئەولەسەن**: ئەبولحەسەن، ناوی پیاوانە: (ئەوڵێ ئەولەسەن هەبوون لە سنە برا بوون) «ڕشتەی مرواری».
**ئەولەق**: ئەبلەق، دووڕەنگ، بازگ، بازو.
**ئەولەکرن**: دڵنیاکرن، خاترجەم کردن.
**ئەولەگا**: پەنا، پەناگە، حەشارگا.
**ئەوڵەمین**: پێشین، یەکەمین، یەکم، یەکەم، سەرەتا، بەرگ، بەرگین.
**ئەولەو**: لافاو، سێلاو، لەهی، لێمشت.
**ئەولەیی**: خاترجەمی، دڵنیایی، متمانە، بڕوایی، ئەرخەیانی: (یەکسانی و ئەولەیی/ تەڤێ دەمۆکراسی) «سەنار».
**ئەولی**: ئەولیا: (شەیخەک هەبوو سەنعانی‌یان/ سەرداری پانسەد سوفی‌یان/ چووبوو مەقامێ ئەولی‌یان/ دائم د زکر و تاعەتێ) «فەقێ تەیران».
**ئەوڵێ**: ناڤێ زەلامانە: (ئەوڵێ کە براگەورە بوو هەموو ماڵەکەی دەگێر کردبوو) «ڕشتەی مرواری».
**ئەولیا**: پیاوچاکان، پیاوانی خودا: (ئەی فەلەک ڕاستۆ نەبی بۆ ڕێکوپێکی کارەکەت/ گورگ ئەبێتە شوانی ڕان و دز ئەبێتە ئەولیا) «قانع».
**ئەولیائوڵلا**: پیاوچاکانی خودا: (بە حەلقەی تەهلیل ئەولیائوڵلا/ بە قەندیل نوور گۆشەی بەیتوڵلا) «قانع».
**ئەولیاگەون**: کلاوی میر حەسەن، گیایەکە.
**ئەون**: ئەوانەن، ئەو کەسانەن: (ما: دین و شێت هەر ئەون یێن دچنە چۆلی؟) «پەند».
**ئەوناق**: ئۆناق، بوغز، ڕق.
**ئەوندە**: ئەونە، ئەوقاس.
**ئەونە**: ١. ئەوقاس، هێندە، یەند، ئەمەندە، ئەوەندە،٢. ئەوە نا، ئەو کەسە نا،٣. ئەبنە، ئەوونە: (کوتی: داپیرە ناتوانی بچمە ئەو دیوە کە سنەووەر و قازنەفەری تیا ئەونە زاوا؟) «ئاوێنەی‌بێگەرد».
**ئەونەبۆ**: ئەو نەبێ: (چنوور نە کاوان، ئەو نەبۆ

پەی چێش؟/ هاژەی وەفراوان، ئەو نەبۆ پەی چێش؟) «مەولەوی».
**ئەووک**: ئەوک، گەروو، قورگ.
**ئەوول**: ئەوۆل، ئەووەڵ، هەوەڵ: (ئەوولا بهارێ مەها جەلالی، بلبل دخواند ل سەر شاخ داران) «گولشوون».
**ئەووۆل**: یەکەم، ئێکەم، ئێکەمین، دەسپێک.
**ئەوولباڤ**: ئادەم، باڤ دەم.
**ئەوولتر**: لەپێشتر، گرینگتر: (براندنا نەسلا فەسادێ ئەوولترن) «گولشوون».
**ئەووەختانە**: ئەو وەختە، ئەو ساتە، ئەو دەمانە.
**ئەووەختە**: ئەو کاتە، ئەو زەمانە، ئەو دەمە.
**ئەووەر**: ئەو بەر، بەری ئەولا: (وات: ئەگەر هوونسێنی پا بنە ئەو وەر/ وە نیم هەشارە تنیش کەم خەتەر) «خانمەنسوور».
**ئەووەڵ**: ١. هەوەڵ، یەکەم: (خۆ ئەوەندە نەگبەتم/ هەر ئەچمە ڕیزی ئەووەڵ/ ...) «ف. بێکەس»،٢. سەرەتا، دەسپێک: (گەر لە ئەووەڵ قەسدی تۆ، پێکانی سینەی مە نەبوو) «بێسارانی».
**ئەوە**: ١. ئینە، یە، ئەیە، ئید، ئەڤ، ئەڤە، ئی، هێما بۆ تاکی دور و نزیک ٢. ئەوەیە، لەوەدایە: (حیکمەت ئەوە ئەڤ هەمی ل کارن) «خانی»،٣. ئەو کەسەیە: (جان و دلێ من ئەوە، حوریوەشێ من ئەوە) «جزیری»،٤. ئەوەی کە، ئەو کەسەی کە: (ئەوە نەبهیستن شیرەتان/ سەرە وی سەرە لۆمەتان) «گولشوون»،٥. شەونم، خوناو، خوناوە، ئاونگ،٦. بریتی لە کیر: (کۆرە ب کۆرە دگۆت: ئەوەت ب لاچاوی!) «پەند»،٧. حەپە، وەڕە.
**ئەوها**: وا، ئاوا، وەها، ئوسا، ئەوە، ئالاڤێ هەڤبەرکرنە: (ئەوها نەبێژە!).
**ئەوهاو**: ئەوها، ئوسا.
**ئەوەئاردەی**: هێنانەوە.
**ئەوەئازتەی**: هێشتنەوە.
**ئەوەئاستەی**: هێشتنەوە.
**ئەوەئامای**: هاتنەوە، گەڕانەوە، زڤرین.
**ئەوەئاوردەی**: هێنانەوە.
**ئەوەئەسان**: لێئەستاندنەوە.
**ئەوەئەسانە**: لێسەندنەوە.
**ئەوەئەسای**: سەندنەوە.
**ئەوەئێز**: دۆزەرەوە.
**ئەوەئێزتەی**: دۆزینەوە.
**ئەوەئێزە**: دۆزەرەوە.
**ئەوەئێزیا**: دۆزراوە.
**ئەوەئێزیای**: دۆزرانەوە.
**ئەوەئێزیێ**: دۆزراوە.
**ئەوەئێس**: دۆزەرەوە، پەیاکەر.
**ئەوەئێستەی**: ئێستەیوە، دیتنەوە، دۆزینەوە.
**ئەوەباڕن**: باڕێنەرەوە.
**ئەوەباڕنای**: باڕاندنەوە.
**ئەوەباڕنە**: باڕێنەرەوە.
**ئەوباڕیا**: باڕاوە.
**ئەوەباڕیای**: باڕانەوە.
**ئەوەباڕیێ**: باڕاوە.
**ئەوەباعن**: باعێنەرەوە.
**ئەوەباعنای**: باعاندنەوە.
**ئەوەباعنە**: باعێنەرەوە.
**ئەوەباعیا**: باعاوە.
**ئەوەباعیای**: باعانەوە.
**ئەوەباعیێ**: باعاوە.
**ئەوەبڕ**: بڕەرەوە.
**ئەوبرووسکن**: برووسکێنەوە.
**ئەوەبرووسکنای**: برووسکاندنەوە.
**ئەوەبرووسکنە**: برووسکێنەوە.
**ئەوەبرووسکیا**: برووسکاوە.
**ئەوەبرووسکیای**: برووسکانەوە.
**ئەوەبرووسکیێ**: برووسکاوە.

**ئەوەبڕە**: بڕەرەوە.

**ئەوەبریا**: براوە.

**ئەوەبڕیا**: بڕاوە.

**ئەوەبریای**: برانەوە.

**ئەوەبڕیای**: بڕانەوە.

**ئەوەبرێژتەی**: برژاندنەوە.

**ئەوەبرێژن**: برژێنەرەوە.

**ئەوەبرێژنە**: برژێنەرەوە.

**ئەوەبرێژیا**: برژاوە.

**ئەوەبرێژیای**: برژانەوە.

**ئەوەبرێژیێ**: برژاوە.

**ئەوەبریقن**: بریقەپێدەر.

**ئەوەبریقنای**: بریقاندنەوە.

**ئەوەبریقنە**: بریقەپێدەر.

**ئەوەبریقیا**: بریقاوە.

**ئەوەبریقیای**: بریقانەوە، بریسکانەوە.

**ئەوەبریقیێ**: بریقاوە، بریسکاوە.

**ئەوبڕیەی**: بڕینەوە.

**ئەوەبریێ**: براوە.

**ئەوەبڕیێ**: بڕاوە.

**ئەوەبۆڕن**: بۆڕێنەرەوە.

**ئەوەبۆڕنای**: بۆڕاندنەوە.

**ئەوەبۆڕنە**: بۆڕێنەرەوە.

**ئەوەبۆڕیا**: بۆڕاوە.

**ئەوەبۆڕیای**: بۆڕانەوە.

**ئەوەبۆڕیێ**: بۆڕاوە.

**ئەوەبەر**: ئەوەی شتێ بباتەوە.

**ئەوەبەردەی**: بردنەوە.

**ئەوەبەرە**: ئەوی شتێ بباتەوە.

**ئەوەبەزتەی**: بەستنەوە.

**ئەوەبەستەی**: بەستنەوە.

**ئەوەبەسیا**: بەستراوە.

**ئەوەبەسیای**: بەسترانەوە.

**ئەوەبەسیێ**: بەستراوە.

**ئەوەبێڕن**: دوورخەرەوە.

**ئەوەبێڕنای**: دوورخستنەوە، جیاکرنەوە.

**ئەوەبێڕنە**: دوورخەر، دویرخەرەوە.

**ئەوەبێڕیا**: دوورەوەخراو.

**ئەوەبێڕیای**: دوورخرانەوە، جیابوونەوە.

**ئەوەبێڕیێ**: دوورخریاوە.

**ئەوەپاتەی**: بڕینەوە.

**ئەوەپاچ**: ببڕ، بڕەرەوە.

**ئەوەپاچە**: بڕەرەوە.

**ئەوەپاچیا**: بڕاوە، بڕدراوە(خوری).

**ئەوەپاچیێ**: بڕاوە، بڕدراوە، هەڵپاچراو.

**ئەوەپڕا**: بازدەر، ئەوی دەپەڕێتەوە.

**ئەوەپڕای**: پەڕینەوە، بهوردن، بواردن، ڕۆیشـتن، تێپەڕین، ڕابردن، ڕابوردن.

**ئەوەپڕن**: پەڕێنەرەوە.

**ئەوەپڕنای**: پەڕاندنەوە.

**ئەوەپڕنە**: پەڕێنەرەوە.

**ئەوەپڕێ**: بازدەر، بازبەر.

**ئەوەپووچن**: پووکێنەرەوە.

**ئەوەپووچنای**: پووچاندنەوە.

**ئەوەپووچنە**: پووچێنەرەوە، پووکێنەرەوە.

**ئەوەپووچیا**: پووچاوە، پووکاو.

**ئەوەپووچیێ**: پووچاوە، پووکاوە.

**ئەوەپووڵیا**: ئەوەی دەلاڵێتەوە.

**ئەوەپووڵیای**: لالانەوە، پاڕانەوە.

**ئەوەپووڵیێ**: ئەوی دەلاڵێتەوە.

**ئەوەپەرس**: کەسێ کە بپرسێتەوە.

**ئەوەپەرسای**: پرسینەوە.

**ئەوەپەرسە**: کەسێک بپرسێتەوە.

**ئەوەپەرمای**: پەرمینەوە.

**ئەوەپیتەی**: پێچاندنەوە، پێچانەوە.

**ئەوەپێچ**: پێچەرەوە.

**ئەوەپێچە**: پێچەرەوە.
**ئەوەپێچیا**: پێچراوە.
**ئەوەپێچیای**: پێچرانەوە.
**ئەوەپێچیێ**: پێچراوە.
**ئەوەپێک**: خۆپێک، خۆبریندارکەر.
**ئەوەپێکای**: پەیزەنی، خۆ بریندارکردن.
**ئەوەپێکن**: هۆنەر.
**ئەوەپێکنای**: هۆنینەوە.
**ئەوەپێکنە**: هۆنەر.
**ئەوەپێکە**: خۆ زامارکەر بە چەک.
**ئەوەپێکیا**: هۆنراوە، گیراوە.
**ئەوەپێکیای**: پێکانەوە، هۆنرانەوە، گیرانەوە، بوون بە ڕستە.
**ئەوەپێکیێ**: هۆنراوە.
**ئەوەپیمای**: پیمانە کردنەوە.
**ئەوەت**: ١. ئەیوت، ئەیکوت: (شێر هاتوو مەغزی کردە نۆش گیان/ ڕەویشە ئەوەت خۆشم هات قوربان) «چاردۆلی»،٢. دەیبرد: (ئاو چەمەکە ئەوەتەت).
**ئەوەتا**: ئەمەتا، ئەوەسا، ئەمەسا، ئەتا، ڤا، ڤایە، ئەڤەڤە، ها، هانێ، ئەتانێ، تیی، ئەوەتانێ، ئینە، ئێهێ، ئەوەتێهێ، ڤەیە، یەسە، ئەوەتاهی، ئەوەتە، بۆ شتی دور.
**ئەوەتانێ**: ئەوەتا، ئەوەتێهێ، ڤەیە، ئەیەسە، یەسە، ئەوەسە، خۆیەتی، خۆیەسی.
**ئەوەتاوای**: قاڵبوون، تاوانەوە، ئاتیوان، توانەوە.
**ئەوەتاون**: توێنەرەوە.
**ئەوتاونای**: تواندنەوە.
**ئەوەتاونە**: توێنەرەوە.
**ئەوەتاویا**: قاڵ، تواوە، تاواوە.
**ئەوەتاویای**: توانەوە.
**ئەوەتاهێ**: ئەوەتا، ئەوەتێهێ، خۆیەسی.
**ئەوەترووسکن**: ترووسکێن، بریقێنەرەوە.

**ئەوەترووسکنای**: ترووسکاندنەوە.
**ئەوەترووسکنە**: ترووسکێنەرەوە.
**ئەوەترووسکیا**: ترووسکاوە.
**ئەوەترووسکیای**: ترووسکانەوە.
**ئەوەترووسکیێ**: ترووسکاوە.
**ئەوەترەکای**: شەقبردن، ترەکین.
**ئەوەترەکنای**: شەقپێبردن، ترەکاندن.
**ئەوەتفای**: تفینەوە.
**ئەوەتفیا**: تفراوە.
**ئەوتفیێ**: تفراوە.
**ئەوەتلیا**: تلاوە، تلیاوە.
**ئەوەتلیای**: تلانەوە، گلانەوە.
**ئەوەتڵیسن**: خووسێنەرەوە.
**ئەوەتڵیسنای**: ١. خووساندنەوە،٢. پان کرنەوە.
**ئەوەتڵیسنە**: خووسێنەرەوە.
**ئەوەتڵیسیا**: ١. خووساوە،٢. پانەوبوو.
**ئەوەتڵیسیای**: ١. خووسانەوە،٢. پان بوونەوە.
**ئەوەتڵیسیێ**: ١. خووساوە،٢. پانەوبوو.
**ئەوەتلیێ**: تلاوە، گلاوە.
**ئەوەتنگن**: یەکالاکەرەوە.
**ئەوەتنگنای**: یەکالا کردنەوە.
**ئەوەتنگنە**: یەکالاکەرەوە.
**ئەوەتنگیا**: یەکالابووەوە.
**ئەوەتنگیای**: ١. یەکالابوونەوە،٢. کرانەوە.
**ئەوەتنگیێ**: یەکالابووەوە.
**ئەوەتوونای**: چووزاندنەوە بە تامی توون.
**ئەوەتوونیای**: چووزاندنەوە بە تامی تیژ.
**ئەوەتە**: ئەوەتا، ئاوەتە، ئەوەتاهێ: (پیرم و ئەوەتەی لەبیرمە، ژینم تاڵە/ هەر خۆزگە بە پارە و گلەیی لەمساڵە/ لەمنت کەوێ مردن دەیەوێم، های مەیگێڕ/ دواکۆچە، دەفریام خە دوامین پیاڵە!) «خەیام هەژار».
**ئەوەتەقا**: تتەقاو، تەقیو.

**ئەوەتەقاى**: تەقینەوە.
**ئەوەتەقن**: تەقینەوە.
**ئەوەتەقناى**: تەقاندنەوە.
**ئەوەتەقنە**: تەقینەوە.
**ئەوەتەقیێ**: تەقیو.
**ئەوەتەکن**: تەکینەوە.
**ئەوەتەکناى**: تەکاندنەوە.
**ئەوەتەکنە**: تەکینەوە.
**ئەوەتەکیا**: تەکاوە.
**ئەوەتەکیاى**: تەکینەوە.
**ئەوەتەکییێ**: تەکاوە.
**ئەوەتەناى**: تەنینەوە.
**ئەوەتەنیا**: تەنراو.
**ئەوەتەنیاى**: تەنرانەوە.
**ئەوەتەنییێ**: تەنراو.
**ئەوەتەی**: ئەوەتا، ئەوەتـی، لەوەتـی، لەو کـاتەوە، لەو کاتەوەی کە: (ئەوەتەی بیـرم کـردۆتەوە هەر ئەویندارى نیشتمان بووم).
**ئەوەتى**: لەوەتى، ئەوەتا، ئەوەتەی: (باوەڕت بوێ دوو سێ شەوە نەخەفتـووم، ئەوەتـی ئێـژن چەتە هاتیەسـە ئەم نـاوچە، عەبە بـێ و نەسـرەوتیە!) «هەزار ئەشکەوت».
**ئەوەتێهێ**: ئەوەتا، ئەوەتانێ، خۆیەسی.
**ئەوەج**: هەوجە، نیاز.
**ئەوەجما**: حوولاو، جوولاوە.
**ئەوەجماى**: جوولانەوە.
**ئەوەجمن**: جوولێنەرەوە.
**ئەوەجمناى**: جوولاندنەوە.
**ئەوەجمنە**: جوولێنەرەوە.
**ئەوەجمێ**: جوولاوە.
**ئەوەجووکن**: جووکێنەرەوە.
**ئەوەجووکناى**: جووکانـدنەوە، هێنـانە گریـانى منداڵ.
**ئەوەجووکنە**: جووکێنەرەوە.
**ئەوەجووکیا**: جووکاوە.
**ئەوەجووکیاى**: جووکانەوە.
**ئەوەجووکیێ**: جووکاوە.
**ئەوەجووڵن**: جووڵێنەرەوە.
**ئەوەجووڵناى**: جووڵاندنەوە.
**ئەوەجووڵنە**: جووڵێنەرەوە.
**ئەوەجووڵیا**: جووڵاوە.
**ئەوەجووڵیاى**: جووڵانەوە.
**ئەوەجووڵییێ**: جووڵاوە بۆ مێ.
**ئەوەجە**: ١. ئاتــاج، نەدار، موحتــاج،٢. هەوەجە، نیــاز، پێداویســتی،٣. ئەوجە، پێویســتە، گەرەکە، ئەشـیا، دەبـوو،٤. پێویســت، لازم: (ئەوەجە ناکـا بڕۆی).
**ئەوەجیکن**: جیکێنەرەوە.
**ئەوەجیکناى**: جیکاندنەوە.
**ئەوەجیکنە**: جیکێنەرەوە.
**ئەوەجیکیا**: جیکاوە.
**ئەوەجیکیاى**: جیکانەوە.
**ئەوەجیکییێ**: جیکاوە.
**ئەوەچڕ**: بانگکەرەوە.
**ئەوەچڕە**: بانگکەرەوە بۆ مێ.
**ئەوەچڕیا**: بانگکراو.
**ئەوەچڕیاى**: بانگ کرانەوە.
**ئەوەچڕیەی**: بانگ کردنەوە.
**ئەوەچڕیێ**: بانگکراو.
**ئەوەچن**: ئەوەی شتێ دەچنێتەوە.
**ئەوەچنە**: ئەو کەسە کە شتێ دەچنێتەوە.
**ئەوەچنیا**: چنراوە.
**ئەوەچنیاى**: چنرانەوە.
**ئەوەچنیەی**: چنینەوە.

**ئەوەچنییۍ**: چنراوە.
**ئەوەچەرخن**: سووڕێنەرەوە، وەرچەرخێن.
**ئەوەچەرخنای**: چەرخاندنەوە، سووڕاندنەوە.
**ئەوەچەرخنە**: سووڕێنەرەوە.
**ئەوەچەرخیا**: چەرخاوە، سووڕاوە.
**ئەوەچەرخیای**: چەرخانەوە، سووڕانەوە.
**ئەوەچەرخییۍ**: چەرخاو، چەرخاوە.
**ئەوەچەمن**: چەمێنەرەوە.
**ئەوەچەمنای**: چەماندنەوە.
**ئەوەچەمنە**: چەمێنەرەوە.
**ئەوەچەمیا**: چەماوە.
**ئەوەچەمیای**: چەمینەوە، چەمانەوە.
**ئەوەچەمییۍ**: چەماوە بۆ مێ.
**ئەوەچێڕن**: ئەوی دەبێتە هۆی چیرەچیر.
**ئەوەچێڕنای**: چڕاندنەوە، شیراندنەوە.
**ئەوەچێڕنە**: کەسێ کە کەسێکی دن دێنێتە چیرەچیر.
**ئەوچیڕیا**: ئەوەی کە کەسێکی کە دەچیڕێنێ.
**ئەوەچیڕیای**: چیڕانەوە، شیڕانەوە.
**ئەوەچیڕییۍ**: ئەوەچیڕیا بۆ مێ.
**ئەوەچیقن**: بە جیقەجیق هێنەری کەسێ.
**ئەوەچیقنای**: وە جیقەجیق خسن.
**ئەوەچیقنە**: وەجیقەجیقخەری کەسێ.
**ئەوەجیقیا**: ئەوی دەجیقێنێ.
**ئەوەجیقیای**: قیژاندن، جیقاندن.
**ئەوەجیقییۍ**: ئەوی دەجیقێنێ.
**ئەوەخرتن**: دەسبازیکەر.
**ئەوەخرتنای**: دەسبازی کردن.
**ئەوەخرتنە**: دەسبازیکەر بۆ مێ.
**ئەوەخرتیا**: دەسبازی دەگەڵکراو.
**ئەوەخرتیای**: دەسبازی دەگەڵ کردن.
**ئەوەخرتییۍ**: دەسبازی لەگەڵدا کراو.
**ئەوەخشیا**: ١. ناقێ خوەدێ،٢. بەخشندە.

**ئەوەخوا**: دووبارە، دیسان.
**ئەوەخواکەردەیۆ**: دیسان کردنەوە.
**ئەوەخولن**: خولێنەرەوە.
**ئەوەخولنای**: خولاندنەوە.
**ئەوەخولنە**: خولێنەرەوە.
**ئەوەخولیا**: خولاوە.
**ئەوەخولیای**: خولانەوە.
**ئەوەخولییۍ**: خولاوە.
**ئەوەدارای**: ئاو دانەوە.
**ئەوەدارن**: بخەر، ئەوی دەبێتە هۆی خسن.
**ئەوەدارنای**: خسن، خستن.
**ئەوەدارنە**: بخەر، ئەوی هۆی خستنە.
**ئەوەداریا**: ١. خراو،٢. ئاودراو.
**ئەوەداریای**: ١. کەوتن،٢. ئاو دانەوە.
**ئەوەدارییۍ**: ١. خراو،٢. ئاودراو.
**ئەوەدای**: ١. دانەوە، پێدانەوە،٢. حەسانەوە.
**ئەوەدرنگن**: درنگێنەرەوە.
**ئەوەدرنگنان**: درنگاندنەوە، زرنگاندنەوە.
**ئەوەدرنگنە**: درنگێنەرەوە.
**ئەوەدرنگیا**: درنگاوە.
**ئەوەدرنگیای**: درنگانەوە.
**ئەوەدرنگییۍ**: درنگاوە، زرنگاوە.
**ئەوەدرۆشن**: درەوشێنەرەوە.
**ئەوەدرۆشنای**: درەوشاندنەوە.
**ئەوەدرۆشنە**: درەوشێنەرەوە.
**ئەوەدرۆشیا**: درەوشاوە.
**ئەوەدرۆشیای**: درەوشانەوە.
**ئەوەدرۆشییۍ**: درەوشاوە.
**ئەوەدریا**: دراوە.
**ئەوەدریای**: درانەوە.
**ئەوەدرییۍ**: دراوە بۆ مێ.
**ئەوەدز**: دزەرەوە.
**ئەوەدزە**: دزەرەوە.

**ئەوەدزیا**: ئەوی دزرابێتەوە، دزراوەوە.

**ئەوەدزیای**: دزرانەوە.

**ئەوەدزیەی**: دزینەوە.

**ئەوەدزیێ**: دزراوە، دزراوەوە.

**ئەوەدەر**: بدەرەوە، پێبدەرەوە.

**ئەوەدەرە**: بدەرەوە.

**ئەوەدیەی**: دۆزینەوە.

**ئەوەر**: پاشـــگری بە واتـــا بـــوون و خـــاوەن: (بەختەوەر، هونەروەر).

**ئەوەڕازن**: ڕازێنەر، ڕازێنەرەوە.

**ئەوەڕازنای**: ڕازاندنەوە.

**ئەوەڕازنەی**: ڕازێنەرەوە بۆ مێ.

**ئەوەڕازیا**: ڕازاوە، ڕازیاگەوە.

**ئەوەڕازیای**: ڕازانەوە، خەملانەوە.

**ئەوەڕازیێ**: ڕازاوە بۆ مێ.

**ئەوەرزا**: ١. ناقێ خوەدێ،٢. ڕزمەدەر، توشـدەر، ڕۆزیدەر.

**ئەوەڕن**: لێکەر، لێکەرەوە، ڕنەر.

**ئەوەڕنە**: لێکەرەوە، ڕنەر بۆ مێ.

**ئەوەڕنیا**: ڕنراو، لێکراوە.

**ئەوەڕنیای**: لێکرانەوە، ڕنران.

**ئەوەڕنیەی**: لێکردنەوە، ڕنینەوە.

**ئەوەڕنیێ**: لێکراوە، ڕنراوە.

**ئەوەڕووتن**: ڕووتێنەرەوە.

**ئەوەڕووتنای**: ڕووتاندنەوە.

**ئەوەڕووتنە**: ڕووتێنەرەوە.

**ئەوەڕووتیا**: ڕووتاوە.

**ئەوەڕووتیای**: ڕووتانەوە.

**ئەوەڕووتیێ**: ڕووتاوە.

**ئەوەڕەما**: ڕەویوە، ڕاکردوو.

**ئەوەڕەمای**: ڕەوینەوە، ڕاکردن.

**ئەوەڕەمن**: ڕەوێنەرەوە.

**ئەوەڕەمنای**: ڕەواندنەوە، ڕا پێکردن.

**ئەوەڕەمنە**: ڕەوێنەرەوە.

**ئەوەڕەمێ**: ڕەویوو، ڕاکردە.

**ئەوەڕینگن**: ڕینگێنەرەوە.

**ئەوەڕینگنای**: ڕینگاندنەوە، قسـەکردنی دوور و درێژ و بێتام.

**ئەوەڕینگنە**: ڕینگێنەرەوە.

**ئەوەڕینگیا**: ڕینگاوە.

**ئەوەڕینگیێ**: ڕینگاوە.

**ئەوەز**: ئاڵشت، لەجێ، لەباتی.

**ئەوەزبیەڵ**: ئاڵشتی، ئاڵوگۆڕ.

**ئەوەزڕن**: زڕێنەرەوە.

**ئەوەزڕنای**: زڕاندنەوە.

**ئەوەزڕنگن**: زڕنگێنەرەوە.

**ئەوەزڕنگنای**: زڕنگاندنەوە.

**ئەوەزڕنگنە**: زڕنگێنەرەوە.

**ئەوەزڕنگیا**: زڕنگاوە.

**ئەوەزڕنگیای**: زڕنگانەوە.

**ئەوەزڕنگیێ**: زڕنگاوە.

**ئەوەزڕنە**: زڕێنەرەوە.

**ئەوەزڕیا**: زڕاوە.

**ئەوەزڕیای**: زڕانەوە.

**ئەوەزڕیقن**: زریقێنەرەوە.

**ئەوەزڕیقنای**: زریقاندنەوە.

**ئەوەزڕیقنە**: زریقێنەرەوە.

**ئەوەزڕیقیا**: زریقاوە.

**ئەوەزڕیقیای**: زریقانەوە.

**ئەوەزڕیقیێ**: زریقاوە.

**ئەوەزریکن**: زریکێنەرەوە.

**ئەوەزریکنای**: زریکاندنەوە.

**ئەوەزریکنە**: زریکێنەرەوە.

**ئەوەزریکیا**: زریکاوە.

**ئەوەزریکیای**: زریکانەوە.
**ئەوەزریکییَ**: زریکاوە.
**ئەوەزڕییَ**: زڕاوە.
**ئەوەزن**: دەردەرەوە، ئەوی سەر لە نوێ دەردەداتەوە.
**ئەوەزنە**: دەردەرەوە.
**ئەوەزنیا**: ١. دەردراوە،٢. دەرکراو.
**ئەوەزنیەی**: ١. دەردان،٢. دەرکردن.
**ئەوەزنییَ**: ١. دەردراوە،٢. دەرکراو.
**ئەوەزووڕن**: زووڕێنەرەوە.
**ئەوەزووڕنای**: زووڕاندنەوە.
**ئەوەزووڕنە**: زووڕێنەرەوە.
**ئەوەزووڕیا**: زووڕاوە.
**ئەوەزووڕیای**: زووڕانەوە.
**ئەوەزووڕییَ**: زووڕاوە.
**ئەوەزەل**: ئاوەز، ئۆزەل، زانا، دانا.
**ئەوەزیا**: دەرکراو، دەرهاتوو.
**ئەوەزیای**: دەرکران، دەرهاتن.
**ئەوەزیڕن**: زیڕێنەرەوە.
**ئەوەزیڕنای**: زیڕاندنەوە.
**ئەوەزیڕنە**: زیڕێنەرەوە.
**ئەوەزیڕیا**: زیڕێنراوە، ئەو کەسەی دەزیڕێتەوە.
**ئەوەزیڕیای**: زیڕانەوە.
**ئەوەزیڕییَ**: زیڕێنراوە.
**ئەوەزیقن**: زیقێنەرەوە.
**ئەوەزیقنای**: زیقاندنەوە.
**ئەوەزیقنە**: زیقێنەرەوە، زیقاوە.
**ئەوەزیقیا**: زیقێنراوە.
**ئەوەزیقیای**: زیقانەوە.
**ئەوەزیقییَ**: زیقێنراوە.
**ئەوەزیکن**: زیکێنەرەوە.
**ئەوەزیکنای**: زیکاندنەوە.
**ئەوەزیکنە**: زیکێنەرەوە.
**ئەوەزیکیا**: زیکاوە.
**ئەوەزیکیای**: زیکانەوە.
**ئەوەزیکییَ**: زیکاوە.
**ئەوەزییَ**: دەرکراو، دەرهاتوو.
**ئەوەژاو**: جووینەرەوە، ئەوی شتێک دەجوویێتەوە.
**ئەوەژاوای**: جووینەوە، جاوینەوە.
**ئەوەژاوە**: جووینەرەوە.
**ئەوەژاویا**: جوویێنراوە.
**ئەوەژاویای**: جاورانەوە، جووانەوە.
**ئەوەژاوییَ**: جوویێنراوە.
**ئەوەژن**: بیسەرەوە.
**ئەوەژنە**: بیسەرەوە.
**ئەوەژنیا**: بیستراوە.
**ئەوژنیای**: بیسترانەوە، ژنەفترانەوە.
**ئەوەژنیەی**: بیستنەوە، ئەژنەفتنەوە.
**ئەوەژنییَ**: بیستراوە.
**ئەوەژوولْن**: جوولێنەرەوە.
**ئەوەژوولْنای**: جوولاندنەوە.
**ئەوەژوولْنە**: جوولێنەرەوە.
**ئەوەژوولْیا**: جوولاوە، بزواو.
**ئەوەژوولْیای**: جوولانەوە.
**ئەوەژوولْییَ**: جوولاوە، بزواوە.
**ئەوەژیرکریا**: ژیرکراوە.
**ئەوەژیرکریای**: ژیرکرانەوە.
**ئەوەژیرکرییَ**: ژیرکراوە.
**ئەوەژیرکەر**: ژیرکەرەوە.
**ئەوەژیرکەردەی**: ژیر کردنەوە.
**ئەوەژیرکەرە**: ژیرکەرەوە.
**ئەوەژیوا**: بووژاوە، ژیاوە.
**ئەوەژیوای**: بووژانەوە، ژیانەوە.
**ئەوەژیون**: بووژێنەرەوە.
**ئەوەژیونای**: بووژاندنەوە، ژیاندنەوە.
**ئەوەژیونە**: بووژێنەرەوە.

**ئەوەژیوێ**: بووژاوە، ژیاوە.
**ئەوەسا**: ئەمەیە، ئەوەتا.
**ئەوەسان**: بسێنەرەوە.
**ئەوەسانای**: سەندنەوە، کڕینەوە.
**ئەوەسانە**: ١. بێسنەرەوە،٢. ئەوەسیانە، خۆیانن.
**ئەوسانیا**: سەندراوە، کڕاوە.
**ئەوەسانیای**: سەندرانەوە، کڕانەوە.
**ئەوەسانیێ**: سەندراوە.
**ئەوساو**: ئەوی شتێک دەسوێتەوە.
**ئەوەساوای**: سووینەوە، ساوینەوە.
**ئەوەساوە**: بکەری سووینەوە.
**ئەوەساویا**: سواو، سواوە، ساوراوە.
**ئەوەساویای**: سووانەوە، ساورانەوە.
**ئەوەساوییێ**: سواوە.
**ئەوەسڵەما**: سڵەماوە، داچڵەکیو.
**ئەوەسڵەمای**: سڵەمینەوە، سڵەمانەوە.
**ئەوەسڵەمن**: سڵەمێنەرەوە.
**ئەوەسڵەمنای**: سڵەماندنەوە.
**ئەوەسڵەمنە**: سڵەمێنەرەوە.
**ئەوەسڵەمێ**: سڵەماوە.
**ئەوەسم**: ئەبەسم، دەبەستم: (یان وەو خەنـجەرە خـۆم دەکوشـت، یـان هەیاسـەکەت ئەوەسـم لە پشت) «فۆلکلۆر».
**ئەوەسووتە**: سووتاوە.
**ئەوەسووتەی**: سووتانەوە.
**ئەوەسووتێ**: سووتاوە.
**ئەوەسووچن**: سووتێنەرەوە.
**ئەوەسووچنای**: سووتاندنەوە.
**ئەوەسووچنە**: سووتێنەرەوە.
**ئەوەسووڕن**: سووڕێنەرەوە.
**ئەوەسووڕنای**: سووڕاندنەوە.
**ئەوەسووڕنە**: سووڕێنەرەوە.
**ئەوەسووڕیا**: سووڕاوە.
**ئەوەسووڕیای**: سووانەوە، خولانەوە.
**ئەوەسووڕیێ**: سووڕاوە.
**ئەوسووڵن**: سۆڵێنەرەوە.
**ئەوەسووڵنای**: سۆڵاندنەوە.
**ئەوەسووڵنە**: سۆڵێنەرەوە.
**ئەوەسووڵیا**: سۆڵاوە.
**ئەوەسووڵیای**: سۆڵانەوە.
**ئەوەسووڵییێ**: سۆڵاوە.
**ئەوەسە**: ١. ئەوەسا، خۆیەتی، خۆیەسی، خوەیە، ئەمەتا: (ئەوەسە هـات)،٢. ئاوەڵکـاری چـونیەتیە: (ئەوەسە چی، ئەوەسە تێ).
**ئەوسەیای**: حەسانەوە.
**ئەوەسیانە**: ئەوەسانە، خۆیانن.
**ئەوەسیای**: ١. حەسانەوە،٢. حەپەسان، وڕمان.
**ئەوەسییە**: ئەوەسە، خۆیەتی.
**ئەوەش**: ١. ئەو شـــــتەش،٢. ئەو کەســــەش: (ئەوەش هەژار بـێ، هەر قـوڕ بپێـوێ/ بە شـەقی پۆلیس تاوێ نەسرەوێ) «قانع».
**ئەوەشاتن**: بە شاتەشات و جیقەجیق.
**ئەوەشاتنای**: چیقاندنەوە، قیژاندنەوە.
**ئەوەشاتنە**: بە شاتەشات و قیڕەقیڕ.
**ئەوەشاتیا**: جیقەجیقکەر.
**ئەوەشاتیای**: جیقجیق کردن.
**ئەوەشاتیێ**: قیڕەقیڕکەر.
**ئەوەشار**: کەسێ شتێ دەشارێتەوە.
**ئەوەشارای**: شاردنەوە.
**ئەوەشارە**: بکەری شاردنەوە.
**ئەوەشاریا**: شاراوە، ڤەشارتی.
**ئەوەشاریای**: شارانەوە، دیارنەبوون.
**ئەوەشاریێ**: شاراوە، داشاردراو.
**ئەوەشان**: تۆو وەشێنەرەوە.

**ئەوەشانای**: تۆو وەشاندنەوە.
**ئەوەشانە**: تۆو وەشێنەرەوە.
**ئەوشانیا**: وەشێنراو بۆ جاری دووهەم.
**ئەوەشانیای**: وەشانەوە، چاندرانەوە.
**ئەوەشانییێ**: دووبارە وەشێنراو.
**ئەوەشتەی**: شتنەوە، شۆردنەوە.
**ئەوەشریخن**: شریخێنەرەوە، گرمەپێکەر.
**ئەوەشریخنای**: شریخاندنەوە.
**ئەوەشریخنە**: شریخێنەرەوە.
**ئەوەشریخیا**: شریخاوە.
**ئەوەشریخیای**: شریخانەوە.
**ئەوەشریخییێ**: شریخاوە.
**ئەوەشن**: شەکێنەر، شەکێنەرەوە.
**ئەوەشنە**: شۆکێنەرەوە، شەکێنەرەوە، لەرێنەرەوە.
**ئەوەشنیا**: شەکاوە، لەراوە.
**ئەوەشنیای**: شەکانەوە، لەرانەوە.
**ئەوەشنییێ**: شەکاوە، لەراوە.
**ئەوەشور**: شۆرەرەوە.
**ئەوەشورە**: شۆرەرەوە.
**ئەوەشوریا**: شۆراوە، شۆردراوە.
**ئەوەشوریای**: شۆرانەوە.
**ئەوەشورییێ**: شۆراوە.
**ئەوەشوکن**: شۆکێنەرەوە.
**ئەوەشوکنای**: شۆکاندنەوە.
**ئەوەشوکنە**: شۆکێنەرەوە.
**ئەوەشوکیا**: شۆکاوە.
**ئەوەشوکیای**: شۆکانەوە.
**ئەوەشوکییێ**: شۆکاوە.
**ئەوەشەوە**: چوار تا شەش شەو لەمەوبەر.
**ئەوەشیڕن**: نەڕێنەرەوە، ئەوی دەشیڕێنێ.
**ئەوەشیڕنای**: شیڕاندنەوە، نەڕاندنەوە.
**ئەوەشیڕنە**: نەڕێنەر، نەڕێنەرەوە.
**ئەوەشیڕیا**: شیڕاوە.
**ئەوەشیڕیای**: شیڕانەوە.
**ئەوەشیڕییێ**: شیڕاوە.
**ئەوەشێل**: شێلەرەوە.
**ئەوەشێلای**: شێلانەوە، شێلاندنەوە.
**ئەوەشێلە**: شێلەرەوە.
**ئەوەشێلیا**: شێلراو، شێلاوە.
**ئەوەشێلیای**: شێلانەڤە، شێلانەوە.
**ئەوەشێلییێ**: شێلراو، داشێلراو.
**ئەوەشێون**: شێوێنەرەوە.
**ئەوەشێونای**: شێواندنەوە.
**ئەوەشێونە**: شێوێنەرەوە.
**ئەوەشێویا**: شێواوە.
**ئەوەشێویای**: شێوانەوە.
**ئەوەشێوییێ**: شێواوە.
**ئەوەشی یە**: چۆوە.
**ئەوەشی یەی**: چوونەوە.
**ئەوەشی یێ**: چۆوە.
**ئەوەفاڕ**: گۆڕەرەوە.
**ئەوەفاڕای**: گۆڕینەوە.
**ئەوەفاڕە**: گۆڕەرەوە.
**ئەوەفاڕیا**: گۆڕدراوە.
**ئەوەفاڕیای**: گۆڕانەوە.
**ئەوەفاڕییێ**: گۆڕدراوە.
**ئەوەفڵتن**: فلتێنەر، فلتەفلتکەر.
**ئەوەفڵتنای**: فلتاندنەوە.
**ئەوەفڵتنە**: فلتێنەر، قسەکەری قسەناخۆشی ڕێز بۆ دانەنراو.
**ئەوەفیسن**: خووسێنەرەوە.
**ئەوەفیسنای**: خووساندنەوە.
**ئەوەفیسنە**: خووسێنەرەوە.
**ئەوەفیسیا**: خووساوە.
**ئەوەفیسیای**: خووسانەوە.
**ئەوەفیسییێ**: خووساوە.

قەپگری بلەز.

**ئەوەفیلن**: ئەو کەسەی کەسێک دێنێتە پێکەنین.
**ئەوەفیلنای**: هێنانە پێکەنینی بێتام.
**ئەوەفیلنە**: وەپێکەنینخەر.
**ئەوەفیلیا**: ئەو کەسەی پێکەنینی بێتام دەکا.
**ئەوەفیلیای**: پێکەنینی بێتام.
**ئەوەفیلیێ**: خەندەکەری بێتام.
**ئەوەقاڕن**: قاڕێنەرەوە.
**ئەوەقاڕنای**: قاڕاندنەوە، باڕاندنەوە.
**ئەوەقاڕنە**: قاڕێنەرەوە.
**ئەوەقاڕیا**: قاڕاوە، باڕاوە.
**ئەوەقاڕیای**: قاڕاندنەوە.
**ئەوەقاڕیێ**: قاڕاوە، باڕاوە.
**ئەوەقرچن**: قرچەپێخەر.
**ئەوەقرچنای**: قرچاندنەوە، قرچە پێخستن.
**ئەوەقرچنە**: قرچەپێخەر.
**ئەوەقرچیا**: قرچاوە، قرچە پێکەوتوو.
**ئەوەقرچیای**: قرچانەوە، قرچە پێکەوتن.
**ئەوەقرچیێ**: قرچاوە، قرچیاوە.
**ئەوەقلن**: وەپێکەنینخەر.
**ئەوەقلنای**: هێنانە قاقای پێکەنین.
**ئەوەقلنە**: ئەوەی کەسێک دێنێتە قاقای خەندە.
**ئەوەقلیا**: ئەوی کە هاتۆتە حاڵەتی قاقای خەندە.
**ئەوەقلیای**: کەنینی بە قاقا، قاقا کێشان.
**ئەوەقلیێ**: ئەوی بە قاقا پێدەکەنێ.
**ئەوەقوپن**: قوپێنەرەوە.
**ئەوەقوپنای**: قوپاندنەوە.
**ئەوەقوپنە**: قوپێنەرەوە.
**ئەوەقوپیا**: قوپاوە.
**ئەوەقوپیای**: قوپانەوە.
**ئەوەقوپیێ**: قوپاوە.
**ئەوەقوڕن**: قۆڕێنەرەوە.
**ئەوەقوڕنای**: قۆڕاندنەوە.
**ئەوەقوڕنە**: قۆڕێنەرەوە.
**ئەوەقوڕیا**: قۆڕاوە.
**ئەوەقوڕیای**: قۆڕانەوە.
**ئەوەقوڕیێ**: قۆڕاوە.
**ئەوەقۆز**: قۆزەرەوە.
**ئەوەقۆزتەی**: قۆزتنەوە، قۆزاندنەوە.
**ئەوەقۆزە**: قۆزەرەوە.
**ئەوەقۆزیا**: قۆزراوە.
**ئەوەقۆزیای**: قۆزرانەوە، قۆزانەوە.
**ئەوەقۆزیێ**: قۆزراوە.
**ئەوەقۆستەی**: قۆزتنەوە.
**ئەوەقووجن**: قووجێنەرەوە.
**ئەوەقووجنای**: قووجاندنەوە.
**ئەوەقووجنە**: قووجێنەرەوە.
**ئەوەقووجیا**: قووجاوە.
**ئەوەقووجیای**: قووجانەوە.
**ئەوەقووجیێ**: قووجاوە.
**ئەوەقووزن**: قووزێنەرەوە.
**ئەوەقووزنای**: قووزاندنەوە.
**ئەوەقووزنە**: قووزێنەرەوە.
**ئەوەقووزیا**: قووزاوە.
**ئەوەقووزیای**: قووزانەوە.
**ئەوەقووزیێ**: قووزاوە.
**ئەوەقەپن**: کەسێ بلەز قەپ لە شتێ بگرێ.
**ئەوەقەپنای**: قەپ لێگرتن و خواردنی بلەز.
**ئەوەقەپنە**: قەپگری بلەز.

**ئەوەقەمچن**: قەمچێنەرەوە.
**ئەوەقەمچنای**: قەمچاندنەوە.
**ئەوەقەمچنە**: قەمچێنەرەوە.
**ئەوەقەمچیا**: قەمچاوە.
**ئەوەقەمچیای**: قەمچانەوە، پێچانەوە.
**ئەوەقەمچییێ**: قەمچاوە.
**ئەوەقیڕن**: قیڕێنەرەوە.
**ئەوەقیڕنای**: قیڕاندنەوە.
**ئەوەقیڕنە**: قیڕێنەرەوە.
**ئەوەقیڕیا**: قیڕاوە.
**ئەوەقیڕیای**: قیڕانەوە.
**ئەوەقیڕییێ**: قیڕاوە.
**ئەوەقیژن**: قیژێنەرەوە.
**ئەوەقیژنای**: قیژاندنەوە.
**ئەوەقیژنە**: قیژێنەرەوە.
**ئەوەقیژیا**: قیژاوە.
**ئەوەقیژیای**: قیژانەوە.
**ئەوەقیژییێ**: قیژاوە.
**ئەوەقیقن**: گارەگارپێکەر بە مر.
**ئەوەقیقنای**: گاراندنەوە، وە گارەگار خسن.
**ئەوەقیقنە**: گارەگارپێکەر وە مر.
**ئەوەقیقیا**: گارەگارکەر.
**ئەوەقیقیای**: گارەگار کردن مر.
**ئەوەقیقییێ**: گارەگارکەر.
**ئەوەک**: ١. ئەویـــکە، ئەویتـــر،٢. ئەوەی کە، ئەو کەســەی کە: (ئەوەک تــوخمە پیســی دچانــد و نزانوو/ بێ‌فایدە چاند و هێشین بوو بیــژ بەســت) «گولشوون».
**ئەوەکاڵ**: کێڵەرەوە.
**ئەوەکاڵای**: کێڵاندنەوە.
**ئەوەکاڵە**: کێڵەرەوە.
**ئەوەکاڵیا**: کێڵراوە.
**ئەوەکاڵیای**: کێڵرانەوە.
**ئەوەکاڵییێ**: کێڵراوە.
**ئەوەکان**: هینەکان، ئەوانی‌دی.
**ئەوەکڕن**: کڕێنەرەوە.
**ئەوەکڕنای**: کڕاندنەوە.
**ئەوەکڕنە**: کڕێنەرەوە.
**ئەوەکریا**: کراوە.
**ئەوەکڕیا**: کڕاوە.
**ئەوەکریای**: کرانەوە.
**ئەوەکڕیای**: کڕانەوە.
**ئەوەکرییێ**: کراوە.
**ئەوەکڕییێ**: کڕاوە.
**ئەوەکزن**: کزێنەرەوە.
**ئەوەکزنای**: کزاندنەوە.
**ئەوەکزنە**: کزێنەرەوە.
**ئەوەکزیا**: کزاوە.
**ئەوەکزیای**: کزانەوە، کزیانەوە.
**ئەوەکزییێ**: کزاوە.
**ئەوەکنیای**: لێبوونەوە، کنیانەوە.
**ئەوەکۆتەی**: کەوتنەوە.
**ئەوەکۆرن**: کەسێ چاکە ئەکۆرێنێتەوە.
**ئەوەکۆرنای**: کۆراندنەوە.
**ئەوەکۆرنە**: کەسێ چاکە ئەکۆرێنێتەوە.
**ئەوەکۆریا**: کۆراوە.
**ئەوەکۆریای**: کۆرانەوە.
**ئەوەکۆرییێ**: کۆراوە.
**ئەوەکوشن**: کوژێنەرەوە.
**ئەوەکوشنای**: کوژاندنەوە.
**ئەوەکوشنە**: کوژێنەرەوە.
**ئەوەکوشیا**: ١. کوژاوە،٢. کوژراوە.
**ئەوەکوشیای**: ١. کوژانەوە،٢. کوژرانەوە.
**ئەوەکوشییێ**: ١. کوژاوە،٢. کوژراوە.
**ئەوەکولن**: کولێنەرەوە.
**ئەوەکولنای**: کولاندنەوەی برین.

ئەوەگژیای

**ئەوەکولنە**: کولێنەرەوە.

**ئەوەکولیا**: کولاوە.

**ئەوەکولیای**: کولانەوە.

**ئەوەکولیێ**: کولاوە، کولیاوە.

**ئەوەکومن**: کۆمکەرەوە.

**ئەوەکومنای**: کۆماندنەوە، چەماندنەوە.

**ئەوەکومنە**: کۆمکەرەوە.

**ئەوەکۆمیا**: کۆماوە، چەماوە.

**ئەوەکۆمیای**: کۆمانەوە، چەمانەوە.

**ئەوەکۆمیێ**: کۆماوە.

**ئەوەکوو**: ئەوەی دەکوتێتەوە.

**ئەوەکووای**: کووتاندنەوە.

**ئەوەکووە**: ئەوی شتێ دەکوتێتەوە.

**ئەوەکویا**: کوتراوە.

**ئەوەکویای**: کوتانەوە، کوترانەوە.

**ئەوەکویێ**: کوتراوە.

**ئەوەکە**: ١. شتەکە، چـتەکە، وانەکەکە، هەرامەکە، ٢. فلانی، ئەو، کابرا،٣. ئەوی دی، ئەوی تر، ئەڤ دن، ئەو یەکی.

**ئەوەکەپن**: بێددانێ لە کاتی شتخواردن.

**ئەوەکەپنای**: شتخواردنی بێددان.

**ئەوەکەپنە**: بێددانێ کە شت دەخوات.

**ئەوەکەپیا**: شتی خوراو لە لایەن بێددانەوە.

**ئەوەکەپیێ**: شتی خوراو لە لایەن بێددانەوە.

**ئەوەکەر**: بکەرەوە، کاربکەرەوە.

**ئەوەکەردەی**: کردنەوە، کرنەوەی کار.

**ئەوەکەرە**: کاربکەرەوە.

**ئەوەکەگە**: ئەوەکیەگە، ئەوی دیکە.

**ئەوەکەمکریا**: کەمکرانەوە.

**ئەوەکەمکەردەی**: کەمکردنەوە.

**ئەوەکەن**: لێکەرەوە.

**ئەوەکەندەی**: لێکردنەوە.

**ئەوەکەنە**: لێکەرەوە.

**ئەوەکی**: ئەویەکی، ئەوی دی.

**ئەوەکیاستەی**: ناردنەوە.

**ئەوەکیان**: نێرەرەوە.

**ئەوەکیانای**: ناردنەوە.

**ئەوەکیانە**: نێرەرەوە.

**ئەوەکیانیا**: دوبارە نێردراوەوە.

**ئەوەکیانیای**: نێردرانەوە.

**ئەوەکیانیێ**: دوبارە نێردراوەوە.

**ئەوەکێش**: کێشەرەوە.

**ئەوەکێشای**: کێشانەوە.

**ئەوەکێشتەی**: کێشانەوە.

**ئەوەکێشە**: کێشەرەوە.

**ئەوەکێشیا**: کشاوە، کێشراوە.

**ئەوەکێشیای**: کێشانەوە، کێشرانەوە.

**ئەوەکێشیەی**: کێشاوە، کێشراوە.

**ئەوەکیەگە**: ئەو یەکیەگە.

**ئەوەگ**: ١. کێشـــانەیەک لە دو کیلـــۆ زیـــاتر،٢. ئەویێگ، ئەوەی کە.

**ئەوەگازن**: گاز لێگر، گاز لێگرەوە.

**ئەوەگازنە**: گازگرتنەوە، گەزتنەوە.

**ئەوەگازنە**: گازگرەوە، گازگر.

**ئەوەگازیا**: گاز لێگیراوە، گەزراوە.

**ئەوەگازیای**: گەزرانەوە، گاز لێگیرانەوە.

**ئەوەگازیێ**: گەزراوە، ئەوی گەزراوەتەوە.

**ئەوەگای**: گانەوە.

**ئەوەگرتەی**: گرتنەوە.

**ئەوەگژن**: بەشەڕدەرەوەی دو کەس.

**ئەوەگژنای**: بەشەڕدانەوە.

**ئەوەگژنە**: بە شەڕدەرەوە.

**ئەوەگژیا**: بە شەڕ دراوە.

**ئەوەگژیای**: بە شەڕ درانەوە، شەڕ کردنەوە.

**ئەوەگژیێ**: بەشەڕ دراوە.
**ئەوەگڤنای**: ڕاکردنەوە بلەز.
**ئەوەگڤیا**: ڕاکردوو بلەز.
**ئەوەگڤیای**: ڕاکردن بلەز.
**ئەوەگڤیێ**: ڕاکردوو بلەز.
**ئەوەگۆڕیبێ**: مافی خۆیەتی، حەقی خۆیەسی.
**ئەوەگەزتەی**: گەزتنەوە، گاز لێگرتنەوە.
**ئەوەگەزیا**: گەزراوە.
**ئەوەگەزیای**: گەزرانەوە.
**ئەوەگەزیێ**: گەزراوە.
**ئەوەگەستەی**: گەستنەوە.
**ئەوەگەشن**: گەخشێنەرەوە.
**ئەوەگەشنای**: گەشاندنەوە، گەش کردنەوە.
**ئەوەگەشنە**: گەشێنەرەوە.
**ئەوەگەشیا**: گەشاوە.
**ئەوەگەشیای**: گەشانەوە.
**ئەوەگەشیێ**: گەشاوە.
**ئەوەگەیا**: دوبارە گایراو.
**ئەوەگەیای**: گەیانەوە، گایران دوبارە.
**ئەوەگەیێ**: دوبارە گایراو.
**ئەوەگیر**: هۆنەر، ئەوی شتێ دەگرێتەوە.
**ئەوەگیرە**: هۆنەر، هۆنەرەوە.
**ئەوەگیریا**: گیراوە، گیراوەوە، هۆنراوە.
**ئەوەگیریای**: گیرانەوە، هۆنرانەوە.
**ئەوەگیریێ**: گیراوەوە، هۆنراوە.
**ئەوەگیڤن**: گیڤە لێ هەڵسێن.
**ئەوەگیڤنای**: گیڤە لێ هەڵساندن، گیڤاندنەوە.
**ئەوەگیڤنە**: گیڤە لێ هێنەر.
**ئەوەگیڤیا**: گیڤاوە.
**ئەوەگیڤیای**: گیڤانەوە.
**ئەوەگیڤیێ**: گیڤاوە، گیڤە لێهاتگ.
**ئەوەگێڵا**: گەڕاوە.
**ئەوەگێڵای**: گەڕانەوە.
**ئەوەگێڵن**: گەڕێنەرەوە.
**ئەوەگێڵنای**: گەڕاندنەوە.
**ئەوەگێڵنە**: گەڕێنەرەوە.
**ئەوەگێڵیێ**: گەڕاوە.
**ئەوەل**: ١. سەرەتا، عەوەل، دەسپێک، بەر، بەرگ، بەرگین، بەرایی، بەراهی: (هەر کار دکی، ئەوەل هزرا فرۆتنی کە) «پەند»،٢. دەم، دەمدەما (ئەوەڵ سوح: دەم سوح، سەرسوح)،٣. یەکەم: (شەیخەک هەبوو جارا ئەوەل/ نوورا خودێ هلبوو د دل/ سەد گومڕەهـ و زال و مزل/ ب دەستێ شەیخ دهاتە تەوبەتێ) «فەقێ تەیران»،٤. یەکەمکەس: (ئەوەڵ و ئاخر ئەمین فەیزی تۆ مومتاز هاتیەوە) «شێخ ڕەزا»،٥. ئەوسا، ئەوکات.
**ئەوەلارکریا**: لارکراوەوە.
**ئەوەلارکریای**: لارکرانەوە.
**ئەوەلارکریێ**: لارکراوەوە، لارەوەکراو.
**ئەوەلارکەر**: لارکەرەوە.
**ئەوەلارکەردەی**: لار کردنەوە.
**ئەوەلارکەرە**: لارکەرەوە.
**ئەوەلاکەوتە**: بەکار نەهاتوو، دەرد نەخواردوو.
**ئەوەلاڵنای**: لاڵانەوە، پاڕانەوە.
**ئەوەلاڵیا**: لاڵاوە، پاڕاوە.
**ئەوەلاڵیای**: لاڵانەوە.
**ئەوەلاڵییێ**: لاڵاوە.
**ئەوەلاون**: لاوێنەرەوە.
**ئەوەلاونای**: لاواندنەوە.
**ئەوەلاونە**: لاوێنەرەوە.
**ئەوەلاویا**: لاوێنراوە.
**ئەوەلاویای**: لاوانەوانە.
**ئەوەلاویێ**: لاوێنراوە.
**ئەوەڵئاشاریای**: گومنام، ئەوشاریای.
**ئەوەڵبەهار**: سەرەتای بەهار: (دە ساڵەکەی ئەوساڵدا دەگەڵ مانگی ئەوەڵ بەهاریێ) «گەنجی

سەربەمۆر».

**ئەوەڵبەریە**: وەرجلە یە.

**ئەوەڵپەڵە**: یەکەم باران پایزی، زێڕ پشت پەڵە.

**ئەوەڵدەفعە**: یەکەم جار: (گەر لە ئەوەڵ دەفعەوە ئەم فرسەتە نەفعی نەبێ/ میوە ئاخری خۆشە، مەیلی بەرسیلەی زورەس مەکە) «قانع».

**ئەوەڵرۆ**: ١. سەرەتای ڕۆژ، سوح زوو،٢. ئەوەڵ ڕۆژ، دەسپێک: (ئاخر ڕۆی وەهار نەوجەوانیمەن/ ئەوەڵڕۆی پایز زیندەگانیمەن) «مەولەوی».

**ئەوەڵڕۆژ**: ١. سەرەتای ڕۆژ، سوح: (ئەوەڵ ڕۆژ و ئاخر شەو/ پۆل ئەبەستن وەکوو کەو) «قانع»،٢. دەسپێک.

**ئەوەڵسەودا**: سفتاح، داشت، دەشت، هەوەڵ فرۆش.

**ئەوەڵڤارە**: شاڵدۆڕەکی.

**ئەوەڵکەڵەشێر**: گوڵ سوو، سەرەتای سوح.

**ئەوەڵمانگ**: سەر مانگ، سەرەتای هەیڤ.

**ئەوەڵۆ**: لە سەرەتاوە.

**ئەوەڵوئاخر**: ئەووەڵ تا ئاخر: (سەراسەر کاری سالم عیشقی تۆیە ئەوەڵ و ئاخر/ خەجاڵەت بێ قیامەت گەر بەبێ تۆ مەیلی جەنەت کا) «سالم».

**ئەوەڵویار**: دیەکەیگە لە گیەلان.

**ئەوەلوورن**: لوورێنەوە.

**ئەوەلوورنای**: لووراندنەوە.

**ئەوەلوورنە**: لوورێنەوە.

**ئەوەلووریا**: لووراوە.

**ئەوەلووریای**: لوورانەوە.

**ئەوەلووریێ**: لووراوە.

**ئەوەڵە**: ١. یەکەم، یەکەمین،٢. ئەوسا.

**ئەوەڵەمین**: بەرگ، بەرگین، هەوەڵین، یەکەم، یەکم، یەکەمین.

**ئەوەڵەن**: یەکەم، یەکەمین.

**ئەوەلێس**: لێسەرەوە.

**ئەوەلێستەی**: لێستنەوە.

**ئەوەلێسە**: لێسەرەوە.

**ئەوەلێسیا**: لێستراوە.

**ئەوەلێسیای**: لێسانەوە، لێسترانەوە.

**ئەوەلێسیێ**: لێستراوە.

**ئەوەڵین**: ئەوەڵ، یەکەم، یەکەمین: (زستانی ئەوەڵین بوو دڕا بەرگی شێخەباس) «سالم».

**ئەوەم**: ئەو، ئەم: (داری ئیراک و داری هیند هەر دوو کە عوودە ئیسمیان/ هەمدەمی سوونەتە ئەوەم مەیلی ئەبوولەهەب دەکا) «نالی».

**ئەوەمار**: شکێنەرەوە.

**ئەوەمارای**: شکاندنەوە.

**ئەوەمارە**: شکێنەرەوە.

**ئەوەمەڕیا**: شکاوە.

**ئەوەمەڕیای**: شکانەوە.

**ئەوەمەڕیێ**: شکاوە.

**ئەوەمەنە**: ماوە، باقی.

**ئەوەمەنێ**: ماوە، باقی.

**ئەوەن**: ١. ئەوەند، ئەوەندە: (لەسەر سینەی سپی تۆ جووتە سێون/ ئەوەن قۆز و بزۆز و دڵبزێون) «ڕاوچی»،٢. ئەو کەسەیە.

**ئەوەناردەی**: نەهێنانەوە.

**ئەوەنازتەی**: نەهێشتنەوە.

**ئەوەناستەی**: نەهێشتنەوە.

**ئەوەناما**: نەهاتۆوە، نەگەڕانەوە دوا: (گلاراوەکەی جە تۆ جیامەن/ وەخت لواکەی ئەوەنامامەن) «مەولەوی».

**ئەوەنامای**: نەهاتنەوە.

**ئەوەنامەی**: ١. هاتنەوە، گەڕانەوە،٢. ڕۆین، ڕۆیشتنی بێ گەڕانەوە.

**ئەوەنامێ**: نەهاتۆوە، نەگەڕاوە.
**ئەوەناوای**: سواغ دانەوە.
**ئەوەناوردەی**: نەهێنانەوە.
**ئەوەنـد**: ئەوچەنـد، ئەوەنـدە، هێنـدە، ئەوقـاس: (قیبلەم دڵگیرەن .../ جە نازداریی ویـش، ئەوەنـد دڵگیرەن) «بێسارانی».
**ئەوەندووکە**: ١. ئەوەنـدە، ئەوقـاس،٢. بریتـی لە هیچ، زۆر کەمـیش: (لە هەرەڵـی و مەڕنەمـووکە/ حاڵی نابم ئەوەندووکە) «ڕاوچی».
**ئەوەنـدە**: ١. ئەڤەنـدە، ئەمنـدە، ئەڤهنـدە، ئەونە، هێنـدە، ئەقەرە، ئەوهنـدە، ئەوهێنـدە، ئەوهەنـدە، ڤێ‌قاسێ: (ئەوەندەم خواردووە خەفەتـی دووری/ مەگەر خوداوەنــد بــدا ســەبووری) «گــوڵاڵە»،٢. هەرچەندەی، ئەوەندەی.
**ئەوهندە**: هێندە، ئەوەندە.
**ئەوەندەی**: هێندەی، ئەونەی، بە قەد: (ئەوەندەی ڕۆحی مەئیـووس و مەلـوول تاریـک ئەکـا دنیـا/ ئەوەندەش نوور لە ڕۆحی شادەوە ئەڕژێ بەسـەر سەریا!) «گۆران».
**ئەوەندی**: هەندی، هێندەی.
**ئەوەنریا**: هەرچی نرابێتەوە.
**ئەوەنریای**: نرانەوە.
**ئەوەنریێ**: ئەوی نرابێتەوە.
**ئەوەنوزنای**: نووزاندنەوە.
**ئەوەنیا**: ئاوەنیا، ڕپسـتە: (فەسـڵی بەهـارە گیـانە ئەوەنیا شینە/ عەشقی یارێکم چی بـکەم خـوێنی شیرینە) «حەسەن زیرەک».
**ئەوەنیای**: نانەوە.
**ئەوەواتەی**: وتنەوە.
**ئەوەواچ**: بێژەرەوە.
**ئەوەواچە**: بێژەرەوە.
**ئەوەواچیای**: بێژانەوە، وترانەوە.
**ئەوەواردەی**: خواردنەوە.

**ئەوەواز**: خوازەرەوە.
**ئەوەوازتەی**: خواستنەوە.
**ئەوەوازە**: خوازەرەوە.
**ئەوەوازیا**: خوازراوە.
**ئەوەوازیای**: خوازرانەوە.
**ئەوەوازیێ**: خوازراوە.
**ئەوەواستەی**: خواستنەوە، خوازتنەوە.
**ئەوەوان**: خوێنەرەوە.
**ئەوەوانای**: خوێندنەوە.
**ئەوەوانە**: خوێنەرەوە.
**ئەوەوانیا**: خوێنراوە.
**ئەوەوانیای**: خوێنرانەوە.
**ئەوەوانیێ**: خوێنراوە.
**ئەوەواون**: خوێنەرەوە.
**ئەوەواونە**: خوێنەرەوە.
**ئەوەونیا**: خوێنراوە.
**ئەوەونیای**: خوێنرانەوە.
**ئەوەونیێ**: خوێنراوە.
**ئەوەوەر**: بخۆرەوە.
**ئەوەوەرە**: بخۆرەوە.
**ئەوەوەزتەی**: سەرکەفتنەوەی دوبارە.
**ئەوەوەستەی**: سەرکەوتنەوەی دوبارە.
**ئەوەوەن**: ئەوە خوێندنەوە.
**ئەوەوەنە**: خوێندنەوە.
**ئەوەوەنەی**: ئەوە خوێندنەوە.
**ئەوەوێتەی**: بێژرانەوە.
**ئەوەوێچ**: پێژانەوە.
**ئەوەوێچە**: پێژانەوە.
**ئەوەوێچیا**: بێژراوە.
**ئەوەوێچیای**: بێژرانەوە.
**ئەوەوێچیێ**: بێژراوە.
**ئەوەویقن**: ویقێنەرەوە.
**ئەوەویقنای**: ویقاندنەوە.

**ئەوەویقنە**: ویقێنەرەوە.
**ئەوەویقیا**: ویقاوە.
**ئەوەویقیای**: ویقانەوە.
**ئەوەویقییَ**: ویقاوە.
**ئەوەویڵن**: دەمەونخونکەر.
**ئەوەویڵنای**: دەمەونخون کردنەوە.
**ئەوەویڵنە**: دەمەونخونکەر.
**ئەوەویڵیا**: دەمەونخون کراوە.
**ئەوەویڵیای**: دەمەونخون کرانەوە.
**ئەوەویڵییَ**: دەمەونخون کراوە.
**ئەوەوین**: بینەرەوە.
**ئەوەوینای**: بینینەوە.
**ئەوەوینە**: بینەرەوە.
**ئەوەوینیا**: بینراوە.
**ئەوەوینای**: بینرانەوە.
**ئەوەوینییَ**: بینراوە.
**ئەوهە**: ١. ئەمە، ئەڤە، یە، ئە،٢. وەحە، وەوحە، وشەی گاوا دان مانگا.
**ئەوەها**: ١. ئاوا، ئاوقا، وا، ولۆ، بەوجۆرە، ئیـوهە، وەها،٢. ئەوەتا، ئەوەهای، ئەوەتانیَ،٣. بۆ دەربڕینی هەستی بە دڵ نەبوونی قسەیە: (کە واتـا ئاوهـایە ڕەسووڵە فەتی؟) «تەنەکە».
**ئەوەهاڕ**: هاڕەڕەوە.
**ئەوەهاڕای**: هاڕینەوە.
**ئەوەهاڕە**: هاڕەڕەوە.
**ئەوەهاڕیا**: هەڕراوە.
**ئەوەهاڕیای**: هاڕانەوە، هاڕڕانەوە.
**ئەوەهاڕییَ**: هاڕراوە.
**ئەوەهەندە**: ئەوەندە، هێندە.
**ئەوەهورئاردەی**: هەڵهێنانەوە.
**ئەوەهورئاما**: هەڵهاتوو.
**ئەوەهورئامای**: هەڵهاتنەوە.
**ئەوەهورئامیَ**: هەڵهاتوو.
**ئەوەهورئاوردەی**: هەڵهێنانەوە.
**ئەوەهورئیزا**: هەڵساوە.
**ئەوەهورئیزای**: هەڵسانەوە.
**ئەوەهورئیزتەی**: هەڵسانەوە.
**ئەوەهورئیزن**: هەڵسێنەرەوە.
**ئەوەهورئیزنای**: هەڵساندنەوە.
**ئەوەهورئیزنە**: هەڵسێنەرەوە.
**ئەوەهورئیزیَ**: هەڵساوە.
**ئەوەهورئیستەی**: هەڵسانەوە.
**ئەوەهوربەستەی**: هەڵبەستنەوە.
**ئەوەهوربییەی**: هەڵچوونەوە.
**ئەوەهورپاتەی**: هەڵپاچینەوە.
**ئەوەهورپاچ**: هەڵپاچەرەوە.
**ئەوەهورپاچە**: هەڵپاچەرەوە.
**ئەوەهورپاچیا**: هەڵپاچراوە.
**ئەوەهورپاچیای**: هەڵپاچرانەوە، هەڵپاچانەوە.
**ئەوەهورپاچییَ**: هەڵپاچراوە.
**ئەوەهورپیتەی**: هەڵپێچانەوە.
**ئەوەهورپێچ**: هەڵپێچەرەوە.
**ئەوەهورپێچە**: هەڵپێچەرەوە.
**ئەوەهورپێچیا**: هەڵپێچراوە.
**ئەوەهورپێچیای**: هەڵپێچانەوە.
**ئەوەهورپێچییَ**: هەڵپێچراوە.
**ئەوەهورپێک**: هەڵپێکەرەوە.
**ئەوەهورپێکنای**: هەڵپێکاندنەوە.
**ئەوەهورپێکە**: هەڵپێکەرەوە.
**ئەوەهورپێکیای**: هەڵپێکانەوە.
**ئەوەهورتڕن**: فشەباز.
**ئەوەهورتڕنای**: فشە کردنەوە.
**ئەوەهورتڕنە**: خەفەنگباز.
**ئەوەهورتەکن**: هەڵتەکێنەرەوە.

**ئەوەهورتەکنای**: هەڵتەکاندنەوە.
**ئەوەهورتەکنە**: هەڵتەکێنەرەوە.
**ئەوەهورتەکیا**: هەڵتەکاو.
**ئەوەهورتەکیای**: هەڵتەکانەوە.
**ئەوەهورتەکیێ**: هەڵتەکاو.
**ئەوەهورجویزن**: حووتەوەشێن بۆ جاری چەندم.
**ئەوەهورجویزنای**: هەڵتووزاندنەوە، جووتەوەشاندنەوە.
**ئەوەهورجویزنە**: جووتەوەشێن.
**ئەوەهورچکن**: چۆڕ تیا نەهێڵەرەوە.
**ئەوەهورچکنای**: چۆڕ تێدا نەهێشتنەوە.
**ئەوەهورچکنە**: چۆڕ تێدا نەهێڵەرەوە.
**ئەوەهورچکیا**: چۆڕ تێدا نەماو.
**ئەوەهورچکیای**: چۆڕ تێدا نەمانەوە.
**ئەوەهورچکیێ**: چۆڕ تێدا نەماو.
**ئەوەهورچن**: هەڵبژێرەرەوە.
**ئەوەهورچنە**: ١. هەڵبژێرەرەوە،٢. هەڵچنراوە.
**ئەوەهورچنیا**: ١. هەڵبژێراوە،٢. هەڵچنراوە.
**ئەوەهورچنیای**: ١. هەڵبژاردنەوە،٢. هەڵچنرانەوە.
**ئەوەهورچنیەی**: ١. هەڵبژاردن،٢. هەڵچنین.
**ئەوەهورچنیێ**: هەڵبژێراوە.
**ئەوەهورچۆڕن**: چۆڕ لێبڕاو بۆ زیاتر لە جارێ.
**ئەوەهورچۆڕنای**: چۆڕ لێبڕینەوە.
**ئەوەهورچۆڕنە**: چۆڕ لێبڕاوە.
**ئەوەهورچۆڕیا**: هەڵچۆڕاو بۆ زیاتر لە جارێ.
**ئەوەهورچۆڕیای**: هەڵچۆڕانەوە.
**ئەوەهورچۆڕیێ**: هەڵچۆڕاو.
**ئەوەهورخلن**: هەڵپێچ و لوولکەرەوە.
**ئەوەهورخلنای**: هەڵپێچان و لوول کردنەوە.
**ئەوەهورخلنە**: هەڵپێچ و لوولکەرەوە.
**ئەوەهورخلیا**: هەڵپێچراو.
**ئەوەهورخلیای**: هەڵپێچان و لوول دران.
**ئەوەهورخلیێ**: هەڵپێچراو و لوول کراو.
**ئەوەهوردڕ**: هەڵدڕەوە.
**ئەوەهوردڕە**: هەڵدڕەوە.
**ئەوەهوردریا**: هەڵدراوە.
**ئەوەهوردڕیا**: هەڵدڕاوە.
**ئەوەهوردریای**: هەڵدرانەوە.
**ئەوەهوردڕیای**: هەڵدڕانەوە.
**ئەوەهوردڕیەی**: هەڵدڕینەوە.
**ئەوەهوردریێ**: هەڵدراوە.
**ئەوەهوردەر**: هەڵدەرەوە.
**ئەوەهوردەرە**: هەڵدەرەوە.
**ئەوەهوررزتەی**: هەڵسانەوە.
**ئەوەهوررزن**: هەڵسێنەرەوە.
**ئەوەهوررزنای**: هەڵسانەوە.
**ئەوەهوررزنە**: هەڵسێنەرەوە.
**ئەوەهورستەی**: هەڵسانەوە.
**ئەوەهورکریا**: هەڵکراوە.
**ئەوەهورکریای**: هەڵکرانەوە.
**ئەوەهورکریێ**: هەڵکراوە.
**ئەوەهورکنیا**: هەڵکەنراوە.
**ئەوەهورکنیای**: هەڵکەنرانەوە.
**ئەوەهورکنیێ**: هەڵکەنراوە.
**ئەوەهورکۆتەی**: هەڵکەوتنەوە.
**ئەوەهورکەر**: هەڵکەرەوە.
**ئەوەهورکەردەی**: هەڵکردنەوە.
**ئەوەهورکەرە**: هەڵکەرەوە.
**ئەوەهورکەن**: هەڵکەنەرەوە.
**ئەوەهورکەندەی**: هەڵکەندنەوە.
**ئەوەهورکەنەی**: هەڵکەندنەوە.
**ئەوەهورکەنە**: هەڵکەنەرەوە.
**ئەوەهورگڕا**: هەڵگیرساوە، گڕکەرەوە.
**ئەوەهورگڕای**: هەڵگیرسانەوە، هەڵگڕانەوە.
**ئەوەهورگرتەی**: هەڵگرتنەوە.
**ئەوەهورگڕن**: هەڵگیسێنەرەوە.
**ئەوەهورگڕنای**: هەڵگیرساندنەوە.

**ئەوەهورگڕنە**: هەڵگیسێنەرەوە.

**ئەوەهورگڕێ**: هەڵگیرساوە، گڕکەرەوە.

**ئەوەهورگێر**: هەڵگرەوە.

**ئەوەهورگێرە**: هەڵگرەوە.

**ئەوەهورگێریا**: هەڵگەڕاوە.

**ئەوەهورگێریای**: هەڵگەڕانەوە.

**ئەوەهورگێریێ**: هەڵگەڕاوە.

**ئەوەهورگێسن**: هەڵگیسێنەرەوە.

**ئەوەهورگێسنای**: هەڵگیرساندنەوە.

**ئەوەهورگێسنە**: هەڵگیسێنەرەوە.

**ئەوەهورگێسیا**: هەڵگیرساوە.

**ئەوەهورگێسیای**: هەڵگیرسانەوە.

**ئەوەهورگێسیێ**: هەڵگیرساوە.

**ئەوەهورگێڵا**: وەرگەڕاوە، هەڵگەڕاوە.

**ئەوەهورگێڵای**: وەرگەڕانەوە، هەڵگەڕانەوە.

**ئەوەهورگێڵن**: هەڵگەڕێنەرەوە.

**ئەوەهورگێڵنای**: هەڵگەڕاندنەوە.

**ئەوەهورگێڵنە**: هەڵگەڕێنەرەوە.

**ئەوەهورگێڵێ**: هەڵگەڕاوە.

**ئەوەهورگێڵا**: هەڵگەڕێنراوە.

**ئەوەهورگێڵیای**: هەڵگەڕانەوە.

**ئەوەهورگێڵیێ**: هەڵگەڕێنراوە.

**ئەوەهورلوا**: هەڵچۆوە.

**ئەوەهورلوای**: هەڵچوونەوە.

**ئەوەهورلوێ**: هەڵچۆوە.

**ئەوەهورماڵ**: هەڵکاڵەرەوە.

**ئەوەهورماڵای**: هەڵماڵینەوە.

**ئەوەهورماڵە**: هەڵماڵەرەوە.

**ئەوەهورماڵیا**: هەڵماڵراو.

**ئەوەهورماڵیای**: هەڵماڵینەوە.

**ئەوەهورماڵیێ**: هەڵماڵراو.

**ئەوەهورناو**: سواغدەرەوەی قوڕ.

**ئەوەهورناوای**: سواغدانەوە، قوڕ پێدا سونەوە.

**ئەوەهورناوە**: سواغدەرەوە.

**ئەوەهورناویا**: قوڕ پێدا سواو.

**ئەوەهورناویای**: قوڕ پێدا سوانەوە.

**ئەوەهورناویێ**: قوڕ پێدا سواو.

**ئەوەهورنای**: هۆنینەوە.

**ئەوەهوروازتەی**: هەڵدوورینەوە.

**ئەوەهوروازیای**: هەڵدوورانەوە.

**ئەوەهوروراستەی**: هەڵدوورینەوە.

**ئەوەهوروزتەی**: هەڵخستنەوە.

**ئەوەهوروستەی**: هەڵخستنەوە.

**ئەوەهوروەزتەی**: هەڵبەزینەوە.

**ئەوەهوروەستەی**: هەڵبەزینەوە.

**ئەوەهورویارای**: هەڵپێکاندنەوە.

**ئەوەهورویاریای**: هەڵپێکانەوە.

**ئەوەهورویڵنای**: هەڵگەڕانەوە.

**ئەوەهورویڵیا**: هەڵگەڕێنەرەوە.

**ئەوەهورویڵیای**: هەڵگەڕانەوە.

**ئەوەهورویڵیێ**: هەڵگەڕێنەرەوە.

**ئەوهە**: ئەوە: (خان دەپرسێ: ئەوهە کێیە؟ ئەوە وەیسی ماهیدەشتێ) «دمدم».

**ئەوهەی**: ئەوەی، ئەمەی.

**ئەوەی**: ١. ئەوی، ئەوکەسەی: (ئەوەی بۆ وەتەن گیانفیدا نەبێ/ لە ڕێی ئازادی بێپەروا نەبێ) «دلزار»،٢. ئەوشتەی،٣. ئەو + ی (ئامرازی خستنە سەر).

**ئەوەێ**: ئەوەێگ.

**ئەوەیان**: لەم چەند دانە، ئەمەیان.

**ئەوەێتر**: ئەوەکە، ئەوی دی.

**ئەوەیترک**: ئەوەی تر.

**ئەوەێترەک**: ئەوەکەگە.

**ئەوەیش**: ئەویش، ئەویچ.

**ئەوەیشە**: دەوەیش.
**ئەوەێگ**: ١. ئەوچگە،٢. چشتێ ک ناسیارە: (ئەوەێگ تێ برامە).
**ئەوهێندە**: هێندە، ئەوهەندە.
**ئەوەیە**: ١. ئەوەسە، خۆیەسی، خۆیەتی،٢. ئەوی، ئەو کەسەی(شتەی) (ئەوەیە چی پێ کرد).
**ئەوی**: ١. ئەو، ئانە، جێناوی ئاماژە بۆ سێهەمکەسی تاک(نێر): (ئەوی گۆت: ئەو ووتی(نێر)) ٢. ئەبی (دووهەم کەسی تاکە)،٣. هەرکەس، هەرکەسێک، هەرچی،٤. فلانی، فلانکەس،٥. نەناسیاو غەیری ئینسان: (گەردەن درێژ و نێزە کر/ بەر ب گوند، ئەوی مێزە کر) «پەرویز جیهانی»،٦. ئەوەیە.
**ئەوێ**: ١. ئەو، ئانێ، جێناوی هێما بۆ سێهەم کەسی تاک(مێ): (ڕۆژا کو ئەوی برا نەدیتا/ تەشبیهێ شەڤا چرا نەدیتا) «خانی»، (ئەوێ گۆا: ئەو گوتی(مێ)) ٢. ئەوان، جێناوی هێما بۆ کەسی سێهەم کۆ: (بێ گومان خێرنەخوازێن وی ژی هەنە، ئەوێ ژی نها شا بین) «مەستوورە»،٣. ئەشێ، ئەبێ، دەبێ، دەشێ، پێویستە: (دڵ لەبۆ شەمعی جەماڵی تۆ دەبێ پەروانە بێ/ سۆزشی با وا نەبێت و هێندە بێپەروا نەبێ) «موخلیس» ٤. ئێرە یا ئەوێ، بۆ دورتر ٥. شایەت، ڕەنگە، وێدەچێ: (تۆ بێژی ئازاد بین؟ ئەوێ) ٦. وێ، وەنەری، وەردێ، وێرێ، ئەوێندەرێ، لەینە، لاهێ، لەوڕ، ئیراهێ، ئێرایهی، وێندەرێ: (ڕۆژ و شەو دایم لەبەر دیدە و خەیاڵم حازری/ سا چ فەرقێکی هەیە بۆ من ئێرە و ئەوێ) «کوردی»،٧. فەرمانی پێکهاتن، لازم: (ئەوێ هەر بچی بۆ شار)،٨ گوندێکە لای سەیدسادق.
**ئەویادت**: لە یادت، لە خاترت: (بێشەرت و شۆنیت جە حەد ئەودەرەن/ ڕەحمەت ئەو یادت، وەفادارتەرەن) «مەولەوی».

**ئەویان**: تاق کردنەوە: (ئەویان ناردبوو).
**ئەویانە**: ١. ئەویان،٢. ئەو یەکیانە: (ئەگەر ئەویانە، ئەگەر ئەمیانە/ خوا سەربەرزیان کا ئەعزای ئەم یانە) «بێخود».
**ئەویت**: ئەو، ئەوی، ئەوانەی: (پاشا گۆتە ئەویت بێدەنگ و پسپس بوو هەڤدو کرێن) «گولواز».
**ئەویتدیتر**: ئەوەی دیکە، ئەوانەی دن: (شێر یێ بەرێ و ئەویت دیتر ییت دیڤدا) «گولواز».
**ئەویتر**: ئەوی دیکە، ئەوەی دیکە، ئەڤێ دیتر.
**ئەویچ**: ١. ئەویش، ئەویتر،٢. ئەو، ئەویش: (ئەویچ بە جەستەم مەناڵا بە زار/ بە جەفای هیجران مەکەردش ئیقرار) «بێسارانی».
**ئەویدن**: ئەویکە، ئەوەیکە(نێر). هێمایە بۆ سێهەمکەسی تاک.
**ئەوێدن**: ئەویکە، ئەویتر، ئەوەیکە(مێ).
**ئەوێدەمێ**: ئەودەمی، ئەوکاتی.
**ئەویدی**: ئەڤیتر، ئەوی دیکە.
**ئەویدیکە**: ئەویدی، ئەڤدن، ئەوێدن.
**ئەوێرت**: ئەوێرێ، بوێری هەس.
**ئەویزە**: ئەویژە.
**ئەویژە**: ویژە، تایبەت، خاسما.
**ئەوێستا**: ١. ئاوێستا، کتێبی زەردەشت: (ڕۆستەمی کوردی مازندەرانی بۆ برەوپێدانی زەند و پازەند و ئەوێستا) «شەرەفنامە»،٢. نهۆ، هەنووکە، نها، ئێستا: (هەتا تۆم ئاشنا بوی ئاشنا بون/ ئەوێستا موو بە موو ئەغیارە بێتۆ) «نالی».
**ئەوێستاش**: ئێستاکەش: (ئەوێستاش دەردەکوردە نەکرا عیلاجی/ ئەوێستاش کوردی کۆیلە ماوە حاجی) «هێمن».
**ئەوێستاکە**: هەرئێستا، نوکە، هەوکە، هەمانهۆ: (هێندەی خەم و چین خستە سەری یەک، غەمی گێسوو/ نازانم ئەوێستاکە، لە بەندی چ غەمێکم!) «ئەدەب».

**ئەوێستاکەم**: ١. ئەوێستا: (بەو بەندی ئەوێستاکەم، مەعلووم بووە لای عالەم/ نێو تاقمەیی هۆنەر، تەنیاکوڕ و تاقانە) «ئاوات»،٢. ئێستام، نهۆی من.
**ئەوێستاکێ**: ئێستا، نهۆ، ئەم دەمە: (جاران وەکوو شا بووم، و ئەوێستاکە قەلەندەر) «ئاوات».
**ئەوێستایی**: ١. زمانێ کە ئەوێستا پێی نووسیاگە، ٢.پێوەندیدار بە ئاوێستاوە.
**ئەوێستە**: ئێستا، نهۆ: (کە دوونێ هاتی فەرمووت بێ و من نەهاتم مەسڵەحەت وابوو/ ئەوێستە چاوەکەی من چی دەفەرمووی بەندە فەرمانم) «حاجی قادر».
**ئەویستەن**: ویستووە: (دڵ مەیلش بە تۆن، هەر تۆش ئەویستەن) «بێسارانی».
**ئەوێستی**: ١. ئێستا، نهۆ،٢. دەوێستی؟، بۆمڕادەوەستی؟
**ئەوێستێ**: ١. ئێستا، ئێستە، ئێسە، ئێستەکە: (کەنارستانی عیشقت بۆتە «تجمل»/ ئەوێستا نەوعی شارستانە ئیمڕۆ) «ماملێ»،٢. بۆم ئەوەستێ، بۆ من ڕادەوەستێ.
**ئەوێستێکە**: ئەوێستێ، ئێستاکە، نهۆ.
**ئەویسک**: ناوی باڵندەیەکە.
**ئەوێسێ**: ئەوسێ، ئاڤا ڕەش، شیناوی چەو.
**ئەویش**: ئەوەیش، ئەویچ، ئەویدی.
**ئەویشان**: ئەوان، ئەوانە، وان، ئادێ، ئادیشا، ئانێ.
**ئەویشە**: ئەویتر، ئەڤدن.
**ئەوێشەوێ**: ئەو شەوەی: (ئەوێ شەوێ لە خەوێی دیوە، لەو ژنانە و لەو کچانە یەکیان وەوی دەچێ) «مەموزین».
**ئەویکە**: ١. ئەویدیکە، ئەویدی، ئەویتر، ئەڤیدن(شت)،٢. ئەوکەسە، هەرکەسێک.
**ئەوین**: ١. ئەڤین، دڵداری: (مەیخانەپەرست نەبووم و تووشت کردم/ بەو پیرییە بەرەوپیری ئەوینت بردم/ ...) «خەیام هەژار»،٢. وەفا، ئەمەگداری، سۆز: (وەخەی کە بەختی خەوتووم، پێلووی سڕی هەڵێنا/ وەفا و ئەوینی بینی، لە نێو دڵی بەڵێنا) «گەردیگلانی»،٤. ناوە بۆ کچان،٥. ناوی کوڕانە.
**ئەوێن**: ئەوان، وان کەسان: (ئەوێن کۆچەر دەما بهارێ هلگەرن زۆزانان) «سەنار».
**ئەوین پەرست**: دڵدار، ئاشق: (سەردێڕی پەڕی ئەوینپەرستان/ جێ نازو نیازی خۆشەویستان) «هەژار».
**ئەویندار**: ١. ئەڤیندار، عاشق، دڵدار: (من ئەوینداری کەزی و بسکی زراو و شۆڕم) «هێدی»،٢. ناوی پیاوانە.
**ئەوینداری**: عاشقی، ئەڤینداری، ئەڤینی، دڵداری، حەزلێکردوویی، حەزلێکەری: (ئەگەر فامت هەبێ بولبول، بە مەی مەستی نییە ڕێزی/ بەبێ مەیگێڕ و مەی شەرتە کە مەستت کا ئەوینداری) «ڕاوچی».
**ئەوێندەر**: ئەڤێندەر، ئەوێ، ئەوجێگا.
**ئەوێندەرێ**: ئەوێ، وێندەرێ، ئەڤێندەرێ.
**ئەوینی**: ١. دلداری، عشق،٢. ئەیبینی، ئەڕوانی، ئەنواڕی، دەیبینی.
**ئەوینێ**: دەیبینێ، دەبینێ، دەبینێت، ئەڕوانێ، ئەنواڕێ، چاوی پێ ئەکەڤێ.
**ئەوێها**: ١. هۆوە، هۆ ئەوە، ئەوە، وە(دوور)،٢. خۆیەسی، ئەوەتانێ.
**ئەویهە**: ئەو کەسە(نێر).
**ئەوێهە**: ئەواهە.
**ئەویەک**: ئەویتر، ئەویدی: (یەکێ یەکجاری تاونۆمەوە/ ئەو یەک لاونۆمەوە، یاونۆمەوە) «مەولەوی».

**ئەویەکە**: ئەوەکە، ئەوی دی.
**ئەویەکەگە**: ئەوەکەگە.
**ئەویەکی**: ئەوەکیەگە.
**ئەویەکیەگە**: ئەوەکیەگە.
**ئەویهەنگ**: ئەوێهەنگ، گوندێکە لای مەریوان لە دێکۆی ژاوەرەی خۆراوا: (کابرایەکی نەژماری کەرێکی هەبوو زۆر کەری چاک بوو، ڕۆژێک کەر لە ملی ئەویهەنگ مان ئەکا و نارِوا) «ڕشتەی‌مرواری».
**ئەوێهەنگ**: ئەویهەنگ.
**ئەوێهەنگەوێ**: ××
**ئەوێهەنگی**: خەڵکی گوندی ئەویهەنگ: (مەلا محەمەدی ئەوێهەنگی هەبوو پیاوێکی وەها بوو) «ڕشتەی‌مرواری».
**ئەویهێ**: هۆویهێ.
**ئەویی**: ١. ئەوەی،٢. ئەوی‌تر، ئیتر، ئیکە، کە.
**ئەهـ** : ١. ئاه، ئەها، ئاها، ئاووخ، ئە، وشەی خەفەتباری و پەرۆشی: (سی سالە ژ دەرد و ژ بەلایێ تە هیلاکین/ حەتتا ب فەلەک هەر دڕتن ئاه و ئەهێ من) «جزیری» ٢. وشەی وەڕەزی: (ئەهـ چی لێبکەم؟) ٣. ئۆهـ ئۆحە، وەحا، دەنگی ئاژۆتنی گارەشان(وڵاخ)،٤. نیشانەی سەرسوورمانە: (ئەچنە دووکوتی دەریا، عەنتەر زەنجیرەکەی هەڵئەکەنێ، لە پەنجەرەوە خۆی ئەخاتە ناو بەحرەکە، ئێژێ: ئەهـ وەڵلا عەنتەرەکە پەنج قەرانەکەی وە هیچ دەرچوو) «گوڵ‌ونێرگز».
**ئهە**: ئەهە، بۆ بیرهێنانەوە و ترس بەکاری دێنن: (ئهە مە جەنتێ خوە د گەمیێدە هێشتنە).
**ئەها**: ١. ئاها، هاها، ئەهـ حە، وشەی ئاگاداریە: (ئەها هات) ٢. ئاخ، داخ، وشەی عەزرەت: (ئەها شیرەکە ڕژا) ٣. وشەی باوەڕە: (ئەها کەوابێ خەنی بووە)،٤. بەهەبەهـ بەخ، دەها، ئالاقێ پەسن‌کردنە،٥. هێی، هۆی، بۆ بانگ کردنە، ٦. لە وەڵامی کەسێکی نابووتە بەکار دەبرێ، کە هەڕەشە بکات، واتا خۆی چییە و چتی وای لەدەس بێت.
**ئەهاک**: ئاهەک، ئەهەک، قسڵ، کلس.
**ئەهالی**: خەڵکی ئاوایی تێکرا: (ئەو شاهی ماهی میسرە ئەهالی لە ڕێی سجوود) «نالی».
**ئەهاو**: ١. هۆ، هۆی، وەهۆی، های‌های، ئاهای، بۆ گازی‌کرنی دوور ٢. وشەی گەمە پێکردنە: (ئەهاو بۆ کارێ کردت) ٣. چا، چاو، بڕوانە، بنوارە، سەیرکە، بۆ وریاکرنەوە.
**ئەهاها**: ئەها، بۆ گازی‌کرنا دوورترە.
**ئەهای**: ١. ئەهاو،٢. چاو، چاوچاو، بڕوا، بنوارە.
**ئەهد**: پەیمان، بەڵێن، عەهد: (چ داخەکە ل سەر داخێ/ باکەکێ ل من دهێت و دگەل ئاخێ/ سێ ئەهد و قرار ل من کەتبن/ ئەز بۆ تە بم/ ژ کەرب و ڕکێت ڤێ ئویجاخێ) «حەیرانۆک».
**ئەهدکرن**: بەڵێن‌دان، پەیماندان، سۆزدان،
**ئەهدوقرار**: ئەهد و پەیمان: (میرێ شاخێ/ ڕەخت و فیشەک ل سەر کەماخێ/ سێ ئەهد و قرار ل من کەتبن/ یان بۆ تەمە یان بۆ ئاخێ) «حەیرانۆک».
**ئەهرەمەن**: ئەهریمەن، خوای شەڕ لە ئایینی زەردەشتدا: (شەوێک دەست ئەهرەمەن کەوت «خاتەم»ی موڵکی «سولەیمان»ی/ کەچی میر و گزیری پێ دەکرد، قەدری وەها زانی!) «پیرەمێرد».
**ئەهرەن**: ئەهریمەن، ئەهرەمەن: (بەڵام ئەهرەمەنی گەلای باخ سیس‌کەر/ بێزارە لە جووکەی دەنووکی کوردی) «گۆران».
**ئەهرەو**: ١. پیاوچاک، پیرۆز،٢. ناوی پیاوانە.
**ئەهریم**: ئەهریمەن.
**ئەهریمەن**: ١. ئەهرەمەن، ئەهرەمەن، ئەهرەن، ئەنگرەم مینو، درنج، شەیتان، هێزی خراپ: (مەدەدکارم نەبێ لوتفی سولەیمانم لە ئەیاما/ لە

مەکری ئەهریمەن بێشک زەلیل و مات و غەمگینم) «قانع»٢. هەڤال، هاورێ، ڕەفیق: «داغ و کەی من لێ هەزارن، گول د دەست شەوکێن ب خارن/ سورپەری دێو وی کەنارن، ئەهرەمەن خاتەم رەڤایە».

**ئەهریمەن پەرست**: شەیتانپەرست.

**ئەهریمەن پەرستی**: شەیتانپەرستی، بوختانێکە بۆ کوردانی ئێزیدی هەڵبەستراوە: (زۆر شت بە ناڕەوا و بوختان دراوەتە پاڵ ئێزیدیەکان وەک: «شەوەڕەش»، «چراپف»، «ئەهریمەن پەرستی»،) «جەمال نەبەز».

**ئەهریمەنی**: ئاهریمەنی، شەیتانی: (لەبن پەسیوان دەرپەڕین/ هێزی ڕەش و ئەهریمەنی) «هێمن».

**ئەهل**: ١. دانیشتوی جێیەک، خەڵکی ئاوایی: (ئەهلێکی وای هەیە کە هەموو ئەهلی دانشن/ هەم ناظمی عوقوودن و هەم ناظیری ئوموور) «نالی»،٢. شیاوی هەڤالەتی، مەرد، پیاو: (فلانی لە رفێقایەتیدا زۆر ئەهلە)،٣. هۆگر، خەریک: (ئەوەندەی ئەهلی دنیان ئەهلی دنیا، تاقە ڕۆژێ گەر/ بە قەڕنێ من ئەوەند ئەهلی خودا بم، دەبمە پێغەمبەر) «مەحوی»،٤. خاوەن، خودان: (ئەهلی قەڵەم)،٥. ئارام، هێدی، ژیر،٦. دەستە، گرو، تاقم: (ئەهلی تەعدادی مەحاسین نووسییان/ خاڵ یەک و، زولفی دووان، هەر دوو سییان) «نالی»،٧. لاناوە ژن گەنەکار.

**ئەهل بوون**: ١. ئارامبوون، هێوربوون،٢. هۆگر بوون: (مەستی جامی مەیلی تۆم و ئەهلی نێو مەیخانە نیم) «هێدی».

**ئەهل عیلم**: زانایان، بیرمەندان: (گوم بی چون خورشید ئەو نە پەرتەودا/ گوم بی ئەهل عیلم نە شۆڵەی ئەودا) «مەولەوی».

**ئەهل فەزل**: زاناگەل، دانایان: (پەسنا تە گەر چ بکن، چ نەکن ئەهل فەزل/ حاجەت ب خەمل نینە، خەمل روخسار را) «گولشوون».

**ئەهل وعەیال**: ژن و منداڵ، بنەماڵە، خاوخێزان، عال و عەیال.

**ئەهلی**: ڕام، دەستەمۆ، کەڤی، کەهی، کوی، کەوی، لینی، خانەکی، گورۆ، ماڵی(کەو).

**ئەهلی ئەدەب**: ئەدیب، نووسەر، هەڵبەستڤان: (بە دڵێکی فراوان وەرە حاسڵ کە قەناعەت/ لای ئەهلی ئەدەب ڕەخنە وەکو غەمزەی چاوە) «شێخ ڕەزا».

**ئەهلی ئیمان**: موسوڵمان، ئیماندار: (وڵاتت چاوەڕوانی سنعەتە، تا پرچ و زەرگ و ڕیش/ خەرافات و درۆ لابە، ئەگەر تۆ ئەهلی ئیمانی) «قانع».

**ئەهلی بازاڕ**: سەوداگەر، مامڵەچی: (دەستەیەکی تر ئەویش تجارە/ سلکی کاسبی و ئەهلی بازارە) «پیرەمێرد».

**ئەهلی بەسیر**: زانایان، دانایان: (ئەشکی سالم کە بە یادی لەبی تۆ دێتە کەنار/ قەترە قەترە لە نەزەر ئەهلی بەسیر مەرجانن) «سالم».

**ئەهلی تەریق**: ئەهلی تەریقەت، ڕێگەی ڕاستگرتووەبەر: (دائیم لە حەضەردا سەفەری بە لە وەتەندا/ غوربەتکەش و عاجز بە، ئەگەر ئەهلی تەریقی) «نالی».

**ئەهلی تەقەڵ**: بریتی لە خەیات: (کابرای کورتاندرووش ئەڵێ: بۆچی بنیشم بە سەکینە خانمی ژنتەوە، ئێمەگەل ئەهلی تەقەڵ نین؟!) «ڕشتەی مرواری».

**ئەهلی جەننەت**: بەهەشتیان: (ئەهلی جەننەت نە شوان و گاوانە/ ساحیبی فەنن و عیلم و عیرفانە) «حاجی قادر».

**ئەهلیجەوهەر**: ئەهلی هونەر و ژیهاتوویی: (ئەهلی جەوهەر ناعەزیزن بۆیە وا بوو دەردی رۆم/ حەیفە موخلیس تا بە کەی وەک گەنجی ناو ویرانە بێ) «موخلیس».

**ئەهلیچاکە**: چاکەخواز، خێرۆمەند: (عالمی دانا گەر ئەهلی چاکە یا ئەهلی شەڕن/ مەشریق و مەغریب لە دەرکی زاتی تۆ کویر و کەڕن) «بێخود».

**ئەهلیحال**: ڕووناکدڵ: (من هێڤی هەیە ژ ئەهلێ حالان) «خانی».

**ئەهلیحەق**: ١. کاکەیی، یارسان، یارسا، هەق، هەقە، هەقی، نوالە، چەن تیرەی کوردن بە ئایینی تایبەتی خۆیان،٢. لایەنگری حەق و ڕاستی.

**ئەهلیحەیا**: شەرمێون، شەرمدار، بەئەدەب: (مەعلوومە لەلای ئەو کەسە وا ئەهلی حەیا بێ/ گەر پیرە، وەگەر گەنجە، ئەگەر شاه و گەدا بێ) «قانع».

**ئەهلیحیکمەت**: کۆمەڵەی زانایان: (لە نەزاکەت کەمەری وەک خەتی ئەهلی حیکمەتە/ لە نەبووندا دەهەنی بێ قسە عەینی عەدەمە) «حاجی قادر».

**ئەهلیخیرەد**: خیرەدمەندان، ئاقڵداران: (بۆ نیتە لەگەڵ ئەهلی خیرەد میهر و وەفا تۆ؟) «ناری».

**ئەهلیدل**: دڵدار، ئەوینداد: (ما ئەهلی دل هشتنە؟ سوهتینە میسلی مەجمەرێ) «جزیری».

**ئەهلێخودێ**: خودایی، خوداویست: (ئەهلێ خودێ ئاجز مەکە/ بەسە بدە من ئەزیەتێ) «فەقێ تەیران».

**ئەهلیدونیا**: ئەهلی دنیایی، دنیاپەرستان: (ئەهلی دنیایی لەبەر حیرص و تەمەع هوشیارن/ بە خوصوصی بگەڕێی مەست و خیرەتمەندی نییە) «نالی».

**ئەهلیدەربار**: شا، سوڵتان، دانیشتوانی سەرای شا: (جیواری ڕەحمەت و دەستگا و پێشگای عەدڵ و ئینسافی/ لە دەربارەی فەقیران ڕاست ئەمینی ئەهلی دەرباری) «حەریق».

**ئەهلیڕاز**: ڕازداران: (مەئمول ئەوە ژ ئەهلی ڕازان/ ئەو دێ نەکرن ب من تنازان) «خانی».

**ئەهلیزەمانە**: دانیشتووانی ئەم ڕۆژگارە: (ئەهلی زەمانە جەنبی هونەر ناکڕن بە هیچ/ سالم مەکە هەوایی ئەمەل ئێستە بێ فلووس) «سالم».

**ئەهلیزیارات**: بریتی دڵداران، ئاشقانی دیدار و تەواف: (دبتن بەیتی قودوس، ئەهلی زیارات ژ حەبەش تێ) «جزیری».

**ئەهلیسابڵاغ**: سابڵاغی، خەڵکی مەهابادێ: (خۆ ئەهلی سابڵاغێ نیم/ پووت پووت ئاردی بکرم) «فۆلکلۆر».

**ئەهلێسلووک**: ئەهلێ دینداری، ئەهلی تەریقەت: (ئەهلێ تەریق، ئەهلێ سلووک/ هنگی مەزن، هنگی بچووک/ ئاغا و خووجە و ملووک/ پورسین ل شەیخ ڤێ زەحمەتێ) «فەقێ تەیران».

**ئەهلیسەلیب**: سەلیبیان، سەلیبی: (ساقیا گەر دوش لە بۆ من وا بە مەی جامی فریب/ چونکە دڵ کەوتە ئەسیری جەیشەکەی ئەهلی سەلیب) «دڵدار».

**ئەهلیشار**: خەڵکی دانیشتووی شار: (پرسیویە زاهیرەن لە ڕەفیقانی یەک جەهەت/ ئەحواڵی ئەهلی شار و ڕەفیقانی سەربەسەر) «سالم».

**ئەهلیشەڕ**: شەڕخواز، شەڕانی: (عالمی دانا گەر ئەهلی چاکە یا ئەهلی شەڕن/ مەشریق و مەغریب لە دەرکی زاتی تۆ کویر و کەڕن) «بێخود».

**ئەهلیشەرەف**: نامووسدار، بەشەرەف: (بۆ نیتە لەگەڵ ئەهلی خیرەد میهر و وەفا تۆ؟/ بۆ ئەهلی شەرەف عاجز و بێزارە لە دەس تۆ؟) «ناری».

**ئەهلیشەقا**: جەهەندەمی: (ئی نە دەولەتخواهی

ئەهێو

حەزرەت بت ژ نیڤا جان و دل/ شوبهی ئەهلی شەقا بەر قەهر و ئازارێ تە بێ) «جزیری».

**ئەهلی‌شەقاوەت**: بێ‌بەزەیی، دڵڕەق، دڵـڕەش: (تا سالیکی مەسالیکی موڵکی قەناعەتی/ باکت نەبێ لە ڕێگری و ئەهلی شەقاوەتی) «حاجی قادر».

**ئەهلی‌عیرفان**: شارەزایان، زانایـان: (ئومیـد ئەوە ژ ئەهلێ عیرفـان/ ئەو دێ نەگـرن ل مـن چـو حەرفان) «خانی».

**ئەهلی‌کردن**: ماڵی‌کردن، لینی‌کەردەی، ڕام‌کرن.

**ئەهلی‌مەعنا**: زانا، دانا، تێگەیشتوو: (ئەبـلە دایـم خۆش دڵ و پڕ خەمە دانا و ژیـر/ هەر شکستی ئەهلی مەعنای مەتڵەبە دەورانی پیر) «قانع».

**ئەهلی‌نیاز**: کۆمەڵەی چاوەڕوان، کۆڕی دڵداران: (بەردەرگاکەتـان قیبلەیـی ڕووی ئەهلـی نیـازە/ ئێوارەیە وا، هەڵگرە سا گۆزەی تازە!) «گۆران».

**ئەهلـی‌وەرع**: خۆپـاریز، خـواپەرس: (ئەهلـی وەرعم، لێک سەیری وەلوەلەی دنیا ئەکەم) «قانع».

**ئەهلی‌وەفا**: وەفـاداران، سـۆزداران: (لەو ڕۆژەوە من کەوتمە نێو بەحری غەمی تـۆ/ ڕۆشـن بـووە لای ئەهلی وەفا، عەهد و سوباتم) «ئاوات».

**ئەهمەد**: ئەحمەد، ناڤێ مێرانە.

**ئەهمەدئاباد**: نـاوی گونـدێکە چـاردۆڵی نشین لای سایین‌قەڵا.

**ئەهمەقی**: گەوجـی، کەری: (دەرمـانێ ئەهمەقـی تونەیە) «پەند».

**ئەهنۆخۆش**: ناوی چوار تاقمی خەڵک لە کـاتی دەســەڵاتداریەتی جەمشــید: ١. ئەهنۆخـــۆس: ســەنعەتکاران ٢. راکــاتوری: پیاوێــت ئــایینی ٣. نیساری:لەشکریان ٤. لیسوری:پاڵە و جووتیار.

**ئەهۆ**: ئەها، ئەهوو، بـۆ سەرسـوورمانە: (ئەهـۆ .. وەه !! کەر لە کـوێ کەوتـووە، کورتـان لە کـوێ دڕاوە؟!) «گورگ و بزن».

**ئەهواڵ**: ئەحـواڵ: (ئەهـواڵی ڕۆژی فیـرقەت و ئەحـــواڵی عاشـــقان/ لەو ڕۆژەدا موتـــابیقییە ...) «مەحوی».

**ئەهۆر**: ئەهۆرا.

**ئەهۆرا**: ئەهۆرامەزدا.

**ئەهۆرامەزدا**: جان‌ئافەرین، یەزدان، ئەهۆرا،

**ئەهۆرایی**: خودایی، یەزدانی،

**ئەهۆز**: ناوی قارەمان و تیرهاوێژێکی ئێـرانییە ب ئاریکـاری «ملـک زی یزنـێ»، ئەمیـری یەمەنـێ، هەڵسا و لە دەستی حەبەشیان ڕزگاری کرد.

**ئەهوو**: وشەی سەیرمان و وەڕەزی: (ئەهوو ئەوە دەڵێی چی؟).

**ئەهۆو**: ئەهۆ.

**ئەهوورە**: ئاهورا، خودای ڕاستی و داد.

**ئەهوورەمەزد**: ئاهورامەزدا، یەزدانی تاک.

**ئەهوەن**: ١. ئارام، هێدی، هێـور، ژیـر: (گەلێـک زەریف و هێدی و ئەهوەندە/ بەدەن دارمـێخەک، گــوڵ پێوەبەنــدە) «بارام‌وگوڵنــدام»،٢. نازنــاوی شـــاعیرێکی نـــاوداری ســـنەیە، «محەمـــەد ئینساف‌جو»: (من کـێم شـاعیری قەڵەم شـکیاگم/ دەفتەر و دیوان بە بـا دریـاگم/ ئەهـوەنم وە تیـر دوژمـن پێکیـاگم/وەک سـەوزەی بەهـار وە پـا شێلیاگم) «ئەهوەن»،٣. ناوی کوڕانە.

**ئەهوەند**: ئەهوەن.

**ئەهۆی**: هۆهۆ، هۆ، هۆو، بۆ بانگ‌کرنی دور.

**ئەهەک**: ١. ئـاهەک، ئەهـاک، قسـڵ،٢. وشـەی سەرســـڕمەنین: (ئەهەک مالـــد برمـــێ ئەڕاێ درووەگەد).

**ئەهەی**: ئەهـۆی، هـۆی: (دیـک گـۆتێ: ئەهەی دەرەوین/ ئەهەی فێلبازێ خاپ‌خـاپین) «پەرویـز جیهانی».

**ئەهێـو**: هەیهـۆ، وشـەی گـاڵتە و گەمە: (ئەهێـو

تەڕت پێکا).
**ئەی**: ١. هەی، وشەی گازی کرنە: (ئەی بابە سووتام) ٢. ئەدی، پەس: (ئەی کەی دێت؟) ٣. مەگە، مەگەر: (ئەی نەمگوت مەچۆ؟) ٤. ئەم، ئەمە، یە، ئەیە: (بووە وە باعیس ئەی نیم‌گیان سەخت/ سا بەڵکە نەمرۆ «مەعدوومی»ی بەدبەخت) «مەولەوی»، (جاریٚ‌تر ئەی قسە مەکە) ٥. بۆ سەیرمان: (ئەی کە سەبرە!) ٦. ئۆف، ئاخ، وشەی کوڵ و داخە: (ئەیڕۆ، ئەیماڵی ویٚرانم!) ٧. ئامرازی کەرەستەیە،٨. بەڵێ، ئەریٚ، ئا، ئای، ئەم،٩. ئەو: (قاسد! شۆ وە لای ئەو نەونەمامە/ چون یاوای، پێشدەر ئەی جواو نامە) «مەولەوی»، ١٠. ئەی کەسێکی: (ئەی دیدەیێ دل نەبوویی مەفتوح/ ئینکار نەکی تەجەللی‌یا ڕوح) «خانی».
**ئەی!**: دەی!
**ئەیٚ**: ئەی، ئەم: (ب خوەدێ ئەیٚ سبێ وسا بینم سەریٚ وە) «پەپووک».
**ئەیا**: ١. دایک، دایە، ئۆدا، ئایە،٢. ئەی، هەی: (میر گۆ: قە ددم ئەیا بەدئەختەر/ تاجدین و مەمێ ب تەختێ قەیسەر) «خانی».
**ئەیاخ**: ئەیاغ، قرپۆک، قرپۆل(میوە).
**ئەیار**: ١. ئەیارە، پێوانە، پیڤان،٢. مانگی «مایس»ە، لە نێوان خاکەلێوە و گوڵاندا ٣١ڕۆژە: (سوێندم بە یەکەم جێژنەکەی ئەیار/ سوێندم بە هێزی چینی کرێکار) «بۆکوردستان».
**ئەیاردە**: وەرگێڕدراوی کتێبی زەند.
**ئەیارشیر**: ١. مەشکە،٢. ئەیارەی تایبەتی شیر لە پێستە.
**ئەیارشیرک**: عەیار شیرک.
**ئەیارشیریک**: خیگە یا کوندەیەک بۆ پێوانی شیر بەکار دەبرێ.
**ئەیارە**: عەیارە، عەیار، ئەنازە، پێوەر، پێوانە، پەیمانە، سەنگ، پێست، خەز.
**ئەیاریپەنیری**: کوندەیەکە لە پێست بۆ پەنیر.
**ئەیاریشیری**: ئەیار شیر، ئەیار شیریک.
**ئەیاز**: ١. وەزیرە بە ناوبانگەکەی سوڵتان مەحموودی کوڕی سوبوکتەگینی غەزنەوەی‌یە، هەر ئەو کەسەیە بە ناوی هەیاس ناوی دەرکردووە: (ویٚت تەنیا ئەیاز مەحموود نەزانی/ من شەیداتەر بیم پەریٚت پەنهانی) «مەولەوی»،٢. مەبەس لە ناوی خۆی «مەولەوی» بووە: (ئەیاز هەمراز ناڵە و ئاخ و دوود/ عەرزش هەن وە خاک ئاسانەی مەحموود) «مەولەوی».
**ئەیازبەگ**: گەڕەکێکە لە شاری سەقز.
**ئەیازو**: ناوە بۆ پیاوان: (چوخێ منۆ، چۆخێ تە ئەیازو/ ژ هریا بەرانان، بەرانێن زۆزانان/ زەری‌یا ئەسمەران، پەریا ڕستن/ ڕوندک لێ ڕشتن/ ب بەبینان، ب نێرگزان) «سندی».
**ئەیاسی**: پەردەی گەمێیانە.
**ئەیاغ**: ١. لاواز، لاک، لەڕ، چروک، قرپۆک ٢. ڕەهەند، ئەیاخ، گونجەی پیساو، قۆرمچی، ریٚکا ئاڤا پیس،٣. پیاڵە، کاسە، دەفری مەی: (سووتاوە دەروونم وەرن ئەی موتریب و ساقی/ تۆ لێدە لە تەنبوور و ئەتۆش پڕکە ئەیاغان) «وەفایی»،٤. لاق، پیٚ،٥. کۆنە، خراپ، ئایەخ: (ئەیاغەکەی لێ هەڵبژێرە).
**ئەیاغچی**: ١. دێیەکە سەر بە ناوچەی کولتەپەی جانگیزخان،٢. مەیگێڕ، ساقی،٣. ئاوگێڕ،٤. بەپێوە، لەسەرپێ،٥. چەرچی،٦. کۆنەفرۆش، سمساری.
**ئەیاغسو**: شارێکە لە باکووری کوردستان سەر بە پارێزگای موش.
**ئەیالەت**: ١. شارستان، شارسان، شار و دەردۆرا شار، ٢. ناوچە، مەڵبەند،٣. پێکهاتەیەکی بەڕێوەبەرایەتی بوو لە سەردەمی عوسمانییەکان لە ٢٦ لیوا دروس ببوو،٤. مەڵبەندی والی‌نشین: (سولتانێ ویلایەتێ مەحەببەت/ سەرخەیلێ

ئەیالەتێ مەوەددەت) «خانی».
**ئەیـــان**: ١. دیـــار، ئاشـــکرا، خویـــا: (دار ب بەرێ خوەڤە ئەیانە، مـرۆڤ ب نـاڤێ خـوە) «پەنـد».٢. یانە، ئەمانە.
**ئەیانە**: ١. ئەمانە.٢. ئەوان، ئەوانە، هۆوانە.
**ئەیئا**: ئائێد، نەتوانین.
**ئەیئـــاوێنەیدولبەری**: نـــاوی گـــۆرانییەکە: (ئەی ئاوێنەی دولبەری/ خاڵداری زولفت گرێ/ ڕووی خـۆت بێـنە بەم لاوە/ بـا هەناســەم نەتگـرێ) «حەسەن زیرەک».
**ئەیئەی**: ١. بەڵێبەڵێ، ئەرێئەرێ، بـۆ وەرام.٢. ئایئای، ئالاڤێ سەرسوورمانە.
**ئەیئێرانخۆشەگەرمێن**: نـاوی گـۆرانییەکە: (ئەی ئێران خۆشە گەرمێن، سێقەد لێی هاڵاند پشـتێن) «ماملێ».
**ئەیب**: عەیب، عار، شەرم.
**ئەیبابمبی**: وشـەی هـاندانە: (سۆفی: ئـای لە چـاوی منـت کەوێ، ئەی بـابم بـی ... کـوڕە) «ئەمیری».
**ئەیبراوو**: ئەی برادەر: (لێ موخابن ئەی بـراوو پێش بەراهی بانگێ دای) «سندی».
**ئەیبوبیئەنسار**: کێویکە لای بیجاڕ.
**ئەیبۆهەلامە**: ناوی گـۆرانییەکە: (ئەی بـۆ هەلامە شیرین هەلامە/ ئەرێ بەو دەسرەی دەستت/ گیان دەی دەی کفنم تەمامە) «حەسەن زیرەک».
**ئەیبەنـــاز**: هەوایەکـی گـۆرانی کـوردییە: (ئەی بەناز، ئەی بەناز/ چاو جوان گیان مەمکوژە بەناز) «حەسەن زیرەک».
**ئەیتە**: جەندرمە، ژاندارم، پۆلیس، هەیتە.
**ئەیجار**: ئەمجار، ئەوجار.
**ئەیچو**: سە چو، ئێتر چۆن؟
**ئەیچە**: ئەیچی، ئەدیچی، ئەدیچ.
**ئەیچە**: ئەنوچە، ئەدیچە.
**ئەیچەمەر**: ئەی چێ، هەی لەم ماڵوێرانییە.
**ئەیچی**: ئەیچە، ئەدیچی.
**ئەیچێ**: ئەی چەمەر.
**ئەیخاڵیڕێبوار**: نـاوی گـۆرانییەکە: (ئەی خـاڵی ڕێبوار، گیانە ڕێـم کەوتە دۆڵـێ/ تووشـم بـوو بە تووش هەوری لە کۆڵێ) «ماملێ».
**ئەیختەن**: ئەیەختەن.
**ئەیخاوەرخاوەر**: گۆرانییەکی هۆرامییە.
**ئەیخزمینە**: گۆرانیەکی کوردییە: (ئەی خـزمینە مەنعم مەکەن/ وەسفی چاوی جـوانم بـۆ بـکەن) «ع. مەردان».
**ئەید**: جەژن، عید، عەید: (ڤێین تێکەڤە مالا مـن/ دۆرا من تۆپ بن منمنیک/ بخوینە بلبل، بانگ دە دیک/ دیسا هەر سالێ بکە ئەید) «سەنار».
**ئەیدانە**: عەیدانە، جێژنانە.
**ئەیدرێغا**: داخەکەم، حەیف: (ئەی درێغـا سـەد کەڕەت مووسا بە بێتابی شکا!) «وەفایی».
**ئەیدز**: ئێدز، نەخۆشی ئێدز.
**ئەیدزی**: دوچاری ئێدز هاتگ.
**ئەیدلبەرێ**: ناڤێ ڤێعرێکی فەقێ تەیـرانە: (ئەی دلبەرێ، ئەی دلبەرێ/ وەی نـازکێ دێـمقەمەرێ/ قـامەت ژ مـووم و فەنەرێ/ وێـران ئەزم، مـالم خەراب) «فەقێ تەیران».
**ئەیدەر**: ١. ئێرە، ئەگرە.٢. ئێستا، نهۆ.٣. ئەوە.
**ئەیدی**: ئێدی، ئالاڤێ پێڤەگرە.
**ئەیر**: ئاور، ئاگر، ئێگر.
**ئەیردانە**: ئێرە، ئەگرە.
**ئەیرگێر**: گڕەبەرە، ئاورگر، زوو ئاگرگر.
**ئەیرۆ**: ئەیەڕۆ، ئایڕۆ، وەیڕۆ، ئەیشـێرە، وەیشـێرە، شێرە، کەسسێ، کەسێ، قەدکەسێ، ئەیقەدکەسـێ، هەیـڕۆ، هـاوا بە مـاڵم، وشـەی سەرسـوڕمان یـا پێناخۆشییە پتر ژنان بەکاری دێنن: (ئەیڕۆ خـانم گیـان تۆخـوا بـۆ دۆعـای شـەڕ لە هاوماڵەکـان

دەکەی؟) «گەدا».

**ئەیڕوو**: هەیڕوو: (ئەیڕوو برام بمریّ).

**ئەیرە**: ئیّرە، ئەگرە، ڤیّریّ.

**ئەی‌ڕەفیقانی‌تەریقەت**: گۆرانییەکە «سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی» خوندویەتی: (ئەی ڕەفیقانی تەریقەت دەردی عیشقم چارە کەن) «سەید عەلی ئەسغەر».

**ئەی‌رەقیب**: سرودی نیشتمانی ئەی‌ڕەقیب بۆ نەتەوەی کورد: (شاعیر و شیّعر و سروودی ئەی ڕەقیب/ بۆ برینی دڵ، بە دڵ، ببنە تەبیب) «ڕاوچی».

**ئەیرەکلیّ**: گەمەی بە ئاور، ئاتەشبازی.

**ئەیرەیی**: ئیّرەیی، خەڵکی ئەگرە.

**ئەیرەیین**: خەڵکی ئەگرەم.

**ئەیرییەنە**: ئیّران.

**ئەیزەد**: ئیزەد، خودا، خودیّ.

**ئەیزەدی**: ئیّزەدی، یەزیدی، یەزدان‌پەرس، خودایی، خوداپەرست.

**ئەیژوت**: ئەیژیّ، ئەداتەوە: (میوانەکە جواو ئەیژوت: کش کش دادە زارا، لەی دانەم تا ئەی بەهارە) «چارداوڵی».

**ئەیژون**: ئیّژن، دەڵیّن.

**ئەیژی**: ئیّژی، دەبیّژی، دەڵیی، ئەڵیی، چما، چمان، چما ئەیژی، وائەزانی، وابزانم.

**ئەیژیەت**: ئەژی، دیێ: (وە هەر قیمەتیّ بویژن، ئەیژیەت).

**ئەیسان**: ئایسان، گڕگرتن، سووتان: (زەیتیّ مە و ئاگریّ مە دیسا/ بەربو مە و دل مە پیّ ئەیسا) «خانی».

**ئەیساند**: ×٥٤١ جزیری×

**ئەی‌سووتام‌وەی‌برژام**: گەمەیەکی منداڵانە.

**ئەی‌شوودە**: یەکیّ لەو کتیّبانەی کە فەقیّ و سوختە کاتی خۆی خویّندویانە×: (ئەمجا خویّندن بوو بە وردە کتیّبی وەکوو ناگەهان، جورم‌بەخش، ئەی‌شوودە، سمایل‌نامە و وەفات‌نامە) «ڕاوچی».

**ئەیش‌وەیش**: ئاخ‌ئاخ، ئاخی زۆر: (وەکی تشتەک ژ دەستیّ تە چوو، ئیدی ئاخ ئاخ و ئەیش وەیش نەکە) «سەنار».

**ئەیشەرومەیشەر**: شین حەسەن و حسەیّن.

**ئەیشیّرە**: ئەیڕۆ، هەیڕۆ.

**ئەی‌شیرین**: ناوی گۆرانییەکە: (ئەی شیرین جوانی تۆی مەریوانی/ دانیّ ڕانەکەو سەر بنمە بانی) «ڕەزازی».

**ئەیڤەز**: ساز، ئامادە، حازر، تەیار: (ئەز ئەیڤەزم بیّمە نک تە).

**ئەیڤەزاندن**: ئامادەکردن، بەرهەڤکرن.

**ئەیڤەزبوون**: ئامادەبوون: (مللەتیّ مە پر ئومیّد و ئەیڤەزە/ بۆ خەباتیّ تیّهنی‌یە لەو ییّ بلەزە) «سندی».

**ئەیڤەزین**: سازبوون، تەیاربوون، تەیاری.

**ئەیقەدکەسیّ**: ئەیقەدکەسیّ، ئەیرۆ.

**ئەیّ‌کی**: ئەنوکی.

**ئەی‌گوڵ‌ئەی‌گوڵ**: ناوی گۆرانییەکە: (گوڵیّ‌گیان نامەویّ ئیتر بت‌بینم/ چون ئەگەر دەتبینم پەست و خەمگینم/ .../ ئەی گوڵ، ئەی گوڵ) «حەسەن زیرەک».

**ئەی‌گوڵ‌لەسەرچلانت**: ناوی گۆرانییەکە: (ئەی گوڵ لە سەر چلانت، لە سەر چلانت/ بووین بە باغەوانت، بووین بە باغەوانت) «مامليّ».

**ئەی‌گوڵی‌من**: ناوی گۆرانییەکە: (ئەی گوڵی من، سونبولی من/ تۆی هیّلانەی سەر چلی من) «حەسەن زیرەک».

**ئەیلا**: ئیلا، ١. ئەملا، واژی ئەولا.٢. ئەولا.

**ئەیلاتر**: ئەملاتر، ئەم‌تەرەفتر.

**ئەی‌لادە**: سترانەکی کوردییە: (ئەی لادە، ئۆف

لادە، دەی لادە، برام لادە) «حەسەن زیرەک».
**ئەیلامان**: ئەملامان.
**ئەیلاوئەولا**: ئەملاوئەولا.
**ئەیلۆ**: ١. ئەلهۆ، هەڵۆ، تەیرێ کەلەخان،٢. بچکۆلەی قشت و جوانکیلە(کچ) ٣. گەلۆ، بۆ هەراکردن لە کۆمەڵێ زەلام بەکار دەبرێ.
**ئەیلوول**: ١. مانگی نۆی خاچپەرستان، لە نێوان رەزبەر و خەزەڵوەرا: (عاسمانی شینی ئەیلوولی قژ زەرد/ نازانی تینووی فرمێسکە ڕووی هەرد؟) «گۆران»،٢. بەو شۆڕشەش دەگوترێ کە لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ لە کوردستانی عێراق هەڵگیرسا: (ئەی شورشا ئەیلولا موبارەک/ گریا مە تێتن ئەڤرۆ ب جارەک) «سندی».
**ئەیلوول**: وشەی بەزەیی پێدا هاتنە.
**ئەیلۆیێ‌پیر**: ١. پیرەهەڵۆ، هەڵۆی پیر ٢. چیرۆکێکی دڵتەزێن و هەستڕوشێنی بەسەرهاتی کوردانە.
**ئەی‌لەگوڵ**: ناوی ئسنرانەکە: (ئەی لە گوڵ، گیان لە گوڵ/ لەبەر عەرز و دادی دڵ) «حەسەن زیرەک».
**ئەی‌لەمینا**: ناوی ئسترانەکە: (ئەی لە مینا لێ بە قوربان، بە چاو شەڕ دەکا) «حەسەن زیرەک».
**ئەیلێ**: گەلۆ، بۆ گازی‌کرنا ئافرەتان بکار تێت.
**ئەی‌مبارەک‌لەبووکێ**: ناوی گۆرانییەکە: (ئەی مبارەک لە بووکێ زاوا زێڕینە/ جا لە حەوشەی ماڵتان، شایی و هەڵپەڕینە) «ماملێ».
**ئەی‌موتریبی‌حەریفان**: ناوی گۆرانییەکە: (ئەی موتریبی حەریفان/ دەس کەن بە نەغمەخوانی) «حەسەن زیرەک».
**ئەی‌مەستی‌مەستی**: گۆرانییەکە: (ئەی مەستی مەستی مەستی، شەدە شل‌شل دەبەستی) «ع. مەردان».

**ئەیمەن**: ١. ئارامی، هێوری، هێمنایەتی،٢. ساغ، سالم،٣. ڕزگار، ڕاهی،٤. پارێزراو، ئەمین، بێ‌ترس: (لە عیشوەی پڕ فەنی دنیا مەبە ئەیمەن، کە وەک نۆشی/ بە تەفرەی مەی بە سەد دانا قەرابەی زەهری نۆشیوە) «مەحوی»،٥. ئارام، هێور، لەسەرەخۆ: (حەبسی منی ئەیمەن بە خودا دوورە لە ئینساف/ ئەم مورغە بەبێ قەید و قەفەس ڕامە هەموو دەم) «سالم»،٦. جێگەی هەرە پیرۆز،٧. ئەو شوێنەی حەزرەتی مووسا تێیدا قسەی لەگەڵ خودا کرد: (گەر لە «ئەیمەن»ڕا تەجەللای ڕووی تۆی دیبا «کەلیم»/ بۆ بە شەو هێندەی مەسافەت، بۆی دەچووە سەر کێوی «توور»؟) «ئەدەب»،٨. ناوی کوڕانە.
**ئەیمەن‌بوون**: تەنابوون، دڵنیابوون: (میرزا وەرە لێم لادە، دەستی من و دامانت/ ئەیمەن مەبە لێم، نەک بێم یەک دەفعە بە مەیدانت) «سالم».
**ئەین**: ١. هەینی، هەین، جمعە، ئادینە، ئەینی،٢. عەین، وەک، وەک‌یەک، یەکجۆر، جۆرێک: (وی ب ئەینێ چاپێ تەنە نەدکری) «پەپووک»،٣. ئاین، دین: (ڕۆژ ڕۆژی ئەمنیەقرانە/ مەپارێزن ئەمنیە/ چونکە ئەینیان نییە) «ئاوێنەی‌بێگەرد».
**ئەێن**: وەک، وەکوو، ئەنەهوو.
**ئەینا**: دەنا، دەنانا، ئەدی‌نا، چۆننا، ئەگینا، ئەگەرنا.
**ئەیناوا**: گوندێکە لای بیجاڕ.
**ئەینک**: عەینەک، جام، ئاوێنە.
**ئەێن‌مەێن**: فیت میت، ئەنەهوو.
**ئەینوو**: هەینی، ڕۆژی جومعە.
**ئەینە**: ئەوێ، ئێنە، ئەوێندەرێ.
**ئەێنە**: نە، نەلێوا.
**ئەینی**: ١. هەینی، جومعە، هەفتە، ئەین، هەینو، (ئەینی باری، شەمبی تێتە هاری، یەک‌شەمب فەلە چۆ پاری) «مەتەڵ» ٢. هێمن، هێدی،٣. ناڤێ

مێرانە.

**ئەینیٚدەمیٚ**: دروست لەو وەختەدا، لەو کاتەدا: (د ئەینیٚ دەمیٚدا ژی ل ژنێن تازی تەماشا دکر) «پەپووک».

**ئەیوا**: وایە، ئەدی وایە.

**ئەیواخ**: ئاخ، داخ: (ئەیواخ دلۆ).

**ئەیواس**: ناوی زەلامانە.

**ئەیوان**: ١. دیوەخانی شا: (سەر و ئەیوانیان ئێستا کەلاوەی کوندەبوو و جوغدە/ ئەگەر مەیدان و دیوانە، سەراپا بوویتە جێی دۆمان) «حاجی قادر»،٢. هەیوان، بێلایی، بەربێلایی، بەرسڤک، هێوان: (بێتە ئەیوانیٚ ژ خلویٚ حۆریا قودسی سروشت/ سەد هەزاران حۆری قودسی تێن لیقاییٚ راست و چەپ) «جزیری»،٣. تاقی کیسرا: (شەقاوەت بوو بە دوودی و داخیلی کوورەی زەلالەت بوو/ ئەمارەت خوسری خوسرەو، کەسری کیسرا، شەققی ئەیوانە!) «نالی»،٤. باخشا، ناوی شارێکە لە پارێزگای ئیلام، خوار کرماشان: (شەماڵ وە ئەیوان، شەماڵ وە ئەیوان/ دەسم ئامانت مەچی وە ئەیوان) «خانمەنسوور»،٥. ناڤیٚ مێرانە.

**ئەیٚوان**: ١. هەیٚوان، واین×،٢. ئیوان، شارێگە لە پارێزگای ئیلام، ناو زونەی باخ شا بویە،٣. تایٚرمە، وەرتایٚرمە.

**ئەیٚوانی چڕ**: یەکیٚ لە بەزمەیل هوورەس.

**ئەیوای**: وەیوای، وەیوا، هەیٚوای.

**ئەیوب**: ١. کەسێک بووە لە سەبرا ناوی هەبووە×: (لە عەشقا هەر منم هامدەرسی مەجنوون/ لە سەبرا هەر منم ئوستادی ئەیوب) «سالم»،٢. ناوە بۆ پیاوان.

**ئەیوت**: دەیگۆ، ئەیکوت، ئەیگوت، مواتش.

**ئەیٚوەرەوەرەگەوهەریٚ**: ناوی گۆرانییەکە: (ئەی وەرە وەرە گەوهەریٚ/ لێم گەڕیٚ وام بەسەریٚ) «ماملیٚ».

**ئەیٚ وەڕیٚ**: دەسد خوەش: (تا دامە لیٚ مرد، ئەیٚ وەڕیٚ).

**ئەیٚوەیلەرزانە**: ناوی گۆرانییەکە: (ئەی وەی لەرزانە ناسک لەرزانە/ هەڵدەگرم برنەو شەڕە لە بانە) «حەسەن زیرەک».

**ئەیٚوەیلەگوڵ**: هەواییٚکی سترانە: (ئەی وەی لە گوڵ، خونچەی سەرچڵ/ دەپسێنی ڕیشەی بەندی دڵ) «حەسەن زیرەک».

**ئەیٚوەیلەلەنجەیە**: ناوی گۆرانییەکە: (ئەی وەی لە لەنجە و هاوار بە ماڵم/ ئنتیزاری چاوی کاڵم) «ماملیٚ».

**ئەیٚوەیلەنجەیە**: ناوی ئسترانەکە: (ئەی وەی لەنجەیە و خانم لەنجەیە/ لەنجەی بە سەری پەنجەیە) «حەسەن زیرەک».

**ئەیە**: ١. ئایا، داخۆ، داخوا، ئایا وانیە؟، بۆ پرسیار،٢. ئەمە، ئەڤە، یە، ئەمیەکە، بۆ نزیک،٣. ئەگەر یە: (ئەیە تووای پوڵ فێشتریٚ بیٚە).

**ئەیهام**: هێما، ئاماژە، درکە، ئیشارە.

**ئەیٚهاوار**: هەیٚداد، هەیٚهاوار، ئایٚوای، ئەیٚداد، وەیٚداد، وەیٚهاوار، ئەی داد و بێداد.

**ئەیەت**: دیٚت، دیٚ، ییٚ، ییٚت، دەگاتە ئەگرە.

**ئەیەختەن**: ١. ناڤیٚ خوەدیٚ،٢. بیٚشەریک.

**ئەیەر**: ئەگەر، ئەر: (ئەیەر باوەڕت هەس وە حەرف بەنە) «ئاوێنەیبێگەرد».

**ئەیەرۆ**: ئەیرۆ، وشەی سەیرمانی ژنانە: (گووشی مەمکۆڵەی وەک زەردەلیمۆ/ بڕا لاکەوە، مەکە، ئەیەڕۆ) «هێمن».

**ئەیەش**: ئەمەش، ئەم یەکەش.

**ئەیەکە**: ئەم یەکە، ئەمە.

**ئەیەلۆ**: بۆ دواندنی منداڵی خشپیلانە.

**ئەیەن**: ١. دیٚن، تیٚن، ییٚن،٢. جێناوی کەسێتی سێهەم کەسی کۆ.

**ئەیهۆ**: هەیهـۆ، هەیهـوو، ئەیهـوو، بـۆ دەربڕینـی نارەزایەتی دەبێ.
**ئەیەو**: ئەدەب، ئەدەو.
**ئەیهـوو**: ١. هەیهـات، دووره، هەیهـوو، وشـەی هەرگیز نەشیاو،٢. بۆ ڕابردووی زۆر کۆن بەکاری دێنن.
**ئەیهوو**: ئەیهوو.
**ئەیهووت**: چلەی بچوک.
**ئەیوەختانە**: هەر ئەم کاتە: (سو ئەی وەختـانە موسابقە ئەدەیین).
**ئەیوەختەلە**: ئەم کات و ساتانە.
**ئەیهۆهەیهۆ**: ئەیهۆئەیە، ئەیهۆ.
**ئەیەش**: یەیشە، ئەمیشە.
**ئەیەی**: دیێ، تێی.
**ئەیەیشە**: ئەیەیش.
**ئەیەینەو**: دەگەڕێینەوە.
**ئەیی**: ١. بەڵێ، ئەرێ، ئم، وایە، واسـە، ئەییـی ٢. کەوابو، کەواسە، کەوایە.
**ئەیار**: ژن و کچی لە جۆش و حۆقەباز.
**ئەیارانیـاران**: نـاوی گـۆرانییەکە: (ئەی یـاران یاران یاران، دوور بووم لە یاران) «مامڵێ».
**ئەیارئەیار**: هەوایێکی سترانە: (ئەی یـار ئەی یـار ڕۆیـی یـارم/ بـێ وی تـاریکە ڕۆژگـارم) «حەسەن زیرەک».
**ئەیارم**: نـاوی گـۆرانییەکە: (ئەی یـارم، وەی وەی یارم، دڵبەری کیژۆڵەی وەفادارم) «مامڵێ».
**ئەییـام**: ئەیـام، ڕۆژگـار، سـەردەم: (لە ئەییـامی حەیاتی شێخی خـانی/ لەسـەر نوسـخەی خەتـی ئەو نووسراوە) «حاجی قادر».
**ئەییساندیم**: سوتاندمی✕: (ئەییساندیم ژ ئەنـوار و سوری شوبهی شەمالێ) «جزیری».
**ئەیینی**: ئەڤینی، ئەوینی، دڵـداری، خۆشەویسـتی، مێهر، حەزلێکردویی.
**ئەییبـــوبی**: ئیشـارە بە سـەلاحەددینی ئەیـوبی: (ئەییوبی ڕۆژێ بوو کە شوعاعی گەیشـتە میسـر/ بتلـــیس بەدرێ بـــوو کە بـــووە ســـایەبانمان) «حەمدی».
**ئەییەک**: ئەم یەکە، ئەم کەسە: (سـاقی جـام وە دەم ئەی یەک مەڕێـزۆ/ نەشـئەی مەی نە دڵ ئەو یەک مەخێزۆ) «مەولەوی».
**ئەییەی**: بۆ سەرسووڕمان بەکارێ دێنن.
**ئەییی**: ئەدی، ئەی، بەڵێ، لە کاتی باوەڕ نەکـردن یا قەشمەری بەکاری دێنن.
**ئی**: ١. هی، هین، هـن، ئـێ، وشـەی مڵکـایەتی: (هاوار بکەین ... ئەو نیشتمانە/ ئی منە، ئی تـۆیە، ئـی باپیرانمـانە) «چـاک»،٢. ئەم، یە، ئەیە: (ئیسـە بووڵ دەرد کەرۆ وە سەردا/ دەک سـڵامەت بـی، چیـت ئـی خەبەر دا) «مەولەوی»،٣. بـۆ پرسـیار: (ورچـێکم کوشـت. ئـی؟!) ٤. لە سـوریەدا بـۆ نێرینـان بەکـار دەبـرێ: (ئـی ئـاوەدانە لە زگـی خۆیدا) ٥. ئەوەی، ئەو کەسەی: (ئی ڤە خزرێ را دڤێت ئاڤا حەیاتێ بت نەسیب/ دێ ب سـەعی و جەهـد یەکسـان بـن ل بـال وێ روز و شـەب) «جزیری».
**ئیبتۆک**: مزگێنی، مژدە، موژدە.
**ئیبراهیم**: ١. حەزرەتـی ئیبـراهیم: (ئەو نـوور ژ نەسلێ ئیبراهیمە/ پێغەمبەرە ئەو قەوی حەلـیمە) « یۆسـفوزولەیخا»،٢. ئیبـراییم، بـرایم، بـلە، بلـۆ، برایمۆک، ئیبۆ، ئیباو، ناوی کوڕانە.
**ئیبراهیمـــاوا**: دێـیەکە لە دێکـۆی قوڕووچـای ناوچەی قوروە.
**ئیبراهیمئابـــاد**: ١. گونـــدی ئیبراهیمـــاوا،٢. گەڕەکـێکە لە کرماشـان✕: (دووس وە وەخـت تەنگ مەکەی یاد دووس/ لە ئیبراهیمئاباد چـووم

وەرەو سیرووس) «چەپکەگوڵ».
**ئیبراهیمئاغا**: گوندێکە لە نزیک چەمچەماڵ.
**ئیبراهیمغوڵام**: گوندێکە لای توزخورماتوو.
**ئیبراهیمی**: جۆرێ مقامە.
**ئیبرایمئاوا**: ١. گوندێکە لای بیجاڕ،٢. مووچەیەکە لای بیجاڕ.
**ئیبراییم**: ئیبراهیم، برایم، بلە، ناوی پیاوانە.
**ئیبریز**: زێڕی پاقژ، زێڕی خالیس، شمش.
**ئیبریق**: ١. ئافتاوە، لولێنە،٢. بریتی لە کیر: (ئینزالێ لەگەل، نزوولێ ئیبریق/ تەسعید کرن ب قەرع و ئەنبیق) «خانی».
**ئیبریک**: کووزە، گۆزە، ئاوڕێژ، دەفری ئاف.
**ئیبزیم**: ئابزۆنە.
**ئیبشە**: دەیووس، بەدکار، گەواد، ناپیاو.
**ئیبل**: بلە، برایم، کورت کراوی ناوی ئیبرایمە.
**ئیبلیس**: ١. خودای شەڕ و خرابی: (بەدخواهی‌یە و نیهادی پیس/ باری لێکدانەوەی ئیبلیس!) «گۆران»،٢. شەیتان: (وەها پڕ فیتنە بوو عالەم کە ئیبلیسێکی وەک ئیبلیس/ نەماوە مەئمەنی غەیری کڵێشە و کەڵکەڵەی مەخلووق) «مەحوی»،٣. درۆزن، دووزمان.
**ئیبن‌عەباسی**: ئیبنوعەباسی: (مەلا سەعیدێکی ئیبن عەباسی هەبوو) «ڕشتەی‌مرواری».
**ئیبنوسیرین**: زانایەکی ئیسلام بووە لە لێکدانەوەی خەون ناوبانگی بووە: (من خەوی ئەو چاوە عەرزی ئیبنوسیرینم کرد/ نووست و فەرمووی هیچ کەسێ تەفسیر و تەعبیری نەکا) «حاجی قادر».
**ئیبنوعەبباسی**: تیرەیەکن تفیان دەرمانی مارە و خوێنیان دەرمانی هارە.
**ئیبنوعەجەری**: ××: (چ بکەم بۆ برایەکی دای و بابی/ بینێرمەوە لای مەلا گچکەلانەکەی کۆیە/ بۆم بڕوانێ ئیبنوعەجەری، بزانێ بە لای مردنێ‌دایە یان بە لای ژینێ) «گەنجی سەربەمۆر».
**ئیبۆ**: سوکەڵەی ناوی ئیبراهیم.
**ئی‌پائەوپا**: ١. پاوپا، کەوش لنگ وەلنگ،٢. دەس‌دەس، ڕێ‌ڕێ، دوودڵی.
**ئی‌پائەوپاکردن**: دەس‌دەس کردن.
**ئی‌پاوئۆپا**: ئەم پێ و ئەو پێ لە کەوش‌دا.
**ئیپراخ**: ئەپراغ، دۆڵمە: (کابرا گۆتی باش ئەوە کو بچمە سیکێ و هندەک گۆشتی و سەرەکەکێ کەلەمیێ بینم بۆ مە ئیپراخ) «گولواز».
**ئیپراغ**: یاپراغ، ئاپراغ.
**ئیپلیک**: کەسمە، کەرسمە، دەردێکە لە ناف لووتی ئاژەڵ دەردێ.
**ئیپە**: هیریە، هیپە، دڤێلە چەرمی، بەنی قایشی جووت، بەندی قایشەنیر.
**ئی‌پەڕ**: ئەم پەڕ.
**ئی‌پەڕۆ**: ئەم پەڕەوە.
**ئی‌پەڕین**: ئەمەی ئەم پەڕ.
**ئی‌پەڕینە**: ئەمەی ئەم پەڕ.
**ئی‌پەڕینی**: ئەمانەی ئەم پەڕ.
**ئیپەک**: ئاوریشم، هەورێشم.
**ئیت**: هێت، جووت، جۆت.
**ئیتاج**: ئیحتیاج.
**ئیتاجکەر**: ئیحتیاجکەر: (بزانە بەدبەختی شێر ئیتیاجکەرە) «چارداوڵی».
**ئیتاعە**: گوێڕایەڵی، بە قسەکردن: (ئیتاعە لە ماموستا واجبە، تۆفیقە سەرکەوتنە) «ڕاوچی».
**ئیتر**: ئێدن، ئیدیکە، ئیدی، کوڕ، ئیکە، جا، ئینجا، بۆ دووماهیا تشتەکی یا دەس‌پێکرنا کارێکی.
**ئیتراز**: دژایەتی، بەرهەڵست: (ژن دیسا ئیتراز دکر) «پەپووک».
**ئیتراک**: زەندەق، زەراف، زراو، زراور، کەرب، ئەترەش.
**ئیتراکمتەقی**: ئیتراکمچوو.

**ئیتراکمچوو**: زەندەقم چــوو، زراقــێ مــن پەقــی، کەرب لێ ڤەبوون، کەربێ ئەز ڤەبوو.

**ئیترم‌نییه**: ئیتر نیمه: (بڕوانه سووتنم، وەره، بــڕوا کە مــن نەمــام/ پەروانه ئیتــرم نیــیه پەروا کە مــن مردم) «مەحوی».

**ئیتروەسشا**: ئیتر بەسیەتی.

**ئیتریس**: ۱. ڕەزاگران، خوێنتاڵ، جێ‌ڤێز،۲. پارێز.

**ئیتریس کەر**: پارێزکەر.

**ئیتریس‌کەردەی**: پارێز کردن.

**ئیتریس کەره**: پارێزکەر.

**ئیتریس‌نەکەردەی**: پارێز نەکردن.

**ئیتریس‌وەنەکەردەی**: لێ‌کردن، لێ‌چوون.

**ئیتفات**: لوتف، مەرحەمەت.

**ئیتفـــــاق**: ۱. یەکیەتــی، یەکێتــی، هاودەســـی، هاوڕازی، هاوکاری: (بــا بنــاڵێنم لە داخــی ئیشــی چەرخی کاری پــووچ/ بــۆ نەمــانی بــازە ئەمــڕۆ، ئیتیفـــاقی پـــۆڕ و زاخ) «قـــانع»،۲. ڕێـــکەوت، هەڵکەوت، پێشهات، تەسادوف.

**ئیتفاقی**: هەڵکەفت، دەگمە، دەگمەن، ڕێکەوت، نایافت، کەم.

**ئیتقات**: باوەڕی، باوەڕ، بڕوا، ئیمان، متمانه.

**ئیتلاع**: ئاگایی، ئاگاهی، زانیاری، عیلم.

**ئیتلیس**: ڕەو، سڵ، دووری، دوورەپەرێزی.

**ئیتمینان**: دڵنیایی، دڵگەرمی، بــاوەڕ، بــڕوا، بــایق، متمانه، ئاسوودەیی.

**ئیتوار**: بڕوا، متمانه.

**ئیتـوان**: جۆتکار، جۆتیــار، هیــتەوان، هیــتوان، وەرزێڕ، فەلا.

**ئیتۆن**: کوێر، کۆر، نابینا، شڤرەشکی.

**ئیتیفاق**: ئیتفاق.

**ئیجـــا**: ئەڤجــا، ئەوجــا، ئەمجــار، ڤێجــا، ڤێجــار، ئێکجار.

**ئیجـــاب**: پێویســـت، پێویســـتی، لازم: (حوســـنا حەبیب و لوتفێ یــار، ئــاڤێتە دل عێشــقا غەددار/ لەو سەلب کر ئێختیار، وێ حوسنێ ئەڤ ئیجــاب دا) «جزیری».

**ئیجاب کەردەی**: پێویست کردن.

**ئیجاب‌نەکەردەی**: پێویست نەکردن.

**ئیجابی**: ئەرێنی، موسبەت.

**ئیجات**: ئیجاد.

**ئیجاخ**: ئێل، هۆز، تیره، مالبــات، بنەمــاله: (کەس بێ ئیجاخ نابیت شاخ) «پەند».

**ئیجاد**: ۱. بونیات، بنیات، کاری ئاوەدان کــرنەوه، ۲. پەیدا، پەیا: (گاڤا ژ عەدەم خودێ کــر ئیجــاد/ ئەڤ کەون و مەکــان ژ نــوڤە بنیــاد) «خــانی»،۳. مۆجزه، ئەجۆزه.

**ئیجادکرن**: خولقاندن: (ئیجاد کر بە وی تەرزی/ ژ بۆ بروزا کەنزی/ ئەو دزانیت حیکمەتا ڕەمزی) «بەیت».

**ئیجادکەردەی**: هێنانەبوون، خولقاندن.

**ئی جار**: ئەم جار، جارێکی کە.

**ئیجار**: ۱. ئەمجار، ڤێجــار، ئەوجــار، ئــی‌کەڕەت، ئەم‌کەڕته: (ئیجــار خــان ئەحــمەد خــان، زەریــن کـــولاه خـــانم هلـــدا و هـــاته کوردســـتانێ؟) «مەستووره» ۲. کرێ، ئیجاره: (ڕۆژی هێندە پەیــدا دەکەم چــی بخــۆم چــی بــۆ قەرزار/ حــاجی و مەلاش دێتە سەر، کابرا کــوا پــارەی ئیجــار؟) «ع. مەردان».

**ئی جارۆ**: جارێکی‌تر، ئەم‌جارەش.

**ئیجـــاره**: ۱. کــرێ، کریــاری، کرێــداری، کــرایه، کرێها، کرا، کرها، کراها، کراهه، مزه، مز، مزیاری، شتێ کە بە کرێ چووه: (ساڵێ ئیجارەی کردبــوو دەســـداری/ دەســـت دار دەســـت بە دار خەڵـــک دەســـتبەرداری) «پیرەمێــرد»،۲. پــارەی کــرێ،۳.

ئیجار، ئی کەڕتە،٤. ئەو کارەی کە دەبێ بکرێ: (کاکە ئەمە دەڵێی چی؟ گۆترە نییە ئەمە ئیجارەتە) «پێکەنینی گەدا».

**ئیجارەدار**: کرێدار، کرادار، کرێهادار، کەسێ شتێ بە ئیجارە دەگرێ.

**ئیجارەداری**: کرێداری، کراهاداری، بارودۆخ و کاری ئیجارەدار.

**ئیجارەدای**: ئیجارە دان.

**ئیجارەدریا**: ئیجارەدراو.

**ئیجارەدریای**: بەکرێ دران.

**ئیجارەدریێ**: ئیجارەدراو.

**ئیجارەدەر**: ١. بەمزدەر، بەکرێدەر، کرێکار،٢. بەکرێ گیراو.

**ئیجارەکرن**: بەکرێ گرتن، کیری کرن، کراهەکردن: (خۆزگەم بەوەی کە مووددەتی عومری بە نەقدی جان/ باخی نوعووتی شاهی مەدینەی ئیجارە کرد) «بێخود».

**ئیجارەکریا**: ئیجارەکراو.

**ئیجارەکریای**: ئیجارە کران.

**ئیجارەکریێ**: بەکرێ گیراو.

**ئیجارەکەر**: مزیار، مزدەر، مزەدەر، کرێدەر، کریار، کرێچی.

**ئیجارەکەردەی**: بەکرێ گرتن.

**ئیجارەکەرە**: ئیجارەکەر.

**ئیجارەگرتە**: بەکرێ گیراو.

**ئیجارەگرتەی**: بەکرێ گرتن.

**ئیجارەگە**: ئی کەشەگە، جاری دوایی.

**ئیجارەگیر**: بەکرێ گر.

**ئیجارەگیرە**: بەکرێ گیر.

**ئیجارەگیریا**: بەکرێ گیراو.

**ئیجارەگیریای**: بەکرێ گیران.

**ئیجارەگیریێ**: بەکرێ گیراو.

**ئیجارەنامە**: کرهانامە، کرانامە، نووسراوە و قەولنامەی شتی بە ئیجارەدراو.

**ئیجارەنشین**: کرانشین، کرێنشین، ماڵگر، کرێگرتی، کرێچی.

**ئیجارەیی**: ١. کرێیی، کرهایی، بۆ کرێ(ماڵ)،٢. ئیجارەکراو.

**ئیجازە**: ١. ماوە، مۆڵەت، دەرفەت، ئیزن، بوار، بەرایی، وچان،٢. فتوا، گفت، دەسەڵات، دەستوور، ٣. ئەفسوون، دەمبەس: (ئیجازەی مار و دووپشک داوا کەن/ ڕادیۆ و تەلسز و خوێندن ڕیسوا کەن) «قانع».

**ئیجازەپەنەدای**: ئیجازە پێدان.

**ئیجازەپێدران**: ڕێ پێدران، ڕێدران: (لە سینە دوو شەمامە/ لەو نەمامە ڕواوە/ ناوێرم دەستیان بەرمێ/ ئیجازەم پێ نەدراوە) «ع. مەردان».

**ئیجازەدار**: ئیزندار: (ئیجازە واستەن جە ئیجازەداران) «بێسارانی».

**ئیجازەدان**: ١. ڕێپێدان، ڕێدان، بەراییدان، هێشتن، هێلان، ئاسەی، ئاستەی، ڕادان، ڕەوادین، ٢. ڕێدانی کەسی تازیەبار بۆ ڕدین تاشین و حەمام کردنی خزم و کەس.

**ئیجازەدای**: ئیجازەدان.

**ئیجازەدریا**: ڕێپێدراو.

**ئیجازەدریای**: ئیجازەدران.

**ئیجازەدریێ**: ئیجازەدراو.

**ئیجازەدەر**: ڕێپێدەر.

**ئیجازەدەرە**: ڕێپێدەر.

**ئیجازەنامە**: ئیزننامە، بەراییامە، پەروانە، جەواز، ڕەوادید، ویزا: (دیتم هەمان قالەی سوختەکەی خۆمە ئیجازەنامەی مەلایەتی دەخوێنێتەوە) «چێشتی مجێور».

**ئیجازەوەرگێرتەی**: ئیجازە وەرگرتن.

**ئیجازەوەرگیر**: ئیجازەوەرگر، ڕوخسەتخواز.

**ئیجازەوەرگیرە**: ئیجازەوەرگر.

**ئیجازەهۆرگرتەی**: ئیجازە وەرگرتن.
**ئیجازەهۆرگیر**: ئیجازەوەرگر.
**ئیجازەهۆرگیرە**: ئیجازەوەرگر.
**ئیجانە**: هنجانە، ئنجانە، مەنجەڵ.
**ئیجبار**: زۆر، زۆرەکی، خورتی.
**ئیجباربییەی**: ناچاربوون، ئیجباربوون.
**ئیجبارکریا**: زۆر لێکراو، ناچارکراو.
**ئیجبارکریای**: ناچارکران، زۆر لێکران.
**ئیجبارکریێ**: ناچارکریای، زۆر لێکراو.
**ئیجبارکەر**: ناچارکەر.
**ئیجبارکەردەی**: ناچارکردن.
**ئیجبارکەرە**: ناچارکەر.
**ئیجبارە**: ئیجبار.
**ئیجبـــاری**: ١. سـەربازی بـۆ دەوڵەت: (دەرووە پـێچوەردەی خـۆونی ئیجبـاری) «م.ح. دزڵـی»،٢. ناچاری، زۆری، کاری زۆرەملی: (تـانەی دۆسـتی قەدیمی لە جەرگم بـوو بە کـاری/ ڕازی نەبـووم بەو کـارەی لێیـان کـردمە ئیجبـاری) «مـاملێ»،٣. ناوی بەستەیەکی گۆرانی کوردییە بۆ یەکەم جـار برایمە گۆج و محەمەدی ماملێ دایانهێناوە.
**ئیجبی**: داوا، خوازبێنی.
**ئیجبی‌کریای**: خوازبێنی کران.
**ئیجبی‌کریێ**: خوازبێنی‌کراو.
**ئیجبی‌کەر**: خوازبێنی‌کەر.
**ئیجبی‌کەردەی**: داواکرن، خوازبێنی کردن.
**ئیجبی‌کەرە**: خوازبێنی‌کەر.
**ئیجلال**: ناو پیاوانە: (کوڕ فرەی بـوو: قەیتـوولی بوو، ئیجلالی بوو) «ئاوێنەی‌بێگەرد».
**ئی‌جۆرە**: ئەم جۆرە: (ئی جۆرە تەڵاق، ئـی هەر بـازاڕە/ عـارا پەی دینـی، ئیتـر واز بـارە) «م.ح. دزڵی».
**ئیجیاروەری**: تیشک، تیریژ، نووری ڕۆژ.

**ئیچ**: هیچ، هێچ، هویچ: (ئیچ باب و برام نەماون) «توحفە».
**ئیچش**: هیچ، چش، هێچش.
**ئیچش‌ئەلە**: ئەلەش‌مەلەش.
**ئیچ‌قەلا**: ئوچ قەڵا، ئیچ‌قەڵا، ئیس‌قەڵا، ناوی سێ قەڵای بە دەم یەکەوە، میـری ڕەوانـدز دروسـی کردووە.
**ئیچ‌قەلعە**: ئیچ‌قەڵا.
**ئیچە**: ئێرە، ئەگرە.
**ئیچینار**: شارێکە لە باکووری کوردستان.
**ئیحاتە**: دەورە، گەمارۆ: (وەها پەرچەم ئیحـاتەی دەوری جەبـــهەی داوە ڕۆژ و شـــەو/ ئەڵێـــی تەسخیری مولکی ڕۆم ئەکـا ئەم حـاکمی چینـە) «بێخود».
**ئیحترام**: ئاوڕوو، ڕێز، قەدر، حورمەت، قورسـی، قورسایی، نگـین، سـەنگینی، گەورەیـی، مەزنـی: (ژنە کە گەوهەری سەر تاجی ئیحتیرامە، ژنە:/ بە نووکی نەشتەری ئەلماسی تیژی عیشـق و غەرام) «گۆران».
**ئیحترام‌گـرتن**: ڕێـز لێنـان، سـەنگ لێنیـان، قەدر گرتن.
**ئیحتلام**: شەیتانی، شەیتان پێکەنین.
**ئیحتوبار**: ١. قورسایی، وەج، ڕێز،٢.متمانە، باوەڕ.
**ئیحتیـــات**: ١.پـارێز، سـڵ، سـوڵ، وریـایی، خۆپارێزی، خۆبوێری،٢. کارقایمی.
**ئیحتیات‌کریا**: ئیحتیات‌کراو.
**ئیحتیات‌کریای**: ئیحتیات کران.
**ئیحتیات‌کریێ**: ئیحتیات‌کراو.
**ئیحتیات‌کەر**: ١. خۆبوێر،٢. کارقایم.
**ئیحتیات‌کەردەی**: ئیحتیات کردن.
**ئیحتیات‌کەرە**: ١. خۆپارێز،٢. کارقایم.
**ئیحتیاتی**: ١. خۆپارێزیی،٢. قایم‌کاری.

**ئیحتیـــاج**: ١. ئاتــاجی، ئەوجە، نیــاز، پێویســتی، چاولەدەستی: (بۆ زەبتی موڵکی دڵ بەسە لەو لێوە یەک قسە/ شاهم، بە سەوقی لەشکری غەمزە چ ئیحتیــاج) «مەحــوی»،٢. کەســی چاولەدەســت و نیازمەنــد: (گەر بزانــی جەوری حــاڵی ئیحتیــاج/ دەستی ڕوو نانێتە بەر سینەی گەدا) «سالم».
**ئیحتیاج‌بییەی**: ئاتاج بوون.
**ئیحتیاجی**: دەسکورتی، ئاتاجی، ناتەواوی.
**ئیحتیاجی‌وەنەکۆتەی**: ئاتاج پێ‌بوون.
**ئیحتیاجی‌وەنەوزتەی**: کەڵک لێ‌خستن.
**ئیحتیاجی‌وەنەوستەی**: کەڵک لێ‌خستن.
**ئیحتیبار**: ١. جێــی بــاوەڕ، ڕێــی متمانە(قســە)،٢. پــارەی تەرخــان‌کراو لە دەوڵەت‌دا بــۆ کارێــک،٣. ڕەواج، بڕ، ماوە: (ئیحتیباری پاسپۆرتەکەم ســۆزی تواو دەبێ)،٤. مەزنی، گەورەیی، ڕێز.
**ئیحتیباردار**: ١. بەڵـگەیەک کە مــاوەی مــابێ،٢. گەورە، جێی بڕوا و متمانە.
**ئیحتیرام**: ڕێز، قەدر، حورمەت.
**ئیحترام‌گرتەی**: ڕێز گرتن.
**ئیحترام‌گیر**: ڕێزگر، قەدرگر.
**ئیحترام‌گیرە**: ڕێزگر، قەدرگر.
**ئیحترام‌گیریا**: ڕێز لێ‌گیراو.
**ئیحترام‌گیریای**: ڕێز لێ‌گیران.
**ئیحترام‌گیریێ**: ڕێز لێ‌گیراو، قەدرگیراو.
**ئیحتــیلام**: ١. شــەیتانی، خەو بە گــانەوە دیــتن: (دنیا دەسکەوتن خەیــاڵی خــامە/ ژنێکە وەســڵی هەر ئیحتیلامە) «پیرەمێرد»،٢. بلۆق بوون.
**ئیحتیلام‌بییەی**: شەیتانی بوون.
**ئیحتیمـــــال**: ویچــوویی، شــیمایی، گــاهەزی، لەوانەیە، ڕێ‌پێ‌چوویی.
**ئیحرام**: خاولی و فۆتەی حاجیان کە لە وەختــی حەج بە خۆیانی دەگــرن: (تەنــی حــاجی لەســەر چوارچێوەیی ناجی، دەڵێی نەعشە/ لوعــابی خــۆر لەسەر ئیحرامی وەک کافووری ئەکفانە) «نالی».
**ئیحرام‌بەس**: ئیحرام بەسراو.
**ئیحرام‌بەســتن**: فــۆتەی حەج لە خــۆ هاڵانــدنی حاجیــان: (مــن دی ســەحەر زۆلفــێن د مەســت، هاتن سەما ئیحرام بەست/ چون سەجدەیا خــالێ ب قەست، لەو حاجبان مێحراب دا) «جزیری».×
**ئیحرام‌بەسە**: ئیحرام‌بەس.
**ئیحرام‌بەسیای**: ئیحرام بەستران.
**ئیحساس**: ئێحســاس، هەســت: (ڕاســتە مانــای خۆشەویســتی عیشــقە، عیشــقیش ســووتنە/ هــیچ دەزانــن مەنبەعــی ئەم جــۆش و ئیحساســە ژنە) «جومعەکان».
**ئیحسان**: ١. خاسە، خاسی، چــاکە، چــاکی: (بــۆ کەمێ لەو عەنبەرە، بۆ تەقــوییەی ڕۆحــی دەمــاغ/ بێنی کا، وەک ئێمە، دایم چاوەڕێی ئیحسانە ڕۆژ) «مەحوی»،٢. ناوە بۆ پیاوان.
**ئیحسان‌کردن**: چاکەکردن، پیاوەتی‌کرن: (ئیحســان بکە قەنج ژێ خەبەر دە/ کانێ سەبی‌یێ د مــن چ دەردە؟) «خانی».
**ئیحیـــا**: ١. زینــدە، زینــدوو، ڕەوتــی بــووژانەوە: (چــێش خــزر نــامەی تــۆش ئــاوەردەوە/ دەک ڕســتگار بــۆ، ئیحیــام کەردەوە) «مەولەوی»،٢. خوەشە کردن، دەرهاوردن، کێلان(بوورە).
**ئیحیابییەی**: ژیانەوە، زیندوو بوونەوە.
**ئیحیـــاکردنەوە**: ژیانــــدنەوە، زینــــدووکردنەوە: (خەدەنگێ هەنی هەوا دەرۆوە/ پەرێ مەرگێــوتەر ئیحیام کەرۆوە) «مەولەوی».
**ئیحیاکەردەیۆ**: ژیاندنەوە، زیندوو کردنەوە.
**ئیحیایێ**: حیحایێ، یاریەکی کچانەیە.
**ئیخ**: ١. ئیخ‌ئیخ، یەخ، یەخە، چۆک دادانی دەڤە و وشتر ٢. جێی ڕۆنیشتن و خەوتنی حێشترێ.
**ئیخانەت**: خایینی، خیــانەت، خنزتــی: (یەکیتــی یانی ب هەڤ ڕا ئیخانەت نەکرن) «سەنار».

**ئیخبار**: خه‌به‌ر، هه‌واڵ، ڕاپۆرت.
**ئیخبارکریا**: ئیخبارکراو.
**ئیخبارکریای**: خه‌به‌ر لێدان.
**ئیخبارکریێ**: خه‌به‌ر لێدراو.
**ئیخبارکه‌ر**: خه‌به‌رده‌ر.
**ئیخبارکه‌رده‌ی**: خه‌به‌ر لێدان.
**ئیخبارکه‌ره**: هه‌واڵده‌ر.
**ئیخباریه**: ڕاپۆرت، شکات، شوفاری نامه، نامه‌ی شۆفارانه بۆ میری له دژی خه‌ڵک.
**ئیختار**: ئه‌ختیار، پیره‌مێر.
**ئیختلات**: تێکه‌ڵی، دۆستایه‌تی، هاودڵی.
**ئیخته**: ئێخته، یه‌خته، بارگیر.
**ئیختیار**: ١. سه‌رپشک، هه‌وه‌س، ویست، خواست، ئیراده، ده‌سه‌ڵاتی هه‌ڵبژاردن: (جودایی تۆ، قه‌راری لێمه هه‌ڵگرت/ به ده‌ستی خۆم نه‌ماوه ئیختیارم) «ئه‌ده‌ب»،٢. پیر، زورهان، کاڵ: (سه‌لامون عه‌لیک مامه‌ی ئیختیار/ عه‌لیکه‌سه‌للام کیژۆڵه‌ی نازدار) «قانع»،٣. پیره‌پیاو: (پرسا خوه ب ئێکه ئیختیار کر) «خانی»،٤. هۆش، وریایی، ئاگایی: (فیدای شه‌وقی دۆست، گه‌رمی ڕۆی هامن/ بێ ئیختیار سه‌ند، ئیختیار جه من) «بێسارانی».
**ئیختیاربییه‌ی**: پیر بوون.
**ئیختیاردار**: ده‌سه‌ڵاتدار، خاوه‌ن، سه‌رپشک، به ده‌ست بوون: (ده بڕۆ خه‌ریک به له کار و ئه‌وه پێک هات کار و باره/ تێگرا پیرۆزباییان لێکرد په‌ربه‌سه‌ر و میر و به‌گله‌ر و ئیختیارداره) «سه‌عید و میرسێوه‌دین».
**ئیختیارشه‌هاب**: زنجیره چیاییگه له خواری گۆلی وان.
**ئیختیارکردن**: هه‌ڵبژاردن: (ئه‌وی ئه‌یه‌وێ ببێ به‌ختیار/ بیر و باوه‌ڕم بکا ئیختیار) «کاکه‌ی فه‌لاح».
**ئیختیارکریا**: هه‌ڵبژێراو.
**ئیختیارکریای**: هه‌ڵبژێران.
**ئیختیارکریێ**: هه‌بژێردراو.
**ئیختیارکه‌ر**: هه‌ڵبژێر.
**ئیختیارکه‌رده‌ی**: هه‌ڵبژاردن.
**ئیختیارکه‌ره**: هه‌ڵبژێر.
**ئێختیارهه‌بوون**: ده‌سه‌ڵات هه‌بوون: (ب وێ سه‌به‌بێ چون ئێختیار لێ هه‌نن/ دکارن بکوژن، دکارن بهێلن) «گول‌شوون».
**ئیختیاری**: ١. ده‌سه‌ڵاتی، هه‌وه‌سی، دڵخواز، به‌خواز،٢. پیری، به‌ساڵاچوویی.
**ئیختیدار**: ١. توانایی له ماڵا یا هێزدا،٢. ده‌سه‌ڵات.
**ئیختیلاف**: ١. ناکۆکی،٢. جیاوازی.
**ئیخدان**: ییخدان، یخدان، خه‌واندن، چۆک دادان به وشتر.
**ئیخ‌دران**: یخ‌دران، چۆک پێ دادران به وشتر: (له جێی خانزادی شه‌قڵاوه/ وشتری گه‌ڕ ئیخ دراوه) «بۆکوردستان».
**ئیخراج**: وه‌ده‌رنان، ده‌رکردن.
**ئیخفال**: فریو، ده‌س‌خه‌رۆیی.
**ئیخلاس**: بێ‌خه‌وشی، پاکی، دڵپاکی، ئه‌مه‌گ: (شه‌رته تا مردن عاشق ئیخلاس بم/ کابه که‌چ نه‌که‌م، هه‌ر تۆ شناس بم) «حه‌سه‌ن زیره‌ک».
**ئیخلاق**: خوو، ڕه‌وشت.
**ئیخلاق‌به‌رز**: ڕه‌وشت به‌رز.
**ئیخلاق‌به‌رزی**: ڕه‌وشت به‌رزی.
**ئیخوان**: ١. برایان،٢. دۆستان،٣. ده‌روێشانی هاوبیر: (له بازاڕی موحه‌ببه‌تدا هه‌زار لۆمه‌م بکه‌ن ئیخوان/ ئه‌ڵێم ئه‌م یۆسفه پێغه‌مبه‌رێکی خاوه‌ن ئیعجازه) «بێخود».
**ئی‌خۆنه**: هی خۆمانه: (کێ لێره مۆنه له‌وێش هه‌ر مۆنه/ لێره ڕووخۆش بین، ئه‌وێش ئی خۆنه)

«بۆکوردستان».
**ئیخه**: ئیخخه، ییخه، ییخخه، حیله، جج، حیی، ئیخەئیخ، وشەی لێخوڕینی بزن و مەڕ.
**ئیخەئیخ**: ئیخه، ییخخه، ییخخ.
**ئید**: ١. ئەوه، ئەئەوه، ئیسمی ئیشارەیە(بۆ دوور)، ٢. ئەم: (ژن به پیاو ئەڵێ، پێچەوانەی ئیده)،٣. ئەم، ئەمه، ئەڤە: (ئید چەند پەروانەی گیانفیدا دارۆ/ جه دوور پەی دینش هەر گیان مەسپارۆ) «بێسارانی».
**ئیداره**: ١. مەزرینگه، فەرمانگه، کارگێڕی، دەزگای دەوڵەت: (به ڕۆژ حەرەسم وام له ئیداره/ عاشقی کیژێکم، یەکجار غەدداره) «حەسەن زیرەک»،٢. جێی کارکردنی دەوڵەتی بۆ کارمەند: (نازانم هەوڵی چی دەم/ هەوڵی قووت و ئیداره/ ...) «ف. بێکەس»،٣. دیواخان، دیوانخان، دادگا،٤. باش پێڕاگەیشتن،٥. گوزەران، ساچان، هەڵکردن.
**ئیدارەجاتی**: ئیدارەیی، مووچەخۆر، کارمەند، دامەزراوەی ئیدارەیەک.
**ئیدارەخانه**: ناوەندی کاری ئیدارەی شوێنێک: (کابرایەکی کورد ئەچێته ئیدارەخانەی ڕۆژنامەیەکی بەیانی) «ڕشتەی مرواری».
**ئیدارەدای**: گوزەران بۆ ساز کردن.
**ئیدارەکەردەی**: ساچان، هەڵکردن.
**ئیدارەنەکەردەی**: هەڵنەکردن، نەسازان.
**ئیداریڕا**: گەڕەکێکه له شاری سەقز: (شەقام ساحلی و بلواری وەحدەت/ یان ئیدارەی ڕا و کووچەی محەببەت) «یادنامەی سەقز».
**ئیداری**: ١. مەزرینگەیی، مووچەخۆر، کەسێ له ئیدارەیەک ئیش دەکات،٢. سەر به ئیداره.
**ئیدشا**: ئەمیان.
**ئیددەعا**: ١. داوا، داد، دادخوازی، خودوێژی، سکاڵا،٢. فیز، خۆهەڵکێشان: (من فەقیم و غەیری سپیارەم له باخەڵیدا نییه/ ئەو کەسەی ساحیبقڕانه ئیددیعای غازی دەکا) «حاجی قادر».
**ئیددیعا**: ئیددەعا، داخواز: (ئیددیعای هەر سەناعێک ناکەن/ تاکو نەخوێنن، ئیمتیحان نەکەن) «حاجی قادر».
**ئیدریس**: ١. ناوی پێغەمبەرێکه گۆیا به زیندووی چۆته بەهەشت و نەهۆش هەر لەوێ ماوه: (دەرسا کو ب خەف ته گۆته ئیدریس) «خانی»،٢. ناوه بۆ پیاوان.
**ئیدریس سوڵتان**: گوندێکه له خۆراوای کەرکووک.
**ئیدریس نەمر**: گوندێکه له خۆراوای کەرکووک.
**ئیدریسی بتلیسی**: مەلا ئیدریس.
**ئیدز**: جۆرێ نەخۆشی له کارکەوتنی هێزی بەرگری له ویرووس و هوورک.
**ئیدزی**: دووچاری نەخۆشی ئیدز.
**ئیدعا**: داوا، داخواز، داواکاری.
**ئیدقات**: باوەڕ، متمانه: (ئەگەر تا هەنووکه که تەواو ئیدقاتیان به ئێمه نەهاتبوو) «گورگ و بزن».
**ئیدکه**: هیتر، هیدی، ئیتر.
**ئیدلبێ**: گوندێکه له باکووری شێروانمەزن.
**ئیدمان**: بەره، نەسل: (ئیدمانی ئێسته هاتۆته سەر بەزم و خواردنەوه) «پیرەمێرد».
**ئیدن**: ئیتر، ئیدی.
**ئیدوون**: هەنووکه، نهۆ، ئەلعان، ئێستا.
**ئیده**: ئەم: (پیاو به ژن ئەڵێ).
**ئیدەرەم**: ئیسەرەم، جەخت، پێداگری.
**ئی دەس**: ئیکان، ئەولا، زێز ئەودەس.
**ئیدەک**: ١. یەدەک، شتی زیادی ٢. چاروێ زیادی له کاروان ٣. جۆرێ خشڵ و پلپلەی کۆن ٤. سیخمه، سوخمه: (زالمێ کوشتم شەپالێ، نازکێ غەنجێ دەلالێ/ بون حیجابا زولف و خالێ، ئیدەک و عالا و تۆخ) «جزیری».
**ئیدەلو**: گوندێکه لای بیجاڕ.
**ئیدەلی**: گوندێکه لای بیجاڕ.

**ئیدەن**: ئەمەیە، ئەمەسە: (ئومێدم ئیدەن، خاتر پەڕەی گوڵ/ حەرفی بەدکاران نەگیری نە دڵ) «بێسارانی».

**ئیدی**: ١. ئیتر، هیتر، ئیکە، ئیدن، دن، دی، دیکە، ئیدیکە، هەیدیکە: (دوور لە تۆ ئیدی مەپرسە، قوربان/ حاڵی «نالی» کە نە مرد و نە ژیا!) «نالی» ٢. دواتر، دۆتر، پاشین،٣. جاریکیتر، کەڕتێکیدی،٤. ئەویتر، ئەو کەسەی دی: (یەک هێرشی بۆ سەر ئیدی بێنێ/ هەر کوردە دە بن شەلالی خوێنێ) «هەژار».

**ئیدێ**: ئەمانە.

**ئی‌دی**: ئەوی دی، ئەوی تر، کەسی تر: (یەک کەسب بکەت حەیاتێ سەرمەد/ ئی دی دچیتە مەماتێ مومتەد) «خانی».

**ئیدیکە**: ئیدی.

**ئیدیل**: شارێکی کوردستانی تورکیا لای شیرناق.

**ئی‌دیم**: ئەم دیو، ئەم وتاق، زێز ئەو دیم.

**ئی‌دیمۆ**: ئەم دیوەوە.

**ئی‌دیمین**: ئەمەی ئەم دیو.

**ئی‌دیمینە**: ئەمەی ئەم دیو.

**ئی‌دیە**: ئەوەی دیتویە.

**ئیدیەم**: زاراوە، شێوەی ئاخاوتنی تایبەتی.

**ئی‌دییە**: ئەوی دیتویە، ئەوەی دیویتی: (ئی دییە ئەو بخوە جارەک د عەجێبم کو بهش تێ) «جزیری».

**ئیرا**: ئیراد، عەیب: (تیپێ هاتیە ئیرایی نییە/ بەیرەمقەلاتی و لێر بیچاخچییە) «ئاوێنەیبێگەرد».

**ئیرات**: هیرات، هەرات، شارێکە.

**ئیراد**: ١. داهات، بەروبوم، حاسڵ، دەرامەتی ساڵانە: (یەک دوو دێی داوەتێ سوڵتان ئیطعامی طەعام/ هەر یەکێکی بەقەدەر خەزنەیێ ئیرادی هەیە) «شێخ ڕەزا» ٢. ڕەخنە، دەقەد، دەقەت، بیانگ، بیانوو، وردەگیری، عەتەو، عەیب.

**ئیرادچەنەگرتەی**: ڕەخنە لێ‌گرتن.

**ئیرادگرتن**: عەیب گرتن: (هیچ کام قەد تو ئیراد نەگردن) «چەپکەگوڵ».

**ئیرادگیر**: ڕەخنەگر.

**ئیرادگێرتەی**: ئیرات لێ‌گرتن.

**ئیرادنەگێرتەی**: ئیرات لێ نەگرتن.

**ئیرادگیرە**: ڕەخنەگر.

**ئیرادوەنەگیر**: ئیرادلێ‌گر.

**ئیرادوەنەگیرتەی**: ئیراد لێ‌گرتن.

**ئیرادوەنەگیریا**: ئیراد لێ‌گیراو.

**ئیرادوەنەگیریای**: ئیراد لێ‌گیران.

**ئیرادوەنەگیریێ**: ئیراد لێ‌گیراو.

**ئیرادە**: ١. خواز، گەرەک، نیاز، واز، ویست، هەوەس، خواس، خواست، لێبڕان بۆ کارێک: (هەرچی تە ژ بۆ مە کر ئیرادە) «خانی»،٢. هێزی زاڵ بەسەر کار و هەناقدا: (نابێ لاواز و کز بی، گەر دەردت پێوە چزا/ گەر ئیرادەم بێ، دەبێ بیدەم بە ئەرزا) «حەمەجەزا».

**ئیرادەبییەی**: ویستن، خواستن.

**ئیرادەت‌کەردەن**: ویستووتە: (شنەفتم، گیانم بالا تووڵ نەی/ ئیرادەت کەردەن چەنی خەستەت بەی) «مەولەوی».

**ئیرادەکردن**: خواستن، هیمەت‌کردن، لێبڕان: (هەرچی کو کەسەک بکەت ئیرادە/ یا عیشق موردیە یا مورادە) «خانی».

**ئیرادەکەردەی**: ویستن، ئیرادەکردن.

**ئیرادی**: دەسەڵاتی، هەوەسی، خۆویست، دلخواز، دڵخوازی: (حەرەکەی ئیرادی: جووڵەی خۆویست).

**ئیراق**: ١. عێراق، وڵاتی ئیراق ٢. بەربەڕۆچکە، بەرخۆر، بەربەرۆک، ئێراق.

**ئیراک**: سیواک، دارسیواک وەک فلچە لە دەمی

ڕادەکەن: (داری ئیراک و داری هیند هەر دوو کە عوودە ئیسمیان/ هەمدەمی سوننەتە ئەوەم مەیلی ئەبوولەهەب دەکا) «نالی».

**ئیران**: ١. ئێران، ئیریان، ئاریان، ئاریۆن، وڵاتی ئێران: (چل ساڵ وە ئیران زندەگی کەردم) «چەپکەگوڵ»،٢. ناوی هووشەنگ کوڕی سیامەک بووە ٣. ناوە بۆ ژنان.

**ئیرانشا**: ئێرانشا، دێی ناوەندی تیلەکۆ.

**ئیرانویج**: ناوی شوێنێکە دوای دابڕان و جوێبوونەوەی ئێرانیی‌گەل لە هیندییەکان بۆخۆیان هەڵبژاردووە و لێی دامەزراون.

**ئێراو**: گوندێکە لای تیلەکۆ: (سپای حەمە ڕەشیدخان ئەشکێ بە نابەڵەدی بە دۆڵی شەمسە و ئێراو و تەیمانقەڵادا ئەگەڕێتەوە) «ئاوێنەی‌بێگەرد».

**ئیربار**: هیربار، هەوڕ، قاپ و قاچاغی ناڤماڵ.

**ئیرتە**: هیرتە، هرتە، هیپە، ئامێری جووتە.

**ئیرس**: ١. کەلەپوور، میرات، میراتی، جێماگ: (شێخ قادر نەوەی شێخ عبیداللە/ ئیرسی جدی بوو، زوڵمی کەربەلا) «پیرەمێرد»،٢. رووس، عویرس.

**ئیرش**: هێرش، پەلامار، شاڵاو.

**ئیرشاد**: ڕاهنمایی، ڕێنوێنی: (دەزانی قوتبی ئیرشادە کەسێکی ئەهلی ئیدراکە) «حەیدەری».

**ئیرشت**: هێرش، شاڵاو، شاتاوڵ.

**ئیرمان**: نۆکەر، بەردەست، خزمەتکار.

**ئیرنگە**: ئیرەنگە، هەنووکە، نهۆ، نها.

**ئیرۆ**: ئەمڕۆ، ئێمرۆ، ئیروو، ئیرۆرۆ، ئێرۆهە، ئەم ڕۆژە: (ئیرۆ وەرن لێزم وەرن/ جیران و خەلقێ هێشەتێ/ هوون ڕایەکی ل من بکن/ ئیرۆ قەوی گریا مە تێ) «فەقێ تەیران».

**ئیروان**: گوندێکە لە هەریمی کوردستان.

**ئیرۆدان**: ×××٧٩: (دکاری بکوژی دوژمن ئیرۆدان/ بلند بوو ئاگر ب شەوتین جهان) «گوڵشوون».

**ئیرۆرۆ**: ئەمڕۆ، ئیرۆ، ئەورۆ.

**ئیرۆکانە**: ئێرە، ئەگرە، ئێرەکە.

**ئیرۆکە**: ئیرۆ، ئەمڕۆ: (دونیا ل مە گەرچی بویە زیندان/ ئیرۆکە تەنێ ئەزم موسولمان) «خانی».

**ئیروو**: بژیو، تفاق، پێداویستی ماڵ.

**ئیڕوو**: ئەمڕۆ، ئیمڕۆ.

**ئیرۆهە**: ئەمڕۆ، ئەمڕۆکە: (ئیرۆهە دو کەچ غەریب و شیبا/ سەر تا ب قەدەم دەبیق و دیبا)، (ئیرۆهە وەکی تەبیبێ حازق) «خانی».

**ئیرۆیین**: ئەمرۆیی، تشتێ ئیرۆ.

**ئیرهاب**: تۆقاندن: (ئەی ... دیارە خەریکی فیتنەیەک بەرپا ئەکەی/ دەوری پاپا و عەسری ئیرهاب لێرەدا ئیحیا ئەکەی) «ف. بێکەس».

**ئیرەج**: ١. ئەرزشمەند، شیاو،٢. ناوی پیاوانە: (لەورە ئیرەج دیم کوڕ یارو عەتار) «چەپکەگوڵ».

**ئیرەک**: غیرەت، بوێری، زات: (بێ‌ئیرەک ژ خوە دنیێ تشت فام ناکە) «پەند».

**ئیرەم**: ١. بەهەشت، بەحەشت، ئەو بەهەشتەی کە شەدادی خوای بەنی ئیسرائیلی‌یەکان دروستی کردبوو: (لە بوستانی ئیرەمدا قەت نییە وەک/ شەمامەی وەک شەمامەی) «نالی»،٢. باغی ئیرەم، باغێکە لە بەهەشتدا: (باخی ئیرەمە، سینە و گوڵزاری جەماڵت/ حەسرەت بە دوو سەد جەننەتی مەئوایە لە باڵات) «ئەدەب»،٣. بریتی لە کۆمەڵگای کچانە: (گەر بێیە دەرێ، سەروی ڕەوان لە ئیرەمدا/ وەرە نەییە دەرێ، ئاهووی چینی لە حەرەمدا) «نالی».

**ئیرەنگە**: ئیرنگە، نهۆ، ئەلحان، ئێستا، ئێستاکە: (ئیرەنگە چوو سەرسەوز شاهین پووس کەنە/ پەڕوپووم لە دەور گڵاڵەیل مەنە) «خانمەنسوور».

**ئیرەوان**: یەریڤان، ڕەوان.

**ئیرچی**: ڕاناوی کۆی نادیارە بۆ مێ.
**ئیز**: شۆپ، شوێن‌پا، جێ‌پێ، دەوس.
**ئیزا**: ١. سزا، تۆڵە، پاداشت، قەرەبو،٢. ئێرە، ئەگرە،٣. ئازار، دەردیسەر: (پشتی ل دیڤ گەرهانەک پر زەحمەت و ئیزا) «ف.پ.پ».
**ئیزار**: ١. چارشێو، عابا،٢. ڕووپۆش، دەسماڵی ژنان: (ئەڤ متەم و ئەڤ سیاهپوشی/ ئەڤ چارشەڤ و ئیزار و پوشی) «خانی».
**ئیزاعە**: ئیزگە، ئیستگا.
**ئیزافە**: ١. ڕووکەش، ڕووکێش، زیاد، سەربار،٢. خدیە، خستنەپاڵ (بەرامبەری ڕەهاکردن، وەک: غولامی زەید).
**ئیزافەکردن**: خستنەسەر: (هەزار دەهەزار هەزارە کەرە/ ئانەتەر بارە، ئیزافە کەرە) «م.ح. دزڵی».
**ئیزافی**: زیادی، زۆری.
**ئیزبار**: ڕووبەڕوو، هەمبەر: (ئەو دیزباری هەڤدوو بوون).
**ئیزتیراب**: دڵەخورپێ، دڵەخورپە، مەترسی: (گەر سەری ڕشتەی بە دڵ ڕەبتی نییە! بۆچ ئەی سەنەم/ تا کەمێ زولفت دەشێوێ، من دەکەومە ئیزتیراب!؟) «ئەدەب».
**ئیزد**: ١. ناڤێ خوەدێ،٢. ستایش، پەسن.
**ئیزدەرەم**: سوورم لەسەری.
**ئیزدیواج**: مارە، چارە، پەیوەننی، ژن و مێردی، ژن هێنان.
**ئیزدیوار**: گوندێکە لە خۆراوای هەولێر.
**ئیزرائیل**: ئیزرایل، پێمێرد: (ئیزرائیل جە دەس ناڵەم بۆ بێزار) «م.ح. دزڵی».
**ئیزراب**: ١. هۆک، مان،٢. خۆنوێنی، خۆنمایی، شانازی.
**ئیزرایل**: ئیزرائیل، گیانکەنکە، مەلکەمووت، فریشتەی گیان کێشان: (سەدای ئاش بەتاڵ، نەوای ئیزرائیل/ عەزم کاروان، تەپڵ «الرحیل»)
«م.ح. دزڵی».
**ئیزرەم**: کێشانەیەکە بەرانبەری نیو کیلۆ.
**ئیزرەن**: ئیزرەم.
**ئیزگومکردن**: شوێن گومکردن.
**ئیزگە**: ١. ئیستگە، ئێزگە، ئیزگەهـ، ئیستگای ڕادیۆ: (لە ڕێگەی ئێزگەی شۆڕش و چاپەمەنییەکانی خەباتی کوردستانەوە) «شەرەفنامە»،٢. جێی تایبەتی ڕاوەستانی تاکسی و ئوتوبووس: (خەڵکێکی زۆر لە ئیزگەی ئوتوبووس ڕاوێستابوون) «پێکەنینی گەدا».
**ئیزگەهـ** : ١. ئێزگە، ئیستگە، ئیزگا، ئێستگەها رادیۆیی،٢. ئیستگا، جێی راوەستان.
**ئیزگیل**: گوێژەمارانە، درەختێکە لە تیرەی گوێژ.
**ئیزمر**: ئیزمیر: (شاکر ل گوندێ ئەلاژگرا ئاگرییێ ژ دایک بوویە، ل ئیزمرێ کۆچا داوی کرییە) «سەنار».
**ئیزمک**: گەزنە، بیرۆ، تەڕەبیرۆ، نەخۆشییەکی پێستە.
**ئیزمیر**: ئیزمر، شارێکە لە کوردستانی تورکیا بە هەنجیر بەناوبانگە: (هەموو تیجارەتی ئیزمیر، تەنها بە هەنجیرە/ ئەوەندە زۆرە، ئەترشێ و فڕێی ئەدەن لێرە) «پیرەمێرد».
**ئیزن**: ڕوخسەت، ڕۆخسەت، ڕۆسقەت، دەسوور، دەسەڵات، مۆڵەت، مەرەخەستی، ئێجازە: (ئیزنی چوونە چەمەنی وەسڵی سپێرا بە ڕەقیب/ «مەحویا» بمرە کە مردن بوە میراوی حەیات) «مەحوی».
**ئیزن‌خاستن**: ڕوخسەت‌خواستن، ئیجازەویستن.
**ئیزن‌خواستن**: ئیزن‌خاستن: (سەفەرێکم کەوتە بەر من ئیزنت لێ دەخوازم) «حەسەن زیرەک».
**ئیزن‌دان**: ئیزن‌داین، ئیجازەدان: (خوێ لەکن شایە، بدا ئیزن لە بەر پێی وەتلی) «حافز».
**ئیزن‌دای**: ئیزن‌دان: (ئەمجا کچ ئەڵێ: بەخوا شوو

ناکەم/ خۆم ئەخنکێنم، قەت ئیزن نادەم) «قانع».

**ئیزن‌داین**: ١. هێشتن، هێڵان، ڕێدان: (شوکر یار ئیزنی دام هەم گریە کەم، هەم قوڕ بەسەردا کەم/ بەجاریٚ شاهی من بەحر و بەڕی بەخشی بە دەروێشی) «مەحوی»،٢. کوتن، وتن: (وا موشەووش بوو کە میحرابی برۆی تۆی دی ئیمام/ ئیزنی خەڵقی دا کە دنیا ئاخرە، بۆ دێنە نوێژ) «مەحوی».

**ئیزن‌دریا**: ڕێ‌پێ‌دراو.

**ئیزن‌دریان**: ڕێ پێ‌دران: (داخ پەی تۆ چ تەور بێ ڕەحمی کریان/ ئێڵات پەی ئێڵاخ باز ئیزنش دریان) «مەولەوی».

**ئیزن‌دریای**: ئیزن دران.

**ئیزن‌دریێ**: ئیزن‌دراو.

**ئیزن‌دەر**: ڕوخسەت‌دەر.

**ئیزن‌دەرە**: ئیجازەدەر.

**ئیزنش**: ڕوخسەتی، ئیجازەی: (زوانت، وەختێ ئیزنش تەڵەب کەرد/ لاڵ کەی نمەبۆ، چەنی (ئا)ش ئاوەرد؟) «مەولەوی».

**ئیزن‌وەرگرتەی**: ئیزن وەرگرتن.

**ئیزن‌وەرگیر**: ئیجازەگر.

**ئیزن‌وەرگیرە**: ئیجازەگر.

**ئیزن‌هۆرگیر**: ئیجازەوەرگر.

**ئیزن‌هۆرگیرتەی**: ئیجازە وەرگرتن.

**ئیزن‌هۆرگیرە**: ئیجازەوەرگر.

**ئیزۆک**: زیپکەی شیری چڕوچاوی مناڵ.

**ئیزە**: بز، بزن، بزە، بوز، بۆزە، ئیزە.

**ئیزهار**: عەیان، خستنەڕوو، درکانن، دەربڕین: (دیسان دێمە سەر نووسینی ئەشعار/ دەردی دڵی خۆم دەکەم ئیزهار) «قانع».

**ئیزهارکردن**: درکاندن، دەربڕین: (قەڵەم مەردانە نوتقی دا، جوابی دامەوە، فەرمووی:/ بە هیچ ئەقڵت ئەشێوێنی، خەرافەت بۆ ئەکەی ئیزهار) «قانع».

**ئیزهارکەردەبێت**: باستکردبوو، دەرتبڕیبوو: (چەنی کزەی گەرم زایەڵەی موشکوڵ/ ئیزهار کەردەبێت پەریٚ ئامای دڵ) «مەولەوی».

**ئیزهارکەردەنی**: دەرت بڕیوە: (قیبلەم کەردەنی قیبلەم کەردەنی/ جە نامەت بەی تەور ئیزهار کەردەنی) «مەولەوی».

**ئیزەد**: ١. خودا، یەزدان، ئیزەدی مەنان: (ئافەریدە سونع، بێ‌هاوتای ئیزەد/ دوور بێ لە حوکمی چاوەزاری بەد) «پیرەمێرد»،٢. شیاوی پەسند.

**ئیزەدپەنا**: پەنا بەر خودا.

**ئیزەدی**: ١. یەزدانی، خودایی: (پێغەممەرێکە لێرەوە تا عەرشی ئیزەدی/ تەیی ئەونده ڕێگە بە یەک دەم یەقین ئەکا) «بێخود»،٢. پێڕەوی ئیزەد.

**ئی‌زەمان**: ئەم کاتە، ئێستا، نهۆ: (جە ئادەم و نووح هەتا ئی زەمان) «م.ح. دزڵی».

**ئیزەن**: ئەمەسە، ئەمەیە.

**ئیزی**: یەزدان، خودێ.

**ئیزیایۆ**: دۆزرانەوە.

**ئیزیرە**: دوێنێ، دووێنێ.

**ئیژای**: هێنان لە مامەڵەدا.

**ئیژگل**: ئیزگل، سکڵ، پۆلۆ، پەرەنگ.

**ئیژمار**: بژاردە، شومارش: (لێ شەهیدێن تە ب ئیژمارێ ب خەنجەر کۆشتێ/ هێی نەچو خون ژ بریناں سەد و هەفتاد و دو لەش) «جزیری».

**ئیژماردن**: ئەژماردن، بژاردن: (سەحەرێ جوملە شەهیدێن تە ب ڕم ئاڤێتی/ ئیژمارینە یەکایەک مە حەمی شەش سەد و شەش) «جزیری».

**ئیژنای**: لۆژاندن.

**ئیژنایرە**: ڕاکشاندن، هەڵاژاندن.

**ئیژنایەرە**: ڕاکشاندن، هەڵاژاندن.

**ئیژنەی**: لۆژاندن.

**ئیژە**: بەهار، نرخ.

**ئیژەندان**: جاچکەدان، جێی بنێشتی.
**ئیژیای**: لۆژان، ڕاژان، هەڵاژیان.
**ئیژیەی**: لۆژان، ڕاژان، هەڵاژیان.
**ئیس**: دەمێ، دەمێگ: (ئیسێ تر تیەمەو).
**ئیسا**: ١. ئێستا، ئیسا، ئیسە، ئیسەتێ، ئیساکە، وێستا، نووکە، نهۆ ٢. ئەیسا، داگیرسا، پێ‌بو، هەڵبوو ٣. ئێکە، دوایی،٤. سووکە ناو عیسا، ناوە بۆ پیاوان: (هەمـوو ڕاوچـیـەک ئیـسـاغا نـیـە/ هەرچی ڕیش سوور بێ هەمزاغا نییە) «پیرەمێرد» ٥. نێوی نامە ئاسمانیەکەی ئیبراهیم پێغەمبەرە.
**ئیساتێ**: ئیستاکە.
**ئیسار**: بەخشش، جامێری، جوامێری، جوانمەردی، لەخۆبوردوویی.
**ئیسارە**: چۆنێتی خانەی دامانە، کە بۆ گەمەی (دامێنێ) دەس دەدات.
**ئیساف**: ١. ئینساف، ویژدان،٢. ناڤێ ژنانە: (کچێکیان بوو ناوی ئیساف بوو دایانە ئەسەدڵاخان) «ئاوێنەی بێگەرد».
**ئیساق**: ئیسحاق، پێشەوایەکی ئایینی بووە×: (کابرا کوتی: وەو ئیمام ئیساقە هەر قەڵخانیت) «ڕشتەی‌مرواری».
**ئیساک**: ئێستاکە، ئێرەک.
**ئیساکوونێ**: ئێستاکوونێ.
**ئیساکە**: ئێستا، ئێستاکە، ئیساکوونێ، ئێستاکوونێ، ئێستاکێ، هەرئێستە، ئیساکێ، ئەڤ دەمە.
**ئیساکەند**: ١. گوندێکە لە موکریان سەر بە شاری مەهاباد: (باشە شەوباشێ لە ئیساکەند کەین/ یادی یارێکی دەم و لێو قەند کەین) «بۆکوردستان»،٢. غارێکە لە دێی ئیساکەند.
**ئیساکێ**: ئیسا، ئیساکە.
**ئیسال**: ١. ساڵ بانان، ساڵی داهاتوو،٢. ئەڤساڵە، ئەمساڵ، ئەڤساڵە، ئەمساڵە، ئەوساڵە: (ئەز یا ئیسالم، تۆ دبێژی پار) «پەرویز جیهانی».
**ئیساڵۆ**: لە ئەم ساڵەوە.
**ئیساڵە**: ئمساڵ.
**ئیساڵەگە**: ئیساڵ، ساڵی داهاتوو.
**ئیسان**: داگیرسان، داییسان ئایسان، ئیسیان، گڕگرتن: (شاهی جەڤین غەم ژی ڕەڤین، ماری شەڤین ئیساند ئەڤین/ دەرد و بەلاین چون هەلا، عومرەک مەلا مەهجور بو) «جزیری».
**ئیساندن**: داگیرساندن، گڕ تێبەردان، سوتاندن.
**ئیساولا**: لەمەولا، لەمەودوا، لەمەوسا، لەگرەولا، لەگرەودوا، لە ئیستە بەدواوە، ئیساولاوە.
**ئیساولاوە**: ئیساولا.
**ئیساولە**: گوندێکە لای مەریوان.
**ئیسبات**: دەلیل، بەڵگە، گرۆڤ.
**ئیسبات‌کرن**: سەلمانن، بەڵگەهێنان.
**ئیسبەن**: ئەسپەندەر، قانگ.
**ئیسپات‌بوون**: سەلمێندران: (پیاوانی بارزانی بێ‌ڕادە نەترس و بێ‌باکن، لە پێکدا دان و ڕووبەڕوو بوونەوە خۆیان و هێزی سوپا بە تەواوی ئیسپات بووە) «لەمەهاباد بۆئاراس».
**ئیسپات‌کرن**: سەلماندن: (وان ئیسپات کر کو دونیا ب چاکی/ خۆش ئاڤا دبت ب ئاڤا پاکی) «سندی».
**ئیسپارتن**: سپاردن، سپارتن، ڕاسپاردن.
**ئیسپێنتمان**: ١. ناوی ویجاخی زەردەشتە ٢. ناڤێ مالباتا زەردەشتیە.
**ئیسپەر**: سپەر، سوپەر، سوپیر، قەڵغانی شەڕی کۆن لە چەرم یا ئاسن بۆ بەرگری.
**ئیسپەن**: ئەسپەندەر، قانگ.
**ئیسپێدە**: سپێدە، بەرەبەیان: (ڕۆژ و شیڤ و نوور و تیرێژ، بەرق و هەم ئیسپێدەیە) «جزیری».
**ئیست**: ١. ووچان، پشوو، وچانێکی کەم،٢. ڕاوەستە، بوەستە، فەرمان بۆ وێستان،٣. ڕەوتی ڕاوەستان: (ژین قەتارێکی نەوەستە، ئیست و

بیلعەکسی نییە) «جومعەکـان»،٤. لە کـار کەوتـن: (ئیستی قەلبی: ڕاوێستانی دڵ).

**ئیستا**: ١. نهۆ، نـووکە، ئەلعـان، ئیسـا،٢. ئیسـتادە، بەپاوە: (حاجب ئەر ڕێ بدا دڵم دینێ/ دەمی دەر ئیستا دەبم دایم) «سالم».

**ئیستادە**: بەپاوە، ڕاوەستاو: (ئیستادە و خەجاڵەت، گەردنکەچ و تەریقم) «سالم».

**ئیستارت**: ١.ئێستارتێر، کەرەستەیەکە لە ماشێندا، ٢.کلیلی هەڵکردنی سـەیارە،٣.دەسـپێک، سـەرەتا، ٤.هێندلی، قەدیمی.

**ئیستاکەش**: ئێستەش، هێشـتاش: (ڕووم ئەوا زەرد بـوو وەکـوو پـایز لە هیجـران «نالیـا»/ عەشـق ئیستاکەش لە من سەیلی بەهارانی دەوێ!) «نالی».

**ئیستاکێ**: ئیستا، نهۆ.

**ئیستامبولی**: ١. خەڵکی ئیستامبول،٢. پێوەنـدیدار بە شـاری ئیسـتامبول لە تورکیـا،٣. ئەسـتەمووڵی، دەفری قوڕکێشانی بەننایی،٤. جۆرێک هێرەڵماسی گچـکە و مەیلەوسـپییە،٥. جـۆرێ پـڵاو کە یارەماسی و قیمەی تێکرابێ.

**ئیستانبولی پڵاو**: ئیستامبولی، خواردنێکە لە برنج و قیمە و یارەماسی.

**ئیستاولا**: لە ئێستاوە بۆ دواوە، داهاتوو: (لەپـاش دەسبازی و هەرا و زەنایان/ دێنە سەر تەگبیـر بـۆ ئیستاولایان) «قانع».

**ئیستتو**: دۆزیتۆ.

**ئیستخوان**: ئێسقان: (پـارچەی ئیسـتخوان گەردەن کەردم واز) «تالع».

**ئیستراحەت**: ئیسراحەت، پشوو، وەقرە، ئـۆقرە، ستار، حەسیان، حەسیانەوە.

**ئیستران**: ئستران.

**ئیستکان**: ئیسکان: (دەڵێم بریا شتڵە ڕێحانێک بام لە سەر هەیوانی ماڵە بابی نازدار حەیرانێ/ هەموو ئێـواران و سـبحەینان ئـاوی ئیسـتکانی دە بـن کردبام) «گەنجی سەربەمۆر».

**ئیسـتگا**: ١. وێسـتگا، ئێسـتگە، یسـگە، ئیـزگەی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن،٢. ئیزگەی تایبەتی سـەیارە و قەتـار،٣. جێـی ڕاوەسـتان بـۆ کـاری تـایبەتی: (ئیستگەی بازڕەسی).

**ئیسـت گرتن**: ڕاوەسـتان، وێسـتان: (بە نـاز ڕامەبوورە، ئیستێکی بگرە) «ماملێ».

**ئیستە**: ئیستا: (خزم و خـویش قسـەی پیریژنـانە/ ڕەفیقی دڵسۆز ئیستە جزدانە) «ف. بێکەس».

**ئیسـتەبرەق**: جـۆرێ قوماشـی زۆر جـوانی ڕەنگـاوڕەنگە: (بـۆوک سـەر بەرزان ئیسـتەبرەق پۆشان) «م.ح. دزڵی».

**ئیستەرەم**: ئیلان و بلان، پاداگری بـۆ سـەپاندنی ڕای.

**ئیستەک**: هێسک، هێستک، ئێسقان.

**ئیستەکوونی**: هەرئێستا.

**ئیستەکێ**: ئیستە، نهۆ.

**ئیستەیچە**: ئێستاش.

**ئیستەیش**: ئیسەی، ئیسەیچە.

**ئیستەیو**: دۆزینەوە، دیتنەوە، ناسین.

**ئیستەیۆ**: دۆزینەوە.

**ئیستەیونەوەشی**: ناسینی جۆری نەخۆشی.

**ئیستی**: ئەستۆ، ستۆ، مل، گەردەن.

**ئیسـتێ**: ئیسـتا، نهـا: (ئیش کە ڕوی ئیسـتێ لە هەرازە، سـەرەولێژی نەکەی/ بیـری دەروێشـی ئەوێ، هەر بە دۆعا و نـوێژی نەکەی) «شـوکری فەزلی».

**ئیستیخوان**: ئێسـقان، سـوقان، پێشـە: (قـرچەی ئیستیخوان، کزەی دەروونم/ بۆی کەبـابی جەرگ جۆشییای هوونم) «بێسارانی».

**ئیستیراحەت**: پشوو، وچان، حەسانەوە، سانەوە.

**ئیستیفا**: ١. پارچە قوماشێکی جـوانە وەک تـاقە: (جەو بۆنۆ فەردم ئیستیفا بێـزەن/ دامەنەش لایـق

ئیسفەهان

ئەی پەراوێزەن) «مەولەوی»،٢. مـووروووی جـوان بە ڕەنگی پەمەیی وەک کارەبا،٣. ناوە بـۆ کچـان: (گراویێ ئەز ئیستیفا بوو/ خـالەک ل سـەر گۆنـا بـوو/ دلا چـی کـور و کـالان/ ژ بـۆ ئەڤ خـال شەیدا بوو) «جەوان».

**ئیستیفادە**: قازانج، کەڵک.

**ئیستیفایی**: ئـاڵ، سـوور: (ئەو لێـوەت بـۆچ وا ئیسـتیفایی‌یە/ دەڵـێ: لەبەر ئیسـتیکان پێوەنـانێ) «گەنجی سەربەمۆر».

**ئیستیکان**: ئیستکان، پیالە: (سەماوەرێکی هەشتی/ دەگەڵ دەستێک ئیستیکان) «فۆلکلۆر».

**ئیستی‌نیشاوە**: دۆزیویانەتۆ.

**ئیستیوا**: ڕاستایی، خەتـی ئیسـتیوا ئەو خەتەیە کە ڕۆژ لە نێوەڕاستی عاسماندا دەیـداتەبەر: (زوهـرە رەنگی ماە و خورشیدێ ژ بـالا وێ نمـا/ لەو دو کەوکەبە چونە ڤێـرا ئیسـتیوایێ راسـت و چەپ) «جزیری».

**ئیســــتیوار**: ١. دەرەجەداری نیزامــی بــانتر لە گروهبان: (ئیستیوار دەستی بە سمێڵە زەردەکەی‌دا هێنا) «هەزار ئەشکەوت»٢. قایم، مەحکەم.

**ئیســــتیوایی**: ١. پێوەنــــدی‌دار بە ئیســــتیواوە: (بـارانگەلی ئیسـتیوایی)،٢. نـاوچەگەلی نزیـک ئیستیوا.

**ئیســـحاق‌ئاوا**: ١. دێـیەکە ســـەر بە نـــاوچەی چل‌چەمەی بەخشـی سەرشـیوی سـەقز،٢. نـاوی چەمێکە لە کوێستانی بەردەڕیقناوی لای مەریـوان سەرچاوە دەگرێ.

**ئیسحال**: زگەشۆرە، سەرپێیی، بەلەفیرە، ڕەوانی.

**ئیسحال‌بییەی**: زگ‌چوون، ئیسهال بوون.

**ئیسحال‌کەردەی**: ڕەوان کردن.

**ئیسحالی**: زگەشۆرە، سەرپێیی.

**ئیسخوان**: ئیسک، سوقان.

**ئیسر**: گوشینگە، هیسل، جێی کوشینی ترێ.

**ئیسراحەت**: ئاسودەیی، پشوو، وچان.

**ئیسرار**: ورک، ڕک، جەخت، پێداگری.

**ئیسرارباز**: ڕکـن، ورکگـر، سـەختگیر، پێـداگر، سوور.

**ئیســـرافیل**: فریشـــتەی مرانـــدن و ژیانـــدنەوە: (هێندێک دەڵێن نەخێر حەزرەتی ئیسـرافیلە فـوو دەکا بە نەفخی سووردا) «گەنجی سەربەمۆر».

**ئیسسە**: وشەیەکە بـۆ ئـاژۆتن و لێخـوڕینی بـزن بەکار دەبرێ.

**ئیسفا**: ١. مزنە،٢. قەناعەت، قنیات.

**ئیسفاگرتن**: مزنەگرتن.

**ئیسفاگەر**: وردبین، ڕیزبین.

**ئیســـفاڵت**: ١. قیرتـاو، قیلتـاو، قیـل و خیـزی تێکەڵ،٢. جادەی قیرتاو کراو: (ماشـین و ڕێگـای ئیسفالتی نییە/ بەو سارد و سۆڵە عیلاجـی چییـە) «هێمن».

**ئیسفاندار**: ئیسفەندیار، پاڵەوانێکی تـورک بـووە: (ل وان چییا شێر و ئەفات دژین کۆ هەر یەکی ژ وان ڕۆستەم و ئیسفاندارییە) «مەستوورە».

**ئیسفکا**: گوندێکە لە نزیک بامەرنی.

**ئیســـفەند**: ١. ڕەشـــەمە، مـانگی ئـاخری سـاڵی هەتاوی،٢.ئەسپەن، ئەسـپەندەر، قانـگ، دیـدی،٣. تووی ئەسپەندەر.

**ئیسفەناج**: ئەسپەناغ، سپەناغ، سپیناغ، گیایەکە.

**ئیسفەنج**: ١. هەور، هەوری، سـونگەر، کەرەور، گیان‌لەبەرێکی گیائاسا، بێ‌بزوە و جـووڵە لە ژێـر ئاوی دەریا دەژی،٢. هەوری دۆشەک و سەنیر.

**ئیسفەندی**: عەشـیرەتێکی چـارداوڵی دانیشـتوی مەحموداوای سایین‌قەڵا.

**ئیسفەهان**: شارێکە لە ئێران: (بەنـدەر دەیـلەم و بەهبەهان/ خورەماباد و ئیسفەهان) «بۆکوردستان».

**ئیسفەهانی**: ١. خەڵکی ئیسفەهان،٢. دروس‌کراوی ئیسفەهان: (ڕەوانی کۆهکەن با تازە کا تەقریری شیرینم/ بە شیرینی لەبت ناگا شەکەر با ئیسفەهانی بێ) «سالم».

**ئیسفی**: ×٧٩×: (بەلکو کاروان ئیسفی بینتن) «سندی».

**ئیسقا**: نەخۆشی ئاوبەند: (من لە داخی سەرکزی ئەم میللەتە چوار دەردمە/ سیل یەک، مالاری دوو، چاوکوێری سێ، ئیسقا چوار) «قانع».

**ئیسقات**: گۆچ، گۆج، سەقەت: (ماڵی ئیسقات بوو حەیوانی زبرە/ حەیوانی وردەش بۆ گۆشتی سفرە) «قانع».

**ئیسقان**: ئێسک، ئێسقان، پێشە، پلان، سقان.

**ئیسقانە**: نەخۆشی ئیسقا: (ئەمووت بە تادار دەخیل ئیسقانەتە/ فریای خۆت کەوە ڕۆژی نەجاتە) «قانع».

**ئیسقانی**: ١. پێوەندی‌دار بە ئێسقانەوە،٢. لە ڕەنگ یا جنسی سوقان.

**ئیسقای تەپڵی**: نەخۆشی ×××××

**ئیسقایی**: ١. ئاوبەند، زکەماسی، نەخۆشی زک‌ئاوسان،٢. کەسێ نەخۆشی ئیسقای هەبێ.

**ئیسک**: ١. نزگەرە، ئیسکە، نسقەرە، برک، سیکسیکە، ئەسکەرە،٢. قرقێنە، قرپ،٣. ئیسکۆک، هەنیسکی گریان: (ئیسک تێنە من)،٤. ئێسک، سوقان: (دەبایە ئێستا ئیسکم نەمایە/ بیروباوەڕم لە دەست بدایە) «حەمەجەزا»،٥. عیسا، ناوە بۆ پیاوان: (دوو ژن پێکەوە هەویریان ئەشێلا، یەکیان لەوی کەیانی پرسی، چەن شووت کردووە؟ وتی: ئیسک و میسک و مستەفا/ حافە و جەمشید و بولوەفا) «ڕشتەی مرواری».

**ئیسکاچ**: ١. کاسەشۆر، دەفرشۆر، پەڕپەژمینە، زرووە، پەڕۆ زرووە،٢. جۆرێ چەسپ.

**ئیسکان**: فنجان، فینجان، قەدەح، گیلاس، پیاڵە، ئیستیکان: (پیاوێکم لا بوو مام پیرداودمان پێ ئەوت، ڕۆژێک هەندێ ژێرجگەرە و ئیسکان هەبوو وتم بیانشۆ) «ڕشتەی‌مرواری».

**ئیسک‌دان**: نزگەرەدان.

**ئیسک‌ڤەدان**: ئیسک‌کرن.

**ئیسک‌کرن**: نزگەرەدان.

**ئیسکلە**: ١. سەکۆی شەپۆل‌شکێن و بارەنداز لە ڕخی دەریا،٢. لەنگەرگای پاپۆڕ.

**ئیسکۆتک**: هەنیسکی گریانییە: (ئیسکۆتک تینە من).

**ئیسکۆک**: ئیسک، هەنیسک.

**ئیسکوودان**: ئیشکوودان، ئاگردان: (لە وتەکانی مامە حەسەن وا دەرئەکەوێ کە ئەو کێوە ئیسکوودانی زەمانی زەرتوشتەکان بووە) «ئاوێنەی‌بێگەرد».

**ئیسکە**: ١. ئیسە، ئێستا، ئێستاکە: (کوڕێ تووام هەر ئیسکە/ ناوێ بنەمە وریسکە)،٢. نزگەرە.

**ئیسکەئیسک**: سرتە سرت: (پاشێ بوو ئیسکە ئیسکا چەند کەسان) «مەستوورە».

**ئیسکەندەر**: ئەسکەندەر، ناوی پادشایێک بووە: (عەجەب دەردێکە بێ‌دەرمان، بەڵایی عەشقی مەهرووییان/ ئەبیتە واتەیی دەوران، ئەگەر ئیسکەندەری برنای) «مینەجاف».

**ئیسکەیت**: کەوشی چەرخدار بۆ ڕۆیشتن لە سەر بەفر و جێی ساف.

**ئیسکی‌بەغدا**: گوندێکە لە بەشی گەورکایەتی لای تورجان سەر بە شاری بۆکان.

**ئیسگا**: ئیزگە.

**ئیسگە**: ئیزگە.

**ئیسل**: ١. سەکۆ، جێی بەرزتر ل هندر خانی کو زەمانێ بەرێ ل ئالیکی خانی‌دا چێ دکرن،٢. کاپۆ، جیگاها مریشکان.

**ئیسلاح**: ١. چاکسازی، کارێ کە دەبێتە باشتر

بوونی شتێ: (ئیسلاحی نژادی وڵاخ)،٢. کاری قرتانن و کورتکردنەوەی سەر،٣. هەڵەچنی، دەستکاری نووسراوە، پێداچوونەوە: (غەڵەت ئیملایی ویت ئیسلاح کەرە/ جا پێسە پاڵنگ هەڵمەتە بەرە) «م.ح. دزڵی»،٤. سازان، گونجان،٥. یەکخستنەوە، ئاشت کردنەوە.

**ئیسلاحیە**: شارێکی باکووری کوردستانە.

**ئیسلام**: ١. ئایینی ئیسلام، دینی محەممەد: (ناڤێ پرتووکا پیرۆز ئا ئۆلا ئیسلامێ قورئانە) «سەنار»،٢. موسوڵمان، موسوڵمانگەل،٣. ملدان، ملکەجی.

**ئیسلاماوا**: ئیسلامئاباد.

**ئیسلامئاباد**: شارێکە کوردستانی لای کرماشان.

**ئیسلامئابادیغەرب**: شارێکە لە نزیک کرماشان.

**ئیسلامئاوا**: ١. تازاوا، گوندێکە لەفە دێکۆی سارالی دیواندەرە،٢. گوندێکە لای بیجار.

**ئیسلامبوون**: شادیمان هێنان بە دینی ئیسلام: (فەقیر وەرە ئیسلام بە، ژی بلێیم؟ هەرە کن مەلای زەڕگوێزی) «پەند».

**ئیسلامزوان**: موسوڵمان×: (هەروایش زۆر عەیبە بۆ ئیسلامزوان/ مائیلی بە خوو و کردەی غەیرەکان) «مینەجاف».

**ئیسلاملوو**: گوندێکە لای شنۆ.

**ئیسلامەتی**: موسوڵمانەتی، ئیسلام: (ئەڤ کەڤنەشۆپی هێ بەری دەورانا ئیسلامەتییێ بال کوردان، بال باپیرێن کوردان مەدان هەبوویە) «مەستوورە».

**ئیسلیمی**: ١. ئاڵەت، سوراحی، هەرکام لە ڕیزە دارە چەقێنراوانەی کە بە شێوەی تایبەت خەڕاتی کریاگن،٢. جۆرێ نەخش و نیگارێکە لە خەتی پێچ و پلووچ پێکدێ،٣. جۆرێ خەتی کۆنە.

**ئیسم**: ١. ناو، نێو: (داری ئێراک و داری هێند هەر دوو کە عوودە ئیسمیان/ هەمدەمی سوونەتە ئەوەم مەیلی ئەبوولەهەب دەکا) «نالی»،٢. ئیسمی ئەعزەم، ناوی گەورە: (قوفل و زنجیر دێ ڤەبن، بێ ئیسم و دەست و میفتەیە) «جزیری».

**ئیسماعیل**: ئیسۆ، سمکۆ، سمایل، سمە، سمۆ، عییلە، ناوی پیاوانە.

**ئیسماعیلئاوا**: گوندێکە لای پێنجوێن.

**ئیسماعیلئیمام**: گوندێکە لای کەرکووک.

**ئیسماعیلبەگ**: گوندێکە لە نزیک کەرکووک.

**ئیسماعیلنامە**: کتێبێک بووە جاران لە حوجرەدا دەخوێنرا: (لە باتی سوڵتان جومجومە و ئیسماعیلنامە هەر یەکی بەیتێک، لاوکێک، حەیرانێک و گەلۆیەکیان نووسیبایە) «توحفە».

**ئیسماعیلیە**: گوندێکە لای کەرکووک.

**ئیسماوامیرزا**: گوندێکە لە باکووری بەردەڕەش.

**ئیسموڕەسم**: ناوبانگ، ناو، ناڤداری، شۆرەت.

**ئیسموڕەسمدار**: ناڤدار، ناودار، ناسراو، بەناوبانگ، ناودەرکردوو.

**ئیسمیشەو**: درکاندنی ڕەمزی شەو بۆ هاتوچۆ.

**ئیسۆت**: ئاڵەت، ئیسیوەت، ئیسوەت، دارگیهایەکی دەندک هوور و ڕەشە، تال و تووژە.

**ئیسۆتی**: ئاڵەت، ئیسوەت، فلفل، پلپل.

**ئیسوڵە**: عیسولی، گوندێکە لە دێکۆی سەرشیوی مەریوان.

**ئیسومەرا**: گوندێکە لای ئاکرێ.

**ئیسوو**: یووسوو، سووکە ناو یووسف.

**ئیسوەت**: ئیسۆت، ئیسیوەت، ئیسێوەت، ئیسۆتی، بیبار، ئاڵەت، دەرمانگەرم، فلفل.

**ئیسە**: ١. ئێستا، هەنووکە، وێستا: (ئیسە بێ ئامان خەستەی هیجرانم/ سەرکەردەن هوونـاو نە تۆی زامـانم) «مەولەوی»، (هەر ئیسە بڕوین بیرێنی...)،٢. دەردێکی کوشەندەیە لە سەتا پێنجی

ڕزگار نابن.
**ئیسهال**: ئیسحال، تەقەفیرە، زکەشۆرە، زەحیری، سکچوون، سەرپایی.
**ئیسهالی**: فیرن، گووکەر، گواوی، زەحیر.
**ئیسەتێ**: ١. ئیسا، ئیسە، نهۆ: (ئیسە غام کەردەن مەرگت دلێری/ شێر بەیداخان منمانان شێری) «مەولەوی»، ٢. ئێستا دێ.
**ئیسەر**: ئەمسەر، واژی ئەوسەر.
**ئیسەرەم**: ئیستەرەم، ئیدەرەم، دەمەوێت، دەبێ، دەخوازم.
**ئیسەش**: ئیسەیش.
**ئیسەنی**: ئێستا، ئێستاکە.
**ئیسەوەرما**: ئیستە لە بەرمە، حفزم کردووە.
**ئیسەیچ**: ئیسەیچە.
**ئیسەیچە**: ئیستەیشە، ئێستاش: (ئیسەیچە دیدەم چەم ها وە ڕاوە/ هەڵای سەروەشم بەو تەمەنناوە) «مەولەوی».
**ئیسەیش**: ئیسەیچ، ئیسەیچە: (بار لەبۆ کەر و خواردن بۆ یابوو/ ئیسەیش هەر وایە و زووتریش هەر وابوو) «پەند».
**ئیسەیشە**: ئیسەش.
**ئیسیاوا**: گوندێکە: (ژنێک بوو لە ئیسیاوا، شەوێک دەم ئەنێتە کانیی‌ەک) «ڕشتەی‌مرواری».
**ئیسیای**: ڕۆشن، هەڵکراو: (چ چرا هەتا سپێدێ ئیسیای نابن) «پەند».
**ئیسیکی**: ناوی گوندێکە لە کفری×٥٣٥×: (مامۆستا دەرویش عەبدوڵڵای جەباری لە مەدرەسەی ئیسیکی کفری مودیر بوو) «ڕشتەی‌مرواری».
**ئیسیوەت**: بیبار، ئیسوەت: (جەماعەت زۆرە و ئیسیوەت کەم، دەبێ بەش کا) «پەند».
**ئیسێوەت**: بیبار، ئیسوەت.
**ئیش**: ١. قخ، پیسە، عیش، کخ، وشەی پارێز لە پیسی ٢. کار، فرمان، شۆل، پیشە، سنعات، سەرقاڵی ڕۆژانە: (ڕووتی دی، لەو ڕۆژەوە، گەر ڕۆژە سەرگەردانە ڕۆژ/ گەیبە ئێوارە، وەکوو من، ئیشی قورپێوانە ڕۆژ) «مەحوی» ٣. کردە، کردار، کردەوە: (دڵ موشەببەک بوو لەبەر ئێشان و نێشانی موژەت/ ئیشی چاو بوو بۆیە هێند گریام و خوێنی کەوتە سەر) «نالی» ٤. زلە، زللە، پشتەملێ،٥. ئێش، دەرد.
**ئیشار**: ١. چارۆکە، چارەکە، کوڵوانە، یازمە، دەرسوک،٢. ئیشارە، هێما،٣. نموونە، وێنە: (سەری کوڵمەت لە نێو زولفی سیادا/ ئیشارێکە لە نووری شەوچرادا) «وەفایی».
**ئیشارانی**: ×××: (کە ساڵی ڕیحلەتی ئەم مورشیدەم پرسی لە پیری عەقڵ/ بە حەرفی جەوهەری ئەم ئایەتەی کردم ئیشارانی) «بێخود».
**ئیشارە**: ١. هێما، درکە، چاوقرتکێ، ئاماژە، ئەیهام، کێشەک، گۆشە، سووکە ئاماژە، چاو هەڵتەکانن، ئاشیرەت بە چاو: (سەد ڕەمز و ئیشارەن لە شەتی شینی دوو چاوت) «ئاسۆ»،٢. هێمای بە دەس و برۆ و چاو بۆ شتێ،٣. نەسیحەت، پەند،٤. ڕاوێژ، بیرورا.
**ئیشارەت**: ١. ئیشارە، ئاشیرەت، ئاماژە، هێما بە دەس یا چاڤ: (دێ ژ وان لەعلان شفایی دل ب قانون تەلبە کت/ دا ئیشارەت خوش بکن هەرچی کەسێ بیمار بت) «جزیری»،٢. ئیشارەی تۆ: (ئیشارەت ئافەتی ڕۆحم، کەلامت غارەتی کردم/ تەبەسم سیحری لێوانت، تەکەلوم زێڕ و مەرجانت) «وەفایی».
**ئیشارەتکردن**: بە هێما تێگەیاندن، چاو داگرتن، ئیشارە کردن: (ئەووەل دکرن ب دەستێ ئیشارەت/ پاشی کو ڤەبو ل وان عیبارەت) «خانی».
**ئیشارەکردن**: ئیشارە پێدان: (بەیزا بە ئەمری ئەو

بوو کە وەستا دەقیقەیێ/ دوو لەت بە دەستی ئەو بوو کە مانگی ئێشارە کرد) «بێخود».

**ئیشــاریک**: ١. ئیشارەیەکی: (موشتاقی دەمی تێغت ئەوەندە بە بەهانەن/ بۆ چوونە فەنا، هەر بە ئیشــاریکی بــرۆ چــوون) «مەحــوی».٢. نیشانەیەک: (سەری کولمت لەنێو زولفی سیادا/ ئیشاریکە لە نووری شەوچرادا) «وەفایی».

**ئیشاعە**: ١. دەنگ، دەنگۆ، ئاوازە، ناوبانگ، وتە، واتـۆ، بەنـدوباو، وتەوت، قـاو، گـۆتە، چـاو، چاووڕاو، ڕاوچاو، لـۆغەت.٢. وێـنەی پزیشکی ئەندامێکی لەش.

**ئیشاعەئەرەکۆتەی**: دەنگ داکەوتنی درۆ.

**ئیشاعەکۆتەیرە**: دەنگ داکەوتنی درۆ.

**ئیشاعەگێرتەی**: وێنەی پزیشکی گرتن.

**ئیشاعەگیریا**: وێنەگیراوی پزیشکی.

**ئیشاعەگیریێ**: وێنەگیراوی پزیشکی.

**ئیشاعەوزتەیرە**: بڵاوکردنەوەی دنگۆ و قاو.

**ئیشاعەوستەیرە**: داخستنی دەنگۆ.

**ئیشالا**: وە ئمێد خودا.

**ئیشالاچڕ**: کاکەوەنچڕ، یەکێ لە مەقامەیل موور لەکی.

**ئیشاڵڵا**: خوا حەزکا، حەز دەکەم.

**ئیشاڵەکە**: سوویێندت بەتـاڵ بـێ، کەسـێ سـۆند بخـوات و کەسـێکی تریش بـیەوێ سـوێندەکەی بەتاڵ بێ، دەڵێ: ئیشاڵەکە.

**ئیشـــان**: ژان، سـۆت، ئـازار: (ئیـرۆ ژ دەربـا خەنجەرێ، لازم ب ئیشانی مەلا!) «جزیری».

**ئیشانن**: ئێشاندن، هێشاندن.

**ئیش‌بەدەســت**: کـاربەدەس، کـاربڕ: (زانـیم لە بەهەشـت کە ئیش‌بەدەسـتە/ یـا پـایەی بەرزە یـا تۆزی پەستە) «قانع».

**ئیشپیل**: ١. گەرای ناو زگـی ماسـی.٢. خشـپیل، تەلێکی دوتوێ بۆ سەری پێچ و مۆرە.

**ئیشـــت**: Ist ١. پشـتەملە، زلـلە، شـەپەزلە ٢. شداندن، بادان، پەیت‌کرن.×

**ئیشت**: Isit کـارت، ئیشـت پـێم: (بـۆ مەرامـی خۆت ملم ئەشـکێنی/ کە ئیشـت نەمـا وازم لـێ دێنی) «ف. بێکەس».×

**ئیشتیا**: واز، حەز، کەیف، هەوەس، مزێج، مگێـز: (بـۆتە پـوورە قیتـێ، هەرچـی دیتـی ئیشـتیای دەچێتێ) «پەند».

**ئیشتیابردن**: مەیل لە شتێک بوون.

**ئیشتیابەسران**: مەیل چوونە بەس.

**ئیشـــتیاچوون**: حەز لێبـوون: (ئیشـتیام چـۆتە دیواری، لێم بووە بە قەندی شاری).

**ئیشتیاکردن**: ئارەزووی شتێ کـردن: (مەرتەبە و پارە و پلە گەر بێتە ئـاوی زینـدەگی/ سـەردەمی ئـــاویلکەدانیش زەڕەیـــێ ئیشـــتیای نەکەم) «جومعەکان».

**ئیشتیالێبوون**: ١. ئیشتیاکردن.٢. مەیـل بە کردنـی کـارێ هەبـوون: (ئەرێ بـۆ هێنـدەت ئیشـتیا لە قسەیە دەرکت درێ).

**ئیشتیانەبردن**: مەیل لە شتێک نەبوون.

**ئیشتیاوەردە**: ئیشتیاهێنەر، ئیشتیادەر.

**ئیشـــتیبا**: هەڵە، سـەهوو، لێشـێویان، گومبـوون: (سـەوادی تـوڕڕەیی ئەو ویشـتیباهی سـەهوی جوان/ بەیازی غورڕەیی ئەم ئیتیباهی سـوجدەیی پیر) «نالی».

**ئیشتیباکاری**: هەڵەکاری، بە سەهوو چوون.

**ئیش‌تێکردن**: کار تێکردن، کاریگەری لەسەردانان: (نە تانگ و نە تۆپ ئیشم تێ‌ناکا/ بە سەد تەیارە، بەردێک لانابا) «قانع».

**ئیشتیها**: ئیشتیا، واز.

**ئیشتیهاکەردەیۆڕ**: ئیشتیاکەرەوە.

**ئیشدار**: کاردار، شۆلدار، دەس بە کار.
**ئیش ڕاپەڕاندن**: کار بەڕێوەبردن، کردن کار: (ڕابەرم هێنا ئیش ڕاپەڕێنێ) «پەند».
**ئیشزان**: کارزان، ژێهاتی، شایستە.
**ئیشق**: ١. ئەوین، ئەڤین، دڵداری، عیشق،٢. شاخێکە لە باکووری وان.
**ئیشقلک**: هەنگڵەشەلە، حەلوای لەسەر لاقێ.
**ئیشقلکێ**: ١. هەنگڵەشەلە، ئیشقلکی، لەسەر پایەک ڕۆیشتن ٢. هەڵپەڕین لەسەر پێیەک.
**ئیشک**: ١. وشک، ووشک، زوها، شتێ کە تەڕ نەبێ،٢. ڕەق، سەخت ٣. حاڵی شتێ کە لە پێشدا تەڕایی تێدا بووبێ: (گیای ئیشک)،٤. ترسی، نسی، نستی، بێپێخۆر، بەوشکی(نان)،٥. بەڕووڵەداری گوریس شەتەکدان،٦. مرۆی لاسار و دوور لە مجادلە،٧. دانیشتنی دۆست و برادەر بەبێ خواردنەوە.
**ئیشکارۆ**: بیابان، بیاوان، بێروون، جێی بێ ئاو.
**ئیشکاڤ**: سندوق، ئەلبک.
**ئیشکال**: چەتوون، دژوار، زەحمەت: (حوزنی من یا حوسنی تۆ ئیشکالە تا ئاخرنەفەس/ چون زەکاتی حوسنی تۆ یا حوزنی من ناگا بە کەس) «حەریق».
**ئیشکانی**: ١. وشکانی، ووشکانی، وشکی، بەژ، واژی دەریا،٢. زەوینی پەنا ئاو: (سواری پشتی کرد چوونە ئیشکانی/ دووپشک هەلی بە دەرفەت زانی) «بۆکوردستان».
**ئیشکاو**: وشکاو، وشکایی، دواچۆڕی ئاو.
**ئیشکاوز**: ١. ئیشکاوس، ئیشکاووس، خەفتان، تۆوی بە وشکیدا کراو،٢. ئیشکاوس، کچێ بە ڕێخە ئاوس بووبێ،٣. ئەستێور، ستێور(ئاژەڵی قسر).
**ئیشکاوس**: ئیشکاوز.
**ئیشکاووس**: ئیشکاوز.

**ئیشکاوهاتن**: ١. وشکایی هاتنی ئاو، چۆڕانەوە، ٢. دووایی هاتنی هەر کارێک: (وەکوو کەو لە فرە چوو دارم لە گونجی/ قسەی ڕاکرد و هات ئیشکاوی دەنگی) «بۆکوردستان».
**ئیشکایی**: وشکایی، وشکیایی، وشکیایەتی، ئیشکانی.
**ئیشک بوون**: ١.لە تەڕی قوتار بوون،٢. نەبزوان، لە جێی خۆ قەتیس مان.
**ئیشکدان**: وەربارادان، شداندن، بادان، توندکردنەوەی گوریسی شل بە بەڕووڵەدار.
**ئیش کرن**: ١. کارکردن، سەرقاڵ بوون،٢. کرێکاری کردن، کارکردن بە مز: (ئەمن ناوم جووتیارە/ چ ئیش ناکەم بە پارە) «ع. مەردان»،٣. بریتی لە کاری سەرجێیی کردن: (ژنێک سێ کچی هەبوو یەکێکیانی دا بە شوو، کوتی: ڕۆڵە شەو کە ئەچیتە لای مێردەکەت، لەو وەختەدا کە خەریکی ئیشکردنە بزێکی پێوە کە) «ڕشتەی مرواری».
**ئیکستاز**: جەزمی دەروێش: (زووترکێ دەروێش کەتنە ئیکستازێ) «مەستوورە».
**ئیشکستە**: خەتی شکستە، جۆری خەتی نوسینی جوانە: (چ خەت ئیشکستە و پورعینوانی) «جزیری».
**ئیشک کردن**: ١. ئاو لێچنین، لە تەڕی ڕزگار کردن، ٢. شەلەگە هەڵبڕین،٣. وشک کردنی کانی: (ئەم کانییە دوو ساڵە ئیشکی کردووە)،٤. لە شیر وەستانی شیردەر،٥. وشک کردنی فیقی،٦. کزکردنی کەسێ بە هۆی کاری زۆر،٧. لە برقدان، ئیشک هەڵێنانی زیندەوار: (هەم نارنجە و هەم سێوە، هاوار یا شێخی کرێوە/ غەم و فیراقی یارێ ئیشکی کردووم بە پێوە) «مامڵێ».
**ئیشک کردنەوە**: لە تەڕی خلاس کردن.
**ئیشکوبرینگ**: تەواو وشک، وشک و برینگ: (تا

شتی تەڕوبڕ هەبێ، بۆلای شتی ئیشک و برینگ ناچم).

**ئیشکوودان**: ئیسکوودان، ئاوردان.

**ئیشکە**: ١. کۆندۆ، ئیشکەدۆ، ئەژەڵی کە نەزابێ و شیر بدات ٢. پارە، دراڤی نەغد لە ماڵا.

**ئیشکەبار**: وشکەبار، باری وشک وەک: بادام، گوێز، مێوژ، هتد.

**ئیشکەبەر**: وشکەبەرد، ئیشکەبەرد، ئیشکەکەڵەک، دیواری هەڵچنراو بە بەرد بە بێ قوڕ.

**ئیشکەبەرد**: ئیشکەبەر.

**ئیشکەبەند**: وشکەبەند، سەرمای وشک.

**ئیشکەبەندی**: وشکەبەند، سەرمای زۆر سارد کە دار و بەرد پێکەوە دەبەستێتەوە.

**ئیشکەبیرۆ**: بیرۆی ئیشک.

**ئیشکەپلاو**: وشکەپلاو، کەتە.

**ئیشکەپەڕ**: ڕەحەتبوونی بێ نزیکی.

**ئیش کەتی**: ئیسقات، لە کار کەوتوو.

**ئیشکەجاو**: ئیشکەجوو، نانی بێ پێخۆر خواردن.

**ئیشکەجوو**: ئیشکەجاو، وشکەجاو.

**ئیشکەجووکردن**: نان خواردنی بێ پێخۆر.

**ئیشکەچن**: ١. وشکەچن، کەڵەک،٢. دیواری بە بەردی خاڵی هەڵچنراو.

**ئیشکەچۆم**: وشکەڕۆ، چەمێک هاوین وشکایی بێ.

**ئیشکەخڕ**: وشکەشیو، ئیشکەشیو.

**ئیشکەداوەت**: هەڵپەڕکێی بێ ژنان: (واژی ڕەشبەڵەک).

**ئیشکەر**: ١. کارکەر، بەکار، ڕەنجبەر، سەرگەرم: (هاتووین تەقدیری ئینسانی ئیشکەر/ بکەین و قەدری بخەینە سەر سەر) «ف. بێکەس»،٢. کاربەدەس، کارمەند: (ئیش کەری دەوڵەت بووین و دەریان کردین) «پێکەنینی گەدا».

**ئیشکەڕن**: ١. وشکەڕن، ڕنینەوەی تووک بەبێ خووسانن ٢. خوری و موو ڕنین لە پێستی ئاژەڵ ٣. گاڵتەجاڕی گەمەی تەنافبازی.

**ئیشکەڕۆ**: ١. یەکسمی فێرە ڕەوت نەکراو،٢. چۆمێ کە هاوین وشک بێ.

**ئیشکەڕێ**: ڕێگای سەخت و بەردەڵان و لێژ.

**ئیشکەژان**: ژانی زگ بێ زگچوون و ڕشانەوە.

**ئیشکەسال**: وشکەساڵ، ساڵی کەمباران.

**ئیشکەسۆفی**: خودێ خازی هیچ نەزان: (بنوارە وشکەسۆفی و ڕەقسی بە هەلهەلە/ دیسان لە بەحری وشکی هەوا کەوتە پێمەلە) «نالی».

**ئیشکەسەرما**: سەرمای سەختی بێبەفر.

**ئیشکەسەما**: خۆ شاد و بەکەیف نیشاندان بە خۆڕایی.

**ئیشکەشۆر**: ئەم دیو و ئەو دیو کردنی دەسرە و پێچ بۆ ئەوەی دیوی خاوێنی دەرکەوێ.

**ئیشکەشیو**: ١. وشکەشۆر، ئیشکەشۆر،٢. هەڵگەڕاندنەوەی لیباس بە دیوی تازەیدا،٣. وشکەخڕ، وشکەشیو، دۆڵێ هاوین ئاوی نەبێ.

**ئیشکەکەڵە**: کەڵەک، بەردی هەڵچنراو.

**ئیشکەکەند**: وشکەکێڵ، وشکەوەرد.

**ئیشکەڵ**: چرۆچیلکە، وشکەدار بۆ سوتاندن.

**ئیشکەڵوا**: هەڵوای دۆشاو بۆ سەفەر.

**ئیشکەمز**: کرێی نەغد بە بێ خواردن بە کرێکار.

**ئیشکەمس**: ئیشکەمز.

**ئیشکەمەلە**: وشکەمەلە، حەمامچوونی بە لەشپاکی.

**ئیشکەوەرد**: وشکەوەرد، وشکەکێڵ، خەفتان، کێلانی زەوی ئیشک.

**ئیشکهەڵاتن**: ١. وشک بوون، ڕەق بوون(دار)، ٢. لە خەم و کۆڤاندا کز بوون،٣. تەزین، ڕەقهەڵاتن لە سەرما.

**ئیشکهەڵگەڕان**: وشکهەڵگەڕان، وشکبوون.
**ئیشکیل**: ١. دەسەڵات، حوکم، فەرمان،٢. فێڵ، تەڵەکە، دەهۆ، ئاگوول، گزی،٣. پێوەند، بەستنەوەی هەر چوارپەلی ئاژەڵ.
**ئیشکێڵ**: ١.زمانە، لاولاوەی دارین،٢.شەیتانۆکە.
**ئیشکیل کردن**: پێوەند کردن، بەستنەوە، دەسبەند لێدان (وڵاخ).
**ئیش گوزار**: کەسێ کار و باری بە باشی هەڵدەسوورێنێ.
**ئیشلک**: ئێلەک، کورتە، کورتەک، جۆرێ کەوا.
**ئیشلەک**: سیخمە، سوخمە، یەلەک، ئێلەک، رخمە.
**ئیش لێهاتن**: کار لێهاتن، کار لە دەس هاتن.
**ئیش لێهاتوو**: ١. کارزان، شارەزا، پسپۆڕ،٢. کارلێهاتگ، کەسێ توانایی کارێکی هەبێ.
**ئیشمەخ**: جەمەدانی، جامەدانی.
**ئیشن**: ١. دوان، پەیڤین، ئاخۆتن،٢.دەڵێن، دەبێژن، ئێژن، ئووشن.
**ئیش وفرمان**: کاروبار، ئیشوکار: (نەیپەرژاوەتە خەلەوخەرمانی/ هەموو جێ مان، ئیش و فرمانی) «قانع».
**ئیش وکار**: ئیش، سەرقاڵی: (هەر خونچەیە بەکەیف و دەماخە لە سەر چڵە/ هەر بولبولی هەژارە ئیش و کاری زاری‌یە) «قانع».
**ئیشۆکۆر**: گوندێکە لە هەریمی کوردستان.
**ئیشە**: داخواز، داوا، داواکاری.
**ئیشەخۆشەکە**: بریتی لە نزیکی و سەرجێیی: (ئەڵێن ژن کە چێشتی سوێری لێنا، ئەوە ئیشتیای لە ئیشە خۆشەکەیە!) «ڕشتەی‌مرواری».
**ئیشەسا**: خەبات، حەول، ئیشبتە.
**ئیشەڤ**: ئەمشەو، ئیمشەو، ئەوشۆ، ئەڤ شەوە: (داخلی مەجلیس بوی ئیشەڤ «نیشانی» لەو کو خەف/ جامی روحانی ل ئەهلی دل نەشاندن ماهی نەو) «جزیری».
**ئیشەڵڵا**: ئینشەئەڵڵا: (ئیشەڵڵا ڕەوزەی باقی مەدان پێت) «بێسارانی».
**ئیشەو**: ئیشەڤ، ئەمشەو: (ئیمشەو مـن گریام، خەروس کەرد ناڵین/ سوب ئەو بێ نیشان، مـن زوخ جە باڵین) «بێسارانی».
**ئیشی**: ١. هێشوو، وشی ترێ: (مرۆڤەکی باغەکی دای یەکی دی، ئیشیەکی تری نەدایە) «پەند» ٢. ئێژی، ئووشی، دەڵێ، دەڵێی،٣. چەند کەس ب هەڤ را پیاسەک یا ڕێ‌پێوانێک ڕێ‌خەن،٤. ئێشێ، دێشێ: (گشک گیانم ئیشی).
**ئیشیان**: ئێشان، هێشان.
**ئیشی شەرعی**: بریتی لە نزیکی: (حەکیم پێی وت: خۆت لە ئیشی شەرعی بگرەوە چاوت چا ئەبێتەوە) «ڕشتەی مرواری».
**ئیشی قۆڕ**: کاری پووچ و بێ‌مەعنا: (بێخود تا کەی خەریکی ئیشی قۆڕی/ بۆ گرتنی ماسی بێ هەوا وەک تۆڕی) «بێخود».
**ئیشیک**: ١. شایی، هەڵپەڕین، بەزم، چۆپی‌کێشان ٢. درگاوانی، دەرگەڤانی،
**ئیشیککێش**: چاوەدێر، پارێزەر.
**ئیشیم**: میراتی، میرات، ئیرس،
**ئیشیم بەر**: میراتبەر، ئیرسگر، ئیشیم‌گر،
**ئیشیم گر**: ئیشیم‌بەر.
**ئیشی ناوکوڵانی**: بریتی لە کاری هیچ‌وپووچی لاوان و گەڕانی بێ‌سوود: (هەر بە وا بمزانیایە، کاکی کوردم کەوتە ژێر/ لاوی خوێن‌گەرمم خەریکی ئیشی ناو کوڵانی‌یە!) «قانع».
**ئیع**: یەع، ییع، دەنگێکە لە کاتی ڕشانەوە یا دیتنی پیسی دەبێژرێ.
**ئیعان**: ئیستە، ئێستا، ئێستاکونێ.
**ئیعانە**: باربو، یارمەتی، پیتاک، کۆمەک.
**ئی عانە**: ئەم کاتە.

**ئیعانێ**: کوت‌لێدان، حنجک‌لێدان.
**ئیعانەکریا**: یارمەتی‌کراو.
**ئیعانەکریای**: باربوو کران.
**ئیعانەکریێ**: کۆمەک‌کراو.
**ئیعانەکەر**: باربووکەر.
**ئیعانەکەردەی**: باربوو کردن.
**ئیعانەکەرە**: یارمەتیدەر.
**ئیعجاز**: موعجیزە: (لە ئیعجازی مەحەببەت چار فەسڵم جوملە بۆ جەمعە/ سرووشکم سوورە، ڕەنگم زەردە، لێوم وشکە، چاوم تەڕ) «مەحوی».
**ئیعدام**: ١. کوژران یا خنکان لە لایەن دەوڵەتەوە، ٢. داری ئێعدام و خنکاندن: (پۆلێکی وەها بوون کە لە ڕێی قەوم و وڵاتا/ ڕۆیینە بەر ئیعدام و نەدۆڕیان لە سوباتا) «مینەجاف».
**ئیعدام‌کریا**: ئێعدام‌کراو.
**ئیعدام‌کریای**: کوشتن، خنکاندن.
**ئیعدام‌کریێ**: کوژراو، خنکێندراو.
**ئیعدام‌کەر**: خنکێنەری کەسێ.
**ئیعدام‌کەردەی**: ئیعدام کردن.
**ئیعدام‌کەرە**: خنکێنەر، کوژەر.
**ئیعدامی**: ١. خنکاو، ئێعدام‌کریاگ،٢. مەحکووم بووگ بە ئێعدام.
**ئیغبال**: ئیقبال، تالە، تالع، نەسیب: (ئیغبالا بەلەگەورە، شەڤێ ساهی‌یە، ڕۆژێ عەورە) «گولواز».
**ئیغدام**: غیرەت، بوێری، زات.
**ئیغدیر**: شارێکی باکووری کوردستانە نزیک چەمی ئاراسە.
**ئیغری**: فاڵدان، چاک‌کردن، کێشان(ماین لە فەحل).
**ئیغماس**: چاوپۆشی، عەفوو.
**ئیف**: ١. ئای چ باشە ٢. فێ، فێداری، نەخۆشی خووداری ٣. فیتان، فیتە، فیکە،٤. وشەی بێزاری دەربڕینە لە بۆی ناخۆش.
**ئیفادە**: ١. دەعیە، فیز، خۆپەسندی، قاپانی، قورە، تەکەبور، ترۆتۆپ: (خەنینی ئەهات شادە/ ئەیوت بەسیە ئیفادە) «هەژار»،٢. سوال و جواو، ڕەوتی لێ‌پرسین و جواودانەوە، ٣. سوود پێ گەیاندن: (تەقریر و تەحریر، فتوا و ئیفادە) «ش. محەمەدی دان».
**ئیفادەچەنەهۆرگرتەی**: ئیفادە لێ وەرگرتن.
**ئیفادەدای**: ئیفادە دان.
**ئیفادەدەر**: بەتۆزوپۆز.
**ئیفادەدەرە**: لووت‌بەرز.
**ئیفادەفرۆشتن**: بەخۆ نازین، فیز نواندن.
**ئیفادەلێدان**: فیزنواندن: (پۆز و ئیفادەی لەسەر لێدەدا) «ئەمیری».
**ئیفاقە**: فایدە، موفا، خێر.
**ئیفاقەکردن**: بە کەڵک بوون، بەهرەدان.
**ئیفت**: ١. ئافەرین، بەهبەه ئوف،٢. ئارەزوو، ڤیان، وەرج، ئاوات،٣. ئاییفت، پاژینە، ئەخشاڵ، ئەشغاڵ، بنژیل، بن‌بێژنگ، دەغەڵەی دانەوێڵە، ٤.کەم‌کردنی دەغڵ لە عەمباردا بە هۆی هەڵگرتن، ٥. سووکی و کەسری شان.
**ئیفتادە**: ١. کەوتوو: (ڕۆژێ خەبەری حەرب و دەمێ موژدەیی سوڵحە/ ئیفتادە لە ناو دەغدەغەیی خەوف و ڕەجا خۆم) «عارف سائیب»،٢. پەککەوتە، پیری لە کار کەفتگ: (ئەی تازەجوان پیر بی کە ئیفتادە و کەوتوم) «نالی».
**ئیفتادەیی**: پیری، لەکارکەوتوویی.
**ئیفتار**: ١. بەربانگ، بەرشێو، ڕۆژووکردنەوە: (سحوورم قورسی ڕۆژی ڕوومەتی بوو، ئەم سبەینێیە/ چ خۆشە گەر بمێنم، مەغریبش بیکەم بە ئیفتارێ) «حەمدی»،٢. ئەوەی ڕۆژووی پێ دەشکێنن.
**ئیفتخار**: ئیفتیخار، شانازی: (ئەگەر فەرقم بگاتە

مەرکەزی خاکی کەفی پێی یار/ دەگاتە ئاسمان گۆشەی کولاهی ئیفتخاری من) «سالم».

**ئیفتخـــاری**: ئیفتیخـاری، بە خـۆڕاییی: (قـازی محەمەد کە ئەوسا پێیان دەکوت میرزا مـحەممەدی قازی، ببوە مدیر مەعارفی سابلاغ، بەبێ مەعـاش، واتا ئیفتیخاری) «چێشتی مجێور».

**ئیفترا**: ئیفتیرا، بوختان، دەرەو.

**ئیفـــتەر**: ١. وەک یەک و دوو: (وەک ئیفـــتەرن: وەکی یەک و دوون)،٢. ئەوانیتر، ئەوانـیدی: (نە ئەمجارەی من چون ئەوجارانەن/ نە ئازیز وێـنەی ئیفتەر یـارانەن) «مەولەوی»،٣. تـر، تەر، دن، دی: (بەڵام دەردێـوتەر جـاگرتەن نە دڵ/ نەک چـون ئیفتەر دەرد دڵ پێش مدۆ چڵ) «مەولەوی».

**ئیفتیخار**: شـانازی، سـەربڵندی، فیـز: (تـۆ: هەم بیسـاتی ئـێمە، ئەمـن: هەم ویسـاڵی تـۆ/ ڕەببـی! بەچـــی تەشـــەککوری ئەو ئیفتیخـــارە کەم!؟) «ئەدەب».

**ئیفتیخاری**: بە خۆڕایی، هەروا.

**ئیفتیرا**: بوختان، درۆ، هەڵبەستە.

**ئیفدار**: دوژمندار، غەنیمدار.

**ئیفراد**: زۆر، زۆرەملی.

**ئیفرازکەماڵ**: گوندێکە لای هەولێر.

**ئیفک**: بوختان، تۆمەت: (عـاجز مەبە هەرگیـز لە درۆ و ئیفکی حەسوودان/ دونیـایە، دەبـێ سـەگ بووەڕێ، شیعە بکا سەب) «نالی».

**ئیفل**: برجـی ئیفـل، قـوللەیەکی بەرزە لە شـاری پاریس لە ساڵی ١٨٨٧ ز.، لە لایەن ئەندازیارێکی فەرەنسـایی، ئیفـل نـاو، لە سـەر کیسـەی خـۆی دروس کراوە، بەرزاییەکەی ٩٨٤ پێـیە: (قـوللەیی ئیفلی لە ئەفلاکە/ عەکسـی ئەو گەردشـی لە ژێـر خاکە) «حاجی قادر».

**ئیفلاتون**: پزیشکێکی یۆنانی بـووە×: (ئیفلاتـون دوعای (لاحول)ش وانا) «بێسارانی».

**ئیفلاس**: نـابووتی، مزمەعیـل، نـابوویی: (مـن و ئیفلاس و بەدبەختی و دەری چاخانە تـا مـردن) «ف. بێکەس».

**ئیفلیج**: ١. شەپلە، نەخۆشـی ئیفلیجـی،٢. فەلەج، فالنج، شەلەل، کوچ، گۆت، گۆج، شەپلەلێدراو.

**ئیفلیجبوون**: فەلەج بوون، گۆج بوون.

**ئیفلیجکردن**: فەلەج کردن، نوقستان کرن.

**ئیفلیجی**: ١. شەپلە، گۆجی، نەخۆشی کـوچی،٢. فەلەجـی، شـەپلەلێدراوی: (ئەڵـێن یەکـێ تـازە ئیفلیجـی بگـرێ، بـڕکەی قانـگ جـوان جـوان بکوڵێنێ، لە جێی نەخۆشـیەکەی هەڵسـوێ چـاک ئەبێتەوە) «ڕشتەیمرواری».

**ئیڤار**: ئێوارە، ئێواری: (ل کێدەری ب سەر واندا ئیڤار بهاتا) «پەپووک».

**ئیڤان**: ١. ناوی کچانە،٢. ناڤێ مێرانە.

**ئیڤنۆتە**: لەشساغ، تەندروس.

**ئیق**: ئێق، دەنگی کاتی ڕشانەوە.

**ئیقـــامەت**: قـامەت، دۆعـای پـێش نـوێژی جەماعەت.

**ئیقبال**: ١. بەخـت، تـاڵە، ئـامەد، نگـین، هـات، ماراو، ئیغباڵ: (ئەو ساعەتە، چ ساعەتی سـەعدە، کە پێکەوە/ ئیقباڵ و عیـزز و یوسـر، عەنـان دەر، عەنـــان گەیشـــت) «ئەدەب»،٢. بەختیـــاری، بەختەوەری،٣. شان و شکۆ: (وەک قـافی زەمـین ئیکمال و تەرەققـی/ وەک بـورجی سـەما لایقـی ئیقبـال و عـورووجی!) «نـالی»،٤. ڕوو تێکـردن: (مەبە «مەحوی» بە ڕووپێـدانی یـاری عیشـوەگەر مەغروور/ وەکـوو دنیـا ئەبـاتێکی نیـیە ئیقبـاڵ و ئیعراضی) «مەحوی».

**ئیقباڵیڕاست**: بریتی لە بەختـی بـاش: (مەیـدانی بەزمم کونجی مزگەوتە/ ئیقباڵی ڕاستم، خەدەنگی چەوتە) «قانع».

**ئیقدام**: هاڤل، داپەڕ، دەسبەکاری.

**ئیــــڤدانەوە**: ١. ســـەررێژ کردنـــی ئەســـتێر، حێڤ کردنەوە، ٢. ڕشانەوە، هێنانەوە، هەڵێنانەوە،٣. دەرکەوتنی کۆمەڵێک خەڵک.

**ئیقرار**: درکاندن، پێهاتن، ڕاستی گۆتن: (ئەویچ بە جەســتەم مەنــاڵا بە زار/ بە جەفــای هیجــران مەکەردش ئیقرار) «بێسارانی».

**ئیقرارت مەکەرد**: دانت پیانا: (بە لەفزی شیرین ئیقرارت مەکەرد) «بێسارانی».

**ئیقرارکرن**: قەبووڵ کردن، دان پیانان: (هەرچـی کو نەکر ب دینی ئیقرار) «خانی».

**ئیقرارمەبینە**: باوەڕمەکە، بـڕوامەکە: (سـا کە تـۆ وێــت دی بەی حــاڵ و وێــنە/ هــیچ بە قەول و فیعل ئیقرار مەبینە) «بێسارانی».

**ئیقرە**: ئۆقرە، هەدا.

**ئیقل**: ١. هەر ئەوەندە، هەر ئەو تۆزە،٢. ئێپێــنجە، گەلەک زیاد.

**ئیقلیم**: وڵات، مەڵبەند، ناوچە، هەرێم: (وەڵڵاهی ئوممە بیللا، ئەڵڵاهی ئەم بەڵایە/ هەر هێندی پـێ دەزانن ئیقلیمی کردە تۆفان) «حاجی قادر».

**ئیقلیمیا**: ١. خڵــتەی کــانزا لە کــاتی تــوانەوە،٢. مادەیەکە جیوەی پێ دەمرێ: (بۆ قەتڵـی زەیبەقـی هەوەس و هەژدیهــای لەعــین/ تلیــاکە خــاکی، مەرقەدی ئیقلیمیایە غەوس) «بێخود».

**ئیقلیمی عیشق**: وڵاتی دڵداری: (گریە: دەجۆشێ لەوێ، ئــاهە: دەبـــێ نەســرەوێ/ نەمــدی وەک ئیقلیمی عیشق جێگە بە ئاب و هەوا) «مەحوی.

**ئیقناع**: ڕازی، هێنانە سەر بار.

**ئی قە**: ئەونە، هێنـدە: (پرسـام ئەی چنـار! شـەم شەماڵ لەرز/ تـوو لە هەوای کـی ئـی قە بـوودە بەرز) «خانمەنسوور».

**ئیــک**: ئێـک، یەک: (هەر ئیــک ل جهــی خـو نڤست) «گولواز».

**ئیکان**: ئەمبەری چۆم، زێر ئەوکان.

**ئیکتا**: ئێکتا، یەکتا، تاق، تاقانە.

**ئیکرام**: ڕێز، حورمەت: (هەڵسـام لەبـۆ ئیکرامـی ئەو، بۆ ئافەتی ئینعامی ئەو/ منیش کردم سـەلامی ئەو، ڕوانیم لە پێی تا تەوقی سەر) «قانع».

**ئیکسەر**: یەکسـەر، ڕاسـتەوخۆ: (هەژار ئیکسـەر چوو دەف مشکی) «گولواز».

**ئیکسیر**: کیمیاگەرانی کۆن بە مایەیەکیـان وتـووە مایەی بێنرخی پێ کراوە بە مایەی بەنـرخ، وەک جیـوە بە زێـو: (لە خـاکی پـاکی ئەو بەردەرکەدا گەوزا ڕەقیب، ئامان/ دەریـکە، حەیـفە گۆرئاسـن خەسارەت دا لە ئیکسیرت) «مەحوی».

**ئیکلام**: کڕنـۆش، سـەر دانەوانـدن: (ڕۆنیشـتن، ئیکلامیان دەکێشا سێ جارە) «توحفە».

**ئیکلام کێشــان**: کڕنـۆش کـردن، سـەردانەواندن: (دەچـــوونە خـــزمەت کیــای بە ئــیکلام کێشــانە) «توحفە».

**ئیکلیـــل**: تــاج، تــانج: (زولفــان ڤەکە تــا بــبن موسەلســـەل/ ئیکلیـــل ل جەبهەتـــێ مـــوکەللەل) «خانی».

**ئیکمال**: کرچە ئەزموون، ئەزمونی نیوەچڵ: (ئەم ب دەرفەت و ئیکمـــالین/ خـــوەدان دیرۆکـــا کەڤنارین) «سەنار».

**ئیکو**: چلۆن، چۆن، چاوا؟

**ئیکە**: ١. ئیـدی، ئیتـر، پتـر: (ئەو کە دڵ دووقەد دەکا شیری برۆی/ ئیکە خەنجەر بـۆ بەقەد خۆیـا دەکــا؟!) «مەحــوی».٢. تــاق، یەک: (ئایــا تە چ مەسلەحەت د مـن دی؟/ نیشـانی مە دا تە ئـیکە جندی؟) «خانی».

**ئیکەجندی**: لاوچاک، کوڕخاسە.

**ئیگر**: ئاور، ئێگر.

**ئیگرە**: ئەگرە، ئێرە.

**ئیگرەم**: کێشانەیەک بەرابەری ٢٠٠ گرام.

**ئیگل**: ئەمجارە، جارێکیتر.

**ئیگلە**: ١. ئیجارە، ئەم‌کەڕتە،٢. ئێستا، وێستا، نهۆ.
**ئیگلەگە**: ئیجارەگە، ئەم‌کەڕەتە.
**ئیگە**: ١. ئێرە، هێرە، ئەگرە،٢. ئێستا، نها،٣. ئەم دانە، ئی‌گلە.
**ئیگەربەری**: رقەبەری، ڕکەبەری.
**ئیگەل**: زۆر، بۆش، گەلەک.
**ئیل**: ١. ئیل، عێل، خێڵ،٢. ساڵ: (ئیلوو: پیر، خاوەن ساڵ)،٣. گوێڕایەڵ.
**ئی‌لا**: ١. ئەملا، ئەم تەرەفە،٢. ئەولا.
**ئیلا**: ئێلا، غەین، جگە، بێجگە: (هەر مەتاعێ کە تەلەب کەی لە سولەمانی‌دا/ هەیە ئیللا کوزی بیکر و کونی ناموستەعمەل) «شێخ ڕەزا».
**ئی‌لاتر**: ئەم لاتر.
**ئی‌لاتەر**: ئەم لاتر.
**ئی‌لاتەرۆ**: ئەم لاترەوە.
**ئـیلاخ**: ١. ئـێلاخ، ئـێڵاخ، کۆسان، کوێستان، زۆزان: (پەرێش کەر سای وەڵگ هیممەت وە یاتاخ/ نەکەرۆش سەردیی ئێلاخ بێ‌دەماخ) «مەولەوی»،٢. ناوی کچانە.
**ئێڵاخ**: ئێلاخ: (کوێستانەکانمان هەرچەن جوانن/ ئێڵاخی کۆچی جاف و گۆرانن) «قانع».
**ئیلاغا**: ناوی لەوەڕگەیەکە لای ماردین.
**ئیلاف**: ناوی کچانەیە.
**ئیلاڤە**: بوختان، تۆمەت.
**ئیلاقە**: ١. پەیوەندی، ئاشنایی،٢. گانی ناڕەوا.
**ئیلاقەکردن**: ١. نیزیکایەتی کردن: (ئەحمەدئاغا چوار ساڵ بوو شەمێی هێنابوو، ئیلاقەی نەدەکردا) «لاس‌وخەزاڵ»،٢. خۆ تێ گەیاندن: (نابێ ئیلاقەی فەرخی بکەن، ئەمەگم دەچێ بە زایە) «تۆحفە»،٣. ئازاردان.
**ئیلاک**: هیلاک، ماندوو.
**ئیلاک‌بییەی**: هیلاک بوون.
**ئیلاک‌کۆتەی**: ماندوو بوون.
**ئیلاکەت**: هیلاکەت، حاڵەتی تێداچوون.
**ئیلاک‌کەردەی**: ماندوو کردن.
**ئیلاکی**: هیلاکی، ماندوویەتی.
**ئیلاڵە**: گوندێکە لە نزیک دوکان.
**ئی‌لام**: ئەم‌لام.
**ئیلام**: ١. تایبەتی، ب تایبەت: (ئیلا بۆنەتا دیتنا وێ هاتم)،٢. شار عیلام، شارێکی کوردستانی ناوەندی پارێزگای ئیلام.
**ئیلان**: ١. هێلانە ٢. پاشکۆی گچکەکردنەوەیە: (خشپیلان)،٣. مار: (هەر دو ئیلانێن تە دی مـن تەوقـی گەردەن کـر مـودام/ دا مە هەر بێتـن تەبەسسوم وەک گولا ضەححاک روح) «جزیری».
**ئیلان‌وبیلان**: پێ‌داگری، جەخت.
**ئیلانی**: ١. گوندێکە لە بەشی فەیزوڵڵابەگی بۆکان،٢. گوندێکە لای کانی‌سەوز.
**ئی‌لاوئولا**: ئەملا و ئەولا.
**ئی‌لاوئۆلا**: ئەم لا و ئەو لا.
**ئی‌لاوئۆلاکەر**: ئەم‌لاولاکەر، نەسرەوتوو.
**ئی‌لاوئۆلاکەردەی**: ئەم لا و ئەو لا کردن.
**ئی‌لاوئۆلاکەرە**: ئەم‌لاولاکەر.
**ئی‌لاوئەولا**: ١. ئەملاوئەولا،٢. ئەولاولا.
**ئی‌لاوە**: ئەم لاوە.
**ئیلاه**: خودا، خودێ.
**ئیلاهە**: ١. خودا، ناوی یەکێ لە خوداکانی مێوینە لە ئایینە کۆنەکاندا،٢. ناوە بۆ ژنان.
**ئیلاهی**: ١. خودایە، خودایا: (دەکەی نەخچیری سەد دڵ هەر بە تیرێ/ ئیلاهی هەر بمێنێ دەست و بازووت) «نالی» ،٢. بەتایبەت، خاسما، ٣. خودایی، پێوەندی‌دار بە خوداوە: (د میسالەک بەشەری دادانی/ مە ب ئیلهامی ئیلاهی زانی) «جزیری».
**ئی‌لاین**: ئەمەی ئەم لا.
**ئی‌لاینە**: ئەمەی ئەم لا.

**ئێلتیفات**: لاوە، هاقر، سەرنج، لا لێکردنەوە: (سا دڵــم وەش‌کەرە وە ئێلتیفــاتێ/ بــدەیە وە لاوە، بوینووت ساتێ) «مەولەوی».

**ئێلچــی**: ئێلچــی، نــامەبەر، پەیــک: (تاهیرخـان کاغەزەک نڤیسی و گـۆت: یـا حەسـەن بەگ تـو بزانە ئەو ئێلچییێت من خازگینیۆیە بۆ وێ ژنا کـو من ل فلان باخچەی‌دا دیتی) «گولواز».

**ئێلحاح**: ڕکۆ، ڕکە، پێدانووسان.

**ئێلف**: ئەلیف، هاوشان: («نـالی» حەریفـی کەس نییە، ئێلف و ئەلیفی کەس نیـیە/ بەیتـی ڕەدیفـی کەس نییە، هەرزە نویسە، گەپ دەکا) «نالی».

**ئێلکە**: پاشگری چوک شاندانە: (ساویلکە).

**ئێللا**: ١. جگە، غەیری، غەین: (ئـیللا کـو تەنـێ مەمۆ و تاجدین) «خانی»،٢. مەگەر، مەگین: (ئێللا کو مەگەر موعین خودا بـت) «خـانی»،٣. وشـەی پێداگری بۆ کارێک،٤. لەسەر پشت کەوتنی میچ.

**ئێللائەمن**: تەنێ ئەمن، ئەز تێنە.

**ئێللاماشەڵڵا**: ماشـەڵڵا، بێ‌چـاوێنی بـێ×: (ئـیللا ماشــەڵڵا کە دەکەوێــتە شــەڕ! نــازانن چ دەکــا!) «هەزار ئەشکەوت».

**ئێللانوبــــیلان**: پێـــداگری و ســـوربوون: (بەو ڕۆژگارەی سەری بە سەر کتێبانْدا گرتووە، نان و ئاوی لە خـۆی حەرام کـردووە، دەڵـێ: ئـیللان و بیللان دەبێ ئەو ساڵ بچمە دانیشگای).

**ئێللاوبیللا**: ئیللان و بیللان.

**ئێلمە**: هیلمە، پۆ، گرێی فەرش.

**ئێلنجاخی‌گچکە**: گوندێکە لای سێگردکان.

**ئێلنجاخی‌گەورە**: گوندێکە لای سێگردکان.

**ئێل‌نەمر**: × گوندێکە لای خەڵیفان. ×

**ئێلۆک**: هەڵۆ، بازی ڕاوی،٣. پاشگری گچکەیـی: (بابیلۆک)،٣. ناوی نێرینانە.

**ئێلۆل**: ئەیلوول، مانگی گەڵاڕێزان.

**ئێلۆن**: ئەیلۆل، ڕەزبەر، میوەگەنان.

**ئێلــوو**: ١. بـاز، بـازی ڕاوی،٢. هەڵـۆ، ئەیلـۆ،٣. دێیەکە سەر بە ناوچەی تیلەکـۆی سـەقز،٤. پیـر، تەمەنــدار،٥. شــوێنی ئێــل و عەشـیرە،٦. جێـی کەسـێلی گـوێڕایەڵ،٧. خـودا، یەزدان،٨. نـاڤێ مێرانە.

**ئێلە**: ١. پاشکۆی گچکەیـی: (بـابیلە)،٢. ئـیلەکە، ئەوەکە، ئەوی‌تر.

**ئێلهام**: ١. لێـوە، خـورپە، سـرووش، خسـتنەدڵ: (ئەو دڵە، کەی جێگـای پەری ئیلهـامە؟/ گۆشـتی بێ‌گیان خۆی کامە، شـیعری کـامە؟) «گـۆران»،٢. ناوە بۆ ژنان.

**ئێ‌لەق‌وئۆلەق**: ئەم لق و ئەو لق.

**ئێلەکە**: ئیلە، ئەوی‌دن.

**ئێلەگێشە**: بەتەک، کەرەواڵە، هەوێردە.

**ئێلەه** : هەردەبێ، پێویسنە هەربێ: (هەفـت بـاقێ چێ، ئیلەه شیرێ دێ) «ف.گ.پ».

**ئێلێ**: پاشگرە بۆ مێوینەی نازدار: (خەجیلێ).

**ئێلیان**: ١. هێلان، هێلین، هێلانە،٢. ناوی ئافرەتە.

**ئێلیان‌بەستەی**: هێلانە بەستن.

**ئێلیان‌دۆزی**: هێلانەدۆزی.

**ئێلیان‌شێون**: شێلانەشێوێن.

**ئێلیان‌شێونای**: هێلانە شێواندن.

**ئێلیان‌شێونە**: شێلانەشێوێن.

**ئێلیان‌شێویا**: شێلانەشێواو.

**ئێلیان‌شێویای**: شێلانە شێوان.

**ئێلیان‌شێویێ**: شێلانەشێواو.

**ئێلیانێ**: هێلانە.

**ئێلــیچ**: شـارێکی بـاکووری کوردسـتان سـەر بە پارێزگای ئەرزنجان.

**ئێلینجاخ**: گوندێکە لە باشووری هەولێر.

**ئێلیگی**: وایلۆک، شێعر و گۆرانی خەماوی.

**ئیم**: ١. ئێم، ئالیک، ئالف، ئالکی یەکسـم ٢. ئەڤە، ئەم: (ئیمساڵ: ئەمساڵ)،٣. هێز، گوڕ، توانا.

**ئیما**: ١. ئیمه، ئێمه،٢. هێما، ئاماژه، ئیشاره، درکه، عاشیره‌ت وه ده‌س یا چه‌م: (به ئیمای دیده‌یێ مه‌عشوقه عاشق کێو له‌بن دێنێ/ له لای سالم که‌نده‌ی بێستون موژگانی شیرین بو) «سالم».

**ئیماژه**: ئاماژه، هێما: (تۆ هه‌ر ئه‌وه‌ی که چاوت جه‌رگی بریم به ئیما) «سالم».

**ئیماله**: عیماله، ده‌ستوور، ده‌سور، حوقنه، شیشه‌ده‌سور، که‌ره‌سه‌ی ده‌رمان کردن له ڕیخۆڵه.

**ئیماله‌فه‌ره‌نگی**: ده‌سوور فه‌ڕه‌نگی، حوقنه‌ی فه‌ره‌نگی، جۆرێ حوقنه‌یه.

**ئیمام**: ١. پێشه‌وا، به‌رنوێژ، ڕێبه‌ر، پێش‌نوێژی جه‌ماعه‌ت: (گاهێ ئیمامه‌ن، گاهێ هه‌ن مه‌سبووق) «م.ح. دزلی»،٢. مه‌ڵبه‌ندێکه له سه‌قز، ٣. بریتی له ناو ئیمام حوسه‌ین: (ئیمام کوێرم کا چو ڕه‌حمانه کوێر)، (ئینجا به‌وه ده‌س‌به‌ردار نه‌ده‌بوو، ده‌یوت: بیشن وه ئیمام حوسه‌ین نان نیه‌خوه‌ین!) «کۆرده‌ره»،٤. ناقێ مێرانه: (شێخ ئیمام هه‌بوو له سابلاغ) «ڕشته‌ی‌مرواری».

**ئیمام‌جلمه‌ر**: گوندێکه لای شه‌نگال.

**ئیمام‌جومعه**: ئیمام، پێش‌نوێژی هه‌ینی.

**ئیمام‌حه‌سه‌ن**: گوندێکه له خوار توزخورماتوو.

**ئیمامزاده**: ١. کوڕی ئیمام،٢. گۆڕی ئیمامزاده.

**ئیمامزاده‌ئه‌حمه‌د**: گوندێکه لای سنه×

**ئیمامزاده‌ئه‌یوبی**: کێوێکه لای بیجاڕ.

**ئیمامزاده‌چل‌سوار**: گوندێکه××

**ئیمامزاده‌حوسه‌ین**: شه‌خسێکه له نزیکی دێی خزیله لای قوروه.

**ئیمامزاده‌نوره‌دین**: گوندێکه لای مه‌نده‌لی.

**ئیمام‌عه‌لی‌یه‌سرب**: گوندێکه لای به‌دره.

**ئیمام‌قادر**: گوندێکه لای خواری قه‌ره‌داغ.

**ئیمام‌مسته‌عجل**: گوندێکه له کوردستانی عێراق.

**ئیمام‌موقام‌عه‌لی**: گوندێکه لای به‌دره.

**ئیمام‌وه‌یس**: گوندێکه لای مه‌نده‌لی.

**ئیمامه**: ده‌نکه درێژه‌که‌ی ته‌زبێح.

**ئیمامه‌ت**: پێش‌نوێژی جه‌ماعه‌ت.

**ئیمامه‌ت‌که‌رده‌ی**: پێش‌نوێژی کردن.

**ئیمامه‌تی**: پێش‌نوێژی خه‌ڵک: (بانگمان ته‌واو کرد جه‌ماعه‌ت به‌سترا/ بۆ ئیمامه‌تی کوێرێک پێش خرا) «پیره‌مێرد».

**ئیمامه‌فه‌رموو**: ناوی گۆرانییه‌که: (به چاوان غه‌مزه و ئیما مه‌فه‌رموو/ به قه‌تڵی عاشقی شه‌یدا مه‌فه‌رموو) «ماملێ».

**ئیمامی**: ١. پێشه‌وایی، ڕابه‌ری،٢. سه‌ید کاملی ئیمام زه‌نبیلی: (که‌س نه‌ما ئه‌مڕۆ له شار و دێ، هه‌موو چوونه ده‌رێ/ هه‌ر «ئیمامی» ما له ماڵێ بێ‌سه‌لا و بێ‌سه‌دا) «ئاوات».

**ئیمامی‌زامن**: گوندێکه لای هه‌ڵه‌بجه.

**ئیمان**: ١. بروا، باوه‌ڕ، باوه‌ڕی، دلقایمی وه خوا: (موسوڵمان! لێره مانی خان و مانت هه‌ر نه‌مان دێنێ/ په‌شیمان به، که ده‌رمانی نه‌مانت مایه‌ی ئیمانه) «نالی»،٢. گوندێکه لای سلێمانی.

**ئیمانائارده‌ن**: ئیمانیان هێناوه: (به فه‌زل و شه‌ره‌ف حه‌زره‌تی ڕه‌سووڵ/ ئیمانا ئارده‌ن، ئه‌ر که‌ریش قبووڵ) «کۆسالان».

**ئیمان‌ئارده‌ی**: ئیمان هێنان.

**ئیمان‌به‌ربه‌رده‌ی**: ئیمان ده‌ربردن.

**ئیمان‌به‌رکه‌رده‌ی**: ئیمان ده‌رکردن.

**ئیمان‌پاکی**: ئیمانداریتی پاک.

**ئیمان‌تازه‌که‌رده‌یۆ**: ئیمان تازه کردنه‌وه.

**ئیماندار**: به‌ئیمان، خودان باوه‌ڕ: (ئه‌گه‌ر ئیمانداران نه‌جاتیان ده‌بێ له خێر و شه‌ڕێ/ تاوێکی لێی ده‌گرنه‌وه ورده‌وچانێ) «گه‌نجی سه‌ربه‌مۆر».

**ئیمانداره**: به‌ئیمان.

**ئیمانداری**: باوه‌ڕداریتی.

**ئیمان‌دۆڕنای**: ئیمان دۆڕاندن.

**ئیماندۆڕیای**: ئیماندۆڕاو.

**ئیمـانزایەبوون**: لەدەس چـوونی ئیمـان: (نـازانم چی بە سەر هاتووە چی دیوە، ئیمانم زایە نەبـێ، چـووزانم هەر کەسـەی قسـەیەک دەکـا، تـاوانی ئەوەیە ژنەکەی خۆی کوشتووە) «میرزا».

**ئیمانسز**: دوژمنی ئیمان: (شیرین وەکو خوسرەو پسـەری هــورمز جـافە/ چاومــامز، لێـوقرمز، ئیمانسزە، جافە) «شێخ ڕەزا».

**ئیمانقایم**: دینپتەو، بەئیمان.

**ئیمـانلێهەردەبوون**: ئیمـان لا نەمـان: (تـۆ پەی چێش ئامـان ئیمانـت هەردەن/ ئەسـپاب فەوتـت ئامادە کەردەن) «مەولەوی».

**ئیماننەردەی**: ئیمان نەهێنان.

**ئیماننەوەر**: ئیمان نەهێنەر.

**ئیماننەوەردەی**: ئیمان نەهێنان.

**ئیماننەوەرە**: ئیمان نەهێنەر.

**ئیماننەمەنەی**: ئیمان نەمای.

**ئیمانوشادەت**: شادیمان، شایەتمان.

**ئیمانشادەتئاردەی**: شایەتمان هێنان.

**ئیمانشادەئاوردەی**: شادیمان هێنان.

**ئیمانهەردە**: فرە بێقەرار.

**ئیمانهەردەبوون**: لە دین دەرچوون، بێقەراری.

**ئیمانهێنان**: باوەڕ پێکردن، ئیماندار بوون: (شاهی کو بهیستن ئەڤ مەعانی/ ئیمان ب خـودێ ئەوی کو ئانی) « یۆسفـوزولەیخا».

**ئیمبـــاش**: ××: (ئەز ب قشـلا ئامێـدیێ کەتـم چەند شرینە/ تەژی تێـدا قایمەقـام و ئیمباشـینە) «حەیرانۆک».×

**ئیمتحان**: ئیمتیحان، تاقیکاری.

**ئیمتیحان**: ئیمتحـان: (ئیـددیعای هەر سـەناعێک ناکەن/ تاکو نەیخوێنن، ئیمتیحانی نەکەن) «حاجی قادر».

**ئیمتیحـــانکردن**: تـــاقیکردنەوە: (دەفـــعەیەک ئیمتیحانیان ناکەن/ تێـبگەن زەهـرە یـانە تریـاکن) «حاجی قادر».

**ئیمتیاز**: جیاوازی، فەرق: (بۆ ئیمتیازی بەینی من و عاشـقانی تـۆ/ یەک بۆسـە کـافییە، کە کەرەم کەی بە ئیلتیفات) «ئەدەب».

**ئیمتیحان**: ئەزمون، ئـازمون، تاقیکـاری: (تەبعـی شـەککەرباری مـن، کـوردی ئەگەر ئینشـا دەکـا/ ئیمتیحانی خۆیە مەقسوودی، لە عەمدەن وا دەکا) «نالی».

**ئیمتیلا**: نەخۆشی ئیتەلا.

**ئیمجا**: ئەمجا، ئەمجار، ئەڤجا، ئەوجارە.

**ئیمجار**: ئەمجارە، ئیمجا: (نەسیم دووی دەروون چون هەردەجـاران/ ئیمجـار دەر نە کـاخ دەمـاخ یاران) «مەولەوی».

**ئیمجارە**: ئیمجار.

**ئیمچـــون**: ١. هەر چـوار پەل، دەسـت و پـا،٢. دەستێ نالی ئەسپ.

**ئیمچە**: شارێکە لە باکووری کوردسـتان سـەر بە پارێزگای ئەلازیغ.

**ئیمـــداد**: کـۆمەک، یـاری، ئاریکـاری: (بە بـێ ئیمـدادی خـالی گەردنـت دەردم شـیفای نـایە) «وەفایی».

**ئیمرۆ**: ئەمرۆ، ئەمـرۆکە، ئیمـرۆج، ئەڤـرۆ: (نەمـا داخ و پەژارە و ماتەم و خەم/ زەمـانی هەڵـپەڕین و بەزمە ئیمرۆ) «هێمن».

**ئیمرۆچ**: ئیمرۆ.

**ئیمرۆژوسبەی**: ئەمرۆ و سـبەی: (مەلا ڕەسـووڵی تەلانـی هەبـوو لە سـلێمانی ئەمناسـی، نەخـۆش کەوت، سەرەتا بـۆم ڕێ نەکەوت بچمە لای، بە ئیمرۆژ و سبەی دوام خست) «پەند».

**ئیمرۆژە**: ئەمرۆژە، ئەمرۆ: (لە ئیمرۆژەوە تا پێنج

ڕۆژی دی بۆت دینمه ماڵێ) «ڕشتەی مرواری».

**ئیمڕۆژی**: ئەمڕۆیی، باوی ئەمڕۆ، مۆد.

**ئیمڕۆکه**: ئەمڕۆ، ئیمڕۆ.

**ئیمڕوو**: ئمڕوو، ئەمڕۆ.

**ئیمڕووژ**: ئمڕووژ.

**ئیمڕۆوسبەی**: ئەمڕۆئەمڕۆ، ئەمڕۆ نا سبەی.

**ئیمزا**: مۆر، پەنجەمۆر، دیخنوس، واژۆ.

**ئیمزاکرن**: ١. واژۆکرن، مۆرکرن،٢. پەسن‌کردن، ٣. گوزەراندن، ئەنجامدان.

**ئیمزاکری**: وەژۆکراو، مۆرکری.

**ئیمسال**: ئیسال، ئەڤسال.

**ئیمساڵی**: ئەمساڵی، پێوەندی‌دار بە ئەمساڵەوە.

**ئیمشەو**: ئەمشەو، ئیشەو: (ئیمشەو هەمخەمان وەنەم سەرداوە/ سەر تا پای تەنم ئایر وەرداوە) «مەولەوی».

**ئیمکان**: ١. له کردن هاتوو،٢. توانایی، گوڕ.

**ئیمکه**: ئێره، ئێرەکانێ.

**ئیملا**: نژوه، نووسیار، نووسەوەری، نوسینەوەی وتەی خەڵک لە بەر.

**ئیمن**: هێمن، هێور.

**ئیمه**: ١. ئێمه، ئەم، مە، ئێمەگەل، ئێمەومانان،٢. نوسیاگه، نوسریاس.

**ئیمەته**: ئیمەت، هیممەت، خێروبەرەکەت.

**ئیمەیل**: ئێمه گشتی.

**ئین**: ١. هەینی، ئەینی، جمعە: (پیر خێرکار بت ئێڤارێن ئینا زەحفن) «پەند»٢. پاشگری پەسندە: (شیرین، ڕەنگین) ٣. درۆشمی چاوگە: (گرین، کرین)،٤. هین، شت، چت: (هەر ئینا پیرەکا لێ گۆت، دکتۆر دا بێژیت پیری‌یە) «گولواز».

**ئینا**: ١. هێنای، هاوردی، ئانی، کاری رابردو ٢. ئەوجا، ئەوجار،٣. ئەگەرنا، ئەگینا، ئەینا،٤. وا، ئەوا: (ئینا لاتەوه پەی من دەرمانێ: ئەوا دەرمانی دەردی من لەلای تۆیە)،٥. ئەمەتا، ئەمەیە، ئەمەسە: (ئەو کەسێ واچۆ، ئینا خونچەی گوڵ) «بێسارانی».

**ئینات**: لاساری، بەوڕەفتاری.

**ئیناچکۆ**: وا له کوێ، ها له کۆ؟

**ئیناره**: ئەمەسا، ئەمەتا.

**ئیناق**: خناق، دیفتری، نەخۆشییەکە له گەرووداپەیدا دەبێ.

**ئینان**: ١. هێنان، هاوردن، ئانین: (کۆمارەک دورست کر ئیفلاتونێ/ ئیناته هەبونێ ژ نەبونێ) «سندی» ٢. هێنایان: (بیلجوملە ب زرە و زەند و بن‌پەڕ/ ئینان ژ مەرا ب شیر و شەشپەڕ) «خانی»،٣. لێ‌گێرانەوە: (بەکرۆکا نەینن داوەتا) «سندی»،٤. باوەڕ، بڕوا، متمانە: (ئینان بکە ئەز مالا تەم نەدزیوە).

**ئینانا**: ١. خوداوەندی دایک و پەیمان و ئەڤینی،٢. ناوی کچانە.

**ئیناندن**: ئینان، هێناندن: (هەمی دلا دل حەباندن/ هەمی مێرا ژن ئیناندن) «حەیرانۆک».

**ئینان‌وجوود**: خولقاندن: (ئادەم ئینان وجوودێ/ فەرمان کر مەلەکێت شهوودێ/ بۆ ئادەمێ هەرنە سجوودێ) «بەیت».

**ئینانه**: هێناویەتی، خولقاندویەتی: (ئینانە ب مەعرەزا وجودێ) «خانی».

**ئینانەخار**: ١. هێنانە خوارێ، داگرتن،٢. داکەندن، دانانی جل: (ئاغا نەچار بوو، بەرێ خۆ کرە ڕەخ و دۆرێن خوە، کەفتە سەر چۆکا و شەلوارێ خۆ ئینا خارێ) «گولواز».

**ئینانەدەر**: هێنانەدەر، دەرهێنان، دەرنان، دەرێنان: (یێ هەژار ژێ نانا خوە ئینا دەر) «گولواز».

**ئینانەزمان**: هێنانە سەر زمان، کوتن: (تا کەس گلییان نەئینە ب زمان/ عەیب و هونەرا وی نایێ خویان) «گولشوون».

**ئینانێ**: ئەمەتام.

**ئینای**: ئەمەتای.
**ئینایدێ**: ئەمەتای.
**ئینایمێ**: ئەمەتاین.
**ئینایمی چی**: هاین لێرە.
**ئینپەراتۆر**: ئیمپەراتۆر، ئەمپەراتۆر: (داغی سینە و پێچ و تابی دوودی ئاهم خۆ هەیە/ مۆر و توڕڕەی ئینپەراتۆر و قەڕاڵم بۆچییە!) «مەحوی».
**ئینتریاڵ**: ئینترناڵ، جۆرێ سککە: (خۆ ئەمن ئێرەییان نابەمەوە بە مستەفا کەماڵ پاشای/ ئەگەر سەرداری دوازدە هەزار ماڵی/ شەپشەپێنی دەکردەوە بە قەرە ئینتریاڵی) «گەنجی سەربەمۆر».
**ئینتزار**: چاوەڕوان، چەمەڕا، ئینتیزار: (تیری موژگانت لە دڵدا، غەمزەکەی تۆیە، دەوای/ ئینتیزاری مەرهەمی تۆ بوو، چ دەرمانم نەکرد) «ئەدەب».
**ئینتها**: ١. ناوە بۆ ژنان،٢. پەڕ، دوا، دوایی، کۆتایی.
**ئینتەلا**: نەخۆشی گرفت.
**ئینتیحام**: ئەزموون.
**ئینتیحان**: ئیمتیحان.
**ئینتیخاب**: ١. هەڵبژاردنی بریکار لە دەوڵەتا،٢. هەڵبژێری، کاری هەڵبژاردن: (خاڵی بەینی چاو و ئەبرۆت ئینتیخابی کاتیبە/ یەعنی نوقتەی فەرقی ئیبنو موقلە و ویبنو حاجییە) «نالی».
**ئینتیزار**: ١. چاوەڕوانی، چاویاری، چاوەنواڕی، قەتیزی، خەڕەیی، دەسخەڕەیی، گوێقولاغی، چەمەڕایی: (وەک داغی غەم نییە، سپییە داغی ئینتیزار/ چاوم ببینە، چاوە! کە موطبیقەتی بەیاض) «مەحوی»،٢. چاوەڕوان، چاوەنۆڕ، چەمەڕا: (ئیسە زەدەی زام پەشێو حاڵ جەستە/ ئینتیزار پەی دین، شای ئاوات وەستە) «بێسارانی».
**ئینتیزارشەن**: چاوەڕوانییەتی، چاوەڕوانین: (جەو پەی دوو دیدە ئینتیزارشەن/ فێشتەر مەیلشەن، کەمتەر قارشەن) «بێسارانی».
**ئینتیزارەنا**: بەتەمابوون: (ئینتیزارەنا تا فەسڵی پاییز) «م.ح. دزڵی».
**ئینتیزارەنان**: چاوەڕێم: (جەرگم بی کەباب، ڕەنگم بی وە بەی/ ئینتیزارەنان، مەی ماوەری، مەی) «بێسارانی».
**ئینتیقام**: تۆڵە، تۆڵ، حەیف.
**ئینتیلا**: نەخۆشی ئیمتیلا.
**ئینج**: ١. بەشێک لە دوانزە بەشی پێ،٢. گوەبهیستی، گوێڕادێری بە دزییەوە.
**ئینجا**: ئنجا، ئیتر، ئەمە، ئینجار، ئینجارە، پشتی، ڤێجا: (ئینجا تەڵقینم بدەن بە کوردی/ بڵێن ئاواتت هاتەدی، مردی) «پیرەمێرد».
**ئینجار**: ١. کەواتە، کەوابوو،٢. ئەمجار، ئەمجا: (ئینجار لە زمانی پیسۆزەوە دەسی پێدەکرد) «میرزا».
**ئینجارە**: ئینجا.
**ئینجارەکانێ**: ئینجار.
**ئینجارەکە**: ئەمجارەکە، ئەمجار.
**ئینجارەکێ**: ئینجار.
**ئینجازە**: ئیجازە.
**ئینجازەپەنەدای**: ئینجازە پێدان.
**ئینجازەدای**: ئینجازەدان.
**ئینجاکو**: ئینجاکو، ئینجار.
**ئینجاکونێ**: ئینجار.
**ئینجانە**: سووێنە، تەبەک، قافک، گوڵدان.
**ئینجە**: ١. فینجە، ئاڕایشت، دەق، ئینجە و فینجە: (ئەوەی لابردنی مایەی ڕازاندنەوەیە)،٢. دەگەڵ فینجەی دەڵێن: فیز و ترزلی،٣. ئینچ، بیچک.
**ئینجەبەل**: کێوێکە لە ڕۆژهەڵاتی شیرناق.
**ئینجەت**: هەنجەت، بیانوو، ئەنجەت، بەهانە:

(هەنجەتی ترِی نانی جۆیە) «پەند».

**ئینجەوفینجە**: ناز، قەمزە، هەوا و دەماری بێ‌جێ: (بۆ هێندە بە ئینجە و فینجەی، ئاورێشمی بە لابالان هەڵناگری؟).

**ئینجیانێ**: مورِوانێ، مورِوێنێ، جۆرێ گەمەی منداڵانە بە موورِوو.

**ئینجیل**: ١. ئنجیل، کتێبی پیرۆزی دیانانە، چار ئینجیل هەیە: مەتی، مەرقوس، یوحەنا، پەترِوس: (بە تەورِات و بە تەورِات، بە تەورِات و ئینجیلە) «حەسەن زیرەک» ٢. مزگێنی، مژدە، بشارەت.

**ئینچ**: ١. یەکەی رِادەی درێژی (٢/٥٤cm)،٢. ئینچە، بیچک، بووچک.

**ئینچکە**: ١. دوو دێ بەم ناوە لە دەوری سەقز هەیە، یەکی ئینچکەی سەر بە تورجانە، دوهەم ئینچکەی سەر بە ناوچەی ئیمام،٢. دێی بیچک، کوێرەدێ.

**ئینچە**: ١. ئینچ، گچکە، بیچک،٢. گوندێکە سەر بە شاری سایین‌قەڵا: (تیپ هاشم خان قەیم ئینچە) «ئاوێنەی‌بێگەرد».

**ئیند**: ئەوەند، ئەمەندە، ئەوەندە: (گا گۆیا مەویەرد، ئیند مەویەردەوە/ گا موات وە دەم ئێش دەردەوە) «مەولەوی».

**ئیندا**: ١. ئێرە، ڤێرێ، ئەگرە،٢. پشتیوان، ئاریکار: (وتی: ئیندای نایێ بەم رِێیا، بزانین ئیندای ئەمە کێیە؟) «ئاوێنەی بێگەرد».

**ئینداو**: هانا، کۆمەک، ئاریکاری.

**ئیندرقاش**: گوندێکە لای مەهاباد: (بە پەلەپرِووزە بەرەو ئیندرقاش بۆ لای خاڵۆقوربان هەڵاتن) «پاشەرۆک»، (هەی لە سێوەلاسوورەی بەرماڵی ئیندرقاشی/ سەبر و هۆشی لێ برِیوم دەنگی بەرموور و قاشی) «فۆلکلۆر».

**ئیندە**: هێندە، ئەوەندە: (گیرۆدەی ئازار سەخت فیراقەن/ هەرچەند موشتاقی ئیندە موشتاقەن) «مەولەوی».

**ئینزال**: رِژتن، رِژتنەخوار: (ئینزالێ لەگەن نزولێ ئیبریق/ تەسعید کرن ب قەرع و ئەنبیق) «خانی».

**ئینزان**: مرۆ، ئنسان، ئینسان.

**ئینس**: ئینسان، مرۆڤ: (وەی فالقێ جوملە ئینس و جانان) «خانی».

**ئینساف**: پیاوەتی، ویژدان، هەقانیەت: (ئازیز، وە مەرگت گەر ئینسافت بۆ/ هەنی کافی‌یەن بۆی زولفت پەی تۆ) «مەولەوی».

**ئینسافدار**: بەئینساف.

**ئینسافدارە**: بەئینساف.

**ئینسان**: ١. مرۆڤ، مرۆ، بنیادەم: (دەفەرمووی: چاوەکەت زنجیر کە «نالی»!/ کە موتلەق چا نییە ئینسانی هەرزە) «نالی»،٢. گلێنەی چاو: (تەلەبی سینەی چاکم مەکە بەو چاوانە/ سینەکەم چاکە بە ئینسانی خرابی نادەم) «نالی»،٣. ئەهل، پیاوچاک، ٤. بریتی لە دڵدار: (لێوی یاقووت ئەگەر قووتی رِەوانی عاشقە/ پێم بڵێ: وەجهی چییە ئاگر لە ئینسان بەردەدا؟) «وەفایی».

**ئینسان‌ئاوی**: ئینسان دەلیا، مرۆڤێکی خەیاڵی دەریا کە نیوەی لەشی وەک ماسی وایە.

**ئینسان‌دۆستی**: بەشەردۆستی، مرۆڤ‌دۆسی.

**ئینسان‌فریو**: فریودەری مرۆڤ: (ئەو سوورِەت‌بەندە دەسکار دێوەن/ خرابەن، سیحرەن، ئینسان‌فریوەن) «خانای قوبادی».

**ئینسان‌کوژ**: مێرکوژ، مرۆکوژ: (هەزاران حەیف و مەخابن، نە ئەوەندە ئازام ئینسان‌کوژان لە ناو بەرم) «نیساری».

**ئینسانەتی**: پیاوەتی، جوامێری، بەزەیی.

**ئینسانی**: ئینسانەتی: (لەحزەیێک و لەمحەیێک چاوم بە چاوی ناکەوێ/ کێ دەڵێ وەحشی غەزاڵە، مەیلی ئینسانی هەیە) «نالی».

**ئینشا**: دارِشتن، دانان، نوسین، پەیداکردنی وشەی

جوان و گونجاو بۆ نڤیسین: («نالی» نییەتی سیحری بەیان، حیکمەتی شیعرە/ ئەمما نییەتی قووەتی دڵ، قودرەتی ئینشا) «نالی».

**ئینشابەند**: مونشی، کەسێ ئینشای باشە.

**ئینشاکردن**: ١. نووسین: (قانعی چوون کەوتە فیکری دولبەری کوشتی بەخەم/ کوشتەیی یارە لە گۆڕا، دەردی دڵ ئینشا دەکا) «قانع»،٢. دامەزراندن: (نووری ئازادی جیهانی گرتەوە، وا تازە تۆ/ مەحکەمەی تەفتیشی نەگبەت سەر لە نوێ ئینشا ئەکەی) «ف. بێکەس».

**ئینشاکەرد**: داینا، نووسی.

**ئینشاکەردەن**: ١. نووسین، نڤیسین: (یانێ نامەکەی خەم ئینشا کەردە/ مەرقووم قەڵەم وە خەم شەق وەردە) «مەولەوی»،٢. دامەزراندن.

**ئینشکێ**: گوندێکە لای دێرالوک.

**ئینشەک**: گەڵای جۆرێ پیوازی دەسچێنە.

**ئینشەڵڵا**: خودابکا، ئیشەڵڵا: (ئینشەڵڵا ئەو یار ئاهووی خوتەنبێز/ یاوان بە مشکۆی بۆ میشک پەروێز) «خانای قوبادی».

**ئینقیلاب**: شۆڕش، ئاشۆ، پشێوە، ڕاپەڕین، هەڵگەڕانەوەی خەڵک لە دژی دەسەڵات: (هەر فیدائی لە ئینقیلابا چوو/ پێی مەڵێ مردوو، بڵێ زیندوو) «زێوەر».

**ئینک**: لەجی، نەیاری، قین، کین.

**ئینکار**: ١. هاشا، حاشا، ئینکاری، ماندەل: (ئینکار بکەت زەلالێ موتلەق/ ئیقرار بکەت ب سورەتێ حەق) «خانی»،٢. حاشاکەر.

**ئینکارکردن**: نەچوونە ژێر، ڕەتکردنەوە، دانەژێر، وەرنەگرتن: (ئینکار نەکەری پەشتە ڕاگێری/ ئینکار و حاشا کەسرە شانتەن) «م.ح. دزلی».

**ئینکاری**: پیاوی ئینکارکەر، حاشاکەر.

**ئینکەبەرایەتی**: ململانێ، ئینکەبەری، ڕقەبەری.

**ئینکەبەری**: ١. لاساری، کەللەڕەقی، گوێ نەبیسی،٢. ڕقەبەری، ڕقەبەرایەتی، بەربەرەکانێ: (بەکر گەورە پیاوە و هاوشانی قەرەتاژدینە، ئینکەبەری دەگەڵ تاژدین دەکات) «توحفە».

**ئینکێری**: ئینکاری، ئینکار.

**ئینگۆ**: ١. ئەنگۆ، ئێوە،٢. هی ئەنگۆ.

**ئینگیجە**: ١. یینگیجە، گوندێکە لە نزیک بۆکان، ٢. گوندێکە لە باشووری سایینقەڵا: (تیپێ هاتیە کەلام ڕەواجە/ تیپ ئینگیجە و تۆمەرئاغاجە) «ئاوێنەیبێگەرد».

**ئینگی کەند**: گوندێکە لای سەدەکەی بۆکان.

**ئیننە**: ئەمەتا، ئەمەتانێ.

**ئینو**: ناڤێ مێرانە.

**ئینوو**: هەینی، ئەینی، ئینی.

**ئینە**: ١. ئەمە، ئەڤە، ئەمیەکە: (خەیاڵ خامەن ئینە تۆ کەردەن/ پەی ما نمەبۆ جیایی وە مەردەن) «مەولەوی»،٢. ئەمانە(کۆ)، ٣. ئەوانە، یانە،٤. ئەمە، ئەم هەمووە: (ئینە نەتیجەی دیای باڵای تۆن/ نیشانەی ویسال خاڵ ئالای تۆن) «مەولەوی»،٥. پاشگری گاسی کردن: (کوردینە تاکەی ئێمە لە کێوان میسالی دێو/ دێین و دەچین و بۆمە نەبێ قەت خودان و خێو) «سەیف»،٦. ئەم کاتە: (ساقی، ئینە بەزم وەسڵ یارانە/ چەرخیچ هەر ئەو چەرخ هەردەجارانە) «مەولەوی»،٧. ئەمە خوایە: (دیام خەیر دووریت زۆرش ئاوەردەن/ ئامانێ بەڵکم ئینە چەپگەردەن) «مەولەوی»،٨. پاشگرێکە ڕازا کەیێد ناو: (زەردینە، چەرمینە)،٩. جومعەیە: (ڕۆژا تەتیل و بەتالیا مسلمانان ئینە) «سەنار».

**ئینەت**: ئەمەت، ئەمەتە: (ئینەت گەرەکا، مەڵای نا مەڵا/ بێڕەحم و ئینساف لێوەی بەرەڵا) «م.ح. دزلی».

**ئینەتا**: ئەمەتا، ئەمەتە.

**ئینەخاسا**: چاک ئەوەیە.

**ئینەش**: ئەمەی.

**ئینەشا**: ١. ئەمەیان،٢. ئەوەتانێ، ئائەوەیان.

**ئینەشە**: ئەمەی.

**ئینەم**: ئەمەم.

**ئینەما**: ١. ئەمەمان،٢. ئەمانەمان.

**ئینەمە**: لەمەدا، لە ئەمەدا.

**ئینەن**: ١. ئەمەیە: (ڕازی من ئینەن پەیت کەروو بەیان) «م.ح. دزڵی»،٢. ئەمانە، ئەڤەنە.

**ئینەها**: وەختێ، کاتێ: (ئینەها نە وەخت جوانیم بیەن) «م.ح. دزڵی».

**ئینەیچ**: ١. ئەمەش،٢. ئەمانەش.

**ئینەیرە**: بەمەدا، بە ئەمەدا.

**ئینەینە**: لەمەدا.

**ئینەیۆ**: بەمەوە.

**ئینەیە**: ئەمەیە.

**ئینی**: ١. ئین، هەینی، جومعە: (خەلکێ ئێران هەر ئینییان خوتبێ دکن) ٢. ناز، ئان، ئەدا، شۆخی،٣. ئەمە،٤. ئەمان، ئەمانە،٥. دینی، ئەهێنی: (تا چەند ب هیجرا خوە تە من تەجرەبە ئینی؟/ زێڕێ ژ خوە خالیس مەحەک و گاز چ حاجەت؟) «جزیری».

**ئینێ**: ١. ئەمە،٢. ئەمانە،٣. گوندێکە لای چۆمان.

**ئینیتا**: ئەمەتە، ئەمەتا.

**ئینێتا**: ١. ئەمەتا،٢. ئەمەتان.

**ئینیچە**: ١. ئەمەش،٢. ئەمانەش.

**ئینیرە**: بەمەدا، بە ئەمەدا.

**ئینیشا**: ١. ئەمەیان،٢. ئەمانەیان.

**ئینێلە**: ئەمانە، ئەوانە.

**ئینیم**: ئەمەم.

**ئینیما**: ١. ئەمەمان،٢. ئەمانەمان.

**ئینیمە**: لەمەدا، لە ئەمەدا.

**ئینینە**: لەمەدا.

**ئینیوە**: بەمەوە.

**ئینینی**: ئەمانەن.

**ئیو**: ئامرازی سەرسوڕمانە.

**ئیوار**: ئێوارێ، ئێوارە، ئێڤار: (هەر ڕۆژ ژ سبێ هەتا ئێوارێ دخەبتن) «پەپووک».

**ئیواران**: ئێواران، ئێڤاران.

**ئیواغلی**: شارێکی کوردستانی ئێران لای خۆی و ماکۆ هەڵکەوتووە.

**ئیوان**: ١. هەیوان، ئەیوان،٢. کاخ، کۆشک، قەسر،٣. شار ئەیوان،٤. بریتی لە بەرز، بڵند: (ئەو نازکا مەشهورێ عام/ شەهـ تووتییا ئیوان مەقام) «فەقێ تەیران».

**ئیوە**: ئویە، ئێوە.

**ئی وە**: ئەهاتۆ.

**ئیوەر**: ئەوکی.

**ئی وەڵڵا**: ئەرێ، ئم، بەڵێ: (ئەرێ تۆ نەبووی ...؟ کابرای کۆڵدار دەڵێت: ئی وەڵڵا) «ف.پ.پ.».

**ئیوەهێ**: لە کاتی کایە و جگێندا بەکاری دێنن.

**ئیوهییە**: ئیوەهێ: (ئیوهییە، تەوغییە، شەگگە و چک و پک/ لیکی زاری دەتکاندم تک تک) «بۆکوردستان».

**ئیە**: ئەمە، ئەیە.

**ئیەتی**: پاشگری چۆنیەتی: (برسیەتی).

**ئیهتیاج**: نیاز، حەوجە: (خاسما کو ئیهتیاجا خەلکی زێدە ب تشتەکی هەبووبا) «پەپووک».

**ئییار**: کەوڵ، عییار، مەشکا تەڕ، پێستەی ئاژەڵ.

**ئییسۆت**: ئیسۆت.

**ئییسییوەت**: ئیسۆت.

**ئییە**: ئەمە، ئەوە، مرازی تووڕەبوون و کاتی قەڵسیە: (ئیە! ئەوە چ دەکەی).

**ئێ**: ١. دەی، دەت فەرموو ٢. بەڵێ، ئەرێ، ئم ٣. شاندەری ڕەگەزی مێیینە: (کیژێ، خانمێ) ٤.

ئامرازی نێرینانە: (برایێ من) ٥. هی، هین، وشەی ملکایەتی: (ئەڤ خاتەمە ئێ د وان کورانن/ ڤان ژی دو نگین د دەستێ وانن) «خانی»،٦. بەس، بیبڕەوە ٧. ئامرازی نادیارە: (پیاوێ هات) ٨. ئایا، بۆ پرسیار و سەرسوڕمان بەکار دەبرێ ٩. ڕاستە، وایە، بۆ سەلماندنی پەیڤی کەسێک× ١٠. ئامرازی خستنەسەرە: (بازنێ زێڕ: بازنی زێڕی)،١١. ئالاڤێ داخوازیا بەردەوامیە: (ئێ دێ دێ بێژە، کا چ لێهات!)،١٢. ئەو کەسەی: (ئێ چێ کری نەینکا جەمالێ/ تیرا خوە نوما ب زولف و خالێ) «خانی»،١٣. کەسی، کەسانی×: (ئێ مسلی من بێ علم و خەت/ مەجنونەکێ حەیوان سفەت) «فەقێ تەیران» ×٢٣٠ گۆران×

**ئێارە**: کیلەمەن، پەیمانە.

**ئێ ئێ**: ١. بەڵێبەڵێ، ئەرێئەرێ،٢. بەسبەس، بەس، بیبڕەوە.

**ئێباری**: عێباری، چەپەڵ، نەگریس، پیس، شووم.

**ئێبنێئادەم**: ١. بنیادەم، ئینسان،٢. زارۆکێن مرۆڤ: (ئێللا کو هنەک ژ ئێبنێ ئادەم) «خانی».

**ئێبووهەت**: ئوبوهەت، شکۆ: (واختا بزانی یێ ل تە ببید ئەشکەرە/ لەزا پرسین مەکە تا نەشکێد ئێبووهەتا تە) «گولشوون».

**ئێپراخ**: ئیپراغ، پراغ، گەڵادۆلمەی پێچراوە.

**ئێپێجە**: گەلەک پر، ئی زیاد، ئیقل: (گاڤا وی دەستێ وێ ئێپێجەیی بەر ب خوە کشاندبوو، دەیتێ دنێ ژی بەر ب ناڤملا وێ بر) «مەستوورە».

**ئێت**: ١. یان، ئێد، ئین، یەل، نیشانەی کۆیە: (کورێت مە چوونە دەرسخانێ) ٢. ڕان، هێت، پارچەگۆشتێ.

**ئێتبار**: ١. قودرەت، دەسهلاتا مالی،٢. ڕاستی، دروستی.

**ئێتۆن**: کووێر، کۆر، کور.

**ئێتوون**: ١. دۆژە، دوژە، جەهەنم، جەحەندەم: (دبارن تیر ژ گەردوونێ/ ژ خەو ڕابە دەمەک ڕوونێ/ تو ناترسی ژ ئێتوونێ/ د بندا ئاگر و نارە) «فەقێ تەیران»،٢. کڵ، قەڵاخێکە دیزە و گۆزەی تێدا سوور دەکەنەوە ٣. هاڵاوی ئاور، گەرمای زۆر بە تین ٤. بزۆتی ئاور ٥. تەندوری گێچی ٦. کۆمر، کوورەیا کۆمرێ، جێی تایبەتی ڕێژی چێکرن،٧. کوورەی هەسنکاران.

**ئێتی**: پاشگرە بە واتای ئایەتی: (برسێتی، کوردیتی).

**ئێتیت**: گوندێکە لای دهۆک.

**ئێتێر**: تراوێکی بێڕەنگ و هەڵچۆکە.

**ئێتیم**: سێوی، هەتیو، هەتیم، بێ دای و باب: (ئێتیم سەربەردای دبن، هەڤالینا وان نەکە) «پەند».

**ئێتین**: کورەی ئاسنگەران.

**ئێجا**: داها، ئەوجا، ئێدی: (ئێجا ئەم چ بکن).

**ئێجاخ**: وەجاخ، ڕەسەن: (مرۆڤەکی بەرنیاس و خودان ئێجاخ نەبوو) «گولواز».

**ئێجگار**: ئێگجار، گەلێ، گەلێک، گەلەک، فرە، فرەفرە، یەکجار.

**ئێجگارەکی**: ئێکجارەکی، ئێجگاری.

**ئێجگاری**: یەکجاری، بەتەواوی، ئێجگارەکی: (ناهومێد بووم، وەمئەزانی دەردێکە کاری/ بەرەو پیری چوون هێناویە دیاری ئێجگاری) «گۆران».

**ئێچقەڵا**: ١. بە کۆنە قشلەی کۆیە کوتراوە،٢. ناوی قەڵاتیکی ناوەوەی شوورەی کۆیێ بووە: (بە قەددی ئاوەگردە دەردی دووری/ نەزیری ئێچقەڵایە بێ حوزووری) «حاجی قادر».

**ئێچک**: دارێکی لووسی کەوانەیە بە سەر کەژەوەیە بۆ بەستان بەکار دێ.

**ئێچوو**: گەرچە، ئەگەر چ.

**ئێحسان**: ١. ناوە بۆ زەلامان،٢. چاکە، خێر: (پۆشتەت کەردەوە ئێحسانت یاوا/ دەک هەی

دەوڵەمەند یانەت هەر ئاوا) «مەولەوی».
**ئـــــێخ**: ١. یەخە، ئەســـتۆ،٢. دەنگـــێ بـــۆ سەرنجڕاکێشانی منداڵی ساوا.
**ئێخترمە**: ئێختەرمە.
**ئێختە**: ١. یەختە، ئەختە، خەساو، گون دەرهـاتوو (ئەسپ، گا، مرۆڤ) ٢. یەختە، داری شینی سـەر قرتاو ٣. بارگیر، بارگین، ئەسپی باری ٤. هێستر، قاتر،٥. بریتی لە زل، زەلام: (دەڵێی ئێختەیە).
**ئێختەخان**: یەختەخان، تەویلەی یەکسم: (ئەسپی بەرنە ئێختەخانێ/ دە ملی کەن کۆت و زەوڵانـێ) «قۆچ عوسمان».
**ئێختەرخان**: ئێختەخان: (تەماشـای ئێختەرخـانی کاکان بکە، دەبەر بۆر و بدەوانم کەوتووە جـل و هەوسار و توورە) «مان».
**ئێختەرمە**: ١. ئەسپی یەدەک ٢. هەسپ و چەکی تالآنی ٣. لاشەی کوژراوی دوژمن.
**ئێختەزەلام**: زل، زەبەلاح، زەلام.
**ئێختەکردن**: ١. گون دەرهێنان،٢. قرتاندنی سەر و لکی دار،٣. ژێردەست کردن، لە هەڕ و گیف و گوڕە خستن.
**ئێختیـــار**: ١. پیـر، کـال، ناڤسـال ڤەچـووی،٢. دەسـەڵات، دەرەتـان، بـوار، ئـازادی لە کـاردا: (حوسنا حەبیب و لـۆتفێ یـار ئـاڤێتە دل عێشـقا غەددار/ لەو سەلب کر ئێختیار وێ حوسـنێ ئەڤ ئێجاب دا) «جزیری».
**ئێخدان**: ١. یەخدان، یەغدان، سنووقی کەلـوپەل، ٢. ڕۆندان، ٣. سەهۆڵدان، جێی یەخ.
**ئێخـرە**: ١. دروارەکە ل دەرێـن خـرار، گـۆنی و تەلیسان ددن ژ بـۆ کـو کـورت و پەیـت ببە ٢. ڕەزدەیا کەڤری، ئێخرا چیایێ.
**ئێخستن**: ١. لادان، لابردن، گومڕاکرن: (ئەحسـەن ژ حوسنا دێم دوڕێ، شیرینی و گفت و سـوڕێ/ سـەد زاهیـد ئێخسـتن ژ ڕێ، وێ نـازک و لەب شەککەرێ) «جزیری» ٢. لەمل کـردن: (ڕۆژا کـو ئادەم ئافری/ خالق ل ئبلیس ئـازری/ بـو مـانعێ سـەجدە بـری/ ئێخسـتە توقـا لەعنەتـێ) «فەقـێ تەیـــران»،٣. خســـتن، خســـتەی، کەوانـــدن، بەعەرزدادان (بیخە: بیکەوێنە).
**ئێخستنژڕێ**: لە ڕێ لابردن.
**ئێخســـیر**: ١. دیـل، ئەسیر، بەنـدی، بەیدەسـت، گیراوی شەڕ،٢. هەژار، دەستەنگ، نەدار،٣. فەقیر، فەقیرۆکە: (دەڵێی ئێخسیری ڕۆمییە)،٤. گیـرۆدەی بەندی ڤیـان و ئەویـنداری: (ئەڤە سـەرێ چەنـد سالانە/ ئەز ئێخسیرا لاوکێ خوەمە) «حەیرانۆک».
**ئێخســیرکردن**: بەدیـل گـرتن: (لاس دەڵـێ: لێـو دەکەمە ئێخسیر ماڵ و خێزانە!) «توحفە».
**ئێخسیری**: دیلی، کۆیلەیی، زیندانی.
**ئێخنی**: ١. ئێغنی، یەغنی، تاسی قوڵ بـۆ چێشـت ٢. گۆشتاو.
**ئێخنی کێش**: یخەنی کێش، یێغنی کێش.
**ئێ خوار**: ئەو کەسەی خواردی: (لێ سەبرا تـالە غیـرەتە/ تریـاک بـلادان محـنەتە/ ئـاخر دەواء و شـەربەتە/ ئـێ خـوار دزانـت لەززەتـێ) «فەقـێ تەیران».
**ئـــێخە**: ١. ئـێقە، بەرۆ، بەرو، بەرۆک، بەرۆکە، بەرەکە، بەریـــک، ئـێخەوبەرۆک، ئـێخەوبەڕک، بەرچـێڵە، بەرسـتۆ، بەرسـکووڕ، بەرسـتوورک، بەرسـتۆک، بەرسـتووک، بەسـتوورک، بەنـدۆک، پستۆ، پێسیر، زیی، ستکر، شـەبەک، قەمـت، قەو، گرانی، گریبان، گوجـو، مـلەوانە، ملشـان، ملشـو، ملشـۆ، ملـوان، ملیـوان، میلـوان، وەرقەو، وەوە، یـاخە، یەخە، یەخـێ، یەقە، ملیـوانی کـراس: (ئێخەی ئەم کراسـەم بـۆ هەڵگێـڕەوە)،٢. بەرۆک، سەرسـینگ: (مەم لە بـن ئـێخەوە دڵ دەرفێنـێ) «هێـدی»، (کـوانێ ئەو ڕۆژەی کە داوەت بـوو منیش دوو دۆم هەبوو/ مێخەکـی ئـێخەی کـوتی:

دووبین مەبە مەم هەر یەکە) «جومعەکان».

**ئێخەدادڕین**: یەخەدادڕین، سینگ‌کوتان: (هەڵپەڕینە، داوەتە، شەکوایە، ئێخە دادڕینە) «هێدی».

**ئێخەگر**: دەس‌هەڵنەگر: (ویڵ و چۆڵگەردی و بەڵای ئێخەگر/ سەودای سیاسەت یەک لە یەک بەدتر) «پیرەمێرد».

**ئێخەگرتن**: پەڵپ‌گرتن، شەڕ تێ‌ئاڵاندن: (مەی حەرامە بۆ سەهەند و بێ‌خەمان/ مەستی بێخەم بۆچی بگرن ئێخەمان؟) «ناڵەی جودایی».

**ئێخەوبەرک**: یەخە و بەرۆک، سینگ و بەرۆک، یەخە، ئێخە.

**ئێخەوبەرۆک**: ئێخە و پێشەسنگ، ئێخەوبەرک.

**ئێد**: ١. ئەمە، ئەڤە، جێناوی ئاماژەیە بۆ کەسی سێهەم: (هەر لەحزە ژ نافە ئێد تەتاری/ سەد بار ژ توورڕەیان دباری) «خانی»،٢. ئەوەتە، ئەوەیە: (نمەشۆ نە چەم، دیدەم، نە دووریت/ هەر ئێد موانوون، ئاخ جە مەهجووریت!) «مەولەوی»،٣. ئەم، ئەمم: (نامە و کەبابت وە مەعدووم یاوا/ ئەوش نە ڕووی چەم، ئێد وە دەم ساوا) «مەولەوی»،٤. یەکێکی‌تر: (کێ بۆ پێکۆ دڵ زام نەسرەفتەش/ یەکێو کوشتەش، ئێد ئەو زەمین کەفتەش؟) «مەولەوی»،٥. چەڤەنگەکە د ناڤنیشانی نامەی ئەلکترۆنی‌دا، @.

**ئێدبۆ**: ئەمە بێ: (با ئەو شەو و ڕۆ، هەر ئێد بۆ کارش) «بێسارانی».

**ئێدش**: ١. ئاوا، وەها، وسا: (مەپرسۆ حاڵم، ئێدش دەر جواو/ واچە ئەو فەقیر سفتەی دڵ کەواو) «مەولەوی»،٢. ئەو، ئەوە، ئەوەی: (شەماڵ وە خزمەت ئەو زامان خەتەر/ بشۆ، ئەر پەرساش، ئێدش جواو دەر:) «مەولەوی».

**ئێدشانواتەن**: ئەمەیان وتووە: (ئێدشان واتەن حەکیمانی حاڵ/ جە سەبر کەردەن سەنگ مەبۆ بە لاڵ) «بێسارانی».

**ئێدعاکرن**: خواستن، ویستن، داواکردن: (هاروون ڕەشید پێ حەسییا کو پادشاهە ئاخۆزی یێ کێشا مسرێ قەراح ب دیارە مێسر کر ئێدعا خوداهی) «گول‌شوون».

**ئێدکەوات**: ئەمەی کە کوت: (ئێد کە وات، دیسان ڕوو ماڵا نە خاک/ خاک کەرد جە ئەسرین سەراسەر نمناک) «خانای قوبادی».

**ئێدن**: ئەویتر، ئەوی‌دی، هی‌دی، هی‌دیکە: (حەسرەت ژ دلێ دوو کەسا ناچن/ پییێ وان ژ هەرییا زییانێ ناکشن، یەک تاجرێ گەمی ئێشکەستی/ ئێدن میراس‌خاری ل جەم قەلەندەر ڕۆنشتی) «گول‌شوون».

**ئێدوات**: ئەمەی کوت: (ئێد وات خاتەمێ بەراوەرد وە بەر/ ساق جە تەڵای ساف، نقێم جە گەوهەر) «خانای قوبادی».

**ئێدواچە**: ئەمە بڵێ: (ئەر هەر مواچی واچە: چێش واچوون/ واچوون ئێد واچە: وە سەرگەردت بوون) «مەولەوی».

**ئێدوون**: نهۆ، ئێستا، هەنووکە، هێستا.

**ئێدەک**: ١.یەدەک، ئێردەک، ئەردەک، وڵاخس زێدی کاروان،٢. دەژ، چتی دەس لێنەدراو،٣. شانەی پتری دەمانچە.

**ئێدەن**: ١. ئەڤەیە، ئەمەیە، ئەمەسە، ئەوەیە: (ئومێدم ئێدەن، ئامانەن ئامان!/ جەی فێشتەر ناسۆر نەوزی زامان) «مەولەوی»،٢. وایە، واسە: (خاس ئێدەن نە دەور جەفای ڕۆزگار/ نەوینۆت ئازار، نەشێونۆت بازاڕ) «بێسارانی».

**ئێدی**: ١. جا، سا، ئەوسا: (ل ور ئێدی کێف کێفا وان بوو) «پەپووک»،٢. ئێدن، ویدن، ئێتر، جارێکی‌تر، لەمەوپاش، لەمەولا: (ئەز ئێدی

ناهەرم مالا وان).
**ئێ‌دی**: ئێ دی، ئەوی دی: (یەک کەسب بکەت حەیاتێ سەرمەد/ ئێ دی دچیته مەماتێ مومتەد) «خانی».
**ئێـدیش**: ئەمجاریش: (وەر کوشتاش جە داخ نەدیەنی یاران/ چەند جار کوشتانێش، ئێدیش چون جاران) «مەولەوی».
**ئێـر**: ١. ئاور، ئاگر، ئاویر: (تەماشای ئاخرێ کێرکە، ل چۆلی هزرا ئێرکە) «پەند»،٢. ئێرا، هیرا، بەرین، پان، فرەوان، هەراو،٣. ئێرە، ڤر: (دلبەر دبێ: یا پیرەمێر/ ژ کوهنێ نایێ بکێر/ لەو هەڤرییان هشتی ل ئێر/ بکێری بازاڕان نەتێ) «فەقێ تەیران».
**ئێرا**: ١. ئێرە، ئێرانە، ئەم جێ، ئەگرە،٢. ئێر، پان، ٣. ئەیەڕۆ، وشەی سەیرمان: (ئێرا نەبە کو هیلەیەک د ڤێ شۆلێ‌دا هەبە؟) «پەپووک».
**ئێراق**: ١. بەربەڕۆچکە، خۆرگر،٢. عێراق، ئیراق.
**ئێرام**: ١. ئورام، سووکە ناو ئبراهیم،٢. هامە ئێرە.
**ئێرامە**: ئێرەم، ئێرەمە، ئەم شوێنەی جەستەم.
**ئێران**: ١. وڵاتی ئێران: (بیست و حەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم/ بە نان و ئاو و جل و بەرگی خۆم) «ف. بێکەس»،٢. هێران، ناوی گوندێکە لە خۆشناوەتی: (مەڵێ ئەی نازەنین بۆ شاری کۆیێ کاکی ئێران هات) «بێخود»،٣. ناوە بۆ ژنان: (هاتنەوە بە جووت ئێران و ئایشی/ لە قۆرغی ساوا پێی دەکەم عەیشێ) «فۆلکلۆر»،٤. ئەیری یەنە.
**ئێران،ئێران،ئێران**: ناڤا سترانەکی کوردییە: (ئێران، ئێران، ئێران، بووی بە مەسکەنی شێران/ چاوت گەلاوێژە، جلەوکێشی ئەستێران) «حەسەن زیرەک».
**ئێرانزەمین**: وڵاتی ئێران: (باش خاتوونان ئێران زەمینەن/ بەهای هەر ماچش موڵک ماچینەن) «خانای قوبادی».
**ئێرانشا**: گەورە دێی ناوچەی تیلەکۆ: (سێ دانگ تیلەکۆ پایەنازم کە/ شەش دانگ ئێرانشا تەحویلم بدە) «ئاوێنەی بێگەرد».
**ئێرانونازەنین**: سەیرانگایەکە لە هەریم××: (کاکە لە من بڕوانە گوندێ ما بە کفر و ڕەزێ/ بڕوانە دەورووبەری ئێران و نازەنینان لە من بە وردەڕەزە) «فۆلکلۆر».
**ئێرانە**: ئێرە، ڤر، ئەم شوێنە، ئەئێرە.
**ئێرانی**: ١. خەڵکی ئێران،٢. دانیشتووی ئێران،٣. زمانی ئێرانی،٤. پێوەندی‌دار بە ئێرانەوە: (قەت بە دنیا دڵ مەدەن جادووگەری ئێرانی‌یە/ سینەماییکی ئاشووب و فریب و ئانی‌یە) «بێخود».
**ئێراو**: ١. ئەمیراو، دێیەکە سەر بە ناوچەی ئیمامی سەقز: (من چووم بۆ دێی حانەمیران بۆ گەنمەڕەشە، تووم هاورد و گەیشتمە چەمەکەی ئێراو) «ئاوێنەی بێگەرد»،٢. چۆمێکی پان گەورە.
**ئێرئاردەی**: ئاور هێنان، چەخماخە دان.
**ئێرئافات**: ئێروئافات، نەسرەوتوو.
**ئێرئاوردەی**: ئاور هێنان، چەخماخە دان.
**ئێربازی**: ئاوربازی، گەمەی وە ئێگر.
**ئێربڕ**: ئاوربڕ، ئاگربڕ.
**ئێربڕدای**: ئاگر بڕدان.
**ئێربڕدەر**: ئاوربڕدەر.
**ئێربڕدەرە**: ئاوربڕدەر.
**ئێربڕێ**: ئاگربڕ، ئاوربڕ.
**ئێربەر**: ئاوربەر.
**ئێربەردەی**: ئاور بردن.
**ئێربەرە**: ئاوربەر.
**ئێرپژگن**: ئاورپڕژێن.
**ئێرپژگنە**: ئاگرپڕژێن.
**ئێرپرس**: ئاورپەرست.
**ئێرپرسای**: ئاور پەرستن.

**ئێرپرسه**: ئاورپەرست.

**ئێرپۆنریا**: ئاگر پێوەنراو.

**ئێرپۆنیای**: ئاگر پێوەنان.

**ئێرپۆنریێ**: ئاگر پێوەنراو.

**ئێرپۆوەنیای**: ئاگر پێوەنان.

**ئێرج**: بەهادار، نرخدار، گران، قیمەتی.

**ئێرخانه**: ئاگرخانه، تونخانه.

**ئێردانه**: ئێرانه، ئەگرە، ڤڕ.

**ئێردای**: ئاگردان، سووتاندن.

**ئێردایله**: ئێرەیله، ئێرە.

**ئێردریا**: ئاگرداو، سووتاو.

**ئێردریای**: ئاگردران، سووتێنران.

**ئێردریێ**: ئاگردریاگ، سووتیاگ.

**ئێردەر**: ئاگردەر، سووتێنەر.

**ئێردەره**: سووتێنەر، ئاگرپێوەنەر.

**ئێـــردەک**: ١. یەدەک، ئێـــدەک(ولاخ)،٢. جـــۆرە مـــاینێکی ســـەردەمی کـــۆن،٣. کـــۆتەڵ، تەڵمێـــت، هەسپێ شەهیدان، هەسپە خەملاندی ل شینا دان.

**ئێرز**: ×٦٩×: (گەللەک پاک ب دەرڤیشـــی کەتـــن ب فەســـادی/ ئێـــرزێ گرامـــی دان بەر بەدنـــاڤی) «گولشوون».

**ئێرش**: هێرش، هەڵمەت، پەلامار، شاتاول، شالاو: (ژ بـــۆ ئێرشـــێ خـــوە پلانەکـــێ چـــێ بـــکە) «مەستوورە».

**ئێرشبەر**: پەلاماردەر، هێرشکەر.

**ئێرشت**: هێرش، هەڵمەت.

**ئێرشکار**: ئێرشبەر.

**ئێرشکرن**: ئێرشبرن، پەلاماردان: (هەسپێ خـوە سیار بوو و ب جارەکێ ڤا ئێرشی مـحەمەد ئاغـا کر) «مەستوورە».

**ئێرشکەر**: ئێرشبەر.

**ئێرشهەڤکرن**: هێرشـیان کـردە سـەر یەک: (ب خوەستنا یەکێ ڕۆژین مە هەر دو شـێران ئێرشـی هەڤ کر) «مەستوورە».

**ئێرشییەنه**: ئاگر تێبەربوون.

**ئێرڤســـت**: هەڤرســـت، دارێکـــی عەرعەرێ گەڵا وردی لێرەوارەی درکدارە، له چیاکانی کوردســتان زۆرە.

**ئێرک**: ×

**ئێرکۆتەیوەنه**: ئاگر لێکەوتن، ئاگر تێبەربوون.

**ئێرکۆتەیۆ**: ئاگر کەوتنەوە.

**ئێرکوشنایۆ**: ئاگر کوژاندنەوە.

**ئێرکەردەیۆ**: ئاگر کردنەوە.

**ئێرگا**: ئاورگە، ئاوورگ، ئاگرگا، هێرگا.

**ئێرگرته**: ئاگرگرتوو، سووتاو.

**ئێرگرتەی**: ئاگرگرتن، سووتان.

**ئێرگرتێ**: ئاگرگرتە، سووتیاگ.

**ئێرگەشیۆنایۆ**: ئاگر گەش کردنەوە.

**ئێرمان**: خزمەتکار، نۆکەر، بەردەست.

**ئێرنگه**: ئەلعان، ئەلحان، ئێستا.

**ئێرنییۆ**: ئاگر نانەوە، سوتمان داخسن.

**ئێرۆ**: هێرۆ، گوڵەهێرۆ.

**ئێرۆ**: ئەمرۆ، ئیمرۆ.

**ئێرواران**: ئاگرباران.

**ئێروارای**: ئاگر بارین.

**ئێروان**: گوندێکە لای ئاکرێ.

**ئێروئافات**: ئێرئافات، هاروهاج.

**ئێروئەوێ**: ئێرە و ئەوێ: (پشیلەی مشکخنکێنی نـــاو مـــاڵ پەرەوازەی ئێـــر و ئەوێیـــان بـــوون) «شەواره».

**ئێروچێرپووشی**: ئاژاوەچی، شەڕخێز.

**ئێروچێروسمەرا**: ئاگری بن کا.

**ئێرودوو**: ئاگر و دوو.

**ئێرودووئەوەکوشنای**: ئاگر و دووکەڵ کوژاندنەوە.

**ئێرودووئەوەکوشیای**: ئاگر و دووکەڵ کوژانەوە.
**ئێروزتەیۆ**: ئاگر خستنەوە.
**ئێروستەیۆ**: ئاگر خستنەوە.
**ئێروقورەتی**: ئاگری قورەت، ئاوری خوایی.
**ئێروکانە**: ئێرە، ئەگرە، ڤر، ئێروکە.
**ئێروکوشن**: ئاورکوژێن، ئێگرکوژێنەر.
**ئێروکوشنای**: ئاور کوژاندنەوە.
**ئێروکوشنە**: ئاورکوژێن.
**ئێروکە**: ئێرە، ئەگرە.
**ئێرۆکەر**: ئاورکەرەوە.
**ئێرۆکەردەی**: ئاور کردنەوە.
**ئێرۆکەرە**: ئاورهەڵکەر.
**ئێرۆنۆروزی**: ئاگری نەورۆز.
**ئێرۆنیای**: ئاگرنانەوە.
**ئێروو**: ١. بژیو، تفاق، پێداویستی ماڵ: (دەشت و دەر هەمووی بە میوە ڕەنگاو/ بژیوی و ئێروو هەنگاو بە هەنگاو) «بۆکوردستان»،٢. تێروپڕی، ئاسوودەیی، خۆش‌گوزەرانی: (لە هێلانەی خزی و بێدەنگە سێروو/ دەڵێی خۆش‌خوانی کوردە و نییەتی ئێروو) «هێمن».
**ئێرووەربی‌یەینە**: ئاگر تێبەربوون.
**ئێرووەربی‌یەیۆ**: ئاگر بەربوونەوە.
**ئێرووەردانیە**: ئاگر تێبەردان.
**ئێرووەردایۆ**: ئاگر بەردانەوە.
**ئێرووەش‌بی‌یەی**: ئاگر خۆش بوون.
**ئێرووەش‌کەر**: ١. ئاگرخۆش‌کەر،٢. ئاژاوەگێڕ.
**ئێرووەش‌کەردەی**: ئاگر خۆش‌کردن،٢. بریتی لە ئاژاوە نانەوە.
**ئێرووەش‌کەرە**: ١. ئاگرگەشێنەرەوە،٢. فیتنەچی.
**ئێرووەنەوارای**: ئاگر لێبارین.
**ئێرووەنەکۆتە**: ئاگر تێبەربوو.
**ئێرووەنەکۆتەی**: ئاگر تێبەربوون.
**ئێرووەنەکۆتی**: ئاگر تێبەربوو.
**ئێرووەنەوزتەی**: ئاگر بەردان.
**ئێرووەنەوستەی**: ئاگر بەردان.
**ئێرۆهە**: ئەمڕۆژە، لەم دەمەدا.
**ئێرە**: ١. ئەگرە، ڤر، ڤرە، ڤێرێ، ئێرەکانێ، ئێرەکە، ئێرەکانە، ئێرهە، ئەیرە، ئێروانە، ئێمکە، ئێرانە، ئێرانۆکە، ئێرکۆکە، ئەیروانە، هر، لها، چونده، بۆ شاندانی جێی نزیک: (وەرە ئێرە و مەپرسە تۆ، ئەدی چارشێو و ڕووبەند کوان؟/ وەرە ئێرە و ببینە چاوی مەست و بەژن و باڵای جوان/ ...) «هێمن»،٢. ئیسە، ئێستا، نهۆ: (ئێرە چە بکەیم؟).
**ئێرەتی**: بێتین، بێ‌هێز، گێچەڵ، ترکزە، تەلەزگە، خۆنەگر: (دیوارەکە ئێرەتی‌یە: دیوارەکە بێتینە خەریکە برمێ).
**ئێرەج**: ١. ناوە بۆ پیاوان،٢. ناوی کوڕی هەرە گچکەی فەرەیدوونە.
**ئێرەق**: ١. کیرهەستاو ٢. ڕەپ، ڕەق، هەستانی چووی ووڵاخان: (ئەڤ هەسپە خۆ ئێرەق کریە) ٣. ئاموور، هێرەق، هێش، هەوجاڕی یەکپارچە: (ئێرەق و نیر و کەڵەمە) «چنگیانی».
**ئێرەقان**: زەردوویی، یەرقان، نەخۆشیەکە.
**ئێرەق‌کرن**: ڕەق‌کرن، کیر ڕەپ کردن(ئەسپ).
**ئێرەقوولە**: گوڵەستێرە.
**ئێرەقە**: ئێرەق، هەوجاڕی یەکپارچە کە دەندە و باسک پێکەوەن.
**ئێرەکانە**: ئێرە، ئەگرە.
**ئێرەکانێ**: ئێرەکانە.
**ئێرەکلێ**: ئاگرۆچکە.
**ئێرەکە**: ئێرە، ئەگرە.
**ئێرەگ**: ئێرەک، غیرەت: (مێر ب ئێرەگ، وەکی شیرێ ناڤ کاڤلانی‌یە) «پەند».
**ئێرەگا**: ئێوارە، ئێڤار، ئێڤارێ، ئێرەگاە،
**ئێرەگادان**: دانی ئێوارێ، ئێڤارێ.
**ئێرەگایان**: ئێواران، ئێڤاران.

**ئێرەڵ**: پەتاتە، پەتیتە، سێفـزەمینی، سـێـبزەمینی، یـارەڵ، کـارتۆڵ، کـارتۆپی، کـارتینە، کرتۆپـڵ، کرتۆفل، کارتینک، هێرەڵ، یارەماسی، یارەڵماسـی، یرەڵماسی، هێرەڵماسی، گیـایەکی گـوڵ سـپیـیە، بنەکەی خڕە و دەخورێ.

**ئێرەمۆک**: نە نێر نە مێو، نێرەمۆک.

**ئێرەمە**: ئێرامە.

**ئێرەنگە**: ئێرنگە، ئێستا.

**ئێرەوان**: ١. ئێرەڤان،٢. ناوی کوڕ و کچانە.

**ئێرەوئەوێ**: ١. ئەم جـێ و ئەو شـوێنە: (ڕۆژ و شەو دایم لەبەر دیدەی خەیـاڵم حـازری/ سـا چ فەرقێکــی هەیە بــۆ مــن ئیتــر ئێــرە و ئەوێ) «فۆلکلۆر»،٢. جێ، مەکـان: (ئێـرە و ئەوێ نـازام، کوێم پێ خۆش بێ، لێی دادەنیشم).

**ئێرهۆرگرای**: ئاگر هەڵگران، ئاور هەڵگیرسان.

**ئێرهۆرگڕن**: ئاور هەڵگیرسێن.

**ئێرهۆرگڕنە**: ئاور هەڵگیرسێن.

**ئێرهۆرگیسن**: ئاگر هەڵگیرسێن.

**ئێرهۆرگیسنای**: ئاگر هەڵگیرسان.

**ئێرهۆرگیسنە**: ئاگر هەڵگیرسێن.

**ئێرهە**: لێرە، ئێرە، لەیرە، چێگە، ئەمجێگە.

**ئێرەی**: خوەمانی: (کوورەییگید؟ ئێرەی).

**ئێرەیلە**: ئێردانە، ئێرە.

**ئێرەیی**: ١. خەڵکی ئێرە،٢. چـاوچنۆکی، بەغیلـی، بەخیلی، حەسوودی: (یارەبی دڵـی کەس بە دڵـی منی قەلەندەری غەریبێ ماڵوێرانێ نەبێ/ چەندی لە ئێشە، چەندی لە ئۆفە/ چەندی لە بن بارسـتی دە غەماندا دەناڵی/ ئەمـن ئێرەییـیـان نـابەمەوە بە سـام سـامە شـێتەی/ ئەگەر دەیئەسـتاندەوە هەر دەرک و دوو ڕیاڵی) «گەنجی سەربەمۆر».

**ئێرەییپێبردن**: بەغیلی پێ بردن: (چـاولێکەری و چاوچنۆکی و ئێرەیی بە خەڵک بردن لە مێشک و هۆشت دەراوێ) «دایەوباوە».

**ئێریایی**: سەلامەت.

**ئێریس**: سەرۆکی ئەنجومەنی فەلانە.

**ئێریش**: هێـرش، حەمـلە: (حەمـی چـوون و ژن مانە/ کافران کو گـۆتە خـانە/ ئێریشـێ بیـنە وانە/ بینن کیژێد جوانە) «فەقێ تەیران».

**ئێریش**: ژاندار، پرژان، بەئێش.

**ئێریین**: ئاگری، ئاورین.

**ئێریینە**: ئاگرین، ئاتەشین.

**ئێزا**: ١. ئەزیەت، ئازار،٢. عێزا، پاداش، قەرەبـوو، قەرەوی، سزای چاکە: (خووا ئێـزات بـداتەوە)،٣. تۆڵە، سزا، پاداشتی خراپە.

**ئێزتەی**: دۆزینەوە.

**ئێزتەیۆ**: دۆزینەوە.

**ئێزدان**: یەزدان، خودێ.

**ئێزدخان**: زاراوەیەکە بۆ دەڤەرێک بەکار دەبـرێ کو ئێزدی تێدا دەژین.

**ئێزدی**: ١. کۆنترین ئایینی کوردی: (ئـولا ئێـزدی ئولەکا پـڕ کەڤـنار و یەکخـوەدایی یـا کـوردانە) «سەنار»،٢. ئێزەدی، کوردانی یەزیدی، بەشـێک لە کوردن لەسەر ئاینی زەردەشت مـاون، دانیشـتوی شەنگال و شێخان و گەلییـێ لالـش لە هەریمـی کوردسـتان و سـوریە و تـورکیەن، لالەش جێـی دیدەنی وانە: (ئێـزدی بەشـەک ژ نەتەوەیـا کـورد ئین هەری ڕەسەنن).

**ئێزدیخانە**: جڤاکا ئێزدیان، بنگەهێ ئێزدیان.

**ئێزدین**: ١. ناڤێ خوەدێ،٢. ڕەبانی، خودایی.

**ئێزدینسەری**: جۆرە بووزوویەکە.

**ئێزدیاتی**: ئێـزدیگەری، خەبـات بـۆ پەرەپێـدانی ئۆلی ئێزدی.

**ئێزگە**: ١. ئێستگە، جێـی بڵاوکـرنەوەی دەنـگ و باس،٢. ئیستگای ئوتوبووس: (خەڵکێکـی زۆر لە ئێزگەی ئوتوبووس ڕاوێستابوون) «پێکەنینیگەدا».

**ئێزم**: سوتەمەنی، ئێزنگ.

**ئێزمک**: ئاز، واز، تاسە.
**ئێزمووک**: تەڤن‌پیرک، جاڵجاڵوکە.
**ئێزمووگ**: جاڵجاڵوکە.
**ئێزنایرە**: ڕاکشاندن، هەڵاژاندن.
**ئێزنایەرە**: ڕاکشاندن، هەڵاژاندن.
**ئێزنگ**: ١. سوخت، سووتەمەنی، ئێزم، هێزم، هێزوم، ئێزک، هێزک، هێزوک، ئێزینگ، داری سوتانن: (پاشێ ژی چەند ئێزنگێن هشک ئاڤێتن سەر ئێگر) «پەپووک»،٢. ئاخ، داخ،٣. قوڕ، پڕ ژار، زۆر کز،٤. پڕ برچی، زۆر برسی.
**ئێزنگ‌ڕاهێشتن**: ئاخ هەڵکێشان.
**ئێزنگڤان**: کۆکەرەوەی سووتەمەنی، دارکەر.
**ئێزنگڤانی**: دارکەری، خڕکردنەوەی دار.
**ئێزنگی**: برسیەتی، برسێتی: (یان بەلەنگازی گرتی و حەبس‌دا ڕۆنشتی، یان ڕەبەنا ناڤڕان لێ درریای، گشت ژ بەر ژاری و ئێزنگی) «گول‌شوون».
**ئێزنەی**: ساندن.
**ئێزەت**: حورمەت، ئێکرام.
**ئێزەد**: خودا، خوڵا، ئیزەد: (بێ زەحمەت جە هەول مەحشەر ئازاد بی/ وە لوتف ئێزەد ڕەحمانی شاد بی) «مەولەوی».
**ئێزی**: جۆلانە، جۆلانک، جۆلانێی گوریسی مناڵان.
**ئێزێ**: خودا، ڕەب.
**ئێزیای**: دۆزرانەوە.
**ئێزیایۆ**: دۆزرانەوە.
**ئێزید**: خودا، خودێ، خووەدێ، ئێزەد.
**ئێزیدێتی**: ئێزیدی بوون: (ئەمە لە کاتێکدایە کە ژێرخانی باوەڕی ئێزیدیتی ...) «جەماڵ‌نەبەز».
**ئێزیدی**: یەزیدی، ئێزەدی، یەزدانی.
**ئێزینگ**: ئێزنگ، دار، سوتەمەنی.
**ئێزینگ‌وان**: ئێزینگڤان، داربڕ، دارکۆکەرەوە.
**ئێزیەی**: دۆزرانەوە.
**ئێژا**: ئەرزشدار، موحتەرەم.
**ئێژای**: هێژان.
**ئێژگل**: ئەسکل، سکڵ، پەنگر، پۆلو، پەرەنگ.
**ئێژم**: ئەز دبێژم، من دەڵێم،
**ئێژنای**: درێژکردن.
**ئێژنایرە**: ڕاکشان، هەڵاژیان.
**ئێژنایەرە**: ڕاکشان، هەڵاژیان.
**ئێژنەی**: درێژکردن.
**ئێژە**: ئەرزش، بایەخ.
**ئێژەتەسی**: ئێژەن‌تەسی، بنێشتەسپی، چاچکەی کوردی.
**ئێژەن**: جاجک، جاچکە، بنێشت، بەنووشت، بهنیشت، بەنیشت.
**ئێژەن‌تەسی**: ئێژەتەسی.
**ئێژەندان**: جاچکەدان، جێی بنێشت تێکردن.
**ئێژەنی مندالان**: جاگکەی دەمی زارۆکان، بریتی لە رسوایی و بەدناوی.
**ئێژەی**: هێژان.
**ئێژی**: ئەڵێی، ئەڵێی.
**ئێسا**: ئێستا: (ئێستا وەرە لام، دەنا گەر مردم/ سوودی چییە کاکە بێیەوە سەر گۆڕم) «هێدی».
**ئێسائی**: ڕێبەری، پێشەوایی.
**ئێساتێ**: ئێستاکە، ئیساکە.
**ئێسارەت**: دەیل، بەندی: (کینا ڤەزیر لێ هەبوو ب کوشتنا وی کر ئێسارەت) «گول‌شوون».
**ئێساکوونێ**: ئێستاکوونێ، ئەوێستاکە، نهۆ.
**ئێساکە**: ئێستا: (کاکۆڵی سەری بۆخۆم دامناوە/ ئێستا نەمدیوە قەولم پێداوە) «فۆلکلۆر».
**ئێستاکەش**: ئێستاش، ئێستەکەش: (سەر سپی و دڵ ڕەش بوو حاجی تا فەقێ بوو، ئێستاکەش/ ڕووڕەشێکە ڕیش سپی، خوا عالیمە هەر وا دەبێ) «حاجی قادر».

**ئێسان**: ئاسان، هاسان، هێسان.
**ئێسانی**: هاسانی، ئاسانی.
**ئێسایی**: ئێسائی.
**ئێستا**: ئێستە، وێستا، ئیسە، ئەودەمە، یەمە، نهـوو، وێسا، ڤێ‌گـاڤێ، نهـا، نهـۆ، نوهـۆ، نـهە، گـووژ، هێمـانە، هـێمە، هەنـووکە، هەنـدیگایی، نـووکە، نووهە، نۆکە، هەنگـاوێ، تـازە، تـازەکۆکە، نەقـۆ، ئێستاکانێ، ئێستاکە، ئێستاکوونێ: (ئێستا گوێـت لە شەقەی ئەڵماسی نەبووە!) «پەند».
**ئێستادیۆم**: ساڵۆن، هۆڵی وەرزشی.
**ئێســـتاش**: ئێســـتاکەش: (ئێســـتاش پـاڵێنێ وەک جاران لە شوان و مێگەل دەڕوانی؟) «هێمن».
**ئێستاکانێ**: ئێستا.
**ئێستاکونێ**: ئێستا.
**ئێستاکە**: ئێستا: (وەک تاڵی زەعـیفم لە هەتیـتەی غەمی دووریت/ شایستەیە ئێـستاکە، کە حەڵـقەی کەمەرت بم) «کوردی».
**ئێســـتاکەش**: ئێســـتاش، ئیســـەش، نهـۆ ژی: (خەڵکی دنیا ڕازی دڵداری بە بێتەل پێک دەڵـێن/ ڕاسپاردەی لاو و کیژی کوردە ئێـستاکەش شـنە) «هێمن».
**ئێستاکی**: ئێستاکە: (یـا وەکـو ئەهلـی مەغریـب ئێستاکی/ چییە ناوت؟ دەڵێ: خریستاکی) «حـاجی قادر».
**ئێستاکێ**: ئێستا، ئێستاش: (زەعیفیی، منـی کـردە پـــووش، ئێســـتەکەش/ لە مـــن هەر دەکەن ئەم غەزالانە، ڕەم) «مەحوی».
**ئێستر**: ١. ڕۆندک، ئەسـرین ٢. هێسـتر، هەسـتر، هەسەرە، ئەستر، یەستر، ئاژەڵێکی یەکسم، دایـک کەری باب ئەسپە، نە نێـری بـز کەڵ و نە مـاینی بۆ زکوزا دەبێ: (ئێستری زیندوو بڵێم بۆم چـاکە یا مردووم دەوێ/ ئیحتیاجم زۆرە خـانم بـا بڵـێم هەر دووم دەوێ) «شێخ ڕەزا».
**ئێستربارەوە**: بریتی لە مرۆڤی بەتاقەت.
**ئێستربالانی**: قاتری داک گوێدرێژی باب ئەسپ.
**ئێستردار**: هێستردار، هێسرڤان، قاترکێش.
**ئێسترسوار**: قاترسوار، جاندار، جەنگدار، زەفتییە، سواری هێسترێ: (لەولای گەڵی دوو ئێسترسـوار/ بۆ سەر کانی دەهاتنە خوار) «هێدی».
**ئێسترسواری**: قاترسواری، سوارکاری هێستر.
**ئێسترگایلکە**: ١. جۆرێ هێستری دایک مـاکەر و باب ئەسـپە، زۆر بـێ‌تین و گچـکە و نـابووتە.٢. ئێســـترێکە لە جـــووت بـــوونی گـــا و مـــاکەر دەکەویتەوە.
**ئێستروەســـــەرپەڕاندن**: دانە بە پێـــی هێســـتر: (ناماقووڵی دەکا و ئێستر وەسەر فەرخ دەپەڕێنـێ) «توحفە».
**ئێسترەبۆز**: ئێسترێک کە ڕەنگی تووکی شـینکی بـێ: (مەجیـــدبەگ ســـواری ئێســـترەبۆز بـــوو) «پێکەنینی گەدا».
**ئێسترەگایلکە**: ئێسترگایلکە.
**ئێستریتۆڕ**: ئێستری چەمووش: (ئێسترم تـۆڕ و جاش بێ، لایەکی پووش و لایەکی بەرداش بـێ، نەوەکی ڕەفیقی خراپم وێڵداش بێ) «پەند».
**ئێستریماچە**: کـورەبژی سـاڵی سـێهەمی تەواو کردبێ و مێ بێ.
**ئێستری‌نێرەکی**: کورەبژی ساڵی سـێهەمی تەواو کردبێ و نێر بێ.
**ئێستک**: ئێسقان، ئێسک.
**ئێستل**: شارێکی کوردنشینە لە ڕۆژاوای جزیـر و بۆتانێوە.
**ئێستە**: ئێستا، نهۆ: (ئەی مادەری گێتی، تـۆ هەتـا ئێستە نەزاوی/ زانێکی وەکو «فەیزی ئەفەندیی»ی زەهاوی) «شێخ ڕەزا».
**ئێســـتەر**: ئێســـتر، هێســـتر، قـــاتر: (هەرچیـت زەرروورەن جە زەڕ و زێـــــــوەر/ جە فەرش و

فرووش، جە ئەسپ و ئێستەر) «خانای قوبادی».
**ئێستەش**: ئێستاکە، ئێستاکەش: (ئێستەش کراسی چڵکنە ناو لنگی کوڵکنە/ وەک دێوەڵووکە تووکی بەری بستێ هاتووە) «شێخ ڕەزا».
**ئێستەکانە**: ئێستەکانێ، هەرئێستا: (ئەگەر خەرمانی عومرم ئێستەکانە پاکی با بیبا/ بە مەرگی تۆ مچوڕکیشم بە دڵدا نایە، با بیبا) «هێمن».
**ئێستەکانێ**: هەرئێستا، ئەم سەردەمە: (من و شێخزادەکانی ئێستەکانێ/ لەپاش چەندێک، لەهەی تور و لەهەی تووین) «قانع».
**ئێستەکونێ**: ئێستا.
**ئێستەکە**: ئێستا، ئێستێکە: (تۆ کەمنەزەری دەرهەقی من ئێستێکە ئاغا/ من ماومە هەوای سوحبەتی تۆم هەر لە دەماغا) «شێخ ڕەزا».
**ئێستەکەش**: ئێستاکەش: (زەعیفی منی کردە پووش، ئێستەکەش/ لە من هەر دەکەن ئەم غەزالانە ڕەم) «مەحوی».
**ئێستەکی**: ئێستا، ئێستاکە: (ئەمان قەدری بزانن ئەم کتێبە/ لە دنیا ئێستەکی هەمتای نەماوە) «حاجی قادر».
**ئێستەکێ**: ئێستە، ئیسە: (لە ناکاو دولبەرم فەرمووی هەڵستە ئێستەکێ واعیز/ لە بۆمان دادەدا وەعزێ، گوتم: باکت چییە بابێ) «حاجی قادر».
**ئێستەی**: دۆزین.
**ئێستەیۆ**: دۆزینەوە.
**ئێستەیوە**: ئەوەئێستەی، دۆزینەوە.
**ئێستەیەوە**: پەیداکەر، دۆزەرەوە.
**ئێستێ**: ئیسە، ئێستا: (ئەم وەختە کە پڕ فیتنە و ڕێبەستنە ئێستا/ خۆشی کە ببێ مردنە، یا نوستنە ئێستا) «زێوەر».
**ئێستیفادە**: ئیستیفادە: (پەی تەربیەتی زاروڵا ئەوپەڕوو ئێستیفادەشا هەن) «د. نێعمەتی».

**ئێستێکانێ**: ئێستا، ئیسە.
**ئێستێکە**: ئێستەکە، ئیساکە: (ئێستەکە ئەییامەکە هەر میللەتێ هیممەت بکا/ مووری بێمایە لەسەر تەختی سولەیمان دادەنێ) «حاجی قادر».
**ئێسر**: هێسر، روونک.
**ئێسس**: ئێسسە، ئێستا، ئێسا.
**ئێسسە**: ١. ئێستا، ئێستاکە ٢. ئێسس، ئێش، ئێششە، بزن و مەڕی پێ دەنگ دەدەن.
**ئێسقات**: ئیسقات، گۆج، ژ کار کەتی.
**ئێسقان**: ئێسک، پێشە، هێسک، هێستک، هێستی، هەستی، سنچان، سوقان، کەشم، نەشم، چەش: (ئەگەرچی ڕێگە: خاکی خوێنە، دار و بەردی ئێسقانە/ نیشانەی تیری ڕێگەی عەشقە، ئەم ئێسقانە سپییانە) «نالی».
**ئێسقانبەئێسقان**: هەموو ئێسک و پرووسکی بەندەن: (دڵت بۆ پارە پارە، بیر لە لیرە گیرە، دەم بۆ دەم/ سەراپا ڕەگ بە ڕەگ، ئێسقان بە ئێسقان، موو بە موو کوردم) «هەژار».
**ئێسقانک**: ئێسکی چکۆلە: (مریشکەقەڵەی پانکێ/ کەوتە دیزەی خوانک/ نەماوە ئێسقانکێ) «پێکەنینی گەدا».
**ئێسک**: ١. پێشە، هەستی، ئێسقان: (ڕەگی کێر ها لە گونا، هەر گونە ئەیبزوێنێ/ مەسەلەی کۆنە سەگ ئێسقان بە کلک ئەشکێنێ) «شێخ ڕەزا».٢. شێوە، شکڵ، ڕەزا، سیما.
**ئێسک‌ئەستوور**: پێشەئەستوور، ئێسقانکلفت: (هەرچی باوکی بوو ئێسک‌ئەستوور و قەفەزەی سینگی پان و بەناوشان بوو) «خاک و چەوسانەوە».
**ئێسک‌بڕ**: ئێسقانبڕ: (ڕم و نێزە ئێسک‌بڕ و ڕەگپسێن/ ئەسپ یاڵ و بژیان دەڕەنگا بە خوێن) «شەرەفنامە».
**ئێسک‌تاڵ**: خوێن‌تاڵ، ڕەزاقورس.

**ئێسک تاڵە**: ئێسک‌تاڵ، ڕەزاگران.
**ئێسک‌دزێو**: خوێن‌تاڵ، ڕەزاقورس: (ئاخر لە ناو کـۆمەڵی چیـاگەڕ و مەڕدار، هەژار بێبـایەخ و ئێسک‌دزێو بە حیساب دێ) «شەوارە».
**ئێسک‌ڕەش‌بوون**: خاران، ڕاهاتن: (هەتـا خـاوت دەشکێ ناخۆشە، دوایە ئیدی ئێسکت ڕەش دەبێ و هەر تەقەشت لە سەری نایە).
**ئێسک‌سـوک**: خوێن‌شـیرین، ڕەزاسـڤک، ڕۆح‌سووک، دارسڤک: (گرانە، ئەزانم، بێ دایـک و بـاوک مـان/ بـۆ کـۆرپەی وەک ئێـوەی ئێسک‌سووک و جوان) «گۆران».
**ئێسک‌شیرین**: ڕەزاسووک.
**ئێسک‌قورس**: ڕەزاگران، خوێن‌تاڵ، ئێسـک‌گران، کرێت، دارگران، خوون‌سار: (دو برای لۆزەندەر و ئێسک‌گرانی هەبوون) «توحفە».
**ئێسـک‌گران**: خوێن‌تـاڵ، کەپەزە، ڕەزاگـران، ئێسک‌قورس: (هەچەن لە ڕاوی نەزانە/ خەوخەوە و ئێسک‌گرانە) «ڕاوچی».
**ئێسک‌گرانی**: ڕەزاتاڵی، خوێن‌تاڵی.
**ئێسک‌وپرووسـک**: ١. کـز و لاواز،٢. ئێسـکی پـووک و ڕزیـو، هەسـتی ڕزی: (گۆشـتەکەیان خواردبوو، ئێسک و پرووسکی مابوو)،٣. ئێسـک، سـوقانی ئەنـدام: (بە بەزم و ڕەزم و بە ئـاوازی خۆش/ ئێسک و پرووسکم هەموو بێتە جـۆش) «ف. بێکەس».
**ئێسک‌وپێست**: کـز، لاواز، لەڕ: (قـاپی درگـاکە کراوە، شتێکی بالاّبلّند، ئێسک و پێستێک، داهـۆڵە ئێسقانێک، چاو بە قووڵاچوو) «پێکەنینی گەدا».
**ئێسـکووک**: ئەسـکوێ، کەوچکـی گەورەی کلکەدرێژی دارین.
**ئێسکە**: ئیزگە، ئێزگەی ڕادیۆ و تەلەویزیـۆن: (بە شەو هەتا ڕۆژ واتە ڕێک ئەخەم/ کە دێمە ئێسکە لێم ئەبێ بە خەم) «ع. مەردان».
**ئێسکەندەر**: ئەسکەندەر، ناڤێ مێرانە: (ئێسـکەندەر ڕۆمی ڕا گۆتن وەلاتێ ڕۆژاڤا و ڕۆژهلات پێ چ زەفت کرن) «گول‌شوون».
**ئێسکی‌قاپەڕەقە**: گوێزینگ، گۆزینگ.
**ئێسـکی‌نێوبرین**: بیریتـی لە ملـۆزم و هـۆی دەردیسەری.
**ئێسگە**: ئیـزگە، ئیسـتگا، وێسـتانگە: (دەیـانەوێ ڕێگەی ئاسن ڕابکێشـن، لە سـەر ئێسـگەیەک لە نێوان دوو دێدا) «پێکەنینی گەدا».
**ئێسۆ**: پەنابا، بانەگر، پەسیو.
**ئێسۆکە**: گوندێکە لای بالیسان.
**ئێسۆمەر**: گوندێکە لە هەریمی کوردستان.
**ئێسەنی**: ئێستاکە، ئێسا، ئیساکە.
**ئێسیر**: ئەسیر، دیل، یەخسیر: (ئێسیر کرم زولفـا چەلەک، ئەو حوریا شوبهەت مەلەک/ تیر دان ژ ڕەشـــتوزین هەلەک، مەجروحـــێ قەوســـێ پەڕوەشین) «جزیری».
**ئێسیرکرن**: یەخسیرکردن: (نینە وەک تە د نێـڤ ڕۆمێ/ گەلـی خەلقـا نەکـن لـۆمێ/ ئەزێ سـۆتم شـوبهێ مـۆمێ/ کـرم ئێسـیر د گـاڤێدا) «فەقـێ تەیران».
**ئێش**: ١. دەرد، یێش، ئازار، ژان، سۆ، گـل: (گەر پاکان ژ پیسان پیسی بدیدن/ هون گەل وان نەکن ئـێش و سـوهاتن) «گول‌شـوون»،٢. نەخۆشـی، ناسـاغی ٣. لە زاراوەی بلّباسـاندا: نیروئـامووری جووتا کوێستانیانە، ئاقێلە،٤. ئاش، ئاسیاو: (چ کار تە هەیە وە ئێش، تۆ ئارتێ نەرم بخواز) «پەند».
**ئێشا**: ئێشاو، یەشاو.
**ئێشابۆ**: ئێشابێ، هێشـابێ: (کەسـێ خـاترش جە من ئێشابۆ) «مەولەوی».
**ئێشاچاڤی**: چاوێشە، چاوکولی.

**ئێشازراف**: ئازارەباریکە، سیل، سل، ئازاری سی.

**ئێشاکەش**: بریندارکەرەکەی: (بەڵێ یە نامەی دڵ پێ ئێشاکەش) «مەولەوی».

**ئێشاگران**: کەوتوویی، گرانەتا، گرانەتێ.

**ئێشامدڵ**: دلم ئێشا.

**ئێشان**: ١. ژان، ئێش، ئازار: (چراغ من ئێشان .../ من خاتر تەنگ بوو بە دەرد و ئێشان) «بێسارانی»،٢. ئەوان، وان، جێناوی کۆ،٣. ژان کردن، ئازار کێشان، یەشان، بە ئازار بوون: (بەوەم زانی لە باغا چقڵی گوڵ هەڵچەقییە داوێنی/ کە لێرە دڵ لە سینەمدا برینی نەشتەری دێشێ) «مەحوی»،٤. ئێشاوە، یەشاوە: (گۆیا جە لا وێت دەروونت ئێشان/ بەد دوعاییت کەرد تەصدیعت کێشان) «مەولەوی»،٥. کۆی ئێش، ژانەیل،٦. ڕەنجان، زویربوون: (زالم ژ وی گلی ئێشی) «گولشوون»،٧. ناوی کچانە.

**ئێشاندن**: ١. یەشاندن، کولاندنەوە، وەئێش هێنان، ئارهاندن، شەبکاندن: (دەستی برد لە دەست زولفم دەرێنێ/ نەمزانی جوولەم گوێچکەی دێشێنێ) «پیرەمێرد»،٢. ڕەنجاندن، تووڕە کردن: (میرم مە نەگۆ ژ بۆ تە پێشین/ تاجدین و بران ژ خوە مەئێشین) «خانی»،٣. هیلاک کردن، ڕەتاندن: (هوور باژۆ، کوور باژۆ، لێ گایێ پیر نەئێشین) «پەند».

**ئێشانەوە**: کولانەوە، وەئێشهاتنەوە.

**ئێشای**: ١. ئێشان،٢. بەئێش، ژاندار.

**ئێشبەر**: ئێش بەرکەوتوو.

**ئێشبەردەی**: ئێش بردن.

**ئێشبەرە**: ئێش بەرکەوتوو.

**ئێشپەنەکۆتە**: ئێش پێکەوتوو.

**ئێشپەنەکۆتەی**: ئێش پێکەوتن.

**ئێشپەنەکوتێ**: ئێش پێکەوتوو.

**ئێشپەنەوزتەی**: ئێش پێ خسن.

**ئێشپەنەوستەی**: ئێش پێ خستن.

**ئێشپەنەیاوا**: ئێش پێگەیوو.

**ئێشپەنەیاوای**: ئێش پێ گەیاندن.

**ئێشپەنەیاوێ**: ئێش پێگەیوو.

**ئێشپەنەیاون**: ئێش پێگەیەنەر.

**ئێشپەنەیاونای**: ئێش پێگەیاندن.

**ئێشپەنەیاونە**: ژان پێدەر.

**ئێشپێگەیشتن**: ژان پێگەیین، کزان، ئێشان.

**ئێشپێگەیاندن**: کزاندنەوە، ئازاردان.

**ئێشدار**: ژاندار، بەئێش، ئێرێش، بەژان.

**ئێشداری**: ژانداری، کولی.

**ئێشدەر**: ئازاردەر، ئازارگەیەن.

**ئێشدەسوپا**: جومگەئێش.

**ئێشڕەڤاندن**: ئێش سووککردن.

**ئێششە**: ئێشە.

**ئێشک**: ١. هێچک، ئالقەداری سەر گوریس و کەژوو ٢. کێشک، هێشک، پاس: (ئێشکمان دەگرت شەوانی تاریک/ هەناسەی بە ترس و پەشێو و باریک) «پیرەمێرد»٣. ئێلەک، سیخمە، سوخمە.

**ئێشکاندن**: شکاندن: (کەڤرێ بەدئەسل وەک ئێشکاندن تاسا زێڕ) «گولشوون».

**ئێشکئاغاسی**: گەورەی ئێشکگران.

**ئێشکچی**: پاسگر، پاسەوان، پاسدەری شەو، جەزایرچی، ئێشکگر، ئێشکدار: (بە شەو ئێشکچی ماڵی خان و ئاغام/ بە ڕۆژ کۆڵکێشی پووش و درک و داڵم) «قانع».

**ئێشکچێتی**: پاسەوانی، کێشکچێتی.

**ئێشکدار**: ئێشکچی.

**ئێشکداری**: ئێشکچێتی.

**ئێشکدان**: ١. شەتەکدان، جیرەبابە، توندبەستن ٢. جەزایرچیەتی، پاسگری، پاسەوان.

**ئێشکگر**: ئێسکچی، ئێشکدار: (بە شەو

کێشکچی ماڵی خان و ئاغـام/ بە ڕۆژ کۆڵکێشـی پووش و دڕکوداڵم) «ڕێنووسی زمانی کوردی».

**ئێشک گرتن**: پاسـداری، نگابـانیدان: (مانـدووی سـەرخەوێک بشـکێنە لە لام/ ئێشـکت ئەگـرم مەترسە ئازام) «پیرەمێرد».

**ئێشک گێر**: بەزمگێر، چۆپیکێش، هەڵپەڕکێکەر.

**ئێشکەر**: ژانکەر، بەژان.

**ئێش کەردەی**: ژان کردن، ئێشان.

**ئێشکەرە**: ژانکەر، بەئازار.

**ئێشکەستی**: شـکاو، تیکشـگاو: (حەسـرەت ژ دلێ دوو کەسا ناچن/ پییێ وان ژ هەرییـا زییـانێ ناکشـــن، یەک تـــاجرێ گەمـــی ئێشکەســـتی) «گولشوون».

**ئێش گران**: کاردژوار، کارناخۆش.

**ئێشلک**: فـانیلەی پەمـوو لەسـەر کراسـەوە لەبەر دەکرێ.

**ئێشلەخ**: زەخمە، سوخمە، سیخمە، ئێلەک.

**ئێشن**: بەژان، بەئێش.

**ئێشناشان**: ئێشـانیان، کولانـدیانەوە: (ئێشناشـان زامی ناسۆر کەفتەی دڵ) «بێسارانی».

**ئێشنای**: ئێشاندن.

**ئێشنە**: بەژان، بەئازار.

**ئێشنەی**: ئێشاندن.

**ئێشــــۆ**: ١. ئێشـــەوە، دەردەوە: (بە دەم ئێشــۆ ئەســـوورێتۆ ئەڵـــێ کـــو ســـروەکەم بـــا بـــێ) «مینەجاف»،٢. بێشێ، بئێشێ: (خـاترێ بە غەم تـۆ نەیەندێشۆ/ بە زامی ناواک سوب سەحەر ئێشـۆ) «بێسارانی».

**ئێش وئازار**: ژان و دەرد.

**ئێش وئـۆ**: ئێشوئـۆف: (دەردی مە گەلێـک بە ئـێش و ئـۆیە/ ڕێ کـوێرە، بە دڕکە، پـڕ کلـۆیە) «هەژار».

**ئێش وئۆف**: ژان، ئێش: (ددان ئێشە زۆر بە ئێش و ئۆفە).

**ئێش ودەماری**: ئێشی دەمار.

**ئێش وڕێش**: ئێش و ئازار.

**ئێش ونێش**: ئـێش و ئـازار، ژان: (دیـدەی مـن خاسەن پەرێ ئێش و نێش/ ئێشی دیدەی تۆ بەیۆ بشۆ تێش) «بێسارانی».

**ئێشوو**: هێشوو، بۆڵ، هووشی ترێ.

**ئێشە**: ئێششە، بۆ گەڕاندنەوەی بزن و مەڕ بەکـار دەبرێ.

**ئێشـــەک**: ئێشـێک، ژانێـک، دەردێـک: (چـووم دهۆکێ دهۆکـا میـرا/ ئێشـەلا ئێشـەک بگریـت ژ جانا هەتا پیرا) «حەیرانۆک».

**ئێشـــەن**: ئـێش: (ئـێش زام سـەخت تـۆیچ ئامـا پێشـدا/ هەر ئێشـەن مـدیەی کەفـتەن وە ئێشـدا) «مەولەوی».

**ئێشەوئێشەو**: گۆرانییەکی هۆرامییە.

**ئێشەوۆ**: لە ئەم شەوەوە.

**ئێشەی**: ئێشان.

**ئێشـــیان**: ئێشـــان: (دیـــدەی مـــن خاســـەن پەرێ ئێشیان/ پەردەی لێلاوی پێدا کێشیان) «بێسارانی».

**ئێشـــیک**: ١. کەژاوە، کیـــژاوە، مەئـــافە ٢. بەزم، چۆپی.

**ئێشین**: یەشان، ئێشان، کین ژێ هلگرتن.

**ئێشینگ**: دۆستی گیانی، هۆگر و هەڤگری پاک و ڕاست.

**ئێع**: ١. یەع، وشەی قێز و بێـزە لە چتـی چەپەڵ، ٢. وشەی نقاندن.

**ئێغبال**: ئێقبال، هات، بەخت: (هەکە ئێغبالا هـاتە سەری، بزرە وەکـی کەری، خەلـک دێ بێـژتە تە ئافەری!) «پەند».

**ئێغنی**: ئێخنی، یەغنی.

**ئێغنی کێش**: ئێخنیکێش، یەغنیکەش.
**ئێف ئێف**: ئایفۆن، کەرەستەی درگا کـردنەوەی کارەبایی.
**ئێفتخار**: فەخر، شـانازی: (فەقـر ئێفتخـارا مـنە) «گول‌شوون».
**ئێفتەر**: ١. ئەوییدی، ئەویت ٢. یەک و دوو.
**ئێفریت**: جندە، ژنا ناپاک.
**ئێفسنی**: شارۆچکەیەکە لای مووسڵ.
**ئێفلاس**: ئیفلاس، نەداری: (گەل برچییا قوڤڤەتێ پاریز نامینیـد/ ئـێفلاس دزگـین ژ دەسـت تەقـا دستینید) «گول‌شوون».
**ئێڤ**: فێ، فێداری، تەپ، ئاهۆ، خووداری.
**ئێڤار**: ١. ئێوار، ئێوارە، هێڤاری، هێـوارە، ئێڤـارە، چراکەران: (بەرڤە شەرێ سبێ هەرە، بەرڤە خێـرا ئێڤارێ نەرە) «پەند» ٢. دوانیـوەرۆ، دانێـک ژ رۆژ ٣. بریتـی لە ئـاخری تەمەن: (ڕۆژا مـنە عـومر چوویە ئێڤـار/ هێـژا نەبـم ئەز ژ خـوە خەبەردار) «خانی»،٤. ناوە بۆ کچ و کوڕ.
**ئێڤاران**: ئێڤار، ئێواران، دەمی ئێـوارێ: (ڕۆژ کەتە چاخێ ئێڤاران، شەڤ بلەز دل داژەنێ) «سندی».
**ئێڤاراوەخوەش**: ئێوارەتان باش.
**ئێڤارباش**: ئێوارێ باش، سلاڤا ئێڤارێ.
**ئێڤارکی**: ئێوارەکی، ئێوارەیەکی.
**ئێڤارە**: ١. ئێڤار، ئێوارە: (چ ئێڤـارە، ئێڤـارا خێـرا/ مەلا چـوونە مزگەفتـا/ قەشـە چـوونە کەڤنەدێـرا/ وەرە ڕامووسانەکێ بدە من/ ژ بابێ تە ڕا منەتە، ژ دیا تە خێرا) «حەیرانـۆک»،٢. پێشـیڤ، بەرشـیڤ، ئیفتار، ئیفتاری.
**ئێڤارەئێڤـارە**: ئێوارەئێـوارە، لاوژەیەکـێ جـوانی کوردییە.
**ئێڤارەیان**: لای ئێوارێ، دانی ئێڤارە.
**ئێڤـاری**: ئێـوارێ، چـراکەران: (بنێـر بـاخۆی و فەرواری/ بنێـر چەرخـێ د رۆزگـاری/ ل تە ڕۆژ هـاتە ئێڤـاری/ تە نە عەقـلە، نە هشـیارە) «فەقـێ تەیران».
**ئێڤتین**: ڕەش و شین هەڵگەڕانی ئەندام بە هـۆی لێدانەوە.
**ئێڤدار**: ١. فێدار، خـوودار، خێـدار ٢. غەنیمـدار، دوژمندار.
**ئێڤرست**: ئێڤریست.
**ئێڤریست**: ئێڤرست.
**ئێڤشـــت**: ×١٦٥×: (تنـێ مـن حەیـف ل وان تشـتان/ ل بەیبوونـان ل بامشـتان/ خـوزی ئەڤ ڕەنگ نە ئێڤشتان/ د ئـسمینێ د نامـدارە) «فەقـێ تەیران».
**ئێڤنۆتە**: تەندروست، لەش‌ساغ، لەش‌پتەو، سـاق، ساغ.
**ئێڤنۆتەیی**: بێهێزی، ناساغی.
**ئێڤنووتی**: ئێڤنی، بێهێز.
**ئێڤنی**: لەشی بێهێز، مرۆی لێکدایی.
**ئێڤنیک**: ساغلەم، پەیت، سرت.
**ئێڤەر**: هەرامە، هین، کابرا، وانێک، شت.
**ئێڤەلی**: سەرسەرس، خوێڕی، تەمەڵ.
**ئێق**: ١. هێق، هێڵنج، قـرپ، دەنگـی ڕشـانەوە ٢. پەنگاو خواردنەوەی ئاو ٣. ئاو لەبەر ڕۆیشتن.
**ئێقباڵ**: ١. ئیقباڵ، بەخت،٢. ناڤێ مێرانە.
**ئێقباڵتر**: بەختەوەرتر: (ئەو کەسەی جێژوانی بـن بەژنـی چنـارێکی هەیە/ لەو ڕەئیسـە خـوێڕیەی ئێستاکە خۆش ئێقباڵترە) «جومعەکان».
**ئێقـــدانەوە**: ١. ڕشـانەوە، ئێقکـرن، ئـێقەدانەڤە، هێنانەوە: (سەرەڕای ئەمەش مشـتەری‌یەکانی هەر ئێقیـــان ئەداوە) «ڕشـــتەی مـــرواری»،٢. پۆنگ خواردنەوەی ئاو،٣. شـەپۆلدانی قەرەبـاڵغی خەڵک: (نە کورسـی چاخـانە جـێ ئەبـووەوە، نە سـەر ئەرزەکە، خەڵـک ئێقـی دایەوە بـۆ سـەر جادەکە) «ڕشتەی‌مرواری».

**ئێقراری**: ئەوقەرە: (ئێقراری ئایم هاتو).

**ئێقره**: ١. تەنایی، ئۆقرە، ئارامی،٢. ئەقەرە، ئەونە، ٣. قزمئێقرە، ئەم ئەندازە.

**ئێقل**: ئەقڵ: (بکشینە بەژنا بلند/ ب پێشەنگا ئێقل) «سەنار».

**ئێقلاب**: بەرخۆر، خێوانە، خێڤانە، بەرکوت، بەرقوت، بەر لە خەرمان کەمێ گەنم کوتان بۆ نانی پێویست.

**ئێقلیم**: دەڤەر، هەرێم، ناوچە: (د نیشاکا فرەه ڕاتواندن: ئەرکانە شاهی و گرێ گرێ پاشان، زۆردارێن ئێقلیمان) «گولشوون».

**ئێقه**: ١. ئێخە، یەخە، بەرۆک: (مەم لە ئێخەت سەری هەڵداوە ئەویش سەرتاپای/ چەق و چۆیە، تەزووە، لەرزە، مچوڕکە، تایە) «هێدی»،٢. ئێقرە، ئەوقەرە، ئەونە.

**ئێقەور**: ئەونە، هێندە: (ئێقەور تەمەنگای زنج و خاڵ کەردم) «خانمەنسوور».

**ئێقەوره**: ئێقرە، ئەوقەرە.

**ئێک**: ١. یەک، یێک، نیوەی دوو ٢. هیچ، هیچیەک، هیچچتێک، هیچکامێک ٣. هێلکە، هێک ٤. ئامرازی نەپەندی(نادیار)ە: (چتێک، شتێک) ٥. کەت، کەتەک، تاقانە، تەنیا ٦. خودا، خودێ ٧. کەسێک، کەسێکیتر: (ئەوێ درەوێ دکەت، ئێک فراڤینی دخوت) «پەند».

**ئێکاتی**: یەکاتی، ئێکەتی، یەکیەتی، یەکێتی.

**ئێکانه**: ١. یەکانە، برە، کوودەڵە بەراز، نێرە بەرازی جاحێڵ ٢. تاق، تاقانە، یەکتا، منالی تاقانە ٣. بریتی لە مرۆڤی بێهێز و دەست و لەپ.

**ئێکانەسوار**: سوارچاک، شۆڕەسوار: (هزار ئاغا گۆت: ئێکانە سوار یێ ل بەر دەرگەهێ مە ڕاوەستایە، سوارەکی ژێهاتی) «گولواز».

**ئێکاوئێک**: ١. یەکەویەک، دەرمان یا نووشتەی زۆر کاری ٢. ئێکونم، دەمودەس، دەرحال ٣. یەکسەر، گشتی ٤. ئێک ل دوی ئێک، پەیدەرپەی.

**ئێک‌ئێک**: دانە دانە: (ئێک ئێک ژێ بگرە ئەڤان سوبخرا) «سندی».

**ئێک‌بار**: جارێک، کەرتێک، بارێک.

**ئێک‌بیر**: هاوڕا، هاوبیر، یەک‌هەڵوێست.

**ئێکتا**: تەنیا، تاقانە، بێهاوتا.

**ئێکتاپەرست**: ئێکانەپەرێس، خودێپەرست.

**ئێکتاپەرستی**: خوداپەرستی، یەکتاپەرێسی.

**ئێکتەق**: یەکسەر، لەسەر یەک، بە بەردەوامی.

**ئێک‌تیپ**: یەکجۆر، چەشنێ، ئێک‌شۆپ.

**ئێکجار**: یەکجار، ئێجگار: (بارەکێ ئێکجار گرانە، پەسارە ڕێکا مەژێ) «سندی».

**ئێکجارەکی**: ئێکجاری.

**ئێکجاری**: بەتەواوی، بۆ هەتاهەتایە، ئێکجارەکی.

**ئێک‌خستن**: یەک‌خستن، سازاندن.

**ئێک‌دل**: تەبا، یەکگرتوو، تفاق: (بەختێ مە ژ مەرا نابتە یار/ گەر بۆ هەڤ نەبین ئێک‌دل و ئێک‌زار) «سندی».

**ئێک‌دەست**: یەکدەستە، یەکدەستەیی، یەکجۆر.

**ئێکدی**: یەکترمان، یێکدیمان.

**ئێکرام**: قەدر، ڕێز، ئێحترام.

**ئێک‌ڕەنگ**: یەکڕەنگ، وەک‌هەڤ.

**ئێک‌ڕێز**: ئێک‌تیپ، ئێک‌جۆر.

**ئێک‌زار**: یەک‌دەنگ، هاودەنگ.

**ئێک‌سان**: ئێک‌تیپ.

**ئێک‌سەر**: ڕاستەوخۆ، یەکسەر.

**ئێکسیر**: جاران بە درۆ دەیانکوت ماکێکە لە هەر کان و مسێکی بدرێ دەیکاتە زێڕ: (وسلی ئێکسیرە وەلێ زەحمەتە بێ/ قامەتی سەروە وەلێ با سەمەرە) «سالم».

**ئێکشۆپ**: ئێکتیپ.
**ئێکدووئێک**: یەکلەدوای‌یەک، پەی‌هەڤ.
**ئێکسەر**: ١. زینــدی، زینــدو(بەرنامە) ٢. ئێک ئاراستە، ئێک ئالییێک سەنت.
**ئێکشەمب**: یەکشەمبە.
**ئێکڤە**: یەکەوە: (سەرێت نە ب سەر ئێکڤە ناچن دەڤ ئێکڤە) «پەند».
**ئێکماڵ**: ١. یەکماڵ، هەوماڵ، ماڵێک، ماڵ‌یەک ٢. تەبا، دەستەبرا ٣. تاقەماڵێک ٤. ناوی گوندە.
**ئێکماڵە**: ١. گوندێکە لای قەسرۆک،٢. گوندێکە لای ئاکرێ،٣. گوندێکە لای دەرکار،٤. ناوی دو گوندە لای باکووری دهۆک.
**ئێکۆ**: ١. ئەوتۆ، گرینگ، جێی باس،٢. ئاوێژە، پێژن، ئەوا دەنگ، زایەڵەی دەنگ.
**ئێکوئێک**: ئێکاوئێک.
**ئێکودو**: یەکتری، هەڤ: (عیشقێ کربون وسا موبەددەل/ وان ئێک و دو ناس نەکر ژ ئەووەل) «خانی».
**ئێکونم**: دەرحال، دەم‌ودەس، گورجێ.
**ئێکە**: ١. ئێکەش، پاشان، دوایی، لەدوایی‌دا،٢. یەکێکی، یەکی: (ئاڤا ڕوییێ شاعیری نەڕێژن/ گەر مومکنە ئێکە قەنج ببێژن) «خانی».
**ئێکەتی**: ئێکی، یەکییەتی، تفاق: (باب گۆت: کوریێت من ئەڤە بۆ هندێ بوو کو ئێک بگرن و ئێکەتی د ناڤبەرا هەوەدا بیت) «گولواز».
**ئێکەش**: ١. ئێکە، ئێکەشە، دوایی،٢. ئەمجارە.
**ئێکەشە**: ئێجارە، ئەمجارە.
**ئێکەم**: ١. یەکەم، سەرەتا،٢. یەکەم کەس لە خوێندندا: (ڕۆژەک دێهێت دێ مەزن بی/ دێ چی خۆینی، دێ زیرەک بی/ سال بۆ سالێ دێ پێش کەڤی/ دێ سەرکەڤی، دێ ئێکەم بی) «سندی».
**ئێکی**: ١. یەکیەتی، یەکێتی، ئێکێتی،٢. کەسێکی نادیار نێر: (ما هەکە ئێکی گۆت مرۆڤی سەرچاڤا، ما دێ چیتە سەر هچکێت عەبا!) «پەند».
**ئێکێ**: ١. تشتێ، شتێ،٢. کەسێک لە دو یا چەن کەس: (تا دەست ژ ئێکێ بەر تە نادی/ نابینی چو لەززەتێ ژ یا دی) «خانی»٣. کەسێکی نادیار مێ: (ئێکێ(ژنەک) وە گۆت) ٤. ڕیزکرنا تشتی، یا ئێکێ.
**ئێکیان**: هیچ‌کامیان، هێکیان.
**ئێکێتی**: یەکێتی، ئێکی.
**ئێگجار**: ١. ئێجگار، یەکجار، هەرەزۆر، گەلێک، فرە ٢. جارێک، ئێکجار، بوویەرا جارەک روو ددە ٣. ئێگجار نە ووسا!.
**ئێگجارەکی**: ئێجگارەکی، یەکجارێ.
**ئێگجاری**: یەکچەلی، ببڕببڕ، ببڕای‌ببڕ، زۆر و زەوەندی.
**ئێگر**: ئاور، ئاگر: (مەبین ئەڤ گەر ب سورەت ئادەمینە/ هەمی دارن ژ ئێگر را کرن ریز) «جزیری».
**ئێگرڤێخستن**: ئاور کردنەوە: (کوردستانی هەر سال شەڤا ٢٠- ٢١ ئاداری، ئێگر ڤێدخن و هاتنا بهارێ پیرۆز دکن) «سەنار».
**ئێگرە**: ئەگرە، ئێرە.
**ئێگرەیی**: ئەگرەیی، خەڵکی ئەگرە.
**ئێگزۆز**: ئێکسۆز، بۆری جێی دووکەڵی ماشێن.
**ئێگۆ**: ١. ئاوەڕۆ، ڕەهەندی پیساوی شار،٢. کانگای نەوتی ژێرزەوی،٣. ئێرەوە.
**ئێگە**: ١. ئێرە، ئەگرە، لڤر، لە ئەگرە،٢. سوویان، مەوەرد، خاڕ هەسنی دەندەن.
**ئێگەیی**: خەڵکی ئێرە.
**ئێگەیە**: خەڵکی ئەگرە.
**ئێل**: خێڵ، خێڵەسات، حێل، هۆز، هۆزان، زۆم، عاشیرەت، عێل، کۆچەر: (یاوا وەرگەڕێ ئێڵم سەرکەوێ/ یت زرمەی تۆپی زەڕڕەی بەرکەوێ)

«پیرەمێرد».
**ئێڵ**: خێڵ، کوومەڵ.
**ئێڵابەرازا**: خێڵی بەرازان، کە لە سووریەن، مەزنی وان مستەفا پاشا بوو.
**ئێلات**: خێلات، هۆز، کۆمەڵی خێڵ: (ئـێلات پەز و بزنـان خـودان دکـن)، (ئومێـدم وایە هەر بەم زوانە/ ئـێلات بچـنەوە بـۆ ئەو کوێسـتانە) «پیرەمێرد».
**ئێلاتی**: عێلاتی، خێڵەکی: (قاقای کیژە ئێلاتی، لە نێو گوڵاڵەسووران) «مامڵێ».
**ئـێلاخ**: کوێسـتان، زۆزان، ئـێلاخ، یەیـلاخ، سەردەسێر، کوێسـان، کۆسـان: (کـۆچ کەردەن خاسان، چیهرەی ئێلاخان/ داوۆ وە هەمدا دیسان نە داخان) «مەولەوی».
**ئـێڵاخ**: ١. ئـێلاخ، کۆسـان، زیـز قشـلاخ: (ئەو سەبوون سفتەی پـڕ داخ بـێ پەرداخ/ تـۆ بـۆی شنۆی بای ئێڵاخ نە دەمـاخ) «مەولەوی».٢. نـاوی کوڕانە.
**ئێڵاخان**: ئێلاخ، کوێستانی.
**ئێڵاخە**: گیلاخە، گەیلاخە.
**ئێڵاخی**: ئێلاخی، زۆزانـی، کوێسـتانی: (شـەماڵ وەو شـنەی ئێڵاخـیـیەوە/ وەو عەتـر و عەبیـر گوڵباخییەوە) «خانەمنسوور».
**ئێڵاخـیچ**: کوێسـتانیش: (ئـامێتەی خەیـاڵ ئەو دڵپەسەندەن/ ئێلاخیچ هەڵای کەمێ یەخبەنـدەن) «مەولەوی».
**ئێلاخیە**: کوێستانی، کۆسانی.
**ئێلاغـا**: لەوەڕگە، پـاوان، شـوێنێکی بـژوێن و خۆشلەوەڕە لە ژووررووی ماردینە.
**ئێلافە**: بختدان، بوختان هەڵبەستن.
**ئێلان**: ١. هێلانە(مەل) ٢. پیاوچاکان، یەلان.
**ئێڵانپەیی**: خەڵکی ئێلانپێی هەورامان.
**ئێڵانپـی**: ئێلانـپە، نـاوی دێیەکـی هەورامـانە: (ئێڵانپـی غەمگـین بـێ تـۆ بێنـوور بـێ) «م.ح. دزڵی».
**ئێڵانچیە**: جۆرێ مووررووە.
**ئێڵ ئووبا**: تایەفە، ئێڵ ئووماخ.
**ئێڵ ئووماخ**: تایەفە، دارودەسە.
**ئێڵبەر**: گەورای ئێڵ.
**ئێـل بەگی**: سـەرۆکعێل، سـەرەکهۆز: (کـۆچ خێرت بۆ ئیمساڵ چون ساڵان/ تـا لای ئێـلبەگی ئێل نەوهاڵان) «مەولەوی».
**ئێل پەرست**: تـایفەگەر، خێـڵخواز، هەژێـکەرێ گەل و عەشیرەتا خۆ، ئێلپەرێس.
**ئێل پەرێس**: ئێلپەرست.
**ئێل پەرێسی**: تایفگەری، عێلخوازی.
**ئێلتمور**: یەڵتەمر، یەلتەمور، یەکـێ لە بەشـەکانی دێهاتی بۆکان بەرەو مەهاباد.
**ئێلجاڕ**: عێلجاڕێ، ئێلجاڕێ.
**ئێلجــاڕێ**: ئێلجـاڕ، عێلجـاڕێ، گەلەکـۆمەکی، گەلەکۆمە، ڕاپەڕین، ڕەشبگیری.
**ئێڵجاڕی**: جاڕکێشان لە ناو ئێڵەو.
**ئێلچــی**: ١. پۆسـتەچی، نـامەبەر، تەتەر، پەیـک، مفردی: (دەبم بە ئێلچی لە هەموو دەرکـان پەیـدا دەکەم نـان نـانە) «مەموزیـن».٢. بـاڵوێز، نـوێنەر، سەفیر: (خانەتان وێران دەکا قەسر و قوسـووری لێ دەکا/ بۆ ئەمەی نەچنە عەجەم ئێلچی لە تاران دادەنێ) «حاجی قادر».٣. دەستەی خوازبێنیکەر.
**ئێلچی باشی**: سەرئێلچی، سەربالوێز.
**ئێلچی گەری**: قاسـدی، قاسـیدی: (میـوانینە! میـر ئەمنـی نـاردۆتە کـن ئەنگـۆ بە ئێلچـی گەرییە) «توحفە».
**ئێلخــان**: ١. سـەرۆکعێل، سـەرەکخێڵ، خـانێ ئێلێ، رەئیسێ کۆچەراتێ ٢. ناوێکی ڕێـزهێنە بـۆ ژن، واتە خانمی ئێلێ.٣. سەر بە تایفەی ئێلخـانی مەغوول.

**ئێڵخانی**: دیەکەیێگە لە چەمچاڵ×/ چەمچەماڵ.
**ئێلخۆ**: ؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟×
**ئێلخی**: ١. ڕەوە ئەسپ،٢. جێی ڕاگرتنی ئەسپ، ٣.بێ‌سەر و بەر لە کرداردا.
**ئێلـــدە**: دەگەڵ بێلـــدە ئەگـــوترێ، پـــازدە ڕۆژی هەرەسەرمای زستان.
**ئێلغار**: ١. غارەئەسپ و تاڵان و بڕۆی دوژمن،٢. شەڕ، داوا، جەنگ.
**ئێلم**: ١. چیـایەکی سـەرقیت و بڵنـدە، کەوتـۆتە خـوارەوەی ڕۆژاوای جزیـر و بۆتـانیوە، کـوردان سوێندی پێ دەخۆن،٢. هیلم، چەسپی دارتاشی.
**ئێلنج**: ١. هێڵنج، ئێق، ئێلنجی، دەنگی ڕشانەوە ٢. حاڵەتی ڕشانەوە،٣. ئەستیێن ملی، کەلکەلک.
**ئێلنجی**: هێڵنج، ئێلنج.
**ئێلدە**: یەلدا، شەڤا تاریک، ئاخر شەوی پایز.
**ئێلو**: گوندێکە لە بەشی دێکۆی تیلەکۆ.
**ئێلـــۆن**: ئەیلـــول، نـــاوی مـــانگێکی ســـاڵە دوای تەباخ.
**ئێلـــوو**: ١. بـــاز، بـــازی ڕاوی ٢. داریـــکە بەقەد سپیدار دەبێ، گەڵای وەک مازوو دەچێ.
**ئێلووک**: ئێلوو.
**ئێلەپەتێ**: هێلەپەتێ، کنجروون.
**ئێلەقە**: ئاموور، ئارەق، ئاقیلە، ئێـرەقە، باسـکێش، مرازی جۆتێ.
**ئێلەک**: ١. سیخمە، سـوخمە، سـەرمەمک: (ژنـێ ئێلـێ ئێلەکـان بەر دکـن) ٢. ئـێلەگ، هـێڵەگ، مۆخڵ، بێژنگ، نەرمەبێژ، هێڵەگەی ئاردبێژان.
**ئێڵەک**: ئێلەک.
**ئێلەگ**: ١. هێڵەگ(ئارد)،٢. ئێلەک، سیخمە.
**ئێڵەگ**: ئێلەگ.
**ئێلیـــان**: ١. هـــێلانە، هێلـــون، لانەی مەل،٢. نـــاوی کچانە.
**ئێلی‌مرادی**: هـــۆزێکی گەورای کـــوردن: (وێـــڵ و ئاوارەی ئێلی مرادیم/ هەر ڕوو لە ڕۆڕۆی ڕووی نامرادیم) «پیرەمێرد».
**ئێلین**: ناوی کچانە.
**ئێم**: ١. ئالـک، ئالیـک، ئـاڵف، لەوەڕی ئـاژەڵ ٢. سەواڵ، ئاژەڵی ماڵی،٣. میوە، مێوە، میوەجات.
**ئێما**: ئیمـا، هێمـا: (چـاوەکەت وەختـێ بە ئیمـا مەیلـی جـامی مەی دەکـا/ هەرچـی مەی دەیکـا لەگەڵ ئەو، ئەو لەگەڵ ئیمەی دەکا) «سالم».
**ئێمابەئێمـــا**: هێمـا ل پەی هێمـا: (دڵ هەمیشـە ناسرەوێ هەرگیز لە پێکانی مـوژەی/ دەم بە دەم، ئیما بە ئیما دێ وەکوو تیری قەزا) «سالم».
**ئێمات**: ئیوەت، پەروەردە.
**ئێمات‌کردن**: ڕاهێنان، ئێوەت‌کردن.
**ئێمات‌کەر**: مختەودەر، ڕاهێنەر.
**ئێمام**: ئیمام، پێش‌نوێژ.
**ئێمامزادەپیرتاج**: شوێنێکی تاریخیە لای بیجاڕ.
**ئێمامزادەعقیل**: شوێنێکی مێژوویە لای بیجاڕ.
**ئێمامعەباس**: دیەکەیێگە لە سەرپیەڵ.
**ئێمان**: دیەکەیێگە لە جوانڕوو.
**ئێم‌دان**: ئالیک‌دان، بۆ ئاژەڵ تێکردن.
**ئێمش**: میوە، مێوە، فێقی، فیقی.
**ئێمکان**: ئیمکان، شـیاوی کـردن: (نهـا ک تە ڕا ئیمکانێ گۆتنێ هیشت/ بێژی ئەی برا ب لوتـف و بێ‌غەم) «گول‌شوون».
**ئێمڵ**: هەرچوپەرچو: (هەم ئێملێ وەت).
**ئێمڵە**: ئاووس، باردار، دووگیان.
**ئێمن**: تەنـا، بێ‌تـرس، پشت‌ڕاسـت: (ڕەش‌گـوە گۆت: من ژ گرا وی ئێمین نینم) «گول‌شوون».
**ئێمنـــاتی**: هێمنـــی، هێواشـــی: (ل وێ نـــاڤێ‌دا کەلەشـــێر/ ب ئێمنـــاتی و بەر بهێـــر) «پەرویـــز جیهانی».
**ئێمن‌بوون**: بێ‌ترس بـوون، هـێمن بـوون: (بـێ شێخ و بێ ئۆستایەکی/ ب تنێ کەتـی چیـایەکی/

بابێ د ڤێ بەلایەکێ/ ئێمن مەبە ژ تەعلقەتێ) «فەقێ تەیران».

**ئێمنی**: هێمنایەتی، ئارامش: (د ڤێ تاقێ، د ڤێ خانێ، مە عەیش و ئێمنی کانێ؟) «جزیری».

**ئێمۆ**: گۆرانییەکی پەستەیی کوردییە.

**ئێمە**: ١. مە، ئەمە، ئەم، من و خەڵکانی‌تر: (ئەوساڵ بەهارە بۆ ئێمە زستان/ بمرێ دوژمنی کورد و کوردستان) «هێمن».٢. من، ئەز: (ئێمە و تۆ هەمراز، شەوێ تا بە ڕۆ) «بێسارانی».

**ئێمەگەل**: ئێمە، ئێمەومانان.

**ئێمەمانا**: ئێمەمانان.

**ئێمەمانان**: ئێمەگەل، ئێمەومانان، ئێمە و کەسانی‌تر: (ئاخر خوسرەوان ئێمەمانان ناخوێننەوە) «پاشەرۆک».

**ئێمەن**: یەمەن، وڵاتێکە: (ئەورۆ ئەوە ئەستێرێک هەڵدێ لە ئێمەنێ) «گەنجی سەربەمۆر».

**ئێمەنی**: چوستەک، جۆرێ کەوشی سووری بێ پاژنە: (ئێمەنییە سوورە بەکلک و جووت باقیەدارەکەی باوکی لە کەرکووک بۆی هێنابوو لەپێ کرد) «خاک و چەوسانەوە».

**ئێمەومانان**: ئێمەمانان: (ئیتر براگیان ئەم کوردستانە/ زیندانی دەستەی ئێمەومانانە) «قانع».

**ئێمەیچ**: ١. ئێمەیش، ئەم ژێ: (ئێمەیچ با ساتێ بەزمێمان جەم بۆ/ لادێ هەر خاسەن ئەر سەد کە کەم بۆ) «مەولەوی».٢. ئێمەشی: (هەر کاتێت زانا چەرخێ وەردەوە/ چون یاران دانەی ئێمەیچ هەڕدەوە) «مەولەوی».

**ئێمەیچ‌فۆتنو**: ئێمەش لەبەین ئەبا.

**ئێمی**: ئامو، ئامینە، ناوی ژنانە.

**ئێمێ**: دانەیەک، نەخێ سیگار×: (ئێمێ جگارەکێ بەر ڕاوەستییا و کوورا ئاگر دنهێری) «مەستوورە».

**ئێمیدی**: جۆرە هارووییەکە.

**ئێمیری**: جۆرێ خەیارە.

**ئێمیش**: میوەجات، شەڤچەرە: (ب تەمبا خانمێ من هنەک ئێمیش ژی هلدایە) «مەستوورە».

**ئێمینکێ**: گوندێکە لای دهۆک.

**ئێن**: ١. هەینی، جومعە، ئین، ئەینی ٢. پاشگرێکە بە دوای گاڵتە و قوماردا دێ: (نەردین، مێشین) ٣. خەبەردانی هاتنی کۆیە: (ئەمرۆ ئێن بۆ ماڵی ئێمە)،٤. هینی، هی: (پێچیێن هەر دو دەستێن خوە، ئێن تلیالێس) «مەستوورە».٥. گەل، دگەل: (گەلەک خانێن ئازەریان ب هێزێن خوە، ئێن چەکدار ڤا دهاتن و دگهیشتنە ئارتێشا شاه) «مەستوورە».

**ئێنا**: ئەمەها، ئەمەسا.

**ئێنج**: دوازدە ئێکی حوقەیە ( ٢.٥٤).

**ئێندا**: ون، بزر: (ئەو مستەک خو ڕازی و خو ئێندا کری) «گولشوون».

**ئێندابوون**: ونبوون، گومبوون: (ڕاستی گەرەک ژ دەرگاها خودا خۆست/ کەس نەدیدم کو ئێندا بوو ژ ڕێیا ڕاست) «گولشوون».

**ئێنس**: مرۆ، مرۆڤ: (حاسل د جەمیعێ ئێنس و جانان) «خانی».

**ئێندزە**: گوندێکە لای چۆمان.

**ئێندە**: ئەوەندە، هێندە: (چراغم تۆمەن، چراغم تۆمەن/ ئێندە من تاسەی دیداری تۆمەن) «سەیدی هەورامی».

**ئێنکار**: ئینکار، حاشا.

**ئێنکەبەری**: ڕکەبەری، ڕقەبەری، هەڤڕکی، جرەکێشان.

**ئێننە**: ئەمەندە، ئەوونە، زۆر.

**ئێنە**: ١. پاشگرێکە پەسن دەکاتە ناو: (زەردێنە، ماشێنە، نیسکێنە) ٢. ئەوێ: (کڵاوەکەیشم بکەفێتە ئێنە، ناچم بۆی!) «پەند».

**ئێنێ**: دینێ، دەهێنێ: (تا ژنی ئێنێ ئەو

گەلەبێرێ) «م.ح. دزڵی».
**ئێو**: جە، جۆ، یەو، دەغڵی ئامۆزای گەنم.
**ئێوار**: ئێوارە، ئێڤار، عەسر، چراکەران: (چراغم بێ تۆ .../ ئێوار تا سەحەر، بێ خاو بیم بێ تۆ) «بێسارانی»، (خەلک ل ئێوار بەرڤە مالن، شڤان پاشە مالن) «پەند».
**ئێواران**: ئێوارییان، کاتی ئێوارێ: (ئێواران لاجان خۆشە/ سبحیینێ بەری مێرگان) «فۆلکلۆر».
**ئێواراو**: وەعدەی ئاودانی مەڕ لە ئێوارێدا.
**ئێوارووڵ**: بارانی ئێوارە.
**ئێوارە**: ئێوارێ، هێوارە، هێڤار، ئێڤار، هەنگۆرە، خۆراوا، چراکەران، شۆم، شیم و ویرەگا: (ڕووتی دی، لەو ڕۆژەوە، گەر ڕۆژە سەرگەردانە ڕۆژ/ گەییە ئێوارە، وەکوو من، ئیشی قورپێوانە ڕۆژ) «مەحوی».
**ئێوارەباران**: ئێوارەووڵ، ئێڤاربارانە.
**ئێوارەباش**: ئێڤارباش، باشەڤار، هێڤاراخۆش.
**ئێوارەداهاتن**: ئێوارەهاتن، بوونەڕۆژاوا: (کیژ و کوڕ لە کوێستانێ/ گەینە خۆشی و مرادێ/ ڕۆژێ دەچی بۆ شاخی/ هەتا ئێوارە دادێ) «فۆلکلۆر».
**ئێوارەکی**: ئێڤارکی، ئێوارییەکی.
**ئێوارەووڵ**: ئێوارەباران.
**ئێوارەوەخت**: ئێوارە، درەنگان: (سرنجم ڕاهاتووی زیوی زەڕکەفتە/ بە زەردەی سەر بەفری ئێوارەوەختە) «گۆران».
**ئێوارێ**: ئێوارە، ئێڤار: (عەشقی ئێوارەی سەرەڕێی کانی/ بەر ئەداتە چەم کڵپەی گۆرانی) «گۆران».
**ئێواریان**: ئێواران: (وەرە مەردی خودای بە/ ئەگەر ئێواران دییەوە/ بە قەد و قامەتی زەریف، ئاوڕێکی بەخێرم ویدە) «گوڵێ».
**ئێواش**: هێواش، سەبر، لەسەرخۆ، بەئەسپایی.
**ئێوان**: هەیوان، هێوان.

**ئێوور**: ئار ب ئار، مەنزل ب مەنزل: ١٨١ تەیران××
**ئێورگە**: ١. ئەلەگا، بۆسە، بێسوو، بیسۆ، پارێز، پەسیو، پەنا، پەناگە، پەناگا، چەپەر، چەرەمکوڵ، حەشارگە، خەڵ، داڵدە، داوک، ڕەبەت، سپێر، سەنگەر، کاژە، کاڵیت، کۆزک، کوڵ، کوڵە، کوڵگە، کەلێن، گومە، گەیگە،ماڵیتە، مەتەریز، مەردە و زیندە، مەکۆر، هۆللک،٢.ئاورگ، ئاورگە.
**ئێورگەه** : ئێورگە.
**ئێورین**: مانەوە، حەوانەوە، نیشتەجێ بوون، مەنزڵ گرتن: (ئەو ساحرێ ڕەنگ سامری/ خەملی ب لبسێ زاهیری/ نێزیکی بەرسیس ئێوری/ ب حوجەتا عیبادەتێ) «فەقێ تەیران».
**ئێوور**: قەڵوەزە، تاقگە، شۆڕاوە، پرژ.
**ئێوورگە**: پەسیو، پەناگە، داڵدە.
**ئێوورین**: دامەزراندن، کۆبوونەوە، (بئێورە: دامەزرێ).
**ئێوە**: ١. ئەنگۆ، ئەوە، هوون، هن، هێوە، هنگ، هوونگ، ڤە: (خەیاڵی ئێوە بە لێشاوی توند و تیژی سروشک/ نەچۆتەوە لە عەقیقی دڵی وەفاداران) «مەحوی» ٢. پیاوی بێژن، ژنی بێمێرد.
**ئێوەت**: ١. بەخێو، بەخوێ، خوێداری، ئوودە، هێوەت، هێمات، تالیم، سەرپەرشتی،٢. ڕێز، قەدر.
**ئێوەتکار**: ١. ڕاهێن، ڕاهێنەر، تالیمدەر، سەیدا، مامۆستای قوتابخانە،٢.بەخێوکەر، سەرپەرست.
**ئێوەت کردن**: بەخێوکردن، خوێداریکرن.
**ئێوەتکەر**: ئێماتکەر، ئێوەتکار.
**ئێوەتەن**: دیەکەیگە لە لوڕستان.
**ئێوەتەنچڕ**: یەکێ لە بەزمەیل موور لەکی.
**ئێوەر**: ١. شت، تشت، تەشت، چت، باس، هۆ، بەهانە، دەساوێژ،٢. هێوەر، برای شوو،٣. قەباڵە، قەواڵە، بەڵگە، سەنەد.

**ئێوەرە**: پاڵاخی سێ ساڵانە، هێوەرەی گامێشێ.
**ئێوەژن**: بێوەژن، ژنەبی، ژنی بێشو.
**ئێوەگەل**: کۆی ئێوە، ئێوەمانان.
**ئێوەگی**: پڕبێژی، تامساری، ڕەشەفرۆتن، گەڤتراشین.
**ئێوەوخوا**: سوێندتان ئەدەم تۆخودا: (پێم بڵێن ئێوەو خوا، ئەی قەومی کوردی شووم‌چار) «مینەجاف».
**ئێوەوخوداتان**: ئێوەوخوا: (لە بەحری سوێری فرمێسکی، ئیمامی بانگ دەکا: یاران!/ وەرن بۆ یارمەتی، ئێوە و خوداتان، تا نەخنکاوم) «ئاوات».
**ئێه**: ئامرازێکە بۆ زویری و قەشمەری.
**ئێهێ**: ١. ئەوەتا، ئەوەتانێ، ئەها، ئاها، بۆ کاتی سەرسوڕمانە ٢. بەڵێ، بەڵێبەڵێ، ئم، ئەرێ ٣. هۆ، هۆو، بۆ گازی: (ئێهێ فلان وەرە).
**ئێهێوئێهم**: قەرار و بڕیەی ئاوەکی و نەسەلماو.
**ئێی**: کێ ما و کێ مرد، تا ئەو دەم، وشەی سەبرە.
**ئێیش**: ئێوارە، ئەوولا شەڤێ.

# ب

**ب**: B پیتی دووی ئەلفوبێی کوردییە.

**ب**: Bi ١. دگەل، لەگەڵ، ب هەڤرە: (ئەز ب دل و جان ب تە رامە) ٢. پێشپرتا کریارە: (بکە، بخۆ) ٣. پێشپرتێ پەسناڤان: (ب هیڤی، ب باوەری) ٤. پێشپرتا سۆندە: (ب خودا)،٥. بلا، بێلا، قەی ناکا: (دەچی؟ بچۆ)،٦. ئەگەر، ئەر: (بباریبا خۆش بوو)،٧. ئامرازە: (بلوێر، بلوور)،٨. کارکەر: (بگێڕ)،٩. بە: (بویک ب دلێ گورگی زاڤایە).

**با**: ١. بەلی، بەڵێ، ئەرێ، ئم، بۆ وەڵام: (با ڕاستە) ٢. بزوتنەوەی هەوا، با: (دەم هەمدەمی غونچێکە نەپشکووتووە هێشتا/ با کەشفی نەکرد بەرگی عەتر پۆشی گوڵی ڕووت) «نالی»، (ژ بەر بایێ چوو بەر بارۆڤێ) «پەند» ٣. هەوا، گازێ کە دەوری گۆی زەوی لەخۆ گرتووە ٤. بلا، لێگەڕێ، بهێڵە، دەبا، دەجا، دا، دە: (با سبەینێ بێتە لام ئیشەکەی بۆ جێبەجێ دەکەم) ٥. گریمان کرد: (با بچوبای خۆ نەدەمردی) ٦. فاڵ، وا، ئارەزووی هێندێ جانەوەری مێ بۆ نێر: (دێڵە بەبا) ٧. تڕ، تس، بای قوون: (شەتێ ئاوی کە زاهید بۆ وضوویەک کردووە ضایع/ فەقیرە، هەر بە بایەک ئەو هەموو ڕەنجەی چووە ضایع) «مەحوی»،٨. پێچ، خول: (ئەو بەنە با دراوە)،٩. ماس، هەوا، ئەستوری جەستە: (دەستم بای کروە) ١٠. بانگ، هەرا، گاز، قاو: (حەسۆ با کرە ژنا خۆ) (باکرن: بانگکردن) ١١. بار: (با ناچێ بەر کەرێ، کەر دچە بەر باری) «پەند»، ١٢. بریتی لە شتی بێنرخ و سڤک: (ئەی واعیزی بارید چییە هەر وەک هەرەسی کێو/ بەو وەعزە کە بایە هەموو، هاتووی بە سەرما؟!) «نالی»،١٣. لەگەڵ، گەل، لەتەک، پێڕا،

جەم: (با وجوودی لێوی شەککەرباری تۆ/ بێوجوودە نەشئەبەخشینی شەراب) «مەحوی»،١٤. بدا، بدات: (بە کەم با، ڕەشەبا لە لەشی سارد و سڕ/ نەک بەردی سەرەڕێ بێتە گۆ، بێ بە گڕ!) «گۆران»،١٥. ببا، ببات: (من فیدای ئەو زاتە بم، ئەو شەوە بوو بەم شەوە/ تا قیامەت هەر حەسەد با، بەو شکۆە و شانە ڕۆژ) «مەحوی». ١٦. ڕۆماتیزم، نەخۆشی ئەستووربوونی ئەژنۆ و پشت و شان و قۆڵ. ١٧. بال، نک، کن، لا، لای: (ئەز هاتمە ڤێ دەمێ ژ با وان/ ئەمما گونەها م تێ ب لاوان) «خانی»،١٨. ڕیشە، ڕەگ: (ل با لڤان ئانی: ئێمە ڕیشەمان دەرێنا)،١٩. سوود، قازانج: (بای تۆیە: قازانجی تۆیە)،٢٠. یەکێک لە چوار هۆیەکانی ژیانێ وەکوو: (ئاو، ئاوور، خاک، با)،٢١. پێچ و بای زگ: (زگم بای کردووە)،٢٢. ئاوازێکی مۆسیقایە،٢٣. باب، باوک: (باوباپیر)،٢٤. ببن، ببنە: (ئاخرش یاوۆ وەلیمەی نیکاح/ تا با بە هەمسەر، حەڵاڵ و مەباح) «م.ح. دزڵی»،٢٥. ڕەشەبا، زریانی سارد و تەزووهێنەر: (ئەر بە با بێ، ئاربەبا ویران ئەبێ!/ با نەبێ، بانە وەکوو ڕزوان ئەبێ!) «ناری»،٢٦. باڵ، نک، جەم: (تاجدین ژ تەکەللوما وی زانی/ زین هاتییە با مەمێ نیهانی) «خانی»،٢٧. بۆ خێرایی و گورجی شتی پێ شوبهێندراوە: (مە دڤێ پەرییا دل بەری، لێ هەی ل ئوسلوبا بەری/ لێ کفش ببیتە پەنجەری، بێ و بچت تەشبیهێ با) «جزیری»، ٢٨. چێشت، ئاش: (شۆربا، ماستبا)،٢٩. سواوی وشەی بان: (باگردێن: بانگردێن)،٣٠. وەرە، بێ: (ئامان سەد ئامان نەسیم سا وەختەن/ با وە ئێمدادم، دەردەکەم سەختەن) «مینەجاف».

**بادام**: بادام، بایام، باوی، چوالە.

**باء**: ١. باڵەی مەڕانە،٢. با، باد: (بائێ فراقێ ئاگرە/ پانسەد مورید و زاکرە/ ژ عشقا کێلۆیا کافرە/ وەربوون د بەحرا حیرەتێ) «فەقێ تەیران»،٣. با، بای، هەوەسا جنسی.

**بائازەرگر**: ١. ناڤێ خوەدێ،٢. دروسکەرێ ئاگری ژ بای.

**بائاش**: بائاشۆک، بادبزەن.

**بائاشان**: بائاشۆک.

**بائاشۆک**: بائاشان، باوەشێن.

**بائاشۆنەک**: بائاش، پەنکە.

**بائاشەک**: بائاشان، بابزەن.

**بائاور**: باهێناوە، بادئاوەر، شتێ کە بە هاسانی دەس کەوتبێ.

**بائاوێژ**: ١. باهێنەر، باهێن،٢. سرت، شەواق، شەبەق، ڕووناهییا ئاسۆ.

**بائر**: بایر، کۆدە، بوورە، بور، بۆرە، بەیار، وشکە، بەیر، بەون، بەوروو، زەوی نەکێڵراو، عەردێ وێرانە.

**بائەدەب**: ١. موحتەرەم، ئەدەبزان،٢. بە ڕێزەوە، بە حورمەتەوە: (بگومان ڕێ ئێختیلاف کر/ با ئەدەب هات و تەواف کر) «فەقێ تەیران».

**بائەمە**: ئەگەرچی، لەگەڵ ئەمەش.

**بائەنگێو**: کونەبا، قەڵەشێ کە بای لێوە بێ.

**باب**: ١. باو، باوک، باوچ، باڤۆ، باڤ، تاتە، پیەر، پیاوێ ژن بێنێ و منالی ببێ: (حاجی ڕۆستەم بەگ بیستیەوە کە لە عێراق بابی کوژراوە) «شەرەف»،٢. پێوەندی نێوان منداڵ و پیاوێک کە لێی بووە: (من بابی ئەو کوڕەم)،٣. بریتی لە نێرینەی خاوەن بێچووی هەندێک گیاندار: (لە ئێستریان پرسی، بابت کێیە؟ کوتی: خاڵم ئەسپە) «پەند»،٤. شیاو، شایستە، ڕەوا: (ئەمە بابی تۆ نییە) ٥. باو، داب، مۆد ٦.

پشک، بەشێک لە کتێب ٧. سەرۆک خێڵ، مەزنی هۆز ٨. دریا، درگا: (بەس گریە بکە بۆ پودەر و بابی حیجاب/ بێبابیی تۆ مورسیە بۆ وەسڵ و مولاقات) «نالی» ٩. بابەت، باوەت: (ژ دلەک سافی تو میحراب ببین/ سەجدەیەک لازمە دەر بابی دوعا) «جزیری» ١٠. باس، ئەوەی لێی ئەدوێن: (قانع بەسیە لەم بابە ئیتر فاشی فەساحەت/ قەد قامەتی مزگەوتی هەتا ڕۆژی قیامەت) «قانع»،١١. شارێکی کوردانە لە باکووری شاری حەڵەبێیە،١٢. باب‌کال، باب و باپیر: (ئەگەر کوردێک قسەی بابی نەزانێ/ موحەقەق داکی حیزە، بابی زانی) «حاجی قادر»،١٣. بریتی لە پێک‌هێنەر، بەرهەم‌هێن: (بابی پۆڵایە دایکی سەنگی خار/ عەولادیان دەبێ وەک دەنکی هەنار/ فەقیر و هەژار پێدەکەن ڕەفتار) «مەتەڵ».

**بابا**: ١. بەڵێ، ئەرێ، بەڵێ‌بەڵێ ٢. باوک، باوکە، باڤۆ: (پەروەردەکرنا زارۆیێن کورد ژ لایێ دای و باباڤە هەر ب ئەگەرا ڤی پەندێ ڤە شیاینە) «گولواز»٣. باپیر، باوکۆ، باووە، باوەگەورە ٤. کەسی بێ ناو: (زۆری نەماوە تۆش دەبی بە موستەعید، کوولەکەهەڵگر دەبێتە بابایەکی‌تر) «ڕاوچی»٥. سەرۆک‌خێڵ، مەزنی ئێلێ،٦. نازناوی پیاوی ئایینی و مەزن: (بابا تاهیر)،٧. باباشێخ، پیاوێکی دیدار بووە گۆڕی لە بێسارانە: (جە بارگەی بابا، هیمەت کەم نیەن) «بێسارانی»،٨. کەسێکی فەقیرۆکە و بەسزمان و کەم‌دەسەڵات: (بابایەکی وەک من کێ کاری دەداتێ)،٩. دێیەکە لە دێکۆی کۆماسی بەشی ناوچەی مەریوان،١٠. ناوی پیاوانە✕: (کراسی زەردی لەبەردایە/ جیرانی میرزا بابایە) «ماملێ».

**بابائەردەڵان**: بابە ئەردەڵان، گەورەی هۆزی ئەردەڵانەکان لە دەڤەری سنە: (باسی بابا ئەردەڵانت بۆ بکەم! چۆن پیاوێ بوو؟) «قانع».

**باباپیارە**: زرباب، زرباوک، باوەپیارە.

**باباحەیدەری**: یەکێگە لە تایفەیل ئاڵ حەقە ک ئووبایان ڕەسیدە سەی حەیدەر کوڕ سەی مەنوور ناسیار وە «سەی براکە» و چەرخەنشین ئی تایفە «سەی نەسردین و سەی حسام دین بابا حەیدەری»یە.

**باباحەیران**: دیەکەیگە لە ڕەوانسەر.

**باباخان**: گوندێکە لای بیجاڕ.

**باباخەڵیفە**: چاکێکە لە گۆڕستانی کۆنەی مەهاباد.

**بابادەم**: باب‌ئادەم، باوکەهەوا: (هێشتا لە بەهەشتا دەگەڕا بابادەم/ لەو ڕۆژەوە من هۆگر و مەستی بادەم/ ...) «خەیام هەژار».

**باباڕەخ‌ئەلهەمەزانی**: مەلا ئەنوەری مائی دەڵێ، هەستیارێکی کورد بووە.

**بابارەشانی**: شارۆچکەیەکە لای بیجاڕ.

**باباشێخ**: ١. شێخێکی دیندار بووە گۆڕی لە بێسارانە: (لەیلێ سادارییش جە زولف ویشەن/ گونای باباشێخ بێساران چێشەن؟) «بێسارانی»، ٢. بە سەیدی جێی ڕێز دەڵێن،٣. دیەکەیگە لە سۆنقور،٤. ناوە بۆ پیاوان.

**باباشیداڵە**: گوندێکە لە دێکۆی چواردۆڵی خۆرهەڵاتی ناوچەی قوروە.

**باباعەزیز**: دیەکەیگە لە ڕەوانسەر.

**باباغا**: بابا، باوا، بابەگەورە.

**باباقۆری**: ناوی جۆرێ بەردی قیمەتی کە بۆ گوستیل بەکاری دینن.

**باباگوڕگر**: باباگوڕگوڕ: (شیرینێ خۆش کە ئاگری/ گەش کە وەک باباگوڕگڕی) «سندی».

**باباگوڕگوڕ**: ١. گوندێکە لە نزیک کەرکووک، ٢. چیایەکە لە کوردستان سەر بە ئاگرینە: (ئەمن نە بوت بە باباگوڕگوڕی مەرگێ

هەڵبلێم؟/ ئەگەر ساڵدەری دوازدەی مانگێ/ بەبێ ئاوردوو و دەستەچیلە مەنجەڵێ دەکوڵێ) «گەنجی سەربەمۆر».

**بابامەردوخ**: مەزنێکی وڵاتی سنە بووە×: (بابا مەردوخ هەزار ئافەرین/ ڕەحمەت جە ڕوحش هەتا یومدین) «م.ح. دزڵی». ٢١٩ دزڵی ××

**بابان**: ١. باوان، ماڵە باب، ماڵە باوک: (باغ بەبێ پەرژین زینەتی نییە/ کچ بەبێ بابان قیمەتی نییە) «پەند».٢. هۆزێکە لە شارەزوور و ئەردەڵان، بنەماڵەیەکی پاتشایی کورد بوون، لە بنچینەدا موکریانین.٣. بەبە، ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بابانەکان، مەڵبەندی سلێمانی: (لە بابانا گرفتارن، پەریشانخاتر و بێکەس) «سالم»، (لە دەوری دڵمی کە دی ئەم هەموو غەم و تەعەبە/ دەروونی کەیلە لە زووخاو و دەرد و تا بە لەبە/ وتی: ببێ دڵە! وەک تۆ خەراب و شیفتە حاڵ؟/ بەڵێ هەیە لە من ئاشفتەتر: وڵاتی بەبە) «مەحوی».٤. عەشیرەت و بەرەی فەقێ ئەحمەدی دارشمانە.٥. ناوی نێرینانە.

**باباناٸوسی**: باباناعووسی، یەکێ لە بەزمەیل حەقانی یارسان ک لە ناو باباناعووس گریایە و د بەزم تن و سەنگین دێرێ و سەربەنێ لێواسە: (ناٸووسنانی مێنانی چەسەر/ تێخ دۆ دەمم بەسا نە کەمەر/ نە سینەم مەکنیوو خۆڵاسەێ گەوهەر/ زات ئاسوارنان نامشەن حەیدەر).

**بابانئاوا**: باوانئاوا، ئافرەتێک کە خاوەن کەسوکار بێ.

**بابانخرا**: بابانوێران، بابانخراب.

**بابانخراپ**: بابانوێران.

**بابانخشتوور**: بابانخرا، باوانوێران.

**بابانزار**: بابانوێران: (بەبێ تۆ کەلهوڕ و سۆران و موکری، موڵکن بابانزار) «شەوقی».

**بابانشێواو**: بابانخرا.

**بابانۆئێل**: لە باوەڕی منداڵانی مەسیحیاندا پیرێکی مەزن و ردێنسپییە، جلسوور، لە شەوی جێژن دیاری بۆ زارۆکان دەبات.

**بابانوێران**: ١. بابانکۆر، باوانکاول، ژنێ کە بێکەس بێ: (هەموو بە ڕۆندک و فرمێسکی گەش و ئاڵی بێوەژنی بابانوێران) «شەرەفنامە»، ٢. کیژ، کچی سیاچارە: (بە منی سەرشینی قەڵەندەری بابان وێرانت کوتبایە) «گەنجی سەربەمۆر».

**بابانە**: ١. باووکە، بابا، باوە، بابۆ، تاتە،٢. باوینی، بابینی، ئیباب، چتی باوک،٣. باوکانە، وەکوو باوک، چەشنی باب: (بابانە ڕووی تێکردم و نەسیحەتی کردم)،٤. چۆلەکەیەکی نێر، تەیری نێرە.

**بابانی**: ١. باوانی، جیازی بووک، دیاری وەوی بۆ ماڵی زاوا ٢. باوانی، هاتنەوەی یەکەمجاری کچی تازە مێردکردوو بۆ ماڵی بابی ٣. ناوی جۆرێ قوماشی نرخدارە بە ناوی هۆزی بابانەوە ناو نراوە ٤. بابا، باڤۆ.

**بابانیە**: بابانی، باوانی.

**بابایاری**: خواردەمەنیگە لە نژی.

**بابایعەیار**: وەک لە ئەفسانەدا ئەیگێڕنەوە کابرایەک بووە لە دەستە و دائیرەی ئەسکەندەری مەکدونیدا، ئارەزووی لە کێ بووبێ بچێتە شێوەیەوە، چووەتە شێوەیەوە: (کە دیتم شەکڵی سەد ڕەنگی، گوتم: بابایی عەییارە/ کە بیستم لەفزی بێدەنگی، گوتم: شەپیووری شاپوورە) «نالی».

**بابایەتی**: بابێتی، باڤێتی، باوکاییتی.

**بابایەک**: کابرایەکی نەشناس: (بەڵکوو کاوەی کورم وەک خێروەمەندێکی کورد و بابایەکی

بیرورد) «ڕاوچی».
**بابایێ**: مەزنی، گەورەیی: (هەلە بابایێ لە خۆمان جۆر کەین/ وردە پەیمان و بەڵێنان جۆر کەین) «ڕاوچی».
**باب‌ئادەم**: بابادەم، مرۆڤی ئەوەلی: (دەستی بابادەم و حەوا کە خرانە دەستی یەک) «عینایەتی».
**باب‌برا**: ١. برای باب، مام، مامۆ ٢. برای بابی، زڕبرا، باوکبرا، باڤبرا.
**بابت**: ١. باوکت، بابی تە،٢. ولایەتی لۆلۆ بووە کە ئێستا بازیانی پێ دەڵێن.
**باب‌چاک**: پیاوی چاک و بەدین و خواپەرستی ناو ئێزیدییەکان.
**بابچینەمێرگۆڵان**: ناوی گۆرانییەکە: (دە با بچینە مێرگۆڵان وەی وەی، مێرگینان، کیژگەل دەچنن وەنەوشان) «ماملێ».
**باب‌خالاو**: باب‌خالاوی: (ئەوی دیم وەبەر پێغەمبەری ئاخری زەمانێ/ وەبەر پیر ناسری، ئەوی دیم وەبەر گومبەزی جاشێرانێ/ بانگی دیم وەبەر چاکە چکۆلەی بابخالاوێ) «گەنجی سەربەمۆر».
**باب‌خالاوی**: گوندێکە لای شنۆ.
**باب‌دەرهێنان**: بریتی لە زۆر توند ئازاردان و تەمێ کردن: (کوتی: کوڕە حوکمی خاتوون پەری‌خانێیە، هەرچی نەیداتەوە بابی دەردێنین) «مان».
**بابدەست**: هەژار، نەدار، بەلەنگاز، مفلس.
**بابدەستی**: هەژاری، بەلەنگازی.
**بابر**: ١. دیوار، بەربەست ٢. جۆرێ جلکی دژی با و سەرما.
**بابڕ**: ١. بریتی لە سوێلی قەوی، سمێلی زل: (سمێڵ بابڕ بە کەیفی خۆت سمێلی خۆتی لێ بادە) «مەلامارف» ٢. بان و دیواری باش سواغ دراو ٣. نەفەس‌بڕ، هەوابڕ، درگا یا دیوارێک کە نەفەسی پیا نەیەت.
**بابڕبوون**: کونگیران، نەفەس‌نەدان.
**بابردن**: حاڵەتی شتێ کە با دەگەڵ خۆی هەڵی‌گرێ و بیبا: (کە وابێ گەر وەهاش بم تەختی بابردووم لەلا بایە/ کە با بیبا کەبابێ بێ، کەبابیشم لەخۆڕایە) «پیرەمێرد».
**بابردۆڵە**: بابردەڵە.
**بابردوو**: ١. بریتی لە شتی لەدەس‌چوو: (وەدوای کلاوی بابردوو مەکەوە!)،٢. پووش و قانگەلاشکی گیای ئیشک کە با لە جێی خۆی هەڵیان دەقەنێ و دەگەڵ خۆی دەیبات، ٣. هەر شتێ کە با دەگەڵ خۆی بردبێ: (سۆرانی سپی لفکە بابردوو/ لەچی دەگەڕێی لە برسان‌مردوو) «فۆلکلۆر».
**بابردە**: ١. بەلەنگاز، نەدار، هەژار،٣. کز، لاواز، لەڕ، بێ‌هێز، سیس: (دوور لە بالات لە ژیان زیزم/ سیس و بابردە گەلای پاییزم) «بۆکوردستان»،٤. هەر شتێ با بیبات: (تا باشی بلاو کا لێک، ئەندامی لەکارکەوتووم/ بابردەیی ئەو دەشت و سارا و بیابانەم) «ئاوات».
**بابردەڵە**: ١. هەر شتێکی سووک بێ و با بتوانێ بیبا،٢. مرۆی کز و کزەڵووکە: (منیش بابردەڵەی بەر گێژەڵوکەم/ دەمێک لەو قولکە، تاوێک لەو چلووکەم) «هێمن»،٣. نەدار، هەژار، ٤. گیایەکە پنجی گەورە و خڕ و تۆپ دەکا، لە ناو گەنم دەڕوێ، بۆ دۆکولیو بەکاری دێنن، پایزان با بیرەو بەوییدا دەدا: (بۆڤێک دەقرێنێ، بابردەڵەیەک خشپەی دێ) «ئەمیری».
**بابردێ**: لەڕ و مردەنی.
**بابڕکردن**: درز لێ‌گرتن.
**بابرج**: گولا بەهەشتۆک.
**بابردوو**: ١. بابری، بابردەڵە، چتی سووک،٢.

بریتی لە بەفیڕۆچووگ: (شەوێ بە یادی ژینی ڕابـوردوو/ بە یـادی گـوڵی عمـری بـابردوو) «برایم ئەحمەد».

**بابردە**: ١. بابردوو، بەفیڕۆچوو، ژ دەس چـوو ٢. شتێ با بیبات،٣. نەدار، ڕووت، بەلەنگاز.

**بابردەڵە**: ١. بابردە، بابردی، وابەردەڵە، پـووش و قنگەلاشـکی بەربـا: (منـیش بـابردەڵەی بەر گێژەڵووکەم/ دەمێک لەو قـووڵکە، تاوێـک لەو چڵووکەم) «هێمن»،٢. بریتی لە کەسی بێنـرخ: (دۆیە هەتوانی خەم و دەردی بەتین/ بـۆ منـی بابردەڵەی گردەنشین) «ڕاوچی».

**بابردی**: ١. جۆرێ پارچەی بەرگی ژنانە وەک شێلە ٢. میوەیەک با بردبێتـی وەک هەنجیـر ٣. بابردەڵە،٤. بابردی، بابری، چۆیی، نامای.

**بـــابڕکردن**: سـمێڵ بـادان و فیـز نوانـدن: (شاعەباس ویستی سمێڵ بابڕ کـا/ کێـو لە بـن بێنێ و گەلی کورد قڕ کا) «بۆکوردستان».

**بابڕۆمی**: دو بەرن دکەڤـنە سـەر هەر دو لای درگا.

**بابرەک**: بادەوان، بادەوەی گەمیەی با ئاژۆ.

**بابری**: ١. بابردوو، شـتێ سـۆک بـا بیبـات ٢. لەدەس‌چوو.

**بابزدین**: ناڤێ مێرانە.

**بابزەن**: باوێشک.

**باب‌زەن**: شیشی کەباب: (مەستانە هەڵسێت و بە کوێریی ڕوقەبـا بـێ/ ئەم بـابزەنە گەرم و تەڕی کا بە کەبابێ) «نالی».

**باب‌سێڤ**: گوندێکە لە هەریمی کوردستان.

**بابسێڤا**: گوندێکە لە باکووری بارزان.

**باب‌عـــالی**: لە چـاخی عوسـمانییەکاندا بە کۆشکی شاهانەی ئەوان کوتراوە.

**بابـــک**: ڕەچەڵەک، تیـرە، بەرەبـاب، قـنگەرە، مالبات.

**باب‌کـال**: بابوبـاپیر، بابوکـاڵ، باب‌کالـک، بابێ کەون،

**باب‌کالک**: باب‌کال،

**بـــاب‌کوژراو**: باب‌کوشـتی، کەسـێ بـابی کـوژرابێ: (بـاب‌کوژراو دەسـت هەڵـدەگرێ، پڵاوخۆر دەست هەڵناگرێ) «پەند».

**باب‌کوشتە**: باب‌کوژراو: (باب‌کوشتە خەوی لێـــدەکەوێ، داک‌مـــردە خەوی لێـــدەکەوێ، لەبرسامردە خەوی لێناکەوێ) «پەند».

**باب‌کوشـــتی**: ١. بـاوک‌کوژ، کـوژەری بـابی کەسێک ٢. باب‌کوژراو.

**بابکێ**: گوندێکە لای پیران.

**بابگوریا**: گوندێکە لای دەرکار.

**بابـــل**: ١. بـابول، ژ مەزنتـرین و ب نـاڤ و دەنگترین بـاژێرێن ڕۆژهەلاتـا کەڤـنە، کـاڤلێن وی دکەڤنە سەر فوراتی: (ئەژدەهـای زولفـت تەلیسـمێکە لە سـیحری بـابلی/ میهـری ئـاگر شوعلە دەگرێ، ماهی تابان بەردەدا) «وەفـایی»، ٢. زووباوەڕ، هەیەجان، هۆڤ.

**بابلابـــک**: جـۆرێ گیـایە بە دار و دیـوارا هەڵدەگەڕێ.

**بابلاوە**: شاخێکە لە نێـوان دێکـانی بـۆیەن و سورێتی بانە.

**بابلوو**: گوندێکە لای دهۆک.

**بابلووسک**: چەرخ، سەدە، سەردەم.

**بابلەکان**: سترانەکا کەڤن و فۆلکلـۆری کـۆنی کوردییە.

**بابلەکانێ**: جۆرێک دیلان و هەڵپەڕکێیە.

**بـــابلی**: گـرێ‌دراو بە شـاری بـابلی کـۆن: (ئەژدەهـای زولفـت تەلیسـمێکە لە سـیحری بابلی/ ئاوری جادوو لە میهر و ماهی تابان بەر دەدا) «وەفایی».

**بابڵی**: وە نازەو باوگ چڕین.

**بابلیچک**: ١. چوارەمین ئەنگوست لە قامکی گەورەوە، براتووتە، بابەلیچ،٢. تلیا گچکە، قامکە چکۆلە، ئەنگوستە تووتە، پەنجە توتە.

**بابلیسک**: گەردەلوول، گێژەڵووکە، بازڤرک، باهۆز، شایی جندۆکان، بابەلیسک، بابلیسۆک، باپێچە، باگێڕ، گردبا، گردباد: (گەر پەر ل بەر بابلیسکێ نەلڤت چ بکەم ئەز) «سندی».

**بابلیسۆک**: بابلیسک، گەردەلول.

**بابمان**: بابن، باوکمان.

**بابمردگ**: بابمردوو.

**بابمردوو**: ١. منداڵی بێباوک، بابمردگ، هەتیم، هەتیو،٢. بەدبەخت، چارەڕەش: (برایماغا لە قوڕ نیشێ سەراپا/ وەکوو بابمردووان بۆی کا خواروو) «سالم».

**بابن**: ١. بابوونە، گوڵە بەیبوونە ٢. بنچینەی پزیشکی،٣. بابمان، بابی مە.

**بابنۆکەر**: ١. گزیر، سەرۆکی نۆکەرانی خان: (دیارە خۆشخوانیش لە کوێخا، گزیر، سەرکار، بابنۆکەر ماقوولتر بوو) «توحفە»،٢. کەسێ لە چینی نۆکەران بێ،٣. خوڵامی شەڕکەر، چەکداری ئاغاوات: (لە بەر هەوهەوی دە سواران، بگربگری بابنۆکەران) «گەنجی سەربەمۆر».

**بابنۆگە**: بابنۆکەر، گەورەنۆکەر.

**بابنەپێچ**: بابن، بەیبوون، بابوونە.

**بابنەپێچو**: بابنەپێچ: (چنارەکەڵە و بابنەپێچو و حاجیلە) «چنگیانی».

**بابو**: ١. باوکتان، بابتان: (ناسر و ماڵماڵ هاتنە کن کچەکان، کوتیان: ئەوە بابو ناودا) «توحفە»،٢. باد بو، با بوو ئەو کارەی کرد: (هودهودێ وێ ڕەمز و ڕازێ، با بو چو گوفت ب سازێ) «جزیری».

**بابۆ**: ١. باب، باڤۆ بە ڕێزەوە: (بابۆی من خەمەن، خەمان دیەنان) «بێسارانی» ٢. هەستی تۆڵە ٣. باوکە، ئەی باب، هۆی بابە، بۆ گازیکرن ٤. گۆڵە سەگی تامەزرۆی دێڵی بە با،٥. با بێت،٦. ناڤێ مێرانە: (برایانی شێخ ئەحمەد، شێخ محەمەد سەدیق و شێخ بابۆ) «لەمەهاباد بۆئاراس».

**بابوباپیر**: ئەژداد، ئەژدا، جەد، باڤوکاڵ، کاڵ: (وڵاتی باب و باپیرم/ جێی هەڵدانی خۆم و بیرم) «هێمن».

**بابوبرا**: خزم و کەس: (بە باب و برای خۆی دەنازێ، وا ئاوری کردۆتەوە).

**بابوتان**: باوتانێ، گەمەیەکی زارۆکانە بە جۆلانێ.

**بابوتانێ**: بابوتان.

**بابوج**: پاپووچە، جۆرێ پێڵاوە.

**بابوجان**: گوندێکە لە خۆراوای کەرکووک.

**بابودا**: باوک و دایک: (قەت خەو نەبوو ژ ترسا خودا/ ما کەس ڤ بیر تێ باب و دا؟) «فەقێ تەیران».

**بابۆر**: ١. بابۆڵە، نانی بە ساغی پێچراوە ٢. دەلینگی هەڵپێچراوی ژنە ڕەوەندانە.

**بابۆرە**: بابۆڵە، بالوولە.

**بابوس**: کێوێکە لای گوندێلی ئەنجیلە، چیچۆران، دەمامە لە بانە.

**بابۆس**: ١. ناوی خێڵێکی کوردە کەوتۆتە ناو خەزرانانەوە،٢. چیای بابوس لە نزیک شاری بانە.

**بابوسکە**: سوتو، سوتکەسیگار، خۆڵی جگەرە.

**بابۆش**: بابێ وی، بابی ئەڤ.

**بابوک**: ناڤێ مێرانە.

**بابۆک**: ناوی کوڕانە.

**بابوکاڵ**: ئەژداد، ئەژدا، ئاباوئەژدا، بابوباپیر: (باب و کاڵت بە نەزانی مردن/ بیری

سەربەرزییە وای‌لێکردن) «بۆکوردستان».
**بابۆگەڕ**: باب گەڕیدە×: (بێچووە تریاکی تولەی بابۆگەڕن/ بێ‌فەڕ و قرتی وەڕ و پاشەڵ تەڕن) «ڕاوچی».
**بابۆگێڕان**: بۆن‌کردنی گۆڵەسەگ بە زەوی و شوێن پێ بۆ دیتنەوەی دێڵەسەگ یا نێچیر.
**بابول**: ناوی شارێکی کۆنە: (نەماوە شاری بابول، چاهی هارووت/ لە کوێ خوێندویە ئەفسوون، چاوی جادووت) «تاهیربەگ».
**بابۆلە**: ١. بابۆر، بابۆرە، بالوولە، قەپاڵە، مامەحوچێ، مچۆڵە، ملۆچە، نەوالە، تیکەی درێژ و پێچراوە: (نان و چێشت و چەشنەکەبابی تازەباب و سەدان بابۆڵەی مرۆشکێن) «ڕاوچی»،٢. بابوولە، قۆنداغ، قۆناخە، مەلۆتکە، پێچانەوەی ساوا ٣. گرۆڤەری ئەستوور: (ئەوە بابۆڵەی باسکیەتی).
**بابۆڵە**: بابۆلە.
**بابۆڵەبادان**: بریتی لە بەهێز بوون: (لە خەومدا پیر و لاکەوتە و کۆڵەکوتراو نەبووم، بازۆڵەم هەموو بابۆڵەیەکی با ئەدا) «شەوارە».
**بابولەپێچ**: بابۆڵەپێچ.
**بابۆڵەپێچ**: ١. قارنج، قارنجە، نەوار، بەنی بابۆڵەی ساوا، پەتی مەلۆتکە ٢. منداڵی لە بابۆڵە پێچراو ٣. دەسرازە، دەسترازە، پێچەنەی بێشکە.
**بابۆڵەپێچ‌کردن**: مەلۆتە کردنی ساوا.
**بابۆڵەکردن**: ١. ێخۆر لە نێو نان کردن و پێچانەوەی،٢. بریتی لە قەوە پێشکان و تێکەوەپێچانی کەسێ.
**بابۆڵەی‌باسک**: قەف و ئەستوورایی ماسوولکەی باسک، بازوو، بازۆڵە: (بابۆڵەی باسکی شێرکۆ بە قەرا ڕانی من دەبوو).
**بابولی**: جۆرێ سیحر بووە/ لە جۆری بابول×١٧٢×: (ئەژدیهای زولفت تەلیسمێکە لە سیحری بابولی) «ماملێ».
**بابوڵی**: بابۆڵە.
**بابۆنک**: بابوونە.
**بابۆنە**: بابوونە، گوڵەتووتک.
**بابوو**: باب، باوک، باوگ، باوگە.
**بابووباپیر**: ئابا و ئەژداد.
**بابووتان**: بابووتانێ.
**بابووتانێ**: جۆرە گەمەیێکی جۆلانەیە.
**بابووسک**: خۆڵەمێش، خولی، خاکستەر.
**بابووک**: کرێڤە، کرێفە، وەشت، بلێک، بادەڤ، باندەر، بەفری بە باوە.
**بابوولە**: مەلۆتکە، قۆناخە، قۆنداغە، بابۆڵەی ساوا.
**بابوون**: ١. جۆرێ مەیموونی لمۆز درێژە، کەڵپی تیژە، ڕەنگی خورماییە،٢. جوولان، لڤین، تەکان خواردن.
**بابوونە**: بابن، بابنەپێچ، باواینە، گوراڵەکەچەڵێ، حاجی‌بەیان، حاجیلە، گوڵەبەیبوونە، گوڵەچاوێشە، گوڵەچەرمگە، گوڵەچەرمەڵە، گوڵەتووتک، گوڵەفەقێ، گیاکلکەوانە، گوڵێکی خۆڕسکی زەرد یا چەرمگە و بۆ دەرمانی هەڵامەت و زگێشە دەشێ.
**بابووهێر**: باب‌هێر، باگێر، بابگێڕ، پەنا، پەناگە، پەسیو، ئەو عەردێ کو با زۆرک بیت و بەفر لێ ڕاوەستێت.
**بابووێر**: ١. بادرز، بادەلێن، کون یا قەڵەشی با لە خانوودا ٢. پەنا، پەنابا، بابهێر، جێگایەک با نەیگرێ و بەفر و باوە لێی کۆبێتەوە،٣. کونەبا: (بابوێر نییە، تەنانەت قەڵەشتی بەردەکانیشی ڕەگ‌ئاژۆ ...) «ئەمیری».
**باب‌وەزیر**: کوڕی وەزیر، کەسێ بابی وەزیری حکوومەت بێ: (یەک ڕۆڵەیی نووسەرێکی

میــره/ یەک خزمـــی نزیـــک و بـــاب‌وەزیره) «هەژار».
**بابوێر**: بابووێر.
**بابۆی‌وێش**: باوکی خـۆی: (وێـنەی خولاّمـان جەفا بورده پێش/ مکەردش خـدمەت هەرمـز بابۆی وێش) «خانای قوبادی».
**بابە**: ١. باپیر، باوە، بـاوەگەوره ٢. بـاب، بـاڤۆ، باوک: (بابەی موریـد و مەسـووبانم ڕۆ) «م.ح. دزڵـی»،٣. نازنـاوی پـێش نـاوی پیاوچاکـانە: (بابەقەتـار)،٤. وتەیەکە لە گفتوگـۆدا بەکـاری دێنن، واتایەکی ئەوتـۆی نییە: (بـابە ئەوە تـۆ دەڵێی چی؟)،٥. باوکە، چۆلەکەیەکی نێر.
**بابەئەردەلاّن**: بابا ئەردەلاّن.
**بابەبزرگ**: ١. باوەگەوره، باوە، باپیر ٢. پیـری مەرگەهێ شێخێ تیرەیێ ئێزیدیان.
**بابەپیارە**: باوەپیارە، زرباب.
**بابەت**: ١. باوەت، چەشن، تەور، تەرح، جۆر: (چەرچـی دە بـابەتی شـت هێنـاوە)،٢. ژنـی جـوان، پیـاوی جـووان،٣. لایەن: (لە بـابەت چییەوە؟: لە لایەن چییەوە؟) ٤. بـارە، دەربـارە: (لە بارە: لە بارەی)،٥. تـایبەت، شـایان، شـیاو، لایـق، بەکەڵـک: (وتـم: عیشـق ئـاگری گـرتە وجوودم/ وتی: هەر بابەتی سووتانە خاشـاک) «مەحـوی»،٦. لە بـات، لە جیـاتی، بەرانـبەر: (بابەت ئەم کتێـوە چەت پـێ‌بەم؟)،٧. بـاوەت، نوسراوە، نویشتە: (بەڵ شـۆڕۆ بەو ئـاو کەرەم فـراوان/ بـابەت وە بـابەت سیاهەی تـاوان) «مەولەوی»،٨. کەڵوپەلی دووکاندار بۆ فرۆش: (ئەم دووکانە بابەتی چاکی بۆ فرۆش نییە).
**بابەجابان**: بابەگاڤان، پیرێکی بناڤ و دەنگ و پیاوچاکی کوردستانی بووە.
**بابەجـــان**: باوەجـــان، پیرێکـــی نـــاوداری کوردستانی بووە: (دای بە سەریا هەرکە گرتـی نەبزی مەوج ئاسـای ئەو/ یەک نەزەر شـێوا بە جارێکی حەواسی بابەجان) «سالم».
**بابەجیجک**: گوندێکە لای شەقلاوە.
**بـــابەحۆلە**: بریتـی لە بـانی نەزان و حـۆل: (کوڕەکەی خۆم ئەو بچکۆلە/ بانگم دەکا بـابە حۆلە) «هێدی».
**بابەخولە**: باوەخولێ، باوەسـوڕێ، گەمەیەکـی منـاڵانەیە: (پەلەکـوتە و قـولاتی قانگەلاشـکی لەش جزاو بە هێز و بابەخولەی بای سـەروی وڵات) «شەوارە».
**بابەخولێ**: بابەخولە.
**بابەخوون**: باوەخۆن.
**بـــابەدەروێش**: بابـایەکی دەروێـش، کەسـێکی دەروێش مەسـلەک: (دبێـژن بـابە دەرویشـەک بخۆ دگەرها و گەهشتە بەری گاری، ل سەرێ زڤستانێ گەهشتە گوندەکی) «گولواز».
**بابەدەست**: بریتـی لە ڕووت و نەدار: (بەڵای مەرگـی بە گژڕاچـێ، بەهـارێ بـێ بەڵا ناکـا/ ئەگەر ئەو با بەدەستە، بۆ خەمی ئێمە بەبا ناکا) «ڕاوچی».
**بابەدەم**: بابـادەم، بـابەدەم، ئـادەم: (دڵتەنگـی هەبێ، دەبێ بە مەی ژەنگی بەریـن/ .../ ئەمـن و ئەتۆ دەگەڵ بابەدەمی هاوسەفەرین) «خەیـام هەژار».
**بـــابەخولێ**: بـاوەخولێ، بـاوە سـوڕێ، سـوڕ خواردن.
**بـــابەدەروێش**: کـــابرای پیـــری بە ڕواڵەت دەروێش: (هەر دووکـا کـارێن بـابە دەروێشـا کرنە بەرێ خۆ و دەرکەفتن) «گولواز».
**بـــابەراخ**: شـــاعیرێکی کـــوردە لە ئـــێلا داسنان(دەنا).
**بابەرشۆ**: بـا دەرچـێ، بـا دەربچـێ: (فیـدای شەسـتت بـام، هەی خەدەنـگ وە دەسـت/

خەدەنگێـۆ هەنیـت، بـا بەرشـۆ جە دەسـت) «بێسارانی».
**بابەڕۆ**: ١. بـاوکەڕۆ، کەلـیمەی ئـاخ ئەڕای بـاب،٢. بەبـێ مانـای سـەرەکی لە کـاتی سەرسـووڕمان دەکـوترێ: (بـابەڕۆ لەو کـارە سەیرە!).
**بابەژەندار**: باوەژندار، کەسێ زڕدایکی هەبێ.
**بابەژەندارە**: کەسێ زڕدایکی هەبێ بۆ مێ.
**بابەژەنی**: باوەژن، زڕدایک.
**بابەشێخ**: ١. شێخ: (مەمکـوژە بە نـاز، مەمبـرە بە تێخ/ بمکە بە خاتری، جوانێ‌گیان، تەکـیەی بابەشێخ) «حەسەن زیرەک»،٢. ناوە بۆ پیاوان.
**بابەعەمرە**: چڵەنۆک، شەمووڵە، گونەگیسـک، باواقۆرت، باوەقۆرەت، بـاوەعەمرە، نیوەبسـت، بە ڕواڵەت منداڵی تەمەن زۆر.
**بابەقەتار**: چاکێکە لە خۆراسانە، ئاوێکی هەیە هەرچی لێی بخواتەوە، کۆخەڕەشەی لێ‌دەبڕێ: (گەردشی چەرخە مەداری مەلەکە/ ئاشی شێخ بابەقەتاری گەرەکە/ دیتە دەر ئاوێ لە سـایەی داران/ چـارە بـۆ کۆخەڕەشـە و بـۆ مـاران) «بۆکوردستان».
**بابەک**: ١. قایم، خۆڕاگر،٢. بـاوکی بیچـک،٣. ناوی نێرینانە.
**بابەکال**: باب‌کال.
**بـــابەکر**: ١. گونــدێکە لای شــارۆچکەی خانسوور،٢. ناوە بۆ پیاوان.
**بابەکراوا**: گوندێکە لای چوارتا.
**بابەکراوێ**: بـابەکراوا: (کوێخـا فەتحـوڵڵای بابەکراوێ گێڕایەوە و کوتی:) «ڕشتەی‌مرواری».
**بابەکۆرە**: بابی کوێر: (ئەمن نـازانم نە شـینی بابەکۆرەکەم بوو، ناوەڵڵا نە تـازیەی تـاقەبرای لە دایە) «سوارۆ».
**بـابەکۆش**: دۆعـایەکی ژنـانە: (یـاخوا بـا بە کۆش بی: قەت مناڵت نەبێ).
**بابەکەشـــیش**: بابەکەشـــە، قەشـــەی گەورە: (حەوت بـرام هەن هەر بـرای لە ڕنـدی/ مـن دزانم بچمەوە ماڵە بابەکەشیشـەکەم) «گەنجـی سەربەمۆر».
**بابەکەم**: وشەی ڕێز لێنانە: (دایکـی خـاتوون ئەسـتێ هـاتە کنـی، گـوتی: بـابەکەم! دەبـیە شوان؟) «توحفە».
**بابەگەورا**: ١. باپیر، بـابەگەورە، بـاوەگەورا،٢. وشەی گازی‌کرنا باپیر.
**بـــابەگەورە**: ١. بـاپیر، کـال، کالـک، بـاوکی باوک،٢. باباغا، باپیرە، وتەی بانـگ‌کردنی بـاوا لە لایەن نەوەوە.
**بابەگیو**: گوندێکە لای مەندەلی.
**بابەڵباب**: پشتاوپشت: (بەردانـی چـی، ئەمـن دەیناسم چەنـد بەژارە! لـۆ بابەڵبابیشـی تەمـێ دەکا) «خاک و چەوسانەوە».
**بابەلە**: ١. باوەلە، بـۆ دەربڕینـی خۆشەویسـتی بۆ باب،٢. بابیلە، بۆ منداڵیش دەبێ.
**بـــابەلێ**: ١. بـــاوکەلێ، بـــاوەچکۆلە، بـــۆ خۆشەویستی دەڵـێن: (حـاجی مەلا ڕەحمـانی شەرەفکەندی ... تەکیەکەلامی وەنەکـێ بـابەلێ بوو ...بابەلێ باوەڕ بکە) «چێشـتی مجێـور»، ٢. باوەلێ، پیاوی پیری ئـایینی وەک بـابە وەلـی، پیاوی خودێ.
**بابەلیچ**: براتووتە، قامکی تەنیشت تووتەوە.
**بابەلیچک**: ١. بابلیچک، تـووتە، قـامکەگچکە ٢. کارەساتی ساڵانە، بەسەرهاتی ساڵانە.
**بابەلیسک**: بابەلێسک، بابلیسک، بافرک، بـا ب فرک و گوڕ، بایێ دۆر خۆ گەر.
**بابەلێســـک**: ١. گێژەڵــوکە، گەردەلــوول، بابەلیسک، باپەشـک، بـاپێچەک، بـاگێڕ، شـایی جندۆکان، گردباد ٢. جۆرە گـوڵێکی بەهـارییە

٣. سەدە، قەڕن.
**بابەلیشک**: قورقوراچکە، ترترۆک، بۆری خواردنەوە.
**بابەو**: بابێم.
**بابەوتۆش**: باوکی تۆ.
**بابەومن**: باوکی من: (بابەو من هەرگیز، بابەو تۆش نەدیەن) «م.ح. دزڵی».
**باب‌هەژار**: کوڕەفەقیر، نەدار: (بەگزادە و خانەدانی شارن/ یان بۆرەپیاگ و باب‌هەژارن؟) «هەژار».
**باب‌هەیدەر**: ناوی شوێنە××: (ساز بە بۆ باب‌هەیدەری گەییە زینوێ شەبەکی) «ماملێ».
**بابەی**: با بێ، با بێت: (فیدات بوون ئامان سا هۆرکەر با بەی/ وە سەر کشتمدا پەی پەی جەو جۆی مەی) «مەولەوی».
**بابهێر**: بابووێر، باگێر، بابگێرەوە.
**بابەیۆ**: بابێ، بابێت: (با بەیۆ شنۆی شیرین ڕازەکەت/ گۆش دەرۆ لادێ مەینەت گازەکەت) «مەولەوی».
**بابەیۆفێشتەر**: با زیاتر بێ: (با بەیۆ فێشتەر، جە هێزی ئارۆ) «بێسارانی».
**بابی**: ١. باوک، باڤۆ، باب ٢. بەهایی، پێڕەوی دینی بەهایی.
**بابێ**: ١. بابۆ، باڤۆ، باڤە، باوکە،٢. بابێک، باوکێک: (تا ڕۆژی قیامەت بە خودا زیندووە، نامرێ/ بابێ کە بمێنێ کوڕی وەک تۆی لە وەجاخا) «شێخ ڕەزا»،٣. باوکی، بابی: (بابێ وی)،٤. بلابێ، بەلابێ، بێلابێ: (لێی گەڕێ بابێ: وازی لێبێنە با بێت).
**بابی‌باب**: ١. باپیر، بابەگەورا،٢. بریتی لە کەسی خۆشەویست: (دا وەرە بابی بابەکەم، ماچێکم دەیە).
**بابی‌بابم**: وشەی سۆزدارییە: (بۆخۆشت دەزانی سەرقەڵەمانە ئاشی پێ دەگەڕێ، دە برۆ بابی بابم هەر قانوون وەرگێڕە) «چەپکێ‌گوڵ».
**بابێ‌بابم**: وشەی ڕێز لێنانە: (بابێ بابم شێخ مەحموود لەگەر دەزگای دانا، بەخۆی لە داری کەلی خێوەتی لێ هەڵدایە) «سێسەد».
**بابی‌بابی**: ١. باوەگەورەی ئەو،٢. کەری سوور، گەمەیەکی زارۆکانە: (تەنها بە بابی بابی بوو کەرسوار سوار ئەبوو) «پیرەمێرد».
**بابێ‌بابێ**: خازەڵێن، جۆرێ گەمەی زارۆکانە، دەڵێن: بابێ‌بابێ حەمەدەی برابێ، تەقڵە لە چەندان دابێ.
**بابیت**: قورقوشم و قالایی ڕەق یاتاغی لێ ساز دەکرێ.
**بابیتانێ**: دیلەکانێ، جۆلانێ، جۆلانەی گوریس.
**بابیتی**: بابێتی، باوکی.
**بابێتی**: ١. بابینی، بابیتی، ئی باب، باوکێتی،٢. ئەو ئەرک و کارانەی باب بۆ منداڵ لە ئەستۆیەتی: (بابم چ بابێتییەکی بۆ من نەکردووە)،٣. بابیە، بابیەت، ڕێبازێکی بەهاییە.
**بابی‌چاویش**: پیری خێڤزان.
**بابێ‌چاویش**: بابێ خێڤزان.
**بابی‌خۆم**: وشەی سۆزدارییە: (ئەوە پایزێکم گەیوەتێ، هێندێکان دەڵێن درەنگە، ئەمن دەڵێم بابی خۆم پایزە لە من سەربەخۆیە) «گەنجی سەربەمۆر».
**بابێ‌خێڤزان**: بابێ چاویش، مەزنی ئایینی و بابی ب کەرامەت لای یەزیدیگەل و زەردەشتیگەل.
**بابی‌دایە**: وشەی دلۆڤانییە: (ڕۆڵە لایە! ڕۆڵە لایە! بابی دایە/ ئەتۆ بۆچی خەوت نایە؟) «فۆلکلۆر».
**بابێر**: بابهێر، باگێر، پەسیو، شوێنی قووڵ و

پەنا و پەسیو کە با پڕی کات لە بەفر و بادەوە.
**بابیری**: گوندێکە لای دەرکار.
**بابیزۆک**: لافاو، سێلاو، لەهی.
**بابیستانە**: حەقلیمەقۆ.
**بابیستانی**: هەقلیمەقۆ، هنگلی خۆپانێ، هنگلی هۆپانێ، جۆرێ یاری زارۆکان بە دارێکی درێژ لە سەر شوێنێکی بڵند.
**بابێشێخ**: یەکەم پلە لە ئایینی ئێزەدیگەل: (بابێ شێخ، بابێ گاڤان، پێشیمام، بابێ چاویش، نەقیب، میرحەج، قەوال).
**بابیفەقیروهەژار**: کەسێ زۆر دەسی نەدار و بەلەنگازان دەگرێ: (.. دێرێ دە دێمەکاران/ شێخ جافر بابی فەقیر و هەژاران) «موکریان».
**بابێکۆچەک**: بابێکووچک.
**بابێکووچک**: بابێ بچوک، بابێ کۆچەک، پلە و پایەیەکی ئایینی لای ئێزیدیەکان هاوتای سۆفی لای مسوڵمانگەل.
**بابیلان**: بەبەلە، وشەی خۆشەویستی بۆ دواندنی لە خۆ گچکەتر.
**بابیلە**: تەیر، پەڕەسیلکە.
**بابیمنداڵەکان**: بریتی لە مێرد، شوو: (بابی منداڵەکان سەر لە بەیانی وەدەر دەکەوێ، تاریکان دەگەڕێتەوە).
**بابینی**: ١. باوکینی، بابێنی، شتی باوک بۆ منالی ٢. هەڵامەت، ئالامەت، پەتا، درم.
**بابێنی**: ١. میرات، میراتی، ئیرس، کەلەپووری باوکی مردوو،٢. هەڵامەت، درم، پەتا.
**بابیە**: بابی، ڕێبازێکی ئایینی بەهائیانە.
**بابیەت**: ١. بابیە،٢. باوکێتی.
**باپاڵێو**: ١. فیلتێری هەوا،٢. جلکی ناسک و کونکون.
**باپزوو**: ١. کلیلە بەفر، ڕنوو، ڕنۆ، بەفری پەستاوتە لە قولینچک و کەلێن،٢. ئەو بەفرەی کە با هەڵیدەگرێ و لە باسک و دەمباسکان سوانەی پێ دەکا و درێژ دەبێتەوە.
**باپزووە**: باپزوو.
**باپشتێ**: گوندێکە لە هەریمی کوردستان.
**باپشتیان**: گوندێکە لای سۆران: (هەر چۆنێک بێ خەبەر گەیشتە مەلا مستەفا کە فەوجی ٤ی سپا لە باپشتیان دامەزراوە) «لەمەهاباد بۆئاراس».
**باپشتیوان**: پشتیواندار، پاڵپشتدار.
**باپشکێو**: چینچکەسلاو، چنچکەسلێمانە، قینچکەسلاو، سیتکەسلاو، زیتکەزەلام، سیتکەسەران، سلتەخولام، سیسکەسلاوە، چینچک، باپشکێو، بیتک، بێتک، پزدوک، جوانکە، دگدگە، بوکل، بیتک، بووک، بووکک، بوویک، دیکلۆک، دیقلۆک، فزدۆک، سینچکە، زیپکەی چلکی پێڵوی چاو.
**باپۆرە**: غەوارە، لاوەکی، تاچیک، بێگانە.
**باپوسکە**: ١. ئارەک، بابوسکە، ڕژ، سووتوو، ٢. کرێوەی بەفر بە باوە.
**باپوک**: باپووک، کرێوە.
**باپووسکە**: ١. سووتوو، بابوسکە، خۆڵەمێشی قاقەزی سووتاو، کە با بیبات ٢. کرێوە، بفری بە باوە.
**باپووشکە**: بابردەڵە، پووش، پەڵاش، چیلکە و کای نەرم کە با دەیبا.
**باپووک**: کرێوە، تۆفی بەفر بە باوە.
**باپەچ**: بەرپەرچ، وەڵام، بەرسیڤ.
**باپەڕ**: چایمانی، واپەڕ، ڕەونج، ڕەقیتە، دەرد لە سەرماوە: (زاوا و بووک هەتا سێ ڕۆژان نابێ خۆ بشۆن، چونکە باپەڕ دەبن) «فۆلکلۆر».
**باپەڕبوون**: با وە لەشی ئارەقاوی کەوتن و تووشی نەخۆشی بوون.

**باپەرست**: هەوەسی، هەوەسخواز، هەوەسپەرست، کەسێ مەیلی جنسی زۆرە.
**باپەرستی**: هەوەسبازی، هەوەسخوازی.
**باپەرک**: پەپوولە.
**باپەڕی**: بارێکە لە پێش ئارەقە ووشکبوونیدا بای سارد لە لەشی ئارەقەکردووی بدات.
**باپەستاوتە**: بەفرێ کە با داپەستاوتوە: (کەوتوومە سەر بەفرێکی باپەستاوتەی زۆر ئەستوور) «چێشتی مجێور».
**باپەسیو**: باپەنا، پەنابا، پەسیو، پەنا، جێی پەسی بۆ با.
**باپەشک**: گەردەلوول، بابەلێسک،
**باپەنا**: باپەسیو، پەنابا: (مێلاقە و سوێسنی گۆل گۆل داوەستاوی ڕاوەستاو لە باپەنا و باگردا) «شەرەفنامە».
**باپێچ**: ١. گەردەلول، باگەڕ، گێژەڵووکە ٢. جێی باگر، بەربا ٣. باوپێچی زگ: (ئەڵێن کە ڕەشەوڵاخ باپێچی کرد، کاڵەکۆنی لە مل ئەکەن) «ڕشتەیمرواری»٤. بارینی بەفر بە باوە ٥. بەفرێک کە با لە شوێنێک کۆی کاتەوە ٦. باربەست، گوریسپێچ،٧. ئەو شوێنەی کە با لەبەر ئەوەی تووشی بەرهەڵست دەبێ، لە ڕێی خۆی لادەدا و دەیکاتە گەردەلوول و باهۆز.
**باپێچک**: ١. کڕیوە، شڵێوە، بۆران، بادەڤ، بارینی بەفر و باران بە باوە ٢. گێژەڵووکە، بابلیسۆک،٣. گوریسپێچ، شەتەکدان.
**باپێچکرن**: باربەستی، شەتەکدان، توندبەشتن.
**باپێچەک**: ١. باپێچک، شەتەکدان،٢. تیرۆک، باپێچەکێ نان، نووردیێ نانێ،٣. با، وا، با و پێچی زگ.
**باپێدان**: ١. پێچدان، بەستن بە بادان،٢. بادان، گشتکردنی بەن و کر.
**باپیر**: ١. باوە، باوا، باوەگەورە، باپیرە، پیرەباب، کالک، کالۆ: (پەندی باپیرە بە میرات ماوە/ خوێنی زامی کەرە، سۆمای چاوە) «بۆکوردستان»،٢. خێڵێگە لە گوواوڕ،٣. ناڤێ مێرانە: (چەتە بۆ کوشتنی وان چی پێیە؟/ گۆڕی باپیری شەهید لە کوێیە؟) «هێدی».
**باپیران**: باو و باپیرگەل، کال و کالک: (ئەم جل و بەرگە جوانە/ میراتی باپیرانە) «سەلاح نیساری».
**باپیرم**: ١. باوام، باوەگەورەم،٢. وشەی ڕێز لێنانە: (حەمە باپیرم چۆنی؟).
**باپیروەند**: ناوی تیرەیەک کوردی لوڕستانن.
**باپیرە**: ١. باپیر، باووە: (گەلی کوردا باپیرێ وە کاوەیە/ خورتە مێر بی ئەو پلنگ شێرێ مەیە) «سندی» ٢. وشەی گازیکرنی باپیر.
**باپیرە**: باوەپیارە، زرباب، پیایگ ک وەل ژن منالدارەو سور بکەێ، بووە باپیرەی منالگەێ.
**باپیرەگەورە**: باوا، باوکی باوک، باوەگەورە: (ئێستا لە دەشتی شام لەسەر قەبری/ باپیرەگەورەی، بۆ وڵات ئەگری) «گۆران».
**باپیری**: ١. توخمەکهەژیر، جۆرێ هەنجیرە ٢. جۆرێ هەنارە کە ترشی و مزری فرەتر بێ.
**باپیش**: دەردی چاوێشە.
**باپێش**: ١. پزیشک و تیمارگەری چاو ٢. چاوێشە، دەردی چاویشە.
**باپیشک**: باپێشک، بایێ بەرێ بارانێ.
**باپێشک**: ١. باپیشک، بای پێش باران، ٢. داوێنپاک، پاک و خوش پێشە.
**باپێشی**: پزشکی و تیمارگەری چاوان.
**باپیڤ**: خۆهەڵکێشی بێهونە، قسەزلی هیچکارە.
**باپێڤ**: باپێو، با ئەندازەگر.
**باپیڤان**: زمان هەڵەیی، شاتوشوتی بێمانا.
**باپێڤان**: هەتیمچە، هەتیوچە، تەمەڵ، هەتیوچە،

ئیتیمۆک، هێتیمچەرەک.
**باپیڤانی**: تەوەزەلی، هەتیوچەیی.
**باپێ کرن**: ١. تووڕەکردن، مووش پێکردن،٢. پەرچڤاندن، هەڵامساندن، باتێکردن.
**باپیلان**: گوندێکە لە نزیک کەرکووک.
**باپێلیسک**: گەردەلوول، باگەڕ، گێژەڵووکە.
**باپیلیک**: باپێلیک، گەردەلوول.
**باپێلیک**: گەردەبل، گەردەلوول، گەژگەڕینگ، گێژڵووکە، گێژەڵە، گەرەپێچ، گێژەبا، بابلیسک، باگرۆکە، باگەڕۆک، باگەڕۆکە، باگێژە، باگەڕ، باهۆز، زەمەن، سایکلۆن، شایی جندۆکان.
**باپێو**: باپێڤ، مرازی پێوانی خێرایی و گوشاری با.
**باپیوان**: ١. باپێڤان، باپیڤان، پێوانی با،٢. هەتیمچە، هەتیم، هەتیمچەرەک.
**بات**: ١. برا، کاک، کەک، کەکە ٢. نک تە، جەم تە، لای تۆ، کن ئێنگۆ ٣. باتی، بری، بریتی، لەباتی، زانەویڕ ٤. د شکی دایە، کورد دبێژن: فلان کار هات و باتە ٥. بدا، بدات: (قولە ڕەشێک بوو بە پاڵەوانی/ کەس نەی ئەویڕا شان بات لە شانی) «پیرەمێرد»،٦. بێ، بێت: (تۆفان نووحە، بێ پەنا وە خۆمان، ئەی خودا باشە ئێمە سەگ گوناکارین! ڕەحمت وەی مەلالانە بات!) «کوردەرە»،٧. ناوی گوندێکە لای ژوری شاری مەدیاد، ڕەنگە مەلای باتەیی خەڵکی ئەوێ بێ.
**باتاس**: گوندێکە لای شەقلاوە: (یا شێخی بێ قۆچ، مار لە باتاسێ) «پەند».
**باتالێ**: گوندێکە لای چوارتا.
**باتان**: هەوراز، ئەڤراز.
**باتانی**: بەتانی، جاجم.
**باتانیا**: گوندێکە لە باکووری مووسڵ.
**باتر**: باتل، دارێکە وەک سنگ سەری تیژ دەکەن و لە زەوی ڕۆ دەکەن.
**باترزا**: جەژنێکی یەزیدیانە لە زستاندا.
**باترسۆک**: ڕەشە، تارمایی.
**باترشێ**: گوندێکە لای دهۆک.
**باتری**: باتلی، قووە، پیلی چراگاز و ترۆمبیل.
**باتریتەڕ**: باتری ماشێن کە ئەسیدی تێدایە.
**باتریساز**: کەسێ باتری چا دەکاتەوە.
**باتریسازی**: ١. دوکانی باترێسازی،٢. کاری چاکردنەوەی باتری.
**باترێن**: گەمەیێکە گەنجان بە دار باتر دەیکەن.
**باتریوشک**: قووە، قەوە، پیلی چراقووە.
**باتریهەتاوی**: جۆرێ پیلی بە خۆر شارژ دەبێتەوە.
**باتزۆک**: مرۆی خونکی بێشەرم و شوور.
**باتزووک**: باتیزک.
**باتسقە**: نەفسی، بالبەقی، پارچەیەکی سپی و تەنکە.
**باتسکە**: باهەنجیر، کەڵبە هەنجیر، جۆرێ هەنجیر زوو دەگاتێ و بێتامە.
**باتسمێ**: باتسی، جێژنی گەورەی یەزیدیانە.
**باتسە**: باتسکە، باهەنجیر.
**باتسی**: باتسمێ.
**باتشمی**: جێژنی یەزیدیانە، کەوتۆتە چوارشەمەی هەرە دووایی مانگی دیسەمبرێوە.
**باتڤرێ**: گوندێکە لای ئەتریش.
**باتک**: ئەسکوێ، ئاوگەردان، کەوچکی گەورە.
**باتکە**: گوندێکە لە باشووری سەنگاو.
**باتل**: باتر، دارێکە تووژ بۆ گەمە.
**باتڵ**: بێخۆ، بێهوودە، بێکارە، پووچ: (بەو عومرەوە هەر قیبلەمی گەر ڕوو نەکەمە تۆ/ بەو تاقی دوو ئەبرۆیە قەسەم، باتڵە نوێژم) «ئاوات».
**باتلاخ**: باتلاخ.

**باتلاخ**: باتلاخ، زەل، زەلکاو، زۆنگ، زق، زلقە، زناو، زنە، زنەک، زۆنکاو، چۆرتم، چورتم، چەق، باتلاغ، نقرۆسک: (عەرزە باتلاخەکانیش لە هەموو جێیەک وەک یەک نین) «حەمەدۆک».

**باتلاغ**: باتلاخ، جۆمجۆمە، چراڤ، چەق.

**باتلاغی**: زەوی باتلاغ و زەلکاوی.

**باتلاق**: باتلاخ، زەل.

**باتلاک**: باتلاغ، زەل، زەلکاو.

**باتڵ کراو**: پووچەوکریاگ، پووچەڵکراو.

**باتڵە**: ١. باتڵ،٢. پووچە.

**باتڵەوکردن**: پووچ کردنەوە، لەکارخستن، هەڵوەشاندنەوە.

**باتڵەوکریاگ**: پووچەڵکراوە، هەڵوەشاوە.

**باتلی**: باتری، قووە.

**باتلێن**: باترێن.

**باتمان**: ١. پێوانە، پووت، پەتمان، پەیمان، پەیمانە، کێشانەیەک بری ١٦/٥ کیلۆ: (هەزار هەوسار و دەسبەند و گوریسی لێ دروست ئەکرێ/ بە سەد باتمان خوری گەر دەسکەوێ هەرزانە ئەم ریشە) «شێخ ڕەزا» ٢. سەنگێکە بەرانبەر بە هەشت کیلۆ،٣. فرە، زۆر، گەلێک،٤. بالیفە، دۆشەکە، دۆشەکەڵە، دۆشەگەی ناو لانکە،٥. شارێکی باکووری کوردستانە،٦. دێیەکە لە دێکۆی بێڵەوار بەشی ناوچەی کامیاران.

**باتمانی**: ١. شتی پێوەندی دار بە شاری باتمانەوە: (ژنە کوتی: نەمانبردەوە، بە خوا دەستێ جلی گوروونی گوڵ باتمانیم ئەوێ ) «ڕشتەی مرواری»٢. خەڵکی شاری باتمان.

**باتن**: ١. ناوەرۆک، ناخ، ناو، ناواخن، کاکڵ، هندر، هەندەروون: (وەلی ژ باتنا وی نێ کرن باش ئیمینی/ چون خولقا زاتی نەکن ژ سالان بەلی) «گولشوون»،٢. شاراوە، پەنهان،٣. هۆش، هوز، بیر، زەین.

**باتنی**: ١. دەروونی، ناخی، ناوەکی،٢. وەشارتی، ڤەشارتی، پەنیڤە، نەپەنی: (حێکمەت ئەوە باتنی و زاهیر) «خانی».

**باتنیڤە**: بۆ ژوورەوە: (گەهـ جازیبە باتنیڤە کێشت/ گەهـ ماسیکە، بگڤشت بێشت) «خانی».

**باتو**: باتوو، گون، گونگ: (باتوی کەر و باینجانی، لە نەزانی، یەک دەزانی).

**باتۆ**: باتوو، باتی، گون: (گوڵە بەرەمێو نەرم دەکا و لوولی دەکا، سیرەت و باتوو بۆ کچە دروست دەکا و دەیکا بە کوڕ) «هەزار ئەشکەوت».

**باتوفا**: باتوفە، شارێکە لای زاخۆ.

**باتوف**: گیایەکە گوڵی سوور دەگرێ.

**باتۆم**: باتوون، قوڵەداری دەس دارۆغە.

**باتوو**: ١. گون، گونگ، هێلکەگون، باتۆ، باتی: (باتووی کەر و باینجانی، لە نەزانی، یەک دەزانی) ٢. چەرم گون،٣. ئێلێکی کوردانە لە ژووری خاکی بۆتانێدایە.

**باتووبەن**: باتووبەند.

**باتووبەند**: گونبەن، بنگونی، شتێ کە باتووی پێ ببەستن.

**باتوودان**: هەویج، ڕتڵ، پێستی گون.

**باتوور**: وشەیەکە لە دوای باس دێت و دەبێت بە باس و باتوور، یانی ناوبردن.

**باتووف**: ١. باتۆفا، ناوی گوڵێکی سۆری جوانە ٢. ناڤێ گوندێکە لە دەڤەری زاخۆ.

**باتووم**: باتۆم، داردەسی پاسەوان: (من لە ترسی زللە و باتووم و دار و شەق هەڵاتم) «هێمن».

**باتوون**: ١. شوشکە، شیری کورت،٢. باتۆم،٣.

باتوونە، گوڵە باتوون: (لە هەموو تەلان و تەرتان بەرۆکی گوڵە باتوون و یەخەی بەند و خاوان) «ڕاوچی».
**باتوونە**: بەتوونە، جۆرێ گوڵە.
**باتوونیکارەبایی**: باتۆمی کارەبایی.
**باتە**: ١. بات، لای تۆ، ل جەم تە، کن ئێنگۆ،٢. بباتە: (جوانترە لە لای من لە دەریای بێسنوور/ شەپۆلی باتە بەر تیژگی ڕۆژ، شڵپوهووڕ) «گۆران»،٣. بێتە، بچێتە: (باتە تەرەفتان: بێتە گژتانا)،٤. بدا، با: (داڵگە بانگەوازی ئەکرد: هانە کورە؟ خوا کەرەمتان بشکنت، ئیمام ڕەزا باتە تەرەفتان) «کۆردەرە»،٥. تاکێک لە پێڵاوی لاستیک: (سوپێهری نازە، ژێر پۆتینی باتەی/ ستارە و ماهە، مێخ و ناڵی خورشید) «بێخود»،٦. ناڤێ گوندەکێ کوردانە لە کوردستانێ باکوور.
**باتەزینک**: کەرەستەیەکی کارەبایی هەوای ناوماڵ سارد دەکات.
**باتەقا**: بارتەقا، هەمبەر، بەئەندازەی، بەقەد، بەرانبەر لە باڵا یا کێش‌دا.
**باتەگبیر**: بەتەگبیر، کارزان، بەمشوور.
**باتەیی**: ناوی هۆزانڤان و هەڵبەستوانی مەزنی کورد، مەلا حسێن کوڕی ئەحمەدیە، دیارە کە لە سەردەمی میری ئامێدی بووە، گەلێ شێعر و مەولوودنامە و نووسراوەی لەپاش جێ ماوە.
**باتی**: ١. بری، جێی، جیاتی، جێگای، شوێنی، لەجێگەی، لەبری: (لە ئاب و تاب و ئەشک و ئاهی خۆمدا بوومە بریانی/ لە باتی پوختەگی سووتام و هێشتا پێم دەڵێن خامە) «نالی»٢. باتوو، گون، گونگ، هێلک، هێلکەگون ٣. جامێ ژ شیشە چێبوویی،٤. پێڵاوی لە لاستیک دروس‌کراو.
**باتێ**: بداتێ، پێبدات: (مەجبوور ئەو ماڵم باتێ) «حەسەن زیرەک»، (شەوی شەوی بەراتێ/ خوا دوو کوڕ و کچێکتان باتێ/ سفرە بێننە جەماتێ) «ڕشتەی مرواری».
**باتێدابوون**: ١. هەوا تێدا بوون،٢. با لە لەش‌دا بوون: (لاقم بای تێدایە).
**باتێدان**: ١. نەخۆشی باداری گرتن،٢. بە درۆ بە یەکێک هەڵگوتن و لەخۆ دەربردن،٣. با لە پێست کردن بۆ کەوڵکردنی.
**باتیزک**: باتیزۆک، باتزۆک، باتزووک، بێشەرم، ڕووهەڵماڵاو، چەتاوەڕوو، بێئابڕوو، بێفهێت، پفکێ.
**باتیزۆک**: باتیزک، ڕووگرژی خۆ بەزل‌زان.
**باتیسک**: ١. ژن‌خوشک، خویشکی ژن، بالدز، بالدوز،٢. دش، خوشکی شوو.
**باتیفاسەیدا**: گوندێکە لای شارەدێی کانی‌سەیدا.
**باتێکردن**: ١. ماساندن، هەڵمساندن، فوودان، هەڵنان ٢. هاندان، هەڵخڕاندن، شووتی لەبن باڵ نان: (کەریم هێندە بەغیرەت نییە شەڕ بکات، وادیارە بایان تێکردووە)،٣. داخ نانە سەر دڵ.
**باتێل**: شارۆچکەیەکە لە باشووری زاخۆ.
**باتیم**: باتی من: (تۆخوا سا کوڕگەل ئێوە و خوای خۆتان/ سەیر کەن لە باتیم، تا دەلوێ بۆتان) «پیرەمێرد».
**باتین**: ناو، ناوەوە، قووڵایی: (دەروون وەک: نەی، دەناڵێنێ، بە زاری خۆی، لە دەستی تۆ/ مەگەر باتین لە هاوارم دڵێک و چاوی مەستی تۆ/ ...) «ئەدەب».
**باتینک**: ١. بشکۆژ، خونچە، غونچەی تازە پشکوتوو،٢. ناوی کچانە.
**باتینگان**: باجان، بادمجان.
**باتینۆک**: ١. میلاق، مێلاقە، ئالالە، خاشخاشک، گوڵاڵەسوورە،٢. ناوی کچانە.

**باتیوە**: ١. دەشتێکە لە خۆراوای کەرکووک،٢. ناوی چیایەکە لە ڕۆژاوای کەرکووک.
**باتیوەر**: ١. ناوی دەشتێکە لە خواری هەولێر، ٢. چیایەکە لە خواری کەرکووک.
**باتێوەستان**: ١. ژان تێویستان، ئازاری زۆری ماسوولکە،٢. بریتی لە ئێشتیای گان کردن: (پیرەمێردێکی پیر ژنەکەی نەخۆش دەکەوێ و دەمرێ، چەندلاویێکی پێچوو بای تێوەستا) «ف.پ.پ.».
**باج**: ١. پیتاگ، پیتاک، خەرج، خەراج، خاراج، خووە، خوویێک، مەکات، باژ، ئەو پارەی پیاوی میری دەیسێنێ،٢. تاوان، قەرەبووی زیانی شەڕ لە لایەن تێشکاوەوە ٣. بارانە، سەرانە، زێڕەسەر، باجی سەر ٤. خاوە، ئەوەی بە ملهۆڕی دەستێنن،٥. پەنجێرە، پەنجێرە: (ژ باجا ڤەکری، ب سورا سبێ را، بینا بهارێ داکوتا هوندور) «مەستوورە»،٦. قیمەت، نرخ✕: (سیحەت و ماڵ و شەرەف ڕۆیی لە باجی بادەیان) «دڵدار»،٧. حەوا، فڕ، ڕەوتی خسن،٨. نیشانەیەکە حەماڵە ڕەسمی‌یەکان لە بەغدا بە سینگیانەوەی دەکەن: (حەماڵە ڕەسمی‌یەکان لە بەغدا هەر یەکە باجێکیان پێوەیە لە قورقوشم) «ڕشتەی‌مرواری».
**باجا**: کولانچکە، ڕۆچنە، کونی دووکەڵ.
**باجان**: باینجان، بادنجان، بیجانەڕەشە.
**باجاناسۆر**: باینجانی سوور، تەماتە، تۆماتێز.
**باجانڕەشک**: باینجانە ڕەشە.
**باجانەسوور**: تەماتە، باجان سۆر.
**باجئەسان**: باجسێن.
**باجئەسانای**: باج سەندن.
**باجئەسانە**: باجسێن.
**باجئەسای**: باج سەندن.
**باجئەستێن**: ١. باجسێن، باجستان، باجگر، باجەوان، وەرگری باج، کارگێڕی گومرکی: (خۆزیا بە خۆزیاداران باجگر و باجئەستێنی ماچان بام لە سەر پردی ڕواندزێ) «حەیران»،٢. کەسێ بە زۆر پارە لە خەڵک دەستێنێ.
**باجباج**: قەڵتقەڵت، سەرێ کە خراو تاشراوە.
**باجباجی**: باجباج.
**باجخانە**: باجگە.
**باجخواز**: باجسێن، باجوەرگر.
**باجخوازی**: باجسێنی، باج بە زۆر سەندن.
**باجدار**: خودان باج، خاوەن باژ.
**باجدان**: دانی پارە و ماڵی دیاریکراو.
**باجدای**: باجدان.
**باجدبەراڤ**: گوندێکە لای سلیڤانی.
**باجدریا**: باجدراو.
**باجدریێ**: باجدراو.
**باجدمیری**: گوندێکە لە خواری زاخۆ.
**باجدەر**: باجدە، ئەوەی باج دەدات: (باجدەر بار لە سەر لێون/ هی زۆر زل قوڕ دەپێون) «بۆکوردستان».
**باجدەرە**: باجدەر بۆ مێ.
**باجسان**: باجسێن.
**باجسانای**: باج سەندن.
**باجساندن**: وەرگرتنی باج، بارانەسەنن.
**باجسانە**: باجسێن.
**باجسانیا**: باجسێنراو.
**باجسانیێ**: باجسێنراو.
**باجستێن**: باجئەستێن.
**باجسەندن**: باج ئەستاندن.
**باجسەنن**: باج گرتن.
**باجسێن**: ١. باجئەستێن،٢. ملهڕ، زۆردار.
**باجسێول**: باجسمێڵ، ملهڕی.
**باجک**: فلفل، بیبار.

**باجگا**: باجگە، جێی باج وەرگرتن.
**باجگر**: باجوەرگر، باجسێن: (گورگ باجگر بوو لە سەر ڕێی گاڕان/ ددانی دەسوون بۆ نەرمەی لاڕان) «بۆکوردستان».
**باج گرتن**: وەرگرتنی باج.
**باج گرتەی**: باج گرتن.
**باجگری**: باجسێنی.
**باجگە**: باجگا، جێی باج لێوەرگرتن.
**باجگیر**: باجگر، باجسێن، باجەوان، ڕادار: (ڕێی نەوتەکە باجگیری ئەگەر زۆرە، دەفەرمووی/ ڕێی خاسە بە شەو خاڵییە با بێ بە بولاغا) «شێخ ڕەزا».
**باج گیرا**: باج گیراو.
**باج گیرە**: باج گیر، باج گر بۆ مێ.
**باج گیری**: باجگری، باجەوانی، ڕاداری.
**باج گیریای**: باج گیران.
**باج گیریێ**: باج گیراو.
**باجلان**: ١. باجەڵان، باجول، پارچەخاکێکە لە نێوانمەندەلی و خانەقین لە سەر ئاوی ئەلوەند ٢. دوو تیرەی کوردن: جمۆر، قازانلو،
**باجلانی**: هۆزێکی کوردە لە خێڵی لولو لە دانیشتوی خاکی باجەڵان.
**باجللە**: گوندێکە لای زاخۆ.
**باجلۆر**: ناوی گوندێکە لە لای دهۆکە لە هەریمی کوردستان.
**باج‌لەباج‌ناناڵێنێ**: خەرج بە مەبەستی دەخڵ ناڵەی نییە، قەیدی نییە.
**باجلەسەرکەڤروک**: گوندێکە لای ئاکرێ.
**باجلەقەدیم**: گوندێکە لای ئاکرێ.
**باج‌لێگرتن**: باج وەرگرتن، باجگیری، بە ناخوونەک باج لە کەسێ سەندن.
**باج‌لێوەرگرتن**: باج ساندن.
**باجم**: بخەم، بیخەم، بپشنم.
**باجمەرێ**: بخەمە، بیخەمە.
**باجن**: ١. بیخە، بخەنە، بپشن،٢. عەشیرەتێکی کوردن لە سەرەتاوە موسوڵمان بوون.
**باجنە**: بخەنە، بیخەنە.
**باجوان**: گوندێکە لای کەرکووک.
**باج‌وپیتاک**: باج، سەرانە: (پێشوو مسکێن و جووتبەندە سەرانەیان لێ وەردەگیرا، کە پێیان دەکوت باج‌وپیتاک، وەک: پووشانە، گوریسانە، مەڕانە، جوچکانە ...).
**باجوج**: ١. هەواڵی ئاجوج: (باجوج ماجوج)، ٢. خەڵکی زۆر تێکەڵ و پێکەڵ: (ئای لەو ئاج و باجوجە).
**باجول**: باجلان.
**باجولیان**: گوندێکە لای دوکان.
**باجووا**: ئافرەتێ کە ژنبەژنی پێ کرابێ.
**باجووج**: شۆخیباز، گەمەکار، یاریکەر.
**باجوولا**: ئێلێکی کوردی یەزیدییە لە ناو هەڤیرکادا.
**باج‌وەرگر**: باجسێن.
**باج‌وەرگرتن**: باج ساندن.
**باج‌وەرگرتەی**: باج وەرگرتن.
**باج‌وەرگیر**: باج گر، باجسێن.
**باج‌وەرگیرە**: باج‌وەرگر بۆ مێ.
**باج‌وەرگیریا**: باج وەرگیراو.
**باج‌وەرگیریای**: باج وەرگرتن.
**باج‌وەرگیریێ**: باج‌وەرگیراو.
**باجویک**: ناوی شوێنێکە: (ئەز نەدامە سەید محەمەدا باجویکی/ ئەز دامە کورێ حامد حەبەشا) «حەیرانۆک».
**باجە**: ١. داد، دادە، خوشکی گەورە،٢. نازناوی بانگ کردنی ژنی دی: (باجە ئەسرا)، ٣. ڕۆچنە، واجە، کوناوجە، کوناوەچە، کولانە، کولانچکە ٤. قەفەزێکە لە بانگ و سینەما و

شەمەندەفەر بۆ کاری تایبەت،٥. پەنجێرە، باج: (ئەو هەما ب کنجێن شەڤێ ڤا ڕابـوو و چـوو باجە ڤەکر) «مەستوورە».

**بــاجەت**: بەخــاتر، بە حــاجەتی: (بــاجەتی ڕەسوول دیدەی تۆ نێشۆ/ ئەخی جبرەئیل، باڵ سەرت کێشۆ) «بێسارانی».

**باجەتی**: بۆخاتر، بۆخاتری، بەحاجەت: (یاشا باجەتی ڕەسوڵی سەروەر) «بێسارانی».

**باجەڤان**: باجسێن.

**باجەلاتانبۆ**: با لە لاتان بێ.

**باجەڵان**: ١. ناوی عەشیرەتێکی کوردن، بەڵام لە نـاو خۆیـان و هاوسـێکانیان سـارەلوو یـا سارەلیشیان پێ دەڵێن: (ئاخر ئەو لە بنچکـدا خۆی بە جمور دەزانی و نەختێکیش بە خزمی باجەڵانەکان) «کۆردەرە»،٢. پـارچە خـاکێکە لە نێـوانی مەنـدەلی و خـانەقین‌دا لەسـەر ئـاوی ئەلوەنـدییە: (مایدەشـت و بـاجەڵان و سـانی هەورامـانەکەت/ پـژدەر و بلبـاس و هەرکـی، جافەتی و گۆرانەکەت) «قانع».

**باجەڵانی**: ١. خەڵکی بـاجەڵان: (فەقێ‌یەکـی باجەڵانی لەپاش ئەوە کە ئەچێتە فەقێتی فێـری نووسین ئەبێ) «ڕشتەی‌مرواری»،٢. تیرەیێکـی کوردن لە خێڵـی لوولـوو لە خـاکی بـاجەڵانی دادەنیشـن، ڕاوێـژی ئاخاوتنیـان لە هەورامـی دەچێ.

**باجەوان**: ١. باجگر، باجسـێن،٢. گونـدێکە لە باشووری کوێسنجەق.

**باجەوانە**: باجەوان بۆ مێ.

**باجەوانی**: باج‌گیری، کاری باج‌گر.

**باجهورگرتەی**: باج سەندن، باج وەرگرتن.

**باجهورگیر**: باج‌وەرگر، باج‌سێن.

**باجهورگیرە**: باج‌سێن بۆ مێ.

**باجهورگیریای**: باج وەرگرتن.

**باجەوەند**: گوندێکە سـەر بە مەهابـاد: (خـۆ من چۆمی سابڵاغ نیم/ بێمە خواریێ لە لەندی/ خۆ من کاکە ڕەحیم نیم/ ئاغا لە باجەوەنـدی) «فۆلکلۆر».

**باجی**: ١. خوشکی گەورە، هەڤشیرە، هەمشیرە ٢. دش، خوشکی مێرد: (باجی باجیمە، کـاری ناعیلاجیمە) «پەند»،٣. خوشکێ!، خوەیشکە!،٤. بۆ ڕێز لە ژنان دەبێـژن: (چـۆن فیـدای بـاجی مەجێی چێشتکەر نەبـێ) «قـانع»،٥. ئەنـدازە و پلەی مۆزیقە،٦. باوجی، باوجو: (بـاجی م ئەڕا بچم).

**باجیج**: باقلە، پاقلە.

**باجی‌ڕێ**: کرێی تێپەڕبوون لە ڕێ.

**باجی‌سمێڵ**: باجی ملهوڕی و لاتیگەری.

**باجی‌سمێڵ‌ئەستاندن**: باجی سمێڵ وەرگرتن.

**باجی‌سمێڵ‌دان**:  دانی پارە بە زۆردار.

**باجی‌ســـەر**: زێڕەســـەر، پـــارەیێکە لە لایەن دەستەڵاتداران لە باران دەسێندرێ.

**باجی‌سەربار**: بارانە، سەربارانە، زێڕەسەر.

**باجی‌قەدری**: گوڵێکە: (پەنجەی خانم، گوڵی باجی‌قەدری) «چنگیانی».

**باجیگا**: گوندێکە لە خواری زاخۆ.

**باجی‌گومرک**: گومرک، کرێی تێپەڕین، ئەو باجە کە گومرک لەسەر کاڵای بێگانەی دانـاوە لە سنوور لێی وەردەگرێ.

**باجیڵە**: باژەڵە.

**باجیناق**: ئاوەڵزاوا، هازاوا، هەڤاڵ‌زاڤا.

**باچ**: پیتاک، باج.

**باچــان**: ئێـژن، ئەڵـێن×١٩٧پ.×: (بگـرەوان باچان لیلاییم لیلەن/ یە نامەی مەڵـلان ئەزانـی ویلەن) «مەلای جەباری».

**باچانــدن**: خــۆدزینەوە، بــۆی دەرچــوون، کووزووبون.

**باچرمۆکە**: پارچمک، چەکچەکی، باچەرمۆک، شەڤشەڤۆک.
**باچـــک**: ١. جگـــارە، جـــگەرە ٢. باچیـــک، بەلالیـــــک، بەلاَلووکەکێـــویلە، هەلهولـــوک، هەلهەلۆک، ئالۆبالۆی جەنگەڵی ٣. گەنمەشامی سوور، زراتی سۆر.
**باچۆ**: کاک، کاکە، برای گەورە.
**باچوو**: بلێ، باچە، بێژە، بووشە.
**باچوورە**: قسەی ناماقووڵ.
**باچە**: بلێ، بوش، بێژە، تۆبێژە، واچە: (شاکە لە سەردا، شاکە لە سەردا/ ڕاس باچە پەریم ئمجا لە سەردا) «خانمەنسور».
**باچەرمۆک**: باچرمۆکە، چەکچەکی، شەڤکۆرک، شەمشەمەکۆرە.
**باچەڕێ**: کاڵەدرانە، پاداشـتی دز کـاتێ مـاڵی دزیەتی دەداتەوە.
**باچیـک**: ١. هەرزن، ئەرزن، گـاڵ ٢. باچـک، بەلاَلووک ٣. عەشیرەتێکی کوردی کۆچەرن.
**باحاڵ**: ١. سـەرزیندوو، زیـرەک،٢. بەکەیـف، شاد،٣. خاوەن ئاکاری باش.
**باحتمێ**: گوندێکە لای بەنداوی مووسڵ.
**باخ**: ١. بـاغ، ڕەز، دەهـل، جنیـک، دارسـتانی میـوە: (جلـوەیەکی قـامەتی تـۆ کەوتە بـاخ/ شەوکەتی باڵای سنەوبەر شـکا) «ئەدەب»، (لە باخـا، خـونچە، مەشـقی لێـوی تـۆی کـرد/ نخوستین گوڵ، لە خەندەی تـۆوە پشـکووت) «سالم»،٢. گوندێکە لە نزیک بازیان،٣. دێـیەک بووە لە دێکۆی شاهۆ بەشی ناوچەی کامیاران، ئێستا کێڵگەیە،٤. بریتی لە سینە و مەمکی کـچ: (شەوی مانگەشەو چرپەی نـاو گـوڵان/ بـاخ بەرەڵڵا بـوو تـاڵان هەی تـاڵان) «پیرەمێـرد»،٥. ناوی کچانە.
**باخات**: باخی زۆر: (ئەتۆ نازت بە شەستیر و چەک و دینـــار و باخـــاتە/ منـــیش نـــازم بە کوردان، بە کورد بڕوای مەتینم هەس) «قانع».
**باخـــان**: ١. کـۆی بـاخ: (بەخێرێـی نێرگسـی شەهلا لە باخان) «ئـاوات»،٢. نـاوی چـۆمێکە لای مەریـــوان،٣. گونـــدێکە لە دێکـــۆی سەرشیوی مەریوان،٤. گوندێکە لای سلێمانی، ٥. ناوە بۆ کچان.
**باخبڕ**: ١. داربڕ، هەرەسکار، تەکمیشکـار،٢. کەسێ کە بە هۆی بڕینـی دار دەبێـتە سـەبەبی ڕووتـــانەوەی سرووشـــت✕: (ئـــاخ لە دەس باخەوانی باخبڕ) «میرزا».
**باخبڕە**: باخبڕ بۆ مێ.
**باخبڕیا**: باخبڕاوە.
**باخبڕیای**: باخبڕان.
**باخبڕیەی**: باخبڕین.
**باخبڕیێ**: باخبڕاوە.
**بـــاخبڕین**: شـێخەڵکردن، هەڵپـاچین بڕینـی داری باغ و ڕەز، تەکمیش.
**باخبوون**: غلور بوون، بادیهەوا بوون.
**باخبەرهێنـــان**: ١. بەر گرتنـی داری میـوە،٢. بریتی لە گەورە بوونی منداڵ: (خوا مراومان با باخمان بەر بێرێ) «ئاوێنەی بێگەرد».
**باخت**: ١. ڕەوتـی دۆڕان: (قەزا وە قومـار نە پای باختمەن/ قامەت حەلـقە بەسـت وەخـت تاختمەن) «مەولەوی»،٢. شکست، ڕەوتی بـۆڕ خواردن، ٣. کاری خەرج کردن: (بـێ بەدەڵەن عـومر خاسـش هەر پاسـەن/ بـاختش پەی مەعشـووق بـێ بەدەڵ خاسـەن) «مەولەوی»،٤. داینا، ئەو باخت.
**باختکردن**: خەرج کـردن: (تـاجر مـحەمەد دەس ئەکا وە گیرفانیا، چ پەنـج قەران بـاختی نەکردیە لێنە) «گوڵونێرگز».
**باختن**: کچیان، دۆڕاندن و لە دەس چوواندن:

(درەخت چوو ئەلوات پاکباختەی بیعار/ سەرتاپا بەرگش باختوو وە قومار) «چەپکەگوڵ».
**باختوخن**: دیەکەیگە لەک زوان، لە نزیک کرماشان.
**باختەر**: ڕۆژاوا، ڕۆژاڤا.
**باختەران**: ڕۆژاوایی، ڕۆژاڤایی.
**باختەری**: باختەران.
**باخچ**: باخچە: (ژنا بێ مێر، باخچێ بێ پەرجانە) «پەند».
**باخچڵە**: باخچەڵە، باخچەی بیچک.
**باخچۆڵە**: باخچە، باغچەی بیچگ.
**باخچە**: ١. باغچە، بوخچە، بخچک، لاتک، پاریز، پالیر، باغی کەم و چکۆل: (ژوورم تەنیا و، بەر پەنجەرەی ژوور/ بە چوار دەوری باخچەی کۆشکا، هەتا دوور) «گۆران،٢. گوندێکە لە بەشی فەیزوڵابەگی بۆکان،٣. گوندێکە لە نزیک کێوی تەرەغە، سەر بە بۆکان: (باخچەیە سەرپەتی چواردیوارە/ پاشبڵاغە و قەرەڵی و نۆبارە) «بۆکوردستان»،٤. گوندێکە لە نزیک سەنگاو،٥. شارێکی باکووری کوردستانە،٦. ناوە بۆ کچان.
**باخچەدار**: خودان باخچە: (بەڵام لای ئێمە نرخی ئەو شتانەمان لە قاسەی پڕ و تالاری باخچەدار بەنرخترە) «مامەیارە».
**باخچەڤان**: باخچەوان: (باخچەڤان ژ باخێ گولان سل ببت چ بکەم ئەز) «سندی».
**باخچەمریەم**: باخچەمەریەم: (تووی گەلێن، سرنچکی زەنان، پەنیری باخچەمریەم، ماستی سنجاوی) «ڕشتەی مرواری».
**باخچەمەریەم**: دێیەکە لە دێکۆی قورووچای ناوچەی قوروە.
**باخچەمەشە**: گوندێکە لای ساینقەڵا: (تیپ کەیخوسرەوبەو لە باخچەمەشە) «ئاوێنەیبێگەرد».
**باخچەوان**: باغچەوان، باخچەڤان.
**باخچەوقەتار**: جی ئێلاخ و قشلاخ ئێل سنجاوی ک ئێرە بەشێگ لە هەریمی کوردستان عەراقە.
**باخچەیبەهی**: گوندێکە سەر بە شاری بۆکان.
**باخچەیبەی**: ١. باغی بەهێ،٢. بریتی لە سینگ و مەمکی یار: (هەرکەس وە ئەقباڵ وە پێشانی خوەی/ وە ئاسان مەکەی سەیر باخچەی بەی) «خانمەنسوور».
**باخچەیساوایان**: ١. باخچەی منداڵان،٢. قوتابخانەی ساوایان: (لە باخچەی ساوایانم/ وەک گوڵ ناسک و جوانم) «ع.ح.ڕ. بەرزنجی».
**باخچەیگچکە**: گوندێکە لە خۆرهەڵاتی هەولێر.
**باخچەیگوڵان**: گوڵستان، گوڵزار.
**باخچەیگەورە**: گوندێکە لە خۆرهەڵاتی هەولێر.
**باخچەیگیانلەبەران**: باخچەی ئاژەڵان، باغی وەحش: (کابرا کوتی: لەم وڵاتە شوێنێک هەیە پێی ئەڵێن باخچەی گیانلەبەران) «ڕشتەیمرواری».
**باخچەییاڵتەمر**: گوندێکە سەر بە شار بۆکان.
**باخچەیمنداڵان**: سەلیلانک، باخچەی ساوایان: (وەک پڕیشکی ڕەژووی زۆڵەک لە دەوری قرچەیان دێ/ وەک باخچەی منالان هەمیشە وا بزەیان دێ) «حەمەجەزا».
**باخخواری**: گوندێکە لای ساینقەڵا.
**باخدا**: باخدار، خاوەنباخ.
**باخدار**: خودان باخ، باغەوان.
**باخدارای**: ئاوەدانی باخ.

**باخداره**: باخدار بۆ مێ.
**باخداری**: باغداری، کاری باغدار.
**باخڕ**: ڕاگەیێن، پێڕاگەیێن، وەڵامدەر.
**باخرز**: شارێکی گچکەیە لە ناو وولاتی (خەزرا)دا لە ژووری شاری هەسکیفییە.
**باخڕن**: کەسێ بەری باخ دەڕنێ.
**باخڕنە**: کەسێ باخ دەڕنێ.
**باخڕنیا**: باخبڕاو.
**باخڕنیای**: باخڕنران.
**باخڕنیەی**: باخڕنین.
**باخڕنیێ**: باخبڕاو.
**باخستن**: باکەوتن، نەمانی با، نەهاتنی با: (بایەکەی خست ئیتر شەنمان بۆ ناکرێ).
**باخسەرێ**: گوندێکە لای ساینقەڵا.
**باخش**: بەخشین، عەفوو.
**باخشا**: ناو زونەی ئەیوان بووە.
**باخشاندن**: لێخۆشبوون.
**باخشی**: گوندێکە لای دەربەندیخان.
**باخشیرین**: یەکێکە لە ئاوازەکانی باربود.
**باخڤان**: ١. باغڤان، باخەوان، باغەوان: (باخەوان لە وەخت مێوەدا کەڕە!) «پەند»،٢. ناوی کوڕانە.
**باخکوو**: مەڵوەنێگە لە قەسر شیرین.
**باخل**: باخەڵ، باغەڵ، بنچنگ: (سەرێ کەچەڵان د کەفتە باخلا کەردەن زەران) «پەند».
**باخڵە**: ١. توربێن، تۆمدان، توودان، تۆمەدان، خەزانە، دووکانی شەتڵ،٢. توربێن، تۆمەدانی جووتیار، دەفرێکە تۆوی تێدا دەبرێ بۆ سەر وەردان بۆ وەشاندن،٣. قووڵکەی دەوری نەمام بۆ ئاودان،٤. باخچە، باخی بیچک،٤. دێیەکە لە دێکۆی بێڵەوار بەشی ناوچەی کامیاران.
**باخلیف**: گوندێکە لە دەڤەری شەنگال.

**باخم**: باخۆی من،خودایێ من: (هەی باخم باخم باخم، گەردێ سۆلێ دەباخم/ ڕۆژێ سێجار نەتبینم، نە مردیمە نە ساخم) «تاهرمفر».
**باخن**: کونەبا، جێی با لێهاتن.
**باخنان**: باغنان، چەقاندنی داری بەر.
**باخۆ**: ١. باخۆی، خودێ، خودا،٢. خودان، ساحەب: (ئەڤ پەندە خاسسە شیرەتە/ شەرتێ غولامان خزمەتە/ باخۆ نەبینن زەحمەتە/ حەقێ ئینساف و مروەتێ) «فەقێ تەیران».
**باخوا**: دیندار، پیاوخاس.
**باخواردن**: ١. پێچخواردن، گشتبوون، لوولدران،٢. هەڵخستنی جلی شۆردراو.
**باخوارن**: باخوران، شتی بدرێتە بەر هەوا.
**باخوباخات**: باخی زۆر لە نزیک هەڤ: (بە پەنای دۆڵەکە تا سەری بەندەن باخ و باخات بوو) «پێکەنینی گەدا».
**باخوبێستان**: باخ و گوڵزار.
**باخودا**: ئەوەی لەگەڵ خودا بێ: (لەم بەحری فیتنە بەڵکی نەجاتت بدا خودا/ داوێنی باخودا بگرە، بەردە ناخودا) «مەحوی».
**باخوڕ**: خودا، خودێ: (ڕەمز و سڕان ڤێکڕا دکی/ حەمیان ڤ باخوڕا دکی) «فەقێ تەیران».
**باخۆر**: ١. بابوێر، بادرز، باخوەر، کەلێنی بچووک بۆ با هاتن،٢. بادراو، با خواردوو.
**باخورمەکۆنە**: دێکۆن بووە لای کامیاران، ئێستا کێڵگەیە.
**باخوڕمیسەرێ**: گوندێکە لە دێکۆی سورسور بەشی ناوچەی کامیاران.
**باخورنیف**: گوندێکە لای دهۆک.
**باخۆرە**: بادخۆرە، مەلێکی تیژباڵ و بیچکە.
**باخۆری**: بە باخدا بەرەو ژوور.
**باخۆش**: ١. بەهێز، خورت، باوخۆش، خۆش:

(تـازە دەهـات بـاخۆش ببـێ، زۆر کەڵەگەت نەبوو) «خاک و چەوسانەوە»، ٢. خورتتر، یاوتر، بڵندبالاتر لە کایەدا.
**باخۆشتر**: باوخۆشتر، مەزنتر، ساختر.
**باخوشــــە**: باخۆشــە، داریــکە دۆکولیــو و هەریسەی پێ تێکەڵ دەدەن.
**باخۆشە**: باخوشە.
**باخۆشی**: باوخۆشی، بەهێزی، زلتری.
**باخون**: باگر، جێی باگیر.
**باخواردن**: پێچ خواردن.
**باخووە**: ١. بدوێ، قسەبکە، بێژە ٢. سـەرۆک، سەرکردە.
**باخوور**: ماوە، ماودا، دەرفەت، هەل.
**باخوە**: ١. باخووە، باخڤە، بدوێ،٢. سـەرۆک، گەورە، میر: (زین گازی کر و ل باخوە دانـی/ ئەو پەردە ژ سـەر سـرێ هلانـی) «خـانی»،٣. خودا، خودێ: (حەق تنێ دا من غەریبـێ، لـێ شوکور باخوەی وەدایە) «جزیری».
**باخوەر**: باخۆر، کونەبا، بەین، ماوش، مەودا.
**باخوەی**: باخوێ.
**باخوی**: باخوێ.
**بـاخوێ**: ١. بـاخوەی، خـودا، خـوا، خـودێ: (میحـنەت و جەورا حەبیبـێ، قەهـر و ئـازار رەقیبێ/ حەق تنێ دا من غەریبێ لـێ شـوکور بـاخوەی وەدایە) «جزیـری» ٢. خاوەنـدار، سـاحێبدار: (بەنـدەیێ بـاخوێ ب ڤێـت دێ مەیلی سیم و زەر نەکت/ دا عەتایا پادشـاهان بێ حەد و ئەژمار بـت) «جزیـری» ٣. رەفیـق، دۆس، هەڤال.
**بـاخوییخوە**: خـودای خـۆی: (سـەنعانییان شەیخەک هەبوو/ ئەو عاشـقێ بـاخوییێ خـوە بوو) «فەقێ تەیران».
**باخە**: ١. باقە، باغە، گیا یا دەغڵـی بەسـراو بە باغەبێن: (گشتی شووشەی زێڕ و زیـوە، بـاخە بــاخەی گەنــم و جــۆ/ تــۆ، بەهەشــتی ئەم جیهانەی بێگەزاف و بێدرۆ) «قانع»،٢. باخەی تــووڵ و دار: (بــاخەیەک تــووڵ تەواو بــووە، حەمە ئــــاخ و ئــــۆفی لێوەنــــایە) «هەزار ئەشکەوت»،٣. دەنگکەوتوو، دەنگنووسـاو ٤. جۆرێ نەخۆشی سمی یەکسم ٥. باغە، جۆرێ مووروەوە بۆ تەزبێح دەبێ ٦. کوسـی، کیسـەڵ: (بەو دەننی فوراتە کە دەکـا پەششـە بە عەنقـا/ نەک لەو خــومی نــیلە، کە دەکــا بــاخە بە تیمساح) «نالی».
**باخەبــان**: بـاخەوان، باخڤـان: (گەر وەسـفی گەنجی ڕووی ببیــێ جـارێ بـاخەوان/ وێـران ئەکــــا چەمەن بە هەمــــوو دار و بەردەوە) «بێخود».
**باخەبەر**: ئاگادار، بەئاگا: (من مەتـاعم جـاوە، چاوم! باخەبەر بێ موشتەری/ تا غەزەل سەودا نەکا لای تاجری چیتی بەقەم) «نالی».
**باخەبەرکردن**: ١. ئاگادار کردن، پێڕاگەیانـدن: (بێدار نەبوو فیتنەیی ئەو نێرگسـی جـادووت/ ئاهی سەحەری ئـێمە، دڵـی بـاخەبەری کـرد) «ئەدەب»،٢. بێدارکردنەوە، هەستاندن: (چـاوت ئەستێرەی شوانان، هۆ لەیلی/ هەڵـدێ هەمـوو بەیانان، هۆ لەیلی/ دەدا لە کوچە و کۆڵان، هۆ لەیلی/ بـاخەبەر دەکـا نـازداران، هـۆ لەیلـی) «حەسەن زیرەک».
**باخەبەرە**: باخەبەر بۆ مێ.
**باخەبەری**: ئاگاداری، بەئاگایی.
**باخەبێن**: باقەبێن، باقەبەست، باقەبەس.
**باخەخواز**: سواڵکەری باغەی گەنم و جۆ.
**باخەخوازی**: سواڵکەری، گەدایی باخەی گەنم و جۆ: (عەبە لە سەرەتاوە دوو سێ گوێدرێژی بــوو، بـاخەخوازی و سـەر خەرمـان دەگەڕا)

«هەزار ئەشکەوت».
**باخەرە**: بە باخدا بەرەوخوار.
**باخەفتن**: ١. باکەوتن، باخستن،٢. بریتی لە لەبەین چوونی دەماربەرزی.
**باخەکاش**: باخەکانیش، باغەکانیش: (تەوری دەسی دەور باخەکاش بریەن) «م.ح. دزلی».
**باخەکڵە**: باخچە، باخی بیچک.
**باخەکۆن**: دێیەکە لە هەورامانی بەشی هەریمی کوردستان جێی ژیانی شێخ حیسامەددین بووە: (تەم و بوخارەن نەسەر باخەکۆن) «م.ح. دزلی».
**باخەکۆنەنە**: بە باخەکۆندا.
**باخەکۆنی**: ××
**باخەکۆنیە**: ××
**باخەگردەڵە**: گوندێکە لە نزیک سەنگاو.
**باخەگوڵ**: گوڵ و گوڵزار: (باخەگوڵ بوو دەورووبەری) «ڕاوچی».
**باخەل**: ١. دەرباخەڵ، باخەڵ، باغەڵ، بەخەڵ، باشیل، بەر، بەرۆک، پاخل، پزی، پزیی، بن چنگ، نێوانی سنگ و کراس: (من فەقیم و غەیری سیپارەم لە باخەڵیدا نییە/ ئەو کەسەی ساحیب قرانە ئیددیعای غازی دەکا) «حاجی قادر»،٢. باوەش، ئامێز، هەمبێز،٣. گیرفان، گیفان: (سوڵتان مەحموود بە قوربانی ئەو دراوەی بێ لە باخەڵم دایە) «میرزا».
**باخەڵ**: باخەل.
**باخەڵبڕ**: گیرفانبڕ.
**باخەڵبڕیا**: گیرفانبڕاو.
**باخەڵبڕیای**: گیرفان بڕان.
**باخەڵبڕیەی**: گیرفان بڕین.
**باخەڵبڕیێ**: گیرفانبڕاو.
**باخەلە**: باخەل، گیرفان.
**باخەڵە**: ١. بنهەنگڵ،٢. باخەڵ،٣. گیرفان.

**باخەلەدرۆزنی**: گیرفانێکی بیچکە لە دیوی ناوەوەی چۆغە لە ژێر باڵدا.
**باخەنە**: لە باخدا.
**باخەوان**: ١. ڕەزوان، باغەوان، باخڤان، هۆلکڤان، دارکولی: (لەو گوڵشەنی جەماڵە، کە خۆم باخەوانی بووم/ باعیس چ بوو، کە بووم لە دەرکی بەدەر، بەدەرا!؟) «ئەدەب»،٢. ناوی گۆرانییەکە: (مندال بووم بچووک، نەفام و نەزان/ لە چۆمی یاران بوومە باخەوان) «ع. مەردان»،٣. ناوی پیاوانە.
**باخەوانە**: باخەوان بۆ مێ.
**باخەوانی**: ڕەزەڤانی، باغەوانی، وە دیار باخەو بوون: (لە سەر سەپانی، گوخلەوانی، میراوی، گزیری، شوانی، قەلەوانی، سەگەوانی، نۆکەری، سەرکاری، باخەوانی، تووتنەوانی ئاغا، هەر پاڵەپەستۆی ڕەش وڕووتان بوو) «ڕاوچی».
**باخەهەنار**: گوندێکە لای مەیدان.
**باخی**: ١. باغ، باخ،٢. هەرچی لە باخدا پێبگا، ٣. گوندێکە لای پێنجوین.
**باخێ**: فەلان بە گەورەی خۆیان دەڵێن.
**باخیان**: ناوی گوندێکە لە هەریمی کوردستان: (کابرایەک خەڵکی دێی باخیان ناوی حەسەن مەنگوڕی بوو) «ڕشتەی مرواری».
**باخیانی**: خەڵکی دێی باخیان: (ڕۆژێک پیاوێکی باخیانی ئەچێتە دێی قەرەنگوێ) «ڕشتەی مرواری».
**باخی ئیرەم**: ئێرەم، باغی بەهەشت: (گەرچی زستانە بەفر داپۆشی ئەورۆ گشت وڵات/ خاکی پاکی ئێمە خەملیوە وەکوو باخی ئیرەم) «هێمن».
**باخی حاجی مەحمود**: دێ کۆن بووە لای سنە،

ئێستا مووچەیە و دەکێڵدرێ.
**باخیر**: وڵامدەر، ڕاگەیەن، ڕاگەیێنەر، ئاگادەر.
**باخیرە**: باغیرە، کرێوە، باکرۆفە، بادەڤ، باگەڕ.
**باخێری**: گوندێکە لای باکووری قەسرۆک.
**باخیساوا**: باغی تازە نێژراو: (یاری من هەر کەژاڵە، چاوی کاڵە/ سوورە گوڵی باخی ساوا) «حەسەن زیرەک».
**باخیسەروو**: گوندێکە لای سلێمانی.
**باخیسێووبەی**: بریتی لە مەمک و سینە و بەرۆکی ئافرەت: (گوتی پێم دوکتورم: دەردت گرانە/ مەگەر جێگەت لە باخی سێو و بەی بێ) «ڕاوچی».
**باخیشا**: باغێک بووە لە تاران تایبەت بە بنەماڵەی محەمەد ڕەزا شا: (لە تاران بارزانی و هەڤاڵانی لە یانەی سەربازگەی فیرقەی یەک لە ناوەندی باغی شا حەوانـدرانەوە) «لەمهاباد بۆئاراس».
**باخیشێخ**: باخی شێخ مەحمموودی نەمر: (زەمانێ بوو کە باخی شێخ وەکوو باخی موعەللەق بوو) «ف. بێکەس».
**باخیشێخان**: ١. گوندێکە بووە لای سەقز،٢. ناوی باغێکە لە دیوی ئینچکەی بوغدەکەندی و نزیک شقۆیف.
**باخێوی**: باژۆی، لێخوڕی.
**باخیە**: باخی، شتی لە باخ پێگەیشتوو.
**باد**: ١. با، پێچ، لۆ: (دەسماڵەکەی دوو بادە/ ماڵە بابم سەیزادە) «فۆلکلۆر» (دام دوو بادەی سەیاد قاتڵ/ نەپێچیای نە دەور پای شکستەی دڵ) «مەولەوی»٢. با، هەوا، ڤا، وا، باگ: (شنەی بادی بەهاری هاتەوە، خۆشی لە تۆ بولبول!/ بە شایی هاتی گوڵ کۆکی کە، سازی چەهچەهە و غولغول) «مەحوی»،٣. با، فیز، هەوا، دەعیە ٤. هیچ، چوونە، مەدحۆ، بڕک ٥. فڕکێلی، پڕبێژی، حەنەکبازی ٦. تڕ، تس: (ڕەنگی کەر، دەنگی بەقەر، هەیئەتی دەڵ، خووی چەقەڵ/ چاوی کوێر، مەخزەنی کێر، مەقعەدەی پڕ بادی هەیە) «شێخ ڕەزا» ٧. ببێ، بوێ،٨. ناوی فریشتەیەکی جۆتکران (زەماوەن)ە، ٩. بریتی لە تیژتێپەڕ: (شادی و ناشادی موویەران چوون باد) «بێسارانی».
**بادا**: ١. ببێ، بوێ،٢. با: (بادا وە گڵکۆم خاکی نۆ نەبۆ/ با یەکجار کۆنەی سەد ساڵ کۆنە بۆ) «بێسارانی».
**باداد**: حەقە، ئەهلی حەقییە، ئەهلی عەدالەتێ.
**بادار**: ١. خواردنێ کە پیاو بای پێ دەکات وەک پیواز،٢. ڕوماتیسم، نەخۆشی باداری ٣. وادار، ڤادار، واووڵ، باوی، کەسی گیرۆدەی نەخۆشی باداری ٤. هەوادار، بادیهەوا، بەدەعیە، خۆ بە زلزان ٥. باهێن، باهێنە.
**بادارۆک**: ١. قوماشێکی کونکون و تۆڕیە ٢. گوڵەسەر، جۆرە قردێلەیەکە لە سەری منداڵان دەدرێ.
**باداری**: ١. جمگەئێشە، بەنگەئێشە، دەرد جومگە، ڕۆماتیسم، واداری، نەخۆشییەکی چۆک و سەرشان و پشتی مرۆڤە، بایی، وینک، وینک و پا: (ئەڵێن بنێشتەتاڵە و زاخ تێکەڵاو بکرێن بۆ باداری باشە) «ڕشتەیمرواری»٢. بێوەسیری، مایەسیری، باوەسیر، بەواسی.
**بادارێتی**: باری باداری.
**باداریی**: باداری، ڕۆماتیزم، ئێش و دەردێکە لە جومگە و بەند و ماسوولکەی دەس و لاق پەیدا دەبێ.
**باداک**: ١. گەشەی دار، هەڵچوونی دار ٢. پیچک، بادەک، ئالۆک، ئالۆنەک، گیایەک کە بە دار و درەختدا هەڵدەگەڕێ: (دار کە باداک

خۆ لە باڵای دەهاڵێنێ/ ترس ڕەنگی گەشی هەڵدەبزرکێنێ) «گەردیگلانی».

**بادام**: ١. باڤی، بەهیڤ، بەهێڤ، باهیف، باهیر، بایم، بایەو، بایام، بادەم، باوی، باوام، وادام، وایدام، وامی، بام، پیام، چواله، چەقاله، چەقیله، لرز، قەوارۆک، دەیندک: (داری سێو و هەڵووژە و بێ/ قەیسی و خۆخ، بادام و هەرمێ) «بۆکوردستان»،٢. بریتی لە دەم و زاری بچووکی یارە کە واسە بادام: (چاوەکەت: جامی شەراب و ماچی لەب: بادام و قەند/ جامەکەت دا، یەک مەزەش لەو: گوڵشەکەر بادامەکەت) «ئەدەب»،٣. بریتی لە چاوی وەک بادام: (زەخمی لە دڵم کارییە، گەر تیری نیگاهت/ سەد شوکر بە زەخمی مە، دوو بادامتە مەرهەم) «ئەدەب»،٤. تافتەیی فەردی بادام، جۆرێ قوماشە: (پۆشیدە لەبەر مەعجەری دیبای سیەهفام/ لەو تافتەیی فەردە، کە مەشهوورە بە بادام/ ...) «ئەدەب»،٥. گوندێکە سەر بە مەهاباد لای گردەڕەش،٦. ناوە بۆ کچان.

**بادامئەرزی**: گێزەرە مشکانە.

**بادامچە**: چواله، چوالەبایام، چەقالەبادام، فەریکەباوی.

**بادامزەمینی**: بادامزەوینی، بەهێڤەشامی، وەنەشامی، زرفستەق، گێزەرەمشکانە، پستەزەمینی، بەری دارێکە دەخورێ.

**بادامستان**: کێوێکە لای بیجاڕ.

**بادامەتاڵە**: بایەمەتاڵە، چوالەتاڵە، بەهێڤەتەحلە، بادامی تاڵ، هەرجن، شرت، بایەمەکەتانی، بەر یا داری بادامەتاڵە.

**بادامی**: ١. بایامی، هەر شتێ لە چەشنی بادام بێ،٢. ئەو شتەی بادامی تێکەڵ کراوە: (باقلاوەی بادامی)،٣. جۆرێ نوقڵە: (کابرا بە پاشا ئەڵێ: بەخوا دانێ کە نوقڵی بادامی پێ نەخورێ ئەشێ گوی تێکەی!) «ڕشتەی مرواری»،٤. چاوی بادامی: (بە حیرەت لەو گوڵئەندامەم کە وا بادامییە چاوی/ دڵی نازک وەکوو گوڵ، هەم ڕەقە وەک تویکڵی بادام) «مەحوی».

**بادامی تاڵ**: شرت، بادامێکە ڕۆنی لێدەگرن.

**بادامێر**: بارووشە، پەنکە.

**بادامیسیەه**: ١. بادامی ڕەش،٢. بریتی لە چاوی ڕەش: (بادامێ سیەه و چەشمێ شەهلا/ نار و بێه و سێڤ و شاخێ بالا) «خانی».

**بادامی شین**: گولهە.

**بادامی کاغەزی**: پستە بەهێڤ، بادامی توێخڵ ناسک.

**بادامی کێوی**: بادامەکێویلە، باویەتاڵە، چووالەتاڵە، چەقالە، چووالەشیکە، بایەف، کاڵەشین، شەواڵشینک.

**بادامیی**: بادامی.

**بادان**: ١. سوڕدان، سوڕاندن: (کە دەستی ڕۆژگار بایدا سەری من/ سەری شووشەی شەڕاب وا چاکە بادەم) «هێمن»،٢. ڕستن، کرژکردن، هلچناندن(خوری) ٣. لولدان: (نافەی گوڵی عەیان بوو، عەتری بە دەم سەبا دا/ باریک و لووس و ناسک، دوو زولفی خاوی با دا) «وەفایی»،٤. با لێ دەرچوون: (هەنبانەکە با ئەدا) ٥. خرمان هەڵاویشتن، شەنکردن، بە باکرنی گەنم و شتیوا،٦. بریتی لە بەڵا بەسەر هێنان: (کە دەستی ڕۆژگار بایدا سەری من/ سەری شووشەی شەراب وا چاکە بادەم) «هێمن»،٧. بزواندن، جووڵاندن: (خاکت وە تر و تیتۆڵان/ بای دەدا لە ڕندۆڵان) «موکریان»،٨. بریتی لە بانگهێشتن کران و خواردن: (ئەورۆ بادانە)،٩. سووڕاندن و

پێچدانی بەشێ لە ئەندام بۆ ناز و پۆز و لەنجە: (چاو ئەو بەر و سمتەی چۆن با دەدا)،١٠. پێچانەوەی نان، کردنە بابۆڵە: (هەموو جار چوارده یاپراخ و دوو جووت نانی قەوی/ بای دەدا و لوولی دەدا، قووتی دەدا میسلی دەواب) «سالم»،١١. بادە، مەی: (هەناوم وشکە، زۆنگم کا بە بادان/ خەلاسم کا لە ژەنگی، خۆ بە بادان) «ڕاوچی»، ١٢. بریتی لە پەشیمان کردنەوە×: (ڕووت و قووتی بای نەداوم، دوژمنی بادانەوە) «ڕاوچی»،١٣. بریتی لە خۆ لێ‌گۆڕان: (دیرهەم و دینار بای نەداوی) «شەوارە»،١٤. گوندێکە لای دێرالوک.

**بادانەوە**: ١. گەڕانەوە، وەرسوڕانەوە، وادانەوە، بانین، چۆپکردنەوە، زڤڕین، ڤەگەڕان، وەگەڕیان: (کەوتە فیڵ و بادانەوان/ پاشەکشێ و گەڕانەوان) «ڕاوچی» ٢. لە سووچی کێف یا دیوار بوورین ٣. پەشیمان بوونەوە، پاشگەز بوونەوە: (عێل و عەشیرە کوردەکانی سەر بەم دەوڵەتە بایان داوە و ڕەگەڵ ڕۆمییەکان کەوتن) «توحفە» ٤. ڕستنەوە، بادانی دو ڕیس و کردنی بە هەودایەک ٥. داگیرانەوە، لێواری پارچەیەکی خڕ کە با دەدرێ و لوول دەکرێ و دەدروێ،٦. کەوانە کردنی گوللە: (گوللە وە دیوار کەوت و بای داوە).

**بادانەوەسەر**: ١. واز هێنان لە کارێک و گەڕانەوە سەری: (کەریم لە نەجاری بای داوەتەوە سەر ئاسنگەری)،٢. بۆ لا گەڕانەوە: (هەر با دەداتەوە سەر ئەوێ ماڵە حاجی برایم ئاغای بە حیللەیە) «گەنجی سەربەمۆر».

**باداوان**: گوندێکە لای دوکان.

**باداوە**: ١. بادەوە، کرێوە، باکوت، تۆف، تۆفان ٢. گوندێکە لای قەڵادزێ.

**باداوەپێچ**: باداوە، بادەوە: (کلیلەی بەفری چیا و ئاسۆ و هەرد/ باداوەپێچ و گێژەڵووکەی دەرد) «پیرەمێرد».

**باداوەر**: ١. باهێناو، شتێ با لەگەڵ خۆی بێنێ: (کە با بۆنی کانی‌با بێنێ، لەلام وایە/ تەڵای کەیخوسرەوی، وەک گەنجی باداوەر هەمووی بایە) «پیرەمێرد»،٢. ماڵی بێ ڕەنج و کوێرەوەری هاتبنە دەس: (باڵات ببینم چون داری هەنار/ گەنجی باداوەر، تەڵای دەستەوشار/ با بحەسێتەوە فەقیر و هەژار) «بارام‌وگوڵندام».

**باداوێ**: گوندێکە لای چوارتا.

**بادایی**: بادراو، باخواردو، باهەڵدراو، گرژبوو، ڕێسراو(ڕیس).

**بادئاوەر**: ١. باداوەر،٢. باهاوردە، یەکێ لە هەشت خەزێنەی خوسرەوپەرویز بووە، گوایە شەڕێک نێوان ئێران و قەیسەری ڕۆم رووی داوە، قەیسەر گەمییەکی پڕ لە زێڕ و گەوهەر ڕەوانەی جزیرەیەکی ئەمین دەکات، لەپڕ گێژەڵووکەیەک دێ و گەمی دەکەوێتە دەس لەشکری خوسرەوپەرویز و هەڵیگرت بۆ خۆی و ناوی لێنا بادئاوردە.

**بادباران**: با و باران، بارانی بە باوە: (جیرانان ج خەوف تازی‌سواران/ ئامان وە هەم‌دا چون باد باران) «ئاوێنەی بێگەرد».

**بادبان**: بایەوان، پەردەی سەر گەمی بۆ ئاژۆتن و بەڕێوەبردنی.

**بادبێز**: ئەونە تیژڕەو کە باد ببێزرێنێ: (نە سەرکارش‌دا ئەسپێ بادبێزەن/ چونکە شەوڕەنگەن، نامش شەودێزەن) «خانای قوبادی».

**بادپا**: تیژڕەو، ئەوەندە تیژ ئەڕوا پێی وەک با وایە: (سوار بی وە ڕەخش بادپای پڕ هونەر/

نه مولک موغان به دەو کەرد گوزەر) «خانای قوبادی».
**بادخام**: باد لەش، جۆرێ نەخۆشییە.
**بادخۆره**: باخۆره، مەلێکی گچکەیە.
**بادران**: ١. خولدران، سوڕدران ٢. ڕێسران، هلچنران، کرژبوون(بەن).
**بادراو**: ١. پێچدراو، خولدریاگ: (بادراوی داوی تاسەم/ بنج و بەرهەمی هەناسەم) «ڕاوچی»٢. ڕێسراو، بادریاگ، بەباف، وادراو، کشت بادراو.
**بادتڕەنجنا**: بایەکەت ڕەنجاند: (بادت ڕەنجنا تۆ بەبێ گونا) «بێسارانی».
**بادرخان**: جۆره گیایەکە.
**بادرز**: ١. باخۆر، بابوێر، بادەڵێن، کونەبا، کەلێنی هاتنی با ٢. درز، قەڵەشی زۆر باریک لە چتێ.
**بادرو**: ١. پۆپەکەڵەشێره، گوڵعاشقان، گوڵەمەخموور، گوڵبادروو، سەوڵ، سواو، سوارۆک، باقلەک، ڕوەکێکی زۆر جوانە ٢. پۆپەی کەڵەشێر.
**بادرۆخ**: بادەڵێن، بابوێر.
**بادروو**: پۆپەی کەڵەشێر.
**بادرەنگ**: بادرەنگبوویە، شاڕێحان، فاتمەداروباخی، بارۆنە، باروونە، باڵنگ، باڵنگو، گیایەکی بۆنخۆشە بە پەنیرەوە دەخورێ و بۆ دەرمان دەشێ.
**بادڕەنگبوو**: بادرەشکبۆ، بادرەنجبۆ، بادرەنگبۆ، گیایەکە جۆرێ ئارەقی لێدەگیرێ.
**بادرەنگبوویە**: بادرەنگ.
**بادرەوش**: بادرز، کونای بابوێر.
**بادرەوشە**: باوەشێن، باڕووشە: (سیای سورمەی خەت نە دیدەم شانا/ بادرەوشەی وەرەق خەمان ڕفانا) «مەولەوی».

**بادریاگ**: ڕێسراو، تاودریاگ، بادراو.
**بادرێزە**: باڕێزە، باوەرێن، بەری وەریوی داری بەر بە با.
**بادرێسە**: باڕێسە.
**بادشەماڵ**: شەماڵ، بایەکی گەرمە لە لای باشوورەوە دێ، لە ناوەڕاستی زستان هەڵدەکا و بەفر و شەختە ڕادەماڵێ، لە گەرمای هاویندا بۆ پێگەیاندنی تەڕاکاڵ زۆر بە کەڵکە.
**بادفرۆش**: بافرۆش، کەسێ قسەی وەک با بێجێیە: (مەخمووره و بادەنوش و سەرخوەش/ لەو بادفروشە و موشەووەش) «خانی».
**بادک**: خێڵێکی کوردانە لە ژووری خەزرایە، لە ژوری وڵاتی بۆتانە، گەلێ جاران پارس دەرۆزەی دەکەن.
**بادکمن**: جوورێ مارە.
**بادکێش**: باکەش، کەڵەشاخ.
**بادگژە**: گەردەلوول، باگژە.
**بادگلان**: باجەلان، بەشێگە لە هۆزی گەورەی باجەلان، لە وشەی بادگلانەوە هاتووە، واتا ئەوانەی خانوو لە قوڕ دەکەن یا نیشتەجێی خانووە قوڕەکانن.
**بادگیر**: ١. بادگیرە، بابڕ، ئەوەی پێش بە با بگرێ ٢. باکێش، جۆره موغەیرێکە لە ساردەویدا لە هێندێک کۆشکدا دروس دەکرێ بۆ باکێشی هاوینان.
**بادگیرە**: بادگیر.
**بادڵ**: ناوە بۆ کچان.
**بادلا**: ئێلێکی کوردانن ئاکنجی لە ژوری خەزرایە.
**بادڵان**: گوندێکە سەر بە هەرێمی گەرمک، لە قەزای پێنجوێن، کە جێی لەدایک بوونی شاعیر نارییە.

**بادلەش**: بادخام.
**بادلهەوا**: بادیهەوا، باد ب هەوا.
**بادلیان**: ١. گوندێکە لای سۆران،٢. گوندێکە لای قەلادزێ: (دەرێی هەناری بادلیانی رۆژەک ل بەر رێیە، رۆژەک ل شت بێیە) «پەند».
**بادمان**: جۆرە عەیارێکە بۆ پێوان.
**بادمجان**: تەماتە، باجان.
**بادمجانسیە**: باینجانی رەش.
**بادمراد**: بای هیوا، بادی ئارەزوو: (تا باد مراد نە پێوارەوە/ کەی بدۆت، ئاخر ئەو کەنارەوە) «مەولەوی».
**بادمیل**: گوندێکە لای خانەقین.
**بادنجان**: تەماتە، باجان.
**بادنە**: گوندێکە لای پێنجوێن.
**بادوریش**: بەهادورییەکەی، گەورەییەکەی.
**بادۆش**: شارێکە سەر بە پارێزگای کەرکووک.
**بادۆک**: ١. پێچ، جەڕ، بورغی،٢. بادەک، پیچ بادۆک، پەرگارا با دان، پێچکوشتی، پیچگوشی.
**بادوە**: گەردەلوول، بادەوە.
**بادە**: ١. مەی، شەراب، ئارەق: (شەو دەبێ بادەی لە دەست ساقییەک وەرگرتبێ/ ئەم سبەینێیە لە مەشریق دێتەدەر مەستانە رۆژ) «مەحوی» ٢. پیاڵە، پەیمانە، شووشە، بادە شیشە، دەفری تراو خواردن،٣. بای دە، بای هەڵدە: (دە داوی پەردە بادە، بادە با بێ/ تراو و تفت و تاڵ و سادە با بێ) «ڕاوچی»، (وەرە ساقی بە کوڵ بێنە دڵی کەیلم بە هۆی بادە/ بە جامێ مەی خەلاتم کە و سەری تونگەم لە بۆ بادە/ شەرابی ئاڵی یاقووتی بدە دەستم فەلک بادە/ تەپوتۆزی خەیالات و خەفەتباریم وەبەر با دە) «حەسەن سەلاح سۆران»،٤. بێهوودە، لەخۆڕا: (تورنایا سنێ بادە نەدگۆت، وەکی وەلی پلانێ هەر تشتی د چەند سالا پێشدا داڤێژە) «مەستوورە»،٥. ×جۆر، چەشن: (یا حەقیقی یا مەجازیی، عیشق هەر یەک بادەیە/ گەر ئەمیش مەستم، هەر ئەو مەستی غەفاری بلبلم) «ئەدەب». ×٥٨٧ بار؟×
**با دە**: ×× ١٥٣ گۆران×
**بادەبادە**: پیرۆز بێ: (هەی بادە بادە بادە/ یا شا موارەک بادە).
**بادەبان**: بادەوان، پەردەی کەلەک.
**بادەپەرست**: مەیپەرست، مەیخۆر: (لەبڕێژێ بدە ساغەر و بۆم تێکە پەیاپەی/ شەوگاری وەها فرسەتە بۆ بادەپەرستان) «ئەدەب».
**بادەپەیما**: بادەپێو: (دڵم بێهۆش و خوێنبارە لە دووری نێرگسی ساقی/ سوراحی کەوتووە دەگری، دەڵێ کوا بادەپەیماکەم) «وەفایی».
**بادەپێو**: ١. کەسێ بادە دەپێوە،٢. پیاڵەی پێوانەی مەی.
**بادەچی**: بادەگێڕ، مەیفرۆش، مەیگێڕ.
**بادەخواران**: بە بادەخواردنەوە: (موغبەچچەیێن مەیفروش هەر سەحەرێ تێن سەما/ بادەخواران نوشنوش مانە ل دەرێ جەما) «جزیری».
**بادەخۆر**: مەیخۆر: (ساقی و بادەخۆر و موئنیس و عەییار و لەتیف/ زیرەک و عاقڵ و دانا و خواوەندی جەماڵ) «ئەدەب».
**بادەخۆرەوە**: بادەخۆر: (زاهد ئنسافت هەبێ، تۆ چیت لە ڕەندی بادەخۆر/ تۆ و بەهەشت و حور و غلمان، ئەمن و چاوی دولبەرم) «وەفایی».
**بادەخۆریی**: مەیخواردنەوە، بادەنۆشی.
**بادەر**: ١. پێچەر، لولدەر، وادەر، خولدەری شتێ ٢. جەڕبادەر،٣. فێڵباز، فەتلەگێڕ،

حیلەگەر،٤. تەشی‌ڕێس،٥. شتێ کە بای لێ دەرچێ.

**بادەران**: سوار، سوارە، چەکدار×٢٣×: (سوارەی بادەران نەکەن بە تانە/ بەشکەم بیگرن حەمەڕەشی خان بانە) «ئاوێنەی‌بێ‌گەرد».

**بادەرچوون**: ١. بادان، با لێ‌هاتن،٢. تردان، لێ‌بەربوون،٢. بریتییە لە سەر شۆڕکردن و واز لە فیز هێنان.

**بادەرکردن**: ١. دەرکردنی با(خیگە)،٢. بە دەستووری کۆنی کوردەواری چوونە سەر چاک و پیران بۆ چارەسەری نەخۆشی باداریی: (سوڵتان سەید وەقاس بڵێند و باسەفایە/ پیریژنان دەچنە سەری/ بایان دە لاقی دایە) «فۆلکلۆر»،٣. بریتی لە تڕ و تس دان: (ڕازانە بایە بە با دەرکردن/ ڕزگاریت دەبێ لە چنگی مردن) «بۆکوردستان».

**بادەڕەش‌بی**: جۆرێ گیای دەرمانی کە لە ئارەقی ئەم گیایە بۆ بەهێزی دڵ بەهرە وەردەگیرێ.

**بادەڕەشک**: ناقێ گوندێکە.

**بادەرەوە**: گەڕاوە، پاشگەز، پەشیمان، پەژیوان.

**بادەشووشە**: بادە، دەفری ئارەق.

**بادەف**: ١. بابزەن، بارۆشە، بادبزەن، باوەشێن، ٢. بادەفۆک، بادەفاندی، دەزگای با لێدان.

**بادەفاندن**: با لێدان، فوو دان.

**بادەفاندی**: بادەف، بادەفۆک.

**بادەفروش**: بادەفرۆش.

**بادەفرۆش**: مەی‌فرۆش.

**بادەفک**: تیزانگ، پفدانک، میزەڵانی.

**بادەفۆک**: بادەف، دەستگای با لێدان.

**بادەفەر**: بادەف، بادەفۆک، پۆمپی با.

**بادەفی**: باکردە، ماسیوو، هەڵماسیگ.

**بادەفیان**: بادران، فوو تێکران.

**بادەڤ**: باکوزیرک، کرێوە، تۆف، تۆفان، باوە، بادەوە.

**بادەقوش**: بایەقوش، کوندەبوو.

**بادەک**: ١. پێچ‌بادەر، جەڕبادەر، بورغی‌بادەر، پێچ‌کوشتی، مرازی بادانی پێچ و شتی‌وا ٢. پەروەندە، دۆسیە ٣. لولدار، لۆچدار،٤. پیچک، باداک، ئالۆک، ئالۆنەک، گیایەک کە بە دار و درەختدا هەڵدەگەڕێ.

**بادەکەش**: مەی‌نۆش، ئارەق‌وەر: (سێ‌بەسێ نەک یەک تەڵاق دەن بادەکەش با دوختی ڕەز/ تا ئەبەد مەستی دەبەخشێ چاوی مەیگوون عاقیبەت) «سالم».

**بادەگوساری**: بادەخۆری، مەی‌نۆشی: (گاهێ لە گوڵی زاری، بە ئومێدی تەمەتوع/ گەهـ بادەگوساری لەبی لەعلی بە تەجەڕوع/ ...) «ئەدەب».

**بادەگوش**: بادەنۆش: (چاوت لە بەزمی بادەگوشان بێتو عیشوە کا) «سالم».

**بادەگێڕ**: ساقی، مەیگێڕ: (لە کونجێ بێوەژن دەگری و دەناڵێ/ لە کۆشکێ بادەگێڕە چاوکەژاڵێ) «ناڵەی جودایی».

**بادەگێڕی**: مەیگێڕی، ساقی‌گەریتی.

**بادەڵان**: ١. دەسباد، دەستبڵاو، عەبلەخەرج، هەڵەخەرج،٢. گوندێکە لای پێنجوێن: (شێخ جافری عەبابەیلە هەبوو پیاوێکی قسەخۆش، سەعید بەگی بادەڵانیش هەبوو) «ڕشتەی مرواری».

**بادەلیا**: گوندێکە لای بەنداوی مووسڵ.

**بادەلیان**: گوندێکە لە ناوچەی پشدەر.

**بادەلێن**: بابوێر، بادرز، کەلێنی با.

**بادەم**: باهیڤ، بادام.

**بادەنوش**: بادەنۆش: (موغ‌بەچەی ئەی بەزم

جورعەی بادەنۆش/ بەی تەور نۆشا جام جە سەهبای سەرجۆش) «خانای قوبادی».
**بادەنۆش**: ١. مەیخۆر، مەینۆش: (ئەمانەش یا بادەنۆشن/ یا بە تەماشا سەرخۆشن) «گۆران»، ٢. مەست، سەخۆش: (خۆشەویستت هەر لە قەسری عوشرەتا بێ بادەنۆش/ ناحەزت دایم لە بیری حەسرەتا بخوا ئەسەف) «بێخود».
**بادەنوشای**: بادە نۆشین.
**بادەنۆشای**: بادە نۆشین.
**بادەنوشتەی**: مەی نۆشین.
**بادەنۆشە**: بادەنۆش بۆ مێ.
**بادەنۆشی**: مەی‌نۆشی، بادەنۆشین: (حاسڵش نەبوو فەرامۆشیمان/ وادەی بەزم گەرم بادەنۆشیمان) «مەولەوی».
**بادەنوشین**: مەی‌خواردنەوە: (دەبینی جێیەک ئەمرۆ بەزمی عەیش و بادە نوشینە/ سبەینێ زوو زەمانە وەزعی گۆڕیوە، لە نۆ شینە) «مەحوی».
**بادەنۆشیی**: بادەنۆشین: (کە دولبەر بادەنۆشیی کا، ئەبێ من خزمەتی مێو کەم/ بە شەو ئاودێری باخات و بە ڕۆژ دەفعی چڵوچێو کەم) «قانع».
**بادەو**: باد، بەد، دوایی.
**بادەواردەی**: مەی خواردنەوە.
**بادەوام**: دەوامدار، قایم.
**بادەوان**: ١. بایەوان، یەلکەن، یەرکەن، پەردەی گەشتی، بادەوەی گەمی با ئاژۆ،٢. فڕۆنەک، کۆلارە، بەرزەهەوایلە.
**بادەوە**: ١. کڕێوە، باکوت، بادوە، تۆف، بارینی بەفر و با پێکەوە: (شەمی بە گیانی تورجانم، کوژاوی بادەوەی مەرگە/ لە تورجانی بە بێ گیان و لە گیانی بێ ئەوین، چ بکەم) «ڕاوچی» ٢. بادەوان، بایەوانی گەمییە ٣. بەرزەهەوایی، بەرزەهەوایلە، بەرزەحەوایلە، بازی هەوایی، پەڕەچیغ، تەیرۆک، کۆلارەی کاغەزی مناڵان: (بادەوەی بەختی ڕەشم، بەختی بە با داوە بڕۆ) «ڕاوچی»٤. فڕفڕۆک، فڕفڕۆکە، فڕفڕە، کڕک، کەرەستەیەکی کاغەزی بە با هەڵدەسوڕێ ٥. وەگەڕێ، ڤەگەڕێ، بگەڕێوە (ئەمرە).
**بادەوەر**: مەی‌خۆرەوە، مەی‌نۆش.
**بادەوەرگر**: مەی‌نۆش، مەی‌خۆر: (هەر سەحەرگا بە بانگی نەی هەڵسم/ بادەوەرگر لە سادە بم دایم) «سالم».
**بادەوەرە**: مەی‌خۆرەوە بۆ مێ.
**بادەی‌ئەلست**: بادەی خودایی: (چاوبازەی چاومەستە، لەو بادەی ئەلستە/ دەستم بگرە هەستە، تۆ و دین و ئایینت) «وەفایی».
**بادەی‌ناب**: مەیی خاوێن و بێ‌گەرد.
**بادی**: ١. ئاوخۆری، قاپ، بایە، ترار، مەن، ترگال، دەفری ئاوخواردن ٢. فێنجان، دەفری شەراب خواردنەوە: (ئەڤ تلی‌یێن نازک دەقیق، پر دا مە فێنجانا عەقیق/ ئەڤ بادیا نورین ڕەحیق، مێنەت ب من وەهاب دا) «جزیری»،٣. باداری، نەخۆشی ڕۆماتیزم،٤. بایی، فیسو، لەخۆبایی: (دڵە! وە بادەی وەسڵش بادی بی/ دەماخت نە ئەوج برج شادی بی) «مەولەوی»،٥. براوە: (چەنی گەرمیی نەزم بەزم پڕ شادی/ بویاری وە ڕەغم ئەی دنیای بادی) «مەولەوی».
**بادێ**: گوندێکە لای دهۆک.
**بادیان**: بادیانە.
**بادیانە**: رازیان، رازیانە، رازیانج، رازیانی، گیایەکی بۆن‌خۆشە و بۆ دەرمان دەشێ.
**بادیچی**: بادی بچووک.
**بادیچیە**: بادی، بادی بچووک.××
**بادی‌خەزان**: بای پایز، بای گەڵەرێزان:

(ئاسمان زانی سەری سەوزە نیهالی بەختی ئەو/ نازی لێ کرد چاوی بەد وەک ئافەتی بادی خەزان) «سالم».
**بادیسوب**: بای بەیانی: (غەیر جە بادی سوب تافی وەشنەفەس) «بێسارانی».
**بادیسەبا**: ١. سروە، سریوەی بەیانیان: (گوڵ بە دەم بادی سەباوە پێکەنی، یەعنی وەرە/ تۆ لە وەسڵم بۆ بەرە، ئەو بۆیە بولبول شین دەکا) «نالی»،٢. شەماڵ، شنە، بای باکوور، بایەکە لە باکووری خۆرهەڵاتی دەشنێ: (ئەی بادی سەبا من ببە، سوودی نییە نامە/ تەشریحی زەعیفیی من و غەم نایەتە تەحریر) «حاجی قادر».
**بادیسەبایی**: بای بەیانیان: (خێزا بارخانەی بادی سەبایی) «بێسارانی».
**بادیسەحەر**: بای بەیانی: (سۆسەن گوڵێ دیم، بۆش چوون عەنبەر بی/ دەهەن شکەستەی بادی سەحەر بی) «بێسارانی».
**بادێشان**: بایەکیان: (هەر یەند بادێشان مەکەرۆ گوزار) «بێسارانی».
**بادیفەنا**: بای هەدەر، بای لە ناوچوون و فەوتان: (جان و سەرم بە بادی فەنا دا بە خاکی ڕێت/ نەمزانی تا سەرت نییە، ئەی بێبەقا، وەفات) «ئەدەب».
**بادیلە**: جامیلە، جامیلکە، بادی، بادیە، جامی چکۆلە.
**بادیلی**: بادیچە××
**بادین**: ١. زێیەکی گەورەیە لە نێوانی هەولێر و مووسڵدا×: (چۆم دهۆکا داسنا/ شینوارێ سینگ ئاسنا/ ڕەوشا دلێ بادینا/ ناڤ نێرگز و سوسنا) «سندی»٢. بادە، بادیە، کاسە، قاپی ئارەق ڤەخوارن،٣. ناوی نێرینانە.
**بادێن**: گوندێکە لە نزیک قەڵادزێ.

**بادینان**: ١. بەهەدینان، بێهەدینان، باشدینان، هەریمێکی کوردستانە ئەم شارانەی لەخۆ گرتووە: ئاکری، ئامێد، دهۆک، زاخۆ، عەینسفنی: (لاوکبێژەکان نەوەی بادینان/ بە تەمۆرە و دەف، بە چەپڵەڕێزان) «ع. مەردان» ٢. فەرمانڕەوایی ئامێد، کە بە بادینانی بەناوبانگن لە ڕۆژی خۆیدا لە وڵاتی شەمزینانەوە بەرەو ئامێدی هاتوون،٣. سەردەمی میرنشینی بادینان ناوی عەشیرەتێکی میرنشینەکەیە،٤. شێوازی زاری کرمانجی ژووروو،٥. نازناوی هەموو خەڵکی بادینانە: (عەزیز بادینی)،٦. ناوێکی کۆنی ئایینی زەردەشتییە لە بنچینەدا «بەهەدینان»ە، واتە باشترین دینان،٧. ناڤێ مێرانە.
**بادیناوا**: بادینئاوا، ناوی دێیەکە لە ڕۆژهەڵاتی کێوی قەندیل، ئەو چەمەی لەوێوە دەڕوا بە ناوی ویەوە نراوە: (کاروانێک لە خێڵانی مەنگوڕ و مامەش لە ناوچەی پیران «بادینئاوا» دەس بەکار بوو) «لەمەهاباد بۆئاراس».
**بادیناڤا**: گوندێکە لای ئەتریش و شێخان.
**بادیناویێپیران**: گوندێکە لای پیرانشار.
**بادیناویێمەنگوڕ**: گوندێکە لای پیرانشار.
**بادینباڵ**: گوندێکە لای قەڵادزێ.
**بادیندەرێ**: گوندێکە سەر بە مەهاباد.
**بادینەکوێر**: کێوێکی بەرزە لە پشت ماڵی ئامێدی: (بۆخۆم دەبم بە سەرشوان/ ناسکێ دەگرم بە بێری/ تاوڵێکت بۆ هەڵدەدەم/ لە بنەی بادینەکوێری) «فۆلکلۆر».
**بادینەورۆزی**: بای بەهار، واو وەهاری، واو واساری، بای دەمەو نەورۆزی: (ڕۆژتە ئەی بادی بەهاری لە بن بەفری گران/ کانی پێی سڕ بوو، چناریش دەستی چوو، پەنجەی تەزی) «حاجی قادر».

**بـــادینی**: ١. زاراوەی بــادینی: (نە بــادینی نە سۆرانم/ گیانی گەرووی بالۆرانم) «ڕاوچـی»٢. خەڵکـی دەڤەری بادینـان ٣. متـایێ بـادینی،٤. ناوی نێرینانە.

**بادیە**: ١. بـادی، بـابیە، بـایە، زەرک، کاسـەی چێوین یا مسین،٢. بیابـان، دەشـت، وشـکارۆ، وشکانی، سەحرا: (ڕەهرەوی بـادیەیی عیشـق، بە پێی شەوق ئەوەیە/ فیکرەتی ڕاحـیلە ڕێ و ڕاحیلە و زاد نەکا) «ئەدەب».

**بادیهەڤـا**: بـادیهەوا: (بەوەی بـادیهەوایە، ئەو دڵەم بۆی هەڵوەدایە) «حەسەن زیرەک».

**بادیهەڤایی**: بادیهەوایی.

**بادیهەوا**: ١. خۆڕایی، مفت، فیـرۆ، هەرزان، هەروا: (عەنقا نە شکارا کەسە داڤان تو بچـین ڤەر/ داڤـا کـو ل عەنقـا تـو ڤەدی بـادی هەوا گــرت) «جزیــری» ٢. بەفیــز، لەخۆبــایی، لەخۆدەرچوو، بادیهەڤـا، خـۆبین، بەهەوا: (بە وەی بـــادی هەوایە/ زولفــی هەودا هەودایە) «حەسەن زیرەک».

**بادیهەوابییەی**: بادیهەوا بوون.

**بادیهەوایی**: ١. بادیهەڤـایی، بەهەوایـی،٢. بەخۆڕایی، بەمفتی.

**بادیهەوێ**: بادیهەوا.

**بادیی**: ١. بـایی، بـادیهەوا، خۆپەسـن: (ئەی دەراتوو لە دوو مەجرایی دوو میزابـی مەبـال/ مەبە بـادیی وەکـو خەرزیـه بە هەوای کیبـر و مەنیـی) «نـالی»، ٢. ئەوەی بـا هێنـابێتی یـا بـا بیبات،٣. سەرخۆش.

**بار**: ١. تا، بەندەک، باری سـەر پشـتی ئـاژەڵ: (سەرگرانە قافلەسـالاری ڕێـی چـین و خەتـا/ چونکە باری عەنبەر و میسکە لە زولفەینی دو تا!) «نالی» ٢. هەر چشتێ بنەیدەێ کـووڵەو،٣. بــوار، بــورینگە ٤. دۆخ، بـارودۆخ، چلـۆنی، چلۆنایەتی: (ل بارێ گلیدا گوسـتاخی بئیـنم، یــێ بـبە بــارەکی بــێقەدر ل بارگاهــا شــا) «گولشوون»، ×(دەسەڵاتم نییە چی بکەم، ئەمە کاری خودایە/ چاکی ناسیوم ئەزانـێ کە کەری ئەم بارەم) «پیرەمێرد» ٥. ڕەخی ئاڤێ: (زرێبـار) ٦. زۆر، فرە، گەلەک: (عیلاجـێ چـارێ یـاری بێهاوتا/ خەمم بار ئەکەی، بە بار و بە تا) «ع. مەردان»،٧. دەسـتور، داب و نەریـت: (دنیـا لە بــاری خــۆی نەمــاوە) ٨. تــاوان، قەرەبــوو ٩. ڕاستی، دروستی: (پیاوێکی بێبـارە) ١٠. کـار، کردە، کردەوە: (گوناهبار) ١١. قرتماخەی سەر لێو، باری لێو: (هەرچەنـدە گونـاهی دەمەکەت بارە لە سەر لێو/ حەددی چییە «نـالی» کە بڵـێ مـاچە کەفـارەت؟) «نـالی» ١٢. ئەرک، ئـازار، ڕەنج، کوێرەوەری، چەرمەسەرێ: (ئەگەر باری خەمـی تـۆیە، ئەگەر جەوری ڕەقیبـی تـۆ/ بە شەرتێ تۆ نەڕەنجی لێم، ئەمـن ڕازیـم بە هەر بارت) «ئەدەب»،١٣. شـوغل، کـار: (خەریکـی کاروباری خـۆمم) ١٤. بـۆخ و سـپیایی سـەر زمـان: (زمـانم بـاری گرتـوە) ١٥. نەخۆشـی، ناساغی، دەرد: (دڵـی بـێ بـارە، مـایەی کـارە، هەرکەس کاروباری خۆی/ لە دنیادا مـوەففەق بوو بە دڵ تەفویزی باریی کرد) «مەحـوی»١٦. تۆل، پیزە، پـز، بەر، زگ، بێچـووی نـاف زک: (دویەکە بارەگەێ نا)،١٧. هات، بەخت، شانس ١٨. سـاز و تەیـاری ١٩. ویـنە، عەکـس،٢٠. یەکەی کـێش، دە پـووت بـارێکە ٢١. دووتـا، دووتایی، دوو لینگەبار، دوو لابـار ٢٢. کـۆچ، کۆچبار: (ئەرێ جەژنـی ڕەمەزان لـێم بـوو بە زینهار/ چوونماڵی یـارم ئەی هـاوار، بە دزی کردی بـار) «حەسـەن زیـرەک» ٢٣. یـارمەتی، دەربەند، دەربەست: (خۆ نەدا بـن بـارێ مـن: یارمەتیـت نەدام) ٢٤. توانـایی، تـاقەت: (لە

بارمدا نییه: توانام نییه) ٢٥. كۆک: (بـاركردن: كۆككردن) ٢٦. پەلاس، سیپاڵ، پیلۆس: (خۆ لێ کرنه بار: خۆ لێ کرنه پەلاس) ٢٧. نووکی خـامه ٢٨. سـەرەوخوار ٢٩. سـاختە، دەغەڵ، عەیـــار، غەش ٣٠. بەر، میـــوە، بەری داران: (سەرسـەبزی یـو، تـازە بەرگ و بـاری/ ئەڤ چەنـدە چ هێسـتران دبـاری؟) «خـانی»٣١. پاشگرە بۆ هێندێ نـاو: (بەفرانبـار، شـەکربار)، ٣٢. جۆر، چەشن: (تا تایی سەری توررەیی پڕ پێچشی بە با دا/ هەر تایەکی بـارێکی گـوڵ و نـافە بە بـا دا) «نـالی»،٣٣. قورسـایی، گرانـی: (باری جەورت مـن دەکێشـم، سـەیری گـوڵ خەڵکـی دەکـا/ دەردی هیجـرت مـن دەبیـنم، سـەیری بـۆ کێـیە شـەفا) «ئەدەب»،٣٤. دەس، دەست: (یـانی ئەو زایـف بـاری دەرد نییەن/ نیمەشـــەو کوشـــتەی ئـــاهی ســـەرد نـــیەن) «بێسارانی»،٣٥. فـرە، گەلـێ، خەیلـی: (سـوێن ئەخۆین بە بار، کە هیچ نـازانین/ زیـاتر سـەر دێنێ بـۆ زۆرتـر پرسـین!) «گـۆران»،٣٦. خەم، غەم، کەسەر، کوڵی دڵ: (کەس نییە هامـدەمی ناڵەی شەوی بێداریم بـێ/ بـاری زۆر قـورس بووە دەربەستی دڵی بێچـارەم) «پیرەمێـرد»،٣٧. پڕی ڕەشکەیەکی داگیـراو کـا: (تەماشـای کـا دەکەم هەیهوو، هەمووی سێ باری چـا نـابێ) «جەوهەری»،٣٨. بـاری داری بـڕاو: (لە ئێـوە کامتان بوو ئێک دوو بارێک/ بکاتە کیسـەیەک یـاخوود خەرارێـک) «حـاجی قـادر»،٣٩. پـڕ، تـژێ: (ڕووبـار)،٤٠. بێـنە، بێـرانە، کـل بـکە: (پوڵەگە بار)،٤١. بەش، بەشرە، پشک،٤٢. جار، کەڕت، کەڕەت،٤٣. بریتـی لە سـەربار، شـتی زیادی و بێکەڵک×: (سەر لە سەر شانم وەکو بارێکە کەڵکی چـی هەیە/ گەر دە ڕێـی تـۆدا نەچێ، ئەو بارە قەت هەڵنـاگرم) «هێـدی»،٤٤. بـاڵی باڵنـدە: (خەرتەلە بە بـن بـاری خـۆیدا دەڕۆنـــی) «ف.پ.پ.»،٤٥. هەســـار، حەســـار، دیوار، دیار: (دەربار: دەرێی هەسار)،٤٦. تۆزی نیشـتووی گەز لە سـەر گەڵای داربەڕوو×٦٧: (بارێ بە سروەکەت بە شـنەی ئەنگبینـی گەز/ گرتویە جونبوشت بە هەمئاغۆشی نەیشـەکەر) «سالم».

**بـــاڕ**: ١. بـاڕک، بـارووکە، بـاڕۆکە، جحێـڵ، گـوواری، جـوچکەی مەلـی بەهـاری: (قەلـی ڕەش بە چل سـاڵ بـاڕە، ئەو مریشـکە بـاڕی پـارە)، ٢. مەیخـانە، کابـاڕە، جێـی سـەما و هەڵپەڕکێ،٣. پێشـخوانی مەیخـانە، شـوێنێ کە بە پێوە لێـی مەی دەخـۆنەوە،٤. نەگهیشـتی،٥. بریتـی لە کەسـی و گەنـج و تازەپێگەیشـتوو: (پەلەی ناوێ کە تـۆ هێشـتاکە بـاڕی/ وەکـوو کۆترێکی نەخشین و بەخاڵی) «ڕاوچی».

**بارا**: ١. باری، وەشـت بـاری، بـاران بـاری ٢. بـالا، سـەر،٣. دەرحەق، بـارە: (ل بـارا فـلان کەسیدا)،٤. بێنەوە، بارەو.

**باراخودێ**: زەکات، پشکا خودێ.

**باراســـاو**: ١. بـاراش، باراسـیاو: (باراســاو زەحمەت، بان ئاساو خەفەت) «م.ح. دزڵی»،٢. بریتی لە باروبنە.

**باراساوهاڕ**: باراشهاڕ، لێکەری باراش.

**باراساوهاڕای**: باراش هاڕین.

**باراساوهاڕە**: باراساوهاڕ بۆ مێ.

**باراسـیاو**: ١. باراسـاو، بارەسـیاو، بـاراش،٢. لاناوە لە باروبنە.

**باراسیاوهاڕ**: باراشهێڕ، ئاشەوان.

**باراسیاوهەڕ**: باراشهێڕ، باراشهاڕ: (باراشهێڕ بە گوێیدا چرپاند) «ف.پ.پ.».

**باراش**: ١. بارەسیاو، باراسیاو، بـاری ئـاش، هەڤران، دەغڵێ کە بۆ هاڕین و لێکردن دەبرێ

بۆ ئاش: (بچن لە ماڵی کوێخا تۆفیق مشتێ ئارد قەرز کەن تا باراشەکەمان دەگەڕێتەوە) «موکریان»،٢. پێوەرێکە بۆ کات بەکار دێ: (با دوو باراشی لەگەڵ بخۆم ئەوجا تێی دەگەم).
**باراش‌لێکرن**: هەڤران هێران، دەغڵ‌لێکردن.
**باراش‌هاڕ**: باراسیاوهاڕ، باراشهێڕ، هەڤرانهێڕ، ئەوەی دەغڵ دەهاڕێ، ئاشەوان یا خودان‌باراش.
**باراش‌هاڕین**: باراش لێ‌کردن.
**باراش‌هێڕ**: ١. باراش‌هاڕ، کەسێ باری ئاش لێدەکات: (ئاشەوان لە خەیاڵێک، باراش‌هێڕ لە خەیاڵێک) «پەند»،٢. بریتی لە هەمەکارە×: (ئیدی لێیان بوو بە قرە، هەرکەس لە ئاستی خۆی باراش‌هێڕ بوو) «گورگ و بزن».
**باراشی**: باری خاوێن بۆ لێکردن×: (یان کات‌وساتی ئەو گوتن و هەڵبەستە جۆرێک بووبێ کە هەموو بەروبوویێک بە پشوویەک نەتوانرابێ باراشی و مێرووبژێر بکرێ) «ڕاوچی».
**باراڤ**: ئێلێکی کوردانی داتیشتووی دیاربەکرن.
**باڕاڤی**: نیوە وشک، نیڤ زها، نیڤ زیا، نەم، کنجی شووشتی یێ ڕاخستی کو هێژ باش زیا نەبوونە.
**بارام**: ١. ناوی ئەستێرەی مەریخە،٢. بارامی گۆڕ، ناوی پادشایەکی ناوداری مێژووە: (دەڵێی بارامی گۆڕە تورکی چاوت/ لە دڵ نەمدیوە قەت تیری خەتەر کا) «سالم»، ٣. ڕۆژی ٢٣ی هەر مانگێکی هەتاوییە، ٤. دێیەکە سەر بە ناوچەی زولفەقاری سەرشیوی سەقز: (سیادەر و قاراوا، کانی‌سوور، دەشتەکەی بەدر/ هەرمێ‌دۆڵ و بارام و بالاقلوو، قەرەبوغرە) «یادنامەی‌سەقز»،٥. ناوە بۆ پیاوان.

**باراماوا**: ١. گوندێکە لە دێکۆی حەمەوی بیجاڕ،٢. دێیەکە لە دێکۆی سەوڵاوای بەشی مەریوان.
**باراماوایی**: خەڵکی دێی باراماوا: (مەلا حەمەمینی باراماوایی هەبوو) «ڕشتەی‌مرواری».
**بارام‌بەگ**: گوندێکە لای توزخورماتوو.
**بارام‌عەلی**: ناوی کانیاوێکە لای بیجاڕ.
**بارام‌گومبەد**: گوندێکە لای بیجاڕ.
**بارام‌لووان**: گوندێکە لە ناوچەی هەوشار: (قەیسی نێو قەرەڵووان/ بادامی نێو سنجووان/ لێرەت‌ڕا بە قوربان بێ/ تا زینوێ بارام‌لووان) «فۆلکلۆر».
**بارامی‌گۆڕ**: بەهرامی گۆڕ، پادشایێکی ساسانی بووە: (کۆوە بوون ئاغای نەنۆر/ بە میسلی بارامی گۆر) «ئاوێنەی‌بێگەرد».
**باران**: ١. واران، ڤاران، وەشت، بارین، شەس، ڕەهێڵە، ئاوێ کە لە هەورەوە دڵۆپ دڵۆپ دێتەخوارێ: (خەندەت بووەتە باعیسی گریانی دەمادەم/ بەرقە سەبەبی بارشی بارانی بەهاری) «نالی» ٢. کۆی بار، بارەکان، چەند بار: (ڕەگ تەن تاڵی تاڵ‌وەردەی سیوەنگ/ بفەرمان یاران باران بدان تەنگ) «مەولەوی»،٣. کۆی بار، بەر، میوە: (سەرسەبز دبت ب بەرگ و باران/ گەر لێ بوەرت ژ فەیزێ باران) «خانی»،٤. پاشگرە: گوڵباران،٥. بارێان، بێنە، ئەوانە بێنەوە،٦. بێننەوە: (ئەگەر خەمخواران نە یادم باران/ یا هام نە هەردان، یا نە کۆساران) «وەلی دێوانە»،٧. ئاوازی چەند گۆرانی کوردییە: (باران بارانە/ نم‌نم تەڕمی کرد)،٨. ناوە بۆ کوڕان و کچان.
**باڕان**: بووڕان، قووڕان.
**باڕانا**: بیانهێنەوە، بارێانەو.
**بارانان**: گوندێکە لای سلێمانی.

**باراناو**: واراناو، باروونەو، ئاوی باران کە لە شوێنێک وەستابێ: (تەلانی ناو باخی پڕ فەرشی گیای سەوز/ لێلاوی باراناو کردوویە بە حەوز) «گۆران».

**بارانباران**: ناوێ سترانەکی کوردییە: (ڕەحمێ بکە بە حالم مال بێ کابانە/ باران بارانە، هەور و بارانە) «حەلەن زیرەک».

**بارانبارانە**: ناوی گۆرانییەکە: (باران بارانە سەحرای کرد ڕەنگین/ یار خوداحافیز بە دلێکی غەمگین، وەرگەڕام لە دین) «ماملێ».

**بارانباری**: گۆرانیەکی تەڕ و خۆشێ کوردییە: (بارانباری تیکێت بانان ڤەشێریان) «پەند».

**بارانبارین**: داکردن، وەشت بارین: (باران ئەبارێ، زەوی ئەشۆرێ/ کیسەل گان ئەکا، ڕێوی ئەتۆرێ) «پەند».

**بارانبڕ**: بارانبڕان.

**بارانبڕان**: جۆزەردان، بارانەوبڕان، بارانبڕ، بارانەڕاوەستان، ئاخر و ئۆخری بەهار کە هەڕەتی بارانبارین نامێنێ.

**بارانبەست**: کاتی کۆتایی باران لە بەهاردا: (قورەکاری بارانبەستی بەهارێ دەکرێ) «ئەمیری».

**باران پەلە**: خەزەلوەر، چریە یەکەم.

**بارانپێو**: کەرەستەی پێوانی ڕادەی بارانی باریو.

**بارانتون**: شەست، شەستەباران.

**بارانداباڕ**: باراندۆخ، هەوری بارانهێنەر.

**بارانداداان**: داکردن، باران بارین، دەسپێکردنی بارین.

**بارانداکردن**: باران داداان: (بەو مندالانە بلێن باران دایکردووە بێنەوە، دەنا تەڕ دەبن).

**باراندشت**: باران دوشت، ڕەهێلە، ڕێژنە.

**باراندن**: ١. وارانن، بارانن، داباراندن: (خودا بارانی باراند)،٢. لە بەرزیەوە پرژاندنی ئاو یا گول یا هەر چتێ: (ئەگەر هەوری قەزا، بەردیش بەسەر مندا ببارێنێ/ لە وەختی دادخواهیدا، موسەللەم من خەتابارم) «ئەدەب»،٣. هەلوەراندنی ڕۆندک: (غەریب ماوم هەر دەخوێنم/ فرمێسکی چاو دەبارێنم) «حەسەن زیرەک».

**باڕاندن**: ١. باڕاندنی مەڕ و بزن، باعاندن، باقانن، باڕەکرن، هێڕاندن ٢. مریشکێ کە کاتی هێلکەکرنی هاتبێ، جوجەلە لە خۆی دوور دەخاتەوە: (ئەڤ مریشکە چوچکێت ژ خۆ باڕاندن)،٣. بریتی لە قسەکردن: (وتیان کەلەکەت هێشتا دەیباڕان/ ورگتان برنجی کالی ئەخووسان) «پیرەمێرد».

**باراندوشت**: ڕێژنە، باران دشت.

**باراندیدە**: بالاندیدە: (تابی بێمێهری نەبوو یەکدەم وەکوو سالم، ڕەقیب/ سەگ بە تۆپین چوو لە قەحتا گورگی باراندیدە ما) «سالم».

**باراندێز**: دێیەکە نزیک ورمێ: (چۆمی باراندێز دێتە خوارێ) «توحفە».

**بارانڕاوەستان**: باران لێکردنەوە: (باران ڕاوەستاوە، پریشکەیەک خوناوەی ورد جارجار سەر و گوێلاکان خاو دەکاتەوە) «ئەمیری».

**بارانڕست**: نەوندە، گەنمی بە باران ڕواو.

**بارانڕێژ**: خەزەلوەر، چریا ئێکێ.

**بارانکوت**: سفت و پتەوبوونی جێیەک بە هۆی بارانەوە.

**بارانکەم**: تاو، تاڤ.

**بارانگر**: جێی بەر باران.

**بارانگرتن**: باران لێدان.

**بارانلێبوونەوە**: خۆش کردنەوەی باران: (باران لێبۆتەوە، دەتوانین بڕۆین).

**بارانلێـدان**: ١. تەڕبـوون بە بـاران،٢. بـاران لێدران: (ئەم گۆیژە بارانی لێکەوتووە).
**بارانلێکردنەوە**: باران خۆش کـردنەوە: (پـێم وانیە ئەم بارانە وا زوو لێی کاتەوە).
**بارانن**: باراندن، واراندن.
**باڕانن**: باڕاندن، بووڕانن.
**بارانناوەخت**: وەرانی بێوەخت.
**باراننەرم**: نەرمەباران، وەشت، وردەباران.
**بارانورد**: وردەباران.
**بارانوشان**: جۆزەرد، جۆخینان، جەهزەردان، بارانبڕان، کەوبەباران، جەنگەی جۆ دروونەوە.
**بارانوەشاندنەوە**: هوورش برینگـان، کژکـرن، کەژکردن.
**بارانە**: ١. باران، وەشت لە هەورەوە ٢. بـاجی بـار، سـەرانەی بـار: (سـەردەمێک بـوو بـارانە وەرئەگیـرا لە سـلێمانی) «ڕشـتەیمرواری»،٣. پارەیەک کە خاوەن ئەنبار و کاروانسەرادار بـۆ ڕاگرتنـی بـار لە خـاوەنی دەسـێنێ،٤. وارانە، وەشتە،٥. کل بکە، بێنە،٦. هەوایەکی گـۆرانییە: (باران بارانە دەبـارێ بـاران/ دەبـارێ لە سـەر ناسک و نازداران) «حەسەن زیرەک»،٧. ناوە بۆ کچان.
**بارانەبـارانە**: ١. گـۆرانییەکی هەورامـییە،٢. گـۆرانییەکی کـوردییە: (بـارانە بـارانە هەوای باران چەن خۆشە/ قۆڵتم بـۆ بـکە بە سـەرین گیانە شلشل دامپۆشە) «ع. مەردان».
**بارانەڕۆژ**: ڕۆژێ کە لە بەیانیڕا هەتا ئێوارێ باران بباری.
**بارانەساڵ**: پەڕئاوە، تەڕەساڵ، ساڵی پڕ باران.
**بارانەگەرد**: ئەول خوەدەو باران.
**بارانەو**: بیانهێنەوە، بارانە، بارەو.
**بارانەوا**: باریانا، بارانەو.
**بارانەوبارانە**: ناوی گـۆرانییەکە: (ئەی بـارانە و بـارانە، ئەی هەوای چـۆمی مەجیـدخان/ لە سـەر بـالاکەی بەرزت، ئەی بـا بمـکەن تیرەباران) «ماملێ».
**بارانەوبڕان**: بارانبڕان.
**بارانەوە**: بارانەو، بارانەوا.
**بارانەوەر**: بکیشانە وەرەو، بێرانە پێشێ.
**بارانەوەرا**: بارانە وەرەو.
**بارانەوەرەو**: بارانە وەرا.
**بارانەوەێ**: ئەوانە بارەو، بیانگەڕێنەوە.
**بارانەیتوند**: شەس، بارانی توند.
**بارانەیسـەربەقەپوچکە**: کلاوبەسـەر، بـارانی بەخوڕڕەم و توند.
**بارانەیسـەربەکلاوە**: کلاوبەسـەر، شەسـت، شەستەباران.
**بارانەینەرم**: نەرمەباران.
**بارانەیورد**: نەرمەباران، نمەباران.
**بارانەیوەشت**: ڕهێڵە، ڕەهێڵە، کلاوبەسـەر، بارانی درشت.
**بـارانی**: ١. هەوای هەوری و بێتـاو: (ئەمـڕۆ هەوا بارانیيە) ٢. پـاڵتۆی کـلاودار، بالاپۆشـی دژەبـاران ٣. کلاوبـۆرگە، کلاوبـۆرە، باشـلوخ، سـەرکلاوەی بـاراندانەدەر،٤. دار و دەخڵـی بارانکوتـاو: (گـۆیژی بارانکوتـاو) ٥. بـارانی، نازناوێکە بۆ خانەدانێکی کوردان لە عەشیرەتی زێـدەکان: (مـالا بـارانی مالەکـا مێـرن و ناندەرن)،٦. قووچ کرنەوەی سەری گیشە بـۆ ئـاوەڕۆ دەرکـردن: (ئـاوەڕۆی دەرچـووە، بە سێسوو و جەگەن بارانی کراوە) «ئەمیری».
**بارانیبەهاری**: بارانێکی زۆر بە ئاو کەمخایەن.
**بـارانیپەڵە**: بـارانێ کە ڕادەی بسـتێک لە زەوی جاڕ لە وەرزی پایزدا تەڕ بکات.
**بارانیتوند**: شەست، شەستەباران.
**بـارانێتیر**: تیـری زۆر، گەلەک تیـر ل دوو

هەڤ: (نەکەتبوو ل بەر دەستێ نەیار هێسیر/ ل دوو وی نەباری بوو بارانێ تیر) «گولشوون».
**بارانیڕەحمەت**: بارانێ کە زەرەر و زیانی نەبێ: (بە پابۆسی بە قەناتر تاکەی چین بە چین دەڕژێ/ وەکو بارانی ڕەحمەت هەر لە سەردا بۆ زەمین دەڕژێ) «سالم».
**بارانیزستانی**: بارانێ کە لە وەرزی زستان بباری.
**بارانیعەجەمان**: گوندێکە سەر بە شار نەغەدە.
**بارانیکلاوبەسەرە**: گۆپاڵەباران، بارانی دەنک گەورە و درشت.
**بارانیکوردان**: گوندێکە سەر بە نەغەدە.
**بارانیکەم**: بارانی ورد و هێدی.
**بارانیگورگەزێ**: تاڤی، داوەتی ڕێویان، بارانێ کە لە هەتاوا دەبارێ.
**بارانیناوەخت**: بارانی بێ وەخت.
**بارانیورد**: نەرمەباران، بارانی لەسەرخۆ.
**باراو**: گوندێکە لە نزیک سلێمانی.
**باراوا**: ١. باراماوا، گوندێکە سەر بە مەهاباد، لای قالوێ،٢. ناوی دو گوندە لای پێنجوێن، باراوەی تازە و کۆن.
**باراوە**: باراوا.
**بارایبار**: بارەێ بار، کووچبار.
**بارئاردەی**: بار هێنان، بار هێنانەوە.
**بارئاساو**: بارئاسیاو، باراش: (شکەم چون دۆڵیان بار ئاساو وەسەر) «م.ح. دزڵی».
**بارئاسیاو**: باراش، بارەئاش: (کەی بارئاساوی وە ئاساو بەرا؟) «م.ح. دزڵی».
**بارئاڤێژ**: بارئاوێژ.
**بارئاوا**: باراوا، گوندێکە لای مەهاباد.
**بارئاور**: بارهێن، بارهێنەر.
**بارئاوردەی**: بار هێنان.

**بارئاورە**: بارهێنەر بۆ مێ.
**بارئاوەران**: دێیەکە لە دێهستانی پشتی ئاربەبای بانە.
**بارئاوێژ**: بارئاڤێژ، بارنەبەر، هلتیزۆک.
**بارئەرەبەس**: باردابەس، کەسێ بار دادەبەستێتەوە.
**بارئەرەبەستەی**: بار دابەستن.
**بارئەرەبەسە**: باردابەس، باربەس.
**بارئەرەگرتەی**: بار داگرتن.
**بارئەرەگیر**: بارداگر.
**بارئەرەگیرە**: بارداگر.
**بارئەسپ**: گوندێکە لە باکووری ڕانییە.
**بارئەناز**: بارەنناز، بارەناز.
**بارباج**: باجی هەر کۆڵ و بارێک.
**باربار**: هاوار، دادوفوغان.
**بارباڕ**: باڕە، باڕەباڕی مەڕ.
**باربارانێ**: سووارسووارێن، بارەخوێیانێ، کۆڵکۆڵانێ، هەموو گەمە و یاریەکی منداڵانە.
**باربارکێ**: سوارسوارێن، گەمەیەکە.
**باربارێتک**: باڵندەیەکە.
**باربت**: باربۆدی، بارتاویل.
**باربر**: بارەبەر، باربەر، بارهەڵگر.
**باربردن**: ١. بارکێشانی باربەر: (کەر کە باری نەبرد ساحەبی بەرەڵلای ئەکا) «پەند»،٢. باردزین، ڕفاندنی بار: (دز هات و بارەکانی برد)،٣. هەڵکردن و لێ قەبووڵ کردن: (بەخوا برا من باری تۆ نابەم).
**باربرن**: ١. باربردن،٢. دڵنیابوون.
**باربۆ**: باربوو، پۆیلانە: (باربۆ هەر سوورەت بەعەزێ پەڕۆی خاس/ هەڵاوەی بێعەیب، سەفیدتر جە ماس) «م.ح. دزڵی».
**باربود**: ١. موسیقازانێکی ناوداری ئێرانی بووە لە سەردەمی خوسرەوی پەرویزدا: (خاترت

جەم بۆ باربود نامێ/ سازندەیێ شۆخ، شیرین‌کەلامێ) «خانای قوبادی»،٢. ناو کوڕانە.
**باربۆد**: باربود.
**باربۆدی**: ١. یەکێ لە بەزمەیل هوورەس،٢. باربت، بار تاویل: (کەم باربۆدی بوش).
باربۆکەر: ئاریکار، یارمەتیدەر.
**باربو**: بارەبو، یارمەتی، ئاریکاری، بەداری، مێجبێتی، ترەوانە، داشن، دەستەوایی، پۆیلە، پۆیلانە، دەسگیرۆیی کەسی لێقەوماو: (لاوان بەجارێ کەوتوونە جۆش و خرۆشەوە/ تەمسیل و باربوویانە بە هەوڵ و پەرۆشەوە) «پیرەمێرد».
**باربووکراو**: کەسی ئاریکاری‌کراو.
**باربووکردن**: دانی دیاری و باربوو بۆ مەبەستی دەس‌گرتنی کەسێ.
**باربووکریا**: یارمەتی‌دراو.
**باربووکریای**: یارمەتی دران.
**باربووکریێ**: باربووکراو.
**باربووکەر**: یارمەتی‌دەر.
**باربووکەردەی**: باربووکردن.
**باربوون**: کۆبوونەوە، کەوتنەسەر: (من دەروون هوونیی باری مەلامەت/ من مەینەت بار بوون، پەرێ ئەو قامەت) «بێسارانی».
**باربەر**: ١. بەرهەڵگر، بارکێش، بارەبەر، وڵاخی بارێ: (من خۆ تەنیامال، وامەندەی دڵتەنگ/ بێکەس، بار سەنگی، پای بارەبەر لەنگ) «مەولەوی»،٢. ئارام، هێدی، سەبوور ٣. گوێڕایەڵ، گوێ‌لەمست،٤. زەحمەت‌کێش، ئەرک‌گران، مەینەتی: (کێ کەرە، ئەوی هەموو وەختەک باربەرە) «پەند».
**باربەرە**: بەحەوسەلە، کەسی هێدی.
**باربەری**: ١. کۆڵ‌کێشی، کۆڵبەری، حەماڵی،٢. بنکەی بارڕاگوێزی.
**باربەژن**: ١. تەلەسم، جادووی هەڵواسراو بە بەژندا،٢. جادووباز، سیحرباز، موقورباز.
**باربەس**: باربەست.
**باربەسان**: ئامادە، تیاربوون.
**باربەست**: ١. باربەستە، بارپێچ، ئامادە، ساز، باری تێکخراو بۆ سەفەر،٢. کەسی ئامادەی سەفەر: (باربەستەی سەفەر ڕێگام زۆر دوورەن/ مەنزڵ بێ‌پایان، تۆشە زەروورەن) «مامڵێ»،٣. شتێ باری پێ دەبەسترێ،٤. کەسێ بار دەبەستێتەوە.
**باربەست‌کردن**: بارپێچ کرن.
**باربەستن**: ١. بارگە تێکنان بۆ سەفەر،٢. بە پووڵ و پارە گەیین لە ژیاندا.
**باربەستە**: باربەست.
**باربەستەی**: بر بەستن.
**باربەستەیەرە**: بار دابەستن.
**باربەسە**: باربەس، باربەست.
**باربەسی**: تیاربوو، گورجەوبوو.
**باربەن**: باربەند.
**باربەند**: ١. گوریس، گوریێس، وەریس، ئارس، بەندێن بار،٢. باربەندی ماشێن ٣. کەسێ کە بار دەبەستێ،٤. بەهاربەند، تەویلەی سەرنەگیراو بۆ یەکسم.
**باربەندی**: ١. پێچانەوەی بارگە و بنەی سەفەر،٢. بریتی لەوەی خۆ تەیاردان بۆ مردن.
**باربەندی‌کردن**: بارگە و بنەی سەفەر تێکنان.
**باربەندی‌کەر**: ١. بار بپێچەوە،٢. بریتی لەوەی خۆت بۆ ئەو دنیا ئامادە بکە: (چۆڵەچراوێ پەرێ وێت ساز دەر/ وە قەد توانای وێت باربەندی کەر) «مەولەوی».
**باربەندیی**: باربەندی.
**باربەنی**: کۆچبار، باربەندی: (خێڵ خانەی خەم باربەنی‌یش کەردەن/ مەینەت ڕوو نییان

وە ماوای مەردەن) «مەولەوی».

**باربەنی‌یش‌کەردەن**: بارگە و بنەی پێچاوە: (خێڵ خانەی خەفەت باربەنی‌یش کەردەن/ مەینەت ڕوو نی‌یان وە ماوای مەردەن) «مەولەوی».

**باربەها**: ١. بنپشک، کچێ کە برای بۆ ژنبەژن داینا‌وە،٢. شتێ کە لەبری شتێکی دی دەدرێ.

**باربەهادان**: ١. ژن بە ژن کردن: (یەکسەر ئەو مەجلیسە سەری سوور ما! خودایە جا چۆن گوڵخاتر و خونچەی باربەها دەدا؟) «سەعید و میرسێوەدین»،٢. گۆڕینەوەی شت بە شت.

**باربی**: جۆرێ بووکەشووشەیە: (لورین کچەکا ب عاقل بوو، ڕۆژەکی بابێ وێ بویکەکا باربی کری بوو) «بێریڤان و هیڤی».

**باربێن**: گوریس، وەریس، بارپێچ، باربەست.

**بارپشت**: کۆڵ، کۆڵبار، باری هەمێز یا پشت.

**بارپەنەکریا**: بار پێ‌کراو.

**بارپەنەکریای**: بار پێ‌کران.

**بارپەنەکریێ**: بار پێ‌کراو.

**بارپەنەکەر**: بارپێکەر.

**بارپەنەکەردەی**: بار پێ‌کردن.

**بارپەنەکەرە**: بارپێکەر.

**بارپێچ**: باربەست.

**بارت**: بەرامبەر.

**بارتاویل**: بار یاو، هووێ نارەوا.

**بارتەقا**: ١. لەجیات، لەبری، لەبات، باتەقا، هەمبەر، هێندە، بەقەد، چەندە، بەرانبەر، باتی: (بارتەقای ماچێ چیت لێم گەرەکە؟)،٢. هاوسەنگ، هاوتا، بەرانبەر.

**بارتنگ**: بارهەنگ.

**بارتێ**: بار، بارا، بێنە.

**بارجامە**: پریزێ، خورج، بوخچەی سەفەر.

**بارچنین**: بارکردن، ڕۆیشتن: (خەم نە سەر جۆی هوون سارای دڵ جەم جەم/ بار چنی چوون، فەوج قافڵەکەی عەجەم) «مەولەوی».

**بارچەوت**: ١. ناڕاس، بێ‌ئاکار، هەرزە،٢. هەژار، بەلەنگاز، کارناساز.

**بارچەوتی**: ١. ناڕاستی، هەرزەیی،٢. بەلەنگازی، کارناسازی، هەژاری.

**بارخاتر**: نیگەرانی دڵ، باری دڵ: (پەی بر خاتر ئەو شیرین‌شێوە/ چ حاجەت وەی تەم، وەی سەیل ئێوە) «مەولەوی».

**بارخانوو**: ١. بارخانی، کەلوپەلی ناوماڵ، ناڤمالی ٢. بناغە، خیم، هیم.

**بارخانە**: ١. باری بازرگانی، کەلوپەلی بازرگانی: (ددانی برینجی سەدری/ ئەگەر بە بارخانە دێنن لە ڕەشت و گیلانێ) «گەنجی سەربەمۆر» ٢. کۆمابارێک، باری کەڵەکەکراو و هەڵچنراو: (هەمووم لە غەمباردا لە بارخانە داوە) ٣. وەختی تووتن‌فرۆشتن: (قەرزەکەت لە بارخانەی توتن دەدەمەوە) ٤. خانوو یا جێی بارخستن،٥. ئەو پێداویستیەی لە کۆچدا دەگوێزرێتەوە: (بار و بارخانەی ڕەویلانی جاف/ پۆلی پەری‌گەل، گشت سورمە کلاف) «پیرەمێرد»،٦. بریتی لە سمت و ساتان.

**بارخانەکردن**: لە بارخانە دان، هەڵچنین.

**بارخانەی‌ڕۆژ**: کە ڕۆژ هەڵدێت بەخۆی و گزینگەوە، باروبارخانەی دنیا ڕۆشن دەکاتەوە.

**بارخانی**: بارخانوو.

**بارخستن**: ١. پشوودان، مانەوە، وچاندانی کاروان: (با لەگرە بار بخەین) ٢. لەبارچوونی بێچوو، بەرخستن: (ئەم بزنە ئەمساڵ باری خست)،٣. داگرتنی بار،٤. باڵ ڕاکێشانی مریشک و کەڵەشێر،٥. بریتی ژ نەدامەتی وە

سەر ئانین: (خودا ئەگەر باری کەسێکی خست، بە کەس قیت نابێتەوە) «خاک و چەوسانەوە».
**بارد**: سەرد، سارد، فێنک: (چار تەبعەتین ڤێکرا زدین/ هەم ئاتەشین هەم باردین) «فەقێ تەیران».
**باردا**: چۆمێکە لەلای ڕۆژهەڵاتی شاری قامیشلوویە.
**باردابەستن**: شەتەکدان، پێچان، بەستن.
**باردار**: ١. زگپڕ، ئاوس، ئێمڵە، دووگیان،٢. زمانی باردار و تەم گرتی.
**باردارە**: باردار، ئاوس.
**باداری**: ئاوسی، زگپڕی.
**بارداگرتن**: ١. دەفر پڕکردن، ئاخنین،٢. داگرتن، هێنانە خوارێی بار.
**باردان**: ڕستن، بادان، گرژکرن.
**بارداوەسان**: قایمکردنی بار.
**باردای**: زگداری، دووگیانی، ئاوسی.
**باردێ**: بیهێنن: (کۆن کوشتی و باردێی گوڵجەمینانەن/ هەی سەر، هەی ئەڕواح دڵخەمینانەن) «مەولەوی».
**باردیش**: بیهێنن.
**باردێشو**: بیهێنن.
**بارڕاسکردن**: بار ڕاست کردنەوە.
**بارڕاستکردنەوە**: ١. لاباری خوار هەڵێنان، ٢. بریتی لە کۆمەککردن: (زۆر لێ قەوما بووم، باری بۆ ڕاست کردمەوە).
**بارڕاسکەردەی**: بار ڕست کردنەوە.
**بارڕاسکەردەیۆ**: بار ڕاس کردنەوە.
**بارڕاسهاوردن**: بارڕاسکردن.
**بارز**: بەرز، بڵێند.
**بارزان**: ١. پارچە خاکێکە کەوتۆتە نێوانی ڕەواندز و زێبار، خێڵی بارزانی لێ نیشتەجێیە ٢. ناوی شارەدێیەکە لە دەڤەری بارزان گۆڕی مەلامستەفای بارزانی لێ نێژراوە ٣. ناحیەیەکە سەر بە قەزای مێرگەسوور،٤. چەند هۆزی نیشتەجێی کوردستانی عێراقن،٥. بەرزان، بەندین، ڕاسەرین، زورگ و هەڵات و بەرزایی: (شیو و هەرد و بەرد تا لووتکەی بارزان/ ئەو ناوە یەکسەر شێواوە وێران) «وەلی دێوانە»،٦. ناوی بەیتێکە،٧. ناوی نێرینانە.
**بارزانکا**: گوندێکە لای دوهیکێ.
**بارزانی**: ١. هۆزی بارزان لە کوردستانی عەراق: (مەشکەم ناژێ گرانە/ سەد بارزانیم میوانە) «فۆلکلۆر»،٢. نازناوی گەورەپیاوی نەمری کوردە، مەلا مستەفای بارزانی: (نەمان و یان بارزانی/ ئەز ناچم گەل خویندارا) ، (دلبەرا ئەیلوولێ باش دزانی/ سەمیانا میرێ میران بارزانی) «سندی»،٣. مەسعوود بارزانی: (لقی هێلێکی قۆناغی لە قازی تاکوو بارزانی/ کە حەفتا ساڵە ماندیللای لە نێو سیاسەت، بە دینم بووا!!) «ڕێزان».
**بارزنجی**: بەرزەنجی: (خەلیفە ئۆمەر، کۆ جێگری شێخێ بەرزنجییا بوو) «مەستوورە».
**بارزە**: ئەنزەرووت، جیوەی دار و ڕووەکانە.
**بارژ**: بارشت، ڕەوتی داباری‌ن(باران).
**بارژن**: بارشت، وارشت، بارش، ڕەوتی بارین.
**بارس**: بارست.
**بارسا**: بارسایی، بارست.
**بارسای**: بارستایی.
**بارسایی**: ١. بارست، قیللەت، قەبارە، تیەن، کلفتی، حەجم، ئەستووری و بلندی: (بارستی ئەستوورایی مارەکە قولێک دەبوو) ٢. کەردوو، بلندایی نێوانی دێراوان.
**بارست**: ١. بارسایی، تیەن، قەبارەی هەر شتێ: (بارستی ئەم لۆدە کایە زۆرە)،٢. بارستی

گڵ، ژێر گڵ، بن عەردێ،٣. بارستە بەفری پەستاوتە×: (بە گرمەی هەوری بەهاریٚ سەریان لە من دەردێنن لە بن بارستی/ خۆ ڕادەوەشێنن لە خۆڵێ) «گەنجی سەربەمۆر»،٤. قورسایی، کێش: (یارەبی دڵی کەس بە دڵی منی قەلەندەری غەریبێ ماڵویرانێ نەبێ/ چەندی لە ئێشە، چەندی لە ئۆفە/ چەندی لە بن بارستی دە غەماندا دەناڵێ) «گەنجی سەربەمۆر».

**بارستایی**: بارسایی، قیللەت: (بە بارستایی چیا بەرزەکانمان جەندەکی لاوانی) «شەرەفنامە».

**بارستیگڵ**: ١. ژێر گڵ، بن عەردی،٢. بریتی لە گۆڕ، قەبر: (دەترسم خاترخۆیەکە و جوانچاکێکەم بەرمەوە بن بارستی گڵییە) «شۆڕمەحموود».

**بارسڤک**: بارسووک.

**بارسڤکی**: ١. بارسووکی،٢. بێخەمی، بێبەرپرسیاری.

**بارسۆک**: بارسووک.

**بارسووک**: ١. بارسڤک، کەم ئەرک ٢. خەمنەخۆر بۆ ماڵی دنیا، زیز ماڵدۆس،٣. هەژار، نەدار، دەسکورت: (کەر کوڵ و بارسووک) «پەند» ٤. سووکبار.

**بارسووکبییەی**: بار سوو بوون.

**بارسووککردن**: ١. زەحمەت و دەرد لە سەر خەڵک کەم کردن،٢. لە باری باربەر کێمکرن، ٣. لاناوە لە ڕەحەتبوون.

**بارسووککریا**: بار سووککراو.

**بارسووککریای**: بار سووککران.

**بارسووککریێ**: بار سووککراو.

**بارسووککەر**: بار سووککەر.

**بارسووککەردەی**: بار سووک کردن.

**بارسووککەرە**: بار سووککەر بۆ مێ.

**بارسووکە**: بارسووک بۆ مێ.

**بارسووکی**: ١. بارسڤکی، بریتی لە ئاسوودەیی و کەمئەرکی،٢. کەمبوونی کەلوپەلی ماڵ.

**بارسەر**: باریسە، سەر ئستوون.

**بارسەربار**: ناوبار، سەربار، زیادەباری سەر بار.

**بارش**: ١. بارشت، بارفت، باوبۆران، بارین، دابارین لە هەور: (بە گریانم، وەکوو گوڵ، پێکەنی یار/ لە باغی من بە بارش غونچە پشکووت) «مەحوی» ٢. باران، وەشت،٣. شوێنەوار، وارش، پەرژین، بارووم، پاوان، شوورە لە دڕکوداڵ،٤. بێنە، بێرانە، بارەێ.

**بارشاکەرد**: باریان کرد، ڕۆیشتن: (ئادی بارشا کەرد لوەی سیامال) «م.ح. دزڵی».

**بارشت**: وردەباران، نەرمەباران، بارانی لەسەرخۆ: (لە دەریاوە قەتاری هەوری بارشت کەوتە دووی پێشەنگ/ بە سەر سنگی چیادا، چۆکی داداوە، کش و بێدەنگ) «گۆران».

**بارشەن**: ١. بارییەتی، باری کۆڵییەتی،٢. بە کۆڵییەوەیە: (هەرکەس وێنەی تۆ گەوهەر بارشەن/ دانا و بزورگان خرپدارشەن) «خانای قوبادی».

**بارفت**: ١. بارەش، باوبۆران،٢. زەوییەکە با خۆڵەکەی بردبێ.

**بارفرۆش**: کەسێ کاری کڕین و فرۆتنی بار بێ.

**بارفرۆشی**: ١. کار و پیشەی کەسی بارفرۆش، ٢. جێی بارفرۆشی.

**بارفیسک**: ڕەفیسک، ڕەفیسکەی پێ.

**بارفیکس**: میلەیەکی کانزایی درێژ بۆ هەندێ وەرزش.

**بارڤە**: بۆران، باوبارانە، ڕەشەبا.

**بارقورس**: ١. بارگران، گرانبار،٢. بریتی لە مەینەتاوی و ڕەنجدەر.

**بارقورس‌بییەی**: بار قورس بوون.
**بارقورس‌کەردەی**: بار قورس کردن.
**بارقورسی**: بارگرانی.
**بارقۆل**: خۆڕاگر، بەپشوو، پشوودرێژ، بین‌فرە.
**بارقوولّ**: بارقۆل، خۆڕاگر.
**بارقەدان**: گوندێکە لای خواری قەڵادزێ.
**بارک**: باڕ، جوجەڵە مری بوهاری.
**بارکانە**: بارکی، هەر شتێ بۆ پیرۆزبایی ببرێ.
**بارکردن**: بارکرن.
**بارکرن**: ١. کۆچ‌کردن، ڕۆیشتن: (سبەترێ دەما مالباتێ ژ ور بار کر) «پەپووک» ٢. بارکردن، بار لە ئاژەڵ نان: (هەمی ل هەسترێن خوە بار دکرن) «پەپووک» ٣. قورمیش‌کردنی کاتژمێر ٤. مردن، مرن، کۆچداوی کرن،٥. قسەی ناخۆش خستنەسەر،٦. دارەڕا کردن، ئامادەکاری کردن،٧. پێداگرتن، خشڵ بە خۆدا هەڵواسین: (خەملا خوە دیسان کار بکە/ حەمیان ل بەژنێ بار بکە/ ساحبۆدلان پێ هار بکە) «فەقێ تەیران».
**بارکری**: ١. ئاوس، دووگیان، زکپڕ،٢. ڕۆیشتوو، بارکردوو،٣. بارکراو، بار لەسەر: (کەلەکێن ب ئومێدان بارکری) «سندی».
**بارکریا**: بارکراو.
**بارکریای**: بارکران.
**بارکریێ**: بارکراو.
**بارکۆتە**: بارکەوتوو.
**بارکۆتەی**: بارکەوتن.
**بارکۆتی**: بارکەوتوو.
**بارکۆڵە**: بارکووڵە، باری گچکە.
**بارکوو**: پووک، کوتک، مەترەق، پیک.
**بارکووڵە**: کۆڵبار، کۆڵەبار، بارێکی کەم: (بارکووڵەیەک چیلگ ها وە کۆڵییەوە).
**بارکەر**: کەسێ بارێ بار دەکات.

**بارکەردن**: ١. بارکردن، بار دابەستن: (خەیمەی خوسرەوی بە دەو بار کەردن/ تەشریف شەریف بە بەردەع بەردن) «خانای قوبادی»،٢. باری کردووە: (بە پێچش کۆی خەم وەنەم بار کەردن) «بێسارانی».
**بارکەردەن**: بارکەردن.
**بارکەردەی**: بار کردن.
**بارکەرە**: بارکەر بۆ مێ.
**بارکەش**: باربەر، بارهەڵگر: (بێ عەیب و جوان و پۆزەڕەش، هەم گوێدرێژ و بارکەش) «قانع».
**بارکەفتن**: بەخت‌کەوتن، بۆنەهاتن، نەهامەتی.
**بارکەفتی**: ١. بێچارە، بێ‌ڕێ، کۆس‌کەوتوو، بارکەوتە، بۆنەهاتوو: (کەس هەڤالێ بارکەڤتی نینە) «پەند»٢. بارکەوتە، ئەوەی باری لێ کەوتبێ.
**بارکەوتن**: بارکەفتن.
**بارکەوتوو**: بارکەفتی.
**بارکەوتە**: بارکەفتی.
**بارکەوکردن**: لاناوێکە ئەڕای هەڵەپەڵە داشتن: (ئەر چمان بار کەو کردیە).
**بارکەوتی**: بارکەفتی.
**بارکی**: بارکانە، پیرۆزبایی.
**بارکێدان**: گوندێکە لای شارۆچکەی هێرۆ.
**بارکێش**: ١. بارگین، بارگیر، وڵاخی باری: (کەرێکم بوو چ کەر؟ وەک باوبۆران/ کەرێکم بوو چ کەر؟ بارکێشی دەوران) «قانع»٢. گوێدێر، گوێڕایەڵ ٣. حەماڵ، بارکێش، کۆڵکێش، کۆڵبەر،٤. ئەرک‌گران، ڕەنجدار، بارقورس: (بارکێشی مەینەت پڕ جە سەودا، سەر) «بێسارانی».
**بارکێشان**: ١. زەحمەت‌کێشان، ڕەنج‌بردن،٢. زامەت مەردم وەمل گرتن.

**بارکێشای**: بارکێشان.
**بارکێشتەی**: بارکێشان.
**بارکێشە**: بارکێش بۆ مێ.
**بارکێشی**: ١. بارکێشان، حەماڵی، کۆڵبەری،٢. کێشانی بار بە تەرازوو.
**بارکێشیش**: بارکێشی، بارکێشانی: (تەن بێ بارکێشیش خەستەی هیجران بی/ دڵ بێ مەنزڵگەی مەیلش ویران بی) «مەولەوی».
**بارگا**: بارەگا، بارەگە.
**بارگر**: ١. حەماڵە، کۆڵەکە بۆ بەرگری لە ڕووخانی دیوار،٢. دارێ کە ئەیخەنە چینی بارەکانی بارخانە تا نەرمێ،٣. بارگین، باربر.
**بارگران**: ١. بارقورس، ئەرکدار، ئەرکگران واتا ئەرک و منداڵی زۆر ٢. خەمـاوی، مامەخەمە، لێوبەبار ٣. تەوەزەل، تەمەڵ، لەشگران ٤. بریتی لە میوانی چاونەزێر یا هەواڵی خوێنتاڵ،٥. ژنی زگپڕ و ئاوس.
**بارگرانایی**: بارگرانی، ئەرکی زۆر.
**بارگرانبییەی**: بار گران بوون.
**بارگرانکەردەی**: بار گران کردن.
**بارگرانی**: ١. بارگرانایی، ئەرکداری، بارقورسی، ٢. خەفەتباری: (لەبەر بارگرانی ژیانی هەم بۆ خوا و هەم بۆ خۆی هەرکەسێ بمردایە لەگەڵ تەرمەکەی دەڕۆیشت) «کۆردەرە»، ٣. تەمەڵی،٤. ڕەزاگرانی.
**بارگرانیخستنەسەرکەسێ**: ئەرک و کاری خۆ بە کەسێکی دیکە کردن: (بۆخۆی لە هەمووان ساغ و سەلیمترە، بەڵام بارگرانییەکەی خستۆتە سەر ئێمە!).
**بارگرانیدار**: میوەگرتن و قورس بوونی لق و پۆی دار×: (باشم لەبیرە هەواخۆشی پار/ نەرم و سووکیی با، بارگرانیی دار) «بۆکوردستان».

**بارگرتەی**: بار گرتن.
**بارگرتەیرە**: بار داگرتن.
**بارگرتەیەرە**: بار داگرتن.
**بارگلان**: بانگلان، باگردێن.
**بارگووش**: چلەبڕانە، دۆعا بۆ منداڵ.
**بارگە**: ١. بارەگا، پشووگە، جێی بارخستن: (ڕەم کەرد مدراوە دیاوە مەس مەس/ پەی هەرد بارگەی تۆ گومەتەش بەس) «مەولەوی»،٢. خورج، خورجێن، بوخچەی سەفەر: (دەمی کۆچبارەکەت ناچێ لە یادم/ دەبێ وەک کوشتمت بشپرسی دادم/ «کە بارگەت بۆ هەوار تێکنا، دڵی من/ شکا ئەستوندەکی تاوڵی مرادم») «هەژار» ٣. باری خۆراک و ئەسپابی سەفەری پیاوماقووڵ ٤. کۆشک، سەرای گەورەپیاوان ٥. سەیزخانە، سەیسخانە ٦. خێوەت، خەرگا ٧. قورسایی ئەو بارەی کەسێک هەڵیدەگرێ ٨. قۆناغ، گیهانەک،٩. دیەکەیگە لە هووزمانان،١٠. جێی مانەوەی هەوارچی بۆ شەوێک: (من تەشییا خوە ل بارگەهێ ژ بیر کرییە) «پەپووک».
**بارگەبارکردن**: بارگە تێکنان: (کە بارگەی بۆ هەوار تێک نا عەزیزم/ شکا ئەستوندەکی تاوڵی مرادم) «هێمن».
**بارگەبارگە**: بارێە بارێە، یەکێ لە شەش بەش کەلام یا دەفتەر یارسانە ک لە بارەێ ئارەسە بوون بارێاێ خوداسە لە زەمانەیل زونە.
**بارگەپووش**: کەفەندوور، کفندروو: (هەر کەس دزەڕای ڕەفیقانم کەێ/ چمان بارگەپووش ئێمامانم کەێ).
**بارگەپیتەیۆ**: بارگە پێچانەوە.
**بارگەتێکنان**: ١. خۆ ئامادە کردن بۆ سەفەر: (وەکو سەری کوێستانان/ دایمە سەرم بە تەمە/ بارگەکەت بۆ کوێ تێکنا؟/ بەقەد دنیایەم

غەمە) «فۆلکلۆر»،٢. بریتی لە مردن: (هەستا بارگە و بنەی تێک نا/ ئەو ژنەی لە پاش بەجێ ما) «هێدی».
**بارگەتێکەوەپێچان**: ١. بارگە تێکنان،٢. بریتی لە مردن: (بارگەیان تێکەوە پێچا و بەڕێ بوون یاران/ لە دنێ وا بە تەنێ پاشی ئەوان من چ بکەم؟) «هێمن».
**بارگەچی**: ١. کەسێ کە ئابدارباشی سەفەری پیاوماقوولانە،٢. سەرقافڵەی کاروان،٣. کاروانچی، چاوەدێری باران،٤. ژنێ کە وەک کارەکەر لەگەڵ بووک دەچێ بۆ ماڵی زاوا و تا ماوەیەک دەمێنێتەوە.
**بارگەچیە**: بارگەچی بۆ مێ.
**بارگەچیێ**: ١. ئافرەتێکە کە لە ماڵی بووکێوە لەگەڵی دەچێتە ماڵی زاوا بۆ کارەکەری و قەراواشی بووک و دەمێنێتەوە،٢. سەرسپی، پۆرچەرمگ.
**بارگەدار**: هەوارچی، زۆزانی: (ئەمساڵ لە بەختم بێشەوقە بەهار/ هاتنە خوارەوە کۆچی بارگەدار) «پیرەمێرد».
**بارگەزێڕین**: ئاوارە، دەربەدەر××٧٤×: (بوومە خۆشەویستی زۆربەی بنەماڵە و بارەگای بارگەزێڕینان) «ڕاوچی».
**بارگەوبنە**: ١. ناقماڵی، کەرەستەی نێوماڵ: (خۆزگە بەو کەسانەی بارگەوبنەیان سووکە)،٢. کەلوپەل و ئەسپابی سەفەر: (شەنگەبێری یار و دەسبازی کوڕی کۆچەر نەبێ/ چۆن دەگاتە جێ هەوار و هۆبە، ئەو بارگەوبنە؟) «هێمن»،٣. کەلوپەلی بووک، جیازی: (بووک سوار دەکەن، بەربووک، بارگەوبنە، میرزا خوداحافیزی دەکا) «ئەمیری».
**بارگەهـ**: بارگە.
**بارگەیبالول**: ١. بارەگای بالوولی دانا،٢. چیای دالاهۆ، دالەهۆ: (یا بارگەی بالول هەردەی دالەهۆ/ یا عومەرگەردوون ماوا گودرونکۆ) «ڕەنجور».
**بارگیر**: ١. بارگیل، بارگین، چاروا، چوارپێ، یابو، ولاخ، ئەسپی باربەر: (هەر لە سەربان دار بە داری ڕایەڵی بژمێرە وەک/ لاپەراسووی بارگیرێکی کە زیندوو بێ ناو) «نالی»،٢. مایین، ماهین،٣. بریتی لە مرۆی چوارشانەی بێئەقڵ، ٤. داگری بار، باردار.
**بارگیراژۆری**: دێیەکە لای شارۆچکەی زاویتە.
**بارگیرازێری**: گوندێکە لای زاویتە.
**بارگیرانەسارا**: گوندێکە لای زاویتە.
**بارگیرە**: بارداگر بۆ مێ.
**بارگیرەکەر**: گوێدرێژ، کەر: (مەلا مارفی کوکی بارگیرە کەرێکی هەبوو) «ڕشتەی مرواری».
**بارگیری**: بارهەڵگرتن، باربەندی، باربەنی.
**بارگیل**: بارگیر: (کابرایەک خەڵکی سلێمانی بە چرچێتی ئەچی بۆ موکریان، بارگیرێکی پێ ئەبێ لە ڕێ لێی ئەسەنن) «ڕشتەیمرواری».
**بارگیلی**: بارگیری.
**بارگین**: ١. بارگیر، بەرگیر، کادانە، یابوو، ئەسپی یەختەکراو بۆ باربردن: (بارەبەر هەرچی بیەوێ، دەیدەمێ: گوێدرێژ، قاتر، بارگین، وشتر) «ئەمیری»،٢. ئەسپی نارەسەن: (ئەوجا وەک بارگینی بێناڵ/ وەڕێ کەوتم بۆ هەوەڵ ماڵ) «هێدی»،٣. بۆ جوێن بە مانای بێئەقڵ، بێئەدەب بەکاری دێنن: (وەک بارگین سەری خۆی داخست و ڕۆیشت).
**بارلار**: ١. کەسێ بارەکەی خوار بێ،٢. بریتی لە نەهاتیدا بوون.
**بارلاربییەی**: ١. بار لار بوون،٢. بریتی لە نەدامەتی ڕوو تێکردن.

**بارلارۆبیەی**: بار لار بوونەوە.
**بـــارلاری**: ١. خـــواری بـــار،٢. بریتـــی لە نەهامەتداری.
**بارلەسەر**: لێوی بەبار و تەم: (لێـوی شـین و چرچن، چرچی بار لە سەرکەوتوو) «ئەمیری».
**بارلەگانران**: بریتی لە کـار زۆر بـوون و ژیـان خۆشی×: (هەر مەلیک فەیسـەڵ بـڕواتە سـەر تەخـت، کـار زۆر دەبـێ، ئەوا بـاری هەمـوو کەس لە گا دەنرێ) «کۆردەرە».
**بارلێدان**: بارکرن، بارلێنان.
**بارلێنان**: کۆچکردن، باری سەفەر بەستن.
**بارم**: بێنم، بیهێنم، ئەو چشـتە بـارم: (بووشـی کرا دەی، یا ئاژان بارم؟) «چەپکەگوڵ».
**بارما**: بارمەو، بیهێنمەو.
**بارماخ**: ١. قامیشـەجگەرە، بەرمـاخ، بەرمـاغ، کاغەزی لوولە بۆ کێشـان ٢. قامـک، قـامکەی تگەری عەڕابە، هەر کام لە پەڕەکانی نیـوەوەی تگەری ئەڕابە.
**بارمان**: ئەوانە بارم.
**بارمانا**: بارمانەو.
**بارمانە**: بارمانا، ئەوانە بارمە.
**بارمانەگەرد**: ئەول خوەمەو بارم.
**بارمانەو**: بارمانا.
**بارمانەوێ**: بارمیانەو، ئەوانە بێنمەوە.
**بارمتە**: ١. گرۆ، گریو، گرۆوان، گرەوی، شـل، شتی بە ئەمانەت دانراو لە هەمـبەر کارێـک،٢. کەسی بە بارمتە گیراو بۆ مەرامی سیاسی.
**بارمتەپە**: گوندێکە لە دەڤەری شەنگال.
**بارمچە**: گوندێکە لە باکووری کەرکووک.
**بارمجەیمحەمەدیاوە**: گوندێکە لای هەولێر.
**بارمل**: ١. ڤەزیڤە، وەزیـفە، ئـیش، کـارێ کە دەبێ بکرێ،٢. کۆڵ، بار هەمێز، بار پشت.
**بارموهەیەد**: گوندێکە لای شارەدێی قەراج.
**بارمەکەبارمەکە**: گـۆرانییەکی هـۆرامییە: (بـار مەکە، بـــار مەکە، ئەگەر هەر بـــاریش دەکەی، ڕۆڵە بار وە شار مەکە) «کۆردەرە».
**بارمەلان**: گوندێکە لای شارۆچکەی هێرۆ.
**بارمەو**: بارما، بارم.
**بارمەوا**: بارمەوە، دوبارە بیهێنمەوە.
**بارمەوە**: بارمەوا.
**بارمەوەێ**: ئەوە بارما.
**بارمەی**: بیهێنم، بیتێرم؟
**بارمیا**: بارمیەو، ئەو بێنمەو.
**بارمیان**: ئەوانە بارم.
**بارمیانا**: بارمیانەو.
**بارمیانەو**: بارمیانا، ئەوانە بێنمەوە.
**بارمیەو**: بارمیا.
**بارن**: بێنن، بیهێنن.
**باڕن**: ١. بەفرێ کە بـا لە قـوڵکی پەسـتاوتبێ: (یارێ سـویندە ب کەڤـر و چیـا و کـا بـاڕنێ چەند بـاری‌یە) «سـندی» ٢. بـاوەرێن، بـاڕێژە، میوەی وەریو بە هۆی باوە ٣. شوێنی بـاگر کە با تـۆز و خـۆڵ و بەفـری بردبـێ،٤. هەر بـاڕ دەمێنن: (وەک دەڵێن ئێوە بە چل سـاڵ بـاڕن/ تووشـی تـووش نـایەن و کۆسـپ و بـاڕن) «بۆکوردستان»،٤. ئویە بارن، بێنن.
**بارنا**: بارنەو، بێننەوە.
**بارناتوان**: ١. بـار قـورس، بـار سـەنگین،٢. ئەرکی گران.
**بارنـــامە**: ١. بەرنـامە، هلگرنـامە، پسـوولەی سیایی بار،٢. پەڕەی سیاتی بـازاڕ،٣. بـارەگەم نامەسە.
**بارنـــان**: Barnan وەبـان نـان، نـانە سـەری چێشت.
**بارنان**: Barinan ئەوانە بارن.
**بارنانا**: بارنانەوە، دوبارە بیانهێننەوە.

**بارنانه**: بارنه، بارنەو.
**بارنانەو**: ئەوانە بارنا.
**باڕنای**: ١. باڕاندن،٢. هێنانە باڕەباڕ.
**باڕنایۆ**: باڕاندنەوە.
**باڕنپێ‌کردن**: حاڵەتی ئەو بەفرەی باڕنی دەکا.
**بارنج**: باڕەنج، ڕەنج‌بەبا.
**باردنۆخ**: بەبارشت، بەباران، بارێن، بارانـاوی: (هەورێکی باردنۆخ بوو).
**باڕن‌کردن**: پەیدابوونی باڕن.
**بارنـــگ**: ×٢٧هـــزار اش.×: (مـــن دەڵـــێم ماڵوێران! کەپرە چوکەیەکت بۆ دروس دەکەم، لە دارێ، لە دار فندقێ، هەڵاشـی دەخەمـێ بە ڕەشـەرێحانەی، نەوەڵـلا بـارنگی دەکەمەوە بە لکی) «فۆلکلۆر».
**بـــاڕنلێ‌کردن**: حـاڵەتی ئەو شـوێنەی بـاڕنی لێ‌کراوە: (دەڵێ سێ چوار پیـاوی سـەنگین و گران و ماقووڵ و ئاقڵی هەڵبژارد، کوتی: بزانن باڕنی لێ‌کردووە یان ڕەش بۆتەوە) «فۆلکلۆر».
**بـــــارنەبردن**: ١. سەرکێشـــــی، نافەرمـــــانی، کەڵەوەشـــکێنی،٢. هەڵنەکـــردن، گـــوزەران نەکردن: (هەرچی دەکەم باری نابەم).
**بارنەبەر**: ١. بارنەوەر، بریتی لە گـوێ نەبـیس و لاسـار و نەگونجـاو ٢. نەکـێش، بـارنەوەر، وڵاخێ کە بار نابات: (باری گوناهی قورسمان کەوتەسـەر/ ئەبـین بە کەری شـەلی بـارنەبەر) «پیرەمێرد».
**بارنەبەردەی**: بار نەبردن.
**بارنەبەرە**: بارنەبەر بۆ مێ.
**بارنەبەری**: ١. بارنەوەری، لاساری وڵاخ بـۆ بردنی بار،٢. کەللەڕەقی، بێ‌گوێیی.
**بارنەوە**: بارنانا.
**بارنەوەر**: بارنەبەر.
**بـــارنەوەر**: Barnewer بـــارنەبەر، وڵاخ کەمەری یا نافەرمان.
**بارنەوەر**: Barine wer بـارنە نـووا، بێنـنە پێشێ.
**بارنەوەرا**: بارنە نوواتر، بێننە پێشێ.
**بارنەوەری**: بارنەبەری.
**بارنەوەێ**: بارنێا.
**باڕنەی**: هێنانە باڕەباڕ.
**بارنێا**: بارنێەو.
**بارنێان**: ئەوانە بارن، ئەوانە بێنن.
**بارنێانا**: بارنێانەو.
**بارنێانەو**: بارنێانا، ئەوانە بێننەوە.
**بارنێەو**: بارنێا.
**بارو**: برج، قۆنگرەی قەڵا.
**بارۆ**: ١. بێنی، بینـی،٢. بێنـێ: (تـۆ یـاوای وە کۆچ وە ڕاگوزارۆ/ نەدیت قیبلەکەم وە تلمیـت بارۆ) «مینە جاف»،٣. سووکە ناو بەهرامە.
**باروا**: کۆڵوبار، باروبنە.
**بارۆئاور**: بارهێنەرەوە.
**بارۆئاوردەی**: بار هێنانەوە.
**بارۆئاورە**: بارهێنەرەوە.
**باروبارخـانە**: ١. بـۆ شـتێکی بەکەڵـک وەک: نوێن، ناقماڵی بەکـار دەبـرێ: (دەمـێ چاڤێـت گوندی درست بووین، ڕابوون باروبارخانە بـو هەژارێ داگـرتن و مختـارێ ژی کچـا خـو پێشکێشی وی کر) «گولواز»،٢. کاڵا، کەلـوپەلێ کە بە کـاروان دێـت: (هێنـدێک کەس بـار و بارخانەیـان لە هەنـدەران بـۆ دێ)،٣. کـۆچ و کۆچبار، باری کۆچەر بۆ هەوار،٤. بە هێما بـۆ کەفەڵ و سـمتی گەورەی ژن بەکـاری دێـنن: (عەجەب بار و بارخانەیەکی هەیە).
**باروبنە**: کۆچبار، بـارگەوبنە، بـنە و بارخـانە، ماڵەکۆچ، کۆچ و کۆچبار: (حەقیقـی وێـژەری کورد و زمانی شێعر و زانایی/ ئەوە بـاروبنەی

لێنا، نەما ئیتر تەما دیسا) «ڕاوچی».
**باروبنەخستن**: بارگەخستن، مانەوە: (.../ تا تۆش و گوڵیش نەبوونە تۆزی بەر با/ مەی بێنە لە گوڵزارێ بخەین بار و بنە) «خەیام هەژار».
**باروبوو**: باریو، باربوو: (دۆستیان خۆش بویێ و کۆمەگ و یرمەتی بدەن و باروبووی لێ وەرگرن) «دمدم».
**باڕۆپیتەی**: بار پێچانەوە.
**باڕۆپێچ**: بارپێچەرەوە.
**باڕۆپێچە**: بارپێچەرەوە.
**باڕۆت**: باڕووت، دەرمانی تفەنگ.
**باڕوتخانە**: جبەخانە، جەبەخانە، جێی تەقەمەنی و چەک و چۆڵ.
**باڕۆتۆ**: بتهێنێتەوە.
**باڕوتی**: ١. هورد، زۆر ورد،٢. جۆرێ چایی: (چای باڕوتی دەکرم)، ٣. بارووتی، دروس‌کرای لە بارووت.
**بارودان**: جەژنێکی وەرزییە مەڕداران ئەیگرن کاتێ ئەچن بۆ وەرگەکانی هاوین.
**بارودۆخ**: هەڵومەرج، چۆنیەتی ژیان، وەزعی زەمانە: (لە وەها بار و دۆخێکدا کە کەڵ بە موو بەندە، پیاو هیچ نەڵێ باشترە).
**باڕۆڕاس‌کەردەی**: بار ڕاست کردنەوە.
**باروز**: بارخەر.
**باروزتەی**: بار خستن.
**باروزگا**: بارەناز، بارەنداز.
**باروزە**: بارخەر.
**باڕۆژ**: ١. بایەک کە لە جێی ڕۆژهەڵاتڕا دێ، ٢. بای ڕۆژانە: (باڕۆژ هەڵناکا، شەن بکەین).
**باروستەن**: ١. بارخستن،٢. باریان خستووە: (لوان چەنی کۆچ خاڵۆکەی هامفەرد/ ئیستە بار وستەن نە هەوارگەی هەرد) «مەولەوی».
**باروستەی**: بار خستن.
**باروسەروزمانی**: بەڵغی سەری زمانی.
**باڕۆش**: بهێنێ، بینی، ئەو بێنێ.
**باروشک**: شڵێوە، بارانی بە باوە.
**باڕوشە**: بارۆشە، باوەشێن.
**باڕۆشە**: پەنکە، باوەشێن.
**باڕۆشەی‌بایی**: باگێڕ، باکێش.
**باڕوفت**: باڕفت.
**باڕوڤ**: بارۆڤ، گژەبا: (باروڤەک هات ل کەلەکی دا) «گولواز».
**باڕۆڤ**: ١. بارۆڤە، گژەبا، گەردەلوول: (ژ بەر بایێ، چوو بەر بارۆڤێ) «پەند»،٢. تۆفان، بۆران✕: (با و بارۆڤ ژ گەلی بۆن شەڤەکێ تاری و گران) «سندی».
**باڕۆڤە**: گەردەلوول، ڕەشەبا، زریان.
**باروق**: شارۆچکەیەکە لای میاندواو.
**باروک**: باریک، تەسک، بەرتەسک.
**باڕۆک**: باراندۆخ، بارینە، ئەورێ بارۆک.
**باڕۆکە**: ١. بارەکە، وارۆکە، چووڵک، وارک، کەرگ، مریشکی بارە تا تەمەنی دەگاتە ساڵێکی: (مریشک و قاز و باڕۆکە و مراوی/ بەشی وان بوو، بەشی ئێمەش پەڕوپۆ) «هێمن» ٢. پرچی دەسکرد.
**باڕۆکەدار**: ××××××××××
**باڕۆکەدارە**: ×××××××
**باڕۆکەداری**: ×××××
**باڕۆکەر**: بارکەر، بارکەرەوە.
**باڕۆکەردەی**: بار کردنەوە.
**باڕۆکەرە**: بارکەرەوە.
**باڕۆگ**: باگر، باپێچ، جێی باگر: (وەها گورچووبرە، مستی قەزا، هەستی لە پێ خستم/ لە باڕۆگی خەزانیدا، گوڵی گوڵدانی

هەڵبەستم) «ڕاوچی».
**باڕۆلاربییەی**: بار لار بوونەوە.
**باڕۆم**: ١. بارام،٢. بمهێنێ: (زایفیم هەر یەند جە حەد بەر شـــی یەن/ نەسـیم ئـار بـارۆم عەجایب نی یەن) «مەولەوی».
**بارونە**: بادڕەنگ، گیـایەکی بێنخۆشـە لەگەڵ پەنیر دەخورێ.
**باروو**: ١. بورج، برج، قەڵا، قەڵات، قـولله ٢. دیـوار، شـووره، دیـواری بڵینـدی قەڵا،٣. بـاڕووت، دەرمـانی تفەنـگ،٤. بـاربوو، یارمەتی،٥. بێنێتە: (وە قەتـرەی منیچ ئاویـاری کەر/ مەست بوو تا مەحشەر سـەر بـاروو ئەو بەر) «مەولەوی».
**باڕوو**: باروو، وارش و دیواری قەڵا: (نامەوێ بـورج و بـاڕوو و تـالار/ حوکمـاتی شـایی، دوازدەهەزار سوار) «بارام و گوڵەندام».
**بارووت**: باڕوت، بـاروود، باریـت، بـاڕووتی ڕەشۆکی، دەرمانی چەک: (تینـی بـاڕووتی دەم و دڵڕووتان/ لان و هێلانی مەلانـی سـووتان) «ڕاوچی».
**باڕووتپێچ**: باڕووتپێژ.
**باڕووتپێژ**: باڕووتساز.
**بارووتخانە**: ترتیزک، تـوورتێزک، تلـۆتێزک، کارگەی بارووتێ، جێی چەکسازی.
**باڕووتدان**: دەفر یـا کیسـەی بـاڕووت کە پیـاوی زۆر شـەڕکەر و ئـازا لە بەر قەدیـان دەبەست.
**باڕووتساز**: باڕووتپێژ، چێکەری باڕووت.
**باڕووتسازی**: چێکردنی باڕووت.
**باڕووتکەر**: باڕووتساز.
**باڕووتکەری**: باڕووتسازی.
**بارووتە**: سەرسەری، خوویڕی، تەنبەڵ.
**بـاڕووتی**: ١. چتـی چێکـراو لە بـاڕووت،٢. جۆرێ چایی وردە،٣. هەر شتێکی زۆر ورد.
**باڕووتیبێدووکەڵ**: بـاڕووتی سـپی، جـۆرێ باڕووتە لەکاتی سووتاندا دووکەڵی نییە.
**باڕووتیڕەش**: قەرەباڕووت.
**باڕووتیڕەشۆکی**: باڕووت، دەرمان.
**باڕووتیسپی**: باڕووتی بێ دووکەڵ.
**بـاڕووتیلۆکە**: بـاڕووتی پەمـوو، مـاکێکی لۆکەئاسا زوو ئاور دەگرێ.
**بارووتیە**: بارووتی.
**باروود**: بارووت: (هێ بینا بارووودێ نەکەتبوو پۆزێ وان) «مەستوورە».
**باروسەرزمانی**: باری سەر زمان.
**بارووش**: بیهێنم.
**بارووشە**: باوەشێن، باڕۆشـە: (وا دڵـم تـامی زامـی بـردەوە/ ئـاخ بـای باوەشـێن سـاردی کردەوە) «پیرەمێرد».
**بارووشەیبایی**: باوەشێنی کارەبایی.
**باڕووف**: گژەبا، گەردەلوول.
**بارووکە**: باڕک.
**بارووم**: ١. بـارش، وارش، پەرچـین، سـوور، شووره، لەمپەری لە چێـو و دڕکودال،٢. کەڵە بەردێ کە دەبێتە پەرژینی باخ و ڕەز.
**باروون**: بێنم: (کام حاڵەت بـاروون وە سـەر خامەدا/ تەن چون تای نەیەن نە تۆی جـامەدا) «مەولەوی».
**بارونە**: بادرەنگ، بادڕەنگ، بالنـگ، بـاڵنگوو، گیایەکی بۆنخۆشە لەگەڵ پەنیر دەخورێ.
**باروونەو**: باراناو، وارانای، واراناو.
**بارە**: شووره، شووهە،
**بارەلێو**: لێو بە بار: (خاڵخاسان بێ ئان هەر بار وە لێو بان/ هـێلانەی دڵان بـا هەر پەشـێ بان) «مەولەوی».
**بارەنەنیای**: بار لێنان.

**باڕوهۆڕ**: بارێنەکی.
**باروێــت**: ١. بــاروەت،٢. بوختــان، تــۆمەت، هەڵبەسە: (قسەگەت گشتی بارویته).
**باڕۆیی‌بچوک**: گوندێکه لای سلێمانی.
**باڕۆیی‌گەورە**: گوندێکه لای سلێمانی.
**بــارە**: ١. هــات بــۆ دەغــڵ و دان ٢. بەهــرە، سوود، خێر، داهات: (بارەی مولکەکەت چەند بــوو؟) ٣. بــابەت، بــاوەت، لەمەڕ، لەبــارە، لەبابەت، لایەن، وارە: (دەر بارەی تــۆ بــوو) ٤. بێــنە، بهێــنە، بیهێــنە، وەرێــنە: (هەزار دەههەزار هەزارە کەرە/ ئانە تەر بارە، ئیزافە کەرە) «م.ح. دزڵی»، (هەرچێ ماری بارە)،٥. جــار، کەڕەت: (دوبــارە هــاتەوە)،٦. بەش، پــاژ، پشــک: (لەو بەش بەشێنە بارەی من چەندە؟)،٧. تۆڵ، تۆڵە، قەرەبوو: (بارەکەلای خۆم دەسێنمەوە)،٨. هێــز، گوڕ، تین، توانایی: (ئەم کارە گــرانە لە بــارەی منا نیــیە)،٩. دیــواری قەڵا و حەســار یــا شــار: (خەیــمەی دڵــی مە، تەنــگە بە لەشــکرگەهی عیشقت/ پێوەم کە فەراخــور بە ســوپەهـ بــارە بینــا کەم) «ئەدەب»،١٠. بــارێکە، بــارێگە،١١. شارچکەیەکە لا خۆراوای شــەنگال،١٢. لەش، ئەندام: (شێخ سەعیدی مەسۆ پیاوێکی ئێجگار زەلام و ناکولۆکار بوو، منالێک تووشــی ئەبــێ، منالەکە لە ژێرەوە سەیری ئەکــا و لەم لەشــە و بارە زۆر سەرسام ئەمێنێ) «ڕشتەی مرواری».
**باڕە**: ١. باعە، بالە، باڕەباڕ، بووڕە، بێلە، قووڕە، دەنگی مەڕ و بزن،٢. دەنگــی کــار و بەرخــان: (نەوەستێ هەڵپەڕکێ/ تــا بــاڕەی بەرگەڵ دێ!) «گۆران».
**بارهـــاتن**: هەڵکەوتــن، ڕەخســان، لــوان، خوگرتنی باری منالی: (ئەم هەتیــوە بــاش بــار نەهاتووە).
**بارهاتوو**: پێگەیشتوو، ڕەسیدە.
**بارهاووردن**: ١. بارئــانین، بارهێنــان، هــاوردن بارێــگ لە جییــگ،٢. ئەدەوکــردن، پەروەردە کردن، ڕەنێوهانین.
**بارائاس**: بارەئاساو.
**بارەئاساو**: باراش.
**بارەئاساوهاڕ**: باراش‌هاڕ.
**بارەئاساوهاڕای**: باراش لێ‌کردن.
**بارەئـــاش**: بــاراش، بارەئــاس: (مــن بەش بە حاڵی خۆم پێم ناکرێ، بارەئاشــم داگرتــووە و بەیانی دەچم بۆ ئاش، دەنــا ڕۆژەپیــاوێ هــیچ نییە) «هەزار ئەشکەوت».
**بارەئاش‌داگرتن**: داگرتن و ئامادەکردنی دەغــڵ بــۆ لێکــردن لە ئــاش: (بەیــانی کەس لە دێ نەچێتە دەرێ، ئــاو بەرەڵــلا کەن، بــارە ئاشــیان داگرتووە، پەکی بخەن) «هەزار ئەشکەوت».
**بارەئاو**: ئاوی بە بار، ئــاوی بە لێشــاو و زۆر: (چــاو لەبەر نــاڵەی دڵە ســاتێ خەوی لــێ نــاکەوێ/ خــۆن دەکێشــێت و دەرێــژێ دائیمــا وەک بارە ئاو) «فەتحی».
**بارەبار**: بار، کۆچبار: (تەمەن جەرگــی بڕیــوم لێی‌دڕیــوم دەفــتەری ژێــری/ بەرەو بێروونــی خەمباری خەریکی بارەباریکم) «ڕاوچی».
**باڕەباڕ**: ١. بــاڕە، باعەبــاع، بالەبــال، قاڕەقــاڕ، بــالەی مەڕ و بەرخ و بــزن: (لە حــیلە حیلــی کەحێــل و لە بــاڕە بــاڕی مەڕان/ لە دەنگــی قۆڕەیی گاجووت و بــۆڕەیی مانگــا) «حــاجی قادر»،٢. بریتی لە قیژە و هەرای مرۆڤ.
**بارەبرا**: برابەش، بەشدار، شەریکی بە نیوەیی.
**بارەبو**: بارەبوو، باربوو.
**بارەبوو**: یارمەتی، باربوو.
**بــارەبەر**: ١. بــارکێش، بــاربەر، پێــرەو، پێــڕۆ، دەوار، وڵاخــی بــاری: (مــن خــۆ تەنیامــاڵ، وامەندەی دڵتەنگ/ بێکەس، بار ســەنگی، پــای

بارەبەر لەنگ) «مەولەوی»،٢. هەرچی کە باری لێنێن،٣. بەهرەبەر، بەشبەر، مووچەبەر، هاوکار ٤. گوێ‌لەمست، گوێدێر، کوێرایەڵ: (نەکا بارەبەرێکی ساویلکەی لە دەست دەرچێ و بەرهەمی بەهاری تازە لە خێزان هاتووی لە کیس بچێت) «ڕاوچی».

**بارەبەری**: بار بردن: (مامۆستاکەم مزدەی بارەبەری ئەو کولەکە وشتربارەی پێدام) «ڕاوچی».

**بارەبەنی**: کۆچبار، بارکرن.

**بارەبی**: ١. باربو، بارەبوو، کۆمەکی ماددی، پیتاک،٢. کۆڵێ داربی،٣. گوندێکە لە باکووری ڕانییە.

**بارەبی‌کرن**: ئاریکاری‌کرن، کۆمەک، کۆم‌کرن، دەس‌گرتن، یارمەتیدان.

**بارەچە**: بارە، داهات، دەرامەت، بەهرەچە.

**بارەخووێ**: ١. بارەخوێی بارکراو،٢. جەواڵی تژی لە خوێ،٣. باربارانێ، بارەخوویيانێ، گەمەیەکە سواری کۆڵی یەکتر دەبن: (لەو چۆم و دەراوانە، لەگەڵ ئەو هەتیو مەتیوانە هەڵدەسووڕاین، هەلووکێنمان دەکرد، چەلێک هەمزەل، هەڵوای بەشەقان، بارەخووێ) «ئەمیری».

**بارەخوویيانێ**: بارەخووێ.

**بارەخوێ**: جۆرێ سواری، گەمەیەکە.

**بارەخەر**: ١. باری کەر،٢. بریتی لە زۆر: (مەکری ژنان بارە خەران، خەرنەوەران چێش مەکەران؟) «پەند».

**بارەدار**: ١. باری دار، کۆڵی درەخت: (کورتانی تازە بۆ کەری کرِی/ بارەدارێکی لێنا و لێی‌خوڕی) «پیرەمێرد»،٢. بەردار، بەهرەدار،٣. تۆڵدار، ئاووس،٤. بەندی، گیراو، زندانی.

**بارەز**: زەخیرە، زەواد، ئازووقە، توشە.

**بارەسیاو**: بارەئاش، باراش.

**بارەسیاوهار**: باراش‌هار، باراش‌لێکەر.

**بارەش**: بیهێنە، بێنیە، بێرانە، بێرانی، بۆمی‌بێنە.

**بارەش**: ڕەشەبا، زریان، بای ڕۆژهەڵاتییە، گۆیا هەرکات لە ڕۆژهەڵاتەوە بێ گێتی تاریک دەکا بۆیە بە ڕۆژهەڵاتیش دەڵێن بارەش: (هەوری میحنەت، بارەشی غەم، سەیلی ماتەم بوو هاتەوە/ بەرقی تابان، میهری ڕەخشان، ڕەعدی غەران هاتەوە) «شێخ ڕەزا».

**بارەشار**: ١. ئەو بارەی بۆ فرۆشتن ئەیبەن بۆ شار: (کابرایەک تووشی ئافرەتێکی جوان بوو کە بارەشاری هێنابوو بۆ شار و ئەڕۆیشتەوە) «ڕشتەی مرواری»،٢. شادی×٢٨٢: (کچە کوتی: بابە ئەبوایە تۆ بۆ هاوڕێیەتی پیاوی وا بارەشارت بهاتایەتەوە) «ڕشتەی‌مرواری».

**بارەشارهاتنەوە**: بریتی لە زۆر شادبوون×: (ژنە بە کابرا ئەڵێ: من حەز ئەکەم جاری لەگەڵ تۆدا دروس ببم، کابرا وەکوو بارە شاری هاتبێتەوە) «ڕشتەی‌مرواری».

**بارەشامە**: دیەکەیگە لە گاوارە.

**بارەشایی**: ئەوەندە شتەی کە ماڵی زاوا بۆ چێشت و نانی ماڵی بووک دەینێرن بۆ ماڵی وەوو.

**بارەقەلا**: ئافەرین، دەس‌خۆش.

**بارەقەڵڵا**: بارەکەڵڵا، ئافەرین، ئافەرم، ئافارم: (حەمەی وەستا فەتاح سەد بارەقەڵڵا لەم هەمموو ڕیشە/ بە تەنیا گوێدرێژی چۆن دەبا ئەو بارە قامیشە؟) «شێخ ڕەزا».

**بارەک**: بارێک، کۆڵێک: (ب چ کارێ تە دیید ژ گول بارەکی/ تو ژ کولستانا من بب لاپەرەکی) «گولشوون».

**بارەکڵە**: تەختەیەکە لاکێشەیە دەسک کراوە، زبڵی ناو باخی پێ کۆ دەکەنەوە.

**بارەکڵەدای**: ڕاماڵینی زبڵ بە بارەکڵە.
**بارەکڵەدەر**: کەسێ زبڵی باخ بارەکڵە دەیێ.
**بارەکڵەدەرە**: بارەکڵەدەر بۆ مێ.
**بارەکڵەکێش**: بارەکڵەدەر.
**بارەکڵەکێشتەی**: بارەکڵەدان باخ.
**بارەکڵەکێشە**: بارەکڵەدەر.
**بارەکە**: بار، بارۆکە.
**بارەکەلا**: بارەکەللا، لەجیاتی هەڵمەت، قەرەبووی مەرمەڕی کایە: (بارەکەڵا دوگمە لچە/ حەوت شوی کردووە، هێشتا کچە!) «پەند».
**بارەکەللا**: ١. بارەقەڵا، بارەکەلا، وشەی هاندانە: (.../ ئافەرین ئەی بارەکەڵا دیدەیی گریانی شەو!) «هەردی»،٢. بۆ تۆسیش بەکاری دێنن: (بارەکەڵا! ئەوە بوو دەرس خوێندنەکەت).
**بارەکەڵا**: بژی، باریکەڵا، ئافەرین: (بارەکەڵا ئافەرین ئەی عەشرەتی نەسرەت شیعار/ مەردی مەیدان شێری جەنگاوەر، هوزەبری کارزار) «شێخ ڕەزا».
**بارەکەمبەلالووکە**: ئسترانەکی کوردییە: (بارەکەم بەلالووکە/ دۆستەکەم تازەبووکە) «حەسەن زیرەک».
**بارەکەو**: کارەکەو، بێچووەکەو، کێبار، کەوبار، گوواری، جوچکەکەو، تولە کەو ک هێمان سەرەوە نەویە.
**بارەکی**: باربەر، بارەبەر، وڵاخی باری کە تەمەنی گەیشتبێتە کاتی بار پێکێشان.
**بارەگا**: ١. سەرا، کۆشک، دیوەخانی شا و گەورە پیاوان: (من بە پەیغام و قاسید موتەسەللی نابم/ تاکو بانگم نەکەیە بارەگاهی حەزرەتی خۆت) «حاجی قادر»،٢. جێی سەرۆکایەتی حیزبە سیاسییەکان،٣. دەربار و سەرای لێپرسینەوەی لای خودا،٤. حەسانگە، بارگە، جێی سانەوە: (مەجنوونە: شاهی عیشقی و، بیابانی: بارەگا/ ئاهی، دەکا هەمیشە بەپا چادرێ لە هیچ) «مەحوی»،٥. خێوەت، خەرگا: (خێوەت و بارەگای گەورەی بۆ هەڵدان) «توحفە»،٦. گۆڕخانە، نزگە، نەزرگە، قسنی پیاوچاکان،٧. قۆناغ، ڕۆژەرێیەک.
**بارەگەڵا**: بارەکەڵا.
**بارهلبار**: بارهەڵگر: (گاڤان و کەران و بار هلبار/ چێ ژ ئادەمێیان مرۆڤئازار) «گولشوون».
**بارهلگر**: باربر، باربەر، بارهەڵگر.
**بارەلۆکە**: باری پەمۆ: (کەر چەرمگ بۆ بارەلۆکە زەرەری هەیە) «پەند».
**بارەما**: بمانهێنە، بمانهینە.
**بارەموینگێ**: گوندێکە لای شارۆچکەی ئەتریش.
**بارەمەک**: ١. بارە خوێ،٢. بریتی لە جوانی ئێسکسووک.
**بارەن**: بارە، قورسایی کردووە: (هاوقەد خاک و سەنگ وە جەستەم بارەن/ نە ڕاگەی جواب، نە جای گوفتارەن) «مەولەوی».
**بارەناز**: بارەنداز.
**بارەنج**: بارنج، ڕەنجبەبا، بێهوودە، بێبەش، بێبەهرە.
**بارەنداز**: ١. قونەبانی ماڵ، بارئەنداز ٢. بارەنناز، جێهێن بارخستنێ،٣. کونای تایبەتی بۆ ئەوەی کا و ئالیکی لێوە دە کادێن بکەن.
**بارهنگ**: تووم ڕەکێشە، تو ڕەکیشە.
**بارهنگڤ**: ١. بارهەنگێو، بارەنگێو، بارهنگێڤ، دار یا بەردی سەرڕێ کە باری تێ بگیرێ ٢. کەسێ بە گاڵتە خەڵک توورە بکات.
**بارهنگێڤ**: بارهنگڤ.

**بارەنگێو**: بارهنگڤ.
**بارەنناز**: بارەنداز.
**بارەنی**: لێئەبارێ: (باڵا سپی سەول، خاتر دارەنی/ نەمامی نەوخێز گەوهەر بارەنی) «بێسارانی».
**بارەو**: بارێا، بێنەوە، بیهێنەوە.
**بارهورگرتەی**: بار هەڵگرتن.
**بارهورگیر**: بارهەڵگر.
**بارهورگیره**: بارهەڵگر.
**بارهۆل**: گوندێکە لای دەرکار.
**بارەوە**: بارەو، بیهێنەوە.
**بارەوەر**: بارهەڵگر، باربەر: (زولف ئەگەر دووکەڵە، دووکەڵ بەری گوڵناری نییە! سەروە گەر قامەتی، کەی سەروی ڕەوان بارەوەرە؟!) «نالی».
**بارەوەران**: دێیەکە لە بەشی دێهستانی بۆیەنی بانە.
**بارەوەیێ**: بارێا، بیهێنەوە.
**بارهەڵگر**: ١. باربەر، دەوار، چارەوێ،٢. کەسێ بە کۆڵ شت ڕادەگوێزێ: (ناوی ئەو پردە ئەڵێن: سوڵتانە/ بار و کۆڵهەڵگری کۆڵبارانە) «ڕاوچی»،٣. زامەتکێش، ڕەنجدەر، ئەرکدار، زەحمەتکێش: (شوانەوێڵە یان سەرداری/ بارهەڵگری یان سەرباری) «ڕاوچی».
**بارهەڵگرتن**: ١. بارکێشان، باربردن بە کۆڵ، ٢. ژێر باری ژیان چوون.
**بارهەنگ**: ١. گیایێگە وەڵگەیل پیەنێ دێرێ و لە زەمینەیل ئاوەزا سەونز کەێ، وڵگەگەێ ئەڕای سارێژ سییەزەخم خاسە،٢. تۆوی گیای ڕکێشە بۆ قۆخە و بەلەفیرە باشە.
**بارهەنگە**: باری گران.
**بارهەنگێو**: بارهنگڤ.
**بارهەژگ**: باری پووشکە.
**بارەهەش**: بریتی لە ڕیشی زۆر××: (سۆفی چییە ئەو دەست و قول و قاچە ڕەشەت/ ئەم ڕیش و سمێڵ و چەنەگە و بارە هەشەت) «ڕاوچی».
**بارەهەوێردە**: بێچووی هەوێردە.
**بارەی**: بیهێنە، ئەوە بێنە، بۆم بێنە، بارەش.
**بارەێ**: بارە، ئەو چشتە بار.
**بارەێبار**: بارێ بار، بار، کۆچوکۆچبار.
**بارهێنان**: ١. پەروەردە کردن: (باوک و دایک قەولیان یەک بێ، بارهێنانی منداڵ ئاسانترە) «پەند»،٢. بار هاوردن،٣. بار هێنانی لێو: (ئەوە پایزێک لە من دادێ گەلێک پایزێکی لە من درەنگە/ ئەمن لێوم دێنن بارێ، ددانم دەدەنەوە ژەنگە) «فۆلکلۆر».
**باری**: ١. بارەکی، شیاوی بار، بەرابەری سواری: (ماشێنی باری)٢. وڵاخ یا ئەسپی تایبەتی بار،٣. باریە، لۆسە، مەڵغە، لەوازە، نوێڵ، دەلەم، دەیلەم ٤. داباریو، باریو ٥. باری ئەو: (نە زوقمی بە سەردا باری/ نە لە قوڕدا کەوت باری) «هێمن»،٦. خودا، باری تەعالا: (ساقی! قەدەحی گەردشی گەردوون دەشکێنێ/ باری، کە دە بێ موعتەقیدی گەردشی ئەو بە!) «نالی»، (ڕۆژمێرێکن لە نووری ڕوونی باری/ بژێراون لە چڵک و چەوت و لاری) «ڕاوچی»،٧. خودایا، خودێیۆ، ئەی خودا: (خانی کو نهن ب قەلبی زاکیر/ باری بدە وی زەبانێ شاکیر) «خانی»،٧. باریک،٨. بێنی، ت بار، ٩. کاری ڕابردووی بارین: (ئەوەند باری بەخوڕ ئەشکم نەما ئەم چەشمەی ئاوە/ بە یادی قەددی سەرووت جۆیبارێ بوو، ئەویش ڕابورد) «سالم»،١٠. قورسایی ئەو: (چ بکەم دوو دەستم وا لە ژێر باری/ شەرتە تۆبە کەم، نەکەم دڵداری) «ع. مەردان»،١١. دەی سا،

کەواتە: (میر گۆ: نەخوەشان نەهن ژ بۆ قەید/ باری تە د باغێدا چ کر سەید؟) «خانی».

**باریّ**: ١. بالیّ، نەیسە، کەوایە، هەرچۆنیّ بێت، هەر نەبیّ، بە هەر حالّ: (باریّ دلّ وە خشت ویّرانی ئاوان/ حەقت وە دەستەن نەداری تاوان) «مەولەوی»،٢. جاریّک، باریّک، کەرِتێک: (سەر خاتیمەی حوسنی عیادەت کە نەهاتی/ باریّ بگەرە فاتیحە و دەئبی زیارەت!) «نالی»،٣. یەک بار، ئەوەندەی بە کوڵ رِابگویّزریّ: (تەنووریّکی بەرهەیوان و باریّ داری وشکی ئەستوور) »حەمەجەزا»،٤. کۆڵێک، زۆر: (هەر تارە کە وا مەسکەنی باریّ دلّ و رِووحە/ سەد رِووحی بە با دا، کە بە داو پەرچەمی با دا) «وەفایی»،٥. ئەو باریّ، بێنە،٦. ناوی گوندێکە: (شێخ هەستا چووە خزمەت مەلا مەحموودی باریّ) «رِشتەی مرواری».

**باریا**: بیهێنەوە، حەتمەن باریدا.

**باریّا**: بارا، بیهێنەوە.

**باریافتەگان**: رِیّدراوان بۆ بارەگای گەورەپیاوان.

**باریان**: ١. باری، هەڤۆکا بهووریا بارین،٢. باریدان، بیهێننەوە.

**باریّان**: باران، ئەو بێننەوە.

**باریانا**: باریدانا.

**باریّانا**: بارانەو، ئەوان بێننەوە.

**باریانەو**: باریدانەو.

**باریّانەو**: بارانەو.

**بارياو**: بارتاویل، بێهوودە.

**باریاوڵە**: گوندێکە لە نزیک قادرکەرەم.

**باریاویڵەیخواروو**: گوندێکە لای کەلار.

**باریاویڵەیسەروو**: گوندێکە لای کەلار.

**بارِیای**: ١. بارِاندن،٢. باری بی، باریوو، بارینراو.

**بارِیایۆ**: بارِانەوە.

**باریبچوک**: گوندێکە لای چوارتا.

**باریت**: باڵندەیەکی گچکەیە وەک سۆنە دەچێ.

**باریتە**: ١. بیهێنە، بێرانە،٢. باریتە، بێنێتە: (د خودا خەیر باریتە رِاتان، ئەرِا کرایە ئوتاق خالّی نەیرین؟) «کۆردەرە».

**باریتەشریف**: تەشریف بێنێ، بێی: (ئەر باری تەشریف شەمعەکەی دینم/ ها وەختەن ئەجەل بۆ وە سەرینم) «پیرەمێرد».

**باریتەعالا**: خودیّ، خودیّ مەزن: (بە حوکمی باری تەعالای بووبامەوە پۆلایەکی رِەق) «فۆلکلۆر».

**باریخودایا**: خودای باری، خودای دروسکەری دنیّ: (دووری لە من خستەوە بیّ سەبەبیّ یاری من/ باری خودایا کە تۆ بگری سەبەبکاری من!) «نالی».

**بارید**: باری، بیهێنی.

**باریّد**: ئەو باریّ، بیهێنێتەوە.

**باریدا**: باریا، بیگەرِێنیتەوە.

**باریّدا**: باریّا.

**باریدان**: باریان.

**باریّدان**: باریّان.

**باریدانا**: باریانا.

**باریّدانا**: باریّانا.

**باریدانەو**: باریانەو.

**باریّدانەو**: باریّانەو.

**باریدۆخ**: بارودۆخ.

**باریدەروونی**: بارودۆخی رِەوانی کەسێک: (باری دەروونی سەربازان لە ناو ئەم گێژەنگەیەدا زۆر باش بوو) «لەمەهاباد بۆئاراس».

**باریدەو**: باریگەو، بگەڕێنیەوە.
**بارێدەو**: بارێگەو، گەڕاندیەوە.
**باریدەیْ**: باریگەیْ.
**بارێدەی**: بارێگەیْ.
**باریدیا**: باریدا.
**بارێدیا**: بارێدا.
**باریدیان**: باریدان.
**بارێدیان**: بارێدان.
**باریدیەو**: باریەو.
**بارێدیەو**: بەریەو.
**بارێز**: گیایەکە کێوی وەک کەرەوز دەچێ.
**بارێزان**: مانگی گەڵاڕێزان، پایزی درەنگ.
**بارێزە**: ١. باوەرین، بادریزە، میوەی با وەراندوو ٢. باخۆر، درەختێکە با بەرەکەی وەراندبێ ٣. بارێژە، نمەباران، وردەباران بە دم باوە ٤. خاڵەرەش، خاڵەرەشە، گیایەکە لە ئاوێدا دەژی، لاسک و ریشەکەی رەشە و سێپەرەیە ٥. بەرەزا، خەزەرە، خەزەرۆک، خەزەلۆک، گیایەکی بۆنخۆشە بە سەروسنگیدا دەکەن: (وەک دوڕ و یاقووت نەقشە: دندان و لەبی ئالی/ هەر وەک بەرەزا پەخشە: ئەگریجە لەسەر خالی) «نالی» ٦. وردەییێکە لە شت بیبێتەوە،٧. بریتی لە فرمێسک هەڵرشتن و بەگوڕ گریان: (ڕۆژی داوەتی لەبن دیواری هەڵترووشکاون و وەک بارێزەی بە چاویاندا هاتۆتەخوار) «توحفە»،٨. ناوە بۆ کچان.
**بارێژ**: بارێژ، بارێز، بارێزە، باوەرین.
**باریژیان**: ١. قورسایی و بارگرانی ژیان،٢. چۆنیەتی ژیان.
**بارێژە**: بارێزە، بارانی بە دم باوە: (ئەوە لە لەشکری دەهاتە خواریْ/ لەشکری میرە کوێرەی ڕەواندزیْ/ ئەوە هەر وەکوو بارێژەی دە بارانە) «فۆلکلۆر».
**باریسە**: ١. فرفرە، فرفرۆک، گڤگڤە، فرفرۆکەی کاغەزی منالان ٢. تەپلەک، دەپ، داری نێوان کۆلەکە و کاریتە ٣. دەوار، کۆماچ ٤. دووخ، دووک، مرازی ڕستنە ٥. بارێسەی دووخ، سەرەتەشی ٦. بارێسەی چادر، پاچەیەکی چەرم یا دارێکی خڕ لەسەر ئەستوندەک کە دەبەر خێوەت دەدریْ.
**بارێسە**: بارێسە.
**بارێسەدۆخ**: سەلکەتەشی، سەرەتەشی.
**باریسەربار**: ١. ناوبار، سەربار،٢. موزاحیم.
**باریسەرزمان**: باروو سەر زمانیْ، بەڵغی سەر زمان.
**باریسەرشان**: ١. ئەرکی سەرشان، وەزیفە، ٢. زەحمەت، دەردیسەر.
**بارێسەیچادر**: پارچەی چەرم یا داری خڕ کە لەسەر دار ئەستوندە قایم دەکریْ و بەنی لە دەوری دەپێچن، کە دەبەر چادر و خێوەتان دەدرێت.
**بارێسەیدووخ**: سەرەتەشی.
**بارێش**: بیهێنی، بیتێری.
**باریشاوە**: ××: () «م.ح. دزلی». ٧٣×
**باریشک**: باسوریشک، بەرف و باران و با.
**باریشەن**: ئەبارێنیْ: (قەزا وە سەد تەرز بەلا باریشەن/ دڵ هەم هەر دەمیْ تەرزیْ زاریشەن) «مەولەوی».
**باریعام**: ئیزنی بە عام چوونە بارەگای گەوران.
**باریق**: گورج، تیژڕەو: (کە مەدعووی لازەمان و لامەکان و قوربی بێچوونی/ سوار بە لەم بوراقە باریقە، لەم ڕەخشە ڕەخشانە) «نالی».
**باریک**: ١. زراف، زراو، زیراف، ناسک، باری، دژی ئەستوور: (.../ بە ناو هەزار حەڵقەی

داوی باریکا/ قەفی زنجیر ئەپچڕێنێ هەنگاوم!) «گۆران»،٢. بەرتەسک، واژی پان: (سارای هیدایەت تاریک مەوینوون/ ڕای نەجات یەکجار باریک مەوینوون) «مەولەوی»،٣. لاواز، لەڕ، بێ‌تین، چەلم، مسری، چیلاز، کز: (بەژن باریک و خڕ و پڕ/ سەری کوڵمەیان دەیدا گڕ) «هێمن»،٤. تەنگ: (کەمەرباریک)،٥. ئەندامی شووش،٦. ناوە بۆ کچان.

**باریکان**: ١. باریک، ڕێسی زۆر باریک،٢. لای باریکایی، لوتە کێو لە بنارەوە بەرەو دەشت،٣. ئاێم لەڕ دریژ،٤. گوندێکە لای ڕانییە.

**باریکانڕێستن**: ١. بە تەشی بەنی زۆر باریک و تایبەتی ڕستن،٢. بریتی لە زۆر درێژ کردنەوەی قسە و لێ نەبڕینەوە.

**باریکانڕێستەی**: باریکان ڕستن.

**باریکانڕسن**: باریکان ڕستن.

**باریکانڕێسی**: باریکان ڕستن.

**باریکاو**: لقاو، جۆگەی باریکی لێوار دەریا.

**باریکایی**: ١. ئاستی زۆر باریکی شتێ: (دارەکە لە باریکاییدا ببڕەوە)،٢. گوندێکە لای سەردەشت.

**باریک‌بوون**: ١. زراڤ بوون،٢. لاواز بوون.

**باریک‌بیر**: وردبین، بیرتیژ.

**باریک‌بیری**: وردبینی، بیرتیژی.

**باریک‌بین**: وردبین، سەرنجدەر.

**باریک‌بینی**: سەرنجدان، وردبینی.

**باریک‌پشت**: کێوێکە لای دیواندەرە.

**باریک‌ڕێسی**: بریتی لە دانەواندن و قسەی لووس کردن.

**باریکلانە**: باریکەلانە، باریک‌ئەندام.

**باریکڵە**: باریکەڵە.

**باریک‌میان**: ناوقەباریک، قەدباریک: (بۆ سەیدی دلانیش کە دەڵێی شێری ژیانە/ ئەو شۆخە دڵئارایە، چ باریک‌میانە) «تورجانیزادە».

**باریک‌وبنیسی**: باریک و بنێسی.

**باریک‌وبنێسی**: ١. سەبنێسی، بنێسی، لەڕی و کزی زۆر لە نەخۆشییەوە: (خەسووم داویەتە باریک و بنێسی، لەوانەیە نەژی)،٢. دەردەباریکە، ئازارەباریکە.

**باریکۆبییەی**: باریک بوونەوە.

**باریکۆکریا**: باریک‌کراوە.

**باریکۆکریای**: باریک کرانەوە.

**باریکۆکریێ**: باریکەوەکراو.

**باریکۆکەر**: باریک‌کەرەوە.

**باریکۆکەردەی**: باریک کردنەوە.

**باریکۆکەرە**: باریک‌کەرەوە بۆ مێ.

**باریکە**: ١. تیزماڵک، سیرمە، تیلمە، پارچەیەکی کەم‌بەر لە چەرم یا کووتاڵ ٢. ڕیزەتەقەڵی پەراوێزی جلک لە دەرەوە ٣. باریکەڵە، لەڕ، بەژنزراڤ: (سوارە باریکەی دێیەکەی خانێ/ سەرزین مەخمەری، ڕکێف ڕۆمیانێ) «فۆلکلۆر»،٤. باریکەڵە، قەدبڵند، کەڵەگەت: (مورتەزای باریکەلەی لاوازی جل و بەرگ شڕ و شپڕێو لە دواوە گوتی:) «کاریتە»،٥. باڵندەیەکی گچکەیە پشتی بۆرە و بەرزگی کاڵ، باڵی خەتی ئاماڵ ڕەشی تێدایە لە ناو بنچکی بەیار و خیزەڵان دەژی و زستانان دێتە ناو زەوی و زاران،٦. پەتای باریکە، تاعوون،٧. ناوی دێیەکە لە ناوچەی عەربەت،٨. گوندێکە لە نزیک بازیان.

**باریکەپێدان**: دەرەدزە دان، خۆدزینەوە، فیزماڵک کردن.

**باریکەجوو**: جوو باریک، جۆگەی باریک.

**باریکەجینگ**: جینگ، تڕ بوچگ.

**باریکەدووکەڵ**: دووکەڵێ کە تیژ بە ئاسمان

هەڵکشـێ: (بـاریکە دووکەڵێکـی شـاویلکەی نێوچیروانێکی پیر) «شەوارە».
**باریکەڕا**: باریکەڕێ، ڕێچکە.
**باریکەڕێ**: ڕچە، ڕێچ، ڕچان، ڕەچە، ڕچـکە، ڕێچکە، کوێرەڕێ، بزنەڕێ، پیادەڕێ، باریکەڕا، شیڤەڕێ، ڕێکا زراڤ، کۆرەڕێ: (باریکەڕێیەک بە پەنا دارستاندا خۆی ڕاکێشاوە) «ئەمیری».
**باریکەڕێگـــا**: بــاریکە ڕێ، ڕچە: (بــاریکە ڕێگایەک وەکوو کوێرەمارێکی چڵکـن بە نێـو گـــرانەبەردی کێـــوە بەرداویــــلەدا مــــارپێچ تێهەڵگەڕاوە) «هەزار ئەشکەوت».
**باریکەکوڕ**: ساچڵەکوڕ، کوڕی بەژنزراڤ.
**بــاریکەڵان**: باریــک، قەدباریــک، بەژنراڤ: (ئەما ئەوە چاوی بەژنێ باریکەڵان و نـاوقەدێ بە زوراریێم چەندە جوانن) «گەنجی سەربەمۆر».
**باریکەلانە**: باریکەڵانە.
**بــاریکەڵانە**: ١. بــاریکەلانە، بــاریکەڵە، زۆر باریک و لەڕ و لاواز،٢. بەژنی شووش.
**باریکەلانێ**: باریکەڵانە بۆ مێ.
**بــاریکەڵڵا**: بــارەکەڵڵا: (بــارەکەڵڵا حەســەن ئاغای کوڕی مەحمـوود ئاغـا/ کەفـی فەیـیازە دڵی واسیعە چاوی تێرە) «شێخ ڕەزا».
**بـــاریکەلە**: بـــاریکەڵانە: لەڕ، لاواز، کـــز، باریکەڵە: (ئەسـەد بـاریکەیەک بـوو ڕەقەکـار) «ئاوێنەی بێگەرد».
**باریکەڵە**: باریکەڵانە.
**باریکەمار**: جۆرێ مارە.
**باریکەنان**: باریکەئاو، ئاوباریکە.
**بــاڕێکەوتن**: ئەسـتووربوون: (دەسـتم زۆر دێشێ، بای ڕێ کەوتووە).
**بــاریکەوتوو**: بــارێ کە لە ســەر وڵاغ بەر بـۆتەوە: (ترسـی تەڕیـدە، پێشکەشـی سـوار، شـەوفڕێنی دز/ دەسـتیاوی بــاری کەوتــوو لە جێگای خلیسک و خز) «پیرەمێرد».
**باریکەی**: دیەکەیگە لە ئاروونئاوا.
**باریکی**: ١. زراڤی، ناسکی،٢. لەڕی، لاوازی، ٣. ناسکخەیاڵی و وردبینی لە شێعردا: (بـۆنی خۆش، گوڵی ڕەنگاوڕەنگ/ بـاریکیی شـیعر و خۆشـیی دەنـگ) «بۆکوردسـتان»،٤. شووشـی، بـــاریکەڵەیی: (نۆکەرەکـــانی ڕەشـــیدئاغا لە هەراویـــی ناودەســـت و بـــاریکیی دەســـت و پاشـــووی تـــاوس واقیـــان وڕمـــابوو) «پێکەنینی گەدا»،٥. دەردەباریکە.
**بارێگ**: ١. بارێک، یەێ بار،٢. بارێد، بارێ.
**بارێگان**: بارێدان، ئەوانە بێننەوە.
**بـــارێگە**: ١. ئەوە بــارێگە، ئەوە بــاری‌یە،٢. بارێدە.
**باریگەو**: باریدەو.
**بارێگەو**: بارێدەو.
**باری‌گەورە**: گوندێکە لای چوارتا.
**باریگەێ**: باریدەێ.
**بارێگەێ**: بارێدەێ.
**باری‌لێو**: بەڵغـی سـەر لێـو: (نەخـۆش و دڵ پەشێوم/ بڕوانە باری لێوم) «حەسەن زیرەک».
**باریم**: باریمن، بیهێنمەوە.
**باریما**: باریمنا، بیهێنمەوە.
**باریمان**: باریمنان، بیانگەڕێنمەوە.
**باریمانا**: باریمنانا، بیانگەڕێنمەوە.
**باریمانەو**: باریمانا.
**باریمن**: باریم.
**باریمە**: گوندێکە لە باکووری مووسڵ.
**باریمەو**: باریمنەو.
**باریمەوەێ**: باریمنەوەێ.
**باریمەێ**: باریمنەێ.
**باریمێا**: باریمنێا.
**باریمێان**: باریمنیان.

**باریمێیانەو**: باریمنێیانەو.
**بـــارین**: ١. واریـــن، ڤـــارین، داکـــردن، هاتنەخوارێی بەفر و باران و تەرزە،٢. هـاتنە خـوارێی شـتی دی لە بەرزییـەوە: (بەشـکەم خودا پوولێکمان بۆ ببارێنێ!)،٣. هێنان، ئـانین، هـــاوردن،٤. فرمێســـک هەڵـــوەرین: (وەقتـــێ بهیستس ئەو خەبەر/ ڕۆندک ژ چاڤا تێنە دەر/ بارین ل سـەر ڕوویێـد وەزەر/ گریـا مە ژ بـۆ حالێ خوە تێ) «فەقـێ تەیـران»،٥. بارشـت،٦. ئویە بارن،٧. ناوە بۆ کچان.
**بارێن**: ١. بارێنەر، ئەوەی دەبـارێنێ(هەور) ٢. ئەوەی دەبارێ(باران)،٣. کۆی بـار: (زارۆکـێن خوە ژی ل سەر بارێن هێستران سوار دکـرن) «پەپووک».
**باڕین**: باڕاندنی ئاژەڵ(مەڕ)، باڕەباڕا سەوێلی.
**بارینا**: ئویە بارینا.
**باریناڵەبار**: بارودۆخی خراپ: (لە ئاکامی ئەو بارە ناڵەبارەدا فەوج هەتا ڕۆژاوا کەوتبووە ژێر ئاگربـارانی خەسـتی بارزانییەکـان) «لەمهابـاد بۆئاراس».
**بارینان**: ئەوانە بارن.
**باریـنۆک**: بارینەک، بارانبار، بارینە، بارێنەر.
**بارینە**: ١. وەنەوزە، قونەخەو، خەوەپیشۆک،٢. بارینەک، بارانبار، بارینە، بارێنەر،٣. بارنـدۆخ، هەوری باران هێنەر.
**بارێنە**: ١. جۆرە گەڵایەکە،٢. ناوە بۆ کچان.
**بارینەک**: بارینۆک، بارانبار، بارینە، بارێنەر.
**بارینەو**: ئەوانە بارنا.
**بارینەوە**: ئەوانە بارنەوە.
**بارینەوەێ**: ئەوە بارینەوە.
**بارینەێ**: بارنەێ.
**بــاریە**: ١. بــاری، بەیـرەم، بەرازە، چـڵمێردە، قراسە، قەراسە، گراستە، نووێڵ، مەڵغە، لۆسـە، لەوازە، ئاسـنێکی درێـژە،٢. بـارییە، حەسـیر، ڕایەخـــی لە جەگەن، ٣. یەکـــێ لە بەزمەیـــل هوورە،٤. بارگەبارگە.
**بــاریەوبنە**: بـارگەوبنە، کەلوپەل: (ئەچـن لە غـارج کەشـتی ئەگـرن و بـاریەوبنە تێـرن) «گوڵونێرگز».
**باڕیەی**: باڕاندن.
**باڕیێن**: ببارێنێ، دابارێنێ: (ئەگەر چـاڤ مـین تاڤیێن بارانا بهارا ڕوندکا بارییێن) «گولواز».
**بارییە**: باریە، حەسیر.
**بــاز**: ١. هەنگـــاو، گـــاڤ، شـــەقاو، شـــەقام، قەڵەمبازی زل: (خورە و چاوئەندازی هەڵـدێر/ بازی ئاسک، ئاوازی بلـوێر) «بۆکوردسـتان» ٢. ســـەقر، ئاخـــایۆک، جـــورە(نێر)، تەوار(مێـــو)، تەیری ڕاو: (ئەی چاو! چەشنی بـازی قەفەس، هەڵوەری پەڕت/ کـوا بـاڵە تیژەکانـت، نیگـای حوسنی دڵبەرت؟) «گۆران» (فەرقی کۆسـاران لە پاســاران، دەفەرمـــووی وەک چییـــە؟/ وەک عەزیزیـــی بـــاز و بێحـــورمەتیی پاســـاریە) «نـــالی»،٣. دیســـان، هەمیســـان، هەروەهـــا، دیسانەوە، دووبارە، لەێ نوو: (تا بـدۆ سـەفای بێگانە و خوێشەن/ هەر وەختێ بەرۆ، باز مـاڵ وێشـــەن) «مەولەوی» ٤. ڕێـــگەی ناســـراو: (پردەباز، بازی بێریـان) ٥. ڕێگـا، ڕێبـاز: (لەو دەمەیدا کە دەگـــرن بـــاز و دەرووان/ لەو دەمەیدا دەس دەگیڕن لە بەرووان) «هێمن»،٦. هەڕا، ڕا، غار، هەڵاتن: (ڕەشۆ ل شێڕدا بـازدا) ٧. بەخێرایی، گورجێ: (بازدە زوو بـگەرێ) ٨. پاشگری لێزانی: (قومارباز) ٩. دۆڕیـن، دانەر، بازێن: (هەر من بـازی بـاز، نەردەن نە بـارەم/ هەر مـن ڕای شەشـدەر، بەنـدەن نە چـارەم) «وەلیدێوانە»١٠. ئارەزووکەر، حەزکەر: (مێباز، ژنباز) ١١. باج، باژ، پیتـاک ١٢. بـازوو، بـازە،

بەڵەک، سپی، وڵاخی بەرزەی ناوچاوسپی، بەش، ١٣. ئاواڵە، واز، والا، وڵا، کراوە، ١٤. سیٚباز، کەوشەک: (ئێستەش کەناری حەوشەکە جێی باز و کەوشەکە/ یاریی تیایە، یا بووەتە مەعرەزی نوفوور؟) «نالی»،١٥. تەول، فیڵ، حۆقە: (ڕوڤیکی پڕ تەول و باز) «پەرویز جیهانی» (چەند ددی فڕ و بازان/ ژ تەڕا نینن چو ئاگر) «فەقیێ تەیران»،١٦. بڕ، هێند: (بازێ منالٚ هۆی ڕۆشنی چاون/ بازێ بایسی تاریکی دیدەن) «پەند»،١٧. وەک، وێنەیٚ: (باز خوەد)،١٨. ئاوێکە بەرق لە خۆی تێپەڕ دەکات،١٩. ئەو ئاوەیە کە بە هۆی ئەسید سوور بوون، شینیان بکا،٢٠. باز ئەڵڵا، لەقەبی شێخ عەبدولقادری گەیلانی: (لە تەکیە و خانەقای زوهدا ئیلاهی کامگاری کەی/ بە جاهی شاهـ و بازی نەقشبەند و غەوسی گەیلانی) «بێخود»،٢١. ناوی سەگانە: (کابرای سەگ مردوو کوتی: مەلا وەرە تەلقینی سەگە بازم بۆ بدە!) «ف.پ.پ.»،٢٢. قۆناغ، مەرحەلە: (هێرشیش بە دوو باز دەکرا) «لەمەهاباد بۆئاراس»،٢٣. زولفی دووڕەنگ: (یەی کیلوو کەنیاو زولف- گیس جووڕواجوور/ هەنایی، سفید، سیە و باز و بوور) «چەپکەگوڵ»،٢٤. ناوی نێرینانە، × سیفەتە بۆ تاژی ١٥٢ ڕاوچی×× (سوڵتان دەکاتن نازێ/ بدەن لە تەپڵی بازێ/ هات و گەیە سیوازێ) «دمدم××».

**بازا**: ئازار، عەزیەت: (لە ئازار و بازای بێهێزان شکێ بکە) «شەوارە».

**بازار**: ١. سوک، جێی سەودا و مامڵە: (دەلاک بانگی کرد خاوەن بارەدار/ بیفرۆشە بە من مەیبەرە بۆ بازار) «پیرەمێرد»،٢. سەودا، مامڵە، نرخپرسین: (م گەنم بازار کر گەلەک بوهایە)، ٣. شار، باژێر: (لە شار و بازاڕاندا بە دەس کڕیار و فرۆشیارانەوە دەستاودەستیان دەکرد) «شەرەفنامە»،٤. ڕەونەق، نرخ، قەدر: (دەستی زاڵم کەوتم و نەمما هەوای گوڵعەنبەرم/ گوڵ شکا بازاڕی، خوێنی بلبلیش کەوتە سەرم) «حەمدی»،٥. ڕۆژێکی تایبەتی لە حەوتوو، مانگ یا ساڵدا بۆ سەودای مالاّت: (شەممە ڕۆژی بازاڕە)،٦. ڕۆژی یەکشەممە،٧. بریتی لە درۆ و چیرۆکی ڕێکخستە: (ئەو دوکان و بازاڕە چیە بۆخۆتت داناوە؟)،٨. بریتی لە سینگ و بەرۆکی یار: (نیشانیان داوم خاتوون ئەستێ، سینگی دەڵێی بازاڕ و دوکانە/ محەللی تاجران لەوێ دەگرنەوە سەودا و معامەلە و سانە) «شێخفەرخ»،٩. دنیا×: (لە بازاڕی مەحەببەتدا هەدییەی توحفەیی میران/ لە بۆ خورشیدی تابانم پیاڵەی شۆخی مینایە) «نالی». × ٥٦٧

**بازاڕ**: بازار.

**بازاڕباشی**: حەرەس، حەسحەس ناو بازاڕ.

**بازاڕبییەی**: بازاڕ بوون.

**بازاڕپەسند**: موشتەریگر، قابیلی فرۆش.

**بازاڕتیژ**: ڕمێندار، بەرەواج.

**بازارتیژی**: بازاڕگەرمی، گەرمبازاڕی، بازاڕخۆشی، سەودای زۆر لە بازاڕدا.

**بازارچە**: بازاڕی گچکە.

**بازاڕچی**: بازاڕی، ئەهلی بازاڕ: (بازاڕچی، مامڵەگەر و چۆدار، تاکولۆ جێ بازا جێ دێڵن) «ئەمیری».

**بازارخۆش**: بازاڕتیژ، بازاڕگەرم، سەوداخۆش، زۆرفرۆش، کەسێ مشتەری لێی ڕازی بێ.

**بازارخۆشبوون**: بازاڕخۆشی، برەوخۆشی: (ئەو ڕۆژانە شایی زۆرە و بازاڕی چاوشان زۆر خۆشە).

**بازارسار**: بێڕەواج، کەساس، بازارکەساد.
**بازاڕشکان**: ڕەونەق نەمان: (کاکۆڵی بە دەم باوە کە با دا بە بەدەنْدا/ بازاڕی شکا نافە بە سەر چین و ختوتەنْدا) «وەفایی»، (شەهد و شەکەر ئەی قوربان بازاڕی شکا یەکجار/ لەو وەقتەوە وا دەرکەوت لەعلی لەبی شیرینت) «ئەحمەد موختار».
**بازاڕشکێنی**: کاری فرۆشتنی کاڵاییک بە هەرزانتر لە نرخی بازاڕ.
**بازارکرن**: ١. سەوداکردن، نرخپرسین ٢. کڕین، سەنن: (بازاڕ بکەت ژ بۆ فەلاتوون/ مەجموعێ خەزانەیێ د قاروون) «خانی».
**بازارکەر**: ١. چتسێن، ئەوەی فرە دەچێتە ناڤ بازاڕ و شت زۆر دەکڕێ،٢. دلاڵی، دەلاڵی.
**بازاڕکەردەی**: مامڵە کردن.
**بازاڕکەرە**: بازاڕکەر بۆ مێ.
**بازاڕکەساد**: کەمفرۆش، بازاڕسار.
**بازاڕکەسادە**: بازاڕکەساد بۆ مێ.
**بازاڕکەسادی**: بازاڕساردی، بێبازاڕی: (بازاڕی شێعر و شاعیری کەسادە).
**بازاڕکەساس**: بازاڕکەساد.
**بازاڕکەساسە**: بازاڕکەساس بۆ مێ.
**بازاڕکەساسی**: بازاڕکەسادی.
**بازاڕگەرم**: بازاڕتیژ، بەرمێن: (حاجی عەلی دەوڵەمەندێکی قورس بوو، بازاڕی ئەوەندە گەرم بوو) «پێکەنینی گەدا».
**بازاڕگەرمبوون**: بازاڕتیژی، ڕمێنداری: (شەڕهەڵایسێنە بەدفەڕەکانی سنوور بازاڕیان گەرم بوو) «توحفە».
**بازاڕگەرمە**: بازاڕگەرم.
**بازاڕگەرمی**: بازاڕتیژی: (وتم: بێڵە بنووم، نێیتە خەوم شایەد تەسەللام بێ/ وتی: مەعشووقە دڵیان ساردە، بازاڕگەرمی ئەنوێنن) «پیرەمێرد».
**بازاڕوەسەرخۆگێڕان**: خەڵکی زۆر لە خۆ خڕکردنەوە: (سبحەینێ سەودایان دەکرد، بازاڕیان وە سەر خۆیان دەگێڕا) «توحفە».
**بازاڕهەبوون**: ڕمێن هەبوون، بە بازاڕ بوون: (ئەوڕۆ بازارم نەبوو).
**بازاڕی**: ١. دکاندار، دوکاندار، مامڵەچی، ئەهلی بازاڕ: (ڕووکەش بی وە کفت هوون گوڵناری/ وە مس منمانا جە لای بازاری) «مەولەوی»،٢. بریتی لە سووک، کەمنرخ، کەلوپەلێک کە چاک نەبێ: (بەرگی دنیا هێندە کورت و کۆنە و بازاڕییە/ چونکە ناگاتە گونی، دیوانەکەی لێی عارییە) «نالی»، (ئەم نەوعە گوڵە، هەڵدەکەوێ ساڵێ لە قەڕنێ/ نەک وەک گوڵی بازاڕییە، هەر ساڵە کە سەوزە) «حاجی قادر»،٣. بەرمێن، ڕەواجدار، بازاڕی بە برەو، ٤. بریتی لە کەسی دوور لە مەعنەویات و ماڵپەرست،٥. بریتی لە ئافرەتی سووک و هەرزە و حەکەدار،٦. مرۆی خوێڕی و هیچوپووچ، بۆرەمرۆ: (گوڵ ئەمرۆ خۆی مقابیل کرد بە ڕوخسارت لەلای خەڵقی/ بەڵێ هەر دەمدڕاو و هەرزەگۆن مەحبووبی بازاڕی) «حەریق».
**بازاڕیخۆش**: ١. بازاڕێکە کە کڕین و فرۆتنی زۆری تێدا بکرێ،٢. کەسێ کە دەسکەوتی لە هەر بارێکەوە زۆر بێ.
**بازاڕیخوورگە**: ناوی بازاڕێکە قەرەباڵغ بووە لە ناوچەی چۆمی مەجیدخان کە بۆتە ئیدیۆم.
**بازاڕیڕەش**: بازاڕی سیا، سیکا ڕەش، بازاڕێ کە شتەکای زۆر گران بن.
**بازاڕیزەم**: بازاڕی قسەوباس، جێی لێدوانی عام: (دیوانی میر و مامەڵیی کچی جوتیاری

قورپەسەر/ زۆر سەیرە، شەرمی نەماوە، بە بازاڕی زەم بووە) «قانع».

**بازاڕیقەباکەندی**: بازاڕێکی فرۆشتنی پاتاڵە لە دێی قەباغکەندی لای میاندواو: (بزن و گیسکم دەکڕی و دەمبردە بازاڕی خورگە و قەباکەندی) «چێشتی مجێور».

**بازاڕێک**: ماوەی حەوتوویەک: (کوڕم هەلامەتم گرتووە، ئەو ئاهۆیە هەرکەس بیگرێ، هەتا بازاڕێک بۆن ناکا) «ئەمیری».

**بازاڕیکەساد**: ١. بازاڕێکە ڕمێنی زۆر نەبێ، ٢. کەسێ کە دەسکەوتی کەم بێ.

**بازاڕیگەرم**: بازاڕی خۆش.

**بازاڕیمردوو**: بازاڕی زۆر بێڕمێن.

**بازاڕیە**: بازاڕی.

**بازاڵت**: مەرمەڕی ڕەش، بەردی مەحەک، بەردێکی ڕەشی گڕکانی زۆر سەختە.

**بازان**: ١. کۆی باز، سەقر: (لاڵ بم نابیسم لە چیا و ڕازان/ زیرەی هەڵۆیان چریکەی بازان) «سەیف»،٢. سەراوێگە لە ئەیوان: (وە کەماڵ مەیل دڵنەوازان دیم/ جفتێ ماسک لە لێو سەراو بازان دیم) «خانمەنسور»،٣. دیەکەیگە لە جووانڕوو.

**بازانگیچان**: بلا، بەلا، بەرد.

**بازانە**: وەک باز: (ئەلا ئەی نەفسی بوومئاسا، هەتا کەی حیرسی ویرانە!/ لەگەڵ ئەم عەشقبازانە، بڕۆ بازانە، ئازانە!) «نالی».

**بازانی**: ١. جۆرە بووزوویەکە،٢. بازبازان، بازبازێن، بازبردن.

**بازئاسا**: بە وێنەی باز: (بازئاسام ئەدا چنگ لە سینەی کەو) «ئاوێنەی بێگەرد».

**بازئاوەرد**: دیسان هێنایەوە: (قاسد نامەکەت ئاوەرد داوە پێم/ باز ئاوەرد وە سۆ، زام کۆنە و نوێم) «مینەجاف».

**بازباز**: ١. بازبازۆکێ، بازبازۆکانێ، بازبازدێن، بازدەڵباز، هەڵبەزدابەزی زۆر،٢. سییە و چەرمێ.

**بازبازان**: ١. بازبازێن، کێبەرکێ لە بازدانا ٢. بازباز، بازبازۆکانێ، بازبازێن، بازبازانێ،٣. بەڵەک، سییە و چەرمێ.

**بازبازانی**: بازبازێن.

**بازبازانێ**: بازبازێن، بازبازان.

**بازبازدێن**: ١. بازبازان، بازبازدۆکێ، بازبازدێک، گەمەی منداڵان بۆ بازدان،٢. یەک بە دوای یەکدا بازدان.

**بازبازک**: بازنە.

**بازبازکێ**: ١. سێ بڕکەیە لە سێ بازدا ٢. بەڵەک، بازگ، پەڵەپەڵە.

**بازبازۆکێ**: بازباز، بازبازان، بازبازدێن.

**بازبازین**: بازباز، بەڵەک، سیا و سفید.

**بازبازێن**: بازباز، بازبازان: (بۆ بازبازێن خولخولە بوون/ لە دیمەنا بێ گلە بوون) «ڕاوچی».

**بازباوەڕۆش**: دیسان بیهێنێتەوە: (بە جەخت مکیانووم پەیکێ بەو وەتەن/ تا باز باوەڕۆش بە مولک ئەرمەن) «خانای قوبادی».

**بازبردن**: پەڕین، بازدان، قەڵەمبازدان: (برک و ژانم لە دڵییە/ لە کەندالیم باز بردییە) «شێخی سەنعان».

**بازبوور**: بەڵەک و بوور، سیا و چەرمێ و بۆر.

**بازبەر**: ١. پردەباز، بەردەباز، بازەبەر، کوچکی پەڕینەوە ٢. دەربازگە، جێی لێوە دەربازبوون،٣. بازدەر، قەڵەمبازدەر.

**بازبەران**: مانگی شوبات، کە شەوگار درێژ دەبێتەوە و هەموو شەوێک دوو خولەک درێژ دەبێ.

**بازبەردەی**: بازبردن، بازدان.

**بازبەرە**: بازبەر، بازدەر.

**بازبەستن**: بازدان: (چ سەییادێکە سەییادی بووە سەییادی ئوستادی/ چ هەستی کردووە هەستا چ بازی بەست و وەستاوە) «حاجی قادر».

**بازبەند**: ١. بازوبەند، بازیبەند، قۆڵەوانە، تۆڵبەند، تۆڵبەندی، خشڵی قۆڵ، حەمایلی بە مت‌ومووروو لە قۆڵ دەبەسرێ ٢. نوشتە، نشتووی جادوگەران.

**بازپەڕێن**: بازوان، بازڤان، قوشچی، بازەوان، بازهەڵفرێن.

**بازپێدان**: هلچنقاندن، ڤەجبقاندن.

**بازخانە**: قۆش‌خانە، جێی باز و مەلی ڕاوی.

**بازخواز**: بازپرس، کاری لێپرسینەوە.

**بازخواس**: بازخواز.

**بازخورەک**: فیلە، نەرمەگووشت شکار کە باز لە پێش‌دا دەیخوات.

**بازخوواز**: بەرپرسیاری.

**بازد**: باز، شەقاو، قەڵەمباز.

**بازدار**: خودانباز، بازخودانکەر، بازڤان، بازەڤان.

**بازدان**: ١. بازبردن، بازددان، قەڵەمبازدان، چەنک‌کرن، پەڕین، پەڕینەوە: (پێی لە قانە تۆڵکەیەکی بۆڕ و بەرز گیر بوو و دەماودەم بەر بووەوە، خواوڕاسان ئەسپەکە مەعلانی بازدان کرابوو، یەکسەر بە سەری‌دا بازی دا) «خاک و چەوسانەوە»٢. هەڵاتن، غاردان، ڕاکردن ٣. لە بەرزاییەوە خۆ هاویشتن بۆ خوارێ،٤. مردنی مەڕ و بزن.

**بازدای**: بازدان.

**بازدایی**: دەرچوو، هەڵاتوو، ڕاکردوو.

**بازدبازدۆکێ**: بازبازێن، بازبازدێن.

**بازدبازدێن**: بازبازدێن، بازبازێن.

**بازدبازۆکێ**: بازبازێن.

**بازدبردن**: بازددان، بازدان.

**بازدبەران**: بازەبەران، دوایین حەوتووی وەرزی زستان کە هەتاو هەموو ڕۆژێ جێی ئاوابوونی دەگۆڕێ.

**بازدپەرین**: بازدان.

**بازدپەڕێن**: بازهەڵفرێن.

**بازددان**: بازدان، بازبردن.

**بازدە**: ڕاکە، هەڵێ، غاردە، (ئەمر).

**بازدەبەران**: بازەبەران، دوامین حەوتووی ڕەشەمە کە خۆر لە ئاڤابوون‌دا جێگۆڕکێ دەکات و دەراو هەراوتر دەکات.

**بازدەر**: بازبەر، ئەوی باز دەدات.

**بازدەرە**: بازبەر، ئەوی باز دەدا.

**بازدەڵبازد**: بازبازدێن، بازبازێن.

**بازدی**: بازدید، چوونە دیدەنی.

**بازدێ**: بهێڵن، بێڵن، وازبێنن، بێڵانن(ئەمر).

**بازدێم**: لێم‌گەڕێن، وێڵم‌کەن: (بازدێم وەی زامەت، وەی ئەندامەوە/ بەڵ بەیان وە شۆن باز بێزامەوە) «مەولەوی».

**بازر**: بازڕ، بازۆڕ.

**بازڕ**: بازوڕ، بازۆڕ، بازۆڕی، واشە، باشوو، مشک‌گرە، باڵدارێکی بۆر و گچکە و ڕاوکەر و گۆشتخۆرە.

**بازراقە**: بازرقە، باز، قەڵەمباز، پەڕش: (چوست و چالاک وەک تیری ساردەکەوان، بازراقەی بەست و خۆی هاویشتە باوەشی کەوێوە!) «هەزار ئەشکەوت».

**بازراقەبەستن**: بازدان، خۆ هەڵاویشتن: (لە چاوترووکانێک‌دا بازراقەی بەست و خۆی هاویشتە سەر پشتی کوێتە) «هەزار ئەشکەوت».

**بازرگان**: ١. سەوداگەر، ماڵفرۆش، تاجر، سەوداگەر، مامڵەچی، تاجر، ماڵفرۆش، ڕاکر:

(مال ژنە و بنیات خانی، کار ڕەزە و بازرگانی،
ڕت لبابێ نێچیرڤانێ)،٢. بەزاز، کووتاڵفرۆش:
(ئەو ژنە ئەونە جوان بوو ئەگە مێوژە
ڕەشکەی بخواردیە لە سای گەردنییەوە دیار
بوو، پرسیاری کرد: وتیان ئەوە ژنی فلانی
بازرگانە) «ڕشتەی مرواری»،٣. گوندێکە لای
پیرانشار،٤. گوندێکە لای مەهاباد: (باستامبەگ
نێ، بازرگانە/ شارستێن و حوجرانە)
«فۆلکلۆر».

**بازرگانباشی**: باشبازرگان، سەربازرگان:
(وا پێ دەچوو بازرگانباشی زمانی کوردی
نەدەزانی، وەرگێڕی هەبوو) «دمدم».

**بازرگانگاه**: توجارەتخانە، جێهێن بازرگانی.

**بازرگانگە**: بازرگانگا.

**بازرگانە**: بازرگان بۆ مێ.

**بازرگانی**: ١. بەزازی، پارچەفرۆشی،٢.
تارجری، ڕاکری، کاری سەودا و مامڵە: (بۆ
بازرگانی دەچمە شنۆیە/ کراست بۆ دێنم لە
گوڵی لیمۆیە) «فۆلکلۆر».

**بازرگین**: ×: (ڕوڤی پۆر و پۆشمان ڤەگەرییا،
چوو سەرێ رییا بازرگین ڤەلەزییا) «سەنار».

**بازرە**: ١. کەوانە، بازرەقە، وێکەوتنی هاوێژراو
لە دیوار و گەڕانەوەی: (بەردەکەی هاویشتم
وە دیوار کەوت و بازرەی کرد و گەڕاوە،
سەری خۆمی شکاند)،٢. تەرە، ئاوارە بوون:
(کەرویشکەکە لە لان دەرپەڕی و بازرە بوو)،
٣. حەیوان و نێچیرێ کە لە شوێن خۆی
بگەڕێتەوە: (بازرە پڕتاو، کۆ چون تل مەوەرد/
هەر بەرد بی نەو هەرد مەهەڕد وێنەی گەرد)
«مەولەوی».

**بازڕە**: Bazire بازڵە، تازە ئاگا، چاو و
گوێکراوە.

**بازرەبوون**: تەرەبوون، هەڵاتنی نێچیر لەپڕ:
(ئەمما بازرە دەبوو، خۆی ڕانەدەگرت لە
وڵاتی شارویرانێ)، (ئەوە مامزێ من بازرە
دەبوو هەر خۆی داویشتەوە سپیلکی دە سەر
خانێ) «گەنجی سەربەمۆر».

**بازرەس**: سەرکەشیکەر، بەرپرسیار بۆ کارێک:
(بازرەسەیل هەر سات مەکەن تەفتیشم)
«چەپکەگوڵ».

**بازرەقە**: ١. کەوانە، بازرە، باز، قەڵەمباز، قەترە:
(ڕەوانتەر جە هەرس وە سەد قەترە و دەو/
تا وە مەکۆگەی ئاسانەکەی ئەو) «مەولەوی»،٢.
فیچقەی ئاو یا خوێن.

**بازرەقەبەستن**: ١. دەرپەڕین، هەڵاتن:
(کەرویشکەکە لەبەر پێم بازرەقەی بەست)،٢.
فیچقەکردنی تراو،٣. کەوانەکردنی شتی
هاویژراو: (گولەکە بازرەقەی کرد).

**بازرەکردن**: ١. کەوانە کردن و گەڕانەوەی هەر
شتێ،٢. خۆدزینەوەی نێچیر بێ ئەوەی ڕاوکەر
هەست پێ بکات،٣. دەرپەڕاندنی نێچیر،
تەرەکردن، هەستاندن: (ئەوە مامزم بازرە دەکرد
لە شیرنخەودا، لە گەرمەلانێ) «گەنجی
سەربەمۆر».

**بازریشک**: بارینی بەفر و باران بە باوە.

**بازش**: بازەش، وازی لیبینە، لیگەڕێ، مەیکە:
(وەشەن ئەو باڵا چون بەو کاڵاوە/ بازش ئەو
کاڵا هەر بەو باڵاوە) «مەولەوی».

**بازشان**: بە جێیان بێڵە: (ئێلاخان سەردەن
بازشان، ئامان/ گەرمەسێر وەشەن بۆرێ وە
دامان) «مەولەوی».

**بازشکار**: ١. ڕاوی دووبارە،٢. ڕاوی باز:
(وەختێ بکەرداش عەزم باز شکار/ پەرێ
سەرسەوزان قوڵەنگان شمقار) «زەنووری».

**بازغ**: ڕۆشن، تابان.

**بازغە**: ×٨٦×: (ئەو بازغە بوو ب نام و

نشان/ حووری سفەت و مسالێ غلمان) «یۆسفوزولەیخا».
**بازڤرک**: گەردەلوول، بابلیسک، گێژەڵووکە.
**بازڤیرک**: گەردەلوول، باگژە.
**بازقورنە**: گوندێکە لای بارزان.
**بازقەبان**: باشقەپان، تیژمار.
**بازقەپان**: ١. باز هەڵقاپێدەد، جوورێ نوورە، ٢. باشقەپان، جووری مارە زەردی ئاماڵ سوورە.
**بازک**: ١. بازوو، قۆڵ، باسک: (نیشانێت پیرەمێرا بازکێت رزینە) «پەند»،٢. بازنە، بازن،٣. باڵی پەرندان.
**بازکە**: بازگ.
**بازگ**: ١. بازو، بازە، دوورەنگ، ئەبڵەق، بەڵەک، پلپلی، پلپلین، پنۆکپنۆک: (کابرا کوتی: شێخ وەک گەماڵە بازگ ئەونە کلکی با دا) «ڕشتەیمرواری»،٢. باڵ،٣. بازگە، ڕێی هاتوچۆی حەیوانی کێوی: (نێچیروان دەرفەت لە میوان دەخوازێ و خۆی دەگەیێنێتە بازگان) «ف.پ.پ.».
**بازگبەڵەگ**: بازگ.
**بازگوڕ**: ١. یارمەتی، ئاریکاری، کۆمەگ ٢. هیوا، هومێد ٣. ئەسپاردن: (بازگوڕی خودێ بوون: بە خودا ئەسپاردن).
**بازگوڕی**: یارمەتی، هاوکاری، کۆمەکی.
**بازگووڕ**: بازگوڕ.
**بازگە**: ١. بوار، بۆربۆرک، بەزدۆک، پردەباز، جێی بازدان ٢. ڕێگەی هاتوچۆی ئاژەڵی کێوی: (کورە چۆن باوکم فەرمانیشتەکەی ئەنجام نەدرێت، بە لاکەلاک بۆی دەرچوو، لە بازگەیێک بۆی دانیشت) «ف.پ.پ.»٣. بۆسەی ڕاوکەران ٤. تەپۆلک، تەپ، بەراژ، ملە، ملەقوتکە، تەپۆلکەی سەرەوەی گرد و چیایانە.
**بازگە**: Bazige دیەکەیگە لە دێرگران.
**بازگەردان**: بازگەردانی: (بیستبوویان کە لە شار باز گەردانە) «ڕشتەی مرواری».
**بازگەردانی**: هەڵبژاردنی شا لە ڕێی هەڵفڕاندنی بازەوە: (دەورەی پێشوو دەورەی باز گەردانی بوو، باز بنیشتایە بە سەر شانی هەر کەسێکەوە ئەبوو بە پادشا) «ڕشتەی مرواری».
**بازگەشت**: ١. زڤر، ئەواگل،٢. پەژیوان، پەشیمان، پێژیوان: (بازگەشتی نەبێ لە ئاستی مەردی/ تەئریخ بێ بڵێ: کوردی نەبەردی) «پیرەمێرد».
**بازگەشتبوون**: ١. گەڕانەوە، زڤرین،٢. پەشیمان بوونەوە: (دوو جار بە چاکەچکۆلەی/ بە ئاسمانی حەوتەمین/ هەرکەس لە قەول بازگەشت بێ/ وەک جوو پەنجەی ببێ شین) «فۆلکلۆر».
**بازگەشتبوونەوە**: ١. پاشگەز بوونەوە،٢. پەشیمان بوونەوە: (خەجێ دەیکوت ئامۆزا سیامەند لە قەولان بازگەشت نیم، ئەمما گەلێکت لێ دەترسێم) «خەج و سیامەند».
**بازگەشتی**: پەشیمانی، ژیوانی.
**بازگیر**: ١. دیەکەیگە لە زەهاو،٢. بازگر، ڕاوکەری باز: (بازگیر دڤێ یەک فەر بتن/ خەفتێ ژ عامێ دەربتن) «فەقێ تەیران»،٣. ناوی تیرەیەک کوردی لوڕستانن.
**بازگیران**: لووتکەیەکی بەرزە لە خواری گۆلی دوکان لە هەریمی کوردستان.
**بازڵە**: ١. بازڕە، وریابوو،٢. ڕووڕەگای رزیاس.
**بازلەسەرنیشتن**: بریتی لە بەختەوەری ڕوو تێکردن: (نەمردم ئەو بازەم لە سەر نیشت و

تۆ بوویە دەسگیرانم).
**بازمــان**: ١. بــازمەنە، پاشــماوە، پاشــەکەوت، لێ‌جێماو ٢. باوک‌مردوو، بازمـای، منالێـک کە دوای مردنــی بــابی بەجــێ مـابێ ٣. دامــان، خەفەتبار بوون،٤. ناوی کوڕانە.
**بازمانە**: بازمەنە، پاشماوە.
**بازمووش**: جۆرێ مووش خورماس.
**بازمەلە**: دەس‌مەلە، باسکەمەلە.
**بازمەنە**: ماوە، ماوەوە، بازمانە.
**بــازن**: ١. بــازووبەن، بازووبەنــد، بازبەنــد، قــۆڵەوانە، بازبــازک ٢. بــازنە، مــووچەوانە، دەستەوانە، ئەلەنگــۆ، بازنــد، دەســبەن، دەزبەن: (لەو ژ عیشــقا وێ دنــالن بــازن و بەرگ و وەرەق/ جەزبەیا دل من ژ رەمزا وان گەهــایێ راســـت و چەپ) «جزیـــری» ٣. کـــراوەن: (درگاکان داخراون یا بازن؟)،٤. تەوەق، تەبەق، چەمەرەی دانەلغاو،٥. باز هەن، شــەهێنن: (یـا کوشتەی غەمزەی ئەو چاوانەن/ یـا ڕەنــجەی پەنجەی شەهێن و بازن؟) «وەفایی».
**بازنای**: هەڵواسین.
**بازنــد**: ١. باســک،٢. مەچەک، ئەو شــوێنەی دەس کە بازنەی تێ‌دەکرێ،٣. بازن، بــازنە: (لە گۆوەنــدی میــری مەزن/ دەســتیان دەشــت، تەڕبوون بازن).
**بازندە**: ١. مەچەک، جێی بــازنە لە باسکدا ٢. دەربازۆک، پردەباز، بازواندە، بازگە، جێـی لـێ بازدان و پەڕینەوە،٣. بازننە، دۆڕاو.
**بازنشەســـت**: بێکــار، خانەنشــین: (گــاو بازنشەســت بــی، گــورگ هــاتە ڕوو کــار) «چەپکەگوڵ».
**بازنک**: بازن، بازنە، بازنۆک، بـازنۆکە، دەزبەن، دەستبەند.
**بازنگ**: ١. بـازن، بـازنە، خڕخـاڵ، دەسـبەنی، دەسبێنک، دەسینە، ئـاڵقەی لە زێـڕ و زێـو بـۆ جوانی دەکرێتە دەس،٢. ئاڵقەیەکی ئاسنە وەک ئەنگوستیلە و حەڵـقە بـۆ بەرگـری لە شـکانی پتــری دار و گۆچــان تێــی هەڵدەکێشــرێ،٣. دایرە، جەغز.
**بازنگرا**: گوندێکە لای شارۆچکەی دەرکار.
**بازنگە**: دۆڕاو، بازنە، بازندە.
**بازننە**: بازنگە، دۆڕاو.
**بازننەبازان**: بـازنەداران، ئەوانەی بازنەیـان لە قــۆڵدایە: (چــفەی بــێ‌وادەی نیــازان نــازان/ بن‌دەسیی دا دەنگ بازن نە بازان) «مەولەوی».
**بازنوباج**: باج، سەرانە.
**بازنۆک**: بازنەی گچکە، بەربازن.
**بــازنە**: ١. بــازن، بازنــد، دەســبێنک، دەســینە، دەسبەنی لە زێـڕ و زێـو بـۆ دەس: (خڵخـاڵی قەدم، وەک خەمی زولفەینی سەراپات/ پشتانی قەدت بێت و فیدای بازنی بازووت) «نـالی»،٢. گەوی ئاســن، ئاســنی حەڵقەیــی،٣. ئـاڵقەیەکی ئاســنی بــۆ بەرگــری لە شــکانی گۆچــان تێــی هەڵدەکێشـرێ،٤. حەڵـقەی گەمـارۆ✖: (بڕیـار دەدەن بازنەی گەمـارۆ کـات بە کـات تەنگتـر دەبێ) «مەلەکشا»،٥. جەغز، دایـرە،٦. لاولاوەی درگا: (بازنەی درگـا چەرخـا و دەر کـرایەوە) «کۆردەرە».
**بازنەدار**: ١. دەسـتی بە بـازنە و خڕخـاڵ،٢. لانکەی خڕخاڵدار.
**بازنەگـــاس**: ئـــاڵقەیەکی ئاســـنی لە کـــووپەی گاسنی درزدار دەخرێ تا لێک نەبێتەوە.
**بازنەلەقۆڵ**: ئافرەتی قۆڵ بە بازن: (گۆزە ئـاو هەڵدەگرن، بازنە لە قۆڵ) «هێدی».
**بازنەی**: بازنای، هەڵواسین.
**بازنەیئاســن**: بریتــی لە کەلەبــچەی دەســی بەندی: (دەستم فێـر بـووە بە بـازنەی ئاسـن/

ماشێنی پۆلیس ئەمبات شناوشن) «حەسەن زیرەک».

**بازنەی‌کوردی**: جۆرێ بازنەی زێڕی دەسی ژنانە کە دراوێکی بە زنجیرەوە پێوەیە.

**بازنەی‌گاسن**: ئەو پارچە تۆقە ئاسنەیە کە زمانەی هەوجارِ و گاسن بە یەکەوە بەند دەکات.

**بازنەیی**: ١. بازنی، خڕ،٢. شیرینی بازنەیی و خڕ: (ئەو هەمیشە بۆنی ڕۆنی حورِ و کولیچە و نانبرنجی لێدەهات، گیرفانەکانی پڕ بوون لە شیرینی چەور و بازنەیی چەور) «کۆردەرە».

**بازنی**: بازنەیی، شتی خڕ وەک بازنە.

**بازنیشەستە**: ١. بازنشەستە، کارمەندی خانەنشین، ٢. بریتی لە خلاسی بۆ کار و بێگارێک.

**بازنیٔ‌ڤالا**: بازنەی بۆش.

**بازو**: ١. بازگ، دورەنگ، ئەبلەق(مانگا) ٢. باهۆ، قۆڵ، باسک: (دەکەی نەخچیری سەد دڵ هەر بە تیرێ/ ئیلاهی هەر بمێنێ دەست و بازووت!) «نالی» ٣. لاشیپان، بازوی درگا ٤. هێز، توانایی،٥. جۆرێ زیکری دەروێشان،٦. لێگەرێم، ڕێگابدەم.

**بازۆ**: ١. سترانێکی کوردییە،٢. واز بێنێ،٣. ناوی پیاوانە.

**بازواپا**: گوندێکە لە باکووری مووسڵ.

**بازواندە**: بازندە.

**بازوانە**: ١. بازوبەند، قۆڵەوانە،٢. بازن، بازنە.

**بازوبرد**: ١. خۆشبەز، خۆش‌ڕەوت: (ئەو ئەسپە ئازا و بە باز و بردە)،٢. بریتی لە هاتوچۆی خێرا خێرا.

**بازوبورد**: بازوبرد، خۆشبەز: (لە ڕاوەکەروێشکدا زۆر جاران کەروێشکی شکاندۆتەوە، بە بازوبوردە و لە سەر گوڵی مافوورە دەگەڕێتەوە) «ئەمیری».

**بازوبوور**: بازبوور.

**بازوبەبازن**: بازنە لە قۆڵ: (بازو بە بازن بە خرخاڵەوە) «م.ح. دزلی».

**بازوبەن**: بازبەند.

**بازوبەند**: بازبەند، هەر چشتێ بوەسیەیدە بازوو.

**بازوپاز**: جۆرێ زیکر لە ئایینی زەردەشتیدا.

**بازوجەدەست**: لە دەست بدەم.

**بازوڕ**: باشوو، واشە.

**بازۆڕ**: ١. بازوڕ، بازڕ، مشک‌گرە،٢. ڕەشەبا، زریان، بای سەخت.

**بازۆڕی**: بازۆڕ، واشە.

**بازۆک**: ١. بازۆکا، جۆرێ چەکە،٢. بازۆکە.

**بازۆکە**: بازۆک، بازی گچکە: (چۆن کەوی دەکرێ بە تینی شیشەداخ/ باز و بازۆکەی تەلان و شاخوداخ) «ڕاوچی».

**بازۆکی**: بازبازۆکە، بازدان.

**بازۆلە**: باسک، بازوو، زەند، ئەستوورایی قۆڵ: (ڕەزای برام بازۆڵەی خڕ بووبوو) «کۆردەرە».

**بازۆڵەدار**: بەگوڕ، بەهێز: (کابرا گەرچی پیر بوو، بەڵام زۆر بەگوڕ و بازۆڵەدار بوو) «کۆردەرە».

**بازوو**: ١. بازو، باسک، باهوو، قۆڵ: (لە دووری ئەو، کوڕە فرسەتە با زوو بمری ئەی «مەحوی»!/ مەبادا بێتەوە بۆ کوشتنی تۆ ڕەنجە کا بازوو) «مەحوی»،٢. ئەبلەق، باز، بازگ،٣. مانگا یا وڵاخی بەرزە و ڕەش و سپی،٤. گایەکی کە کلک و لاقی سپی بێ،٥. تانجی ڕەش کە خەتی سپی بە زگیدا هاتبێ،٦. قووەت، هێز: (ئەو ڕۆژە کە تیرت لە دڵی مە گوزەری کرد/ عالەم موتەحەییر بوو، لە قووەت و بازووت) «ئەدەب»،٧. ناوی پیاوانە،

٨. **×٣٥٧×**: (لەگەڵ یەکەم جـوولەی شـۆڕش ئەوان زوو/ داگیـر ئەکەن لە کۆشـکا بـرج و بازوو) «گۆران».

**بازوو**: با بە زوویی.

**بازوواندە**: بازوەن.

**بازووبەن**: بازووبەند، بازبەند، قۆڵەوانە.

**بازووبەند**: ١. بازبەند، بازیبەنـد، باهووبەنـد، هەر شـتێکی لە باسـک ببەسـرێ،٢. کـوتە چەرمـێکە پـاڵەوان لە باسـکی دەکەن،٣. خشڵێکە، ئاڵقەی بۆ جوانی لە باسک بەستن: (حەمایل، بازووبەنـدی قـۆڵ/ لـوولە و قـاش، خرینگە و مەنگۆڵ) «بۆکوردستان»،٤. نوشـتە، گوللەبەند، دۆعای باسک.

**بازووپـاز**: ڕەمزێکـی بێدەنـگ و خامۆشـی ئاورپەرستانە لە کاتی پەرەستندا.

**بازووشکێن**: بەزێن، بەزێنەر، زۆردار: (حەوت گـورزی پرچـت، حەوت لەشـکری ڕەی/ بازووشکێنی سەد کاوسی کەی) «پیرەمێرد».

**بازووکا**: جۆرێ چەکی دژی تانگە: (ئـاوری بەردەدا لە بەندەن/ گڕی خومپـارە و بازووکـا) «هێمن».

**بازووی‌درگا**: بـازوو، بـاهوو، لاشـیپان، دوو دارە درێژەکەی چوارچێوەی درگا.

**بازوەن**: ١. بازووبەند،٢. قۆڵ، باسک، بازوو.

**بازوی**: بازوو، ئەسپێ کە چەند ئاڵقەی سـپی لە لاقیدایە.

**بازوی‌درگا**: لاشیپان.

**بازوینوون**: ببینمەوە: (بەڵ بـاڵای ئـاڵاش وە سەد خەم و چەم/ باز وینوون بـێ خەم، وەی چەم یا ئەو چەم) «مەولەوی».

**بـازە**: ١. تەرم، بەسـت، بەسـتی(جەنازە) ٢. بـازگ، بـاز، بەڵەک، دوڕەنـگ ٣. جـۆرە چنراوێکە ٤. پارچەیەکی ئەستوورە بـۆ دەرپـێ دەبێ،٥. جاو،٦. ناوی گەماڵ و سـەیە: (لە دەم بازە دەرچوو کەفتە دەم بۆرە) «پەند»٧. سـەگی بەڵەک: (بۆرە نەبـێ بـازە بـێ، دانەیەک تەڕ و تازە بێ) «فۆلکلۆر»،٨. بێڵە، بێلا، بهـێڵە: (بـازە بـا دڵەکەم سـاتێ بـێخەم بـێ) ٩. بـاز، بـازی ڕاوکەر،١٠. ئەسـپی نێوچـاو سـپی،١١. بـازگە، سییە و چەرمێە.

**بازەبازە**: چڕین گەماڵێ ک ناوێ بازەس.

**بازەبەر**: پردەبـاز، بەردی پەڕینەوەی چـۆم و رووبار.

**بازەبەران**: ١. بـازدەبەران،٢. ڕێبـاز و ڕێـگەی هاتوچۆی بەرانە کێوییان.

**بازەدە**: باڵێدراو، گەشـاوە بە بـا: (بسـۆچۆ بە ئـایر بـازەدەی سـەحەر/ ڕیشـەش جە زەمـین بەربەیۆ وە بەر) «بێسارانی».

**بازەر**: ١. بازرە،٢. جاڵجاڵووکە.

**بازەڕاو**: باز، بازی ڕاوی: (چاوی بـازە، بـازە ڕاوێکە جەسوور/ خوایە ئەو چـاوە لە چـاوی بەد بە دوور) «ڕاوچی».

**بازەرە**: بازرە.

**بازەش**: لێـیگەڕێ، بـازش: (دڵـێ غەیـر جە خەم خاڵـت مەلاڵ بـۆ/ ئەو دڵ ئەر دانەی شـەوچرای لاڵ بـۆ/ تـۆ خـودا بـازەش بـا وە زووخاڵ بۆ) «مەجزووب».

**بازەشـان**: لێیـانگەڕێ: (خوێشـان پەرێشـان، پەڵاس نە گەردەن/ تۆخوا بازەشان، چون تۆشا مەردەن) «مەولەوی».

**بازەشرە**: دایبێڵە.

**بازەڤان**: بازپەڕێن.

**بـازەڵە**: ١. بەڵەک، ئەبـڵەق، بـازگ ٢. بـازرە، پڕروو، بێچاوەڕوو، شەرمشکاو ٣. خـرکەڵە، هەراش، منداڵێ کە گەورە بووبێ: (مناڵەکەتـان بازەڵە بووە) ٤. منـداڵی قۆشـمە و فـێڵەزان کە

دەیەوێ بە قسە گەورەتر لە خۆی هەڵخەڵەتێنێ،٥. کوودەڵە، کوودەرە، بزەڵە، بێچووی بەراز،٦. بازەڵێن، قەمچان، ڕێخان، گەمەیەکە بە بەرد دەکرێ،٧. بازی بچووک،٨. تازەلاو، تازە هەرزەکار،٩. گوندێکە سەر بە مەهاباد.

**بازەڵەبییەی**: ١. پێگەیشتن، بالغ بوون،٢. شەرم شکان.

**بازەڵەخوێندن**: بریتی لە بێشەرمی و چاونەترسی: (فیسارەکەس چاک بازەڵەی خوێند).

**بازەڵی**: بازەڵە، بازی بچووک.

**بازەڵێن**: بەردبەردانێ، بازەڵە، پێنج بەردە، پێنج بەرک، پێنجۆک، قاچان، قەمچان، ڕێخان، هەڵمەقۆ، گەمەیەکە لە کوردەواریدا.

**بازەم**: ١. بازهەم، دیسان: (سەربلووک لای پشتی گرت و سونگی دەوران هاتە پێش/ حەسرەتا بازهەم نەیانزانی نیزام وا بێحەیان) «سالم»،٢. بمهێڵە، لێمگەڕێ: (وەشڕەنگی بازەم، سا دەی بێڕەنگی/ شادی با وەس بێ، وەختەن دڵتەنگی) «مەولەوی».

**بازەمان**: لێمانگەڕێ.

**بازەن**: لادراوە، لابراوە: (بە درازیش عومر کۆتام درازەن/ تا پەردەی حیجاب نە ڕووی ڕاز بازەن) «بێسارانی».

**بازەند**: ١. مەچەک، مەچەکە،٢. مەچەکبەند، خڕخاڵ، بازنە.

**بازەوان**: ١. بازپەڕێن، بازڤان، بازچی، قوشچی، ئاگاداری باز: (نە قۆشچی بوو نە بازەوان/ نە خاوەن ئاش، نە ئاشەوان) «ڕاوچی»،٢. ناوی کوڕانە.

**بازەوانە**: بازەوان بۆ مێ.

**بازەوانی**: کاری بازەوان.

**بازەهـ**: باز(باڵندە).

**بازهەڵدان**: ١. بازبەردان، بازپەڕاندن ٢. شەقاوهلدان، قەڵەمبازدان.

**بازهەم**: بازەم، دیسان: (سەرووەشم بەی وەسف جەمالیتەوە/ بازهەم بەی جیلوەی جەلالیتەوە) «مەولەوی».

**بازەی**: ١. بڕێوە، هەندێ، بازێ، بەعزێ، بڕێک،٢. دیسان، دووبارە،٣. لێیگەڕێ.

**بازەیتەبەڵس**: لاناوە لە موور و چەڵ مل.

**بازی**: ١. یاری، گەمە، گاڵتە، کایە، گەپ: (بازیت پێ وەردەن هەر یەک وە لایێ/ سەدای دایەنان وە لایەلایێ) «مەولەوی»، (بێرە مەیدانی فەساحەت، ئەسپی خۆت لنگ دە «حەریق»/ تا بزانم کێ بە شیعرت، سوحبەت و بازی دەکا؟!) «حەریق»،٢. وەردێنەی نان، تیرۆک ٣. بەڵەک، باز، ولاخی بەرزی لاقسپی ٤. هەڵۆ، ئەلهو ٥. باز ٦. عەشیرەتێکی کوردان، فەلەنە، کەوتوونە ژێر توخیبێ تورکان، گەلەک مێر و خودانخەبەرن ٧. خەزوور، باقێ ژن و مێرانە،٨. بازوو، باسک: (بازیوەن)،٩. گوندێکە لە باکووری بامەرنی.

**بازێ**: ١. هێندێ، بەعزێ: (بازێ کەس تێناگەن چ ئێژم؟) ٢. هەنگاوێ، شەقاوێک، بازێک ٣. سترانێکی کوردییە،٤. گوندێکە لای بارزان،٥. باز، بەڵەک،٦. گەلی بازێ دەکەوێتە دەڤەری بەرواری بالا، بازی گوندێکە لەو شیووگەلە، ×١٥٦ ڕاوچی×

**بازیار**: ڕێبوار، ڕێڤینگ.

**بازیان**: ١. جۆرێ برنجە: (نەغەدە و بازیان و عەمبەر و وردی) «چنگیانی»،٢. شاری بازیان لە خۆراوای سلێمانی: (ئامینگیان لە سەنگەسەر، سەیزادە لە بازیانێ) «حەسەن زیرەک»، (گوو بە ڕیشی تەنکی عەبدوڕەحمان

بەگی قایم‌مقام/ ئەو کە بەینێک بێ‌زیان بوو، بازیان مەغرووری کرد) «شێخ ڕەزا»٣. دەشتی بازیان لە نزیک سلێمانی: (کابرایەکی زاخەیی هەبوو ڕۆژگار پاڵی پێوەنابوو لەگەڵ ژنەکەیا ڕێیان ئەکەویتە ئەو بازیانە) «ڕشتەی مرواری»، ٤. ناحیەیەکە سەر بە شاری سلێمانی: (تا لە دەربەندی دەروونم خاری حوزنی هەڵنەکەند/ دەشتی سنگی بازیانم جەننەتولئەسرا نەبوو) «قانع»،٥. ناوی دەربەندێکە لای سلێمانی کە شێخ مەحموودی نەمر لەوێ بریندار و بە دیل گیراوە،٥. ناوە بۆ کچان.

**بازیای**: هەڵواسران.

**بازێبازان**: شابازی نێو هەمو بازان: (بازێ بازان، شاهێ کوردان، روهنی‌یا چاڤێ مەیی) «سندی».

**بازیبەخت**: بازی دەوڵەت، بازی یەقین: (نیشتنی بازی بەخت هەڵکەوتە/ ڕێی وەها بۆ من و هێمن چەوتە) «حەقیقی».

**بازیبەران**: ناوی شوێنێکە لە دزلێ: (ڕۆجیار بازش دا، ئەو بازی‌بەران) «م.ح. دزلێ».

**بازیبەن**: بازی‌بەند، تۆڵبەند، تۆڵبەندی: (قۆڵ بە بازی‌بەند دانەی لاڵەوە) «پیرەمێرد».

**بازیبەند**: بازبەند، بازوبەند، قۆڵەوانە: (مەشکە بژێ لە لەندی/ لە دەرکی دەوڵەمەندی/ بە شەقەی بازی‌بەندی/ ڕۆنی خۆشترە لە قەندی) «فۆلکلۆر».

**بازیبێریان**: ناوی گۆرانییەکە: (بازی بێریان دوورە دێ‌یە ئەمانەمان/ بێری دێن شیرمەشکیان پێ‌یە) «حەسەن زیرەک».

**بازیبێری**: ناوی چیایەکە×: (کورەش، مامەڕەش، بەرنێری/ ڕێلکە و سۆیلە و بازی بێری) «ڕاوچی».

**بازیپێکردن**: تەفرەدان، خاپاندن: (بازیت پێ وەردەن هەر یەک وە لایێ/ سەدای دایەنان وە لایەلایێ) «مەولەوی».

**بازیچە**: ١. لەیستۆک، بووک، بووکۆکە، کایەکلێ، کەرەستەی سەرگەرمی منداڵان: (تەعلیمی موفتی غەیر ئەکا قازی ئەم چەمە/ بازی میسالی بازیچەیە بۆ کەوانمان) «حەمدی»،٢. گاڵتە، گەمە: (بازی چی؟ بازیچەیی تەعینی شاهی پێ‌ئەکرد/ سەرسەری بوومی ڕەفیقی سەرسەری ویران‌نشین) «حەمدی».

**بازیچەیتەقدیر**: بازی ڕۆژگار: (شەوێ پەرێ حەپس خوسرەو دا تەدبیر/ غافڵ بی جە کار بازیچەی تەقدیر) «خانای قوبادی».

**بازیخانی**: ××١٧٢×: (باللۆر بازی خانی/ ئاوا بووم لە بانی/ لە سوێی کورە حەیرانی) «فۆلکلۆر».

**بازید**: ناوی پیاوانە.

**بازیدان**: تەفرەدان، خاپاندن: (بە نازی چاوەکەی بازی کە بازی دام هەتا پیر بووم/ دەترسێم هەر بە بازی بمکوژێ ئەم پڕ خەت و خاڵەم) «وەفایی».

**بازیدراز**: کۆیەیگە لە گیەلان.

**بازیدەوڵەت**: بازی بەخت، بازی یەقین، بازێک بووە کە لە کاتێک پاشای وڵاتێک مردووە و کەس جێگری نەبووە، ئەو بازەیان هەڵفڕاندووە و لە سەر شانی هەرکەسێ نیشتبا ئەوەیان دەکرد بە پاشا: (بازی دەوڵەت هەڵدراوێن، لەسەر هەرکەسێ نیشت ئەوی دەکەنە ئەمیر) «توحفە».

**بازیدەوڵەتلەسەرنیشتن**: بریتی لە چاک بۆهاتن، بەخت ڕوو تێ‌کردن.

**بازیڕاو**: باز، باشوو، باشوکە.

**بازیڕباب**: گوندێکە لای سنە.

**بازیرکێ**: گوندێکە لای دهۆک.
**بازیڕوا**: گوندێکە لای سنە سەر بە دیکۆی حوسەیناوای باشووری.
**بازیڕێگرتن**: ڕێگا گرتن، سەر ڕێ لێگرتن: (ئەتۆ دنیات قوونەکەو کردووە، زۆر دانیشتووی لە بازی ڕێ گرتن و لە جەنگ و لە شەڕ و لە ڕۆژی دڵ هێشانە) «لاس‌وخەزاڵ».
**بازیسپی**: ١. شاباز، جۆرێ بازی بەنرخە: (سایەیی پایە وەکوو باڵی هوما و بازی سپیم/ نە وەکوو بوومی قەدەم شووم و نە هەمرەنگی قەلم) «نالی»،٢. بریتی لە هەتاو، خۆر: (بناگۆشی لە چینی زولفیا دەرکەوتبوو، دەتوت/ ئەمە بازی سپی سوبحە، چووە بن باڵی زاغی شام) «مەحوی».
**بازیسیدره**: ×٨٤×: (ئەی بازی سیدرە تۆبی خودا بۆچی ناگری/ نێچیرەکەت کە پۆڕی دڵی هەڵفڕاومە) «بێخود».
**بازیش‌وەرد**: خەڵەتا، هەڵخەڵەتا: (دڵ وە گێج‌بازی چەپگەرد بازیش‌وەرد/ جفت ئارەزوو کەرد، چەپگەرد تاق ئاوەرد) «مەولەوی».
**بازیشەشدانگ**: بازی تەواو پێگەیشتوو: (نەزاناش خوسرەو بەبێ دەردەسەر/ چون باز شەشدانگ بەرمشۆ وە بەر) «خانای قوبادی».
**بازیڤ**: گوندێکە لای دەرکار.
**بازێک**: بازێ.
**بازیکردن**: یاری کردن: (خەم دەبێ چەوگانی زولفت بۆ زەنەخ/ وەهە چ خۆش بازی بە گۆی سیمین دەکەی) «سالم».
**بازیکەر**: ١. یاریکەر، گەمەکەر، کایەکەر،٢. چۆپی‌کێش، چووپی‌کەش، کەسێ خاس هەڵپەڕگە کەێد.
**بازیکێویان**: ڕێگای هاتوچۆی بزن و مەڕە کێویان.
**بازیکەنیزان**: کچە یاریکەرەکان.
**بازیگە**: بازیگەهـ.
**بازیگەر**: ١. یاریزان، کایەکەر: (لە شەترەنجی خەیاڵت بازیگەر بووم) «ئاوات»،٢. ئەکتەری شانۆ و سینەما.
**بازیگەلی**: گوندێکە لای بارزان.
**بازیگەهـ**: بازیگە، جهێن بازی: (بە زۆر ئەی چەرخ وەکوو بەهرامی گۆڕم/ دەکەی کۆیی منیش بازیگەهی دوور) «سالم».
**بازیلیسک**: مارمزۆک، جۆرێ مارمێلکە بە پا لەسەر ئاو ڕادەکات.
**بازین**: ١. دانان، دۆڕان، دۆزانن، دۆڕاندن: (سەرت پێ لازمە، مەیبازە «مەحوی»/ دەبێ دولبەر کە هات ئێمە بە سەر چین) «مەحوی»، (لێ چ بکەم دچن د ڕێکا ڤاژی/ هەر شاشی دبازن نە ب سازی) « یۆسف‌وزولەیخا»٢. ناوە بۆ کچان.
**بازیوان**: ١. گیایەکە بەهارییە گوڵی ڕەنگ پیوازی دێنێ،٢. ناوی کچانە.
**بازیوەدم**: هەڵخەڵەتام، فریوم‌خوارد.
**بازیوەن**: بازی‌بەند، بازوبەن، قۆڵ‌بەند: (بازیوەندی لە قۆڵی خۆی کردەوە) «مەم‌وزین».
**بازیهەوایی**: بەرزەحەوایلە، بەرزەهەوایلە، بادەوە، کۆلارەی منالان.
**بازییەقین**: بازی دەوڵەت، شابازی بەختەوەری: (بازی یەقینیان هێناوە/ هەر دووک چاوی وی بەستراوە/ هەڵیان ئاویت ڕاوەستاوە) «مان».
**باژ**: ١. باج،٢. دیسان، باز،٣. بخە، بیخە،٤. بەو، وەرە.
**باژار**: ١. شار، شارۆچکە، شترۆکە، باژێر، شارسان: (بانگ بدە ب دەنگێ بلند/ دەنگ

ڤەدە ل بـاژار و گونـد) «پەرویـز جیهـانی» ٢. بازار، جێی مامڵە.
**بازارسازی**: باژێرسازی.
**باژارڤان**: باژێرڤان، شارستان.
**باژارڤانی**: باژێرڤانی، شارستانی، شارەوانی،
**باژارگێڕ**: باژێرگێڕ، شارەوان، سەرۆکی شار.
**باژارگێڕی**: شارەوانی.
**باژارۆک**: شارۆچکە، باژێرک.
**باژاڕی**: شاری، شارستانی، باژێڕی، خەڵکی شار: (گاڤا سـیباریێ بـووکێ گەهیشـتنە بـاژێر، ڕێ هەما بێژی ب باژارییان ڤـا تـژی ببـوون) «مەستوورە».
**باژالە**: باژیلە.
**باژبان**: باژوان، باژڤان، باجوەرگر، باجسێن.
**باژتێ**: باژ، بخە، بیخە.
**باژک**: بیبەر، بیبار.
**باژنە**: پاشنە، پاژنە، باژنۆ، پاژنۆ، پانی.
**باژۆ**: ١. گەمەیێ بادەوەی هەبێ ٢. لێخـورە، بران، بئاژۆ، دەنگیدە: (دەسا خۆت هەڵکە ڕێ ببڕە بە گورجی/ برۆ پێش بێوچان، لێبخـورە، باژۆ) «هێمن».
**باژۆر**: دەگەڵ چـاوگی کەوتـن دێ و مانـای کەڵکەڵە دەدا: (باژۆرکەوتن).
**باژە**: باژ، بخە.
**باژەبان**: بخە بان، بیخە بانی.
**باژەرۆک**: باژێرک، شارۆچکە.
**باژەڤان**: باجەڤان.
**باژەلە**: ١. بازرە،٢. باژێڵە، نەخۆشییەکی پێستە، ٣. مووروویەکە بۆ دەرمانی نەخۆشی باژەڵە،٤. هەڵێژ، گیایەکە لە نێو دەغڵدا شین دەبێ.
**باژەڵە**: باژیلە، باژەلە.
**باژەن**: ١. باوەشـێن، باڕوشـێن، باوەشـێنک ٢. نێری کێوی.

**باژەوا**: گوندێکە لای شارۆچکەی دەرکار.
**باژیر**: ١. باژێڕ، بـاژار، شـار: (ل دەرێ بـاژێر کانەکا کەڤـرێن مەرمەر هەبـوو) «پەپـووک»،٢. بازاڕ.
**باژێڕ**: ١. باژار، شار: (باژێر و کەلات و خـانی بەردان) «خــانی»،٢. نــاوی دوو گونـــدە لە هەرێمـی کوردسـتان،٣. نـاوی دەشـتێکە××: (سەر تا بە پای زێڕ بێ، پڕ دەشتی بـاژێڕ بـێ) «حەسەن زیرەک».
**باژێرژۆری**: گوندێکە لای ئاکرێ.
**باژێرژێری**: گوندێکە لای ئاکرێ.
**باژێرڤان**: شارستان، شار.
**باژێرڤانی**: شارستانی، شارسانی: (چەنـد ژیـێ مـرۆڤ درێـژ ببیـت پتـر تشـتێن نـویژەن و سـەربورین پـر پیشەسـازی و باژێرڤـانیێ و نویژنیێ ڤە) «گولواز».
**باژێرک**: شارۆچکە، شاری گچکە.
**باژێرگێڕ**: شارەدار، شارگێڕ.
**بــاژێڕی**: شـاری، شارسـتانی، بـاژاری: (بەر سیبەرا تە کاژێ ئە ڕازاین) «سندی».
**باژێرییندەسـتەنگ**: شارنشـینانی فەقیـر: (لـێ بـاژێرییێن دەسـتەنگ د خـانیێن ژ کەلپیچـێن خاڤ چێکریدا دمان) «مەستوورە».
**باژێگر**: بەرڤە با، باگر، بادگیر.
**باژێللا**: باشێللا.
**باژیلە**: ١. بـاژەڵە، بـاژالە، زەرتـک، گـرتەک، نەخۆشی پێستی منـاڵان: (ئەڵـێن: ئەگەر ژنـی سـک پـڕ گۆشـتی گـا زۆر بخـوا، منـاڵەکەی تووشـی بـاژیلە ئەبـێ) «ڕشتەیمرواری»،٢. نەخۆشی بەر مسوڵدانی زارۆک کە میزی پـێ نـاکرێ: (ئەگەر منـاڵێـک تووشـی بـاژیلە بـوو، زراوی گا ئاوە تـاڵەکەی و سیر تـێکەڵ کەن، لێـــی بســـوون چـــاکی ئەکـــاتەوە)

«ڕشتەی مرواری»، ٣. زیپکەیەکە لە لەش و پێی منداڵ دێتەدەر.

**باژێله**: ١. باژەڵە، باژیلە ٢. بازرە، تەرە، ئاوارە، کۆڵانی.

**باژێڵه**: باژیله.

**باژێلەبوون**: تەرەبوون: (مریشکا مه یا باژێلەیه).

**باژێلەکران**: ئاوارەکران، تەرەبوون.

**باژێلەکرن**: تەرەکرن، دەربەدەرکردن(مریشک).

**باژێلەکری**: ئاوارە، تەرە، دەربەدەر، هەیکری.

**باژێلەی منال**: نەخۆشی ×××××××

**باس**: ١. خواس، خەبەر، نووچه، هەواڵ، بەسەرهات، مێژ، سەرگوزەشت: (دەنگوباس چییه؟)،٢. بیرورا، وتوویژ، گفتوگۆ، لێدوان: (خەت و زاری کە باسی کەوتە گولزار/ کەچ ئەستۆ ما وەنەوشە، غونچە دڵتەنگ) «مەحوی»،٣. قسە، پەیڤ، گوتە: (باسم باسێکی وا بێ/ بۆن و بەرامەی چا بێ) «ڕاوچی»،٤. ئاگا، هاگا،٥. دەبێ، بایەس، بایەد: (باس بچم)،٦. باسکێش،٧. ناڤێ مێرانە: (سوورکان مەلا باس).

**باسارک**: کۆلێر، ئیرکولەر، کولێری ئاوی یا گازی.

**باساک**: گوندێکە لە خۆرهەڵاتی سلێمانی.

**باساکەلبر**: قاتی، نیاشتن.

**باساکی**: تەواری، تیاری، چابوکی.

**باسان**: ١. گوندێکە لە باکووری بارزان،٢. گوندێکە لای چۆمان.

**باساوا**: گوندێکە لای دهۆک.

**باساوه**: گوندێکە لای خۆرهەڵاتی دوکان.

**باسبێژ**: چیرۆکبێژ، باسوێژ، حەکایەتبێژ.

**باسپرس**: باسکۆل، بازپرس، ڤەپرس، ڤەکۆل.

**باستامبەگ**: ١. گوندێکە لای پیرانشار،٢. گوندێکە سەر بە مەهاباد: (باستامبەگ نێ، بازرگانه/ شارستێن و حوجرانه) «فۆلکلۆر».

**باستامی گچکه**: گوندێکە لە خۆراوای هەولێر.

**باستامی گەوره**: گوندێکە لە خۆراوای هەولێر.

**باستان**: ١. پێشوو، پێشوونیان، کۆن، کۆنه، مێژوو، مێژ، دێرینه، دێرین، کەڤن، بۆری،٢. بە ئاستانی، بەردەرگاکەی: (بوم شەریف ئەز باستانێ، شاهیدێن وێ گولستانێ) «جزیری»،٣. ناوی پیاوانه.

**باستانشناس**: دێرینەناس، شینەوارناس.

**باستانشناسی**: شوێنەوارناسی، دێرینەناسی.

**باستانی**: مێژوویی، کۆنینه، کەونارا، قەدیمی، دێرینه، زۆر کەڤن.

**باسترغه**: ئاودانی چەڵتووک بۆ چەکەرەکردن.

**باسترمه**: باستورمه، باسوورمه، کالباس، گۆشتی دە ڕیخۆڵە ئاخنراو.

**باستکێ ژووری**: دێیەکە لای بەنداوی مووسڵ.

**باستکێ ژێری**: گوندێکە لای بەنداوی مووسڵ.

**باستورمه**: باسوورمه، باسترمه.

**باستۆن**: باتۆم، پەیاغ: (سدارە و قۆندەرە و باستۆن هەمووی بۆ تۆ بێ، بۆچیمه) «ف. بێکەس».

**باستوورمه**: باسترمه.

**باستووق**: باسووق، باستیک.

**باستەپه**: ناوی شوێنه: (لە دۆرەزەی لێیان دا، لە باستەپەی دەغەزری) «پەند».

**باستەن**: باسەن، بەسبار، بۆ وێنه.

**باستیک**: باسوخ، باسوق، باستووق، باستق، باسوز، باسۆ، ماسۆ، شالۆ، گوشمه، فەرەز، شیرینیەکە لە نیشاستە و شەکر و دۆشاو و بادام دروس دەکرێ.

**باستیل**: ١. زینان، زیندان: (بشکێنێ دەرکی باستیلان) «هێمن»،٢. زیندانی قزلقەلعە: (ئەو

قزلقەلعە کە بۆتە باستیل/ هەر دەبێ پڕ بێ لە یەخسیر و دیل؟) «هێمن».

**باسخ**: میوەیەکە: (باسخ و نارنج و لیمۆ، پرتەقاڵ و هەم تریێ/ کاڵەک و شووتی و ترۆزی، کوولەکە و سەوزەخەیار) «قانع».

**باسخوون**: پەلاماری لەپڕ و بێخەبەر.

**باس داکەوتن**: بڵاوبوونەوەی قسە و باسی کەسێ لە ناو خەڵک.

**باسڕ**: باگیر، باگر، باسرە.

**باسرمە**: ١. شارۆچکەیەکە لە باکووری شەقڵاوە،٢. جۆرێ خواردنە×: (چ دەخۆی قاورمەی بە لێوی، چ دەخۆی باسرمەی بە سێوی) «پەند».

**باسڕە**: باگر، باسڕ، باسەڕە، شوێنێ با زۆر بیگرێتەوە.

**باسڕێژ**: پڕوپاگەندەچی، پڕوپاگەندەکار، جاڕدەر، باڵگاشەچی.

**باسریشک**: باسوڕیشک، باریشک، بەفر و بارانی بە باوە.

**باسزان**: مێژووزان، کەوناراناس.

**باسفرێ**: گوندێکە لای قەسرۆک.

**باسقول**: ئاخڵە، دەورە، گەمارۆ.

**باسقول‌دان**: ئاخڵەدان، لەپڕ ئابلۆقەدان.

**باسقەپان**: بازقەپان، باشقەپان، جۆرێ مارە.

**باس‌قەندە**: باس‌قەنگە، باس‌قەننە، دەس‌قەنەنە، کلکەسەبیلەی دارین.

**باس‌قەنگە**: باس‌قەندە.

**باس‌قەننە**: باس‌قەندە، داری قەنە: (دووکەڵ بە کونە لووت و ئەملا و ئەولای باس‌قەننەدا دێتە دەرێ) «هەزار ئەشکەوت».

**باسقەنە**: باس‌قەننە: (یا باس‌قەنەی نەوتی لەپڕ/ بۆ ئاسمانی هەڵدام بە گوڕ) «گۆران».

**باسقیل**: شارێکە لە باکووری کوردستان.

**باسک**: ١. باهوو، بازوو، بازۆڵە، چەمبل، چەنگ، پەیک، لە جومگەی دەست هەتا ئەنیشک: (هەڵیان ماڵیوە باسک/ باسکی قەڵەو و ناسک) «هێمن» ٢. لە سەری پەنجەوە تا شان ٣. لە شانەوە هەتا ئەنیشک،٤. بستو، بستی، باهوو، کەل، تەپۆڵکە، یاڵ، کلکە، ملەی کێو: (نە ئۆحەئۆحەکەی گاوانی باسک/ نە بگرەبەردەکەی کابانی ناسک) «هێمن» ٥. باسکێش، بەشێ لە ئاموور،٦. دارجگەرە، مۆنە، مۆدنە، دەمنە: (ئەرێ سوارۆ، سوارێ ماهینێ/ ئیشەلا ل تە بشکێت باسکێ قەلوینێ) «حەیرانۆک»٧. باڵی مەل و پەلەوەر: (وەکی باللدار ب باسکێن خوە ڤا نکارن بگهیژنە ور) «مەستوورە» ٨. دەستە، کۆمەڵ، بەرە: (د دەڤەرا هکارەتییێدا دوو ئال هەنە ب ناڤێ باسکێ چەپێ و باسکێ ڕاستێ و هەر باسکەک ژ چەند عەشیرەتا پێک دهێت) «گولواز»،٩. بەشێ لە سپا و لەشکر کە لە لای ڕاس یا چەپ هەڵکەوتبێ: (سەربازەکان لە نێوان دوو باسکی دوژنەوە گەمارۆ درابوون)،١٠. زۆزان، کویەسان، کوێستان،١١. باز، بازگ، بازە، بازوو، ئەبلەق، دووڕەنگ،١٢. دورە، دووڕەگ: (باسکەسەگ)،١٣. گەڵا، بەلگ: (سیبەلگێ ڤەکر باسکێن خوە/ د بەرفینێ را دەست لێدا) «سەنار».

**باسکار**: وزە، هێز، توانا، توانایی.

**باسکان**: کۆی باسکان، دوو باسک: (دەڵێ: هەتیوە لاوکە نازانی! بێنە کاوڕێکی بە ماڵە بابی من بسپێرە/ هەموو ڕۆژێ بە بێنووی کاوڕۆکە وەرەوە بۆ ئێرە/ بە باسکانم بۆ بگرەوە لابێر لابێرە) «گەنجی سەربەمۆر».

**باسکانە**: دووبەرەکی، دووقۆڵی.

**باسکانێ**: ١. ململان، ململانێ، دووبەرەکی،

دوبەرەکـانێ، دەسـتەبەندی، دەسـتەبەریێی ٢. مەلەباسکە، جۆرەکە لە جۆرێن مەلەڤانییا.
**باسکباسکانێ**: باسکانێ، دەستەبەندی.
**باسکبەند**: بازیبەند، تۆلبەند، قۆڵەوانە، بازنە.
**باسکتبۆل**: بەسکتبال.
**بـاس کران**: لە بـارەوە دوان: (ئیمـڕۆ لەگەڵ حەمەی نادر و مارفی ئەخۆلا باسـی جەنابتـان کرا) «ڕشتەی مرواری».
**باســکراو**: بـاس لێکـراو، لێـدواو، نـاوبراو، نێوبراو، پێژنا، لەپێش‌دا باسکراو.
**باس کردن**: ١. لێـدوان، بـاس‌کرن، ناوهێنـان: (گەرچـی ئەیشـێلی بە زەبـری قۆنـدەرە و پـێلاوەکەت/ قەت بە دڵـڕەق باسـت نـاکەم، نایزرێنم ناوەکەت/ ...) «هەردی»،٢. گێڕانەوەی قسیە وە درێژی،٣. وتوویژ، گفتوگۆ.
**باسکرن**: باس‌کردن، لێدوان، پەیڤین.
**باس کریا**: باس‌کراو.
**باس کریای**: باس‌کردن.
**باس کریێ**: باس‌کراو.
**باسکلاو**: کڵاوبن، کڵاوبنە، قەڵاتینـگ، ڕەبەل، گەڵای ڕێواس، ڕێواسی بێ‌نێرک.
**باسکڵاو**: باسکلاو.
**باسکڵە**: ١. دیەکەیـگە لە نزیکـی گـیەلان،٢. دیەکەیگە لە چەرداوڕ،٣. جێی شاخاوی.
**باسکلێ‌هەڵماڵین**: خۆ بۆ کارێ ئامادە کـردن: (داخدارە خوێنی دیوە/ بێدارە خۆی ناسیوە/ لە دوژمـن ڕاپەڕیـوە/ باسـکی لـێ هەڵمـاڵیوە) «هێمن».
**باســـکم**: ١. قـوڵم، پـیلم: (ئـای باسـکم دەرهات)،٢. باسکی خـۆتم: (باسـکم وە ژوور سـەری دە، خۆشەویسـتی میـوانی) «حەسـەن زیرەک».
**باسکۆ**: قرتانی باڵی باڵندە.

**باسکوباسکانێ**: باسکانێ.
**باسکۆباسکۆ**: باڵەپڕژێ، باڵەفڕێ، بـاڵ لێـدانی مەل.
**باسکۆڵ**: ١. باسـپورس، بـاس‌کۆڵ، ڤەکـۆڵەر، تـویژەرەوە، ٢. قەپـانی گەورە بـۆ کێشـان،٣. باسـکی گچـکەی کێـو: (حەیرانــێ وەرە لە باسکۆڵێ بە قاللۆرە/ ڕەبی لە سەری بابی کورە حەیرانی بێ سندان و لە زگی دایکی بـێ ڕەقە ناسۆرە) «فۆلکلۆر».
**باسکوملە**: باسک، مـلە، گەردەنەی کەژ: (لە باسک و ملەیەک سەر کەوتین) «پێکەنینی‌گەدا».
**باسکوول**: گەمەیەکە بە باسکێتی دەکرێ.
**باسکووڵ**: باسکۆڵ، قەپانی گەورا.
**باسکە**: ١. باسکەمەلە،٢. لیسان، پولان، گەمەی بە پارە،٣. نـاوی باڵنـدەیەکە،٤. باسـک، مـلەی کێو: (کولێکی گەورە و بچووکی هەمە چەشن و ڕەنـگ، تـێکەڵاوی سـەوزەگیا و چـڕگە و غەزەرەی زوورگ و یاڵ و تیرەشان و باسـکە و بستی و سوگە ببوون) «خاک و چەوسانەوە».
**باسکەباسک**: باسکەسەگ.
**باسکەباسکانی**: دووبەرەکی، دوودەستەیی.
**باسکەدار**: دەسەک، دەستەک، داری دارەڕا.
**باسکەدرێژ**: ١. ناوی یاڵێکە شۆڕ ئەبێتەوە بە سـەر زەردیـاوای مەرکەزی نـاحیەی قەرەداغ: (تا گەیشتینە بەر باسکەدرێژ/ کشایە زەردی‌ئاوا ڕێگـای لێـژ) «گـۆران»،٢. زنجیـرە چیـایێکە لە نێوان کەمەتوو و درگاسلێمان و ئاوێنان.
**باسکەدوو**: گوندێکە لای سەردەشت.
**باسکەدێری**: گوندێکە لای قەسرۆک.
**باس کەر**: کەسێ لە شتێ دەدوێ.
**باس کەردەی**: باس کردن.
**باسکەرە**: باس‌کەر بۆ مێ.
**باسکەزەلام**: زەلام‌باش.

**باسکەسەگ**: باسکەباسک، دووڕەسەگ، دووڕەگ، جۆرە سەگێکە باریک وەک تاجی دەچێ، باوکی گوڵە و دایکی تاجییە.
**باسکەمژانە**: باسکێش.
**باسکەملە**: پیلەوار، دارێکی درێژ و بڕاو کە بۆ سووتاندن لەت و کوتی دەکەن.
**باسکەمەلە**: مەلەباسکێ، مەلێباسکە، باسکە، جۆرێ مەلەیە بە باسک دەکرێ.
**باسکەمەلێ**: باسکەمەلە.
**باسکەوباسک**: ئەم یاڵ و ئەو یاڵ: (داوای دو ماچم لێکرد/ هەڵات ئەم باسکە و باسکە) «حەسەن زیرەک».
**باسکەوجاڕ**: باسکێش، ئێرەقە، باسک هەوجاڕ.
**باسکهەوجاڕ**: باسکەوجاڕ.
**باسکێ**: ١. کەسێ ک مو سەر دەێدە بان،٢. ناوێکە کورانە.
**باسکیتباڵ**: باسکتباڵ، جۆرێ یاری تۆپێنە.
**باسکیجغارە**: مۆدنە، دارجغارە.
**باسکیسیغار**: مۆدنە، دەمنە.
**باسکێش**: باسکەوجاڕ، باسکهەوجاڕ، باس، باسکەمژانە، ئێرەقە، مژانە، مژانکە، مشان، داری نێوان نیر و دەندە: (باسکێشی بووز، دەندێکی دارە قەیسی) «ئەمیری».
**باسکێشان**: ناوی مەزرایەکە لای گوندی شێخچۆپان.
**باسکیکۆڵەسەی**: ناوی پارچە بەراو و زەمینێکە لە دەڤەری سوێسنایەتی.
**باسکیل**: شارێکە لە باکووری کوردستان سەر بە پارێزگای ئەلازیغ.
**باسلق**: باسوخ، باسووق، باسوز، باستیک، خواردنێکە لە شیر و نیشاستە و شەکر.
**باسلوق**: جۆرێ شیرینی.
**باسمبار**: باسمباز.

**باسمباز**: حەورۆژی پڕبارانی سەرەبەهار.
**باسمبیل**: ١. باسمێل، خۆپەرست،٢. خوازەر، داواکار.
**باسمبیلی**: ١. خۆپەسندی، تڕزلی، بەفیزی،٢. داواکاری.
**باسمە**: ١. شقڵ، شەقڵی خرمان ٢. چەشنێ قوماش و پارچەیە ٣. تەڕاخوومە، جۆشی چاو، نەخۆشییەکی پێڵووی چاوە ٤. چاپ.
**باسمێل**: ١. باسمبیل، باسمیل، بەفیز، بەدەعیە، خۆپەسن، خۆڕانەر ٢. داواکار، خوازیار.
**باسمێلی**: فیز، دەعیە، هەوا.
**باسنامە**: ١. مێژوو، مێژوونامە،٢. کتێبی چیرۆکان، داستان، نامیلکە.
**باسنای**: گریانی بێ نێوبڕی منداڵی ساوا.
**باسنویس**: باسنووس.
**باسنویستەی**: باس نووسین.
**باسنویسە**: باسنووس بۆ مێ.
**باسنەی**: باسنای.
**باسنێ**: ١. شارێکە لە سەروو چوارتا،٢. ناحیەیەکە سەر بە قەزای شارباژێر: (لەو وڵاتی باسنێ و ڕەشەکانیە مەلاییێک هەبوو) «ڕشتەیمرواری».
**باسوخ**: باسلق، باستق، باستیک، جۆرێ شیرینی لە دۆشاو دروس دەکرێ.
**باسوخواز**: باسوخواس.
**باسوخوازکەر**: باسوخواسۆکەر.
**باسوخواس**: ١. دەنگ، دەنگوباس، خەبەر، خەوەر، تەرزەنوو: (بۆچی تۆ ئاگات لە دنیا نییە؟/ بۆچی نازانی دەنگوباس نییە؟) «هێمن»،٢. کاری لێکۆڵینەوە.
**باسوخواسکەر**: لێکۆڵەر، پرسوجۆکەر.
**باسوخواسکەردەی**: لێۆپرسینەوە.
**باسۆر**: ١. بای سور، بای ممبارەک،

نەخۆشیەکی گرانە ٢. بێوەسیری، مایەسیری،٣. باسوور، کرمێکە زیان بە دەغڵ دەگەیەنێ.

**باس‌وڕاز**: باس و چیرۆک.

**باسورمە**: باستورمە، باسترمە، گۆشتی دە ڕیخۆڵە ئاخنراو.

**باسۆرمە**: بڵکاف، بڵەکاف.

**باسوڕیشک**: باسڕیشک، بەرف و باران و با.

**باسوز**: باسلق، باستیک.

**باسوق**: باسوخ، باستیک: (کێردێکی دەسک خەرتووم فیل، هەسانی بەردی ناو سنوق/ تەرازووی شەش پای دووسم و سەبەتەی مێوژ و باسوق) »حەمەجەزا».

**باس‌وقسە**: قسەوباس، باس‌وخواس: (گوێی گرت لە باس و قسەیان/ هیچ تێ‌نەگەیشت لێیان) «پیرەمێرد».

**باسولی**: بابۆڵە، قۆنداخ، منداڵی قۆناخ‌کراو.

**باسوو**: باسی، بەحسی: (گەدا و شا چوون یەکا پەی باسوو ئەشکی/ بەڕ و بەحرش یوقۆ لەنگیر و لایی) «سەیدی».

**باسووخوواس**: باس‌وخواس، دەنگ، دەنگ‌وباس، تەرزەنوو: (نێچیرگری دەنگ و باس و خواسان/ واریزی وتاری خوی دەدا، سان) «خانی».

**باسوور**: باسۆر، کرمێکی دەغڵە.

**باسوورمە**: باستورمە، گۆشتی قیمەکریاگ.

**باسووڕە**: باگەڕ، گەردەلوول.

**باسووق**: باستووق، جۆرێ خواردنە: (دۆشاوی باوی سەرمای زستانە/ باسووق و سجووق ڕاحەی کوردانە) «پیرەمێرد».

**باسووقی**: باسووق.

**باسەر**: ١. بای لە بەرزیەوە: (سا و هەورە، با لە کۆسار هەڵدەکاتە باسەرێ/ دێتە سەر شوێنی کەروێشکێ زەحمەتە گەر دەربەرێ) «ڕێزان» ٢. بایەک لە بەهارێدا دێ ٣. بایەک کە لای باشووری ڕۆژهەڵاتەوە دێ: (هاکە باسەر بێ‌سەرما لەشم/ لەش بەجێ ما، بێ سەر و کەشمونەشم) «ڕاوچی»،٤. بەفیز، بەدعیە، هەوایی، لووت‌بەرز: (هاکە بوومە تێشکاوی باسەرێ/ بوومە قوربانی لە پێناوی سەرێ) «ڕاوچی».

**باسەرە**: ١. باسڕە، باگر،٢. گوندێکە لای دوکان.

**باسەڕە**: ١. مێرگ، لەوەرگە، ئالفجار، جاڕ، چیمەنگە، گۆران، ڕەپەڵگا، چایەر، جێی بژوێن و چڕ ٢. باگر، باسڕە، جێی بەرز ٣. ئاوی رووبارێکە لە ناوچەی بازیاندا،٤. لووتکەیەکی بەرزە لە خواری گۆلی دوکان لە نزیک چەمچەماڵ.

**باسەرەیی‌بوون**: باخ بوون، بادی‌هەوا بوون.

**باسەری**: بەفیزی، بەدەماری، تڕزلی، بەهەوایی.

**باسەفا**: خۆش، دڵگیر: (کام بەربەڕۆچکەی زۆر باسەفایە/ چەشنی دڵی شاد دێ‌یە، ئاوایە!) «گۆران».

**باسەکان**: گوندێکە لای سیدەکان.

**باسەکانی‌ژۆری**: گوندێکە لای سۆران.

**باسەکانی‌ژێری**: گوندێکە لای سۆران.

**باسەکانی‌سەروو**: گوندێکە لای سیدەکان.

**باسەمەر**: میوەدەر، بەرگر، بەهرەدار: (وسلی ئێکسیرە وەلێ زەحمەتە بێ/ قامەتی سەروە وەلێ با سەمەرە) «سالم».

**باسەن**: بەسبار، باسەن قسە، بۆ وێنە.

**باسەن‌قسە**: بەسبار، باسەن.

**باسەواد**: ١. خوێندەوار، خۆنەوار، خۆندەڤان، خیندەوار، بسەواد: (جەماکەن تێک عالەمێ، حەمیان ب ئوستا کەن/ حەرف ژ لەوحێ

قیدەمێ، بشەرح و بسەواد کەن) «فەقێ تەیران»،٢. زانا، زۆرزان.

**باسەوی**: گوندێکە لای گردەسین.

**باس‌هەبوون**: هەواڵ خەبەرێک هەبوون.

**باسی**: ١. لاس، لاسایی، دەمەلاسکێ،٢. بەحسی، باسوو.

**باسی‌سەر**: بریتی لە قسەی زۆر بقە و مەترسی‌دار و نەشیاو: (میرحەج کوتی: چۆن دەکرێ پیاو داوای ژنێ لە کرمانجی بکا و حەمامی ژنانی بۆ نۆکەری پێ بگرێ؟ ئەو قسە باسی سەرە و ئابڕووچوونی تێدایە) «برایمۆک».

**باسی‌سەربوون**: جێی مەترسی بوون: (بە شەو منداڵی چووکە ناردنە دەرێ، باسی سەرە).

**باسی‌کرن**: لاسایی‌کرنەوە.

**باسیل**: جۆرێ باکتری زۆر وردە.

**باسی‌ناکرێ**: بۆ چاکی نموونەیە: (دەیجا خۆ حاجی‌ژن باسی ناکرێ) «ئەمیری».

**باسیەر**: ××: (هەی بۆ کەرێ قەڕا بەسەر، دەشت تەیکەرێکی باسیەر) «قانع».×١٠٦××

**باش**: ١. چاک، چا، چێ، زیخ، خاس، خووب، خێر، قەنج، نەهیتە، کردار باش، دژی خراو: (بەهبەه چەندە جوانی/ چەند باش و دلۆڤانی) «پەرویز جیهانی» ٢. بەکەڵک، ڕێک‌وپێک، کاری باش کراو: (دیواری باش)، ٣. پاشگرە بە واتای کاربەدەس: (وریا لای خان بۆتە سورباش) ٤. ساغ، لەش‌ساغ، سڵامەت، واژی نەخۆش: (حەمە دوو ڕۆژە حاڵی باش نییە)،٥. زانا، تێگەیشتوو: (مەلای باش)، ٦. سەر، سەروو،٧. قوش، باشە، واشە، ٨. گیانداری قەڵەو و پەروەردە: (گای باش)،٩. بریتی لە زۆر، فرە: (خەڵکێکی باش هاتبوونە سەیران)،٩. بلا، بێلا.

**باشار**: ١. چار، چارە، عیلاج، توانایی، سەبر، خۆڕاگری، دەرەقەت، دەرۆست، بەرانبەری، پێوەستان: (مافی کوردی هەر دەبێ بستێندرێ، بستێندرێ/ دوژمنی کورد تێگەیشتووە ناکرێ باشار کورد) «هێمن»،٢. ناوی کوڕانە.

**باشاربوون**: بەربەرەکانی کردن، پێوێران.

**باشارکرن**: ١. توانین، شیان، تانین: (ژن ئەگەر لە لانی خراپی دا، کەس باشاری ناکات)،٢. بەش‌کردن، تێرکردن: (چیمەن و سەوزەڵانی دەوروبەر باشاری نەدەکردن) «نەگڵ».

**باشامە**: جۆرێ عەبای ژنانە لە ئێرانێ.

**باشان**: ١. باشەکان، ئەوانەی باشن،٢. پیاوچاکان، ژنانی باش: (شەدەی سەرت کاری کاشان/ بۆ تۆ مردم ئەی کچی باشان) «حەسەن زیرەک»،٣. ناوێکی ژنانەیە.

**باش‌بازرگان**: بازرگان‌باشی، گەورە بازرگان.

**باش‌بالادەس**: ١. سەرکردەی باڵادەستەکان: (وات ئەرێ سالار سوپای نەوهالان/ باش بالادەس وەنەوشەخالان) «خانای قوبادی»،٢. باشقە، گەورە،٣. قوش تێژباڵ.

**باشبلاغ**: ١. پاشبلاغ، دێیەکە سەر بە ناوچەی کولتەپەی جانگیرخانی سەقز: (چاخلوو، چەکوشە و حانەمیران/ باشبلاغ و قەرەناو و دەرەوەزان) «یادنامەی‌سەقز»،٢. کانی سەروو.

**باش‌بلوک**: باشقە، سەروەر: (ئەیوانی جل قووزپاوە چەفتەو نەر/ خوەێ وە باش بلوک ئێلەیل حساوکەر).

**باش‌بۆزغ**: خۆفرۆش، جاش، سیخوڕ، ڕێ‌نیشاندەری بێگانە.

**باش‌بولاغ**: دێیەکە لە باشووری چەمچەماڵ.

**باش‌بولاغی‌سەروو**: دێیەکە لای چەمچەماڵ.

**باش‌بوون**: ١. نەخۆش نەبوون، ساغ بوون،

٢. چاکبوون، خاسی: (دوو شت هەن هەن باشن، هەم هۆی نەمانن/ ئاگر و ئاون وا ئامانن) «حافز».
**باشبوونەوە**: ١. لە نەخۆشی هەستانەوە،٢. چاک بوونەوەی شتی خراپ.
**باشبەرات**: داشبەرات، گوندێکە لای تیکاب.
**باشتاب**: گوندێکە لای چۆمان.
**باشتر**: بێهتر، چاتر، چێتر، خاستر، ڕندتر: (لاو وابوو پیر بووم عەشق دەستم لێ هەڵئەگرێ/ نەمزانی داری وشک باشتر ئاگر ئەگرێ!) «شێخ ڕەزا».
**باشترین**: هەری باش، هەرەچاک: (ئەو ژ بۆ وێ باشترین مژوولی بوو) «مەستوورە».
**باشتەپە**: ١. دو گوندن لە خۆراوای پردێ، ٢. گوندێکە لای توزخورماتوو،٣. ڕووبارێکە لە خواری هەولێر.
**باشتەنراو**: کرێ کە جۆلا بە پتەوی تەنیبێتی: (چۆغە باش تەنراوە گوڵدۆزی کراوەکەی دەگەیشتە سەر ئەژنۆی) «حەمەدۆک».
**باشتی**: میراتە، میرات، میراتی.
**باشتیگیر**: میراتگر، کوتگر.
**باشجقە**: باشقە.
**باشچاوش**: ١. باشچاوەش: (فایق بێکەس گەورەکانی تەوێڵە کۆ ئەکاتەوە: مامۆستای قوتابخانە، ... باشچاوش) «ڕشتەی مرواری»،٢. ناوی مزگەوتێکە لە سلێمانی: (کابرایەک لە سەر حەوزەکەی مزگەوتی باشچاوش لە سلێمانی دەسنوێژ ئەشوا) «ڕشتەیمرواری».
**باشچاوشە**: گەورەی چاوشان.
**باشچاوشی**: گەورەی چوشان بوون.
**باشچاوەش**: گەورەچاوش، مەزنی چاوەشان: (وتم: باشچاوەش ئەچم بۆ بەهەشت/ بۆ دیدەن خزم و بۆ سەیران و گەشت) «قانع».

**باشحەماڵ**: گەورەی حەماڵان.
**باشحەماڵە**: مەزنی حەماڵگەل.
**باشخاتوونان**: سەرکردەی خانمگەل: (باش خاتوونان ئێران زەمینەن/ بەهای هەر ماچش مولک ماچینەن) «خانای قوبادی».
**باشدینان**: بەهدینان، بێهدینان، بادینان، هەرێمێکی کوردستانە ئەم شارانەی لەخۆ گرتووە: ئاکری، ئامێد، دهۆک، زاخۆ، عەینسفنی.
**باشڕۆژ**: ڕۆژباش.
**باشق**: باشوو، واشە.
**باشقا**: زهاک، زرنگ، توانا.
**باشقاڵ**: ڕازی×٢٠٢×: (خۆ ئەگەر ساڵی ژوور سێ بست کەوێ/ چاو باشقاڵ نابێ، تەنها تۆی ئەوێ) «پیرەمێرد».
**باشقاڵئاغا**: گوندێکە لای ئاکرێ.
**باشقاڵڕاوەند**: گوندێکە لای ئاکرێ.
**باشقشلاخ**: گوندێکە لە دێکۆی کانیشیرینی دیواندەرە.
**باشققە**: هەڵبژاردە، سەرتۆپ، سەرباشقە: (ئەو میەی پەڕە باشققەی گشتیانە).
**باشقە**: ١. سەروو، ژوور، ژوورگ، ژووروو،٢. سەردەسە، سەرکردە، مەزن: (جە یۆمن ئەلتاف عەباس سانی/ بی بە باشقەی جەرگەی کیانی) «ئاوێنەی بێگەرد»،٣. باترین، هەرەباش: (من هەوارێ بووم باشقەی هەواران/ نیشتمانی تەخت شا و شاریاران) «مینەجاف»،٤. واشەی تیژباڵ، ٥. بریتی لە مەغروور و بەفیز،٦. لەوەش زیاتر.
**باشقەپان**: بازقەپان، جۆرێ ماری زەردی ئاماڵ سوورە.
**باشقەشوان**: سەرەشوان، شوانی گەورە: (گورگان دەنێرێ لەبەر چاوی باشقە شوانی

مامی، مەڕی بخۆن) «توحفە».

**باشقەشوعەرا**: سەردەستەی تاقمی شوعەرایان و بەیتبێژان: (ناویان نرابوو شوعەرا، مام سابیر باشقە شوعەرا بوو) «شەوارە».

**باشقەڵا**: ١. شارێکی باکووری کوردستانە: (باشقەڵا و خۆزات و پالۆ/ مووش و چۆڵەمێرگ و ماکۆ) «بۆکوردستان»،٢. چیایەکە لە نزیک شاری باشقەڵا.

**باشک**: ناوی شوێنێکە: (خێڵ ئەگەڕێنەوە بۆ کوێستان، کابرایەکی باشکی دانی سوڵەسوڵی ئەکرد) «ڕشتەیمرواری».

**باشکاتب**: سەرنووسەر: (یەکێ مودیرە، یەکێ موحاسب/ یەکێک معەلم، یەکێک باشکاتب) «ف. بێکەس».

**باشکال**: ناوی شوێنێکە: (دهێت ژ باشکالا، دهێت ژ باشکالا/ زنجیرا سەعەتێ شۆر بوو سەر شالا) «حەیرانۆک».

**باشکالا**: باشکالە.

**باشکالکە**: باشکالا، شارۆچکەیەکی باکووری کوردستانە، لە نزیک گۆلی وان.

**باشکانێ**: مەچووزانم، گەمان نیبەکەم: (باشکانێ ئی کارە سەر بگرێ).

**باشکردن**: ١. گۆڕینی حاڵەتی شتێ بۆ لای چاکی: (بە داهاتنی کۆمبایی باری ژیانی جووتێر باش بووە)،٢. چاک و قەنج کرن: (کیر ڤۆشکا نێر و مێ خورتەک ژ ئێک باشقە دکت) «پەند».

**باشکردنەوە**: ١. چاک کردنەوەی نەخۆش، ٢. چاکردنەوەی شتی خراب.

**باشکۆ**: شکۆدار، مەزن، خودانشکۆ.

**باشکۆز**: گوندێکە لای گەلاڵە.

**باشکوولان**: دیەکەیگە لە کەنولە.

**باشکی**: ١. تیرەیەکی کوردی جافن: (کاتێ ئێوارە بوو ڕوومان کردە خێڵێکی باشکی کە تیرەیەکە لە جاف) «ڕشتەیمرواری»،٢. ناوی گوندە: (کابرایەکی باشکی حەمەوەیسی ناو بوو) «ڕشتەی مرواری».

**باشکێش**: گوندێکە لای شارۆچکەی بنگرد.

**باشگا**: باشگە، یانە.

**باشگۆ**: ناوی نێرینانە.

**باشگە**: باشگا، یانە.

**باشلاخ**: باشقشلاخ، گوندێکە لە هۆوەتوو: (ئێژن تازە چووە بۆ باشلاخ) «ئاوێنەیبێگەرد».

**باشلاق**: گوندێکە سەر زرێنەی دیواندەرە.

**باشلوخ**: بارانی، سەرکڵاوەی باران دانەدەر.

**باشڵووخ**: باشلوخ، بارانی.

**باشماخ**: باشماغ.

**باشماغ**: ١. دێیەکە سەر بە ناوچەی تیلەکۆ: (وتی: ئاغە جەلیل ئاغەی باشماغ) «ئاوێنەیبێگەرد»،٢. دێیەکە سەر بە شاری مەریوان لە دێکۆی خاوومیراوا،٣. گۆشتی گوێلک،٤. کەوش، پێڵاو،٥. ئەو دەسماڵەی ژنان بە سەریدا دەدەن،٦. باشماخ، دێیەکە لە دێکۆی لەیلاخی باشووری ناوچەی قوروە،٧. ناوە بۆ پیاوان.

**باشماق**: باشماغ.

**باشمای**: قورچاندن.

**باشمرۆڤ**: پیاوچاک، مێرخاس: (ب گۆتنا باشمرۆڤان ئەو کەرە کو باربر، چێتر ژ شێرە مەرڤخۆر) «گولشوون».

**باشمە**: شەقڵ، شقڵ، نیشانەی خرمان.

**باشمەعموور**: سەرۆکی پاسەوانان: (جاندارمە دزەیان هێنایان بۆ دائیرە، جووە لەلای باشمەعموور وتی: ) «ڕشتەی مرواری».

**باشمەڵلا**: باش، سەرمەڵلا.

**باشن**: خاسن، بەکەڵکن.

**باشنا**: باڵنج.
**باش‌نەمەییو**: ١. شـلەمەنی بـاش نەگیرسـاو،٢. بریتی لە مرۆی کـاڵ و کـرچ لە سیاسـەتا: (لە دوایـــی‌دا بە هـــۆی دەســـتی پـــیس و تڵتەخۆرەپیشەکانی ناحـاڵی، دوو سـێ کـادری بـاش‌نەمەییو ڕەداوی سـاوەکی‌یەکان کەوتـن) «ڕاوچی».
**باشۆ**: باشوو، واشە.
**باشوان**: ١. دێیەکە لە دێهستانی بـۆیەنی بـانە، ٢. شاخێکی بەرزە لای بانە.
**باش‌وبوش**: خۆش‌گوزەرانی، ڕابواردن.
**بـاش‌ۆبۆش**: ١. دەس‌بـڵاو، دەسـت‌بلاڤ ٢. خۆش‌گوزەران، خۆش ڕابوێر.
**باش‌وبۆشی**: دەس‌بەلاڤی، دەست‌بڵاوی، مـاڵ بە خۆڕایی دان.
**باشۆک**: ١. باشوو، واشە، سـەقر،٢. گونـدێکە لە هەریمی کوردستان.
**باشۆکە**: باشوو، واشە.
**باشۆکی**: ١. بشوکی، گوندێکە لای بیجـاڕ،٢. هـــۆزێکی کـــوردن: (لەشـــکری زوودییـــان، زەرزایـان، باشـۆکیبا، ڕەشـکۆتریبان) «گەنجـی سەربەمۆر».
**باشوکیە**: قەحبە، قەحپە.
**باشۆل**: باشەل، باشۆڵ، پاشێڵ.
**باشوو**: باشق، باشە، باشـۆ، باشـۆک، باشـۆکە، باشوو، باشـووک، باشـووکە، باشـیق، باشـۆک، سەقر، واشە، مەلێکی ڕاوکەرە لە ڕەگەزی بـاز و بچوکترە لەو: (باشووی بەگ سەقر و بـازی خـــان/ چەکـــمەڕەق شـــمقار و تەرلان) «بۆکوردستان».
**باشوور**: ١. باشـووڕ، ژێـر، ژێـروو، نیـوەڕۆ، وەشت، لای قوبلە، بەرانبەری باکوور: (باڤ و کەچ هەسپێن خوە سیار بـوون و بەرێ خـوە دانە باشوور) «مەستوورە»،٢. ناوی نێرینانە.
**باشووراڕۆژاڤا**: باشووری ڕۆژاوا.
**باشـــووراڕۆژهلات**: باشـووری خـۆرهەڵات، باشووری خۆرستان.
**باشووری**: ١. هەرچی پێوەندی بە باشوورەوە هەبێ، ٢. هەرچی لای باشوور هەڵکەوتبێ،٣. ژێری، سەر بە باشوور،٤. یەکێ لە زاراوەکـانی کوردیی کە لە باشوور هەڵکەوتوون و بـریتین لە بن زاراوەکانی لەکی و فەیلی و هیتر.
**باشووری‌خواروو**: گوندێکە لای شەقڵاوە.
**باشووری‌ڕۆژئاوا**: باشووری ڕۆژئاوایی، نێـوان باشـــوور و ڕۆژاوا: (بە شـــانی ڕاســـتدا وەرسووڕێی ڕوو لە باشووری ڕۆژئاوا بـکەی) «هەزار ئەشکەوت».
**باشووری‌ڕۆژئاوایی**: باشووری ڕۆژئاوا.
**باشووری‌ڕۆژهەڵات**: باشـووری ڕۆژهەڵاتـی، نێوان باشوور و ڕۆژهەڵات.
**باشووری‌سەروو**: گوندێکە لای شەقڵاوە.
**باشووک**: باشوو، باشووکە.
**باشـــووکە**: باشـوو، واشـە: (باشـووکە تەنهـا یەکێک بوو لە پیاوە ماقووڵەکان) «ف.پ.پ.».
**باشوون**: باش بوون، تەمیـز بـوون: (هنـدەک ئەندام ل هەڤالتی‌یا مدا بوون، سـەر و سـێکێ وان تمیز و باشوون) «گولشوون».
**باش‌وەستا**: سەرووەستا، گەورەی کرێکـاران: (ئەو چەنەی ڕەنـگ شـاخی زێـڕین بـۆ تـۆم پەروەردە کرد، دڵـم نـایێ دە مست وەسـتای ناشی نێم، وەستاییکی باش‌وەسـتا ببـێ، سـەبر سـەبر نەرم نەرم زەحمەتـی نەدا، لە مەسـقەڵ کێشانێ) «مان».
**باشوێل**: باشیل، جۆرە کۆلوانەیەکی ژنانە.
**باشـــە**: ١. باشـــوو، باشـیکە، واشـــە، واش ٢. وشـەی پەسـن‌کرنە،٣. گونـدێکە لە باشـووری

کفری،٤. بەرجد، حەتمەن: (لە هـورد نەچـوو بچیدە ماڵمان؟ باشە).

**باشەباش**: چاکە، چاکەچاک.

**باشەد**: ١. باشە،٢. بەرجد.

**باشەڤار**: ئێواریَباش، ئیڤارباش.

**باشەکوڕ**: کوڕخاسە، کـوڕی ئـازا: (هەر یەکەی داخی عەزا بیَ، بۆ ئەسیر/ چـۆن بـژی باشەکوڕ بەندی فەقیر؟) «ڕاوچی».

**باشەکێن**: بابزوێن، باڕاوەشێن: (بەڵام دیمـانەی تارای باشەکێن/ بـۆ کـوورەی دەروون بـوو بە باوەشێن) «گۆران».

**باشـەل**: باشـێڵ، باشـەڵ، کۆڵـوانە، باشـۆق، باشۆڵ، پاشۆڵ، چارۆکەی ژنـان کە دامێنـی لە کەمەر گریَ دەدەن.

**باشـەڵ**: ١. باشـەل، کۆڵـوانە،٢. بەرکـۆش، بەرەڵبێنە.

**باشەوال**: ڕووت، بیَ دەرپیَ، بیَ شەڕواڵ.

**باشەوالا**: باشەوال، بریتی لە لینگ ڕووت و بیَدەرپیَ: (من دڤیَ کو تە هەوالکراسیَ خـوە دەرخـی و باشـەوالا ب ڤـیَ نێردەوانـیَدا هلکشی) «پەپووک».

**باشـەواله**: ١. بریتـی لە لینگـی ڕووت و بیَدەرپیَ: (من دڤیَ کو تە هەڤالکراسیَ خـوە دەرخـی و باشـەوالا ب ڤـیَ نێردەوانـیَ دا هلکشـی) «پەپـووک»،٢. واشـە، باشـووک، باڵنـدەیەکی تیژبـاڵ و چـالاک و ڕاوکەرە ٣. باوشئاواڵە، کەسیَ کە شتێکی بە دەستەوە بـیَ و بڕوا بە دەستی ئاواڵەیی.

**باشەواڵە**: باشەواله.

**باشی**: ١. پەسنی، پەسندی، قەنجی، خاسـی: (باشـی خـودانیَ خـۆ دەناسیت) ٢. تـایبەتی، خاسـما،٣. پاشـگرە بە واتـای سەردەسـتە: (لۆتیباشی).

**باشیَ**: گوندێکە لای باکووری دێرالوک.

**باشیق**: باشوو، شاهین.

**باشـیقا**: گونـدێکی کـوردانی ئیـزەدییە لای مووسڵ.

**باشیک**: بەعشیقە، شارێکە سەر بە پارێزگـای کەرکووک.

**باشیکە**: باشە، واشە، باشوو.

**باشیکەر**: چاکەکار، خێرخواز.

**باشیل**: ١. تەرە، ئـاوارە، دەربەدەر ٢. بـاخەڵ، باغەڵ ٣. باشۆڵ، پاشۆڵ، کۆڵوانەی ژنگەل.

**باشێل**: باشەل، کۆڵوانە، کۆڵ، چارەکە، جۆریَ چارەکەیە.

**باشێڵ**: باشێل، کۆڵوانە.

**باشیلا**: باشێللا.

**باشێللا**: باژیللا، باژێلە، باشیلا، ئاوارە، تەرە.

**باشیلیۆرت**: شـارێکی بـاکووری کوردسـتانە سەر بە پارێزگای مەلاتیە.

**باشیم**: میرات، میراتی، کەلەپور.

**باشیمگر**: میراتگر، بەشگر، کوتگر.

**باشیمگیر**: میراتگر.

**باشینە**: گوندێکە لە خۆراوای هەولێر.

**باشیوبۆشی**: باش و بۆشی: (باشی و بۆشی خۆت بە سەر منەوە مەکە) «پەند».

**باشیوبووشی**: باشی و بۆشی.

**باش‌یۆڵ**: شارێکی باکووری کوردستانە سـەر بە پارێزگای ئادیەمان.

**باشێوی**: باشێویک، ئاژەوەکەر، ئاژاوەگێر.

**باشێویک**: باشێوی.

**باع**: باعە، باڕە، باڕەباڕ، باعەباع، دەنگی مەڕ و بەرخ: (وەرە خـلە خـل/ بچـۆ نەرم و شـل/ بباڕێنە: باع، بەرخی چاو بەکل) «گۆران».

**باعاندن**: باڕاندن، باڕانن(مەڕ).

**باعزێک**: بازێک، هێندیَ: (ئەوە مـن پـۆلێکم

سی هەڵدەفڕاند/ باعزێکیان سۆنن، سەر کەسکن، سین، مراوینە) «گەنجی سەربەمۆر».
**باعس**: باعیس، بایس، هۆ، هۆکار: (باعس وجوود جە ماه تا ماهی/ دەلیل ئیسبات سنع ئیلاهی) «مەولەوی».
**باعنای**: باعاندن.
**باعنایۆ**: باعاندنەوە.
**باعنەی**: باعاندن.
**باعە**: باع، قارەقار: (باعەی مەڕ دێ).
**باعەباع**: باڕەباڕ، باقەباق، باعەی وەڕ.
**باعەدرێ**: ١. شارێکە سەر بە پارێزگای کەرکووک،٢. ناحیەیەکە سەر بە قەزای شێخان.
**باعیز**: باعیس، بایس: (دەڵێم ڕەببی خودایە هەرکەسێکی دەبێتە باعیزی دوو دڵان) «گەنجی سەربەمۆر».
**باعیس**: هۆ، هۆکار، سۆنگە، سەبەب، سەمەد: (لە سیرڕی حیکمەتی چاوت گەیشتم باعیسی ڕووحە/ تەبەسسوم ماوە تێناگەم لە فەهمی ڕەمزی حەیرانم) «حاجی قادر».
**باعیس‌بوون**: بوونە هۆکار، سەبەب بوون.
**باعیسکار**: هۆکار، سەبەبکار: (سەد نەعلەت لە خۆم، سەتیش بێ لە تۆ/ سەتیش لەو کەسەی ئەمنی دا بە تۆ/ یاخودا باعیسکار ببێ ڕەنجەڕۆ) «فۆلکلۆر».
**باعیسکاربوون**: باعیس بوون: (هەرچەند خراپە پیاو ببێ بە باعیس و باعیسکاری دڵان) «لاس‌وخەزاڵ».
**باعیسە**: باعیس.
**باعیسی‌کەسێ‌بوون**: بوونە هۆی پێشهات و کارەساتی خراب بە سەر کەسێ: (کە باعیسی ئێمە بوو، یاخودا بەردی لێ بارێ) «فۆلکلۆر».
**باعیف**: بعیف، باهیف، بادام.

**باغ**: ١. باخ، بێغ، ملک، دارسانی تایبەتی داری میوە: (بەیانی هاتە باغ ئەو ماهە، ئەم وا تێگەیی ڕۆژە/ لە شەبنم، گوڵ بە دامەن گەوهەری هێنا، نیساری کرد) «مەحوی» ٢. پارچە زەوییەک کە داری میوەی تێدا چەقاوە،٣. زەویەیەک کە تایبەتە بۆ ڕەز،٤. تەیار، ساز ٥. درەخشان، زیندوو،٦. باقەبێن، باغەبێن، ٧. بریتی لە سینگ و بەرۆکی یار و گراوی: (لە کۆسرەتی شاڵەبەگی‌یان هەڵاڵ و بەیبوون و گیاخاو تێک‌چرژاوە/ لە باغی مەرزینگان هەنار و هەنجیر گوڵیان داوە) «شۆڕمحەمەد».
**باغات**: باغان، باخان: (باغات دەور حاشیەی دەربەند/ سەیوان مێوان سەیر ساتی سەهەند) «زەنووری».
**باغار**: بە چوارناڵ غاردان.
**باغان**: باغات، باخەکان.
**باغ‌بڕین**: ١. هەڵپەرتاوتنی لقی مێو و داری بەر،٢. بە تاڵان بردن و دزینی بەر و میوەی باغ،٣. لە دوژمنایەتی داری باغ بڕین.
**باغ‌بڕینەوە**: باغ بڕین، هەڵپەرتاوتنی داری بەر.
**باغ‌بوون**: تووڕەبوون، ئاڵۆزبوون.
**باغبێن**: باغەبێن.
**باغچۆڵە**: باغچە، باغی گچکە: (خونچەی باغچۆڵەی گیانە عیشق و ئەوینم) «ماملێ».
**باغچە**: ١. باخچە، بەخچە، باغی بچوک: (بتدایە دڵ بە من، بە هەموو مەعناوە/ دوو چەپکت ئەهانی لە باغچەی پاشاوە!) «گۆران»، ٢. بریتی لە سینگ و بەرۆک: (وتی: بۆچی وەها شەیدای؟ وتم: بۆ باغچەیی لیمۆ/ وتی: کوانێ؟ وتم: سینگت لە ژێر سوخمە ترازاوت) «مینەجاف»،٣. ناوی گوندێکە لە بەشی فەیزوڵڵابەگی بۆکان لای ساروقامیش: (جەنابی ئەدهەمی ئەورۆ لەگەڵ ئاغای

سەلیمخانی/ بە جووت هاتوینە باغچەی تۆ، بە ڕەسمی دید و میهمانی) «جەوهەری»،٤. گوندێکە لای قادراوا سەر بە بۆکان.
**باغچەسەرا**: باغچەی سەرا و کۆشک: (یا گومبەدی نەزهەتگەهی نێو باغچەسەرا بێ/ ئەلوانی گوڵامێز و شەکەربێزی تیابێ؟!) «نالی».
**باغچەڵە**: ١. گوندێکە لە ناوچەی سەرشیوی سەقز،٢. گوندێکە لە دێکۆی دەورووبەری دیواندەرە.
**باغچەمێشە**: گوندێکە لای سایینقەڵا.
**باغچەوان**: باخچەوان، باخەوان، بەڕێوەبەری باغچە.
**باغچەوانی**: باخەوانی، ئاگاداری لە باخچە.
**باغچەیئیرەم**: باغی بەهەشت: (نە تۆی ئەو هەردا مەوینی وە چەم/ هەوارێ سەفاش چون باغچەی ئیرەم) «مینەجاف».
**باغچەیساوایان**: خوێندنگەی منداڵانی ٤ تا ٦ ساڵە.
**باغچی**: باخچە، باغچە: (ژ باغچی گولەک بەسە) «پەند».
**باغدار**: خودان باغ، باغەوان: (ژ گەر باغێ باغدار مەڵێک بخۆ بەری/ ب دەرخن غولامانە وی دارا ژ بنڤا) «زیلان».
**باغداری**: کاری باغدار، باغەوانی.
**باغدەرە**: شارێکی باکووری کوردستانە سەر شاری دیاربەکر.
**باغر**: بەدەمار، بەهەوا، بەفیز، بوغرا، ترزل، غەڕرە، لەخۆگۆڕاو: (کاورا بە هەوای پارە باغر بووگە، لە خۆی دەرچووە).
**باغربوون**: ١. گەورەبوون،٢. لەخۆدەرچوون.
**باغستان**: دارسان، دارستانی میوە.
**باغشلی**: شارۆچکەیەکی باکووری کوردستانە سەر بە پارێزگای هەکاری.

**باغڤان**: باغەوان، خودانێ باغ: (باخەوان بۆ ئەو مەبەستە گوڵ ئەلاوێنێتەوە/ بۆ ئەوەی گەورەی بکا و بۆ پارە بیگۆڕێتەوە/ ...) «هەردی».
**باغکرن**: هاندان، تووڕەکرن.
**باغگۆزە**: شارێکە لە باکووری کوردستان لە نزیک سیرت.
**باغڵووجە**: ١. دێیەکە سەر بە تورجان: (حەمە ئاغای باغڵوجە خزمەتکارێکی ئەبێ، ئاغاژن ئەینێرێ بۆ بۆکان) «ڕشتەیمرواری»،٢. ناوی چەند گوندە سەر بە شاری زەنجان،٣. گوندێکە لە ناحیەی سلیڤانی،٤. گوندێکە سەر بە شاری سائینقەڵا،٥. دێیەکە لە دێکۆی دوڵبەرانی ناوچەی قوروە،٦. باخ و دارستانی گچکە.
**باغلوومنارە**: گوندێکە لە خۆراوای هەولێر.
**باغڵە**: دیەکەیگە لە چەرداوڕ.
**باغلیجە**: شارۆچکەیەکی باکووری کوردستانە سەر بە پارێزگای هەکاری.
**باغمێو**: ڕەز، تاکستان.
**باغنان**: چەقاندنی داری میوە: (باغێکم ناوە لە عەبابەیلێ/ شەمامە بگرێ بۆ دەستی لەیلێ) «مەلۆ».
**باغنانەوە**: باغنان، چەقاندنی داری بەر: (باغنانەوە هاسانە، بەرهەم هێنانی گرانە) «پەند».
**باغوبوسان**: باغ، بووستان: (وەهار گوڵ نەکەی، وەهار گوڵ نەکەی/ لە باغ و بوسان هوو حاسڵ نەکەی) «خانمەنسوور».
**باغوراغ**: باخ و سەوزایی بژوێن: (لە غونچەی نەودەمیدەی باغ و ڕاغی/ دەڵێی گەردوونە هەڵگیرسا چراغی) «حاجی قادر».
**باغە**: ١. باخە، کاوچووک، شتێکە لە بنێشت

دروس دەکرێ: (تەزبیحەکەم باغەیە بە ئاور دەسووتێ) ٢. مادەیەکی پلاستیکی بێڕەنگە لە تێکەڵی نیترۆ سێلولز و کافوور و ئەلکول و ئێتێر دروس دەکرێ، بۆ سازکردنی شانە و دوگمە و دەسکی چەقۆ و مسواک و بازنە بەکاری دێنن،٣. دەنگی توند و سەخت ٤. باخە، جۆرە برینێکی پێستە لە چوار پەلی وڵاخی بەرز دێت و سمی درێژ دەکات ٥. بەستە، باغەی گەنم و جۆ،٦. باقە، قامیش.

**باغەبان**: باخەوان: (ئەمن نەمدیوە: هیندوو، باغەبانی باغی جەنەت بێ/ بە شیرینی چ دڵکێشە؟ بنازم! خاڵی ڕووخسارت) «وەفایی».

**باغەچنیر**: گوندێکە لە باشووری کوێسنجەق.

**باغەر**: ١. گیرفان، بەرک،٢. باغەڵ، باخەڵ: (ژن ل باغەرێ دێتە دەرێ) «پەند».

**باغەڤان**: باغەوان، باخەوان: (کەی مالکێ مولکێ جیسم و جانی/ ئەز باخچەمە و تو باغەڤانی) «خانی».

**باغەک**: باغێک، باخێک: (ئنشا تو بکی ژ بۆ مە باغەک/ هێشین ببتن ژ بۆ مە شاغەک) «یۆسفوزولەیخا».

**باغەکۆن**: گوندێکە لای سەیدسادق.

**باغەگوێز**: باغی تژی ژ دارا گوێز: (بەڵام نە برای خاوەن باغەگوێز و نە حەبیب هیچیان ناوبانگی باشیان نەبوو) «ڕشتەیمرواری».

**باغەڵ**: ١. گیرفانی کەوا و کۆت،٢. بەتاڵایی نێوان جلی سەرەوە و کراس کە دەکەوێتە بن هەنگڵ زۆر جار شتی تێدەخەن،٣. باخەڵ، باوەش، بەخەڵ، ئامێز: (ئەو دەردەی ئەمن دەکوژێ/ لە باغەڵ گولە سەیدایە) «حەسەن زیرەک».

**باغەلا**: گوندێکە لە باکووری دێرالوک.

**باغەڵشۆڕ**: ××: (دە وەرە براینە هەورێکی هێنا لە من گەوار گەوارە، ئەوە گەواری شینە/ تەڕ دەکا سەر و کەللەی شەنگە بێریان، باغەڵ شۆڕێ دزەییان) «گەنجی سەربەمۆر».

**باغەمرەئەحمەد**: دێیەکە لە باشوری هەولێر.

**باغەمێو**: باغی مێو، باغی ترێ، ڕەز.

**باغەوان**: ١. باغڤان، ڕەزوان، باخەوان، باخڤان، باغڤان: (دیسان لە بگرە بەردەیی گوڵچین و باغەبان/ بولبول کەناری گرت و دڵی غونچە ڕاچەنی) «نالی»،٢. بریتی لە چاوەدێر: (ئەمن بووم باغەوانی باغەکەی تۆ ئێستە بێمرووەت) «کوردی»،٣. ناوی گۆرانییەکە: (باغەوان ئەی باغەوان ڕێگای باغت بە کوێدا/ گیان گیان ڕێگای باغت بە کوێدا) «ماملێ».

**باغەوانی**: باخەوانی، باخڤانی.

**باغەوانیی**: باغەوانی، باخەوانی.

**باغەوبەس**: باقەبێن، باغەبێن.

**باغەین**: هەرچی لە باغە درس بکرێ.

**باغەینە**: هەرچی لە باغە دروس بکرێ.

**باغی**: ١. یاخی، یاغی، لە خوا نەترس: (تاغی و باغی و، باغی گوڵ و نەیرەنگ و فەنی/ شاد و شادابە بە گوڵئاشتی و نارەوەنی) «نالی»،٢. باخ، باخی: (قەلبێ وی دگەل وی بویە باغی/ کێشان و کەشان گیهاندە باغی) «خانی»،٣. گوندێکە لای سەردەشت،٤. خڕ و کەژێکە لای ساردەکوێستان و سلامەت: (جۆگەلەی خڕۆکەکانی گوێزێ، فەرخۆلە و کۆخان و خڕی حەسەن ئاغا و باغی ...) «شەوارە».

**باغیئارەزوو**: ناوی باغێک بووە لە دێی گوێگجەلی، هی بنەماڵەی سەیفی قازی، لە هەموو جۆرێک داری بەری تێدا بووە.

**باغیئیرەم**: باغی شەداد: (عاشقی قامەتی تۆم، کوشتەیی خەندەیی دەمی تۆ/ بەر و باغی ئیرەمی یا گوڵی نەخلی شەجەری) «وەفایی».

**باغی باڵەکوو**: ناوی کێویکە لە گەورکایەتی: (پردی سولتان لە ناو باوەشی کێوەکانی گردەگرویَ و باغی باڵەکوو و دۆڵەڕەش و ڕەزاکوژاو دروس کراوە) «شەوارە».
**باغی بەبەر**: ١. باغێک کە دارەکانی بەری زۆریان گرتبێ و داهاتبێتن،٢. بریتی لە کەسێ بە ئاوات گەیشتوو.
**باغی بەهەشت**: باغی جەننەت، باغی قودس: (ناوی زەنەخدانت لە ناو باغی بەهەشتا بێتە نێو/ سەر وەردەگێڕێ باخەوان هەر جێبەجێ بۆ تف لە سێو!) «مەحوی».
**باغی تری**: باغی مێو، باغی ڕەز.
**باغی جەننەت**: باغی بەهەشت: (دەمێکی هەستە پێ قوربان جەماڵت عالەمئارا کە/ بزانن نەخلی تووبا، باغی جەننەت، خار و خاشاکە) «وەفایی».
**باغی حیرەت**: ١. ئەو باغەیە کە هەموو کەس تیا سەرسام دەمێنێ،٢. برتی لە دنیا: (تەڵێ نەرگسم و باغی حیرەتم پێ/ بە فەرِ هات و و وەکوو گوڵ زوو بەسەرچووم) «مەحوی».
**باغی خانی**: ××: (بە عینوانی چاوجوان چەندە جوانی/ پێشکەشت بێ حەوسەت باغی خانی) «مامڵێ».
**باغی ڕوو**: ڕووی وەک باغ جوان و ڕازاوە: (ماری موو بۆ باغی ڕوو پەرژین دەکەی/ کافری بێ دین ئەمینی دین دەکەی) «سالم».
**باغی زەمبیل**: ١. باغێک بووە لە دێی زەمبیل، ٢. ناوی گۆرانییەکی کوردییە: (لەو دەمەی ڕۆژ داگاتە ڕۆژاوا/ بڕوانە باغی زەمبیل خەمڵاوە) «حەسەن زیرەک».
**باغی ساوا**: ١. باغێک کە تازە نابێتیان،٢. ناوی باغێکە لە گوندی تورجان،٣. بریتی لە سینگ و مەمکی تازە پێگەیشتووی کچ: (لە باغی ساوا پاوانەی سینە/ پەنجەم خەریکی لیمۆ کوشینە) «مامڵێ».
**باغی سیسە**: سەیرانگایەکە لە مەهاباد: (دڵگوشایە و گەشە باغی سیسە/ ترسی ئەو ناوە لە چاوی پیسە) «بۆکوردستان».
**باغی سێوان**: ١. باغێ کە تەنیا داری سێو بێ، ٢. بریتی لە سینگی و بەرۆکی یار: (لە دوگمەی سوخمەی دوێنێ نویژی شێوان/ بەیانی دا سفیدەی باغی سێوان) «نالی».
**باغی شەداد**: باغی ئیرەم، باغێ کە شەداد بە لاسایی لە بەهەشت سازی کرد: (جا دەبێ سینگتم بۆ بکەی بە باغی شەداد و بۆم هەڵبێنی دوو گۆشەی چاوە/ هێندێک بڵێن: خێر، حۆری عاسمانە و هێندێکیش بڵێن: خێر، کۆترە و سەری لێ شێواوە) «شۆڕمەحموود»، (ئەمن خۆزگەم بە وان ئاشقان، دۆستان، کە دەچنەوە باغی شەدادی) «گەنجی سەربەمۆر».
**باغی شێخان**: ١. گوندێکە سەر بە شاری بۆکان، لای گوڵۆڵانی خوارێ،٢. ناوی باغێکە لای شقۆیف،٣. ناوی کوێستانێکە کە سەرچاوەی چۆمی ئینچکەیە،٤. لە زۆر جێ باغ و باغاتی شێخان بووە: (سنگت باخی شێخانە/ لە نزیک گڵۆڵانە/ شەودیژی باخەوانە) «حەسەن زیرەک».
**باغی شێخ وسوی**: باغێکی زۆر ناوداره لای قالوێ ڕەسواغا.
**باغی شێخی**: باغ و باغچەیەکە لە مەهاباد: (باغی شێخی گوڵی ناو باغانە/ سەیری هەتوانی جگەر داغانە) «بۆکوردستان».
**باغی فاتێ**: باغێکە لە نێوان خانەقا و شەرەفکەند: (باغی فاتێ مەڵێ بووری و خوێ بوارد/ گەردن ئازا کە گەلێک میوەم خوارد) «بۆکوردستان».

**باغی‌قودس**: باغی بەهەشت: (کێ لە باغی قودسی هەڵکەندم، هەر ئەو/ ناشتی لەم شۆرەزارەم ناشتیم) «مەحوی».
**باغی‌گوڵان**: ١. باغی پڕ لە گوڵ: (با شەو بڕوا سەحەر بێ/ باغی گوڵان وەبەر بێ) «حەسەن‌زیرەک»،٢. بریتی لە نووسراوەی پڕ بایەخ: (ئەو باخی گوڵانی بۆ ڕواندن/ جێژوانی دڵانی پێ‌نواندن) «ڕاوچی».
**باغی‌مکایل**: ناوی شوێنێکی سەیران و گەشت‌وگوزاری‌یە لە مەهاباد: (پێم بڵێ باغی مکایل چۆنی/ هەر وەکوو پێشوو بە ڕەنگ و بۆنی؟) «بۆکوردستان».
**باغی‌مەلا**: گوندێکە لە موکریان×: (جێی دڵە «باغی مەلا» و «ئاجی‌کەند»/ هەر گوڵە و بولبولە، هەر سازە و بەند) «بۆکوردستان».
**باغی‌میراوا**: کۆمەڵێ باغی میوە لە دەورووبەری میراوای بۆکان: (وەک موسەلایە باغی میراوا/ هەر بخۆ میوە بێژە ماڵاوا) «حەقیقی».
**باغی‌مێو**: باغی ترێ، باغی ڕەز.
**باغی‌وەحش**: جێی ڕاگرتنی ئاژەڵی جۆراوجۆر.
**باف**: ١. کشت و گرژبوونی بەن بە هۆی زۆر بادان ٢. تەونگەر، جۆڵا، ڕێسندە،٣. پاشگرە واتا چن، چنەر: (قاڵی‌باف).
**بافالۆ**: بووفالۆ، گامێشی وەحشی.
**بافای**: موناندن.
**بافت**: ١. شیاوی، ڕەوایی: (بافتی ئەم کارەم نییە) ٢. هۆنە، هۆندراو: (تێک جەوهەر و ئەلماس دکن/ کوفی ژ بافتێ خاس دکن) «فەقێ تەیران» ٣. باو، کات، هەڕەت ٤. ماف، حەق،٥. فێدا، لە کار چوو،٦. خەرج، سەرف: (سەیدی هەرچێش بێ بافتی رای تۆش کەرد).
**بافتە**: ١. تەنراو، چنراو، هۆنراوە،٢. نەوار، تیزماڵکێکی هۆندراوی ئەبریشەم لە پەراوێزی عەبا و سوخمەی دەدەن،٣. ڕایەخ، ژێرڕاخەر: (ئەوە سەر دەبێتەوە بافتەی ئەوان شەنگە جحێلان، شۆڕەجحێلان/ ئەگەر بەرماڵێکی عیبادەتی بە سەر شانی خۆیاندا دەن) «پایزە»،٤. قوربان، فیدا.
**بافتەی**: هۆنین.
**بافتێ‌خاس**: چنراوەی تایبەتی: (تێک جەوهەر و ئەلماس دکن/ کوفی ژ بافتێ خاس دکن) «فەقێ تەیران».
**بافرک**: بابلیسک، گەردەلوول.
**بافرکە**: فرفرەی کاغەزی.
**بافرو**: بافرۆ، درۆزن: (کابرایەک د گوندەکێ دا بوو گەلەکێ درەوین و بافرو) «گولواز».
**بافرۆ**: ١. بوختان، درۆ، فیشاڵ ٢. دەلەسەبێژ، بوختانچی، هەلەپاس.
**بافرۆش**: بافروش، بادفرۆش.
**بافرۆک**: ١. درەوین، درۆیین،٢. فرندە.
**بافرۆیی**: بوختانی، درۆیی، هەلەپاسی.
**بافرە**: ١. کەتیرەی سپی و بێ‌خەوش،٢. ناوی پەرە سیغارێکە،٣. بافیش، بادی‌هەوا: (گەندووش بەم قسانە بافرەیەکی هاتێ، بە ڕوویەکی خۆشەوە گوتی:) «گورگ و بزن».
**بافڕە**: فرفرە، فرفرۆک، هەرچی بە با بخولێتەوە: (بافڕە دڕی بە دڕدۆنگی دەم و چاوی دا) «خاک و چەوسانەوە».
**بافس**: ١. میوەی وەریوی ڕزیو ٢. فیقیی چرمسی و نەگەشتی.
**بافش**: فرە، نەرایەک، خەبەرسار، تامسار.
**بافک**: بیانوو، پەلپ.
**بافل**: ئاوهەڵدێر، تاف، تافگە.
**بافڵ**: تاف، تاڤگە، ئاوهەڵدێر: (لەم دێرە

بەولاوە، ئاوەڕۆی وشەکان لە دەنگما ئەگـۆڕم/ لەم ڕەنگە بەولاوە، بافڵی ڕەنگەکـان لە چاوما ئەگۆڕم) «ش. بێکەس».
**بـــافله**: بـــافەله، بـــاب‌فەله، نـــوێ پســـولمانی کۆنەفەلەیە.
**بافڵەه**: بافله، باب‌فەله.
**بافن**: فافۆن.
**بافۆن**: فافۆن.
**بافوو**: تریاک، تلیاک.
**بافوور**: ١. تریاک،٢. سەبیلەی تریـاکی: (حەمە ڕەحیمیش وتی: وەڵڵا میرم ئەگەر مژێکی‌تر لە بافوورەکەت بدەی) «ڕشتەی مروارید».
**بافە**: باغە، بـاقەی دەغـڵ، دەسـەێ گەنـم یـا جۆیەێ درەوکریاێ.
**بافەدەنگ**: خۆپەسند، لەخۆبایی.
**بافەدەنگی**: خۆپەسندی.
**بافەوەکووڵ**: لاناوە لە وە کارەو نەڕەسین.
**بافەی**: موناندن.
**بافی**: پاشگرە: قاڵیبافی.
**بافیا**: چنیاێ، چنراو.
**بافیاگ**: ١. بافیاک، چنراو، هۆندراو ٢. بریتـی لە درۆ، قسەی هەڵبەستراو.
**بافیان**: چنران، تەنران.
**بافیای**: هۆنران.
**بافیاێ**: بافیا، چنراو.
**بافیش**: فیشاڵ، فیشار، فیز، تڕوتۆپ.
**بـــافیش‌کردن**: خۆهەڵکێشـــان، خۆڕانـــان: (بـافیش و درۆ و دەلەسـە نەکەیـن، ئـێمە تـا ئێستاش مێژووی ئەدەبی‌یەکـی ئەوتۆمـان نییە جێی متمانە بێ) «چەپکێ گوڵ».
**بافیشـــــکەر**: خـــۆهەڵکێش، بەچـــاووڕاو، چاووڕاوکەر، پاچەچی.
**بافین**: تەنین، هۆنینەوە، چنین، هۆنین، کردن.

**باڤ**: ١. باب، بـاڤۆ، بـاوک: (تـا نەڤـی دێ و بـاڤ، قەدرێ دێ و باڤـان نزانـی) «پەنـد» ٢. ئاماڵ، مەیل، مەیـلەو، واش، نزیـک لە ڕەنگـا: (زەرباڤ: ئاماڵ‌زەرد/ ئەڤ برنجە باڤ سـۆرە) ٣. باو، دەستوور، شـێوە ٤. خونـاڤ، شـەونم، ئاونـــگ،٥. بریتـــی لە شـــا، گەورەی وڵات: (وەلییێ کوردستانێ ڕوومەتا وان بـاش گـرت، لێ لنگێ خوە ژ بەرا بـاڤێ خـوە دریـژ نەکـر. وی هنگێ ژ وان ڕا گۆت: ئەگەر شاه بخوازە ئالیکارییێ بدە، دەستێ من ژی ب دەستێ شاه ڕا!) «مەستوورە».
**باڤا**: گوندێکە لای زاخۆ.
**باڤ‌ئوورت**: میراتی باوکی: (باڤ ئوورتا من بوو ملکێ خاس) «گوڵ‌شوون».
**باڤبرا**: ١. برای بابی، بـاوک‌برا ٢. مـام، مـامۆ، ئاپۆ، برای باب.
**باڤ‌پیر**: باپیر، باوا، باووە، کاڵ، کالک.
**باڤتی**: بابی، باڤی، باوکی.
**باڤ‌دەم**: ئادەم، ئەوول باڤ.
**باڤدێزە**: مەیلەوڕەش، مەیل‌دێزە، زەنگ‌دێزە.
**باڤرک**: گوهرین، بە دل بوونا هەوای.
**باڤرەش**: باڤدێزە، مەیلەوڕەش.
**باڤ‌زەر**: بۆرکەلە.
**باڤک**: تیرە، هۆز، خێڵ.
**باڤکێ**: گوندێکە لای ئەتریش و شێخان.
**باڤ‌ماری**: زڕباب، زڕباوک.
**باڤو**: ناوی گوندێکە لە سەر سنووری تورکیا: (لەو کوێسـتانی سـەر سـنووری تورکیـا لە گونـدی بـاڤو پیـاوێکی زۆر لە خـوا ترسـی بەنەخوێن پاک هەبوو) «ڕشتەی‌مرواری».
**باڤۆ**: ١. باب، باوک، باڤۆ،٢. ئەی بابە!: (بەیانی باش بـاڤۆ!) «مەسـتوورە»،٣. نـاوە بـۆ پیـاوان: (باڤۆ چوو باژێر).

**باڤەئاش**: بائاش، بائاشۆنەک، بادبزەن.

**باڤەر**: باوەڕ، یەقین: (مولحیدە برچی ل مال تەنێ نان بەر/ عەقل باڤەر ناک ک ژ ڕەمەزان بترسی) «گولشوون».

**باڤەرئانین**: ئیمان هێنان: (ئەوەک خودا ڕا باڤەر ئانی ویڕا خودا بەسن) «گولشوون».

**باڤەرم**: لەو باوەڕەدام: (ئەمما مێرێ چێ ژ بەر حوکم بنچال و شکەنجە دبن، باڤەرم کو نەفسێ هێڤۆک دەرڤیشان کاش دکن) «گولشوون».

**باڤەرێن**: بارێژ، بارێز، بارێزە، باوەرێن.

**باڤەشین**: بائاش، باڤەئاش.

**باڤەندە**: زرباب، زرباوک.

**باڤی**: ١. بادام، بەهیڤ،٢. ناوی ئەشکەوتێکە لە نزیک مەرگەی قەڵادزێ.

**باڤێ**: ١. باوێ، بهاوێ، بهاڤێ، بخە: (ب سیماڤێ ب زێراڤێ، تو ڕوژێ نەقشەکی باڤێ) «جزیری»،٢. شکڵێبدە، تێیبکە: (زولفێن ژ عەبیری شەکە باڤێ خەم و تابێ) «جزیری»،٣. باوکی، بابی: (ئەز و باڤێ تە، ئەم دۆستن) «پەرویز جیهانی»،٤. گوندێکە لای پیران.

**باڤیا**: گوندێکە لای زاخۆ.

**باڤیان**: گوندێکە لای شێخان.

**باڤیتی**: باڤینی، باوکی، باوکێتی.

**باڤێتی**: بابێتی.

**باڤێخونی**: باوکی ڕاستەقینە، باوکی خۆت: (بهات شڤانەک ل جەم باڤێ خونی کال/ کو باڤێ ل ور کر پڕ شیرەت و پڕ حال) «گولشوون».

**باڤێژمێ**: تێیخەم، تێیئاوێژم: (تۆ هەرە، ئاگر کێم بوو، ئەز ئێ ب خوە ئێزنگان باڤێژمێ) «مەستوورە».

**باڤێژە**: باوێژە، بخە، بیخە، فڕیبە، باڤێ، پاڤێ.

**باڤێمرنێ**: ڕەنگێ مرنێ، مەیلێ مرنێ.

**باڤینی**: باوکێتی، باڤیتی، بابێتی.

**باق**: ١. لاق، پێ، پا، بەلەک، پووز، تەڵابی، قەفت، قەفتەک: (باقا دەس: مەچەکی دەست، باقا پێ: جومگەی پێ) ٢. باقە، مەڵۆ، سەوارە، سواڵەی بەسراوی گیاوگژ،٣. نێرتکی سیر و پیواز،٤. بریتی لە زۆر،٥. مەچەک، زەند.

**باقاندن**: ١. باڕاندن، قالانن، باعاندنی گیسک، ٢. باقانن، هاواری جانەوەر(ڕێوێ).

**باقانن**: باقاندن.

**باقباق**: ١. هاوار، دادوفەریا، گازندە، گلە،٢. باقەباق، دەنگی ڕێوی و چەقەڵ.

**باقبین**: باقەبێن.

**باقبێن**: باغەبێن.

**باقر**: ١. مس ٢. مسی قەڵایی لێنەدراو ٣. چێشتی لە مسدا تێکچوو: (ئەم چێشتە باقر بووە مەیخۆن) ٤. ژەنگی مس،٥. عەیبی نادیاری: (ئاخری باقری دەرهات) ٦. ڕووداماڵاو، ڕوودار،٧. ڕووسیایی، ناڤزڕان: (ئێستا تواو باقر بووە، هیچ ئابڕووی پێوە نەماگە)،٨. ناڤێ مێرانە: (کوڕێکی نەخوێندەواری خەڵکی سنە هاتە لام ناوی باقر بوو) «ڕشتەی مرواری».

**باقراوا**: ١. باقلاوا، گوندێکە سەر بە دیکۆی حوسەیناوای دیواندەرە،٢. دیەکەیێگە لە دێزگران،٣. گوندێکە لای بیجاڕ،٤. دیەکەیێگە لە شیان.

**باقرئاوا**: باقراوا.

**باقربوون**: ١. لێبوونەوەی قەڵایی قاپ و دەفری مسی،٢. ڕەنگ و تام گۆڕانی چێشتێ کە لە دەفری باقربوودا ساز کرابێ،٣. بریتی لە عەیب دەرکەوتن و ڕووڕەش بوون.

**باقربوونەوە**: سوور بوونەوە، بە مسی سپی

نەکراو دەڵێن: (مسەکان باقر بوونەوە، لەمێژە مسگەریان نەدیوە) «ئەمیری».
**باقرتە**: ١. شاری قەراج لە قەزای مەخموور، ٢. گوندێکە لە خۆراوای پردێ.
**باقردەرهاتن**: بریتی لە عەیب دەرکەوتن: (ئەو کارە هەروا نامێنێتەوە ئاخری باقری دەردێ و ئابرووی دەچێ).
**باقسبێ**: گوندێکە لای ئاکرێ.
**باقسمات**: شەکەرلەمە، پسکوویت.
**باقل**: ١. پاقلە، باقلە، بۆقلی ٢. کلێنچکی دووگی مەڕ.
**باقڵ**: بە ئاقڵ، وا بیرم دێ، وا تێدەگەم، پێموایە، ولۆ هزر دبەم.
**باقلا**: باقلە، پاقلە، جۆریەک لۆبیا.
**باقلان**: گوندێکەلای دوکان.
**باقلاو**: باقلەوا، بقلاوە، شێوی باقلە و ئاو و ڕۆن.
**باقلاوا**: ١. تێکوشێوی ڕۆن و دۆشاو،٢. باقلاوە، جۆرێ شیرینی،٣. باقراوا، گوندێکە لە دێکۆی حوسەیناوای دیواندەرە،٤. ناوی گوندێکە سەر بە شاری سنە،٥. دێیەکە لە دێکۆی کۆماسی بەشی ناوچەی مەریوان.
**باقلاوە**: باقلاوە، پاقلاوە، جۆرێ شیرینییە: (دیومە باقلاوە لە نانە باسووق/ ناردیان بە دیاری هەر لەبەر تاسووق) «پیرەمێرد».
**باقلک**: پاقلە، باقلە(گیا).
**باقلم**: باقڵم: (ئاغا باقلم ڕۆژی سێشەمە بوو).
**باقڵم**: بە ئاقڵم، وائەزانم: (هەر زەڕڕەیەک لە خوێنی دەماری پڕ ئاگرم/ هەرچی حوجەیرەکانی هەیە کوورەیی دڵم/ مەشبووعی عیشق و جەزبەیە، بۆ جوانی باقڵم/ قابیل نییە فەراغەتم، حەتتا کە بیشمرم!) «گۆران».
**باقلە**: ١. پاقلە، باقلە، باقلا، باقلک، باجیج، دانەوێڵەیەکی کەلوودار، لە لوبیا دەچێ و هێندێ زلترە ٢. بەری گیایەکی گەڵادەرزی کوێستانییە وەک کەما، پێی دەڵێن: لۆ،٣. دیەکەیگە لە بێلەوار.
**باقلەپلاو**: پلاوی بە باقلە و گۆشتەوە.
**باقلەکوڵیاگ**: پاقلەی کولاو.
**باقلەکێوی**: بۆقلی، جۆرێ پاقلەی وردە.
**باقلەلو**: پاقلەلۆ، تووی لۆ.
**باقلەوا**: باقلاوە، شیرینییەکە.
**باقلەیمیسری**: ترمس.
**باقنای**: باقاندن.
**باقنەی**: باقاندن.
**باقۆ**: ١. مانگاماسی، سمێڵە، نقە، نەققە، جۆرێ ماسی لووسی سمێڵداری دەمگەورەیە، شیعە نایخۆن بەڵام لە کوردەواری بۆی دەچنەی قووڵایی ئاو٢. هەنجیری هێشتا نەگەیشتوو ٣. قەزوانی فەریک ٤. کاریلە یا بەرخێک کە لە زگی دایکیدا یا پاش بوونی تووشی دەردێکی بێدەرمان بووبێ.
**باقوبریق**: ورشەورش، بریقەی زۆر: (بەرە بەرە نویژی خەوتنانە و سایەقەکە وەک زیو، ئەستێرەکان باق و بریقیانە) «خاک و چەوسانەوە».
**باقوبەرە**: گوندێکە لای مەیدان.
**باقۆتە**: نێرتکی پیواز، تەڕەلەیلان.
**باقۆڕ**: ١. باقۆلە، گوڵکەبەراز، بەچکەبەراز: (لەب شەکەرا دوڕ د دەڤە/ گۆ: خەبەرا پاشی ئەڤە/ ئەر تێ ب سەر دینێ مەڤە/ بکێری باقۆڕێ مە تێ) «فەقێ تەیران»،٢. بریتی لە کەسی پان و خڕ و قەڵەو.
**باقۆڕە**: ١. بەچکەبەراز، کودەڵەبەراز ٢. تەژە، زل، زەبەلاح ٣. بەرکوتە، دارتەقێنە.
**باقۆشە**: بارێزە، باکۆڤە، میوەی کاڵ، فیقیێ

ناکام.
**باقوفان**: گوندێکە لە باکووری مووسڵ.
**باقۆفە**: باکۆڤە، فیقییێ نەگهشتی، ئەیاغی کرمێ و ڕزیوی میوە.
**باقۆلە**: باقۆڕ، کودەڵەبەراز، گۆلکەبەراز.
**باقووبە**: ناوی شارێکی عێراقە×: (بانگەوازی دەلاڵەکان: باقووبە باقووبە، بەغدا بەغدا، دەربەند دەربەند) «کۆردەرە».
**باقوور**: گەل، ڕان، مێگەل.
**باقوەس**: ١. باقوەز، باقەبەس، کەسێ یا ئامێرێ کە باغە دەبەستێ،٢. باغەبێن.
**باقۆیی**: بەلەباقە، دەردێکی بێدەرمانی کاریلە و بەرخانە.
**باقە**: ١. باغە، بەسە، بەستە، باوەشێک گیای دوراوی بەسراو: (باقەی زوێری و زاری و دڵگیریم/ پەی پەی زیاد کەرد پەژارەی پیریم) «مەولەوی»٢. باغەی گەنم و جۆی دروا و بەستراو،٣. چەپکێکی گەورەی سەوزی خواردن،٤. واقە، باقەباقی ڕێوی و کەمتیار،٥. قالە، بالە، بارەی بزن و کاریلە،٦. نەخۆشیەکی بزنە: (باقە بزە کەوتۆتە ناڤ بزنەکانم)،٧. باغە، قامیش،٨. بریتی لە گریانی منداڵی ساوا.
**باقەباق**: ١. هاوار، گازندە، داد: (مەلا حەسەن لە ژێرەوە بلامانێ گونی مەلا برایم ئەگرێ و باقە باقی پێ ئەخات) «ڕشتەیمرواری»،٢. واقەواقی ڕێوی و کەمتیار،٣. باعەباع، قاڵەقاڵ، بالەبالی بزن(ڕێوی)،٤. دەنگی گریانی منداڵی ساوا.
**باقەبزە**: بەلەباقە، باقەبەلە.
**باقەبەس**: ١. باقەبەست، باقەبێن، باغەبێن، هەرچی گیای پێ ببەستن،٢. گیای تایبەتی باغە بەسن وەک پیزڵخ،٣. تن و سفت بەسان.
**باقەبەست**: باقەبەس، باغەبێن، باقەبێن، باقەبێنە، فیزۆک، ئەو گیایەی باغەی پێ دەبەستن.
**باقەبەستەی**: باقە بەستن.
**باقەبەلە**: بەلەباقە، باقەبزە، باقە، نەخۆشییەکی بزنە.
**باقەبین**: باقەبەست، باغەبێن.
**باقەبێن**: باقەبەست، باغەبێن، فیزۆک، پیزڵخ و شتی وا کە بۆ بەستنی باغە دەشێ.
**باقەبینای**: باقە بەستن.
**باقەبینە**: باقەبین، باغەبێن.
**باقەچیلکە**: ١. باوەشێک چیلکە و دار و چرپی، ٢. بریتی لە مرۆی لاواز و کز: (کە بمری عاشقی زاری مەلائیک بێن و بیبینن/ دەڵێن: ئەم باقە چیلکە ناگرێ یارەب، بەرێ گۆپاڵ) «مەحوی».
**باقەکریا**: باقەکراو، بەستراو.
**باقەکریای**: باغە کران، بەستران.
**باقەکریێ**: باقەکراو.
**باقەکەر**: باقەبەس، کەسێ باغە دەبەسێ.
**باقەکەردەی**: باقە کردن.
**باقەکەرە**: باقەکەر بۆ مێ.
**باقەنۆت**: پارەی کاغەز.
**باقەنەزمە**: میل، پێ، پا، ئامرازی فیشەک تفەنگ هاویشتنە بەر پەلاپیتکەی.
**باقەول**: دەستە گوڵ، چەپکە وڵ.
**باقەوەس**: باقەبەس.
**باقی**: ١. ماو، هەرماو، جاوید، هەمیشەیی، نەبڕاوە، نەمر: (لە دنیا جەننەتی باقی، تەلاری شاهییە، ساقی!/ حەبیبە توڕڕەیی تەوقی ملی شیرین و عەزرایە) «نالی»،٢. زیندە، زیندوو: (هەر وە زۆر مەندەن نیم نەفەس باقی/ وادەی دەورتەن، هانا، هەی ساقی!) «مەولەوی»،٣. پاشماوە، باقیماندە، کەسانی ماو: (هەرچی

ڕەئیسی کورد بوو، بە سێدارەدا کرا/ باقی بە ماڵی خواشەوە، سووتان لە ئاگرا) «پیرەمێرد»،٤. باقی گیانداران: (فەرقو ئینسان و باقی شعوورا/ ئانەیە ماچوو کە جە تۆ دوورا) «م.ح. دزڵی»،٥. پایەدار، ماندگار، پتەو، قایم،٦. ماوەی پارە و ژمارە: (ئەوە پێش تمەن، هەمووی خەرج نەکەی، باقی‌یەکەی بێنیتەوە) «هەزار ئەشکەوت»،٧. لەوە بەولاوە: (من پادشاهی عیشقم و، هەر داغی جونونم/ تاجی سەرە، باقی کە لە دیوانە حەرامە) «مەحوی»،٨. بریتی لە خودای نەمر: (حەسەن ئەر قەولت ڕاسەن بە تاقی/ چوون فانی ڕووکەر نە دەرگای باقی) «م.ح. دزڵی»،٩. درێژە و پاشماوەی کار: (ئەوەندەم ماڵیوە، باقی تۆ بیکە)،١٠. پاشماوە لە بیرکاری و حیسابدا،١١. سەرباقی لە سەودادا و مامڵە: (گیانم سەودا کرد بە پیاڵێک، ساقی/ ماچێکی باقی دامەوە، بێدرەنگ) «ئاوات»،١٢. ئەوانی‌تر، ئەوان دن لە شتێک: (کتێبی زەردەشت کە ئاوێستایە/ وەک باقیی کتێب خەڵاتی خوایە) «قانع».

**باقێ**: باقیە، تەقەڵ.

**باقی‌ئاوا**: گوندێکە لای ڕانییە.

**باقیتی**: مانەوە، هەرمان: (فانیتی ژ بۆ ویڕا بەقایە/ باقیتی ژ بۆ ویڕا فەنایە) «خانی».

**باقی‌مانەوە**: لەپاش بجێمان، دوای خۆ مانەوە: (مەرگ و ژین وەکو سێبەر و تاوە/ ئەوی باقی بێ، هەر ناوە) «حاجی قادر».

**باقی‌ماوە**: ئەوەی ماوە، باقی‌ماندە: (بەهارێ بوو جەوانی، بوو بە سوخرەی پایزی پیری/ بە سەرچوو باغ و باقی ماوەوەی مشتێ چڵ و چێوە) «مەحوی».

**باقی‌مەندە**: ١. ئەوەتر،٢. باقی، باقی‌ماندە.

**باقی‌مەنتە**: باقی‌مەندە.

**باقیە**: ١. تەقەڵ، تیک، باقێ، جۆرێ درووماندە،٢. ماو، ماگ،٣. مابەقی، لەمەولا: (باقیە نەقڵی دارەکەی سەقز) «ئاڵەکۆک».

**باقییە**: ١. تەقەڵ،٢. ماو، ماگ: (تۆ باقییەی ساقییەی سەحنی چەمەن بێ/ مەیدان هەموو مەی دانە بە کاسات و بە تاسات) «نالی».

**باقییەن**: ماوە، تیاماوە: (جەو بۆنۆ ئەو نوور هەڵای تاقییەن/ نە ڕێزەی مندا بەرقش باقییەن) «بێسارانی».

**باک**: ١. ترس، خۆف، سام، ساف، پەروا، دەربەستی، کێمخوا، هەراس، هەوجە: (لە ناڵەی گەرمی دڵ باکت نەبوو تۆ/ بە ئاهی سەردی «مەحوی» من دڵم سووت) «مەحوی»، (من لە تیر و تانە و زیندان و دار باکم نییە) «هێمن»،٢. باب، باوک،٣. باکی ماشێن،٤. با، باد: (سپینداریێت گوندێ مە هەمی شڤن/ باکەکێ لێ ددەت، ژ سەری دهەژن، ژ بنی دلڤن) «حەیرانۆک».

**باکتەن**: ترست هەیە؟: (بنمانە جەمین نووری پاکتەن/ ئەر تۆ پاکەنی، جە کێ باکتەن؟) «بێسارانی».

**باکدار**: بەباک، دەربەست، دەربایست.

**باکداری**: دەربایستی، بە گرینگ گرتن.

**باکر**: باکرە، کچ: (خالێ ژ ڕەنگێ فلفلان/ ئیلان و جۆتێ قاتلان/ ئەو فڕ دکن خوونا دلان/ باکر چ زانت مروەتێ) «فەقێ تەیران».

**باکران**: هەڵمسین، پەنمان، پژبوون.

**باکر**: باکیر، مێردنەکردوو: (خاسما عەزەب و کەچێ د باکیر) «خانی».

**باکردگ**: باکردوو، پەنماو، ماسیو.

**باکردن**: باکرن.

**باکردوو**: باکردگ: (زەمانیش بە ڕوخسار و سەروگوێلاکێکی پفکردوو و سکێکی

باکردوو بە هەر پەلەقاژەیەک بوو لە خەو کرد) «کۆردەرە».

**باکرما**: گوندێکە لای خواری زاخۆ: (ئەز دێ چمە سەرێ ملا باکرمایێ/ ئەز دێ بەرێ خوە دەم کێلا مەمێ و/ هەر چار قورنەتێت ڤێ دونیایێ) «حەیرانۆک».

**باکرمان**: گوندێکە لای ئاکرێ.

**باکرن**: ١. پەنەمیان، ماسین، هەڵامسین، پەرچفتن، پاچڤین، ڤزین، ئاووسان ٢. تووڕەبوون ٣. فیزکرن،٤. بریتی لە شتی فرۆشی بە سەر دەستەوە مان و نەفرۆشران.

**باکرنەقولاپە**: شووتی وەبن هەنگڵ نان، هەڵخراندن.

**باکروڤە**: بۆران، کرێوە، باوبۆران.

**باکنەبیەی**: بێترسی، نەترسان.

**باکنییەن**: ١. ترست نەبێ: (ساقی، باک نییەن جە سەردی دەی، دەی/ هەوا وەش کەردەن نەشئەی نۆشای مەی) «مەولەوی»،٢. ترسم نییە: (وە کردە وەفام ئەر گا ناوەردەن/ باک نییەن وەفام وە باوەڕ کەردەن) «مەولەوی».

**باکۆ**: ١. گیشە، تایە، قۆری، کۆمای گیا و وێنجە،٢. ناوی شارێکە لە ئازەربایجان: (سوف جە شام ئاوەرد، بەکرەس جە باکۆ/ تورمە جە کشمیر، تەخت هۆلاکۆ) «شەفیع».

**باکوت**: ١. بەفری بە با پەستواو: (بە سۆزەی زریان پیاوی دەکەی سڕ/ بە کرێوە و باکوت ئاژەڵ دەکەی قڕ) «هێمن»،٢. میوەی بە با وەریوو،٣. بادەوە، کرێوەی بە بای توندەوە: (بەفر و باکوت، کوتە کوت شووشە و پەنجەران دەکوتێ) «شەوارە»،٤. شوێنێ با زۆری تێکەوێ.

**باکۆت**: باکوت، باکوزیرک، بایێ دژوار.

**باکۆڕ**: باکوور، لای شیمال: (هەموو ژوورەکان کەوتبوونە باکۆڕی حەوزەکە) «ڕشتەیمرواری».

**باکۆرە**: باکوورە.

**باکوزیرک**: گەرداو، ڕەشەبا.

**باکوژ**: گوندێکە لای دهۆک.

**باکوزیرک**: باوبۆران، تۆف، بادەوە، باوە، کرێوە.

**باکۆڤە**: باقۆفە، میوەی بە با وەریو.

**باکووت**: چاڵی پڕ لە بەفر بە هۆی باوە.

**باکوور**: ١. پشتەوقیبلە، سەروو، ژووروو، شیمال، بەرابەری باشوور: (کوردستانی باکوور: کوردستانی ژووروو) ٢. بای شەماڵ ٣. لای چەپ،٤. ناوی نێرینانە.

**باکوورارۆژئاڤا**: باکووری ڕۆژاوا.

**باکوورارۆژهلات**: باکووری خۆرهەڵات.

**باکوورە**: ١. باکۆرە، گۆچان، چۆگان، گۆپاڵ، داردەستی سەرچەماو،٢. نۆبەرە: (باکوورەیی باغێ عیزز و نازن/ سەد شوکر کو بیکر و سەرفرازن) «خانی».

**باکووری**: ١. خەڵکی باکوور ٢. هەر شوێنێ کە لەلای باکوورەوە هەڵکەوتبێ،٣. زاراوەی کرمانجی، بادینی،٤. ناوی مرۆڤانە.

**باکووزک**: باکووسک، سۆزەی سەرما، بای ساردی زستان.

**باکووسک**: باکووزک، کزەبا.

**باکەرەم**: بەخشندە: (میری موکەڕەم سەروەری عادیل، کەریمی باکەرەم) «مینەجاف».

**باکەش**: ١. بابوێر، کەلێنی با، کونەبا ٢. باکێش، کەڵەشاخی حەجامەتکێش، کووپە ٣. گوڵبێنە، باگیر، واکێش، گلۆێنەی تەنوور،٤. دووکەڵکێش، لوولەی قۆڵەکوورە،٥. بابوێر، دەلاقە و کەلەبەری لە دیواری ماڵ.

**باکەشک**: باکێشک، هەواکەشی بچووک.

**باکەش گرتن**: کەڵەشاخ گرتن لە جەستە.

**باکەف**: باگەڤ، باگەف، خشتێکە باش سوور نەبووبێتەوە بخرێتە ناو ئاو هەڵوەرێ.

**باکەک**: بایێک، بادێک: (سپینداریێت گوندێ مە هەمی شڤن/ باکەکێ لێ ددەت، ژ سەری دهەژن، ژ بنی دلڤن) «حەیرانۆک».

**باکەڵڵە**: ١. کەڵڵەدار،٢. عەقڵدار، هزردار.

**باک هەبوون**: ترس هەبوون، خۆف کردن: (دوو برا ڕۆژی هەرا دەس بخەنە دەستی یەک/ کێهەیان باکی لە هێزی نەتەویی نارەسەنە) «هێدی».

**باکەی**: لەگەڵ ئەوەی کە.

**باکەی**: ١. ئەتۆ با کەی، بماسی،٢. بایەکەی: (ئەی سروە باکەی بەیانی! وەرە/ ...) «هێمن»،٣. با ئەوەی کە، لەگەڵ ئەوەی کە.

**باکی**: بایەکی، بادێکی: (ژ چییایێن ڕۆژاڤا باکی سار دهات) «مەستوورە».

**باکێ دارا**: بای دارە: (باکەکێ دهێت و باکێ دارا/ یێ دهەژینیت گوپکێ دارهنارا) «حەیرانۆک».

**باکیر**: باکر، شوونەکردوو: (خاسما عەزەب و کەچێ د باکیر) «خانی».

**باکیرە**: کچی شوونەکردوو.

**باکێش**: باکەش.

**باکێ شەڤێ**: بای شەوێ: (باکەکێ دهێت و باکێ شەڤێ/ تە خزیمشۆرێ ل بن چارچەڤێ/ پشتی بەژنکا زراڤ/ من کەس نەڤێ) «حەیرانۆک».

**باکێشک**: باکێشا بچووک، باکەشک.

**باگ**: با، بزوتنەوەی توندی هەوا.

**باگا**: ١. باگر، باگیر، باخون، وورشێن، بامشت، وەردەوا، جێهێن بەرز و باگر،٢. ئاگادار، بەئاگا، بەخەبەر، زیرەک، وریا،٣. نەخەوتوو، نەنوستوو: (مێلە دەنگی تۆقان بێتە/ نەوەک گولە باگا بێتە) «هۆنراوە».

**باگابوون**: بە ئاگا بوون، نەنووستن.

**باگار**: ١. چوارناڵ، چووارناڵە، باغار، توندەغاری وڵاخی بەرز،٢. ناوە بۆ کچان.

**باگانەبوون**: بەخەبەر نەبوون.

**باگر**: باگا، باگیر، وورشێن، وەردەوا، بامشت: (مێلاقە و سوێسنی گوڵ گوڵ داوەستاوی ڕاوەستاو لە باپەنا و باگردا) «شەرەفنامە».

**باگرتن**: ١. باوی بوون، نەخۆشی باداری گرتن، ٢. جووتبوونی نێر و مێی تاجی و سەگ،٣. ئارمین، پەرچڤین، پەنەمین، ماسین،٤. گەفوگوڕ، هەڕەشە.

**باگرتوم**: ١. ناڤێ خوەدێ،٢. دروسکەرێ با و زەڤی‌یا.

**باگرتی**: ١. باوی بووی، نەساغ،٢. قەڵەو، پش.

**باگرجاری**: ١. ناڤێ خودێ،٢. دروستکەرێ بای.

**باگرد**: باگێژە، بابلیسک.

**باگردان**: ١. باگردێن، بانگردێن، بانگلێر، بانگوور، بانگۆرە، بانگۆوەر، باگوردن، بانگوش، بانگوێڕ، بانتلێن، بانتلێر، شەولەبان، باگردانگێڕ، باگوڕان، بانگوڕان، بانگەڕ، بانکوت، باندێر، گندۆر، تەبانە،٢. ناوی دو گوندە سەر بە شاری مەهاباد، باگردانی خوارێ و سەرێ.

**باگردانگێڕ**: بانگێڕ، باگردێنگێڕ.

**باگردێن**: باگردان.

**باگرۆ**: باگەڕ، بای توند، باگرۆکە، گێژەڵووکە.

**باگرۆک**: باخۆر، بادراو، باهلگر، باهلگرۆک، پێچدراو: (ئەڤ ئارس باگرۆکە).

**باگرۆکە**: باگرۆ، گێژەڵووکە، دۆرگەرا با.

**باگژ**: باگژە.

**باگژە**: باگژ، بایەکە نێونجی شەماڵ و زریان.

**باگلۆر**: خلۆر، تلۆر، تل.
**باگلۆربوونەوە**: خلۆربوونەوە، تلدان.
**باگلۆرکردنەوە**: خلۆرکردنەوە، بەردانەوە.
**باگۆ**: جواو، وەڵام، بەرسیڤ.
**باگورِ**: ١. باگورک، ئاریکاری، زبارە، هەرەوەز،٢. ئابوونە، پارەی بەشداری لە گۆڤار.
**باگورِان**: باگردان، باگوردان: (نافەکا بارانێ، مابەینا نیسانێ و گولانێ، چێترە ل باگوردانی زێرێ نیڤا دیوانێ) «پەند».
**باگوردان**: باگردێن: (کرە باگوردان، بانێ بێلایێ مە گێرا و گێرا) «سندی».
**باگوردانەک**: باگردێنێک: (من پسیارا عەورێن هەڤال کرن، گەلۆ! کەسەک ژ وە باگوردانەک دیتییە؟) «سندی».
**باگوردانەکێ**: باگردێنێکی: (باگوردانەکێ ژ دل و چاڤان، ژ بەژنا جانان چێکری) «سندی».
**باگوردێن**: باگردان.
**باگۆرە**: مشار، هەرِە.
**باگۆک**: ١. گژلۆکا بایێ، گێژەڵووکە،٢. چیایەکی سەختە لە باکووری نسێبییە.
**باگولانکێ**: گوندێکە لای زاخۆ.
**باگونە**: گونەبا، نەخۆشی گون پەنەمیان لەبەر قەڵەوی.
**باگەر**: باگەرِ، بابلیسک، گێژەڵوکە.
**باگەرِ**: ١. گێژەڵووکە، گەردەلور، باهۆز، بابلیسک، توفان، باگێژە: (شەختە گەستوویەتی زەردەی ئاسۆ/ چاو کەسیرەن بە تەوژمی گریان/ هەڵوەری زەردە لە لێوان، بردی/ باگەرِی خوێنچەرِفێنی زریان) «شنەی پشکووتن»،٢. باگرۆ، بای بەهێز،٣. کرێوە.
**باگەردان**: باگردان، باگردێن.
**باگەرِێن**: بانگێرِ، بانگوش، باگردێن.
**باگەف**: باکەف.
**باگەڤ**: باکەف.
**باگیر**: ١. باگا، باگر، باخون، شوێنێ با لە هەموو لایەکەوە بیگرێتەوە ٢. باگیری سەری قلیان، کانزایەکی کونکونە لە سەر قەنە یا پۆلووی ئاوری دادەنێن.
**باگێرِ**: ئەو دەردە کو بایێ وی ببیتە زڤرەک.
**باگێژە**: باگژە، واگیژە، گردەلوول، گەردەبا، گێجەبا، باهۆز، باگەرِ، گەردەلوول.
**باگێژە**: بابلیسک، باگرد، باگەرِ.
**باگیلگر**: ١. ناڤێ خودێ،٢. دروسکەرێ ئاخێ ژ بای.
**باگێ یادێ**: مانگی رِەمەزان، هەیڤا یادێ خودێ.
**بال**: ١. سەرنج، ئاورِ، لاوە، کنە: (خوەستن کو بالا تەنەفرۆش بکیشن سەر وان) «پەپووک» (بالا خووەدان: سەرنجدان، هۆشپێدان) ٢. لا، کن، لەلا، لای، لجەم، لنک: (موسلمانەک درێ من دە خەبەر بت بالی سولتانێ) «جزیری»، (تشتێ من لبال تەنە) ٣. پەرِ، چنگی تەیر، بالی مەل ٤. هنگڤین، هەنگوین ٥. رِەنگی خاکێ ٦. بالا، بەژن: (من تو دیتی ل بانیا مالێ/ ئاگر ڤ دلێ من کەت ژ بەر بەژن و بالێ) «حەیرانۆک»٧. دڵ، دل: (تو دزانی ب خودێ من تو خەیالی شەب و روز/ ب خەیالا خوە مەدام من تو ل بالی شەب و روز) «جزیری».
**باڵ**: ١. شاقەل، باڵی تەیر، دەستی مەل و باڵدار: (منیش وەک ئێوە لە دنیای گەورە گەردێکم بچووک/ حەتتا ناشتوانم بفرِم، بخوێنم، بە باڵ بە دەندووک!) «گۆران» ٢. هەرچوار پەلی گیاندار ٣. یەکەی پێوانە لە سەری پەنجەوە تا چەناگە ٤. باسک، قۆڵ، نێوانی شان و ئەنیشک ٥. قۆڵی جل و کەوا

٦. پاڵ، تێکەڵی، نزیکی: (دوماڵ دەباڵ یەکدان) ٧. دەست، سەری قامک تا شان: (کۆڵی ماڵ و منداڵت/ تەزاندویەتی باڵت) «ملوانکەی شین» ٨. ناو، نێو، هەندوڕ، دوڕ،٩. باڵی مێروو و مەگەس: (دەنگی مورغی دڵ دەیێ هەردەم لە داوی زولفی ئەو/ وەک لە تاری عەنکەبووتا زیرەیی باڵی مەگەس) «حاجی قادر»،١٠. باڵی فڕۆکە،١١. قورنە، دەوروبەر: (لە چووار باڵەو دەور دانە لێم)،١١. بریتی لە پشت، پەنا،١٢. بریتی لە شەریک، یارمەتیدەر: (تەنیابال)،١٣. واڵ، گیانداریکی زۆر گەورەی ناو ئاوە، کێشی تا ١٥٠ تۆن دەبێ،١٤. یەکەکانی جودا جودا لە هێزێکی چەکداریدا: (دەستوور درا بەرەوپێش چوونی خۆی بوەستێنێ تا بە جووڵاندنی باڵەکانی خۆیان بتوانن ئەو خێڵانە لە بەرزاییەکان هەڵکەنن) «لەمەهاباد بۆئاراس»، ١٥. ناوە بۆ کچان.

**بالا**: ١. بڵندی، ئەڤراز، هەوراز، بەرزی: (تا سونبولی زولفت لە نیهالی قەدت ئالا/ من دوودی هەناسەم گەییە عالەمی بالا) «نالی» ٢. بەژن، قام، قەد، ئەندام، تمتێل: (باڵای ئاڵای شەنگ سەد بەلا پێوەن/ دووکانچەی شادی دەردینان شێوەن) «مەولەوی» ٣. درێژی شت٤. بان، ژوور، سەر، سەرەوە، ڕووی: (شەکەرلەب بە سەد لارە و لەنجە و ناز/ نیشت وە باڵای فەرش گوڵان بە ئەنداز) «خانای قوبادی»،٥. سەرسینگ: (مەمکت دوو میم و کافیکە/ لە باڵای سینەسافێکە) «حەسەن زیرەک»،٦. کەسێلی مەزن و قەدرگران: (لە پێش جوملەی عالەم یەکسان لە بالا و پەست/ کینە و قەهر و عەداوەت نییە لە ناو دڵم) «غولامی»،٧. بەرز، بڵند، ٨. بەژن، لای سەروی کراسی ژنان: (کراسەکەم داوێنی تەواوە، بەڵام باڵاکەی گەورەیە)، ٩. ناڤی خوەدێ،١٠. بریتی لە هەڵدان لە بواری ڕۆحی و مەعنەوی: (لە خۆشی دەرچوونی کوڕەکەم لە زانکۆ گەزگەز باڵام کرد)،١١. ناوی گۆرانییەکە: (خولام دیدەتم قەد و باڵا بەرز/ وێنەی لاولاو و سەرو و عەرعەر تەرز) «ع. مەردان»،١٢. فرەتر، زیاتر، ١٣. کۆتەرە، قەدی دار: (هەر ساڵێ سەد جار هاتن بۆ لای من/ پاڵیان داوە پاڵ بێخ و باڵای من) «قانع».

**باڵا**: ١. بالا،٢. ناوە بۆ کچان.

**باڵائاڵا**: بەژن و باڵا بەرز و جوان ئاک بەیداخ: (هالای گرپەی دەرد ئەو باڵای ئاڵا/ نە کوورەی دەروون نەگرتەن بالا) «مەولەوی».

**باڵابازگ**: باڵباز، چەکداری میری.

**باڵابازگە**: چەکداری میری.

**بالابان**: ١. سەقر، باڵەوان، باڵەبان،٢. شارێکی باکووری کوردستانە سەر بە پارێزگای مەلاتیە.

**باڵابستە**: کورتەباڵا، باوەعەمرە، بستەباڵا.

**بالابلند**: باڵابەرز، کەڵەگەت، شیکە، شاگە: (دولبەری بالابڵندم گەر خەرامان بێ بە ناز/ سەروی گولزاری ئیرەم چۆن مەیلی هەمدۆشی دەکا) «سالم».

**باڵابڵندی**: کەڵەگەتی، باڵابەرزی.

**باڵابلووری**: باڵا وەکی بلوور جوان و ڕێکوپێک: (داد داد و ڕۆڕۆ باڵا بلووری) «ئاوێنەیبێگەرد».

**باڵابڵیند**: بالابڵند: (تشنەلەب دێوانە بووم، سەرگەشتەیی زوڵماتی غەم/ دڵبەری باڵابڵیند و ئاوی حەیوانم نەهات) «وەفایی».

**بالابۆست**: باوەعەمرە، بالافس، بستەباڵا، چلەنۆک، باواقۆرەت: (بالابۆست و ردین چل گەز) «پەند».

**باڵابەباڵاگرتن**: خۆ بە قەد یەک گرتن: (هاتە

دەرکی دەروازە/ چاوی شەهێن و بازە/ داوام لێ کرد بۆ ماچێ/ نەیدامێ مەکربازە/ بالام بە بالای گرتووە/ وەک یەکین بە ئەندازە) «فۆلکلۆر».

**بالابەر**: ١. ئاسانسۆر، ئەسانسۆر ٢. بالابەر، شتی کارەبایی بۆ بردنە سەرێی شتی قورس.

**بالابەرز**: ١. بالابلند، کەڵەگەت، شیکە، شاگە: (بالابەرز و بچکۆلە پێ و ئیسکارپین/ گۆرەوی و پووز: سفت و سپی و ئاوریشمین!) «گۆران»،٢. ناوە بۆ کچان.

**بالابەرزە**: هەڵمەقووتە، بەرزەلووتە، قامکی ناوەند، زەرنەقووتە: (ناز دەکا بالابەرزە/ کێ وەک من جوان و تەرزە؟) «هەژار».

**بالابەژن**: ئاوێنەی بالانوێن، نەینکا مەزن.

**بالاپشت**: تەنکەبڕ، بالاپێشت، تەنکەکردنی چێندراو.

**بالاپۆش**: جلکی سەرتاپا وەک کەپەنک، عەبا، قاپووت، باڵتۆ، چارۆکە: (سفیدەی کفن بالاپۆشم بێ) «فۆلکلۆر».

**بالاپووش**: بالاپۆش، کرواس سەرتاپا.

**بالاپەرواز**: ١. بەرزەفڕ، بەرزەپەڕ، مەلی بەرزەفڕ، ٢. بریتی لە کەسێ کە بە بەشی چاک نەبێ ڕازی نەبێ.

**بالاپەروازی**: ١. بەرزەفڕی، بەرزفڕین،٢. بریتی لە لووت بەرزی: (کەوتوۆتە خولیای بالاپەروازی) «پیرەمێرد».

**بالاپیاو**: درێژایی هێندەی بالای پیاوێک: (زێیەگەرمێنێ لە باشترین و بەرێژەترین خاکدا دەڕوێ، بەرزایی لە بالاپیاوێک زیاتر نییە) «حەمەدۆک».

**بالاپیاوێک**: بەژنە زەلامێک، پێوەرێک بۆ درێژی: (بالاپیاوێک بە عەرزیدا چووە خوار) «حەمەدۆک».

**بالاپێشت**: بالاپشت.

**بالات**: بەژن و بالای تۆ: (نە پەی چەم سورمەی گەرد پالاتەن/ نە پەی گیان قوربان بەژن بالاتەن) «پەند».

**بالاتە**: ١. گوڵی گیایەکە بەرەکەی لە نێو گوڵەکەیدا دیار بکەوێ وەک گوڵەبەڕۆژە،٢. سەرەتای گەیشتنی میوە ٣. ناوی گوندێکە.

**بالاتە**: بالاتە.

**بالاتەر**: بەرزتر: (نرخ کالاکەش ئالاتەر بیەن/ سەد گیان وە پوولێ بالاتەر نیەن) «مەولەوی».

**بالاتەنگ**: تەنگەی چاروێ×: (لاس دەڵێ: هەرا کەن زینی مورسەتی لێ بشەتێنن، جووتێک زەرگانم لەبۆ بالاتەنگێ بۆ بێنن) «توحفە».

**بالاجام**: بالانوێن.

**بالاجۆ**: ناوی بەرە جۆگەئاوێکە لە سەرا و کوچکی سەروو بۆ زەوی کوچکی خواروو دێتە خوارێ.

**بالاجوان**: ناوە بۆ کچان.

**بالاجوو**: دیەکەیگە لە کەنولە.

**بالاخان**: بالاخانە: (ژێرخان و بالاخان).

**بالاخانە**: ١. سەرا، سەرخان، نهۆمی دووهەم، ٢. باڵەخانە، کۆشک، ماڵی بڵند: (وەتاغێکی بۆ دروست کەم، چیمەنتۆ و بالاخانە) «حەسەن زیرەک».

**بالاخوەدان**: باڵدان، سەرنجدان.

**بالادار**: داری سەرەوەی دارتەون.

**بالادان**: ١. فڕین، باڵەودانی،٢. باڵباڵەو بوون ڕییەن.

**بالادەس**: ١. بالادەست، دەسدرێژ، دەسەلاتدار، دەسڕۆیشتوو: (یاخوا هەر بالادەس بی)،٢. گەورەتر، مەزنتر: (سۆرۆ

باڵادەسی منە)،٣. بەشی سەرەوە،٤. ڕووناکتر×: (خوا وای کردووە ڕۆژ باڵادەستە/ مانگیش لە ڕوویا زەبوون و پەستە) «پیرەمێرد».

**باڵادەست**: باڵادەس.

**باڵادەستە**: ١. مندالێ کە بەژن و باڵای لە حالێ هەڵدان دایە و بەرەو لاوی دەچێ: (کوڕەکەمان شوکور باڵادەستە بووە و چەند سالێ دیکە دەبێتە پیاو)،٢. نێونجی، نە درێژ نە کورت.

**باڵادەستی**: باڵادەسی، دەسڕۆیشتوویی، دەسدرێژی.

**باڵادەسە**: باڵادەست.

**باڵادەسی**: باڵادەستی.

**باڵار**: ١. کاریتە، تەژە، حەماڵ، داری گەورەی دارەڕا،٢. سوون، ستوون، دیلەک،٣. باڵیار، بەش و ژێرین تەون قالێ،٤. قڕ، قڕان،٥. سییە و دڵ: (لەبەو خەنمین باڵارمان بڕیا).

**باڵاڕوان**: ١. باڵانوێن، ئاوێنەی گەورە، نەینکا مەزن ٢. ڕۆچنە، کلاوڕۆچنە، کولانچکەی سەربان ٣. دەربیجە، پەنجێرەی لە نزیک میچ.

**باڵاڕووکانن**: خۆکێشان، زوزی بەرزبوون.

**باڵاڕەفە**: ڕەفکە، ڕەفەی سەرەوەی هەموو ڕەفەکانی ماڵان کە کاسەی فەخفووری ئەخەنە سەر.

**باڵازەڕستوون**: بەژن و باڵا وەک ستوونی لە زێڕ: (سەحەر مەزانی، باڵازەڕستوون/ پات وێنەی هەنار ژیابۆ بە هوون) «بێسارانی».

**باڵاسەر**: ١. ژووری سەر، ئاسمان،٢. سەرپەرست، چاوەدێر: (ژنێکی تەڵاقدراوی بێ باڵاسەر).

**باڵاسەروو**: ١. ناوی گۆرانییەکە: (باڵا سەروو سەنوبەرە/ قەد و هەیاسە و کەمەرە) «ع. مەردان»، ٢. بڕیتی لە کەسی باڵابەرز.

**باڵاشان**: ١. باڵایان، قەدوباڵایان،٢. لاسکیان، ساقەیان: (دیم بەدەن عوریان جە سەر تا دامان/ وەڵگی باڵاشان ڕێزان وە دامان) «بێسارانی».

**باڵاشرین**: جوان، ڕێکوپێک، شۆخ، شەنگ، قشت، بەژن زراف.

**باڵاشمە**: باڵشمە، سەرتاق، داری دیرەگی سەر تاقەی دیوار کە داری تری دێتە سەری.

**باڵاشەمە**: باڵاشمە، باڵیشمە، داری سەرتاق.

**باڵاشیرین**: باڵاشرین.

**باڵاعەرعەر**: باڵابەرز، قەدبڵند: (شیرین باڵاعەرعەر وێنەی سنەوبەر) «ئاوێنەیبێگەرد».

**باڵاعەلەم**: بڕیتی لە باڵابەرز: (چویتە کوێ ئەی نازەنین، ئەی ئاهوی دەشتی خەتا؟/ چویتە کوێ ئەی دڵشکەن، قەدعەرعەری باڵاعەلەم؟) «مینەجاف».

**باڵاغ**: پالاغ.

**بالاف**: بالاڤ.

**بالافڕ**: فڕۆکە، پڤۆک، بالاڤڕ، بالەفر، تەیارە.

**بالافڕوان**: فڕۆکەوان، فڕۆکەفڕێن، خەلەبان.

**بالافڕوانی**: فڕۆکەوانی، فڕۆکەفڕێنی، خەلەبانی.

**بالافس**: کورتەباڵا، بالابۆست.

**بالاڤ**: ١. مەلە، مەلێ، جەم ئاڤێ، خۆشتن: (بالاڤ ب گەرماڤان خۆشە) «سندی» ٢. کوڵ، شیووکوڵ: (چووم بالاڤێ ل سەر کانیاخیزی/ مـن جل شویشتن، هاڤێتن سەر فریزی) «حەیرانۆک»٣. جلی دانراو بۆ شۆردن: (ئەو جلکێ هانا بالاڤینە).

**بالاڤخۆش**: گەرماڤخۆش، سیحەتی ئاوی گەرم، دەبێژن: تە گەرماڤ خۆش.

**بالاڤڕ**: بالافڕ.

**بالاڤڕڤان**: بالافڕوان.

**بالاڤرڤانی**: فرۆکەفڕێنێ، خەلەبانی.
**بالاڤ کرن**: شیوکردن، شۆردن، شتن.
**بـــالاڤگە**: مەلەوانـــگە، گەرمـــاو، گەرمـــاڤ، گەرمابە، حەمام، سەرەشۆرگە، جێی مەلێ.
**بالاڤی**: ١. ئـافرەتی جلشـۆر، ژنـا کـۆلکەر،٢. مەلەکـــردوو، خۆشـــۆردوو: (هـــو شـــیرینێ بالاڤیێ/ هو تورینێ خۆشتڤیێ) «سندی»،٣. تەشت، سوێنەی جل شۆردن.
**بالاڤیـــــک**: ١. کلـــک‌تەقێنە، کلـــک‌تەقنە، بەرگایلکە، مەلێکی گچـکەی بەڵەکە،٢. سـاڤار، ســــاوار، ســــاڤارێ هـــــوور، ســــماییلۆک، وردەبرۆێش.
**بـــاڵاقڵوو**: گونـدێکە لای سـەقز: (سـیادەر و قــــاراوا، کانیســــوور، دەشــــتەکەی بەدر/ هەرمـێدۆڵ و بـارام و بـاڵاقڵوو، قەرەبـوغرە) «یادنامەیسەقز».
**بـــاڵاقوڵ**: بـاڵەقڵووی، گونـدێکە لە نـاوچەی کولتەپەی فەیزوڵڵابەگی: (حەمە حەسەن خـان بـــــاڵاقوڵ، عەلــــی خــــان خۆشــــلاخ) «ئاوێنەیبێگەرد».
**باڵاکردن**: بەرزبوون، گەشەسەنن.
**بالاکوت**: ١. باڵاکول، کورتەباڵا، چڵەنـۆک ٢. کوڵەبنە، فیتنەگێڕ.
**باڵاکورت**: کورتەباڵا، قولەبنە.
**بالاکول**: بالاکوت، کورتەباڵا.
**باڵاکوڵ**: بالاکوت.
**باڵاکوڵە**: باڵاکول.
**باڵاکوڵی**: کورتەباڵایی.
**باڵاگرتن**: ١. ئەندازە گرتنـی قـامەت دەگەڵ کەسێک: (باڵام بە باڵای ئەو کچە گرت، سـێ قامـک کـورتی دێنـێ) «حەسـەن زیـرەک»،٢. هەڵدان، گەشە کردن،٣. فرین، باڵەوگرتن.
**باڵاگریوە**: خێڵێگە لە لوڕەیل ک قەیەمخەیـر خانم لەو خێڵە بوو.
**باڵاگوڵ**: ناوێگە دویەتانە.
**باڵاگەردان**: بەڵاگێڕ، فیـدا، بە قوربـان بـوون، خۆ لە دەور گێڕان.
**باڵاگەێ**: بـاڵاکەی، بـاڵای: (دو شـەمس، دو قەمەر، دو قورس نوور دیـم/ بەرزی بـاڵاگەێ لەیلم لە دوور دیم) «خانمەنسور».
**باڵاگیر**: گوندێکە لای شنۆ.
**باڵاگێڕ**: بەڵاگێڕ، فیدا: (واچە قیبلەکەم سەوڵی ســەمەنبەر/ بـــاڵاگێڕت بـــۆ وڵـــگەی هەفـــت کیشوەر) «مینەجاف».
**باڵالان**: گوندێکە لای شارۆچکەی هێرۆ.
**بـــاڵالاولاو**: بـاڵای باریـک و هەڵچـوو وەک لاولاو: (بە یـــادی بەڵا لاولاوێ/ چاوڕەشـــێ، ئەگریجە خاوێ) «گۆران».
**باڵامبۆ**: شاخێکە لە نزیک گوندی مۆردین لە هەریمی کوردستان، لە سەر سنووری ئێران.
**باڵامەنمانۆ**: باڵا ئەنوێنێ: (چەنی بادی سوبح باڵا مەنمانۆ) «بێسارانی».
**باڵان**: باڵایان، بەژنان: (کو ل شـکلی ڕەقەمـێ سەرســالان/ تــوی مــورادا مە عەرعەربــاڵان) «جزیری».
**باڵان**: ١. تەڵە، تەڵەگورگ، داو: (گورگی باڵان دیـــدەیە) ٢. داڵان، دالان، دێلیـــز، ڕەهەنـــد ٣. ڕێگەیا خەتی بۆ تەییارەی،٣. باڵایان،٤. زیاترە، فرەترە: (تـاقیق مـن جە سـەنگ سەرسـەختیم بـــاڵان) «مەولەوی»،٥. دوو بـــاڵ: (وەرە ئـــازیز ئەمما چەند خۆشە جحێڵ بی، هەرزەکار بـی/ ئـــازیزی خـــۆت لەکـــن بـــێ هەر لە هەوەڵـــی ئێواری هەتا کەڵەبابی سبحەینێ بـاڵان پێـکدا دەدا و دەخـــوێنێ) «گەنجـــی ســـەربەمۆر»،٦. گوندێکە سەر بە شار سەردەشت.
**بـــاڵانتەران**: نـــاوی شەخســـێکی پیـــرۆزە لە

شارەزوور: (ئینجا دەسی کرد بە خەو گێڕانەوە، وتی: سەیساق و باڵانتەران گوێیان پێوە وێ) «ڕشتەی مرواری».
**باڵاندن**: باڕاندن، قاڕاندن، کووڕاندن، باڕین، کالین، کالاندن.
**باڵاندیده**: ١. تەڵە دیتوو،٢. بەئەزموون.
**باڵانزم**: کورتەباڵا.
**باڵانزمە**: کورتەباڵا.
**باڵانزمی**: کورتەباڵایی.
**باڵانس**: ١. هاوسەنگی،٢. ڕاگرتنی هاوسەنگی لەش لە سەر دەستان یا لە جێی بەرز و باریک،٣. سەربەقولات.
**باڵانش**: ناوچەیەکە لای ورمێ دەریچەی دۆڵی بەراندیزە: (ئەم کاروانە لە باڵانش لە نزیک ورمێ کە ناوچەیەکی شاخاوییە) «لەمەهاباد بۆئاراس».
**باڵانشین**: گەورە، ماقووڵ، دەوڵەمەند، کەسێک کە لە سەرەوەی خەڵک دادەنیشێ: (زولف و خاڵی تۆ کە وا شاد بوون بە تۆ عەیبی نییە/ ئەمڕۆ هەرچی ڕووڕەشە، باڵانشین و مەحرەمە) «وەفایی».
**باڵانشینی**: گەورەیی، ماقووڵیی، لە لای سەرووی کۆڕ دانیشتن.
**باڵانما**: ١. ئاوێنەی باڵانوێن: (ئاوێنەیەکی باڵانما لەو سەری ماڵەکە دانرابوو) «ڕشتەیمرواری»،٢. گەورە، بەرفرەوان: (نانوێنێ ئەو دڵەی تەنگ بێ، لە عەکسی ڕوومەتت/ ئاینەی دیداری تۆ، باڵانما بێ چاترە) «ئەدەب»،٣. کچی شۆخی بە لارولەنجە×: (باڵانومایان وە ئاڵا و والا/ ماچان زەربەفتەن سەر تا پای باڵا) «مینەجاف».
**باڵانوما**: باڵانما.
**باڵانوێن**: باڵاروان، جامی تەواوقەد: (گزنگی هەتاو لە پەنجێرە دوودەریەکەی ڕوو بە ڕۆژهەڵاتەوە خۆی کێشاوەتە نێو کۆشکی ئاغاوە، داویە لە ئاوێنەی باڵانوێنەکە) «هەزار ئەشکەوت».
**باڵانەمان**: باڵانەونەمام: (خودنومایی لای باڵانەمامان/ وێت لادەر ئامان، پەرێ تۆ نامان) «مەولەوی».
**باڵانەونەمام**: بەژنزراڤ، قەدباریک: (لە سایەی وەسفی باڵا نەونەمامان/ کەلامی تا بڵێی باڵایە خادم) «بێخود».
**باڵانەوی**: کورتەباڵا، چڵەنۆک.
**باڵانی**: ئێسترەگاییلکە، ئێستری باب ئەسپی داک ماکەر.
**باڵانیش**: گوندێکە لە دەڤەری مەرگەوەڕ×: (گەیشتینە گوندی باڵانیش) «چێشتی مجێور».
**باڵاو**: باڵای تۆ: (دە بەس بشکێنە ئاوێنەی دڵی لاو/ بەشی بۆ هەر تماشا بێ لە باڵاو) «ڕاوچی».
**باڵاوان**: باڵەوان.
**باڵاوداوێن**: سەر و خوارێی کراسی ژنانە.
**باڵاوەش**: باڵاجوان.
**باڵاوەشە**: باڵاجوان، شۆخ بۆ مێ.
**باڵاوەشی**: باڵاجوانی.
**باڵایئاڵا**: باڵای بەرز و بلند: (لەرزان بان وەبان باڵای ئاڵادا) «بێسارانی».
**باڵایەک**: بەرزی بەقەدەر باڵایەک: (بەرزی دیواری حەوشەکەی باڵایەک دەبوو) «خاک و چەوسانەوە».
**باڵباز**: ١. باڵوێز، باڵوویز، باڵیۆز ٢. سەرباز، پۆلیس، عەسکەر،٣. خاکی، ڕەنگی گڵی،٤. باڵ نەبەستراو،٥. بڵباز، بڵباس، سفەتێکە بۆ تیژی، ٦. جوورێ مامراویە باڵ بەڵەکە.
**باڵبازخانە**: ١. باڵوێزخانە، جێی باڵیۆز ٢.

سەربازگە.
**بالباس**: بالباز.
**باڵباڵ**: ١. فڕەفڕە، حەول بۆ فڕینی مەل،٢. بڵاوەی ڕان، توچیان ڕییەن،٣. بریتی لە خێسەی لە بێعورزەیی.
**باڵبالۆک**: ١. تاژیلۆکە،٢. کلۆ، کوللە، کولی.
**باڵبالووکە**: تاژیلکە، تاژیلۆکە، تانجیکێویلە، تاجیلۆکە، تانجیقولانج، حوشترخوا.
**بالبالی**: مەڕمەڕشا، هومایین، بلووری.
**باڵباهوو**: بڕبازوو، پیل، باسک.
**باڵبڕ**: کەسێ باڵی مەل ببڕێ.
**باڵبڕە**: باڵبڕ.
**باڵبڕیا**: باڵبڕاو.
**باڵبڕیای**: باڵبڕان.
**باڵبڕیەی**: باڵبڕین.
**باڵبڕیێ**: باڵبڕاو.
**باڵبەر**: باڵگرتوو.
**باڵبەردەی**: باڵگرتن، فڕین.
**باڵبەرە**: باڵگرتوو.
**باڵبەرەقنگ**: ١. باڵدارێ کە تازە باڵی درێژ و نزیک قنگی دەبێتەوە،٢. بریتی لە پێگەیشتن.
**باڵبەرەقنگبییەی**: بریتی لە پێگەیشتن.
**باڵبەرەقنگکەردەی**: پێگەیاندن.
**باڵبەرەقنگی**: پێگەیشتن.
**باڵبەرەقنگە**: باڵبەرەقنگ بۆ مێ.
**باڵبەز**: پیازە، تاوان، سووچ.
**باڵبەس**: باڵبەست.
**باڵبەسان**: ١. باڵبەس،٢. کەموتەرێ ک تووان ماڵییەو بکەن، باڵی بەسن تا هووکارەێ ئەو ماڵە بوود.
**باڵبەست**: باڵبەستە، قۆڵبەست، کەتبەس: (لە ڕاستیدا نیازیان وابوو شەڕیان پێ بفرۆشن و باڵبەستیان بکەن) «ڕشتەیمرواری».
**باڵبەستکردن**: باڵ بەستن، بەستنی هەر دوو دەس لە پشتەوە.
**باڵبەستن**: ١. بەستنی باڵی مەل،٢. قۆڵبەست کردن: (بە شەرع و قانوون پیاوی دەوڵەمەند/ گەدای باڵ ئەبەست، ئەیخستە پێوەند) «قانع».
**باڵبەستە**: باڵبەسە، قۆڵبەستە، دەسبەستی: (ئەسیرم، دیلی باڵبەستە/ بمکوژی، حەقت بە دەستە) «حەسەن زیرەک».
**باڵبەستەی**: قۆڵ بەستن.
**باڵبەستەیرە**: باڵ بەسن، قۆڵ بەستن.
**باڵبەستەیەرە**: باڵ بەستن.
**باڵبەسکریا**: قۆڵبەسکریاگ.
**باڵبەسکریای**: باڵ بەستن.
**باڵبەسکریێ**: باڵبەسکراو.
**باڵبەسکەر**: ئەوی قۆڵ و باڵ ببەستێ.
**باڵبەسکەردەی**: باڵبەس کردن.
**باڵبەسکەرە**: کەسێ قۆڵی کەسێ یا باڵی شتێ ببەستێ.
**باڵبەسە**: باڵبەستە، کەلەپچە: (نامەی نووسیبوو حەمەڕەشی خان/ باڵبەسەی بکەن بێرنی بۆ لای خان) «ئاوێنەیبێگەرد».
**باڵبەسەرداکێشان**: ١. خستنە ژێر باندۆر، زەوت کردن،٢. دڵدانەوە، چاوەدێری کردن: (کە براکەی مرد، باڵی بە سەر ژن و منداڵەکانی براکەیدا کێشا و بەخێوی کردن)، ٣. داپۆشین، داگرتن: (شەو باڵی بە سەر دنیادا کێشا).
**باڵبەسەراگرتن**: باڵ بەسەردا کێشان.
**باڵبەسیا**: باڵبەستراو.
**باڵبەسیای**: باڵ بەستن.
**باڵبەسیایرە**: باڵ بەستران.
**باڵبەسیایەرە**: باڵ دابەستن.
**باڵبەسیێ**: باڵبەسیاگ.

**باڵبەڵەکە**: پەڕبەڵەکە، چۆلەکەگرە، سەقری مێشخۆر، قجی، قجی بەڵەک، قجی چاوڕەش، مەلێکی ڕاوکەرە، دەندووکی چووک و بەهێزە، ڕاوی مارمێلک و مشک و شتی بچووک دەکا.

**باڵبین**: باڵبەست.

**باڵبینای**: باڵ بەستن.

**باڵبینایرە**: باڵ دابەستن.

**باڵبینە**: باڵبەست.

**باڵپان**: مەلی باڵ پان و درێژ: (لەبۆ چار بڕۆینە لای لێزانیێ/ هەڵۆیێ، کوندەبوویێ، باڵپانێ) «ڕاوچی».

**باڵپۆش**: قاوخی سەر باڵی قالۆنچە و خاڵخاڵۆکە.

**باڵپەنەگرتەی**: باڵ پێگرتن.

**باڵپەیام**: شارێکی باکووری کوردستان.

**باڵپێچان**: دۆڵێکە لە نێوان عەربەت و پووشێن.

**باڵپێکدادان**: باڵ لێکدانی کەڵەشێر پێش خوێندن: (وەرە ئازیز ئەمما چەند خۆشە جحێڵ بی، هەرزەکار بی/ ئازیزی خۆت لەکن بێ هەر لە هەوەڵی ئێوارێ هەتا کەڵەبابی سبحەینێ باڵان پێکدا دەدا و دەخوێنێ) «گەنجی سەربەمۆر».

**باڵتان**: ئارام، هێدی، سەرەخۆ.

**باڵتۆ**: پاڵتۆ، پاڵتاو، باڵتە، قاپووت، باڵاپۆشێکە: (دەستی ڕاست تورکیایە ئەگەر دەسکێش و باڵتۆ و کورتەک و کوولەباڵ و کڵێتەم هەبا و یارۆیەکی ناسیاو، لێزان، هەر ئەورۆکە ئاوای ئەودیو دەبووم) «شەوارە».

**باڵتوز**: باڵتۆز.

**باڵتۆز**: ١. ژنخوشک، خویشکی ژن، ٢. دش، خوشکی مێرد.

**بالتووز**: ١. دش، خوشکی مێرد، باڵدز، بلدووز، بالتیس، بالتیسک ٢. ژنخوشک، خوشکی ژن.

**باڵتووسک**: دش، خوشکی مێرد.

**بالتە**: ١. قاپووت، باڵتۆ، پاڵتۆ ٢. تەور، تەوەر، بیور ٣. ساتوور، شەتیر،٤. جەنجەڕ،٥. چەژە، چەشکە، تام.

**باڵتە**: لای تە، لای تۆ، نک تە.

**باڵتە**: بالتە.

**باڵتەپە**: بالەتەپە، باڵەفڕێ.

**باڵتەچی**: شێر بەدەس، کەسێ شێری لە دەستی بێ: (پێنج سەری وانا باڵتەچینە) «کۆمەڵ».

**باڵتەکۆن**: ١. کۆت و باڵتەی دەسی دوو: (زستانان باڵتەکۆن دەفرۆشن) «عەسکەری»،٢. کۆنەی کەسێکی دی بۆ لەبەر کردن: (هەر دوو دەسی ناوەتە گیرفانی باڵتەکۆنەکەی ئاغا و هیچ پەلەی لێناکا) «هەزار ئەشکەوت».

**بالتیس**: بالتووز، باڵتۆز.

**بالتیسک**: بالتووز.

**باڵتیسوولە**: چەورۆکە، باڵندەیەکە وە تەڕنە ئەبابیلە ناسراوە.

**بالجان**: باجانڕەشک.

**بالجانە**: باینجان.

**باڵجۆغ**: گوندێکە لای سلێمانی.

**باڵجەڕاندن**: ١. قۆڵ بەستن،٢. بریتی لە پێش پێگرتن: (نیزامی ئێستەیە باڵی فەلاحی جەڕاندووە/ گەرنا دیاری بۆ بەگ و میر، مەرگ و سەم بووە) «قانع».

**باڵچۆغە**: باڵچە، دەسکی شمشێر: (دەستت بۆ باوێمە سەر باڵچۆغەی شیران، کێلانانت بۆ بە جێ بێلم، لە بنەبنەی دەمدەمییە) «مان».

**باڵچە**: ١. باڵچۆغە، دەسکی شمشێر: (شیران نەیاندی کێلانە/ لەش کەوتبوون وەکی گردانە/

خـوێن ڕۆیـی هەروەک جۆگـانە/ بـاڵچۆغەی شـیران نەمـانە) «دمـدم»،٢. کەوانەی سـەر دەستەی شمشێر: (ئەوە لە قەدی خۆی شـەت دەداوە شیرێکی باڵچە زێڕی تەنـکە لە زێـوی) «گەنج».

**بالچەرم**: بالچەرمگ.

**بالچەرمگ**: بالچێرمک، پەروونەک.

**بالچەرمۆک**: باچەرمۆک، چەکچەکیلە.

**باڵچەو**: نوورِسن وە بێز چەو.

**بالچێرمک**: پەروونەک، شەمشەمەکوێرە.

**بالخ**: گوندێکە لای چوارتا.

**باڵخ**: باڵق، پێگەیشتوو.

**باڵخبییەی**: باڵق بوون.

**باڵخچی**: گوندێکە سەر بە شار نەغەدە.

**باڵخ کەردەی**: پێگەیاندن.

**باڵخە**: باڵق، پێگەیشتوو، مەزن.

**باڵخەنجەرە**: خەنجەربالە، ڕەنگرێـژە، ڕەنگـاڵە، کەندەسمە، کەندسمە، کەنەسمە، هەنگخـۆرکە، هەنگخـــۆرە، هەنگـــووچنە، مێشـــخۆرکە، مێشخۆرە، شەمشێربالّ، سییەپروسن، باڵـدارێکە باڵی لە وێنەی خەنجەر هەڵکەوتووە.

**باڵخەیخواروو**: دێیەکە لای قەرەداغ.

**باڵخەیسەروو**: دێیەکە لە خواری قەرەداغ.

**باڵخی**: باڵقی، پێگەیشتووی.

**بالدار**: پەڕدار، باڵندە، فڕندە، پەڕندە، پەڕەوور، پەراوور، پەلەوەر، مەلەوەر، ئەوەی بفـــڕێ: (بەڵام ئەفســـووس! کە ئەو شـیعرە جوانـــانە/ باڵدارێکن جێ ناهێڵن هێلانە) «گۆران».

**باڵدار**: ١. بالدار،٢. ناوی نێرینانە.

**بالداری**: هشیاری، وریایی.

**باڵداســـووکە**: ســـێروەفەلە، تەیرەکـــوێرە، باڵنـدەیەکە ئێـوارە و سـبەینان پتـر دەگەڕێ، ناتوانێ بنیشێ.

**بالدان**: ١. لاواندنەوە ٢. پارازتن.

**باڵدان**: ١. فڕەفڕە کردن،٢. فڕین، باڵەودانی.

**باڵداین**: ١. هەڵفڕانین؟،٢. باڵەودان.

**بالدرجانە**: باینجان.

**بالـــدرێژ**: پشـــوودرێژ، پشـــوودار، بـــارقۆڵ، بەتاقەت، بەپشوو.

**باڵدرێژی**: پشوودرێژی، هێوری.

**بالدز**: بالتووز.

**باڵدوز**: باڵتوز.

**باڵدۆز**: ١. دش،٢. ژنخوشک، خویشکا ژن.

**بالدووز**: بالتووز، ژنخوشک.

**بالدوی**: ناوی تیرەیەک کوردی لوڕستانن.

**باڵدەرهێنان**: ١. باڵ دەرکردنی بێچووە مەل، ٢. قۆڵ لە بندا دەرێنان،٣. بریتـی لە زۆر شـاد بوون.

**بالڕاکێش**: بالکێش، سەرنجڕاکەش.

**باڵڕاکێش**: کوێرکێش، قۆڵکێش.

**باڵڕاوەشاندن**: ١. باسک ڕاوەشاندن: (کابرا بە باڵ ڕاوەشاندن لەولاوە هـات)،٢. بـاڵ لێـدانی مەل: (بێـرە گەردولـوول، بـاڵ ڕاوەشـێنە/ بە ڕووی گێتیدا، ئاشتی بنوێنە) «قانع».

**باڵزر**: مشکگرە، باڵزێڕ، مەلێگە ڕاوکەر.

**باڵزەر**: بازر، مشکگرە.

**باڵزێر**: باڵزر، بازر، مشکگرە.

**باڵش**: باڵنج، سەرینی گچکە: (پۆشاکت نمەد، تەوەن پەی باڵش) «م.ش. مەردوخی».

**باڵشان**: باڵوەشێن.

**باڵشانا**: باڵ ڕاوەشـاندن: (شـەماڵ ئەرجـووم هەن هەی وە فیـدات بـام/ وە سـەرگەرد بـاڵ شانای هەوات بام) «مەولەوی».

**باڵشانای**: باڵ وەشاندن.

**باڵشانە**: باڵوەشێن.

**باڵشای**: باڵ وەشاندن.

**باڵشت**: باڵش، باڵنج.
**باڵشـــتەک**: ١. باڵشـــی چکـــۆلە،٢. جێـــی ساچمەی بۆلبرینگ.
**باڵشکان**: ١. شکانی ئێسکی شـان و پیـل،٢. شکانی باڵی مەل،٣. بریتی لە بێیاوەر مانەوە.
**باڵشکاندن**: ١. شکاندنی باڵی مەل،٢. بریتی لە بەدبەخت کردن.
**باڵشکاو**: ١. باڵندەی باڵ شکاو،٢. بریتـی لە بێچارە، تێشکاو.
**باڵشـــمە**: ١. لاشـــیپان، چوارچێـــوەی درگـــا و پەنجێـره ٢. باڵاشـمە، باڵیشـە، سـەرتاق، داری دارەڕای سەر درگا و پەنجێرە.
**باڵشنا**: باڵنج.
**باڵشنە**: سەنیر، سەرینی بە قولاپ چنراو.
**باڵشـــۆڕبوونەوە**: ١. داکەوتنـی بـاڵی مەلـی نەخـۆش،٢. داکەوتنـی شـان و پیلـی مرۆڤـی بێواز.
**باڵشین**: ١. مەلێ ڕەنگـی بـاڵی کەوو بـێ،٢. بریتی لە شووم: (لە باتی بولبـول بـوومی بـاڵ شینت/ بخوێنێ لەسەر خـاکی حەزینـت) «ف. بێکەس».
**بـــاڵغ**: بـاڵق، گەورە، عـازەو، کـوڕ یـا کچـی پێگەیشتوو.
**باڵغبوون**: خۆناسین، پێگەیشتنی کوڕ و کچ.
**باڵغی**: بـاڵقی، پێگەیشـتوویی: (پەی چـێش؟ مەیل لەیل پیریش مەحاڵەن/ سـەنەی بـاڵغیش سەد هەزار ساڵەن) «مەولەوی».
**باڵفر**: باڵفر، باڵەفڕ، فڕۆکە، تەیارە.
**باڵفڕبۆمبئاڤێژ**: تەیارەی بۆمبـا ئـاویژ، بـاڵفڕا شەرڤان.
**باڵفردز**: تەیارەدز، فڕۆکەدز، هلفردز.
**باڵفڕشکێن**: دژەفڕۆکە، فڕۆکەشکێن.
**باڵفڕڤان**: هلفرڤان، فڕۆکەوان.

**باڵفرک**: باڵگەڕ، باڵگەرد.
**باڵفرنەک**: ١. باڵاگرتن، فڕین،٢. لانـاوە زرک زنێ،٣. باڵۆن، باڵوون.
**باڵفرۆک**: باڵفر، باڵفرک، باڵگەڕ.
**باڵفشکردن**: ١. بـاڵ کـردنەوەی مەل لە سـەر زەوو ٢. دەســـت لێکـــردنەوە و ســـینگ دانە پێشێ.
**باڵفشکردنەوە**: ١. بـاڵ فشـەوکردن، خـۆ بە شتێ زانین،٢. باڵەشۆڕێ، شـۆڕبوونەوەی بـاڵی مریشکی نەخۆش.
**باڵفشەوکردن**: باڵ فش کردنەوە.
**بـــاڵڤ**: ڕیشـە، بـنج: (مە باڵڤـان ئـانی: ئـێمە ڕیشەمان دەهێنا).
**بـــاڵڤە**: بـال، لای، نزیکـی: (مەم زێـدە ب غوسسـە و مەلالە/ چـو بـاڵڤە و گـۆ: بـرا چ حالە؟) «خانی».
**باڵڤەدان**: ١. باڵ لێدان،٢. پاڵدانەوە.
**باڵق**: بـاڵغ، بلـۆق، شـەیتانیبووگ، شـووکام، لیفکام، قراسە، قرامێر، گەهشتی، پێگەیشتوو، پێگەییگ.
**باڵق**: باڵق، باڵخ.
**باڵقبوون**: پێگەیین، پەرفین، باڵقی.
**باڵقبییەی**: باڵق بوون.
**باڵقرتاندن**: ١. قۆڵبڕین،٢. باڵکردن.
**باڵقی**: پێگەیشتوویی، باڵغی.
**باڵک**: ١. لە ناوی باڵەکیان کورت کـراوەتەوە، ٢. دێیەکە لە دێکۆی سەرکەلی مەریوان.
**باڵکان**: گوندێکە لە خواری قەرەداغ.
**باڵکردن**: ١. باڵ دەرهاورن بێچـوە مەل: (وە چەن ڕۆژ مەل بـاڵ کێـگ)،٢. باسـکۆ کـردن، قرتانـــدنی شـــاباڵی مەل بـــۆ پێشـــگرتن لە هەڵفڕینی،٣. بریتی لە زۆر وەشحاڵ بوون.
**باڵکشـــاندن**: سـەرنج ڕاکێشـان: (بـالا وان

کشاندن و قالا تادا و زۆردەستییا وی ژ باڤێ خوە ڕا نەکن) «پەپووک».
**بالکۆ**: ١. تارمەی بەر پەنجەرە،٢. بالگون، بالکۆن، بالەکون.
**باڵکۆک**: قەباڵە، بەڵگە، ئێور، تاپۆ.
**باڵکوڵ**: ژێرشەو، ژێرکراس، فانیلە.
**بالکۆن**: بالگۆن، پێش‌هەیوان، بەرهێوان: (ئەو و زەرین کولاە خانم ل بالکۆنا سەراکە مەزن ڕوونیشتن) «مەستوورە».
**باڵ‌کەتن**: سەرنج بۆچوون، چاو پێکەوتن: (بالا ژنەک کەت نهێرتنا خزمەتکارا سەرشۆکێ) «پەپووک».
**بالکێش**: سەیر، عەجیب، سەرنج‌ڕاکێش: (تشتەکی بالکێش ئەو بوو، وەکی جارا یەکەمین ...) «مەستوورە».
**بالکێش‌نامە**: نامەی دادگا بۆ ئاگاهی.
**بالگ**: باڵنج، بالیف، بالیفک، سەرین: (سەرێ ئێک و بالگێ یەک) «پەند».
**بالگاش**: بالگاشە، ڕیکلام.
**بالگاشە**: بانگاشە، بانگەشە، پڕوپاکندە، پروپاگەندە، چاوڕاو، شات‌وشووت.
**باڵگاشە**: بالگاشە.
**باڵ‌گرتن**: ١. فڕین، دە حەوا چوون،٢. بۆ بێچووە مەلێ کە تازە ئەتوانێ بفڕێ ئەیلێن،٣. ساجێگ حساوی داخ بوویە و ئامادەی نان درس کردنە،٤. بریتی لە زۆر خۆشحاڵ بوون: (لە خۆشیی ئەو دەمە زۆری نەماوە باڵ بگرم/ ڕەقیب کە ئەگری و ئەو شۆخە لاوە پێئەکەنێ) «بێخود».
**باڵ‌گرتنەوە**: باڵ‌گرتن، فڕین، فڕان.
**باڵ‌گرتەی**: باڵ گرتن، فڕین.
**بالگک**: سەنیر، سەرین، بالگە.
**بالگۆک**: باڵنج، بالگک.

**بالگە**: ١. باڵشت، باڵنج، سەرین، سەنیر، بالگیڤ، بالیف: (ئیمشەو من گریام، خەروس کەرد ناڵین/ سوب ئەو بێ نیشان، من زوخ جە باڵین) «بێسارانی»،٢. هەر شتێک بەر شتێکی‌تر بدرێ تا ڕایگرێ.
**بالگە**: بالگە: (خەو قەلبێ عەمەل بێ جە/ گوهێ خەلقێ کەڕ و بێ بە/ مەچە، پالدە ل سەر بالگە/ خەوا بێ جە قەوی عارە) «فەقێ تەیران».
**بالگەهە**: بالگە: (دوو سەر ک وەک یەک نەبن ناچنە سەر بالگەهێکی) «پەند».
**بالگەڕ**: بالفرک، باڵەفڕ، هەلیکوپتێر.
**بالگەهـ**: بالگە، باڵنج.
**بالگی**: بالیف، بالیفک، بالگە، بالیک، بالینک، بالین، بالگیک، پالگی: (دۆشەکا وان بوو ئەرد/ بالگیێ وان بوو کەڤر) «سەنار».
**بالگیڤ**: بالگە، باڵش.
**باللۆر**: بالۆر، باللۆرە: (باللۆر بە شەماڵی/ بە ڕوحی شێخ کەماڵی/ حاشا لە کوڕی خاڵی) «فۆلکلۆر».
**باللۆرە**: بالۆری، بالۆرە: (نە فیتەفیتی شوان و کاڕەیی مەڕ/ نە باللۆرەی کچی چاومەست و دڵتەڕ) «هێمن».
**باڵ‌لەخۆنان**: بریتی لە بەخۆدا هەڵگوتن، هاژەوگیڤ کردن: (بە فیشاڵ و بە تیتاڵان/ هەرکەس لە خۆی دەنێ باڵان) «ڕاوچی».
**باڵ‌لەدەس‌چین**: ١. ڕەت ولا بوون، کەسێ ک چەن کار بێاشتوود و نەتویەنێ سەرپەرەشتی گشتیان بکەێ،٢. لاناوە لە نەتویەنسن.
**باللەکەجار**: گوندێکە لە خواری قەرەداغ.
**باڵ‌لێدان**: فڕین، هەڵفڕین: (هاتەوە، هاتەوە تەیرەکەی لە گەرمێنێ، بەو تەیرەم های دەڵێن

هەوهەوە/ تیژ باڵی خۆی لێکداوە/ نیشت لە مەزراکەی یەکشەوە/ باز و پۆڕ پۆلیان بەستووە/ سەر سەوزێکیان پێشڕەوە) «فۆلکلۆر».

**باڵمار**: باڵشکێن، قوڵشکێن.

**باڵمارای**: باڵ شکاندن.

**باڵمارە**: قوڵشکێن، باڵشکێن.

**بالماسکە**: کۆڕێکی خۆشی و سەما، کە بەشداربووەکان ماسک و دەمامەک لە سەر دەکەن و ناناسرێنەوە.

**باڵمۆم**: بالمەمی، باڵمۆمی، مۆمی هەنگوین.

**باڵمەڕیا**: باڵشکاو.

**باڵمەڕیای**: باڵشکان.

**باڵمەڕیێ**: باڵشکاو.

**باڵمەگەز**: ١. باڵی مێش،٢. پەڕی مێش، بۆ تەنکی شتی پێ دەشوبهێنن: (بە دەستانە بمشێلە، ئازای ئەنامم دێشێ/ کراسی بەری چەن جوانە، تەنکە وەک پەڕی مێشێ) «فۆلکلۆر».

**بالمەمی**: مۆم، شەم، مێو، شەمێ.

**بالمیز**: جۆرێ تۆپی شەڕە.

**بالمیش**: بنەبڕ، قڕان، قڕکردو.

**بالنج**: ١. بالش، باڵشت، بالگە، بالگیف، بالگۆگ، بالنگ، بالیش، بالیف، باڵینج، سەنیر، سەرین،٢. ئانیشک، ئەنیشک.

**باڵنجەک**: نازباڵنج، باڵنجی بچووک.

**بالند**: ١. باڵندە، مەل: (چەنگ ب بالندان نەمان، سوسنا ڕەنگێ خۆ بەردان/ دل گەمی بوو شەڤ ڕباتێ خوینە دەریایە ژ دەردان) «سندی»،٢. گوندێکە: (ئەز ل گوهەرزێ، تو ل بالندا/ ئەز خولامی گەردەنێ و ئەوان زەندا) «حەیرانۆک».

**باڵند**: قیت، بە پاوە.

**بالندا**: ناوی گوندێکە ل دەڤەرا بارزان و نیزێکێ باژێرێ ئامێدیێ.

**باڵندە**: ١. باڵدار، مەل، مەلەوەر، مر، پەڕدار، پەڕاوور، پەڕەوور، پەڕندە، تەیر، فڕندە،٢. ناوی بەرەیەکی شەڕ بووە لە شۆڕشەکەی مەلا مستەفادا: (بەرەی ڕۆژاوا واتە بەرەی باڵندە) «لەمەهاباد بۆئاراس».

**باڵندەیبەرزەفڕ**: بریتی لە مرۆڤ دەماغبەرز و هیواخواز✕: (عومری باڵندەی بەرزەفڕ/ کورتە بە قەد تەمەنی گوڵ) «مەلەکشا».

**باڵندەیخانەکی**: باڵداری کەوی و ماڵی.

**باڵندەیکەوی**: باڵداری کەوی و ڕام.

**باڵندەیگۆشتخۆر**: مەلی گۆشتوەر.

**باڵندەیگۆشتوەر**: باڵندەی گۆشتخۆر.

**باڵندی**: قیتی، بە پاوە بوون.

**باڵنک**: جۆرە ترنجێکە.

**بالنگ**: بالنج.

**باڵنگ**: ١. بارونە، بادرەنگ، باڵنگو، گیایەکی بۆنخۆشە،٢. ترنج، تورنج، کەبات، جۆرێک دارە لە تیرەی نارنجان،٣. بالنج، سەرین: (گولانی عەزیز حەرامە، زۆربەی لاو و هەرزەکاران بە خەیاڵ شەو لە کاتی ڕاکشاندا لە سەر جێ و باڵنگان، پەنجەبازی و گەمەیان لەگەڵ دەکرد) «خاک و چەوسانەوە».

**بالنگو**: بادرەنگ، باڕووتە، تۆوی گیایەکە.

**باڵنگو**: بارونە، بادرەنگ، باڵنگ.

**بالنگی**: سەنیری ژێر پێیانە.

**باڵنمەبۆ**: باڵ لێنادا: (باڵ نمەبۆ تەیر تەحریر وەهەمدا/ گا وە ڕووی ڕۆمدا، گا وە عەجەمدا) «مەولەوی».

**باڵننە**: باڵندە، پەلەوەر، هەرچی بفڕێ.

**باڵنە**: ١. باڵننە، باڵدار،٢. فڕۆکە، باڵەفڕ.

**باڵۆ**: باڵێ، بارێ، هەرچۆنێک بێ، هەرنەبێ،

که هەرنەبێ، بە لای کەمەوە.

**بالْوادای**: باڵ بادان.

**باڵوانەیخالدی**: دێیەکە لە دێکۆی تازەی پەنجەعەلی مەڵبەندی قوروە.

**باڵوانەیموعتەمەدی**: دێیەکە لە دێکۆی تازەی پەنجەعەلی مەڵبەندی قوروە.

**باڵوپاڵ**: ڕەواجی، فەراوانی.

**بالوپەڕ**: ١. پەڕوباڵ، باڵ و پەڕ: (بەڵام داخەکەم نیمە باڵ و پەڕ/ کە بفڕم، بڕۆم خۆم بدەم نەجات) «هێمن»،٢. دەسەڵات، قودرەت،٣. بریتییە لە هەمی کەلوپەل.

**بالور**: بالووکە.

**باڵۆر**: ١. تلۆر، خلۆر، تل،٢. باڵۆرە، لوولە، بابۆڵە.

**باڵۆربوونەوە**: خلۆربوونەوە، تالاربوونەوە.

**بالورکاوە**: گوندێکە لای بالیسان.

**بالورە**: باڵۆرە، باڵۆرێ: (بالوری بالوری بالوری/ بالوری لە گردەشینی) «فۆلکلۆر».

**باڵۆرە**: ١. باڵۆری، بەلۆرە، گۆرانییەکە بە سەری قامکان لە گەروو دەدرێ جا پێکدێ: (دێتە گوێ لاوکی لاوان/ باڵۆرەی بەڵەکچاوان) «هێمن» ٢. دەلینگی هەڵپێچراوی ژنە ڕەوەندانە،٣. باسک، قۆڵ: (تا هێز لە هەر دوو باڵۆرەکانی برا، پشووی نەدا، هەر لێیدا) «خاک و چەوسانەوە».

**باڵۆرەبێژ**: باڵۆریبێژ، کەسێ باڵۆرە لێدەدا: (ڕاوچی! کە چوویە ڕاوێ، مەچۆ ترۆپک و لێژان/ خاوی، دەکەویە داوی لۆرەی باڵۆرەبێژان) «ڕاوچی».

**باڵۆرەک**: باڵۆریەک، مینانی باڵۆر.

**باڵۆرەلێدان**: بە پەنجە لە گەروو کوتان و باڵۆرە گوتن.

**بالورەواتەی**: بالورە وتن.

**بالورەواچ**: باڵۆرەبێژ.

**بالورەواچە**: باڵۆرەبێژ بۆ مێ.

**بالوری**: باڵۆرە، گۆرانی هیچ و پووچ.

**باڵۆرێ**: باڵۆرە، بەلۆرە، باللۆرە: (باللۆرەی بە لێوان/ شەقەی تولە مێوان/ شەو خۆشە لە کێوان) «فۆلکلۆر».

**باڵۆز**: بالیۆز، باڵوێز.

**باڵوسی**: مەلۆتکە، قۆناغە.

**باڵۆشک**: باڵۆک، بالووکە.

**بالوعە**: گونجە، ئاوەڕۆ، ڕەهەندی ئاوی پیس.

**بالوفک**: باڵنجی چووک.

**بالوڤە**: بۆران، تیفان، تۆفان.

**باڵۆق**: پژک، باڵۆق، ئاڤا لۆق و با کردی.

**بالوک**: ١. بالوکە، گەنمە، بالوویک، باڵۆکە، بالووکێ، زگیل، سگیل، بایلەی پێستی دەس ٢. تاژیلۆک، تانجیلۆکە، ئەسپی پێغەمبەر، تاژی ئەحمەدڕاوکەر.

**باڵۆک**: بالووکە، زگیل.

**بالوکا**: گوندێکە لای دێرالوک.

**بالوکاوی**: باڵۆکاوی.

**باڵۆکاوی**: حاڵی کەسێ کە باڵۆکەی لە دەس و سەر و چاوی هاتبێ.

**بالوکاویە**: بالوکاوی بۆ مێ.

**بالوکە**: ١. بالوک، زگیل، سگیل،٢. تاژیلۆک.

**باڵۆکە**: بالوکە، بالووگ، بەهلوولک، گەنمە، بایلە، نەخۆشییەکی پێستە.

**باڵۆگرتن**: باڵگرتن، فڕین، هەڵفڕین.

**بالول**: ١. گێژەڵووکە، گەردەلوول: (بە هەوای پرشنگ تافی بێقەرار/ نە پای بالول کۆ سەخت، وەر نسار) «بێسارانی»،٢. باڵوول، وەهب کوری عەمرو، پیاوێکی خواناسی سۆفی مەشرەب بووە، کاتێ هارون ڕەشید حەزرەتی سادق تاوانبار ئەکا و بڕیاری

سزادانی دەرئەکا، بالول ئەو بڕیارە پەسند ناکا و لە ترسی هارووون خۆی لە شێتی ئەدا: (شەو خاوگەی مەکۆش پای بارگەی بالول) «بێسارانی»،٣. یەکێ لە ڕێبەرەیل یارسان لە زونە بوویە ک قەوری ها کیەنێ چەرمێ نزیک ئارونئاوا،٤. لاناوە لە زرنگ،٥. لاناوە لە سائەقڵ.

**بالۆل**: ١. ناوی پیاوێکی ناقدار بووە: (دوعاخوازیت کە کرد، ئێسکم بەجارێ کەوتە ناڵەناڵ/ لە ناو ئەو ناڵەدا باڵۆلی دڵخۆش نەیسوارێکە) «پیرەمێرد»٢. بریتی لە زانا ٣. بریتی لە گێل و گەمژە ٤. لوولە، بۆڕی.

**باڵۆڵ**: بالۆل.

**باڵۆلان**: گوندێکە لای سلێمانی.

**باڵۆلک**: بابۆڵە، شتی پێچراوە.

**باڵۆلە**: بابۆڵە، بالوولە، نانی درێژ و پێچراوە.

**باڵۆلی**: ١. فاکوفیک، بەتراێن ٢. گوێنەدەر، بێباک، لاسار.

**باڵومالای**: قۆڵ ماڵینەوە.

**باڵۆن**: ١. باڵۆن، توورەکەی زەلامی فودراو بۆ هەوا دەچێ،٢. فڕۆکە، باڵافڕ،٣. نەهەنگ، گیاندارێکی زۆر زلی ناو دەریایە.

**باڵۆن**: تونگی ئازمایشگای کیمی.

**باڵۆن**: باڵون.

**باڵونە**: باڵۆن، فڕۆکە، تەیارە.

**باڵو**: پالوو، شان، تەنیشت: (باڵووقایە).

**باڵووپاڵ**: بەراوەڵ، بەرووەدە، فراوان، گوشاد، خۆش.

**بالوور**: ١. قوونەجوورە، هێلکەدان لە مریشکدا ٢. بالوکە، باڵۆکە.

**بالوورە**: ١. گرۆڤەر، خەڵەڵە، گلیل،٢. بەزمێگە، مەقامێکی کوردییە.

**بالووری**: مەڕمەڕشا، هومایی، بالبالی.

**باڵووش**: باوش، هاوش.

**باڵووعە**: ١. ئاوەڕۆ، بەلۆعە، چاڵێک کە ئاوی ئاوەڕۆ یا بارانی دەچێتە سەر،٢. گونجەی ئاو.

**باڵووفک**: بالووڤک، باڵنج، بالیف.

**باڵووڤک**: نازباڵنج، سەرینی گچکە.

**باڵووقایە**: ١. کێوێکە لە نزیک ئەحمەداوای سەرا، ئەو کێوە هێلانەی مێش و هەنگوینی لێیە، ئەشکەوتی باڵووقایە لە مەڵبەندی سەقزدا ناودارە،٢. بەردی پاڵ دێ، گابەردی نزیک دێ.

**باڵووک**: ١. بالوک، باڵۆکە، گەنمە: (ئەڵێن ئاڵەتەکێویلە بیکوتی، بیخەیە سەر بالووک ئەیسووتێنێ) «ڕشتەیمرواری»،٢. تاژیلۆکە.

**باڵووکڕەش**: ١. خاڵ، نشانە، نیشانەی سەر پێست، ٢. تووتە، زیادەگۆشتی سەر پێڵووی چەم.

**باڵووکن**: بالووکاوی.

**باڵووکنە**: بالووکاوی.

**باڵووکنی**: حاڵەتی بالوکاوی.

**بالووکە**: ١. باڵۆکە، گەنمە،٢. بالووکەیەکە لە جێی بێ تووکی یەکسم دێ،٣. جۆلاکەرە، تاژیلە، تاژیلۆک، حوشتری خووا، باڵدارێکی گچکەیە وەک کوللە دەچێ و دەفڕێ.

**باڵووکە**: بالووکە.

**باڵووکی**: بالووک، باڵۆکە.

**باڵووکێ**: بالووکە، بالوویک.

**باڵووگ**: بالوکە، باڵۆکە.

**باڵوول**: گوندێکە لای خواری شارەزوور.

**باڵووڵ**: بالول، بالۆلی دانا، باڵوولە شێتە، هاوڕێیەکی هاڕوون ڕەشید بووە: (باڵوولە شێتە پرسی لە هاڕوون/ گوناهت ئەوێ یا زێڕ و ئاڵتوون؟) «پیرەمێرد».

**باڵوولە**: باڵۆلە، بابۆڵەی نان.

**باڵوولە**: باڵوولە، پاروو.
**باڵوون**: باڵۆن.
**باڵوویز**: باڵباز، باڵویز.
**باڵوویزخانە**: باڵیۆزخانە.
**باڵوویک**: باڵۆکە، بالوک، باڵووکە.
**باڵوەپێچ کەفتن**: لاناوە لە زوورداری.
**باڵوەپشت نەچین**: باڵ وە پێشت نەچین، بریتی لە زۆرداری.
**بالوەر**: باڵەوان، سەقر.
**باڵوەس**: باڵبەس.
**باڵوەسن**: قۆڵ بەسن، قۆڵبەس کردن: (هەیدەر چوو بیسی کوشت و بیسیشی باڵ وەست) «ئاوێنەی بێگەرد».
**بالویز**: ١. باڵیۆز، سەفیر، باڵباز، شابەندەر، نیونەر، نوێنەر، بریکاری دەوڵەت لە دەوڵەتێکی تر،٢. ناوی کوڕانە.
**باڵویز**: بالویز، سەفیر.
**باڵویزخانە**: نوێنەرخانە، شوێنی باڵویز.
**باڵویزی**: ١. عەلۆعەلۆ، عەلی شیش،٢. باڵویزخانە، ئاشتی مال.
**باڵە**: ١. باڕە، باقە، باڵەباڵ، باعە، دەنگی مەڕ و بزن ٢. نۆما، هەسپی گچکە ٣. حۆڵ، گێل، گێژ، گەوج ٤. لەپکی ڕاو، دەسکێشی چەرمی ٥. باڕەی کاریلەی ساوا ٦. سوکەڵەی براله ٧. خروکە، ئاولە، پۆرگی پیست ٨. پەرۆکێن پێچایی، ێن کەڤن و دنوو،٩. جۆرێ ڕەقس و هەڵپەڕکێی ئوروپایی: (باڵەی سەر سەهۆل)،١٠. تەپکا فرندە، ڤۆلی پۆل.
**باڵە**: ١. دەسکێشی چەرمین ٢. دەستەوانەی تایبەتی بازەوان بۆ کاتی ڕاوکردن،٣. بێر، بێل، پێمەرەی ئاسن،٤. باڵی ماسی،٥. باڵا، بیچک، گچکە: (باڵەقلوو: قولیە چکۆل)،٦. باقەباق، باڵەباڵی کار،٧. بریتی لە جێی تەنگ و تاریک: (دونیای شیرینم چۆن بووە وە باڵە) «ئاوێنەی‌بێگەرد».
**باڵهاوردنەوە**: شاپەڕ هێنانەوەی مەل.
**باڵەباڵ**: باڕەباڕ، دەنگی بزنانە.
**باڵەبان**: ١. دەهۆڵ، تەپڵی گەورە ٢. نەرمەنا، نەرمەنەی، نای، نایە، دۆردک، ئامێرێکی مۆسیقای فوو تێکردنە، لەم بەشانە پێک هاتگە: (قەمیشی باڵەبان، داری باڵەبان، چەڵەمە، دەم‌بەست) ٣. شەیپوورێکی گەورەیە لەسەر شان دادەنرێ،٤. باڵەوان، سەقر، واشە: (ئاوازەی باز و سەقر و باڵەبان/ حیلەی ماین و ئەسپی کەحیلان) «پیرەمێرد»،٥. بازی تەوار، بازی مێنگە،٦. باڵندەیەکی ڕاوکەرە لە باز گەورەترە،٧. ئێستری زەلام و بەهێز،٨. بریتی لە پیاوی تەژە و زەبەلاح،٩. ئاوێنە، ئاینە،١٠. گوندێکە لای سێگردکان،١١. ناوی نێرینانە.
**باڵەبانچی**: دەهۆڵژەن، دەهۆڵکوت.
**باڵەبانژەن**: کەسێ ئامێری باڵەبان دەژەنێ.
**باڵەبانی**: ١. وەکوو ئێستر زل و لەندەهۆر،٢. بەپێیی، خۆشڕۆیی، شاتریی.
**باڵەبژانگ**: ناوێگە دویەتانە.
**باڵەبەژەن**: جۆرێ نووشتەیە ژنان بە خۆیاندا هەڵی‌داواسن.
**بالەتە**: ١. بالاتە، میوە یا تەڕەکارییەک تاکتاکی پێگەیشتبێ ٢. ترێی زوو گەیشتوو: (گەلی، ڕێکا من و تەیە/ ترێی ڕەزکێ مالا بابێ تە بالەتەپە/ شەرتی دلێ من و تەیە/ گۆتنا فەساد و نەماما بێ‌فائیدەیە) «حەیرانۆک»٣. سەرەتای گەیشتنی میوە ٤. ناوی گوندێکە لای دهۆک،٥. گوندێکە لای شێخان.
**باڵەتەپە**: ١. باڵەتەپێ، باڵەفرێ، باڵەفرە، پەلەقاژە، باڵ لێکدانی بێچووە مەلێ کە توانایی هەڵفرینی نییە،٢. باڵتەپەی مەلی باڵ شکاو،٣.

باڵەتەپەی مریشکی سەر براو،٤. پەلەقاژەی کەسی کوژراو: (چاوی نازاری پڕ بێ لە خوێناو/ باڵەتەپێ کا وەک کەوی کوژراو) «قانع».

**باڵەتەپێ**: باڵەتەپە.

**باڵەخان**: باڵەخانە.

**باڵەخانە**: ١. کۆشک، تالار، تەلار، شانشین، سەرخان، بانهەڵبان ٢. باڵاخانە، نهۆمی سەرەوەی ماڵ: (تەدارەکم بۆ گرتووی ڕۆڵە، ڕۆژی جومەی دەبێ وارید ببی بە کۆشک و باڵەخانەی خۆت) «مان».

**باڵەخانەی تاوسانی**: باڵەخانە، ژوور لە نهۆمی سەرەوە.

**باڵەسینا**: گوندێکە لای دێرالوک.

**باڵەشتە**: باڵنج، باڵنجەک، سرینی گچکە.

**باڵەشنە**: نازباڵنج، گۆشگیرە، باڵەشتە، باڵنجەک، سەرینی چکۆلە.

**باڵەشۆڕە**: ١. باڵەشۆڕێ، باڵەتەپێ، پەلەپسکێ، نەخۆشییەکی مەل و مریشکە،٢. بۆ کەسێ کە قۆڵی کراسەکی درێژ بێ، ئێژن ئەڵێی باڵەشۆڕەی گردیە.

**باڵەشۆڕێ**: باڵەشۆڕە.

**باڵەشوورە**: باڵەشۆڕێ.

**باڵەشووڕێ**: باڵەشۆڕە.

**باڵەشەنی**: شەن، شەنەی خرمان بەبادان.

**باڵەغ**: باڵق، باڵغ.

**باڵەغبوون**: باڵقبوون، پێگەیشتن.

**باڵەفڕ**: ١. بالافڕ، باڵەفڕە، تەیارە: (ڕۆژی ٢٢ی ئەیلوول لە زێی گەورە پەڕینەوە، لە کاتی پەڕینەوە لە زێدا کەوتنە بەر پەلاماری بۆمبای باڵەفڕە) «لەمەهاباد بۆئاراس»،٢. پێگەیشتوو، مەزن، گەورەبووگ.

**باڵەفڕیی یەی**: پێگەیشتنی گیاندار.

**باڵەفرتێ**: باڵەفڕەی مەل کاتی سەربڕین.

**باڵەفرخانە**: باڵەفڕگە.

**باڵەفڕڤان**: بالافڕوان، خەلەبان.

**باڵەفڕکە**: باڵەتەپە، باڵەفڕێ.

**باڵەفڕکەردەی**: پێگەیاندن، مەزنکرن.

**باڵەفڕگە**: بافڕخانە، فڕۆکخانە، فڕۆکەخانە: (تەنیا لە سەقز و میاندواو باڵەفڕگە هەبوون) «لەمهاباد بۆئاراس».

**باڵەفڕە**: ١. باڵەفڕێ، باڵەفرکە، باڵ لێکدانی جووچکی مەل بۆ فڕین: (هەموو ڕۆژێ دەچوو خواردەمەنی بۆ دێنان، جوچکە وردە وردە کەوتنە باڵەفڕە) «پێکەنینی گەدا»،٢. باڵەفرتێ، باڵەتەپێی لە ناچاری،٣. حەول، تەقالا: (کەژاڵ ڕێی چار دەوری باڵەفڕەی لێ داخراوە) «شەوارە»،٤. پێگەیشتوو، ٥. تەیارە: (باڵەفڕەکانی عێراق و بریتانیا دەسیان لە بۆمباران هەڵنەگرت) «لەمهاباتەوەبۆئاراس».

**باڵەفڕی**: باڵەفڕە.

**باڵەفڕێ**: باڵەفڕە.

**باڵەفشە**: باڵەشۆڕە.

**باڵەڤان**: باڵەوان، باڵ لێکدانی بەچکەمەل بۆ فێربوونی فڕین.

**باڵەڤانی**: باڵ هژاندن بۆ فڕین، باڵەوانی.

**باڵەقلۆو**: ١. دێیەکە سەر بە ناوچەی کولتەپەی جانگیرخانی سەقز: (حەمە حەسەن خان بالاقوڵ، عەلی خان خۆشلاخ) «ئاوێنەی بێگەرد»،٢. قولیە بیچک،٣. نۆکەرە گچکە.

**باڵەقولکردن**: تاریف کردنی نە بەڕاس: (وای با لە قولی کردووە، بە هیچ حاڵی نابێ).

**باڵەقولۆ**: گوندێکە لە ناوچەی ساحەب.

**باڵەک**: ١. باڵەکایەتی، دەڤەرێکە لە کوردستان: (بە فیکرت دێ زەمانێ چوینە باڵەک/ بە

پێخواسی، نە کەوشم بوو نە کاڵەک!) «حاجی قادر»،٢. ناوە بۆ کچان.
**باڵەکا**: گوندێکە لای زاخۆ.
**باڵەکان**: مەل، پەڕندە.
**باڵەکان**: ١. باڵەکایەتی، دەڤەرێکە لە کوردستان،٢. خێڵێکی کوردە لە باشووری کوردستاندا: (سبحەینێ زیارەتێکی شێخی باڵەکانیان دەکرد) «گەنجی سەربەمۆر».
**باڵەکرە**: ١. باڵەکەرە، داری زبڵ خڕڤەکرنێ،٢. بێڵەکرێ، کاری کراندن بە بێڵ.
**باڵەکرەدای**: بارەکڵەدان.
**باڵەکرەدەر**: بارەکڵەدەر.
**باڵەکرەدەرە**: بارەکڵەدەر.
**باڵەکرەکێش**: بارەکڵەکێش.
**باڵەکرەکێشای**: بارەکڵە کێشان.
**باڵەکرەکێشتەی**: بارەکڵە کێشان.
**باڵەکرەکێشە**: بارەکڵەکێش.
**باڵەکە**: دەفەی شان، پارۆی شان.
**باڵەکە**: باڵەکە، دەفەی شان.
**باڵەکەتی**: باڵەکایەتی: (ئەوا لە دوور و مادووران زەینی خۆم دەداوە/ عێلی سوورچییان، بوغڵ و باڵەکەتییان لە دەشتی هەولێرێ) «گەنجی سەربەمۆر».
**باڵەکەر**: یاریکەری باڵە.
**باڵەکەردەی**: یاری کردنی باڵە.
**باڵەکەرە**: یاریکەری باڵە.
**باڵەکەرە**: باڵەکرە، داری زبڵ خڕکرنەوە، دارکێ گلێشکێشە.
**باڵەکەو**: لە کەو یا داشگیردانی دەغڵ لە سەر خرمان بە پاوە: (بڵێم ڕۆڵە شێو ببڕە، بڵێم کوڕم ئاو بدێرە، شەن بکە، باڵەکەو و قوونەکەو بکە) «ئەمیری».
**باڵەکەوکردن**: بە کەو و داشگیر دەخڵ بەبا کردن بە پاوە: (ژنان بە کەو و بێژنگ و شێلگیر، باڵەکەو و گێژەو و پاکی دەکەن) «هەزار ئەشکەوت».
**باڵەکی**: ١. بەرازانی، تیرەیەکە لەم گوندانە دادەنیشن: باڵەکیان، سریشمە، دێڵەزیا، لە باکووری ڕۆژاوای ڕەواندز،٢. خەڵکی دەڤەری باڵەکایەتی: (لەبۆ کورتە لاسی ئەحمەددخانی باڵەکییە) «فۆلکلۆر»،٣. باڵەکە، دەفەی شان،٤. تەنیشتی.
**باڵەکیان**: شارۆچکەیەکە لە نزیک دیانا×: (هەزار و حەوسەد ماڵی باڵەکیان بە سەر ئەمندا بەجێ ماوە) «لاس و خەزاڵ».
**باڵەکیشانەی**: باڵەکە، دەفەی شان.
**باڵەلۆگە**: کوێستانە لای سەقز؟؟؟×٣٨٧
**باڵەڵە**: شەپیلک.
**باڵەمێشوولە**: بریتی لە زۆر تەنک: (دوو نانی وەک باڵە مێشوولە، سینی لە کوێ پڕ دەکاتەوە؟) «پێکەنینیگەدا».
**باڵەنگ**: باڵنگ، جۆرێ میوەیە وەک نارنج: (وەک شکڵی هوڵوو، هەیئەتی، گوڵبەرگی شڵی ڕەنگ/ ئالوودە وەکو شەهدی لەتافەت، وەکو باڵەنگ/ ...) «ئەدەب».
**باڵەو**: باڵاو، باڵات: (ئەرێ سەرزەوی بەشە و گیانە ڕووناکی ئاوان/ ئەرێ باڵەو نەمامی لەیلێ لە تۆمی ساوان) «ڕەزازی».
**باڵەواز**: خۆشی و شادی لە دیداری کەسێ.
**باڵەوازە**: پەڕەوازە، باڵگرتنی بێچووەمەل.
**باڵەوازی**: ١. خۆشیخۆشی منداڵ، زیقباڵ،٢. باڵەوازە، ئامادەیی ئەڕای فڕین.
**باڵەوان**: ١. سەقر، سەقەر، باڵەبان، شاهین، مەلێکی ڕاوکەرە ٢. باڵەبان، شەیپوورێکی گەورەیە ٣. باڵەڤان، خۆفێرکرنی بێچووەمەل بۆ فڕین.

**باڵەوانچیل**: جووری باز چیلچیلە.
**باڵەوانیچیل**: باڵەوانچیل.
**باڵەوانیغازەڵاغی**: جۆرێک باڵەوان کە ڕەنگی وەک ڕەنگی قازەڵاخە.
**باڵەوانیهور**: جۆری باڵەوانی سپی.
**باڵەوباڵ**: کوناودیو، کونا: (گوللە باڵەوباڵ سمیویەتی).
**باڵەودان**: باڵدان، فڕین.
**باڵەوداین**: باڵادان، فڕین مەل.
**باڵەوگرتن**: باڵگرتن، فڕین.
**باڵەووشک**: گوندێکە لە باکووری کەلار.
**باڵهەڵماڵین**: قۆڵ هەڵماڵین، باسک هەڵکردن: (باڵی لێ هەڵماڵە وەک شێر، بێرە مەیدانی خەبات/ ڕوو کەرە ئاغا، کە ئاغا دوژمنی خوێنیتە) «قانع».
**باڵەی**: بڕوا ناکەم، بەدووری دەزانم.
**باڵەیی**: تیرەیەکی کوردە لە عەراق.
**باڵی**: ناوی تیرەیەک کوردی لوڕستانن.
**باڵی**: باڵدارینە، خاکەنازێکی بچووکی بێ دەستەیە بۆ زبڵ ماڵین.
**باڵێ**: گوندێکە لای شارۆچکەی کانیماسێ.
**باڵێ**: ١. باڵەدارینەی داوەڵ و بووکەبارانە،٢. بارێ، هەرچۆنێک بێت.
**باڵیار**: ١. پشتگوردەی تەون،٢. بالار، بەش ژێرین تەون.
**باڵێبوونەوە**: بەردان، تڕ یا تس کەندن: (کوێخا بایەکی زلی لێدەبێتەوە، ... ئەرێ کوێخا بۆ دەماخی جارانت نەماوە؟ کوێخا کوتی: ئەو بایە وای دایکی کوێخای نەگاوە، ئەگە خۆشەوە بێ) «موکریان».
**باڵێبەربوون**: تسین، تسدان: (کە حاکم چاوی ئەچێتە خەو بایێکی لێ ئەبێتەوە) «ڕشتەی مرواری».

**باڵێپەت**: پەت بە درێژی باڵێک: (وێژە باڵێ پەت، نەقیزە شکاو/ جلەگا گونی‌یە، تووبەرە دڕاو) «قانع».
**باڵێت**: ڕەقسی بالە.
**باڵێتان**: گوندێکە لای سەردەشت.
**باڵێدان**: ١. با لە شتێک دان، بەر با کەوتن،٢. باتێکردن، پڕباکردن.
**باڵێدەرچوون**: با لێبەربوونی لە ناکاو: (ئاسۆ بایەکی لێ دەرچوو، وە ڕووی خۆی نەهێنا).
**بالیسان**: شارۆچکەیەکە لای شەقلاوە: (خوشکەکت هەیە لە بالیسان، دەکا تڕ و تسان، نانی مە دەبتە سەپکی سەیان) «ف.پ.پ.».
**بالیش**: بالیشت، باڵنج.
**بالیشت**: باڵنج، بالگە، سەرین، سەنیر.
**باڵیشت**: باڵنج، سەرین.
**باڵیشتە**: داری سەرینی گورگە و دەرەڕا و سەرتاقە.
**باڵیشمە**: باڵشمە، داری سەرتاق.
**بالیغە**: عوزرشۆر، ڕەسیو.
**بالیف**: بالگۆک، بالگوھ بالگە، بالگی، باڵنج، بالووفک، بالیفک، بالیو، بەعلکی، بەعلیف، پالشت، پالگوە، پالگهە، پالگە، پشتوو، پشتی، ژێرسەرە، سەرنگین، سەرین، سەرینا، سەرینگ، سەنیر، گۆژگرە: (سەرێ ئێکە و بالیف ئێک) «پەند».
**بالیفک**: بالیف، باڵنج، سەرینی گچکە.
**بالیفکەک**: باڵنجێک: (خوەزی ژ خێر و مرادێت خودێ ڕا/ سەرێ من و کورکێ دەلال/ کەتبا سەر بالیفکەکێ) «حەیرانۆک».
**بالیفۆکەیماری**: جۆرێ کرمە.
**بالیفە**: دۆشەک، دۆشەکە، دۆشکەڵە، باتمان، دۆشەگی ناو لانکە: (سەردەستەی دزەکان

قۆڵی ڕاستی خستە سەر بالیفەکەی، تەکیەوە) «ف.پ.پ.».

**بالیڤ**: بالیف، سەرین.

**بالیڤە**: ١. بالیفە، سەرین،٢. ژوور سەر×: (دایین ب تەئەننی و تەوەللا/ چو بالیڤە، دایە وان تەسەللا) «خانی».

**بالیک**: بالووکە.

**باڵێک**: بە قەدەر باڵێک بەرز: (لە باشووری حەوشەکە، لە دیواری ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژاوا، سەکۆیەکی بەرزی باڵێک، بە چەند پەیژە سەردەکەوتیت) «خاک و چەوسانەوە».

**بالیکان**: گوندێکە لای مەزنێ و سۆران.

**بالیکە**: بالووکە، باڵۆکە.

**بالیکەدەر**: گوندێکە لای پێنجوێن.

**بالیل**: باڵوڵ، بەهلول، زانایەکی کوردی هاوچەرخی دەوڵەتی عەباسیان بووە، چون نەیتوانیوە ڕاستەوخۆ ڕازی دڵی خۆی بێژێ، ل ڕێی شۆخی و گاڵتەوە مەرامی خۆی بەجێ هێناوە: (سەرهاتین زیار و رابوردنێ د زۆر بووینە نەمازە دگەل بالیل رووی دان) «گولواز».

**بالیلک**: ١. بالووک، بالووکە ٢. ئەو هەویرەی بۆ خواردن لە ناو دۆشاو دەیکوڵێنن.

**بالیلۆک**: لۆق، نەتۆر، قۆت×××٢××١٥٤سنار×

**بالین**: ١. بالگە، سەرین، سەرنگا، سەرنا، سەنیا، سەنگا، باڵنج، سەرینا: (دا نالە و ئاهین مە ژ دل صحح بکری/ وەر گوە بدە هنداڤی سەری بالینێ) «جزیری»،٢. ژوورسەر، ژوویەر سەر: (سا گۆش دەر ساتێ وەی زیر و بەمەدا/ بویەر وە باڵین ئەهل ماتەمدا)، (وەسیەتم ئێدەن شای شەم ڕوخساران/ بەی وە باڵینم چون بەینەتداران) «مەولەوی»،٣. خەوگە، جێ، جێگە، جێی خەو: (تەبیبم هاتە باڵینم وەهای گوت:/ دریغا دەردی عیشقە، بێ دەوایە!) «حاجی قادر»،٤. پشتی، پاڵپشت.

**باڵین**: بالین.

**باڵێن**: ١. پشکول، پشتیوانەی دیوار و کوڵەکە ٢. پشدەر، پشتبەستی درگا بۆ داخستن،٣. سەرین، باڵنج، بالیف،٤. ناوی دەشتێکە: (تەماشا دەکا لە دەشتی باڵێنێ ڕەشبەڵەک بووە، سەلەلات بە چ قەرارە!) «قۆچ عوسمان».

**باڵینج**: باڵنج.

**بالینک**: بالیف، بالگە، بالین: (کەی دەبێ شەو تا سەحەر، هەمبەستەری من بی و ئەمن/ بیکەمە باڵین: شەدەی زولفی حەریری خامەکەت؟!) «ئەدەب».

**بالینگ**: بالین، بالینک: (لە ناو جێ و بالینگانی گەرم و گوڕەوە سەری قیت کردەوە) «خاک و چەوسانەوە».

**بالینە**: ١. باڵینە،٢. قولقولانچکە، ئاڵقەیەکە لە کۆنەپەڕۆ لە سەر سەر دادەنرێ تا شتی پێ هەڵگیرێ.

**باڵینە**: ١. ڕفێدە، دۆشەکچەیەکی نان پێوەدان ٢. شتێ وەک عەگال نانپێژ دەدانە سەر سەرێ خۆ بۆ هەڵگرتنی نان،٣. کۆپەلان، ملوانکەیەک لە پەڕۆ و چەرم بۆ ملی گاجووت و پاتاڵ ٤. جۆرێ باڵنجی گچکەی کرێکار کاتی هەڵگرتنی بار بەکاری دێنن،٥. شتێکە لە پەڕۆ بۆ سەر تەنەکەی منداڵ ڕاهێشتن،٦. باڵنج، سەرین، سەنیر.

**باڵینەک**: ١. فڕۆکە، تەیارە،٢. باڵۆن، کیسەی زلی پڕ لە با.

**باڵینەوان**: فڕۆکەوان، خەلەبان.

**بالیو**: بالیف، باڵنج.

**بالیوز**: بالیۆز.

**بالیۆز**: بالویز، باڵوێز، نوێنەری وڵاتێک لە

وڵاتێکی بێگانە.

**باڵیۆزخـــانە**: باڵویزخـــانە، شـــابەندەرخانە، نوێنەرخانە، بنکەی سەفیر لە وڵاتێکی تر.

**باڵێوەبوو**: تڕداو، تڕیـو: (کـابرای بـا لێوەبـوو دەیوت: ئەی لەیرا بام لـێ نەبێـتەوە، لە کـوێ ...؟) «کۆردەرە».

**باڵیهوما**: باڵی مەلی خەیاڵی هوما کە گۆیـا سـێبەرەکەی بکەوێـتە سـەر هەر کەسـێ بەختیاری ئەکات: (لە بن باڵی هوما جێـی بـاز و شاهێن قەسری شـاهان بـوو/ دریغـا ئێسـتە ویرانەی سیسار و جوغدە جێگاکەم) «وەفایی».

**باڵیێ**: گوندێکە لای دهۆک.

**بام**: ١. ئاماڵ، مەیـلەو، واش، ڕەنـگ، نزیـک، نزیک لە ڕەنگـا: (ڕەش‌بـام: ڕەش‌تـاڵە)٢. بـڵا، بـڵان، بـێلە، بهـێڵە: (بـام وابـکە خـۆم دەردی ئەزانم) ٣. بادام، دارباپام ٤. دەگەڵـم، لەتەکمـا ٥. پاشگرە بە واتای: بـبم، ببومـا، ببومـایە: (بە سـەرگەردت بـام، ئەرواحەکەی ویـم/ جـواب سەریح بکیانە ویم) «مەولەوی» ٦. با، دەبا، بـۆ پەلە و جەخـت دەخـرێتە سـەر فەرمـانێکی‌تر: (بام‌بڕوا، بام‌بڕوم) ٧. دەنگی هێدی مینـا لێـدانا دل،٨. بـان، سـەربان: (ئەی میهـری میهرەبـان وەرە سەر بامی بامیداد/ دا مەهـرووان بـبن بە هیلالی شەوی میحاق) «نـالی»،٩. م بـام، مـن بـێم، ئەوەڵ کەس یەکـڵە لە کـردار هـاتن،١٠. بادم: (وەکوو دارێکی سـەر چاکی بەرەو بـام/ شـــەق و شـــەمزاو و هـــاڵۆز و قەڵاچـــۆم) «ڕاوچی».

**باما**: ١. بامەو، بگەرێـمەوە،٢. بـوایەم، بامـایە، بایـام: (کەوبـاڕی باما لە جـارە جـۆدا/ وەک مەجنـــوون بـــایەم لە ســـۆرغەی تـــۆدا) «فۆلکلـۆر»،٣. بهاتـایە، هاتبـایێ: (ئەوسـا ئەر مەرگم باما جەو دەمدا) «بێسارانی».

**باماڵ**: جێـی بەرز کە بـا بەفـر یـا خـۆڵەکەی بمـاڵێ: (وەرە بەو بامـاڵەدا بـڕۆین لە بەفـر ناچەقین).

**بامبوو**: قامیشێک وەک خەیزەران دەچێ.

**بامبوول**: حوقە، فێڵ، کەڵەک، ساختە، جادوو.

**بامبووڵباز**: فێڵزان، گزیکار.

**بامجان**: باینجان، بایینجان، باجانەڕەش.

**بامجانڕەش**: بادمجان.

**بامجانسوور**: تەماتە.

**بامجـــانفەرەنگی**: تەمـــاتە، تومـــاتە، تۆمـــاتە، تۆماتیز، باینجان، باژانا سۆر.

**بامجانەفەرەنگی**: تەماتە، توماتە.

**بامخەڵتان**: بانغەڵتان، بانگلێن.

**بامداد**: سپێدە، بەیان، بەیانی، بامدادە.

**بامدادە**: بامداد.

**بامدرۆ**: ×بابویسی ×١٥٣کۆسالان×

**بامردو**: با بویسی × کۆ

**بامرنێ**: چاوەقووڵکە، تاعوون، بای مردنێ.

**بامرە**: قوونەبان، بنەبان.

**بامز**: تاودار، خۆش، تامخۆش، چێژدار.

**بامشت**: ١. گەردەلوول، گێژەلۆوکە ٢. کرێـوە، باکوت: (تنـێ مـن حەیـف ل وان تشـتان/ ل بەیبوونان ل بامشـتان/ خـوزی ئەڤ ڕەنـگ نە ئێڤشـــتان/ د ئسـمینێ د نامـداره) «فەقـێ تەیران»،٣. باگر، بەربا، وەردەوا، وورشێن.

**بامشمش**: گوندێکە لای ئاکرێ.

**بامغەلتان**: باگردێن، بانگوردێن، باگوردان.

**بامگاه**: بامگا، باهنگاف، بایێ بەینی ڕۆژاڤا و شەڤێ.

**بامگەه**: بامگاه، بامگا.

**بامنبچمەئەوکەلە**: گۆرانییەکی هۆرامییە.

**بامۆردکان**: دێیەکە لە باشووری کوێسنجەق.

**بامۆک**: ١. گوندێکە لای هەڵەبجە: (وەسمان

پاشای جاف پیاوێکی هەبوو، ئیشی ئەم پیاوە هەر ئەوە بوو هەموو ڕۆژێک ئەچوو بۆ بامۆک ماستی ئەهێنا) «ڕشتەی مرواری»،٢. ناڤێ مێرانە: (مەلایەک هەبوو لەو سەرە مەلا بامۆکیان پێ ئەوت) «ڕشتەیمرواری».
**بامۆکی**: خەڵکی گوندی بامۆک: (کابرایەکی بامۆکی چووە ئەو وڵاتی ئایەنە و ئەستەمبوڵە) «ڕشتەی مرواری».
**بامۆلەکان**: گوندێکە لە نزیک ڕانییە.
**بامە**: م بامە، بێم، بێمە: (بامە کوورە؟).
**بامەرزێ**: گوندێکە لە باکووری بەردەڕەش.
**بامەڕن**: گوندێکە لە هەریمی کوردستان.
**بامەڕنی**: شارۆچکەیەکە لە نزیک ئامێدی.
**بامەلیشک**: ئووربەلیشک، ترترک، سورێنچک.
**بامەن**: ١. بێمەن، کورتکراوەی بەهمەن، ناڤێ مێرانە،٢. بانن، سەربانن: (جامان بە جەمین تۆ لێلاو بامەن) «بێسارانی».
**بامەنی**: سەربانی، بانی: (وات: چە خێرتەن، لێلاو بامەنی؟/ جەی لێلاوتەر بای، چە خاس جامەنی) «بێسارانی».×
**بامەو**: باما، بگەڕێمەوە؟
**بامێ**: بامیە، جۆرێ گیاییە بەرەکەی دەخورێ: (عافێتی تۆ بێ بامێ و قوبوولێ/ با من بە عارەق تووشی زەرەر بم) «ف. بێکەس».
**بامێان**: دیەکەێگە لە گیەلان.
**بامیداد**: سپێدە، بامداد: (ئەی میهری میهرەبان وەرە سەر بامی بامیداد/ دا مەهرووان ببن بە هیلالی شەوی میحاق) «نالی».
**بامیر**: گوندێکە لای بەنداوی مووسڵ.
**بامیە**: ١. بامێ، بامیان، سەوزییەکی کەلووداره دەچێندرێ، ئەسڵێ وی لە شاری بامیانێ ئەفغانی هاتیە: (بامیە و باینجان و کولەکەی چێشت) «چنگیانی» ٢. بەری ئەم گیایە،٣. خواردنێ کە لە بامی چێکرابێ،٤. جۆری شیرینی.
**بامیەیئیشک**: بامیە کە بۆ زستان ئیشک کرابێ.
**بامیەنە**: چێشتی بامیە.
**بان**: ١. بانگ، بانگی نڤێژ: (مەلا بانی دا) ٢. گازی، هەرا، قاو: (بەو شەوی بارانەکەی، بان کەی لە ژنە جوانەکەی) «حەسەن زیرەک»٣. سەر، سەروو، دیم سەرەو: (فەلەک پەردەی شەب ئەندەر ڕۆژی سەر فانۆسی ئافاقی/ زەمین و ئاسمان، لەم بانە تا ئەو بانە تابانە) «نالی»،٤. بانی خانوو، بەربانک، کەلک، سەربان، بان خانگ، پشت بان: (دوودی سەرمیچی گوڵەنگی لەتلەتی دەسرازەی کۆن/ بان و دیواری بە میسلی لانکەی ئەجزا شکاو) «نالی» ٥. خانی، خانوو، ماڵ،٦. بانو، بانی، زەوی دەشت و بڵند: (سپا بۆی کرا بانەکانی لەرنێ بگری و لەم بانانەدا خۆی بچەسپێنێ) «لەمەهاباد بۆئاراس»،٧. هۆگر، خاوەن بەزەیی: ( ئەو مانگایە لە گۆرەکەکەی نەبان بووە) ٨. بن، ببن، بون: (خاڵخاسان بێ ئان هەر بار وە لێو بان/ هێلانەی دڵان با هەر پەشێو بان) «مەولەوی»، ٩. سەر، ژوور: (بانچاوم: سەرچاوم)، ١٠. ببن، بدەن: (سودشان چێشەن؟ قیبلەم جەی خاستەر/ دوعاگۆی تۆ بان، هەر شام، هەر سەحەر) «بێسارانی»،١١. ناوی درەختێکە گەڵای واسە داربی: (شوتوربانا! ئەمە پەرژینی باغی ڕەوضەیە، یاخۆ/ عەرار و عەرعەر و بانی خیابانی بیبانە؟!) (هات زەمزەمەیی بولبول و ئاوازەیی قومری/ هات بادی سەبا، دێن و دەچن عەرعەر و بانات) «نالی»،١٢. ئویە بان، ئێوە بێن: (گڵکۆی تازەی لەیل، گڵکۆی تازەی

لەیل/ بان تا بچیم وە سەر گڵکۆی تازەی لەیل) «ڕشتەی مرواری»،١٣. تەختایی سێسووچی عارەبەی کەڵ کە باری لە سەر دادەنێن،١٤. سەری چیا، سەرکۆ،١٥. ئاسمان، حەوا×: (چەندە ڕوانیمە زەوی لەو بانە) «خەوەبەردینە»،١٦. تاو، ڕووناکی: (تاو و بانێکی زۆر وەشە)،١٧. ناوە بۆ کچان.

**بانا**: ١. دوارۆژ، پاشەڕۆ،٢. بانوما،٣. بانەو، بگەڕێنەوە،٤. ڕووت، بێ جل،٥. ناوە بۆ کچان.

**باناشەو**: بانەشەو، شەو بانان.

**بانان**: ١. داهاتوو، بانیە، بانە،٢. ئاسوو،٣. کۆی بان، سەربان: (کوا ئەو دەماخەی ئەمڕوانیە جوانان/ ئەکەوتە شوێنم بۆ پەنای بانان) «پیرەمێرد».

**باناندن**: ١. بانین، دووبارە وەبەر خستنەوە، بێچووی بێدایک خستنە بەر دایکێکی تر(بزن)،٢. نۆڕین، مێزتن، مێزەکرن.

**بانانیڕەسین**: لاناوە لە هەن هەن مردن.

**بانئاخوەیس**: دیەکەیگە لە سەرپیەڵ.

**بانئاساو**: سانالێ، سانالەی سەربانی ئاش: (باراساو زەحمەت، بان ئاساو خەفەت) «م.ح. دزڵی».

**بانئاسیاو**: دێیەکی گەورەیە لە سەر ڕێی کەلار و جەلەولا.

**بانئەرەگرتەی**: بان داگرتن.

**بانئەرەگیر**: بانداگر، بانداگرەوە.

**بانئەرەگیرە**: بانداگر.

**بانئەمروو**: دیەکەیگە لە چەوار ئیلام.

**بانئەنوو**: بانئەنوود.

**بانئەنوود**: سواغ، ئەنوود دان خانی.

**بانباجە**: هەلاوەمەلاوە، ڕێوڕەسمێکی کوردەوارییە لە شەوی نەورۆزدا بەڕێوە دەچێ.

**بانبارگە**: بەربووک، پاخەسوور، پێخەسوو، پاخەسوو، ژنێکی سەرسپی سواری سەربارگەی وەوی دەکرێ و دەنێردرێ بۆ ماڵی زاوا.

**بانبان**: سەر، سەروو، لای هەرە سەرەوە.

**بانبانک**: ڕسق، ڕسک، ڕستی، بانەوانک، جرجەمشک، جورد، جانەوەرێکە لە تیرەی سمۆرە لە ڕەوەزە بەردانـدا دەژی: (تەنبەڵ، تەوەزەل، ترسەنۆک، خویڕی/ بانبانکی نووستوی سەر کۆمای زێڕی) «بۆکوردستان».

**بانبانکە**: بانبانک.

**بانبانەگا**: ژێر ناوک، سەر شەرمگا.

**بانبراو**: گڵەبان، ئاخەبان، بانەناو.

**بانبڕین**: بانەبڕین، وەردبڕین.

**بانبز**: ١. مامز، ئاسک، جەیران،٢. بزنەکێوی.

**بانبنەی**: بەزمێگ لە مەقامەیل هوورە.

**بانبێڵی**: قاوەتی، قاوەرتی.

**بانپشتی**: خوری بان پشت کاوڕ ک چیەرەێ نیەکەن و ئەڕای ڕەنگینی هیلنەی.

**بانپوشین**: لاگیرە، خشڵێکی ژنانە بۆ سەر دەشێ.

**بانپۆشین**: ١. سەرنانەوە، شاردنەوە، داپۆشین، ٢. بریتی لە دیزەبەدەرخۆنەی سرێک.

**بانپیاڵە**: بانەپیاڵە.

**بانپیران**: کویەیگە لە مابەین گیەلان و سەرپیەڵ.

**بانتاق**: کویەیگە لە مابەێن کرن و سەرپیەڵ.

**بانتلن**: بانگێر.

**بانتلنای**: بان گێران.

**بانتلنە**: باگردێن.

**بانتلیر**: باگردان، باگردێن.

**بانتلێر**: باگردێن، باگردان.

**بانتلێن**: باگردێن، بانگلێر.

**بانجان**: باینجان.
**بانجانەسورلی**: تەماتە.
**بانجانەسیاوی**: باینجانی ڕەش.
**بانجانی**: باینجان، بانجان.
**بانجانینە**: چێشتی باینجان.
**بانجانێو**: بە بانجانەوە.
**بان‌جاوەران**: دێەکەیگە لە گوڵێن.
**بانجۆ**: بانژۆ، کەرەستەیەکی مۆسیقایە.
**بان‌جی**: ١. جێ، جێگا، نوێن، تەختی خەو: (هەسە بچوورە بان جیگاکەت)،٢. جێی ئەوەڵی.
**بان‌جیلە**: ١. بانیژە، بانی نزم،٢. تارمە، باڵکۆنی بەر پەنجەرە،٣. سەربانی بەردەم ژوور،٤. بانجێڵە، هەیوانی بێ بانی هاوینە.
**بان‌جێڵە**: بان‌جیلە.
**بان‌چاڵاوە**: مەڵوەنێگە لە مابەین کرن و بیوەنیش.
**بان‌چاو**: بەسەرچاو، بەڵێباش.
**بان‌چەتری**: بان زولفی، خشڵێکە وەک گوارە.
**بان‌چەو**: وەبان چەو، بەسەر چاو.
**بان‌چەوگ**: سەرلانکە، سەربێشکە.
**بان‌چیا**: دێەکەیگە لە باوەجانی.
**بان‌خانگ**: بان، سەربان.
**بان‌خانوو**: بان‌خانی.
**بان‌خانی**: سەربان، بان.
**باند**: ١. دەسە، دەستە و دایرە،٢. گوشک، باندی برین‌پێچی،٣. شەپۆلی ڕادیۆ، مەوج،٤. بڵێنگۆ، باندی بڵاوکەرەوەی دەنگ،٥. فیرقەی مۆسیقا: (تازە باندی پشت سێپای نۆت/ گەرمی هەوای فۆکستروت!) «گۆران»،٦. لایە، توێ، توێخ،٧. بلند، بانە، جێی بەرزی تەخت.
**بانداژ**: تیزماڵکە پارچەیەکە درێژ بۆ سەر برین.
**باندان**: داپۆشین، شاردنەوە، سەرگرتن: (خانووەکەت بان نەداوە؟).
**بان‌دانەوەر**: چو شێت هاوارکردن و وەرەو هەر لایگ چین، بان لە وەر دان.
**باندباند**: لایە لایە، توێ توێ، بان یەک.
**باندپێچی**: پێچانی برین بە باند.
**باندر**: دارێکە لە دارەڕادا لەوانی دیکە درێژترە و لە دیوار ڕەت دەبێ.
**باندر**: دێەکەیگە لە مەسووری.
**باندرو**: گوندێکە لای شارۆچکەی دەرکار.
**باندرۆڵ**: بەرچەسپ، مەکس، مەکووس، کوتە کاغەزێکی باریکە، نەقش و نووسراوەی لە سەرە بۆ سەر کاڵا.
**بان‌دڵ‌هاوردن**: سخڵ‌کردن، گرفت‌کردن.
**باندور**: کاریگەری، کارتێکەری، هیکاری: (مەحموود پاشا بەندا گۆتنێن ها بوو، لەما ژی وان باندور سەر وی نەهیشت) «مەستوورە».
**باندۆر**: ١. باندور، شووپ، شۆپ، کاریگەری، ئەسەر،٢. میرگەهە هەرێمی دەسەڵاتداری: (ب خوە نزانبوو چاوان ب خەوا ڕا چوو، چاوا ئێ خویایێ بوویەرێن ڤێ ڕۆژا گران باندۆرا خوە هشتبوون) «مەستوورە»،٣. ناوی نێرینانە.
**باندوور**: ١. نیر، نیلە، کەرەسەی جووتی بە گا،٢. باندۆر، سنووری دەسەڵاتدارێتی: (وەکی باندوورا فارسا، زمانێ وان ڕابوون) «مەستوورە»،٣. کار، کاریگەری: (ماه شەرەف خانمێ تەخمین کر، وەکی ڤێ بەسێ باندوورەکە گەلەکی گران سەر باڤێ وێ هیشت) «مەستوورە».
**بان‌دووڵان**: دووڵێگە ها بان هارەو.
**باندەر**: بادەوە، کرێوە، تۆف، تۆفان.
**بان‌دەرکە**: سەردەرانە، سەردەرگا.
**بان‌دەس**: ١. سەر دەس،٢. باڵاتر، چاکتر×:

(کوڕە کوتی: ئەمەیە کە بان دەسی نییە لە قومارکردندا؟) «ڕشتەی مرواری».
**بان‌دەسانی**: ١. بەزمێگە لە هەوورە،٢. گەمەیگە منالانە.
**باندەڤ**: ١. کولانکە، کولانچکە، ڕۆچنە،٢. سڕی و سەرمای سەخت.
**بان‌دەنەوشک**: کویەگە لە گیەلان.
**باندەو**: بادەوە، بۆران.
**باندێ**: ×باندێ بەنە بال زاهدێ ×٢٩١ تەیران×
**باندێر**: باگوردان، باگردێن.
**بان‌دیوار**: سەر دیوار.
**بان‌دییە**: سەرووی دێ.
**بان‌ڕووشان**: دیەکەیگە لە ساڵەح‌ئاباد.
**بانزدا**: بازی دا: (ڕوڤی بانزدا هلانی/ قەل خاپییا ب نەزانی) «پەرویز جیهانی».
**بانزدار**: بازدەر، ئەوەی باز دەدا.
**بانزدان**: ١. بازدان، هەڵبەزین، ڕەڤین و خۆ هلاڤیتن: (تە هەو دنهێری ژ جییێ خوە بانز ددا و دگۆت) «مەستوورە»،٢. هلاتن، هەڵاتن، غاردان: (زوو بانزدە ب ئینە)،٣. ب جەهنەم، جنێویکە.
**بانزدۆک**: ١. دراو، دەلاڤ، بوار، جێی پەڕینەوەی چەم،٢. قوشا بانزدانێ، جێی باز لێدان، بازگە،٣. درووماني ماشێنی، جوریەک دورۆنا دەست مینانی دورۆنا ماشینی.
**بانزدۆنەک**: لیستک زارۆکان، پێ بەند ل سەر تلییان.
**بانزدەر**: بانزدار، بازدەر، ئەوەی باز دەدا.
**بان‌زرکە**: دیەکەیگە لە دەرەشار ئیلام.
**بان‌زڵفی**: بان‌چەتری، لاسەری.
**بانزەمینی‌سەیدکەریم**: گوندێکە لای کەلار.
**بانزەمینی‌سەیدمحەمەد**: دێیەکە لای کەلار.

**بانزەمینی‌مەلاسولەیمان**: دێیەکە لای کەلار.
**بان‌زیارەت**: دیەکەیگە لە چەوار ئیلام.
**بانژۆ**: بانجۆ.
**بانژۆر**: قومارێکی مندالانەیە.
**بانسرا**: گوندێکە لای باکووری دێرالوک.
**بان‌سندووق**: گوندێکە لە باشووری کەلار.
**بان‌سنووق**: بان‌سندووق: (ئاوی کوکس لە گامێش‌گولی دێت بەرەو کولەجۆ و بان‌سنووق ... دەڕوا و دڕژێتە ناو چیمەنەوە) «ڕاگواستن».
**بان‌سوولاو**: دیەکەیگە لە گاوارە.
**بان‌سەر**: ١. سەرسەر، بە چاوان، بە سەر چاو ٢. دراوێکە لە تۆقەسەری کلاوی ژنان قایم دەکرێ،٣. کەفاک، تەپڵەسەر، تەوقی سەر،٤. لاسەرە، بان‌سەرە، خشڵێکی ژنانە: (ژنەکە کوتی: بەخوا خۆ هیچیشم پێ نییە غەیری ئەم بانسەر و لاگیرە و تاکە تارانییە نەبێ) «ڕشتەی مرواری».
**بان‌سەروو**: دیەکەیگە لە چەوار.
**بان‌سەرە**: بان‌سەر، خشڵێکی ژنانەیە.
**بان‌سەری**: کوچگێ ک بووەیدەێ بان سەرو بکوتیەێ بان چشتێ.
**بان‌سەعید**: ناوی دو گوندە لای کامیاران، سەر بە دێکۆی سورسور، بەن‌سەعیدی سەرێ و خوارێ.
**بان‌سەلبەند**: دێڵەبەن، سەنگ‌پۆش، سەنگ‌فەرش، بانە کو پێ تەختەبەرد نخامتی‌یە.
**بان‌سەیران**: کویەیگە لە مابەین سەرپیەڵ و گیەلان.
**بان‌شان**: ١. چارۆکەی شان‌پۆش،٢. قەلادۆشان، قەلادۆشکان، قەلادۆشە، نێوان‌شان.
**بانشۆ**: جۆرێ قومارە.
**بان‌شەلە**: دیەکەیگە لە ڕەوانسەر.
**بانغەڵتان**: باگردێن، بانگووش، بانگۆش،

بانگلان، مەندەroونه، تپانه، لۆغ، گردەڵ.
**بانق**: بانگ، بانک، شوێنی داوستەدی پارە: (وەک ئاغای ئامۆزام، وەکوو پاشا خۆی/ کە کۆشک و کارخانە و بانق لەواوە بۆی!) «گۆران».
**بانقۆ**: بانک، جۆرێ قوماری پەڕانە.
**بانقوس‌ژۆری**: گوندێکە لای زاخۆ.
**بان‌قومیان**: پەراسوو، پووکی.
**بان‌قەرار**: ١. سەر قەرار، جێی وادە،٢. بە بەڵێن، وەفادار: (شۆخی بان قەرارە/ چەن ناسک و نازدارە/ ئەوەی کەتانە) «حەسەن زیرەک».
**بانک**: ١. بانگ، بانق، جێی کاروباری بانگی، ٢. کایە و قوماری کە بە پەڕی قومار دەکرێ: (هێشتا وەتاغی ئاغا بانکی قوماریان نیوەپڕ نەکرابوو) «شەوارە»،٣. بانۆک.
**بانک**: Banik بانگ، بان، سەربان: (هەر دوو ل بەر بانکی درونیشتی بوون و خەزیری ئەڤ گۆتنێن هە بۆ بویکا خۆ دگۆتن) «گولواز».
**بانکا**: گوندێکە لای بامەرنی.
**بانکاژێری**: دێیەکە لای شارۆچکەی دەرکار.
**بانک‌بڕین**: ١. دزینی پارە لە بانک،٢. لێدان و بردنەوەی تەواو پەڕەکانی بانکی قومار.
**بانکدار**: ١. خاوەن بانگ،٢. کەسێ لە بانک‌دا ئیش دەکات،٣. کەسێ کە پووڵی قومار لە لای ئەوە،٤. کەسێ خەرجی گشتی لەسەر ئەو بێ.
**بانکداریی**: ١. کار و پیشەی بانکدار،٢. زانستی بەڕێوەبردنی بانک.
**بانک‌دانان**: پارە دانان بۆ بانک لە قوماردا.
**بانک‌دەرچوون**: ١. پڕبوونی بانک لەو قومارانەی کە بانک دادەنێن،٢. بریتی لە زۆر دەوڵەمەند بوون.
**بان‌کردن**: گازی‌کردن، قاوکرن: (کیژە کورد دوور نییە یەکتر بان کەن/ زامی ئەندامی کوران دەرمان کەن) «بۆکوردستان».
**بانک‌لێدان**: بانک بڕین.
**بان‌کوت**: ١. جوورە گەڵا کوتکێکی زل و پان و درێژە بۆ کوتانەوەی گوێسوانە،٢. باگردان، باگردێن،٣. کەسێ بان دەشێلێ یا باگردێنی لێ‌دەدا،٤. کاری شێلانی بان.
**بان‌کوتان**: بان کوتانەوە، شێلانی بان.
**بان‌کوتانەوە**: بان‌کوت کردن، شێلانی بان.
**بانکوڵ**: کویەێگە لە ئەیوان: (لە قەندەهارەو بپەڕیم چوو تەیر/ لە بانکوڵەوە ئەیوان بکەم سەیر) «خان‌مەنسوور».
**بانکە**: ١. بۆشکەی گچکە،٢. شووشەیەکی خڕە بۆ مرەبا و ترشیات،٣. گوندێکە لای شارۆچکەی قادرکەرەم.
**بانکەر**: ١. بانگدەر، بانگ‌کار، جاڕچی، جاڕدەر،٢. بانگدەری بۆ نڤێژ.
**بانکی‌خوێن**: ساردخانەی تایبەتی بۆ ڕاگرتنی خوێن.
**بانکیر**: بازرگان، تاجر: (وەلی ژ بنە مالا بەنی ئەردەلان، کۆ ب هەڤتێ هەڤت گوڤەک باقێ خوە ڤا تورن بوونە و دۆر دۆر هزار سالی مالمەزنایا کوردستانێ کرنە، ڕابە و کەچا بانکیر را، کۆ نە ژ بنەمالا تۆرنایە، بزەوجە) «مەستوورە».
**بانگ**: Bang ١. بانق، بانک، جێی داوستەی پووڵ و پارە ٢. وانگ، بانگی نوێژ: (شوکری خودا دەکەم کە گەیشتینە وەختی چاک/ تا شەو نەڕۆیی، بانگی نەدا، نەبووە ڕۆی ڕووناک) «حەمدی»،٣. بانگی سبەینان،٤. جاڕ، چڕە، دەنگ، هەرا، قاو، گازی بلند: (فەرمووتە کە بانگم کە، شەوێ، دێمە کەنارت/ قوربان! وەرە شەو ڕۆیی، ئەوا وەعدەیی بانگە)

«نالی»،٥. دەنگۆ، شایعە، قاو: (بانگ ڕسواییم جە عالەم بەرزەن/ زیندەگیم زیاد، مەردەنم فەرزەن) «مەولەوی»،٦. ناو، ناوبانگ، شۆرەت: (بانگ و ناوبانگی لە کوردستاندا بڵاو بۆتەوە)،٧. بانک، بانقۆ، جۆرێ قوماری پەڕانە ٨. شیوەن، شین، ڕۆڕۆ، گریانی بە کوڵ،٩. ئەی، وەی، ئەرێ، هۆ، هۆو، هەی، هەڵا، ئامرازی گازیکرنە،١٠. بەربەخت، گەورەکچ،١١. سەدای کەڵەشێر، خوێندنی دیکل: (خامۆش ببە لە بانگ و سەدا ئەمشەو ئەی خەرووس/ بە دەس بکەم لە گەردنی دولبەر بە عەیش و بووس) «سالم».

**بانگ**: Banig ١. سەر، سەرو، سەرگ، بان، بانگین، سەرگین ٢. باڵغی، هەرەتی باڵقی: (د بانگا خووەدایە: هەرەتی باڵقێتی) ٣. پرسە، سەرەخۆشی، تازیمانە.

**بانگاشە**: چاووڕاو، شاتوشووت، پڕوپاگەندە.

**بانگاڤ**: نێوانی ڕۆژاوا و خەوتنان.

**بانگاواز**: بانگەواز، قاوکرن بە دەنگی بەرز.

**بانگبەگوێداخوێندن**: ناوی منداڵ نان.

**بانگبەگوێدادان**: ناوی منداڵ نان: (ئەو دەمەی چاوم چرای ڕێی لاو و کچ بوو تێپەڕی/ تازە بانگ نادەم بە گوێی ئەم تۆرەمە ناساغەدا) «جومعەکان».

**بانگبێژ**: بانگدەر، بانگوێژ: (ئەویش زۆر بزۆزە و تەقڵەکوت ماڵ و حاڵی بە مامبرایمی بانگبێژ ئەسپاردبوو) «ڕاوچی».

**بانگبییەی**: بانگ بوون، کاتی بانگدان هاتن.

**بانگپێدان**: بانگ لێدان، بانگ هێشتن، دەوەت کرن.

**بانگدان**: ١. بانگی نوێژ گوتن: (کابرایەک بانگوێژ پارچە کاغەزێکی گرتبوو بە دەستەوە بانگی ئەدا) «ڕشتەی مرواری»،٢. چڕین، بانگەوازی بۆ مەبەستێکی غەیری نوێژ،٣. خوێندنی کەڵەباب: (بانگ بدە ب دەنگی بلند/ دەنگ ڤەدە ل باژار و گوند) «پەرویز جیهانی».

**بانگدای**: بانگی نوێژ دان.

**بانگدەر**: ١. بانگوێژ، ئەوەی بانگ دەڵێ،٢. جاڕدەر، جاڕچێ، بانگەواز.

**بانگدەرە**: بانگدەر بۆ مێ.

**بانگدەری گاران**: بریتی لە کەر، خەر.

**بانگڕاهێشتن**: ١. جاڕدان، ڕاگەیاندن وە دەنگ بەرز: (ئەوڕۆ لە شار بانگیان ڕاهێشت کە سبەی کەس نابێ دوکان بکاتەوە)،٢. بانگ دان.

**بان گرتنەوە**: بان لە وەرگرتن، بان دانە وەر.

**بان گرتەی**: بان داگرتن.

**بانگرد**: گوندێکە لە نزیک چەمچەماڵ.

**بانگردێن**: باگردێن، باگردان، بانگلێر، بانگوێڕ، بانگەڕ.

**بانگرۆز**: خلۆر، خلێر، تلۆر، گلار، تلێر، تل، ئۆتوز: (لەو بانەوە بانگرۆز بوومەوە).

**بانگرۆزبوونەوە**: خلۆربوونەوە.

**بانگرۆزکردنەوە**: خللۆرکردنەوە.

**بانگژابوون**: تووڕەبوون، ئانگژابوون.

**بانگ کران**: بانگێشت کردان، دەعوەت کران: (میوان و غەوارە لە هەر لاوە بانگ کرابوون) «ڕاوچی».

**بانگ کردن**: ١. گازیکرن، قاولێکردن، چڕین، چڕینەوە: (بانگ کەین لە ژنە جوانەکەی/ بێتەوە لە ناو ڕانەکەی) «حەسەن زیرەک»،٢. دەعوەت کردن، لێگێڕانەوە: (سەد کەس بۆ زەماوەند بانگ کراون)،٣. قوماری بانگ کردن، ٤. پاڕانەوە: (دەما کو دل کەرکری/ دل شەوتی ئەو پڕ گری/ ڕوو دا و ئەڤراز فکری/ بانگ کرە شاهێ قودرەتێ) «فەقێ تەیران».

**بانگکردنەوە**: ١. یەکەم میوانی دوای گویزتنەوەی کــچ لە لایەن مــاڵە بــابەوە، بــاوەخون، ٢. گەڕاندنەوەی کەسێ کە دوور کەوتۆتەوە: (برۆ منداڵەکان بانگ کەرەوە).
**بانگکەر**: ١. بانگدەر، بانـگوێژ،٢. گـازکەر، چەڕندە، هاوارکەر، بانگەواز.
**بانگردێن**: باگردێن، باگردان.
**بانگلان**: بارگلان، باگردێن: (بـانگلان خاسـەساڵی سێ ساعەت/ کاری ئەنجام دەید چـوود خەفی ڕاحەت) «چەپکەگوڵ».
**بانگلواز**: جاڕ، بانگ، بانگاواز، بانـگواز، قـاو بە دەنگی بەرز.
**بانگلۆر**: بانگلۆز، تل، خلۆر.
**بانگلۆربوونەوە**: خلۆربوونەوە.
**بانگلۆز**: بانگلۆر، خلۆر.
**بانگلۆزبوونەوە**: خللاربوونەوە.
**بانگلەسەرلێدان**: گابۆڕە دان و گریان بەکـوڵ: (چــوونە مــاڵە هەیــدەر گــۆرانی جەنــازەی برایانیان هەڵـدەگرت و دەیانهێنـاوە/ بانـگ لە سەر بانگیان لێداوە) «مان».
**بانگلێدان**: لە بانگ دان.
**بانگلێر**: بانگوردان، باگردان.
**بانگلێکردن**: گازیکرن، قاولێکردن.
**بانگلێن**: باگردێن، باگردان.
**بانگمەل**: ئاوازی مەل و پەلەوەر.
**بانگوڕ**: ١. خلۆر، تلۆر،٢. بـانگۆر، بـاگردێن: (ژ بانگوری گرانتر ب سـەر چویکێـدا نایـت) «پەند».
**بانگۆر**: باگردان، باگوردان: (ژ بانگۆری گرانتر ب سەر چووکێ دە نایێ) «پەند».
**بانگوڕبوونەوە**: خلۆربوونەوە.
**بانگوڕکردنەوە**: بەردانەوە، تللۆرکردنەوە.
**بانگوسەڵا**: ١. بانگ و سەڵا بۆ نویژ: (پیـاوێ نەنویێ، دائیمە هەر زیکـری خـوا کـا/ بە ڕۆژ ڕۆژوو و قورئان، بە شەو بانگ و سـەڵا کـا) «قانع»،٢. گریـان و ڕۆڕۆ: (دایکـی بە بانـگ و سەڵا بۆی دەگریا).
**بانگوسەلات**: بانگ و سەڵا.
**بــانگوش**: ١. بـانگێر، بـاگردێنگێر، بانشـێل: (لــوتفی بــانگوش بــوو کە وا لەم حــوجرەدا زانانـدمان/ گەر بەنیئـادەم بخنکێـتن، سـەراوە نەک بناو) «نالی» ٢. بەفرماڵ.
**بانگوشی**: بانگێری، بان شێلان بە باگردێن.
**بـــانگۆل**: بـــانگۆل، نـــاوی گونـــدێکە لە کوردستان: (لە ئاوایی بانگۆل پیاوێـک هەبـوو سۆفی نادری ناو بوو) «ڕشتەیمرواری».
**بانگۆلە**: مێتوولکە، ڕشک.
**بانگولێن**: دیەکەیگە لە سەرپیەل.
**بانگوور**: باگردان.
**بانگۆوەر**: باگردان.
**بانگووێر**: شانەیەکی پان و ددان تیژ و درێژە، سندەگڵ و زبڵی پێ بـڵاو، پـووش و پەڵاشـی پێ کۆ دەکەنەوە.
**بانگوهاوار**: دەنگی بەرز، هاوار: (دەگریاین بە بانگ و هاوار) «بۆکوردستان».
**بانگوهەرا**: زەنازەنا، دەنگەدەنگ: (گا گـوێم لە ئاوازەیی نەققـارەیی تەعلـیم/ گـا شـیفتەیی دەنگی دەهۆڵ، بانگ و هەرا خۆم) «ناتیق».
**بانگوێڕ**: باگردان.
**بانــگوێژ**: بانـگبێژ، بانـگدەر: (کـابرایەک بانگوێژ پارچە کاغەزێکی گرتبوو بە دەستەوە بانگی ئەدا) «ڕشتەی مرواری».
**بــانگە**: ١. بانـگگە، منـارە، جێـی بانـگ،٢. مێتولکە، مێتوولە، میتکـنە، بـانگۆڵە، ڕشـک،٣. بانـگ، گریـان: (هەرچـی عێلـی سـوورچی و زراری بـــوو، هەمـــووی لە بـــانگەی دەدا،

دەگەڕاوە بە دواوە) «توحفە».
**بانگەبانگ**: ١. گازەگاز، قاوەقاو، هەراوهوریا، بانگی یەک لەدوای یەک،٢. نێوی نێرینانە.
**بانگەڕ**: ١. بانگێڕ، باگردێن ٢. پیاوی باگردێنگێڕ.
**بانگەڕا**: باگردێن، بانگەڕێن، بانگوش.
**بانگەڕان**: بانگەڕ.
**بانگەڕیتک**: باگردێنی گچکە.
**بانگەشە**: ١. بانگەوازی چەرچی و وردەواڵە فرۆش،٢. بانگاشە، چاوڕا، شاتوشووت.
**بانگهلدان**: ١. بانگ ڤەدان، بانگدان بۆ نوێژ،٢. بانگ کردن، ویستن.
**بانگەنجان**: دیەکەیگە لە گوڵێن.
**بانگەنجاو**: دیەکەیگە لە مایەشت.
**بانگەنووت**: ئەسکیناس، شارەوا، پارەی کاغەزی.
**بانگەواز**: ١. بانگاواز، بە دەنگ بانگ کردن بۆ نویژ،٢. بانگەواز، جاڕدان بۆ مەبەستێکی تایبەتی: (هەر کردی بە کەڕەکەیا و چووە سەربان و بانگەوازی کرد) «ڕشتەی‌مرواری»،٣. بانگکەر، بانگدەر، جاڕچی،٤. جاڕ، قاو، گازی.
**بانگەوازکردن**: ١. قاوکردن، هەرا لێکردن: (دا بانگەوازی برایم بکە، بەری ئاوەکەی بەردا)،٢. لێگێڕانەوە، بانگێشتن: (ئەرێ بۆ شایی بانگەوازیان کردووی؟)،٣. جاڕدان، جاڕکێشان: (بانگەوازیان کردووە سبەی دوکان تەختەیە).
**بانگەوەزکەر**: ئەوی بانگەوازی شتێ دەکا.
**بانگەوازکەردەی**: بانگەواز کردن.
**بانگەوەزکەرە**: بانگەوازکەر.
**بانگەوازی**: ١. بانگدان بۆ نوێژ،٢. جاڕدان، ڕاگەیاندن.
**بانگەواشە**: بانگەشە، بانگەواز، قاو: (چۆڵ کردنی شنۆ هەتا چەند ڕۆژی دی بە ئەنجام دەگا، ئەم بانگەواشەیە نادروستە) «لەمەهاباد بۆئاراس».
**بانگهۆردان**: بانگ هەڵدان.
**بانگهوردۆ**: بانگ هەڵدا، شیوەن بکات: (بانگ هوردۆ وە سەرم بێپەروا، بێشەرم) «بێسارانی».
**بانگهەڵدان**: ١. ڕۆڕۆ کرن، شیوەن کردن: (چ ڕۆژێکە خوا ئەمرۆ کە هاواری بریندارم/ نەویرم بانگی بۆ هەڵدەم، بە بۆڵەبۆڵی ژێر لێو کەم) «قانع»،٢. چڕین، خوێندنی مەل: (بولبول بانگی هەڵداوە) «پیرەمێرد».
**بانگهەلدێران**: بانگەوازکردن، دەنگهەڵبڕین.
**بانگهێشتراو**: خووەندی، داوەتکراو.
**بانگهێشتن**: ١. بانگێشتن، دەعوەتکردن، ڤەخووەندن، چڕین، خواستن بۆ شایی و گۆڤەند،٢. قاوکردن، دەنگکردن: (هەر تەراکتۆرە کە وا بانگ دێلێ:/ هەر کەسەی با بەشی خۆم پێ بکێلێ) «بۆکوردستان».
**بانگهێلان**: بانگهێشتن، گازیکرن: (یەکێک لەو ماڵەی هەر وا بانگ دیلێ/ ئاوێنەی پێ نێ، زولفان دادێلێ) «فۆلکلۆر».
**بانگیاری**: گاستین، یانە، حەسانگە.
**بانگیان**: وەبان گیانم: (ڕۆیشتی؟ بان گیان).
**بانگیبەیان**: بانگی بەیانی، بانگی سوح: (نەورۆزت هانی بە چلەی زستان/ بە بانگی بەیان کورد لە خەو هەستان) «پیرەمێرد».
**بانگیبێواده**: بانگی ناوەخت، بانگێک لە کاتی خۆیدا نەبێ.
**بانگیبێوەخت**: بانگی بێوادە.
**بانگیخەوتنان**: بانگی شەو پێش خەوتن: (تازە مەلا بانگی خەوتنانی دابوو) «ئەمیری».
**بانگێڕ**: ١. بانگەڕ، بانگوش، باگردێنگێڕ، کەسی بانکوت ٢. باگردان، باگردێن ٣. خلۆر،

تلبوونەوەی گاشەبەرد لە کێوەوە.
**بانگێڕان**: گێڕانی باگردێن، گێرانی بان.
**بانگیٚسوبح**: بانگی بەیانی، مەلابانگدان: (تاها دبێ نیشان ئەڤە/ ئەو زاهـری ژ ڕەنگـێ مەڤە/ بانگێ سوبح شـەیخ تێتەڤە/ بەلکی کـو کـچ دپیٚڤەتیٚ) «فەقیٚ تەیران».
**بانگێشت**: دەعوەت: (ئەو شەوانەی بانگێشتی دەکەن) «ئەمیری».
**بانگێشتن**: بانگهێشتن، خواستن: (حـاجی مەلا عارف لە سەر پایەنـدازی ئەم پـانکە نـاوازەیە بانگێشـتی نـانخواردنی ئێـوارەی کـرد) «ڕشتەیمرواری».
**بانگێشـتی**: بانگێشـت، داوەت: (جارێـک لە قەلادزیٚ لە ماڵێکـا بانگێشـتی ئەبـێ) «ڕشتەی مرواری».
**بانگیشێوان**: ١. بانگی سەرەتای شەو: (بـانگی شێوان هەتاکو بەربەیانی/ چۆپی بـووە و بەزم و نـۆش و گـۆرانی!) «گـۆران».٢. ئێـوارەی درەنگ، کاتی سەرەتای شەو: (بـانگی شـێوان: لە ئاسـمانی خۆرنشـین/ ئەسـتێرەیەک ئەجریوێنێ: گەش، شیرین!) «گۆران».
**بانگیمحەمەدی**: ئەو بـانگەی لە مـزگەوت لە پێنج فرزەی نـوێژ دەدریٚ: (بـانگی مـحەمەدی بە ئاشکرا خۆشە).
**بانگین**: Bangîn هاوار، بانگ، گاز، چـڕین: (بنێڕ جـارەک چ بـانگینە/ ژ نەومـیٚ خـوە ب هش بینە) «فەقیٚ تەیران».
**بانگین**: Banigîn بانگ، سـەرگ، سـەرگین، وورروو، سەروو، هەرە بڵند، بەرزتر.
**بانگیەڵە**: بانگ بکە.
**بانگیێلان**: بانگ کردن: (ئەگەر ئەتۆ لە مـن قەبووڵ نـاکەی پێشـخزمەتان، بۆخـۆت بانـگ یەڵە قەرەواشان) «مەموزین».

**بانلەرەینی**: دیەکەیگە لە نزیک ئارونئاوا.
**بانلەکان**: دیەکەیـگە لە ئـیلام، لەکـی قسـیە کەن.
**بانلەوەرگرتن**: بان گرتنە وەر، لێوەیی.
**بانلەیلاخ**: ١. دیەکەیـگە لە جـوانرۆ،٢. نـاوی دەشتێکە لای کێوی شاهۆ: (هلکشـییا چییـایێ ئالاهـ و خوەدێ، ل بنیا وان دەشتا بان لەیـلاک بوو) «مەستوورە».
**بانلەیلاک**: بان لەیلاخ.
**بانما**: باپیو، بانوێن، مرازی شاندانی با.
**بانمال**: ١. سەربان، بـان ٢. وەرووەرە، بەفرمـاڵ ٣. ئەووەکەسەی سەربان دەماڵێ.
**بانماڵ**: بانمال.
**بانمالای**: بانماڵین: (گەلە درەو و هەربەنە و هۆڵە/ بان ماڵای زمسـان جە سـەردا و سـۆڵە) «م.ح. دزلّی».
**بانمالایرە**: بان ماڵی لە زبڵ.
**بانمالایەرە**: بان ماڵین.
**بانمالشت**: بانمال، وەرووەرە.
**بانمالۆک**: بانمال، وەرووەرە.
**بانماڵە**: بانماڵ.
**بانملە**: دیەکەیگە لە دینەوەر.
**بانملی**: خوری دەور مل کاورەنیر ک نیەگرنەیٚ.
**بانمەک**: خوێنشیرین، ئێسکسووک، بامەزە.
**بانناڤ**: بانناو، بانەناو.
**بانناو**: بانـاڤ، بانەنـاو، سـواغ، سـواخ، قورەسـواخی سـەربان: (بالاخـانەی چەم دیوانەکەی تۆ/ بانەناو وەگڵی ئاسـانەکەی تـۆ) «مەولەوی».
**بانناوای**: بان سواغدان.
**بانناوە**: بان سواغدراو.
**بانو**: ١. بان، دەشتی بەرز و بڵند: (بان هۆبەتو) ٢. کەیبانو، خاتوون، خانم، ژنـیٚ ڕیـزدار: (ئەو

ئـاهویێ سـەیدگاهێ وەحشـەت/ ئەو بـانویێ بارەگـاهێ ئـولفەت) «خـانی»،٣. بـانی، قەڵای بانی لە شاری بیجار،٤. کێوی بانو لای بیجار.
**بانۆ**: ١. بـانوو: (گـا نە سـەرپەنجەی بـانووی بێنیقـاب/ چـون سـوەیل ڕەونەق پەنـجەی ئافتاب) «مەولەوی»،٢. بە بانەوە.
**بانوان**: ١. بـانووان،٢. گونـدێکە لای بـانە،٣. گوندێکە لای چوارتا.
**بانوانک**: بانبانک، ڕزق، جۆرێ مشکە.
**بانوانە**: خاتوونانە، خانمانە.
**بانۆوبان**: بانەوبان.
**بانۆبان**: ئەم بان بۆ ئەو بان.
**بانۆخوار**: سەروژوور، خواروبان.
**بانۆژنی**: ئێسکی چۆک، ڕەقایی ئەژنۆ.
**بانۆش**: بانگوش.
**بانۆشمە**: بان ئێوە، سەربان ئێوە.
**بانۆشە**: بانگوش.
**بانۆشی**: بانگوشی.
**بانۆک**: ١. بانک، کەسێ کە بێچووی بێدایـک دەخـاتەوە بەر دایکێکیتـر،٢. بە بـزن و مەڕێ دەڵێن کە شیر بە بێچـوو دەدەن و دەبـانێنن،٣. گوندێکە لای پیران.
**بانۆکە**: پارچە زەوییەکی کوتراو.
**بانۆڵە**: کورتەباڵا، قوڵەبنە.
**بانولی**: ناوی تیرەیەک کوردی لوڕستانن.
**بانومـا**: بـانوێن، کەرەسـەی شـانداندی جێـی هاتنی با.
**بانوو**: ١. خات، خانم، خاتوون، یـای: (گـا نە سەرپەنجەی بانووی بێ نیقاب/ چـون سـوەیل ڕەونەق پەنجەی ئافتـاب) «مەولەوی»، (مـن بە ئاشووبم بەجارێ خان و بانووتان ئەگێم/ ئیبنی مەشهوورتان دەییـوس و بەدخووتـان ئەگـێم) «شوکری فەزڵـی»،٢. سـەری کێـو، چیـا، مـلە، بانی، بەن، زیندوو، زینو: (تەلان، گەوە، بـانوو، بستوو/ کانی، زنە، ڕنوو، پزوو) «هێمن»،٣. ناوە بۆ کچان.
**بانووان**: ١. بەردفەڕش، سەنگفەڕش،٢. کـۆی بانوو، خاتوونگەل: (خەرامان حەیران حوسـن زێبـاتەن/ بـانووان تەمـام گشـت جانفیـداتەن) «وەلی دێوانە»،٣. کۆڵانی باخ، ڕیـزەداری وەک کۆڵان.
**بانووانە**: خاتوونانە، خانمانە، یایانە.
**بـــانووچکە**: بـانی نـزم و نەوی، کۆمـانج، هەورەبان.
**بانوورام**: ١. نێوی خوشکی گیوی و خێزانـی ڕۆستەمی بووە،٢. ناوە بۆ کچان.
**بانووگەشەسب**: ١. ناوی کچی ڕۆستەم بـووە، ٢. ناوە بۆ کچان.
**بانوە**: بانو، خانم.
**بانوەدوور**: گوندێکە لای شارۆچکەی هێرۆ.
**بانوەقەل**: گوندێکە لە نزیک ڕانییە.
**بانوێ**: گوندێکە لای سەردەشت.
**بـانە**: ١. لەوەڕگەی بەهـارانە بەر لە چـوونی زۆزان ٢. بەشێگ لە لەوەڕ یا ک لە یەێ تـاق دەنەێ دەم ڕییەنەو وەچەن بانە «تاقت، دانـگ» ئوشن،٣. پشت دێراو، بڵندایی نێوان دو دێـراو ٤. بەرزایی، بڵنـدی، بڵنـدایی: (لەێ بـانە قـرم قـاڵێگە)،٥. زۆزان، هەوارگە، هـاوینەهەوار ٦. شـاری بـانە لە کوردسـتانی ئێـران، سـەر بە هەرێمی ئەردەڵانە: (ئەر بە با بێ، ئاربابا وێران ئەبـێ!/ بـا نەبـێ، بـانە وەکـوو ڕزوان ئەبـێ) «ناری»، (بـانە و مەریـوان ئەم دیـو ئەو دیـوە) «حەســەن زیــرەک» ٧. دەشــتایی بڵنــدتر لە دەوروبەری خۆی ٨. بانی، کووز، هێڵی زەوی پێش تۆمچاندن، ٩. کاوەخان، ڕۆژەجـووتێ لە زەویدا ١٠. بانان، بانێە، داهـاتوو: (بانەشـەو)،

١١. ئیسکان، ئیستیکان، زیز ژیرە، ١٢. بەر، تووکەبەر،١٣. بێن، ئویە بانە: (قەومەیل عەشرەتەیل بانە سەرینم/ ئزرائیل وە نەز مەچنێ گیانم)،١٤. بانی خانوو، ١٥. گوندێکە لای پیران،١٦. گوندێکە لای دارەشەکران،١٧. ئامرازی نەهێشتنە وەک: (بانەڕوا، بانەنووسێ)،١٨. ناوە بۆ کچان.

**بانهاڕ**: سەرەوەی ژێرهاڕ، لە ئاش و دەستاڕدا.

**بانەباڵە**: زیز ژیرە باڵە، فەنێگە لە زووران وەێ تەور ک دەس خەنە دەواڵ کەمەر یەکتران، یەکێ لە بانەو دەس خەیدە کەمەر شێک ئەوەکە لە بانەو.

**بانەبانە**: قورتقەو، بەشاتوشووت، کەسێ قسەی زیاتر لە خۆی دەڵێ.

**بانەبۆر**: گوندێکە لای مەیدان هی بەگزادەی جاف بووە: (ئامینەخانی کچی قادربەگ ئەڵێ: وەرە من بانەبۆرت ئەدەمێ ئاوای کەرەوە!) «ڕشتەیمرواری».

**بانەبەنان**: گوندێکە لای هەڵەبجە.

**بانەبێ**: ئەگەر مەبەست شاری بانە بێ: (من دەگەڕێم، بۆکان بێ، بانە بێ).

**با نەبێ**: ١. با ئەو شتە نەبێ: (نییە قەیچی ئەکا، با نەبێ، خۆ کابە کەچ نابێ!)،٢. ئەگەر با نەبێ: (ئەر بە با بێ، ئاربابا ویران ئەبێ!/ با نەبێ، بانە وەکوو ڕزوان ئەبێ!) «ناری».

**بانەپیاڵە**: بانە، ئیسکان.

**بانەدان**: بانەدان، کووز لێدان کاتی چەندن.

**بانەڕا**: بان، سەربان.×٣٨٩هەژار

**بانەڕێ**: بڕۆن، بانەڕیا.

**بانەڕیا**: بانەڕێ.

**بانەڕیەو**: بانەڕیا.

**بانەزار**: کویە و سەیرانگایێگە لە مەسووری.

**بانەزێر**: گوندێکە لای سەردەشت.

**بانەسارده**: گوندێکە لای گەلاڵە.

**بانەسوورا**: گوندێکە لای مانگێش.

**بانەسەره**: تەپەی سەر، جۆرێ خشڵی سەرە.

**بانەسیری**: کویەیگە لە ئەیوان.

**بانەشەو**: سوواشەو، سبەیشەو.

**بانەقەڵاتشێخان**: گوندێکە لە خۆراوای کوێسنجەق.

**بانەقەڵاتگەردی**: دێیەکە لە باشووری هەولێر.

**بانەک**: ڕەفتار، ڕەوشت، خدە، خوو، شووێن.

**بانەک کرن**: بانین، وەبەرخستنەوەی بێچووی بێدایک لەبەر دایکێکی دی.

**بانەگا**: ١. زۆزان، کوێستان،٢. بەرگەدە، جێی روانی تووکەبەر.

**بانەگر**: پەنابا، باپەنا: (مەڕم شیوەخوار داوە و لە حەوشەی گەرم و بانەگردا ڕامگرتووە) «چەپکێ گوڵ».

**بانەگرتوو**: بانەگر، پەنا، پەنابا: (لە پەنایەکی بانەگرتوو سێ بەردی گەورەیان دەکردە کوچاگر و مەنجەڵی سفری زنجیریان پڕ ئاو دەهاوێشتە سەریان) «خاک و چەوسانەوە».

**بانەگوڵان**: دێیەکە لە باشووری کوێسنجەق.

**بانەمات**: گوندێکە لای شەقڵاوە.

**بانەمان**: گوندێکە لە خواری شەقڵاوە: (دێرێ و هەرشەم دوو گوندن، ئاقاریان لە سەر یەکە لە خوار بانەمانێ) «ف.پ.پ.».

**بانەمل**: گوندێکە لای ئاکرێ.

**بانەمۆرد**: گوندێکە لە باشووری هەولێر.

**بانەمەڕ**: ١. بنەگە، وار، وارگە، هەوار، هاوینەهەوار: (سەیدەوان لە سەر بانەمەڕێ بوو، ئاگای لە هۆبە و هەواری بوو، بە سەر عێلی ڕادەگەیشت) «گەنج»٢. گوڵئاوەر، نیسان، مەهێ گولان، دوهەمین مانگی ساڵی هەتاوی: (مانگی بانەمەڕ لە کوردەواری/ بەهەشت لە

دنیا خۆی داوە دیاری) «ئاڵەکۆک»،٣. کاتی ڕۆیشتنی خێڵ بۆ هەوار: (بژوێنە هەموو وڵات/ زیندوو بۆتەوە مالات/ جەنگەی بانەمەڕێ هات/ بەرەو کوێستان چوو خێلات) «هێمن»،٤. مۆڵگەی مەڕ.
**بانەمیگرکە**: ١. ناڤێ خوەدێ،٢. دروسکەرێ ئاڤێ ژ بای.
**بانەناز**: بانیژە، سەربانی نەوی.
**بانەناو**: ١. سواغ، سیواق، کاری قوڕ تێهەڵسوون، ٢. گڵەبان، هەرەبان، بانەناوە، بانئەنوو، قوڕی گیراوە بۆ سواغ: (باڵەخانەی چەم دیوانەکەی تۆ/ بانەناو وە گڵ ئاسانەکەی تۆ) «مەولەوی»،٣. سواغدراو: (باڵەخانەی چەم دیوانەکەی تۆ/ بانەناو وە گڵ ئاسانەکەی تۆ) «مەولەوی»،٤. بان، سەربان: (هەناسەم سەردا کاوەوساڵیا/ ئاخۆ بانەناو میراماڵیا؟) «م.ح. دزڵی»،٥. ئویە بانە ناو ماڵ.
**بانەناوە**: بانەناو.
**بانەنووا**: بانەوەرا، بێنە پێشێ.
**بانەو**: ١. بانا، بگەڕێنەوە،٢. بان، سەر، لای سەرووی کۆڕ.
**بانەوان**: ١. ئەوەی بەخۆدا دەدرێ وەک: لێفە و پەتوو،٢. مەلۆەنێگە لە دەیشت کرن.
**بانەوانک**: بانبانک، جرجەمشک.
**بانەوبان**: ١. بازدان لە بانێکەوە بۆ بانێکی دی،٢. جحێڵێ کە زۆر بە بانانەوە بگەڕێ: (لاوە باریکەی بانەوبان دەکا/ دەشتە سەفەران جەرگم ژان دەکا) «فۆلکلۆر»،٣. کاتێ بەفر زۆر بباری و کولان پڕ لە بەفر ببێ خەڵک بانەوبان دەگەڕێن،٤. لاناوە لە دوودڵی و ڕاڕایی.
**بانەوڕێ**: دیەکەێگە لە جوانڕۆ.
**بانەوسان**: ١. بانکوت، بانتلێن،٢. کاتی خەوتن لە سەربان لە هاویندا،٣. بانووسان، خەوتن لە سەربانەدا.
**بانەوە**: بانا، بانەو، بگەڕێنەوە.
**بانەوەر**: بانە نووا، بێنە پێشێ.
**بانەوەرا**: بانەوەر.
**بانهەڵبان**: ئۆلی، کۆشک، باڵەخانە.
**بانهەڵگێڕانەوە**: لابردنی گڵی سەربان و لە سەرڕا گڵەبان و قوڕەبان کردنەوەی.
**بانەیی**: ١. پێوەندیدار بە شاری بانەوە،٢. خەڵکی بانە: (لەوساوە حکوومەت نییە، بەربوونە میللەت/ جاف و هەمەوەند، بانەیی و مەنگوڕ و پشدەر) «حەمدی».
**بانی**: ١. بان، بانو، بانو، بانوو، بەن، دەشتی بەرز و بڵند: (چیا و بانی)،٢ سەری چیای بڵند کە تەخت بێ،٣. چیا، کەژ، کۆ: (سترانا کوردی د ناڤ چییا و بانییا، گەلی گەبۆزا، گر و نەوالان دا پەرین خوە ڤەکربوو و ئازا پەرواز دکرن) «مەستوورە»،٤. بەرز، بڵند،٥. هۆکار، هۆ، سەبەب: (لە ئەسڵا بانی‌یی ئەم کارە کاسبهایی شەهری بوون) «سالم»،٦. بانە، کووز، هێڵی جووتیار لە زەوو کاتی کێلان،٧. گوندێکە لای پیران، ٨. گوندێکە لای مێرگەسوور،٩. قەڵای بانوو، قەڵاییکی مێژووییە لە ناو شاری بیجاڕ،١٠. کێوی بانی لای بیجاڕ.
**بانێ**: ١. سەربانێ، بانێک،٢. سەربان، بان: (برۆ بانێ، لەوێم داناوە)،٣. بانە: (لە شەوڕاوێ تەڕدەستە/ وەک حەمەتالی بانێ/ ماڵە کابرات خرا بێ/ وەک من قەدرت نازانێ) «فۆلکلۆر»، ٤. بانی ئەو، بان ئەوە.
**بانیا**: ناوە بۆ کچان.
**بانیابێلا**: گوندێکە لای دوهیکێ.
**بانیاران**: دیەکەێگە لە ڕێژاو.
**بانیان**: ١. جۆرێ داری هەنجیرە کە لای

هیندووەکان پیرۆزە،٢. ڕووبارێکە لای کۆنەشاری دینەوەر.

**بانیانا**: بئانیانا، بهێنایە: (هەر سال، پاییزێ وێ شەراڤ و ئاراقا پارا وەلی بانیانا و د ژێرزەمینا کۆچکا وەلی ڕا ب جیھ بکرنا) «مەستوورە».

**بانیئێسکان**: دێیەکە لە باشوری کوێسنجەق.

**بانیبنۆک**: دێیەکی ناوچەی هەورامانە، لە نزیک گەچینە و ئەسکوڵ: (من هیچ ئەولادم نەئەبوو، چوومە سەر دار شەخسەکەی بانی بنۆک لێی پاڕامەوە خودا ئەم کوڕەی دامێ) «ڕشتەی مرواری».

**بانیبۆڵان**: گوندێکە لای گڵێخان.

**بانیبێ**: ناوی دەڤەرێکە لای سولەیمانی: (برادەران لە ناو جووتیارانی دۆڵی قەرەداخ و وارماوا و دزی ئایش و کوێرەک و بانی بێ و کانی ساردا ڕیشوویان داکوتابوو) «کۆردەرە».

**بانیپاڵ**: شاخێکە××٢٣٠×: (پانی پاڵ داوە دەمێ بانیپاڵ/ ڕێوی لێ کردنە کوێخا بە خەیاڵ) «بۆکوردستان».

**بانیچە**: بانیژە، کۆمانج.

**بانیخان**: گوندێکە لای مەیدان.

**بانیخێڵان**: ١. گوندێکە لای پێنجوێن: (مەحموو نادر پیاوێکی نەخوێندەوار بوو لە بانیخێڵان دائەنیشت) «ڕشتەیمرواری»،٢. گوندێکە لای دەربەند: (بانی خێڵان ئاوەدان بێ، بۆ قەڵەم بۆ کوردەکان/ تازە ئیتر ئووچی پیسی بەدنیگارم بۆچییە؟) «قانع».

**بانیخێڵانی**: کەسێ خەڵکی بانیخێڵان بێت: (شەوانە لە قاوەخانەی ڕەشە بانیخێڵانیدا دەخەوتین) «کۆردەرە».

**بانیدۆڵان**: ×××××××××

**بانیری**: گوندێکە لای قەسرۆک.

**بانیرێ**: گوندێکە لای ئاکرێ.

**بانیژە**: ١. بانجیڵە، بانیجە، تارمە، بانووچکە، سەربانووچکە، بانی نزم ٢. سەربانی ماڵێکی نەوی کە بۆ ماڵێکی سەر خۆی بووبێتە هەیوان و حەوش،٣. ئەو جێگەی گەنمی باراشی لێ ڕۆدەکەن و لەوێوە دەڕژێتە گەروی بەرداش.

**بانیسەر**: ١. تەوقەسەر، تەپڵەسەر،٢. بانسەرە، پێنج لیرە یا پێنج قرانی بۆ کڵاو و شەدە: (سەدای لاو هەی لاو، زڕەی زەڕزەنجیر/ سڵسڵە و بانیسەر، بەند زرێ و لاگیر) «مەولەوی».

**بانیشار**: دێیەکە لە بناری شارەزوور: (ئێستە بانیشار خەرەنگ و مەشا) «م.ح. دزلی».

**بانیشاری**: کەسێکی خەڵکی بانیشار.

**بانیشاریە**: بانیشاری بۆ مێ.

**بانیشتنەوە**: ١. نیشتنەوەی ئاماس،٢. وێستانی با،٣. بریتی لە لەسەر فیز و هەوا کەوتن.

**بانیشلە**: دیەکەیگە لە ڕوانسەر.

**بانێکودووهەوا**: قسە یا کاری دژ بە یەک لە یەک کاتدا: (کێ بوو کوردی هەڕاج کرد/ لە پێناوی پلە و پایە؟/ ئەم سەردەمەی وای دەبینم/ هەر بانێکە و دوو هەوایە) «حەمەجەزا».

**بانیکەرکووک**: دەڤەرێکە لای کەرکووک.

**بانیکەلەکان**: دیەکەیگە لە جوانڕۆ.

**بانیکەوتن**: سەرکەوتن، چوونەسەرێ.

**بانیگۆڵان**: دیەکەیگە لە جوانڕۆ.

**بانیلوان**: دیەکەیگە لە جوانڕۆ.

**بانیلێلاخ**: گوندێکە لای قوروە.

**بانیماران**: گوندێکە لای سێگردکان.

**بانیمقان**: دەڤەرێکە لای کەرکووک.

**بانیمۆرد**: گوندێکە لە خواری سەگاو.

**بانیمیران**: دیەکەیگە لە جوانڕۆ.

**بانین**: ١. دانرانەوە،٢. بوونە هۆی

ئاشـــتبوونەوە،٣. بانانـــدن، کـــاری بـــانۆک، وەبەرخستنی بێچوو بەر دایکی نەبان و بێگانە: (بە سەر دەبانێ، بە قوون نابانێ) «مەتەڵ».
**بانینەوە**: بێچوو خستنەوە بەر مەڕی نەبان.
**بانێو**: حەمام، گەرماو، سەرشۆک، شۆرگە.
**بـــانیەک**: ١. ســـەر یەکتـــر، کۆمـــا، کەڵەک، کەڵەکە،٢. گش، گشتی، گشتێ، وەبڕێ.
**بانیەکنان**: کۆماکردن، کەڵەکەکردن.
**بانیەکنیان**: بانیەک نان، هەڵچنین.
**بانین**: ١. باڵایی، بانینە، سەرەو بـوو،٢. کـاری بانۆک، وەبەرخستنی بێچوو بەر دایکی نەبان و بێگانە.
**بانینە**: بانینەگە، ئەوی سەرەوە.
**بانینەگە**: بانینە.
**بانیهەوان**: دیەکەیگە لە سەرپیەڵ.
**باو**: ١. شێوە، ئاماڵ، واش: (ڕەشباو) ٢. پـاڵ، تەکانـــدان: (باوێـــک بەو جـــۆڵانەوە نـــێ) ٣. وشـــەیەکە بـــۆ گەمە گەڵ منـدااڵ دەگـــوترێ: (باوباوێن دەکەین) ٤. بـاب، بـاوک، بـاڤ: (لە پاش کوژرانی برا و باویان ڕاویـان کردبـوون) «شەرەفنامە» ٥. بـرەو، بـرەوە، ڕمـێن، ڕەونەق: (کوندەبوو بوو، وتەکەی باوی بوو/ چەک کـرا هەرچی مەلـی ڕاوی بـوو) «ڕاوچـی» ٦. هەل، کەیس، دەرفەت: (باو باوی تۆ بوو، نەتکرد لە دەستت دا) ٧. هێز، گوڕ، تین: (دۆیە بۆ هێزی دڵ و بـاوی بەدەن/ بـۆ منـی ئـاوارە و دوورە وەتەن) «ڕاوچـی» ٨. خـول، سـوڕی تونـد: (خولخولەکەم باش بـاو دەخـوا) ٩. شایسـتە، شیاو، بابەت: (ئەم گۆشتە باو دیانی مـن نیـیە) ١٠. تاف، هەڕەت، جەنگە: (ئـۆخەی کە نەمـا بـاوی خەیـاڵی خـاڵی/ مەیگێـڕ دەبیـنمەوە بە بادەی ئاڵی/ ...) «خەیام هەژار»،١١. وەرە، بـێ، بێرۆ، بەو،١٢. دێڕاوی بێسـتان ١٣. بەس، تێـر، تێـرا، تـێچن ١٤. قەد، بـاڵا،١٥. سـوود، خێـر، بەهرە، بای، لا،١٦. باڤت، داب، یاسا، ڕەوشت: (باوی نەماوە: مۆدی کـۆن بـووگە)،١٧. پەنـد، قسەی ناو کۆمەڵ: (خەڵک کردوویانە بە پەنـد و بـاوێ/ وای لە قـونێیە و وای لە دۆشـاوێ) «پیرەمێـرد»،١٨. لەگەڵ بەنـددا دێ: بەنـدوباو، ئستران،١٩. بە دوای ناوەوە دێ و مانای شێوە، وەک، ڕەنـــگ و ئاســـا دەدا: (گوڵبـــاوە)،٢٠. گەورەتر لە چاو هاوچەشنی خۆی: (ئاو کراسە ئەگەر هێندێ باوخۆشتر با، بۆ بەرم دەبوو).
**بـــاوا**: ١. بـاپیر، کالـک: (سـەییدگیان تۆخـوا چاوێ کەرەوە/ خۆت بـۆ لای بـاوات بەرەوە) «م.ح. دزڵی» ٢. باوان، بـاب، بـاوک: (ژنـی بە کۆشـی دڕاوا، نـاچێتە مـاڵی بـاوا) «پەنـد»،٣. گونـدێکە لە بـاکووری بـارزان،٤. بەوا، بەورا، بگەڕێوە،٥. ناوی پیاوانە.
**باوابێباوابێ**: ناڤێ ئسترانەکی کـوردییە: (بـا وابـێ، بـا وابـێ/ دەسـتم لە مەمکـی دابـێ) «حەسەن زیرەک».
**باواجی**: لـووتکەییەکی بەرزە لە خـۆرهەڵاتی هەولێر.
**باواز**: بە ئاواز: (بولبول مەوانۆ باوازی شەیدا) «بێسارانی».
**باواقۆرت**: باوەعەمرە، باڵابۆست، چڵەنۆک.
**باواگەورا**: باوەگە، باوەگەورە.
**باواگەورە**: باپیر، باپیرە، باوا.
**باوالێ**: باوکەلێ، بابەلێ، وشەی خۆشەویستی و ڕێز لێنان بۆ باب.
**باوام**: بادام، باڤی، بایام، بەهێڤ.
**باوان**: ١. بابان، خزمان، ماڵەبابی ژن و بـووک: (ئەچمە بـاوان خەم کەمـۆ کەم/ کەچـی لەوێ خەم جەمۆ ئەکەم) «پەنـد» ٢. ل نـک وا، لای ئەوان،٣. باب و کاڵ، کال، باپیران: (بە بنـاوانی

ماڵە باوانی پاڵەوانانی ئەو کوردستانە پێدا چووم) «شەرەفنامە»،٤. گوندێکە لە باکووری دێرالوک،٥. ناوە بۆ کچان،٦. ناڤێ مێرانە.
**باوانچۆڵ**: لە باوان هیچ کەس نەماو.
**باوانچۆڵبییەی**: باوان چۆڵ بوون.
**باوانچۆڵە**: باوانچۆڵ بۆ مێ.
**باوانچۆڵی**: لە باوان هیچ کەس نەمان.
**باواندار**: باوانیدار، خزمدار.
**باوانشێوناى**: باوان شێواندن.
**باوانشێویا**: باوانشێواو، نفرێکە.
**باوانشێویاى**: باوان شێوان.
**باوانشێویێ**: باوانشێواو.
**باوانم**: ١. ماڵ باوک و باپیرم،٢. باوانەگەم، ئەزیزەکەم.
**باوانمباوانم**: گۆرانییەکی هۆرامییە.
**باوانمەردە**: باوانمردوو، نفرێکە.
**باوانمەردەی**: باوان مردن.
**باوانمەردی**: باوانمردوو.
**باوانمێگە**: کەلیمەێ ژنەیلە لە هەیْن سەرسڕمەنین.
**باوانوکۆربییەی**: باوان کوێر بوونەوە.
**باوانوێران**: بابانوێران، ماڵکاول: (بابانوێران خۆم، زمانم بە برین چێ، خۆ کەس بەڵەدیی بە چل پلەی حومانێ نییە/ ئەمن ئەو پەڵپەم بۆ لە لاسی گرت؟ دەترسم لە لاسی ببمەوە بە دیدار ئاخرەتییە) «لاسوخەزاڵ».
**باوانە**: ١. نێرەپاساری، نێرەی چۆلەکانە،٢. ناوی پیاوانە.
**باوانەکەم**: خۆشەویستەکەم، عەزیزەکەم.
**باوانەکەیبابم**: خۆشەویستەکەم: (باوانەکەی بابم، هێز و هەناوم) «حەسەن زیرەک».
**باوانی**: جیازی وەوو، دیاری بووک لە ماڵی باوکەوە بۆ ماڵی زاوا.
**باوانیدار**: باواندار.
**باوانیە**: باوانی.
**باواهای**: دیەکەیگە لە قەسر.
**باواینە**: بابوونە.
**باوایە**: بەو ئامانجە: (ساحێب پایەنی بلْند بۆ پایەت/ با وایە گێران هەر یۆ جە مایەت) «بێسارانی».
**باوئەسای**: باو سەندن.
**باوئیرک**: ئاڵقە، گەوی مس یا ئاسن.
**باوباپیر**: ١. باب و کال: (باوباپیرمان، هەتا ئەڕۆن پشتاو پشت/ لەم ئاگرەیان دەورە داوە، چینچین، گشت!) «گۆران»،٢. گوندێکە لای سیدەکان.
**باوباران**: باوبۆران، تۆف، تۆفان، ڤاوڤاران: (بە با و بارانێ، هەر دە عەمری بەفرێ کەم دەبێ) «پەند».
**باوباروْڤ**: با و بۆران: (با و باروْڤ ژ گەلی بۆن شەڤەکێ تاری و گران) «سندی».
**باوباوێن**: ١. باو، گەمە و یاری لەگەڵ منداڵ و باوباو گۆتن،٢. بریتی لە حەزلێکردوویی کچ دەگەڵ کوڕان لە پشت درگا.
**باوبرا**: بابرا، باب و برا، باوک و برا.
**باوبردەیخواروو**: گوندێکە لای سلێمانی.
**باوبردەیسەروو**: گوندێکە لای سلێمانی.
**باوبژ**: ١. تۆز و غومار، باووبژ، تۆز و خۆڵ، خۆڵی بە باوە: (ڕاو ڕاوێچکە بە باووبژ بوو/ چەپلەر و لاوی خەنەک، مەلکوژ بوو) «ڕاوچی»،٢. تۆفان، بۆران: (زۆر جار هەڵدەکاتە با و بژێکی وەها، چاو چاو نابینێ)،٣. بریتی لە غازاتی ناوزگ، قۆڕەی زگ و تڕ و تس.
**باوبژدەرکردن**: ١. بریتی لە تڕ کەندن،٢. بریتی لە هەڵڕشتنی کول و کۆ و گریمانەی دڵ:

(هێندەم جنێو پێدا هەرچی باوبژ بوو لە دڵم دەرکرد).
**باوبۆران**: ١. بۆران، تۆفان،٢. سەرمای سەخت: (بێ ترسی چەتە و گۆران/ گوێ نەداتە با و بۆران)،٣. بریتی لە چالاک، تیژ، خۆشڕەو: (کەرێکم بوو چ کەر؟ وەک باوبۆران) «قانع».
**باوبۆکردن**: گەمەی سەگان لە دوای تێر خواردن: (سەگەل تێریان خواردووە، کەوتوونە باوبۆ کردن).
**باوبوون**: ١. بەس‌بوون، تێرابوون، تێراهێنان، تێهەڵاتن،٢. ڕمێن هەبوون، لەگۆڕێدا بوون: (سەردەمێک باو بوو، نیشتمانپەرست/ ئێستا برستی براوە بە ڕست) «پیرەمێرد».
**باوبۆهێنان**: بادان و پاشقولدان×: (لێی وەدەس هاتم، باوێکم بۆ هێنا و کوتام بە زەویدا) «عەسکەری».
**باوپێوەنان**: پاڵ پێوە نان بە جوڵانەوە: (دا وەرە باوێکم پێوە نێ!).
**باوجو**: گەرچی، ئەگەرچی، هەرچەندە.
**باوجود**: باوجوو، هەرچەندە.
**باوجوو**: سجا، هەڵکەفتێ.
**باوجوود**: ١. باوجوو، گەرچی: (قسەیەکەم هەیە دەیکەم مەڵێ بێ‌تەجرەبەیە/ باوجوودی ئەوی نادانە، لەلای وەک گەمەیە) «حاجی قادر»،٢. بەغیرەت، ئازا: (تیپێ هاتیە گەورەی باوجود/ ئەولای بیجارە تیپ هەشتاجووت) «ئاوێنەی‌بێگەرد».
**باوجوودی**: باوجوو، گەرچی: (باوجوودی زەوقی مەردوم خاتری من پڕ خەمە) «سالم».
**باوجی**: باجی.
**باوچ**: باب، باقۆ.
**باوخۆش**: ١. ساخ، گەورە، باخۆش، خۆشباو، ٢. بریتی لە منداڵێ کە فێری گڕوگاڵ و تریقانەوە بووبێ: (منداڵی جیرانەکەمان لە منداڵەکەی ئێمە باوخۆش‌ترە).
**باوخۆش‌تر**: گەورەتر، لە تەمەن و قەڵافەتا مەزنتر: (لە تەمەن و قەڵافەتا باوخۆش و بەوەج‌تر بوو) «خاک و چەوسانەوە».
**باودار**: بەڕمێن، لەباودا: (شێعرۆکە و بەیت‌وباوی باودار و بێ‌باو) «ڕاوچی».
**باودان**: بارودۆخ، حاڵ.
**باودگان**: باو دیان، ڕەوای دیان.
**باودیان**: ١. شیاوی دگان، شایستەی ددان، بە ددان دەخورێ ٢. بە پێی ئارەزوو و ویست: (ئەو بەرگە باو دیانی ئازادە).
**باودیان**: باودیان.
**باوڕ**: باوەڕ، بڕوا، متمانە، ئیمان، بیروباوەڕ، یاقید، عەقیدە: (ئەیەر باوڕت هەس وە حەرف بەنە) «ئاوێنەی‌بێگەرد».
**باوردا**: وەل خوەیا باوردیا.
**باورە**: بێنە، بهێنە.
**باوزان**: گوندێکە لای چوارتا.
**باوژان**: بێوژان، پوژان، ڕووەکێکە لە ناو چیادا دەڕوێ، بۆ دەرمان دەبێ.
**باوسانای**: باو سەندن.
**باوسەندن**: ١. وە برەو کەفتن، وە ڕەواج کەوتن، ٢. زاڵ‌بوون، سەرکەوتن بە سەر غەنیمدا: (بەڵێ دەستدار بێ دەستی ئەخوارد هەر کە بۆ خۆی باوی ئەسەند، هەندێ عەشایر بە ئاگر کەوتنە گیانی خەڵکی‌تر) «ڕشتەی مرواری»،٣. سوورڕخواردنی بە تەوژم.
**باوسەنن**: باوسەندن.
**باوسەین**: ناوی کوێستانێکە لای بانە.
**باوسێن**: گوندێکە سەر بە گەورکی سەقز.
**باوش**: ١. باوەش، باووش، ئامێز، ئاووش،

هـامێز، هەمبێــز، واووش، تەلیــک، کــۆش و بەرسینگ ٢. باوەشێک دار یا پوش یـا گیـا ٣. بریتی لە پاراستنێ،٤. بریتی لە زۆر: (کابرایەکی چوارپەل قەوی، باوەشێک پرچـی بە سـەرەوە بوو) «ڕشتەی مرواری».

**باوشک**: باوێشک.

**باوشکاندن**: باوێشکهاتن.

**باوش گرتن**: لە باوەش گردن.

**باوشـــۆر**: جـاجمێ کە هەڵـی دەدروون بـۆ ڕاوی چۆلەکە.

**باوشی**: ئامێز، باوەش.

**باوشیەنە**: لە باوەشدا.

**باوشیۆ**: بە باوەشەوە.

**باوک**: باب، باڤۆ، باڤ، باو، باوگ، باووک.

**باوکان**: ١. تـایەفەی بـاوکی،٢. دیەکەیـگە لە جوانڕۆ.

**باوکانە**: بابانە، وەک باوک.

**باوکبرا**: ١. براباب، باوبرا، بـاببرا،٢. بریتـی لە نزیک، دڵسۆز: (بۆ شەخسـی نەبـێ، نەفعـی عمومی لە دڵا بـێ/ بـۆ بـێکەس و بێدەسـت، وەک باوک و برا بێ) «قانع».

**باوکسەگ**: ١. سەگباب، سـەباب، جنێـوێکە: (باوکسـەگ تـۆش دەکـوژم) «میـرزا» ٢. بـۆ خۆشەویستی بە منالّ گچکە دەڵێن.

**باوکگەماڵ**: جنێـوێکە، باوکسـەگ: (بە خـوا ئەوەی بـووره و بەیـاره پێیـان ئەکـێلم، بـا فەیزەدرێژی باوکگەمـاڵ هەر بێـژێ حەفـت!) «هەزار ئەشکەوت».

**باوکمردگ**: باوکمردوو.

**باوکمردوو**: بابمردوو، بێباب.

**باوکوسەگ**: باوکسەگ، باوکگەماڵ، جنێوە.

**باوکۆک**: ناوی نێرینانە.

**باوکە**: ١. بابە، بۆ بانگکرنی باب ٢. پاسـاری، نێرەی باڵدار کاتێ جووجەڵەی هەس.

**باوکەڕۆ**: بابەڕۆ، شین، شیوەن، زاری: (ئەڕای چە لەیلـی خـوی نەبـوو؟ بەرشـی جە تەن ئەروام بەزوو/ چ بکەم؟ ئەیژم هەی بـاوکەڕۆ، (از داغ آن نازک قدم)) «قانع».

**باوکەڕۆکەر**: کەسێ دەگری بۆ بابی.

**بـــاوکەڕۆکەردەی**: بـاوکەڕۆ کـردن: (فەلاح ئەرزی خۆیەتی، ئاغا باوکەڕۆیەتی) «پەند».

**باوکەڕۆکەرە**: باوکەڕۆکەر بۆ مێ.

**باوکەڕوو**: باوکەڕۆ.

**باوکەکوشتە**: بابکوشتە: (ئەی ڕەقیب وێڵم لە دەستت لێرە بۆ لـێم نـاگەڕێی/ باوکەکوشـتەت نیم ئەرێ هەی بەدمەزەب چیـت لـێم دەوێ) «فۆلکلۆر».

**باوکەلە**: باوەکەڕۆ.

**باوکەلێ**: ١. باوالێ، باوکە، بۆ دواندنی بـاب، ٢. بابەلێ، بۆ دواندنی کەسێکی دی.

**باوکی کورد**: بریتی لە مەلا مستەفای بارزانی: (خەفەت ئەبـاری لەو نـاوە/ بـاوکی کـوردی سەری ناوە) «هێدی».

**بـــاوگ**: بـاوک، بـاب: (ئەگەر داڵـگە بـۆی دەرکەوتایە نانمان دزیوە، ئەوا گەلێک دڵگیر و پەکەر دەبوو، دەیکوت: بێناموس‌گەل، ڕیـامە گـۆڕ بـاوگ ئەو کەسـە منـی دایە شـوی!) «کۆردەرە».

**باوگانە**: مەلووچگ نێر.

**باوگرەبازی**: شەڕەجوێن، جنێودان.

**باوگرەوازی**: شەڕەجنێو، شەڕەقسە.

**باوگمردێ**: بابمردوو، بێباوگ، هەتیوو.

**باوگوباپیر**: بنوبنەچەک.

**باوگوبراگەم**: باوکوبرام، ئالاڤێ دلۆڤانی.

**باوگوری**: ڕاوێژکاری، تەگبیر.

**بـــاوگۆڕی**: ڕاوێژکـاری، تەگبیــر، مشــوور،

مسەور، مشاوەرە: (ئەنجومەنی باوگۆڕی).
**باوگ‌وکوڕ**: لاناوە لە دووسی فرە لە مـابەیْن دۆ کەس، وەک باوگ و کوڕ.
**باوگە**: هەی باوک.
**باوگەڕوو**: هەیڕوو، هەیڕۆ ئەڕای باوک.
**باوگەرە**: باوە، باوا، باوەگەورە.
**باوگەگەورا**: باوەگەورە.
**باوگەیل‌برا**: ١. لاناوە لە دووس گیانی گیـانی، ٢. بن‌ئاموزا، زڕئامۆزا.
**باوگی**: ١. دو مناڵ کە باوگیان یەکـێ بـێ،٢. مناڵێ کە وە ناز باوگێ چڕێ.
**باول**: باوەل، باهۆل، جانتا، چەمەدان، سنووق.
**باوڵ**: نەخۆشی چۆکی بێچووی ئاژەڵ.
**باولە**: گوندێکە لای سنە.
**باولی**: یەغدان، سنووق، سەندووقی دەستەدار.
**باومـــان**: لە بـــرەو نەکەوتنـــی شـــت: (لە کوردەواری‌دا پشتوێن بەستن هێشتا هەر بـاوی ماوە).
**باون**: ١. بەون، زەوو ئاڵشت،٢. زەوو نەخت.
**باووباپیر**: باب‌کـال، بـاب و بـاپیر: (بـراکەم باووبـاپیرت هەمـوو مـردن ئەتـۆش ئەمـری) «قانع».
**باووبژ**: ١. باوبژ، تـۆز،٢. تۆفـان: (بـێ قەڵەم، کـۆمەڵ بەرەو تـۆف و مژە/ سواری ئەسـپی باووبژ بێ خۆکوژە» «ڕاوچی».
**باووڕ**: ئابڕوو، ئاوڕوو.
**باوورە**: بێنە، بیهێنە، بێرە، بێرانە.
**باووش**: باوش، باوەش.
**باووشـــک**: ١. باوێشـــک، ژاژک،٢. دارێـــکە بەرەکەی پێش گەیاندنی هەڵوەرێنێ.
**باووشکاندن**: باووشکین، باوێشک هاتن.
**باووشکین**: باووشکاندن.
**باووک**: باڤ، باب، باو، باوک.
**باووک‌برا**: باب‌برا، باوبرا، براباب.
**باووک‌حیز**: حیزباب، باب‌حیز، باوەحیز.
**بـــاووکی**: بـابی، بـاڤی، بـاوینی، ئی‌بـاب، پێوەندیدار بە باوکەوە.
**باووگ**: باب، باوک.
**بـــاووڵی**: چـامەدانی، بـاوەڵ، سـندووقێکە دەسکی هەس و شتی تێدەخرێ.
**بـــاوۆمەر**: کوێسـانی گاگەش‌بـاوۆمەر: (جـا مەزنی باوۆمەر لەوان پەیدا بوو) «توحفە».
**باوونەریت**: داب‌ونەریـت، داب و دەسـتوور، ڕەوشت، بانەک، ڕێ‌وشوێن.
**باوویان**: ئارەزوو، هیوا، ئومێد.
**باوە**: ١. باب، بـاوک، بـاڤ، بـاڤۆ،٢. بـابە، بـۆ بانـگ‌کردنی بـاب،٣. بـابە، ئەی بـابە، کـاتی بێزاری: (وڵمان کە باوە)،٤. بابەگەورە، بـاوا،٥. دێراو، گۆڵ، باو، کەردوو، جـۆگەی هەڵـدراوە بۆ بێستان،٦. مـۆدە، بـابەتە، پەرەی سـەندووە: (بە حەدێ بێ‌ئەدەبـی بـاوە، لەمەولا سـەییاد/ پەکی ڕاوی بکەوێ کەلبی موعەللەم بوە قات) «مەحـــوی»،٧. بـــادەوە: (ئەگەر وەک بـــاوکە حەسرەت دیدەکەت زەهرت بچێـژایە/ زەمـان گەردی ئەمەلتـی گشـت بە دەم بـاوە بپێـژایە) «گۆران»،٨. ت بەوە،٩. جیگر سەید ئـاڵ حەق هەگ لە دو دەس نـــیە ئەڕای دووا دایـــن نەواڵەێ نەزری،١٠. پیـــر، چـــاک: (بـــاوە حەیران)،١١. گوندێکە لای سۆران،١٢. ناوە بۆ پیاوان.
**باوە**: ببێ بە: (بەش با وە عیبـرەت ڕووسـیای وڵات) «م.ح. دزلی».
**باوهاتن**: کات‌هاتن، وەخت‌هـاتن××: (جێـی ورینگە دەگرێ ئاخ و داخ/ بـاوی دێ داس و هەسان و کەڵەشاخ) «هێدی».
**باوهاتنەوە**: دەرفەت بـۆ ڕەخسـان: (دێـتەوە

باوی ئەوەی دەستەی کوڕ/ بێنەڕیز نێزە بە دەست و دڵپڕ) «بۆکوردستان».

**باوەئادەم**: ئادەم، بابائادەم: (لە ئادەم بگرە تا دەورانی ئێستا/ یەکێکە حاجی لەو خاکە هەڵستا) «حاجی قادر».

**باوەئەزیز**: دیەکەیگە لە ڕەوانسەر.

**باوەئیرک**: ئاڵقەی مسین یا ئاسنی.

**باوەباو**: هاواری منداڵ بە دوای باوکا: (هەر وەک منداڵە کوردێ کە ون بێ لە باوکی/ ئەگریم بەرەو مەدینە و هەر باوەباومە) «بێخود».

**باوەباوەیل**: ١. جووری نانە،٢. تایبەیگ لە یارسانان کە ئاو دەمێان سارێژکەری مارانگازە.

**باوەپردیخواروو**: گوندێکە لای سلێمانی.

**باوەپیارە**: زڕباب، زڕباوک، باوەپیازە، مێردی دایک.

**باوەپیاڕە**: ١. باپیرە، باوا،٢. زڕباب: (باوکم ناردی بە دوای خاڵۆ سەیفوڵڵای باوەپیارەی‌دا) «کۆردەرە».

**باوەپیاری**: باوەپیارە، زڕباب.

**باوەپیازە**: باوەپیارە، باڤەندە.

**باوەت**: ١. بابەت، شیاو، شایستە،٢. باوگ ت، بابی تۆ،٣. بابەت، تەوەرە، شتی بەر باس: (قەسەم سەختم کورەیٚ زەم زەم بوو/ لە کول باوەتیٚ خاترد جەم بوو) «خانەمنسوور».

**باوەتە**: بابەتە، هەژییە، بۆی دەبیٚ.

**باوە تە**: بابیٚ تە، بابیٚ تۆ.

**باوەجان**: ناوە بۆ پیاوان.

**باوەجانی**: ١. ئێلێگە لە دەیشت کرن، جافی قسیە کەن: (حەبیبوڵڵا خانی باوەجانی ئەنێریٚ بۆ عەشیرەتێک مەشکە دۆ بەرنە سەر کانی‌یەکەی نارو) «ڕشتەی مرواری»،٢. سەلاسی باوەجانی، ناوچەیێکە لای کرماشان.✖

**باوەجوا**: بائەمە، بائەمحاڵە، جوداڵەوە.

**باوەجود**: گەرچی، بائەمە، بائەمەش: (باوەجود ڕووتی هیچ عەیبی نییە) «قانع».

**باوەجەڕە**: باوەخولیٚ، خولدان لە دەوری خۆ.

**باوەحیز**: باووک حیز، حیزباب، جنێویکە: (هەڵی تەکێنە گەنمی دێ‌کۆنە/ کیژ باوەحیزە بێ شەرت و شۆنە) «فۆلکلۆر».

**باوەحیزخاوەن**: جنێویکە: (کوتی: نەگبەتیتە باوەحیز خاوەن) «ئاوێنەی‌بێگەرد».

**باوەخان**: ١. ناوی بنەماڵەیەکی جافە لە دەڤەری شارباژێر: (مامەخان و باوەخان لە بنەماڵەیەکن، لە بنەماڵەی باوەخانی جافی مەزنە) «شەوارە»،٢. ناوە بۆ پیاوان.

**باوەخانی**: ×٢٣٩×: (حەبیبوڵڵا خانی باوەخانی ڕۆژێک لە دیوەخانا لەگەڵ پیرۆز خانمی ژیا دائەنیشیٚ) «ڕشتەی‌مرواری».

**باوەخۆشین**: گوندێکە لای خواری قەرەداغ.

**باوەخول‌کریای**: باوەخۆن کرانەوە.

**باوەخول‌بییەی**: باوەخۆن بوونەوە.

**باوەخول‌کریٚ**: باوەخۆن‌کراو.

**باوەخولە**: ١. باوەخۆن،٢. باوەگێژە، گەمەیێکی منداڵانەیە.

**باوەخولیٚ**: بابەخولیٚ، باوەسوڕیٚ.

**باوەخون**: Bawexwin پاواکەران، باوەخوون.

**باوەخۆن**: باوەخوون: (بووکی ڕۆژی پێشووتر بەرەو باوەخوون، بەرەو گوندی خۆیان لە دارە مەیت هەڵبەسترا) «شەوارە».

**باوەخوند**: باوەخۆن.

**باوەخووانی**: باوەخۆن.

**باوەخوون**: باوەخۆن، باوەخون، باوەخوند، باوەخوانی، پیٚ‌بووایی، پیٚ‌بووکیٚ، چوونی بووک بۆ یەکەم‌جار بۆ ماڵەباوانی: (لەم کوردەواری‌یە جاران لەبەر پرکاری بووکی

سالی جەژنان باوەخوون دەکرایەوە) «ف.پ.پ.».

**باوەخوونی**: باوەخۆن.

**باوەخەلان**: گوندێکە لای شەقلاوە.

**باوەدویا**: ١. دویا دویا بەورەو،٢. دەسوور وە دویا هاتن.

**باوەدەوریش**: دەوریشەک.

**باوەدەم**: باوەئادەم: (لەوساوە باوەدەم و دایکەوا لە بەهەشتەوە) «شەرەفنامە».

**باوەر**: ١. گەلارێزان، خەزەلوەر، بارێزان، نێوەڕاستمانگی پایز ٢. بار، بێرا، بێرانە، بێنە، بیهێنە، وەرێنە: (نەیچی! درەنگەن سا مەکەر درەنگ/ فیدای بالات بام، نەی باوەر وە دەنگ) «مەولەوی»،٣. ت بەوە نووا، تۆ وەرە پێشێ،٤. جۆگای ناو دەغڵ،٥. واحدێگە ئەڕای کەرتەیل باخ، هەر باوەر بەستە وەو گەورای و بوچگی باخەسە،٦. باهو، بانە، بەرزایی یا قوولایی نێوان دوو کوتە زەوی کە ئەوان لێک جودا دەکاتەوە،٧. نێرۆک، جۆگە ئاوی سنووری نێوان دوو پەڵە زەوی، بەستەی تەڕ،٨. باوەڕ، بڕوا،٩. ناوی پیاوانە.

**باوەڕ**: ١. باوڕ، بڕوا، باوەڕی، ئیمان، عەقیدەی دەروونی کەسێ: (باوەڕت بێ دژ، دژە نابێتە یار/ کەی بەرەو متمانە، دخزێ توولەمار؟) «ڕاوچی» ٢. بیر، هزر ٣. قەبووڵی قسیە و مەسەلە و بەڵێنی کەسێک،٤. بەستە، سنوور، کەوشەنی دو کێڵگە ٥. ناوە بۆ کچان و کوڕان.

**باوەرا**: باوەر، ت بەوە نوورا.

**باوەڕار**: گوندێکە سەر شاری دیواندەرە.

**باوەڕان**: بێنن، بهێنن: (کۆنەکەمانان باوەڕان وەبەر/ هەریۆ خەمتەرەن، بنیانیم وەسەر) «بێسارانی».

**باوەڕئاردەی**: باوەڕ هێنان.

**باوەڕئاور**: بوەڕهێنەر.

**باوەڕئاوردەی**: باوەڕ هێنان.

**باوەڕئاورە**: باوەڕهێنەر بۆ مێ.

**باوەڕپاک**: ناوی پیاوانە.

**باوەڕپەنەبییەی**: باوەڕ پێ بوون.

**باوەڕپەنەکریا**: ١. باوەڕکار،٢. باوەڕ پێکراو.

**باوەڕپەنەکریێ**: باوەڕ پێکراو.

**باوەڕپەنەکەردەی**: باوەڕ پێکردن.

**باوەڕپەنەنەکەردەی**: باوەڕ پێ نەکردن.

**باوەڕپێبوون**: ئیمان پێ هەبوون.

**باوەڕپێکر**: باوەڕپێکراو.

**باوەڕپێکران**: بڕوا و بەقا پێکران.

**باوەڕپێکراو**: جێی متمانە، ئەمین، جێی باوەڕی: (ڕۆژێک کابرایەکی دەشتەکی بە هەڵەداوان خۆ دەگەینێتە ماڵی برادەرێکی باوەڕپێکراوی خۆی) «ف.پ.پ.».

**باوەڕپێکردن**: بڕواپێکرن، لەلێ ڕەوادین: (ما مێهێ باوەڕی ب گورگی دهێت!) «پەند».

**باوەڕپێکری**: باوەڕ پێکراو، جێی متمانە.

**باوەڕپێهەبوون**: باوەڕ و متمانە پێ بوون.

**باوەڕپێهێنان**: بڕوا پێهێنان، پێوابوون، چەسپاندن لە دڵدا: (دوای موعجیزە خەڵک باوەڕیان پێهێنا).

**باوەڕدار**: بڕوامەن، ئیماندار، خودان ئیمان: (ئەم هۆزە کەم ژمارە و باوەڕدارە) «شەرەفنامە».

**باوەڕداری**: بڕوامەندی.

**باوەڕدەنگ**: بێنە دەنگ، دەنگی لێبێنە.

**باوەڕدێ**: گوندێکە لای سلێڤانی.

**باوەڕزوو**: چای کویەی، جووری گوڵە ک دەم کریای ئەڕای سقان ژان خاسە.

**باوەڕکار**: بەقاکار، بڕواکار.

**باوەڕکاری**: بڕواکاری.
**باوەرکاسەرکەڤری**: دێیەکە لای دوهیکێ.
**باوەرکاکەعبێ**: گوندێکە لای دوهیکێ.
**باوەڕکردن**: ١. قەبووڵ کردن، ئیمان هەبوون بە مەسەلەیەک: (باوەڕ ناکەم مرۆ لە ڕەگەزی مەیموون بێ!)،٢. پێوابوون، وازانین: (باوەڕ ناکەم ئەوشۆ باران بباریٚ).
**باوەڕکردەی**: باوەڕکردن.
**باوەرکرن**: باوەڕ کردن: (باوەر وەهە کر ئەوی ژ مالک/ سورعەت وی کر و زیادە چاپک) « یۆسفوزولەیخا».
**باوەڕکری**: باوەڕمەند، باوەڕدار، ئیماندار.
**باوەڕکەر**: قەبووڵکەر، باوەڕکار.
**باوەڕکەردەی**: باوەڕ کردن.
**باوەڕگران**: دێرباوەڕ، گرانباوەڕ.
**باوەڕگرانی**: دێرباوەڕی، گرانباوەڕی.
**باوەڕگومان**: دوودڵ، دڕدۆنگ، گوماناوی.
**باوەڕگومانی**: بەشکی، دوودڵی.
**باوەرماڵ**: جۆماڵ، پاککرنەوەی لیتەی ناو جۆگە.
**باوەڕمەند**: بڕوامەن، بەباوەڕ، باوەڕکری.
**باوەڕمەندی**: باوەڕکرینی، بەباوەڕی.
**باوەرمێ**: بێنین، بیهێنین.
**باوەرمێش**: بیهێنین، ئەو شتە بێنین.
**باوەڕناردەی**: باوەڕ نەهێنان.
**باوەڕنامە**: باوەڕۆک، بڕوانامە، بەقانامە، گەواهینامە، کارنامە، پسولەی گەوایی خوێندن.
**باوەڕناوردەی**: باوەڕ نەهێنان.
**باوەڕنەبییەی**: باوەڕ نەبوون.
**باوەرنەپەرواز**: بێنەرە فڕین.
**باوەرنەداری**: بڕوات نییە: (باوەڕ نەداری، من واچون پەرێت) «بێسارانی».
**باوەرنەکرن**: پێوانەبوون: (محەمەد حەسەن خان ژ ڤان گۆتنێن باڤێ شاش و مەتەل ما، وی ژ گوهێن خوە باوەر نەدکر وەکی ژ وەلی تشتێن ئوسان دبهێ) «مەستوورە».
**باوەڕنەکە**: بڕوا مەکە.
**باوەڕنەکەردەی**: باوەڕ نەکردن.
**باوەرۆ**: ١. بێنە، بهێنە: (باوەرۆ ڕەحمێ وە حاڵەکەی من/ وە کزەی دەروون زووخاڵەکەی من) «مینەجاف»،٢. بێنێتە، بهێنێتە، بێنێ، باوەرە: (مەر ئازیز وە خەیر تەشریف باوەرۆ/ نەی گێجاو خەم دەسگیریم کەرۆ) «مەولەوی».
**باوەرۆئەوڕێت**: بێنێتە ڕێت: (حەق وە لوتف ویش باوەرۆ ئەو ڕێت/ سوود سەرمایەی عەقیدەکەی ویت) «مەولەوی».
**باوەرۆبەچەنگ**: بێنێتە دەست.
**باوەرۆت**: بهێنم، بێنم.
**باوەرۆستەم**: گوندێکە لای بیجاڕ.
**باوەرۆش**: بیهێنە، بێتێرە: (یارەب باوەرۆش ئەو پەیکی ساڵان/ نەکەرۆ تاراج جەرگەی گۆراڵان) «ئەنساری».
**باوەڕۆک**: باوەڕنامە، بەقانامە، بڕوانامە.
**باوەرۆمەوە**: بمهێنێتەوە: (ئەوە من ڕۆییم وە لای ڕۆمەوە/ مەر دوعای خوێشان باوەرۆمەوە) «مەلای جەباری».
**باوەڕووت**: بهێنم، بێنم.
**باوەروون**: بێنم، بیهێنم: (گیانێ کە بەرشیی بە یەک دیانێ/ جە کۆ باوەروون پەرێت، گیانێ؟) «بێسارانی».
**باوەروونبەنەزم**: بهۆنمەوە.
**باوەروەلامان**: بێرۆ بۆ لای مە، وەرە نک مەڤە: (مامۆستای سەرئێل و شیرین کەلامان / تەشریف خەیرت باوەروەلامان) «مەولەوی»
**باوەرە**: باوەر، بێنە، بێرانە، بیهێنە: (ساقی باوەرە ئەو مەی دوو ساڵە/ پێمدەر یەک جامێ

حاڵم بەد حاڵە) «مەولەوی».
**باوەڕەپەرێم:** بۆم بێنە، بێنە بۆم.
**باوەڕەش:** بێنی، بیهێنە: (باوەرەش پەرێم، چوون تەیری تیژباڵ/ هێمای دڵ یەکسەر، نەبیەن بە زووخاڵ) «بێسارانی».
**باوەڕەشانی:** ناوی دێکۆیەکە لە ناوچەی بیجاڕ کە لە ٣٣ دێ پێک هاتووە.
**باوەرەش پەرێم:** بێنی بۆم، بۆم بێنە.
**باوەرەک:** بای سەخت.
**باوەڕهەبوون:** ئیمان هەبوون.
**باوەری:** ١. بێنیتە، بێنیتەوە: (یاخوا سەبووری وە دڵ باوەری/ خەزانەی ئارام پێم عەتا کەری) «مەولەوی»،٢. بێنی، بێنیت: (مەر تۆ وە کەرەم تەشریف باوەری/ یا وە لای وەسڵت ڕابەریش کەری) «مەولەوی»،٣. باوەڕ، متمانە: (باوەری ژ شیرەتێن دوژمن دوروست نین) «گولشوون».
**باوەڕی:** باوەڕ، بڕوایی، بەقا، گوور: (با خولدی بەرین پڕ بێ لە غیلمان و لە حۆری/ باوەڕ مەکە بیبێ وەکو تۆ: سووڕەتی مومتاز) «ئەدەب».
**باوەریبەڕەقس:** بێنیتە ڕەقس، بخەیتە کار: (جە وەسف فەرهاد شیرین و پەرویز/ باوەری بە ڕەقس، خامەی عەنبەربێز) «خانای قوبادی».
**باوەڕێز:** گوندێکە لە نزیک شاری سنە.
**باوەریش:** بیهێنی، بیهێنیتە: (باوەریش بە دین خودا و پێغەمبەر) «بێسارانی».
**باوەڕیکەر:** بڕوامەند، ئیماندار.
**باوەریموەیاد:** بمخەیتەوە بیر: (چێش مەبۆ دیدەم جە ساڵێ جارێ/ باوەریم وە یاد وە یادگارێ) «بێسارانی».
**باوەرین:** بێنین، بێرانین: (سا دەی، هەی پەی کەی هەر یەک جە لایێ/ باوەرین ئەو ساز

شیوەن سەدایێ) «مەولەوی».
**باوەڕێن:** باڕێزە، باڕێژ، باڕێز، باڕێزە، باڤەرێن، میوە یا گەڵای با وەراندوو.
**باوەڕیی:** متمانە، دڵنیایی.
**باوەڕییپێهەبوون:** باوەڕ پێکردن: (زۆر باوەڕیی بەو کابرایە نییە).
**باوەزار:** گوندێکە لای دیواندەرە.
**باوەزە:** گوندێکە لە محاڵی پشدەر.
**باوەزن:** کێشدار، قورس: (دوو سەنگین سەنگی با وەزنن غەم و پیری دوو تا حازر/ خەریکی کەشمەکەش دڵ دووسەرە لەم وەزنە وەززانە) «سالم».
**باوەزیرک:** چزووی دوپشک و ئیتر.
**باوەژن:** بابەژەنی، باوەژەنی، زڕدایک، ژنباڤ، هەودالک، هەویی دالک: (لە داخ باوەژن چووم بۆ جەحانم، وەختێ لام کردەو ها لە لای شانم) «پەند».
**باوەژۆ:** ئاوارە، ئاراگێڵ، سەرگەردان.
**باوەژەنی:** باوەژن، زڕدایک.
**باوەژین:** باوەشێن، باوەشینە، باوەڕێشە، باڕۆشە، بادبزەن، باپەیداکەر.
**باوەسورە:** دێیەکە لە دێکۆی حەمەوی بیجاڕ.
**باوەسورێ:** باوەسیر، بێوەسیری، قۆڵدراتگ.
**باوەسورێ:** بابەخولێ، باوەخولێ.
**باوەسەیشوکرە:** شەخسێکە لای سەقز: (ویڵ و پیرخدر، باوە سەی شوکرە) «یادنامەی‌سەقز».
**باوەسەیمەردە:** ناوی شخسێکە لای سەقز: (ویڵ و پیرخدر، باوە سەی شوکرە/ شێخ باباعەلی، باوە سەی‌مەردە) «یادنامەی‌سەقز».
**باوەسەین:** باباحوسێن، دێ کۆن بووە لە ناوچەی سەقز، لە نزیک کێوی سەرتوندایە.
**باوەسیر:** ١. بێوەسیری، گۆڵنگ،٢. بای سوور.
**باوەسیری:** ١. بێوەسیری، نەخۆشییەکە،٢.

کەسێ نەخۆشی بێوەسیری گرتبێ.
**باوەسێن**: گوندێکی چۆڵکراوی ناوچەی گەورکی سەقزە: (دەرەقووڵە، سەردەرە، قۆڕەدەرە و شێخچۆپان/ قەرەقایە و باوەسێن، لەگەڵ کێوی پیرەشوان) «یادنامەیسەقز».
**باوەش**: ١. باوش، ئاوش، ئامێز، شوێنێک کە دەکەویتە نێوان سینگ و دوو دەس: (مامەی شوان، وەکوو خۆی، بەرخی باوەشی/ تەڕتەڕە و هەڵدەستێ هەڵم لە لەشی!) «گۆران»،٢. شارا، گەلە باوەش: لە خڕکردنەوەی چەند مەلۆیەکی پێک دێت بۆ پێکهێنانی گیشە،٣. بریتی لە زۆر زۆر: (زەلامێکی باڵا بەرز باوەشێ مێزەری سەوزی بە سەرەوەیە، ریشێکی ڕەشی قەڵەمکراوی پێوەیە) «ڕشتەیمرواری»،٤. پێوانەیەکە بۆ هێندێ شت×: (فاتە ئەچێتە دەرەوەی ئاوایی تا باوەشە دارێک بێنێ بۆ ئەوەی نانی پێ بکا) «ڕشتەیمرواری».
**باوەشاسوار**: ڕووبارێکە لای توزخورماتوو.
**باوەشان**: ١. باوەشێنکەر، فێنککەرەوە، باژەن، ٢. فێنک کردنەوە بە با.
**باوەشباوەش**: زۆر زۆر، بە زۆری: (لۆتییە پیرە پارە وەردەگرێ، باوەش باوەش) «میرزا».
**باوەشباوەشانێ**: گەمەیەکی زارۆکانە.
**باوەشبەمنداڵ**: منداڵ بە باوەشەوە: (هاتەوە با بێتەوە/ گوڵێ لە ناو باخەوە/ دەم بە پێکەنین و باوەش بە منداڵەوە) «حەسەن زیرەک».
**باوەشپێداکردن**: لە ئامێز گرتن: (بێ ئەوەی لە بیری بێ کە کۆڵەشیرەکەی لە زەوی دانێت باوەشی کردە بێشکەییکی دڵداری) «شەوارە».
**باوەشپێگرتن**: لە هەمبێز گرتن، دانانە بەر سینگێ خۆ.
**باوەشتێوەردان**: دە ئامێز گرتن.
**باوەشک**: باوەشی، باوێشک.

**باوەشگرتن**: گرتنە باوەش.
**باوەشگەرم**: ئامێزگەرم، سۆزدار، بەهەست: (لە نێوقەدی شل و نەرم/ نەرم و شلی باوەشگەرم) «هێدی».×
**باوەشی**: ١. باوێشک، ژاژک ٢. هەڵۆ.
**باوەشێخ**: شێخی گەورە لای خەڵک×: (باوەشێخی چاو بەشینان/ مەڵحەم بوو بۆ سەر برینان) «ڕاوچی».
**باوەشێخمحەمەدڕەحیم**: دێکۆی بووە لای مەریوان، نهۆ چۆڵە و مەزرایە.
**باوەشین**: باوەشێن، باژەن.
**باوەشێن**: ١. باوەشان، باوەشین، باوەشێن، باوەشینک، باشین، فێنککەرەوە، بارۆشە، باژەن، بابزەن: (بەڵام دیمانەی تارای باشەکێن/ بۆ کوورەی دەروون بوو بە باوەشێن) «گۆران»،٢. ئاورگەشێن، گەشێنەرەوەی ئاور: (گڕی لەشی دامردەوە بە دۆی سەرتەزێن/ بەڵام کوورەی دڵی کەوتە بەر بای باوەشێن) «گۆران»،٣. کاری فێنک کردنەوە: (گاهێ دەبی بە ڕەوح و دەکەی باوەشێنی دڵ/ گاهێ دەبی بە دەم، دەدەمێنی دەمی غوروور) «نالی».
**باوەشێنک**: باوەشێن، بارۆشە، باژەن، فێنککەرەوە: (کولمە ئاڵەکەت بە بای باوەشێن/ هێندە ناسکە پڕ دەبێ لە خوێن) «فۆلکلۆر».
**باوەشێنکردن**: ١. فێنک کردنەوە بە با: (کەپرێکی دەکەم لە بەردی مەڕمەڕ/ باوەشێنت دەکەم بە ڕێحانەی تەڕ) «فۆلکلۆر»،٢. گەشاندنەوەی ئاور: (بە دەست و بە داوێن باوەشێنم دەکرد) «شەرەفنامە».
**باوەشێنکەر**: کەسێ یا شتێ باوەشێن دەکات.
**باوەشێنکەردەی**: باوەشێن کردن.
**باوەشێنکەرە**: بابزەن، فێنککەرەوە.

**باوەشێن مەکەرد**: خۆی باوەشێن ئەکرد: (زەمین منەتبار پا منیا و مەویەرد/ جارجار وە ڕووی ناز باوەشێن مەکەرد) «مەولەوی».
**باوەعەتاوبەو**: ×١٢٣×: (تیپێ هاتیە باوە عەتا بەو) «ئاوێنەی‌بێگەرد».
**باوەعەمرە**: بابەعەمرە، باڵابۆست، چڵەنۆک، کورتەباڵا، سمەخرتە، سیم‌تەنە.
**باوەفا**: وەفادار، بەئەمەگ: (هەرچەند سەو و دەرگەڤان برانە/ ئەکسەر سەب میهر و باوەفانە) «خانی».
**باوەفەتێ‌خواروو**: دێیەکە لای چەمچەماڵ.
**باوەفەتێ‌سەروو**: گوندێکە لای چەمچەماڵ.
**باوەفەقێ**: گوندێکە لای بیجاڕ.
**باوەقۆت**: باوەعەمرە.
**باوەقۆرەت**: باوەعەمرە.
**باوەقوش**: بایەقوش، کوند.
**باوەقولی**: ناقێ مێرانە: (کابرایەکی باوەجانی هەبوو باوەقولی ناو بوو) «ڕشتەی‌مرواری».
**باوەقوورەت**: بایەقوورەت، باوەعەمرە.
**باوەقووڕی**: ١. نەخۆشی چەو،٢. بایەقووڕی.
**باوەکراوە**: گوندێکە لای چۆمان.
**باوەکوچک**: گوندێکە لای هەڵەبجە: (کابرایەکی خەڵکی باوەکوچکی لای هەڵەبجە هەبوو) «ڕشتەی مرواری».
**باوەکۆچەکی‌گولان**: دێیەکە لای هەڵەبجە.
**باوەکوژراو**: گوندێکە لای سەیدسادق.
**باوەکوشتت**: باوکوشتەت: (فەلەک کەی بەرشوون بێخەم نە دەستت/ چێشم کەرد، کەی بیم وە باوەکوشتت؟) «مەولەوی».
**باوەکوشتە**: بابکوشتە، دوژمنی خوێنی×: (لە تاوان دەمێک بێ وەڵام ڕووگرژ بۆی ڕوانی، لای وابوو باوەکوشتەیەتی) «خاک و چەوسانەوە».

**باوەکوو**: ئەگەرچی، هەرچەن، هەرچەندە.
**باوەکووسە**: دیەکەیگە لە کووزران.
**باوەکەرۆ**: ١. باوکەلێ، باوکەلە، ئەی بابۆ،٢. شین، ڕۆڕۆ: (دوێنێ بەیانی بە باوکەرۆ و گریانی هەیاس چەکمەڕەش گەڕەک گلێر بووبوونەوە) «کۆردەرە».
**باوەکەڕەم**: گوندێکە لە دێکۆی باوەڕەشانی بیجاڕ.
**باوەگۆ**: قسە دە قسەداکەر، ئەوەی لەناو قسەی یەکی ترا هەڵدەداتێ.
**باوەگورگوڕ**: ١. دێیەکە لە دێکۆی دوڵبەرانی ناوچەی قوروە،٢. شاخێکە لە نزیک سلێمانی: (لە سەر سینگی باوەگورگوڕ دەمچەقاند) «نیساری».
**باوەگە**: نازناو باپیرە.
**باوەگەورا**: باوا، باپیرە.
**باوەگەورە**: ١. باپیرە، باوا،٢. نازناوی دەنگ‌خۆشێکی گەورکاتی‌یە، ناوی قادرە و کوڕەی باوەشی ساردەکۆسانە و لە گوندی یاغیان کۆچی دوایی کردووە.
**باوەگێژە**: باوەخولێ، مامەگێژە، مامانەگێجی.
**باوەگێڵدی**: گوندێکە لای سلێمانی.
**باوەڵ**: ١. باوڵ، نەخۆشییەکی چۆکی بێچوەئاژەڵە ٢. بێچوە ئاژەڵی توش‌هاتو بەو نەخۆشیە: (گرژ و کۆم و داتەپیو و نیوەماو/ باوەڵیدار و شەل و ئەژنۆشکاو) «ڕاوچی»،٣. باهۆل، باهۆڵ، چەمەدان، جانتا.
**باوەڵبوون**: گۆش و شەل بوونی کار لەبەر نەخۆشی باوەڵی.
**باوەلە**: باوەلی، جانتا، چەمەدان، یەغدان.
**باوەڵە**: باوەلە، باول، باولە.
**باوەلی**: ١. نەخۆشی باوەڵ،٢. باوەلە، یەغدان، ٣. باوەخۆنی،٤. باوەلێ، سەیدێ کە نوشتە و

دۆعا دەنووسێ،٥. ناڤێ مێرانە.

**باوەلێ**: ١. نازناوی سەیدان: (چوومە خزمەت باوەلێ بۆ زیارەت)،٢. بریتی لە سست، بێبناغە، خۆنەگرتوو،٣. پیری پەککەوتوو: (سەیید و پیر و فەقیرم وەرە لێم قەوماوە/ بۆ منە ئەو مەسەلە باوەلێ باوێکی بەسە) «ئاوات»،٤. جۆرێ نەخۆشی ئاژەڵ،٥. باویلکە، باویلێ، پشیلەپایزە.

**باوەڵی**: نەخۆشییەکە تووشی ساوای ئاژەڵ دەبێ و ئەژنۆی دەپەنەمێ.

**باوەڵیدار**: نەخۆش بە نەخۆشی باوەڵی: (گرژ و کۆم و داتەپیو و نیوەماو/ باوەڵیدار و شەل و ئەژنۆشکاو) «ڕاوچی».

**باوەڵێیسەرێ**: گوندێکە لای پیرانشار.

**باوەڵێیسەیدان**: گوندێکە سەر بە پیرانشار.

**باوەمردە**: باوکمردوو.

**باوەمەحموود**: گوندێکە لای خانەقین.

**باوەمەخسوو**: سراوێگە لە بیوەنیج.

**باوەمردە**: ناوی شوێنێکە××: (باوەمردەی باوەمردەم ئاڵبلاغە چاوەکەم/ خۆزگە ئەمبیست پێمبڵێن وا باوەگێلدی گەییە شار) «سالم».

**باوەمەرد**: ئیشارە وە فلانی.

**باوەمەردە**: گوندێکە×١٢٨×: (پیرێژن کوتی: شەیتان بۆچی ئەگری؟ وتی: کۆستە و باوەمەردە شاییانە... هەر دوو دێ دەسیان دایە تفەنگ) «ڕشتەی مرواری».

**باوەمەندان**: گوندێکە لای پیرەمەگروون.

**باوەمەندانیخواروو**: دێیەکە لای پیرەمەگروون.

**باوەمەندانیسەروو**: دێیەکە لای پیرەمەگروون.

**باوەمیر**: ١. کێوێکە لە هلیران،٢. دیەکەیگە لە هلیران،٣. ناوێگە کوڕانە.

**باوەمێردیسەروو**: گوندێکە لای سلێمانی.

**باوەنوور**: ١. بەوە نووا،٢. ناحیەیەکە سەر بە شاری کەلار: (هەرکە گەیشتینە باوەنوور بۆم دەرکەوت ئەو بەفرانە بۆ یانەی بێگانە چاو شینەکانە) «کۆردەرە»،٣. ناوی پیاوانە: (کابرایەک هەبوو باوەنووری ناو بوو) «ڕشتەیمرواری».

**باوەنەزەر**: ١. گوندێکە لای بیجاڕ،٢. گوندێکە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی تیکاب: (سمێڵ درێژیەل باوەنەزەرە) «ئاوێنەیبێگەرد».

**باوەوە**: بایەوە، بادەوە.

**باوەوەرە**: باوە، باوەگەورە: (کوتی: منیش زۆر داخم هات، ئاخر باوەم لۆتی ووە؟ باوەوەرەم لۆتی ووە؟) «گوڵونێرگز».

**باوەهەڵۆ**: باوەگەورەی هەڵۆ، باپیرە هەڵۆ: (تۆ بڵێی بچێتەوە لای باوە هەڵۆم؟) «بۆکوردستان».

**باوەیاگار**: بابایادگار، گڵکۆی بابایادگار یەکێ لە ڕێبەران یارسان.

**باوەیاڵ**: کوویەیگە لە ئیلام.

**باوەیس**: ناوی نێرینانە: (سۆفی مەولان و کاکە ئەورەحمان/ کوێخا باوەیس و لالە نەریمان) «قانع».

**باوەیسی**: دیەکەیگە لە سەرپیەڵ.

**باوەیل**: دیەکەیگە لە گوواوڕ ک ئاڵ حەقن.

**باوی**: ١. بادام، بایام: (سەری بە ناوکە باوییان دەشکێنی) «پەند»٢. باداری، دەردێکە وەک باداری توشی ماڵات دەبێ ٣. بادار، ڕۆماتیسمدار،٤. سووکە ناو باباموراد.

**باوێ**: ١. باوێژە، بێخە، بیهاوێژە، فڕێبە (چاوت وەک چاوی ماری/ خۆت لۆم باوێ سەر دیواری)،٢. گوندێکە لای سەردەشت.

**باویان**: ١. گوندێکە لای شەقلاوە،٢. گوندێکە لای ڕانییە.

**باویباڵدان**: خۆ ڕاوەشاندن و گورج ڕۆیشتن: (هەر بە شانازییەوە لێی دەدوێن/

باوی باڵ دەدەن و بۆی دەخوشێن) «هێدی».

**باوی‌بوون**: باگرتن، باداری گرتن.

**باوێتە**: بخاتە، بیخاتە: (هەر کەسێ نوقسانی ڕووی باوێتە سەر ڕووی ئاینە/ شاهیدی هەرچەندە (رای‌العین)ە، کێ باوەڕی دەکا؟!) «نالی».

**باوێتی**: بەو نەخۆشییە دەگوترێ کە وەک بادارییی وایە بە زۆری تووشی کار و بەرخ دەبێ.

**باوی‌ڕۆژ**: شتی ئیمڕۆیی، مۆدی ڕۆژ: (عارەبی شامۆ چیرۆکێکی درێژی بە ناوی قەڵای دمدم بە ئوسلووبی نوێ و باوی ڕۆژ نووسیوە) «دمدم».

**باوێز**: باویزکە.

**باوێزکە**: ١. باویز، باوێز، باوەرێن، هەنجیری خراپ بە دارەوە یا وەریبێ ٢. فیقی‌یێ نەگەیشتی، تشتی باکەر.

**باویزە**: باپێچ، باپێچەکی سک.

**باوێزە**: ١. باوەرێن(میوە) ٢. باپێچ، باپێچەک، با و پێچی سک.

**باوێزی**: باوێزکە.

**باوێژان**: ناوە بۆ کچان.

**باوێژدان**: دارای ویژدان.

**باویژە**: باوێ، بیهاوێ، بیخە.

**باوێژە**: باویژە، بیخە.

**باوێش**: گەوە، قەمچ و پێچ، ڕێگای پێچاوپێچ و خوارایی ڕێگایانە.

**باویشک**: باوێشک.

**باوێشک**: ئاورووشک، باوشک، باوەشک، پالووشک، دەبانک، دەبەنک، ژاژک، وێژێ، هۆنژین، بهنژین: (لە ناو جێ و بالینگانی گەرم و گوڕەوە سەری قیت کردەوە بە دەم باوێشکەوە چووە سەر تەشکە مافوورە) «خاک و چەوسانەوە».

**باوێشک‌ئەوەکێشتەی**: باوێشک کێشانەوە.

**باوێشک‌دان**: دەم داچەقاندن، باوێشک هاتن.

**باوێشک‌دای**: باوێشک دان.

**باوێشک‌دەر**: ئەوی باوێشک دەدا.

**باوێشک‌دەرە**: ئەوەی باوێشک دەدا.

**باوێشک‌کێشتەیۆ**: باوێشک کێشانەوە.

**باوێشک‌هاتن**: باوێشک دان.

**باوێشکی**: باوێشک.

**باویشە**: ١. باویز، باویزکە، بارێزە،٢. ئێوارە، عەسر، کاتی ڕۆژ داهاتنە خوارێ.

**باویلکە**: باویلێ، پشلۆکە، پشیلەپایزە: (لق بە لق و چڵ بە چڵی/ دەست و پەنجەی وشکەڵاتووم/ شین ئەکەن و وەکو باویلکە) «ش. بێکەس».

**باویلێ**: ١. باوەلێ، باویلێ، باوێلی، بایلکە، باییلکە، پەپوولەپایزە، پشیلۆکە، پشیلەپایزە، شەلەمین‌کەرە، گەورەگلە، گیایەکی تووکسپی و سووکە، پایزان بە دەم باوە دەڕوا،٢. ناوی کچانە.

**باوێلی**: باویلێ، باویلکە.

**باوین**: ١. گڵ‌کێشانەوە، پڕکردنەوە،٢. بەرهەڵست دروس کردن بە گڵ،٣. توانا، هێز.

**باوی‌نووێ**: مۆدی نوێ، باوی تازە.

**باوینی**: باووکی، بابانە، ئی باب.

**باوێنی**: باوکێنی، شتی باب، هی باب.

**باهاتن**: ١. با هەڵکردن، هاتنی با: (هێشتە تا با لە موکریانەوە دێ/ نیازی سەردانە بە لای گیانەوە دێ) «بۆکوردستان»٢. بەباوبوون، وەباهاتن (دێڵەسەگ)،٣. بریتی لە بە هیچ گرتنی قسەی کەسێ: (لیی گەڕێ با هەر قسان بکا، وەبزانە بای دێ).

**باهار**: بوهار، بەهار.

**باهــاوردن**: ١. باهێنـان، بـاکردن، ماسـین،٢. حاڵەتی شتێ کە با بیهێنێ.
**باهجە:** شارێکە لە باکووری کوردستان سـەر بە شاری عوسمانییە.
**باهچەســـەرای**: شـارۆچکەیەکی بـاکووری کوردستانە، لە نزیک گۆلی وان.
**باهر**: ١. بەش، پشک،٢. بەتاڵ، چۆڵ، خاڵی.
**باهلاقورە**: کێوێکە لای تەیتاقی دیواندەرە.
**باهلگر**: باخۆر، بادراو، ڕێسراو.
**باهلگرۆک**: باهلگر، بادریاگ.
**باهو**: باهوو.
**باهۆ**: ١. شان و پیل، باهۆ، باسـک: (ئەلا ئەی نازەنین ئاهو بە بـاهۆ/ دڵـی سـەییادی خـۆت هێنایە لەرزە) «نالی» (لە شـان و بـاهۆی خـۆم ڕادی/ هەڵگرم ئاڵای ئازادی) «هێمن»،٢. زەند، زەنـدک، جـومگەی دەس،٣. کـاریتە و داری قەوی،٤. تەختە و موور بۆ کـاری نەجـاڕی،٥. ناوی زەلامانە.
**باهۆبەند**: قۆڵبەند، بازوبەند.
**باهۆدار**: باهوودار، بەهێز، بەقەوەت: (سـەعید نۆکەری ڕەشیدخانە، پیاوێکی شان و باهۆدارە) «هەزار ئەشکەوت».
**باهوڕ**: هورە،هۆڕەبا،هوڕەبا، ورەبا، گەردەلوول، ڕەشەبا، باهۆز، بای هوڕ، تۆفان، لێمشت.
**باهۆر**: باهوڕ، باهۆس، ڕەشەبا.
**باهۆڕ**: ١. باهوڕ، ڕەشەبا ٢. پەتا، پەسـیو، درم، هەلامەت، هالمەووت، ئارسم.
**باهۆڕە**: ١. هۆڕەبا، ڕەشەبا ٢. بریتی لە مرۆڤی هاوەنتەکار.
**باهۆڕی**: هەڵەمەتدار، پەسیوی.
**بـاهۆز**: ١. بـاهوڕ، گەردەلـوول، گێژەڵـووکە: (خێڵی گـوڵ کەوتـوونە بە شـەللاخی بـاهۆز) «مەلەکشا»،٢. ناوی پیاوانە.

**باهۆس**: گەردەلوول، ڕەشەبا، بای سەخت.
**باهۆش**: ئاگادار، ووریا، هۆشیار.
**باهۆل**: ١. باهۆز، باهۆس، هورە، ورە، گڕەبای گەرمـی هـاوین٢. بـاوەڵ، چـانتە، جانتـک، چانتک، تۆربە.
**باهوو**: ١. وارش، شوورەی کەناری بـاغچە و خەنـدەک ٢. شـەهێن، شـاهێنی تەرازوو ٣. بندەست، ژێردەس ٤. تەختەی پان ٥. دەست، باسک، باهۆ، شان و قـۆڵ: (ئەلا ئەی نـازەنین ئاهوو، بە باهوو/ دڵی سـەیادی خـۆت هێنـایە لەرزە!) «نـالی»،٦. زبـر، زوور ٧. ئـاڵودار، دەستەک، داری دارەڕا ٨. ملە، بسـتوو، کلـکە، یاڵ، باسکی کێو ٩. لاشیپانەی درگا ١٠. ئاسۆ، ئاسۆگ ١١. شان و پیل ١٢. دیواری قـوڕ،١٣. بانە، بەستە، پژدێراو، بەرزایی نێوان دوو دێراو.
**باهووا**: ١. شان و قۆل ٢. لاشیپان ٣. ئاسۆ ٤. داری تاشراوی چوارپاڵوو.
**باهووبەند**: بازوبەند، بازیبەند.
**بـــاهوودار**: بــاهۆدار، چوارشــانە، بـهێــز، ساخلەم، بەخۆوە(مرۆڤ).
**باهوودارە**: باهوودار بۆ مێ.
**باهووش**: باهۆش، وریا: (قەلبم چو کوورەی حەدداد مەدەی جـــووش/ لە دەس دونیـــا و خەڵک خاکفرووش/ دنیا زندانە پەی شەخس باهووش) «چەپکەگوڵ».
**باهەرنەیوە**: با هەر نەگریتو.
**باهەڵکردن**: با هاتن، هەڵکردنـی بـا: (سـا و هەورە با لە کۆسار هەڵدەکا باسەرێ) «ڕێزان».
**باهەم**: پێکەوە: (موژەم بـاهەم بە ڕشـتەی دڵ دەبەســتم/ دەکێشــم ڕەهگــوزاری جــوملە جاروب) «سالم».
**بـاهەنجیر**: باتسـکە، هەنجیرێکـی بێتـامە زوو دەگاتێ.

**باهیر**: ١. بووره، بور، بەیار، کۆدە، زەوی نەکێڵراو ٢. سەرگەدان، وێڵ، بێزار: (دەمێ چووی دوماهیکا باهیرێ بوو) «گولواز».
**باهێر**: ١. بەیار، بوورە: (ئاژینی نباری کێف و قەراخە چەمی باهێر و پڕ گژوگیای کردن) «نەگڵ»،٢. وێڵ، هیر، هوڕ.
**باهێزە**: گوندێکە لای جەلەولا.
**باهیف**: بادام، باوی، بایام، بعیف، دار یا بەری داربادام.
**باهیڤ‌تەرک**: بادامی تەڕ، چوالەبایام: (دایی و باب باهیڤ‌تەرکا دخۆن، ددانێت بچیکا کوە دبن) «پەند».
**باهیڤۆک**: ١. چوالە، چوالەبادام، باوی تەڕی تازە پێگەیشتوو ٢. پەنەمینی قاچ لەبەر ماندوویی.
**باهینک**: ١. سروە، فێنکەبا، بای فێنک ٢. هینک، روماتیزم، روماتیسم، باوی، بادار.
**بای**: ١. سوود، قازانج، باو، لا: (بای تۆیە: بە لای تۆدایە) ٢. شەمچە، شخارتە، شخاتە، شقاڵتە، کرمیت، گۆگرد، قودیکا زلکا، شقارتە ٣. نرخ، قیمەت، بایی ٤. بێ، بێت: (وەش بای)، ٥. بێتەوە: (لەو ڕووژە ترسم یانەی کە ئەرز کەم/ لەو ئاخرکارە گشت بای وە ڕی خوەم) «چەپکەگوڵ»،٦. ببی، بوی: (قیبلەم سوپەردەی وەیسی نازار بای) «سەیدی»، (ئومێد هەن دەرگێڵ سەرزەمینان بای/ ئاوارەی وەتەن جام جەمینان بای) «بێسارانی»،٧. ببی، بی: (سەدبار واتەن پێم جە زمان لەنگ بای) «بێسارانی»،٨. ت باید، تۆ بێی: (بای و بوینە تۆ حاڵەکەی من/ بۆی کزەی دەروون زووخاڵەکەی من) «مینەجاف»،٩. گوندێکە لە باکووری کوردستان: (ڕۆژی ٢٥ی مانگ لە گوندی بێداقی عێراقەوە پەڕینەوە بۆ گوندی بای لە ناو خاکی تورکیا) «لە مەهاباد بۆ ئاراس».
**بایێ**: ئەو باید.
**بایا**: ١. پێویست ٢. ببا، ببایا، ببوایێت، هاتباجێ: (هۆ دلۆ خۆزی دەرگە بێ کلیل بایا/ هۆ دلۆ خەسوو داری نەبایا/ هۆ دلۆ دا بووک بدلێ خۆ بایا)،٣. بایدا، بگەڕێیەوە.
**بایێا**: بایدا، بگەڕێوە.
**بایاز**: شاخێکە لە نزیک شەمدینلی.
**بایاقوب**: شەخسێکە لە موکریان.
**بایام**: بادام، باهیڤ.
**بای‌باڵ**: ماندوییتی، شەکەتی: (تاکی نەدەمایەوە لە ناو ماڵ/ دەیدا لە دەر و لە چۆڵگە بای باڵ) «هەژار».
**بای‌باڵدان**: ١. بە پەلە وەڕێکەوتن و بزووتن: (بای باڵمان داوە لە چیادا/ ناوبانگمان کرد لە دنیادا) «بۆکوردستان»،٢. گەڕان لە دەشت و دەرا بۆ حەسانەوە و خەمڕەواندن: (بای باڵم بدەم و برووکێک وەحەسێم) «عەسکەری».
**بای‌باوەشێن**: ئەو بایەی باوەشێن پێکی‌دێنێ: (کوڵمە ئاڵەکەت بە بای باوەشێن/ هێندە ناسکە پڕ دەبێ لە خوێن) «فۆلکلۆر».
**بای‌بوور**: ئاتەشەک.
**بای‌بەقەوەت**: بای تودن و بەهێز: (بای بەقەوەت غەزەبی پێوەیە).
**بای‌بەهار**: بای بەهاری، بای وادە: (بای بەهار هات خاکی زیندوو کردەوە/ بۆیە نێرگس چاوی مەستی کردەوە) «پیرەمێرد».
**بای‌بەهاری**: بای دەمەو نەورۆز.
**بای‌بەیانی**: بای سەرسبح.
**بای‌پەردوولێدان**: مردنی کتوپڕی زاوا لە پەردوودا: (نێوچیروان مرد، دەستی نەگەیە بووکێ، بە مەسەلەی خۆمان دەڵێن بای

پەردوو لێی‌دا و مرد) «گەنجی سەربەمۆر».

**بای‌پێچەوانە**: بایەک کە بە پێچەوانەی ویست و نیاز بێ، لە کاتی شەن یا بۆ گەمیوانی: (لەبەر بای پێچەوانەی غەم لە هیچ لا ناگرم وەقرە/ لە عەردی وشکی دووری جاویدانا مەوجی دەریا خۆم) «بێخود».

**بایتار**: بەیتار.

**بای‌تەمر**: دێیەکە لە دێکۆی حەمەوی دێگولانی ناوچەی قوروە.

**بایجان**: باینجان، بامجان، باجان.

**بایجانەسوورلی**: باینجان، تەماتە.

**بایجانەسیاوی**: باینجان ڕەش.

**بایجانی**: بایجان.

**بایجانی‌سوور**: تەماتە، باینجان سۆر.

**بایجانی‌ڕەش**: جۆرێ باینجانە.

**بایجانینە**: چێشتی باینجان.

**بای‌جومگە**: ڕوماتیسم، ڕۆماتیزم.

**بای‌چایری**: شارێکی باکووری کوردستانە سەر بە شاری باتمان.

**بای‌چی**: گوندێکە لە خۆراوای کەرکووک.

**بای‌حەسەن**: گوندێکە لای کەرکووک.

**بایخ**: بایەخ.

**بایێخ**: بایخ، بایەخ: (هەر ئەو شەوە هێندی دنیایەکی بایێخ هەیە) «ئەمیری».

**بای‌خەزان**: بای خەزەڵوەر لە کۆتایی پایزدا هەڵدەکات: (چەند بە ناز دێ و دەچێ، سەرخۆش و شۆخ و شەنگ و مەست/ ئەی گوڵی نازدار، ئیلاهی، بای خەزانت لێ نەدا!) «وەفایی».

**باید**: بای.

**بایێد**: بایێ.

**بایدا**: بایا.

**بایێدا**: بایێا.

**بای‌داراووس**: داراووس، بای وادە کاتێ دار چرۆ دەکات لە ئاخری زستاندا دێ.

**بای‌دارئاوس**: بای داراووس، وای وەهاری.

**بایدقوش**: بایەقوش.

**بایدنەو**: بایدەو.

**بایێدنەو**: بایێدەو.

**بایدە**: ١. بایە، باییە، بادیە، زەرک، کاسە، چەرخی، دەفری گچکەی کانزاییی،٢. بای بدە، کرژی بکە،٣. بایە، بێی بۆ،٤. بێتە: (زەڕەی لە هەڵوای نیامە بان زوان/ دڵ و دەروونم وەخت بی بایدە بان) «چەپکەگوڵ».

**بایێدە**: بایێە، بێی بۆ.

**بای‌دەبوور**: بای خۆرئاوایی، دەبوور، بای شەماڵ، بایەکە لەلای ڕۆژاواوە بێ.

**بایدەر**: ١. ناوی دو گوندە، بایدەری سەرێ و خوارێ لە سەرشیوی سەقز،٢. ناوی چەمێکە لە لای سەقز.

**بای‌دەست‌جن**: باداری کە بە هۆی جنۆکەوە پەیدا ئەبێ.

**بایێدەمن**: بابزەن، بادبزەن: (شاکە نگا کە، گران کراسێ/ جفتێ بایێدەمن ها چەپ و ڕاسێ) «خانمەنسوور».

**بایدەو**: بایەو.

**بایێدەو**: بایێەو.

**بایر**: ١. باهیر، بور، بوورە، بەیار، کۆدە: (دڵەی من وەسەن جیۆتی ئایر/ پەنەش سۆچیۆ کەژ و کۆ و بایر) «بێسارانی»،٢. ویرانە، کەلاوە، کەلەوا: (کورەشان چنی جە بەرزەبایر) «بێسارانی»، ٣. وشک، ئیشک، بێ‌ئاو، تینوو✕: (وەیا دایم بە لێوی مەی بە لێوی/ دەم و کێوی بەیارت تەڕ بە مەی بێ) «ڕاوچی»،٤. گوندێکە لە سەر سنووری خاکی هەریم سەر

به شاری سەقز، ئێستا چۆڵ بووە.
**بایر**: بوورە، بوورگ، نەکاڵیایێ.
**بایرامقەڵاسی**: بەیرەمقەڵاسی.
**بای‌ڕۆژاڤا**: بای ڕۆژاوا: (ڕاست کرن بایێ ڕۆژاڤا را دیژن نڤینا زموردێن ل سەر عەردێ ڕاست کن) «گولشوون».
**بای‌ڕۆژاوا**: بایێ بێرین، زریان.
**بای‌ڕۆژاوایە**: بایێ بێرین.
**بای‌ڕێژنە**: بای لای قیبلە: (ئەڵێن ئەگەر با لە لای قیبلەوە هات ئەوە نیشانەی بارانە و پێی ئەڵێن بای ڕێژنە) «ڕشتەی‌مرواری».
**بایز**: ١. سوکەڵە ناوی بایزید،٢. ناوی نێرینانە: (پشت دە غەنیمێ خوّی نەکا/ ئەسمەرێ کاک بایزی چاو لێیە) «فۆلکلۆر».
**بایزاغا**: بایزاغە، گوندێکە لای سێگردکان: (لە قوشخانەوە تا دەمی ئێچقەڵا/ لە بایزاغەوە تا محەللەی قەڵات) «حاجی قادر».
**بایزاوا**: ١. گوندێکە لای غاری کەرەفتوو،٢. گوندێکە لای سلێمانی.
**بای‌زریان**: بایەکی ساردە لە باکوورەوە بێت: (خالق هەڵکەی بای موکریان/ خونچە گوڵ بێ، بە بای زریان) «حەسەن زیرەک».× بایەکی ساردە لە لای باشوورەوە هەڵدەکات، بای قوبڵە: (هەناسەی ئاشقان نەتگرێ، بێ‌مرووەتی تاکەی؟/ بترسێ ئەی گوڵی نازک‌بەدەن لەو بایی زریانە) «وەفایی».
**بایزوا**: ١. گوندێکە لە دێکۆی هۆبەتوی دیواندەرە،٢. دێیەکە لە دێکۆی پشتی ئاربەبای بانە.
**بایزاوێ**: گوندێکە سەر بە شار نەغەدە.
**بایزەمەرە**: گوندێکە لای سەردەشت.
**بای‌زەمەن**: بای سەخت، بای گوڕ.
**بایس**: ١. هۆ، هۆکار، سەبەب، سەمەد، باعیس: (لەو گوڵشەنی جەماڵە، کە خۆم باخەوانی بووم/ باعیس چ بوو، کە بووم لە دەرکی بەدەر، بەدەرا!؟) «ئەدەب»،٢. دەبێ، ئەشێ، بایەد.
**بایس‌بوون**: بوونە باعیس، بوونە هۆکاری جیایی دڵان: (کێ بایسی ئێمە بوو/ یاخوا بەردی لێ بارێ) «فۆلکلۆر».
**بایست**: بایس.
**بایستی**: بایس.
**بای‌سک**: بریتی لە تڕ و تس: (وتی: عومری تۆ ئەزانی چەندە/ بە سێ بای سکی ئەو کەرە بەندە) «پیرەمێرد».
**بایسکڵ**: بایسیکل، دووچەرخە.
**بایس‌نەبییەی**: گوێ پێ نەدان.
**بای‌سوور**: سوورەبا، بوورتاج، بای ممبارەک، بنەوشی، وەنەوشی، نەخۆشییەکە پێستی.
**بایسە**: لازم، پێویست.
**بای‌سەبا**: بای سەوا، شنەبای ڕۆژهەڵاتی، بایەکی فێنکە لەلای باکووری ڕۆژهەڵاتەوە دێ: (بۆی وەنەوشە و سونبولە سەحرا سەراسەر تۆ دەڵێی/ بای سەبا عەنبەر دەبارێنێ لە دەشت و کۆهسار) «وەفایی».
**بای‌سەبوور**: بای سەموود، بای زۆر گەرم و ئاوراوی: (بە مەزەبی دە جحێڵان، هەرچی هەناسێکی لە دوو ماشووقەی خۆیان هەڵکێشن/ گەلێ گەلێ گەرمترە لە بایەکەی سەبوورێ، لە تینی دە ئاورێ، ناوەڵڵا لە بڵێسەی دە چرایە) «گەنجی سەربەمۆر».
**بای‌سەبوون**: بای سەمووم، بای سەموون، شەڕا، بای زۆر گەرم و داغ کە باغ و بێستان وشک دەکات.
**بای‌سەحەر**: شنە، کزەبای بەیانی.
**بای‌سەخت**: ڕەشەبا، زریان، باوەرەک.

**بای‌سەڕسەڕ**: ١. بای سەخت و سارد،٢. بای زۆر توند و بەوژە و دەنگدار: (ئەگریجە لەسەر گۆنا دەکا شەڕ/ هاڕەی گوارەی دێ وەکوو بای سەڕسەڕ) «سەعید و میرسێوەدین».

**بای‌سەموود**: بای سەبوور.

**بای‌سەموور**: بای سموور هی ڕۆژهەڵاتی.

**بای‌سەمووم**: بای سەبوون.

**بای‌سەموون**: بای سەبوون.

**بای‌سەوا**: بای سەبا.

**بایسیکل**: دووچەرخە.

**بای‌شان**: لە قەراری بزووتنی شان لە هەڵپەڕکێدا: (نەخشی نەخشی وانی/ لێی‌دە بە بای شانی/ دەچم نووشتەی بۆ دێنم/ لە کن شێخی برهانی) «فۆلکلۆر».

**بایشت**: دەمەکاوەکی.

**بایشکی**: باوێشک.

**بای‌شەماڵ**: ١. شەمار، شەماڵ، بایێ باکوور، بایەکە لە باشوورەوە دێ بەرەو باکوور: (یارەب هەڵکەی بای شەماڵی/ بیدەی لە دەسرە و دەسماڵی) «حەسەن زیرەک»،٢. هێمای توندی و خێرایی: (وەختی ئالیک ڕوو بە ماڵ وەک بای شەماڵ شیرین‌ڕەوە/ بۆ ڕێگەی تەعجیل ئەوەند سستە دەڵێی وا داوەشا) «سالم».

**بای‌شەو**: کزەبای فێنکی شەوێ: (قوربانت بم ئەی بای شەوێ/ خەو بێ لە چاوم ناکەوێ/ دڵ مەجنوونە و لەیلای دەوێ) «فۆلکلۆر».

**بای‌غەزەو**: با زۆر بەتەوژم×٤٠×: (بۆرکەوە سوارێک لە پێشیانەوە تەراتێن ئەکا، بای غەزەو وە تۆزی قولیا ناگات) «ڕشتەی مرواری».

**بای‌فەرەنگ**: ئاگرە، نەخۆشی ئاورە.

**بایق**: بەقا، بڕوا، باوەڕ، متمانە.

**بای‌قوبلە**: بای زریان.

**بای‌قودرەت**: بای بەهێز×: (٢٢٥×) «بێسارانی».

**بای‌قۆرغی**: بایەکی ناوچەیی سارد و توند و بە تەپ‌وتۆزە(قۆرغ قۆپییەکە لە مەهاباد).

**بای‌قوش**: بایەقوش.

**بایکان**: شارێکی باکووری کوردستانە لای شاری سیرت.

**بای‌کاوان**: بای سەر شاخەکان: (نەک بشی وە سەیر سەفای بای کاوان/ یا وە تەماشای شاخەی شەتاوان) «مینەجاف».

**بای‌کەپۆ**: ١. جۆرێ مارە لە تیرەی ئەفعی،٢. شمشێربال، جۆرێ تەیری ڕەشە ئێواران بە پۆل لە ئاسمان دەگەڕێن،٣. بریتی لە فیز و هەوا.

**بای‌کەپوو**: ١. جووری کوڵەمار،٢. تەیر، شمشێربال، سییەپروسنەک.

**بای‌کەللە**: خەیاڵاتی ڕامیاری و سیاسی.

**بایگان**: بایەگان، ئارشیڤیست.

**بایگوریا**: گوندێکە لای دەرکار.

**بای‌گەڵوو**: قرقێنە، قورقێنە.

**بایلکە**: باویلکە، پشیلەپایزە.

**بایلۆز**: ١. دەوڵەمەن، دارا،٢. باڵیۆز، نوێنەر: (میرێ کوردستانێ ب ریزگرتن بایلۆزێ شاه پەژراند) «مەستوورە».

**بایلۆزخانە**: باڵوێزخانە.

**بای‌لوقمان**: بای سوور: (یارەببی بە بای لوقمانت ڕزێتەوە پەنجەی دەستە/ ئەتۆ مەعنای ئەلف و بێ لە دڵداری خۆ مەبەستە) «موکریان».

**بایلووز**: ئاژاوەگێڕ، شەڕەنگێز، فیتنەگێڕ.

**بایلە**: ١. بالوکە، بالوک، گەنمە٢. بایلە، قوماشێکی زۆر تەنکە.

**بایلی**: ×٦٧×: (زینی بۆرە بایلی بوو، تەڕلگی تازەی پێوە) «ئەمیری».
**بایم**: Baym ئیمە بایمن.
**بایم**: Bayim بادان، بایێم.
**بایێم**: وایێم، بادام، بایام.
**بایما**: بایمەو، بگەڕێینەوە؟
**بایماشەڵان**: بای دەبوور، ماشـەڵان، بـایەکە لەلای ڕۆژاواوە دێ.
**بایێمتیەڵە**: وایم تیەڵە.
**بایمجان**: باجان، باینجـان، بایجـان، بامجـان، باینجانەڕەشە، بەر بتەیگە خواردەمەنیە.
**بایمخالف**: بای موخالیف: (گەر عەشـیرەت گـــریە کەن هەر یەک هەتـــا ئەمـــرن کەمە/ کـوژتنی میـر بـای مخـالف بـوو بە شـەمعی دوژمنان) «سالم».
**بایممبارەک**: بای مەبارەک، بای سوور.
**بایمن**: بایم.
**بایموخالیف**: بای پێچەوانەی ژیان: (خـانی خانـان لامیعـی نەجمـا تە هەر پڕنـوور بـێ/ کەشتیـیا بەختێ تە، ئەز بایێ موخـالیف دوور بێ) «جزیری».
**بایموکریان**: هەموو ئەو بایانەی لە موکریان دێن: (خالەق هەڵکەی بای موکریـان/ خـونچە گوڵ بێ، بە بای زریان) «حەسەن زیرەک».
**بایمە**: ئیمە بایمنە.
**بایمەبارەک**: بای سوور، بای ممبارەک.
**بایێمەک**: لک، قوتە.
**بایمەمبارەک**: بای سوور.
**بایمەو**: بایمنەو.
**باین**: ١. بـان، بـێن،٢. ببـوایەین، ببـواینە: (کە لافاو دەنیشتەوە دەبوایە ئـێمە سـەرکەوتینایە و شەوێک باینایەتە میوانی دراوسێ سـەرروومان) «کۆردەرە».

**باینا**: باینەو، بگەڕێنەوە.
**باینانە**: ئینابانە، ئانیبانە: (کەڕ و گڕ و ئەرمیش و لال/ ئوفتــادە ئــو خەلقــێ بەتــال/ هنــدی نەخۆش بایناتە بال/ سافی دبـوون ژ عللەتـێ) «فەقێ تەیران».
**باینانەبال**: ئینابا لا، بهێنایەتە کن.
**باینبۆخ**: بەندک، قەرەویتە، کەراوات، گراوات، کراوات.
**باینجان**: ١. باجان، بالجانە، بالدرجانە، بامجان، بایجان، تەمـاتە، گیـایەکی گەڵا پـانی خۆمـاڵی کراوە،٢. بەری ئەو گیـایە بە کـاڵی و چێشـت دەخـــورێ: (بـــامیە و باینجـــان و کـــولەکەی چێشت) «چنگیانی»،٣. چێشـتێ کە لە باینجـان ساز کرابێ: (لە دێرێ دیانان شیوەکم لێنا بـامیە و باینجان، حەیران لە مارێ نەبوو هەمـووم دا بە دەر و جیرانان) «پەند»،٤. گوندێکە لە بەشی سەرشیوی سەقز،٥. گوندێکە لە نزیک بازیـان، ٦. شـــارۆچکەیەکە لە خـــاکی ئێـــران لە ڕووبەڕووی هەڵەبچە.
**باینجـــانخواروو**: گونـــدێکە لە خـــۆرەڵاتی چەمچەماڵ.
**بایجانڕەش**: باینجانی ڕەش، گیـایەکە بەری دەخورێ.
**باینجانسیاوە**: بادمجانی ڕەش.
**باینجانکارەش**: باینجان ڕەش.
**باینجانمیک**: گوندێکە لای سەقز×
**بایجانەمارانە**: بەری گیایەکی خۆڕسکە وەک باینجان سوورە، بەڵام زۆر وردە و ناخورێ.
**باینجـانی**: ١. بنەوشـی تـۆخ، ڕەنگـی وەک باینجانی ڕەش،٢. سـووری تەمـاتەیی، ڕەنگـی باینجان،٣. باجان، باینجان.
**باینجقلو**: ١. ناوی چەمێکە،٢. گونـدێکە لای سنە سەر بە دێکۆی حوسەیناوای باشووری.

**باینچقلو**: باینجقلو.
**بـــاینچۆ**: ١. گونـــدێکە لای دیوانـــدەرە،٢. گونـــدێکە لای ســـنە ســـەر بە دێکـــۆی حوسەیناوای باشووری،٣. ناوی چەمێکە.
**بایندەرە**: دێیەکە لە دێکـۆی کۆماسـی بەشـی ناوچەی مەریوان.
**باینە**: ١. بایەقووش، کونـدەبوو،٢. سـێ‌تەڵاقە، ئەو تەڵاقەی کە چاک ناکرێتەوە: (وە هەر سـە تەڵاق بـــاینە کەردەن/ یـــاد ڕجعەتـــش وە دڵ ناوەردەن) «مەولەوی»،٣. بانە، بێن بـۆ،٤. بێـنە، بێنەدەر.
**باینەدەر**: بێنەدەر، بانەدەر: (دە بـاینەدەر هەی ڕیـامە گـۆڕ بـاوک ئەو کەسـە مەمـک خسـتە دەمتان، دە باینەدەر دالگ‌حیزیەل!) «کۆردەرە».
**بای‌نەرم**: کزە، کزەبا، سریوە، سۆزە.
**باینەو**: بانەو، بگەڕێنەوە.
**باینەوا**: بانەوا، بانەو.
**بـــای‌نەورۆزی**: بـای وادە، بـای دەمەو بەهـار: (نەسـیمی بـای نەورۆزی شـەمیمی عەبـهەری هێنا/ بەریدی ئاشقان دیسان پەیـامی دولـبەری هێنا) «وەفایی».
**باینێ**: گوندێکە لای بارزان.
**بای‌نێوزگ**: پـێچ و بـای گـازی نـاو گەدە و ڕیخۆڵەکان کە دەبێتە هۆی قوورەی زگ.
**بای‌نیوەڕۆیە**: ڤای وەشت، بای باکوور.
**بایو**: وەرە، بێ: (ڕەفیق واچە پێم، ڕەفیق واچە پێم/ بایو پەی ڕەزای خـوا، واچە پـێم) «مینە جاف».
**بای‌وادە**: بـای وەعـدە، بـای بەهـاری، بـای شـــەماڵ لە کۆتـــایی زســـتاندا دێ، بەفـــر دەتوێنێتەوە: (بەفری بەفرانبـارە، بـێ بـای وادە قەت ناچێتەوە) «فۆلکلۆر».
**بای‌وشک**: وشکەبای سارد.

**بای‌وەشت**: بای باران، ئەو بایەی بارانی پێوە بێ: (لە پاشانا بە بای وەشتا، لە سەردا هەوری ڕەش بێنێ) «هەردی».
**بای‌وەعدە**: بـای وادە، بـای شـەماڵ لە ١٥ی ڕەشـــەمە هەڵـــدەکات و بەفـــر دەتـــوێنێتەوە: (لەشکری بای وەعـدە هـات و تەپڵـی شـادی گرتە دەس) «هێدی».
**بـــایە**: ١. بـادی، جـام، بایـدە، بـادیە، کاسـە، مەسینە، زەرکی ئاو خـواردنەوە: (حـاتەم ئـاوا نیمچە جاهێـڵ وو، دواشـوان وو، ڕۆژێـک لە سەر کانی و ئاوێک ڕانەکەیان خەفانوو، بایەیێ شیریان دۆشی) «گولشوون»،٢. بـایی، بە قەرا، بە ئەندازەی: (بایە دوو تمەنم ماسـت دەیە)،٣. ببایە، ببوایێ: (ئەڵێن نەفخەی حەیـاتی پێـوەیە، بـادی بەهـاری وایە/ بە سـروەی بـای وەتەن ماوم، بەهـار و بـای لەلام بـایە) «پیرەمێـرد»،٤. بایەخ، نرخ،٥. گونـدێکە لە دێکـۆی لەیلاخـی باکووری ناوچەی قوروە.
**باێە**: ١. دەبێ، بایەد،٢. باێدە، وەرە بۆ.
**بـــایەت**: دەبـێ، ئەشـێ: (هەی ڕۆ، ڕۆڵە، هەرچی دەربارین بـایەت بـدەینە وازڵـین ئەڕا دەست و پلتان!) «کۆردەرە».
**بایەخ**: ١. بەقا، بـروا، ئەمەگ، حەل، گرنگـی، قەدر، شانیەت، دەگەر، ڕێز: (بایەخی نیـیە) ٢. بـــایی، بەهـــا، نـــرخ و مەزنـــدەی کـــاڵا بـــۆ فرۆشتن،٣. جێ، جێگا،٣. ناوی زەلامانە.
**بایەخ‌پێدان**: ١. گرینگـی پێـدان: (بـایەخ بە قسەی ئەو گەوجەپیاوە مەدە)،٢. قەدر گرتن.
**بایەخـــدار**: ١. بـاییدار، بەقـیمەت، گـران،٢. شیاو، بەکەڵک، باش: (ئیشـێکی بایەخداریشـی بۆ نەئەکرد) «پێکەنینـی گەدا»،٣. بەقادار، ئەمەگدار، برِوادار.
**بایەخداری**: ئەمەگداری، بەقاداری.

**بایەخڕ**: گوندێکە لای تیکاب.
**بایەخەراو**: بای خراپ.
**بایەد**: دەبێ، ئەشێ: (شەماڵ تو مەحرەم بێگانە و خێشی/ بایەد ئێ جەورە پەێ مـن بکێشـی) «خانمەنسوور».
**بـایەدار**: بایەخـدار، بەنـرخ: (سـەرەڕای ئەو هەموو نوێنگەی بە دیمەن و ڕوانگەی بایەدار) «شەوارە».
**بایەدەس**: هەڵەخەرج، دەس‌بـڵاو: (بـایەدەس قەت دەوڵەمەن نیەوگ).
**بایەدەسی**: عەبلەخەرجی، دەس‌بڵاوی.
**بایەر**: بوورە، باهێر، بایر، بیوور، دهـم، سـهر، بەیار، نەڤەکری.
**بایەر**: بووورە، بایر، بایر.
**بایەزید**: ١. تەیفوور ئەبوویەزیـدی بەسـتامی، خواناسێکی بە ناوبانگ و بـاپیرەی زەردەشـتی بووە: (دەبینی بایەزیدە، وەک یەزیدێکی دەبینن خەڵـق/ بە بـێ پەردە شـەیاتینی لە ئەحـواڵی مەلەک دەدوێ) «مەحـوی»،٢. نـاوچەیەکە لە کوردستان،٣. شارێکی باکووری کوردستانە✕: (دەرسـیم، ئەرزڕۆم، ئەرزنجـان/ بایەزیـد و سـعرد و وان) «بۆکوردسـتان»،٤. شـاخێکە لە ڕۆژهەڵاتـــی وان،٥. گۆڤـاریکە بە زمـــانی کوردی،٦. ناوی کوڕانە.
**بایەزیدئاوا**: گوندێکە لای غار کەرەفتوو.
**بـایەس**: بـایە، دەبـێ کە: (پـوولم هەرامە یە بایەس بڕشی) «چەپکەگوڵ».
**بایەس**: بایەس، دەبێ.
**بایەشک**: باوێشک.
**بـایەف**: بـایەو، چەقـالە بـادام، کاڵەشـین، نەواشینک، شەواشینک، فەریکە باهێڤ، حاجی باهیڤک، باهێڤی چیایی.
**بایەڤ**: دەوەنێکە بۆ سووتاندن دەبێ.

**بایەقش**: بایەقوش.
**بایەقوورەت**: بایەقوورەت، باوەقوورەت.
**بایەقوژ**: بایەقوش، کوند.
**بایەقوش**: بایەقوژ، بایەقووش.
**بایەقوش**: بایەقووش.
**بایەقوش‌خـانە**: جێـی لانەی بـایەقوش: (کـێ کردوویتی بۆچی وێـرانەی؟/ بـۆچی کـاول و بایەقوش‌خانەی) «مینەجاف».
**بایەقووری**: بۆغمە، دمەڵێ ک لە ژێرمل درایە.
**بـایەقووش**: ١. کونەبـو، کونـدەبوو، کونـد، کونـــدەبۆ، باڵنـــدەیەکە بە نەگبەتـــی نـــاوی دەرکردووە: (تۆ وێنەی بولبول مەسـت هەوای گوڵ/ من چـون بـایەقووش چـۆڵ نەوای دڵ) «مەولەوی»،٢. بریتی لە نەحس، شووم: (بـاوکم وتی: وس بە، قۆشمەی نان‌بڕاو، بایەقووشـانە، بە زۆر نیـــیە، نـــان نیـــیە بە ناوچاوتـــانەوە!) «کۆردەرە».
**بایەقووش**: بایەقووش.
**بایەک**: ١. سریوەیەک، کزەباییـک: (مەلائیـک هات و پێی گیرا بە بـایەک نـووری کـووژاوە/ دریغـــا ڕۆژی عیرفـــان و چـــرای تـــاریکی ڕێگاکەم) «وەفایی»،٢. با یەکێک بێت: (کە ژین و بەهـــار هەر دوو بـــایەک بـــێ/ جـــوانی و نەوجوانی هەر دوو با یەک بێ) «پیرەمێرد».
**بایەکۆش**: وەجـاخ‌کوێر، جـۆرێ دۆعـایە لە ژن: (یاخوا بایەکۆش بی: منـاڵ سـەر کۆشـت نەچێ).
**بایەکەرزەدین**: گوندێکە لای مەندەلی.
**بایەڵان**: بایەدەس، وێڵ‌خەرج.
**بایەم**: بایەو، بادام، بادم، بایەڤ.
**بایەمە**: ١. بادامە، گرێی ڕەقـی بـن گەروو،٢. لوو، غودە، ڕەقایی ژێر پێست.
**بایەمەحموو**: گوندێکە لای تیکاب.

**بایەنگان**: شارێگە لە کرماشان.
**بایەو**: ١. بایەف، بادام،٢. بایدەو، بگەڕێیەوە.
**بایەو**: بایدەو، بگەڕێوە.
**بـــایەوان**: ١. بادەبـان، بـادەوان: (تەیمـوور جێژنێکـــی گەورەی گرتبـــوو، پێـــنج هەزار خێـــوەتی لە چەشـــنی بـــایەوان هەڵـــدابوو) «پێکەنینی گەدا»،٢. کەشتی بایی، گەمی بادی.
**بـــایەوە**: گونـدێکە لە دێکـۆی خـاوومیراوای مەریوان.
**بایەوەن**: دیەکەیگە لە هلێـران لە سـەر دیـن ئاڵ حەق.
**بایهەوا**: بادیهەوا، بەدەمار: (کـاتێ لەگەڵـم هەواڵ و جـووت بـوو/ زۆر بـادیهەوا و بە شاتوشووت بوو) «خانی».
**بایی**: ١. نرخ، بەها، مز، ئەرجس، چەنـدبایی: (تۆ گوتت: مەرجانە لێـوم، مـن گـوتم: جانـا! بەهـای!/ غەیـری ئەم سـەودایە جانـا، مـن چ تـاوانم نەکـرد) «ئەدەب»،٢. ئەنـدازە، بەقەرا، ڕادە، بایە: (بـایی تووڕێـک تێناگـا)،٣. بەهەوا، فیزدار، را لەخۆ، خۆپەسند، غەڕڕە: (بایی مەبە بە ژیان، کەمێ ڕامێنە/ زۆری وەکوو تۆ ئێسـتە سەتی لە شـوێنە/ ...) «خەیـام هەژار» ٤. بـادام ٥. باداری.
**بـــایێ**: ١. بـایەک، سـریوەیەک: (ئەی شـەمع! بترسـە لە هەناسـەم کە بگـاتە/ ئەو دووکەڵـی زولفە کە پەرێشانە بە بایێ) «نالی»،٢. بێت، بێ: (کۆ گرتەن پەی کەیـف، هەر یەک جە لایـێ/ چمەران وە ڕاکەی ساقی بایێ) «مینەجاف».
**بایێباکوور**: باسەر×: (بـایێ بـاکوور دبەزە/ دبەخشە روحێ تازە) «سەنار».
**بایێبوون**: خۆ لێگۆڕان، فیزدار بوون.
**بایێبێرین**: زریان، بای ئێواران، بای ڕۆژانە.
**بایێبوون**: لەخۆ دەرچوون: (ئێستە باڵنـدە لە خۆ بایی بوون/ تێـر و پـڕ گشـتی ئوروپـایی بوون) «ڕاوچی».
**بایێتووڕێ**: بریتی لە بێبایەخی و بـێقەدری: (بایی تووڕێکە).
**بایێتە**: ×××(٤٧ ×) «پەرویز جیهانی».
**بایێتەڕ**: بۆران، سازاخ.
**بایێخ**: بایەخ، گرینگی.
**بایێخۆر**: بای ووشک و بە هێزی ڕۆژاوایە.
**بایید**: لەگەن، تەشت.
**بایێدار**: نرخدار، قیمەتی، بەقیمەت.
**بایێدووژوونیە**: بایەکە بارانەی بێنێ.
**باییدە**: لەگەن، تەشت.
**بایێر**: بایەر، چۆڵ.
**بایێڕەش**: ڕەشەبا، زریان.
**بایێزەر**: زەردوویی، زەردی، چاڤمارقی.
**بایێزیپا**: کـاتی هـاتنی سـەرمای پیرێـژن لە کوردەواریدا بە پێی ئـاو و هەوای کوردسـتان بایێک هەڵدەکات بە کرمانجی پێی دەڵێن: بایێ زیپا.
**بایێژێری**: بـایەکە لە دەشـت یـا لە دۆڵەوە بێت.
**باییس**: ١. بابیسـت، بایسـت، بـاعیس، هـۆ،٢. پێویستە، گەرەکە، هەردەبێ.
**بایێس**: باییس، سەبەب.
**بایێسۆر**: نەساخی ئا (سـترپتوکوک) پۆسـتە بەدەن سۆر یان سووت و هلگرتی دبە.
**بایێسەروو**: گوندێکە لای بالیسان.
**باییف**: ناوە بۆ کچان.
**بایێکوور**: بای شەماڵ.
**بایێگور**: بای سەخت.
**باییلکە**: باویلکە.
**بـــایێمەحموو**: بـادمەحموود، گونـدێکە لای تیکاب: (تیپ لای تیکـاب و بـایێ مەحمـوو)

«ئاوێنەی‌بێگەرد».
**بایین**: بادی‌هەوان، بەخۆدەنازن: (ئەوانەی کە وا بە مەسنەد بایین/ لەگەڵ چەرخ گۆڕا، گشت چەرخی یابین) «پیرەمێرد».
**باینجان**: باینجان، باجان.
**باییجان‌سووری**: تەماتە.
**باینجانەسیاوە**: باینجانی ڕەش.
**باینجانی‌سوور**: باجانا سۆر، تەماتە.
**باییەر**: ١. دوو دێ بەو ناوە لە چل‌چەمەی سەقز هەیە، باییەری سەروو و خواروو،٢. باگر، جێی بەربا.
**بایی‌هەوا**: بادی‌هەوا، خۆپەسند: (واچاکە خەیاڵت لەگەڵ ئەسراری هودا بێ/ نەک بەحسی سوور و عەلەمی بادی‌هەوا بێ) «نالی».
**بایی‌هەوابییەی**: بادی‌هەوا بوون.
**بایی‌هەواکەردەی**: بادی‌هەوا کردن.
**بایی‌هەوایی**: خۆپەسندیی.
**بئاخ**: دەردەدار، کۆڤاندار: (گۆشتێ جانێ من هەلیا/ چ دخوەزە ژ هەستیا؟/ دل ب ئاخینە بۆنا تە) «سەنار».
**بئاڤ**: تەڕ، ئاودار، بەئاو: (دەشتا بارزانێ ب ئاڤە/ ڤان مریدا دایەڤ ناڤە/ ڤان ڕۆمییا تایە و تەنگاڤە) «بەیت».
**بئاقل**: ئاقڵدار: (ژ مرۆڤێ کەر بترسە، ژ مرۆڤێ ب ئاقل نەترسە) «پەند».
**بئاه**: ئاخدار، کۆڤاندار: (ل باغێ بلبل ئەزم/ موقیمێ دی کول ئەزم/ ب ئاه و غولغول ئەزم) «فەقێ تەیران».
**بئایات**: سوێند ئەخۆم بە ئایاتی قورعان: (ب قورئانێ، ب ئایاتێ، ئەگەر پیرێ خەراباتێ/ ببێژت سەجدە بن لاتێ، موریدێ وی دبن قاتێ) «جزیری».
**بئەدەی**: لە ڕووی حورمەت و ئەدەبەوە: (زاڤا ب ئەدەب کو چو ژ دەر دان/ شەمعا کو ل پشت حیجاب و پەردان) «خانی».
**بئەس**: بخەف، بخەوە.
**بئەڤین**: لە رووی خۆشەویستییەوە: (جارنا ژی کیسێ خوەیێ دراڤین ژ بەریکا خوە دەردخست و ب ئەڤین هەمێز دکر) «پەپووک».
**بئیشان**: ژاندار، بەئێش: (ئیرۆ ژ دەربا خەنجەرێ لازم بئیشانی مەلا!) «جزیری».
**بئێش**: بەئێش، ژاندار: (زولفان هەمی تا ب تا بکێشم/ حەققێ منە جا ب جا ب ئێشم) «خانی».
**بئیف**: باهیف، بهیف، داری بادام.
**بئێکە**: بە کەسێ، بە یەکێ: (پرسا خوە ب ئێکە ئیختیار کر) «خانی».
**بئێکەئیختیار**: بە یەکێ پیرەپیاو، بە پیرێ.
**بئیمان**: ١. ئیماندار،٢. بجەرگ، بوێر، ئازا: (زێڕ و خلعەت دا وانە/ کامل کو بوو دیوانە/ گۆ: هەرچی ب ئیمانە/ سوبحێ وەرنە مەیدانە) «فەقێ تەیران».
**بئین**: بهێن، بیهێنە، بێرانە.
**بب**: ببە، بەرە: (ب چ کارێ تە دیید ژ گول بارەکی/ تو ژ کولستانا من بب لاپەرەکی) «گول‌شوون».
**ببا**: ١. ئەگەر وا بووبا،٢. ببیا، ببیات، بیوا،٣. ببوایە، هەبا، هەمبایە: (نائومێد نیشۆ وە بەختی سیا/ زیانش چێش بی، ئەر من تۆم ببا؟) «بێسارانی».
**بباتن**: لە دەروونەدا: (حوککام ب باتن و ب زاهیر/ بێ شبهە موشابهن ب ئاگر) «خانی».
**ببادان**: بەر با دان: (مەعسووم و هەزار

حووریزادە/ ئاشق تە کر و ب بادێ دا دە) «یۆسفوزولەیخا».

**ببارە**: ببارێنە، بڕژێنە: (سۆهتن تە بەسە میسالێ شەمعان/ بەس شبهەتێ من ببارە دەمعان) «خانی».

**ببازین**: بخەینە بازی، بخەینە کار: (گورزان بهەژین، ڕمان ببازین/ ئەڤ ڕەنگە مەمێ ژ میر بخوازین) «خانی».

**بباسک**: باسکدار، بە ملە، شانی چیای درێژبووگ: (کێری ب باسکە/ یێ ڤێدا دهێن پۆڕ و وەردەک و ئاسکە) «حەیرانۆک».

**ببال**: بۆ لای، بۆ کن: (قەلبان تو دکی ب بال خوەڤە جەلب) «خانی».

**ببام**: وا بوومایە، وا بوایتم.

**ببان**: ١. ببن، وجوودیان هەبێ: (ئەگەر بێ بەینەت ببان هەزارێ/ گشت بان بە قوربان یەک بەینەتدارێ) «بێسارانی».٢. ببن، ببنە، وا بوایتن، وەها ببونایە: (غەیر جە تۆ نەدیەن چێش مەبۆ فێشتەر/ گولانی حەریر گرد ببان نێشتەر) «بێسارانی».

**ببت**: ببێ، ببێت: (دا کەشف ببت ل بەر مە ئەحوال) «خانی».

**ببر**: بەبر، بور، پلنگ.

**ببڕ**: ١. بڕندە، بڕننە، شتی تیژ،٢. بەبڕشت و هێزدار، کەسێ قسەی بڕ دەکات: (لەم ناوەدا ببڕ هەر خۆیەتی)،٣. فەرمانی بڕین: (حەوجار بگر، جارێک ببڕ)،٤. هەتاهەتایە.

**ببڕای**: بە هیچ جۆر، هەرگیز، قەت: (ببڕای ببڕای ناچمە گوند).

**ببڕای ببڕ**: ١. ببڕای، قەت،٢. هەتاهەتایە.

**ببڕای ببڕای**: ١. قەت، قەتقەت، هیچکات: (ببڕای ببڕای تازە پێ دەوماڵەی نانێمەوە)،٢. هەتاهەتا، هەتاهەتایێ: (تازە ببڕای ببڕای نەگەشایەوە) «شەرەفنامە».

**ببڵە**: ساوا، کۆرپەساوا، بێچووی تازەزاو.

**ببم**: ١. بوم، بیم، ببمە: (سۆفی نامیق، ببم وە قوروان کەنیشکەکەت)،٢. ببەم، بەرم: (گەر ببم بەر تە سجودێ د دەما کەشف و شهودێ) «جزیری».

**ببن**: بچن، بڕۆن: (بەر ب دەرگێ باشوور ببن) «مەستوورە».

**ببۆ**: ببێتە، ببێ، ببێتە: (وەختەن سەر تا پام ببۆ وە زووخاڵ/ بۆی سفتەکەم هورگیرۆ شەماڵ) «مەولەوی».

**ببوایتن**: ببوایەن، دەبوون.

**ببواین**: دەبووین.

**ببوایە**: بوایت.

**ببوت**: ببێ، ببێت: (کێ زانو چون بو ئەی دنیای یادی/ با ببوت نە بەین گەردنئازادی) «مەلا وەلەدخان».

**ببۆرینە**: ببوورە، ببەخشە: (ڤێ پرسێ لێم ببۆرینە) «پەرویز جیهانی».

**ببوشوەهەمسەر**: ببم بە هاوسەری.

**ببۆم**: ببم، ببمە: (وەختەن چون قەقنەس ببۆم بە زوخاڵ/ شاد بۆ بە گەردم زەلان یا شەماڵ) «کۆماسی».

**ببون**: ببم.

**ببونایە**: ببوایتن.

**ببوو**: ببو.

**ببوهر**: ببوورە، هەڕە، دەرباز بە.

**ببە**: ١. بوە، بیبە، بەرە، فەرمانی بردن،٢. بە، فرمانی بوون بە شتێ: (ببە پیاو: پیاو بە).

**ببەخشۆ**: ببەخشێ: (ببەخشۆ گوناش جە عەرسەی مەحشەر/ بەو شەمع میحراب ڕەسووڵ سەروەر) «خانای قوبادی».

**ببەخشوو**: ببەخشێ.

**ببەخشینە**: ببەخشە: (برایێ دیک ببەخشینە) «پەرویز جیهانی».
**ببەرخستن**: پێش خستن: (چنگلێ من بگرە ژ خوە ڕا برەڤینە/ ئەز دێ مەرگێ حەفت بڕا ب بەر تە ئێخم) «حەیرانۆک».
**ب بەردا**: لە بەردا: (ئوسکۆفەکە زولمەتێ ب سەردا/ جلفۆیەکە ئولفەتێ ب بەردا) «خانی».
**ببەرڤە**: ١. بۆ پێشەوە، بۆ پێشێ ٢. ببەرەوە.
**ببەرۆدەوام**: دەرمانمبکا، چارەمبکات: (شێم وەلای حەکیم ببەرۆ دەوام/ دەردی بێ زامەت هیجران سەرئەنجام) «بێسارانی».
**ببەرهات**: هاتەوە بە بەردا: (دل نەفەس دیسان ببەر هات، لەو حەکیم لوقمان ب سەر هات) «جزیری».
**ببەریمعیسمەت**: ئابڕووم بەری، پاریزراویم لەناو بەری.
**ببەژن**: باڵابەرز، کەڵەگەت، قەدبلند.
**ب بەلا**: بەبەلا، زیانەر، زەرنەدە، مەترسیدار: (حازر وی بەکر د عەردێ ڕاکر/ جیسمێ ب بەلا ژ جان جودا کر) «خانی».
**ببەم**: بەرم، ببیەم.
**ببەن**: ١. بەرن، بەرا،٢. ببن: (سەد کەس چون فەرهاد ببەن لێوەشان) «خانای قوبادی».
**ببەنەبە**: ببە نابە، دبە نابە، بخۆزە نەخۆزە.
**ببهور**: بگوزەرێ، گوزەش بکە: (ب وی گۆت: ببهور ب هەڤین نە ئوساکین/ کو وەک گور ل سەر تە پەز بهەرکین) «گولشوون».
**ببهی**: ببیستی، ببیسی: (تو ژ بەر پەردەیێ وەهمێ وەرە دەر تا ببهی/ چ نەوا تێتە ب سەد نەغمە ژ ئەو تارێ حدوث) «جزیری».
**ببهێ**: ١. ببیستن، بژنەڤن: (پر جاران ئەو شێور بەرەڤ دبوو وەکی ببهێ کا وەلی ژ بۆ پرسێن گرنگ چ بریار گرتنە) «مەستوورە»،٢. بژنەڤێ، ببیسێ، ببیستێ: (وەکی وی سازبەندییێ ببهێ) «مەستوورە».
**ببهێت**: ببیسێ، بژنەڤێ: (زوهرە ببهێت نەوایێ عوششاق) «خانی».
**ببهێن**: ١. ببیستین، بژنەڤین: (ئەم هێسانی ببهێن/ سترانێن چەم- کانیان) «سەنار»،٢. ببیستن: (هەر دەم ببهێن ژ نازەنینان/ سەد مەدح و هەزار ئافەرینان) «خانی».
**ببی**: دەبی، ئەبیتە: (ژ حافز قوتبێ شیرازێ، مەلا فەهم ئەر بکی ڕازێ/ ب ئاوازێ تەی و سازێ، ببی بەر چەرخ پەروازێ) «جزیری».
**ببێ**: ١. ببێژە، بلێ، بێژە: (گاڤا کو ئەوی دکی تو مەغلوب/ بێ ڕاست ببێ کییە تە مەتلوب؟) «خانی»،٢. هەبێ، دژی نەبێ،٣. گوێت لێبێ.
**ببێژ**: بلێ، بلێژ: (کوشتەیی خۆمە شەهیدی عیشوەیی دیدە و برۆم/ نایتێلم ببەیتە قەورا، بێ لە قاپیما ببێژ) «مینەجاف».
**ببێژت**: بلێ، بێژێ: (ب قورئانێ، ب ئایاتێ، ئەگەر پیرێ خەراباتێ/ ببێژت سەجدە بن لاتێ، موریدێ وی دبن قاتێ) «جزیری».
**ببێژن**: دانین، دابرێژن، بهۆننەوە: (ئاڤا ڕوییێ شاعیری نەرێژن/ گەر مومکنە ئێکە قەنج ببێژن) «خانی».
**ببێل**: گوندێکە لای سۆران.
**ببێم**: ببێژم، بلێم: (هاتم قسا بەرسیس ببێم/ شەیتانیێیا ئبلیس ببێم/ ل عابدێ حەبیس ببێم/ ئزهار بکم وێ شوهرەتێ) «فەقێ تەیران».
**ببین**: ١. ببینە: (شێخ گۆ: تو هەرە ببین وەشاقان/ تەفتیش بکە جیهـ و زەقاقان) «خانی»،٢. ببەن، بەرن: (وێ مەجالێ کو جەمالا خوە تەجەللا دکری/ لازمە سەجدە ببین بەر تە د وێ گاڤ و دەمێ) «جزیری».

**ببێن**: ببێژن، بڵێن: (سفرێ مەیێ سۆرە ئاشکارە/ زیڤ نینە ببێن کو، کەمعەیارە) «خانی».

**ببێ‌ونەبێ**: هەبێ و نەبێ، هەبی و نەبی.

**ببیە**: ببیسە، ببیستە، گوێبگرە.

**ببیەم**: ببیستم: (دەنگی مامۆستا ڕەمزی با ببیەم) «پیرەمێرد».

**ببیی**: بۆ، بی.

**ببینە**: بڕوانە، تماشاکە، بدیە.

**ببیەم**: ببیسم، ببیستم: (ئەو خاکی دەرە مەسکەنی سەد ساڵەمە، شایەد/ جارێ لە دەمی تۆ ببیەم: «سەگ بەوەفایە») «نالی».

**ببێی**: ببیسێ: (پێوەم «ئەدەب» کە تا ببیێ نالەیی دلان/ مینای دڵ، پەرەنگی دەم ئەو گۆشەوارە کەم) «ئەدەب».

**بپا**: بمێنێتەوە، مەحتەل ببێ: (هەر مشتەرییەک، دڤیا کو چەند ماه بپا) «پەپووک».

**ب پاش دا**: ب پاش دا ئاڤێتن، بە قووندا.

**بپرسان**: بپرسە، پرسیار بکە: (ئامانەت هەواڵ من بپرسان چێش/ مەر ئەو بواچۆ وێڵیم پێش) «وەلیدێوانە».

**بپرست**: بپرسێ، بپرسێت: (گەر بپرست جارەکی خاتون ل حالێ سوختەیێ) «جزیری».

**بپۆشام**: لەبەرم بکردایە: (بکەردام جارێ ئیحرام بپۆشام/ جامێ جە شەربەت زەمزەم بنۆشام) «بێسارانی».

**بپۆشان**: داپۆشن، بشارنەوە: (بە وەڵگی خەزان بپۆشان سەنگم/ تا نیشانە بۆ جە زەردیی ڕەنگم) «بێسارانی».

**بپوشۆ**: لەبەرکا، بپۆشێ، داپپۆشێ: (چارش هەر ئێد بی بە دەستەی سونبوڵ/ بپۆشۆ چۆگە کۆی خەرامان گوڵ) «خانای قوبادی».

**بپەرسۆ**: بپرسێ.

**ب پەیا**: بە پای پیادە: (هندەک ب پەیایی چونە باغان) «خانی».

**ب پەیاچویی**: بە پێ گەیشتوو: (دەرسنەخانەکی خودابناس، ب پەیا چویی/ دەرسخانەکی خودا نەناس، سوارەکی ڕازایی) «گولشوون».

**بپەشتن**: بپێچن.

**ب پەیکان**: پێکراو بە پەیکان و تیر: (مەجروحی قەوسی توزرەشی لەو دل ب پەیکانی مەلا!) «جزیری».

**بپێچەش**: تێی‌هاڵێنە، بپێچەرەوە: (حافز بۆ وە عەشق مەستان یا هوو/ بپێچەش نە دەور باهووی بێ‌ئاهوو) «مەولەوی».

**بپێکوت**: بتپێکێ: (ناشی کەماندار بپێکوت وە تیر) «بێسارانی».

**بپێکوون**: بپێکم، ببەستمەوە: (بپێکوون بە شاد تۆمار شاهیی/ غەرق بۆ دەوڵەتم تا گاه و ماهیی) «خانای قوبادی».

**بت**: ١. بوت، خوای دەسکرد، سەنەم: (مەیلێ خەتایە: ڕوو لە خەتایە بتم، بلێ:/ سوبحی بتانی چین و خەتا کەوتە شامی میسک) «مەحوی» ٢. پیشگرێکە: (بتخۆم) ٣. هەڵامەت، پەسیو ٤. ببێت، ببێ: (ئی ڤە خزرێ ڕا دڤێت ئاڤا حەیاتێ بت نەسیب/ دێ ب سەعی و جەهد یەکسان بن ل بال وێ ڕوز و شەب) «جزیری»، ٥. ببا، بدات: (موسلمانەک درێ من دە خەبەر بت بالی سولتانێ) «جزیری»،٦. بتانبێت: (خاسما د ڤی شەهری بت وە دلدار/ ئەز دێ وی بکم نوها خەریدار) «خانی»،٧. بریتی لە دڵبەری شۆخ و شەنگ: (بە کەس نابێ ڕام بتی من ئاشنا قەت/ غەزالەی بەڕ نییە ڕامی وەفا قەت) «مەحوی»، (جەوری بتان، بە حوکمی قەزا، بۆ مە عاشقان/ خۆشە، بەڵا

نەوەک بە هەموو دەم، قەدەر، قەدەر) «ئەدەب»، ٨. بەت، سۆنە.

**بتاشۆش**: بیتاشم: (مبۆ بتاشۆش تا وە نەفخ سوور) «مەولەوی».

**ب تاقەت**: خاوەن توانایی و سەبر: (دا فکر نەکی کو ڕاحەتم ئەز/ دا زەن نەبری ب تاقەتم ئەز) «خانی».

**بتالە**: گوندێکە لای چۆمان.

**ب تام**: خۆش، چێژدار: (خوەش ڕەنگ و ب لەززەت و ب تامن/ بێ شبهە ل غەیرێ تە حەرامن) «خانی».

**بتان**: جوانان، شۆخ گەل: (بێخود بە کردەوە و قسە، خاکم بەسەر وەهام/ هەروەک دەم و جنێوی بتان نیشم و هەشم) «بێخود».

**بتانم**: بتوانم، بۆم بکرێ.

**بتانن**: بتوانن.

**بتانێ**: بتوانێ، بۆی بکرێ: (بەتاقی تەنێ بتانێ ئەو چەند هەزار تان و پۆ ئاورێشمە ...) «خانی».

**بت ئاسا**: وەک بت، بریتی لە ڕەق ڕاوەستاو: (عەولا بت ئاسا ڕەق ڕاوەستا) «خاک و چەوسانەوە».

**بت ئاوی**: بەت، سۆنە، مراوی.

**بتبەم**: بوبەم، بتبەمە.

**بتبێر**: گوندێکە لە خۆراوای هەولێر.

**بت پارز**: بوت پەرست.

**بت پارێز**: بوت پەرست.

**بت پەرس**: بت پەرست.

**بت پەرسای**: بت پەرستن.

**بت پەرست**: بتپەرس، ئەوەی خوای دەسکرد بپەرستێ: (خشت پێژی هەتا کەنگێ بە سەر دەریاوە؟/ ئاخ چەندە ڕقم لە بت پەرس هەڵساوە!/ ...) «خەیام هەژار».

**بت پەرستی**: پەرستنی خوای دەسکرد: (بت بتەوان، پیرەشەیتان/ بت پەرستییان دابووە بەر/ تێ یان ئەخوڕی وەک گا، وەک کەر) «گۆران».

**بت پەرستێ**: ١. بوت پەرستێک،٢. تۆ بپەرستێ: (ئەو دڵەی وەک بت پەرستێ، ڕوو ئەکاتە چاوەکەت/ نوێژ ئەکا بۆ تیشکی چاو و زولفە تێکئاڵاوەکەت/ ...) «هەردی».

**بت پەرسی**: بن پەرستی: (بە دینم بتپەرستی عارە بۆ دین/ دەسا پەرسینی ئاوی کانی با بەس) «قانع».

**بتخانە**: بوتخانە، شوێنی بتان: (دەیوت کە بەرەهمەن مەهی ڕۆی ئەم سەنەمەم دی/ گەر بت ئەمە بێ، خزمەتی بتخانە حەرامە) «مەحوی».

**بت دروسکەر**: بت ساز، چێکەری بوتان: (هەبوو نەبوو، سەردەمی زوو/ بت بتەوان، پیرەشەیتان:/ بت دروسکەر، بتەوان گۆشدەر/ ...) «گۆران».

**بتر**: ١. پتر، زیاتر، مشەتر، زەحفتر، بێتر: (ئەڤ جینس ژ نیعمەتان بتر بن/ ئەڵ قیسم ژ حەددێ زێدەتر بن) «خانی»٢. هەراشتر، زلتر ٣. خۆپەسن، تربلند ٤. ڕەوتی دڵکرانەوە، شادبوون.

**بتڕ**: خۆپەسن، ترزل، بەدەمار، بتیز.

**بتربوون**: پتربوون.

**بترپێر**: بەسرپێرێ، سێ ڕۆژ پێشتر.

**بترپێرار**: بەسرپێرار، سێ ساڵ پێش ئێستا.

**بترژم**: ئافەرەم، ئافەریم، ئەفەکەڵڵا.

**ب ترس**: لە ڕووی ترسەوە: (هێشتا ل قوناغەکا هێمن/ ل وارەکێ بێ ترس/ ب ترس دگەرهن) «سندی».

**بترەک**: بێ شێواز، ناتۆرە، بێتۆرە، بێ ئەدەب.

**بتری**: ١. بوتری، بوتل، شووشە ٢. زۆرتری،

زۆری.
**بتساز**: بوتساز، سه‌نه‌مچێکه‌ر.
**ب‌تفاق**: ساز، کۆک: (ماڵه‌کی ب تفاق هه‌مبه‌ر گونده‌کی بێ تفاق) «گولواز».
**بتکیۆ**: بتکێ: (ئه‌سرین جه دیده‌ی خه‌رامانی تۆ/ جه سه‌ر بتکیۆ، بگنۆ وه گڵکۆ) «بێسارانی».
**بتگه‌ده**: بتخانه: (هه‌م بتی بتگه‌ده، هه‌م قیبله‌یی ئیسلام و فه‌ڕه‌نگ/ که به هه‌ر مه‌زهه‌ب و قانوونێ، په‌رستیشه حه‌ڵاڵ) «ئه‌ده‌ب».
**بتل**: بتری، شیشه، ده‌فر: (کابرا خوینا سه‌ی کره بتله‌کی و قه‌ستا گوندێ کورا کر) «گولواز».
**بتلوون**: بتلێمه‌وه: (مه‌ترسوون بمروون جه داخ یاران/ هه‌ر بتلوون وه ده‌رد چوون ده‌رده‌داران) «مه‌وله‌وی».
**بتله**: مو چاخێ ک حه‌ڵقه‌ی ده‌ن وله دام به‌نه‌ێ کار.
**بتلیس**: ١. شارێکی کوردستانی باکووره: (له عه‌زیز، بتلیس و ماردین/ زارا و مه‌کس و کلس و عیفرین) «بۆکوردستان»،٢. ناوی ناوچه‌یه‌که له کوردستان،٣. ناوی چیایه‌که.
**ب‌تلیک**: به ئه‌ندازه‌ی قامکێ: (خۆسرۆ خان ب تلیکێ بلندتر بوو، یان ژی نا) «مه‌ستووره».
**بتم**: ١. ڕۆنی تره‌به‌نتینی ٢. جۆرێ که‌سکانان، ژ که‌زوانان مه‌زنترن.
**بتن**: ١. ببێ، ببێت: (یار دێ حاکم بتن، قه‌ولێ ڕه‌قیبان گوه نه‌کت/ شاهێ مولکێ دلبه‌رێ دێ فاعێله‌ک موختار بت) «جزیری»،٢. ده‌کا، ئه‌کا: (دی بتن پورسی ل من، له‌و پور ب ڕه‌حم و شه‌فه‌قه‌یه) «جزیری»،٣. پاشگرێکه: ده‌بینتن، نابیتن، هاتبیتن.

**بتۆ**: ١. ڕێگای بن‌به‌ست،٢. ئه‌ستێور، قسر، نه‌زۆک، مه‌زووک،٣. تات، تۆک، په‌رده‌ی کچێک که کرۆشکه به‌ری گرتبێ و نابێ به ژن.
**ب‌توق**: تۆقدار، تۆق له‌مل: (گه‌رده‌ن د سێ گاز تویی/ یا ب توق و گولواز تویی) «فه‌قێ ته‌یران».
**بتۆم**: ١. له‌شکر، ده‌سته‌ی چه‌کداری،٢. تاقم، کۆمه‌ڵه، وه‌فد،٣. پارت، حیزبی سیاسی.
**بتونک**: تارمایی، ساوڕ له دووره‌و.
**بتونی**: بته‌وی.
**بتوون**: ته‌واو، تواو: (بیلجوملە د قه‌سره‌کی عه‌مه‌ڵدار/ ئه‌و قه‌سر بتوون ژ دووری شه‌هوار) «خانی».
**بتووی**: بتۆ، بن‌به‌ست.
**بتوێن**: ١. بتوین، بیتوێن، ده‌شتێکه له به‌ینی ڕانیه و قه‌ڵادزێ: (ده‌ڵێم وه‌ره با جووت بین، یاری جوانم له بتوێن) «حه‌سه‌ن زیره‌ک»،٢. ناوه بۆ کچان.
**بتوینم**: بتبینم.
**بته**: ١. به تۆ، به تۆوه، به‌هۆی تۆوه: (دا وه‌قتێ لێقایێ ب ته حه‌ی بن د به‌قایێ/ من نه‌قدێ دل و جان د فه‌نایێ ب سه‌له‌م دا) «جزیری»، ٢. پنچک، بنچک، متک، بووتگ، گیای باڵاکورت و لق و پۆدار،٣. بت، بوت،٤. ببێته، ببێ: (دلکێ منۆ دله‌کێ به‌نده/ سپنێ به‌هدینا ب کۆر و که‌نده/ کچکا ده‌لال دێ بته کۆچه‌ر/ ئه‌ز ڕه‌به‌نێ خودێ دێ ژێ ڕا بم ڕه‌ڤه‌نده) «حه‌یرانۆک».
**ب‌ته‌بایی**: تێکه‌ڵ، تێکرایی، هه‌ڤاله‌تی: (هنده‌ک ب ته‌بایی و ب که‌سره‌ت) «خانی».
**بته‌پ**: ١. نیقه‌ڵتووز،٢. ده‌سوور وه ته‌پیان.
**ب‌ته‌ڕا**: ده‌گه‌ڵ تۆ: (ته دگۆ: کو دگه‌ل ته

سادیقم ئەز/ تە دگۆ: ب تەڕا موافیقم ئەز) «خانی».

**بتەرپەرەی**: بەسرپێری.

**بتەرپێرار**: بەسرپێرار.

**بتەرس**: بترسە.

**ب تەشێن**: شیاوی تۆن، لە تۆ دەکاڵێنەوە: (خوبی و دلبەری و ناز و تەلەتتوف ب تە شێن) «جزیری».

**ب تەشینت**: بە تۆ دەشێت، لێت دێ: (ب سوڕ و سەهوی خوە پوڕی/ ب تە شینت ل بوتان سولتانی) «جزیری».

**ب تەڤان**: بە گشتی: (تیکەلی یا خەلکی کورد دگەل زاروکی نەخاسم و دگەل هاڤسی و دۆستێ و نیاس ب تەڤان گەلەک هێژایە) «گولواز».

**بتەڤایی**: دەگەڵ‌ئێک، پێکەوە.

**بتەمامی**: بە تەواوی.

**ب تەنێ**: بە تەنیا، بە تاقی تەنها: (هەڤرێ هەمی چونە دەر ژ با وان/ پیر ما، ب تەنێ دگەل دو لاوان) «خانی».

**بتەو**: ١. پتەو، قایم، موحکەم، خۆگر، توند ٢. خۆڕست، خواکرد، گژوگیای خۆڕست.

**بتەوان**: خزمەتکاری بت: (هەبوو، نەبوو، سەردەمی زوو/ بت بتەوان، پیرەشەیتان/ ...) «گۆران».

**بتەوکردن**: قایم‌کردن، پتەوکرن: (دەوڵەتی عێراق بە مەبەستی بتەوکردنی بنکەی شانەدەر فەوجێکی پۆلیس نارده بارزان) «لەمەهاباد بۆئاراس».

**بتەوە**: بتەو، پتەو.

**بتەوی**: ١. قایمی، خۆگری: (پیاوێکی چوارشانەی داڕێژراوی لەبەر بتەوی بە کورتەباڵا ئەهاتە بەر چاو) «ڕشتەی‌مرواری»،٢. خۆڕستی، سرووشتی،٣. ناخ، قووڵی: (لە بتەوی دڵەوە خۆشم ئەوێ).

**بتەوینە**: بچەمینە، بتاوینە، بتابینە، داخینە.

**بتی**: پور، میمک.

**بتیالە**: گوندێکە لە دەڤەری پشدەر.

**ب تێرهاتن**: تێر بوون: (فرشەکەکی تەنگ ژ نانەکی تسی ب تێر بن) «گول‌شوون».

**بتیز**: بتڕ.

**بتین**: کولەیەتی، ژیانی ژێردەستی.

**بتێە**: وە کڵ چەو دان.

**بتێەوەکردن**: لە ژێر چەو داشتن، لە نەزەر داشتن کەسێ ئەڕای کارێگ.

**بتین**: ژینی ژێردەستی، ل بن باندۆری.

**ب جارەک**: ١. بە جارێک، سەرجەم: (مەبنی ل وێ عادەتێ موبارەک/ شەهریی و سوپاهی‌یان ب جارەک) «خانی»،٢. یەک‌جێ، بێ‌ڕاوەستان: (شێر ب جارەکی ڤا خوە ئاڤێتە خان ئەحمەد خان) «مەستوورە».

**ب جایێ**: لەبری، لەباتی: (قورسێ مەهـ و میهرێ ئاسمانی/ ئانین تە دگۆ ب جایێ نانی) «خانی».

**بجگوڕ**: بزگوڕ.

**بجگە**: بێجگە، غەیری.

**بجم**: ببزو، بجوڵێ(ئەمرە).

**بجن**: گونجاو، لەبار، بابەت.

**بجۆشۆ**: ١. بکوڵێ، بجۆشێ: (بجۆشۆ هەر کەس وە قەد ناڵەی وێش/ بنۆشۆ هەر کەس وە پیاڵەس خوێ) «مەولەوی»،٢. بجۆشێم: (تاکەی بە خەمین لۆنگی خەم پۆشۆ؟/ تاکەی چوون کوورەی ئایر بجۆشۆ؟) «بێسارانی».

**بجۆشوونەوە**: بێمە جۆش: (دێوانان‌ئاسا بجۆشوونەوە/ بەڵاگەل چون مەی بنۆشوونەوە) «مەولەوی».

**بجه**: بەجیٚ: (گەلەک نڤیسـڤانێن بەریٚ مە و ژ مێژڤە ب ڤیٚ کاریٚ پیرۆز ڕابوونە و هەر ئێکی ل دیڤ بازا پێدڤی خلمەت و خزمەتا خـۆ ب جه گەهاندی) «ف.پ.پ.».

**ب جەبر**: بە زۆری، بە زۆرەملی: (ئەڤ ڕووح و جەسەد ب جەبر و ئێکراه) «خانی».

**بجەرگ**: بوێر، ئازا، دلێر.

**بجەرگی**: دلێری، ئازایی.

**ب جەفا**: زەحمەتدار، گران، قـورس: (ڕاستە دیتنا چیرۆک و سـەرهاتێن پەنـدا کـارەکی ب جەفایە) «ف.پ.پ.».

**ب جەمال**: بۆ جـوانی، بـۆ شـیکی: (هەریەک ب جەمال سەدری شاهەک) «خانی».

**بجەنگ**: شەڕکەر، شەڕانی، جەنگاوەر.

**بجههێشتن**: بەجیٚ هێلان، تەرک کرن: (عیسـیٚ ژی ئامێدی بجه دهیلیت) «گولواز».

**بجههێلان**: دانان، لە خۆ بەجیٚ هێشتن: (گۆتن چام و چرێسەکا پر بها و گرنگی یا ژیـاریٚ ژ مە ڕا بجه هێلایە) «گولواز».

**ب جیٚ ئینان**: بەجیٚ هێنان، کردن: (سەلاتا ئەز ب جیٚ بیـنم/ دوعـاخواز و ب ئـامینم/ ژ ویٚ فکریٚ بەتال نینم/ ل رەجا و تەمەننایێ) «فەقیٚ تەیران».

**بجیبوون**: دامەزران، نیشتەجیٚ بوون: (خـوە دگهاندن بەرییـیٚ و دیسـا ل ور بجـی دبـوو) «پەپووک».

**بجیل**: بجێل.

**بجێل**: شارۆچکەیە لە خۆرهەڵاتی ئاکریٚ.

**بجیٚ وریٚ**: ڕێکوپێک، تەکووز.

**ب جیهبوون**: ١. سـازبوون، شـادبوون: (ڕۆژا دن بەربانگیٚ زوو دیسان دانە سـەر ڕیٚ، کێفـا گشکان ب جیه بوو) «مەسـتوورە»٢. گونجـان، جیٚبوونەوە: (ئەڤ یەک تو تەهـری د سـەریٚ وی دا ب جیه نەدبوو) «مەستوورە».

**ب جیٚهکرن**: ١. کردن، بەجیٚ هێنان: (هەرچەند خەبەریٚ بەکر وی گوه کر/ ئەڤ جەبرە ل من ئەوی ب جیٚه کر) «خانی»،٢. بەجیٚ و عاقڵانە زانـین: (تاجـدین خەبەرا برایـیٚ گـۆه کـر/ مەحکەم د دلیٚ خوەدا ب جیٚه کر) «خانی».

**ب چ**: بۆچی، بـچی، ب چ تشتی؟: (ژ بـۆ چ ئوسان دبێژیٚ بـاڤۆ، چـرا ئەز ب چ ژ کـوران کێمترم؟) «مەستوورە».

**بچاڤ**: هۆشیار، وشیار، هشیار.

**بچاندن**: پچڕاندن، پساندن: (لورینا گورگـا ل نیڤشـــەڤان بچانـــدن جەرگ و ســـیٚیان) «سندی».

**بچتن**: بچێتە، بڕواتە: (ژ گولستانی جەمـالا تە گولەک بێتە زهوریٚ/ ژ دنیٚ دیٚ بچتن بەهیشتا ئیرەمیٚ) «جزیری».

**بچـــە**: بچێـتە، بـڕواتە: (بچـتە نـاو کـۆمەڵی کۆمەڵگایـان/ وتە دارێـژیٚ وەکـوو زانایـان) «ڕاوچی».

**بچـــڕ**: ١. بـانگی کە، دەسـوور وە چـڕانن،٢. بمیـــزە، بشـــاش، ٣. بخـــوەن، بخـــوێنە،٤. هوورەخوێن، هوورەکەر.

**بچڕا**: لەیٚ نوو بچڕەیٚ.

**بچـڕان**: ١. پسـان، پچـڕان، قەتیـان، قرتیـان، قرتان،٢. بچڕ، بچڕا، دەنگیان بکە.

**بچڕانا**: لەیٚ نوو دەنگیان کە.

**بچڕاندن**: پساندن، پچڕاندن، قەتاندن، قرتاندن.

**بچڕانەو**: بچڕانا.

**بچڕبچڕ**: پارچەپارچە، تیکەتیکە.

**بچڕبچڕبوون**: تیکەتیکەبوون.

**بچڕک**: بچڕک، ناوساجی، کولێرەی بەڕۆن.

**بچـــڕک**: کـولێرەبەڕۆن، ناوسـاجی، زلـوبی، بچرک، ناسکەنان.

**بچڕیان**: بچڕان.
**بچڕین**: بچڕاندن، پچەڕین.
**بچـــڕێن**: پچـــڕێن، پچـــڕکەر: (مـــن تـــا دوا هەناسەم و تا ئەو دەمەی دەمێنم زیڕەی بەنەک بچڕێنی زەمان لەبیر ناکەم!) «کۆردەرە».
**بچڕهاتن**: تێکچوون، پچڕان.
**بچڕەپێ**: بچڕەێ، بانگی کە.
**بچڕەو**: بچڕا، دوبارە گازی کە.
**بچڕەوپێ**: قاڵ بکەو پێ.
**بچڕەێ**: بچڕەپێ.
**بچڤە**: بە چ شتێکەوە: (حالێ عیسێ چـێـیە و ب چڤە مژیلە؟) «گولواز».
**بچکۆڤ**: بشکۆڤ.
**بچکۆک**: بچکۆلە، بیچک.
**بچکۆل**: بچووک، بچکۆلە: (وەکـو ئەو بەرخە بچکـــۆلەی کە هەر ئێســـتا لە دایـــک بـــوو/ لەبەرچـــی نەشـــئەیی یـــاری هەڵتـــناداتە ســـەر پاشوو؟) «گۆران».
**بچکۆڵ**: بچکۆل، بیچک.
**بچکـــۆلانە**: بچکـــۆلە، بیچـــک: (گەورەی کە لەبەر پارە تەشیڕستنە پیشەی/ بچکۆلەکەشـی نۆکەرییە کاری هەمیشەی!) «هەردی».
**بچکۆڵانە**: بچکۆلانە، بیچک.
**بچکۆلە**: بچۆلە، بچـکەڵە، بچـوک، بچکـۆک، بچکۆل، چکۆلە، گچـکە، بیچـک، بچکـۆلانە، بچکە، بچوچک، منـداڵ: (بـاڵابەرز و بچکـۆلە پێ و ئیسکارپین/ گۆرەوی و پـووز: سـفت و سپی و ئاوریشمین) «گۆران».
**بچکە**: ١. گچکە، چکۆلە، بچکۆلە: (کوڕەکەی خـۆم ئەو بچکـۆلە/ بـانگم دەکـا بـابەحۆلە) «هێدی» ٢. بێچوو، بەچکە.
**بچکەلانە**: بیچکەلانە، بچکۆک.
**بچکەلە**: بچکۆلە، منـداڵ: (یەک دوو بچکـۆلە و دوو سێ پیرێژن/ بە کاسەی دۆوە، بەرەوپیـر هاتن) «گۆران».
**بچکەڵە**: بچکەلە، گچکە.
**بچم**: ١. مەبەسـت، مانـا، مەعنـی ٢. بـڕۆم،٣. بیچم، شکڵ، شـێوە، سـیما: (وەڵـڵا حەق وایە هەزار تـــف لە خـــۆت و بچـــمە قەڵـــپەکەت بکەی) «خاک و چەوسانەوە»،٤. قەلافەت، باڵا: (بە خۆی و ئەم بچمە گچـکەلانەیەوە) «خـاک و چەوسانەوە».
**بچمبچکـــۆڵە**: کەســـی گـــولەکە و نـــابووتە: (منـــداڵەکان لە هەوەڵەوە بە کـارەکەی سـمکۆ پسا بوون و لە دڵەوە دگەدگی غەزەبیـان بـوو، واقیان بە جەسارەتی ڕیقلاوی بچم بچکـۆڵە و دەندەڕۆشک ئاسا ورما) «خاک و چەوسانەوە».
**بچمپیس**: شکڵپیس، ناحەز.
**بچمپیسە**: بیچمپیس بۆ مێ.
**بچمپیسی**: ناحەزی، ناشیرینی.
**بچمگول**: گولە، گولەکە، ناشیرین.
**بچمگولە**: گول، ناحەز.
**بچمگولی**: ناشیرینی.
**بچمناوەش**: شکڵ ناخۆش.
**بچمناوەشە**: شکڵ ناخۆش.
**بچمناوەشی**: شکڵ ناخۆشی.
**بچموەش**: بیچمخۆش.
**بچموەشە**: شکڵوەش، جوان.
**بچموەشی**: جوانی، شکڵخۆشی.
**بچن**: نەمێنێ، بڕوا، بارکات: (تەشـویش بچـن ژ قەلبێ مەحزوون) «خانی».
**بچۆ**: بڕۆ: (گۆرانیبێژ بێ و بچۆ و خـۆت بـا دە/ کـێ ئەوەنـدەی تـۆ دەروونـی شـادە!) «گۆران».
**بچوچک**: چکۆلە، بیچک.
**بچۆز**: ١. خاترا تە، خواحـافیز ٢. ژ حکایەتـا

دەنگێ کەوان دەمێ کو بترسن دفرن و دبێژن بچۆز یا پچۆز.

**بچۆڵە**: بچکۆک، بیچک.

**بچوو**: برۆ، بچۆ، دەسوور وە چین.

**بچووا**: بچوورا، بچوورەو، بگەڕێوە.

**بچوودەسەر**: بچێتە سەر، کۆتایی پێبێ: (یەی هەفتە مینیت مانگ بچوودە سەر/ ژن ساحێوماڵ دەس نیەدە کەمەر) «چەپکەگوڵ».

**بچوورا**: بچوورەو، بچووا.

**بچوورەو**: بچوورا.

**بچووک**: ١. بچکە، بچکەلانە، بچیک، بچویک، بچکۆل، بچکۆلە، بوچک، بیچک، بووچک، بووچگ، بیچکۆلانە، پچکۆلانە، پکچۆڵە، پچووک، چووک، چکۆلە، کچکە، کچکەڵە، کچکەلانە، گچکە، گچکەڵە، هەر شتێکی گچکەڵە،٢. کەم تەمەن: (چونکە یێکەس بچووک بوو/ پایەی کۆمەڵیی سووک بووا!) «گۆران» ٣. منال، زارۆک: (هێ ئەز بچووک بووم، جارەکی کالکۆ ژ من را گلی کرییە) «مەستوورە»،٤. بە پلە کەمتر: (کوڕی من بچوکی تەیە)،٥. نۆکەر، غولام، خزمەتکار: (فیدایی من لەبۆ کوردان خسووسی قەت نەبینراوە/ بچووکی بەگلەر و شێخ و مەلا و شاه و گەدای کوردم) «قانع»،٦. کەم، تۆز، نەخت: (دیت کو کۆزرەکا ئاگرا بچووک هێژ ڤەنەمرییە) «پەپووک».

**بچووکاتی**: ١. بچووکی، گچکەیی ٢. دەورانی منداڵی و ساوایی: (هەر ژ بچووکاتی خوە من حەز ژ خاندن دکر).

**بچووکانە**: ١. بچووکاتی، نامـاقوولانە ٢. زارۆکانە، منداڵانە.

**بچووکاهی**: بچووکی، گچکەیی، بچووکێتی، منداڵێتی.

**بچووکبوون**: بیچکبوون، گچکەبوونەوە: (گوندێ مە سال ب سال بچووک دبت).

**بچووکتایی**: بچووکی، منداڵی: (کەچێن وان مالباتان، د سالێن بچووکتاییێدا فێری ئاژۆتنا هەسپا) «مەستوورە».

**بچووکتی**: بچووکی، منداڵی: (ساڵێن بچووکتییا وێ گاڤا ئەو هێ هەفت، هەیشت سالی بوو) «مەستوورە».

**بچووکەڵە**: چکۆڵە، گچکە.

**بچووکی**: ١. بچووکاهی، گچکەیی، چکۆلەیی، پچووکی، بچووکایەتی،٢. سووکی، پەستی، نزمی، دژی مەزنایی: (شەبەقێک هاتۆتە ئاسۆ بۆ ئینسان/ نانوێنێ بچووکی و گەورەیی گەلان) «گۆران» ٣. بچووکێتی، منداڵێتی ٤. نۆکەری، خزمەتکاری: (تا دەمرم بچووکیت دەکەم).

**بچووکێ**: بچووکی، گچکەیی: (زیرەکی نە ب بچووکێیە) «پەند».

**بچووکێتی**: بچووکاهی، منداڵێتی.

**بچووگ**: بچێ، بچێتە: (ئەگەر ک بچووگ پایەت وە شاهی/ ئەگەر جەهاندار ئەگەر گدایی) «خانمەنسوور».

**بچویک**: ١. پچووک، گچکە، بیچک، چکۆلە: (دارا بچویکا هی خوار بی، هەکە مەزن بی، ڕاست نابت) «پەند»٢. منداڵ، زارۆ، زارۆک: (کەلەکێن ب ئومێدان بارکری/ ب پرچا بچویکان کەزیێن بری) «سندی»،٣. مرۆی ئاکار خراپ: (یێ هەڤالینا بچویکان بکەت، دێ پوزا وی ب گوی بیت) «پەند».

**بچویکبوونەڤە**: گچکەبوونەوە، بیچکبوونەوە.

**بچویکینی**: ١. کاری منالانە ٢. منالی، سەردەمی منداڵی.

**بچە**: بچۆ، بچۆرە، هەرە، هەڕۆ.

**بچەخۆرە**: زۆرخۆر، تێرنەخۆر.
**بچەرخــن**: بچەرخێـنە، خـولی بـدە: (کەم بچەرخن ئەو پیاڵەی چینی‌یە شـێتم مەکە/ تیر چاوەیلـــت مەخە، کەم تیربـــارانم بـــکە) «چارداوڵی».
**ب چەک**: چەکدار: (سەد دۆسـتت بـێ چەک و دوژمنێکی ب چەک وەکو یەکن) «پەند».
**بچەڵکەن**: بچهەڵکەن، سەمەڵغەن.
**بچەند**: بەچەند؟، بەچەندە؟
**بچەنگانێ**: شەڕوبنار، چنگەپۆپانێ، دەستەملان، سوکەشەڕ، ئامبازبوون.
**بچهەڵکەن**: بچەڵکەن.
**بچـێ**: بـڕوا، بـڕوات، بچێـتە ڕێـوە: (چـاوی نەترسێ بچێ بێ پشو) «کاکەی فەلاح».
**ب چی**: بەچی؟، ب چ تشتی؟
**ب چیـا**: کێـوزۆر، جێـی کوێسـتانی: (چـۆم ئـاکرەیێ ب چیـایە/ بەحشـتە و خـودێ دایە) «سندی».
**بچێرە**: دەلەوەڕێن: (می و گورێ تەڤ بچێرە) «پەرویز جیهانی».
**بچیـــک**: ١. گچـــکە، بووچـــک: (ڤێجـا چ دەســـهەلاتەکا مەزن هەبیـــت ئـــان بچیـــک) «گولـواز»، ٢. منـدالْ، زارۆ: (دارەک د دەسـت بچیکا/ پێ دکرن یاری‌یا بیکا) «سندی»،٣. کەم، سـووک: (تـرس و ڤەگڤاشـتنەکا بچیـک ژی ئێخستە سەر ژنا خوە) «گولواز».
**بچیکاتی**: ١. منـداڵی،٢. بچـووکی، سـاوایی: (دار و بار ژ بچیکاتی خار دبیت) «پەند».
**بچـــیمە**: بچیـــنە، بـــڕۆینە: (بەرزەچنـــاران، بەرزەچناران/ بەو بچیمە سـەیر بەرزەچنـاران) «خانمەنسوور».
**بچینۆ**: بچینەوە، بڕۆینەوە.
**بچێ‌ونەچێ**: دوودڵی بۆ چوون یا نەچـوون بۆ جێیەک: (شەنگە لە بچێ و نەچێـی حەجدا تێگیراوە) «شەوارە».
**بحال**: ١. سکپڕ، دووگیان، دووجان، ئـاوس،٢. بە حاڵ و ئەحواڵ: (ئەو بحال ئاگاه بحال بـو، شوبهێ وێ شەفقە و عەتایە) «جزیری».
**بحەسێوە**: پشوو بدە، پشوو بە، بسێوە.
**بحەق**: بەڕاستی، بێ‌گومان: (خودانێ هەبوونێ ب حەق مژوول) «گول‌شوون».
**بحەمـدیللا**: شـوکر بـۆ خـودا: (بحەمـدیللا گوڵی ڕەعنـا شـکاندی ڕەونەقـی لەیـلا/ بلْـێن مەجنـونەکەی شـەیدا ڕەئیسـی ئاشـقان بـابێ) «حەسەن زیرەک».
**ب حوسن**: بۆ جوانی و شـەنگی: (هەرچەنـد کـو هەودو شـبهێ جـان بـون/ ئەو هەردو ب حوسنێ تەوئەمان بون) «خانی».
**بحەز**: خۆویست، خۆپەسند.
**ب حەسەب**: بەگـوێرەی، بەپێـی: (ئەشـیا ب حەسەب سـیفات و ئەفعـال/ ئینـانە وجـودێ موختەلیف حال) «خانی».
**ب حەقیقەت**: بەڕاستی: (گۆتە مە دوڕدانەیی ئەم ژ تە و تـو ژ مەیـی/ لەو ب حەقـیقەت یەکین مەسئەلە بێ شوبهە ما) «جزیری».
**ب خار**: ١. دڕکدار، چقڵدار، ستڕیدار: (داغ و کەی من لێ هەزارن، گول د دەستێ شـەوکێن ب خارن) «جزیـری»،٢. ب غـار، بە غـار، ب لەز: (مەلەکێ هـادی ب خـار هـات/ قسسـەتا مورشید ب کار هات) «فەقێ تەیران».
**ب خارهات**: هاتە خوارێ، هاتە خارێ.
**بخاری**: کووره، سۆبە.
**بخازە**: بخوازە، داوا بکە.
**بخت**: بوختان، توومەت.
**بختان**: بوختان، بختیان، هەڵبەستە.
**بختان تاڵە**: بەدشانس، بەدبەخت.

**بختانچی**: بوختانکەر، قسەهەڵبەست.
**بختچی**: بوختانکەر، توومەتبزەن.
**بختخوەیٚوەپیاکردن**: توومەت خوەیٚ وە پیٚ دان.
**بختنسر**: بەدڕەژەن، شووم.
**بختوو**: بخت، بوختان، ئفترا.
**بختوەپیاکردن**: تۆمەتدان، توومەتدان.
**بختە**: بۆگدە، بخدە، قەمە، چەقۆ دۆ دەمە.
**بختەر**: خاستر، چاتر.
**بختەوار**: بەختەوەر، سەعید.
**بختیان**: بوختان، بختان، تۆمەت، هەڵبەستە.
**بختیٚان**: بختیان، بخت، توومەت.
**بخچک**: باخچە، باغچە.
**بخدە**: بختە، بگدە، بۆگدە، قەمە.
**بخڕ**: ١. کرپار، تاڵوو، بسیٚن، بسین،٢. دەسوور وە سەنن.
**بخرۆشۆ**: هاوار بکە.
**بخرین**: خنزرین، دەنگەدەنگی گیانـدار کـاتیٚ تووڕە بیٚ.
**بخو**: بخۆ، هەروا: (د ناڤ ئامێدییێدا هـاتن و چوون بخو ژ شولی دگەرهان) «گولواز».
**بخۆ**: ١. فەرمانی خواردن،٢. هەر خـۆی، هەر بۆخۆی، لەخۆوە.
**بخواز**: داواکار، خوازەڵۆک.
**بخوالتی**: کورەخاڵ، خاڵۆزای کوڕ.
**بخوالتیٚ**: کچی خاڵ، خاڵۆزای کچ.
**بخوانن**: بانـگ بـکەن: (تەنهـا ژ مـرا مەمـیٚ بخوانن/ تاجدین و دگەل بران نزانن) «خانی».
**بخوبچینت**: بۆ خۆی داچیٚنیٚ: (هەر جوتیارەک ڤیـت عەردیٚ خـو هەبـت/ ب خـو بچینـت، ملکیٚ خو هەبت) «سندی».
**بخۆبڕۆ**: بخۆ و بڕۆ، هێمایەکە بـۆ حەکـایەتیٚ کە کابرایەکی خاوەن ڕەز چاوی بە ورچێک و دزێک دەکەویٚ لە نـاو بـاغەکەی، دەبیٚنـیٚ دزە ورچە لە باغ دەر دەکـات و خـۆی خەریکـی دزی دەبـیٚ، خــودان ڕەز دزە دەگــریٚ و دارکاریەکی حەسابی دەکـات. دز دەڵـیٚ چما هرچـت بەرەڵا کـرد و منـت دارکـاری کـرد، خـاوەنڕەز گـوتی: ورچ دەخـوا و دەڕوا، بەڵام تۆ دەخۆی و دەبەی!
**ب‌خودان**: ١. دایکدار، داک ماو،٢. خـوداندار، سـاحیٚبدار: (چـارەیەک بـۆ مە ژی نڤیسـی‌با/ ملەت ب خودان با، نە سێوی با) «سـندی»،٣. مێردار، ژنی بەشوو: پیٚچیبوو: ژێهـاتی، شـیاو: (بەلی بیهنـا وی گەلەک کـورتە چـونکی بـوو ئەڤینــدار و شــەیدایێ ڤــی ژنــا بخــودان) «گولواز»،٤. بەخیٚـو، پەروەردە: (دبیٚـژن بـاب و کوڕەک قەسدا ئامێدییێ کرن کو ب خوە شول بکەن تا بشێن زارۆکێن خـوە بخـودان بـکەن) «گولواز».
**بخودان‌کرن**: پیٚگەیاندن، هێنانە ڕیوە: (ژنبابـا ویٚ ئەو ب خودان کر) «بیریڤان وهیڤی».
**ب‌خودیٚ‌کەم**: بە خودا، بە خوا.
**بخور**: ١. سووتەمەنی بۆنخـۆش: (ئەقسـامیٚ بخوور و عـود و عەنبەر/ مـاوەرد و زەبـاد و میسـکیٚ ئەزفەر) «خـانی»،٢. تفـاق، ئـالف: (شــوکور بخورمــان زۆرە، زستانەکەشــی لە ســاڵان دریٚژتــر بــوو، خەڵــک بە دەس بیٚ‌تفاقی‌یەوە سکاڵایەتی) «هەزار ئەشکەوت».
**بخوڕ**: Bixwir قاڤخوڕ، هەیاهوو.×
**بخۆر**: ١. زۆرخۆر، خۆرا،٢. نەوسن، چڵـیٚس، نەفسۆک، بەتەماح بۆ خواردن.
**بخۆربخۆر**: گەف، هەڕەشە، حەرشە.
**بخورد**: بخوور.
**بخۆردان**: ئاوردان، ئاگردان، ئێگردان.
**بخۆردنەمرد**: بخۆر و نەمیر، خوارنێکی کەم.

**بخۆز**: ١. بخووز، گـای خەفـۆک، گـایەکە لە کـاتی کـاردا بنـووێ،٢. بخـواز، بـن هەڤۆکـا هێڤۆک ژ هەڤۆکا خوستن.

**بخوزە**: غەم، خوزە، خوسە، عوقدە.

**بخۆڤە**: بەقەڵافەت، بەخۆوە، زل، زەبەلاح.

**بخوواز**: خوواستەر، ویستەر.

**بخووالتی**: کوڕی خاڵ.

**بخووالتێ**: کچی خاڵ، خالۆزا.

**بخوور**: ١. بـوغرد، بغـورد، بوخـور، بخـورد، سـوتەنی بۆنخـۆش وەک عـوود و عەنـبەر و کوندر: (لە شـەوقی ڕوویـی شـەمع و زولفـی دوود و توڕڕەیی مەجمەر/ سوپەند و عـوود و پەروانە، بخـوور و غـالییە سـووتن) «نـالی»،٢. هەڵمی ئاوی کوڵاو و دەرمان بۆ نەخۆش.

**بخووردان**: ١. بخووردانک،٢. دووکەڵا بخوور ل جڤاتێ بلاڤ دکن.

**بخووردانک**: بخووردان، جێی بخوور.

**بخوورکردن**: ١. سووتاندنی مادەی بۆنخۆش، ٢. هەڵمژینی دەرمانی کوڵاو.

**بخووز**: بخۆز، بغووز، گای خەفۆک لە کـاتی جووتدا دەخەوێ.

**بخووشک**: خیز، بەرەخیز.

**ب‌خـــوون**: خوێنـاوی: (یەعقـووب فەکـری کـــراس ب خـــوونە/ هێســـتر دوەرن ژ هەر عویبوونە) « یۆسفوزولەیخا».

**بخوویر**: جۆرە گوڵێکە.

**بخووین**: خوێناوی، خوویناوی، بەخوێن.

**بخــوە**: بخـوا، بخـوات، بیخـوا: (ژ خـوە ڕا کەباب بکە و بخوە) «پەپووک».

**ب‌خوە**: بۆخـۆی، خـۆی: (ئینسـان ب خـوە هەم زەلامە هەم نوور) «خانی».

**بخوەر**: بوومەکەر، ترخن، پڕخۆر.

**بخوەڕا**: بە خۆت، بۆ لای خـۆتەوە: (یـارەب تو ب حەقێ موستەفا کی/ خانی ب خوەڕا تو ئاشنا کی) «خانی».

**ب‌خوەش**: خـۆش بـێ، خێـر بـێ: (ڕۆڤـی گۆتی: ب خوەش، خێـری/ تـو زل مـایی، چ دنێری؟) «پەرویز جیهای».

**ب‌خوەیە**: بۆخۆیەتی، هەرخۆیەتی: (ئیسـمی ئەعزەم ما دزانت یـا مەسـیح ئەو ب خـوەیە) «جزیری».

**بخـــوی**: بخـۆی: (مینـا وان کـورمێن داران/ هەتانی کینگێ تـێ بخـوی/ مێژوویـێ سـەرێ خووشک- بران؟) «سەنار».

**بخوین**: پڕ لە خوێن: (نابتن بچم نـک خـانی بو ڤەکم دلێ بخوین) «سندی».

**بخە**: ١. بهاوێژە، باوێژە، پاوێژە،٢. پێدا بمـاڵە: (چەقۆکە لە هەسان بخە با تیژ بێ).

**بخەپێ**: بخەو پێ.

**بخەرا**: پیەنەو کە، پانی کەرەوە.

**بخەران**: ١. پیەنێان کەرەو،٢. برنگێان دە.

**بخەرانا**: بخەرانەو.

**بخەرانەو**: پیەنێانەو کە.

**بخەرەو**: پیەنەو کە.

**بـــخەف**: ١. بـئەس، زۆر بەخەو،٢. دزیـڤە، پەنیڤە، بە دزی: (من دی ب خەف سـوحبەت ب دەف، شـــاهی نەجەف فینجـــان د کەف) «جزیری».

**بخەفن**: ١. بخەوە، بخەون،٢. چەمەو بییە.

**بخەفنەێ**: ١. بیخەوینە،٢. خواریکە.

**بـــخەم**: خەمبـار، کوڤانـدار: (کـابرایەکی دزی هاتی سەری رستکی ژ شاخی بزنێ ڤەکـریە و بـریە! خـودان بـزن گەلەکـی ب خەم بـوو) «گولواز».

**بخەم‌کەتن**: خەمباربوون: (دایکا وی کرە گری و بابێ وی ب خەم کەت) «بێریڤان و هیڤی».

**بخەن**: ١. پێبکەنە، بکەنە،٢. بیخە، بخە،٣. ڕایخە، پیەنەو کە.

**بخەنا**: بخەنەو، پیەنەو کە.

**بخەندم**: پێبکەنم: (تا بخەندم بە زەمان و زەمین) «شێخ ڕەزا».

**بخەنەو**: بخەنا، بخەنەو.

**بخەنەیٚ**: ١. لەیٚ نوو برنگیٚ دەن،٢. ڕایخەن، پیەنیا بکەن.

**بخەو**: بخەوە، ڕازیٚ، ڕازە، پاڵ دە.

**بخەوراچوون**: خەوتن، خەوتنەوە: (ئوسان چەند جاران هشیار بوو و ب خەورا چوو) «مەستوورە».

**بخەوراهەرە**: بچێتەوە خەو، بخەوێتەوە: (دیسان دخوەست ب خەورا هەرە) «مەستوورە».

**بخیر**: ١. تریێ سەوز و شینی نەگەیشتوو،٢. بەخێر، بەخۆشی: (ییٚ زەنگین گوتە هەژاریٚ ڤیجا تو کیڤە دچی؟، بخیر بچی!) «گولواز».

**بخێر**: بوخار، بوغار، هەڵم.

**بخێرا**: لە سایەی، بە هۆی: (هزار بنە زیوانیٚ ب خێرا گولیەکا گەنمی ئاڤیٚ ڤەدخۆن) «گولواز».

**بخێرگ**: دەستشو، جرنە، ئامانێکە ژ جەرک یا فەیفوورییە دکەڤە بنی هەنەفییا ئاڤ.

**بخێروبێر**: پڕسوود، خێردەرەوە: (پێکڤە بسترین ئەی ملکیٚ کوردا/ چ بخێر و بێرە عەردیٚ مە تەڤدا) «سندی».

**بخیرهاتن‌کرن**: بە پیرەوە چوون، بەخێر هاتن کردن: (دەمی هەڤالیٚ ییٚ زەنگین زانی کو هەڤالیٚ وی هاتیەڤە، ئیکسەر چوو نک وی و بخیرهاتن لیٚ کر) «گولواز».

**بخێری**: بوخاری، بوغاری، بغێری، مغاری، کولینک، کوورە: (محەمەد حەسەن خان ژ جییێ خوە ڕابوو، نێزیکی بخێرییێ بوو) «مەستوورە».

**بخێریی**: بخێری، بوغەیری، بوخاری.

**بخین**: بخینە، بیخەرە خواریٚ.

**بخینە**: ١. دایکەنە، جل و کنجیٚ خۆ دانیٚ،٢. بخین، باڤێژ ژێر.

**بداخ**: داخدار، قین لە زگ: (وەگەر ڕۆژگار وی ب داخین ژ قام/ هەمی هۆگر پی ل بەر بەردن) «گول‌شوون».

**بداخوازا**: بە واتای.

**بداخوازەکیٚ‌ین**: واتەیەک واتان.

**بدار**: ١. دارا، ساماندار، دەوڵەمەند،٢. دار زۆر، سەرسەوز: (چییاییێن کوردستانیٚ بلند، ب ئاڤ، ب دار و هێشینایی‌یە).

**بداران**: بگرن: (نگاش بداران: ڕای‌بگرن).

**بدارڤەکرن**: ١. ڕێک‌وپێک کردن، تەکوزکرن ٢. خنکاندن، هەڵواسین، لە سێدارە دان.

**بدارولە**: گوندێکە لای سنە×

**بدارۆمەنزوور**: لەبەر چاو ڕاگریٚ.

**بدارەبەچەم**: چاوەدێری بکە: (چراغم بە چەم .../ بەینەتی دووریت بدارە بە چەم) «بێسارانی».

**بدارەش**: بیخە، بیخەرە: (نەسیم پەنجەی پات ئەر سەردی کێشان/ بدارەش نە توٚی دڵ دەروون‌ڕێشان) «مەولەوی».

**بداغ**: داغدار، دەردەدار: (من گۆتە دلیٚ ب داغ و دەردان/ یووسف ژ وی ڕا تو ژیٚ خەبەر دە) « یۆسف‌وزولەیخا».

**بداغ**: ناڤیٚ مێرانە: (میر بداغ و میر حەمەدخانی سوورچی و زراران هاتن) «لاس‌وخەزاڵ».

**بداغ‌سوڵتان**: ئەمیرێکی ناوداری کورد بووە، سابڵاغ گوندێک بووە ئەو کردوویە بە شار،

مزگەوتی جومعە دەسکردی ئەوە: (قایمەلان و گەرمەلانی دە خۆی داویشتەوە بـن گـومبەزی بداغ سولتانی) «گەنجی سەربەمۆر».
**بدان**: بدەن، ببەخشن.
**بـدان**: بۆ بەخشـندەیی: (میسـلی حـاتەم دێ ب دانێ دەر جیهان مەشوور بێ) «جزیری».
**بداوی‌هاتن**: کۆتایی پێ‌هاتن: (دەما گـوتنێن کەچەلۆکێ ب داوی هاتن) «گولواز».
**بدایێ**: بۆ بێنایەتم: (من ڕحێ شیرین ددایـێ، هودهود ئەر مزگین بدایێ) «جزیری».
**بدبەدە**: مەلێکی کێوی چووکە.
**بدت**: بـدا، بـدات، بـدرێ: (ئەگەر بەرقەک ژ وێ ڕوژێ ژ بەر وێ عیقد و بشکوژێ/ بدت قەلبێ وەکـی دوژێ، ل بەر دوژە دبـت بەردە) «جزیری».
**بـدرازان**: بـدوورن، بـدروون: (بەو قورئـان قەسەم، شای شەکەرڕازان/ هەر کفن مەنـدەن، پەرێم بدرازان) «مەلا وەلەدخان».
**بدرت**: ١. بدات، بدەت، دەس بدات، بکـرێ: (حجر اسـود بـدرت دەسـت زیـارەت بکـرم/ نەزرە من بت بگرم خواسێ تەریقـا مەکەهـێ) «جزیری»،٢. ئەدرەوشێ، تیشک‌ئەدا: (گەر بـبم بەر تە سجودێ د دەما کەشـف و شـهودێ/ م ل دل بـــدرت پـــورتەوی نـــورا قیـــدەمێ) «جزیری».
**بـــدرن**: بیـدڕن، لەت‌کەن: (بـدرن سـینە ب سەرپەنجە پلەنگ) «جزیری».
**بدڕن**: بدرن.
**بـدزی**: بە نهێنـی، بە پەنهـانی: (بـووکێ ب دزی کێرکەک کر پاشلا خوە) «پەپووک».
**بدقەول**: بەدقەول.
**بـــدقەولی**: بەدقەولـی، بێ‌بەڵێنـی: (تـو کە سولتانی بدقەولی مەکە) «چارداولی».
**بدل**: ١. بەدڵ، ڕازی، قایـل، قـانع،٢. لەبەردڵ، لەدڵەوەنزیـــک،٣. بەدڵ، لەدڵەوە: (وی ب دل سەح کر ژ سـازی، مـوغنی و قـانون و نـایە) «جزیری»،٤. خۆش، خوەش: (واکی دەنگێ تە ژی ها/ خـاش و بـاش و بـدل بـا) «پەرویـز جیهانی».
**بدل‌بوون**: ١. ڕازی‌بوون، بەدڵ‌بوون،٢. لە نـاو دڵا جێ‌گرتن: (مەحبووب ب دل بـت، مە ب ئەڤراز چ حاجەت؟/ عەنقا ب خوە بێتن، فڕ و پەرواز حاجەت؟) «جزیری».
**بـدل‌وجەگەر**: بەغیرەت، ئازا: (تو خـۆرتەکی زانە، خـــوویی ڕوومەت، ب دل و جەگەری) «مەستوورە».
**بدلیس**: ١. شاری بتلیس، بـاژێرەکێ دێرینـێ کوردستانی‌یە ل باشووری ڕۆژاڤایا گۆلا وانـێ ل بـاکوری کوردسـتان،٢. نـاڤێ وی زەلامـێ ئەسکەندەری بوو یێ ئەڤ بـاژێرە ب کەل ڤە ئاڤـا کـری،٣. بەو جێگـایە دەڵـێن کە ئـاو و هەوای سازگار بێ،٤. پارێزگای وان لە باکوور، ٥. ناڤێ مێرانە.
**بدم**: ١. بدەم، بدەمەدەر: (سـەد ڕەنـگ سـەدا بدم وەکـی چەنـگ) «خـانی»،٢. بـدەم، بـکەم، فیداکەم: (سەحی دێ شوبهی فەرهاد کم، بـدم ڕوحێ ژ کوڤانێ) «جزیری».
**بدم‌ب‌تالان**: بە تاڵان دان، بە فیڕۆ دان: (یەعنی کو عوزار و زولف و خالان/ یا قەنج ئەوە ئەز بدم ب تالان) «خانی».
**بدم‌تە**: بیدەم بە تۆ، بتدەمێ، بدەمە تە.
**بدن**: بدەن، بدەنە: (عیشقێ کـو بـدن ب یەک دو ئەرواح/ پەیوەسـتە دڤـێ ب هەڤ بـن ئەشباح) «جزیری».
**بدنکار**: بدێهکار، قەرزدار.
**بدو**: پدو، پووک، گۆشتی بەر دوان.

**ب‌دو**: بە دوو: (لیلا وەرە ساقی ب دو جامان مە جوان کە) «جزیری».

**بدۆ**: ١. بیدا، بیدات: (تا بدۆ سەفای بێگانە و خوێشەن/ هەروەختێ بەرۆ، باز ماڵ ویشەن) «مەولەوی»،٢. بدات، بدا: (من جێم بە هوونـاو موژگـان بـدۆ نەم) «بێسـارانی»،٣. دەکـاتەوە، ئەداتەوە: (وە بۆی ئەو باڵا و خەت و کـوڵم و فەم/ سەرو و سەوزە و گوڵ غونچە بـدۆ دەم) «مەولەوی».

**ب‌دۆ**: شیردەر، شیردار، ب شیر✕: (چێـرم ب دۆ نییە هەتا کۆتم ب ماست بێ) «پەند».

**بدۆبیروون**: بداتەدەر، دەردا: (نیشـان ئەو بـۆ دڵ نە جای خەدەنگ هوون/ پەی وزوو حەوز حەوز بدۆ وە بیروون) «مەولەوی».

**بدۆت**: بتدا، بتدات: (تا باد مراد نە پێوارەوە/ کەی بدۆت، ئاخر ئەو کەنارەوە) «مەولەوی».

**بدۆدەنگ**: دەنگ بـداتەوە: (وزان نە گەردەن بەرز پێشاهەنگ/ بشۆ بدۆ دەنگ فرسـەنگ وە فرسەنگ) «مەولەوی».

**ب‌دۆر**: بە دەورە، بە گەردش: (لەولەب و دەوران دبـۆرن/ گەهـ ل ژێـرن، گەهـ ل ژۆرن/ مە و تە نەوبەت ب دۆرن) «فەقێ تەیران».

**بـــدۆزان**: بـدۆزنەوە: (مەگەر نە هەردەی نەجدم بدۆزان) «وەلی‌دێوانە».

**بدۆشان**: بدۆشن.

**بدۆلێش**: بدات لێی: (چەمەڕای بایێن نەسیم بـدۆ لـێش/ ڕیشـەکەنش کـۆ سـاکن بـۆ پەی وێش) «مەولەوی».

**بدۆم**: بمدا، بمـداتە: (مـن وێـڵ وێـڵ گێڵـوو هەردەو هەردەوە/ هەر دەرد بـۆ بـدۆم وە دەم دەردەوە) «مەولەوی».

**بدۆنە**: بدا، بدات: (ئینشائەڵلا خـودا تۆفیقشـا بدۆنە) «د. نیعمەتی».

**ب‌دونیـــاکەتن**: خـــولانەوە، ســـووڕانەوە، وێڵ‌بوون: (نایێت ژ شەیخ ئەڤ حال و ڕەنگ/ عەیبە ل وی ئەڤ ناڤ و دەنگ/ پوڕ چوون ژ سـەر زولفـێ د شـەنگ/ ئەبـتەر ب دونیـایێ کەتێ) «فەقێ تەیران».

**بدوو**: ١. دەم‌پاراو، قسەزان،٢. پدوو، پووک.

**بدوورن**: بدروون، بیدوورن.

**بـدۆوەهەمدا**: هەڵکەنـێ: (شـنۆش نەی دەمدا، نەی دڵەی تەنگدا/ ڕیشەی ویر غەیر، بـدۆ وە هەمدا) «مەولەوی».

**بدۆهت**: ڤینۆس، ئەستێرەیەکی گەورەیە.

**بدە**: ١. بمدەرێ، بیدە بە من، ویدە، وێمدە،٢. ببەخشە، وەدە: (ژ ویسـالا خـوە زەکـاتێ بـدە میسکین و فەقیران/ کو جەمـالا تەیە کامیـل د کەمـالا خـوە نیسـابە) «جزیـری»،٣. بەهـرە، داهات، دەرامەت،٤. باج، پیتاگ،٥. نان‌بدە.

**بدەبستین**: دان و سان، داوسەت، مامڵە.

**بدەبستێن**: ئاڵش و وێرش.

**بدەبوینم**: بمدەرێ با ببینم.

**بدەر**: ١. دایندە، دایەندە، دەهندە،٢. بدە، وەدە، بمـدەیە، بـدەیە،٣. بـدە، بیـدە: (وێـت بـدەر ئینساف نەونەمام نۆ/ مەردەن خاستەرەن یـاخۆ دووری تۆ؟) «مەولەوی»،٤. بخە، بـخەرە: (سـا وەس پەردەی دڵ بـــــدەر وە پامـــــان) «بێسارانی»،٥. گاندەر، کوونی،٦. بریتی لە ژنـی بێشەرم.

**بدەران**: بدەن: (گرد وە دڵ ڕوخسەت بدەران ئارۆ) «مەولەوی».

**ب‌دەرئانین**: هێنـانەدەر، دەرهێنـان: (حـاجەت نییە جانا یەدی بەیـزا ب دەر ئـانین/ ئینکـار د دین‌دا نەبت ئیعجاز چ حاجەت؟) «جزیری».

**بدەرباس‌بوون**: گوزەران، تێپەڕین: (بەرچـاڤێ خن دیـدم ل چـۆل بێ‌ئاڤـان/ فەسـال هێـدی

بدەرباس بوو ژ لەرزان) «گولشوون».
**بدەربوون**: بدەر کەتن، هاتنە دەرێ: (سەر تا قەدەم تێکوەربوون/ ستی د سور و زەر بـوون/ فێرس د پڕجەگەر بوون/ ژ نێـڤ کەلـێ بـدەر بوون) «فەقێ تەیران».
**بدەرخستن**: هەڵکەنـدن، بـڕین: (ژ گەر بـاغێ باغدار مەلێک بخۆ بەری/ ب دەرخن غولامانە وی دارا ژ بنڤا) «زیلان».
**بدەرد**: دەردەدار، زامدار، بریندار: (وەحـش و کووڤیێ سەر ڕووکێ عەردن/ پاخاڤە دکن ژ مە ب دەردن) « یۆسفوزولەیخا».
**بدەردان**: لەدەس دان: (دا میـــر ژ وی ڕا برایێ بەر دەت/ یا ئەڤ سەرومال تـێ ب دەر دەت) «خانی».
**بدەردا**: ١. لەدەس دا: (لەورا مە ل زەرڕێ وان خەبەر دا/ حەتتا کو سەرێ خـوە تـێ ب دەر دا) «خـانی»،٢. لە دەسـی ئەدا: (هەرچـی بدیا روخ و بەناگوش/ فیلحال ب دەر ددا ژی و هوش) «خانی».
**بدەردم**: بـخەمە دەر، بڵـێم: (بەدحـال بـبم، سڕان ب دەر دم) «خانی».
**بدەردەی**: وەدەر خەی: (هندی کو ب دەر دەی لیباسان/ هندی ڤەدخونی عام و خاسـان) «خانی».
**بدەرڤە**: بۆ دەرەوە، ڕوو بە دەرێ: (مەم ژێ ب ڤی ڕەنگی بێخەبەر بوو/ خونا دلێ وی ب دەرڤە، دەر بوو) «خانی».
**بدەرڤیشـی**: بە هـۆی نەداری و فەقیـری: (گەللەک پاک ب دەرڤیشی کەتن ب فەسادی) «گولشوون».
**بدەرکەتن**: هـاتنەدەر، دەرکەوتـن: (تاجـدین کو ژ گەردەکـێ بـدەر کەت/ ڕۆژەک تە دگـۆ مەمی بـسەر کەت) «خانی».

**بـدەرکەڤتن**: بـۆ دەرکەوتـن، دەرکەتـن بـۆ کارێک: (ژ هێشەتێ بدەرکەڤین/ پانسەد مورید ب بەر کەڤین/ ب پـێش کچـا دلـبەر کەڤـین/ زائل بکین ڤێ حەسرەتێ) «فەقێ تەیران».
**بدەرۆ**: ١. بدە، بە(ئەمر)،٢. بدا، بدات: (سا کە من حەکیم نەکەردش دەوام/ مەر ئەجەل بەیـۆ بدەرۆ شەفام) «بێسارانی».
**بدەرۆپەنەش**: بـدە پێـی: (خوداونـد ڕەحمـێ بـــدەرۆ پەنەش/ ئەی بــێ مروەتـــی بســـانۆ چەنەش) «بێسارانی».
**بدەرۆت**: بتدا، تۆ بـدا: (بەڵ لیبـاس عەفـوو بــــکەرۆت خەڵات/ جە وەخــــت مەردەن بدەرۆت نەجات) «مەولەوی».
**بـدەرووش**: بیـدە، بـدە: (نـامەم بگـێلان وە هـۆزانەوە/ بـدەرووش وە دەس دڵسـۆزانەوە) «مەلای جەباری».
**بدەروو**: بدەم.
**بدەرووتبازی**: هەڵتخەڵەتێنێ.
**بدەرووممۆڵەت**: مۆڵەتم بدا.
**بدەرە**: بدەر بۆ مێ.
**بدەرەش**: بیدە: (بورە بگریاش وە هـۆزانەوە/ بـــدەرەش وە دەســـت دڵســـۆزانەوە) «مەلا وەلەدخان».
**بدەرەم**: بمدەرێ، بیدەرە من، بیدە بە من.
**بدەرۆش**: بدا، بیدا، بیدات.
**بدەرۆشفەنا**: لەناوی بەرێ: (هۆرئامان مـدران نە ڕوی تەمەنا/ مەر بـادی قـودرەت بـدرۆش فەنا) «بێسارانی».
**بدەری**: ١. دەهەندەیی،٢. حیزی.
**بدەرێ**: ڕێی خۆت بگـرە و بـڕۆ: (ئەگەر تە قەبوول ناکی، بدە ڕێ) «پەپووک».
**بدەریم**: بدەین.
**بدەرین**: بدەین.

**بدەست**: ئەنقەست، بە ئانقەستە.

**ب دەست**: خراپ، حاڵ بەد: (ساقی مە بگر کو ئەز ب دەستم/ مەخموور و مەی نەخوارە، مەستم) «خانی».

**بدەست‌ئینان**: دەس خستن: (ئێجا هەڤالەکی ل عەمرەکی بدەست دئینن/ نابە ب دەمەکیێدا ژ خو بئێشینن) «گولشوون».

**بدەست‌درێژی**: دەس‌درێژی بۆ سەر ماڵ و نامووس و وەلاتێ خەلکی.

**بدەست‌ڤەئانین**: وەدەس خستن: (ئەرێ چوونا من چ کار تێکرن نەگەهاندنە ب دەست ڤەئانینا ئەنجامێ تەپانێ) «بێریڤان وهیێڤی».

**بدەسەلات**: دەسەڵاتدار، دەس‌ڕۆیشتوو، دلێر، زانە، زۆردار، خورت، ژێهاتی.

**بدەفتەرکە**: بخەرە ناو دەفتەرەکەت: (خەت و خالان نیشان نیشانی دە/ مە ژ ناڤێ خوە ڕا ب دەفتەر کە) «جزیری».

**ب دەڤ**: سەرزارەکی، دەمی، بە دەمی.

**بدەق**: ب دەق و دەق، گەش و سەربلند.

**بدەک**: ١. ئازا، بوێر، بجەرگ،٢. فێڵباز، فێڵەزان، گزیکار.

**بدهکار**: دەیندار، قەرزدار، بدێهکار.

**ب دەنگ**: بەدەنگ، بەسەدا، سەدادار: (ب دەنگ و بانگ و ئاوازێ، دبێژیت نەغمەیا سازێ) «جزیری».

**بدەن پەنەم**: پیم‌بدەن.

**بدەنەڤ**: بدەنەوە: (هەر دوو ڕێڤینگا گۆتە وان ڕێکا هەوە یا نێزیکە، وێ کادی جارەکا دی بدەنەڤ مە) «گولواز».

**بدەو**: ١. بەغار، قۆچاغ، چوست، چالاک،٢. ئەسپی خۆش‌ڕەوت، خۆشبەز، بۆر و بدەو: (لە بەر پرمەی دە کەحیلان، لە بەر کۆڕەی دە ب دەوان) «گەنجی سەربەمۆر»،٣. سەر شانی ئەسپ،٤. بدەم، بیدەم: (چراغم بە چین .../ ئەر چینی زولفت بدەو بە ماچین) «بێسارانی»،٥. بتدەم، پێت بدەم.

**بدەوش**: بدەم، بیدەم: (چون لۆنگ مەجنوون بدەوش وە کۆڵدا/ بگێلوو وە دەشت پای سارا چۆڵدا) «مەولەوی».

**بدەون**: بدەم: (بگێلوون چەنی هامفەردان وە شاد/ وە سەر بەرزاندا خەم بدەون وە باد) «مەولەوی».

**بدەه** : باج، باژ، پیتاک، میری.

**بدەهکار**: بدێهکار، دەیندار.

**بدەهم**: ١. سزا، تۆڵە،٢. باج، سەرانە.

**بدەیی**: بدە، دان.

**بدی**: بدێ.

**بدێ**: ١. بەخشش، دەسننە، دەسەنە،٢. ببەخشی، بیدەیتێ: (وێ نیهالێ ب دەر ئاغوش و بدێ جانێ شرین/ شاخێ عومرێ ب خوە بەرژی و ژ قەیسەر مەکە بەحث) «جزیری».

**بدیا**: ١. بدیبا، دیتبا: (ئاخ، پەی خەلوەتی بدیبام و بێخەم/ سیوای تۆ دیدەم، کەس نەدیام وەچەم) «مەولەوی»،٢. بیدیبا، ئەوی دیتبا: (هەرچی بدیا روخ و بەناگۆش) «خانی».

**بدیات**: بتبینایە، بتدیبایە: (دریغا بدیات نە ڕووی سەرزەمین) «بێسارانی».

**بدیام**: بمدیایە، بمڕوانیبایە: (ئاخ، پەی خەڵوەتێ بدیام وە بێ‌خەم/ سیوای تۆ دیدەم، کەس نەدیام وە چەم) «مەولەوی».

**بدیای**: ببینی: (بدیای بە شێوەی نەقش نەووەهار) «بێسارانی».

**بدیایەش**: بیدیایە.

**بدیت**: دی، دیتی، چاوی پێ‌کەوت: (دەما کو دیک دوژمن بدیت) «پەرویز جیهانی».

**بدێرە**: بکە: (گۆ: دایە! تو من بدێرە مەعزور/

کی جانی د دست دەست خوە دەستوور؟) «خانی».

**بدیکار**: دەیندار، قەرزدار.

**بدێکار**: قەرزدار، بدێهکار.

**بدینا**: ببینیٚ، بدیتنا: (گەر دوو سەد پەیکان د نێڤا دل ب وان دیٚ خوەش بووان/ هەردەمیٚ کەوکەب بدینا نەجم و پەروین بیٚ حیجاب) «جزیری».

**بدیۆ**: ١. بڕوانیٚ، ببینیٚ: (سەفات خەجاڵەت دان وە جام جەم/ دیدەی بەد مەر عەکس ویٚش بدیۆ وە چەم) «مەولەوی»،٢. بڕوانم، تەماشا بکەم: (چراغم گولاٚن .../ ئەر بیٚ تۆ بدیۆ، من وە ڕووی گولاٚن) «بێسارانی».

**بدیوبسان**: داد و بسەد، دان و ستاندن.

**بدیە**: ١. بڕوانە، بنێڕە، ببینە: (بدیە بەو دەجلەی بیٚکەنارەدا/ ڕەوانەن وە بەین بەغدا شارەدا) «مەولەوی»،٢. بدیٚ،٣. بیدیتبایە، چاوی پێی بکەوتبایە: (شەوقا وی ددایە ئاسمانی/ هەرچی بدیە د چوو ژ جانیٚ) «یۆسفوزولەیخا».

**بدێهکار**: بدیکار، قەرزدار.

**بدیەوە**: بڕوانە، ببینە: (بدیەوە کەردەی سیای چەرخەزاخ/ چەندش دان وەهەم خانەدان ئوجاخ) «م.ح. دزلّی».

**بدیەوەلاوە**: لاکەرەوە، ئاوڕبدەوە: (سا دڵم وەش کەر وە ئیلتیفاتیٚ/ بدیە وە لاوە، بوینووت ساتیٚ) «مەولەوی».

**بدیەی**: سەیرکەی، بڕوانی: (واتم مەر بدیەی وە جەستەی حاڵم/ بزانی پەی چێش دەروون زووخاڵم) «بێسارانی».

**بدییام**: بدیام، بمدیبایە: (مەککەی موبارەک بدییام وە چەم) «بێسارانی».

**بر**: ١. باتی، جێی، جیاتی، جیات ٢. بریٚ، برا: (ژن زرەنگ وەزیریٚ مێرانە، بور ژی بریٚ شێرانە) «پەند»،٣. برد، بردم: (من ڕیٚ ژ سەرابیٚ ب شەرابیٚ بر و مونکیر) «جزیری»،٤. بردی: (جار ژ شەیخ ژ ڕەنگیٚ جنانڤە/ دل ژ شەیخ سەید کر، ب جانڤە/ بر ب سەر بەحرا عومانڤە/ گرت ب داڤا ڕەغبەتیٚ) «فەقیٚ تەیران».

**بڕ**: ١. بڕ، گیایەکی خۆشە لەگەڵ پەنیر تێکەڵ دەکریٚ بۆ خواردن ٢. بڕێک، کەمێک، هێندێکی کەم لە شتیٚ: (بڕیٚ ئاوم پیٚ بدە) ٣. بڕەدار، قەڵتەدارێکی بڕاو: (دوو بڕ دار بێنە) ٤. دەراو، دەراڤ، بوار، جێگای پەڕینەوە لە ئاوی چۆم: (ئەم ڕووبارە بڕ نادا) ٥. بزاڤ، جووڵە: (ئەڤ ئاڤە ژ بڕ کەفتیە) ٦. ساڵ لە تەمەنی یەکسمدا: (جوانوەکە یەک بڕە یا دوبڕە؟) ٧. هێز، تاقەت، تابشت، بڕشت: (بڕ ناکەم لەم کێفە سەر کەفم) ٨. دەسە، دەستە، کۆمەڵە، کەرت: (دا بناسی خەتەری ڕیٚ تو نەبی غافل ژیٚ/ دێجلەیە لیٚ دپڕن بڕبڕی پیل و بەر و مەرخ) «جزیری» ٩. تیرە، تایفە، هۆز: (برا تۆ ئێژی جافم، لە کام بڕی؟) ١٠. پاشگری بە مانا بڕندە: (جاران دابڕ بوو، ئێستا بۆتە میری سەربڕ) ١١. پاشگری بە واتا کونکەر: (دز بە ماڵبڕ دیوارەکەی بڕیوە) ١٢. کاری داپاچین و لەتکردن: (قەڵت و بڕی تێخستن داری نەهێشت)،١٣. بڕین و دڕاندن بە مقەست: (حەوجار بگر جاریٚ ببڕ) ١٣. قوتارکەر، تەواوکەر: (ئەم هەتیوە نان و دۆبڕە)،١٤. بڕشت و کار ڕاپەڕاندن: (زۆر پیاوێکی بە بڕە) ١٥. گۆترە، بیٚپێوان، دەمبڕ: (بەری ئەم گوێزە لە بڕ چەندە؟)،١٦. قەبەڵ، قونداراتی، یەکجارەکی: (ئەم خانوەم لە بڕ بە کردن داوە)، ١٧. دەسکاریی پەڕی قومار: (بڕی لێدا)،١٨. لە

گەل دوور کەوتوو: (ئەم گیسکە لە مێگەل بڕ بووە)،١٩. بە زۆر خستنەناو: (داریان تێ بڕی)،٢٠. تەڕ، شێدار: (کراسەکەم تەڕ و بڕە)،٢١. تڕ،٢٢. بڕ قاڵی،٢٣. پت لاڵ،٢٤. برد گولە: (گولەی تا ئەورە بڕ نیەکەی)،٢٥. بەشێگ لە کار خەرمان هێزدان،٢٦. کارامە، لێزان، شارەزا: (کوڕ بڕ دارێکە)،٢٧. تاوێ، تاوێک، زەمانێکی کەم: (بڕێک درێژ بوو سەرخەوێکی شکاند)،٢٨. مەودایەکی کەم: (بڕێکمان ماوە بگەینێ)،٢٩. هەتەر، بوردی چاو، ٣٠. تاسە، ئارەزوو: (لەبەر ئەوەی برسێتییان زۆر چەشتبوو بڕیان بە گۆشتی گیسکەکە نەشکا) «گورگ و بزن».

**برا**: ١. برێ، برادەر، براک، کاکە، کەکە، کەک، پێوەندی نێوان کوڕ و کوڕ و کچانی دایک و باب: (وەرە قوربان! بە جن هەر دوو برا بین/ کە تۆ بێ مادەر و من بێ پودەر مام) «نالی» ٢. هەوال، هاوڕێ: (چوو دەگەڵ گوێکورتی ئەحمەق کەوت و لێک بوونە برا) «ئاوات»،٣. بردرا، بریا، دژی هاوردرا، کرداری ڕابردوو بۆ یەکێکی نەدیوە ٤. ژ بۆ ڕوومەتێ دبێژن هەڤدو ٥. با، دەبا، بهێڵە، بلا، بێلا: (شاخێ بەرێن برا ل سەرێ بەرانی گرانیەک بیت) «پەند»،٦. بێژرا، گوترا: (بە هەچ دەردێک بوو نان و چا خورا/ دیسان بۆ ڕێگا ناوی خوا برا) «گۆران»،٧. بریا، خۆزیا، خۆزگە: (دە برا تو کوڕ بوویایی، وێ چ ببوویا) «مەستوورە»،٨. لە جێی چلە گەورە و چلە گچکە بەکار براوە: (مانگی ڕەشەمەیە، تەشقی عەرز و ئاسمان شکاوە، چلەکان مردوون، خاتووزەمەریر شینی برایان دەگێڕێ) «هەزارئەشکەوت»،٩. بەبڕشت، تیژ: (وی مولحید شیر وسا سەقا کر/ میسری ژ خوەڕا وسا برا کر) «خانی».

**بڕا**: ١. بردرا بە تیغ و شتیتر: (بە تەور دارەکە بڕا ) ٢. تیژ،٣. خەلاس بوو، بڕاوە: (نانمان لە مالا بڕا) ٤. بەڕاستی؟، بەڕاستیە؟، ئایا ڕاستە؟.

**برائۆ**: ئەی برا، ئەی برادەرینە: (جهان ئەی برائۆ نامینە ب کەس/ دل لسا جهان ئافەرین بەند و بەس) «گولشوون».

**برائی**: ١. بەرایی، ئارەزوو ٢. برایی، برادەری، برایەتی.

**برائیسقا**: نەخۆشی و دەردێکە لە ئیسقا سووکترە.

**براباب**: ١. برای باوک و دایکی ٢. برای بابی، براباڤ، باوکبرا،٣. مام، مامە، ئاپۆ.

**براباڤ**: مام، براباب.

**برابوون**: ١. ئەو دوو کەسە برای یەک بوون، ٢. بردرابوون، ڕفێنرابوون: (ڕاویان کردبوون و گرابوون و بەدیل برابوون) «شەرەفنامە».

**برابەش**: ١. هاوبەش، بەشدار، بارەبرا، هاوپشک لە مالا: (لە سەر مال مابوونەوە بە برابەش ڕایان دەبوارد)٢. خاوەن بەش: (لەجێی تۆ خەمی گرتۆتە باوەش/ زاری و بێخەوی بونە برابەش) «برایم ئەحمەد»،٣. دۆستایەتی زۆر نزیک،٤. بابلیچ، براتووتە.

**برابەشی**: براوەشی، شەریکاتی: (یارە و پیرۆتی باوکیان برایەتیان خۆش بوو، چەندیهای چەند ساڵ بوو دڵی یەکتریان نەیەشاندبوو، لە سەر ماڵ مابوونەوە و بە برابەشی ڕایان دەبوارد) «پێکەنینی گەدا».

**برابەللی**: دایکبرا، برایێ گورگی، برایێ جوونی قوتی، برایێ ماری، برایێ دفنبڕی، برایێ قەلێ نکلێ وی بگوویە.

**برابەلو**: گیایێکە بوچگ جوور دار خورما.

**برات**: ١. براکەت، هاوخوێنت،٢. براکەت، برای دای و بابیت: (هەزاران ئافەرین مفتی! لە

ڕەفتار و لە ئايينت/ بەوەڵڵا حەيفە تۆ بمرى و برات هەڵكاتە تەڵقينت) «قانع».

**براتوتە**: براتۆتە.

**براتۆتە**: براتووتەڵە، براقچ، تبلا قليچكێ، تليا بابليچك، تليا بەركليچك، قامكى كن تووتە: (براتوتە وە بۆڵە/ ئەنگوستيلەى لە كۆڵە) «هەژار».

**براتووتە**: براتۆتە، مەلەمووچك.

**براتووتەڵە**: براتووتە.

**براتى**: برايانە، برايەتى، وەک برا، برايى: (دووست مە ژمار وى كەسى هەرگاڤخۆر/ كر لاڤا براتى و هەڤالتى) «گولشوون».

**براخاس**: ١. براى باش،٢. ناوى پياوانە: (كابرايەک هەبوو براخاسى ناو بوو) «ڕشتەى مروارى».

**براخو**: ژنبرا، براى ژن، براخووا.

**براخووا**: براخو، ژنبرا.

**براخوە**: خزم، كەس، مالبات، فاميل.

**برادۆست**: ١. ناوچەيەكە لە سنوورى ئێران: (ئەميرخانى برادۆست ئاڵاهەڵگرى يەكەمى ئەم بيرە بووە) «توحفە»،٢. شاخێكە بەرز لە باكوورى ڕەواندز،٣. دۆست، هەڤال: (تەبيعەت قاعيدعى وايە لەگەڵ گۆڕاو برادۆستە) «دڵدار».

**بڕادە**: وردەئاسن، ڕيک، خاكەئاسن، خاكەمرمەند، خاكەڕوو ئاسن.

**برادەر**: ١. دۆستى نێر، دەستەبرا، ئاواڵ، ئاشنا، ناسياو، ئامبايى، براک، هاواڵ، هەڤڕى، برا،٢. ئەى برا: (كەسوكارت وەكوو مارن، ئومێدت هيچ نەبێ پێيان/ لەژێر سايەى ئەوان دەچۆ، برادەر خۆتى لێ لا كە) «ف. بێكەس».

**برادەراتى**: هاواڵەتى، براكەى، برادەرى.

**برادەرايەتى**: برادەراتى، ئاواڵەتى.

**برادەرى**: دۆستايەتى، هەڤاليتى، برايەتى، برادەرايەتى، ئاواڵايەتى: (لە كردەوەى ناشيرينى لێويان گەزيوە/ لە هاوڕێيى و برادەريى دەستيان سڕيوە) «گۆران».

**برادەريەتى**: ئاواڵەتى، دۆستايەتى، ئاشنايەتى.

**برادەريى**: برادەرى.

**برار**: برا.

**برارزا**: برازا.

**برارزازا**: برازا.

**برارزاوەزا**: برازا.

**برارِۆ**: ١. شين بۆ لە دەسدانى برا،٢. برالەڕۆ، بريتى لە كۆست و ڕووداوى ناخۆش: (پشتى كە دا بە پشتەوە، بۆ پشتشكاندنە/ ئەمڕۆ خوداشوكرتە، سبەينێ برالەڕۆ) «مەحوى»،٣. بريتى لە كوڵى گريان: (بە كۆڵێک ئاخ و داخەوە، هەر ئەوەتە لە برارِۆى نەدەدا) «خاک و چەوسانەوە».

**برارِوو**: برارِۆ.

**برارەى**: برايەتى.

**برازا**: ١. برارزا، برازاگ، بەرازا، كوڕ يا كچى برا، برازى(كوڕى برا)، برازێ(كچى برا): (برا بوو بە برازا/ كار لە كار ترازا!) «پەند»، (چون تۆ برازاى ئەو مامۆسانى) «م.ح. دزڵى».

**برازازا**: نەوەى برا.

**برازاڤا**: برازاوا، برازاڤە، ياريدەدەرى زاوا كاتى بووک گوێستنەوە: (برازاڤا و بەربووک، مێر و ژنێ هەڤ دبن).

**برازاڤە**: برازاڤا.

**برازاگ**: برازا: (واريسش نييەن هيچ كەس نە جايێ/ بەڵێ ئەو دارۆ يەک برازايێ) «خاناى قوبادى».

**برازاوا**: ١. كەسێ كە پشتوێنى بووک دەبەستێ،٢. برازاڤا، كەسێ ک لە لايێن زاواوە قسيە كەيد،٣. هەموو ئەو كەسانەى بەشدارى

شایی کەسێک دەبن: (دایک وە قوروان ئەساسەی شایی/ بـرازاواگەل ماتەڵ مبارەکبایی) «ئاوێنەیبێگەرد».
**بـرازاده**: برازا: (شا وات: بە بانوو زولفان عەنبەربۆ/ شنەفنم جەی وەر برازادەی تۆ) «خانای قوبادی».
**برازسرووشت**: بەرازخوو.
**برازه**: ١. نوێڵ، لۆسە، باری، باریە، مەڵغە، لەوازە، دەلەم،٢. برازا، برازی: (باب و پس و برازە/ هەر سێ کرن جەنازە) «فەقێ تەیران».
**برازەما**: برازاوا.
**برازەمایی**: برازاوایی.
**برازی**: ١. برازا، کوڕی برا: (ژ بۆ تەختێ وەلی باڤ و کور، دو برا، ئاپ و برازی) «مەستوورە»،٢. بارودۆخ: (برازییا ڕەوشا میرگەهێ ئالۆزە و وەلی ئەمر کرییە باجا ئیسال زێدە بکن) «مەستوورە».
**بـرازێ**: برازا، کچی برا: (ژ میراسا ئاپان هەبوونەکا پر گران کەوت ل دەستێ برازێ وان) «گولشوون».
**بڕازیان**: بە جوانی، ب ڕێکوپێکی.
**برازیی**: برازی، برازا: (لێ ئەز نەچارم دیسان یەکی ژ وێ مالباتێ داینم دەوسا وی، یان کوڕێ وی، یان برێ وی، یان برازییێ وی) «مەستوورە».
**بـراژتن**: ١. بژارتن، بژاردن، هەژمارتن ٢. برژاندن، کەواوکرن، بریانیکردن، بۆدان (دانەوێڵە).
**براژک**: براشتی، گۆشتی برژاو.
**براژن**: ١. ژنی برا، ژن برا، بوورا، ژنا برای: (بێرەدۆشی چاکە و لەگەڵ یەکێ لە براژنەکانی مەڕ دەدۆشێ) «ئەمیری»،٢. بۆ گازیکرنی ژنی ئاواڵ و ناسیاو بەکاری دێنن.
**براژەن**: براژن: (براژەن غونچە کۆمەکم کەرۆ) «م.ح. دزڵی».
**براژەنی**: براژن، براژەن.
**بڕاست**: ١. دوور لە درۆ،٢. بەڕاس، بەڕاست؟
**بڕاستی**: ١. بەڕاسی، بەڕاستی، ئایا واسە؟،٢. بەڕاست، بەبێ شک: (ب راستی شاعیرەکی باش بوو) «مەستوورە».
**براسـەگ**: جۆرێ دژمین و جوێن: (لە بەدبەختی من دۆخینەکەم بوو بە گرێکوێرە! و هەرچیم کرد بەنی دووخینی براسەگ نەکرایەوە) «کۆردەرە».
**براسەێ**: براسەگ.
**براسەیار**: بە مریدەکانی بزووتنەوەی حەق ئەوترا کە تەریقەتی سۆفیەتییان بڵاو دەکردەوە.
**براشا**: ناوی بێچووی دوهەمی بازە.
**بڕاشـان**: برییان، بریان: (بە گاز گێرتشان، بڕاشان بە تێخ) «بێسارانی».
**براشـتن**: ١. برژانن، برژاندن، بۆدان،٢. لە ڕۆندا سوورکردنەوە.
**براشـتی**: برژاو، برژیاگ، برژیای، بۆدراو: (گۆشتی براشتی).
**براشه**: برێشکە، بریشکە، بریشتە.
**براغی گچکه**: گوندێکە لە باکووری هەولێر.
**براغی گەوره**: گوندێکە لە باکووری هەولێر.
**براڤ**: کار، کاسبی×٦٧×: (موورستان براڤ دکن ل هاڤینان/ تا بژین دەرباس کن زڤستان) «گولشوون».
**براقچ**: برای تووتە، براتوتە.
**براقولی**: گوندێکە لە نزیک دیواندەرە.
**براک**: ١. برا، براله، کاک، کاکە ٢. دۆست، ئاواڵ، برادەر، ڕەفیق.
**براکـوژ**: براکوش، کەسێ برای کەسێکی

کوشتبێ.

**براکوژراو**: کەسێ برای لەدەس دابێ: (دایکـی دڵسـۆزی جگەرسـووتاوم/ بـرای ئـازیزی براکوژراوم) «کامران موکری».

**براکوژە**: براکوژ بۆ مێ.

**براکـوژی**: شـەڕی نـاڤخۆیی و کەس‌کـوژی: (براکـوژی قـازانجی نیـیە، کەس لە براکـوژی خێری نەکردووە، شەڕی خۆتڕێنە) «ئەمیری».

**براکوش**: براکوژ.

**براکوشـتە**: براکـوژ: (ئەی فەلەک بـۆ کـورد خوێنەخـۆی تـۆ بـوو؟/ براکوشـتەی تـۆ بـوو کینەجۆی تۆ بوو؟) «مینەجاف».

**براکوشە**: براکوژە.

**بـراکە**: ۱. ئـاوەڵزاوا،۲. بـراگە، وشـەی خۆشەویستی بۆ دواندنی برا.

**براکەم**: براگەم.

**براکەی**: برادەریێتی، برادەریەتی.

**براکی**: براکە، براڵوی.

**براکێ**: برادەر، دۆستی نێزیک.

**براکێت**: براکەی: (ئێڤـاری خـوەش ئێڤـاری/ هێسترا لاوکێ من خوە نادەتە بەر باری/ هەکە مـن شـەرما بـاب و براکێـت خـوە نەبـا/ ئەز عەڤدالا خودێ داچمە هاری) «حەیرانۆک».

**براکیش**: براکە، براڵوی، بلاڵووک.

**براگوڵ**: دەستە گـوڵ، لە یـاری گـۆرەویدا گـۆرەوییەک بەرز ئەکـاتەوە، ئەگەر لە ژێریـا نەبوو، یەکێکی تر هەڵدەگرێ و ئەڵێ: براگوڵ.

**براگە**: براکە.

**براگەم**: براکەم.

**بـراگەل**: ۱. ئەی کـۆمەڵی بـرایـان!،۲. ئەی خەڵکینە!: (براگەل بێنەوە، کوڕگەل دە هەڵسـن کـۆمەڵێ بگـرن/ تەعـاقول بەسـییە هەڵبگـرن سەری غیرەت لەسەر بوستەر) «حەمدی».

**براگەورە**: ۱. کـاک، کـاکە، کەیـان، کەیـین، ئابرا،۲. ئاغا،۳. کووێخا، سەرۆک، گەورە.

**براگەورەی**: ۱. نیسبەتی کـوڕی هەرە گەورەی ژن و مێردێـــک دەگەڵ منـــداڵەکانیتر،۲. کەیخودا، موختار، گەورەی کۆمەڵێک خەڵک.

**براگەیـــل**: براکـان، بـرادەرینە: (قەومەیـل، براگەیل! چەنی چەن وەختە/ شکار دڵم زامدار بەختە) «خانەمەنسوور».

**براگێ**: زۆر گزیکار، کەسێ کە حیلە لە بـرای خۆ دەکات.

**براڵا**: براڵە، براکۆ: (ئەی ئۆسا ڕەسـووڵ، ئەی ئۆسـا حەبیـب/ هەر دوو وەفـادار، بـراڵای نەجیب) «م.ح. دزڵی».

**برالو**: براڵوک، براڵۆی، بەلاڵـووک، ئاڵووبـاڵوو، هەلهەلوک.

**براڵو**: برالو، بەلاڵووک.

**براڵۆتووتی**: براتووتە.

**براڵوک**: بەلاڵووک.

**براڵوو**: بەلاڵووک.

**براڵۆی**: بەلاڵووک.

**براڵوو**: بەلاڵووک.

**براڵە**: ۱. براڵە، براکۆ، وشەی خۆشەویستی بـۆ دواندنی برادەر: (براڵە! ئەم هەمـوو ئۆبـاڵە بـێ بەو گەردنە حەیـــفە/ بنسشـــێ بەم حەدە ئەم گەردە لەو مینایی بـێ‌گەردە) «مەحـوی»،۲. بـۆ دواندنی برای گچکە بەکار دەبـرێ: (حێبـۆکێ بە ملانم/ خوشکی دوو برالانم) «فۆلکلـۆر»،۳. نەمـام، نەمامـک، شـەتڵ ٤. نـاوی گیـایەکە،٥. گوندێکە لای پێنجوێن.

**براڵە**: ۱. برا،۲. براڵە.

**براڵەوشۆتی**: برای شیری.

**براڵەیهامشۆت**: براڵە و شۆتی.

**براڵێمری**: بـرا مـردوو: (نەخوەزیـا عەبـدێ

سەرێ وی گەڕیای/ برا لێ مری، جەگەر لێ سۆتی) «حەیرانۆک».
**برام**: ١. برایێ م، برای من: (کوڕی لەوێ بەرێ/ ڕندێن کلکی کەرێ/ برام لە قوونت بەرێ) «فۆلکلۆر»،٢. بردیانم، بریام.
**بinformatione**
**براماری**: دایکبرا، برایێ ژ دایڤە: (برامارى گیای بهاری) «پەند».
**برامازگ**: ١. برامازی، برامازک، برابەللی، جەفت، بەرێکی دارمازووە ٢. پستەی بێ کاکڵ و پوچی دارپستە بۆ دەباغی دەبێ.
**برامازی**: برامازگ.
**براماک**: داکبرا، دایکبرا، برای هەر لە دایکەوە، لە باب نا، برای شیری.
**برامان**: ڕامین، پەرۆشدار، بەپەرۆش، خەمگین.
**برامردوو**: ١. برامردگ، کەسێ مەرگی برای وە چەم دیبێ: (بە ناو مەشهووری ئافاتم، کەچی هەر زاری و نالینمە/ وەکوو پیاوی برامردووە، لە برسا زاری و شینمە) «قانع»،٢. جنێوێکە.
**برامردی**: ١. برامردوو،٢. جنێوێکە: (زوڵمی لە من کرد شیرین برامردی) «ئاوێنەیبێگەرد».
**برامزانا**: گوندێکە لە نزیک کەرکووک.
**برامی**: تۆ برای منی: (تیرێکی لە جەرگی دام هەروەک گوڕ و بارامی/ نەمزانی چی بیستووە، دەڵێ برۆ برامی) «ماملێ».
**بران**: ١. بردران، بردران، بریان،٢. برایان، براگەل: (هەو ئەو شیرنایا د ناڤبەرا بران دا ما) «مەستوورە»،٣. برادەران، هەڤالان: (بێ مەزهەب و بێ دین کرم/ بێ خوندن و یاسین کرم/ ژ یار و بران شەرمین کرم) «فەقێ تەیران»،٤. برا هەن، هەر دوو لە دایک و بابێکن: (ئێسکقورس و ڕەزاگران/ ئەتوت لەگەڵ شەیتان بران) «بۆکوردستان»،٥. تەواوبوون، کۆتایی هاتن: (ل دەڤێ ئاستەنگا ڕێ/ لۆتا هێشتر هات بڕێ) «سەنار».
**بڕان**: ١. لەتبوون بە تیغ و مشار: (بڕاوە لە ڕێی چاوی ئەتۆ سەد سەری ئاشق/ سەر بێ کە نەبێ، تەرمی لە من هیچ و لە تۆ هیچ) «قانع» ٢. دابڕان، جودایی، دورکەوتنەوە، هەڵبڕان، قەرتلین: (لەو ڕۆژەی لێت بڕاوم، ڕەش بوو جەرگ و هەناوم) «حەسەن زیرەک»،٣. گەیین، گەیشتن: (ئەو کوڕ و کچە پێک بڕان؟)،٤. دوایی هاتن، بڕانەوە، بڕیانەوە: (ئەم دەستە کە چوو دەستەیەکی تازەیە دێ/ مەعلووم نەبوو ئەم کەشمەکەشە کەی دەبڕێ) «حاجی قادر»،٥. باژۆ، لێخورە، لێیخورە(ئەمرە) ٦. کەموکورتی، کورتی،٧. بڕانی جل بۆ بەژنی کەسێ××: (بەرگێکە بڕاوە بە قەد و قامەتی بۆکان) «حافز»،٨. قەتیان، خلاس بوونی بژیو: (ئەم هەموو برینجەی دێنمەوە کەس نازانێ چی لێ دێ؟ وەڵڵا ڕاست دەکەی، خواردن ئاگای لە بڕان نییە!) «فۆلکلۆر»،٩. ببڕە، بیبڕە، ١٠. بڕاوە(ڕابردوو×).
**برانان**: کێوێکی بڵندە لە بەشی سەرشیو.
**بڕانبڕان**: زۆر بلەز ئاژۆتن، بەتاڵووکە لێخوڕین.
**بڕاندن**: ١. بڕاندنەوە، تەواوکردن، خلاس کردن، بەجێ نەهێشتن ٢. تیابردن، لەنێو بردن، قەلاچۆ کردن، تونە کرن: (براندنا نەسلا فەسادێ ئەوولترن) «گولشوون»،٣. بەکوشتدان: (یا باش ئەوە کو کوڕێن هەژارا نەدەینە براندن سەر خاترا ژنەکێ) «گولواز»،٤. بڕین، لەت کردن.
**براندنەڤە**: بڕاندنەوە، بڕیاندنەوە، دار پێڕاهێنان، کۆتاکرن.
**بڕاندنەوە**: بڕاندنەڤە.

**براندۆخ**: ١. پاڵە، براندۆک،٢. کەڵەڕەق: (مرۆیەکا گەلەک براندۆخە).

**براندۆغ**: ١. براندۆک، پاڵە، دروێنەکار ٢. کەللەڕەق، لاسار.

**براندۆک**: براندۆغ.

**براندی**: جۆرێ ئارەقی ئینگلیسی.

**برانکارد**: تەختی پێچکەدار کە نەخۆش و بریندارێ پێ دەگوێزنەوە.

**برانگ**: برا، برادەر.

**برانگۆوە**: ١. سست، تەوەزەل، تەنبەڵ ٢. هەوا، کێم، زووخاوی برین.

**برانگە**: برانگۆوە سست، خاو.

**بران**: براندن.

**برانە**: براتن، برای تۆن: (وانێ سالا پار دوژین بۆم دانە/ یان تەڕا باقن یان ژی برانە) «پەرویز جیهانی».

**برانە**: ١. جیرە و مووچەی دیاریکراو،٢. باج و پیتاکی ساڵانەی میری.

**برانەوە**: ١. بڕیانەوە، کۆتایی هاتن: (با بناڵن عاشقان تێکرا بەکوڵ/ حەیفە با ئەو شیوەنە نەبڕێتەوە) «ک. دافعی»،٢. ساغبوونوە لە مەسەلەیەک،٣. دیاری کردنی مووچە و حەقدەست،٤. لەتبوون، قرتان،٥. لە شیر برانەوەی ساوا: (وەکوو تیفلێ برابێتۆ لە دایک/ هەمیشە توند و ئاڵۆز و نەخۆشە) «ناری».

**برانەیێ**: ١. لێخورە، دەسوور وە ڕانین،٢. گووم بە، شووند بوور.

**برانێ**: داودابرانێ، یارییەکی غاردانە.

**براو**: ١. بڕدراو، بڕیاگ بە شتی تیژ،٢. لەتکراو، کورتکریاگ،٣. بلاو، بلاڤ.

**براو**: بڕدراو، بڕیاو، لەتکراو: (ئەو دەستە بەستەی ئێشی شکاو بێ/ ئەو لووتە بە تیغ قەزا براو بێ) «پیرەمێرد».

**براوایی**: کەندڕ، کەند، جێیەک کە ئاو دایدڕیبێ: (براواییەکان کە دەڵێی بە شمشێر بڕیویانن) «حەمەدۆک».

**براوبەش**: برابەش.

**براوو**: ×١٥٠×: () «سندی».

**براوە**: ١. بلاوە،٢. کەسی پیرۆز لە قومار و کیبەرکێ: (براوە کێیە؟).

**براوەروو**: برابەلوو، گیایەکە وەک خورما دەچێ.

**براهیم**: بلە، برایم، ناوی پیاوانە.

**برای**: برادەری، برایەتی.

**برایانە**: ١. وەک برا: (تا برایانە هەموو پێکەوە نەدوێن، دەگریم) «هێمن» ٢. دۆستانە، خزمانە.

**برایئەداوبابەیی**: برای دایک و بابی.

**برایئەداوتاتەیی**: برای دایکی و باوکی.

**برایئەدایی**: برای دایکی.

**برایباب**: مام، ئاپ، ئاپۆ.

**برایبابەیی**: برای باوکی.

**برایبابی**: برای باوکی، برای پشتی.

**برایباوکی**: برای بابی.

**برایێبەر**: بەرابەر.

**براییبێلێو**: بریتی لە قوون: (هەر ماڵی خوایە شێواوە بێ خێو/ مەشهوورە فیکە بە برای بێ لێو) «پیرەمێرد».

**برایتاتەیی**: برای باوی.

**برایتوتە**: براقج، بابەلیچ، براتووتە، تیلکێ ڕۆخێ، دلێ ڕاستینێ.

**برایحەق**: برای لە دایک و بابی.

**برایخاس**: دۆستی زانا.

**برایخوێنی**: دوو کوڕ کە بە بڕینی شوێنێکی دەس کەمێ خوێنیان ئاوێتەی یەک دەکەن و پەیوەندی برایەتی دەبەستن.

**برایدایک**: خاڵ، لالۆ.

**برایدایکی**: پێوەندی نێوان دو یا چەن

کەس کە تەنها لە دایکەوە بران.

**برای‌دایکی‌وبابی**: برا لە دایک و بابەوە: (وەرە پێکەوە ببینە برای دایک و بابی، هەتتا لێمان خەرا دەبێ دونیایە) «مان».

**برای‌دینی**: پێوەندی نێوان لایەنگرانی دینێک دەگەڵ یەکتری.

**برای‌شیری**: کچ و کوڕ یان دوو کوڕ کە مەمکی ژنێک بخۆن.

**برای‌گیانی**: گیانی، دۆستی ڕاستەقینە: (تکام یەن شەماڵ چون برای گیانی/ چون دۆس دڵسۆز، نەک وە گیانی) «مینەجاف».

**برایم**: ١. ناوە بۆ پیاوان،٢. قارەمانی ناو بەیتی برایمۆک: (لە کوردەواری‌دا ئەگەر یەکێک دەرکرا دەڵێن: بە دەردی برایم چی) «توحفە».

**برایماوا**: ١. برایم‌ئاوا، گوندێکە سەر بە شاری میاندواو،٢. گوندێکە سەر بە شاری دیواندەرە، لە دێکۆی چل‌چەمە: (ئاڵماڵوو، قوتڵوو، تەک برایماوا) «یادنامەی‌سەقز»،٣. گوندێکە لە دێکۆی کەوڵەی دیواندەرە،٤. گوندێکە لای بیجاڕ،٥. گوندێکی تەنیامالّی لای کامیاران، سەر بە دێکۆی سور،٦. گوندێکە لای سلێمانی،٧. گوندێکە لای خواری قەڵادزێ.

**برایم‌ئاباد**: برایماوا.

**برایم‌باول**: گوندێکە لە خۆرهەڵاتی قەراج.

**برایم‌جەلال**: کوێستانێکە لای مەهاباد کە سەرچاوەی چەمی کاولانە.

**برایم‌جەلاڵ**: برایم‌جەلال: (ئازیزێ ئەرێ دە وەرە وەرە من و ماڵە بابم/ ئەمن لە بۆت هەڵدەڵێمەوە بە کوێستانی برایم‌جەلاڵی) «گەنجی سەربەمۆر».

**برایم‌حوسەین**: ناوی تیرەیەک کوردی لوڕستانن.

**برایم‌خان**: خەڵکی گوندی مەرخووس و کوڕی ئەمیر ئاغای سەقز بووە، ژنەکەی ڕەدوای مەیتەرەکەی خۆی، ڕەسووڵ، کەوتووە: (قەوماوە قەوماوە لە بریام‌خان قەوماوە/ ڕەسووڵ عەزیمەی هەڵگرت، لە ئێرانێ نەماوە) «فۆلکلۆر».

**برایم‌خەسار**: گوندێکە لە دەڤەری گەورکایەتی سەر بە شاری بۆکان.

**برایم‌سەمین**: جێیەکی پیرۆزە لە گەرمیان: (وە برایم سەمین ها لە گەرمیان/ وە کابلە سوورەی ماڵ لە مەریوان) «قانع».

**برایم‌عەودالان**: دێیەکە لە باشووری هەولێر.

**برایمۆک**: ١. بەندی برایمۆک، بەیتی برایمۆک، ناوی بەیتێکی کۆنی کوردییە لە ناوچەی موکریانی کوردستان باوە: (وەک برایمۆکی بە چلوان دەرت دەکەم) «توحفە»، ٢. بریتییە لە ڕۆژە هەرە ساردەکانی حەوتە ساردەکەی بەند و بەندەرفە،٣. بۆ دەرکردنی کەسێ بەکاری دێنن، ئەگەر کەسێ دەرکرا، دەڵێن بە دەردی برایم چوو،٤. بۆ هەڕەشە بەکاری دێنن،٥. ناڤێ مێرانە: (برایمۆک کوڕی مەلا زیندینی بوو) «توحفە».

**برایم‌مەلەک**: گوندێکە لە باشووری هەولێر.

**برایمە**: گوندێکە سەر بە مەهاباد.

**برایمەبۆر**: گوندێکە لای سەردەشت.

**برایمەبۆگەنە**: هەرەبەنگ، بۆگەن، گیابۆگەنە، بۆ خارشتی پێست باشە.

**برایمی‌مەلازێندینان**: بەیتێکی کۆنی کوردییە.

**براینی**: برایانە.

**برایەتی**: ١. برایی، براینی، براتی، برابوون: (ئەو کەسەی چەندێک لەوەی پێش لێی دەدا لافی خودایی/ نەی‌دەهێشت ئێمە هەمانبێ قەت لەگەڵ یەکتر برایی) «هێمن» ٢.

دۆستایەتی، برادەری،٣. گوندێکە لای سمێلان.
**برایەتیڕاگرتن**: تەبایی پاراستنی چەن برا.
**برایەکەم**: ١. برام، براکەم،٢. وشەی ڕێز لێنانە.
**برایەل**: برادەر، ڕەفیق: (ئەمرا دایکم هاوار ئەبا بۆ برایەلی و ئێژێ:) «گوڵونێرگز».
**برایەوە**: کۆتایی هات: (بلبل بە خەندە دێت و دەڵێ دەی برایەوە) «حەمدی».
**بـرایەی**: براتی، برایەتی: (بێ شرینقەی برایەتی هەرگیز/ نییە چاری مەلاریای وەتەن) «بێخود».
**برایی**: برایەی، برایەتی: (ئەز و خەم پێوە گرتیمانە برایی/ نە خەم چێمە، نە من چادێم جیایی) «سەیدی».
**برایێدایبابی**: برای لە دایک و بابەوە.
**برایێکانونێ**: پاییزەبرا، برادەری ریایی.
**بڕبازوو**: باڵ باهوو، شان و پیل.
**بڕبانە**: ١. زلی ناقۆڵا، زەبەلاح، تەژە(پیاو) ٢. بریتی ژ مرۆڤێ زک مەزن.
**بڕبڕ**: ١. تۆزەتۆزە، کەمکەم ٢. لەتلەت، پارچە پارچە، زۆر براو×: (گیان و لەش هاکە لەمەش بڕبڕ بوو/ پەڕی ئاوات و هیوا دڕدڕ بوو) «ڕاوچی»،٣. دابڕاو، لێکجودا: (وەلاتا مە ب چار پاژی بڕبڕ کرایە)،٤. پۆلپۆل، دەسەدەسە، کۆمکۆم(کەو) ٥. بڕبڕە، مۆغەرە، زیڤک ل پشتا مرۆڤ و جانداران،٦. دێانە دێانە، ددانە ددانە.
**بڕبڕاکە**: بڕبڕە، مۆغەرە.
**بڕبڕاکی**: بڕبڕاکە، بڕبڕە.
**بڕبڕاکیمازی**: بڕبڕاکە.
**بڕبڕاگە**: بڕبڕاگی، مۆغەرە، پشتمازە، سنسل، مرووخە، مۆرە، تیرەقە، بڕبڕەومازی، بڕبڕەی پشتێ: (ڕیقلاو لە سەر بڕبڕاگەی پشت هەستی لە خۆی بڕی) «خاک و چەوسانەوە».
**بڕبڕاگی**: بڕبڕەی پشت.
**بڕبڕبییەی**: بەشبەش بوون.
**بڕبڕکراو**: بڕبڕ، دابەشدابەش: (هاکە هەستا کۆمەڵی بڕبڕکراو/ هاتەوە تەیری کەژی داگیرکراو) «ڕاوچی».
**بڕبڕە**: ١. بڕبڕاگە، بڕبڕاگی، ترەختە، پشتمازە، سنسل، گارەگار، مرووخە، مۆرە، مۆغەرەپشت: (لوولەی تفەنگ لە بڕبڕەی پشتی قایم بوو/ تەقەی پۆستاڵ بە شوێنەوە: هەر هات و هەر چوو) «گۆران» ٢. کەمکەمە، بڕبڕ، کێمکێم: (وەرە ڕۆڵە دەست و لاق و لەتەری برات بشۆ، بڕبڕەش ئاوی گەرمی پێدا کە) «خاک و چەوسانەوە»٣. پۆلپۆل ٤. داسی ددانەدار وەک مشار ٥. جۆرێ هەرەی بوچگە ئەڕای بڕین زرات،٦. داسێکی گچکەیە،٧. خزمی زۆر نزیک ٨. یاریکار، پشتیوان،٩. جۆرێ گەمەی منالانەس ک وە چەرخەکی و بەن درس کریەێد.
**بڕبڕەپشت**: ١. کەسی زۆر نزیک، بڕبڕە،٢. برای لە دایک و بابی: (چ ڕەوای هەقە کە خەلیلخانی نەڕانی بە قسەی شەریفودەولە بۆ شالێکی تورمەی خەلاتیی، سێ بڕبڕەپشتەی خۆی لە مالی خۆیدا بکوژێ؟!) «ڕشتەیمرواری».
**بڕبڕەک**: ١. برینگ، مقەستی خوری هەڵپاچین ٢. مشار، هەرە،٣. بڕبڕە، جۆرێ هەرە بوچگە ئەڕای زرات بڕین.
**بڕبڕەومازی**: بڕبڕەی پشتی.
**بڕبڕەیپشت**: ١. بڕبڕە، مۆغەرە،٢. بریتی لە خزمی زۆر نزیک،٣. برای لە دایک و باب،٤. مندال: (باوک هەچ ئارەقێکی ڕشت/ بۆ ئەوەی ڕشت- من دلنیام-/ نەمری کات: بڕبڕەی پشت...) «گۆران».

**برپـــڕی**: ١. برپــــڕە، مــۆغەرە،٢. پــۆڕیّ مەقەس‌کری و بڕدیار.

**برپڕی‌مازی**: برپراکە، مۆغەرە.

**برپوت**: بربەت، بـربەت، بورپـوت: (سالم لە هەوای مەجلیســـی ئەو بــاڵا و قەدەت/ وەک بورپوت و نەی تا بە سەحەر نـاڵەمە ئیمشـەو) «سالم».

**برپـــوون**: ١. لێــک‌بوون، ژێــک هەڵبـــڕان، پەرتبوون، جویّ بوونەوە: (مەڕ لە گەلە برپوە) ٢. پـارچەبوون، بەش‌بـوون: (خـۆجینەکە بـڕ کرا).

**بربەت**: بەربەت، سازێکی ژێداری مۆسـیقایە: (لە هەر وەختــیّ بە مــژدەی مەی، خرۆشــی بربەت و نەی بیّ/ بە ئەمـری پیـری مەیخـانە، زەمانی بادەنۆشینە) «ناری».

**بـــربەن**: ١. جــۆرە خورمــایەکە ٢. بربەنــد: (ئەژدەهــاک! کــون‌برە، ســـەختە زینـــدانت/ ناڕووشیّ بە بربەن بەندی گرانت!) «گۆران».

**بربەنــد**: کــارتیغ، کارتیــک، مقــرەد، مەبــرەد، مەورەد، مرمەند، مــورەت، مــوورەد، بربەنـگ، سوان، نەرمەساو، مرازی ئاسن‌ڕنین: (تەکانی دا نەتەوەی مەرد/ بربەندی نا لە هەڵـقەی بەنـد) «گۆران».

**بربەنگ**: بربەن، بربەند.

**بربەونی**: فرەیّ فرەوان.

**برپێدان**: ١. قسە لە قسەدا کردن،٢. هەڵبـڕین، لەت‌کرن،٣. بڕدان پاسوور.

**برت**: زنجیرە چیاییکە لە خۆرهەڵاتی ئاکریّ.

**برتوبۆڵ**: برتەوبۆڵە.

**برتەوبۆڵە**: پرتەوبۆڵە، بۆڵەبۆڵ.

**برتەی**: برین.

**برج**: ١. بورج، بورگ، کەلوو، مزلگەی رۆژ لە عاسمان: (یەعنی کو دهـاتە برجیّ سەرسـاڵ) «خـانی» ٢. وەرز، دوانـــزە مـــانگی ســـاڵ ٣. کــۆنگرە، گــۆنگرە، بــاروو، بــورگ، تیتاڵــک، قۆنگرەی قەڵا: (بازاڕیّ لە بــرج ســەر مەنــاریّ دیم) «خانمەنسوور»٤. کــاخ، کۆشــک، تەلار: (دڵە! وە بادەی وەسڵش بادی بی/ دەماخت نە ئەوج برج شـادی بـی) «مەولەوی»،٥. بـنکە و قەڵای نیزامی و عەسکەری: (برپـار درا دەس بە دامەزرانــدنی بــرج بکــریّ) «لەمەهابــاد بۆئاراس»،٦. بریقە، برق، بریجە،٧. جاسووسـی تفەنگ، دەرزیلەی نیشانەگرتن.

**برجـــابەلەک**: برجــی بەڵەک، کەڤنەبرجێکــی وارگەهــیّ میران بووە لە جزیر و بۆتان: (برجـا بەلەک کەلا دمــدم/ گەلیــیّ پیــرۆزیّ لالــش) «سەنار».

**برجان**: کۆی برج: (تۆپێن گران ل جییا بلنـد ب جیـە کـرن، زامبــوورەک ســەر دیــوارێن سووریّ و ل برجان دانین) «مەستوورە».

**برجکە**: گوندێکە لای بیجاڕ.

**برجلانەکی**: جۆلانیّ، دنگلاڤ، هەلۆرتک.

**برجوپیرەژەنی**: برجی پیرێژن.

**برجەبرج**: تریفەتریف، تروسکەتروسک.

**برجەقان**: روون، خاوێن، خۆڕوو، ویژە.

**برجەلوو**: جووریّ قالّی‌یە.

**برجی**: ١. بریقە، درەخشش، برجیان،٢. مانگانە.

**برجی‌ئاسمان**: وەرز، ساڵ دوانزە مانگە، هەروا دوازدە بورجە.

**برجی‌بەڵەک**: ١. برجا بەلەک، کەڤـنە برجێکـی وارگەهـیّ میــران بــووە لە جزیــر و بۆتــان، لە لایەن بەدرخان بەگ میرا جزیـرا بۆتـان هـاتیە ئاڤاکرن: (بۆ پەرییا برجا بەلەک/ مەم هەبوونـا خوە کـرە تەرک/ عەوان بەکـۆ فەسـادیّ کـر/ نەهیشـت ئەو هەر دو بـبن یەک) «سـەنار»،٢. بریتی لە مانگی ئاسـمان: (فلانـی ئەو جـوانە،

دەڵێ برجی بەڵەکە).
**برجی‌پیرێژن**: دومین حەوتەی ڕەشەمە کە زۆر ساردە: (هەناسەی سیای سەرد دڵسۆزی/ بەرد مدا وە بەرد «برد العجوز»ی) «مەولەوی».
**برجیلە**: کۆترەبرجیلە، کۆترەباریکە، جۆرێ کۆترە: (ڕەزا زەمان وەرن! کۆترە برجیلەم بۆ هێناون) «کۆردەرە».
**برچ**: بلچ، گڤۆیشک، گوژ، گۆیژ.
**برچتی**: برسێتی، برچێتی.
**برچک**: برچەبرچ، دەنگی کەلینێ.
**برچەبرچ**: بەرچەبرچ، دەنگی قولتەقولتی ئاو، دەنگێ کەلهاتنا قازانێ یا تشتەکی دی.
**برچی**: برسی، برسێتی، برسیەتی، نێز، دژی تێر: (روخی زیبایێ شیرین بی وە خوونێ کۆکەن باعیس/ وەها سەییاد تەڕدەس بی «سەید» برچی وە نەخچیری) «جزیری».
**برچی‌بوون**: برسێتی، برسی‌بوون: (گەلۆ چاوا بکە سەرێ خوە کو زارێن وی ژ برچی بوونێ نەمرن) «سەنار».
**برچیتی**: برچتی، برسێتی: (کفشەکو دلێ ئاخێ ب هالێ من و ژنەبیتییا من و برچیتییا زارۆکێن من شەوتی) «پەپووک».
**برچی‌ڕازان**: بە برسیاتی نوستن: (بەس برچی ڕازا کەس نزانبوو ل کی‌یان/ بەس جان دا دەرڤان، کەس لێ نەگریان) «گولشوون».
**برچی‌مان**: برسی مانەوە: (دە تو زانێ، وەکی برچی مایی، ئێدی گونەهێ خوە نەکی ستویێ مە) «مەستوورە».
**برچینا**: برچینی، برسیەتی.
**برچینی**: برسییەتی، برسیاتی، نێزی.
**برچی‌هشتن**: برسی هێشتنەوە: (شێر سێ ڕۆژ برچی هشتبوون) «مەستوورە».
**برح**: بلّح، هەرزە.
**ب‌رح**: بە ڕۆح: (هیڤی‌خوازین کو ئەم ببیتە خودانێن دوستێن گیانی کو ب رح و گیان دگەل مرۆڤی بیتن) «گولواز».
**برخەڵاس**: جۆرێ گەمەی منداڵانەیە.
**برخەلەوان**: بەرغەلەوان، شڤانی بەرخان.
**برد**: ١. قامیش، زەل، زل،٢. بڕ، فاسڵە،٣. برشت،٤. ئەو برد،٥. بەرەندە بوو،٦. بورد، خێرایی، سورعەت: (ئەسپێ دۆ بخواتەوە بردی کەم ئەبێ) «ئاوێنەی‌بێگەرد».
**بردا**: ١. بەرندە بوو،٢. بردەو، گەڕاندیەوە.
**بردان**: بردیان، ئەوانی برد.
**بڕدان**: ١. جیاکرنەوە، دابڕین، هەڵاواردن: (ئا لێرەوە دیوارەکە بڕ دەدەین)،٢. ماوەدان، کات پێدان: (خۆ بڕ نادا ئێمەش قسان بکەین!)،٣. بواردنی چەم بۆ پەڕینەوە: (ئەو چۆمە بڕ نادا).
**بردانا**: ١. بردانەوەی،٢. گشتیان بردەو.
**بردانەو**: ١. ئەو ئەوان بردەو،٢. کلیانەو کرد.
**بردت**: تە بر، بەردت.
**برددران**: بران.
**بردسەهو**: گوندێکە لای چۆمان.
**بردگەسەو**: بردۆتەوە، هەڵگرتووە: (ماتی بردگەسەو) «پەند».
**بردم**: ١. لە گەمە بردم،٢. وەل خوەما بردم.
**بردما**: ١. لەێ نوو بەرندە بومە،٢. کلەو کردمە.
**بردمان**: ١. ئەوانە لە گەمە بردمەو،٢. وەل خوەما بردمان.
**بردمانا**: ١. لە گەمە بردمانەوە،٢. وەل خوەما بردمانەو.
**بردمانە**: ئەوانە بردمە.
**بردمانەو**: ١. لە گەمە بردمانا،٢. کلیانەو کردم.
**بردمە**: ١. بەرندە بومە،٢. وەل خوەما بردمە.
**بردمەسا**: ١. بەرندە بومە،٢. کلەو کردمە.

**بردمەسان**: ١. ئەوانە لە گەمە بردمەسەو،٢. کلێانەو کرد.
**بردمەسانا**: ١. لە گەمە بردمەسێانا،٢. کلێانەو کردمە.
**بردمەسانەو**: بردمەسانا.
**بردمەسەو**: ١. لە گەمە بردمەسەو،٢. کلێەو کردمە.
**بردمەسەوەێ**: ١. لە گەمە بردمەسەێ،٢. کلێەو کردمە.
**بردمەسەێ**: ١. وەل خوەما بردمە،٢. لە گەمە بردمەسەو.
**بردمەسێا**: ١. کلێەو کردمە،٢. لە گەمە بردمەسێەو.
**بردمەسێان**: ١. ئەوانە بردمەسەو،٢. کلێانەو کردمە، ئەول خوەما بردمە.
**بردمەسێو**: ١. لە گەمە بردمەسەێ،٢. زونە کلێەو کردمە.
**بردمەگەرد**: ئەول خوەما بردم.
**بردمەو**: ١. کلێەو کردم،٢. بەرندە بووم.
**بردمەوەێ**: ١. ئەول خوەما بردمەوا،٢. لە ئەو بردمەو.
**بردمەێ**: ١. ئەول خوەما بردم،٢. لەلێ بردمەو.
**بردمێا**: ١. کلێەو کردم،٢. لەلێ بردمەو.
**بردمێان**: ١. ئەول خوەما بردمان،٢. لەلێان بردمەو.
**بردمێانا**: ١. بردمانا،٢. لە گەمە بردمانا.
**بردمێانەو**: ١. کلێانەو کردم،٢. لێمان بردنەوە.
**بردمێەو**: ١. کلێەو کردم،٢. لە گەمە بردمەو،٣. ئەول خوەما بردمەو.
**بردن**: ١. برن، بەردەی، بەرابەری هانین ٢. بریتی لە تێڕاکردن، تێنان: (ئەتۆ دۆم و ئەمن کورد/ سەر گۆیەکەم لە تۆ برد/ بە بیست تمەنم مەسلەت کرد) «موکریان»،٣. تیابردن، نابووکرن،٤. ئاوبردن، لافاوبردن: (بدە لە ئاو ئەگەر بیشت با/ تۆ مەڕۆ بە سەر پردی نامەردا) «پەند»،٥. دزین، فڕاندن: (پشیلە دەگریا بەشم کەمە، سەگ دەهات ئەویشی دەبرد) «موکریان»،٦. فڕاندن، هەڵگرتنی کچ: (کچەکەم جوانە لە دێدا/ کەوشی سووری لە پێدا/ کوڕان دەیبەن لە جێدا/ کاکی بزانێ لێی دەدا) «فۆلکلۆر»،٧. گوێستنەوە، گوێزانەوەی بووک: (نۆ نانی خوارد وە نازەوە/ نۆ نانی خوارد وە پیوازەوە/ نۆ نان لە ساجی گەرمەوە/ نۆ نانی ڕەق وە بەرمەوە/ دایکت بمرێ گوڵوەشان/ وە دڵ ناشتا بردیشیان) «ڕشتەی مرواری»،٨. جێبون، هەڵگرتن: (کەر نۆیان بەرێ، دەیانیش دەبا) «مەسەل»،٩. دڵبردن، دڵدزین: (هاوار خودا هاوارە/ هاوار لە زینویێ ماڵان/ لەیلەکەم بۆچی ڕۆیی؟/ ڕۆحی بردم بە تاڵان) «فۆلکلۆر»،١٠. بەرندە بوون،١١. گەڕاندیانەوە، ئەوانە بردنە.
**بردنا**: ١. بەرندەبوون،٢. کلەوکردن.
**بردنان**: ١. ئەوانە بردنەو،٢. کلەوکردن.
**بردنانەو**: ١. یانە ئەوانە بردنەو،٢. کلێانەو کردن.
**بردنگ**: پەرت، بێهووش و هەواس.
**بردنوهێنان**: ١. هێنان و بردنی شتێک،٢. بریتی لە جووڵاندن و ڕاتڵەکاندن: (وەکوو چۆن نەونەمامێ گەردەلوول ئەیبات و ئەیهێنێ/ لەشم موچڕکی دڵداریی وەها ناخی ئەبزوێنێ!) «هەردی».
**بردنە**: ١. لە گەمە بەرندە بونە،٢. بردنەسە.
**بردنەبان**: بردنە سەرێ: (ڕەفیقەیل وە زوور قەسەم و قورئان/ تا ئاخر پلەی هریون بەنەی بان) «چەپکەگوڵ».
**بردنەبەس**: بردنەبەست.
**بردنەبەست**: ١. بەخت بەست، بەخت ڕەشکرن،٢. ڕێ لێگرتن، بەستن، تەنگ پێ

هەڵێنان، تەنگەتاو کرن.
**بردنەبێگار**: بۆ کاری بێگار و سوخرە بردنی کەسێک: (دیسان ئەو ڕۆژەش بردبوویانە بێگار) «پێکەنینی گەدا».
**بردنەچاڵ**: لە گۆڕ نان: (گەر مەرگ مۆڵەتم بدا، ئەمجارە بێمەوە سەرحاڵ/ ئاواتەکانم بێنمە دی، لەگەڵ خۆمدا نەیبەمە چاڵ) «حەمەجەزا».
**بردنەخاریْ**: هەڵکەندن، قووڵکردن: (د گوندەکێ دا مەرکەزێ پۆلیسێن دەولەتێ لێبوون، ڕۆژەکێ پۆلیس ڕابوون بیرەکا دەستئاوێ کۆلا و پێنج شەش میتر د ئەردێدا بردنە خارێ) «گولواز».
**بردنەڕێ**: وەرێ خسن، بەڕێوە بردن: (شاگردەکانم زۆر باش کلاسی کوردییەکەم بۆ بەبەڕێوە دەبەن).
**بردنەژوور**: بردنەناوەوە.
**بردنەسا**: ١. بەرندە بوونە،٢. کلێەو کردنە.
**بردنەسان**: ١. لە گەمە بردنەسەو،٢. زونە کلێەو کردنە.
**بردنەسە**: بردنەسەێ.
**بردنەسەر**: ١. بە ئەنجام گەیاندن، کۆتایی پێهانین: (عیشقی وەسڵم بردەسەر ئەندووهی هیجریش سەردەچی) «سالم»،٢. داسەپاندنی قسیە: (ئاخری هەر قسەی خۆی بردە سەر)،٣. گوزەراندن، تێپەڕاندن: (هەتا مردن ژیانێکی ئارامیان پێکەوە بردە سەر).
**بردنەسەو**: ١. لە گەمە بردنەسا،٢. کلەوکردنە.
**بردنەسەوەێ**: ١. لە گەمە ئەو بردنەسەو،٢. کلێەو کردنە.
**بردنەسەر**: ١. بە ئاکام گەیاندن، ئەنجامدان،٢. هەڵکردن، تاقەتهێنان: (تا بڵێن بزانە چۆن نەیبردەسەر/ ئێسگەی بەجێ هێشت، فەن بوو دەربەدەر) «ع. مەردان»، ٣. قسە گیاندنە سەر، ٤. گوزەراندن، ڕابواردن: (جاران هەژارانی شاری هەولێر، لە دەڤەری گەڕەکەکانی شاردا بە تێلەکێشی و وشیکەری دیانبردە سەر) «ف.پ.پ.»،٥. هەڵکێشان،٦. کەسایەتی پێدان.
**بردنەسەێ**: ١. ئەو بردنە،٢. کلەو کردنە.
**بردنەسیا**: ١. لە گەمە بردنەسەوەێ،٢. زونە بردنەسیەو.
**بردنەسیان**: ١. ئەوانە لە گەمە بردنەسەو،٢. زونە بردنە سیانەو.
**بردنەسیەو**: بردنەسیا.
**بردنەگەرد**: ئەول خوەیانەو بردن.
**بردنەو**: ١. ئەول خوەیانا بردنەوەێ،٢. لە گەمە بەرندەبوون.
**بردنەوە**: ١. برنەڤە، قازانجکردن لە قوماردا ٢. سەرکەوتن، بردنەوە لە کێبەرکێدا: (لێوی شێعری تۆ، لە لێوی گوڵ، بزەی بردۆتەوە/ هەستی خەستی ئاگرینە، سەد بەهانەی لێ دەوێم) «ڕاوچی»،٣. گەڕاندنەوە، ڤەدانەوە،٤. برن، بردن: (گۆشتی جوانی کڕی و بردیەوە ماڵێ).
**بردنەوەێ**: بردنیا، ئەوی دەگەڵ خۆی برد.
**بردنەێ**: ئەول خوەیانا بردن.
**بردنیا**: ئەول خوەیانەو بردنەێ.
**بردنیان**: ١. ئەول خوەیانا بردنەو،٢. لەلیان بردنەو.
**بردنیانا**: ١. بردنانا،٢. لە گەمە بردنیانەو.
**بردنیانەو**: بردنیانا.
**بردنیەو**: بردنیا.
**بڕدۆنە**: ناقۆڵا، تەژە، زل.
**بردوو**: ١. بردە، بردراو،٢. ئەول خوەیا بردوو،٣. بەرندە بوو،٤. پاشگرە بە ناوە دەلکێ و ئاوەڵناو ساز دەکات: (سەرمابردوو).
**بردوود**: ١. بردوودگەرد،٢. بەرندەبوو.

**بردوودا**: ١. ئەول خوەیا بردوو،٢. بەرندەبوو.
**بردوودان**: ١. ئەول خوەیا بردوودن،٢. بەرندەبوون.
**بردوودانا**: ١. کلیانەو کردوو،٢. لەلیان بردوو.
**بردوودانە**: ئەول خوەیا بردوویە.
**بردوودانەو**: ١. کلیانەو کردوو،٢. لەلیان بردوودەو.
**بردووم**: ١. ئەول خوەما بردووم،٢. بەرندە بووم.
**بردووما**: ١. زونە کلەوکردم،٢. لە گەمە بردومەو.
**بردوومان**: ١. ئەوانە بردووم،٢. لەلیان بردووم.
**بردوومانا**: ١. کلیانەو کردووم،٢. لە گەمە بردوومانەو.
**بردوومانەو**: بردوومانا.
**بردوومن**: ١. ئیمە بەرندە بوومن،٢. ئەول خوەمانا بردووم.
**بردوومنا**: ١. کلەو کردوومن،٢. گەمە بردوومنەو.
**بردوومنان**: ١. ئەل خوەمانا بردوومن،٢. لە گەمە بردوومنانەو.
**بردوومنانەو**: بردوومنان.
**بردوومەو**: بردووما.
**بردوومەوەیٚ**: ١. زوونە کلیەو کردوومن،٢. لە گەمە بردوومیا.
**بردوومەیٚ**: ١. ئەول خوەما بردووم،٢. لەلیٚ بردووما.
**بردوومیا**: ١. کیلەو کردووم،٢. لەلیٚ بردوومەو.
**بردوومیان**: بردوومان.
**بردوومیانەو**: بردوومانەو.
**بردوومیەو**: ١. کیلەو کردووم،٢. لەلیٚ بردوومەو.
**بردوون**: ١. ئەوان لەلیان بردوون،٢. ئەول خوەیانا بردوون.
**بردloona**

**بردوونان**: ١. ئەوان بردوون،٢. ئەول خوەیانا بردوون.
**بردوونانا**: ١. لە گەمە بردوونانەو،٢. ئەوانە کلەو کردوون.
**بردوونانەو**: بردوونانا.
**بردوونە**: ئەوانە بردوونە.
**بردوونەو**: بردوونا.
**بردوونەوەیٚ**: ١. لە ئەو بردوونەو،٢. کلیەو کردوون.
**بردوونەیٚ**: ١. لەلیٚ بردوونەو،٢. ئەول خوەیانەو بردوون.
**بردوونیا**: ١. لەلیٚ بردوونەو،٢. کلیەو کردوون.
**بردوونیان**: ١. لەلیان بردوونەو،٢. ئەول خوەیانا بردوون.
**بردوونیەو**: ١. لەلیٚ بردوونەو،٢. کلیەو کردوون.
**بردە**: ١. دز، جەزدە، چەتە،٢. بردوو، بردراو، زەوتکراو: (کردەم بردەی کومپانی بوو/ هەم ڕەنجم چوو، هەم نەوتم چوو!) «گۆران»،٣. پاشگرە: سەرمابردە.
**بردەبار**: بارکیش، پشوودریژ، سینگفراوان.
**بردەبرد**: ١. چەپاو، تالان،٢. قسەی زۆر بە پەلە.
**بردەڕیٚ**: برد و چی، بردی و چوو.
**بردەڕیا**: بردە ڕیٚ.
**بردەڕیەو**: بردە ڕیٚ.
**بردەسەر**: ١. تەمامکرد،٢. گوزەران.
**بردەگەرد**: ئەول خوەیا برد.
**بردەنەخشینە**: بەردەنەخشینە، ناوی گوندیکە لە باشووری سایینقەلا.
**بردەو**: ١. بەرەندە بوو،٢. کلیەو کرد.
**بردەوەیٚ**: ١. لە گەمە بردەو،٢. کلیەو کرد.
**بردەیٚ**: ئەو برد، گەل خوی بردی.

**بردی**: ١. ت بردی؟،٢. بەرندە بود؟
**بردێ**: ناحیەیەکە باشووری کەرکووک.
**بردیا**: ١. بەرندە بوی، بردیەو؟،٢. کلەوکردی؟
**بردیا**: ١. بردەوەی،٢. کلێەوکرد.
**بردیان**: ١. ئەوانە بردیەو؟،٢. کلیانەو کردی؟
**بردیان**: ئەوانە بردەو،٢. ئەول خوەیا بردانەو.
**بردیـانە**: بردیـدانە: (بردیـانە مـاڵ؟ بردیـانە کوورە؟).
**بردیانەو**: ١. ئەوانە بردیەو؟،٢. کلیانەو کردی؟
**بردیانەو**: ١. ئەوانە بردێەسەو،٢. کلیانەو کرد.
**بردید**: بردی.
**بردێر**: بەردیل، بەرندیر، بەرەنـدەر، کـاوڕەمێو، بەرخەمێی یەکساڵانەیە.
**بـردیم**: ١. بەرنـدە بـوومن،٢. ئەول خوەمانـا بردیم.
**بردیما**: ١. لەێ نوو بردیمەو،٢. بەرندەبووین.
**بردیمـــان**: ١. لە ئەوانە بـــردیمەو،٢. ئەول خوەمانا بردیمن.
**بردیمانـا**: ١. لە گەمە بردیمـانەو،٢. کلیـانەو کردیمن.
**بردیمانەو**: بردیمانا.
**بردیمن**: بردیم.
**بردیمە**: ١. بەرنـدە بـوومنە،٢. ئەول خوەمانـا بردیمنە.
**بردیمەسا**: ١. لە گەمە بـردومەتەوە،٢. زونەی کلەو کردیمنە.
**بردیمەسـان**: ١. لە ئەوان بردیمەسـا،٢. زونە بردیمنەسان.
**بردیمەسانا**: بردیمەسانەو.
**بردیمەسانەو**: بردیمەسان.
**بردیمەسەر**: ١. تەمام کردیم،٢. گوزەرانیم.
**بردیمەسەو**: ١. لەلیان بردیمنەسەو،٢. کلیانەو کردیمنە.
**بردیمەسەوەێ**: ١. زونە لەلێ بردیمنەسەو،٢. کلێەو کردیمنە.
**بردیمەســـەێ**: ١. بەرنــدە بــوومنە،٢. ئەول خوەمانا بردیمنەسەو.
**بردیمەسێا**: بردیمەسا.
**بردیمەســـێان**: ١. لە گەمە بقردیمەســـان،٢. ئەول خوەمانا بردیمنە.
**بردیمەسێەو**: بردیمەسێا.
**بردیمەگەرد**: ئەول خوەمانا بردیم.
**بردیمەو**: ١. بەرندە بوومن،٢. کلەو کردیم.
**بــــردیمەوەێ**: ١. لە گەمە بردیمێـــا،٢. کلــێەو کردیمن.
**بردیمەێ**: ١. لەلێ بردێمن،٢. ئەول خوەمانـا بردیمنەێ.
**بردیمێا**: ١. لە گەمە بردیمێەو،٢. کلێەو کردیم.
**بردیمێان**: بردیمان.
**بردیمێانا**: بردیمانا.
**بردیمێانەو**: بردیمانەو.
**بردیمێەو**: بردیمێا.
**بردین**: جۆرە ماسییەکە.
**بــردیە**: ١. بەرنــدە بــوودە؟،٢. ئەول خــوەدا بردیدە؟
**بردێە**: ١. لە گەمە بـردێە سـا،٢. وەل خوەێـا بردێە.
**بردیەسا**: ١. لە گەمە بردیـدە؟،٢. ئەوە کـلەو کردیدە؟
**بردێەسـا**: ١. ئەوە بردێەسـا،٢. ئەول خوەێـا بردێە.
**بردیەســـان**: ١. ئەوانە بردیدەســـا،٢. ئەول خوەدا بردیدە.
**بردێەســان**: ١. ئەوانە لە گەمە بردێەســەو،٢. ئەول خوەێا بردێە.
**بردیەسەو**: ١. کلێەو کردیە؟،٢. بەرندە بوودنە؟

**بردێەسەو**: ١. بەرندە بوویە،٢. کلاکردیە.
**بردیەسەوەیٚ**: ١. بردیدەسەوەیٚ،٢. کلێەوکردیدە.
**بردێەسەوەیٚ**: ١. بردێەسەیٚ،٢. ئەول خوەیابرد.
**بردیەسەیٚ**: ١. ت بردیدەسەیٚ،٢. بردیدەسەیٚ؟
**بردێەسەیٚ**: ١. بەرندە بوویە،٢. ئەول خوەیـا بردیە.
**بردیەسێان**: بردیەسان.
**بردێەسێان**: ئەول خوەیا بردێە.
**بردیـــی**: ١. جـۆرە گـوڵێکە،٢. بـری، تە بـر، بەردش.
**بڕاو**: بڕدراو، بڕیاگ، بڕاو.
**بڕە**: شفرە، ددانی بەراز.
**بـــڕەک**: ١. بـــڕەک، یەکـــانە، گـــوڵەبەراز، نێرەبەراز،٢. هێنـدیٚ، بڕێـک کەسـان: (بـڕڕەک ژنێن چێلەکدۆش و بێریڤان) «پەپووک».
**بڕزۆ**: ناوی پیاوانە.
**بڕزۆڵ**: پڕزۆڵ، تـۆزیٚ لە شـتیٚ: (بـڕزۆڵیەک نان و لوبیا لە دەمی کەوتە خواریٚ) «کۆردەرە».
**برزوو**: ناوی کـوڕانە: (بـرزووری خوسـرەو، کـوڕی هەشـتەمی خوسـرەو/ نەوزاد کـوڕی قوباد، بێژەنگی پڕتەو) «گۆران».
**برزە**: وندا، ون، گوم، ناخویا.
**برزەقنای**: پڕووسقاندن، بزرکاندن.
**برزەقنەی**: بزرکاندن.
**بزرەقیا**: پڕووسقاو.
**برزەقیای**: برووسقان، بزرکان.
**برزەقیەی**: بزرکان.
**برزەقیەی**: پڕووسقاو.
**برژ**: بە ئـاگر چـزان بـیٚ سـوتان: (گۆشـتەکە هێشتا نیوەبرژ بوو، خواردمان).
**برژان**: ١. برژیان، برژین، برشیای، وورژیـان، برشتەبوون: (شـوعلەیی ڕۆژی فیـراقە ئـاگری برژانی دڵ/ هەر نەسیبی دوژمن بـیٚ، قـرچەی بوریـــانی دڵ) «حەمـــدی»،٢. برشـــان، برشـــتە بـــوو،٣. بژانـــگ، برژانـــگ، مـــژۆڵ، مـــژۆڵ: (چاوەکەم! چاوی ڕەشی تۆ ئافەتی گیانی منە/ گیانەکەم! برژانگی تیژت نووکە ڕەمبی دوژمنە) «هـێمن»،٤. بریتـی لە زۆر گەرمـابوون: (لەبەر خۆرەتاو برژام).
**برژانـــدن**: ١. برژیانـــدن، برشـــاندن، بـــراژتن، براشتن، بۆدان، وورژانن، بریانکردن: (دێـوەیٚ لە جێی خۆی ڕاپەڕاند/ ساجێک برێشکەی پیٚ برژانـــد) «پیرەمێـــرد»،٢. بریتـــی لە ئـــازاردان: (تـــازەلاوان لە خـــوێن دەگەوزێنـــیٚ/ جەرگـــی دایکی هەژار دەبرژێنیٚ) «هێمن».
**برژانـــدنەوە**: ١. خـــوێن ڕاگرتنـــی بـــرین بە دەرمان یـا سـووتوی پەڕۆ: (هەنگـوین و زاخ دەیبرژێنێتەوە، دیسان لە خۆ چـووەوە) «هەزار ئەشکەوت»،٢. لە سەررڕا لە سەر ئاگر دانـانەوە: (ئەم گۆشتە هێشتا کاڵە، بیبرژێنەوە).
**برژانک**: بنژانگ، برژانـگ، مـوژە: (وە خـار و خاشاک مـوژەی چەسـپیدە/ سـەد بەسـتەن نە دەور سەرچەشمەی دیدە) «مەولەوی».
**برژانگ**: بژانگ، برژانـک، بـژۆڵ، بـژە، بـۆژە، مجەو، مژا، مژانگ، مژگول، مژوولانک، مژۆڵ، مـژە، مشـکولی، مـوزەک، مووژانـک، مـوژە، مێچـوک، مێـژوک، مـوی پێلـوی چـاو: (کـام ڕەشـی ئەگـا بە ڕەشـی چـاوی؟/ برژانگـی؟ برۆی؟ ئەگریجەی خاوی؟) «گۆران».
**برژانگســـــینان**: ××٢٥٧: (وا لەکـــــویٚ ئەبرۆکەمـــان، وا لەکـــویٚ برژانگســـینان/ وا لەکـویٚ غەمزەفەتـان، وا لەکـویٚ عەییـارەکەم) «مینەجاف».
**برژانگلێکنان**: چـاو بەسـتن، چەم قوچانـدن: (من و عەشق و دڵێکی گێژوویژیٚ/ کە برژانگ لێک ئەنێم لافاو ئەڕیژیٚ) «پیرەمێرد».

**برژانن**: برژاندن.

**برژانەوە**: ١. برژیانەوە، قرچانەوە، سوتانەوە، سوزیانەوەی زام: (بەشکم ساکن بێ گڕەی دەروونم/ ببرژێتۆ زام جەرگی پڕخوونم) «قانع» ٢. وێستانی خوێن بە هۆی دەرمان.

**برژاو**: ١. بریان، برژی، برژیو، برژیاو، برشیا، سفتە، برژیاگ، براشتی: (نانی برژاو و بێ قەراغ) «ئەمیری»،٢. برژانگ، مژۆڵ، ٣. قاڵ، کاری، کارکردە: (کوڕی شوان برژاوی ئیش، لەبەر هەتاو قاڵ/ مەچەک ئەستوور، لەش کەڵەگەت، دەفەی ناوشان چاڵ) «گۆران».

**برژن**: برێژن، برشن.

**برژنگ**: برژانگ، بژانگ، مژۆڵ.

**برژۆڵ**: ١. مژۆڵ، برژانگ ٢. پرزە و ریشاڵی کوتاڵ ٣. بژ، داسوکەی گوڵی دەغڵ،٤. ناوی کچانە.

**برژە**: برژاو×٣٥٥×: (سەدای هەی هانا و هەی دەخیل، هەی ڕۆ/ برژەی ئێشی جەرگ زامەکەی پڕسۆ) «قانع».

**برژی**: ١. برژاو، براشتی،٢. بوەرێنی، ب وەرینت.

**برژیا**: برشیا، برژیا، برشتە بوو.

**برژیاس**: برشیاس، برژیاوە.

**برژیاگ**: برشیاگ، برژاو، براشتی.

**برژیان**: برژان، برشیان، برشتەبوون.

**برژیاندن**: برژاندن.

**برژیانەوە**: برژانەوە.

**برژیاو**: برژاو، برژیاگ، برشیاێ.

**برژیای**: برشیای، برژاو.

**برژیاێ**: برشیاێ، برژاو.

**برژین**: برژان.

**برژینەوە**: برژانەوە.

**برژیو**: برژاو، برژیاگ.

**برس**: برسیەتی، برسێتی، وورە.

**بڕس**: بڕست، هێز، توانا، وزە، وورە.

**برساق**: بژی، جۆرێ شیرینی،٢. سیرخ، چەتوون، ڕوودار، گوستاخ، بێئەدەب: (فرە ئایەمێک برساقە).

**برساقی**: گوستاخی، ڕووداری، چەتوونی.

**بڕست**: بڕس، وزە، هێز: (خوێندنە شاباڵی بازی بەرزەفڕ/ خوێندنە هێز و بڕستی ڕەندەکوڕ) «ڕاوچی».

**بڕستبڕان**: پەککەوتن.

**بڕستبڕین**: هێز لێبڕین: (سەردەمێک باو بوو، نیشتمانپەرست/ ئێستا بڕستی بڕاوە بە ڕست) «پیرەمێرد».

**بڕستلێبڕین**: بڕست بڕین: (ڕووی مانگێکە پیرە، بنەوبیرە، نەخۆشی بڕستی لێ بڕیوە) «ئەمیری».

**بڕستوریسقە**: بتێکڕایی، بهەمیقە، بە گردوکۆیی.

**برسقان**: برسکان، بریقانەوە: (پەڕ و باسکێ تەیی ڕەش/ دبرسقە دبە گەش) «پەرویز جیهانی».

**برسقین**: تروسکان، ترووسکانەوە، درەوشانەوە.

**برسک**: برسی، برچی: (بنالێنم بە دڵتەنگی، لە ژێر باری نەبینراو/ سەر و پێ ڕووت و برسی، مل لە ئەڵقەی ئاسن و داو) «قانع».

**برسکان**: تەیسین، بریقان، بریسکەدان.

**بڕسکان**: ١. لە خۆڕا قسە و پللار ئاویژتن،٢. بڕکانەوە، هەڵگەڕانی شیر،٣. بڕسکانی چێشت، ڕەپسین.

**بڕسکاندن**: بەبێ دەسەڵات قسەکردن و پللار ئاویژتن.

**بڕسکاو**: هەڵبزڕکاو، تێکچوونی شیر.

**برسکیان**: ١. بەتاڵبوون،٢. پەشۆکیان.
**برسوڵ**: گوندێکە لای خواری قەڵادزێ.
**برسی**: ١. برچی، نیز، وورسی، وورسگ، ڕەودین، سێرووژە، ئاورا، برسک، کەسێ نیازی بە خواردن هەبێ: (دزی تیر و بێپێویستیان نارده سەر برسی/ وتیان دزە و پرسیارێکی زۆریان لێپرسی) «گۆران»،٢. برسیەتی، برسێتی: (دوور بێ لە بەڵا و لە گرانی و برسی/ هەرگیز نەبینم شەڕی براکوژی) «حەمەجەزا»،٣. چاوبرسی، بەتەماح بۆماڵی دنیا،٤. ڕەش و ڕووت، نەدار، فەقیر، هەمیشە برسی: (لە سەر سەپانی، گوخلەوانی، میراوی، گزیری، شوانی، قەلەوانی، سەگەوانی، نۆکەری، سەرکاری، باخەوانی، تووتنەوانی ئاغا، هەر پاڵەپەستۆی ڕەش‌وڕووت و برسی و توونیان بوو) «ڕاوچی». ×١٨سندی×
**برسیاتی**: ١. بێنانی، ئاوراییی، برس، برچتی، سێرووژەیی، برسیەتی، برسێتی، برسیتی، برسیایەتی: «برسی نانی د خەونا خو دبینیت و رووس جانگی»، «تێرکی های ژ برسیکی نینە» «پەند»،٢. بێلەوەڕی بۆ ئاژەڵ: (برسیاتی ئەو ڕۆژە، ژانی داغی لەبیر بەرخ بردۆتەوە) «ئەمیری».
**برسیانا**: برسیەتی، برسێتی: (بە حورڕیەت بە هەردە و دارەوە بم/ لە برسیانا ئەگەر مردارەوە بم) «مینەجاف».
**برسیایەتی**: برسیەتی، برسیاتی، بێ نانی: (کارێکی وا دەکەم کەموکوڕی نەبێ، برسیایەتی نەکێشێ) «ئەمیری».
**برسیایەتی‌چێژتن**: ١. تاقەتی برسیایەتی هێنان،٢. پەی بە برسیایەتی بردن.
**برسی‌بوون**: ١. برچی‌بوون، هەوراییی: (خۆت برسی بیت و هەژارت تێر کرد/ ئەوسا بزانە ئیمانت دەربرد) «پیرەمێرد»،٢. چاو تێر نەبوون.
**برسێتی**: ئاوراییی، برسیایەتی، برسیەتی: (لە برسێتی و لە هەژاری) «گۆران».
**برسی‌ڕاگرتن**: درەنگ نان دان بە کەسێ.
**برسیگەری**: برسیەتی، برسێتی.
**برسی‌مان**: بە برسیەتی مانەوە: (ئاخوڕی ئەسپم هەوایە، خوانی خۆراکم خەیاڵ/ هەر دوو برسی ماینەوە وا چاکە ڕوو بکەینە هەوا) «سالم».
**برسی‌وتوونی**: بریتی لە نەدار، فەقیر: (لە سەر سەپانی، گوخلەوانی، میراوی، گزیری، شوانی، قەلەوانی، سەگەوانی، نۆکەری، سەرکاری، باخەوانی، تووتنەوانی ئاغا، هەر پاڵەپەستۆی ڕەش‌وڕووت و برسی و تونیان بوو) «ڕاوچی».
**برسی‌وتینوو**: ١. بێ‌تێشوو، بێ‌زەواد: (برسی و تینوو ڕێگام بڕیوە تا ئێرە)،٢. بریتی لە نەدار.
**برسیەتی**: برسێتی، ئاوراییی، برچتی، برس، ناز، سێرووژەیی، پێداویستی گیاندار بە خۆراک: (پێم دەگوتن برسیەتی و هەژاری یانی چی) «نیساری».
**بڕش**: ١. برشوو، پرگ، پیرک، گەڕگ، کەڕڕێ، کەڕوو، کەڕەکیفەی نان و ترشی ٢. ناحەز، ناشیرین ٣. هەناسە، هێز،٤. پشووسواری و نارەحەتی لەبەر تەنگی جێ: (پەک چەند گەرمە، برشم هەڵات).
**بڕش**: ١. هاز، هێز، تووان،٢. سوومای چەو.
**بڕشان**: برژان، برژیان.
**بڕشاندن**: برژانن، برژاندن.
**بڕشانن**: برژانن، برشاندن.
**بڕشانەوە**: برژانەوە.
**بڕشاوی**: ١. کەڕواوی، کەڕووهێناو: (نانی برشاوی ناخۆم)،٢. ژەنگ لێداو: (سێتیری

ژەنگـــاوی و چفـــت و شـــینکەی ڕاوی و خەنـــجەری ڕوزە و تیخەڵـــی برشـــاوی) «شەرەفنامە».

**بڕشت**: ١. تیژی، هێزی بـڕین: (حیسـابی زۆر و کەم نابێ لە ئەرزی کـورد و کـورد بکـرێ/ بڕشتی گەر ببێ دەبـڕێ هەزاران ڕەگ، یەکـی نەشتەر) «حەمدی»٢. پیـت، پێـز، ڕیـژەو، فەڕ، بەهرەی چێنـدراو: (گەنمـی چـاک یەک و دە بڕشـتی دەبـێ)٣. زەوی بە پیـت و بەرەکەت: (ئەم زەوییە بۆ نـۆک زۆر بەبڕشـتە)٤. بـڕس، بڕست، بڕش، هێز، توانـایی: (ئمێـدم وە تـۆن پاتشـای شـاهان/ بـدەری بڕشـت نەزمـم وە زووان) «چەمەنئـارا» ٥. پـارچەی بـڕاو بـۆ دروون ٦. سەرەبڕشت، کوتە پارچەی جلدروو بۆ فڕێدان،٧. کووز، قـاش: (بڕشـتێ هەنـی دا پێم) ٨. سەلیقە، لێهاتوویی، زانـایی،٩. سـۆمای چـاو،١٠. تیزماڵـک و کـوتە کـاغەز کە دوای جزووەبەندی و لێک و لـووس کردنـی کتێـب دەمێنێتەوە و فڕێ دەدرێ.

**بڕشتدار**: پڕزۆر، هەراش، توانا، بەسەلیقە.

**بڕشتدراو**: تاشـراو: (بەردێکـی مەحکەمـی بڕشتدراوی چوار قوڵفی تیادایە) «نەگل».

**بڕشتلێدان**: بڕین پارچە و کاغەز.

**بڕشـــتم**: هـاتم براشـتن، برژانـدمی: (پەحـتم غەزالا چـاڤغوراب/ حوبـا تە ئەز کـرمە کەبـاب/ سـۆهتم برشتم بێحسـاب/ بەرقـا عیونان ڤێکەتێ) «فەقێ تەیران».

**برشتوو**: برشتە، بریشتە، برژاو.

**برشـــتە**: برژیـاێ، بـرژاو، برژیـاگ: (سـینەیا حـوبێ هەرشـتە/ ب ئـاگرێ عشـقێ برشـتە/ قەت ل من نائێن نڤشتە/ ئـای دلـێ مـن ئـای دلۆ) «فەقێ تەیران».

**برشتی**: برشتە، برژاو.

**بڕشتیئاسن**: وردەئاسن، برادە.

**بڕشتیبەرگەوان**: پارچەی سەرەمقەستی خەیات.

**بڕشـــکان**: تینـوێتی شـکان: (هەرچـی ئـاو دەخۆمەوە بڕم ناشکێ).

**بڕشکاندن**: تونیەتی شکاندن.

**بـڕشک**: ڕشـکاوی، ڕشـکن: (هەیـلا ژارۆ، هەیلا ژارۆ/ ئەمێ ل کێریا بەرچـێ کەتـین، وا ب هور و مژکە/ تە شـەل و شـەپک دڕیـاوۆ/ سەر و پاتک ب ڕشکە) «حەیرانۆک».

**بڕشن**: برژن، بڕژن، بڕێژن.

**بڕشوڕەش**: ڕەشوبـڕش، زۆر ڕەش: (لێـرە بـــڕش و ڕەش بە قـــورمی تەنـــدوور/ لەوێ نازاران لێو و پەنجە سوور) «بۆکوردستان».

**بڕشوو**: بڕش، کەڕوو، کەڕەکیفە.

**بڕشە**: پڕشە، بریقە، بریجە.

**بڕشەبڕش**: پڕشەپڕش، بریقەبریقە.

**بڕشەکەر**: بریجەکەر، بریقەدەر، ترووسکەدار.

**بڕشهەڵاتن**: ١. تەنـگەنەفەس بـوون و پـیش هەڵاتن لە گەرمـان: (نـزیکە لە ژێـر هەرەسـی چـاو و برۆیـاندا برشـم هەڵـێ) «شـەوارە»،٢. برش هێنانی نان و شتێ لەو جۆرە.

**بڕشهەڵێنـــان**: کەڕوو هێنـــان: (ئەو نـــانە بـــۆ فڕێدان باشە، بڕشی هەڵێناوە).

**برشیا**: ١. برژاو، برشتی، بریانی،٢. برژا، برژیا.

**برشیاس**: برژیاس، برژاوە.

**برشیاگ**: برژیاگ، برژاو.

**برشیان**: برژیـان، بـرژان: (سـزیام و برشـیام، بووم وە کۆی بریان/ بـووم وە تەمـاکوو سـەر سختەی قلیان) «فۆلکلۆر».

**برشیای**: ١. برژیای، برژای،٢. برژان، برژیان.

**برشیاێ**: برژیاێ، برژاو.

**برغـــوو**: برغـی، بـورغی، بزمـاری بە پـێچ: (پاسـەکەی وەسـتاوە لە گەراجەکەی عەزیـز

شـیرەوەند لای فیـتەرێکەوە بە دوای جەڕ و برغوودا دەگەڕێ) «کۆردەرە».
**برغی**: برغوو، بورغی، بزماری بە پێچ.
**بڕفانوش**: بیرڤێنی، بیدزێ.
**بڕفەت**: مووڵەت، ماوە، دەرفەت.
**بڕفێن**: ڕفێن، ڕفێنەر.
**بڕفێن بڕفێن**: فڕانفڕان، ڕفانـدن بـێ پرسـی خاوەن.
**برڤالەک**: بەرهەڵبێنە، پێشگرە، بەرکۆش.
**برق**: ١. بەرق، بەرەق، بـریقە، بـریجە، شـۆق، تـرووسـکە ٢. هەورەتریشـقە، بـرووسـک ٣. کارەبا، بەرق ٤. قەتران.
**برقابرووسـک**: بـرووسـکەی کارەبـا: (بەسـا کۆرکرنا وان بەگـان، ژ وان هلـدانا هەبوونـا و شاندنا ژن و کەچـێن وان سـەنەندەجێ نـۆلی برقـا بـرووسـکێ ل بـاژێر بەلەڤ بـوو) «مەستوورە».
**برقاندن**: بریقاندن، تترووسکاندن.
**برق‌باق**: بریجەبریج، تریوتاو.
**برق‌بتە**: خاڵەیل زنج.
**برق‌برووسک**: هەورەتریشقە، برووسک.
**برق‌دان**: تترووسکانەوە.
**برق‌دای**: بزیسکە وەشاندن.
**برق‌شانای**: بزیسکە وەشاندن.
**برق‌شای**: بزیسکە وەشاندن.
**برقشت**: برق‌باق، بریقەبریق.
**برق‌ڤەدان**: برق‌دان، بریقەدان، تترووسـکانەوە: (شیران ڤەدابوون برقە/ هاویر بوو تـرقە تـرقە) «فەقێ تەیران».
**برق‌ماسی**: ماسی‌برقی، ماسی کارەبایی.
**برقۆک**: بریقەدار، بە تترووسکە.
**برقۆنەک**: برقۆک، چرۆسەک.
**بـرقە**: ١. بـریقە، تترووسـکە، درەوشـین: (لە برقەی خەنجەر و ورشـەی سـتارخانی لە مـل پیاوا) «قانع».٢. بەرقە، دەسماڵ: (جە باڵای ئەو سەنگ پـا ئـاوەردەوە/ بەرقەی نـاز جە ڕووی ئەو شەنگ کەردەوە) «مەولەوی».
**برقەبرق**: برق‌باق، بریق‌باق.
**برقەندەرە**: چەقەل، چەقەڵ، تـووری، تـۆڕی، تۆڕک.
**برقیان**: برقییان، تترووسکانەوە.
**برقیای**: درەوشاوە، تترووسکاوە.
**برقی‌بەهاران**: چەخماخە، هەورەتریشقە: (بـوو بە خـوێن خـونچەی دڵـم، نەم‌دی هەوای خەندەی گوڵم/ سـۆت دەر و ژوورم، سـەدای برقی بەهارانم نەهات) «وەفایی».
**بــرقین**: تترووسـکان، بـریقەدان، بـرق ڤەدان: (گەنجەک هێشڤارێ من بوو، ئێجا نازپەرڤەردە بــوو، برقینـا شـوورێ سـییاران نەدیـدبوو) «گولشوون».
**برقییان**: برقیان، برووسکانەوە، چرووسین.
**برک**: ١. حەوز، بریم، گۆمی دەسکرد، ئەستێر، ئەستێرک، ئەستێل: (دبێژن کچەکا گوندی چوو سەر برکا ئاڤێ) «گولـواز».٢. کەلەکە، لاکەلەکە، خاڵیگە: (خۆ لە بیریـان نەچـووە خالیـدئاغا و سابیرخان/ زێندین بریندار دەبوو، برینـی بـوو لە برکان) «سـەعید و میرسـێوەدین» ٣. دەرد و ژانـی خـاڵیگە ٤. برنـگ، ڕەوتـی هاویشـتن، فڕدان: (برکـی دە: بیهـاوێژە) ٥. هەڵـم، بـۆغی چـاڵاو یـا ژووری پـیس ٦. هەڵمـی گەرمـای زۆر،٧. پلار، پەل، بـرکە، کـولەبرک: (برکێکـی تێگرت: پەلێکـی بـۆ ئـاوێژت) ٨. قـولەدار یـا چەڵاکێکە بەری داری بەرزی پـێ لێـدەکەنەوە ٩. بۆخاوە، بۆغاوە(گیـا)، ١٠. دژوار، سـەخت، لێـژ: (د چـاخەکی دا دوو کەس پـێکڤە دبـنە ڕێڤینگێت ڕێکی، دگەهنە بن ئەڤرازیەکی برک

و دژوار) «گولواز».
**بــرک**: ١. ژان، بــڕینە، ژانــی منــداڵبوون ٢. هێڵــنج، دڵ تێکچــوون ٣. پــنج، بــڕکە، بنجــی بێستان: (ئەوشۆکە بێجگە لەوەی کاڵکێکی زۆر ڕندرانە و شەتوپەت کرانە، ئەوەندەش بـرک هەڵکێشراون) «خاک و چەوسانەوە»٤. ئەسـتێر، ئەسـتێڵ، حەوز ٥. قـرقێنە، قـرپ، قـرخێنە ٦. داری سـوتان، سـوختی بـڕاو ٧. پـنجکەدار، دەوەن،٨. گیـــــایەکی بۆنخۆشــــــە زۆر بەرز نابێتەوە و گوڵی سپی دەگرێ، تێکەڵـی سـیریش دەکرێ.
**برکار**: کەسـێ ک گشـت کارەیـل وەرزێـری گرێدە مل.
**بڕکانەوە**: هەڵگەڕان، بڕسکانی شیر.
**برکاوێژ**: ١. کەسێ کە برک داوێ، پلارهـاوێژ ٢. مەودایەک کە بـرک و پلـلاری هـاوێژراوە دەگاتێ: (برکاوێژێک دوورتر مـراوی بە سـەر سەرماندا فڕی).
**برکبێژ**: برکـاوێژ، پلاهـاوێژ: (گـۆت: گاڤـا حەســــوود برکبێـــــژ کــــو ئەڤ هێشـــــترە) «گولشوون».
**برکپێداهاتن**: دەست پێکردنی ژان و برک.
**برکتێگرتن**: پلار تێگرتن.
**برکدان**: هاڤێتن، فڕدان، فڕێدان، خستن.
**بڕکردن**: ١. توانایی بە پـێ ڕۆیشـتن: (ئیتـر ناتوانم بڕۆم، بڕناکەم)،٢. گەیشـتن، گەیـین،٣. جێگـــرتن و پێکهێنـــانی فەرمـــان و قســـە: (قسەکانم چ بڕ ناکەن و منداڵ ئیتر گـوێم پـێ نادەن!)،٤. جیـاکردنەوە، هەڵاواردن (ئـاژەڵ)،٥. کووکردن ڕییەن ئەڕای دووشین یـا ئـاودان،٦. دابەشـین،٧. چەپـاوکردن، تـاڵانکردن، ٨. بـرد گـولەێ تفەنـگ: (ئەم تفەنـگە لەوە زیـاتر بـڕ ناکا)،٩. هەتەر کردنی چاو: (جۆبـارە، لالەزارە، هەتا چاوی بـڕ دەکـا/ مەحـوی بەهەشـتی بـۆ چـیە، چ بکـا لە ئـاو و بـاغ) «مەحـوی»،١٠. سوومای چەو،١١. توانایی پەڕینەوە لە چـۆم و ئــاوی خــوڕ: (ئەو چــۆمە هەســتایە و کەس ناتوانێ لێی بڕ کا!) ١٢. وەکارەیل ڕەسین: (بـڕ کەی وەێ هەمگە کارەو بڕەسـی؟)،١٣. یەکـێ لە کارەیل خەرمان هێزدانە،١٤. گەیشتنی دەنگ بۆ شوێنێک: (بێ ڕەنگ و ڕوخسار، پەسـت و لاوازم/ بـڕ بە تـۆ ناکـا دەنـگ و ئـاوازم) «ع. مەردان»،١٥. تــاقەت هێنــان، بەرگە گـــرتن: (ڕۆژێــک خــاڵەی خــزم لە ڕێگــادا تەنگەتــاو ئەبێ، بڕ ناکا بۆ سەر ئیشـەکەی هەر لە ڕێگـا خۆی پیس ئەکا) «ڕشتەیمرواری».
**برککردن**: ١. تووشـی ژان و ئـازاری بـرک بــوون: (بــرکم کــردگە تــیغەرەی پشــتم زۆر دێشێ)،٢. هەڵم کردنی هەوا لە گەرمای زۆردا.
**بڕککردن**: پەل هاویشتنی پـنجە شـووتی و گندۆرە و تریزوو.
**برککەردەی**: برک کردن.
**برکو**: بلە، برایم، ناوی پیاوانە.
**بــرکوژان**: دەرد، ئـێش: (بـرک و ژانـم لە دڵییە/ لە کەنـداڵیم بـاز بـردییە/ دروێکـم لە پێی هەڵچییە) «شێخی سەنعان».
**بڕکــۆکەک**: بـڕێ، بـڕۆکەک، تـۆزۆکەک، تۆزێک، نەختێک: (یا پیاوێک بڕکۆکێک سادە و بێباک بووایە) «ف.پ.پ.».
**بــرکە**: بـریقە، تروسـکە: (ڕەنگـی ئـاڵی هێشووی تریێم/ برکەی شیر و خرمەی زرێـم) «ڕاوچی».
**برکە**: قولەدار یا داری مـازو تەکانـدن، پـلار، پەل، پلار: (برکەیەکی تێگرت: پەلێکی پێدادا).
**بڕکە**: ١. بڕ، بـڕک، یارەمـا، تەرز، بـنج، پـنج، بــڕکەی خیــار، گونــدۆر، شــفتی و تــرۆزی:

(شۆڕەژن بنکۆڵ نەکا بڕکەی بە قرچەی نیوەڕۆ/ چۆن لە کاڵەک تیر دەبێ ئەو زگزلە بێستان‌ڕنە؟) «هێمن» ٢. جەمسەر، جەوسەر ٣. کەرک، کەلە، گەلە، کەرت لە مەڕ و ئاژەڵ: (بیمەسە شووان یەێ بڕکە پەسێکەر خودا نیشتێە و خوەم بێەمە دەسێ)،٤. گیایەکی بۆن‌خۆشی کوێستانییە ٥. قەوارە، پارچەی تێری جلک ٦. گۆل، گۆم ٧. پلار، پللار، کوڵەبرک، برگ،٨. بڕ، برشت، پارچە، بچڕ،٩. بڕ قاڵی، پرزە،١٠. دەسوور وە ڕەسین.

**برک‌هاتن**: قرپ‌دان، قورقێنە هاتن.

**برکەئاڵەت**: جۆرێ دارە×: (داری گەزیچار، برکە ئاڵەتی کێوی، داری بی) «حەمەدۆک».

**برکەبرکە**: ١. بڕکەپەز، کەرتەکەرتی مەڕ ٢. دانە، دیانەدیانە ٣. برپرە، کەمەکەمە.

**برکەبۆن‌خۆشە**: بۆن‌خۆشکە(گیا).

**برکەپەس**: بڕکەپەس: (بیمەسە شوان یەێ برکە پەسێ/ کەرخودا نیشتێەو خوەم بێەمە دەسێ).

**برکەزێر**: ×١٦٦×: (برکەزێری گوێ بە گواران/ شێخیان هێنا ناو قوماران) «ڕاوچی».

**برکەمردە**: ئەو برکەی کە زوو وشک دەبێ و بەرەکەی زوو دەگا و تامی ناخۆشە.

**برکەمەڕ**: برکە، پارچە مەڕێکی کەمە.

**برکەهەڵاڵە**: هەڵاڵە: (برکەهەڵاڵە و چەوروکە/ گوڵاڵە، کاشمە مەندۆکە) «ڕاوچی».

**برکی**: هەوای شێدار: (ئیمڕۆ هەوا چەنی برکی‌یە).

**برکێ**: جۆرە گەمەیەکە.

**برکی‌ترکی**: جۆرێ دەروچانێکی خاڵیگەیە.

**برکی‌قانگ**: ئەو برکەی کە تووی قانگ ئەگرێ: (ئەڵێن یەکێ تازە گۆجی بگرێ، برکی قانگ جوان بکولێنێ، لە جێی نەخۆشیەکەی هەڵسوێ چاک ئەبێتەوە) «ڕشتەی‌مرواری».

**برکین**: برک‌هاتن.

**برکێنە**: یاری و گرێویکە دەکرێ بە بەری برکە بێستان کە کامیان وەهای دەبرێ.

**برگ**: Birg برکە، پللار، پلار، بەتل، بەتر، چووێ وە ئەنازەێ یەێ گەز ک وەرەو کەسێ برنگێ دەن.

**برگ**: Birig بڕ، شێوەر، خەت.

**برگ‌برگ**: بربر، شێوەرشێوەر.

**برگە**: ××: (ها برگە ڤێ پاسیارێ/ ئەڤینا دلێ یارێ) «سەبری بۆتانی».

**برگە**: ١. پاگە، دەراو، بوار، شوێنی پەڕینەوە لە رووبار و زێ ٢. پلار، پللار ٣. لەلەی قەراغی هێندێ شت ٤. جێی شکاندنی جۆگا بۆ ئاودێری،٥. مرۆخە، مۆرتخە، موورگە، مۆغەرە، بربرە، ترەختە،٦. بڕ، هیجا، برگەی وشە: (کوردستان لە سێ برگەی: کور- دس- تان) پێک هاتووە،٧. مادە، فەقەرە، پارچەیەکی سەربەخۆ لە قانوون.

**برگەبرگە**: زۆر لەلە کراو.

**برگەن**: × سەفحەی ئاخر×: (دیدەکەم کوێستانی ئێمە گشتی مێرگ و چرگەنە/ شان بە شان دوند و نشێوی ڕیز بە وێنەی برگەنە) «ڕیزان».

**برم**: Birm ١. برۆ، بچۆ،٢. برووبە، برۆ، ئەبروو.

**برم**: Birim ١. م ئەو چشتە برم،٢. دەبرم، برین ڕێ: (ڕێە وە ڕووژێ برم).

**برما**: برمەو، لەێ نوو برم.

**برمان**: ڕوو، ڕوواڵەت، ڕوومان، چووزمان.

**برمانا**: لەێ نوو برم.

**برمانای**: برماندن.

**برماندن**: برمانن.
**برمانن**: ١. برمە،٢. چلێسی، نەفسۆکی.
**برمانە**: دەنکەنار، دەنکی هەناری ترش بە ئاو و گۆشتەوە ووشک دەکرێتەوە و زستان بە خوێوە دەیخۆن.
**بڕمانەو**: ئەوانە دەبڕم، ئەوانە بڕمەو.
**برمبرم**: Birimbirim هەڵەخەرجی، ئاشان و بخوران.
**بڕمبڕم**: Birmbirm دەنگی ووشترییە.
**برموو**: برۆ، برویە، ئەبروو.
**برمووت**: برمیت، برنووتی.
**برمووتی**: ١. سوور، ڕەنگ سوویەر،٢. لاناوە ئەڕای کەچەڵ،٣. تووڕە، تنەتەیۆەت.
**برمە**: ١. نووزە، ناڵەی تادار ٢. پرمەی لووتی ئەسپ،٣. جۆرێ شیرینی بە گوێز یا پستە چێدەکرێ،٤. بردمە، ئەوم بردە،٥. بردمیە، ئەو منی برد: (شەیخ ل خوە ناکەت ستارە/ ئاشکەرا خەون گۆتە یارا/ ئاه ژ دەست دۆهتا کوفارە/ برمە دینێ شرکەتێ) «فەقێ تەیران».
**بڕمە**: ١. پڕمە، پرمە، دەنگ لە لووت هاتنی ئەسپ لە غلوریان ٢. گوڕە، بۆڵەبۆڵی پیاوی تووڕە: (کاورا بەسیەتی ئەم بڕمە بڕمەت لە چەیە؟!) ٣. ناڵەی نۆبەتیدار ٤. بلمە، دەنگی ورچییە ٥. جۆرێ شیرینیە لە هەویر و شەکر و گوێز،٦. دیزەی چێشت.
**برمەبرم**: ١. پرمەپرم، پرمەی زۆر،٢. بۆڵەبۆڵ، پرتەپرت، خوتبوول،٣. دەنگا هێشترا نێر.
**بڕمەبڕم**: ١. بۆڵەبۆڵ، پرتەوبۆڵە: (کاورا هەر برمەبرمیەتی، نازانم دەرێ چی؟!) ٢. ناڵەی تادار، بلمەبلم ٣. دواندن و تێراخوڕین بە قسەی قەبە و درشت،٤. دەنگی ووشتری نێر ل دەما سەودا بوون.
**بڕمەتەپە**: دێیەکە لە دێکۆی چوار دۆڵی خۆراوای ناوچەی قوروە.
**بڕمەدرەو**: درەوکردن گەنم و جۆیەێ قەرقوت وە یەێ پشت.
**بڕمەو**: بڕما.
**برمەهەلاڵە**: هەلاڵەبرمە.
**بڕمەێ**: ئەوە بڕم.
**بڕمێ**: بڕووخێ: (بە نەفامی کە ئەیان وت ئەمە کۆنە بڕمێ/ ئەو نەڕووخاوە، بە حاڵیان دڵی زامار گریا) «پیرەمێرد».
**بڕمێا**: دەیبڕم، بڕمێەو.
**بڕمێان**: دەیانبڕم، ئەوانە بڕمەو.
**بڕمێانەو**: بڕمانا، ئەوانە دەبڕم.
**بڕمیت**: ١. برنووت، هاردی تووتن، تووتنی هاڕاوە ٢. زۆر هار، زۆر تیژ.
**بڕمیز**: میزن، زۆر میزکەر: (منداڵێکی موسڵمانێک هەموو شەو میزی لە بنە خۆی دەکرد، بڕمیز بوو) «ف.پ.پ.».
**بڕمێش**: شیرکەن، ساوەێگ ک لە شیرخوەریەو خەسەێ بکەن.
**بڕمێن**: بەکار، ئازا، بەبڕشت.
**بڕمێەو**: بڕمەو.
**بڕن**: ١. بردن، هەڵگرتن، گرتن، دژی هاوردن(چاوگ) ٢. بردن، بردنەوە(بازی)،٣. بردن بۆ ڕابردوو: (تیر و کەڤانێک ئاڤیتی دا گۆ: ئەزێ بکوژم شەر ژێ کم، بوخ ستروو شکەستی چەلەک خوە ڕا هلدان، برن) «گەنجی سەربەمۆر».
**بڕن**: ئەوانە بڕن، دەیبڕن.
**بڕنا**: ١. لەێ نوو برنەو، بڕنەو،٢. بوڕنا، جوان، جحێل، لاو: (عەجەب دەردێکە بێدەرمان، بەلایی عەشقی مەهرووییان/ ئەبیتە واتەیی دەوران، ئەگەر ئیسکەندەری برنای) «مینەجاف».

**بڕنابۆز**: ١. پیرەمێردی کەڤنـارە ٢. تەغەر ئەڤ واژەیە بۆ پیرەمێرێ فەلان بکار دبەن.
**بڕناج**: دیەکەیگە لە چەمچاڵ.
**بڕناخ**: بڕناخە، بەرناخ، بڕناق، لـووت، تفنـک، کونادفن، کونی لووت: (وەک بارگینی نارەسەن کونە لووتەکانی فش دەبۆوە، تا برنـاخی وەدەر دەکەوت) «کۆردەرە».
**بڕناخە**: بڕناخ، کونا دفن.
**بڕناق**: ١. بڕناخ،٢. خرتنەک لووت.
**بڕناقە**: بڕناق.
**بڕنان**: ئەوانە بڕنەو.
**بڕنانەو**: ئەوانە بڕنەو.
**بڕناو**: بڕنـوو، بـڕنەو، جـۆرێ چەکە: (تەقەی موسەلسەل، هارەی بڕناوە) «ئاوێنەیبێگەرد».
**بڕنای**: هەڵبڕاندن.
**بڕنبڕێڤە**: بردنە ڕێوە: (تاریە نوور هاتە نـێڤە/ سۆفیان شەیخ بر بـرێڤە/ مـوبتەلا بـوو کـچ د پێڤە/ بێقرار کر هممەتێ) «فەقێ تەیران».
**برنج**: ١. برینج، تۆم مەڕەزە، چەڵتوکی پاکراو، دەغڵێکـی سـپی خـواردنە، جۆرەکـانی بـرنج: (ســــەدری، گەرمە: زووڕەس، عەنـــــبەر، مەولەوەی، سـاردە، گـردە) ٢. پـڵاو، چێشـتی لێنراو لە بـرنج ٣. مەرەزە، شـینایی برنجـی،٤. برنجە، برۆنز، پرینگـۆک، تـونج، زەرد، زەردە، ئالیاژێکە لە مس و ڕۆح.
**برنجـــاڕ**: مەرەزە، برنجـــزار، برنجەجـــاڕ، چەڵتووکجاڕ، کێڵگەی برنج.
**بڕنجاڕ**: پەرێـز، جـاڕ، جـێگەی درەوکـراوی خەلە.
**برنجاس**: برنجداس.
**برنجاسک**: برنجداس.
**برنجان**: دیەکەیگە لە ناو دەروەن.
**بـرنجبەدۆ**: گـوونینە، کـردۆل، چێشـتێکە لە برنج و دۆ یا ماستاو وەک دۆینە.
**برنجبەشیر**: شیربرنج.
**برنجچێن**: کەراخ، برنجکار.
**برنجداس**: برنجـاس، برێنـداس، برنجاسـک، بۆمارانە، گیایەکە بۆنخۆش و عەتراوی.
**برنجزار**: برنجاڕ، مەرەزە، برنجەجـاڕ، عەردێ برنجی.
**برنجکـــوت**: ١. دنـــگ، دینـــگ، برنجقـــوت، جەنجەڕ مەڕەزە، دەسکو سندۆڵ ٢. دینگچـی، ئەوەی چەڵتووک دەکوتێ.
**برنجمشک**: گیایەکە خورسک بە لک و پۆیە لە تیرەی نەعنا، گوڵی سپییە، بۆ دەرمان دەشێ.
**برنجوشیر**: شیربرنج: (فەقیـر لـۆ فەقیـرە، بـا بخوا برنج و شیرە) «پەند».
**برنجۆک**: ١. مو، نەخۆشیەکی بەژانە لە پەنجە دێ،٢. پارچەیەکی تەنـکە بـۆ دەسـماڵی ژنـان دەبێ، ٣. جۆرێ قوماشی کونکونە: (بە نووکی تیری شۆخێکی کەوا چۆخ/ لەبەرما تەن بـووە جـامەی برنجـۆک) «مەحـوی»،٤. رۆن، روون، ڕۆناهی، شەفاف، تشتێ رۆن.
**برنجە**: برۆنز، مەفرەغ، پـرنجە، پـرنج، بـرنچە، بنـز، زەردی سـەماوەر، ئالیـاژی مـس و ڕۆح: (مەحموو بەگی شـاخولکە تفەنگێکـی سـەر و قنـــگ بـــرنجەی بە دەســـتەوە بـــوو) «ڕشتەیمرواری».
**برنجەجاڕ**: برنجاڕ، مەزرای برینج.
**برنجی**: ١. بژارە، بژاردە، هەرەباشـە، پـلەیەک، فرەخـاس ٢. وەک بـرنج، برینجـی: (ئەو ددانە برنجییە)،٣. هەر شتێ لە بـرنج سـاز کرابـێ،٤. نانبرنجی، هامەێ کرماشان،٥. ڕەنگـی مەیـلەو قاوەیی،٦. هەر دەفرێکی لە برنج ساز کرابێ.
**برنجیبەردەشـۆر**: بریتـی لە خووسـان لە بەر بـاران: (بـارانێکی خـۆش دەبـاری، حەسـۆکە

گەیشتەوە، وەک برنجی بەردەشۆری لێهاتبوو).

**برنجی‌سەدری**: جۆرێ برنجی باشە، ئەم برنجە یەکەم جار میرزاغاخانی سەدری لە هیندوستان دەگەڵ خۆی هێناویەتی.

**برنجی‌عەمبەربۆ**: جۆرێ برینجی بۆنخۆشە.

**برنجی‌گردە**: جۆرێ برنجی بۆنوەشە لە برنجی ئاسایی کورت‌ترە.

**برنچە**: برنج، برنجە، مسی زەرد.

**برند**: بلند، بڵیند: (بەژنی چەندە برندە لێی دەبەستێ گێلدارێ/ تۆق و تەلەسم و بەربەن بە سەردا هاتنە خوارێ) «سێسەدهۆنراوە».

**بڕندە**: ١. بڕا، بڕەک، بڕنە، بڕێن، تیغی تیژ: (دوو تاقی جووتە بڕۆت، وەک دوو تیغی بڕندە/ دوو سەف مژۆڵی سەراسەر، دوو جەعبە پەیکان بوو) «ئەدەب»،٢. مشار، هەرە، ٣. ناوی پیاوانە.

**برن‌سەری**: تەواوکرن، بردنەسەرێ.

**برنگ**: ١. برینگ، برنگە، کەلەخ، هەورینگ، قەیچی مەڕ بڕینەوە ٢. برک، کاری تووڕهەڵدان ٣. وشک، ئیشک و برینگ،٤. ئاپاندیس: (فلانی برنگ کرد و مرد)،٥. ناوی پیاوانە.

**بڕنگ**: برینگ، هەورینگ.

**بڕنگاو**: ١. تەڕ، تەوش، ئاوین،٢. بێ‌فایدە.

**برنگ‌ئەلاژەکی**: ١. تاتەڕێخ، برنگ هەلاژەکی، ٢. پەیەڵپەیێ کوچگ خستن.

**برنگ‌دان**: فرێدان، خسن، خستن.

**برنگە**: برنگ، برینگ.

**برنگەوان**: وەستاکاری مەڕ بڕینەوە.

**برنگ‌هەلاژەکی**: برنگ‌ئەلاژەکی.

**برنگی**: برنگ، برینگ.

**بڕنە**: تیژ، بڕندە، بڕا.

**بڕنۆ**: بڕنۆ، بڕنەو: (ب برنو و چفتە و خەنجەر و گۆپاڵ) «سندی».

**بڕنۆ**: برنوو، بڕنەو، جۆرە تفەنگێکە: (زمانی ئێمە گەر نازانێ دوژمن/ دەبێ حاڵی بکەین بە بڕنۆ) «هێمن».

**برن‌وئانین**: بردن و هێنان.

**بڕنوو**: تفەنگی بڕنەو: (بە قیمەت وەکوو بڕنووی) «حەسەن زیرەک».

**بڕنووت**: بڕنووتی: (پیاوێکی دوکاندار هەبوو لە سلێمانی، هەر لە بەیانیەوە تا ئێوارە لە سەر دوکانەکەی هەر بڕنووتی هەڵئەمژی) «ڕشتەی مرواری».

**بڕنووتی**: برمووت، بوورونتی، بەڕنووتی، سعوتی، سعووتی، ئەنفیە، تۆزێکە لە تەماکوو و داو و دەرمانی بۆنخۆش بۆ کێشان.

**بڕنووتی‌دان**: جێگەی بڕنووتی، سعوتی‌دان.

**بڕنە**: بیڕنە، هەڵی کەنە یا بچنە.

**بڕنەسەر**: ١. بردنەسەر، بە کۆتا گەیاندن ٢. پەڕاندنی شەرتی ڕەنجبەری.

**بڕنەڤە**: ١. بردنەوە، بڕنەوە، سەرکەوتن، قازانج کرن (قومار) ٢. وەرگەڕاندن.

**بڕنەو**: ١. بڕنوو، جۆرێ چەکە: (ئەوی بڕنوی لە شانە دەیبینی/ پاکی بۆ ڕێگری برای دینی) «ئالەکۆک»،٢. پارچەیێکە دەسۆباف ک کەنەی پاپووش،٣. دەیبڕن، لە پەسا بڕن.

**بڕنەوە**: بڕنەڤە، بردنەوە.

**بڕنەوی‌سواری**: بڕنەو، چەکێکە: (کارخانەی قەندی، بڕنەوی سواری/ بەینی بەینەڵلا لە گولەی خەساری) «فۆلکلۆر».

**بڕنەی**: بڕنای، هەڵبڕاندن.

**بڕنەێ**: لە پەسا بڕنەو.

**بڕنێا**: لە پەسا بڕنەێ.

**بڕنێان**: لە پەسا بڕنێان.

**بڕنێەو**: لە پەسا بڕنەێ.

**برو**: بـرۆ، بـرویە، بـرم، ئەبـرۆ: (یەکـێ تـاقە لەسەر ئەبرۆ، یەکێکیان جووتی پڕچینی/ یەکێ دەخزێتە بن جیدی، یەکێ دەڕژێتە پەرچینی/ ...) «ئەدەب».

**بڕو**: ١. بڕوو، بڕوانە،٢. زونە بڕود.

**برۆ**: ١. ئەبرۆ، ئەوروو، بروو، برووک، برووی، برۆی، بروێ، برە، برەو، برەوی، بروھ، بـرۆڤ، برڤەت، بـرەڤەد، بـڕی، بریـی، بـورو، بـوری، بەرەو، بێرم، ریزە مووی کەوانەیی سـەر چـاو: (موژەت قوللابییە هەم تیر و هەم شیر/ بـرۆت میحرابییە هەم تاق و هەم جـووت) «نـالی» ٢. بریتـی لە مێحـراب×: (مـن لە ژێـر مێحرابـی ئەبرۆت چاوەڕێی نوێژی ترم) «ئاسۆ»،٣. جۆرە ماسیەکە.

**بڕۆ**: ١. بوروو، بوریە، بڕوو، بڕی، بچە، بچوو، بچـۆ، ڕۆوڕێ، بشـۆ، هەڕە، هەڕۆ، هولـوو، فەرمانە بۆ ڕۆیشتن: (بە جەلـدی و چـابووکی بۆ زیارەتی خاکی برۆ ڕاکە) «حەیدەری» ٢. لە پاش تـالان دەگـوترێ بە واتـای رامـالین: (لە تالان و برۆیە ئازان/ لە ڕێگری هەموو وریان/ درۆ ناکەم بپرسە وان/ ئەمن دەیلێم و بێ‌بـاکم) «هێمن»،٣. بڕە، شرن، شفرەی فیل و بەراز.

**بڕوا**: ١. ئیجازە، ڕەوا زانین: (دڵم بـڕوا نـادات چـاوم بە منـاڵی بـکەوێ) ٢. بـاوەڕ، بـاوەڕی، ئیمان، بەقـا، بـایەخ: (بـڕوات کە بە دنیـایە، لە تەکما بە دەمێ/ بـڕوانە لە گۆڕستان و ڕامێـنە کەمێ/ ...) «خەیام هەژار»،٣. بڕوانە، تماشـاکە، بنوارە،٤. ناوە بۆ کچان،٥. ناوی کوڕانە.

**بڕواپێکردن**: بڕوا پێ هەبوون.

**بڕواپێ‌هەبوون**: متمانە پێکردن.

**بڕوادان**: ڕەوا بینین، بەرایـی دان: (هەرچەنـد دەکەم دڵـم بـڕوا نـادا لە دایـک و بـابم جیـا ببمەوە).

**بروار**: بەروار، ڕێکەوت، تاریخ.

**بڕوار**: بەروار، گەوە، قەداوقەدی کێو.

**بـــرواژی**: بەرواژی، بەراوەژوو، ئـــاوەژوو، پێچەوانە.

**بڕواکردن**: باوەڕکردن.

**بڕوان**: بڕوانە، بنێڕە: (سەرێ هەڵبـڕە لە سـای سەراسـەنگ/ بـڕوان قەومەکەت چەن مـات و بێدەنگ) «مینەجاف».

**بڕوانامە**: باوەڕنامە، گەوایی‌نامە.

**بڕوانن**: بڕۆنن، بنوڕن، بنێڕن، بنوارن.

**بڕوانە**: بڕوا، بنوارە، تەماشاکە: (غەریب و دڵ پەشێوم/ بڕوانە باری لێوم) «حەسەن زیرەک».

**بـــڕوای**: ١. بـاوەڕی، متمـانە،٢. ئـارەزوو، کـرانەوە: (دڵـم بـڕوای نـادا بچـمە مـاڵی بەهەشتی).

**بڕوایتای**: بەربەرەکانێ، بەرامبەری.

**بڕوایـی**: بـاوەڕی، ئـارەزوو، کـرانەوە: (دڵـم بڕوایـی نـادا بچـمە مـاڵی: دڵـم نـاکرێتەوە یـا مەیدان نادا).

**بڕوبزگوڕ**: سڕوسپاڵ، شڕوسپاڵ، شڕە: (دەبـێ ئەمساڵی ئێمە بۆ جەهەنەم بەن سڕوسپاڵ).

**بڕۆبۆ**: سەروکار، سەرقاڵ، خەریک.

**بڕۆبەکولاو**: برۆی پـڕ و پەیوەسـتی کەپـڕۆکە کردوو.

**بڕوبەهانە**: بڕوبیانوو، بیانگ: (ئەو تـایەنی پـڕ بڕوبەهانە/ پێی گوت: کە نیشـانە نـین ئەمـانە) «هەژار».

**بڕوبیانوو**: بیانوو، پەڵـپ: (وەڵاهـی مـن زۆر چاکم، بەڵام ئەو هەر لێم بە بڕ و بیانووە).

**بڕۆپەیوەس**: بڕۆپەیوەست.

**بڕۆپەیوەست**: برۆلکاو، کەسـێ بـرۆی نێوانی نەبێ: (جـووت مەمکـی وێـنەی هەنـارە/ بـرۆ پەیوەست و چاوبەڵەک) «حەسەن زیرەک».

**بروتاشای**: برۆ تاشین.
**برۆتێکنان**: بریتی لە تووڕەبوون: (وەرە بێ هیچ خەم و بێ ترس و درۆ/ بێ ئەوەی تێکی بنێی چاو و برۆ) «ئاسۆ».
**بروجـــرد**: بروجێـــرد، شـــارۆچکەیەکە لە پارێزگـای لوڕستان: (کرنـد و ئەسعەدئاباد و برووجردە و نهاوەندیش) «ئەسیری».
**بروحەجەرا**: گوندێکە لای مانگێش.
**بڕود**: ئەو برو، بڕیبوی.
**بڕودا**: بڕودەو، بڕیبوی.
**برۆداس**: ئەبرۆ کەمانی: (هـاتە بەزمـی ئێمە دوێنێ‌شـەو برۆداسـێ بە دەو/ هەر بە ناکـامی پەڵەی سەبری دڵی کردم درەو) «بێخود».
**بڕودان**: ئەوانە بڕود.
**بڕودانا**: بڕودانەو، زونە بڕیبویان.
**بڕودانەو**: بڕودەو.
**بڕودانەوەێ**: بڕودان.
**بڕودەت**: ١. سـەرما، ساردی، سۆڵە، شتی سارد،٢. بریتـی لە بێ‌مەیلـی: (کـوبکن ژ کـێ پورسیار بکین/ علاجەکێ ما چار بکین/ عشـقا دلێ شەیخ سار بکین/ پەیدا بکـین بردوەتـێ) «فەقێ تەیران».
**برۆدەر**: گوندێکە لای چلچەمەی دیواندەرە.
**بڕودەو**: بڕودا.
**بڕودەوەێ**: بڕودەێ.
**بڕودەێ**: بڕودەوەێ.
**بڕودێا**: بڕودەی.
**بڕودێان**: ئەوانە بڕود، زونە بڕیبویان.
**بڕودێەو**: بڕودێان.
**بـــروز**: ١. ئاشـکرا، خوویـا،٢. بـرەو، ڕمێن: (زانین لە بروزدایە، نەزانین لە نەمانە/ گۆیـا بە درۆ سەفا و سەیری جیهانە) «قانع».
**برۆزکرن**: ئاشکرا کردن.

**ب‌ڕۆژێ‌را**: لە ڕۆژدا، بە ڕۆژدا: (ب ڕۆژێ‌را تە هەڤـدەنگی/ دو ڕەشـتوزین سـیەهرەنگی) «جزیری».
**بـــڕۆس**: ١. ماهووت‌مـاڵ، ئـامرازی تـایبەتی فەرش و قاڵی شۆردن،٢. جۆرێ شانەی سەرە.
**بروســک**: ١. چەخمـاخە، هەورەتریشـقە،٢. بریتی لە ئاوری عەشـقی مەعـنەوی: (بروسـکا باتنی دا دل، د پێتێ سینە وێ وەربوو/ کو دێ بێـتن تەبێتـا دل د نـاڤ وێ نـار و پێتـێ‌دا) «جزیـری»،٣. تەزووی بە ژان: (بروسـکێک دە پشـتم وەسـتا)،٤. بـریقە، تـرووسـکە،٥. نـاوی کوڕانە.
**بڕوســـک**: کەمـوکە، تـۆز، تۆزکـاڵ: (هەر بڕوسکێکم دەیە بەسمە).
**بروسکان**: تـرووسکانەوە، بریقەدان.
**بروسکانەوە**: بروسکان، بریقانەوە.
**بروســکە**: ١. بروسـک،٢. تێـل، تێلگـراف، تەلەگـراف، بەرقیـیە، بـورقی، تەلغـراف: (کـاریگەری پۆسـتە و تەلگـرافیش هەمـوو ئێواران ورد و باریک کـۆپی بروسـکەکانی بـۆ قایم‌مقام دەهێنا).
**بروسکیان**: بروسکان.
**بروسکیانەوە**: بروسکانەوە.
**بروسکین**: بروسکان.
**برۆسەقر**: برۆ وێـنەی سـەقر××: (لە چـاوان بازی، لە برۆیان سەقری) «گەنجی سەربەمۆر».
**برۆش**: ١. شیرازە، بندروو ٢. غارا، زۆربەز ٣. بەرۆش، پەتێـڵ، دیـزەی لە مـس، دەسـتە مەنجەڵ: (برۆش دگەرە، دەرخۆنێ خوە دبینە) «پەند»،٤. بندۆش، مەردۆش، مانگـادۆش، فەرا دۆتن.
**بڕوش**: بڕوێش، وردەی ساوار.
**بڕۆش**: وردەی ساوار، بڕوێش، بírووش.

**برۆشت**: دیزە، بەرۆش، مەنجەڵ: (برۆشتێ گۆت: بنێ من زێرە، کفگیر گۆت: ئەز ل کومە؟) «پەند».
**برۆش کرن**: شیرازە کردن.
**برۆشکەخەو**: کەرویشکەخەو.
**برۆشـــە**: دانەدانە بارینی بەفری تەنک و پانکەڵە.
**برۆشە**: پرووشە.
**برۆقە**: بریقە، ترووسکە.
**برۆقەیتان**: برۆ باریک و زراف.
**بروک**: ×١١٧×: (کاک مەولوود پەروای نییە، بۆ چاخانەکەی مچەکۆڵ، هەر بروکێکمان ماوە) «شەوارە».
**برۆک**: ١. ددانەکانی پێشەوە چوار لە سەرەوە چواری لە خوارێ ٢. ببڕ، بڕێن، بڕندە، بڕ،٣. گەڕۆک، سەیار، ڕانەوەستاو.
**برۆکنی**: برۆ لای، بچۆرە لای.
**برۆکە**: تۆز، تۆزقاڵ، کەموسکە، زۆر کێم.
**بـرۆکەوان**: برۆچەماو وەک کەوان: (جوانی بەینەڵڵا جوانی، چاو باز و برۆ کەوانی) «حەسەن زیرەک».
**برۆکی‌خوارەوە**: کانکەر، چوار ددانی تیژی خوارەوەی زار.
**برۆلێ‌هەڵتەکانـدن**: ئیشارەی بە نهێنی بە کەسێ.
**برۆنز**: برنج، کانزایەکە.
**برۆنزە**: لەش برژاندن بە هۆی تیشکی هەتاو: (لە گەرمای نیوەڕۆدا ئافرەتە بێگانەکان دەڕۆیشتن لە رووباری سیروان مەلەیان دەکرد و لەشیان دەدا بەر تیشکی هەتاو تا برۆنزە بوونەوە، ببرژێن) «کۆردەرە».
**برۆنکۆ**: جۆرێ ئەسپە ماڵی ناکرێ.
**برۆنە**: ١. بڕوانە، سەیرکە،٢. بچنە.
**برۆنــێ**: بنۆڕێ، بنەڕێ، بڕوانێ، سەیرکە: (بڕۆنێ لە ژین و سەرئەنجامەکەی/ سەر و ژێری کردن جەم و جامەکەی) «شەرەف».
**بروو**: ١. برۆ، ئەبرۆ: (لێ برووێن وی ڕەش و سخ بوو) «مەستوورە»٢. قامیش، زەل ٣. گەرمەژان، ژانی منداڵبوون.
**برووت**: ئەو گەنە مووەی لە سەرەتای سمێڵ دەرێنان دەڕوێ.
**بروو**: برۆ، برھ ئەبرۆ.
**بــڕوو**: بەزە، ڕوحم، بڕووە: (دڵم بڕوو نییەکەی).
**برووجەرد**: برووجێرد، شارێکی کوردستانی سەر لە نزیک کەنگاوەر.
**برووز**: ١. ئاشکرا،٢. زۆر، چڕە، پەرە.
**برووزئەسای**: برووز سەندن.
**برووزئەســتاندن**: برووزسەندن: (ئەوەندەی برووز ئەستاند کە خەریکی ئاوەدانکردنەوەی قەڵایەکی گەورە و قایم بوو) «توحفە».
**برووزسـەندن**: زۆربوون، چڕەبوون: (پاشان بیری خەڵک بەرەو بەرزیەتی/ بروزی ئەسەن ڕووەو ژێریەتی) «دیلان».
**برووساندن**: ترووسکەدان، پڕیشک ئاویژتنی ئاور.
**برووســک**: ١. برق، برووسکە، برویسکە، بریسک، بریسکە، بلسک، ڤلسک، ڤرسک، ڤرسۆ، چەخماخە، چرڤێت هەوران: (عاشقان بێ‌گاڤ لەو کالین ژ دل تێن شۆبهێ ڕەعد/ وان ژ بالا لێ دبارن وەک بروسکان ڕەمز و ناز) «جزیری» ٢. ئێش و ئازارێک کە لەپڕ شوێنێکی لەش دادەگرێ،٣. نێوی نێرینانە.
**بڕووسک**: کەم، کێم، تۆزێ: (بڕووسکێکم

ئاو بدەیە).

**برووســـــکان**: ١. برووســـکیان، بروســـکین، بریقەدان، شۆقدانەوە ٢. سەرهەڵدانی ئازارێک لە کت و پڕ و تیـژە ٣. چەخمـاخەدانی هەور: (چڵکەهەورێ لەوپەڕی شەرقەوە پەیـدا بـوو/ برووســـکەی دا، یەئجـــووج و مەئجـــووج بە یەکدا چوو) «پیرەمێرد»،٤. کۆی برووسـکە: (تە دڤێ بەرق و برووسـکان برەشـینی، تـو نەزەر دە) «جزیری».

**بڕووســـکان**: پڕووسـقان، هەڵپڕووسـقان: (بە زمانی بۆڵ و منـداڵانەوە هەر وەک بە دایکـی بڵـێ: ئەو شـیرەی بە شـەکەتی ڕێگـا ڕۆینـی نیوەڕۆ بڕووسکابێ) «شەوارە».

**برووسکاندن**: ١. برووسـکین، برووسـکەدان، چەخماخەدانی عەور،٢. برووسکەدانی لەش.

**برووسکانەوە**: ١. بریقـانەوە، درەوشـانەوە،٢. شـۆقدانەوە: (بەرقە دەبرووسـکێ لەنـاو هەر دێـیەک/ ڕۆژ دەبـێ نیوەشـەوی هەر جێـیەک) «بۆکوردستان».

**بڕووســـــکاو**: ١. بریقـــاو، ترووســـــکاو،٢. هەڵبڕووســـــقاو، ژاکـــــاو: (ئەوە ڕاوچـــــی لە شـــەوارەی شـــەوی جێژوانـــی تـــۆ/ شـــەوە گەزتـــوویەتی، ژاکـــاو و بڕووســـکاوە مەڕۆ) «ڕاوچی».

**برووسک‌لێدان**: برووسکاندن.

**برووسکنای**: برووسکاندن.

**برووسکنایۆ**: برووسکاندنەوە.

**برووسکنەی**: برووسکنای.

**برووســـــکە**: ١. برووســـک، هەورەتریشـــقە، هەورەتریشکە، چەخمـاخەی هەور: (جارجـار لە ئوفوق ڕائەوەشا شیری برووسکە/ گـرمەی غەزەبـی گـوێی کەڕ ئەکـرد هەورەتریشـــقە) «گـۆران» ٢. ترووســکە، شـۆق ٣. تێلگـراف، تەلغراف، بەرقییە، بورقی،٤. ئەو تیشـکانەی لە چاوی مرۆڤ دەرئەچێ لە کاتی پژمەی زۆر و تونـــدا: (بەرق و برووســـکە و تەم داش وە هەمدا/ پلووسـکەی سـێڵاو ئامـام وە چەمدا) «مەولەوی»،٥. ناقێ مێرانە.

**برووســـــکەدار**: بـــریقەدار، ترووســـکەدار، بڕەووش، خشەئیتە.

**برووسکەداری**: بریقەداری، بریسکەداری.

**برووســـــکەدان**: ١. چەخمـــاخەدانی هەور، برووســـکان: (هەوری ڕەش و کوڵـــۆ کوڵـــۆ بەپشـــت و وڵاتداگـــر برووســـکان دەدەن) «ئەمیری»،٢. سەرهەڵدانی ئازارێکی کت و پـڕ و تیژە.

**برووسکەدای**: برووسکەدان.

**برووسکیان**: برووسکان.

**برووسکیای**: برووسکان.

**برووسکین**: برووسکان.

**برووسکیەی**: برووسکان.

**برووســـی**: ١. تەزوو، بروســـک، برووســـکە، مچـوڕک، بریسـی، تەزووی بە ژانـی لەش ٢. بروویسی، ورێ، بەرق، برووسـکەی ئاسـمان، چەخماخەی هەور.

**برووسێ**: برووسی، چەخماخە.

**برووسیان**: چرووسیان، تەییسیان.

**برووسیای**: درەوشاوە، بریسیاک.

**برووســـین**: ١. بریســـکانەوە، برووســـکیان: (هێسـرا بـارانێ ل سـەر ئـاخێ دبرووسـین) «گولشوون» ٢. درەخشان، پڕیشکدار.

**بـــرووش**: ١. بـرێش، بـرۆێش ٢. دانهێـرک، دانێر، دانهێر، گەنمەکوتاو.

**بڕووش**: سەرخۆش، گێژ.

**برووغ**: بەفیز، بەهەوا، فیزدار.

**برووغی**: فیزداری، هەوا، فیز.

**بڕووقە**: بریقە، بریسکە.
**بڕووقەبرووق**: بریقەبریق.
**بڕووک**: ١. تۆز، کەم، نەختێ: (بای باڵم بدەم و بڕووکێک وەحەسێم) «عەسکەری»،٢. خۆش کردنەوەی باران بۆ ماوەییێک.
**بـــڕووک**: ١. ڕوشـــاڵە، ڕووشـــاڵ، پـــرزە،٢. قژکریای شیر.
**بڕووکان**: بریقانەوە، درەوشانەوە.
**بڕووکانەوە**: بریقانەوە، ورشەدان.
**بڕووکبڕووک**: ڕیشاڵڕیشاڵ، ڕوشاڵەڕوشاڵە.
**بڕووکنای**: پرووکاندن.
**بڕووکنەی**: بڕووکنای.
**بـــڕووکە**: ١. ڕۆشـــن، ڕەوشـــەن، روونـــاک،٢. بڕێک، هێندێکی کەم لە شتێ: (دا بڕووکەیەکم توو دەیە!).
**بڕووکە**: بڕ، تۆز، بڕێک، کەمێک.
**بڕووکیـــــای**: ١. برووســـکیان، برووســـکان، تروســـکانەوە، درەوشـــانەوە،٢. چـــاوداگرتن، چاوقرتاندن،٣. پریکەپریک کردن.
**بڕووکیەی**: بڕووکیای.
**بڕوون**: بنوورە، بڕوانە.
**بڕووە**: بڕوو، بەزە، ڕوحم.
**برووویســـی**: برووســـی، چەخمـــاخە: (ل وێ ڕۆژێ برووویسی کەتن عەسمانان) «سندی».
**بڕۆوێکنان**: بڕۆ تێکنان، توورە بوون.
**بروە**: برۆ، ئەبرۆ.
**بڕوە**: بڕۆ، بچۆ، بچۆرە: (مـانی بیـت بـڕوە بشۆرە سەرت/ مەغزی دەر ئەکەم، ئەنیەمەی بەرت) «چاردۆڵی».
**برۆهەڵتەکانـدن**: تەکـانـدانی بـرۆ بـۆ وەڵامـی کەســێ یـــا هێمـــا و ئیشـــارەت: (بـــرۆت هەڵمەتەکێـنە، نەوەک شـێت و شـەیدا بـم) «فۆلکلۆر».

**برۆهەڵگـــرتن**: هەڵقەنـــدنی بـــرۆ و باریـــک کردنەوەی.
**بروی**: برژانگ، بژانگ، برژۆڵ.
**برۆی**: برۆ، ئەبرۆ.
**برۆیپڕپشت**: بـرۆی ئەسـتوور، بـرۆی درێـژ: (چاوە شینە چووکەڵەکانی کە لە ژێر برۆ سپی و پڕ پشتەکانیدا شارابوونەوە) «حەمەدۆک».
**بڕوێتەو**: ١. بڕواتەو، بچێتۆ: (دەرچوونی نیـیە بـڕوێتەو بـۆ مـاڵ) «ئـاوێنەیبێگەرد»،٢. شـین بێـتەوە: (هـیچ ڕێـی ئاقـڵ نیــیە ئەم دارە جارێکیتر بڕوێتەو).
**برویسکە**: برووسک.
**برویسی**: برووویسی، تریشقە.
**برویسێ**: چەخماخە، برووسکە.
**برۆیســـێبەنگ**: بـرۆی تـێکەڵاو، بـرۆی سێوەنگ، برۆی سێتاق.
**برۆیسێتاق**: برۆی سێوەنگ، برۆیەکی پـڕە کە لە نێوانیدا بۆشایی نەبێ.
**برۆیسێوەنگ**: برۆی سێتاق.
**بڕوێش**: ١. بڕۆش، بـڕووش، پەڕش، پەڕشـە، وڵۆشــە، بـڕێش، دەنـکەی دەغڵـی پەڕش بە چێشت لێدەنرێ٢. گەنمی کوتراو بـۆ هێنـدێ خـــواردن،٣. قڵۆشـــە، هوڵۆشـــە، هـــووش، ووڵۆشـە، بـڕۆش، وردەی سـاڤار، سـاواری هـاڕدراو،٤. بڕوێشـین، چێشـتی لە بـڕوێش،٥. تەرزەلووکە، گژنیژە، جۆرێـک بەفـری وردی ڕەقە،٦. بریتی لە قسەی بێ ڕێوجێ.
**بڕوێشکانی**: ١. گونـدێکە لە دێکـۆی پشـتی ئاربەبای بانە،٢. گوندێکە لە دێکـۆی نەنـۆری بانە.
**بڕوێشکـردن**: ١. ئاشـێکی کە بەرداشـەکانی باش ناهاڕن و لە جیات بە ئارد کردن دانەوێڵە قەڵت و بڕ دەکەن و وەک بڕوێشی لێدەکەن،٢.

ئاخـــاوتنی پـــڕ هەڵە: (بـــارام کەوتە بـــڕوێش کردن).
**بڕوێش‌کوڵێک**: زەمانێک بەقەرا کوڵینی بڕوێش کە نزیکـی دوو سـاعەتە: (بڕوێش‌کـوڵێکە دە حەمام دایە).
**بڕوێشن**: چێشتی بڕوێش.
**بڕوێشە**: ١. پرووشە،٢. ناوی کوێستانێکە لای سەرشیوی سەقز.
**بڕوێشین**: بڕۆش، شلەبڕوێش، ولۆشینە، ئاش و شلەی لە بڕوێش و وردەساوار.
**بڕۆی‌قەڵەمی**: بڕۆی باریک و زراڤ.
**بڕوێن**: شۆفێر، ئاژووەر، لێخوڕ.
**بڕویە**: بریە، بروو، ئەبرۆ.
**بڕۆیی**: بڕوایی.
**بـڕە**: ١. یەکـانە، ئێکـانە، نێـرەبەراز ٢. شـفرە، مەرموول، ددانی بەراز ٣. چینی گەنمەشامی ٤. بەسـتە، بەیـاری نێـوان دو کـێڵگە ٥. گـۆترە، دەمبـڕ، لەبـڕێ، بێ‌ژمـار ٦. خـاکەی مشـار ٧. مشار، هەڕە ٨. کچ، بریتی لە فرزەندی مێـوینە ٩. بریتـی لە پیـاوی بەکـار و هەڵـکەوتە ١٠. خـاکەی بڕبەنـد ١١. تەواو سـوووربوونەوەی سواڵەت و توندبونی هێلکەی کوڵاو ١٢. ببـڕە، ببیـڕە ١٣. مەخـتە، قـونتەراتی ١٤. قرتانـدنی گوڵەپێغەمبەرە بۆ کوتـانی ١٥. کەڵەمێـرد، زۆر پیاو، ١٦. ناوگەرە، کەناری باخچە و کشتوکاڵ ١٧. ناوگرە، خەتێک خۆڵی هەڵـدراوەی نێـوان دوو هێڵی جووت بە گاسن کە کەوتۆتە سـەر یەک، ١٨. بـڕۆ، بچـۆ،١٩. بـڕوانە، بنـوورە، نگـاکە،٢٠. پـت‌لاڵە، لاڵەپەتە،٢١. پەیمـان، بڕیار،٢٢. بڕەک، بڕێ، بڕێک: (بـڕە گەنـمەکەم کڕی)،٢٣. ڕوونـاکی، ڕۆشـنایی: (بەرەبەیـانە و سـویێگەکان بەرەبەرە بڕەیـان تێـدەکەوێ) «شـەوارە»،٢٤. کێلـب، کێلبە، کەڵـپ، ددانـی پێشەوە،٢٣. هێز، گوڕ.
**برە**: ١. برۆ، بروو، ئەبرۆ: (سۆفی خەلوەنشین بێنە سـۆجدە/ هەر دوو بـرهێن تەنە مێحرابـێ دۆعا) «جزیری»، ٢. جۆرێ ماسی،٣. برژانێکی ناونجییە، هێلکە یا دیزە و گۆزە نابێ لەوە پتـر ببرژێن،٤. هێز، ئەنیا، هاز.
**برهاڤ**: کۆ، کۆگا، کۆما، خڕ.
**برهاڤ‌کردن**: کۆکردنەوە.
**برهـان**: ١. کـۆی بـرە، واتە بـرۆ، برۆیـان،٢. بورهان، گوندێکە سـەر بە مەهابـاد: (کـولیجە نێ، دەرمانە/ قەمتەرە نێ، برهانە) «فۆلکلۆر».
**برهاندن**: نەهێشتن، نەهێلان، کۆتایی پێهێنان.
**بڕەبـڕ**: ١. گورمەگـورمە بـایی ٢. گرەگـرە، گوڕڕەگوڕڕە، قیرەقیر بە سەر خەڵکدا.
**بڕەبڕە**: ١. تۆزەتـۆزە، نەختەنەخـتە، بربـرە ٢. پارچەپارچە، کەرتکەرتە(مەڕ).
**بڕەبڕەم**: برەم‌برەم، ئاوەن ڕەوەن باشکۆ.
**بڕنەبەر**: بەر خستنی فیشەک، موسەلەح کرنی چەک: (کابرا تڤەنکا خۆ ئینـا دەرڤە و فیشـەک برە بەر) «گولواز».
**بڕەبەراز**: کۆمەڵێک ئاژاوەگێڕ و شەڕفرۆش.
**بڕەپێ**: بنوورە پێ، تماشای کە.
**بڕەت**: بڕوا، دەرچێ: (جـان بـرەت مە د ڤـێ عەزابێ، ئەڤ سیاهرەنگ ئەژدەهایە) «جزیری».
**بڕەتن**: بڕوا، بـڕوات: (دێ ژ غەفـلەت بـرەتن سایە زەوالێ ئەی دل/ رونەنێ داتو ئەمانەی ل سیها داری حدوث) «جزیری».
**بڕەدار**: لکەدار، قەدی دار، بنەداری بڕاو.
**بڕەر**: بڕ(ددان).
**بڕەس**: ڕزگاری.
**بڕەسان**: شووفار، جاسووس، خەوەرچین.
**بڕەسـوار**: کۆمەڵێـک سـوار: (لەو دەمەدا تەماشـامان کـرد وا لە دوورەوە بـڕە سـوارێک

دەرکەوتن) «ڕشتەی مرواريد».
**بڕەسۆرە**: ١. گزگزە، دارێکی گەرمێنییە،٢. ڕووەکێکی بەهارییە: (هەڵچونەکەی سورمێ و ئەوانی دیکە وەک ئاگری بڕەسۆرە بووە، گڕ و فرێک دەم و دەس دامرکا) «غەوارە».
**بڕەسێ**: بگا، بگات: (هەرکەس کە دەسی بە تیکەنانێ بڕەسێ/ لاکۆخێ هەبێ، شەوانە تێیدا وەحەسێ/ ...) «خەیام هەژار».
**بڕەش**: ١. هەژار، بەلەنگاز، نەدار، پرۆشدار: (ژ هزرێن خاڤ خلاس بوو و هەوار کر: وەی ل منێ برەشێ و بێتالعێ، کورێ من خەندەقی!) «گولواز»،٢. بەرەش، بیبە: (نووسنام وە زوخ زامان کاریم/ برەش وە زامن تون وە دیاری) «مەلای جەباری».
**بڕەشین**: بپرژێنە: (ل گولان میسک و عەنبەر برەشین) «جزیری».
**بڕەڤان**: ١. ناوبژیکەر، ناوبژیکار، برەڤان، بەرەڤان، بەرەوان، بەریڤان، ئاشتکەرەوەی دوو کەسی دژ،٢. ناوی کوڕانە.
**بڕەڤانی**: ناوبژی، ناوبژیکەری، بەرەوانی، نێوانکردن.
**ب ڕەقس**: هەڵدەپەڕی، دەرەخسی: (لەو بێ لیباس و تازییی/ ب ڕەقس و سەیر و گازییی) «فەقێ تەیران».
**بڕەک**: ١. چەن کەسێ، هێندێ کەس: (شوویێ وێ ژێرا برەک قەرواش و جلشۆ) «پەپووک»،٢. پۆپەی کەڵەبابییە ٣. مشار،٤. چیا، زانگ: (ل سەر زانگ و برەکێن چییێ پەزکوڤییەکی نێچیر دکە) «سەنار»، (سیابەندێ سلیڤی ڕابوو سەرێ سیپانێ خەلاتێ خوەڕا نێچیر دکر) «گەنجی سەربەمۆر».
**بڕەک**: ١. برەڕ، مشار، ئەرە، هەرە، شەقەمشار، ئامێری بڕین ٢. بڕەک، یەکانە، نێرەبەراز: (وەک بەرازی بڕەک بە چڕیاندا دێم، جاچۆن خۆ لە من خوێن نایە لە وان ئاو) «ئەمیری»،٣. بێچووەبەراز، بزڵەبەراز، کوودەڵەبەرازی یەک یا دو ساڵە ٤. برێک، کەمێک، نەختێک، تۆزێک، پیچێک، هەندێک: (پیرەمێر گەهشتە نیڤا ڕێ بەرێ خۆ ددەنێ کو برەکا سوارا نێزیکێ وی بوون) «گولواز»٥. مقەست، تۆرتۆ، دووواردە مەگریجەنی ٦. تەور، تەووری دار بڕینەوە،٧. زندار، کەڤری مەزن و تووژ.
**بڕەکخانە**: مشارخانە.
**بڕەککرن**: بڕینەوە بە مشار.
**بڕەگ**: برەک، نێرەبەراز: (ڕاوچی لە بڕەگان، لە لوورەی چەقەڵ و گورگ و سەگان) «ڕاوچی».
**بڕەما**: ڕاکەن، هەڕاکەن: (قەسیم و وەسیم یاوناشا بە کۆ/ هەرچی بڕەما، مەیاوا وە تۆ) «م.ح. دزڵی».
**بڕەمبڕەم**: بڕەبڕەم: (جادە خاکی و چاڵ و چۆڵ و بەردەڵانە، بڕەم بڕەم دوو کاتژمێرە ڕێگا دەبڕین) «شەوارە».
**ب ڕەمز**: بە هێما و ئیشارە: (لەو ب ڕەمز و عیشوە یان پوڕ موعجیزات و شیوەیە) «جزیری».
**بڕەمنای**: لێو هەڵگەڕاندنەوە.
**بڕەمنەی**: بڕەمنای.
**بڕەمیای**: لێوهەڵگەڕانەوە.
**بڕەمیەی**: بڕەمیای.
**بڕەو**: ١. ڕەواج، ڕەونەق، ڕمێن، باو، بەرزی بهایێ تشتی،٢. باو، گەشە و نەشە،٣. خاسڕەو، خۆشبەز، ئەسپی خۆشڕەوت،٤. ڕێز، قەدر، حورمەت،٥. برۆ، ئەبرۆ،٦. ناوی پیاوانە.
**بڕەو**: ڕەواجدار، ڕمێندار، بەرمێن.

**برەوبردنەوە**: برەوسەندن.
**بـــرەوبەر**: ڕەواجـدەر: (سـەرکوڵمی گەشـت، برەو بەری گـوڵ/ خـوا داویە بەشـت، گشت نیازی دڵ) «هەژار».
**برەوپێدان**: ١. ڕەواجدان، ڕمێنپێدان لە بازاڕ، ٢. باو کردنی شتێک،٣. ڕێز بەخشین بە کەسێ.
**برەوســـەندن**: ١. وە ڕەواج کەوتـــن، بـــرەو پەیداکردن،٢. باو بـوونی شـتێک،٣. بە قەدر و ڕێز بوونی کەسێک.
**برەوش**: ترووسکەدار، بریقدار، بەشۆق.
**بــرەونەق**: ڕەونەقـــدار، بـــرەودار: (کانیـــا گونـدێ مە ب ڕەونەقە/ قەسـرا بـابێ کـوڕە لاوکێ من دو تەبەقە) «حەیرانۆک».
**برەوەن**: دیەکەیگە لە گاوارە.
**برەوی**: برە، برەو، برۆ.
**بڕهۆک**: هەڕە، مشار.
**برەهـ**: بەهێز، بهێز، ب ڕەگ و ڕیشە.
**برهە**: برە، برۆ.
**بڕهەبوون**: بە بڕشت بوونی قسیە.
**بڕهەک**: بڕهۆک، مشار.
**بڕهین**: بڕین، دابڕین.
**بری**: ١. بڕینە، بـڕک، ژانـا بچـووک بـوون ٢. بریا، خۆزگە، خۆزی، کاشکا: (بری بام بە بری ئەو کەســـانەی خـــاترجەمن، خـــۆزگە بە خۆزگەداران) «میرزا»٣. بات، باتی، جیـات: (لە بـری کـایەکردن، خەریکـی دەرسـەکانت بـی باشـــە)٤. ل پـــێش، ل جەم، ل ڕووبەڕووی فلانکەس: (ل بری وی ئەڤ کتێب دا مـن)،٥. بـراو، برچـووی ٦. بـبەی، بیـبەی ٧. بـرۆی، بچی،٨. برۆ، بروو، بری، ئەبـرۆ، مژانـگ: (تـا بەلـکە وەک ئەبـرۆ و ڕوخـی تـۆی بنـوێنێ/ گەردوون، مەهی وەک: قەوس و دەمـی وەک: سوپەری کرد) «ئەدەب».

**بڕی**: ١. قرقێنە، قورقینە، قرپ، قرب، قـرتینە، نسقەرە ٢. لەتیکـرد، قەتیکـرد، ئەو بـڕیەو،٣. تامەزرۆیی، تینوویێتی: (بڕیم شـکا: تـامەزرۆییم شکا)،٤. وەکولی، هەمووی.
**بریێ**: ١. برا، برادەر: (ڤان دەمێن داوی محەمەد حەسەنخان تەخمین دکـر، وەکـی بـاڤ هـێ زێـــدە گـــوه ددە بـــرێ ژ وی بچـــووکتر، خوسرەوخان) «مەسـتوورە»، (تـۆلێ زەر بـرێ گورە) ٢. خۆزگە، بریا: (بریا من پەپـوولەیەک بـــایەم/ دەم لە نـــاو دەمـــی گـــوڵێکی ســـوور) «مەلەکشا» ٣. کەمێ، تۆزێ،٤. لەبری چوون،٥. پتر برژان: (هێلکەکە لە برێ چووە).
**بــڕێ**: ١. بـڕە، نەختـێ، کەمـێ، کەمێـک: (لە ڕووی ناسکی کچ کە بڕێ/ لە شەرمان سـوور هەڵدەگەڕێ) «هێدی» ٢. دەسـەیگ، جەمـاتێ، کۆمەڵێ،٣. پارچەیەکی بڕاو،٤. بڕێـد، دەیبـڕێ، ٥. بڕوا، بڕوات: (ئێتـر کەسـی هەرەک نیـیە لە بەر دەمێو بڕێ) «گوڵونێرگز».
**بریـــا**: ١. خـــۆزی، خـــۆزگە، خـــۆزی، کـــاش، کاشکا، کاشکی، بری، برێ، بریـان، بریکەنـێ: (تیریـــژ کە بە ڕۆژ و پێـــل بە دەریـــا دریـــا/ لەو ڕۆژەوە گـــوڵ پێکەنـــی، بولبـــول گریـــا/ خـــوا نووسی لە چـارەی ڕەشـی ئـێمەش بەشـمان/ ژینێکی هەژاری پڕ لە خۆزیا و بریـا) «خەیـام هەژار»،٢. بردنەێ، بردی،٣. ناوە بـۆ کـوڕان و کچان.
**بڕیا**: ١. بردرا، نەما، برا،٢. بڕا: (بڕیـا وە بـاڵای کـــاڵای ڕەئیســـی/ (رجـــال الغیـــبە) ئەحـــمەد پریســـــی) «مەولەوی»،٣. بڕیـــــاو، نەمـــــاو، وشکایی هاتوو: (ئی دیدەی بێ نوور، نەم تێدا بڕیـــا/ ئـــی دڵەی پـــڕ زوخ، بە ئـــایر گڕیـــا) «بێسارانی»،٤. خۆزگە، ئاوات: (دڵ بە بریـان و دۆعـا دەخـوێنن/ ئـاوی ئەو شـوێنە لە خـۆ

ئەڕشێنن) «ڕاوچی».
**بڕیابە**...: بوو بە هی ...
**بڕیاخــــان**: گونـدێکە لە دێکـۆی لەیلاخـی باکووری ناوچەی قوروە.
**بڕیار**: ١. پەیمان، شەرت، قەرار، بڵێن، گفـت: (ئێستا بڕیاری کۆمەڵ وەهایە/ بچینە ولیـان تـا فێنــک دایە) «گــۆران» ٢. چەشـــنی بڕینـــی بەرک،٣. بڕینـی قومـاش بـۆ دووریـن: (مـن بڕیارەکەم دەکەم و شاگردەکەم دەیـدووریْ)،٤. چلۆنی و شێوەی کڕین و فرۆشـتن،٥. بڕنـدە، تیژ: (تیغـی بڕیـار: تیغـی بڕنـدە)،٦. بڕیتـی لە مرۆڤ،٧. ناوە بۆ کوڕان.
**بڕیــاربوون**: قەرار بـوون، کـاریْ کە ڕەنـگە بکریْ: (بڕیارە ڕێی قەتارڕەو بە شاری بۆکاندا بیْ!).
**بڕیاردان**: ١. هەڵوێسـت گـرتن، قەراردانـان: (ئەو ژی بڕیـار دا کـو ڤەگەرە) «پەپـووک»،٢. ئەمر دەرکردن بۆ عام: (بڕیـار دان خانـدن ب کوردی بتن) «سندی».
**بڕیارگرتن**: بڕیـاردان: (بـیْ گومـان ئەمـانولا خان وەلی بەری بڕیارێن گرنگ بگرە جارنا ژ هنەک کەسان دشێورە) «مەستوورە».
**بڕیارلەسەردان**: ڕادەربڕینـی تەوا بـۆ کارێـک: (کۆنگرە بڕیاری بۆ زۆر شتی تازە داوە).
**بڕیارنامە**: پەیماننامە، نڤیسارا بڕیاریْ.
**بڕیاروبەڵێن**: سـۆز، عەهـد، قەرار: (بڕیـار و بەڵێم پێداوە بیهێنم).
**بڕیاریئاسمان**: وتەی ئاسمانی، قسەی پیـرۆز: (بارزانییەکان پیاوی شەڕوان و ئازا و گیـان لە سەر دەستن، فەرمانی سەرۆکانی خۆیـان وەک بڕیاری ئاسمانی دەژمێرن) «لەمهاباد بۆئاراس».
**بڕیاش**: ئەی بڕیْ، ئەی وڕیْ.
**بڕیاگ**: براو، بردراو، شتیْ دەبریْ.

**بڕیاگ**: ١. بـڕاو، بـڕدراو، بڕیـاو بە چەقـۆ،٢. دابڕاو، هەڵبڕاو: (جەو ساوە دیـدە بڕیـاگم جە تــۆ/ زایەڵەم گەرمەن شـــەوان تـــا وە ڕۆ) «مینەجاف».
**بڕیاگدان**: لێبڕان، لیْبزربوون.
**بڕیان**: ١. لە ناو چوون، ل ناڤ چۆن،٢. بران، بـڕدران، لەتکـران،٣. نەمـان، قـاتبوون: (یـا کاغەز بڕیـان، یـا مەلا مەردەن) «بێسـارانی»،٤. دابڕان، نەمانی پێوەندی: (پا جە دۆست بڕیـان وێران ماڵ وێم) «بێسارانی»،٥. بڕیـانی، بـرژاو، برژیـاو، کەبـاب، گۆشـتی براشـتی: (جەدی و حەمەلێد ئاسمانی/ بڕیـان و کەبـابیْ میهمـانی) «خانی»،٦. چەوەندەری برژاو،٧. کەباب: (زانـم پەریشـــانی ژ دل بـــیْحەد بئیشـــانی ژ دل/ تەشبیهی بڕیانی ژ دل، باللا نە ئینسـانی مەلا!) «جزیـری»،٨. هەڵقرچـاو×: (نەمـا جێـی ئەو جگەرگۆشـــە، مەگەر ڕۆح و ئەویـــش دەڕوا/ جگەر سۆزانە، دڵ بڕیانە، دیدە پـڕ لە گریـانە) «مەحــوی»،٩. خەفەتبـار، کۆڤانــدار×: (وەک بولبولی نەسرەوتوو، هەر تاوە لە دارێکـم/ هەر کاتە لە بارێکم، بۆ ئەو دڵە بڕیانم) «ئاوات».
**بڕیان**: ١. بڕان، پچـڕان، پـچەڕان، پڕوسـقیان، بڕین، قرتان، لەتبـوون: (شـەمع شـام شـووم ماتەم هۆرگریا/ تـای تەل سـەمتوور شـادی و بەزم بڕیا) «مەولەوی»،٢. بڕان، تەواوبوون: (یـا کاغەز بڕیان، یـا مەلا مەردەن/ یـاخۆ عـارتەن دۆس وە یاد کەردەن) «مەولەوی»،٣. دوورکەوتن، ٤. بڕاوە، بڕیـاگە: (کـاڵای شـیرینی وە بـاڵات بڕیـان/ تـاس مەحبووبیـت نە عـاڵەم زڕیـان) «مەولەوی».
**بڕیانان**: بـڕاوم، دابـڕاوم: (واتـش یە خەیلـێن جە یار بڕیانان) «بێسارانی».
**بڕیاندنەوە**: بڕاندنەوە.

**بڕیانقەرارش**: ئارامی لێ هەڵگیراوە.
**بڕیان کردن**: برژاندن، سوورکردنەوە.
**بریانە**: ١. بۆتە بریان: (ناکەن هەوایی هیچ کەبابێ، زەلیلی شەهر/ بریانە بەس لە ناری غەما پارەی جیگەر) «سالم»،٢. ناقێ ئسترانەکە: (ئەی بریانە و بریانە و بریانە و بریانە/ یارم خەڵکی شاری شنۆیە گۆشەی چاوی جوانە) «حەسەن زیرەک».
**بریانەو**: کلەوکریا، گەڕاندراوە.
**بڕیانەو**: ١. بڕیان،٢. ئەوئەو پاوەسەیلە بڕیەو.
**بریانەوبریانە**: ناوی گۆرانییەکە: (قوربانت بم چاو ئەستێرە/ بریانە و بریانە و بریانە) «حەسەن زیرەک».
**بڕیانەوە**: ١. بڕانەوە، لەتبوون،٢. بڕینەوەی ئاژەڵ،٣. دووایی هاتن.
**بریانی**: ١. مریشک یا بەرخی سوورکراوە: (قوربانی ئەو جەنابە کە بریانی‌یێکی بەرخ/ ئێزهاری زەهری خۆی وەکوو بوو بەو قەرارە کرد) «بێخود»٢. جۆرێ زاد، لە برنج و گۆشت و پەتاتە،٣. شۆربای نێو تەندوور،٤. چەوەندەری پیشاو لە نێو تەنوور.
**بڕیاو**: بڕاو، لەت.
**بریاوە**: گوندێکە لای پیران.
**بڕیای**: ١. نەمای، ڤەبڕیای،٢. دابڕاو: (ناڕەزای جە لای یاران بڕیای وێم) «بێسارانی»،٣. بڕان.
**بڕیای**: ١. بڕین، بڕیەی، لەتکردن،٢. بڕان.
**بڕیاینە**: تێبڕان.
**بڕیایۆ**: بڕانەوە.
**بڕیایوچڕیای**: دڕیاێ وڕیاێ.
**بڕیایەرە**: دابڕان.
**بڕیایەنە**: تێبڕان.
**بریبامبەبری**: خۆزگەم بە خۆزگە×: (بری بام بە بری ئەو کەسانەی خاترجەمن، خۆزگە بە خۆزگەداران) «میرزا».
**بڕیبڕەسان**: ناقیس، کەمتاکورت.
**بڕیبڕی**: هاتوچۆ، ئاوەن و ڕەوەن.
**بڕیتک**: ١. شەقەمشار، مشاری دوودەسک،٢. برینگ.
**بریتە**: گوندێکە لای سەردەشت.
**بریتـی**: ١. پێکهاتوو، پێکهاتگ: (ئاواییە خۆشەکانی ناوچە بریتین لە ...)،٢. بریتی، جیاتی، لەبری.
**بریتـی**: ١. هیمای بە واتا: کنایەت، کینایە، عبارەت ٢. پوختخ، دەکاتە: (چوارچوار بریتی لە هەشت) ٣. باتی، جیاتی، لەبریتی: (بڕیار بوو بارزانیەکان بریتی وەرگرتنی گەنم لە ئێران دوو تۆپی چیایی ٧٥ی بدەنەوە بە ئێران) «لەمهاباد بۆئاراس».
**بریتییە**: لەباتی، خوازە، مەجاز.
**بریج‌باج**: بریقەبریق، بریق‌باق.
**بریج‌هڕ**: بریج‌باج.
**بریجە**: بریقە، بریقەبریق.
**بریجەکەر**: برشەکەر، نووردەر.
**بریخە**: ١. بریقە، ترووسکە،٢. یەخەیەکە بۆ قایمی لە دیوی ژوورەوەی ئێخەی کراس دەدروێ.
**بڕید**: ١. تەتەر، قاسید: (هیمەت کە چابوکانە بە ئیجرایی مەتڵەبم/ لەمسەر بڕۆ وەک برید و لەوێ بی وەکو تەتەر) «سالم»،٢. ت قرتانی، تۆ بڕید؟
**بڕێد**: ئەو برێ، دەیبرێ.
**بڕیدا**: بڕیدەو، بڕیت؟
**بڕێدا**: بڕێدەو، دەیبڕی.
**بڕیدان**: ت ئەوانە بڕێدەو؟
**بڕێدان**: بڕێدەو.
**بڕێدانا**: لەێ نوو بڕیدان؟

**بڕێدانا**: لە پەسا بڕێدان.

**بڕیدانەو**: بڕیدان؟

**بڕێدانەو**: ئەوانە بڕێدەو.

**بڕیدە**: ت بڕیدە؟

**بڕیدەسا**: بڕیدەسەو؟

**بڕیدەسان**: ئەوانە بڕیدە؟

**بڕیدەسانا**: بڕیدەسانەو؟

**بڕیدەسانەو**: بڕیدسانا؟

**بڕیدەسەو**: بڕیدەسا، ئەوت بڕیوە؟

**بڕیدەسەوەێ**: ئەوە بڕیدەسەو؟

**بڕیدەسەێ**: ئەوە بڕیدە؟

**بڕیدەسیا**: بڕیدەسیەو، بڕیوتە؟

**بڕیدەسیان**: ئەوانە بڕیدە؟

**بڕیدەسیانا**: بڕیدە سیانەو؟

**بڕیدەسیانەو**: بڕیدە سیانا؟

**بڕیدەسیەو**: بڕیدەسیا؟

**بڕیدەو**: بڕیدنەو، بڕیوتە؟

**بڕێدەو**: بڕێد، دەیبڕێ.

**بڕیدەوەێ**: بڕیت، بڕیدنەوەێ؟

**بڕێدەوەێ**: بڕێدنەوەێ، دەیبڕێتەوە.

**بڕیدیا**: بڕیدیەو، بڕیتەوە؟

**بڕێدیا**: بڕێدەو، دەیبڕێتەوە.

**بڕیدیان**: ئەوانە بڕیدن؟

**بڕێدیان**: ئەوانە بڕێدن.

**بڕیدیانا**: بڕیدیانەو؟

**بڕێدیانا**: بڕێدیانەو.

**بڕیدیانەو**: بڕیدیانا؟

**بڕێدیانەو**: بڕێدیانا.

**بڕیدیەو**: بڕیدیا، بڕیتەو؟

**بڕێدیەو**: بڕێدیا، دەیبڕێتەوە.

**بڕێز**: بڕێژە: (مەپەرسۆ، سێلاو ئەسرینان تاوتاو/ بڕێز وە ڕوودا، ئێدش دەر جواو) «مەولەوی».

**بڕێزا**: برژا.

**بڕێزی**: بڕێژی.

**بڕێزیش‌نەدەم**: بڕژێنیتە دەمی.

**بڕێزیم**: بڕژێنین.

**بڕێژ**: پاشگری بکەری بە واتای بڕژێن: (تە گۆشت‌بڕێژ بە).

**بڕێژ**: ١. پڕ پیت و بەرەکەت، بە فەڕ(زەوی) ٢. قاڵبی داڕشتن،٣. ڕێژندە، داڕێژ، داڕێژەر.

**بڕێژناش**: برژاندی.

**بڕێژنای**: برژاندن.

**بڕێژنەی**: بڕێژنای، برژاندن.

**بڕێژە**: ١. بنێشت، جاجک، جاجگ، چەقە،٢. بێخ، قوون.

**بڕێژەوەدان**: گۆشتی لە نێو ڕۆندا سوورکردنەوە.

**بڕێژیا**: برژاو.

**بڕێژیان**: برژاندن.

**بڕێژیای**: برژاندن.

**بڕێژیەی**: ١. برژان،٢. بڕێژیای، برژاندن.

**بریس**: ١. ترووسکە، بریسکە، شۆق ٢. بروسکە، چەخماخە: (یان شریخەی هەورە یان بەرقی بریسکە و تێک خوڕین) «هێدی».

**بڕێس‌بڕێس**: سمرسمڕ، زەنازەنا، هەراهەرا.

**بریسک**: ١. تەز، تەزووی بە ژان ٢. ئاورینگ، پڕیشکەی ئاور،٣. بریسکە، ترووسکەی شیر،٤. بریتی لە وردە نیگای دڵدارانە×: (لێی دان لەپڕ و ناکاو بریسکێ/ سوتان نەبوو هەڵ بدەن هەنیسکێ) «هەژار».

**بریسکان**: بریقەدان، درەوشین.

**بریسکاندنەوە**: بریقاندنەوە.

**بریسکانەوە**: تروسکانەوە، ورشەدان.

**بریسکنای**: بریسکاندن.

**بریسکنەی**: بریسکاندن.

**بریسک‌هۆڕ**: بریسکه‌بریسک.
**بریسکه**: ١. بریس، برووسکه، بریقه: (گرمه و پزیسکه‌ی چه‌خماخه‌ی پاره/ به‌رق بریسکه‌ی شۆعله‌ی شه‌راره) «مه‌وله‌وی»،٢. هه‌وره برووسکه، چه‌خماخه: (نه‌مده‌زانی نه بایه، نه بۆرانه/ نه بریسکه‌ی ده بوهارییه، نه گرمه‌ی ده هه‌ورانه) «گه‌نجی سه‌ربه‌مۆر»،٣. بریتی له زۆر خێرا: (سێ ئاسکی بۆنخۆش و تیژڕه‌و که وه‌ک بریسکه ده‌ڕۆن) «حه‌مه‌دۆک»،٤. ناوه بۆ کچان.
**بریسکه‌بریسک**: بریقه‌بریق، ترووسکه‌ی زۆر.
**بریسکه‌دار**: بریقه‌دار، به‌ترووسکه: (ئێواره ده‌مه‌وتاریکی، ورده ورده ئه‌ستێره‌کان/ وه‌ک مرواری بریسکه‌دار، ئه‌دره‌وشێنه‌وه له ئاسمان) «حه‌مه‌جه‌زا».
**بریسکه‌دان**: بریسکانه‌وه، بریقانه‌وه.
**بریسکه‌دانه‌وه**: ترووسکانه‌وه، بریقانه‌وه.
**بریسکه‌دایۆ**: بریسکه دانه‌وه.
**بریسکه‌ر**: بریقه‌ده‌ر، ترووسکه‌ده‌ر.
**بریسکیای**: بریسکان.
**بریسکیایۆ**: بریسکانه‌وه.
**بریسکین**: بریسکان، برووسکان.
**بریسکینه‌وه**: بریسکانه‌وه، بریقانه‌وه.
**بریسکیه‌ی**: بریسکان.
**بریسوو**: ١. برووسکه، بڵاچه، هه‌وره‌تریشقه، ٢. ناوی گوندێکه له ناچه‌ی بانه.
**بریسوێ**: گوندێکه لای سه‌رده‌شت.
**برێسه**: ١. بلێسه،٢. گوندێکه لای بارزان.
**بریسی**: برووسکه، بریسکه، بریس، برقی ئاسمان.
**برێسی‌سه‌روو**: گوندێکه لای هه‌ڵه‌بجه.
**بریسی‌ڤه‌دان**: بریسکانه‌وه، برووسکه‌دان.
**بڕیش**: بڕی، قرتاندی: (ناگا باد ئاما چوون حاڵ نه‌زانان/ بڕیش ته‌نافان چه‌تری خه‌زانان) «بێسارانی».
**بڕێش**: بڕوێش، بڕۆش.
**بڕیشان**: بڕیان: (بڕیشان جه بێخ گێسووی عه‌نبه‌رین/ شی که‌ردن زولفان په‌ی شین شیرین) «خانای قوبادی».
**بڕێشت**: بڕشت، بڕیار، چه‌شنی بڕینی پارچه‌ی جلک: (ئه‌و که‌وایه بڕێشتی جووانه: بڕیاری جوانه).
**بڕێشتاو**: بڕژاو: (که‌واو پارچه‌ی جه‌رگ سینه‌ی بڕێشتاو/ ڕه‌حمت بۆ یه نه‌ی، یه مه‌ی، یه که‌واو) «مه‌وله‌وی».
**بریشته**: برشته، برژاو.
**برێشته**: برژاو، براشتی: (ڕه‌نگا ڕه‌نگ ڕه‌نگ، ڕه‌نگ گوڵگوون هوونم/ قرچه‌ی برێشته‌ی کووره‌ی ده‌روونم) «مه‌وله‌وی».
**بریشته‌ی**: ١. برژان،٢. برژاندن.
**بریشته‌یۆ**: برژاندنه‌وه.
**بڕێشتیش**: برژاندی، بڕێژناش.
**برێشک**: برێشکه: (ئه‌من ده‌خۆم برێشکان/ ئه‌تۆ بخۆ ئه‌سپێ و ڕشکان) «موکریان».
**بریشکا**: گوندێکه لای ده‌رکار له هه‌رێم.
**بریشکه**: ١. برێشگه، ده‌نکه گه‌نمی له سه‌ر سێڵ بۆ دراو: (برێشکه‌ی جۆ ئه‌خوا، به سابوون ده‌ست ئه‌شوا) «په‌ند»،٢. برێشکه، برێشک، قه‌لینۆک، قه‌لاتک، دامشته، هه‌ر دانێکی قه‌لاندی: (وتی: بڵێم بۆچی نانووم؟/ دایکم فێری برێشکه‌ی کردووم) «پیره‌مێرد»،٣. بۆ سپی بوون شتی پێ ده‌شوبهێنن: (وه‌ک گه‌نمه‌شامی، برێشکه‌ی سه‌ر ساج/ سپی هه‌ڵگه‌ڕا، هه‌ژار بێ‌عیلاج) «پیره‌مێرد».
**برێشکه**: بریشکه، برێشک.
**برێشه‌ته‌قاندن**: بریتی له شه‌ڕی قورس و

تەقەی زۆر و گـولله تەقانـدن: (خـۆ ئـێمە نەچوینە سەر دوژمـن، ئەم بریشـکە تەقانـدنە چییە؟) «چێشتی مجێور».
**بریشکی**: بریشکە.
**بریشگە**: بریشکە.
**بریشم**: هەوریشـم: (قەز، بریشـم، کە حەرامە لە ڕەجـول، نەک نیسـوان/ سـونەتی شـەرعە، ئەگەر تابیعی ئەهلی سونەنی) «نالی».
**بریشم‌تەنی**: ئاوریشم‌چنی، چنینی هەوریشم: (تەنـی ڕازی بە خەشین‌پۆشـیی وەک شـێر و شوتور/ بێ‌نیازە لە بریشـم‌تەنیی و پیلەتەنیـی) «نالی».
**بری‌شی‌یە**: فریو خواردو.
**بری‌شی‌یەی**: فریو خواردن.
**بری‌شیێ**: فریو خواردو.
**بڕی‌عەزیزبەگ**: دیەکەیگە لە جوانڕۆ.
**بریفکان**: ×۲۱×: () «سندی».
**بریف**: پەلە، عەجەلە، لەز.
**بریڤ**: ئاگادار، ووشیار، هشیار.
**بڕیڤ**: بەر، تووکی بەری مرۆڤانە.
**بریڤا**: نـاوی دوو ئێلـی کـوردن لە دەقوریـا و ستەوورییە.
**بریڤـان**: ۱. وشـیاربوونەوە، ئاگـاداربوون ۲. ترووسکان، برقان،۳. ناوی کوڕان و کچانە.
**بریڤان**: ئاگاداربوون، وریا بوونەوە.
**بڕیڤە**: بەڕیوە، بەڕێگادا، بەڕێگایەکدا.
**بڕیڤەبرن**: ئیـدار کـردن، بەڕیـوە بـردن: (ئەز چقواس ژی ب زۆر بم، چقواس ژی زالم بم، لێ دیسان ژی دبێت ب ڕێ و ڕزمـێ کـال و باڤان میرگەهێ ب ڕێ ڤا ببم) «مەستوورە».
**بڕیڤەبەر**: بەڕیوەبەر، ڕابەر.
**بریق**: ۱. بریقە، تیشـک، شـۆق، ترووسـکە ۲. بریک، ئافتاوە، مسینە، لوولێنە.

**بریقـان**: ترووسـکان، بروسـکان، بریقـانەوە: (کەوتینـە سـووتاندنی گوێسـوانە و کەمـۆڵە/ سـەراپای جیهـان ئەبـریقێتەوە سـەهۆڵە) «پیرەمێرد».
**بریقاندن**: ترووسکاندن، برقاندن.
**بریقـانەوە**: بریسـکانەوە، ترووسـکانەوە: (سـەرتاپا خشـڵی زیـوی وا پێـوە/ ئەڕوا و هاڕەی دێ و ئەبریقێتەوە!) «گۆران».
**بریق‌باق**: بریج‌باج، بریقەبریق.
**بریقنای**: بریقاندن.
**بریقنایۆ**: بریقاندنەوە.
**بریقنەی**: بریقنای، بریقاندن.
**بریق‌وبـاق**: شـەبەق، وەکـوو ڕونـاکی ئـاوێنە لەبەر ئاوێنە بدرێتە دەرەوە.
**بریقۆبۆق**: بریقە، بریقێن، تەیسیان.
**بریقۆدای**: بریقە دانەوە.
**بریق‌وهۆڕ**: ترووسکەترووسک.
**بریقە**: بریجە، بریـق، بـریکە، شـۆق، وریشـە، ورووشە، برووسکە: (بریقەی بەرقـی جیلـوەی کێ جەلابەخشی بینایی‌مە/ کە قورسی ئافتـاب و مەه وەکوو تەم دێتە بەر چاوم) «مەحوی».
**بریقەباق**: بریقەبریق.
**بریقەبریـــق**: ۱. بریسکەبریســـک، شـــۆق، ڕووناکی زۆر ۲. زۆربێژی.
**بریقەدار**: شۆقدار، تریسـکەدار، چریسـکەدار، تەیسوک.
**بریقەداری**: برووسکەداری.
**بریقەدان**: بریقانەوە، بریسکانەوە.
**بریقەدانەوە**: درەوشانەوە، ترووسکانەوە.
**بریق‌هڕ**: بریج‌هڕ، بریقەبریق.
**بریقەکەر**: بریجەکەر، درەوشاوە.
**بریقەهاتن**: بریقانەوە، بریسکانەوە.
**بریقیای**: بریقانەوە.

**بریقیایۆ**: بریقانەوە.
**بریقێن**: بریقۆبۆق.
**برێقیەی**: برێقیای، بریقانەوە.
**بریک**: ئافتاوە، لوولێنە.
**برێک**: تۆزێ، کەمێک: (برێکم خۆ خافلاند ڕوو نەبوو بچمە ناو کۆلانەکەوە) «عەسکەری».
**بریکـــا**: خـــۆزی، خۆزیـــا، خۆزیکـــا، بریـــا، بریکەنێ.
**بریکار**: ١. پێشـڤان، نایـب، وەکیـل، وەکیـل: (ڕەسووڵ فەنی کاتیبی تەحریرات بە بریکـاری ئەو لە جێـی قایمقـام بـوو) «تەنەکە»،٢. نـاڤێ خوەدێ، ٣. ناوە بۆ کوڕان.
**بریکاری**: وەکیلی، نایبی.
**بریکان**: تroوسکان، برقان.
**بریکاندن**: ترووسکاندن، برقاندن.
**بڕیکر**: بڕیکار.
**بریکرن**: خۆگڤاشتن ل دەما زانـێ: (بـزن یـا برییان دکە، وسا دیارە دزێت).
**برێکرن**: بەرێکرن، هناردن، هنارتن، ناردن.
**بریکە**: ١. بریقە، تروسکە،٢. ناوە بۆ کچان.
**برێکە**: تاوێکە، ماوەیێکە.
**بـڕێکەت**: چـــوو، ڕۆیـــی، وەڕێ کەوت: (سبەترێ دەما مالباتێ ژ ور بـار کـر و ب ڕێ کەت) «پەپووک».
**بـڕێکەتن**: چوون، کەوتنە ڕێ.
**بریکەنێ**: کاشکا، خۆزی، خۆزگە.
**برێگ**: ١. برێد،٢. برێ، دەسەێگ.
**بریگەرد**: ماڵانگەرد، دەوریشـێ ک دیەکە وە دیەکە گەردێ و سووالکەری کەێد.
**بریلیان**: ئەلماسی تاشراو و ڕێکوپێککراو.
**بریم**: ١. بڕیمان، بڕیمن،٢. بڕیم.
**برێم**: ١. حەوز، گۆم، گۆلی دەسکرد،٢. دەریا، بەحر.
**بڕیما**: بڕیمەو، بڕیمەوە.
**بڕیمان**: بڕیمانەوە، ئەوانە بڕیم.
**بڕیمانا**: لەێ نوو بڕیم.
**بڕیمانەو**: بڕیمانا.
**بـــڕیمتە**: جەوســـەر، جەمســـەر، جێـی پێـک گەیشتنی دوو سەری شتێک.
**بڕیمن**: بڕیم، بڕیمانەوە.
**بریمە**: گوندێکە لە خۆراوای کەرکووک.
**بڕیمە**: من بڕیومە، م بڕیمە.
**بڕیمەسا**: بڕیمە، بڕیومە.
**بڕیمەسان**: ئەوانە بڕیمە.
**بڕیمەسانا**: بڕیمەسان.
**بڕیمەسانەو**: ئەوانە بڕیمەسەو.
**بڕیمەسەو**: بڕیمەسەێ.
**بڕیمەسەێ**: م بڕیمە.
**بڕیمەسیا**: بڕیمەسا.
**بڕیمەسیان**: ئەوانە بڕیمە.
**بڕیمەو**: بڕیما.
**بریمەوەن**: دیەکەێگە لە سەرپیەڵ.
**بڕیمەوەێ**: بڕیمەێ.
**بڕیمەێ**: بڕیمەوەێ، بڕیمەوە.
**برین**: ١. زام، زەخـم، ڕێـش، کۆڤـان، کـوول، قەسفوس، قەشـفووس، جێـی تیـغ لە لەشـدا: (برین مرۆڤ، بخوە نەخـورینە، رەهەت نـابە) «پەنـد» ٢. خەم، کەسـەر، خەفەت: (لەم وڵاتە کە ڕووی خـاکی گوڵگـوڵیی داغە/ برینـی جەرگ لە باغچەیـا لە جێـی گوڵبـاغە!) «گۆران»،٣. برین، لەتکردن بە تـیخ،٤. بریتـی لە دڕاوی جل: (ڕانکەکەی پاش و پێش کراوە و کۆترەبـاریکەی لە برینـانەوە دەچـێ) «ئەمیـری»،٥. کـوان، دومەڵ، دمەڵ،٦. بردینـی، ئێمەی برد: (یـارێ کـو دی ئەم گەدا، دەسـت ب دەستێ مە دا/ ئەم ب سەمایێ برین، ڕەقس

و سەما ژێ وەما) «جزیری»،٧. نەخۆشی پیس و چڵککردوو: (ئەڵێن ئەگەر یەکێ دەستی هەر برین و زیچکاوی لێهات، خوێنی پشتی کیسەڵی لێ بدا، چاک ئەبێتەوە) «ڕشتەی مرواری».

**بڕین**: ١. بڕین، لەتکردن، بڕهین، تەرەفاندن، براندن، قەتاندن، قەژیلاندن، ژێکرن، قەتکرن: (دڵی شاعیر وەکوو ئاوێنە دەچێ/ گوڵەکەم! تۆ دڵکەم مەشکێنە/ ڕاستە زۆر ناسکە، ئەمما کە شکا/ وەکوو خەنجەر دەبڕێ ئاوێنە) «هێمن» ٢. زامدارکردن، بریندارکردن: (ئیللا ماشەڵڵا کە دەکەوێتە شەڕ! نازانن چ دەکا! خۆ گوللە نایبڕێ) «هەزار ئەشکەوت»٣. ڕێبڕین، بەرەو پێشەوە ڕۆیشتن: (سوار بووین، بڕیمان دۆڵاو دۆڵی گەرم/ ڕەش داگیرسا ڕەنگ، کارژی دەردا چەرم!) «گۆران» ٤. بڕشتی دەغڵ و میوە: (ئەو حاسڵە پێموایە، گەنمم یەک و سەد دەبڕێ/ بەو دوو گوڵە گەنمانە، وا دیارە لە ڕووی ئاڵا) «ئاوات» ٥. بڕینەوەی قسە، کار تەواو کردن بە قسە: (قسەمان بڕاوەتەوە)،٦. لێبڕین، لێسەندنەوە: (لەجێی زیادی کا، بڕی مەعاشم) «ع. مەردان»،٧. دزین، ڕفاندن: (گەدایە شا کە ماڵی مسکێنەکەی بڕیوە) «بۆکوردستان»،٨. بردن، تێبڕین: (وام زانی ئێوە ساداتن مەعاشتان نابڕن/ داخی داخانم جەباری خۆ لە ئێوەشیان بڕی) «شێخ ڕەزا»،٩. کوشتن: (بمکوژی و بمبڕی بە خەنجەر و شیر/ وەک ئیمامی لە پێشی ڕاوەستم) «ئاوات»، ١٠. جلبڕین، قەڵتکردنی قوماش بۆ دوورین: (ئەم باوکی مردووە یەخەی دادەدڕێ/ ئەو بووکی نووی هەیە کەوای بۆ دەبڕێ) «حاجی قادر»،١١. کڵاو دە سەر کەسێ کردن: (حاجی ئەمڕۆ هەر بە ناو حاجین، چوومە دوکانەکەی دەستی لێردا بڕیم)،١٢. هەڵپاچین و بڕینەوە بە مقەست،١٣. نوسرياس، نوسراوە،١٤. بڕان، بڕیان، پارەبوون،١٥. گۆڕینی حاڵەتی هەندێک شتی ئاوەکی و مەیوو و لندوو لندوو بوونی: (چەلێ ماستی دە ئاشەکەت مەکە لێی گەڕێ با هەندێک سارد بێتەوە دەنا دەیبڕێ)،١٦. لێدانی بانکی قومار بە تێگڕایی: (بانکەکەی بڕیم)،١٧. بۆر لێدان، تێکەڵکردنی پەڕی قومار.

**بڕێن**: ١. برینگ، مقەستی خوری هەڵپاچین ٢. گیایەکی شیرەدارە،٣. بڵێن، بێژن: (جارێکیش برێن بە هی دایکە نەخۆشە، سەرودرم پێی خۆشە) «ف.پ.پ.»،٤. کەرەستەیێکی شەڕ بووە: (هێزی سپای دەوڵەت بریتی بوون لە: یەک دەستەی تۆپخانە و دوو زرێپۆشی شەڕکەر، ٦٠٠ سەرنێزە و ١٢ برێنی گران) «لەمهاباد بۆئاراس».

**بڕێن**: ١. جۆشهاتنی ئاوی کوڵاو ٢. دەنگی ئاقێ، دەنگی بارانێ، بڕێنا سواران، قۆرە، بڕێنا زکی ٣. برندە، ببڕ، بڕۆک، بڕ.

**بڕینا**: بڕینەو، ئەوانیان بڕیوەتەوە.

**بڕینان**: ئەوانە بڕین.

**برینای**: برینی، برین هەی: (گەر تو نوژداری برینای، ڕابە ساخ بە بریندار) «سندی».

**برینپێچ**: ١. شەلتەڤان، پزشکیار، ئاریکاری پزشک،٢. هیوابەخش، جێی هیوا و ئاوات: (ئەرێ هۆی قابیزی ڕۆحی کەسانێکی وڵاتپارێز/ بکێشە ڕۆحی من سەدجار، برینپێچی برینم بوو) «ڕێزان» ٣. کەرەستەی برینپێچان.

**برینج**: ١. برنج، مەرەزە، دانەوێڵەیەکە لە چەشنی گەنم لە جێی شێدار دەڕوێ: (ڕەببی بابە! توتنی دەکەی کەڵەی بێنێ/ برینجی

دەکەی داروجـانی بێنـێ) «فۆلکلـۆر»،٢. دانـی برنجـی لە چەڵتـووک پـاکراو،٣. پـڵاو، کەتە، چێشتی برنج.
**برینج پـاڵێو**: نانەشـان، پڵاوپـاڵێو، سـەلە یـا سوزمەی پاڵاوتنی برنج.
**برینج کو**: برنج‌کوت.
**برینج کوای**: برنج کوتان.
**برینج کوە**: برینج‌کوت.
**برینجۆ**: بە برینجەوە.
**برینجۆک**: برنجۆک.
**برینج‌ومریشک**: مریشکی دەگەڵ بـرنج لێنـراو بۆ خـواردن: (بەڵـێ داوای بـرینج و مریشـکم کـــردووە، بەڵام داوای کڵـــۆکی مریشـــکم نەکردووە) «کۆردەرە».
**برینجە**: ١. بزە، زەردە، زەردەخەنە: (چورتەت نەیە، لێـوت بـرینجەی بکـا بە کـارد سـاردت دەکەمەوە) «ئەمیری»،٢. جـووڵەی بە ئاسـتەمی ئاوی چەم: (چۆمەکە برینجە دەکـا)،٣. بـرنجە، برنج، کانزایەکە.
**برینجینە**: چێشتی برنج.
**بریندار**: ١. زامار، زەخمار، زەخمدار، زینبری، کۆڤاندا: (دڵ برینداری خەدەنگـی غەمـزەکەی دڵدۆزتە/ جاریێ ناپرسی، بزانی: چۆن بریـندارە ئەدەب!) «ئەدەب»،٢. شـتی تـازە و سـاخ کە کونی تێ بووبێ یا ڕووشابێ،٣. ناوە بۆ کوڕان.
**بریـنـداربوون**: ١. زەخمی‌بـوون، زامـداربوون: (بریندارم بـرینم کەوتە بەدەنـێ) «فۆلکلـۆر»٢. ڕووشـانی شـتی بێ‌گیـان: (پێسـتی دارەکـان بریندار مەکە)،٣. ئازاراندن، ئـازاری مەعـنەوی کەسـێک دان: (قسـەکانت زۆریـان بریـندار کردم). ×لە دەس نەهاتن×(ل قاسا هەبـوونێ دایـی بێ‌پرڤـایی/ ل قاسـا تونەبـوونێ دایـی برینداری) «گول‌شوون».×

**بریندارجەرگ**: جەرگ‌بریـنـدار، دەردەدار: (لەم کۆچی تۆیە ئاوات وە مەرگە/ جارس لە ژیـن و بریندارجەرگە) «مینەجاف».
**بریندارکرن**: زامارکردن.
**بریندارم‌بریندارم**: ناوی گۆرانییەکە: (بریـندارم بریندارم/ عاشق بە چـاوی نـازدارم) «حەسـەن زیرەک».
**بریندارەک**: برینداریێک، زامداریێک: (خـوەش بریندارەکی بێ دەرمانم) «جزیری».
**بریـنداری**: ١. زامداری، زەخمـاری: (هەر ئەو ڕۆژە بە برینداری/ منیش دەرکەوتم لە شاری) «هێدی» ٢. گیایەکە لە ژاژی دەکرێ.
**بریندارییی**: برینداری.
**بریـنـداس**: برنجـداس، گیـایەکی بۆن‌خۆشـە شووانکارە لە نێو هیزە و مەشکەی دەنێن.
**برێنداس**: بریـنداس، برنجداس.
**برێن‌دان**: لە نوو بەرز بوون خـوری چـیەرێ کریایێ.
**برین‌دەرکردن**: ١. برین لێ‌هاتن،٢. درگا دانـی دومەڵ و چڵکەبـرین: (گیـانە پڕسـۆیە برینـی دەرکا/ گەشـە خوێنـاوێ لە چـاوم سـەر کـا) «بۆکوردستان».
**برین‌ساز**: تیمارگەری برین و زام.
**بڕینک**: شەقەمشار، شەقە، هەڕەی دووکەسی.
**برین‌کزاندنەوە**: کولانەوەی برین.
**برین‌کزانەوە**: کولانەوەی برین.
**برین‌کول**: دڵ‌کول، دڵ‌شەوتی، جەرگ‌بڕاو.
**برین‌کولانـدنەوە**: ١. ئـازار بە برینـی کەسـێ گەهانـدن،٢. خەم و کوڤـان وەبیـر کەسـێ خستنەوە.
**برین‌کولانەوە**: ١. وە ژان هـاتنەوەی بـرین،٢. وەبیر هاتنەوەی خەفەت.
**برینگ**: ١. برێن، برینگ، بڕینگە، برنگ، جەو،

جەور، جەوبڕ، جەهری، دوێرد، دووکارد، کەلەخ، هەڤرنگ، هەڤەنگ، هەورینگ، هورینگ، قەلەخ، قەڵەخ، قەیچی خوری هەڵپاچین ٢. بێ‌تەڕایی، ئیشک، ووشک، وشکوبرینگ: (کێڵگەی کامتان وشک و برینگە) «مەلەکشا».

**بڕینگ**: ١. لە شیر گرتنەوە ٢. خەبەربڕ.

**بڕینگبڕی**: بڕین بە برینگ، مەڕ بڕینەوە.

**بڕینگچی**: بڕینگەوان، کەسێ خوری دەبڕێتەوە بە برینگ.

**بڕینگچێتی**: جەوکەری، برینگەوانی.

**بڕینگە**: ١. لەلە، شوێنی برینی دار ٢. بڕینە، برینگی خوری هەڵپاچین ٣. جێی ئالفبڕینی کۆچەران.

**بڕینگەوان**: برینگچی، جەوکار، جەوکەر، بڕێنەچی.

**بڕینگەوانی**: جەوکاری، برینچێتی.

**بڕینگ‌هێنانەوە**: بەهاران کە سپیان تێر شینکەی خوارد، قەڵەو دەبێ لە ژێرەوە خوری‌یەکەش زێدە دەکات و خوری نوێ ڕەنگی وەک کۆنەکەی نییە، خاوێن دیارە، ئەو کاتە دەگوترێ سپیانەکە یرینگی هێناوەتەوە.

**برین‌لێ‌کردن**: بریندار کردن: (بە چەقۆ دوو سێ برینی قورسم لێ‌کرد).

**برینار**: بریندار، زامار: (ئەمن دەچمە سەری کاولە کۆسرەتێ/ ئەوە دێنم گیابەند و خاوێ هەر بە بێ‌تاقەتێ/ لە بن سەری برینداری خۆم دادەنیشم/ باوەشێنی دەکەم هەر بە بێ منەتێ) «فۆلکلۆر».

**بڕین‌نامە**: بڕیارنامە، بڕوانامە.

**برین‌وەبن‌دان**: تەشەنا بوونەوە، برینێکە کە بە ڕواڵەت چاک دەبێ، بەلام لە بنەوە چڵکی دەمێنێ و چا نابێتەوە.

**بڕینە**: ١. برینگ، قەیچی، کێرد خوری هەڵپاچین ٢. بڕک، بڕی، ژانی منداڵبوون،٣. ئەوان بڕینە.

**بڕینە**: ١. هەورینگ، برینگ،٢. بڕینەوەی مەڕ و بزن، پاچینەوە، خوری هەڵپاچین.

**بڕینەئامای**: برینە هاتن، ژان گرتن.

**برینەبرین**: زۆر بریندار: (ئازیزێ ئەوە سەرێکی من دێشێ/ دڵێکی من ماڵوێرانێ بە برینەبرینە) «گەنجی سەربەمۆر».

**بڕێنەچی**: برینگچی، ئەو کەسەی ئاژەڵ دەبڕێتەوە.

**بڕینەسا**: بڕینە.

**بڕینەسان**: ئەوان بڕینە.

**بڕینەسانا**: لەێ نوو بڕینەسەو.

**بڕینەسەو**: بڕینەسانا.

**بڕینەسەوەێ**: بڕینەسەی.

**بڕینەسەێ**: بڕینەسەو.

**بڕینەسیا**: بڕینەسا.

**بڕینەسیان**: بڕینەسان.

**بڕینەسیەو**: بڕینەسەێ.

**بڕێنەکردن**:خوری چنین، بڕینەوە.

**بڕێنەکەر**: خوری‌چن، کەسێ مەڕ دەبڕێتەوە.

**بڕێنەکەران**: مانگ دویەم کوردی، هەن‌هەن بڕینەکردن.

**برینەگرتەی**: ژان گردن.

**برینەگرتەیرە**: ژان داگرتن.

**برینەگرتەیەرە**: ژان داگرتن.

**بڕینەو**: ١. ئەوان بڕینەو،٢. بڕینەوە، بڕین ٣. بڕینەوەی خوری مەڕ،٤. دەرکردنی قەرار.

**بڕینەوە**: ١. کەرت‌کردن، بڕین بە تیغ: (دارەکانمان بڕیەوە)٢. بڕینەوەی ئاژەڵ ٣. لە شیر گرتنەوەی بێچوو: (بۆ نایبڕیتەوە خۆ زل بووە)٤. هەنگوین لە خەلێف کردنەوە ٥. لە

قسە بەس کردن: (هەر هێندەی زانی کۆڵەمستێکی بە دەم و لەوسی کەوت: جارێکی دیکە گووی وا نەخۆی، بیبڕەوە و چی دی دەنگت نەیە) «خاک و چەوسانەوە»٦. لێک جیابوون،٧. لەێ نوو بڕینەو،٨. کورت کردنەوەی سەر،٩. ساغ بوونەوە لە سەر مووچە و مز و مەسەلەیەک: (وامان بڕیەوە پایزێ بووکت بۆ لە بەر دەرکەی دابەزێنین!).

**بڕینەوەێ**: بڕین، بڕیان.

**بڕێنەهەزار**: هاوتاێ خەرمان زیاێ، یانێ پەس و پوولد وە هەزار بەیدە بان.

**برین‌هێنان**: بریندار بوون: (لە ئەنجامی ئەو شەڕە دوو کەس بریندار بوون).

**برینی‌دیواودەر**: برینی کوناودیو: (قوڵی شوانە بریندارە، برین دیواودەرە، گوللە وە باسکی کەوتووە و چۆتە دەرێ) «ئەمیری».

**برینی‌کۆن**: کۆنەبرین: (من بەبێ تۆ کە دەپرسی چۆنم/ لە تەشەنەدایە برینی کۆنم) «بۆکوردستان».

**برینێن‌جفاکی**: دەردیب کۆمەڵگا: (چارە مەقەس کرنا/ سۆرگولێن هێژا نینە/ چارە مەلهەم کرنا/ برینێن جفاکی‌نە) «سەنار».

**بریو**: ١. لەز، پەلە، عەجەلە ٢. هەڵلا، قریشتە، گرمە، هەرا، دەنگ، بریوەبریو.

**بریۆ**: ئەبرێ، دەبرێ: (ئەسڵ و فەرعی دین قەرائەت کریۆ/ پەنا بە فتوای عولەما بریۆ) «م.ح. دزلی».

**بڕیۆ**: ئەوڕگێ، ئەپچڕێ، ئەچڕێ.

**بریوان**: بلێمان، بلیمانە، لیمانە، خووێن و خوڕێکە کە بە ئافرەتدا دیتەخوارێ دوای زانی.

**بریوبریو**: دەنگەدەنگ، هەڵلاهەڵلا: (ئەوە لە کاروانیەکان دوو پیاوی گورجوگۆڵ ڕۆیین تا خەبەر بدەن بە وڵاتی مەرگەوەڕ، بریوبریو پەیدا بوو! پێشیان پێ گرت) «سەعید و میرسێوەدین».

**بریە**: برۆ، ئەبرۆ، برویە، بروو.

**بڕیە**: ١. گۆترە، گۆترمە، بڕە، مختە، بڕیار، دەمبڕ: (لە بڕیە ئەو لۆدە کایە بە چەندی؟) ٢. پەیمان، بەڵێنی، بڕیار: (ئەمجار هەر سێکیان ئەبەنۆ، قەرار و بڕیە ئەکەن) «گوڵونێرگز»،٣. نرخی کارێک لە شەر تەواو بوون بەبێ حیساب کردنی وەخت و شتی وەردە: (لە بڕیە خانوویەکم بە چەند بۆ تەواو دەکەی؟).

**بریەتی**: بریێتی.

**بڕیەخانی**: دیەکەیگە لە گاوارە.

**بڕیەدان**: پەیماندان.

**بریەزلا**: گوندێکە لای ئامێدی.

**بڕیەک**: بڕەک، کەرتەمەڕ، دەستەپەز.

**بڕیەکار**: بڕکار، قەبەڵکار.

**بڕیەکاری**: بڕکاری، قەبەڵکاری.

**بڕیەمێ**: بەرگەمێ، کووزەڵە.

**بریەن**: دزیەن، بەنان، دەبرێن.

**بڕیەن**: ١. قرتیەن، دەبڕدرێن،٢. بڕیوە، بڕیویە: (سەر پەیکانەکەت بڕیەن ڕشتەی دڵ/ وە ناسۆر کەفتەن دایم مدۆ چڵ) «مەولەوی».

**بڕیەنم**: بڕیومە: (بڕیەنم تڕ و دنیای وەسلام) «م.ح. دزلی».

**بڕینەوە**: ١. لێکردنەوە، دوبارە بڕین،٢. خوری یا مووی بزن بڕینەوە.

**بریەی**: بران، بردران.

**بڕیەی**: ١. بڕین، لەتکردن،٢. بڕان،٣. دەسەڵات، بڕشت×: (بڕیەی ئا شێخی هەر پێسە تێخەن) «م.ح. دزلی».×٩٥

**بریەێ**: دزیەێ، دەدزرێن.

**بڕیەێ**: قرتیەێ، دەقرتێن.

**بڕیەیرە**: دابڕان.
**بڕیەینە**: تێبڕین.
**بڕیەینی**: بردوویانە.
**بڕیەیۆ**: بڕینەوە.
**بڕیەیەرە**: دابڕین.
**بڕیەیەنە**: تێبڕین.
**بڕیی**: ١. بڕیتـی، بـاتی، جیـاتی: (لە بڕیـی: لە باتی) ٢. خۆزگە، بریا، کاشکی ٣. برۆ، برە.
**بڕییکەنی**: خۆزی، خۆزیکا.
**بز**: ١. منالّدان ٢. زاق، زەق: (چاوبز) ٣. بـزن، بوز، گیسک: (ڕێوی وتـی شـیرم نـیـیە! داپیـر وتـی، ئەی بـز چـیـیە؟) «پیرەمێـرد» ٤. نـاوکی ئاسـکی میسـک ٥. پەنــجە، قامـک، سـوک، چووز، جوز، ٦. ئەنجـامی بـز پێـوە کـردن ٧. پیـو، چەوری، بەزی نـاوزگ ٨. بـزە، جـۆرە ماسییەکی گەورەیە ٩. بزە، خەندە: (دەس بـدا دەست لە ژیان هەڵـدەگرم/ بـۆ بزیکـت کە بە شادی بمرم) «هێدی»، ١٠. جەغـز، جـوغز،١١. خەت، کێـرێکە لە یـاری بزێنـدا دەکێشـرێ. ×١٠٦ ڕاوچی×
**بزا**: ١. بزانە: (دایکی کوتی: دەی ڕۆڵە بپرسـە بـزا خـاک کیـیە؟) «گوڵشـوون»،٢. بـزنەگەل، بزنەکان: (تەڵاقشان گنـۆ بە تـڕ بـزا؟/ یـا پەی خەپلێ وە تەڵاقی وزا؟) «م.ح. دزڵی»،٣. بـزێ، ئەمر بە زان.
**بزاتشتر**: بزەپشتیر، بزاستر، نێری سێ ساڵانە و مەڕی چوارساڵە.
**بـزار**: بە دەم، زارەکـی: (ئەو لەتیفـا ڕەش خوماره/ جـاری یەک ژۆردا هنـارە/ تـو هەرە بێژێ ب زارە/ بینە سەر مەسـلەحەتێ) «فەقـێ تەیران».
**بزارچین**: بژارچن.
**بزارکرن**: بزارڤەکرن، لاسایی کرنەوە.
**بزارڤەکرن**: بزارکرن.
**بزاستر**: بزاتشتر.
**بزاغ**: چالاک،چوست.
**بـزافتن**: بـزاوتن، بزوانـدن: (بە تـان دانە بەر خۆی و کوتە کـوتی دڵـییەوە، زاری بزافـت و هەر ئەوەنــدەی لــێ بیســرا) «خـــاک و چەوسانەوە».
**بـزاڤ**: ١. بـزاو، جـووڵە، بـزۆز، حەرەکەت، خەبـــات، هەوڵ، تەقـــالا، تێکۆشــــینی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی: (تو ژ مێژە بو ڤی واری/ پر بـزاڤ و پـر هەڤکـاری) «سـندی،٢. ناڤێ مێرانە،٣. ناوی کچانە.
**بزاڤبوون**: جووڵان.
**بزاڤتن**: ١. جووڵاندن، بزواندن ٢. جووڵانەوە، بزوتن، بزوان.
**بزاڤدار**: گەڕناس، دلێر، ئازا.
**بزاڤکرن**: جووڵان، بزوان.
**بـزان**: ١. دانـا، زانـا، شـارەزا، زانیـار، بزیـو، فـرەزان: (هـۆزان و بـزان و خۆبـویژ بـوو/ سەربەرز و بەپێز و بێکرێژ بوو) «ڕاوچـی» ٢. بـزانە، ئاگـادار بە: (شـیوەیێ دلـبەری بـزان سۆننەتە شیوە عێشوە فەرز/ هەر دو نەزەر کـو بـــن قەران، واجێـــبەیەک کێرێشـــمە فەرز) «جزیری»، ٣. بیزانە، هەڵیهێنە، ڕوونی کەرەوە: (ڕەملێ تـۆ ئەگەر ب ڕاسـت دزانـی/ خـاتەم ئەڤە، دی بزان خودانی) «خانی»،٤. حەمـل کە، وا فەرز کە: (بـزان لێـوا نیـیە)،٥. کـویەیێکە لە پیازاوای هلیران،٦. گونـدێکە لای مەریـوان لە دێکۆی ژاوەرەی خۆراوا،٧. ناڤێ مێرانە.
**بزانـام**: ئەمزانـی، بـمزانیبـایە: (دریـغ بزانـام، کەمخزمەتیم چێش؟) «بێسارانی».
**بزانان**: بزانن: (تا وینان یاران چەفتی کەمـانم/ بزانان کوشتەی دەردی خەمانم) «بێسارانی».

**بزاندێ**: بزانن: (بزاندێ خەم چۆن کەردەنم پامـاڵ/ دەخـیلم سـاقی گەردەن سـیم قـاڵ) «مەولەوی».
**بـزانکی**: ب زانه بوون.
**بزانمەزان**: گاهس، شک، دوودڵی.
**بزانمێ**: ١. بزانین،٢. بزانم: (تا کە بزانمێ جە بازیی گەردوون/ چـێش مبۆ حاسـڵ، چ تەور مبۆ، چوون) «خانای قوبادی».
**بزانۆ**: بزانێ: (هەر سـەرنجو قەسـاوەکەی دێ بزانۆ چێش کەرۆ) «ئەفسانەی هەورامان».
**بـزانەبـوون**: ب زانکـی، کـاری لە قەسـتی: (ئەڤ کارێ وی کرن، دە ژ بێدەسـتێ، لـێ ب زانە بوون).
**بزانی**: زانایی، زۆرزانی.
**بزاو**: ١. بزاڤ، جووڵە، حەرەکەت،٢. بزواو، لە جێی خـۆی تەکـان دراو،٣. بەزۆک، ل ڕەڤدا پڕ ژیهاتی.
**بزاوت**: جـووڵە، حەرەکەت: (کـاروانی سـوپا درێـژەی بە بزاوتـی خـۆی دا) «لەمەهابـاد بۆئاراس».
**بزاوتن**: ١. لەقاندن، جووڵاندنی شتێ لە جێی خۆی: (شەوبای شەوی لاموچان هێدی هێدی بەرەو لێـرەوار و کەپـرۆکەی پۆشـین بەرێ دەکەوێ، بسک و کەزیان دەبزێوێ) «شەوارە»، ٢. جووڵاندن و تەکانێکی کەم: (ئەو سـمێڵێکە خورمایی لە سـەر کـولمێکە ناسک و شـلک دانا/ وردە وردە لێوی دەبزاوت لەو مەسـت و خەرامـانە) «شـۆڕەحموود»،٣. جووڵانـدن، بزوانـدن، هـانـدان: (کەی «بـزەی شـۆڕش» دەبزوێنێ دەمـار/ کەی دەمـاری گەل دەڕاسـێ بۆ نەیار) «ڕاوچی».
**بزاوتۆکە**: نیمچە جووڵە، بزافی کەم.
**بزاووز**: بزاڤ، جووڵە، جووڵەجووڵ.

**بـزاهیر**: بە ڕواڵەت، ئاشکرا: (پەروانەسیفەت مەمێ ب زاهیر/ جیسـمی خـوە و جـان ددانە ئاگر) «خانی».
**بزایگ**: بزێ، بزێت: (مەر قاتر بزایگ کەیکم بگـرێ بەر/ خەر شـاخ دراری، وێ بگـرێ سەمەر) «خانمەنسوور».
**بزاینەی**: هامیاری کردن لە زانین.
**بزباق**: بزمووتگ، زەق، زۆپ.
**بزباقچەو**: چاودەرپەڕیو، چەوزاق، چەمزەق.
**بزبـز**: چـاو زەق بـوونەوە، زەقزەق: (بزبـز چاوی تێبڕیم).
**بزبزۆک**: ١. چاوبزۆک، چاوبز، چـاوزەق: (کە دی منالێکی بچووکە/ چاو داقلیشاو بزبـزۆکە) «پیرەمێرد» ٢. بزۆز، نەسرەوتوو،٣. گـوڵێکە لە نەورۆزدا دەپشـکوێ،٤. نـاوکی بەری داری قەرەقـاجییە، کە داری قەرەقـاج کەژۆکـی دەگرێ.
**بزبزۆکە**: ویزویزە.
**بزبوو**: بزبەو، جۆرێ خەرەنگێزە ک لە نـاو خاک لانە کەیێ.
**بزبەو**: بزبوو.
**بزبێزی**: گیایەکە گوڵی سپی واش دەکا.
**بزپێوەکردن**: بزدان، جووز پێوە کرن، قامک بۆ قـوون بـردن: (ژنێـک سـێ کچـی هەبـوو یەکێکیـانی دا بە شـوو، کـوتی: ڕۆڵە شـەو کە ئەچیـتە لای مێـردەکەت، لەو وەخـتەدا کە خەریکی ئیشکردنە بزێکی پێوە کە) «ڕشـتەی مرواری».
**بزد**: ترس، خۆف، سام.
**بزدان**: ١. ترسـان، تۆقـان ٢. پسـان، قەتیـان: (ژ«احتیـاط» تـو مـوییێ زراڤ نـابزدە، ژ بێ«احتیاطی» هەمی جۆرێت زنجیرا دبـزدیێن) «پەند» ٣. جوز پێوەکردن،٤. چاو زەقکردن.

**بزداندن**: ١. حەپەسانن، حەپەساندن، ترساندن، تۆقانن، فەتساندن: (چەند لەشکری بەزانـدووە و چـۆن دوژمنـی بزدانـدووە) «شـەرەفنامە» ٢. پسانن، پچڕاندن، قەتکرن: (وەریـس ل جهـی زراڤ دبزدیێت) «پەند»، (دیۆێ کو ڤەبەستی وان ب تەدبیر/ بزداندی ل بەر خـوە قەیـد و زنجیر) «خانی».
**بزداندۆک**: بزدانەک، بزدانۆک، ترسێنەر.
**بزداندی**: ١. بزداندۆک، بـزدانەک، بزدانـۆک، ترسێنەر،٢. پسـاندی، پچڕانـدی: (ئەڤ ڕەنـگە ئەدا کرن حەقایق/ بزداندی ژ عالەمێ عەلایـق) «خانی».
**بزدانۆک**: بزدانەک، ترساندی، ترسێن.
**بزدانەک**: بزداندۆک، بزدانۆک، ترسێنەر.
**بزدم**: ١. ڕۆیشتن بە سەری پەنجە،٢. بـزدوو، کلکی بزن.
**بزدنۆک**: ترسێنەر، تۆقێنەر.
**بزدۆش**: بزندۆش.
**بزدۆشای**: بزن دۆشین.
**بزدۆشتەی**: بزن دۆشین.
**بزدۆشە**: بزندۆش.
**بزدۆک**: ١. بـێزات، بـزدۆنەک، خـوێڕی، ٢. تۆقێنەر، ترسناک.
**بزدونک**: ترسەنۆک، بزدۆک.
**بزدۆنک**: خوێڕی، بزدۆک.
**بزدۆنەک**: بزدۆک، ترسۆنەک، ترسەنۆک، قزە، خوێڕی، بێزات.
**بزدوو**: بزدم، کلکەبزن.
**بزدهان**: بزدیان، ترسان.
**بزدهاندن**: ١. ترساندن، ترسانن ٢. پچڕانـدن، پساندن.
**بزدەک**: بزدۆک، ترسەنۆک.
**بزدیا**: ترسیا، ترسا.
**بزدیام**: ترسام.
**بزدیـــان**: ١. پچـــڕان، پســـان، قەتبـــوون ٢. حەپەسان، تۆقان، ترسان.
**بزدیای**: ١. ترسـیای، ترسـاو، ترسـیاگ٢. تـۆ تۆقـاوی، ترسـاوی،٣. پسـاو: (نـێ کـورە بـیم نەوروز ژ هیڤی‌یا/ چیروکێن بزدیای ژ نیڤی‌یـا) «سندی».
**بزدین**: بزدیان، بزدهان.
**بزدینۆک**: ترسێنەر، تۆقێنەر، بڤە، مەترسـیدار، خەتەر.
**بزدینەک**: ترسناک، ترسیای، تۆقێنەر.
**بزدینەوە**: بزدین، بزدیان.
**بزر**: ١. بەرزە، نادیار، نەبـانووک، نەدیـو، ون، ونـدا، گـوم، هنـدا، وێنـار: (ڕوپـیەکەی بـزر کردبـوو، دوو ڕوپـیەی دا تـا لـۆی ببینـنەوە!) «پەند»،٢. شاراوە، شاردراوە،٣. بێسەروشـوێن، فەوتـــاو،٤. نەدۆزیـــنەوەی ڕێگـــا و بـــان: (منداڵەکانمان ڕێی ماڵیان لێ بزر ببوو)،٥. تـۆ کەتان، ڕۆن کەتـان،٦. دۆن، دۆنـێ ئوسـتکورا جانهەیکان، ئیلام یێ پشت ئوستوی هێشتران.
**بزڕ**: ١. بە گلـو داوەسـتان وەک ڕۆندوگ ٢. بزگوڕ، تینۆڵ، شڕە.
**بزراڤ**: ئازا، بجەرگ.
**بزران**: ١. تاسان،٢. پسان.
**بزڕاندن**: ١. تاسـندن،٢. چڕانـدن، پچڕانـدن، دادڕین.
**بزڕبـــزڕ**: ١. چتـێکە کولۆکولـۆ و گرۆگـرۆ بوەسـتێ وەک ڕۆنـی دووگ،٢. ونجڕونجـڕ، پارچەپارچە، کوتکوت.
**بزڕبزڕبوون**: لندوولندوو بوون، تێـکچوونی ماست و ڕۆن و شتی وا.
**بزربـــوون**: ١. وونبـــوون، گومبـــوون،٢. نەدیتنەوەی ڕێ: (شاری تاران هێنـدە گەورەیە

مرۆ تێدا بزر دەبێ)،٣. شاردرانەوە.
**بزرقبزرق**: بزڕبزڕ.
**بزرقبزرقە**: بزڕبزڕ.
**بزرقنای**: بزڕکاندن.
**بزرقنەی**: بزڕکاندن.
**بزرقیا**: بزرکاو.
**بزرقیان**: بزڕکان.
**بزرقیای**: بزڕکان.
**بزرقیەی**: بزڕکان.
**بزرقیێ**: بزڕکاو.
**بزرک**: ١. پزرک، پزرووک، زیپکەی ڕوخسار ٢. کوان، دمەڵ.
**بزڕکـــان**: ١. هەڵگەڕانـــی شـــیر و ماســـت، هەڵبزرکـــان، هەڵبڕکیـــان،٢. ڕەنـــگ پەڕیـــن لە ترسان: (گەرچی نێچیری چلەی دێوی چنۆکی شەو، مـنم/ زەڕڕەیەک ڕووم نـابزرکێ، تـاکوو حەز کەی هێمـــنم) «بێتووشـــی»،٣. تroوکـــانی چاو.
**بزڕکاندن**: ١. هەڵگەڕاندنی شـیر و مـاس،٢. ڕەنگ پەڕاندن: (دار کە بـاداک خـۆ لە بـاڵای دەهاڵێنێ/ ترس، ڕەنگی گەشی هەڵدەبزرکێنێ) «گەردیگلانـــی»،٣. ڕاوانـــدن، قســـەپەڕاندن،٤. ترووکاندنی چەم.
**بزڕکـاو**: ١. هەڵبزڕکـاو، پچکـاو، هەڵبڕکـاو، شیری تێکچوو،٢. ڕەنگی هەڵگەڕاو لە ترسان یـا لەبەر نەخۆشـی: (لێلایـی لە چـاو، ڕەنـگ بزرکـاو/ تارمـایی نەبـێ نەهـاتە بەر چـاو) «هەژار».
**بزرکـــردن**: ١. ونکـرن، گـومکردن: (حەقـی وەک کورد هەر نەبووە، هیـی وەک عێـراقیش/ بزر ئەکـا، لە بەندیشـا و لە پاشـی بەنـدیش!) «گۆران»،٢. شـاردنەوە،٣. تیـابردن،٤. ژاکانـدن: (چەتارم لێدەچەقاند، تێـزەم داویشـتە سـەرێ/ دەستم لە شینکەی دەبزافـت، بـزرم دەکـرد لە دووکەرێ) «سێسەدهۆنراوە».
**بزرکرن**: بزرکردن.
**بزرکنای**: بزڕکاندن.
**بزرکنەی**: بزڕکاندن.
**بزرکیای**: بزڕکان.
**بزرکیەی**: بزڕکان.
**بـــزرۆک**: ١. زیـــپکەی زۆر ورد، جـــۆش،٢. دمەڵ، دومەڵ.
**بزرۆکە**: پیتێکی دەنگدارە لە سـەرەتای وشـە کە دوو پیتی بێـدەنگ پـێکەوە بـێن: (مـردوو، قژ).
**بـزری**: ١. گـومی، ونـی، نەدیـوی ٢. جـۆرە ماسییەکە.
**بزڤ**: بزو، فیتق، فەتق.
**بزڤاندن**: ١. جـووڵانن، جووڵانـدن، بـزوانن، لەقاندن، تەکانـدان، هانـدان،٢. بەنـد هـوونێن لاچـــک و دەســـماڵ ژ بەر هەڤ بـــرن و دڕاندن،٣. دووچاری فیتـق کـرن، بـن پۆسـتە بەدەن ل بەر زۆرێ دڕاندن.
**بزڤانۆ**: بزڤانۆک، هاندەر، بزوێنەر.
**بزڤانۆک**: بزڤانۆ.
**بـــزڤین**: ١. بـزووتن، بـزوان،٢. بزڤیـان، داو هـــوونێن لاچـک و پەرچە زراڤ ژ بەر هەڤ چوون و دڕان،٣. قۆڕ بوون.
**بزق**: ئامێرێکی مۆسیقایە.
**بزک**: بەرزک، بەرسک، بەرگەدە.
**بـزک**: زکـدار، ئـاووس، دووگـان: (خـودێ وەسـا حەز کـر ژنـا پاشـای ب زک کەفـت) «گولواز».
**بزکردن**: جووز پێوە کردن.
**بزکە**: گیسک، گیسکە نێر.
**بزگ**: ١. شـیلان، مەرجـان، مـوروی شـیلانی

گەردانە ٢. پزو، پزگ، جێی دۆخین.
**بزگوڕ**: ١. کەلوپەلی ناوماڵ و دوکان ٢. چیت و شڕوشالاّتی جلک ٣. تیتۆڵ، ڕیندۆڵ، شڕە، کۆنەپەڕۆ: (تەماشا بزگوڕ و پەڕۆ/ دەڵێی نێری چاو لە کۆی) «توحفە» ٤. پارەی کەمنرخ.٥. تاپوو، تاپۆ، تارمایی ترسێنەر.
**بزگوڕلەکەسێکدادڕین**: بریتی لە فێربوون و ڕەچاوکردنی کردەی کەسێک: (ڕۆڵە بزگوڕێک لە ئامۆزاکەت دادڕە، ئەو بۆچی بۆتە دوکتوور و تۆ هەر لە جێی خۆتی!؟).
**بزگورە**: دیەکەیگە لە جوانڕۆ.
**بزگورەمێزەر**: کۆنەمێزەر، دەسرەی شڕۆڵ: (هەرکەس تیتۆڵە پشتوێنێکی لە بەردا بوایە یا بزگورە مێزەرێکی لە سەردا بوایە) «چێشتی مجێور».
**بزگە**: ١. بزیزگە، بزووزگە×.٢. زەردە، بزە: (هاتە نێو شار و کەمێ گەشتی کرد/ ڕوویی ڕوونی دی و بزگەی لێوان) «سەید تاهیر هاشمی».
**بزگەل**: بزنەگەل، گەلەی بزن.
**بزگیر**: ١. ڕژد، چکوس، سەقیل، دەسقوچاو، ٢. بزنکڕ، جەلاو بزن، چێوداری بزن.
**بزگێرە**: بزگێڵە، پێخەسوو.
**بزگیری**: جەلاوی، چێوداری بزن.
**بزگیلە**: ١. بووکێک لە ناو پەردەدا بێ ٢. کاکنەج، کێکنجی، گەزۆکە، گولەقەدیفە، گیایەکی بەهارییە بۆ زۆر دەرمان دەبێ.
**بزگێڵە**: بەربووک، پێخەسوو.
**بزڵانە**: دێیەکە لە دێکۆی نەڕان بەشی سنە.
**بزڵماجی**: جۆرێ کولێرەی ساجی.
**بزڵە**: کار، کاریلە، کاژەڵە، بێچووە بزن: (قلیان بە وێنەی بزڵە هەتیمە) «م.ح. دزڵی».
**بزڵەبەراز**: کوودەڵە بەراز، بیۆڵە.
**بزڵەڕ**: بزنڵەڕ.
**بزڵەمار**: جۆرێ ماری شاخدارە.
**بزڵەهەتیم**: بێچووی بێ دایک.
**بزماتە**: بزمەتە، قەتماغە، قەتماغ، قرتماخە، قرتماغەی سەر برین.
**بزمار**: ١. مێخ، میخ، بسمار، پسمار: (بینایم کوێرە، هەڵنایێ بە ڕووی کەس/ موژەم یەک یەک دەڵێی بزمارە بێ تۆ) «نالی» ٢. مێخەک، مێخەکە، گرییەکە لە پێست پەیدا دەبێ.٣. برینداركرنا مرۆڤی ژ ئالییەکی دەروونیڤە.٤. نەخۆشییەکی کاڵەک و شووتییە.٥. ئامرازێکە لە جۆلاییدا هەر وەک بزمار کە شوێنەکەی لە سەر داری کۆڵدراوە و کە بە پاش و پێش کردنی دەفە بەرز و نەوی دەبێتەوە.٦. بریتی لە شتی زۆر تیژ و ڕەق: (زییەگەرمێنێ دارێکی ڕەقە، هەرچەندی ڕەنگی لە هەنگوینییەوە بۆ ڕەش دەڕوا، بەو ئەندازەیەش چەقڵەکانی ڕەقتر دەبن و دەبن بە بزمارێکی ئاسنین) «حەمەدۆک».
**بزماربەگا**: بریتی لە جێی تەنگەبەری و پڕحەشیمەت: (لەو ژووره چکۆلەدا بزمار بە گایەکە، کەس جێی نابێتەوە).
**بزماردار**: شووتی و کاڵەکێ مێخەکی هەبێت.
**بزمارڕێز**: بزمارکوت، مێخکوت، بە بزمار قایمکراو: (باری دەروونم بێهێزە/ پەردەی دڵم بزمارڕێزە) «حەمەجەزا».
**بزمارڕێژ**: بزمارڕێز.
**بزمارڕێژکەردەی**: بزمارڕێژ کردن.
**بزمارکران**: ١. بزمار لێدران.٢. بریتی لە نەبزوان، نەجوولان: (مێژووەرد سەری بە مەڕ دانەواندووە و دەمی تێناوە، مەڕ وەها بە زەوییەوە نووساوە، وەک بزمار کرابێ) «ئەمیری».

**بزماركراو**: بزماركوت، بزمار لێدراو: (گۆپاڵێكی داربەڕووی سەر بزماركراوی بە دەستەوە) «ئەمیری».

**بزماركوت**: ١. بزمارڕێژ: (وەكیل نیازی، پۆتینەكانی قورس و خەپلەن، وەک پێ پشیلە ژێرەكەیان بزماركوتە) «میرزا»،٢. چەكوش، چەكوچ، ٣. ترێ گزرەیی، جۆرێ هێشووی ترێی پڕ و تێک پەستواو.

**بزماركێش**: كەلبەتان، گاز.

**بزمارلێدان**: ١. داكوتان بە بزمار،٢. بریتی لە فریودانی كەسێک.

**بزمارۆک**: ١. قەتماغە، قەتماخە، پترۆک، بزمەتە، قرتماغە، قرتماخە، توێژی سەر برین ٢. بزمارە، مخچە، مێخەكە.

**بزمارە**: ١. وردە پوازێكە لە بلۆسكی ئاش دەدرێ تا نەمیزێ ٢. بزمارۆک، بسمارە، مێخەكە.

**بزماری**: ١. مێخەكە،٢. بزمار، مێخ،٣. بەبار، باردار: (ئوو ئەز هێشتم ڕووت و تەزی/ ڕوو چلمسی، لێڤ بزماری) «سەنار».

**بزماریسەرپان**: جۆرێ بزمارە: (لای دەرەوە بە بەرمیل و بزماری سەرپانی خەنجەری جوان نەخشێندرابوو) «خاک و چەوسانەوە».

**ب‌زمان**: بە زمان، زماندار: (ژ سەد كوردا ئێكێ ب زمانە، ئەو ژی لالە) «پەند».

**بزمژگ**: بزنمژ، بزنمژک.

**بزمژنەک**: بزنمژە، بیرەبیرە، جۆرێ مارمێلكە.

**بزمژە**: بزمژەک، بزنمژە، جوورێ دالگەماران گەوراس ک بزن مژێ.

**بزمژەک**: بزمژە، بزنمژە.

**بزمک**: ١. بزمۆک، بلامک، بڵامک، بلۆمە، بەڵامک، زاربێن، دەمبەس، دەمبێنی كار و ئاژەڵ،٢. دوپەڕۆ، مۆقک، داركێ كونبەندی مەشكا.

**بزمۆک**: ١. دەمبێن، زاربێن، بزمۆک، بزمۆكە، بزمەک، بلامک، بەڵامک، دەمگووش، دەمبێنی بێچووی ئاژەڵ تا نەتوانێ شیر بمژێ: (كار بزمۆک بكرێ، داكی كیفكی ناوی) «پەند»،٢. دوپەڕۆ، كونبەندی مەشكە،٣. لەڕ، لاواز.

**بزمۆكە**: بزمۆک، بڵامک، زاربێن.

**بزمووتگ**: بزمووتی، قوزمیت.

**بزمووتی**: بزمووتگ، قوزمیت.

**بزمووک**: مێخكوت، وشک، نەجم، جووڵە نەكردن: (لە جێی خۆی وا ویشک بووە دەڵێی بزمووک كراوە).

**بزمە**: بزمەلی، قرچاو، چرچ، قەرچوومەک.

**بزمەتە**: قرتماخە، پترۆک، بزماتە.

**بزمەک**: ١. بزمک، دەمبێن،٢. پشكی مەشكە.

**بزمەلی**: بزمە، چرچ.

**بزمیراوا**: دیەكەیگە لە سەرپیەڵ.

**بزن**: ١. بز، بزە، بوز، بووزە، بوچ، بێزە، پەزی ڕەش، چتیر، گدێ، ئاژەڵی بە شاخ و ڕیشی درێژ كە زابێت، دوو جۆری بزنە مەرەز و بزنی موو هەیە: (.../ با نەقەومێت و نەزانن ئەم هەموو شۆڕ و شەڕە/ گشت لەسەر بەرخی شەل و كاوڕی لەڕ و بزنی گەڕە) «شێخ ڕەزا»،٢. ئاسكی مێو،٣. بریتی لە مرۆی ناڕەسەن: (خاڵەگیان یاخوا ڕووی بزن ڕەش بێ/ منی ڕووڕەش كرد، هەر ئەوەی بەش بێ) «پیرەمێرد».

**بزناكۆچ**: بزنی كۆڵە، بزنی بێشاخ.

**بزناكۆڤی**: بزناكویڤی.

**بزناكویڤی**: بزنەكێوی.

**بزنانە**: پیتاكی سەرانەی بزن بۆ میری.

**بزنانی**: جۆرێک لە بڕینەوەی ئاژەڵ، پێشەوە و بن زگی دەبڕێتەوە و سەر پشت و دامێنی دەهێڵدرێتەوە.

**بزنبزنانێ**: قۆچقۆچانێ، قۆچلێدانێ، جۆرێ گەمەیە.
**بزنبەل**: ١. بزن شاخدار،٢. بزن گووشدرێژ.
**بزنترن**: بزنترێنە.
**بزنترنە**: ١. بزنترێنە،٢. جووری قارچکە.
**بزنترێنە**: بزنترنە، گیایەکە لە کەوەر دەچێ و سەلکی هەیە، کە بزن بیخوا لەبەر تیژی ڕاویلێ.
**بزنڤان**: بزنوان، شوان، شڤانی بزنان.
**بزنقوتگە**: ١. جووری بزنە،٢. مەتەلێگە منالانە.
**بزنک**: ١. بزنی گچکە ٢. دەمبێن، زاربێنی ئاژەل بۆ ئەوەی دایکی نەمژێ.
**بزنکرا**: گوندێکە لای سۆران.
**بزنکۆچ**: نزنی کۆلە.
**بزنکویەی**: کەل، شکار، بزنەکێوی.
**بزنکەرک**: بزنی گووش کول یا بێگووش.
**بزنگان**: گانەبزن، گانی بزن: (ئەگەر لێم دەچێ ئەو زستانە، تەرک دەکەم ئەو بزنگانە) «ف.پ.پ.».
**بزنگرە**: جۆرێ درکە لە کونجرە گەورەترە بە بزن و مەڕەوە دەنووسێ.
**بزنگرەک**: میبەگرەک، جووری درگە.
**بزنلەر**: بزنەلەڕ، بزلەڕ، بزەلەرە، ماسیگرە، باڵدارێکە بۆر بەقەد قازە و گۆشتی ئەخورێ.
**بزنمژ**: بزنمژە، بزنمشک، بزنمژەک، بزنمژۆک، بزنمژک، قوڕی، قومقومە، قومقومۆک، تیرتیرە، تیڕتیرە، تیڕتیرەملە، پەزمژۆک، مانگامژۆک، جۆرێ مارمێلکە: (وەک بزنمژ دەم بنێتە جواناوی نەوتی/ لێی دەرهێنێ دوا دەنک و فلسی دەستکەوتی!) «گۆران».
**بزنمژۆک**: بزنمژ.
**بزنمژە**: شینشینک، قوڕی، قومقومە، قومقومۆک، بزنمژ، بزنمژۆک، بزنمژک، بزنمشک.
**بزنمژەک**: بزنمژ.
**بزنمشک**: بزنمژ.
**بزنمو**: بزن، بوز.
**بزنمێرگ**: بزنلەر، بزنەلەڕ.
**بزنمێژ**: بزنمژ.
**بزنۆکە**: چووک کراوەی بزنە هەر بەم مانایە: بزنۆکە و مەڕۆکە.
**بزنوید**: شارۆچکەیەکە لە پارێزگای لوڕستان.
**بزنەبەربوارد**: ڕەشانی مێی دوو ساڵ و نیو تا سێ ساڵ و نیو.
**بزنەپۆش**: بزنێکە گوێی شۆڕ و درێژ بێ.
**بزنەچیر**: بزنەکێوی.
**بزنەدۆخە**: بزنێ کە دەدرێ بە کەسێ یا ئاغا دۆی بخوا، پاشان بیداتەوە بە خاوەنەکەی.
**بزنەرووتە**: بزنێ کە مووی بەردابێ: (کابانی بزنە ڕووتە/ مەرد بە دڵم مەشکێنە) «حەسەن زیرەک».
**بزنەڕێ**: باریکەڕێ، ئاهەڕێ، ڕێچکەی ڕژد و باریک.
**بزنەڕیشە**: بزەڕیشە، گیایەکە لە شویت ئەکا و سەلکی هەس، ئالفێکی باشە بۆ ئاژەڵ، قارچکێ لە ئەنجامی فەوتاندنی بزنەڕیشە دەرئەچێ لە هەموو قارچکێکی تر خۆشترە: (قامیشی شەکر و لەبان و شمشاڵ، هەموو قامیشە/ باشترین گیا، چنوور و بزنەڕیشە) «چنگیانی».
**بزنەزاو**: بزنی تازە زاوی بێچوو لەبەر: (مەنجەڵە زنجیردارەکەی بۆ پلاوی حەوتم کرابوو، دام بە چوار سەر بزنەزاو) «چێشتی مجێور».

**بزنەسپیڕووت**: بزنێکە سپی تەواو بێ.
**بزنەسوور**: بزنێ کە موو یا مەرەزی سوور بێ: (خودا لە گولەی نەبووریَ/ چوون دڵی ئەو گوڵە دێشێنێ/ بۆ شیری بزنەسووریَ) «فۆلکلۆر».
**بزنەسیس**: بزنەکەژ.
**بزنەشاخدار**: بزنێکە شاخی هەبێ.
**بزنەشامی**: جۆرێ لە ئاسکی مێیە کە قۆچی بچووکی وەم پەنجەی مرۆڤێ هەیە.
**بزنەشەلانە**: گیایەکە: (ترشۆکە، بزنەشەلانە لە کوێستانی دوور) «چنگیانی».
**بزنەقسر**: جوویشتیر، چویشتیر، بزنێکی کە ساڵێک نەزابێ.
**بزنەقوت**: بزنی گوێ قوت.
**بزنەقول**: بزنی ڕەش.
**بزنەکورانە**: ١. بزنێ ک وە مزیانی پیابوون منال کوڕ نەزرێ کەن،٢. بزنێکە هەموو ماڵە ژێردەستێک دەینێرن بۆ ماڵی ئاغا کاتێ کوڕی ببێ.
**بزنەکوڵ**: بزنی بێ شاخ.
**بزنەکەڕێ**: بزنێکە گوێی بچووک و قوت بێ.
**بزنەکەژ**: بزنی ڕەنگ سپی ئامال زەرد.
**بزنەکێفی**: بزنەکێوی.
**بزنەکێڤی**: بزنەکێوی، کۆوی.
**بزنەکێوی**: ١. پەزکوڤ، پەزکۆڤ، بزنەکێڤی، ئاژەڵێکی کەوییە وەک ئاسک دەچێ،٢. بریتی لە شاخەوانی زۆر کارامە،٣. بریتی لە منداڵ و کەسێ کە زۆر بە سەر دیوار و جێی حاستەم هەڵدەگەڕێ.
**بزنەگەڕ**: بزنی گەڕۆل: (کێ دیویەتی ئەی شێخ عەلی، ماڵی خەزوور بۆ زاوا؟/ تۆ لە کوێ؟ تەکیە لە کوێ؟ بزنەگەڕی مەزناوا) «شێخ ڕەزا».
**بزنەگەل**: بزنەل، بزنەڵ: (سۆفی بە سەر و ڕیشی، بەم خەرقەیی سەر دۆشی/ چەند چێڵەگەل و بزنەگەل و مێگەلی دۆشی) «حاجی قادر».
**بزنەل**: بزنەگەل: (مەڕ لە تاریکی‌دا ڕێ داناگرێ، شوانە بزنەگەلی وەپێش خۆی داوە، ئۆهۆ بۆ مێگەل دەکا) «هەزار ئەشکەوت».
**بزنەڵ**: بزنەگەل، بزنەگەڵ: (نە بابی زڕکوڕان، نە ساحێبی بزنەگەلێ، نە جووتبەندەی دێمەکار) «پەند».
**بزنەلەڕ**: بزنمێرگ، بزلەڕ، باڵندەیێکی بۆری گەورەیە وەکو قاز واسە گۆشتی دەخورێ.
**بزنەمەرەز**: چوور، مەرەز، جۆرێ بزنە تووکی نەرم و ڕەنگی جۆراوجۆری هەیە: (ئەم شتانە باون: مانگای مالوان، ماکەری سابلاغ، بزنەمەرزی بانە) «ڕشتەی مرواری».
**بزنەوان**: شووانی بزنان: (ئەوەی لە پێشوودا بزنەوان بووە) «شەرەفنامە».
**بزنەوەس**: مەشکەی بزن، مەشکەیگە لە پووس بزن درس کردنە.
**بزنەهەردی**: بزنەکێوی.
**بزنەهەمس**: بزنێکە دەم و قەپۆزی سوورکار بێ.
**بزنێ**: بزنەکان، ێ لە هەورامی‌دا نیشانەی کۆیە.
**بزنێری**: گیایەکی بەهاری و کوێستانییە بۆ لەوەڕ دەبێ، گوڵی سپی واشی هەیە.
**بزنی‌سێ‌کارێ**: ڕەشانی تەمەنی سێ ساڵ و نیو تا چوار ساڵ و نیم بێ.
**بزنی‌قازی**: گەمەیەکە لاوانە بە دوو قولەدار دەکرێ.
**بزنی‌کووڤی**: خەزال، بزنە کێوی.

**بزنیەڕود**: ناوی چەمێکە لە خوار بیجاڕ.

**بزو**: ١. جۆرێ دار بی،٢. سەرەتای کلکی یەکسم لەلای قونییەوە،٣. بزدم، کلکی بزن،٤. بزڤ، فیتق، فەتق،٥. بزێ، ناوی ژنانە.

**بزۆ**: ١. بووز، دار حەیزەران،٢. بزن،٣. ناڤێ مێرانە.

**بزواق**: ١. گیایەگە جوور کەنگر، جارز و وڵەیشی پێ ئێژن،٢. لاناوە لە وشک و سفت.

**بزواقە**: کاروانە.

**بزوان**: ١. جووڵان، بزووتن: (تا هێزی بزووتن لە لەشما بەگوڕ بوو/ من کوڕ بووم بۆ ئاغا و ئاغا باوکی کوڕ بوو/ ...) «گۆران»،٢. ڕۆیشتنی ئاوی جۆگا و ڕووبار: (جۆبار دەبزوێ، خوڕەی ئاوهەڵدێر/ لە شاخان تووڕەی شمشاڵ و بلوێر) «لالە بەدەستان».

**بزواندن**: ١. بزاوتن، بزوێندن، بزڤاندن، جماندن، جەمقاندن، چەلقاندن، چەلکاندن، جووڵاندن: (ئای وەی ماچ دەکەم گۆنات/ بەشەرت لێوت نەبزێوێ) «حەسەن زیرەک»،٢. هاندان، فیتدان، دنەدان،٣. هەست بزواندن، کار تێکردن: (دیمەنت چەشنێ دەبزوێنێ ئەوین/ گاڵتە بۆ کیژ و کوڕی تۆن مەم و زین) «هێدی»،٤. شەکاندن، شەکاندنەوە: (پێش ئەوەی شنەی بەیانی/ بسکی بەڕەزا ببزێوێ) «هێمن»،٥. ڕۆیشتن، ڕۆیین: (هەرچەند لە دینی یەکتر تێر نەبوون/ ناچار بوون هەستن بەرەو ماڵ ببزوون) «هێمن»،٦. هەڵکەندن، لابردن (کە دێمە سەر لووتکەی دەنگت، کە هەر دوو پێم دەچەقێنم لە سەر زنارێکی ئەوێ/ نە ڕەشەبا دەمبزوێنێ، نە کرێوە و تۆفی شەوێ/ ماڵنوستنان هەر دوو باڵم دەکەمەوە، لە چوار لاوە زام بانگ دەکەم، بێ بسرەوێ) «پەشێو»،٧. لێدان، ژەندن✕: (لەسەر ترۆپکی ئەو کێوە/ پەنجە لە بلوێر ببزێوە) «هێمن».

**بزواندنەوە**: ١. جووڵاندنەوە،٢. هاندان، هووروووژاندن.

**بزۆپاتەی**: بزن بڕینەوە.

**بزۆپاچ**: بزنبڕەرەوە.

**بزۆپاچە**: بزنبڕەرەوە.

**بزوت**: ١. زرنگ، ئاورپارە: (دەستی وەک بزوت هەڵدەسووڕێ، ڕاست و چەپ لێکی دەدا) «ئەمیری»٢. بزووت، بسۆت، سەرەبزوت، سەلکەبزۆت، پەلەبزووت، نیمەسۆز، سەرچلۆسک.

**بزۆت**: بزووت، سەرچلۆک: (کو ئاگری وی بزۆتن، تو زەفتێ کو لێ ناکی/ ئەگەر دکاری تو ژ ئێرۆدا ئاڤێ ل سەردا کی) «گولشوون».

**بزوتک**: بزووت.

**بزۆتلێکدان**: ١. خۆشکرنی ئاور ٢. ئاژاوە نانەوە، چوکڵەشکێنی نێوان خەڵکی.

**بزۆتن**: جووڵە، تەلاش، تەقالا.

**بزۆتیبدی**: ١. ئاگری خۆش کە،٢. بریتی لە ئاژاوەکە گەورە کە.

**بزۆر**: ١. بە هێزی زۆر: (سوبحان ڤێردی بەگ پلانەک ژی بەرپەیڤک کر، ئالیگرێن خوە بەرەڤ بکن و ب زۆر محەمەد حەسەن خان داینن سەر تەختێ کوردستانا سنێ) «مەستوورە»،٢. زۆردار، زالم: (ئەز چقواس ژی ب زۆر بم، چقواس ژی زالم بم) «مەستوورە».

**بزورگ**: ١. گەورە، مەزن: (خوای گەورە و بزورگ پادشای ڕێی نیاز/ بێ هاوبەش، بێ کەس، بێ شوێن، بێ هاوراز) «پیرەمێرد»،٢. ناوی ئاوازێکی مۆسیقایە،٣. ناوی پیاوانە.

**بزورگان**: گەورەگەل، مەزنان: (جە لای عاقڵان، ساحیب ئەقڵ و دین/ دانا، بزورگان کوردستان زەمین) «خانای قوبادی».

**بزورگ‌ئومێد**: وەزیرێکی ئەنەوشیروان بووە.

**بزورگ‌مێهـــر**: نـاڤێ مێـرانە: (ل بەر وێ‌یە بێلەک شارزایە هێندی ل بارا زانیارییا بـزورگ مێهر دا) «گول‌شوون».

**بزورگی**: گەورەیی: (سپەردن بە ئەو بزورگی و نامی/ بە چەنـد ئیحتیـرام نـامی و گیرامـی) «خانای قوبادی».

**بزورگینە**: گەورەگەل.

**بزۆز**: ١. سەربزێو، تـۆلاز، چارقـاپ، حـالۆر، بزێنـاوێ، تۆسـن، بـزاڤ، جەربەزە، جـرین، بـزۆک، بزێـو، هەلکـۆ، بێ‌ئـۆقرە، ، قەشـقە، قەشکە، نەسـرەوتوو: (کەی بە سـۆزی خـۆی دەنـازێ هـۆزی قـۆز/ کەی دەس و چەک، چەک دەکا دەستی بزۆز) «ڕاوچی».٢. مەمکـی دایـم بە جـوولە: (لەسـەر سینەی سـپی تـۆ جووتە سێون/ ئەوەن قۆز و بزۆز و دڵبزێون) «ڕاوچی».٣. ناوی کوڕانە.

**بزوزک‌دای**: بزیسک دان.

**بزوزک‌شانای**: بزیسک وەشاندن.

**بزوزک‌شای**: بزیسک وەشاندن.

**بزوزکی**: بزوزک، بزیسک.

**بزوزگە**: بزولگە، بزیزگە.

**بزۆزی**: جرپنـی، بزۆکـی، تـۆلازی: (هەمـوو شتێکم لەبیر کردووە تەنـانەت قاقا و بـزۆزی کچانیشم لەدەس داوە) «شەوارە».

**بزوش**: گوندێکە لە دێکۆی ژاوەرۆی بەشـی ناوچەی کامیاران.

**بزۆق**: ١. هەڵبەزدابەز،٢. تەنبوور، تەموور.

**بزوک**: زیرەک، زرنگ، وریا، پڕجووڵە.

**بزۆک**: ١. جولێن، جولێنە، بـزوێنەر ٢. زۆر بە زگ و زا ٣. زکـکەر، دژی قسـر و نەزۆک: (بزۆکـێ لە سـەر نزۆکـێ/ لە سـەر نەڕۆکـێ/ نەڕۆکـێ لە سـەر برۆکـێ) «مەتەڵ»٤. جـۆرە دارێکە ٥. بزۆز، بزێو.

**بزوکە**: ویزوویزە.

**بزۆکی**: بزۆزی، جرینی، نەسرەوتوویی.

**بزولگە**: بزیزگە، بزوزگە.

**بزوو**: ١. بزۆ، حەیزەران ٢. بووز،٣. داری بی.

**بزووان**: جووڵان.

**بـــزووت**: ١. مەشـخەڵ، بزووتـک، بزوتـک، بـزۆت، بسـۆت، سـەرەبزوت، سەرچلۆسـک، سەلکەبزۆت، پەلەبزووت، نیمەسۆز، چـیلکە و داری ســـەر بە ئـــاور: (یـــارەب لە دۆزەخ ئوممەتی ئەحمەد بدەی نەجات/ کەم بێ چییە لە کـوورەی وا باوەشـێ بـزووت) «مەحـوی»، (ئـاگر د کەڤـنە بزووتـان دەمیـنە) «پەنـد».٢. جووڵا، بزوا،٣. بزۆز، نەسرەوتوو.

**بزووتک**: بزووت، بسۆت: (نەمـامی ناسـک و ساوا/ بە دەسرێژ دەبوونە بزووت) «هێمن».

**بـــزووتن**: ١. جـوولان، جـوولانەوە، جمـان، جوومـــان، جەمچقـــین، جەمـــین، چەلقـــین، چەلکـین، لەبتـین، بزڤـان، وەرزیـن، بـزوان، هۆژان: (مەبزوو «مەحویا» لەم ڕێگەدا تا دەبییە خاکی ڕێ/ ئومێدە دەسـتی گەردت هەر دەگـا ئـــاخر بە داوێنـــێ) «مەحـــوی».٢. جمـــان، هـــاتنەخوارێی شـــیری مەمکـــی دایـــک بـــۆ منـــداڵی،٣. ســـەرەتای دەس‌پێکـــردن: (پـایزە گەلاوێژ لە من دەبزووت، هەی پایزە گەلاوێـژ لە مـن دەبـزووت/ ئەمـن زەینێکە خـۆم دەدا کەونەلاجانێ) «گەنجی سەربەمۆر».

**بـــــزووتنەوە**: ١. بزاڤکـــرن، بزاڤبـــوون، جووڵانەوە، جڤین، هـۆژانەوە،٢. سـەرکەوتنی نرخی شت،٣. بزتنەوەی سیاسـی،٤. پتربـوونی ئاو.

**بزووز**: مۆرکە، مۆرد، گـازیر، قـاروونە، وەرە، بڤ، گیانداریکی خوری‌خۆرە.

**بزووزک**: بزووز، مۆرکە.
**بزووژن**: بژووژن، سووژن، شووژن.
**بزووسک**: پزووسک، پریشکەی ئاور: (بزووسکێوەت دا پەپوولە و وەری) «هاوار».
**بزووک**: ١. گورجوگۆڵ، کارا، کاری، بەکار، ئازا ٢. نەسرەوتو، بزۆز، بزێو،٣. زیز نەزووک.
**بزوون**: ١. بووزوو ٢. بزووتن.
**بزوێن**: ١. جوڵێنەر، جولێن، بزڤانۆک، بزوێنەر، هەلکۆ: (تینی دڵەی پڕ جۆشم/ بزوێنی بیر و هۆشم) «گۆران» ٢. هاندەر، هەڵخرێن، دنەدەر ٣. بزوێنە، سەر و ژێر و بۆر بۆ وشەی عەرەبی: (وا مەشهوورە کە لە سەردەمی حەجاج ئیبنی یۆسفدا، نوختە و بزوێنی بۆ دانراوە) «نەگل»،٣. پیتی دەنگدار،٤. ناوی کورانە.
**بزوێندن**: بزواندن.
**بزوێنە**: بزوێن، سەر و ژێر و بۆر بۆ وشەگەلی عەرەبی: (َ ُ ِ).
**بزوێنەر**: بزوێن، بزوێنە: (سروودن، بزوێنەرن/ دیاری بەدیهێنەرن) «ئەحمەد بەهرامی».
**بزە**: ١. زەردە، زەردەخەنده، نەرمەپێکەنین، زەقەی چاو: (بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز/ بێ ڕووناکی‌یە بێ بزەی ئازیز) «گۆران» ٢. بزن، بوز،٣. چاونیرگ، چاونێرگسە، جۆرێ ماسی چاو زەرد و سمێڵدارە ٤. زەقەزەقی چاو: (بزەی لێم‌کرد ترسیام)،٥. گونا، گوناح، سووچ،٦. بەزە، ڕوحم،٧. شادی×: (ڕۆژ: ڕۆژی شایی، کات: بەیانییە/ تەبیعەت مەستی بزەی جوانییە!) «گۆران».
**بزەباقە**: باقەبزن، بەلەباقە، نەخۆشییەکی بزنە.
**ب زەبان**: ئاگادار، باخەبەر×: (سوسەن ب زەبان و باخەبەر بن) «خانی».
**بزەبز**: ١. ژارخەن، زارخەن، بسکەبسک، خەندەی تاڵ،٢. زەقەزەق، زەق تێوەڕامان.
**بزەپشتیر**: بزاتشتر.
**بزەخەندە**: بزەبز، ژارخەندە، بزەی تاڵ.
**بزەخەنگ**: بزە، زەردە، زەردەخەندە.
**بزەخەنە**: بزەخەنێ، بسکەخەندە.
**بزەخەنێ**: بزەخەندە، ژارخەندە.
**ب زەرب**: کاریگەر، کاری: (ئەڤ فراق تیرەک ب زەربە/ ئێ کو دی ئەڤ داغ و دەربە) «فەقێ تەیران».
**بزەڕیشە**: بزنەڕیشە، گیایەکە.
**بزەفتن**: بزووتن.
**بزەکردن**: زەردەکردن، پێکەنینی بێدەنگ.
**بزەکووی**: بزنەکێوی.
**بزەکوویيە**: بزنەکێوی.
**بزەگرتن**: پێکەنین، زەردەگرتن: (بزەی هومێد و هیوا ئەیگرت) «گەدا».
**بزەڵە**: ١. بزڵەبەراز، کوودەڵەبەراز، بەچکەی بەراز، بیوڵە، فەرخەیێکە کە لە خۆیدا هاتبێ و گەورە بووبێ،٢. گیسک، کار، کاریلە،٣. بێچووی گیاندار کە گەورە بووبێ.
**بزەڵەبوون**: پێگەیشتن، گەورەبوون.
**بزەڵەڕ**: بزنڵەر، بزنەلەڕ، ماسی‌گرە.
**بزەلەڕە**: مەلێگە ماسی‌خۆر چوو حاجی‌لەقلەق.
**بزەمەرەزە**: بزنە مەرەز، جۆرێ بزنە.
**بزەن**: لێدەر، بکوژ، ئازا، توشمال.
**بزەنبەهادوڕ**: بلوویڕبەزێن.
**بزەنگ**: جۆرە گەنمێکە.
**بزەوچەما**: بزە بە چاوانەوە.
**بزەوسمێڵا**: زەردەی سەر سمێڵ.
**بزەولچا**: زەردەخەندەی سەر لێوان.
**بزەهاتن**: پێکەنین، زەردە گرتن: (بەکرە بزەی شادی هاتێ/ تاژی نییە بەری داتێ) «ڕاوچی».

**بزەهوو**: کویەیێگە لە گاوارە.
**بزەی تـــاڵ**: بـــزەی ســـارد، زەردەی پـــڕقین و ئازاردەر.
**بزەیَ سێوڵ**: بسکەیَ سێوڵ، بزەی ژێر لێو.
**بزەی شادی**: زەردەی خـــۆش: (ســـورتک کە ئەوەی بیست، بزەیەکی شادی هاتیَ) «بۆرە».
**بزەی لێو**: ناوی گۆرانییەکە: (بزەی سەر لێـــوی ئالی/ گوێی بگرە خڕەی خڕخاڵی/ کە ئەڕوا و خۆی ئەلەنگێنێ/ بە دایـــم دڵ ئەرەنجێنـــێ) «ع. مەردان».
**بزەنیـــــان**: ١. گونـــدێکە لە خـــۆرهەڵاتی سـلێمانی: (مەلا مـحەمەدی نەژاد باخـانی/ کە پێشـــەوا بـــوو بـــۆ بزەنیـــانی) «بێخـــود»،٢. لووتکەیەکی بەرزە لە نزیک شاری قۆرەتوو.
**بزی**: ١. بووز، دارتۆفـانە ٢. بەزەیـی، روحـم، دلۆڤانی: (بزیَکا ناکا هورموز وەهویچ کەس).
**بـــــزیَ**: ١. بەرکەڵ، بەرنێـــــر، نوهگـــــوان، دامنەچەقان، چێلی سێ بەهـار دیتـی،٢. بـزو، ناوی ژنانە.
**بزیا**: گیسک، گیسکە میَ.
**بزیاونان**: گوندێکە لای دیواندەرە.
**بزێبزی**: گیایەکە بەهـاری و کوێسـتانییە سـێ چووار لق دەردەکات گوڵی سپی دەگریَ.
**بزێر**: زێڕین، زێڕن، لە ئاڵتون گیراو.
**ب زێـــرو زینەت**: ڕازاوە، خەمـــڵاو ب زێـــڕ: (حووریا بادەفرۆشی/ شـەڤ و ڕۆژ خەمـریَ دنۆشی/ ئەتلەس و کەمخـان دپۆشـی/ هەر ب زێڕ و زینەتیَ) «فەقیَ تەیران».
**بزیزگە**: بزوزگە.
**بزیسک**: پزیسک، پڕیشکەی ئاور.
**بزیسکنای**: بزیسکاندن.
**بزیسکنایۆ**: بزیسکاندنەوە.
**بزیسکنەی**: بزیسکاندن.

**بزیسکە**: ١. بزیسک،٢. بریقەی چەخمـاخە×: (بەفر و بەستەڵەک، بزیسکە، بریسکە، شاخە و شریخە، بـا و بـۆران، تـۆف، ئـۆف و کرێـوە، لێزمە و تاو و لافاو ...) «کۆردەرە».
**بزیسکەدای**: بزیسکە دان.
**بزیسکەشانای**: بزیسکە وەشاندن.
**بزیسکەشای**: بزیسکە وەشاندن.
**بزیسکیای**: بزیسکان.
**بزیسکیایۆ**: بزیسکانەوە.
**بزیسکیەی**: بزیسکان.
**بزیشک**: پزیشک، دوکتور.
**بزیڤ**: زێوین، زێوی، بە زیڤ نەخشاو.
**بزیڤ**: بزاڤ، جووڵە.
**بزێـــک**: ١. بـزیە، گیسـکەنێر،٢. خەنـدەیێک، بزەیێک: (دەس بدا دەست لە ژیان هەڵـدەگرم/ بۆ بزێکت کە بە شادی بمرم) «هێدی».
**بزێکە**: گیسکەمێ.
**بزێگ**: بەیزە، بێزە، بێزگ، مەگیرانی، کەروایی.
**بزێن**: گەمەی جغزێن.
**بزێناوی**: بزۆز.
**بزێـــو**: ١. بـزۆز، بیَعـار، چەتـوون، خـوز، زرینگ، شـەیتان، نەسـرەوتو: (زەردەخەنـدەی ئەو ڕووە، هـی ئەو لێـوە/ فریشـتەی هەسـت، هـی ئەم دڵە بزێـوە) «کـامەران مـوکری»،٢. پاشگری بزوێنەر: (کـوردێ کە سـەر هەڵێنـێ، دەڵێن بۆتە سەربزێو) «سەیف»،٣. ناوی کوڕانە.
**بزێوترین**: زۆر بزێو، چەتوون، زرنـگ، ئـازا: (بارزانیەکان بە هۆی ڕابردووی پڕ لە گێـژاو و گـۆڕانی خۆیـان بزێـوترین مرۆڤیـان لـێ هەڵکەوتبوو) «لەمهاباد بۆئاراس».
**بزێونە**: بزوێنە.
**بزێوی**: بزۆزی.
**بزیە**: ١. گیسک، کار، گیسـکەنێر،٢. پـڕوانە،٣.

هەڵبی، هەڵی، دەرکەوە.

**بزیی**: ڕەشەوڵاخێکە کە پێی نابێتە سێ چووار ساڵییەوە.

**بژ**: ١. جگە، جگەلە، بێجگە، بل، بێ لە، غەیری: ماعەدا، (بژ ل وی: بێجگە لە وی) ٢. یاڵ، تووکی ملی یەکسم و شێر ٣. کاکۆڵی گەنمەشامی ٤. قاقول، پرچگە، خێاتە، کاکۆڵ، ٥. کرژ، گرژ، زیک، بژبژی، تێل‌تێل، مووی سیخ وەستاو: (لە ترسان هەموو مووی سەرم بژ ویستان) ٦. کەر، پاژ، پارچە، لەتک ٧. داسوو، قەڵچغە باریکەکانی گوڵە گەنم و جۆ ٨. لق و پۆی داران ٩. مەیل، ئیشتیا: (بژا خوە ناچە نان) ١٠. ویست، نەفس ١١. پرژ، بلاڤ، بلاو ١٢. جان، گیان،١٣. پاچ چۆنەر، کاری هەڵپاچینی چۆنەر لە گەڵا،١٤. بەژ، وشکی، ئیشکایی: (دەورووبەر چۆم و بژ و بەستێنت/ تەرت و لاپاڵ و چڕ و بژوێنت) «ڕاوچی».

**بژار**: ١. هەڵبژێردراو، هەڵبژاردە، بژاردە، تاق: (خاسما کو کورێد ڤان بژاری/ دوڕدانەیە ئێک و ئێک، مراری) «خانی»،٢. ئادە، بژارە، بژاری گیا لە شینایی: (بەرەومال بوونەوە پۆلێک و پۆلێک دەچنەوە بۆ بژار) «هێمن» ٣. بژار، ووژار، کشکە، تەلبیش، گیای خراپ لەناو زەرعات: (بێبڕست و پووڵپەرست و پووچەڵە/ پێکوڵە، دڕکە، بژارە، هەژگەڵە) «ڕاوچی» ٤. دانەی بێگانە لەناو دانەویڵەدا ٥. دۆزین، خۆدۆزینی مرۆڤ و باڵندە ٦. ژمار، هەژمار، شومار: (گوێزەکەت بە بژار دەدەمێ) ٧. ژاردار، ژەحردار، ژاراوی، سەمی ٨ بریتی لە کەسی خاین بە گەل: (نیشتمان پاشی فرێدانی بژار/ پاشی پەی کردنی دەستی زۆردار) «بۆکوردستان»،٩. بە فەقیری، ب هەژاری، ب ژاری: (دایکێ زارۆکێن خوە بژاری خوەدی کر)،١٠. ناوی کوڕانە.

**بژاربڕ**: بژارچن، بژارکوڵ، ئادۆدە، ئادوودە، گلچ، ناوکەت، کلچک، کەرەستەی بژارکرن.

**بژارتن**: ١. بژاردن، هەڵبژاردن، هلبژاردن، جوێ کرنەوە: (ل ور کتێب پر بوون، مام خۆسرۆ ئالی تە دکر کتێبێن باش، ئێن تو دخوازی بژبێری) «مەستوورە»،٢. خاوێن کردنەوەی دانەوێڵە لە زیوان و چیلکە و شتی دی،٣. ژماردن، شومارتن،٤. برژاندن، براشتن،٥. وژاردن، بژارکردنی زەرحات.

**بژارتۆ**: بژاردە، ژماردە، ژمارتە.

**بژارتوو**: ژمارتوو، بژێردراو، هەڵبژێردراو.

**بژارتە**: بژارە.

**بژارتی**: ١. هەڵبژادە، هەڵبژێردراو، دیاریکراو،٢. دانەوێڵەی بژێردراو،٣. ژمارکراو، سەرژمێریکراو،٤. بژارۆک، بژارکەر.

**بژارچن**: گیاکەن، بژارکوڵ، بژارکەن، ئادۆدە، ئادوودە، بژاربڕ، گلچ، گلچک، ناوکەت، ئاسنۆکێکی کلکدرێژ بۆ بژارکرنی گژوگیای ناو زەرعات: (بژارچنم لە عەرزی ڕۆدەکرد، سێ چوارێکی بە دمەوە دەهات) «ئەمیری».

**بژاردن**: ١. ژماردن، هەژمارتن: (خاڵانم دەبژارد سەد و بیست و نۆ/ هیچ خاڵێکم نەدیوە وێنەی خاڵی تۆ) «حەسەن زیرەک» ٢. نەقاندن، هەڵاواردن، جوێکرنەوە ٣. تاواندان، بۆ بژاردن،٤. هەڵبژاردن، هەڵدان: (ئەو جووتە کوڕەو چلۆن بژاردن؟/ چۆنتان بە خودای ئەوین سپاردن) «هەژار».

**بژاردنەوە**: ١. دووبارە بژاردنی شتێ،٢. تۆڵە کردنەوە، قەرەبوو کردنەوە،٣. گێڕانەوەی خەون.

**بژاردە**: ١. کەموێنە ٢. ژمێردراو ٣. دەسچن، هەڵبژاردە، پەسنکراو، سەرگوڵ، سەرتۆپ.

**بژاردەبێژ**: قسەجوان: (ئاکاربەرزی پشوودرێژ/ نە شێواوی بژاردەبێژ) «هێدی».
**بژارکـرن**: ١. وژاردن، وژێن‌کـردن، ئـادەکرن، فرێدانی گیای بێ‌کەڵک و بـژار ٢. خـۆدۆزین، دۆزیـن،٣. بریتـی لە چـاک و خـراپ لێـک جیاکردنەوە.
**بژارکری**: بژاردە، هەڵبژاردە.
**بژارکریا**: بژارکراو.
**بژارکریێ**: بژارکراو.
**بژارکەر**: وژێن‌کەر، ئەوەی بژار دەکات.
**بژارکەردەی**: بژار کردن.
**بژارکەرە**: بژارکەر بۆ مێ.
**بژارنەوە**: ١. خەون گێڕانەوە،٢. شـوماردنەوە، دوبارە هەژماردن.
**بژارۆک**: بژارتی، بژارکەر.
**بژارە**: ١. بـژار، ئـادە، ووژار، گیـای هەریـز٢. بـژاردە، هەبژێـرداو، هەڵاوێـردە، هەڵبـژادە، دەگمەن: (ب وێ بریارێ، چقـاس هۆسـتایێن ژیهـاتی و بـژارە د وی بـاژاریدا هەبـوو) «پەپووک» ٣. تاوان، سزا ٤. پـاچڤە، تەرجـمە، وەرگێـڕان ٥. ڕاسـتە و پاستەکرنی ڕایەڵـی جـۆلایی ٦. خەیـاڵاتی خەوزڕاو ٧. خەو لێکدانەوە،٨. ڕێک‌وپێک کردنی پەڕوبـاڵی مەل بە دەنـدووکی خـۆی،٩. دەرکێشـان: (سـەیری کەن یاران لە برسا ددانی ئەسپەکەم/ بۆ بژارەی پووشـی نـاو خشـت کـاری دیـواربڕ دەکـا) «سالم».
**بژارەکردن**: ١. خەوزڕان و خەیاڵ کـردنەوە: (مـن ئەمشـەو تـا بەیـانی هەر لە بژارەکـردن بووم)،٢. هەڵبژاردن، ژماردن.
**بژارەکەر**: بژارکەر.
**بژارەکەردەی**: بژار کردن.
**بژارەکەرە**: بژارکەر.
**بژارەوجارایۆ**: بژارە بژاردنەوە.
**بژاری**: بژارە.
**بژاریئەوەوجارای**: بژارە بژاردنەوە.
**بژاژتیر**: بشاش‌تیر، کاورە مێو، کاڤڕ، شیشـک، بەرخا مێ ئا شەش مەهێ چارا.
**بژاڤتی**: تـۆرن، تۆڤرنـد، خوەمـالی، ڕەسـەن، ڕیشەدار، ڕەهدار، زادەگان، ب ئەسل و ڕیشە.
**بژال**: ١. هەژگ و پژاڵ، هەڵاش، چرپی سـەر دارەڕا ٢. ئیشکەی دار و درەخت،٣. گیای بژار ٤. بڵاوی و پەرێشانی.
**بژاڵ**: بژال.
**بژالە**: ١. پەرێشـان، شـێواو، شـلەژاو: (چەنـد سالەکی پێڤە چوون کولبە و خەلا کەفتە نـاڤ دەڤەرا هەکاریا و خەلکێ دەڤەرێ بژالە بـوون) «گولواز»٢. بڵاو، پەرت.
**بژاندن**: ١. بلاڤ‌کرنا نووچەیان لەسەر خەلکی ٢. دڵ بـردن، ئەڵهـا کـردن،٣. زۆر حەز لە خواردن کردن،٤. بڵاوە پێ‌کردن: (مریدا ڕۆمی هەلقەندن/ تابویر تابویر لێک بژاندن) «بەیت».
**بژانـــک**: ١. چەک و خشــڵ، کەرەســتەی ڕازانەوەی ژنان،٢. برژانگ، مژۆڵ.
**بژانگ**: ١. برژانگ، مژیلانک، مژۆڵ: (شـاهێنی دوو چـاوت کە نیگـا و مەیلـی بە دانـگە/ کێشانی بە قولابی دڵاوێزی بـژانگە) «نـالی» ٢. پـرزە و ڕیشـاڵی کووتـاڵ ٣. کەرەسـتەی ڕازاندنەوەی ژنان ٤. قەلداس، داسوو، قانچک، بژی گوڵەگەنم،٥. خۆ دۆزین.
**بژانن**: ١. هەڵبژاردن، نەقاندن،٢. برژاندن.
**بژاووش**: بیجەوێ.
**بژبژ**: ١. پارچەپارچە، پاژپاژ،٢. سیخ‌سیخی مو.
**بژبژۆکە**: ناوی گیایەکە گوڵی سوورە.
**بژبـــژە**: ١. پەسپەســـەکۆڵە، پسپســـەکۆڵە، جالجالۆکە، مێشەگرە، مێشەگیرە،٢. هەڵەپەزە.

**بژبژی**: بژ، قاچقاچ، سیخسیخی موو.
**بژبژی‌سەر**: بژن، قژن.
**بژبووبڕ**: بژبووگەن، جۆرێ ڕۆنی بۆناخۆش.
**بژبووگەن**: بژبووبڕ، بووبڕ.
**بژبوونەوە**: ١. درێژ بوونەوەی مووی سەر،٢. بڵاو بوونەوەی گیا و گوڵ لە سەر بنجی خۆی.
**بژشک**: پزشک، پزیشک.
**بژشکی**: پزشکی، دوکتۆری.
**بژڤان**: ١. بەڵێندار، خاوەن بەڵێن: (میرێن تەیرا ل جهەکی دانایە و هەمی تەیر و تەوال ل دەردۆرێن وی کۆم بووینە، یێن بژڤانا فەرمان و داخازێن وی!) «گولواز»،٢. لەبەر، بۆ خاتری: (میرێ گۆتە ژنا خۆ، تو هەرە، ژن ژی گۆتە میرێ تو هەرە، ئێکی هێلا بژڤانا ئێکی) «گولواز».
**بژڤانی**: ١. بەڵێنداری، قەولدەری،٢. لەبەر، بۆ خاتری: (پێتڤیە هەر شولەکی کو مرۆڤ پێ ڕادبیت پێکڤە بیت، نەکو ئێک پێکڤە بژڤانی ئێکی کو ئەو شول بمینیت) «گولواز».
**بژقاندن**: ١. چاو کوڵین، چاڤ دەرێنان،٢. دەرێنان، کوڵین، وە چەقۆ شتێک هەڵکوڵین.
**بژقانن**: بژقاندن.
**بژقی**: دەبە، تەپلک، دیوارێ زکدایی.
**بژقیان**: بژقین.
**بژقین**: ١. چاو دەرهاتن، چاو کوڵران،٢. قەوارین، زگ دان، نێزیکی ڕژینێ بوون.
**بژکاندن**: ١. شکاندن، هوورکرن ٢. پڕژاندن، بڵاوکرنەوە.
**بژکۆژ**: ١. بشکۆژ، پشکۆڤک ٢. ناوە بۆ کچان.
**بژکۆک**: بژقۆک، بژقۆنەک، بژقەک، بژقینەک، بشکفەک، چەقەرە، چەکەرە، سوویچکە.
**بژکەر**: چۆنەرپاچ، جۆرێ چەقۆی هەڵپاچینی گەڵای چۆنەر.
**بژکی**: ١. شکستی، شکاو ٢. پرژاو، بلاڤکری.
**بژکین**: ١. پرژان، پژان، بڵاوبوون ٢. ڕەوین، نەمان×١٤×: (ببژکینم کول و ئێشان، بەر حەتاڤا ساهیێ) «سندی»،٣. شکان، پارچەپارچە بوون.
**بژگە**: بێجگە: (یەکی بی و یەکی نەبی، بژگە لە خودا هیش کەس نەبی) «چارداولی».
**بژل**: جگە، بێجگە، غەیری، بەغەیری، بژلی.
**بژلی**: جگە، بژل، بل.
**بژمار**: ١. بیشومێرە، بژمێرە،٢. بژمێر، دەستگای کیلۆمێترژمار.
**بژمێر**: ژمێریار، کەسێ دەژمێرێ.
**بژن**: Bijin قژن، سەرقژن، سەر ئاڵۆزاو.
**ب‌ژن**: Bi jin بە ژن، خێزاندار، خاوەن ژن، ژندار.
**بژناسە**: بناسە.
**بژنک**: بژنگ، پریشکەی ئاو و ئاور.
**بژنگ**: پریشک، پزیشک، پریشکەی ئاور.
**بژنەوو**: ببیسێ، بژنەڤێ: (گاهێ بنیشو سەربەرزی کاوان/ بژنەوو بە گوش هاڕەی شەتاوان) «ئەنساری».
**بژنەوۆ**: بژنەوو، ببیسێ.
**بژنەوە**: ببیسە، ببیستە: (ئینە بژنەوە خوا جە ڕەسووڵ) «م.ح. دزڵی».
**بژنەوی**: ببیسی: (سەدای دەنگی ئەو بژنەوی بە ویت) «بێسارانی».
**بژنیاگ**: بژاردە، هەڵبژاردە، نەقاندی.
**بژنین**: ١. چنینەوە، هەڵگرتنەوە،٢. خۆدۆزین، خۆپشکنین بۆ زیندو،٣. هەڵبژاردن،٤. بژاردن، دانەویڵە بژارتن.
**بژوار**: بژوێن، زەمەند، زەوو پڕگیا.

**بژۆژن**: سووژن، شووژن، سووزن.

**بژۆک**: ئیشتیا، ئارەزوو، حەز، واز.

**بژۆڵ**: ١. بژانگ، برژانگ، بژێلک، بژۆلک، برژان،٢. ناوی کچانە.

**بژۆڵک**: بژانگ، برژانگ، مژۆڵ.

**بژۆن**: ١. تەمیس، پاقژ، پاک و خاوێن ٢. بژوێن، زەمەند، عەردی پڕ گیا: (سڵاو بۆ نیشتمانی جوان و شاخی بەرز و بەفرینی/ سڵاو بۆ بەندەنی بژوێن و کانی سارد و سازگاری) «حافز»٣. ئاشووژن، شوژن، سوژن ٤. گوارا، سازگار، باش بۆ لەش ٥. بەردار، بەرگر(دار) ٦. جوان، جوانخاس،٧. تەڕپۆش، پەرداخ، شیک،٨. لەشساغ، خوەش، پەیت،٩. بریتی لەو شوێنەی کە نان و چڵپەی لێ دەس دەکەوێ بۆ مفتەخۆر: (حوسێن قولی دەیزانی کوێ بژوێنە و کوێ کرێنە) «پێکەنینی گەدا»،١٠. ناوی کچانە.

**بژۆن**: ١. وورە، توانا، زەهلە، کۆکی، بەشارەت ٢. برژانگ، برژۆڵ،٣. لاوچاک، جووان، شۆخ.

**بژونی**: تەمیسی، خاوێنی، پاقژی.

**بژوو**: بژ، یاڵ، مووی سەر ملی ئەسپ.

**بژوور**: وەژوور: (کەرێ جیران نەچار بوو کو بچیتە سەرا نەخۆشی، بژوور کەفت و سلاڤ کر) «گولواز».

**بژووژن**: ، سووژن، بژون.

**بژوولک**: بژۆل، برژۆڵ، مژۆڵ.

**بژوون**: بژون.

**بژوونی**: ١. پۆشتەیی، پەرداخی،٢.گوارایی، سازگاری،٣. جووانی،٤. تەندرووستی.

**بژوەز**: گیایێ ک سەونز کردیە و بتە گرتیە.

**بژوەستان**: سیخ وەستانی موو لە ترسان.

**بژوێ**: ناوی گوندێکە×: (دوێنێ عەسر ئەحمەد فەڕڕاش و حەسەن مەیتەرم برد، شوێنەکەمان دیەوە و هەتا تاریکانێکی درەنگ گێرامان، بەرەو بژوێ چووە) «هەزار ئەشکەوت».

**بژوین**: ١. بژوون، بژوێن، جێی پڕ گیا: (لاس دەڵێ: ئەگەر هاتوون ماڵ و تالانی مەلا نەبی دەبەن، وریا بن مەڕی خەزاڵی لە سەرینچاوەی کانی ئاو بدەن، لە بژوین بلەوەڕێنن) «توحفە»،٢. ناوی کچانە.

**بژوێن**: ١. بژون، زەمەند، زەوی پڕ گیا و لەوەڕ: (بژوێنە هەموو وڵات/ زیندوو بۆتەوە مالات) «هێمن»،٢. خاوێن، تەمیس.

**بژە**: ١. کەسێکی کەچەڵ و سەیر و زۆرزان ٢. بەش، پشک، پش ٣. ئەو نەختە هەنگوینەی دوای برینەوەی مێش بۆ هەنگی دێڵنەوە ٤. بزن، بوز،٥. برژانگ، بژانگ.

**بژەر**: زوورەی ئەلەک.

**بژەن**: ١. کلیل و گوڵە، کەلون، کێلون،٢. دەسوور وە ژنین: (دایکی وە بێ، خوشکی وە بێ، میمکی وە بێ، زوڕنا بژەن، ئەمیش چە بێ؟) «ڕشتەیمرواری».

**بژی**: ١. فڕ، گودە، گودلە، کاکۆڵی سەر هەنیە ٢. یاڵی ملی ئەسپ و مووی کلکی،٣. نەمری، بژیەی، هەر بمێنی، هەر بژی، هەر ساخ بی، زیندوو بی، وشەی ڕێزە: (بە بارەکەڵڵا و بژی و ئافەرین/ پەردەی شەرمیان لە ڕووم دادڕین) «ع. مەردان» ٤. یاڵ، تووکی ملی شێر و یەکسم،٥. قەڵداس، داسوو، قەڵچغە باریکەکانی سەری گوڵەگەنم و جۆ،٦. ڕەشی، سیایی،٧. ئێشکایی، بەڕی، وشکی،٨. تەمەن ڕابوێری: (چۆن بژی شەرتە نەوەک چەندە بژی) «خەوەبەردینە»،٩. برساق، جۆرێ شیرینی،١٠. بژی گیا، لیف،١١. دێیەکە لە بەشی دێهستانی بۆیەنی بانە،١٢. ناوی پیاوانە.

**بژێ**: ئەمر بە ژان: (مەشکە بژێ لە لەندی/ لە دەرکی دەوڵەمەندی) «فۆلکلۆر».
**بژیاگ**: بژاردە، هەڵبژاردە، دیاری.
**بژیان**: ١. پژان، پڕژان، پەرژبوون، بڵاوبوون ٢. ئارەزوو کردن، ئیشتیا بۆچوون: (ئـاڤ و گلێـز دەڤـی کەت/ دل بژییـا، بـێهن سـەری کەت) «پەرویز جیهانی» ٣. حەز، ئارەزوو،٤. گوندێکە لە هەریمی کوردستان.
**بژیبـــژی**: گولـــوو گولـــوو، گـــۆلە گـــۆلە، گوویلکی پێ بانگ دەکرێ.
**بژیتن**: بژی، زیندوو بمێنێ: (بەلکو ئەو بژیتن سەر ژ نوی/ بژیتن وەکو مێر نەبەنی) «سندی».
**بژیر**:١. وریا، زرنـگ ٢. بـژار، ئـادە، ووژار،٣. کاری بژار کردن،٤. ناوی پیاوانە.
**بژێر**: ژمێریار، کەسێ دەبژێرێ: (دانبژێر).
**بژێردراو**: ١. ئەژمێردراو،٢. دەغلی پاککراو.
**بژێڕەش**: داسوو، گوڵی گەنم و جۆ.
**بژێرەک**: تشتێ ژ ناڤ بژارتی(گەنم).
**بژێریاو**: بژاردە، هەڵبژێردراو: (تیپێ هاتیە باوە عەتـا بەو/ کـورپەل بژێریـاو شـەتولعەرەبەو) «ئاوێنەیبێگەرد».
**بژیشک**: پزیشک، حەکیم، دوکتـور، لوقمـان: (لە هەموو شوێنێ بژیشـک و دوکتـۆر/ داو و دەرمـــــانی لە هەر چەشـــــن و جـــــۆر) «بۆکوردستان».
**بژیک**: ١. خـۆژی، خۆژیـو، خۆبەخیـوکەر،٢. ناوی کوڕانە.
**بژێک**: گیسک، گیسکەنێر.
**بژێلک**: بژۆل، مژۆل.
**بژیمەمـــر**: بژیومەمـــرە، کوورمەواشـــی: (کارەکەمان بژی مەمرە).
**بـــژین**: ١. پاکوخـاوێن، جـووان، بـژوون ٢. سـاخ،زیندی، چەلەنـگ، ژینـدار ٣. لە کـاتی ئافەریندا بەکار دەبرێ بۆ گەلە ٤. پاشـگرە بە واتـای پـڕژێن: ئـاورپرژێن، ئـاگپژێن ٥. بـژ، حەزی خواردن.
**بژین کری**: پاقژکری، خاوێنکراوە.
**بژیو**: ١. بژێو، مـایەی ژیـان: (تـاکوو نەشـکێ جمجمەی پشتی بژیـو/ تـا بە بـێ کورسـی بە شـەو، نەگـری هەتیـو) «ڕاوچـی» ٢. بژیـک، خـۆژی، خۆژیـو،٣. ژی، ژیـوار، گـوزەران، زیندەگانی،٤. ناوی کوڕانە.
**بژێو**: ١. بژیو، مـایەی ژیـان و گـوزەران: (دڵ بژێـوی هەر بە دەرد و داغە، تەزییـدی دەوێ/ قەت مەکە مەنعی، دوعاگۆ سەعیە بۆ ضـەممی مەعاش) «مەحوی»،٢. ناوە بۆ کچان.
**بژیومەمرە**: ژیانی زۆر ساکار و فەقیرانە.
**بژیوە**: بژیـو، بژیـویی: (بە یەکجـاریو بەجـێ نایەلْم، لەوڕۆوە زەخیرە و بژیـوەی حەو ساڵو ماوە) «سەعیدومیرسێوەدین».
**بژیـــوی**: بژیـو، بژێـوی، پێداویسـتی ژیـان: (ئارامی دڵەکەم چەپکێکم لەو گوڵانە بـۆ بـکە حەواڵە/ تا بۆنی ئەو گوڵە ببێ بە بژیوی دڵـم) «لاس‌وخەزاڵ».
**بژێوی**: بژیوی.
**بژیویی**: بژیو، بژیـوی ژیـان: (پیـاوەکە دەبـێ ئەو مانگە بیرێک بکەیەوە، بژیوییمان دە ماڵدا نەماوە).
**بژیی**: هەربـژی، بـژی،٢. چەنـد مـوویەکە بە پـێش نێوچـاوانەوە لای لادێیـی و کـۆچەران دەهێڵرێتەوە.
**بژییر**: زیرەک، زرنگ.
**بس**: ١. بسـت، بـنگس، بنگـوس، بۆسـت، لە سەری توتە تا سەری قـامکەگەورە بە بڵاویـی ٢. بلۆسکی ئاش، بسـتی ئاسـیاو،٣. گونـدێکە لای چلچەمەی دیواندەرە: (عەشیرەتی جـاف

که خاوەنی چل هەزار خێوەت و له شەکەڵ و شیروانەوە دایانگرتبوو تا شاقەڵا و بس و مەولاناوا) «ڕشتەیمرواری».

**بسات**: ١. ڕایخ، ڕایاخ، ڕایەخ، ڕاخەر، بەستیر، بەڕە،٢. کەلوپەل، پسات،٣. دەزگا، دەزگە و بەرە: (لەبەر منته سەراپا ئەم بسات و دامودەزگایە/ وەکوو دێوانە لەم دنیایە، عەقڵی تۆ کە گۆڕاوە) «ڕاوچی»،٤. مێزی دەس‌فرۆشان،٥. بەزم، بارو دۆخ(ناخۆش)،٦. کۆڕ، کۆمەڵ، جڤات، مەردم: (واتەیٚ بسات)، ٧. شتومەکی سەر عارەبانەی دەس‌فرۆش،٨. دنیا، جیهان، گۆی زەوی: (خۆزگە ئەتزانی ڕۆژگار چۆن دەگەڕیٚ و کیٚ‌گەل دێنە سەر ئەم بساتەوە؟) «نەگل»،٩. بریتی له هۆی ڕابواردن: (باوەرە بسات تەمام تەیار کە/ شەو خەفتەن شووم بە ژار مار کە) «مەولەوی».

**بساز**: ١. چێکەر، دروسکار،٢. حەواوە، سازگار، دژی ناساز.

**بسازدیٚ**: دروست کەن.

**بسازۆ**: ١. بساچێنیٚ،٢. بسازێم، ڕێک‌کەوم: (تاکەی چەنی بەخت، بەدان بسازوو؟/ تاکەی وە مەرگم ئاوات بوازوو؟) «بێسارانی».

**بسازوون**: بکەم، دروس‌بکەم.

**بسازی**: ڕێک‌کەوی: (نەک چەنی خەیاڵ قبیلەم بسازی/ دەخیل تەن خەستەن وە جیاش نازی) «مەولەوی».

**بسازیم**: دروست‌کەین.

**بساف**: چالاک، چوست، فرز، ئازا.

**بسافی**: چالاکی، فرزی، ئازایی.

**بسام**: ١. پەرێز، جاڕ، زەوییەکی دروێنەی لێکرابیٚ،٢. سامدار، ترسناک، بەسام، بەهەیبەت،٣. بساوم، ساو بدەم: (تا کەی وە ئەفسوون بسام دەس وە دەس) «چەپکەگوڵ».

**بسان**: بسێن، کڕیار.

**بسانۆ**: ١. بسێنێتەوە، بستێنێتەوە: (جگەر پەنهان کەرد، مەر دڵ نەزانۆ/ بیٚ‌ڕامەن، نەبا چەنەش بسانۆ) «بێسارانی»،٢. بگریٚ، هەڵگریٚ: (پەی کەسیٚ خاسەن نامەی جە حوب کەیل/ تازە بسانۆ وزوو جە جۆی مەیل) «مەولەوی».

**بسانە**: ١. بسان، کڕیار بۆ میٚ،٢. بسێنە، بستێنە: (نە تەوێڵەدا بسانە پەرێم) «م.ح. دزڵی».

**بسانیمەوە**: ١. بمسێنەرەوە،٢. بمسێنیتەوە: (تا بە فەزڵ وێت بوانیمەوە/ جە دەس هەوای نەفس بسانیمەوە) «مەولەوی».

**بساو**: بگیر، بسێن: (بزان بساو ئی پاکەتە کییە؟).

**بسبسۆک**: چۆڵەچرا، شەوچرا، تەیسۆک، گوڵەئەستێرە، گوڵەستێرە، گوەستێرە.

**بسبیک**: گیایەکی بەهاریە دەخوریٚ.

**بسپارۆ**: بسپێریٚ، بدا: (نەبا دڵ جە داخ گیانش بسپارۆ) «بێسارانی».

**بسپارێم**: بسپێردرێم، بنێژرێم: (تەنیا بە هون زام جەرگەوە/ بسپارێم وە خاک، هون وە بەرگەوە) «وەلی‌دێوانە».

**بسپۆر**: ١. ناڤیٚ خوەدیٚ،٢. نۆکەر، بندەست، ژێرفەرمان.

**بسپێر**: ڕاسپێر، ڤەسپێر، ڕائەسپێر.

**بست**: ١. بس، بوست، بۆست، بنگس، بنگوس، بنگوست، بهۆست، لە سەری تووتە تا سەری قامکەگەورە بە بڵاوی ٢. بستە، بستەی ئاش، بستک، بستو، ئاسنی نێوان تەوەرە و بەرداش ٣. شووشەی چکۆلە ٤. شیشەی تفەنگ ٥. سیخی گۆشت و کەبابی ٦. سیخی دەروێشان: (د قولچەکی هانەکیٚ دا دەف دانی بوو، هنەکی ژ ویٚ دوور شوور، کێر، خەنجەر، بست و هاجەتێن تووژ دانی

بوون) «مەستوورە»،٧. داریکە بۆ لێکرنەوەی نان لە تەنوور یا ساج،٨. بستوو، ملەی کێو: (لەسەر بستووی ژیان وەک داری چاکی/ بە تەنیا مامەوە، بێبەرگ و بێبەر) «م. نووری»،٩. دێیەکە سەر بە ناوچەی چل‌چەمەی دیواندەرە.

**بستادلی**: ژنی هەستیار، ژنا هشیار.

**بستام**: ١. مەرجان، مرژان، مرجان، جۆرێ بەردی گرانە،٢. گوندێکە لە ناوچەی سەرشیوی سەقز،٣. ناوی چۆمێکە لای سەقز،٤. ناوی کچانە.

**بستان**: ١. بوستان، بێستان، باغی گوڵ و گوڵزار ٢. بۆستان، بێن‌ستان، جێی بۆنی خۆش ٣. مەمک: (هەتا زارۆک نەگری، دێ بستان نادێ) «ف.گ.پ.».

**بستانان**: بسێنن: (مەندەن نیمەیێ، ئەویچ هیجرانان/ گەرەکشان بە زۆر چەنەم بستانان) «بێسارانی».

**بستانش**: بسێنە، لێی بستێنە: (سا کە مەگێرۆ، مەکێشۆ بە قەست/ حازر بە نەو جا، بستانش جە دەست) «بێسارانی».

**بستانۆ**: بستێنێ.

**بستانۆت‌جەدەس**: لە دەستت بسێنێ.

**بستانۆم‌نەفەس**: هەناسەم ببڕێ، گیانم دەربێنێ.

**بستانە**: بستێنە، بسێنە، وەرگرە: (تۆ هەر بەو چنار سپی بنمانە/ جە واتەی بەدان جەلا بستانە) «بێسارانی».

**بستانێنە**: بسێنێ، بستێنێ: (قیبلەم تۆ نامای وە جامەی نیان/ ئامای عاشقان بستانێنە گیان) «بێسارانی».

**بست‌بەبست**: بنگس بە بنگس، زۆر بە وردی: (زرقە و بریقەی کارەبای شار/ چاوی شیعری شەوارە خست/ ئەژنۆی شل‌بووی شەوارەی شەو/ شەقام دەپێوێ بست بە بست) «ئاسۆ».

**بستر**: بست، بوست××: (متر بۆ بستری گۆت: تلیا من کولە) «پەند».

**ستراو**: بەستوو، سەهۆڵ، یەخ‌کردە.

**بسترن**: بسرم، بسترم: (ئەڤ چۆخ ژ بۆ من چێترن/ هندی کو لەش پێ بسترن/ پادشاهی ئەو قەبوول کرن/ دا بچمە نیڤا هێشەتێ) «فەقێ تەیران».

**بستری**: دڕکدار، چقڵدار: (ئەو دار ژ ڕاحەتی بەری بوو/ مانەندێ خودانێ ب ستری بوو) «خانی».

**بستک**: ١. شیشی تفەنگ ٢. سیخ، شیشەی گۆشت برژاندن ٣. بستەی ئاش ٤. بستەی سەر تەنوور.

**بستۆرە**: بەستۆڕە.

**بست‌وقولانج**: پێوار، پێوەر: (بە بست و قولانجی تۆی ناپێوم).

**بستۆک**: بستووک، بستوو، ملەی کێو.

**بستۆکە**: ١. مەسێ، ئەستوێڵک، ئەستێوڵک، بستەی سەر تەندوور،٢. بستوو، زینوو، کەل، کێو یا بستوێکی بچووک: (تۆی لە من ون کرد و منی لە تۆ دوور/ ئەو بستۆکەی دوژمن ناوی نا سنوور) «هێمن».

**بستوگە**: کووپە، کووپەڵەی چکۆڵە.

**بستوو**: ١. ئاسۆ، بلۆسک، باسک، بست، بستی، کەل، کەلوو، ملە، هەوراز، کۆسپایی، گرد، شانی کێو: (نیوەشەو، گەر دەرکەوێ وەک ماهی سەرکەل تەلعەتی/ وادەزانن ئافتاب و موشتەری سەر بستووە) «حاجی قادر» ٢. تەپۆڵکەیەکی بەرزایی و درێژایی کەم بێ،٣. بس، بستی ئاسیاو.

**بستووک**: بستوو، بستۆک، زینوو.

**بستە**: ١. ڕام، کەوی، کەهی، ماڵی ٢. زیرەک، ژیر، هۆشیار، وریا ٣. چاونەترس، گوێنەدەر،

بێ‌پەروا، بوێر، ڕەشید، ئازا ٤. بس، بستک، بستو، ئاسنی نێوان گەروی دوبەرداش: (تەوەرە و بستە و پەڕە و تۆپەکەی) «جەوهەری» ٥. ئەستوێڵک، ئاسنی سەر تەنوور و ئاورگ: (ئەوەی چابوو لە شانی ئێوەدا بوو/ بەڕەحمەت بێ دەنا بۆ بستە چابوو) «هێمن» ٦. پستە، فستق ٧. چەقەنە، چەقانە ٨. پلە،٩. بێ‌ترس، بەڕاشکاوی: (وەرە خانم بکوژ بستە ب خەنجەر/ «مەلێ» ئەمما ب دەستێ خۆی موبارەک) «جزیری»،١٠. لقێکی باریکە پێچ پێچە بە سەر لقی بڕکەی بێستانەوەیە و لە گیا و ڕوەکی تر دەهاڵێ.

**بستەبالا**: باوەعەمرە، چڵەنۆک.

**بستەخاک**: بریتی لە نیشتمانی کوردان، کوردستان: (گەر لە سەر ئەو بستە خاکە هەرچی دێ پێم دادەدا/ کوردەکەی خۆم چی دەوێ؟ ئەو بۆچی یاڕەب دەمکوژێ) «هێدی».

**بستەلێدان**: ١. چەقەنە لێدان،٢. پل تەقاندن، تەقە لە پتە هانین.

**بستەهی**: فیز، هەوا، ترزلی.

**بستی**: ١. بستوو، باسک، مله، گرد، هەوراز، بڵندی کێو: (یەکڕکێب بە سەر بستی‌یەکە هەڵگەڕا) «خاک و چەوسانەوە»٢. کوڵۆش، کڵۆش دوای درونەوەی دەغڵ ٣. گۆشەدار، قولینچکدار ٤. ساقەتەی ترێ و میوەی‌تر ٥. شیشەی تفەنگ ٦. لک و کلکەی شاخانە.

**بستێ**: ١. چیای بستێ، کێوێکە کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی ڕەواندز،٢. بستێک، بوستێک: (ئێستەش کراسی چڵکنە ناو لنگی کولکنە/ وەک دێوەڵوکە تووکی بەری بستێ هاتووە) «شێخ ڕەزا»،٣. بریتی لە کەم: (ئای سەد خۆزگە ئەمەش هەر مەل باین/ خاوەنی بستێ هەرێم و کەل باین) «ڕاوچی».

**بستیک**: ١. زەنگەتەترێ، تیسک، هێشوولکەی لە هێشوو ٢. ساق، ساقەتە، قەد(دار)، لاسک(کڵۆش).

**بستێک**: ١. یەک بست،٢. بریتی لە کەمترین مەودا✖: (هەرگیز نابێ بستێک لێی دوور بکەوینەوە) «گورگ و بزن».

**بستین**: بستێنە: (تە جانێ من دڤێت ئەی جانێ عالەم/ ژ من بستین ب لەعلێن خوەی شەکەررێز) «جزیری».

**بستێن**: ١. بستێنەر، وەرگر،٢. کڕیار.

**بستینە**: وەری‌گرەوە، بیسێنەوە.

**بسحەت**: ساعەتدار: (سەر تەختە تەیفەکەکە ب سحەت بوو) «مەستوورە».

**بسرمان**: موسوڵمان: (ئەو ب خوە کابرا گەلەک بسرمان بوو و چ نڤیژێت وی نەدچوون) «گولواز».

**بسک**: ١. ئەگریجە، زولف، زلف، بسکۆک، ئەگریجەی لاجانگی ژنان: (دێمێ د بسک و خەمری‌یان تا و لەفێن د شەتریان/ مانە تەمام کەسک و سۆر بەدرە ل دۆرێ هالە کر) «جزیری» ٢. کاکۆڵ، پەرچەم،٣. کولانە، لانەی مریشک ٤. قولانج ٥. مشت، گورمیچ، گورمێچە،٦. کۆشک، تەلار، باڵەخانە ٧. بریتی لە کاکۆڵ و زولفی گیا و گوڵ: (پێش ئەوەی شنەی بەیانی/ بسکی بەڕەزا ببزێوێ) «تاریک و ڕوون»،٨. پرزەی سەر بەرگی گەرمەشانی: (ئاوی بسکی گوڵەپێغەمبەرە بۆ بەردی گورچیلە دەرمانە) «موکریان».

**بسکان**: ١. کۆی بسک،٢. بوسکان، ناوە بۆ کچان.

**بسکبادان**: پرچ‌گرتنەوە: (یەکێ بسکی بۆ با دەدا/ یەکێ عەمری بەبا دەدا) «ڕاوچی».

**بسک‌بسک**: بزە، شادی، ڕووگوشادی.

**بسکخەلەک**: زولفلوول، بسکئاڵقە: (دهێت ژ خەندەکێ، دهێت ژ خەندەکێ/ بەژنبلندێ، بسکخەلەکێ) «حەیرانۆک».

**بســـکدان**: گەیشـتنی کـاڵەک و گـرکە بە جۆرێ کە بە هـۆی زۆر گەیشـتنی لە بـڕکە بووبێتەوە: (بێستانەکە کەس نییە لێـی کـاتەوە هەمووی بسکی داوە).

**بسکۆ**: ۱. مـافووره، مـافور، بکـۆ،۲. نـاوە بـۆ کچان.

**بسکوپەرچەم**: بسـک، زولـف، ئەگـریجە: (بە زولف و پەرچەم و ئەگریجەکانت غارەتت کردم/ دڵێکم بوو ئەویشت خسـتە نێـو چـاهی زەنەخدانت) «کوردی».

**بسکوت**: کولیچە، بیسکویت.

**بسکوجاخ**: ئەگریجە، بسکۆک، بسک.

**بســـکوڕی**: شـــەق و تـــورت و بەکەیـــف (زەرعات).

**بسکۆک**: زلف، زولـف، بسـک، ئەو بسـکەی بەرەو ڕوومەت هەڵـدەگەڕێتەوە: (ئەگـریجە و پەرچەم، مەدەنـــی نێرگـــزی کـــاڵن/ فەوجـــی حەبەشـــن، لەشـــکری ســـوڵتانی جەمـــاڵن) «وەفایی».

**بسکۆکە**: ۱. بسکی گچکە، بسکۆڵە، پسـکۆڵە ۲. لەرزانە، بسکۆڵە، جۆرێ خشڵی ژنانە.

**بســـکۆل**: ۱. بـــڕی گەنمەشـــامی،۲. کـــاکۆل، پۆپریشک، پۆپل ڕیشک.

**بســـکۆڵ**: ۱. بـــڕی گەرمەشـــانی،۲. بســـکۆڵە، بسکی گچکە: (کوڕینە برینی هەموو دۆست و برادەران دێننەوە سـاڕێژێ/ ئـی مـن و بەژنـی باریک و زەندێ بە بازن بە سوت و سوێنە/ لە بسکۆڵێ بە گوڵ دەمانە) «گەنجی سەربەمۆر».

**بســـکۆڵە**: ۱. بســـکۆکە، بســـکی گچـــکە،۲. لەرزانە، خشڵ،۳. گیایەکە لە ئەگریجە ئەکا.

**بســـکۆڵەیبەگۆگەم**: بسـکی ڕازاوە بە گـوڵی گـۆگەم: (کـوڕینە لە بسـکۆڵەی بە گۆگەمـانە ئەمـــن ســـەری خـــۆم هەڵـــدێنا) «گەنجـــی سەربەمۆر».

**بســـکە**: ۱. بســـک، زلـــف،۲. بـــزە، زەردە، زەردەخەندە، شادی لێـو لە خۆشـیان: (فلانـی بسکەی لێوە دێ)،۳. جۆرێ خشڵی ژنـانە بـۆ لێواری کڵاو،٤. ناوە بۆ کچان.

**بسکەبســـک**: ۱. مشقەمشـــقی لاو بە دەوری کچـی تازەپێگەیشـتوو،۲. مرقەمرقـی نێـری بە دەوری بزندا،۳. زارخەنـد، زارخەنە، ژارخەن، خەندەی تاڵ.

**بسکەخەندە**: بزەخەندە، خەندەی تاڵ.

**بسکەگیا**: قولەگیا، دەسک.

**بسکەوات**: نقە جەڕی ئتر لە خەڕیاو.

**بسکەوسمێڵا**: بسکەی سمێڵ.

**بسکەولچا**: بزەی لێو.

**بسکەیسمێڵ**: تـووکەی سـمێڵ، زەردەخەنەی پەنـــامەکی لە خۆشـــیان: (خـــۆ قەف دەکـــا و بسکەی سمێڵی دێ) «هەزار ئەشکەوت».

**بسکەیسێوڵ**: بزەیٚ سێوڵ، بزەی ژێر لێو.

**بسکەیشاقازی**: ناوی شـوێنە××: (گەواڵێکـی لە من دێنا ڕووی عاسمانی ڕەشی تـاری/ تەڕ دەکـــا مەغـــلەت و مەغلەتـــان قەرەبێـــت و قەرەبۆتکـــان/ بســـکەی شـــاقازی، ڕنـــدۆڵێ زەرزایان) «گەنجی سەربەمۆر».

**بسکێ**: ۱. ناوی دوو گونـدن لە کوردسـتانی عەراق،۲. ناوە بۆ کچان.

**بسڵ**: گیایەکی کوێستانی بۆنداره.

**بسلمان**: موسوڵمان، بسوڵمان.

**بسڵمانبییەی**: مسوڵمان بوون.

**بسڵمانکەردەی**: موسوڵمان کردن.

**بسڵمانە**: بسڵمان بۆ مێ.

**بسڵمانەتی**: مسوڵمانەتی.
**بسڵمانی**: موسڵمانی.
**بسڵینه**: چێشتی بسڵ.
**بسمار**: بزمار، مێخ، میخ.
**بسمارک**: ١. مێخەک، بسماره، بزمارەی پێ ٢. موو که له دەس دێ.
**بسماره**: ١. بسمارک، مێخەکەی پا،٢. موو که له دەس دێ و فره وه ژانه.
**بسماری**: بزمار، بسمار.
**بسم‌الله**: فەرموو، بفەرموو، هانێ: (بسم‌الله ئەو تیر پەڕ تێدا بەستەش/ ئێد نیشانەی تەن سەد جار شکستەش) «مەولەوی».
**بسمبل**: بەرسمبل، بەرسمبێل.
**بسملا**: وه ناو خودا.
**بسمیل**: خوسڵ، غوسڵ، مەلەی شەرعی: (کراسی ئەمیانی پێشتر به چۆغان و کوتانی شونکەوه شۆری و پاش بسمیل کردن و کوشین) «خاک و چەوسانەوه».
**بسمیلا**: ١. بیسمیلا، وه ناو خوا،٢. دەسپێک، دەسپێکەری.
**بسمیل کێشان**: غوسڵ کێشان.
**بسو**: بساوه، ڕێیخه، ڕێخه، پێدا بماڵه.
**بسۆت**: بزووت، چڵوسک.
**بسۆچنۆمان**: بمان‌سووتێنێ، ئەمان‌سووتێنێ: (دڵ پەروانەوار ئێد مەکەرۆ مەشق/ بسۆچنۆمان به ئاهیری عەشق) «مەولا دەردینی».
**بسۆچۆ**: بسووتێ، بسوزێ: (دڵ سۆزان مەبۆ، بێ پەروا جه دوور/ بسۆچۆ نه بۆش، مایەی شەوقی نوور) «بێسارانی».
**بسۆچوون**: بسووتێم: (تاکەی بسۆچوون، نەبوون به زووخاڵ/ تاکەی بێدیان بکەروون به ماڵ؟) «بێسارانی».
**بسۆچه**: بسۆچۆ، بسووتێ: (پەروانه دەستوور بسۆچه جه شەوق) «بێسارانی».
**بسۆخ**: تەنبوور، بزۆق.
**بسۆزوون**: بسووتێم: (با وەس بسۆزوون وه ئایر دۆزەق) «بێسارانی».
**بسوژت**: بسووتێنێ: (دا بسوژت ڕوح و هەستی، عاشقان سوتن جەزایه) «جزیری».
**بسوژم**: بسووتێم: (وەر بسوژم ژ غەمی عیشقی تو سەر تا قەدەمێ) «جزیری».
**بسوڵدان**: ١. موسوڵدان، میزەڵدان،٢. بریتی له گون.
**بسوڵمان**: بسڵمان، مسوڵمان.
**بسوو**: بسای، ئەمر له سوون.
**بسووبوون**: به ژان بوون: (چوون و ژێ ڕووبەڕوو بوون/ ئەژدەر قەوی ب سوو بوون) «فەقێ تەیران».
**بسوی**: ١. بیسوی، بیساوی،٢. بۆلای: (شەیتان نەحسێ ناقسان/ ئەو ڕووسیهێ مەجلسان/ ڕۆژەک بسوی هات ل پوسان/ سیما سپی، کچ تەبعەتێ) «فەقێ تەیران».
**بسه**: ١. پسته،٢. بوێسه، بوێسته، وچان بده: (بسه ئەز بێژمه تە).
**بسەرخووه**: ١. ئازا، بوێر، جەسوور،٢. سەربەست، ئازاد.
**بسەرخووەی**: ئازادی، سەربەستی.
**بسەردابرن**: خاپاندن، له خشته برن: (ڕێبەرێ ئاغایێ بچیک ب ڤان ئاخفتنێن خۆ ڕێبەرێ دی خاپاند و ب سەردا بر) «گولواز».
**بسەرداچوون**: کەوتن به سەر شتێکدا: (داییں و ستی کو چوون ب سەردا/ هندی کو ئەوان دگەل خەبەر دا) «خانی».
**بسەرڤه**: له سەرەوه، به ڕواڵەت: (ئانکو ب سەرڤه دوست بیتن و بنڤه ژی دوژمن)

«گولواز».

**بسەرڤەکرن**: بەسەر کردنەوە، مشور لێخواردن.

**بسەرڤەهاتی**: ١. بسەرهاتی، سەربردە، بەسەرهات، بسەرهاتی،٢. هەنگامە، گێچەڵ، بەڵا.

**بسەرکەتن**: ١. وەسەرکەوتن، زاڵبوون: (تاجدین کو ژ گەردەکێ ب دەر کەت/ رۆژەک تە دگۆ مەمێ ب سەر کەت) «خانی»،٢. چوونەسەرێ،٣. رزگاربوون، دەرباس‌بوون.

**بسەرگرتن**: ب سەر گرتنەوە، دیتن و سەر گرتنا مالێ هاتی دزین.

**بسەرمان**: بسرمان، موسوڵمان: (دبێژن کابرایەکی فەلە بسەرمان بوو) «گولواز».

**بسەرووەهاتی**: سەربهوری، بەسەرهات.

**بسەرهاتی**: بسەرڤەهاتی.

**بسەرهەلبوون**: بەسەردا چوون: (دبێژن رۆژەکی ب سەر ژنەکی هەلبوو کو یا ل سەر ئاڤێ و هوریا رەش دشوت) «گولواز».

**بسەرهەوی**: سەر بە هەوێ: (هەیڤکۆکا مە چاردە شەڤی/ د بەر مالا بابێ مندا بیستان و زەڤی/ خوەزی من شوی ب لاوکێ خوە کربا/ ب سەر هەوی) «حەیرانۆک».

**بسەرێ‌خوە**: سەربەخۆ، بەتەنێ: (دەڤێت محەمەد حەسەن خان و کەسێن ب وی را باش زانین، وەکی ب سەرێ خوە، تەنێ نکارن تو تشتی بکن، ژ وان را پشت پێڤیستە) «مەستوورە».

**بسەکنە**: ئارام بە، دانیشە، راوەستە(ئەمرە).

**بسەڵمان**: مسوڵمان، دیندار.

**بسەڵمانەیل**: دەسەی موسوڵمانان.

**بسەڵمانی**: مسوڵمانی، خودا وەرداری.

**بسەڵموون**: مسوڵمان.

**بسەلەم‌دان**: ١. سەلەم‌کردن، پێش‌فرۆش کردن: (دا وەقتێ لێقایێ ب تە حەی بن د بەقایێ/ من نەقدێ دل و جان د فەنایێ ب سەلەم دا) «جزیری»،٢. پێش‌فرۆشی شینکە و دەغڵ،٣. پێش‌خڕکردن.

**بسەمت**: پەیت، ب کێرهاتی، باش.

**بسەنای**: بسەندایە، بستاندایە: (شەڵلا حەق نان لە من بسەنای) «ئاوێنەی بێگەرد».

**بسەوم‌وسەلات**: زۆر موسوڵمان، رۆژووگر و نڤێژخوێن: (ئەو سۆفی ب سەوم و سەلات/ ئاسێ کری برج و کەلات) «فەقێ تەیران».

**بسیار**: زۆر، فرە: (عەسەس بێکارە ما، دەرچوو لە مەیدان/ کوتی سەردەرکە، ماڵ بسیارە ئەوشۆ) «ئاوات».

**بسیرە**: بەرسیلە، قۆرە، هاڵە.

**بسیلاک**: بسێلاک.

**بسێلاک**: لمدار، لیمدار، ریخەلان، زیخەلان، خیزەلان، جێی پڕ لە خیز و لم.

**بسیلان**: قومەلان.

**بسین**: بسێن، کڕیار.

**بسێن**: ١. کڕیار، خڕیدار، خەریدار: (بسێنەکەی لێی کەوتبووە تەقە، پێی وتبوو تەقەڵەکانی شاش و هەراشن) «کۆردەرە»،٢. بیکڕە، بیسێنە،٣. داوڕکەر، داگیرکەر، زەوتکەر.

**بسێنا**: بسێنەو، وەریگرەوە.

**بسینە**: بسێن بۆ مێ.

**بسێنە**: ١. وەرگرە، وەریگرە، بستێنە، بیستێنە،٢. بکڕە، بیکڕە.

**بسێنەو**: بسەنەو، وەریگرەوە.

**بسێنەوە**: ١. کەسێ کە بۆ شایەر یا شینگێڕ دەگێڕێتەوە،٢. ئەمرە بە سەندنەوە.

**بشاخ**: شەخدار، قۆچدار: (ئاها بزنا کوچ ژ

بزنا بشاخ ناچیت) «پەند».
**بشــارانەوە**: بشــارنەوە: (مــایەی بیٚمەیلیــت بشــارانەوە/ بــا باســت نەشــوٚ بە شــارانەوە) «مەولەوی».
**بشارەو**: قایمکە، بیشارەوە.
**بشاش تیر**: بژاژتی، کاورەمێو.
**بشافتن**: هەلٚگلوٚفین، هەلٚپشـاوتن، گوشـین لە ئاوا: (سماق بشافتی بوٚ شیٚوێ).
**بشاڤ**: ١. شیلاو، گویشک، ئاڤا کو ژ گڤشتنێ دێ گرتن،٢. ئاوی کەشک، کەشـکی سـاوراو، ئاڤا چورتین، بشاڤاچورتین.
**بشاڤتن**: ساوینەوە، سووین، پشاوتن، گڤشـتن، هەلٚپشاوتن (کەشک).
**ب‌شــال**: پشــتوێندار، پشتێنبەســتوو: (ژ وی بــانی هەتــا ڤــی بــانی/ کورکێــت گونــدی ب شالن) «حەیرانوٚک».
**بشـــان**: ١. داچــێن، تــووچێن،٢. هــاویژەر، فرێــدەر، ٣. بیوەشــێنە: (هەم بشــان بشــان بە رشتەی جەرگم) «بێسارانی».
**بشـــانوٚ**: ١. بــێ، هەلٚکــا، بوەشــێنێ: (وەخــت تەماشـــای ئەو بەرگوزیـــدە/ شـــەمالٚ بشـــانوٚ گەردش ئەو دیـــدە) «مەولەوی»،٢. هەلٚـــدا، هەلٚخا، بوەشێنێ: (سا هەر دوعا کەر، با چەرخ چەپگەرد/ تا تـاقەتش هەن، هەر بشانوٚ نەرد) «مەولەوی»،٣. بپرژێنێ، بلاوکاتەوە: (غەمـزەش وە بـــالاٚی قەبـــرم بشـــانوٚ) «بێســـارانی»،٤. بلەرێنێــتەوە،٥. بــاویژێ، لێــدا: (ســا بــا نەو چەشمەی ئاودا بمانوٚ/ چون سوٚنەی سەرسەوز هەر بالٚ بشانوٚ) «خانای قوبادی».
**بشانوو**: بلەرزنێ، بیتەکێنە.
**بشتالٚ**: لاکوت، لاپرەسەن، فزوول، تخول.
**بشته**: بچیته، بچێته: (دوو پێ بشته پێلاوێکـی، کەس برای نادات ب برادەرێکی) «پەند».

**بشتەوە**: بچێتەوە.
**بشر**: بەشەر، حال، کێف.
**بشرین**: ١. بزە، لێوکەن: (ژنک ب شێلا ئاخێ و بشرینا وی کێف‌خوەش بــوو) «پەپــووک»،٢. پێکەنین: (ئاخێ بشـری، شـێلەکا دلوٚڤـانییێ دا خوە) «پەپووک».
**بشقول**: پشکەلٚ.
**بشـــک**: گومانـــاوی، بەشــک: (دوور بـــوو ژ ئەفعالێ بشک/ ژ ئەمرەد و بوکرێ خوەشـک) «فەقێ تەیران».
**بشکافتن**: هەلوەشاندن، هەلٚپشکوتن.
**بشکاڤتن**: ١. لێک جوێ کرنەوە ٢. بشـکافتن، هەلٚپچڕانەوەی دروومان،٣. پشکووتن.
**بشکانن**: ١.گریان بە دەنگی نزم،٢. جسـتوجوٚ، گەڕان، دوٚزین.
**بشکاوان**: بشکێنە، بدڕێنە: (بشـکاوان یەخەێ بچوو لە جامەێ/ تەسەل بـوو لە بـوو ئەتـر و شەمامەێ).
**بشکاوی**: بدڕی، لەت‌کەی: (بە سوٚزی ئاهت هەر دەم‌کوتــاوی/ بە نــاخوون هەردەم ســینە بشکاوی) «بێسارانی».
**بشکرین**: بزەی شـادی: (دەمـی پاشـای ئەڤ دیمەنێ دلڤەکر و خەملیێ بهارا ریباری دیتی، ئێکســـەر گرنـــژین و بشـــکرینێ گوٚڤەنـــدا) «گولواز».
**بشکفاندن**: بشکڤاندن.
**بشـــکفتی**: بشـــکڤتی، پشـــکووتبوون: (ئەو ســـوٚرگول و ســـونبول د ئـــازاد/ بشـــکفتی ژ قەددێ سەر و شمشاد) «خانی».
**بشکێف**: بشکێڤ، گولیلکا ڤەنەکری.
**بشـــکڤاندن**: ١. پشـــکنین،٢. تروکانـــدن، کــاردوٚژەی گــویێز،٣. دڕانــدنا هەڤــدە و دایــێن کنجان، ڤەکرن، کردنەوە.

**بشکڤتن**: پشکووتن.
**بشـــکڤتی**: شـــکۆفابوو، پشـــکووتوو بـــوون: (بشـــکڤتی بـــوون هەر گـــول و دار) «پەرویـــز جیهانی».
**بشــــکڤەک**: ١. بشـــکێڤەک، بشـــکڤۆک، بشـــکڤۆنەک، ڤەبـــوونەک، کـــراوە،٢. غـــونچە، بشکوژ.
**بشکڤی**: گەش، پشکوتوو.
**بشکڤیای**: کراوە، پشکوتوو.
**بشکڤین**: ١. گەشانەوە، گەش‌بـوون ٢. واق و ورمـــان، ســـەر ســـوڕمان،٣. هەڵوەشـــانەوەی دروومـان، دڕانـی جێـی تەقەڵ،٤. پشـکووتنی گوڵ، گول ڤەبوون.
**بشکل**: پشکەڵ: (کابرا چوو هندەک بشـکلێن پەزی پەیدا کرن) «گولواز».
**بشکنت**: ١. بیشکێنێت،٢. بشکێنێ، بشکێنێت: (دالگە بـانگەوازی ئەکـرد: هـانە کـورە؟ خـوا کەرەمتان بشکنت) «کۆردەرە».
**بشکۆ**: ١. قۆپچە، دوگمە: (دی ب سەر جانێ مە مۆرووەت دامەئێخ/ بشکوێن بەندا گەریبـانێ غەلەت) «جزیری» ٢. خونچەی گوڵ: (بولبولێ مەجروحـێ عیشـقێ تاقەتـا خـاران نهـن/ دێ کۆلاڤا ڕیشی سینە بشـکوەک بـێ خـار بـت) «جزیـری» ٣. لەرزانە: (چینگ‌چینگـا بشـکۆان ئاواز و دەنگێ زەرگۆان/ سـەد مەلایـک گـۆە ددن بەر وێ نەوایـــــێ راســـــت و چەپ) «جزیری».
**بشکور**: زەردە، زەردەخەنـدە، کەن: (جیهـانێ نەدزانی بشکور چییە/ حەتا ڕۆژەکێ ژ ڕۆژان) «سندی».
**بشکوڕاندن**: کردنەوە بۆ یەکەمین جار.
**بشکوربوون**: پێکەنین، زەردە گرتن: (بێریی تو خوین‌شیرینی/ دەلالێ لێڤ هنگڤینـی/ بشـکور بە گاڤا من دبینـی/ بێـری یـێ ئەز ئەڤینـدارم) «سندی».
**بشکوڕین**: بچکڕین بۆ یەکەم جار.
**بشـــکوڕین**: بچکـــڕین بـــۆ یەکەمین‌جـــار و کردنەوە.
**بشـــکوژ**: ١. بشـــکۆژ، خونچەگـــوڵ: (بشـــکوژ بشکڤن ژ خاران) «خانی»،٢. دوگمە.
**بشـــکۆژ**: ١. بشـــکووژ، دوگـــمەی کـــراس، بشـــکوفت، کانـــاڵێ: (پەیوەســـتە د وەســـلێ ئەو دمیـــنم کـــو سەراســـەر/ بشـــکوژ و تێلێســـم و وەرەق و نەترک و بازن) «جزیری» ٢. خونچە، غونچە، سۆلین، گوڵی نەپشکوتو.
**بشکۆژاو**: بشکڤیای، کراوە، پشکوتوو.
**بشکۆش**: بشکۆژ، غونچەگوڵ.
**بشکۆفت**: دوگمە، قۆپچە، بشکۆژ.
**بشـــکۆفک**: غـــونچە، خـــونچە، گـــوڵی نەپشکەوتوو.
**بشکۆڤ**: ١. دوگمە ٢. خونچە، غونچە.
**بشکۆڤت**: دوگمە، بشکوژ.
**بشکول**: پشکەڵ، کشپەڵ، کشپل، قشپل.
**بشکۆل**: ١. پشکەڵ،٢. مژۆل، برژۆل.
**بشکووڕاندن**: کردنەوە بۆ یەکەمجار.
**بشـــکووڕین**: بچکـــڕین بـــۆ یەکەم‌جـــار و کردنەوە.
**بشکووژ**: بشکۆژ، خونچەی گوڵ.
**بشکووشک**: خونچەی گوڵ.
**بشکوول**: ١. هەڕگ، قوڕ ٢. قوڕاوی.
**بشـــکوین**: پشـــکوتن، هەڵپشـــکوتن، کـــرانەوە: (بشکوین بەندا گریبانێ ژ ڕەنگـی کەوکەبـان/ بەرق و تیرۆژێن ژ خورشیدێ ڤەدایی راسـت و چەپ) «جزیری».
**بشکە**: بۆشکە، بووشکە.
**بشکەن**: ١. بشکێنە،٢. چەقونە، پـل، بشـکەن

بشکەن، تەقە بە قامک لە شادی‌دا: (شکستی زولفی تۆبەی پێ شکاندم، تۆبە لەو تۆبە/ دڵی شێخ و ملی مل تێک شکا، هەر بشکەنە ئەمشەو) «پیرەمێرد».
**بشکەنبشکەن**: چەقەنە، پل، پلە، ئاوازێکی بە سەری قامک لێی دەدەن: (جە هەی چیپ، هەی چیپ، مەی‌کەشان مەست/ جە بشکەن بشکەن ساقیی مەی وە دەست) «خانای قوبادی».
**بشکەنۆ**: بشکێنێ.
**بشکێڤ**: بشکڤ، غونچە، گولیلکا ڤەنەکری.
**بشگول**: پشکەڵ، پشکۆل.
**بشلوێن**: بشێون، بشلەژێن.
**بشلێ**: بێژێش، بلێش: (با ڕەقیب بشلێ: فلانی لایقی خیرمەت نییە/ کەی لە خدمەت تۆ، ئەمە بوومانە یەک زەرە قسوور؟) «ئەدەب».
**بشماری**: ببژێری، بژمێری.
**بشمێ**: برۆین، بچین.
**بشناسۆ**: بناسێ: (وەختێ یاوا پێت ئەو شای جەم شکۆ/ نیشان دەر خاتەم تا بشناسۆ تۆ) «خانای قوبادی».
**بشناسی**: بناسی، ناس بکەی: (تا خاس خودای ویت بە حەق بشناسی) «بێسارانی».
**بشنەفتا**: ببیستایە، بژنەفتایە.
**بشنەو**: ببیسە، ببیستە.
**بشنەوان**: ببیسن، بژنەون.
**بشۆ**: ١. برۆ، بچۆ بۆ دوهەم کەس: (فرسەتەن ئەرواح بشۆ وە پێشواز/ پەردەی بینایی تۆ پەی پایەنداز) «مەولەوی» ٢. بچێ، بڕوا، بچێت بۆ سێهەم کەس: (دیدەی من خاسەن پەرێ ئێش و نێش/ ئێشی دیدەی تۆ بەیۆ بشۆ تێش) «بێسارانی»،٣. بشۆرە، بیشۆ: (دل بشۆ ژ ڤێ نیفاقێ کو بدەت سینە بەراقێ) «جزیری».

**بشۆپێش**: بچێ پیایا: (دەک عومرم چون پەرێش وەسڵ باڵات تەمام بۆ/ چێو بێ‌ئازار بۆ بشۆ پێش کام بۆ) «مەولەوی».
**بشور**: بشۆر، ئەوی دەشوا.
**بشۆر**: نایلۆن، نایلۆنی: (لواس بشۆر ناتێ باکەک بنزینە، هەردەم یێ ب مەترسی‌یە) «پەند».
**بشورە**: بشۆر بۆ مێ.
**بشۆرە**: خەمی زۆر گران کە دیق بە پیاو دەکا.
**بشوکی**: باشوکی، گوندێکە لای بیجاڕ.
**بشۆلێم**: بچێ لێم، بگرم: (وەختەن چوون قەقنەس ئایر بشۆ لێم/ کەرەمدار مەگەر سەبرێ بدۆ لێم) «ئەنساری».
**بشون**: بڕۆم، بچم، بچمە: (بەو زوونارەوە بشون وە مەزار) «بێسارانی».
**بشۆن**: بشۆرن، بیشۆرن.
**بشووربپووش**: جۆرێ قوماشە.
**بشوورە**: تەنگاڤی، توورە،
**بشووم**: برۆم.
**بشوون**: بڕۆم، بچم: (لادێ ئێش سەخت، ساتێ وەی ڕۆ وەی/ واتم چار نی‌یەن، مەر بشوون وە پەی) «مەولەوی».
**بشۆوە**: بچێتەوە: (مەر زەرەی خەمم ئەوسا بشۆوە/ سەر بنیۆن وە قەبر تازە گڵکۆوە) «بێسارانی».
**ب‌شەڕچوون**: تێک هەڵچوون، جەنگان: (خوەزی مرادا من و کچکا دەلال حاسل ببا/ بلا ب شەر چووبان عەرەب و ڕۆمە) «حەیرانۆک».
**ب‌شەڕهاتن**: شەڕکردن، جەنگان: (قەرفان دکن ب شەڕ تێن/ هندی ژ من غەزەل تێن/ نالین و سەد عەمەل تێن/ هێستریێ من دگەل

تێن) «فەقێ تەیران».

**ب شەریک هاتن**: بە شەڕ هاتن: (ڕۆژەکێ دگەل جیرانا خۆ ب شەریک هاتن و جڤن دانە ئێک) «گولواز».

**ب شەڤ**: لە شەودا، لە توولی شەوا: (لێ بەلێ ب شەڤ کەیسەکا وسا نەدیت) «پەپووک».

**بشەمال**: ڕوون، ڕووناک: (شەڤێ تاری یێ دووستانێ خەلایق/ دشخولین مینا ڕۆژ بشەمالن) «گولشوون».

**بشەوات**: کۆڤاندار، ب کوڤان.

**بشەواتی**: کۆڤاندار.

**بشی**: ١. جەنگەڵ، دارسان، بێشە،٢. بڕۆی، بچی: (نەک بشی وە سەیر سەفای بای کاوان/ یا وە تەماشای شاخەی شەتاوان) «مینەجاف».

**بشیام**: بچۆمایە: (دریغ پەی باڵێ بشیام بە ئەوجا) «بێسارانی».

**بشیامێ**: ١. بڕۆیشتمایە: (بشیامێ وە سەیر گوڵخونچانی باخ) «بێسارانی»،٢. بچوایتین، بچووینایە، بڕۆیشتباین: (بشیامێ وە سەیر سەر سەرا و چەمەن/ چ ئەو چراخم نەوچەمەن، چ مەن) «مەولەوی».

**بشێت**: بکاریت، بکارێت، بتوانێت.

**بشیر**: ١. ناوی چۆمێکە لە نزیک گوندی سینان لە هەریمی کوردستان،٢. شیرمژ، شیرمێژ، شیرخۆرە. × ٥٣٩ جزیری×

**ب شیر**: ١. بە نەعرەتە، بە گوڕە: (لەوڕا کو ب شیری شبهێ شێر بوو) «خانی»،٢. شمشێر بە دەست، دەس بە شیر: (وان گۆ: کو ب شیر و شەش پەڕن ئەو) «خانی».

**بشێڕبشێڕ**: بێنێوبڕ، لێکدالێکدا، پەیدەرپەی.

**ب شیری**: بە شیری، بە ساوایی: (یێ گرتی ب شیری، نابەردەت ب پیری) «گولواز».

**بشیڤ**: بشاڤ.

**بشێڤک**: بشاڤ.

**بشیم**: بڕۆین، بچین: (هۆریژ تا بشیم بە دەوان دەو/ بە پای تەخت خاس خەجستەی خوسرەو) «خانای قوبادی».

**بشین**: ١. بنێرە، بنێر،٢. بڕۆین، بچین: (هۆریزۆ بشین وە پایەی کاوان/ دڵ شاد کەین وە سەیر شاخەی شەتاوان) «مینەجاف».

**ب شین**: خەماوی، تازیەبار: (ئادارە بەلێ ب شینە) «سندی».

**بشینە**: بنێرە، ڕەوانەکە: (مەیخۆر کە مەلان ب غەنج و نازان/ شێخان تو بشینە بەر بەرازان) «خانی».

**بشینە پەی**: دەنێرێ لە دووی: (باڤ ببینە ئەو نەچوویە دیواخانێ وێ بشینە پەی) «مەستوورە».

**بشێو**: یچۆ، بڕۆ: (بلا وە نەرمی بکەرۆ گوزەر/ بشێو وە ماوای نشینگەی دولبەر) «مینەجاف».

**بشێون**: ١. قاتی کە،٢. کارخراوکەر.

**بشێونۆ**: بشێوێنێ: (بشێونۆ زەوق شادی لیلاخان/ نە بورج لەیلاخ ئێلان بۆ داخان) «وەلی دیوانە».

**بشێونە**: ١. فیتنە، فتنە، مایەفیتنە، قوڵەفیتنە، سەرەسۆدرە، ئاژاوەچی،٢. لێکدەر، کەسێ کە شتێک دەشێوێنێ،٣. بیشێوێنە، لێکیدە.

**بشێ ونەشێ**: ببێ و نەبێ، بکرێ و نەکرێ×: (ئافرەت ئەگەڕێتەوە، ئەوی بشێ و نەشێ، لە جنێودان لە فەزیعەت بە جەهانگیر ئاغا هیچ دریغی ناکا) «ڕشتەی مرواری».

**بشێوە**: ١. پشێوە، کێشە، ئاژاوە، هەرا، قەومان، ٢. دیەکەیگە لە قەسر.

**بشیوی**: ئاژاوە، فیتنە.

**بشێوی**: بشێوە، ئاژاوە.

**بشێوێنی**: بشێوە، ئاژاوە.
**بعۆک**: مرۆی ناشیرین، ناحەزی پیاوترسێن.
**بعویزە**: گوندێکە لە باکووری مووسڵ.
**ب‌عەجەب**: سەیر، عەجیب: (بەرقەک ب عەجەب مەمێ ب سەر کەت/ شەوقەک ژ سەرێ مەمێ ب دەر کەت) «خانی».
**ب‌عیزز**: بەقەدر، ڕێزدار: (هەرچەندی ل نک ب عیزز و نازی/ هەرچەندی دگەل ب لەعب و بازی) «خانی».
**بعیف**: بایام، بادام وەحشی.
**ب‌غایەت**: زۆر، زۆرزۆر، فرە: (مەخمورێ غەبوقێ بێ‌نیهایەت/ موشتاقێ سەبوحێ بون ب‌غایەت) «خانی».
**بغور**: ١. غللور، مەغروور، لە قەڵەوی با ڕە گوێ کەوتوو،٢. زۆرخۆر،٣. بخوز، گاجووتێکە لە کاتی جووتا مان بگرێت.
**بغورد**: بخوور، بوخورد، سووتەنی بێنخۆش.
**بغوردان**: بخووردان، دەفری بخوور تێدا سوتانن.
**بغورفرۆش**: بخوورفرۆش.
**بغوز**: بخوز، گای خەفۆک.
**ب‌غوسسە**: غەمبار، خەمدار: (مەم زێدە ب غوسسە و مەلالە/ چو بالقە و گۆ: برا چ حالە؟) «خانی».
**بغون**: Bixwin بغونە، زاک کلگ، ڕەزم.
**بغونە**: Bixwine بغون، زاک.
**بغە**: بریندار، زامار، سەربڕین لە زمانی منداڵی ساوا: (دەس لە چەقۆ نەدەی بغەت دەکات).
**بغەبغ**: گخەگخ، گغەگغ، بقەبق.
**بفدانک**: دەبدەبە، پەمپفۆک.
**بفرا**: هەرشتەی خاوی بۆندار.
**بفرۆش**: فرۆشیار.
**ب‌فغان**: بە گریان و زاری: (زینا کو شەڤێ د ڕەش د تاری/ هەر دەم ب فغان و ئاه و زاری) «خانی».
**ب‌فغان‌بێت**: بێتە ناڵە و ئەفغان: (وەک مەلایێ ب هەزار ڕەنگ ئاهەنگ/ ب فغان بێت ژ بەر سەد فرسەنگ) «جزیری».
**بفکر**: ١. بڕوانە، بنێڕە: (بفکر ژ عەرەب حەتا ڤە گورجان) «خانی»،٢. بفکرێ، بیربکاتەوە✕: (حەتا گهامە ڤێ دەمێ/ ما یەک نەبوو د ڤێ عالەمێ/ عەبدەک ژ پوشتا ئادەمێ/ بفکر د ئەحوالێ شەتێ) «فەقێ تەیران».
**بفکرە**: وابیرکەوە، وابزانە: (بفکرە کو خێزانا تە یا دۆتا تە) «پەپووک».
**ب‌فەتل**: لەگەڕان، لەسوڕان: (هەرچەندی بەکر وەلەد زینایە/ ئاشێ مە ژ وی ب فەتل و بایە) «خانی».
**ب‌فەخر**: جێی فەخر و شانازی: (مەعشووق تویی ب فەخر و نازی) «خانی».
**ب‌فەرقە**: فەرقی هەیە، جیاوازی هەس: (دەردێ من و تە ژ یەک ب فەرقە/ ئەو فەرقە ژ غەربێ تا ب شەرقە) «خانی».
**بفەرما**: بفەرموو: (ڕەگ تەن تاڵی تاڵ‌وەردەی سێوەنگ/ بفەرمان یاران باران بدان تەنگ) «مەولەوی».
**ب‌فەریاد**: ناڵان، سکاڵاکەر: (خەلقی کو ژ دەست غەمان ب فەریاد/ فەردەک قە نەما، نەبویی دلشاد) «خانی».
**ب‌فێڵ**: فێڵاوی، مەکرکار: (ئەز دزانم تو یا سێری یا نهێلی/ تو بەژن بلندی، ناڤتەنگ زراڤی، گەردن کێلی/ من باوەری ب تە ناکەم/ تو یا ب فێلی و دێ من هێلی) «حەیرانۆک».
**بف**: ١. بقە، بقڤە، بۆ ترساندنی منداڵ ٢. بڤە، مەترسی، خەتەر،٣. زەرگەتە، زەردەواڵە،٤. دەنگی ژەنگەسوورە،٥. مۆرکە، مۆرد، گازیر،

قاروونە، وەرە، گیاندارێکی خوری خۆرە.

**بڤار**: ١. بوار، بووار ٢. خۆدیتن.

**بڤاشتن**: بڤەشاندن، هەڵوەشاندن، تواندنەوە، تێواندنەوە.

**بڤر**: ١. تەور، بیوری داربڕین: (بێ بڤر مەرە دارستانێ) «پەند» ٢. خۆهەڵکێش، خۆنوێن، خۆپەسەن.× (بابێ منۆ قورمێ بەنێ/ ببنە سەر مەلا هەنێ/ ئاگرەکێ سۆر بەردەنێ/ هەکە نەسۆت، بڤری ببەنێ) «حەیرانۆک».

**بڤز**: ١. بووز، داری بووز ٢. کرێژەبەرد، قەوزەی بەرد.

**بڤزەیی**: بە ڕەنگی کرێژەبەرد.

**بڤشۆ**: کەڕوو، کیفیکی.

**بڤشۆبوون**: کەڕووهانین، کیفکیبوون.

**بڤڤە**: بڤ، بڤە.

**بڤکێ**: ژنی حیز، خۆفرۆش.

**بڤۆک**: ١. ماشەی ماسی گرتن ٢. بڤ، بڤە.

**بڤە**: ١. مەترسی، خەتەر، شتی ترسناک: (کەس ناتوانێ وا گیان لەسەر دەستی دانێ و دەس بۆ بڤەی وا زل بەرێ) «شەرەف»٢. بڤە، بڤ، تەلەزگە، وشەی منالترسانن ٣. تەلەماسی، بڤۆک، ماشە، لابڕ، چەپەر و تانۆکێکە بۆ ڕاوی ماسی ٤. دەنگی ژەنگەسوورە،٥. ترکزە، تۆکز، تابلۆی عەلامەتی خەتەر لەسەر شەقام.

**بڤەبڤ**: ١. لەرزین لە سەرما، لەرزوتا،٢. بڤە، بڤ بۆ ترساندنی منال.

**بڤەرین**: بوەرینە، داوەرینە: (ڤەکە لێڤێ و ژ نیڤێ بڤەرین قەند و نەبات/ ژ لەبێ لەعلێ شەکەربێژ و ژ شەککەر مەکە بەحس) «جزیری».

**بڤەشاندن**: بڤاشتن.

**بڤەشین**: توانەوە، هەڵوەشانەوە.

**بڤێ**: ١. بییەوێ، بیەوێ: (بەندەیێ باخوێ بڤێت دێ مەیلی سیم و زەر نەکت/ دا عەتایا پادشاهان بێ حەدد و ئەژمار بت) «جزیری»،٢. بتەوێ، بتهەوێ، بخوازێ: (شەرتێ مە دگەل تە ئەی سەرەفراز/ هەرچی تە بڤێ، ژ بۆ مە دلخواز) «خانی»،٣. لەگەڵی بێ: (سەبعەیی سەییارە و نەهچەرخی سەرگەردان بڤێ) «جزیری».

**ب ڤێ**: بە مە، بە ئەمە: (ب تولێن ئاستانێرا ڤەخۆندم میر ب دەرگاهێ/ ب ڤێ چاڤێ حەبیب دیتم، شوکور ئەڤ شەفقە مەولێدا) «جزیری».

**بڤێت**: بمانەوێ: (ژێ ڤەخوین دەستا ب هلینین ژێ ڤەخوین چەند مە بڤێت) «سندی».

**بڤێتن**: ١. بیهەوێ، بیەوێ: (سوحبەت ب مەی و چەنگێ حبیبێ مە بڤێتن/ فەریاد و فغانێ مەنە بەس ساز چ حاجەت؟) «جزیری»،٢. بتەوێ، بخوازێ: (ڕوحەک مەیێ مای، گەر تە بڤێتن/ گوری تە بکم، دا دەلال بێتن) «سندی».

**ب ڤێ ڕەنگی**: بەو جۆرە، بەو شێوەیە: (بەزما ستییێ و جەمعێ تاجدین/ گێران ب ڤێ ڕەنگی زیب و تەزیین) «خانی».

**بڤیشکی**: ڤیشکی، بەلەفیرە، ئسهال هەیوان.

**بڤین**: ببینە، بوینە.

**بڤێ نەڤێ**: ناچاری، بییەوێ نەیەوێ، بتەوێ نەتەوێ، خووە و نەخووا، خوایی نەخوایی: (ژ بڤێ نەڤێ مرۆڤ گۆشتێ کەوا ژی دخۆت) «پەند».

**بڤێ نەڤێنەیی**: ناچارێ، ناعیلاجی.

**ب ڤێ هەوایی**: بەو جۆرە، وسا: (دیوانە مەبە ب ڤێ هەوایی/ بێگانە مەبە، تۆ ئاشنایی) «خانی».

**بق**: مۆن، ڕووگرژ، ئەخم‌تیەڵی.
**بقاڕە**: بقیرێنی، بقارێنی: (گاڤا کو خاست بقارە/ پەنیر ژ دەڤ کەت کەت خارە) «پەرویز جیهانی».
**بقاوبفە**: شەرتەیل تەمام.
**بقبقە**: شەربە، تونگە.
**بقلیقۆک**: بلقی ئاوی.
**بقم**: دەرمانی سووری چاو.
**بقوت‌باژۆ**: ناوی کایەیەکی منداڵانە.
**ب‌قورئان**: سوێن ئەخۆم بە قورعان: (ب قورئانی، ب ئایاتی، ئەگەر پیری خەراباتی/ ببێژت سەجدە بن لاتی، موریدی وی دبن قاتی) «جزیری».
**بقۆرس**: بکۆرس، هەڵگرتەنی.
**بقۆرسی**: بکۆرس، بکۆرسی، هەڵگرتەنی.
**بقە**: فلتە، پلتە، پلتەپلت، بغەبغ، لوغەلوغ.
**بقەبق**: فلتەفلت، بلمەبلم.
**بقەبق‌چین**: مۆنبوون، ئەخم‌تیەڵی.
**بقەست**: لەقەستی، لەئەنقەست، بەنیازێک: (چوم زیارەت پێ و دەستی، لێ نهیشت ئەووەل بقەستی) «جزیری».
**ب‌قەلب‌وجان**: لە دڵەوە، بە گیان: (بورقوع کو ژ سەر هلانی/ بوو عاشقی وی ب قەلب و جانی) «یۆسف‌وزولەیخا».
**ب‌قیمەت**: قیمەتدار، بەنرخ، گران: (نابینی ب قیمەتن جەواهیر/ لەورا کو د هندکن، د نادیر) «خانی».
**بک**: ١. لە یاری جگێندا کە جگ لە باری قۆقزیدا بکەوێ، بکی پێ‌دەڵێن ٢. دارێکە،٣. بکەی: (خۆزی کو خودا ژ تە ب بهورن/ تا خەلقی خودا بک حال‌پرسی) «گول‌شوون»،٤. بکا، بکات، بکاتن: (دەروێش گۆ: پاشا ڕا بێژی، هێڤیداری ژ وی بک کو ئەو ژی چاڤی خۆرنی ژ وی دک) «گول‌شوون».
**بکار**: ١. بەکار، ئازا، چالاک، ژیهاتی،٢. کاری، چەکی کارا×: (دو پشکی چەکەکی گەلەک هارە/ ژ هەمی چەکان پتر ب کارە) «سندی»،٣. ڕاڕەو، ڕێواز، ڕێ، ڕێگا،٤. ئامادە، حازر: (قەی بێژی نها بخوەستا، وی بکار بوویا بفرە) «مەستوورە».×
**بکارئانین**: بکارئینان، کەڵک لێ‌وەرگرتن.
**بکارئینان**: بکارئانین: (وەکی سبێ وێ گاڤێ، وێ گۆتنێ دژی من ب کار بینن) «مەستوورە».
**بکاربن**: بتوانن: (ژیانەکە کەسک و هێشین/ کو گور و میە بکاربن/ مێرگێ دە تەڤ هەڤ بژین) «سەنار».
**بکارن**: لەکاران، لەکاردان: (بیلجوملە ژ بۆ مە ڕا بکارن) «خانی».
**بکاروون**: بکێلم، شێوی‌کەم.
**بکارە**: بەکار، ئازا بۆ مێ.
**بکاری**: بەکاری، ئازایی.
**بکارین**: بتوانین: (چقواس ژی مادێ مە ڤەبە، ئەز باوەر ناکم ئەم بکارین ئەوقاسێ بخون) «مەستوورە».
**بکاکە**: بڵێن، بێژن، بوشێد: (پڕ دڵێ حەکاکە/ زووان نەیرێ بکاکە).
**بکالت**: بە کوڵ بگری: (گەە شبهێ عەنادلان بکالت) «خانی».
**بکت**: بکا، بکات: (گرتی‌یم مایم، د حەبسێ، کی گەلۆ مەهدەر بکەت؟) «جزیری».
**بکتن**: بیکا، بکات: (قیبلەیا ئەهلێ دلان گەر بکتن کەشف جەمالێ) «جزیری».
**بکر**: ١. کچ، کچی شوو نەکردوو: (میرەک هەبوو بێ‌حەد ب مال/ بکرەک هەبوو قامەت شەپال/ سیما وەکوو بەدرا کەمال/ قەت کەس

نەداکت وەسفەتێ) «فەقێ تەیران»،٢. بکڕ، بسێن: (کچ گۆت: بابە ئەز بکرا بەرانی وی مە) «گولواز»٣. تازە، نوێ×: (لێ بدێ ناڤا فکرەکێ/ بێخم بەلایا بکرەکێ/ دا زاهری کم زکرەکێ/ دا شک نەئێت ڤێ حیلەتێ) «فەقێ تەیران».

**بکڕ**: کڕیار، بسێن، سەنیار: (تا نەبی جینار، نەبە بکڕ) «پەند».

**بکڕچی**: بکڕ، کڕیار، بسێن.

**بکرد**: بەکار، چالاک: (سەری مزگەوتەکە جزیری و دیواری خشتی کاڵ، جاران تەهلیلەشی بکرد بوو لە سەر سونەتان گیر نەدەبوو) «خاک و چەوسانەوە».

**بکرک**: بنێ چاڵ، ئامان، یا هەر شتێ.

**بکرمە**: بمکردایە: (مەخمور ببم، بکرمە لافان) «خانی».

**بکرین**: بکەین: (دا ئەم بکرین دەماغێ جان تەر) «خانی».

**بکلیقۆک**: بقلیقۆک، بلْقی سەر ئاو.

**بکم**: بکەم: (مەشهوور بکم ب تەرز و ئوسلوب) «خانی».

**بکن**: ١. دەکەین: (مە بوویەرێن مەزن گەلەک دەرباز کرنە، ب ئالیکاریا یازدانا مەزن ئەمێ ڤێ ژی دەرباس بکن) «مەستوورە»،٢. بکەن، بیکەن: (رەمزێ کو دێ دلبەر بکن/ جارەک ب چەشمان سەیر بکن) «فەقێ تەیران».

**بکۆ**: مافوورە، بسکۆ، ڕایەخی لە خوری باش.

**بکوت**: لێدەر، بزەن.

**ب کوتەک**: بە زەبری کوتەک، بە زۆری: (یا دێ ب کوتەک مەمێ خوە بەردین/ یا جوملە ب مەردی سەر ب دەردین) «خانی».

**ب کوڕ**: خودان کوڕەخاس و جوامێر: (دەشتا بارزانێ یا ب کوڕە/ پان مریدا نڕە نڕە) «بەیت».

**بکۆرانی**: بکۆرەتی، مرۆڤ کارەکی بێ هزر دارژتن بکەت.

**بکۆرس**: بقۆرس، بکورسی.

**بکورسی**: هەڵگرتنی، شایانی خۆگری.

**بکۆرەتی**: بکۆرانی.

**بکوژ**: ١. کوژەر، کووژێنەر، کوژێن، کوژندە، کوژەک، خوێنی، قاتڵ، کوشننە، گوژەر، پیاوکوژ ٢. تاژییەک کە باش ڕاو بکات،٣. کوشتن: (دنیاکە بگرە بکوژە)،٤. بریتی لە بەدەسەڵات و بەبڕشت،٥. ئەمر بە کوشتن.

**بکوژبکوژ**: کوشت و کوشتاری زۆر.

**بکوژوبڕ**: ١. بکوژوبوور، کوژندە و بڕندە، ٢. بریتی لە دەسەڵاتداری بێ بەرگری: (تاقانە کوڕەی هەمزە بەگم، سێ پارچە ملْکم هەیە، بکوژ و ببڕ هەر خۆمم) «هەزار ئەشکەوت».

**بکوش**: ١. بکوژ، ئەمر وە کوشتن،٢. نەخوەشی یا زام خەتەر،٣. یەێ پێشت: (بکوش لەلێ کار کەن).

**بکۆک**: پەیت، زفت، توند و پتەو.

**ب کولفەت**: خاوەن کلْفەت، قەرەواش‌دا: (زەمبیل‌فرۆش لاوێ ڕەواڵە/ ب کولفەت و ئەهل و عەیالە/ حوسنا یوسفی ل بالە/ حەق ڕەزایێ قسمەتێ) «فەقێ تەیران».

**بکە**: ١. بیکە، فەرمانی کردن،٢. ئەمر وە گاین،٣. پکەی جگ، ئیوهی، پشتە.

**بکەدەر**: دەریبکە، وەدەرینێ: (تاجدین دگۆتە میر عەیانی/ میرم بکەدەر ڤی دەرگەڤانی) «خانی».

**بکەر**: ١. پێکەر، بساز، چێکەر، چێکار،٢. کارکەر، بەڕێوەبەری کار: (کەس بکەری ئی کارە نییە)،٣. لەت، لەتوکوت: (ژەووەلڤە بچین بەکر ب کەر کین/ وی مودبرێ ژێرە

دەربەدەر کین) «خانی»،٤. بیکە، بکە.
**بکەرا**: واز بکە، باز بکە.
**بکەراش لۆمە**: سەرزەنشتی بکە.
**بکەران**: ١. ئەو کارێلە ئەنجام بدەن،٢. بکەن، بکەنە: (ئامەنە، ئەو سا وە قەبرم بەران/ نیشانەی جەستەی خەستەم بکەران) «بێسارانی»،٣. ئەوانە بگا.
**بکەرانا**: بیانکەوە، وازیان بکە.
**بکەرانم مەنع**: مەنعم بکەن، لۆمەم بکەن.
**بکەرانە**: کلێان بکە ناو.
**بکەرانەو**: بکەرانا، وازیان بکە.
**بکەڕب**: ترسناک، خەتەر.
**ب کەربن**: لەتلەت بن: (سەد غونچەیێ دل، ژ بەر ب کەر بن) «خانی».
**بکەربوون**: لەتبوون: (خەدەنگا فیرقەتێ ڕەعدە دلێ ئەو غەفلەتێ لێ دەت/ دبێژم وەر جەبەل بت ئەو بکەر بت وێ د گاڤێدا) «جزیری».
**بکەردا**: بکردایە.
**بکەرداش**: بیکردایە، بیکردایێ: (ئەوەند نەمەردام، حەسرەتا جارێ/ گەردەنای گەردوون بکەرداش کارێ) «بێسارانی».
**بکەردام**: بمکردایە: (بۆ بنیام نە بۆی زولف مشکینت/ بکەردام تەواف کەعبەب جەمینت) «بێسارانی».
**بکەردێ**: ١. بیکەن،٢. بکەن: (موریدا بەیدی بکەردێ زاری) «م.ح. دزلی».
**بکەرکرن**: لەتکردن، کوتکردن: (دنیا ژ مەهابەتا خوە زەر کر/ تیغ و کەمەرا چیان ب کەر کر) «خانی».
**بکەرگوڵچینم**: بمکە بە گوڵچنەوە.
**بکەرمێ**: بکەین.
**بکەرۆ**: ١. بکا، بکات: (چراغم کەرەم .../ ئەگەر کەرەمدار بکەرۆ کەرەم) «بێسارانی»،٢. بکە، بیکە: (بادت ڕەنجنا تۆ بەبێ گونا/ کەردەت بکەرۆ پەروەردە بونا) «بێسارانی».
**بکەرۆت**: بۆت بکەن، بیکەن بۆت: (بەڵ لیباس عەفوو بکەرۆت خەڵات/ جە وەخت مەردەن بدەرۆت نەجات) «مەولەوی».
**بکەرۆساز**: سازبکات، بسازێنێ: (مەگەر خوداوەند حەکیمی نەردباز/ نەردی خەیر نە بەخت من بکەرۆ ساز) «بێسارانی».
**بکەرۆش**: بیکا، بیکات: (تەرسوون ئەر بەدەن ڕەقیب دڵسەرد/ بکەرۆش وە خاک گەردش چەپگەرد) «مەولەوی».
**بکەرۆش لۆمە**: سەرزەنشتی بکا.
**بکەرۆقەبەڵ**: بقەبڵێنێ، لە دەست بدا.
**بکەرۆکاری**: کارێک بکات: (مەگەر خوداوەند بکەرۆ کارێ/ شاد بم بە دیدار ئەو دڵبەر جارێ) «بێسارانی».
**بکەرۆن قەسم**: قەسدی کوشتنی من بکەن: (شا و وەزیر بکەرۆن قەسم) «ئاوێنەی بێگەرد».
**بکەروون**: بکەم، بیکەم: (تاکەی بێدیان بکەروون پامال) «بێسارانی».
**بکەرە**: بکە، بیکە: (واتم ئەی حەکیم هانا سەد هانا/ بکەرە دەوام حەکیمی دانا) «بێسارانی».
**بکەرەم**: بۆم بکە: (بۆ بە ڕەحم ویت بکەرەم پامال) «مەولەوی».
**بکەرەو**: بکەرا.
**بکەرەوە**: بکەرەو.
**بکەرەوەێ**: بکەرێا، بیکەوە.
**بکەرەێ**: ١. ئەنجامێ بیە،٢. دەسوور وە گاین.
**بکەری**: بکەی، بکەیتەوە: (مەر پەڕەی کاغەز بڕیان جە شاران/ سیاش بکەری پەی دەردەداران؟) «بێسارانی».

**ب کەڕی**: ئەسپایی، هێواشی، بێدەنگی.
**بکەریش**: بیکەی، بیکەیتە: (کیاستم خزمەتت بکەریش کلاش) «م.ح. دزلی».
**بکەریش‌غافڵ**: خافڵی بکەی، لێی‌گەڕێی: (جە ڕای نادانی بکەریش غافڵ/ بەرشۆ نە دامت سەعیت بۆ باتڵ) «ەخانای قوبادی».
**بکەرێم**: بکرێم، بمکەن: (ئومێد هەن قاپیت، جوملە موخلیسان/ بکەرێم حیساب، ڕۆی ئاخرزەمان) «بێسارانی».
**ب کەسان**: دەگەڵ ئەو کەسانەی: (قوربان بکە، قەت مەبێ مخابن/ چ دکی ب کەسان کو بێ‌وەفا بن؟!) «خانی».
**بکەفتام**: شاد بوومایە: (بکەفتام نە زێد زامەنی بەتحا) «بێسارانی».
**بکەڤیتە**: بکەویتە: (یەعنی بکەڤیتە جانێ شەوقەک) «خانی».
**ب کەلات**: قەڵا زۆر، قەڵادار: (مـــن ب ئامێدیێ کەتم وا ب کەلاتە) «حەیرانۆک».
**ب کەلامێ**: بۆ قسە و باس: (هەر یەک ب کەلامێ سینەسۆژەک) «خانی».
**ب کەل‌وجۆش**: گەرموگوڕ، ئاوەدان: (مالا کو تێدا ئەڤین هەبە هەر تم ئاڤا، زندی و ب کەل و جۆشە) «سەنار».
**ب کەل‌هاتن**: هاتنەکوڵ، جۆش سەندن: (فەووارەیێ مەرحەمەت ب کەل هات/ بێگاڤ گری ئەوی دگەل هات) «خانی».
**ب کەمال**: بۆ جوانی و جوانچاکی: (هەریەک ب کەمال بەدری ماهەک) «خانی».
**بکەن**: ١. هەڵیکەنە، کەنین زەو،٢. دەسوور وە گاین،٣. دراوردن دلنگ: (دلنگاند بکەن)،٤. دەسوور وە کردن.
**ب کەن**: بە ڕووخۆشی و خەندەوە: (باڤێ ب کەن بەرسیڤا وی دا) «مەستوورە».
**بکەنا**: ١. لە یەکەو بکەنێان،٢. لەێ نوو بکەنن،٣. واز بکەن.
**بکەنان**: ١. ئەنجامێان بێەن،٢. بیانگێن،٣. بیکۆڵن، هەڵی‌کەنن.
**بکەنانەو**: ١. لە یەک جیا بکەن،٢. وازێان بکەن.
**بکەنن**: ١. زەوو بکەنن،٢. دڵنگ دراران.
**بکەنەو**: ١. لەێ نوو بکەن،٢. وازێان بکەن.
**بکەنەوەێ**: بکەنەو.
**بکەنەێ**: ١. زەووەگە بکەن،٢. بگانەێ،٣. ئەنجامێ بێەن.
**بکەنی**: بکەنید، بیکەنە.
**بکەنێ**: بکەنێگ، بیکەنێ.
**بکەنێد**: بکەنێ، بکەنێگ.
**بکەنێگ**: بکەنێ.
**بکەنیا**: بکەنیدا، دوبارە بیکەنە.
**بکەنێا**: ١. بکەنێدا،٢. وازێ بکەن.
**بکەنیان**: بکەنیدان.
**بکەنێان**: ١. هەڵی‌کەنە، بیکەنە،٢. ئەوانە بگان، ٣. ئەو دڵنگەیلە درار.
**بکەنیانەو**: لەێ نوو بکەنان.
**بکەنێانەو**: ١. لەێ نوو بکەنێدەو،٢. وازێان بکەن.
**بکەنێەو**: وازێ بکەن.
**بکەوە**: ١. وەکەوە، بیکەوە، بیکەرەوە، واز بکە،٢. خۆت بە زەویدا دە.
**بکەیگ**: بکا، بکات: (هەر دوو مەمکی دەگرت و بەرەو ئاسمان بەرزی دەکردنەوە و دەیوت: خودا بکەیگ شیرم حەڵاڵتان نەوت) «کۆردەرە».
**بکەیم**: بکەین، بگرین: (بەو عەیدێ بکەیم هەنی ئیمە و تو/ تا گەر ڕەنجمان لا نەوەی وە ڕوو) «خانمەنسوور».

**بکی**: بکەی، بکەیت: (خەلقنۆ ژ کێرا ئەڤ قسە/ دا حەق ب عورفێ ناس بکی؟) «فەقێ تەیران».

**بکێ**: بن هەڤۆکا هێڤۆکا کیان، بژەن، بیژێنە.

**بکیان**: ١. نێڕەر، تماشاکەر،٢. بنێرە: (بکیان پەرێ من دڵ ئەو دماوە/ ویّت، ویّت ئاسایی، بشۆ وە ڕاوە) «مەولەوی».

**بکیانـدێ**: بنێرن، بینێرن: (بکیاندێ پەرێم تاوس و غەراڵ) «م.ح. دزلّی».

**بکیانۆ**: بنێرێ: (نیم‌نیگایێ ناز چەنیم بکیانۆ/ غەمزەش وە باڵای قەبرم بشانۆ) «بێسارانی».

**بکیانوون**: بنێرم.

**بکیانە**: ١. نێڕەر، چاولێکەر بۆ مێ،٢. کل بکە، بنێرە: (بکیانە پەیکێ وە پاڕانەوە/ پەی کێ؟ پەی مەجنوون بیارانەوە) «مەولەوی».

**بکیانەپەرێم**: بنێرە بۆم، بۆم بنێرە: (یا زەڕیۆ مەیلت بکیانە پەرێم/ نەبا چوون قەقنەس ئایر بشۆ لێم) «بێسارانی».

**بکیانی**: بنێری: (پەرێن بکیانی تایێ جەو کلاڤ) «بێسارانی».

**بکێر**: ١. باش، چاک، چەلەنگ، خۆش‌مرۆڤ، هێژا(مرۆڤ)،٢. بە کەڵک، قازانجدەر: (شەیتان دبێ: کچ‌ئاورم/ خور و خیس و ڕێ‌بڕم/ حەیف و مخابن بێ‌کورم/ قەت یەک ژ وە ب کێر نەتێ) «فەقێ تەیران».

**ب کێرئانین**: خستنە کار، بەکار هێنان: (هنەک ژ وان هێ تو جاران نەکەتبوون ناڤ شەران و دخوەستن ڤێ فرسەندێ ژ خوە را ب کێر بێنن) «مەستوورە».

**ب کێرمەتێ**: بە کاری ئێمە دێ: (پیرۆزە تەمعا ئاخرەتێ/ یا ناڤ و ناموسا مە تێ/ مەیلا لیقایا جەننەتێ/ ئەو فعلە خاس ب کێر مە تێ) «فەقێ تەیران».

**ب کێرهاتن**: بە کەڵک هاتن، باش بوون: (ژ بولغارێ د ڕەنگ دائی/ ژ مەخمووری د پێچائی/ قوماش کەڤنە ب کێر نائی/ ڕوئێ هیمێ کو عەیبدارە) «فەقێ تەیران».

**ب کێرهاتی**: بەکەڵک‌هاتوو، خێردەرەوە.

**بکێشا**: بکێشن، بکێشنەوە: (دەس جە ئازار و ئێمە بکێشا) «م.ح. دزلّی».

**بکێش کردن**: ڕاکێشان، بردن: (ئەوجار دەسی بۆ گوانی بکێش کرد: ئەتۆ دەست دە مەمکی، مەمکی شیری تێدایە) «خاک و چەوسانەوە».

**بکێشۆ**: بکێشێ: (با ساتێ‌یچ ڕەقیب دووریت بکێشۆ/ شەوێ وینەی مـن وەی ڕۆوە نیشـۆ) «مەولەوی».

**بکێشون**: ١. بکێشم: (چراغ من زامەت .../ من زامەت‌دار بوون، بکێشون زامەت) «بێسارانی»،٢. بکێشێ: (بکێشون بە ناز ئارۆ بە زەروور/ جە سەواد میشک، جە لەوح کافوور) «خانای قوبادی».

**بکێشۆن**: بکێشون.

**بکیقۆک**: بقلیقۆک، بلّقی سەر ئاو.

**بکیـڵ**: ١. کەسێ زەوو دەکێلێ،٢. بیکێڵە، شێوی کە.

**بکێڵگە**: کێڵگە، زەوی، وەرد، شێوەرد.

**بکێڵە**: بکێل بۆ مێ.

**ب کێ مایە**: بۆ کێ ماوەتەوە تا سەر: (دنێ خەلقنۆ ب کێ مایە/ بەلێ قەنجە و مەزرایە) «فەقێ تەیران».

**ب کین**: ١. قیندار، قینون: (هەرچەندە کو پەری و نازەنین بوو/ چەرخا فەلەکێ ژ وێ ب کین بوو) «یۆسف‌وزولەیخا»،٢. دڵپیس، دڵچەپەڵ: (ئەڤ لایقێ دەرگەهێ تە نینە/ ئەڤ کەلبێ نهێن‌درێ ب کینە) «خانی».

**بکیناپەرێم**: بۆم بنێرە، بینێرە بۆم: (ئەحواڵ

حاڵات شەرت و وەفاکەت/ بکینا پەریم تۆ بی خوداکەت!) «مەولەوی».

**بکیانەشەوە:** بینیرەوە، بیتیرەوە: (هیچ مەوەر وە تەنگ ویانەشەوە/ پەریٚ بەڵەدیم، بکیانەشـەوە) «مەولەوی».

**بکیانی:** بنیری: (بکیـانی پەریـم پەی سـاکنیی ئیش) «بیسارانی».

**بکیشان:** بکیشـن: (تـا مەگەر جـاریٚ نـازش بکیشان) «بیسارانی».

**بکیشوون:** بکیشم: (چراغ من زامەت .../ من زامەت‌دار بوون بکیشوون زامەت) «بیسارانی».

**بکیڵ:** جووتکـار، جـۆتکەر، جووتیـار، فەلا، زەویکیڵ.

**بکیڵگە:** کیڵگە، مەزرا، زەوی کیڵراو.

**بکین‌پشـتی:** پـاڵی پیـوەدەین، پشـتی پـیٚ ببەستین بە دنیٚ: (بەقا نینن ل بۆ تشتی، حەتـا کەنگی بکین پشتی) «جزیری».

**بگـار:** ١. ڕەووز، ڕیـواز، بـوار، گوزەرگـا، دەراوی پەڕیـنەوە: (بگـارم نـادا) ٢. ڕیبـاز، ڕیبازگە.

**بگاردان:** ڕیٚدان، بواردان.

**بگاردای:** بگاردان، ڕیگەدان، هیشتن.

**بگاردریا:** ڕیٚدراو، بواردریاگ بۆ نیر.

**بگاردریای:** بگاردان.

**بگاردریٚ:** بگاردریا، بواردراو بۆ میٚ.

**بگاردن:** ١. ڕابواردن، گوزەراندن،٢. هەڵتاوان، هەزم کردن،٣. پیکهینان، کـردن، ئەنجـامدان،٤. لیگەڕان، وازلیٚهینان.

**بگاردەر:** بواردەر بۆ نیر.

**بگاردەرە:** بواردەر بۆ میٚ.

**بگـارە:** گـوزەر، تیپەڕ، بـووەڕیس، ڕەوتـی تیپەڕین.

**بگارەپیدان:** ڕیگا پیدان، دەرفەت دان.

**بگارەدان:** بوواردان.

**بگدایٚ‌بگد:** هەرجومەرج، هەڵهەڵیشیو.

**بگدە:** بختە، بۆگدە، قەمە.

**بگر:** ١. وەرگرە، بیگرە، بگرە(ئەمرە)،٢. گرتن: (بگربکوژ)،٣. گیرندە، ئەوەی کەسیٚ یـا شـتیٚ دەگریٚ،٤. ڕەسەن، چاک، ئەسـڵ: (بە تـایبەت چەند ساڵیکە هینانی نەمـامی بگـر و ڕەسـەن) «نەگـڵ»،٥. حەمـل کە، فەرز کە، وایٚ‌دانـیٚ،٦. لەیٚ نوو بگر.

**بگرا:** ١. بگرەو، بیگرەوە: (گوونیەکە بگـرا)،٢. برەسە پییا،٣. پەل پوویٚ بگرەو،٤. دەسـوور وە تووک کەنین: (تووک یانە بگرا).

**بگران:** بگریان، بیان‌گرن.

**بگرانا:** بگرانەو.

**بگرانەو:** ١. ١. دەر گونیەگان بگرەو،٢. برەسە پیان،٣. پەل پوویٚ بگرەو،٤. یانە بگرەو: (یـانە خەمە خوار ت بگرانەو).

**بگرای‌بگر:** بگرەبگرە و بگرە و بیبەستە.

**بگربگـر:** هەنگـامە، ڕەشـبگیر، هەراوهوریـا، قاڵمەقــــاڵم: (لە بەر هەوهەوی دە ســــواران، بگربگری باب‌نۆکەران) «گەنجی سەربەمۆر».

**بگردا:** بگردیا، ئەگەر دەیگرت.

**بگردات:** بگردیات، بگرداد، ئەگەر دایگرت.

**بگرداتان:** بگردادان، ئەگەر ئەوانەی دەگرت.

**بگرداد:** بگردات.

**بگردام:** بگردیام، ئەگەر دەمگرت.

**بگردامان:** بگردیامان، ئەگەر دەمگرتن.

**بگردامانەو:** بگردیامانەو.

**بگردامەو:** ١. ئەوە بگردام، ئەگەر دەمگـرت، ٢. بگردیامەو، ئەگەر پیی دەگەیشتمەوە.

**بگردامەوەیٚ:** ١. برەسیامە پیٚ،٢. بگردیامەوەیٚ.

**بگردامەیٚ:** ١. ئەگەر ئەو بگردام،٢. بگردیامەیٚ.

**بگردامیا:** ١. ئەر ئەوە بگردام،٢. بگردیامیا.

**بگرداميان**: ١. بڕەسيامە پيان،٢. بگرديامێيان.
**بگردامێيانەو**: ١. بڕەسيامە پيان،٢. بگرديامێيانەو.
**بگردامێەو**: ١. ئەر ئەوانە گرتووم،٢. بگرديامێەو.
**بگردان**: ١. ئەوە بگرديان،٢. بڕەسيانە ئەوەوا.
**بگردانەو**: ١. ئەوە بگردان،٢. بڕەسيانە پيا.
**بگردانەوەێ**: ١. ئەوە بگردان،٢. بڕەسيانە پيا.
**بگردانەێ**: ١. ئەوە بگردان،٢. بڕەسيانە پيا.
**بگرداى**: ١. ئەوە بگردياى،٢. بڕەسيايدە پيا.
**بگردايا**: ١. ئەوە بگردايا،٢. بڕەسيايدە پيا.
**بگردايان**: ١. ئەوانە بگردياى،٢. بڕەسيايدە پيانا.
**بگردايانەو**: ١. ئەوانە بگرديايانەو،٢. بڕەسيايدە پيانا.
**بگردايم**: ١. ئەوانە بگرددياىم،٢. بڕەسيايمە پيانا.
**بگردايما**: ١. بگرديايما،٢. بڕەسيايمە پيانا.
**بگردايمان**: بگرديايمان،٢. بڕەسيايمە پيانا.
**بگردايمانا**: ١. بڕەسيايمە پيانا،٢. بگرديايمانا.
**بگردايمانەو**: ١. بڕەسيايمە پيانا،٢. بگرديايمانەو.
**بگردايمن**: بگردايم.
**بگردايمەو**: ١. بڕەسيايمە پيانا،٢. ئەوانە بگردايايمەو.
**بگردايمەوەێ**: ١. بڕەسيايمە پيا،٢. بگرديايمەوەێ.
**بگردايمەێ**: ١. بگرديايمەێ،٢. بڕەسيايمنە پيا.
**بگردايميا**: ١. بگرديايميا،٢. بڕەسيايمە پيا.
**بگردايميان**: ١. بڕەسيايمە پيانا،٢. بگرديايمان.
**بگردايميانا**: بگرديايمانا.
**بگردايميانەو**: ١. بڕەسيايمە پيانا،٢. بگرديايميانەو.
**بگرداين**: ١. بگرديايين،٢. بڕەسيانە پيانا.
**بگردainا**: بگردياينا.
**بگردainان**: بگردياينان.
**بگردainانەو**: بگردياينانەو.
**بگردainەو**: بگردياينەو.
**بگردainەوە**: بگردياينەو.
**بگردainەوەێ**: بگردياينەوەێ.
**بگردainەێ**: بگردياينەێ.
**بگردainيا**: ١. بگرديايانيا،٢. بڕەسياينە پيا.
**بگردainيان**: ١. بگرديايانيان،٢. بڕەسياينە پيا.
**بگردainيانەو**: بگرديايانيانەو.
**بگردainێەو**: بگرديايانێەو.
**بگردگ**: ڕابردوو، ڕابوردوو، لەمێژينە.
**بگردن**: ١. بەخشين، پيدان، دان،٢. بوردن، چاوپۆشى لێكردن.
**بگرديا**: بگردا، ئەگەر دەيگرت.
**بگرديات**: بگردات.
**بگرديام**: بگردام.
**بگرديان**: بگردان.
**بگردياى**: بگرداى.
**بگرن**: ١. حەمڵ كەن،٢. ئويە بگرن،٣. بيگرنەوە، بسێننەو.
**بگرنا**: ١. بڕەسنە پيا،٢. دەرێ بگرنا،٣. پەل پووێ بگرنا،٤. دەسوور وە گرتن: (كەولْيان بگرنا)،٥. گرتنەوە.
**بگرنان**: بگرن.
**بگرنانا**: بگرنانەو.
**بگرنانەو**: ١. بڕەسنە پياو،٢. پەل پوويان بگرنەو،٣. در گونيەگان بگرنەو،٤. بسێننەو.
**بگرنەمل**: وە مل بگرن.
**بگرنەو**: ١. بڕەسنە پيانەو،٢. دەر گونيەگە بگرنا،٣. پەل پووێ بگرنەو،٤. لە ليان بسێننەو.
**بگرنەوەێ**: ١. بڕەسنە پيا،٢. دەر گونيەگە بگرنا،٣. لەێ نوو بگرنەو،٤. پەلێ بگرنەو.
**بگرنەێ**: ١. بيگرنەوە،٢. بڕەسنە پيا.
**بگرنيا**: ١. بڕەسنە پيا،٢. دەر گونيەگە

بگرنەو،٣. لەیٚ نوو بسێننەو،٤. پەلیٚ بگرنا.
**بگرنێان**: ئەوانە بگرنم.
**بگرنێانا**: ١. بڕەسنە پێانەو،٢. لەیٚ نوو بگرنەو،٣. پەلیٚ بگرنەو.
**بگرنێانەو**: ١. بڕەسنەو پێانەو،٢. پەل پووی بگرنەو،٣. لەیٚ نوو بگرنەو.
**بگرنێەو**: بگرنێا.
**بگروبووەس**: بگربگر، هەمهەمە.
**بگرە**: ١. بگر، بیگرە: (نانەکەم لیٚ بگرە)،٢. دابنیٚ، وای دانیٚ، وەبزانە، وابزانە: (خێزی ڕیٚ وەک پۆلوی ئاگر/ داغ بووە، بگرە لەو چاتر) «هێدی».
**بگرەبگرە**: بگرەوبەردە، هەراهەرا: (لەو بگرە بگرە، داد و بستێنە/ دایکی بە گریان شامی بۆ هێنا) «بارام و گوڵەندام».
**بگرەبەردە**: هەنگامە، بگربگر، بگرە و بەردە، گرتن و بەردان: (لە ئۆحە ئۆحەی گاوان و قیبڕە قیبڕی شوان/ لە بگرە بەردەیی کابان دەبێتە حەشر و حەلا) «حاجی قادر».
**بگرەمل**: وە مل بگرە.
**بگرەو**: بگرا.
**بگرەوان**: بەگریانەوە×١٩٧پ.×: (بگرەوان باچان لیلاییم لیلەن/ یە نامەی مەلان ئەزانی ویلەن) «مەلای جەباری».
**بگرەوبکێشە**: هەراهەرا، کێشمەکێش.
**بگرەوبگر**: بگرەوبگرە.
**بگرەوبووەسە**: بگرەوبەستە.
**بگرەوبەردە**: ١. دەردیسەری، گرفتاری،٢. بگرەبەردە، هەرا و ئاژاوە، ئاگا نەبوونی کەس لە کەس: (سێمینە ئیلتیجام دەڵێم غەوسی عاسیان/ هاواری بگرە بەردەیی ئاشووبی مەحشەرە) «نالی».
**بگرەوبێنە**: بگرەبگرە، بگرەوبەردە: (کوا قاوە و قلیان، پیاڵەی فەغفووری/ کوا بگرە و بێنەی حاکمدەستووری) «بارام و گوڵەندام».
**بگرەوەیٚ**: ١. بڕەسە پێەو،٢. بگرا، بیگرەوە،٣. پەلیٚ بگرەو.
**بگرەیٚ**: ئەو بگر، بیگرە.
**بگری**: ١. گریە بکە،٢. ئەگەر بگریدەو،٣. ناوی گۆرانییەکە: (دایە گیان بگری لە سەر خاکم کە وا شینم دەویٚ/ زۆر بگری دایە گیان، فرمێسکی خوێنینم دەویٚ) «ماملیٚ».
**بگریٚ**: بیگری، ئەو بگرێد.
**بگریا**: ١. بڕەسیدە پێا، بگریدا،٢. بگریدەو.
**بگرێا**: ١. بگرەو،٢. بڕەسە پێا.
**بگریان**: ئەوانە بگری، بگریدان.
**بگرێان**: ئەوانە بگر.
**بگریانا**: ١. بڕەسیدە پێانا،٢. بگریدانا.
**بگرێانا**: بگرانا، پێیان بگەوە.
**بگریانبیا**: گری تیٚچوایە، بسووتایێ: (موازوون ئەر دڵ بگریان بیا/ بیا کۆگای زووخاڵی سیا) «بێسارانی».
**بگرید**: بگری.
**بگرێد**: بگریٚ.
**بگریدا**: ١. بڕەسیدە پێا،٢. بگریا،٣. بسێنیدا.
**بگرێدا**: ١. دەر گونیەگە بگریدەو،٢. بڕەسێدە پیٚ.
**بگریدان**: بڕەسیدە پێان.
**بگرێدان**: بڕەسێدە پێان.
**بگریدانا**: بڕەسیدە پێانا، پێیان بگەیتەوە..
**بگرێدانا**: بڕەسێدە پێانا، پێیان بگاتەوە.
**بگریدانەو**: بڕەسیدە پێانەو.
**بگرێدانەو**: بڕەسێدە پێانا.
**بگریدەمل**: وەمل بگری.
**بگرێدەمل**: وەمل بگریٚ.
**بگریدەو**: بڕەسیدە پێەو.
**بگرێدەو**: بڕەسێدە پێەو.

**بگریدەیٚ**: بڕەسیدە پیٚا.
**بگریٚدەیٚ**: بڕەسیٚدە پیٚا.
**بگریدیٚا**: بڕەسیدە پیٚا.
**بگریٚدیٚا**: بڕەسیٚدە پیٚا.
**بگریدیٚان**: بڕەسیدە پیٚان.
**بگریٚدیٚان**: بڕەسیٚدە پیٚان.
**بگریدیٚانەو**: بڕەسیدە پیٚانا.
**بگریٚدیٚانەو**: بڕەسیٚدە پیٚانا.
**بگریم**: ۱. حەمڵ بکەیم،۲. ئیمە بگریم.
**بگریما**: ۱. بڕەسیمە پیٚا،۲. بگریمن.
**بگریمان**: بڕەسیمە پیٚانا.
**بگریمانا**: لەیٚ نوو بڕەسیمە پیٚانا.
**بگریمانەو**: بڕەسیمە پیٚان، بگریمەو.
**بگریمن**: بگریم.
**بگریمەمل**: وە مل بگریم.
**بگریمەو**: ۱. دەر گونیەگە بگریمەو،۲. بڕەسیمە پیٚانەو.
**بگریمەوەیٚ**: بڕەسیمە پیٚا.
**بگریمەیٚ**: ئەو بگریم.
**بگریمیٚا**: بگریمیٚەو.
**بگریمیٚان**: ئەوانە بگریم.
**بگریمیٚانا**: بگریمانا.
**بگریمیٚانەو**: بگریمیٚانا.
**بگریمیٚەو**: ۱. بڕەسیمە پیٚا،۲. بگریما.
**بگرین**: ۱. ئەوانە بگرین،۲. حەمڵ کەن.
**بگرینا**: بگرینەو.
**بگرینان**: ئەوانە بگرین.
**بگرینانا**: بگرینانەو، پیٚیان بگەنەو.
**بگرینانەو**: بگرینانا.
**بگرینەمل**: وە مل بگرینە.
**بگرینەو**: بگرینا.
**بگرینەوەیٚ**: ئەوە بگرینەو.
**بگرینەیٚ**: ئەو بگرین.

**بگرینیٚا**: ۱. بڕەسینە پیٚا،۲. بگرینیٚەو.
**بگرینیٚان**: ئەوانە بگرین.
**بگرینیٚانا**: بگرینیٚانەو، پیٚیان بگەنەوە.
**بگرینیٚانەو**: بگرینیٚانا.
**بگرینیٚەو**: بگرینیٚا.
**بگریەم**: بگریم، گریان بکەم: (لە گۆشەی زاویەی خەمدا بگریەم بۆ بەجیٚماویم/ دوڕی فرمیٚسکی گریانم، بە لوولووی شەوچرا نادەم) «قانع».
**بگلەر**: بەگلەر.
**بگلەری**: بەگلەری.
**ب گلیکیٚ**: بەکورتی، خولاسە: (گورا گەرەک پەزیٚ وی نەخوارا، ب گیلکیٚ، گوهیٚ پەزەکیٚ خوین نەبوونا) «مەستوورە».
**بگنۆ**: ۱. بکەویٚ، بکەویٚتە، بکەفیٚ: (ئەسرین جە دیدەی خەرامانی تۆ/ جە سەر بتکیٚو، بگنۆ وە گڵکۆ) «بیٚسارانی»،۲. ڕابکا، دەرچیٚ: (یانیٚ چیٚش نەفام نە ڕووی عەرسەی دەور/ بگنۆ نە دامت شابازیٚ تەی تەور) «خانای قوبادی»،۳. ڕووبدات.
**بگنۆشانەدەست**: بکەویٚتە دەستیان.
**بگنۆشنەدەم**: بکەویٚتە دەمی.
**بگنۆشنەوەند**: بکەویٚتە داوی.
**بگنۆما**: بمانکەویٚ.
**بگنۆمان**: بمانکەویٚ: (با جا بگیٚلمیٚ سارا و کۆ پەیوەست/ بەڵکە ئەحواڵیٚ بگنۆمان جە دەست) «خانای قوبادی».
**بگنیموەدەس**: بکەویٚتە دەستم.
**ب گوپک**: شکۆفەدار، پشکووتوو: (هەریٚ گەلاڤیٚژیٚ تو چەندا ب هەڤرکی/ تە ئەڤینا دگەل گولیٚ وۆ/ نەیاری یا دگەل دار و باریٚ ب گوپکی) «حەیرانۆک».
**بگۆر**: ئامیٚریٚکی کۆنترۆلکرنا تیٚهنا کارەبیٚ.

**بگۆشت**: گۆشتن، قەلەو، چاخ.
**ب گول**: ١. گول لێ، گوڵدار: (بەرێ مالا ب گوله/ پشتا مالا ب سومبوله) «حەیرانۆک»،٢. گوڵکردوو، پشکووتوو: (بهنا سورێ باغێ ب گول/ بێتە دەماغێ، چیتە دل/ ژێ دین دبن ساحبعەقل/ ژ دیدار و دهنا غەفلەتێ) «فەقێ تەیران».
**ب گومان**: گوماناوی، جێی شک.
**بگووئەژنەو**: بگووئەشنەو.
**بگووئەشنەو**: گوێدێر، پەندپەزیر، نەسیحەتگر.
**بگووش**: بجەڕن، بیگوشن.
**ب گوهکەتن**: بەرگوێ کەوتن، بیستن: (زین مرنا مەمێ ب گوه کەت/ گۆیا مربو ژ نو ب رح کەت) «خانی».
**ب گوی**: ب گوو، گواوی: (یێ هەڤالینا بچویکان بکەت، دێ پوزا وی ب گوی بیت) «پەند».
**بگە**: بگەیە، بگەرێ، بڕەسە: (بگە تا نویژت نەچووگە).
**بگەڕ**: گەڕۆک، گەڕیدە، گڕهوویڕ، سەیاح.
**بگەستام**: بیگەستایەتم، پێوەی بدایەم: (دریغ جەو خاودا شامار بگەستام) «بێسارانی».
**بگەووە**: بەهێز، بەتین، هێزدار.
**بگەهت**: بگا، بگات، بگاتە: (دی ژ هیر کو بگەهت دەست ڤ پەیکی حەرەمێ) «جزیری».
**بگەهیتە**: بگەیتە، بگاتە: (حەتتا بگەهیتە قەلبێ زەوقەک) «خانی».
**بگەهینی**: بگەیێنی، بگەیەنی: (سەد سەلامان بگەهینی ژ مە وێ پادشەهی) «جزیری».
**بگهێژ**: بگهێژە، بگهیش، بگە، بگەرە.
**بگهێژە**: بگهێژ.
**بگهیش**: بگهێژ.

**بگهین**: بگەین، بگەیەنە.
**بگەینە**: بگین.
**بگێ**: ١. بێژە، بڵێ،٢. گان بکە.
**بگیان**: ١. قەڵەو، گۆشتن، بەگۆشت،٢.گیاندار، ڕۆحلەبەر.
**بگیر**: ١. گرتن، پاشگری بکەرییە: (ڕەشبگیر)، ٢. وەرگر، ئەستێن، ستێن: (حقوقبگیر).
**بگێڕ**: ١. هەڵسووڕێن، هەڵسووڕێنەر، مودیر، مدیر، کارگێڕ، بەڕێوەبەر،٢. خولدەر، سووڕدەر،٣. نمەدماڵ، نمەدساو، نەوگماڵ، کەچەچی، لەبوچی، کولاڤکەر، ئەوەی بەرگن دەپەستێوێ.
**بگیران**: ١. بگارد، بجێی هێشت، لەبیری کرد، ٢. بگرن.
**بگێران**: بگرێ، وەرگرێ: (سیوەیل پەی شادەن، خەزان ڕەنگ و بۆ/ بگێران جە شەوق شۆڵەی ڕەنگی تۆ) «بێسارانی».
**بگێرانن**: بگاردن، تێپەڕاندن، ڕابواردن.
**بگێرۆ**: بگرێ، بگرێتە: (دەردەدار کەسێن دەردش بۆ نە سەر/ دوودش کۆی بێستوون بگیرۆ نە وەر) «بێسارانی».
**بگێرو**: ١. بگرم، بگرمە: (شەرتەن نامەکەت بگێرو نە بەرگ) «ش. محەمەدی دان»،٢. بگرێ، بگرێتە: (بگێرۆ نە دڵ خەشمی گەدایێ) «بێسارانی».
**بگیرۆش**: بیگرێ: (بگیرۆش لوجام پەهلەوان بە سەخت/ تا سەر نەکێشۆ بە وەخت و بێ وەخت) «خانای قوبادی».
**بگیرۆقەرار**: ئارام بگرێ: (سا مەگەر وەقتێ بگیرۆ قەرار/ غەڵتان بوو فانی واسڵ نە پای یار) «بێسارانی».
**بگێرۆمقەرار**: بسەکنم، ئارامبگرم: (نیەن توانام بگێرۆم قەرار/ ئێدەن قیبلەکەم ئامان وە هەوار)

«مینەجاف».
**بگێروون**: بگـرم: (خەمە فرسـەتێ سـاتێ، وە بـێخەم/ گەرد پـاڵاکەش بگێـروون وە چەم) «مەولەوی».
**بگیرە**: وەرگر، ئەستێن بۆ مێ.
**بگێـرە**: ١. بگـرە: (تسـکنۆ زەوجەیـن بگێـرە نەزەر) «م.ح. دزڵی»،٢. ببێ، بـگەڕێ: (شـاداب بگێرە قەلبێ مەحزوون) «خانی».
**بگێرەدەست**: دەسـت بگـرە: (دەیسـە بگێـرە دەست بە زامەوە) «بێسارانی».
**بگێرەش**: بیگرە، بگرە: (بگێـرەش وە دەسـت هەی ئاوات‌واستە) «بێسارانی».
**بگێرەش‌نەدام**: بیخەیتە ناو تەڵە: (پەی سـاکنیی دەرد بگێرەش نە دام) «بێسارانی».
**بگێریی**: کارگەچێتی، کار نمەدماڵ.
**بگێـــڵ**: بـگەڕێ: (دەی سـا هەر بگێـڵ بەی دەشت و دەر دا/ کۆ کۆ کۆگـای خـاک بـکەر وە سەردا) «خانای قوبادی».
**بگێڵان**: بگێرە: (نـامەم بگـێڵان وە هـۆزانەوە/ بـــدەروش وە دەس دڵســـۆزانەوە) «مەلای جەباری».
**بگێڵمێ**: بگەڕێین: (با جا بگێڵمێ سارا و کـۆ پەیوەسـت/ بەڵـکە ئەحـواڵێ بگنۆمـان جە دەست) «خانای قوبادی».
**بگێڵۆ**: بگەڕێ، بسوورێ: (با پـڕ بـۆ جە مەی سوراحی و جامم/ چەندێ بگێڵۆ دنیا بە کامم) «بێسارانی».
**بگێڵوو**: بگەڕێم، بسووڕێمەوە: (چـون لۆنـگ مەجنـوون بـدەوش وە کـۆڵدا/ بگێڵـوو وە دەشت پای سارای چۆڵدا) «مەولەوی».
**بگێڵـــوون**: بگەڕێـم: (بگێڵـوون چەنـێ هـامفەردان وە شـاد/ وە سـەر بەرزاندا خەم بدەون وە باد) «مەولەوی».

**بگێم**: ١. بێژم، بڵێم، ببێم ٢. نزیکی بکەم.
**بگێمتە**: بە تۆ بڵێم، بێژمە تە، پێت بڵێم.
**بگین**: بگەهینـە، بگەیـنە، بـگەیەنە: «دا ببینـی سـەنەما مـن، تـو بگـین خوبـدەخت- بـکە تەخلیسـی جـوابێ مە ژ ڤـێ موختەسـەری» «جزیری».
**بل**: ١. جگە، بێجگە، غەیـری، ئەڤە نە، ژ بـل، ژ بلی، بـێ لە: (هـاتە دەسـتێ مە درەڤسـێ و دگۆ بل ژمەلێ/ دەسـت بـکەس دی دسـەمایا کـومەلاتێ نـادم) «جزیـری» ٢. گەورا، زل،٣. ڕۆیشـتن،٤. وشـتر: (کەر و بـل بـاوی نـامێنێ وەکو کۆلارە هەڵدەفڕێ) «م.ح. دزڵی».
**بڵ**: ١. تاقگەی بڵ لە نزیک کۆسـەی هەجـیج دەرژێتە ناو چۆمی سیروانەوە: (تاو لە هەنـیەی تۆوە فێری خەندە بوو/ چـۆمی بسـکت بـۆنی تـافگەی بـڵ دەدا) «حیکمەتـی»، ٢. تـافگە، ئاوشـار،٣. گونـدی بـڵ،٤. شـل، نەرم: (ئێسـتا هـاتوچۆی مانـگ و سـاڵانی زۆر بە سـەریا گۆناکانیان سیس و مەمکەکانیان بڵ کردۆتەوە) «پێکەنینـــی‌گەدا»،٥. میـوەی زۆر گەیشـــتوو: (ئەوی بە ڕواڵەتی جوانە و دڵی، نا/ لەلای من وەک شەمامێکە بەڵام بـڵ) «خـاڵەمین»،٦. بێـڵ، بیـل، خـودا: (کانیبـڵ: چەشـمەی خـودا)،٧. مەمکێـک کە وەک پێشـوو شـەق و تـورت نەمابێ.
**بلا**: ١. بلا، بلان، بلائێ، ئێ، با، دەبا، بۆ بەهێز کردن و جەخـتە: (دەڤ ژێ بەردە بـلا بـچە) «پەند»،٢. چش، بەتـوون: (بـلا گـوڵ ئاتەشـی تێ‌بەربێ، پەروانە بێ بولبول/ دەبێ هەر بچمە بـــاغ و ڕازی دڵ شـــەمێکی بەر بـــا دەم) «مەحوی».
**بڵا**: ١. بەڵا، بلانە، سا، دە، دا، دەبا، دەجا، بـلا: (ڕەفیقـــان! مـــن ئەوا ڕۆیـــیم لە لاتـــان/ لە

مەزلوومان بـلا چـۆڵ بـێ ولاتـان) «نـالی»،٢. چش، لێی‌گەڕێ، قەیدی ناکا: (بلا سا شـار بە شار و دێ بە دێ بین/ لە دەس یاران بکەیـن تەیـی ولاتـان) «نـالی»،٣. بەڵام، بەڵان: (لەبەر تازەگرفتاران، دەزانـم مەیلـی مەت نـاوە/ بـلا جـارێ لە مەش پرسـە، کە ئـێمەش بـووین گرفتـارت) «ئەدەب»،٤. بلـێن، بێـژن: (ئەممـان ئەوە دەوران پشتی دە نەورۆزێ ئەوان گـوڵان دەبووژێنەوە/ ئای دە بـلا بچـنە کـن بـاری دە کۆشکەڵێ) «گەنجی سـەربەمۆر»،٥. بەڵا، بەرد، ئەنگەمە، مسیوەت چاوەڕوان‌نەکراو.

**بلابچین**: با بڕۆین.

**بلاتە**: بالەتە، باڵاتە، سەرەتای گەیشتنی میوە.

**بلاتە**: وای وەهاری ک چوزەرەێ دارەیل چەقنێد.

**بلاتەش**: وە وێنەی نەو، بلاتەشمەرێ.

**بلاتەشمەرێ**: بیلاتەشبی، بلاتەشبیھ بـلاتەش: (جفتـێ گووشـپارەێ تـلاش نە گووشـــە/ بلاتەشـــــمەرێ شـــــاێ تلاپووشـــــە) «مەلاحەقعەلی‌سیاپووش».

**بلاتینک**: پەپوولە، پەڕپەڕۆک، پەلپەلیسک.

**بلاجووهەر**: هەورەتریشقە.

**بلاجەو**: سەیر، سەمەرە، عەجایب: (ئی کـارە فرە بلاجەوە).

**بـلاچە**: ١. برووسـکە، برووسـک، تریشـقە، ڕەدبەرق،٢. بلێسە، گڕ، شۆڵە.

**بلاچانن**: هەورەبرووسکە، تریشقەی ئاسمان: (ئاسمان بلاچنێ).

**بلاچوهۆڕ**: هەورەگرمە، هەورەتریشقە.

**بلاچە**: بلاچە، برووسکە، بریقەی هەور.

**بلاچەئاگر**: بلێسە، گڕی ئاور.

**بلاچەهڕ**: گرمهڕ، چەخماخە.

**بلاخ**: گەڕاو، پلاخ، ئاوگەرم، کانیاوی گەرم.

**بـلاد**: ××: (بـلادم ئەز ل سـەودایێ ١٢٠×) «فەقێ تەیران».

**بـلادان**: ×٢٦٦×: (تریـاک بـلادان محـنەتە) «فەقێ تەیران».

**بلاروکـــۆ**: ×٣٨٤×: (شـاخێ سـترویێیا بلاروکۆ/ تە ژ هەڤ قەتاندێیە دەستێ زاڤا و بوکۆ) «گەنجی سەربەمۆر».

**بلازە**: بلووزە، بلێسەی ئاور.

**بلازیــز**: بەلازیـز، گەزیـزە، گـوڵە گەزیـزە، گوڵێکی سـەرەتای بوهـار و نەورۆزە: (کـولێ دیت ئەو قەبـایی ئاسـمانی/ لەتیفـا شـەنگ و نازک وەک بلازیز) «جزیری».

**بلاش**: ١. لاناوە لە ملهڕ، زۆردار،٢. ناو یەکێ لە پاتشایل ئەشکانی و کـوڕ یەزدگـورد دویەم بووە.

**بلاغ**: بولاق، کانی، چاوە، هانی(باشبلاغ).

**بلاڤ**: بلاو، بلاوە، پرژ، پرش، بەلاڤ: (دهۆکا ڕەنگـین یـا بـلاڤە/ کێلیـا شـەدا ل هنـداڤە) «حەیرانۆک».

**بلاڤ کـــرن**: ١. بلاوکـردنەوە،٢. بەخشـینەوە: (هندی کو ب کەر دکی قوماشان/ هنـدی کـو بلاڤ دکی مەعاشان) «خانی».

**بلاڤــێ**: بـلاڤە، نـاوی گونـدێکە لە دەڤەری ئامێدێ.

**بلاقیــل**: بێقسـە، بێقسـەوباس: (تـو نـاری فیرقەتـێ زانـی، دکـارم ئەز تەحەممـول کەم/ دیـاری کـوهی قەنـدیلم بلاقیـل د عشـقێدا) «جزیری».

**بلاکوتک**: باڵدارێکی دەنگ‌خۆشە.

**بلال**: ١. ناوی مرۆڤانە×: (ل نـاڤ مەدا بـلال ساخە ئەو ژی دربت خوین) «پەنـد»،٢. نـاوی گیایەکە؟؟؟؟؟××××

**بلالک**: بەلاڵووک، بلاڵووک.

**بلاڵوک**: بەلاڵووک، ئاڵوباڵو.

**بلالووک**: ئالووبالوو، بەلالووک.
**بلالووک**: بەلالووک.
**بلالووکەکێفیلە**: ئالووبالووی کێوی.
**بلالووکەکێویلە**: دارێکی کورتەبالایە بەری سوور و وردە.
**بلاڵە**: پەسیرەی هەنجیری.
**بلام**: ١. بەلام، بەلان، بلام ٢. بلاو، قایشێکە لە تەنگەی ئەسپی سەرکێشەوە لە لەغاو قایم دەکرێ: (هیوای بەختەوەری ئەهات، زیاد بێ، بەلام دێوەزمەی شەڕ/ بە چوارناڵە ئەوە وەک ئەسپی سەرکێشی بێبلام دێ) «هێدی».
**بلام**: بەلام، بەلان.
**بلامانێ**: بیلامانێ، بلاتەژبێ: (نەنکە پیرۆز خۆی ڕانەئەگرت، بلامانێ ترکەن بوو) «ڕشتەی مرواری».
**بلامک**: بزمک، بزمۆک، بلاوک، پووزبەن.
**بلامکەر**: زۆرخۆر، فرەخۆر، بغور.
**بلامکەری**: زۆرخۆری.
**بلان**: ١. بلا، بلا: (دەڤ ژێ بەردە بلا بچە)،٢. گوندێکە لای ئەتریش و شێخان.
**بلان**: ١. بەلان، بەلام،٢. بلان، بلا، بێلا.
**بلاندن**: ١. کەم کرنەوە، کێم کرن: (تەلەویزیۆنا خوە ببلینە)،٢. خو ل هەڤ دان، خۆ لەنگ کرن، خۆ خافلاندن.
**بلانگە**: بالیف، بالگە، بالیو.
**بلانە**: ١. بلا، سا، با، بلانێ: (هەرچی دەبێ، بلا ببێ، حەق هەر حەقە حەسەن/ نینە لە ڕێی وەتەن خەمی دەرکردن و جنێو) «سەیف»،٢. لێگەرێ، بێلانە.
**بلانە**: بلانە.
**بلانێ**: باوابێ، بلانێ وابێت.
**بلاو**: ١. دانەلغاو، ئالقەی ناو لەغاو ٢. بلامی ئەسپی سەرکێش ٣. شینگێر، بوویژ، مووشگەر، لاوێنەر، مردوولاوێن، ئەوەی بە مردوودا هەڵدەڵێ ٤. بەلاڤ، بەلاو، فڕ، شاش، نەهمبس: (نویژ بەتاڵ ئەبێ، جەماعەت بلاو/ چەن پیرێک ئەبن بە خڵتەی لافاو) «گۆران».
**بلاو**: ١. پەرت، پەڕش، چرژ، پژیاگ، بلاڤ، بەلاڤ، بلا، بەلا، چرڤر، پرژ، پرش، وولاو، وەلاو، بەردبار: (بنە ڕووخان و سیپە چۆڵ و هۆلن/ بلاون ڕاوکەر و باڵندە پۆلن) «هێمن» ٢. ئاشکرا، دیار، خویا،٣. پێزانراو: (خەبەر وا بلاو بووە کە ئازار هاتگە)،٤. گوشاد، فرە، بەرەودەر: (بێژنگی کون بلاوم ناوێ)،٥. ڕۆیشتنی دەنگ و قسیە و باس بۆ دوویر،٦. پەتپساو، دەنکبلاو: (دەڵێن ڕەحیم نەماوە/ خوێنی لەوێ ڕژاوە/ خەنجەر لەوێ چەقاوە/ دەسحێب لەوێ بلاوە) «فۆلکلۆر».
**بلاوبوون**: ١. چرژان، تەنینەوە، پرژان،٢. پەڕاکەندە بوون: (ئەبرۆ و جەبین و ڕوخی بێشوبهە و میسالن/ تێکەڵ بە گوڵ و یاسەمەن و غەرقی لالن/ .../ وا جوملە بلاون لە گەریبانی گوڵندام) «وەفایی».
**بلاوبوونەوە**: ١. پرژان، پرژیان، بلاڤبوون،٢. پەڕاکەندە بوون: (بلاو بوونەوە لە ناو خاس و عام/ جۆکەریان کردە ویردی سوبح و شام) «پیرەمێرد».
**بلاوج**: شاخێکە لە باشووری خۆرهەلاتی دێی شانشینی بیجاڕ.
**بلاوچ**: بلاوج.
**بلاوک**: بزمک، زاربێن، بلامک، قەمتەر.
**بلاوژن**: موورهار، ژنی شینگێڕ.
**بلاوکران**: پەخشان، بلاڤبوون.
**بلاوکردن**: پشاندن، چرڤراندن، چرپاندن، چرژاندن، پرژانن، پرشانن، بەلاڤ کرن: (تا باشی بلاو کا لێک، ئەندامی لەکارکەوتووم/

بـابردەیی ئەو دەشــت و ســارا و بیابـانەم) «ئاوات».

**بڵاوکردنەوە**: ١. پەرژکردن، پڕژانـدن: (چـی دین و گەلن لەناوی بردن/ یان تەرت و توونا و بڵاوی کردن) «خانی»،٢. ڕاگەیانـدنی هەواڵ: (ئێوارەی جومعە وا لە ڕادیۆ/ بـڵاوی کـردەوە گرانیی جۆ) «مینەجاف».

**بڵاوکەرەوە**: پەخشکەر، پرژێنەر.

**بلاوە**: ١. ئالقەی ژێر دانەلەغـاو ٢. بەلاوە، بەر لەوە، لەپێش‌دا،٣. گوندێکە.

**بڵاوە**: پەرەکەندە، پەرەکەندەیی، پەرەگەنـدەیی، دژی خڕبـــوونەوە: (بــڵاوەی کــرد و ڕۆیــی کۆمەڵەی یاران و ئەهلی دڵ/ لە شوومی بەختە «مەحـوی» مـاوە، بـێ یـار و ڕەفیـق ئەممـا) «مەحوی».

**بڵاوەبوون**: بڵاوبـوونەوە: (چلـۆن ئابڕوومـان بووە بڵاوە/ ئیختیـارم دە مست کچـێ مـاوە) «تۆحفە».

**بڵاوەپێکردن**: پەرت و بلاو کردنەوە.

**بڵاوەکــردن**: بڵاوبـوونەوە: (ژنـان خەریـک بوون بڵاوەیان دەکرد) «عەسکەری».

**بڵاوەلێکردن**: بڵاوبوونەوە، دوورکەوتـنەوەی ئاپۆرەی خەڵک لە شتێ.

**بڵاوەند**: ناوی تیرەیەکە لە هۆزی مامەش.

**بڵاوی**: پەخشی، پەرتی، پرژاویی.

**بلاوێن**: ١. خۆش، سازگار✖: (هەوای پـاڵفتە و نە گەرم و نە سـاردی، تـا بلێی بلاوێـن و دڵڕاگــرە) «نەگـڵ»،٢. لاویـنەر، لاوێـنەرەوەی مردوو،٣. دلۆڤانیکەر، دڵداریکەری کەسـێ، ✖ ١٠٣ ڕاوچی ✖

**بل‌باریک**: لەڕ، لاواز، بەلەباریک، بەلەباریکە.

**بڵباز**: بڵباس.

**بلباس**: ١. خێڵێکی گەورەی کۆچەری کوردن، ئەم تیرانەن: وەجاخی کاخدری، ئاکۆ، مەنگوڕ، پیران، مامەش: (وا ڕێگەتان دەبەسرێ عێلاتـی جـاف و بڵبـاس/ گەر مـردوون لە گەرمـێن مەمنووعە بچنە کوێستان) «حـاجی قـادر»،٢. نـاوی نـاوچەیەکە: (مایدەشــت و بـاجەڵان و سـانی هەورامـانەکەت/ پـژدەر و بڵبـاس و هەرکـی، جـافەتی و گـۆرانەکەت) «قـانع»،٣. ئەڵماس، بەردێکـی بەنـرخە،٤. چیـایەکە لای هەولێـر: (هەر ملەیەکـی زورگەزراو تـۆقەڵەی بێژنگ‌بەسـەری دۆنـدەی چیـا بلباسـان کە بە هەڵە، نـاوی زنجیـرەکەی بە سـەرد سـەپاوە) «خاک و چەوسانەوە».

**بڵباس**: ١. عێلی بلباس: (خۆ من قەرەنی ئاغا نـیم، گەورەی عێلـی بڵباسـان) «حەسـەن زیرەک»،٢. ئەڵماس،٣. سـیفەتێکە بـۆ تیـژی،٤. چیـایەکە لای هەولێـر: (دەجـا بـرادەرینە بریـا ئەمـن گوڵێـک بـام لە گـوڵی کەس‌نەناسـی/ ڕەخساباm لە نەویان، لە کەویان، لە قووچکەی بڵباسی) «گەنجی سەربەمۆر».

**بڵباسەتی**: دەڤەری ژێر دەسی عێلـی بڵبـاس: (ڕۆژێـک لە دێیەکـی بڵباسـەتی مەلایەکیـان نەخۆش بوو) «ڕشتەی مرواری».

**بڵباسی**: ١. شێوەی بڵباسان: (بڵباسـی و تونـد و تۆڵن/ بە مژۆڵ جەرگان دەکوڵن) «هێمن»،٢. سەر بە هۆزی بڵباس،٣. جۆرێ دروومانە.

**بلبال**: سەوزە، سەوزی، سەوزەوات، گژوگیای خواردنییە.

**بلبزیق**: جۆرە گیایەکە.

**بلبزیک**: جۆرە گوڵێکە ڕەنگ مۆزە بێ.

**بلبزێک**: جۆرێ گیایە.

**بلبزێکی**: جۆرێ گیایەکە.

**بلبسین**: واقبوون، ورمان.

**بلبسێن**: سەرگەردان، حەیران.

**بڵبشێو**: هەرکەهەرکە، هەرجومەرج.
**بلبل**: ١. بولبول، بوڵبوڵ، شالور، شالوول، چڤیکی خۆشبێژە: (وەک بلبلەکەی فەجری ئەزەل ویردمە ئەی یار/ بۆ ئەو گوڵە وا خەڵقی ئەکا حەمدی ئیلاهت) «گۆران» ٢. زمانپاراو، زمانتەڕ، قسەزان،٣. بریتی لە مرۆی خۆشخوان: (بلبلم دائیم دخوینم/ ئەز یەقین ئەر تە نەبینم/ دین دبم سەودا دمینم/ سەخوەش و سەکرانم ئەز) «فەقێ تەیران»،٤. شارێکی باکووری کوردستان سەر بە شاری کیلیس.
**بڵبڵ**: بلبل.
**بلبلۆ**: ئەی بولبول: (لەو دنالم لەو دکالم بلبلۆ هێلین هەرفت) «سندی».
**بلبلە**: ١. چەنەباز، زۆربڵێ ٢. بولبولە، پلپلە، پرپرە، جۆرێ خشڵە ٣. لوولەیێ مەسینی.
**بلبلیشک**: ماسوولە، ماسوولکە، لوولەی جۆلایی.
**بلبلیک**: نووکی قابان.
**بڵبوون**: زۆرگەیین، نەرمبوونی زۆری میوە.
**بڵبەر**: بوڵبەر، دێیەکە لە دێکۆی هەورامانی تەخت، بەشی ناوچەی مەریوان.
**بڵبیەی**: بڵبوون.
**بلتە**: بلتە، پلتە، دەنگی ئاو کاتێ شتی تێکەوێ.
**بڵتەبڵت**: فلقەفلق، بلتەی زۆر.
**بلج**: بلچ، گۆیژ، گێوژ، گڤویشک.
**بلچ**: بلج، گێوژ.
**بڵچ**: بلج، گێوژ.
**بڵچخ**: ڕوودار، سیرتخ.
**بڵچەزەردە**: گێوژی زەرد، گێووژی کێوی.
**بڵچەزەردی**: گۆیژە زەردە.
**بڵچەسوور**: ١. گۆیژی سوور،٢. گوندێکە لای مەریوان لە دێکۆی کۆماسی.
**بڵچەسوورە**: گێووژە سوورە.
**بڵچەسووری**: گۆیژە سوورە.
**بڵچەقوتی**: گۆیژی بچووک.
**بڵچی**: بلچ، گێووژ، گۆیژ.
**بڵچیۆ**: بە گۆیژەوە.
**بڵح**: ١. گێژ، گێل، گەمژە، هیچنەزان: (دنیا بەحەشتی بڵحانە) ٢. درۆزن، درۆکەر،٣. ڕەوشت ناشیرین، هەرزە، بڵح، قەحبە، حیز، مفلنگ: (بە پیری مەرگەوە فرسەخ بە فرسەخ ڕۆیون مەردان/ ئەوی باکی لە مردن بێ دیارە بڵح و نامەردە) «مەحوی».
**بلحات**: ١. فیڵ، فریو، بلعات، بیلعەت،٢. خراوە، خراپە.
**بڵحانە**: وەک بڵح، گەوجانە.
**بڵحایەتی**: کاری ناشیرین و بڵحانە.
**بڵحبییەی**: بڵح بوون.
**بڵحەڕۆمی**: ڕۆمی هەرزە، ڕۆمی ڕەوشت ناشیرین: (ئەوە ئازیز ئەمن بەغیلی نابەمەوە بە عەلی مروەتی/ ئەو لە دیوانی دە بڵحەڕۆمییان) «گەنجی سەربەمۆر».
**بڵحەڕوو**: ١. مرۆی چاوحیز، تۆلاز،٢. ژنی حیز و سووک و خەنەڕوو.
**بڵحی**: هەرزەیی، ئاکاری چەوتی.
**بڵحێتی**: بڵحایەتی.
**بڵخ**: ١. باری سەر زمان و لێو،٢. بەڵخ، خلت، خلتە، قاڵ، جرم، تلفی ئاوی کوڵاو: (ناوی سەماوەر بڵخ دەگرێ).
**بلخاخ**: هەراوهوریا، زەنازەنا.
**بلخۆر**: بەلخۆر، بەرخۆر، بەردخۆر، ساڤار، ساوار، دەغڵێکە دەخورێ.
**بڵخە**: هەیاهوو، زەنازەنا، هەلهەلبشێو.
**بلخینی**: بلخێنی: (ئێگر ژ جینارێ بەلەنگاز تو مەخواز/ کو ئەو ئاخە ژ بلخینیدا دبید قولۆز)

«گول‌شوون».

**بلخێنی**: ئـاوردانی کـۆن، بن‌خێنـی، بن‌خـانی، شۆمینه: (هەما ل وێ شەڤێ ئـاگرێ بلخێنی‌یـا ل ئەنبارا وی کەت و ملکێن وی گشـت پێـڕا شەوتییان) «گول‌شوون».

**بلـــدرک**: ١. دڕوو، دڕک ٢. دار و دەوەنـــی دڕکدار.

**بلدێشا**: گوندێکه لای ئەتریش و شێخان.

**بلسک**: ١. قولانج ٢. بسـته، بسـت ئاسـیاو ٣. پلووسک،٤. سێخ، سیخ.

**بڵسک**: ١. پلووسـک،٢. بڵووسـک،٣. بڵێسـه، بڵووزه،٤. سیخ، سێخ،٥. لیسک، تریفەی نوور.

**بڵسکک**: بس، بست.

**بڵسکه**: بڵسک، بڵێسه، بڵووزه.

**بڵغ**: بلخ، خڵته.

**بلغار**: دەباغی، پلغار، دەباخی پێسه.

**بلغور**: ساوار، ساڤار، برویش، هرووش.

**بلغوزاغاج**: چەمێکه لای قورووه.

**بلغەم**: بلغەم، بەڵغەم.

**بلفڕە**: باڵنـدەیەکی بچـوکی کەوەڵەیە لە کـاتی فڕیندا باڵی فش دەکات.

**بڵفنجگ**: بوچگ و بەدماژه، گچکه و بەوریخت.

**بلفول**: بزماری بددانۆک.

**بڵفەته**: ١. چاوەقووڵکه، نەخوەشی تاعوون،٢. گوڵفەته، گاهس: (مافەته و بلفەته).

**بلق**: بڵق.

**بڵق**: ١. بلق، پەقیشک، گومزه، گومەزه، بۆقژه، پـۆقژه، بەقبەقـۆک، پەقپەقـۆک، پەقیـژۆک، بقلیقۆک، بکلیقۆک، قلـپ، پـۆرگی سـەر ئـاو: (ماسی سیلوێری گەورەتر لە بنیـادەم زارگەوره و سـمێڵدارەکان لـوور دەبـنەوه نێـو ئـاوەکه، ئاوەکەش پڕ دەبێ لە بڵقی زەرد) «حەمەدۆک»، ٢. بڵۆق، تلۆق، کـیس، بلـۆقی دەس و پـێ لە کار یا سووتان،٣. بریتی لە مرۆی بێ‌ئەرزش×: (کە خاکی، خـاکی دامەن بە، وەگەر نە تـۆزی بەربادی/ کە ئـاوی، ئـاو گەوهەر بە، وەگەر نە بڵقی سەر ئاوی) «نالی»،٤. دەنگی کـوڵینی ئـاو ٥. فـیچقەی تـراو،٦. هەڵقـوڵینی ئـاوی کـانی: (دیسـا ژی وەکه هەر دەمـێ/ بـاری بارانـا زینەتێ/ کانیا زێـده بوونـا مە/ بلـق ڤەدا سـەر هەبوونا مە) «سەنار»،٧. بۆشایی نـاو شـلەمەنی بە هۆی هەواوه.

**بڵقاس**: بەفیز، بەدەمار.

**بڵقاســـم**: ×١٤٦×: (تەنـانەت ئەگەر تـۆوی مەلاش لە ســـەر زەوی نەمێنـــێ، تـــاقه کەڵەشێرێک نییه ببێته بڵقاسم) «پێکەنینی گەدا».

**بلقاندن**: بڵقدان، بەلقاندن.

**بلقــاو**: ١. بلــق، تـۆقلەی سـەر ئـاو،٢. زەل، زۆنگ، باتلاخ، زەلکاو، گـومزه، شـوێنێ بڵقـی ئاوی فره بێ.

**بڵق‌دان**: بڵق وەشـاندن، سـەرهەڵدانی بلـق لە شـلەمەنی‌دا: (ئەو قـابلەمەیه هەر بلـق دەدا و کەس داینـاگرێ).

**بڵق‌دای**: بڵق دان.

**بڵق‌شانای**: بڵق وەشاندن، بڵق دان.

**بڵق‌شای**: بڵق شانای.

**بلـــق‌ڤەدان**: ١. بلــق دانــی شــلەمەنی،٢. هەڵقوڵینی کانی.

**بڵقن**: چڵمن، چڵماوی.

**بلقۆک**: بلق، بڵق.

**بڵق‌وهۆڕ**: بڵقەبڵقی زۆر.

**بڵــقه**: ١. دەنگــی بڵقــی نــاو ئــاو،٢. دەره، شەوگەرد، جـانەوەرێکە لە شـێوەی مـارمێلکە کلکـی نییه، لە دوورەوە ئـاوی داوێ، بە کـێ بکەوێ دەیکوژێ.

**بلق‌هاڤێژ**: بڵقـدەر، قولتـدەر: (ئەڤ هەر دوو

گۆتنە ژ ئێک کانی یا بلقهاڤێژ دەردکەڤن) «گولواز».
**بلقهاڤێژتن**: هەڵقولین، بڵقدان، قوڵتدان (کانی).
**بڵقەبڵق**: بۆقەبۆق، دەنگی بڵقی ئاو: (بە بڵقە بڵق ئەو دەخنکا/ ئەم ئەیگوت وا بانگتان ئەکا) «پیرەمێرد».
**بڵقەتاڤ**: تاریکەشەو، ئەنگوستەچاو، شەوەزەنگ: (شەڤەکە تاری- بلقەتاڤ/ گرتیە سەر گوندێ جیهانێ) «سەنار».
**بڵقەدەرە**: هەڵپەزە، دووقەدەرە، شەوگەرد، جۆرێ کاکڵەمووشانی زەردە.
**بلقهڤێژ**: بڵقدەر، کانی قوڵتدەر: (گەلەک چاخا کینەک قەشەنگی یا ناڤەرۆکێ گوتنەک مینا باخچەییێکی خەملی خویا دبیت د ژیانێ دا و دلێ مرڤی دکەتە سەرۆکانییەکا بلقهڤێژا) «گولواز».
**بڵقهوردان**: بڵق هەڵدان.
**بڵقهەڵدان**: بەلقاندن، بڵقدان.
**بڵقیسا**: بریتی لە ژنی زێدە خوەشیک و ڕند: (ئەمن چ قاسیدێکی وام نییە/ حوکمی بکا لە تەیران، لە توران، لە بازان لە شەهێنان/ بە عامیان لەنگەری دە بالان ڕابگرن لە سەر کولمەی بڵقیسایە) «گەنجی سەربەمۆر».
**بڵقیسەرئاو**: ١. بریتی لە مرۆی سووک و بێنرخ: (بەڵام ژیان، ژیانی ڕاستەقینە/ زۆر لەم بڵقی سەرئاوانە بەقینە) «کاکەی فەلاح»،٢. بریتی لە شتی بێنرخ: (بەرهەمی ڕەنجی ئەوان وەرهەمە یا بڵقی سەرئاو) «حافز»،٣. بریتی لە کار و مەسەلەیەک کە زوو تێک بچێ: (ئارەزووەکانم وەک بڵقی سەر ئاو یەک بە دوای یەکدا دەتەقن) «ئەمیری».
**بڵکاف**: بڵەکاف، فرۆ، ئەول شیر مانگای تازەزا ک دویایێ کولانن بوودە بڵکاف.
**بڵکان**: کالانە، بڵەکان، بێڵەکان، چووێ ک کەنگر و پووشگ وەپێ درارن.
**بلکێڤ**: سەیرانگایەکی خۆشە لە هەرێمی مزووریدا.
**بلگیان**: گوندێکە لای پێنجوێن.
**بللور**: بلوور، بلور، جۆرێ شووشەی ڕوون: (جەوهەری لوتفی پەدیدارە لە ئەندامی بلوور/ وەک لە بللوورەوە پەیدا، سیفەتی ئاوی زوڵاڵ) «ئەدەب».
**بڵم**: ١. تڕ، گووز،٢. دەنگ بەم،٣. لرفە، بڵمە، دەنگ شوتور،٤. بلمە، پرتە، بۆڵە،٥. تیکەێ قەو، لۆقمەێ گەورا.
**بڵمان**: فیڵ، حیلە.
**بڵماندن**: ١. بۆڵەبۆڵ کردن،٢. لرفاندن، بڵمەکردن وشتر و لۆک: (وشتر دەبڵمێنێ).
**بڵمباو**: بلمەێ هەیتاهەیتا.
**بلمباس**: ١. تەگە، نێری، سابرین،٢. گوندێکە لای باکووری قەسرۆک.
**بلمبێسکی**: گوندێکە لای قەسرۆک.
**بڵمن**: کەسێ زۆر دەبڵمێنێ.
**بڵمنای**: بڵماندن.
**بڵمووتگ**: ١. مووتگێ، کەمێ، کەمێک،٢. بایەقوورەت، چڵەنۆک.
**بلمە**: ١. بۆڵە، پرتەوبۆڵە، پرتە، دەنگی ورچ و چتی وایە،٢. دەنگی تۆپ،٣. دەنگ بەم دێول هەنایێ چەرمەگەێ سەرد بوو،٤. پاروو، جەڕ تیکەنایین، بڵم.
**بڵمە**: بلمە.
**بلمەبلم**: ١. برمەبرم، بۆڵەبۆڵ، پڕمەپڕم، خوتبوول،٢. قسەی کەسێ کە دەمی گیرابێ: (حەمە پاروو لە دەم بە بلمەبلم جوابی داوە) «هەزار ئەشکەوت»،٣. دەنگدانەوەی تۆپ،٤.

بلمه.

**بڵمەبڵم**: بلمەبلم.

**بڵمەبڵمی بەراز**: مرقەمرق، فیکەفیک.

**بلمەتانە**: مرقەمرقانە، نیکەنیکانە.

**بڵمەتکار**: ئەوەی بڵمەبڵم دەکات.

**بلمێ**: بچینە، برۆین.

**بلمێرە**: بچینە، برۆین، برۆینە: (پێوە بەجاریێ بلمێرە بەهەشت/ بلمێ سەیرانە و وەشی و گێلوگەشت) «م.ح. دزلی».

**بلمێ کو**: برۆینە کویێ؟

**بڵن**: بلند، بەرز.

**بڵنایی**: بڵندایی.

**بلند**: بڵند.

**بڵند**: ١. بڵن، بلند، بولن، بەرز، حەوا، قیت، بوند، سەلیل، بانی، هەوراز، قووت، قیت، ئەراوەند، ئەڤرا، ئەڤراز، ژۆر، ژووروو، بێند، قووچ: (هەر جێیەک بەرزە، تەم لێی ساکنە/ ئەوە تەم نییە، هەناسەی منە) «فۆلكلۆر»،٢. درێژ، توولانی: (چۆم ئامێدیێ بلندە/ هنداڤ سیلاڤ و گوندە) «سندی»،٣. پایەبەرز، بڵندمەقام: (هۆ بلند و سەر سێداریێ تو د مرنێ چەند بلندی/ هۆبە توخمێ سەرفەرازان زوی دبین خوش ئەلندێ) «سندی»،٤. باڵابەرز: (کوڕ گۆت: باڤۆ کورتەزان چێتر ژ بلند نەزان) «گولشوون»،٥. ناوی مێرانە.

**بڵندان**: بەرزاییەکان: (هەڵیانداشتبام بەرەو قووچی قەزەنێ، لەوێ پێیان کوشتباما دە کاران، گۆپەڕکم کەوتبا لە بڵندان) «لاس وخەزاڵ».

**بلنداهی**: بلندایی.

**بلندایی**: بلنداهی، بەرزایی، بڵنایی، بڵندایی: (هەرکەسێ بەرزەفڕە زوو دەمرێ/ بای بڵندایی سەر و دڵ دەگرێ) «بۆکوردستان».

**بڵندبوون**: ١. وە حەوا کەوتن، بەرزبوون، ڤەگژگژین، بهەوا کەتن: (ژ دلێ برینداز گەر دوو بلند بوو/ بلا دومان ل سەر سەرێ تە نەکەڤن) «گولشوون»،٢. دەس بە کار بوون، پێ ڕابوون: (هەر کەێ بلند بوو پێ سەخا و کەرەم/ دەست نەدن ل سەر جێبێ تژی پەرەم) «گولشوون».

**بلندبێژ**: بڵێنگۆ، بلندگۆ، بڵن‌بێژ، دەنگ‌بەرز.

**بڵندپایە**: پایەبەرز، شکۆدار: (بە فیدای مشکۆی بڵندپایەت بام/ خاکی ئاستانەی گرانمایەت بام) «بێسارانی».

**بڵندپەرواز**: بەرزەفڕ، بەرزەپەڕ: (نالێم منی شەرمەسار بڵندنەسەبم/ سەرشۆڕە بەڵام ئەتۆ بڵندپەروازی) «ئاوات».

**بلندتر**: بڵندتر، بەرزتر.

**بڵندجای**: بڵندجە، پایەبەرز: (حەیفەن تو وە تەخت بڵندجاییوە/ تەن وە تۆی خەفتان تورمەی شاهێوە) «مەلا وەلەدخان».

**بڵندجە**: ١. جێی بەرز،٢. گەورە، مەزن، پایەبەرز.

**بڵندجهیی**: گەورەیی، پایەبەرزیی.

**بڵندجیی**: ١. جێی بلند: (تۆپا گران ل بلندجییا ب جیە کرن) «مەستوورە»،٢. پایەبەرز.

**بڵندخوو**: بەرزڕەوشت، بەدەمار: (جەوابی دایەوە بازی بڵندخوو/ وتی: ئەرجوومە ئیتر لێل منا توو) «مینەجاف».

**بلندەک**: جهێ سەلیقا دەنگی بلند دبت د پەیڤێ دا (٨). میناک: دەنگێ مرۆڤ ل برگەها (تان) ژ پەیڤێ کوردستان بلند دبە. ئانگۆ بلندەک دکەڤە تان.

**بڵندەماخ**: بەرزەدەماخ، لووت‌بەرز: (تا وە سەربەرزان هەرد لەیلاخان/ وە خزمەت سەرئێل بڵندەماخان) «مەولەوی».

**بڵنددەماخی**: بەرزەدەماخی، لووتبەرزی: (ئای بۆ ئەو کەیف و نەشئەی جوانی‌یە/ بڵنددەماخی و کامەرانی‌یە) «پیرەمێرد».
**بلنددەنگ**: ١. دەنگدار، بە سەدا: (زانا مسالی تاسا عەتتار، بێدەنگ و هونەرزا/ نەزان مسالی دەفا موتریبا، بلنددەنگ و ئۆرتڤالا) «گولشوون»،٢. ناودار، ناسراو، بە ئاوازە: (ئەی دەفێ بلنددەنگ و باتن هیچ/ بێ تووشە چ تدبیر بکن دەمێ کو بچ) «گولشوون».
**بڵندفڕین**: ١. وە حەوا کەوتن: (ئەلۆ بڵند فڕی)، ٢. بریتی لە بەرزەدەماخی نواندن: (بلند نەفرە دا نزم نەکەڤی) «پەند».
**بڵندقامەت**: بالآبەرز، بەژنبلند: (بیخە ملم و بمخە قەراغێ بە سەری خۆت/ ئەی سەروی بڵندقامەتی شیرین‌حەرەکاتم!) «ئاوات».
**بڵندکردن**: بلندکرن.
**بلندکرن**: ١. بەرزکرنەوە، ڤەناندن، ڤەگژگژاندن، ئەڤراکرن، هەڵێنان، هەڵهێنان، هلگافتن،٢. سەر بەرز کردنەوە، مل هەڵێنان: (وێ ملێن خوە بلند کرن) «مەستوورە»،٣. زۆر کردنی نرخ: (وی نرخا تەنە بلند دکر) «پەپووک».
**بڵندکردنەوە**: بەرزکردنەوە، ڤەناندن، ڤەگژگژاندن، ئەڤراکرن، هەڵێنان، هەڵهێنان، هلگافتن.
**بلندگۆ**: بلندبێژ، بڵێنگۆ، بڵێندگۆ.
**بڵندنەسەب**: بڵێندڕەگەز، نەجیم، گەورە: (ناڵێم منی شەرمەسار بڵندنەسەبم) «ئاوات».
**بڵندهیممەت**: بەدەهەند، گەورە: (عەرز کەرۆ خزمەت ئەو خوسرەوشکوو/ ئەو بڵندهیممەت، ئەو شیرەوان‌خوو) «مینەجاف».
**بڵندی**: بەرزی، بڵندی، بڵندایی، بڵنایی، حەوایی، هەندەڤ، گڤاند، بڵنی.

**بڵندێتی**: بڵندایی، بەرزێتی.
**بلندین**: ئاستانە، بەردرگانە.
**بلندینە**: گرنگ، ئەوپەڕی پایە.
**بلنگ**: بەلنگ، بن لنگ، چیپ، گیت.
**بڵنگ**: ١. بەرز، بڵند، بولن،٢. فیلەگووشت، گلنگ، گن،٣. نابووت، قڕ، سامانسا: (بڵنگیان بڕینەو)،٤. قرچقەو، لەندەهۆر.
**بلنگاز**: بلەگاز، بەلەنگاز، هەژار، نەدار، دەربەدەر.
**بڵنگای**: بڵێنای، بڵندایی، بەرزایی.
**بڵنگبڵنگ‌کردن**: شیتاڵیان بڕینەو، تارومارکردن.
**بڵنگۆ**: بڵێندگۆ، بڵێنگۆ، بەرزەواچ.
**بڵنگی**: بڵندی، بەرزی.
**بڵنەوبوون**: ١. بەرزبوونەوە،٢. گەشەسەندن، زیادکردن(گیا).
**بڵنەوکردن**: بەرزکردنەوە.
**بڵنی**: بڵندی، بڵندایی.
**بلۆ**: ١. جاڵجاڵووکە، داپیرۆچکە ٢. کیر، کێر ٣. بلند، بەرز: (ویری ژیرانە و خەمەوەرکاش بلۆ وەرۆ) «د. نێعمەتی»٤. بڕۆ، هەڕە، بچە، بچۆ،٥. بچێ، بچێتە: (فەڵەک ئێشی من بلۆت نە تۆی دڵ) «م.ح. دزڵی»،٦. بڕۆم.
**بلوار**: ١. بلوار، شەقامی گەورە بۆ هاتوچۆ،٢. ناوی گەڕەکێکە لە شاری سەقز: (بیمارستان و بلوار و بەردبڕان) «یادنامەی‌سەقز».
**بلواری‌بانە**: ناوی گەڕەکێکە لە شاری سەقز: (شەهید شەڵتووت و بلواری بانە) «یادنامەی‌سەقز».
**بلواری‌دانشجو**: ناوی گەڕەکێکە لە شاری سەقز: (بلواری دانشجو شەقامی قازی) «یادنامەی‌سەقز».
**بلواری‌وەحدەت**: گەڕەکێکە لە شاری سەقز: (شەقام ساحلی و بلواری وەحدەت)

«یادنامەی‌سەقز».
**بڵوانـــاوا**: گونـدێکە لای قـوروە، ناوەنـدی دێکۆی لەیلاخی باشوورییە.
**بلۆت**: بلند، بەرز، سەرئەڤراز.
**بڵــــوچە**: ١. بلـۆچە، کەپـولە،٢. دێـیەکە لە دێکۆی بێڵەوار بەشی ناوچەی کامیاران.
**بڵۆچە**: بڵوچە، کەپـولە، کـۆجیلەیەکە ئەیـاری ئاشییە مزاشی پێ وەردەگیرێ.
**بلــــۆدان**: زۆر کـولان و بلـقدانی تـراو و هەڵچوونی.
**بلور**: ١. بلوور، شیشە،٢. بلوێر، پلور، نای.
**بلۆر**: بلوور، مینا، پیپۆک.
**بلوربێژ**: بلوێرێژ، شمشاڵژەن، ژەنیار.
**بلورڤان**: بلوێرژەن، بلوێرژەن.
**بلۆرڤان**: بلوورڤان، بلوێرژەن.
**بلۆرڤانی**: بلوێرژەنی، ژەنیاریی.
**بلوری**: مەرمەرشا، خامی زێدە سپی.
**بڵــوز**: بڵـووز، کراسـی ئەسـتوور لە کـاموا و مەرەز.
**بلۆز**: ١. بلوز، بڵووز،٢. تێکەڵپێکەڵ.
**بڵۆز**: تێکەڵ، تێکەڵپێکەڵ.
**بڵۆســـک**: ١. بڵۆسـک، بسـتەی ئـاش، بسـتی ئاسیاوی ئـاوی ٢. سـیخ، شیشـەی کەبـاب ٣. بستەی سەر تەنوور ٤. لووتکەی چیا.
**بڵۆسک**: بلۆسک.
**بڵوسکە**: بڵۆسک، شیش.
**بڵوسکەنە**: بە بڵۆسکا.
**بلۆش**: جگە، بێجگە، غەیری، بژلی.
**بلۆق**: ١. زەق، چاڤبۆق: (تووشـی کـاورایەکی بلۆق هاتم لێی ترسیام) ٢. بەرچـاو، قەشـان، زیق، دیـار: (گاڤێـد بلـۆق) ٣. تلـۆق، دلـۆق، کـیس، ئاولـک، پـۆرگ، پـۆقلە، پفـکە، بلـق، بلووقی پێست لە سووتان و کاری زۆر: (قاچم پـێڵاوی پێـوە نەمـاوە/ بلـۆقە و گەلـێ جێـی قلیشاوە) «پیرەمێرد»٤. بلق، تۆقلە،٥. خۆناسـیو، پێگەیشتوو، جەحێل، پەیتان پێکەنیـو: (کیـژەکە بلۆق بووگە).
**بلۆقدار**: پفکەدار.
**بلۆقداری**: پفکەداری.
**بلوقەت**: بلووقەت، بالغ.
**بلوقی**: بلۆق، تالۆق.
**بلوک**: دەسە، بڕ، تاقم.
**بلــۆک**: ١. بلـووک،٢. لبـنە، لبنەیێـد ئاڤاکرنـا دەواران،٣. بەرەی سیاســی، گـــرو، کـــۆمەڵە وڵاتێــک کە یەکیەتیــیەک بـــۆ مەبەســـت و ڕێبازێک پێک دێنن: (بلۆکی ڕۆژاوا).
**بلوکبلوک**: دەسە، بڕبڕ، گوروگورو.
**بلوکە**: بلۆک.
**بلوکەکۆن**: ناوی کوێستانێکە لای سەقز.
**بلول**: بلور، نای، نەی.
**بلولبێژ**: بلورڤان، نایژەن.
**بلۆمە**: بزمک، بەرمامک.
**بڵووت**: دەوریی درێژووکە بۆ پلاو.
**بڵــــووچە**: دەفرێکـی بچـووک لە ئـاشدا باراشهـاڕ بەو دەفـرە پێـوانەیەک ئـارد بە ئاشەوان دەدا بە ناوی ئاردەبارەوە پاش ئەوەی کە مزەشی لێ ئەسنێرێت.
**بلوور**: ١. بلوێر، پلـور، نـای، بلـوێری شـایی: (نالینـا تەیـر و تیـووران/ کالینـا چەنـگ و بلووران) «فەقێ تەیران» ٢. بلوێری لانکی منال ٣. بلـۆر، مینـا، بللـوور، کریسـتاڵ، شووشـە، ئاوێنە: (دندان گوهەر و لەب شەکەر و پەنجە بلـوورن/ نـازک بەدەن و مـوو کەمەر و سـیم سـورینن) «نـالی»،٤. چـرا،٥. شووشـەی چـرا، شیشەلامپا،٦. کانێکە وەک شووشـە ڕوونە و لە مەعدەن دەری دێـنن و دەیتاشـن،٧. بریتـی لە

ئەندامی زراڤ و باریک و ساف: (بە کراس حەریری سووورە/ قەدی دەڵێی بلووورە) «حەسەن زیرەک»،٨. ملوور، گەنمڕەنگ، دەغڵێکە لە گەنما ئەڕوێ،٩. بازنەی بلووری: (لابە گودلە، ئیش لە پەرچەم، بێ زرەی پۆیلە و بلوور/ شەق لە نێوی بێ خەزێم و کوڵمی بێ سووراوی سوور) «قانع» ١٠. سپی، چەرمگ،١١. بریتی لە گەردن: (قەسەم وە ئەڵماس تۆی گوارەیی زەرد/ ئاوێزان وە بان بلووری بێگەرد) «مینەجاف»،١٢. ناوە بۆ کچان.

**بلووران**: بەشێگە لە لوڕستان ک ئاڵ حەقن.

**بلووربەند**: ١. شیشەساز، شیشەبڕ،٢. بریتی سەهۆڵبەند×: (ئوسای بلووبەند پەنجەرەی کاوان/ ئاینەسازیش وست ئەو شەتاوان) «مەولەوی».

**بلوورخان**: جێی بلوور سازکردن: (هەر دەڵێی بلووری عەزەمە هاتۆ لە بلوورخانێ!) «گەنجی سەربەمۆر».

**بلوورژەن**: بلوورڤان.

**بلوورژەنین**: لێدانی بلووری، بلوورڤانی.

**بلوورساز**: چێکەری بلوور بە هەموو ماناکان.

**بلوورسازی**: کاری چێکردنی بلوور،٢. جێی بلوورسازی.

**بلوورڤان**: بلۆرڤان، بلووربێژ، بلویلبێژ، بلوێرلێدەر، بلوێرژەن، ژەنیاری بلوێر، شمشاڵژەن، نایژەن.

**بلوورە**: قوڕگ، قوڕێ، بیازەێ مل.

**بلووری**: ١. بللووری، کریستاڵی، بێلووری، کلۆیی،٢. بلوورین، هەر شتێکی چێکراو لە بلوور،٣. هومایین، مەرمەڕشا، خام، جۆرە چنراوێکی سپی تەنکە بۆ کراس و دەرپێ دەبێ: (لەبیرم نایە ئەسڵی چی بوو؟ چۆنە؟/ لە خامە یا بلووری یا لە جاوە؟) «قانع»٤. ساف و بێغەوش وەکی بلوور: (قەلبێ د زەغەل دکەت بلووری) «خانی».

**بلووریپۆش**: ١. سپیپۆش،٢. بریتی لە کفنپۆش: (ئەی گردی سەیوان، شاری خامۆشان/ ئارامگای کۆڕی بلووریپۆشان) «قانع».

**بلوورین**: ١. بلووری، کریستاڵی، وەک بلوور: (وەرە دەستێک بخەمە گەردنی بلوورینت/ تا وەکوو سفرە لە داخا بدڕێ ورگی ڕەقیب) «شێخ ڕەزا»،٢. ناوە بۆ کچان.

**بڵووز**: ١. بلووز، کێش، جۆرێ جلکی گەرمە: (ما هزرا تە ناهێت دەمی بابێ من دگەل بابێ تە چوویە کاروانێ و بۆ من ژی بلووزەک ئیناندی) «گولواز»،٢. گوندێکە لای تیکاب: (تیپ عەلیبەو قەیم بڵووزە) «ئاوێنەیبێگەرد».

**بڵووزە**: گڕ، بڵازە، بڵێسەی ئاور.

**بڵووزەدان**: گڕگرتن.

**بڵووزەکردن**: گڕگرتن.

**بڵووزەکێشان**: گڕگرتن.

**بڵووسک**: ١. بستەی سەر تەندوورییە،٢. بستەی ئاشی.

**بلووق**: ١. باڵغ،٢. بلۆق، گوڕاو، تووقاڵە.

**بڵووق**: ١. بلۆق، باڵغ، ژنکامی، شووکامی، پێگەیین،٢. چەوزەق،٣. دویەتێ ک کار ناوەجییگ کردو «بڵووقێ نادەو» ئوشن.

**بڵووقەت**: بلوقەت، باڵغ، دانا: (دویەتەێ ئاڵ بڵووقەتە).

**بلووک**: ١. ناوچەیەکی گەورەیە و چەن ئاوایی لەخۆ گرتووە: (بۆکان چوار بلووکی هەیە: بەهێ، تورجان، یەڵتەمر، یەختەچی) «پێکەنینیگەدا»، (هەر بلووکێکی عەجەم

حاکمی غەمزەکەنە بێ/ موختەسەر پەروەرشی ڕۆحی بە ئاوی سنە بێ) «شێخ ڕەزا»،٢. کۆی چەند وڵاتی: (بلووکی غەرب)،٣. چەن ماڵ لە بینایەکدا،٤. بەش، دەستە، کۆمەڵ،٥. بەشێ لە سپای دەوڵەتی عوسمانی: (سەر بلووک لای پشتی گرت و سونگی دەوران هاتنە پێش) «سالم»، ٦. بلۆک، ئاجووری ناوخاڵی لە چیمەنتۆ: (ئەو وڵاتە هەر بلووکە و سەتحی سیمان بێرەوە) «جومعەکان».

**بڵووک**: مێگەل، بەرە بەرخ و بزن و کار.

**بڵووکە**: بەفری وشک، بەفرەلووکە.

**بڵووکە**: پاشگرێکە بە واتای فش، بۆش: بەفرەبڵووکە.

**بلـــوول**: ١. بلـویر، شـەیپوور، شمشـاڵ ٢. بلوولـک، بلـوولی لانکـی منـداڵ،٣. نـووک و دەمی قابانە،٤. لوولەی ئافتاوە و مسینە.

**بڵوولژەن**: بلوێرچی، بلوێرڤان.

**بلوولڤان**: بلوورڤان.

**بلوولک**: بلوول، بلوێری لانکە.

**بلووم**: دنە، هان، هانە.

**بلوومدان**: هاندان، دنەدان.

**بڵوومە**: بلامک، بلاوک، کورێبڕ، کورێوڕ، زاربێن، بزمۆک.

**بڵوومی**: بڵومە، زاربێن حەیوان.

**بڵۆوە**: بڕۆیتۆ، بچیتۆ.

**بلووێر**: بلوێر، بلویر.

**بلویر**: ١. بلـوور، بلـوول، بلـوێر، بلـۆر، نـای، نەی، فیق، لـوولێ، بلـوێر شـامی، بلـوێر کەتە، ئامێرێکی مۆسیقایە: (گوێ لە بلوێر بگرە بیری لـێکەوە/ شـیوەنی دەردی جـودایی لای ئەوە) «مەولەوی» ٢. لولـک، بلـوێری میـزی منـداڵ: (ژنێک چووە لای دارتاشێک کوتی: بلـوێرێکی کچانەم بۆ دروس بکە) «ڕشـتەی مـرواری»،٣. بریتی لە کانی خەم و سۆ: (بلوێر بـێ دڵـم بە داخ و سۆ بێ/ وەک تووتی دەمـم بە گفتوگـۆ بێ) «هەژار».

**بلوێر**: ١. بلـوور، بلـووێر، بلـویر، نـای، نەی، شمشاڵ: (نا ... نا ... ئاهەنگی بلوێرە/ جا وەرە گوێی بۆ ڕادێرە) «هێمن»،٢. لوولـک، قەڵەمـی میزی منداڵ لە ناو لانـکە: (لە سـەر تـیلەقەی پشـــت لە نێـو لانــک درێـژی کـرد، قەدی عەورەتی لە ناو بلـوێرە قامیشـە سـەر بە قێـر خۆشکراوەکە نا) «خاک و چەوسانەوە».

**بلوێرئەنگێو**: بلوێرژەن، بلولبێژ: (بلوێرئەنگێو و نایەژەنی واش هەبوون) «توحفە».

**بلوێربۆگایە**: بە یەکێـک ئەوتـرێ کە لە شـتێ نەگات.

**بلوێربەز**: فرەوێژ، چەنەشکیاگ.

**بلوێربەزنای**: زۆر وتن، چەنەبازی کردن.

**بلوێربەزە**: زۆربڵە، چەنەباز بۆ مێ.

**بلوێربەزێن**: ١. بلەربەزێن، چەنەباز، زماندرێژ ٢. ئازا، تووشمال، دیوانـدڕ، زاتـدار ٣. بـزۆز، هاروهاج، نەسرەوتوو (مـرۆڤ) ٤. مناڵێـک کە میزی لە بلوێرەوە سەر کات.

**بلوێرپێچ**: بلوێرپێچک، پەڕۆی پێچانی بلوێری مناڵ.

**بلوێرپێچک**: بلوێرپێچ.

**بلـــوێرژەن**: بلـولبێژ، ژەنیـاری بلـوێر: (نە بلـوێرژەن دەتـوورێنێ لە بلـوێر/ نە شـۆڕەژن ورینگەێ دێ لەبەر بێر) «هێمن».

**بلوێرژەنین**: بلوێرڤانی، ژەنیاری بلوێر.

**بلوێرلێدان**: نەی ژەنین، بلوێرڤانی: (محەللـی نیوەڕۆیانە/ مەڕ دێتە خوار بۆ بێـرێ/ شـوان لە دوای مەڕی دەڕوا/ خـۆش لێـدەدا بلـوێرێ) «فۆلکلۆر».

**بلوێرلێدەر**: نەیژەن، ژەنیاری بلوێر.

**بلوێری‌شـــوان**: نـــاوی گـــۆرانییەکە: (هەزار خـــۆزگەم بە تـــۆ شـــوانە/ کە بەو مانگەشـــەوە جوانە/ دانیشتووی لە ڕژد و هەڵـدێر/ قامکـان دەبزێوی لە بلوێر) «ماملێ».
**بلوێری‌شـــەیتانی**: بریتـــی لە زمـــانلووس و خاپینۆک: (جا چاو بەو منـداڵی‌یەوە چلۆنمـان کلاو لە سەر دەنـێ و زمـانی دەڵێـی بلـوێری شەیتانی‌یە!).
**بلویل**: بلوێل، بلوێر: (لێ پەز ل دویف بلویلا خۆش، سەرخۆشە) «سندی».
**بلوێل**: بلوێر، بلول.
**بلویـــل‌بێژ**: بلوورڤـان: (خـانەک ژ کرمانجـا ڕابییە/ چ بلویل‌بێژ و عەجێبی‌یە) «دمدم».
**بلوێل‌بێژ**: بلوورڤان.
**بلوێن**: بلوێر، بلول.
**بله**: ١. بڵێ، بێژە ٢. بچۆ، بـڕۆ، بـچە، هەڕە ٣. بەلە، سـوکەڵەی نـاوی بـرایمە: (خـراپە ئـی حکوومەتە، دەنا یەک دووانێکی وەک بـلە هەر پەیدا دەبێ، ئـاو لە سـەرچاوەڕا لـێڵە، ئەوانەی خۆیان بە گەورەی ئـێمە دەزانـن!) «میـرزا»،٤. خەڵاتی «بلە» بـۆ زینـدو ڕاگـرتنەی شـاعیری گەورەی کـــورد «بـــرایمئەحمەد» لە شـــاری ســـلێمانی لە لایەن هێرۆخـــانی کچـــی بە ڕۆشـــنبیر و هونەرمەنـدان دەدرێ،٥. نـاوی گوندێکە لای بانە،٦. ناوێکی نادیارە لە قسە و باس‌دا: (خۆ خلە لە بلە کەمتر نییە، منیش سێ کوشتی کۆریسم لێتان دەوێ!) «گورگ و بزن»، ٧. نـاوی دەڤەرێـکە لە کوردسـتان✖: (ڕائیـد عیـزەت عەبـدولعەزیز ئەفسـەری پێوەنـدی لە ناوچەی بلە) «لەمەهاباد بۆئاراس».
**بڵە**: ١. زمـان‌درێژی، دەمشـڕی،٢. بێـژە، بڵـێ، واچە، بوویش: (دە بڵە ڕووت ڕەش بێ پیـری لە بیر تۆی بردوومەوە) «ماملێ»،٣. شلە، نەرمە: (ئەم کاڵەکە بڵە)،٤. بڵباسی، تیژی.
**بڵەبڵ**: ١. فلتەفلت، قسەی بێ‌مان،٢. دەمشڕی، زمانـدرێژی،٣. دەنگـی ورچ،٤. زلەزل، لەرەی مەمک: (مەمگێ بڵەبڵییە).
**بلەت**: بلچ، گۆێژ، گێوژ، گویشک، بلەتی.
**بلەتی**: بلەت، گێوژ.
**بلەخش**: گەوهەر، گوهەر، جەواهیر.
**بلەدەســتی**: گونـدێکە لای قـوروە ناوەنـدی دێکۆی لەیلاخی باکوورییە.
**بلەربەزێن**: بلوێربەزێن.
**بلەرزەک**: بوولەرزە، بوولەرە، بۆمەلەرزە.
**بلەریـــان**: پێیـان نـاخۆش بـوو: (بلەریـان سـەرتەرز وەی ڕا ئامـاوە/ عاشـقان سـەودای دەروون تاوناوە) «بێسارانی». ✖٧١
**بلەز**: بەپەلە، خێرا، لەزگین: (من بووک ئینا ب لەز و بەز، شـڤکا مـالێ بـوومە ئەز) «پەنـد-خەسوو».
**بـلەززەت**: تامدار، خۆش: (خوەش‌ڕەنگ و بـلەززەت و بـتامن/ بێ شـبهە ل غەیـرێ تە حەرامن) «خانی».
**بلەزکەتـــن**: کەوتـــنە پەلە و هەلە: (بـــلەز دکەڤیت کو زیکا کەس و کارێت خۆ ببینیـت) «گولواز».
**بـلەزم**: بەپەلەم، گـــورجم: (ئەزێ ب لەزم/ گەردنا زراڤ هەلبینە تا بگەزم) «حەیرانۆک».
**بڵەزووان**: بەلەزووان، بەدزمان، سەڵیتە.
**بلەزەندەر**: چەتەوول، ناقۆلا، لەندهۆر.
**بلەزین**: دیەکەیگە لە ڕەوانسەر.
**بلەزینە**: بگەرێ، هەلێ: (خالخالۆکێ بلەزیـنە/ دەشت و چیان بهەژینە) «سەبری بۆتانی».
**بلەسپی**: بەلەسـپی، بـزنێکە گـوێی ڕاسـت و درێژ ڕاوەستن و لەش و سەری سپی بن: (یـا کەکی ژ لفکا هێژارێ دایە/ من گـۆت: ریـدینا

نیرکی بلەسپی‌یە) «گولواز».

**بڵەسەن**: دێی ناوەندی دێکۆی ئاڵۆتی بانەیە: (وڵاتی بانە ئاغا ڕووتەی زۆری هەیە، بایزاغا هەبوو لە گوندی بڵەسەن شوانی ئەکرد) «ڕشتەی‌مرواری».

**بلەک**: لە سەر کار دانان، خاپاندن.

**بڵەکاف**: بڵکاف.

**بڵەکان**: بێڵەکان، کالانە، بڵکان.

**بلەکناچی**: ژنکانی، کچانی، کچکانی، ژنانیلە، سەرژنکانی، پیاوی ژنانی.

**بلەکناچێ**: ژنانیلە، ژنکانی.

**بلەکێ**: گوندێکە لای بانە: (قایرخانی بلەکێ/ هەر دەس بە تفەنگی کارەبێن) «ئاوێنەی بێگەرد».

**بلەگاز**: بەلەنگاز، بلنگاز.

**بلەماج**: پەڵوڵەی شل.

**بلەماچ**: بلەماج، پەڵووی شلە، پرپۆڵە.

**بلەمانێ**: بیلامانێ، هەروەک دەڵێن.

**بلەمرک**: بەلەمرک، ئانیشک.

**بلەمو**: دمبێن، زاربێن، بزمک.

**بڵەند**: بڵند، بڵیند، بەرز: (پەریی تەقوا و عیفریتی هەوا و نەفسی موسەخخەری بن/ لە سەر تەختی سولەیمانی بڵەند و پایەداری کەی) «بێخود».

**بلەندبوون**: بەرزبوون، بە گوێ گەیشتن: (دەرێ خوەشی بەر وێ مالێ بەند/ کو دەنگێ ژنێ ژ وێ دبوو بلەند) «گولشوون».

**بلەنگاز**: بەلەنگاز، هەژار، نەدار.

**بڵەنگۆ**: بڵینگۆ، بڵندگۆ: (بڵەنگۆ، یاخۆ زەفتی سەوت) «تەقیلە».

**بڵەنگوو**: بڵەنگۆ.

**بلەوحەز**: ١. ناقۆڵا، تەژە، لەندەهۆر ٢. تەمەڵ، تەوەزەل.

**بلەور**: بللور، بلەوور.

**بلەورە**: ×××: (ئەمن دەمگۆ بلەورە تازووکە دارڕژایە/ لەبەر چەکی بە قیمەت هێ برام سەرم سوڕمایە) «سێسەد هۆنراوە».

**بلەوور**: بلەور، بللوور، شووشەی چرا.

**بلەوەز**: ١. لاسار، گوێنەبیس،٢. زاڵم، ملهوڕ: (هەستی ئینسانی ئەو کیژە کوردانەی شەیتانی ئەو دێوەزمە بلەوەزەی کردە بڵقی سەر ئاو) «هێمن»،٣. شەواڵپڵێت، هەوەس‌باز.

**بڵەوەز**: بلەوەز.

**بڵەوەزی**: ١. شەواڵپڵێتی،٢. ماهری، زۆرداری.

**بلەوەس**: هەوەسباز، هوەسدار.

**بلهەوەس**: هەوەسباز، خاوەن هەوەس.

**بڵەیزووان**: دەمەووەری، بێ‌حەیایی، سەڵیتەیی.

**بلەیزە**: گەمە بکە، یاری بکە(ئەمرە).

**بلەیی**: دیەکەیێکە لە جوانڕۆ.

**بلەیی‌خواروو**: گوندێکە لای سۆران.

**بلی**: ١. بێجگە، جگە، غەیری، ژ بلی، بلی، بژی: (ژ بانێ بلی مسلمانێن سونێ، کۆ پرانییا باژارییا بوون، ئوسان ژی جهوو، کلدانی و کاکەیی هەبوون) «مەستوورە»٢. دەچم، بە سەفەر دەچم،٣. برۆی، بچی××: (ئارۆ مەبۆ بلی هیچکوگەی) «ئەفسانەی هەورامان».

**بڵی**: نەرمی، شلی میوەی زۆر گەییو.

**بلێ**: ١. واچە، بوش، بۆش، بووژە، بوویژە، ببێ، بێژە، بووشە، باچە، بێش ٢. دێیەکی بچوکە لە بادینان و ناوچەی میری.

**بڵێ**: ببێ، بێژە، بێش، بوش، بۆش، بوشە، بووژە، بووشە، بوویژە، باچە، واچە.

**بلیارد**: بیلیارد، جۆرێ یاری سەر مێزە.

**بلیاق**: ١. گزینگ، دویەتی چەو، گلێنە،٢. کاسەی چاو.

**بلیان**: ١. پێگەیین، زانین،٢. بلین، بنهێر، بنێرە،

بروانە.
**بلیای**: گیرۆ، گرفتار.
**بلیت**: ١. بلێت، پسوولە، پەتە، بیتاقە ٢. بارنامە، بەرنامە، تیپەڕنامە.
**بڵێت**: بلیت.
**بلێت**: بلیت، بهێل، کارتا بهێلییێ.
**بلیتچی**: وەرگر، بلیتفرۆش، پەتەچی.
**بڵێتفرۆش**: بلیتچی.
**بڵێتفرۆشی**: کاری بلیتفرۆش.
**بلێجان**: گوندێکە لای دەرکار.
**بلیجانک**: گوندێکە لای ئامێدی.
**بلێچ**: برووسک، برووسکە، شمشە.
**بلیز**: بڵێسە، بڵێزە.
**بلێزە**: ١. پشکۆ، سکڵ، پۆلوو،٢. بڵێسە، گڕ، گوڕی ئێگر: (دێوانەکەت دیم بڵێسەش بەرز بی/ بەرزیی بڵێسەش، هەر سات سەد تەرز بی) «مەولەوی»،٣. شۆقی تەقەی گوللە کە لە سەر لوولەی چەک دیاری دەدا.
**بڵێسک**: جنچک، جنچگ، چنچک، پلە گۆشت.
**بلیسکە**: فیچقەی خوێن، بە ڕێژنە هاتنەخوارەوەی شیریش دەڵێن.
**بڵێسکە**: بلیسکە، فیچقە.
**بڵێسن**: هەرچی بڵێسەی بێت.
**بڵێسنای**: ١. ئاخاوتن بلەز،٢. بڵێساندن، برسکاندن.
**بڵێسنە**: بڵێسن.
**بڵێسنەی**: ١. بلەز دوان،٢. بڕسکاندن.
**بلیسە**: بڵێسە، بڵێسە.
**بلێسە**: بڵێزە، بڵێسە، مەڵاشە، هێڵە، کڵپە، گڕ، گڕێن، زمانە، زووانە، گوڕی ئێگر: (کەس نەبی ئاوێش بکەرۆ سەردا/ بڵێسەش بەرز بی وە هەر تەرەفدا) «مەولەوی».
**بڵێسە**: ١. بلێسە، بڵێزە، گوڕ،٢. ناو گۆڤارێکی کۆنی کوردییە،٣. کوڵوکۆی دەروون: (بڵێسەت بەرزان بگێرۆ پەرێم/ هەر بواچی ئاخ پەی داخداریی وێم) «مەولەوی»،٤. ناوە بۆ کوڕان،٥. ناوە بۆ کچان.
**بڵێسەبڵێس**: هێڵەهێڵ، نێڵەنێڵ، کڵپەکڵپ، گڕپەگڕپ، سووڵەپووڵ.
**بڵێسەبەستن**: گڕ سەندن، خۆشبوونی ئاور: (تۆ چرای نەوتی، دەی دەی، من ئاگر بە دەست/ تا ئاورم داوە گیانە، گڕ بڵێسەی بەست) «ماملێ».
**بڵێسەدار**: گڕدار، کڵپەدار.
**بڵێسەدان**: کزراندن، کڵپەکردنی ئاور.
**بڵێسەسەندن**: بڵێسەکێشانی ئاور: (تا کوورەی زاریم بڵێسە سانۆ/ داخ لوای وێم جە دڵ نەمانۆ) «مەولەوی».
**بڵێسەکێشان**: زمانەکێشانی ئاور: (ئاور بڵێسە دەکێشێ) «ئەمیری».
**بڵێک**: کرێوە، تۆف.
**بڵێک**: کرێوە، کلوە بەفر.
**بلیکە**: میتکە، بەلوکە، قیتکەی قوز.
**بلیل**: بلوور، بلوێر: (ئەی بلیلێن دەست شڤانان ما دبت بێدەنگ ببن؟) «سندی».
**بلیلبێژ**: بلوێربێژ، بلوێرژەن، ژەنیاری بلوێر.
**بلیلبێژی**: ژەنیاری بلوێر.
**بلیلڤان**: بلیلبێژ.
**بلیلڤانی**: بلیلبێژی.
**بڵیمانە**: ١. گریمانە، لیمانە، بریوان، خووێن و خوڕێ کە دوای زانی ئافرەت پێیدا دێتە خوارەوە،٢. کێم و هەوای زەحیری داران.
**بلیمەت**: ١. بەرکەتی، هەڵکەوتە، کەموێنە، زۆرزان، بەهووردە، کەمۆ، بەرگەر، پیتۆر، دووهووردە، ژێهاتی: (هۆزان و بلیمەت و

بیرڕوون و پتەو/ بۆ بوون و دەچن؟ کەس نە ئەمی زانی نە ئەو/ ...) «خەیام هەژار» ٢. منداڵی زۆرزان،٣. دزێو، ناحەز، ناشیرین،٤. پڕسام، سامدار، هەیبەتدار،٥. ناوی پیاوانە.
**بلیمەتانە**: زۆرزانانە، زیرەکانە: (میوانێک لە دیوەخانەکە دانیشتبوو، بلیمەتانە کوتی: پاشام شێرەک لە بێشەی غەزرییە) «ف.پ.پ.».
**بلیمەتکار**: بە هووردەکار.
**بلیمەتکاری**: بە هووردەکاری.
**بلیمەتی**: ١. بە هووردەیی، زۆرزانی، کەمۆتی، ٢. هەنەک، حەنەک، گاڵە، گاڵتە، شۆخی.
**بلیمەتیەتی**: زۆرزانی، زیرەکی.
**بڵێمێ**: پێت بڵێم: (ئەورۆ کاکی خۆم ئامان لە دۆڵەدێمێ/ دەڵێم کیژێ لە بڵێندانت گاز دەکەمێ، لە نەویانت دێمێ/ ئامان لەبەر لۆمەی دە عەبدان چ بکەم نەوێرام دوو قسەی بە دڵی خۆم بڵێمێ) «گەنجی سەربەمۆر».
**بلین**: ١. بلیان، بنهێر، بنێرە، بڕوانە،٢. گیرۆ بوون، خەریک بوون.
**بڵێن**: ١. بڵن، بڵیند، بەرز،٢. بێژن، ئێوە بڵێن.
**بڵین**: بەرز، بڵیند.
**بڵێنای**: بەرزایی، بەرزی.
**بڵێند**: ١. بەرز، بوڵن،٢. باڵابەرز: (هەوری کردن گەواڵە/ قیتە بڵێندەی ڕەشتاڵە) «فۆلکلۆر».
**بڵێندایی**: ١. بەرزی، بەرزایی،٢. ترۆپک، دوند: (هەرکەسێک بەرزەفڕە زوو ئەمرێ/ بای بڵێندایی سەرودڵ دەگرێ) «هەژار».
**بڵێندپایە**: پایەبەرز، بەشکۆ.
**بڵێندفڕین**: بریتی لە لووتبەرزی کردن: (چەند بڵێند بفڕی هند دێ ژووردا هێیتە ڤە) «پەند».
**بڵێندگۆ**: بڵێنگۆ، بڵندگۆ: (چاپخانە و بڵێندگۆمان/ بوونە بەردی بن گۆمان) «هێمن».
**بڵێنگۆ**: بڵێندگۆ.
**بلێنە**: کەین‌وبەین، خلێنەوبلێنە: (پێکەڤە خلێنە و بلێنەیەکیان هەس).
**بڵێنەبێژ**: بڵندبێژ، بەرزەواچ، میکرۆفۆن.
**بڵێنی**: بەرزایی، بڵندایی.
**بلیۆن**: ملیارد، هەزار ملیۆن.
**بڵێی**: بەرێ‌شاڵڵا.
**بڵێین**: ئێمە بڵێین، مە بێژین، بوشین.
**بڵێی‌نەڵێی**: بڵێی‌ونەڵێی، ناچارەن: (شەو تاریکیش بێ بڵێی و نەڵێی، ڕۆژ دەبێتەوە/ کۆت و زنجیریش پۆڵا دەسمێ، هەر ئەچڕێتەوە) «نەجمەی‌غولامی».
**بم**: ١. کوندەبوو، کوندەبەبوو، بوومی زل ٢. قروقپ، بێدەنگی ٣. تەژە، ناقوڵا ٤. ترسێنەر، سامدار: (خۆی بم کردووە واتا: دەیەوێ لێی بترسن) ٥. قەڵەوی خرپن،٦. بەم، بۆمب،٧. بەم، ببم، بەرم: (نەجابەت کە لە تۆدایە، لە دوو چاڵی چەتیوت بەم/ حەمەی تووڵینە، بەم تووڵە لە قووڵینەی هەتیوت بەم) «ڕەشیدی لاوە»، ٨. بویام، بووم، دەبووم.
**بمارک**: موبارەک، ممبارەک.
**بمارکی**: ١. مۆبارکی،٢. جووری دمەڵ چرکین و زۆر بەژانە.
**ب‌ماست**: ماستاوی: (چێرم ب دۆ نییە، هەتا کۆتم ب ماست بی) «پەند».
**ب‌مال**: دارا، ساماندار: (ئەگەر ب مالی، ب خالەت و خالی) «پەند».
**ب‌مالۆ**: دارا، دەوڵەمەند، ساماندار.
**بماڵون**: بماڵم: (قیبلەم مەر ئەوسا ساکن بۆ جە خەم/ خاکی ئاستانەت بماڵون بە چەم) «بێسارانی».
**بماڵوون**: بماڵم: (بماڵوون نە چەم ساکن بۆ

جه دەرد) «بێسارانی».
**بمانۆ**: ١. بمێنێ، بمێنێتەوە: (سا ئیسە، ها دەرد دووریش ئاوەرد جۆش/ سەبرت ئەر ئازان، بمانۆ شنۆش) «مەولەوی»،٢. بمێنی: (با هەر بمانۆ تا ڕۆی قیامەت) «مەولەوی».
**بمانە**: بمێنە: (نە ئەو سەیرانە و نە تۆ دیاری/ سا بۆ بمانە و زام نەبۆ کاری) «مەولەوی».
**بمانێ**: فەنای بێدەنگ، قروقپی بە کۆمەڵ.
**بمبا**: بۆمبا.
**بمانە**: بمێنە، نەمری: (ئەی دڵەی نازک خەستەی خەمانە/ گۆش دەر بژنەو، ئەمجار بمانە) «مەولەوی».
**بمباواران**: بۆمباباران.
**بمباوارانکریا**: بۆمبباران کراو.
**بمباوارانکریای**: بۆمبباران کران.
**بمباوارانکریێ**: بۆمباباران کراو.
**بمباوارانکەر**: بۆمبارانکەر.
**بمباوارانکەردەی**: بۆمباران کردن.
**بمباوارانکەرە**: بۆمبارانکەر.
**بمبسیک**: گیایەکی کوێستانییە.
**بمبها**: دەنگی بۆمب و شتی گەورە.
**بمبەبمب**: گورمەگورم.
**بمپا**: پەمپ.
**بمجێو**: بڕژێ، برژێت: (ماست بمجێو یانگەش دیارەن، دۆ بمجێو هیچ) «پەند».
**بمر**: ١. دەسوور وە مردن،٢. کەسێ ک حەزەرمەوتە.
**ب مر**: بەمردن، لە کاتی مردندا: (مەردانە دبەخشی جانێ ئەرزان/ حەیفا کو ب مر، گرانی، لەرزان) «خانی».
**بمروو**: بمرم: (مەتەرسوو بمروو قەبرەکەم بۆ غار) «م.ح. دزڵی».
**بمروون**: بمرم: (لاڵ بوون پەی مەینەت جەستەی خەستەکەت/ بمروون پەرێ زام جێ نەڕەستەکەت) «مەولەوی».
**بمرە**: گیان بدە.
**بمزانیایە**: بمزانیبایە.
**بمژودوومان**: بە تەپوتۆز: (پێشیا وی گێدووکێن ب مژ و دوومانێ ڤا نخامتی بوون، گەلییێن بێ بنی) «مەستوورە».
**بم سجدەیە**: بم سەجدەیە، سوژدە ببەم: (هێڤیان قەت نابرم جارەک تو دینێ شەفقەکی/ عەقدی ئیحرامێ دێ بینم حادری بم سجدەیە) «جزیری».
**بمسێنەوە**: بمکڕەوە، ڕزگارم کە، بم ئەستێنەوە.
**بمشکوت**: چیاییکە لە دەڤەری باڵەکایەتی لای سنووری تورکیا.
**بم کردن**: خۆگیڤ کردن.
**بمن**: بۆ من، بەلای منەوە: (لەیلەتولقەرە ب من ئەو سەعەت و عیدە د سالێ) «جزیری».
**بمواران**: بۆمباران.
**بمومو**: مو بە مو، سەرلەبەر، پشکنینی تەواو: (تەفتیشی بمومو بکە گەر ئەم بخەتا نین) «جزیری».
**بمە**: ١. بە مە، بە ئێمە،٢. بوومە: (بمە خرد)، ٣. بمبها، دەنگی بۆمب،٤. بەرمە، ببەمە: (ئەزێ لاندکا خوە بمە ناڤ بێدەرێ/ دێ پێدا کەم تاکێ حەراما ڤێ مێزەرێ/ هەتا دەلالێ دلێ من/ بێتن ژ ڤێ وەغەرێ) «حەیرانۆک».
**بمەردام**: بمردایەم: (باڵای وێم پەشتان باڵات بکەردام/ حەسرەت نمەبی، ئەگەر بمەردام) «بێسارانی».
**ب مەسەل**: وەک نموونە، بۆ وێنە: (خەلقێ ب مەسەل ژ وان دگۆتن) «خانی».
**بمەش**: برۆ، بچۆ، بچۆرە، لوە: (شەبێ قەدرێ

ل مە رەوشەن کە تو روحی وەرە خوەش/ مە ژ نو خۆش کە لسەر چەهڤێ شەهیدێن خوە بمەش) «جزیری».

**ب‌مەش:** بە ڕۆیشتن، بە ڕۆیین، بە پیادەیی.

**بمەشن:** بڕۆن، بچن: (هون ل ڕێ بمەشن) «پەپووک».

**ب‌مەعنا:** ١. مانادار، پڕواتا: (ڤی گۆتنێ ژێ ب درستی جهێ خۆ ڤەکریە د ناڤ فولکلۆرێ زەنگینێ کوردیدا، چونکی گەلەکا ب مەعنایە) «گولواز»،٢. لە ڕاستیدا: (هەرکەس ب تاعەت ژ ئێدن کێم بوون، ژ نێعمەت پێشترن، ل رەنگی زەنگین و ب مەعنی دەروێشن) «گولشوون».

**ب‌مەعنی:** ب مەعنا.

**ب‌مەلێ‌خۆەشتر:** بۆ مەلای جزیری، زۆر خۆشترە: (گەر ب ناڤێ تولەیان جارەک ڤەخونت بەندەیێ/ ب مەلێ خوەشتر ژ مال و گەوهەر و گەنجینەیە) «جزیری».

**بمێژ:** بمژە، هەڵمژە: (کچ دبێ: لاوێ ڤەریڤان/ وەرە ناڤ ڕەیحان و سێڤان/ شەکرێ بمێژ ب لێڤان/ شبهی جاما شەربەتێ) «فەقێ تەیران».

**بمینە:** بمانێ، فەنای بێدەنگ.

**بمێنە:** ١. لێرە بەجێ بمێنە،٢. بژی، هەربژی.

**بن:** ١. ژێر، بنک، بنە، بنەوە، ناخ، بێخ، لای خوارەوەی شتێ: (بنی کەوش)،٢. لای خوارەوەی ئەو شتانەی کە دوو سەریان هەیە: (بنی جگەرە)،٣. لای خوارەوەی شتی قیت و بەرز: (ئەو کۆشکە بوو لە بەر دەمما/ بن لە زەوی، سەر لە سەما) «ڕاوچی»،٤. ژێر شتی سەر داپۆشراو: (بن پرد، بن میچ)،٥. ئاخری شتی قووڵ: (بن گیرفان، بنی بیر)،٦. ناو، ژێر، دوتوێ: (خۆیشم، لە بن بنی ئەرزم/ بۆ تاریکی و ترس ئەلەرزم) «گۆران» ٧. ریشە، دار، نەمام: (لە دەوری کوللی باغی شاری کۆیێ/ دوو سەد بن داری زەیتوونی بە جۆیێ) «حاجی قادر»،٨. بنەچەک، بنچەگ، ڕەگەز،٩. سەلک: (بنە چۆندەر) ١٠. کچانی، کچێنی، کەنیشکی، خامی، ڕووسووری: (بووک بنی نەوو) ١١. بن، بنە: (هوبە گەر عاشق سەما کر دین و دونیا دێ بن ئێک/ کەو ژ بو عشقا نێرگزێ خوشە لێ ئامانج و ڕێک) «سندی»١٢. ببەن، بەرن: (سەجدە بن بەر تە ڕەوایە د حەمی مەزهەب و دینان) «جزیری»، ١٣. دوایی، ئاخری، پایان: (سەر و بنی ئەو کارە کێ ئەیزانێ؟) ١٤. بنەبان، ئەوپەڕ، ئاخری: (لە بنی دنیاش بی، دەستێکت پێ دەگەیەنم)،١٥. پاش، پشت، دوای، دواوە: (لە بن پەچە)،١٦. ڕاناوی کۆی دووهەم و سێهەمکەس لە پاش وشە دەنووسرێ: کرابن، هاتبن.

**بناتار:** بن، ژێر: (دکانا پەرویز د بناتارا کۆچکا وەلی دا بوو) «مەستوورە».

**بناتی:** ١. بنیات، بنیان،٢. ناوی کچانە.

**بناجانگ:** لاجانگ، نێوان ڕووەت و گوێ.

**بناچە:** بنەچەکە، نژاد، ڕەچەڵەک.

**بناخ:** بنئاخ، بنگڵ.

**بناخە:** ١. بنچینە، بنگە، بناغە، بناخە، بنەچە، بنەچەک، ئەسڵ، دەهکەر،٢. بناغەی خانوو، خەندەک: (بەردم بناغەی لانەکانتانم/ خزمەتگوزاری گیانلەبەرانتانم) «حەمەجەزا».

**بناخەدانان:** ١. دامەزراندنی کارێک،٢. خەندەک دانانی ماڵ.

**بناخەدانەر:** دامەزرێنەر، بونیاتنەر.

**بناخەدانەوە:** هەڵکەندنی زەوی بۆ گەیشتن بە پتەوی و خەندەک دانان.

**بنار:** ١. داینە، دامێن، پنار، دانگ، بنەوە،

داوێنی کێو: (کەو و کەوباڕی تەلان و شاخان/ کورکوڕ و پۆڕی بنـار و باخـان) «ڕاوچـی»،٢. بەرزایی شاخ،٣. ڕێی هەوراز، ڕێگای سەراولێژ ٤. دەمەقـــاڵە، ڕک، ڕکە، شـــەڕ، شـــەڕوبنار، هەڤرک، ڕکەرک: (وردە بنارێک بـوو، لە شـەڕ و بنار دەگەڕێ)،٥. ڕەیس، سەرۆک ٦. ئـاردی بنی گۆنی، ٧. گەورەی ماڵ،٨. کل بکە، بینێرە، ٩. ناوی کچانە،١٠. ناوی پیاوانە.

**بنارۆ**: بنارەوە.

**بنارۆری**: بە بنارا بەرەو ژوور.

**بنـــارونوور**: بە ئـاگر و ڕۆشـنایی: (عیشـق ئاگرە، تەن چیایێ توورە/ دل ئەو شـەجەرا ب نار و نوورە) «خانی».

**بنارە**: ١. شەڕەقسە، شەڕەفڕ ٢. گڕوو، بیـانوو، هەڤرک، وورک، دڕنەگە.

**بنارەرە**: بە بنارا، لە بناردا.

**بناری**: هەڵگەژویەری، سەرەوژووری.

**بناریە**: بناری.

**بنازم**: فەخر دەکەم: (بنازم لەشکری حوسن و و نیزامی تیپی موژگانت) «غەریقی».

**بنازووم**: بنازم.

**بنــازوون**: شـانازی بـکەم: (بنـازوون بە کـار چەرخ مینارەنـــگ/ هەر بە مەحـــز ســـەیر سوورەتێ بێ‌دەنگ) «خانای قوبادی».

**بنازانگ**: بناجانگ، لاجانگ.

**بناس**: ١. هۆکـار، فـاکتەر، سـەبەب، سـەمەد، سەدەم: (بەخت د هزرا مەدا نە قومارە/ بەلکـو بناس و گەر و دورکارە) «سندی» ٢. گونـاح، سووچ: (بناسێن تەنە، ئیرۆ ئەم گیرۆ بوون).

**بناســـکار**: تاوانبـار، سـووچبار، گوناحکـار، تۆمەتبار،

**بناسکاری**: سووچباری، تاوانباری.

**بناسورە**: چۆمێکە لە کوێستانی شێخ لەتیف و تفەنگچیانی دیواندەرە سەرچاوە دەگرێ.

**بناش**: بناغە، بنگەهـ شەنگستە.

**بناشت**: ١. ئاخافتن، دوان: (بناشتێ خـانی ب قەلەمێ خوەڕا)،٢. دەمەقاڵە، بنار.

**بناشە**: بناغە.

**بناغ**: بناغە.

**بناغۆ**: لە بناغەوە.

**بناغە**: ١. بنـاغە، بنـاخە، بناشـە، بنێشـە، هـیم، شەنگستە، بنک، بنکە، بنچینە، دەهـکەر، پـایە، خـیم، بنەسـتر،٢. چەن چینـی بـنەوەی دیـوار لەسەر عەرزی پتەو: (بنـاغە و چینـی دیـوار/ تەلاری بەرزی دڵـــدار/ ...) «هەردی»،٣. تــازە مەمک کردن✕: (تازە دامناوە بنـاغەی مەمکـم/ وەرە بمخوازە هەوەڵ لای دایکم) «فۆلکلۆر».

**بناغەئەرەنیای**: بناغە دانان.

**بناغەئەوەبەستەی**: بناغە بەستنەوە.

**بناغەبەستەی**: بناغە بەستن.

**بناغەبەستەیۆ**: بناغە بەستنەوە.

**بناغەدامەزرانـــدن**: بناغەدانـان، بونیاتنـان: (بە ئاوێسـتا و بە زەردەشـت یـان بە ئـاگر چـۆن نەنــازم مــن/ بنــاغەی وەحــدەت و ئەفکـاری ئینسانی کە دامەزران) «قانع».

**بناغەدانان**: پایەدانان، بناغەداڕشتن: (بەڵام تـۆ دڵنیا بە پیری زانا!/ بناغێکی وەهات بۆ کوردی دانا) «هێمن».

**بناغەدانەوە**: هەڵکەندنی بناغە.

**بناغەدایۆ**: بناغە دانەوە.

**بناغەشیلای**: بناغە سێلان.

**بناغەگۆش**: بناگوێ.

**بناغەنان**: بناخەدانان.

**بناغەنانەوە**: بناخەدانەوە.

**بناغەنە**: لە بناغەدا.

**بناغەهورکەندەی**: بناغە هەڵکەندن.

**بناغەهەڵبەستن**: هەڵبەستنی بناغە.
**بناغەهەڵکەندن**: هەڵکەندنی خەندەک.
**بناڤ**: ۱. بەناو، خاوەن ناو ۲. ناڤدار، ناودار، بەناوبانگ، ناسراو ۳. بناو، بنی ئاو، قووڵایی ئاو: (ئاڤ زانە بناڤ ل کویە) «پەند»، ٤. گوندێکە لە هەریمی کوردستان.
**بناڤبوون**: بن ئاو کەوتن، نقومبوون: (جەرک بناڤ بوو).
**بناڤدەنگ**: ناڤدار، ناسراو، ناودار: (بارزانی مرۆڤەکی بناڤدەنگە).
**بناڤکانێ**: جۆرێ گەمەی بن ئاوە.
**بناڤ کرن**: ناڤدانان.
**بناڤ کرن**: نقومکردن، قومکرن.
**بناڤوبانگ**: ناسراو، مەشهوور.
**بناڤودەنگ**: بناڤدەنگ، ناودار.
**بناڤێ**: ۱. شەڕ، قڕە، دەمقڕە، زۆرەوانی، ۲. گوندێکە لای شێروانمەزن.
**بناڤیاهدێنە**: گوندێکە لای شارۆچکەی کانیماسێ.
**بناڤێک کەفتن**: تێکبەربوون، لێکدان.
**بناقاقا**: بناقە، بینەقاقا، گەروو، ئەووک، ناوەڕاستی گەروو لە دەرڤە.
**بناقاقە**: بناقاقا.
**بناقە**: بناقاقا، بینەقاقا.
**بناگر**: دەستەچیلە.
**بناگرە**: بناگری، هەویرێکە لەبن ئاور دادەنرێ تا ببرژێ.
**بناگری**: بناگرە.
**بناگۆش**: بناگوێ، بناگۆهـ : (بناگۆشی لە چینی زولفیا دەرکەوتبوو، دەتوت/ ئەمە بازی سپی سوبحە، چووە بن باڵی زاغی شام) «مەحوی».
**بناگوویچکە**: بناگوێ، بناگۆش.
**بناگۆهـ**: بناگۆش، بنانگووێ، بناگوێ، بناگوێچکە، بەرگێ، بنگەهـ : (عەرەقش وێنەی بناگۆشی یار/ چێر و هور بەیۆ نە وەختی ئیوار) «م.ح. دزلی».
**بناگوێ**: ۱. بناگۆش، بنانگوێ، بناگوێچکە، بناگوهـ بناگێ، بنگەهـ نەرمایی گوێ: (کێ کوڵمی دەدیتن و بناگوێ/ مردن بوو پەنای دەبردە بەر کوێ؟) «هەژار»،۲. لاجانگ، بناگۆش، نێوان ڕوومەت و گوێ: (نازک ئەو بەیاز بناگۆش شەم/ نازک ئەگریجان سەر نە دۆش شەم) «وەلی دێوانە»،۳. نزیک گوێ، پەنا گوێ: (سەر بوو بناگوێ و دەنگ و باس پرسین/ کێ مرد لە بەرلین؟ کێ کوژرا لە چین؟) «گۆران»،٤. بریتی لە زۆر نزیک: (مردن بە بناگوێمدا تێپەڕی).
**بناگوێچکە**: بناگوێ.
**بناگێ**: بناگوێ.
**بناڵ**: بناڵێنە: (بشۆ چون یاوای وەی دووی سەردەوە/ بێپرسا بناڵ وەی دوو فەردەوە) «مەولەوی».
**بنالت**: بناڵێ، بناڵێت: (دەم شبهەتێ بلبلان بنالت) «خانی».
**بناڵۆ**: بناڵێنێ: (با وەس بناڵۆ دڵ بە جەفای زام/ با سەرنگوون بۆ سوراحی نە جام) «بێسارانی».
**بناڵوو**: بناڵێم: (ئایری دووریت نە دڵ گێرون کۆ/ بناڵوو جە داخ دەردی دووری تۆ) «بێسارانی».
**بناموس**: ناموسدار، ئابڕوومەند: (ئەو عابدێ ب ناموس و نام/ بێهن عەنبەرا ب لەعل و جام) «فەقێ تەیران».
**بنان**: ۱. ڕاخەن، داخەن، بنێن: (نەبا جە ناگا دوورگنان جە لاش/ بنان وەخت سەیر فەرشی

قەدەمگـــاش) «بێســـارانی»،٢. گونـــدێکە لای سۆران.
**بنـــان‌گوێ**: بنـــاگوێ، پەنـــاگوێ: (لە ســـای زولفـیدا لەنـجە و لارم بـوو/ لە بنـان‌گوێیدا شەو قەرارم بوو) «پیرەمێرد».
**بنان‌گوێچکە**: بناگوێ.
**بنان‌گوێچکە**: بنان‌گوێ.
**بنان‌وخێ**: ب نان و خێ، بەئەمەگ: (ب نـان و خێ بە) «پەند».
**بنـــان‌وخوێ**: وەفـــادار، پێـــزان، بەئەمەک: (خوێندەڤانێ ب نـان و خـوێ، ئەوا حەسـەن بەگی ژێهاتی و پێچیبووی بۆ تاهیرخـانێ کـر) «گولواز».
**بنانی**: ١. بنیـان، بـنەڕەت،٢. قـوولی، قـوڵایی، قوڕایی،٣. ناوی کچانە.
**بنـــاو**: ١. بنـاوی، بنـاڤێ، بەنـاو، دار بەنـاڤ، دارەڕەش، داری بنـــاوەچ، قەرەقـــاج، ونـــاوچ، دارێکە گۆچـانی لـێ سـاز دەکـرێ، کـوڵاوی گەڵاکەی لە شـــوێنی مارانگەســـتە دادەنـــرێ: (کـــاهوو پیـــاز و کەلەرم و تەرخــــوون و بنعەرزیـــلە/ کاشـــمە و کـــۆڵ و بنـــاو و سورهەڵاڵی لانزار) «قانع»٢. قوم، ژێر ئاو، نقوم لە ئـاوا: (لە مەلەدا بنـاو دەبـم) ٣. ئەو شـتەی سەر ئاو ناکەوێ،٤. گونـدێکە لای چۆمـان،٥. شارێکە لای میاندواو ئێستا تورک نشینە: (سنە و ســـابلاخ و کرماشـــان و کەرکـــووک و سلێمانی/ شنۆ و لاجان و سەردەشت و بناو و شاهسیوانی) «ئەسیری».
**بناوا**: کێوێکە لای سنە لە نێـوان سـەرەواڵە و هندیبلاغ و سۆران.
**بناواچگۆ**: دیەکەیگە لە جوانڕۆ.
**بنـــاوان**: ١. کابـان، کەیبـانوو، بـنەوا، بـنەوان، بنـاوانی مـاڵ: (فاتیمـان وەک بنـاوان لە مـاڵا دانـــاوە) ٢. بەنـــد، ســـەد، ســـکر، بنـــاوانی هەڵبەسـراوی ئـاو: (بنـاوانەکە ئـاو بـردی) ٣. سـەرچاوە، چـاوەی ئـاڤ: (ئـاوەکە هەر لە بنـــاوانەوە وشـــکایی هـــاتگە) ٤. بـــنەچەک، ڕەچەڵەک، بن و بناوان: (بە بناوانی ماڵەبـاوانی پاڵەوانـــانی ئەم کوردســـتانە پێـــدا چـــووم) «شـەرەفنامە»،٥. سـەرچاوە و بنەمـای کارێـک: (ئەو قسەیە لە بنـاوانەوە ناڕاسـتە)،٦. نـاوە بـۆ کچان.
**بناوان‌بەس**: بناوان‌بەست.
**بناوان‌بەست**: ئەوی بناوان هەڵدەبەستێ.
**بناوان‌بەستەی**: بناوان بەستن.
**بناوان‌بەستەیۆ**: بناوان بەستنەوە.
**بناوان‌بەسە**: بناوان‌بەست.
**بناوان‌بەسیا**: بناوان‌بەسراو.
**بناوان‌بەسیێ**: بناوان‌بەستراو.
**بناوان‌شیلای**: بناوان شێلان.
**بناوانک**: جۆرێ مشکەکوێرەیە بە کۆمـا گـڵ هەڵدەداتەوە.
**بناوانە**: لە بناواندا.
**بناوان‌هەڵبەستن**: بەری ئـاوگرتن و جۆگـا بـۆ سازکردن تا ئاوی بناوان پێیدا بـڕوات: (ئـاوی چۆمەکە کەم دەکا، هەر زناوی خۆی دەمێنـی، ئەویش لە چەند لاوە بناوانی لێ هەڵدەبەستن) «هەزار ئەشکەوت».
**بناوبوون**: قوم‌بوون، نقوم‌بوون.
**بناوبوێر**: ١. دەغەزدار، لە دەروونـدا ناسـاز،٢. برینێک کە گۆشـتەزوون نەهێنێـتەوە: (ئـاونگی سەر وەنەوشان/ دەرمانی بنا و بوێران).
**بناوبوێربوون**: ناساز و نەخۆش بوون: (پاشـان عەمەلیـان کـردم و مـاوەیەکی دوور و درێـژ بناوبوێر بووم) «هێمن».
**بناوچ**: دیەکەیگە لای ڕوانسەر.

**بناوچان**: ١. گوندێکە لە دێکۆی چلچەمەی دیواندەرە،٢. گوندێکە لای نەگڵ: (بە لای نساردا گەیشتۆتە کێڵگەی بناوچانی ئێستا) «نەگڵ».

**بناورە**: بنئاورە، چاوگە، دەساگر، دەستەچیلە، ئاگرگیرە، ئەو پووشە نەرمەی بۆ هەڵبوونی ئاور لە بن دەستە چیلەی دەنێن.

**بناوکردن**: وە بن ئاو دان، نقوم کردن.

**بناوکەر**: مەلەزان، مەلەوان، سۆبا.

**بناونۆک**: گوندێکە لای پیران.

**بناوورگ**: بن ئاوردان، بن کوانوو.

**بناوەتۆ**: بناوەتۆم: (ئەڵێن ئەو شوێنەی کە ژان ئەکا و بای لێیە، گەڵای بناوەتۆی لێ بنێن چا ئەبێتەوە) «ڕشتەی مرواری».

**بناوەتۆم**: ڕووەکێکی ناسراوە.

**بناوەچ**: زمانەمەلوچک، داری بناو، دارێکی زۆر بەرز نییە گەڵای وەک هی سپیدارە، دەیکوڵێنن بۆ ئاژەڵ و وولاخ زۆر باشە: (ئەگەر هەڵووژە، ئەگەر چناری/ ئەگەر بناوەچ، گەر مازووداری) «قانع».

**بناوەچان**: ناوی دێیەکە سەر بە ناوچەی چلچەمەی دیواندەرە.

**بناوەچڵە**: گوندێکە لە دێکۆی خاوومیراوای مەریوان.

**بناوەر**: ناوی کێوێکە لای سنە.

**بناوەسووتە**: گگوندێکە لای پێنجوێن.

**بناوەشان**: گوندێکە لای دیواندەرە.

**بناوی**: ١. بناوەچ، داری بناو،٢. گوندێکە لای خواری شەقڵاوە.

**بناوێ**: گوندێکە لای سەردەشت.

**بناویان**: گوندێکە لای پێنجوێن.

**بناویخواروو**: گوندێکە لای بالیسان.

**بناویسەروو**: گوندێکە لای بالیسان.

**بناویلە**: ١. باڵندەیەکی ڕەشە لە ڕەشۆڵە گچکەترە لە کنار ئاوان دەژی،٢. ناوی سێ گوندە لای سەردەشت،٣. گوندێکە لای خواری قەڵادزێ.

**بناویلەچوارچ**: گوندێکە لای سلێمانی.

**بناویلەکۆنە**: گوندێکە لە دێکۆی نمەشیری بانە.

**بناویلەگۆیژە**: گوندێکە لای چوارتا.

**بناویلەی چکۆلە**: گوندێکە لای سەردەشت.

**بناویلەی حاجی مینە**: گوندێکە لای سەردەشت.

**بناویلەی گەورە**: گوندێکە لای سەردەشت.

**بنئامۆزا**: ئامۆزازا، مامۆزازا.

**بنئاوبوون**: غەرق بوون: (خەون و خەیاڵ کردی بە تەڵاشی ناو گێژاوی دەم خوڕێنان، جارێک بن ئاو دەکەوێ، دەمێ وەدەر دەکەوێ) «شەوارە».

**بنئاورە**: بریتی لە خۆڵەمێش×٤٥×: (ئەگەر ناوەرۆک بێکاکڵ و بنئاورە بێ) «ڕاوچی».

**بنئەرد**: ژێرزەوی، بنهەرد، بنعەرز.

**بنئەردک**: سێبنەعەرزیلە، سێڤێ بن ئەرد.

**بنئەردکری**: ژێرگڵخراو.

**بنئەردین**: ڕێی ژێر عەرزی.

**بنئەرواو**: قەیمەئەرواو، کۆنەبەگ.

**بنئەمر**: ژێرفەرمان، بندەست، ژێردەس، بەرفەرمان: (مرازی کێ ئانین بجی بهات بنئەمرن/ خێلافێ نەفس فەرمان ددن چو دید مرازن) «گولشوون».

**بنئەمری**: ژێرفەرمانی، بێدەسەڵاتی، بەرفەرمانی، فەرمانبەری.

**بنبا**: ١. تشتێ پر سڤک ٢. جۆرێ ئاردی سپییە.

**بنباخەل**: بنهەنگڵ، بنهنگل، بنکەفش.

**بنبادە**: ناڵبەکی، ژێرپیاڵە.

**بنبار**: ١. خەمخۆر، غەمخۆر، دڵسۆز ٢.

بەرزین، لباد یا بارێکی سووکە بۆ ژێر بار ٣. پێزان، ئەمەکدار، منەتبار، چاوشۆڕ،٤. بنەچەک، ئەسڵ و نەسەب: (بنبارێان هەڵێواسە)،٥. بنوار، زێژ سەروار،٦. بنباخەڵ.

**بنباری**: منەتباری، پێزانی.

**بنباغەڵ**: بنباخەڵ، بنهەنگڵ.

**بنباقۆزە**: گیایەکە بنەکەی دەخورێ.

**بنبال**: ١. کەلەکە، خالیگە ٢. بنهەنگڵ، بنباغەڵ، بنکەفش ٣. لە مرک ئەوبان تا کەت،٤. نزیک، تەنیشت.

**بنباڵ**: بنبال.

**بنباڵگر**: هامیار، یاریکار.

**بنباڵگرتن**: ئاریکاریکردن، هامیاریدان.

**بنبان**: بنمیچ، میچ.

**بنباندۆر**: ١. داگیرکراو، زەوتکری،٢. زکچێران، تاسدالیس.

**بنبڕ**: ١. قڕ، بنەبڕ، ڕیشەکێش، شوێنەوار بڕاو: (خۆم باغەکەم بنبڕ کرد) ٢. ڕیشەدەرهێنەر، بنبڕکەر.

**بنبڕبوون**: ڕیشە هەڵکەندران.

**بنبڕکردن**: ڕیشە هەڵکەندن.

**بنبڕکریا**: بنبڕکراو.

**بنبڕکریای**: بنبڕ کران.

**بنبڕکریێ**: بنبڕکراو.

**بنبڕکەردەی**: بنبڕ کردن.

**بنبڕە**: بنبڕ بۆ مێ.

**بنبڕی**: ١. لە بندا بڕان، فەوتان،٢. بە نهێنی کاری خراپ کردن.

**بنبڕیی**: ١. بنبڕاو،٢. کچێنی نەماو.

**بنبڕییەی**: بنبڕ بوون.

**بنبزوو**: ١. بزو، بزدو، دواوەی کلک،٢. بن کلکی وولاخ.

**بنبزێو**: بنبزێوکە، بەستە و گۆرانی خۆش کە گوێگر دەخاتە جۆش.

**بنبزێوکە**: بنبزێو، گۆرانی وەجۆشهێن.

**بنبژانگ**: بژانگ، برژانگ، بەربژانگ، مژۆڵ.

**بنبەخەڵ**: بنبال، بنهەنگڵ، بنباخەڵ.

**بنبەر**: بریتی ژ گومکرنا تشتێ.

**بنبەر**: کچێنیبەر.

**بنبەرد**: بنبەردۆک، گیایەکە لە بن بەرد شین دەبێ و دەخورێ.

**بنبەردۆک**: بنبەرد.

**بنبەردووکە**: ڕێواسی شینبووی بەینی دوو بەرد.

**بنبەردووگ**: گیایەکی یەک چڵی بەهاری و کوێستانییە.

**بنبەردەقیێ**: گیایەکە تامی ڕێواس دەدا.

**بنبەردەی**: ١. بن بردن،٢. کچێنی نەهێشتن.

**بنبەردیلە**: جۆرێ ڕێواسە: (تەڕەتیزە و تەڕەزەن و بنبەردیلە) «چنگیانی».

**بنبەرەقی**: بنبەردەقیێ.

**بنبەست**: ١. ڕێکا گرتی، ڕێی بنبەس، کۆلانی بن گیراو،٢. بریتی لە گیروگرفت: (گەیشتوومە بنبەست ئاقڵم پێی ناشکێ).

**بنبەڵگ**: بنگەڵا، بنگەڵای توتن و هەرچی.

**بنبەنگ**: بنبەڵگ، بنگەڵای توتن.

**بنبێژنگ**: بنژیل، بنبێژینگ، دەغەڵە، ئەخشاڵ، ئەوەی لە بێژنگ دەکەوێ.

**بنبێژینگ**: بنبێژنگ، وردەی بنبێژینگ.

**بنبیێڤ**: ١. نەغمە، ڕێگەی بن عەرز ٢. خانیێ بن عەرد و تاریک، ژێرزەمین.

**بنپاخڵ**: بنهەنگڵ، بنباخەڵ.

**بنپاژینە**: بنژیل، بێبێژنگ، خۆڵ و خاکی دەخڵی لە بێژنگ دراو.

**بنپاسار**: بن گوێسوانە.

**بنپاڵ**: ١. بەرتەنیشت، بندەست، بنجغ، تەک، پەنا، کەلێن، تەنیشت ٢. بنباخەڵ، بنهەنگڵ،

ژێربالّ.

**بن‌پانک**: بن ڕەشمالّ، ئەو بەشەی زیدەی ڕەشمالّ و خێوەت کە لە لای دەرەوە کە وەک گوێسوانە داهاتوّتەوە بوّ بەرگری لە باران.

**بنپزوو**: قوشقون، پالّوێن، پالّوویێ بن‌کلکێ دەواری.

**بن‌پژان**: بن ڕژان، کچێنی نەمان.

**بن‌پژاندن**: بێ‌بن کردن، کەنیشکی بردن.

**بن‌پژانک**: بنپژان، کچێنی لە دەس دان بە هوّی کەوتنەخواریێ لە بڵندایی.

**بن‌پژانن**: بن‌پژاندن.

**بن‌پژاو**: بێ بن، دویەت کچێنی نەماگ.

**بن‌پشک**: ١. کچێکی گچکەیە کە بە هی گەورە ئالّ و گوّڕ بکرێ ٢. کچێ ناودێر کرابێ کە بە ژن بدرێ بوّ برای: (بێر و هاوێری لەگەڵ کاکی نەکردبا بن‌پشک/ چوّن دەمانبوو ئەو هەموو گوّشت و پەنیر و بەرگنە؟) «هێمن»٣. دویەتێ ک لە منالّی‌یەو ئەڕای کوڕێ دیاری کریاود: (خاتوون پەریخان بن‌پشکی خوّمە) «توحفە»،٤. قوڕەکەشی، تیروپشک.

**بن‌پەڕ**: تیغی جەوهەردار، جوّرێ چەکە: (بیلجوملە ب زرھ و زەند و بن‌پەڕ/ ئینانە ژ مەرا ب شیر و شەشپەڕ) «خانی».

**بن‌پەرک**: ١. بێخ پەڕ، بنی پەڕی باڵندە،٢. پەڕێ نەرم و هوور ل بن پەڕکێن تەیران.

**بن‌پەرگ**: پەرگەما، ژێرچنی پەرگەمای کڵاش.

**بن‌پەرێز**: گوندێکە لای سیدەکان.

**بن‌پەل**: ١. ژێر ئاگر، بن ئاگر، بن پەنگر ٢. بن‌پەلک، سوورەپەل، بنبەنگ، ئەو گەڵا تووتنانەی پەسن ناکرێن و سەرچڵ نین: (نام جە تەماکوّی بن پەلت ماڕان) «م.ح. دزلی»،٣. ژێر پەلکێن گها.

**بن‌پەلک**: ١. ژێر پەلکێن گها،٢. سوورەپەل، گەڵاکانی بنەوەی تووتن.

**بن‌پەل‌کریا**: تووتنی بن‌گەڵا کراو.

**بن‌پەل‌کریای**: بن پەل کردن تووتن.

**بن‌پەل‌کەردەی**: بن پەلی تووتن کردن.

**بنپێ**: ١. ژێرپێ، بنی پێ ٢. پێخوست، پاشێل، پێشێل، پێپەست.

**بنپیالە**: نالبەکی، ژێرپیالە.

**بن‌پیل**: بن‌هەنگڵ.

**بنتا**: ١. بنتاو، بنتای دار، لقی تازەرواوی بنی دار: (نەجاتم داوە درویێنە و کێشە/ بریومە دەمبێن بنتا لە مێشە) «بوّکوردستان»٢. توولە نەمام ٣. بناغە، شەنگستە ٤. توتنی تا دگەل، توتنا کاتە.

**بنتاتی**: جوّرە ترییەکە.

**بنتار**: ١. خەبەر، هەوال: (دەمێ کو وەزیر ئەم بنتارە بهیستی) «گولواز»،٢. بنکوّل، داوێن، دامێنی کوّ.

**بن‌تاڵ**: بن خالّیگە.

**بنتان**: ١. ئێلەک، سیخمە، سوخمە ٢. لای ژێرەوەی پەرژین و تیغەی دیوار.

**بنتاو**: ١. بندار، لقی تازە رواوی دار ٢. نەمام، ڕیشە، شەتڵ، شتل ٣. قەدی دار.

**بنتراش**: بەلاش، مفت، خوّڕایی، هەروا، بێ‌بەرامبەر.

**بن‌ترنە**: ئەو تەختەی ڕایەڵی گوردە و شێرە لە فەرش‌دا لێک جوێ دەکاتەوە.

**بنتل**: ١. بنزگ، ژێرەوەی سک ٢. بنتلە، سەرە، یەکەمین گوێزێ کە منالّ لە گەمەی گوێزێندا دایدەکەن و تیلی تێدەگرن ٣. بەرد یا لیسێکە کە بخرێتە ژێر تاوێرێکی گەورە تا بە ئاسانی تل بدرێ ٤. ددانە، دیانە، تەڵەزمەبەردی گچکە بوّ ژێر بەردی زل.

**بنتله**: بنتەل، یەکەمین گوێژێکە لە گوویژێن‌دا.
**بنتۆف**: بنەتوو.
**بن تولی**: باڵندەیگە جوور فنج.
**بنتووک**: بن‌کولک، بن‌کوڵکە، خوری یا لقـایێ خراپ.
**بنتەک**: بنپاڵ، تەنیشت، کن، لا، لەکن.
**بنتەل**: ١. بنتلە،٢. ددانە، پواز.
**بن تەمەڵە**: بنچینە، بناغە، هێم.
**بنتێ**: بنەیم، حەمڵ‌کەیم، فەرزکە.
**بن تیان**: بنکرِ حەڵوا، هەڵوا و گەزۆی بە بنـی مەنجەڵەوە چەسپاو.
**بن تیت**: بن قژ، بن پرچ.
**بن تیش**: بن‌چەل، ژێر لووتکەی چیا.
**بنتیک**: پرۆ، پراوە، درومانی کاتی خەیات.
**بنج**: ١. بنجک، بنچـک، ڕەگ، بـێخ، ڕیشـەی دار و دەوەن: (لەگەڵ ڕەزا چەنـــد بنجێـــک گوڵمـــان هێنـــا و لە قـــوژبنێکی حەوشـــەکە چێنامانن) «کۆردەرە»٢. بنچینە، بلگەهـ بناغە ٣. تا، بن، قوڵی، ئاخری: (بنج دو)،٤. سـەرچاوە، بنـاوان،٥. سـیریژ، ژاژی، ڕێچـال، ڕیچـاڵ،٦. چەپک، دەسک، دەسەی گیا یا موو.
**بنجامە**: ساختەچی، فێڵباز.
**بنجامەتی**: ساختە، گزی، فرِوفێڵ.
**بنج‌ئەرەبەردەی**: بنج بردنە خوارەوە.
**بنج‌ئەرەکوای**: بنج داکوتان.
**بنج‌بەس**: بنج‌بەست.
**بنج‌بەس‌بییەی**: بنج‌بەست بوون.
**بنج‌بەست**: ١. پەل و ڕیشەی گیـا کە بنجـی داکوتابێ،٢. بریتی لە دامەزراو، خۆگرتی.
**بنج‌بەســت‌بوون**: ١. بـنج داکوتـانی ڕوەک،٢. بریتی لە دامەزران و خۆگرتن.
**بنج‌بەست‌کرن**: ١. بناغە پتەوکـرن، ڕووەکـێکە ڕوابێ و ڕەگی داکوتابێ،٢. بریتـی لە کـارێکی کە باش بکرێ.
**بنج‌بەستەی**: بنج بەستن، بنج داکوتان.
**بنج‌بەس‌کەردەی**: بنج‌بەس کردن.
**بنج‌بەسە**: بنج‌بەست.
**بنج‌بینای**: بنج بەستن.
**بنج‌پێکای**: بنج پێکان.
**بنج‌داقوتان**: ڕپن برنەخوارێ، ڕیشەداقوتان.
**بنج‌داکوتان**: ١. ڕیشە قایم‌کردن و خـۆگرتنی گژوگیـا،٢. بریتـی لە سـەرگرتنی کارێـک،٣. بریتـی لە زۆر دانیشـتن و مـانەوە: (ئەرێ ئەو میوانانە نارِۆن، خۆ بنجیان داکوتاوە).
**بنج‌دو**: بن دو، ئاخری کلک.
**بنجز**: بناغە، بنەڕەت.
**بنج‌قانگ**: بتە بـازێ گیایـل ئەڕای قانـگ‌دان مەشکە و زام.
**بنجک**: پنجک، دەوەن، شخەڵ.
**بنج کردن**: پاڵشت‌دان، جەخـت‌کردن، کـردن، دامەزراندن.
**بنجگ**: بووتگ، بتە، بنجک.
**بنجگەبالا**: خرپن، کورتەبالا.
**بنجڵ**: بنچەک، ڕیشە، ئەسڵ‌ونەسەب.
**بن جلک**: فانیلە، ژێرکراس، کراسی ژێرەوە.
**بنجو**: بنەجوو، کورِە جوی نۆموسوڵمان.
**بنجۆ**: ١. بنجۆگە،٢. بناوان.
**بنج‌وبناوان**: بـنەچەک، بـنەڕەت، سـەرچاوە و بناغە و ڕیشەی کارێک: (هاتوومە جهـان چـم بە چ کرد؟ تێ‌گەی: هیچ/ هەر بـنج و بنـاوانی جیهان دەرخەی: هیچ!/ ...) «خەیام هەژار».
**بنجوجکە**: کلێنچکە، کلێنچک، ئێسکی قوون.
**بنجۆدرِەی**: ناوی گوندێکی هەورامانی بەشی هەریمە.
**بنجۆری**: پەیجۆری، توێژینەوە، لێکۆڵینەوە.
**بنجۆگە**: بنجۆ، قەراغی جۆگا و جۆگەلە.

**بن‌جوو**: ١. بنه‌جوو، بن‌جوی، نۆموسولمان، که‌سێ باب یا باپیری جوو بووبێ،٢. ئاو فره که‌م،٣. زیز تۆک جوو، ئه‌و زه‌مینه‌یله ک هانه نزیک سه‌رچه‌مه‌ی ئاو.

**بنجووری**: بنجۆری.

**بنجوول**: بنژیل.

**بنجوی**: بنه‌جوو، به ڕه‌چه‌ڵه‌ک جوو.

**بنجه**: بنج.

**بن‌جه‌نگ**: بن چنگ، ژێر باغه‌ڵ.

**بنجه‌ودان**: ١. ڕیشه‌داکوتان، بنج‌وه‌شانن،٢. لاناوه ل ته‌که‌ودان.

**بنجی**: ١. نالیک، دۆشه‌ک ٢. بنه‌گه‌هی، بنیاتی، به‌ریما، بنچینه.

**بن‌جیگاره**: ته‌پڵه‌ک، ژێرسیغاری، فه‌را خولیا جگه‌ره.

**بنچاخ**: سه‌نه‌ت، سه‌نه‌د، قه‌واڵه، قه‌باڵه‌ی ملک.

**بن‌چاڤ**: ١. که‌سێ له ژێر چاوه‌دێری‌دا بێ ٢. ڕاچاڤ، لاتیر، لاچاو، زیها بنێ یا چاڤی.

**بن‌چاڤ‌کرن**: خستنه ژێر چاوه‌دێری.

**بن‌چاڤ‌کری**: که‌سی چاوه‌دێری کراو.

**بن‌چال**: ١. له گۆڕ خران، بن گڵ نران،٢. ئه‌شکه‌نجه، سزا: (ئه‌ممامێرێ چێ ژ به‌ر حوکم بن‌چال و شکه‌نجه دبن) «گولشوون».

**بنچاڵ**: ١. کای بنی چاڵی گه‌نم و ده‌غڵ،٢. دانه‌ویڵه‌یه‌که له گه‌نم و جۆ که له بنی گایێردا ده‌مێنێته‌وه.

**بن‌چرک**: ١. بنچه، بنه‌مال، بنه‌ماڵه، زوریه‌ت، نه‌سل،٢. ڕیشه، ڕه‌گ، بن چێرک، بن چێره، بنێ گیا.

**بنچغ**: پاڵ، بن‌پاڵ، ته‌نیشت، لا، کن: (ده له بن‌چغم لاکه‌وه!!).

**بنچک**: ١. بنه‌ده‌وه‌ن یا بنه‌گیای ئه‌ستوور بۆ سووتاندنی وه‌رزی سه‌رما،٢. بنه‌دار، بنچکه‌دار، دار و دره‌ختی کۆتاباڵا: (مه‌لی سه‌ر بنچک، په‌ل و پۆ ڕه‌نگین! خۆ من هه‌ڵۆ نیم/ لێم مه‌فڕن جووت جووت، مه‌ترسن ئاخر پێتان بڵێم چیم:) «گۆران».

**بنچل**: بنچه‌ل، بنکێشر، بن لووتکه‌ی چیا.

**بنچڵ**: بنتا، لقی ڕواوی بنی دار.

**بنچله**: ١. ناوی به‌رزاییه‌که لای سه‌قز،٢. دیه‌که‌یگه له ڕوانسه‌ر.

**بنچلێ**: دیه‌که‌یگه له جوانرۆ.

**بنچنگ**: بن‌چه‌نگ، بن‌باڵ، بن‌که‌فش.

**بنچنگانێ**: زۆره‌وانی، زۆرانی، گه‌مه‌ی زۆرخانانێ: (دو زارۆک بن‌چنگانێ دکن).

**بنچنی**: بنچینه‌یی، بناغه‌یی.

**بن‌چۆک**: چاڵایی بن چۆک.

**بن‌چوون**: هه‌ژار بوون.

**بنچه**: ڕه‌گه‌ز، نژاد، نه‌ژاد.

**بنچه‌ک**: بنه‌چه‌ک، بنچینه، بنچه‌ک.

**بنچه‌ل**: بنچل، بن‌تیش، بناری شاخ، بن لووتکه‌ی چیا.

**بن‌چه‌ن**: بن چه‌نگ، بن چه‌نگه.

**بن‌چه‌نگ**: بن هه‌نگڵ، بنچنگ.

**بن‌چه‌نگانێ**: بنچنگانێ، زۆره‌وانی.

**بن‌چه‌نه‌گه**: بیناقاقا، به‌ربین، بنسه‌ر، تیتینۆکه.

**بنچیا**: زنجیره چیاییکه له ده‌ڤه‌ری باکووری خۆرهه‌ڵاتی زاخۆ.

**بن‌چێرک**: بن چرک، بن چێره، بنێ گیا.

**بن‌چێره**: بن‌چێرک، ڕیچال.

**بنچین**: ١. بناغه، ئه‌سل ٢. ده‌مار، ڕه‌گ، ڕیشه.

**بنچینه**: ١. ڕه‌گه‌ز، ڕه‌چه‌ڵه‌ک، بنیاد، بنجی ٢. بناغه، بناش: (بنچینه‌ی مزگه‌وت نیشتۆته ناو چه‌م/ ڕوو به‌ره‌و قیبله، پشت له جه‌هه‌نه‌م!) «گۆران»،٣. لاناوه له وه کوناوه چین چه‌و: (چه‌وێ چیه‌سه بنچینه‌وا).

**بنچینه‌نان**: بناغه‌دارِشتن، بونیات‌نـان: (کـوانێ بەگلەران ساحێب سوپا و سـان/ کـێ ئوسـتاد هاورد تۆش بنچینه نان) «فەقێ».
**بنچینه‌نه**: له بنەڕەتا، لەو بناغەدا.
**بنچینه‌یی**: بنچینی، بنجی، بنیادینی، ڕیشه.
**بن‌حانه**: له قەدیما دێ بووه، ئێستا مەزرایه له بەشی خورِخورِەی سەقز.
**بنحه‌رام**: زۆڵ، بیژی، حەرامزاده.
**بنحه‌رد**: بنئەرد، بنعەرز.
**بن‌خاڵه**: شتی زۆر وردی بن شله له هەوەڕا.
**بن‌خانی**: ئاوردانی کـۆن، بن‌خێنـی، بلخێنـی، شۆمینه.
**بن‌خرمـــان**: بن‌خەرمـان، دانـی بە گەسـک خرکـــراوەی خەرمـــان: (هەزار خەیـــاڵی ڕەنگاوڕەنگ دەوریان داوه، ڕیزەسـواڵه، مەڵـۆ، بـــاقەبێن، گێشـــه، لۆدەکـــا، مالووســـک و بن‌خەرمان) «ئەمیری».
**بن‌خه‌رمان**: بن‌بێدەر، بن‌خرمـان، بن‌جـوخین، بنەپیت، خاکاڕوو، بن‌کوی خەرمان: (کـۆتەڵ و بەربا و بن‌خەرمان) «چنگیانی».
**بن‌خێنی**: بن‌خانی.
**بنخێـــو**: دووای لـــێفه و جـــاجم پێـــدادان، پەستاوتن و نووشتاندنەوەی کەنارەکانییەتی.
**بند**: گوندێکه له نزیک چەمچەماڵ.
**بن‌داپزان**: گوندێکه لای چۆمان.
**بن‌داتێ**: بمان‌داتێ، پێمان بدات.
**بنـداخه**: قوونـت بقـووچێنه، کەسـێکی لـێـی بقەومێ پێی دەڵێن بنداخه.
**بنـــدار**: ١. بـــنەدار، قەدی دار، ڕیشـــەدار ٢. خانەواده، خانەدان، بنەماڵه ٣. بناوان، کەیبانوو: (دیا کوڕا بە، لێ نه بندارا کـوڕا به) «پەنـد»،٤. جێنشین، نوێنەر ٥. قاپ یا شـتێ بنـی هەبـێ: (حەمه جـامێکی مسـی بنـداری له سـەوەتەکه دەرهێناوه) «هەزار ئەشکەوت»٦. سـێبەر، سـها دارێ ٧. کـچ، کچـێن، خـام، کەنیشـکێ بنـی هەبـێ ٨. ژنـا شـووکری، ژنـی مێـرددار،٩ . گوندێکه لای پیران.
**بنداروبندار**: له بـن ئەم دار بـۆ بـن ئەو دار: (ڕانەکەم ڕۆی بندار و بندار) «ع. مەردان».
**بن‌دارۆک**: گیایەکه.
**بندارۆک**: بنـداroوک، سـەیران، سـەیاحەت، گەڕان: (دیسـا چـوونه سـەیرانێ/ بنـدارۆک و دیلانێ) «سەنار».
**بنــــداroوک**: بنـــدارۆک، جیـــێ ســـرانێ و گۆڤەندێ، ل زەمانێ بەرێ کـچ و خـۆرت ب هەڤ ڕا ل بن دار و زنـداران سـران و شـایی دگرتن ل وێ ڕا بندارووک دگۆتن.
**بنداره**: بندار.
**بن‌داره‌وبن‌دار**: لەم بن دار بۆ ئەو بـن دار: (له شـیوەڵێک پـنگەڵ و زەل و قەرەم دیـاری دا، بەرداو بەرد و بـن‌دارەو بـن‌دار بـۆی چـوو) «پێکەنینی گەدا».
**بنداری**: ١. خانەوادەیی، بناوانی ٢. نووێنەری.
**بنــدان**: ١. ووردەخـۆڵی دووای دابێـژتن،٢. گەنمێکه وەکـو گژنیـژییه به دەستاڕ دەیـکەنه ئەستوورک،٣. ئاردەساوار، ساواری هاڕدراو.
**بن‌دانه‌وه**: ١. هەڵکۆڵین، کەندن، بـن کـۆڵین، ٢. بن دانەوەی دار و گیا.
**بندانک**: دانەویڵەی بنی گۆنی.
**بن‌داینه**: بن تێدان، بن بۆ کردن.
**بندبه‌راز**: گوندێکه له باکووری کەلار.
**بن‌ددان**: ژێر ددان، بنەوەی دیـان، بـن دیـان، پووک: (تامی ئەو سەنگەسیرەی دایکـم هێشـتا له بن ددانم دایه!).
**بن‌در**: ××××××××××××
**بندرخه**: بێنـدرخه، شەشـەم حەوتەی زسـتان

کە دەکەوێتە نێوان بەند و مەیرەم.
**بــن‌دڕاو**: ١. تەلیسێ کە بنی کون بێ،٢. بێ‌مەعنی، قۆڕ، قسەی هیچ: (هەرچی تەفرەی لێدەدەم، وەعدە و وەعیدی پێدەدەم/ ناسرەوێ تەکلیفی قۆڕ و بن‌دڕاوم لێدەکا) «کۆکەیی».
**بن‌درس**: پەرتخ، حەق جییە.
**بندرِرس**: عەسڵ، ڕەسەن.
**بنــدڕوو**: ١. بـرۆش، دروومـانێکە لە دەرەوە دیار نەبێ ٢. بن‌درو، درویـنەی بە داس لە بنا دروون ٣. بن‌تیک، دادرونی زارکی جەواڵ تـا ئەو جێگەی بکرێ و نەخلێ.
**بن‌درە**: ×××××××××××××
**بن‌دڕیا**: بن‌دڕاو.
**بندڕیان**: ١. بن‌دڕان، دەفرێک یا هەر شتێ کە قەت پڕ نەبێ،٢. بن‌شڕی گـۆنی و شـتی وا،٣. بێ‌بنی، کچێنی نەمان.
**بن‌دڕیای**: بن دڕان.
**بندڕیایی**: ١. بـێ‌بن، بن‌پڕیـاک، کچـی بـێ‌بن کـراو،٢. قەرزداری، موفلیسـی،٣. بن‌دڕیـاوی دەفر و تەلیس.
**بندریسکە**: گچکەترین پەلەوەرێکی بـۆرە، لە نێو پەرژینی باخ و باخچەدا دەژی.
**بن‌دڕیەی**: بن دڕین.
**بن‌دڕیێ**: بن دڕاو.
**بنــدک**: ١. ژێـر، ژێرپیـاڵە ٢. تەوەرە، خـڕ و گرۆوەرێـک کە بەرداشـی لەسـەر دەگەڕێ ٣. ئەو شــوێنەی تەوەرەی لە ســەرە ٤. بنکــێ گوندی، بندکی گوندی، ئەوەی باب و بـاپیری لە دێ ژیابن.
**بن‌دگان**: بن دیان، بێخ دیان.
**بندن**: کوانوو، کوانی، کۆچک، ئاوورگ.
**بن‌دنۆ**: پووک، پدوو.
**بنــدۆ**: گیـایەکە بە وردی بە هەر شـوێنێکدا بکرێ کێچی نامێنێ.
**بندۆر**: بندروو، ئەوەی درووێنە لە بنا بکات.
**بــن‌دورۆن**: هـوور دورۆن، درۆنـا ل سـەر کنجان ژ دەرڤا دیار نەکە.
**بندۆش**: برۆش، مەرِدۆش، مانگـادۆش، فەرا دۆتن.
**بندۆک**: ١. بندەوک، بنەدوک، دۆک، دۆووک، خلتەی ڕۆنـی کەرەی قـاڵکراو ٢. شـۆکە، ئەو لیجقە شیرینەی لە پەلکی زرعـات دەدا،٣. ئەو خوریەی لە شانەکردندا دەمێنێتەوە و بۆ ڕستن نابێ.
**بندۆکە**: بەندوکە، گیایەکە.
**بندۆڵ**: دێیەکە لە دێکـۆی سـەولاوای بەشـی مەریوان.
**بندۆڵە**: بنۆڵە، شتی لە بنی توورەکەدا ماوە.
**بندوو**: کەرەێ تاویاێ ک دووەگەێ تاگرتییە.
**بندوورە**: میلاقە، مێلاقە، ڕەبەنۆک.
**بـــــن‌دووف**: بەردووف، بەردوو، بەردووگ.
**بندووگ**: بەردووگ.
**بندووڵ**: دو یا مەنەێ هەرچی.
**بن‌دەئـاودانەبوون**: بریتـی لە شـیاوی تەواو بـوون، کۆتـایی پێهـاتن: (ئەو میـراتەی پێـی براوە، بنی دە ئاودا نییە، ئـاخری ڕۆژێـک هەر تەواو دەبێ).
**بندەرگە**: دالان، بێلایی.
**بن‌دەرە**: گوندێکە سەر بە پیرانشار.
**بن‌دەرێنان**: بن‌دانەوە، بنکۆڵ کردن: (دەسـتی دڵپیسێ بنی دەردێنێ) «هێدی».
**بن‌دەس**: بن‌دەست.
**بن‌دەست**: ١. ژێردەست، نـۆکەر، خزمەتکـار: (چا پشـتڤانا ئەخلاقـێ بەرفرەهـا مەزنـان کـو عەیبـا بندەسـتان ڤەدشـێرن) «گولشـوون»،٢. ژێربال، بن‌هەنگڵ، بنکەش ٣. لا، کـن، لەپەنـا

٤. لەپەنا، زۆر نزیک کە دەس بیگاتێ،٥. دیل، یەخسیر، ئەسیر: (لێ شاعەباس کۆ د ئەوقاس قەوخاندا سەر کەتبوو، ئەوقاس وەلات کربوو بن دەستێن خوە) «مەستوورە»،٦. دودەس، لەدەسا، لەدەسرەسا،٧. بێدەسەڵات، لان زەلیل: (مێرێ بن دەسا ژنێ، باشە بۆ مرنێ) «پەند»،٨. کەمتر لە خەڵک، بێتەکەبوور: (سۆفی دڤێ نا فەکرن/ دەروێش دبەر مرنێ مرن/ دێ خوە ژ سان کێمتر گرن/ بندەستێ هەچی خولقەتێ) «فەقێ تەیران».

**بن‌دەستک**: عەمیل.

**بن‌دەستەکردن**: داگیرکردن، گرتن: (سپا بەرزاییەکانی سۆفیانی بن‌دەستە کرد) «لەمەهاباد بۆئاراس».

**بندەستی**: ١. ژێردەستی، نۆکەری ٢. دیلی، یەخسیری.

**بن‌دەسی**: لە بن دەس کوتان بۆ بێدەنگ کردن: (چفەی بێوادەی نیازان نازان/ بن‌دەسیی دا دەنگ بازن نە بازان) «مەولەوی».

**بندەق**: ١. فندوق، فنق، کەلوز، جۆرێ چەرەزەی خڕە: (ئەز نە گولم نە بندەقم/ ئەز خەزالەکا ئەنی دەقم/ کەتم بەندا مێرێ پیس و چەپەل/ نە ئەز دمرم نە ئەز دپەقم) «حەیرانۆک»، ٢. ئەو تەوەرەیە کە بەرداشی لە سەری دەسوورێ.

**بن‌دەق**: جەنگە، هەرەت، کات.

**بن‌دیان**: ١. بن‌فەلە، بنەفەلە، کەسێ کە باب یا باپیرێ وی فەلە بووبێ ٢. ناوی عەشیرەتێکی زۆر گەورەیە لە دەشتی هەولێر،٣. بنی ددان.

**بن‌دیاْن**: بن‌دیان.

**بندیانغەربی**: گوندێکە لە باشووری قەراج.

**بندیانشەرقی**: گوندێکە لە باشووری قەراج.

**بندین**: بندەن، تەختی چۆم و ڕووبار.

**بن‌دیوار**: ١. پالقانچک، پشت دیوار،٢. بریتی لە بێبەش و نائومێد بوون: (سەرگەردان و بن‌دیواری دە وان خەزیم‌شۆڕ و گەردن‌زەرد و شەدەشلانم، هەی ئامانەتت بێ، پایز بە تەنێ) «گەنجی سەربەمۆر».

**بن‌ڕان**: ١. قەونی ڕان،٢. بریتی لە قوون: (.../ شەرتە نەیهێڵم هەرچی خارشتی بن ڕانت هەیە) «شوکری فەزڵی».

**بن‌ڕاو**: پێچەوانەی سەر ڕاو، دەستەی داوێنی گرد لە کاتی ڕاودا.

**بن‌ڕچڵەک**: بنەچەک، بنەچەکە، ڕەچەڵەک، باوباپیران.

**بن‌ڕدێن**: بن‌ڕیش، موی بەرچێڵەی پیاو.

**بن‌ڕدێن‌هەڵدانەوە**: تاشینی مووی ژێر چەنە.

**بن‌ڕژان**: کچێنی نەمان: (ئەو کچە وا کەوت دەترسم بنی نەمابێ).

**بن‌ڕشتن**: بن پژاندن، بێبن کردنی کچ.

**بنڕەخ**: ١. دۆشەک، دۆشەگە، نالیک: (لسەر بنڕەخێ خوە درێژ کر) ٢. خیم، هیم، بناغە.

**بنڕەخێڵی**: گوندێکە لای شارۆچکەی خان‌سوور.

**بن‌ڕەشماڵ**: بن پانک.

**بن‌ڕەگ**: ڕیشەدار، بنجدار××: (کۆنەدەردی دەردی کۆمەڵ، نوێ نییە/ ڕیشەدارە بن‌ڕەگە، سەرتوێ نییە) «ڕاوچی».

**بن‌ڕێسمە**: پاژنەی درگا، کۆتەرە دارێکی کونکراوە کە زەمانەی خوارەوەی لاشیپانەی دەرگا دەچێتە نێوی و لە سەری دەگەڕێ.

**بن‌ڕیش**: بن‌ڕدێن، تاڕیش.

**بن‌زاراوە**: ڕاوێژ و زمانی ناوچەیی هەر زاراوەیەک: (بن‌زاراوەکانی موکریانی و ئەردەڵانی سەر بە زاراوەی ناوەندین زمانی کوردین).

**بن‌زک**: بنتل، ژێرسک.

**بنزیل**: بنزین، سووتەمەنی ئتر.

**بنزین**: بێنزین، سوختی ماشێن.

**بن‌زین**: هەرچی لە ژێر زین بخرێتە سەر پشتی وڵاخ: (سەرزینی ماینی شڕە/ بن‌زینی ماینی شڕە/ دۆستی کچە مەنگوڕە) «فۆلکلۆر».

**بن‌زینک**: توور یا کولاڤێ دکەڤێ بنێ زینێ.

**بنژانگ**: بن بژانگ، برژانگ، بەربژانگ، مژۆڵ.

**بن‌ژیل**: ١. بن‌بێژنگ، دەغەڵە، بنجوول، ئەوەی لە بێژنگ دادەکەوێ: (کەسێ فارسی فێر نەبا، دۆڵ و سەرچەوت و بن‌ژیل بوو) «ڕاوچی»،٢. شتی زێدە خراپ کە نافرۆشرێ و دەمێنێتەوە.

**بن‌ساپیتە**: ساپیتە، سەراپیتە، سەقف، میچ، بنمیچ.

**بن‌سپی**: کیژێک کە هەر لە بنەڕەتەوە کچێنی نەبێ.

**بنست**: بست.

**بنستر**: ١. بنەما، ڕێنمایی ٢. قادرمە، پەیژە، سترە.

**بن‌سۆل**: ژێر کەوش.

**بن‌سەر**: ١. نازبالش، نازبالنج، سەرینی گچکە ٢. پشتەسەر، ژێر سەر،٣. بنەچەنەگە، تیتینۆک، بینەقاقا،٤. بریتی لە مێشک، نیومێشک.

**بنسی**: هەژار، نەدار.

**بن‌سێڤاند**: سواتدە، گوێسوانە.

**بن‌شانە**: بنۆک، خوری بن شانە.

**بنشت**: بنێشت.

**بن‌شڕ**: هیچ، سووک: (وەکوو خۆمە لە بەر چاو شەنگ و ڕێکم/ چ زانێ کەس چ گەند و بن شڕێکم!) «بۆکوردستان».

**بن‌شەی**: بن شانە، خوری و مەرەزی کورتی بێ کەڵک لە دوای شانە ئەمێنێتەوە.

**بن‌عەرد**: ژێرزەوی، بن‌عەرزی،

**بنشکەفت**: بەرئەشکەوت.

**بن‌شەڵتە**: ڕایەخی ژێر دۆشەک.

**بنشین**: دانیشە: (بنشین نە گێجاو دەریای بێ پەی‌دا/ نە گۆشەی حوجرەی سەفینەی مەی‌دا) «مەولەوی».

**بن‌عام**: ١. بنەچەک، بناغە،٢. ئەو کەسە ک لە لانەمائ سەید نییە،٣. بن‌ئامۆزا، بنام.

**بن‌عانە**: پاژنەتاقڕانی، جۆرێ پێڵاوی قەدیمی ژنانە، دراوێکیان لە پاژنەی دەدا بۆ ئەوەی تەقەی بێ.

**بن‌عەرزیلە**: سێوەبن‌عەرزیلە: (کاهوو پیاز و کەلەرم و تەرخوون و بن‌عەرزیلە/ کاشمە و کۆڵ و بناو و سورهەڵاڵی لانزار) «قانع».

**بن‌فار**: ×٦٦×: (وە بن‌فارێ وان دگهی بیوە و پیران) «گولشوون».

**بن‌فشن**: بن‌پژێن.

**بن‌فشنای**: بن پژاندن.

**بن‌فشنە**: بن‌پژێن.

**بن‌فشیای**: بن پژان.

**بن‌فشیێ**: بن‌پژراو.

**بن‌فک**: وەر دڵ، ڕووبەڕوو: (هاتێە بن فکم گرتییە).

**بن‌فلە**: بنفڵە، بنفەلە، فەلەی تازە موسڵمان بوو، بن‌فەلە، بە ڕەچەڵەک فەلە.

**بن‌فەلە**: بنەفەلە، بندیان.

**بنڤا**: لە بێخ، لە ڕیشە، ژبن، کۆکێڤا: (ژ گەر باغێ باغدار مەلێک بخۆ بەری/ ب دەرخن غولامانە وی دارا ژ بنڤا) «زیلان».

**بنڤاتە**: سەربراتە، سەربەلاتە، سەربنڤاتە، نابووت، سەر بە نیست.

**بن‌ڤاڕابوون**: بن‌ڤاهل بوون.

**بن‌ڤاهل‌بوون**: لەبێخ کەنیان، ژبن هاتن، هەڵکەندران.

**بنڤە**: بنوە، بخەوە، بـڕازێ: (بـنڤە میـرم ب دل تەنایی) «سندی».
**بنڤەبنڤە**: ١. بەنهێنـی، بەشـاراوەیی ٢. مـرۆی خاپینۆک ٣. مرۆی بێدەنگ و کەمدوێن.
**بـــنڤەژی**: لە بنیشـــەوە: (ئـــانکو ب ســـەرڤە دوست بیتن و بنڤە ژی دوژمن) «گولواز».
**بن ڤە کۆل**: ١. پیلانگێڕ، ئاژاوەچی ٢. بن‌کـۆڵ، ئەوەی بنـــی شـــتێ دەکـــۆڵێ ٣. لە بـــنەوە هەڵکەندنێ دیوار ٤. دانەوەی بنی زەرحات بۆ بەهێزبوونی.
**بنڤەکۆلان**: کۆڵین، بنڤەکۆڵیـک، دانەوەی بنـی شتێ.
**بن ڤە کی**: نهێنی، شاراوە، داپۆشیک.
**ب‌نڤێژ**: نوێژکەر: (پیر ب نڤێژ قوینا ب تریژا) «پەند».
**ب‌نڤیســـان**: ب نووســین، بە نویشـتە، پـێ نڤیسانێ پەیام ڕێکرن.
**بنڤێشە**: بن، بناغە.
**بنقاو**: پاشاخورِ غەزا، بەرماوە خواردەمەنی.
**بنقاوخوەر**: بەرماوخۆر، چەڵمووس، لەموور.
**بن قـــرت**: قــرچ، قرچــۆک لە بنــا: (بــێ گرێ‌وگۆڵە، کەما بـن قـرتن/ قەڕنە، تەڕنـێکە، بەگەز ڕم کورتن) «ڕاوچی».
**بنقـــووژنەک**: ئەوک، بینبینــۆکە، تینتینــۆکە، قورگ، قورقوراچکە.
**بن قووروژنەک**: قوڕێ، قوڕگ، گەروو.
**بنقورە**: گیایەکە.
**بن قول**: بن دەست.
**بن قۆڵ**: پاژێکە لە کراسی ژنان کە سـەرقۆڵی پێدا دەدروون.
**بن قۆڵتخ**: بنهەنگڵ.
**بن قولنج**: بن‌قۆڵتخ.
**بن قەلات**: گوندێکە لای سمێلان.

**بنک**: ١. دەمە، ئاغزە، ئاغزە جگەرە، قـونچکی سیغار و شتی‌تر ٢. مـاوە، پاشـماوە ٣. مـوور، بنەداری ئەستوور: (ئەو بنکی دارە، مـن لقـی دارم/ ئەگەر ئەو ببـڕن مـن ســەرەوخوارم) «قانع»٤. بناغە، بنەوا ٥. بنبەنگ، بەلگێت بنێ ژ توتنێ ٦. بن، خوارەوەی شت: (جارێ سـەری کوڵمەی بگری، جارێ لەبی لەعـل/ گـا بنکـی دوو مەمکانی، دەمێ سەری پوسـتان) «ئەدەب» ٧. کووتـاڵ و مـاڵی بازرگـانی،٨. نەیشـەکەر، گیایێ نێیشەکەر.
**بن کاچ**: شوێنێکی نـزم لە زەوو کە هەوا کەم ئەیگرێت.
**بن کاخ**: بنێ کووز، ئشکەولەت، سواڵەت.
**بن کاسک**: بن‌پیاڵە، ژێرپیاڵە، بن‌ئیستیکان.
**بن کاڵ**: بن‌کۆڵ، دانەوەی بنی دار.
**بن کالای**: بن کێلان، بن کۆڵینی دار.
**بن کالایۆ**: بن کێلانەوە.
**بنکـــدار**: ١. خــاوەن پــێگە، بنـدار، لە ڕیشـە ناهاتوو ٢. فرۆشیاری گشتی فرۆشـێ ٣. قـاپ و قاچاخێ بنی هەبێ.
**بنکداری**: بنکدار.
**بنکـــڕ**: ١. بنکـڕی بـرنج،٢. کرکـڕ، بـنکلاش، بنکلاشـک، بنکلاشـک، ئەو گـرارە کـو ببنـێ دیزکێڤە نووسیای و سۆتی.
**بن کراس**: ژێرکراس، کراسی بنەوە.
**بن کراسک**: بن‌کراس، ژێرکراس.
**بن کردن**: سەلک کردن، خرپبوونی بنی گیـای بنکدار وەک توور.
**بن کرنە**: بنکڕ.
**بنکـــڕنەک**: بنکـڕ، چێشـتی بە بنـی مەنـجەڵ نووساو.
**بنکس**: بست.
**بنکڤەچوون**: چوونە کنی، چوونە لای،

**بنکلاش**: بنکلاشک.

**بنکلاشک**: بنکڕ.

**بنکڵاشک**: بنکڕ.

**بنکلاندن**: کۆڵین، هەڵکۆڵین، دانەوە،

**بن کلک**: ١. قوون، کنگ،٢. ژێر کلکی ئاژەڵ: (زۆری نەمابوو بۆنی سەرگین بمکوژێ وای تێدەگەم/ تووکی بن کلکی کەر و بارگیری مردووی پێوە بوو) «شێخ ڕەزا».

**بن کلک خوراندن**: بریتی لە خاپاندن، فریودان بە قسەی خۆش.

**بن کلک ورنای**: بن کلک خوراندن.

**بن کلک وریای**: بن کلک خوران.

**بن کڵێشە**: بن کڵێشە.

**بن کڵێشە**: ١. ناولەش، ئەندەروون،٢. بریتی لە ناو فکر و بیر: (کابرا چۆتە بنکڵێشەیەوە بۆ خەڵەتاندنی).

**بن کڵێشەچوون**: بریتی لە فریودان و هانەدان: (شەیتان چوو بن کڵێشەی حەسۆ و دایکی پێ بە کوشتن دا).

**بن کنج**: ژێرکراس، جلکێن ژێرین.

**بنکوانوو**: ١. بن ئاگردان ٢. بنەماڵە.

**بن کوانیلە**: جۆرێ ئەستوورەک و کولێرەیە.

**بنکوچک**: سەرپۆشی ژنان.

**بن کۆش**: ژێرداوێن.

**بنکۆشک**: ژێرخان، هۆدەی ژێرزەمینی.

**بنکول**: وەکولی، هەموو.

**بنکوڵ**: ئەوەی لە بنەوەی مەنجەڵدا ماوە، بە پێچەوانەی بەرکوڵ.

**بنکۆڵ**: ١. بنقەکۆل، بنکەن، بنکەند، دانەوەی بنی دار و ڕەز و بێستان: (شۆڕەژن بنکۆڵ نەکا بڕکەی بە قرچەی نیوەڕۆ/ چۆن لە کاڵەک تێر دەبێ ئەو زگزلە بێستانڕنە؟) «هێمن»،٢. کاری هەڵکەندنی بنی دیوار بۆ ڕووخاندنی،٣. دیواری بن دراوە و هەڵکەندراو: (بە بارەگای دەوڵەتی ڕاگەیاند کە قەڵای ورمێ بنکۆڵ بووە) «توحفە»،٤. بنتار، دامێنی کێو.

**بنکولاوە**: گیایەکە: (سویسن، وەنەوشە، هەلاوە/ قاتەڕەشین، بنکولاوە) «ڕاوچی».

**بن کولک**: بن کوڵکە، خوری خراپ و بن شانە.

**بن کۆڵ کردن**: ١. هەڵکۆڵینی بنی دیوار بۆ ڕووخاندن،٢. هەڵکەندنی دەورووبەری ڕەز و دار و تووتن و زەرعات: (شۆڕەژن بنکۆڵ نەکا بڕکەی بە قرچەی نیوەڕۆ/ چۆن لە کاڵەک تێر دەبێ ئەو زگزلە بێستانڕنە) «هێمن»،٣. بریتی لە پیلان گێڕان و ژێر کەسێک بەتاڵ کردن.

**بن کوڵکە**: بن کولک، هری نەباش.

**بنکۆلین**: بنقەکۆلین، دانەوە، کۆڵین.

**بن کوو**: ١. بنەچەک،٢. بن کووەێ خەرمان.

**بن کوورە**: ناوی شوێنێکە لە دەڤەری سلێمانی : (عەزە گورگە لە بنەجەکدا خەڵکی بناری بن کوورە و قۆرەتوو بوو) «کۆردەرە».

**بن کووز**: بن کاخ، سواڵەت، ئشکەولەت.

**بنکە**: ١. بناغە، بنە، جێگە،٢. بنە، مەکۆ، مەکۆگە، بارەگا، مقەڕ، مەقەڕ هێزی چەکداری: (بنکەی پێشمەرگە لە چیای سەفینە)، ٣. جێی دەست پێگرتن لە یاری قەلەمردارێ، ٤. ناوی پیاوانە.

**بنکەجغارە**: بنەسیگار، قونچکە سیگار.

**بن کەزی**: بن پرچ، پرچی لاوە.

**بنکەسیگار**: ئاغزە، بنکەجغارە.

**بنکەش**: بن باخەڵ، بنەنگڵ، بن دەست.

**بنکەشی**: درز و کەلێن گرتنی دیوار.

**بنکەفتن**: ژێرکەوتن، بن کەفتن، دۆڕان، شکان.

**بنکەفش**: ١. پاخڵ، ژێرقوڵ، بن چنگڵ: (بن کەفشێد وی دخورن) «پەند» ٢. بن کەوش، ژێرپێلاو.

**بنکەفشانێ**: زۆرەوانی، زۆرانبازی.
**بنکەڤیک**: گوڵە نەورۆزە.
**بن کەلێشە**: بنکلێشە، بندەست، بن‌هەنگڵ.
**بن کەڵیشە**: بنەنگڵ، بنکلێشە.
**بنکەن**: ١. بنکۆڵ، کۆڵینی بنی دار یا دیوار،٢. بنکەند، ڕیشەکێش، کاری هەڵکەندنی لە بێخەوە،٣. بنەبڕ، قرتە، دواهاتوو: (فلانی لەم شارە بنکەن بووە)،٤. بنکول، وەکولی.
**بنکەند**: بنکەن، بنکۆڵ.
**بنکەندبوون**: هولۆڵ بوونی بنی شتێ.
**بنکەندکردن**: دانەوە، کەنن، هولۆڵ کردن.
**بنکەن کەردەی**: بنکەن کردن.
**بنکەنە**: بنکەن، بنکۆڵ.
**بن کەوا**: کورتەی ژنان، شتێکی ئەستوورە ژنان وەک شۆرت لە پێی دەکەن بۆ ئەوە سمتیان پان بنوێنێ.
**بنکەوتن**: ژێرکەفتن.
**بنکەوش**: ١. بن‌کەفش، ژێر پێڵاو ٢. بن‌باخەڵ، بن‌هەنگڵ، بن‌کەڵێنە، بن‌چەنگ، بن‌قولتخ، بن‌باڵ، بن‌پیل: (بن‌پیلی وەسمانە زلەی گرت و کوتی:) «حەمەدۆک»،٣. موورووە قاچاخی، جۆرێ مووررووی خشڵە و سێ گۆشەیە.
**بنکەوێ**: جۆرێک لە جل و بەرگی ژنان بووە لەجیاتی سوخمە لەبەریان دەکرد: (جۆتە و کراشمەکەم دەوێ/ بن‌کەوێم لۆ خێزانێ) «فۆلکلۆر»، (بە کەوا و بن‌کەوا و سەرکەوانی خامەک) «غەوارە».
**بنکەی شەڕێ**: بنکە و بناغەی شەڕێ.
**بنکێش**: دوو پارچە پێکەوە هەڵدروون.
**بن کێلک**: دنەدان، هاندان، هانەدان.
**بنکی گوندی**: دێهاتی، بندک، بندکی گوندی، ئەوەی باب و باپیری لە دێ ژیابن.

**بن کێل**: بن‌کەفش.
**بن کێو**: بناری کێو، دامێنی کۆ: (لەو ڕۆژەوە چەکم فڕێ داوە لە ژیانی ناوچەی بن کێو بێزارم) «شەوارە».
**بنگ**: سەرگوێلک، گووفەک.
**بنگرتی**: جێگرتوو، دامەزراو، بنگرتوو.
**بنگرد**: ١. گوندێکە لە باشووری کەلار،٢. شارۆچکەیەکە لە نزیک دەریاچەی دوکان،٣. گوندێکە لای سلێمانی،٤. گوندێکە لای چۆمان،٥. ناوی پیاوانە.
**بنگردان**: گوندێکە لە باکووری دوکان.
**بنگرە**: ١. تەرزەلووک، گلێرە،٢. بەفرەژیلکە، جۆرە بەفرێکە.
**بنگرەک**: گلێرە، گژنیژە، بەفرئالووکە، ئەسرەمۆک.
**بنگز**: بنگس، بنگست، بست، بۆست.
**بن گزێ**: گیایێکە خواردەمەنی ک لە کویە سەنز بوود.
**بنگس**: بنگست، بنگوس، بنگوست، بست.
**بنگست**: بنگس، بست.
**بن گڵ**: ١. بن زەوو، ژێرگڵ،٢. بریتی لە گۆڕ، قەبر: (ڕۆیی ئاواتی بردە بن گڵی ڕەش/ ڕۆیی کورد ماوە بێکەس و بێبەش) «هێمن».
**بن گلتە**: مایەفیتنە، شەڕەنگێز، ئاژاوەگێڕ.
**بن گڵتە**: بنەگلتە، سەرەسۆدرە.
**بنگوردە**: بەش دوایین تەون، پاشماوەی کر.
**بن گۆزروان**: سێفەزەمینەڕەش، بنی گیایەکە بەهاری گەڵاورد وەک شووتییە.
**بنگۆزەڵە**: بن‌گۆزروان، گیایەکی سەلکداری کوێستانییە.
**بنگوس**: بنگس، بست: (مەیان پاڵەوان مایە وە چۆڵەی/ بنگوس ئەنمە بان توورک بازۆڵەی) «ئاوێنەی‌بێگەرد».

**بنگۆس**: بنگوس.
**بنگوست**: بنگس، بۆست، بنکست.
**بن گۆش**: بناگوێ، بن گوە، بن گوێچکە.
**بنگوفک**: هوڵەمەڕ، ئاخەڵ، ئاغەڵی پەز.
**بنگوڤ**: بنگۆڤ، بنگوفک.
**بنگۆڤ**: بنگووڤ، بنگوفک، هۆڵەمەڕ، مۆڵگە، گەلەخان، مەخەل، حەوشی مەڕومالآت.
**بنگوڵ**: ١. گیایەکی بەهارییە گەڵای وەک کەرەوزە، بە ڕیشەوە هەڵدەکەندرێ بۆ وڵاخان، ٢. گوڵە خاتوونە،٣. دوهەم گوڵ لە گۆروا بازیدا.
**بن گۆم**: بریتی لە شاراوە، نادیار: (کردەی تۆ و بردەی «نادی مەزڵووم» بێ/ خراپەت دیار و چاکەت بن گۆم بێ) «پیرەمێرد».
**بن گون**: بریتی لە قوون: (هەرکەسێ ناوی مەلا ئەزیزە/ بن گونی دایم بە گیزە گیزە/ بەخۆی گەوواد و ژنەکەی حیزە/ خواردنی گووە و شەربەتی میزە!) «شێخ ڕەزا».
**بنگونی**: ١. باتووبەن،٢. تەنکە، شۆرت.
**بنگووس**: بنگوس، بست.
**بنگووڤ**: بنگۆڤ، ئاغەڵ، گەلەخان.
**بنگووێ**: ١. بناگوێ، بناگووێ، بنگوێچکە: (لوویەک لە بن گوێی هاتگە، چاری فرە دژوارە)،٢. بریتی لە زۆر نزیک: (سەدای نازەنین دێ لە بن گوویم/ هەر وەکوو بولبول دەویژم) «فۆلکلۆر».
**بنگوویچکە**: بنانگوێ، بناگوێچکە.
**بن گوێی**: بناگوێی، بێخ گوێی.
**بنگە**: ١. بناغە، بنەڕەت ٢. بەند، گەی قامک ٣. جومگە، بەندی لەش ٤. بارگە، بارەگا، بنەگە، بنەگا، هاڤینەوار: (دبێژن دەمی ئینگلیز داگیرکەرێ کەڤن د عیراقێدا بنەگەهەکی وان ل سەری ئامێدی بوو) «گولواز».
**بن گەڕ**: ×٢٥٥×: (بن گەڕ و جێ گەڕی گۆڕ و دەشتت/ جێگە دیلان و پیاسە و گەشتت) «ڕاوچی».
**بنگەردان**: شار/ دێ××: (قەڵادزێ و سندۆڵان/ سەنگەسەر و بنگەردان) «حەسەن زیرەک».
**بن گەڵ**: بە پەل، بن چڵ.
**بن گەڵا**: بن گەڵای تووتن: (وەچ و سەرووەچ و بن گەڵا/ باشترین تووتن چییە ناوگەڵا) «چنگیانی».
**بنگەلتە**: ترانەکەر، گاڵتەچی، شۆخیباز.
**بنگەلتەیی**: ترانەیی، گاڵتەچێتی.
**بن گەڵ کەردەی**: بن چڵ لابردن.
**بنگەنێشە**: جومگەئێشە.
**بنگەوور**: چڵاو یا کێوێکە بنی بۆ لای ژوورەوە دڕی دابێ.
**بنگەه**: ١. بن گوێ، بناگوێ ٢. بنیات، بنج، بناغە، بنەڕەت: (بنگەها ئارتیشا وەلییێ کوردستانا سنێ، ئەو چەکدارێن ژ هەورەمانێ بوون) «مەستوورە»٣. دەسپێک، سەرەتا ٤. ناوەند، چونگ، مەرکەز.
**بنگەهئاڤێتن**: دامەزراندن، دەس بە کار بوون.
**بنگەهزمان**: ڕێزمان، دەستوور.
**بنگەهی**: بناغەیی، بنەڕەتی.
**بنگەهین**: ١. گرینگ، سەرەکی، بنەڕەتی، بناغەیی، شەنگستی ٢. ڕێزمان، دەستوور.
**بنگهی**: دێگهیشتن، دیگیهی، دێگەهی، فامین.
**بنگەیناوگین**: گەی قامکان.
**بن گێرە**: بنە، ئەو هەیوانێ دژی سەرگێرە ل بن گێرە گرێ دن.
**بن گێری**: جستوجۆ، تاقیقات، تەقچوو، بنجووری، پەیجۆری، دواکەوتن و لێ کۆڵینەوە.
**بن گێژ**: بن بێژنگ×١٨٤×: (ئەو دەمەش کەس

نیـیه تـا پێـی بێـژی/ چەت و قرتیلـی و یـا بن‌گێژی) «ڕاوچی».
**بنگێس**: بست، بۆست، بنگوس.
**بن گیڵ**: بەشێگ لە کڵاش ک پەرگەما لە بـان ئەوە دوورین.
**بن لق**: بن‌تا، بن‌لەق، بن‌چڵ، تووڵ، ورده لقـی ڕواو لە بنی دار.
**بن لنگ**: بەلنگ، بلنگ، چیپ، گیت، ساق پا.
**بن لوای**: بن پژان، بن چوون.
**بـــن لەرەمە**: کـوللێرەییێکی ئەسـتوور و کەم برژاوە.
**بن لەق**: بن‌چڵ.
**بن لەهجە**: لکەشێوە، گۆڤەر، بێچوەشێوە، هەر زمانێـک دەبێـتە چەنـد لەهـجەیەک و هەر لەهجەیێکیش دەبێتە چەن گۆڤەرێک.
**بن لەیلوکان**: بن‌لەبلوگان، یاریگـایەک بـوو بـۆ منداڵان لە ڕۆژانی جەژنا لێی کـۆ دەبـوونەوە و سواری لەلیوک دەبوون.
**بن مـــاڵ**: بن‌دەسـت، ژێرفەرمـان: (ئەو ل وێ دەمـێ دەسـت دبـن بخـۆن کـو بن‌مـال و بن‌دەستێ وان بخۆن) «گول‌شوون».
**بن ماڵ گر**: کەیبـانووی مـاڵ، ئەو دویەتـێ ک کارەیل ماڵ کەیێد.
**بنماڵە**: بنەماڵە.
**بنمانۆ**: ١. بنوێنم: (چون پیاڵەی ساف دەروون جە مەی کەیل/ بنمانۆ خـاس خـاس عەکـس چیهـرەی لەیـل) «مەولەوی»،٢. بنـوێنێ: (بەڵ ڕوو بنمانۆ ئەو نازک نەوگـوڵ/ دەمە نەسـیمی وادەی سوب دەمێ) «مەولەوی».
**بنمانۆپەنەم**: پێم بنوێنێ.
**بنمانە**: ١. بنـوێنە، وابە، وابـی: (تـۆ هەر بەو چنـار سـپی بنمـانە/ جە واتەی بەدان جەلا بستانە) «بێسـارانی»،٢. دەرخە، بنـوێنە: (بنمـانە جەمین نووری پاکتەن) «بێسارانی».
**بن مژانگ**: پیلوو، بژانگ، برژۆڵ.
**بن مل**: ١. خوز مل، ئاخری مل،٢. ئەو مرازەیە کە لە کەرەستەی جووتیدا بکەوێتە بن ملی گا و ئێستر.
**بنملانێ**: ململانێ، زۆرانبازی، ملەبەمله.
**بن ملی**: میەرگـێ ک کەنەێ ژێـر مـل ئەڕاێ ڕەنگینی.
**بن مەڕ**: بن ئەشکەوت.
**بنمـــێ**: ١. بخووسـێ، بە هـۆی ئـاوەوە نەرم ببێتەوە: (چەرم بخە ئـاو بـا بنمـێ)،٢. بنمێـنە، فرمـانە بـۆ خووسـانن،٣. خـۆت نیشـان بـدە: (بنمێ خوە بسورەتێ تەبیبان/ بێ پەردە، دبینی وان حەبیبان) «خانی».
**بنمێت**: بکـا، بکـات: (گاڤـا کـو ژ مەکمەنـێ خلوسـێ/ بنمێـت ل تەختـێ دل جلوسـێ) «خانی».
**بن میتـــانە**: ناحەسـڵ، نـانەجیم، نانەجیـب، ناکەس بەچە.
**بن میچ**: میچ.
**بن مێرد**: گوندێکە لای سۆران.
**بنمێـــنە**: ١. بنمـێ، بخووسـێنە، تەڕی کە،٢. بنمێ، خۆت نیشان دە.
**بن نقش**: بنەمال، بنەماڵە، مالباتا مایێ.
**بن نەبیەی**: ١. بن نەبوون،٢. کچێنی نەبوون.
**بن نیش**: بنێشە.
**بنو**: بخەوە، بخەفە.
**بنۆ**: لە بنەوە.
**بنوار**: ١. بنە، بنچینە،٢. بن‌بار، باری بنەوەی بار.
**بنوازەم**: بملاوێنەوە.
**بنوازی**: دڵی بدەینەوە.
**بنواشە**: ١. بناغە، بنێشە، بنمـیچە ٢. بنچیـنەی دیواری کۆڵراو.

**بن‌وبناوان**: بنچینه، ڕەچەڵەک، پڕۆزە.
**بن‌وبنچەک**: بن و بنچینە.
**بن‌وبنەچەک**: بن و بنچینە.
**بن‌وبنیچە**: بن و بنەچەک.
**بنۆدار**: میچ.
**بنۆدەس**: بنهەنگڵ.
**بنۆڕ**: بنۆڕە، بڕوانە، تەماشاکە.
**بنـــۆرە**: کونـــدە کە دڕا، لای ڕزیـــوەکەی لێ‌دەکەنەوە و دەیکەنەوە کوندەیەکی گچکەتر.
**بنۆڕە**: ١. بنۆڕ، بدیە، تماشاکە، بڕوانە، بنێڕە ٢. کونـــدەک، کونـــدەیێکی گچـــکەیە لە چەن کوندەی کۆنە و دڕاو پێک هاتووە.
**بنۆری**: بە بن‌دا بەرەو ژوور.
**بنوس**: ١. نووسەر، نڤیسـکار ٢. خـامە، ئـاڵا، قەڵەم: (بۆ نووکی بنووس پەیا بێ مایە/ شیری هونەری مە بێتە کایە) «هەژار».
**بنۆس**: ١. بنەما، بنـاغە، بنێشـە، هـێم،٢. هـۆ، هۆکار، سەبەب، سەمەد، سۆنگە.
**بنوسک**: بنۆسک، بنێسی.
**بنۆســـک**: ١. بنوســـک، بنێســـی، لاوازی ٢. دەردەباریکە، ژانازراڤ.
**بنۆسوتەی**: لە بنەوە سووتاو.
**بنۆسوتەی**: لە بنەوە سووتان.
**بنۆسوتی**: لە بنەوە سوتاو.
**بنۆش**: وەخۆ، بخۆ، بی‌خۆرەوە، فرکە.
**بنوشان**: گوندێکە لە ناوچەی پشدەر.
**بن‌وشکە**: بن‌ووشکە، نەخۆشی بێستانە.
**بنۆشنۆ**: بنۆشێنێ، دەرخواردی بـدا: (بنۆشـنۆ وە دڵ سـەهبای مەیـل ویـش/ پەی وەخـت مەردەن حەسرەت نەبۆ پێش) «مەولەوی».
**بنۆشۆ**: ١. بنۆشـێ، بخـواتەوە: (بجۆشـۆ هەر کەس وە قەد ناڵەی خـۆی/ بنۆشـۆ هەر کەس وە پسـاڵەی خـۆی) «مەولەوی»،٢. بخـۆمەوە، بنۆشـم: (بنۆشـۆ جـامێ پـێم یـاوۆ مەسـتی) «بێسارانی».
**بنۆشوونەوە**: نۆش‌بکەم، بنۆشـم: (دیوانان‌ئاسـا بجۆشوونەوە/ بەڵاگەل چون مەی بنۆشوونەوە) «مەولەوی».
**بنۆشە**: بنۆش، وەخۆ، بخۆرەوە.
**بنۆک**: ١. بنەرۆک، بنەرۆک، قرپۆکی خـوری، بن‌شـانە، پاشـماوە و گرێ‌وگـۆڵی خـوری بە شانەکراو کە بە بنی شانەوە دەمێنێ: (بێژنگ پڕ بوو لە کولوو، یـای نـاز باوەشـێکی هـۆرپە لە سـەر یەک دانـاوە، تەشـتێکی پڕکـردووە لە بنۆک) «ئەمیـری»٢. چڵکـێکە لەسـەر پێسـتەی مەڕ و بـزن کـۆ دەبێـتەوە، خـوریەکەی لێـک دەهـاڵێنێ و ڕسـتنی خـۆش نیـیە،٣. گیـایەکی دەشتییە وەک تویێسی دەچـێ و بە وردکـراوی بە برینێ ئاژەڵەوە دەکرێ و چاکی دەکاتەوە.
**بنـــۆڵە**: بنـدۆڵە، چتێکـی کەمە کە لە بنـی توورەکەیەکدا بێ.
**بنومێت**: بنـوێنێ، دەرکەوێ: (کـاکولێ بەردە ب سـەر خـاڵ و خەتـان/ کـو موسەلسـەل بنومێت ڕەیحانی) «جزیری».
**بنوو**: بخەوە: (بنوو لە قەبرەکەتا موستەریح بە، ئەی سالم/ لە تۆ کـوردترە، ئێسـتا نەزان هەتـا عالم!) «گۆران».
**بنووڕ**: بنووڕ، تماشاکە.
**بنووڕە**: بڕوانە، مێزەکە.
**بنووس**: ١. قەڵەم، خـامە: (شـاکاری بنووسـی ئەو دیـارن/ بێ‌زبـڵ و زیـوان و بێ‌بـژارن) «ڕاوچی»، (بێ ناوی تۆ نـامە هـیچ و پـووچە/ نەتنووسـێ بنـووس کەچ و کـورووچە) «مەموزیـن»٢. نووسـەر، نووسـیار،٣. ××: (خوشکەکت هەیە لە سـوندوس، دەکـا تـڕ و تـس، ئـاردەکەیس دەبـا، دەمێنـێ بنـووس)

«ف.پ.پ.».
**بنووسیٚ**: قەڵەمێک: (زرمەی چەکی هەمەلایەن دەروەستی بنووسیٚ نایە) «ڕاوچی».
**بن‌ووشکە**: بن‌وشکە.
**بنـــووکە**: جـووریٚ ئاشـە ک لە پـرزوولەیٚ ئاردیٚ ک ئەوەڵ شیرە و قاتی بویە لە ناو ڕون دان سـویەرەو بـویە درس بـوو و ئوشـن یە باوانی بی فاتمەیٚ زاراسە.
**بنوە**: بخەوە، بخەفە.
**بنویت**: بنڤت، بخەوێت.
**بنوێچن**: بن‌بێژنگ.
**بنویس**: نووسەر.
**بنویسدیٚ**: بنووسن.
**بنویسە**: ١. بنویس، نووسەر،٢. بنووسە.
**بنوێنە**: ١. شان بدە، نیشـان بـدە،٢. بخەوێـنە، دەخەوکە.
**بنە**: ١. گـای بـنە، کەر یـا گـایێ بـن گـێریٚ: (پیاوێک چوو بۆ گێرە، کەرێکی قوڵیـان بـوو ئەوی کـرد بە بـنە) «گـوڵونێرگز»٢. بـارگەی سەفەر، سووکە ماڵێکە کە ببریٚ بۆ هەوار: (ئەو کەسەی جێگـای خەوی نەچـووە تەلان/ لێـی نەسووتاوە بنە و کووز و کولان) «ڕاوچـی» ٣. بنکە و بنەڕەتی سەرەکی ژیان بـۆ کەسـیٚ کە هات‌وچۆی جێیەک دەکا: (سـاڵی دوو جـار بە مـاڵەوە دەچیـنە شـار، بەڵام بنەمـان هەر لە دیٚیە)،٤. بـارگە، بـنەگە، قۆنـاخ،٥. ڕەبەت، حەشارگەی ڕاوچـی، مەکـۆیەک لە پـووش و پـلاش ڕاوکەر خـۆی تێـدا دەشـارێتەوە: (بـنە ڕووخان و سیپە چۆل و هۆلن/ بـلاون ڕاوکەر و باڵندە پۆلن) «هێمن» ٦. سۆراخ، بە شوێن و بنچینەدا گەڕان ٧. داری بەری ٨. بنەوا، بنـاغە، بنچینە: (لە دنیـادا ئیلاهـی هەر بمێـنن/ بـنەی بیٚ‌ئیتفاقی هەڵقەنێنن) «حاجی قـادر» ٩. بـنکە، مـقەڕی سـپا و چەکـداری،١٠. حەشـارگەی کەوی ڕاو،١١. بنار، دامێن، خواری کەژ و کـۆ: (وەرە بـا جـووت بـین لە بـنەی گاگەشـی/ ڕەشەرێحانە بەژنیان داپۆشـی) «فۆلکلـۆر»،١٢. بن، ژێر، خوار،١٣. داینیٚ، دای‌بنیٚ،١٤. حەمـڵ کە، وا فەرزکە،١٥. جێـی ناوەڕاسـتی خەرمـان کە بە گـای بـنە چێـرە دەکـریٚ،١٦. ڕێزمـان، دەستوور، بنکە، بـنگە،١٧. سـەرچاوەی ڕزق و ڕۆزی ماڵ: (نەنیٚ نەنیٚ مانگا کاڵەکەمی/ بـنەی مـاڵ و حـاڵەکەمی) «فۆلکلـۆر»،١٨. گونـدێکە لای بیجاڕ،١٩. بنیٚ، بکوشە: (شوویەکەت تـون بـنە وە سـینەوە گـۆش وە کەس مەتەکـنە) «پەند».
**بن‌هاتن**: خەڵاس بوون.
**بن‌هارگا**: بن ئاگرە.
**بنهاری**: پرسە، تازیە، تازیمـانە، سەرەخۆشـی، ڕەشپۆشی.
**ب‌نهال**: نهال لـیٚ، نەمـام زۆر لـیٚ: (دۆرێـت گوندیٚ مە ب نهالن/ دیٚ کەرەم کە باب و برا نە ل مالن) «حەیرانۆک».
**بنەبـــاب**: باب‌کالـک، بـاپیران، ئەژداد، ئـاژدا: (مادەکان بنەبابی کوردان بوون).
**بنەباریـــک**: لـووتکەیەکی بەرزە لە نزیـک گوندی گۆمەزاڵ لە هەریمی کوردستان.
**بنەبـان**: ١. مـیچ، سـەقف، لای ژووری مـاڵ: (بنەبانی دووبەشی ئەستێرک گرتبووی) «خـاک و چەوسـانەوە»،٢. لای سـەروو، لای ژووروو، پشتەوە: (چـوارچمکی لە بنەبـانی لایەک لێـی دادەنیشـــت) «غەوارە»، ٣. ئـــاخرین جێـــی شوێنێک کە لێی دەبـڕێتەوە: (ڕۆژی چـوارەمی مانگی ڕەشەمە فەوجێکی پیادە بە کەرەسـتە و ئـامێری شـەڕ بەرەو بنەبـانی دۆڵـی قاسـملوو هێرشی برد) «لەمەهاباد بۆئاراس».

**بنەباوی**: لـووتکەیێکی بەرزە لە خـۆرهەڵاتی هەولێر.

**بنەبڕ**: ١. بەهانەبڕ، گرووشکێن،٢. بنبڕ، بێخبـڕ، ڕیشەبڕ، شتێ کۆتایی هاتبێ: (هەتا ئێستاش بە تەواوی بنەبڕ نەبوون) «توحفە».

**بنەبڕبوون**: لە ڕیشە هەڵکەندران، بڕانەوە.

**بنەبڕییەی**: بنەبڕ بوون.

**بنەبڕکـــردن**: ١. بــڕینەوەی دار لە ڕیشـــەوە، دەرێنـــان،٢. بڕانـــدنەوە، قڕکـــردن،٣. دوایـــی پێهێنان بە کار و کارەسـات: (کێشـەی نێـوان کەریم و حەمەم بنەبڕ کرد).

**بنەبڕکریا**: بنەبڕکراو.

**بنەبڕکریای**: بنەبڕکردن.

**بنەبڕکریێ**: بنەبڕکراو.

**بنەبڕکەر**: بنەبڕکەر.

**بنەبڕکەردەی**: بنەبڕکردن.

**بنەبڕکەرە**: بنەبڕکەر.

**بنەبنە**: لای هەرە خوارەوەی کێو.

**بـــنەبەراز**: ×٥١٧×: (مـیمکە پـانێ هەبــوو باشکی و لە عەشیرەتی جاف بوو، مەلا سەعید لە بنکەی بـنەبەراز لەو دیـوی هەردەوە بـوو) «ڕشتەیمرواری».

**بـــنەبەرد**: پەنـای بەرد، کەنـاری بەرد: (وا لە دوورەوە لە بنەبەردێکا سووسەی ڕووناکییەک دێت) «ڕشتەی مرواری».

**بنەبەنگە**: بناوان، سەرچەم، سەرچاوەی ئاو.

**بنەبیم**: زەو نەکاڵیاێ سفت، عەردی نەکێڵراو.

**بنەپیت**: ١. بنخرمـان، بنخەرمـان، دەسـمایە، ســـەرکۆزەرەی بنخەرمـــان ٢. ســـەرمایە، دەسمایە، سەرمیان.

**بنەپیتئەرەنیای**: بنەتوو دانان.

**بنەپێڤەدان**: بەرزەکرن، پشتگوێ خستن.

**بنەتا**: ١. بنتا،٢. بنەبڕ، کۆتایی هاتن،٣. دوایـی، ئـــاخری: (لەو ڕۆژانەی بنەتـــای ڕەشـــەمە و سەرەتای ئاخەلێوەدا) «لەمەهاباد بۆئاراس».

**بنەتار**: ١. بناغە، بنگەهـ، بنیاد،٢. نەژاد، ئەژداد.

**بنەتـــان**: ١. ژێـــردار، دارەکەی خـــوارەوەی کەرەسـتەی تەونە کە لە نێـو کـونی سـمتەکی دەنرێ و تەونی پێ قایم دەکرێ،٢. رزار یەکم لە بافین قالی.

**بنەتۆ**: ١. بنەتـۆم، بنەتـوو، تـووی چانـدن،٢. شـێوازێک لە تـوو چانـدنی زەوی لە مـابەین خاوەن زەوی و ئەو کەسەی دایدەچێنە بە پێی قەول و قەرار،٣. ئەو پارەیەی لەجیـاتی کچـی ڕەدووکەوتوو دەیدەن.

**بنەتۆم**: ١. بنەتـۆ، بنەتـۆوە، بنەتـۆمە، بنتـۆڤ، بنەتۆڤ، بنەتـووی جـووت: (گـا وە گـاوانە و گەنـــم وە بنەتـــۆم) «پەنـــد»،٢. نەژاد، نـــژاد، ڕەچەڵەک،٣. مایە.

**بنەتۆمە**: بنەتوو، بنەتۆم.

**بنەتوو**: ١. بنەتـۆم، بنەتـۆ: (ڕکێشـە بە ڕەگ، گلینـە بە بنەتـوو) «پەنـد»،٢. دابێکـی نـاحەزە، کەسێ کە ماڵی دنیای نییە تـا ژنـی پـێ بێنـێ، کچی کابرایەک دەخوازێ بە بنەتوو، واتا چـی کچی بوو بەبێ قسەوباس هی ماڵی خەزووری بێ.

**بنەتـــۆو**: ١. بنەتـوو، دانـی تـایبەتی چانـدن: (زەکـات لە مـاڵی حەڵاڵ دەکەوێ، زەکـات لە بنەتوو دەکەوێ، لە جووتبەندە) «ئەمیـری»،٢. مایە.

**بنەتووە**: بنەتوو، بنەتۆم.

**بنەتویەم**: بنەتوو، ئەو تویەم ک پشننەێ زەو.

**بنەتەروو**: تەربی، تەڕەوون، تێروو، پەسیسـە، تەرووکوێستانی، داری کفـرە: (هێنـام نۆسـەد قـــڕانم لە پـــارەکە هەڵگـــرت و لە بـــنە تەرووییەکدا شاردمەوە) «ڕشتەیمرواری».

**بنەجفتە**: دیەکەیگە لە گیەڵان.
**بنەجو**: بنجو، بنجوو.
**بنەجـــوت**: ١. کەلـپەلــی زەوی کــێڵان،٢. بەرەجووت، حاسڵ، داهاتی ساڵانەی زەوی.
**بنەجـۆت**: ١. بنەتـۆڤ، بنەتـوو ٢. کەلـوپەلی زەوی کێڵان ٣. بەرەجووت، داهاتی سـاڵانەی زەوی ٤. شوانکارە، جووت و گـا و تـۆودانە، دەدرێ بە فەلە بە نیوەیی.
**بنەجـــوو**: بنجـــوو، فەرخەجـــوو، ڕەچەڵە جوولەکە.
**بنەجووت**: بنەجۆت.
**بنەجووتی تازە**: گوندێکە لای سەیدسادق.
**بنەجووتی کۆنە**: گوندێکە لای سەیدسادق.
**بنەجـــە**: ١. نیشـــتەجێ، دانیشـــتوو، ئـــاکنجی، خەڵـــــک ٢. نەگـــــۆڕ، ســــــەقامگیر، تەواو، ڕێکوپێک.
**بنەجەبوون**: ئاکنجیبوون، نیشتەجێ بوون.
**بنەجەرگ**: گۆشـتی بەنـدی دڵ، ئەو ڕەگەی بۆتە پێوەندی جەرگ و دڵ.
**بنەجەک**: بنەچەک، بنەڕەت: (عەزە گورگە لە بنەجەکدا خەڵکی بناری بنکوورە و قۆرەتـوو بوو) «کۆردەرە».
**بنەجەکری**: ئاکنجی کری.
**بنەجەی**: ١. نیشتەجێیی ٢. ڕێکوپێکی.
**بنەجــی**: ١. ئــاکنجی، نیشـتەجی، دانیشـتوو: (بارزانییەکـان خۆیـان بە سـێ هەزار پـارچە چەک و ١٢٠ تەماتیک، لە نەغەدە بنەجێ بوو) «لەمهاباد بۆئاراس»،٢. کارێ مکـوم، کـارێ کە باش کرابێ.
**بنەجێ**: بنەجی.
**بنەجێبوون**: نیشتەجێبوون، مانەوە، دانیشتن.
**بنەجیە**: بنەجە، بنەجی.
**بنەچـــک**: بــنەچە، بــنەچەک، ڕەگەز، نەسـل، ڕیچەڵۆک، ڕەچەڵەک، بنیات، بـنەڕەت، جیـل، بناچە، بناوان.
**بنەچڵ**: بنچین، شارەگ و ڕیشەی گیا و دار.
**بنەچە**: بنەچک، بنەچەکە، بابو باپیران.
**بنەچەک**: بنەچە، ئەسڵ و نەسەب.
**بنەچەکە**: بنەچک، ڕەگەز، ڕیچاڵ، ڕیچەڵۆک، ڕەچەڵەک، ڕەگەز، بابوکاڵ.
**بنەچەکەو**: بنەچەک.
**بنەحەق**: ناڕەوا، بەناحەق.
**بنەخرنووک**: ڕووەکـێکە زۆر بەرز نـابێتەوە، دڕکاوییە بە بەرەکەی دەڵێن خرنۆک.
**بنەخســـتن**: بـارگەوبنە خسـتن: (کاروانێـک شەوێک لە چۆڵێکا/ بنەیـان خسـت لە شـیو و دۆڵێکا) «بۆکوردستان».
**بنەخڵ**: ١. بنباخەڵ، بنهەنگـڵ،٢. خشـتک، گرۆڵ، پارچەی تایبەتی بنبـاخەڵ،٣. خشـت، کەرپووچ، کەلپیچ، لگبن.
**بنەخوێ**: گوندێکە لە دێکۆی شوێی بانە.
**بنەدار**: ١. ماڵـدار، خـانەدار ٢. قەد، بنـی دار، لەشی دار ٣. جێنشین، جێگر، نوێنەر،٤. دێیەکە لە دێکۆی کەڵاتەرزان بەشی ناوچەی مەریوان.
**بـــنەدز**: بـنە و بـنەچەک دز: (پـێش هەمـوو شـتێک شـێخ و مەشـایەخ و دێڵەپیاوەکـانی بنەدزەی خۆیان بەرەو مەرزی کوردستان بەڕێ کا) «ڕاوچی».
**بنەدەمە**: جوورە دروومانێکە.
**بنەدیزە**: شتێک بووە لە تەڵاش دروس کـراوە بنی دیزەیان تێناوە تا خللۆر نەبێتەوە.
**بنەدیوار**: بندیـوار: (دەسـتە دەسـتە ژنـان لە بنەدیواران کۆ بوونەتەوە) «هەزار ئەشکەوت».
**بنەرا**: ١. بیشارەوە، قـایم بـکە،٢. دەسـوور وە کل چەو داین،٣. بەنەرەو، ببەستە: (دەرەگە بنەرا).
**بنەران**: دەسوور وە هیشتن.

**بنەڕان**: مۆڵگە، جێی پشووی مەڕ و ئاژەڵ.
**بنەرد**: سێوی بن عەردی.
**بنەردی**: ژێرزەوی، ژێرزەمین، بن‌عەردی.
**بنەڕۆک**: ١. بنۆکی خوری،٢. بنی خەرمان، پاشماوەی دەغڵ و دان.
**بنەڕوو**: بن‌خەرمان، خاکاڕوو، خاکەڕوو.
**بنەڕووخ**: حەشارگە، سیپە××: (بنەڕووخان و سیپە چۆڵ و هۆلن/ بەلاوە ڕاوکەر و باڵندە پۆلن) «هێمن».
**بنەرە**: بە بن‌دا.
**بنەڕەت**: ١. ڕەگەز، بنەچە، نژاد، نەژاد،٢. بنچینە، بنەچەک، بنەوا، بناخە، بنگەهـ بنی‌بنی، ٣. ڕەگ و ڕیشەی دار.
**بنەڕەتبڕ**: قڕکەر، توناکەر.
**بنەڕەتبڕیا**: قڕکراوە، بنەڕەتبڕاو.
**بنەڕەتبڕیای**: بنەڕەتبڕان.
**بنەڕەتبڕیەی**: بنەڕەت بڕین.
**بنەڕەتبڕیێ**: بنەڕەتبڕاو، قڕکراو.
**بنەڕەتی**: بنگەهی، بنچینەیی، هەمیشەیی، تەواو دەمەرزاو.
**بنەڕەتێ**: بنە شوونێ، بکەوە شوێنێ.
**بنەڕەشکین**: گوندێکە لای سیدەکان.
**بنەڕەو**: بنەڕا.
**بنەزمان**: گرێ یا قوونێرێکە لە بنی زمانی ولاخ پەیدا دەبێ.
**بنەزوو**: گیایگە ک سزننەێ و دوکەڵێ کرمەیل پەڵ بوو کوشێ.
**بنەزەو**: داینێ، داینە، دانە.
**بنەزیوان**: بنە زریزانە، چڵە زریزانە: (هزار بنە زیوانێ ب خێرا گولیەکا گەنمی ئاڤێ ڤەدخۆن) «گولواز».
**بنەژاڵە**: بنەدارێکی گوڵی ژاڵە: (کابرا کوتی: بیکە بە خاتری ئەو شێخە وا لەو بنەژاڵەیەدایە وازم لێ بێنە) «ڕشتەی‌مرواری».
**بنەسراوە**: بنەسلاوە: (بنەسراوە گوندێکی نزیکی شاری هەولێرە) «ف.پ.پ.».
**بنەسلاو**: ناحیەیەکە لە سنووری ئیدارەی شاری هەولێر.
**بنەسلاوە**: ١. بنەسلاو،٢. ناوی شارێکە لای هەولێر،٣. ناڤێ گوندە لای هەولێر: (دەرێی فشەی بنەسلاوەیە) «پەند».
**بنەسلاوەگەورە**: شارێکە لە نزیک هەولێر.
**بنەسلاوەی‌بچوک**: گوندێکە لای هەولێر.
**بنەشیلان**: بنچکە شیلان، داری شیلان: (لەتی دەسکەوسارەکەی لە بنە شیلانێ هالاوە و بە پچڕاوی بەجێ‌ماوە) «هەزار ئەشکەوت».
**بنەفش**: ١. گولی وەنەوشە ٢. ڕەنگی وەنەوشەیی ٣. ناوە بۆ ژنان.
**بنەفشۆک**: گولێکە بە ڕەنگ و تەرح لە وەنەوشە دەکات.
**بنەفشە**: ١. بنەفش، گولی وەنەوشە: (نەسرین و بنەفشە تەوزاندن/ ماوەرد درەشاند شوشەیێ عاج) «جزیری»،٢. ناوە بۆ ژنان.
**بنەفشی**: ١. بنەوشی، وەنەوشی، وەنەوشەیی، مۆر، موور ٢. جۆرە بووزوویەکە.
**بنەفشین**: ناوە بۆ کچان.
**بنەفەلە**: بندیان.
**بنەڤا**: بنچینە، بناغە، ئەساس: (گۆتنێن هۆشمەند و ڕیزانێن کورد بنەڤای وێ چەندێ ڕوون و شرۆڤە دکەت) «گولواز».
**بنەڤان**: بنەوان، بناوان، کابانی ماڵ.
**بنەڤەر**: بنەوەر، گای بنە.
**بنەقاقا**: بینەقاقا، قوڕگ.
**بنەقۆتەرە**: بنەکۆتەرە.
**بنەکاری**: کاری بنڤەبنڤە.
**بنەکاول**: گوندێکە لای سۆران.

**بنەکـــدار**: ١. کەســێ کە لەبەر هەوارچیـــان دەچێتە هەوار و بارگە و بـنە دەخـات و جـێ خۆش دەکا: (قافڵەچی ئامـان، دادەن دەخـیلم/ بنکـدار خەم خەیلـێ زەلـیلم) «مەولەوی»،٢. بازرگان، بندار.

**بنەکداری**: بازرگانی، بنداری.

**بنەکردن**: ١. هەڵنانی ماڵ بۆ دزی لێکـردن،٢. سۆراغ کردنی ماڵی دزراو.

**بنەکەردەی**: بنە کردن.

**بنەکەش**: بنکەش.

**بـــنەکەنە**: ماڵبـــار یەێجـــارەکی، کۆچبـــاری یەکجاری.

**بنەکـــی**: ڕیشـــەدار، بە ئەسڵونەســـەب، زێـــز دەرەکی.

**بنەگا**: هەوارگە، بنەگە، جێـی هەوار لە زۆزان: (ڕاوچـــی لە بڕەگـــان، لە لـــوورەی چەقەڵ و گورگ و سەگان، لە پشمەی ووشەک، بـۆڵەی ورچ و خێوی بنەگان ناترسێ) «ڕاوچی».

**بنەگر**: ١. نەمام یا شەتڵێ کە بنی داکوتـابێ و خـۆی گرتبـێ،٢. جێگیـر، جێگـر، مسـۆگەر، سەقامگیر.

**بنەگربوون**: ١. بنج داکوتان،٢. سەقامگیر بوون.

**بنەگرتن**: دامەزران، جێگرتن.

**بنەگرتـــوو**: بنەگـر، جێگرتـی، جێگرتـوو، سەقامگیر، دامەزراو.

**بنەگڵ**: بنەخڵ، بنهەنگڵ.

**بنەگۆزروان**: بنی گیای گۆزروان.

**بنەگـــۆزەڵە**: سەرکەشـکۆرە، گیـــایەکە وەک بڕکەی شووتی دەچێ و بنەکەی دەخورێ.

**بنەگۆگەم**: ١. گۆگەم گیایەکی گوڵ زەردە لە بوورە و بەیار دەڕوێ و بـنەکەی وەک کۆڵـوو خڕە و بـۆ سـووتاندن و بـۆ کوشـتنی ماسـی دەبێ،٢. بریتی لە مرۆی قوڵە و نالەبار: (دەڵێـی بنەگۆگەمە، پۆز و هەواشی هەیە).

**بنەگوە** : بنگوێ، بنگوێچکە، بناگوێ.

**بنەگوێنی**: ڕیشەی گوێنی: (شـەرتە کەرکـۆڵ و بنەگـوێنی بخـۆم، کـاری حیـزانە نەکەم) «ئەمیری».

**بنەگە**: ١. قۆناخ، چەقز، میوانخانە ٢. ڕێزمـان، بنە، دەستوور ٣. جێی هەوار: (عەولا بزنەکـانی لە سی سەریان ڕەت نەکردبوو، بە تەنیا توانای چوونە بنەگەی نەبوو) «خاک و چەوسانەوە»، ٤. بنگە، سووکە مـاڵێکی دەنێـردرێ بـۆ هەوار،٥. بنکەی نیزامی، پاسگا: (هەرچەند پیاوانی زیڕۆ و تەهـــا هەرکـــی لە دووری هەر چەنـــد کیلـــۆمیتردا بنەگەیەکیـــان بـــۆ بەرگـــری دامەزراندبوو) «لەمەهاباد بۆئاراس».

**بنەلی**: نهۆمی ژێرەوە، تەبەقەی خوارەوە.

**بنەلێبڕین**: تەواو کردن، خەلاس کردن.

**بنەلێهاتن**: تەواو کردن، بنە لێبڕین.

**بنەلێهێنان**: تەواو کردن، دوایـی هـانین: (لە سەر مەنجەڵ دانیشت و هەتا بنەی لـێ نەهێنـا هەڵنەستا).

**بنەمـا**: ١. مـاکە، هـۆی پەیـدابوون و مـان،٢. لانەمـا، بنچیـنە، بنێشـە، ڕیشـە،٣. دەسـوور وە ناین: (ماڵێگ بنەما)،٤. ناوی پیاوانە.

**بنەمـاڵ**: مالبـات، بنەمـاڵە، بابـک، خـانەدان، خانەوادە، گەورەمـاڵ، بنکوانـوو: (ئەز گشـتی بنەمالا وە/ ناس دکم، تـێمە مـالا وە) «پەرویـز جیهانی».

**بنەماڵە**: ١. بنەماڵ، گەورەماڵ: (بنەماڵە قزڵجی هەموو وەک بێچـووە مـراوی وان) «پێکەنینـی گەدا»،٢. خێزان، خانەوادە،٣. بنکدار، بنماڵگر.

**بنەمۆم**: بنکی مۆمی سووتاو و هیچ لێ نەماو: (دڵـم تـاریکە وەک تۆنێـل/ بـنە مۆمێـک داگیرسێنە) «پەشێو».

**بنەمێرد**: ١. بن مێرد، بنکەی مێردان،٢. ناوی گوندێکە دەکەوێتە دۆڵی ئاکۆیان لە ناوچەی ڕەواندز.
**بنەمێرگ**: ناو مێرگ و چیمەن: (ئاوی بن ڕنووبەفران/ بنەمێرگان دەدێری/ لە بڵیندان دێتەخواری/ محەللی خێروبێری) «فۆلکلۆر».
**بنەمێو**: دارەمێو، داری ترێ: (ڕەزەکەی مامم دوو سەد بنەمێو دەبێ).
**بنەنانەوە**: ١. سازکردن و پێکەوەنانی جێی بنەی ڕاو،٢. لە ژێر چاوەدێری نانی جێیەک بۆ دزی،٣. کەسێک لە نەزەر گرتن: (حەسەن زیرەک هەتا بنەی نەناباوە گۆرانی بۆ نەدەهات).
**بنەنگڵ**: بنهەنگڵ، ژێرباخەڵ.
**بنهنگل**: بنهەنگڵ، بنکەفش، ژێرباخەڵ.
**بنەنە**: لە بندا.
**بنەوا**: ١. بنەفش، حاڵخۆش ٢. بناوان، بنەبەنگە، بنەوانە، بەرماڵە، بەرماڵی، کەیبانووی ماڵ: (هیچ کامیان ژنیان نەبوو، ئەو کچە وەک بناوانیان بوو) «توحفە»، ٣. دەسوور وە ناین،٤. مسەنی ماڵ، خەندەقی خانوو،٥. بنەچەک، نژاد،٦. پانار کویە، دامێن.
**بنەواکی**: کۆتایی.
**بنەواکیئاردەی**: کۆتایی هێنان.
**بنەواکیئامای**: کۆتایی هاتن.
**بنەواکیئاوەردەی**: کۆتایی هێنان.
**بنەواکینادەی**: کۆتایی نەهاتن.
**بنەواکینامای**: کۆتایی نەهاتن.
**بنەواکیناوردەی**: کۆتایی نەهێنان.
**بنەوان**: کابان، کابانی، بانو، بنەوان، بناوان، بنەوانە، سەرڤەگێڕی ماڵێ، ماڵ ڕەنێوهێنەر.
**بنەوانە**: بنەوا، بنەوان، بنماڵگر.
**بنەوانی**: کابانی، کەیبانوویی: (براکەی بە ڕۆژ ئەچوو بە لای کاسبی لادێییەوە و فاتەش بنەوانییەکەی ئەکرد) «ڕشتەیمرواری».
**بنەوانیکەردەی**: بناوانی کردن.
**بنەوبار**: بارگەوبنە: (.../ کەس نایەتەوە بەرەو ژیان، لێی پرسم:/ لە کوێیە بنەوباری هەواری یاران؟) «خەیام هەژار».
**بنەوبنەچەک**: ڕەگەز، تۆرەمە: (با بنە و بنەچەکەم سابلاغی و کووتاڵفرۆشیش بێ، ئێستا دەربەگێکی تەواوم) «پێکەنینیگەدا».
**بنەوبێر**: کەسێ زۆر لەمێژە نەخۆشە.
**بنەوپاڵ**: پەنا، تەنیشت: (هەر لە بنەوپاڵی خۆتدا دانیشتگە).
**بنەوخەلەف**: گوندێکە لای سەردەشت.
**بنەورە**: پایە، بنەڕەت.
**بنەوش**: ١. گوڵی وەنەوشە: (ماچی گەردنی خۆشە بۆنی وەکی بنەوشێ/ دنیاداریم حەرام کرد لە پاش دوو چاوی عەیشێ) «سیسەدهۆنراوە»٢. بنەوشە، بەنەوش، ڕەنگی بنەوشەیی،٣. ناوە بۆ کچان.
**بنەوشان**: فەریکە قەزوان، وەنەتەقێ تەواو نەگەییو، قەزوانی نە فەریک و نە ڕەق کە تێکوڵی شینی ئاماڵ سوورە.
**بنەوشۆکە**: مشک، قەزوانی ورد.
**بنەوشە**: ١. وەنەوشە، پارچەیەکی شینی ئاورێشمە ٢. بنەفش، گوڵی وەنەوشە: (چنیم، گرتم، گەزیم بۆم کرد و لامدا/ بنەوشە و سونبول و سێو و گوڵی نار) «سالم».
**بنەوشۆکە**: بنەوشیلە، قەزوانی وورد، مشک.
**بنەوشە**: ١. کێوی وەنەوشە لای سەقز،٢. ناوە بۆ کچان.
**بنەوشەیی**: وەنەوشەیی.
**بنەوشی**: ١. وەنەوشی، بنەفشی، وەنەوشەیی، شتی کە ڕەنگی وەک ڕەنگی بنەوشە وابێ،٢.

بای سوور.
**بنەوشیلە**: بنەوشۆکە، بەری داری وەنەتەقە.
**بــنــەوە**: ١. ژێــر، ژێــرو، ژێــرۆ، خــواریٚ،٢. دانەویٚ، داوەرەوە، بچەمە،٣. پڕ پێدابکە: (لێـی بنەوە بیبە)،٤. داینیٚ، دەسوور وە ناین،٥. مـاڵیٚ ک ئەڕای دزی دەنەیٚ کل چەم.
**بنەوەر**: Binewer بنەڤەر، گای بنە.
**بنەوەر**: Bineweri بنە نوایٚ، داینیٚ پێشی.
**بنەوەشی**: بەڕاسی، بەڕاستی، جیددی.
**بنەوەنـــد**: قایشـــێکە ســـەری نیـــری لەگەڵ ئامووری دەبەستێتەوە.
**بنەوێنە**: خوارکەوە، لارکەوە، داهێنە، دابێنە.
**بنەهـــاتن**: تەواوبـــوون، دوایـــی هـــاتن: (بـــابی هێەنـــد دارا بـــوو هەرچـــی دەیخـــوارد بـــنەی نەدەهات).
**بن‌هەبوون**: کچێـک کە کچینـی هەبـیٚ: (ئەو کیژەی زۆر حەکەداره نازانم بنی هەیە یا نا؟).
**بن‌هەڤۆک**: بنە، ڕەگ، بەشێک لە چـاوگ کە پێکهاتەی جۆراوری لیٚ ساز دەبیٚ.
**بن‌هەڤۆکابهوری**: بنەی ڕابردوو(ئاخڤت).
**بن‌هەڤۆکا نها**: بنەی ئێستا (ئاخڤ، باخڤە).
**بن‌هەڤۆکاداهاتی**: بنەی داهاتوو(ئاخڤ).
**بن‌هەنگل**: بندەس، بنۆدەس، بندەست، گەبەر، بنەنگــڵ، بــنکەووش، بــنکەفش، بنچەنــگ، بــنکەش، بنبـــاخەڵ، بنۆدەســـت، بنکلێشـــە، بنکەلێشە، بنچنگ: (نە دڵی پێی دردڕ بـووە/ نە بن‌هەنگڵی خڕ بووە) «هێمن».
**بن‌هەنگڵ**: بن‌باخەڵ.
**بن‌هەوران**: گوندێکە لای سۆران.××
**بنەی**: ١. کردنی کاری بنە،٢. شیاوی بۆ بنە.
**بنەی‌ئێستا**:
**بنەی‌داهاتوو**:
**بنەی‌ڕابردوو**:

**بنهێرە**: بڕوانە، تواشـاکە: (بنهێـرە، هـا خـانم، پاشیٚ نەبێژی تە نەگۆتییە) «مەستوورە».
**بنەی‌کەردەی**: بنەیی کردن.
**بن‌هێلین**: دوابەر، دوابەرە، پاشەبەرە.
**بنەیی**: ١. بنەی گێرە گرتن،٢. بریتی لە بــنەی ماڵ ڕاگرتن، کابانی: (سەرپەڕی خەڵـک دەکـا، بنەیی خوەمان ناکا) «پەند».
**بنـــی**: ١. تەویــلە، تەول، گەوڕ ٢. نێــو، نــاو، دەنێــو، دووڕ، هەنــدور ٣. بــن، بنــک ٤. ژێــر، خوارەوەی شــتیٚ،٥. ئــاخری، ئوتــاق ئــاخرین، بنینە: (وتاق بنـیەگە ئەڕایٚ ت)،٦. بنــیٚ، بنێــرە، بڕوانە: (تو بنی ڕوم و عەجەم کوشتنە زەنگـی د کەمـین/ هـانە هەر تێـنە پەیـاپەی ژ تەرەف ڕوم خوەش خوەش) «جزیری».
**بنـــیٚ**: ١. بنێــرە، ســەحکیٚ، هێڤکــیٚ، بــڕوانە: (نەقشـیٚ ئەلماسـیٚ ل ئەلماسـیٚ بنـیٚ گرتـی‌یە حەرف/ خەتیٚ یـاقوتیٚ ل یـاقوتیٚ شـکێناندیە نەرخ) «جزیــری»،٢. دانـــیٚ، دابنـــیٚ، داینـــیٚ: (دەست بنیٚ بان سەرم)،٣. بنکیٚ، بنەگیـایەک: (شـانیٚ نـێش بنـیٚ، چـوار بنـیٚ ئـاریٚ) «م.ح. دزلی».
**بنیـــا**: ١. بنــیە، بــونیە، تــووان،٢. هەن‌هەن، هەنگامە: (بنیایٚ گووان نایە)،٣. بنیاد، بنیـادا،٤. بناییٚ، بنـایەتە: (وەرتەر جە مەردەن بە دیـدەم بـدیا/ لەب وە بـانی لەب لاڵـی تـۆم بنیـا) «بێسارانی».
**بنیات**: ١. بنیان، بنیاو، بنـاغە، هـیم ٢. بونیـاد، ساز، دروس، ئیجـاد، کـاری سـازدان،٣. نـژاد، نەژاد، ڕەســـەن، بنچیــنە، ڕەچەڵەک(مــرۆ)،٤. ڕیشە×: (گـولاڵە بە ڕەنـگ سـوور ئەکـاتەوە/ وەک من داخدارە لە بنیاتەوە) «پیرەمێرد».
**بنیات‌برشیەی**: بنەڕەت برین.
**بنیات‌نان**: ١. بیناکردن، ئاواکردن: (لە گوندی

بەنـاو خورخـورە خانەقایەکیـان بنیـات نـاوە) «چێشتی مجێور»،٢. سـازدان، سـازکردن، پێـک هێنان: (بە دوو کەسان حیزبێکیان بنیات نا).

**بنیات‌نیای**: دامەزراندن، بنیات‌نان.

**بنیاتەشتێ**: بنی کاسە، هەمووی دەفر، دەفـری بە پـڕی: (حەکـیم دەرەنـگ دەرەنـگ دخـۆن/ عابید نیڤـتێر و زاهید نیڤـجان، جاهیل تا بنیا تەشتێ ڤەدخۆن) «گول‌شوون».

**بنیاتی**: بنگەیی، بنچینەیی، بنیادینی.

**بنیــاد**: ١. بنیـات، بنـاخە، بنچیـنە، شـوێنەوار: (ئەگەر خوێنم دەڕێژی تۆ، ئەوە تیغ و ئەمیش گەردن/ ئەگەر بنیادی پەیمـان، دەسـتی مـن و دامێنــتە، بــازا!) «نــالی»،٢. ئاڤاکــاری، کــاری سازدانەوە: (گاڤا ژ عەدەم خـودێ کـر ئیجـاد/ ئەڤ کەون و مەکان ژ نوڤە بنیـاد) «خـانی»،٣. ناوی کوڕانە.

**بنیادم**: بنیادەم، مرۆ.

**بنیادەم**: بەنی‌ئادەم، ئینسـان: (چـۆن نەبەم بـۆ مەی و مەیخـــانە پەنـــا، تێگەیـــوم/ لەو ولاّتە هەموو شت زۆرە، بەنی‌ئادەم کەم) «هێمن».

**بنیادنیای**: بونیات نیان.

**بنیادینی**: بنیاتی، بنچینەیی.

**بنیام**: بنێم، بنـێمە: (بـۆ بنیـام نە بـۆی زولـف مشکینت/ بکەردام تەواف کەعـبەی جەمینـت) «بێسارانی».

**بنیامان**: بمان‌نایە، بمان‌نـایەتە، بمان‌خسـتایەتە: (هەر دوو بنیامـــان ســـەر وە یەک ســـەرین/ کەردامان ڕازی ویەردەی وەرین) «بێسارانی».

**بنیان**: ١. بنیات، بنیاو،٢. ناوی کوڕانە.

**بنیانیم‌وەســـەر**: داینـێن لە ســـەر گـۆڕەکەم: (کۆنەکەمانا باوەران وەسەر/ هەریۆ خەمـتەرەن بنیانیم وەسەر) «بێسارانی».

**بنیاوە**: بێنن، پەیاکەن: (ڕیش‌چەرمە و قەومـی گلێـری بـاوە/ پەی کوڕەکەیشـا ژنـێ بنیـاوە) «م.ح. دزلّی».

**بنیایم**: بنیادەم، ئایمیزا، ئادەمیزا.

**بنی‌ئادەم**: بنیادەم، مـرۆڤ: (دوێنـێ قەترەیـێ خـوێن بوویــت و ئەمــڕۆکە کەفــی خــاکی/ بەنی‌ئادەم کەری، گەر کەر نەبـی بـۆچ هێنـدە بێ‌باکی) «شێخ ڕەزا».

**بنی‌بەشەر**: بنی‌ئادەم، ئینسان: (جوز گاهێ ئاه و نـاڵە لە ئەیـامی ڕۆمیـان/ نەمـدیوە وابـێ لە فەڕی عەداڵەت بنی بەشەر) «سالم».

**بنێ‌بیا**: گوندێکە لە هەریمی کوردستان.

**بنێ‌پێ**: ژێری پێ.

**بنێ‌تا**: جۆرە ترێیەکە.

**بنێ‌چاڤان**: ژێر چاو، سیلەی چەم: (ژ ئالییەڤە د بنـێ چاڤـان ڕا زق ل ژنـێن تـازی دنێـرە) «پەپووک».

**بنــیچە**: ١. بـنەچە، خەراج، سـەرانە، بـاج ٢. ڕەچەڵەک، بنەچەک، نژاد.

**بنێدار**: بنەدار، بونیەدار.

**بنی‌دانین**: دەمەزرانـدن، ئاڤـاکرن، بناغەدانـان، دانان.

**بنــی‌ددان**: پــووک، پــدوو، بــن ددان: (ئەو گۆشتە هێندە خۆش بـوو هێشـتا تـامەکەی لە بنی ددانم دایە).

**بنی‌دنیـــا**: ١. ئەو شــوێنەی کە زەوی تەواو دەبـێ، ئـاخری دنـێ،٢. بریتـی لە زۆر دوور: (ماڵتان لە بنی دیایە ناتوانم بگەمێ).

**بنێر**: بنۆڕە، بنوارە، بڕوانە، بنێڕە: (دنـالم ئەز ل حالاتان/ بنێر شێخێ کەراماتان) «فەقێ تەیران»، (بنێـر مێـرگ و گـول و چـیچەک) «پەرویـز جیهانی».

**بنێرە**: ١. بەڕێبکە، بەڕێی‌کە،٢. ڕاسپێرە.

**بنێڕە**: بنـۆڕە، بـڕوانە، بنـوارە: (بەهـبەه بنێـڕە

هەوایێ) «پەرویز جیهانی».
**بنی ڕەزان**: گوندێکە لای بانە.
**بنێس**: لەڕ، لاواز، ڕێوەڵە، ڕیوەڵە.
**بنێسان**: باریک و بنێسی، لاڕی و لاوازی بە هۆی نەخۆشییەوە.
**بنیسک**: بنیسکە، بنێسک، سونکەسابوون، سوێنکەسابون، پارچە سابوونی گچکە و تەنک لە پاش شۆران مابێتەوە.
**بنێسک**: بنیسک.
**بنێسی**: دەردەباریکە، بنوسک، لاوازی، باریک و بنێسی، بێ‌تینی، نەخۆشی لەڕبوون.
**بنێسین**: ژاکان، سیس‌بوون.
**بنیش**: ڕۆنیشە، دانیشە: (شێوە ئەر ئێدەن مەن کەردەنم سەیر/ فام، خودا حافیز! دین، بنیش وە خەیر!) «مەولەوی».
**بنیشت**: بەنیشت، بنێشت، جاچکە، جاچک، سەقز، ویژەن، بەرهەمێکی داری قەزوان یا داربەنە: (گەزۆ، بنێشت، کەتیرە، سمۆرە، ڕێوی، دەڵەک/ بەراز و گورگ و چەقەڵ، ئاسک و پڵنگی بەڵەک) «پیرەمێرد».
**بنێشت**: بنیشت، بەنیشت، بەنوشت، جاچک، جاجک، جاجکە، چاچک، داچکە، قاچک، ویژەن، شیلەی داربەن یا قەزوان لە دار دەگیرێ و خۆش دەکرێ.
**بنیشتاش‌نەچەم**: بنیشتایە بە چاویەوە.
**بنیشتام**: دانیشتمایە: (تێدا بنیشتام بێ‌پەروا بێخەم) «بێسارانی».
**بنێشت‌خۆش‌کردن**: ١. کولاندن و گرتنی تالآیی لە بنێشت،٢. جاوینی بنێشت بۆ کەسێ کە هەتا هێندێک خۆدەگرێ.
**بنێشت‌کردن**: دارەبەن بریندارکردن و کۆچەلە وەبەر دان و گرتنی شیلەکەی و کردن بە بنێشت: (وەیسە بۆ ئەوەی لە بێگار ڕزگار ببێ، قەدپاڵێکی لە ئاغا مەختە کرد) «پێکەنینی گەدا».
**بنێشتۆکە**: پنجەگیایەکە گەڵاسپی، گەڵا و لاسکی وەک بنێشت دەچێ.
**بنیشتەتاڵ**: جاچکەتاڵە.
**بنێشتەتاڵ**: بنێشتی نەکوڵاوی خۆش نەکراو: (داپیر کلکە قوڵێی دایەوە/ بە بنێشتە تاڵ گیرسایەوە) «پیرەمێرد».
**بنیشتەتاڵە**: بنیشتەتاڵ، جاچکەتاڵە بۆ برینی دەس و پێ باشە، خواردنی بۆ مەعدە خاسە.
**بنێشتەتاڵە**: بنیشتەتاڵە: (ئەڵێن بنێشتەتاڵە و زاخ تێکەڵاو بکرێن بۆ باداری باشە) «ڕشتەی مرواری».
**بنێشتەخۆشکە**: ١. بنێشتی خۆش‌کراو،٢. بریتی لە قسەیەک کە دەکەوێتە سەر زار و زمانان: (ئەم قسەیان کردۆتە بنێشتەخۆشکە).
**بنێشتی تاڵ**: بنێشتەتاڵ، جاچکەی خۆش‌نەکراو.
**بنێشتی خۆش کراو**:١. بنێشتەخۆشە، بنێشتی تالآیی لێ‌گیراو،٢. بنێشتی جووتراو بۆ کەسێکی‌تر.
**بنێشتی کوردی**: بنێشتی خۆماڵی، ئەو بنێشتەی لە داربەن و لە کوردستان دێتە بەرهەم.
**بنێشتی کەرێ**: گیایەکە شیری لێدێ، کە مەیی ڕەش دەبێ، دەبێتە جیر.
**بنێشتی مەلای مەزبوورە**: بریتی لە دارایی و ماڵی بەرچاو.
**بنیشدێ**: دانیشن، دابنیشن: (بنیشدێ وە خەیر فیراقەن ئارۆ) «خانی».
**بنیشمێ**: دانیشین: (ساتێ پەی ویما بنیشمێ وە شاد/ بەو ڕازانەوە خەم بدەین وە باد) «مەولەوی».
**بنیشو**: دانیشم: (باوەر پەیامێ جە لای یارەوە/ تاکەی بنیشو ئینتیزارەوە) «ئەنساری».
**بنیشۆ**: بنیشێت، بنیشێتەوە: (عەینەین! وە

ئەسرین ئاوپاشی ڕاش کەر/ نەک گەرد بنیشۆ وە گۆنای دڵبەر) «مەولەوی».
**بنیشۆش**: لێی بنیشێ: (گوڵ ئەر بنیشۆش خاڵێ نە ڕوخسار/ جە زەخمی ئەو خار، زایف مەبۆ زار) «بێسارانی».
**بنیشوو**: دانیشم: (با وەس بنیشوو مات و پەشێوحاڵ/ با وەس بکێشوو هەناسان کاڵ) «مەولەوی».
**بنیشوون**: دانیشم: (ئەسرین مەرێزام پەی دووری باڵاش/ ئاواتەوازم بیم بنیشوون وەلاش) «ئەنساری».
**بنیشە**: ١. روینە×،٢. سواربە: (بنیشە هەوا وێنەی تەییارە) «م.ح. دزلی»،٣. بنیشەوە، بنیشەرەوە: (بنیشە کەنار بۆرج ئاشەوە) «م.ح. دزلی».
**بنێشە**: بنتەمەڵە، بنەڕەت، بناغە.
**بنیشەرە**: دانیشە.
**بنیشەوت**: بنسووتاو، بنگرتی وەک دۆڵمەی سووتاو بە قازانەوە.
**بنیشەوتین**: سووتانی چێشت بە بنی مەنجەڵەوە.
**بنیشی**: دانیشی: (چەنی دۆس وێت، بنیشی بە شاد/ ویەردەی سالان، باوەری وە یاد) «بێسارانی».
**بنیشید**: دانیشی: (بنیشید ئەو بان تەخت کیانی/ هووچ بەقا نەیری ئی دنیای فانی) «خانمەنسوور».
**بنیکرن**: بن تێکرنەوە(کەوش).
**بنیکشاندن**: لێوەرگرتن، لە دەس دەرێنان.
**بنیکۆلین**: خاپاندن، فریودان.
**بنیکوولەکە**: بریتی لە بەیانی ئەسڵی مەسەلە و بابەت×: (بیر و خەیاڵ شەو لە سەر ئەو لاوە وەلا نەکەوتووە، نەقڵ و حیکایەتی شەنگە بۆی لە بنی کوولەکە داوە) «شەوارە».
**بنیگرتن**: بنگرتنی چێشت کاتی لێنان.
**بنیگوێ**: زۆر نزیک: (ئەمن بەغیە نابەم بە ئەحمەدە چکۆلەی زوودی/ ئەگەر دە تەڕی بەهاریدا/ لە بنی گوێیانی هارەی دێ دەنگی پێنج هەزار سەر مەڕ و ماڵی) «گەنجی سەربەمۆر».
**بنیلە**: دەغڵی بەر گێرە، کلۆشی لە حاڵی گێرەدا.
**بنیمەمکقەندیلبوون**: وێدەچێ مەبەست سپی بوون بێ.
**بنیمەنجەڵ**: بریتی لە ڕەش: (ڕووت سپی بێ وەک بنی مەنجەڵ) «پەند».
**بنێمێ**: بنێین، بنێم: (چونکە نەگێلا چەرخمان وە کام/ شەرتەن بنێمێ سەر وە مولکی شام) «بێسارانی».
**بنین**: بنی، ئاخرین وتاقەگە.
**بنینە**: بنی، بنین، ئاخرین وتاقەگە.
**بنینەگە**: بنی، وتاق ئاخرینەگە.
**بنیۆ**: بنێ، بنێت: (دیدە فەڕش بووزۆ وە سەتح ڕێشدا/ تا کە سەمەندش پا بنیۆ پێشدا) «مەولەوی».
**بنیوان**: ١. بناوان، بنەوان،٢. ناوی کچانە.
**بنیۆشەرە**: دایبنێ.
**بنیۆن**: بنێم، بنێمە: (مەر زەڕەی خەمم ئەوسا بشۆوە/ سەر بنیۆن وە قەبر تازە گلکۆوە) «بێسارانی».
**بنیە**: ١. بونیە، لەش، قالب، تاو، توانایی،٢. بنیەش، بنێ، بینێ: (تکەش عاجز کەرد خەیاڵت تێشدا/ ئازیز بۆ جارێ پا بنیە پێشدا) «مەولەوی».
**بنیەر**: ١. دابنێ، بخەرە: (ڕوێ بۆ بە سەیر گوڵان گوڵزار/ پا بنیەر نە پشت شەبدێز

ڕەهوار) «خانای قوبادی»،٢. بنێ، پێوەنێ: (بەو نائرەوە، بەو دائیرەوە/ خاس بنیەر هەستیم وە ئایرەوە) «مەولەوی»، (چراغ دا جارێ، بۆ وە خاومدا/ پا بنیەر وە بان هەر دوو چاومدا) «بێسارانی».

**بنیەرە**: دابنێ بۆ مێ.

**بنـیەش**: بنـیە، بینـێ: (درووس کەر نەو هەڕ شێوەی بولبولێ/ بنیەش نە سەر شاخ گوڵێ یا چڵێ) «مەولەوی».

**بنیەم**: ١. بنێ، بنێم: (تیغی بێ دریـغ بنـیەم نە گەردەن/ تـۆ سـاحێب سـەواب مـن شـاد وە مەردەن) «بێسارانی»،٢. دانێم، دابنـێم، بنـێمەوە: (بۆ، تـا پەی شـادییش بنیەم بەنـدی جـوور) «بێسارانی».

**بنیەنان**: هەنهەن، کات، ئامادەکاری.

**بنیەو**: بنێمە، بێـنمە: (کەڵەک هـۆر مـدا نمـازا دەو لێش/ ڕای ئامام نەوی، پا بنیەو ئەو پێش) «مەولەوی».

**بنیەوش**: بینێمە، بیخەمە: (شـەرتەن نـامەکەت بگێرۆ نە بەرگ/ بنیەوش نە سینە تا وە سـاتی مەرگ) «ش. محەمەدی دان».

**بنێین**: تەماشا کەین، بڕوانین: (ئەم چـونە ب سـەر بنـێین کـو کـینە/ فکـرین نە وەکـی مە ئادەمینە) «خانی».

**بو**: ١. بـۆ، حاسـڵ، داهـات، بەهـرەی زەوی: (زەوییەکە بە بەروبوە) ٢. هاتە وجـود، هەبـو، بەرابەری نەبـو ٣. کونـد، کونـدەبو: (بە یـادی کـونجی تـۆ حـاجی وەکـوو بـووم/ لە مەعموورەوە دەچێتە ناو کەلاوە) «حاجی قادر» ٤. ئەبـم، ئەوم ٥. بـم، بـبم، مـن بـبم: (ئەر یەکتای زولفت بدەو بە گرد چین/ کـافر بـو ئازیز بەربشو جە دین) «بێسارانی»،٦. بۆ، بوی، بـارە، بـاوەت، لەبـابەت، تـایبەت، تـایبەتبە، لەهەمبەر: (قەت کەس نەدگۆ ستی بـو زینـە/ خەلقێ وەدزانـێ ئەجنەبـینە) «خـانی» ٧. بـۆ، بۆن، بێن، بەرامە: (مـاوەرا بەلگـین گـولێ بـو، بیهن و بویـا کـاکولێ بـو) «جزیـری»،٨. ئەوە، ئەوە،٩. بوش، بێژە، بڵێ: (بو وە خوا)،١٠. بەو، بەگ، خان.

**بـۆ**: ١. بـو، پیـت و بـارەی زەمـین،٢. وڵات، وەلات، زەمین، سەرزەوین: (بۆ بەخێر هێنـانی میوانی بەڕێزی هەرد و بۆ/ چاوەڕێ وێسـتاوە داوێن پڕ لە لالەی عەنبەرین) «هێدی»،٣. بۆن، بێن، بەرامەی خۆش: (هن گولی بۆ عەنـبەرن، هـن د شـیرین ئەسـمەرن/ هـن گـوهەرێ دانەیین، میسلی سـوهەیلی سـەما) «جزیـری»، (ئەو سەرزەمینە بۆی تۆی لێنایە/ ئاوری تێبەربـێ هەر شـــــەو لە لایە) «فولکلـــــۆر» ٤. لەبەر، لەبەرخـاتری، بـوی، بـارە، بـاوەت: (بـۆ پـارە حەیـفە خـۆ دەکەیە پـووڵی نـاڕەواج/ بـۆ پارووێکی نـان ئەسـەفە ڕوو دەکەی بە سـاج) «مەحوی»، (بۆ تۆ کە بیکر و تازە وەکو حۆری جەننەتی/ قەیدی چییە عەجوزەیی دنیـا بـدەم تەڵاق) «نـالی» ٥. بـێ، بێـرەو، وەرە، وەرەوە: (سا تۆ بۆ وە ڕەغم بەخت بەرگەشتەم/ جاگێر نە دیدەی وە هووناو ڕشتەم)، (پەردەی لێلایی گرتەن، دوو دیدەم/ خەڵـوەتەن سـا بـۆ، هەی بەرگوزیدەم) «مەولەوی»،٦. کوند، بـایەقوش،٧. شاگرد مەیخـانە ٨. دێـراوی تـوتن و دوکـانی بێستان ٩. شیان، توانسـت: (بـۆم نـاکرێ)،١٠. وشـەی پرسـیارە: بـۆچی؟، بـۆچ؟، لـۆچی؟: (زەلیلی حەسرەتم، مەحزوونی خەجـڵەت/ کە بـۆ عومری عەزیزم دا بە زایع!) «مەحوی» ١١. ئەبـێ، ئەوێ، ئەشـێ: (داخـۆ بـۆ، تـۆ بەی وە بەیـداخەوە؟) «بێسـارانی» ١٢. بـێ، ببـێ: (بـا وەس باڵێنم سێڵاو هوون بۆ/ ئامێتەی زووخـاو

دیگ دەروون بۆ) «مەولەوی»، ١٣. بمێننەوە: (تا یاران نیگای نیهانیشان بۆ/ پیران مشیۆ تاف جوانیشان بۆ) «مەولەوی»،١٤. چەورە، چەورایی، پۆ، ڕۆن، زۆم، زووم: (هەژارەکانیش مەڕەکانیان دەناردەوە و بیچووەکان و خوری و دۆ و بۆیەکەیان گل دەداوە) «ف.پ.پ.»،١٥. هی، خاوەنی: (ئەڤ کتێبە بۆ منە) ١٦. هۆیی: (ئەز بۆ خوێندن هاتیمە، تۆ بۆ مالێ دنیایێ)،١٧. بەو، بە ئەو: (جە من تا دووری ئەر سەد فرسەنگ بۆ/ ئەر بۆ ڕازی بوو، زوانم لەنگ بۆ) «مەولەوی»،١٨. بم: (بنۆشۆ جامێ پێم یاوۆ مەستیی/ بێزار بۆ جە دین دنیاپەرستیی) «بێسارانی،١٩. ببێتەوە: (هەر ماهێ نەو بۆ، حاڵم پەشێوەن/ چون هیلال شێوەی ئەبرۆی تۆش پێوەن) «مەولەوی»،٢٠. بوو: (هاڤین بۆ چووم شنگارێ) «سندی»،٢١. مار، ماڵ، خانی، خانوو،٢٢. بۆگەن، بۆی ناخۆش: (دایە هەرگیز خەم مەخۆ/ مالم پڕ کردگە لە بۆ/ خێزانی ماڵ هەشت و نۆ/ کەس ناپرسێ منم یا تۆ) «ڕشتەی‌مرواری».

**بوا**: ببا، ببات: (نامەی بوا بۆ لای فەیزوڵڵاخان) «ئاوێنەی‌بێگەرد».

**بواچ**: ١. بوواچ، بڵێ، بێژە: (شاکە لەسەردا شاکە لەسەردا/ چل تاج شاهی بواچ لەسەردا) «خانمەنسور»،٢. بێژەر، گۆیندە.

**بواچان**: بێژن، بڵێن: (غەریب ئەر پەنەش بواچان سەردێ/ هەر سەردێ پەرێش مەبۆ وە دەردێ) «بێسارانی».

**بواچم**: بڵێم، بێژم: (پەریت بواچم مانای ئەو شارە/ بازار خو لەشە، سەرخو مەنارە) «خانمەنسوور».

**بواچۆ**: ١. بڵێ، دانێ، بهۆنێتەوە: (مەعلوومەن هەرکەس بە هەر زوبانێ/ بواچۆ نەزمێ، جە هەر مەکانێ) «خانای قوبادی»،٢. بڵێ، بێژە،٣. بڵێت، بێژێت بۆ کەسی سێهەم: (ئامانەت هەواڵ من بپرسان چێش/ مەر ئەو بواچۆ وێڵیم پێش) «وەلی‌دێوانە».

**بۆاچوو**: بێژم، بڵێم: (چینە سادەتەر بۆاچوو پەی تۆ/ پەی تۆی بێسەواد جە دین ڕەنجەڕۆ) «م.ح. دزڵی».

**بواچوون**: بڵێم، پێت بڵێم: (واتش هەی ئەبلەه کەم‌فامی سەرشێت/ گۆش دەرە پەنەم، تا بواچوون پێت) «بێسارانی».

**بواچە**: ١. دەڵێم، ئەڵێم، ئێژم،٢. بێژە، بڵێ، بووشە، واچە: (ئەر تۆێچ مەیلت هەن، ڕاس بواچە پێم) «بێسارانی».

**بواچەپەنەش**: پێی‌بڵێ.

**بواچەپێم**: بێژەپێم، پێم‌بڵێ: (سا بواچە پێم تۆ نە چ کارێ؟) «بێسارانی».

**بواچی**: بێژی، بڵێی: (چ حاجەت سەریح تۆ بواچی پێم) «مەولەوی».

**بواچێم**: بڵێم، بێژم: (تاجیل کەر، دێرەن، بشیم وە ڕاوە/ بواچێم وە دەم حەمد و سەناوە) «مینەجاف».

**بوار**: ١. بەهار، بوهار: (نێرەکەری گون دەستارە، بوار نەهاتیە چ هارە هارە؟) «پەند»٢. دەراو، شوێنی تەنکاو بۆ پەڕینەوە لە چۆم: (نامانە مل چەم سوار لە شوێن سوار/ شلپ‌وهۆڕ کەوتە ناو تەنکاوی بوار) «گۆران» ٣. بۆری، لوولەی ئاوی و شتی وا، ٤. دەرەتانی دەرچون و تێپەڕین: (ڕێم لێ‌گیراوە، بوارم نییە هەڵێم)،٥. فرسەت، هەل، کەیس: (باز لە بواردا ئەگیرێت) «پەند»،٦. بەرانبەر، ڕووبەڕوو ٧. ڕێ، ڕێباز، ڕێواز، بگار، گوزەرگا، سەر ڕێ: (یار بو چومە بواری ب زیارەت کەفی پا/ ...) «جزیری» ٨. ئێزن،

ئیجازە، ڕوخسەت: (شپرزەیی و پەشێوی بواری نەئەدا «ژان» بخەوێ) «پێکەنینی گەدا»،٩. ڕابوارد، تێپەڕکرد: (وەه کو بێ شاهید و مەحبوب تە عومرێ خوە بوار/ کارەکی رابە بکە وەقتە کو ئێوارە درەنگ) «جزیری»،١٠. بباری: (جومعە بوار و شەمە وەش کەرۆ، شەمە بوار و پەنج و شەش کەرۆ) «پەند»،١١. بریتی لە بەر و بار و لایەنی هەر کارێک: (لە هەموو بوارێکی ئەدەبیدا خاوەن بیر و ڕایە)،١٢. ناوە بۆ کچان،١٣. ناوی کوڕانە.

**بوارتاقی‌کردنەوە**: تاقی کردنەوەی ڕادەی قووڵی ئاوی چۆم: (چۆم لێڵە و سوورەش ترسەنۆک، ئەیەوێ تاژییەکەی وەبەستێ و بوار تاقی کاتەوە) «شەوارە».

**بواردان**: ١. تەنک بوونی چەم وابێ بۆ پەڕینەوە ببێ: (چۆمێکی هێند گەورە و قووڵە لە هیچ جێیەک بواری نییە تا بپەڕینەوە)،٢. ئیزن دان، ڕێ دان: (کڵفەت عەجایب مان، کوتیان: خانم و خاتوونی میر سێوەدین بەگ بە کەسیان نەداوە ئیجازە و بوار و گوزەرێ).

**بواردای**: بوار دان.

**بواردن**: ١. بهورتن، بگاردن، تێپەڕین لە شتێک و حیساب نەکردنی: (ئەگەر یەکمان خەتایەکی بکەین باوکم هیچمان نابوێرێ و لە هەموومان دەدا)،٢. تێپەڕاندن، لێ‌تەپەڕین،٣. ڕەنگ گرتنی پارچە و شتێک جیا لە ڕەنگی سەرەکی خۆی،٤. نەکوشتن، نەپێکان: (ڕۆژ ڕۆژی ئەمنیەقرانە/ مەپارێزن ئەمنیە/ مەیبێرن لە حوکمی چاو) «ئاوێنەی‌بێگەرد»،٥. ڕێ‌دان، ئیزن داین: (تەیموور بواری دابوو لە هەرەتی سەرخۆشی‌یا گاڵتە بە ئەو پیاوە جەنگاوی‌یە بەسامە بکا) «پێکەنینی گەدا».

**بواردوو**: قاوت، گەنمەبرژاوی هارڕدراو.

**بوارلێ‌تەنین**: ڕێی دەرەتان لێ‌گرتن: (منیش زۆرداری پرزەی لێ‌بڕیوم/ منیش بەدکاری بواری لێ‌تەنیوم) «هێمن».

**بوارۆ**: بباری: (بوارۆ نە چەم سەیلی ئەسرینم) «م.ح. دزڵی».

**بوارە**: ١. دەرفەت، دەرەتان، هەل، فرسەت، ماوە، مەجال،٢. بەهارە، وەهارە،٣. ناوە بۆ کچان.

**بوارەپان**: ناوی شوێنێکە لە نێوان سلێمانی و هەڵەبچە: (ڕۆژێک وەسمان پاشا لە سلێمانی‌یەوە ئەڕواتەوە بۆ هەڵەبچە، لە ناو ئاوەکەی بوارەپاندا تووشی ژنێک ئەبێ) «ڕشتەی مرواری».

**بوارەدان**: ماوە پێدان، ئیزن دان، بگارە دان: (ئەو منداڵە خۆ بوارەی ئێمە نادا دوو قسان بکەین).

**بوارەکانی**: بووارەکانی، بەهارەکانی، کوێرەکانی، هانەدرۆزنە، ئاوێ کە هاوین ویشک دەکا.

**بوارێ**: بباری: (شەممە بوارێ، پێنج و شەش دەکا) «پەند».

**بوازان**: بخوازێ، بخوازن: (هەنی وە باڵای ویشان نەنازان/ ئاوات وە سایەی باڵاش بوازان) «بێسارانی».

**بۆازش**: بیخەن.

**بوازن**: بخوازن.

**بوازۆ**: بخوازێ، داوابکا: (تا کە بوازۆ جە مەحشەر شەفاش/ نەدەران بە نار جەهەننەم سزاش) «خانای قوبادی».

**بوازۆت‌دڵ**: دڵت بخوازێ: (جە هەر مەکانێ تۆ بوازۆت دڵ/ بسازێم پەرێت ڕەنگین‌تەر جە گوڵ) «خانای قوبادی».

**بوازۆش**: بیخوازێ، مارەی بکا.

**بوازوو**: بخوازم: (تاکەی چەنی بەخت، بەدان بسازوو؟/ تاکەی وە مەرگم ئاوات بوازوو؟) «بێسارانی».
**بوازی**: ١. داوا بکەی، تکا بکەی: (بوازی، بێ‌حەد گرانەن دەردەم/ تەمام شەرمندە و عاسی و ڕەنگ‌زەردم) «خانای قوبادی»،٢. بخوازی، ببەی: (سەر وەنەت بیۆ وە بار گەردەن/ بوازی هەر سات ئاوات وە مەردەن) «مەولەوی».
**بواژۆ**: بۆژۆ، گژوگیای بۆن‌گرتوو.
**بواکە**: گوندێکە لە باکووری کەلار.
**بوالک**: گوندێکە لای چوارتا.
**بوان**: ١. ئەستوندەک، سو، دیلەک، قیسپی ڕەشماڵ ٢. بخۆن، بخوەن،٣. خوێنەر،٤. بخوێنەوە،٥. ببن، ببان، ببونایە: (گەر دووسەد پەیکاند نیڤا دل بوان دێ خۆش بوان/ هەر دەما کەوکەب ب دینا نەجم و پەروین بێ‌حیجاب) «جزیری».
**بواناش**: بیخوێنەوە.
**بواناشەوە**: بیخوێننەوە: (وەو سۆز سینەی دڵ‌خەراشەوە/ هامسەران یەک یەک بواناشەوە) «مەلای جەباری».
**بواندن**: ١. دروس کردن، گونجاندن،٢. بە زۆر کردنی کارێک: (چۆن بۆی نابێ، دەیبووێنم).
**بوانۆ**: بخینی، بخوێنێ: (جە وەختی مەمات ئادەم نەناسین/ ئەر شیرین پەیمان بوانۆ یاسین) «بێسارانی».
**بۆانوو**: بخوێنم: (تا کە بۆانوو وەختی سوبح و شام) «م.ح. دزڵی».
**بوانوون**: بخوێنمەوە: (ئەر تەسدیق نەبۆ وە جان فیدای وێت/ گۆش دەر سەوادش بوانوون پەرێت) «مەولەوی».

**بوانە**: ١. بخوێنە، بەینە،٢. دێیەکە لە دێکۆی بێڵەوار بەشی ناوچەی کامیاران.
**بۆانە**: بخوێنە، بوانە.
**بۆانەسەلام**: سلاو بکە: (بۆانە سەلام مدرە وە پاوە/ دەم بە گفتوگۆ، دەس بە دۆعاوە) «م.ح. دزڵی».
**بوانیمەوە**: بمخوێنیتەوە: (تا بە فەضڵ وێت بوانیمەوە/ جە دەس هەوای نەفس بسانیمەوە) «مەولەوی».
**بوایت**: ١. ببوایە، ببوایێ،٢. بوبایت، بوبای، تۆ بوایت.
**بۆئەمنت‌ناوێ**: ناوی گۆرانییەکە: (بۆچی منت ناوێ، بۆچی منت ناوێ/ خۆ من بەبێ تۆ هەڵناکەم تاوێ) «مامڵێ».
**بۆئەوەی**: ژ بۆ، بۆ ئەوەی کە.
**بوبا**: ببوا، هەبوا، هەبوایێ، هەبوایە.
**بۆبا**: ١. بۆنێ کە لە ڕۆنی کەرە پەیدا دەبێ و نیشانەی خراپ بوونیەتی،٢. نڤیشکی بۆن‌گرتوو.
**بۆبابوون**: بۆن‌گرتن و تام‌گۆڕانی ڕۆن و پەنیر بە هۆی دانران لە بەر هەوای ئازاد.
**بوبام**: بوایەتم: (نە کەر بوبام، نە کەروێشک/ نە مێشکخۆر، نە بێ مێشک) «ڕاوچی».
**بوبان**: ١. ببونایە، ببونایێ،٢. نێوی گوندێکە لای پێنجوێن.
**بوبانە**: گوندێکە لای سەردەشت.
**بۆبدیە**: وەرە ببینە: (بۆ بدیە وە بەرگ، بێخ باڵامان/ من دڵ سفتەنان، ئادیشان دامان) «بێسارانی». ٩٣×
**بۆبر**: بۆبرە.
**بۆبرد**: بۆن‌برە، بۆبر.
**بۆبردن**: ١. بۆن‌کردن، بێن‌کرن،٢. سووسە کردن، گومان کرن،٣. بردنی شتێ ئەرای

کەسێ.

**بۆبرش**: بۆکەڕوو، نان و گۆشت و ئیتر.

**بۆبڕە**: بۆنبڕ، بۆبڕ، بۆچنە، بۆگر، بێنبڕ، شتێ کە بۆی ناخۆش ناهێڵێ.

**بۆبژاردن**: پارە و بایی تاوان دان: (کوڕەکەم چی شکاندووە نەغد بۆت دەبژێرم).

**بۆبک**: ١. بەبە ٢. بوکەچینی و ئیدی، ٣. سفلیس، نەخۆشیەکە.

**بۆبکتان**: بۆبەکتان، گوندێکە لای سەقز.

**بۆبلات**: کارەسات، هەنگامە، ئاستەنگ، کۆست، چۆرتم.

**بۆبلمی**: بی بروین.

**بۆبنێو**: بۆن بنێ: (واسڵ بۆ بە وەسڵ جەمینی لاڵت/ بۆ بنیۆ وە بۆی زولفی زوخاڵت) «بێسارانی».

**بۆبوکتان**: ١. دێیەکە سەر بە ناوچەی تەمۆغەی سەقز،٢. ئەم بەنداوە،٣. ئەو پیاوەی بەند هەڵدەبەستێ،٤. جێی سەد و بەندی خان.

**بۆبۆکتان**: گوندێکە لای سەقز: (کانیبەند، گوێزێ، قاشوق، سولاکان و بۆبۆکتان) «یادنامەیسەقز».

**بۆبوون**: ١. شیاوبوون، شایستەبوون: (خشڵی زێڕی هەیە گیلاس، دیارە/ بۆی هەیە ناز بە پەرەنگی گوارە) «هێدی»،٢. ئەندازە بوون: (ئەو کەوشانە بۆ من دەبێ).

**بۆبەجێمان**: بۆ مانەوە: (بەڵکوو بۆم بەجێ بمێنێ، ئەو دوو لێوە قەیتانە) «حەسەن زیرەک».

**بۆبەخش**: بۆندەر، بێنبەخش: (گا جای (ماء الورد) عەتر عەبیر بیم/ بۆبەخشی دەماخ شا تا وەزیر بیم) «مەولەوی».

**بۆبەخشانی**: بۆن بڵاوکردنەوە: (دەور مدا وە پێچ ئەو کاو و بەردە/ بۆ بەخشانیش بێ ئەی هەرد بەو هەردە) «مەولەوی».

**بۆبەرامە**: بۆ، بۆن، بەرامە، بۆی وەش.

**بۆبەکتان**: بۆبکتان.

**بوبەکر**: ١. ئەبوبەکر، عەبوو، ناڤێ مێرانە،٢. بریتی لە ناوی حەزرەتی ئەبووبەکری سەدیق: (بوبەکر و عومەر چ خوەش قەرینن/ عوسمان و عەلی عەجەب گوزینن) «خانی».

**بۆبەلات**: بەڵا، بۆبلات: (بۆبەلاتێن نەدیتی/ ئەوێن وەکە ئەنفالێ) «سەنار».

**بۆبەن**: بۆ بگەڕێن: (ئێرانم بۆ بەن وە سنجاقەوە) «ئاوێنەیبێگەرد».

**بۆپرووز**: بۆکرووز، بۆنی سوتاوی تیسک و مو: (ئەی پەی تۆ نەبۆ دۆسەکەی گیانی/ چەند بۆپرووز بۆ تۆ هەر بمانی) «مەولەوی».

**بۆپرووزکەر**: ١. بۆنکرووزکەر،٢. بریتی لە بۆرەخزم.

**بۆپرووزکەردەی**: بۆنکرووز کردن.

**بۆپرووزکەرە**: ١. بۆنپرووزکەر،٢. بریتی لە دوورەخزم.

**بۆپەژمین**: پۆپەشمین.

**بۆپەشمین**: پۆپەشمین.

**بۆپەشمینچەنەهورزتەی**: ١. بۆسۆ لێ هەڵسان، ٢. بریتی لە دەسەڵاتداریتی.

**بۆپەشمینچەنەنەهورزتەی**: ١. بۆسۆ لێ هەڵنەسان،٢. بریتی لە بێدەسەڵاتی و نەداری.

**بۆپەیدا**: هاتۆتە دنیاوە: (سا کەسێ چوون من، بەی تەور بۆ پەیدا) «بێسارانی».

**بۆپیشمینکەر**: ١. بۆسۆکەر،٢. دوورەخزم.

**بۆپیشمینکەردەی**: بۆسۆ کردن.

**بۆپیشمینکەرە**: ١. بۆسۆکەر،٢. بۆرەخزم.

**بوت**: ١. بت، پت، سەنەم، خوای دەسکرد: (گوڵ هاتەدەرێ، لافی لە حوسنی بوتی ما دا/ لەرزی قەدی بەرزی، لە ڕقا زولفی کە با دا) «نالی» ٢. بریتی لە یار، گراوی، کیژی دلبەر،٣.

کەسێ کە پلەیەکی بەرزی لە نێو تاقمێکدا هەیە و هەتا ڕادەی پەرستش دەگا،٤. بۆت، بۆنت: (بوت چەن خۆشە!).
**بۆت**: ١. ئاوبارە، قەمتەرە، بۆتک، بووت، دارێکی درێژی ناو کوڵراو ٢. پلوسک ٣. بۆری لە دار دروسکراو ٤. بوختی، تیرەیەک لە کوردی باکووری زێی بادینان ٥. بۆتۆ، بوتە: (ئاهم بووەتە هەوری بەری تینی هەتاو بۆت/ فرمێسکم ئەدا نم لە هەموو ساحەبی سەر ڕێت!) «گۆران» ٦. کون، کونا،٧. پێلاڤ، پۆت،٨. بانجیلە، بانیژەی ئاش،٩. بۆی تۆ، بۆنی تە: (دەستێ دەست نەگرێ بە سینگەوە بۆت/ لووتێ کە دایم پڕ نەبێ لە بۆت) «پیرەمێرد».
**بۆتا**: بۆتان، دەڤەرێکە ل باکوور: (هەکە ڕێکا تە ب جزیرا بۆتا کەت/ جۆتەکی سلاڤا بکە زەری ئەسمەرا) «حەیرانۆک».
**بۆتاف**: بۆتاڤک، بۆتاڤۆک، کاری پەینکردن بە ژێر ولاخەوە.
**بۆتاڤک**: بۆتاف.
**بۆتاڤۆک**: بۆتاف.
**بوتان**: بۆتان: (ژ بانە و هەتا بوتان) «سندی».
**بۆتان**: ١. هەرێمێکە لە ناوەڕاستی کوردستان، چیای جودی لەوێ هەڵکەوتووە: (خاکی جزیر و بۆتان، یەعنی وولاتی کوردان/ سەد حەیف و سەد مخابن دەیکەن بە ئەرمەنستان) «حاجی قادر» ٢. هۆزێکی کوردی باکورین: (حاکم و میرەکانی کوردستان/ هەر لە بۆتانەوە هەتا بابان) «حاجی قادر»،٣. بۆ ئێوە: (بە کوفری تێمەگەن ئەشعاری وردم/ هەمووی پەند و دوڕ و مەرجانە بۆتان) «قانع»،٤. نێوی نێرینانە.
**بۆتانی**: ١. خەڵکی ناوچەی بۆتان: (بەڵێ هەردەم دەناڵێنم لەبەر دەردی غەریبی خۆم/ وەکو کا مەم لە زیندانا لە عیشقی زینی بۆتانی) «ناجی» ٢. زاراوە یا شێوە پۆشتەمەنی خەکی بۆتان ٣. جۆرە درومانێکە ٤. چەشنە هەڵپەڕینێکە تایبەتی وانە.
**بوتانیخوللوخ**: کیژە جوانەکانی نەتەوەی تورکی دانیشتوی تەبەت کە بۆ جوانی ناودار بوون: (ڕەونەقشکەنی بوتانی خوللوخ) «خانی».
**بۆتبۆت**: باڵندەیەکە.
**بۆتپارز**: بوتپەرست.
**بۆتپارێز**: بۆتپارز، بوتپەرست.
**بوتپەرست**: ١. بتپارێز، بتپەرست، دیلۆڤان ٢. دلدار، یارپەرست.
**بۆتپەرست**: بوتپەرست: جارێکیتر: (گەلێ بۆتپەرستان ل مالا خودێدا ل تەفسیرا خو ئەقرار بوون) «گولشوون».
**بوتپەرستی**: ١. بتپارێزی، دیلۆڤانی ٢. یارپەرستی، ئەویننداری: (ئەتواری عیشق و مەستی، ئەسراری بوتپەرستی/ تەقریری سەد ریوایەت ناکەت ل بۆ کیفایەت) «جزیری».
**بوتخانە**: بتخانە، بوتگە، سەنەمخانە، پەرستگەی بتان: (دڵێ گوڵزاری دڵداری و بەهەشتی خۆشەویستی بوو/ وەکوو بتخانە مەیدانی بتی جوانی پەرستی بوو) «هەردی».
**بۆتخانە**: بتخانە، بوتخانە: (لەشکرێکی بۆ دروس بکە، دوازدە هەزار کەس ببێ، دە بۆتخانەی بۆ ساز بکە) «مەموزین».
**بۆتدێنم**: هەوایەکی گۆرانییە: (بۆت دێنم کچێ بۆت دێنم/ لە گوڵ گوارەت بۆدێنم/ دو کۆرپەت لە لانک بێ، هەر دوکیان ڕادەژێنم) «ڕەزازی».
**بۆتڕ**: بن زک.

**بوترشێ**: گوندێکە لای مانگێش.
**بــۆترەکێنە**: کــارگ، قــارچکی بــاڵابەرزی سەرخڕ.
**بــوتری**: بتــری، بوتــڵ، بــوتڵی، دەســکەلە، شوشەی دەرمان و تــراو: (چــوپەنبە و پــاکەت بوتری شکستە) «چەپکەگوڵ».
**بۆتســووتاوە**: نــاوی گــۆرانییەکی کــوردییە: (بۆت سووتاوە جەرگ دڵم/ مـردم بە سـوێی زەخمی کوڵم) «ع. مەردان».
**بوتشـــــکێن**: ١. بتشـــکێن، مەبەســـت لە حەزرەتی برایمە،٢. کەسێ کە کەسایەتی زۆر گەورەی نێــو خەڵــک بە لەســەر نووســین دەشکێنێ.
**بوتشکێنی**: کاری بوتشکێن.
**بۆتک**: ١. شێرەی ئـاو، بـۆری، شـتێ ئـاوی لێبـێ ٢. بـۆت، ئاوبـارە، قەمـتەرە، دارەکـی قەوراندیە ئاڤێ تێرا دبورینن بـۆ سـەر عەرد و زەڤیان.
**بۆتکــا**: بۆدکـا، خێڵێکــی کــوردە لە ئێلــی هەڤێرکانە.
**بۆتکە**: ١. دەکە، دوکانی گچکەی پێشسـازە،٢. خانوی لە دار و تەنەکە.
**بوتکەدە**: بوتخانە، بتخانە: (دڵە عەرشی خودا «مەحـوی»، خەجـاڵەت بە لەبەر غەفـڵەت/ کە بۆتە بوتکەدەی بێ بەرهەمەن یـا دەیـری بـێ ڕاهیب) «مەحوی».
**بوتکەم**: بۆنت کەم.
**بۆتگە**: بوتگەری.×
**بوتگەری**: بۆوورەتەگە.×
**بوتڵ**: بتری، بوتری.
**بۆتمردمناسـکەجوانێ**: نـاوی گـۆرانییەکە: (بۆت مردم ناسکە جـوانێ/ مەیلـی جارانـت کوانێ/ نەخۆشـم بـۆ تورانگیـان/ لە ڕاسـتەی خیابانێ) «حەسەن زیرەک».
**بۆتۆ**: بۆت، بۆتە.
**بوتوڵات**: ناوی دوو بت بوون×: (شەربەتا لام و بێیـــان/ نـــادم ئەز وێ ب حەیـــاتێ/ مەعدەنا دال و ڕێیان/ دبارێنن نەباتێ/ ئێزهـار دکن مەعنەیان/ ژ حوسنا بوت و لاتێ) «فەقـێ تەیران».
**بوتون**: بوتان، بۆتان×: (هندی وەکی سـاکینی بوتونە/ خامۆشە و خوارنا وی خونە) «خانی».
**بـــوتە**: ١. بـۆتە،٢. بـۆتەی زێـڕ توانـدنەوە: (جەوهەر ژ عەرەز کو بوو موجەڕڕەد/ داتینـنە بوتەیێ موجەددەد) «خانی».
**بۆتە**: ١. بـۆت، بۆتـۆ، لۆتـۆ: (چەنـد بـرینێن خەلکـی سـاخ بـۆن، لـێ نەبـۆ بـۆتە چ کـار) «سندی» ٢. گەهـ گاهـ بووتە ٣. بۆتەی زیـڕ و زێو توانـدنەوە، دەفـرێکە لە گڵـی تـایبەت بە ناوی گڵی حیکمەت ساز دەکـرێ: (بڵێسـەی کوورەی دەروون گرتەن تاو/ نە بۆتەی خەمدا دەروون کەرد وە ئـاو) «مەولەوی»، (خالیســە سیککەیی ئیخلاسی دڵی موخلیسی من/ بـیخە نێو بۆتە چ حـاجەت بەمە بیـدەی لە مەحەک) «حاجی قـادر» ٤. زەقـایی زەوی، بڵنـدی،٥. لە عەشـیرەتی بـۆتە،٦. بـویتە، بـووگیتە: (بـۆتە پاشماوەخۆری ئاغـا)،٧. بـووە، بـووەتە: (ئەو خـاڵەی ڕوومەتـی بـۆتە خەتـی نەگبەتـی) «شەوارە»،٨. بنەگیا، برکە: (خزمەت بکـری تـو هێند وانە/ ئەو بۆتە دبیتە هیندوانە؟!) «خانی».
**بۆتەشبر**: ×کاکەی فلاح× ٧
**بـــوتەکێ**: بـــووکەڵەوازی، شاســـەلیم، بیبیجانخانم.
**بۆتەگە**: بۆدڕن، ئەو بۆیەی وەختـی تێبەردان لە سابرێن دێ.
**بوتی**: بۆتی، بۆتانی، خەڵکی بۆتان، هـۆزێکی

کوردن: (ناڤێ باژێر خوەش جزیره/ هۆزا بوتی تینه بیره) «سەنار».
**بۆتی**: ١. زاراوە یا چەشنی پۆشاکی بۆتان ٢. بۆتانی، خەڵکی بۆتان،٣. بۆت، بۆ تۆی: (هەر ناوی بهێنی بۆتی دێنم) «خانی»،٤. گوندێکە لە باکووری ڕانییە.
**بوتیا**: ١. گوندێکە لای ئامێدی،٢. گوندێکە لای دهۆک.
**بۆتێکەوتن**: بوونە واسیتە، تکا بۆکردن✗: (جارێک لە سلێمانی گوایە عزەتی تۆپچی کفری کردووە، ... شێخ مەحموود بۆی تێئەکەوێ و ئیشەکەی لای حوکومەت بۆ چاک ئەکاتەوە) «ڕشتەی مرواری».
**بوتێڵێ**: بتهێڵێ، زیندوو بتپارێزێ: (ژنەکە کوتی: قوربان خوا هەر بوتێڵێ بۆمان) «ڕشتەیمرواری».
**بۆتیمار**: شاهۆ، شاوەشینکە، خەمەگوری، خەمەخۆرە، مارمۆلە، ماسیگرە.
**بۆج**: فیز، دەعیە، ئیفادە، خۆپەسنی.
**بوج**: بەکەڵک، خێردەرەوە.
**بۆجکار**: خۆپەسن، ترزل.
**بۆجە**: بودجە، بووجە، بۆدجە، تواز، مەسرەف، پارەی تەرخانکراو بۆ کارێک.
**بۆجەلالی**: لایێ جەلالێ ئاڤێ.
**بۆجەوت**: بۆنی جەوت کە لە کوندەی ئاوێ دێ، پاش چەند ڕۆژێ بۆنی جەوتەکە دەڕوا.
**بۆجەھ** : بۆجە، بووجە.
**بۆجی**: ١. بۆنجی، بوونجی، کوجیلەسەگ، سەگی گچکە ٢. تاجی، تاژی.
**بۆچ**: ١. بۆ، لۆ، لۆچ، ما، چی، لاچێ، بەرچی، لەبەرچی، ئەڕا؟: (گەر نییە ئاور لە سینەمدا بە تاو/ بۆچ لەبەر قولْقولْ غەریقی ئاوم ئەز؟) «نالی» ٢. وقار، ڕێز، شکۆ ٣. زار، ناڤدەڤ ٤. کلکی گیاندار، دوچ، دول،٥. بریتی لە کوز، شەرم، عەورەت،٦. ناز، تەلەبازی، عیشوەگەری، چڤ، خۆبادان.
**بوچاڵ**: بۆچاڵ.
**بۆچاڵ**: ١. بۆنچاڵ، بۆنێکە لەو دەخڵ و دانە دێ کە ماوەیەکی زۆر لە چاڵدا مابێتەوە،٢. دەغڵی بۆگرتە لە چاڵدا.
**بۆچاڵبییەی**: بۆنی چاڵ گرتن.
**بوچاڵی**: بۆچاڵی.
**بۆچاڵی**: بۆن چاڵی.
**بوچان**: ١. گچکە، گچکۆڵە، بیچک، بیچکەلانە، بچکۆک، چکۆڵە،٢. ناوێگە پیاوانە.
**بۆچر**: بۆن دوکەڵ، بێهنا کادو.
**بۆچرک**: بچووک، گچکە، چکۆلە.
**بۆچرووک**: ١. بێن چرچیک، بێن کوزیرک، بۆنی سوتاوی چەوری: (بۆنی کەبابە، بۆچەکی چزیلکە دێ لە دوور/ یا بۆچرووکی جەرگ و دڵی هەڵکزاومە) «بێخود»،٢. بریتی لە ئاهی دەروون و زووخاو: (دەیانبەست بۆ کوتانی مەرج و پەیمان/ هەناوی لێیدەهات بۆچرووک و بۆسۆ) «هێمن».
**بۆچرووک**: بۆچرووک.
**بوچک**: بیچک، گچکە، بووچگ، بەچگە.
**بۆچک**: ١. دارایی، سامان، ماڵ، ولکە ٢. قوڵ، قوڵە، کلککورت ٣. بۆچ، کلک،٤. گوجیلەسەگ،٥. لاسک، ساقەت، ساقەتە.
**بۆچکبا**: بەرگایلکە، دۆیلبا، بۆچکباکری.
**بۆچکباکری**: کلکهەڵتەکێنە.
**بوچکتر**: گچکەتر، کەمتر.
**بوچکلانە**: بوچکەلانە.
**بوچکە**: ١. گچکە، بووچک، بوچکەلانە، چکۆلە: (لە دەشتی ئەمبەر گەرەکی بچووک/ تیایەتی ماڵی کوێخا و زاوا و بووک!) «گۆران»

٢. قامک ٣. کلکی گیاندار.
**بـوچکەڵانە**: بچکۆڵانە، بووچـک: (هێـدی یادی دەمـی تـۆی پـێ نـاکرێ چارە چییە؟/ خـاڵەکە هێنــدە بچـووکە، بە خەیــاڵا نــایە) «هێدی».
**بوچکەڵە**: گچکە، بیچک.
**بوچکەوبوون**: گچکە بوونەوە، نزم و سـووک بوون.
**بوچگ**: بوچک، بیچک.
**بوچگڵە**: بوچکڵە، بیچکەڵە.
**بوچگڵانە**: بوچکڵانە.
**بوچگەڵانە**: بوچکڵانە.
**بوچگەڵە**: بوچکەڵە.
**بوچڵانە**: بوچڵانەیێ، گچکە.
**بوچڵانەیێ**: کەمێ، زەڕەیێک.
**بوچلگە**: بوچکڵە، بیچکەڵە.
**بۆچمنتنـاوێ**: نـاوی گـۆرانییەکی کـوردییە: (بـۆچ منـت نـاوێ، بـۆچ منت نـاوێ/ تـۆ خوداکەی پێمبڵێ، بۆچ منت نـاوێ) «حەسـەن زیرەک».
**بۆچنامـــدوێنی**: نـــاوی گـــۆرانییەکە: (بـۆچ نامدوێنی، بۆچ زیزی، بـۆچ نامـدوێنی/ ئەمـن غەریبم ئـازیزەکەم دڵـم دەشـکێنی) «حەسـەن زیرەک».
**بۆچنە**: بۆنبرە، بۆبرە، بۆگیر.
**بۆچنییەقەدری‌میوان**: ناوی گـۆرانییەکە: (بـۆچ نییە قەدری میوان لە لاتان/ میوانم ئیتر ئێـوە و خوداتان) «مامڵێ».
**بۆچـــون**: ١. بیـروڕا، فکـر، ئەندێشـە،٢. بیـر لێکـــردن، بیربـــردن: (مـــن وای بۆچـــوم کە نایەتەوە)،٣. بەرەو شتێ یا کەسـێ چـوون: (لە شـیوەڵێک پـنگەڵ و زەڵ و قەرەم دیـاری دا، بەرداو بەرد و بـندارەو بـندار بـۆی چـوو) «پێکەنینی گەدا».
**بۆچـــووم**: ١. هێــڵ، داخ، دێــخ، خەت، دێــر، دێخدێخ، دێغی خەنجەر و تیغ،٢. لـۆ چووم، چما چووگم؟
**بۆچوون**: ١. بیروباوەڕ، عەقیدە: (بۆچــوون و بیر و باوەڕ و داب و نەریـت و سـەربهوردی) «گەنجـی سـەربەمۆر»،٢. لێنزیـک بـوونەوە: (وڵامـی تـۆش زۆر بـاش نییە، بەڵام چـاکی بۆچـــووی)،٣. لە بەر خـــاتری وی چـــوون: (بۆتدێنم بـۆتدێنم لەو مورسـایە/ ئەگەر ئێران لێی نەبێ بۆت دەچمە ئۆرووپایە) «فۆلکلـۆر»،٤. بـۆ هەڵگیـران: (ئەم بـارە زۆر قورسە، ناتوانم هەڵیگرم، بۆمناچێ)،٥. هێرش بۆ کردن: (هەڵۆکە بۆی چوو، تیی رۆهات).
**بۆچە**: ١. بۆچ، بـۆچی: (ژن یەکـێ بـوو مـن هەر ئەمگوت ئاخ لە دەس ئەم جادووە/ بـۆچ قوڕی عالەم بەسەر خۆمدا نەکەم ئەمجا دووە) «شێخ ڕەزا»،٢. بۆچ، کلکی گیاندار.
**بۆچەک**: بۆچەکەوەڕ، بۆچەکەهوڕ، بۆچەک و هـۆڕ، بـۆچرووک، بـۆنی دیـزەی چێشـت کە دوای ماوەیەک کار پێکـردن لێـی دێ: (بـۆنی کەبـابە، بـۆچەکی چـزیلکە دێ لە دوور/ یـا بـــۆچرووکی جەرگ و دڵـــی هەڵکـــزاومە) «بێخود».
**بۆچەکوهۆڕ**: بۆچەکەووڕ.
**بـــۆچەکە**: بـۆچەک، بـۆکرووز: (دوور نییە گوندی ئەستێرۆک بـۆ هەتاهەتـایە بـۆچەکەی نەبڕێت) «شەوارە».
**بۆچەکەوڕ**: بۆچەکەهوڕ، بۆچرووک.
**بۆچەکەووڕ**: بۆچەک و هۆڕ.
**بۆچەکەوەڕ**: بۆچەک، بۆچرووک.
**بۆچەکەهوڕ**: بۆچەکەوڕ، بۆچرووکی قەوی.
**بۆچەووک**: بۆنی چەوری سووتاو.

**بـــۆچی**: لـۆچی، چمـا، چـرا، چەرا، پچـی، وەرووچیشی، پەیچێش، چـڕە، ئەڕاچـووێ؟: (نەڵـێ مەردم کە دنیـا پشـتی لەو، ئەو ڕوو لە دنیا بێ/ کە پووری زاڵە، بۆچی پیرەزاڵـی پـێ ڕەزا نابێ؟!) «مەحوی».
**بوحران**: قەیران، هەڕەت و جەنگەی گرانایی دەرد: (بیماری ب دەردێ عیشقێ سەکران/ بێ نەزجێ مەرەز گەهیشتە بوحران) «خانی».
**بوحشت**: بەهەشت، بەحەشت.
**بوخ**: ١. هەڵم، بوغ، بوخاری گەرماو یا بیـران ٢. تەم لە گەرمـــــادا،٣. کەڵ، کەڵە کێـــــوی: (سیابەند گۆ خەجێ ئەز سیابەندێ سـلیڤی، تە ئەز کـرم هەڤـالێ بـوخەکی ستروشکەسـتی، چەڤەکـی کـۆر، لنگەکـی تۆپـال) «گەنجـی سەربەمۆر».
**بۆخاتر**: لەبەر خاتری: (بۆ خاتری خەنـدێکی بە ڕەنگی گـوڵ و بـاران/ عاشـق ئەوەتـا هەر کوڵی گریانی لە دەمدا) «وەفایی».
**بوخــار**: بـوخ، بـوغ، بـووس، هەڵـم، هـوڵم: (شـامی هەمـوو نەهـار و فوسـوولی هەمـوو بەهار/ تۆزی هەموو عەبیر و بوخاری هەمـوو بوخوور) «نالی». ×ف. بێکەس قەتار ١٧×
**بوخـــارا**: شـارێکە لە کۆمـاری ئۆزبەکسـتان: (نەگەیمە ئەو جوانە و گەیمە پیری/ مەدەد یـا پیری پیرانی بوخارا) «مەحوی».
**بوخـــاری**: ١. دووکەڵکـێش، دووکـێش ٢. مغـاری، مـوغەیری، سـۆبە، کـوورەفەرەنگی، کوورە، کویرە.
**بوخاریفەرەنگی**: سۆبە و کوورەی فەرەنگـی، کوورەی نەوتی.
**بوخاریە**: بوخاری، کوورە.
**بوخاز**: باڵندەیەکە لە چوڕڕەی گچکەترە.
**بۆخاو**: ١. بێنخاو، بەنخاو، بۆی خاوی شتێ، ٢. بۆنی شتێ کە هێشتا باش نەکـولاَبێ: (بـۆی شیری خاوت لە زاری دێ)،٣. بـۆنی گۆشـتی باش نەبرژاو: (ئەو جەرگە هێشتا بـۆی خـاوی لێدێ)،٤. بۆنی تەڕایـی زەوی نمـدار: (شـێوی نوێ ڕەنگی مێخەک دەدا، بۆنخـۆش، بۆخـاو، بۆنی گڵەسوورە) «ئەمیری».
**بۆخاوو**: ١. بۆی خاو ٢. بێنا زادێ شەڤێ.
**بۆخاوە**: بوغـاوە، بـرک، گیـایەکی بۆنخۆشـی کێـوییە بـۆ بێنخۆشـی و پـارازتنی جلـک لە مۆرانە کەڵکی لێوەردەگرن.
**بوخت**: بوختان، تۆمەت.
**بوختار**: ١. ناڤێ خوەدێ،٢. ڕزگارکەر.
**بوختـــان**: بوهتـان، درۆ، تـۆمەت، تۆمـانج، دەلەسـە، هەڵبەسـتە، دەسهەڵـبەس، چەفـتە، شڵتاخ: (گولەت پێی کردم بوختـان) «حەسـەن زیرەک».
**بوختانبۆهەڵبەستران**: بوختان بۆ ساز کران.
**بوختانبۆهەڵبەستن**: تۆمەت لە کەسێک دان.
**بوختانپێکران**: تۆمەت لێدران.
**بوختانپێکراو**: ناوزڕاو، تۆمەتلێـدراو: (بەو موعجیزە مریەمی بوختانپێکراو و ئابڕووبراوی کردە ژنێکی پاکی مێژوویی) «توحفە».
**بوختانپێکردن**: تۆماندن، بۆهەڵبەستن.
**بوختانکردن**: بە درۆ تۆمەت لە کەسێک دان.
**بوختانکەر**: ئەوەی بوختـان ئەکـا: (ڕۆژێـک خزمەکانی شەمێ و بوختانکەرەکان بە تفەنـگ ئەنیشنە ناو یەک) «ڕشتەی مرواری».
**بوختانکەردەی**: بوختان کردن.
**بوختانکەرە**: بوختانکەر بۆ مێ.
**بوختانهوربەس**: بوختانکەر.
**بوختانهوربەستەی**: بوختان هەڵبەستن.
**بوختانهوربەسە**: بوختانهەڵبەس.
**بوختانی**: بوختان.

**بۆختک**: پلووسک، سوولاووک.
**بۆختووم**: بخت، بەختان، تۆمەت.
**بوختە**: ١. بختە، بۆگدە،٢. وەرەن چووار ساڵە.
**بوختی**: ١. بۆت، بۆتی، هۆزێکی گەورەیە لە مەڵبەنــدی بۆتــان،٢. وشــتری دوو کۆپــارە، جۆرێ وشــتری زۆر بەهێــزە: (کەژاوە و دار و بار و تەختەیی لوختی لەسەر بوختی/ دەناڵێنن لە شــەوقی طەیــبە وەک ئەســتوونی حەنــانە) «نالی».
**بوختیان**: بوختان، ئیفتیرا.
**بــۆختیەیش**: لە ســەدەی چاردەمینیــدا بە بەختیاریان گوتراوە.
**بوخچک**: بوخچەی گچکە، پرێسکە، میــدەک: (ڤێجا ڤێ ژنێ هەمی رۆژا کــارێ خــۆ دکــر و بوخچکا خۆ بەرهەڤ دکر) «گولواز».
**بوخچە**: ١. شاڵماشتە، بەسە، بەســتە، پرێــزێ، پارچەی چوارگۆشە بۆ شتومەک: (بــوخچەی نیوەخــاڵیم لە کــۆڵی خەیــاڵم شــەتەک دا) «شــەرەفنامە»،٢. نــێفەک، گــردەڵەی دەرپــێ: (بوخچەی ئاوەڵکراسەکەم تەنــگە)،٣. بۆکســی ســیگار،٤. بــوغچە، بــاخچە، بــاغچە: (ئیــرۆ عەقارب هاتە خوار، چو نیڤێ باغێ گولعوزار/ ئەو بوخچەیا هەر لێ بوهار، لەو بولبولان لــێ قال و شەڕ) «جزیری».
**بوخچەبگەردانی**:  بوخچەبگەردانێ.
**بوخچەبگەردانێ**: گاڵتەی پرێسکە هاوێژێ.
**بــوخچەبڵاو**: بریتــی لە کەســێ کە کــاری نیوەچڵ و نیوەتەواوی زۆرە.
**بوخچەبەگەردانی**: بوخچەبگەردانی.
**بوخچەتێکنــــان**: پێچــانەوەی کەلــوپەل لە بۆخچەدا: (ئەو ژنە بوخچەی تێکناوە وادیــارە تۆراوە).
**بــوخچەکردنەوە**: بریتــی لە ڕازی شــتێک درکاندن: (کابرا کوتی: بەو نان و نــمەکەی لەم ماڵەدا کردوومە، لێرە ناچمە دەروە تا بوخچەی ئەم نهێنییەم بۆ نەکەنەوە!) «ڕشتەیمرواری».
**بوخچەگەردان**: بــوخچە بە گەردانــێ: (لایەک بە کەوشــەک و شــەڕەتۆپ، لایە وردەکــان/ ئاشــەتەنگورە، بــوخچەی بەگەردانــی، پشــت لێدان) «پیرەمێرد».
**بوخچەیئەوەنەکریا**: بوخچەی نەکراوە.
**بوخچەیئەوەنەکریێ**: بوخچەی نەکراوە.
**بــوخچەیجلان**: شاڵماشــتە، بەســە، بەســتە، پرێسکە، پیارزگ.
**بوخچەحەمام**: کەلوپەلی پێویستی حەمام.
**بــوخچەینەکراوە**: بریتــی لە لاوی عــازەو کە ژنی نەهێنابێ یا کچێ کە هێژ شووی نەکردبێ: (کوڕەکەمان هێژ بوخچەی نەکراوەیە).
**بوخدانبێژ**: بوختانبێژ، ساختەچی: (هنەکــێن بوخدانبێژ بەر دێــوارێن ســەنەندەجێ دگــۆتن وەکی تلیبا وەلی ژی د کوشتنا حەسەن عەلــی خان دا هەبوویە) «مەستوورە».
**بۆخس**: بۆن، بەرامە: (بین و بۆخســا گــول و گۆپکێن بهارێ ژ ڤێ ماستی تێ) «مەستوورە».
**بوخک**: جاڵجاڵوکە×
**بوخ گرتن**: گرتنی بۆغ و بەڵغ.
**بوخــــل**: بەغیلــی، حەســەد: (ئومێــدم وایە بەدخواهی بەهەشــتی تەلعەتێکی وا/ بڵێســەی دۆزەخــی بوخــل و حەســەد بیکــا بە کــۆی زووخاڵ) «بێخود».
**بوخڵوو**: دێیەکە سەر بە ناوچەی چڵچەمەی سەرشیوی سەقز.
**بوخمر**: خواردنێ کە تامی کەڕوو بدات.
**بوخمربییەی**: بۆن گرتن و گەنینی خواردن.
**بوخمرە**: خواردنی خراپ و گەنیو.
**بوخمری**: تام و بۆن لێهاتنی کەڕوو.

**بۆخنک**: بۆدڕ، بۆدڕن، بۆگەن.
**بوخور**: ١. بخـوور: (شـامی هەمـوو نەهـار و فوسوولی هەموو بەهار/ تۆزی هەموو عەبیر و بوخـاری هەمـوو بوخـوور) «نـالی»٢. لـۆک، وشتری نێر.
**بوخورد**: بوخور، بخوور.
**بوخوردان**: بخووردان.
**بۆخۆشـــت**: خۆشـــت، خۆیشـــت، خـــۆت: (بۆخۆشت زووتر لە جاران وەرەوە) «ئەمیری».
**بۆخۆشتر**: بۆندارتر، بێنخۆشتر: (بۆخۆش‌ترە دڕکی لە دووسەد نەرگسی شەهلا) «قانع».
**بۆخۆشـکە**: ١. دارێکـی لێـرەوارە ٢. گـولی کەنێرە ٣. بێنخۆشکە.
**بوخوک**: ڕوحبەر، گیاندار، جانەوەر.
**بۆخـــۆیی**: بێخـوێیی، باسـمە، دەردێـکە لە بێخەویەوە تووشی چاو دەبێ.
**بوخە**: ١. بۆخە، جوانەگا، گای بۆغە،٢. بخـۆ: (وەرە وەرە کەچا من، تو ژی وەرە ب بووکێ ڕا شیڤێ بوخە) «مەستوورە»،٣. بخوات، ئەخوا: (کنگێ قـاوێ ڤەخـوە، کنگـێ تاشـتێ بـوخە) «مەستوورە».
**بۆخە**: ١. بۆغە، گای دەبە و مل‌قەوی،٢. گای سـێ سـاڵانە، نـۆبەن، گـای تـازە جـووت،٣. چەشنێ مانگایە.
**بۆخەڵوو**: گوندێکە لای حاجی‌مەممەدانی سـەقز: (سـونج، بۆخەڵـۆ، قەرەبەبەرە ڕەز و بـاخ) «یادنامەی‌سەقز».
**بودار**: بۆدار.
**بۆدار**: بۆندار، بوودار، بێندار.
**بودارە**: بۆدار، بێندار.
**بۆداری**: بێنداری، بۆنداری.
**بوداغ‌ســـوڵتان**: ئەمیرێکـــی کـــوردی زۆر دادپەروەر بووە، لە سابڵاغ خۆشەویست بووە، مزگەوتـی سـوور، پـردی سـوور و کـۆخی کورتەک لە کارە باشەکانی ئەون.
**بۆدان**: برژاندن، نیوەبرژاندن، بۆپێدان، بۆنـدان (کونجی، گەنم، قاوە).
**بۆدانوانــدن**: ١. بـۆ نەوی کـردنەوەی دار،٢. تەسلیم بوون بۆ ویستی کەسێک.
**بۆدانەوە**: وام لە جێی کەسێکی دی دانەوە.
**بۆدڕ**: ١. دڕن، بـۆدڕن، بۆنـدڕ، قرتـک، بـۆنی توندی ماسی،٢. بۆنی ناخۆشـی تەگە،٣. بـۆنی لەشی چڵکنی مرۆڤ،٤. بۆنی ئارەقەی بنەنگـڵ و قاچ.
**بودراو**: بۆدراو، چێشـتی قـاوت: (کـوا نـانی گاڵ و کـوانێ نـانی جـۆ؟/ کـوا بـودراو، کـوا پلەگەزۆ) «یادنامەی‌سەقز».
**بـــۆدراو**: ١. چێشـتی قـاوتی گەنمەبـرژاو،٢. برژاو، برشتە: (ژنێکی‌تر بە دەسـتاڕی دەهـاڕێ گەنمی بۆدراوێ) «هێمن»،٣. گەنمێکە پاکراو و بۆ دراو بۆ چێشت.
**بۆدراو**: بۆ پارە: ( فلانی بۆ دراو ملی خـۆی لە چەقۆ دەخات).
**بودڕن**: بۆدڕن.
**بۆدڕن**: بۆدڕ، بۆندڕ: (بۆدڕنی دێ و پیـاوەتی لە نێوچاوانی دیار نییە) «ئەمیری».
**بودڕنە**: بۆدڕن.
**بودڕنی**: شتی بۆدڕن.
**بۆدرە**: ١. بەردێکی کانییە، تویژ تویژی ناسکە و زوو ورد دەبێ، لە سەنعەت بەکاری دێنن،٢. پۆتر، کرێمی پێسـت چەورکـردن،٣. مەعـاش، جیـرە: (حقـووقی ژیـن و بەرزی قەومەکەی/ ئەخاتە ژێر پێ، لەبەر بۆدرەکەی) «مینەجاف».
**بۆدرە**: پۆدرە.
**بۆدکا**: بۆتکا.
**بۆدل**: گێل، گەوج، حۆل، نەزان، بۆدلە.

**بودلا**: بیوڵە، گوندێکە لای بیجاڕ.
**بودڵا**: بودلا، بیوڵە.
**بۆدڵخواز**: ناوی گۆرانییەکە: (بە شەو ئاواز ئەڵێم بە ساز/ بۆ تۆی دڵخواز) «ع. مەردان».
**بۆدڵە**: بۆدڵ، گەوج.
**بۆدڵەیی**: نەزانی، گێلی.
**بۆدوان**: گوندێکە سەر بە شاری مەهاباد: (گاگەش و کیسەڵانە/ بێهەنگوین و بۆدوانە) «فۆلکلۆر».
**بودونەبوو**: دار و نەدار، دارا و هەژار.
**بۆدووکەڵ**: ١. بۆنکادوو، هەر شتێ بۆی دووکەڵی لێبێ،٢. جۆرە مەشکەیە لە زستاندا لە بنمیچی خانوو هەڵیداواسن بۆ ئەوەی بۆنی دووکەڵ بگرێت.
**بۆدووکەڵبییەی**: بۆنی دووکەڵ گرتن.
**بۆدووکەڵە**: بۆدووکەڵ.
**بودەر**: بۆندەری منداڵ.
**بۆدەرچوون**: هەڵاتن، دەرچوون، قەڵفرکردن.
**بۆدەکەم**: ××: (خانەقا و بۆدەکەم چۆڵە/ سەبارەت بەو خڕوخۆڵە) «شێخی سەنعان».
**بۆدەلە**: گێژ، گەمژە.
**بودەڵە**: پیاوی بێ نمود و تەمەڵ و بێکارە.
**بۆدی**: ١. فێڵ، گەڕ: (خەریکی دۆدی بۆدیە)، ٢. بەدەنەی ماشێن.
**بۆدیپۆش**: زرێپۆش، ماشێنی شەڕە.
**بودینە**: بۆدینە، پنگە، پونگ، پنگ، پو، پونگە.
**بور**: ١. بۆر، ئەسپ: (بەحسێ زولفا یار پێکرا، بوری عیشقێ پوڕ فرایە) «جزیری» ٢. یەکسمی پڵنگ پڵنگی ڕەش و سپی،٣. ببر، بەبر، پڵنگ، پڵینگ: (ژن زرەنگ وەزیرێ مێرانە، بور ژی برێ شێرانە) «پەند»،٤. بۆر، ڕەنگی خۆڵەمێشی،٥. ئەسمەر، گەنمڕەنگ.
**بوڕ**: ١. بوار، بگار، دەراو ٢. بڕی قومار،٣. ببر، تیژ، بڕندە،٤. بەزان، غاردان.
**بۆر**: ١. قوربانی، فدا، فیدا: (شەو نەسیم خوەش پەنجە تێکرا، وێ دەچین وەک تیری ڤێکرا/ بەحسێ زولفێ یارێ پێکرا، بۆری عشقێ پۆر فرایە) «جزیری» ٢. ئەستوور، کڵفت، کوڵفت،٣. بور، بۆر، بۆز، دەوارێ لێسواربونێ وەک هەسپ و ماین: (مە و نەسیم خوەش پەنجە تێکرا، وی دچین وەک تەیر ڤێکرا/ بەحسێ زولفا یار پێکرا، بۆری عیشقێ پوڕ فرایە) «جزیری» ٤. بەیار، بوورە، عەردی نەچاندی ٥. خۆڵەمێشی، ڕەشی گەووڕ، سپی چڵکن، شەورەنگ، جۆرێ ڕەنگە: (ڕۆنیاسی و خاکی و پەمبەیی/ بۆر و سپات و سورمەیی) «بۆکوردستان» ٦. ڕەنگی قاوەیی مەیلەو سوور،٧. یەکسمی پنۆکپنۆکی ڕەش و سپی ٨. بەر، بۆرە، پێش، بۆربۆر، بزوێنێکی سەر پیتی عەرەبییە: (زەنازەنای سەر و بۆر و زەنان، چاوسپیلکەی میم و جیمان) «ڕاوچی»٩. بووار، بڕی چۆم و رووبار ١٠. ترێق، تەرێق، سەرشۆڕ،١١. بەر لە ناو دێ و مانای ناسیاوی دەدا: (بۆرەسوار)،١٢. بەر لە ناو دێ و مانای دوور دەدا: (بۆرەخزم)،١٣. زۆر، زەحف: (میری پارەیەکی زۆر و بۆری بۆ تەرخان کردووە) «شەوارە»،١٤. بالۆر، قووچ سینۆر، مینانی لوولە.
**بۆڕ**: ١. قژ، بەزیو، بۆڕخواردو، تێشکاو لە مله و شێعر و کێبەرکێدا: (بۆڕت خوارد، بۆڕم دای) ٢. پڕ، تێکچڕژاو، چڕی گژوگیا ٣. دەنگی گڕ ٤. گیا و ئاڵفی پێگەیشتوو: (کنگر بۆر بووە بۆ خواردن نابێ) ٥. دەراو، بوار ٦. لوولە ئاو، بۆڕیێ ئاڤێ ٧. قەبال، دەخلێ پرپشت ٨. تەرە، ستێرکێ تری و فێقی پاراستنێ بۆ دەمەکی درێژ ٩. گیایەکی باڵابەرز

و گەڵادەرزی لە تیـرەی هەڵـز و کەمـا ١٠. مـۆنج، شـەپۆلی ئـاو ١١. زلـلە، شـەقەزلە، گوێکێشان ١٢. سفت، تونـد،١٣. لە شـلکی و جـوانی تێپەڕین: (بەرخ هەمـوو بـۆڕ بـوون) «ئەمیـری»، (مـام پیـرۆت بـۆڕ بـووە)،١٤. جێگـایەکی فێـنکە لە ژێـر پـووش و گەڵا یـا زەوو بۆ هەڵگرتنی میوە،١٥. ئەسـپ، هەسـپێ ڕەنـگ سـوور: (مـن پووسـتەکێ بـاقی دڤـێ/ کەوسەر ژ دەسـت سـاقی دڤـێ/ قەلبـێ خـوە موشتاقی دڤێ/ بۆڕەک دڤـێ، کـچ پـێ ڕەتـێ) «فەقێ تەیران».

**بــــورا**: برنــــدە، تیــژ: (بە هەوای مەزرەعەم درەوگەر چەرخ/ داســی بــورا لە مــاهی نەو دینێ) «سالم».

**بوراق**: ئەو ئەسپەی پێغەمبەر شەوی مێعـراج سواری بووە: (بنازم بەم شەهی مەهـ سەیرە بـۆ گەشت و گـوزاری شـەو/ سـوارێکە: بـوراقی تەوسەنە، جیبریلییە شاتر) «مەحوی».

**بۆراق**: ١. چاوزاق، چـاوزەق،٢. بـوراق، ئەڤ ئەسپێ کۆ پێغەمبەر شەڤا میعراج ل وی سیار بـوویێ: (حــازر ژ تەرا بـۆراق و ڕەفـرەف) «خانی»،٣. ×٢١×: (سندووقێکی بۆراقی کـۆن، دەسک شکاو بێ ئەڵقەرێز) «حەمەجەزا».

**بوراق‌بوون**: واق‌وڕڕمان، سەرگەردان بوون.

**بوراقێ**: ئەدرەوشێتەوە: (چەنی بوراقێ چـون بەرق ئەنجـوم/ ئـادەمی سـوورەت، شـۆخ، تاوس‌دوم) «خانای قوبادی».

**بۆراک**: ١. لیک، لیکاو،٢. وورنیش.

**بوران**: بۆران.

**بۆران**: ١. تۆف، شلێوە، کرێوە، بـاوە، بـادەوە، با و بەفـری بە بـاوە ٢. لەنگێـزە، بـا و بـاران پێکڤە ٣. بای سەخت ٤. بـارن: (ئەگەر گێـژە، کرێوەیە، بۆرانە/ ئەگەر لە هەر جـێدا چەتە و گۆرانە) «هەژار» ٥. کاتی با و بـارانی سـەخت ٦. وەرزی توو، چاخێ دەخل‌چاندن ٧. کـۆتر، بەوران ٨. کـۆترە بـاریکە، ٩. گونـدێکە لای چوارتا،١٠. گوندێکە لای چۆمان،١١. نـاوە بـۆ کوڕان.

**بۆڕان**: ١. بۆڕە، قۆڕەی ڕەشەوڵاخ،٢. بـۆڕین، ٣. دەنگ هەڵبڕینی زەلام.

**بۆ ڕان**: لەبەر ڕانەمەڕ: (١٧٨×) «گۆران».

**بۆران‌پێچ**: بارن و تۆف و بەند.

**بۆران‌پێچ‌کردن**: ڕاپێچەک دان، ڕامالین وە زۆر.

**بۆرانخانە**: کۆترخانە، کۆترخان.

**بۆراندک**: گوویژەرەوە، ڕاگویژەر.

**بۆراندن**: تێپەڕاندن، دەربـازکرن، گوزەرانـدن: (ناڤ گولان و بەر چەمان/ دبـۆرینن خـوەش دەمان) «سەنار».

**بۆڕاندن**: ١. بۆڕەکردن، قۆڕانـدن، قووڕانـدن، هەلـین، کـۆڕین (بـۆ ڕەشـەوڵاخ)،٢. دەنـگ هەڵبـڕین و قـاو کـردن: (هەر یەکەم شـەقیان تێهەڵدا یەک بە خۆی بۆڕاندی).

**بوران‌کەردەی**: بۆران کردن.

**بورانەوە**: بێخودبوون، لەسەر خۆ چوون.

**بۆرانی**: ١. هێلکەورۆن ٢. چێشتی کوولەکە و ماست ٣. چێشتی بامجان و کولەکە و تۆمـاتێز و قیمە.

**بۆرانی‌بامجان**: بۆرانی باینجان.

**بۆراو**: بۆدراو، چێشتێکە لە برِوێشـی گەنمـی برژاو دروس دەکرێ.

**بۆرایی**: بووراهی.

**بورباو**: بۆرباو.

**بۆرباو**: ئامالّ بۆر، بۆرەڵووک، مەیلەوبۆر.

**بورباوە**: بۆرباو.

**بوربوت**: بەربەت، عوود، سازێکی مۆسـیقایە: (چـاوەکەم فەرمـوو هەمـوو ئامـادەیە بەزم و

تەرەب/ بوربوت و نای و موغەننی و نوقڵ و بادەی مونتەخەب) «مینەجاف».
**بوڕبوت**: بوربوت، بڕبەت: (وەک بوڕبوت و نەی تا بە سەحەر نالەمە ئیمشەو) «سالم».
**بۆربۆرک**: بازگە و بواریکی گچکەیە.
**بۆڕبۆڕین**: ململانێ، گوڕڕە، ڕقە.
**بۆڕبوون**: ١. گڕبوونی دەنگ،٢. هەراش بوون: (کەنگر بۆڕ بوون تازە بۆ خواردن نابێ)،٣. بالغ بوونی منداڵ: (لەو ڕۆژانەدا خەریکی خۆ ناسین و بۆربوون بووم) «چێشتی مجێور».
**بۆڕبوونەوە**: ڕەنگ گۆڕین لە شەرمان.
**بورت**: کۆچ، بار.
**بورتکرن**: کۆچکردن.
**بـــورج**: ١. باڵەخـــانە، کۆشـــک، قەڵا، بـــرج: (بـــورجەک کەڤـــن دکەڤە، چەنـــد خانیـــان ئاڤـــا دکە) «پەنـــد» ٢. قـــۆنگرە، کـــۆنگرە، بـــورگ، شـــەهووماکووک، برجـــی ســـەر قەڵا: (کـــوا تفەنگـــداران لە بـــورجی قـــوللە؟/ لە دەنـــگ بـــاڕووت لە شـــریخەی گـــوللە؟) «فەقـــێ»،٣. بورجی سەر ئاش: (بنیشە کەنار بۆرج ئاشەوە) «م.ح. دزلی»،٤. بڵندایی سەر چیـا: (کەردەنـش وە زێد بورجی کۆسـاڵان) «بێسـاران»،٥. کێـو، کۆ: (بەناباشی بورج بەرزە دیاران/ سـفیدکاری کەرد تاقچەی موغاران) «مەولەوی»،٦. مزڵگەی ئەستێرە ٧. مزڵگەی مانـگ و ڕۆژ لە عاسـمان: (ئەو هەر دو گـــوهەر د دورجەکـــیدا/ ئەو شـــەمس و قەمەر د بـــورجەکیدا) «خـــانی»،٨. هەر کام لە دوازدە بەشـی فەلەکـی کە بـریتین لە: بەرخ، گا، جمگە، قرژانـگ، شـێر، هۆشـە، تەرازوو، دووپشـک، کەوان، گیسـک، دۆڵـچە، نەهەنـگ: (بـــورجش یەنـــد بەرزەن ســـەعد ئەکـــــبەرەن/ جە گـــــردین بورجـــــان شـــــــەرەفناکتەرەن) «مەولەوی»، ٩. ڕۆژ×:

(چـــویتە کـــوێ ئەی دیـــدەمەس، ئەبرۆهلالـــی یەکشـــەوە/ تاووســـی خولـــدی بەریـــن، ئەی بەدری بـــورجی چـــواردەهەم) «مینەجـــاف»،١٠. شارێکی باکووری کوردستانە سـەر بە شـاری غازیعەنتاب.
**بورجئاگایی**: بورجی بەرز لە لێواری دەریـا، کە جۆرێ چرا لە سـەر نـووچەکەی دادەنـرێ بـۆ ڕێنـوێنی کەشـتی و پـاپۆڕ: (قەڵای ویـرم سەیل هووناو بەردەبێ/ بـورج ئاگـاییم وێـران کەردەبێ) «مەولەوی».
**بورجکە**: گوندێکە لە دێکۆی حەمەوی بیجاڕ.
**بۆرجوازی**: بۆرژوازیی.
**بورجوپیرەژنی**: بورجی پیرێژن.
**بورجەعـــاج**: بـــورجی لە عـــاج درسکـــراو: (کەچـــی وەکـــو ئەم بورجەعـــاجی‌یە و ئەم زنجەئاتـــــاجی‌یە لە تەنیشـــــــت یەکەوە) «ڕشتەی‌مرواری».
**بورجیئـاگری**: ئەو بورجـانەی کە میزاجیـان گەرم و ویشکە وەک: بەرخ، شێر و کەوان.
**بورجیئـاوی**: ئەو بورجـانەی کە میزاجیـان ساردە وەک: قرژانگ، دووپشک، نەهەنگ.
**بورجیئەسەد**: برجی شێر، کۆمەڵێ ئەسـتێرەن کە لە دوورەوە وەک شـکڵی شـێر دەچـن و پێنجەمین قۆناغی مانگـانەی خـۆرن: (قەوسـی دو هیلالان کو لسەر بورجی ئەسـەد بـت/ بـۆ شوهرە د عامی عەمەل ئەنگوشت نوما گـرت) «جزیری».
**بورجیبـایی**: ئەو بورجـانەی کە میزاجیـان گەرم و تەڕە وەک: جمگە، تەرازوو و دۆڵچە.
**بـورجیبەرخ**: بەرخ، خـاکەلێوە کە خـۆر زۆر گەشە: (بورجی بەرخە ڕۆژ سـەرفرازی ئەکـا/ بەرخی ئێمەش بۆیە وا بازی ئەکا) «پیرەمێرد».
**بورجیبەڵەک**: ١. برجا بەلەک، کۆشـکی مەم،

کەڤنە برجێکی وارگەهێ میران بووە لە جزیر و بۆتان: (فسۆس و کەرویشک و دەڵەک/ لانیان کرد لە بورجی بەڵەک) «بۆکوردستان»،٢. بریتی لە مانگی ئاسمان: (فلانی ئەو جوانە، دەڵێ بورجی بەڵەکە).

**بورجی‌پیریژن:** برجی پیریژن، حەوت ڕۆژی ئاخری زستان، یەکێکە لە بورجەکانی سێ شەش: (ئێمە زۆرتر لە بورجی پیریژن ئەترساین/ ئەویش هات و تێپەڕی کرد، ڕۆی و خەلەساین) «پیرەمێرد».

**بورجی‌چاوەدێری:** برجێکە لە نزیک ئاوی دەریا بۆ زانیاری گەمیوانگەل: (ژانی، بە ناچاری و بە لێوەلەرێ پەیتاپەیتا ئەگوت: با بڕۆم بزانم بورجی چاوەدێری ڕووناک بووە؟) «پێکەنینی گەدا».

**بورجی‌خاکی:** ئەو بورجانە کە میزاجیان سارە وەک: گا، هۆشە و گیسک.

**بورجی‌ژەهری:** بریتی لە نێوچاوان تاڵ، گرژ.

**بورجی‌سینە:** دڵ: (لە بورجی سینە کە ئەو زوهرە چاوە پێئەکەنێ/ فریشتەییێکە لە عەرشی خوداوە پێئەکەنێ) «بێخود».

**بورجی‌غەزەب:** بریتی لە زۆر توورە.

**بورجی‌لەگلەک:** ئاخر و ئۆخری زستان: (گەزیزە سەری وەدەرناوە، قریاشان ژیاوەتەوە، باڵندەی کۆچەر لە گەرمێن گەڕاونەتەوە، هێلانەدۆزی‌یانە، هێلکە لە هێلانە کراوە و بەستویەتی، بورجی لەگلەکە) «هەزارئەشکەوت».

**بۆرچرکن:** بۆز و قریژی، چرکین، چلکن.

**بۆرچیل:** ١. بۆزچیل، ئەسمەر، ڕەشی ئاماڵ بۆر لە ڕەنگی چاروێدا،٢. بۆرچین، سۆنە، مراوی مێینەی سەرسەوز،٣. بەڵەک، ئەبلەق.

**بورچین:** ١. مراوی مێ: (زیکەی مشکگرە، فڕەی سەرسەوزان/ شلپوکۆی بۆرچین لە دەوری حەوزان) «قانع»،٢. کۆتری ڕەنگ سەوز، کە خاڵی ڕەشی هەبێ: (بورچینی سەرسەوز .../ نە سەر سەراوان، بورچینی سەرسەوز) «بێسارانی».

**بۆرچین:** بۆرچین.

**بـۆرچین:** ١. بۆرچیل، سۆنە، سەرسەوز، مێچکەی مراوی ماڵی: (دۆی سوورەقانگ زرکەوە/ بۆرچین سەرسەوزی گرتەوە) «بۆکوردستان»،٢. مراوی سپی،٣. باڵندەیەکە پەڕەکانی سەری ڕەنگینە هێندەی مریشکێکە لە قەراغ ئاوان دەژی، ناوی مراوی نێرە: (ئەوە کوڕ دەڵێ خانە خرا نەبوو وەرە یەکن ببین بە سەرسەوز/ ئەوی دیکانە ببین بە بۆرچینە) «گەنجی سەربەمۆر»،٤. بەڵەک، بۆرچیل، ڕەش و سپی.

**بۆڕخواردن:** بەزین، شکان، تێشکان، قژبوون: (هێندە خوێڕییە هەر لەڕێوە بۆڕ دەخوات).

**بۆڕخواردوو:** بەزیو، قژ، شکاو.

**بورد:** ١. بوردی یەمەنی، پارچە قوماشێکی جوان بووە پێیان وتووە بوردی یەمانی، وەک شیرداخ هێڵی سپی و ڕەشی تێدا بووە: (سەرد و گەرمی ئاهەکەم سەوزەی گیای کردم بە پووش/ پایزی، ڕوو بوو بە بوردی سوور و زەردی موختەلەت) «نالی»،٢. ××: (ئەسپەکە بە باز و بوردە) «میرزا».

**بۆڕدان:** ١. جێگای خۆڵەمێش، جهێ رەژی ٢. قژکرن، بەزاندن، تێشکاندن: (هەر کەس ململانێی لەگەڵ بکات بۆڕی دەدات).

**بۆڕدای:** بۆڕدان، بەزاندن.

**بوردبار:** بەردبار، بەربهێر، خۆڕاگر، پشوودرێژ: (بیلجوملە ژ بۆ مە را ب کارن/ فیلجوملە ژ بۆ مە بوردبارن) «خانی».

**بوردباری**: سەبووری، خۆڕاگری: (بوردباری باری میحنەت، شین نەکا چۆن شین ئەکەم) «قانع».

**بۆڕدران**: بەزین، شەکستخواردن.

**بۆڕدراو**: بەزاو، بەزیو.

**بۆڕدریا**: بەزیو، شکاو.

**بۆڕدریای**: بەزین، بەزان.

**بۆڕدریێ**: بەزیو.

**بۆردمان**: بۆردومان، بۆمباران: (نەک لە پێناوی شەڕ و شەڕخوازانا/ بێتە مەیدانی قەڵاچۆ و بۆردمان) «قانع».

**بوردن**: برن، بردن: (وێنەی خولامان جەفا بوردە پێش/ مکەردش خدمەت همرمز بابۆی ویش) «خانای قوبادی».

**بۆردن**: ژ هۆش چوون.

**بوردنەوە**: بوورانەوە.

**بوردومان**: بۆمباران: (لە هەرای شێخ مەحموودا دەستەی شێخ بە شاخی جاسەنەوە ئەبن، تەیارە دابوونیە بەر بۆم و بۆردمان) «ڕشتەیمرواری».

**بوردەباری**: سەبر، خۆڕاگری: (تۆ تیرەکەی وێت، وە زامداری وێم/ تۆ بێباکیی وێت، بوردەباری وێم) «مەولەوی».

**بۆڕدەر**: بەزێن، بەزێنەر.

**بۆڕدەرە**: بەزێنەر.

**بۆردەم**: دەمبۆر، تازەلاو، کوڕی تازەچەنج.

**بۆردەمە**: ١. دێیەکە سەر بە ناوچەی چل‌چەمەی سەرشیوی سەقز،٢. ڕەشەبا، باوبۆران، دەمەی وەک بۆران،٣. کوێستانێکی ناوداره لە خۆرهەڵاتی قزلویل و زنجیرە کێوی توسیەوار،٤. یۆردەم، دەمبۆر، کوڕەلاوێکی تازە خەتی دابێ.

**بوردییەمەنی**: پارچەی کەتانی سازکراو لە وڵاتی یەمەن: (دڵ سیاسەنگ نەبێ، مائیلی خاکی وەتەنە/ خاڵی لەعلی حەبەشە، ساکینی بوردی یەمەنە) «نالی».

**بوررا**: برا، برندە، تیژ: (گوهریی‌ی نەرگسی شەهلا نەکری/ کوشتیی‌ی خەنجەری بوررا نەکری) «جزیری».

**بوڕڕان**: بوڕڕا، برندە.

**بوورز**: گەورە×: (نە نە فەتاح بەگ ئەو ڕۆستەم ڕەنگە/ ئەو پیلەتەن تەن بوورز و نەهەنگە) «م. پاشای جاف».

**بوورزوو**: قارەمانێکی توورانی بووە لە سوپای ئەفراسیابدا: (بە حوکمڕانی ئەگەر ببیە شاهی کەیخەسرەو/ بە پاڵەوانی ئەگەر ببیە ڕۆستەم و بورزوو) «بێخود».

**بۆرژان**: بیرەخەو، بیرەهۆش، بیروهۆش، سوکەخەو، نیوەنوستوو، نێوان خەو و بێداری: (تاوێک بۆرژام بەڵام منداڵەورکە نەیانهێشت بنووم).

**بۆرژوا**: سەرمایەدار، شارنشینی دارا.

**بۆرژوازی**: چینی دارا و سەرمایەدار.

**بۆرس**: قازان، مەنجەڵ.

**بوڕسا**: ××: (مەخمەری لە بوڕسایە بۆ دەکڕم) «ئەمیری».

**بۆرسە**: جهێ گهۆڕینێ دەواران.

**بورغو**: برغی، بورغی، پێچ، بزماری پێچدار.

**بورغی**: ١. برغی، بورغو ٢. پێچی شروب.

**بورقنە**: بۆرەقنە، بۆرەقەنە.

**بورکان**: ١. گڕکان، قوڵکان، ئاگرپژێن،٢. ماکی تواوەی چیای گڕکان××: (هەرچەند بێدەنگ ڕاوەستاوم لەو بانە/ دەروونم پڕ لە ئاگر و بورکانە) «مەلەکشا».

**بۆرکۆکە**: بۆر، بۆرەڵۆکە: (گاوانی گوندی بەربیانێ بێوەمێرد بوو، ماکەرێکی بۆرکۆکەی

هەبوو) «ف.پ.پ.».
**بورکە**: چاڵ، چاڵاو: (بورکەش چای دیدەی پڕ هووناو دڵ/ میل، باڵای بێ گیان وامەندەی خجڵ) «مەولەوی».
**بۆرکەلە**: باڤزەر.
**بورکەڵە**: ئامال بۆر، بۆرەڵوکەی گچکە: (سووره دیتی کابرایەکی ئاولاوی مەلێکی بورکەڵەی پێیە) «شەوارە».
**بورگ**: ١. برۆ، ئەبرۆ ٢. بورج، کۆنگرە.
**بوڕگە**: بانو، بانی، بان، بانە، ناوگەڕ، قیش، فەلات، دەشتایی بەرزتر لە دەوری خۆی.
**بۆڕگە**: ١. ئاوەڕۆ، جێی دەربازبوونی ئاڤ ٢. دەربازگە، بوار ٣. بوڕگە.
**بۆڕگەنیسەروو**: گوندێکە لای حەمرین.
**بوڕگەهـ**: بۆرگە، دەربازگە.
**بۆڕگێ**: ببڕێ، تەواو ببێ: (ڕێخ بۆڕگێ لە ڕۆخانە، هەر خوێش خاسە لە بێگانە) «پەند».
**بورم**: بوزاخ، ئەسپی خۆشڕۆ.
**بوڕمان**: دەنکە هەناری وشک.
**بۆرمس**: بزنی رەشی ڕارای سپی تێدا.
**بوڕنا**: لاو، جحێڵ، گەنج: (گا ماوای سەهبای کۆنەی پڕتەئسیر/ نەشئەبەخشی حاڵ پەی بوڕنا و پەی پیر) «مەولەوی».
**بۆڕناش**: بۆرانی.
**بوڕنای**: بۆڕاندن.
**بۆڕنای**: بۆڕاندن.
**بوڕنایۆ**: بۆڕاندنەوە.
**بوڕنۆ**: برنوو، تفەنگێکی درێژە.
**بۆڕنەی**: بۆڕاندن.
**بورو**: بڕۆ، هەڕە، بچۆ.
**بۆڕۆ**: بخوا، بخوات: (کەس وێت گۆشتت بۆڕۆ، سوقانت نمەشکنۆ) «پەند».
**بۆروبـــدە**: ئەسپ××: (لێم دەردەکێشان پێنجسەد بۆروبدە و کویتی قاپ ڕەشی کلک لە سەر چوانە) «لەشکری».
**بورونتی**: برنووتی.
**بورە**: ١. وەرە، بێ، بێرۆ ٢. بۆرەی چێل،٣. بوورە، بەیار،٤. ئەسمەر، گەنمڕەنگ،٥. بیبە: (بورە بگریاش وە هۆزانەوە/ بدەرەش وە دەست دڵسۆزانەوە) «مەلا وەلەدخان».
**بۆرە**: ١. بۆر، ئەسپی پنۆک سپی و رەش: (زینی بۆرە بایلی بوو، تەڕلگی تازەی پێوە) «ئەمیری»٢. بخۆ، بوەرە، بلەوەرە: (نانێ کێمتر بۆرە، خزمەتکارێ پەی وێت بگێرە) «پەند»٣. وەرە، بێرۆ: (جاسووسگای چڕیش ئەو ڕوو بە دۆڵە/ بۆرە تەماشای زەوقی سیاوکۆڵە) «م.ح. دزلی» ٤. رمەکی، سەرنەناس: (بۆرەپیاو) ٥. بوورە، عەردی نەکێڵراو ٦. نێوی سەگانە: (گەلاز لە کەوانەوەیە، ورچە و بۆرە ئەمشان و ئەوشانیان گرتووە) «هەزار ئەشکەوت»٧. بەراز،٨. جوورە خوویێیەکی پیشەگەرێیە، پۆرانگ،٩. وێرگول، فاریزە.
**بۆڕە**: ١. قۆڕە، قووڕە، بۆڕەی گا و گۆل: (لە حیلە حیلی کەحێل و لە بارە بارِی مەڕان/ لە دەنگی قۆڕەیی گاجووت و بۆڕەیی مانگا) «حاجی قادر»،٢. دەنگی زل و ناخۆشی مرۆ.
**بورهــان**: ١. دێیەکە لەسەر جادەی بۆکان مەهابادە، سەر بە شاری مەهابادە: (جێگا و خانەقای شەمسی بورهانە/ شەیتان وەک شێتان لێی سەرگەردانە) «سەیف»،٢. بەڵگە، دەلیلی زۆر ڕوون: (کەوکەبەی تەلعەتی شاهانەیی تۆم بورهانە/ کە لەسەر موددەعی، سوڵتانی موبینە جەدەلم) «نالی»، (چ حەدی عەقڵە قیاسی تە کرت؟/ ئەڤە بورهان کو تو بێ بورهانی) «جزیری».
**بۆرەئومێد**: هیوایەکی کەم و دڵساردانە:

(خۆی بە خەتخەتۆکێی سەر زەوی خەریک کرد، بۆرە ئومێدێک لە ناخی‌یەوە سەری هەڵدا) «خاک و چەوسانەوە».
**بۆرەبا**: واتە تۆزێک هەوەست و زەوق جووڵانەوە.
**بۆرەباس**: باسێکی کورت و موختەسەر.
**بۆرەبنار**: نیوەشەڕ، قرە، دەمقاڵی، دەمقرە.
**بۆرەبۆرە**: ١. بۆڕەبۆڕ،٢. دەنگی بارەی پەز: (تە شڤان گرت و پێڤەدا و بۆرەبۆرا پەزی‌یە) «سندی».
**بۆڕەبۆڕ**: ١. قۆڕەقۆڕ، بۆڕەی گا، قۆڕینا چێل: (سەد بۆڕبێت جەربانـدن)، (بـۆڕ بهـارتی) «پەنـد»،٢. دەنگی پەز،٣. دەنگی کەڕەنـا،٤. گریـان و گـابۆڕ: (کەی خـودا فەرمـووی کە وەک ... بـۆڕە بـۆڕ دەس پـێ بـکەی) «ف. بێکەس».
**بۆرەبەڵگە**: بەڵگەی کەم، دەلیلێکی نە زۆر ڕێی باوەڕ: (دەی‌ویست بۆرە بەڵگەیەکی دەس‌گیر بێ، شایەدییەکەی پووچەڵ کاتەوە) «خاک و چەوسانەوە».
**بۆرەپنە**: قالاو، قەلەسابوونە، قەلەباچکە، قەل، قەلەڕەشکە، قشقەڵە.
**بورەپیا**: بۆرەپیا.
**بۆرەپیا**: بۆرەپیاو: (بەگزادە و خانەدانی شارن/ یان بۆرەپیاگ و باب‌هەژارن؟) «هەژار».
**بۆرەپیاگ**: بۆرەپیاو، پیاوی ڕەمەکی: (دەست و دڵ‌گەرمی پلانی چەک بوو/ بۆرەپیاگێ لە چەکا وەک بەگ بوو) «ڕاوچی».
**بۆرەپیاو**: ١. بۆرەپیاگ، پیاوێکە ناسراو نەبێ: (دەگەڵ هێندێک لە بۆرەپیاوەکانی نەناسراوی کورد لە قەڵادا مابوونەوە) «توحفە» ٢. جووتیار، وەرزێڕ: (ئاغا کوتی: تۆ بۆرەپیاوێکی وەرزێر و بێ‌سەروپێی) «پێکەنینی گەدا»،٣. ناکەس، نانەجیم، بەدنژاد.
**بوەرت**: بباریێ، بباریێت، داوەرێ: (سەرسەبز دبت ب بەرگ و باران/ گەر لێ بوەرت ژ فەیزێ باران) «خانی».
**بۆرەتار**: بوومەلێڵ، تاریک‌وڕوونی بەیانی و ئێوارێ.
**بورەجرە**: بۆرەجورە.
**بۆرەجرە**: بۆرەجورە، بۆرەک.
**بۆرەجورە**: جۆرێ جورەیە بێ کاکۆڵە.
**بۆرەخزم**: ١. خزمی ژن، خزم لە ژنەوە ٢. خزمی دوور: (بۆرە خزمێکی شەمسەددین کەدخودای حەزوەیش بوو) «شەرەف».
**بۆرەخزمایەتی**: خزمایەتی زۆر دوور.
**بۆرەخوڵک**: خولکی کەم و سارد: (وەک جاران خولکی خۆش نەبوو، تەنیا بۆرە خولکێکی کردین).
**بۆرەدمە**: گوندێکە لە دێکۆی سەرشیوی سەقز.
**بۆرەزەلام**: ١. شینەزەلام، تەژەی ناقۆلا،٢. ڕاوچی، ڕاوکەر: (چەک نەکەن بۆرەزەلامی ورگن/ بۆ مەلان، داڵ و زەواڵ و گورگن) «ڕاوچی».
**بۆرەژان**: بەرەژان، ژانەزکی سووکە.
**بۆرەسوار**: ١. سوارەکی نەناس، تازەسوار، سوارکاری تازەفێر ٢. سواری ناسراو و ناڤدار ٣. سواری ئەسپی بۆر،٤. بریتی لە کەسی هیچ و پووچ و بێ‌وەفا.
**بورەسوارە**: بۆرەسوار.
**بۆڕەسوورە**: گیایەکە کوێستانی: (چەقە، چەورین، بۆڕەسوورە/ لۆشین، چەقەلۆ، چنوورە) «ڕاوچی».
**بورەشان**: بفرۆشن.
**بۆڕەشکە**: تووی پیوازی.

**بورەشو**: بفرۆشم.

**بورەشی**: بفرۆشی.

**بۆرەق**: بوراق، ئەسپە.

**بۆرەق‌سوار**: ئەو کەسەی سواری بۆرەق بووگە، پێغەمبەر: (یە هەیدەرنامێ شای بۆرەق‌سوار/ رووزی‌دەهنەنەی مەل و موور و مار) «ئاوێنەی بێگەرد».

**بۆرەقانی**: ١. چێشتێکە لە گیا و گوڵی سوور کروە بۆ خواردن،٢. گیایەکە سوور ئەکرێتەوە بۆ خواردن.

**بورەقانیە**: گیای کوڵێنراوی گوشراوی سوورکراو.

**بۆرەقنە**: بۆرەکی، بۆرەکەڵە، ئاماڵ بۆر.

**بورەقۆم**: بۆرەخزم.

**بورەقۆمە**: بۆرەخزم.

**بۆرەقەوم**: بۆرەخزم.

**بۆرەک**: ١. جۆرە نانەکێ رووندای و شیرین کریە ٢. جۆرێ گەچی ورد و سپی ٣. خوێیەکی شیمیاییە،٤. بۆرەجورە، مەلێکی رەنگ بۆرە ٥. جۆرێ مراوی چووکی رەنگ بۆرە،٦. خواردنێکە لە هێلکە و ئارد و قیمە،٧. دەوارەک، چارۆییەک: (من بۆرەکێ مەعنەک دڤێ/ بەزایەکێ چەلەک دڤێ) «فەقێ تەیران»،٨. بریتی لە قوون×: (شوانەی هەکێ و مەکێ/ رندێن خوری شەکێ/ دەمت بە بۆرەکێ) «فۆلکلۆر».

**بۆرەکار**: کاری سووک، سووکە کار.

**بۆرەکە**: ١. پارگوێر، گوێپار، گۆرەکەی نێری دوو ساڵە،٢. بۆرەپیاو، پیاگی سووک و چرووک.

**بۆرەکەروێشک**: شینە کەروێشک، کەروێشکی شین‌بۆر: (ئەسپە شێ راچەنی و بۆرە کەروێشکێک راپەڕی) «شەوارە».

**بۆرەکەڵە**: بۆرەقنە، بۆرکاڵ، ئاماڵ بۆر.

**بۆرەکەوە**: شین‌بۆر، شین‌کەوو، بۆرەکە×.

**بۆرەکەوەسوار**: سواری بۆرەکەوو: (بۆرکەوە سوارێک لە پێشیانەوە تەراتێن ئەکا) «رشتەی مرواری».

**بۆرەکەی**: ناوی گوندێکە×: (ئەمانە باون: بەزم لە کۆیە، رەزم لە سلێمانی، سمێڵ لە بۆرەکەی) «رشتەی مرواری».

**بۆرەکەیی**: ١. تیرەیەکی کوردی جافە،٢. خەڵکی دێی بۆرەکەی×

**بۆرەکی**: بۆرەقنە، بۆرەڵووکە، بۆرکاڵ، بۆرباو.

**بۆرەگالۆک**: گالۆکی بۆر، داردەستی بۆر: (حەمە سەعیدی خەیات بە خۆی و بۆرە گالۆکییەوە راوەستابوو) «پیرەمێرد».

**بۆرەگلەیی**: وردەگلەیی، گلەیی بچووک.

**بۆرەڵۆک**: بۆرەڵۆکە، بۆرەقنە.

**بۆرەڵۆکە**: بۆرەقنە، بۆرکەلە، بۆرەلووک، بۆرەکی، ئاماڵ بۆر.

**بۆرەڵووک**: ئاماڵ بۆر، بۆرەقنە.

**بۆرەڵووکە**: بۆرەڵووک.

**بۆرەڵووکی**: دەنگی بۆر×

**بۆڕەلێ‌هاتن**: قۆڕاندن، بۆڕاندن.

**بۆرەمارەیی**: مارەیی کەم، سووکە مارەیی.

**بۆرەمرۆڤ**: سادەمرۆڤ.

**بۆڕەنگە**: گۆڕاو، بەقم، تێکچوو.

**بۆرەوسە**: دێ بووە، ئێستا لەوەڕگای دێی قارەوا و سورموسێ و خاڵەوازەیە.

**بۆرەوە**: وەرەوە: (هۆرزە بۆرەوە فەرموودەی شێخەن) «م.ح. دزلی».

**بورەهنە**: رووت، تازی، بێ‌جل: (هندەک د بورەهنە هن مولەببەس) «خانی».

**بۆرەی‌خاڵخاڵ**: وولاخێکی بەرزی سپییە و پنۆک‌پنۆکە.

**بۆرەی‌قەپلانی**: ناونیشان و قارەمانی ڕۆمانەکەی عەزیزی مەلای ڕەشە.

**بوری**: ١. برۆ، برە ٢. بۆری، ڕۆیشت، ڕابرد: (بوری و ب غەنجەکی «مەلا» کوشت/ ئەو غونچە لەبا دەلال و غەنناج) «جزیری»،٣. بۆڕی، شەیپوور: (سەرسامی هەوای بوری و مۆسیقە و تەرتیب) «ناتیق»،٤. بورە، ئەسمەر.

**بورێ**: بێ، وەرە: (ئەگەر خۆفت هەن تۆ جە ئەغیارێ/ وویانە گێرە، بورێ پەی کارێ) «بێسارانی».

**بۆری**: ١. بۆر، رەنگی بۆر ٢. بۆڕی، لوولە و شێرەی ئاو ٣. بۆق، شووشەی لامپا: (داڵگە خەریکی خاوێن‌کردنەوەی بۆری چرا بەرقی‌یەکە بوو) «کۆردەرە»،٤. تێپەڕی، ڕۆیشت، دەربازبوو ٤. بەخشی، عەفوی کرد.

**بۆڕی**: ١. بۆڕیە، لوولە ٢. شەیپوور، کەڕەنا ٣. قوڵ، دوکەڵکێشی سەماوەر.

**بۆرێ**: ١. وەرە، بێ، بێرۆ، بەو، بۆ: (بۆرێ وە مەجلیس لابەر پەردەی شەرم/ وە دەورێ دیسان بەزمێ کەرمێ گەرم) «مەحوی»،٢. وەرەوە، بگەڕێوە: (ئێلاخان سەردەن بازشان، ئامان/ گەرمەسێر وەشەن بۆرێ وە دامان) «مەولەوی».

**بۆڕیات**: بۆت ببڕێ.

**بوریان**: ١. بریانی، گۆشتی برژاو: (شنۆی ڕەشەبای زووسان هیجران/ سەرچڵەی عەیشم کەردەن وە بوریان) «مەولەوی»،٢. بەرخی بە گیپە لە تەندووردا،٣. بریانی، چەوەندەری کولاو و برژاو،٤. برژان، برژیان: (زانم پەریشانی ژ دل، بێحەد بە ئێشانی ژ دل/ تەشبیهی بوریانی ژ دل، باللە نە ئینسانی مەلا) «جزیری»،٥. بریتی لە خەفەتبار×: (چاکی چلۆنی گیانەکەم؟ شەوقی دڵی بوریانەکەم/ باخی گوڵ و ڕێحانەکەم، چۆن بوو کە هاتیتە سەمەر؟) «قانع».

**بۆڕیان**: دێیەکە لە دێکۆی نەڕان بەشی سنە.

**بوریان‌کردن**: برژاندن: (ڕوو بە ئەشکی خوێن نەنەخشێ، سیمی سادەم بۆچییە؟/ جەرگ ئەگەر داخی نەبێ، ئەو جەرگمە بوریان ئەکەم) «قانع».

**بوریانی**: ١. بریانی، چۆنەری برژاو: (لە ناو فڕنی دەروونا وەک سەموون بۆچی نەبرژێ دڵ/ لە کوورەی سینەدا تاکەی نەبێ جەرگیش بە بوریانی) «بێخود»،٢. بریانی، بەرخی بە گیپە لە تەندووردا،٣. لاشەی سوورەوە کراوی لە ڕۆندا پاش کوڵاندن: (لە ئاب و تاب و ئەشک و ئاهی خۆمدا بووم بە بوریانی/ لەباتیی پوختەگی سووتام و ئیستەش پێم دەڵێ: خامە) «نالی».

**بۆڕیاو**: بۆدراو، چێشتێکە لە قاوت و ڕۆن: (کە وەختێ ئەڕواتۆ دایکی بۆڕیاو دروست ئەکا) «گوڵونێرگز».

**بۆڕیای**: بۆڕان.

**بۆڕیایۆ**: بۆڕاندنەوە.

**بۆڕی‌پشوو**: قرقرتۆک، زمانۆک.

**بۆڕی‌پێشمەرگە**: بۆڕی سوپایی.

**بۆڕیج**: جۆبڕ، مڵە.

**بۆڕی‌چکۆڵە**: دارۆپی، لوولەی گچکە.

**بۆڕیچکە**: ١. لوولە و بۆڕی گچکە،٢. ڕەگ، دەماری تەنگ: (ڕیقلاوی تامەزرۆ، بۆن و بەرامەی هەڵمەدووگەی جەرگ و ناوی سوورکراوەی گیسکی بەر لووت بکەوێت، هەرچی بۆڕیچکە و چیکڵدانەنووچکەی سی‌یەکانی بوو دەپەنمان) «خاک و چەوسانەوە».

**بۆڕی‌چێکەر**: بۆڕی‌ساز، لوولەچێکەر.

**بۆریدەریخواروو**: دێیەکە لای سەیدسادق.
**بۆریدەریسەروو**: دێیەکە لای سەیدسادق.
**بـــــۆریێرەش**: ئەســـپی رەش د داســـــتانێ سیسەبانێدا.
**بۆڕیزان**: شەیپوورژەن، کەڕەناژەن، بۆڕیژەن.
**بۆڕیزەن**: بۆریزان، بۆڕیژەن.
**بۆڕیزەنە**: بۆڕیزەن.
**بۆریژانــک**: بۆریژانـگ، مۆریژانـک، بێـژان، ماroوژە، ماریزە، گیایەکی بهاریە.
**بۆریژانگ**: بۆریژانک.
**بۆڕیژەن**: بۆڕیەژەن، کەڕەنـاژەن، کەڕەنـاچی، شەیپورژەن، شەیپورچی.
**بوڕێش**: بـڕوێش، بـروش، بـرویش، ساڤاری ورد.
**بۆڕێش**: بڕوێش.
**بۆڕیشـایلۆغان**: بـۆڕی مۆزیـک، سـێدەنگ، کەڕەنا.
**بۆڕێشین**: بڕوێشین، چێشتی بڕوێش.
**بۆریک**: لوولە، بۆڕی.
**بۆڕیگووێ**: کون و لوولەی گوێچکە.
**بـــــۆڕیمەڕان**: ×٩٣×: (کراســـی چـــین، دادرەمردم، حەریـری سـوور، گرێـی بەگـوڵ، قۆڵبەندی قۆڵ، قۆندەرە دەمپایە یا سۆڵ، بۆڕی مەڕان بۆ پێگەڕان) «شەوارە».
**بوڕین**: بۆڕاندن.
**بـــــۆرین**: ١. بــــورین، بــــوورین، ڕابــــردن، دەربازبوون: («مەلا» ل عمری بێ فەیدە بۆری/ کیشا ب زۆر ئان قەهر و نەدامەت) «جزیـری» ٢. ڕۆیشتنی چەم و رووبار: (ڕیبارە پێـل پێـل دبـورن/ نـابورت پـێلا هیڤی‌یـێ) «سـندی»،٣. بوورین، بەخشین، عەفوکردن، چناویەرد.
**بۆڕین**: ١. بۆڕاندنی ڕەشەوڵاخ ٢. هەڵگەڕانـی شیر.

**بــۆڕێن**: ١. ڕکە، مـلە، کێبەرکـێ ٢. بۆڕەبـۆڕ کردن(چێل).
**بۆرینە**: ١. بە هێندێک ناوەوە دەلکێ و مانای ناسیاوی دەدا: (کڵاوەبۆرینە، هەنبـانەبۆرینە)،٢. گوندێکە لای قەڵادزێ.
**بۆرینی**: ١. تێپەڕین، ڕابردن ٢. دەمەکی.
**بۆرێوە**: بیرەوە، وەرەوە.
**بۆڕیوهەناسەدانێ**: بۆڕی هەناسەدانێ.
**بۆڕیوە**: وەرەوە.
**بۆرێـــوە**: بـۆرەوە، وەرەوە: (هـۆریژە بۆرێـوە نەمەنەن وەرشۆ) «م.ح. دزڵی».
**بوریە**: ١. بـڕۆ، بچـۆ،٢. بـوردوە، ڕۆیشـتووە: (دور نەکی دا وی ژ دەرێ خـوە، وەرنەگێـڕی ژ وی بەرێ خوە/ بوریە ئەو د سـەری خـوە، سەر د ناڤا ڕێ نهایە) «جزیـری»،٣. بـوردووە، دەستی هەڵگرتووە: (بوریە ئەو د سەری خـوە، سـەر د ناڤـا ڕێ نهـایە) «جزیـری»،٤. بلـوور، شووشە،٥. شووشەی چرا،٦. ڕەگ، دەمار: (ئەو مەمکەمـژەی کە بـۆ هەتـا هەتـایە نەخۆشـی جۆراوجۆر ئەخاتە نـاو خرۆکەکـانی بـۆریەی خوێن) «شەوارە».
**بۆریە**: ١. بۆری، بۆڕیە، لـوولەی ئـاو: (بـۆریە ئاوێـک لە دیوارێـک قـایم کرابـوو) «ڕشـتەی مرواری»٢. برۆ،٣. جۆرێ قامیشـی خۆڕسـکە، گەڵاکانی درێژ و نـووک تیـژە، حەسـیری لـێ ساز دەکەن،٤. حەسیری سازکراو لە سـاقەتەی ئەم گیایە.
**بۆڕیە**: ١. بـۆق، شـەیپور، کەڕەنـا ٢. مزرەقـی ناوهڵۆل ٣. بۆڕی، لوولە.
**بۆڕیەژەن**: ژەنیاری بـۆڕیە، بـۆڕیژەن: (کـابرا ئەڵـێ: بە داخەوە خـانم کـوڕەکەت بە هـیچ گوویەک نابێ، تەنها ئەبێ بە بۆڕیەژەنی قشڵە) «ڕشتەیمرواری».

**بۆڕیهەوا**: قرقرۆچکە، قرتقرتۆک.
**بۆڕیەی**: بۆڕان.
**بۆڕیی**: ١. بۆرییک،٢. کەڕەنا،٣. بەلوعە.
**بوز**: ١. بـزن: (ئەو شـێخە بە کـوم مەگـرە کە پەشمینە مەریـدە/ ئەو ریشـە بە سـەر دارەوە، ڕیسێکی بـوزانە) «نـالی»،٢. بـووز، دارتۆفـانە: (کفر و گەز و گۆیژ و چاڵووک/ گویز و بـوز، بەن و بەلاڵووک) «بۆکوردستان»،٣. ڕەنگی بۆز.
**بۆز**: ١. شینی ئامـاڵ سـپی ٢. سـەر و ڕیشـی ماش و برنجـی: (بە ڕیشـی بـۆزەوە سوجدە دەبەم مـن بـۆ جەمـاڵی تـۆ/ ئەدی بـۆچی دەیـانگوت دار کە پیـر بـوو تـازە دانـایە؟) «هـێمن» ٣. سـپی کـراوە مەیـلەو شـین ٤. نەخۆشی چۆکی ئاژەڵ ٥. هەشنبۆز، ڕەنگێکـی تـایبەتی ولاخ: (مـاینە بـۆزە دەبـێ شـوولی قەفەسی هەڵکێشم) «سالم»،٦. مەڕێ کە سەری بـۆر بـێ ٧. دو ڕەنگـی تـێکەڵ،٨. قوژقـوژی، تێکەڵی سێ ڕەنگـی سـوور و سیا و زەرد،٩. پیـاوی چـابوک، ١٠. قـاتر، هێستر،١١. نـاوی چیایەکە لە کوردستان.
**بۆزا**: نێوی ئافرەتە.
**بوزاخ**: بورم، ئەسپ تنپا.
**بوزان**: ١. گوندێکە لای سـۆران،٢. گونـدێکە لای پێنجوێن.
**بۆزان**: کرێوە، بەفری بە باوە.
**بۆزان**: ناوی نێرینانە.
**بوزاو**: بەفراو، ڕچاو، ئاقا تەزی.
**بۆزاهی**: بۆزی.
**بۆزبوونەوە**: کاڵ بوونەوە.
**بۆزبەزانە**: ئانکوو دەوارێ بۆز، غارانە.
**بۆزبەلەڕی**: پیـر بە کـزی، مەبەسـت ئەوەیە پیرپیاگ کز بێ باشترە.
**بوزبیەی**: بۆز بوون.

**بوزپێوەکردن**: دەس بۆ قـوون بـردن: (سـوارە بوزێکی پێوە کرد و پەڕێکی کێشا) «شەوارە».
**بۆزراق**: سپیواش، ڕەنگی کەهـووی مەیـلەو سپی.
**بۆزردان**: ١. چێکرنـا جـرەکەری ب بەلـگە و ناوەند ٢. بۆزدان، بۆزڕدان، بۆڕدان.
**بوزرگ**: گەورە، عەزیـم: (لاس دەڵـێ: یـای خەزاڵ، ئەمـن بـۆ تـۆ دەچـوومە کوێسـتانی عەزیم و بوزرگینە) «لاسوخەزاڵ».
**بۆزرگەوار**: گەورە، مەزن، شکۆدار.
**بۆزرگەواری**: گەورەیی، شکۆ، مەزنی: (چی بێژم لە وەسف بوزرگەواریت) «م.ح. دزلی».
**بوزقاجی**: بۆز، قوقوژی، تـاجی و حەیـوانی بۆز و خەتخەتی.
**بوزلق**: سەهۆڵخانە.
**بۆزڵە**: کار، کاریلە.
**بوزمێ**: دانیین، بخەین.
**بوزن**: بۆزن، زۆر بۆنکەر.
**بوزنە**: زۆر بۆنکەر.
**بـوزو**: ١. بـووزوو، بـووزی، شـاڵ، شـەل، تەنراوی جۆلا لە خوری و مەرەز ٢. گلـێم ٣. قاپشۆر،٤. شینکی، ڕەنگێ ڕەش و سپی شین دیار دبیت،٥. ناڤێ کوڕانە.
**بوزۆ**: ١. نـاوی نێرینـانە،٢. مـرۆ یـا مـالاتی دووڕەنگ و بەڵەک.
**بوزورگ**: گەورە، مەزن: (ڕەویەی بوزورگیت وە جا ئاوەردەن/ غەریـب نەوازیـت وە پیشـە کەردەن) «مەولەوی».
**بوزورگ‌تەر**: گەورەتر، مەزنتر.
**بوزورگ‌تەرەن**: گەورەترن: (ئەو کەس مزانـوو ستارەن ئـارۆ/ جەو بـوزورگ‌تەرەن شـەو ئەو ڕۆت نارۆ) «مەولەوی».
**بۆزوفا**: شارێکە لە باکووری کوردستان.

**بۆزۆڤا**: بۆزۆفا.
**بۆزوگلاک**: شارێکی باکووری کوردستان سەر بە پارێزگای ئەرزنجان.
**بوزول**: شاخێکە لە خۆرهەلاتی هەکاری.
**بۆزووروو**: بۆکرووز: (بۆنی گۆشتی سووتاو دەهات، بۆکرووز و بۆزووروو دەهات) «حەمەدۆک».
**بوزە**: ١. بزن، بوز،٢. گوندێکە سەر بە مەهاباد. ×!
**بۆزە**: ١. بووزە، رەنگی بۆز بۆ ولاخ و بەراز: (دوو قرۆش بۆ نالی، شایی کلکی چەرمی دوو ریال/ پێنج قرۆش و شایی نرخی بۆزەی کەمبەها) «سالم»، ٢. گوندێکە سەر بە مەهاباد.
**بۆزەش**: بیخە: (ئەر چێر زەمین بۆ، بۆزەش سەر زەمین) «م.ح. دزلی».
**بۆزەڵە**: بۆز، بۆزە×: (کابرایەکی بۆزەڵە هەڵی دایە و کوتی:) «رشتەی مرواری».
**بوزەم**: بیکەمە، بیخەمە: (بوەزم نە گەردەن، بە وێنەی زوننار) «بێسارانی».
**بۆزەن**: بۆنکەر، زۆر بەبۆن.
**بوزەنی**: بە هێزی حاسەی بۆن کردن.
**بوزی**: ١. شال، بوزو،٢. دەنگ بۆز بوون.×
**بوزێ**: ١. بۆز، رەنگی رەش و سپی و بەر شینیڤە،٢. ناڤێ کچانە.
**بۆزی**: ١. بۆزۆ، بۆزبەگ، وشەی سوکایەتی پێکردنە،٢. قۆزی، چابوکی: (کاک بە بۆزی و کیژ بە گواران/ لێم رەش بووە بنی داران/ گووم بە قەبری بابی کادێنداران) «فۆلکلۆر»،٣. ناوی کورانە.
**بۆزێ**: ناوە بۆ پیاو و ژن دەبێ.
**بوزینە**: گوندێکە لای سۆران.
**بۆزیەل**: شاخێکە لە نزیک سیواس.
**بۆژان**: بووژان، بۆژانە، بێژان، گیایەکی بۆنتوندە.
**بۆ ژان**: بۆ چارەسەری ژان: (بۆ ژانی دڵان هەر مەیە دەرمانی بێ/ زانا ئەوەیە تامی لە مەی زانیبێ/ ئەو کۆنەپەرۆی لێوی لە مەی پێ دەسرن/ بەرماڵی هەزار سۆفی بە قوربانی بێ) «خەیام هەژار».
**بۆژانە**: بێژان، بووژان، بۆژان، گیایەکە گەڵا ورد و لاسک درێژە، گوڵی بۆری گچکە دێنێ بۆنی توندە بۆ ناو جل و بەرگ بەکاری دێنن تا لە مۆریانە بیپارێزێ.
**بۆژانە**: ١. بێژان، بوژانە، بۆژان، گیایەکی بۆنخۆشە: (دەمێ مردم لە ئەو کێوەم بنێژن/ گوڵاوی لەش بە بێژانێ برێژن) «راوچی»،٢. ناوە بۆ کچان.
**بۆژانەسیاوە**: شابەنگ.
**بۆژانەوە**: ١. بووژانەوە، هەستانەوە، خۆگرتنەوە دوای نەخۆشی،٢. وەخۆهاتنەوە، رۆحیە پەیدا کردنەوە: (کە ئەو وەلامی دامەوە/ منیش تۆزێک بوژامەوە) «هێدی».
**بوژم**: بێژم: (دڵی بارم وە دەس بوژم وە پی کی) «چارداوڵی».
**بۆژۆ**: ١. بۆژە، بۆژی، بۆگە، گەندەژە، گیای بۆنگرتوو کە مالات نایخوا: (گوڵستان و زەمەندی کوردەواری/ بە پێی دوژمن دەبوو پێشێل و بۆژۆ) «هێمن» ٢. بووزوو، شال ٣. کری رانک و چۆغەیە،٤. تف، ئاوی دەم،٥. بریتی لە هەر شتێکی دەسکاری کرابێ و لەبەر چاو کەوتبێ.
**بۆژۆکران**: بۆژەکران، بۆن گرتنی لەوەر بە هۆی زۆر هاتوچۆی ئاژەڵەوە: (زوو لە دەشتێ، لەوەر ئەکرێن بۆژە/ ران ئیتر رووی لە قەد و بەر رۆژە) «هێدی».
**بۆژۆکرن**: ١. گەچراندن، بۆژۆکردن(گیا) ٢.

بێزارکرن، جارس‌کردن.
**بۆژۆلێکردن**: لەبەر چاو کەوتن: (مەجموعە ئەگەر خوانی زۆر هاتە سەرێ، کابرا بۆژۆی لێدەکا) «لاس‌وخەزاڵ».
**بـۆژوو**: بـۆژۆ، بـۆگەن: (ئەو بنیـادەمەی بە درێژایی ژیان، گوڵی تەمەنی بۆ تـمەن بـۆژوو نەکرد) «ڕاوچی».
**بوژە**: بۆژۆ.
**بۆژە**: ١. بۆژۆ، گیای بۆن‌گرتوو ٢. رق، قـین، کین.
**بوژەبییەی**: بۆژۆ بوون.
**بۆژەکران**: بۆژۆکرانی گیا و لەوەڕ.
**بۆژەکردن**: ١. بۆژۆکردن،٢. بێزکردن حەیوان لە گیای بۆژۆ،٣. ڕق و قین هەڵگرتن.
**بوژەکریا**: بۆژۆکراو.
**بوژەکریای**: بۆژۆکردن.
**بوژەکریێ**: بۆژۆکراو.
**بوژەکەر**: بۆژۆکەری گیا.
**بوژەکەردەی**: بۆژۆ کردن.
**بوژەکەرە**: بۆژۆکەر.
**بۆژەن**: بین‌هلکەر، لکژۆنەک، بۆکەر.
**بوژەیی**: بۆژۆ بوون.
**بوژی**: ١. یاڵ، یاڵ و بژ ٢. کاکۆڵ ٣. داسـوو، داسـوولکە ٤. زیـک، گـرژ ٥. پـرژ، بـڵاو، ٦. بۆژۆ، بوژە.
**بۆژی**: ١. باسک،٢. بۆژۆ، بۆژە.
**بوژین**: مەگیرانی، ئیشتیای خواردن.
**بـوس**: بـۆس، مـاچ: (مـن لە ویـی بوسـێک سـوئال کـرد، ئەو لە مـن ڕۆح کـرد تەڵەب) «ئەحمەدی‌کۆر».
**بـۆس**: ١. مـاچ، رامـووس: (هەر یـارێ کە ماڵانگەڕ و بێگانەیە «نـالی»/ کەنـدوومە ددانـی تەمەعـی بـۆس و کەنـاری) «نـالی» ٢. بسـت، بۆست، بنگس.
**بۆسا**: ١. مـاچ، بـۆس، بۆسـە: (بـۆ ئیمتیـازی بەینی من و عاشقانی تۆ/ یەک بۆسە کـافی‌یە، کە کەرەم کەی بە ئیلتیفات) «ئەدەب»،٢. ماچی کرد: (میرڕیخ ڕیکـابش بۆسـا بە ئیعـزاز/ پەی نەسرش هەم نەسر تایر کەرد پەرواز) «خانـای قوبادی».
**بوسار**: بۆسار.
**بۆسار**: ١. بۆنی ناخۆش، بۆسارد، بۆنسارد، بۆ گنخاو ٢. بۆگەن، بۆن‌گرتوو.
**بوساربییەی**: بۆسار بوون.
**بۆسارد**: ١. بۆسار، بۆنسارد،٢. بۆگەن، گەنیو.
**بۆساردی**: بۆنساردی.
**بوسارکەردەی**: بۆسار کردن.
**بۆسارە**: بۆسار.
**بوساری**: بۆساری.
**بۆساشان**: ماچیـان کـرد: (بۆساشـان ڕیکـاب یاران گوڵبێز/ کەردشان پیا نە پشت شـەبدێز) «خانای قوبادی».
**بۆســام**: مـاچم کـرد: (هەرگـا دیـم وە چەم شـێوەی بـاڵاکەت/ بۆسـام خـاک پـا و گەرد پاڵاکەت) «مەولەوی».
**بۆسامان**: بـۆ تـاڵانی سەروسـامان: (فیتنەیـی چەشـمی سیەە، کـافی بـوو بـۆ سـامانی مە) «ئەدەب».
**بوسان**: ١. بۆسان، باغ: (شرین شرینەیل ئێـڵ و ئێلاخان/ نەوگوڵ نەمامەیل بوسان و باخان) «خانمەنسـوور»،٢. کـۆی بـوس، مـاچی زۆر: (ئەوچەنـدە ب یەکـڤە را دموسـان/ نەوبەت نەددانە هەڤ ل بوسان) «خانی».
**بۆسان**: ١. بێستان، بێسان، بـاغ،٢. ڕامووسین، ماچ کردن.
**بۆست**: بست، بوست، بۆس.

**بوستان**: ۱. گوڵستان، جێی تژی لە گوڵ،۲. باغ، باخ: (دار چانم نە ل بوستان) «گولشوون»،۳. باخچەی حەسانەوە، پارک،٤. تەڕەکاڵ، بێستان، کیار،٥. ناوی یەکێ لە ئاسارەکانی نوسراوەی سەعدی شیرازی‌یە.

**بۆستان**: ۱. بۆسان، بێسان، بێستان،۲. باغ، باخ: (ڕووتە کە ڕووتە یا شەبەکەی مانگی ئاسمان/ قەدی خەرامی تۆیە وە یا سەروی بۆستان) «مەستوورە»،۳. باغی میوە، دارستانی بەر،٤. شارێکی باکووری کوردستانە✕: (مەلاتیە و دارندە و بۆستان/ دیاربەکر و جزیرا بۆتان) «بۆکوردستان».

**بوستانچی**: بێستانچی.

**بوستاندەرە**: گوندێکە لای بیجاڕ.

**بۆستوتڕ**: بریتی لە تەنگاڤی‌یێ.

**بوستوس**: ۱. ناوی کۆنی دێی بست،۲. ناوی قەڵایەکی زۆر کۆن بووە.

**بۆستە**: کۆسە، کۆستەک، کۆستک، بەندی خەنجەر کە لە کالانەوە دەکەوێتە سەر دەسکی خەنجەر هەتا نەخزێ: (پاکی حازرە تیری، لە مالی کەوانی ڕاست و چەپ ڕۆناوە/ پاکی بۆستەی خەنجەری دەمڕەشی قەتڵکەری ترازاوە) «سەعیدومیرسێوەدین».

**بۆستەترازاندن**: کردنەوەی بەندی کالان و دەرکێشانی خەنجەر: (ڕادەسا سەر خوانی زینی، بۆستەی خەنجەری دەترازاند) «لاس‌وخەزاڵ».

**بۆستەخامەکە**: فەقیانە، فەقێیانە: (بۆستە خامەکە ڕائەوەشێنێ/ بە بەر دەم کچا عیشوە ئەنوێنێ) «قانع».

**بوستەر**: ۱. سەرین، سەنیر: (براگەل بێنەوە، کوڕگەل دە هەڵسن کۆمەڵێ بگرن/ تەعاقول بەسییە هەڵبگرن سەری غیرەت لەسەر بوستەر) «حەمدی»،۲. جێ، جێی خەو.

**بوستەرم**: لە نێو پێخەف دام: (عیلاجی ئێشی دڵ ناکا بە سەد مەرهەم حەکیم ئەمشەو/ لە زەخمی تیری موژگانت بە نەوعێ بوستەرم ئەمشەو) «سالم».

**بۆستەک**: بستێک: (بۆستەک بێ خەمی گەزەک خوسارەتە) «پەند».

**بۆسکان**: ناوی کوڕانە.

**بوس کرن**: ماچکردن: (ئەو هەر دو کرن مەلبوس/ ڕابون ب ئەدەب ئەتەک کرن بوس) «خانی».

**بۆسکین**: گوندێکە لە نزیک ڕانییە.

**بۆسکێن**: بوسکین: (جارێک لە قەڵادزێ لە ماڵێکا بانگێشتی ئەبێ، شێخ حسێنی بوسکێن و کاکە سووری کۆیی پێکەوە لە سەر سینی‌یەک ئەبن) «ڕشتەی مرواری».

**بوسلمان**: موسوڵمان: (فەلێ پیر بوسلمان نابیت) «پەند».

**بۆسن**: بۆس، بست✕: (هەکە ئاڤێ دا ب سەر تەرا، بۆسنەک و چار تلی فەرق نینن) «پەند».

**بوسو**: بخەوم.

**بۆسۆ**: ۱. بۆنسۆ، بووشمین، بێسوو، بۆسی، بێن‌سوو، بێن‌سۆتی، بوشمین، بۆنی لۆکەی سووتاو: (ئاورم تێبەر دەی بۆسۆم لێ نایێ)،۲. پەڕۆی تازەسوتاو بۆ برین: (تا بە خەم بۆسۆ نەبێ کووز و کولان/ تا بە خوێن بۆژۆ نەبێ تەرت و تەلان) «ڕاوچی»،۳. بریتی لە زووخاوی دەروون: (دەیانبەست بۆ کوتانی مەرج و پەیمان/ هەناوی لێی‌دەهات بۆچرووک و بۆسۆ) «هێمن»،٤. بریتی لە بەدناو، ڕەش: (منی لە خزمەت خاوەن‌شکۆ بۆسۆ و بەدناو کرد) «توحفە»،٥. بۆسین،

بۆسـۆدار، تـامی ماسـتێ کە شـیرەکەی کەمـێ سووتاوە،٦. بخەفێ.

**بۆسۆبوون**: بریتی لە بەدناو بوون، ناو زڕان.

**بۆسۆدار**: بۆسۆ، ماستێ کە شـیرەکەی کەمـێ سووتابێ.

**بوسورمان**: مسوڵمان، موسوڵمان.

**بۆسۆکردن**: بریتـی لە بوختـان کـردن: (ئەو کچە بەسزمانە چی نەکردووە، نـازانم بـۆ ئـاوا بۆسۆ و بەدناویان کردووە).

**بۆس وکەنار**: ماچ و تەنیشت: (بە بێـداری لە یادی نیمە عەیشی غەم بەسە سـالم/ لە خەودا دەفعەیێ بۆس و کەنارێ بوو، ئەویش ڕابورد) «سالم».

**بوسوڵمانیەل**: مسوڵمانان، موسوڵمانگەل: (مـاڵ بوســــــوڵمانیەل وە غـــــــارەت بەردە) «ئاوێنەیبێگەرد».

**بۆسۆلێهاتن**: بریتی لە زۆر ڕووت و هەژار بـــوون: (ئەو پیـــاگە زۆر فەقیـــر و هەژارە، بیسووتێنی بۆسۆی لێنایە).

**بۆسۆلێهەستان**: بریتیە لە بڵاوبوونەوەی دەنگ و باسێکی ناشیرین.

**بۆسۆلێهەڵنەستان**: بریتـی لە زۆر فەقیـری و نەداری: (حەقی نویژێ لە ڕووتی وا دەسـێنی/ کە ئاگری پیوەنێی لێی نایە بۆسۆ!) «هێدی».

**بوسە**: ١. وچان، پشودانێکی کورت ٢. بوێسە، ڕاوەسـتە(ئەمرە) ٣. بـخەوە، بنـوە ٤. بۆسـە، کەمـین: (دەمـێ لەشـکەرا کـوردا زانـی کـو لەشـکەرا یونـانی دی هێـرش بەنە سـەر وان، ئێکسەر وان خۆ بەرهەڤ کرن و بوسە دانـا د ڕێکـا لەشـکەرا دژمـن) «گولـواز»٥. مـاچ: (عەرعەر خەراما ب قەد و قامەت/ یەک بوسە دا مە ب سەد قیامەت) «جزیری».

**بۆســـە**: ١. پەیجـور، مەڵاس، مکـۆ، سـیپە، شـاردنگە، ڕەبەت، قـۆختە، کەمـین، کەلەن، کەلێن، حەشارگە، هەشارگە، بـازگە، کۆریـت، کوزگە، کۆلیت، مارغە، میـل، مـردە و زینـدە: (ڕۆژگاری سپڵە بۆ من بۆسەیەکی نـایەوە/ ...) «هێمن» ٢. قایشـی جـووت، چەمەرە، بۆسـەی جوتی ٣. ویژامەر، ویژانبەر، مرازێکـی جـووتە لە شێوەی ئاڵقەیە و سەری مژانەی تێـدەخەن: (قـایش و بۆســە لەمێـژە لە سـەر هەرزاڵـن) «ئەمیری»٤. ماچ، بۆس، ڕامووسین: (ئەمجـا بە پەڕ و باڵی تەڕ و فێنکی بۆسە/ تێرتێر ئەسـڕم، خانمەکەم، گەردی سـەفەر لێـت) «گـۆران» ٥. بریتی لە چەمیانێ: (شـەوێ دی ئەز ل سـەرما دابـــوومە بۆســـە(تێکچوم))،٦. گونـــدێکە لە دەڤەری شـەنگال،٧. دەسـک×١٣٧×: (پـارەکە ئەو مەڵەغـانەی کڕیـوە، دەسـک و بۆسـەی بۆخۆی لێناوە) «ئەمیری».

**بۆسەبازی**: ماچوموچ، ڕاموسان: (کچ وەکـوو شەمعی منەوەر، کوڕ وەکـوو پەروانە بـێ/ گەهـ لە بەزمی بۆسەبازی، گەهـ مەیـی پەیمـانە بـێ) «قانع».

**بۆسەبەبۆسە**: ماچ لە سـەر مـاچ: (چەرخـی زەمانە کەی دەدا بەزمـی ویسـالی یـار و مـن/ بۆسـە بە بۆسـە، لەب بە لەب، دیـدە بە دیـدە ڕوو بە ڕوو) «سالم».

**بۆسەخواردن**: ١. لە سیپ ەدا بـــــوونی ڕاوکەر، ٢. کەمـین کـردن، خـۆ مـاتدان لە دوژمن.

**بوسەدان**: ١. ماچدان بە کەسێک،٢. مـاچکردنی کەسێ: (تەکرار ل دەست و پێ و داوان/ سـەد بوسە ددان ئەوان دو لاوان) «خانی».

**بۆســـەدانان**: بۆسـە دانـانەوە: (پاشەکشـە و دەربازبوونی بارزانییەکان لە ڕووباری ئـاراس، سـەرەڕای هێـرش و بۆسـە دانـانی ئێـران و

تورکیا و عێراق) «لە مەهاباد بۆ ئاراس».
**بۆسەدانانەوە**: کەمین کردن.
**بۆسەرەچێر**: بێ بەرەو خوار.
**بوسەریان**: گوندێکە لای دهۆک.
**بۆسەکردن**: ماچ کردن، ڕاموسین: (دەست بۆسە بکە تو وی ئەمانەت/ لەورا کو هەیە ئەوی کەرامەت) « یوسف‌وزولەیخا».
**بۆسەگر**: کەمین‌گر، کەمینکەر.
**بۆسەگرتن**: چوونە بۆسەوە.
**بوسەل**: گوندێکە لای شارۆچکەی دەرکار.
**بۆسەلی**: جۆرێ ترێ.
**بۆسی**: ١. بۆسۆ، بۆنسۆ ٢. ڕادە، ئەندازە، حەد ٣. کارێ یا شتێ کە زێدەڕۆیی تێدا کراوە ٤. خۆراکێ کە زۆر لەسەر ئاور مابێتەوە.
**بۆسێ**: ١. ماچێ، ماچێک: (ڕەقیب یار ئەر بە من بۆسێ کەرەم کا) «سالم».٢. گوندێکە لە باکووری شێروان‌مەزن.
**بۆسی‌بوون**: ١. لە ڕادەی خۆی دەرچوون ٢. سوتانی چێشت بە بنی ئامانەوە.
**بۆسیکرن**: ١. بۆسۆکردن ٢. سوتاندنی چێشت ٣. بریتیە لە دەربازبوونی کار لە حەدد و ئەندازە: (تە ئەڤ کارە بۆسی‌کر، ئەگەر ژ حەدێ دەرباز بوو).
**بوسێل**: گوندێکە لای شارۆچکەی بجێل.
**بۆسین**: بۆسۆ، ماستی بۆسۆدار.
**بوش**: ١. بێژە، بلێ.٢. بێژێ، قسە بکات.٣. بۆش، داری کوتانەوەی پۆ لە ئیشی جاجم کردندا.٤. بۆش، زۆر، فرە: (ئاغایەک ژ وان خودانێ عەشیرەتا بوش و پر دەسهلات بوو) «گولواز».
**بۆش**: ١. ناو بەتاڵ، چۆل، خلۆل، ڤالا، هولۆل، هلۆل، کلۆر: (شاعیر وەک دەهۆل لە دوور دەنگ‌خۆشن/ لە نزیکەوە دارێکی بۆشن) «قانع» ٢. زۆر، فرە، فراوان: (ئاڤەکی زراڤ و زەلال کو هەرتم بێوە، ژ لە وێ بۆش چێترە)، (خەزام زەربوون ژ سەرمائێ/ ڕەڤی ڕەونەق ژ دونیائێ/ ژ بۆش ئاڤان گوشێن نائێ/ نە شەت مان و نە ئەنهارە) «فەقێ تەیران»٣. مشت، پڕ، تژی ٤. قەرەباڵغی، شلووغی.٥. تەڤ ل هەڤ، قەرەباڵغ: (تاجدین فکری کو بەزمە زۆشە/ پڕ زەوق و سەفا و عەیش و نۆشە) «خانی»٦. باش، چاک، باش‌وبۆش.٧. بۆی، بۆنی: (سۆسەن گوڵێ دیم، بۆش چوون عەنبەر بی/ دەهەن شکەستەی، یادی سەحەر بی) «بێسارانی».٨. بریتی لە هەراو و گوشاد: (کە لەش شڵەقیاو، ناوگەڵش بۆشەن/ کونای قیرینەش دایم وە جۆشەن) «شێخ ڕەزا».٩. بێ‌تام، ناخۆش: (ئاخ ئائەم بەزمە بە تووە خۆشە/ ئێوەی تیا نەبن بێ‌تامە و بۆشە) «پیرەمێرد».١٠. بنەبانی ئاسمان، فەزا.١١. بلێ، بێژ، بووشە.١٢. لاچوون یا لەکیس چوونی کەسێکی مەزن کە نەبوونی هەست پێ دەکرێ: (مەرگی هێمن بۆشایی خستە ناو ئەدەبیاتی کوردی).١٣. چۆمی قووڵ، ڕووباری ئاو زۆر: (ڕۆژەکی فەقیرەک و فەقەیەک پێکڤە بوونە ڕێڤینگ و گەهشتنە سەر دەراڤێ ڕووبارەکێ بۆش) «گولواز».
**بوشا**: بوشەو، بێژە.
**بۆشاتی**: جەنجاڵی، قەرەباڵغی، مالە.
**بوشارە**: بوشێرە.
**بۆشاهی**: ١. زۆری، فرەیی ٢. پری ٣. ڤالایی، هولۆلی، چۆلی.
**بۆشایی**: ١. بەتاڵایی، والایی، هولۆلی، چۆلی ٢. تژیتی.
**بۆش‌بوون**: ١. پڕبوون، سەرلێوبوون(ئاو).٢. بێ‌ئیختیار گوللە ژ تفەنگ دەرچوون.

**بوش‌بییەی**: بۆش بوون، ژێر هەڵکەنران.
**بۆشتاخ**: پۆشتە، کۆک، پەرداخ.
**بۆشتاخی**: کۆکی، پۆشتەیی.
**بوشتو**: بوشتۆ.
**بوشتۆ**: بوستوس.
**بوشرا**: ناڤێ مێرانە: (بوشرای ب ڤـی ڕەنگـی دەلوە کێشا/ ئەمما کو ملێ وی پـوڕ دئێشـا) «یۆسف‌وزولەیخا».
**بوشریەیێ**: بوشریەیێد.
**بوشریەیێد**: بوشریەیێ.
**بوشریەیێدەو**: بوشریەیێد.
**بۆشقاو**: دەوری، بشقاب.
**بۆشقە**: بۆشکە.
**بۆشک**: ژاک، ژەک، فرێشک.
**بوش‌کریا**: بۆش‌کری، ژێرهەڵکەندراو.
**بوش‌کریای**: بۆش کران، ژێر هەڵکەندران.
**بوش‌کریێ**: بۆش‌کراو.
**بۆشکول**: ١. پشکەڵ، پشقڵ،٢. خەم، پەرۆش.
**بوشکە**: بۆشقە، بۆشکە.
**بۆشکە**: بەرمیل، دەفری زل بۆ تراو.
**بوش‌کەر**: بۆش‌کەر، ژێرهەڵکەن.
**بوش‌کەرە**: بۆش‌کەر، بۆش‌کەرەوە.
**بوشم**: بواچم، بیژم.
**بوشما**: ئاشکرا بکەم.
**بوشماخ**: بۆشناخ، کۆک و پۆشتە.
**بوشماخە**: بۆشناخ، کۆک.
**بوشماخی**: بۆشناخی، پۆشتەیی، پەرداخی.
**بوشمان**: بواچمان، بیانڵێم.
**بوشمانا**: ئەوانە بوشمەو.
**بوشمانەو**: بوشمانا.
**بوشمەپێ**: بواچمە پێ.
**بوشمەو**: بوشما.
**بوشمەوەیێ**: ئەوە بوشمەو.
**بوشمەیێ**: ئەوە بوشم.
**بوشمێا**: بوشما.
**بوشمێان**: ئەوانە بوشم.
**بوشمێانا**: بوشمانەو.
**بوشمێانەو**: بوشمانا.
**بوشمین**: بۆسۆ.
**بوشمێەو**: بوشمەو.
**بوشن**: بواچن، بڵێن: (هاودەرد بوشن شـتێکی خۆشە/ بێ‌دەرد بگرن کەنار و گۆشە) «هەژار».
**بوشنا**: بوشنەو.
**بۆشناخ**: ١. بۆشناغ، کۆک،٢. ناوی کوڕانە.
**بۆشناخی**: بۆشناغی، کۆکی.
**بۆشـناغ**: ١. کـۆک، پەرداخ، پـڕ و پۆشـتە: (گوتی: بە وەڵڵا ڕەمەزانی، ئێستاش کە ڕیشـم دەتاشم و خۆ تـاس و لـووس دەکەم، جـل و بەرگی جوان و بۆشناغ لە بەر دەکەم، هەر بـۆ وی و بە یـادی ویـیە!) «شـەوارە»،٢. بەدەمـار، ترزل، بەدەعیە: (ئەحمەد بەگـی فەتـاح بەگـی ئەرازی پیـاوێکی بۆشـناغ و بە دەمـار بـوو) «ڕشتەی مرواری».
**بۆشناغی**: پۆشتە و پەرداخی.
**بوشنان**: ئەوانە بوشن.
**بوشنانەو**: ئەوانە بوشنەو.
**بوشنەپێ**: بوشنە ئەو.
**بوشنەو**: بوشنا.
**بوشنەوەیێ**: ئەوە بوشنەو.
**بوشنەیێ**: ئەوە بوشن.
**بوشنێا**: بوشنا.
**بوشنێان**: ئەوانە بوشن.
**بوشنێانەو**: ئەوانە بوشنەو.
**بوشنێەو**: بوشنێا.
**بۆشۆنیمەرە**: بێ بە شوێنما.
**بوشە**: بوش، بۆش، داری کوتان پۆ لە کـاری

جۆلاییدا.

**بوشەپێ**: وە ئەو بوشن.

**بوشەو**: بوشا.

**بوشەوەێ**: ئەوە بوشا.

**بوشەێ**: ئەوە بوش.

**بۆشی**: ١. زۆری، فرەیی ٢. هولـۆڵی، چـۆلی، ڤالایی، ئاوەڵەیی.

**بوشێ**: ئەو بوشێ، بوشێد.

**بوشیا**: بوشیدا، بیدرکێنن.

**بوشێا**: بوشەو، بیڵێ.

**بوشێان**: بیڵێ، بێژە.

**بوشیانا**: ئەوانە بوشیدا.

**بوشێانا**: ئەوانە بوشێدا.

**بوشیانەو**: بوشیدانەو.

**بوشێانەو**: بوشێدانەو.

**بۆشێتبوون**: زۆر حەز لێکردن: (شـێخ ئەگەر بۆی شێت نەبێ، بێویژدانـییە/ چـۆن بەدایـم شۆخ و شەنگە، بەر میسالی تازەبووک) «قانع».

**بوشید**: بوشی.

**بوشێد**: بوشێ.

**بوشیدا**: بوشیا.

**بوشێدا**: بوشێا.

**بوشیدان**: ئەوانە بوشید.

**بوشێدان**: ئەوانە بوشێد.

**بوشیدانەو**: بوشیدانا.

**بوشێدانەو**: بوشێدانا.

**بوشیدن**: بوشید.

**بوشێدن**: بوشێد.

**بوشیدەو**: بوشیدا.

**بوشێدەو**: بوشێدا.

**بوشیدەوەێ**: بوشیدەو.

**بوشێدەوەێ**: بوشێدە.

**بوشیدەێ**: ئەوە بوشی.

**بوشێدەێ**: ئەوە بوشێ.

**بوشیدیا**: بوشیدا.

**بوشێدیا**: بوشێدا.

**بوشیدیان**: ئەوانە بوشید.

**بوشێدیان**: ئەوانە بوشێد.

**بوشیدیەو**: بوشیدیا.

**بوشێدیەو**: بوشێدیا.

**بوشیم**: بواچیم.

**بوشیما**: بوشیمەو.

**بوشیمان**: ئەوانە بوشیم.

**بوشیمانا**: بوشیمانەو.

**بوشیمانەو**: بوشیما.

**بوشیمن**: بوشیم.

**بوشیمەو**: بوشیمنەو.

**بوشیمەوەێ**: بوشیمنەوەێ.

**بوشیمەێ**: بوشیمنەێ.

**بوشیمێا**: بوشیمنێا.

**بوشیمێان**: بوشیمنێان.

**بوشیمێانا**: بوشیمنێانا.

**بوشیمێانەو**: بوشیمانا.

**بوشیمێەو**: بوشیمنێەو.

**بوشین**: بێژین، بواچین.

**بوشینا**: بوشینەو.

**بوشینان**: ئەوانە بوشین.

**بوشینانەو**: ئەوانە بوشینەو.

**بوشینەو**: بوشینا.

**بوشینەوەێ**: ئەوە بوشینا.

**بوشینەێ**: بوشینا.

**بوشینێا**: بوشینێەو.

**بوشینێان**: ئەوانە بوشین.

**بوشینێەو**: بوشینێا.

**بوعد**: ١. دووری، دویـری: (کەعـبە ئیشـراقی وەکوو خورشیدە، من چاوم زەعیف/ لێم بـووە

ڕۆشن کە بوعدی قوربە، قوربی بوعدە بۆم) «نالی»،٢. هەر کام لە چلۆنایەتی سێیانەی شتێک یا جسمێک: (بەرینایی، درێژایی و بەرزایی یا قوولایی).
**بۆعەبیر**: شتێ بۆی عەتر و عەمبەری لێ بێ: (دایانش پێچاش بەو حەریرەوە/ بە دیباری زەربافت بۆ عەبیرەوە) «خانای قوبادی».
**بۆعەمبەر**: بۆعەنبەر: (سروەیی بۆعەمبەری خۆر کەوتن و عەسرانەکەت) «مینەجاف».
**بۆعەنبەر**: عەنبەراوی: (ئەو بە تایێ زولف سیای بۆ عەنبەر) «بێسارانی».
**بۆعەنبەرین**: عەنبەربۆ، بۆنخۆش وەک عەمبەر: (فیدای بالآت بام زولف بۆ عەنبەرین/ لەیلای سایەدار، زولف و خاڵ شیرین) «بێسارانی».
**بوغ**: ١. هەڵم، بۆغ،٢. دووکەڵ و گازی سووتەمەنی،٣. گازی ئۆکسیدی کەربوون کە لە هەوادا زۆر بێ مەترسیدارە.
**بۆغ**: ١. بۆنگچی ٢. گا و گامێشی چاوسور ٣. بۆخ، بوخار، هەڵمی ئاو،٣. دووکەڵ و گازی سووتەمەنی.
**بوغاری**: کوورە، بوخاری، مغەیری.
**بۆغاریە**: بوخاری، کورە.
**بوغاز**: ١. گرانگ، جێی بە یەک گەیشتنی هەر دوو لقی ئامموورەکە لە کاتی جووتدا، خۆڵ بەملا و بەولای خۆیدا حەوا دەدا،٢. درگا، دەرکە، زار، زارک: (بوغازی گەلی: دەرکی گەلی)،٣. دەربەند، دۆڵ×١٤٣: (بوغازی مەوجی ئەشکم ڕەونەقی دیبای ڕووی لابرد/ مەتاعی مایەیی تاجر لە بەحرا بێ زیان نابێ) «سالم».
**بۆغاف**: گیایەکی شاخی و کوێستانیە.
**بوغچە**: ١. باغچەی گوڵان: (مە ژ بوغچەیا یار زەیینی، بێپرس یەک سێڤەک چنی/ ...) «جزیری»،٢. بوخچە، پرێسکەی چارچمک ئەڕای جل: (داڵگە ئەو ڕۆژە تا زەردەی خۆر چەند تەناف جلی شۆردبوو، لە بوغچەیان نابوو تا سبەینێ بیدەنەوە وە خاوەنەکەی) «کۆردەرە».
**بوغدەداخی**: بوغدەداغی.
**بوغدەداغی**: گوندێکە سەر بە شاری بۆکان گۆڕی پیرمحەمەدی لێیە: (هەتا پرمەی لە گوێ بێ ئەسپی یاغی/ هەتا هەتوانی دڵ بێ، بوغدەداغی) «ڕاوچی».
**بوغدەکەندی**: ١. دێیەکە سەر بە سەرای سەقز: (لە بوغدەکەندی هەتا سەرچاوە) «یادنامەیسەقز»،٢. دێی گەنم.
**بوغرا**: ناوی دەشتێکە.
**بوغڕا**: باغر، غەڕە، بایی.
**بوغڕابوون**: باغربوون.
**بوغرد**: بخوور، بخوورد.
**بوغز**: ڕک، ڕق، قین: (بوغزت لە زەعیفان چییە قوربان، وەکوو قەساب/ بەو خەزز و بەزی ڕیشوەتە، ئەی هیزە، قەڵەو بە!) «نالی».
**بوغزاندن**: ڕق لێبوونەوە، خۆش نەویستن: (بۆ دەبوغزێنی، خۆ چمان پێ نەکوتووی؟).
**بوغزاوی**: ڕقاوی، قین لە زگ.
**بوغزلەزگ**: قینلەزگ، بوغزاوی.
**بوغزلەسک**: ڕقئەستوور، بوغزاوی.
**بوغزن**: بوغزاوی، قینوەن.
**بۆغزنای**: بوغزکردن.
**بۆغزنە**: بوغزاوی.
**بۆغزنەی**: بوغزکردن.
**بوغزنی**: ڕقلەدڵی، کینەبازی.
**بوغزیاو**: بوغزاو: (خۆت بوغزیاو نەکەی لەبەر مەنفەعەت) «مینەجاف».

**بۆغکردن**: ١. هەڵم و شێ لـێ پەیـدابوون،٢. ڕشانەوە.

**بوغڵ**: نـاوی عـێلە×١٥٧×: (ئەوا لە دوور و مـــادووران زەینــــی خـــۆم دەداوە/ عێلــــی سوورچییان، بوغڵ و باڵەکەتییـان لە دەشـتی هەولێرێ) «گەنجی سەربەمۆر».

**بوغلو**: شارێکی باکووری کوردستان سـەر بە تونجەلی.

**بوغلەمش**: گوندێکە لای ساییندقەڵا.

**بـوغمە**: ١. ملەخـڕە، گەروەخـڕێ، دوشـاخە، تـاس ٢. وەرەم، پەنـام، مـاس،٣. جنێـوێکە لە بـاتی قوزەڵقـورت: (جـواو بـۆغمە سـنانە) «پەند»،٤. وستبە، دەمت بگرە،٥. سوخوڵمە،٦. بوغز، ئۆناق، عوقدە.

**بوغن**: پارچە، کوت، تیکە، ئەنجە.

**بوغنبوغن**: پارچەپارچە، تیکەتیکە.

**بوغور**: ١. لۆک، وشتری نێر،٢. قەڵەو، یـاغی، گوێنەدەر.

**بوغــون**: پـل، جنـک، جـنکە، شـتی جنـراو (گۆشت).

**بوغونبوغون**: ئەنجن ئەنجن، پلپـل، جنـراو، ئەنجنراو.

**بـوغە**: ١. بـۆغ، بـۆغە، گـای نێـری قەڵەو،٢. بوغدە، گەنم: (تـایربوغە: گەنمـی خـاوێن)،٣. بوغا، پیاوی کورتەباڵا،٤. پیاوی مل ئەستوور و زگزل: (هێنـدە مـاڵی مفتـی خـواردووە وەک گــای بــوغە ئەســتوور بــووگە)،٥. نــۆکەر، خزمەتکار،٦. ڕەعیەت.

**بۆغە**: ١. بۆغ، گا و گامێشی قەڵەو و چاقسۆر: (چەند قەڵەوە دەڵێی گای بوغەیە؟!) ٢. بـوخە، گـای دەبە،٣. ڕەگەزێکـی چـێڵە،٤. جوانەگـای ملئەستووری نەخەسـاو،٥. نـاوی پیـاوێکە کە بۆ ئازایی ناوی بووە ٦. لۆک، قەوی، بەهێز.

**بۆغەناغ**: تەماوی، شێدار: (هەوا بۆغەناغە).

**بوف**: بوو، کوند، بایەقوش.

**بۆفراندن**: تواندنەوە، توانەوە.

**بۆفرە**: بلۆق، بلق، گۆمەزە.

**بۆفرین**: توانەوە، تاویانەوە.

**بوق**: بۆق.

**بـــۆق**: ١. بەق، قــرواق، قوربــاق، قۆربـــاق، قوربـــاقە، قـــۆرواق، هەفتجـــار، داعبـــایەکی پانکەڵەی گچکەیە بە پـێ مەلە دەکـات: (ڕۆژ پڕە گوێمان لەبەر ئەنهار و جۆگە و هاژەهـاژ/ شـەو نـیـیە خەومـان لەبەر قـرژاڵ و بـۆق و ژاوەژاو) «نـــالی» ٢. دارێکـــی کێـــوی و کوێستانییە، تێکـوڵ سـوور، پەلکشـین، بەری زەردە و لە قەزوان گەورەتـــــــرە، بەری بە کوڵاوی بۆ کەچەڵی زۆر باشە ٣. کەڵەشاخ بـۆ تێتورانـــدن ٤. چـــاوی زەق: (چـــاوبۆق) ٥. پشـــتمل، پژمـــل: (هەر هـــاتمە ئەم دیـــوەو، زللەیێکیـان دا بـۆق ملمـا، پـارەکە مـردم نەک ئیمساڵ) «گوڵونێرگز»،٦. پاڵ، دەڵەک، تەکـان: (بـۆچە بـۆقم ئەدەی: پـاڵم پێـوە دەنێـی؟) ٧. نێرتکـی پیـواز و سـیر،٨. لاسـکی پیـواز،٩. توولەی مێو، مارپێچی مێوییە،١٠. ئەسـتوورایی بەلەک، بۆق بەلەک، ١١. هاڵاو، هەڵم، بۆغ،١٢. شووشـــەی لامپـــا، ١٣. بـــوغز، ڕق،١٤. قەل، قەلەموونە،١٥. وەزەخ، بۆقی گلێ، گیانـدارێکە لە ڕەگەزی بـــۆق کە لە ویشـــکایی دەژی و توانایی بازدانی نییە،١٦. بۆقی ماشـێن، بـووق، سـیگناڵ،١٧. دەنگـی بـۆقی ماشـێن: (لە بەر بیمارسـتان لێـدانی بـۆق یاسـاغە)،١٨. قنـگ، قوون، دوبر.

**بۆقایم**: قایم ببێ، لە هەڵکەندن نەیێ: (تەناف خەیمەی خوسـرەویت دایـم/ بە ئەوتـاد فەزڵ ئێزەد بۆ قایم) «خانای قوبادی».

**بۆقبۆق**: ١. دەنگێکە لە خورتی و ئازایەتی،٢. دەنگی نێری و بەرانیشە لە ناو ڕان.
**بوقبوقانی**: پاڵ بە یەکەوە نان.
**بۆقبـۆقیلە**: بـۆق، بـۆقیلە، بـۆقی گچـکە: (بۆقبـۆقیلەی نـاو ئـاوان، سـەر دەربێـنە لە تەنکاوان، یەک نەمێنێ لە لاوان) «پەند».
**بـوقبییەی**: گـۆڕانی ڕەنگـی میـوە بەرەو پێگەیشتن.
**بوقپۆوەنیای**: پاڵ پێوە نان.
**بۆقپێوەنان**: پاڵ پێوەنان.
**بۆقدان**: پاڵپێوەنان، دەڵەکدان.
**بوقرات**: مەزنترین دوختور و بەژیشکێ دونیا بەریـن ٣٧٥– ٤٦٠ پ.ز. : (سـەرراف ئەگەر ببێتە بـوقرات/ تەخمـین بکەتـن ب وەزن و قیرات) «خانی».
**بـۆقژە**: ١. پەژک، پەشـک، چڵـێ لە دار ٢. پیـزووکەو دەمـی، پیـزووکەی دەم، نەخۆشـی زاری زارۆکان،٣. بڵقی ئاو.
**بۆققە**: جۆرێ ئاسکی گەورەی ئەفریقی.
**بۆقک**: مست، لاوێچ.
**بۆقل**: ١. پووز، گۆشتی بەلەک: (کچی لەباری ڕەوەند/ هەڵیکـرد بەلەک و زەنـد) «هـێمن»،٢. نەرم، شل(بۆ گۆشتی).
**بۆقلە**: بووقلە، قەلەمـوونە، قەل، بۆقلەمـووت، بۆقلەمون، بەقلە، عەلیشیش، عەلۆعەلۆک.
**بـۆقلەزگ**: بـوغزاوی، غەزراوی، ڕکـوونی، دخەزدار، قینئەستوور.
**بۆقلەموت**: بۆقلە، قەل.
**بۆقلەموون**: بۆقلە، قەل: (گەه تـاوس و گەه کەبکـن و، گەه بۆقلەمـوونن/ گەه ئـاتەش و گەه شوعلە، گەهێ دوودی سیاهن) «نالی».
**بۆقلەمە**: قەلەموونە.
**بۆقلی**: باقلە، پاقلە، باقلکی کێوی.
**بۆقمل**: پژمل، بۆقەتە، پشت مل: (هەر هاتمە ئەم دیوەو، زللەیێکیـان دا بـۆق ملمـا، پـارەکە مردم نەک ئیمساڵ) «گوڵونێرگز».
**بۆقە**: ١. دەنگی گای کەمتر لە بۆڕە،٢. مـرقە، دەنگـی بەراز،٣. بـۆقە، جـۆرێ ئاسـکە،٤. حاڵەتێکە بە سەر دەغـڵدا دێ، ئەو شـوێنانەی کە پاشان دەبنە گوڵ تۆزێ هەڵدەمسێن،٥. پاڵ.
**بۆقەبۆق**: ١. بۆقە، دەنگی ڕەشەوڵاخ لە بۆڕە نزمترە،٢. بڵقەبڵقـی ئـاو کە دەفـری زارتەنـگ بێتەدەرێ.
**بۆقەپف**: بریتی لە زەلامی زەبەلاح و قەوی و خرچاخوف.
**بۆقەتە**: پشتمل، پژمل: (موی حەوسەد وشتر ئەمکـرد وە جلـی/ هێشـتا هەر دیـار بـوو بۆقەتەی ملی) «کەرکوژ».
**بۆقەتەیمل**: مێرابی مل، بۆقەتە.
**بوقەتی**: بۆقەتە، پشتەمل.
**بوقەتیملی**: بۆقەتەی مل.
**بۆقەخۆرە**: جۆرێ هەڵـۆیە لە نزیـک زەل و قامیشەڵان دەژی و بۆق و ماسی دەگرێ.
**بۆقەشینکە**: جۆرێ بۆقە: (قەراغەکانی ڕووبـار پـــڕن لە قامیشـــــەڵانی چـــــووکەڵە، لەو قامیشـــەڵانانەدا بـــۆقە شـــینکەی گەورە دەسووڕێنەوە) «حەمەدۆک».
**بۆقەلەمـوون**: ١. بـۆقلە، قەل،٢. هەر شـتێکی ڕەنگاوڕەنـگ،٣. گـوڵزاری ڕەنگـین: (بـڕوانە گوڵشەن کە ئەڵێی بۆقەلەمـوونە/ گەه سـەوزە، گەهـێ زەردە، گەهـێ مـاوی و سـوورە) «بێخود»،٤. جۆرێ قوماشی ڕۆمی و ڕەنگـی،٥. جۆرێ سەرمازەڵە، ٦. بریتی لە کەسێ کە هەر ساتەی ڕەنگێ ئەگۆڕێ.
**بۆقەمەلە**: مەلەبۆقە، جۆرێ مەلەیە.
**بۆقێ**: ١. بۆقێک، یەک بـۆق،٢. نازنـاوی ئەو

کەسەیە کە ڕووخساری وەک بۆق دەرپەڕیوە.
**بۆقیئاویْ**: بۆق، قورواق.
**بۆقیگلّیْ**: بۆق، وەزەخ.
**بۆقیمل**: بۆقەتە، پشت مل.
**بـۆک**: ١. تینـدار، بەهێـز، بەگـوڕ ٢. بـووک، وەوی: (بۆک کە ل ئەسـپیْیە، بڤـین قسـمەتیْ کیْیە) «پەند»،٣. گیایەکە تێکەڵی سیریژ دەکریْ و دەخوریْ.
**بوکان**: کۆی بوک، بوکەکان: (تەزیـن کـو بـو تەمام ل بوکان/ ئایین کەتە: چارسو و سوکان) «خانی».
**بۆکـــان**: ١. شـارێکی کوردنشـینی موکریـانە هەڵکەوتـوو لە مـابەینی سـەقز و مەهابـاد: (لە سەقز و لە بۆکان/ شـین و شـەپۆڕە و گریـان/ تێکۆشــەر لە دار دران/ قارەمـان لەنـاو بـران) «هێمن»،٢. ناوی کچانە.
**بۆکانی**: ١. پێوەندیدار بە شـاری بۆکـانەوە،٢. خەڵکـی بۆکـان: (وا تـێمەگە بۆکـانی لە چـاو خەڵکـی دی زۆر بـن) «حـافزی مەهابـادی»،٣. بۆکان: (بووکی شـارانە شـاری بۆکـانی/ کـانی زێڕینە، گەوهەری کانی) «حەقیقی».
**بۆکانی**: بۆ سەرچاوە و کـانی: (پـێش ئەوەی پۆلی نەشمیلان/ شلْشل داگەڕێـن بـۆ کـانی) «هێمن»، (خۆزگەم بە گۆزە بـاوانم دەچـیْ بـۆ کانی) «حەسەن زیرەک».
**بوکبوکێنە**: بووکانیْ، گەمەی بووکێن.
**بوکت**: سەد و بەندی بەر ئاوایی.
**بوکر**: بکر، کچ: (دوور بوو ژ ئەفعالیْ بشـک/ ژ ئەمرەد و بوکریْ خوەشک) «فەقیْ تەیران».
**بوکرابوهوشـت**: حـووری، کچـی بەهەشـتی: (ڕۆهنیـا فنـدیْ گەهشـتیْ/ حووریـا بـوکرا بوهوشتیْ) «فەقیْ تەیران».
**بوکراڕوومەهـ**: بکری ڕووماه کچی ڕوومانگ: (شەیخ گـۆ: سـەفیهیْ ئەڵلاهـم/ سـوندخواریْ بوکرا ڕوومەهم) «فەقیْ تەیران».
**بـــۆکران**: ١. تــوانین، پیْکــران: (چەنــدی پێمبکریْ دەمێنم لێرە) «بۆکوردستان»،٢. بۆلوان، گونجان: (سبەی بۆم ناکریْ بـێم)،٣. گونـدێکە لای سۆران.
**بۆکردگ**: بۆنگرتوو، گنخاو.
**بـۆکردن**: ١. گنخـان، گەنـین، بـۆنگرتن،٢. بۆنکرن، بـۆ هەڵمـژین: (بینـێن بە سـەر نـانۆ، سەگ بۆی پێوە ناکا) «پەند»،٣. بۆگێڕانەوە، بـۆ بەیان کرن: (ماجەراییْکم هەیە بیْ بێش و کەم/ هیچ درۆی تێدا نییە با بـۆت بـکەم) «حـاجی قادر»،٤. بۆکرین، بۆسـەندن: (نینـی نینـی نـین دەکا/ داوای ئەسپ و زین دەکا/ بـابی نەمـریْ بۆی دەکا) «فۆلکلۆر».
**بوکرسکان**: گوندێکە لای چۆمان.
**بوکرووز**: بۆکرووز.
**بـۆکرووز**: کـرووز، کـزووری، بـۆنکرووز، بۆکرۆز، بێنکوورزیک، بۆپرووز، بۆنی ئێسـک یا خوری سووتاو: (فەڵەک ئەر سـۆتان گەردم دەر وە باد/ جە بـۆپرووزم یـار بـاوەرۆم یـاد) «ئەنساری».
**بۆکرووزلیْهەستان**: بریتی لە زۆر نەدار بوون: (ئەگەرچی بۆکرووزم لـیْ هەڵدەسـا و عەبەش چەور و تێروپڕچی بوو) «کۆردەرە».
**بوکرووزی**: بۆکرووز.
**بوکریا**: بۆنکراو.
**بوکریی**: بۆنکراو.
**بوکز**: بۆکز.
**بۆکز**: ١. بۆسۆ،٢. بـۆنی گۆشـت یـا چێشـتی سوتاو،٣. بۆکس.
**بوکزانی**: بوکسبازی.
**بوکزبییەیْ**: بۆکز بوون.

**بوکزە**: بۆکز.
**بۆکس**: بۆکز، بوکز، جۆرێک کێبەرکێی و یاری بە مست.
**بوکسانی**: بۆکسبازی.
**بۆکساوات**: بوکسەواد.
**بۆکسر**: زنجیرە چیاییەکە لە خۆرئاوای ئاکرێ.
**بوکسشان**: بۆکسوەشێن.
**بوکسشانە**: بۆکسباز.
**بوکسەوات**: بوکسەواد.
**بوکسەواد**: بوکسەوات، خلیسکان و سەرنەکەوتنی ماشێن لە جێی خز.
**بوکسەوادکردن**: ١. گیرکردنی مەکینە دە قوڕ و بەفر،٢. لە سەر جێی خۆ بوون و پێش نەکەوتن لە کارێک.
**بۆکسێر**: بۆکسباز، مولاکیم.
**بۆکسیل**: کاری کێشانی ماشێنی پەککەوتە.
**بۆکشان**: بۆ لا چوون، بۆ لا ڕۆیین: (هەر لە بانگی شێوانەوە پیاوانی سولەیمانی لە مەڵکەندی و سەرشەقام و کانیسکان، سابوونکەران و دەرگەزێن و گۆیژەوە بۆی ئەکشان) «ڕشتەی‌مرواری».
**بوکک**: ١. باپشکێو، چینچکەسلاو ٢. بووکەڵەی منداڵان ٣. گلێنەی چاو.
**بوکلە**: بووکی منالان، بووکک.
**بوکڵە**: بووک، بووکک.
**بۆکڵێشە**: ١. بۆکەڵێشە، بۆنی بن‌باخەڵ و قاچ،٢. بۆی لەشی زۆر چڵکن.
**بۆکوڕووز**: بۆکڕووز: (بۆکوڕووزی باڵی پەروانەی نەبایێ نیوەشەو) «جومعەکان».
**بوکورەک**: مەلێگە جوور مەلووچگ.
**بۆکۆن**: ١. ناوساجی، زرووبی،٢. بۆنی شتێ کە کۆن بووبێ.
**بۆکونابۆک**: دوودڵی، دڕدۆنگی، شک: (بە بۆک و نابۆک سەری بردە ژووری و خاوەن‌ماڵی دی) «هەزار ئەشکەوت».
**بۆکە**: ئازا، زاتدار، بەهێز، بەهیمەت.
**بۆکەبۆکە**: گەورەپیاوان.
**بۆکەر**: بین‌هلکەر، لکژۆنەک، بۆژەن.
**بۆکەردەی**: بۆن‌کردن.
**بۆکەرۆ**: بۆن‌بکا، بۆنی‌کات: (کێ بۆ بۆکەرۆ بەرزەڵنگ سەختم) «م.ح. دزلی».
**بۆکەڵێشە**: بۆدرن، بۆندرن، بۆی بن‌هەنگڵ.
**بوکەی‌خواروو**: گوندێکە لە باکووری بەنداوی دوکان.
**بوکەی‌سەروو**: گوندێکە لە باکووری بەنداوی دوکان.
**بوکینی**: بوکیەتی، بیکیەتی: (دبێژن جارەکی ژنەکێ دڤیا بچیتە سەرەدانا مالا بابی، ئەو بخۆ سەردانا پشتی بوکینیێ بوو) «گولواز».
**بوگرێزە**: ڕاکە، هەڵێ.
**بۆگنتک**: بۆگەنتک، بۆنی میوەی گەنیو.
**بۆگنخ**: گنخ، بۆگنخاو، بۆنماوی، بۆگەمرخە، تۆ و هەر چتێکی بە تەڕی هەڵگیرێ.
**بۆگنخاو**: بۆگنخ.
**بۆگنخی**: گنخی، بۆنداری شتی بە تەڕی هەڵگیراو.
**بۆگوڵ**: ١. بۆن و بەرامە وەک گوڵ: (بۆ گوڵی، تەلعەت گوڵی، ڕوومەت گوڵی، ڕوخسار گوڵ/ گوڵعوزاری نازداری، دڵشکاری خودسەرم) «ئەدەب»،٢. ناوی گۆرانییەکە: (دوێنێ گوڵێکم بینی لەم باخە/ دڵ بۆ ئەو گوڵە پڕ ئاخ و داخە) «ع. مەردان».
**بوگولە**: گیایەکی بەرزی گەڵا پانی بۆن ناخۆشە.
**بۆگونجان**: بۆ لوان، پێ‌کران.
**بۆگە**: ١. بۆژۆ، بۆژە، گەندەژە، گیای بۆن‌گرتە،

٢. بـۆ، بـۆگەن: (بەشـی لەش دیـارە لە ژێـر گڵکـۆدا/ ڕیشـە سـووتاوە لە بـۆگە و بـۆدا) «ڕاوچی».
**بۆگەبەستی:** بۆگەبەسی.
**بۆگەبەسی:** ١. دێیەکە سەر بە تورجانی سەقز، ٢. خێوەت و ڕەشماڵی ئاغا.
**بۆگەڕان:** لە شوێن گەڕان: (ئامان سەد ئامـان گەڵواخی لە بەحر و بەڕن/ بـاوکەکەت بمـرێ بۆ تۆ ئەگەڕن) «ئاوێنەیبێگەرد».
**بۆگەمرخە:** بۆگنخ، بۆگنخاو.
**بـۆگەن:** ١. بۆگەنیـو، بۆگەنـدای، بووگەنـد، بێگەن، گەنی، گەنیـو، کـف، بـۆی نـاخۆش: (یـــان لەنـــاو بـــۆگەن و نزمـــایی ژیـــان) «بۆکوردستان»،٢. بریتی لە بیر و بـاوەڕی کـۆن و خراپ.
**بۆگەنتک:** بۆگەن، جۆرێ بۆنی ناخۆش هـی میوەی ڕزیو و شتی وا دێ.
**بۆگەندای:** بۆگەن، بۆگەندی.
**بۆگەندی:** بۆگەنی، گەنیو.
**بۆگەنکە:** ١. فسـۆس، گیانـدارێکە لە ڕێـوی گچکەترە و زۆر بۆگەنە،٢. سن، بوونەوەرێکی گچکەیە لە قالۆنچە بیچکترە،٣. بۆگەنیوە، گیـا بۆگەنیو، گیـایەکی خۆڕسـکە،٤. ژنـی بـۆگەن، بـۆگەنکە، ژنـی کە بـۆنی درێـی لێ‌بـێ،٥. ئاودەس: (دوو کەڕەت ڕەسمە بەرەو بـۆگەنکە چوون/ جورمی شێلاقی هەیە بێ نۆبە چوون) «ڕاوچی».
**بوگەنکەردەی:** بۆگەن کردن.
**بۆگەنکە:** بۆگەنکە.
**بوگەنە:** بۆگەن.
**بوگەنی:** بۆگەنی، بۆن ناخوەشی.
**بۆگەنی:** بۆگەنیگ، گەنیو، گەنیگ.
**بۆگەنیبوون:** گەنیان، بۆنکردن: (تەرمەکـان لە نێـو مەزاری عـارف سـائیم بەگدا بۆنیـان کردبوو) «حەمەدۆک».
**بۆگەنیگ:** بۆگەن، بۆکردوو، گەنیگ.
**بۆگەنیو:** بـۆگەن، گەنـانراو، بـۆی نـاخۆش: (ئەگەر هەمـوو ئێـوارە و سـبەینان دێـتەوە/ بە دمی چڵمـاوی، بە زاری بۆگەنیـو، بە سـمێڵی وەکوو قرژاڵی) «گەنجی سەربەمۆر».
**بۆگەنیبوون:** بۆن پەیداکردن، گەنین.
**بۆگەنیوە:** بۆگەنکە، گیا بۆگەنکە.
**بول:** ١. بیل، خەڕێ سییەێ دەور جۆمجـۆمە، ٢. خوەڵەکوو، خۆڵەمێش.
**بوڵ:** خۆڵەمێش: (بوڵی سفتەی مـن بـکەن وە سەردا) «بێسارانی».
**بۆل:** ١. زۆرملێ، بەتۆیزی ٢. زۆر، زێدە، فرە، ٣. پان، فـش، هەراو،٤. پارچەمەڕێـک، پـارچە وشترێک،٥. بۆڵ، ڕان، گەلە، مـێگەل،٦. قنـگ، قوون، کونگ.
**بۆڵ:** ١. جندە، قاحپە، سۆزانی، حیز ٢. گـلار، گلـوو، گلـووەترێ، تلـیە، لبەتـری، دەنکـی هەنگــور ٣. زەنــگەتە، تلوتــک، یەشــوو، هێشووی ترێ و خورما: (بۆ دزی بۆڵێ تـرێ، یـا لـێفە کـۆنێکی دڕاو/ خـۆت بە نـاحەق موستەحەقی گرتن و مەحبەس مەکە!) «قانع»٤. زەنگی زل بۆ ملی ئاژەڵی پێشەنگ ٥. زەنگـی کلێسە: (لە نـاو مەنـارەی کڵێسـەکەدا بـۆڵێکی گەورە هەبوو) «ڕشتەیمرواری»،٦. خـۆڵەکەوە، مشــکی ٧. دۆڵ، دەڕە، گەڵــی، بوهــل ٨. ئاوتێزاو: (ترێ بۆڵ بووە)،٩. دەنگـی بـۆڵە،١٠. بۆل، ڕان، مێگەل،١١. منـداڵ کە قسـەی تەواو بـــۆ ڕاســـت نـــابێتەوە: (بە زمـــانی بـــۆڵ و منداڵانەوە) «شەوارە»×١٩٩×: (بە زمانی بۆڵ و ڕیشـی پـان/ بـۆ سـۆفیلکەی بـۆر و نەزان) «ڕاوچی».

**بۆلاچوون**: چوونە لا، ڕۆیشتنە کن کەسێ: (تا شتی تەڕ و بڕ هەبێ، بۆلای شتی ئیشک و برینگ ناچم) «فۆلکلۆر».

**بولاغ**: ١. ناوی شوێنێکە لە قەزای قەڵادزێ: (ڕێـــی نەوتەکە بـــاجگیری ئەگەر زۆرە دەفەرمووی/ ڕێی خاسە بە شەو خاڵییە با بێ بە بولاغا) «شێخ ڕەزا»،٢. بـولاغ، بـلاغ، کـانی: (باشبلاغ).

**بۆڵاغئووتی**: گیایەکی کوێستانییە گەڵای پان و مەیلەو سپییە بۆ نەخۆشی چلکـی و شـەکرە و شێرپەنجە باشە.

**بۆڵانـــدن**: ١. بـــۆڵانن، ورتەورت کـــردن: (جارجار باوکم دەکۆکی و بەڵخەمێکی دەکردە نـاو مەقـاڵەکە و بە خـۆڵەکەوە دایدەپۆشـی، دالگە لە ژێر لێوەوە دەیبۆلاند) «کـوردەرە»،٢. بۆلاندنی ورچی توورە.

**بولانیک**: شارێکی باکووری کوردستانە سـەر وە پارێزگای موش.

**بولاوسەر**: خۆڵ بەسەر، خاک بسەر.

**بۆڵبزمارە**: بۆڵمازو، جۆرێ ترێ.

**بولبول**: ١. بلبل، بولبول، مەلێکی دەنگخۆشە: (گـوڵ بە دەم بـادی سـەباوە پێکەنـی، یەعنـی وەرە/ تۆ لە وەسڵم بۆ بەرە، ئەو بـۆیە بولبـول شین دەکا) «نـالی»،٢. نـاوی شـاعرێکی بەرزی هاوچەرخی مەولەوی بـووە، حەزی لە کچـی مەولەوی کردووە و حەزەکەی دەرنەبڕیـوە تـا مەولەوی کەچەکەی ئەدا بە شـــوو: (چێشــەن پەشێویم: ماتەمیی دڵەن/ یا کزەی ئامای نامەی بولبڵەن؟) «مەولەوی»،٣. بریتی لە ڕەوانبێژ،٤. بریتی لە دەنگخۆش،٥. ناوە بۆ کچان.

**بولبوڵ**: بولبول، بلبل.

**بولبولدەمەوبەیانە**: ناوی گـۆرانییەکە: (بولبـول دەمەو بەیـــانە/ مەلان دەرچـــوون لە لانە) «ع. مەردان».

**بولبولمەشرەب**: گفتخۆش، خۆشمەشرەب: (بیحەمـــدیللا بە بولبولمەشـرەبێکی فازیـــل و خۆشـــــحاڵ/ عەتـــــای فەرمـــــوو خـــــودا گوڵغونچەییێکی تازە و لێوئاڵ) «بێخود».

**بولبـــولنەوا**: دەنـــگ و ســـەدا خـــۆش وەک بولبول: (قومری سەڵایێ، بولبول نەوایـێ/ لالە لیوایێ، ئاهوو نیگایێ) «مەولەوی».

**بولبولە**: ١. لوولەی مەسینێ شەراب: (گوهـدە زیکری حال و جوشا بادەیێ/ وی ب بولبـول ڕا دخونـت، بولبـولە) «جزیـری» ٢. لـوولەی تەنگی تۆنگەی تراو تێکردن،٣. ڕیشـووێک لە چەند مووروویێک هۆنراوەتەوە بۆ ڕازاندنەوە.

**بوڵبەر**: بلبەر، دێـیەکە لە دێکـۆی هەورامـانی تەخت، بەشی ناوچەی مەریوان.

**بولبەشـــــەر**: بـــاوکە گەورەی ئـــادەمیزاد، حەزرەتـی ئـادەم: (ئەو جەننەتـی دوو دانەیـی خاڵـــت، دڵـــی مەی بـــرد/ ئەو دانەیە بـــوو، بولبەشەری خستەوە وەسواس) «ئەدەب».

**بولچق**: قولچووخ بەڕوو.

**بۆڵدزێر**: جۆرێ مەکینـەی گەورە بـۆ کـاری قورس و ڕێگا کێشان.

**بۆڵژن**: بۆڵە، ناڵە، دەنگی زل: (دەنگـی دەلێـی بۆڵژنی دێوە).

**بولغار**: بولغارستان، ناوی وڵاتێکە: (دبارن ئار ژ ئاسمانی/ ژ دۆما چەرخ و دەورانـی/ گەرێ ئاڤێتە ڕەیحانی/ بخوور نائێ ژ بولغارە) «فەقـێ تەیران».

**بولق**: ١. بلـق،٢. کەرەم، خواسـت: (لە بولـق خودا واران واری).

**بۆڵقوو**: ١. میلەیگە ئاسـنی ک سیمەیل دەور جەبە وەپێ سفت کەن،٢. وە زوور چشتێ وە زەو کوتان.

**بۆڵقەمیش**: گوندێکە لە خۆرهەڵاتی تەقتەق.
**بۆلک**: گۆرانی شووانییە.
**بۆڵک**: لوتکە، دوند، ترۆپک، تۆقەڵەی چیا.
**بولکە**: ئالشت.
**بۆلگ**: تەپڵی سەر، تەوقەسەر.
**بۆلگە**: دەڤەر، مەڵبەند، هەرێم، ناوچە.
**بۆڵماز**: بۆڵمازو: (بۆڵماز و مسکی و مێخی و ڕەزاقی) «پیرەمێرد».
**بۆڵمـازو**: ١. دەرەبـۆلە، بۆڵمـازوو، جـۆرێ ترێی سووری دەنک زل،٢. بۆڵبزمارە، جۆرێ ترێی سپییە.
**بولمەشانا**: خۆڵەمێشی بوەشاندمایە: (ئەوسـا ئەر مەرگم بامـا جەو دەمدا/ بـولم مەشـانا، بە یانەی خەمدا) «بێسارانی».
**بولْنای**: بۆڵنای.
**بۆڵنای**: بۆڵانن، پرتەکردن.
**بولنـدئیقباڵ**: کـامەران، بەخـتەوەر، بەختیـار: (چی بولندئیقباڵ، ساحێب بەختەنی/ یار ئامان وە لات، جەهد و جەختەنی) «سەیدی».
**بوڵندی**: بەرزی، بڵندی: (لە ئەوجی بولـندی سەدای دوورڕاج/ بە ئەستوون فەلەک بـوویەتی ئیحتیاج) «حەمدی».
**بۆڵنەی**: بۆڵاندن، ورتاندن.
**بۆلوان**: توانین، بۆکران، دەس ڕۆیشتن: (پێـی وابـوو بەربـووە و هەمیشـە بـۆی دەلـوێ) «توحفە».
**بولوسک**: تەوەرە.
**بولوەفـــا**: نـاڤێ مێـرانە: (دوو ژن پـێکەوە هەویریان ئەشێلا، یەکیان لەوی کەیانی پرسـی، چەن شووت کردووە؟ وتی: ئیسک و میسـک و مسـتەفا/ حـافە و جەمشـید و بولوەفـا) «ڕشتەی مرواری».
**بۆڵە**: بۆڵە.

**بۆلە**: ١. ورتە، بڵمە، ختـە، پـرتەی تـووڕەیی: (دایە پیـرە بـۆڵەیەکی لـێدێ) «ئەمیـری» ٢. مشکی، خۆلی ٣. دەنکی ترێ، گلووە تـری،٤. گوندێکە لای ڕانییە.
**بۆڵە**: بۆلە.
**بولەبوڵ**: بۆڵەبۆڵ.
**بۆڵەبـۆڵ**: بڵمەبڵـم، پرتەپـرت، جرتەجـرت، جرتوفرت، ختەخت، ڕنگەڕنـگ، فرتەفـرت، کوتەکوت، بـۆڵەی زۆر: (بەڵام لەگەڵ شـین و شـەپۆڕ و گریـان/ بۆڵەبـۆڵی دێـوەزمەکە هەر دەهات:) «هێمن».
**بۆڵەبۆڵکردن**: فلتاندن، فرتاندن، بڵمانـدن: (چ ڕۆژێـکە خـوا ئەمـرۆ کە هـاواری بریـندارم/ نەوێرم بانگی بۆ هەڵدەم، بە بۆڵەبۆڵی ژێر لێـو کەم) «قانع».
**بۆڵەبۆڵهاتن**: زۆر بۆڵاندن.
**بۆڵەبۆڵکەر**: بەبۆپەبۆڵ.
**بۆڵەبۆڵکەردەی**: بۆڵاندن، پرتە کردن.
**بۆڵەترێ**: ١. بۆڵ، دەنکی تـرێ،٢. هێشـووی تـرێ: (دیـارە لەبەر ئەوەی بـۆڵە ترێکـان نەکەونە زەوی، دارەکـــان چەقێنرابـــوون بە زەویدا) «کۆردەرە».
**بۆڵەتەمە**: بۆڵەتەمێ.
**بۆڵەتەمێ**: بۆڵەنمە، ئاڵوبۆڵی ترێ: (ئەو ترێیە بۆڵەتەمەی تێکەوتووە).
**بـۆڵەتەمێتێکەوتن**: تـرش و شـیرین بـوونی بەرسـیلە، ئـاڵوبۆڵ بـوون: (تـرێ بـۆڵەتەمێی تێکەوتووە).
**بۆڵەکردن**: بۆڵاندن، بڵماندن، ختەکردن: (بـۆ ئەوەی دایکی بۆڵەی لە سەر نەکا، بە پەلە تاڵە ڕەشەکانی سەر شانی ڕاکێشا) «نیساری».
**بولەکۆتەی**: بـۆڵەنمە، سـەرەتای پێگەیشـتنی میوەی بۆڵدار.

**بۆلەکوڵبوون**: زۆر بە تاسەوە بوون بۆ کەسێ: (کیژم وەرە سوورە گوڵم/ زۆر دەمێکە بۆت لە کوڵم) «چاک».
**بۆڵەلێهاتن**: بۆڵەکردن، بۆڵاندن: (چوومە بەرەوە سڵاوێکم کرد، هیچ نەجمیا، بەڵام وە لاڵوولێکەوە بۆڵەیەکی لێ هات) «ڕشتەی مرواری».
**بۆلەمڕ**: ژیلەمۆ، ژیلە، خۆڵەمێشی گەرم.
**بۆڵەمڕ**: ژیلەمۆ، مشکی سەر سکڵ.
**بوڵەند**: بەرز، بڵند: (پایەت بوڵەند بۆ، سایەت فراوان/ پەی پەیکەردەی ڕەم دیدەسیاوان) «مەولەوی».
**بولەندئاشیان**: جێ و مەکان بڵیند: (شەهزادەیە، شەهنشینمەکانە/ عەنقایە، بولەندئاشیانە) «خانی».
**بولەندئەمیر**: ئەمیرێکی پایەبەرز: (بووم وە نۆشینگەی کەیخەسرەو ناوێ/ بولەن ئەمیرێ حشمەت پەنایێ) «مینەجاف».
**بوڵەنددەماغ**: لووتبەرز، بەدەمار: (خەیلێ ساحێبحوسن، بوڵەنددەماغەن/ وێش وێنەی تاوس، ئەسپش چون زاغەن) «خانای قوبادی».
**بوڵەندکردن**: ١. بەرزکردنەوە،٢. دەنگهەڵبڕین: (بوڵەن کەر دڵسۆز سەدای دڵتەنگی/ بەڵکم بێدار بوو جەی خاو سەنگی) «مەولەوی».
**بۆڵەنمە**: بۆڵەتەمێ، ئاڵوبۆڵ.
**بۆڵەنمێ**: بۆڵەنمە، ئاڵوبۆڵ.
**بولهەوەس**: هەوەساوی، هەوەسباز: (دەستی من، دامێنی تۆ ئەی خامەیی موشکین نەفەس/ با بنووسین ماجەرایی هیجرانی یاری بولهەوەس) «حاجی قادر».
**بۆلی**: گوندێکە لای سیدەکان.
**بۆڵی**: ١. بۆڵ، گلار، گلووەتری، دەنکە تری ٢. هۆزێکی کۆچەری کوردە،٣. گوندێکە✖: (ئەمانە باون: بەزم لە کۆیە، ڕەزم لە سلێمانی، کراس لە بۆڵی) «ڕشتەی مرواری».
**بۆڵیان**: ناوی شوێنە✖: (ئامۆزا لەوێ دەستێنمەوە خەرجی شەک و زەکاتانەی پووشانەی دە شاخانە/ سەرحەدی سوورچی و دە بۆڵیانە) «گەنجی سەربەمۆر».
**بۆڵیای**: بۆڵاندن، بۆڵەکرن.
**بوم**: ١. زەوی، زێد، خاک، نیشتمان،٢. تەختی کولمە، تەختایی ڕوو: (مەواچان زولفان موشکین زوخاڵت/ بێناز، پەشێوەن، وە بومی لاڵت) «بێسارانی»،٣. تەختی خۆر: (ئاوەرد بە ڕوخسار بومی ئافتاودا) «بێسارانی»،٤. بووم، بوو، کوند: (نەدبونە خرابەیێ د دەست بوم) «خانی».
**بۆم**: ١. بۆمب، بۆمبا، تەقەمەنی: (حەیس و باس و بەیت و باوی تەقەکە لە ئاوایی و دێییەکانی دەوروپشت وەک بۆم تەقیوە) «ئەمیری»،٢. سەرزەمین، وڵات،٣. گێل، گێژ،٤. بۆ من، ئەڕای من: (بۆت بە داخن هیند و ڕۆمە، وای لە خۆم بەدبەخت و شۆمە/ گەر نەزەر کا یار بۆ مە، بۆم دەبێ جەنەت وەجەب) «ئەحمەدیکۆر»،٥. بۆنی من: (شنەبا ڕێ نەدەم کە بۆ لای خۆم/ کێ دەبا بۆ هەموو وڵاتێ بۆم؟) «هێمن».
**بومادەران**: چاوکوتکە، گیایەکی بۆنخۆشە.
**بۆماران**: بۆمارانە.
**بۆمارانە**: بۆماران، بۆیماران، بۆمایران، بوومارووو، بێژان، وەرکەمەر، گوڵەمارانی، گیایەکە دەرمانە و زۆر تاڵە.
**بۆمان**: بۆ ئێمە: (خوێندن بە زمانی خۆمان/ سووچ و تاوانە بۆمان) «هێمن».
**بومانبەر**: ١. زەنبەر،٢. پێشبینیکەر.
**بومانبەردەی**: ١. زەن بردن،٢. پێشبینی کردن.

**بومان‌به‌ره**: ١. زه‌ن‌به‌ر،٢. پێش‌بینیکه‌ر.
**بۆمانتی**: کارخانه‌ی بیره‌یه: (سه‌هۆڵی پیری موباره‌ک، بۆمانتی سه‌ر قه‌ندیل/ ده‌ماری نه‌وت، یه‌ک بگرن، ئه‌بێته ڕووباری نیل) «پیره‌مێرد».
**بومانی**: ١. زه‌ن، گومان،٢. پێشبینی.
**بۆمب**: بۆمبا: (گرمه‌ی بۆمبا و زرمه‌ی گولله‌ی داگیرکه‌رانی کوردستان) «شه‌ره‌فنامه».
**بۆمبا**: ١. نارنج، نارنجۆک،٢. بۆمب، گولله‌ی زه‌لامی فڕۆکه: (نامه‌وێ گرمه‌ی بۆمبا/ به کوته‌ک له که‌لله‌م با) «گۆران».
**بۆمبابااران**: بۆمباران: (له فڕۆکانه‌وه بۆمباباران/ کڵ و پێشمه‌رگه به ئاگر خاران) «بۆکوردستان».
**بۆمباخ**: بۆمباخ.
**بۆمباران**: بۆمب‌باران، بۆمب هاویشتن.
**بۆمباران‌کردن**: خستنه خواره‌وه‌ی بۆمب له فڕۆکه‌وه.
**بۆمباردمان**: بۆمباران: (فه‌قیر و هه‌ژار بۆمباردمان کا/ یاخود پیاده بێ و خه‌ڵکی تالان کا) «قانع».
**بۆمباوێژ**: بۆمباهاوێژ، بۆمب‌هاوێژ.
**بۆمباهاوێژ**: ١. نارنج‌ئاوێژ،٢. فڕۆکه‌ی بۆمبا هه‌ڵگر: (خاوه‌نی تانک و تۆپ و فڕۆکه‌ی بۆمباهاوێژ) «شه‌ره‌فنامه».
**بۆمبای‌سووتێنه‌ر**: نارنجه‌ک یا بۆمبی سووتێنه‌ر.
**بۆمب‌ئاڤێژ**: بۆمباڤێژ، بۆمباهاڤێژ.
**بۆمب‌باران**: ژ هه‌وادا بۆمب پێ بالفڕ لسه‌ر هه‌ده‌ف ڕشاندن.
**بۆم‌بلێ‌تۆزه‌تۆزه**: ناوی گۆرانییه‌که: (بۆم بلێ تۆزه تۆزه/ زولفی له ملان ئالۆزه/ باسکم وه ژوور سه‌ری ده/ جه‌حه‌نده‌م ده‌شکێ گۆزه) «حه‌سه‌ن زیره‌ک».

**بۆمبه**: بۆمب، بۆمبا.
**بومچ**: بۆمچک، بۆمچه، بۆمچه‌وه، بۆمچه‌و، بۆگه‌ن، بۆگنخ، بۆی زۆر ناخۆش.
**بۆمچک**: بۆمچ، بۆگنخ.
**بۆمچه**: بۆمچ، بۆگنخ.
**بۆمچه‌و**: بۆمچ، بۆگنخاو، بۆهه‌ڕنه‌مووت.
**بۆمچه‌وه**: بۆمچه، بۆمچ.
**بۆم‌دانه**: به من داوه، پێداوم: (وانێ ساڵا پار دوژین بۆم دانه) «په‌رویز جیهانی».
**بۆمردن**: ١. زۆر به تاسه‌وه بوون،٢. زۆر به ئاخ و داخه‌وه بوون: (وتی: لێم لاده‌ن، من وا ڕابوردووم/ سه‌له‌مم ماوه بۆ ئه‌وه مردووم) «پیره‌مێرد».
**بوم‌شه‌ریف**: گه‌وره بووم، سه‌رفراز بووم: (بوم شه‌ریف باستانێ، شاهیدێن وێ گولستانێ) «جزیری».
**بۆمن‌چاکن‌ئه‌وچاوانه**: ناوی ئسترانه‌که: (بۆ من چاکن ئه‌و چاوانه/ ته‌حجا له‌و ڕێزه خاڵانه/ ناتبینم ماڵم وێرانه) «مامڵێ».
**بومه**: م بومه: (بومه ئاو).
**بۆمه**: بۆ ئێمه: (عیشقی تۆ ده‌مسازه بۆمه، گه‌ر فیراقه گه‌ر ویساڵ/ نوتقی تۆ جان‌به‌خشه بۆمه، گه‌ر خیتابه گه‌ر عیتاب) «ئه‌ده‌ب».
**بۆمه‌رده‌گان**: ئه‌وانه‌ی که‌سیان مردووه.
**بۆمه‌نیۆنه‌بۆت**: بۆن ئه‌نێ به بۆته‌وه: (بۆ مه‌نیۆ نه بۆت چوون ئاوات‌وه‌سته) «بێسارانی».
**بۆمه‌یه**: بۆ ئێمه‌یه، لایقی مه‌یه: (خێر له حه‌ق گه‌ر لانه‌ده‌ی هه‌ر بۆ مه‌یه حوور و قوسوور) «جه‌وهه‌ری».
**بۆمیشک**: بۆی میسکی لێوه بێ: : (کرباسێ بۆ میشک، ته‌مام ئاڵ/ قه‌بایێ جه لاڵ، شه‌وخاوێ جه لاڵ) «خانای قوبادی».
**بۆن**: ١. بهن، بێهن، بووی، بێن، بۆنه، هه‌رچی

لــووت هەســتی پــێ بکــا: (لە بــاخچەی ڕەنگاوڕەنگـا پــڕ بــۆن و بەرامە) «شــەرەف»٢. عەتــر، حەتــر ٣. هەســتێک کە لە کارێــک دەکــردرێ: (ئەو قســەی تــۆ بــۆنی شــەڕی لێ‌دێ)،٤. بۆ ئێمە ٥. بیانوو، بیانک، بۆنە، مایە، ٦. ئەوان بــوون،٧. دەسـوور وە دیــن،٨. مـاڵ، خانوو،٩. شێوەی برژاندن لە سەر سێڵ.

**بونا**: ١. بونیاد، ڕیشە: (بادت ڕەنجنا تـۆ بەبـێ گونـــا/ کەردەت بـــکەرۆ پەروەردە بونـــا) «بێسارانی»،٢. دەسوور وە پیاکردن.

**بۆنا**: ١. بۆ، لۆ، سـەبا، خـاتر،٢. بە بـۆنەی: (ژ بۆنا تە ئەز هاتم ڤەر).

**بۆناچی**: ١. لەبەرچی؟ ٢. بۆ نارۆی؟

**بۆناف**: ئەوەی ئەوەنـدە بـۆنی خۆشە، بـۆی وەک بـۆی نـاوکی ئاسـکی موشـکین واسـە: (یەک نوختە خاڵێ شەوڕەنگ، بۆ ناف/ هـا نە پای زنجش چون فەیـرۆزەی سـاف) «خانـای قوبادی».

**بۆناک**: بۆندار.

**بۆناڵاندن**: بۆ بەئاوات بوون: (ژنێکـی هێنـدە جـوان و ئاقڵ‌مەنــدم دیــوە بــۆ تــۆ دانـاڵێ) «موکریان».

**بونان**: ئەوانە بوون.

**بونانا**: ئەوانە بدۆزەوە.

**بونانەو**: پیاێان بکەو.

**بۆنـــاو**: ١. ڕانـاو، بەرنـاڤ ٢. بهنـۆک، بـۆن، بەرامە، گوڵاو، بۆنی خۆش.

**بۆنبڕ**: ١. بۆگر، بـۆنچنە، بـۆچنە،٢. حەکیم لە کـوردەواری‌دا چەنـد دەرمانێـک تـێکەڵ یەک دەکـات، دەداتە ئەو منـاڵەی کە تووشـی بـۆن بووە.

**بۆنبڕە**: ١. بنبڕ، بـۆچنە،٢. دەرمـانی نەخۆشـی لەبەر بۆن.

**بۆن‌پێدان**: برژاندن، بۆدانی دانەوێڵە لە سـەر ساج.

**بۆن‌پێوەکردن**: ١. بۆنی وەش بە لووت هەڵمژین، ٢. تـاوکردنی مـێچکە لە لایەن نێـرەوە لە نـاو جانەوەران‌دا.

**بۆن‌تێدان**: حەتر تێ هەڵسوون.

**بۆن‌تێکەوتن**: سـەرەتای پێگەیشـتنی بێسـتانی گرکە و گندۆرە.

**بۆنجی**: تاجی، بۆجی.

**بۆن‌چاڵ**: بۆچاڵ.

**بۆنچی**: تاجی، تانجی، تاژی.

**بۆن‌خاو**: بۆی خاو هی گۆشت و شتی وا.

**بۆن‌خۆش**: ١. بـۆوەش، بـۆ، بۆنـدار، بەرامە، هەرچی بـۆی بـۆ لـووت پەسـندە: (نەسـیمی بۆن‌خـۆش کـزەی بـای فێنـک وەک نەوای ئیلهام/ سەمای جـوانی پەڕی تەبـیعەت دێنێـتە ئەنجام) «گۆران»، ٢. ناوە بۆ ژنان.

**بۆن‌خـۆش‌فرۆش**: کەسـێ عەتـر و عەبیـر و گــوڵاو دەفرۆشــێ: (لە بــازاڕی بۆنخــۆش فرۆشـانی شـار/ دەسـووڕایەوە مـامی پیـری هەژار) «بۆکوردستان».

**بۆنخۆشـکە**: ١. ڕێحـانەکێویلە، نەعنـا، بـڕکە بۆنخۆشـکە، گیـایەکی بۆخۆشـە و تـێکەڵ بە سیریێژ و ماست دەکرێ،٢. ناوی کچانە.

**بۆنخۆشکەرە**: گیایەکە وشکی دەکەن بـۆ نـاو جلکان.

**بۆن‌خۆشی**: بۆداری، بێنداریێی، بێن‌وەشی.

**بۆنخـۆیی**: باسـمە، بێخـوویی، نەخۆشـیەکی چاوە.

**بوند**: بڵند، بڵن، بەرز.

**بۆندار**: ١. بۆدار، بێنـدار، بیهنـدار، بۆنخـۆش، خـاوەنی بـۆنی خـۆش: (سـنگ و بەرۆکـت بۆنـدارە، دەڵێـی قەتـاری خـواجە حەسـەنی

بەغـــدایە و بـــارە عەتـــری پێـــیە) «سەعیدومیرســـێوەدین»،٢. هەر شـــتێ بـــۆن بدات،٣. قســەی بە مانــا و کینــایە،٤. نــاوە بــۆ کچان.

**بۆندان**: بۆدان، عەتردان، بێندان.

**بۆندانەوە**: بۆن بڵاوکردنەوە.

**بۆندڕ**: بۆگەن، بۆدڕن.

**بۆندڕن**: بۆدڕن.

**بۆنـــدژی**: خــراب تێگەیشـــتوویی، لێــک تێنەگەیشـــتن: (ئەوەیشـــم گــۆت کە وا بـــۆ هەڵگرتنــی هەر جــۆرە بۆنــدژییەک پێویســتە بارزانیەکــان دڵســۆزی بەڵێنــی خۆیــان بــن) «لەمەهاباد بۆئاراس».

**بۆندی**: بڵندی، بەرزی.

**بۆنڕۆیشتن**: بڵاوبوونەوەی بۆن: (بێتو جاریتر بچمەوە گوڵزار/ کە بۆنی بڕوا ئەو شار بــۆ ئەو شار) «ع. مەردان».

**بۆنسارد**: بۆسار، بۆسارد.

**بۆنساردی**: بۆساردی.

**بۆنسۆ**: ١. بۆسۆ،٢. بۆکز، بۆدووکەڵ: (مــار بە دۆیە، دۆیەکەش بۆنسۆیە) «پەند».

**بۆنکادو**: بۆدووکەڵ.

**بۆنکردن**: ١. بیهن کرن: (بەشی خۆم گــوڵێ هەر ئەکەمەوە/ بـــۆنی کەم کەمکەم بە دەم خەمەوە) «ع. مەردان»،٢. سووسە کرن، ســۆراغ کردن.

**بۆنکز**: بۆکز، بۆن سۆ.

**بۆنگ**: ١. تێشوو، دەباغ، دەباغچی، چەرمچــی ٢. کاری خۆش کردنی پێستە بــۆ مەشــکە،٣. بەهێز، قەوی ٤. لــووتبەرز، بەهەوا،٥. پێســتە، چەرم**××**: (ئاغا لە قــاران وەک کونــدەی دوو بۆنگی کەسکوون هەڵگەڕاو ئیمــانی لەلا نەمــا) «خاک و چەوسانەوە».

**بۆنگچی**: دەباغچی، پێستەخۆشکەر.

**بۆنگچێتی**: کاری بۆنگچی، دەباغی.

**بۆنگکردن**: خۆشکردن چەرم، دەباغی.

**بۆنگرتن**: ١. خــراپ بــوونی شــتێ،٢. بــۆن گرتنی جل لە شتی دیکەوە: (کراسەکەت بۆی سابوونی گرتووە).

**بۆنـــگکرن**: دەبــغ کــردن، دەبــاغی کــرن،٢. هاندان، ڕق هەستاندن.

**بۆنگۆ**: بۆ ئەنگۆ، واسە ئێوە: (دەردیسەرم زۆر بۆنگۆیە، زەحمەت و قورسایی ئەونەی خــوڵا حەز بکات) «ئەمیری».

**بۆنگوڵاو**: شتێ کە بۆی وەک گوڵاو خــۆش وێ: (تۆخــوا ئــاوەکەی بــۆن گــوڵاوەکە/ بــۆ سەرچاوەکە کەمێ لاوەکە) «پیرەمێرد».

**بونگەسە**: بست، بوست.

**بۆنلێهاتن**: ١. بۆن دانی شــتێ،٢. خــۆ پــیس کردنی منداڵ.

**بونم**: ١. م بونم، ببینم،٢. تا بــزانم، تــا ببیــنم: (بونم چە کەیێد).

**بونما**: پێا بکەم، پەیدا بکەم.

**بونمان**: ئەوانە بونم، ئەوانە ببینم.

**بونمانا**: پێایان بکەم.

**بونمانەو**: بونمانا.

**بونمەو**: بونما.

**بونمەوەێ**: بونمێا.

**بونمەێ**: ئەوە بونم.

**بونمێا**: بونمەوەێ.

**بونمێان**: ئەوان بونم.

**بونمێانا**: بونمانا.

**بونمێانەو**: بونمێانا.

**بونمێەو**: پێاێ بکەم.

**بونن**: ئەوانە بونن، بیانبینن.

**بوننا**: پێاێ بکەن.

**بونان**: ئەوانە بونن.
**بونانەو**: پیاێان بکەن.
**بۆن‌نەکردوو**: بۆن پێوە نەکراو: (سێوی شارراوەی ژێر سوخمەی ئەتڵەس/ عالەم بۆ مردووی بۆن نەکردووی کەس) «پیرەمێرد».
**بوننەو**: پیا بکەن.
**بوننەوەێ**: پیاێ بکەن.
**بوننەێ**: ئەوە بونن.
**بۆنوبەرام**: بەرامە، بۆبەرامە، بۆنوبەرامە: (بە شیو و دەرەیەکدا هەڵکشاین، بۆن و بەرامەی گوڵ و گوڵزار پیاوی مەست ئەکرد) «پێکەنینی گەدا».
**بۆنوبەرامە**: بۆن، بەرامە، بێنی وەش: (گریا گوڵێ بۆ گوڵاو، سەر ئاگر نریا/ ئەم بۆن و بەرامەیەم نەبووبا بریا/ نرخی هونەر و جوانی‌یە دەیبا گەردوون/ کێ پێکەنی جارێکی، هەزار جار گریا) «خەیام هەژار».
**بۆنووسران**: بە ناو کردن: (ئەو کوێرەماری سەگدەمە، هێندە لە خۆی خاترجەمە/ ئەتووت بە مۆری مەحکەمە، نووسراوە بۆی بێ شۆڕ و شەڕ) «قانع».
**بونە**: ١. بۆنە،٢. بونەتە، بوونەتە: (میسکێ ڕەشاندی ئەز دبێم وان نوقتەیان هن بونە کێم) «جزیری».
**بۆنە**: ١. هۆ، هۆکار، سۆنگە، توور، سەمەد: (جە بۆنەی تۆوە بەهەشت مەدان پێم/ وەرنە چەکارەم، کێ زانۆ من کێم؟) «بێسارانی» ٢. بەهانە، بیانوو، بیانک: (منیچ جەو بۆنە، مەحبوسم کەردەن/ هوونی ناحەقم، نەیۆ وە گەردەن) «بێسارانی»،٣. ناوی ژنانەیە.
**بونەبەرد**: ڕەق هەڵاتن وەک کەڤر.
**بونەکێم**: کەم بوونەوە: (میسکێ ڕەشاندی ئەز دبێم وان نوقتەیان هن بونە کێم) «جزیری».
**بۆنەڵە**: گوندێکە لای سەنگاو.
**بونەو**: ١. بونا، بیدۆزەوە،٢. لە یەک جیابوون: (لە یەک بونەو).
**بۆنەو**: بۆنەی، هۆی: (بە بۆنەو تۆوە خاکش وەش‌بۆ بێ) «م.ح. دزڵی».
**بونەوەێ**: ئەوە بونەو.
**بۆن‌هەڵگرتن**: ١. بۆن گرتن،٢. شوێن هەڵگرتن بۆ دیڵی بەبا لە لایەن گۆڵەوە.
**بونەێ**: ئەوە بون، ئەو ببینە.
**بونی**: بونێد، ببینی.
**بونێ**: ١. بونێد، ببینێ،٢. تابزانێ: (تا بونم چە بوو).
**بونێا**: بونێد، پەیدای کە.
**بونیاد**: بونیات، بنەڕەت، بنچینە، خەندەک: (عاشق و مەنزڵ و مەئوا! ئەمە لافێکە درۆ/ عاشقی سادیق ئەوەیە، خانە لە بونیاد نەکا) «ئەدەب».
**بونیان**: کۆشک، سەرا: (بونیانی کیبر و سەرکشی‌یە تاقی کیسرەوی/ دانانی زوڵم و ڕووڕەشی‌یە تەختی ئابنووس) «نالی».
**بونێان**: ئەوانە بون، ئەوانە ببینە.
**بۆنیان**: بۆنیان نا.
**بونێانا**: بونێانەو.
**بونێانەو**: بونێانا.
**بۆنیاوەبۆش**: بۆنی نا بە بۆنیەوە.
**بونید**: بونی، ببینە.
**بونێد**: بونێ، ببینێ.
**بونیدا**: بونێا، بیدۆزەوە.
**بونێدا**: بونێا، بیدۆزیتەوە.
**بونیدان**: بونێان، ئەو ببینی.
**بونێدان**: بۆنێان، ئەوانە بون، بیانبینن.
**بونیدانا**: بونێانا.

**بونێدانا**: بونێانا، ئەوانە پێا بکەیْد.

**بونیدانەو**: بونێانەو.

**بونێدانەو**: ئەوانە پێا بکەیْد.

**بونیدەو**: بونیا، بیدۆزەوە.

**بونێدەو**: ئەوانە پێا بکەیْد.

**بونیدەوەیْ**: بونییەوەیْ.

**بونیدەیْ**: بونییەیْ.

**بۆنیسووک**: بۆی خۆش، دژی بۆی گران.

**بونیشت**: ١. ناوی خودا،٢. یەکەم خولقێنەر.

**بۆنیشەرە**: بیْ دانیشە.

**بۆنیگران**: بۆی ناخۆش: (بە چەرخیم لـۆپیْ مەکە/ شـقاتەی مـوومم پێـیە/ بـۆنی بەنـزین گرانە) «فۆلکلۆر».

**بونیم**: ١. تا بزانم،٢. بونیمن.

**بونیما**: بونیمنا، بدۆزمەوە.

**بونیمان**: بونیمنان، ئەوانە ببینم.

**بونیمانا**: بونیمنانەو.

**بونیمانەو**: بونیمنانەو.

**بونیمن**: بونیم، ببینم.

**بونیمەو**: بونیمنەو.

**بونیمەوەیْ**: بونیمنەوەیْ.

**بونیمەیْ**: بونیمنەیْ.

**بونین**: ئویە بونن.

**بونینا**: پێا بکەین.

**بونینان**: ئەوانە بونین

**بونینەو**: پێا بکەن.

**بونینەیْ**: ئەوە بونن.

**بونیە**: ١. بنیات، بناغە ٢. رەسەن، ڕەچەڵەک.

**بونیەچاک**: ساغ، تەندرووست.

**بونێەو**: بونێا.

**بـۆنیهەلالاندیْ**: نـاوی گـۆرانییەکە: (بـۆنی هەلالان دیْ، سەدای چاو کالان دیْ) «ماملیْ».

**بونێەی**: بونیدەیْ، ئەو ببینی.

**بوو**: ١. بۆن، بێن، بۆ: (بشکاوان یەخەیْ بچوو لە جـامەیْ/ تەسـەڵ بـوو لە بـوو ئەتـر و شەمامەیْ)،٢. زەوی، زەمـین،٣. بـووم، کونـد، بایەقووش ٤. پەیدا بوو، هاتە وجود، بـۆری،٥. بم، ببم: (جە من تا دووری ئەر سەد فرسەنگ بـۆ/ ئەر بـۆ ڕازی بـوو، زوانـم لەنـگ بـۆ) «مەولەوی»،٦. ببـیْ، بـویْ: (دەرد و داغێکـی دەروونی گەر ببیْ، با ڕەنـگ و ڕوو/ سـیس و موغبەر بـیْ، کەمـاڵم بـوو، جەمـاڵم بـۆچییە!) «مەحـوی»،٧. بـبە، بە،٨. دەچـوو، وەک ئەوە دەچوو: (پیرایە ژ ڕەونەقا جەمالیْ/ بـوو: هـالە ل خەرمەنـا هیلالـیْ) «خـانی»،٩. بـۆ، پەی، ئەڕایْ: (دوینا بوو کەسیْ نامینیت) «پەند».

**بۆو**: ١. ببم، ببمە: (من بۆو بە هـادی و ڕانمـا و دەلیل) «م.ح. دزلی»،٢. بۆ ئەنگـۆ، بـۆ ئێـوە: (ئەورۆ گەلی دە برادەران تـۆ خـوداکەی بـۆو دەڵێمەوە) «گەنجی سەربەمۆر».

**بۆو**: بۆ ئەو: (بۆو سەرانەی بە گریێ قەمچـی دەگرویێن دەگریم) «هێمن».

**بووا**: هەڵیْ، غـاردە: (وە کیرویشـک ئەیـژوت بووا، وە تاژی ئەیژوت بگرەی) «چارداولی».

**بۆوا**: ١. پارچەی بچووکی دەسـتەکی عـاردی تووتن،٢. لۆ ئەوها، بۆ ئاوا؟

**بووائیْ**: بووایی.

**بوواچ**: بلیْ، باچە، بێژە، بویشە: (بـوواچ مـن نامەی قەیسم ئاوردەن/ قەیـس هەم پەریْ تـو ئیمانش هەردەن) «خانمەنسوور».

**بوواچۆ**: دەڵێم، ئووشم، ئێژم.

**بووار**: بوار.

**بووارتن**: بوواردن.

**بـــوواردن**: ١. هەڵبـواردن، بەجیْهێشـتن، ٢. بەخشین، لیْخۆشبوون.

**بووارەکـــانی**: هـــانەدرۆزنە، ووهـــارەکێنی،

بەهـارەدرۆزنە، کوێرەکـانی، کـانیەکە بەهـاران بژیەتەوە.
**بوواژوو**: بۆژۆ، گیای بۆگەن.
**بووان**: بخووێنە، بخوونە.
**بووانگ**: مێتوولکە، مێتوولە.
**بووایێ**: ١. بووبایە، بووائێ، بووایە،٢. دەبـوو، دەبووایە.
**بووئـا**: ١. مـارێکی زۆر زلە و ژاری نیـیە،٢. مۆرانە، زیندەواری گچکە.
**بووبا**: بووبایە.
**بووبـاوش**: منـاڵێ ک هووکـارەێ باوشـە و نەگریدەێ باوشەو گیرێ.
**بووبـایە**: ١. ببـا، ببـوایە، ببـوایێ، ببواییـت، بووبایێ،٢. بۆبایە، بۆنی گرتووە(کەرە).
**بووبایێ**: ببوایێ، ببایە، بووبایە.
**بـووبڕ**: بژبـووگەن، بـووبڕەک، دەرمـانێکە لە گیای بەڕەژە دەیگرن.
**بووبردن**: فامسن، فامین: (بوو بردێە م بومە).
**بووبڕەک**: بووبڕ، بەڕەژە.
**بووبڵێنی**: نەخوەشی منالەیلە لە هەێن وەهـار ک ئوشن لە بوو گوڵ سرێنچگە.
**بۆوبۆچک**: تاجی باڵندانە.
**بووبووچک**: پۆپەی فرندە.
**بووبووکردن**: زرمووکە زرمووکە، بڕیاردان بـۆ کارێک.
**بووبووکەرە**: کەڵەشێرخودایلە، شانەبەسەر.
**بووبوو‌واژە**: لە بوو بازێ خواردن ئالووزبوون.
**بووبە**: نـاوی پیـاوانە: (بـووبە تـاقە کـوڕێکی هەبوو) «ف.پ.پ.».
**بووبەرامە**: بۆنخۆش، بۆنی ڕەوان.
**بووبەڕەودان**: بۆدان، بێندان.
**بووبیش**: گیاجـاڕی دێـم، شـوێنی زەبەنـدەی دێم.

**بووت**: ١. باوەت، بابەت: (لە بـووت ئەوانەو خێاڵد ئاسوودە)،٢. بەون، باون، زەوی چاک.
**بووت**: Biwut بێ، بێت، بوێـت: (توایـت چە بووت؟ خەیر مەگەر مەنیە؟) «کۆردەرە».
**بووتک**: پلوسـک، داری کـوڵراوی ئـاوەڕۆی بان.
**بووتـــگ**: ١. بنجـگ، بنچـک، بـووتە، بـتە، ڕیشێ،٢. ڕیزە، زەڕڕە، هوورک، وردیلە.
**بووتگبڕین**: لە ڕیشەوە دراوردن.
**بووتگدراوردن**: نابووتکردن.
**بووتگهاتن**: وامەنەیان مەنین.
**بووتە**: ١. بـۆتە، کەرەسـتەی زێـڕینگەران بـۆ تواندنەوەی زێـڕ،٢. بـۆی تـۆیە، بـۆنتە: (مەکە مەنعی سـەبا بـا بـێ بە سـەرما/ دەمـاغی مـن فەرەحئەفزایی بووتە) «سالم»،٣. بنچـک، پـنج، بنەگیـا: (قـیقەی نـازاران لە پـای مـن ویەرد/ منیش لە بووتەو زایف و زەرد) «خانمەنسوور»، ٤. بوتە، سەنەمە×
**بووتیمار**: شاهۆ، شینەشـاهۆ، باڵـدارێکی دەم ئاوە: (سالم ئەر تووتیـیە، بـێ قەنـدی لەبـت/ مات و مەبهووتە وەکوو بووتیمار) «سالم».
**بووج**: حۆل، گەوج، نەفام، ناهیر.
**بووجاڕ**: کەسێ کاری بووجاڕییە.
**بووجاڕی**: ١. کاری خاوێنکردنەوەی دانەوێڵە بە بێژنگ و شتیتر،٢. ماشـێن یـا کەرەسـتەی بووجاڕی کردن.
**بووجان**: دیەکەێگە لە مایەشت.
**بووجە**: بوودجە.
**بووجی**: ١. بوویجی، تـوڵە، تـوتکە سـەگ،٢. گەوجی، کەمفامی، حۆلی.
**بووچان**: ١. بووچکلانە، کوچولـوو، گچکـۆلە ٢. ناوە بۆ پیاوان.
**بووچک**: بیچک، گچکە، بچکۆک.

**بووچکە**: بیچک، بووچک.

**بووچگ**: بووچک، بیچگ، گچکە: (گەورە لە وێنەی نەمام لە ئـاوا/ بووچـگ لە وێـنەی نەو نەمام ساوا) «خانمەنسور».

**بووچکەوبوون**: ١. گچکە بـوونەوە،٢. بـێقەدر بوون، سووک بوون.

**بووچە**: ١. بـودجە، بـوجە،٢. بـۆچە، بـۆچی، لۆچی، لەبەرچی، چەوا.

**بووخ**: بووق، بۆق، بوخار.

**بووخاک**: دەمدان، دەماندن، فوو لێکردن.

**بووخوەشەگە**: لاناوە لە تس.

**بووخەتری**: گیایی، گیاوی.

**بووخێر**: هێشووی چکۆلە و سەوز.

**بوود**: ١. دارا، دەوڵەمەند، بـوودە، زێـدە پـار، بەختیار: (دەما پاری ڤەکـرن پـارا یەکـی زێـدە یان باش ببە دگۆتن کـو ئەو بـوودە)،٢. بـوو، دەبـوو،٣. بـوودن، ئایـا دەکـریێ؟: (بـوود ت جچی؟)،٤. ببێ، ببێت: (وەهار قـلاچەی دڵـت پـڕ خەم بـوود/ دەر و دەیشـتەیلد تلسـم تەم بوود) «خانمەنسوور»،٤. دەبێ، دەکرێ، ئەشێ: (ڕەوغەن و گووشت و برنج و لیمووعەمانی و سـیب/ کەی وە خـامی بـوود بخوەیـدەی تـا نەکریەیدە چڵەو) «چەپکەگوڵ».

**بوودار**: بۆدار، بۆنخوەش.

**بـــوودان**: ١. بـــۆدان، بـــووکزداین،٢. ئەگەر بوودیان.

**بۆودای**: بۆن دانەوە.

**بوودجە**: بووجە، لەنگەر، سـەرچاوەی پـووڵ و پارە و خەرجی: (میرگەها کوردسـتانا سـنێ ئارتێشـا وێ هەبـوو، بوودجەیـا وێ هەبـوو) «مەستوورە».

**بوودڕ**: ١. ئاودڕ، کەنداڵ، کەنـدەڵان: (هێنـدێ کەس دەیـانکوت: کەس نەیـدیوە بـڕوا ئەو دوژمنە، پێموابێ کوژراوە/ بزانن کەلاکـی لە چ بوودڕێـک، لە چ بـن بەردێـک بەجـێ مـاوە) «سەعید و میرسـێوەدین»،٢. ڕەهـۆڵ، ڕەهەنـد، لەغەم، نەغـم، کـون و دادڕاوی هەراو لە ژێـر زەوی: (لە بـنەوە بـوودڕی بـۆ لـێ نـادرێ) «توحفە»،٣. لان، کونی گیندار و جانەوەر.

**بوودڕلێدان**: هەڵکـۆڵینی زەوو، ڕێگـای بـن عەرد لێدان.

**بوودڕن**: بووماسی، بۆی گەن ماسی.

**بوودڕیاگ**: برژاو، بۆدراو.

**بوودڕیان**: برژان، بۆدران.

**بوودڕیاێ**: بوودڕیاگ.

**بوودژە**: ناکووکی لەبەین دوو کەس.

**بـــوودژی**: نەخوشـــیەگە ک پەســـپووڵ لە جموجوڵ خەێ.

**بـــوودش**: بـــوونی، هەبـــوونی: (عـــومری حەسوودان کۆتـا و بـێ سـوودەن/ سـەمەرش هیچەن، بوودش نەبوودەن) «ئەنساری».

**بـــوودن**: ١. دەکـرێ، ئایـانە بـوو؟: (بـوودن بچی؟)،٢. ئەوبوو.

**بوودە**: Bude بوود، دارا.

**بوودە**: Biwude دەبێـتە: (ڕوولە لە ئەمـانەت نەکەی خیانەت/ بوودە ئاگر و سزنێ یانەت).

**بوودەسگرتن**: هـیلکەێ مەلەوەر هنـاێ دەس بەیدە قەیەو بوو دەس گرێ و دی مەلەوەر لە بانێ تیەتەپێ.

**بـــوودەڵە**: ١. کـــودەڵە، بەچـــکەی وەراز،٢. نـابووت، گـولەکە، پـووچەڵە، نەزان و گێـل و تێنەگەیشتوو.

**بۆودەمی**: بۆنی زار.

**بوودینە**: نەعنا، نەنا، نەناباغی.

**بـــوور**: ١. بەیـــار، بـــوورگ، بـــوورە، زەوی نەکێڵدراو ٢. ڕەنگی سپی ئامـاڵزەرد ٣. بـۆر،

ڕەنگ بوور کاڵ: (یەی کیلوو کەنیاو زولف- گیس جووڕواجوور/ هەنایی، سفید، سیە و باز و بوور) «چەپکەگوڵ»،٤. جۆرە عەرەبانەیەکە ٥. بوار، بگار، دەراو،٦. بیور،٧. تەرە، شوێنێکی فێنک و سارد لە زەویدا بۆ هەڵگرتنی میوە،٨. بیا، بەو،٩. ×٥١×: (دیم بەقاڵ بوور دەسم دەیدە شەڕ/ کەیدەمە کەوتر قەیچی باڵ و پەڕ) «چەپکەگوڵ».

**بووڕ**: ١. بووڵ، خۆڵەمێش،٢. بووار، بوار، بگار، گوزەرگا،٣. وە بێز چەوەو نووڕسن: (وە بووڕێگەو نووڕێ)،٤. ببرە، بیبرە،٥. بۆرە، دەنگی گا،٦. بۆڕ، بریتی لە مرۆڤێ تێرخۆری و قەدرنەناس هەوەکی گا.

**بوورا**: ١. ژنبرا، بیرا، برای ژنێیە ٢. شووبرا، هێوەر، برای مێرد،٣. براژن، ژنی برا: (دیارە فریوم نەخواردبوو، دەمزانی دەچێتەوە بۆ لای براژنم) «توحفە»،٤. تێپەڕی، ڕابورد، گوزەرا،٥. ڕزیو×: (١٢١××) «ڕاوچی».

**بووڕا**: بەس کە، کۆتا بێ: (دی بووڕا).

**بوورازە**: بدوورە: (هۆشێ کەر، هامفەردا! سازان بسازە/ باڵات وە کاڵای خەمان بوورازە) «مەولەوی».

**بووران**: ١. بێهۆشی، بێخودی،٢. بۆران، با و تۆزی بەهێز،٣. گوزەران، دەسداشۆردن، هەنگاونان: (تا نەبووریی تۆ لە سەر، ڕێ ناخەیە مەیدانی عیشق/ سەر لە پێشی پێ دەبێ لەم ڕێگە دانێی (اولا)) «مەحوی».

**بووڕان**: ١. گیرە کرد، گریا،٢. ئەوانە بووڕ.

**بووراندن**: ١. بەخشین، عەفوکرن،٢. گوزەراندن، بهوراندن، تێپەڕانن، ڕەتکردن: (زڤستانا خوە ل ور دبووراند) «پەپووک».

**بووڕانن**: ١. گیرسن،٢. لووراندن، لۆلانن.

**بوورانەوە**: لەخۆچوون، بێهۆش بوون: (ئەوی بەرۆژوو ئەبووریتەوە/ دەرگای بەهەشتی بۆ ئەکریتەوە) «پیرەمێرد».

**بوورانی**: ئاشێگە لە پوشگ درس کریەێد.

**بووراهی**: ١. بۆرایی، بۆری،٢. تاری، تارمایی، لێڵی شتی بۆر لە دوورەوە،٣. بریتی لە قوون.

**بووڕایێبووڕ**: هەڕایهەڕ، هەرگز.

**بووڕبووڕ**: ١. دیەکەیگە لە گاوارە،٢. دیەکەیگە لە شیان.

**بوورتاج**: بوورتەو، نەخوەشی وایێ سویەر ک بایەس دەم و چەو وە سەنگ چەخماخ ڕیش ڕیش بکەن و زاڵو بخەنە بانێ تا ئەو خونە ک گەنیاس بخوەێ.

**بوورتەو**: بوورتاج، بای سوور.

**بوورج**: ١. قولخ،٢. کەلوو، برج.

**بوورجقن**: ١. گایێ سییەێ کەلێن،٢. زلهۆرت.

**بوورجیبەڵەک**: ناوی کۆشک و تەلاری کاکە مەم لە ناوچەی جزیرە بووە.

**بورجیدەوڵەتان**: قەڵا، قەڵات.

**بوورچیل**: سییەوچیل، سیای ئاماڵ شینکی.

**بوورچین**: بۆرچین، مامراوی مایە.

**بوورد**: هاوخەفی ئەوڵ دڵدار.

**بووردڕ**: زل، زەلام.

**بووردریژ**: بووردڕ، دریژی بێقەوارە.

**بووردن**: ١. گوزەران، ڕابردن، تێپەڕین: (ئێستاکە لە پاش بووردنی شەش ساڵە بە عەودەت/ دڵشادم و تۆ دەم دەم ئەکەی پرسشی حاڵم) «گۆران»،٢. بەخشین، لێگوزەران، لێخۆش بوون: (ناخۆشە ئەگەرچی لە ژیان بووردن/ بەڵام ناخۆشترە بە سەرجەم مردن!) «گۆران»،٣. زۆر گەیشتن و بڵبوونی میوە.

**بووردنەوە**: بوورانەوە.

**بووردوو**: فیدایی، پێشمەرگە.

**بوورژان**: بووژک، وەنەوز، بۆرژک، قنگەخەو، خەونووچکە، پینکی، بوورژیان.

**بوورژانەوە**: وەنەوزدان، لە بیرە خەو چوونەوە.

**بوورژیان**: وەنەوزە، وەنەوز.

**بوورس**: بازاڕی مەعامەلە و سەودا.

**بوورسووار**: ڕەوادگایگە لە وەفراوا.

**بوورشن**: دەسوور وە برشانن، ببرژێنن.

**بوورشنان**: ئەوانە بورشن.

**بوورشنم**: کەواو کەم.

**بوورشنمان**: ئەوانە بوورشنم.

**بوورشنمەیٚ**: ئەوە بوورشنم.

**بوورشنمیٚان**: بوورشنمان.

**بوورشنن**: کەواو بکەن.

**بوورشننان**: ئەوانە بوورشنن.

**بوورشنەو**: لەیٚ نوو بوورشن.

**بوورشنەیٚ**: کەواویٚ کە.

**بوورشنی**: کەواو بکەی.

**بوورشنیٚ**: کەواو بکەیٚ.

**بوورشنیان**: ئەوانە بوورشنی.

**بوورشنیٚان**: ئەوانە بوورشن.

**بوورشنید**: بوورشنی.

**بوورشنیٚد**: بوورشنیٚ.

**بوورشنیدان**: ئەوانە بوورشنی.

**بوورشنیٚدان**: بوورشنیٚد.

**بوورشنیدەی**: بوورشنیەیٚ.

**بوورشنیٚدەی**: بوورشنیٚەیٚ.

**بوورشنیمان**: ئەوانە بوورشنیم.

**بوورشنیمن**: بوورشنیم.

**بوورشنیمەیٚ**: ئەوە بوورشنیم.

**بوورشنینان**: ئەوانە بوورشنین.

**بوورشنینەیٚ**: ئەوە بوورشنین.

**بوورشنیەیٚ**: بوورشنیدەیٚ.

**بوورشنیٚەیٚ**: بوورشنیٚدەیٚ.

**بوورگ**: ١. بوورگین،٢. بیٚڵەمڕ.

**بوورگرڵیٚ**: بوورەوڵیٚ، گیایٚگە.

**بوورمس**: بزنی بەڵەک، هولهەمس.

**بووروبەیار**: بوورە، زەوی بەیار: (دوو ساڵ پیٚشتر گزگل، ١٠٠ دۆنم زەوی زیاتر پیٚ بەناو نەدەهات، زۆری هەر بە بوور و بەیار دەمایەوە) «خاک و چەوسانەوە».

**بووروٚس**: بۆرس، مەنجەڵ.

**بووروو**: سووتەک، سووتووی ئاور.

**بوورینەر**: لاهنایٚگە ئەڕای خەلیەیٚ قەرقوت.

**بوورە**: ١. بەیار، بوور، زەوی چەند ساڵ نەکیٚڵدراو: (دیٚتە دەر بوورە و بەیار و بەندەن و نیساری کورد) «هیٚمن»،٢. ناویٚگە ئەڕای سەیٚ،٣. ساعەقڵ، گەوج: (بوورەپیا)،٤. ڕەنگ بوور،٥. بەو، وەرە.

**بوورڕە**: ١. باڕە، قوورە، دەنگی مەڕ و بزن،٢. دەنگ گیرە،٣. دەنگ تیٚارە.

**بوورەبیل**: گڵەڕەشە، زەوی سییە.

**بوورەپنە**: بۆرەپنە، جووریٚ قلا بازڵەسە.

**بوورەپەل**: بوورەتەپ، سەمانەک، کەڕەواڵە.

**بوورڕەپیٚ**: بنوورڕە پیٚ.

**بوورەپیا**: ساعەقڵ، بۆرەپیاگ.

**بوورەتەپ**: بوورەپەل.

**بوورەجاڕ**: شوونە جاڕیٚگ ک لە دورەو بوورەو کەیٚد.

**بوورەدیٚر**: قوڕاو، ڕووسە، زەویەکی دیٚم و ڕەقە بۆ نەرمبوونی ئاوی بدەن.

**بوورەسوار**: ١. بۆرەسوار، سوارکار ناشی،٢. بیٚگانە، خاوارە، خڵەوە.

**بوورەکە**: ١. پارگویٚر، گوور دۆ ساڵە،٢. بۆرەپیاگ، کەمفام،٣. مزورخان، ڕەعیەت.

**بوورڕەو**: ١. لەیٚ نوو بوورڕەو،٢. بەسکە، ولکە، کۆتا بیٚ.

**بووره‌وبه‌یار**: بووره، زه‌وی نه‌کێڵدراو: (مزگێنی بێ له یارم، سه‌وزه بووره و به‌یارم/ شیرین ته‌شی ده‌ڕێسێ له جێ هه‌واری پارم) «ڕاوچی».

**بووره‌ودەمی**: بۆنی زار.

**بووره‌وکردن**: له دوره دیاربوون.

**بووره‌وڵێ**: جۆرێ مووسیر، گیایگه.

**بووڕەێ**: ببڕه، بیبڕه، بووڕه.

**بووری**: ١. ڕابردوو، ڕابووری، ڕابورده، گوزه‌شته: (شه‌ڤا بووری هاتم)،٢. گوزه‌را، ڕۆیی، چوو: (بهار بووری ئو ئاڤ کێم بوون/ هه‌زاران باغ ل بەر دێم بوون/ پاییز داهات و گول کێم بوون/ وه‌شاندن بەلگ و مان خاره) «فه‌قێ ته‌یران».

**بوورێ**: وه‌ره، بێ، بێرۆ.

**بووڕی**: ببڕی، ت بووڕید.

**بووڕێ**: به‌و، وه‌ره.

**بووڕێ**: ئه‌و بووڕێد، ببڕێ.

**بووریا**: بۆریه، جۆرێ قامیشی خۆڕسکه حه‌سری لێ ده‌گردنه‌وه: (ئه‌من و ئه‌سپ هه‌ر دوو به جووت ئوستاد و شاگردی خه‌یاڵ/ ئه‌و له نه‌قشی تووره‌که و من بۆ حه‌سیری بووریا) «سالم».

**بووڕیا**: ١. له‌ێ نوو بووڕه‌و،٢. وڵکه، به‌سکه.

**بووریان**: ١. ڕۆیشتن، ده‌ربازبوون، گوزه‌ریان، ٢. به‌خشین، بووردن.

**بووڕیان**: ئه‌وانه بووڕه‌و.

**بووڕیانا**: ئه‌وانه له‌ێ نوو بووڕه‌و.

**بووڕیانه‌و**: ١. ئه‌وانه بووڕه‌و،٢. به‌سکه.

**بووڕید**: ببڕی، ت بووڕی.

**بووڕێد**: ئه‌و ببڕێ، ئه‌و بووڕێ.

**بووڕیدا**: له‌ێ نوو بووڕیدن.

**بووڕێدا**: له‌ێ نوو بووڕێده‌و.

**بووڕیدان**: ئه‌وانه بووڕیدن.

**بووڕێدان**: ئه‌وانه بووڕێده‌و.

**بووڕیدانا**: له‌ێ نوو بووڕیدان.

**بووڕێدانا**: له‌ێ نوو بووڕێده‌و.

**بووڕیدانه‌و**: بووڕیدانا.

**بووڕێدانه‌و**: له‌ێ نوو بووڕێده‌و.

**بووڕیدن**: بووڕی، ببڕی.

**بووڕێدن**: بووڕێ، ببڕێ.

**بووڕێده‌و**: له نوو بووڕێد.

**بووڕێژ**: پیازاخ، پیازداخ.

**بوورین**: ١. ڕابردن، ده‌ربازبوون: (له‌م بێخه‌به‌ری خۆمه که‌ساس و ماتم/ بێهووده ده‌بووری ده‌م و سات و کاتم/ ...) «خه‌یام هه‌ژار» ٢. عافوکردن، به‌خشین: (گوتم مردم نه‌گه‌یمه ماچێ، فه‌رمووی:/ هه‌ژار بمبووره، دووره ئه‌و سنووره) «هه‌ژار» ٣. ده‌فیله‌ی پێشمه‌رگان،٤. ئویه بوورن، وه‌رن.

**بووڕین**: بووڕن، ببڕن.

**بووڕینا**: ١. له‌ێ نوو بووڕنه‌و،٢. به‌س بکه‌ن، بیبڕنه‌وه.

**بووڕینان**: بووڕنه‌ێ، بیبڕن.

**بووڕێنان**: ئویه بوورن.

**بووڕینانا**: له‌ێ نوو بووڕنانه‌و.

**بووڕینانه‌و**: بووڕنانه‌و.

**بوورینۆ**: ڕابردن، تێپه‌ڕین.

**بووڕینه‌وه**: بڕینه‌وه.

**بووڕێه‌و**: ١. ئه‌وه بووڕه‌و،٢. به‌س بکه.

**بووڕییه**: بڕۆ، بچه، بچۆ، هه‌ڕه.

**بووز**: ١. بڤز، به‌ووز، بزۆ، بزوو، دارتۆفانه، ناروه‌ن، ناروه‌ند، ناره‌وه‌ن، داربووز، دارمێشووله، دارێکه به‌رێک ده‌گرێ پڕیه له مێشووله ٢. لوان: (بۆم بووز ناخوا) ٣. جووز، چووز: (بووزێکی پێوه کرد)،٤. به‌فر، وه‌فر،٥.

سەهۆڵ، یەخ،٦. جووریٚ قـاتر ک لە یـابوو و خەر تێدە عەمەڵ.

**بووزانش**: بیخاتە: (مەر نەزانەهاڵان بووزانش وە گەڕ) «بێسارانی».

**بووزپێوەکردن**: چووز پێوەکردن.

**بووزخانە**: بەفرەچاڵ، سەلاجە، یەخچاڵ.

**بووزکویوو**: ناوی گوندێکە×: (دەورووبەری گوندی بووزکویوو ڕووتەنە) «حەمەدۆک».

**بووزگ**: خـورت، لاو×٣٩×: (گـاڵۆکێکی لە تەنـیش خۆیـا ڕاکێشـیاگە و بـووزگێکی لاو خاسی لە بەر دەمـا ویٚسـیاگە چسـتوچالاک) «ڕشتەی مرواری».

**بووزنە**: بووزینە، مەیموون.

**بووزۆ**: بخا، بخات، دابخـات، ڕابخـا: (دیـدە فەڕش بـووزۆ وە سـەتح ڕێـشدا/ تـا کە سەمەندش پا بنیۆ پێشدا) «مەولەوی».

**بووزوو**: بوزو، بوزوو، بووزی، شـەل، گڵـێم، گلـێم، قاپشـۆر، کـری لە خـوری یـا مەرەز تایبەتی بۆ لەبەرکردن بیٚ: (فەقێیانە، بـووزوو، کوڵەباڵ هەورامان) «یادنامەیسەقز».

**بووزووچریش**: کاری سەرسەری.

**بـووزووچریشکردن**: کـاری سەرسـەری و ناپوختە کردن: (ئەو کـابرایە تەمەڵ و تەوەزەلە، هەر کارێکی پیٚ دەسپێری بووزوو و چریشـی دەکا و وەلای دەنیٚ).

**بووزە**: ١. بزن،٢. ئێخستن، تێخستن،٣. بهاویٚ، بخە، بیخە، باوێژە،٤. گوندێکە سـەر بە شـاری مەهاباد.

**بووزەلە**: ×٣٢× ئەمیری×: (لکـێکم ڕۆیـا بـۆ سـەهەن و مـاینبلاغی، لە بـن ئەو لـکەم دانیشتبانەوە، بووزەلە بووزەلە و بەردەبیٚـری دە شاروێرانییە) «فۆلکلۆر».

**بووزەڵە**: ١. پارچە قوماشێکە لە کاتی مەشکە ژەندندا سنگ و باسـکی کابـان دادەپۆشـیٚ،٢. جـۆریٚ بەرهەڵبێـنە لە خـوری دەیچـنن،٣. بەربینک، بەرەڵبێنەی بووزوو.

**بـووزەم**: ١. بمـخە، بمـخەرە: (ئـازیز وەس بـووزەم نە گێجـاو خەم/ وەس گـۆن بینـایی پەنهـــان وەر نەچەو) «مەولەوی»،٢. بـــخەرە، بیخەرە: (تاییٚ زوڵفی ویٚت بووزەم نە گەردەن/ تـا واچان وە مەرگ موفاجات مەردەن) «بێسارانی».

**بـووزی**: بـووزوو، شـاڵ: (بەگـزادەی چـۆغە بووزی) «پەند».

**بووزینا**: بووزینە.

**بووزینە**: مەیموون، عەمتەر.

**بـووژ**: لە ڕەگـی بـووژانەوە دەکەویٚ و بە ناوەوە دەلکیٚ و مانای بووژێنەر دەدا.

**بووژان**: ١. بۆژان، بـۆژانە، بێـژان، گیـایەکە،٢. خەونـووچکە، وەنەوز،٣. ڤەژیـان، ژیـانەوە،٤. هەڵدان، بەخۆدا هاتن،٥. دیەکەیێگە لەک زووان و ئاڵ حەقن،٦. ناوە بۆ کچان.

**بووژاندن**: ڕەنجاندن، دڵهێشاندن: (گوڵی من وا سەرم دانا لەبەر پێت/ لەمە زیاتر مەبـووژێنە دڵی شێت) «ڕاوچی».

**بووژاندنەوە**: ١. بووژانـدنەوەی دار و گـوڵ، ٢. هێنـانە سـەر حـاڵی کەسـی نـاڕەحەت،٣. هەلایسانی ئـاگری دامرکـاو،٤. گەشـاندنەوەی ڕیـژی و پۆڵـوو،٥. پەرنسـاندن، ژیانـدنەوە، ڤەژاندن، ڤژاندن، زیندوو کردنەوە، بـووژاننەوە: (نییە تەنیا پەریزادیٚ کە پاڵم پێوەنیٚ، نازی/ کە بەهرەی سیس و ژاکـاوم ببـووژێنێتەوە، ڕازی) «هەردی».

**بووژانگە**: جیٚ سـانەوەی نەخۆشـی تـازە لە جیٚ هەستاو.

**بـووژانەوە**: ١. ژیـانەوە، ڤژیـانەوە، ڤەژیـن، پەرنسین: (کـاکی ئیمـامی تـۆ تەمەنـت زۆرە،

حەستەمە!/ بووژانەوەت بە تاوی بەهار، موشکیلە و مەحاڵ) «ئاوات» ٢. بەخۆدا هاتنەوە پاش کەساسی: (توانە، بووژاوە بە ماچی لێوان/ گیانە، ژیر بۆوە لە سەیری سیوان) «بۆکوردستان»،٣. ڕوانەوە، سەوزبوونەوە: (بیست و حەوت ساڵە من بە تەماتم/ چاوەڕێی نەختێ لوتف و خەلاتم/ ببوژێتەوە خاکی ولاتم) «ف. بێکەس»،٤. گەشانەوەی ئاگر و پۆلوو،٥. وەبیرەوە کەوتنەوەی داب و نەریتی کۆن: (هاکە سەرڕاو گیرایەوە/ ڕاوە چەقەڵ بووژایەوە) «ڕاوچی».

**بووژانەوەیشینکە**: سەرهەڵدانەوەی سەوزایی لە دەمەو بەهاردا: (چەند ڕۆژی دیکە شینکە بە چاکی دەبووژێتەوە) «ئەمیری».

**بووژک**: وەنەوز، خەونووچکە.

**بووژما**: پەرۆشدار، هەژار، بەدبەخت.

**بووژمان**: ١. بووژما، بێبەخت،٢. پەشیمان، پۆشمان، پەژیوان.

**بووژن**: ١. کوولژن، گابۆڕ، گریانی پڕسۆز،٢. دەنگی وولاخان.

**بووژە**: بێژە، بڵێ.

**بووژەڵە**: تازەپاگرتی، ساوای تازە پێڕەوکە: (کوڕەکەم تازە بووژەڵە بووە و خلەخل دەڕوا).

**بووژەن**: ماددە.

**بووژێنەر**: زیندووکەرەوە: (شێعرەکانم جلکی ڕەش دیم دەنەخشێنم/ جەوهەری مانی گەل و بووژێنەری ژیانم ئەمن) «بێتووشی».

**بووژێنەوە**: زیندووکردنەوە.

**بووس**: ١. بوخار، بوغ، بووغ، هالاو، شەپۆلی گەرما،٢. بێسە، ڕاوەستە بە پاوە،٣. ماتڵ بە، سەبرێ بگرە: (شەماڵ لەو کەنە بووس تا نیمەشەو/ تا وەخت وادەی ئێڵ مەچووگەو خەو) «خانمەنسوور»،٤. ماچ، ڕامووس: (خامۆش ببە لە بانگ و سەدا ئەمشەو ئەی خەرووس/ بە دەس بکەم لە گەردنی دولبەر بە عەیش و بووس) «سالم».

**بووسا**: بووسییە، دەسهەڵگرە.

**بۆوسا**: ١. هۆزێکی ماد بووە،٢. ناوە بۆ ژنان.

**بووسان**: ١. نوستن، خەوتن، ڕازان، وەرکەوتن، ٢. بێستان، جێ کاڵین شامی و بێستان.

**بووسانچی**: بێستانچی، قووخڵ.

**بووست**: بوست، بست.

**بووستان**: بێستان، بێسان.

**بووستانچی**: بێستانچی.

**بووستانکاڵین**: تەڕەکاری، سەیفیکاری.

**بووسم**: بووسیەم، چاوەڕوان بم.

**بووسن**: بووسییەن، چاوەڕوان بن.

**بووسنا**: ١. بووسییەنەو، بێسن،٢. بەسکەن.

**بووسنە**: بميننە، بمێنە.

**بووسنەو**: ١. بووسییەنەو،٢. بەسبکەن.

**بووسوو**: بۆسۆ، پەتەسوو.

**بووسە**: ١. بۆسە، ئاڵقەیەک لە ملی گایان دەکرد،٢. بۆوسە، بخەوە،٣. دەبێ، ئەشێ.

**بۆوسە**: بخەوە، بووسە: (سوبح و وێرەگا بۆەرە بۆوسە) «م.ح. دزڵی».

**بووسەو**: ١. بووڕەو، کووتا بەو،٢. بووسیەرەو.

**بووسی**: بمینی، چاوەڕوان بی.

**بووسێ**: بمینێ، چاوەڕوان بێ.

**بووسیا**: بمینیدەو، جموجۆل نەکەی.

**بووسێا**: بمینێدەو، جموجۆل نەکەێد.

**بووسید**: بمینی، بمینید.

**بووسێد**: بمینێد.

**بووسیدا**: بووسیدنا، بوێسی.

**بووسێدا**: بووسێدنا.

**بووسیدن**: بووسی.

**بووسێدن**: بووسێ.
**بووسیده**: بمینیده.
**بووسێده**: بمینێده.
**بووسیدەر**: بمینیدەو.
**بووسێدەر**: بمینێدەو.
**بووسێگ**: بووسێد.
**بووسێگەو**: بووسێدەو.
**بووسین**: بووسیەین.
**بووسیەم**: بووسم.
**بووسییە**: بوێستە، ڕاوەستە.
**بووسییەرا**: بووسییەرەو.
**بووسییەرەو**: بووسییەرا.
**بووسییەن**: بمینن.
**بووسییەنا**: لە کار بمیننەو.
**بووسییەنە**: بووسنە.
**بووسییەنەو**: بووسییەنا.
**بووسییەی**: بووسییەید.
**بووسییەێ**: بووسیەێد.
**بووش**: ١. ڕێل، پڕ، لێوڕێژ(چۆم)،٢. بدۆشە، بیدۆشە،٣. بێژە، بڵێ: (زانی چەن نەفەر هایمە یەی حەسار؟/ من ئووشم پەنجا، تو بووش پەنجا و چوار) «چەپکەگوڵ»،٤. ناوی شوێنە✕: (کیژ گاز دەکا بە سێ دەنگان/ دەڵێ زێدە لە هەموو ساڵان هەواری ماڵە هەتیم حەیرانێ ئەوساڵ هەڵیان داوە/ لە مەغڵەت و مەغڵەتان، لە باتی بووشێ، لە مۆڵە بەرخێ) «گەنجی سەربەمۆر».
**بووشتێ**: بدووش، بیدۆشە.
**بووشکە**: بۆشکە، بشکە، بەرمیل.
**بووشە**: بڵێ، بێژە، بۆش: (بووشە وە یار نازەنین، ئەڕای چ ناکاتە گرین/ ئەز ڤیل و چاڤم پڕ گرین، کرتوپە باری بو درەم) «قانع».
**بووشەلان**: بووش، ڕێل، پڕ.
**بووشەم**: بێژم، بڵێم: (سفێد سەوڵێکە شاکە لەی وەرە/ بووشەم یە مانگە یا قورسە خوەرە) «خانمەنسوور».
**بووشەێ**: بیدۆشە.
**بووشێ**: ١. بوش، بێژە،٢. بێژێ، ببێژێ: (سیوڵ جافر گریتە نیشان! کەس جورت نەیری سەدای بایدە بان/ بووشێ: جوانەمەرگ سەرم شکینی) «چەپکەگوڵ».
**بووشێان**: بدووشێان.
**بووعوبەیدە**: عەبابەیلێ، گوندێکە لە سەرووی هەڵەبجە: (یەکێ جەننەتەکانی بووعوبەیدە/ یەکێ گوڵشەنتیرازی شارەزووری) «بێخود».
**بووعە**: بستە، مۆرە بووئا، مۆرەسەنگ، ئاسنێکە لە میلی بەرداشی لە سەر دەسووڕێ.
**بووعەلی**: ئەبوو عەلی ئیبنو سینا، زانای ناوداری ئێران: (ئەگەر بە زوهد و فەزیلەت ببیتە شێخی جونەید/ وەگەر بە حیکمەت و فەن ببیە بووعەلی، یاهوو) «بێخود».
**بووغ**: ١. برک، بووخ، بووس، هەڵمی گەرما و بیر و ژووری پیس ٢. بڵغ، بۆ ژەنگی مس بەکار دەبرێ.
**بووغاو**: گیایەکی بۆنخۆشی شاخە بستێک بڵند دەبێ.
**بووغاوە**: بووخاوە.
**بووغوویر**: جۆرە گوڵێکە.
**بووغە**: گابووغە، هوولە، خوولە، گایەکی بزۆز و شەڕفرۆشە.
**بووفالۆ**: بوفالوو، گامێش، کەڵی ئەفریقایی.
**بووفە**: ١. شوێنی فرۆشتنی ساردی و خواردەمەنی لە ڕستووران،٢. جێی نانخواردن لە نێو قەتار،٣. قەفەسەی نێو ماڵ بۆ کەرەستە.
**بووق**: ١. بۆڕی، کەرەنا، شاخی ماڵاتان،٢. ساز، ئامێری مۆسیقی،٣. قەل، ئەلیشیش، بۆقلە:

(سینەی بووق نیر، مامر بریان) «چەپکەگول»، ٤. ڕەت مل، بووق مل،٥. پاڵ، دەڵەک دان: (بووق نادە پێما)،٦. بۆق، دەمکردن هەوا: (هەواگە بووق کردیە)،٧. هڵم، بوخار، بۆغار.

**بووقدان**: ١. پاڵدان، دەڵەکداین،٢. بووق ژەنن.

**بووقزەوین**: هەڵم، بوغی زەوی.

**بووق کردن**: بۆغارکردن.

**بووقلە**: قەلەموونە، بۆقلە.

**بووقمل**: پشتەمل، ڕەت مل، ڕیتگەیّ مل.

**بووقوەپیانایِن**: دەڵەکداین، پاڵ پێوەنان.

**بووقە**: گوندێکە لە باکووری کەلار.

**بووقیان**: ١. بزوان، جووڵان، ڕۆیشتن،٢. تنیان وە کەسیّ، هەڵبووقیان.

**بووک**: ١. وەوە، وەوی، وەیوە، وەیوی، وەهیّ، وەیی، ویۆ، بیک، بۆک، بویک، بویی، بوەیوە، سوور، ڤەیڤە، ڤیو، ڤیڤ، کچێکی بە شوو درابیّ، لە ڕۆژی مارە و دیاریکردنی تا ماوەیەک دوای گوێستنەوەی،٢. نیسبەتی ژنیّ دەگەڵ هەموو خێزانی مێردەکەی: (خۆی بە ئاودا دا، بۆ هەوەسی چووک/ پێی وابیّ پاش ئەو کچ نابیّ بە بووک) «هێمن»، (بووکا مالیّ کەڤنکا سەر دەستانە) «پەند» ٣. لەیستۆک، بووکەشووشە، بووکەچینی، بووکەڵە، وەیویلە، ویۆلیّ، بووکک: (لە جێگەی بووک و نوقڵ/ هۆنراوەی وەک خونچەگوڵ) «بیتوێن سەعید»، ٤. ڕەبەنۆک، میلاقە، گوڵاڵەسوورە،٥. بووکەبارانە، پیاوەدارینە،٦. باپشکێو، چنچکەسلاو،٧. ئاڵەک، تەراخۆم، تەراخوما، نەخۆشییەکی چاوە،٨. بریا، خۆزی، کاش،٩. بریتیی لە شاری بۆکان: (شاری بۆکان بە ڕواڵەت بووکە) «ڕەش ئەحمەدی»،١٠. بریتی لە زۆر جوان،١١. ئاوازی زۆر گۆرانی: (ئۆخەی ئۆخەی بووکزێنیّ) «فۆلکلۆر»،١٢. سوور، سۆر، ×٧١ شێخ ڕەزا×

**بۆوک**: بووک، وەوی: (بۆوک سەر بەرزان ئیستەبرەق پۆشان) «م.ح. دزڵی».

**بووکابارانیّ**: بووکەبارانە، بووکەبەبارانە، کۆتەڵێکە مناڵ بە کۆڵانا ئەیگێڕن.

**بووکامار**: بووکمار، مارژۆک.

**بووکان**: ١. کۆی بووک، وەوو: (وەکی تە ب کاسێن ب ئاڤیّ ڤا تژی بدا سەر سەریّ کەچ و بووکان، چلکەک وی نەرژییا) «مەستوورە»، (بەس خەواڵوو بە خەیاڵ بڕوانە/ شاری بۆکان وەکو بووکان جوانە) «بۆکوردستان»،٢. شاری بۆکان لە خۆرهەڵاتی کوردستان.

**بووکانە**: وەک بووک: (بووکانە ئەرخەوانە لە تارای پەمبەییی/ خوێی دڵی بە غەمزەیی نەسرین تکایەوە) «حەمدی».

**بووکانی**: بووکێنی: (پیرۆز و موبارەک بت جلکێت بووکانییّ/ چڤا ژ بەژنا تە تیّ) «حەیرانۆک».

**بووکبووکانیّ**: بووکێنی، بووکێن، جۆریّ گەمەی زارۆکانە.

**بووکبووکێن**: ١. گەمە بە لەیستۆک و بووکەڵە، ٢. گەمەی زاوا و بووکی منداڵان.

**بووکبووکێنە**: بووکبووکانیّ، بووکێن.

**بووکپارێز**: بەربووک، بەربی، پێخەسوو.

**بووکتی**: بووکێنی، دەورانی تازە بووکی: (وەکی بووکێن نوە، کۆ هیّ ژی بووکتی دکرن، ب مەزنان ڕا نە دپەیڤین، دەما دکەتنە گۆڤەندیّ سەربەست دستران) «مەستوورە».

**بووکجوانکەر**: بووکڕازێن، ئاڕایشگەر: (بووکجوانکەر و تایەن و پەرستار/ سەرگەرم و خەریک لەبار و پڕکار) «هەژار».

**بووکخنکێنە**: هەر کام لە ئێسکەکانی ملی

مریشک.
**بووکڕابە**: بووک ڕابێعا: (شەدەی سەرت بم بووکڕابە/ لێڕا دیارە ماڵی کابە) «حەسەن زیرەک».
**بووکردگ**: بۆگەن، بۆدار، گەنیاێ.
**بووکردن**: گەنیان، بۆنکردن.
**بووکردێ**: بووکردگ.
**بووکریاگ**: گەنیاێ، گەنیگ.
**بووکریاێ**: بووکریاگ.
**بووکزێنێ**: ناوی گۆرانییەکە: (ئۆخەی ئۆخەی بووکزێنێ/ ئەمنم خەڵکی گەرمێنێ) «حەسەن زیرەک».
**بووکک**: ١. بووکۆکەی زارۆکان ٢. بیلبیلە، کەنیشکی چاو.
**بووکگویزتنەوە**: بووک هێنان، زەماوەند: (پایزە، کوڕ و کاڵ خۆیان ڕازاندۆتەوە، جەنگەی بووک گویزتنەوەیە) «هەزار ئەشکەوت».
**بووکلدێر**: داری ڕازاوەیە کە منداڵان لە ١٧ی دێسەمبەردا بە بۆنەی سەری ساڵ بە کۆڵاندا دەیگێرن.
**بووکڵە**: بووکەڵە، بووکەشووشە.
**بووکمار**: بیکمار، بووکەمار، مارمێلک، مارمێلکە، داعبایەکی لووس و درێژ و جوانە، وەک مار دەچێ بەڵام چار پێی هەیە.
**بووکمریەم**: ناوی گۆرانییەکە: (ئۆخەی ئۆخەی بووکمریەم/ ئەتۆ گوارە و ئەمن گوێم) «حەسەن زیرەک».
**بووکمەنر**: بووکمار، جۆرێ مارمێلکە.
**بووکنی**: ١. برازاوا، برازاڤا، پیلک،٢. بووکینی، داوەتی، بەربووک، پاوەیوەها: (هاوجوتی یەکن مەڵێن جودا بوون/ بووکینی مە فرشتەی خودا بوو) «هەژار».
**بووکخەسوو**: ئاهەنگێکە چۆنیەتی شەڕی بووک و خەسوو دەگەیەنێ، بووک فەقیرانە و نەرمە نەرمە دەدوێ، کە نۆبەی خەسوو هات دەقیژێنێ و دەشاتێنێ. ××
**بووکز**: ١. بۆکز، بوو چێشت نیمەسزیاێ،٢. شیر یا ماسی ک بووێ دەن.
**بووکۆتە**: بە بۆن کەوتوو.
**بووکۆتەی**: بە بۆن کەوتن.
**بووکۆتی**: بە بۆن کەوتوو.
**بووکوخەسوو**: ١. شێوازێک لە مۆسیقایە ٢. بریتیی لە دوو دژ: (ئەو دو ژنە بووک و خەسوایەتی‌یان کرد، بۆیە وایان بەسەر هات).
**بووکوزاوا**: گوڵاڵە، گوڵە مێلاقە.
**بووکۆکە**: ١. بووکەشووشە، بووکڵە، لەیستۆک، وەویلە، وەوی منال، لەیستۆکی زارۆکان: (ڕەنگ زەردی ڕوخسار کۆکە/ وەک پەرچەمی بووکۆکە) «سامی ڕەواندزی»،٢. گیایەکە گوڵی سوور دێنێ لە ئی خەشخاش گچکەترە.
**بووکۆڵە**: بووک، بووکەڵە.
**بووکوومبیلکە**: باڵندەیەکی ماسی‌خۆر و زلە لەسەر ئاو دەژی.
**بووکوومەگەر**: خۆزگە، بریا، کاشکی.
**بووکەباخە**: وەویلە، بووکی نایلۆنی.
**بووکەبارانە**: بووکەبارانێ، شەموولە، کۆسەبەبە، کۆسەوەوی، کووسەوەیلگە، کۆستەبووکە، ویۆلەبارانێ، کۆتەڵی لە داری منداڵان بۆ گەمە ئاوی پێدا دەکەن و دەڵێن: (بووکی مە بارانی دەوێ/ ئاوی نێو دەغلانی دەوێ/ دەرزیلەی کچۆڵانی دەوێ) «فۆلکلۆر».
**بووکەبارانێ**: بووکەبارانە: (لە هێندێ شوێن منالان پارچە پەڕۆیەک بە دارێکەوە ئەبەستن ناوی ئەنێن بووکەبارانێ) «ڕشتەی مرواری».
**بووکەبەبارانە**: بووکەبارانە.

**بووکەبەبارانێ**: بووکەبارانە.
**بووکەبەدارینە**: بووکەدارینە.
**بـــووکەبەفرینە**: پەیـــکەری لە بەفـــر: (وەرزی بووکە بەفرینە/ وەرزێکی زۆر شیرینە) «سۆز».
**بووکەجندە**: جۆرێ مارمێلکی ئـاویی پنـۆک پنۆکە و جوانە.
**بووکەچینی**: لەیستۆک لە شکڵی مرۆ بـۆ نماشـــی جـــل و بەرگ: (تـــالاری دادگـــا، بیبیجان، قازی، لـۆتی‌یە پیـرەی ژێـر پەردە، تاوانبار بووکەچینی‌یە دێتە سەر پەردە) «میرزا».
**بووکەدارینە**: بووکەبەدارینە.
**بووکەسوورکە**: بووکەسوورە.
**بووکەسوورە**: ١. بووکەسوورکە، باڵندەیەکی گچـــکەی بەرســـینگ ســـوورە،٢. بـــووکی ســوور×١٦٢: (تـا نەڕووخـێ کۆشکەسـوورە/ بەندی دەبێ بووکەسوورە) «ڕاوچی».
**بووکەســـــوورەی‌ئێرانی**: مەلـــێکە ســـینگ و تەنیشتی سوورە، کلکی ڕەشە.
**بووکەســـەماکەر**: بـــوتەکێ، جـــۆرێ بـــووکی بووکەڵەوازی و شاسەلیم.
**بووکەسی**: مەلێکە لە قاز جوانتر و گچکەترە.
**بووکەشووشە**: بووکڵەی لە چینی و شیشە.
**بووکەڵە**: بووکڵە، بووکەشووشە.
**بووکەڵەوازی**: شاسەلیم، بیبی جانخانم.
**بووکەمار**: بوکمار، بیکمار.
**بووکەواڵا**: وەویلە، بووکەشووشە.
**بووک‌هێنـــــان**: بـــووک گوێســـتنەوە: (بـــۆ مەخـاریجی بـووک هێنـان دامـام) «چێشـتی مجێور».
**بووکی**: بووکێنی.
**بووکێ**: ١. ناوی ئافرەتە ٢. جوانێ،٣. وشـەیە بۆ گازی‌کرنا ژنا دەلال و ڕەنـد: (شـێخ ڕەزا جارێـــک تووشـــی ژنێـــک ئەبـــێ زۆر بە لەنجەولارەوە ئەڕوا، پێی ئەڵێ: ئا بـووکێ وەرە تۆزێ پێکەوە بنووین، بزانم تـۆ خۆشـتری یـا ژنەکەی خۆم؟!) «ڕشتەی‌مرواری».
**بووکی‌بەهار**: گوڵ.
**بووکی‌دانەبەزیو**: بریتی لە کچێـک کە لە نێـو ماڵدا دەست لە هیچ نەدا.
**بووکی‌دەریایی**: قرژانگی دەریایی، گیانداریکی دەریاییە وەک قرژانگ.
**بووکی‌ڕۆژ**: ١. بریتی لە بووکێ کە کـچ بـێ و بێوەژن نەبێ،٢. جنس و کاڵای باش.
**بووکی‌سوور**: بریتی لە زۆر دەلال و جـوان و خوەشیک: (پاش تاوێک ئەویـش هـاتە ژوور/ بەڵام چ بێ، وەک بووکی سوور) «هێدی».
**بووکی‌سەرتاقەی**: بریتی لە کیژی زۆر جوان.
**بووکی‌عەرەب**: بریتی لە مەککە.
**بووکی‌ماڵان**: بریتی لە کیژی کارزان و لێهاتی.
**بـــووکێن**: بووکبووکـــانێ، نـــاوی گەمەیەکە: (چاوشـــارکێ و حەوت‌بەردێـــن/ ماڵەبـــاجێنە و بووکێن) «سورێن جوبرەئیل».
**بووکینان**: ١. بووکێنی، شەوی یەکەمی بووک، ٢. پەردە، پەردوو، پاشپەردە، دیـوی بـووک و زاوا،٣. بووک‌هێنان، بووک‌گوێزتنەوە.
**بووکی‌نوو**: بـووکی نـوێ، تـازەبووک: (ئەم باوکی مـردووە یەخەی دادەدڕێ/ ئەو بـووکی نووی هەیە کەوای بۆ دەبڕێ) «حاجی قادر».
**بـــووکینی**: بـرازاوا، بەربـــوودی، لەشـــکری بووکێ، هەموو ئەو کەسانەی دەچن بۆ بووک.
**بـــووکێنی**: ١. بـــووکی، شـــەوی یەکەمـــی شـــووکردنی ئـــافرەت،٢. شـتی پێوەنـدی‌دار بە بووکەوە: (هی ئێستا جلکی بووکێنیان نەدڕاوە، دوو مەلۆتکان لە پەنایاندا دادەنێن) «ئەمیـری»، ٣. ئەو کەلوپەلەی بۆ بووک کـردراوە: (بیسـت ســاڵە زەماوەنــدم کــردگە و هێشــتا کەوشــی

بووکێنیم ماگە).
**بووکی یەکشەوە:** ١. کچێک کە لە شەوی زەماوەنددا مێردەکەی بکوژرێ یا بمرێ،٢. بووکێ کە هەوەڵ شەوی شووکردنی بێ: (سەدی وەک منیان بە زۆر ڕاکێشاوە، بووکی یەکشەوەیان لە باخەڵی زاوا دەرکێشاوە!) «هەزار ئەشکەوت».
**بووگ:** ١. بوو، بۆ،٢. بووق، قەلەموونە.
**بووگم:** بووم، بوومە: (شیرین‌گیان، لە دووریت بووگم بە پەیکەری ژان و ئێش) «مەلەکشا».
**بووگە:** ١. بویە، بووە: (تۆپلاخەی دووکەڵ هیجران دڵبەر/ جەم بووگە وەک هەور نە ڕووی سەقف سەر) «مەولەوی»،٢. قورخێ ک ڕێیەن فرە لە تێ لەوەڕیاس و خاس پاولای کردیە و بوو مێز و پشکڵ گردیە.
**بووگەبەماس:** بۆتە مەڵحەم، بووە بە مەرهەم.
**بووگەسە:** بویەسە.
**بووگەن:** بۆگەن، بۆی ناخوەش: (وە گیان سەرکار شووخی دەرڕەفتە/ من گەمان کردم بووگەن نەفتە) «چەپکەگوڵ».
**بووگەنکە:** گیایەکی بۆن ناخۆشە.
**بووگەنی:** ١. بۆگەنی، بۆنداری،٢. بۆی بەد، بۆنی ناخۆش،٣. لاناوە لە ئایم گەن.
**بوول:** کووڕ، کۆم، پشت‌کووڕ.
**بووڵ:** ١. زیلەمۆ، ژیلەمۆ، وردە ئاوری ناو خۆڵەمێش،٢. بوولێ، خۆڵەمێش، خۆڵەکەوە، مشکی، بووڵ، خۆڵی: (ئازیزم! ئاهیر دووری باڵای تۆ/ جەستەم کەرد وە بووڵ، شەماڵ بەرد پەی کۆ) «مەولەوی»،٣. گووڵ، بۆڵ، بووڵ ئەنگوور یا خورما.
**بوولا:** ١. دەسوور وە ولاین،٢. ولاین لەش.
**بوولانن:** بۆلاندن.
**بووڵاو:** خۆڵاو، خۆلیاف، مشکی و ئاوی تێکەڵ.
**بووڵاوسەر:** خۆڵاوسەر: (خەرفیای نەزان مەلای بووڵاوسەر) «م.ح. دزڵی».
**بووڵاوە:** خۆڵەمێشاو.
**بووڵباڵ:** بۆڵەبۆڵە، هەراهەرا.
**بووڵبانان:** خۆڵی سەربانان: (فلانکەس خۆڵی سەربانانی بە سەرا کراوە: کش و ماتە).
**بووڵدان:** خۆڵەمێشدان.
**بووڵن:** بووڵەقەو، بەبۆڵەبۆڵ.
**بوولووک:** بلووک، ناوچەیەکی دەسەڵاتداری کە کۆمەڵێ دێ لەخۆ بگرێ، میرگەی کوردستان کاتی خۆی بە حەوت بلووک دابەش کرابوو: جەوانروود، هەورامان، مەریڤان، بانێ، سەقز، ئیسفاندااباد، حەسەناباد: (بانێ بوولووکەکە میرگەها کوردستانا بوو) «مەستوورە».
**بوولە:** گێل، گەمژە، پەخمە، چل، فل، سەپۆل.
**بووڵە:** ١. خۆڵەمێش،٢. بۆڵە، وانگ ئەلاوردن.
**بووڵەبووڵ:** بۆڵەبۆڵ، پرتەی زۆر.
**بوولەرزە:** ئەردهەژێن، بوومەلەرزە، بوولەرە، زەلزەلە، لەرزەک: (قورسایی ئەوەندە گەییە عەرزی/ بوولەرزە بوو، دار و بەرد دەلەرزی) «خانی».
**بوولەرزەپێو:** زەلزەلەنگار.
**بوولەرە:** لەرزەک، بومەلەرزە، زەلزەلە، عاردلەرزە، هەژانی زەوی.
**بووڵەرەوە:** تیژاوی، خۆڵەمێش کە جانەوەری مێملی داری پێ لەناو دەبەن.
**بووڵەقەو:** دەنگقەو، قورێقەو.
**بووڵەمڕ:** خۆڵەمێشی داغ، زیلەمۆ، ژیلەمۆ، ژیلە، بیلمر.
**بووڵەوەرە:** تیژاوی خۆڵەمێش کە بە بن دار

و ڕەزیدا دەکەن بۆ کوشتنی مێمڵ و کرم.
**بوولْی**: بوولین، خۆڵەمێشی.
**بوولْیْ**: ١. بوول، خۆڵەکەوو: (بەو تەور پەرواز کەرد، ئاما بە هەمدا/ بوولش شەندەوە وە یانەی خەمدا) «بێسارانی»،٢. نەخوەشی سویەقەیْ ئاژەڵ.
**بوولێڵ**: ١. تاریک و ڕوون، نیوەتاریکی: (بە ئەمری ڕەحمان/ تۆز بلند بوو، بوولێلی خستە بەری ئاسمان) «شۆڕمەحموود»،٢. بوومەلێل، بوولێڵە، تاریک و ڕوونی ئێواران یا بەیانیان: (کە بوولێڵی شەویْ پەیدا بوو ئەنجا بێتەوە ماڵیْ/ بەبیْ وەی کەس هەبیْ بیشێلیْ، یاخۆ پشتی داماڵیْ) «هێمن».
**بوولێڵە**: بوومەلێل، شەوەکی، شەوورۆژان، سەرەتای بەرەبەیان: (بوولێڵە کە هات مەپرسە کەنگێی ساڵە/ مەی فڕ بکە لە خوریێنی بە تاس، بە پیاڵە/ ...) «خەیام هەژار».
**بوولێڵی**: ڕەنگی خۆڵەمێشی، ڕەنگی بوولێل کە نە ڕووناکە و نە تاریکە.
**بوولْین**: خۆڵەمێشی.
**بوولْینە**: بە ڕەنگی خۆڵەمێش.
**بووم**: ١. زێد، زەوی، زەوو، عەرد، هەرد، خاک، نیشتمان: (گاهیْ مەیلش هەن وە سەیرانی گوڵ/ پا نەنیۆ وە بووم، بنیۆ وە بان گوڵ) «بێسارانی» ٢. تەخت، نشینگە، جێی دانیشتن: (بەو گۆنای گوڵڕەنگ، بوومی لاڵەوە) «بێسارانی»،٣. زەمینە، کەف، تەخت: (تەخت یەکپارچە یاقووت بووم زەرد/ تەنیشان بە دوڕ فەیرۆزەی بێگەرد) «خانای قوبادی»،٤. بایەقوش، کوند، کوندەبوم: (سایەیی پایە وەکوو باڵی هوما و بازی سپیم/ نە وەکوو بوومی قەدەم شووم و نە هەمرەنگی قەلم) «نالی»، («مەحویا» بازێکی تۆ، قودس ئاشیان/ بوونە بوومی شوومی ئەم وێرانە بۆچ!) «مەحوی»٥. پارچەیەکی ئامادە بۆ نەققاشی،٦. تەشوێ،٧. هەبووم: (ئەوەی تۆ دەڵێی من بووم)،٨. ببم، بوم،٩. جانگ، لاجانگ: (ورشەی ستارە نەو زولف بووم زەڕ/ چوون قەوس و قەزەح گرتەن دەور وەر) «مەولەوی».
**بووم**: Biwum ببم: (پنهان بووم لە ژێر خشت و خاک و سەنگ) «چەپکەگوڵ».
**بووماران**: گیایەکی دەرمانییە.
**بوومان**: هەبوومان: (قەت مەڵیْ بوومان، بێژە هەمانە/ نان ئەم نانەیە، ئەوڕۆ لە خوانە) «حافز».
**بووم‌ئاسا**: بایەقووشی، وەک کوندەبوو: (ئەلا ئەی نەفسی بووم‌ئاسا، هەتا کەی حیرسی وێرانە!/ لەگەڵ ئەم عەشقبازانە بڕۆ بازانە، ئازانە!) «نالی».
**بووم‌پاک**: ×××××××××
**بووم‌پاکە**: ××××××××××
**بووم‌پیس**: ××××
**بووم‌پیسە**: ××××××××
**بوومچەوە**: بوومچەو.
**بووم‌دۆز**: ××٤٤٩ بێسارانی×
**بووم‌ڕیخ**: زەویەکی سووک کە خاکەکەی ڕملی تێکەڵ بیْ.
**بووم‌زەڕ**: ئەوەی تەختەکەی لە زێڕ یا زەردی زێڕی بیْ.
**بووم‌ولێڵ**: بوولێڵە.
**بوومە**: ببمە، بمە: (بوومە خرد).
**بوومەکووێرە**: بووم، کوند، کوندەبەبۆ.
**بوومەکەر**: زۆرخۆر، فرەخوەر، لەموور.
**بوومەلەرزە**: بوولەرزە، زەلزەلە، بولەرزە، لەرزەک: (ئێستا بە بوومەلەرزە کەوتە زەلزەلە/ ماڵیان ڕووخا و لە ترسی ژیان کەوتنە پەلە)

«پیرەمێرد».

**بوومەلێــــڵ**: ١. شــەوەکی، هەوەڵ بەرەبەیـان: (هاودەمی فرمێسکی چاوی مـن بـوو ئێمشـەو شەم هەتا/ بوومەلێڵەی بەربەیـان گریا لە نێـوماڵی خەیاڵ) «ئاسۆ».٢. بوولێڵ، بـوولێڵە، پـاش نوێژی شێوان: (ئێستا هیوای بە بوولێڵ بوو/ بۆ لە گەمارۆ دەربازبوون) «هێمن».

**بوومەلێڵە**: بوومەلێڵ، بوولێڵە: (پیرێژنی سـەلکە تەپڵەگــوێنی/ بــوولێڵە کە دەرکەوت نهێنــی) «هەژار».

**بوومەمارانی**: گیایەکە.

**بوومی**: ١. بووم،٢. زەوی و زار،٣. ساختمانی لەش.

**بوون**: ١. وجـود، هەبـوون، هەووون: (وتـی: ماینێکی چاکم بوو/ وتی: جوانو ماینێکی بـوو) «پیرەمێـرد» ٢. لەدایـک بـوون، هــاتنە دنــێ: (هاورێی هەمیشەی عومرم/ لەوساوە بـووم تـا ئەمــــرم!) «گـــۆران».٣. کــــران، ڕوودان، هاتنەدی(کـار) ٤. دارایـی، مـاڵ.٥. بـم، بـبم: (فیدات بوون ئامان سا هـۆرکەر بـا بەی/ وە سـەر کشــتمدا پەی پەی جەو جـۆی مەی) «مەولەوی».٦. ئەوان بـوون.٧. بـوونە، هـو، بیانوو.٨. پێگەیشتنی حاسـڵات: (گەنمەکەمـان بوونێ بەڵام سێوەکان هێشتا نەبـوونێ).٩. ئـاو هاتنەوە کاتی نزیکی.١٠. بـوونەوەر×: (بەرهەم و بــوون و بــوونەوەری کوردســـتان) «س. جنگیانی».

**بوون**: ببن، بن: (لە بن کەنێ خووەت بەر وە پێــوار/ نەوانــا وەڵێــت بــوون خەوەردار) «خانمەنسوور».×لاتین ×

**بۆون**: بەیار، بوورە.

**بوونبەئاو**: بەخۆدا شکانەوە.

**بوونبەخــۆڵ**: وردبـوون، هـاڕدران: (تەپاوتـل لەپڕ بەردێک بۆ نـاو دۆڵ/ دێتە خـوارەوە تـا ئەبێتە بە خۆڵ) «کامەرانموکری».

**بوونتاف**: تیشکێک بە برووسـکە و ڕەعـدەوە بەڵان نەکەوێتە سەر زەوی.

**بوونجی**: بۆنجی.

**بوونگ**: ١. بوونە، سەبەب،٢. وێانگ، بیانوو.

**بوونگلوو**: بارگلان، باگردێن.

**بوونم**: ببینم، بوینم: (مەر وە یای بکەم لەیـل خاترتەر/ مەر ئەوسا بوونم بـاڵای شـاپەروەر) «خانمەنسوور».

**بــوونمەت**: بتبینـم: (ئەگەر هـاتمەو ئەیـوان ئابـاد/ بـوونمەت وە چـاو خـاتر بـکەم شـاد) «خانمەنسوور».

**بوونونەبوون**: سـامان، مـاڵ، دارایـی: (زۆری وەک مەی قەزا و قەدەر چانــــــد و دروون/ بێهوودە چ داگرم خەمی بوون و نەبوون×).

**بوونە**: هۆ، هۆکار، سۆنگە، سەمەد، سەبەب.

**بوونەبایس**: بوونە هۆکاری تێکـدان و پێـک نەبڕان: (بانە وێران بێ دوور لە ئیمامان/ بوونە باعیس وەی توولە نەمامان) «حەسەن زیرەک».

**بوونەبــوون**: کارەسـات، هەنگـامە، ڕووشـە، قۆرت.

**بوونەبەشــــدار**: قســـمەت تـــێکەوتن: (لەو بەخششی زۆر و دوور لە هەژمـار/ بەشـکو لە دڵۆپێ ببمە بەشدار) «هەژار».

**بوونەپرد**: فیدابوون، گۆڕیبوون لە ژێر پێـی کەسێکا بـۆ مەبەسـتی وەهـا کە ئەو کەسـە بە سـەریدا تێـپەڕێ: (خـوداگیری مـن بـێ ڕۆژبازاڕی قیامەتێ/ ببێ بە پردم و بـۆ خـۆمی بە سەردا ڕابرێ) «گەنج».

**بوونەپەندیعالەم**: بێئابڕوو بوون لای خەڵک: (لە سەر تۆ بوومە پەندی عالەمێ، وتم و وتی: مەحوی/ بەسـی بـێ موشـریکی، بەس، یـا لە

دنیا یا لە من لادە) «مەحوی».
**بوونەپێکەنینیعـالەم**: بـوونە پەنـدی عـالەم: (شەرم و ئەدەب چوو وێ دەمێ/ نالی ژ تیـرا سـەرتەمێ/ بـوو پێکەنینـێ عـالەمێ/ ئاڤێـت کراسێ ڕوومەتێ) «فەقێ تەیران».
**بوونەتووتیا**: بریتی لە زۆر وردبوون: (ئـاردەکە وا هاڕدراوە بۆتە تووتیا).
**بوونەخـــوین**: خوێنـاوی بـوون: (شـەیخ جەزبەیەک هاتە نهین/ چل ڕۆژەکان کر هار و دیـن/ لبسـێ دبەر تێـک بـوونە خـوین/ ژ پەردەهان بدەر کەتێ) «فەقێ تەیران».
**بوونەسەبەب**: بوونەهۆکار، بایس‌بوون: (خـالق ل ئبلـیس کـر غەزەب/ بـا پیـر ڤ جـە نـانی ئەدەب/ ئادەم شەیاتین بوو سەبەب/ ئاڤێتە دەر ژ جەننەتێ) «فەقێ تەیران».
**بوونەقـــاو**: دەنـگ دانەوەی بـاس: (نـاوت دەهێنم لە هەموو لا دەبێتە قاو) «جومعەکان».
**بوونەماڵ**: ساغ‌بوونەوە بەسەر کەسێک‌دا.
**بـــوونەوە**: ١. ســەرهەڵدانەوە، دووبــارە پەیدابوون: (تازە کوڕی وا چـاک نـابێتەوە)،٢. ژیـانەوە، هـاتنەوە ژیـان: (هەر ددانەکەم کێشـا سـووکناییم هـات دەتکـوت تـازە لە دایـک بوومەوە)،٣. کرانەوە، وەبـوون: (دەرکە بـۆتەوە فەرمـــوونە ژوور)،٤. پشـکووتن، کـرانەوەی خونچە، ٥. لێبـوونەوە، تەواوبـوون،٦. کەوتـن، جیـابوونەوە: (سـێوێک لە دار بەر بـۆوە و وە سەر کابرای ڕێبور رکەفت).
**بوونەوەر**: ١. گیاندار، جانەوەر،٢. بوون.
**بوونەوەرایەتی**: هەبوون.
**بوونەوەری**: بوونی.
**بوونەیەک**: ١. تێکەڵ‌بوون،٢. قاتی‌بوونی ئـاوی دوو ڕووبـار: (گەر شـەپۆلی بەحـری ئەشکم ملکی ڕۆم وا داد ەگرێ/ دەبـنە یەک هەر دوو لەگەڵ دەریایی جەیحوون عاقیبەت) «سالم».
**بوونی**: لووان، گونجان، دەسدان.
**بوۆوزتەی**: بە بۆن خستن.
**بوۆوستەی**: بە بۆن خسن.
**بووووم**: بـووگم: (چەنـد غەریـب و بێکەسـم چەنـــــد لانەوازم بەم شــــەوە!/ هەر دەڵەی سەرتاســەری عـومرم وەهـا تەنیـا بـوووم) «جومعەکان».
**بووەپیانان**: خووگرتن، هرووگرتن.
**بووەیەکەونان**: خی‌دان، خوو پێک‌گرتن.
**بووەوەش**: بۆن‌خۆشکە.
**بووە**: ١. بۆ، بۆن،٢. ببە، بینە.
**بووەتە**: بۆتە: (تورڕەت وەکو تۆماری شکستە و سەری کوڵمت/ بۆ نووری سـەوادم بـووەتە شەمعی موتالا) «نالی».
**بووەتەقڵە**: بوو، کوند، کوندەبوو.
**بووەخشە**: ببەخشە.
**بووەخووەش**: بۆن‌خۆش، بێن‌وەش.
**بووەر**: ببە، بووەرەو، بیبەرەوە.
**بووەرا**: ١. کلەو بـکە، بیگەڕێـنەوە،٢. بیبـەوە، بەرندە بوو.
**بووەران**: ١. ئەول خـوەدەو بـووە،٢. لەلێـان بووەرا.
**بووەرانا**: کلێانەو بکە.
**بووەرانەو**: بووەرانا.
**بـووەرە**: ١. بیخـۆ، بخـۆ: (بە یـاهوو یـاهوو سـواری کەرە/ کەرتەکەرگەلـێ و عەنــبەر بووەرە) «م.ح. دزلی»،٢. وەرە، بێ، بێرۆ.
**بووەرەو**: ببەوە، گلەو بکە.
**بووەرەوەیْ**: کلێەو بکە.
**بووەرەیْ**: ١. بسێنەیْ،٢. ئەول خوەدەو بووە.
**بووەرەی**: بێنە، بهێنە.
**بووەریْ**: بخۆ، بیخۆ.

**بووەرێا**: بووەرەو.
**بووەرێان**: ١. بسێنان،٢. ئەول خوەدەو بووەران.
**بووەرێانا**: بووەرانا.
**بووەرێانەو**: بووەرانەو.
**بووەرێەو**: بووەرەووەیٚ.
**بووەس**: ١. ببەستە، ببیەسە،٢. بووە، بووگە: (چین وە مزگانی، چین وە مزگانی/ تەخت شاهی لەیل بووەس نوورانی) «خانمەنسوور».
**بۆوەستان**: ١. زۆر پێی شکان بۆ ڕاوەستاندن،٢. بۆ ڕاوەستان، مل پێدان: (فاتەلێ لە سنجەلێ/ بۆم بوەستە مانگ هەلێ/ بانگت ئەکەم بلێ بەلێ/ ئەوسا وەرە لەگەلْم هەلێ) «ڕشتەی مرواری».
**بۆوەش**: بۆنخۆش.
**بۆوەشە**: بۆنخۆش.
**بۆوەشی**: بۆنخۆشی.
**بووەکوورە**: کوندەبوو.
**بووەکووێرە**: کوند، کوندەبەبوو.
**بووەکەڕە**: کوند، کوندەبەبۆ.
**بۆوەگەڕان**: بۆگەڕانەوە، بۆڤەگەڕیان: (تا بۆم وەگەڕی زیان لە نیوە/ چاوم لە شتێکی دی بڕیوە) «هەژار».
**بووەم**: ١. بەرندە بووم،٢. وەلا بووم.
**بووەما**: ١. بەرندە بووم،٢. بووەمەو.
**بووەمان**: ١. ئەوانە ئەول خوەما بووەم،٢. لە ئەوانە بووەما.
**بووەمانا**: ١. لە لێان بووەما،٢. کلێانەو بکەم،٣. ئەول خوەما هەلْگردنمەو.
**بووەمانەو**: بووەمانا.
**بووەمەسەر**: ببەمە سەر، تەواو بکەم.
**بووەمەو**: بووەما.
**بووەمەوەیٚ**: ١. لەلێ بەرندە بووم،٢. ئەوە کلەو بکەم.

**بووەمەیٚ**: ١. لەلێ بەرندە بووم،٢. وەلا بووەم.
**بووەمێا**: ١. لەلێ بووەمەو،٢. بووەمێەو.
**بووەمێان**: ١. ئەوانە بووەما،٢. لە گەمە لێان بووەمەو.
**بووەمێانا**: ١. ئەوانە کلەو بکەم،٢. بووەمێانەو.
**بووەمێانەو**: بووەمانا.
**بووەمێەو**: بووەمێا.
**بووەن**: ١. بەرندە بوون،٢. ئەولا بووەن.
**بووەنا**: ١. بەرندە بوون،٢. بوونەو.
**بووەنان**: ١. ئەوانە بووەن،٢. لە ئەوانە بووەنەو.
**بووەنانەو**: ١. لە لێان بووەنا،٢. ئەوانە کلەو بکەن.
**بووەنەو**: ببەنەوە، بووەنەوە.
**بوونەوە**: بووەنا.
**بوونەوەر**: گیاندار، جانەوەر: (بێ بوونەوەر، بێ بەشەر/ بێ گوڵ و بەرگ و سەمەر) «ڕاوچی».
**بووەنەوەیٚ**: ١. ئەولا بووەنا،٢. لە لێ بووەنەو.
**بووەنەیٚ**: ١. بووەنەوەیٚ،٢. لەلێ بووەنا.
**بووەنێا**: ١. ئەو کلەو بکەن،٢. لە لێ بووەنەو.
**بووەنێان**: ١. لە لێان بوونەو،٢. لە ئەوانە بووەنەو.
**بووەنێانا**: ١. ئەوانە ئەول خوەدانا بووەن،٢. بووەنێا.
**بووەنێانەو**: بووەنێانا.
**بووەنێەو**: بووەنێا.
**بووهوشت**: بەهەشت.
**بووهووراندن**: تێپەڕاندن، ڕاپەڕاندن.
**بووهوورتن**: تێپەڕین، بوورین.
**بووهەلامات**: بووگەنیایٚ.
**بووهەورات**: بوو خوەش خواردەمەنی.
**بووەی**: ١. بەرندە بود،٢. ئەول خوەدەو بووەید.
**بووەیٚ**: ١. بەرندە بوود،٢. ئەولا بوەێد.

**بووەید**: بووەی.

**بووەێد**: بووەێ.

**بووەیدا**: ١. بەرندە بود،٢. ئەول خوەدا بووەیدەو.

**بووەێدا**: بەرندە بوو،٢. ئەول خوەیا بووەێدەو.

**بووەیدان**: ١. ئەوانە ئەول خوەدا بووەید،٢. لە ئەوانە بووەیدەو.

**بووەێدان**: ١. ئەوانە ئەول خوەیا بووەێد،٢. لە ئەوانە بووەێدا.

**بووەیدانا**: ١. ئەوانە ئەول خوەدا بووەیدەو،٢. لە ئەوانە بووەیدا.

**بووەێدانا**: ١. ئەوانە ئەولا بووەێد،٢. لە ئەوانە بووەێدا.

**بووەیدانەو**: بووەیدانا.

**بووەێدانەو**: بووەێدانا.

**بووەیدن**: بووەید.

**بووەێدن**: بووەێد.

**بووەیدەو**: بووەیدا.

**بووەێدەو**: بووەێدا.

**بووەیدەوەێ**: ١. لە لێ بووەیدەو،٢. ئەوە بووەیدەو.

**بووەێدەوەێ**: ١. لە لێ بووەێدەو،٢. ئەوە بووەێدەو.

**بووەیدەێ**: ١. ئەوە ئەولا بووەید،٢. ئەوە بووەیدەو.

**بووەێدەێ**: ١. ئەوە ئەولا بووەێد،٢. لە لێ بووەێدەو.

**بووەیدێا**: ١. لە ئەو بووەیدەو،٢. ئەوە ئەول خوەدەو بووەید.

**بووەێدێا**: ١. لە ئەو بووەێدەو،٢. ئەوە ئەولا بووەێد.

**بووەیدێان**: بووەیدان.

**بووەێدێان**: بووەێدان.

**بووەیدێەو**: بووەیدێا.

**بووەێدێەو**: بووەێدێا.

**بووهیشک**: گێوژ، گۆێژ، بلچ.

**بووهێک**: ڕابردوو، گوزەشتە.

**بووەیم**: ١. بەرندە بومن،٢. ئەولا بووەیمن.

**بووەیما**: ١. لە لێ بووەیمنا،٢. کلەو بکەیمن، ٣. ئەول خوەمانا بووەیمن.

**بووەیمان**: ١. لە ئەوانە بووەیمنا،٢. ئەوانە ئەول خوەمانا بووەیمن.

**بووەیمانا**: ١. ئەول خوەمانا بووەیمن،٢. لە لێان بووەیمنا.

**بووەیمانەو**: بووەیمنانەو.

**بووەیمن**: بووەیم.

**بووەیمەو**: بووەیمنەو.

**بووەیمەوەێ**: ١. ئەو بووەیمنەوە،٢. لە ئەو بووەیمنەو.

**بووەیمەێ**: ١. ئەو ئەول خوەمانا بووەیمن،٢. لە ئەو بووەیمنەو.

**بووەیمێا**: ١. لە ئەو بووەیمنا،٢. ئەو کلەو بکەیم.

**بووەیمێان**: ١. ئەوانە بووەیمنا،٢. لە ئەوان بووەیمنا.

**بووەیمێانا**: ١. لە ئەوان بووەیمنا،٢. ئەوانە ئەوڵ خوەمانا بووەیمنەو.

**بووەیمێانەو**: بووەیمنێانەو.

**بووەیمێەو**: بووەیمنێەو.

**بووەین**: ١. بەرەندە بوون،٢. وەلا بووەین.

**بووەینا**: ١. بەرەندە بوون،٢. ئەوڵ خوەدانا بووەین.

**بووەینان**: ١. لە ئەوانە بووەین،٢. ئەوانە ئەوڵ خوەدانا بووەین.

**بووەینانا**: ١. لە ئەوانە بووەینەو،٢. ئەوانە ئەولا بووەین.

**بووەینانەو**: بووەینانا.

**بووەینەو**: بووەینا.

**بووەینەوەیٚ**: ١. وەلا بووەینەو،٢. لەلیٚ بەرندە بوون.

**بووەینەیٚ**: ١. وەلا بووەین،٢. ئەو بووەینەو.

**بووەینیا**: ١. لەلیٚ بووەینەو،٢. ئەوڵ خوەدانا بووەینەو.

**بووەینیٚان**: بووەینان.

**بووەینیٚانا**: ١. لە لیٚ بووەینەو،٢. ئەوڵ خوەدانەو بووەینان.

**بووەینیٚانەو**: بووەینیٚانا.

**بووەینیٚەو**: بووەینیٚا.

**بووی**: بۆ، بۆن، بێن: (چو پشی لە شوون بووی پیازداخ) «چەپکەگوڵ».

**بوویٚ**: ١. ببیٚ، ببیٚت،٢. گیایٚگە ک مانگا لە لیٚ خوەیٚ.

**بۆوی**: بووی، بوویتە: (بۆوی بە دەلیل و حوججەتی خوا) «م.ح. دزڵی».

**بۆ ویٚ**: بێرە ئێرە، بیٚ بۆ ئەگرە.

**بوویایە**: ببوایە، بوایە.

**بوویایی**: ببوای، بووایەتی: (دە برا تو کوڕ بوویایی) «مەستوورە».

**بوویبنهەنگڵ**: بۆدرن، بۆکەڵیشە.

**بوویت**: بووی، بوو ویی.

**بۆویتە**: بووی، بوویتە: (بۆ ئیٚمەی هەژار بۆویتە ڕیٚنوما) «م.ح. دزڵی».

**بوویجی**: توتک، تولە، بووجی.

**بوویدەم**: بۆنی زار.

**بوویٚر**: هەڵبوویٚر، ڕۆژبوویٚر، هەفتەبوویٚر، شەوبوویٚر، ساڵبوویٚر.

**بوویژ**: سەردوولکە.

**بوویٚژ**: هۆز، هۆزانڤان، هەستیار، هۆنەر، گۆرانیبێژ، ئاخووەر، ئاخەفتەر.

**بوویٚژە**: بڵیٚ، بێژە.

**بوویٚژیٚنەیژی**: بڵیٚی نەڵیٚی.

**بوویٚس**: ١. بنوو، بخەوە، بخەفە،٢. ڕاوەستە، بووسە، بوەستە.

**بوویٚسە**: بوەستە، ڕاوەستە.

**بوویش**: ١. زەمەند و قشلاخی بیٚ ئاو،٢. بێژە، بڵیٚ.

**بوویک**: ١. بووک، وەوی: (گوڵ لە کن کەس نییە عەزیزم سووک/ سەری زاوایە جیٚی، باوەشی بووک) «هیٚمن» ٢. باپشکیٚو.

**بووی گەن**: بۆی گەند، بەگەن.

**بووین**: شیاوی کران: (لیٚ ئەو ب خوە زوو ب زوو ژ ویٚ پلانیٚ ڤەکشییا، وی تەخمین کر ئەو نە تشتیٚ بووینەیە) «مەستوورە».

**بووینو**: ببینم: (ئەر چەمەن بیٚ تۆ بووینو بە چەم/ من جیٚم بە هوونـاو موژگـان بـدۆ نەم) «بێسارانی».

**بوویە**: بوویتە، بووی: (بوویە یاری غەیر و من بیٚگانە مام/ بیٚوەفا، هەی! هەی جەفاکردار، هەی!) «مەحوی».

**بوویەر**: ڕووداو: (وی د دەرهەقا بوویەریٚن دەورانا خان ئەحمەد خاندا دنڤیسی) «مەستوورە».

**بوویەریٚن**: ڕووداوەکان: (دیرۆکنووسیٚن ئەردەلانیٚ د دەرهەقا هەر بوویەریٚن میرگەهیٚدا دەبوون و کرنیٚن وەلیدا دنڤیسین) «مەستوورە».

**بوویەن**: هەستی، ڤجوود، وجوود.

**بوویی**: گەیین، گەیشتن(میوە).

**بووین**: ١. زان، زاین،٢. بوون.

**بوویەر**: ١. ڕووداو، قەوماو ٢. ئەفسانە، چیڤانۆک.

**بوویی**: گەیین، گەیشتنی میوە.

**بوه**: ١. دارا ٢. کوند، بـایەقوش ٣. بـبەرە ٤. بمێنە ٥. ببە، ئەوهابە ٦. ببوە، ببەن.

**بوها**: ١. نرخ، بایی، بهێ، بەها، قیمەت: (یەک عیشوە «مەلا»یێ ب بوها بێتە ژ لەعـلان/ سـەد جان مە هەبن هێژ کو موقەسیر د بەهـێ مـن) «جزیری» ٢. گران، گرانبایی، بوهادار: (دەمـاکو تەنە بوهـا دبـوو، هنگـی ئەو تەنەی خـوە ب نرخەکی زێدە دفرۆت) «پەپووک».

**بوهاتن**: توانەوە، تاوانەوە.

**بۆهاتن**: ١. بۆ لا هاتن: (بە سێ کەسـان بـۆم هـاتن، منـیش هەڵاتـم!)،٢. شـانس هەبـوون: (ئەورۆ باشم بۆ نایە)،٣. دارژانی بیر و هەست: (چاکم بۆ دێ)،٤. شـتێک لە لایەن کەسـێکەوە پێگەیشتن: (نامەی کورەکەم بۆ هاتووە)،٥. بۆ هاتنە ژوان: (ناسکۆڵێ خۆی قەولی دا لە بـۆم بێتە بێلایە) «حەسەن زیرەک».

**بوهار**: ١. بەهار، بهـار، بـوار: (ئیـرۆ عقاریـب هاتە خوار، چـو نیڤـێ بـاغێ گولعـوزار/ ئەڤ بوغچەیا هەر لێ بوهار، لەو بولبولان لـێ قـال و شەر) «جزیری»،٢. گوزەرا، رۆیشـت: (چـل رۆژەکـان ئەڤ حـال بوهـار/ رووینشـتبوون خەلق چار کنار/ شەیخ نە تەبیت بوو، نە قرار/ بوو ماسیێ ب دیمێ کەتێ) «فەقێ تەیران».

**بوهـــار**: بهـار، بەهـار: (هەر دەڵێـی بەرخە کۆرپەی دە دەوڵەمەندانن/ وەکـی دە هەوەڵـێ مانگی دە بوهارێ) «گەنجی سەربەمۆر».

**بوهـــارتن**: ١. تێـپەڕین، بهـوردن، ڕابـردن ٢. بووادردن.

**بوهارەک**: ١. بەهارێک: (چـوخێ تە ئەیـازو دلا ڤەهانــد/ ژ پەرێــن کەوان/ ژ بێهنـا بنـێن سـێڤان/ گـول دایــن ل بوهارەکـا نەهـاتی) «سـندی»،٢. بەرخێکـی بەهـارەزێ×٢٢٦×: (چـوخێ منـۆ، چـۆخێ تە ئەیـازو/ ژ هریـا بەرانان، بەرانێن زۆزانان/ زەرییـا ئەسـمەران، پەریا ڕستن/ ڕوندک لـێ ڕشـتن/ ب بەبینـان، ب نێرگـزان/ ب خوینـا بوهارەکـا ڤەکوشـتی خەملاندن) «سندی».

**بوهاری**: بەهاری: (وەکی بەرقی بوهـاری ئەز ژ دەست چەشمێن خوماری ئەز) «جزیری».

**بوهاکردن**: نرخکردن، قـیمەت پرسـین: (دوڕ ل نک ئەهلـێ مولووکـان/ گەر ببـنە شـەهرێ بچووکان/ کەس بوها ناکەت د سووکان/ یەک لبەک چە پێ نەتێ) «فەقێ تەیران».

**بوهایی**: گرانی، قاتوقڕی: (جارنا کو بوهـایی و نانگرانی چێ دبوو) «پەپووک».

**بۆهت**: بێژن، سەڵت.

**بوهتان**: ١. بوختان، بێبەختـی: (جیهـان بـۆتە جەزیرەی بەحری گریەم/ بە بێ بوهتـان ئەتـۆ زین و ئەمن مەم) «حاجی قـادر»،٢. مەڵبەنـدی بۆتـان لە نـاوچەی بادینـان: (نیرگـزا مەسـتی چیـای بوهتـانی/ نـازک و شـەنگ شـوبی ڕەیحانی) «جزیری»، (بوهتان بگرینە ڕەقس و گۆڤەنــد/ دا بێـنە تەماشـایێ شـەکەرخەند) «خـانی»،٣. نەڕاسـت، هەڵبەسـت: (هنـدەک ژ فەسانەیێ د بوهتان/ هندەک د بەهـانە، هـن د بوهتان) «خانی».

**بۆهتان**: مەڵبەندی بۆتان لە کوردستان: (گولی باغی ئیرەمی بۆهتانم) «جزیری».

**بوهتـــانبکینە**: سـەمای بوهتـان، هەڵپەڕینـی دەڤەری بۆتان.

**بوهتوم**: بوختان، تۆمەت.

**بوهتووم**: بوهتوم.

**بوەتەقلە**: جۆرێ کوندی مەزنە.

**بوهتی**: زاراوەی خەڵکـی بۆتـان: (بـوهتی و مهەممەدی و سلیڤی/ هـن لەعـل و هـنەک ژ زێڕ و زیڤی) «خانی».

**بوهتیمە**: خەڵکی بوهتانم، بۆتانیم: (ئەز ژ غیرەتا نەبیمە/ ئەز شێوەکێ موکریمە/ خان ئەبدالێ بوهتیمە/ ئەز ژی ب ناڤێ ڤیمە) «فەقێ تەیران».

**بوەجهی**: بە هۆی: (هەیئاتێ فەلەک ب وەجهی قودرەت) «خانی».

**بوەچک**: بیچک، گچکە، چکۆڵە.

**بوهچک**: بیچک، بوچک، گچکە، چکۆلە.

**بوهر**: پشوو بڕان، هەناسە بڕان.

**بۆەرە**: بخۆ: (سوبح و ویرەگا بۆەرە بۆوسە) «م.ح. دزڵی».

**بوەرەو**: ببەوە، ببەرەوە، بیبەرەوە: (کوتی: ئەمە بوەرەو، بێریشەو) «گوڵونێرگز».

**بوەرەی**: باوەرەی، بێنە، بهێنە.

**بوەرێ**: بیخۆ، بخۆ.

**بوەریم**: بخۆین.

**بوهرین**: ١. بڕوسقان، بزرکانی شیر ٢. پیربوونی گیا ٣. بۆرین، بەخشین،٤. گوزەران، کات لێ‌تێپەڕبوون: (بوهرین ل من چەند ماه و سال) «فەقێ تەیران».

**بوهست**: شیربست.

**بوەستە**: ڕاوەستە، مەڕۆ.

**بوەسۆ**: بوەتۆ، بۆتەوە: (میوانەکەمان خەوەری بوەسۆ) «ئاوێنەی‌بێگەرد».

**بوەسێ**: بویسێ، ڕاوەستێ: (لە ترسی ئەو ئاوڕە و وەڕینی سەگەکان نەی‌وێرا بوەسێ) «کۆردەرە».

**بوەکۆرە**: بووم، کوندەبوو.

**بوەکوێرە**: کوند، جۆرێ کوندە.

**بوهل**: دەرە، دەربەند، گەڵی، دۆڵی تەنگ: (هندی هەنە کیژ و کوڕ د بوهتان/ بەلکی د جەمیعێ بەژن و بوهلان) «خانی».

**بوهور**: بوار، شیاوی پەڕینەوە: (گەلییێن بێ بنی و ڕووبارێن بێ بوهور بوون) «مەستوورە».

**بۆهۆرتی**: تێپەڕبوو، ڕۆیشتوو، گوزەراو: (ڕۆژا بۆهۆرتی).

**بوهوست**: بست، بوست، بنگس.

**بوەش**: وەشێن، وەشێنەر: (هەر ژ کەڤانی بوەش قەبزە زەری گوشە رەش/ گەزمە ب جوهت تێنە دل کەس دمرت بێ ئەجەل؟) «جزیری».

**بوەقت**: بەجێ، لە کاتی خۆیدا: (دوو تشت ژ عەقل نینن و هەر گریدن دەڤ/ ب وەقت گۆتن و گۆتن ب وەقتێ خامووشی) «گولشوون».

**بوهوشت**: بەهەشت.

**بۆهەبوون**: توانین، ئیزن هەبوون: (بۆم هەیە ئەمشەو میوانی تۆ بم؟).

**بۆهەڕنەمووت**: بۆمچەو، بۆنی مەشکە و دۆدانە.

**بۆهەڕنەهووت**: بۆ گنخ، بۆی ترشاو و گەنیو: (ئەو بۆ هەڕنەشووتە چییە بە ولاتەوە وەربووە).

**بۆهەنگاوتن**: بۆ ئەنگاوتن، بۆ لێدان، بۆ پێکان: (دەجا تۆ خودا بابی دایە خۆ تفەنگی خۆم لە بۆ هەنگێوە) «فۆلکلۆر».

**بوهێرک**: دەما دەرباز، دەما بۆری.

**بوهیشت**: بەهەشت، بەحەشت.

**بۆهێنان**: ١. شت بۆئێنان،٢. هێنانی پیاو بۆ سەر ژن بۆ مێردپێکردن: (کوتی: بدرێنم بە قەبری بابتدا زەرقی عەییار، هیچ کەس نەمابوو بۆ منی بێنی ئەم فسۆسەت هێناوە؟) «فۆلکلۆر»،٣. ژن بۆ هێنان، بووک بۆگوێستنەوە: (جا دەڵێ برایم! خاتوون پەریخانت هەر بۆ دێنم، ئەمما با ولات ڕەش بێتەوە) «برایمۆک».

**بوی**: بۆن، بۆ، بێن.
**بۆی**: ١. بۆ، بۆن،٢. بۆنی، بێنی: (واتش منیچ بۆم، وێنەی بۆی زولفەن) «بێسارانی»،٣. گارسۆن، شاگرد،٤. بووی، بووگی: (تو ژ ئاکرێ را هەڤال بۆی، ڕوهنی و مۆم و چرا) «سندی».
**بویێ**: ببێ، ببێت.
**ب وی**: ١. بە ئەو بۆ مرۆڤ،٢. بە ئەو بۆ شت: (بیلکول ژ سەری حەتتا ب ئەقدام/ سۆهتن ب وی ئاگری دلارام) «خانی»،٣. بەو، بە ئەو: (ب وی ئاوایی: بە ئەو جۆرە).
**بویا**: ١. بیاد، دەبوو: (ئەگەر فلانی بویا)،٢. بیا، بکرایە: (بویا بچیدە ماڵمان و بایدەو).
**بۆیا**: بۆیە، بۆیێ، چونکە: (هەر دوو هەمدەردین و هەر دوو کوشتەیی تەنیا گوڵێک/ بۆیە ڕۆژ و شەو لە گوڵشەن، هەمجیواری بلبلم) «ئەدەب».
**بویاتا**: ١. بوا، دەبوو،٢. تەوسا، خۆزگا: (بویا بونیامەێ).
**بویاتاد**: بویاتا.
**بویاتادان**: بیادان، ئەوان دەبوون.
**بویاتادن**: بیادن، ئەگەر دەبوو.
**بویاتادنە**: بویاتادە.
**بویاتادە**: بیادە: (بویاتادە ماسی لە ئاو گرتیامەێ).
**بویاتادەو**: واز بویاتا.
**بویاتادەێ**: بیادەێ، ئەگەر دەبوو.
**بویاتام**: بیام، ئەگەر دەبووم.
**بویاتان**: بیاتان، ئەگەر دەبوون.
**بویاتای**: بیاتای، ئەگەر دەبوی.
**بویاتاید**: بیاتاید، ئەگەر دەبوی.
**بویاتایم**: بیاتایم، ئەگەر دەبووین.
**بویاتایمن**: بیاتایمن، ئەگەر دەبووین.
**بویاتاین**: بیاتاین، ئەگەر دەبووی بۆ کۆ.
**بویاتیا**: بیاتیا، ئەگەر دەبو.
**بویاتیاد**: بیاتیاد، ئەگەر دەبوو.
**بویاتیادان**: بیاتادان، ئەگەر ئەوانە دەبوون.
**بویاتیادن**: بیاتادن، ئەگەر دەبوو.
**بویاتیادنە**: بیاتادنە.
**بویاتیادنەێ**: بیاتیادنەێ.
**بویاتیادە**: بیاتیادە، بویادە.
**بویاتیادەو**: بیاتیادەو، بویاتادەو.
**بویاتیادەێ**: بیاتیادەێ.
**بویاتیادێان**: بیاتیادێان.
**بویاتیام**: بیاتیام، بویاتام.
**بویاتیان**: بیاتیان، بویاتان.
**بویاتیای**: بیاتیای، بویتای.
**بویاتیاین**: بیاتیاین، بویاتاین.
**بویاخ**: بۆیاخ، واکس، ڕەنگ.
**بۆیاخ**: بۆیاغ، ڕەنگی دەرمان.
**بۆیاخچی**: ١. ڕەنگکەر، واکسکەری کەوش: (من بووم بۆیاخچی دووروەتەن/ قۆندەرەکانی واشتەن) «کامەران موکری»،٢. دوکان و جێی بۆیاخکردن: (کوڕێکی زاخەیی لە وڵاتی بەغدا لە بۆیاخچیەکەیا فلچەیەکی تیا بوو) «ڕشتەیمرواری».
**بۆیاخچیەتی**: بۆیاخکاری، واکسکاری.
**بۆیاخچییە**: بۆیاخچی.
**بۆیاخکار**: بۆیاخچی، ڕەنگکار.
**بۆیاخکردن**: ١. ڕەنگ کردنی دارودیوار،٢. واکس لە کەش دان: (چەکمە ڕەشەکانی پاش ئەوەی بۆیاخی کردن) «حەمەدۆک».
**بویاخکریا**: بۆیاخکراو.
**بویاخکریێ**: بۆیاخکراو.
**بۆیاخکەر**: بۆیاخچی.
**بۆیاخکەردەی**: بۆیاخ کردن.

**بویاد**: ١. بیاد، دەبوو،٢. بویاتا.
**بویادان**: بیادان.
**بویادن**: بیادن.
**بویادنان**: بیادنان.
**بویادنە**: بیادنە، بویادە.
**بویادە**: بیادە: (بویادە هەسارە لە ئاسمان هاوردیامەیٚ خوار).
**بویادەو**: بیادەو.
**بویادەیٚ**: بیادەیٚ، ئەگەر دەبوو.
**بویادیان**: بیادیان، ئەگەر ئەوانەش دەبوون.
**بویاران**: ڕابویرن: (جیلوەی جەلای دۆس تەدریج پەی یاران/ مبۆ، تا وە قەدر تاقەت بویاران) «مەولەوی».
**بویارمیٚ**: ڕابویرین، بەگوزەرێنین: (تا ئەی مەجلیسە بویارمیٚ بە شاد) «بێسارانی».
**بویارۆ**: ١. ڕابویرم: (جە کۆ مەعدوومی ئەو تاقەت دارۆ/ ساتیٚ وە بیٚ دین بالات بویارۆ) «مەولەوی»،٢. ڕابویریٚ، بگوزەریٚ: (بەڵیٚ پەی کەسیٚ نە دڵ نەبۆش خار/ بویارۆ بە زەوق سەرمەستی وەهار) «بێسارانی».
**بویاری**: ڕابویری: (هەرتاکە عومرت یاوۆ بە ئەنجام/ نە سای ئەو سەنگدا بویاری بە کام) «بێسارانی».
**بویاریش**: بیگوزەرێنە، ڕایبویرە: (بویاریش ئەگەر بە زیکر و تاعەت/ وەشتەرەن نە خۆ دایم فەراغەت) «ئەنساری».
**بویاغ**: جۆریٚ گیای سوورە کە بۆ کاری ڕەنگرێژی بەکار هێنراوە.
**بۆیاغ**: ١. بۆیە، دەرمانێکە سمێڵ و سەری پیٚ ڕەش دەکەن: (قالە زلەی زاوا لە خۆشیدا ماسیوە، سەر و سمێڵی بە بۆیاغ نویٚ بۆتەوە) «شەوارە»،٢. واکس، بۆیاخی کەوش: (نەبم بە میوان دەبمە جیرانت/ بمکە بە بۆیاغ بۆ کەوشەکانت) «فۆلکلۆر».
**بۆیاغچی**: بۆیاخچی.
**بۆیاغچیەتی**: پینەچیگەری، کاری بۆیاغچی: (کوڕێکیش لە بەغدا هەبوو دووکانی بۆیاغچیەتی بوو) «ڕشتەیمرواری».
**بۆیاغکراو**: واکسکراو: (عەزە گورگە بە تفەنگی یانزە تیری گاپتەوە و ڕەزنی جەعبەیی ڕەشی بۆیاغکراوەوە خێرا هەنگاویان دەنا) «کۆردەرە».
**بۆیاغکردن**: واکس کردنی کەوش: (لە کۆڵان و شەقامی شاردا پێڵاوی هەژارانم پیٚ واکس و بۆیاغ دەکردن) «نیساری».
**بویام**: بیام، بویاتام.
**بۆیان**: ١. ئەوانە بیان،٢. بیان، ئەگەر دەبوون.
**بۆیانە**: بیٚ ماڵۆ، بێرە ماڵەوە.
**بویایمن**: بیایمن، بویاتایمن.
**بویاین**: بیاین، بویاتاین.
**بویئاواهی**: بەوشکڵە، بەوجۆرە: (ب وی ئاواهی هاتیە کرن).
**بویئاوایی**: بەو جۆرە: (ب وی ئاوایی مالبات گیهانەک ب گیهانەک ل ڕیٚ دچوون) «پەپووک».
**بویت**: ١. بتەو، پتەو، قورس،٢. دارا، ماڵدار.
**بویتان**: بویتک، بویتانک، سیستکەسەلام، هندەک پرزکن لدۆرا قەیتانیٚ چاڤان تین.
**بویتک**: بویتان.
**بویتەرزی**: بەو جۆرە، وسا: (تاجدین ب وی تەرزی چو سەرایێ/ مەم ما ل دەری دگەل دوعایێ) «خانی».
**بویچکەلە**: بویچک، بیچک، گچکە: (کوڕە بویچکەلە و خوەمم و ژنی) «چەپکەگوڵ».
**بۆیخۆش**: بۆن، بەرامە، بۆنی وەش.
**بوید**: بویدە، ببیتە، بویتە: (گەر شێوەت وە

هوون هەنا بکەی ڕەنگ/ ئەر بویـدە وەزیـر و شازادەی فەڕەنگ) «خانمەنسوور».
**بۆی‌دێ**: ١. دێ بۆی، دێت بـۆی،٢. شانسی هەس، چاکی بۆ دێ،٣. بۆنی لێ‌دێ.
**بوێر**: ١. بـجەرگ، نەترس، ئـازا: (هەر لەوێ چینـی بـوێرم دیـتن/ هەر لەوێ میـر و دلێـرم دیتن) «ڕاوچی»،٢. تێپەڕ: (بابوێر، سـاڵ‌بوێر)،٣. ناوە بۆ کچان.
**بویرا**: خزم، کەس.
**بۆیرش**: بۆشێ، بۆنی تەڕی و نمداری.
**بۆێری**: بـجەرگی، بەجەرگی، ئازایی.
**بـــویژ**: ١. قســـەکەر، پەیڤـــدەر،٢. شـــاعیر، هەڵبەســـتڤان: (هەمـــوو شـــاگردی دەرس و مەکتەبی ئەو کـۆڕە پسـپۆڕەن/ کـوڕ و کیـژی بـــویژ و دژبەزیـــن و دەمـــتەڕی شـــاری) «ڕاوچـی»،٣. شـایەر، سـترانچڕ، گـۆرانی‌بێژ،٤. سەردولکە.
**بوێژ**: ١. ئاخەفتەر، پەیڤدەر، قسەبێژ، قسیەکەر: (ستێرەی ڕۆشنی کوردم بوێژن/ ئەوانیش، ڕوو لە چوونن لە دوو یەک) «ڕاوچـی» ٢. هـۆنەر، شـایەر، گـۆرانی‌چڕ ٣. شـاعیر، هەڵبەسـتڤان: (نەکا بشکێنی تۆبە بە تام و بۆن و چێـژان/ لە لات وابـێ ڕەوایە، چێژێـک بـۆ بـویژان) «ڕاوچی»،٤. مەلـی دەنـگ‌خۆش وەک بولبـول: (جـــا ئەی دەنگ‌خۆشـــەکەی چەلەنـــگ/ بوێژەکەی بە نـاو و دەنـگ) «بۆکوردسـتان»،٥. دەسوور وە ویژانن،٦. ناوی کوڕانە.
**بوێژە**: ببێژە، بێژە، بڵێ.
**بـوێس**: ١. بنـوو، بـخەوە، بـخەفە ٢. مەچـۆ، مەڕۆ، بوەستە، ڕاوەستە.
**بویسان**: بێستان، بێسان.
**بۆیسان**: بێستان.
**بوێسانەئاوا**: دیەکەیگە لە جوانڕۆ.

**بویسانەوان**: بێستانەوان.
**بۆیسانەوان**: بێستانەوان.
**بویسانەوانە**: بێستانچی.
**بویسانەوانی**: بێستانچیەتی.
**بوێست**: بوێس، مەڕۆ.
**بۆی‌سفتەکەم**: بۆکڕوزم، بـۆپرووزم: (وەخـتەن سەر تا پام ببـۆ وە زووخـاڵ/ بـۆی سـفتەکەم هورگێرۆ شەماڵ) «مەولەوی».
**بوێسە**: بوێس، بوێست.
**بویش**: ١. بوێژ، بەیت‌ئەڵوەس،٢. قسـیەکەر،٣. شـایەر، گـووارنی‌چڕ،٤. ××: (ریڤـی ب ڤـان گۆتنا خۆ خاپاند و خار کەفـتە نـاڤ بویشـی) «گولواز ١٩٠×».
**بویـــک**: ١. بـووک، بـۆک، وەوی: (کەچکـان بویـــک دکـــرن، ژنەبـــی ژ هەڤ وەردکەتـــن) «پەنـــد»،٢. بـــووکەڵە، بووکەشووشـــە: (لـــورین کچەکـا ب عاقـل بـوو، ڕۆژەکـی بـابێ وێ بویکەکا باربی کری بوو) «بێریڤان و هیڤی».
**بویک‌ئانین**: بووک هێنان: (مە بویک ئانی ب لەز و بەز، مە لێدا ڕەز و پەز، سڤکا ماڵێ هەر بیم ئەز) «پەند».
**بـــۆی‌کردگە**: ١. بـــۆنی گرتـــووە،٢. هەســـتی کردگە، سووسەی کردووە،٣. ئەو کارەکەی بـۆ کردووە.
**بویماران**: بووژانە، بۆمارانە.
**بۆی‌منداڵ**: بـۆنی منـداڵ، منـداڵی سـاوا تـا دەگاتە دوو ساڵ ئەگەر بۆنی خوێن و خـوڕی ژنی زاو بکا بە بۆن دەکەوێ، گیـای گژنیـژ بە خەنەوە لە دەس و پێشەسەری بدرێ باشە.
**بـــوین**: ١. بـوینە: (ڤەکە لەعـلان تـو ژ سـەر شەککەری تەنگ/ کو ژ مورادا تە بـوین پێـت و پەرەنگ) «جزیری»،٢. بوون: (مەعلول بـوین حەبیب و عاشـق) «خـانی»،٣. ببینـە، سـەیرکە:

(بوین ڕەعشەی وەجد دڵەی پاکشان/ عەیان نە شنیای سەوزەی خاکشان) «مەولەوی».

**بۆین**: ١. ڕازی، قایل، قانع،٢. گوندێکە لای هەڵەبجە.

**بوینان**: ١. ببینن، بوینن: (تەمام سەرافان جە ڕوی سەرزەمین/ بەیان بوینان ئاینەی جەمین) «بێسارانی»،٢. بیانبینێ، ئەوان ببینێ: (پێسەن ڕا و ڕەوشت پەی لەیلی دینان/ تا کە مەجنوونێ بە چەم بوینان) «بێسارانی»،٣. ببەستن.

**بوینباخ**: کراوات، بەندک، کەڕاوات.

**بویندێ**: ببینن، بڕواننە: (یاران پەی ڕووی من، بویندێ ڕەزان) «بێسارانی».

**بوینم**: ببینم: (کێ بۆ دەور بدۆ، بەو شەراب جامێ؟/ بدەرۆ جامێ بوینم کامێ؟) «بێسارانی».

**بوینمت**: چاوم پێت بکەوێ.

**بوینمێ**: ١. ببینین، بوینین: (ئامانت ساقی، پێمان دەر جامێ/ تا کە جە تۆوە بوینمێ کامێ) «بێسارانی»،٢. ببەستین.

**بوینۆ**: ١. ببینێ: (عەهد کەروو چەنی سوپای دڵ تالیی/ تا دڵ بوینۆ جە تالیی خالیی) «بێسارانی»،٢. ببەستێ.

**بوینۆش**: ١. ببینێ، ببینێت: (بوینۆش بە چەم جە بەرزەبانان) «بێسارانی»،٢. ببەستێ.

**بوینۆن**: ببینن، بوینن: (بوینۆن وە حەق خەتا جە کامەن/ مەعلووم ڕووسیای خەواس و عامەن) «پیرۆزە».

**بوینوو**: ببینم: (ئە ڕۆێ سەدجار بوینوو ئەو کەس/ نە چەم مەبۆ تێر، نە دڵ ماچۆ وەس) «بێسارانی».

**بوینووت**: بدبینم، بتبینم، بتوینم: (سا دڵم وەشکەر وە ئیلتیفاتێ/ بدەیە وە لاوە بوینووت ساتێ) «مەولەوی».

**بوینوون**: ببینم: (هەرچی بوینوون شێوەی تۆ پێشەن/ دڵ وە هەتیتەی حەسرەتدا کێشەن) «مەولەوی».

**بۆینە**: بەهانە، بۆنە: (وە بۆینەی ئەوەوە ئەچم).

**بوینی**: ببینی، ببینیت: (یانیهای دووریت نەکەردەن کاری؟/ وەرنە مەر گڵکۆم بوینی جاری) «بێسارانی».

**بۆیوەش**: بۆنی خۆش.

**بویە**: ١. بووگە، بووە،٢. بۆیە،٣. وەرە، بێ××٢٣٦×: (بویە وە تاجیل نە سەر کۆساران/ درەنگی مەکەر نە تۆی گوڵزاران) «مینەجاف».

**بۆیە**: ١. بۆیاخ، واکس و ڕەنگی نەقاشی: (ئەی وەتەن! بەینێکە پەستی، مژدە بێ دەورانتە/ خوێنی کوژراوانی کۆنت، بۆیەیی هەیوانتە) «قانع»٢. ڕەنگی سەر ڕەشکردنەوە: (تومەس ئەمە لە بەغدا بوە، مووی سەر بۆیە ئەکەن) «ڕشتەی مرواری»،٣. لەبەر، لەبەر ئەوە، بۆیا، چونکوو: (بۆیە بە دەستی خۆ، بە سەری زولفەوە بەستی/ تا ماچی کەم ئەعزات، لە سەر دوشەوە تا پات) «ئەدەب»،٤. وەڵامی بۆچی یا بۆ بە مانای هەروا: (بۆ کار ناکەی؟ بۆیە)،٥. قەسد، نیاز، نەزەر: (من ویستم بەو قسانە خێرخوایی بکەم، خۆ بۆیەکم نەبوو بەم ڕۆژە بگات) «پێکەنینیگەدا».

**بویەتەنگ**: لێمان تەنگ بووە: (مەستی جەورا تە، مە بێ بادە و بەنگ/ بێتە جانا، ل مە عالەم بویە تەنگ) «جزیری».

**بۆیەچی**: ١. واکسکەری کەوش،٢. نەقاش، ڕەنگکەری دیوار.

**بۆیەچیە**: بۆیەچی.

**بویەدی**: ١. وەدیکریا، پەیدابوو،٢. هاتەدەر.

**بویەر**: ١. ببووره، ببەخشـه، خـۆشبه: (تـۆ بویەر جه من، من زوو ویەردم/ هیممەت بـۆ، هـــا ژار مەحروومیـــت وەردم) «مەولەوی»،٢. ڕووداو، کـار: (لـێ جارنـا بــوویەرێن ئوسـان هەنه، وەکـی هـێ بـاش کەسـێتییا مـرۆڤێن دیرۆکـی تێـنن بەر چاڤـان) «مەسـتووره»،٣. تێـپەڕه، وەرەوبچـۆ: (نەسـیم بەس بـویەر وه کۆساراندا/ وەسەن شانای وەڵگ وه دیـاراندا) «مەولەوی»،٤. برۆ، بچۆ، تێـپەڕه: (بـویەر یەک یەک جه ســیاماڵان/ سەرحەدنشـــین شـــای ماویخاڵان) «مینەجاف»،٥. بۆنه، هەلکەفت.

**بـــویەرۆ**: ١. تێـــپەڕێ، تێـــپەڕێ، تێپەڕبـــێ: (دیدەش یەند خەیاڵ باڵات بی تێشدا/ ڕاگەی خـــاو نەبـــی، بـــویەرۆ پێشـــدا) «مەولەوی»،٢. بگوزەرێ، ڕابورێ، لێیخۆشبه: (واچمـێ جه گەردوون، بویەرۆ ناڵەت) «بێسارانی».

**بویەری**: ١. تێـپەڕی: (ڕجـام هەن فەردا نەو گەردەلـــوولدا/ بـــویەری نه ژێـــر ســـای ئەو ڕەسـوولدا) «مەولەوی»،٢. ببەخشـی، ببـوری: (ئومێدم به تـۆن وەنەم نەگێـری/ بـویەری جه جورم وادەی کەمویری) «بێسارانی».

**بویەسا**: واز بوویه، کریاسەو.

**بویەسان**: بیەسان، بویان.

**بویەسه**: بووگەسه: (بویەسه جاو چەرمێ).

**بویەسەو**: بیەسەو، بووگەسەو.

**بویەسەێ**: بیەسەێ، بووگەسەێ.

**بویەسێان**: بیەسێان، بووگەسێان.

**بۆیەکـا**: بـۆیه، لەبەر ئەوه: (وتـی: بۆیەکـا وا درزاویـــن/ هەزاران ســاڵه دروســت کــراوین) «قانع».

**بۆیەکار**: بۆیاغچی.

**بۆیەکـــاری**: ١. بۆیـــاغچێتی، واکـس کردنـی کەوش، ٢. نەقاشی، ڕەنگکردنی دیواری مـاڵ: (دەستی من داوێنی تۆ، دیوارەکەت باش بـۆیه کە/ بـا به شـەو سـەرمای نەبـێ منـداڵی بـن دیواری کوردا) «قانع».

**بۆیەکانێ**: بۆیه، بۆیەکا.

**بـــۆیەکردن**: ١. واکسکـردن، بۆیەکـاری،٢. ڕەنگ کردن، ڕەنگاندن: (دوو سێیەکیشانی بۆیه کردووه) «پێکەنینیگەدا».

**بۆیەکریا**: واکسکریاگ.

**بۆیەکریێ**: بۆیاغکراو.

**بۆیەکوو**: بۆیەکا، بۆیه.

**بویەکووره**: بوو، بایەقووش.

**بۆیەکه**: بۆیه، بۆیەکا.

**بۆیەکەر**: بۆیاغکەر.

**بۆیەکەردەی**: بۆیاغ کردن.

**بۆیەکەره**: بۆیاغکەر.

**بۆیەکی**: بۆیه، بۆیێ: (ڕێـی نیشـانی ئـێمه دا ئەو ڕۆژه ئادەم دەرکرا/ بۆیەکی ئەو عالەمه بێ شۆڕش و بێ شەڕ نەبوو) «حاجی قادر».

**بـــــۆیەمه**: ١. مێـــــزەری گوڵێنــــگدار،٢. پـــارچەکرێکی ڕەشـــه له مشـــکی و هەوری گچکەتر بۆ سەری ژنان دەبێ.

**بۆیەن**: نـاوی دو گونـدن لای بـانه، بـۆیەنی سەروو، بۆیەنی خواروو.

**بۆیەنیخوارێ**: دێ ناوەندی دێکۆی بۆیەنه.

**بۆیەنیسەرێ**: دێیەکه له دێکۆی بۆیەنی بانه.

**بۆیەینینۆک**: ڕەنگی ناخوون.

**بویی**: بوون، هەبوون: (هـن بـویی ژ قەیـدێ عەقلێ ئازاد) «خانی».

**بۆیی**: بـۆنی، بـۆی: («مەحـوی» ئەمـڕۆ زۆر نەخۆشـه قەت شـیفای نـایێ به هـیچ/ گەر شیفای بێتن، به بۆیی زولـف و ئەو ئەگـریجه دێ) «مەحوی».

**بۆیێ**: ١. بـۆیه، بەوهـۆیه، لەبەر ئەوه، ئەڕا،٢.

بۆنێ: (ساکەی بێ کێ دی جەی وەرتەر ڕۆیێ/ گوڵ ئاران بە کۆڵ گوڵ ئەشەد بۆیێ) «بێسارانی».

**بۆیێکی**: بۆیێکە، بۆیە، بۆیێ: (شەڕیانە لەسەر مولکی دڵم غەمزە و نازی/ بۆیێکی بە جووت دێن وەکوو نەشتەر لە جگەردا) «وەفایی».

**بوییمە**: بوومە، بوومەتە: (لەو د مەدحی تە و سەنائێ بوییمە چەنگ و نەیە) «جزیری».

**بۆییێنی‌خواروو**: گوندێکە لای بانە.×

**بە**: ١. ببە: (من چۆنم، تۆش وابە) ٢. بەرە: (ئەم قەڵەمە لابە) ٣. بکە: (زو بە با بڕۆین) ٤. سوێند: (بە سەری تۆ) ٥. هۆ، هۆکار، سۆنگە: (بە من بوی بە پیاگ) ٦. پەیوەندی: (کە من باراشەکەم بێ بارەبەر بێ/ بەمن چی دەشت و دەر نێرەکەر بێ) ٧. لای، لەکن: (دەفتەرەکەم بە تۆیە) ٨. ساو، خاوەن: (بەهۆش) ٩. دەگەڵ، لەگەڵ: (بە منڕا وەرە) ١٠. نرخ، قیمەت، بوها: (دارا سهێ ل بنێ خوە نەکت، بها ژێڕا نینە) «پەند»،١٢. ئەندازە: (بە قەد تۆیە) ١٣. چۆنیەتی: (بەکاڵی) ١٤. بێ، بەهێ ١٥. بەر: (خرمان بە بادان)،١٦. گۆڕان، گۆڕانکاری: (بەفرەکە بوو بە ئاو)،١٧. بۆ: (جام لالا بە زار بە زگارەوە/ بە مینای شکەست پارە پارەوە) «بێسارانی»، (بە تۆ بڵێم، بێگانە بە دەر) ١٨. گیرۆدەیی، گرفتاری: (بە تەڵەوە بووم)،١٩. بدە: (بەس تەفرەم بە، بەس بە ئەفسوون گێلم کە/ بەس کوێرم کە، ئەمجا دوشمن‌شێلم کە!) «گۆران»، ٢٠. بەد، خراپ: (نیهانان فرەن، یەک جە یەک بەتەر) «بێسارانی».

**بە**: ١. بەهێ، بێ،٢. بیستن، ژنەفتن×: (خەو قەلبێ عەمەل بێ جە/ گوهێ خەلقێ کەڕ و بێ بە/ مەچە، پالدە ل سەر بالگە/ خەوا بێ جە قەوی عارە) «فەقێ تەیران».

**بها**: ١. بایەخ، نرخ، بەها، قیمەت: (وان دەنگ‌وبەس پەڤ دگوهاستن، سەر بهایێ، ئەرزانییێ دپەیڤین) «مەستوورە»،٢. قەدر، ڕێز: (تیکەلی یا خەلکی کورد دگەل زاروکی نەخاسم و دگەل هاڤسی و دۆستێ و نیاس ب تەڤان گەلەک هێژایە و ڕێز و بهایەکێ بهێز د ناڤبەرا وان هەیە) «گولواز»،٣. توانایی، هێز، گوڕ: (دەمێ مرۆڤ پیر دبیت ژ هەمی هێز و شیانەکا لەشی دکەڤیت، بهایێ خوێ جەحێلینیێ ژ دەس ددەتن) «گولواز»،٤. هێژا، پیرۆز.

**بهادان**: ڕێز بۆ دانان: (خەلکی ژی نەچار بوون ڕێزا وی بگرن، بهای بدەنە سەر) «گولواز».

**بهار**: بەهار، وەهار، بوهار، وەرزێکی ساڵە: (گومبەتا تاری ستارە/ موقبەرێ دۆست لێ ڤەشارە/ تە ل من حەرام کرد بهارە/ چیچەک و بێهن ژ دۆرێ تە تێ) «فەقێ تەیران».

**بهاراناڤین**: مەها نیسانی.

**بهاراپاشین**: مەها گولانێ.

**بهاراپێشێن**: مەها ئاداری.

**بهارات**: هەزبیە، هەزویە، هەزبی، ئەزوا، ئەزبۆلە، ئەزبێ، چێشتەخۆشکە، گیای هاڕدراوە بۆ ناو چێشت وەک: بیبار، زەردەچێوە: (ڕۆژەکی زارۆکێن گوندێ هندەک فلفل و بهارات پەیدا کرن و کرنە د قودیەکێ‌دا) «گولواز».

**بهارتن**: ڕابواردن، گوزەرانن×١٨: (وان قول و بەخت ل هەڤ ڕا بهارتن) «گولشوون».

**بهارخێز**: هەوەڵ شینایی بوهار.

**بهارکێڵ**: بەهارەکێڵ، داچێنراوی بەهاری.

**بهارە**: بەهاروو، گەنمە بەهارە.

**بهارەکێڵ**: بهارکێڵ، بەهارەکێڵ.

**بهاری**: بەهاری، وەرزی بوهار: (ڕۆژەک ل ڕۆچێد بهاری/ کەلەشێر ب هیڤیداری) «پەرویز جیهانی».
**بهاگران**: ١. قیمەتی، نرخدار، گران ٢. ڕێزدار، هێژا: (هەڤالی بهاگران).
**بهانامە**: کاغەزێ کە نرخی کەلوپەلی لەسەر دەنوسرێ.
**بهانە**: بەهانە، بیانوو، پەڵپ.
**بەئابڕوو**: ئابڕوودار، بەڕوومەت: (ویستوومە ڕۆژگارێک دابێ هەژار لە بێگار ڕزگار بێ و بە گیانداریکی بەئابڕوو حەساو بکرێ) «بۆکوردستان».
**بەئارامی**: بەهێوری، بەئەسپایی: (پڕیشکی تیشکی ئەستێرەی جووان ئیمشەو بە ئەسپایی/ بە سۆزێ هاتە نێو کونجی دڵی تاریکی پڕخوێنم) «دڵدار».
**بەئارمانج**: هیوادار، خاوەن مەڕام.
**بەئارەزوو**: ١. هیوادار، هێڤیدار، ئاواتخواز،٢. بەئیشتیا، بەتەواوی، تێروتەسەل.
**بەئازازوکەڕەم**: بە هیچ کوللو وەجهێک: (هەرچەندی دەبەری‌دا شلوکوت بووین، بە ئازاز و کەڕەم دەگەڵمان نەهاتە دەر) «موکریان».
**بەئازازوکەرەمێ**: بە هیچ جۆرێکی.
**بەئازموون**: بەتەجرەبە، بەتەجرووبە، دنیادیدە.
**بەئاسپایی**: هێدی، هێدیکا، یەواش.
**بەئاستەم**: ١. بەحاڵ، بەحاڵ و دووبەڵا، بەسەبر: (بە ئاستەم دەنگی دەهات)،٢. یەکجار زۆر کەم: (بەئاستەم بریندار بووە).
**بەئاستەمدووبەڵا**: بەئاستەم، زۆرکەم: (برینەکەی زۆر نییە هەر بە ئاستەم و دوبەڵا ڕووشاوە).
**بەئاس‌وپلاساچوون**: پێداگری زۆر کردن لە سەر شتێ بۆ پاکانە: (ئەویش بە سوێندان‌دا بە ئاس و پلاس‌دا دەچوو دەیکوت: پێمەڕەی منی وێ نەکەوتووە).
**بەئاشکرا**: ١. بێ پێچوپەنا،٢. بێ دەڕوودامان، ٣. بە دەنگی بەرز: (بانگی محەمەد بەئاشکرا خۆشە) «پەند»،٤. بێ داپۆشین و پەردە بە سەردادان: (مانگا بە دزی کەڵ دەگرێ، بە ئاشکرا دەزێ!) «پەند».
**بەئاشکرایی**: بەڕوونی، بەپانەوە: (دوژمنی نەتەوەی ئەمیرخان بووە و ڕەوای ئەو سەرداە مەزنەی کوردە بە لاساری، سەرپێچی و تەنانەت نمەک بەحەرامی و لە ڕێ دەرچوون داناوە و بە ئاشکرایی جنێوی داوە) «پاشەرۆک».
**بەئاکار**: ١. بەکردار، ڕەفتارچاک،٢. ماقووڵ، نەجیم، شەریف.
**بەئاگا**: ١. ئاگادار، خەبەردار، خاوەن خەبەر ٢. نەخەوتوو، بێدار.
**بەئاگائامای**: بە ئاگا هاتن.
**بەئاگاهاتن**: لە خەو هەستان، بێداربوونەوە: (هەر کەسێ سبیانان زوو لە خەو بەئاگا هات) «خاک و چەوسانەوە».
**بەئاگاهاتنەوە**: بێداربوونەوە.
**بەئاگاهێنان**: بە خەبەر هێنانەوە، هەستاندن.
**بەئاگابوون**: ١. خەبەرداربوون،٢. بێداربوون.
**بەئاگابوونەوە**: لە خەو هەستان، وە خەبەر هاتن.
**بەئاگاکردنەوە**: وەخەبەر هێنان، هەستاندن.
**بەئاگاهاتن**: بەئاگا بوونەوە.
**بەئاگاهێنان**: بەئاگا کردن.
**بەئاگراگرتن**: بە ئاوور ڕاداشتن.
**بەئاڵاکردن**: بریتی لە ناوزڕاندن: (بە خودای ئەوەی بە سەر وی هاتووە، بە سەر مەمانان هاتبا، بۆیان دەکردینە ئاڵای ڕۆمی) «موکریان».

**بەئاڵشت**: خوروودار، خارشتدار، بەئاڵۆش.
**بەئاڵۆش**: ئاڵۆشدار، ئاڵۆشاوی، بەئاڵشت.
**بەئالیڤەدان**: نرخاندن، نرخ بۆدانان.
**بەئامانەت**: بەئەمانەت، ئەمانەتی، بۆ کاتێکی کەم.
**بەئامێز**: لە باوەش: (ئەوساڵ کەچی لە من دێتەوە لە ماڵە خەزووران/ لانک لە سەر پشتێ، کوڕ بە ئامێزەوە) «گەنجی سەربەمۆر».
**بەئانقەست**: بەقەستی، بەدرۆ: (هەر بۆ تەشقەڵە بە ئەنقەست/ خەسووم پشتێنی بۆم دەبەست) «هێدی».
**بەئاوات‌بوون**: تاسەمەن بوون بۆ شتێ: (حەک چاوی خوشکت کوێر بێ کاکە گیان! چەند بە ئاواتی ئەو ڕۆژەوە بوو کە بووکی بۆ کوڕەکەی دابەزێنێ!).
**بەئاوات‌خواستن**: ئاوات بۆ خواستن: (ئەوجار حەسەن خان ... سونییەکانی سنەی هێنابووە داری سەماواتێ و لە دەستیانی مەرگیان بە ئاوات دەخواست) «شەرەفنامە».
**بەئاوات‌گەیشتن**: مراد حاسڵ بوون.
**بەئاوات‌وازی**: بە ئاوات بخوازی: (هەردەم مەرگ وێت بە ئاوات وازی) «بێسارانی».
**بەئاواتەوەبوون**: ئاوات‌خواستە بوون: (کوتی بریا بابت مابا، دەک کوێر بم چەند بە ئاواتەوە بوو لەگەڵ خۆی بتباتە مەزرا) «ئەمیری».
**بەئاواچوون**: ١. نوقوم‌بوون، قووم‌بووم،٢. گوم‌بوون، سەرتێداچوون.
**بەئاوت‌گەیشتوو**: مرادحاسڵ، بە ئامانج گەیشتوو.
**بەئاوادان**: ١. دە ئاو هاویشتن، دان بە دەم ئاوەوە: (بەم چاکەیە لە نیازی گەیشتم کە دەڵێ:/ تۆ چاکە بکە و دە ئاوی هاوێ) «خەیام»،٢. بریتی لە بەفیرۆدان: (میراتی بابی هەموو بە ئاوا دا)،٣. ئاوکێش کردنی جلی شۆراوە.
**بەئاوبوون**: توانەوە، قاڵبوون: (بە ئاو ئەبوو دڵی بەردین لە ئاھ و ئەفسووسی/ بە ئاوی ساردی پەتی نا، بە مایعی ناری!) «گۆران».
**بەئاوبەردای**: بە ئاودا دان.
**بەئاودادان**: بەئاوادان.
**بەئاوداهاتن‌وبەناندا‌خوران**: بریتی لە غەیب‌بوون.
**بەئاوکردن**: زەردبوون و سیس هەڵگەڕانی گەنم و جۆ بە هۆی ئاوی زۆرەوە.
**بەئاهەنگ**: ١. ئاهەنگدار، ئاهەنگین،٢. بە پێی ڕیتم و زەربی ئاهەنگێ.
**بەئایین‌کەر**: باوپێدان وەک ئایین: (پیرەشەیتان: بت دروسکەر، بتەوان گۆشدەر/ بت‌پەرستی بە ئایین‌کەر/ ...) «گۆران».
**بەئجادن**: ڕق هەستاندن.
**بەئجاندن**: هاندان، ڕق هەڵساندن.
**بەئجین**: ڕق‌هەستان، کفتوکۆ دامرکان.
**بەئوک**: بەئۆک، ناحەز.
**بەئۆک**: دزێو، ناشیرینی پیاوترسێن، زەبەلاح، ناقۆڵا، ڕەزاگران.
**بەئۆیەدەسماڵ**: دەسماڵی بە ئۆییە ڕازاوە: (هەوری لە مالان بە ئۆیە دەسماڵ/ تافتە کوڵەجە، کراس و لێوئاڵ) «هەژار».
**بەئەجین**: جاندان، ڕاگەڕین، هەلاک‌بوون.
**بەئەدەب**: بەنزاکەت، نەجیم، بەعەدەب، ژیر: (ئەو گوندە کیژێکی زۆر شۆخ و شەنگ و جوان و شەرمێون و بەئەدەبی لێبوو) «توحفە».
**بەئەرک**: ١. بارقورس، بەزەحمەت، ڕەنجدەر، ٢. کەسێ زەحمەتی زۆر بۆ کەسێکی دی،٣. وەزیفەناس، بەوەزیفە.
**بەئەزموون**: دنیادیدە، بەتەجروبە: (پیاوێکی دونیادیدە و بەئەزموونە، هەوراز و لێژی

ڕۆژگـار، تـاڵ و سـوێری تەمەن، ترسـیان لە چاوی ئەودا کوشتووە) «ئەمیری».

**بەئەژمارە**: بەبژاردە، بەدەسندە.

**بەئەژنۆی‌خـــۆدادان**: ســوو لــێ بــوونەوە، پەرۆش‌بوون.

**بەئەسپایی**: بەهێوری، بەئارامی: (بە ئەسـپایی لە مـاڵ دێـمەدەرێ دەخوشـم وەکـوو نیسـێ) «هێمن».

**بەئەم**: ١. بەم،٢. بەئێمە، بەمە.

**بەئەمانە**: ١. بەمـانە، بە ئەم شـتانە،٢. بە دەس ئەمانە.

**بەئەم‌جۆرە**: بەمجۆرە.

**بەئەمە**: بەمە.

**بەئەمەدا**: ١. بەمەدا، بە ئەم شـــتەدا،٢. بە ئەم جێگەیەدا.

**بەئەمەک**: بەئەمەگ، حەڵاڵزادە، شیرپاک.

**بەئەمەگ**: ئەمەگدار، خاوەن وەفا، پێزان.

**بەئەنجام**: بەئاکام، بەکۆتا: (چۆڵ کردنی شـنۆ هەتـــا چەنـــد ڕۆژی دی بە ئەنجـــام دەگـــا) «لەمەهاباد بۆئاراس».

**بەئەنگۆ**: بەنگۆ، بە ئێوە: (بەنگۆم هەیە کـارە) «توحفە».

**بەئەنگوســتیلە**: ئەنگوسـتیلە تێـدا: (سـوارە بە سواری خـۆت دەشـوبهێنم/ بەیـانە، سـەحەرە، زەندێ بە بازن و قامکێ بە ئەنگوسـتیلە لە بـۆ ڕادەوەشێنم) «فۆلکلۆر».

**بەئەو**: ١. بەو، بە ئەو شتە،٢. بە ئەو کەسە.

**بەئەوانە**: ١. بەوانە، لای ئەوانە،٢. بە ئەوان: (شت، کەس).

**بەئەوجۆرە**: بەئەوجوورە.

**بەئەوجوورە**: بەوجۆرە، ب وی ئاواهی.

**بەئەوە**: بەوە، بەئەو، بەو.

**بەئەوێ**: بەوێ: (هەی شـــەڕە شـــەڕە بەوێ سیانێ/ سـمایل پاشـا بـوو لە دەشـتی دیـانێ) «سێ‌سەد».

**بەئێروو**: بەبژیو، ڕۆزی‌دار، ڕسقزۆر: (مشکێ وامی کرد گەنم لە مێروو/ زستانی ڕابرد تێـر و بە ئێروو) «بۆکوردستان».

**بەئیسراحەت**: بەشێنەیی، بەکاوەخۆ.

**بەئێسک**: لە ناخدا، لە باتیندا: (بـۆ ئەودیـوی شـێخ و مەلا بەشـی زۆر جاسـووس/ زۆربەی ئاغا بە پێست مەرد و، بە ئێسک بێ‌نـامووس) «گۆران».

**بەئیش**: مژول، سەرکار، سەرگەرم.

**بەئێش**: بەژان، بەئازار.

**بەئیشتیا**: ١. دارای مەیلـی خـواردن،٢. تەواو، بە ئەندازەی پێویست.

**بەئیشتیاکردن**: ١. جوان و بەشێنەیی: (ئەوەنـدە بە ئیشـتیا نـانی دەخـوارد هەر شیرنە چـاوی لـێکەی)،٢. بە خۆشـی و بەبـێ موناسـیبەت: (چۆن بوو هاتگی؟ وەڵڵا هەر وا بە ئیشـتیا)،٣. بەکاوەخۆ و هەوای دڵ: (من ئەوە وەختە دڵـم بتۆقێ، ئەویش لەو لاوە بە ئیشتیا بۆ من دێـتە خوارێ).

**بەئیشکی**: ١. نانی بێ پێخۆر،٢. داوەتـی بـێ چـــاوەش: (هەڵدەپەڕی بە ئیشـــکی، ژنـــی ئەحمەد مریشکی).

**بەئیمان**: ١. خـاوەنی بـاوەڕ و عەقیـدە: (زۆر کەسی نەخوێندەوار و بەئیمانیش کە خۆشـیان لە مەلا هـاتووە) «چێشـتی مجێـور»،٢. مـرۆی ڕاست و دروست.

**بەبا**: ١. بادار، جێی باگر،٢. ڕۆژ یا سـاڵێ بـای زۆر بێ،٣. دەڵەبەبا، دیڵی نێرخواز: (بەسـە ئەم شـیعرە بـۆ وەسـفی حوسـنی ئەهلـی بەبـان/ سەگەنێریان لە دوون، وەک سـەگەمێ جـوملە بەبان) «شێخ ڕەزا» ٤. باقۆ، بابە، باقێ، باوکە لە

زاراوەی زارۆکانـدا،٥. بەربـا، بەربـاد، خەسـار: (×× ) «ف. بـێکەس»،٦. بریتـی لە کەسـێ کە ئیشـتیای لە نزیکـی بـێ××: (چەنـد سـارد و چەند سەرمایە، پیریێژن بە بایە) «پەند».

**بەبابـارین**: ١. بـارینی بە بـاوە،٢. بریتـی لە مرۆی جوان: (سینگ بەفری تەنگەشیوە/ بەفرە بە بـای بـاریوە/ کەس جـوانی وای نەدیـوە) «فۆلکلۆر».

**بەبابشـیان**: بریتـی لە پیـر بـوون، بەتەمەن بوون: (ئەو کابرایە کوا بۆ ئاوال دەبێ، بە بابت دەشێ).

**بەبابوون**: ١. هاتنەبا، واگرتن، هەوای جووت گرتنـی دیڵـی سـەگ و گـورگ و چەقەڵ: (ئەگەر دیـڵ بەبـایە/ سـەگ دێ لە بەغـدایە) «پەنـد»،٢. بـابردن، بەر بـا دران: (لە سـەری کوێستانی هەڵەدینیان سـەرە ماینێـک و برێـک ڕانـک و چـۆغە و شـەدە کـۆن کەوتبـوون، تووکی کەلاکی بە با بوون) «فۆلکلۆر».

**بەبابیکوڕانبوون**: خاوەن کوڕ بوون، دۆعایە.

**بەبـاچوو**: بە زایەچـوو: (بـروانە بـۆ ڕەنـجە بەبـاچووی خۆمـان/ بـۆ شـین و زاری، هاتووچووی خۆمان) «قانع».

**بەباچوون**: بە فیرۆچوون: (وەکوو فەرهـادی بە با چوو هەمـوو ڕەنـج و کـارم/ بێستوونی خەمی دڵ هەر بە موژان هەڵدەقەنم) «ئاوات».

**بەباد**: بەربا، بەفیرۆ، بەزایە: (سەد ئـاخ و دوو سەد دەرد کە وا عومرت بەبادە) «قانع».

**بەبـادان**: ١. بەفیـرۆدان، دۆڕانـدن، چوانـدن: (ئەو: گوڵی چوو، من: دڵم چوو، ئەو: بە بـای دا، من: بە گوڵ/ ئەو: بە دەردی من دەنـاڵێ و من: نزاری بلـبلم) «ئەدەب»،٢. ڕزگـاربوون، لە کۆڵ خۆ کردنەوەی خەم: (شـەوانە هاونشـینی جامی بادەم/ بە بادە با پەژارە و غەم بە با دەم) «هێمن»،٣. دانە با، بە دەم باوەدان، شەن کردن: (خەرمـانەکەت بە بـا دە)،٤. لە هەوادا بـڵاو کردنەوە: (تاتایی سەری تووڕەیی پڕ پێچشی با دا/ هەر تایەکی، بارێکی گوڵ و نافە بە بـا دا) «نالی».

**بەبادچوون**: بەفیرۆ چـوون، لەدەس چـوونی بەخۆڕایی: (تەمەنی گەنجیم ئاوا چـوو بە بـاد/ کەس وەک من نەبوو، بەغەیـری فەرهـاد) «ع. مەردان».

**بەبادریاگ**: ١. بەبادراو، بەربا،٢. بەفیرۆدراو.

**بەبـار**: ١. بـاردار، لێـوی تەم لـێ نیشـتوو: (دەخشێ لە لێوت، لێـوی بە بـارم/ لە کـوڵمی سـێوت، گـۆنەی نـزارم) «هەژار»،٢. بەردار، بەهرەدار، بەبارە: (کانی ئەوسـا ئـاو بـۆ دار دا/ دار سەوز بێ و گەڵا بەبار دا) «پیرەمێرد».

**بەباران**: لە کـاتی بـاراندا: (ڕۆنـی دەگـرم بە باران/ هەی ماڵە بابم مەشکێ) «فۆلکلۆر».

**بەبارە**: ١. بارکراوە، لە ژێر باردایە،٢. بەبەهرە، بەهرەدار،٣. بەبەهرەیە، بەکەڵکە.

**بەبارێکداخسـتن**: ١. بە لایەکـدا خسـتن،٢. کۆتایی پێهێنان، کاربڕانەوە.

**بەبازاڕ**: بازاڕخۆش، سەوداخۆش.

**بەبـازاڕبوون**: ١. بـازاڕ هەبـوون،٢. شـێوە ڕسـتەیەکە کڕیـار یـا ناسـیاوی دوکانـدار دەریـدەبڕێ: (فەرمـوو چـاییەک بخـۆوە! — بە بازاڕ بی، دەبێ بڕۆم).

**بەبازن**: بازنە تێدا: (دەچووە دەوری ڕەشماڵی ماڵماڵ، ڕاستەی ڕەشـماڵی بە زەنـدی بە بـازن سەبرۆکە سەبرۆکە دەیکوتاوە) «ناسروماڵماڵ».

**بەبازوبرد**: توندوتۆڵ، چوستوچالاک، ئـازا، گورجوگۆ لە کاردا.

**بەباسکوباهۆ**: بەهێز، زۆردار، قەوی.

**بەباف**: بادراو، کشت بادراو بۆ دەزوو و بەن.

**بەباف**: بادراو، کرژ.
**بەباکردن**: ١. بەبادان، تەتەڵە کردن،٢. شەنکرن، خەرمان هەڵاویشتن: (ئەوەی وەک کێو دەبینی گشتی کایە/ کە بێم خەرمانەکەم کاتێ بە با کەم) «سەید»،٣. خاوێن کردنەوە بە با: (چەندم خوڵا خوڵا کرد/ کۆشێکم زێڕ بە با کرد/ تا ئەو کوڕەم پەیدا کرد) «فۆلکلۆر».
**بەباڵابران**: ١. لێکاڵانەوە، لێهاتن: (ئەو کارە هەر لە تۆ جوانە، دەڵێی بە باڵات بڕاوە)، (چ شیرینە خودایا ئەو نیگارەم/ بە باڵای ئەو بڕاوە ناز و تەمکین) «ئەحمەد موختار»،٢. بۆبوون، بەئەندازە بوون.
**بەباڵابڕین**: بڕینی پارچە بە باڵای کەسێک.
**بەباڵاداهەڵگوتن**: تاریفدان، پەسنکرن.
**بەباڵاگرتن**: جل و بەرگی درواو بە باڵای کەسێ گرتن بۆ ئەندازە بوون.
**بەباڵاهەڵگوتن**: باسی ڕێکوپێکی باڵای کەسێ کردن.
**بەباڵ کەوتن**: باڵ گرتن، فڕین: (پەپوولەی باڵ زێڕین بەرەو بەهەشتی گوڵزاران بە باڵ دەکەون و لە سەر ڕوومەتی خونچەدەمان بە ڕووداد دێن) «شەوارە».
**بەبان**: ١. مناڵان، مناڵگەل،٢. بابان، هۆزێکی کوردن لای سلێمانی: (جەوهەری مەحزە لە هەر دوو لاوە، وەک تیغی دەبان/ داکی کچی پاشای ڕەواندز، بابی کوڕی پاشای بەبان/ ...) «شێخ ڕەزا»،٣. گوندێکە لە هەرێمی کوردستان، ٤. بدە بان، هەڵیکە.
**بەباو**: ١. بەگوڕ، بەهێز، خوڕت: (کوڕی ئامێزی بەباوی ئەو بووم/ دوورە ئەو، تووشی خەیاڵ و خەو بووم) «ڕاوچی»،٢. کارتێکەر، کارێگەر، دیار: (کەسیش نەبوو بۆ ڕێچارە هەنگاوێک و بازێکی بەباو باوێژێت) «ڕاوچی».
**بەباوەبارین**: بارین دەگەڵ با: (بەفرێک بە بای دەبارێ ڕێگای ژوانی لێگرتووم) «ماملێ».
**بەباوبۆران**: بارینی بە با و بۆران: (ئەو شەوە شەوێکی بە با و بۆران بوو) «پێکەنینی گەدا».
**بەباوەڕ**: ئیماندار، بڕوامەند: (لەوێوە با بەباوەڕ بێ، دڵی گێل/ لە پشتی پەردە هەن سەرخێڵ و سەرعێل) «ڕاوچی».
**بەبای باڵ**: بەکاوەخۆ، بەباوی باڵ.
**بەبای خەیاڵ دانەهاتن**: گوێپێنەدان و کەمتەرخەمی نواندن: (تەواوی ماڵەکەی سێلاو بیبا بە بای خەیاڵی دا نایێ).
**بەبایی**: بەنرخ، نرخدار، مانادار: (بە پیرچۆپانە دەوری دڵنەوایییم/ لە ئەوڕایە شنەی شێعری بەباییم) «ڕاوچی».
**بەبتوونی**: بە تەواوی، بە گشتی، تێگرا: (ڕەشانەکان بە بتوونی بە دوای کەوتن) «گورگ و بزن».
**بەبر**: ببر، بور، یووز، بەوور، درندەیەکی گۆشتخۆرە.
**بەبڕ**: ١. بەبڕشت، بەزاکۆن، کارا، لێهاتوو: (ڕەش و برش و پانکەڵە، بەڵام سێبڕێکی بەبڕ و چەنەوێژ و شیرینبێژ) «ڕاوچی»،٢. تیژ، بڕەک(چەقۆ)،٣. لەبڕ، لەگۆترە(گەنم).
**بەبرامبێ**: پەیڤێکە ژنان بۆ کەسێلی نەناس و بێگانە بەکاری دێنن: (باشە خات زارا! حەمە چییەتی، بە برام بێ، کچی شای قابیلە) «هەزار ئەشکەوت».
**بەبڕبوون**: دەس ڕۆیشتن، بڕ هەبوون.
**بەبڕشت**: ١. کارا، بەبڕ، لێهاتوو، ژێهاتی، زیرەک: (ئەو دەم لاو بوو، ئەو دەم پیاو بوو، ئەو دەم بەبڕشت و بەناو بوو) «ئەمیری»،٢. بەپیت و پێز، زەڤی بە بڕشت و ڕێژەو: (ئەو

دیِیانەی کەوتونەتە نکاری زۆرگ و کێوەکـان، زەوی زۆربەیـــان بەرزایـــی و چەقـــێن و بەردەلاٌنــن، زۆر ئـاوهەلگر و بەبرِشـت نـین) «خـاک و چەوسـانەوە»٣. بـارانی بە خـورِەم: (جـادە خـاکی و چـالْ و چـۆلْ و بەردەلاٌنە، بـارانی بە برِشــت و لافـاوی بە هەرِەشـەی بەهاری) «شەوارە»،٤. دەمرِاست، فەرمانرِەوا.

**بەبرِشتبوون**: ١. زۆر برِینی دەخلّی داچێنراو، ٢. بەتوانا بوون بۆ کار.

**بەبرِشتە**: باشی ئەبرِیٌ.

**بەبرِوا**: بـاوەرِدار، ئیمانـدار: (پەروانە بـۆ لای دۆست بـیٌپەروایە/ بـۆ ئەجـری جانـان هێنـد بەبرِوایە) «پیرەمێرد».

**بەبریٌبەیان**: جلکی روستەمی بـوو لە کەولّـی پلّنگ دروس کرابوو.

**بەبرین**: زامار، بریندار: (بە کۆچی تۆ عەزیزی گەل، دلّی کۆمەلّ بریندارن/ کە خـوێنرِێژی لە سـەر زامـی دلّـی بە بـرین نەکەم، چ بـکەم) «رِاوچی».

**بەبرینـگئەنگوتن**: بـاش دە بـرِینەوە نەهـاتنی خوری، بە برینگ کەوتن.

**بەبرینگکەوتن**: بە برینگ ئەنگوتن.

**بەبرینگهەلّگەرِان**: بە برینگ کەوتن.

**بەبک**: بەبە، ساوا، بەبلە، کۆرپە.

**بەبلانە**: بووکەلّەی منداڵ، بووکەشووشە.

**بەبلــوانە**: بـووکی گچکـۆلّەی قامیشــن، کە منداڵ کاتی گەمە لە تەنیشت بـووکی گەورەی قامیشینی دادەنێن.

**بەبلە**: ١. تۆل، پیزە، پـز، بێچـووی نـاوزک ٢. ساوا، منداڵ، بەبە.

**بەبلەبەبان**: بەبلیبەبان، شیرخۆرە، ساوا.

**بەبلەکانیٌ**: جۆرە هەلّپەرِکێیەکی کوردیە.

**بەبــلەوان**: بەبەلە، بەبــلە، بەبــۆلە، بەبــۆکە، عەرووسەک، بووکا مندالان.

**بەبلەوانـــیٌ**: عەرووســـەکانیٌ، یـــاری بە بووکەشوشە.

**بەبلیبەبان**: بەبلەبەبان.

**بەبن**: ١. رِیشەدار، بەرِیشـە، بەرِەگ، رِەگـدار، بندار،٢. کیژی کون نەکراو،٣. گیای سەلکدار.

**بەبو**: باب، باوک، باڤۆ: (ژ نەلاجی وە ماشـقیٌ دیاییٌ خوە گەرە بویٌ بەبو) «پەند».

**بەبۆ**: ١. بەبۆن، بۆنـدار،٢. گـویزێکە لە یـاری سـافێندا دەشـکیٌ و منـداڵ بـۆ چنینـەوەی پەلامـــاری دەدەن و هـــاوار دەکەن: بەبـــۆیە، بەبۆیە.

**بەبۆجان**: رزگار، نەجات، نجات، بسلامەتی.

**بەبۆقوکەرِەنا**: بە هەراوهوریا، بە بالّگاشـە، بە بانگەشەی زۆر.

**بەبۆکردن**: بۆن پێوە کردن: (مەمکت شـەمامە دەیکەم بە بۆوە) «حەسەن زیرەک».

**بەبۆکە**: بەبۆلە، بووکێـک لە وێـنەی منـداڵ لە شوشە یا نایلۆن دروس دەکریٌ.

**بەبۆکەوتن**: بۆن کاریگەی زۆر لەسەر دانان: (قەدەح عەتر ئەگێرِیٌ بە جامی سەحەر/ بە بـۆ کەوتووە نافی ئاهووی بەرِ) «حەمدی».

**بەبۆلە**: بەبۆکە، بووکەشووشە.

**بەبۆلّە**: بەبۆلە، بووک.

**بەبـــۆن**: ١. بێنـدار، بۆنـدار: (ئەجـولاٌمەوە بە زبـری نەرمەسـاوە/ وەکـو چەرمـی دەباخـانە بەبۆنە) «قانع»،٢. بە هۆی بـۆنەوە: (تـانجییەکە بە بۆن کەروێشکەکەی دۆزییەوە).

**بەبۆنکەوتن**: جۆریٌ لە نەخۆشی منداڵە.

**بەبوو**: چۆکرە، سولّگ، وەردەس، لێز.

**بەبە**: ١. سـاڤا، شـیرخۆرە، پەرِووپـیٌ، بەبەلە، بەبەلّە، بەبک، بەبلە، خشکۆک، منالّی سـاوا ٢. بوکەچینی، بۆبک ٣. بیلبیلە، بیبیلە، رِەشـکێنەی

چاو،٤. باب، باوک،٥. بەبان، بابان، ناوی ناوچە و هۆزێکی کوردە لە شارەزوور: (نالی و خاکی بەبە، «حاجل» و کۆیە بە مەسەل/ عەینیهی حافز و شیرازە کەلیم و هەمەدان) «حاجی قادر».

**بەبەخت**: بەختدار، بەختەوەر: (بدە لە تەختە، حیزیش بەبەختە!) «پەند».

**بەبەختچوون**: لە سەر بەختی یەکێک بەرەو کارێک چوون.

**بەبەر**: ١. بەردار، داری میوەگر: (داران بەریان بەبەرە/ کێ کوڕێکی وای لەبەرە؟/ هەموو گیانی گەوهەرە) «فۆلکلۆر»،٢. لەبەر، ئەزیاد،٣. کوتاڵی بەرپان،٤. لەبەر، منداڵ بە بەرەوە بوون: (ژنی فلانی کوڕی بەبەرەوەیە).

**بەبەران**: مەڕی بەرانخواز.

**بەبەرداهەڵخوێندن**: تاریف و پێدا هەڵخوێندن و پاڕانەوە لە کەسێ بۆ ئەوەی کارێکت بۆبکات: (مانگێکە بە بەریدا هەڵدەخوێنم پێمل نابێ).

**بەبەرگ‌وبار**: پۆشتە و پەرداخ: (ئێستە بە بەرگ و بارە عەلەمداری شێخ‌هەباس/ یا بێ نواو و بەرگە گەڕاوە بە شەخسی عوور؟) «نالی».

**بەبەرهاتن**: بەرگرتن، میوەدان: (بزانن شین دەبێ، نابێ بەبەر دێ/ لە جێگای گەرم و ساردی چی بەسەر دێ!) «حاجی قادر».

**بەبەرەوەبوون**: ١. ژنی منداڵی ساوای بە بەرەوە بێ،٢. هەبوونی کات و زەمان،٣. دەوام: (بەرەکە زۆری بە بەرەوە نەماوە).

**بەبەرەوەچوون**: بە پانایی داگرتن.

**بەبەری**: بەر زۆر، بەر راوان.

**بەبەز**: ١. بەنەفەس، پشوودرێژ، بێهن‌درێژ،٢. بەزدار، چاق، قەڵەو.

**بەبەزەیی**: مێهرەبان، دڵنەرم، پیار، بەزەییدار.

**بەبەژنبران**: ١. ئەندازە بوونی جلی دروراو،٢. تایبەت بوون، ڕێک هاتنەوەی دوو شت پێکەوە: (کوڵمەت گەش و ڕووناکە، دەڵێی تیشکی هەتاوە/ جوانچاکی کراسێکە بە بەژنی تۆ براوە) «هێدی».

**بەبەغە**: چۆڵەمە، بەرخەبەبە.

**بەبەقا**: جەی بڕوا، باوەڕپێکراو: (ئەورۆ ئەمن نازانم چ بکەم/ لە بۆ قاسیدێکی بە بەقا و بە متمان و بە گۆشەجگەری) «گەنجی سەربەمۆر».

**بەبەلە**: ١. بەبەڵە، بەبە، ساوا،٢. بیبۆک، بیلبیلە، کناچەی چاو، کەچکا چاڤێ.

**بەبەڵە**: ١. بەبە لە زاراوەی منداڵی گچکەدا،٢. کەنیشکی چاو.

**بەبەڵەی‌چاو**: بیبکە، بیبیک، بیبۆک، پیبۆک، بیلبیلەی چاو، کناچلێ، کناچلەی چەم، کەچکا چاڤ.

**بەبەهانەبوون**: لێ بە بیانوو بوون: (پیاو ئەگەر لە ژن بە بەهانە بێ/ کارەکانیشی عاقڵانە بێ) «غوڵامی».

**بەبەینەت**: بەبەقا، بەوەفا: (ئەمن چ بکەم بۆ قاسیدێکی بەبەینەت و بەبەقا/ بینێرمەوە کن چەلەنگێ ئەوێ کاولە دنیایە) «پایزە».

**بەبێ**: ١. جکە، جگە، جگەلە، بێجگە، بێ لە، هێ لە، غەیری: (بەبێ تە ناچمە گۆڤەندێ)٢. بەبە، منداڵ، قونداغ.

**بەبێ‌ئارام**: بەبێ سرەوتن و هەدادان: (بەبێ ئارام هەوڵ دەدەم شەو و ڕۆژ وەک شێت و هار) «ع. مەردان».

**بەبێ‌باکی**: بێباکانە، بوێرانە: (بە بێباکی دەمێکی هات و داغی کردم و ڕۆیی/ دەبێ حاڵی چ بێ بولبول، بەهار زۆر پێنەچوو

ڕۆیی) «وەفایی».

**بەبێ خوێن چوون**: خوێن بە فیڕۆ چوون: (بە خوێن و زامەوە کەوتۆتە سەر خاکۆ ئەڵێ: مینە/ ئەمان مردم بەبێ خوێن چووم، دەخیلە کوانێ حەقداریێ؟) «مینەجاف».

**بەبیر**: بیرمەند، ژیر: (بۆ کچی ژیر و بەبیر، دۆستی گەل و دوژمنی میر) «حافز».

**بەبیرئانین**: بیرهێنانەوە، تاسەکرن.

**بەبیروبڕوا**: بیرمەند، زانا، ژیر: (خوێنی لاوانی بەبیر و بڕوا/ هەردەبێ بڕژێ، بەفیڕۆ بڕوا؟) «هێمن».

**بەبیرهێنانەوە**: بیر ئانین: (شایەنی بە بیر هێنانەوەیە) «لەمەهاباد بۆئاراس».

**بەبیرەوەری خۆم**: لە کاتی سەرینی و ژیانی خۆمدا: (جا خۆ من بە بیرەوەری خۆم لە دوام دەڕۆیشت سێسەد پیادە و سوارە) «سەعید و میرسێوەدین».

**بەبێزوبۆ**: کەسێ کە بە قێز وبێز شت دەخوات.

**بەبیک**: بەبە، ساوا، زارۆکی چکۆلە.

**بەبێن کەوتن**: بە بۆن کەوتن، نەخۆش کەوتن بە هۆی بۆنەوە بە تایبەت بۆ منالی ساوا: (هەتا تۆ چوویە گوڵشەن، گوڵ بە بێنی میسکی زولفت کەوت/ کە وا ئەو ڕەنگە خۆشەی سیس و هەم بێنی بووە زایع) «مەحوی».

**بەبێنەبێن**: بە بێنەبێنە، حاڵی جێی پڕ هاتوچۆ: (میوانگرە، بە بێنەبێنەیە، خاووخێزانیان خۆشخۆر و خۆشپۆشن) «ئەمیری».

**بەبێنەبێنە**: بەبێنەبێن: (تا دێ ئاوەدانتر، تا دیوەخان بە بێنەبێنەتر، ... بان خۆشخوانیش وەستاتر و ... پۆشتەتر دەبوو) «توحفە».

**بەپا**: ١. بەپێ، خۆشڕەوت، بەلەپێ، بلەپا، بەلەپا،٢. بە هۆی پاوە: (بە پا لێیدا).

**بەپابوون**: بەرپابوون، هەڵگیرسان: (لە کوردستان گەلێک شۆڕش بەپا بوون/ کوڕی کوردی بەگژ بێگانەدا چوون) «هێمن».

**بەپارێز**: خۆپارێز، خۆبوێر: (شێخ بوو، بەهێز بوو، بێبێز بوو/ فریشتێکی بەپارێز بوو) «ڕاوچی».

**بەپاش**: بۆ دواوە، بۆ پشتەوە: (شەرتی کرد ئیتر لە کوشتن بەس کا، یاڕەب بکەی/ ئەو وەفا بەم شەرتە کا، ئەمما لە قەتڵی من بە پاش) «مەحوی».

**بەپاشدانەوە**: ڕەت کردنەوە: (سەرەتا مەلا مستەفا بەو داخوازە ڕازی نەبوو بێتە مەهاباد، بە پاشی دایەوە) «لەمەهاباد بۆئاراس».

**بەپاکەردن**: هەڵدان، بەرپاکردن: (کەردشان بە پا سەیوان گوڵدۆز/ نە سەرای بۆی میشک دەیر پەریسۆز) «خانای قوبادی».

**بەپانلو**: گوندێکە لە خۆرهەڵاتی داقوق.

**بەپانەوە**: ١. بەتەواوی، تێکڕا، هەموو، گش: (ساز بن بە پانەوە با بڕۆنە دەر)،٢. ڕک و ڕاس: (بە پانەوە قسەکەی دەربڕی).

**بەپایانهاتن**: کۆتایی پێهاتن، بڕانەوە: (بە پایان هات شەوی هیجر و نەسیمی سوبحی وەسڵ ئەنگووت) «سالم».

**بەپایی**: ئازایی لە ڕێکردندا.

**بەپتەخۆتەکاندن**: ١. بە سەری قامک قوڕ و تۆز لە خۆ کردنەوە،٢. بریتی لە بەدەماربوون.

**بەپڕەپڕ**: زۆر بەزەحمەت: (بە پڕەپڕ ڕزگارمان بوو).

**بەپشت**: ١. پتەو، قایم،٢. خاوەن داژدار و پشتیوان،٣. شینایی و دەغڵ و دانی پڕ: (وێنجە بەپشتە، پشووی لاوی دەوێ) «ئەمیری»،٤. هەوری هەمووو لا داگر و بارانڕێژ: (هەوری

ڕەش و کوڵۆ کوڵۆ بەپشت و وڵاتداگر براووسکان دەدەن) «ئەمیری».

**بەپشتەک**: جۆرێ لە برینەوەی خوری مەڕ.

**بەپشتەوکەوتن**: بە پشتەو خەفتن، ڕاکشان.

**بەپشوو**: بەسەبر، پشوودرێژ، هێمن، هێور.

**بەپنگ‌دانان**: بە کەم گرتن، ڕێز لێ‌نەگرتن: (پیاوی خوێڕی وا بە پنگیشی دانانیم).

**بەپۆز**: بەدەمار، بەفیز، ترزل، قۆڕەدەماخ.

**بەپووشێک‌نەکڕین**: بریتی لە پێ بێ‌نرخ بوونی شتێک، پووشێک پێ‌نەدان: (دەست و چاو ئێشە ئەوەندە تێروپڕن/ سەد هەزار ڕەنگە بە پووشێک نەکڕن) «بۆکوردستان».

**بەپووشێک‌نەویستن**: بریتی لە زۆر بەلاوە هیچ بوون: (کێ بە سەربەرزی ژیابێ تاوێ/ ژینی قالاوی بە پووشێک ناوێ) «بۆکوردستان».

**بەپەرۆش**: پەرۆشدار، خەمبار، نیگەران: (ڕۆڵەی خۆشەویست جگەرگۆشەکەم/ مەرهەمی زامی بە پەرۆشەکەم) «قانع».

**بەپەڕەکردن**: کردنەوە، شی‌کردنەوە، هەڵلاجی کرن.

**بەپەلە**: بلەز، گورج: (ڕان بەپەلە کەوت بە لەوەڕدا) «نەگڵ».

**بەپەلەپەل**: بەپەلە، خێرا: (بە پەلەپەل مەشقەکانی نووسی و بۆ کایە و گەمە ڕایکردە دەرێ).

**بەپەن‌بردن**: پەند بە سەر هێنان: (کابرا وتی وا چاکە هەڵێم ئەگینا ئەمانە بە پەنم ئەبەن) «ڕشتەی مرواری».

**بەپەندچوون**: نفرێکە، پەند بەسەر هاتن: (بە پەند چی).

**بەپەندی‌سیاهەڵێنان**: ١. لۆمەکردن، سەرکۆنە کرن،٢. تووشی بەڵای گەورە کردن.

**بەپەن‌کردن**: پەند بەسەر هێنان: (خوێنمژی کوردی تیا کرد بە پەن) «مینەجاف».

**بەپەنگ‌چوون**: بە پەند چوون.

**بەپەنهانی**: بەدزی، بەنهێنی: (ئەگەر شەو گوێی لە دەنگی سەگوەڕی دێ بێ لە ترسانا/ دەمرقێنێ بە پەنهانی دەڵێی مالۆسی کرمێ‌یە) «حەمدوون».

**بەپێ**: ١. قۆچاغ، خۆشڕەو، خۆشڕۆ، خۆشبەز، شاتر: (دڵی وریا بوو دەریا بوو بەپێ بوو/ وتەی پڕپیت و پڕتین و بەجێ بوو) «ڕاوچی»،٢. بە پێی خۆی: (دەبینن کۆتەڵی شاسواری کۆیی/ کە ڕۆژێکی بە پێیان لێرە ڕۆیی) «هێمن».

**بەپیت**: بەهرەدار، بەکەڵک: (خوایەگیان هەموو خاکی کوردستان/ سەوز و بە پیت بێ هەردەم ئاوەدان) «گوڵزار جەلال».

**بەپیت‌وبەرەکەت**: بەپیت، بەکەڵک، بەهرەدار: (بزەی هومێد و هیوا ئەیگرت و ئەیگوت: نەمئەزانی کوردستان ئاوایە، جێگای بەپیت و بەرەکەتی وەک ئێرەی تێدایە) «پێکەنینی گەدا».

**بەپیت‌وپێز**: بەپیت، بەکەڵک: (مەلا مستەفا! ئێوە ڕووتان کردۆتە ناوچەی بەپیت و پێزی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ) «لەمەهاباد بۆئاراس».

**بەپێچ**: ١. پێچدار، وەک برغوو،٢. فێڵباز، وریا، گزیکار،٣. لۆلۆ، پڕپێچ: (دیدەت دیدەی ئاسک سڵ‌کردوو بە ڕەم/ پێچی پڕچەکەت بەپێچ وەک ئەرقەم) «پیرەمێرد».

**بەپێچ‌وپەنا**: تاراست، فێلاوی: (سەرڕاست قسەی دڵت بڵێ بۆ هێندە بە پێچ و پەنا قسان دەکەی؟!).

**بەپێچ‌وقەمچ**: ١. بە خۆبادان و خۆ هەڵسووڕان، ٢. بە پێچی زۆرەوە: (چۆمەکە بە پێچ و قەمچەوە لە شیوەکە دەڕوات)،٣. فێڵ، مەکر، نازی زۆر.

**بەپێچەوانە**: چەپەوانە، پێچەوانە.

**بەپیرهاتن**: بەرەوپیری هاتن: (جا بە پیر لاسی دەهاتن ئەو خانم و خاتوونانە) «توحفە».

**بەپیرەوەچوون**: ١. پێشوازی لێکردن، بەرەو پیری کەسێک چوون: (بە پیر ئەو ڕۆژەوە «مەحوی» ئەوەندە/ بە سەر چووبوو، وەکوو شەونم لە سەر کەوت) «مەحوی»، (سەد هەتیو خۆی تاس و لووس دا چون بە پیری شێخەوە) «شێخ ڕەزا»،٢. پێشوازی کردن لە بابەت و مەسەلەیەک.

**بەپیرەوەڕۆین**: بە پیرەوە چوون: (بە پیری مەرگەوە فەرسەخ بە فەرسەخ ڕۆیون مەردان/ ئەوی باکی لە مردن بێ، دیارە بڵح و نامەردە) «مەحوی».

**بەپیرەوەهاتن**: پێشوازی لێکردن: (کەعبەی نەجاتی هەر دوو سەرای هات بە پیرەوە/ هەرکەس کە چەشنی ڕابیعە ڕووی لەو تەلارە کرد) «بێخود».

**بەپێز**: ١. بەکێش، کێشدار: (ئەو ئاردە زۆر بەپێزە، نانی شانەوشانی لێ دێ)،٢. بەگوڕ، بەهێز: (وشەی بەپێز و ڕەوان/ دەنووسم بۆ نیشتمان) «سەناریا ئازاد».

**بەپێست**: بە ڕواڵەت، بە زاهیر: (بۆ ئەودیوی شێخ و مەلا، بەشی زۆر جاسووس/ زۆربەی ئاغا بە پێست مەرد و، بە ئێسک بێناموس) «گۆران».

**بەپێشیمنوتۆ**: پێش لە من و تۆ: (لاس دەڵێ: کیژ و کوڕی هەمزاغایان، لە من و تۆ دڵ بەدنیاتر بوون، بە پێشی من و تۆ سەری ئەو گوڵانەیان دەچنینە) «لاسوخەزاڵ».

**بەپێشینە**: پێشینەدار، دارای مێژوو: (شێعری کۆنم، لەمێژینەم/ خاوەن بەڵگەم، بە پێشینەم) «ڕاوچی».

**بەپێل**: شەپۆلدار، شەپۆلاوی، مەوجدار: (گۆمێکی بە پێلە).

**بەپیلە**: تەشقەڵەباز، گرنەگر، بەهانەگر.

**بەپێوە**: ١. بە پاوە، بە ڕاوەستانە، ژپیا، ژ پیاڤە، ژپیڤە: (ئەوان خەریکی قسە ئەبن، ئەفەندی ئەچێ تۆزێ لەولای ئەوانەوە بە پێوە دەس ئەکا بە میزکردن) «ڕشتەی مرواری»،٢. تێگیراو، درگای دابەسراو: (حەسارە گەورەی دوو دەر بە پێوە/ کوڕێک لەو ماڵە و زۆرم دڵ پێوە) «فۆلکلۆر»،٣. ژووری ساغ، دیواری نەڕماو: (بەشی پێشەوەی قەڵا دیواخان و پێشخانە، تەویلە و کادێن هێشتا هەر بە پێوە بوون) «پێکەنینی گەدا».

**بەپێی**: ل دیف، بە گوێرەی: (بۆ بەندییەک، کە هیچ نەبێ تا بەرەڵلا بێ/ بەپێی قانوون کۆشێ منال منالی نابێ) «گۆران».

**بەپێیفیل**: بریتی لە زۆر زۆر، فرە: (خێرت نییە وردیلە/ زەرەرت بە پێی فیلە) «ئەحمەد بەهرامی».

**بەپێیفیلان**: بریتی لە زۆر و زەوەندە: (هەر چییەکت بوێ، بە پێی فیلانە).

**بەپێیەک**: زوو، گورج: (بەپێیەک بچۆ بازاڕ و زوو وەرەوە).

**بەت**: ١. مراوی، سۆنە، بت، بۆرچین: (خون کو ژ دل ب مەج بێت، ئەشکێ ڕەوان مە تێنە خەت/ نیل ژ دیدەیان دزێت، کەفتیمە ناڤێ شوبهێ بەت) «جزیری» ٢. تەیرێکە لە کەو مەزنترە: (ئاگرێ کەوانە، ڕسقێ بەتانە) «پەند» ٣. نەخوێندەوار، بێسەواد: (×٧٢×) «فەقێ تەیران»،٤. بێئەزموون، بێتەجرەبە.

**بەتات**: ١. درۆ، درەو، ڕیا: (ئەو چ تەقلید و شەتاتن، چ بەتاتن تو دکی؟/ سەری ڤێر

رادهژینن بدوسەد ئاهوکەسەر) «جزیری»،٢. گوندێکە لە ناحیەی زوماری هەرێم.

**بەتار**: ١. بەدبەخت، شووم ٢. بینایی، سۆما، هەتەر، روونـاکی چـاو ٣. چەتـال، خێـل، چەوت،٤. بەتاڵ، خـاڵی: (ئەوەی زگـی بەتـار بێ، باریشی قورس دەبێ) «پەند».

**بەتاراج‌بردن**: تالانکردن، تاراجکرن.

**بەتاراج‌چوون**: تووشی تالان و دزین هاتن.

**بەتـاراج‌دان**: نـابوودکردن، فەوتانـدن: (بە شۆخی دین و دڵمی بە تاراج دا، ئێستە وەک سۆفی/ بە سەبحەی ئەشکەوە هاتۆتە سەر تەرکی نەزەر چاوم) «مەحوی».

**بەتـاراج‌ڕۆیین**: بە تـالان چـوون: (بە نـاڵەی بولبول و قومری وەفـایی بـۆیە هەر دەگـریم/ گوڵێکی سەرو بـاڵام بـوو، بە تـاراجی خەزان ڕۆیی) «وەفایی».

**بەتاراڤـک**: ڕۆچـوونی گەمـی، نقووم‌بـوونی کەشتی.

**بەتارکردن**: بەتاڵ کـردن: (ڕەشـەمە ڕەشـکی ڕەشوان، بەتار دەکا چار و کەنووان) «پەند».

**بەتارە**: ١. لفکە، فڵچە، فلچە، گزکچە، شـانەی تەونـگەر و جـۆلا ٢. گیفـک، گیفەنـک، گوولێنگ، گولەنگ، مەنگۆڵە.

**بەتاسە**: ئارەزوومەن، تاسەمەند: (بـزەی دیتـێ دەم و لێوی بەتاسەم/ لە دڵ دەدوێ گڕوگـاڵی حەماسەم) «ڕاوچی».

**بەتاسەیی**: ئارەزومەندی، بەئێشتیاقی.

**بەتـاق**: ١. کەمەی سـەر دیـوار و گـومبەز، سەردەرک و میچی کەوانەی،٢. تەنیا، تاک: (بە تاقی تەنیا) ٣. ئاواڵە، ڤالا، ڤەکری: (پەنجەرەکە بەتاق بوو).

**بەتاقە**: بلیت، بلێت، پسوولە.

**بەتـاقەت**: ١. خـاوەن هێـز، زۆردار،٢. بەحەوسەلە، پشوودرێژ.

**بەتاقی‌تەنێ**: بێهاودەم، یەکتەنە، تەنیا.

**بەتاقی‌کردنەوە**: تەجرەبە کردن.

**بەتاک**: ١. بەتـاق، واژی بەجـووت،٢. بەتـاڵ، خاڵی،٣. ئاوەڵە، والا، سەربەتاک، هەڵپچڕاو.

**بەتال**: ١. ڤالا، خالی: (ژ کێرا دکی زکـری ب حـال/ قەت گوشگوشـا نـاکی بەتـال) «فەقـێ تەیران»،٢. پووچ، هیچ، نـامومکین: (تەقریـر و ئەدا کرن مەحالە/ تەدبیـر و دەوا کـرن بەتـالە) «خـانی»،٣. بێکـار، بـێئیش: (مـاوەیگە بەتـاڵ گەردم)،٤. نارەوا: (ڕووژەم بەتالە)،٥. خۆڕایی، مفـت، بەلاش: (نـانێ بەتـالا ل چ جیـا نیـنە! ئەوێ نەکەت، ناخۆت) «گولواز».

**بەتاڵ**: ١. بەتال، خاڵی، باهر، ڤالا، ڤالا، چـۆڵ، پووچ، پووت، فش، هۆڵ، هۆڵۆڵ، هێسا، هەر شتێ کە ناوەکەی بـۆش بـێ،٢. بـێنـاوەڕۆک، بێکەڵک، قسەی پووچ،٣. بێمێشـک، بێئاقـڵ: (سـەر کە جۆشـێکی نەبـێ، مـن زرکەتـاڵم بۆچییە!/ دڵ کە هۆشێکی نەبێ شیشەی بەتـاڵم بۆچییە!) «مەحوی»،٤. بێکار، بێئیش: (خەڵـک وتی با دانەنیشێ وا بەتاڵ/ هێنایـان کردیـان بە مامۆسـتای منـاڵ) «پیرەمێـرد»،٥. نامـاقووڵ، هەڵوەشاوە: (نویژم بەتاڵە)،٦. ناهمێد، بێهیـوا: (خوەد بەتـاڵ مەکە، تیەیـدەو)،٧. پەشـیمان،٨. خانووی چۆڵ،٩. پـووچ، هـیچ×: (عرووسـم، جووم، ئەرمەنیم/ دینم بۆ تۆ بەتاڵە) «حەسـەن زیرەک».

**بەتـالانبرن**: دزیـن، تـالانکردن: (ئەووەل فکرین د زولف و خالان/ دیتن کو دلان دبـن ب تالان) «خانی».

**بەتاڵابوون**: ١. خاڵی بوون، بەتاڵەو بـوون،٢. چۆڵبوونی ماڵ،٣. بێکار بوون،٤. بێنـاوەڕۆک بوونی قسە،٥. کۆتایی هاتن: (شتێکی مەلـوول

کەوتووە لە کلکەی پەڵاساویَ/ من ڕاوم بەتاڵ بووە لە یار، نەوەک لە ڕاویَ) «مامڵێ».
**بەتاڵانچوون**: بردران، دزران: (ئەو ماڵەی هەمە با بچێ بە تاڵان/ باڵای تۆم دەویَ دەم لە سەر خاڵان) «حەسەن زیرەک»، (گوڵ سیسە بەدوور لە دڕک و داڵان/ مار هۆیە کە گەنج نەچێ بەتاڵان) «خانی».
**بەتاڵاکردن**: ١. خاڵی کرن، بەتاڵەو کردن،٢. هەڵڕشتن، ڕۆکردن،٣. دەس هەڵگرتن لە کار،٤. چۆڵکردنی ماڵ.
**بەتاڵانبردن**: تاڵان کردن و بردن: (یەعقووبسیفەت حەزین و ناڵان/ سەبرا دل و جان تە بر ب تاڵان) «خانی».
**بەتاڵانچوون**: تووشی تاڵان هاتن، دزران.
**بەتاڵاندان**: بوونە هۆی دزران: (پیرێژنێک مانگای بە گوانەوە چووبوو، دیسان هاتەوە زگ لاس و کوتی: حیزباب! لە وڵاتی باڵەکیان ئەتۆ گانت دەدا؟! هاتووی ماڵی من بە تاڵان دەدەی) «لاسوخەزاڵ».
**بەتاڵانڕۆیین**: بە تاڵان چوون: (ماڵاتمان تاڵان کرا، مەڕ و ماڵاتمان هەمووی بە تاڵان ڕۆیی/ ئێمە دەبێ دانیشین بە هەناسەساردی و بەبێ نان و بەبێ دۆیی) «لاسوخەزاڵ».
**بەتالایی**: چۆڵی، بۆشایی، والایی.
**بەتاڵبوون**: بەتاڵبوون: (عشقا مەجاز هلینە/ ئەڤ ڕەنگ دبێ بەتال بت/ تو بەس وەها بخوینە/ تە بەر ب زیجەلال بت) «فەقێ تەیران».
**بەتاڵبوون**: ١. بەتاڵەو بوون، پەشیمان بوون، ٢. تەواوبوون، دەس هەڵگرتن: (نویژ بەتاڵ ئەبێ، جەماعەت بڵاو/ چەن پیرێک ئەبن بە خلتەی لافاو) «گۆران».
**بەتاڵبەتاڵ**: چەتاڵی، بەتاڵی، بێکاری.
**بەتاڵبییەی**: بەتاڵ بوون.
**بەتاڵپا**: وێڵگەرد، بێکار.
**بەتاڵپە**: بەتاڵپا.
**بەتاڵپێ**: بەتاڵپا، بێکار: (ئەوە بۆ کار بەو کوڕانە ناکەی، هەموو بەتاڵپێ لە سووچی حەسار ڕاوەستاون).
**بەتاڵغازی**: شارێکی باکووری کوردستانە سەر بە پارێزگای مەلاتیە.
**بەتاڵکردن**: ١. خاڵیکردن،٢. دەس هەڵگرتن لە کار: (وەی کاکی جوتیار، براکەم جووتت بکە بەتاڵ/ میوانتم ماندووم، با بڕۆین بەرەو ماڵ) «حەسەن زیرەک»،٣. دەس بەردان لە شایی: (بەتاڵی ئەکەن ئەچنەوە بۆ ماڵ/ بۆ سەر ئیش و کار، ناو ماڵ و منداڵ) «قانع»،٤. پووچ کردن، پووچ کردنەوە: (کێژم دوعای ئەبوودووجانەت بە دڵ و گیان بۆ دەنووسم، جادوویان پێ بەتاڵ دەکەمەوە) «شەوارە».
**بەتاڵکۆتەی**: بێکار کەوتن.
**بەتاڵکەر**: خاڵیکەر: (دیواندڕی، بازاڕ بەتاڵکەرێ بۆ کەس نەماوە، بۆ مەش نامێنێ) «دمدم».
**بەتاڵکەردەی**: ١. بێتاڵ کردن،٢. بێکار کرن.
**بەتاڵوچەتاڵ**: ١. بێکار، بێئیش،٢. جێی چۆڵ، ٣. خاڵی، ڤالا: (دەک سەگ تێی ڕی لەمحاڵە/ گیرفانم بەتاڵ و چەتاڵە).
**بەتاڵووکە**: بلەز، بەپەلە، بەعەجەلە، لەزۆ، لەزگین، پێتمار، بەگوڕ.
**بەتاڵوەتاڵ**: خاڵیوخوت، خوتوخاڵی، بێکار و بێبار.
**بەتاڵەنجەژنم**: جێژنم نەماوە: (شادیم هەر شیەن، بەتاڵەن جەژنم) «بێسارانی».
**بەتاڵەوبوون**: بەتالا بوون.
**بەتاڵەوکردن**: بەتالا کردن.

**بەتالی**: ١. ڤالایی، بۆشایی، پووچی، خاڵی ٢. بێکاری، بێئیشی: (ژ بەتالی کیرێ بابێ خوە دا بەر داسا!) «پەند»،٣. تەتیل، ڕۆژی پشوو: (ڕۆژا تەتیل و بەتالییا مسلمانان ئینە) «سەنار»، ٤. پەشیمانی، پوشمانی.

**بەتاڵی**: بەتالی.

**بەتاڵیباسکردن**: بە خراپی لێدوان، بە ناحەزی باس کردن: (کەسێکی تۆ ناخۆشت ویست و بە تاڵییت باس کرد، ئەویش ناخۆشی دەوێ و دەبێتە قەستەسەری) «سەعید و میرسێوەدین».

**بەتاڵیچوون**: بەفیرۆ چوون، زایە بوون: (ئەم جیهانە جەنەتە بۆ هەرکەسێ بۆ من سەقەر/ عومری شیرینم بەتاڵی چوو لەبەر ئەرکی حەزەر) «سالم».

**بەتالیم**: بەئەدەب، تالیمدریاگ.

**بەتالیمە**: بەتالیم، ژیر.

**بەتالیمی**: ژیری، بەئەدەبی.

**بەتالیۆن**: تیپێک سەربازی هەزار کەسی لە سپای تورکیەدا: (سپای عێراق لە سێ بەتالیۆن و دەستەیەک تۆپخانەی چیایی و سریەیەک تۆپی ٣٧) «لەمەهاباد بۆئاراس».

**بەتام**: خۆش، چێژدار، مەزەدار، تامدار، ڕانەرم، ڕازراف: (گەلامێوەکەی باخی نیشتمان/ بەتام و لەزەت مزرە وەک قەزوان) «گوڵزار جەلال».

**بەتامی**: تامداری، ڕانەرمی، مەزەداری.

**بەتان**: ١. بەرەکەوا، ئاستەر، بەتانە،٢. کۆی بەت، مراوی: (ئێدی جووچکێن کەوان/ ئێدی جووچکێن بەتان) «سەنار»،٣. ئاستەر پۆست، پێستی بنی،٤. × (مێر دیوارا دەرڤەیە، ژن بەتانا بەرڤەیە) «پەند»×

**بەتاناچوون**: ١. بە درێژی باس کردن،٢. بە تان و پۆدا چوونە خوارێ بۆ هەڵنان یا شکاندنەوەی،٣. تاریف دان: (ئەوان خەریکی قسە ئەبن، ئەفەندی ئەچێ تۆزێ لەولای ئەوانەوە بە پێوە دەس ئەکا بە میزکردن، شێخ حیسامەددین ئەڵێ: پاشا ئەمەیە مەکتەبێ کە وا ئەوەندە بە تان و پۆیا ئەچی؟) «ڕشتەی مرواری».

**بەتاناهاتن**: بەتانا چوون.

**بەتانوپۆداهاتن**: بەتانا چوون.

**بەتانە**: ١. بەتان، ئاستەر، بەری کەوا ٢. چرێش و ئاردەداری گیراوە بۆ دارتاشی،٣. تێکەڵی خاکی سپی و ڕۆنی بەرزەک بۆ گرتنی کەلێن و درز،٤. چاوی تانە لەسەر: (مەدە تانە لە دوو چاوی بە تانەم/ بەرەو تیری مژۆڵی تۆ نیشانەم) «ڕاوچی».

**بەتانەکاری**: کوناگرتن، کارکردن بە بەتانە.

**بەتانی**: پەتو، عەدیاڵ، ئەبیاڵ، بەتانیە: (شوێن و پێخەفم یەک بەتانی شڕ/ لەش بە ئازار و دەس و لاقم سڕ) «حەمەجەزا».

**بەتانیە**: بەتانی، ئەبیاڵ، پەتووی نوستن.

**بەتاو**: ١. بلەز، بەخێرایی، بەپەلە، بەتاڵووکە: (عەزمی تابووری سەفی موژگانی تۆ بۆم هات بەتاو/ هێرشی بۆ قەلعەیی ئیمانە یا ئاییینمە) «حاجی قادر»،٢. بەخوڕ، بارانی بەخوڕەم: (مەوارۆ بە تاو وە ڕووی سەرزەمین) «بێسارانی»،٣. بەتین، داغ، گەرم: (ئاخۆ ئەلەکتریکە شەوی کردە عەینی ڕۆژ/ یاخۆ بڵێسەی ئاگری کوورەی بەتاومە) «بێخود».

**بەتاوار**: عاقیبەت، سەرەنجامی تشتی.

**بەتاوبوون**: تەنگاو و سەخڵەت بوون.

**بەتاوتێ**: بەتین، گەرم: (ڕۆژ کە تیشکی داویتە سەر زەوی، زۆر بە تاوتییە).

**بەتاوچوون**: بلەزچوون.

**بەتایبەتی**: خووسەر، نەخازم، نەمازە.
**بەتئاوان**: بەت ئاوی، مراوی: (گێسووت بەڕەزای پەخش پای کاوان/ زوڵف و ئەگریجەت باڵ بەت ئاوان) «وەلی دیوانە».
**بەتئاوی**: بەت، مراوی.
**بەتبەخت**: بەدبەخت، لێوەرگەڕیای.
**بەتتی**: بەتیە.
**بەتخوو**: بەدخوو، بەدسیفەت، بەدڕەوشت.
**بهتر**: بەتر، پتر، پێتر، زۆرتر.
**بەتر**: ١. بەری، پێشتر، پێشووتر: (بەترپێرار: پێرارسال) ٢. پتر، پێتر،٣. بەدتر، بەتەر، خرابتر: (ناڤێ وی موناففێ بەکر بو/ بەلکی ژ بەلوقیا بەتر بو) «خانی»،٤. بەتڵ، بەش، ماوە: (بەترێکی شەو چووبوو).
**بەتڕ**: ١. ڤڕکەر، خۆقەبەکەر، بەدەعیە، ترزل، بەهەوا، خودان تڕ و زڕ،٢. بەدتر، خراپتر،٣. بە شۆخی×٢٣٢×: (بە تڕ خانی بەسەر ناچێ، لەمەوپاش/ لە هەر لاوە دەتان هاڕن وەکوو ئاش) «حاجی قادر».
**بەتران**: مرۆڤێ نەزان بەور: (پێتڤیە ل سەر هەر مرۆڤەکی کو سەبر و قەناعەت هەبیت، ژ مشەبینێ بەتران نەبیت) «گولواز».
**بەتڕبەندبوون**: بریتی لە شتی ناقایم و خۆنەگر.
**بەترپێر**: سێ ڕۆژ بەر لەمڕۆ، بەسرپێرێ، بەسرپێرەکە، بەری دو ڕۆژان.
**بەترپێرار**: بەسرپێرار، بەسترپێرار، سێ سالّ پێش ئێستا، بەری دو سالان.
**بەترپیری**: بەسترپیری.
**بەترپێرێ**: بەسرپێرێ.
**بەترس**: ترسناک، سامدار، سامناک: (ژانی، ژنە چاوەڕوانەکەی ماسیگر، تارمایی سامناک و دزێو و بەترسی ئەهاتە بەرچاو) «پێکەنینی گەدا».
**بەترس‌ولەرز**: زۆر ترساو، بە ترسەترس.
**بەترسەترس**: زۆر ترساو.
**بەترمە**: ١. بەترومە، هەڵپەرتاوتن، هەڵپاچین، بڕینی لقوپۆی زیادی دار ٢. بەترۆمە، پەترومە، پێوەند لێدانی دار.
**بەترمەیی**: پەترۆمە، لێکدراو، تێکەڵ، پێچەوانەی سادە.
**بەترومە**: بەترمە، هەڵپەرتاوتن.
**بەترۆمە**: بەترمە، بڕینی لقی دار.
**بەترە**: تەڕاخوومە، نەخۆشییەکی چاوە.
**بەترەف**: ١. ڕزیوو، بەتلاو، خراپ(میوە) ٢. بەفیڕۆ، لەدەستچوو ٣. هەڵەشە، کەلەلا، کەلەڕەق، خراپ،٤. ناسۆر، برینی چڵککردوو: (جەستەیەکی بریندارم/ زامەکانم قووڵ و بەترەف و ناسۆرن) «مەلەکشا»،٥. زۆر، فرە، لەڕادەبەدەر.
**بەترەف‌بوون**: ١. هەیدەر چوون،٢. لاناوە لە مردن.
**بەترەکی‌شەو**: بڕێ لە شەو، ماوەیێک لە شەو: (ئەو ڕۆژە تا بەترەکی شەوێ هەر لە بێنەوبەردەی بیرکردنەوە و مشوورخواردندا بوون) «گورگ و بزن».
**بەتری**: ١. چنارم، چمارم،٢. چەویشی، چاوێشە، چاوئێشە: (چاوی بەتری کردگە).
**بەتریقە**: پەنگۆێن: (بەتریقەکان لە کەناری دەریاکانی بەستەڵەکی باشووری دەژین).
**بەتریە**: ئامێرێکی شەڕە×: (کاروانێکی نیزامی پێکهاتوو لە بەتالیۆنی ١ و ٢ی فەوجی بەهادر و بەتریەیەکی ٧٥ی) «لەمەهاباد بۆئاراس».
**بەتفەڕ**: بەدفەڕ، ناڕەسەن، بێ‌ڕێز.
**بەتکار**: کارپیس، کارخراپ، بەدکار.
**بەتکاری**: بەدکاری، خراپەکاری.
**بەتکەبەش**: چوالو، چالگ، چالەکە، چالو،

کورەبەش، قورەبەشە.
**بەتل**: ١. پاڵەوان، ئازا، قەهرەمان: (ژ هەڤ دبرن دیلە/ بوویە قرین و قیلە/ عاجزبوون بەتل و فیلە/ بەرستنە هەڤ ب حیلە) «فەقێ تەیران»٢. ماندوو، شەکەت: (ئەز بەتلیم گەلەکی ماندی بوم) ٣. ماوە، بەشێک لە شەو: (دوو بەتڵ شەو ڕابرد) «توحفە» ٤. بوتری، شیشە، بتری.
**بەتڵ**: بەتل.
**بەتلان**: تیاچوون، لەبەین چون، نەمان: (ئێستاش کارێکی وا مەکە بە ئاوری دەستی تۆ لە سۆنگەی تۆدا عێلێکی هەزار و پێنسەد ساڵە ببەتلێ) «لاس‌وخەزاڵ».
**بەتلاندن**: ١. بەتلانن، خراپ‌کردن، لەناوبردن،٢. بە تەڵاق دان: (لە فەرخ دەخەفتێن و خەریک دەبن بی‌بەتلێنن) «توحفە» ٣. شەکەت‌کردن، ماندی‌کرن.
**بەتڵاندن**: بەتلاندن.
**بەتڵانن**: بەتلاندن.
**بەتلانە**: وچان، تەحتیل، کاتی پشوودان.
**بەتڵاو**: لەکیس‌چوو، زایە.
**بەتلە**: ساوار، ساڤار، ساوەر.
**بەتڵە**: تەپکە، تەڵە، داو، دام، داموسکی لە تەختە دراو بۆ مەل ڕاوکردن.
**بەتلی**: ماندوو، مانگ، مانو، خەسە، شەکەت، هیلاک.
**بەتڵی‌ڕۆژ**: چەند کاتێ لە ڕۆژ.
**بەتلیس**: شارێکی باکووری کوردستانە، ناوەندی پارێزگایە.
**بەتلین**: ١. هیلاک‌بوون، ماندی‌بوون، کوسبوون، شەکەت‌بوون ٢. رزان، خراپ‌بوون، ٣. تیاچوون، فەوتان.
**بەتڵین**: بەتلین.

**بەتمەل**: گوندێکە لە خۆراوای کەرکووک.
**بەتن**: ×٨٧×: (لە سەر سیەقڵا لە لاشە بەتن/ پەری خەم چەم، کول کورپە دووەتن) «خان‌مەنسوور».
**بەتنێ**: بە توندی.
**بەتو**: بەتوو، ڕەحەتی، ڕەحاتی، دەرمەشک، مرازی تراو لە دەفر کردن.
**بەتۆ**: کۆڤک، کۆفک، ڕەحەتی.
**بەتوانا**: شارەزا، لێهاتگ: (ئەو نە پەیکەرساز بوو، نە زەڕنگەر، بەو چاوە کزۆڵانەوە لە نیگارکێشیێکی بەتوانا وردەکارتر بوو) «کۆردەرە».
**بەتۆپز**: بە زۆر، بە کەڵەگایی.
**بەتۆپزی**: بە زۆری، بە کەڵەگایی.
**بەتۆدەخڵشەن**: دەخڵی بە تۆوەیە.
**بەتۆرە**: ١. زانا، بیرمەند،٢. بەئەدەب، پەلیار، بەشێواز.
**بەتۆز**: تۆز هەڵکردوو: (با تەز و سەردە، بە تۆز و گەردە) «بۆکوردستان».
**بەتۆکل**: بەتوێکڵ، قسەی بە هیما، وشەی دوو واتا دار، گوتەی زیپک و پلار، ئاخافتنا بتیڤل.
**بەتۆم**: ١. جۆرێ سابوونە لە ڕۆنی فستق دەگیرێ، ٢. بەناوک، تۆمدار.
**بەتوندی**: بلەز، گورج، گورجانێ: (کەی لە گوێی جۆگە دەگەڕێ، دێن بە توندی لێیخورم/ تاق و جووت جووت ئەبن و داوێژێ پاڵوو هەڵئەکا) «سالم».
**بەتووبی‌کۆن**: بە یاسای کۆن.
**بەتوول**: ١. ئافرەتێکە حەیزی پیا نەیەت،٢. لەقەبی فاتمە کچی پێغەمبەر: (شکۆفەی وەش‌بۆی ڕەیحانەی ڕەسوول/ نەوباوەی نەمام تەیبەی بەتوول) «مەولەوی»،٣. درێژ، تووڵانی:

(تۆماری شەرحی دەردم بەتووڵە/ تەریبی وەسڵ و بەختم شەفتوولە) «پیرەمێرد».

**بەتوون**: ١. بەدۆزەخ، بەجەحەندەم، چش: (.../ دەس بەردە لە کۆن و تازە و ترس و هومێد/ دنیا کە نەمام تازەیە یا کۆنە بە توون) «خەیام هەژار»،٢. مرۆڤێ خووس، دایەبۆڕ، کەللەشەق، بەڕەڵڵا.

**بەتوونە**: ١. بەتانە،٢. باتوونە، گوڵێکە.

**بەتوێ**: بەیەک، بەتەنها: (بە توێ کراس).

**بەتوێکڵ**: بەتۆکڵ، قسەی بە زیپک.

**بەتە**: دەیباتە، ئەیباتە: (دبێژن پیرەمێرێکی هەژار کارێ وی ئەو بوو هەمی رۆژێ دا چیتە پشتیەکێ دارا و بەتە سیکی) «گولواز».

**بەتەباوە**: بهەڤرە، پێکەوە.

**بەتەپاکەوتن**: بوورانەوە، بێهۆش بوون.

**بەتەر**: ١. خراپ، خراو،٢. خراپتر، بەدتر، بەدتەر، پیستر: (ئەوەند خەیاڵان بەردم وە دەروون/ پەی دووری یاران بەتەر بیم زەبوون) «مەولەوی»،٣. باشتر، بێهتەر.

**بەتەربیەت**: ١. بەئەدەب، ژیر،٢. ڕاهاتوو، ئەدەبکراو.

**بەتەرتەر**: ١. خراپ،٢. خراپتر: (بەتەرتەر نیهان، داخت مەدۆم گیر) «بێسارای».

**بەتەرخەزانان**: خراپتر لە گەڵای پایز: (مەگێڵۆم چوون چەرخ، وێڵ و سەرگەردان/ بەتەر خەزانان، سەرگەردان کەردان) «بێسارانی».

**بەتەقەکەفتن**: تریق بوونەوە، شەرمەزار بوون: (مەلا ڕەسووڵی تەلانی هەبوو لە سلێمانی ئەمناسی، نەخۆش کەوت، سەرەتا بۆم ڕێ نەکەوت بچمە لای، بە ئیمرۆژ و سبەی دوام خست، لە پاشا کەوتمە تەقەوە هەر نەچووم) «ڕشتەی مروارید».

**بەتەقەکەوتن**: بەتەقە کەفتن.

**بەتەقیە**: ئەمین، دەسپاک.

**بەتەک**: کورکور، کەرەواڵە، قەتێ، بەدبەدە.

**بەتەکان**: بەگوڕ، بەهێز، هێزدار: (چاو وەکو دووربین، ئەژنۆ بەتەکان/ هەناسەی سەردم ڕاست ڕێک و ڕەوان) «قانع».

**بەتەگە**: بزنی نێریخواز.

**بەتەڵەب**: بەفاڵ، یەکسمی مێچکەی نێرخواز.

**بەتەم**: تەماوی، تەمدار: (وەکو کوێستانی بێستوون/ دایمە سەرم بەتەمە/ هیچ ناوێرم بیدوێنم/ دەڵێی پاپی ئەعزەمە) «فۆلکلۆر».

**بەتەما**: ١. هیوادار، چاوەنواڕ، چاوەڕوان: (بیەنان وە سەنگ کۆنەهەواران/ بە تەمای سایەی وەسڵی نازاران) «بێسارانی»، ٢. بەتەماح، تێرنەخۆر،٣. داواکار، داخواز: (بە تەمام دوکانێک بکرم).

**بەتەمابوون**: ١. بە هیوا بوون، تەمادار بوون: (دە بڵێن بە یارم نەبێ بە تەمام/ کاری گەردوونە دەبم بە نیزام) «حەسەنزیرەک،٢. داواکار بوون، خوازگار بوون: (شەدەی سەرت بە میرات بێ/ نەحلەت لە شەرت و بەقات بێ/ نەبا شێتێ بە تەمات بێ) «حەسەن زیرەک».

**بەتەماح**: چاوچنۆک، تەما، تەمادار، تەماکار، تەمایەدار.

**بەتەماع**: بەتەماح.

**بەتەن**: ١. نزار، نسار، پەسار، لای سێبەر لە شاخ ٢. بەتەن، بەندەن، چیا، کێو، بەندەنی کڵوان ٣. بەر، ئاسەری ناوەوەی جل و بەرگ ٤. قەمسەلە، چاکەت، چاکیتی گەرم.

**بەتەندوور**: بە جەستە دوور: (لە سدقا وەسڵە بۆ سالم فراقت/ بە دڵ نەزدیکە دایم، بە تەن دوور) «سالم».

**بەتەنگە**: تەنگەزل، ئەستوور: (عەولا ئاغا

کەمێک کورتەباڵا و بەتەنگە و داروبار) «خاک و چەوسانەوە».

**بەتەنگهاتن**: ١. پێ تەنگبوون، لێ بەرتەنگ بوون، جێ نەبوونەوە: (سەدای یاحەیی دەروێشان لە ترسی زولفی پڕ چینی/ لە عیسا عەرسەیی گەردوون بەتەنگ هات هەر وەکوو دەرزی) «حاجی قادر»،٢. وەڕەربوون، عاجزبوون: (بە تەنگ هات ئەی شەوی زوڵمەت دڵی سالم لە دەس توولت/ چ بوو نەتشوشت بە ئاوی سوبحدەم ڕوخساری وەک قیرت) «سالم».

**بەتەنگەوەبوون**: بە گرنگ گرتن، خەم بۆخواردن.

**بەتەنها**: بەتەنێ، بتەنێ، تەنانەت، جوداگانە.

**بەتەنێ**: ١. سەڵت، ڕەبەن،٢. بتەنێ، بەتەنهایی، ٣. بێکەس‌وکار.

**بەتەنهایی**: بتەنێ، بەتەنها.

**بەتەها**: ١. تەنها خۆت،٢. تەنیا، هەر، فەقەت: (من لە دنیادا بە تەنها تالبی دیداری تۆم) «حەیدەری».

**بەتەنی**: پەتوو، پەتۆ، بەتانیە، بەتانی.

**بەتەنێ**: بە تاقی تەنیا: (بەو خیلقەتە شیرینە، کە خولقا قەدی ڕەعنات/ هەر من بە تەنێ شیفتە نیم، عالەمە شەیدات) «ئەدەب».

**بەتەنیا**: بەتەنێ، هەر: (مەنازە قەت بەوەی زالم بەتەنیا دەستی تۆ بگرێ/ ژیانی تۆ بەبێ هاوماڵەکانت نوقمی گریانە) «قانع».

**بەتەورات**: ناوی گۆرانییەکە: (بە تەورات بە تەورات، بە قورعان و ئینجیلە/ لە سەر نەسری خەلیلە) «حەسەن زیرەک».

**بەتەوژم**: توند، بەگوڕ، بەهێز: (هەنیسک و هەناسەی بە تەوژم و پڕ لە تاسە) «شەرەفنامە».

**بەتەوس**: بەزیپک، بەتێکول.

**بەتێبەتێ**: دارەدارە، پەتێپەتێ، باوەش بۆ منداڵی ساوا دەکرێتەوە، پێی دەڵێ بەتێبەتێ، ئەویچ دێتە نێو باوەش.

**بەتیتۆڵ**: شرەپۆش، کۆنەپۆش ×٢٦٥خانی×: (پیتۆڵە یەکێک، یەکێک بە تیتۆڵ/ یەک بۆڵە دەکات و یەک ڕووەو چۆڵ) «هەژار».

**بەتێرادیوی**: تێرادیتن، بەدڵنیایی: (بە تێرادیوی هات و داوای پارەی کرد).

**بەتیریەک**: هاوسەنگ، هاوکێش، هاووەزن.

**بەتیسک**: بەخوری، تیسکن، تیسکدرێژ.

**بەتێشت**: ئاووس، دوگیان، زکپڕ(ژن).

**بەتیک**: جۆرێک لەپەچە.

**بەتین**: ١. گەرم، تیندار: (لەشیان بەتین و گەرم بوو/ باسکیان سەرینی سەرم بوو) «هێمن»،٢. داخ، داغ، سووتێنەر: (ئاوری ژێر پۆلوان بەتینە)،٣. هاڵاو و گەرمای زۆر تاوسان: (گڕی ئاگری سەبوون بەتینە/ بەرگی ئاسمان بۆ ئێمە شینە) «پیرەمێرد»،٤. بەهێز، بەقەوەت: (وتی: بێکەڵکە نەکەوتومە قین/ مەگەر چل دارم پیاکێشن بەتین) «پیرەمێرد»،٥. جێی گەرم، وڵاتی گەرمەسێر: (لەوێش نەدەمانەوە دەڵێن وڵاتێکی گەرمەسێر و بەتینە) «گەنجی سەربەمۆر»،٦. بریتی لە بەهەست، هەستی زۆر: (بزەی سەر لێوی گۆشتنم/ نیگای بەتینی گوڵچنم) «ڕاوچی»،٧. ناوی کوڕان و کچانە.

**بهتین**: بهیتن، حەلین، تاوانەوە، توانەوە.

**بەتیە**: ١. بەتانی، چارشێو،٢. بەتتی، جبە، عەبا، عابای سپی و هاوینە لە زیڕ: (بەتیەی کارخانەی ئۆسای بەغدایی/ دروومان وە تای نەی ئاشنایی) «مەولەوی»،٣. ناوێگە دویەتانە.

**بەجا**: ١. بەجێ، بەجێگە، جێدار، وەجێ، پەسن، بجە، کەتنجە، هەرشتێ لە جێی خۆیدا

بێ: (ئەم فەرمووده بەجێیە/ بەھەشتت لە ژێر پێیە) «ئەحمەد بەھرامی» ٢. پایەدار، پاوەجێ، خۆگرتوو،٣. لەجیاتی، لەباتی،٤. حاڵەتی مانەوە لە جێی خۆی: بەرندە بەجا.

**بەجائاست**: بەجێی هێشت.

**بەجارەک**: بەجارێ: (مریمۆک هەر بەجارەک هار و شێت بوو) «کاریتە».

**بەجارێ**: ١. بە کەڕتێ: (هەر بمێنێ شای بەهاری/ دوو بووکان دێنێ بەجاری) «بۆکوردستان»،٢. یەکسەر، هەموو: (پێی بڵێ با مونتەبیھ بێ تۆیش گەنوو گوو بەس بخۆ/ با سلێمانی بەجارێ کافری موتڵەق نەکەم) «شێخ ڕەزا»،٣. بریتی لە زۆر: (تۆ بەجارێ وەک ژنی فاحیشە پێت لێ هەڵبڕی/ نەء، وتم: خەیری نییە، چاوێکی گەر لێ زەق نەکەم!) «شێخ ڕەزا».

**بەجارێک**: بەجارێ، یەکسەر: (ڕۆژی جێژن و خۆشییە تێپەڕیبوو ڕۆژی دەرد و خەم/ هات شنەی ڕەحمەت بەجارێک ڕایڕفاند و بردی تەم) «هێمن».

**بەجان**: بەگیان: (وەرە قوربان! بە جان هەر دوو برا بین/ گە تۆ بێ مادەر و من بێ پودەر مام) «نالی».

**بەجان کرین**: بەدڵ وەرگرتن، حەزلێکردن: (هەموو مردووی میان و سمتی خڕن/ بەیتی مەدداحیان بە جان دەکڕن) «حاجی قادر».

**بەجرەجر**: زۆر بە زەحمەت.

**بەجسن**: جسندار، نەجیم: (نەڵێی بەگزادە وە یا من جافم/ بڵێ بەجسن و ناو کوردی سافم) «مینەجاف».

**بەجگە**: بێجگە، جگە، بل، جیالە، غەیری.

**بەجڵەو**: ڕەشمەدار، جڵەدار: (لە نزیک قارەوای سەقز هێندێ کەری بەجڵەو دەلەوەڕان) «چێشتی مجێور».

**بەجنەخووێر**: ١. ناوی شارێکی کۆنی کوردانە لە نێو هەڤێرکادایە ٢. باجنا، بەجنەوی، بەشنەوی، هۆزێکی کۆنی کوردن.

**بەجواب‌هاتن**: وە جواب هاتن.

**بەجودایی**: جوداگانە، بە تەنهایی.

**بەجورئەت**: بوێر، ئازا.

**بەجورئەتە**: بەزات، بەجەرگ.

**بەجورئەتی**: بجەرگی، زات‌داری.

**بەجوز**: بەغەیری، غەیری: (خەبەر کەن شێخی واعز با بزانێ/ بەجوز دەرسی محیبەت سەهوە تەدریس) «سالم».

**بەجۆشش**: گەرم، داغ×: (ئەگەر قانع لە لافی عیشقەدا کەللەی بەجۆشش بێ) «قانع».

**بەجۆشەن**: ئەکولێ، قولتەئەدا: (قیبلەم بە جۆشەن .../ جە دووری بالآت دەروون بە جۆشەن) «بێسارانی».

**بەجۆغە**: گوندێکە لای سلێمانی.

**بەجووت**: ١. هەر دوو، هەر دووک: (بە جووت دەستم دە ستۆ کەن/ ئەوجار لە سەر سەفەرم) «حەسەن زیرەک»،٢. هەر دووکمان: (باسکم بۆ بکە بە سەرین/ بە جووت خەومان لێ‌کەوێ) «حەسەن زیرەک».

**بەجووج**: ١. زۆربڵە، زۆربڵێ، قسەدرێژ، چەنەوەر، هەڵەوەڕ، چەقەسرۆ ٢. داوێن‌پیس، دامێن‌تەڕ.

**بەجوێ**: بەجیا، بۆخۆی: (هەرچی لەوناوەیە، هەر یەک بەجوێ/ لە شتی کۆن و نوێ بۆم ئەدوێ) «هێدی».

**بەجە**: باج.

**بەجەھ**: بەجێ، بەجێگا: (ئەم ئیشاراتە بەجێگایە و بەڕێ/ نەک وەکوو چاوبەستە تەڕکی بن بەڕێ) «حاجی قادر».

**بەجهئانین**: بەجیٛهێنان.
**بەجەبر**: بەزەبر، بەزۆر، خاوەن زۆر.
**بەجەر**: ١. بەجەرگ، زاتدار،٢. مەهار، دەرەقەت، دەوەرە بردن: (کەس بەجەرێ نیەکەیٛ)،٣. لەجباز، پێداگر.
**بەجەر**: بزماری بە پێچ.
**بەجەرکردن**: ١. دەرەوە بردن،٢. دەرەقەت هاتن.
**بەجەرگ**: ١. ئازا، زاتدار، بەزات، بدەک، چاونەترس، بوێر، ڕەشید، گەڕناس، زیخ، چامێر، جوامێر، دلێر: (هەموو بەجەرگ و ئازا و دلێرن/ هەموو بێباک و دڵپاک و مێرن) «هێمن»،٢. ناوی نێرینانە.
**بەجەرگی**: نەترسان، وێران، ئازایی : (بۆ ئەوەی بەجەرگی خۆی پێ بسەلمێنێ) «خاک و چەوسانەوە».
**بەجەم**: ١. توند، قایم، پتەو، موکەم، مەحکەم، ٢. کلْفت، ئەستوور: (نانەکان بە جەمن: ئەستوورن).
**بەجەوهەر**: ١. بەغیرەت، نەترس،٢. بەهونەر، مەحلان، کارزان.
**بەجەوهەری**: ١. ئازایی، بوێری، ڕەشیدی،٢. هونەرمەندی.
**بەجەهەنەم**: بەتوون، چش: (ئەمما هەر بەو شەرتەی من گەر چاوێکم لە یار بێ/ حساب کە بە جەهەنەم، گەر خواردنم ژەهری مار بێ) «فۆلکلۆر».
**بەجێ**: ١. بەجا، شیاو، گونجاو، وەجێ، پەسند، گوفتار یا کرداریٛ کە لە جێی خۆیدا بێ: (مەکەی ڕاز و نیازی دڵ لە ڕێگەن/ نیازی دڵ لە ئەو جێگا، بەجێگەن) «ڕاوچی»،٢. لە جێگە: (لەگەڵ دڵ چووم و بێ دڵ دێمەوە، ئەم گەوهەرە یارەب/ لەویٛ کەوت و بەجێما، یا لە ڕێدا کەوت و بێجێ کەوت) «مەحوی» ٣. لەبری، لەجیات، لەبات: (ئەمڕۆ لەجێی باوکم هاتم)،٤. پاوەجی، پایەدار،٥. زو، زوو، خێرا.
**بەجێبوون**: جێی خۆ بوون، لەجێی خۆ بوون: (کۆششی من زۆر بەجێیە و زۆر ڕەوا/ چونکە قانوونی تەبیعەت وایە وا) «ناڵەی جودایی».
**بەجێگە**: ١. بەجێ، بەڕاستی، دروست،٢. لەباتی، لەجێی، لەجیاتی.
**بەجێمان**: جێمان، لە دوا مانەوە: (بەجێ مام لە یاران، نابەجێ ماوم ئەجەل زوبە/ بە مردن لەم قسووری ژینە ئیستیغنا نەکەم چ بکەم) «مەحوی».
**بەجێماو**: ١. جێماگ، جێماوە: (مانگی بەجێماو لە سەفەری شەو/ زەردە لە ترسی قاسپە قاسپی کەو) «گۆران»،٢. کەلەپوور، میرات، میراتی.
**بەجێوڕێ**: بەجێ، لە جێی خۆیدا: (قسەکانی یارە سەرەڕای ساویلکەیی و ساکاری بەجێوڕێ بوون) «ئەمیری».
**بەجێهاتن**: ١. کران، کار پێکهاتن،٢. بە مراد گەیشتن: (بەجێ هات ئارەزووی لاوان و گەرمە کۆڕی گۆوەندان/ ...) «هێمن».
**بەجێهانین**: کردن، کرن، پێکهێنان.
**بەجێهاوردن**: ١. بەجێهێنان، کردن: (لەبەر ئەوەی کە ئاینی ئێزیدی لە لایەن دراوسێکانیان بە خودێ نەناسی و لە دین وەرگەڕان درابووە قەڵەم، ناچار بوون فەرمانە ئایینیەکانیان بە دزیەوە بەجێ بێنن) «جەماڵنەبەز»،٢. ناسینەوە: (بمبوورە بەجێم نەهێنای).
**بەجێهێشتن**: ١. خستنە دواوە، جێهێلان،

بــواردن، دەڤ ژی بەردان: (وا باشــە بەجــێم بهێڵی/ هەر خۆم ویـڵ بـم لە شـوێن خێڵـی) «بۆکوردسـتان»،٢. تەرک کـردن، هێشـتنەوە وە تەنهـــا: (ئەو ڕەعــــیەتە بێوەفــــا و ناپیـــاوانە بەجێیان هێشتین) «پێکەنینی گەدا»،٣. بریتـی لە مردن: (شەرتە هەورامان بەجێ نەهێڵم/ مەگەر ئەوکاتە کە بەجێی دیڵم) «م.ح. دزڵی».

**بەجیٚ هێڵران**: جیٚهێشتران، جیٚهێڵـران: (یـا بـۆکرووزی پێسـتی منـاڵێ/ کە لە ژێـر دار و یەردووی ماڵـــــکدا بەجـــــێ هێڵـــــراوە) «نەجیبەئەحمەد».

**بەجیٚ هێن**: بەجێهێنەر.

**بەجیٚ هێنـــان**: کــردن، کــرن، پێکهێنــان: (سـەلاتا ئەز بە جـێ بینـم/ دوعـاخواز و ب ئامینم) «فەقێ تەیران».

**بەجیٚ هێنراو**: وەجێ هێنراو.

**بەجـــێ هێنەر**: پێــکهێنەر: (ئەی خــودایە بەجێهێنەری حاجات هەر تۆی) «پیرەمێرد».

**بەچ**: ١. بێچوو، بەچکە، بەچـک، جـووجیلە، شــــەلغە، زا ٢. بێچــــووی کەرویشــــک،٣. شلخەمێش، پوورەی هەنگ،٤. وەچ، چووزەرە.

**بەچاڵ نـــان**: خســـتنە چـــاڵ، ناشـــتن: (وەک ئارەزوویەکی چەند ساڵە بە چاڵ نـان، هێنـامە دەرەوە) «کۆردەرە».

**بەچاوئەنگـاوتن**: بەرچـاوکەوتن، بینـین: (ئەو کوڕ دەڵێ: ئەمـن دوێنـێ ئێـواری/ کیـژێکم بە چاو دەنگـاوت لە پێچـی هەیـوانێ) «گەنجـی سەربەمۆر».

**بەچـــاودادانەوە**: کـۆڵینەوە، بە ڕوودا دانەوە: (بە دزی منیش ئەو کـارەی دەکـرد، نەوەک بە چاویاندا بدەمەوە) «میرزا».

**بەچاوکردن**: دین، دیتن، هاتنە بەرچاو.

**بەچاوماتەهەڵگرتن**: بۆسە هەڵگـرتن بە چـاو، خۆ گێلکردن و ڕوانین.

**بەچاوە**: چاڤنی، بڕشت و بڕی چاوی پیس.

**بەچاوەبوون**: چـاڤنی بـوون، چـاوەزار کـار لێکردن: (دەچم نوشتەی دەنووسم/ یارم نەبـێ بەچاوە) «فۆلکلۆر».

**بەچاوەوەبوون**: چـاوی پـیس کـار لێکـرن: (دەبەر ئەو چــاوەت دەمــرم/ لەســەر یەکــێ داناوە/ لە خودای دەکەم تەڵەبێ/ هەرگیز نەبـێ بەچاوە) «فۆلکلۆر».

**بەچاوەوەکردن**: لە چاوبردن، پێکان بە چاو.

**بەچ بارێک**: بە چ جۆرێک، بە چ نەوعێک؟

**بەچرپە**: بە ئەسپایی.

**بەچرچ هاتن**: کشتبوون، چرچبوون،

**بەچ ڕوویەک**: چـــۆن لە ڕووت هەڵـــدێ: (هەرکەس خەقی خۆی پێ درایەوە/ تـۆ بە چ ڕوویەک دێیتە کایەوە؟) «ف. بێکەس».

**بەچرەقان**: بەشرەقان، خوەر فرە گەرم نیمەڕۆ.

**بەچک**: ١. منـداڵ، زارۆ، بەچـکە، بێچـوو ٢. تەرح، بـیچم، سـەکوت، شـکڵ، کەسـم، ڕوو، چارە،قیافە، ٣. بەچگ، بان مەلاشوو،٤. مێشک، مەغز: (وە قیژە قیژ سەر و بەچکمان چوو).

**بەچ کردن**: وەچ کردن، چووزەرە دەرکردن.

**بەچکوت**: جلیسقە، جلیقەی ژێر کۆت.

**بەچکوو**: بەڵکوو، بەشکوو، بەشقم، بەڵکم.

**بەچـــکە**: ١. بێچــوو، بەچە، ســاڤا، وەچــکە، جووچکەی پەلەوەران: (بەچـکە چـۆلەکەیەکم گـــرت)،٢. بێچـــووی ئـــاژەڵ و حەیـــوان: (بەچکەشێر)،٣. منداڵ، سـاوای مـرۆڤ: (وەک بەچکەی قولی گوێ ئـاگری خـۆش/ دەمکـرا چوار پێنج مەسینەی حەوجـۆش) «گـۆران» ٤. بەچە، لووسـکە،٥. بەشـکە، بەڵـکە، بەشــقە، بەشکو،٦. بەچک، شکل، قیافە.

**بەچکەئاسک**: بێچووە مامز.

**بەچکەئاهوو**: کارمامز، کار.
**بەچکەپشیلە**: بێچووە کتک: (بە دزی‌یەوە یەک دوو بەچکە پشیلەمان دەبردە ناو جێگاکەمانەوە) «کۆردەرە».
**بەچکەخووگ**: کوودەڵەبەراز، بێچووە بەراز.
**بەچکەدانان**: ترەکین، زان(سەگ).
**بەچکەدەوڵەمەند**: منداڵی ساماندار.
**بەچکەڕووبار**: چۆمیلکە، چەمی گچکە: (ئاوی تەپەلوو بەچکە ڕووبارێکە سەرچاوەکەی لە قەرەحەسەنەوە دێ) «ڕشتەی‌مرواری».
**بەچکەسواڵکەر**: ١. منالی فەقیر و نەدار،٢. چاوچنۆک، هیچ‌نەدیو.
**بەچکەسۆنە**: بێچووە مراوی: (بەچکە سۆنە لە سەریەتی فێری مەلە بێ) «پەند».
**بەچکەسەگ**: ١. توتک، تووتەکۆڵە، گوجیلە سەو، توتکە سەگ،٢. جنێویکە: (هەرچی هەولم لەگەڵ ئەو بەچکەسەگە دا، ئەیوت:/ دەب دەب دەب، دەب دەب دەب، دەب دەب) «قانع».
**بەچکەشا**: شازادە: (فەتالی شای قاجار خوا سەلامەتی کا، بە ٦٣ ساڵ تەمەنەوە ٤٠ کوڕی هەبوو، چ بەچکەشا و چ نەوە و چ نەوازی هەموو لەلەیان هەبوو) «ڕشتەی‌مرواری».
**بەچکەشوان**: منداڵی شوان، شڤانزادە: (فیرعەون لە لای سەڵتەنەتم بەچکەشوانە/ مووساسیفەت و ڕوو لە تەرەف ناری شەجەر بووم) «قانع».
**بەچکەشەیتان**: بریتی لە مرۆی شەیتان و فێڵاوی×: (بەبێ ڕەحمە لە دەرحەق پیاوی بێ‌دەس/ فریبی خەلق ئەدا وەک بەچکەشەیتان) «قانع».
**بەچکەشێخ**: شێخزادە، منداڵی شێخ: (مێزەرەکەم بی چێرۆ پاو بەچکەشێخانە میفەرک بی) «م.ح. دزلی».
**بەچکەشێر**: ١. بێچووەشێر، شێرکول، شێرکۆڵە، ٢. بریتی لە منداڵی بەجەرگ و بوێر: (بەچکە شێرێ بۆچ نییە هەڵسێ بە جەرگی چاکەوە) «مینەجاف»،٣. بریتی لە نەوەی ئازای گەل: (دووکەڵی کەوتە ڕوویی ئاسمان/ بەچکە شێرانمان گشت شەهید کران) «پیرەمێرد».
**بەچکەعەوام**: بەچکە نەخوێندەوار: (ئەوە نەفامی بەچکەعەوامە/ ئەویان نۆکەری باوک و برامە) «م.ح. دزلی».
**بەچکەکارکەر**: منداڵی ژنی قەرەواش: (بەکراغا لە منداڵەکە توورە ئەبێ و ئەڵێ: بەچکەکارەکەر) «ڕشتەی‌مرواری».
**بەچکەکتک**: بێچووە پشیلە.
**بەچکەکۆتر**: بێچووە کۆتر.
**بەچکەکورد**: کوڕ یا کچی کوردزمان: (هەر بەچکە کوردێک لە هەوەڵ چاو کردنەوەی و زمان گرتنەوەی) «چێشتی مجێور».
**بەچکەکەروێشک**: بێچووە کەروێشک.
**بەچکەکەو**: بێچووە کەو.
**بەچکەگورگ**: بێچووە گورو، تولەی گور.
**بەچکەگورگ‌ئاسا**: وەکوو بێچووە گورگ: (سۆفی نەقدی ڕووحی شیرین بوو هەتا پەروەردە بوون/ بەچکە گورک ئاسا ئاخر چوونە کۆزی دوودەمان) «سالم».
**بەچکەگەدا**: ١. بەچکەسواڵکەر: (بەچکەگەدا مەخەرە تەما، بە چڵێ کەما، تێتە سەما!) «پەند»،٢. بریتی لە چاوچنۆک، تەماکار.
**بەچکەم**: بەڵکم، بەشکم، بەڵکوو.
**بەچکەمار**: بێچووە مار.
**بەچکەماسی**: بێچووە مایی: (دوو بەچکە ماسی وردن/ وەک بلوور باڵ و گەردن) «سۆز».

**بەچکەمراوی**: بێچووە سۆنە: (وەک سێ بەچکەمراوی تازە لە هێلکە دەرچوو لە دەوری باوکمان قنچکەمان دابوو) «کوردەرە».
**بەچکەمەلەوان**: منداڵی کەسی مەلەزان: (بەچکەمەلەوان لە ئاوا ئەخنکێ!) «پەند».
**بەچکەمەلیچک**: جووچکە چۆلەکە.
**بەچکەمەیموون**: فەرخە مەیموون.
**بەچکەوورچ**: پارکۆڵە، فەرخە ورچ.
**بەچکی**: بەچکە.
**بەچگ**: بەچک، بان مەڵاشوو.
**بەچگانی**: ئاشگە پچگانی.
**بەچگە**: وەچگە، بەچکە.
**بەچگەخرس**: وەچگە ورچ.
**بەچگەسەگ**: ١. تولە، توتگ،٢. جوێنێکە.
**بەچنگ**: ١. خاوەن چنجروک،٢. خێرا و ئازا لە کاردا.
**بەچو**: بێچوو، بەچکەی مەل: (ماوە مەدەن ڕووی ئەرز هەموو/ بێتە هێلانەی بێ بێچوو!) «گۆران».
**بەچوارچاوان**: بە وردیی، بە هەموو توانایی چاوەوە: (پێشمەرەگە لە کاتی ئێشک گرتندا دەبێ بە چوار چاوان بڕوانێ).
**بەچۆکاهاتن**: ١. کۆڵدان، بەزین، چۆک دادان: (لە بەر دەممانا هاوڕێکانی‌تر/ بە چۆکا هاتن وەک یخی حوشتر) «گۆران»،٢. خۆ ئامادەکردن بۆ کاری×١٠٢: (فەقەت سا دەی بە چۆکا بێ و برێژە گەوهەری تەحریر) «قانع».
**بەچۆکداهاتن**: بەچۆکا هاتن، کۆڵدان: (خاڵێکی کە شایانی سەرنج بێ ئەوەیە شەڕکەرانی بارزانی یەک گوللەی خۆیان بە فیڕۆ نادەن، ئەوندەش ڕەقەکاری و سەرسەختی دەکەن کە دەبێ دوژمن بە چۆکدا بێ) «لەمەهاباد بۆئاراس».
**بەچوڵە**: تازەزاو، ساوا، بێچووی تازەهاتوو.
**بەچوو**: بەچووە، بێچوو، بەچکە.
**بەچووڵە**: بێچووڵە.
**بەچووە**: بێچوو، بەچکە.
**بەچوەشانن**: وەچ دەرکردن، چقیرەدان دار.
**بەچە**: ١. بەچکە، تێژک، منداڵ، مناڵ، ساوا: (ئیعجازی هەرچی بووبێ، مەسیحا لە کەم و زۆر/ ئەمڕۆکە لە: لەبی تۆ، بەچە تەرساوە، سەری کرد) «ئەدەب»،٢. جوچکەی مەل: (بەو شاباڵ وێت، گیجاولوول دەر پێش/ چون جەنگ سیمورخ، وە سەر بەچەی وێش) «م.ح. دزلی»،٣. لووسکە، بێ‌ڕیش، هەتیو ٤. بریتی لە زاوا، بووک ٥. بریتی لە بەچکە پیری مۆغان، لە ئەدەبی کۆندا ڕەمزی یارە: (قەسەمی گوێمی بە چاوی بەچە دا پیری موغان/ کە لەمەولا نەبینێ وەعز و قسەی مەولانا) «مەحوی»،٦. بیست ڕۆژێت پاش چلەیێ زستانێ: (بەچە ژ مالا خوە نەچە) «پەند»،٧. نەوچە، چۆکرە، وەردەس،٨. ئەرێ، ئارێ، وشەی پسندە.
**بەچەئاهوو**: ١. بێچووە ئاسک، کارمامز،٢. بریتی لە چاو: (فەرمووتە: کە فیردەوسی بەرینە، ڕوخی زیبات/ گەر جەننەتە، بۆ خوابگاهی دوو بەچە ئاهوون؟) «ئەدەب».
**بەچەباز**: ١. لووسکەباز، هەتیوباز، هەتیوگێ، کوڕگێ، پیاوی مناڵباز،٢. نەخۆشی گەشکەی منداڵ.
**بەچەبازە**: بەچەباز.
**بەچەبازی**: ١. هەتیوبازی،٢. نەخۆشی گەشکە.
**بەچەترسێن**: ١. ئەو شتەی منداڵی پێ دەترسێنن: (ئایشێ گوێدرێژ، شەولەبان)،٢. ئەو کەسەی منداڵ لێی دەترسێ ٣. بە منداڵی

ترساندن: (وتەکانم شایانی ئەوە نییە لێی بترسیت و بتەوێ بەچەترسێنم بکەی) «کۆردەرە».
**بەچەتەرسا**: منداڵی فەلە و مەسیحی.
**بەچەتەرسن**: ترسنۆک.
**بەچەتەرسن‌بیەی**: ترسنۆک بوون.
**بەچەتەرسن‌کەردەی**: ترساندن.
**بەچەتەرسنە**: ترسنۆک.
**بەچەتەرسنی**: ترسەنۆکی.
**بەچەخستن**: بەرهاویشتن، بەردخستن(مەڕ).
**بەچەخـۆر**: گیانداری کە بەچکەی خۆی دەخوات.
**بەچەخـۆرە**: ١. دەردێکە تووشی گیاندار دەبێ، ئیتر قەت تێر ناخوات ٢. گۆشتی زێدی نێو پزدان و منداڵدانی ژن کە هەندێ جار دەبێتە هۆی سەرەتان،٣. بچوک‌خۆر، گیانداری کە بەچکەی خۆی بخوات.
**بەچەدار**: مناڵدار، ژن و مناڵدار.
**بەچەدان**: منداڵدان، زێدان، پزدان، پسدان.
**بەچەدڵ**: زۆر بێ‌حەیا.
**بەچەدڵە**: زۆر بێ‌حەیا.
**بەچەڕوو**: مناڵوەز، کەسێ ک تەوەڕووی نەوەن.
**بەچەڕەواس**: بەچکەڕێوی.
**بەچەسـرکە**: ١. جۆرێ کەڕووی سەر خواردەمەنی، ٢. جۆرە کڤارکەکی بێ‌سوودە.
**بەچەسەگ**: ١. توتک، توڵەسەگ،٢. جوێنێکە.
**بەچەقی‌نەحلەتـاچوون**: ڕق هەستان و پێداگری بۆ کارێک: (تازە بە چەقی نەحەلەتا چووە، بە قسیەی کەس ناکا).
**بەچەک**: ١. چەکدار، خودان چەک: (ڕاوچی بەچەکی دەشت‌ودەر بووم) «ڕاوچی»،٢. بەرچەک، چەملەک.
**بەچەگانە**: مناڵانە، وەکی زارۆکان،
**بەچەمار**: بێچووەمار، بەچکەمار، توولەمار.
**بەچەند**: ب چەندێ، نرخا وێ چەندە،
**بەچەواز**: ١. بەچەباز، هەتیوباز،٢. نەخۆشی چاوەقووڵکە.
**بەچەوازی**: هەتیوبازی.
**بەچەی‌بەقاڵ**: شاگردی بەقاڵ و دوکاندار: (وەک بەچەی بەقاڵ ئەگێڕن هەر بە سەر میوەی درەخت/ دەستە دەستە، تەپڵە تەپڵە، ترش و شیرین، مزر و شوور) «حەمدی».
**بەچەیی**: منداڵی، ساوایی.
**بەچی**: ١. بە چ وەسیلەیەک،٢. بۆچی،×
**بەچیانی**: دیەکەیگە لە سەرپیەڵ.
**بەچێژ**: چێژدار، تامدار: (ڕەنگ‌خۆش و بەچێژ و خۆش‌بەرامە/ دەنکێکی کەمە، بپرسە کانە؟) «هەژار».
**بەچێش**: بەچێژ، تامدار: (کولێرە چەورە و کولێرە پەنجەکێش/ ڕەمەزان خۆش بوو بەتام و بەچێش) «یادنامەی‌سەقز».
**بەچـین**: چیندار: (بەدڵ گیرۆدە بەو پرچی بەچینم/ ڕەش و ئاڵۆزە وەک ئەو بەخت و ژینم/ ...) «هەژار».
**بەح**: وشەی سەیرمانە: (بەح لەو کارە).
**بەحاستەم**: ١. بەئاستەم، بەسەور،٢. زۆرکەم: (خاتوون پەری‌خان ... دەست و پەنجەی بە حاستەم لە ئاو دەنگاوتی ... ڕادەوەستا وەک ئاسکی گەردن‌کێل لە سەر بەردە تاتی) «برایمۆک».
**بەحـاڵ**: ١. بە زەحمەت، سەخت، دژوار: (بەحاڵ ڕازیم کرد بچێ بۆ شایی)،٢. بەئەستەم، زۆر کەم: (فتیلەی حەیات بەحاڵ ڕووناکە/ هەربینا ئەویش لە سووتان کەوت) «ئاوات».

**بەحاڵدووبەڵا**: بەحاستەم، بەئەسپایی، زوورەک و دووبەڵا.

**بەحاڵەحاڵ**: زۆر بە سەختی: (نەجاتی بوو بە حاڵەحاڵ/ لێی دەچۆڕا خوێنی زوڵاڵ) «ڕاوچی».

**بەحت**: گێژ، گێج، وڕ، مات.

**بەحجین**: ترسان، ترسیان، فەتسین.

**بەحر**: ١. دەریا، دەلیا، زەریا: (لەم بەحری فیتنە بەڵکی نەجاتت بدا خودا/ داوێنی باخودا بگرە، بەردە ناخودا) «مەحوی»، (لە بەحر و بێشە و سەحرا، نەهەنگ و ضەیغەم و ڕووبا/ وەکوو سەگ هەڵدەیێن ئێستا لە ئاه و ناڵەیی زارم) «حاجی قادر» ٢. ئۆقیانووس: (قەترێکە لە بەحری کەرەم و ڕەحمەتی فەتتاح/ نەک عارەقی کەرمی عینەب و شەربەتی توففاح) «نالی»،٣. پار، بەش،٤. وەزن، کێشی شێعری عەرووزی: (پڕ دانەیە، ئەمما نە وەکوو دانەیی چەڵتووک/ بەحرم وتووە، نەک وەکوو گۆلی مرەزانە) «نالی». ×

**بەحراعومان**: دەریای عەمان، بەحری عەمان: (جار ژ شەیخ ژ ڕەنگێ جانڤە/ دل ژ شەیخ سەید کر، ب جانڤە/ بر ب سەر بەحرا عومانڤە/ گرت ب داڤا ڕەغبەتێ) «فەقێ تەیران».

**بەحران**: ١. کۆی بەحر، دەریا: (فەلەک چەرخە و دەورانە/ مسالێ مەوجێ بەحرانە) «فەقێ تەیران»،٢. گۆل، گۆلاو: (پردە بەردێکی لە سەر ئەستۆیە/ ئاوی بەحرانی هەتا ئەژنۆیە) «ڕاوچی».

**بەحرخۆ**: بەحر خۆی، دەریای خوێ: (لەرزم، ستێزام، شیم نە بەحر خۆی) «شەفیع».

**بەحرکە**: شارۆچکەیەکە لە باکووری هەولێر: (جەمیل ئاغای بەحرکە و مەجید ئاغای دیرێ برا بوون) «ڕشتەیمرواری».

**بەحروبەر**: دەریا و وشکانی: (شوکر یار ئیزنی دام هەم گریە کەم، هەم قوڕ بەسەردا کەم/ بەجارێ شاهی مەن بەحر و بەڕی بەخشی بە دەروێشی) «مەحوی».

**بەحرەک**: بەحرێک، دەریاییێک: (جنان ئاڤێت و وندا بوو/ ل بن بەحرەک مەزندا بوو) «فەقێ تەیران».

**بەحرەکژنار**: دەریایەک لە ئاور: (زانم ژ عیشقی دۆژەهی بەحرەک ژ ناری ئاسیهی) «جزیری».

**بەحرەکی**: بەحرێکی، دەریاییێکی: (حوسنا ل روخێ ستی و زینێ/ بو بەحرەکی ئاتەشێ ئەڤینێ) «خانی».

**بەحرەین**: ١. گەورەترین دورگەی وڵاتی بەحرەینە لە ناو کەنداوی عەرەبدا: (گوێت لە ئاوازی سوروشکی من گرانی گوارەیە/ غافڵی لەم دوڕڕی بەحرەین و عەقیقی کانییە) «نالی»، ٢. دەریای فرمێسکی چاوان: (پێچیان بێ جان ڕەمەق ڕەمیدەم/ سەرگەردان نە گێج بەحرەین دیدەم) «مەولەوی»،٣. دوو دەریا: (حاجیز کو هەوا ڕەڤا ژ مابەین/ بەرزەخ ژ حەیا نەما د بەحرەین) «خانی».

**بەحری**: ١. پێوەندیدار بە بەحرەوە،٢. دەریایی، زەریایی.

**بەحریبێبن**: دەریای زۆر قووڵ: (خۆت لێ کردوومە خاسەکەو، هەڵۆ دەگری بە چەنگی/ دیم کەوتیە بەحری بێ بن، دەرنایەی لە زاری نەهەنگی) «فۆلکلۆر».

**بەحریخوێ**: ١. هەر دەریایەک خوێ لێ بگیرێ: (ئەو جووتە تەیرە خۆیان دەهاویشتەوە دم بەحری دە خوێیە) «گەنجی سەربەمۆر»، ٢. دەریاچەی ورمێ: (دەچمە سەر

بەحری خوێیە، بەرامبەر بە شنۆیە/ لە هەوالان دەپرسم، میرزا چکۆلەم لەکوێیە) «فۆلکلۆر».
**بەحریخیرەد**: دەریای عیلم و زانین، زۆر زانا: (وا کە لەب بۆ سوخەن ئەی بەحری خیرەد/ دا بلێین لەعلی درەوشانی هەیە) «سالم».
**بەحریڕەحمەت**: دەریای بەزەیی و ڕوحمی خودێ: (مەگەر بەر مەوجی بەحری ڕەحمەتم خا، وەسفی سەتاریی/ وەگەرنا، زەحمەتە پابوونەوەم، ناومکینە سەترم) «مەحوی».
**بەحریڕەش**: دەریای ڕەش: (لە جزیرە هەتاکوو بەحری ڕەش/ نییە کیژێ سەری نەنابێ لە هەش) «هێمن».
**بەحریسیا**: دەریای ڕەش.
**بەحریفیرعەون**: ئەو بەحرەی حەزرەتی مووسا و پەیڕەوەکانی لێیەپەڕینەوە و فیرعەون و دارودەستەکەی تیا خنکان: (بە ناری عیشق و ئاوی دڵ، جەسەد وەک حەزرەتی مووسا/ تەریقی: بەحری فیرعەون و، ڕەفیقی: ئاتەشی توورە) «نالی».
**بەحریلکە**: مراوی سپیلکە، مراوی سابوونی، جۆرێ مراوی چووکە.
**بەحریموحیت**: ئۆقیانووس، ئوقیانووس، دەریای بێ سنوور: (چاوی من بەحری موحیتی تۆیە بۆ دەفعی گەزەن/ لێت موعەییەن بێ کە «نالی» گوڵ بە دڵ پەرژین دەکا) «نالی».
**بەحریهیجر**: بریتی لە زەریای دووری و لێک دابڕان: (با غەریقی بەحری هیجرت بم، وەکوو نیلوفەریش/ دوور بە دوور خۆ هەم بەرانبەر: بەو جەماڵی ئافتاب) «ئەدەب».
**بەحز**: بەعز، برێ: (ئەگەر لە پێم دەکرد، بەحزێ جحێل فێدار دەبوون) «گەنجی سەربەمۆر».
**بەحزێک**: بەعزێک، برێک: (هێندێکیان شێت دەبوون، بەحزێکیان دەبردنەوە نەخۆشخانێ) «گەنجی سەربەمۆر».
**بەحس**: باس، جەڕ، دوان، لێدوان: (سەهم و نەسیبی ئەسڵییە، بەحسی گیاه و گڵ نییە/ تووتنە خەرجی سووتنە، مـوودنە ماچی لەب دەکا) «نالی».
**بەحس کردن**: لێدوان، دوان، ل سەر ئاخڤتن: (تەوافی کەعبە و زەمزەم بە بۆسەی لێوەکەت نادەم/ شەڕابی شەوقی تۆم بێ، کافیە قەت بەحسی دین ناکەم) «فانی».
**بەحس نەتێ**: قسەیەک نییە، باس ناکەن: (حیرەت و بەحرا بەلائێ/ مەرکەبا حەول و وەلائێ/ برنە پێش دێرا کەلائێ/ ژ ڕەحتیان بەحس ژێ نەتێ) «فەقێ تەیران».
**بەحس وخەبەر**: باس‌وخواس، باسی ڕۆژ: (زەر بوو ژ وەعزێ سەروەران/ دوور بوو ژ بەحس و خەبەران/ کەفت بوو مغار و کونبەران) «فەقێ تەیران».
**بەحسی سەر**: باسیسەر، بڤە، خەتەر، مەترسیدار.
**بەحشت**: بەهەشت: (لەو د ناڤ هزرا دگەڕهام بۆ بەحشتا هیڤییان) «سندی».
**بەحشینک**: ١. هەناری کاڵ و نەگەیو، ٢. بێحەیا، بێئابڕوو، بە حەوت ئاو شۆراوە.
**بەحوجەت**: ١. بەگورجی، بەخێرایی: (نیشانەی پوختەگی بێدەنگیە «نالی»! ئەگەر پوختەی/ بە حوجەت تەی بکە نامە، بە حیددەت پەی بکە خامە) «نالی»،٢. سەخت، دژوار: (ئەو مرخێش مرخێش یەکسەر لێی کردە ژانەسەرێکی زۆر بەحوجەت) «خاک و چەوسانەوە».
**بەحوکم**: ١. بە دەسەلات، بە برشت،٢. بەهێز، بەقەوەت.

**بەحــــوکمیقەزا**: بە گــوێرەی چــارەنووس: (جەوری بتـــان، بە حــــوکمی قەزا، بــۆ مە عاشـقان/ خۆشــە، بەڵا نەوەک بە هەمـوو دەم، قەدەر، قەدەر) «ئەدەب».

**بەحەدەب**: بەئەدەب، بەعەدەب، مــوحتەرەم: (بەڵام خـــودا هەڵنـــاگرێ بەحەدەب بـــوو) «ئەمیری».

**بەحەدەبە**: بەعەدەبە، شەرمێون: (فەقیرە، چـی نەگوت، بەحەدەبە) «ئەمیری».

**بەحەشت**: ١. بەهەشت، بوهشــت: (بـۆ شـێخ بەحەشتە سەرزەوی/ ئەوەی هەبێ، چـش بـێ لەوی) «ڕاوچی»،٢. بریتی لە خۆش: (ژینـی بە ئازادی تاوێ/ بەحەشـتە، هـیچ گـلەی نـاوێ) «ڕاوچی».

**بەحەق**: ١. بەکرێ، بەمز، بەهەق،٢. بەڕاستی، لە ڕاستیدا.

**بەحەقیخودا**: سوێندێکە.

**بەحەمر**: بەعەمر، بەتەمەن.

**بەحەمرتر**: گەورەتـر، مەزنتـر: (خـۆ حـاجی زۆر لە میرزای بەحەمرترە) «ئەمیری».

**بەحەوئاوشۆڕاوەتەوە**: بە حەفت ئاو شۆریاگەوە، بریتی لە بێشەرم، کاوڵی.

**بەحەوسەلە**: بە تاقەت، لەسەرخۆ.

**بەحەوســەلەبوون**: تـاقەت هەبـوون: (سـەعید کوتی: ئاغـام دەبـێ زۆر بەحەوسـەلە بـێ لەو دنیایە/ خودا دونیای وا داناوە، هەزار چـاک و خراپی تێدایە) «سەعیدومیرسێوەدین».

**بەحەیا**: شەرمن، شەرمێون، شەرمین، فهێتکـار: (گوڵ پێدەکەنێ، نەک وەکو تـۆ وا بەحەیـاوە) «هێدی».

**بەحێشت**: بەهەشت، بەحشت: (زۆزانا مێرگ و دارێن چنارا/ بەحشتا دلێ مە ڤیا) «سندی».

**بەخ**: ١. فیز، ئیفادە، شانازی: (تف لەو ژیانەی کە بێ دەردی عەشقە ئاسـوە/ بەخ لەو مـلەی کە زولفی نیگاری تەنافییە!) «گـۆران» ٢. پەخ، خـــووەش، بەهـ ئـافەرین، بـارەکەڵڵا،٣. پەخە، ئـای چەنـد جـوانە،٤. بەرخ: (بەخ ژی ئێـدی گڤرک بووە) «مەستوورە».

**بەخارهەمســـــایە**: هاوســـێی درکە: (نە ئەی گوڵخونچە بە خار هەمسایە) «بێسارانی».

**بەخاکبەردەنان**: بردمە ژێر گـڵ: (عەشـقی دینی ئەو بە خاک بەردەنان) «بێسارانی».

**بەخاڵ**: خاڵدار، خاڵاوی: (دەڵێن هات ڕابورد گەردن بە خاڵ/ دونیای ڕوونی لێ کردم تـاڵ) «حەسەن زیرەک».

**بەخاوکەوتن**: بە جەمام کەوتن، کـوتران، لاق و قول گیران.

**بەخاوەنبوون**: پیڕاگەیشتران، خزمەت کـران: (ئەگەر لادەچـــێ ئەم تەمەی نەگبەتیمـــان/ بە خـــاوەن دەبـــێ، کێـــو و چـــۆم و زەویمـــان) «بۆکوردستان».

**بەخاوەنکردن**: ١. ئاگاداری کـردن،٢. دانەوەی شتی ونبوو بە خاوەنەکەی.

**بەخبەخ**: بەخ، بەهبەهـ کشکش، خۆشخۆش: (کە دیم گوڵزاری گۆنای ئەو وتـم بەخبەخ چ باخێکە!/ وەکو بولبول لە سەر گوڵدا وەها زار و بریندارم) «قانع».

**بەخبەخت**: بەدبەخت، سیاچارە.

**بەخپوور**: کوڕێ خودێ، بەغپوور، فەغفـوور، بەخمپـوور، فەخفـوور: (مـا جزیـری شـوبهی داری تەختـێ هەفـت ئیقلـیم بیـت/ هەم ب حـوکمی سـەلتەنەت ئەسـکەندەر و فەغفـور بیت) «جزیری».

**بەخت**: ١. باو، بای، بەش، چارە، چارەنووس، دەرب، ناوچاوان، نگین، شانس، شەنس، هات، هیـــر، هەســـارە، فریشـــتە، کـــام، کـــامڕانی،

کـامرەوایی، کـۆس، کۆسـت، سـعود، ئیغبـاڵ: («مێری پاشی، بەختێ ڤـاژی»، «بەخـت ئەگەر هـاتە سـەری، بـزرە وەکـی کەری») ٢. بەقـا، پەیمان، بەڵێن: (عەرەب بێبەختن سۆزی خـۆ نابەنە سەر) ٣. پەنا، سـایە، داڵـدە: (ئەز دێـمە بەختێ تە) ٤. خەرج، مەسرەف: (ئەو ماڵەم بۆ تۆ بەخت دەکەم) ٥. فیدا، فەدا،٦. فیـرۆ، زایە، خەسار،٧. ویژدان، تۆر، ئـابڕوو، نـامووس: (ل سەر بەختێ تە بێ: لەسەر شەرەفی تۆ بـێ)،٨. شـووکردن: (ئەو کـچە چـووە مـاڵی بەخـت: شووی کرد).

**بەختا**: بۆتا، نـاوی ئێلێکـی کـوردی نـاودارە، جزایر بۆتا، بەدرخـان پاشـا میری ئەو ئـێلەی بووە.

**بەختـــان**: ١. بەخـتهێنەر،٢. هـات، ئـامەد، ئـامەو،٣. تووشبـوونی نەهـات: (خوشـکم چ بکەم ئەوەش لە بەختمانە).

**بەختانقوڵاخان**: ئەوانەی بەختیان وێڵە: (بـۆی بێوەفاییت چـون بـۆی وەرزاخـان/ مـدۆ نە دەماخ بەختان قوڵاخان) «مەولەوی».

**بەختئازما**: بەختجەربین.

**بەختبڵێند**: بەختەوەر، بەختیار.

**بەختبەرگەشتە**: چـارەڕەش، سیاچارە: (ئەلا ئەی مەستی عاشقکوژ، مەکە مەنعی دڵی زارم/ ڕەقیبـی بەخـت بەرگەشـتە، هەمیشـە وا لە پێوارم) «قانع».

**بەختتاقیکردنەوە**: ١. تـاڵاگرتنەوە: (دەچـمە سەری سوڵتانێ، شەو دادێ نـاییمەوە/ بەختـی خـــۆم و لیوئـــاڵێ، بە تـــاقی دەکەمەوە) «فۆلکلـۆر»،٢. بەرد بە کێلـی قەبـرەوە نـان بـۆ تاقیکردنەوەی بەخت و شانس.

**بەختچاک**: بەشانس، بەختیار.

**بەختچوونەبەس**: بەخت بەسران، بەدبەختی، نەهامەتی.

**بەختچێ**: بەختچاک.

**بەختخاستن**: داوای پەنا کردن.

**بەختخەێری**: بەختیاری، بەختداری، بەهـاتی، بەختەوەری.

**بەختدار**: بەسعود، بەهات، بەختیار.

**بەختداری**: بەختەوەری، خوەششانسی.

**بەختخەوتوو**: بەدتاڵا، سیاچارە، بێئیقباڵ.

**بەختدان**: ١. لێبورین، بەخشـین ٢. پەنـادان، ڕێدان، پاراستن.

**بەختڕەش**: ١. سیاچارە، نەگبەت، چارەڕەش: (ئەو بەختڕەشـــێ لەقەب ل وی مەم/ بـــێ هەمنەفەس و هەڤـال و هەمـدەم) «خـانی»،٢. ژنێ کە لەلای مێردەکەی بەختەوەر نەبێ.

**بەختڕەشکردن**: بەخت بردنە بەست.

**بەختڕەشـــی**: چارەڕەشـی، سـیاچارەیی: (تەیـرەک مە بهیسـتیە د باغـان/ بەختـێ وی ڕەشە، ژ ڕەنگێ زاغان) «خانی».

**بەختڕەف**: بەختڕەش، بێبەخت.

**بەختڤەکری**: بەختوەکری، بەختیار.

**بەختکرانەوە**: ١. بۆهاتن، بەخت ڕووتێکردن، ٢. شووکردن.

**بەختکردن**: ١. خەرجکـرن، سـەرفکردن، چوواندنی پارە: (میراتی بابی بە ساڵێک بەخت کرد)،٢. چـوونەوەی ڕەنـگ،٣. دانـان، لەدەس دانـی گیـان: (لە ڕێـی ئەودا بەخـت کەم گەر ژیـانم/ بە سـەربەرزی و بە شـانازی دەزانـم) «نـاڵەی جـودایی»، (ئەو کەسـەی گیـانی لە ڕێگەی نیشـتمانا بەخـت ئەکـا/ پێـی مەڵـێن مردوو، شەهیدە، وا لە فیردەوسی بەرین) «ف. بێکەس».

**بەختکەنۆک**: بەختیار، بەختەوەر.

**بەختکەنۆکی**: خۆشبەختی، بەختەوەری.

**بەختگرتنەوە:** تاقی کردنەوەی بەخت بە فاڵ و پەڕی قومار و چلدانە و دەنکە شەمچە: (دەچمە سەری سوڵتانێ/ شەو و ڕۆژ نایەمەوە/ دەس لە کێلان وەردەدەم/ بەختی خۆم دەگرمەوە) «فۆلکلۆر».

**بەختگرەوە:** فالڤەکر، خەفزان.

**بەختلێدان:** بۆهاتن، سەرکەتن، شانس هێنان: (بەختێ من لێ دا، ئەز د شەردا سەر کەتم) «مەستوورە».

**بەختناسی:** فاڵ، ڕمڵ، مۆرە.

**بەختنامە:** کتێبێکە کە فاڵچی بەختی پێ دەگریتەوە.

**بەختنوستن:** بۆ نەهاتن، شانس نەبوون: (زاهیرا بەیتم لە نالی و کوردی زۆر کەمتر نییە/ تالعم بەرگەشتەیە، بەدبەختە بەختم نوستووە) «حاجی قادر».

**بەختنەمەندە:** بەختنەمەنە، بێبەخت.

**بەختنەمەنە:** بەخت وەرگەڕاو، سیاچارە.

**بەختوئیقباڵ:** هات، بەخت، شانس.

**بەختوبال:** بەخت و ئیقبال: (کو بەخت و بال ب کارزانی نینە/ دەما کو دا ئەوی ژ مە ژۆرترینە) «گولشوون».

**بەختوبنە:** داهاتوو، ئایندە: (بەخت و بنە ڕەش نەبی کچم).

**بەختوجەخت:** بەختێ تە باشە و جەختێ بکە.

**بەختونێوچاوان:** شانس، هات، ئامەد: (لە نێوچاوی ئەو خانەدانە لەهی چۆنە پیتی براوە××) «سوارەی ئێلخانیزادە».

**بەختوهات:** بەخت، شانس: (هەتا کەنگێ دەدەی تۆ بەخت و هاتی/ دەزانی چەند درە نەحلەت لە زاتی) «نالەی جودایی».

**بەختوەرگەڕان:** چارەڕەش بوون.

**بەختوەرگەڕاندن:** چارەڕەش کرن.

**بەختوەرگەڕاو:** کۆست کەوتوو.

**بەختوەکری:** شانسدار، بەختەوەر.

**بەختوەکسەگوەڕین:** بریتی لە زۆر بە شانس و بەخت بوونی غەنیم و لە هەر کارێکدا شانس هێنان.

**بەختە:** ١. پەروار، دابەستە،٢. خرت، بەران چووار ساڵە: (تاقتاق بەختە و بەران بەرەو ماڵی سۆفی دەڕوا) «ئەمیری»،٣. نێری، سابرین: (هەی مەکە، ڕۆڵە مەکە، بابانوێرانم مەکە/ خەڵکی بە تالانی دەچووە مەڕە، بەرانە، بەختەیە، شەکە) «توحفە»،٤. بەرانی خەسێنراو،٥. ئەی بەخت: (چەرخە یە تۆنی ئەی مەیلە کەردی/ بەختە یە تۆنی شادی ئاوەردی) «مەولەوی».

**بەختەباران:** ١. بارانێکە بۆ بەختی خەڵک لە بەهاردا بباری: (شریخ و هۆڕی هەور شووشە و پەنجەرەی قەڵای وە لەرزە خستووە، دایداوەتە ڕێژنە باران، بەختەبارانە) «هەزار ئەشکەوت»،٢. بەختەڵباران، هەیڤا ئاداری، مانگی جۆزەردان: (بزەی دەرمانی دەردی دەردەداران/ وشەی وەک بەختەبارانی بەهاران) «نالەی جودایی».

**بەختەبەران:** بەرخی دوو ساڵە کە بۆ بەران دەیهێڵنەوە.

**بەختەڕەش:** بەختی سیا، بەدبەختی: (ئەم بەختەڕەشە لە سەر مە ڕاکا/ کوردیش لە جیهان برەو پەیا کا) «هەژار».

**بەختەڕەشی:** سیاچارەیی: (کەسێ بە بەختی خۆی ڕازی نەبێ، گیرۆدەی بەختەڕەشی ئەوێ) «پەند».

**بەختەسار:** بێچارە: (گەر سیوەس کوشتەی چین گرفتار کەی/ ماچین خەراو و چین

بەختەسار کەی) «خانمەنسوور».
**بەختەک**: ١. شەوە، کابووس، مۆتەکە، مۆتە: (وی بەختەکی ڕوسیاهێ مەلعوون/ گاڤا ئەوی دی کو میرە مەحزوون) «خانی»،٢. بەختێ، بەختێک، هاتێک: (تەعیین ببویا ژ بۆ وی تەختەک/ زاهیر ڤەدبوو، ژ بۆ مە بەختەک) «خانی»،٣. خرت، جاپ، قەیرە، بەرانی تەمەن تا سێ ساڵ و نیو،٤. ناوی نێرینانە: (جارێک ئەنەوشیروان و بەختەکی وەزیری بە قەراخ شاری مەدائین‌دا ئەگەڕان) «ڕشتەی‌مرواری».
**بەختەکی**: بەهەڵکەوت، خۆوبەختی، شانسی.
**بەختەڵباران**: بەختەواران، بەختەباران: (نویژەبارانە و بەختەڵباران، ڕەحمەتی خوا، بارانی ڕوون) «ئەمیری».
**بەختەمام**: پیاوی ڕاست و قسەپتەو و دڵسۆز.
**بەختەمامی**: قسەپتەوی، ڕاستی، دەسپاکی.
**بەختەمەڕ**: شیوێکە لە دزڵی‌دا بەهاران ئاوێکی خۆشی پێدا دێ: (دەروونم بیەن وە تافی ئەزمەڕ/ ئای پەری ناڵەی تافی بەختەمەڕ) «م.ح. دزڵی».
**بەختەنۆک**: بەختەوەر، بەختیار.
**بەختەنۆکی**: بەختیاری، بەختەوەری.
**بەختەوار**: ١. بەختەوەر، بەختیار، خۆش‌بەخت: (دەیان‌گوت: ڕۆڵە قۆچ عوسمانە بەختەوارە/ بۆچیت هەیە هێندە گریان و هاوارە) «مان»،٢. ڕاست‌ودروست، بەویژدان.
**بەختەواران**: بەختەباران.
**بەختەوەر**: ١. بەختیار، بەبەخت، بەختەنۆک، بوختیەیش، کامڕان: (ڕابویرە، دڵت خۆش کە چما خەم‌لەبەری؟/ دەرفەت لە دەست، ئەگەر نەدەی، بەختەوەری/ ...) «خەیام هەژار»،٢. ناوی کوڕانە،٣. ناوە بۆ کچان.
**بەختەوەری**: بەختیاری، خودان‌بەختی، کامڕەوایی، هات، هێوان: (من باڵی هومای تۆم بەسە بۆ بەختەوەری/ وەک لوتکە چیا، نابەمە بەر شاپەڕی بازێ) «هێدی».
**بەخت‌هەبوون**: بە شانس بوون: (ئەگەر بەختت هەبێ لە هیچ پووڵت بۆ دەبارێ).
**بەخت‌هەستان**: ١. داخوازی هاتن بۆ شووکردنی کچ،٢. بەختیار بوون: (بەختی مە لە خەو هەستێ جارێک/ جارێک کەوێتە کاروبارێک) «خانی».
**بەخت‌هێنان**: چاک بۆهاتن.
**بەختیار**: ١. بەختەوەر، بوختیەیش، بەخت‌کەنۆک، خودان‌بەخت: (ئاخۆ لە فرسەتێکی ترا، بەختیار ئەبین؟/ ئێمەش وەکو ئەوان، لە دڵی میللەتا بژین؟) «پیرەمێرد»،٢. زنجیرە چیایگە لای سەقز،٣. ئێلی بەختیار لە کوردستان،٤. ناڤێ مێرانە.
**بەختیاڕ**: بەختیار.
**بەختیاری**: ١. کامڕەوایی، بەختەوەری: (لاڵووتە لە ئێمە چەرخی گەردوون/ پێی‌حەیفە بژین بە بەختیاری) «حافزی مەهابادی» ٢. تیرەیەک لە کوردی لوڕن: (کەڵوڕ و سورسور و گەشکی و شاری کرماشانەکەت/ بەختیاری و مەنمی و هەم شاکەلی و شیروانەکەت) «قانع»،٣. گوندێکە لای هەڵەبجە.
**بەخت‌یاری‌کردن**: بۆهاتن، شانس ڕووتێکردن.
**بەختی‌بەسراو**: بەختی نوستوو، شانسی گرێدراو، بە کچێ دەڵێن خوازبێنی‌کەری نەبێت.
**بەختێ‌بێدار**: شانس، بەخت، هاتی باش: (شەوچرایەک بوو لە ڕۆژی ڕەشما/ بەختی بێدار بوو لە ناو باوەشما) «بۆکوردستان».
**بەختێ‌خوار**: هاتی خراپ، نەهاتی: (دەستێ

بن بەری بۆ مللەتێ ژار/ وان گەلەک ژان دیت ژ بەختێ خوار) «سندی».

**بەختیخەوتوو**: بریتی لە بێبەختی، سیاچارەیی: (وەخەی کە بەختی خەوتووم، پێلووی سرِی هەڵێنا) «گەردیگلانی».

**بەختێژیی**: بەختی ژیان، خۆشبەختی: (دەستێ ڤالان ناگهیژن ل دەستێ تژی، ژ بەختێ ژییێ مەحروومن) «گولشوون».

**بەختیۆخەواڵوو**: بەختی نوستوو: (جەماڵی ڕابیتەی وا دڵبەرە، بەختی خەواڵووشم/ بە ئومێدی تەماشەیەک هەمیشە چاوی بێدارە) «مەحوی».

**بەختیڕەش**: شانسی خرا، بەختی سیا: (بەختی ڕەش حەوجە بە هەش ناکا) «پەند»، (قانع کە وەها قانعە بەم بەختە ڕەشەی خۆی/ چوون نیسبەتی هەس، بەختی ڕەش و نوختەی هیندوت) «قانع».

**بەختێڕەش**: بۆ بەدبەختی: (شێرزاد گەهشتە قورنەتەکا گرتی، تژی ژ تەپ، بەختێ ڕەش پشیک ژی هاتە وی جهی) «بێریڤان وهیێڤی».

**بەختیسپی**: شانس و هاتی باش.

**بەختیسیا**: بێبەختی، نەهاتی: (گا دەسووتێم، گا دەگریم، غەرقی ئاو و ئاگرم/ ئاخ لە دەس بەختی سیا، نازانم ئەز بۆچ نامرم؟) «وەفایی».

**بەختیکەچ**: بەختی خراپ، بێبەختی: (گەلێ قسەم لە دڵدا بوو، حیکایەتم مابوو/ کەچی لە بەختی کەچم خامە نووکی لێرە شکا!) «حاجی قادر».

**بەختینوستوو**: بەختی خەواڵوو.

**بەخچە**: باغچە، باغ، باغک، ڕەز.

**بەخچەڤان**: باخەوان، باغەوان، باغچەڤان، ڕەزڤان.

**بەخرتیگەڕابێ**: خرِ تاشرابێ، خەرِاتی کرابێ.

**بەخرین**: ئازرین، بخرین: (ئەڤ زارۆکە یێ بەخرینە).

**بەخزمەت**: ١. قەدرگر، خزمەتخۆش،٢. ژێردەستی ئازا و گوێلەمست.

**بەخسەم**: کوللێرە، کێک.

**بەخش**: ١. پشک، بەش،٢. پەخش، بڵاو: (سپەردم بە نوور بارگەی ئیمامان/ چەندێ نوور بەخش بۆ، پەی سوبح و شامان) «بێسارانی»،٣. بەخشش: (ژ هاتەم بەخش نایێ گرتن) «سەنار».

**بەخشا**: بەخشی، پێشکەش کرد: (نەققاش تەرِدەست نادیرەی چینی/ بەخشا وە خورشید بە دەو ڕەنگینی) «خانای قوبادی».

**بەخشاد**: بەخشا.

**بەخشادان**: ئەوانە بەخشا.

**بەخشادن**: بەخشا، بەخشی.

**بەخشادەێ**: ئەوە بەخشا.

**بەخشادیان**: بەخشادان، ئەوانەیان بەخشی.

**بەخشاس**: بەخشایە، بەخشیوە.

**بەخشاسان**: ئەوانە بەخشایە.

**بەخشاسەێ**: ئەوە بەخشاس.

**بەخشاسیان**: بەخشاسان.

**بەخشاش**: گوندێکە لای شێروانە.

**بەخشام**: بەخشش کردم، بەخشیم.

**بەخشامان**: ئەوانە بەخشام.

**بەخشامە**: بەخشیمە، بەخشیومە.

**بەخشامەسان**: ئەوانە بەخشامە.

**بەخشامەسەێ**: ئەوە بەخشامە.

**بەخشامەسیان**: بەخشامەسان.

**بەخشان**: ١. بەخشیوە،٢. بەخشش، بخشینەوە: (لە بۆ خەڵقی خەڵات بەخشانی ماچە/ خەڵاتی من هەموو خۆ جوێنە، قوربان!) «نالی»،٣. ئەوان بەخشان.

**بەخشاندن**: ١. بەخشین، دان، پێدان، ٢. عەفووکردن، بەخشین: (ناهێلم بژی چۆنت دەبەخشم/ کەڵی چەقەسرۆ بێ کەشم و نەشم) «کەڵوشێر»،٣. بەش کرن، دابەشین.
**بەخشانە**: بەخشینە، بەخشیویانە.
**بەخشانەسان**: بەخشانە.
**بەخشانەسەێ**: ئەوە بەخشانە.
**بەخشانەسێان**: ئەوانە بەخشانە.
**بەخشانەێ**: بەخشینەێ، ئەوانەیان بەخشی.
**بەخشانێان**: ئەوانە بەخشین.
**بەخشانێانە**: ١. تەسەقێان کردنە: (بەخشانێانە خودا)،٢. چشتێ بەخشانە پێان.
**بەخشای**: ١. بەخشین،٢. بەخششی، بەخشینی: (زیاد بۆ جە تۆ بەخشای خانانە) «م.ح. دزڵی».
**بەخشایش**: بەخشایشت، بەخشش.
**بەخشایشت**: بەخشایش، عەفوو، عافوو.
**بەخشایندە**: بەخشندە، بەخشێنەر، بەخشا: (ئەی بەخشایندەی خاوەندی عەتا/ ئەی خوداوەندی پۆشندەی خەتا) «پیرەمێرد».
**بەخشران**: ئازادکران، لێبووران.
**بەخشراو**: ١. ئازادکریاگ، تیلە، رزگار،٢. پێبەخشراو، پێدراو.
**بەخشش**: خەڵات، بەخشیش، بەشیش، دان، ئەنحام: (بەخششی دنیا مەخۆ، یەعنی بە نانێکی جۆ/ خۆ مەکەرە بەرمنەتی پیرەژنی نانەوە) «مەحوی».
**بەخششاندن**: بەخشیش کرن، بەخشش کردن.
**بەخش کردن**: ١. بڵاو کردن، پەرێشان کرن: (چینی ئەگریجەت، نەسیم بەخشی دەکا کاتێ لە ڕووت/ هەر دەڵێی هەوری سیایە و دائەپۆشێ ئافتاب) «مینەجاف»،٢. دابەشینەوە: (خەزینا وەک بکی سەر عامێیان بەخش/ ب گێژ ل هەر مالێ کو قاسی برنجا) «گولشوون».
**بەخشمەت**: دەتبەخشم: (بەخشمەت وە خوا وەرنە دەتوانم/ کەللەت بێنمە ناو جفتەی ڕانم) «پیرۆزە».
**بەخشندە**: ١. دڵاوا، دلفرەهـ سەغی، دەڤتەر، بەدڵ: (دەبێ بەخشندە مل کەچ کات لە ڕاستی مووچەخۆری خۆی/ سوراحی سەر فرۆ دێنێ، لە بۆ پیالە، کە تێکا بۆی) «پیرەمێرد»،٢. کەسێ کە شتێ دەبەخشێ: (پارەی بەخشندە و ئاوی ناو بێژنگ/ وەک پشکۆیە بکرێتە ناو چنگ) «پیرەمێرد»،٣. چاوپۆش، لێبوور، عەفووکەر: (بۆ مەش هەبایە خێو و سەردار/ بەخشندە و ژیر و زیت و وشیار) «هەژار»،٤. ناڤێ خوەدێ،٥. ناوە بۆ کچان.
**بەخشندەکرن**: بەخشین، لێخۆش بوون: (بەخشندە بکی ب حەققێ قورئان/ ئازاد بکی ب حەققێ قەنجان) « یۆسفوزولەیخا».
**بەخشندەیی**: ١. بەخشەری، دڵفراوانی، دڵاوایی: (شێخ قادری تاڵەبانی ئەڵێ: کورە بەخشندەیی کەریەتییە) «ڕشتەیمرواری» ٢. چاوپۆشی، عەفووکردن.
**بەخشۆ**: ١. ببەخشێ: (سەدای دەف و نەی بەیۆ نە گۆشت/ نەشئەی مەی بەخشۆ حەیات وە هۆشت) «مەولەوی»،٢. ××: (بۆ واردەکە گۆلا بەخشۆ/ خەییدییە، کنجان ئاشۆ) «سەنار».
**بەخشەر**: ١. لێبوور، لێبووردوو، چاوپۆش، هشازا،٢. ناوی زەلامانە.
**بەخشەم**: بمبەخشە: (یارەب تۆم هەنی فەردی بێباکم/ بەخشەم بە هەر دوو دیدەی نمناکم) «ئەنساری».
**بەخشەی**: بەخشای، بەخشین.
**بەخشی**: ١. ئەو بەخشی، عەفووی کرد،٢.

دای: (نیشانێکی لە ئەنواری جەماڵی خۆی بەشم بەخشی/ سەراسەر گیانی پەروانەی پڕ لە سووتانی سەودا کرد) «وەفایی»،٣. ناقێ زەلامانە.
**بەخشیای**: بەخشران.
**بەخشیش**: بەخشش، خەڵات، دیاری، چێشتانە، پێمزگ: (وەختێ بەخشش بۆ بنووسم داستانی هیمەتت) «سالم».
**بەخشێش**: بەخشش، پێشکەش.
**بەخشیش کرن**: دان، بەخشین: (پەنجەهـ حەج و پەنجەهـ تەواف/ سەوم و سەلات و ئعتکاف/ بەخشیش کرین من بێ خلاف/ د مزگینیا بەشارەتێ) «فەقێ تەیران».
**بەخشین**: ١. بوورین، بوواردن، بووراندن، بۆرین، لێبۆرین، عەفووکردن، دلێ خوە ڤەکرن: (بەخشین، لە گوناهـ و هەڵە چاوپۆشینە/ تۆ چۆن هەرەشەت بە ئاگری پڕ تینە؟/ بمبەخشی بە نوێژانەوە کەسمان لە کەسە/ بە گوناهەوە بمبەخشی دەڵێم بەخشینە) «خەیام هەژار» ٢. پێدان، خەڵات کرن، دانی بێ قەرەبوو: (دان و بەخشینیان لەلا باوە/ خوونی مەیدانیان لەکن ئاوە) «حاجی قادر»،٣. ئویە بەخشش کەین،٤. بوەخشین،٥. ناوە بۆ کچان.
**بەخشینە**: بەخشانە، ئەوانە بەخشیویانە.
**بەخشینەسان**: ئەوانە بەخشانە.
**بەخشینەسەێ**: بەخشانەسەێ.
**بەخشینەسیان**: ئەوانە بەخشینە.
**بەخشینەوە**: دابەش کرن، دابەشین، بەشینەوە.
**بەخشینەێ**: ئەو بەخشین، بەخشانەێ.
**بەخشیەی**: بەخشران.
**بەخ کردن**: بە خۆ نازین، فەخرکرن: (چییە ئەم هەموو تەنتەنە و من منت/ ئەمەندە چییە فەخر و بەخ کردنت) «مەحوی».
**بەخواب**: لە خەودا: (موسکیر ئەز کەئسی شەڕابە، چی دەبێ جارێک بە خوابە/ ڕووت ببینم بێحیجابە، دڵبەری عالیءنەسەب) «ئەحمەدی کۆر».
**بەخواسپاردن**: ئەسپاردن بە خودێ، دانە دەس خودا: (ئەی مەهاباد بە خودام سپاردی/ لێرە دڵ سارد بوو منیش بۆم ناردی) «هێدی».
**بەخ وبەخ**: بەخ، ئافەرین: (بەخ و بەخ یاران تەماشای جیلوەی ئەم شیرینە کەن/ دیدە ئاهوو عەنبەرین موو مشک بۆ حۆری لەقا) «سالم».
**بەخۆداچوونەوە**: گەڕانەوە سەر کاری خۆ: (بە سەرنجێکی وردبین، ڕەخنە و پێشنیازم کەن/ با بە خۆمدا بچمەوە لەو خەمە دەربازم کەن) «حەمەجەزا».
**بەخۆداشکان**: شەرمەزاربوون.
**بەخۆداشکانەوە**: شکانەوە، تەریقبوونەوە: (خۆشەویستی حەقی ئەو نییە، گاڵتەی پێ دەکەن، بە خۆیدا دەشکێتەوە) «ئەمیری».
**بەخۆداشکاو**: شەرمەزار، خەجاڵەت.
**بەخۆدامیزتن**: خۆ تەڕکردن، میز بە خۆدا کرن: (زۆر ترسان، ڕیقلاو هێندەی نەمابوو بە خۆیدا میزێت) «خاک و چەوسانەوە».
**بەخودان کرن**: پەروەردەکردن، ڕاهێنان.
**بەخودانکەر**: بەخێوکەر، ڕاهێن.
**بەخۆداهاتن**: هەڵدان، گەشەسەنن.
**بەخۆداهاتنەوە**: گەشە سەندنەوە: (تۆزێکیش بە خۆتدا وەرە و مەچۆ دەر/ بە دەست و چاوی چلکن و تۆزاوی) «هێدی».
**بەخوڕ**: بەخوڕەم، بەتەوژم: (لە چاوی کیژی ملبەکوێن/ بەخوڕەم دەهات فرمێسکی خوێن) «هێمن».

**بەخۆڕاگەیشتن**: ١. خەریکی خۆ بوون، خۆ جوان کردن،٢. خۆش ژیان.
**بەخـۆڕایی**: ١. مفت، بێپارە،٢. بەفیڕۆ، بێسوود، هەروا: (بەخۆڕایی ئەوەندەم ناڵە کێشا/ لە سینەمدا پسا، ما، بێئەسەر کەوت) «مەحوی».
**بەخورتی**: بەزۆری، بەتۆبزی.
**بەخوڕڕەم**: بەتەوژم، بەخوڕ، بەفشار: (سێلاو بە خوڕڕەم هات).
**بەخوری**: خوریدار، تیسکن.
**بەخۆژیو**: خۆژی، خۆژیو، ئەوەی ژیانی خۆی بەڕێوە دەبات.
**بەخۆشی**: بە شادی، بە شادکامی.
**بەخۆشی**: بۆخۆشی، خۆی: (سەعید دوای شۆرینی بەلەکە شکاوەکەی ڕانی لە دەس باوکی نا و بەخۆشی گۆزینگی گرت) «خاک و چەوسانەوە».
**بەخۆفشین**: بەخۆهەڵگوتن، لەخۆ بایی بوون.
**بەخۆکردن**: بە خودان کرن، حاواندنەوە، ڕاهێنان، بەخێو کردن.
**بەخۆکەوتن**: سازبوون، ئامادە بوون.
**بەخۆڵ**: خۆڵاوی، تۆزاوی: (تەماشای تڕ و تیتۆڵی/ تەماشا پشتی بەخۆڵی) «توحفە».
**بەخولاّ**: بە خودا: (خۆ بە خولاّی ئەمن نازانم نە برنووە یا جانبێزارە) «فۆلکلۆر».
**بەخۆم**: خۆم، هەر خۆم.
**بەخومار**: خومار، خوماراوی: (دیدەکەی بەخوماری تۆ تورکانە بەدمەستی دەکا/ بۆیە مەیلی وا بە کێشە و فیتنە و خوێنڕشتنە) «هێمن».
**بەخۆنازین**: بایی‌بوون، خۆهەڵکێشان.
**بەخۆنەزانین**: ئاگا لەخۆ نەبوون: (ئاواهای لێکرد لە کۆڵانان ما/ بەخۆی نەزانی لە گەرما و سەرما) «ع. مەردان».
**بەخۆوە**: لەسەرخۆ، بەهێز و توانا، مرۆی ئەستوور و قەڵەو.
**بەخۆوەبوون**: قەڵەی و تێکسمڕاوی: (خۆ هێندە بەخۆوە نەبوو، چ بکەم ئەو شلپەیە چی بوو؟) «عەسکەری».
**بەخۆوەبەستن**: دەگەڵ خۆ خستن.
**بەخۆوەژیو**: بەخۆژیو، خۆژی، زیرەک، کاربین، کاری، ئازا، کەسێ بە ڕەنجی شانی خۆی بەڕێوەبچێ.
**بەخۆیان**: خۆیان، هەر بۆخۆیان.
**بەخوێ کردن**: بەخێوکرن، بەخۆکردن.
**بەخوێن**: ١. خوێناوی، هووناوی: (گورجێ ئەیقۆزنەوە دەستی بە خوێن/ نانی پاک بەو دەمی پڕ جوێن ئەجوێن) «بۆکوردستان»،٢. قاتڵ، کوژەر.
**بەخوێوە**: خوێ پێداکردو: (خۆ من نەمخواردۆ کاڵەک بە خوێوە/ کەوا و پاتۆڵ ڕەش دەمانچە پێوە) «فۆلکلۆر».
**بەخۆیەوە**: ١. خۆبەخۆیی، لەگەڵ خۆیدا،٢. لەخۆڕا، لەخۆیەوە.
**بەخە**: بەختیار، ناوی کوڕانە.
**بەخەبەر**: ١. ئاگادار، بەئاگا،٢. بێدار، هشیار، هوشیار، نەخەوتوو.
**بەخەبەربوون**: ١. لە خەو هەستان،٢. ئاگادار بوون.
**بەخەبەربوونەوە**: ١. هەستان، ڕابوون لە خەف، ٢. بە ئاگا هاتنەوە.
**بەخەبەرهێنان**: هەستاندن، بێدار کردنەوە.
**بەخەت**: خەتدار،×٩٧×: (هەی بەوشکی بەخەت، خەڵک کارەبا دەیگرێ، ئێمە قەنیلە!) «کۆردەرە».
**بەخەتنووسراو**: نووسراوەی خەت و دەس:

(هەستاین چووینە حەساریّ، سندووقە فیشەکێکی ڕووسی پڕی بوو لە دیوانی شێعری چاپکراو و بە خەت نووسراو) «چێشتی مجێور».

**بەخەل**: باخەل، باوەش.

**بەخەڵ**: بەخەل، باغەڵ، باوش، ئاوش.

**بەخەڵخەف**: لاناوە لە شوو: (کە دوو کوێخاژن لە شوێنێک بە یەک ئەگەن بەمجۆرە خۆشی و دشی ئەکەن: ماڵمناڵ، سەگ دەر ماڵ، کۆرپەی باوەش، بەخەڵ خەف شەو گشتیان خاسن شوکر) «ڕشتەی مرواری».

**بەخەڵفرۆش**: دەسفرۆش، چەرچی.

**بەخەڵە**: باغەڵ، بەخەڵ.

**بەخەم**: خەمدار، خەمگین: (ڕووتەڵ، بێشام، شایی بەخۆ/ بەخەم، بێجەم، بێنان و دۆ) «ڕاوچی».

**بەخەمبوون**: خەم لێخواردن: (بۆ ئازادی بەخەم نەبی/ باشتر وایە نەبی، نەبی) «ڕاوچی».

**بەخەمکردن**: بەخۆکردن.

**بەخەنە**: ١. خەنەلێدراو، سوورکراو بە خەنە، ٢. بریتی لە ناسک: (ئەوی ئەو ڕێگەیە دەگریّ، دەبیّ چەنگ بەخوێن بیّ/ کەلکی کورد ناگریّ لەشی ناسک و دەستی بەخەنە) «هێدی».

**بەخەو**: بەخەون، لە خەودا: (ئەمن و باریگیری کووێت هەر دوو بنوین بەشکم بەخەو/ من ببینم ڕووی خۆراک و ئەو ببینیّ ڕووی کا) «سالم».

**بەخەون**: لە خەوندا: (کیّ دی تەنانەت بە خەون/ ئازا وەبن حیزان کەون!) «بۆکوردستان».

**بەخی**: شلویّ، لێڵ، لێلاو، ئاڤشیز: (ئاڤا بەخی ئەز ڤەناخۆم).

**بەخێر**: ١. وشەیەکە لە کەسی ڕێبوار دەپرسریّ: (ماندوونەبوونی لێکردن و کوتی: بەخێر! بۆ کویّ دەچن؟) «توحفە»، ٢. بەهرەوەر، خێردار، خێردەرەوە، بەقازانج: (گیانە یا جوابیّ بەخێر یا دڵنیام کە) «حەسەن زیرەک».

**بەخێراتن**: خێرهێنان، بەخێرهێنان، خۆشهاتن: (بەینەڵڵا تەنیا گوڵدۆزیەکە دیار نەبوو بەخێراتنمان بکا) «شەوارە».

**بەخێرایی**: بلەز، گورج، دەسبەجیّ: (تۆخوا قەڵەم بەخێرایی/ بۆ منی بنووسە دەردی تەنیایی) «چاک».

**بەخێربێن**: بەخێرێن.

**بەخێربێی**: بەخێرێی، خۆش هاتی.

**بەخێربچی**: بەخێرچی.

**بەخێرچی**: خووات لەگەڵ بیّ، خۆش هاتی، بان چاو، لە وەرامی کەسێکدا دەگوتریّ کە ماڵاوایی بخوازیّ.

**بەخێروبێر**: خێروبەرەکەتدار: (کوردستانی بە خێروبێر/ پێی ڕۆشن دەبۆوە چاوی کوێر) «هێمن».

**بەخێروشادی**: بەخۆشی: (لەم ساڵدا ئیشاڵڵا بە خێر و شادی ژنیّ بۆ کورەکەم دێنم).

**بەخێرهاتن**: خۆشهاتن: (تا بزانن تۆ و گوڵزاری ڕستەی سەر جۆیباری/ بە خەندە هاتی بەخێر بێی، قەدەمت سەر هەر دوو چاووم) «وەفایی».

**بەخێرهاتن کردن**: خۆشهاتن کرن.

**بەخێرهاتن کەر**: بەخێراتنکەر، ئەو کەسانەی میوان بەخێرهاتن دەکەن: (کۆڕی بەر باغچەی مەکتەب گەرم بوو/ بەخێرهاتنکەر ئەهات و ئەچوو) «گۆران».

**بەخێرهاتی**: خۆش هاتی، بانچاو.

**بەخێـــرەت**: ١. ئـازا، دلێـر، بـوێر،٢. خـاوەن ناموس و پیاو.

**بەخێرەوە**: خێری لەگەڵ بێ.

**بەخێرهێنان**: ١. بەخێراتن کـردن، خۆشهـاتن گوتن وە کەسـێ،٢. پیرۆزبـایی، موبارەکبـادی: (مەلای ئاوایی، ڕیشسپی و کەیخـودای قـاجر تاق و جووت و دەستە دەستە دەهـاتنە بەخێـر هێنان) «پیکەنینی گەدا».

**بەخێریەت**: خێری لەگەڵ بێ.

**بەخیـــل**: ١. بەخێـڵ، بەغیـل، چـروک، ڕژد، بەرچاوتەنـــگ، چـــاوچنۆک، دەسقووچـــاو: (دەردی بەرتیل، ڕووی بەخیل، گاڵتەی ڕەزیل، ئەرکـی دەلیـل/ دەنگـی ناسازی مـوئەزین، برســێتی و هەوراز، بەدیـــل) «پیرەمێـــرد» ٢. بەئێرەیی، حەسـود: (ئەزانـی بـۆچی وا کـورد زەلیلە/ چونکە دوو دڵ و خام و بەخیلە) «ف. بێکەس».

**بەخێڵ**: بەخیل.

**بەخیلی**: چکووسی، بەغیلـی، بەرچـاوتەنگی: (هەر ئەو خۆشەویستییە بۆتە هـۆی ئەوەی کە بەعزێ بەخیلی پێ ببەن) «ئەمیری».

**بەخێمالی**: گوندێکە لای شارەزوور.

**بەخێـــو**: ١. ئاگـاداری، سەرپەرشـتی، ئیـوەت، پەروەردە: (مار بەخێو بکەی بە قەند و شیری/ خزمەتی بکەی تـا کـاتی پیـری) «غـولامی»،٢. خاوەنددار، خوداندار، بەخاوەند.

**بەخێوبوون**: بەڕێ بوون، پەروەردە بوون.

**بەخێوکار**: حاملێنەر، پەروەردەکار، بەڕێوەبەر: (تا بەو مەیی گیان و دڵ بەخێـوکەر/ تـاوێکی گەرم بکەین دڵ و سەر) «هەژار».

**بەخێـــوکران**: پەروەردەکـران، حـاملان: (بـێ باوک بەخێو کراوم/ بەبێ نازیش گۆش کراوم) «حەمەجەزا».

**بەخێوکردن**: ١. بەخۆکرن، پەروەردە کـردن، بەخـــاوەن کـــرن، بەڕێ بـــردن، حاملانـــدن، وەیکەردەی، ڕەنێوهێنان: (دەست حەیـف بـوو گرتم بە لێو/ بێساحێب بـوو کـردم بەخێـو) «حەسەن زیرەک»،٢. ناندان، ڕۆزیدان: (زەوی بە جوتیـاری کـوت: ڕەنجـم لەگەڵدا بـدەی، بەخێوت ئەکەم) «پەند».

**بەخێوکەر**: بەخێوکار، بەڕێبەر: (زەمـانە هـیچ بەخێـــوکەر بـــوو بە عـــومری/ فەلەک هەر دونپەرست و سپڵەپەروەر) «قانع».

**بەد**: ١. پـیس، گەن، گەنەژە، گەنـدەژە، کـوڕ، چەپەڵ،٢. خـرا، خـراپ، نەبـاش: (چـا نیـیە ڕەفتـاری وا بەد، بەس بـکە/ دەرحەقـی مـن، شۆخی بەدڕەفتار، هەی!) «مەحوی»،٣. خـراپە، خراپی، ئاکارچەپەڵی: (غەیـری بەد نەیـدی لە تـۆ «مەحـوی»، ئەتـۆش/ هەر بەدت ڕێ بـێ، بەدی بەدکار هەی!) «مەحوی»،٤. لاسار، هـار، نەسرەوتوو(مناڵ) ٥. بـێ: (بەدفەڕ: بـێفەڕ) ٦. شـــووم، نەحـــس، جووتقۆشـــە،٧. نـــاحەز، ناشیرین، کرێت،٨. مرۆی بەدکـار: (واتـت تـا ئەوڕۆی بەرمەشـــۆم نەفەس/ جە بەد بێـــزارم هەر تـۆم هەنـی کەس) «بێسـارانی»،٩. ئـێکە، دوایی، دمایی.

**بەداخ**: داخـــــدار، داخ لە دڵ، خەمگـــــین: (بەداخم ئێستە کەم شۆقە هونەرمـان/ نە سـەر تاجی لە سەردایە، نە سەر مان) «ڕاوچی».

**بەداخبـــوون**: داخـداربوون: (بەداخ بـوو لە دوایی/ هەزار مەڕی شۆگایی) «توحفە».

**بەداخەوە**: حەیفـــێ، مخـــابن، حەیـــف و خەساری: (بەداخەوە نـاتوانم ئەو کـارەت بـۆ بکەم).

**بەدادایی**: بەدئەدایـی، بەدئـادابی، نارەسـەنی: (مادەری گیتـی لە شـیری بـڕیەوە، دەبـڕێتەوە/

فائیدی چیی شەخسی لیّکەوتوو بەدادایی بکا) «مەحوی».

**بەدارڤەکرن**: ۱. هەڵواسین، ئاویزانکردن،۲. خنکاندن، لە سیّدارە دان.

**بەدارڤەکری**: ۱. شۆڕ، ئاویزان،۲. خنکاو، لە سیّدارە دراو.

**بەداركردن**: لەداردان: (چاو و دڵ شەڕیانە، نازانم خەتای کامیانە خۆ/ تا بە داری کەم، دەری‌کەم بیخەمە شین و چەمەر) «نالی».

**بەداروبار**: ۱. مرۆی تیر و قەڵەو: (هەڕەتی لاوەتی، خۆشبەز بووم، سواریکی بەداروبار بووم) «ڕاوچی»،۲. جیّی پڕ دار و درەخت،۳. پڕپیت، پڕبەرهەم: (باغیّکی پڕ بەرهەم و بە داروبارە).

**بەدارودەستە**: دەسڕۆیشتوو، دەسەڵاتدار: (لە لایەن کەڵەپیاویکی گەل خۆشەویست و ناوداریّکی بەدار و دەستە) «ڕاوچی».

**بەدارە**: گوندیکە لای سەیدسادق.

**بەدارەوەکردن**: هەڵواسین: (هیندیکیان گوتیان: با سەراوپیش بە داریان وە بکەین) «گورگ و بزن».

**بەداری‌نەحلەتاچوون**: بە چەقی نەحلەتا چوو.

**بەداغ**: سووربوو، سوورهەڵگەڕاو: (بۆ شیخ عومەر ئەو سەروی ڕیازاتی عولوومە/ وا لافت ئەدا تۆ کە وەکوو لالە بە داغی) «بیخود».

**بەدان**: بەدکاران: (ئازیز ئەر سەدبار بەدانی بەدگۆ/ وینەی سەیل بەدیی من واچان بە تۆ) «بیسارانی».

**بەدانستە**: ۱. لە ڕووی ئەقڵەوە،۲. بە ئاگادارییەوە، ۳. بە ئانقەس، دەس‌ئەنقەس: (بە دانستە لامدا بۆ لای و چاوم پیی کەوت).

**بەدانکەوتن**: نەخۆشی ماڵات لە زۆر خواردنی دانی وەک گەنم و جۆ.

**بەداو**: ۱. فیڵباز، سەر بە گۆبەند و دەم بە بیانوو: (زولفت بە قەدتدا کە پەریشان و بڵاوە/ ئەمڕۆ لە منی شیفتە، ئاڵۆز و بە داوە) «نالی»،۲. مەلی بە داوەوە بووx: (قیقەی بەداوان خاسەی دیاری/ درەخت سەرزەمین ڕیشە مرواری) «ئاوینەی بیگەرد».

**بەداوا**: بە جەنگ، بە بەهانە: (خودا ڕەببی نەجاتم دەی لە دەس ئەم دیوی بیّڕەحمە/ کە وا وەک دوژمنی خوینی بە دایم لیم بە داوایە) «حەریق».

**بەداوبوون**: بە داوەوە بوون، پیوەبوون: (حەیفە ئەو چاوە لەبەر چاو نەبیّ/ دڵی عاشقان پیی بە داو نەبیّ) «پیرەمیرد».

**بەداووبگرن**: بە داویّ بتانگرن: (ڕەببی شەوارەو لیدانین و بە داوو بگرن) «توحفە».

**بەداوودڵ**: بە دڵ و بە گیان: (بە داو و دڵ تۆپم کڕیوە کەچی بوکم لیی تەقاندم).

**بەداهەت**: ۱. ئاشکرایی، ڕاشکاوی،۲. نویگەری، تازەگەری.

**بەدایم**: دایمە، هەمیشە: (شیخ ئەگەر بۆی شیت نەبیّ، بیّویژدانی‌یە/ چۆن بەدایم شۆخ و شەنگە، بەر میسالی تازەبووک) «قانع».

**بەدایەخیەوەهاتووە**: دەرهەقی هاتووە.

**بەدایی**: ناڵەی نەخۆش، کڕووزانەوە.

**بەدایی‌کردن**: ناڵەناڵ و نکەنکی نەخۆش بە دەم نەخۆشییەوە.

**بەدئاخرزەمان**: هۆی شەڕ و ناحەزی ئاخرزەمان: (دایکی کوتی: ڕۆڵە با ئیمە نەوین بەد ئاخرزەمان) «ئاوینەی‌بیگەرد».

**بەدئادگار**: ناشیرین، ناحەز، دزیو، خویتتاڵ.

**بەدئاکار**: کارخراپ، کردەوەناشیرین.

**بەدئاهەنگ**: ۱. دەنگ ناخۆش،۲. ڕیتم و زەربی ناپەسەند لە مۆسیقادا.

**بەدئوتوو**: جل‌وبەرگێ کە ئوتوو هەڵنەگرێ.
**بەدئوش**: دەمەوەر، شووفار.
**بەدئۆغر**: بەدیومن، شووم، ناموبارەک، بەدفەڕ.
**بەدئەتوار**: بەدڕەفتار، کردارنەباش.
**بەدئەتواری**: بەوڕەفتاری، ئاکارخراپی.
**بەدئەحـــواڵ**: ١. حـــاڵ‌خراپ،٢. ژیان‌تـــاڵ، ژیوارناخۆش، دەسکورت.
**بەدئەختەر**: تـالعڕەش، بەختـڕەش: (حیفظـت شەبان و، ئێمە ڕەمە و، ئەو لەعینە گورگ/ ئەم نەفســە گورگەمێشــە لەگەڵ ئەو بەدئەخــتەرە) «نالی».
**بەدئەخم**: ڕووگرژ، ڕووترش، ناوچاوترش.
**بەدئەدا**: بڵح، جلف، جینگنە، هەرزە، ســووک و چرووک.
**بەدئەســل**: بەدڕەســەن، ناجســن، نانەجیــب: (بەدخواه و بەخیل و بەدسگالان/ بەدئەسـل و سەفیل و بەدفیعالان) «خانی».
**بەدئەمەگ**: سپڵە، پێنەزان.
**بەدئەمەگی**: سپڵەیی، پێنەزانی.
**بەدئەمەگی‌کردن**: ســپڵەیی کـــردن: (کـابرا بـێ ئەمەگ بـــوو، وەعـــدەی حەوت ڕۆژ مـــاوە/ پێموایە ئێران جێگـایەکی خۆشـە، بەدئەمەگـی کـــرد و نـــاگەڕێتەوە دواوە) «ســـەعید و میرسێوەدین».
**بەدئەمەل**: بەدعەمەل، خراپکار.
**بەدئەنجام**: دوارۆژ شووم، عاقیبەت بەشەڕ.
**بەدئەنجامی**: دووارۆژ شوومی.
**بەدئەندێش**: ١. ڕەقیبی نیـاز خـراپ: (ئیسـە حەســرەتان، بـیم بەدئەنـدێش/ هەر یەک جە لایــێ مەکێشــۆم پەی ویــش) «مەولەوی»،٢. بەگومـــان، گومانـــاوی: (فیـــدات بـــام واتەی بەدکاران چێشەن/ تۆ دڵـت جێشـان یەنـد بەد ئەندێشەن؟) «بێسارانی».
**بەدئەندێشـــی**: بەدخـــوایی، بەدخـــووازی: (هەرچـس لەبـارەی مـن بەدئەنـدێش بـێ/ بە تیری قەهری تۆ، دڵڕێش بێ) «پیرەمێرد».
**بەدئیخلاق**: بەدخوو، بەدفەڕ، بەدکردەوە.
**بەدئیقباڵ**: بەختڕەش، سیاچارە، بەدشانس.
**بەدبدێ**: قەرزکوێر، وام‌کووێر.
**بەدبرای**: ناسازگاری، نەحەواوەیی.
**بەدبسان**: بەدبسێن.
**بەدبسێن**: لە ئەستاندنەوە چیرەدرێژ.
**بەدبۆ**: بێن‌ناخۆش، بۆگەن، بۆدڕن، دڕندار.
**بەدبوون**: ١. بەخدبین، بەگومـان، دگومـان،٢. بەو بوون، خراپ بوون.
**بەدبۆی**: بۆدڕنی، بۆگەنی.
**بەدبەخـــت**: ١. بەوبەخـــت، چـــارەڕەش، ڕۆژڕەش، خۆڵ‌بەسەر، خاک‌بەسەر، قوڕبەسەر، کلـۆل، کولـۆل، بەلەنگــاز، بـۆژە، پەپـووک، بووژما، بووژمان، بەتار، شـەلب، هەزار، سـەڵا، گـــرداف، وێـــزار، ســـیاتاڵە، کێمکەتـــی، گـــوین، کەربەتلی، کەزیکوور، کزۆک: (بەدبەختێ چون من تەن‌کەفتەی کۆیێ/ یا خەیاڵ خامێ ئەبـلەهـ چون تۆیێ) «مەولەوی» ٢. زۆردار، ستەمکار.
**بەدبەختـــانە**: لە بەختـــی خـــراپەوە، مخـــابن، مەخـابن: (بەدبەختـانە منـداڵی ئێسـتا چـاوی مرۆی دەردێنن!).
**بەدبەخت‌خۆم**: خاک‌بەسەر خۆم، دەستەشـکاو خۆم، خووەلی ب سەرێ من.
**بەدبەختی**: ١. نـامەد، بەدچـارەیی، بەدنگـین، بۆبلات، پارس، پارسـەکی، دامـاوی، ژیـواری، سەلا، شەلشی، گرداف، مەینەتـی، بەلەنگـازی: (بەدبەختـــــــی گرتـــــــی ولات و جێمـــــــان) «مینەجاف»،٢. زەحمەت، کلۆلی، دەردیسـەری: (ئەو بێوەژنە بە بەدبەختی زۆر ئەو منـداڵانەی پێ گەیاند).

**بەدبەدە**: بوورەپەڵ، بوورەتەپ، کەرەواڵە.
**بەدبەسەن**: بەدبسان، بەدبسێن، بەدستان، لە ئەستاندنەوە چڕەدرێژ.
**بەدبێجا**: قسیەێ نارەوا.
**بەدبێجاکردن**: کار نارەوا کردن.
**بەدبێجاوەتن**: ناخاس وەتن، خراو داین.
**بەدبێرا**: بەدبێجا.
**بەدبێژ**: زمانپیس، بەدگۆ، زمانفەحش.
**بەدبێژی**: بەدگۆیی، زمانپیسی.
**بەدبین**: ناهومێد، ڕەشبین: (دوور بە لە مـن/ لە چاوانی بەدبینی من) «پەشێو».
**بەدبینی**: ناهومێدی، دڵساردی.
**بەدپا**: شووم، پێکوڕ، پێکور: (ئادەمێ دز ڕوورەشە، بەدپا قەدەمێ کەرێ بەشە).
**بەدپۆز**: خۆبەزلزان، بەدەعیە.
**بەدپووز**: بەدچارە، بەدسەکووت.
**بەدپووزی**: بەدچارەیی.
**بەدپەسن**: دژپەسند، دێرپەسن.
**بەدپەسند**: دژپەسند، دێرپەسن.
**بەدپەسنی**: دژپەسندی.
**بەدپیشە**: بەدکردار: (زالووسفەتان بەدپیشە و عەمەل) «چەپکەگوڵ».
**بەدتاڵە**: بەدبەخت، سیاچارە.
**بەدتام**: بێتام، بێمەزە، ناخۆش، بەدمەزە.
**بەدتامی**: بێتامی، ناخۆشی.
**بەدتـر**: خراپتر، بەوتر: (دەردێ بەدتر لەم هەموو دەردانە دراوم لێدەکا) «کۆکەیی».
**بەدتوخم**: ١. نارەسەن، ناجسن، نانەجیم،٢. نێری گیاندار کە بەچکەی لێ نەکەویتەوە.
**بەدتووزم**: بەدخوو، بەدرەفتار.
**بەدتەر**: بەدتر، خراوتر: (ئەڵێن بەم حاڵەش شوکرانەبژێر بە/ نەوەک ڕۆژێکی لەم ڕۆژە بەدتر بێ) «پیرەمێرد».
**بەدتەڕەف**: بەرتەرەف، لەبەین چوو.
**بەدتەور**: بەدچارە، بەدگڵ: (مەعلووم بی جە لاش دنیا بەدتەورەن/ عەجووزەی بێشوون، پڕ مەکر و جەورەن) «خانای قوبادی».
**بەدتەورە**: بەدتەور، بەدگڵ.
**بەدتەوری**: بەدگڵی، بەدچارەیی: (جە ڕای بەدتەوری کارێ کەردن پێم/ واستم بە ئاوات سەد جار مەرگ وێم) «خانای قوبادی».
**بەدجسن**: بەدجنس.
**بەدجسنی**: بەدجنسی.
**بەدجنس**: بەدزات، نارەسەن.
**بەدجنسی**: نارەسەنی، بەدزاتی.
**بەدچارە**: خوێنتاڵ، ڕەزاگران، ئێسکقورس، بەدسەکوت، بەدزەرە، بەدگڵ، بەدشکڵ.
**بەدچاری**: بەدچارە.
**بەدچاڤ**: چاوپیس، بەدچاڤ، چاڤهاوێژ.
**بەدچاو**: بەدچاڤ.
**بەدچهرە**: بەدچیرە، دێمکرێت: (بەدچهرە ژ ڕەنگێ دێوێ کابوس/ بەدفیعل و ستیزەکار و سالوس) «خانی».
**بەدچیرە**: بەدشێوە، ناشیرین، ناحەز.
**بەدچێرە**: بەدچارە.
**بەدچیرەیی**: دزێوی، ناحەزی.
**بەدحال**: بەدحاڵ.
**بەدحاڵ**: ١. نەخۆش، خراپحاڵ: (بیمارێ ب دەردێ عیشقێ بەدحال/ ناگەهـ فکرین کو چونە هاڤال) «خانی»،٢. ژیانتاڵ، بەدژیوار: (حورمەت و حەسرەتی منی بەدحاڵ/ بگەیەنە، بە شاخی باخی میسال) «زێوەر».
**بەدحاڵی**: ١. ژیان ناخۆشی، بەدژیواری،٢. ناشادی، کەیف ناسازی.
**بەدحەمەل**: بەدعەمەل، نەگونجاو، لاسار.
**بەدحیساب**: ١. کەسی ناڕاست لە سەودا و

مامڵە، ٢. قەرزکوێر، حیسابکوێر.
**بەدحیسابی**: ١. سەودا ناخۆشی،٢. قەرزکوێری.
**بەدخا**: بەدخوا.
**بەدخانە**: قەحبەخانە، شوێنی کاری خراپ: (بەد نەبێ، بەدخانە بە یاد ناکا!) «پەند».
**بەدخو**: بەدڕا، بەدڕەوشت، بێئاکار.
**بەدخوا**: ١. دڵپیس، دڵچەپەڵ، دەروونڕەش: (گرتوومەتە ئامێزم، هەر زاڵەیەتی بەدخوا) «ئاوات»،٢. بەدخواز، دوژمن: (ئەمە نە ئاکامی ئاکاری خۆمانە و نە دەستی چارەنووس/ یاسای دەستکردی بەدخواکانی زەوینە لە ئاسمان بپرسن) «مەلەکشا».
**بەدخواز**: ١. دوژمن، نەیار،٢. دەروونڕەش، کەسێ ئارەزووی خراپە بۆ خەڵک بکات.
**بەدخواه** : دڵپیس، دڵچەپەڵ، بەددڵ، بەدئەندێش، بەدخوواز، دەخسۆیی، خووازۆک، چەسپخووس: (خاسما کو موقەڕڕەبێد بەدخواه/ نیزیکی ببن: نەعوزوبیللا) «خانی».
**بەدخواهی**: بەدخوازی، بەددڵی، بەدئەندێشی: (بەدخواهی‌یە و نیهادی پیس/ باری لێکدانەوەی ئیبلیس!) «گۆران».
**بەدخوایی**: بەدخوازیی، بەد ویستن.
**بەدخود**: بەدخوو×٣٨٩پ.×: (هەرکەس بازەکەم بەدخود کەردە بۆ/ نە سەرد پایز ئازیزمەردە بۆ) «تالع».
**بەدخۆراک**: ١. کەسێ خواردەمەنی خراپ دەخوات،٢. کەسێ بە قێزوبێزەوە دەخوات.
**بەدخوو**: نەگونجاو، بێئاکار، بەدڕەوشت، مەجووجە، نەفاچڵ، قڕژۆک، مەندەمۆور، مەندەبوور، لاسار، پلمەڕوو، بسگووم، بەدڕەفتار، پرووز، بێماد، مادەکری: (قەسدی یاریتە لەکن بەزمی ڕەقیب/ یاری من! خۆت مەکە بەدخوو بە عەبەس) «نالی».

**بەدخووا**: بەدئەندێش، بەدخوواز، بەددڵ.
**بەدخوواز**: دەخسۆیی، بەدخووا، خووازۆک.
**بەدخووازی**: چەسپخووسی، پلمەڕوو، دەخس، دەخساندن، چاو پێ هەڵنەهاتن.
**بەدخوویی**: سگووم، پرووزی، لاساری، پلمەڕوویی، بەدڕەوشتی.
**بەدخوێ**: بەدخواز.
**بەدخەت**: دەسوخەت ناخۆش.
**بەددڵ**: بەدخوا، دڵپیس.
**بەددڵی**: دڵپیسی، بەدنیهادیی.
**بەددیمەن**: ڕوواڵەت ناشیرین.
**بەدر**: ١. هیڤا تەژی، مانگی شەوی چاردە: (من دی سەبا دایێ سەحەر، ماداریێ بەدرێ کر دو کەر/ قەوسوقەزەح ژێ هاتەدەر، دیسا ب زولفانڕا تەبا) «جزیری»،٢. بریتی لە ڕوخساری جوان: (ئەرێ ئەی بەدری ئاسمانی جەماڵ/ هیچ دەزانی چلۆنە حاڵی من) «هێمن»، (شوعاع و شەعشەعەی میهری، ئەشیععە و میشعەلی بەدری/ لە سایەی پرتەوی ڕووتە بەقوربان نووری یا ناری) «حاجی قادر»،٣. ناوی دێهستانێکە لای قوروە، ٤. ناوی دەشتێکە لای سەقز×١٩×: (سیادەر و قاراوا، کانیسوور، دەشتەکەی بەدر) «یادنامەیسەقز».
**بەدڕا**: ١. هزرپیس، بیرچەوت ٢. گاور، لادین، ٣. جێی چەتوون و ڕێ ناخۆش.
**بەدراتەمام**: ١. مانگی چواردە، مانگی پڕ،٢. بریتی لە ڕوخسار: (من دین ل دۆر بەدرا تەمام، حەرفێن د مەکتوب دال و لام) «جزیری».
**بەدراکەمال**: مانگی چواردە: (میرەک هەبوو بێحەد ب ماڵ/ بکرەک هەبوو قامەت شەپاڵ/ سیما وەکوو بەدرا کەماڵ/ قەت کەس نەداکت

وەسفەتێ) «فەقێ تەیران».

**بەدرامونیر**: مانگی چواردەی تیشکدار: (خەمری د رەش بسکا حەریر، وەربوون ل دۆر بەدرا مونیر) «جزیری».

**بەدراوا**: گوندێکە لە بەشی دێهستانی ساحەبی سەقز.

**بەدراوێ**: گوندێکە سەر بە پیرانشار.

**بەدرایی**: ١. هزرپیسی،٢. گاووری، لادینی،٣. بە رێگەی ناخۆشدا چوون.

**بەدرئاوا**: دیەکەیگە لە رەوانسەر.

**بەدرخان**: میربەدرخان، میری بۆتانێ، لە بنەماڵەی پادشایی کوردستانی باکوور: (کوا حاجی قادر، کوانێ بەدرخان؟/ کوا برۆبرۆ و دەبدەبەی بابان؟) «قانع».

**بەدررۆخساران**: ئەوانەی رۆخسارین واسە مانگی چوارده: (تاریک بی شەوگار شەوزیندەداران/ گیریا تەمام بەدررۆخساران) «مەولەوی».

**بەدرست**: پێچەوانەی خۆشرست، تاژییەک کە بە جوانی رست نادا.

**بەدرک**: Bedrik بەدقین، رقئەستوور، کەللەرەق، کینەیی.

**بەدرک**: Bedirk درووددار، جێی درواوی: (دەردی مە گەلێک بە ئێش و ئۆیە/ رێ کوێرە، بە درکە، پر کلۆیە) «هەژار».

**بەدرکەماڵ**: بەدری تەواو، مانگی چوارده: (چۆگە جەلای جام جەبهەی جەماڵ دا/ بەرگەشتی وە بەخت بەدر کەماڵ دا) «مەولەوی».

**بەدرکێف**: حاڵی ئەسپێ کە جوان سواری نادا: (شینبۆرە، نەخشە، رەخشە، دوڵدوڵە، حدوودە، مەری دەروا، نەرمەغاری وەک سەما دەچێ، رەسەنە ئەسپی عەرەبە، کەمێک بەدرکێفە، بە سواری خۆی نەبێ رکێف نادا) «ئەمیری».

**بەدرلوو**: گوندێکە لای بیجار.

**بەدرمونیر**: مانگی روون×: (ئەو پا ئەر پای پاک بەدر مونیر بۆ/ تو خودا بازەش با نە زنجیر بۆ) «مەجزووب».

**بەدرۆ**: بە رواڵەت، بۆ فریودان: (گاهێ لە رەووش سەڵتەنەتا، خادمی قورئان/ گاهێ بە درۆ، واعیزی کورگینەلەبەر بووم) «قانع».

**بەدرۆ**: ناقێ مێرانە.

**بەدرۆخستنەوە**: درۆ بە رووودا دانەوە: (خەڵکیش نەیانئەتوانی مورشیدزادەکان بە درۆ بخەنەوە) «پێکەنینی گەدا».

**بەدرود**: خاترخوازی، خواحافیزی: (ئینسافەن بکی تو جانێ بەدرود/ دەروازەیێ تەن بگیرێ مەسدود) «خانی».

**بەدرۆژ**: کەسێ بە رۆژدا خراپ و بە شەودا باش بێ.

**بەدرە**: ١. بلەز، بەپەلە، بەهەڵپە ٢. کۆمەڵێک سکەی زێر و زیو: (دیمێ د بسک و خەمرییان تا و لەفێن د شەتریان/ مانە تەمام کەسک و سۆر بەدرە ل دۆرێ هالە کر) «جزیری»،٣. شارێکی کوردانە لە خووارەوەی بەغدایە لە نزیک شاری عمارە،٤. قەزایەکە سەر بە شاری کەرکووک،٥. شارۆچکەیەکە لە ئیلام،٦. مەڵوەنێکە لە ئیلام و کوتێگی لە خانەقینە ک فەیلی قسیە کەن.

**بەدرەژەن**: بختنسر، شووم.

**بەدرەسەن**: ناجسن، لاسار، نانەجیم.

**بەدرەسەنی**: ناکەسی، نارەسەنی.

**بەدرەفتار**: بەدکردار، بەدرەوشت، بەد، بەخوو: (چا نییە رەفتاری وا بەد، بەس بکە/ دەرحەقی من، شۆخی بەدرەفتار، هەی!)

«مەحوی».
**بەدڕەفتاری**: بەدکرداریی، بەدخوویی.
**بەدڕەقە**: ١. بەڕێ، ڕەوانە: (وەختێ جەنازەی «مەحموود» ئەوپا بۆ/ هیمەتت چون وێت، بەدرەقەی ڕا بۆ) «م.ح. دزڵی»،٢. ڕەوانەکراو: (بەڵ باڵ بەیداخ تاقەت ئەوپا بۆ/ بۆی تەئسیر بەزم بەدرەقەی ڕا بۆ) «مەولەوی».
**بەدڕەقەکردن**: ڕێ نیشاندان، بەڕێ کردن.
**بەدرەک**: ١. سەرڕەق، سەرسەخت،٢. بەدرێک، هیلالێک، مانگیلەیەک: (ژ بەر بەندا نیقابا وی ل بەر فەتلا عیسابا وی/ جەمالا ماهتابا وی مە بەدرەک دی د سەیوانێ) «جزیری».
**بەدڕەگ**: لەشی کەسێ دەماری بە زەحمەت بۆ دەرزیلێدان بدۆزرێتەوە.
**بەدرەمە**: شەمەتریلکە، شەمەتلێنکە، شەمەترینکە، مێشێکی درێژووکەی باریکتر لە هەنگی ماڵی، بە دڕکەوە شانە هەڵدەبەستێ و هەنگوینەکەی باشترین جۆری هەنگوینە: (هێندە شیرینە دەڵێی هەنگوینی بەدرەمەس).
**بەدڕەنگ**: Bedreng ناشیرین، ناحەز، بەوڕەنگ: (مەواچان بەدڕەنگ، شیشەی شکەستە/ دوور جە شار، نە خاک سارایی، خەستە) «بێسارانی». ×
**بەدرەنگ**: Bedireng وەدوا، دوا، درەنگ.
**بەدرەنگخستن**: خستنە دواوە، پاش خستن.
**بەدڕەوشت**: بەدخوو، بەدڕەفتار.
**بەدڕەوشتی**: بەدڕەفتاریی، بەدخوویی.
**بەدرەیی**: ناوی تیرەیەک کوردی لوڕستانن.
**بەدڕێبوون**: لاڕێبوون.
**بەدری تابان**: مانگی نوورانی: (مژدە بێ یاران! ئەڵێن تەشریفی جانان دێتەوە/ وەک هیلالە قامەتم، تا بەدری تابان دێتەوە) «حەمدی».
**بەدری دوجا**: مانگی چواردە کە شەوی تاریک ڕووناک دەکا: (بە فەرموودەی خودا فەرمووی: بفەرمووا! هەستە هەر ئیستە/ لە جێی بەدری دووجا و دوڕی یەکتا، دوڕی یەکدانە) «نالی».
**بەدری دووهەفتە**: بەدر، مانگی چاردە، هەیڤا پڕ: (کێ ئەمەی دیوە ڕەفیقان، وام لە بەحری حەیرەتا/ وا لە ناو بەدری دوو هەفتەدا، هلالی یەکشەوە) «مینەجاف».
**بەدڕیکاب**: بەدڕەفت، لاجڵەو، سرک: (تەوسەنی خۆت ڕامە بۆ ئەغیار، چی بێ، ئەی عەجەب!/ گەر دەگاتە بەختی مە، سەرکەشێکە بەدڕیکاب) «ئەدەب».
**بەدری کامل**: مانگی چواردەی پڕ: (بەدری کامل، قورسی چیهرەی بێ زەواڵی نوسرەتە) «ئەدەب».
**بەدریکێ**: گوندێکە لای گردەسین.
**بەدری گەورە**: گوندێکە لای شەنگال.
**بەدری ماهەک**: مانگی چواردەی مانگێک لە ساڵ×: (هەریەک ب کەمال بەدری ماهەک) «خانی».
**بەدری مونیر**: ١. مانگی ڕۆشن،٢. بریتی لە ڕووی جوانی یار: (وەک لە تاریکی شەوا ناگەه چراغی دەرکەوێ/ پەردەیی زولفی کە لادا کەوتە دەر بەدری مونیر) «سالم».
**بەدزات**: بەدرا، بەدگومان: (کەر لە ڕی دەرچوو وەی تەبلیغاتە/ نازانست ڕەوی فرە بەدزاتە) «چاردۆڵی».
**بەدزمان**: زمانپیس، جنێوفرۆش.
**بەدزمانی**: زمانپیسی.
**بەدزوان**: زمانپیس، بەدبێژ، بەدواچ.
**بەدزوانی**: بەدزمانی، ئەزمانڕەشی.

**بەدزووان**: بەدزوان، بەوزمان.
**بەدزەدزە**: بە نهێنی، بە پێدزە، بە ئەسپایی: (بە دزەدزە و سەت واوەیلا/ پیاو نازانێ چلۆن پارێزێک ببا) «سەعید و میرسیوەدین».
**بەدزەڕ**: ئێسکقورس، ڕەزاتاڵ.
**بەدزەرە**: بەدگڵ، بەدچارە، خوێنتاڵ.
**بەدزیەوە**: بەپەنهانی، بەهێوری: (ڕۆژێ مامڕێوی دۆزیەوە/ سەری لادا بەدزیەوە) «پیرەمێرد».
**بەدزیی**: بە نهێنی، شاراوە: (بە دزی ژنیان بۆ کوڕەکەیان هێنا).
**بەدستان**: بەدبسێن.
**بەدستەم**: زۆردار، ستەمکار: (گەردشی گەردوون چەرخی بەدستەم/ تێکی دا دەزگای شاهانی حەتەم) «مینەجاف».
**بەدسرشت**: بەدسروشت، بەدخوو: (خەلقێ کو ب ئەسل بەدسرشتن/ ئەو ئەسل ژ وان قە تێتە شوشتن؟!) «خانی».
**بەدسروشت**: بەدگەوهەر، کەسێ کە لە زگماکییەوە بەدخوو بێ: (زاهید ئەر لافی فەساحەت لێ بدا باوەڕ مەکەن/ بەد سروشتێکە بە فەن سەد داو و تەزویری هەیە) «سالم».
**بەدسگال**: بەدبیر، هزرخراب: (بەدخواه و بەخیل و بەدسگالان/ بەدئەسل و سەفیل و بەدفیعالان) «خانی».
**بەدسەر**: سەرکێش، سەرکەش.
**بەدسەری**: سەرکێشی.
**بەدسەکوت**: بەدچارە، ڕەزاتاڵ.
**بەدسیرەت**: ناجسن: (شیرەت و بەدعەمەل و کەمڕەوش و بەدسیرەت/ سەرکەش و دومقەوی و ئەستۆکوڵ و پوزەخڕێ) «سالم».
**بەدشانس**: بێبەخت، بەختڕەش.

**بەدشکڵ**: ١. بەدچارە، ڕەزاگران،٢. ناشیرین، ناحەز، دزێو: (خەلقێ نائەهل و بەدشکل/ کەززاب و خوارن بەدعەمەل) «فەقێ تەیران».
**بەدشووم**: شووم، نەحس: (ئەوانە بەدشوومن سیامەندگیان، ئەتۆ مەچۆوە ڕاوی ئەوان بەدفەڕانە) «گەنج».
**بەدشەو**: کەسێ کە شەوانە خراپ بێ.
**بەدشێوە**: ناشیرین، ناحەز، بەدشکڵ.
**بەدعەمەل**: بەدحەمەل، بەدکار، بەدکردار، مزیر، قەڵپ.
**بەدعەمەڵ**: بەدحەمەل، بەدکار: (بەدکار لێرە هەر دووانە/ یەکیان پیرە، یەکیان جوانە) «فۆلکلۆر».
**بەدعەمەلۆ**: کارخراب، بەوعەمەل: (ئەی بەدعەمەلۆ او قەنج دزانی/ تۆ قایل و فاعیل و خودانی) «خانی».
**بەدعەمەلی**: بەدکردەیی، ناڕەسەنی.
**بەدعەهد**: بێپەیمان.
**بەدعەهدی**: بێپەیمانی: (دیم بەدعەهدیش کەرد هەوا سەندەوە/ تەن حەسرەتمەند بی جیا مەندەوە) «مەولەوی».
**بەدفساڵ**: بەدفەساڵ، بەدشکڵ: (چ خۆشە هێزی ڕەنجبەر ڕابماڵێ/ قەڵا و زیندانی ئاغای بەدفەساڵم) «قانع».
**بەدفساڵە**: بەدشکڵ.
**بەدفساڵی**: بەدشکڵی.
**بەدفعل**: بەدکار، بەدکردار.
**بەدفەڕ**: ١. مندالی ناڕەسەن،٢. ناڕەسەن، بێوقار، شووم، بەدودم، قەشقە، کەراڤی، نەهاتبەتار، بێفەڕ، ناپیرۆز: (بزانن ئێمە دوشمن سابیق نین/ سەبەب ئەی ئەشعار بەدفەڕیش پەی چین؟) «پیرۆزە»،٣. نەیار، دژمن، دوشمن: (من دەمگوت: ژەنگی خەنجەران/ بسڕن بە

خوێنی بەدفەڕان) «هێدی»،٤. زاڵم، خوێنڕێژ: (ڕاستە ئەویش وەک هەموو دەستوپێوەندی شایان ڕیاییباز و درۆزن بووە و زۆری تەشی لەبەر شاعەباسی ڕستووە و بە بەژن و باڵای ئەو شا بەدفەڕ و خوێنڕێژەی هەڵگوتووە) «دمدم».

**بەدفەرجام**: ئاخرشەڕ: (جە عەرسەی دنیای دون بەدفەرجام/ بە دەستوور نەزم نیزامی مەقام) «خانای قوبادی».

**بەدفەڕی**: نارەسەنی، شوومی، قەشقەیی: (شەرتە فرێت دەم بەد و بەدفەڕی) «حەسەن زیرەک».

**بەدفەساڵ**: ڕەزاگران، ئێسکقورس: (تۆ ئەوەندە بەدفەساڵی/ کەی شایانی پەڕ و باڵی؟) «کاکەی فەلاح».

**بەدفەساڵی**: خوێنتاڵی.

**بەدفیعل**: بەدکار، بەدکردار: (بەدچهرە ژ ڕەنگێ دێوێ کابوس/ بەدفیعل و ستیزەکار و سالوس) «خانی».

**بەدفیعلە**: بەدفیعل.

**بەدفیعلی**: بەدکرداری.

**بەدقدووم**: شووم، نەگبەت.

**بەدقدوومی**: نەگبەتی.

**بەدقۆل**: بەدقەول.

**بەدقۆلە**: بەدقەول.

**بەدقۆلی**: بەدقەولی.

**بەدقومار**: گزەون، کایەشێوێن.

**بەدقەدەم**: ١. شووم، نەحس: (مەچۆ شاری چزیرێ، شارێکی بەدقەدەمە) «مان»،٢. قەدەمشەڕ، قەدەمڕەش، پێڕەش.

**بەدقەوارە**: ١. بەدچارە، ناقۆڵا، زەبەلاح، ناحەز، ٢. زەوی بەدگۆنیا بۆ خانوو.

**بەدقەوارەیی**: بەدچارەیی، ناقۆڵایی.

**بەدقەواری**: بەدقەوارە.

**بەدقەول**: پەیمانشکێن، بێعەهد.

**بەدقەولی**: پەیمانشکێنی.

**بەدکار**: ١. کارپیس، هەزارفەند، گەلاج، پیاوخراپ: (لە بەر چاوی پیس، لە ترسی بەدکار/ دڵ خۆم ئەکەمە گۆڕی یادگار) «برایم ئەحمەد» ٢. شۆفار، تێچێن، چوکڵەشکێن، فیتنەگێڕ: (ئومێدم ئیدەن خاتر پەڕەی گوڵ/ حەرفی بەدکاران نەگیری نە دڵ) «بێسارانی»،٣. دز، جەردە،٤. حیز، کوونی،٥. دژ، دژمن، دوژمن: (دەمی خەنجەری تیژ و مووکارمان/ گەلێ تینووە بۆ خوێنی بەدکارمان) «بۆکوردستان».

**بەدکاران**: کۆی بەدکار، فیتنەگێڕ: (چراغ بەدکاران .../ مەزانی چوونەن واتەی بەدکاران؟) «بێسارانی».

**بەدکارە**: ١. بەدکار، بەدکردار: (جەندەکی دوژمنی بەدکارە نەپەستوێن دەگریم) «هێمن»،٢. خراپەکار، ژنی خراپ.

**بەدکاری**: ١. بەدکرداری، گەلاجی،٢. شۆفاری، فیتنەیی: (منیش بەدکاری بواری لێ تەنیوم) «هێمن»،٣. حیزی، کوونێتی،٤. زۆرداری، ستەم لە خەڵک: (دەم و دەزگای زۆرداری و بەدکاری خۆیان پێ داناوە) «شەرەفنامە».

**بەدکردار**: بێئاکار، بەدخوو، بێڕەوشت: (لە من نازانم ئیتر نەفسی بەدخوو، چیی دەوێ «مەحوی»/ کە بەدکردار و بەدڕەفتار و بەدئەفکار و بەدئەتوارم) «مەحوی».

**بەدکردارە**: بەدکردار.

**بەدکرداری**: بێئاکاری: (اغماض کەی جە گرد نابەکاری من/ جە ڕووسیایی و بەدکرداری من) «مەولەوی».

**بەدکردەوە**: کردارخراپ.
**بەدکردەوەی**: بەدکردار.
**بەدکوتن**: بە خراپە باسی خەڵک کردن: (لچێ خوێنی فەقیری پێ مژن، یارەبی دابرزێ/ زمانێ بەد بڵێ، هێندە بماسێ خێوی خنکێنێ) «قانع».
**بەدکێش**: بەدڕەفتار: (پەی چێش؟ نە دەوران ئەی دنیای بەدکێش/ مەحفوزەن هەرکەس بە زوبان وێش) «خانای قوبادی».
**بەدگل**: بەدخاک، دزێو، ناشیرین، کرێت.
**بەدگۆ**: بەدوێژ، بەدزمان، زووانتاڵ: (ئازیز ئەر سەد بار بەدانی بەدگۆ/ وێنەی سەیل بەدیی من واچان بە تۆ) «بێسارانی».
**بەدگۆشت**: ١. خوێنتاڵ، ئێسک گران،٢. گۆشتپیس، کەسێ گۆشتی لەشی ناشیرین بێ یا برینی لەشی درەنگ خاسۆ بێ.
**بەدگومان**: دڵپیس، بەدبین، دڵچەپەڵ.
**بەدگۆمان**: بەدگومان، دشک.
**بەدگومانە**: بەدگومان.
**بەدگومانی**: دڵپیسی، دڵچەپەڵی.
**بەدگوو**: بەدگۆ.
**بەدگووز**: بیانووگر، توورە، ناحاڵی، خیرەسەر، خیشەسەر، کەللەڕەق.
**بەدگوە**: بەدگۆ.
**بەدگوهەر**: بەدگەوهەر، نارەسەن: (ئەزانی یار بێمەیلە ڕەقیبی بەدگوهەر پەیپەی) «قانع».
**بەدگۆی**: بەدگۆیی: (وەختێ عاشق مەستی دەردی دڵ ئەبێ، باکی نییە/ تازە بەدگۆیی ڕەقیب و فیتنەیی پرگەر چییە؟) «قانع».
**بەدگۆیی**: بەدوێژی، بەدزوانی، خراپەوێژی، زمانڕەشی: (هەرکەسێ ئەسڵ و میزاجی فیتنەیی و بەدگۆیی‌یە/ دەستی حیزیشی هەبێ، ئەمجا بە تەحقیق کۆیی‌یە) «شێخ ڕەزا».
**بەدگەر**: بەدکار.
**بەدگەست**: ئەوانەی خراپ دەگەزن: (جە دەستی ڕەقیب، بەدانی بەدگەست) «بێسارانی».
**بەدگەوهەر**: نارەسەن: (خودا! چ بکەم! لە دەست جەوری سپێهری دەهری بەدگەوهەر/ نەبوو ساتێ کە فاریغ بێ لە عیشق، ڕەنج و ئازارم) «ئەدەب».
**بەدگیل**: ناشیرین، ناحەز، دزێو.
**بەدگیلی**: ناشیرینی، دزێوی.
**بەدل**: ١. بەش، بەند ٢. بەڕاست، لەدڵەوە: (بەدل گیرۆدە بەو پرچی بەچینم/ ڕەش و ئالۆزە وەک ئەو بەخت و ژینم/ ...) «هەژار» ٣. بەخشندە، دڵاوا، کەریم.
**بەدڵ**: ١. بەڕاست، لەدڵەوە: (برای بەرزم لەپاش تۆ من ئیتر سەیر و سەفا ناکەم/ بە مەرگی تۆ، بەدڵ مەیلی کەژ و کێو و چیا ناکەم) «حەقیقی»،٢. بەخشندە، دڵاوا،٣. بوێر، زاتدار،٤. پەسن، پەسند: (نشێو پاڵ و لاپاڵی بەدڵمن/ لەبەر چاوم چەن و لاچاو و کوڵمن) «ڕاوچی».
**بەدڵبوون**: پەسن کردن، پێباش بوون: (دەسرۆکەی دەستت بیست و دو گوڵە/ لە جحێڵی ئێرە هەر تۆم بەدڵە) «فۆلکلۆر».
**بەدلغاو**: ١. بەدسەر، سەرسەخت، کەللەشەق، کەللەڕەق، ئەسپ و ماینی لەغاو قبوڵنەکەر،٢. بریتی لە مرۆی نارەسەن و کەللەڕەق.
**بەدلغاوی**: بەدلغاوی، کەڵەوەکێشی، سەرپێچی، نافەرمانی.
**بەدلقاو**: ئەسپ و ماین چەتوون.
**بەدڵ گرتن**: لە بەر دڵ گران بوون: (دەبێ ئێزنم بدەن چاوێ بە خەو نەرم بکەم، بمبوورن، داواو لێدەکەم بێعاریم بە دڵ نەگرن) «شەوارە».

**بەدڵوبەگیان**: بەداودڵ، لەدڵەوە.
**بەدڵۆتەقیای**: بە دڵەوە چەسپان.
**بەدڵوداو**: بەدڵ، لە قووڵایی دڵەوە: (هەوڵ و کۆششی کامل ئەمین ناو/ بیست ساڵ ئیشی کرد زۆر بە دڵ و داو) «ع. مەردان».
**بەدڵودەروون**: بەڕەحم، دلۆڤان: (بەراستی پیاوێکی بە دڵ و دەروونە).
**بەدڵوگیان**: بەدڵ، بە ئیشتیای دڵ: (هەموو کەس دەبێ بە دڵ و گیان نیشتمانی خۆش بوێ).
**بەدڵۆلکای**: بە دڵەوە چەسپان.
**بەدلەغام**: بەدلەغاو.
**بەدلەغامە**: بەدلەغاو.
**بەدلەغامی**: بەدلەغاوی.
**بەدلەغاو**: بەدلغاو.
**بەدلەغاوی**: بەدلغاوی.
**بەدڵەوەچەسپان**: پەسند کردن.
**بەدڵەوەچەسپین**: پێباش بوون.
**بەدڵەوەگرتن**: لە دڵدا هێشتنەوە.
**بەدڵەوەنووسان**: ١. گوشین بە ئامێزەوە،٢. بەدڵەوە چەسپان، خواردنێ کە بێ دڵەڕاوکێ بخورێ.
**بەدلیس**: بتلیس.
**بەدماژە**: بەوریخت، بەدریخت، دزێو، ڕووگرژ، ڕووتاڵ، مڕومۆچ.
**بەدموعامەلە**: بەدسەودا، مامڵەناخۆش: (ئەی چەرخی بەد موعامەلە تاکەی خەتا ئەکەی؟!/ ئەم کوردە بێکەسانە بە غەم ئەشنا ئەکەی؟!) «بێخود».
**بەدمەزە**: ناخۆش، مەزەخراپ.
**بەدمەزەب**: بەدمەزهەب.
**بەدمەزەبە**: بەدمەزهەب.
**بەدمەزەبی**: بەدمەزهەبی، بەددینی.

**بەدمەزهەب**: ١. بێدین، بێئوول،٢. بەدمەسسەو، خاوەنی دینی ناشایست.
**بەدمەس**: بەدمەست، فرە مەس.
**بەدمەست**: بەدمەس، سەرخۆشی زۆر مەست: (جارجار، کە زۆر پەست ئەبوو/ کەمێکیش بەدمەست ئەبوو) «گۆران».
**بەدمەستی**: مەستی و سەرخۆشی زۆر: (شوکر هوشیارە «مەحوی»، تێدەگا دنیا خەراباتە/ کە بەدمەستی بکا ئەهلی، خراپەی بۆچی لێدەگرم) «مەحوی».
**بەدمەسە**: بەدمەس.
**بەدمەسەب**: ١. بەدمەزهەب، لادین: (بە ئاوری دووری یارەب جەرگ و دڵ سووتاوە یەکجاری!/ نەیاری بەدمەسەب پێیوایە هێشتا من نەبرژاوم) «ئاوات»،٢. لاناوە لە کاری: (یەێ پیاڵە لەو بەدمەسەب پڕ کە بزانم ئەرمەنی).
**بەدمەسەو**: بەدمەسەب.
**بەدمەسی**: فرەمەسی، زۆر مەس بوون.
**بەدمەوەدان**: ١. ڕووپێدان،٢. شلکردن، بۆ شلکرن: (گوریسەکە شۆڕکەوە و کەمکەم بیدە بە دەمیەوە)،٣. ماوە پێدان،٤. شتێ خستنە سەر شتێکی دی لە جنسی خۆی: (فلانی بوورە دەکێلێ و هەر بە دەمییەوە دەدا).
**بەدمینتۆن**: جۆرێ یاری دوو کەسییە.
**بەدناف**: بەدناو، بەدنێو، ناوزڕاو، تڕۆ، رسوا.
**بەدنافی**: بەدناوی، ناوخراپی، ڕیسوایی، ناتۆرە، نەتۆرە: (ئەو قینی چییە وا ڕێگا ئەگرن/ بەدناوی نەبێ، هیچی پێ نابڕن) «پیرەمێرد».
**بەدنام**: بەدناف، بەدناو، ڕیسوا: (بولبول ئەزم ئەی نیکوسەرەنجام/ بێهوودە چڕا دکی خوە بەدنام؟) «خانی».
**بەدنامبییەی**: بەدنام بوون.

**بەدنامکرن**: ناوزڕاندن، ڕیسواکردن: (هون هەلگرن و بدەن نگینان/ بەدنام مەکن ستی و زینان) «خانی».
**بەدنامکەردەی**: بەدنام کردن.
**بەدنامە**: بەدنام.
**بەدنامەن**: بەدناو بووە: (سەنگیی سەنگیبار تاوان، زۆر کەردەن/ پیری بەدنامەن قامەت خەم کەردەن) «مەولەوی».
**بەدنامی**: بەدناوی، ناوخراپی: (دایم گورفتار ئارەزووی خامی/ یەکسانەن پەرێت نێکی و بەدنامی) «مەولەوی».
**بەدناو**: بەدنام، بەدناڤ، ڕیسوا: (ئەوی لە لای تۆ سووک و بەدناوە، لە کراسی خۆیدا وەکو تۆ پیاوە) «پەند».
**بەدناوکردن**: ناوزڕاندن، ڕیسواکرن.
**بەدناوی**: بەدناڤی، ناوزڕاوی، ترۆیی، ڕیسوایی، ڕسوایی: (مەیگێڕ وەرە لام چ دەربەستی بەدناویم؟/ پاراو کە دڵم سیس و کزی بێئاویم/ ...) «خەیام هەژار».
**بەدنژاد**: بەدڕەگەز، ڕەچەڵەکخراپ.
**بەدنگین**: چارەڕەش، سیاچارە.
**بەدنگینی**: ڕۆژڕەشی، بەدبەختی.
**بەدنما**: ناشیرین، دزێو، ناحەز.
**بەدنمەک**: نانکوویر، نانکۆر، بێئەمەگ، بێوەفا، پێنەزان، سپڵە: (زۆر بەدنمەک و ڕێ نەناسین/ نانی تۆ دەخۆین و بێ سپاسین) «مەموزین».
**بەدنمەکە**: بەدنمەک، سپڵە.
**بەدنمەکی**: سپڵەیی، بێئەمەگی، نانکوویری.
**بەدنمەگ**: بەدنمەک.
**بەدنمەگی**: بەدنمەکی.
**بەدنوما**: بەدنما.
**بەدنەفەس**: دەروونڕەش، دڵڕەش: (تیژتەر جە دیدەی بەدنەفەسان بۆ) «بێسارانی».
**بەدنی**: گوندێکە لە خۆرهەڵاتی مووسڵ.
**بەدنێژاد**: بەدڕەسەن، بەدڕەگەز.
**بەدنیگار**: خەتناخۆش: (بانی خێڵان ئاوەدان بێ، بۆ قەڵەم بۆ کوردەکان/ تازە ئیتر ئووچی پیسی بەدنیگارم بۆچییە؟) «قانع».
**بەدنێو**: بەدنام، بەدناڤ.
**بەدنێوی**: بەدناوی، ناتۆرە، نەوڕە.
**بەدنیهاد**: دڵچەپەڵ، دەروونڕەش، بەدخوا.
**بەدنیهادە**: بەدنیهاد.
**بەدنیهادی**: بەدڕەوشتی، دڵپیسی.
**بەدنیەت**: دڵپیس: (بۆ خەمسی لە بۆ ساحیبی عیرفان و سەداقەت؟/ بۆ یاری دەگەڵ تاقمی بەدنیەت و بەدگۆ؟) «ناری».
**بەدنیەتی**: دڵڕەشی.
**بەدو**: ئاشکرا، خویا: (مسمار کرن بەدو ژ غەفلەت/ هشیارکردن عەدو ب سەولەت) «خانی».
**بەدۆ**: ناوی نێرینانە.
**بەدوات**: قسەی خراپ: (جە بەدواتشان خاتر گەرد مەبی) «بێسارانی».
**بەدواتەی**: بەد وتن، قسەی خراپ.
**بەدواچ**: زمانپیس، بەدبێژ، بەدزمان.
**بەدواداچوون**: ١. چوون بە دوای کەسێکدا، ٢. ڕۆیشتن لە پشت سەری کەسێ، ٣. چاولێکردن،٤. وەشوێن کارێک کەفتن.
**بەدواچە**: بەدواچ، بەدگۆ.
**بەدواداناردن**: ١. لێگێڕانەوە، ناردن بە شوێن کەسێکا،٢. دوابەدوای کەسێک ناردنی کەسێکی تر.
**بەدواداهاتن**: ١. شلبوونەوی بار بۆ لای پشتەوە،٢. هاتنی کەسێ لە شوێن کەسێکی دی،٣. لە پشت سەری کەسێکەوە ڕۆیشتن.

**بەدواز**: بەدفەڕ، نارەسەن، بەدخواز، بەدگۆ: (نەشنۆی بەدکار نەبۆی بەدوازەن/ وەحشی یان هەوراز تەیران دەم سازەن) «مەولەوی».
**بەدوازان**: خراپەویژان، بەدگۆیان، ئەوانەی قسەی خراو ئەکەن: (چراغم حاڵت .../ بە بەد مەواچان، بەدوازان حاڵت) «بێسارانی».
**بەدوازە**: بەدواز.
**بەدوازی**: بەدخوازی.
**بەدواوەبوون**: لە پەی چوون، نانە شوون: (من لە دووی یار و نەیاریش ئەوە بە دوای منەوە/ لەو گە ڕابام من و ئەو لە منی گەڕابا، نەدەبوو) «هێدی».
**بەدوچاک**: کەسێلی خراپ و خاس: (مووددێکە گرفتاری، ڕەفتاری بەد و چاکم) «ئاوات».
**بەدوعا**: ١. خوداحافیز،٢. دوعاگۆی خێر: (لە نێوانی سینگ و مەمکی دە بەژنی باریکم بنێژن/ گەلێک لە من بە دوعایە، دوامین دوو هەوایە) «گەنجی سەربەمۆر».
**بەدۆلاب**: فێلاوی، بەفێل، کەمۆ، زۆرزان: (چەندی لە من بە دۆلاب و بە فڕ و فێلن) «گەنجی سەربەمۆر».
**بەدودم**: شووم، بەدووم، بێفەڕ، دۆبڕ، نانودۆبڕ، دوومۆر، قۆشە.
**بەدوم**: بەدودم، شووم.
**بەدونیک**: خراپ و چاکە: (زەمانی حاڵ و سەرمایەی بەد و نیکت نەبوو کەڵکی/ لە موستەقبەل بڵێ حاجی لە ماضی دا زەمانی بوو) «حاجی قادر».
**بەدوواوەڕوویگ**: پاشەوپاش کشاوەوە.
**بەدوواوەڕۆیین**: پاشەوپاش کشانەوە.
**بەدوودم**: بەدووم، شووم، بێفەڕ، دۆبڕ.
**بەدوودمی**: شوومی، دۆبڕی، دوومۆری.

**بەدوور**: دوور لە، دوور لە چاوی بەد: (مانگام مانگای هەژاران/ شیر دەفرۆشین لە شاران/ بە دوور بێ لە ئەغیاران) «فۆلکلۆر».
**بەدوورزانین**: چروەڕێ نەدەکرا.
**بەدوورکردن**: پاراستن: (خوداوەندا بە جاهی خۆشەویستی خۆت بەدووری کەی/ لە ئاسیب و بەلا ئەم خوشکەزایەم خۆی و خزمانی) «بێخود».
**بەدووکەڵ**: دووکەلاوی، پڕ لە دووکەڵ: (چووینە ژوورێکی تاریک، ڕەش بەدووکەڵ) «چێشتی مجێور».
**بەدووکەوتن**: ١. ڕادوو کەوتن، ڕەدوو کەفتن، هەڵگرانی ژن،٢. شوێن کەوتن، کەوتنە دووا،٣. بریتی لە پەیڕەوی کردنی کار و بیر و باوەڕی کەسێ.
**بەدووم**: بەدوودم، شووم.
**بەدوی**: ناوی تیرەیەک کوردی لوڕستانن.
**بەدوێژ**: بەدبێژ، بەدگۆ، بەدزووان، دەمپیس، بەدزمان، زمانتاڵ، جنێوفرۆش.
**بەدوێژی**: بەدگۆیی، بەدبێژی.
**بەدوین**: بەدبین.
**بەدوینە**: بەدبین.
**بەدوێنە**: بەیشکڵ، بەدرێخت.
**بەدوینی**: بەدبینی.
**بەدهاڵ**: بەدحاڵ، خراپ: (هاڵ بەدهاڵ، بەدەن هالی و هەواڵە/ یانێ های چون سەنگ قولەی قەزاڵە) «مەولەوی».
**بەدەبدەبە**: زۆر جوان، پڕتەنتەنە، مەزن.
**بەدەخشان**: ١. ناوی ناوچەیەکە لە ڕۆژهەلاتی باشووری ئێران کە بە کانی لەعل و یاقووت ناوبانگی دەرکردووە: (من گریە، تۆ خەندە بە یەکدی دەفرۆشین/ من لەعلی بەدەخشان و ئەتۆ لوئلوئی لالا) «نالی»، (ئەگەر ئەم زولفە

موشـکینە، وەگەر ئەم لەعـلە ڕەنگینـە/ دەڵێـی سەحرایی مـاچینە، دەڵێـی کـانی بەدەخشـانی) «حاجی قادر»،٢. ناوە بۆ کچان.

**بەدەدایی:** بەدادایی.

**بەدەر:** ١. غەیری، بێجگە، بێ لە: (بەدەر لە تۆ کەس شک نابەم)،٢. بۆ دەرەوە، ٣. لە توانـایی بەدەر: (وەسفی ڕووخسـاری لە فیکـری بەنـی ئـادەم بەدەرە/ ئیبتیـدای مەدحـی دەمـی، وەک خەبەری بێ ئەسەرە) «نالی».

**بەدەرەتان:** ١. بەمۆڵەت، فرسـەتدەر،٢. پـان، بەرئاواڵە، بەرنەگیراو.

**بەدەرخستن:** ئاشکرا کـردن، دەرخسـتن: (کە تیری غەمزەی تیژ ئەکا، لە جەرگ و سینە کار ئەکا/ کە قامەتی بەدەر ئەخا، قیـامەت ئەشـکار ئەکا) «بێخود».

**بەدەرخواردن:** بکێرهاتن، بەکارهاتن.

**بەدەردانەوە:** وەدان، دانەوە، دەنـــگ دانەوە: (ئەنجامی ئەم کارەش ئەوە بوو لە بەر چـاوی سەرتاسەری تایفە و خێڵەکـانی ئێـراندا هەتـا هەتـایە بەدەردانەوەیەکـی نالەبـاری دەبـوو) «لەمهاباد بۆئاراس».

**بەدەرزی گەڕان:** زۆر بە وردی پشـــــکنین: (ئێرانم بۆ بەن وە سنجاقەوە) «ئاوێنەی‌بێگەرد».

**بەدەرکران:** دەرکـران، وەدەر نـران: (سـوورە کونەمشکی لێ بوو بە قەیسەری، پێی وابوو بە تاوانی خۆی گۆڕەوەشار دەدرێ و شاروەشـار بەدەر دەکرێ) «شەوارە».

**بەدەرکەوتن:** زاهیر بـوون، دەرکەوتـن: (سـەد مەولەوی بە فتوەیی دڵ دەبنە عیسەوی/ گاهێ ئەگەر لە گێســـوویی تەرســـا بەدەر کەوی) «سالم».

**بەدەرنـــان:** وەدەر نـان، دەرکـردن: (لە سـاڵی ١٩٣٠ز. ئەو کاتەی تورک ئاشووری‌یەکانیان لە تورکیا بەدەر نا) «لەمەهاباد بۆئاراس».

**بەدەرەک:** چـش، بەتـوون: (گـوێ لە واعیـز مەکە ئەمشـــەو تەک و تەنهـا وەرە لام/ ڕۆژی مەحشەر بەمە ئەگەر بمخەنە دۆزەخ بەدەرەک) «حاجی قادر».

**بەدەری:** دوورەپەرێزی، خۆبوێری.

**بەدەریاچوون:** کەوتنە نـاو دەریـاوە، بریتـی لە خەسـاربوون: (چ بـکەم کە بە دەریـا چـووە، لەعل و گوهەری من؟) «مامڵێ».

**بەدەس:** ١. دەسەڵاتدار، دەسرۆیشتوو،٢. ئازا، بوێر،٣. چابک، گورج، کاری، کارامە.

**بەدەس‌ئاردەی:** بە دەس هێنان.

**بەدەس‌ئاما:** بەدەس‌هاتوو.

**بەدەس‌ئامای:** بە دەس هاتن.

**بەدەس‌ئامێ:** بەدەس‌هاتگ.

**بەدەس‌ئاور:** بەدەس‌هێنەر.

**بەدەس‌ئاوردەی:** بە دەست هێنان.

**بەدەس‌ئاوریا:** بەدەس هێنراو.

**بەدەس‌ئاوریێ:** بەدەس هێنراو.

**بەدەست:** بەدەس.

**بەدەست‌گرتن:** کچێنی بردنی بـووک، چـوونە لای بـووک بـۆ یەکەم جـار: (بەڵام شـێخاڵ زاوابەندە و قەراریش وایە تا خـاتوون ئەسـتێ بۆخۆی مل نەدا، بە دەستی نەگرێ) «توحفە».

**بەدەست‌وبرد:** کارامە، کاری، ئـازا، زیـرەک: (چـــاوم لە تـــۆیە وردی/ ئـــای چەن بە دەستوبردی) «کاکەی فەلاح».

**بەدەست‌وبردبوون:** کاری بوون، کارزان بـوون: (ماشەڵڵا فاتێ ژنێکی بە دەست و بردە).

**بەدەســت‌ودەم:** هەرەتـی لاوەتـی: (سـەردەمی بەدەست‌ودەم و پەرداخ بوون) «ڕاوچی».

**بەدەستەڵات:** خاوەن هێز، دەسرۆیشتوو.

**بەدەستەوام:** بەدەستەواو.

**بەدەستەواو**: ١. بەهاوکاری، بەدەسەوام،٢. بە ئەمانەت دانی بۆ ئەمانەت وەرگرتن.

**بەدەستەوە**: ١. حازر، ئامادە، تەیار،٢. لە حساب‌دا ڕادە و ئەندازەیەک کە دەخرێتە لاوە: (پێنج و هەشت دەبێتە سێزدە، سێی دەنووسین، یەک بە دەستەوە).

**بەدەستەوەبوون**: ١. لە ناو دەستا بوونی شتێک،٢. ئامادە بوون،٣. خەریک بوون بە دەسپێکی کارێک: (قوڕەکاریم بەدەستەوەیە).

**بەدەستەوەچوون**: بە دەستەوە مردن.

**بەدەستەوەدان**: ١. تەسلیم بوون: (هەرچی دەکەم ئەو ژنە خۆی بە دەستەوە نادا)،٢. تەسمیل‌کرن، تەسلیم‌کردن، پێدان، وێدان، دانەدەست: (هەموو خێلانی کورد لە بە دەستەوەدانی چەک لە بیرەبیرە بوون) «لەمەهاباد بۆئاراس».

**بەدەستەوەهاتن**: توانایی و سەوکەوتن لە کارێک‌دا: (کارەکەم بە جوانی بە دەستەوە هات).

**بەدەس‌ڕێگەوڕۆین**: لەسەر چنگان ڕۆیشتن، سەرچنگانە چوون.

**بەدەس‌گرتن**: بە دەست گرتن: (هەستە بیشۆرە بە مەی دڵ و پاکەوە بە/ مەیگێڕی بە دەس بگرە هەتا ماوە نەشەت) «ڕاوچی».

**بەدەسۆدای**: بە دەسۆ دان.

**بەدەس‌هاتن**: هاتنەدەس، دەس‌کەوتن: (تا نەدەی لە ڕێی حەق هەرچی هەس/ ئەوەی کە دەتەوێ لەکوێ دێ بە دەس؟) «غولامی».

**بەدەسەڵات**: دەسڕۆیشتو، بەدەستەڵات.

**بەدەسەڵاتە**: بەدەسەڵات.

**بەدەسەڵاتی**: دەسەڵاتداری.

**بەدەسەوە**: بەدەستەوە.

**بەدەسەوەبوون**: ١. بە دەستەوە بوون، نزیک بوون،٢. خەریک بوون.

**بەدەسەوەدان**: ١. بەدەستەوە دان، دانە دەست، ٢. لاوازبوون و لە کەمی دان: (فیسارەکەس بەم نەخۆشییە داویە بە دەسەوە).

**بەدەس‌هێنان**: دەس‌خستن: (بە هێزی باوەڕ و شان و دەماری/ بەدەس بێنێ ژیانی خۆی و خێزان) «قانع».

**بەدەسی**: بە دەستی.

**بەدەعیە**: بەپۆز، بەفیز، بادی‌هەوا.

**بەدەعیەیی**: بەدەعیە بوون.

**بەدەعیێ**: بەفیز و هەوا.

**بەدەق**: ١. شەق، تورت، لەگەشە ٢. دەقدار، کوتاڵی کەتیراوە ٣. تەواو، نەگۆڕاو ٤. ساخ، کەیف‌ساز.

**بەدەگمەن**: بە هەڵکەوت، زۆر کەم: (بە دەگمەن کۆت و شەڕواڵی لەبەر دەکەم، هەر ڕانک و چۆغە دەپۆشم).

**بەدەل**: ١. لەجیاتی، لەباتی، لەبری ٢. ساختە، قەڵب، بەدەل، دەسکرد، ناجسن: (زێڕی بەدەل)،٣. هاوتا، هاوجۆر، وێنە: (بێ‌بەدەل: بێ‌هاوتا)،٤. بریتی لە برازاوا: (نەعشێ مە بلا ستی دگەل بێ/ تاجدین دگەل مەمێ بەدەل بێ) «خانی»،٥. بەردیل، بن‌پشک، ئەو کچەی بۆ برا دانراوە ژنی بۆ بکا.

**بەدەڵ**: بەدەل.

**بەدەلڤان**: ×٩١×: (ڕۆژێ سێ جارا دا خوە کەم/ بەدەلڤانێ هەر چار گایە) «حەیرانۆک».

**بەدەلڤەکرن**: قەرەبووکردنەوە، تۆڵەکرنەوە، بەوەرنانەڤە.

**بەدەل‌کرن**: گۆڕین: (ئامانج کو بو مەحەللێ پەیکان/ دوردانە بەدەل کرن ب مەرجان) «خانی».

**بەدەڵمەجنوون**: ئاشقی بەدەڵ، دڵداری

سـەرەڕێ: (بەدەڵ مەجنوونـان لەیلـی گـوم کەردە) «چەپکەگوڵ».

**بەدەڵی**: نائەسڵ، نائالا.

**بەدەم**: ١. قسـەزان، قسـەڕەوان، بەزمـان، دەمپـاراو، بـدەڤ ٢. زۆرخـۆر، بلەزخـۆر: (ولاخێکـی زۆر بەدەمە)،٣. بەزار، زارەکـی، سـەرزارەکی، بێکـردەوە: (هەوڵ و تێکۆشـین هەر بە تەنها بە دەم کەڵکی نییە/ گرمەگرمـی هەوری بێبـاران، نیشـانەی زەیـقەتە) «ف. بێکەس».

**بەدەمـاخ**: بەدەمـاغ، کەیفسـاز: (لەوسـاوە کە جێی جەننەتە ئەو زاتە، کەچی تۆ/ لەم ئاگرەدا عەینی سەمەندەر بە دەماغی) «بێخود».

**بەدەمـار**: ١. بەهەوا، بەفیـز: (شـاری شـنۆ سـاحێب دارە/ یـارم شـۆخە و بەدەمـارە) «حەسەن زیرەک» ٢. بەشەرەف، بەنـامووس،٣. ئازا، بەحوزم، مێرخاس، سەر شۆڕنەکەر.

**بەدەمارە**: بەدەمار.

**بەدەماری**: بەهەوایی.

**بەدەمـاغ**: بەدەمـاخ، سـاز، گەش، گۆشـتن: (شـاری شـنۆ سـاحێب بـاغە/ یـارم جـوانە بەدەماغە) «حەسەن زیرەک».

**بەدەمانگرتن**: وەخۆ گرتن، گرتنە ئەستۆ.

**بەدەمپرخەوە**: بە دەم خەوەوە: (سـەگ بە دەم پـرخەوە دەم دەم دەمـرێ/ لە خەوا دیـویە گورک بەرخ ئەدرێ) «بۆکوردستان».

**بەدەمخەوەوە**: لە کاتی نوستن‌دا دوان×: (کورە کەچەڵە فکر ئەکاتەوە ئەڵێ بە دەم خەوە ئەڵێم ئاغەژن بێم؟) «ڕشتەی مرواری».

**بەدەمداسـاوین**: ١. بریتـی لە شـتی کەم بـۆ پێخۆر: (عالەمێکمان بەسەردا ڕژاوە، ئەو تـۆزە چێشـتە بە دەمـی کێـدا بسـاوم؟)،٢. لە دەم هەڵساوین.

**بەدەمـداهاتن**: لـێ گەڕانەوە، جـوابەجەنگی کـردن: (چـاوی چـووە خەو، لە خەوی‌دا زاراخـانم لێـی بە دەمدا هـاتووە، گەزارە دەکێشێ) «پێکەنینی گەدا».

**بەدەمداهاتنەوە**: جوابەجەنگێ کـردن: (وای بە دەمدا هاتەوە، خەریک بوو بیخوات).

**بەدەمۆپل**: بەدەم، قسەزان، بدەڤ.

**بەدەمڕێگاوە**: لە حاڵی ڕێگاڕۆیشتن‌دا.

**بەدەمۆئامای**: بە دەمەوە هاتن.

**بەدەمۆبییەی**: بە دەمەوە بوون.

**بەدەمۆپل**: قسەزان، قسیەخوەش.

**بەدەمۆپلە**: بە دەمۆپل.

**بەدەمۆدو**: خۆش‌ڕاوێژ، قسەڕەنگین.

**بەدەمۆدۆ**: قسەزان، خۆش‌ڕاوێژ.

**بەدەمۆدوو**: خۆش‌ڕاوێژ، قسیەزان.

**بەدەمۆدووە**: قسەزان، قسیەخوەش.

**بەدەمۆدوویی**: قسیەخوەشی، قسەزانی.

**بەدەمۆلوای**: بە دەمەوە هاتن.

**بەدەمەوەبـوون**: ١. بە زارەوە بـوونی شـتێ،٢. بوونی کـات و مـۆڵەت،٣. بە بەرەوە بـوون،٤. لەبەر دەست‌دا بوون و خزمەت کردن.

**بەدەمەوەدان**: ١. بە دەمەوە کردنی خـۆراک، ٢. ڕووپێـدانی زۆر: (هێنـدەی بە دەمەوە داوە زۆر ڕوودار بووگە)،٣. بریتی لە پێ زیادکردن: (برێکی دی لەو زەویەی بە دەمەوە بدە ماڵێکی باشـی تێـدا دەبـێ)،٤. لەدووەدان، لغـاو بـۆ شل‌کردن.

**بەدەمەوەڕۆیـین**: ١. سـەرەنگرێ بـوون، سەرسمدان، هەڵەنگووتن،٢. پێ زیاد بوون.

**بەدەمەوەهاتن**: ١. پێ زیاد بوون،٢. بە فریا کەوتن،٣. پێشوازی لێکردن.

**بەدەمیەکەوە**: بەسەریەکەوە، پەیوەست.

**بەدەن**: ١. ئەندام، ئەنام، ئاوگڵ، تووش، لەش،

قالب، قەلب، مر، بەندەن، تەن، بەشەن، بەچک، چک، جەستە، جەسە، ڕێژە، کلۆخ، گان، گیان، لەخت، لاش، لەش، لە سەرەوە تا بەر پێی مرۆڤ: (چون وە تام زام دووری سەرشارەن/ ویانە مارۆ، بەدەن بێزارەن) «مەولەوی» ٢. لاسک، ساقەتە: (دیم بەدەن عوریان جە سەر تا دامان/ وەڵگی باڵاشان ڕێزان وە دامان) «بێسارانی»،٣. بەندەن، قەدپاڵ: (ئەتۆ خەزاڵت نەدیوە ئەگەر بە زەردەخەنە پێدەکەنێ/ مەگە قەتت نەدیوە ئەگەر دێنە گوڵ دان، گوڵ لە بەدەنێ/ ئەو گوڵانە لە حاستی پێدەکەنێ ... بێقابیلەت دەبێ پیاو هەڵیکەنێ) «لاس‌وخەزاڵ»،٤. شووره، وارش، دیواری بەردینی قەڵا: (بەدەنا دیاربەکرێ)،٥. بریتی لە کێر: (جەڤان خۆرتێن نکارن ژ شەهڤەت پارێز نابن/ کو کال سوستن و نخیلن بەدەن لێ ڕانابن) «گولشوون».

**بەدەنداز**: دزێو، بەدڕیخت، ناشیرین.

**بەدەنژووژ**: لەش سووک و زیتەڵ.

**بەدەنژووژە**: مرۆڤی لەش سووک و زیتەڵ.

**بەدەنژووژی**: لەش‌سڤکی، زیتەڵی.

**بەدەنساق**: ساغ، ساخ، تەندرس.

**بەدەنساقی**: لەش‌ساغی: (تا دێر زەمانە یاخوا باقی بی/ دایم لە لیباس بەدەن‌ساقی بی) «م.ح. دزڵی».

**بەدەنسووک**: لەش‌سڤک، چالاک.

**بەدەنسووکە**: چالاک، سووک.

**بەدەنسووکی**: چالاکی، ئازایی.

**بەدەنقورس**: تەمەڵ، لەش‌گران.

**بەدەنقورسە**: تەمەڵ بۆ مێ.

**بەدەنقورسی**: تەمەڵی، تەوەزەلی.

**بەدەنگ‌وناو**: مەشهوور، ناودار، بەناوبانگ: (خواناسی ئەو بە دەنگ‌وناو بوو/ بۆ هەر دوو جیهان خوداپێداو بوو) «هەژار».

**بەدەم‌مەڕیا**: لە شتێک شکاو.

**بەدەن‌مەڕیای**: لە شتێک شکان.

**بەدەن‌مەڕیێ**: لە شتێک شکاو.

**بەدەنۆ**: بە لەشەوە.

**بەدەنۆری**: بە بەدەن‌دا، بە لەش‌دا.

**بەدەنە**: ١. نیوەڕوو، نیڤ‌ڕەخ ٢. پەیکەری هەندێک شتی بێ گیان: (بەدەنەی ماشێن)،٣. ناوی گوندێکە لە هەرێمی کوردستان.

**بەدەنەدیوار**: لادیوار، بەری دیوار: (لە هەر بەدەنە دیوارێک ئەسپەندەر بە پارچەی ڕەنگاوڕەنگ گیراوەتەوە) «هەزار ئەشکەوت».

**بەدەنەنە**: لە لەش‌دا.

**بەدەنی**: ١. لەشی، جەستەیی، تەنانی، بەشەنی، ٢. گوندێکە لە نزیک قەرەقوش.

**بەدەو**: ١. نەبەز، خۆشبەز، غاردەر، گیانداری چەسپان: (عوببەیان دا بەر ڕکێبان/ بێ‌حەد و قەول و حسێبان/ بەدەوا موخلیس ژ عێبان/ گاڤەکێ بهن نادەتێ) «فەقێ تەیران» ٢. جوانچاک، خوشیک، لاو، خوشکۆک، زیبا، شیرین، بەدەبەدەبە، جوان، شۆخ: (بەهبە چقاس بەدەوی/ پەڕ ڕەش و زۆر قەلەوی) «پەرویز جیهانی» ٣. ڕازاوە، نەخش‌دار، نەقش‌دار: (ژ ئاڤایێن دۆر کۆچکێ یەک ژێ مزگەڤتا دار ئال ئیحسان بوو، کو ب ئارکیتێکتوورا بێ قوسوور و بەدەوبوونا خوە ناڤ و دەنگ بوو) «مەستوورە»،٤. خێرا، بلەز، گورج، توندوتۆڵ: (ئێستاکە خەڵیفەی گرانبەهای ئەو/ جیهانی پێ ئەبا بۆ ئاشتی بەدەو) «گۆران» ٥. بەدجسن،٦. بریتی لە بەڕەونەق، بەبرەو: (ناوی ساحێب‌قڕانی خاسی ئەوە/ چونکە لەم عەرسە ئەسپی ئەو بەدەوە) «حاجی قادر»،٧. ناوە بۆ کچان: (ئەڤین و

بەدەوی خوشکێن هەڤن) «سەنار».
**بەدەوتــر:** جــوانتر، شــۆختر: (مــاه شــەرەف خانمێ د قولچەکی دلێ خوە دا شـا بـوو، وێ نها باوەر دکـر، وەکـی ئەو ژ بـووکێ ڕنـدترە، بەدەوترە) «مەستوورە».
**بەدەور:** بە سەرە، بە نۆرە.
**بەدەوراهاتن:** گردگەڕیان، بەدەورا چەرخیان.
**بەدەوریخۆداهاتن:** خۆڕازاندنەوە.
**بەدەوریخۆهەڵاتن:** خۆجووان کردن.
**بەدەوفرۆش:** جوانفرۆش، فرۆشەی زیبایی: (دار چـانم نە ل بوسـتان، بەدەوفرۆشـم نە ل کەنعان) «گولشوون».
**بەدەوکاری:** جوانکاری، کارێ خەملاندن.
**بەدەووۆک:** ڕندک، خنجیلانە، خرپنە.
**بەدەوی:** ١. جوانی، شۆخی، قەشەنگی: (وان پۆرا بەدەوییا وێ زێـدە دکـر) «مەسـتوورە»،٢. چۆڵپەرســـت: (عـــالەم هەمـــی بـــویە عوشـرەتئاباد/ شـەهری، بەدەوی، عەبیـد و ئـازاد) «خـانی»،٣. نـاڤێ ژنـانە: (بەدەوی ژی دبێژە: ئەز ب خێرا خوە شک بـوونێ، ئەڤینـێ دئەفرینم) «سەنار».
**بەدەهەن:** دەسبڵاو، دەهەندە، بەهیممەت.
**بەدەهەند:** بەدەهەن.
**بەدی:** ١. خــراپە، گەنـدی، خـراوی: (جـای ناتەمامی، بەدی و بەدنامی/ هەر ڕۆ بە وێـنەی فۆتە حەمامی) «م.ح. دزلی» ٢. تـۆ خراپـی، تە بەدی: (پیاوێکی بەدی)،٣. بەڵـێ، ئـارێ، بەرێ بـۆ وەڵام: (ئەمـڕۆ نەچـوییەوە مـاڵێ؟ بەدی چووم) ٤. بەڵێ بە سووکایەتی: (قـالە چکـۆل بێخەبەر نەبی مام وسێن دوو خوری دیشی بۆ زیـــاد کـــردووی. بەدی دە وەیدا نیـــیە) «موکریان»،٥. بەدید، دیتن، دیـن، بینیـن: (ئێتـر شـوێنەواری جـوانی بەدی نـاکەم لەم نـاوەدا) «نـاڵەی جـودایی»،٦. شـووفاری، شـۆفاری،٧. بەگومان و مەزننە: (بە خەیاڵ شـوێنێکم بەدی کروە).
**بەدێ:** نێوی نێرینانە.
**بەدیارەوەبوون:** ١. ئاگاداری کـردن،٢. دیـار بوون، دەرکەوتن.
**بەدیارەوەدانیشـتن:** ١. دانیشـتن و چـاوەڕوان مانەوەوە بۆ گەورە بوون،٢. ئاگا لێبوون.
**بەدیئاردی:** بەدی هێنان.
**بەدیئاما:** بەدیهاتوو.
**بەدیئامای:** بەدی هاتن.
**بەدیئامێ:** بەدیهاتوو.
**بەدیئاور:** بەدیهێنەر.
**بەدیئاوردەی:** بەدی هێنان.
**بەدیئاورە:** بەدیهێنەر.
**بەدیبوون:** ١. خراپ بوون،٢. دیتـران، دیـار کەوتن.
**بەدیبەدان:** بەدیـــی بەدان، خـــراپەی خراپەکـــاران: (یـــا بەدیـــی بەدان نە ڕاگەت بەردەن/ یاخۆ بێشەرتیت وە عادەت کەردەن) «بێسارانی».
**بەدید:** بەچاو، بەدی، دیتن.
**بەدیعەجەماڵ:** ناوی ژنانە: (مزەفەرخـان هـات چووە سەر لیباس بانگی هەڵدا، بەدیعەجەمـاڵ لە سەر لیباس بوو) «ئاوێنەیبێگەرد».
**بەدیکردن:** ١. خراپە کردن،٢. بەرچـاوکرن، ڕەچاوکردن، بینین، دیتن: (بـۆ گەردنـی گـوڵی کێویی لەجێ هەڵکەنراو/ نمی فرمێسـک بەدی ئەکا لەسەر کلی چاو) «گۆران»،٣. وەدیهێنان، هێنانەدی،٤. منەکردن.
**بەدیکـــردە:** کـرداری خـراپ، خـراپە: (وە بەدی کردەت زوانت لەنگ نەبۆ) «مینەجاف».
**بەدیکەر:** شووفار، جاسووس.

**بەدیل**: ١. فێڵ، گزی ٢. نۆبە، نۆرە، نۆگە، سەرە، سرە.
**بەدیلڤـانی**: بەدیڵڤـانی، دەستەواو، یـارمەتی، ئاریکاری.
**بەدیڵڤانی**: بەدیلڤانی، ئاریکاری.
**بەدیـل‌گیراو**: ئەسـیر، دیـل: (ئـێمەش چـوون بەدیل‌گیراوێـــک بێ‌تاقەتـــانە و گەڵبـــڵاوانە هەنگاومان دەنا) «کۆردەرە».
**بەدیـــلە**: تەمەن، عـومر: (ژی ئیشـالا بەدیـلە کورت بی).
**بەدیمەن**: پێکەوتـوو، لێهـاتوو، هەڵکەوتـوو: (سـوار قیـت و قـۆزە، مـوو خورمـایی و سـوورکارەیە، چـاوی شـین و قەوی قەوی‌یە، پێکەوتوو و بەدیمەنە) «هەزار ئەشکەوت».
**بەدیـــن**: ١. موسـوڵمانی چـاک، لەخـواترس، دینـدار، ئیمـان‌دار، دیـن بەهێـز: ( مێزەرسـپی گشـت بەدیـنن/ خـاوەنی عـیلم و زانیـنن) «تەقیلە»،٢. ئێمە خراپین.
**بەدیناروبەدیناری**: ناوی گۆرانییەکە: (بە دینـار و بە دیناری/ چەنـد عەنتیکە و مەزەداری/ لە قولەی قافم لێوە دیاری) «حەسەن زیرەک».
**بەدیناری**: ناڤێ سترانەکی کـوردییە: (چـاو و بـرۆت لە یەک گیـرن/ ئەی وەی ئەی وەی بە دیناری) «حەسەن زیرەک».
**بەدینی**: دینداری، ئیمان‌داری.
**بەدیوم**: بەدیۆم، شووم، بەدفەڕ: (ئەڵێن: ئەگەر کەسێ نینـۆخی دەس و پێـی پـێکەوە بکـات، دایک و بابی پێکەوە ئەمرن) «ڕشتەی‌مرواری».
**بەدیۆم**: بەدیوم، پێ‌پار.
**بەدیومنەن**: شووم و نەگبەتە.
**بەدی‌وەتن**: بەدی کردن، خراپە کرن.
**بەدی‌هاتن**: هاتنە بوون، هاتنە سەر دنـێ: (لە هـیچدا بەدی هـاتی، بەرەو هیچـیش ئەڕۆی غافڵ!/ لە بەینـی دوو هـیچدا خەرابـاتی بـژی گیانە!) «دڵدار».
**بەدیهی**: ڕاستەوخۆ و لەناکـاو: (زینـێ وەهە گۆتە وی بەدیهی/ ...) «خانی».
**بەدیی**: خراپە، خراپی.
**بەر**: ١. ئاسـتەر، ئاسـەڕ: (ئەو کەوایەی مـن چەنـدی بەر دەوێ)،٢. بەرد، تەوەن، کوچـک، کەڤـر: (چ ئەسـەر دێ ل بەرێ خـارە بـکەت قەترەیێ ئاب/ قەلەمی مە ب دوسـێ قەترەیـێ زوهها چ کەت؟) «جزیری» ٣. میوە، بەری دار و بێسـتان: (سـەروی سـەهی، قوربـان! ئەگەر ئازادە، ئەدی بۆچ/ بادام و گـوڵ و سـونبول و نەسرینە بەری تۆ؟) «وەفایی» ٤. پـێش، پێشـتر بۆ کات: (شی نە ڕای مەزهەب عارییـانی بەر) «بێسـارانی»،٥. ئەنـدازە، ڕادە، قەدەر ٦. قەراغ، کەنـار، پەڕ، ڕەخ: (ئەوبەری چـۆمی) ٧. بەش، پـش، پـار: (ئەمەنـدەم بەر نـاکەوێ) ٨. تـوڵ، زگ، پز: (بـزنەکە بەری هاویشـت) ٩. سـنگ، سـینە، بەرۆک: (وی پێشـرەوی بـاتن ڕەڤـام، یەغما کرم سـیمین‌بەرێ) «جزیـری»،١٠. ژێـر، خـوار، خـوارەوە: (بەری پـێ: ژێرپـێ) ١١. پۆشین، لەبەرکـردن: (کەوام دەبەردا بـوو) ١٢. گـوللە، فیشـەک: (بەرێ تفەنگـێ) ١٣. قـوە، باتری، پیلی وشـکی چرادەسـتی و ڕادیـۆ ١٤. درگا، دەرک، دەری ١٥. ئازاد، بەرەڵلا، ڕزگـار: (لە زینـدان بەر بـووم) ١٦. پاشگری هەڵگـر، کێش: (ڕەنجبەر) ١٧. وەرگـر: (میـراتبەر) ١٨. رووی تماشـــا: (ئەم بەرێ خـــۆ دایە دا) ١٩. بەهرە، داهات، بەرەجووت: (گەلێک ئەیویست بەری ڕەنجی/ خۆی بیخـوا، کلیلـی گەنجـی) «گۆران»، (بەر و بـۆت ئەمسـاڵ چـۆن بـوو؟) ٢٠. بەرگەدە، مـــردارەبەر، بیـــرۆڤ، ریـــڤ، مووچک، تووکەبەر: (حاڵ لە سێ خـاڵی نییە:

تۆخودا بە ڕاستی پێم بڵێ:/ مووی سمێڵت یا بەرت یا کلکی یابووی پێوە بوو) «شێخ ڕەزا»، (وتی تـوکەبەر ونکـا دەنکەجـۆ) «هەژار» ٢١. ڕوو، ڕوو بە، ڕووەو: (ئاڤ ل ئالیی تە بەر ب من تێ خار) «پەرویز جیهانی»،٢٢. بۆر، بۆرەی سـەر پیتـی عەرەبـی ٢٣. پـێش: (لە بـارانێ مەپرسـە تـا هەور بگـرێ بەری ڕۆژێ/ ...) «هێمن»، (فێلەتی بەرێ خازخازۆکێ دادگـرە) «پەند» ٢٤. پێش، بەردەم، لای پێشـەوە: (گـوڵ تاجی لەسەر نـا و، چەمەن مەخمەڵـی پۆشـی/ هـات مـوژدە کە خەلـعەت گەیـیە بەر بە موباهـات) «نـالی» ٢٥. تـاقەت، توانـا، بەرگە: (هەمەوەند لەشکری ڕۆم و عەجەمـی داوە بە گان/ بەری حەملەی چۆن دەگـرێ، لەشـکری گـاوان و شـوان) «شـێخ ڕەزا»، (بەرگـرتن: بەرگەگرتن) ٢٦. بەڵـغ، بڵـغ، خڵتە(سـەماوەر) ٢٧. سەر، لەپ: (بەری دەس: لەپی دەس) ٢٨. هۆ، هۆکار، مـایە، سـەبارەت ٢٩. یـاد، ئەزبەر، حیفـز(وانە) ٣٠. بەرینـایی، پـانی، پانـایی، بەرپانی(قوماش)،٣١. مەمک، مەمە: (دوو بەر ژ وێ پاشێلکێ ل هەڤ لـێ دکەڤە) «پەنـد»،٣٢. خـوری: (بەرکـرن: خـوری لە پشـتی ئـاژڵ کـرنەوە)، ٣٣. لا، کـن، نـک، جەم: (بەر مـن ڤاهـات: بـۆ لای مـن هـات)،٣٤. کەڵ: (وەبەرهاتن: بەکەڵهـاتن)،٣٥. کۆتـایی: (ڕێگـا لەبەر نـاچێ: کۆتـایی نـایەت)،٣٦. یەکەم، یەکەمـین: (نـۆبەرە) ٣٧. تیـرە، بەرەبـاب،٣٨. کـورتی: (لەبەر بـڕان: کـورتی هێنـان)،٣٩. بەردەست، بەرفەرمان: (بەسە چاڤ لبەردەستی بیانی)،٤٠. بەری دروێنە،٤١. بەرە، بەرر، گلێم، لەی،٤٢. بە، بـبە: (ئـازیزا وەس بـووزەم نە گێجاو خەم/ وەس چون بینایی پەنهان بەر، نە چەم) «مەولەوی»،٤٣. باوەش، ئامێز: (تۆ وەرە، ئەی نـووری دیـدەم، سـاعەتێ بتگـرمە بەر/ چاوی لێ بێ موددەعی، کوێر بێ لە حەیفـان، دوور بە دوور) «ئەدەب»،٤٤. بەرەکەت، سـایە، هـۆ: (زەویوزار بە بەری ڕەنجـی تراکتـۆر/ عەمارمان پڕ ئەکات لە گەنمی زۆر) «گـۆران»، ٤٥. بەگ، خان، ئاغـا،٤٦. ڕووی قسـە، ڕووی دەم: (ڤێجـا دەسـت ب نفـران کـرن و بەرێ نفرێن خوە دان تەنەفرۆش) «پەپووک»،٤٧. گیا و گوڵ و سەوزەی پێگەیشتوو: (ئەو ساڵ سێ بەرمان وێنجە دووریوە)،٤٨. قوز، کـوز: (لەبەر هوردە کێران، بەرم بە درشـتە کێـران، وە نـیە) «ف.پ.پ.».

**بەڕ**: ١. بیابـان، بەژ، بەریە، سـەحرا، چـۆڵگە، دەشـت، ویشـکانی: (بە کەس نـابێ بتـی مـن ئاشنا قەت/ غەزالەی بەڕ نییە ڕامی وەفا قەت) «مەحوی» ٢. بەرخ، کار: (چ خۆشە من وەکوو تازی بنـوورم/ ئەتـۆش هەروەک غەزالەی بەڕ هەڕا کەی!) «نـالی»،٣. وشـکانی، بەژ: (پـوڕ لەعل و دوڕ تە ژ کلکی عیشـق، ئـانینە نەزمـا سـیلکی عیشـق/ دەر بەڕر و بەحـری مـولکی عیشق، مەعلـومە خاقـانی مەلا!) «جزیـری» ٤. زرعـاتی تینـوو ٥. بەڕە، گڵـێم، پەڵاس، لەی: (کاسـە و کەوچـک، حەسـیر و بەڕ لە ئـاودا هەرووەکوو/ کیسـەڵ و ماسـی و جلە، دێـن و دەچن پـرژ و بـڵاو) «نالی»،٦. کـۆنەی سـەر پشتی باربەر: (کەوڵەشێر کرا لوڕ و جل و بەڕ/ سـەر پشـتی خـرا باراشـی زمـهەڕ) «بۆکوردستان»،٧. کوچگ ناو ئـاو ک ئێرە هـا دەیشتەو و ڕەنگێ سوویەرە.

**بهر**: گوزەر، دەربازگە، بێری، بهور.

**بەرا**: ١. بلا، بێلا، بێلە، بەلا، با: (بەرا ئازاد بێ: بـێلە ئـازاد بـێ) ٢. بەرخ، کـارژۆڵە،٣. بەرددا، کەڤردا: (ل ناڤ چیمەن و دار و بەرا/ تەماشـا

کر ل هەر دەرا) «پەرویز جیهانی»،٤. ئەبەن، دەبەن، دەبرێت: (ئینشاڵڵا وەختێ حەشرەما کەرا/ چەنێ سولەحا نامێما بەرا) «م.ح. دزڵی»،٥. بەرن، ببەن: (واچە پا خەڵکی هانایی بەرا/ بەشکەم جە دزڵی حەشرەما کەرا) «م.ح. دزڵی»،٦. بێەرا، بەرەو.

**بەڕا**: ١. زانا، دانا، خودانڕا، بەتەگبیر ٢. بەرخ، وەرە ٣. بەڕاستی؟.

**بەرابەر**: ١. هەمبەر، وەکەهەڤ، چونیەک، ڕووبەڕوو، وەراوەر، وەرانوەر، حاست، ڕاست، ڤەراڤەر، چووبەچوو: (ئەوجار لەسەر کورسی نەرم/ خۆشی دانیشت بەرانبەرم) «هێدی» ٢. مێمڵ، هاوزۆر، هاونەوەرد، هاوتەرازو ٣. ڕووبەڕوو، دەساندەس.

**بەرابەری**: ١. بەرامبەری، تەرازوویی، ڕێکی ٢. دەساودەسی ٣. هاوزۆری، هاوتەرازوویی، مێملی،٤. دژایەتی، بەرەنگاری.

**بەرابەریێتی**: بەرامبەریێتی، بەرانبەری.

**بەرابەری کردن**: ١. هاوتابوون، هاوسەنگی،٢. دژایەتی کردن.

**بەرابزن**: نەخۆشییەکی جەرگی بزنانە.

**بەراپشت**: بەروپشت، ئاوەژوو، پێچەوانە.

**بەراپێچ**: ١. بەراوپێچ ٢. تەل،سیم.

**بەراپیل**: کۆڵوانە، بەرهەڵبێنە، بەرامپیل.

**بەرات**: ١. مزی وەرزی ڕەنجبەر: (دڵی بەقەت سێڵێکە، لە حەق و بەراتیش مەترسە) «ئەمیری» ٢. مووچە، جیرەی هەمیشەیی ٣. ڕسق و ڕۆزی بەش کردن: (نیوەی مانگی شابانێ شەوی جێژنی بەراتێ/ لە خودای دەکەم تەڵەبێ بەشکو چاوەجوانێم داتێ) «فولکلۆر» ٤. چەک، پسوولە، حەواڵەی پووڵی: (٨ ××) «ف. بێکەس» ٥. بەڵگە، دەلیل، ئاوەند ٦. شەوی بەرات، نازناوی شەوی نیوەی شەعبانێ: (ئەز و یار گەر شەڤەکێ هەر دو هەمئاغوش ببین/ لەیلەتولقەدرە مە ئەو شەڤ ب بەراتێ نادم) «جزیری» ٧. جۆرە ماسییەکە ٨. خەڵات، دیاری: (چ بەرات بو وە ب سەردا کاکول/ چینبچین میسک ب توغرارانی) «جزیری» ٩. خەڵاتی گەورە پیاوان بۆ ژێردەستان: (تەمامەن بەرات قەبز و حەواڵەم/ دێرەن کەرەم کەر بدەر پیاڵەم) «مەولەوی»، ١٠. خەڵاتنامە، نامەی ڕەزامەنی و عەفوو لە گەورەپیاوان: (قاسد بە مەقسودا مە هات، با موژدە و ئەمر و بەرات/ نیشان هنارن هەم خەلات، شەهزادەیا گولگون قەبا) «جزیری» ١١. لای ئیزدیا گڵێکی سپییە بە ئاوی کانیسپی تەڕی دەکەن و گزمولەی دەکەن و کچگەل وەک مفەڕک هەڵیدەگرن،١٢. حەقە مەلا، بەراتی ساڵانەی مەلا لە دێدا: (لە جێگای خۆم بەراتم سەد تەغارە/ فەقێشم هەر بووە تا هەشت و تا نۆ) «هێدی»،١٣. ناوی سوورەیەکی قورعانە×: (حەمەمەلا هەڵدەداتێ/ دەڵێ بە سوورەی بەراتێ) «ڕاوچی»،١٤. کاغەزێک کە تاجر و بازرگان بەر لە ساز بوونی بانک لە نێو خۆیاندا سەودایان پێ دەکرد: (کە داغی سینەمی دی دەردی دامێ/ وتی مۆرت هەیە ساحیب بەراتی) «مەحوی»، ١٥. حوکم و فەرمانی شا: (ئەو کوشتەیێ جورمێ بێگوناهی/ تەشبیهێ بەراتێ پادشاهی) «خانی»،١٦. ناوە بۆ کچان.

**بەراتاڤ**: کویرەوەری دیتوو، زۆر چەوساوە: (وەی بابۆ ئەو چ مرۆڤەکی بەراتاڤە!).

**بەراتخواز**: فەرمانبەری بە مز، مووچەخۆر.

**بەراتخۆر**: ١. فەرمانبەری مزبەر، کارمەند، موچەخۆر ٢. کرێگرتی، کرێچی، کرێکار.

**بەراتخۆری**: مووچەخۆری.

**بەراتکێش**: بەراتنووس، کەسێ دەروەستە پارەی بەرات لە کاتی خۆیدا بدات بە بەراتگر.
**بەراتگر**: کەسێ پارەی بەرات لە کاتی دیاریکراودا لە بەراتنووس وەردەگرێ.
**بەراتگیر**: بەراتخۆر.
**بەراتنامە**: بەرات، حەڤالە، حەوالّە.
**بەراتنووس**: بەراتکێش.
**بەراتوەر**: بەراتخۆر.
**بەراتوەرە**: بەراتخۆر.
**بەراتە**: ١. کەلاک، لاکە، لاشەی تۆپیوی فڕێدراو،٢. نیشان، ئاسەوار،٣. خوێنبایی، حەق و پارەی خوێنی ڕژاو یا کوژراو،٤. بەرات.
**بەراتی**: موچە، جیرەی دایمی، چتێکە کە بە بەرات دەدرێ.
**بەراتیڕەنجبەر**: مزی کرێکار و ڕەنجبەر: (کۆتەڵ گێرە کراوە، گسک لە جێی خەرمان دراوە، دەودوو، شەرتەشوان و هەقەپێلاو، بەراتی مەلا و ڕەنجبەر دراوە) «هەزار ئەشکەوت».
**بەراتیکوێخا**: بڕی ٥٠ تا ١٦٠ کیلۆ گەنم کە جووتیار دەبوو بیدات بە کوێخا.
**بەراتیمەلا**: ئەو داهاتەی لە دێ بۆ مەلا دەبرێتەوە: (سۆفی سوورانە دەدا، زەکات، بەراتی مەلا) «ئەمیری».
**بەراجی**: ١. تیرەیەکی کوردە لە هۆزی سوێسنی،٢. ناوی بەراو و زەمینێکە لە دەڤەری سوێسنایەتی.
**بەراد**: لەرە، لەرزە، تەکان، جووڵە، لێدان.
**بەرادان**: ١. لێڕوانین، تواشاکرن، لێنۆڕین، ٢. هاڤێتن هەڤدو، د ئێکدو وەرکرن.
**بەڕاداندان**: ڕاسپاردن بۆ دروست کردن: (دەستێک جلم بەڕادان داوە).
**بەڕادە**: ١. بەرڕادە، پێلپەلک، پایە، ڕوتبە،٢. ئازاد، سەربەست، تۆڕەمە،٣. بەڕانی، حەیوانی بێ ساحەب لە سەحرا.
**بەرادەر**: برادەر، برا: (زینهار ب وان نەکی تو باوەر/ گەر باب و پسی، وەگەر بەرادەر) «خانی».
**بەرار**: ١. برا، برار،٢. دەرکێشان.
**بەراردەی**: هەڵکەندن، کۆڵین، ڤەدانەڤە.
**بەرارندە**: دەسخستوو، ئەوەی شتێکی هەبێ.
**بەرارۆ**: دەربێنێ، دەربێنێت، دەرکێشێ: (چنگ پێکۆ نە جەرگ نەغمەی سازەکەت/ بەرارۆ تۆتۆ میقراز گازەکەت) «مەولەوی».
**بەرارەشوەبەر**: ١. دەریبێنە،٢. جێبەجێی بکە.
**بەڕاڕەوی**: بەڕاگوزەری، بەهەڵکەوت.
**بەراز**: ١. خو، خوگ، خووک، خووگ، گاکوڵ، گوراز، ووراز، وەراز، گیاندارێکە پێستی ئەستوورە هەتا پازدە ساڵ دەژی: (گەزۆ، بنێشت، کەتیرە، سمۆرە، ڕێوی، چەقەڵ/ بەراز و گورگ و چەقەڵ، ئاسک و پڵنگی بەڵەک) «پیرەمێرد» ٢. بریتیە لە پیاوی کۆڵنەدەر و بەکار: (لەورا تێن وەک بەرازان/ ل خۆشمێران و ل شەهبازان) «فەقێ تەیران»٣. بریتی لە پیاوی پتەو و کورتەڵە،٤. بریتی لە ئازا، بوێر: (ئەم کەڵەشێرەش بە جوچکەیی خۆم گەورەم کردووە، نازانیت چ شڕەت و بەرازێکە) «کۆردەرە»،٥. لووتکە، قوتکە، قیتکایی سەری شاخ، بازگە.
**بەرازا**: ١. برازا،٢. ئێلێکی کوردن دانیشتووی سوریە و شاری ئەرزرۆمن.
**بەرازان**: گوندێکە لە نزیک شاری سنە.
**بەرازانی**: تیرەیەک لە کوردن دانیشتوی باڵەکیان و سرێشمە و دیڵەزیا، لە باکووری

ڕەواندز.

**بەرازبـــاب**: جنێـــوێکە: (ئەوا ئەو بەرازبـــابە وا هات، سمکۆی سـەگباب وا هـات) «خـاک و چەوسانەوە».

**بەرازخۆر**: ١. بریتی لە کاکەیی، ئەهلـی هەق: (یەکێ لە بەرازخۆرەکـان ئەمـرێ، مەلایەکیـان ئەچێتە سەر گـۆڕەکەی تەڵقینـی ئەدا: حەقلـی حەقـان حەق لـێ نەدا) «ڕشـتەی مـرواری»٢. ئەوەی گۆشتی بەراز دەخوات.

**بەرازسرووشت**: بریتی لە بوێر و ئازا: (لە نێـو سەرهۆزانی ئەم تیرەدا پیاوی بەرازسروشـت و ڕێوی‌سیفەت هەبوون) «توحفە».

**بەرازکـــوژ**: ١. تفەنگـا جفـتەیە،٢. جـۆرێ گـوللەیە کە بەراز دەکـوژێ،٣. سـەگی لەش گەورەی بەرازکوژ.

**بەرازگر**: گوندێکە لای پیران.

**بەرازگە**: مەخەلا بەرازان، جێی تژی ژ بەراز.

**بەرازۆ**: بەرازە.

**بەرازە**: ١. کاریتە ٢. مەڵغە، چڵ‌مێردە، لۆسـە، بـاری ٣. قایشـی جـووت لە تـووڵی تەڕ ٤. کەڵبە، کەڵپی یەکسم کە لە شەش‌ساڵیدا دێ ٥. دارێ کە بەرداشـی پـێ بەرز دەکـرێتەوە ٦. سـتوون، کـۆڵەکە، دارێ وەبەر شـتی قـورش بدرێ ٧. مـرخە، پشـکە، هەڵامەتـی ئـاژەڵ ٨. سەرکۆڵەکە، تانج کۆڵەکە،٩. پاسار، سەرسـوانە، گـورگەی خـانوو، داری سـەر گوێسـوانەی ماڵ،١٠. ئاغزوونە، ئافزوونە،١١. بەڕەزا، بارێزە، گیـایەکە×: (شـانە زەن وە زولـف بەرازەی شاخان/ شـنیایی گیسـووی چنووری زاخـان) «مەلا وەڵەدخان».

**بەرازەوان**: کەسێ ئاگاداری بەراز بێ.

**بەرازەوانی**: شوانی کردنی بەراز.

**بەرازی**: ١. هـــۆزێکی کـــوردن لە شـــاری سرووج دەژین،٢. کاری زۆرەملی، خرابکاری، کاری بە زۆرەملی (وەک بەراز) کردن.

**بەڕازیـــــان**: نـــاوی ئاســـۆگەیەکە×٨٣×: (ئەستێرەگەشەی بەرەبەیـان لە سـەر ئەسـتۆی بەڕازیان ئەستی وەدەر دەخا) «شەوارە».

**بەرازی‌دەریایی**: دۆلفین، ماسـییەکی گـوانداره بە کۆمەڵ لە ئاوی دەریادا دەژین، سەری وەک سەری بەراز دەچێ.

**بەرازی‌دەم‌بەســـراو**: بریتـــی لە کەســـێ کە ڕۆژووی ڕەمەزان بگرێ بەڵام نوێژ نەکات.

**بەرازی‌غەزریــــــو**: ١. بەرازی تـــــوورە و ڕقهەستاو کە پەلامـاری هەر شـتێ بـدات،٢. بریتی لە مرۆی توورە.

**بەرازی‌مێ**: مالۆس، ماویەبەراز، مەهوو، دەڕ، ساگەوان.

**بەرازی‌نێر**: یەکانە، شفرەدارە.

**بەرازی‌هێنـدی**: جـۆرێ بەرازی کێـوییە کە مێیەکەی دوو شفرە و نێرەکەی چوار شـفرەی هەیە.

**بەراژو**: بەراژۆ، بڵند.

**بەراژۆ**: بەرەوژوور.

**بەراژوتر**: بەرەوژوورتر، بڵندتر.

**بەراژۆتر**: بەرەوژوورتر.

**بەراژۆیی**: سەرەوژووری، ئەڤرازی.

**بەراس**: ×بەراز×: (ژن بەراسی خارە) «پەند».

**بەڕاس**: بەڕاست.

**بەڕاسان**: چوارچێوەی ژێر درگا.

**بەڕاست**: ١. وشەی پرسیار: واتا: بـێ‌درۆ؟،٢. لەڕاسـتی‌دا، بەدروسـتی،٣. بە لای ڕاسـتدا: (چوار و پێنجـی گـرت، بەڕاسـت و بەچەپ/ سـێ و چوارێکیشـی هاویشـتە ژێـر لەپ) «پیرەمێرد»،٤. ڕاستەقینە: (بوێژی بەڕاست ئەبـێ ئەدیب بێ) «ع. مەردان».

**بەڕاستزانین**: پێوابوون: (چۆن گەنمچێن بم شک نەبەم نانێ/ چ دینێک ئەمە بە ڕاست ئەزانێ!) «بۆکوردستان».
**بەڕاستی**: بە عەینی، بە ڕاسی: (ئەمەوێ بتخەمە سەر باڵی فڕین/ بە ڕاستی بتنێرم نەک بە خەوبینین) «گۆران».
**بەڕاستیشەن**: بە ڕاستییەتی: (هەرکەس جەی دنیا بە ڕاستیشەن مەیل/ ئەر تیغ بوارۆ جە ئاسمان چون سەیل) «خانای قوبادی».
**بەڕاسی**: بەڕاستی، بەواقیعی: (ئەگەر ئەپرسی لە من بە ڕاسی/ دونیا گەر درۆی زۆرە لە ڕاسی) «پەند».
**بەراش**: ١. بەرداش، بەردئاش، سەنگ ئاساو،٢. باراش، بارەسیاو، هێڤران،٣. بیبە: (مێزەرەکەم چێرۆ پاو ئەسپو بەچکەشێخانە میفەرک بی بۆ خەڵکی بەراش بە تەبەڕوک) «م.ح. دزڵی».
**بەڕاش**: ناوی جۆرە چۆلەکەیەکە.
**بەڕاشۆ**: ١. بەراڤ، زبرە ٢. هەسان، هوسان: (ب بەراشۆ دەڤێ داس هسی) ٣. بەراو، زەوی بەر ئاو،٤. بەرشیو، جلکی چڵکن بۆ شۆردن ٥. بالاڤ، کوڵ، شیووکوڵ، کاری جل شۆردن.
**بەڕاشە**: باڵندەیەکە.
**بەرافتن**: شرۆڤەکرن، لێکدانەوە.
**بەرافی**: ١. شرۆڤە، شەرح، شیکاری ٢. کۆڕ، جڤات، بەرهەڤیێ، کۆبوونەوە.
**بەراڤ**: ١. هوسان، هەسان ٢. زبرە، زورە، بەردە زورەی تیغ تیژکردن ٣. بالاڤ، شیو، بەراشۆ، شیووکوڵ ٤. بەراو، زەوی بەر ئاو ٥. بەراشۆ، جلی پیس بۆ شۆردن ٦. بەرداش، سەنگ ئاسیاو ٧. ئێلێکی کوردە لە دیاربەکرێ ٨. پەڕاو، قەراغ دەریا،٩. ئێکەم ئاڤدان بەراڤکری برنجی یا جنیکی یا پەزی یا گارانێ،١٠. گوندێکە لە باشووری زاخۆ،١١. حازر، بەرهەڤ ××٣٥×: (چما نەستین ژ هەر مالێن زیڤی/ بەراڤ بن تا تە ڕا هەر رۆژە ژ خورجا) «گولشوون».
**بەراڤکرن**: ١. تیژکردنی تیغ بە هەسان و زوورە ٢. شتن، شۆردن، بالاڤکرن،٣. ××: (تو ژ کو تییی، ئوسا ئنتەئنت دکی؟ – ئەز چووبووم دارستێن، بۆنا بەراڤکرنا ئنجاسان) «سەنار».
**بەراڤکەر**: بەراوکەر، وەراوکەر، خودان تایبەتمەندی لە ناو ئاوا چەڕین.
**بەراڤۆک**: گوندێکە لە باشووری زاخۆ.
**بەراڤی**: کۆڕ، جڤات، جوات، کۆبوونەوە.
**بەراڤیتن**: ١. بەرد خستن، کوچک خستن، بەراڤێتن ٢. بەر هاویتن، بەر هاویشتن، زایۆک تەلەف بوون ژ دایکێ.
**بەراڤێتن**: بەراڤیتن.
**بەراڤێتی**: حەیوانی بەرخستوو.
**بەراڤێرک**: جێژنانە، دیاری جەژن.
**بەراڤێژ**: بەراڤێتی: (ئەو مییا بەراڤێژە).
**بەراڤێژک**: ١. زێڕەوشان، زێڕوەشان، زێڕ بە سەر بووکدا هەڵخستنەوە ٢. هەڵوا یا دیاریتر بۆ دۆستان لە جێژندا.
**بەراڤیک**: سوێنکەی سابون.
**بەراق**: ١. گەمەیەکی منداڵانەیە،٢. بوڕاق، ڕوون، بێگەرد: (دل بشۆ تو ژ نیفاقێ کو بدەت سینە بەراقێ) «جزیری».
**بەراقل**: بێگومان، تشتێ یان گۆتنا جهێ باوەرییێ.
**بەڕاک**: ١. هەیوان، بەربێلانێ، سەکۆی سەرگیراو،٢. گوندێکە لای گردەسین.
**بەڕاکردن**: بەغار، بەدەو، بەغاردان.
**بەراگر**: ١. کۆڵەوەژ، کۆڵۆوەژ،٢. بەرئاگر.

**بەڕاگەی‌بان**: ××: (٤٥) «حەسەن زیرەک».
**بەرام**: بەرامە، بـۆن و بەرامە، بـۆی خـۆش: (بەرامەی سـووورەگوڵان و بـۆنی بەرۆکـی هەڵاڵان هەڵمژین) «نیساری».
**بەراما**: ١. دەرهـات، دەرات: (بەزەییت بەیـۆ وە جەستە و حاڵم/ ڕیشەم بەرامـا هەرەس وە مـاڵم) «مەولەوی»،٢. هەڵات، هەڵهـات: (سـا وەختێ شیرین ئەو شـای جەمجەمـین/ بەرامـا چون خۆر نە هەور مشکین) «خانای قوبادی».
**بەڕامـاڵ**: ڕاماڵـدەر، ڕاونەر××: (لەگەڵ دژان بەڕامـاڵن، شـێری شـەڕگەن، کـردە و قـاڵن) «ڕاوچی».
**بەرامای**: هاتنەدەر، دەرهاتن.
**بەرامبەر**: بەرابەر، بەرانبەر، بەرپۆز، بەربـەهەڤ، بەردیلک، تەراز، تەنگال، جـووتەنی، حاسـت، ڕاسـت، ڤەراڤەر، ناقـار، وەرانـوەر، هاوشـان، هەمـبەر، هەڤـبەر: (ئەی ڤـژزەرد! ئەی بەژن و باڵا کەڵەگەت!/ بۆ کز ڕاوەسـتاوی بەرامـبەری من؟) «گۆران».
**بەرامبەربوون**: هەڤبەربـوون، ڕێـکـا هەڤ بـوون: (وە هەروەها ئەز ب قەوەتـێ دا ژ وی کێمتـر نـــابم و ل هـــونەر و گولاشـــێدا گەل وی بەرامبەرم) «گولشوون».
**بەرامبەرکردن**: بەرانبەرکردن.
**بەرامبەرکـێ**: ١. بەرانبەرکـێ، بەرابەرکرنـی لەگەڵ یەکتـــر ٢. بەربەرەکـــانێ، کێبەرکـــێ، ڕکبەرکێ، ملەبەملە.
**بەرامبەری**: ١. بەرانبەرکێ، زانەوێـر، بـروای تـای، ئێسـانی دو شـت لە ڕاسـتی یەکتـر ٢. دەس‌کرنەوە.
**بەرامبەری‌کـردن**: ١. یەکسـانی کـردن، وەک یەک بوون،٢. بەرهەڵستی کردن، بەرگری کرن، بەرزەبلێس، بەربەرەکانێ.
**بەرامبەری‌نەکـردن**: دانەوانـدن، بەزیـن، سـەر شۆڕکردن.
**بەرامپیل**: ١. کۆڵوانە، چـارۆکە،٢. بەرهەڵبێـنە، بەرکۆش، بەروانە، بەروانکە: (زۆربەی ژنەکـان تەنیا یەک دەسـتە پۆشـاکیان هەبـوو، لە کـاتی شـۆردنی شـمەکەکانیان، تـا ویشـک دەبـۆوە، ڕووت و قـووت بـوون، تەنیـا پیرێـژن و ژنە کـامله ئـایین پەروەرەکـان، بەرامپیلیـان لەخـۆ وەردەگرت) «خاک و چەوسانەوە».
**بەرامپێل**: بەرامپیل.
**بەرامە**: ١. بەرام، بـۆنی خـۆش، بـۆنی ڕەوان: (بەرامەکەی، گـــوڵاوی بـــاخی نـــامەکەی/ ...) «هەردی»،٢. ناوە بۆ کچان.
**بەران**: ١. بەران، هـــــۆگەج، وەرەن، وەران، تیگل، وەروەن، وەرهـان، پەزی نێـر، نێـرەمەڕ، قۆچ، غورچ، خەرت، سپیان، شەکە نێری سـێ ساڵانە: (سەرێ دو بەران د دیزەکێدا نـاکەلن) «پەنـد» ٢. تـبلا بەرانـی، قـامکی گەورە ٣. ئامرازێکە لە هەوجاڕدا ٤. بریتی ژ مێرانی‌یـێ، ٥. ئەبەن، ئەمبەن: (ئامـانەن ئەو سـا وە قەبـرم بەران/ نیشـانەی جەسـتەی خەسـتەم بـکەران) «بێسارانی»،٦. بەرامبەر: (دەچمە سەر ناڵەشکێنە بەرامـبەر بە عەلی‌ئابـاد/ ئەی‌وەی بەران مـاڵی عەلیابـاد) «حەسـەن زیـرەک»،٧. بەڵان، بەڵام: (دۆر دەنگی گەورە و خۆشە، بەران نـاوەکەی بۆشە) «پەند»،٨. ببە، بێبەران، ئەوانە بێبە،٩. کۆی بەر، بەردەکـــان: (دەم دەم وەدەدا ل دەففـــێ مەرمەر/ بـێ شـبهە دلـێ بەران دبـو کەر) «خانی»،١٠. ناوی پیاوانە.
**بەڕان**: زگ، سک.
**بەڕانا**: بێبەرانا، ئەوانە ببەوە.
**بەرانـــان**: ١. زنجیـرە شـاخێکە لە باشـووری ڕۆژاوای سلێمانی،٢. شاخێکە لە نزیک گوندی

شەهیدان و شیروان لە سەر سنووری ئێران،٣. کێوێکە لای دەرەزیارەتی سەقز: (ئەترافی سنە هەتا بەران/ سەرشیوی سەقز دەشتی مەریوان) «قانع».

**بەرانبازی**: قۆچبازی، شەڕەبەران، بەرانەجەنگێ.

**بەرانبەر**: ئاقار، بەرامبەر، بەرابەر، بەربهەڤ، بەربۆز، تەراز، جووتەنی، ڕاست، حاست، حاند، ژهەڤبەر، ڤەراڤەر، هەمبەر، هەناس، : (بۆچی دلڕەقی بەرامبەر بە من؟/ کە بتپەرستم، هەتاکوو مردن؟) «پەشێو».

**بەرانبەردان**: هەڵسەنگاندن، پێکگرتن.

**بەرانبەردان**: بەردانی بەران بۆ ناو مێگەل.

**بەرانبەرکێ**: ١. بەرامبەرکێ، کللایێن، یاری بەرانبەری،٢. ڕکەبەری، موقابیلە، هەڤرکی: (هەرچەند بەهێز بن، ناتوانن دژ بە شەپۆلی پشت سەرێکی دەریای زانیاری و هۆشیاری بوەستن و بەرانبەرکێی کەن) «کوردەرە».

××گ

**بەرانبەری**: بەرامبەری.

**بەرانبەری‌نەکردن**: ١. کوڵدان، بەزین،٢. پێک نەخواردن، هاوشان نەوون.

**بەرانپۆز**: کەپۆقیت، قەپۆزبەران، لووتدەرپەڕیو.

**بەرانپێچ**: بەرانپێڵ، بەروانە، بەروانکە، ملوانە، شیردۆش، بەرهەڵبێنە، بەرکۆشی ژنان بۆ کاتی کار.

**بەرانپێڵ**: بەراپێچ، شیردۆش، بەرەڵبێنە.

**بەران‌تێبەردان**: بەران خستنە نێو شەک و مەڕ بۆ پەڕین.

**بەران‌خوواردن**: تەگەگرتن، وەتەگەگرتن، مژان.

**بهراندن**: بهوراندن، دەربازکرن.

**بەراندێز**: ناوی دۆڵێکە لای خواری ورمێ یەکێ لە ڕێگاکانی سەخت و دژوارە بۆ سەر سنوور: (ئەم کاروانە لە ورمێوە بە سواریی لۆری دەستی بە جووڵە کرد و توانی لە باڵانش کە دریچەی دۆڵی بەراندێزە جێگیر بێ) «لەمەهاباد بۆئاراس».

**بەرانک**: بەرانکێ.

**بەرانکێ**: بەرانەک، پەنجەکەڵە، تلیا مەزن.

**بەران‌گرتن**: جووت بوونی مەڕ و بەران.

**بەرانگز**: بەرەنگار، ئاوقا: (خۆشی و ترشی هەستاوە، بگاتە لای بێ چەند و چۆن بەرانگزی ببێت) «خاک و چەوسانەوە».

**بەرانگزابوون**: بە گژدا چوون: (لە حەیفان ڕەنگی تەواو پەڕی، لە دەستی بهاتبوایە هەر ئەو دەم تیتاڵ بە تیتاڵی دەکرد، چۆن دەتوانێ بەرانگزی ئاغای ببێت) «خاک و چەوسانەوە».

**بەرانگە**: ١. پەچە، مۆڵ، مۆڵگەی ڕان ٢. سست، تەمەڵ، تەوەزەل.

**بەرانە**: ١. بێەرانە، ئەوانە بدە بە،٢. سەدەقە، بەخشان،٣. گوندێکە لای باکووری بارزان.

**بەرانەجەنگی**: ١. بەرانبازی، شەڕەبەران،٢. بەرانی تایبەت بۆ شەڕ.

**بەرانەجەنگێ**: بەرانەجەنگی، قۆچبازی.

**بەرانەسۆر**: بەرانە کێوی.

**بەرانەک**: بەرانکێ، پەنجەکەڵە، تلیا بەرانی، ئەسپێ‌کوژە، قامکەگەورەی دەست.

**بەرانەکووڤی**: بەرانە کێوی.

**بەرانەکێوی**: ١. بەرانە هەردی، نێری مەڕەکێوی، ٢. نێری بزنەکێوی: (کوڕەکەی ئەڵێ: ئەمڕۆ بەرانەکێوی‌یەکەم کوشتووە) «ڕشتەی‌مرواری»، ٣. کێوێکە لای دیواندەرە.

**بەرانەو**: بێەرانەو، ئەوانە بدەوە.

**بەرانەوەێ**: ئەوانە بەرەو.

**بەرانەهەردی**: بەرانە کێوی.

**بەرانی**: ١. درەخت، شەهینۆک، داری بەر ٢.

گەلەمپەری، نەفەرمی ٣. سپیەکوژە، قامکە گەوری دەس ٤. پاچکا مەزنیا پێ ٥. بەران ئاسا، وەک بەران،٦. جۆرێک شەڕ وەک شەڕی بەران: (هاڕەی گۆ و دوو تاقڕانی/ لێک دەکشانەوە بەرانی) «فۆلکلۆر».

**بەڕانی**: ١. بیانی، بێگانە، لاوەکی،٢. چۆلانی، ڕەمەکی، شەقدەر، ڕانی بێ شوان،٣. بەڕادە، حەیوانی بێ ساحەب لە سەحرا.

**بەڕانێ**: قامکەگەورە، تلیامەزن.

**بەڕانی‌خۆدادان**: پەشیمان بوونەوە و داخ خواردن.

**بەرانی‌دووقەیرە**: بەرانی تەمەن ٥/٥ساڵ.

**بەرانی‌سوڵتان‌مەحموودی**: بریتی لە کەسێ کە پشتی بە دەسەڵاتێکەوە قایم بێ و کەس ڕێی لێ نەگرێ.

**بەرانین**: پێشکەش کردن.

**بەراو**: ١. ئاوی، ئاقی، ئاویە، پاراو، بەراڤ، بەرئاو، ئاویژە، ئاوەنیا، زەوی ئاوی: (دەغڵ و دانی دەگەنێ، دێم و بەراو) «هێدی» ٢. لای خوارەوەی جۆگای ئاو کە شێلەگەی لێ هەڵدەبەستن، بەرانبەری پشتاو،٣. بریەتی لە جێ جوێن و چەقاوەسو: (بابی خۆی بەراو کروە، تازە بەراو بوە گوێ ناداتێ).

**بەراوان**: بەرەڤان، پارێزەر.

**بەراوانی**: بەرەڤانی، پارێزگاری، ئارینەک.

**بەراوپشت**: ١. ئاوەژوو، بەروپشت، بەراوەژوو، بەراوەژی، بەرەواژی، واژی، ڤاژی، ٢. سەرنخون، هەڵگەریاوی،٣. چەواشە، بەرەواژ.

**بەراوپشت‌کرن**: هەڵگێڕانەوە، ڤاژی‌کرن، واژی‌کرن، قولپاندن.

**بەراودان**: وەرێان گرتن، پێش‌گرتنی ئاو بۆ ئەوەی بۆ شوێنی مەبەست بچێ.

**بەراور**: دەرهێنەر.

**بەراورد**: ١. بەراوەرد، بەراوورد، جووتەنی، تاقی، سەرنج،٢. تەخمین، بە خەیاڵ نرخاندن: (بەراوردم تەواوە/ تەقەی مازوو شکاوە/ کێتان کوڕی مەیدانە/ یاڵڵا مازووچنانە) «قانع».

**بەراوردکردن**: ١. هەڵسەنگاندن، بەراورد دان، ٢. نرخاندن، قیمەت دیاری کردن.

**بەراوردکریا**: بەراوردکراو.

**بەراوردکریێ**: بەراوردکراو.

**بەراوردکەردەی**: بەراوردکردن.

**بەراورە**: دەرهێنەر.

**بەرواری‌باڵا**: ناحیەیەکە سەر بە قەزای ئامێدی.

**بەراوکەر**: بەراڤکەر، وەراوکەر، شتێ کە خاوەن تایبەتمەندی لەوەڕان لە ناو ئاوا هەبێ.

**بەراوکێڵ**: کەسێ جووت لە زەوی بەراو بکات: (جووت‌بەندەم، بەراوکێڵم) «ئەمیری».

**بەراوگەلی**: گوندێکە لای خواری سەنگاو.

**بەراوورد**: بەراوەرد، تاقی.

**بەراووردا‌کردن**: لێکدانەوە، تاقی کردنەوە.

**بەراووردن**: بەراوەرد کردن، تاقی کردنەوە.

**بەراووردەی**: دەرهێنان، دەرێنان.

**بەڕاوە**: بە ڕێوە، لە ڕێگادا: (سوار ئەسپ بووە هاتووە بە ڕاوە) «ئاوێنەی‌بێ‌گەرد».

**بەراوەبەر**: بەرێوەبەر.

**بەراوەر**: ١. بەرابەر، ڕووبەڕوو: (ئێژن دایە ئەو بەراوەرە) «ئاوێنەی‌بێگەرد»،٢. دەربێنە: (ناڵەم نەی‌ئاسا ئاڵەم گرت نە وەر/ شیشەی مەی پەمەت نە گۆش بەراوەر) «مەولەوی».

**بەراوەرد**: ١. بەراورد، بەراوورد، سەرنج، جووتەنی،٢. خەمڵ، خەرس، ڕەوتی هەڵسەنگانن لە گۆترە،٣. هاتنە دی: (ئاواتەکەم بەراوەرد بوو)،٤. دەرهێنا، دەرهێناوە، کێشاوە: (دیاکەی وە شەرم جە پەنجەرەی ناز/ تا تا

ڕیشەی جەرگ بەراوەرد وە گاز) «مەولەوی».
**بەراوەردکرن**: جووتەنی کرن، بەرهەڤدان.
**بەراوەردی**: بەراووردی.
**بەراوەرە**: دەرێنە، دەربێنە.
**بەراوەژوو**: ١. ئاوەژوو، بەرواژی، پێچەوانە، واژی، هەڵگەڕدیاوی: (گەردوون وەکوو دێو بەراوەژوون کاری/ هاوالّی نەزانانە، دژی زانیاری/ ...) «خەیام هەژار».٢. ڕوو لە پشتەوە: (کابرایەکی تەوریزییان لە سابلاغ گرتبوو بەراوەژوو سواری کەریان کردبوو) «ڕشتەی‌مرواری».
**بەراوەژی**: بەراوەژوو، واژی، سەرنخوون.
**بەراوەلە**: پێش‌ئاوەلە، بەربەرەڵلا، بەرگوشاد، بەروەدە، گوشاد، بەرفرە.
**بەراوەڵە**: بەراوەلە، بەربەرەڵلا.
**بەراوەی‌خواروو**: گوندێکە لای ڕانییە.
**بەراوەی‌سەروو**: گوندێکە لای ڕانییە.
**بەراوی**: دەغڵی بەراو، ئاوی، ئاڤی.
**بەراویتن**: بەرخستن، بێچوو هێنان بە مردوویی.
**بەراویتە**: بەراویژتو، بەرهاویژتوو، بەرهاڤێتی، بەرخستوو، بەرەوەن(بۆ ژنان)، بەروونە، بەرش ووستن، دایکێ بێچوی بە مردویی بوبێ.
**بەراوێژ**: بەراوێژتوو، بەرهاوێژ، بەرفڕێدەر، گیاندارێک کە بەر باوێ.
**بەڕاوێژ**: بە تەگبیر، خاوەن ڕاوێژ: (ئەم وێنە گەرچی پیرە/ بە ڕاوێژ و بە بیرە) «قانع».
**بەراوێژتن**: بەرهاویتن، بەرخستن، بەراڤێتن.
**بەراوێژتوو**: بەرخستوو، بەراوێژ.
**بەراویشتن**: بەر خستن: (ئەگەر بەدبەختی هات، گۆلەکەرەکەشت بەر داوێ!) «پەند».
**بەراویشتە**: بەراویتە، بەرخستوو.
**بەراویلکە**: بەرگاییلە، بەرگاویلکە، باڵندەیەکە

هاوینان زەردە و بەرسینگی ڕەشە، پاییزانیش ڕەنگی مەیلەوشین دەبێ.
**بەراهک**: بەرایی، سەرەتایی.
**بەراهی**: ١. سەرەتا، پێشەکی، پێشایی، دەسپێک، پێشاهیک: (چرایێ خوە ل بەراهیێ هلکە) «پەند».٢. سەررێ، بەردەم، پێش: (ڕۆژەکی زارۆکێن گوندێ هندەک فلفل و بهارات پەیدا کرن و کرنە د قودیەکێدا و چوونە بەراهییێ‌یا پیرەمێرێ) «گولواز».٣. ناڤێ خوەدێ.
**بەراهییەک**: سەرەتاییێک، دەسپێکێک: (هەمی گۆتنەکی بەراهییەک هەیە) «ف.پ.پ.».
**بەرای**: بەرایی، پەهنایی.
**بەرایی**: ١. بەراهی، بەرایێ، بڕاهک، بەڕاهک، پیشانی، سەرانگایی، سەرەتا، تاقمێ سوار کە لە پێش کاروان دەڕۆن.٢. تاقمێ سپایی و چەکدار کە لە پێش لەشکر و قۆشەن دەڕۆن، ٣. سەرەتای ڕان، سەرجەلەی مێگەل: (ئەحمەد بەر لە هەموو کەس بە بەرایی مەڕ گەیشت) «هەزار ئەشکەوت».٤. فتوا، بڕوا، باوەڕ، ئیجازە، ڕەوایی: (دڵم بەرایی نادا ئازاری بدەن) ٥. ئۆقرە، سەبووری: (دڵم بەرایی نایە) ٦. ویست، حەز، مەیلی دڵ، ٧. قۆچەقان، بەردەقان، بەرهاڤێژک، بەرەقانێ، بەرائیل، بەراییل،٨. پێش، پێشوو: (باوەژن کوڕێکی لاوی لە مێردی بەرایی هەبوو) «ف.پ.پ.».
**بەرایێ**: بەرایی، پێشانی، دەسپێک.
**بەرایی‌دان**: ویستن، مەیل هەبوون، چاو هەلاتن، چاو هەڵهاتن، دڵ بروایی‌دان: (خۆشەویستی من! چۆن بەرایی دا/ چاوەکانت وا ببینێ من بە تەنیایی) «مەلەکشا».
**بەرایی‌دای**: بەرایی دان.
**بەراییل**: ١. دڵبردن، دل قبوولکرن ٢.

پێشڕەوی کاروان.
**بەرایی‌نمۆ**: بەرایی نادا: (چەمش بەرایی نمۆ برای وێش بوینۆ) «پەند».
**بەرایی‌نەدان**: چاو پێ هەڵنەهاتن.
**بەرایی‌هاتن**: بەراییدان، دڵ بڕوایی دان.
**بەرئاردەی**: دەرهێنان.
**بەرئاردەیۆ**: دەرهێنانەوە.
**بەرئاش**: گوندێکە لای دوهیکێ.
**بەرئاڤ**: پەڕاو، قەراغ دەریا.
**بەرئاڤێتن**: ١. بەرخستن، بەرفڕێدان(بزن)،٢. بەرد هاویشتن.
**بەرئاگر**: ١. کۆڵەوەژ،٢. پێشەوە و ڕوو بە ئاگر.
**بەرئاما**: ١. دەرهاتوو، دەراتوو،٢. دەرهات، دەرات، هەڵات: (مانگی چوارده جه کەل بەرئاما) «م.ح. دزڵی».
**بەرئامان**: ١. دەرهاتن، هەڵاتن،٢. دەرکەوتن، دیارکەفتن(چاوگ)،٣. شینبوو، ڕوا: (هەریۆ بە ڕەنگێ بەرئامان جه گڵ) «بێسارانی»،٤. شینبوون، ڕوان: (گوڵان بە سەد ڕەنگ بەرئامان جه خاک) «بێسارانی»،٥. دەرهات، دەرکەوت: (چەفت، چەمیدە، پڕچینی، چەنبەر/ بەرئامان جه بێخ شەوبەندی دڵبەر) «بێسارانی».
**بەرئامانت‌بۆ**: هەڵاتی، هەڵدێی×: (ئەو سا جه یەمەن، بەر ئامانت بۆ/ ئەوەڵ ڕشتەی، سەوڵ خەرامانت بۆ) «بێسارانی». ٦٤ ×
**بەرئامای**: دەرهاتن، دەرکەوتن، هاتنەدەر.
**بەرئامایۆ**: دەرهاتنەوە.
**بەرئامێ**: دەرهاتگ، دەراتوو.
**بەرئانین**: ١. پێشکەش کرن،٢. بەرهەم ئانین، ٣. بەردان، ئازاد کردن: (ئاخز لاوک بێ ناز و خۆرن بەرئانی) «گولشوون».
**بەرئاو**: ١. گیای قناولێ، بۆ چلکی سی باشە، ٢. بەراو، زەوی بەر ئاو.
**بەرئاور**: دەرهێنەر.
**بەرئاورد**: بەراورد، سەرنجدان: (خاڵۆ سەیفوڵڵا کارسازانە هەستا چووە لای چاکەتەکە و گیرفانی چاکەتی بەرئاورد کرد) «کۆردەرە».
**بەرئاوردەی**: دەهێنان.
**بەرئاورە**: دەرهێنەر.
**بەرئاوردەیۆ**: دەرهێنانەوە.
**بەرئاوریا**: دەرهێنراو.
**بەرئاوریێ**: دەرهێنراو.
**بەرئاوسێ**: جیران، دراوسێ: (لە زرمەی لیس و قیژە و باوکەڕۆی من/ شلێژان خەڵک و بەرئاوسێ هەموویان) «قانع».
**بەرئاوەرد**: دەرهێنا: (بنچینەی شادیت جه دڵ بەرئاوەرد/ جه ڕای مۆڵەت دوور هەر چێوەت کەرد، کەرد) «مەولەوی».
**بەرئاوەڵە**: پێش‌نەگیراو، بەرفراوان.
**بەرئاوێتن**: ١. بەرد فڕێدان،٢. بەرهاویشتن، بەرخستن: (دەلینگ هەڵدەکەم دەچمە نێو ئاوێ/ مێردی پێ‌دەکەم خەڵک بەر باوێ) «فۆلکلۆر».
**بەرئۆستا**: بەرهۆستا، شاگرد.
**بەرئەژنۆ**: خوار چۆک: (هەر لە سەر نێوک تا بەر ئەژنۆ/ لەرز و موچڕکی لەشی تامەزرۆ) «بۆکوردستان».
**بەرئەشکۆن**: بەرەشکۆن.
**بەرئەفگەندە**: هەڵگەڕاوە.
**بەرئەمر**: ملکەچ، گوێڕایەڵ.
**بەرئەنگوتن**: هەڵاتنەوە: (لە خرنگە خرنگەی کچە دەی دە وەرە دەی، خرنگەی جانانە/ دەستم بەر ئەنگوت، کچە دەی بۆ ناو مەمکانە) «ع. مەردان».

**بەرئێل**: زەوین وەختی کێڵان.
**بەرئینان**: وەبەرهێنان، هێنانەبەرهەم.
**بەرئێـوار**: دوانیـوەڕۆ، ئێـوار، ئێـوارە، پشـتی نیڤرۆ، بەرێوارە، خۆرەزەردە.
**بەرب**: بەرەو، ڕوو لە: (کەس نــــایێن بەر ب مالا دەرویش/ کو خەراجـا عەرد و بـاغ بـدە) «گولشوون».
**بەربا**: ١. باگر، وەروا، بەرەو با، ڕوو لە با: (تە دڤـێ زیـر و زەبەر کـی مە، دو زولفـان بـدە بەربا/ تە دڤێ قەنج قیامەت ل مە رابت، بخوە رابە) «جزیری» ٢. خۆیان لە کاتی هەڵاویشـتنا ٣. بەرباد، خراپ، بێلەزەت، هـیچ پێوەنەمـاو: (کە خاکی، خاکی دامەن بە، وەگەر نە، تـۆزی بەربادی/ کە ئـاوی، ئـاوی گەوهەر بە، وەگەر نە، بلقی سەر ئاوی) «نالی» ٤. دەنکی پـوچ کە بـا دەیبـات: (وتەی نـاپوختە تـێکەڵە، لابـا و بەربایە، کۆتەڵە) «ڕاوچی»٥. کـووزەر، کـۆزەر، پـوش و پلاشـی دانەوێـڵەی کە شـەن و کەو کرابـێ: (کــۆتەڵ و بەربــا و بنخەرمــان) «چنگیـانی» ٦. چتـێکە کە بـا لێبـدا باشـتر دەردەکەوێ: (تە دڤێ زیر و زەبەر کـی مە، دو زولفان بدە بەربا) «جزیری» ٧. بریتی ژ مرۆڤێ کەلەسوک و بێبـاک ٨. هەر شـتێ بـا بیبـا ٩. هەوەسباز، ئەڤ کەسە لدوو نەفسا خۆ دچێت.
**بەربائی**: ڕووداوێکی تازەدەرکەوتوو.
**بەربابوون**: لەناوچوون، پەرێشانبوون.
**بەربــات**: بەربـاد، توونـا، نەمـا، هەڵــلاداد: (جەمعیەتـێ خاسـێ ئـاتەش و بـاد/ ئەلبەتـتە دکەت مرۆڤێ بەرباد) «خانی».
**بەرباج**: بەر پەنجەرە: (محەمەد حەسەن خان، کـوڕێ ئەمــانولا خــان وەلــی، بەر بــاجێ ڕوونیشتی، دەڤرا دنهێری) «مەستوورە».
**بەرباچوو**: بەر باد چوو، لەکیس چوو، بەفیڕۆ چوو: (ژینی هەزاران نەمـامی ئـازاد/ بە زۆری سەختی شەختە چوو بەرباد) «بۆکوردستان».
**بەرباخ**: گوندێکە لای پێنجوێن.
**بەرباخت**: بەربەخت، گەورەکچ.
**بەرباد**: ١. وێران، کـاول، خـاپوور، نـوغرۆ،٢. بـابردوو، بەربـا، بەربـات، بـێلەزەت، توونـا، وستۆ، تەفروتونـا، لە کەڵـک و کەرەم کەوتـو: (.../ مەیگێڕ وەرە هەر ڕەنجێ لە دنیـا کێشـام/ بەربادە! دەسا بمگەیە خـۆت و بـادە) «خەیـام هەژار»،٣. زەرەرمەند، زیـاندیتوو: (نەقـدێ ب دەینێ نادم/ لەورا گەلەک بەربادم) «سەنار».
**بەربادان**: بە بـا کـردن: (بـلا گـوڵ ئاتەشـی تێبەربێ، پەروانە و بولبـول/ دەبـێ هەر بچـمە بــاغ و ڕازی دڵ شــــەممێکی بەر بــــا دەم) «مەحوی».
**بەربادبای**: بەربا بـی، فەنـا بـی: (واتـم: ئەی تاڵەی شووم کەجبنیادا/ بەرباد بای، عومرم تـو دای وە بەرباد) «چەپکەگوڵ».
**بەربادبوون**: ١. کاول بوون، وێـران بـوون،٢. فەنـا بـوو، تەفروتوونـا بـوون: (هەتـا دوژمـن بەربــاد نەبــێ/ تفەنــگ لە شــان نــاکەمەوە) «بۆکوردستان».
**بەربادبییەی**: بەرباد بوون.
**بەرباددان**: فەوتاندن، تیابردن.
**بەربادکران**: ١. فەوتـان، تیـاچوون،٢. وێـران کران، کـاول کریـان: (دیوەخـانم بەربـاد کـرا/ تەکیەی لە جێ بنیاد نرا) «بۆکوردستان».
**بەربادکردن**: ١. فەوتاندن، تیابردن،٢. وێـران کردن، بە فیڕۆدان، تیابرن: (زولفی سەد دەفعە گــوتی: خــانەخراب ڕووی مەدەرێ/ حەیــفە بەربادی مەکە، شانی من و شەوکەتی خـۆت) «حاجی قادر».
**بەربادکەردەی**: بەرباد کردن.

**بەربادە**: بەرباد بۆ مێ.
**بەربادی**: تەفروتوونایی.
**بەربار**: ١. دەوار، وڵاخی نەگیراو، یەکسمی سێساڵە کە تازە فێرەبار دەکرێ ٢. وڵاخی باریی سێ ساڵانە کە هێشتا نەگیرابێ،٣. بریتی لە گوێلەمست، فەرمانبەر ٤. ڕام، دەستەمۆ، ئارام: (جاران هار بوو ئێستا بەبار بووگە) ٥. بەرپرسیار، بەرعۆدە.
**بەرباران**: ١. چەتر، سەیوان،٢. لە ژێر باران، ٣. بەردباران، کوچکباران: (هەر دەمی لەشکەرێ یونانی بکەفیتە گەلی سپیێ، د ناڤبەرا دوو چیادا بەرباران بکەن) «گولواز».
**بەربارە**: دەربێنە.
**بەرباری**: ١. بەرعۆدەیی، بەرپرسیاری،٢. گوێڕایەڵی، گوێلەمستی.
**بەربازن**: بازنۆکە، بازنەی گچکە، دەستەوانەیەکە نایەڵێ بازنە هەڵخلیسکێ و خلەخل بکات: (دەستت برند نابێ لەبەر بازن و بەربازن) »حەیران».
**بەرباکرن**: بەبادان، بەربادان: (ل سەر سۆرەتێ تاتا بکە/ هەمیان شیرین بەربا بکە/ ساحبدلان پێ شا بکە) «فەقێ تەیران».
**بەربالاڤ**: ١. بەربالاڤک، شۆرت، ئەو کراسە کو لبالاڤێ ژنک دکەنە بەرخۆ دەمێ شوشتنێ بۆ شەرمگە ڤەشارتی ٢. فۆتە و خاولی گەرماو.
**بەربان**: بەربانک، سەربانی نزمی پێش ماڵ.
**بەربانک**: ١. سەربان، هەیوانی پێش باڵخانە،٢. بەرەڵبێنە، بەرهەڵبێنە.
**بەربانگ**: ١. بانێژە، بەرسڤک ٢. ئیفتار، فتارە، کاتی ڕۆژوو شکانن: (زەمانێکە بەرۆژووم، بەو ئومێدەی هەر دەڵێم بیکەم/ لە قورسی ڕوومەت و عەننابی لێوت، بەڵکە بەربانگێ) «حەمدی» ٣. سپێدە، مەلابانگدان، بەیانی زوو، شەوەکی: (حەتا بەربانگێ زوو جارەکێ ژی هشیار بوو) «مەستوورە» ٤. سەرەتای شەو ٥. سەرشێو، بەرشێو، ناشتا، خواردنێکە ڕۆژووان لە ئێواریدا ڕۆژوی پێ بشکێنێ ٦. لوولە، بۆڕی،٧. گوندێکە لای دوهیکێ.
**بەربانگ‌کردنەوە**: ناشتا شکاندن، ڕۆژوو شکانن، ئیفتار کردنەوە، نانخواردنی ڕۆژووگر: (حاجی بە دەم ڕێگاوە وردەدۆعاکانی خوێند، کە گەیشتەماڵەوە بیسمیللایی کرد و بەربانگی کردەوە) «پێکەنینی گەدا».
**بەربای‌گوێ‌کەوتن**: سوسەکردنی دەنگ و باسێک.
**بەربایی**: ئاشکرابوون.
**بەرب‌بەر**: بەرەبەرە، هێدی هێدی، گاڤ ب گاڤ: (ئەم دێ بەر ب بەر دەست ب کارێ خوە بکین).
**بەربجا**: خووفناک، ترسناک.
**بەربجاف**: بەربجا، ترسناک، تۆقێنەر.
**بەربجاڤ**: بەربجاف، سامناک.
**بەربچاڤ**: ١. مالباتدانەر، ئەوکەسەیە ڕادەی مافی ئاغا یا دەوڵەت لە ماڵی کاسب و ڕەنجبەران دیاری بکات ٢. گرینگ، لەبەرچاو،٣. بەرچاو، بەرچاڤ، خویا، ئاشکرا.
**بەربچان**: کەسێ کە ڕەوشت و خوی لە خەڵک بەدەر بێ.
**بەربخووار**: بەرەوخوار.
**بەربخوواری**: بەرەوخوارێ.
**بەربڕ**: ١. بەردتاش، کەڤرتراش، سەنگتراش، نەقار، کەس یا ئامرازی بەردشکێن ٢. بەربەند، بەرهەڵست،٣. پێشگر، ڕێگر، ئەوەی ڕێ بە دوژمن بگرێ،٤. گوندێکە لای سێگردکان.
**بەربڕی**: ١. بەردشکێنی،٢. پێشگری، بەرگری،

٣. پێشاوبڕ: (من و وی ب گۆتوبێژ ب هەڤ ئالین، هەر بیدەقی کو وی پێشتا داژۆتی، من بەر برری دامی) «گولشوون».
**بەربڕین**: بەرگری کردن، مقابلە کرن.
**بەربڕینەوە**: پێش گرتن، بەرهەڵستکردن.
**بەربزین**: ناوی چیایەکە لە کوردستان×
**بەربژار**: هەڵبژاردە، بژاردە، کاندید، پاڵێوراو، مونتاز، ناوێزە، سەرگوڵ.
**بەربژاری**: هەڵبژاردەیی، پاڵێوراوی، نازیاری، نیماد.
**بەربژانگ**: برژانگ، مژۆل.
**بەربژۆر**: بەرەوژوور، سەرەوژوور.
**بەربژۆرقە**: بەرەوسەر، بەرەوسەرێ.
**بەربژۆری**: سەرەوژووری، بەرەوژووری.
**بەربژوور**: سەرەوژوور.
**بەربژێر**: ١. بەرەوخوار، سەرەوخوار، سەرەوژێر،٢. بەرد هەڵبژێر،٣. کاری بەرد هەڵبژاردن.
**بەربژێری**: ١. سەرەوژێری، بەرەوخواریی،٢. هەڵبژاردنی بەرد.
**بەربسک**: ١. ئەگریجە، قژی لاسەر،٢. جۆرێ خشڵێ لاسەرە: (ئەز دێ دەمە تە جۆتێ بەربسکا/ تو بدە من ئێک ژ تەمەرییا) «حەیرانۆک».
**بەربشو**: بەربشۆ.
**بەربشۆ**: ١. دەرچێ، دەربچێ: (نەوا جە حیکمەت بەر بشۆ وە بەر/ جارجار وە تیرێ دڵ نەوایش کەر) «مەولەوی»،٢. دەربچەم، دەرچم: (ئەر یەکتای زولفت بدەو بە گرد چین/ کافر بو ئازیز بەربشۆ جە دین) «بێسارانی».
**بەربشە**: بەرشۆ، دەرچۆ.
**بەربشەپ**: دەراوی چۆم و روبار.

**بەربکە**: بیکە بەر خۆت، خۆ بخەملینە.
**بەربلاو**: ١. پێش ئاوەڵە،٢. هەراو، گوشاد، فراوان، بەرپان: (خولە و پیزە بێ نەقیزە گەینە شار، چوونە خانێکی بەربلاو) «شەوارە»،٣. بریتی لە گشتی، هەمە لایەنە: (پێویستمان بە هاوکاری بەربلاوی خەڵک هەس).
**بەربلاوی**: پانی، پێش ئاوەڵەیی.
**بەربن**: بەربەست، × راوچی.؟×
**بەربنار**: دامێنی بناری چیا: (ئاراییشی دا بە هەردە و کۆهسار/ خەملی لە گوڵدا، دەشت و بەربنار) «پیرەمێرد».
**بەربناوە**: کێویکە بەرز لە نزیک دێی قارەوای سلێمان دایە.
**بەربو**: ١. برازاوا، برازاڤا،٢. بەربووک، بەربیک، بوکنی، بەربوودی، پاخەسو، سەرچەرمی، پۆرسپی، پێخەسوو، ژنێ کە دەگەڵ بووک دەچێ: (چۆپی کێشی رەشبەڵەک، بەربووکی بووک/ دڵ بەجێ هێنەر، بەمەکر و نووکە نووک) «پیرەمێرد»،٣. بەرەڵا، بەردراو.
**بەربۆ**: ١. دەربێ، دەربی، بێرە دەرەوە،٢. ببێ، بێ×: (نەک ئەو شەرابی جام بە سەر بەربۆ/ شەرابی دڵ پەیش مووشکافتەر بۆ) «بێسارانی».
**بەربوار**: بەربوارد.
**بەربوارد**: ١. بەربواردو، بەردیل کە ساڵی ئاوس بوونی بواردبێ،٢. ئەو سپیان و رەشانانەی کە بێچوویکیان بەرێ کردبێت لە خۆیان دابرِبێت: (دوای ئەم قسەیە دەس بەجێ شەش سەر: خرتێک، کوورێک، یەک قەیرەیەک، نێرییەک، بەربواردێک، چوشتیرێک) «گورگ و بزن»،٣. بەر بوار، لەسەر رێ.
**بەربواردو**: بەربوارد، بەردیل، بەربەران.

**بەربــوت**: ئـامێرێکی مۆسـیقایە وەک عـود: (مستەفا تەختەللوسی کـوردی/ غەزەلـی کـردە بەربوتی کوردی) «حاجی قادر».

**بەربۆڕ**: ١. گیرۆدە، توشی نەهامەتی هاتوو ٢. ناوی هێندێ گوندی کوردستانە.

**بەربۆســە**: بەلەوچـکە، نێـوانی نیـر و بۆسـە، کەرەستەیەکی جووتە.

**بەربۆغە**: بەرخەبەبە، بەرچێڵە، غەوغەو.

**بەربــۆق**: ١. بەربــووق، بەربــووگ، گـۆنجە، نۆین، کونەئاڤ، ئاوەڕۆی داپۆشراو ٢. جنـدە، ژنی حیز،٣. بلۆق، تاوڵ، ئاڤزەلیلک.

**بەربوو**: بەربو.

**بەربووار**: بەربووارد.

**بەربووارد**: بەربووار، قسر، ئەسـتێور، نەزۆک، ماڵاتێکە نۆبەی بەری خۆی بگۆڕێ.

**بەربوودی**: بەربووک، بەربیک.

**بەربــووره**: ١. بەربیـر، لەخـۆڕا، لەخـۆوە، بەخەیـاڵ و گومـان،٢. بەربـوارد، بەربـواردوو، قسر،٣. بەرچێن، تووچانـدنە بە زەویدا پـێش ئەوەی بکێڵـدرێ، ٤. بەر لە هەر شـتێک: (لە بەربووره با پێت بڵـێم، لەوە دوا حەقـت نییە درەنگ بێیەوە)،٥. پێش بینین و چـاوپێکەوتن: (تۆ لە بەربووره بڕیار مەدە).

**بەربووری**: ١. پێش‌بینی، کاڤشکی،٢. سیخمە، سوخمە ٣. بەربووک، پێخەسوو.

**بەربووز**: چۆخە، چۆغە.

**بەربووق**: ١. بەربۆق، گـونجەی ئـاو،٢. ژنـی بەدکار و خۆفرۆش،٣. ڕوودار، چەتوون.

**بەربــووک**: ١. بەربـو، بەربـوودی، پۆڕسـپی، پاخەسـوو، پێخەسـوو، سـەرچەرمی، ژنـێکە لەگەڵ وەوی دەچێ بۆ ماڵی زاوا، کە لە پەردە هاتنە دەرێ دەگەڕێتەوە: (کی دبە بـووک، تـو خـوە دکـی بەربـووک!) «پەنـد»،٢. بریتـی لە کەسێ کە بۆ خۆ شیرین کـردن لە نێـوان دوو کەس‌دا هاتوچۆ دەکا بۆ ڕێـک خسـتنیان: (کـا کەریم بۆتە بەربووکی ئاغاواتان).

**بەربووکانە**: خەڵاتی زاوا بۆ بووک لە کـاتی هاتنی بووک‌دا.

**بەربووکی**: کاری بەربووک.

**بەڕبــووگ**: ١. بەربــووگ، مفلنـگ، جنـدە، پەلەشـت، بەدخـوو، ژنـی بێ‌ئاکـار ٢. بەرەڵا، هەرزە، سووک ٣. بەربووق، گونجەی ئاو.

**بەڕبووگی**: ١. جندەیی، مفلنگی، قەحبەیی ٢. هەرزەیی، بەرەڵلایی.

**بەربــــوون**: ١. ڕزگـــاربوون، ڕاهیبـــوون، ئـــازادبوون: (پڕشـنگی نیگـایەک کە لە ڕووی ڕووناک/ هەڵئەستێ و تیژ ئەکشـێ تـا نـاخی دەروون/ کڵپەی نوێ ئەخاتە کوورەی عەشقی پـاک/ دەفـری گیـان لیـپ ئەکـا لە خـۆزگەی بەربـــوون!) «گـــۆران»٢. بەرەڵـــلا بـــوون، ویـــڵ بـــوون(وڵاخ) ٣. سـەرلەنوێ هـاتن ٤. سەرکردنی ئاوی گۆلاو ٥. بەرەڵابوونی بێستان و باغ ٦. لە گیران دەرچونی مانگ و خـۆر ٧. ترازانی دو شتی لێک قـایم‌کراو: (وەرە هـاوار لەیلا گشت کەسـم/ مەیەڵە بەربێ دەسـت لە دەسم) «ماملێ»،٨. تەواوبـوونی شـایی و دەس بەردان: (سـێبەر گەیشـتە کەڵەکـان/ بەر بـوو دەستی ڕەشبەڵەکان) «ڕاوچی».

**بەربوون‌خواردن**: دەس بە خواردن کردن.

**بەربــــوونەڤە**: ١. بەربـــوونەوە، داکەوتـــن، وەرۆبـــین، کەوتنەخـــوارێ: (پێـــی لە قـــانە تۆڵکەیەکی بۆر و بەرز گیـر بـوو و دەمـاودەم بەر بـــووەوە) «خـاک و چەوسـانەوە»،٢. کـــوور بوونەوە، وەردەوەبین ٣. ڕمان، ڕوخان، تەپـین ٤. ئـازادبوونی دوبـارە ٥. ڕاییبـوونی ئـاو،٦. بریتـی لە زان و لەدایـک‌بوون: (فەرخ هەر لە

دایکی بەر دەبێتەوە وەک عیسا قسە دەکا!) «توحفە»،٧. ڕۆیشتن بەرەو خوار: (ئێژن ئەمە دوو سێ ساعاتێکە بەرۆ بووەسۆ بۆ قووچاخ) «ئاوێنەیبێگەرد».

**بەربوونەوە**: بەربوونەڤە.

**بەربویرێ**: گوندێکە لای شارۆچکەی کانیماسێ.

**بەربویک**: بەربووک، پێخەسوو، بەربو.

**بەربەبەر**: بەرودوا، یەک لەدوای یەک: (سەفا بۆ هیچکەس نارِوا هەتاسەر/ هاتووین ئەورۆین یەکیەک و بەربەبەر) «ع. مەردان».

**بەربەت**: عوود، سازێکی مۆسیقایە: (منۆشا شەراب ئەرغەوانیڕەنگ/ گۆش مدا بە ساز بەربەت چەنی چەنگ) «خانای قوبادی».

**بەربەتاک**: ئاواڵە، وەکری، ڤەکری.

**بەربەتاو**: بریتی لە ژن و پیاوی دڵتەڕ و بەگڕ، حەشەری.

**بەربەتژەن**: عوودژەن، ژەنیاری عوود.

**بەربەخت**: ١. گەورەکچ، گەوگەمری، بەرباخت، بانگ، عازەب، کچی عازەو: (خۆشقەددا ئەعلا تویی/ جاما پەیالا تویی/ خۆش بەژنبالا تویی/ دەلال د مالا تویی/ بەربەختێ تالا تویی) «فەقێ تەیران»٢. مرۆی تەمەن ١٣ تا ١٨ ساڵی بێ.

**بەربەر**: ١. سەرتاش، دەلاک، دەللاک، بەرگر ٢. ئاگادار، چاولێکەر، تاسب ٣. دەنگێکە جووتیار پێی لە گای جووتی ڕادەخوڕێ، کە بیەوێ گایەکان لا بکەنەوە بۆ لای بووره ٤. خوێنبەردەک، کەڵەشاخگر ٥. ناوی نژادی بەربەر: (نە ڕەندی، نە قەلەندەری، نە فارسی، نە بەربەری) «قانع»،٦. لووتکەیەکی بەرزە لە خواری شاری دەربەندیخان.

**بەربەڕ**: ١. وەحشی، بێفەرهەنگ،٢. قەومێکی دواکەوتووی ئەفریقاییە.

**بەربەران**: ١. بەردیل، مەڕی سێ بەهار دیتی: (حەیران دەڵێم بیتوێنی ڕەنگین لە من ئاورێکی بەربۆتێ/ ئەمن سەد شەکی بەر بەرانیم ببێتە خێری مەولوودی پێغەمبەری) «فۆلکلۆر»،٢. کاتی ب بەران هاتنا مییان.

**بەربەرد**: گوندێکە لای سەیدسادق.

**بەربەڕست**: جوانووی تازە گیراو: (دە سام و هەیبەتت بە من بمێنێ/ هەر بە وێ جانوو ماینێ بەر بە ڕست و بەر بە ڕەشمە) «گەنجی سەربەمۆر».

**بەربەڕۆ**: گوڵەبەڕۆژە.

**بەربەڕۆچک**: بەربەڕۆچکە، بەربەرۆژک، بەرڕۆژ، بەرخۆر: (کام بەربەڕۆچکەی زۆر باسەفایە/ چەشنی دڵی شاد دێیە، ئاوایە!) «گۆران».

**بەربەڕۆچکە**: بەربەڕۆچک: (لەناو دێدا کە دەچمە بەربەڕۆچکە/ دەدەن دەورەم منالی سەربەکۆچکە) «هێمن».

**بەربەڕۆژ**: بەربەڕۆچکە: (بەربەڕۆچکەی ئەشکەوتم/ زستان جێگای سرەوتم) «گۆران».

**بەربەرۆژک**: بەربەرۆچک، بەربەڕۆچکە: (مەڕدارەکانی کانیتوو لە بەر بڕۆچکەی دیواری مزگەوت خۆیان هەڵخستووە) «هەزار ئەشکەوت».

**بەربەروشک**: ١. بەربەرۆشک، سەرپیرێژن، تەمەڵی بێکارەی لە ماڵ دەرناچێ ٢. بێکار، بێئیش،٣. بەربەڕۆشک، بەربەڕۆچک.

**بەربەڕۆشک**: بەربەرۆچک، بەربەڕۆژ: (لە بەربەڕۆشک هەڵترووشکاوە) «پێکەنینیگەدا».

**بەربەڕۆک**: بەربەروو، یەخە.

**بەربەڕوو**: بەریەخە، بەرئێخە.

**بەربەڕوویی**: بەرئێخەیی.

**بەربەرە**: ١. وەرووەرە، شەپالوخ، شاپاڵۆخ،

پـارو، بەفرمـاڵ ٢. خێشـک، مـاڵو، دارێکـی چەوتە دەخرێتە گێرێ هەوجار.
**بەربەڕەشمە**: جوانووی تازە لەغاو کراو: (دە سام و هەیبەتـت بە مـن بمێنـێ/ هەر بە وێ جانوو مـاینێ بەر بە ڕست و بەر بە ڕەشـمە) «گەنجی سەربەمۆر».
**بەربەرەکانێ**: ١. دژایەتـی، لە ڕوودا وێسـتان: (لەگەڵیان بکا بەربەرەکانێ) «کـاکەی فەلاح» ٢. ملە، مـل‌ملانێ، مـل‌ملانە، مشـتومڕ، کێبەرکـێ، ڕکەبەری، ڕکەبەرایەتـــی، حەمەرەمـــزێ، ڕقەبەری، پـالوو، پـیلە، زانەوێـر، داروگیـر، بڕوایتای، شـیپوران: (لالە سـەرحەد ڕوغزایـی ئاشـنایەکی سـەڕاجی هەبـوو زۆری خـۆش ئەویســـت، هەمیشـــە لە قســـە کردنیشـــا بەربەرەکانێی یەکیان ئەکرد) «ڕشتەی مرواری».
**بەربەرەکـــانێ‌کردن**: ١. لە ڕوو ڕاوەســـتان،٢. ململانـێ کـردن: (بەربەرەکـانێی هێـزی شـەڕ ئەکەین/ بە سەرکەوتنی حەق بـاوەڕ ئەکەیـن) «دڵزار».
**بەربەرەڵا**: ١. بەرئاوەڵا، بەرووەدە، پێش ئاوەڵە، پێش بەرەڵا، گوشاد، فراوان،٢. بریتی لە کەسی بێ‌سەرەوبەرە و بەرەڵڵا.
**بەربەرەڵایی**: فراوانی، پێش گوشادی.
**بەربەری**: ١. چـاولێکەری، چـاڤ‌لێکەری،٢. ســـەر بە ڕەگەزی بەربەر ٣. دوژمنـــایەتی،٤. فەسادی، گەندەڵکاری: (بەربەری و نانێ گەنـم ل جەم هەڤ نابن) «پەند».
**بەرپەڕی**: ١. ســـەر بە قەومـــی بەرپەڕ،٢. وەحشـیگەری،٣. جـۆرێ کـولێرەی درێـژە: (کـوانێ شـلکێنە، کـوانێ خـرکێنە؟/ ئێسـتا بەرپەڕی هاتووە لەوێنە) «یادنامەی‌سەقز».
**بەربەرین**: بەرین، زەوی یا قوماشی بەرپان.
**بەربەزە**: تالان، گرتن و تالانی ماڵی دوژمنان.

**بەربەزێڕهەڵڕشتن**: بریتی لە دانی پووڵ و زێـڕ لە لایەن دەسەڵاتەوە بۆ ئەوەی کەسێکی یـاغی لە میری دەسگیر یا بکوژرێ: (تەنانەت دەڵـێن شـوانی مـام سـلێمان ئەو کـوڕەی لە تەخـتە هەواری جافەکان دیوە، هەر بۆیەش میـری لە تـــاقیبی‌دایە و بە ڕبە زێـــڕان هەڵـــدەڕێژێ) «شەوارە».
**بەربەژن**: ١. داری جلکـــان هەڵواســـین ٢. بەربەژنک، نقیشتی، نووشتە، نووشتوو، نشتوو، حەمایـاڵ، حەمـایلی مـل، نوشـتەی دە بەرگ گیراو بۆ مل،٣. خەناڤک، بەرمـوور، خشـڵێکی ژنانە کە وەک حەمایل لە خۆیانی دەدەن.
**بەربەژنک**: بەربەژن، حەمایل، هەمایلۆک.
**بەربەس**: بەربەست.
**بەربەست**: ١. لەمپەر، کۆسپ، کۆسپە، ڕێگـر، ئاستەنگ، بەربەند، بەرپێچ ٢. تاسـە، دەسـەناز، ڕێبەنـدان، لەمـپەری سـەر ڕێ و شـەقام ٣. بەریان، شەلەگەی ئاوگەڕاندنەوە،٤. بەند، سەد، لەمپەری ئاوی چەم: (لافاوی دیدەم وا جـۆش بسـێنێ/ سـەدەی بەربەسـتی ئـاو بڕووخێنـێ) «پیرەمێرد»،٥. وشک، خـوێن لـێ نەهـاتن: (بە تەنزیلێکی خاوێن دەیانبەستێ، خـوێن بەربەس بووە) «هەزار ئەشکەوت».
**بەربەستن**: بەرگرتن: (ئەم دیجلەیە، کە ئێستا، بەبێ خەم دەکا گوزەر/ ئەو دیجلەیە، هۆلاکـۆ، بەری بەستبوو بە سەر) «پیرەمێرد».
**بەربەسـتە**: ×١٢٥×: (دڵـم شیشـەی شـەرابی ڕووتە، سرکەی غەیری گەر تێکەم/ گـوڵاویش بە گوڵاو بێ، شیشە چۆن بەربەسـتەیی تـۆیە) «حەریق».
**بەربەستی**: ١. دورپێچی، ڕێگری، بەربەنـدی، ٢. سەربەسـتی، ئـازادی×: (دەڕەوێ تـۆز و تەمـی ژێردەسـتی/ دەیگـرین ڕەشـبەڵەکی

بەربەستی) «بۆکوردستان».

**بەربەس کردن**: ١. بەربەستن، پێش گرتن،٢. هەڵکێشانی ڕیسی ڕەنگ کراو، لە زاخاوی گەرمدا تا ڕەنگی نەچێتەوە.

**بەربەسەر**: بەرەوبان، سەرەوژوور.

**بەربەسێر**: بەربەسێڵ: (پیرێژن یان بەرخێکو بۆ دەکەمە بەربەسێری یان قوڕاو) «ف.پ.پ.».

**بەربەسێڵ**: قوڕاو، سیرماس، سیرماست، قەلیسێڵ، چێشتی گۆشت و ماست.

**بەربەسێڵک**: بەربەسێڵ، قوڕاو.

**بەربەش**: ١. ماکانی کانی نەپاڵێوراو ٢. شتێ کە لە کان چێکرابێ ٣. دەفر و ئامرازی کانزایی.

**بەربەفش**: خۆهەڵکێش، بلح، جلف.

**بەربەق**: لێوە گوڵەمەرەزە، گوڵی چەڵتووک بۆ ئاودانی بە یەکسانی.

**بەربەگوار**: گوارە لە مل، ئاژەڵی گولینگ لە مل: (مەڕەکان هەموو دەناسێ: خەزاڵ، کەوێسێر، بەربەگوار، گوێبەگوار) «ئەمیری».

**بەربەگوار**: ئاژەڵێک کە گۆشتی زێدە وەک گوارە بە ملیەوە بێ.

**بەربەلا**: لە بەڵاوە نزیک: (ئەو فەقیرە هێندە بەربەلایە، ڕۆژ نییە تووشی گرفتێک نەبێ).

**بەربەلاف**: بەربلاو، دوور، جودا لێکتر.

**بەربەلافی**: بەربلاوی، لێک دووربوون.

**بەربەلاکردن**: بە قوربان کردن، بە سەدەقە کردن، وەبەر بەلا دان: (مانگایەکی بۆ بەربەلا دەکەم ئەگەر بگەڕێتەوە).

**بەربەلەت**: سەرسوڕێن، سەیر، عەجەب.

**بەربەن**: ١. بەربەند، بەرپێچ، بەرپیان، بەنگە، بەرگیل، لەمپەری ئاو٢. بەردەگونجە، گونجاخن، چێوهەسێڵ، دار یا تۆپەوانەی گونجەخنین ٣. سینەبەن، گەردنبەندی شۆڕ: (بەژنی چەندە برندە لێی دەبەستێ گێلداری/ تۆق و تەلەسم و بەربەن بە سەردا هاتنە خوارێ) «سێسەدهۆنراوە»٤. جۆرێ خورما ٥. ژێرچناگە، خشڵی ژێرچەنەی ژنان: (ئەو عەنبەر و وێ بەربەنێ/ بارکە ل سنگ و گەردەنێ/ پێ دین کە شێخێ یەمەنێ) «فەقێ تەیران»٦. بەرەن، چێوکێش، چێوهێڵ.

**بەرپەن**: ١. جۆرە خورمایەکە ٢. خەناوکە، خەناوک، گەردەنی، ڕستک، ڕست، قەلادە، قەلاتەی ملی تاژی،٣. بەربەنە، ژێرچەنە، جۆرێ خشڵی ژنانە.

**بەربەند**: ١. بەربەن،٢. قەدەخە، قەدەغە، یاساغ، بەربەست: (چوونە ژوور بەربەندە).

**بەربەندکرن**: قەدەغەکردن، نەهێشتن: (رژێمێن داگیرکار زمانێ کوردی ل خوەندنگان بەربەند کرن).

**بەربەندی**: بەربەند، قەدەغە.

**بەربەنە**: ١. ژێرچەنە، چێرچناگە، قەمچوولە، خشڵێکی ژنانەیە بۆ ژێر چەناگە،٢. بەربەژن، حەمایل،٣. سیخمەی ژنانە.

**بەربهەڤ**: هەڤبەر، بەرپۆز، بەر بە یەک، بەرامبەر، لە هەمبەر.

**بەربەیار**: بەرووبوو، زەوییەک بەبێ شێوکرنەوەی بچێندرێ.

**بەربەیان**: تاریکوڕوون، شەوەکی، بەرەبەیان: (کاریزی شەریف دەمی بەربەیان/ بریقەی وێنەی سینەی بەربەیان) «پیرەمێرد». ×؟

**بەربەیان**: بەربەیان، گوڵسوو.

**بەربەیانی**: بەرەبەیانی، سوحزوو: (بانگی شێوان هەتاکوو بەربەیانی/ چۆپی بووە و بەزم و نۆش و گۆرانی!) «گۆران».

**بەربهێر**: لەخۆبوردوو، بینفرە، پشوودرێژ، نەرمونیان: (نە جامێر پێ هێرس و نە ژ

بەربهێر/ کو ئەو قەدرێ خو نین، توجار بژێر) «گولشوون».

**بەربهێری**: لەخۆبوردوویی، ئارامگری: (ئەو تەقسیر و ڕاگرتن ل بەر بەربهێرییا خدمەتا بارگاها پادشا دا دێ دیدن) «گولشوون».

**بەربهێری کرن**: سەبووری کردن: (نەیارترین نەیارێ تە نەفسا تەیە، ئەگەر ل نەفسێ چ بەربهێری بکی، دوژمنی یێ زێدە دکن) «گولشوون».

**بەربهێرین**: لەخۆبوردن، سەبوربوون.

**بەربەیۆ**: دەرێنێ، دەربێنێ.

**بەربەیۆوەبەر**: دەرێنێتە دەر: (بسۆچۆ بە ئایر بازەدەی سەحەر/ ڕیشەش جە زەمین بەربەیۆ وەبەر) «بێسارانی».

**بەربی**: ١. بەربووک، پێخەسوو،٢. بەربۆتە، بەربووە: (ئاگرەک بەربی هناڤا و تالانە جەرگ و دلان) «سندی».

**بەربێ**: ١. ڕزگار بێ،٢. بەهرەدا بێ،٣. میوە بێ: (کە من نەخلی مرادم بێ سەمەر بێ/ بە من چی باخی عالەم جوملە، بەر بێ) «سالم».

**بەربیان**: ١. گوندێکە لای شەقلاوە،٢. گوندێکە لای سیدەکان.

**بەربیانی گچکە**: دێیەکە لە باکووری هەولێر.

**بەربیانی گەورە**: دێیەکە لە باکووری هەولێر.

**بەربیاوان**: دەیشت زڕوان.

**بەربیتان**: گوندێکە لە باکووری هەولێر.

**بەربیر**: ١. ئەوەی لە بیر و زەین‌دا بمێنێ: (لە نوێنی گلا پەکوو... کە نوستن زۆرن! بەربیر و خەیاڵ کەمن، لەبیرچوو زۆرن!/ ...) «خەیام هەژار»،٢. پێشەوەی بیری ئاوێ، جێی ڕاوەستان بۆ ئاو هەڵگوێستن: (یەکێ گەورە بێتەوە بەربیر و منداڵێکیش دۆلابچی) «غەوارە».

**بەربێر**: ١. شوان، شڤان، بەرڤان×: (ڕێڤلاو هەموو ڕۆژێ زۆری نەدەما بگاتە بەربێر، گولان بە ناوی یارمەتی بە پیریەوە دەچوو) «خاک و چەوسانەوە»،٢. لای ڕان، بەر ڕان××: (هەم لە سابلاغی گەش و هەم لە قەلای هەولێر بووم/ گەرچی بێ شوان و مەڕ و شەنگەکچی بەربێر بووم) «ڕاوچی».

**بەربێژ**: ١. چەنەباز، چەناکەشکیاگ، پڕبێژ ٢. سەرەتا، دەسپێک، دیباچە ٣. موژدەهێنەر، مزگێنیدەر،٤. خەڤزان، کەسێ پاشەڕۆژی خەڵک دەزانێ.

**بەربیراژۆری**: گوندێکە لای شێخان.

**بەربیراژێری**: گوندێکە لای شێخان.

**بەربێژی**: چەنەبازی، پڕبێژی.

**بەربیست**: سەرەتای لاویی.

**بەربیک**: بەربو، بەربووک.

**بەربیڵ**: ١. بەرەجووت، بەروبو، داهات، حاسڵ،٢. چەن کەس بە هاوکاری مەرەزەیەک داچێنن، هەر یەکێک لەوان بەربیلێکیان هەیە، واتا بەشێکیان هەس.

**بەربێلایی**: هەیوان، بەرسەربان، جێی بارانەگر.

**بەربیم**: مرجیت، قەوەت.

**بەربین**: ١. ڕق، قین، کینە: (وی ئەز دامە بەر بینا خۆ)،٢. سەبر، تاقەت،٣. بەربینگ، بینەقاقا، ستۆکرک، بنسەر، بن‌چەنەگە، تینتینۆک، زەنگلۆک: (بەر لەوەی ئەجەل بگرێ بەربینی ژین/ بەر لەوەی شەم بۆم بگێڕێ گەرمەشین) «ڕاوچی».

**بەربێن**: ١. بەن‌کەڵەوە، بەندکەڵەمە، بەربێندە، ٢. بەردەڤک، سینەبەند، پێش‌بەندی بچووکان.

**بەڕبین**: پەڵپینە، پرپرە، گیایەکە ئەخورێ.

**بەربێندە**: بەن‌کەڵەوە، بەندکەڵەمە.

**بەربینک**: ١. بەربین، پێسیر، سوکر ٢. بریتی لە بەهانە.
**بەربێنک**: بەرەڵبێنە، بەرهەڵبێنە.
**بەربێنکە**: بەرەڵبێنە، بەرهەڵبێنە، بەرکۆش: (قوڵچاخ و بەربێنکەی لەبەردا بێ، مەشکە بژێنێ) «ئەمیری».
**بەربینگ**: ١. ئەوک، بەربینک، بەربین، قورقوڕاچگە،٢. بریتی لە بەهانە: (ملیان بە ملی یەکەوە نابوو، بەربینگیان لێ گرتبووم) «شەرەفنامە».
**بەربینگ پێ گرتن**: بەهانە پێ گرتن، شەڕ پێفرۆشتن: (خێزانم بەربینگی پێ گرتووم بۆ ماڵی جیایی!).
**بەرپا**: ١. سەرپا، هەڵساگ، هەڵستاو، دەمەزراو: (تاوڵ، خێوەت) ٢. ڕاوەستاو، بەپاوە، قرچەپا،٣. ڕەوتی ڕوودان، قەومان (کارەسات) ٤. ژێرپێ، پێخوست، پەست: (گەلێ کەس پێم ئەڵێن شێتی کە وا خۆت مەحوو و بەرپا کرد/ لە ڕێی ئەم خاکەدا فەوتای و سەد لەککەت کە پەیدا کرد) «ف. بێکەس»،٥. پێش‌دەم، بەردەم: (بڕیارم دابوو لەو ئاسمانە تاریکەدا بکەومە پەلەقاژێ و مۆمێک هەڵگرم و بەرپای خۆمی پێ ڕۆشن بکەمەوە) «کۆردەرە»،٦. ناوی پیاوانە.
**بەرپابوون**: ١. هەڵگیرسانی هەرا و ئاژاوە، ٢. دەس پێکردن: (پێم ئەڵێن مینە نەسیحەت بگرە گوێ، بۆ بووی بە شێت/ لەو دەمەی لۆمەم ئەکەن، من شیوەنم بەرپا ئەبێ) «مینەجاف».
**بەرپاش**: ١. پێچەوانە، واژی، بەراوەژو ٢. بەرەوپاش، بەرەودوا، پاشقە.
**بەرپاکرن**: ١. هەڵگیرساندن، گژگژاندن، دابناترتن: (گوو مەخۆ یا شێخ با شۆڕشێ بەرپا نەکەم/ خۆت و کەرکووکیت بەجارێ سەربەسەر ئەفنا نەکەم) «شوکری فەزڵی»،٢. دامەزراندن(تاوڵ)، هەڵساندن،٣. دانان، دامەزراندن: (ئەو خودایە کە گەردوون و زەوی بەرپاکرد/ ئەو ڕۆژە مەکۆی دەرد و خەمی پەیدا کرد/ ...) «خەیام هەژار».
**بەرپال**: ١. پەنابا، پەناگە ٢. لاپال، قەدپاڵی چیا: (لێ ل دەشتێ، ل بەرپالێن چییا) «مەستوورە»،٣. ڕێی بەرەو هەورازایی،٤. پاڵپشت، پالکی، باڵنج.
**بەرپاڵ**: ١. پەنابا،٢. بەرپال، لاپاڵی کەژ: (هەڵز و بیزای نیسێیان/ کارگ و کوڕادەی بەرپاڵی/ لە قریوەی شوان بێریان/ لە دەنگی مەڕ و ماڵی) «فۆلکلۆر»،٣. ڕێیا بەر ب ژوور.
**بەرپالک**: پاڵهێز.
**بەرپالە**: ××: (دلێم ئیرۆ کالەکالە/ جاب هات کو لاوک بەدحالە/ ئەزێ هەرم ژێ ڕا بکم/ سینگێ خوە بالگی بەرپالە) «سەنار».
**بەرپان**: ١. دووبەر(قوماش)،٢. بەرین، بەریندار، بەربەرین.
**بەرپڕا**: دەرپەڕیو، دەرپەڕیاگ.
**بەرپڕای**: دەرپەڕیان، دەرپەڕان.
**بەرپرس**: ١. جواو، جەڤاب: (پرس و بەرپرس)،٢. لێپرسراو، مەسول، مەسئول، بەرپرسیار، بەربار، پێناودار: (کوڕی تۆ دوورە ڕەوین و ترسن/ لە خەمت تاکوو هەبن بەرپرسن) «ڕاوچی».
**بەرپرسایەتی**: بەرپرسیارەتی: (بەرپرسایەتی ئەو کارە لە ئەستۆی منە).
**بەرپرسۆک**: بەرپرس، جوابدەر.
**بەرپرسە**: بەرپرس.
**بەرپرسی**: بەرپرسیارەتی.
**بەرپرسیار**: ١. جوابگۆ، جوابدەر،٢. بەرپرس، بەڕێوەبەر، مەسئوول: (دیارە بەڕێوەبەری

ڕۆژنامەکە ڕاستەوخۆ بەرپرسیاری ئەو نووسینەن) «جەماڵنەبەز».
**بەرپرسیاربییەی**: بەرپرسیار بوونە.
**بەرپرسیارەتی**: ١. حاڵەتی دەروەست بوون، ٢. بەرپرسیاری، سەرۆکی: (کەسێن مەزن، بەرپرسیاریا وان ژی مەزن و گرانە) «پەپووک».
**بەرپرسیاری**: بەرپرسیارەتی: (دەماکوو ڕووناکبیران/ جێی خوە دان ڕەشبیران/ هێزێن بەرپرسیاری/ فەقیر و لاواز دبن) «سەنار».
**بەرپرسییەتی**: بەرپرسیارەتی.
**بەرپڕنای**: دەرپەڕاندن.
**بەرپڕێ**: دەرپەڕیو.
**بەرپسیار**: بەرپرسیار، بەرێوەبەر، بەربار، پێناودار، بەرعۆدەی کارێک.
**بەرپسیاری**: بەرپرسی، بەرێوەبەری، بەرباری، پێناوداری.
**بەرپشت**: ١. جل، کۆپان، کورتان،٢. کورتانی پشتی کوڵهەڵگر،٣. کەلوپەلی سەر پشتی بارەبەر.
**بەرپشتوێن**: بەر کەمەر، بەر پشتێن.
**بەرپشتێن**: بەر پشتوێن: (دەستی شارەزای بەر پشتێنەکەی بوو) «پێکەنینی گەدا».
**بەرپشتێنە**: بەر پشتوێن.
**بەرپشین**: بەرپشێن، تۆڤ هاڤێتنا پەرێزێ.
**بەرپشێن**: بەرپشین، تووچاندن.
**بەرپلۆخ**: پەلخین، پەلۆخەی ئاوری گەش.
**بەرپۆز**: ١. بەربهەڤ، ڕووبەڕوو، حاست ٢. بەربهەڤ گرتن،٣. بەرلووت،٤. بەردەم.
**بەرپەچ**: بەرپەرچ.
**بەرپەچدانەوە**: ١. بەرپەرچدانەوە، قسە بردنە دواوەی یەکێک بە قسە هێنانەوە بە سەریدا: (زۆر ناهەموارە، خۆرا ڕەنج بەخەسار بێت، کەچی وا مێملێکی دەسەڵاتدار فەرمانی پێداوە و بەرپەچدانەوەشی بە هەوەنتە نابێت) «خاک و چەوسانەوە»،٢. بەرەوبڕی دانەوە لە ڕۆینا،٣. وەڵامدانەوە: (لووزەوی هەوەڵین دەستەسوارانی داگیرکەرانی کوردستان، ئۆغریان دامەوە و بەرپەرچیان دامەوە) «شەرەفنامە»،٤. بەهانە هێنانەوە.
**بەرپەڕ**: لاپەڕە، کاغەز: (ڕێزێن بەرپەڕێن تە ئێک ئێک د دلێ کەوەکێ کویڤی دا) «سندی».
**بەرپەرچ**: ١. بەرپەچ، بەرسیڤ، وەڵام ٢. پەرژین، پەرچین،٣. پەرچ، بیانوو، بیانک، پەڵپ، بەهانە ٤. کاری پێچدانەوەی بزمار، نوشتاندنەوە ٥. ڕێگە لێبڕینەوە ٦. قسە پێبڕین.
**بەرپەرچدانەوە**: ١. بیانوو هێنانەوە، بیانگ گرتن،٢. بەرپەچ دانەوە.
**بەرپەرچدایۆ**: بەرپەرچ دانەوە.
**بەرپەرچۆدای**: بەرپەرچ دانەوە.
**بەرپەزی**: شوانی، شڤانی، مەڕلەوەڕێنی.
**بەرپەسار**: بەرنسار، جێی نیسی شاخ: (لە دەشت و بەرپەساران هەڵدراون چادر و ڕەشماڵ/ ...) «هێمن».
**بەرپەلکەوتن**: کەوتنە دەس، بەردەس کەفتن: (ڕۆژێک ڕێوی بەرپەل کەوت و گرتیان) «ڕشتەیمرواری».
**بەرپەنجەرە**: بەر پەنجێرە، پێشی پەنجەرە چ لە ژوورەوە و چ لە دیوی دەرڤە: (ژوورم تەنیا و، دنیای بەر پەنجەرەی ژوور/ بە چوار دەوری باخچەی کۆشکا، هەتا دوور) «گۆران».
**بەرپەیڤک**: حازر، ئامادە×٥٠×.
**بەرپەیڤککرن**: حازر کردن، خستنە بەر باس: (سوبحان ڤێردی بەگ پلانەک ژی بەرپەیڤک کر، ئالیگرێن خوە بەرەڤ بکن و ب زۆر محەمەد حەسەن خان داینن سەر تەختێ کوردستانا سنێ) «مەستوورە».

**بەرپەیی**: بەرسیڤ، جواو، وڵامدان.
**بەرپـــێ**: ١. پێخوســـت، بەرپـــا، ژێرپـــێدراو، پامـــاڵ،٢. پـــێش پـــا، بەر لاق: (ئەو نیگـــا نیـــو کەچەی ئەو چاوە مەستانە!/ شۆڕ مەکە بـۆ بەر پێ، بەرز و گەش بڕوانە!) «گۆران»،٣. نقـین و تشتێن کو ل بەر پێیـان ڕادەخـرێ،٤. کۆسـپ، مانع، سەکن، تاوگر،٥. پـێش، لە پـێش، بەر لە: (کـابرایەک بەر پێـی مـن چوبـووە گونـدێکی دیکە) «چێشتی مجێور».
**بەرپێچ**: ١. واشەر، سەموون، مـۆرەی پـێچ ٢. بەربەســت، پێشــگر، بەرهەڵســت،٣. بەرگـری، پێش‌گـرتن،٤. پێچـراوە: (جەورەکەی ســەرئێل خەم بێشومارەن/ خێڵ‌خانەی بەرپێچ تا خێـڵ ئەو خوارەن) «مەولەوی».
**بەرپێش**: ١. پێش‌مال، پێش‌بەنـد، بەرکـۆش،٢. پلان، بەرهەڤ.
**بەرپێش کرن**: پێشکەش کردن.
**بەرپێک**: تیرڕەس، هەتەر.
**بەرپێک**: ١. پێخوست، ژێرپێدراو، پێڕێخـراو ٢. پێئالینـک، زەبـر و زەنـگ ٣. ئاســتەگی، ئالۆزی.
**بەرپێ کەوتن**: پاشێل کران: (بەر لەوەی بچنـێ ئەجەل مۆخی وتەم/ بەر لەوەی بەرپـێ کەوێ دەست و پتەم) «ڕاوچی».
**بەرپێ گیــران**: ١. پـێش بە کارێـک گیـران و نەکرانی،٢. بەری سێڵاو گیران، ڕاوەسـتان: (بە خودای عیلاجی بە کەس نـاکرێ، کـێ دیـویە بڵێن سێڵاو بەری بە پێمەڕە گیراوە) «سەعید و میرسێوەدین».
**بەرپێن**: پاشـقول، پـێ وەبەر پـێ، پـا خسـتنە بەرپێی کەسێک و لە زەوی دانی.
**بەرپێـنە**: پەرپیـنە، پەرپێـنە، پرپـرە، پەڵپێـنە، گیایەکە.
**بەرپیوار**: ون، نادیار، وندا.
**بەرپێوار**: گوم، ون، وندا، نادیار.
**بەرت**: بەری تـۆ، بەرهەمـی تـۆ: (کـارگ و ڕێواسە بەهارانە بەرت/ وەکوو جـاران کـوڕ و کچ دێنە سەرت) «بۆکوردستان».
**بەرتا**: بەرەتـا، گەندەنـدەتا، سـوکەتێ، تـایێکە پێش نۆبەتی بە سڤکی سەر هەڵئەدا.
**بەرتاسە**: ئارەزوودار، هێڤیدار، تاسەمەند.
**بەرتاش**: ١. بەردتـاش، بەردتـراش، بەربـڕ ٢. بەرگەدەتاش، موتاش، توکەبەرگر.
**بەرتاشـــت**: بەرقلیـان، بەرقلیـانی، بەرقەنـنە، بەرقەنە، بەرقلێک، قلیان قـاوەڵتی، سەرتیشـت، بەرتەشت، بەرتێشت، بەردلک، بەردڵ، بەرچـا، بەرچایی، ناشتا، یەکەم‌نانی بەیانی.
**بەرتاشـــین**: ١. بەردتاشـــین، کەڤرتاشـــی،٢. بەرگرتن، بەرگەدە تراشین.
**بەرتـــاڤ**: خـۆرگر، خـۆرەوەزان، بەرهەتـاو، بەرتاو، بەربەرۆچکە.
**بەرتاو**: بەرتاڤ، بەرخۆر، بەرهەتاو.
**بەرتاوانن**: لەی نوو وەرەن گرتن مەڕ.
**بەرتر**: پێشتر، پێشووتر، بەرتەر.
**بەرتراش**: ١. بەردتاش، کوچک‌تاش، وەستای بەرد،٢. بەرگر، بەرگەدەتاش.
**بەرترپێر**: بەسر پێرێ، سێ ڕۆژ بەرێ.
**بەرترپێرار**: سێ ساڵ بەرێ نها.
**بەرترین**: پێشترین.
**بەرتفک**: مقەنەزمە، چەخماخی تفەنگ.
**بەرتڤک**: ١. خـرکەبەرد، بەردی هـاویژتن ٢. شەڕەبەرد، بەردهاوێژی، بەردەفرکێ، بەرەفرکێ ٣. قاسک، لاسک، ساقەتەی گیا.
**بەرت کەرد**: دەرت‌کرد.
**بەرتل**: گوێچ، بەرتیـل، پـارە یـا مـیچ کە بـۆ مێشێن دادەکرێ بۆ هەڵمات.

**بەرتـــڵە**: ١. شـارۆچکەیەکە لای مووسـڵ،٢. ناحیەیەکە لە باکووری پارێزگای کەرکووک.
**بەرتوڕ**: ١. لابڕ، نیوەبڕ وەک تاشینی هەڵـووک ٢. خواروخێچ، لارولەوێر.
**بەرتـــوڕکرن**: لابڕکـردن، تاشـیتن بە شـێوەی هەڵووک.
**بەرتوورک**: ١. چیکڵدانە،٢. گەدە، بەرکورک.
**بەرتوێ**: گوندێکە لە نزیک قادرکەرەم.
**بەرتەحل**: بەرتاڵ، داری میوە تاڵ.
**بەرتەر**: ١. پێشتر، پێشووتر، بەرووتر، بەرتر،٢. لە سەرتر، باشتر: (سا شەرحی وەسـفی تـۆ بە چ وەجهێ بـکەم ئەدا/ هەرچـی خەیـاڵی مـن هەیە دەیلێم و بەرتەری) «سالم».
**بەرتەرەف**: ١. بێکەڵـک، لە کەرەم کەوتـوو: (لالغاوی واعیـز ئەمـرۆ مەوج ئەدا، دەم پـڕ لە کەف/ ڕیشی قیروسیا، کتێبی وەعـزەکەی بـوو بەرتەرەف) «مەحـــوی»،٢. خەلاس بـــوون: (کێشەکە بەرتەرەف بو).
**بەرتەرەفبوون**: ١. کەڵک پێوە نەمام،٢. نەمان، تێـداچوون: (زاهیـد و سـۆفی بەشـەڕ هـاتن لەسەر تەزویر و شەید/ خێری ڕەنـدانە خـودا کا، بەرتەرەف بێ هەر تەرەف) «مەحوی».
**بەرتەرەفبییەی**: بەرتەرەف بوون.
**بەرتەرەفمان**: پەک کەوتن، خرانە لا: (بێ تـۆ کاروبار بەرتەرەف مەندەن/ سەر کار پاشـا بـێ مەسرەف مەندەن) «مەولەوی».
**بەرتەرەفی**: ١. بێکەڵکی،٢. تیاچوویی.
**بەرتەســـک**: بەرتەنـــگ، باریـــک، تەنـــگ، تەنگەبەر، ناسک، نازک.
**بەرتەشت**: بەرتاشت، بەرقلیان، بەرچا.
**بەرتەق**: بارتەقا، بەقەد، هێندە، هەند.
**بەرتەک**: ١. وەڵام، جـــواو، جـــواب ڕەد،٢. بەرهێرش، بەرحەملە، بەرپەرچ: (بارزانییەکـان هەمـوو بەرزاییەکانیـان گرتبـوو تـا ئەگەر لە ناخافـڵ هێرشـێک ڕووی تێکـردن بتـوانن بەرتەکی بدەنەوە) «لەمەهاباد بۆ ئاراس».
**بەرتەکدانەوە**: بەرپەرچ دانەوە، قسە پێبڕین.
**بەرتەلاش**: ١. زەبەلاح، مەزن، زل، گەورە، نارێک، ناشیرین ٢. بەربەفش، خۆهەڵکێش.
**بەرتەلان**: ١. بەر تاشــــەبەرد،٢. بەر ڕەوەزی بەرز.
**بەرتەلانە**: ١. بەرتـێلانە، بەرتەڵانە، دیـارییەک لە ماڵی زاواوە دەنێردرێ بۆ ماڵی بووک پـێش گوێستنەوەی ٢. دیاری ماڵی بـووک بـۆ مـاڵی زاڤا بەر لە گوازتنەوە.
**بەرتەڵە**: ١. تەڵەمـــووش، تەڵەی مشـــک،٢. گوندێکە لە نزیک قەرەقوش.
**بەرتەن**: لە تەندا، لە بەردا: (چـاو بە گریـان، سینە بریان، دڵ بە ئەفغان دەربەدەر/ لێو بەبـار و خاکسار و جامە بەر تەن دادڕاو) «فەتحی».
**بەرتەنگ**: ١. تەنگەبەر، تەنگـاڤ، بێدەرەتـان ٢. بەرتەسک، کۆڵانی باریک،٣. بەرێ پەرۆکی بچووک،٤. بەرتەنگە، قایشی ژێر سینگی وڵاخ ٥. کەمدەسـەڵات: (کراسـی شـیعر و لەچکـی وشــە/ بــۆ جلــی بــووکی خەیاڵــت/ هێنــدە بەرتەنگــن وەک زارت/ نــاکەن تەوســیفی جەماڵت) «ئاسۆ».
**بەرتەنگە**: بەرتەنگ، قایشی بەر سینگی وڵاخ کاتێ زین دەکرێ.
**بەرتەوبۆڵە**: پرتەوبۆڵە، بۆڵەبۆڵ.
**بەرتەونانە**: گۆرانی تایبەتی کاتی تەونکردن.
**بەرتەوین**: لبەر تەوین و حورمەت گرتن.
**بەرتێشت**: سەرتێشـت، بەرقلیـان، بەرتاشـت، بەرچا، بەرچایی، قلیان قاوەڵتی.
**بەرتێکـــرن**: بەرد تێخسـتن: (ئەو کانییـا تە ئاڤ لێ ڤەخار، بەرا تێوە نەکە) «گولواز».

**بەرتێکەر**: پەرێ خوردە، هووردە.
**بەرتیل**: ١. بەرتێڵ، ژێـرزوان، زوانگوشـادانە، وەڵێڤەت، خـاوە، ڕیشـوەت، ڕێشـوە، ڕیشـوە: (بەرتیل کەڤران نەرم دکە) «پەنـد» ٢. کاسـە و بادەی مەی،٣. خوێنبایی،٤. بەرتل، گوێچ.
**بەرتێڵ**: بەرتیل.
**بەرتێڵانە**: بەرتەلانە، بەرتەلانە، دیـاری مـاڵی زاوا بۆ مـاڵی بـووک پـێش گـوێزتنەوە، واژی ناوتێلانە.
**بەرتیلخواردن**: ڕیشوە وەرگرتن.
**بەرتیـــلخـــۆر**: ڕیشـــوەگر، وەڵێڤەتخـــۆر: (بەرتیلخۆر و گورگەمێش/ وەک سەگی سـەر خۆڵەمێش) «هێمن».
**بەرتیلخۆری**: ڕیشوە وەرگرتن.
**بەرتیـــلدان**: ڕیشـوەدان، بـاجدان: (بە کیسـە دراوان دەیانخنکێنێ، خشڵ و زیوەری بەرتیل دەدا) «ئەمیری».
**بەرتیلدای**: بەرتیل دان.
**بەرتیلدەر**: ئەوەی بەرتیل دەدات.
**بەرتیلدەرە**: بەرتیلدەر بۆ مێ.
**بەرتیلکار**: بەرتیلدەر.
**بەرتیلکرن**: ١. کـاوول و خـراپ کـردن،٢. ڤەکێشانەوە لە یەکێک.
**بەرتیلگر**: ئەوەی بەرتیل وەردەگرێ.
**بەرتیـــلگرتن**: ڕیشـوە خـواردن: (بـڕوانە لە ئەحواڵی مودیرانی ئیداری/ بۆ گرتنـی بەرتیـل وەکوو تانجی شکاری) «قانع».
**بەرتیلواردەی**: بەرتیل خواردن.
**بەرتیلوەر**: بەرتیلخۆر.
**بەرتیلوەرگرتن**: بەرتیل خواردن.
**بەرتیلوەرگرتەی**: بەرتیل وەرگرتن.
**بەرتیلوەرە**: بەتیلخۆر بۆ مێ.
**بەرتیلهورگرتەی**: بەرتیل وەرگرتن.

**بەرج**: خەرجی خۆڕایی و ناپێویست: (خەرج و بەرج).
**بەرجا**: بێجگە، جگە، غەیری، بێ لە.
**بەرجد**: سەدی لە سەد، حەتمی.
**بەرجفـت**: بەرەجـووت، بەربێـڵ، بەرجـۆت، بەرەجۆت، بەرێ جۆتێ، داهاتی کشتوکاڵی.
**بەرجـــل**: ١. بەرزیـــن، ژێرجلـــی ئـــاژەڵ ٢. بەروانە، بەروانـــکەی منـــاڵ ٣. ئاســـتەڕ، بەر، بەرەکەوا،٤. بەرچاوتەنـــگ، ڕژد، بەغیـــڵ،٥. بەرشـۆ، جلکـی گـۆڕینێ، جلـی شـۆراوەی خاوێن.
**بەرجلانەکێ**: جۆلانێ، هەلۆرتک.
**بەرجلک**: بەروانکەی منداڵ، بەروانە.
**بەرجلی**: بەرچاوتەنگی، ڕژدی.
**بەرجلیێتی**: بەرچاوتەنگی، ڕژدی.
**بەرجۆ**: گوندێکە لای چۆمان.
**بەرجۆم**: جیکەڵـدانە، سـیکەتۆرە، سـیقەتۆرە، سەنگدان، سیقلدان، قیک.
**بەرجۆمک**: کرکراگە.
**بەرجووت**: جوانەگا.
**بەرجە**: لەپێش، زووتر.
**بەرجەزا**: تاوانبار، سووچبار، سووچکار.
**بەرجەزابوون**: سووچباربوون.
**بەرجەزاکرن**: سزادان، تەمێکرن.
**بەرجەژنانە**: ڕۆژەک بەری جەژنێ.
**بەرجەستە**: ١. هەڵکەوتوو، بژادە، تاق: (وەرە سەیری خیابان و بەیاضی دەفـتەری نـالی/ کە سەف بە سەف، مەصرەعی بەرجەسـتە، ڕیـزی سـەروی مەوزوونە) «نـالی»،٢. قـوت، زۆپ، دیـار، دەرکەوتـوو: (نەرم و خـۆش و مـونتیج وەکو بەسطی ئودەبا بێ/ طوولانی و بەرجەستە وەکو دەستی دوعا بێ) «نالی».
**بەرجەسۆن**: کۆت و شەڕواڵ.

**بەرجەڤان**: خاوێن، پاقژ، ئافێدە.
**بەرجەوەن**: ١. بەرکەتـی، بەرچـاڤ، دلخـواز، هێـژا، گرینـگ ٢. بەرجەوەنـد، بەرژەوەنـد، دیـمەن، ڕواڵەت، ڕووکـاری بەرچـاو: (نێوەڕاسـتی ئەو حەوشـە گەورە، کۆشـک و تالارێکی بەرجەوەن خۆشی لێ دروس کراوە) «هەزار ئەشـکەوت»٣. بەراورد، تەخمـین،٤. خەیر و خورجین، سلا و مەنفەعەت.
**بەرجەوەند**: بەرجەوەن.
**بەرجەوەنگ**: بەرژەوەند.
**بەرجەوەنـگ کردن**: بەرژەوەنـد کـردن، لێکدانەوە، بەراورد کردن.
**بەرجی**: بەرڕجێ، بێجگە، جگە، بابوەستێ.
**بەرجێ**: بەرجی، بەرجا.
**بەرجـیس**: مشـتەری، هـورمز، گەورەتـرین گەڕۆکی کـۆمەڵەی ڕۆژ: (کەیـوان د دەلـوێدا نیهان بو/ بەرجیس د حـوتێ بـێ نیشـان بـو) «خانی».
**بەرجینک**: بەرچیغ، بەرچیق، دارێ کـو ددەنە بەر چیقێ مەڕ و مالاتێ.
**بەرجێنک**: بەرجێنگ، خشڵی پێشەسەر.
**بەرجێنگ**: پێشەسەر، بەرچـاوگە، بەرچـاویلە، خشڵێکی نێوچاوانی ژنانەیە.
**بەرچ**: لەبەر چ، بۆ چ، سا چ.
**بەرچـا**: بەرتاشـت، بەرقلیـان، بەرقەنە، بەرقەلێک، ناشتا، بەردل، بەردڵـک: (زسـتانێک هەتا بەهار پێخۆرمان نەبـوو، بەرچامـان نـانی وشک بوو) «چێشتی مجێور».
**بەرچـاڤ**: ١. دیـار، ڕوون، ئاشـکرا، خویـا، خۆیـا، بەرچـاو، عەیـان ٢. پێشـگا، دیـمەن، بەرجەوەن، توویزم، چاوگە، چاوەنداز، نهێرگە، ٣. شـۆخ، جـوان، لەبـار، دەلال: (ژنـک پرپـر بەرچـاڤ و بەدەو بـوو) «پەپـووک»٤. دیـاردە، دیاردی، بەرچاوە ٥. بەرچاوکە، پێش‌چـاوکەی ئاژەڵ،٦. بەرچـاو، بەردەم: (مـن ئەو دیـلەم لە زیندانی تاریکـا/ هەتـاوی بیـر ڕوونـاک ئەکـا بەرچاوم/ ...) «گۆران»،٧. خوار چـاو، کـوڵمە، گۆنا.
**بەرچاڤ‌تاریک**: ١. بەرچـاو تاریـک ٢. تـوڕە، قەڵس.
**بەرچاڤ‌تەنگ**: لەچەر، ڕژد، ڕوژد، چرووک، بەرجـل، چکـۆس، گـزاڤ، کونـد، کنـووس، چاڤتەنگ، قڕنووس، ماسک، دراڤگەنی، بەغیل، بەخێـڵ، بەرچاوتەنـگ، نەخـۆر، چەپخـووس، نەگریس.
**بەرچاڤ‌تێر**: سـەخی، دڵاوا، دلفـراوان، مەرد، سەغاوەت.
**بەرچاڤ‌تێری**: دڵاوایی، مەردی.
**بەرچاڤک**: ١. چاویلکە، عەیـنەک، چەشـمک: (چاڤا سـەیدایێ مە بـاش نـابینە، ژبەر هنـدێ بەرچاڤ دکە چاڤان) ٢. پەچە، پێچە، ڕووبەن، ڕووبەندی ژنان ٣. بەرچاوکەی ئاژەڵ.
**بەرچاڤ‌کرن**: دەست‌نیشان کردن.
**بەرچاڤ‌کری**: دەس‌نیشان کری.
**بەرچـاکڵە**: قڵف‌بەنـدێکە بە گـوریس بـۆ بەستنی باقەی چوارەمی شەغرەکێشان.
**بەرچـاو**: ١. بەرچـاڤ،٢. دیـمەن، ڕوانـگە،٣. جـوان، شـۆخ: (لە خەودا هێشـتا لاو بـووم/ هێشتا بەنمـوود و بەرچـاو بـووم) «هـێمن»،٤. دیـاردە،٥. ئاشـکرا، دیـار، ڕوون،٦. بەرچـاڤ، پێش‌چاو: (لە دێدا کام جێـت گەورە بەرچـاو کەوت:/ ماڵی ئاغـایە و خانەقـا و مـزگەوت!) «گۆران»،٧. کوڵمە، گۆنا: (وتـی: مینە هیلاکـی تۆم، وتم: قوربان دەوام سەهلە/ وتی: چی بـێ دەوات بـیکەم، وتـم: مـاچێ لە بەر چـاوت) «مینەجاف».

**بەرچاوبوون**: ١. زەق بـوون، دیـاربوون، لە چـاو دان: (دەمـی شـێعرم، دەمـی تـۆ دی لە خەودا/ .../ کە بەرچاوە بڵێسەی گـڕ لە ئەودا) «ڕاوچی»،٢. نزیـکبوون و هەسـت پێکردنـی شت یا کەسێ، ٣. سـەرنجدان،٤. جوانبـوون: (تازە وا پێدەکەنێ خونچەگوڵی ڕیزە چـرۆت/ کێ لە تۆ جوانتر و بەرچاوە گـوڵم، بـێجگە لە خۆت) «ڕاوچی».

**بەرچاوتاریــک**: پێش‌چـاو تاریـک، تـوورە.

**بەرچاوتاریک‌بوون**: توورە بوون، قەڵس بوون.

**بەرچاوتەنگ**: بەخێڵ، بەرچاڤ‌تەنگ، بەرجل، چاڤ‌تەنـگ، چاوتەنـگ، چـرووک، چکـۆس، چەپخـــووس، دراڤگەنـــی، درژ، رژد، ڕوژد، دەزگرتـــی، دەســـتگرتی، قرنـــووس، کونـــد، کنووس، گزاڤ، گیر، لەچەر، ماسک، نەخـۆر، نەگریس.

**بەرچـــاوتەنگی**: کونـــدی، بەجلـــی، ڕوژدی، کنووسی، قرنووسی، چرووکی.

**بەرچاوتێر**: ١. دڵاوا، بەخشندە،٢. بەرچـاڤ‌تێر، کەسێ دڵی بۆ ماڵی دنێ ناشەوتێ.

**بەرچاوتێری**: بەرچاڤ‌تێری.

**بەرچاوتیژ**: دڵاوا، بەخشندە، سەغاوەت.

**بەرچاوتیژی**: دڵفراوانی، بەخشندەیی.

**بەچاوچۆڵ‌کردن**: ڕۆیشتن لەبەر چاو: (شەرتە لە داخـت کەشـکۆڵ لە کـۆڵ کەم/ بـڕۆم لە ورمێ جوانێ بەرچاوت چـۆڵ کەم) «حەسـەن زیرەک».

**بەرچـــــاوکە**: ١. بەرچـــــاوە، بەرچـــــاوگە، پێشچاوکە، قایشی ڕیشوداری بەرچاوی ئەسپ و هێستر و کەر بە دەرکردنی مێش٢. عەینەک، چاویلکە ٣. بەرچاوە، ئافتـاوگەردان، تیلیسـان، شـــەپکە، کـــوتە کـــاغەزێکە درویـــنەوان لە نێوچـــاوانی دەکەن،٤. دەســـتەچیلە، بن‌ئـــاگر، دەستەچیلکە.

**بەرچاوکەوتن**: پێکران بە چاوی پیس.

**بەرچاوگە**: ١. بەرجێنگ، پێشەسەر، خشڵێکی بە زەنگیـانەی ناوچـاوی ژنـانە ٢. بەرچـاو، دیـمەن ٣. بەرچـاوکەی ئـاژەڵ، چەن قەیتـانی باریکە بۆ دەرکردنی مێش لە چاوی وڵاخ.

**بەرچاوە**: ١. بەرچاوکەی هەسـپ ٢. شـەپکە، ئافتـــاوگەردان،٣. خشـــڵێکی ژنـــانە: (بـــرقەی بەرچـــاوە و زرنـــگەی کـــڵاوزەڕ/ ئەگـــریجەی قرتاو وەک ڕێحانەی تەڕ) «قانع».

**بەرچاویلکە**: بەرچـاوگە، بەرجێنـگ، خشـڵی پێشەسەر.

**بەرچای**: بەرچای، خورینی، چێشت، نسێ.

**بەرچای**: بەرچای، جی فرە سەرد.

**بەرچـــایی**: بەرقلیـانی، قـاوەڵتوون، بەرقەنـنە، تاشت، بەرتاشت، ناشتا: (فەرەج چـوو جـامێ ماسـتی لـێ ئەسـتاندن، بـۆ بەرچـایی ئاغـا) «پێکەنینی گەدا».

**بەرچچاک**: بەرچن، بەرچنۆک، تریان، سەبەد، قرتاڵەی میوەچنین.

**بەرچقاندن**: فلیقانن، فلیقاندن، فلیقاندنەوە.

**بەرچقین**: فلیقان، فلیقانەوە.

**بەرچلک**: جیکەڵدانە، سیقەڵدانە، سـیکەتۆرەی مەل.

**بەرچلە**: مانگی دوازدە، کانونا بچوک.

**بەرچن**: ١. بەرچنۆک، بەرچنە، تریان، قرتـاڵە، قەرتـاڵەی میـوە: (مەلا سـاڵحی تەرەمـار لە ڕەزهەنجیرەکەیا تەنها یەک هەنجیری گەیشتوو ئەدۆزێـتەوە، گـورج بەرچـنەیەک ئەهێنـێ) «ڕشـتەی‌مرواری»،٢. میـوەچن، بەرڕن، ئەوەی میوە دەڕنێ ٣. پـارچە بـوزوویەکە لە ڕاستی زێی بزن دەدروێ بۆ ئەوەی تەگە نەخوات.

**بەرچنـــــگ‌کەوتن**: دەس پێ‌ڕاگەیشـــــتن،

کەوتـنەدەس: (ئەگەر ئەو هـاوڕێ نامەردەمـان بەر چنگ بکەوتـایە ئەوا دەمـانکردە پەنـدی خێڵی نامەردان!) «کۆردەرە».
**بەرچنۆکە**: بەرچنی چووکە، تریان بیچک.
**بەرچنە**: بەرچن، تریان، سەوەتەی لە شـوول: (کایەن و بەرچنە و قرتاڵە) «چنگیانی».
**بەرچنۆک**: بەرچن.
**بەرچنۆکە**: بەرچن.
**بەرچنە**: بەرچن، تریان.
**بەرچـــۆ**: فەرمـان و کردارێکـی ڕسـکاوی ئەوتۆیە کە کەسێکی دی نەتوانێ بیکات.
**بەرچۆکنان**: نانە ژێر چۆک، داگیرکرن.
**بەرچۆڵە**: بەرچێلە.
**بەرچۆڵەمە**: بەرچێلە، پێسـتی شـۆڕەوەبووی بەر ملی گا.
**بەرچووڤ**: بەرچووق.
**بەرچووق**: بەرچووڤ.
**بەرچـــوون**: لەبەر چـــوون: (زارۆک ژ بەر دایکێ چوون).
**بەرچەپ**: ١. پـــێچەوانە، چەپەوانە: (بینـــای وجـــوودم خەجـــڵەت ئەساســـەن/ بەخـــتم موخـــالیف، نـــامەدیم ڕاســـەن) «مەولەوی»،٢. ملـۆزم، مێمـڵ، چەلمەل، دژ: (دارا بەرچەپـی فەرەیدوونە).
**بەرچەق**: ١. ســـەرچۆپیکێش، پێشـــەنگی گۆڤەند ٢. مشتووک، دەسکی شیر و خەنجەر.
**بەرچەک**: ١. چەکـدار، بـۆ چەک هەڵگـرتن دەبـێ،٢. بەچەک، چەمـڵەک سـەر سـینگ، گۆشت سینەی پەز و بزن.
**بەرچەکبەرچەک**: وەردە وەردە.
**بەرچەل**: بنـاری چیـا، بنشـکیر، بنشـکێر: (مەجـــالێ بەرچەلا بـــۆری/ زەری نـــاهێنە سەیرانی) «باتەیی».

**بەرچەلان**: ١. نـاوی چیـایەکە ل کوردسـتان: (یەک ژ وان چییان، چەلێ بەرچەلانە)،٢. ناوی کوێستانێکە لە جۆلەمێرگ.
**بەرچەڵە**: ئەستوندەکی دەرەوەی تاوڵ لە لای چیغەوە.
**بەرچەلینک**: بۆتەی زێڕگەران.
**بەرچەم**: ١. لێـواری چـۆم، ڕەخـا ڕووبـار،٢. ئـاواییە کە پێشـەکەی چـۆمی پێـدا بـڕوات،٣. بەرچاو، بەردیدە،٤. دێی کە لەبەر چـاو بـێ،٥. دێیە کە بەرەکەی مێشە و قامیشەڵان بـووگە،٦. نـــاوێ ئـــاواییەکە لە بەشـــی کـــولتەپەی جانگیرخانی سەقز.
**بەرچەنگ**: بەردەست.
**بەرچەنگاڵکەوتن**: کەوتـنە بەر چنـگ: (کەی بەر چەنگاڵی هەڵۆی غەم دەکەوێ تائیری دڵ/ تـا لە زاغـی خەمـی زولفـت هەیەتـی زیللـی هوما) «سالم».
**بەرچەنگبەرچەنگ**: وەردە وەردە.
**بەرچەنە**: ١. کرمەک، خشڵێکە بۆ بەر چناگە، ٢. بەرچێلە، بەرخەبەبە.
**بەرچـــی**: ١. برچـی، برسـی،٢. ئـاواتەخواز، تامەزرۆ: (وەهـا سـەییاد تەڕدەس بـی سـەید، بەرچـــی وە نەخچیـــری) «ســـەید»،٣. نـــاڤێ گوندێکە ژ دەڤەرا ئامێدێ.
**بەرچیـــت**: ١. بەرچیـغ، بەرچـیخ، سـنگی چیـغڕاگر ٢. بریتـی لە پەیـاغ، تەیـاغ، تـێلا، گالۆک ٣. پەردە، تیغە، شتێ هەوا بگیرێتەوە ٤. تـــیغەی لە قـــامیش لە نـــاو خێـــوەت بـــۆ جیاکرنەوەی ژووری ژن و پیاو.
**بەرچیچک**: نزگەرە، بەرچیچکە.
**بەرچیچکە**: بەرچیچک.
**بەرچیچەک**: بەرچێلک.
**بەرچیخ**: بەرچیغ.

**بەرچیخە**: گوندێکە لای سیدەکان.

**بەرچیغ**: ۱. بەرچیت، قیسپ، خێزەرە، کێزمە، ڕکە، ڤرک، سنگی چیغڕاگری خێوەت: (ئێمە ماینە بۆرەمان هەس دەست و قاچی یەکە، کڵاوەژنۆیەکیان هەس، کەچی ئەو دواوڕاوە وەکوو بەرچیغی شکاو لە دوو لاوە دەس و قاچی ئەشکایەوە) «ڕشتەی‌مرواری»،۲. قیسپی عەڕابە: (چیخ بێ بەرچیخ ڕاناوەستێ) «پەند»،۳. پەیاغ، تێلا، چۆماغ.

**بەرچیلک**: ۱. بەرچێلک، سیکەتۆرە، بەرجۆم ۲. گەدە، ورگی ئاژەڵ.

**بەرچێلک**: بەرچیلک.

**بەرچێڵە**: ۱. بەرخەبەبە، گۆشتی بەر چەنە: (بەرچێڵە بە خاڵان، کلیل بە برۆکان) «گەنجی سەربەمۆر»،۲. ئێخە، یەخە،۳. بەرچۆڵەمە، گۆشتی بەر ملی گا.

**بەرچێڵەگە**: بەرچێڵە، گۆشتی شۆڕی چێر ملی گا و کەڵ.

**بەرچین**: ۱. بەرچێن، چەپەری دارین،۲. بەرکێل، بەرشۆڤ، توخم ڕشاندن بەری شوڤ‌کرن.

**بەرچێن**: بەرچین، بەربوورە، بەرپشین، چاندنی دەغڵ پێش کێلان یا پێش بارینی باران.

**بەرچینۆک**: سیقەتۆرە، چیکەڵدانەی باڵندەی گۆشتخۆر.

**بەرچینە**: تریان، بەرچن، بەرچنە، سەوەتە، قرتاڵە، قەرتاڵەی میوە.

**بەرچینەک**: سیکەتۆرە، سیقەتۆرەی باڵندە، بەرچێنەک، بەرچینۆک.

**بەرچێنەک**: بەرچینەک.

**بەرچەلینک**: بۆتە، کوورەیتواندنەوەی بەرد و ڕەساس.

**بەرچیغ**: داری کولێن، ئەو دارەیە کە لە گۆشەی ڕەشماڵ بۆ چیغ گرتنەوە بەکاری دێنن.

**بەرچێ کەتن**: برسی بوون، برسی کەوتن: (ئەرێ یارێ، ئەرێ یارێ/ ئەمێ ل کێریا بەرچێ کەتین/ بەرامبەر سویارێ/ تە کراس کنجرۆکێ، پانی کەلشتیێ) «حەیرانۆک».

**بەرحوزور**: لە ڕووبەڕوو، لە حوزور، لە خزمەتدا: (ئا ئا، ئەو حاڵاتانەی هەر لەگەڵە، بەو تووڕەبوونەوە جوانە، لای خۆی من کوێخام، جاری وایە سەد قسەی ناخۆشم پێدەڵێ، بەرحوزوور قسە بە هەمزە بەگیش دەڵێ) «هەزار ئەشکەوت».

**بەرحوشتر**: ۱. گوندێکە لە نزیک ڕانیەیە،۲. گوندێکە لە باکووری هەولێر.

**بەرحەق**: ۱. حەقدار، ڕاست، حەق بە دەس: (بە تەکبیرگۆیان وەر جە سوب شەبەق/ شین وە پای سەریر ڕەسووڵ بەرحەق) «خانای قوبادی»،۲. واجب، فەرز، لازم: (نادە جامێری هۆشیار جەڤاب/ تا دەما ژ وی پرسا نەکن/ گەر چ بەرحەق بوو ژ وی کەلام/ کو ژ بەر پربێژی گوه لێ ناکن) «گولشوون».

**بەرحەلینگ**: بۆتەی زێڕینگەران.

**بەرحەمێز**: باوەش، حەمێز، پاشل.

**بەرخ**: ۱. بەرە، بەرا، بەڕە، وەڕگ، وەرک، وەرە، ئەملک، ئەملکن، ساوێلکە، مازماز، بێچووی پەز تا تەمەن شەش مانگ: (مامەی شوان، وەکو خۆی، بەرخی باوەشی/ تەڕتەڕە و هەڵدەستێ هەڵم لە لەشی!) «گۆران» ۲. کاوڕ، کاڤر،۳. کارمامز، بێچووی ئاسک،٤. بورجی بەرخ، خاکەلێوە کە خۆر زۆر گەشە: (هەی‌هەیا ڕەقس و سەمایا تە چ خوەش بەستیە چەرخ/ کۆ د بورجێ ب سەما تێت

لسەر دەستێ خوە بەرخ) «جزیری»،٥. بۆ دەربڕینی خۆشەویستی بۆ منداڵ بەکاری ئەهێنن: (بەرخێن منێن خوەشدڤی) «پەپووک»، ٦. گوندێکە لە خۆرهەڵاتی سلێمانی.

**بەرخا**: بەر بخا، بەر بخات: (ڕەنگە بزنەکەمان بەر خا).

**بەرخا**: بەرخی: (گۆر گۆت: بێئەدەب بەرخا بێتۆرە) «پەرویز جیهانی».

**بەرخار**: لار، گێڕ، کەج.

**بەرخاڤرنگی**: بەرخەل، بەرخی ساوا.

**بەرخامێ**: بەرخەمێ، بەرخی مێ.

**بەرخئاهوو**: کارمامز، بەرخ.

**بەرخباران**: دیەکەیگە لە سەرپیەڵ.

**بەرخبڕ**: ١. جێژنێکە مەڕدارەکان کاتی بڕینەیوەی کاوڕ دەیگرن،٢. تەباخ، ماها دودە هاڤینێ.

**بەرخچێران**: بەرخڤان، بەرگەلەوان.

**بەرخخنکێنە**: گیایەکی چەسپناکە لە ناو مێرگ دەڕوێ وەک گوڵی جۆ واسە.

**بەرخدان**: دەولیبازی مەڕ، پزدانی پەز.

**بەرخستن**: ١. بەرهاویژتن، بەراویژتن، بەراویتن، منداڵ یا بێچوو بە مردووی فڕێدان ٢. پێشخستن، دانەپێش ٣. بەرپا خستن: (سەیری کاروانی کەری کەن، جاشی خۆی چۆن بەر ئەخا/ هەر نەزانینە کە سواڵەت پێشی سەد گەوهەر ئەخا) «قانع»،٤. ئاشکرا کردن ٥. هینکرن،٦. لاناوە لە نەتویەنمی ل کارا: (بەر خسیە).

**بەرخستی**: ١. بەرخستوو،٢. پێشنیار.

**بەرخسن**: بەرخستن.

**بەرخسێ**: ١. کیەر خسێ،٢. بریتی لە ناتوان.

**بەرخفرچکدان**: گۆچ کردنی بەرخ، یەکەم ژەک بە بەرخ دان.

**بەرخڤان**: شوانی بەرخ، بەرغەڵلەوەڕێن: (لاڤێ وی بەرخەڤانە).

**بەرخک**: بەرخولە، بەرخی ساوا: (دەرەو دا بەرخک دا خەبەر دانێ/ بۆ خارن کەتە نەخشە کێشانێ) «پەرویز جیهانی».

**بەرخلێنە**: هەر کام لە دوو ددانی پێش خلێنە و دوای کەڵپ کە بە گشتی هەشت ددان پێک دێنن.

**بەرخو**: ١. بەرخ ئانکو تیشکێ مهی،٢. ناڤێ کوڕانە.

**بەرخۆ**: ناوە بۆ ژنان.

**بەرخوار**: بەرخووار.

**بەرخوارن**: ١. خواردنێکی سڤک وەک شۆرباو بەر لە خواردنی سەرەکی،٢. لە میوە خواردن، ٣. کەڵک لە شتێک وەرگرتنە: (ئەگەر تە دخوۆست ژ وی بەر بخۆی/ ب مننەت مەدە ئەررە ب لنگێ وی) «گولشوون».

**بەرخواری**: ئەوەی پێش نان شتێکی بەردڵ خستبێ.

**بەرخودار**: ژیدرێژ، پارازتی، پیرۆز، سوپاسدار، تەندروست.

**بەرخواردن**: بەرخوواردن.

**بەرخوبێژ**: گۆتنچێکەر، دەرەودەر، درۆزن.

**بەرخود**: نهێرتن و دیتنا تشتەکی.

**بەرخوداری**: ژیدرێژی، پیرۆزی، سوپاسداری.

**بەرخودان**: بەرخوەدان، خەبات، بەرگرت، بەرەڤانی ژ دۆزەک پیرۆز: (ب گلیکی باژێر ژ بۆ بەرخۆدانێ ئامادە بوو) «مەستوورە».

**بەرخور**: ماڵ، دارایی: (ڤێجا چ دەسهەلاتەکا مەزن هەبیت ئان بچیک ژ وی کەسی ژی دگرێت کو بشیتە کەسەکی پشتی و تەعدایێ لێ بکەت، مال و بەرخورا وی بخوت)

«گولواز».

**بەرخۆر**: ١. بەرهەتاو، بەربڕۆچکە، خۆرگر: (ئەی کچە کاڵەکە! جوانی‌تر با زۆر بن/ لە باغچەی بەهارا گوڵباخی بەرخۆر بن) «گۆران» ٢. بەرهەمخۆر، زکلەوەرێن، ئەوەی بەرهەمی دەسڕەنجی خەڵکانی‌تر بخوات ٣. بەرخۆر، پێش‌خۆر، خێڤانە، خێوانە، بەرکول، بەرکەل، ئازووقەی کە بەر لە زستان و وادەی دیاری‌کراو دەیخۆن٤. بەردکرۆژ، بەردخۆر، بریتی لە خۆهەڵکێش ٥. ڕەنجبەر ٦. داگیرکەر ٧. چاپلووس، زمانلوس،٨. داهات، حاسڵ: (دەرامەت و بەرخۆرا هکاری ل سەر تەرشی و گەنمی‌یە) «گولواز».

**بەرخوردار**: پایەدار، تەمەن‌درێژ، سەربڵند، کامڕەوا، مرادحاسڵ، ئەو کەسە هند عومر درێژ بیت هەتاکو ئەمەکێ نەڤی چرکێت خۆبخۆت.

**بەرخورداربوون**: پایەدار بوون، بەری ژیان خورادن.

**بەرخورداری**: پایەداری، تەمەندرێژی.

**بەرخوردکردن**: پێگەیین، تووش‌بوون.

**بەرخورک**: تەرزەی ورد، تەزرەی وردیلە، تەیرۆکێدهوور.

**بەرخۆرن**: پیش‌خواردنەوە، خیش‌کرن.

**بەرخوکەتن**: شەرم لە خۆ کرن.

**بەرخوگۆتن**: درۆدان، دەرەوبێژی.

**بەرخۆڵ**: بەرخۆلە، بەرخ: (ڕێوی گوتی: بەرخۆلانم بە لاوە بۆ بێنە، بۆت دروس دەکەم) «ف.پ.پ.».

**بەرخۆلە**: ١. پالمە، چەورک، چەورۆکە، چەورە، گیا بەرخۆلە ٢. ئەملک، بەرخی ساوا: (ئەی بەرخۆلەکە!، نەرم و نۆلەکە!/ سپی و خرپنی، وەک کولووی لۆکە!) «گۆران»،٣. بریتی لە منداڵی زۆر خۆشدەڤی.

**بەرخۆڵە**: بەرخۆلە.

**بەرخووار**: ١. بەهەوا، بەدەعیە، گومڕا، ترزل ٢. خواروخێچ، بەرلار، پارچەی لاربڕاو: (یان چرچ و لۆچ و بەرخوواره، یان ژاکاوی بن عەمبارە) «شەوارە»٣. بەرخۆر، خواردنێکی کەم لە شتێکی زۆر ٤. ئەو ئازۆقەی پێش زستان دەخورێ.

**بەرخواردن**: ١. بارخواردن، بەرهەم‌خواردن ٢. توش‌هاتن، گرفتاربوون ٣. تێگەیین، حاڵی‌بوون ٤. شکانەوە ٥. ناڕەحەت‌بوون لە قسەی کەسێ ٦. بریتی لە ئیجارەی باغ و شتی‌تر.

**بەرخوورک**: ١. شلێوە، کرێوە، تۆفان ٢. بەرزەی گچکە.

**بەرخووەدار**: بەرخوردار، پایەدار، کامڕەوا.

**بەرخووەدان**: ١. تێڕوانین، تماشاکرن، ٢. بەرگری، خۆپارێزی: (ژ مێرخاسێن کەلا دمدم/ بەرخووەدان قەت نایێ گرتن) «سەنار».

**بەرخووەر**: کەڵک، سوود، خێر، قازانج، بەرهەم، بەر.

**بەرخوە**: بەر خۆت، وەبەر خۆت: (ئەووەل مەدە بەر خوە وێ جەفایێ) «خانی».

**بەرخوەدان**: ١. سەرنج‌دان، لێڕوانین،٢. بەرخودان، خەبات: (گەلێ کورد ژ بۆ ئازادی ل بەر خوە دده)،٣. بەرگری، خۆپارێزی: (ب گلیکی باژێر ژ بۆ بەرخۆدانێ ئامادە بوو) «مەستوورە».

**بەرخوەر**: ١. بەرخۆر، ئەو شتانەی بەریان دەخورێ: (گەلێ مزیرکا، گەلیەکێ درێژ و پر ئاستەنگە دکەڤیتە هنداڤ هاڤین‌گەها سیلاڤێ و ل پال چیای مەتین ل دەڤەرا ئامێدیێ، یێ ناڤدارە ب دارێن گهیشکا کو بەرخوەرکا پر بهایە) «گولواز»٢. کێڵگە، ئەردێ چاندنێ:

(ئەڤ بەرهەمـێ مـن مسـتەک ژ جوخینـا بەرخوەرا فلکلـۆرێ زەنگینـێ کـوردی لـگەل شـــرۆڤەکرنا وان چیرۆکـــان) «ف.پ.پ.»٣. کەڵـــک، ســـوود، قـــازانج،٤. بەرهەمخـــۆر، داهاتخۆر،٥. خێڤانە، خێـوانە، بەرکـوڵ، ئەوە کـو جوتیـار بـۆ خـۆ هنـدەک دەخلـێ تێـرا هەڤرانەکێ گێرە بکەت هەتا بۆخۆ بکە داناش، تا پایزێ دەمێ کو بێدەر رادبـن،٦. گرانهـاتن، قســـەی کە دەبێـــتە هـــۆی ســـووکایەتی و تەوهین،٧. بەرهەتاو، بەررۆژ.

**بەرخوەراچـوون**: بە خـۆدا ڕاگەیشـتن، جلـی شیک لەبەرکردن.

**بەرخوەراوەستان**: ئاگا لە خۆ بوون.

**بەرخوەکەتن**: بەر خوە کەڤتن.

**بەرخوەکەڤتن**: ١. شەرمکرن، دامان: (خۆسرەو خـــان وەلـــی ژی گەلەکـــی بەر خـــوە دکەڤە) «مەســـتوورە»،٢. سەرشـــکت بـــوون، ناهومێـــد بوون: (وی زانبوو نهـا دلـێ ڕەوشـان خـانمێ ژی ژ وی مـــایە و هنەکـــی بەر خـــوە کەت) «مەستوورە».

**بەرخـــوێن**: خوێنبـــایی، دابێکـــی نـــاحەز و نـــاڕەوای کـــوردەوارییە، کەســـێ کە پیـــاو دەکوژی، دەبێ کچـی یـا خوشـکی لە تـۆڵەدا بدات بە ماڵی کوژراوەکە!

**بەرخەبەبە**: بەرچـــێڵە، غەبغەبە، بەرغەبەبە، بەرغەبابە، بەرکوڕ، بەبەغە، زنخـدان، چـۆڵەمە: (تا جان لە بەدەنْدایە «ئەدەب» تۆ دەپەرستێ/ زوننـــاری ملـــم، زولفـــی خەمـــت، قیـــبلەمە غەبغەب) «ئەدەب».

**بەرخەبەبەدار**: بەرکـــوور، کەســـێ گۆشـــتی بەرملی داکەوتووە.

**بەرخەبەران**: کاوڕەبەران، بەرخی نێر.

**بەرخەتا**: خەتابار، تاوانبار.

**بەرخەداربی**: ×٢٦×: (بەرخەدار بـی قوبـاد، ئەڤـێ قـاوێ ئێـدی سـەرێ لـۆدێ گـرت) «مەستوورە».

**بەرخەساوا**: ئەملک، بەرخی تازەزاو: (خەزاڵ دەرکـــی کـــۆزی بـــۆ کـــردەوە، یەک دوو بەرخەســـاوا لە دووی هەمـــان هێـــدی هێـــدی دەڕۆن) «ئەمیری».

**بەرخەفج**: شەوە، مـۆتەکە، مـۆتە، بەرخەفـچ، بەرفنجک، کابووس.

**بەرخەفچ**: بەرخەفج.

**بەرخەڤ**: بەرخەو، لە کاتی نوستندا.

**بەرخەک**: بەرخێـــــک، بەرخـــــێ: (ڕۆژەک بەرخەک تیهنـی، چـوو سـەر چەم) «پەرویـز جیهانی».

**بەرخەکـــــۆرپە**: ١. بەرخـــــی دەســـــتەمۆ و خۆشەویســـتی شـــوان،٢. بەرخـــی زاو لە جۆزەردان‌دا کە دەگەڵ مەڕی ناکەوێ،٣. بریتی لە مرۆی بێ‌دەسەڵات.

**بەرخەکەم**: ١. بەرخەکەی من،٢. بە دلۆڤـانی بە کیژۆڵە دەبێـژن: (هەی لاوە لاوە، بەرخەکەم لاوە/ مەردی خـــــــودا بە ڕوو کە بەم لاوە) «فۆلکلۆر».

**بەرخەگەل**: بەرخەل، بەرغەل، بەرگەل، گەلەبەرخ: (هە کـورە نـان و هە کـورە دۆ/ بەرغەل باژوێ بەرەو جۆ) «فۆلکلۆر».

**بەرخەل**: ١. گەلەبەرخ، بەرخەگەل، بەرغەل: (لەکن کارژیلە و بەرخەل/ لەکن بـزن و مەڕی شـەل/ ...) «هـێمن» ٢. بەرخەسـاوا، بەرخـا ڤرنگی، ٣. هەڤێز، هەویێز، هەڤشی، جی نڤستنا پەزی.

**بەرخەڵان**: کۆزی بەرخان، تامان بەرخ.

**بەرخەلچێشتاودان**: بەرخ تێبەردان بـۆ شـیر مژین.

**بەرخەلەوان**: بەرخفان، بەرخوان، بەرخەوان، بەرغەلەوان، شڤانێ بەرخان: (دانی ئێواری چەند بەرخەوانێک کار و بەرخیان لە جێی خۆجینی ڕاگرتبوو) «خاک و چەوسانەوە».

**بەرخەمێ**: وەرەما، کاورە مێو.

**بەرخەنجەر**: پاشخەنجەر، کێردی بەر خەنجەر.

**بەرخەنێر**: وەرەنێر، بەرخی نێر: (قەومەکان بەو زاتە وا حوکمی لەسەر بەحر و بەرە/ بەرخەنێری گەر نەنێری، هەرکەسێ خاوەن مەرە) «شێخ ڕەزا».

**بەرخەوان**: بەرخەلەوان، وەرەوان، بێچووەوان، بێچڤان، بەرخەڤان، ساوەلەوان، شڤانێ بەرخا: (بە دووی گوێرەکە و ڕاندا بڕۆن، بەرخەوان بن) «نیساری».

**بەرخەو**: نیڤخەو، سەرخەو، خاوێر، وەنەوز.

**بەرخەوانی**: وەرەوانی، بێچووەڤانی: (شوانی، بەرخەوانی، زۆرتر شوان بووم) «ئەمیری».

**بەرخیبابم**: وشەی سۆزدارییە: (باوکی تۆ پێی خوێندی ویستی بتکاتە مەلا، بەرخی بابم بۆ نەبوی؟) «چەپکێ گوڵ».

**بەرخیبەربزن**: بەرخێ کە لەبەر بزن گەورە دەبێ، دووگی پان نابێ: (نە مشکی تەڕەزنێ/ نە بەرخێ بەر بزنێ) «پەند».

**بەرخیدمەت**: پێشخزمەت، خزمەتکار: (بەرخیدمەتی غوباری ڕەهی یاری من، سەبا/ دێنێ هەموو دەمێ، بە دوعاوە، سەلامی میسک) «مەحوی».

**بەرخیساوا**: بەرخۆلە، ئەملک تازەزای.

**بەرخیمێ**: بەرخەمێ.

**بەرخینێر**: ١. بەرخێ کە نێر بێ: (ڕاپەڕە و بانگێ بدە بۆ خزمەتی کوردیزمان/ بەرخی نێر بۆ سەربڕینە، نەک لەبۆ دۆشین و ڕان) «قانع»،٢. بریتی لە کوڕ: (کوڕۆ، بەرخێ نێر بۆنا کێرێیە!) «مەستوورە».

**بەرد**: ١. بەڕ، بەر، سەنگ، بەرزە، کوچک، کوچکە، کۆش، کووچ، کەڤر، کەمەر، کەمر، کەوور، کەور، مەنگ، خرکە، خڕک، تاوێر، تەڤەنی، تەوەن، تەوەنی، تەونی، پەل، پەڵ، جسمێکی ڕەق و سەختە و جۆرێ فرەس، وەک: بەردە زوورگ، بەردە زەرد، بەردە ئەستێ، بەردە شاخی، بەردە خاڵدار، پەڵەبەرد: (ئەو بەر و بوومە جەنابی تۆ تیای/ بەردی بۆ مە دوورە، گەردی تۆتیا) «مەحوی» ٢. سەنگ، کێشانەی تەرازوو،٣. بەردی گورچوو یا مەسانە، ٤. بەردی چەخماخ: (کاتێ ئەستێی دا لە بەرد/ کۆترێکی دەنووک زەرد) «قانع»، ٥. پلار، تانە، زیپکە، توانج، تەووس، تانووت، تانە،٦. سەرما، ساردی: (ئەگەر بەرقەک ژ وێ روژێ، ژ بەر وێ عیقد و بشکۆژێ/ بدت قەلبێ وەکی دۆژێ، لبەر دۆژە دبت بەردە) «جزیری»،٧. برد، بردی: (پەی چێش؟ قیبلەکەم عەزم سەفەر کەرد/ سێڵاو دووریش ڕیشەی هەستیم بەرد) «مەولەوی»،٨. بووم، بوومەوە: (ئیسە ها جە گشت پەشیمانیم بەرد/ وادەی پیریمەن جوانیم ویەرد) «بێسارانی»، ٩. بریتی لە ڕەق وەک بەرد: (چلۆن ئەو دیتە چاوی من کە یەکسەر عونسوری ئاوە/ مەحاڵە من کە بچمە دڵییەوە، دڵ کیشوەری بەردە) «مەحوی»، ١٠. بریتی لە نەبزوو، بێجووڵە: (ئەو کابرایە دەڵێی بەردە، لەوێ ڕاوەستاوە هەر ناجووڵێ!)، ١١. گرفتاری، گیروگرفت: (بەرد ئەڕاێ مەردە)، ١٢. بەڵا، مسیوەت، قەیران گەن: (بەرد هاتێەسە ملیا)،١٣. کێوێکە لە نێوان گوندێلی کەرجۆ، هەر دوو مەلیکشا و حەلوان،١٤. بردی: (وەهار هەوای بەرد جە سەرزەمین

بەرد/ تـــۆمەی گـــوڵاڵان وە چێـــو بەراوەرد) «مەولەوی»،١٥. لوولەی چەک.

**بەرد**: Berid بەرت، بەرهەمـــت: (مەشـــکە بژەنیە تا بەرد بوینم/ جەڵاو هـاتەوە شـەو کەژ بسینم).

**بەردا**: ١. لەپێشـــدا، پێشـــوو، لەبەردا، هەوەڵ،٢. بەر خۆمدا: (خەبەر بیم هۆشـم ئامـا وە بەردا/ ئەو لا گیــــان، ئەو لا دڵ، دام وە ســـــەردا) «مەولەوی».

**بەرداخ**: پەرداخ، لیوان، ئـاوخۆری، ئـاوخۆرە، کاسە، پیاڵە، پەیمانە، پینف.

**بەرداخستن**: دانەواندن، هەڵاتن.

**بەرداخستنەوە**: ١. دەخستنەوەی بەری فەرش، ٢. بەرنانەوە، تەکمیش کردنی دیْراوی بێستان.

**بەردار**: ١. پـــڕبەر، بەرهەمـــدار، خاوەنـــدبەر، بەسـود، خـاوەنبەر: (وتـی: میـوەی بەهەشـتە شیعری «مەحوی»/ خودا نەبڕێ لە بـاغم داری بەردار) «مەحـوی»٢. هەڵگـر، بەسـەبر: (چـۆن خـوا بەردارە؟) ٣. زگپـڕ، تۆڵـدار، بـاردار ٤. گەهشتی، گەییو،٥. باش، بەکەڵک: (ئەز هەقـێ وە ددم، داکو هون ژ من ڕا خەباتەکـا بـاش و بەردار بکن) «پەپووک»،٦. بەردەگلی، دەسـهاڕ، ٧. بەرپـێ **××**(ئەو قەڵایەی کە بەرز وێسـتاوە/ دوور لە ئێستاکە، هەوارگەی پیـاوە/ سەرسـەرا و کۆشـکی سـەردارە/ بـۆتە بەردار، چ خـودا بەردارە!) «بۆکوردستان».

**بەرداربوون**: بەرهەمداربوون.

**بەردارکرن**: بەلیاندن.

**بەردارکەلگسا**: بەردەگلی بەڕووهەڕ.

**بەردارە**: بەردار بۆ مێ.

**بەرداری**: ١. پـــڕ بەری، خـــاوەن بەری،٢. گوندێکە لای شێروانمەزن.

**بەرداس**: ١. دەغڵی گەیشـتوو بـۆ درویـنە ٢. دەغڵێک کە بەر داس بکەوێ.

**بەرداسی**: دەغڵێ کاتی دروێنەی هاتبێ.

**بەرداسیاو**: بەرداش.

**بەرداش**: ١. ئارسی، بەرێئێش، بەردی ئـاش، بەرداسـیاو، سـەنگ ئاسـیاو، بەراڤ، تلـت، هارەئاساو، هارە، هاراسیاو، بەراش، بەردەهـاڕ، بەردێکی تایبەتیە بۆ ئاش دەیتاشن، ئـاش دوو بەرداشی هەیە، هی خـوارەوە نـابزوێ و هـی سەرەوە دەگەڕێ و دان دەهاڕێ: (لازمە خـول بخۆی وەکو بەرداش/ هەموو قەڕنێ دەگـۆڕێ ئەمری مەعـاش) «حـاجی قـادر»،٢. بریتـی لە فەلەک، گەردوون، زەمـانە**××**: (ئەو کەسـەی نەیهاڕێ بەرداشی زەمان/ ئەو کەسەی زێـڕەی نەگەییە ئاسمان) «ناڵەی جودایی».

**بەرداشت**: ١. بەهرەی زەوی،٢. بۆچوون، ڕا، بیروبۆچوون،٣. دیباچە، سەرەتای پەرتووک.

**بەرداشـــەکۆن**: نـاوی گەڕەکـێکە لە شـاری سابڵاغ: (نەختێ شڕەوپڕە قاپوقاچاخیان بـوو، کۆیان کردەوە و چـوونە سـابڵاغ، لە گەڕەکـی بەرداشـــەکۆن هۆدەیەکیـــان بە کـــرێ گـــرت) «پێکەنینی گەدا».

**بەرداشی کەتوو**: بەرداشـی ڕەق و بـاش: (بـۆ دڵی تۆ، چاوی مـن! دەرحەق بە مـن/ بـوو بە بەردی سەخت و بەرداشی کەتوو؟) «ناری».

**بەرداکرن**: داچاندن، تشتێ مینـانی ئـار کـێم کێم ل گرار یا روونێ داخ زێدەکرن.

**بەردان**: ١. بەرەڵاکردن، ڕەهـاکرن: (بەر دەدەن گاجووتی لەڕ، سواری تەڕاکتۆران دەبن/ دێـتە دەر بووره و بەیار و بەندەن و نیساری کـورد) «هێمن» ٢. لێگەڕان، واز لێهێنـان: (هینـدووی خاڵت وەنێو باغی جەماڵت کەوتـووە/ باغەبـان خـــانەخەرا بـــێ! بـــۆچ کوڵســـتان بەردەدا؟) «وەفایی» ٣. تڕدان، تسدان: (بـایەکی بەر دا و

بۆگەنی بڵاو کـردەوە)٤. تـرازان/ ترازانـدن ٥. هەڵوەشـاندن ٦. هـاتنە بەر، بەرهەمدان: (زاری تۆ گوڵزارە خۆ، بـۆچ ئـابی حەیـوانی هەیە؟/ سەروی تۆ ئازادە، بۆچ نـارنج و ڕوممـان بەر دەدا؟) «وەفـــــــایی»،٧. دانەبەر، ئـــــاژۆتن، پێشخـۆدان (کەر) ٨. چـۆڵکردنی مـاڵ بە نیازی چوونەدەرێ: (بـاژێر و کەلات و خـانی بەردان) «خـــانی»،٩. کـــۆی بەردە: (هەڵـــۆی خوێنـاوی سـەر بەردان/ پەڕکـوڕی ڕەوەز و زەردان) «هێدی»،١٠. هێنانە سەرخۆ: (لێبەلـێ هەقـێ خەلکـێ ب سـەر خـوەدا بەرمەدە) «پەپـووک»،١١. تێبەردانـی تـاجی لە نێچیـر: (جووتێکم تاجیلەی ئەستۆ بە قەڵاتی گـوێ بە زریـز بەردەدا) «گەنجـی سـەربەمۆر»،١٢. تێبەردانی کـار و مـاک: (سـەد کارکـان بەردە، هەر یەک دێ چیتە بەر ماکا خـۆ) «پەنـد»،١٣. بڵاوە کردنـی خەڵـک: (جەمـاعەت بەر دراوە، تازە تۆ دەچی بۆ نوێژ)،١٤. پێش و بەری ڕێی شـتێ کـردنەوە: (مـن لە سـرڕی حیکمەتـی چاوت عەجەب مـاوم عەجەب/ ئەو نەخۆشـە خـــوێنی قەلبـــی مـــن بە موژگـــان بەردەدا) «ماملێ»،١٥. بەردانـی گـوڵ بە دیڵـی ڕواوەوە: (زاڵم بە دیڵەوە ڕواوە، مومیەکە پێکەوەن، دیڵ بەریناد) «هەزار ئەشکەوت»،١٦. تەڵاق دانـی ژن: (سێ بەرک کـرنە د دەستێ ژنـا خـوە و بەردا) «گولواز»،١٧. گوندێکە لای سەردەشت.

**بەردامـــران**: نێزیکـی دامرانـدن، خومـارین، ئاوری لە حاڵی دامرکان.

**بەردامرین**: بەردامران.

**بەردانک**: بەردامێن، دانک، دانگی چیا.

**بەردانگ**: ١. ژێروو، خـوارۆ، لای خـوارو ٢. دەهـــمەن دانگـی، هەر تشـتەکی دامـانێ ویە: دانگێ گوندی،دانگێ چیای، دانگێ ڕەزی.

**بەردانەڤە**: ١. داهێلان، شـۆڕکرنەوە، بەردانەوە ٢. ئاوبەردان، ئاوهەڵکردن، ئاڤداخستن.

**بەردانەگـــرین**: زۆر گریـــان: (دلـــبەرێ بەردا گرینێ/ هسترێ وێ نازەنینێ/ بوون جووبارێـد خووینێ) «فەقێ تەیران».

**بەردانەوە**: ١. گلارکردنەوە، بەردانەڤە: (منداڵ لە ڕژد و هەڵـــــدێر/ بەر دەدەنەوە تـــــاوێر) «هێمن»، ٢. شۆڕکرنەوە، ئاوێزانکـرن: (مەیـخە پشـت گـوێ، مەرگـی مـن، بـێ زولفەکانـت بەردەوە) «وەفایی».

**بەردانەهەڤ**: دێـک بەردان، تێـک بەردان، خستنە گیانی یەک.

**بەردانی**: بەردایی، بەردەڵان، تەقتەقان.

**بەرداوبەرد**: بـازی لەم بەرد بـۆ ئەو بەرد: (ڕاو، دەسـت و قـۆڵ و قـاچ و شـان و مـل ڕاهێنانە، پاشەکشـێ و چنگەکرکـێ و پرتـاوە، بەرداوبەردە، بازبازێنە) «ڕاوچی».

**بەرداوەتی**: گۆرانی داوەتییە.

**بەرداوی**: بەردانی، ڕەقەن، بەردەڵان.

**بەرداوێــژ**: ١. بەردهـاوێژ، ئەوەی بەرد فـڕێ دەدات: (مەلا لە کابرای بەرداوێـژی پرسـی کە چـی ئەڵێـت؟) «ڕشـتەیمرواری»٢. بەردپێـک، بەرپێک، مەودای بەرد گەیشـتن: (کەوەکە هەر بەرداوێژێک لێمان دوور بوو).

**بەرداویلە**: ناوی کێوێکە✕: (مێگەل خۆرەتاوی کێوە بەرداویلەی گرتـۆتەبەر)، (دونـدی کێـوە بەرداویـــلە، هەتـــاوی کـــردووە بە دوو لەت) «هەزار ئەشکەوت».

**بەرداهات**: داهات، دەرامەد.

**بەرداهاتن**: سەردا هاتن، سەردا چوون.

**بەردایـــبەرد**: بەردەڵـبەرد، گرفتـاری لە پەی گرفتاری: (ئاخ وەێ قەیرانەیل بەردایبەردەوە/ پەنجەێ ڕەزم وە بان شەنگ زەردەوە).

**بەردایین**: چاوەدێری، ئاگاداری.
**بەردایـــی**: ١. ئـــازاد، بەرەڵـــلا، بێخـــودان، بێساحەب، ڤالا ٢. بەرداوی،٣. وەکو بەرد.
**بەردئاسا**: وەکی بەرد: (گوڵان هەر لە ئەوەڵەوە بەردئاسـا لە جێـی خـۆی ڕاوەسـتا) «خـاک و چەوسانەوە».
**بەردئەوبەســت**: بـردیە بەسـت، دایپۆشـی: (وەروی بەرد ئەو بەسـت گـرد گوزەرگـایێ/ دووی ئازیزشەن دڵ ئاهەڕایێ) «مەولەوی».
**بەردبار**: ١. بڵاو، بـلاڤ، بەخـش، پەخـش،٢. باربەر: (فیلجوملە ژ بۆ مە بەردبارن) «خانی».
**بەردباران**: سەنگەسار، بەردەبـاران: (لە دوای ڕۆژهەڵات گورگەکان پەیدا بوون و بەردباران دەستی پێکرد) «گورگ و بزن».
**بەردبارانکردن**: سەنگباران کردن.
**بەردبارکردن**: پەخش و بڵاو کردن.
**بەردبـــارین**: ××: (کە بەردێـک دەبـارێ لە بانی قەڵا/ لە گـای ژێـرزەمین دەبـووە دەرد و بەڵا) «شەرەفنامە».
**بەردبڕ**: بەربڕ، سەنگتاش، کەسێ یا شتێ کە توانایی بڕینی بەردی هەس.
**بەردبڕان**: ناوی گەڕەکێکە لە شـاری سـەقز: (بیمارســـــتان و بلـــــوار و بەردبـــــڕان) «یادنامەیسەقز».
**بەردبڕی**: ١. مەتەی بەرد بڕین،٢. کارخـانەی سەنگبڕی،٣. کاری بڕینی بەرد.
**بەردبڕین**: شکاندن و لەت کردنی بەرد.
**بەردبژێـــر**: ١. کەسـێ بـژاری بەردی زەوی دەکـات،٢. کەسـێ بەردی دەغـڵ دەبژێـرێ،٣. کاری بەردبژاردن.
**بەردبەبـاکردن**: بریتـی لە زۆر تـووڕە بـوون: (وای ڕق هەستابوو، بەردی بەبا دەکرد).
**بەردبەرد**: گوندێکە لای چوارتا.
**بەردبەردانێ**: بـازەڵێن، قەمچێن، گەمەیەکـی منداڵانەیە.
**بەردبەگـــومبەزدادان**: بریتـی لە کـوفر کـرن، سووکایەتی وە دین کردن.
**بەردپێـــــدادان**: ١. بەرد هاویشـــتن، پلـــلار ئاویژتن،٢. بریتی لە تەووس تێگرتن.
**بەردتـــاش**: بەربـــڕ، بەردتـــراش، بەردتەش، کەڤرتاش، کوچکتاش: (بەردتاشـێک عەشـقی خوای کەوتە سەر/ خوای خـۆش ئەویسـت و لە ڕا بێخەبەر) «پیرەمێرد».
**بەردتاشی**: بەردتراشی، کەڤرتاشی.
**بەردتاوانـــدنەوە**: کەسـێ توانـایی خـواردنی هەموو جۆرە خۆراکێکی هەیە.
**بەردتراش**: بەردتاش.
**بەردتراشی**: بەردتاشی.
**بەردتەش**: چەخماخ، کوچگ چەخماخ.
**بەردخســـتن**: بەرد فـڕێدان: (میـوەڕن، کەی بەرد ئەخا هەرگیز بە داری بێبەرا؟) «قانع».
**بەرخۆر**: بلخۆر، بەلخۆر، بەرخۆر، بەردخۆر، ساڤار، ساوار، دەغڵێکە دەخورێ.
**بەردخۆر**: بەرخۆر.
**بەرددڕانە**: بەردڕکانە.
**بەردڕ**: ئەو جلـــک یـــا چتمەکـــانەیە، کە لە پێشدا بۆ دڕانی بەکار ببرێت.
**بەردڕانە**: بەردڕکـانە، بەردڕەکـانە، نـوقلانەی بەرگی تازە، شیرینی جلکی نوێ.
**بەردراو**: بەردرای، ئازاد، سەربەست.
**بەردرای**: بەردراو، بەرەڵلا.
**بەردڕکانە**: بەردڕانە.
**بەردرگـــــا**: بەردەرگـــا، پێشمـــاڵ: (لە بەردرگاکەیا سەگ دامەنی کێشام وتم ئۆخەی/ ئەوە ئەو ڕایسپارد بمبا، کەچی چـووم کـردیە حەل حەل، دەی!) «پیرەمێرد».

**بەردڕەكانە**: بەردڕانە.
**بەردڕیاگ**: بەردڕاو، بەردڕیای.
**بەردڕیایی**: فراوان، زۆر.
**بەردڕێژ**: ١. سەنگفەڕش،٢. چەوڕێژ، زیخڕێژ.
**بەردژ**: دژبەر، كارڤەدانا هەر پەستانەک یا هێزەكێیە.
**بەردژبوون**: ڕووبەڕوو بوون، دژبەربوون.
**بەردش**: ١. بردی، بری: (پووشەكەی هەستیم، گیاكەی پای چەم/ وای نیستی فەنا، بەردش پەی عەدەم) «مەولەوی»،٢. چەقی: (ئیمشەو خاری یاو، زەمانەی ویساڵ/ بەردش بە دڵدا، جە دەستی خەیاڵ) «بێسارانی»،٣. كێشای، چێژای: (نە ڕاش چەندین جەور، چەند جەفا بەردش/ ئاخر بە ناكام ئەروا سپەردش) «خانای قوبادی».
**بەردشان**: بردیان: (بەردشان بە ناز ئەو حۆری سروشت/ بە مشكۆی خوسرەو چون ڕەوزەی بەهیشت) «خانای قوبادی».
**بەردشكێن**: ١. پیک، چەكوشی زل بۆ شكاندنی بەرد،٢. بەردتاش،٣. بەردبڕ.
**بەردشو**: بردی.
**بەردكار**: بەنّای بەردكاری.
**بەردكاری**: كاری دانانی دیوار بە بەرد.
**بەردكردنەئاو**: بریتی لە بەزەیی ڕاكێشان بە لای خۆدا.
**بەردكوڵاندن**: بریتی لە كاری بێسوود كرن.
**بەردكێش**: ١. تەوەنكێش، كەڤركەش، ئەڤیا كەڤر ژ خەلكی ڕاتینە ٢. شەلتە، شەڵتە، ساوەڵ، بارێكی دوتایی دارینە بۆ بەرد و گڵ كێشان.
**بەردكێشی**: كار و پیشەی بەردكێش.
**بەردگۆران**: گوندێكە لای ڕانییە.
**بەردگورد**: بەرزگورز.
**بەردگۆڵوو**: بەردار، دەسهەڕ، دەسهاڕ.
**بەردگەرمانێ**: جوورە گەمەیێكی منداڵانەیە.
**بەردل**: ١. بەردلک،٢. ناوە بۆ كچان.
**بەردڵ**: ١. بەرچا، بەرچایی، بەرقلیانی،٢. خۆشەویست، دڵگر، وەردڵ.
**بەردڵانە**: بەركوت، نەوسبڕ، ئەو پارووە نانەی كە كەسی برسی پێش نان دەیخوات.
**بەردڵخستن**: ١. بەرچا خواردن، ناشتا ڤەخارن،٢. نانێكی كەم خواردن: (نانە ڕەقی شەوێ بە ئاوری دەم بەیان گەرم و نەرم دەكەنەوە، دەیخەنە بەر دڵیان) «هەزار ئەشكەوت».
**بەردلک**: ١. بەردڵ، بەردل، خۆشەویست، یار، ئازیز ٢. بەرقلیان، بەرچایی، قلیانقاوەلتی، بەرتێشت ٣. بەرسینگە، بەرۆک، بەروانكە، بەردلكی زارۆكان ٤. توورەكەی مەمكان،٥. بیرەوەری، بیرئانین.
**بەردڵكەوتن**: پەسندكردن.
**بەردلەئەژنۆیخۆدان**: بریتی لە زەرەر لە خۆ دان: (چەپڕەوی وامان هەبوون كە لە عەینی نەخوێندەواری و نەزانیدا گاڵتەیان بەو جۆرە بیر و ڕایانە هاتووە و بەردیان لە ئەژنۆی خۆیان داوە) «هێمن».
**بەردلەبەرد**: بەرد بە بەرد، هەموو جێیەكی: (دمدمم بەردی لە بەردی/ لێیدەن بە تۆپی نەبەردی) «دمدم».
**بەردلەتۆبەدان**: تۆبە شكاندن: (مەكەن مەنعی وەفایی چونكە سەرگەردانی جانەنە/ لە سەر دینێ كە شێخی خانەقا بەردی لە تۆبەی دا) «وەفایی».
**بەردلەسەردانان**: بریتی لە شاردنەوەی ڕاز و نهێنی: (ئەو قسەیە هەر لێرە بەردێكی لەسەر

دانێ و لەبیر خۆتی بەرەوە).
**بەردلەسەرمەڵۆدانان**: بریتی لە خاترجەم بوون: (تازە بەردی لەسەر مەڵۆ داناوە، خەمی هیچی نییە).
**بەردلێبارین**: تووشی بەڵا و موسیوەت هاتن: (کێ تەفرەی داوی، بەردی لێباریێ) «فۆلکلۆر».
**بەردلی‌کەفتن**: لەبەر دڵ کەوتن، لەبەر چاو ڕەشبوون.
**بەردم**: ١. پێش، بەر،٢. بردم: (ئەر سەد چون یاران گیان تەسلیم کەردم/ خاس بی پەی یادگار خەدەنگێ بەردم) «مەولەوی».
**بەردن**: ١. بردن، برن: (خەیاڵان خام هاوردم بەردم/ هاوار جە دەمەی هەناسەی سەردم) «مەولەوی»،٢. پیاگرتن: (بازووش دانەبەند مرواری کەردن/ نە ڕووی حاشیەش زومەڕڕەد بەردن) «خانای قوبادی».
**بەردناس**: کەسی پسپۆڕی بواری بەردناسی.
**بەردناسی**: زانستی چۆنیەتی و چلۆنایەتی بەرد و کانی جۆراوجۆر.
**بەردو**: بەردوگ، بەردونگ، بن دوگی مەڕ.
**بەردۆ**: ١. پرژانی شیر کاتی دۆشین بۆ دەرقەی مەڕدۆش،٢. کووپەی گەورەی چەند هەنگڵ بۆ دۆ،٣. مانگادۆش، گادۆشە، مەرکەنی، سەتڵی زل.
**بەردوئەستێ**: بەرد و چەخماخ، ئەستێ و بەرد: (کابرایەک بەرد و ئەستێیەکی هەبوو لە ناو کوڕگەلا دانیشتبوو) «ڕشتەی‌مرواری».
**بەردوخ**: ئامرازێکە لە دوخی خەرەکدا.
**بەردۆش**: ١. بەرکۆش، بەرهەڵبێنە،٢. هاندان، هەژاندن،٣. دۆشینی ناتەمام.
**بەردۆشین**: بەردۆش، نیڤچی دۆتن.
**بەردۆک**: گوندێکە لای سۆران.
**بەردوگ**: بەردو، بنی دووگی پەز.
**بەردۆڵە**: بەردووڵە، تەبەک، دووڵە.
**بەردۆڵیان**: ئەو شوێنەیە لە ئاشدا کە کاتێ ئارد لە دەم بەرداش جوێ دەبێتەوە، دەڕژێتە ئەوێ.
**بەردومان**: بەردەباران، بۆمباران بە بەرد: (گورگەکان بۆ نیوەڕۆ هاتنەوە، بەردومانەکەش بە گڕ کەوتەوە) «گورگ و بزن».
**بەردوناز**: گوندێکە لای چۆمان.
**بەردونگ**: بەردووگ، بەردو.
**بەردۆنە**: ××٢٠٦: (چ تاری، چ ڕۆنە، خۆم دەکەمە بەردۆنە) «پەند».
**بەردوو**: بەردووگ، بەردونگ، بەردووڤ.
**بەردووئەستێ**: ئەستێ و بەرد.
**بەردووخ**: دارێکی ڕاستە لە دووخ ڕستندا بەکار دەبرێ.
**بەردووڤ**: بەردوو، بەردووگ، بن‌دووڤ.
**بەردووک**: ١. بەردووگ، بەردو، بەرەدووڤ، ٢. بەردوویک، سینگ و مەمک.
**بەردووکە**: ناوی شوێنێکە××: (جێگای بە ویسحەت کوێیە؟/ مەیدانچوغە و بەردووکە/ لە بن سێبەری بی‌یان/ ئاوی زۆر سارد و سووکە) «فۆلکلۆر».
**بەردووگ**: ١. بەردوونگ، بەردووڤ، بەردو، بەرەدووڤ، پێستی بی‌مووی ژێرەوەی دووگ،٢. ئەو گۆشتەیە کە نزیکی دونگییە.
**بەردوولاڤێ**: گۆرانییەکە ژنان لە کاتی تەشی‌ڕستن و خەرەکێ دەیڵێن.
**بەردووڵگ**: بەردگۆڵوو، دەستاڕ.
**بەردوولە**: ١. بەردۆڵە، تەبەک، دووڵە، تەشت، سوێنەی نان تێخستن،٢. بەردگوڵوو، دەستاڕ.
**بەردووڵە**: ١. بەردوولە، تەبەک،٢. دەسهاڕ.
**بەردوونگ**: بەردوو، بەردووڤ، بەردووگ.

**بەردوویک**: سنگ و مەمک، بەردووک.

**بەردە**: ١. بەنی، زەرخری، زیرکری، خولامی زیرخەری ٢. هەنارده، داهاتییک بۆ دەرەوە دەنێردرێ بۆ فرۆش ٣. تالان، چەپاو، غارەت: (عەجەب بگرە و بەردەیەکە) ٤. وازیینە، ویلکە، لیگەرێ: (دە بەردە، بەردە، دە برۆ برۆکم بەردە) «فۆلکلۆر»،٥. کوچکە، سەنگە،٦. شوبهاندن بە بەرد: (رەقە دەلیی بەردە)،٧. بەرد، سەنگ: (بریژم بە سەر خاکەدا سیم و زەر/ بنێژم بە سەر بەردەدا سەولی تەر) «قانع»، ٨. بیدە دەمی، وەبەری دە: (جارەکە شیو و بوورەکەشی بەردە)،٩. ئەمر بە بەردانی کۆلەکە: (دارەکە بەری زۆرە، کوڵەکەی بەردە)،١٠. کوچگ ژیرین بەردگۆلوو،١١. سترانەکی کوردییە: (هەی بەردە، بەردە، بەردە/ دەبرۆ بەرۆکم بەردە) «حەسەن زیرەک».

**بەردەئازەبە**: ١. بەردێ کە خورت بۆ راکردنی کێبەرکێ دەکەن،٢. بریتی لە کەسێ کە دەبێتە هۆی ئازاری خەلکی: (بۆتە بەردەئازەبە و وە زالە هاتوین بە دەستییەوە).

**بەردەئاش**: بەردە ئاسیاو، هارەی ئاش: (دیوەکە حەوت بەردەئاشی بە دوای یەکدا بۆ فرێ دا تا بیکوژێ) «گولونیرگز».

**بەردەئالانپاشا**: گوندیکە لای چۆمان.

**بەردەئەستێ**: کوچکچەخماخ، بەردەچەرخ، بەردی ئاگرپژین.

**بەردەئەموستیلە**: نقیم، نقێم، مۆرخوانە.

**بەردەبار**: ١. داهینەر، ئاگادار، ئەندازگر، ئەندازیار، ئەندازەناس، پیاوی زانا و بەتەگبیر، ٢. نەدار، فەقیر×: (هەزاران ئینقیلاب هات بە سەردا/ کەچی من هەر خەوالوو بەردەبارم) «قانع»،٣. سەبوور، خوراگر××: (کە هات جەننەت بە ریش و پرچی چلکن دەسکەوێ قانع/ لە هاوریی ریش وەکوو سابرین و یابوی بەردەبارم چی) «قانع».

**بەردەباران**: بەردباران، سەنگباران، کوچکواران، سەنگەسار، سەنگبارانی کەسێ: (دل کە خالی بێ لە خەم من ئەو دلە ویران ئەکەم/ کەللەیێ گەر تەم نەکا، ئەو کەللە بەردەباران ئەکەم) «قانع».

**بەردەبارانکرن**: ١. سەنگبارانی کەسی تاوانبار بە کۆمەل،٢. بە بەردان داگرتن لەبەر رق و تووڕەیی: (مندال لەبەر ئەوە کە قاسم تۆپەکەی درانبوون، مالەکەیان بەردەباران کرد)،٣. پێدادانی بەرد بە شەیتان لە ئاهەنگی حەجدا، رەجم کردن.

**بەردەباری**: ١. ئەندازەناسی، ئەندازیاری، ئاگاداری، رینۆنی، رینوینی،٢. نەداری، فەقیری××: (کچم، رۆلەی کزۆلەی بەردەباریم/ چرای رووناکی بێدەستی و هەژاریم) «قانع».

**بەردەباز**: پردەباز، بهۆز، بەردەواز، پیاز، پێپەلووک، نەردەوان، دەرەجە، دەرەنجە، بەردی پەرینەوە لە چۆم و تەنکاو: (سەر بەردەبازی ریتە، تەن تەختەبەندی جیتە/ دل مەیلی خاکی پیتە، رۆح مالی خۆتە، بیبە) «نالی».

**بەردەبال**: گوندیکە لای هەلەبجە.

**بەردەبان**: گوندیکە لای چوارتا.

**بەردەبۆ**: بردبێ: (دل دیار نییەن های نەکەردەبۆ/ وە خزمەت ئازیز تەشریف بەردەبۆ) «مەولەوی».

**بەردەبۆرین**: دەستووری، پێهیلان.×

**بەردەبۆک**: بەردەبووک.

**بەردەبووک**: گوندیکە لە بەشی ئالۆتی بانە: (میراجی سەرخۆش، بەردەبووک پرشەوق/

کانی‌یەکەی گوڵبەنـد، خـاوەن سـەفا و زەوق) «قانع».
**بەردەبەرد**: چەپاو، غارەت.
**بەردەبەل**: نـاوی شـوێنێکە لای شـارەزوو×: (لەبەر بەردەبەل ڕوانـیم ئاسـارە/ دیـارە کە جێگەی یەک گەورەشارە) «قانع».
**بەردەبەلـــک**: بەردەجەرگە، جـۆرێ بەردی سوور و لووسە واسە جەرگ.
**بەردەبەلەکە**: گوندێکە لای پێنجوێن.
**بەردەبەلی**: گوندێکە لای سەیدسادق.
**بەردەبەنرخەکان**: ئەو بەردانەی خشڵی ژنانەی لـێ ســاز دەکــرێن، وەک: دوڕ، گەوهەر، مرواری، مەرجان، لەعل، یـاقووت، زمـرووت، زێو، یەشم.
**بەردەبێ**: ١. بردبـوو، کێشـابوو: (بەڵام تـۆیچ ئاخر ڕەنجت بەردەبێ/ چەنـد جـار ژار مـار دووریـت وەردەبـێ) «مەولەوی»،٢. بردبـوو، بردبــــۆوە: (یەک ڕۆ چەم نە چەم گـــرەو بەردەبێ/ سەیل خەم یـانەم وێـران کەردەبـێ) «داخی»،٣. بردبووی: (گەرمیی تەوەن‌تـاو دەرد تەنیـاییم/ بەردەبـێ یەکسـەر سـۆمای بینـاییم) «داخی»،٤. دزیبووی: (فرسەت زانابێ تەریدەی قاتڵ/ یەکسـەر بەردەبـێ کـاڵای گیـان و دڵ) «مەولەوی».
**بەردەبێر**: بەردێ کە شوان لە سەری دەنیشـێ و مەڕ دەگـرێ بـۆ بێـری: (شـوانە لەسـەر بەردەبێر/ تێی تووڕاندووە لە بلوێر) «هێمن».
**بەردەبیرۆ**: ١. گرانیت، بەرەزیڤ، بەردێکە بۆ ڕەقی و سەختی نموونەیە: (وەک بەردەبیـرۆی لـێ هـاتگە)،٢. شـلەمەنی‌یەک کە زۆر تونـد بـووبێتەوە: (وەوی دەچـووێنن دۆشـاوەکەی ئەوەندە خەستە بـۆتە بەردەبیرۆ)،٣. بریتـی لە ڕەقی و سەختی.
**بەردەبێڵ**: مەڕی سێ ساڵانە.
**بەردەپـــا**: سـەنگی پـا، بەردێکـی ڕەش و کون‌کونە بۆ شۆردنی پێ بەکاری دێنن.
**بەردەپـــان**: ١. بەردەتـات، بەردەنـوێژ، تێـت، بەردەنما، تـاتی نـوێژێ،٢. نـاوی کێـوێکە لای سـەقز: (جاقـل، بەردەپـان، پـردی ئاسـانە) «یادنامەی‌سەقز».
**بەردەپانـــان**: ××: (هەی بـابم لکـی دیـکەم ڕۆیبـاوە لە بـۆ سـەر غـاری دە بەردەپانـان) «فۆلکلۆر».
**بەردەپشکە**: بەردێکە دیوێکی تەڕ و دیوێکی وشـک، بـۆ دیـاری‌کردنی دەسـپێکەری یـاری هەڵی‌دەخەن.
**بەردەپلـــووکە**: زیـــپکە، بەردی بچـــووکی بە ئەنگوست بهاوێژرێ.
**بەردەپێ**: بەردەپـا، سـەنگی پـا، بەردەپێشـۆر، ئەلپەشک، بەردێکی زبر و سـوک و کون‌کـونە بۆ شۆردنی بنی پـێ. ×بریتـی لە ؟: (ڕوو ڕوو نییە، بەردەپێی قەزوینە) «پەند».×
**بەردەتات**: ١. بەردەنوێژ، بەردەنڤێژ، بەردەپان، تێت، بەردەنما، بەردی پـان لە گـوێ کـانی و حەوز بۆ نوێژ یـا مـردوو شـۆردن،٢. گـابەرد، تاش، بەردی زۆر زل: (خـاتوون پەریخـان ... دەست و پەنجەی بە حاستەم لە ئاو دەنگاوتی ... ڕادەوەستا وەک ئاسکی گەردن‌کێل لە سـەر بەردەتاتی) «برایمۆک»،٣. ناوی شوێنە×١٧٩×: (دەڕۆم دەچـمە کـن یـارێ بەڵکـوو مـزگێنیم داتــــێ/ ڕەش‌بەڵەک گیـــراوە لە کلـــکەی بەردەتاتێ) «ماملێ».
**بەردەتــراویلکە**: وورشـە، پەپەرک، پەپـرک، زیخەشینەی کە لەبەر تاو ئەتروسکێتەوە وەک ئاو دیـارە: (خونـاوکەی بـاران هێـدی هێـدی بەردە تراویلکەی شـاخان دەشـواتەوە) «هەزار

ئەشکەوت».
**بەردەتریێ:** ناوی کێویکە لای سەقز.
**بەردەتوتن:** بەشێکی توتنانە بۆ ئاغا.
**بەردەتەن:** بردنتە: (خاستەر جە سوجدەی ڕیا بەردەتەن) «بێسارانی».
**بەردەجەرگە:** بەردەبەلک.
**بەردەجەماد:** شاخێکی بەرزە لای گوندێلی سماقان و پیاوێنی بانە.
**بەردەچەخماخ:** ١. بەردەچەرخ،٢. ناوی تفەنگێکی کۆنە.
**بەردەچەرخ:** سەنگی چەخماخ، بەردێکی ڕەق و سپییە بە چەخماخ پریشکەی لێ دەبێتەوە.
**بەردەحەلانە:** جۆرە بەردێکە لە کوێستانێ هەیە.
**بەردەخاڵدار:** بەردێکی خاڵدارە.
**بەردەخوێ:** ١. بەردی خووێ، بەردی پان و تەخت بۆ ڕۆکردنی خوێ لەسەری بۆ ئاژەڵ: (مەحموود شوان لە سەر بەردەخوێیەک لە حەوشە دانیشتووە) «هەزار ئەشکەوت»،٢. بەردی خوێلێن، کولۆی خوێی سروشتی: (مێگەلی تێر و تەسەل لێرە و لەوێ/ دێن و شالاو دەبەنە بەردەخوێ) «هێدی».
**بەردەخوێن:** بەردی خووێن، جۆرێ بەردە.
**بەردەخەڵووز:** ڕەژووی بەردی.
**بەردەداخدار:** بەردێکی دیغدێغە.
**بەردەدزان:** ناوی کوێستانێکە لای سەقز.
**بەردەر:** ١. ڕزگارکەر، ئازادکەر، بەرەڵاکەر ٢. ئاشکرا، خویا، دیار،٣. بەردرگا، بەردەرک: (سائیلی ئەو بەردەرەم، وتم و، وتی:/ تۆ گەدای، ئەم نەخوەتی شاهانە بۆچ!) «مەحوی».
**بەردەرژاک:** بەردەمردە، تەوەنەرژێ، بەردەشاخ.
**بەردەرک:** بەر دەرکە، پێش درگا، بەر ماڵ، پێش ماڵ: (هەر بەردەرەکی کۆڕەک ل بەر بت/ خەسمانەیە قەنج سەر ب سەر بت) «خانی».
**بەردەرکانە:** پارەیەکە لە زاوا وەردەگیرێ تا درگای ماڵی بووکی لێبکەنەوە.
**بەردەرکە:** پێشماڵ، بەردەرک، بەردەرگا: (چۆ بۆ لای کانییەکەی بەردەرکیان) «ئەمیری».
**بەردەرگا:** ١. بەردەر، بەردەرک، ئاسانە، پێشماڵ: (لە چاوا نم نەما بۆ گریە، نۆبەی سەجدەی بەردەرییە/ سیاساڵم نەبارە، نوێژی ئیستیسقا نەکەم، چ بکەم!) «مەحوی»،٢. خەڵاتێکی زاوا بۆ بووک کە ئەیەوێ دەرگای لێوەکات.
**بەردەرگانە:** ١. پێشماڵ، پێشدەرگانە، ئاسانە، بەردەرک، بەردەگا: (وەسیلەی گەینە شارت کێیە بێخود؟/ کە چەشنی حەڵقە بەردەرگانە ئەگری؟) «بێخود»٢. خەڵاتێکی زاوا بۆ بووک کە ئەیەوێ درگای لێبکریتەوە.
**بەردەروازە:** بەردەرگا، پێشدەرگانە.
**بەردەڕەش:** ١. ناوی سێ ئاواییە لای بانە، بەردەڕەشی سیچان، بەردەشی کیوەرۆ، بەردەشی نمەشیر،٢. ناحیەیەکە سەر بە قەزای ئاکرێ،٣. گوندێکە لای سەیدسادق: (پشتی چنارە پڕ لە سنەوبەر/ جنگە لە جەنگ شاد، بەردەڕەش دولبەر) «قانع»،٤. زنجیرە چیایێکە لە نزیک شاقەڵای دیواندەرە،٥. شاخێکی بەرزە لە سەرسنووری ورمێ،٦. شاخێکی بەرزە لای گوندی جوینەڵ، لە سنووری حاجی هۆمەران،٧. بەردەڕەشی جەوشەن، کێویکە لای دێی حەسەن سەلاران،٨. گوندێکە لای تەوریزخاتوونی دیواندەرە،٩. شارەدێیەکە لای مەریوان لە سەر سنوور.

**بەردەڕەشان**: ١. گوندێکە سەر بە مەهاباد،٢. گوندێکە سەر بە بۆکان، لای سریلاوا،٣. شاخێکە بەرز لە دەڤەری پلەی ئاستانەی سەقز،٤. بەرزاییکە لە نزیک تورجان، دەڕوانێ بە سەر تورجاندا.

**بەردەڕەشە**: ١. ئاواییەکە لە هۆوەتوو سەر بە شاری سەقز،٢. گوندێکە لای دیواندەرە،٣. گوندێکە لە دێکۆی پشتی ئاربەبای بانە،٤. شارەدێیەکە لای مەریوان،٥. زنجیرە چیایێگە لە نێوان جەوشەن و دەرەی ئاوی دایە،٦. کێوێکە لە خۆراوای دێی شاقەڵا لە چلچەمە،٧. شاخێکە لە نێوان گاوەشەلە و ئارەبوغڵوی خواریێدایە،٨. دێیەکە لە دێکۆی لەیلاخی باشووری ناوچەی قوروە،٩. گوندێکە لە دێکۆی خاوومیراوای مەریوان،١٠. گوندێکە لە دێکۆی سەرشیوی مەریوان.

**بەردەڕەشیجەوشەن**: کێوێکە لای گوندی جەوشەن لە ناوچەی زولفەقاری سەقز.

**بەردەڕەشیسیچان**: گوندێکە لای بانە.

**بەردەڕەشیکیوەرۆ**: گوندێکە لای بانە.

**بەردەڕەشینمەشیر**: گوندێکە لای بانە.

**بەردەڕەق**: تەقتەقان، کەسنەکێل: (پێی بفەرموو: کەسنەکێل، بەردەڕەق و بێحاسڵ) «ئاوات».

**بەردەڕەقە**: زقووم سەخت، سەرمای زۆر.

**بەردەکەر**: گوندێکە لای خواری شارەزوور.

**بەردەڕەوا**: بەردەباران، کوچکواران.

**بەردەڕەواکردن**: بەردەباران کردن: (بەردەڕەوا کریاگە).

**بەردەرێ**: گوندێکە لە هەریمی کوردستان.

**بەردەڕێژ**: ١. سەنگفەرش، سەنگچن، ساچمەڕێژ، ڕەقف، بەردچنی کۆڵان و حەسار، ٢. ڕازاوە وە سەنگ قیمەتی×: (بەردەڕێژە با جوان بێ، هاوسەری گەوهەر نییە/ پارە و ملک و معاش و خەزنە وەک جەوهەر نییە) «قانع».

**بەردەڕێژکردن**: ساچمەڕێژ کرن، ڕەقف کرن.

**بەردەڕێژە**: جۆرە بەردێکی سپییە وەک شەکری داناردانارە.

**بەردەڕیقناوی**: کێوێکە لای دیواندەرە.

**بەردەزبرە**: بەردەزوورە.

**بەردەزوورک**: بەردەزوورە.

**بەردەزوورگ**: بەردەزوورە.

**بەردەزوورە**: زبرە، کەورەزبرە، بەردەزوورک، بەردەزوورگ، بەردێکی زبرە بۆ مەڵەغان و چەقۆ تیژکردن.

**بەردەزەڕ**: گوندە×٩٨×: (ئەمینی دەرویش فەتاحی بەردەزەڕی هەبوو) «ڕشتەی مرواری».

**بەردەزەرد**: ١. دێیەکە لە نزیک یەکشەوە سەر بە شاری بۆکان: (لە سلێمانکەندی خۆم دەم بە چۆمدا/ بۆ ئایشێ چاومەست لە بەردەزەردە) «حەسەن زیرەک»،٢. ناوی کێوێکە خەڵکی بۆکان بۆ گەشت دەچنە ئەوێ: (لە دامێنی بەردەزەردا، ڕیشەی گوڵم چەقاندووە/ ڕیشەی لە خاکدا داکوتا، دوژمن ڕێی پێ نەبردووە) «چاک»،٣. گوندێکە لای چوارتا،٤. لە زۆر شوێنی کوردستان ناوی کێوە،٥. کوێستانێکی بەناوبانگە لای بانە،٦. زنجیرە چیایێگە لە نێوان گوندێلی کەچەڵ مینگان و سەرسێف و سەرتەکەڵتودایە.

**بەردەزێو**: گوندێکە لای بەردەڕەشی هەرێم.

**بەردەس**: بەردەست.

**بەردەسان**: بەردەساو، هەسان، سان، هەستان، بەردێکی ڕەش و لووسە بۆ تیژکردنی داس و تیخ.

**بەردەساو**: بەردەسان، هەسان.

**بەردەسپی**: ١. شاخێکە لە نزیک دێی گورجیی و تفەنگچیانی دیواندەرە،٢. دێیەکە لە دێکۆی سارالّی دیواندەرە،٣. گوندێکە لای سێگردکان،٤. دێیەکە لە دێکۆی کۆماسی بەشی ناوچەی مەریوان.

**بەردەسپیان**: ناوی کێویکە لای سەقز.

**بەردەسپیزەلکە**: گوندێکە لای دیواندەرە.

**بەردەسپیلە**: بەردە چەرمەڵە.

**بەردەست**: ١. بەرێکە لە دیوی ژورەوە بە سەر قۆڵی کەوادا دەگیرێ ٢. بەردەس، پێشکار، ئامادە، خزمەتکار، نۆکەری بەردەست: (هەرکەس کە دەسی بە تیکەنانێ برەسێ/ لاکۆخێ هەبێ شەوانە تێیدا وەحەسێ/ چەند خۆشە ژیانی وا، چ ئازادە بە دڵ/ بۆ خۆی بێ، نە ئاغا بێ، نە بەردەستی کەسێ) «خەیام هەژار»،٣. پێشکار، شاگرد وەستا،٤. ژووری ماڵی دەوڵەمەند بۆ دانیشتن و کاری نێو ماڵی تەرخان کراو،٥. چێتێکی سوکە لەبەر دەسا دەدەنرێ بۆ فەرمانی هەمیشەیی،٦. حازر لە بەر دەستا: (کو بەر بەر دەست و مار بەرە لنگ/ مێرێ چێ و هۆشیار ناکە دەرەنگ) «گولشوون».

**بەردەستان**: بەردەست.

**بەردەستک**: ١. نۆکەر، خولام، غولام، بەردەس، ورویرکە،٢. دەستەکەوشە، دەستەندوو، دەستەمشتە، جێی دەس پێوەگرتن لە سەرباسکێش لە جووتدا.

**بەردەستکران**: سەرکوتکران، خرانە ژێر چاوەدێری: (چەندیان خوێن و ماڵ تێچووە تا بەردەست کراون؟) «شەرەفنامە».

**بەردەستکرن**: خستنە ژێر دەس، دەس بەسەرا گرتن: (تا ئەو بورجە بەردەست نەکرێ سەنگەر بردنە سەر قەڵا محاڵە) «توحفە».

**بەردەستە**: ١. ژێردەست، بندەس، بەرفەرمان ٢. بەردەستێ، کوچکچەخماخ ٣. سەرقۆڵی کەوا و سیخمە.

**بەردەستی**: ١. شاگردی، پێشکاری، یاریدە لە کاردا: (کچیش خۆشیرینکەرە، باوکی خۆشی ئەویست، بەردەستی خۆی پێئەکرد) «پێکەنینی گەدا»،٢. نۆکەری، خزمەتکاری،٣. ژیانی گیرۆدەیی.

**بەردەستێ**: ١. بەردی ئەستێ، کەڤراژیر، بەردی ئاورپژێن ٢. شاگرد، نۆکەر.

**بەردەستیکردن**: نۆکەری کرن، کارکرن لە بەر دەسی کەسێکدا.

**بەردەسم**: گوندێکە لای بەردەڕەشی هەرێم.

**بەردەسماتە**: بەردەماتە، هەسان، بەردی جەهەندم.

**بەردەسماڵ**: خشڵێکە ژنان لە دەسماڵی دەدەن.

**بەردەسمبادە**: بەردەچەرخ، جۆرێ بەردە بۆ تیژکردنی چەقۆ.

**بەردەسۆر**: گوندێکە لای شێروانمەزن.

**بەردەسوو**: گوندێکە لای شنۆ×: (بارزانی ژمارەیەک لە سوارەکانی خۆی لای بەردەسوودا دامەزراندووە) «لەمەهاباد بۆئاراس».

**بەردەسوور**: ١. کێوێکە لە نێوان زێویە، سپیدارێ، بێلوێ و نجنێ ژووروودایە،٢. شاخێکە لە نێوان گوندێلی سوننەتە و کاکەسیاو و ساحەب،٣. گوندێکە لای سەردەشت،٤. دێیەکە لای بەردەڕەشی هەرێم، ٥. ناوی شیوێکە،٦. شاخێکە لای کامیاران لە نێوان گوندێلی تاینە، سەرناو، نەجەفاوا و کولەساردایە.

**بەردەسووری**: تیرەیەکی کوردن لە کوویستانی

ئێراندا.
**بەردەسووریعەلاومها**: گوندێکە لای کەلار.
**بەردەسەبر**: بەردێکی ئەفسانەیی کە قسەی بۆ دەگێڕنەوە هەتا دەقەڵەشێ.
**بەردەسێڵ**: ئەو بەردەی سێڵی لە سەر دادەنێن لە گوێ تەنوور××: (بگرە تا فەراقەیی، گەمارۆی ئاگری بەردەسێڵی قووناگردانەکەیان دابوو) «خاک و چەوسانەوە».
**بەردەشاخ**: بەردەڕژاک، بەردەمردە.
**بەردەشان**: ناوی دو گوندە لە نێوانی مەرگە (سەرسیان) یدایە و لە ژێر فەرمانڕەوایی قەڵادزێدایە: (دوو عەلین شاعیرن وەکوو حەسسان/ بەردەشان و حەریرە مەسکەنیان) «حاجی قادر».
**بەردەشانی**: خەڵی دێی بەردەشان: (دەڵێن عەلی بەردەشانی خەونێک دەبینێ) «ف.پ.».
**بەردەشۆر**: بەرەشۆر، ڕیخەشۆر، نیسکەشۆر، شۆردنەوەی دانەوێڵە بۆ جوێکرنەوەی بەرد و زیخ.
**بەردەشۆرکردن**: شۆردنەوەی برنج و نیسک و شتیوا، کە بەردەکەی لێ بگیرێ.
**بەردەشیر**: بەردێکی کانییە، مادەیەکی سپی تێدایە و کاتێک دە نێو ئاودا بیسوون، ئاوەکیەکی وەک شیری لێ ساز دەبێ.
**بەردەشێرە**: کێوێکی بەرزە لای مەریوان.
**بەردەشین**: گوندێکە لای چوارتا.
**بەردەشینیخواروو**: گوندێکە لای چوارتا.
**بەردەع**: بەردەعە، ناوی شارێک بووە: (زمستان بەردەع چوون هەواش گەرمەن/ فراوان وەشەن، نەسیمش نەرمەن) «خانای قوبادی».
**بەردەعازەبە**: بەردەئازەبە، بەردێکی زلە خورت و جحێڵان هێزی خۆیانی پێ تاقی دەکەنەوە.

**بەردەعەلیخواروو**: گوندێکە لای قۆرەتوو.
**بەردەعەلیسەروو**: گوندێکە لای قۆرەتوو.
**بەردەفڕکێ**: ١. شەڕەبەرد: (هاکە ڕیز بوو داس و تەورداس و کوتەک/ فیکەفیک و بەردەفڕکێ بوو بە چەک) «ڕاوچی»،٢. بەرد هاویشتنی زۆر.
**بەردەفرۆش**: کۆیلەفرۆش.
**بەردەفرۆشی**: کاری کۆیلەفرۆشی.
**بەردەفکر**: بەردەڤکر، قلیاندار، قەلیاندار.
**بەردەفیک**: ناحەز، دوژمن، نەیار.
**بەردەڤ**: بەردەڤک، دەمڕاست، نوێنەر، قسەزان، گوتەبێژ.
**بەردەڤام**: بەردەوام، پڕدەڤام، پاوەجێ.
**بەردەڤک**: ١. گزیر، گوتەبێژی خان، بەردەوک، قسەبێژی موختاری گوند ٢. هاواڵ، هاوڕاز، یار، یاوەر ٣. ئامۆژگار، مۆچیار ٤. مۆدنە، مۆدینک، مۆدین، دارەجغەرە ٥. کەسێ کە بە زمانێکیتر بدوێ،٦. بەربێن، سینەبەند، پێشبەندی بچووکان.
**بەردەڤکر**: بەردەفکر.
**بەردەڤکی**: ١. ئامۆژگاری، پەیڤدەری ٢. پڕبێژی، زۆربڵەیی، قازیبژینی.
**بەردەڤێ**: بەردەڤێ ئەوە کو دوو مرۆڤان ب شان و ملان ل هەڤ بدەن و هەرکام لە سەر لاقێک وەستابن.
**بەردەق**: ١. هەراوهوریا، دەمقرە، دەمەقاڵە، کێشە ٢. پەژارە، خەم،٣. لیستنەکە دو یا چەن زارۆکی لەسەر پێیەکی خۆ ڕادەوەستن و گەمە دکەن،٤. بیرکردنەوە و هێنان و بردن: (خەم دایگرتووم و کەوتوومە بەردەق بەردەق).
**بەردەقارەمان**: ١. ناوی بەردێکە کە شێخ مەحموود لە کاتی برینداری پاڵی پێوە داوە×، ٢. ناوە بۆ پیاوان.
**بەردەقانی**: بەردەوانی، بەرزەقانی، بەرەڤانی،

تیروکەوان، سەپان، قەلاسنگ، قەلماسک، قەفکانۆک، قەفکانی، قەوکانی، قۆچەقانی، کانک، کانیک، کوچکانی، کەڤرکانی، کەهن، کەهینک، گەڤک، هەڤچار، ئامرازێکە بۆ بەرد هاویشتن و چۆلەکە کوشتن بەکاری دێنن.

**بەردەقانی‌ناگاتێ**: بریتی لەو کەسەی زۆر خێرا بڕوات.

**بەردەقانیە**: قەوچەقانی، قۆچەقانی.

**بەردەق‌بەردەق**: ١. قرە، قرەقر، مشتومڕ،٢. پەژارە، خەم، بەردەق.

**بەردەقسل**: سەمەبەرد، تەوەنی ئاهەک.

**بەردەقسڵ**: ١. تەوەن ئاهەک، سەمەبەرد،٢. گوندێکە لای قەلادزێ.

**بەردەقوت**: لوتکەیەکە بەرز لە نزیک باشماخ و جافرخان.

**بەردەق‌وێخستن**: شەڕ و کێشە پێ‌فرۆشتن.

**بەردەقەبر**: کێل، ئەو کوچکەی ئەڕای قەور بەکاری دێنن.

**بەردەقەل**: گوندێکە لای پیرانشار.

**بەردەقی**: شەڕەشان، شانەچرکێ، کێبەرکێی شان.

**بەردەکۆڕ**: گوندێکە لای خواری قەلادزێ.

**بەردەکورە**: گووراسن، بەردی کوورەی.

**بەردەکورە**: ١. گۆریەچنە، گۆرەویلکە، بالندەیەکە،٢. گوندێکە لای پیرانشار.

**بەردەکۆڵەکە**: بەردی پان بۆ ژێر ستوون.

**بەردەکونەر**: گوندێکە لە باشووری سەنگاو.

**بەردەکوورە**: بەردەکورە، گووراسن.

**بەردەکەچەڵە**: بەردێکە کە خەنەتیلکەی پێوەیە و کرێژی بەرداوە.

**بەردەکەر**: گوندێکە لای سلێمانی.

**بەردەکەشکان**: زنجیرە کێوێکە لە کەندەسوورە و چراغۆوەیس و مازوار.

**بەردەکەڵ**: کوێستانێکی ناوداری لە نزیک دێی کونەورچی بانە.

**بەردەکەوە**: کێوێکە بەرز لە نێوان ئەحمەداوا و یازیبلاغی و سەرکەلدایە.

**بەردەگرۆو**: بەردەگرۆێ، ئەو بەردەی دەلێن لە چەو و بەرد پێگ هاتگە.

**بەردەگرۆێ**: بەردەگرۆو.

**بەردەگلێ**: بەردگۆلوو، دەستاڕ.

**بەردەگورگان**: گوندێکە لای سەیدسادق.

**بەردەگوممە**: ناوی کوێستانێکە لە بەشی سەرشیو.

**بەردەگونجە**: بەردێکە بۆ سەر گونجەی حەوز بەکاری دێنن.

**بەردەگوێز**: ××: (قۆنگرۆکێ لە بەردەگوێزێ/ سواران مردن لە ڕێزێ) «فۆلکلۆر».

**بەردەگەچ**: بەردەگێچ.

**بەردەگەورە**: ١. بەردێکی زلە لە دامێنی کێوی تەرەغە: (بەردە گەورەیەک لە دامێنی شاخی تەرەغە هەیە) «چێشتی مجێور»،٢. گوندێکە لای شەقلاوە.

**بەردەگێچ**: بەردەگەچ، بەردی تایبەتی گێچ.

**بەردەلا**: زەلیل، کەلەلا، نەخۆش لە جێ‌دا.

**بەردەلاکەفتن**: نەخۆش کەفتن، کەلەلا کەوتن: (ئی بەدبەختیە ئەیە سێ جارە بەردەلا کەفێ).

**بەردەلان**: ١. بەرداوی، پڕبەرد، بەردبەرداوی، بەردەلێن، زبران، کەرە، کرێن، گەرگەر، چەقەل، چقل، هەردە: (قەمچیمان وەشان سەرەوژوور دیسان/ شەق! نال بوو ئەیدا لە ڕێی بەردەلان) «گۆران»،٢. ناوە بۆ پیاوان.

**بەردەلانی**: ١. بەردەلان: (جادە خاکی و چاڵ و چۆڵ و بەردەلانە) «شەوارە»٢. بەردبەرداوی، زۆر بوونی بەرد لە شوێنێک: (تاو و تینی لاوی زەوی ڕەق و بەردەلانی) «ئەمیری».

**بەردەڵبەرد**: بەرداوبەرد، دەربەدەری، ئاوارەیی، سەرگەردانی: (تا کەی تەقالا، تا کەی بەردەڵبەرد؟) «چەپکەگوڵ».

**بەردەلووتە**: گوندێکە سەر بە ساینقەڵا×: (تیپێ هاتیە لە بەردەلووتە/ تیپ کوێخا سەفیار قەییم سانجووتە) «ئاوێنەی‌بێگەرد».

**بەردەلێ**: دەروەنێگە لە قەسر شیرین.

**بەردەلێن**: ١. بەردبەرداویی، بەردەڵان،٢. گوندێکە لای هەڵەبجە.

**بەردەلینگ**: پارچەیەکی باریک و قایم بۆ دەلینگی پاتۆڵ پێی‌دا دەدروێ.

**بەردەم**: ١. بردوومی: (وەر نە من لافاو تاوانان بەردەم/ دوعا ڕای دەرگای قەبووڵ گوم کەردەم) «مەولەوی»،٢. چوونم: (نەو دەم‌دا جە یاد کردەی ویەردەم/ جە حاڵەت سەخت وە دۆزەخ بەردەم) «مەولەوی»،٣. بەردم، پێش، پێشدەم، بەرپێ: (بەردەممان دەشتی سەوزی شارەزوور/ شاخ گرتوویە لێی دەوران دەوری دوور!) «گۆران»،٤. ئاست، حوزوور، بەرابەر: (لە بەردەمی من درۆیان دەکەی)،٥. دەم‌هەڵپێچ.

**بەردەماتە**: بەردەسماتە.

**بەردەماش**: ئامرازێکی کەژمێرییە.

**بەردەمانگ**: جۆرێ بەردی بەنرخە.

**بەردەماو**: بەرماو، بەرما، بەرماگ.

**بەردەمردە**: بەردەڕژاک، بەردەشاخ، تەوەنەڕژێ، بەردێکی نەرمە مۆدنە و شتی تری لێ دروس دەکرێ.

**بەردەمکانە**: ××٨٣ گیوی××

**بەردەملاهاتن**: تووش ئازیەتی هاتن.

**بەردەم‌ودەس**: ئاسایی، باو، عادی: (کابرا ناچار بوو خەریکی کاری پڕ لە مەترسی ماسی‌گری بێ، وەک مەرگ بە لایەوە شتێکی باو و بەردەم‌ودەستان بێ) «پێکەنینی‌گەدا».

**بەردەمۆر**: بەردەمۆرە.

**بەردەمۆرە**: ١. بەردەمۆر، مۆری جێ ئەنی شیعە لە سوژدەدا: (بەردەمۆرەی گیرفانم، دەسرۆکەی دەستم فاتم) «حەسەن زیرەک»،٢. مدار، مۆرەسەنگ،٣. بریتی لە تۆبە×١٤٩×: (تووری هەڵدا بەردەمۆرە/ ڕۆییە دزی هەرمێ و قۆرە) «ڕاوچی».

**بەردەموکانە**: دەموکانە، مێوژۆکە، بەری جۆرێ دەوەنە، با دەیبا بە دارمازووەوە دەنووسێت، دەروێتەوە کوانئاسایی دەماسێ. دەیبرن، دەیکوڵێنن، نوسەکێکی زۆر لە سرێش نوسەکتری لێ پەیدا دەبێ.

**بەردەموکە**: بەردەموکانە، مێوژۆکە.

**بەردەمووروو**: بەرد یا ئاسنێکی قووڵە لە ژێرەوەی بەرداش تەوەرەی لە سەر دەگەڕێ.

**بەردەمووروەسەن**: بەردێکی خڕی سەختە لە ئاشی ئاوی‌دا بەرداش لە سەری دەخولێتەوە.

**بەردەمووکانە**: دەمکانە، دمکانە، دەنووکە، دەمووکانە، بەردەمووکە، موخۆر، پنجە دارێکی چووکە لە بن و سەرلقی درمازوو و هەندێک داری دیکە دەردەچێ.

**بەردەمووکە**: ١. بەردەمووکانە،٢. دەمامک، دەمۆکانە، دەمکانە، ماسکی دەم و لووت.

**بەردەمەڕمەڕ**: خارا، مەڕمەڕ.

**بەردەمێش**: گوندێکە سەر بە مەهاباد لای زگدراو: (گابازەڵە و قەرەداغ/ بەردەمێش و خاتون‌باغ) «فۆلکلۆر».

**بەردەمی‌ماڵ**: پێش‌ماڵ، ڕووبەڕووی ماڵ: (دوو ماسی لە گۆمەکەی بەردەمی ماڵ‌دا شڵپە شڵپیانە) «کۆردەرە».

**بەردەمینا**: بەردی مینا.

**بەردەن**: ١. بردوویەتی: (خصووص شەرارەی

دووری زۆر کەردەن/ مەزرەعەی هەستیم وای سەبوون بەردەن) «مەولەوی»،٢. بردووە: (نیگای خوماریت خەمبارم کەردەن/ ژار مار دەرد وە دڵدا بەردەن) «مەولەوی»،٣. بردیان: (مەوداشان بەردەن سەر نیان نە دڵ/ جەو پەی ژار نێش مەڕێزۆ نە گڵ) «بێسارانی»،٤. زرگار کردن: (پەلەپەل پەی گیان نە دەس تۆ بەردەن/ پەنام وە پەنای فیراقت کەردەن) «مەولەوی».

**بەردەنان**: بردم: (عەشقی دینی ئەو بە خاک بەردەنان) «بێسارانی».

**بەردەنش**: بردوویەتی: (وەی من سا ئەجەل بەردەنش گیانم) «بێسارانی».

**بەردەنش‌نەبەند**: بەستوویانە، بردوویانەتە بەست: (چین چین سەف نە دەور کەعبە وناران/ بەردەنش نە بەند ڕای ڕاویاران) «بێسارانی».

**بەردەنڤێژ**: بەردەنوێژ، بەردەتات، بەردی تەخت لە گوێکانی بۆ نوێژ: (سوورەچناری لق و پۆپ درێژ/ سێبەر ئەکا بۆ خەوی بەردەنوێژ!) «گۆران».

**بەردەنکە**: گوندێکە لە باکووری ڕانییە.

**بەردەنگ**: بەرپەیڤ، گوێگر: (ئەو هەمووە قسە دەکا و دەنووسێ، بەردەنگی نییە).

**بەردەنم**: بردم، بووم، بوومە×: (تەرسا بەردەنم .../ ڕاسەن سوجدەی دەیر، تەرسا بەردەنم) «بێسارانی». ××٩٥

**بەردەنما**: بەردەتات، بەردەنوێژ.

**بەردەنووس**: ١. لەوحی بەردین،٢. نووسراوەی سەر بەرد.

**بەردەن‌وەباڵا**: بردۆتە سەرێ: (نازداران جە زەوق گوڵانی ئاڵا/ شادی و زەوقشان بەردەن وەباڵا) «بێسارانی».

**بەردەنوێژ**: بەردەنڤێژ، بەردەتات، تاتەنوێژ: (ئافەرین کوندەبوو بۆ ڕاوێژی/ لە عەبا و مێزەر و بەردی نوێژی) «ڕاوچی».

**بەردەنەخشینە**: گوندێکە لە بەشی فەیزوڵڵابەگی بۆکان، کەوتۆتە بەر سەدی کورش و ئاسەواری نەماگە.

**بەردەنی**: ١. بردووتە: (نویسیابێ لێش تۆ دڵ سەردەنی/ دڵ هەر یەکێوەن تۆ وێت بەردەنی) «مەولەوی»،٢. بردووە: (مەرگ تۆم هەرچەن تەشریف بەردەنی/ تەرک خەڵتە و خاک جەستەم کەردەنی) «مەلەوی».

**بەردەواز**: بەردەباز، پردەباز: (سەر: بەردەبازی ڕێتە، تەن: تەختەبەندی جێتە/ دڵ: مەیلی خاکی پێتە، ڕۆح: ماڵی خۆتە، بیبە) «نالی».

**بەردەوام**: بێبڕانەوە، هەمیشە، هەرای هەری، پایار، داییم: (چاکە لەگەڵ ئەو بکەی بەردەوام/ بە دەوریدا بێی، وەک بەندە و غوڵام) «غولامی».

**بەردەوام‌کرن**: پەیڤین، درێژەدان بە قسە: (پاشێ ب دەنگێ هێدێ، وەکی ماه شەرەف خانمێ ئانجاخ دبهیست، بەردەوام کر) «مەستوورە».

**بەردەوامی**: درێژە: (دیسان ژی گۆتنێن وی قەی بێژی بەردەوامییا گۆتنێن داوود پاشا بوون) «مەستوورە».

**بەردەوان**: ڕازەوان، شاخەوان، کەژەوان، زەردەوان.

**بەردەوبگرە**: بگرەوبەردە، هەراوزەنا: (ژیری و هونەر و بەکاری و دین/ بەردەوبگرە و بە داد و بەخشین) «هەژار».

**بەردەوک**: بەردەڤک، خزمەتکاری تایبەتی ئاغا.

**بەردەوە**: ١. بردییەوە، لایبرد: (گەرد دەرد ئێش دەروون بەردەوە/ عەشقەکەی قەدیم تازە

کەردەوە) «مەولەوی»،٢. پەڕی، تۆرا: (شەو بە شەونم، خاو دیدەش بەردەوە) «بێسارانی»،٣. کردەوە: (ڕەنگی سیای تار، جە وێ بەردەوە) «بێسارانی».

**بەردەوەل**: ناوی شوێنێکە×: (نەوێ و بەردەوەل، سەرا و ژاڵە/ گشتی وە قووروان پیزەی پشتماڵە) «ڕشتەیمرواری».

**بەردەهاڕ**: بەرداش، سەنگ ئاسیا.

**بەردهەڕین**: ١. بەرد هاڕین،٢. بریتی لە وڕاوە وژاوە.

**بەردهەڵکەن**: بەردبڕ، کوچکتاش، کەڤرکەن: (دەکەن ڕەشتاڵەیەکی دەشتەکی باسی لەگەڵ شیرین/ دەبەن بەردهەڵکەنێکی کێزری، ناوی لەگەڵ مەجنوون) «مەحوی».

**بەردهەڵگرتنەوە**: بریتی لە زۆر تووڕە بوون.

**بەردەهەسان**: هەسان، هەستان.

**بەردەهەڵۆ**: ١. شاخێکی بەرزە لە پەنای دێی بەسری: (هۆی بەردەهەڵۆ، دۆڵەکەی بەسری/ تا دەگات بەنگۆ، عاسمان بۆم دەگری) «فۆلکلۆر»،٢. شاخێکی زۆر بەرزە لە ڕۆژهەڵاتی ساردەکوێستان بەرەو کێوی قەڵات دەڕوانێ: (بەردەهەڵۆ قافی لە دوژمن یاخی/ ڕووی خوات لێیە، کە هێن قۆچاخی) «ڕاوچی».

**بەردەی**: ١. پاپیرۆس، جۆرێک قامیشە لە تیرەی جەگەن، لەم گیایە جۆرێ کاغەز بە ناوی پاپیرۆس ساز دەکرێ،٢. برن، بردن: (هێجبی کرێو، دیاری بەردەی/ تدارک گیرا، پەی دەس ماچ کەردەی) «م.ح. دزڵی».

**بەردەیرە**: دابوون، بردنەخوارەوە.

**بەردەیم**: بمبات، بمبا: (پووش ئایریچم جای نەسیم نییەن/ هۆرکەردە و بەردەیم تا وە لاش شییەن) «مەولەوی».

**بەردەینە**: تێبردن.

**بەردەیۆ**: بردنەوە.

**بەردەیەرە**: دابوون، بردنەخوارەوە.

**بەردەیەنە**: تێبردن.

**بەردەیی**: ١. ئەسیری، دیلی،٢. کۆیلەیی، خوڵامی.

**بەردی**: ١. جۆرە دارێکە،٢. بیبەن،٣. بردت: (ئازیز، تۆ هەرچەند بێ مەیلی کەردی/ وە بێ من تەشریف ئەو حوزوور بەردی) «مەولەوی».

**بەردێ**: ١. بەردەک، بەردێک، سەنگێ،٢. پێش گوند، بەر ئاوایی: (تەک و تەنیا بە ئارامی دەچم بۆ گردەکەی بەر دێ/ بە دڵتەنگی و کز و خەمناکی ڕادەکشێم لەسەر بەردێ) «هێمن»،٣. گوندێکە لای خواری قەرەداغ،٤. دوور خە، دووری خەرەوە،٥. گوللەبارانی بکە.

**بەردێ**: بەر ئاوایی، خواری دێ: (قوربانت بم لەکوێ بووی؟/ لە باخەکەی بەر دێ بووی؟/ لە ناو سوێسنە و مەندێ بوی؟/ لە باخەڵی ڕەندێ بووی؟) «فۆلکلۆر».

**بەردیئاسمانی**: ئەو بەردانەی لە ئاسمان دەکەونە خوارێ.

**بەردیئەلحەد**: ئەو ڕیزە کوچکەی سەر گۆڕیچەی پێ دادەپۆشن: (من پارێزگاری جەستەی سستانم/ بەردی ئەلحەدی ماڵی نویێتانم) «حەمەجەزا».

**بەردیبناغ**: بریتی لە جێی هیوا و هومێدی دواڕۆژ: (ڕەببی ڕۆڵە عومرت هەزار ساڵ بێ و بۆ من ببیەوە بەردی بناغێ) «فۆلکلۆر».

**بەردیبناغە**: ١. بەردی بنچینە، ئەو بەردانەی لە خەندەکی خانوو دەکار دەکرێن،٢. بریتی لە بنچینەی کار و مەسەلەیەک: (بەردی بناغەی

شێعری نوێی کوردی لە سەر بەیتەکان داڕێژراوە).

**بەردیبنچینە**: بەردی بناغە: (سەیلی هیجرت بەردی بنچینەی لە ڕەگ هێنامە دەر/ باری فیکرت قەددی ڕاستی تێکشکاندم وەک فەنەر) «نالی».

**بەردیبن گۆم**: بریتی لە شتێ کە ئاسەواری نەمابێ: (چاپخانە و بڵیندگۆمان/ بوونە بەردی بن گۆمان) «هێمن».

**بەردیبویام**: زنجیرە چیایەکە لە نێوان دێکانی قەرەبوغرە و قامیشەڵە و حاجی مەمەدان.

**بەردیبوغاری**: کێویکە لای دێی دەرەویان.

**بەردیپا**: بەردەپێ، سەنگی پا شۆردن.

**بەردیترازوو**: سەنگی ترازو، بەردی کێشان.

**بەردیترووسکەدار**: بەردی بریقەدار، بەردێکە بترووسکێتەوە.

**بەردیجەهەننەم**: ماتە، جەهەننەم داشی، بەردێکی بریسکەداری مەیلەوبۆرە کە دوکتوران بۆ چاو و ددان بەکاری دێنن.

**بەردیچەخماخ**: بەردەسێ، بەرد چەخماخ.

**بەردیچەخماخێ**: کەڤر ئەژیر.

**بەردیحاجیان**: کوچکەڕەشی کابە: (ڕەشخاڵ وەکوو بەردی حاجیان بوو/ ئەو کۆشکە حەجی ئەوان دەمان بوو) «هەژار».

**بەردیخەڵووز**: بەردی ڕەش، بەرێ کومری.

**بەردیدێمەکە**: ناوی کێویکە لای سەقز.

**بەردیر**: بەردیل، بەندیر، بەرەندەر.

**بەردیڕەش**: ١. بەردی خەڵووز، بەرێ کومری، ٢. کوچکەڕەشی کابە: (بۆ تیغ و چەقۆ خۆم هەسانتانم/ بۆ زیارەتی حەج بەردی ڕەشتانم) «حەمەجەزا».

**بەردیڕەق**: بریتی لە باری ناهەمواری ژیان××: (لە سەر بەردی ڕەق نانی پەیدا دەکەم) «ئەمیری».

**بەردیزەمان**: چیایەکە لای ئاوایی کەڵتەگە و ئۆینەچی بۆکان.

**بەردیساردوگەرم**: بریتی لە بەڵا و ناخۆشی: (ئیشەڵڵا قەت بەردی سارد و گەرم نایەتێ ڕێت).

**بەردیسپی**: گوندێکە لە خۆرهەڵاتی قەراج.

**بەردیسولەیمان**: بەردێکی جوانە کە بۆ دەسکی گۆچان و شتی زینەتی بەکاری دێنن.

**بەردیسەبوور**: ١. بەرد و ڕەوەزی سەخت کە هەمیشە لە سەرما و گەرما و بەفر و باراندا هەر لە جێی خۆیەتی و نوێنەری سەنگینی و تاقەت و خۆڕاگرییە: (بەسمە بەش لەم دەهرە تاهیر شێوەیی بەردی سەبوور/ چونکە هەر بێقیمەتی دێنێتە بەر، پاڕانەوە) «سەید تاهیر هاشمی»،٢. بەردێکی ئەفسانەییە کە خەڵک دەردی دڵی خۆیانی لەلا دەکەن.

**بەردیسەردڵ**: ×١٥٢×: (ئەگەر خۆ ناتەوێ بەرزی و بە نزمی شاد و دڵخۆشی/ بڕۆ هەر دڕکی ژێر پێ بە، بڕۆ هەر بەردی سەر دڵ بە) «کاکەیۆفەلاح».

**بەردیسەرشکێنە**: بریتی لە شتی بێبایەخ و بێمنەت کە لە هەموو جێیەک هەبێ: (فلانی داوای بەردی سەرشکێنەی لێ بکەی، ناتداتێ!).

**بەردیسەرگڵکۆ**: کێلی سەر قەبر: (خورپە لە دڵم دێنێ ئەو دەرگایە هەر کەس دێتە ژوور/ بەرد بەزەی پێم دادێ پاکی بەردی سەر گڵکۆ نەبێ) «هێدی».

**بەردیسەرمەڵۆ**: ١. کاتێ گیا و نۆک و شتی وا دەکەنە مەڵۆ، بۆ ئەوەی با نەیبات بەردێکی لەسەر دادەنێن،٢. ئاماژەیە بۆ بەڵێنی سەرزارەکی، بەو قەرارە دەڵێ کە خوازبێنی

سەرزارەکی کرابێ و بەڵێنێکی زارەکی وەرگیرابێت.

**بەردیسەفرا:** بەردێکە کە لە بەر نیشتنەوەی مەوادی نێو زراو پەیدا دەبێ.

**بەردێش:** بیبەن، بیبەنە: (نەیاوابۆ خاس دانەش بەو ئاوە/ لایق نین بەردێش بەو ئاسیاوە) «مەولەوی».

**بەردیشیرە:** گوندێکە لای مەریوان.×

**بەردیعەجووز:** برجی پیرێژن لە دوارۆژەکانی زستاندا: (ئەو فەوت و وەفاتە سەبەبی عەهد و وەفاتە/ چوو بەردی عەجووز و، گوڵ و مل هات) «نالی».

**بەردیقەبر:** ١. کێل،٢. بەردی سەر گۆڕیچە.

**بەردیکانیگەزنە:** ناوی کوێستانێکە لە سەرشیو.

**بەردیکفتە:** بەردێکی پان و ناوچاڵ و ڕەقە، بۆ کوتانی گۆشت بۆ کفتە بەکاری دێنن.

**بەردیکومڕێ:** بەردی ڕێژی، سەنگ زوخاڵ.

**بەردیگورچیلە:** سەنگی کولییە، سەنگی ناو گورچوو: (ئاوی بسکی گوڵەپێغمبەرە بۆ بەردی گورچیلە باشە) «موکریان».

**بەردیل:** ١. بەرندیر، بەردیر، بەرەندەر، بەرخە مێی یەکساڵانە ٢. شەک، بەربەران، مەڕی سێ بهار دیتوو ٣. ماڵ بە ماڵ، شت لەباتی شت ٤. ژنبەژن، ژنبەژنە،٥. بنپشک، ئەو کچەی بۆ برا دانراوە ژنی بۆ بکا.

**بەردێل:** بەردیل، بەدەل، بنپشک، ئەو کچەی بۆ برا دانراوە ژنی بۆ بکا.

**بەردیلزا:** ١. شەک، شەکەمێ، شەکە مەڕ،٢. شەکبەران.

**بەردیلزەکات:** کاوڕێ لە دوای بڕینەوەی پێش ئەوەی دوو ساڵ تەواو بکا و بەران بگرێ، دەدرایە مەلای گوند.

**بەردیلک:** ١. بەردێلک، بەرابەر، هاوتا، هەڤبەر، دو شتی ڕووبەرووی یەک،٢. بنپشک، کچی دانراو بۆ ژنی برا: (چ ئێڤارە رۆژ مەغرەبە/ تاسا ل سەرێ من عەرەبە/ ئەز بەردیلکا براکێ خوەمە/ ل هێڤیا من نەبە) «حەیرانۆک».

**بەردێلک:** بەردیلک.

**بەردێلی:** ١. ل شوونا، لەجێی، لەجیاتی، گۆڕینەوەی چت بە چت ٢. ژنبەژن، ژنبژنی ٣. پێگهۆرک.

**بەردیمحەک:** سەنگی محەک، بەردێکی ڕەشە زێڕینگەر بەکاری دێنن.

**بەردیموسڵدان:** بەردی میزەڵدان، بەردێ لە نێو میزەێدان ساز دەبێ.

**بەردیمووچەیمەڵۆ:** ئەو بەردەی لەسەر مووچەی مەڵۆ دادەنرێت تا با نەیبات.

**بەردیمەحەک:** سەنگی محەک، بەردی زێڕ تاقی کردنەوە.

**بەردیمەڕڕان:** ناوی کوێستانێکە لە بەشی سەرشیوی سەقز.

**بەردیمەڕمەڕ:** سەنگی مەڕمەڕ، مەڕمەڕ.

**بەردیمەسانە:** بەردی ناو میزەڵدان.

**بەردیمەلاخەدر:** ناوی کێوێکە لای سەقز.

**بەردین:** ١. بەردی، بەردینە، لە بەرد چێکراو: (لافاو لە ئاست خانووی بەردین هێندەی لە دەست نەدەهات) «کۆردەرە»٢. کانی کە لە ناو بەرد هەڵقوڵێ: (ئاوی ئاوەنیا کانییە بەردینە/ بۆچی نامخوازی کوڕی بێدینە) «فۆلکلۆر»،٣. قەڵەوێ کە نەتوانێ ببزوێ،٤. بەردەین، ڕزگارکەین: (یا دێ ب کوتەک مەمێ خوە بەردین/ یا جوملە ب مەردی سەر ب دەردین) «خانی»،٥. گوندێکە لای شەقڵاوە.

**بەردێن:** گەمەییکە: (کوا هەلووکێن و چاڵێن

و بەردێن) «یادنامەی‌سەقز».
**بەردێنان**: گوندێکە لای ڕانییە.
**بەردی‌نرخدار**: کەڤری بوهادار.
**بەردینە**: ١. کەڤرین، بەردین: (ناڵەشکێنە کێوی بەرزی کورد/ مێژووی بەردینەی پڕ لە پەندی کورد) «ب. ئەفخەمی» ٢. سێبەری بەرد: (خەوە بەردینە خۆشە)،٣. دیەکەیێگە لە کەنگەوەر.
**بەردی‌نیشان**: کێلک، نیشانە، بەردی نیشانە و هێمای کارێک: (شەهسەوارن پیادەیان ئازان/ بەردی نیشان و کۆلکی مەیدان) «حاجی قادر».
**بەردیوار**: ١. بن دیواری ماڵان بۆ ڕۆنیشتن ٢. بێ‌کەس، هەتیم، هەتیو.
**بەردی‌هەنگە**: ناوی کێوێکە لە لای سەقز.
**بەردی‌هەوارەکۆن**: کێوێکە لای دیواندەرە.
**بەرر**: ١. چوول و بەیار، عەردێ هشک،٢. بەرە، گڵێم: (جل و تەژێن خوە، بەرر و خالییێن خوە) «پەپووک».
**بەرڕ**: ١. بەرر، بەڕ، بەرە،٢. بەژ، وشکانی: (نابن د چو بەڕڕ و بەحر و کانان/ نینن وە مەلەک د ئاسمانان) «خانی».
**بەررا**: د بەر را، د ڕەخ را: (ئەز د بەر را بۆریم).
**بەرڕابوون**: ١. بۆی حورمەت لبەر هاتنا یەکی ڕابوون،٢. بەربڕی، دژی یەکی ڕابوون.
**بەرڕادان**: ١. گەمەکردن، لە گەمەدا دانان،٢. باش ماڵین و بێڵدان،٣. چاک دوورینەوەی دەغڵ بە داس: (فلانی بەرەکەی چاک ڕادا).
**بەرڕادە**: پایە، پێلپەلک.
**بەرران**: پێشی ڕان، بەرگەدە.
**بەرڕاو**: لای خواروی ڕاو: (سەرڕاو و بەرڕاوی لێ بگرن، مامزی من گەلێک شوومە) «گەنجی سەربەمۆر».

**بەرڕاولێ‌گرتن**: لای خوارەوە لە نێچیر گرتن: (ئەوە ئاغام ئەمن دەڵەم سەرڕاو و بەرڕاوی لێبگرن/ ئەوە مامزی من گەلێکە شوومە) «پایزە».
**بەرڕک**: لەدژی، بەرڕگانە، قەسد، قەسدا.
**بەرڕکی**: بەر زد، بەر ئێشاندن.
**بەرڕوحدا**: گیانەڵلا، گیانەڵا، گیانەڵاو، سەرەمەرگ، هەڤزنگ، دەمی ئاویلکەدان.
**بەرڕۆژ**: بەرتاو، بەربەڕۆچکە، بەرخۆر: (هەڵمکردۆتە بەرڕۆژێکی باگر بۆ نوستن) «هێمن».
**بەرڕەت‌خستن**: بەرگیرخستن، گیرکەوتن.
**بەرڕەت‌کەوتن**: بەرگیرهاتن، توش‌هاتن.
**بەرز**: ١. برج، بورج، خانوی قوتکەی بان قەڵا ٢. بڵند، ڕاسەرین، ئەراوەند، قیت، قووچ، حەوا: (ئەی قیامەت قامەتی توبا قیامم هەستە تا/ داعیەی بەرزی لە گوڵشەن سەروی کشمیری نەکا) «حاجی قادر» ٣. مەزن، گەورە، خاوەن‌شکۆ،٤. پیرۆز، ممبارەک: (ئەم خاکە بەرزە، فێرە بە زوقم و بەفر و با/ وا بای بەهار، لەشکری زستان، ئەدا بە با) «پیرەمێرد»، ٥. بەرزایی، جهێن بلند: (شین دەکا بەرز و پەسار و داوێن) «هێدی»،٦. توند، زیاد، زۆر: (دەنگی بەرز).
**بەرزا**: نۆبەرە، نخری، نەخری، نخوری، بەرزایی، ئێکەم مناڵ.
**بەرزاخ**: بەروار، گەوە، بەرقەد، لاپاڵ، قەدی کێو، داوێنی کۆ.
**بەرزاخوڕ**: بەرزەئاخوڕ، ئەسپێ کە فێرە لە ئاخوڕی بەرزدا لەوەڕ بخوات.
**بەرزارە**: دیەکەیێگە لە جوانرۆ.
**بەرزاکردن**: بەرزکردن.
**بەرزان**: ١. کۆی بەرز، شوێنانی بڵند: (زەرەی

بۆی زولفت کەفتەن نە بەرزان/ بۆی گولآن کەردەن جە بەرزان هەرزان) «مەولەوی» ٢. بارزن، ناوی مەڵبەند و هۆزێکی کوردە لە باکووری هەریمی کوردستان: (ئەمانە باون: بەزم لە کۆیە، ڕەزم لە سلێمانی، هێری لە سیان، قنجی لە بەرزان) «ڕشتەی مرواری»،٣. گەمەیگە منالانە ک وە گولوو یا گردکان کەنەیْ،٤. شاخێکی بەرزە لای گوندی ئالانە، لە سنووری حاجی هۆمەران،٥. ناوێگە کوڕانە.

**بەرزاندن**: شەڕکردن، کێشەکرن: (ببەرزینە: شەڕ و کێشە بکە).

**بەرزانی**: ١. بەرزایی، بڵندایی، بەرزیتی،٢. خویا، دیار، بەرهس،٣. بارزانی: (پاش ماوەیێک عەلی خان تفەنگی دا وە دەسمانۆ و کوتی: ئەشیْ بچن بە شوێن بەرزانیەکانا) «ئاوێنەی بێگەرد».

**بەرزاو**: ١. بەراو، زناو،٢. هاتنە سەرێی ئاوی دەریا بە هۆی بارودۆخی مانگەوە، دژی نیشتاو،٣. گوندێکە لە دێکۆی ژاوەرۆی خۆرهەلاتی سنە.

**بەرزاوا**: گوندێکە لای سنە×

**بەرزایەتی**: بڵندی، بڵندایی، بڵندایەتی.

**بەرزایی**: ١. بەرزا، نۆبەرە، یەکەم منال ٢. بەرزایی، بەرزیتی، بڵندایی، گردۆڵکە، شان، جێی بڵند ٣. ڕادەی بەرزی شتیْ: (کەژەکە زۆر بەرز و ڕژد و زەردوما بوو، بۆم نەئەقەبلا بەرزایی چەندەیە؟) «پێکەنینی گەدا»،٤. درێژایی، درێژی،٥. کێو، ترۆپکی کۆ.

**بەرزاییۆ**: لە بەرزاییەوە.

**بەرزاییەنە**: لە بەرزییەوە.

**بەرزئاواز**: کەسیْ ناودار و ناسراو، کە ناوی بە جۆریْ دەرچووبیْ.

**بەرزبایر**: لێژ بنار، بەرزی و بڵندی.

**بەرزبوون**: بڵێنبوون، بڵندبوون.

**بەرزبوونەوە**: ١. هەستان، بڵند بوونەوە: (کاتێ مامۆستا هاتە ژوور هەموو لەبەری بەرز بوونەوە)،٢. لە زەوی جیا بوونەوە، وە حەوا کەفتن: (ئەو هەڵۆیە ئەونە بەرز بۆتەوە، چاو نایبینیْ)،٣. زیادبوونی پلە و پایە: (ئەوەتا بۆتە دوکتەر لەبەر چاو مەردم بەرز بۆتەوە)،٤. دەنگدانەوە: (نییە ژین نرخی لە پێناوی تۆ/ سەر بچیْ و بەرزەوە بیْ ناوی تۆ) «هێدی».

**بەرزبییەیۆ**: بەرز بوونەوە.

**بەرزپڕ**: بەرزەفڕ.

**بەرزفڕای**: بەرز فڕین.

**بەرزپڕە**: بەرزەفڕ، بەرزفڕ.

**بەرزپەڕ**: بەرزفڕ، بەرزەفڕ.

**بەرزپەڕین**: بەرزفڕین.

**بەرزتر**: ئەشپا.

**بەرزترین**: سەرپەڕ.

**بەرزدرەختیْ**: دارێکی بەرز: (ئاوێزانش کەرد دیسان بە جەختیْ/ نە سەر شاخ سەوز بەرز درەختیْ) «خانای قوبادی».

**بەرزفڕ**: ١. مەلیْ کە زۆر بڵند دەفڕیْ: (هەڵۆ)، ٢. بەرزەفڕ، چاو لە بەرەژوور،٣. بەدەمار، ترزل: (جێی هەموو بەرزەفڕیْ نزمە، وتەی پیشینە) «حافز».

**بەرزفڕین**: ١. بەرز فڕینی باڵندە و فڕۆکە،٢. پیْ لە ئەندازەی خۆ پتر ڕاکێشان،٣. خۆ حەوادان.

**بەرزڤک**: ١. تیغە و لەمپەر لە تەختە و دار ٢. ئەو بەرد و خاک و بڵندایانەی کەناری ئاو یا دەریا.

**بەرزک**: ١. بەرسک، بەرزگ، بەرگەدە، بزک، وەرزک، خوارەوەی سک ٢. سکزل، وورگزل.

**بەرزکردن**: ١. زیادکردنی دەنگ: (دەنگی ڕادیۆکە بەرز کە با لە خەبەرەکەی حاڵی بین)،٢. بڵندکرن، بڵێنکردن، هێزدان.

**بەرزکردنەوە**: ١. هەستاندن، بێدارکردنەوە: (بڕۆ ئەو منداڵانە بەرز کەوە ڕۆژ درەنگە)،٢. هەڵێنان، هەڵگرتن، بڵین کردنەوە: (دەرویش تۆ دینت بەرزۆ کە دەفت/ بگرە کەمەی دەف، بە هێزی کەفت) «قانع»،٣. لەسەر یەک هەڵچنین: (ئەو فەردە ئاردە ئا لێرە بەرز کەوە)،٤. کەسێ یا چتێ هێنانە بەر باس و نرخ پێدان: (لەو کۆنفرانسەدا مەسەلەی کوردیان زۆر بەرز کردۆتەوە)،٥. بەخێو کردن و قەدر گرتن: (گورگ گورگە، کەوی نابێ/ بەرزی وەکەی، نەوی نابێ) «ڕاوچی»،٦. دەنگ هەڵێنان: (شێوەی ئەو سنگەی جەودانەی سەد تەرز/ لە سینەی مندا شیوەن بکا بەرز) «پیرەمێرد»،٧. شان و شکۆ پێدان: (فرتوفێڵت کەوتنە ڕوو، دەوران لە لام ئابڕووت تکا/ بۆیە وا بەرزت کردمەوە، بمخەیت و ئازارم بگا) «پیرەمێرد».

**بەرزکرن**: هەڵێنان، بلندکردن.

**بەرزکرنەوە**: بەرزکردنەوە.

**بەرزکەردەیۆ**: بەرز کردنەوە.

**بەرزگ**: ١. وەرزک، بەرسک، پێشزگ، پێستی ژێر زگی وڵاخ و ئاژەڵ،٢. بەرمسوڵدان، ٣. وورگ زل، زگ زەلام.

**بەرزگورز**: ١. وەردە وەردە،٢. ئامادەیی، تیاری ئەڕای کاری.

**بەرزن**: ١. جانی، جوانوو ٢. جاشک، جەحشک.

**بەرزناز**: گوندێکە لای ئاکرێ.

**بەرزنجە**: ١. بن کوخەکە،٢. شارۆچکەیەکە لە نزیک سلێمانی، ٣. ناوچەیەکە سەر بە قەزای شارباژێر لە هەرێمی کوردستان: (ئەمانە باون: بەزم لە کۆیە، ڕەزم لە سلێمانی، قیتی سەربانان لە برزنجە) «ڕشتەی مرواری»،٤. ناوی گوندێکە: (لەلای کوێر گەر بینای وەک دۆزەخە، ئەمما لەلای چاوساغ/ وەکوو قەسر و قوسووری (جنە الماوی)یە بەرزنجە) «بێخود»،٥. نازناوی شێخەکانی بەرزنجەیە.

**بەرزنجی**: ١. هۆزێکی کوردانە ٢. کەسی سەر بە هۆزی بەرزنجی.

**بەرزۆ**: ١. بە بەرزەوە،٢. ناوە بۆ پیاوان.

**بەرزواچ**: ١. بەرزوێژ، توندبێژ،٢. بڵێندگۆ.

**بەرزۆبییەی**: بەرز بوون.

**بەرزۆبییەیۆ**: بەرز بوونەوە.

**بەرزۆخە**: بەرزۆڵە، منارە.

**بەرزۆکردن**: بەرز کردنەوە: (جەژنە شادییە با دەستی سپاس/ بەرزۆ کەین تێکڕا، بەرەو ئاسمان) «نەگڵ».

**بەرزۆکەردەی**: بەرز کردنەوە.

**بەرزۆڵە**: بەرزۆخە، منارە.

**بەرزوو**: ناوێگە کوڕانە.

**بەرزووبایر**: بەرز و بڵین.

**بەرزووبڵێن**: بڵین، بڵینگ.

**بەرزویر**: گوندێکە لای شارۆچکەی دەرکار.

**بەرزویرکێ**: گوندێکە لای دەرکار.

**بەرزە**: ١. بزر، گوم، نادیار، هندا، نەدیار، وەندابوو: (شڤانی گوت: یا ڕیڤینگ هەمی شەڤی پەزەکا من بەرزە دبیت!) «گولواز»،٢. قوتکە، قیتکە: (لیم بۆتە بەرزەی بانان)،٣. قیتایی لە ناو تەختانیدا،٤. بەرزاییەکان، سەر چیاکان: (شنۆی ئەو بەرزە، ئەو نەبۆ پەی چێش؟/ لەرزەی سەد تەرزە، ئەو نەبۆ پەی چێش؟) «مەولەوی»،٥. پلاو، قبوڵی، شیوی برنج،٦. وڵاخی بەرز و کەوی: کەر، ئەسپ،

ماین، ئێستر،٧. بڵێنه، بڵیندە،٨. دیەکەیێگە لە گاوارە،٩. ناوە بۆ پیاوان.
**بەرزهار**: قۆقلکارانی.
**بەرزەئاخوڕ**: بەرزاخوڕ.
**بەرزەئوڵاخ**: بەرزەوڵاخ.
**بەرزەباڵا**: باڵابەرز، کەڵەگەت: (دایبەزاندن لە سەر زەوی/ بەرزەباڵا و کورت و نەوی/ ) «ڕاوچی».
**بەرزەبان**: ١. بەرزەکی بانان،٢. بانی بەرز: (تا باڵای قیبلەم چوون شەمعی خانان/ بوینۆش بە چەم جە بەرزەبانان) «بێسارانی»،٣. دیەکەیێگە لە هلێران.
**بەرزەبایر**: کەلاوەی بڵند، وێرانەی بەرز: (کورەشان چنی جە بەرزەبایر/ سێخ چەنی کەباب داشان بە ئایر) «بێسارانی».
**بەرزەبڵسک**: بەرزەبڵێس.
**بەرزەبڵۆسک**: بەرزەبڵێس.
**بەرزەبڵۆسکە**: بەرزەبڵۆسک.
**بەرزەبڵۆسکی**: بەرزەبڵێسی.
**بەرزەبڵێس**: بەرزەبڵسک، زۆربێژی نەزان، ئەوی لە هەموو قسان هەڵدەداتێ.
**بەرزەبڵێس‌وێستان**: تێ‌هەڵچوون لە هەموو جوورە قسە و ئاخاوتنێک و بە گژ دەمیدا چوونەوە.
**بەرزەبڵێسە**: ١. ئاوی بە گڕ و بڵێسەی بڵندەوە،٢. زۆربڵە، هەڵەوەڕ.
**بەرزەبڵێنی**: بڵێنی، بڵندایی.
**بەرزەبوو**: گومڕا، سەرگەردان، تەرە، ڕێ‌بەرزە.
**بەرزەبوون**: وەندابوون، گومبوون: (ئەرێ کوڕۆ، کوڕێ خالێ/ ل من بەرزە بووی ئەڤێ سالێ/ خەلک و عالەم ب ئێک شاهی بوون) «حەیرانۆک».
**بەرزەپا**: بەرزەپێ، یەک‌پێ.
**بەرزەپاهەستان**: هەستانی بە گورجی و ڕاست ویستان: (بەرزەپا لەبەرم ڕاستەوە بوو).
**بەرزەپای**: کەسێ ک کارەیل دەیشت ماڵ کەێ.
**بەرزەپەڕ**: بەرزفڕ، بەرزەفڕ.
**بەرزەپێ**: بەرزەپا: (هات سڵاوی کرد، خانۆ بەرزەپێ لە بەری هەستا) «دمدم».
**بەرزەجرە**: بەرزەجورە، بەرزەچرە، جرجر، جرجرە، سیسرکی دەشت.
**بەرزەجوررە**: ١. ویزەویزە، کە لە بەرزەجورە گەورەترە،٢. زیرزیرک، ووزووزە، قازی بازی، جوورە ویزەویزەیەکە.
**بەرزەجورە**: بەرزەجرە.
**بەرزەچرە**: بەرزەجرە.
**بەرزەچنار**: چناری باڵابەرز: (بەرزەچناران، بەرزەچناران/ بەو بچیمە سەیر بەرزەچناران) «خان‌مەنسوور».
**بەرزەحەوالکێ**: بەرزەحەوایلە، کۆلارە.
**بەرزەحەوایلە**: بادەوە، بەرزەهەوایلە، بازی هەوایی، بازی هەوایلە، کۆلارەی منداڵان.
**بەرزەحەوایی**: بەرزەحەوالکێ،٢. بەردێکی درێژووکە بە پەتێکەوە دەبەستن و فڕێی دەدەن بۆ حەوا و وەک مووشەک دێتەوە خوارێ.
**بەرزەحەیوان**: وڵاخی بەرز، ووڵاخی بەرزە.
**بەرزەخ**: ١. بەرزەق، ماوەی سنووری جەهەندم تا بەهەشت،٢. ماوەی نێوان دونیا و ئاخرەت لە سەرەتای مەرگ هەتا قیامەت،٣. بەرزەک، ماوەی نێوان دوو ئاوان: (حاجیز کو هەوا ڕەڤا ژ مابەین/ بەرزەخ ژ حەیا نەما د بەحرەین) «خانی»٤. توورە، قەڵس.
**بەرزەدەماخ**: ١. لووت‌بەرز، لەخۆبایی، بەدەمار: (مەی حەڵاڵە بۆ منی دڵ پڕ لە داخ/ حەیفە لێی بخواتەوە بەرزەدەماخ) «هێمن»،٢.

مەحەلێگە لە کرماشان: (لە سەنگ مەعدەن تا چواررای ئوجاخ/ تیمچە و چەنانی، تا بەرزەدەماخ) «چەپکەگوڵ»،٣. جێی بەرز و بڵند: (تەکیەگاهێ دیم نە پای ئەو غاردا/ نە پای ئەو مەغار بەرزەدەماغدا) «زەنووری».

**بەرزەدەماغ**: بەرزەدەماخ.

**بەرزەڕۆح**: ڕۆحبەرز، گەورە، مەزن: (بە داخەوە لە بەرەبەینێکی بەهاریدا گوڵی ئاواتم هەڵوەری و لە لایەن براگەورەکەمەوە، کاک مەحموود، هەواڵی کۆچی ئەو بەرزەڕۆحەم پێگەیی) «ڕاوچی».

**بەرزەڕەق**: ئەو کەسە ک لە ڕێکردن وشک و ڕەق ڕێ کەیێد.

**بەرزەڕین**: بەرزەرینە، زەبەرجەد، زوەبەرجەد، یاقووتی زەرد.

**بەرزەڕینە**: زوبەرجەت، بەردێکی بە قیمەتە دەیکەنە نقێم و قاش.

**بەرزەفت‌کردن**: سەر ڕێگا لێگرتن: (لە ناکاو شێخ پاڵدەوە، قەپێکی توندی لە بیناقاقای گرت و شێخ مەترسە توند لاقەکانی و شێخ بخۆ دەستەکانی گرت و بەرزەفتیان کرد) «گورگ و بزن».

**بەرزەفڕ**: ١. مەلی بەرزەفڕ وەک هەڵۆ: (لای هەڵۆی بەرزەفڕی بەرزەمژی/ چۆن بژی شەرتە، نەوەک چەندە بژی) «خەوەبەردینە»،٢. بەرزفڕ، بەرزەپەڕ، نارازی بەو ژیانەی تێیدایە: (هەرکەسێ بەرزەفڕە زوو دەمرێ/ بای بڵندایی سەرودڵ دەگرێ) «هەژار».

**بەرزەق**: ١. دووزەخ، بەرزەخ،٢. فیشاڵ، درۆ: (چقواس ژی د گوتنێن ئالی بالی زەنگەنەدا، بەرزەقی هەبوو، لێ دیسان شاە د واندا دەندکێن ڕاستی دیتن) «مەستوورە»،٣. لاناوە لە بەدخولق.

**بەرزەقانی**: قەڵماسک، قۆچەقانی.

**بەرزەک**: ١. بەرزەق،٢. بڵندایی نێوان تەختانی.

**بەرزەک‌بانان**: ١. بەرزەق: (خوەێ دەرچی و م نیشتمە بەرزەک بانان)،٢. مەلێگە لە مەتەڵەیل زوونە ک لە بەرزی دانیشێ و مەردم چرێ و خوەێ شارێدەو،٣. لاناوە لە لەیلاخ.

**بەرزەکرن**: ونکرن، ونداکرن، وونکردن.

**بەرزەکوبانا**: بەرزەکی بانان.

**بەرزەکۆڵ**: قەڵاپەچن، قەڵاپەستە، پڕکردنی دەفر لە دانەوێڵە.

**بەرزەکەوبانا**: بەرزەکی بانا بۆ مێ.

**بەرزەکەوە**: قیسپ یا هەژگی لق و پۆپ نەکراوە، کە بۆ پەرژینی باغ بەکاری بێنن.

**بەرزەکی‌بانان**: ١. قوتکەی بە سەر لێواری بانەوە، ٢. بریتی لە لاوی تۆلاز و دڵتەڕ کە لە قوتکەی بانان ڕادەوەستێ و دڵداری دەکات،٣. بۆ کەسێ بەکار دەبرێ کە لە کێشە و قۆرتێک ڕزگاری بووبێ: (گورگەکان جاری یەکەم هێشتا دوو سەدە کەریان زیاتر مابوو بگەنە لایان، ڕەشانەکان ئۆقرەیان نەگرت و هەر بابا بوو بۆخۆی وەک بەرزەکی بانا بە لایەکدا تێیدەتەقاند) «گورگ و بزن»،٤. بریتی لە بێکار، بێ‌ئیش: (نە خەرج و باج دەدەن، نە بێگار و سوخرەکێشی دەکەن، ئەوە چەند ساڵە بۆخۆیان، وەک بەرزەکی بانان، ئاسوودە و تەرخان دەژین) «دمدم»،٥. گیاندارێکی خەیاڵی نێو چیرۆکانە، زۆر درێژ و باڵابەرزە، هەمیشە لە سەربانا ڕادەوەستێ.

**بەرزەگلی**: بەردگۆلوو، دەستاڕ.

**بەرزەگەوە**: قیسپی هەڵنەپاچراو، دەستەکی پەرژین.

**بەرزەلان**: جێی بەرزان، شوێنی پڕ لە بەرزایی.

**بەرزەڵنگ**: ١. ناوی کێوێکە لای دزلی،٢. زەنگوڵەگیا، گەڵاماسی، وەرکەمەر، گیایەکە باڵابەرز لە تیرەی پنگە و جاترە، بۆ کرمی ڕیخۆڵە و تەوژمی خوێن چاکە: (کێ بۆ بۆکەرۆ، بەرزەڵنگ سەختم) «م.ح. دزلی».

**بەرزەلووت**: بەپۆز، بەفیز.

**بەرزەلووتە**: باڵابەرزە، زەڕنەقووتە، ئەنگوس ناوگین، هەڵمەقووتە.

**بەرزەلووتی**: بەرزەلووتە.

**بەرزەلینگ**: بەرزەلنگ.

**بەرزەمژ**: ئەوەی هەناسە لە هەوای بەرزی هەڵدەمژێ: (لای هەڵۆی بەرزەفڕی بەرزەمژی) «خەوەبەردینە».

**بەرزەمل**: ١. زانا، دانا،٢. ساو، ساحێو، خاون.

**بەرزەمەغار**: غاری بڵند، کەورگی بەرزە: (بەرمەیۆ نە پای بەرزەمەغاران/ شەماڵ مەشانۆش، چوون زولفی یاران) «بێسارانی».

**بەرزەناشتای**: ناشتا بەرزە، ناشتایگ ل لە خوەریان گەرم بوون بخوەنێ زوورم لە ناو کار.

**بەرزەنجە**: بەرزنجە، گوندێکە بە لاپاڵێکی تووشەوەیە✖: (گڵی یاقووتە تۆزی عەنبەری سارایە بەرزنجە/ گیای زمڕووتە، بەردی گەوهەری یەکتایە بەرزنجە) «بێخود».

**بەرزەنجەیی**: خەڵکی ناوچەی بەرزەنجە✖: (لەبەر دەنگی دە کوڕە بەرزەنجەیی‌یان/ پڕمەی دە محەنەدەکان، شەقەی دە ئاوزەنگی‌یان، ناسکی دە شوندیان) «گەنجی سەربەمۆر».

**بەرزەنەوش**: گوندێکە لای چوارتا.

**بەرزەواچ**: بڵنگۆ، بڵیندگۆ.

**بەرزەوار**: گوندێکە لە خواری هەولێر.

**بەرزەوبوون**: ١. ڕاست بوونەوە، هەستان، دڕەوبوون،٢. تەرەقی کردن،٣. لاناوە لە تڕین: (دەنگێ لێ بەرزەو بوو).

**بەرزەوکردن**: ١. هەڵگرتن، بەرزکردنەوە،٢. هەڵگرتنی ژن.

**بەرزەوڵاخ**: بەرزەووڵاخ، وڵاغی بەرزە.

**بەرزەووڵاخ**: یەکسم، مەبەست لە ئەسپ و ماین و ئێستر و کەرە.

**بەرزهەوار**: هەواری بەرز، وارگەی بڵیند: (نە بەرزهەوارێ خەیمەش پا کەردەن/ وێش وێنەی ئاهوو مایل وە هەردەن) «مینەجاف».

**بەرزەهەوایلە**: ١. بادەوە، بادەوان، بەرزەحەوایلە، کۆلارە،٢. کایە و گەمەیگە منداڵان بەرد داوێنە حەوا.

**بەرزەیی**: نیهانی، نەدیاری، شاراوەیی.

**بەرزی**: ١. بەرزێتی، بەرزایی، بڵندی لە عەرزەوە: (بە سەربەرزی لە سەر بەرزی دەنیشی) «ڕاوچی»٢. درێژی، درێژایی،٣. گەورەیی، شانوشکۆ، مەزنایەتی: (کام پیاوماقوول، کام گەورە/ کە بەرزی جێی ژوور هەورە) «گۆران» ٤. بەریەخە، بەربەروو، وەریەخە، کوتەپەڕۆیە لە دیوی ژوورەوەی یەخە بۆ قایمی ٥. ناقێ خوەدێ،٦. ناوە بۆ مێران.

**بەرزیبەرزی**: گۆرانییەکی هۆرامییە: (بەرزی بەرزی بەرزی، شەمامە و سەری تەرزی) «فۆلکلۆر».

**بەرزیپەرست**: ئەوەی بەرزی خۆش دەوێ: (ویتە ویتی چۆلەکەی چیاویست و بەرزیپەرست) «شەوارە».

**بەرزێتی**: بەرزایی، بەرزی.

**بەرزیڤک**: بەردی باریک.

**بەرزیکان**: ناوی دەسەڵاتدارێکی کوردی شارەزوورە کە ناوەندەکەی دینوەر بووە.

**بەرزیلان**: شێروخەت، شێریاخەت، ئەسکەملە.

**بەرزیلە**: ئاتەک، شاقەل.

**بەرزیـــن**: ١. ژێـرزین، نەرمەزیـن، خلـۆرتە، جلکێت بن زینێ ٢. قەڵتاخ، قاڵتـاخ، قەرپـوز، قەڵپۆز، داری زین ٣. جوانوی سێساڵ تەمەن کە کاتی زین‌کرنی هاتبێ.

**بەڕزین**: شاڵاو بۆ بردن، بەپەلە بۆچوون.

**بەڕزینە**: بەرێن ڕەنگەرەنگ.

**بەرزینێ‌گیان‌بەرزینێ**: ناوی گۆرانیەکە: (ئەرێ بەرزینـێ گیـان بەرزینـێ، چـاو ئەسـتێرەی شیرینێ) «ماملێ».

**بەرزێوە**: گوندێکە لای سۆران.

**بەرزیەتی**: بەرزیتـی: (پاشـان بیـری خەڵـک بەرەو بەرزیەتـــی/ بـــروزی ئەســـەن ڕووەو ژێریەتی) «دیلان».

**بەرژ**: بەرز.

**بەرژمێر**: سەرژمێر، کۆدەچی،

**بەرژۆر**: بەرەوژوور، سەرەڤراز.

**بەرژوور**: سەرەوژوور: (هەر دو دەستێن خوە بەر ژۆر ڤەگرتن) «پەپووک».

**بەرژەڤ**: گیـایەکە بـۆ دەرمـان ئەشـێ: (بـۆ برینـێ کە خـوێنەکەی ڕاناوەسـتێ، هەوژە و بەرژەڤ لەگەڵ مێـو و مـۆم تـێکەڵ بکـرێ، باشە) «ڕشتەی‌مرواری».

**بەرژەند**: بەرە، بەرژەوەند، چەخش.

**بەرژەنگ**: ١. بەرژونگ، دەسپێک، سـەرەتا ٢. نیشانە: (بەرژەنگا بارانێ هر و بانە).

**بەرژەنە**: ١. بەرەمەشـکە، ژەمەنێـک کەرە ٢. بەرەژەنە، بەرژەنەک، داری بەرەژەنەی جۆلایی بۆ ڕاست ڕاگرتنی بەری کار.

**بەرژەنەک**: ١. بەرژەنە، بەرەژەنەی جـــۆلا ٢. دەپی پێوانی کری تەون.

**بەرژەوەن**: ١. بەرجەوەنـــــــد، بەرجەوەن، دیـمەن، لەبەر چـاو دیـار،٢. بەراورد، خەمـڵ، تەخمین، ٣. بەرژەوەند، خێر، قازانج: (بە پێـی شوێن و بە پێی هەوا و بەرژەوەن/ گێـرە ئەکـا و خەرمانەکەی ئەکا شـەن) «کـاکەی فەلاح»٤. مەسڵەحەت، چاکە،٥. ناوە بۆ پیاوان.

**بەرژەوەند**: ١. بەرژەند،٢. ناڤێ مێرانە.

**بەرژەوەندپەرێز**: قازانج‌خواز، دۆستی گیرفانی: (نەکـو دوسـتێن بەرێکـی و بەرژەوەنـدپەرێز) «گولواز».

**بەرژەوەندی**: بەهـرە، قـانزاج، مەفـا، قـازانج: (چـونکی مرۆڤـێ پاشـڤەرۆ گەلەک پەنـد بـۆ بەرژەوەنـــدا خۆیـــا ژەنگـــی ئاڤـــا کـــرینە) «ف.پ.پ.».

**بەرژەوەندی‌خواز**: هەل‌پەرسـت، قـازانج‌خواز: (حیزبـی دیمـوکرات لە سـەر دار و پـردووی کۆمەڵەی ژ.ک. دامەزرایەوە، ئەندامی فێڵبـاز و بەرژەوەنـدی‌خوازی زۆری تێهـات) «چێشـتی مجێور».

**بەرژێـــر**: بەرەوژێـــر، لێـــژی، لێـــژ، لێژایـــی، سەرنشێڤ: (کۆلانێن بـاژێر گشـک هەڤـراز و بەرژێر بوون) «مەستوورە».

**بەرژێرکـــرن**: بەردانەوە، داخســـتنی ســـەر: (دەمـاکوو گیهـا پێشـبەرێ ئـاخێ، ژ شـەرمان سەرێ خوە بەرژێر کر) «پەپووک».

**بەرژێرکـــری**: سەرنشـێڤکری، بەرەوژێـــر کریاوە.

**بەرساوتە**: بەرهەیوان، ژێرسابات، سەیبان.

**بەرســـپێدە**: ئەڵنـد، کـازیوە، بەرەبەیـانی زوو: (مللەتێ ل هیڤی یا ئومێدان/ شـەڤ دێ تیـک بن بەرسپێدان) «سندی».

**بەرستک**: بەرسـتۆ، بەرسـتۆک، ئـێخە، یەخە، بەرسکوور، بەرۆک، یەخەی پژمل و گەردن.

**بەرستۆ**: یەخە، بەرستک.

**بەرستۆک**: بەرستک، یەخە.

**بەرستە**: بەرستی، ستەوبەر.

**بەرستی**: ستەوبەر، کەڤرهەستە، بەردە ئەستێ، بەردەستێ، بەرستە، کوچک چەخماخ.

**بەرسرین**: گوندێکە لای سۆران.

**بەرسف**: جواب، جوال، ولام، وەلام، وەرام.

**بەرسفدان**: جواو دانەوە، وەلام دانەوە.

**بەرسفکە**: بەرسڤک، بەرسڤکە، هەیوان.

**بەرسڤ**: بەرسف، جواو، ولام: (بەرسڤا کەریتیێ ب کەریتیێ نایێ دایین) «پەند».

**بەرسڤدان**: جواودانەوە، وەلامدانەوە.

**بەرسڤک**: بەرسڤکە، هەیوان، بێلانێ، بەربێلایی، تارمە، بەرمال.

**بەرسڤکە**: بەرسڤک، بێلایی.

**بەرسک**: بەرزگ.

**بەرسکوور**: بەرۆک، بەرستۆ.

**بەرسلک**: بەقلی.

**بەرسم**: چکل و بەرگێت داران.

**بەرسماق**: گوندێکە لای چوارتا.

**بەرسمبێل**: ١. تازە سمێڵ هاتو ٢. بەرسوێڵ، بەرسمێڵ، سەری موی سمێڵ کە دەچێتە سەر لێو: (ئەزقەزا ل ناڤ واندا خۆرتەک هەبوو بەرسنێلا وی تازە خوریا بوو) «گولشوون»،٣. بسمل، داربسمل.

**بەرسمێڵ**: بەرسمبێل، بەرسوێڵ: (قەپۆزت دانەپۆشێ بەرسمێڵت/ بە سەر ملتا نەیێ وەک یالی کەمتیار) «شێخڕەزا».

**بەرسمێڵدار**: بسمبلدار.

**بەرسمێڵکردن**: ١. سمێڵ کورت کردنەوە،٢. بریتی لە ڕوو کەم کردنەوە.

**بەرسنجک**: سووکە نزگەرە، بەرسۆز، بەرسیچکە.

**بەرسنگ**: ١. یەخە، ئێخە، بەنچیلک ٢. سینەبەندی زین.

**بەرسۆرک**: ١. کەڤری سۆر، بەردی سوور ٢. جۆرێ چووچکان بەر سینگێ وان سۆرە.

**بەرسورکە**: سیسرک، سیسرەی ناوماڵ.

**بەرسۆز**: سووکە نزگەرە.

**بەرسۆژ**: سینگ سووتانەوە.

**بەرسوڤ**: بەرسۆڤ.

**بەرسۆڤ**: بەرسوڤ، نخون، قلپ، وەرگەڕاو، قلپبوو، قەلپبوو.

**بەرسول**: گوندێکە لای گەلاڵە.

**بەرسۆلکە**: بەرسوورکە، جۆرێ قارچکی خواردنە، لە ناو گژوگیای ورد هەڵدەتۆقێ، زۆر تامی خۆشە.

**بەرسولە**: بەرسۆلکە: (دومەلان و بەرسولە و قارچکەگولانە) «چنگیانی».

**بەرسۆلینگ**: سنگ بەخەنە، باڵندەیەکە.

**بەرسووچ**: بەرتاوان، تاوانبار، گوناهکار.

**بەرسوورکە**: ١. بەرسۆلکە، قارچکێکە،٢. قالۆنچە، سوورکە، حەشەرەیەکی ناو ئاشپەزخانەیە.

**بەرسوورە**: جۆرێک کارگ و قارچکە.

**بەرسووڤ**: بەرشووش، سەرەوژێر، هەموو شتێکە، کە پاشەوپاش کرابێ و هەڵگەڕابێتەوە.

**بەرسووکە**: قالۆچە سوورکە.

**بەرسوێڵ**: بەرسمێڵ.

**بەرسەری**: باڵنج، سەرین.

**بەرسەڤ**: نهانی، بەرسڤک، بەرماڵ، جهێن هاتنا ژۆر یا مالان.

**بەرسەم**: بەرێسمەن، شووڵی باریني دار هەنار یا سیمی باریکی زێڕ و زیو کە لێکی دەبەستن و لاگرانی ئاییني زەردەشتی بۆ دوعا و ئاهەنگی تایبەتی بەکاری دێنن.

**بەرسیبەر**: نسێ، نزار.

**بەرسیچکە**: بەرسینچکە، نزگەرە.

**بەرسیس**: کەسێ بژارەیە د چیرۆکا فەقێ

تەیران «بەرسیسێ عابد»دا کە دایمە خەریکی تاعەت بووە: (هاتم قسا بەرسیس ببێم/ شەیتانی‌یا ئبلیس ببێم/ ل عابدێ حەبیس ببێم/ ئزهار بکم وێ شوهرەتێ) «فەقێ تەیران».
**بەرسیسانی**: ئەو ئامرازەی شتی پێ مشت‌ومالّ دەکرێ.
**بەرسیڤ**: ١. وەلاّم، ولاّمی نووسراوە، ٢. وەلاّمی زارەکی: (لە سەر وێ بەرسیڤا وی، ڕیسپییان هێڤییا خوە ژێ برری) «پەپووک».
**بەرسیڤ‌دان**: وەلاّم دانەوە: (وی ژی بەرسیڤ دان و گۆت: ما وی چییە؟) «گولواز».
**بەرسیل**: بەرسیلە، نزیکی بەرلێڤ، دژی لێڤالێڤ.
**بەرسێلّ**: کولێرەی بە ساج برژاو.
**بەرسێلک**: تەندوور، تەندووری بەرد.
**بەرسیلە**: ١. قۆرە، پەرسیلە، پەسیلە، پەسیرە، شلوور، کالکی‌ترێ، هالّە، تریی نەگەیشتو: (گەر لە ئەوەلّ دەفعەوە ئەم فرسەتە نەفعی نەبێ/ میوە ئاخری خۆشە، مەیلی بەرسیلەی زوڕەس مەکە) «قانع»،٢. بەرسیل، نزیک بە پڕبوون.
**بەرسینچکە**: بەرسیچکە، نزگرە، نزگەرە: (کە هێوریش بووەوە تا ماوەیەک بەرسینچکە و نزگرەیەکی وا بەرۆکیان بەر نەدا) «غەوارە».
**بەرسینگ**: ١. بەرۆک، باخەل، پاخل، بەڤل ٢. بەرسینە، سینەبەرە، بەرسینگەی ئەسپی ٣. قوویش، بەردلک، بەرە، بەرسینەی ولاّخ ٤. بەروانکەی منداڵ ٥. ناوقەد: (بەفر بەرسینگەی بڕیبوو) ٦. بەر دەم، پێش، پێش لێگرتن و ڕێ لێبڕین: (کابرایەک هاتە بەرسینگێ وان و گۆتی: وەرن من رەزەکی هەنە) «گولواز».
**بەرسینگ‌گرتن**: پێش لێ گرتن، بەرگرتن: (بەلکی وی ژی دیار دکەتن کو مللەت د ناڤخۆدا یێ ب ڕێکوپێک و بەرهەڤ بیتن ژ بوونا بەرسینگ گرتنا هەر دربەکی د ناڤ شورشی ب خودا پەیدا دبیت) «گولواز».
**بەرسینگە**: ١. بەرسینگ،٢. بریتی لە ناوقەد: (بەفر بەرسینگەی بڕیوە)،٣. پێش لە گرتن: (بەرسینگەی لێ بڕیمەوە).
**بەرسینگەی‌منداڵ**: بەروانکە.
**بەرسینگەی‌وولاّخ**: قوویش.
**بەرسینە**: بەرسینگ، بەرسینگە، سینەبەرە.
**بەرش**: بەنگ.
**بەرشا**: ١. دەرکەفت، چوو،٢. دیەکەیگە لە گاوارەیْ گووران.
**بەرشکست**: بەزیو، شکاو، شکست بە سەردا هاتوو: (ئەوانەی بەر شکستی ئیلتیزامی حاسلّی ڕۆمن/ لە تاو بێنە و نیە گاگەل‌چەرێنی میری جافانن) «سالم».
**بەرشکستە**: مافینگ، بەرشکسە، لێقەوماو.
**بەرشکستی**: بەرشکستە، بەرشکسە، لێقەوماو.
**بەرشنیەی**: دەرچاندن.
**بەرشۆ**: ١. بەرجل، جلکی گۆڕینێ، جلی شۆراوەی خاوێن،٢. بەربشە، دەرچۆ، بڕۆ: (سەر بنیەو وە خاک ئاسانەی دلبەر/ بەو ئارەزووی دلّ گیان بەر شۆ وە بەر) «مەولەوی»،٣. دەرچێ، بڕوا: (فەریاد ڕەسیم کەر، نە جای گشت کەسم!/ مازە ئەو لەزەت بەرشۆ نە دەسم) «مەولەوی»، ٤. بێتەدەرێ، دەرپەڕێ: (شێر جە جەنگەلاّ بەرشۆ، چ نێر بۆ چ ما) «پەند».
**بەرشۆت‌جەدەس**: لە دەستت دەرچێ: (تۆ غافلّ سازی یەند نەچیر وێت/ تا بەرشۆت جە دەس بەی تەور بەیۆ پێت) «خانای قوبادی».
**بەرشوش**: بەرسوف، سەرەوژێر.

**بەرشـۆڤ**: بەرکێـل، تـوخم ڕشـاندن بەری شوڤکرن.
**بەرشۆمنەدڵ**: لە دڵ بەرز بێتەوە: (شـەرارەی مەستیی مەی بەرشـۆم نە دڵ/ وەو چـراخەوە یاوون وە مەنزڵ) «مەولەوی».
**بەرشووستن**: بەراویژتوو، بەرهاویژتوو.
**بەرشووش**: بەرسووڤ.
**بەرشوون**: دەرچم، خـلاس بـم: (فەلەک کەی بەرشـوون بـێخەم نە دەسـتت/ چێشـم کەرد، کەی بیم وە باوەکوشتت) «مەولەوی».
**بەرشە**: دەرکەڤە، دەرکەوە، دەرچۆ، وەرەدەرێ.
**بەرشەق**: تێهەڵدراو، ژێردەست: (بۆیە ئەمڕۆ بەرشەقین و بێدەس و بێئیعتبار) «مینەجاف».
**بەرشـــەقدان**: ١. تێهەڵـــدان، دانە بەرشـــەق: (وەختی پەیغامـت خورووسـێکی هەزارپـۆپەم هەبوو/ دایە بەر شەق قاسیدێ وا بێ جەوابـی وا دەبێ) «حاجی قـادر»،٢. بریتـی لە بە هەنـد وەرنەگرتن، گرینگ نەگرتن: (کەڵکەڵەی پارەم لە سەردا نەبێ/ حیـرس و تەمـاعم دابێـتە بەر شەق) «ف. بێکەس».
**بەرشـــەم**: نـاوی گونـدە: (نـاڤێ گونـدێ مە بەرشەمە/ ب شەڤێ کەیفە و ب ڕۆژێ خەمە) «حەیرانۆک».
**بەرشـــــەنۆم**: ئەوە کە مرۆێـــت ناســـاغ و پەرکەمدار لە کەسی ساغ جیا کەنەوە.
**بەرشی**: ١. هاتەدەر، دەرکەوت،٢. وازی هێنا: (کێ جە دین بەرشی، ڕوو کەرد نە کەنشـت) «بێسـارانی»،٣. ڕزگـار بـوو: (خوسـرەو چـون بەرشـی جە مەعـرەکەی سـەخت/ ویـنەی کەیخوسرەو مومتاز بـی بە بەخـت) «خانـای قوبادی»، ٤. دەرچوو، ڕۆیی: (وەرنە شێتە وێم، دڵوەشیی دڵەن/ گیان جە تەن بەرشـی، ئاماش موشـــــکوڵەن) «مەولەوی»، (وەش جە دەس بەرشی).
**بەرشێ**: دەرچوو.
**بەرشـــــیا**: ١. دەرچـــووم،٢. ئەو دەرهـــات، دەرکەوت.
**بەرشیام**: وەرگەڕام: (چوون شـێخی سـەنعان بەرشیام جە دین) «بێسارانی».
**بەرشیان**: ١. دەرهاتن، هاتنەدەر: (کـارێ کەرۆ نامت وە خاسی بەرشیان) «پەند»،٢. وەرگەڕان، لادان(لەدین).
**بەرشیت**: دەرچوویـت، ڕزگـار بـووی: (مـن ناشی سەیاد، تۆ سەید قۆچاخ/ بە رشـیت جە دەستم، سەد جار ئاخ و داخ) «وەلیدێوانە».
**بەرشیر**: ١. منداڵی شـیرەخۆرە، بەرمەمکـان،٢. گوندێکە لای شارۆچکەی عیسێوێ.
**بەرشـــیش**: دەرچـوو: (تەن پـارە پـارە دوود بەرشیش نە سەر) «بێسارانی».
**بەرشـــــیشنەدڵخار**: دڕک لە دڵ دەرچـــوو، خەمی نەما.
**بەرشیڤ**: ١. بەرکوڵ، خواردنی پێش شـام،٢. پێشیڤ، ئێڤارە، ئیفتار، ئیفتاری.
**بەرشێڤ**: بەرشێو، عەسرۆژە.
**بەرشیم**: دەرچووم، چوومەدەر.
**بەرشین**: چـوونەدەر، دەرکەفـتن، دەرکەوتـن: (مـن قەقـنەس نەوێـم، هـابیم وە قەقـنەس/ یەکجـاریچ ئیمشـەو، هـا بەرشـیم جە دەس) «مەولەوی».
**بەرشیو**: بەرشێو، بەرکـوڵ، خـواردن بەر لە پێگەیشتنی چێشت.
**بەرشـێو**: ١. بەرشـیو، بەرکـوڵ،٢. بەربانـگ، ڕۆژوو کردنەوە.
**بەرشێوکردن**: بەربانگ خواردن.
**بەرشیەبی**: دەرچووبوو.
**بەرشـــیەن**: ١. ڕزگـــاربوون،٢. دەرکەوتـــووە،

دەرهاتووە،٣. مردن، مـردوون: (یاران بەرشی‌یەن جە زێد وە زامـن/ گـرد تەفـرەقە بـین چـون خەیاڵ من) «مەولەوی».

**بەرشیەی**: ١. دەرکەوتن، هـاتنەدەر، دەرچـوون، چوونەدەر،٢. لەجێ چوون، لەگە چوون.

**بەرشـــی‌یەن**: ١. دەرکەوتـووە، هـاتۆتەدەر،٢. دەرچووە، تێپەڕیوە: (زایفیم هەر یەند جە حەد بەرشی‌یەن/ نەسیم ئەر بارۆم عەجایب نی‌یەن) «مەولەوی»،٣. هەستاوە، بەرز بـۆتەوە: (ئەو جە ئەندازەی کەشتی بەرشی‌یەن/ ئێد بۆی هـوون مدۆ، ڕای گوزەر نی‌یەن) «مەولەوی».

**بەرعۆدە**: دەستەبەر، زامن.

**بەرعەڤەز**: لەجێی، لەباتی.

**بەرغەبابە**: بەرخەبەبە: (بەس بە چاو لە سـەر و سەکوت و بەرغەبابە شۆڕەکەیەوەی ڕوانـی) «خاک و چەوسانەوە».

**بەرغەبەبە**: بەرخەبەبە.

**بەرغەل**: بەرخەڵ، بەرخەگەل، گەلە بەرخ، مێگەلی کار و بەرخ: (هە کورە نان و هە کورە دۆ/ بەرغەل باژوێ بەرەو جۆ) «فۆلکلۆر».

**بەرغەلەوان**: بەرخەلەوان، شڤانی بەرخ و کار.

**بەرغەمۆت**: جۆرە میوەیەکە.

**بەرف**: Berf ١. بەفر، وەروە، وەور، پەرگێن سپی شەش‌گۆشە ل زڤستانێ‌دا دبـارە: (بەرفـا بەر ئێڤارێ قیـرێ تینـە ل دەبـارێ) «پەنـد»،٢. بەرەو،٣. ناوە بۆ کچان.

**بەرف**: Berif بەرهەڤ، ئامادە، حازر.

**بەرفاسـیس**: کەڕەسیسـە×: (بـارێ سـەر مە بەرفـا سیسـە/ چـاڤ ل کۆچـۆ دچوورسـە) «سەنار».

**بەرفاوێژ**: سەهۆڵخانە، بەفریک.

**بەرفخۆر**: ١. باڵداریکە،٢. بەرفەخۆرکە.

**بەرفخـۆرک**: بەرفەخـۆرکە، جـۆرێ تەرزەی وردە بەفر دەتاوێنێتەوە.

**بەرفراڤین**: بەر نەهار، بەرقلیانی، خـواردنێکی کەم پێش فراوین.

**بەرفـرک**: پـارچەیەکی تەنـکە لەوەپـێش بـۆ بەرکورتان دەکرا.

**بەرفرمان**: فرمانبەر، گوێڕایەڵ.

**بەرفـــرە**: بەرفـرە، پـان، گوشـاد، بەرینـدار، بەرمشە، زەحف، زۆر، هەراو.

**بەرفرە**: ١. بەرگوشـاد، بەربـڵاو، هەراو،٢. بە پانتیی زۆرەوە: (سپا لە بەرزاییەکـانی پیرهـادی و ناشاندا بەرەوڕووی چەکـداران بـۆوە پـاش پێکدادانێکی بەرفرە) «لەمەهاباد بۆئاراس».

**بەرفرەوان**: بەرفرە، هەراو، بەرین، گوشاد.

**بەرفرەه**: بەرفـرە، گوشـاد، زۆر: (چـا پشـتڤانا ئەخلاقێ بەرفرەها مەزنان کو عەیبـا بندەسـتان ڤەدشێرن) «گولشوون».

**بەرفرەهی**: بەرفرەیی.

**بەرفرەیـــی**: ١. بەرمشـەیی، زۆری، بەرپـانی، گوشادی ٢. ئەرزانی، فەرعانە: (چەن تەنگـاڤی هەنە، هند بەرفرەهی ژ یێت هەین) «پەند».

**بەرفری**: بەفرماڵ، بەرفمالک، بەفریـک، بێڵـی بەفری، وەروەرە.

**بەرفریح**: بەرفرەوان، بەرین.

**بەرفڕێـــــدان**: ١. بەراویـــژتن، بەرخســـتن، لەبارچوون ٢. بەرد فڕێدان، کوچک هاویشتن.

**بەرفکرن**: بەرهەڤ‌کرن.

**بەرفماڵ**: بەفرماڵ، وەورماڵ.

**بەرفمالشتی**: بەرفـمال، وەروەرە.

**بەرفمالک**: بەرفری، وەروەرە.

**بەرفماڵک**: بەرفری، وەروەرە.

**بەرفـۆ**: نـاوی ئـافرەتە×: (کوتلکـا مـن ژی بەرفۆرا) «پەند».

**بەرفەخـــۆرکە**: ١. بەفرخـــۆر، بەرفخـــۆرک،

بەفرخۆرکە، بەرفخۆر، جقەشینە، باڵداریکە ٢. ئەو بەفرە کو بەفرێ دحەلینیت ٣. جۆرێ تەرزەی وردە بەفر دەتاوێنێتەوە.
**بەرفەرمان**: مل‌کەج، فەرمانبەر.
**بەرفەسەر**: بەفرەسەر، ڕەقەبەرف.
**بەرفەشۆ**: شلێوە، بەفری بە بارانەوە.
**بەرفەک**: ١. جۆرە پێچ و مێزەریکە،٢. بەستەڵەکی جێی سەهۆڵی یەخچاڵ،٣. بەفرەکی سەر شاشەی تلویزیۆن،٤. پەڵەی سپیایی دەردانی دیوار بە هۆی تەڕی،٥. دانە دانەی سپی بە زاری منداڵەوە دەنیشێ.
**بەرفەندە**: ١. جێی پێ لە ناو بەفرا ٢. بە سەختی ڕووخانی ڕنوەبەفر لە شاخەوە.
**بەرفەمبار**: بەرف‌ئەمبار، ئەمبارێ بەفرێ.
**بەرفهوورک**: گلێرە، پارچە بەفری وێک‌کەوتوو و ڕەق.
**بەرفی**: سپی وەک بەفر.
**بەرفێ**: ١. بەرف لە دۆخی بانگ‌کردنێدا،٢. ناوە بۆ کچان.
**بەرفی‌مالک**: بەرفری، وەرووەرە.
**بەرفین**: ١. جێی پڕ بەفر، شوێنی بەفرگر،٢. کولیلکا بهاری کو دەما بەرف هەلینێ دە دەردکەڤە: (مەها گولا بەرفینێ/ یا هەبوون و وەژینێ) «سەنار»،٣. ناوە بۆ کچان.
**بەرفینگ**: بەفرماڵک، بەفریی.
**بەرڤ**: بەرف، بەفر: (خودێ چیان دوینە، بەرڤی لێ دبارینە).
**بەرڤا**: شوون، بەر شوون، بەر ئەوەز، بەروە.
**بەرڤازانین**: حوکم دینی، بەروە زانین، فتوا.
**بەرڤاژی**: واژی، بەراوەژوو، ئاوەژوو، بەرەڤاژی.
**بەرڤالک**: بەرڤانەک، بەروانکە.
**بەرڤالە**: هەژار، دەست‌بەتاڵ، بەرڤاڵە.

**بەرڤامر**: شوون‌مر، بەروامر، لە بەر کەس‌دا مرن.
**بەرڤان**: ١. شوان، شڤان،٢. قۆرخڤان، بەروان، نگابان،٣. بەرڤا، کۆما بەرڤا، شوێن، نۆنەر.
**بەرڤانک**: ١. بەرڤانەک، بەرکۆش،٢. دڤانەک، ڕەسید، بەرڤانە، بەرڤانەک، پسوولە.
**بەرڤانە**: ڕەسید، بەرڤانەک، پسوولە.
**بەرڤانەک**: ١. بەروانکە، بەرسینگەی زارۆک بۆ کاتی خواردن ٢. بەرڤانک، بەرەڵبێنە، بەرهەڵبێنە، بەرکۆش، سینەبەندی کارکرن،٣. دڤانەک، ڕەسید، بەرڤانە، پسوولەی وام.
**بەرڤ‌ببوون**: کۆ بوونەوە.
**بەرڤ‌کردن**: کۆ کردنەوە.
**بەرڤە**: ١. قەد: (بەرڤەکرن: قەدکرن) ٢. دادڕین: (بەرڤەکرن: دادڕینەخوارەوە)،٣. بەرڤە، لەقڤا، پێشواز، بەلاوە.
**بەرڤەبا**: ١. باگر، بادگیرە، بادگیر،٢. ڕوو بە با، واتا بلاو: (مین‌بەعد غەمان ژ قەلبێ ڕاکە/ تەشبیە ب زولفێ بەرڤە با کە) «خانی».
**بەرڤەبابوون**: ڕوو بە با مەشین.
**بەرڤەباکرن**: ١. بڵاوکردنەوە، بەبادادان: (خەرمانێ بەرڤە با کە)،٢. ڕوو ب با برن: (پێز بەرڤە با کە).
**بەرڤەبەشین**: بەشکردنی بەروبووم.
**بەرڤەخەیر**: بیرەڤەر، ڕوو ب پاکی، بەرە خەیر، ڕوو لە چاکی.
**بەرڤەدێر**: پارێزەر، چاوەدێر.
**بەرڤەڕا**: بەرەوە، بە لای پێشەوەدا.
**بەرڤەرو**: بەرڕۆژ، خوەرگر، بەرۆژ.
**بەرڤەرۆژ**: ژێلا، سەر هەڤراز، بەرەوژۆر.
**بەرڤەژێر**: سەرەژێر، سەرەوژێر، نخوون.
**بەرڤەسی**: سیبەر، سێبەر، نسێ، بەر ب سی.

**بەرڤەقیبلێ**: ڕوو بە قیبلە، بەر ب قیبلێ.
**بەرڤەکرن**: ڤاژی کرن، بەرێ وی ڤەکرن.
**بەرڤەکری**: ١. ڤاژیکری، ئاوەژوو ٢. گوشاد، بەروەدە، هەراو.
**بەرڤەمراز**: ئاواتەخواز، ئارەزومەند، ئەڤیندار، مەنزوور چ جەڤان و گەنجێ بەرڤە زەواج و بەرڤە مێر.
**بەرڤەمێر**: بەر ب مێر، بەربەخت، کەچکا کەزی و خاما ل سەر دەما مێر کرنێ.
**بەرڤەمێڤان**: بەر ب مێڤان، مالا مێڤان حەوان.
**بەرڤەهاتن**: بۆ کن هاتن، بۆ لای هاتن، بە پێشوازی هاتن: (بەرڤی مە هات).
**بەرڤی**: ١. تۆپیو، کەوتی، سەکەت، مردوو لە ڕێگەی خراپدا، بەرابەری شەهیدبوون،٢. بەرڤە، لەڤڤا، پێشواز.
**بەرڤێ**: سا، سەبا، بۆی ڤێ، پەوکێ، پەوکەی.
**بەرڤێژک**: زێڕبەشان، زێڕوەشان،
**بەرڤین**: مردن لە ڕێگای ناشیریندا: (ئەوێ مێرکوژ بەرڤی).
**بەرڤینۆک**: بەرڤینەک، بەروانکە.
**بەرڤینەک**: بەرڤینۆک، بەروانکە، پێشبەندیەکا کو تەشیڕێشس ل سەر ئالیکی هێت گرێ دەدە و تەشی لسەر با ددە.
**بەرق**: Berq ١. بروسکە، کارەبا، برق، هێزی ئەلکتریسیتە: (پڕە لە سەیل و لە گۆلاو و کانی ڕووی زەمین/ پڕە لە بەرق و بریقەی برووسکە جەووی سەما) «حاجی قادر» ٢. برووسکەی هەور: (بێ قسەی غونچەی دەمت کاتی تەبەسسوم ڕووبەڕوو/ هەتکی شوعلەی بەرق و نەزمی دائیرەی پەروین دەکا) «نالی»، ٣. تروسکە، تیشک، شۆق: (ئەگەر بەرقەک ژ وێ ڕوژێ، ژ وێ عیقد و بشکوژێ/ بدەت قەلبێ وەکی دۆژێ، ل بەر دۆژە دبت بەردە) «جزیری»،٤. فریقە، ورشەی شتی تازە: (لە بەرقی ڕەنگی شەڕواڵی حەیا دامێنی هەڵماڵی/ لە تەققەی دەنگی خلخاڵی لە گەردوون زوهرە داماوە) «حاجی قادر»،٥. ئەو تیشکانەی لە چاوی مرۆڤ دەرئەچێ لە کاتی پژمەی زۆر و توندا: (بەرق و برووسکە و تەم داش وە هەمدا/ پلووسکەی سێڵاو ئامام وە چەمدا) «مەولەوی».
**بەرق**: Beîiq ڕکوونی، ڕکلەزک، قینوەن.
**بەرقاپیە**: بەردرگا، بەرماڵ: (ئاوی خزرە خاکی ئەو بەرقاپیە/ درکی ئەو بەردەرکە گوڵ، پووشی گیا) «مەحوی».
**بەرقام**: ڕێگەساز.
**بەرقئەنداز**: تیشکخەر، تیشکاوێژ: (لە درزی بەرۆک وەک مانگ بەرقئەنداز) «پیرەمێرد».
**بەرقئەنگێز**: بەرقدەر، ترووسکەدەر.
**بەرقتێگرتن**: شۆق لە چاو گرتن: (لە پاداشتی قسەی سەردا هەمە ئاه و هەناسەی گەرم/ کەسێ شێتانە بەردم تێگرێ، من بەرقی تێدەگرم) «مەحوی».
**بەرقتین**: قەڵشین، قەڵەشین، قەڵەشان.
**بەرقخستن**: ١. تیشکدانەوە، درەوشانەوە،٢. چەخماخە لێدانی هەور،٣. ساوین و لووس کردن.
**بەرقداچوون**: ڕق هەستان، تووڕە بوون.
**بەرقدان**: درەوشانەوە، ترووسکانەوە: (کەوا تۆزێ ئاڵ، کراس مەیلەو سوور/ سرکەیی کۆڵی بەرق ئەدا لە دوور) «قانع».
**بەرقشەڕ**: نووڕێگە: (بەرق شەڕ بەێدە ناود).
**بەرقڤەدان**: چرووسین، تەیستن.
**بەرقگر**: تریشقەگر، برووسکەگر، مێڵەیەکە لە خانوودا بەکاری دێنن.
**بەرق گرتن**: گرتن بە هۆی ڕهێڵەی کارەباوە.

**بەرقلەسەرپەڕین**: واق مەنن.
**بەرقلیـــان**: قـاوەڵتی، قـاوەڵتوون، قـاوەتی، بەرتێشت، بەرچایی، سووکە ژەمی چێشتەنگاو: (بەغەیرەز خەم کە خواردنمە، نەهار و شـام و بەرقلیان/ لە ئەنعامی خوا حیسەی ئەمـن تەنیـا نیگاهێکە) «قانع».
**بەرقلیانی**: بەقلیان، بەرچایی.
**بەرق‌لێدان**: ١. ترووسکانەوە، درەوشـانەوە،٢. مـالیجەکرن بە هـۆی کارەبـاوە،٣. کەوتـنە بەر هەورەتریشقە،٤. نووردانی هەور.
**بەرقـــۆرە**: بەرکەرۆ، دێـیەکە لە دێکــۆی کەلاتەرزان بەشی ناوچەی مەریوان.
**بەرقۆڵ**: ئاسەڕی سەردەستی کەوا.
**بەرقووتی**: بایەقوورەت، کورتەباڵا.
**بەرقە**: برقع، سەرپۆش، دەسـماڵ: (جە بـاڵای ئەی سـەنگ، پـا ئـاوەردەوە/ بەرقەی نـاز جە ڕووی ئەو شەنگ کەردەوە) «مەولەوی».
**بەرقەپ**: پواو، بەرقپ، ڕزیـو، دارێـکە ڕووی لە شکان بێ.
**بەرقەچاڵ**: زنان گەورا و دەمواز لە بیاوان و کۆ.
**بەرقەد**: ١. نــاوقەد، کەمەر،٢. کــاو، ئـــالان: (بەرقەدی کێو: تەلان، بەندەن، قەدپاڵ).
**بەرقەد**: بەر بەژن و بـــاڵای کەســـێ: (یەک سەجدە تنـێ فەرزە د دینـێ عیشـقێ/ بـن بەر قەدی یارێ د مەجالی دینێ) «جزیری».
**بەرقەدێر**: پارێزەر، محامی.
**بەرقەدی‌کێـو**: تەلان، بەنـدەن، هەڵسـت، قەد، بنار، بەرکاو، پاڵ، قەدپاڵ، بەشـێک لە کێـو کە دەکەوێتە نزیک داوێنی کۆ.
**بەرقەرار**: ١. بـــاقی، بەردەوام، مانـــدگار، پایەدار: (ئەی بێ‌نەزیر و هەمتـا/ هەر تـۆی کە بەرقەراری) «حــاجی قــادر»،٢. ســـازدراو، پێک‌هاتگ، قەراردراو.
**بەرقەراربـــوون**: ١. مـــان، مـــانەوە، نەفەوتـــان: (بەرقەرار بـێ عەداڵەت و ئـازادی!)،٢. سـاز دران، قەرار دران.
**بەرقەرارکـــردن**: ١. مـــانەوە، نەمـــردن: (خـودا بەرقەرار و ڕاوەستاوت کا!)،٢. سازدان.
**بەرقەست**: ئەنقەست.
**بەرقەسد**: بەرقەست.
**بەرقەسەرکەفتێ**: جووری نووڕە.
**بەرقەش**: ڕوودار، چەتوون.
**بەرقەک**: برقێک، برووسکەیێک: (بەرقەک ب عەجەب مەمـێ ب سـەر کەت/ شـەوقەک ژ سەرێ مەمێ ب دەر کەت) «خانی».
**بەرقەڵا**: ١. گونـــدێکە لە دێکـــۆی کەوڵەی دیوانـدەرە، ٢. دێـیەکە لە دێکـۆی سـەرکەڵی مەریوان،٣. گوندێکە لای پێنجوێن.
**بەرقەلوون**: بەربانگ.
**بەرقەلیان**: بەرقلیان، بەرچایی، بەردل، ناشتا.
**بەرقەلیانی**: بەرقەلیان، بەرقلیان.
**بەرقەلێ‌دای**: جووری نووڕە، بەرقە بەێدە ملدا.
**بەرقەم**: جۆرە ڕەنگێکی سوورە.
**بەرقەملادای**: جووری نووڕە.
**بەرقەندە**: بەرقەننە.
**بەرقەننە**: بەرچا، بەرچایی، ناشـتێ، بەرقەنـدە، بەرقەلیان: (ڕۆژ درەنگە، سێبەر کورت بۆتەوە، قاوەڵتوونێکی درەنگە، بەرقەنەی نەخـواردووە) «هەزار ئەشکەوت».
**بەرقەنە**: بەرقەنـــــە، بەرقلیـــــان: (ڕەنـــگە بەرقەنەشت نەکردبێ، ئێستا نان و شیرێکت بۆ ساز دەکەم) «هەزار ئەشکەوت».
**بەرقەوە**: بە تووڕەییەوە.
**بەرقی**: ١. برقـی، شـتی کارەبـایی،٢. زووزی، زوو، ٣. مامر ماشینی.
**بەڕقی**: تروسکەی‌دا.

**بەرقیغەزەب**: برووسکە، هەورەتریشقە: (کەی خەیاڵی بوو کوتوپڕ خاسە بۆ هەر خەرمەنی/ ئاسمان نازڵ بکا بەرقی غەزەب وا ناگەهان) «سالم».

**بەرقیگشتی**: گوڵۆپە لامپی کووچە و کۆڵان بۆ ڕووناکی خەڵک: (بەرقی گشتی سەر پەنجەران) «شەوارە».

**بەرقییە**: تێلگراف، تەلغراف، بروسکە.

**بەرک**: ١. بەردی گچکە ٢. گوللە، فیشەک: (بەرکێ تفەنگی) ٣. ئەستێرەیەکە بە عەرەبی شیعرای شامییە ٤. گیرفان، جێب، جیو، باخەڵ، بەریک،٥. بەرکێت تەلاقدانێ،٦. سەخت، قایم، ئاسێ، ئاز،٧. هێز، گوڕ،٨. بەرگ، جلک: (ڕاس واچە هجران کێت نە دڵ داخەن؟/ جە هجران کێ، بەرکت قەلاخەن؟) «وەلیدێوانە».

**بەڕک**: Beȓk ١. بەڕەی گچکە: (مرێ ل بن بەڕکێ ناهێتە ڤەشارتن) «پەند» ٢. خێوەت، ڕەشماڵ ٣. بەروک، بەرۆک، بەڕیک، بەری، بەریە، باشیل، بەخەڵ، باغەڵ، بیرۆک، بیرووک، قوولک، کوورک، گیرفان، گیفان.

**بەڕک**: Beȓik ١. بەرق، ڕکونی،٢. جۆرێ بەڕەی گچکەیە: (مێرێ چاک بەڕکا خۆ ل ئاڤێ دەهینیتەدەر) «پەند». ×

**بەرکاتۆک**: متا، فیقی یا مازی، یێن ب ئاوایەک خوەزایی دو یان پرتر پێکڤە نووسابن.

**بەرکاتی**: کرێکاری بە وەخت و سات: (ئێمە بەرکاتین بە گوێرەی سەعاتە کار موچە وەردەگرین).

**بەرکار**: ١. کارتێکری، مەفعولی ڕێزمانی ٢. کەرەستەی خانوو کە ئامادە کرابێ بۆ کردنی ٣. کارکەر، بەرابەری سەرکار،٤. هەر شتێ لەبەر دەس بێ بۆ کر لەسەر کردنی،٥. دەنیشتن لە پای کارێک وەک جۆلایی.

**بەرکاز**: دەربیجە، دەلاقە، پەنجەرەی بچووکی ماڵ.

**بەرکاش**: هەلان، مەرمەڕ، کەڤر، بەرد، سەنگ: (بنێ مەزەلا مە هەمی بەرکاشە).

**بەرکاش کرن**: کاشیکرن، هەلانکرن، سەنگکاری کردن: (دیوارا نەخۆشخانێ بەرکاش کرن).

**بەرکانی**: ١. قۆچەقانی، بەردەقانی، کەهینک، قەڵماسک ٢. خواروی سەرچاوە.

**بەرکانێ**: گەمە، کایەی بەردانێ.

**بەرکاو**: بەرزاخ، قەدی کێو، بناری شاخ.

**بەرکچک**: گوندێکە لای شێخان.

**بەرکخۆر**: تفەنگا دەرفرە و کەڤن.

**بەرکر**: ردین، بن ئەرزینکا نێری.

**بەرکڕاندن**: ×١٩٨××: (سەری ژ هەڤ فڕاندن/ زرە ل هەڤ قەتاندن/ عیار ل هەڤ دڕاندن/ حەرامە بەر کڕاندن) «فەقێ تەیران».

**بەرکردن**: ١. لەبەرکرن، پۆشین(جلک)،٢. ئەزبەرکرن، بە مێشک سپاردنی نووسراوە،٣. ڕووکردن، ڕوو وەرگێڕان: (لە بێلوتفیەکەت ئەی وەی جەرگم براوە دەی/ سەیی تۆ شاڵت مردم، بەرکە بەم لاوە دەی) «حەسەن زیرەک».

**بەرکردەی**: بەرکەردەی، دەرکرن.

**بەرکردن**: بەرکرن.

**بەرکرن**: ١. پۆشین، لەبەر کردن(جل)،٢. ئەزبەر کرن، لەبەر کردن(وانە)،٣. ڕووکردنە، ڕوووەرگێڕان: (لە بێلوتفیەکەت جەرگم براوە دەی/ تۆ بی و جوانییەکەت بەر کە بەم لاوە دەی) «حەسەن زیرەک».

**بەرکریا**: دەرکراو.

**بەرکریای**: دەرکران.

**بەرکریێ**: دەرکراو بۆ مێ.

**بەرکزە**: هـاوردە، هـاوردی، ئـاوردە، واردات: (دەرکزە و بەرکزە: هاوردە و هەناردە).
**بەرکشـــاندن**: ژێ کشـــاندن، دەرکێشـــان، دەرکێشـــاندن: (تووژکـــا زمـــان بەرکشـــاند) «گولشوون».
**بەڕک‌کەڕ**: قینـــوەن، ڕقئەســـتوور: (ژنـــا ئابڕووبەر، چێترە ل ژنا بەڕک‌کەڕ) «پەند».
**بەرکم**: ١. گولاو ٢. قەفەس.
**بەرکـــۆ**: ١. کەلـبەزین، کەلپـووس، قولپـووز، قەپووز، قەرپووز، قەڵپـوزی زیـن،٢. بەرکـوتی دەغـڵ،٣. لای ژێـرەوەی خرمـان،٤. ئەوەی لە پێشـــەوە ســـوار دەبـــێ: (مانیـــای مەیـــنەت ســـەرەوکۆی ستەم/ (مەعـدوومی)ی بەرکـۆی ســـەرەوچێری خەم) «مەولەوی»،٥. ئەو شـتەی سوار لەبەر دەمی خـۆی دایـدەنێ،٦. پێشـەکی کارێک.
**بەرکوت**: ١. خواردنێکی کەم نزیک نیـوەڕۆ: (تازە بەرکوتێکم کـرد برسـیم بـوو)،٢. کـاری کوتـانی کولۆشـی گەنـم پـێش گێرەکرانـی خەرمان، ٣. تەخترمە، تەختەمە، تەخدەمە، برێ دەغڵـی درواو کە لەبەر پێویسـتی مـاڵ جیـا دەکرێتەوە و زووتر سووری دەکەن،٤. لاکوت، بەرکۆی دەغڵ،٥. پاش‌کوت، بن‌خەرمان.
**بەرکوت‌کردن**: خواردنێکی کەم بەر لە ژەم.
**بەرکوتە**: دارتەقێنە، بەرکوڕە، مەلێکە.
**بەرکۆتە**: دەرکەوتوو.
**بەرکۆتەی**: دەرکەوتن.
**بەرکۆتێ**: دەرکەوتوو.
**بەرکوتی‌دەغڵ**: بەرکۆ، لاکوت، خەویە، کەمێ دانەوێڵە کە لە پێش‌دا کوترابێ بۆ نان.
**بەرکـۆچ**: پێش‌کـۆچ، پێشـەنگی کـۆچەران: (بشـــۆ وە دومـــای بەرکـــۆچی خـــێڵان/ سەردەلیلەی گەل ڕەمی ڕەوی لان) «مینەجاف».
**بەرکـــور**: ١. بەرخەبەبەدار، بەرچـــێڵەدار ٢. غەبغەبە، گۆشتن بەرچەنە.
**بەرکوڕ**: ١. سەنگدان، سـیقەڵدان، سـیکەتۆرە، قیسـک ٢. زگ، سـک، گەدە ٣. بەرخەبەبە، بەرچێلە، غەب‌غەب، گۆشتی بەر چەنە.
**بەرکورک**: بەرچێلک.
**بەرکـورە**: قـولتە، باڵـدارێکە شـین وە کـۆتر دەچێ و بەرسینگی ڕەشە.
**بەرکۆز**: دانگە، جێ‌دانگە، جێی تفـاقی ئـاژەڵ لە زستاندا.
**بەرکۆژ**: بەرکۆژە: (ئەمن بـۆ کـوڕە حەیرانـی خۆم قەبرێکی هەڵدەکەنم/ لە نێوانی سـینگ و مەمک و بەرکۆژان) «فۆلکلۆر».
**بەرکـۆژە**: ١. بەنـدیەقە، وەرکـول، دوگـمەی قەیتان، قەیتانی لەباتی دوگمە بۆ سەر سـینگی منداڵ: (نە شەوم شـەوە و نە ڕۆژم ڕۆژە/ داخ لە دڵ بوومە گرێی بەرکۆژە) «بۆکوردستـان»٢. دوکمێـت بەر سـینگان: (لەو دەمەی‌دا دەس لە بەژنـــان وەردێـــنن/ لەو دەمەی‌دا بەرکـــۆژە دەتـرازێنن) «هـێمن» ٣. پێشـگیرە، بەرکـۆش، بەرهەڵبێـنە ٤. بەر، پێسـیر، دادڕاوی یەخە تـا سەرسینگ: (داخ لەدڵ بوومە گرێی بەرکـۆژە) «هەژار».
**بەرکۆژەترازاندن**: کردنەوەی بەرکـۆژە: (ئەگەر بسکانم تاتا بکەم، کولمانم بنەخشێنم، بتـرازێنم کلیلی سینگ و مەمک و بەرکۆژێ/ تینێت بـۆ دەسێنم لە مانگێ، تـاریکی دە دنیـایێ دەخەم، شەبەقت بۆ دەسێنم لە ڕۆژێ) «مان».
**بەرکۆستە**: ١. بەرکۆسە، بەرکۆسـەچ، کۆسـە، کێمـوو، پیـاوی ڕیش‌تەنـک ٢. بن‌دیـوار، بەردیوار.
**بەرکۆسە**: بەرکۆستە.
**بەرکۆسەچ**: کۆسە، بەرکۆسە.

**بەرکۆسەر**: بەرکۆستە.
**بەرکۆش**: ١. بەرەڵبێنە، بەرهەڵبێنە، پێشگیرە، کۆشپۆشی ژنان لە کاتی کاردا،٢. بەرلیک، بەرلیکەی منداڵ.
**بەرکۆشک**: ١. بەرلیک، بەرلیکە، بەرکۆشی منداڵ ٢. هەیوانی پێش باڵەخانە.
**بەرکۆڤ**: پەنا بەرد، پاڵ گابەرد.
**بەرکۆڤک**: ١. تەختەبەردی خڕی قەڵاتێ ٢. بەردێکە پەنا و پەسیو بێ.
**بەرکول**: بەرکەل، نیوەکوڵاو.
**بەرکوڵ**: ١. بەرکەل، بەردڵانە، بەرهەڵێنج، نەوسبڕ، وەرکوڵ، سەرکوڵ، تەواو نەکوڵیاگ، کەمە چێشتێ کە پێش گەیشتن‌دا دەخورێ: (بە یەک قیچ تەنیا ئێسک و پێست و شاخ و سەخۆرەکەی نەبێت کردیانە بەرکوڵ) «گورگ و بزن»،٢. بەرکوتی دەغڵ.
**بەرکۆڵ**: شتی نەرم بۆ سەرپشتی کۆڵبەر: (کۆڵەداری دڕکاوی بێ بەرکۆڵ، پشت بریندار دەکات!).
**بەرکوڵانە**: لەپێش‌دا، وەک بەرکوڵ: (بەرکوڵانە زەمان دەستێک لێدانی خەس‌وخۆڵی نۆشی گیان کرد) «کوردەرە».
**بەرکوڵکردن**: لە بەرکوڵ خواردن.
**بەرکۆلە**: داری دولکە دەیخەنە ناو ئێرەقە و مژانەوە بۆ کارکردن.
**بەرکۆڵە**: بەرکۆلە.
**بەرکوو**: بەرکۆ، قەڵپووزی زین.
**بەرکە**: ١. دەرک، درگا،٢. ماڵ، خانوو، خانی ٣. پیک، خێر، بەرەکەت: (مانگاکەت بەرکەی کا: شیری زۆر بێ)،٤. لا، بەر، چوار بەرکەی کورسی،٥. لاکەوە، لەبکەوە: (تۆ گیانی کاکەت بەرکە بەم لاوە) «فۆلکلۆر»،٦. زمانەچکۆلە، زبانەبچکۆلە،٧. گوندێکە لە دێکۆی دەوروبەری دیواندەرە.
**بەرکەت**: بەرەکەت، خێر: (وی شێڤ و رۆ قورئان دخوەند/ زکر و عبادەت کربوو چەند/ مەجزوب و دین و هار و بەند/ ئەو چێ دبوون ژ بەرکەتێ) «فەقێ تەیران».
**بەرکەتی**: شیاو، لێهاتوو، ژێهاتی، هەڵکەوتە، هێژا، بەڕێز، بەرکەفتی، گرنگ، بێشەم، نایاب، بەنرخ.
**بەرکەر**: ١. دەرکەر: (هامفەرد ناڵەی دڵ، سەیرانگەی ستەم/ هامدەرد دووری دەروون، خەم بەرکەر کۆی خەم) «مەولەوی»،٢. دووری بکە: (بەر کەر جە دەروون حەسوودانی دوون/ با نەوۆ حەزین دەروونت پڕهوون) «ئەنساری».
**بەرکەردش**: دەریکرد.
**بەرکەردمێ**: دەرکەین.
**بەرکەردەن**: ١. دەرکردن، دەرهێنان: (هەی رۆ نەواچان ئەو غەم پەروەردە/ ئەڵبەت مەیلمان نە دڵ بەرکەردە) «مەولەوی»،٢. رۆیشتن، نەمان: (تا وەشی وەشیش بەرکەردەن جە لام/ هەر خەمەن مەیۆ مەواچۆ سەلام) «ئەنساری»،٣. رواندن، شینکردن: (وەهار نەوگوڵان نە تۆی خاک بەرکەرد/ جە بەدبەختیی من تۆ وە تۆی خاک بەرد) «مەولەوی».
**بەرکەردەی**: دەرکردن، دەرکرن.
**بەرکەردی**: دەری کەن.
**بەرکەرۆ**: بەرقۆرە، دێیەکە لە دێکۆی کەلاتەرزان بەشی ناوچەی مەریوان.
**بەرکەروون**: دەرکەم، دەربچێ: (مەر ئەوسا داخت بەر کەروون نە دڵ/ کۆ بۆ وە سەرم کۆگای سەنگ و گڵ) «بێسارانی».
**بەرکەرە**: دەرکەرە.

**بەرکەش**: ١. سینی، سێنی، مەعجۆمە، مەجومعە، یاڵتەبەق،٢. ڕاکێشان، ئامادەکردنی کەوان بۆ تیر هاویشتن،٣. دیەکەیگە له باوەجانی.

**بەرکەشک**: بەرکەشۆک، فەرخەسێنی، سینی بچووک.

**بەرکەشۆک**: کەشەفی گچکە: (وی مسینێ قاوێ ب دوو فینجان ڤا سەر بەرکەشۆکێ ئانی) «مەستوورە».

**بەرکەفتن**: ١. پێشکەوتن، وەبەرکەفتن ٢. کەفتنا مرۆڤەکی بن کارەساتی ٣. هێژابوون، بەکار هاتن،٤. پێکران، ئەنگێوران،٥. بەش پێبڕان: (ئاین و ئۆین زوو دەردەکەوێ/ درۆزن زەحمەتە ناشتای بەرکەوێ) «پیرەمێرد»، ٦. دابڕان، لێدابڕان: (حەوشەکەمان بەر خیابان کەوت).

**بەرکەفتی**: شایستە، بەرکەتی، ژێهاتی.

**بەرکەف**: دەرفەت، هەل، کەیس.

**بەرکەڤر**: گوندێکە لای باکووری قەسرۆک.

**بەرکەڤریلک**: گوندێکە لای زاخۆ.

**بەرکەڤی**: بەرامبەری کەڤێت بەفرێ.

**بەرکەک**: پەیژە، پێپیلکە، نێردیوان، سلەم.

**بەرکەکردن**: بەرەکەت کردن: (مانگاکەت بەرکەی کا).

**بەرکەکنێر**: بەری داری کەنێرییە.

**بەرکەل**: ١. بەرکول، بەرکول، سەرکول، وەرکول، نیوەکول، گرارا نیڤکەلی ٢. نێوون، نێنگووین، نوێنگین، نوگوهان، دامنەچەقان، کە کاتی کەڵگرتنی هاتبێ.

**بەرکەڵ**: ١. نینگوین، نوێنگین، نوگوهان، گوێلکە مێی سێ وەهار دیتی،٢. بەرەنگە، بەرکەلە، پالاغە مێ، ئەو تاشێ ک کەڵ وە پێەو وسێ.

**بەرکەڵکرن**: بەرکوڵکردن، نیوەکەل کرنی زادێ.

**بەرکەڵوسەرکەل**: گوندێکە لای تیکاب: (تیپ ئاغ و تاغ، بەرکەل و سەرکەل) «ئاوێنەیبێگەرد».

**بەرکەلە**: ١. بەرکەڵ، نینگووین،٢. بەرکەڵ، پالاغە مێی سێ ساڵە.

**بەرکەماڵ**: ڕوو لە زیادی×٢٧٨پ.×: (تا جەلای جەبهەی یار بەرکەماڵە/ حەیاتی مەجنوون ڕوو لە زەواڵە) «مەجزووب».

**بەرکەمران**: ١. گوندێکە لای پیرانشار،٢. گوندێکە سەر بە مەهاباد: (لە لاجانێ بەرکەمران/ لە شنۆیە حەسەننووران) «فۆلکلۆر».

**بەرکەمرە**: خەڵوزبەردینە، بەردێکە زوو ئاگر دەگرێ.

**بەرکەمەر**: ١. گیایەکی گەرمەسێری بۆنخۆشە، ٢. بەر ناوک، سەر بەرگەدە،٣. دامێنی چیا و کەژ: (نووکی موژگانی ئەمەندە خوێنی جەرگی چەشتووە/ سڵ ئەکا ئەمرۆ لە سووری سوورهەڵاڵی بەر کەمەر) «قانع».

**بەرکەن**: گێل، گێلۆکە، کەن ئینیای: (بیە بەرکەنە خەلقێ).

**بەرکەنار**: ١. قەرەنەکەوتوو، لە کەنارەوە،٢. جیا، بێلە، بێجگە،٣. لابراو، دەرکراو لە کار،٤. کارکەنار، خانەنشین، دەزبیران.

**بەرکەنار**: لایبە، بیخەرە کەنار: (بەر کەنار کزەی دەروون پڕ داخان/ پەی تۆ تەسدیقەن سەردیی لەیلاخان) «مەولەوی».

**بەرکەناری**: ١. دوورکەوتوویی، جودایی،٢. دەرکراوی، لابراوی،٣. دوورەپەرێزی، گۆشەگیری.

**بەرکەندال**: ١. بەرخۆر، ڕوو لە خۆر ٢.

ناجێگیر، ناسەقامگر ٣. بریتی لە بێ پشت و پەنا، بێکەس.
**بەرکەندن**: دەرێنان، هەڵکەنن: (بەرکەندۆ ڕیشەی نشاتم جە بێخ/ جگەر قیمە کەر، پەی کەباب وە تێخ) «مینەجاف».
**بەرکەواندن**: پێکان، لێدان، ئەنگاوتن، نیشانە پێکان.
**بەرکەوت**: ١. بەش، بەهرە، پێ بڕان،٢. ئەنجام، ئاکام،٣. هەدەف، ئامانج: (ئەو بەرکەوتانەی بە دەستەوەی دەدان) «لەمەهاباد بۆئاراس».
**بەرکەوتن**: ١. وێکەوتن، لێکەوتن پێکران، ئەنگێوران: (ئاخ مەم دەستی مەم نەگەیشتە تۆ/ وا نووکی خەنجەر بوو سزای تۆ/ خەنجەر بۆ دڵە گەر ڕاستت دەوێ/ ئاخ مەمی تیایە نەک بەری کەوێ) «پیرەمێرد»،٢. بەش پێ بڕان، لە دابەش‌دا: (لە گۆشت بەشیندا پیلێکم بەرکەوت)،٣. وەبن کەوتن: (دەستم بەر چەرخ کەوت)،٤. پێش‌کەوتن،٥. لێک کەوتنی دوو شت لێکتر،٦. نۆرە دەسکەوتن، نۆبە هاتن: (وا زوو بەرم ناکەوێ).
**بەرکهوور**: بەرهوور، تفەنگی لوولەتەنگ.
**بەرکەیە**: ١. بریکار، نووێنەر ٢. یارمەتیدەر، هاریکار، یاریدەر.
**بەرکی**: دومەڵ، ئارینج، ئاوپەڕ، کوان.
**بەرکێ‌تفەنگ**: گوللەی تفەنگێ.
**بەرکێ‌تۆپێ**: گوللەی تۆپی.
**بەرکێر**: ١. کەوالێ ب کێر سەربرینێ ٢. قوربان، قوربانی.
**بەرکێربوون**: بە کاری سەربڕین هاتن.
**بەرکێرکرن**: گەورە کردن و دانان بۆ سەربڕین.
**بەرکێش**: ١. خەرەک، جۆرە شەخرەیەکە بۆ بەرد پێکێشان دروس دەکرێ،٢. کەسێ بەرد ئەکێشێ.
**بەرکێشان**: دەرکێشن، بێننەدەر.
**بەرکێشاندن**: دەرکێشان، دەرکێشانن: (تووژکا زمان بەرکشاند) «گوڵشوون».
**بەرکێشانوەبەر**: بێننە بەرەوە.
**بەرکیشای**: دەرکێشان.
**بەرکیشتەی**: دەرکێشان.
**بەرکیشتەیۆ**: دەرکێشانەوە.
**بەرکێشک**: ١. کالیسکەی بار، عەرابە، عەرەبانە ٢. چەکمەجەی مێزان و هیتر.
**بەرکێل**: بەرشۆڤ، توخم ڕشاندن بەری شوڤ‌کرن.
**بەرکێلک**: قەلاویز، گربڤان، بەرچلک.
**بەرکێلەک**: ئامێز، هەمبێز، باوەش.
**بەرکێو**: ناوچەیەکە گیسکە مەرەزی زۆرە: (سۆفی پیرۆت هەبوو خەڵکی ئەو بەرکێوە بوو) «ڕشتەی‌مرواری».
**بەرکێوی**: خەڵکی دەڤەری بەرکێو: (کابرایەکی بەرکێوی کوڕێکی بوو خەلەی ناو بوو) «ڕشتەی مرواری».
**بەرگ**: Berg ١. پۆشاک، کنج، ڕەڤی، جل، جلک، سیپاڵ، شمەک، لیباس: (تا یاران زانان ڕیشەی جەرگمەن/ پاچیان، ئاوێزان وە ڕووی بەرگمەن) «مەولەوی» ٢. بەرگی ڕەنجبەر تا شەرتی دەپەڕێ: (بەرات و بەرگ و لیباس و حەقەپێڵاو قسە کرا) «ئەمیری»،٣. پەلک، بەڵگ، گەڵا، گەلا، وەڵنگ، بەرگێت دار و گیا: (ڕەنگی و خڕ و گردەڵە، تەرکیبی هەناری/ هەروەک کەلەمێ، زوقمی لەسەر بەرگی بباری/ ...) «ئەدەب»،٤. پەڕەی گوڵ: (ئیمساڵ نەووەهار چوون خەزان سەرد/ بەرگ وەرد باغ «مەعدووم» بەرد پەی هەرد) «مەولەوی» ٥. پشتە کێب، بەرگی پەرتوک و پەڕاوییان:

(بەرگی کتێبەکەت دڕاندم مامۆستا لێم تووڕە دەبێ) ٦. نایلۆنی تێگیراو لە کتێب: (کتێبی تازەت کە کڕی، زوو دە بەرگی گرە با نەدڕێ)،٧. بەرگی نووشتە: (تەعویزبەند ڕیشەی دڵەی سەد پارەم/ بەرگش پەڕەی جەرگ وە دەرد ئاوارەم) «مەولەوی»،٨. مەلافە، بەرگی لێفە و دۆشەکە، ٩. خشڵ، خشر بە چەشنی گەڵا و پڕپرە و پەرەنگ: (تەیرک و عیقد و شوراب و نەترک و بەرگ و وەرەق/ هەر بلەرز و جەزبەیێن یاقوتی تایێن ڕاست و چەپ) «جزیری»، ١٠. بێن، بۆن، بەرگ و بۆ،١١. بیروباوەڕ، ڕەوشت و خوو، ١٢. بریتی لە ماڵی دنیا: (بەرگی دنیا هێندە کورت و کۆنە و بازاڕییە/ چونکە ناگاتە گونی دیوانەکەی، لێی عارییە) «نالی»،١٣. ڕواڵەت، زاهیر: (گەلێ ناحەز ئەبینم وا لە بەرگی دۆستی دێرینا/ لە مەستی وا ئەڵێم یا قسەی کاتی بێهۆشیمە؟) «کاکەی فەلاح»،١٤. بەرێ، بێری، شیردۆش، ١٥. دۆز، مەرام، مەبەست،١٦. جلد، پاژ: (هەژار هەنبانەبۆرینەی لە دوو بەرگدا نووسیوە) ١٧. خوری، هری: (بەرگ ئەدەی بە مەڕ، کێر بە کەر/ ئافەرینت کەن، دەوری ڕۆژگار) «قانع».

**بەرگ**: Berig پێشوو، پێشتر، بەرێ: (جارێ بەرگ هاتم نەتمدی).

**بەرگ**: بەڕ، بەڕەزەوو، زەوی ک ڕەنگێ سوویەرە و کوچگین ک نیشانەی دەێ لە ویەردە ئی شوونە ئاو بوویە.

**بەرگا**: ١. کەسێ پێش گای تازەجووت دەکەوێ تا فێری جوتی بکات،٢. جەڤانگا، بۆخە، گۆلکا سێ سالی،٣. چێلەکا گا خۆز، بەرکەڵ، نینگوین،٤. بەرگایلکە: (بەرگا و قولتە و گۆریەچنە/ هەوێردە و چورەپۆپنە) «بۆکوردستان».

**بەرگار**: بەرگنەر، جلدکار، جلدساز.

**بەرگاراج**: ١. بەردەمی کارێژ: (لە بەر گاراج بوو، دیم یارم سوار بوو) «حەسەن زیرەک»،٢. مەیدانێکە لە شاری سەقز.

**بەرگاز**: ١. خلێف، پلوورە، ماڵی مێشەنگوین ٢. کووتاڵی بەرپان.

**بەرگاویلکە**: بەراویلکە.

**بەرگایلکە**: قوونهەڵتەکێنە، کلکهەڵتەکێنە، جۆرە باڵندەیەکی ڕەش و سپییە.

**بەرگایلە**: بەرگایلکە.

**بەرگایی**: بوونە بەرگا، هەڤۆتنی گای تازەجووت.

**بەرگاییلکە**: بەراویلکە، بەرگاویلکە، پیزپیزەک، پێشگاییلکە، دووڤلەرزینک، فیسقە، قنگهەڵتەکێنە، قوونهەڵتەکێنە، کلکتەقینە، کلکهەڵتەکێنە، کلکهەڵسەنگێنە، وەرگاییلکە، باڵندەیێکی گچکەیە و شینە زۆرتر لەبەر دەمی گاجووتا دەنیشێ و کلکی هەڵدەتەکێنێ.

**بەرگئەنەگرتەی**: بەرگ تێگرتن.

**بەرگبۆر**: بریتی لە ئەمنیە، چەکداری حکوومەت: (منداڵ خۆیان خزاندۆتە کۆشی دایکیانەوە، ترسەنۆکانە دەڕوانن ئەو بەرگ بۆرانە) «هەژار ئەشکەوت».

**بەرگبووکێنی**: جل و بەرگی تایبەتی بووک: (داپیر کوتی: ئەو سنەووەرە ها لە بەرگ بووکێنیا) «ئاوێنەی‌بێگەرد».

**بەرگپۆشین**: ١. جل لەبەرکردن،٢. ڕەنگ گۆڕانی دەشت و دەر: (بەرگی بە سامی ماتەمی پۆشی/ لە خوێنی گوڵی گوێچۆمی نۆشی) «کامران موکری»، (شاخی ڕەنگاوڕەنگی گۆیژە باعیسی کەیف و سروور/ هەر دەمە بەرگێ ئەپۆشێ، گا سپی، گا سەوز

و سوور) «ف. بێکەس».
**بەرگپیاگر**: بەرگتێگر.
**بەرگپێداگرتن**: بەرگتێگرتن.
**بەرگتێگر**: ١. بەرگرد، دارێکە دەخرێتە ناو تەونەوە بۆئەوەی رێک راوەستێ ٢. بەرگگر، ئەوەی بەرگی کتێب تێگرێ.
**بەرگتێگرتن**: ١. جلدکردنی کتێب،٢. دە قوماش هەلکێشانی لێفە و پەتوو.
**بەرگحەریر**: پەڕەی ئاوریشم: (ئەو کۆی نەزاکەت وە ناز پەروەردە/ لەتافەت جە بەرگ حەریر ڕەمکەردە) «مەولەوی».
بەرگداماڵین: ١. جل داکەندن،٢. کەوڵ کردن، ٣. تویخ لە گوڵ و ڕوەک بوونەوە: (بەرگی داماڵی سەوزی ئاوداماں) «کامەرانموکری».
**بەرگدڕ**: بریتی لە نانخۆر: (ئاغا مەلا بانگ ئەکا و ئەڵێ: تۆ نانخۆر و بەرگدڕی منی) «ڕشتەی مرواری».
**بەرگدروو**: بەرگدور، جلدروو، خەیات، بەرگساز، بەرگووراز، کالادروو: (وەستا گورونی بەرگدروو هەبوو لە سلێمانی) «ڕشتەیمرواری».
**بەرگدروون**: جلدروون.
**بەرگدروێنی**: خەیاتی، پیشەی جلدروو.
**بەرگدور**: خێات، بەرگدروو.
**بەرگر**: ١. پێشگر، بەرگرد، کۆسپ، بەرهەڵست، قۆرت، نەهێڵ، نەهێژ، پەکخەر ٢. لەبات، لەجیات، کەلکوەرگرتن لە شتی کۆن لەباتی شتی تازە ٣. بەرگەگر، خۆڕاگر،٤. پارێزەر، بەرگریکەر: (دوو بە دوو هەر دوو لە ژینم بەرگرن/ کەم هەبوو کیچی وەجوولێ، نەیگرن) «ڕاوچی»،٥. ژنێ کە منالی بە سوتان مربێ ودمی پێیە،٦. بەرگرد، داری ناو تەون،٧. گوندێکە لای شێخان،٨. ناوە بۆ پیاوان.

**بەرگرانە**: کۆمەک و یاری بۆ شەڕکەرانی چەکدار.
**بەرگرتن**: ١. بەرگری کردن: (ئۆرۆکەی دوژمن گەییە کناروێ/ لە تۆ زیاتر کێ بێ بەری بگرێ) «مینەجاف»،٢. خۆڕاگری کردن،٣. مێوە دانی دار: (نابێ عاقڵ بی، گیانە، هەی مردووت مرێ/ کوا باغ بە زستان، جوانێ بەرێ دەگرێ؟) «مامڵێ»،٤. بریتی لە بە ئامانج گەیشتن: (داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ، قەت بەرناگرێ/ سەربەخۆیی بێ فیداکاریی، ئەبەد سەر ناگرێ) «ف. بێکەس»،٥. ئاوی زاخ لە کوتالی ڕەنگکراو دان تا کاڵ نەبێتەوە.
**بەرگرد**: ١. بەرگتێگر، دارێکی تەونە ٢. بەرگر، لەبات، بەکاربرنی شتی نەخۆشەویست لەباتی شتی تازە،٣. گوندێکە لای سۆران.
**بەرگردەڵە**: دارێکە دەخرێتە ژێر پازناو.
**بەرگڕەش**: ١. قالاخیپۆش، ڕەشپۆش،٢. بریتی لە تازیەبار: (بزەی هاتێ لێوی لەخۆشی بێبەش/ جلکی گۆڕی سۆرانیشین، بەرگڕەش) «هێمن».
**بەرگکردن**: جل دروون: (شانازییە کە جل و بەرگ ئەکەن لە شاڵ و جاو/ چون بەرهەمی ولاتەکەتە و باوی بەرکەوێ) «قانع».
**بەرگری**: ١. بەرهەڵستی، بەرەنگاری، بەرامبەری بە دوژمن: (ڕۆژی بەرگری و شەڕ و تەنگانە/ پاڵەوانێکە هەر یەک لەوانە) «هێمن»،٢. بەرگری ژن بۆ ئەوەی منداڵی نەبێ،٣. پێشگیری بۆ منداڵ نەبوون: (ئەو منداڵە سەرەڕۆیە، بەرگری نییە).
**بەرگریکردن**: ١. لە بەرانبەر دوژمن وەستان: (بەرگری کرد درکی گیانم/ لە تاو کۆرپە جوانەکانم) «حەمەجەزا»٢. لە هەمبەر قسە و

قسەڵۆک ڕاوەستان: (کێ بێتو نەکا بەرگری لە خۆی/ بەڵام کەس خەتا ناگرێتە ئەستۆی) «حافز»،٣. پێشگیری‌کردنی ژن و مێرد بۆ ئەوەی منداڵیان نەبێ.

**بەرگریکەر**: بەرگر، شەڕکەر: (ژمارەیەک لە بەرگریکەرانی وەزنە چووبوونە پاڵیان) «لەمەهاباد بۆئاراس».

**بەرگژنانە**: جلک و لیباسی تایبەتی ژنان: (داپیر وتی: ئەگەر ئەپۆشێ بەرگ ژنانە/ ئیمشەو وە تەحقیق خەنەبەنانە) «ئاوێنەی‌بێگەرد».

**بەرگساز**: خەیات، بەرگدروو.

**بەرگسازی**: خەیاتی، جل‌دروون.

**بەرگسیاوان**: ١. بەرگ ڕەشەکان،٢. بریتی لە بزنە کێوییەکان: (نەک چون فەزای کەیف بەرگسیاوان/ سمکۆی سەر زاخڕ نە پای وەفراوان) «مەولەوی».

**بەرگشان**: گەڵایان: (ئەوان پەرێ دۆست بەرگشان ڕێزیان/ من بەرگی بێخم پەی ئەو بێزیان) «بێسارانی».

**بەرگفانووس**: کراسی فانووسی.

**بەرگکرن**: جل‌دروون.

**بەرگگر**: بەرگ‌تێگر.

**بەرگگرتن**: بەرگ تێگرتن.

**بەرگگرتەی**: بەرگ گرتن.

**بەرگگرتەیۆ**: بەرگ گرتنەوە.

**بەرگلی**: گوندێکە لە باکووری بارزان.

**بەرگلیزک**: مەلیتک.

**بەرگن**: ١. بەرگین، لڤا، لوا، لووا، وەرگن، کوڵکەی وشتر و بەرخ: (بێر و هاوێری لەگەڵ کاکی نەکردبا بن‌پشک/ چۆن دەمانبوو ئەو هەموو گۆشت و پەنیر و بەرگنە؟) «هێمن» ٢. ئەو لڤایە کو ل دامانێ پەزی پیسایی پێڤە دنوسیت، هندەک دبێژنی «رنگ، رینگ».

**بەرگنە**: بەرگن.

**بەرگنەر**: بەرگار، ڕووبەرگساز، جلدساز.

**بەرگوارە**: زەنگەتەترێ.

**بەرگوبۆ**: بێن و بەرامە، بۆن: (دڵ ئەو بەرگ و بۆی جارانش نەبی/ ڕووی لوای مەجلیس یارانش نەبی) «مەولەوی».

**بەرگوپێڵاو**: جلک و کەوشی ڕەنجبەر و کرێکار تا دەدرێ: (ساڵێ دوو جار بەرگ و پێڵاوی بۆ خۆی و ژنەکەی دەکڕی) «میرزا».

**بەرگۆتن**: ١. سەرەتا، پێشڕەو، پێشەنگ،٢. جواب، جەڤاب، بەرپرس.

**بەرگورد**: ١. دارێکە تەونکار بەکاری دێنێ بۆ ئەوەی بەری فەرشەکەی لار نەبێ ٣. دارێکە لە کاری جۆلایی.

**بەرگورگان**: گوندێکە لای پێنجوێن.

**بەرگوزار**: بەرهەم.

**بەرگوزیدە**: هەڵبژاردە، هەڵبژێردراو، هەڵبژنیاگ، هڵچنیاگ، بژنیاگ، بژاردە: (وەخت تەماشای ئەو بەرگوزیدە/ شەماڵ بشانۆ گەردش ئەو دیدە) «مەولەوی».

**بەرگوزیدەنی**: تۆ هەڵبژاردەی، تۆ تاقی: (پەی چێش؟ بینایی هەر دوو دیدەنی/ بێ تای، بێ هامتای، بەرگوزیدەنی) «بێسارانی».

**بەرگوشاد**: گوندێکە لای بیجاڕ.

**بەرگوقەواخ**: بارودۆخی پێشووی: (تۆڵەفرۆش وەک هەمیشە دەچووە بەرگ و قەواخی خۆیەوە، تاریک و بێدەنگ) «کۆردەرە».

**بەرگولەکەوی**: نفرێکە خراپ.

**بەرگووارە**: زەنگەتەترێ.

**بەرگوود**: گوندێکە لای خۆرهەڵاتی دوکان.

**بەرگووراز**: بەرگدروو.

**بەرگووز**: چۆغە، چۆخە، چۆغەڵ.

**بەرگوهـ**: دو سەرکێن د کن گوهێن خوە ژ بۆ گۆهدانا رادیۆ، تەلەفوون و هتد.

**بەرگوهکەوتن**: بیستن، ژنەفتن، بەگوێ گەیشتن: (ئوسان ژی بەر گوهێ وەلی کەت، وەکی ئەو چەک و سیلحان دکرە، ژمارا چەکدارێن خوە زێدە دکە) «مەستوورە».

**بەرگوهوستن**: ڕوو کردنە، چوونە بۆ لای: (یەک ژ ڤەزیرا بەرێ خۆ گوهوست ل جەم زولنوون عارفێ میسریێ) «گولشوون».

**بەرگۆهەک**: ١. بیستۆک، گووشی تەلەفوون، ٢. گوێپۆش.

**بەرگویز**: ڕانکوچۆغە.

**بەرگوێکەوتن**: بیسران، هاتنەگوێ: (.../ چ ژینسەختم! چ دڵسەختی گولی من/ کزەی دڵ، وەک کزەی با دێتە بەرگوێت) «هەژار».

**بەرگە**: ١. توانایی، تاقەت، تاب، بار، وەرگە، تاووشت، بەروەست: (نەترەی نەما دوژمن لەبەر پێشمەرگەم/ لە گشت لاوە هەڵات و نەیگرت بەرگەم) «هێمن» ٢. زمانەچکۆلە ٣. سوو، ئاسوو، بەرچاو،٤. جار، کەڕەت.

**بەرگە**: ١. ئێلێگە لە گیەلان ڕووژئاوا،٢. دیەکەێگە لە شیان،٣. دیەکەێگە لە هلێران.

**بەرگەباڵنج**: پارچەیەکی درواو بۆ ڕووی باڵنج و سەرین.

**بەرگەپشتی**: پارچەی جوان بۆ ڕووی پشتی.

**بەرگەجەڵ**: گوندێکە لای پێنجوێن.

**بەرگەدۆشەک**: بەرگەدۆشەگ.

**بەرگەدۆشەگ**: مەلافە، متیل، بەرگی لە دۆشەک هەڵکێشراو.

**بەرگەدە**: ١. بەر، توەکەبەر،٢. بەر، گەدە، گەدک، جێی توکەبەر.

**بەرگەدەمانچە**: پارچەیەکی چەرمی درواو بۆ دەمانچە تێخستن و لە قەد بەسن.

**بەرگەر**: ١. پلەی ڕووکاردار ٢. تکا، هێڤی ٣. تکاکار، بەرگەڕۆک،٤. ڕامیار، سیاسی، ڕەنێوهێنەر، بەرێوەبەر، حاوێن، حاوێنەر، کەمۆ ٥. جامخانە، شوشەی بەردەم ٦. خوانچەی دەسفرۆشی ناو بازار،٧. بەرگێڕ، بەرگەڕ، ئاشێ دەستی ئێ کەڤری خوێ هێران.

**بەرگەران**: بەرگەڕین، وە بەر گەڕان، لێ پاڕانەوە: (غولام ئەو جار دەریا دیدبی، ساخی ل گەمیدا نەجەربانی، دەست کر ب گری و زاری، چقاس بەر گەرین و ب ئاش بوونێ، ڤەنەگەری) «گولشوون».

**بەرگەڕان**: بە دوادا چوون، پەی چوون: (پەردە ژ ڕوویێ حەقا بەرهلکرن/ ئەشقییا ڕا دبید ڕێیا بەرگەرین) «گولشوون».

**بەرگەراندن**: لاڤاکرن، پاڕانەوە، منێ‌کرن.

**بەرگەرو**: گوندێکە لای مەریوان×

**بەرگەڕەک**: گەڕەکی خوار ئاوایی×: (حەمە گەڵاز و بۆرەی وەدوو خستووە و بە بەر گەڕەک‌دا تێدەپەڕێ) «هەزار ئەشکەوت».

**بەرگەڕەکی**: بەرگەڕەکێ، جوانی گەڕەک، مرۆ یا گیانداری جوان و شۆخ و ڕێکوپێک: (ئەم ژنە یا ئەم ئەسپە یا ئەم کەڵەشێرە بەرگەڕەکییە).

**بەرگەردان**: کاغەزی کاربۆن.

**بەرگەردن**: بینەقاقا، تینتینۆکە: (زامی جەرگی من بە فەرموودەی گراوی سواری کورد/ مەڵهەمی هەر ژەنگی گوارە و ئارەقی بەرگەردنە) «هێمن».

**بەرگەڕۆک**: بەرگەڕ، سکاڵاکەر.

**بەرگەڕیان**: ١. پاڕانەوە، لاڤەکرن: (کەر چقاسی بەر گەرِیا/ هێشتر نەبهیست، ڕەڤیا) «سەنار»، ٢. لەدوو چوون، ل پەی چوون ٣.

هەوڵ، حەول، تەقالا، کۆشش.

**بەرگەڕێـــزان:** بەرگڕێـــزان، خەزەڵـــوەر، گەڵاوەرین: (بەرگەڕێزانی درەختت عومرەکەی فەوتاومە) «قانع».

**بەرگەرین:** پاڕانە، تکاکرن: (غـولام ئەو جـار دەریا دیـدبی، سـاخی ل گەمیـدا نەجەربـانی، دەسـت کـر ب گـری و زاری، چقـاس بەر گەریـــن و ب ئـــاش بـــوونێ، ڤەنەگەری) «گول‌شوون».

**بەرگەژمێر:** تیراژ.

**بەرگەسەرین:** بەرگەسـەنیر، پـارچەی درواو بۆ ڕووی سەرین.

**بەرگەسەعات:** کیسەی بچووک لە چەرم یـا مەخمەڵ بۆ سەعاتی باغەڵی.

**بەرگەسەنیر:** بەرگەسەرین.

**بەرگەش:** بەرکەش، بەرگەشـــی، یـــاڵتەبەق، مەجوعمە، خووان، سینی زۆر گەورە.

**بەرگەشـــت:** زڤـــر، گلەوخـــوارد، ڕەوتـــی گەڕانەوە، ٢. پەشیمان، پەژیوان،٣. پەشیمانی.

**بەرگەشـــتبوون:** ١. گەڕانەوە، زڤـــرین،٢. پەشـیمان بـوونەوە: (بە ئاسـمانی حەوتەمـین/ هەرچـی لە قەولان بەرگەشـت بـوو/ وەکـوو مانێوک ببێت شین) «فۆلکلۆر».

**بەرگەشتە:** ١. چارەڕەش، کلۆل، کولۆل: (سـا تۆ بۆ وە ڕەغم بەخت بەرگەشـتەم/ جـاگێر نە دیـدەی وە هوونـــاو ڕشـــتەم) «مەولەوی»،٢. هەڵگەڕاوە، وەرگەڕاو، سەرنگوون: (لەو تەرفی بەناگوشـەوە، تـاکو بە کەفـی پـا/ ئاشـوفتە و بەرگەشتە و ئالۆز و چەلیپا/ ...) «ئەدەب».

**بەرگەشتەبوون:** گەڕانەوە: (سوپای بەرگەشـتە بوو چاوت لە موژگان/ شکاندی غالبی دلها بە مەغلووب) «سالم».

**بەرگەشـــتەبەخت:** بەختـــی گەڕاوە: (لەگەڵ بەرگەشتە بەختی من موژەی تۆ/ قیاسم کرد لە ڕووتا وەک یەکن جووت) «سالم».

**بەرگەشتەگی:** ١. وەرگەڕاوەتی،٢. چارەڕەشی، بەدبەختی: (مایەی ئێش و نێش گشـت زامـان سـەخت/ بـازووی تەوانـای بەرگەشـتەگیی بەخت) «مەولەوی».

**بەرگەشتەیی:** چارەڕەشی، بەدبەختی.

**بەرگەشتەیی‌هاتن:** سیاچارەبوون.

**بەرگەشتی:** بەدبەختی، نەهاتی، بەرگەشتەیی.

**بەرگەشن:** سینی، مجۆعمە.

**بەرگەشـــە:** ١. چـــارەڕەش، تـــالعڕەش ٢. پاشڤەچوویی، پاشکەفتی.

**بەرگەشـــی:** بەرکەش، بەرگەش، مەجـــوعمە، خووان، سینی.

**بەرگەکتێب:** ١. پارچەی مقەوایـی ئەسـتوور لە قەراغـی کتێـب بـۆ پاراسـتنی پەڕەکـانی،٢. نایلۆن یا چەسپێ کە لە کتێب دەدرێ.

**بەرگەکە:** گوندێکە لای چۆمان.

**بەرگەکەوا:** ئاسـتەر، بەرەکەوا، پـارچەیەک کە لە بەری کەوای دەدروون.

**بەرگەگر:** بەرگر، خۆگر، بین‌فـرە، پشـوودرێژ، شازدە هەناسە.

**بەرگەگـــرتن:** خـــۆڕاگرتن، وەرگەگـــرتن، پێکـــران، بەرگـــرتن، بەروەســـتن، پێوەســـتان، دەربرن، دەربردن، تاقەت هێنان: (پێشـمەرگەی کوردی لە مەیدانی جەنگ/ بەرگەی ناگرێ نە شێر نە پڵەنگ) «هێمن».

**بەرگەگری:** خۆگری، خۆڕاگری.

**بەرگەل:** بەرغەل، ڕان، ڕانەبەرخ، بەرخەل، کار و بەرخ: (نەوەستێ هەڵپەڕکـێ/ تـا بـارەی بەرگەل دێ) «گۆران».

**بەرگەڵا:** بەرێکـــی ســـوور و سپی‌واشـــە لە گەڵای دارمازوو پەیدا دەبێ.

**بەرگەلە**: دوا شوان، ئاریکاری شوان.
**بەرگەلەوان**: بەرخەوان، شوانی بەرغەڵ.
**بەرگەلێفە**: مەلافە، پارچەی دە لێفە هەڵدرواو.
**بەرگەمی**: بەرگەمیَ، کووزەڵە.
**بەرگەمیَ**: کووزەڵە، کیاکووز، بەرگەمی.
**بەرگەمێو**: پەلکەمێو، بەلگەمێو، گەڵامێو، ئاپراخ.
**بەرگەنەگر**: خۆڕانەگر، دەرنەبەر.
**بەرگەنەگرتن**: تاووش نەهاوردن، دەرنەبردن.
**بەڕگەوموورتاڵە**: دەسەبرا، موو لە بەینێان نیەچوو.
**بەرگەهـ**: ڕووگەهـ ڕۆگە.
**بەرگەیشت**: گەڕانەوە: (دەس وە دوعا بوو ئرا بەرگەیشتم/ لە کول بڕیامە ئاوارەی دەیشتم) «خانمەنسوور».
**بەرگیَ**: ١. بنانگویَ، بناگویَ، بنگویَ،٢. یەک بەرگ.
**بەرگیسپی**: بریتی لە بەفر×: (بەرگی بیَگەرد و سپیشی دیارە وا هاوار ئەکا/ قەومی کورد دڵساف و میللەتێکن بیَقوسوور) «ف. بێکەس».
**بەرگیپیاوان**: ١. ئەو جل و بەرگەی پیاوان دەبەری دەکەن،٢. بریتی لە بەڵگە و نیشانەی پیاوەتی و جوامێری.
**بەرگیپیاوانلیَخەساربوون**: بریتی لە پیاو نەبوون، مەرد نەبوون: (وەکوو تۆ دەڵێی بەرگی پیاوان لە من خەسارە/ کراسێکی مەحمەڵ دارایم لە بەر کە تا بە لاجانگمدا بێتە خواریَ قەتارە و گوارە) «لاسوخەزاڵ».
**بەرگیخوێنین**: بریتی لە جلی شەهیدکراو×: (شەهیدی عیشقم و مەمشۆن و کفنم بۆ مەکەن یاران/ گەواهی حەشرە بۆ دەعوای شەهادەت بەرگی خوێنینم) «کوردی».

**بەرگیدەروێشی**: خەرقە و جلی تایبەتی دەروێش: (دەبیَ بپۆشم بەرگی دەروێشی/ ئەگەر دەروێش بم، بمبیَ دڵخۆشی) «بارامو‌گوڵندام».
**بەرگیر**: ١. بەرهەڵست، نەهێڵ ٢. بارگین، بارگیر ٣. بەرگیل، جۆریَ ماری ژاراوی و کوشەندەیە.
**بەرگێڕ**: بەلگێڕ، بەرگەڕ، ئاشیَ دەستی ئیَ کەڤری خۆی هێران.
**بەرگیرخستن**: هێنانە بەر گازوگیر.
**بەرگیرفان**: ئاسەری گیرفان.
**بەرگیرکەوتن**: وەبەردەس هاتن.
**بەرگیڕۆمیان**: ئەو جلک و بەرگەی ڕۆمیگەل دەبەری دەکەن: (دەچوومە ماڵە بابم بۆم هەڵدەگرتی بەرگێکی ڕۆمیانی) «توحفە».
**بەرگیڕەش**: بریتی لە جلکی تازیەباری: (ئەو کچە کوردە نازدارە/ ڕەنگزەرد و لێوبەبارە/ بەرگی ڕەشی پۆشیوە/ وا مەلوول و خەمبارە) «عوسمان عەونی».
**بەرگێڕەوە**: بەرگر، کۆسپ، بەرگر، لەمپەر: (سەدهەزار بەرگێڕەوەی با بێتە سەری ڕیَ، ئاخری/ هەر دەگاتە مەنزڵی ئاوات و خۆشی باری کورد) «هێمن».
**بەرگێڕەوەکردن**: بەرگری کردن، بەر گرتن: (وەدەرخە ئەشرەفی و ئاڵتوون و ئەوی سکە لە بیست و چوارە/ بەرگێڕەوەی کەس مەکە، بدە بە فەقیر و دەستەنگ و هەژارە) «لاسوخەزاڵ».
**بەرگیری**: پارێزگاری، بەرگری، دیفاع.
**بەرگیریکردن**: بەرهەڵست کردن.
**بەرگیز**: شال و شەپک، ڕانک و چۆغەی کوردی لە مەرەز: (ئەریَ لاوکیَ ئێڤارییا/ تە بەرگیز مەرەزیَ ڤان کویڤیا) «حەیرانۆک».

**بەرگی‌ژنـــان**: ١. ئەو جـل و بەرگەی ژنـان دەبەری دەکەن،٢. بریتی لە بەڵـگە و نیشـانەی ناپیـاوی، ئەو ئاکـارانەی لە پیـاو ناوەشـێنەوە: (ئەگەر دەرپێی ژنانەت لەپـێدا نییە لە پشـت باوکت وەرە دەرێ).

**بەرگی‌ژنان‌پۆشین**: بریتـی لە خـوێڕی بـوون، نالایق بوون.

**بەرگی‌ژنـــان‌دەبەرکردن**: بریتـــی لە جـــوامێر نەمان، خوێڕی بوون: (دەبێ لەبەر کەم بەرگـی ژنـانێ/ مەڕ و مـاڵی مەلانەبـی ... چـۆتەوە بە خەنیمەت و بە تالانێ) «لاس‌وخەزاڵ».

**بەرگی‌سپی**: ١. بریتـی لە کفـن،٢. بریتـی لە بەفر: (بە بەرگی سپی‌یەوە چەن شۆخە شـاخی گۆیژە ببینە) «پیرەمێرد».

**بەرگی‌سەفا**: جـل و بەرگـی کـاتی خۆشـی و شـادی: (خوشـکی نێـونجی هەڵی‌ئەسـتاند، بەرگی سەفایەی دەبەر کرد) «مەم‌وزین».

**بەرگی‌سەفەر**: جلی سەفەر، ئەو جلەی مـرۆ بۆ سەفەر دەیپۆشێ.

**بەرگی‌سەوز**: سـەوزە، شـینکە، گیـاوگژ: (بە بەرگـی سـەوز ڕازاوە قەد و لاپـاڵ و شـیو و دۆڵ/ چرۆی دەرکردووە دار و ملی دا یەکتری گیاوگوڵ) «هێمن».

**بەرگی‌سیا**: بریتی لە قالاخی، تازیەبار: (ڕاست بڵێ: داخی کێ لە دڵتایە/ بۆ لەیلـی کـام ئێـل، بەرگت سیایە؟) «پیرەمێرد».

**بەرگی‌شایی‌وشین**: ١. دوو جۆر جل کە یەکیان ڕەنگی گەش و ئاڵ و والایە بۆ شـایی لەبەری دەکەن، یەکیـان ڕەش و تـارە بـۆ کـاتی شـین دەیپۆشن،٢. بریتی لە تەنها یەک دەسـت جـل: (بەرگی شـایی و شـینم هەر ئەوەیە، ئەوشـت دڕاند!).

**بەرگی‌شین**: سەوزە، سەوزایی، شینکە: (ئەم بە بەرگی شین کێوی داپۆشی/ بولبـول ڕووی کردە لانەی خامۆشی) «پیرەمێرد».

**بەرگی‌عەباســـیان**: جـۆرێ جلکـی کـۆن بووە×٤٤×: (کە شەو بەرگی عەباسـیانی دەبەر کرد) «توحفە».

**بەرگی‌غەزەب**: کاتی شەڕ یا ناڕاحەتی سوڵتان بەرگێکی تایبەتی پۆشیوە، پێیان کوتووە بەرگی غەزەب×××: (سـوڵتان مەحمـوود بەرگـی غەزەبی پۆشی ...) «میرزا».

**بەرگی‌کۆن**: باوەڕ وایە کە قورئـان هەرچـی کـۆنتر بـێ پـڕ بـایەختره و سـوێندەکەی سەخت‌ترە: (قورعانێ بێنن بیننە بەرگێ کـۆن) «ئاوێنەی‌بێ‌گەرد».

**بەرگیـــل**: ١. جـۆرە مـارێکە ٢. بـارگین، ٣. بەرگری، بەرپێچ، بەربەن، بەربەس.

**بەرگێل**: گوندێکە لای هەولێر.

**بەرگیل‌دانەوە**: بەرپێچ کردن.

**بەرگێلە**: بەرگێڵە.

**بەرگێڵە**: هەیوانی بەردەم ئەشکەوت و ڕەوەز.

**بەرگی‌مەرگ**: بریتی لە کفن: (بەرگـی مەرگـی دەبەر کـــردن/ دە گـــۆڕێ ڕەشـــی ڕاکـــردن) «ڕاوچی».

**بەرگی‌میللی**: جلکی نەتەوەیی، لیباسی میللـی: (جلکی کوردی کە بەرگی میللـی کوردەکـان بوو، قەدەغە بوو!) «پێکەنینی‌گەدا».

**بەرگین**: Bergîn ١. بەرگن، خوری کـاوڕ،٢. بەرگدار،٣. گوندێکە لای شەقلاوە.

**بەرگین**: Berigîn پێشوو، پێشینە، لەمێژ.

**بەرگێو**: بەرهەڵست، پێشـگر، نەهێـژ، نەهێـڵ، گلدەرەوە.

**بەرلاستیک**: بەردەقانی.

**بەرلوا**: دەرچوو.

**بەرلوان**: ١. دەرچوون،٢. دەرچووە.

**بەرلـــوت**: لـــووتکەیەکی بەرزە لە خـــواری شاری سلێمانی.
**بەرلـــۆغە**: بەرچـــێڵە، بەرچەنە، بەرخەبەبە: (هێندە قەڵەوە بەرلۆغەی شۆڕ بۆتەوە).
**بەرلۆم**: بەرلۆمە، لۆمەکراو: (لـێم ببـوورە کە ئەوەندە بەرلۆمی/ شینە بۆ خۆمی دەکەم، تۆش خۆمی) «بۆکوردستان».
**بەرلە**: دەریچە، دەربیجە.
**بەرلەوە**: بەر لە، پـــێش ئەوەی: (بەر لەوەی بمـبەن بەرەو تـاتی شـتن/ بەر لەوەی بشـکێ زمانی پێ‌گوتن) «ڕاوچی».
**بەرلێخـــواردن**: ١. لە بەری بـاغ خـواردن،٢. بریتی لە کەڵک وەرگـرتن لە ژیـان و ئاکـامی شتێ: (ئەو منـداڵەم پێ‌گەیانـد بەڵام بەرم لـێ نەخوارد).
**بەرلێڤ**: لێواری چەم.
**بەرلێڤان**: سمێڵێ کە سەر لێوان بگرێ: (بەگێ دویەم زراڤ و بلنـد بـوو، سـمێلێن پـالکییە زراڤ ئێدی بەر لێڤان بوو) «مەستوورە».
**بەرلیک**: بەرلیکە، بەرسنگەی منداڵ.
**بەرلـیکە**: بەروانـکە، بەرسـنگە، بەرسـینگەی منداڵ: (تاق تاق بەرلیکە لە مـل و کـۆچکە لە سەریش دەبیندرێ) «ئەمیری».
**بەرلێکەر**: پێشگر، پێشپرت.
**بەرم**: ١. بـبەم،٢. دەریـاچە،٣. بەڵـم، قرشـەی نـیمچە کـوتراوی بـرنج: (لـۆت بمـرم، بەرمە برنجەکەی شارەزوور) «ف.پ.پ.».
**بەرما**: ١. بەرماوە، بەرمـاو، بەرمـان، بەرمـاک، پاشماوەی خـواردن،٢. ئامادەکـاری××: (چـن شـێعرێ سـادەی بە عیوانـوو وەسـیەت پەی مەزهەری کە جە حەدیســـەکاو پێغەمـــبەروو خوای بەرما ئاردینێ) «د. نێعمەتی».
**بەرماخ**: بارمـاخ، بەرمـاغ، قەمـیش، قامیشـی جغارە، کلگە، جۆرێ پەڕەسیگاری لـوولەیی: (سەلەمداری دی لە ئاوایی هەبوو کەچـی ئەو خۆی بە کوسکێشی‌یەوە لەگەڵ ئاغـاژن ڕێـک خستبوو، هەر جارێ بچوبـایەتە شـاری تـۆپە بەرماغە جگەرە و کیسە خەنەی بە دیـاری بـۆ دێنا) «خاک و چەوسانەوە».
**بەرمـــاخی**: قامیشـی جـگەرە: (کـابرا پەڕەیە بەرماخی دەرهێنا) «ڕشتەی مرواری».
**بەرماخی‌قونچکدار**: قەمیشی قنچکدار.
**بەرمـــاغ**: ١. بارمـاخ، بەرمـاخ، پەڕەسـیغار، تبلەجگارە، دەستە جگارێت خـالی، جگارێـت ڤالا، قامیش ٢. ساپیتک، بەرەساپیتک.
**بەرماک**: ١. بەرشـیر، بەرمەمکـان، زارۆک یـا بێچـــووی گیانـــداران ٢. بەرمـــاو، بەرمـــاوە، پاشخوان.
**بەرمـــاڵ**: ١. دووگـورد، دووگـــرد، جلنڤێـــژ، ڕووخست، شەملکا نڤێژێ، مـازلۆخ، شـەمل، شـەمڵ، شـەملک، جانمـاز، جانومـاز، جامـاز، تەنراوێکـی خـــاوێن و تـــایبەت بـــۆ نـــوێژ: (ئیشارەی چاو و عیشـوەی زولـفەکەت بـوون مورشیدی ڕێگام/ ئەگەر دەیری موغان قیـبلەم، ئەگەر زنارە بەرمـاڵم) «وەفـایی» ٢. بەر مـاڵ، پـێش مـاڵ، دەرمـاڵ، تەختـایی پێشـی مـاڵ: (کانییەکەی بەر ماڵ ئـاوەکەی لـێڵە/ عەیبێکـی هەیە چـاوێکی خـێلە) «فۆلکلـۆر»٣. بەرمـاڵە، بناوانی ماڵ: (خوەزی ئەز ببـام مـاڵ‌خوێ/ تـو ببای ژنا بەرماڵێ) «حەیرانۆک»٤. بەرهەیوان ٥. جـاجم، تەنراوێکـی ڕەنگـی دوو تەختـە بـۆ جێوبان،٦. باگێرەوەی تاوڵ، تەختە یا پـارچەی قایم بۆ پاراستنی خێوەت لە بای بەقەوەت.
**بەرماڵ**: بەرمال.
**بەرماڵات**: لای ئاژەڵ، لای وڵاخ: (وەنەبێ کچ کە نەچووە بەر ماڵات بحەسێتەوە، نەخێر ...

هێشتا ئەستێرە بە ئاسمانەوە هەن هەڵدەستێ و ماستی جمک لە مەشکەی گاوس دەکا و وەبەر گورمانی دەدا) «چەپکێ گوڵ».

**بەرماڵان**: ١. پێش ماڵان، دەرووبانان،٢. خوار ئاوایی: (ئەوە ژوانم دەگەڵ هەتیوە لاوێ خۆ کانی کردووە، کانی بەرماڵان) «گەنجی سەربەمۆر»،٣. گەڕەکێکە لە شار سەقز: (تا وە کانی‌نیاز، تا وە بەرماڵان) «ئاوێنەی‌بێگەرد».

**بەرماڵ‌بەشان**: بریتی لە زۆر نوێژ و تاعەت پاک بوون: (دەڵێم کورینە هەر کەسانێکی نازداری منی نەدیوە/ ئەگەر دەهات و ڕادەبرد لە بۆ پایزەهەواری/ ئەوە حاجی دەگێڕایەوە لە ڕێی حیجازێ، سۆفی بەرماڵ بە شانی دەگێڕایەوە لە نوێژێ) «پایزە».

**بەرماڵ‌سپی**: ×١٣٨×: (ئازیزێ بانگێکم وەبەر بەرماڵ‌سپی/ ماڵە خۆی دەکردەوە لە گوڵێ و لە چۆمەڵانێ) «گەنجی سەربەمۆر».

**بەرماڵ‌فرۆش**: موسوڵمانی درۆیین×: (ژنە کوتی: یاخودا بەخێر بێی، شێخی بەرماڵ‌فرۆش!) «ڕشتەی‌مرواری».

**بەرماڵک**: ١. بەرەڵبێنە، بەرکۆش ٢. جاجم، مەوج، چارشێونوێن ٣. بەرک، بەرە ٤. خێوەت، ڕەشماڵ ٥. کابانی، کابانیەتی، بەرماڵی.

**بەرماڵک**: جووری مەونجە ئەڕای جانماز.

**بەرماڵ‌لەسەرئاوەگەڕان**: بریتی لە نوێژ و تاعەت پاک: (دیدەیی مەستی ئەوان تووشی مەی و مەستی دەکا/ ئەو کەسەی دایمە بەرماڵی گەڕابێ لە سەر ئاو) «حافز».

**بەرماڵووسکە**: خەوش و خاڵ و کۆتەڵی بەر مالووسکەی دەغڵی سوور.

**بەرماڵە**: ١. بەرماڵی، بنەوان، بناوان، کەیبانووی ماڵ ٢. پاشماڵە، پاژماڵە، ژێرماڵە، هەژارێکی خزمەتکاری ماڵێک بێ و جێی پێ درابێ.

**بەرماڵە**: بەرمالە.

**بەرماڵی**: بەرماڵە، بەرماڵی، بناوان، مالیڤان، کارەکەر، کلفەت، کابانی ماڵ: (مێر ماڵخێ و ژن ژی بەرماڵی‌یە).

**بەرماڵی**: بەرمالی.

**بەرماڵی‌ئێحرامێ**: دوو پارچەنە ژ فوتێت سپی دەمێ ئێحرام گرێدانا ب حەجێ حەجی د خوە وەردکەن ل جێ لیباسێ.

**بەرماڵی‌پێغەمبەر**: بەرماڵی نوێژ×: (ئەو کەسەی لە سەر بەرماڵی پێغەمبەر دانیشتووە، بڕوای بە قورعانێ نییە) «توحفە».

**بەرماڵی‌سادە**: بەرماڵی بێ‌نەخش، دوگردی یەک‌ڕەنگ و سادە.

**بەرماڵی‌کەشکۆڵدار**: بەرماڵی کەشکۆڵی.

**بەرماڵی‌کشکۆڵی**: بەرماڵی نەخشدار و چەند ڕەنگ: (ئەمن لانکۆڵەکەی خۆم هەڵدەگرمەوە/ دەیبەمەوە بن داری دە بی‌یە/ بە سەری دەکێشمەوە بەرماڵی دە کەشکۆڵی‌یە) «فۆلکلۆر».

**بەرماما**: ١. هەڵسا، هەستا،٢. یاریدەدەری مامان.

**بەرمامک**: ١. بەردەم، دەم‌پۆش، دەم‌هەڵپێچ: (دولبەرم بەرمامکی دابوو، لەبەر ئێشی ددان/ وادەزانن ڕوومەتیم ئەمشەو لە خەودا گەستووە) «حاجی قادر»،٢. نقاب، نەقاب، پارچە و نەقابێکە ژنان ڕووی خۆیانی پێ دادەپۆشن لە نامەحرەم.

**بەرمان**: بەرماوە، شتی لەبەر ماوە.

**بەرماو**: ١. پاشماو، پاشماوە، پاشمەنەی خواردنی کەسێ،٢. بەرما، بەرماوە، میرات، میراتی: (ئەوی لە بەر مردن بە بەرماو ماوە) «شەرەفنامە».

**بەرماوخواردن**: خواردنی بەرماوەی چێشتی کەسێ.
**بەرماوخۆر**: ١. کەسێ بەرماوەی چێشتی کەسێکی دن بخوات،٢. بریتی لە کەسێ سووک و چرووک.
**بەرماوخۆریی**: چڵکاوخۆری، بەرماو خواردن: (مـن بە بەرماوخۆریی ڕانەهاتووم، بەرماوخۆریی پیشەی تۆیە).
**بەرماوە**: بەرما، بەرماک، پاشخوان، پاشەرۆک.
**بەرماوەخۆر**: پاشماوەخۆر: (خۆشخوان لە حوزووری ئاغا نانی دەخوارد، بەرماوەخۆر نەبوو) «توحفە».
**بەرماوەخۆری**: پاشماوەخۆری.
**بەرماوەرد**: دەرئەهێنا.
**بەرماوەرۆ**: دێنێتەبەر: (جە مەعدەنی خار گوڵ بەرماوەرۆ) «بێسارانی».
**بەرمای**: مایتێکەری، دەست تێوەردان.
**بەرمایک**: بەرما.
**بەرمایە**: ١. هووزێگن لە سلێمانی،٢. ناو گایگە ک فرەیدوون وە پێ شیر دانە.
**بەرمایی**: جێماو، بەرماوە، ئەوەی لەبەری مایەوە.
**بەرمباردی**: دەرم بێنن.
**بەرمشو**: ١. دەرئەچێ، دەرەچێ: (وەرنە مـن بێ تـۆ یاری دووروەتەن/ گیانی شیرینم بەرمشۆ جە تەن) «بێسارانی»،٢. دەرئەچم.
**بەرمشۆ**: بەرمشو، دەرئەچێ: (نەزاناش خوسرەو بەبێ دەردەسەر/ چون باز شەشدانگ بەرمشۆ وە بەر) «خانای قوبادی».
**بەرمغار**: ئەشکەوت، غار.
**بەرمل**: ١. باوەش، باغەڵ، باخەڵ،٢. یەخە،٣. دەس لە مل، پاخل،٤. کەمێ خوری بۆ جوانی لە بەر ملی مەڕدا دمێنێتەوە،٥. پارچە قایشێکە لە پێشەوەی کورتان دەدروێت بۆ ئەوەی کورتان بەرەو پاشەوە نەخزێ.
**بەرمنەت**: منەتبار، مەمنون، چاکەلەسەر: (بەخششی دنیا مەخۆ، یەعنی بە نانێکی جۆ/ خۆ مەکەرە بەرمنەتی پیرەژنی نانەوا) «مەحوی».
**بەرمنەتبوون**: منەتباربوون، منەتهەڵگرتن: (خوێنی جەرگ و کونجی عوزلەت بەسمە بەش/ بەرمنەت بوونی مەی و مەیخانە بۆچ!) «مەحوی».
**بەرمۆری**: بەرموورە، بەرموور.
**بەرموسوڵدان**: ژێرمیزەڵدان، مەسانە: (مراخانی و شەواڵێکی ناوداری لە بەرایە، هەر لە بەرموسوڵدانی تا سەر سینگی پشتوێنی لێ بەستووە) «ڕشتەی مرواری».
**بەرمووتی**: برمووتی.
**بەرموور**: بەرموورە، بەرمۆری، ملوانکە، ملوانە، ملوەن، ملوێنک، ملوێنکە، ملەوانکە، کرتەمر، گرتەمر، خەناوکە، گەرنبەند، گەردانە لە مت‌مووروو: (بە زوننار و چەلیپا، بۆچی مل نادەم، کە وەک زولفە/ لە سەبحە و تەیلەسانم چی؟ ژنانە موور و بەرمووری!) «حەمدی».
**بەرموورلەمل**: ژنان و کچانێ کە بەرمووریان لە ملدایە: (پێخەسوو و خاسەکابان و بەرموور لە مل بەرەو سەیری سوارە و گەڕی هەڵپەڕکێ وەڕێ کەوتن) «شەوارە».
**بەرموورە**: ١. بەرموور، ملوانکە: (کچەکەی حازرە فیشەکدانی/ لە ملی دابێ لەباتی بەرموور) «هێمن»،٢. پای ملوانکە، مووروو یا قاشی گەورەی خوار ملوێنک،٣. مێخەک، بەنتکی بۆندار.
**بەرمووریئاڵەوشەوە**: بەرموورێکە لە چەندین مووروی ڕەنگاوڕەنگ کە هەرکام ناوێکیان

هه‌یه‌، ساز ده‌کرێ و ژنان ده‌ ملی ده‌که‌ن، مووروووه‌کانی ئه‌مانه‌ن: ئاڵه‌ که‌ ڕه‌نگی سپی شیرییه‌، شه‌وه‌ ڕه‌نگی ڕه‌شه‌، شیلان نارنجییه‌، چه‌ور و شیرین که‌ قاوه‌یه‌.

**به‌رمووسڵدان:** خووار ناووک.

**به‌رمه‌:** ١. مه‌ته‌،٢. خواردنێکه‌×٧٠٩/٢×: (نۆ نانی خوارد وه‌ نازه‌وه‌/ نۆ نانی خوارد وه‌ پیوازه‌وه‌/ نۆ نان له‌ ساجی گه‌رمه‌وه‌/ نۆ نانی ڕه‌ق وه‌ به‌رمه‌وه‌) «ڕشته‌ی‌مرواری».

**به‌رمه‌تاڵزان:** لێزان له‌ مه‌تاڵ، ئه‌وه‌ی به‌ قه‌ڵغان ده‌زانێ بجه‌نگێ: (گه‌نجه‌ک هێشقارێ من بوو، خورت و به‌رمه‌تاڵزان و تیرئاوێژ) «گوڵشوون».

**به‌رمه‌جه‌:** گوندێکه‌ له‌ نزیک که‌رکووک.

**به‌رمه‌جێل:** چه‌په‌ر، دیواره‌، زیواره‌، درگای له‌ تووڵ و تانۆک ته‌نراو.

**به‌رمه‌ر:** لای مه‌ڕ: (به‌و مه‌رجه‌ی شێخاڵه‌ که‌چه‌ڵ به‌ گۆڕه‌مه‌رگی یانی تا مردن بۆیان بچێته‌ به‌ر مه‌ڕ) «توحفه‌».

**به‌رمه‌شکه‌:** به‌رمه‌مه‌شکه‌.

**به‌رمه‌شۆ:** ١. ده‌رناچێ: (مه‌واچه‌ ئیتر ولاخ به‌رمه‌شۆ) «م.ح. دزلی»،٢. ده‌رئه‌چێ: (من دودی ئاهم به‌رمه‌شۆ نه‌ دڵ) «بێسارانی».

**به‌رمه‌شۆم:** ده‌رئه‌چێ، ده‌ره‌چێ: (واتت تا ئه‌ورۆ به‌رمه‌شۆم نه‌فه‌س/ جه‌ به‌د بێزارم، هه‌ر تۆم هه‌نی که‌س) «بێسارانی».

**به‌رمه‌غار:** هاڵ، غار، شکه‌وت، ئه‌شکه‌وت.

**به‌رمه‌که‌رۆ:** ١. ده‌ر ئه‌کا: (کۆ جه‌ دووری من چ ته‌وره‌ن حاڵش؟/ کێ به‌ر مه‌که‌رۆ خه‌م نه‌ خه‌یاڵش؟) «مه‌وله‌وی»،٢. ده‌رێنان، هه‌ڵکێشان: (جل وێش ج ئاو به‌رمه‌که‌رۆ) «په‌ند».

**به‌رمه‌مک:** به‌رمه‌مکان، به‌رمه‌مکانه‌، شیرخۆره‌.

**به‌رمه‌مکان:** به‌رمه‌مکانه‌، ساوا: (کپ تاوێ وه‌ک لۆکه‌ی گوێ/ هه‌وای شڵه‌قاوی زیندان/ بنوو، وه‌ک به‌رمه‌مکان ئه‌نوێ!) «گۆران».

**به‌رمه‌مکانه‌:** ١. به‌رمه‌مک، منداڵی شیرخۆره‌ ٢. دراو یا جلێکه‌ ماڵی زاوا ده‌یده‌ن به‌ ماڵی بووک.

**به‌رمه‌ی:** دیته‌ده‌ر.

**به‌رمه‌یا:** ده‌رییێن. ×کۆسا×

**به‌رمه‌یتاوی:** به‌رهه‌یوان.

**به‌رمه‌یۆ:** ١. ده‌درێ، ئه‌درێ: (به‌رمه‌یۆ نه‌ پای به‌رزه‌ مه‌غاران/ شه‌ماڵ مه‌شانۆش، چوون زوڵفی یاران) «بێسارانی»،٢. دیته‌ده‌ر، ئه‌ڕوێ، شین‌ئه‌بێ: (به‌ر مه‌یۆ نه‌ خاک باڵا مه‌رمانۆ) «بێسارانی»،٣. هه‌ڵدێ، دیته‌ده‌ر، سه‌رده‌ردێنێ: (ستارێ مه‌بۆ واده‌ی سوب سه‌حه‌ر/ به‌رمه‌یۆ جه‌ بورج به‌رزی که‌ڵه‌ده‌ر) «بێسارانی».

**به‌رمێ:** بۆ به‌رم، بۆ ببه‌م: (دوو شه‌مامه‌ی سه‌ر سینگت/ ناوێرم ده‌ستیان به‌رمێ) «حه‌سه‌ن زیره‌ک».

**به‌رمیت:** مێو، مۆم، مووم که‌نوو هه‌سه‌ڵ.

**به‌رمیچش:** بیبه‌ین.

**به‌رمیز:** ١. گمیز، ئه‌سه‌را میز ل سه‌ر بن دووڤێ په‌زان و به‌رخان،٢. که‌مێڵه‌ی پاشڵی ئاژه‌ڵ: (زستانان بۆنی به‌رمیز و سره‌ و ته‌رسه‌قوڵی لێده‌هات) «خاک و چه‌وسانه‌وه‌»،٣. گه‌میز، ئه‌سه‌را ڕه‌نگ و دارڤا میز لسه‌ر کنجێ مرۆڤان.

**به‌رمیزه‌:** ١. چڵکێکه‌ به‌سه‌ر پێستی ناوڕانی مه‌ڕه‌وه‌،٢. گوندێکه‌ لای پیران.

**به‌رمێژ:** به‌رماک، به‌رمه‌مکان، زارۆک یا بێچوی ساوا و شیرخۆره‌.

**به‌رمێشک:** جۆره‌ قه‌زوانێکی ناسک و پانه‌ وه‌ک نیسک ده‌چێ.

**بەرمیل**: ١. بۆشکە، کوپەی سەرگیراو بۆ تراو: (ئەزانم بۆچی من بانگ کراوم/ حەماڵی دار و بەرمیل و ئاوم) «قانع»،٢. ×وەرەقی لە بۆشکە: (لای دەرەوە بە بەرمیل و بزماری سەرپانی خەنجەری جوان نەخشێندرابوو) «خاک و چەوسانەوە»×

**بەرمیلە**: بەرمیل، بۆشکە: (جارێک کەرێکیان بانگ کرد بۆ شایی/ قاقا پێکەنی کەر بە ئازایی/ ... ئەزانم بۆچی من بانگ کراوم/ حەماڵی دار و بەرمیلە ئاوم) «قانع».

**بەڕمێن**: بەبڕەو، ڕەواجدار: (ئەو دەمەی کە سروە زۆر بەڕمێن و تاقانە بوو) «ڕاوچی».

**بەرمیننەت**: منەتبار، سپاس‌گوزار: (هەرچی ئیستغنا د دل، بەرمیننەت و پارێ تە بت) «جزیری».

**بەرمێو**: یاپراخ، ئاپراخ، پەلکەمێو.

**بەرناخ**: ١. کونەلووت، کونەدفنە،٢. فێڵباز، کەڵەکباز، حۆقەباز، زیرەک.

**بەرناس**: خەڵکناس، بەرنیاس، ئەوەی خەڵک زوو دەیناسێتەوە.

**بەرناڤ**: ١. نازناو، نازناڤ، سەرناو، لەقەب، لەقەم ٢. جێناو، ڕاناڤ، ڕاناو ٣. بناو، داری بناو ٤. بنی دۆڵ و شیو ٥. هەوەڵی دەرە.

**بەرناڤدان**: تێکەڵدان، لێکدان.

**بەرناڤرۆژ**: قاوەلتی، نان خۆرنا پاش تاشتە و بەری ناڤرۆژ.

**بەرنامە**: ١. بارنامە، کارنامە، پرۆژە، پرۆزە، ڕێڕاز، پروگرام، پلان بۆ بەڕێوە بردنی کارێک،٢. بەرنامەی دەرسی.

**بەرنامەداڕشتن**: پلان دانان بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کارێک.

**بەرنامەدانان**: بەرنامە داڕشتن.

**بەرنانەوە**: بەر داخستنەوە، بنی بێستان و دار بۆش کردن و خۆڵ دانە پاڵی.

**بەرناو**: بەرناڤ، لەقەم، لەقەب.

**بەرنخوون**: بەرنەخوون، سەرنشێڤ.

**بەرندر**: بەلندر، مەها دو، سێ سالە.

**بەرندە**: بەرنە، بەرەندە.

**بەرندێر**: بەرندیر، بەرندر.

**بەرنشان**: بەرتیر، بەرپێک×٤٢: (کو کەسی عێلمێ تیر ژ من هین نەکر/ ئەز ببم عاقبەت ژێرا بەرنشان) «گولشوون».

**بەرنڤێژ**: مەلا، بەرنوێژ، پێش‌نوێژ، پێش‌نڤێژیکەر، ئیمامی جەماعەت،

**بەرنکر**: بەرنکرین.

**بەرنکرین**: ئەو هۆستایێ بەرێ ئاشێ کۆن‌کۆن دکەن،

**بەرنگار**: بەرەنگار، گژ، ئاوڕیش، بەرهەڵستکار، توش، هەڤتوش.

**بەرنگاربوون**: بەگژدا چوون، ئاوڕیش بوون.

**بەرنگاریەکتربوون**: پێک‌هەڵپڕژان، دەست ئاڤێتن هەڤ.

**بەرنمەشۆ**: لێ‌دەرنایێ، تێدانابێ: (سەد گۆچەوەن گاوەسنێکش چەنە بەرنمەشۆ) «پەند».

**بەرنە**: ١. بەرندە، سەرکەوتوو،٢. بەرندەی یاری و کێبەرکێ،٣. کەسێ کە خەڵات بە ناوی ئەوەوە دەدرێ،٤. کەسێ کە شتێک دەباتەوە.

**بەرنوا**: بەرنوێژ×١٦٣/١٢٠: (نە بێلا و بەر نوایێ/ تۆ لە کوێ بووی خوایێ؟) «ڕاوچی»، (بۆ زۆربەی دەردان دەوا بوو/ بەرنووا بوو، خێری خوا بوو) «ڕاوچی».

**بەرنۆتی**: برمیت، برنیت.

**بەڕنووت**: ئەنفییە، برنووتی، تۆزی تووتنێکە بۆ پشمین لە لووت دەکرێ.

**بەرنووێژ**: پێش‌نوێژ، وەرنما.

**بەرنووێژی**: پێش‌نوێژی، ئیمامی جەمات.

**بەرنوێژ**: پێش‌نوێژ، ئیمام.

**بەرنوێژی**: پێش‌نویی، وەرنمایی: ( بەرنوێژی هەر لە خۆم جوانە) «تەقیلە».

**بەرنە**: بەرندە، بەرەوە، سەرکەوتو لە کارێک.

**بەرنەخوون**: سەرولێژ، سەرنشێڤ.

**بەرنەسەکنین**: خۆ لەبەر نەگرتن.

**بەرنەشۆ**: نەڕوا، دەرنەچێ: (سەر منیۆ نە پـا، وێنەی حەلقەی دام/ تا مەر پابەن بۆ، بەرنەشۆ جە لام) «بێسارانی».

**بەرنەشی**: ١. دەرنەچوو،٢. دەرنەچی.

**بەرنەشـــیەن**: دەرنەچـووە: (نەواچـی مەردەن هانە ژێری گڵ/ هێمای داخی تۆم بەرنەشـیەن جە دڵ) «بێسارانی».

**بەرنەگر**: ١. خۆڕانەگر، بەرگەنەگر،٢. بـێ‌بەر، قسر، زڕ، دارێ کە بەر نەهێنێ.

**بەرنەگنۆ**: بەرنەکەوێ.

**بەرنهۆ**: پێش‌ئێستا.

**بەرنەوا**: بێلا، بەرهەیوان: ×١٢٠ ڕاوچی×

**بەرنەوال**: بەرنال.

**بەرنەوەردە**: بەرنەخـــوارده، بەرنەخـــواردوو: (ناکام ئەییام کـامەرانیم ڕۆ/ بەرنەوەردەی بـاغ نەوجەوانیم ڕۆ) «مەولەوی».

**بەرنەیان**: گەشەنەکەن، شـین‌نەبن: (وەنەوشـە شـێوان، نە چەم نگونسـار/ بەرنەیـان وەبەر سۆسەنان جە خار) «بێسارانی».

**بەرنەیـــۆ**: هەڵنەیـێ، دەرنەکەوێ: (سـیوەیل بەرنەیۆ، ئەمساڵ نە یەمەن) «بێسارانی».

**بەرنیا**: بەرنیان، دەمەزەرد، تیژکرنەوەی گاسنی کۆڵ.

**بەرنیـــاس**: بەرنـاس، سەرشـناس: (مرۆڤەکـی بەرنیاس و خودان ئێجاخ نەبوو) «گولواز».

**بەرنیان**: بەرنیا، دەمەزەردی گاواسن.

**بەرنیخ**: بەرهەڵیخ، دیواری پارێزەری دیوار.

**بەرنیر**: ١. گایێ کە نیری لە سەر مـل بـێ،٢. جوانەگایێ کە وەختی جووت پێکردنی هاتبێ، ٣. گـــاجووت، گـــای جـــووتکەر: (ســـۆڤی جووتێکی گا کڕیوە، گـایەکی قیـتە و گـایەکی پێلە، گای بەرنیرین) «ئەمیری».

**بەرنێـــــری**: نـــاوی چیـــایەکە×: (کـــورەش، مامەڕەش، بەرنێری/ ڕێلکە و سـۆیلە و بـازی بێری) «ڕاوچی».

**بەرو**: ١. بەرۆک، پێسیر، یەخە، دادڕاوی ئێخە ٢. بەروو، پێشـوە، پێشـین، لەمێـژ: (لە زەمـانی بەرودا) ٣. مەمک ٤. ئەبەم.

**بەڕو**: ١. بەڕوو، بەلوو، داربەڕوو، دەڵـێن سـێ جــــــۆر داربەڕوو هەیە: (دارەبەڕو، مـــــازوو، داڕوول)،٢. بەرێ داربەڕوو: (ئاســــــــــمانی باوەپیارە، کاری بۆ فەیسەڵ نەداین/ مائدەی بۆ عەمر و زێد بێ، مـن بەڕو و خەپـلەم بەسـە) «پیرەمێرد»، ٣. ڕێزدار، بەڕێز، بەقەدر: (پیاوێکی بەڕوە) ٤. بێ‌شەرم و قسەڕەق.

**بەرۆ**: ١. ئەبا، ئەبیا، ئەبیات، ئەیوا: (قیبلەم ئەر گەردوون، ئێـدش بـۆ نە دڵ/ هێمـای وەر جە گشت، من بەرۆ وە گـڵ) «بێسـارانی» ٢. بـبە، ببا، بیبا: (یا ناسـتەبۆ سـەیل دیـدەم، نەفەسـێ/ نەســـیم گەرد پـــات بەرۆ پەی کەســـێ) «مەولەوی»،٣. بیباتەوە: (تا بدۆ سـەفای بێگـانە و خوێشـــەن/ هەر وەختـــێ بەرۆ، بـــاز مـــاڵ وێشەن) «مەولەوی»،٤. بـدا، بـدات: (پەیـاپەی پەی پەی نە دڵەی تەنـــگ دا/ هەر خەدەنـــگ بەرۆ وە جای خەدەنـگدا) «مەولەوی»،٥. دەر، دەرەوە،٦. لە دەرەوە،٧. پێشڤە، پێشـەوە، بەر،٨. لە بەرۆیە، لە بەرەوەیە،٩. بەرۆک: (کە مـــــن چرتەی ترازانی بەرۆی خـونچەش دەبیـنم/ لە

نێو قرچەی دڵ و کسپەی برینا ئۆقرە دەگرم؟) «شنەی‌پشکووتن»،١٠. بەر، بەرموور×: (کیژ و کوڕ پێکەوە خۆ دەنوێنن/ بەر و بەرموور و بەرۆ دەپسێنن) «ڕاوچی».

**بەروار**: ١. ڕێکەوت، ڕێکەفت، تاریخ، مێژووی ڕۆژ و مانگ و ساڵە ٢. گەوە، ڕێکا لە تەنیشتی چیایەراست و ئەڤراز و نشوڤێ مەبوران یەک و یەک/ لێ تنێ وێ لمە بو دائیرە بەرواری حدوث) «جزیری» ٣. بەتیلاک، تیلاک، بە چیا هەڵچوون ٤. کۆسان، کوویستان، زۆزان ٥. گەوە، بڕوار، بەروال، ناوقەدی کێو ٦. ناوی چەند ناوچە لە ئامێدی: (بەرواری سەرێ و خوارێ) ٧. خوار، لار، چەپ: (ئەڤ ڕێگەیە بەروار دەچیت)٨. ڕووبەر، ئەندازەی پانتایی زەوی،٩. ناوە بۆ کچان،١٠. ناوە بۆ مێران.

**بەروارک**: قرتاڵە، قەرتاڵە، تریان، بەرچن، سەوەتەی گچکە.

**بەروارکرن**: خوارکرن، لارکردن.

**بەروارکری**: خوارکری، لارکریاگ.

**بەرواری**: ١. عەرزێ کە نە هەوراز بێ، نە نشێو، نە ڕاست ٢. ناوی عەشیرەتێکی کوردە لە باکووری عێراق دانیشتوی بەرواری سەرێ و خوارێ: (چوومە ناڤ بەرواریا/ کێچێت دکەن یاریا/ بەرێ من دا هەکاریا) «بەیت».

**بەرواریبالا**: ١. ناوی هۆزێکی کوردە لە باکووری مووسڵ،٢. ناوی گوندێکیشە،٣. ناوی کێوێکیشە.

**بەرواریژێری**: ١.هۆزێکی کوردن،٢. ناوی گوندێکە،٢. ناڤێ شاخێکە لە ناوەڕاستی سنووری کوردستانی بادینان و باکووریدا.

**بەرواژی**: ئاوەژو، واژی، پێچەوانە.

**بەرواژی‌کرن**: هەڵگێڕانەوە، واژی‌کرن، ئاوەژوو کردنەوە.

**بەروال**: ١. ڕێگای خواروخێچی ناوشاخ ٢. قەدی کێو، گەوە، بەروار.

**بەڕواڵەتی**: بەنما، بەزاهیر.

**بەروامر**: شوونمر، بەرڤامر، لە بەر کەس‌دا مرن.

**بەروان**: ١. بەروانک، بەروانکە، بەروانە، وەریەقە، وەروانە، وەروانکە، سینگپۆش، بەرسنگەی منال،٢. بەرڤان، نگابان.

**بەڕوان**: کۆی بەڕوو: (سێبەری بەڕوان و بەقای مێردان جێی متمانەن) «پەند».

**بەروانک**: بەروان، بەروانکە.

**بەروانکە**: ١. بەروان، بەروانک، بەرجل، سینەبەندی کار: (تاژدین کە لەوێ دەسەوکەمەر بوو/ بەروانکەیی کارکەری لەبەر بوو) «هەژار»٢. بەرهەڵبێنە، بەرکۆش ٣. بەرڤینۆک، بەرڤینەک، پێشبەندیەکا کو تەشی‌ڕێشس ل سەر ئالیکی هێت گرێ ددە و تەشی لسەر با ددە،٤. بەڕوولە.

**بەروانە**: بەروان، بەروانکە.

**بەرۆێنک**: هەنیە هەڵگرتن.

**بەروبار**: ١. بەروبۆ، بەرەجووت، حاسڵ ٢. ڕووشە، کارەسات، گێچەڵ، هەنگامە، بەڵا.

**بەروبان**: دەروبان، درگاوبان.

**بەروبانکەر**: دەروبانکەر.

**بەروبانکەردەی**: درگاوبان کردن.

**بەروبانکەرە**: درگاوبانکەر بۆ مێ.

**بەروبانەنە**: لە دەروباندا.

**بەروباو**: ١. بەروبۆ، بەروبووم، بەرەجووت،٢. ڕووشە، کارەسات، گێچەڵ، هەنگامە: (یاخوا لەو بەروباوە بەدوور بێ)،٣. سینگ، سینە و

مەمـــک×: (ئەو لارولەرەی مەمـــک و بەر و باوی خەجێ) «ڕاوچی».

**بەرۆباوانبی‌یەیۆ:** بەرەو باوان بوونەوە.

**بەرۆباوانکەردەیۆ:** بەرەو باوان کردنەوە.

**بەرۆباوانی:** بەرەو باوانی.

**بەرِوبراشتی:** بەرِوبـراژتیە، پـرڕوو، بێشـەرم، کێمشەرم، ڕوودار: (فلانـکەس بەرِ و براشـتیە: بێشەرمە).

**بەروبـــۆ:** ١. بەروبـــوم، داهـــات، بەرەجـــوت، بەروبـــــار، وەرز، بەرە، ڕەوار، خولنـــــدۆت، بەرەچوون، بەهرەی زەوی: (تا شـەوی زاوا لە شـەو ڕەشـتر نەکەن/ تـا بەروبـوو، دێـم و بێ‌کەشتر نەکەن) «ڕاوچـی» ٢. مـاوە، مەودا ٣. وڵات، وەڵات، بەروبووم: (بزانن کەلاکی لە چ بوودرێـک، لە چ بـن بەردێـک بەجـێ مـاوە/ ئیدی نەیاندەزانی سەعید لە بەروبۆی دوژمن‌دا نەماوە) «سەعید و میرسێوەدین»،٤. کارەسـات، هەنگامە، گێچەڵ، بەڵا.

**بەروبوخچە:** شت‌ومەک، جلک و کەلـوپەلی تایبەتی ژن: (کەژاڵ پێش هەموو شـتێک قـاپێ بێنـــزین و ژاری مەرگەمـــووش لە نێـــو بەروبـــوخچەی خـــۆیدا جـــێ دەکـــاتەوە) «شەوارە».

**بەروبۆدار:** بەروبوومدار، بەداهات.

**بەروبوم:** بەروبۆ، داهات.

**بەروبـــۆن:** بـۆن و بەرامە: (شـۆڕەبی گەر لە بەربۆن بەرییە/ سێبەری وی وەکو باڵی پەرییە) «هێدی».

**بەروبوو:** ١. بەربەیار، زەوییەک بەبێ شێوبڕین بچێندرێ: (کاکە، ئەو زەوی جاڕ و جـرەی بە بەروبـــوو دایـــدەچێنی، بێڵـــی لە خەرمانـــت ناچەقێنی)،٢. بەهرە، بەرهەم، ئاکامی حەول و تێکۆشـان: (بەروبـووی خەبـاتی گەلەکەمـان ئازادی و ڕزگاری‌یە)،٣. کەڵک، قـازانج، خێـر، سـوود: (نەرم و شـــووش و تێـــبەر نەبـــوون/ ڕوونە، بێ کەڵـک و بەروبـوون) «ڕاوچـی»،٤. ماوە، مەودا: (ئەو زستانە بەر و بووی درێژە وا زوو نابڕێتەوە).

**بەروبوودرێژ:** درێژخایەن، کاری دۆمدار.

**بەروبوودرێژبوون:** درێژ خایاندن، زۆر کێشان: (ئەوساڵ زستان بەروبووی درێژ دەبێ).

**بەروبووم:** ١. حاسڵ، بەروبۆ، داهـات: (بەڵام دەروێشە «ڕاوچی» بێ بەر و بووم/ بە هـای و هـــوو دەســـم نەگـــری لە دەس چـــووم) «ڕاوچـی»،٢. وڵات، زێـد، نیشـتمان: (سـەفەر جائیز نییە، با بۆ حەرەم بێ، لەو بەر و بـوومە/ فەقەت مەجزوبی زنجیری نەسیبی ئـاو و گـڵ چ بکا؟!) «مەحوی».

**بەروبـــووی‌درێ:** تـاقەت، حەوسـەلە: (دەرس خوێندن بەروبووی درێژی دەوێ).

**بەروبەر:** بەرەوبەر، ئەمبەر و ئەوبەر.

**بەروبەربێـــنە:** بەرەڵبێـنە، جلکـی کـار: (ئەو کابانە زۆر لەبارە، چاو لە بەروبەربێنەی بکە).

**بەروبەرمـــوور:** بەرمـووری سـینگ و بەرۆک، خشڵی ژنان: (بەو حاڵەتەوە سـەیرە، عاشـق بە قەد و بـــاڵام/ کـــوژراوی بەر و بەرمـــوور، گیرۆدەیی لەرزانەم) «ئاوات».

**بەروبەز:** سەرماوەز، چریا دووهەم.

**بەروبێســـتان:** بێسـتان، تەرەکـاڵ: (بەر و بێستانی نەهێشتوون) «ڕاوچی».

**بەروبێشک:** بەروبێشکە.

**بەروبێشکە:** بەروبێشک، لانک بە کەلوپەلەوە، دەرگـوش و هەر تشـتێن وێ: (جـوان لە بەر بەر و بێشکەدا بناسە) «پەند».

**بەروپشـــت:** ١. بەراوپشـــت، پـــێچەوانە، چەپەوانە، بەراوەژوو، واژی ٢. هەر دوو ڕوو،

هەر تـک دیـوو، پشـت و ڕوو،٣. دەورووبەر، هەر چار ئالی،٤. بریتی لە نەجیمزادە، کەسێن ڕەسـەن: (ئەویـش لە ڕووداواندا تـەواوەیە، دایکی خەڵکی شاربازێڕە و باوکیشی لە هۆزی هەمەوەنـدە لە بەر و پشـتە و نەجیمـزادەیە) «شـەوارە»،٥. ئەمەگ، وەفا✖: (ژیـانیش بـێ بەروپشـتە، پشـتی زۆر کەسـی لە زەوی داوە) «شەوارە».

**بەروپشتئەتڵەس**: ١. دایک و باب سـەید یـا ئاغا،٢. ڕەسـەن، عەسـڵ، نەجـیم، نەجیمـزادە: (یارەکەم عەسڵە و بەر و پشـت ئەتڵەسـە) «م. ئێلخانیزادە»،٣. لێفەیەک کە هەر دوو ڕووی لە ئەتڵەس بێ. ٤٤٣بۆکوردستان✖

**بەروپشتکردن**: ١. هەڵگێـڕانەوە، ئـاوەژوو کردنەوە،٢. وەرگێڕانی ئێخەی کراس.

**بەروپشتهەبوون**: لە سەر باری ڕاستی بوون: (کاکە حەمە بەر و پشتی بۆ کەس نییە).

**بەروپیتەک**: بەرو پێتەک.

**بەروپیر**: بەرەوپیر، پێشوازی.

**بەروتەندوور**: دەورووبەری تەندوور: (تەماشای بەر و تەندووری بکە، کابانی گەورە ماڵانە).

**بەروجیاز**: ماڵی بـووک: (ئەو بەر و جیـازانە لە ماڵە بووکەوە هاتگە).

**بەرۆچـــکە**: ١. بەربەرۆچـــک، خـــۆرگر، خۆروەزان: (سـەردەمێک بـوو دنیـای گیـانم تاریک و چۆڵ بوو/ کـام بەرۆچـکەی گەرمە، دڵـم چەشـنی سـەهۆڵ بـوو) «گـۆران»،٢. کولانچکە: (وەستا گورونی بەرگـدروو هەبـوو لە سلێمانی، شاگردێکی هەبوو هەموو ڕۆژێک ئەچـــووە ســـەر کـــونە بەرۆچـــکەکەی قەیسەری‌یەکە و بانگی ئەکرد: وەستا بچم بـۆ سەرچنار؟) «ڕشتەی‌مرواری».

**بەروچووەر**: دەروژوور.

**بەروچووەرکەر**: دەروژوورکەر.

**بەروچووەرکەردەی**: دەروژوور کردن.

**بەروچووەرکەرە**: دەروژوورکەر بۆ مێ.

**بەروح**: نەزع، ئاوزینگ، بەر دەما مرنێ.

**بەروخوار**: بەرەوخوار، سەرەوخوار.

**بەرۆدان**: زاووماک، تێکەڵی مەڕ و بێچوو.

**بەرودوا**: ١. بە دوی یەک‌دا، لە پەی هەڤ: (دەسـتەی ڕەسـوولی نـۆکەر وەک لەشـکری شـــکاو سەرشـــۆڕانە تـــاقەولۆقە و بەرودوا گەیونەتە نێودێ) «هەزار ئەشکەوت»،٢. بەرەو پاش، ڕوو بە دواوە،٣. گشت، هەموو.

**بەرودواخســـتن**: ١. پـێش و پـاش کـردن،٢. مەحتەل کردن و پاش‌گوێ هاویشتن.

**بەرودواکردن**: پاش‌وپێش کردن.

**بەرودوالێ‌گـــرتن**: پـاش و پـێش لێ‌گـرتن: (ترسیشـمان هەبـوو نەبـا بەر و دوامـان لـێ بگرن) «ئاوێنەی بێگەرد».

**بەرودوانان**: شوێن هەڵگرتن، دوا کەفتن.

**بەروڕوو**: ١. ڕواڵەت، چێـرە، سەروسـیما، ٢. ڕووەدرڕوو، حاڵەتی ڕووبەڕوو بوون.

**بەروریا**: بەرخوار.

**بەروریێ**: بەرخوار.

**بەروزتەی**: دەرخستن.

**بەرۆژ**: ١. خـــۆرگر، بەرڕۆژ، بەربەرۆچـــکە، بەرەوخـــۆر، بەرۆژک، پێش‌هەتـــاڤێ، جێـــی خۆرگر: (ئەز کەوەکم ژ کەوێت نێرم/ ژ نـزارا دهـێم و ل بەرۆژا دنێـرم/ خەلـک و عـالەم ئاشقێ کچانن/ ئەز ڕەبەنێ/ ئاشقێ بەژنـا بلنـد و ژنا ب مێرم) «حەیرانـۆک»،٢. دیـوێکی چیـا کە خۆرگرە، واژی نسـار،٣. گونـد یـا مەزرای ڕووەو خـــۆر ٤. لە کـــاتی ڕۆژدا، بەرابەری لە شەودا: (بەرۆژ لە حوجرە و ئێـواران سـەیران/ قەتـــارم ئەووت بە ســـۆز و بە گیـــان) «ع.

مەردان» ٥. ڕۆژانە، حیسابی بە ڕۆژانە، ٦. بریتی ژ مرۆڤی ئەنیگەش،٧. گوندێکە لای سۆران،٨. ناوی پیاوانە.

**بەرۆژزاڤا**: گوندێکە لای دینارتە.

**بەڕۆژک**: بەڕۆژ، خۆرگر: (یەکێ دەوەن، یەکێ دار/ یا لە بەڕۆژ، یا لە نزار) «قانع».

**بەڕۆژوو**: بەڕۆژی، ڕۆژووان، ڕۆژووگرتوو: (بەڕۆژوو بووم، برۆم دی وامەزانی مانگە، بۆم دەرکەوت/ ئەبینم شۆڕشی مانگە، لە ناو دیوانەکانی شەرع) «قانع».

**بەڕۆژووبوون**: ڕۆژوو گرتن: (بەڕۆژوو بووم لە بۆ ئیفتار لە مزگەوت چوومەوە ماڵێ) «جەوهەری».

**بەڕۆژە**: گوندێکە لای بالیسان.

**بەڕۆژەکۆن**: گوندێکە لە دێکۆی شوێی بانە.

**بەڕۆژی**: ١. بەڕۆژو، ڕۆژووان، ڕۆژوەوان، ڕۆژوگیر، ڕۆژیگر، ڕۆژگەوان،٢. هۆزێکی دەڤەری بارزانن لە بارزاندا نیشتەجێن و لە خزم و کەسی مەلا مستەفان: (تیرەکانی بارزان بە چوار تیرە دابەش دەکرێن: تیرەی بەڕۆژی، تیرەی شێروانی، مزووری و دۆڵەمەری) «لەمەهاباد بۆئاراس».

**بەروستەی**: بەراویتە.

**بەروستەی**: بەراوێتن، بەرخستن.

**بەروستی**: بەراویتە.

**بەروسەی**: بەراوێتن، بەرخستن.

**بەروش**: بەشێکە ئاشێر دەیدا بە ئاشەوان.

**بەروش**: ئەیبەم.

**بەرۆش**: ١. قازان، قابلەمە، قەزان، قوشخان، ڤۆچخانە، مەنجەڵ، مەنجەڵۆک، مەنجوک، مەیخەر، ئەلبەکی، پاتیلە، پادی، ترگال، بەرووش، دیگ، دیزە، سووکرە: (دو سەری د بەرۆشەکێ دە هلنایێ، ناکەلن) «پەند»،٢. ئەیبا، ئەیبات، دەیبا: (وا چون قنگەلاشک بەرۆش وە هەردا) «م.ح. دزلی».

**بەرۆش**: دەیبا.

**بەرۆش**: بیبا؟

**بەروشکاسەعدینی**: گوندێکە لای مانگێش.

**بەرۆڤاژۆ**: بەرڤاژی: (ڤێ جارێ، بەرۆڤاژۆ، چ کنج نیشانی وێ دکرن، وێ نەدخوەست) «مەستوورە».

**بەروڤاژی**: بەرۆڤاژی، بەرەڤاژی، بەراوەژو، بەروپشت، بە پێچەوانە: (بەرۆڤاژی وێ نزمایی/ تۆڤێن خسلەتێن ئینسانی) «سەنار».

**بەرۆک**: ١. ئێخە، بەرو، بەرووک، بەریک، بەرسینگ، پێسیر، حەواس، زریشک، زی، ژی، ملیوان، یاخە، یەخە، یەقە، یێخە، یێقە، پێشەوەی کەوا و جل: (قورێ بکەم بە سەرا یا بە دادڕینی بەرۆک/ حەقی مەحەببەت ئەدا کەم، بدەی خودایا دەست) «مەحوی» ٢. بەرەڵبینە، بەرکۆش ٣. گیرفان، گیفان ٤. توورەکە، توربین ٥. بەرسینگە، بەن یا قایشێکە بە جل یا زینەوەیە و لە سنگی ولاخ توند دەکرێ،٦. بریتی لە مەمک، سنگ، بەروو: (ئەوە من دەستم ناگاتە بەرۆکی هێندە بڵێندە) «گەنجی سەربەمۆر»،٧. ×١٩٣×: (بەرۆکی داخراوی گوڵ دەمی شێعری تەڕی بەستووم/ دەمێ شێعرم بۆ دێ، بەرۆکی گوڵ نەبەسرابێ) «ڕاوچی».

**بهرۆک**: بهورەک، بهورۆنەک، ڕابوێر.

**بەرۆکبەردان**: یەخەبەردان، وازهێنان: (چقڵی مەزاری من، چەقیـیە دامەنی، چ سوود/ شوومی بەرۆکی بەختمی بەردا، کە من مردم) «مەحوی».

**بەرۆکترازاندن**: کردنەوەی دوگمەی بەرۆک: (بێ ئەوەی لە بیری بێ کە کۆڵەشێرەکەی لە

زەوی دانێت باوەشی کردە بێشکەیێکی دڵداری، بە پەلە بەرۆکی خۆی ترازاند) «شەوارە».

**بەرۆکدادڕین**: ١. پێسیردادڕین، ئێخەدڕین، ٢. بریتی لە بۆ خەمبار بوون: (قژی ڕنیەوە، دای لە سینگی خۆی/ بەرۆکی دڕی، قوڕی پێوا بۆی) «هێمن».

**بەرۆکژاکان**: ژاکانی سینگ و بەرۆکی کچێ کە دەس لە مەمکی درابێ.

**بەرۆکگرتن**: شەڕ پێفرۆشتن، یەخە گرتن: (چەند قازی بێحەیای لەو ئافرەتە چەقەچناوتر، وەک یاساوڵێکی چڵێس بەرۆکیان بە هەموو کەس دەگرت) «کۆردەرە».

**بەرۆکگرتەی**: بەرۆک گرتن.

**بەرۆکوەردای**: یەخە بەردان.

**بەرۆکە**: بەرۆک، یەخە.

**بەرۆکەردەی**: دەرگا کردنەوە.

**بەرۆکیئەسپی**: بەرسینگە، بەنێک یا قایشێکە بە جل و زینەوە لە بەرسینگی وولاخی قایم دەکرێ.

**بەرۆم**: ئەمبا، ئەمباتەوە: (یەنەد بەرۆم خەجڵەت کەردەم بە وێدا/ سەراپام تفڵێ دەس مارۆ پێدا) «مەولەوی».

**بەرومالْ**: ڕێکوپێکی مالی کابان: (تەماشای بەرومالی کە، ئەزانی چ ژنێکە).

**بەرومەشکە**: مەشکە و خاوێنی مەشکە: (ئەشا ئەو بەر و مەشکەی چەن خاوێنە و بۆنخۆشە).

**بەڕۆنە**: گوڵەهەنگ، گوڵە بەڕۆنە: (سوێسنە و بێژان و بەڕۆنە) «بۆکوردستان»، (زینەتی ئەوێ کوێستانان چن؟/ هەڵاڵەن، سوێسنن، سوورە گوڵن، سمبلن، گیاخاون/ گوڵە بەڕۆنەی سەر بە قەسەمن) «گەنجی سەربەمۆر».

**بەروو**: ١. سینگ، سنگ، بەر، بەرۆک: (هەتا کەی داخریٚ سینگ و بەرووی من/ هەتا کەی نەشکیٚ تاسە و ئارەزووی من) «نالەی جودایی» ٢. مەم، مەمک: (لەو دەمەیدا دەس دەگێڕن لە بەرووان) «هێمن»،٣. بەڕوی، بەڕوو: (بەروو زاریٚ بزنیٚیە) «پەند».٤. بەر، میوەی دار ٥. داری بەر،٦. پێش، ڕابردوو: (من کە مایەی فەخری تەئریخی بەرووم/ تاقە ڕەنگی ئابڕووم) «گۆران»،٧. بدەن، بیدەن: (مەر جە باقی نە بەهەشتیچ بەروو/ ئەو وەختە دڵو وێم ڕەزا کەروو) «م.ش. مەردوخی»،٨. ئەستێرەی موشتەری،٩. ناوە بۆ کچان.

**بەڕوو**: ١. بەڕوی، دەمەل، قۆپک، بەلوو، بەلی، بەڵی، دارێکی گەورە و بە لک و پۆپە، گەڵای گڕنی گڕنین، چێوەکەی زۆر سەختە،٢. خاسەبەڕوو، بەرێکی داربەڕووە، پیاویش دەیخوا و نانیشی لیٚ دەکەن: (مێو و سنجوو، کێکف و ژاڵە و گزیچار و شەهێن/ گوێژ و چوالە و بەڕوو، پەلک و بەلاڵووک و چنار) «قانع»،٣. جۆریٚ بەری دار بەڕووە دەشبێتە ئالف بۆ ئاژەڵ: (بەڕوویێ ب قیشکا خۆ نەرازی) «پەند»،٣. بەڕێز، بەحورمەت: (میرزا لەلای حاجی حەمە زۆر بەڕووە، پار زستان مانگێکی ڕەبەق لە ماڵە حاجی بوو، وەک شایان میوان بیٚ) «ئەمیری»،٤. بێشەرم و قسەڕەق.

**بەڕووال**: نەخۆش، بۆ بۆریٚ نەخۆش و ئاستەنگ و سنگەبەران تێتەگۆتن،

**بەڕووبووم**: ١. بەربار، داهات ٢. ناوچە، مەڵبەند.

**بەڕووتر**: پێشتر، بەرۆتەر.

**بەڕووترین**: پێشترین.

**بەڕووخۆرە**: باڵندەیەکی بەڵەکە کەمیٚ لە

سێروو گەورەتـرە، حەزی زۆری لە بـادام و بەڕووە.

**بەرووخووار**: ١. بەرەوخوار، بەرەوژێـر،٢. لە پایە و پلەدا گچکەتر.

**بەڕوودادانەوە**: بە چـــاودا دانەوە: (خـــۆ نەتداوە بە ڕوویاندا؟ بە لای کەسـەوە باسـت نەکردووە؟) «هەزار ئەشکەوت».

**بەڕوودار**: بەڕوو، داربەڕوو، داری بەڕوو.

**بەڕووداکەوتن**: ١. پاڵکەوتن لەسـەر سـک،٢. کەوتن بە سکەوە×: (دڵ بە مەحزی ڕوئیەتـی زولفـت بە ڕوودا کەوت و مـرد) «وەفـایی»،٣. سەرسمدان بە دمەوە،٤. شـەرم کـردن، لە ڕوو دامان.

**بەڕووداهاتن**: ڕوودان، سەرهەڵدان: (بۆ ئەوەی فیـرقەی ناوبراوەکـان ئامـادەی بە ڕوودا‌هـاتنی هەر پێشـــهاتێکی نالەبـــار بـــن) «لەمەهابـــاد بۆئاراس».

**بەرووددووا**: ١. یەک لە دووای یەک، پەی هەڤ، وە شوێن ئێکـدا،٢. گەڕاوە، گەڕیـاگەوە، گەڕیاوەوە، ڤەگەڕیای.

**بەرووددوواخستن**: پاشوپێش کردن، بەرووددووا کردن.

**بەرووددوواکـــردن**: ١. بەرووددووا خســـتن،٢. ناردنەوە، گەڕاندنەوە.

**بەرووددوواکەفتی**: پاوەپاکرن، دوودڵبوون.

**بەرووددوواکەوتن**: پاش‌وپێش‌کەوتن.

**بەرووددووانان**: ڕاونان، ڕەپێنان.

**بەڕووژە**: ١. بەررۆژ، خـــوەرگیر، خـــۆرگر، لەمەتاو،٢. بەرەفتـاو: (گـوڵە بەڕووژەی ڕەنـگ زەرد و چـاو کـاڵ/ مـل کەچ و سـایەو سـەر گەرم خیاڵ).

**بەرووش**: بەرۆش، دەستە مەنجەڵ.

**بەرووڤاژی**: بەرواژی، بەپێچەوانە.

**بەرووک**: ١. بەری دروێـنە، ئەو بـرەی بـۆ کـاتێکی دیـاریکراو دانـراوە تـا بـدرویتەوە ٢. گیرفان، گیفان ٣. بەرۆک، بەرسینگ: (بەرۆکت بە زێـڕ و زێـو بڕازێنـی) «نیسـاری»،٤. ئەنـی، ناوچـاوان ٥. گەری ٦. دەسـپێک، سـەرەتا،٧. گەوەڕ، گەوڕ، تەویلە.

**بەڕۆوک**: دارێکی بچـووکە لە نێـو شـورک و هـالەت دادەنـرێ، لەبەر ئەوەی وەک بەڕوویە، ناوی نراوە بەڕۆوک.

**بەڕوولە**: ١. چەمـیلە، ناسـکەخەیار، قیسـکە، بەڕوولەی ترێزوو و هارویێ ناسک ٢. شیلەپە، نیرنیـرە، کـرمە، دارۆکـێکە لەنـاو پاشـبارە و دەستەندودا: (باسکێشی بـووز، دەنـدێکی دارە قەیسی، شیلەپەیەکی سێو، بەشی دەستەکەوشـە و بەڕوولە و سەرمژانەی دۆزیەوە) «ئەمیری»٣. گاینجە، سەرمژانە،٤. چەند سینگێکی بـاریکە تەختەی دەواری پـێ لێـک دەدەن،٥. دارێکـی گچـکەیە لەنـاو کـونی هەپە دەنـرێ یـا پێـی دەبەســرێتەوە تـــا دەرنەچـــێ،٦. یەکێـــک لە ئامرازەکانی عارەبەی کەڵە.

**بەڕووڵە**: ١. گاســنێکی کەمــێ کــۆڵ بــێ، پارچەئاسنێکی گچکەی پۆڵای دەخەنە سـەر و تیژی دەکەنەو، بەو کردەوە دەڵێ: پۆڵانیا، بەرنیا ٢. بەلووجە.

**بەڕوولەخـــۆر**: بەڕوولەخـۆرە، جێگـــای بەڕوولە، وەک کـــونی شـــیلەپە کە بەڕوولەی تێدەچێ بۆ توندکردنی باسکێش.

**بەڕوولەخۆرە**: کونی کەرکیت.

**بەروومـــازک**: برامـازگ، جەفـت، بەرێکـی دارمازووە.

**بەڕوومەت**: ڕوومەتـدار، ئابڕوومەنـد: (زۆر ئەفسەر و سـەربازی بەڕوومەت کە بە تەمـای بەسـەرچوونی زسـتان بـوون) «لەمەهابـاد

بۆئاراس».

**بەروون**: بەرم، ببەم، بیوەم، بـوەم: (یـاگێوتەر نییەن داد ویم کەروون/ جە دەس تۆ بێـداد وە لای کێ بەروون؟) «مەولەوی».

**بەروونکار**: ئاست، بۆ دیار، بۆ پێش، هەمبەر، هاف.

**بەرۆوە**: ببا، بباتەوە: (نەمەتـاو ڕەنـگ سـپیش بەرۆوە/ نە بـاڵاش جەو تەرح کۆتـا کەرۆوە) «بێسارانی».

**بەڕووەتاڵ**: بەڕووی تام تـاڵ: (ئیتـر میکایـل تەڵاقـی بـۆ خـوارد؟/ کە بەشـم نەدا لە بەڕووەتاڵە!) «غەریق».

**بەڕووەکۆپە**: بەڕووی کۆپە، بەری داڕوولەیە و بەراز نەبێ هیچ گیانۆدارێ نایخوات.

**بەڕووی**: ١. بیابـان، بیـاوان، چـۆل، چـۆڵگە، چۆلستان، چۆڵەوانی ٢. بەڕوو، داربەڕوو،

**بەروە**: ١. دەرقە، دەرەوە،٢. بەر بە، ڕوو بە.

**بەروەبا**: بەرەوبـا، ڕوو بە بـا، ڕوو لە بـا، ڕوو وە با.

**بەروەبوون**: ١. بەربوونەوە،٢. بەرکەوتن: (دڵ لە سەد جێگە منـی بەرداوە، ڕەبـی بەروەبـێ/ پێچ و جینگڵمە، کـوژراوی زەخـم و ژەهـری مار خۆم) «ئاوات».

**بەروەبەر**: بەرەبەرە، کەمەکەمە.

**بەروەج**: ١. جۆرێ پۆڵایە تفەنگـی دیـغ‌دیغی لێ ساز دەکرێ ٢. بریتی لە تفەنگ.

**بەروەخت**: پێش‌وەختە.

**بەروەدان**: بەردان، بەرەڵاکردن، ئازادکرن.

**بەروەدە**: بەراوەڵە، بەرئاواڵە، گوشـاد، فـراوان، پێش‌ئاولە، پێش‌بەرەڵلا، بەربەرەلا.

**بەروەر**: خۆگونجێن.

**بەروەرگێـڕان**: ڕوو وەرچەرخانـدن: (دوور نەکی دا وی ژ دەرێ خوە، وەرنەگێـڕی ژ وی بەری خوە) «جزیری».

**بەروەرە**: خۆگونجێن.

**بەروەری**: خۆگونجاندن.

**بەروەسـت**: ١. بەرگە، دەرەقەت، تـاو، تـاب، وەرگە،٢. بەرەنگـاری، بەرهەڵسـت،٣. بەرایـی، ڕێ، ئیجازە: (شێخ پاڵدەوە کـوتی: ئەوە چـۆن دڵـت بەروەسـت دەدات مـێگەلەکەت لەو کارەسـاتەدا بژیـت و خۆشـت بخەویـت؟!) «گورگ و بزن».

**بەروەستا**: شاگرد، بەردەستی پیشەساز.

**بەروەسـتدان**: ڕێدان، هـێلان: (بە هـیچ تەرزێک دەسەڵاتی چارەسەری نەبوو، دڵیشـی بە هـیچ کـل و بابەتێـک بەروەسـتی نەدەدا) «خاک و چەوسانەوە».

**بەروەسـتکردن**: ١. بەرگەگـرتن، دەرەقەت هاتن، ٢. بەرهەڵست کرن.

**بەروەستن**: بەرگەگرتن، لەباردابوون.

**بەروەسێل**: بەروەسـێل، نـاوگۆڕک، ئـاوردان، ئاگردان، تفک، کوانو.

**بەروەسـێڵ**: ١. بەروەسـێل، ئـاووردان، کووانوو، ٢. بەربەسێڵ، خواردنێکە.

**بەروەشێن**: بەرچێن، ئەو تووەی پێش کـێلان بە زەویدا دەچێندرێ.

**بەروەنن**: بەرخستن، بەراوێتن، بەرهاوێژتن.

**بەروەنە**: بەرهاوێژتوو، بەرخستوو، بەراوێتە.

**بەڕوی**: بەڕوو، بەرێکی دارمازووە: (تا بەڕوو مابێ لە هەورامانا/ تا شەماڵ بـدا بە کۆسـاڵانا) «م.ح. دزلی».

**بەروێ**: ١. بەرۆ، بەرۆک، پێسـیر، سەرسـینە: (دەڵێم بریا شتڵە ڕێحانێک بام لە سەر هەیوانی ماڵە بابی نـازدار حەیرانـێ/ هەمـوو ئێـواران و سـبحەینان ئـاوی ئیسـتکانی دە بـن کردبـام/ سەری هەڵپسـاندبام بیـدابامەوە لە تەنـکەی دە

ڕوومەتێ/ لە نێوانی سینگ و مەمکان نە بە خودای ئامان لە بەرۆێ کەراسی) «گەنجی سەربەمۆر»، ٢. ناوقەد، کەمەر: (دەڵێم بەو قورعانەی دوێنێ لە داوەتی کاکی خۆ، لە گەڕی دیلانێ/ پشتێنم شل دەبوو، لەبەر خۆبادان و هاتوچۆیە، لە بەرۆیم دەخزی) «گەنجی سەربەمۆر»،٣. جەستە، لاشە، تەرم×: (بەر لەوەی کفنم لە بەرۆێ هەڵدروون/ بەر لەوەی دووپشکی گڕۆێ بم گوروون) «ڕاوچی».

**بەڕۆێ**: گوندێکە لای سەردەشت.

**بەرۆێز**: ×٥٠×: (ئەو بەبێ بەرۆێز و شێرو، نازشی شیرین ئەکا) «قانع».

**بەڕۆیــن**: بەڕوو، داری بەڕوو×: (دارکەکا د حەوشا مەدا/ ژێ ڕە دبێژن دار بەڕۆینە) «حەیرانۆک».

**بەرۆێن**: گوندێکە×٦٥٧×: (مەلا محەمەدی بەرۆێن هەبوو کە بە مەلا قوەیسەن ناوبانگی دەرکردبوو) «ڕشتەیمرواری».

**بەرە**: ١. تیرە، تایفە، تاقم، عەشیرەت، هۆز، خێڵ: (پارەکەی بەرنە ولاتی کۆکان/ بۆ بەرەی سستەپەل و ناکۆکان) «ڕاوچی» ٢. بەرەمێش، مێشێ کە تازە شەلخەی دەدا ٣. سینەبەندی ئەسپ کە بە تەنگە زینەوەیە، چتێکی سێ پەلە: (ئەسپی میر زێندینی زینی لێ دەرکرد، دەیکێشا تەنگ و بەرە/ تاجی و توولەیان بانگ دەکرد، ئەوبەر ئەوبەر) «مان» ٤. دەرگا، دەرکە ٥. کەمە، پلە، بەرەبەرە ٦. بەش، بارە، بەهرە، داهات: (بەرەجووت، بەرەهەویر) ٧. بەری کاری جۆلایی، مەودای نێوان شە و جۆلا ٨. خشتوخاڵ: (بەرەمێو) ٩. ڕوبە، ڕووەو: (بەرەوخوار) ١٠. ببە، بیبە، بوە: (ئەمە بەرە بۆ ئەوێ) ١١. دەنگدانی گا بۆ گەڕانەوە لە سەری خەتی جووت ١٢. قەد، ڕیزە دێراوێکی زەرحات ١٣. گۆبەرۆک، ئالان، گۆ و بەرۆکی ژنان ١٤. سامال، ساو، هەواخۆشی دوای باران ١٥. هیلمەی گۆرەوی ١٦. بەر، سینگ، پێش ١٧. هێدی، بەرەبەرە، گاف ب گاف،١٨. دابە، بۆ کایەی مندال،١٩. بەبر، بەور،٢٠. بیکە، تێیچەقینە: (بەرە بە دڵدا بە وینەی جگەر/ تا جەور و جەفام ناوەران وە سەر) «بێسارانی»،٢١. ڕەگەز، ڕەچەڵەک، نژاد: (هەموو ئێمە لە بەرەی ئادەمین)،٢٢. نەخۆشییەکی گوانی مەڕە،٢٣. بۆ ئاودانی زەوی پێشی جۆگە بە قوڕ و چیم دەگرن، بەو لەمپەرە دەڵێن بەرە،٢٤. بەرەی شەڕ، خەتی پێشەوەی جەنگ: (حەسەن مەیتەر وەک سەرکەوتووێکی بەرەی شەڕ خۆ بە سەربەرز دەزانێ) «هەزار ئەشکەوت»،٢٥. ناوی زەلامانە، ٢٦. ×١٤٩×: (گوڵ نەکەی لە بان سەر بەرەی کاوان/ ڕەخت سەونز و دێز نەوەی وە باوان) «خانمەنسوور».

**بەڕە**: ١. گلێم، گلیم، لەی، بەڕ، بەڕک، ووڕە، شالینە، لەی، ڕایەخێکی ئەستووری ڕەنگاوڕەنگە: (بردینیانە بن کۆمەڵێک دارتوو/ لێفە و بەڕەیان بۆ داخستین زوو!) «گۆران»،٢. بەرخ، کار،٣. بەڕ، ویشکانی: (وێڵی ئەربەت گێڵ، مەنزل بەڕە وێم) «بێسارانی».

**بەرهاتن**: هاتنە پێش، بەر پێگرتن: (مانگ ئەوا تازە لە ئاسۆ دەردێ/ کۆمەڵێ هەورەسپیلکەی بەردێ) «بۆکوردستان».

**بەرهاڤێتن**: ١. بەردهاوێژتن، بەردخستن، فڕێدانی کوچک ٢. بەراوێژتن، بەروەنن، بەراڤێتن، لەبارچوون، بەرخستنی ئاژەڵ.

**بەرهاڤێتی**: بەرخستوو، بەراویتە، بەروەنە، لەبارچوو.

**بەرهاو**: بەرهەڤ، ئامادە.
**بەرهاویژتن**: بەراویژتن، بەرخستن، بەروەنن، بەراپێتن.
**بەرهاویژتوو**: بەراویژتوو، بەراویتە، بەروەنە.
**بەرەئارد**: پێنج شەش کیلۆ ئارد دەبێ: (ناچمە ئاشی حەوتاشان هەتا ئێوارێ دوو بەرە ئاردان داناهێنێ).
**بەرەئاوا**: بەرێ ئاوا، خێر و بەرەکەت لە شیری مەڕتان کەفێ.
**بەرەئەنگار**: بەرەنگار.
**بەرەباب**: ١. رەچەڵەک، بنەچەک، تیرە، پشت، بابک، نەتەوەی باب: (تا ئەو سایە کە بەرەبابی حاکمانی خێزانی: سەلیک خەلیل و میر محەمەد و برایانی خۆبەخۆ شەڕیان بوو) «شەرەفنامە»٢. هەموو منداڵەکانی بابێک: (منداڵەکانی خات مەنیج ئی دوو بەرەبابن)،٣. باب یا مەزنێ عەشیرەتێ.
**بەرەبابی**: بەرەی، بەرە.
**بەرەبەئاودادان**: ١. لابردنی بەرە لە بەر ئاوی جۆگە و بەردانی پێشی ئاو،٢. بریتی لە ئاشکراکردن،٣. تێگەیاندنی کەسێ لە بابەتێک، ٤. بریتی لە درکاندنی ڕاز و نهێنی.
**بەرەبەر**: ١. بەرانبەر، بەرابەر، هەڤبەر، ڕووبەڕوو: (ئەیرۆ لە من ماڵویران، پایزی لە چی؟/ لە بەرەبەری ماڵێ، ساتی سەر لە هەوەڵێ) «گەنجی سەربەمۆر»،٢. نزیکەو، دەمەو: (بەرەبەری زستان بوو چووبوومە شار) «چێشتی مجێور»،٣. سەرەتا، دەسپێک: (مرۆڤ بۆ دەربڕینی بیروڕا و هەستەکانی خۆی هەر لە بەرەبەری مێژووەوە پەلی بۆ زۆر شت ڕاکێشاوە) «پێکەنینی گەدا».
**بەرەبەرە**: ١. کەمکەمە، نەختەنەختە، بەرووبەر، لەسەرەخۆ، هێدیهێدی، ، پیچ پیچە، گاف ب گاف: (لە بریتی ئەوەی بەرە بەرە خێزان و ماڵی خۆتان بەرەو سنوور کۆچ پڵ بکەن) «لەمەهاباد بۆئاراس»،٢. وردەوردە، لەسەرخۆ: (باران بەرەبەرە دایداوە، دەبارێ)،٣. چوون پاشی چوون، دەستەی دوای دەستە: (بەربەرە هاتن و گەیشتن).
**بەرەبەریبەیان**: نزیک بە ڕۆژ بوونەوە.
**بەرەبەریڕۆژاوا**: نزیکەو ئێواری: (بەرەبەری ڕۆژاوا چوار پێنج سەر ڕەشان نەترەیان بەردا و لە تاو گیانی خۆیان هانایان بۆ گورگەکان برد) «گورگ و بزن».
**بەرەبەزینک**: یاری بازدان.
**بەرەبەس**: دەمبەس، زاربەست.
**بەرەبەستەی**: دەم بەستن، زار بەستن.
**بەرەبەستەیرە**: دەم دابەستن.
**بەرەبەسە**: دەمبەست.
**بەرەبەسیا**: دەمبەستراو.
**بەرەبەسیای**: دەم بەستران.
**بەرەبەسیێ**: دەمبەسراو بۆ مێ.
**بەرەبەهار**: سەرەبەرهار، ئاخر و ئۆخری زستان.
**بەرەبەیان**: ١. شەوەکی، شەبەقی، بەیانیزوو، بولێڵە، سپێدە، مەلابانگدان: (بەرەبەیانێکی خۆش و بەرچاو و دڵڕفێن) «شەوارە»،٢. بریتی لە سەرەتا، دەسپێک: (لە بەرەبەیانی پەیدابوونی مرۆڤ لە سەر گۆی زەوی‌دا).
**بەرەبەیتک**: بەیتی درێژ.
**بەرەبێڵ**: بەرەجووت، بەربێڵ، داهات.
**بەرەبین**: زاربێن، دەمبێنی مەشکە و هیتر.
**بەرەبێن**: زاربێن، دەمبێن، بەنی بەستنی زاری شتێ وەک خیگە و کوندە.
**بەرەبینای**: دەم بەستن.
**بەرەبینایرە**: دەم دابەستن.

**بەرەبی یەی**: درگـا بـوون، کـرانەوەی دەم و ڕژانی شتی ناوی.
**بەرەپــاش**: بەرەوپـاش، ڕوو بە دواوە: (ڕۆژا قیـامەتێ بەرەپـاش بچـی هـوزوورا خـوەدێ) «پەپووک».
**بەرەپان**: بەرپان، پان، تەخت: (بەستا گونـدێ مە ب بەرەپانە/ گوهارێت گـوهێ حەلـێ زێـر مەرجانە) «حەیرانۆک».
**بەرەپۆ**: بەڕ، بەڕە، گلیم، مافووری بێ‌تووک.
**بەرەپەڕ**: دوبـاره کـردنەوەی تەقەڵ لە یەک جێدا لە کڵاش چنینا.
**بەرەپەڕکەردەی**: هەڵپێکانی تەقەڵ دووجار لە یەک شوێنا.
**بەرەپێش**: بەرەوپێش، ڕوو بە پێشێ.
**بەرەپێشۆ**: بەرەزڤر.
**بەرەپیک**: دەرگاپێک.
**بەرەپیکە**: دەرگاپێک.
**بەڕەت**: کەویر، بایر، زرِوان، بەڕەتە.
**بەرەتا**: بەرتا، سووکە تا.
**بەرەتووتن**: بریتییە لەو گیشە تووتنە لە پاش دەرکردنی ملکانە لە هەموو تـووتن لە کشـتیار دەسێنرێ بۆ خاوەند ملک یا ئاغا.
**بەڕەتە**: زرِوان، بایر، کەویر.
**بەرەتەشی**: کـوتەدارێکە پـانکەڵە و خـڕ، لە کلکەتەشـی ڕادەکەن تـا قـورس بـێ و بـاش بخولێتەوە.
**بەرەتی**: ١. جیاتی، بـاتی، لەبـات ٢. بریەتـی، بریتی، کنایی.
**بەڕەتێ**: بەڕەت، بەڕەتە.
**بەرەتین**: گوندێکە لای شێخان.
**بەرەج**: چارە، عیلاج، چارەسەر.
**بەرەجفت**: بەرەجۆت، حاسڵ، داهات.
**بەرەجـــۆ**: ١. بەرەجـووتی جـۆ،٢. چەن پەڵە زەوی کە بە ئاوی جـۆگەیەک ئـاو بـدرێن،٣. گوندێکە سەر بە مەهاباد لای میرەدێ.
**بەرەجوت**: بەربێل.
**بەرەجـۆت**: ١. بەرەجـووت، بەروبـۆ، ڕەوار، بەرەجۆ، بەربێل، دەغڵ و دانی ساڵانەی زەوی: (بـا بەرەجـووت بێـتە نێـو، پـایز نـاهێلم دایچێنێـتەوە) «هەزار ئەشـکەوت»٢. ئەو بەشـە زەوییەی وەرزێر کاری تێدا دەکات: (کابرایەک ناوی حەمەی نازێ بوو لەو دیـوی گـردەکەی زێرینـــۆکەوە بەرە جـــووتی زەوی هەبـــوو) «ڕشتەی‌مرواری»٣. بە پارچە زەویـیەک دەڵـێن کە بە جووتە گایەک دێتە بەرهەم: (ئایا لەیـین زەوی‌وزاری ئاوایی سەرتاپا دەداتە ئاغا، یـا لە بەرەجـــووتێکی زیـــاتر نـــاداتێ؟) «خـــاک و چەوسانەوە»،٤. پێوەرێکە بۆ هەبوونی دەگوترا: (حـــاجی عەبلـــلا دەوڵەمەنـــدە، جێـــی دوو بەرەجـــۆتی دەگەڕێ)،٥. دەســـتاڕ، دو بەردی دەستاڕ،٦. هۆگانێکی جـووت×: (ئەمـانە کە لە شێروانەوە خستبوویان بەرە جووتێک لە ئاوایی کەلارەوە دوور بوون) «ڕشتەی‌مرواری».
**بەرەجووت**: بەرەجۆت.
**بەرەجووتدار**: ڕەواردار، پڕسوود.
**بەرەجەژنان**: بەرەجەژنانە.
**بەرەجەژنانە**: بەرجێژنانە، چەن ڕۆژێک بەر لە جەژن کە مرۆ خۆی ئامادە دەکا بۆ جەژن.
**بەرەجێژنان**: بەرەجەژنانە: (کوتم بەرەجێژنـانە، جارێ با وا بێ) «پێکەنینی‌گەدا».
**بەرەچڕچە**: پزووی سەرین و شتی‌وا.
**بەرەچێشت**: بەرهەڵنج، بەرکوڵ: (تا چەوری بەرەچێشـتی دەس دەخسـت، جـل و بەرگ نەبوو) «پێکەنینی‌گەدا».
**بەرەچیوە**: ڕەوتی مان‌کردن ئایم خوسب‌کەر.
**بەرەچیوەدان**: مان‌کردن.

**بەڕەحم:** بەبەزەیی، خودان بەزەیی: (خوێن ڕژانن مەیل ئەکەی، فەرموو وەرە سەر سەیری کوڕ/ دڵ بەڕەحم و لاشە نەرم و نازک و ڕەنگینە کچ) «قانع».

**بەڕەحمە:** بەڕەحم بۆ مێ.

**بەڕەحمەتبوون:** کەوتنە بەر دلۆڤانی خوەدێ: (وەفاداران بە ڕەحمەت بن/ بێوەفایان بە لەعنەت بن) «ماملێ».

**بەڕەخت:** چارویی بە زەنبەر ڕازاوە: (دۆستەکەم مێردی کردووە/ دەڵێیماینی بەڕەختە) «فۆلکلۆر».

**بەڕەخرە:** گوندێکە لای ڕانییە.

**بەرەخژک:** وردەخیز، ورکەبەرد.

**بەرەخوار:** بەرەخووار، ڕوو بە لای ژێرۆ.

**بەرەخووار:** بەرەوخوار.

**بەرەخووارە:** لێژ، لێژایی، نشێو.

**بەرەخەر:** ١. بارگە، جێی بارخستنی کاروان ٢. بەراوێتە، مێوینەی بەرخستوو.

**بەرەدا:** رووبارێکی ناودار و پڕسوودە لە ناوچەی کوردی وڵاتی شام.

**بەرەدار:** بەرەچاوە، مەودای بەینی دوو کاریتە لە خانوودا،٢. بەهرەدار، بەرگر،٣. بەر، میوە، سەمەرەی دار.

**بەرەدان:** ١. بەر دان، بەرهەم دان: (ڕاستم پێبڵێ، درۆ بۆ هیچکەس بەرەی نەداوە) «سەعید و میرسێوەدین»،٢. تێبەردان، بەرخ و می ل هەڤڕا.

**بەرەدای:** ١. درگادان،٢. دەر بۆ کردنەوە.

**بەرەدایپۆ:** دەرگا پێوەدان.

**بەرەدایک:** هەموو ئەو منداڵانەی بابێک لە ژنێک یا چەن ژن: (من هەشت منداڵم هەیە کە هەموو لە بەرەدایکێکن، بەڵام چوار منداڵەکانی کاکم لە دوو بەرەدایکن).

**بەرەدایی:** ناوونجی، ناوبژیوانی.

**بەرەدریا:** درگادراو، بەردراو.

**بەرەدریای:** درگادران، بەردران.

**بەرەدریێ:** دەرگادراو.

**بەرەدووڤ:** بەردووک، بەردووگ، پێستی بنەوەی دووگی مەڕ.

**بەرەدەر:** درگادەر، بەردەر.

**بەرەدەرە:** بەردەر.

**بەرەدەستەک:** لە خانووی گەورەی دێهاتا هەر بەرێکی کاریتەی خراو کە بە دەستەک دارەڕا کراوە، پێی دەڵێن بەرە دەستەک: (شەوقی تەنوور ژوورە تاریکەکەی ڕوون کردۆتەوە، ماڵەکە قەدیم دەوڵەمەندانەیە، چوار کۆڵەکەی سەرکۆڵەکەدار، سێ بەرە دەستەکی گرتووە بە کۆڵەوە) «هەزارئەشکەوت».

**بەرەدەمووکە:** دەمووکانە، دەمکانە.

**بەرەدێ:** ١. دێبەر، زەوی خوار ئاوایی،٢. زەوییەکە کەوتبێتە نزیک گوند.

**بەرەدیفک:** دوژمن، ناحەز، نەیار،

**بەرەڕۆژ:** بەر ڕۆژ، ڕوو لە خۆر.

**بەرەڕووت:** بەرەلووت، بەرەهووت، بێ ئاقان.

**بەرەڕەت:** ١. داو، داب، داف، دام، چاڵەدام، مردەوزیندە، قوڵکەی سەر ڕێی نێچیر،٢. بەرەگە، سەر ڕێگە و شوێنی ڕابووردن: (بەرەگەی ڕێوی لە ڕاودا دیرەگا و دیرەگە).

**بەرەڕەژووی:** خەڵووز، بەردی خەڵووز.

**بەرەرەش:** نەخۆشی مەمک.

**بەرەڕێ:** توولەڕێ، پەلەڕێ.

**بەرەریخ:** بەرەڵێخ، دیوارۆکەی پشتیوانەی دیوار.

**بەڕەز:** بارێزە، بەڕەزا، ئەو گیایەیە کە بە زولفی جوانان دەیشوبهێنن، بە کاڵی دەخورێ و بۆ گورچیلە چاکە: (تا بەڕەزایەک با

بیشـەکێنی/ هەتـا ڕێواسـێ چـووزە دەربێنـێ)
«م.ح. دزڵی».
**بەرەزا**: ١. یەکەم زان و یەکەم بێچـــــووی حەیوان،٢. نووچەو، نۆبەرە، یەکەم فرزەنـدی دایک و باب،٣. بەڕەزا، بارێزە: (پەنجـم فـاتمە گیس چوو بەرەزا) «خانمەنسوور».
**بەڕەزا**: ١. بـارێزە، بەڕەزە، بەڕەز، خـاڵەڕەش، خەزرۆک، خەزەرۆک، خەزەرە، خـــاڵەڕەش، ڕەبەنۆک، ڕەبە، جوغە، گیایەکی زۆر جوانە بە کـاوانەوە دەڕوێ، ئەگەر بکـرێ بە چـایی بـۆ ژانەزگ باشە: (چیا لە تەوقەسەری دارژاوە تـا کەمەری/ چو زولفـی سـونبولی دەرهەم، چـو پەرچەمی بەڕەزا) «حاجی قادر»، (پێش ئەوەی شنەی بەیانی زولفی بەڕەزا ببزێوێ) «هێمن»،٢. ناوێگە کوڕانە،٣. ناوە بۆ کچان.
**بەرەزام**: سـەتلوجەم، نەخۆشـییەک کە یـاو، کۆخە، چڵک و دژوار هەناسەدانی لەتەکە.
**بەرەزبانە**: بەرەزمانە، ئاغزونە، سێر، ئـاڵقە و زمانەی کەوش و قایشی پشت و هیتر.
**بەرەزڤـــر**: ١. بەرەزیـــڤ، بەردە پێشـــۆر، بەرەپێشۆ، بەرێ حەمامێ،٢. بەردەزوورە، زبرە.
**بەرەزمانە**: بەرەزبانە، ئاغزونە.
**بەرەزوانە**: بەرەزبانە، سێر.
**بەرەزووانە**: بەرەزمانە، ئاوزوونەی پشتێند.
**بەرەزوونە**: بەرەزووانە، ئاغزوونە.
**بەرەزە**: ١. بەڕەڵا، ترۆ، وێڵ، هەرزە، بێکارە،٢. تەرە، ئاوارە، سەرگەردان،٣. ناوە بۆ کچان.
**بەڕەزە**: ١. بەرەزە، وێـــڵ ٢. بەڕەزا، بـــارێزە: (بەڕەزایێ هەن جە سـای کەمەردا/ پەخـش و پەرکەندەن، بەو ساران دەردا) «بێسارانی».
**بەڕەزەوو**: بەڕەت، زرِوان.
**بەرەزەیی**: بەرەزیی، بەرەزی، دروی پەرژیـن، بەری دڕکەزییەکە لە پانکەی مازوو دەچێ.

**بەرەزی**: میوەی دڕکەزی، درووی پەرژین.
**بەرەزیـڤ**: ١. بەردەبیـرۆ، گرانیـت، کەڤـرێن سـەرت،٢. بەرەزڤـر، بەردە پێشـۆر: (ڕێکـا گونـدێ مە ب بەرەزیـڤە/ د سـەردا چیـایە، د بەرا شیڤە) «حەیرانۆک».
**بەرەزیی**: بەرەزەیی.
**بەرەژان**: ١. ژانی بەرە بەرە، ژانێک کە تاوێک دێ و تاوێک نایەت: (بەرەژانێک لەسکۆڵەکانی دڵ، عەولا گزگلـــی داتڵەکانـــد) «خـــاک و چەوسـانەوە»،٢. ژانەدرۆزنە، سـوکەژانی زکپـڕ بەر لە وەختـی زان: (ڕۆژ بەرەژانـی بە شـەو هێنـــاوە، ڕۆژ بە ئەســـپایی بەرەژان دەبـــنە گەرمەژان) «میرزا».
**بەرەژور**: ١. لای سەرەوەی کۆڕ و شوێنێ،٢. بەرەژۆر، ئەڤـراز، بـۆ لای سـەرەوە: (هێنـدێ بەرەوژوور بچن دەگەنە ماڵە مامعەولای).
**بەرەژۆر**: هەوراز، هەورازی، ئەڤـــراز، هەل، بەرەوژوور، ڕوو لە بەرزی: (ژ گومانـان سـەفا مۆر بێ/ ل جاما بادەیـا سـۆر بـێ/ مـرادا دل بەرەژۆر بـێ/ ل بەر چنگـی د غەوغـا بـێ) «فەقێ تەیران».
**بەرەژوور**: بەرەوژوور، بەرەژۆر، هەوراز، ئەڤـــراز: (بەرەژوور چـــوو کەف و کـــۆی لاوچـــاکی/ کەوتە داوێنـــی داوێنپـــاکی) «بۆکوردستان».
**بەرەژوورە**: بەرەژوورە.
**بەرەژە**: هەنگوژە، جەوی و جیـوەی گیـایەکە بە ناوی هەنگوان، بە قەرا نۆکێک یا گوێزێـک دەبێ، ڕەنگی زەردە، تامی تـاڵە و بـۆنی وەک بۆی سیر واسە، بۆ نەخۆشی قـۆڵنج و هێنـدێ نەخۆشی ئاژەڵ بەکاری دێنن.
**بەڕەژە**: گیایەکە بۆ دەرمانی منداڵان دەبێ.
**بەرەژەنای**: دەرگا کلیل دان.

**بەرەژەنگ**: نیشانە، نشانە، ئامانج.
**بەرەژەنە**: بەرەمەشکە، بەرژەنە، ڕۆنی جارێک مەشکە ژاندن.
**بەرەژێر**: ١. نشێو، بەرەو نزمایی، بەرەوخـوار، ٢. بەرەوژوور، لای سەروو: (وڵاتێ کوێستانیان لێبڕیوین، جا لە خودای بەرەژێر، ئەگەر چارە نەکـا، هـیچ هومێـدی دی نـیـیە) «تـوحفە»،٣. نزمتـر، لەخـواریێتر: (ئـاش دەبـێ لە جـۆگە بەرەژێر بێ، یانی جـۆگەی ئـاش بە سـەریدا سوار بێ) «موکریان».
**بەرەژێرە**: بەرەوخوار.
**بەرهس**: خویا، ئاشـکرا، دیـار: (بەرهس‌کـرن: دەرخستن).
**بەرەستە**: بەرەستێ، بەردەئەستێ.
**بەرەستی**: بەردەئەستێ.
**بەرەسـتێ**: بەردی ئـاگرپژێن، بەردەسـتێ، بەرەستە، بەرەستی.
**بەرهس‌کرن**: وەدەرخستن، دەرهێنان.
**بەڕەسـم**: ١. بە گـوێرەی،٢. بە پێـی داب و نەریـت: (بە ڕەسـم ئـایین نەوشـیروان پـێش/ مەعمـوور کەرد بە عەدڵ ویـلایەت ویـش) «خانای قوبادی».
**بەرەسێلک**: فڕن، فڕنە، تەندوری نان‌کردنێ.
**بەڕەسیەڵگ**: بەڕەسیەڵێ.
**بەڕەسیەڵێ**: بەڕەسیەڵگ، گوندێکە لە بەشـی حەسەناوا.
**بەرەش**: ١. تـۆوی پیـوازە کە دەچێنـرێ و دەبێتە پیوازی ورد، پێی دەڵێن خیچکە،٢. بەرە، بـبـە، بیـبـە: (بگێـرەش وە دەسـت هەی ئاوات‌واستە/ بەرەش وە یانـان، جەی ئاسـتە) «بێسارانی».
**بەڕەشا**: گوندێکە لای شێخان.
**بەرەشاش**: پەڕاندنی تەقەڵ لە کڵاش چنیندا.
**بەرەشاش‌کردن**: تەقەڵ پەڕاندن.
**بەرەشاش‌کەردەی**: تەقەڵ پەڕاندن.
**بەرەشاشی**: بەرەشاش کردن.
**بەرەشک**: گیایەکە.
**بەرەشکۆن**: بەرئەشکۆن، بەردێکی گەورە کە کەمـێ سـەری کێشـابێتە پێشـەوە و سـێبەری هەبێ و لە بنی دانیشن.
**بەرەشۆ**: ١. بەردەشۆر، نیسکەشۆر، شـتنەوەی دەغڵ بۆ بەرد لێ جیاکرنەوە،٢. دەر ئەچێ.
**بەرەشۆر**: بەردەشۆر، نیسکەشۆر.
**بەرەشۆرکە**: سوسک، جانەوەرێکە وەک قالۆنچە.
**بەرەف**: بەرەو، بـۆلای: (دوینـا ڕەف و ڕۆیە، هەر کەسەکی بەرەف خۆیە) «پەند».
**بەرەفتاو**: بەڕووژە، گوڵەبەڕۆژە.
**بەرەڤ**: بەرهەڤ، ئامادە: (قوباد ژ دۆر کانییێ هــەنەک پوونــگ و قجــی بەرەڤ کــرن) «مەستوورە».
**بەرەڤاژی**: ١. پـێچەوانە، چەپەوانە، چەواشـە، بەراوەژوو، بەردژ،٢. کەلەواژی، بەرەواژۆ، قسەی بێ‌شەرمانە.
**بەرەڤاژی‌بوون**: لێک‌وەرگەڕان، لێک‌زڤرین.
**بەرەڤاژی‌کرن**: ئاوەژووکرنەوە، پێچەوانەکردنە: (تە کراسێ بەرڤاژی ل بەر خوە کرێ!).
**بەرەڤان**: ١. بەرگریکار، بەرگـریکەر، پـارێزەر ٢. ناوبژیکەر، ناوبژیوان، بەریـوانکەر، بەرەوان: (سـەرێ شـەڕ بەرەڤانـا، هەر شکسـتێ‌یە) «پەند»٣. جوولان، بزوان ٤. ناوە بۆ کوڕان.
**بەرەڤانی**: ١. پارێزگاری، پارێزێری، پاراستن: (شێرزاد هزرەکێ خۆ ل سەرێ دا تەپا بـکەتە چەک، دا بەرەڤانییێ پێ ژ خۆ بـکەت) «بێریڤـان وهیێڤی»،٢. ناوبژیوانی، بەریـوانی: (ئاشـڤان ژی دیت هەر دوو پێکڤە هاتن و نەشـێت کەسـێ گەهبڕ بـکەت، نەچـار بـوو چـوو بەرەڤـانییێ)

«گولواز».
**بەرەڤانیکەر**: ١. پارێزەر ٢. ناوبژیوان.
**بەرەڤبوون**: ئامادەبوون، حازربوون: (تو کۆمەکێ شوونا بەرەڤبوونا کۆمێن مایین نزانبوو) «مەستوورە».
**بەرەڤخێر**: بەرەوخێر، ڕوو لە چابوونەوە.
**بەرەڤ کرن**: ١. ئامادە کردن: (مـی و گـورێ تەڤ بچێرە/ بەرەڤ دکن شوور و کێرە) «پەرویز جیهانی»،٢. خڕکردنەوەی کەزی: (گشکان پۆرێ خوە بەرەڤ کرن، کرنە بن کولاڤێن خوە) «مەستوورە».
**بەرەڤی**: جڤات، مەجلیس، کۆڕ.
**بەرەڤنگ**: نەفەک و دەوروبەری.
**بەرەک**: ١. بەرۆک، بەروانکەی پۆیشک ٢. سینە و بەرۆک،٣. بەربینگ، یەخە: (پیاو کە نەگبەتی بەرەکی پێ گرێت/ لە وەخت پیریدا ژنەکەی ئەمرێت) «پەند»،٤. بەرەی زینی ئەسپ ٥. ئەستێرەی سیوەیل ٦. دوورەنگ، بەڵەک، ئەبڵەق،٧. بەردێک، سەنگێک: (تەنها خوەدی بەرەک د دەس بو/ ئەو سەنگ زەبانەیێ جەرەس بو) «خانی»،٨. یەک ڕوو، بەرێک،٩. بەرێکی چیا، دامێنی کۆ.
**بەرەکو**: دەرگاکوت.
**بەرەکورسی**: لایەک لە چوار لای کورسی لە سەر تەنوور: (هەر یەکەی لە بەرەکورسیەکی تێدەخزان) «میرزا».
**بەرەکونار**: بەری کونار، ژاگە، ژووژەسوورە، بەری شیلان.
**بەرەکوە**: درگاکوت، دەرگاژەنە.
**بەرەکە**: ١. نۆبەرە،٢. قۆرەی ئاڵوبۆڵ، هەوەڵ بەری ترێیە کە تازە دەگاتێ،٣. بەرۆک،٤. بەرەکەت، خێردانەوە،٥. گوندێکە لای شەقڵاوە.

**بەرەکەبەرەک**: ووتوویژ، گفتوگۆ.
**بەرەکەت**: ١. موبارەکی، بڕشت، پیت، فەڕ، خێر، خودداداو: (نەمئەزانی کوردستان ئاوایە، جێگای بەپیت و بەرەکەتی وەک ئێرەی تێدایە) «پێکەنینی گەدا»،٢. وەک سوێند بەکاری دێنن: (بە بەرەکەتەی ئەگەر درۆیان بکەم!)،٣. ڕسق، ڕۆزی،٤. قازانج، سوود، خێر،٥. زۆری، زۆیادی،٦. دەستەواژە بۆ ڕێزگرتن لە مەڕ و ماڵات: (زەو کەوتۆتە گەرمەزەو، کۆسە ماڵەوماڵییەتی، لە درگاوە بانگ دەکا: مەڕ بە یەکانە، بزن بە دوانە، خوا بەرەکەت بدا بەو گەوڕ و گەلەخانە) «هەزارئەشکەوت».
**بەرەکەتدار**: بە خێر و بەرەکەت: (هۆ کاکی جووتیار براکەم جووتت بەکار بێ/ خەلە و خەرمانت یارەبی بەرەکەتدار بێ) «حەسەن زیرەک».
**بەرەکەت کەردەی**: خێروبەرەکەت دانەوە.
**بەرەکەتی**: پڕ لە خێروبەرەکەت.
**بەرەکەتییە**: پڕ لە خێروفەڕ.
**بەرەکەردەی**: درگا کردنی زام و شتی وا.
**بەرەکەوا**: ئاستەر، ئەستار، بەتانە، بەتان.
**بەرەگاودەمی**: کات و ساتی پێگەیشتنی شت.
**بەرەگرتن**: بەرگرتنی جۆگە ئاو کاتی ئاودێری.
**بەرەگرتەی**: درگا داخستن.
**بەرەگلۆینە**: کونی ئەو بەردەی کە دەخرێتە بنی حەوز و ئەستێرەوە بۆ کاتی دەرگادانی.
**بەرەگە**: ١. جێی گەڕاندنەوەی ئاو،٢. سەرەڕێ، سەرڕێ، چەقی ڕێگا: (سەرپلووسک دڵ و چاوم لەوییە/ بەرەگە و ڕێڕەوی ئاسکی کەوییە) «بۆکوردستان»،٣. ڕێبازی نچیر کە ڕاوکەر پێشی دەگرن،٤. بەر، پێش، لای پێشەوە،٥. ×٢٣٠×: (چەنگی چەنگیزی بە خوێن پاراو بوون/ بۆ هەلاکۆ بەرەگە و سەر

ڕاو بوون) «بۆکوردستان».
**بەرەگەگیران:** لای پێشەوە لێ‌گیران.
**بەرەگەڵ:** بەرەگەڵا.
**بەرەگەڵا:** بەرەگەڵ، پۆڕگێکی سوور و سپی کە لە گەڵای دارمازوو دەردەچێ.
**بەرەگەلێ‌گـرتن:** پـێش لێ‌گـرتن، ڕێ لـێ برینەوە.
**بەرەگەلێ‌گیران:** پێش لێ‌گیران.
**بەرەلا:** ١. ئـازاد، سەربەسـت، ڕەهـا، بەرەزە، سەربەردای، گیاندار و ئـاوێ کە لە ڕۆیشتن‌دا بەرهەڵستی نەبێ: (بۆ بەندییەک، کە هیچ نەبـێ تا بەرەڵلا بێ/ بەپێی قانوون کۆشێ منال منالێ نـابێ) «گـۆران» ٢. خـوێڕی، خـووێڕی، تـڕۆ، سەرسەری، هەرزە.
**بەرەڵا:** بەرەلا.
**بەرەڵابـوون:** ١. ڕەهـابوون، ئـازاد بـوون،٢. بەرەڵا بوونی حەیوان،٣. بەرەڵابوونی زەوی لە پایزدا: (لەو تالآن و برۆیەدا، لەو بەرەڵا بـوونی باخ و بێستانەدا) «ئەمیری».
**بەرهلات:** ڕۆیی، چوو: چاک حوکەما گۆتنە: هەر چ زوو هـــات، زوو ژی بەرهـــلات) «گولشوون».
**بەرەڵاکردن:** بەرەلاکرن.
**بەرەڵاکـــردو:** جێ‌هێشـتی، بەجێ‌هێشـتوو: (لایەکی داخی گـوڵی بـابردوو/ لایە هـێلانەی بەرەڵلاکردوو) «هێدی».
**بەرەلاکرن:** ١. سەربەردای کرن، ئازادکردن،٢. لـێگەڕان، دەڤ ژی بەردان،٣. بەرەڵـلا کردنـی حەیوان: (دەک ماڵت خرا نەبێ! جا چۆن دڵت هـات؟! جا پیـاو سـەگی وا بەرەڵـلا دەکـا؟!) «هەزار ئەشکەوت»،٤. بەرەڵا کردنـی زەوی یـا مووچە،٥. بەری ئاو بەردان.
**بەرەڵاکریاگ:** بەرەڵاکراو، ئازاد.

**بەرەڵاکەردەی:** بەرەڵاکردن.
**بەرەلان:** بەردەڵان، بەرداوی، عەردێ ب بەرد.
**بەرەڵاوحەرەڵا:** ١. بێکار، بـێ‌وئیش: (بەرەڵا و حەرەڵا ئەخولییەوە بۆ هیچ کارێک ناکەی؟)،٢. ئـــازاد، بەرەڵا، سەربەســـت: (دەنـــگ‌دانەوەی ڕەوەزی ژووروو، جارجـــاریش جیکەجیکـــی مەل و باڵندەی بەرەڵا و حەرەڵا) «ئەمیری».
**بەرەڵایی:** ١. ئازادی، سەربەستی، ڕەهـایی،٢. بێکاری، بێعاری، وێڵی، وێڵگەردی: (لە ترسی بەرەڵلایـی و ئاکـاری نالەبـاری جەلالیەکـان) «توحفە».
**بەرەڵبێن:** بەرهەڵبینە: (دیـم کچێکـی لەبـاری لادێیی/ بـۆ نـویژ ڕادەخـا بەرەڵبێنـێ) «نـاڵەی جودایی».
**بەرەڵبێنە:** ١. بەرامپیل، بەرکـۆش، بەرهەڵبێـنە، پێش‌بەند: (لە خۆی داوە بەرەڵبێنە کچی کابانی گەردن‌کێـل/ بەنـاز و غەمـزە دەڕوانـێ، دەکـا شـینکەی نەرم پێشـێل) «هـێمن»،٢. ئـاوازێکی کۆنی گۆرانییە: (بەرەڵبێـنەی خـام هەلاوە هەر دەڕۆی و دەکراوە) «فۆلکلۆر».
**بەرەڵدا:** بەربەرەڵلا، بەرەڵلا، ڕەها.
**بەرەڵـداکردن:** ڕەهـا کـردن، بەرەڵـلا کـرن: (بەرەڵـــداکردنی نەفســـت زەهرەرخێـــزە و فەسادئەنگێز/ بە ڕەحمەت بـن قەدیمـی ئێمە فەرموویانە: «خەربەستە...») «مەحوی».
**بەرهلدان:** ١. هەڵگرتن، هل‌دان،٢. توونـاکرن، نەهێشتن: (یەکێ مزگێنی دا ئەنۆشیرڤانێ عادل کو بهیسـتم خـودایێ تەعـالا فـلان دژمنـێ تە بەرهلدا و نەهیشتن) «گولشوون».
**بەرهلکرن:** لادان، هلـدان: (پەردە ژ ڕوویـێ حەقـا بەرهلکـرن/ ئەشـقیبا ڕا دبیـد ڕێیـا بەرگەرین) «گولشوون».
**بەرەڵـــلا:** ١. ئـازاد، ڕزگـار، سەربەسـت،٢.

بەرەڵا، بەربەرەڵـــڵا، بێکــار، کەســێ کە هەر وا دەخـــولێتەوە: (ڕۆژ حەتـــا ئێـــواری بەرەڵـــڵا دەخولێتەوە)،٣. کەسێ کە گوێ نـاداتە داب و نەریتی کۆمەڵ،٤. حەیـوانی بـێ خـاوەن: (ئەم کەرە بەرەڵـــڵا کـراوە)،٥. شـوێن و جێـی بـێ ســـاحەب: (بە ڕەنگـــی فرمێســـک لێیـــان نووسرابوو/ قالە مرد، هەی داخ، بـاخ بەرەڵـــڵا بوو؟) «گۆران».

**بەرەڵڵابوون**: بەرەڵا بوون.

**بەرەڵڵاکردن**: بەرەڵا کردن: (ئەویش لە داخـان سەگەکەی بەرەڵڵا کردووە) «هەزار ئەشکەوت».

**بەرەڵڵایی**: بەرەڵایی.

**بەرەلنـــگ**: ١. دەرقـاچە، بەرەلینـگ،٢. لە بەر پێدا: (کـو بەر بەر دەسـت و مـار بەرە لنـگ/ مێـــرێ چـــێ و هۆشـــیار نـــاکە دەرەنـــگ) «گولشوون».

**بەرەلووت**: بەرەرووت، بەرەهووت، بێ ئاقان.

**بەرەلەپ**: بەری لەپی دەست: (ئەڵێن زەردێنە هێلکە دێنن ئەیسووتێنن بە هەر دوو بەرەلەپـا و دەست بە یەکا دێنن) «ڕشتەیمرواری».

**بەرەلەســـــەرهەتیوهەڵدانەوە**: بریتـــــی لە لالێکردنەوە و چاکە دەگەڵ کردن.

**بەرەلەقوڕدەرخستن**: سـەرکەوتن، ڕزگـاری لە کار و فرماندا.

**بەرەڵێخ**: بەرەنیخ.

**بەرەلینگ**: دەرقاچە، بەرلینگ، دەلینگ.

**بەرەم**: ١. ئەمبـار، شـەهک، غەمبـار، ئەنبـاری تفەنگـــێ،٢. ژووری زەخیـــرە و دەخـــڵ، ٣. بەرهەم، داهات.

**بەڕەم**: سڵ، سڵۆک، بەپارێز: (کوڕ، یـا کچـی مشکین موو، هەر دوو بە ڕەمن، ئاهوو/ تیـری نیگەهـی هەر دوو: دڵـدوزە، کـوڕ یـا کـچ) «ئەدەب».

**بەرەماک**: بێچووی تێکەڵ بە دایک لە دەشت، ئەو بەرخ و کـارکن ددەنە مێژانـدنێ بەرمـاک دکەن.

**بەرەمال**: ڕیزەمال، خانەدان، مالبات.

**بەرەماڵ**: گەورەماڵ، ڕیزەمال.

**بەڕەمای**: ڕاکردن.

**بەرەمگوری**: لاسامە، وەفر و واران سەخت.

**بەرەمۆ**: بەرەموو، بێچـووی ئـاژەڵ کە دەم لە گوان ناکاتەوە، بە زۆر دووری دەخەنەوە.

**بەرەمۆم**: بەرەمێو، پێندەڤە، تلپەی هەنگـوینی، خشت و خاڵی ناو پلورەمێش.

**بەرەمۆمە**: بەرەمۆم.

**بەرەمۆمەدای**: بەرەمۆم دان، هەڵسونی مـۆم بە شتێکا.

**بەرەمۆمەدریا**: مۆم تێ هەڵساوراو.

**بەرەمۆمەدرێ**: سواغدراو وە مۆم.

**بەرەموو**: بەرەمۆ.

**بەرەمەشـکانە**: بـرێ لە بەرەمەشـکەی ژاو بـۆ هەژاران بـۆ ئەوە پیـت و فەڕی مەشـکە زۆر بێ.

**بەرەمەشـــــکە**: ١. بەرەژەنە، بەرژەنە، ژەمەنە، کێمەشـک، کەرەی جارێـک مەشـکە ژەنـدن: (قازی هەموو ئەمانە وەرئەگرێ: سـەرقەڵەمانە، کەفـــارەی ســـوێن، نـــوێردوی جومعـــانە، بەر مەشـــکە کەرە و نـــۆبەرەی ڕەزان) «ڕشـــتەی مـــرواری»، ٢. بەخشـــینی کەرەی ئەوەڵـــین مەشکەی ساڵ.

**بەرەمێو**: بەرەمۆم، پێنـدەڤە، مێـو و خشـت و خاڵی زێدەی نێو پلوورەی مێش: (چەقـۆیەکی تیـژ، تـۆپەڵێ بەرەمێـو، جـامێ ئـارد) «هەزار ئەشکەوت».

**بەرەنان**: ١. بەشـەنان،٢. ڕادەی نـانی کـراوی سـەر کەوڵێـک گونتـک: (بەرێکمـان نـان

کردووە).
**بەرەندام**: بەربژار، دیاری، بژاردە، کاندید.
**بەرەندک**: پێشواز، پێشوازی، بەرەوپیری.
**بەرەندە**: ١. بەرندە،٢. پاشگر هاوردن.
**بەرەندەر**: بەردیل، شەکی دوساڵە.
**بەرهندێ**: ب خاترێ وێ، بۆنا وی کاری، ژ بۆ ئەوە.
**بەرەندیر**: بەردیل، مەڕی دوساڵە.
**بەرەنسکێ**: هەنیسک، هەنسک، بەرسینچکە.
**بەرەنگ**: بەرهەنگ، تەنگەنەفەسی.
**بەرەنگ**: ١. خاوەن ڕەنگ، ڕەنگی، ڕەنگدار،٢. بە هـۆی ڕەنـگەوە: (بە ڕەنـگ داپۆشـە)،٣. بەربرینگ، بەرهەنک، خورییەکی تازە وەختی بڕینەوەی بێ.
**بەرەنگــار**: بەرنگـار، بەرئەنگـار، بەرئەنگـارە، بەرنیگارە، توش، وەگژ، بەگـژ، گـژ، ئـاوڕیش، ئاوقا، دووچار، بەربەرەکانیا نیگار و نەخشـەیێ ئێکێ.
**بەرهنگــار**: بەرەنگـار، بەرئەنگـار: (خەلـک گەلەک بەرهنگار دبیت کو ژ پشتا خـۆ دانیـت و فەش ئەو قەبیل ناکەت) «گولواز».
**بەرەنگــاربوون**: ١. بەربەرەکــانێ کــردن، لە ئاســت وەســتان،٢. ئاوقــابوون، یێخەگــرتن: (بەرەنگــارم بــوو، وەک قورنــوو گیــرگەی لە بەرۆکم گرت) «عەسکەری».
**بەرهنگــاربوون**: دژ، ، دژبەر، بەرهەڵســتکار: (ئەو ئاوقــام بــوو، ناچــار منــیچ بەرەنگــاری بوومەوە).
**بەرەنگاری**: بەرهنگاری، دژایەتی، هەڤتوشی، ڕقەبەری، بەربەرەکــــانێ: (کە بەرەنگــــــاری دڕندەیەک بوویت و چەکی خۆپاراسـتن و ...) «مسعوود محەمەد».
**بەرهنگاری**: بەرەنگاری، دژایەتی.
**بەرەنگــاری کردن**: ١. لە ئاســت وەســتان، بەربەرەکانی کرن،٢. لە گژ ڕاچوون.
**بەرهنگاڤ**: بەرهنگێڤ.
**بەرەنگدار**: بەرهەنگدار.
**بەڕەنگ وبۆ**: بەگوڕ، بەهێز، بەکەیف.
**بەڕەنگ وبۆیی**: کەیفسازی، بەکەیفی.
**بەڕەنگ وڕوو**: شـاد، کەیفخـۆش: (ڕۆژێـک پۆڕێکی جوان، بەرەو چیای بە خێر و بێـر، بە ڕەنگ و ڕوو، فـڕیە سـەر کەنـک و شـاخان) «شەوارە».
**بەرەنگە**: بەرکەڵ، بەرکەلە، تاشـێ ک کەڵ وە پیەو وسێ.
**بەرهنگێڤ**: بەرهنگاڤ، لەزگین، بلەز، لەزوبەز.
**بەرەنیا**: ١. وەرەنیا، دەمەزەرد، بیراز(گاسن)،٢. بەرنانەوەی گیا: (سەرتەرە و بەرەنیا هەر دو لە گژوگیا/ ئەمیان لە ژێر گڵ و ئەویـان بە تەنیـا) «چنگیانی».
**بەڕەنیا**: پارچە ئاسنێکی تیـژ لە سـەر نـووکی گاسنی هەوجار تێکەڵ دەکرا و سۆر دەکراوە.
**بەرەو**: ١. ڕوو بە، بەر بە، بەر، ڕووەو: (زرەی بازن بێ!/ بەرەو لای من بێ!) «گۆران» ٢. بەر، پێش، پێڤە، بەردەم ٣. بـرۆ، ئەبـرۆ،٤. بـێەرەو، بیدەوە،٥. وازکە، بازکە.
**بەرهۆ**: کورتکراوەی (ئیبراهیم)ە.
**بەرەوا**: ١. بەرەو، بێەرەو،٢. وازێ بکە.
**بەرەوار**: بەرەوخوار، وەرەوار، بەرەوار.
**بەرەواژ**: بەرەواژی، واژی، ئاوەژوو.
**بەرەواژۆ**: کەلەواژی، بەرەڤــاژی، قســەی بێشەرمانە.
**بەرەواژی**: ئاوەژوو، بەراوپشت.
**بەرەوان**: ١. ناوبژیوان، ناوجێییکەر، نێوبژیوان، بەرەڤــان ٢. درگــاوان، دەرکەوان،٣. لایەنگــر، هەوادار،٤. بێری، بەرێکەر، بەریوان، بێریڤان.

**بەرەوانــی**: ١. بەرەڤـانی، نێـوبژی، نـاوبژی، ئاشتی،٢. درگاوانی، پاسەوانی،٣. هەواداری.
**بەرەوبا**: باگر، ڕوو لە با: (وەکو دارێکی سـەر چاکی بەرەو بام/ شەق و شـەمزاو و هـاڵۆز و قەڵاچۆم) «ڕاوچی».
**بەرەوبان**: سەرەوژوور.
**بەرەوبانی**: سەرەوژووری.
**بەرەوبڕ**: پێشاوبڕ، پێشەبڕکێ، پێشەبڕکە: (دیتم هەڵات گورجێ بەرەوبڕم داوە گرتم).
**بەرەوبڕدانەوە**: پێش ڕێی یەکێک گرتن.
**بەرەوبڕیدانەوە**: بەرەوبڕدانەوە.
**بەرەوبوون**: بەربوونەوە.
**بەرەوبوونەوە**: ١. کەوتنەخـواری، کەفـتن،٢. تێبەربـوون، گـڕدران،٣. قڵمبـوونەوە، ڕژانـدنی ئاوەکی.
**بەرەوبەر**: ١. ئەمبەر و ئەوبەر: (لەویـا جیـا ئەبنۆ، ئەچنۆ مـاڵ خۆیـان/ بەرەوبەر ئاوسـێ ئەڕوانــن بۆیــان) «قــانع»،٢. دەمەو، نــزیکەو: (بەرەوبەری ئێــوارە ڕەشـــانە کۆریســـەکانان گێڕاوە) «گورگ و بزن».
**بەرەوبیەی**: بەرەوبوون، بەربوونەوە.
**بەرەوپـــاش**: ڕوو بە دواوە، بەرەو دواوە: (ژ ملکا ئاش، ژ سنعەتا سمتراش، نەچە دیوانـا مێرێ بەرەوپاش) «پەند».
**بەرەوپیر**: بەرەوپیـری، پێشـوازی: (یەک دوو بچکۆڵە و دوو سێ پیرێـژن/ بە کاسـەی دۆوە بەرەوپیر هاتن) «گۆران».
**بەرەوپیری**: ١. پێشـوازی، بەرەوپیـر چـوون: (مەیخانەپەرست نەبوو و تووشـت کـردم/ بەو پیرییە بەرەوپیری ئەوینت بـردم/ ...) «خەیـام هەژار» ٢. ڕەوانە، بەدرەقە، بەڕێ ٣. بەرەو تەمەنی پیری چوون.
**بەرەوپێش**: بۆ پێشەوە، بەر بە پێش.
**بەرەوپێشچوون**: ١. چوونە پێشەوە،٢. تەرەقی کــردن: (مەڵبەنــدی زیــاد فێربــوونە/ پــلەی بەرەوپێش چوونە) «سەرهەنگ عەبدوڕەحمان».
**بەرەوپیل**: بەرەوپیر، پێشواز.
**بەرەوپێڵ**: بەرانپێچ، بەرانپێڵ، بەرکۆش، سنگ و بەرداپۆشی کاتی کار.
**بەرەوجێژن**: نـزیکەو جەژنـان: (دەسـرەکەی دەسـتت دوو گەز کەتـانە/ بێـنە بـۆت بشـۆم بەرەو جێژنانە) «فۆلکلۆر».
**بەرەوخستن**: خستنە پێشەوە، وەپێش خستن.
**بەرەوخوار**: ١. نشێو، لێـژ، لێژایـی،٢. ڕوو لە گەرمێن: (کوێر بم نابینم خێـڵ بەرەوخـواران) «سەیف».
**بەرەوخواربوونەوە**: سەر بەرەوژێر چوون.
**بەرەوخوارکردنەوە**: لارکرنەوە، قلْپدانەوە.
**بەرەوخوارکە**: بەرەوخوار، لێژ.
**بەرەوخوارە**: بەرەوخوار، نشێو.
**بەرەوخواری**: ڕوو لە لای خوارێ.
**بەرەوخۆر**: بەرەو ڕۆژ، ڕوو بە خۆر.
**بەرەودان**: ١. بەردانەوە، بەروەدان،٢. بەردان، بۆ بڵاو کردنەوە.
**بەرەودوا**: ١. بەرودوا، بە شـــوێن یەکدا، ل پەی هەڤ: (بەرەودوا وەرن)، ٢. ڕوو لە پاشـــەوە: (ئەرێ ئەو مـــاڵەی هەمە ئەیوەی نەزری ئەڵـلا بـێ/ وەرە بە شـەر کـۆچەکەت جوانیگیان بەرەودوا بێ) «حەسەن زیـرەک»،٣. کەمکەم: (چەقـــۆ کە زۆر بســـوێ بەرەودوا دەمەسوو ئەبێ و بڕشتی ئەڕوا) «پەند».
**بەرەودوانان**: بەرودونان، کەتن پەی هەڤ.
**بەرەودوایی**: بەروودوایی، ڕوو لە تەواو بوون.
**بەرەوڕوو**: ١. ڕووبەڕوو، ئیزبار، چاو بە چـاو: (ئەڵێ قەرزاری نیم؟ بەرەوڕووم بکەوە تا پێـی بڵێم)،٢. لە حاند، لە ئاسـت: (بەرەوڕووی مـن

درۆ دەکەی)،٣. بەرانبەر، ئەو لایەی کە مرۆ ڕووی تێیەتی: (برەوڕووت بڕوانە، بیبینە!)،٤. حەواڵە: (وامەکە ڕوی‌بەروی پیرۆت بکەرەوە)، ٥. دەمەوڕوو، بە دەمەوە: (ئەوشۆ هەر غەمن وا لە کەمین‌دا/ بەرەوڕووی خستووم بە سەر زەمین‌دا) «ماملێ».

**بەرەوڕووبوونەوە:** ڕووبەڕوو بوونەوەی دوو لایەن بۆ دەرکەوتنی ڕاستی مەسەلە.

**بەرەوڕووکردنەوە:** ڕووبەڕوو کردنەوە، ئێزبارکردنەوە.

**بەرەوڕۆیین:** بەرەوکەفتن، پێشکەوتن.

**بەرەوژۆر:** بەر بـئەڤرازێ، بەراژۆ، لای‌سەرو.

**بەرەوژور:** بەرەژۆر، بەراژۆ.

**بەرەوژۆرتر:** بەراژۆتر، بلندتر.

**بەرەوژۆرترەوە:** بەرەو بلێترەوە.

**بەرەوژورکە:** بەرەوژور، هەورازی کێم.

**بەرەوژورە:** ١. بەرەوژور، ئەڤراز،٢. هەورازە.

**بەرەوژوور:** بەرەژۆر، بەراژۆ.

**بەرەوژووربوونەوە:** چوونەسەر، هەڵکشان، چوونە لای ژووروو.

**بەرەوژوورتر:** بەرەژۆرتەر، هەورازتر.

**بەرەوژوورترین:** هەورازتەرین، ئەڤرازترین.

**بەرەوژووڕۆیین:** سەرکەوتن، هەڵکشان.

**بەرەوژوورکردنەوە:** هەڵکشاندن، ناردن بۆ لای ژوورەوە.

**بەرەوژوورکە:** بەرەوژوورە.

**بەرەوژوورە:** هەوراز، ئەڤراز.

**بەرەوژوورەوە:** بەرەوژۆرەوە.

**بەرەوژێر:** بەرەوخوار، سەرەوژێر، بەربژێر: (بەرەوژێر ببینەوە نوێژگەی سووره/ زۆر مەلای لێن کە نەچووم بمبووره) «بۆکوردستان».

**بەرەوژێرکە:** کەمێک نشێو، نشێڤ.

**بەرەوژێرە:** ١. نشێو، نشێڤ،٢. بەرەوخوارە.

**بەرەوژێرەوە:** ڕوو بە خوارەوە.

**بەرهۆستا:** شاگرد، بەرووەستا.

**بەرەوسەر:** بەرەوسەرێ، بەربژۆرڤە.

**بەرەوسەرەوە:** بەرەوسەر، بەربژۆر.

**بەرەوشەست:** ڕوو بە شەست ساڵی: (لە داوی مووی سپی هەرچی کچە هەر سڵ دەکەن، چبکەم/ تەواوی پس پسە قڵف و گەوەی تەپکەی بەرەو شەستم) «جومعەکان».

**بەرەوگەیشتن:** ڕووەوگەیشتن.

**بەرەولا:** ١. قیچەڵقاچ، قیلەقاچ، خواربڕاو،٢. لابەلا، خوار، لار، کەچ.

**بەرەولێژ:** بەرەوخوار، ڕوو لە نشێو.

**بەرەولێژایی:** هەڵدێرگە، ڕوەونشێوی.

**بەرەولێژکە:** ڕوەونشێوی کەم.

**بەرەولێژە:** ١. ڕوەونشێوی،٢. سەرەولێژە.

**بەرەولێژی:** بەرەولێژ، ڕوەونشێو.

**بەرەوماڵ:** ڕووبەماڵ: (بەرەوماڵ بوونەوە پۆلێک و پۆلێک دەچنەوە بۆ بژار) «هێمن».

**بەرەوە:** ١. لای پێشەوە، پێشڤە،٢. لای ژێرەوە،٣. سەرەوژوور، بەربژوور،٤. بۆی بەرەوە،٥. ماوە، مەیدان: (هێندە بە بەرەوە نییە)، ٦. بدەرەوە: (لێکی بەرەوە چاکی بزانە) «ف. بێکەس».

**بەرەوەبوون:** بەربوونەوە، داکەفتن.

**بەرەوەن:** ١. بەرەوان،٢. بەراوێژتوو(ژن).

**بەرەوەی:** بیدەوە، پێی بدەوە.

**بەرهوور:** تفەنگی لوولەتەسک، تفەنگی خەتخەتدار.

**بەرەوهەویر:** بەشەهەویر.

**بەرهەتاو:** ١. بەرتاو، بەربەڕۆچکە، بەرخۆر،٢. شاخێکە لە برووجەرد.

**بەرهەسوو:** ١. پەنابا ٢. داڵدە، پەنا، سایە.

**بەرهەڤ**: ١. ئامادە، تەیار، ساز، درست ٢. کۆم، کۆما، کەڵەکە ٣. بەراورد، خەمڵ، خەرس، تەخمین،٤. ناوە بۆ کچان.
**بەرهەڤبوون**: ١. ئامادە بوون،٢. بریتی لە کیرهەستان: (تیرا کو ژ عاجێ بەرهەڤ بو/ ئامانج ب سەفوەتا سەدەف بو) «خانی».
**بەرهەڤچوون**: پێشەنگی، لبەر پێشیا هەڤ چوون.
**بەرهەڤدا**: بەراورد، خەمڵ.
**بەرهەڤدان**: ١. جڤاندن، بەرهەڤکرن، بەرەڤکرن، کۆمکرن،٢. ل بەرابەرێ هەڤ ڕاوەستان.
**بەرهەڤدای**: بەرهەڤدایی، بەردایی، زەخیرە، پاشەکەوتوو.
**بەرهەڤدایی**: لاخستە، پاشەکەوت.
**بەرهەڤکار**: کۆکەرەوە، کۆوەکەر، خڕکەرەوە: (جاسمێ گۆربهشت ب خوە ژی هەلبەستڤان بوو، تۆریڤان و بەرهەڤکارێ گەلەک لال و دورێن زارگۆتنا کوردییە) «سەنار».
**بەرهەڤکرن**: ١. بەرهەڤدان، ئامادەکردن،٢. خڕکردنەوە، کۆکرنەوە: (هەما چوو هنەک پووش بەرهەڤ کر) «پەپووک».
**بەرهەڤهلدان**: مال زخیرە کرن، لاخستن.
**بەرهەڤی**: ئامادەیی، خڕکراوی: (بەرهەڤییا خوە دیار کر، ژ بۆ یارییێ).
**بەرهەڤۆک**: بەلاڤۆک.
**بەرهەڵبێن**: بەرهەڵبێنە، بەرهەڵوێنە: (داڵگە شووشەی چراکەی بە هەڵمی دەمی و بەرهەڵوێنەکەی خاوێن دەکردەوە) «کۆردەرە».
**بەرهەڵبێنە**: ١. بەرکۆش، پاشۆل، پێشگیر، پێشگیرە، بەرەڵبێنە، بەرمالک، بەرڤالەک، بەرڤانک، بەروانکە، بەرامپیل، بەرانپیل، بەراپیل، چادرک: (کابانی دەوڵەمەندی/ لێت جوان بەرهەڵبێنە) «حەسەن زیرەک»،٢. ناوی هەواییێکی گۆرانی کوردییە: (بەرهەڵبێنەی خام هەراوە/ حەریرە و بای نەداوە) «حەسەن زیرەک».
**بەرهەڵدا**: ١. ئازاد، بەرەڵڵا، بەرەڵا: (لەوێ خەوی لێکەوتووە/ ئێستریش بەرهەڵدا بووە) «هێدی»، ٢. خوێڕی، بێکارە.
**بەرهەڵدابوون**: ڕزگار بوون، بەردران: (فەرمووی سبەینێ با بەرهەڵدا بی/ شەش ڕۆژی دیکەش دەبێ تێدابی) «بۆکوردستان».
**بەرهەڵداکردن**: بەرەڵلا کردن، بەردان: (لە پاش وردەکوت کە زانی مردم/ گوریسی کێشا و بەرهەڵدای کردم) «بۆکوردستان».
**بەرهەڵدان**: بەرەڵا و ئازادکردنی بەندی و گیانداری گیراو.
**بەرهەڵست**: ١. دژ، دژمن، دوژمن، نەیار، ناحەز: (بەرهەڵستم دەکەم هەپروون بە هەپروون) «هێمن» ٢. تەگەرە، بەربەست، بەرووەست، کۆست، کۆسپ، سکر، بەرگێو، لەمپەر: (کامە جارە بێینە سەر دیداری ماهی تەلعەتت/ زولفی عەقرەب نێشەکەت، لێمان نەبێتە بەرهەڵست؟!) «ئەدەب»،٣. بەرەنگاری، دژایەتی: (تا ئێستا کەس نەیتوانیوە بەرهەڵستی بوەستێ و قسەی پەرچ بداتەوە) «هەزار ئەشکەوت»،٤. ناوە بۆ پیاوان.
**بەرهەڵستکار**: دژ، نەیار، دژایەتیکەر: (مەلا مستەفا کاتی نیشتەجێ بوونی لە سلێمانی لەگەڵ کوردە بەرهەڵستکارەکانی ئەوێ پێوەندی بەست) «لەمەهاباد بۆئاراس».
**بەرهەڵستکاری**: دژایەتی، نەیاری، ڕاوەستان لە دژی کەسێ.
**بەرهەڵستکردن**: ١. بەربڕینەوە، بەرووەستن، نەهێشتن، ٢. بەرەنگاری کردن: (جارێک

گۆرانەکـان پەلاماریـان ئەدەن و کوردەکـانیش بەرهەڵستیان ئەکەن) «ڕشتەی‌مرواری».
**بەرهەڵستی**: ١. بەربەستی،٢. بەرەنگاری.
**بەرهەڵنج**: بەرهەڵینج، بەرکوڵ.
**بەرهەڵـــوێنە**: بەرهەڵبێـــنە: (بە چمکـــی بەرهەڵوێنەکەی لووتی دەسڕی) «کۆردەرە».
**بەرهەڵێخ**: بەرەڵێخ، پشتیوانە، دیوارۆکەی بـن دیواری دیکە.
**بەرهەڵێنج**: بەرکـوڵ، وەرکـوڵ، بەرەچێشـت، نەوس‌بڕە: (دایکـم بەرهەڵێنجی بـۆ دەکـردم) «میرزا».
**بەرهەم**: ١. بەروبووم، سامان، رڤـز، بەرووبـۆ، بەرەجووت، حاسڵ، داهـاتی جووتیـاری: (تـا نەسووتێ بەرهەمی چینی هەژار/ تا نەبێتە دیل و بەندی، خوێندەوار) «ڕاوچی» ٢. بەر، ئاکـام، نەتـیجە: (بەرهەمـا خەبـاتێن گەلـێ مە، ئەڤ ئازادیا کو ل بن سێبەری وێ دژین) ٣. کتێب، پەرتـــووک، بەرهەمـــی بیـــری نووســـەران: (بـــاوەرییێن خـــوە ســـەر بەرهەمـــێن دیرۆک‌نووســـان، شـــاعیران دگـــۆتن) «مەستوورە»،٤. تێکەڵ، ئاوێتە،٥. ناوە بۆ کچان، ٦. ناوە بۆ پیاوان.
**بەرەهما**: خودای مەزنی هیندووەکان.
**بەرهەم‌ئاردەی**: بەرهەم هێنان.
**بەرهەم‌ئامای**: بەرهەم هاتن.
**بەرهەم‌ئاوردەی**: بەرهەم هێنان.
**بەرهەم‌بەربوون**: لە ڕووبەڕووی ئێک وەستان.
**بەرهەمدار**: ١. بەرگر، بەردار، بەبەر،٢. خـاکی بەکەڵک و پڕپیت: : (خـاکی ئانـاوارزا خـاک نییە، زێڕە، عەلی سەفابەگ تەمـاعی لە خـاکی ڕەش و بەرهەمـــدار و ئاتـــاوارزا بڕیـــوە) «حەمەدۆک».
**بەرهەمدان**: بەر دان، پێگەیشـتن: (خـاکی بە ڕێژەوی ئاناوارزا ساڵێ سێ جـار بەرهەم دەدا) «حەمەدۆک».
**بەرهەمگر**: پاوانکار، قۆرغکار.
**بەڕهەمەن**: بەڕەهـــمەن، پێشـــەوای ئـــایینی پیرۆزی بەڕاهمـایی کە یەکـێکە لە ئایینەکـانی هیندسـتان: (دڵە عەرشـی خـودا «مەحـوی»، خەجـــاڵەت بە لەبەر غەفـــڵەت/ کە بـــۆتە بوتکەدەی بێ بەڕهەمەن یا دەیری بێ ڕاهیب) «مەحوی».
**بەرهەم‌هێنـــان**: ١. بەرووبـۆ دان، بەر دان،٢. ڕەنێوهێنان، پێگەیاندن، بەخێوکردن،٣. سازدان، ژێ‌کرن،٤. خولقاندن، ئافراندن.
**بەرهەمێز**: بەرمـل، پاخـل، ئاومـل، لە ئـامێز گرتن.
**بەرهەنک**: بەڕەنگ.
**بەرهەنـــگ**: تەنگەنەفەســـی، هەناســـەبڕکێ، بەرەنگ، دەردێکی ناسراو و دیارە.
**بەرهەنگـــدار**: بەرەنگـــدار، تەنـــگەنەفەس، پشوسوار.
**بەرهەنگداری**: تەنگەنەفەسی، بەرەنگداری.
**بەرهەوا**: ١. بەربـــاد، بەربـــات، بێ‌ســـوود، بێ‌کەڵک، بێ‌جێ، فیڕۆ،٢. بێ‌واتا، بێ‌مەعنـی،٣. بەر با: (ئەو دێ وەکو خار و خەس هەبا بـن/ ئەم دێ وەکو بەرگێ بەر هەوا بن) «خانی».
**بەرهەواکرن**: وەبەربادان، بەربـادان، بەبـادان: (بسکان تو ژ خەمری‌یان جودا کە/ زولفان شە کە، پێکڤە بەرهەوا کە) «خانی».
**بەرەهووت**: بیابانی چۆڵ و قاقڕ.
**بەرهەیوان**: پێش‌هەیـوان، هەیـوان: (بە کـاکم بڵـــێن لە دیوەخـــانێ/ بە بـــابم بڵـــێن لە بەرهەیوانێ) «فۆلکلۆر».
**بەرەیْ**: ئەوە بێە، ئەوە بدە.
**بەرەیْ پیْ**: بێەرەیْ پیْ.

**بەرەی‌داهاتوو**: نەوەی دوارۆژ: (هەستە بخوێنە بـرا هێشـتا زووە/ زەحمەتـی تـۆ بـۆ بەرەی داهاتووە) «ڕاوچی».

**بەرهێشڤ**: بەر پارێز، پارێزکەر، پارێزڤان.

**بەرەی‌شەڕ**: بەرە، خەتی پێشـەوەی جەنـگ×: (حەسەن مەیتەر وەک سەرکەوتوویێکی بەرەی شـەڕ خـۆ بە سـەربەرز دەزانـێ) «هەزار ئەشکەوت».

**بەرهیڤ**: ناوە بۆ کچان.

**بەرهێڤی**: هیوادار، بەئاوات، هێڤیدار.

**بەرەی‌کار**: بەرژەوەندی کار، بەرهەمی کار.

**بەرهێنـان**: بەرگـرتن، هـاتنەبەر: (نویـد ئەی ئاشقانی دڵفگار، یار هاتە سەر خەنـدە/ سـەڵا ئەی بولبولان دیسان درەختی گوڵ بەری هێنا) «وەفایی».

**بەڕەی‌کلـکە**: بەو بەڕە دەڵـێن کە تـانەکەی دەزوو و پۆیەکەی بەنە.

**بەرەییسک**: قۆچەقانی، دارلاستیک.

**بەری**: ١. پـێش، بەر، بەرلەوەی: (ئـاخر بەری کـو هەوا سـار دبـوو، خـوە دگهانـد بەرییـێ) «پەپـووک» ٢. فـرە، فـراوان ٣. گوزەشـتە، ڕابردوو، بەر لە ئێستا ٤. بێ‌تاوان، بێ‌گوناح ٥. گەرمـێن، هەوارگەی زسـتان: (ڤێجـا ژ بەرێ خـوە ددا بەرییـێ) «پەپـووک» ٦. داری بەری، داری بەرهـێن: (داری بەری بەنـرخە) ٧. بەر، میوە، فیقی: (ژ گەر باغێ باغدار مەلێـک بخـۆ بەری/ ب دەرخن غولامـانە وی دارا ژ بنڤـا) «گولشـوون»،٨. گیرفـان، بەریـک ٩. بەرۆک، یەخە: (ژ خـودێ را ڤەکە بەنـدا بەرییـێ) «جزیری»،١٠. تەختایی، دەشت ١١. ساڵ: (بزنا چار بەری: چوارساڵە)، ١٢. بەش، پشک،١٣. بێ‌بەش، بێ‌بەهرە: (بیدی مەجنوونە وجـوودم لە هەمـوو بەر بەریـیە/ نە کەسـێ مـونتەفیعی یەک بەری یـا سـێبەرییە) «نـالی»،١٤. دوور، بەدوور: (تەحقیـق مەلەک وە یـا پەری بـوون/ لەورا کو ل ئاڤ و گل، بەری بوون) «خانی».

**بەڕی**: ١. بیابـان، سـەحرا ٢. بەڕوو، بەقەدر، ڕێـزدار ٣. بەڕوو، میـوەی داربەڕوو،٤. میـیەێ تێوڵ کرکڕی.

**بەرێ**: ١. بەر، لەپێش، لەپێشدا: (بەرێ کـارێ شەڕێ خوە بـکە) «پەنـد»،٢. پێشـوو، پێشـتر: (پاشـێ چـوو بەر تفکـا کـو وێ و خەسـوویا خوە، ڕۆژا بەرێ ل بەر کۆنێ ..) «پەپووک»،٣. دەرکە، درگـا،٤. کەڤـن، کـۆن، دوورژیـنە، دێرزەمان، زوودا: (.../ چاتر لەوە بم کە هەم لە دەستم نایە/ خوا ڕۆژی بەرێ بەو کڵە چـاوی ڕشتم) «خەیام هەژار»،٥. سادە، ئاسایی، عادی: (کرشمە و ڕازا بەرێ، عارف ڤەنابن لی دەرێ/ حەتتا د نێڤا ئـاگرێ، ئەو خەف نەبـت پەروانە ڕەقـس) «جزیـری»،٦. بەرگە، تـاقەت، تـوان، دەرەقەت: (کە بمـرێ عاشـقی زاری مەلائیـک بـێن ببیـنن/ دەڵـێن: ئەم بـاقەچیلکە نـاگرێ یـاڕەب، بەرێ گۆپـاڵ) «مەحـوی»،٧. ئەوەڵ، هەوەڵ: (هەر کـــــارێ دەکەم ڕۆژی بەرێ نووسراوە/ بۆ چـاک و خـراپ، خـوا قەڵەمـی لیداوە/ ...) «خەیام هەژار»،٨. بـدەیێ، پـێ‌بـدە: (وتیان: ئەوەتـا، مژەمـان بەرێ) «مەدهـوش»،٩. بەڵـێ، ئەرێ،١٠. ڕوو، ڕووی ڕۆیشـتن: (وێ مالباتێ بەرێ خوە ددا زۆزانان) «پەپووک»،١١. بەرە، بەرگ، دۆشـــین ڕان،١٢. کارمـــامز، بەچکەی ئاسک.

**بەڕێ**: ١. بەجـــێ، بەڕێوجـــێ، وەڕێ،٢. گوزەران، خێـو، پەروەردە،٣. بەڕە، بەڕ، گڵـێم: (ئەم ئیشاراتە بەجێگـایە و بەڕێ/ نەک وەکـوو چاوبەستە، تەڕکی بن بەڕێ) «حاجی قادر».

**بهـری**: چـوو، گـوزەراو×٧٨×: (وان سـالێن

بهری دا، ئەمانولاخان وەلییێ کوردستانا سنێ ناڤ و دەنگەکی باش قازانج کربوو) «مەستوورە».

**بەریا**: ١. بێە ریا، بیدەوە،٢. بازی بکە.

**بەریان**: ١. شەلەگەی ئاو داخستن،٢. نێرینەی و نێوەڕاستی جۆبار و چۆم کە تەوژمی ئاو لەوێ زۆرترە،٣. لەمپەر بۆ ئاو، توول و گیای بەرگری تەوژمی ئاو،٤. پێش، بەر، لەمپەر بۆ با: (بەریانی ئاو بگرە، بەریانی با بەردە)،٥. بەر ئەوان: (دۆڵی سەفتێ بنی پێرس، ڕێزان/ خۆش بوو، چۆن بوو کە لە بەریان بێزان!) «بۆکوردستان»،٦. بەرییان، بەرییا، لە پێشوو.

**بهریان**: بهوریان، ڕابردونەوە.

**بەریانی‌کۆن**: گوندێکە لای شەقلاوە.

**بەرێ‌ئاوا**: بەرەئاوا.

**بەرێ‌ئێش**: بەرداش، سەنگ ئاسیاو.

**بەڕێ‌بردن**: ١. حەواندنەوە، ئیدارەکردن،٢. بەڕێوەبردن، بەخێوکردن: (بابم بەڕێمان دەبا)، ٣. بردنە ڕێوە، دەس گرتن: (کۆرە کۆرەی بە ڕێ نابات) «پەند».

**بەری‌بۆ**: بێبەش بێ، بەری بێ: (کەس نەبۆ کافر، بەری بۆ جە دین) «بێسارانی».

**بەری‌بوون**: ١. بێ‌بەش بوون: (گەر لە تۆ دنیا بەری بوو، قەوم و خوێشت لێ بەرین/ گەر بەراتی بوو، هەموو عالەم بووە باب و برات) «مەحوی»،٢. بەدووربوون لە گوناح و هەڵە: (موسافیرپەروەرن یاری غەریبن/ ئەوانن وا لە هەر عەیبێ بەری بن) «حاجی قادر»،٣. بێ‌بەش بم: (بەری بوون جە سۆز نالەی بولبولان) «بێسارانی».

**بەڕێ‌بوون**: ١. چوون، کەوتنە ڕێ: (بەرەو شوێنێ بەڵێنیو دا بەڕێ بن/ دڵم بێ‌حاڵ و عەودالە لە دووتان) «ڕاوچی»،٢. بریتی لە مردن: (بارگەیان تێکەوە پێچاوە و بەڕێ بوون یاران/ لە دنێ وا بە تەنێ پاشی ئەوان من چ بکەم؟!) «هێمن».

**بەرێ‌بهار**: ناڤێ گوندەکە ل دەڤەرا دهۆکێ.

**بەری‌بەرین**: دەری دەرەوە.

**بەری‌بەگزادە**: بە کۆمەڵێک گوندی بەگزادەنیشینی دەورووبەری گۆلی زریبار دەبێژن وەک: بەردەڕەشە، نێ، کانی سانان، دەرەتفێ، پیرسەفا، یەنگیجە.

**بەری‌بەیان**: مەلابانگدان، دەمەوبەیان: (ڕۆڵەی تاقانەم هیوای ژیانم/ ئەستێرە گەشەی بەری بەیانم) «گۆران».

**بەری‌پەڕەگەڵا**: چتێکی وردی خڕە لە پشتی گەڵای مازوو پەیدا دەبێ.

**بەری‌پێ**: ١. ژێری پێ، سینکی پێ، بنی پا: (بەڵام هەر لە بەری پێ تا تۆقی سەری دە خاتوون ئەستێ دەڕوانێ) «توحفە»،٢. بەرپا، بەردەم، پێش پێ کاتی ڕۆیشتن: (لە ڕوخت دەرخە چرا بەڵکوو ببینم بەری پێم) «سالم».

**بەری‌پیرچۆپان**: ناوی مەزرایەکە لای گوندی گوێزێ لە بەشی گەورکاتی سەقز.

**بەرێ‌تەخمین‌کرن**: لە پێش‌دا پێش‌بینی کردن: (لێ کەس نکارە د بەرێ ڕا تەخمین بکە، کا وەلی وێ چ پرسان بدە) «مەستوورە».

**بەڕێ‌چوون**: ژیان، گوزەراندن، گوزەران کردن: (ئێمە پیرین، تڵیت نەبێ بەڕێ ناچین) «ئەمیری».

**بەڕێ‌خستن**: ١. کاری کەسێک جێبەجێ کردن، ٢. دانی پارە بە کاریگەر دوای کۆتایی کار،٣. میوانداری کردن،٤. ناردنی کەسێک بۆ جێگایەک.

**بەری‌خۆدان**: ڕووتێکردن، لێ‌نهێرتن.

**بەڕیخۆدەرکردن**: بریتی لە خۆ ڕزگار کردن:

(من لە تۆفانا بەڕی خـۆم دەردەکەم/ وا مەزانە دامەنی خۆم تەڕ دەکەم) «حاجی قادر».
**بەریخـــوە**: ڕووی خـۆت: (دوور نەکـی دا وی ژ دەرێ خـــوە، وەرنەگێـــڕی ژ وی بەری خوە) «جزیری».
**بەرێخوەدان**: تەماشاکرن، ڕوانین، نهێرتن.
**بەریخە**: بەریەخە، وەریەقە، بەرۆک، بەربەروو.
**بەریـــد**: قاســوو، پۆســتە، چەپەر: (بەریـدی عاشقان دیسا پەیامی دولبەری هێنا) «وەفایی».
**بەرێدا**: بەرێڤا، لە پێشوودا.
**بەریداتێ**: تێی بەردا: (بەکـرە بـزەی شـادی هاتێ/ تاژی نییە بەری داتێ) «ڕاوچی».
**بەڕیدە**: ئاوارە، ئاراگێڵ، هەڵوەدا، باوەژۆ.
**بەریدەرکەپێ گرتن**: گـێچەڵ تێئاڵانـدن: (لە پاشـی کـاکەمیر و کاکەشـێخان، هەی لە بـابی منـت کەوێ برایمـی دیـزکەرێ/ ئەگە بەری دەرکێی لە مەرگەیی‌یان دەگرت) «موکریان».
**بەریدەست**: لەپی دەست.
**بەڕێز**: ١. هێژا، ڕێـزدار، مـاقووڵ، بەڕوومەت، بەڕوو، ئوودە، قەدرگران،٢. ناڤێ مێرانە.
**بەڕیـــزە**: لە ڕیـــزەوە: (ئیســـمی شـــەریفی خۆرنەوەزان بوو/ دەورەی بەڕیزە بـاغی ڕەزان بوو) «پیرەمێرد».
**بەڕێژە**: کێـوێکە لە نزیـک گونـدێلی پیـران، کەلاتێ، فەترە زەمین لای سنە.
**بەریساندن**: جوورە ترێیەکە.
**بەریستان**: بیاوان، چۆڵەوانی، چۆڵستان.
**بەڕیش**: دۆبردە، نەخۆشییەکی ئاژەڵە، گووانی دێشێ و شیری ووشک دەکات.
**بەریشای**: دیەکەیگە لە گاوارە.
**بەڕیشەوەبوون**: بە تووشـەوە بـوون: (نـۆبەی ئەوەیە کفن و دفنـی تۆشـم بە ڕیشـەوە ببـێ) «پیکەنینی گەدا».

**بەڕیشەوەبەســـتن**: خســـتنەمل، بەســـەردا دان، بەسەردا سەپاندن.
**بەرێشیێ**: دەرچوون.
**بەرێڤا**: بەرێدا، زوودا، پێشدا، لە پێشوو.
**بەرێڤار**: بەرێوار، نێزیکی ئێڤار.
**بەرێڤارە**: عەسرانە، خوارنا پاش‌نیڤرۆ.
**بەریڤان**: ١. بەرەڤان، ناوبژیکەر، نـاڤبژیکەر،٢. ناوی کوڕانە.
**بەریڤـــــانی**: ١. نـــاوبژیوانی، بەرەڤـــانی، ناڤبژیوانی، ٢. شووان، شڤان.
**بەرێڤەبوون**: ئاودیوبوون.
**بەرێڤەکرن**: قووتدان، ئاودیوکرن.
**بەریڤێ**: بەر پێشی ڤێ، ژ ڤێ پێشتر.
**بەریقە**: بریقە، ترووسکە: (بەریـقەی کێشـدار خەت ئابەنووسی) «م.ح. دزلی».
**بەڕیقە**: بەردەڕەقە.
**بەریقەڵا**: نـــاوی شـــوێنێکە لە شـــاری کەرکووک✕: (سـاڵێک چـوومە کەرکـووک، لە قـــۆریەوە هـــاتم بچـــن بـــۆ بەری قەڵا) «ڕشتەی‌مرواری».
**بەڕیـــک**: ١. گیرفـــان، گیفـــان، کـــوورک: (گەردوون چتە؟ کێ بێ‌فەرە ڕووت لێناوە/ تیر و تەسەلە و بەریکی پـڕ لە دراوە/ ...) «خەیـام هەژار»، (بەریکا پارسەکا بـێ هـویردە نابیـت) «پەند»،٢. بەرۆک، یەخە.
**بەرێـک**: ١. بەرۆک، بەرۆ، بەروێ، پێسـیر،٢. بەریـک، گیرفـان: (ئـان ژی دوسـتی بەرێکـی بیت، کو هەردەمی بەرێک ڤالا بوو، دوستینی‌یا وی ژی تمام بـوو) «گولـواز»،٣. لایێـک، هەر تەنها بەرێ: (تەنها بەرێ بکێشە).
**بەریکـــان**: بەریکـانە، بەریکـانێ، کێبەرکـێ: (وەرە مـن و تـۆ بەریکانـا غـاردانێ بکەیـن) «بێریڤان‌وهیڤی».

**بەرێکانە**: بەریکانە، ململانێ: ×١٦ فەقێ تەیران××

**بەرێک**: بەرەیەک: (ئەو چوار پێنج بزن و مەرێکی هەیە/ یەک دوو پەلاس و بەرێکی هەیە) «قانع».

**بەری کانی**: گونجە و ئاوەڕۆی کانی: (نەختێ بەری کانیەکەی بە دەست خاوێن کردەوە) «پێکەنینی گەدا».

**بەریکانێ**: ململانێ، کێبەرکێ: (جارەکی رۆژ گۆتە هەیڤێ: وەرە دا بەریکانێ بکەین) «بێریڤانوهیڤی».

**بەری کران**: بێبەش کران، بەش بران.

**بەری کردن**: بێبەش کردن: (حاسڵی خەڵقی ئەبێتە نۆکەر و عەبد و کەری/ ماڵی ئیسلامی بە قوڕ گرت و لە دین کردی بەری) «ف. بێکەس».

**بەرێ کردن**: دۆشین، بەرەکردن ڕان.

**بەڕێ کردن**: ١. بۆ حورمەت دەگەڵ میوان چوون: (کوڕم! میوانەکە نابەڵەدە، بەرەڕێی کە)، ٢. ناردن، ڕەوانەکرن، شاندن، کیاسەی، کیاستەی، کەلکردن، کیاندن: (هێشتا چاوی بە خەوەوە بوو دایکی قولاپەکەی دا دەستی، بەرەو گۆمە سوور بەڕێی کرد) «نیساری»،٣. جێبەجێ کردنی کاری کەسێک: (دا ڕۆڵە ئەو مشتەریانە بەڕێ کە)،٤. میوانداریتی کردن، حەواندنەوەی میوان: (کچە ناونجیش ئەڵێ: من بە هێلکەیێک دە میوان بەڕێ ئەکەم) «گوڵونێرگز».

**بەڕێ کردنەوە**: ناردنەوە: (پیرێژن منالانی بۆ ماڵە خۆیان بەڕێ کردەوە) «شێربەگی».

**بەرێکەر**: ١. بەرەوان، بەرەڤان، بێری،٢. گوندێکە لای ئامێدی.

**بەڕێکەر**: کەسێ میوان بەڕێ دەکات.

**بەڕێکەوت**: بەهەڵکەوت، بەدەگمەن: (بەڕێکەوت دەرکەوت لە گۆشەی ڕەشماڵ/ وەک مانگ لە هەورا بنوێنێ جەماڵ) «پیرەمێرد».

**بەرێ کەوتن**: ڕۆین، ڕۆیشتن: (دەستور بدەن هەر ئێستاکە/ زووتر بەڕێ‌کەوم چاکە) «ڕاوچی».

**بەری گران**: بەردی مەرمەڕ، کەڤرێن بوهادار: (سەندووقا تربا باڤێ من ژ بەری گران چێ کری) «گولشوون».

**بەری گشکی**: لەپێش هەموو شتێکدا: (وی بەری گشکی حوسێن خانێ لور ب ئارتێشەکا گران ڤا شاندە سەر خالۆخان) «مەستوورە».

**بەریکڤال**: گیرفانخالی، بێپارە.

**بەرێکڤەهاتن**: کران، بە ئەنجام گەیشتن.

**بەرێ کوژی**: بەردی گۆشە.

**بەڕێکەوت**: بەهەڵکەوت، بەدەگمەن: (بەڕێکەوت هەرچی بۆی ڕێکەوت ڕۆژێ/ وەک دەعبا پەنجەی دایکی ئەکرۆژێ) «پیرەمێرد».

**بەریگ**: تیر، فیشەک، گولە، گوللە.

**بەریم**: بێبەشم، لێی دوورم: (من جە دینی تۆ بێزارم، بەریم) «بێسارانی».

**بەریما**: بنجی، بنگەهی، بنیادینی، بنچینەیی، نەژادی، نژادی.

**بەرێ مشدی**: دەرئەچن.

**بەرێ مە**: لە پێش ئێمەدا: (بەلکی گەلەک جامێر و نفیسڤانێن جەفاکێشێن کورد، بەرێ مە و ژ مێژڤە ب ڤێ کارێ پیرۆز ڕابوونە) «ف.پ.پ.».

**بەریمەشک**: بەری دارمازوو. ×١٦١ کانی×

**بەری‌مێرگان**: بە گوندەکانی بادیناوا، گرڕەحمەت، گرباسک، گرشەیتان، کەوپەڕ،

بێکۆس، ئاوخواردا، قوتابەگیـان، دووتـرکەش، شارەک، سێ‌یەکان و چەکۆ دەڵێن، کە سـەر بە شاری پیرانشارن: (هیچ پەکم پێ ناکەوێ/ تۆم کابان بی ناسک‌گیان/ خۆشە پـێکەوە بکـوڵێن/ وەک لەپەی بەری‌مێرگان) «فۆلکلۆر».

**بەرین**: ١. پان، پێن، فرەوان، فراوان، بەریندار: (عەرشی بەریـن کە دائیـرەیە، ڕەوزە مەرکەزە/ فەرشی زەمین بە عەرسەیی تەیبە موجەوهەرە) «نـالی» ٢. داری بەریـندار، لـک و پـۆپ زۆر: (سال دبورن و هەر تویا گەشی/ بلند و بەرین و سیبەر خۆەشی) «سندی»،٣. بەرۆک، ئـێخە٤. بەرگ، بەرگــین، پێشــین، پێشــوو، وەریــن، لەمێــژینە: (یــارانی وەریــن ئــاوردم وە یــاد/ بەردەبێ فەلەک خاکشان وە باد) «ئەنساری»،٥. بەرزتر،٦. بەردان، بەرگرتن: (ژیـان شـتلکا تەر و نازکە، هەکە نەهێتە سەخبیری کـرن، نـاهێتە بەرین) «پەند»،٧. ئەوەی دەرەوە.

**بهرین**: بهریان، بهۆرین، ڕابهرین، ڕابردوون.

**بەرێــن**: ١. پلەیەکــی ســەربازییە، بەرابەری سەربازان ٢. وەران، بەران: (شاخێ بەرێن بـلا ل سەرێ بەرانی گرانی کە) «پەند».

**بەریناس**: چاڤنیاس، سەوادزان: (چوهبند نەبۆ ســاحب رەواجــان، بەلـکە ژبـۆ بچووکێـت کرمانجان/ وەکی ژ قورئانی خلاس بـن، لازمە ل سەوادێ چاڤناس بن) «خانی».

**بەرینــان**: پێشــینیان، پێشــینان، ڕابـردووگەل: (کەسـێک دنیـای زۆر دیبــێ، ئەو عــاقڵتر و چازانە/ چومکە قسەیە، بیستوومانە لە بەرینـان و پێشینانە) «لاس‌وخەزاڵ».

**بەرینــایی**: بەرینــی، پانــایی، پــانی، پێنــایی، هەراوی: (لە درێژایــی دەردێنــێ، لە بەرینــایی دەکاتەوە!) «پەند».

**بەرینجــک**: دارپشــت، داری لە ئەنــدازەی فەرش لە پشتی تەون دەخرێ.

**بەرینک**: گیرفان، گیفان،

**بەرینگار**: بەرەنگار.

**بەرینگارگیر**: بەرەنگارگیر.

**بەرینگاڵ**: پەزی تیسک درێژ.

**بەرینگۆڵ**: بەرینگاڵ.

**بەریــنە**: ١. پێشــوو، بەرگ، بەرگــین، مێــژینە، قەدیمی،٢. ڕاس‌کردنەوە و بەریـن کـردنەوەی پەرەکــانی گاســن،٣. پــانە، بەرینــی هەس،٤. ئەوەی دەرەوە،٥. گوندێکە لای قەڵادزێ.

**بەری‌نها**: بەر لە ئێستا، پێش ئێستە، پێشتر.

**بەرینی**: ١. قەدیمی، مێژینە، مێژوویی، پێشـینە، ٢. بەرینداری، پانی، پانتایی، پێنایی.

**بەرێوار**: بەرێڤار، نێزیکی ئێڤار.

**بەریوارە**: بەرئێوارە، دوای نیوەڕۆ، خۆراوا.

**بەرێوارە**: ١. خـۆرەزەردە، بەرئێـوارە، عەسـر، دوانیوەڕۆ،٢. عەسرانە، خوارنا پاش‌نیڤرۆ.

**بەرێــوان‌کەر**: بەریڤــان، بەرەڤــان، نــاوبژیکەر، نــاونجیکەر: (شــەڕکەر لێــک دەبــوونەوە، بەرێوان‌کەر دەستیان هەڵنەدەگرت!) «موکریان».

**بەریوانی**: بەرەڤانی، نێوجیگەرێتی.

**بەرێ‌وجــێ**: ١. عــاقڵانە، پەســند، بەجــێ، پوخت، کردار یا گوفتەیێ لە جێی خۆیدا بـێ: (قسەکانی زۆر بەرێ‌وجێ باس دەکـات)،٢. لە ئەسـپابی میوانـداری‌دا تەیـار،٣. ڕێک‌وپێـک، جـوان، ڕازاوە: (سـلێمانیم بەرێ‌وجـێ‌یە/ هەر ساڵ حاکمێکی لێ‌یە) «حەسەن زیرەک».

**بەری‌وزۆزان**: گەرمـێن و کوێسـتان: (هــاڤین زڤستان بەری و زۆزان دکر) «پەپووک».

**بەرێ‌وشوێن**: ١. لە کاری کۆمەڵایەتی‌دا زانا، ٢. تەکووز، ڕێک، مورەتەب.

**بەرێــوە**: بــرێڤە، بەرێ، بەرێگــادا، کــاری ڕۆیشتن: (شوانەکەی بەرێوە/ کیسە و قەنـنەی

پێوە/ ماچی کە ئەو لێوە) «فۆلکلۆر».

**بەڕێوەبردن**: ئیدارەکرن، پێچاران، بەخێوکرن.

**بەڕێوەبوون**: لە سەفەردا بوون: (یارەبی نەباریّ باران تاقە گوڵەکەم بەڕێوە) «ماملێ».

**بەڕێوەبەر**: ١. بەخێوکەر، حاملێنەر، پەروەردەکار، ٢. ڕابەر، پێشەوا، پێشڕەو،٣. هەڵسووڕێنەر، مودیر: (دیارە بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکە ڕاستەوخۆ بەرپرسیاری ئەو نووسینەن) «جەمالنەبەز»،٤. بەرپرس، کار بەڕێوەبەر.

**بەڕێوەچوون**: ١. ڕۆیین، چوون، بەڕێگادا ڕۆیشتن، ٢. بەخێو بوون، گوزەران کردن.

**بەریە**: بەری بدە، ئازادی بکە: (کوتم من گۆشت ناخۆم، بەریە با بڕوات) «ئاوێنەی بێگەرد».

**بەڕیە**: بەڕ، بیابان، دەشت، وشکانی، وێشکایی: (نایێلم ڕاوی خۆت باوێیە بەڕیە و بیابانی لە دووی کەرووشی گەرمەلانە) «مان».

**بەریەخە**: وەریەقە، بەربەروو، بەرزی، کوتە پارچەی بۆ قایمی بە بە یەخەدا دەردووردریّ.

**بەریەزمە**: دووری، برین پێوەندی.

**بەریەکی**: کەساتی، تایبەتی.

**بەریەمیّ**: کووزەڵە، گیایەکی تیژە خواردنی بۆ ژنی زەیستان باش نییە منداڵ لەبار دەبات.

**بەریّهۆلیّ**: بەریّ زانینا گەرما و سەرماییّ زستانیّ. دبێژن گەلەک ژ پیرەمێرێت کوردان د هاڤینیّدا دا ب کارەکیّ سەیر ڕادبوون بۆ نەتیجە بدەست خۆ ئێخستنیّ ژ دژواری و نەدژواری، یا سەرما و گەرما و قەومینێت د زستانیّدا کو دیّ پیّ ڕووبەروو بن، گۆیا سیّ قولکەیان هەڵکەندووە و سەریان بە چرپی داپۆشیوە و ماوەیەک لیی گەڕاون، لە ڕووی ڕادەی شیّ و تەڕایی کۆوەبوو پێشبینی بارودۆخی زستانی داهاتوویان کردووە.

**بەڕیی**: ١. بیابان، دەشت،٢. گیرفان، گیفان،٣. بەڕوو،٤. پێشوو، بەر،٥. بەردار،٦. ساڵ بۆ تەمەنی ئاژەڵ: (بزنا چاربەری: بزنی چووار ساڵانە).

**بەرییە**: بەری بۆ میّ.

**بەز**: ١. پی، پیو، پییە، وەز، دوهن، چەوری ناوزگی ئاژەڵ بیّ لە دووگ: (بەزی بە کتکی بسپێرە!) «پەند»،٢. باز، غار، بەغار، ڕەڤ، ڕەو، بەزین، بەزاڤ: (تو ژ ئەمریّ کیّ هەر تێی ببەز) «فەقیّ تەیران»، (بەزاڤی هەسپی خوەشە: غاردانی ئەو ئەسپە خۆشە) ٣. بەرەوخوار هاتن: (لە ئەسپ دابەزە) ٤. خۆهەڵدان: (هەڵبەزە) ٥. پاشگری بە واتا جێی پشوو: (ئوردوبەز)،٦. لە وشەدا مانای توند و تیژ دەدا: (خۆشبەز)،٧. مانای بەزاو دەدا: (نەبەز)، ٨. جموجۆڵ، جووڵە، حەرەکەت: (زکر دکەن ب ڕەمز و ڕاز/ ژ بێهنا گولا باغیّ مەجاز/ ئاشیّ دلیّ وان هاتە ساز/ ژ چەرخ و گوڕ بەز ڤێکەتیّ) «فەقیّ تەیران»،٩. بەزەیی، ڕوحم: (دە گویّ بێنە پەنا کورکەی دڵی تەنگ/ بەزێکت بیّ بە ناڵینی شەوانەم) «ڕاوچی».

**بهز**: بەهێز، قەوی: (خیرەتا کوردایەتییێ بال خان ئەحمەد خان گەلەکی ب هز بوو) «مەستوورە».

**بەزا**: ١. بەزۆ، تیژڕەو، غارا، غاردەر، لنگدەر، خۆشڕەو، خۆشڕۆ، خۆشبەز، چوونخۆش، رەهوان: (من بۆرەکیّ مەعنەک دڤیّ/ بەزایەکیّ چەلەک دڤیّ/ نە ژ ییّ ببەر لەڤەک دڤیّ/ من غەمرەڤێنێک ڤێکەتیّ) «فەقیّ تەیران» ٢. هاوزیّ، هاوزک، هەمتەمەن ٣. شکستخۆر، ئەوەی زوو دەبەزیّ،٤. شکسنەخۆر، نەشکاو: (دەمگوت: من کوردێکی ئازام/ نابەزم، ناکەوم،

بەزام) «هێدی»،٥. بەزی، شکستی خوارد.

**بەزابتە**: بەزافتە، بەسام.

**بەزات**: زاتدار، بەجەرگ، بدەک، ئازا، بوێر.

**بەزاتبوون**: وێران، نەترسان.

**بەزاج**: ١. ساختەچی، فریودەر، فێڵباز،٢. نەکێشی، سەرپێچی، لامۆفەک، فێڵبازی، ساختەچیەتی، دوزمانی، شۆفاری.

**بەزاجکەر**: دووزمان، شەیتانیکەر، ئاوریبن‌کا.

**بەزاخ**: ١. ئازا، بەکار، جامێر، جوامێر ٢. دووڕوو، دوزمان، شوفار، بەزاجکەر.

**بەزاخگەر**: دووزمانیکەر، شەیتانیکەر.

**بەزار**: بەزمان، زارەکی.

**بەزاز**: ١. بەززاز، گەزفرۆش، کوتاڵفرۆش: (وێڵ بووم لە خاڵ سینە و مەمانی/ چوو بەزاز دەرچید سو لە دکانی) «خانمەنسوور»،٢. دەسفرۆش، چەرچی پارچەفرۆش: (حاجی عەلی دەوڵەمەندێکی قورس بوو، بازاڕی ئەوەندە گەرم بوو، کاری بەوە باش بوو کە وەکوو بەزاز و چەقاڵ وردەفرۆش نەبوو) «پێکەنینی گەدا».

**بەزازی**: پارچەفرۆشی.

**بەزافتە**: بەزابتە، پیاوی بەهەیبەت.

**بەزاڤیت**: ١. لەقەم، ڕەخنە، عەتەو،٢. ڕەخنەگر، ئیرادگر.

**بەزام**: زامدار، دەردەدار: (گوێ پڕ بوو لە ناڵەی بە زامان/ هەرتک بە وڕی سەرێکی ڕامان) «هەژار».

**بەزان**: ١. بەزین، گاڕبوون، شکان ٢. غاردان، هەڕاکرن ٣. دابەزین، هاتنەخوارێ لە سواری، ٤. گوندێکە لای ڕانییە.

**بەزاندن**: ١. ڕا پێکردن، غار پێکرن، تاو دان، ئاژۆتن: (تم ئاستەنگان بزانی/ ئانگۆری وانا گۆتی:/ هەسپێ خوە ببەزینم) «سەنار»٢. بەزانن، شکانن، شکستدان: (گای شا گای وەزیر ئەبەزێنێ) «ڕشتەی مرواری»٣. بلوێربەزاندنی منال: (منداڵەکە فێری بەزاندن بووە، شەو لە بێشکەدا دەمیزێ) ٤. بۆڕدان، گاڕدان، حیزنای، بەسەردا زاڵبوون.

**بەزانن**: شکست پێدان، شکاندن.

**بەزاوابوون**: ١. بوونە زاوا، ژن هێنان،٢. لابردنی پەردەی کچێنی بووک لە لایەن زاواوە.

**بەزاوانەبوون**: بەستان، بەستران، گیران.

**بەزتن**: ١. بازدان، قەڵەمبازدان، یاری کرن: (زار ب بەرفێ دلەیزن/ ل هەڤ دچن، دبەزن) «سەنار»،٢. بۆ لا چوون بلەز: (گاڤا وان ئەو دیت، کورێ وی یێ بچووک بەر ب وی بەزی) «مەستوورە»٣. بارخستنی کاروان ٤. داوەزین، دابەزین،٥. بەزین، شکان، تێشکان.

**بەزچاو**: بەزی چەم، گۆشتێکی زیادە بە پەلکی چاوەوە.

**بەزداخ**: داخ‌کردنی قەڵەشتی دەس و پێ، بە پیو بۆ نەرمبوونی.

**بەزدار**: تێربەز، چاق، قەڵەو.

**بەزدۆک**: بازگە، پلیکانی پەڕش، جێی بازدان لە ئاوێدا.

**بەزدۆنەک**: بەزدونەک، بزدۆنەک، خوێڕی، ترسەنۆک، قزە، بێهەناف، بزدیای: (ئەی هەوار ئەڤە چ مرۆڤەکی بەزدۆنەکە).

**بەزدۆنەکی**: ترسەنۆکی، بێهەناڤی، خوێڕیگەری.

**بەزدین**: ١. ترساندن، تۆقاندن،٢. ترسان، ترسیان.

**بەزدیین**: بەزدین.

**بەزر**: ١. بزر، گوم، نادیار، وون، وندا ٢. بنەتوو، بەزرە، توو، تۆم، دانی گیا،٣. توخم، تۆوی مرۆڤ: (نابێ لە بەزری مەجید بێ).

**بەزراو**: ئازا، نەترس: (ئەوەندەی لە ڕاست دوژمنان ئازا و بەزراو بوو) «شەرەفنامە».

**بەزرپاش**: ١. مەکینەی تویەمخەر،٢. ئامێر بەزرخەر.

**بەزرپاشی**: بەزر خسن.

**بەزرپاشین**: هەن هەن بەزر خسن.

**بەزرخسن**: بەزرپاشی.

**بەزرک**: بزرۆک.

**بەزرلەناو**: هێزدان خەرمان و ماسییەوە ئەمار بردن.

**بەزرۆک**: بزرۆک، وردەزیپکە.

**بەزروونج**: گیایەکی هەمیشەیی‌یە گەڵای خڕ و ورد و بۆنخۆشە.

**بەزرە**: بەزر، توو، بنەتۆم.

**بەزرەک**: ١. گیایەکە بەرێکی وردی هەیە دەکوترێ و بۆ دەرمان دەبێ ٢. تووی کەتان، تۆکەتان.

**بەزرەونج**: بەزروونج، گیایەکی زۆر بۆنخۆشە.

**بەزرەک**: کتاف، گیایەکە بەرێکی وردی هەیە دەکوترێ بۆ شکاندنی ژانی لەش بەکاری دێنن.

**بەزرەونج**: گیایەکی خۆڕسکی دوو ساڵەیە، تۆزێ کورکنە، بۆ چارەسەری بڕێ نەخۆشی باشە.

**بەزسینا**: ناوی جێیەکە لە کوردستانی ئێران××: (بنکەکانی سپا یەکیان لە خرێنەیە و ئەوی‌تریان لە «بەزسینا»یە لە زەوی ئێراندا) «لەمەهاباد بۆئاراس».

**بەزک**: Bezk قوماری پەرانتوویە.

**بەزک**: Bezik ب زک، ئاووس، دووگیان.

**بەزکوڵین**: بریتی لە سەرما پێ خۆش‌بوون: (بەو زستانەی ئەو دەرک و پەنجەرەت بۆ کردۆتەوە، مەگەر بەزت دەکوڵێ؟).

**بەزکە**: بەزەک، خەمڵ، ئاڕایش، ئاڕایشت، لاولووسکە، جوانکاری.

**بەزکەکەر**: ڕازێنەر، خەملێنەر، ڕازێن، جوانکەر، شانەکار.

**بەزگ**: بەزە، بەزێ، غەمگین.

**بەزگرتن**: قەلەوبوون، گۆت گرتن: (هەرچەندی زۆری بخۆن ئەو بەز پێ دەگرێ) «خاک و چەوسانەوە».

**بەزگرتی**: قەڵەو، گۆشتن.

**بەزگەر**: جۆتیار، جووتیار، تۆوچێن، وەرزێر، فەلا، فەلاح، جووت‌بەندە.

**بەزگەھ**: گۆڕەپانی یاری.

**بەزل**: ڕکابەر، هەڤبەر، بەرانبەر.

**بەزلە**: ١. حەنەک، شۆخی، گاڵتە، جەفەنگ،٢. گوندێکە لە ناحیەی زوماری هەرێم.

**بەزلەگۆ**: حەنەکچی، شۆخیکەر، گاڵتەجاڕ: (هن مەست و هنەک دکر دەبەنگی/ خوانندە و بەزلەگۆ و چەنگی) «خانی».

**بەزلەگۆیی**: حەنەک‌بێژی، چوولەیی، قسەخۆشی: (بولبولی تەبعم ئەوا دیسان ئەناخوانی دەکا/ نوکتەسەنجی و بەزلەگۆیی و عەنبەر ئەفشانی دەکا) «نالی».

**بەزم**: ١. ئاهەنگ، گۆبەن، زەماوەند، لۆخانە، لووخان، بەزم و ڕەزم، ڕەزم، شەوق، شاهی، شایی، شادی و کەیف: (گوڵشەن وەکوو بەزمێکە کە ئاحادی هوزاری/ بۆ تاقە گوڵێکی گەییە ڕوتبەی میئات) «نالی» ٢. گەڕ، دەبە، تەشقەڵە، کێشە، رووشە: (چۆن بەزمێکمان پێ‌دەکا؟)،٣. ئەدا، بیانوو، گڕوو،٤. بە عەزم، بە نیاز،٥. میوانی، کۆڕی خۆشی و ڕابواردن،٦. کۆڕی زیکر×: (لە شەوی بەزمی خانەقای زەمبیل/ هاوار دەکەم یاڵڵا و یاگەیلانی)

«حەسەن زیرەک».
**بەزمان**: ١. بەدەڤ، زارەکی، بە ووتە، بە زار، ٢. زمانڕەوان، قسەزان، دەمپاراو،٣. زمانلووسی: (بە زمان ڕازیان دەکات).
**بەزمانهێنان**: هێنانە قسە، ناچار کردن بە دوان: (حەسەنم گەورە کرد بە کەڕولاری، حوسێنم گەورە کرد بە کەڕولاری، بە زمانت هێنام بە زەبری هەویداری) «پەند».
**بەزماوەرد**: لاناوە لە یەخنی.
**بەزمئارا**: ڕازێنەرەوەی کۆڕی ڕابواردن: (ئەوا ئەی شەمعی بەزمئارای دین، پەروانەکەی خۆت هات) «بێخود».
**بەزمبەسات**: بەزموبەسات: (خەزانەی زەینم پڕ بۆ نە گەوهەر/ پەی بەزمبەسات سەڕافان دەهر) «ئاوێنەی بێگەرد».
**بەزمبەهەشتبێز**: ئەوەی کۆڕی بەزمی هێندە خوەش بێ کە بەهەشت لەبەر چاو بخا.
**بەزمپێگرتن**: ١. گڕوو گرتن، ئەدا دەرێنان،٢. تووڕە بوون و گەڕ پێگرتن.
**بەزمپێگێران**: بەزم پێگرتن.
**بەزمژک**: گەنە، گەنەی وڵاخان.
**بەزمساز**: بەزمگێڕ.
**بەزمسازکردن**: ١. کۆڕی خۆشی پێک ئانین،٢. گڕوو گرتن، تەشقەڵە ساز کردن.
**بەزمشک**: ١. بەدەم، بەزار، بزمان، زارەکی، زمانڕەوان ٢. گەنی، گەنیو، بۆگەن، مردار، کەلاک.
**بەزمک**: ١. قرنوو، گەنە،٢. جۆرێ ئەستووندی چادر و خێوەت.
**بەزمگا**: بەزمگە، شادیگە، جێی ئاهەنگگێڕان: (شەمع بەزمگەی مەهجووری و دووری/ میعمار ئەساس پایەی سەبووری) «مەولەوی».
**بەزمگرتن**: ١. سازدانی کۆڕی وەشی: (وەرن بەزمێکی مەشرووعانە بگرین/ بە کوێریی چاوی پەرویز و جەم و کەی) «بێخود»،٢. گڕوو گرتن: (کوڕەکەم بەزمی گرتگە بۆ ژن).
**بەزمگە**: بەزمگا: (ئەو جا بەزمگەی کەس جێ نە ڕەستە/ مەنزڵگەی سەیاد هەزارن خەستە) «مەولەوی».
**بەزمگێڕ**: بەزمساز، ئاهەنگگێڕ: (بەزمگێڕەکان لە پشتی سەری تەیموور جێگای خۆیان گرت) «پێکەنینیگەدا».
**بەزمگێڕان**: ١. گێڕانی بەزم و شایی،٢. کێشە نانەوە.
**بەزمگێڵنای**: بەزم گێڕان.
**بەزمنەو**: شایی تازە، بەزم یەکەم ژن هێنان: (موبارەکت بۆ بەزم نەو وە خەیر/ توخوا تەنخوای من خاس خاس بکەر سەیر) «مەولەوی».
**بەزموبالورە**: ١. شادی و گۆرانی،٢. شەڵتاغ، ترۆتەشقەڵە.
**بەزموڕەزم**: ١. شادی، بەزم، ئاهەنگ: (ئەو کۆشکی ملەی دەکرد دەگەڵ عاسمانێ/ شاهانی دەکەوتەوە لە دەرک و بانێ/ دیتم پەپووسێمانەیە لێی دەخوێنێ:/ کوا بگرە و بەردە؟ بەزم و ڕەزمت کوانێ؟) «خەیام هەژار»،٢. ترۆتەشقەڵە، دەبە، ڕووشە،٣. بریتی لە هاتوهاوار و بەدفەڕی منداڵ.
**بەزمۆنیای**: بەزم نانەوە، تەشقەڵە کردن.
**بەزموهەرا**: بەزم و ڕەزم.
**بەزمە**: ناوی گۆرانییەکە: (بەزمە، بەزمی ئاورنگە/ بەهارە و وەعدەی شنگە) «حەسەن زیرەک».
**بەزمەلی**: بەزمی، ئەهلی بەزم×: (ڕەسواغای مەنگوڕ هەبوو پیاوێکی بەزمەلی بوو) «ڕشتەی مرواری».

**بەزمی حـــاڵ**: حـــاڵ، جەزمەی دەروێشـــان: (عەشقی سادە ساردە بێشک هەر وەک ئاشـی بەتاڵ/ هەر زرەی لەرزانەیە دەروێش ئەخاتە بەزمی حاڵ) «قانع».

**بەزمیفاتمەسوڵتانێ**: نـاوی گـۆرانییەکە: (دڵـم دەکـا جـۆلانێ، جـۆلانێ/ بـۆ بەزمـی فـاتمە سوڵتانێ) «مامڵێ».

**بەزمیگ**: ١. بزنمژە، بزنمژ،٢. مچ، گەنە.

**بەزمێمانجەمبۆ**: کـۆڕێ ببەسـتین: (بەزمێمـان جەم بۆ چون هەردەجاران/ بنۆشین جـامێ وە یادی یاران) «مەحوی».

**بەزن**: ١. بەژن، قەد، باڵا ٢. سیما، ڕوو، دیم، ڕوخسار.

**بەزنای**: بەزاندن.

**بەزنجیر**: گرێدراو، تێکگرێدایی، پەیوەستە،

**بەزنە**: بەزن، بەژن، باڵا.

**بەزنەی**: بەزاندن.

**بەزنی**: یەکتر بەزاندن.

**بەزۆ**: بەزا، تیژڕەو، خۆشبەز(ئەسپ).

**بەزوبنێشـــت**: مەڵـحەم، جـاچکە و پیـو کە دەرمانی کوانە.

**بەزۆرسەنن**: بە زۆر ئەستاندن.

**بەزۆک**: ١. خۆشـبەز، لەشسـڤک، بەزۆ، ب بـزا، غـارا: (هەسـپا بەزۆک)،٢. ئوتومۆبیـل، ماشێن، سەیارە.

**بەزۆکەوان**: خۆشـبەزەوان، شـۆفێر، ڕاننـدە، ماشێنئاژۆ، ئوتومۆبیلچی.

**بەزۆنە**: گوندێکە لە دەڤەری شەنگال.

**بەزۆنەک**: بەزۆک، بەزا، خۆشبەز.

**بەزوو**: ئارەزوو، بەزەو، خوەزەو.

**بەزووخـــاوبوون**: جنێـویکە: (ئەو هەمـووەت خوارد، دەک بە زووخاوت بێ).

**بەزەووەخوەێ**: تاسەمەن، ئارەزوومەن.

**بەزە**: ١. بەزەک، بەچەک، بەزەوی، بەزەیـــی، مێهر، سووێ، دلۆڤانی، ڕوحـم، مێهـر، دل پـێ سـۆتین: (لە هەر شـوێنێ بەزەی خـوا بێـتە بارین/ ئەویش تۆوێـک و نـوورێکی دیـارین) «راوچی» ٢. سـووچ، گونـاح، تـاوان، هەڵە ٣. تاوانبـار، گوناهکـار ٤. خەمـین، غەمگـین،٥. بری، بریا، خۆزی. ×٣٣× خەیام ×

**بەزەبر**: خاوەنهێز، بەدەسەڵات.

**بەزەبرووزەنگ**: دەسڕۆیشتوو، بەزەبر.

**بەزەبروزەنگی**: دەسڕۆیشتوویی.

**بەزەبری**: دەسەڵاتداریتی.

**بەزەپێـــداهاتن**: دڵ پـــێ شـــەوتین، ڕوحـــم پێکردن.

**بەزەتاو**: ١. پیوی لە سەر ئاگر گەرمکراو بـۆ دەرمـــانی قەڵەشـــتی دەس و پـــێ،٢. کـــاری چەورکردنی ئەندامی قەڵەشیو بە بەزی تاواوە.

**بەزەتـاوکردن**: چەور کردنـی قەڵشـی دەس و پێ بە بەزی تاواوە.

**بەزەڕ**: خـودان زەڕ، زێـڕدار: (ئەربـابی غینـا ئەوەنـدە غەڕرە بەزەڕن/ بـێ بـۆنی بەهـار و دیتنی جۆ دەزەڕن) «مەحوی».

**بەزەڕ**: ١. زەڕ هـاتوو: (ڕۆژ ڕۆژی شـەپکە و کەڕاوەت بـوو، زرکـوڕی پاشـا بەزەڕ بـوو) «ڕاوچی»،٢. زیاندەر: (ڕاوچی بە زمانی هەموو جانەوەرێکی کێوی، بەزەڕ و بـێزەڕ حـاڵییە) «ڕاوچی».

**بەزەڕو**: گوندێکە لای چوارتا.

**بەزەرەک**: ١. گیاکەتـان، گیـایەکی دەسـچێنە تۆوەکەی بۆ دەرمان دەشـێ،٢. تـۆم و دەنکـی گیاکەتـان کە ڕۆنـی لـێ دەگـرن،٣. ڕۆنـی بەزەرەک، ئەو ڕۆنەی کە لە دەنکـی کەتـان دەیگرن.

**بەزەک**: ١. زەردی، زەردوویـــی، بـــایێ زەر،

نەخۆشی زەردویی ٢. جوانکاری، ئاڕایش ٣. دلۆڤان، بەروحم: (بزنا کولەک و شڤانێ بەزەک، تەڤ دگهیژن بەر دەرێ) «پەند» ٤. بەزا، غارا، ب غار.
**بەزەکەر:** گوناهکەر، تاوانکار، تاوانبار، سووچبار.
**بەزەو:** خوەزەو، ئارەزوو.
**بەزەوزۆ:** بەزەوەزۆ.
**بەزەوق:** شاد، شادمان.
**بەزەوقە:** کەیفوەش، شا، شاد.
**بەزەوقی:** کەیفوەشی، سازی.
**بەزەوەزۆ:** بەزاوزێ، بەزاوزۆ، بەسکوزا، گیاندارێک مێوینە کە زۆر بزێ.
**بەزەهاتن:** دڵ پێ سووتان: (بەزەی هاتێ و دەمی دامێ دەمێکی/ گوتی: ڕاوچی ئەوینی با نەڕەنجی) «ڕاوچی».
**بەزەوی:** بەزە، بزی، ڕوحم، دلۆڤانی: (لە قامووسی ئەوانەدا/ بەزەیی مانای نەماوە) «هێمن».
**بەزەویاچوون:** ١. بە وەویدا ڕۆچوون،٢. بریتی لە شەرمەزار بوون.
**بەزەویاکوتان:** ١. لەعەرزیدان،٢. ڕاخستن.
**بەزەویپیاهاتن:** دڵ پێ سووتان: (بەزییت بەیۆ وە جەستە و حاڵم/ ڕیشەم بەراما، هەرەو وە ماڵم) «مەولەوی».
**بەزەویپیاهاتنەوە:** بەزەیی پێداهاتنەوە.
**بەزەویدادان:** ١. خستن،٢. ڕاخستن.
**بەزەویداکوتان:** بە عەرزیدا دان.
**بەزەوییادان:** ١. خستن،٢. ڕاخستن(قاڵی).
**بەزەین:** وریا، بیرتیژ: (لە قوڕ کوڕێ هاتەدەر/ وریا و بەزەین و هەتەر) «ڕاوچی».
**بەزەیی:** ١. ڕوحم، بەزە، میهرەبانی، دڵنەرمی، دڵشەوتی: (.../ هێشتا بە هومێدی بەزەییم، چون هەرگیز/ پێم وا نەبوو دوانی، هەر بە تاکم زانی) «خەیام هەژار»،٢. سووێ، ئازار، ئێش، ژان.
**بەزەییپێداهاتن:** دڵ پێ سووتان.
**بەزەییپێداهاتنەوە:** دل پێ شەوتین.
**بەزەییدار:** دلۆڤان، دەڤترک، مێهرەبان.
**بەزەییداری:** دلۆڤانی، مێهرەوانی.
**بەزەییتبەیۆ:** بەزەییت بێ: (بەزەییت بەیۆ تۆ وە مەخلووقات) «م.ح. دزڵی».
**بەزەییدار:** بەبەزەیی، دلۆڤان، پیار، دەڤترک.
**بەزەییشمەیۆ:** بەزەیی دێ، بەزەیی دێتەوە: (ئەگەر سۆزێ هەن جە نالەتەدا/ بەزەییش مەیۆ وە تاڵەتەدا) «بێسارانی».
**بەزەییهاتن:** دل پێ شەوتین: (بەزەیی دێ بە هەتیو، هەوری بەهار/ ڕێژنە بارانێ دەڕێژێتە خوار) «هێدی».
**بەزی:** ١. جۆرێ سابوون لە بەز و قیلە ٢. بازی، بەزین،٣. ڕایکرد، غاریدا، بلەز ڕۆیشت: (شادی هات و دابەزی، کەسەر بەزی لە داخان/ گوڵان دەڕۆنە شیوێ، شیوەن بوونە چراخان) «ڕاوچی».
**بەزێ:** ١. بەزەیی، ڕوحم،٢. خێرا، توند××: (ئوسا تێ وەک بایێ بەزێ/ نزام چڕا دکە لەزێ) «پەرویز جیهانی».
**بەزیا:** بەزیو، بەزیگ.
**بەزیادبوون:** ڕوو لە زیادی بوون: (ئەوانیش عەمر و ماڵیان بە زیاد ئەبوو) «پێکەنینی گەدا».
**بەزیادکردن:** ١. کۆکردنەوەی سفرە دوای نانخواردن،٢. شوکری نیعمەت کردن: (شێو خوراو و بەزیادیان کرد) «ئەمیری».
**بەزیادۆ:** زیاد بۆ دانراو: (برا، وا ماڵمان تەواوی بەشکرد/ هەموو بە زیادۆ بەشی خۆتت برد) «قانع».

**بەزیاگ**: بەزیو، بەزاو، بۆڕخواردوو.
**بەزیان**: ١. بەزین، بەزان،٢. غاردان، ڕاکردن.
**بەزیان**: بە زەرەر، خەساردەر.
**بەزیای**: بەزین.
**بەزیێ**: بەزیو.
**بەزیپک**: بەزافتە، سامدار: (لەناو خوێندا دەتلێنەوە/ لاوی بەزیپک و بەسبات) «هێمن».
**بەزیپکوبڕ**: بەزیپک، سامدار: (کابرا لووتپانۆکە زۆرزان و لەبنەوەبڕ بوو، دڕ بوو، بە زیپک و بڕ بوو) «ڕاوچی».
**بەزیپکوزاکوون**: بەزافتە، بەسام، سامدار: (ڕێبوارێکم ئازا و بەزیپک و زاکوون/ دەبڕم چۆڵ و چیا و پێدەشت و بێروون) «هێمن».
**بەزیچاو**: ناخوونەک، وەردێنە، چەوری سەر سپینەی چاو.
**بەزین**: ١. غاردان، ڕاکرن، ڕەوین، هەڵاتن، بەزیان: («حاجی» وەک دڵ تۆ بە گریە بە شوێنی مەکەوە/ ئاسکێکە بە بەزین و هەرا نایەتە گرتن!) «حاجی قادر»، (وەک با دلەزینی تو کومێدێ دبەزینی) «جزیری» ٢. کۆڵدان، بەزان، بۆڕبوون، قژبوون، شکستخواردن، تێکشکان، شکان، بۆڕخواردن: (بەڵام کوردە نابەزێ/ بەو زەبرانە ناتەزێ/ لە ڕقان لێو دەگەزێ/ کە سوار بوو دانابەزێ) «هێمن» ٣. پەڕین، قەڵەمباز دان ٤. سواربوونی فەحل لە ماین ٥. زیندار، زین لە پشت: (کۆنە حەز ماینی بە زینە) «پەند»٦. ترازان، دەرچوون ٧. ڕەوینەوەی دۆخین ٨. بار خستن، چادر هەڵدان، ٩. پێدانووسان، پرپێداکردن: (هشیار کو بوون: دەمەک نەوەستان/ فیلحال بەزینە پێ و دەستان) «خانی»،١٠. بریتی لە شاد، کەیفخۆش: (نەرم تێی دەتورێنێ هەوای قەر و گوڵزەردان/ ئەسپی هەستی بەزینە، هەوای زینی لە سەردان) «ڕاوچی»،١١. بلەز چوون، بەغار ڕۆیشتن بۆ ڕابردوو: (بوو وەلوەلە و فغان و زاری/ بوو زەلزەلە و بەزین هەواری) «خانی»،١٢. هاتن، هەڵکردنی با: (بایێ باکوور دبەزە/ دبەخشە روحێ تازە) «سەنار».
**بەزێن**: ١. تێکشکێن، شکێنەر، شکێن ٢. گاڵتە و گەمەی مناڵانە.
**بەزیندیسەر**: هەتا ژیا، تا ما، بە سەرینیی خۆی، هەتا زیندوو بوو.
**بەزینەدەستوداوان**: دەسەودامێن بوون: (مەحرەم هەمی ڤێکەتن ل باوان/ بیلجوملە بەزینە دەست و داوان) «خانی».
**بەزیو**: ١. شکاو، تێکشکاو، بۆڕخواردوو لە شەڕدا: (عەتا وەک بەزیوێک سەرشۆڕانە سەری کوێتە وەردەسووڕێنێ) «هەزار ئەشکەوت»،٢. دۆڕاو، کەسێ لە بازیدا دۆڕابێ،٣. کۆڵدەر، بەزیوی خەبات و تێکۆشان،٤. گیاندارێک کە لە ئاست غەنیمەکەی ڕا بکات.
**بەزیوی**: تێکشکاوی، تێشکاوی، بۆڕخواردوویی.
**بەزیەی**: بەزان، بەزین.
**بەژ**: ١. بیابان، سەحرا، چۆلستان ٢. وشکی، وشکانی، بەڕ، بەش، ئەو پشکە زەڤییا نەئاڤدایی ٣. دێم، دێمەکار ٤. زەرد، شاخ، کەژ، کۆ: (تیشکی مزگێنیدەری کازیوە و/ شۆڕەپێشەنگی ڕچەی شەوگار بووی!/ پیرە هاوڕێی بەژ و زەرد و بەردان) «شنەی پشکووتن»، ٥. شینایکە بێئاوی کێشابێ، ٦. برج، بورج.
**بەژا**: هاوتەمەن، هاوچاخ، هاوعەمر، هەڤعومر.
**بەژاف**: بەژاڤ، دێم.

**بەژاڤ**: دێم، دێمەکار.
**بەژاڤیت**: ١. ڕەخنەگر، عەیبگر،٢. بیانوو، بەهانە، ورک، پەڵپ، عەتەب.
**بەژاڤێت**: ١. عەیب، عەتەو، ڕەخنە،٢. ڕەخنەگر.
**بەژان**: ١. ئێشدار، دەرددار، بەئێش: (هیچکەس نەناس، بێکەس بێدەر/ بێگیان، بەژان، بە دەردیسەر) «ڕاوچی»،٢. پڕ لە چەرمەسەرێ: (بۆ درێژەی ژیانی بەژانی ڕابردووم) «ڕاوچی».
**بەژانەوەبوون**: بە ئێش و ئازاری زانەوە بوونی ژن: (دەڵێ ئێمە خێلاتین و خێڵەکەمان لە دێکۆن خستووە ئافرەتێکمان بە ژانەوەیە، ناونیشانی تۆیان بۆ هەڵداوین) «هەزار ئەشکەوت».
**بەژئاڤی**: وشکاوی، وشکی ئاوی، گیاندارێ کە هەم لە ئاو و هەم لە وشکیدا دەژێ.
**بەژڤین**: وردبوون، جیقدەرهاتن، فلیقانەوە.
**بەژک**: ١. دێم، دێمەکار، ووشکانی ٢. نارێک،٣. جیاواز، جودا.
**بەژکی**: ناکۆکی، ناتەبایی، ئاژاوە.
**بەژگداهاتن**: بەگژداچوون، شەڕپێفرۆشتن.
**بەژگی**: ناکۆکی، ناتەبایی، ناسازی.
**بەژمنێر**: بەشکۆ، خاوەنشکۆ.
**بەژمنێری**: بەشکۆیی.
**بەژمێر**: ١. شایان، شایستە، لێهاتوو،٢. بە ژماردە، ژمێراو، ژمێردراو، بە حیساب.
**بەژمێری**: لێهاتوویی، شایانێتی.
**بەژن**: Bejn ١. تمتێل، ناڤکێل، قەد و باڵا: (پێی ناز ئەنێ بە سەر ئەرزا/ جوانێ لە بەژنێکی بەرزا) «گۆران»،٢. خاوەژن: (بەژن و باڵای نەونەمامان)،٣. درێژایی جل و بەرگێک کە سەرتاپای لەش داپۆشێ: (پێنج سانت لە بەژنی ئەم کراسە بگرە)،٤. ساقەتە، قەدی دار: (پنچک بەژنی داری لە ئامێز گرتووە) «ئەمیری»،٥. قەدی چیا: (لە بەژنی کێو ئەهاڵێم/ بۆ بەرزایی ئەناڵێم) «سۆز».
**بەژن**: Bejin ١. ژندار، خاوەنژن، واژی بێژن،٢. کۆی بەژ، واتە دەشت و دورەئاو: (هندی هەنە کیژ و کوڕ د بوهتان/ بەلکی د جەمیعێ بەژن و بوهلان) «خانی».
**بەژن**: Be jin بە ژنبەژن: (ئەی هەتیوەکەی ڕووت و ڕەجاڵ/ دەچی بۆ شاران بۆم مەکڕە کووتاڵ/ من دەدەن بە ژن، خۆ نامدەن بە ماڵ) «فۆلکلۆر».
**بەژناشەپال**: باڵای شۆخ و شەنگ: (دیمێ ب خال ئەو نون و دال، ئیسمی جەلال بەژنا شەپال) «جزیری».
**بەژنباریک**: بەژنزراڤ، ناوقەدباریک، قەدباریک، واژی تەنگە ئەستوور: (بەژنێ باریک ڕادەڕوا، چاوڕەش کوشتمی بەو دەردە).
**بەژنباڵا**: بەژنوباڵا، قەدوباڵا: (نە پەی چەم سورمەی گەرد پاڵاتەن/ نە پەی گیان قوربان بەژنباڵاتەن) «مەولەوی».
**بەژنبست**: بەژنبۆست، بەژنبهسۆک، کورتەباڵا، بەژنهوورت، بەژنکورت، کورتەباڵا.
**بەژنبلند**: کەڵەگەت، باڵابەرز، درێژ: (بەژن بۆست و ڕدێن چلگەز) «پەند».
**بەژنبوست**: بستەباڵا.
**بەژنبەرز**: باڵابەرز، بڵند: (ئەو سەروە بەژنبەرزە و سەرسەوزە جوانە/ بەژن و قەد و باڵان و بە ڕووسووری ژیاون) «ئاوات».
**بەژنبهۆست**: بەژنبست.
**بەژنت**: Be jinit تۆ بە ژن بە ژن: (فلانی دزانی کە بە ژنت ئەدەن).

**بەژنت**: Bejnit بەژنا تە، باڵای تۆ: (فێرت لێنەدا بسکەکەت لوولە/ ڕێژیمت نەگرت بەژنت وەک توولە) «هێمن».

**بەژندان**: Bejndan گەورەبوون، هەراشبوون، زل بوون: (نەمام بەژن دایە).

**بەژندان**: Be jin dan بە شوو دانی کچ بە شێوەی ژن بە ژن.

**بەژندرێژ**: بەژنبلند، کەڵەگەت.

**بەژنزراف**: بەژنباریک، بەلەباریکە، بەژنشووش، قەدباریک: (چ سپێدەیە وەختێ چایێ/ بەفرا دباریت وەکی کایێ/ ڕەشئەسمەرە، ب خودێ بابۆ دەق ژێ نایێ) «حەیرانۆک».

**بەژنزراو**: بەژنزراف.

**بەژنشۆڕ**: بالازراف، ئافرەتی بەژن باریک و کەڵەگەت: (بەژنشۆڕ و زولفشۆڕ و غەزێمشۆڕ/ سەرەوخوارم دەکەن هەر سێک بەرەو گۆڕ) «حەسەن زیرەک».

**بەژنشووش**: دەستە، بەرژنرزاف، ئەندام ڕێک و باریک.

**بەژنک**: بەژن گچکە: (باکەکێ دهێت و باکێ شەڤێ/ تە خزێمشۆرێ ل بن چارچەڤێ/ پشتی بەژنکا زراف/ من کەس نەڤێ) «حەیرانۆک».

**بەژنکرن**: بەژندان، هەراشبوون: (کوڕەکەمان لەو چیا و بەندەنانە هیچی دەس نەکەوتووە بیخوا و بەژن بکا) «حەمەدۆک».

**بەژنکورت**: کورتەبنە، کوڵەبنە، بەژنبست.

**بەژنناوەندی**: مامناوەندی، کەسی نە کەڵەگەت و نە کورتەباڵا: (مەلا مستەفا پیاوێکی بەژن ناوەندی و ڕێک ئەندام و گەنمڕەنگە) «لەمەهاباد بۆئاراس».

**بەژننەمام**: باڵابەرز، قەدبڵیند: (ئەنگوستیلە بۆ بەژننەمامان/ هەر بەرمەوە دێنمەوە وەڵامان) «هەژار».

**بەژنوباڵ**: بەژنوباڵ، بەژنوقامەت: (بن چادرێد کو دبید بەژن و بال/ گەر سەرخ بر دبید پیرا چاڤ کەندال) «گولشوون».

**بەژنوباڵ**: هێکەل، بەژنوباڵا، قەدوباڵا: (تۆ تماشای قەد و باڵای کە/ دایکی بە قوربانیەتی) «فۆلکلۆر».

**بەژنوباڵا**: ١. بەژن، باڵا، قەدوباڵا: (بەژن و باڵاکەت نموونەی هەیکەلی یونانییە/ لاروڵەنجەت مۆسیقایە، بەستەیە گۆرانییە) «هەردی»،٢. لاسک، لاچک، ساقەتە، قلەگیا: (بەژن و باڵای نێرگزی مەست/ لە گێرەی گزرەدا پێپەست) «بۆکوردستان».

**بە ژنومال**: مالدار و بەژن.

**بەژنەدار**: ساقەتە، کۆتەرە، تەنەی دار، قەدی دار.

**بەژنهووت**: کوڵەبنە، کورتەباڵا.

**بەژنیباڵات**: بەژن و باڵات: (ئەر بەژنی باڵات بدەو بە ئێران/ سەدهەزار کەڕەت یانەم بۆ وێران) «بێسارانی».

**بەژۆک**: بەسبێژ، پڕبێژ، زۆربڵە، زۆروەڕ، فرەوێژ، چەنەباز.

**بەژوورکەوتن**: چوونە ژوورێ، هاتنە ناو: (خێزانی مەلا بەخۆی و دوو ژەم ئارد و نوردییە نان و مەنجەڵێک شیوی گەرم هەڵمەدووکەی لێ هەڵدەستا، لێیان بە ژوور کەوت) «خاک و چەوسانەوە».

**بەژەکەوتن**: نەخۆشکەوتنی منداڵ بە هۆی زۆر خواردنی ژەکەوە.

**بەژەکی**: وشکانی، زەمینی: (پێویست بوو کردەوەی باڵەفرە تەبا و شان بە شانی یەکەکانی بەژەکی بێ) «لەمەهاباد بۆئاراس».

**بەژەوەند**: پەسن، پەسند، هەڵبژاردە.
**بەژەوەندکردن**: پەسند کردن.
**بەژی**: ١. دێمــی، دێمەکــار ٢. ووشــکانی، ئیشـکایی، زەوی، بەرابەری ئـاوی ٣. بـوورە، کێڵگەی نەچێندراو ٤. پەژی، بەژیک، پەژیـک، ئێشا بلاڤبوویی.
**بەژێرادان**: ١. بەرز کردنەوە،٢. حاشا لێکردن.
**بەژێرچاوەوەڕووانین**: لە ژێر چاوەوە ڕووانین.
**بەژێرکــرن**: دانەوانـدن، چەمـانەوە: (بەر وێ یەکێ دارا پربار/ بەژێر دکە سـیبانا سـەر/ کـو بەرێن وێ بخوە رێدار) «سەنار».
**بەژێرلێوانەوە**: بەنهێنی، بەپەنهانی.
**بەژێرلێوانەوەکردن**: شاردنەوەی ووتە و لە ناو زاردا گلماندنی.
**بەژێرەوەکــردن**: وەبەردان، بەردان، کــردن بە ژێر ماشینەوە: (ترۆمبێلچی چاکی لێئەخوڕی، هاتین تا نزیک دێڵتاوا، لە ڕێگا مەڕێکـی کـرد بە ژێرەوە) «ڕشتەیمرواری».
**بەژیک**: بەژی.
**بەژیی**: ١. بـوورە، زەوی نەچێنـدراو ٢. دێـم، دێمەکار.
**بەس**: ١. کافی، کیفایەت، بەسە، چیتـر نـا: (لە یـادت دەرنەچــم بەس، پەس هەوەســتە/ لە دەرحەقما مەکە غەیری جەفا قەت) «مەحـوی» ٢. بــاس، قســە، پەیــڤ، گــوتە: (ئەو بەس گهیشتە شاە عەباس) «مەسـتوورە» ٣. جـێگەی مانگرتن ٤. ڕەوتـی مـانگرتن ٥. زۆر، گەلـێ، فرە: (بەس کاری دڵتوینەوە «مەحوی» لەپێشە/ ...) ٦. گرێ، بەست: (دای بەسـە) ٧. کۆتـایی، دووایی: (بەسکرن: بڕاندنەوە) ٨. چـارە، پەنـا، پەسیو: (بە خۆکـوژتن نەجـاتی خـۆت بـدە مەحـوی وەکـوو فەرهـاد/ لە زۆری قارەمـانی عیشق ئەفەندم هەر ئەجەل بەسـتە) «مەحـوی» ٩. ئالاڤێ ڤەبـر کرنـێیە: (بەس تە دگەل مـن وەرە) ١٠. ئالاڤێ نەهێشـتنە، نـابێ، نابـت ١١. ئالاڤێ هەڤبەرکرنێ، لێ، لێبەلێ،١٢. پاشـگری بکەریـیە: (چـاوبەس، بـاغەبەس)،١٣. بەسـت: (قفڵ و بەس)،١٤. تەنها، فەقەت، هەر: (دبێژن کابرایەکی بـزنەک هەبـوو، ب ڕێکـی دچـوو، دەمەکی ئاڤرێ ڤەدا دیت کـو بـزن نینـە بەس سەرێ کنفکی یێ د دەستیدایە) «گولـواز»،١٥. ناڤێ ژنانە.
**بەســا**: ١. زۆر، فـرە: (گەر بە بـۆ نیسـبەتی تووڕەت بدەمە مشکی خەتا/ بۆ خەتـا فەخـرە بەسا بۆ مـنە، بەس خبتوخەتـا) «سـالم»،٢. ئەو بەسی.
**بەسات**: ١. پێویستی، حەوجە، نیاز: (ئەوا ئێمە سبەینێ بەرەو سابڵاخ دەڕۆینەوە تـۆ هەرچـی بەساتی هەیە ڕێکیخە) ٢. پێویسـت، ناچـاری ٣. بەوەخت و کـات ٤. هـۆ، هۆکـاری کرنـی کارێـک،٥. زەوی ڕاسـت و دەشـتانی،٦. سـەر ڕووی عەرز: (وە وانەو نەمەن وە بەســاتەوە/ یەکــا یەک چــین وەو ڕای کەس نــاتەوە) «خانمەنسـوور»،٧. نـاوی پیـاوانە: (گـاهەس بناسی کەیخودا بەسات) «چەپکەگوڵ».
**بەساتی**: کیفایەت، بەسبوون.
**بەساد**: بەسا، ئەو بەسی.
**بەسارا**: بەسادا، ئەوی بەست.
**بەسارەو**: بەسادەو، بەستیەوە.
**بەساس**: بەسایە، بەستویە.
**بەساسا**: لەێ نوو بەساس.
**بەساسان**: ئەوانە بەساس.
**بەســاســە**: بەسـتۆتە: (شـەدەێ یەێ تـاڵ زەڕ بەساسـە سـەرەو سپەر/ یـاس وە ڕوو چیـت ئەسپەرەو) «عەباس باباخانی».
**بەساقەتبم**: بە سەدەقەت بم.

**بەسالاچوو**: پیر، بەتەمەن، زۆرهان: (لە شاعیری بەسالاچوو/ لە شاعیری وشکهەلاتوو) «هێمن».
**بەسالاچوون**: پیربوون، گەڕانەوە.
**بەساڵداچوو**: پیر، تەمەندار.
**بەساڵداچوون**: پیربوون، گەیشتنە سنووری پیری.
**بەساڵە**: بەساڵ، تەمەندار.
**بەساڵی**: پیری، تەمەنداری.
**بەسام**: ١. سامدار، جێترس، جێی مەترسی: (سکووتێکی بەسام سەرتاپای ئەم دێیە دادەگرێ/ دەڵێی هەر زیندەوارێکی هەیە لەو دێیەدا دەمرێ) «هێمن»،٢. کێویکە لای بانە،٣. ناوە بۆ پیاوان.
**بەسان**: ئەوان بەسان،٢. بەنێ ک پەلگ تیرکەمان وە پێ بەسنەو،٣. وەک، وەکوو: (هەمیشە ڕۆژ و ئیقباڵت بەسانی جەژنی نەورۆز بێ) «مینەجاف».
**بەس ئانین**: خەبەر هێنان: (بەری فراڤینێ عینایەتولاخان بەگ ئاغاسی ژ وەلی ڕا گۆت: وەکی بەس ئانینە) «مەستوورە».
**بەسبات**: خۆڕاگر، پایەدار: (لەناو خوێندا دەتلێنەوە/ لاوی بەزیپک و بەسبات) «هێمن».
**بەسبار**: سەبەسبار، مەسەلەن.
**بەس بوون**: ١. کافیبوون، ئەندازە بوون: (بەسە یا دیسان بۆت تێکەم؟)،٢. بە داوی ئانین، هش بوون×١٧٦×: (حاجی کە نیگارم سەفەری کرد و نەمردم/ عەیبم مەکە وەک هاتووە ئەم شەرمە بەسم بێ) «حاجی قادر».
**بەس بێژ**: زۆربڵە، زۆربڵێ، چەنەباز.
**بەست**: ١. بەستێن، بەستوورە، کەناری ڕووبار، لێواری چۆم: (لە زورکێ، لە بەستێ، لە سپیلکی دە سەر خانێ) «گەنجی سەربەمۆر» ٢. گرێ، قۆرت، لەمپەر، مانع٣. کاریتەی دارەڕا ٤. چەمی نیوە وشک و کەمئاو: (وەز ماسی بووم لە بەستان/ کەس نەیگرتم بە ڕستان) «فۆلکلۆر»٥. بەند، سەد، بەرگری ئاو ٦. لێکدراو، نووساو: (داربەست) ٧. پەیمان، کەینوبەین: (بەند و بەستێک هەیە بتڕوخێنێ) «هەژار»،٨. چۆم، ڕووبار، خڕ، کەند، ئاودڕ، جێلافاو: (سوند دخوم ب شاهد و دۆستان/ کەڤڤر و سەیلێن ل بەستان) «فەقێ تەیران» ٩. خڕخڵان، خڕەجاڕ، شیوی وشک و ئاو لێبڕاو: (ل هەر بەست و بەیاری دە گول و سۆسن نایێ گرتن) «سەنار»،١٠. تەرم، بەستی، جەنازە ١٢. بەردەڵان: (بەر ژ بەستان خلاس نابن) «پەند» ١٣. جێی داخستنی درگا بە ئاڵقەڕێز و دوولایی،١٤. هەرشتێ بۆ لکاندن بەکار ببرێ: (بەستی ئاسنی)،١٥. وەحی، ئیلهام، ١٦. پەنا، جێی پیرۆز بۆ پەنا بۆ بردن: (بە خۆ کوشتن نەجاتی خۆ بدە «مەحوی» وەکوو فەرهاد/ لە زۆری قەهرەمانی عیشق، ئەفەندم، هەر ئەجەل بەستە) «مەحوی»،١٧. پاشگرە: دەربەست، چێوبەست،١٨. کاری ڕابروو لە چاوگی بەستن، دایخست، بەستی: (درگاکەی بەست)، ١٩. تێیکرد، گرێیدا: (فاقەی گیروگاز، شەستی سەرپەل بەست) «بێسارانی»،٢٠. بەستێن، بەستە، سنووری دوو کێڵگە،٢١. بەو بازە دەڵێن کە لە سەر دەسی قوشیمچی بە وشەی ئەهـ ئاگادار ئەکرێتەوە بۆ پۆڕ گرتن،٢٢. دەشت، سەحرا: (بەست و بەیار، خاسباخچە، گەلی و گەبۆز گشک ب هێشنایا بەهارێ هاتبوون نخامتن) «مەستوورە»،٢٣. ڕادەیەک لە تریاک کە بە وافوریەوە دەنێن و دەیکێشن، ٢٤. کەڵە، فێڵ، حۆقە: (دایم خزمەتکار ڕەزیل و پەستی/ شەو و ڕۆژ خەریک کەڵەک و بەستی) «قانع»،٢٥.

بەستە، ئاواز: (نـاوت بەسـتێکی شـیرین بـوو/ ئەلف و بێی ئەڤینی من بوو) «هێـدی». ×١٣١ پیرەمێرد×

**بهست**: بهوسـت، بسـت، بوسـت، ئەنـدازەیا ناقبەرا تلیێن دەست.

**بەستا**: پەستا، ڤڕاڤە، وڕاوە، وڕینە، هزیان.

**بەستام**: ١. ناوی خاڵی ئەردەشیری بابەکان،٢. شاری بەسـتام لە دامغـانی ئێـران،٣. ئـاواییەکە سەر بە ناوچەی چلچەمەی سەرشیوی سەقز.

**بەستاملی**: گوندێکە لە خوار توزخورماتوو.

**بەستان**: ١. گرێدان،٢. ڕچان، ڕچیان، بەسـتن، ٣. کۆی بەستە، ئاواز: (هێنـدێکی دەنووسـێ و هێنـدێ وەسـتان/ یەک سـەربڕە، یەک بـوێژی بەستان) «هەژار».

**بەستدانیشتن**: پەنابردن و مانەوە لە مەرقەد و جێی پیرۆز بۆ خۆپاراستن.

**بەســتر**: ١. پـارچە قوماشـێکی کـوردییە ٢. پێشگرە بۆ زەمان: بەستریێر.

**بەستران**: ١. بەسران، گرێخواردن، پێچدران، گـــــرێدران،٢. بە جــــادوو زاوا لە پەردودا ناهومێـد بـوون،٣. مەیـین، گیرسـان،٤. بـوونە سەهۆڵ، تلوونج،٥. پێوەدران، داخرانی درگـا و پەنجێـرە،٦. داخــران، تەختەکرانــی بــازاڕ،٧. بەسـترانی بـێ بـکەر و فاعیـل: (دەسـتم بەسترابوو، کەس نەبـوو بیکـاتەوە)،٨. گیـران، بەر گیریـان: (ڕێگاکـان بەسـترابوون کەس نەیدەتوانی بڕوات)،٩. لە قەد ئـاڵانی پشـتوێن: (پشتێن نەدەبەسترا لە سەر موو/ گیـان ترسـی پساندنی لەبەر بـوو) «هەژار»،١٠. هەڵبەسـرانی پرد: (بەر لە بەسترانی ئەو پردە) «شەوارە».

**بەســـترانەوە**: ١. ڕێـی دەربـاز نەبـوون، گیرخـــواردن لە جێـیەک،٢. ئەسـیربوون،٣. گرفتـاربوون بە دەس شـتێکەوە: (بەو مـاڵ و منداڵە وا بەستراومەتەوە هیچک پێ ناکرێ)،٤. بۆڕخـــواردن، بەزیـــن لە قســـیە و گەمە،٥. بەستنەوەی بێ بکەر و هۆکـار: (بـزانە کەرەکە بەستراوەتەوە یا نا؟).

**بەستراو**: ١. بەندکرای، بەنکـراو، گـرێدراو: (جۆتیـار کەرەکەی لـێ بەرەڵـلا بـوو، کەتە دووی، ما لە کەرە بەستراوەکە بدات) «پەند»،٢. تـازەزاوای بەسـتراو: (شـێخێک لە نۆڕەبـاب هەڵکەوتبـوو شـێت و هـاری چـا ئەکـردەوە، بەستراوی ئەخستەوە کار) «ڕشـتەی مـرواری»، ٣. مەییو، گیرساو،٤. سـەهۆڵ، یەخ، ڕچیـاو،٥. بادراو، پێچخواردوو، ٦. بەسیاگ، داخراو.

**بەستریێر**: بەترپێر، بترپێر، سێ ڕۆژ پێش.

**بەستریێرار**: بەترپێرار، سێ ساڵ پێش.

**بەستریێرێ**: بەسرپێرێ: (بەستریێرێ بە تـاقی تەنێ هێلکەیەکم خوارد) «خاک و چەوسانەوە».

**بەستشان**: بەستیان، دایانخست.

**بەستک**: جۆک، رووبارک، چەمی گچکە.

**بەستلێڕابوون**: سەرواهاتن، بەدڵداهاتن.

**بەستمە**: منـی بەسـتۆتەوە: (مـارێ ملـێ وێ گەستمە/ ب زولفێ د نـازک بەسـتمە) «فەقـێ تەیران».

**بهستن**: بیستن، ژنەفتن، شنەفتن.

**بەستن**: ١. شـەتەکدان، بەسـتنەوە، تونـدکردن: (لە ژێر پێـی پیـری ئیرشـادم دەسـی تاسـە و دەمـی تـۆبەم/ بە دوای پەرچەمـی خـاو و بە تــاڵی بســکی ڕەش بەســتم) «ڕاوچــی»٢. بوونەسـەهۆڵ، یەخبەسـتن، ڕچیـان، قەرسـین، قەرساندن، جەمدین: (هێلکە لە هێلانە کراوە و بەســــتوویەتی، بــــورجی لەقلەقە) «هەزار ئەشکەوت». ٣. مەیین، مەین، گیرسان(ماسـت) ٤. داخسـتن، پێوەدان(درگـا) ٥. پەکخسـتنی پیـاو لە جووتبـوون: (چـۆنی ئەبەسـتێ یـا

ئەجەڕێنێ/ هەر کار دروست بێ و زووو بیپەڕێنێ) «پیرەمێرد» ٦. کوتن، نوسین ٧. بڕین، بەستنی ڕێگا ٨. کەڵەکەبوون، کۆمبوون، خڕڤەبوون،٩. سازدان، گرتنەوەی قرتاڵە: (هەر ب دەست زەمبیل دبەستا/ دبرنە بازاڕێ ژ قەستا) «فەقێ تەیران».

**بەستن‌بەڕیشەوە**: بەسەرا داسەپاندن، بەکوڵدا دان.

**بەستنەوە**: ١. وەبەستن، قایم‌کرن: (بە تاڵێ مووی موحیبەت فیل ئەبەستیی/ بە زۆر بەن ناکرێ کۆتر بە وەروەر) «قانع»،٢. پێچانەوە، خرکردنەوە،٣. دابەستن، شەتەک دانی شتومەک،٤. بەری ئازادی گرتن لە کسێ: (ئەو کچە بەستەزمانەیان بەستۆتەوە نایەڵن بێتە دەرێ!)،٥. دوبارە بەستنەوەی شتی کراوە،٦. بۆڕدان، بەزاندن: (ژن بە قسە پیاو دەبەستێتەوە).

**بەستو**: ١. سەهۆل، گیرساو، بە یەخ بووگ ٢. مەییو، هەوێن‌گرتوو ٣. ڕچیاو، ڕچاو، سڕبووگ، تەزیو،٤. بەستووکە، کوپەڵە، کووپە.

**بەستۆڕ**: ناوی شوێنە××: (شۆق و شەبەقی خۆی لە من دەداوە/ لە قەڵاتی نحۆی، لەو بەرەو بەری بەستۆڕێ، لە جێ هەواری قەدیم) «گەنجی سەربەمۆر».

**بەستۆرە**: ١. چۆمێ لە هاویندا وشک دەکات، ٢. خڕێکە هەمیشە ئاوی پێدا بڕوا یا نا،٣. ناوی ڕووبارێکە لە نێوانی هەولێر و شەقلاوادا،٤. سەیرانگایەکە لای هەولێر لە دۆڵی هەنارە،٥. گوندێکە لە باکووری هەولێر.

**بهستۆک**: گوویدێر، بیسەر، بهستیار.

**بەستۆک**: ١. ژنی داوێن‌تەڕ، ئەو ژنە کو هەررۆ یارەکی بگریت،٢. بەرزایی، ملە: (ئەوە بەستۆکە لە بەر تەلانی، بەستۆکە لە بەر تەلانی) «گەنجی سەربەمۆر».

**بەستۆکە**: قاحبە، سۆزانی، حیز.

**بەستوو**: بەستو.

**بەستووا**: ١. بەستراو، مەییو، مەییگ، پلۆر، گیرساو(ماست) ٢. سەهۆڵ، یەخ، جەمدی ٣. بستوو، بستی، کووپە، کوپەڵەی شین ٤. دیزە و گۆزە و کووپەی ڕووکێش کراو،٥. جاڕز، هەراسان، وەڕەز ٦. تەزیو، سڕ، بێ‌هەست، ڕچیاو(دەست).

**بەستوورک**: بەرستوورک، ملیوان و یەخەی کراس.

**بەستوورە**: ١. بەست، بەستێن، ڕەخا ڕووبارێ،٢. هشکەڕووبار.

**بەستووک**: بەسکوورک.

**بەستووکە**: بەستوو، کووپە، کووپەڵە.

**بەستووگە**: بەستوو، بەستووکە، کووپەڵە: (حاجی ئەحمەد بەستووگەیەک پڕ ئەکا لە توێکڵەگوێز و سەرەکەی پڕ ئەکا لە ڕۆن!) «ڕشتەی‌مرواری».

**بەستە**: ١. بۆ تۆ بەسە؟، تێرا تە دکا؟: (نانی کە دەخۆی، بەستە؟) ٢. بۆ تۆ بەسە: (لەبەر قاپیی خەراباتا منی دی، عیشوەییکی کرد/ وتی: «مەحوی» لە بادەت چی، ئەتۆ خوێنی جگەر بەستە) «مەحوی»،٣. باغە، دەسک، چەپک، قول: (گا دەستەیێ ڕەیحانە و گەهێ بەستەیێ شەوبۆ/ گا عەنبەری لەرزان و دەمێ نافەیی تاتار) «ئەدەب»،٤. سەربەند، گۆرانی سوکەڵە و بن‌بزوێن: (سەر جادە موعەتەر کە بە بۆی خونچە و مێخەک/ بەو لەنجەیەوە بەستە بڵێت ورشەیی خامەک) «گۆران» ٥. سەر بە: (فلانکەس بەستەی ئاغاژنە) ٦. بەسراو، لەمەڕ، پەیوەند: (کارەکە بەستە بە تۆیە) ٧. پاکەت، پێچۆک، مالاە، بەسراو، سەریەک خراو:

(بەستە چایی) ٨. کەند، دەرە ٩. جووروە گۆرەوییەکە ١٠. بێترس، بێباک، بوێر ١١. قەفت، دەسکی خەنجەر،١٢. گیرۆدە، گرفتار: (کوشتەی نیگاشی دیدەتە، گەر مەست، ئەگەر خەراب/ بەستەی کەمەندی زولفتە، گەر شێخ، ئەگەر سولووک) «نالی»،١٣. بەسراو، گرێدراو: (بەستەیی زونناری مووی کردووم و دەشڵێ: کافری!/ خۆی لە ڕێگەم دەردەکا، بۆ خۆشی تەکفیرم دەکا) «ئەدەب»،١٤. بەهرە، فایدە، خێر،١٥. ئامادە، بەرهەڤ، بەستوو: (قسێکی پڕ لە تەئسیری بە فرزەندی دەوت پیرێ:/ عەزیزم تازەگەیوی تۆ، ئەمن باری سەفەر بەستە) «مەحوی»،١٦. دابەستە، دابەستوو: (نەک چون من وضوو وە هووناو ئەستە/ خەم سیواک، نمای مەینەت بەستە) «مەولەوی»،١٧. بەستت، بەستەوە، خستەوە: (بە خەندێکت ئەگەر دڵ خستە پەرواز/ بە گریانت، دووبارە، بەستە ناو بەند) «ئەدەب»،١٨. لاڵ، لال: (زوان بەستە بان، یە چوون دڵداران/ پاسەو تۆ بازاڕ ستەم مەداران) «بێسارانی»،١٩. گوندێکە لای ڕانیە، ٢٠. ناوە بۆ کچان.

**بەستەبۆ**: ١. بەستبێتی: (وێنەی عوقدەی پێچ ڕیشەی ئەروا و دڵ/ بەستەبۆ جە نم خووی مۆبەت زەنگڵ) «مەولەوی»،٢. ببەستێ، ببەسرێتەوە: (دەک ئەجەل وە دام هیجران بەستە بۆ) «مەولەوی».

**بەستەبەند**: بەستەپێچ، کاری پێچانەوە.

**بەستەبەندی**: بەستەپێچی، کاری پێچانەوە و گرێدانی شتومەک.

**بەستەبەندیکردن**: پێچانەوەی شتومەک.

**بەستەبێژ**: سترانچڕ، گۆرانیبێژ: (شەوبای شەوی ئەو شوێنە بێوێنەیە، نە پێنووس ئەتوانێ لە تاریفی پێ هەڵگرێ و نە بەستەبێژ توانای پێهەڵگوتنی بۆ دەس ئەدات) «شەوارە».

**بەستەبێژتن**: گۆرانی خۆنن: (بە یادی جاران بەستە ئەبێژم/ بۆ لاوێتی خۆم، ئەشک ئەڕێژم) «حەمەجەزا».

**بەستەبێشکەمەر**: ١. پشتێنی بەستبوو،٢. بریتی لە ئامادەی خزمەتکردن بوو: (بەڵێ سوب تا شام، شام تا بە سەحەر/ جە فورت ئیخلاس بەستەبیش کەمەر) «خانای قوبادی».

**بەستەدارێژ**: دانەری بەستە، هونەرمەند: (ئەوانەی بەستەدارێژن، شاعیرن یا بەیتبێژن) «ڕاوچی».

**بەستەر**: ١. بەندکار: (سەرمای ئەمرۆ بەستەرە)،٢. نوێن، جێی خەو: (شەو بە یادی زولفی مشکینی، هەتاکو سوبحدەم/ بەستەری پڕ عنبەر و پڕ مشکی تاتارە ئەدەب) «ئەدەب».

**بەستەرووبار**: وشکایی ڕووبار، هشکایی بەر لێڤا ڕووبار.

**بەستەریقاقم**: ئەو جێوبانەی لە پێستی قاقم چێکراوە: (ناف و شکەمی، وەک چە بلێم: نەفایی قاقوم/ نافەی لە مەیان بەستەری قاقم بە مەسەل قوم/ ...) «ئەدەب».

**بەستەزمان**: ١. بەسزمان، بەسزوان، کەڕەواڵە، بێچارە، بێئەزمان، فەقیرۆکە، بێدەموپل، بەسەزمان، زمان گرێدای: (هەلە، پاڕانەوە ئەمڕۆ، زوبان و دڵ لە کارایە/ زوبانئاوەر کە بەستەزمانە سبحەینێ کە قووچا دەم) «مەحوی» ٢. ئاژەڵ.

**بەستەزوبان**: بەستەزمان، داماگ، داماو، بێدەسەڵات: (خەڵقی کە هەموو کۆدەکن و بەستەزوبانن/ با بێن و لە «نالی» ببیەن شیعری سەلیقی) «نالی».

**بەستەزونار**: زوننار بەستوو، زونار بەستە:

(لە نەشئەی دیدەیی مەستی هەموو مەیخانە وێرانن/ هەموو کەس بەستە زوننارە لە سەودای زولفی تاتاری) «حاجی قادر».

**بەستەسێنی سەروو**: دێیەکە لای سەنگەسەر.

**بەستەش**: بەسراوە، بەستراوە: (بسم‌الله ئەو تیر پەڕ تێدا بەستەش/ ئێد نیشانەی تەن سەد جار شکستەش) «مەولەوی».

**بەستەڤین**: سەقایەکێ ئەڤینێ، سەرمەست.

**بەستەک**: ١. باغە، چەپک، باقەگولە یان دەخلەک ٢. بەستەی گۆرانی ٣. تا، لابار، لنگە، فەردە ٤. دەنگ ٥. دەستەنوێن، نوێن: (تاغچەیەکی گەچی نەخشاو و قەشەنگ، بە فەخفووری ڕەنگاوڕەنگ و لەنگەری و لگەنی سفر ڕازابۆوە، سێ بەستەکە نوێنان لە سەر) «خاک و چەوسانەوە»٦. تووڵ، شووڵک(بی) ٧. بەستێ بەڕ و باری ٨. قەفت، دەسکی خەنجەر ٩. پارچە زەوی: (ملێ ڕاستێ بەستەکە فرە بوو) «مەستوورە»،١٠. پڤدانک.

**بەستەکار**: ١. ڕێکخەر، بەستەپێچ، بەستەبەند، ٢. بەستەدانەر، هەوادانەر، ئاهەنگساز.

**بەستەکاری**: ١. ڕێکخستن، دانان،٢. ئاهەنگسازی، ڕێکخستنی بەند.

**بەستەکلیل**: دەستەکلیل، کلیلی ماڵ پێکەوە: (بەستەکلیلێ بە بەرۆکی چەپی کولۆجە مۆرەکەیەوە) «هەزار ئەشکەوت».

**بەستەکوتن**: ئاواز خوێندن.

**بەستەکوسبێ**: زەردەشتی.

**بەستەکەنوێن**: بەستەک، نوێن.

**بەستەگی**: پێوەند، پەیوەندی، بەستەیی.

**بەستەڵان**: بەستەڵەک، زەوو سەهۆڵین.

**بەستەڵۆک**: بەستەڵە، بەستەڵەک، بەسڵەک، بەسەڵەک، بەستوو، یەخبەندان، شەختە، سەهۆڵبەندان، چیاو، ڕچیاو، عەرزی بەستوو، زەوی سەهۆڵاوی.

**بەستەڵە**: بەستەڵۆک، بەسڵەک: (بەفر و بەستەڵەک، بزیسکە، بریسکە، شاخە و شریخە، با و بۆران، تۆف، ئۆف و کرێوە، لێزمە و تاو و لافاو ...) «کۆردەرە».

**بەستەڵەک**: ١. بەسڵەک، بەسەڵەک، بەستوو، سەهۆڵبەندان، شەختە، یەخبەنان، یەخبەندان: (بە هاتنت بای بەستەڵەک، بەفری دەشت/ گیانی سپارد، گوڵی ڕوا جێگای گەشت) «گۆران»،٢. دۆڵدرمە، بەستەنی.

**بەستەم**: Bestem ئەستی و بەرد، بەردەستێ.

**بەستەم**: Be sitem بەزۆر، بەستەو، ناحەق، بەناهەقی، نارەوا: (فلانی بە ستەم ئەو مڵکەی داگیر کردووە).

**بەستەن**: ١. بەستووە: (تەن وە ئێش دەرد زامەتان خەستەن/ فەڵەک پای ئامام وە زنجیر بەستەن) «مەولەوی»،٢. وایلێکردووە، بەستویە: (سا زانام تاقی حەقش بە دەستەن/ ڕاویارکۆشەن، ئەنقەس بەستەن) «بێسارانی».

**بەستەنەدەور**: دەوری داوە: (دڵ وات: بەو کوفرە نە دین بەستەن دەور) «بێسارانی».

**بەستەنکەڵەک**: کەڵەکی چنیوە: (چەرخ چەپ چەنیم ڕاس بەستەن کەڵەک/ مەر مەن سەنگم دان وە مینای فەڵەک) «مەولەوی».

**بەستەنم**: بەستم، بەستوومە: (پەرێ دینی تۆ، بەستەنم زوونار) «بێسارانی».

**بەستەنی**: ١. دۆڵدرمە، دۆندرمە، چلورە، بوزە، شیر و شەکری بەستو ٢. بەستەڵەک، بەستەڵۆک،٣. ئەو شتانەی بە سەرما دەیبەستن.

**بەستەوان**: بەستەبێژ، قامبێژ: (تەرمی بێ ناز و ژاکاوی کەژاڵ بە فرمێسکی گەرموگوڕی قامبێژ و بەستەوانان بە شین و شەپۆڕی لاو و پیرەپیاوان لە مزگەوت میوان کرا!) «شەوارە».

**بەستەوانی**: ١. میز گیران،٢. گۆرانیبێژی، شایەری،٣. گوندێکە لای سمێلان.
**بەستەوتن**: ١. ئاواز خوێنن: (وەنەوشەی چاوڕەشی شەرمن/ دەستی کرد بە بەستە وتن!) «گۆران»،٢. خوێندنی مەل: (ئەو مەلەی بای وەشت باڵی هەڵوەراند/ لە بەستە وتن، نەکەوت لە ئاسمان) «کامەران موکری».
**بەستەوە**: بۆ نامەوە، بۆ ناومەتەوە: (ئیسە ها فەڵەک کەڵەک بەستەوە/ تۆڕ دام دووریش ها وە دەستەوە) «مەولەوی».
**بەستەوێژ**: بەستەبێژ، گۆرانیچڕ: (هونەرمەندێکی مولکی ئەو مێللەتەم/ بەستەبێژی ئەو خەڵکە ڕەشوڕووتەم) «حەمەجەزا».
**بەستەی**: ١. بەستن، گرێدان،٢. مەیین، گیرسان،٣. بەستمان: (من بەو شەرت و بەین بەستەی هەر جاران) «بێسارانی».
**بەستەیخاوەکان**: ئەو گۆرانیانەی کە خاوەنی ڕەزمێکی سست و سۆنن وەک: خاڵۆی ڕێبوار.
**بەستەیخێرا**: ئەو گۆرانیانەی کە هەوای گۆرانیەکە شاد و خەمڕەوێن و دڵبزوێن بێ.
**بەستەیرە**: دابەستن.
**بەستەینێوەند**: بەو بەستە و گۆرانیانە دەگوترێ کە نە خێران، نە خاون وەک ڕاستەی خەیابان.
**بەستەیەنە**: تێپێچان.
**بەستەیی**: بەستەگی، پەیوەندی.
**بەستی**: ١. گرێدراو، توندکراو، دابەستراو(بار) ٢. سەهۆڵ، سۆڵ، یەخ ٣. جەمدی، بەستو: (جەمەدا بەستی) ٤. تەختایی بن ئاوی چۆم ٥. کەو، بارەکەوی ڕاو ٦. چاوتێر، فەریڤەت، بەقنیات ٧. کوولەکە، کوندر، کدو، کودی، ٨. جەنازە، تەرم، بەست، بازە،٩. کەنار ئاوی زیخماڵ،١٠. دایخست، پێوەیدا،١١. گرێیدا، بەستیەوە بۆ ڕابردوو: (ناچار خەبەر برن ژ بۆ میر/ میر هات و ل پێ وی بەستی زنجیر) «خانی»،١٢. ناوە بۆ کچان.
**بەستێ**: ببەستێ: (تۆ بلێی هێندە ئەجەل ڕاوەستێ/ عەهد و پەیمانێ لەگەڵما بەستێ؟) «بۆکوردستان».
**بهستیار**: بهستۆک، بیستەر، گوویدێر.
**بەستیر**: قاڵی، فەرش، جۆری مافوورە.
**بەستیشەرغە**: بەستێکە لە دەشتی هەولێر.
**بەستێن**: ١. بەست، گوێچۆم، دەمچەم، ڕەخی ڕووبار: (لە هەر چیا و مێرگێک، لە بەستێنی هەر هەم و ڕووبارێک) «نیساری»،٢. بەستە، حودوود، کەوشەن، مەرزی نێوان دوو کێڵگە: (هەتا نزیک نیوەڕۆیە گەیشتە بەستێنێک، ئەم بەستێنە سەراسەری زییەڵێنەکەی دوو لەت دەکرد) «حەمەدۆک»، ٣. سەد، بەنداو، بەندی ئاو،٤. سەیرانگایەکی ئێواران بووە لە مەهاباد: (دڵە سەیرێ کە لە دەم بەستێنێ/ دیدەمەستێکە و لە منت دەستێنێ) «بۆکوردستان»،٥. زەمینە، بواری هونەری،٦. ناوە بۆ کچان.
**بەسدانە**: بەستانە، ئەڕاێ ئویە بەسە.
**بەسدە**: ئەڕاێ ت بەسە.
**بەسرا**: ١. گرێدرا، بەسترا،٢. شاری بەسرە، شارێکە لە باشووری عێراق: (قوربان ئیعلانی حەربی عوزمایە/ سوپای کوردسان ڕووەو بەسرایە) «مینەجاف».
**بەسران**: ١. داخران، بەستران،٢. ڕێ گیران: (دڵ تینووە، سووتاوە، بەبێ تاقەت و تاوە/ ڕێگەم بە سەراوە، کە دەچم ڕێم بەسراوە) «نالی».

**بەسرانە**: لە ناو بەسرەدا.
**بەسراو**: ١. بەسیاگ، داخراو: (کۆچی کرد بولبولی گولزاری ئەدەب/ دەرکی بەسراوە هەموو شاری ئەدەب) «ئاوات»،٢. هەڵواسراو، ئاوێزان: (بەر لە ئێستا کە کەمەندم دەپساند/ ئێستە وێنێکی بە بەن بەسراوم) «ڕاوچی».
**بەسراوە**: ١. بەستراوە،٢. لە بەسرەوە.
**بەسراوی**: ناوێگە دویەتانە.
**بەسرایی**: خەڵکی بەسرە.
**بەسرپێر**: بەستڕپێر، بەسرپێرار.
**بەسرپێرار**: پەستڕپێرار، بەتڕپێرار، پەسەرپێرار، پەرەوێرار، سێساڵ لەمەوپێش.
**بەسرپێری**: بەتڕپێر، بتڕپێر، پەستڕپێر، سێڕۆژ لەمەوپێش.
**بەسرپێرێشەو**: سێ شەو لەمەوبەر.
**بەسڕووین**: پەنابردن، هانابردنەبەر.
**بەسری**: ١. بەسرێ، ناوی گوندێکە سەر بە مەهاباد لای زگدڕاو: (هۆی بەردەهەڵۆ، دۆڵەکەی بەسری/ تا دەگا بەنگۆ، عاسمان بۆم دەگری) «فۆلکلۆر»،٢. ناوی چیایەکە لە ڕۆژهەڵاتی مەهاباد: (من دەچمە سەر بەسری بەرەو پردی سوور/ ئاوی کەوسەرە و خاکی وەک بلوور) «حەسەن زیرەک».
**بەسرێ**: ١. بەسری، ناوی گوندێکە سەر بە مەهاباد لای زگدڕاو: (من لە کەل بەسرێ هاتمە سەر) «ئاوێنەی بێگەرد»،٢. گوندێکە لای سەردەشت.
**بەسریا**: بەسرا، بەسیا.
**بەسریاس**: بەسرا، بەسیاس.
**بەسریاسا**: بەسریاسەو، بەسراوە.
**بەسریاسەو**: بەسیاسەو، بەسراوە.
**بەسریاگ**: بەسیاگ.
**بەسریان**: ١. بەسران، داخران،٢. بەسیان زاوا.
**بەسریانە**: بەسیانە، بەسراون.
**بەسریانەسا**: بەسیانەسا.
**بەسریانەسەو**: بەسیانەسەو.
**بەسریانەو**: بەسیانەو.
**بەسریای**: بەسیای.
**بەسریایە**: بەسیایە.
**بەسزمان**: بەلەنگاز، بێچارە، فەقیرۆکە: (خەڵکی هەموو کەڕن، منی خەودیتە بێزوان) «بۆکوردستان».
**بەسزوان**: بەسزمان، پەپووک.
**بەسس**: بەس، کافی: (شەهید بن تەرکا دنێ کن/ ناڤەکی ژ خوە ڕا چێ کن/ بەسسە کەلێ ئاسێ کن/ ڕابن ڤێکرا هەو لێ کن) «فەقێ تەیران».
**بەسفایە**: ڕەگی گیایەکی درێژ و باریک و گرێدارە و لە گرێیەکانی وی چەند ڕیشەیێکی باریکی پێوەیە وەکوو هەزارپێ.
**بەسک**: بسک ×٧٨×: (هاتە ڕووی دڵ لە غەمزە بەسکی خەدەنگ/ خانەیی خارپوشت سینەیی تەنگ) «سالم».
**بەسکرن**: ١. قسیە نەکردن٢. دەس لێهەڵگرتن، وازلێهانین، ب دوماهی ئانین: (شەرتی کرد ئیتر لە کوشتن بەس کا، یارەب بکەی/ ئەو وەفا بەم شەرتە کا، ئەمما لە قەتڵی من بە پاش) «مەحوی»،٣. کافی بوون، بەس بوون.
**بەسڵامەت**: بێمزەڕەت، بێوەی، بەساغی، لە جوابی خوداحافیزی دەبێژرێ.
**بەسڵامەتی**: بە سڵامەتی تۆ، تۆ سڵامەت بی، وتەی پێش خواردنەوەی مەی.
**بەسڵک**: ١. بەستەڵەک، یەخبەندان، سەهۆڵبەندان ٢. سەهۆڵ، یەخ،٣. بەستەنی، دۆندرمە، دۆڵدرمە.
**بەسڵک**: بەسلک.

**بەسڵکە**: بەسڵک، بەستەڵەک.
**بەسڵەک**: بەستەڵەک، یەخبەندان.
**بەسلەمە**: پەرواری، رەبیتە، دابەستی، دابەستە، دابەستراو(ئاژەڵ).
**بەسمەل**: حەیوانی سەربڕاو: (کوشتمی و ئەودەمە خوێنم بە ئەدەب دامەنی گرت/ بەسمەلی عیشقم و کارم بەو خوێنە ڕاهی) «مەحوی».
**بەسمەن**: گوڵێکە لە بەهاردا چرۆ دەرئەکا و ئەبووژێتەوە: (چڵی گوڵ بە پەنجە ئیشارەی چرۆ/ دەکا، غونچە دەردی دڵی بەسمەنبۆ) «حەمدی».
**بەسمین**: لێوکەن، لێوخەن، بزە، کەنین.
**بەسن**: Besin بەستن، گرێدان، شەتەکدان.
**بەس‌نا**: ناڤێ ژنانە دەما دایبابان هێش زارۆ بڤێن، ناڤی ل کچا خوە دکن.
**بەسنجاق‌گەڕان**: زۆر بە وردی پشکنین: (ئێرانم بۆ بەن وە سنجاقەوە) «ئاوێنەی‌بێگەرد».
**بەسنەوە**: بەستنەوە.
**بەسنی**: شارێکی باکووری کوردستانە لە پارێزگای ئادیەمان.
**بەس‌نیە**: چاکە، دەکرێ: (بەس نیە لێرە دەوێرم جاروبار باست بکەم/ نەمدەوێرا قەت لەبەر ئەغیار ناوت بەرم لەوێ) «فۆلکلۆر».
**بەسو**: بەسۆ.
**بەسۆ**: ١. بەئێش، بەژان، دەردەدار: (ئەی کوردە! هەموو شیوەنی من گشتی بۆ تۆیە/ بۆ تۆیە کە قانع جگەر و قەلبی بەسۆیە) «قانع»،٢. ناڤێ ژنانە.
**بەسوز**: بەسۆز.
**بەسۆز**: سۆزدار، هەست‌بزوێن: (پەرۆشی ئاوازی بەسۆزی شمشاڵین/ بێ سێحری فووی دەمت، بەزم و نۆش بەتاڵین) «گۆران».
**بەسوزی**: بەسۆزی، مێهەبانی.
**بەسۆزی**: سۆزداری، دلۆڤانی.
**بەسوە**: بەسۆ.
**بەسە**: ١. بەستە، ئەوەندە تێرا تە دکا؟،٢. ئیدی بەس، بەس، تەواو: (کوتم بە بەختی خەواڵوو بەسە ئەتووبی خودا/ لەئ خەو هەستە زەمانێ بچینە ئەو لا) «حاجی‌قادر»،٣. وازبێنە، بەسی کە: (دیک کەنییا و کر قرەقر/ گۆت: بەسە دەرە و قڕ) «پەرویز جیهانی»،٤. بەستە، باخە، باغە، دەسکی گوڵ و گیا،٥. خزم، کەس، کەس‌وکار،٦. بەستە، گۆرانی، ستران،٧. شیعر، هەڵبەست،٨. مەبەست، واتا،٩. بەستە، بستێن، مەرز،١٠. داخراو، بەسراو،١١. قەراری تایبەتی لە قوماردا،١٢. بەستە، جەرە،١٣. ناوێگە ژنانە.
**بەسەبر**: بەحەوسەلە، پشوودرێژ: (هەرواش بەسەبرە بولبولی بێدڵ دەکا خەبەر/ خاکت بەسەر بێ! هەستە برۆ تێکدە ئاشیان) «ئاوات».
**بەسەخت**: بە دژواری: (بگیرۆش لوجام پەهلەوان بە سەخت/ تا سەر نەکێشۆ بە وەخت و بێ وەخت) «خانای قوبادی».
**بەسەختی**: سەخت، دژوار، بە چەتوونی.
**بەسەر**: ١. سەرلێو، پڕ، تژی، سەرڕێژ، مشت، ٢. ئامادە، حازر: (خرمانەکەم بەسەرە)،٣. بەفری بەستوو: (بەفرەکە بەسەرە ناچەقم)،٤. سەرەڕای: (بە سەر گوڵدا، لە شانەت دڵ دەبارێ/ قەزا بۆ دڵ، لە سەر سونبول دەبارێ) «سالم»،٥. چاو: (خاکی بەری پێت، چاوم! سورمەی بەسەری کوێرە) «ئاوات».
**بەسەراچوون**: ١. لە نخافڵ گرتن، کەوتن بە سەر کاری کەسێکدا بە دزییەوە،٢. نەسیحەت کردن: (هێندەی بە سەرا هاتم)،٣. لەبیرچوون، لێ‌تێک‌چوون،٤. وازلێ‌هێنان، هەڵبوواردن، ڕابردن، تێپەڕین.

**بەسەرادان**: لە ناخافڵ بوونە میوانی کەسێ.
**بەسەراکەوتن**: ١. دۆزینەوە، دیتنەوە،٢. کەوتن بە سەر شتێکدا،٣.ماڵی میراتی پێبڕان.
**بەسەراهاتن**: ١. بەسەرا چوون،٢. کارەسات لێ ڕوودان.
**بەسەراهەبوون**: زیاتر لە خەڵک بوون: (بەگلەر لەبەر ئەوەی خۆی بە سەرۆکی عەشیرەتی دەلۆ دەزانی، تۆزێ بە سەر خەڵکییا هەبوو) «ڕشتەی مرواری».
**بەسەربردن**: ١. ڕابواردن، دەمبواردن: (خۆم بە خۆم ئەڵێم: یاران من چیم کرد؟/ بۆچ عومری جوانیم وەک پیر بەسەر برد؟) «گۆران» ٢. دوایی هێنان، پێکهانین، تەواوکردن،٣. مانەوە، ڕاگیران بەزۆر: (مەریوان حەوت ساڵی لە بەندیخانە بەسەر برد) «ئاشتی».
**بەسەرپاییکەوە**: سووکە سەردانێک.
**بەسەرپەڕین**: ١. ئەسپ سواری مایین بوون، ٢. پیاوێ کە بە سەر ژنێکەوە بگیرێ.
**بەسەرچاو**: وشەی بەڵێن بۆ کارێک.
**بەسەرچوو**: ١. ڕۆیشت، تەواوبوو، تێپەڕبوو، ٢. فریوی خوارد، بەسەهوو چوو،٣. تێپەڕیو، تێپەڕبووگ: (دێنێتە یادم ژینی بەسەرچوو) «کاکەی فەلاح».
**بەسەرچوون**: ١. تێپەڕ بوون، بهوردن، گوزەران: (بەهارێ بوو جوانی، بوو بە سوخرەی پایزی پیری/ بەسەرچوو باغ و باقی ماوەوەی مشتێ چڵ و چێوە) «مەحوی»،٢. هەڵە کردن، فریو خواردن،٣. ڕەحەت بوون،٤. بریتی لە بە سەرەوە بەرەو پیری کەسێ چوون: (سەرت پێ لازمە، مەیبازە «مەحوی»/ دەبێ دولبەر کە هات ئێمە بە سەر چین) «مەحوی».
**بەسەرخولانەوە**: بریتی لە ئێش و ژانی زۆر چەشتن.

**بەسەردا**: ناوی گۆرانییەکە: (بەسەردا گیان بەسەردا/ بەسەر دەشتی لاجانێ/ سەر و شەدەی تێکەڵ کرد/ دەگەڵ پەلکی ڕێحانێ) «فۆلکلۆر».
**بەسەردابڕین**: ١. چتێک کە لە لایەن فرۆشیارەوە بە زۆر بەسەر کڕیاردا ببڕێ: (دوێنێ لە لە شار، لە قاوەخانەی حاجی ڕەشید، بە زۆر بە سەریدا بڕیم) «هەزار ئەشکەوت»،٢. کێشە و ڕووشە بە ملی کەسێکدا بڕین،٣. ئافرەتێک کە بەزۆر خۆی بەسەر پیاوێکدا ببڕێ: (کچی حەمەی بە زۆر خۆی بە سەر کوڕی مەلای دا بڕی)،٤. ناوی خراپ بە کەسێکەوە لکاندن: (ئەوانەی وا بە ملهوڕی/ شێتیان بە سەر منڕدا بڕی) «هێدی».
**بەسەردابەپێیدا**: ناوی گۆرانییەکە: (بە سەردا، بە پێیدا/ بازنە و زرزڕە لە پێیدا) «حەسەن زیرەک».
**بەسەرداچوون**: لە نهێنی چوون بە سەر کاری کەسێکدا: (کاتێ من چووم بە سەریاندا، خەریکی کاری خێرێ بوون).
**بەسەرداخوڕین**: بە سەدا نەڕاندن: (بە سەریا خوڕی: کوێندەری ئەی تکەی سوێر/ ئەتۆ و ئێرە چی دەنکە فرمێسکی بێخێر؟) «بۆکوردستان».
**بەسەردادان**: ١. لەناکاو چوونەسەر کەسێک، ٢. لە سەری کەسێک ڕاکێشان،٣. بوونە میوانی کەسێک لە ناوەخت،٤. کار تێکردن، کاریگەر بوون✕: (دڵداری بە ڕاستی دای بە سەرما/ لەو هێرشەدا نە دڵ ما، نە سەر ما) «هەژار».
**بەسەردادانەوە**: گەڕاندنەوە، ویدانەوە.
**بەسەرداڕشتن**: پێدان، پێبەخشین: (خوداش لێی قبووڵ کردبوو، ڕۆژ بە ڕۆژ بە سەریدا ڕشتبوو) «پێکەنینی گەدا».

**بەسەرداقیژاندن**: بەسەرداگوڕاندن، نەڕاندن.
**بەسەرداکردن**: ١. شتێ کردن بەسەر شتێکی تردا، ٢. بە سەردا ڕژاندن.
**بەسەرداهاتن**: ١. ئامۆژگاری کردن، هەڵشێلان، ٢. تووشی ڕووشە و کێشە هاتن،٣. لەپڕ بەسەر کەسێکدا چوون: (ئەگەر بە سەریان دا هاتم خەریکی کاری خێرێ بوون!).
**بەسەرداهاتنی‌شەو**: شەو هاتن، ئاوابوونا ڕۆژ.
**بەسەرڕۆیشتن**: ١. سەرزەنش کردن، هەڵشێلان، ٢. بەسەر چوون، زۆر تامەزرۆ بوون: (هێندەم پێ‌خۆشە بچمە حوزووری بۆم هەڵکەوێ بە سەر دەچم).
**بەسەرفە**: بەقازانج، بەهرەدار: (مەڕ حەیوانێکی ناسکە، ئەوەندەی بەرەکەت کا بەسەرفەیە) «ئەمیری».
**بەسەرکردن**: ١. نەپێکان، سەرکردنی تیر،٢. ژماردن، شوماردن،٣. سەر لێدان، چوونە دیدەنی،٤. ڕەوان‌کردنی پێچ و مۆرە.
**بەسەرکرنەڤە**: سەردان، بەسەرکرنەوە.
**بەسەرکردنەوە**: ١. لێ‌پرسین، سەردان، ئاوڕ لێدانەوە: (هەرگیز یەک لەوان گەل و هۆزەکەی خۆی بەسەر نەکردۆتەوە) «شەرەفنامە»،٢. لێ‌پێچانەوە، لێ‌تویژینەوە، تاقی‌کردنەوە،٣. بژاردنی مەڕ و ماڵات کاتی هاتنەوەی لە دەیشت: (کەوێ هەڵکێشی هەڵکێشاوە، درگای حەوشەی گرتووە، مەڕ بەسەر دەکاتەوە) «هەزار ئەشکەوت».
**بەسەرکەوتن**: پێدا هەڵگەڕان: (دزەکە ب روونـاکی مانگەشەو بەسەر دەکەوێ و دێتە خوارێ) «پەند».
**بەسەرگرتن**: پەیداکردنەوە، دۆزینەوە.
**بەسەرگرتنەوە**: ١. بەسەرگرتن، دۆزینەوە، دیتنەوەی شتی دۆزراوە،٢. تێ‌هەڵچوونەوە لە گوفتار و کردار لە نووکەوە.
**بەسەرگێڕان**: سەر لێ تێک‌دان و بە هەڵە بردن: (بەسم بەسەر بگێڕە).
**بەسەروبەر**: پوخت، ڕێک و پێک.
**بەسەروبەرەوە**: ١. بە یەکجاری،٢. بە خۆی و سەمەرەکەیەوە.
**بەسەروزمان**: زیرەک، قسەزان، وریا.
**بەسەروسیما**: کەیخودا، ماقووڵ، ڕێکوپێک: (ژنە ئاغایەکی جوان و بە سەروسیما و کەیخودا) «چێشتی مجێور».
**بەسەرووەت**: ماڵدار، دارا، دەوڵەمەند: (یا کەسێکی زۆر بە سەرووەت هات و لێی قەوما، ئیتر/ ...) «ف. بێکەس».
**بەسەرووەربوون**: هورووژم بۆ بردن✗: (ئەوە بە سەر ماڵی بابێ هەتیو حەیرانێم وەر بووە/ دەستێ عارەب و ڕۆم و جەردە) «فۆلکلۆر».
**بەسەرهات**: ١. سەرهات، بسەرهاتی، بسەرڤەهاتی، سەربهوورد، سەربردە، سەرگۆت: (ئەم ئەستێرە، بەسەرهاتی دڵگیری/ لە کام ڕۆحا نابزوێنێ سا زویری؟!) «گۆران» ٢. هەنگامە، گێچەڵ، کارەسات، گۆنگەڵ، بەڵا.
**بەسەرهاتن**: ١. دووچاربوون، تووشی تەنگانە بوون: (چم بەسەر دێ کە نەمام و مردم/ پەڕی بەربایەک و خۆڵی وردم) «بۆکوردستان»،٢. ماوە بەسەر چوون،٣. تاڵ و سوێری زۆر چێشتن: (لێم‌گەڕێ وام بە سەرێ/ سینگت حەوزی کەوسەرێ/ دەخوا لە سەر چاوی جوانت/ جا چ پەندێکم بەسەرێ) «ماملێ».
**بەسەرەچوون**: بە بێ تۆڵە ئەستاندنەوە مانەوە، دەڵێن: (بەسەریەوە ناچێ، واتا: نابێ هەروا بێ تۆڵە لێ ئەستاندنەوە بمێنێتەوە).
**بەسەرەوەچوون**: ١. لێ‌خۆش‌بوون: (وەک لە

بیرت بێ، کتێبەکەت لێ سووتاندم، جا بە سەرتەوە نەچێ، تۆڵەی خۆمت لێ دەکەمەوە)،٢. مردنی ژن بە هۆی منداڵبوون: (دایکم بە سەر منەوە چوو).

**بەسەرەوەنەچوون**: ماوە پێنەدان، لێنەگوزەران.

**بەسەرەدەر**: سەردەرچوو، لێزان: (تەمەنی حەفتا و پێنج بە نەخۆشی دڵەوە لە سەر جێوبان دەناڵێنم، خەمرەوێنم خەمە و هاودەنگم هاوسەرێکی دڵسۆز و بەسەرەدەر و بەوەفایە) «ڕاوچی».

**بەسەرەوەرۆین**: سەرەنگرێ بوون.

**بەسەرەوەگرتن**: گرتنی کەسێ کە گانی ناڕەوا دەکات.

**بەسەرەوەگەڕان**: ١. سەرپەرشتی کردن،٢. مووشەکرن، بریتی لە زگی مفت لەوەڕاندن: (فیسارەکەس هەر بەسەرەوە دەگەڕێ).

**بەسەرەوەنان**: یەکجێ خواردنەوە، هەڵقوڕاندن.

**بەسەرهەڤ**: ١. سەلەم، پێش‌خڕ،٢. سەرجەم، هەموو.

**بەسەرهەڵبوون**: بەسەرکردنەوە، چتی وون و بزر دۆزینەوە.

**بەسەرهەڵکێشان**: پیادانەوە، بە سەردا دانەوە: (ئەمن لانکۆڵەی خۆم هەڵدەگرمەوە/ دەیبەمەوە بن داری دە گوێزێ/ بە سەری هەڵدەکێشمەوە چیت نمرەی دە تەورێزێ) «فۆلکلۆر».

**بەسەرهەو**: سەلەم، ڕوبێدە: (بەسەرهەودان: سەلەم کرن).

**بەسەری**: بەدروستی.

**بەسەرینی**: لەژیاندا، تاما، تاماوە، لەسەردەمی.

**بەسەریەکداکەوتن**: ١. تێکەڵبوون، کۆمابوون، ٢. بەسەر دەس تێکەڵاوی ژن و پیاوێکدا چوون.

**بەسەریەکەوە**: لە نزیک یەک، چەسپاو بە یەکەوە: (سێ ژووری بە سەر یەکەوە لە ناو ئاگردا دەسووتان) «حەمەدۆک».

**بەسەزمان**: بەستەزمان، بەلەنگاز، بێچارە، داماو، هەژار، بێدەسەڵات: (من ڕەنجبەرێکم پاک و بەسەزمان/ هەولم بۆ داوی بە دڵ و بەگیان) «ف. بێکەس».

**بەسەزمانی**: بەستەزمانی، هەژاری، بێچارەیی.

**بەسەزوان**: بەسەزمان، پەپووک.

**بەسەزوانە**: بەسەزوان، فەقیر: (جووتێ گاجووتی بەسەزمان و لەڕ/ لەبەر بارانا سەروگوێلاک تەڕ) «قانع».

**بەسەزووان**: بەسەزمان.

**بەسەزووانی**: بەسەزمانی.

**بەسەکە**: باسێک، پرسێک: (ڕۆستەم بەگ بەسەکە خێرێ ژ وەلی ڕا ئانی) «مەستوورە».

**بەسەڵک**: بەستەڵک، بەستەڵەک.

**بەسەڵەف**: بەکۆمەڵ.

**بەسەڵەک**: بەستەڵەک، سەهۆڵبەنان.

**بەسەلیقە**: ژیر، وریا، ئەقڵ، ئەقڵدار: (ئەو کابرایە دەبێ پیاوێکی پوخت بێ، بەسەلیقە و بەمشوور) «ئەمیری».

**بەسەلیقەیی**: وردبینی لە کاراندا.

**بەسەلیقی**: بەسەلیقە.

**بەسەنگیسیاهەڵێنان**: بە بەڵای گەورە دووچار کردن.

**بەسەویەت**: باش و لەسەرخۆ.

**بەسەی**: بەستن.

**بەسی**: ١. گۆزە، جەرە،٢. بەسیی، مانگر، خۆبوێر، هانابەر، پەناهندە،٣. ئەو بەسا.

**بەسێ**: ١. ناوی ئسترانەکە: (ئەی بەسێ، عەمرم بەسێ، دوت کوشتووە مەیکە بە سێ) «ماملێ»،٢. ناوی ژنانە: (بەسێ لۆرکێ

دەکوڵێنێ/ خەیاڵ ئاوردوو دێنێ) «هێمن».
**بەسێ**: بە سێ کەسی: (هەڵمگرن بە سێ و بە دوو/ بمبەن بۆ گەڕەکی ژووروو) «حەسەن زیرەک».
**بەسیا**: ١. بەسریا، داخراو،٢. نەتونستن لە شەو سوور.
**بەسێا**: بەسێدا.
**بەسیاس**: بەسریاس.
**بەسیاگ**: ١. داخراو، بەسراو، بەستە،٢. کەسێ نەتوانێ ببێتە زاوا،٣. پتەو، تات، ژنێ کە پەردەی کچێنی زۆر سفت بێ و پیاگ نەتوانێ لایبەرێ.
**بەسیاگەوە**: بەستراوە، بەسراوە.
**بەسیان**: ١. داخران، بەسران، بەستران،٢. پێکەوە بەسران،٣. تەختەبوونی بازاڕ،٤. بەسیان کرد.
**بەسیان**: بە سێ کەس، بە سێ دانە.
**بەسیای**: بەسران.
**بەسیایرە**: دابەستران.
**بەسیاینە**: تێپێچراو.
**بەسیایۆ**: بەسترانەوە.
**بەسیایەرە**: دابەستران.
**بەسیایەنە**: تێپێچران.
**بەسێبەر**: مەزن، سایەدار، سایەچەور: (خوناس و نوور لە سەر بوو/ بەتام و بۆن و بە سێبەر بوو) «ڕاوچی».
**بەسیت**: ١. سادە، سانا، هاسان،٢. گەوج، نەزان، نادان: (بەڵێ، دیارە، لە ناو قەومی بەسیتا قەدری سنعەتکار/ وەکوو عەکسی قەمەر وایە لە ناو حەوزێکی لیخندا/ بەڵام تەختی ڕوفاه و تاجی حورمەت میللەتی هوشیار/ بە ئوستادێ ئەدا وەک تۆ لە ناو شمشاڵی کونکوندا) «گۆران».

**بەسیرە**: ١. بەرسیلە،٢. تێنەگەیشتوو، بێسیرە.
**بەسێرە**: ئەنگێو، ئەنگێوەر، نیشانەپێک: (ئەمین و مەحرەمی ڕاز و سپێرەن/ کەمەندار و کەمەنکێش و بەسێرەن) «ڕاوچی».
**بەسیرەت**: بینایی، دڵپاکی، دەروونپاکی: (کان ب گەوهەر چ کت گەوهەر ئەگەر پاک نەبت/ تو بەسیرە تە نەبت، سیرەتێ ئەجداد چ کت؟) «جزیری».
**بەسیفەت**: بەسفەت، بەئەمەک.
**بەسیفەتە**: بەئەمەک، پێزان.
**بەسی کە**: ببیرەوە، تەواویکە.
**بەسیلە**: ناوە بۆ کچان.
**بەسیما**: شێوەدار، خودان کەسایەتی: (نازانم لە بینینی ئەو پیاوە بەژن بڵیند و بەسیمایەدا چ هەستێک لە ناخمدا هاتە کایە) «لەمەهاباد بۆئاراس».
**بەسین**: بەستین، ببەستین: (ئادانە، دانە دانە/ گورگیش سەگی هەردانە/ بە گالۆک و بە گۆچان/ دەم گورگ بەسین لە حەیوان) «قانع».
**بەسیە**: وازبێنە، کافییە.
**بەسیەچاو**: ناوی گۆرانییەکە: (بەسیە چاو پشووم بدە ناو بە ناو/ دە چیی تر مەمخەرە داو) «ع. مەردان».
**بەسیەی**: بەسران.
**بەسیی**: ١. هانابەر، پەنابەر، پەناهندە،٢. کەسێ کە لە بەستا بێ.
**بەش**: ١. پاژ، پش، پشک، پەش، بێش، بەهرە، بەر، بڕ، بژە، بیەش، پار، پەیا، تا، جوون، قسن، بڕێ لە شتێک: (ئەگەر ڕەمەزانە و ئەگەر شەشەکانە، بەشم هەر ژەم و دوو نانە) «مەتەڵ»، (خوێنی جەرگ و کونجی عوزلەت بەسمە بەش/ بەرمنەت بوونی مەی و مەیخانە بۆچ!) «مەحوی» ٢. ئاواڵە، ئاوەڵە، ڤالا، کراوە:

(دەو بەشکرنەڤە: زار داچەقاندن) ٣. کولّۆل، چارەڕەش ٤. چارە، نەسیب: (بەشی کەرێ یان ئاو کێشانە، یان دار کێشان)،٥. قەش، قەشان، قەشقە، مارۆ، ئاژەڵی نێوچاو سپی: (غالیبا ئەهلێ زەمانی ما مەلا ئادەمیین؟/ ڤە نومایین ژ کەرێ مەی رەش و گایێ تەیی بەش) «جزیری» ٦. بەس، تێر: (ئەو تۆزەنانە بەشم ناکا) ٧. شووم، بێفەڕ، ناموبارەک ٨. پارچە، پاژ: (دنیا لە پێنجبەش سێی ئاوە) ٩. لەتلەت، کوتکوت، ئەنجن ئەنجن: (گۆشتەکەت بەشبەش کە و دابەش بکە)، ١٠. بەرابەر، بەگوێرەی: (بەش بەحاڵی خۆم حەزناکەم) ١١. واش، ئامال، بەشە،١٢. بەشمان، بەشی مە: (هەر حەسرەتە بۆ ئێمە، لە مەحسوولی ئەمەل، بەش/ تا بۆ درەوی کشتی حەیاتە، دوو برۆ، داس) «ئەدەب»،١٣. بەشکوو، بەڵکوو: (بەش با وە عیبرەت ڕووسیای وڵات) «م.ح. دزڵی»،١٤. ناوچە، دەڤەر، محاڵ: (ئامینێ سوورە گوڵ، ئاخ بە لەنجە و لاری/ بە ڕەنگ بەگزادەی بەشی هەوشاری) «حەسەن زیرەک»،١٥. میرات، کەلەپوور،١٦. ڕووزەرد، شەرمەزار: (گلی ل ناڤەندا دو نەیاردا ئوسا بێژید/ گاڤا بوو دۆست، تو ل ناڤدا بەش نەبید) «گولشوون».

**بهش**: بەهۆش، هۆشیار: (ئی دیە ئەو بخوە جارەک، د عەجێبم کو بهش تێ) «جزیری».

**بەشارەت**: ١. مزگێنی، مۆگینی، مزانی، مزگانی، مژدە، موژدە، نزانی: (ئەی لوتفەکەی خەفی و هەواخواه و هەمدەمە!/ وەی سروەکەی بەشارەتی سەر گۆشەیی حوزوور!) «نالی»،٢. هەست، پاشەر، وورە، زەهلە، زارە، بژۆن،٣. بەرچاو، وەردەم.

**بەشارەتبەس**: بەرچاوگر، پێشگر، بیر و خەیاڵ شێوێن.

**بەشارەتبەستران**: وورە بەردان، پاشەر شکان.

**بەشارەتبەسە**: بەشارەتبەس.

**بەشارەتبەسیای**: بیروخەیاڵ بەستران.

**بەشارکانێ**: چاوشارکێ، خۆڤەشارتن، خۆشارکێ.

**بەشارکەوتن**: کەوتنە ناو شار، گەڕان وە شاردا: (دەنکە گەنمێکی بەهەشتی بێ ئەگەر قووتی شەویم/ مەکە باوەڕ دەمی ڕۆژانە بە شارێ بکەوم) «جومعەکان».

**بەشاری**: شارێکی باکووری کوردستانە سەر شاری دیاربەکر.

**بەشاڤەند**: افیە، سەروا، پاشڵ، پاشبەند.

**بەشاقەل**: شاقەلدار: (ئەتۆ چۆنی برای شێخی بە شاقەل/ لە سەرخۆ وەک هەڵۆ دەفڕی وەیا قەل؟) «ڕاوچی».

**بەشاکردن**: بەشەو کردن.

**بەشاکەر**: بەشکەر، دابەشکەر.

**بەشان**: شکۆدار، شکۆمەند، ڕێزدار.

**بەشانوبالآهاتن**: تاریف دان: (ئەوەی کە سەر کەوتبوو بۆ ئەوەی خۆی هەڵکێشێ، هات بە شان و باڵی ژێرکەوتووەکەدا) «ڕشتەی مرواری».

**بەشانوشەوکەت**: کەڵەگەت.

**بەشانە**: ١. بە هۆی شانەوە،٢. شانەکراو: (زولفت کە لە سەر شانە، پەرێشانە بە شانە/ بەو بۆنەوەیە بادی سەبا مشکفشانە) «مەستوورە».

**بەشانەکراو**: ١. سەری داهێنراو،٢. خوری لە شانە دراو و شیکراوە.

**بەشانەکردن**: داهێنان، شەکرن: (زولفەکەت بێنە بیکەم بە شانە/ با لێی نەکەوێ تۆزی گۆڕخانە) «فۆلکلۆر».

**بەشاو**: بەشەئاو، تاقاو، بەشە ئاڤی کەسێک.

**بەشاوەند**: قافیە، سەروا، بەشاڤەند، پاشڵ بۆ شیعر.
**بهشئانین**: هێنانەوە هۆش: (بنێرِ جارەک چ بانگینە/ ژ نەومیٚ خوە ب هش بینە/ دنیٚ قەتلە، دنیٚ خوینە/ دنیٚ گەردۆن و ڕۆژگارە) «فەقیٚ تەیران».
**بەشئینەخوان**: بەش ئەمە خوایە.
**بەشبڕ**: بێبەشکەر.
**بەشبڕان**: بێبەش بوون، بەش خوران: (گێژی لە خەیاڵات و گلەی بەختی ڕەشت/ ڕابوێرە هەتا بە جاریٚ نەبڕاوە بەشت) «خەیام».
**بەشبڕاو**: ١. بەشخوراو، بێبەری، بیٚبەش ٢. وڵووڵ، تەمەڵ، بێکار.
**بەشبردن**: سەهم گرتن لە ئیرس.
**بەشبڕە**: بێبەشکەر.
**بەشبڕیا**: بەشبڕاو.
**بەشبڕیای**: بەشبڕیان.
**بەشبڕیەی**: بەش بڕین.
**بەشبڕیێ**: بەشبڕیاگ.
**بەشبوون**: ١. دەمکردنەوەی برین،٢. دابەش بوون، پاژ بوون: (دەتگوت کە چوار گیانە، یەک لەش/ گیانێکە لە چوار لەشان بووە بەش) «هەژار»،٣. ئاوەڵەبوون.
**بەشبەدنیاوەنەمان**: بریتی لە بێبەش بوون لە ژیان، مردن، مرن.
**بەشبەر**: میراتگر، کەلەپوورگر، وارسی، خودانبەش.
**بەشبەردەی**: بەش بردن، میرات گرتن.
**بەشبەرە**: بەشبەر.
**بەشبەش**: ١. کەرکەر، پشکپشک، پاژپاژ، پارچەپارچە، گەلەک پشک: (دەیانکرد دەغڵ و دانی ئێمە بەشبەش/ دەیانکرد دانەویڵەی ئێمە کۆکۆ) «هێمن» ٢. دابەش، تەقسیم: (ئەی ئەوەی قەومانی بەشبەش کرد بە پێی خاک و زمان/ دای بە هەر قەومیٚ نگین و تەختی حورِ ژیان!) «گۆران».
**بەشبەشاکردن**: بەشبەشەو کردن.
**بەشبەشبیەی**: بەشبەش بوون.
**بەشبەشکردن**: دابەشکرن، بەشینەوە.
**بەشبەشەوکردن**: بەخشینەوە، دابەشکردن.
**بەشبیەی**: بەش بوون.
**بەشپیٚبڕان**: ١. وەبەرکەوتنی شتێکی دابەش کراو،٢. میرات پیٚبڕان.
**بەشپینار**: شارێکە لە باکووری کوردستان لە نزیک سیرت.
**بەشت**: Beşt کاریتەی خانوو.
**بەشت**: Beşit بەشی تۆ: (سەرکوڵمی گەشت، برەو بەری گوڵ/ خوا داویە بەشت، گشت نیازی دڵ) «هەژار».
**بهشت**: بەهەشت، بەحەشت.
**بهشتن**: توانەوە، بهوژین.
**بهشتیٚ**: دێتەوە هۆش خۆی: (ئی دیبە ئەو بخوە جارەک، د عەجێبم کو بهش تیٚ) «جزیری».
**بەشتێکەوتن**: بە سەر شتێکدا کەوتن و بەش پیٚبڕان: (ئەمنیش بەشم دەو پلاوەی کەوت).
**بەشچوونەسەربەشان**: تووک، نفر، دۆعا لە کەسێکە بەو واتایە کە ئەو کەسە میراتی پیٚ بگا و گورج بمریٚ و لەپاشی بەجیٚ بمێنیٚ بۆ کەسانی دوای خۆی: (لەو خودایەم تەمەنایە خێر و خۆشی لە خۆت نەبینی و بەشت بچێتە سەر بەشان).
**بەشخوا**: بەشقی خوا، بە عیشقی خودا.
**بەشخواردن**: ١. خواردنی بەشی کەسێک،

٢. بە ناحەق ماڵی کەسێ خواردن.
**بەشخوران**: بێبەشبوون، مافخوران.
**بەشخوراو**: ١. بەشبڕاو، بێبەش، بێبەری،٢. مافخوراو، زوڵم لێکراو: (بە دەنگی بەرز ئەڵێ: ئێزیکە جەژنی بەشخوراوانت) «کاکەی فەلاح».
**بەشخوراوی**: ١. بێبەشی، بێبەریی،٢. زوڵم لێکراوی.
**بەشخووا**: ١. خواداد، بەهرەی خواداد ٢. زەکات، سەرفیترە، سەرفترە.
**بەشدار**: ١. پشکدار، هاوبەش، هاڤپا، هەڤا، هاوکار، بەشبەر، خودانبەش: (هەما بێژی ئەو بەشداری وان شەران گشکان دبوو) «مەستوورە» ٢. بریتی لە سەگی پاس: (کەرێکی نەخۆش خەریک بوو دەمرد/ بەشدار لە دیاری چاوێری دەکرد) «بۆکوردستان»،٣. کەسێ ک توویەنێ مار و عەقرەو بگرێ،٤. ئەندامی کۆمەڵێک،٥. ناوە بۆ زەلامان.
**بەشداربوون**: ١. شەریکی شتێ بوون، بەش پێوە بوون،٢. تێدابوون، لەگەڵبوون: (کۆ ئەو ب خوە بەشدار ببوو) «مەستوورە».
**بەشداربی‌یەی**: بەشدار بوون.
**بەشدارکەردەی**: بەشدار کردن.
**بەشدارەکی**: بەشداری، شەریکی، هەڤپایی.
**بەشداری**: پشکداری، هاوبەشی، بەشدارەکی.
**بەشداری‌کردن**: ١. شەریک بوون، شەریکی،٢. ئەندام بوون، تێدا بوون: (لە بەرنامەی نەورۆزی ئەمساڵ منیش بەشداریم کرد).
**بەشدای**: بەشدان.
**بەشدریا**: بەشدراو.
**بەشدریای**: بەشدران.
**بەشدریێ**: بەشدراو.
**بەشدەر**: دابەشکەر، میراتدەر.
**بەشدەرە**: دابەشکەر، ئیرسدەر.
**بەشەر**: ڕوو، چێرە××١٠×: (ب بەشەرەکە خوەش سلاڤ دا باقێ خوە) «مەستوورە».
**بەشرەقان**: بەچرەقان، جەڕنیمەڕوو.
**بەشرین**: ١. دوان، گوتن×: (ئەمانولا خان وەلی بەشری: نا، نەدبوو) «مەستوورە»،٢. فەخرکرن×٩×: (دلێ وێ شا دبوو و خوە ب خوە دبەشری) «مەستوورە».
**بەششاندن**: دابینکرن، قایلکردن، ڕازیکردن.
**بەششین**: دابینبوون، ڕازیبوون: (ببەششە: قایل بە).
**بەشق**: ١. خۆشەویستی، عەشق،٢. کاسەی پڕ: (بەو بەشق ئەو جام بادەی ڕۆحانی/ بەو شوعاع نوور «زیای عوسمانی») «م.ح دزڵی»، ٣. بۆ خاتری، لەبەر خاتری، بە عیشق: (بە ڕەحمەکەی ویت فەرد تەنیای تاک/ بەشق مەشق عەشق دڵ پاکان پاک) «مەولەوی».
**بەشقا**: ١. بەشکوو، بەڵکە،٢. ڕەنگە، شایەتا.
**بەشقدیدەی‌وێت**: بۆ خاتری چاوی خۆت: (ساقی کەی بۆ کەی .../ بەشق دیدەی ویت، سا کەی مبۆ کەی؟) «بێسارانی».
**بەشقم**: بەشکم، بەشکوو، بەڵکوو، تەقاو، دوورنییە، شایەد، وێدەچێ، هاتوو: (ڕەوارەی لانکێت دەکەمەوە دە زریانی/ بەشقم سۆزێک بێ بە شنە شنەی بای دە شەماڵی) «فۆلکلۆر».
**بەشقەرە**: یەکێ لە ئێلەیل چووین، گاهس بنەچەکێان وە یەکێ لە کوڕەزاکان کاوەێ ئاسنگەر و دامەزرێنەر دوودمان گودەرزییەیل بڕەسێد.
**بەشقەشان**: ناوە بۆ مەڕ: (خەزاڵ، کەوێسێر، گوێبەگوار، بەشقەشان، دوڕەزەرد) «ئەمیری».
**بەشقی**: بەعیشقی، بۆخاتری: (مغنی! لێدەر یەک ئیمشەو سازان/ بەشقی ئەو کەسە تۆش

ئاوات‌وازان) «مەولەوی».

**بەشقی‌ئیمامان**: تـۆ خۆشەویسـتی ئیمامەکـان: (ئەر چێـویم واتەن جە تـاوی زامـان/ وەنەت سەخت نەبۆ، بەشقی ئیمامان) «بێسارانی».

**بەشــقی‌خوا**: بەش‌خـوا، بە عیشـقی خـودا: (دەمکـوژێ حـوکمە دەزانـم بە خـودا دەردی حەبیب/ وەرە سا بەشقی خـوا دەس لە یەخەم بەردە تەبیب) «شێخ ڕەزا».

**بەشـــک**: Beşik بەگومـان، دوودڵ: (لێـت بەشکم).

**بەشکا**: ١. تەقا، تەقو، بەشقا، بەشکم: (دۆعایێ کەرۆ بەشــکا بــۆ قەبــوول) «م.ح. دزڵــی» ٢. وێدەچێ، شایەد، شایەتا، دوورنییە.

**بەشکانە**: مزگێنی بەرخی تازەزاو کە شڤان لە دەشتڕا دەیهێنێتەوە بۆ ماڵێ.

**بەشکایە**: بەشکو، بەشکا، بەشـقا: (چـارە کەم بەشکو ئەوا هات و نەهات) «خەوەبەردینە».

**بەشکایەک**: بەشکایە، ئەگەرکو، ئەگەکوکانێ.

**بەشکایەکم**: بەشکم، بەشکوو.

**بەشکایەکو**: بەشکایە، بەشکایەک.

**بەشکایەکوو**: بەشکوو، بەڵکوو.

**بەش‌کران**: فەلقین، دابەش‌کران: (ئالیـک دوو کەران پێ بەش نەکران) «پەند».

**بەش‌کراو**: بەش‌کریاگ، بەش‌کریاو.

**بەش‌کردن**: ١. بەخشینەوە، بەشینەوە، قەتانن، فەلقانـدن، داڵـبەش کـردن بەسـەر خەڵـکدا: (هندویی و کاژاو و سورشـامی و ڕەشـکە/ بە بار بیهێنە و لە خەڵکی بەش کە) «پیرەمێرد»،٢. لە نێو خۆدا دابەش‌کردن: (کوندەبوومە و قەلی ڕووڕەش/ کەلەپووریـــــان دەکـــــردن بەش) «بۆکوردستان»،٣. تێراکـردن، تێرابـوون: (ئەوەدە بەشـم دەکـا)،٤. ئـاواڵەکردن،٥. درێژەکێشـان، دەوام هێنان: (کورسی ئەو دەم بە سەلکەڕەژی گەرم دەکـرا، دوو سـێ سـەلکەڕەژی لەگەڵ خاکەنازێک پۆلووی کوورە لە دەفرێک دەکـرا، جـاری وابـوو تـا دوو ڕۆژ بەشـی دەکـرد) «میرزا».

**بەش‌کریا**: دابەش‌کراو.

**بەش‌کریاو**: بەشکراو، بەشکرای.

**بەش‌کریای**: دابەش‌کردن.

**بەش‌کریایۆ**: بەش کرانەوە.

**بەش‌کریێ**: دابەش‌کراو.

**بەشکم**: Beşkim بەڵکوو، بەشـکا، بەشـکوو: (واچە پـا خەڵکـی هانـایی بەرا/ بەشـکەم جە دزڵی حەشرەما کەرا) «م.ح. دزڵی».

**بەشکم**: Be şikim بە گومانم، گومانم هەس.

**بەشکو**: شایەتا، دەشقەم، بەشـکم، بەشـکینێ، بەشکونێ، بەشقەم، بەشکا: (ڕۆژی تێکۆشـانە، سا دەی هیممەتێ تاکو زووە/ بەشکو لەم حاڵە نەجاتمـــان بـــێ و لە دیلـــی دەربچـــین) «ف. بێکەس».

**بەشـــکۆ**: Beşko ١. شــەریکە، شــیرکەت، بازرگانی هاوبەشی،٢. ناوە بۆ پیاوان.

**بەشـــکۆ**: Beşiko خودان‌شـکۆ، شـکۆدار، خاوەندشکۆ، مەزن، بەڕێز .

**بەشکۆ**: Be şiko بە شک و دوودڵی.

**بەشکوو**: بەڵکوو، بەشقم.

**بەشکۆیی**: Beşkoyî شەریکی، شیرکەتی.

**بەشکۆیی**: Beşikoyî بەڕێزی، شکۆداری، مەزنی.

**بەشکە**: ١. بەشـکا، بەشـکو، شـایەد، ڕەنـگە: (ئەوسا بێمەوە لاتان بەشکوو ڕزگاریتـان بێـت و بچـــنەوە ســـەر کـــار و کاســـبی خۆتـــان) «کوێرەوەری»،٢. فەرمانە: بەشـی‌کە، بەش‌بـکە: (وەرە لێمان بەش‌کە).

**بەشـــکەر**: دابەشـکەر، داڵبەشـکەر، بەشـەر،

بەشـــاکەر، دابەشـــەر: (مرواری‌چنەیـــل ئەور وەهاران/ سەونزە بەش‌کەرەیل شاخەیل داران) «خان‌مەنسوور».

**بەش‌کەردەیۆ:** بەخشینەوە، بەش کردنەوە.

**بەشـکەم:** ١. بەشـکوو، بەلکـی، بەشـکایەکو، بەشکایەکەم، بەقوو، بەشـقم، بەشـکم، بەشـکا، دەشـــــقەم، دەشـــــقەمێ، ڕەنـــــگە، لەوانەیە، وێدەچێ،٢. م بەشا کەم.

**بەشکەوتەی:** بەش بەر کەوتن.

**بەشکی:** بەشکا، بەڵکوو.

**بەشکێکم:** بەشکا، بەشکوو.

**بەشکێکو:** بەشکا، بەڵکە.

**بەشکیم:** بەشکی، بەشکم.

**بەشگ:** ئانگوو، شەونم.

**بەشگا:** دابەشگە، بەشگە، بنـاوانی ئـاوا، جێـی تایبەتی دابەشکرنی ئاڤی ئاوەدانی بۆ ئاودێری.

**بەشـــگە:** ١. دابەشـــگا، بەشـــگا،٢. شـــەریکە، شیرکەت،٣. بەشکە، بەڵکوو.

**بەشـــلانە:** فەقێـــی فەلا، فێرخـــوازی دینیـــێ فەلەیانە.

**بەشل‌وملبی:** ناوی ئسترانەکە: (بە شل و مـل بی، بە شل و مل بی/ دەستی منت لە سەر مل بی) «ماملێ».

**بەشـم:** نـاوی گـۆرانییەکە: (بە شـێوە ڕەنـگ پڕتەقاڵە/ ووتم: بەشم، ئەڵێ: تاڵە) «ع. مەردان».

**بەش‌مـــان:** تەواو نەبـــوونی بەش و پـــاژی دابەش‌کراو: (چێشت هەر بەشی من ماوە).

**بەشمشێرە:** جووریێ چیخ نەخشدارە.

**بەشنەشنەی‌شەماڵ:** ناوی گۆرانییەکە: (بە شـنە شـنەی شـەماڵ زولفـی ڕادەژێ/ بە گۆشـەی چاوان ئەمن دەکوژێ) «ماملێ».

**بەشو:** بەشی، ناوچەی: (پەی کوردسـتان و بە تایبەت پەی بەشو هەورامانی).

**بەشۆ:** ١. دەقدار، شێدار، چتی شۆدار ٢. ناوی گـای بەشـە،٣. بەشـی، ئـاڵقەی: (بەشـۆ دوو: بەشی دوو).

**بەشوار:** بەشورار، سابوون و شامپۆ یا شتێکی ئاوا بۆ شۆردن بەکاری بێنن.

**بەشواربوون:** باش کەف کردنی سابوون بـۆ شۆردن.

**بەشۆبڕ:** بەش‌بڕ.

**بەشۆبڕە:** بەش‌بڕ بۆ مێ.

**بەشۆبەر:** بەش‌بەر، وارس.

**بەشۆبەرە:** بەش‌بەر، میراتگر.

**بەشودار:** سابوونی زۆر بە کەف.

**بەشورار:** بەشوار.

**بەشۆک:** گوندێکە لای چوارتا.

**بەشۆکەر:** دابەش‌کەر.

**بەشۆکەردەی:** بەشەوە کردن.

**بەشۆکەرە:** بەش‌کەر، بەش‌کەرەوە.

**بەشۆناڕۆین:** بە دوادا چوون.

**بەشوو:** مێرددار، بەمێرد، ژنی خودان مێر.

**بەشـــوودان:** بەمێـرد دان، دانە شـوو: (تـازە دەڵێـی مـردنم گەلـێ گەلـێ پـێ خۆشـترە/ نەوەکـــوو بـــۆم بێنـــنەوە خەبەری یـــار بە شوودانێ؟!) «فۆلکلۆر».

**بەشووش:** شاد، کەیفخۆش، لێو بە خەندە.

**بەشووناڕوین:** وەدووکەوتن، پەی‌چوون.

**بەشە:** بەش، ئاماڵ، واش، مەیلەم.

**بەشەخەت:** خەتی ورد.

**بەشەر:** ١. دابەشکەر، بەشکەر، بەشێن، دابڕ، دابەشەر ٢. مـرۆ، مـرۆڤ، ئـادەمی، ئـادەمیزاد: (لەبەر ئەوەی کە بەشـــەرێکم، زەبـــوونی دڵ، هەڵبەت/ حەقم بوو پەردەیی شـەرم و حەیـام دڕی، لامبـردا!) «گـۆران» ٣. بـۆ سـووکایەتی بەکاری دێنن: (ماڵت شـێوێ خـۆ تـۆ بەشـەر

نیت)،٤. پێست، پویست: (یارێ مە پوڕ نیشان و سۆر، سیما ژ دوڕ دێم کەوکەبە/ ئەو لەب شەکەر و نازک بەشەر، جەبهەت سەحەر کاکۆل شەبە) «جزیری»،٥. دیدار، دین، دیتن×: (چاڤێن وان ڕاستی هەڤ هاتن و بەشەرەکە کۆ تەنێ وان هەر دویان دکاربوو تەخمین بکن) «مەستوورە»،٦. ناخ، دەروون×٤٨: (محەمەد حەسەن خان چقواسی ژی دخوەست بەشەرا خوە خوەش بکە) «مەستوورە».

**بەشەرانە**: مرۆڤانە، ئینسانانە.

**بەشەربوون**: چەشنی مرۆڤ جوولانەوە.

**بەشەرت**: ١. بەمەرج، لەسەرگرێو،٢. وەک، وەکوو: (وەرە بە شەرتی جاران) «وەفایی».

**بەشەرتیچەقۆ**: ١. فرۆشتنی شوتی بە مەرجی چاک گەیشتن و شیرینی،٢. بریتی لە زەمانەتی بۆ هەر شتێ.

**بەشەردۆست**: مرۆڤدۆست، ئینساندۆست.

**بەشەردۆستانە**: ئینسانانە، تێکەڵ بە هەستی بەشەردۆستی.

**بەشەردۆستی**: حەزی مرۆڤ خۆشەویستی بەبێ تێڕوانین لە ڕەگەز و نژاد و ڕەنگ و ئاین.

**بەشەرع**: بە گوێرەی شەرع: (مردن بەسامە، ئافرەتە، نەوەک بترسێ، بەشەرع باش نییە) «ئەمیری».

**بەشەرکردن**: بریتی لە تەمێ کردن: (تەمبێ کردن، ئاقڵ کرن: (بە دوو زللان کردمە بەشەر).

**بەشەرم**: شەرمین، شەرمن، شەرمێون: (کچان لە جنسی نەرمن/ تۆزقاڵەیەک بەشەرمن) «قانع».

**بەشەرمانکەوتن**: بەڕوودا کەوتن، شەرم کردن: (وا بە شەرما کەوت لەڕووی هەڵنەدەهات نانەکەی بخوات).

**بەشەرمە**: بەشەرم بۆ مێ.

**بەشەرمی**: بەحەیایی، شەرمێونی.

**بەشەروەکری**: ڕووخۆش، ڤەکری.

**بەشەڕهاتن**: شەڕ دەگەڵ کردن: (بە تابووری موژەی زانیم لەگەڵ دڵ دێ بەشەڕ چونکە) «کوردی».

**بەشەرەف**: کەسی خاوەن شەرەف و غیرەت.

**بەشەرەفە**: بەشەرەف بۆ مێ.

**بەشەرەفی**: خودان غیرەت بوون، وە ناموسی.

**بەشەڕهاتن**: شەڕ کردن: (کەر و ئێستر بە شەڕ هاتن، مەیتەر لە بەر پێیاندا چوون) «پەند».

**بەشەڕهێنان**: بە شەڕ دان: (ڕەشەمە ڕەشکی ڕەشوان، بەتار دەکا چار و کەنووان، بە شەڕ دینێ بووک و خەسووان) «پەند».

**بەشەری**: ئینسانی، گرێدراو بە ئینسانەوە: (مەیلا بەشەری، بەشەر دڤێتن/ ئەمما وە کەچان پسەر دڤێتن) «خانی».

**بەشەریەت**: مرۆڤاتی، مرۆڤایێتی.

**بەشەڤهاتن**: بسکە، زەردە، کەنبوون.

**بەشەن**: ١. ئابیدە، پەیکەر، کۆتەڵی لە زێڕ یا چێو ٢. بەدەن، ئەندام، لەش، قەڵافەت.

**بەشەنخۆش**: دڵڕفێن، دڵگر، جوان، شۆخ.

**بەشەنی**: ١. پەیکەری، کۆتەڵی ٢. جەستەیی، لەشی، ئەندامی.

**بەشەوکردن**: ١. بەشکردن، دابەشین،٢. کردنی کارێ بە شەو،٣. خەوتن: (با بیکەین بە شەو).

**بەشەی**: بەشێک، برێک.

**بەشیبیرەک**: دێیەکە لە نزیک دەربەندیخان.

**بەشی حەمەجان**: دیەکەیگە لە جوانرۆ.
**بەشی خودا**: بەشی خووا.
**بەشـــی خووا**: ١. بەشـی خـودا، زەکـات،٢. هەرچـی لە لایەن خـوداوە وەک شـانس و بەخت و چارەنووس و رزق و نەخۆشـی بـۆ مرۆڤ دیـاری دەکـرێ: (زۆر شـوکور، بەشی خودایە وا نەخۆشم، پێی ڕازیم).
**بەشـــیر**: ١. شـیردار، مێیـنەی بەشـیر: (ئاقڵـدارەکەی ئاقـڵ بگیـرە/ لە نێـو مەلاندا کامیـان بەشـیرە؟) «مەتەڵ»،٢. مـوژدەدەر: (لەو بێحەمەل خـوش نیـنە مەی ئەممـا بەشـیرانی مەلا) «جزیـری»،٣. نـاڤێ مێـرانە: (لە میـوەی ووشکی پایز شاهەکەم هۆشت بە پیـرۆز بـێ/ ئەبێ بەشمان بنێری بـا بە سەرشـانی بەشیرۆ بێ) «ناری».
**بەشیرموشیر**: نـاوی پیـاوانە: (مامۆسـتا بەشـیر موشیر، پیاوێک لە شەقلاوا بڕیاری پێـدابوو کە کـــچەکەی خـــۆی بـــدا بە کـــوڕەکەی) «ڕشتەیمرواری».
**بەشیری**: شارێکی باکووری کوردسـتانە سـەر بە شاری باتمان.
**بەشیلا**: کاڵەک.
**بەشیمۆ**: دابەشم کـرد: (لەلای نـاری هەچـی خەرمانی غەم بـوو/ بە مەجمـووعی ڕەقیبـاندا بەشیمۆ) «ناری».
**بەشین**: بەشکردن، دابەشین.
**بەشین**: بە گریـان، بە فرمێسـک، گریانـاوی: (ئەوەی تووشـی تەڵە و داوی ئەویـن بـوو/ وەکـوو مەم بـۆ مەمـێ دەم لە ژیـن بـوو/ لە تەکـیەی چـاوەڕوانی چـاوی تـۆدا/ ئەوەی بەرچاوە، هەر چاوی بە شین بوو) «ڕاوچی».
**بەشێن**: دابەشکەر، بەشکەر، دابەشکار، بەشەر، دابەشەر.

**بەشیناوخاس**: دیەکەیگە لە جوانرۆ.
**بەشینگێران**: تووشی تـاڵی و ناخۆشـی ژیـان کردن: (ئەورۆکەت بە شـین گێـڕا لەو شـاعرە سەرشینە) «ڕێبوار».
**بەشینەوە**: بەخشینەوە، دابەش کردن: (نەوەڵڵا بـۆت هەڵـدەڵێم بە حـاجی عەزیـزی مـاڵ لە گرویێسێ/ ئەگەر بەهـارانی گیـا ئەوی هەیبـوو دەیبەشێوە لە عـالەمێ/ پـایزانێ وێـدەکەوتەوە، خـرێ دەکـردەوە، بە تەلـیس و جەواڵـی) «گەنجی سەربەمۆر».
**بەشێنەیی**: بەئارامی، لەسەرخۆیی.
**بەشینیخواردن**: فرۆشتنی حاسڵ پێش گەیشتنی.
**بەع**: ١. بـاو، وشـەی گـاڵتە دەگەڵ منـداڵ،٢. بەعا، بەعەکە، مەڕ و بزن لە زمانی منـداڵدا،٣. بەعی سەودا، پێشەکی.
**بەعا**: بەع، مەڕ و بزن لە زمانی زارۆکاندا.
**بەعاستەم**: بەئاستەم، زۆر کەم.
**بەعاستەمودووبەلا**: بەعاستەم.
**بەعالەمیئاشکرا**: ئەنجامی کارێک بەبێ پەردە، بە ئاشکرا: (بە عالەمی ئاشکرا ماڵی لـێ داگیـر کردم).
**بەعام**: گشـت، بەکـۆمەڵ، هەمـوو: (دەسـتەی عاشـقان مەجلیسـیان گـرت/ بەعـام ناردیـان ساقیان بانگ کرد) «حەسەن زیرەک».
**بەعجان**: ١. ترسـان، ترسـیان ٢. وەڕەربـوون، جاڕزبوون، توورەبـوون، ڕقهەسـتان،٣. مـرن، بەعجین، دیقکرن.
**بەعجاندن**: ١. ترسانن، ترساندن، تۆقانـدن ٢. تورەکردن، ڕقهەستاندن.
**بەعجی**: ترسەنۆک، خوێڕی، بێزات.
**بەعجین**: بەعجان.
**بەعر**: دەریا، زەریا، بەحر.
**بەعز**: هێند، هێندێ، هەند، بڕ، بـڕێ: (زەمـانە

بەعزە کەسانێ لەپڕ کە هەڵدەبڕێ/ ئەوەندی هەڵدەبڕێتن هەتا لە کەل دەبڕێ/ ...) «مەحوی».

**بەعزشان**: هێندێکیان: (دەورەی شاهیشان یەکی هەفسەد بوو/ بەڵکی بەعزشان لە هەفسەد ڕەد بوو) «خانەمنسوور».

**بەعزێ**: ١. کۆمەڵێ، هێندێ بۆ شتێ کە دەژمێردرێ: (شەهیدی غەمزەیە بەعزێ، سەقیمی عیشوەیە جەمعێ/ دیارە: سەرنویشتی ئەهلی دڵ یا شینە یا سینە) «مەحوی»،٢. برێ، برێک بۆ شتێ کە نابژێردرێ: (بەعزێ مورەکەب سیای سەندووسی) «م.ح. دزڵی».

**بەعزێو**: برێ، هێندێ: (بەعزێو نە ئەی چا، ئیسە کە من وات/ بکیانە پەرێم بە ڕەسمی سەوقات) «م.ح. دزڵی».

**بەعس**: ١. بەحس، باس: (هەتا بەعسی لە گۆڕا بێ لەگەڵ شێخ/ ئەبێ بنوێ شەوێ مسکین بەبێ شێو) «ڕاوچی»،٢. دەوڵەتی بەعسی عێراق بە سەرۆکایەتی سەدام حسێن: (بەڵام بەعس ڕێگەیەکی تری بۆ نەهێشتینەوە) «بارزانی»، (زیندانم ناوی هەیئەی کەرکووکە/ چییان پێ کردم ئەم بەعسە سووکە) «حەمەجەزا».

**بەعشیقە**: ١. شارۆچکەیەکە لای مووسڵ،٢. ناحیەیەکە لە باکووری پارێزگای شاری کەرکووک،٣. کێویکە لە نزیک شاری بردەڕەش لە هەریم.

**بەعمەدەن**: بەقەست، بەئانقەست: (وەک کەری دیز فەوتی خۆی و محنەتی خەڵکی دەوێ/ هەر لە ناکاوا بەعمەدەن خۆی لە خەو خوردا دەخا) «سالم».

**بەعوقدە**: ١. گرێدار، گرێواوی،٢. خەفەتبار، کەسەراوی: (کە دڵی بە عوقدە کرایەوە گوڵی ناشکوفتە گەشایەوە) «بێخود».

**بەعومر**: تەمەندار، بەتەمەن، بەساڵاچوو، پیر.

**بەعومری‌بابم**: ئەوەتا هەم: (بە عومری بابم کچی وا جوانم نەدیوە).

**بەعومری‌بابی**: ئەوەتا هەیە: (بڕوام پێ بکەن بە عومری بابیشی هێندە بەرز نەبووە، وا جوان دانەمزراوە) «چەپکێ‌گوڵ».

**بەعە**: زاراوەی منداڵانە بۆ مەڕ و بزن.

**بەعەج**: ترس، خۆف، هەراس.

**بەعەجەلە**: بەپەلە، بەگورجی.

**بەعەجین**: بەعجان، جاندان، مرن، دیقکرن.

**بەعەدەب**: بەئەدەب.

**بەعەدەبە**: بەئەدەب.

**بەعەرزادان**: ١. خستن، لە عەرزی دانی کەسێ، ٢. باردانان، خستنی بار: (باری خۆی داوە بە عەرزا مەینەت و شادی هەڵات) «ئاوات».

**بەعەشت**: بەحەشت، جەنەت: (قەیناکە ڕۆڵە، قەیدیناکە، با دووکەڵت زۆر لۆ بێ، لەوسەر کە گەورە بوی دەسگیرانت جوان دەبێ وەکی حۆری بەعەشتی!) «خاک و چەوسانەوە».

**بەعەشقی**: بەشقی، بە خۆشەویستی: (بە عەشقی ئەسرا هاتگم بۆ سنە/ نەمزانی هەر یاری تاقە ڕۆژێکی منە!).

**بەعەکس**: پێچەوانە: (فەرقی ناکەس لەگەڵ سەگان ناکەم/ ها بە عەکسی بخوێنەوە ناکەس) «حاجی قادر».

**بەعەکە**: بەع، بەعا، ئاژەڵی وردە لە زمانی منالْدا.

**بەعەمر**: بەعومر، پیر.

**بەعێ**: ١. بایەخ، نرخ،٢. بێح، بێحانە، ئەو پارەی لە بری کڕینی شتێک پێشوەخت

دەدرێ بە فرۆشیار: (چەندەم بەعی دەدەی ئەو ماڵە هی تۆ بێ).

**بەعیجاندن**: بەعجاندن.

**بەعیجین**: بەعجان.

**بەعیشـــوە**: بەنـاز، دەلالانە: (بە ئەقڵـی خـۆم قیاسی چاوی ئەو شۆخەم بە ئەختەر کـرد/ بە عیشـوە چـاوی بەرزۆ کـرد هەزار جـوێنی بە ئەختەر دا) «قانع».

**بەعیف‌تەڕ**: بەعیڤ‌تەڕ، چواله بادام.

**بەعیڤ**: باوی، باهیڤ، بایەڤ، بادام.

**بەعیڤ‌تەڕ**: چوالەباوی، چوالەبایام.

**بەعینوان**: ١. شۆخ، شەنگ، بەفیـز و هەوا،٢. زانا لە ناز و دڵداریدا: (باسکم وە بن سـەری دە، کەڵەگەتـــی بە عینـــوان/ ئێـــواران لاجـــان خۆشە، سبحەینان بەری مێرگان) «فۆلکلـۆر»،٣. نـاودار، ناسـراو،٤. دارا، دەوڵەمەنـد: (هەمـوو خـۆکردە میـرم، مـن هەژار و تـۆ بەعینـوانی/ تەمەنـــای وەحـــدەتم بـــۆ کـــوردەواری داد و دەرمانە) «قانع».

**بەعینـــوانی**: ١. لـووت‌بەرزی، فیزداریـتـی،٢. نـاوی گـۆرانییەکە: (هەی بە عینـوانی باشـان چەندە جوانی/ پێشکەشت بـێ دە وەرە بـاغی خانی) «حەسەن زیرەک».

**بەغ**: وشـەی گـاڵتە پێکـردنە: (بەغ مەکە، وە بەغ زەبوونی) «پەند».

**بەغا**: بەغداد، بەغدا: (بـدیە بەو دەجـلەی بـێ کەنـارەدا/ ڕەوانەن وە بەیـن بەغـدا شـارەدا) «مەولەوی».

**بەغار**: ١. بەتـاو، بەگـوڕ، بەگـورجی: (ڕۆژی یەکشەممە کە مەشهوورە بە ڕۆژی پـازار/ مـن بەغار کەوتمە دومبالی کوڕێکی بولغار) «شـێخ ڕەزا»،٢. بە چوارناڵ: (لەپڕ ئێسـترێک هـات بە غار/ بەڵام بێ کورتان و بێ بار) «هێدی».

**بەغارت‌بردن**: بەتاڵان بـردن، دزیـن: (دڵ و جانی بە غارەت بردم و ڕەحمی نەکرد جارێ) «حەیدەری».

**بەغـــارەت‌چوون**: بەتـــاڵان چـــوون، دزران: (گەنجینەیی نێو سینە، ڕەنگینە بە سـەد کینـە/ ئەی لەککەیی ئایینە، یارەببی بە غارەت چـی!) «نالی».

**بەغچە**: باغچە، باخچە.

**بەغدا**: بەغا، شاری بەغداد، پایتەختی عێـراقە، لە پـێش ئیسـلامدا، ساسـانییەکان، کە فەیلـین، دایان مەزراندووە، ناوەکەش لە بنەڕەتا کوردییە و باغی دادە. چـونکە بـۆ نەوشـیروانی دادگەر بونیات نراوە، تاقی کیسرا گرنگترین بەڵـگەیە: (ئەگەر بەغدا شکا سەددی، نەما داری لەسـەر بەردی/ لە دەجـلەی نـاگرن «حـاجی» دیـارە جۆشی گریانم) «حاجی قادر».

**بەغداد**: بەغدا: (بێهوودە چرا دکی تو فەریاد/ ئاوارە دچی دیارێ بەغداد؟) «خانی».

**بەغدادشا**: گوندێکە لای سنە.

**بەغداشـــار**: شـاری بەغـدا: (هـات جەوابـی نامەکەم نووسیت لە بەغدا شارەوە) «مینەجاف».

**بەغدانە**: لە بەغداوە.

**بەغداوە**: لە بەغداوە.

**بەغدایی**: ١. پێوەندی‌دار بە شاری بەغداوە،٢. خەڵکی بەغـدا: (بەتـیەی کارخـانەی ئۆسـای بەغـدایی/ درووەمـان وە تـای نەی ئاشـنایی) «مەولەوی»،٣. جـۆرێ ڕەسـەنی باشـی کەر و گوێـدرێژ بە ڕەنگـی سـپی: (گوێـدرێژەکانی فرۆشتن، دووانی بەغدایی ڕەسەنی کرین، کەر بوون ئەمما کەر) «خاک و چەوسانەوە».

**بەغداییە**: بەغدایی.

**بەغدووز**: ناوی کوردێک بووە چـووەتە لای پێغەمبەر، چـون پێغەمـبەر زۆری لـێ ترسـاوە

دۆعای لێکردووە، گوتویە: خوا بکا تەنها لە (شەهادە) نەبێ لە هەموو شتێکدا ڕێک نەکەوون!

**بەغدەش**: شارێکی باکووری کوردستان سەر بە شاری ئورفە.

**بەغەل**: بن‌باخەڵ، ژێرباڵ: (دانێ بەغەلا خوە چەند کتێبەک/ دنما ب حەکیمەیێ عەجێبەک!) «خانی».

**بەغەل‌پەروەردە**: لە باخەڵدا ڕاهێنراو: (یەدی بەیزای بەغەل‌پەروەردەیی ئیعجازی شۆخێکە/ لە عەینی فەسڵی شەودا ساحێبی سوبحی گریبانە) «بێخود».

**بەغمە**: بوغمە، ملەخرە، نەخۆشی دوشاخە.

**بەغەرەز**: قین‌لەزک، غەرەزاوی.

**بەغەم**: بەخێو: (غەمی خۆشی نییە «مەحوی» لە دڵیا، هەر غەمی تۆیە/ لە عیشقتدا دەکەم غەم بۆ بەغەم، بڕوانە چۆنم بۆت!) «مەحوی».

**بەغەیری**: بێجگە، غەیری: (ئەوێستاش پڕپڕن زیندان لە لاوان/ بەغەیری وەی کە کوردن نیانە تاوان) «هێمن».

**بەغیرەت**: ١. ئازا، نەترس، بوێر،٢. بەخیرەت، بەنامووس، جوامێر، مەرد.

**بەغیرەتە**: بەغیرەت.

**بەغیل**: ١. چاوچنۆک، بەئێرەیی، ڕژد، لەچەر،٢. حەسود، کەسێ چاوی بە بەختەوەری خەڵک هەڵنەیێ.

**بەغیلایەتی**: بەغیلی، حەسوودی.

**بەغیلایەتی‌پێ‌بردن**: حەسوودی پێ‌کردن، ئێرەیی پێ‌کردن: (حاجی سەرەڕای ئەو هەموو ماڵ و ملکەی، بەغیلایەتی بەو کەچە دوکانەم دەبات).

**بەغیلی**: حەسوودی، ئێرەیی: (ئەمن بەغیلیە دەبەمەوە بە گولێکی ئەگەر ئێواران دیتەوە، سە ناوێرێ خۆی لێدا لەبەر نووسەنکە و دڕودالی) «فۆلکلۆر».

**بەغیلی‌پێ‌بردن**: ئێرەیی پێ‌کرن، چاو پێ‌هەڵنەهاتن: (بەغیلیان پێ نابەم/ ببیە حاکمی سوورباشی) «فۆلکلۆر».

**بەغیە**: بەغیلی، بەخیلی: (ئەمن بەغیە نابەم بە ئەحمەدە چکۆلەی زوودی، ئەگەر دە تەڕی دە بەهارێ‌دا) «گەنجی سەربەمۆ».

**بەغیەبردن**: بەغیلی بردن، حەسودی هاتن: (وەرە ئازیزێ ئەمن بەغیە نابەم بە قادری مرۆتێ) «گەنجی سەربەمۆر».

**بەفا**: وەفا، بەڵێن، پەیمان.

**بەفاقەوەبوون**: پێوەبوون، بە تەڵەوە بوون: (ئەوەی کە ئابڕووی نا بە تاقەوە، کاتێکی زانی بوو بە فاقەوە) «پەند».

**بەفال**: بەتەڵەب، بەبا، ئەلۆر، ماکەر وماینی نێرخواز، نێری‌یێ باڵۆلی.

**بەفالی**: ئەلۆری، بەتەڵەبی.

**بەفام**: فامیدە، ژیر: (خەریکی بەستە و ئاوازەی مەقام/ لاوێ تێکۆشەر بەدڵ و بەفام) «ع. مەردان».

**بەفتاچوون**: بەگژاچوون، پەڕ پێ فرۆشتن.

**بەفر**: ١. وەفر، وەرب، وەرو، وەروە، وەرڤە، ڤەرڤە، ڤەوور، ڤەور، بەوور، بەرف، تەڕک، کلوویەکی سپی شەشپەڕە کە زستان دەبارێ، لە لای هەرکییا سێ جۆر بەفر هەیە: ئەلف)کولی: بەفری کولوو گەورە، ب) پش: بەفرەژیلکە، بەفری کولوو ورد پ) گژ: گلێرە، بەفرەلووکە، بەفرئالووگە، بەفرالووگە: (شەوێ پیاوێ لە بەفرا ما و نەمرد، ئاگرێکی دووری دێ/ لەلای من نائومێدی کفرە، ئەم ئاگرەی دڵم بۆ کێ) «پیرەمێرد»،٢. چاڵە بەفری ڕاگیراو بۆ هاوین،٣. سەهۆڵی دەسکرد: (ئەگەرچی

قالبە بەفرەکان خۆیان پێوە کرابوو بە گونیەش داپۆشرابوون) «کوردەرە»،٤. بریتی لە زۆر سارد،٥. بریتی لە شتی زۆر سپی: (سینگەکەت بەفری قەندیلی/ دەڵێی کارگی سپیە) «فۆلکلۆر».

**بەفراڤ**: بەفراو، ئاڤەبەفر، ئاوی بەفر: (کەنینا پشتی گرینان/ بەفراڤا کەتی ئویتینان) «سندی».

**بەفرالووکە**: بەفرەلووکە، گلێرە، گژ.

**بەفران**: ناوە بۆ کچان.

**بەفرانبار**: ١. بەفرەمبار، هەوەڵزستان، کانونی پێشی، کانونا بچویک، مانگی بەرایی زستانییە لە ٢١ کانوونی یەک تا ١٩ کانوونی دوو: (بەفری بەفرانبارە بێ بای وەعدە قەت ناچێتەوە) «هێدی»،٢. بریتی لە سپی: (بای شەماڵی مەیلەکەت کوانێ کە زستانی تەمەن/ هێرشی هێنا و سپی بوو ڕیش و بەفرانبارە سەر) «جومعەکان».

**بەفراو**: ١. بەفراڤ، بەفرئاو، بوزاو، ڕچاو، سەهۆڵاو، یەخاو، ئاوی بەفری تواوە: (هەناسەم تێربوونی بای کوێستانتە/ دوو لێوەم پاراوی بەفراوانتە) «گۆران»،٢. ئاوێک کە هاوینان بوزی تێدەکرێ،٣. سەهۆڵاو، ئاوی زۆر چاییگ: (وەستا زوو ناردی چا و بەفراوی بۆ هێنا و ڕێزێکی زۆری لێنا) «ڕشتەی مرواری»،٤. ناوە بۆ کچان.

**بەفراوان**: ١. وەفراوان، سێلاوی بەفری زۆر: (گوڵ چوون ڕووی ئازیز نەزاکەت پۆشان/ بەفراوان چوون سەیل دیدەی من جۆشان) «مەولەوی»،٢. گوندێکە سەر بە شاری میاندواو.

**بەفرئالووکە**: گژنیژە، گلێرە، بنگرەک، ئەسرەمۆک.

**بەفرئاو**: بەفراو.

**بەفرئاوەر**: ڕێبەندان، کانونا مەزن چلە.

**بەفرباری**: مقامەکی کوردی جوانە.

**بەفربارین**: کرێوەکردن: (ئای بابەگیان! بەفر ئەبارێ، تەماشا/ جێگا نەما پێیەک دانێی لە حەوشا) «گۆران».

**بەفربردن**: بە بەفر کەوتنی چاو: (ئەڵێن چاوێ بەفر بیبا، دووکەڵی قانگی بۆ باشە) «ڕشتەی‌مرواری».

**بەفربەسەر**: بەفرەبەسەر، ڕچە، وەروەسەر، کورشە، بەفرێ کە بەفری‌تری بەسەردا بارییێ و توند بوبێ.

**بەفرپاکەوکەر**: وەفرپاکەوکەر، بەفرماڵ.

**بەفرتوانەوە**: توانەوەی وەفر، بەفر چوونەوە.

**بەفرچوونەوە**: بەفر توانەوە: (بەڵام مەنشوورە بەفر ئەچێتەوە/ ڕووی ڕەش بۆ خەڵووز ئەمێنێتەوە) «بۆکوردستان».

**بەفرخستن**: کەوتنی بەفر لە سەر عەرد: (بەفرێکی قورسی خستووە).

**بەفرخۆرکە**: ١. بەرفەخۆرکە، بەفرێکی تەنک و سوکە، بەهاران بەسەر بەفردا دەبارێ ٢. تەرزەی ورد،٣. جقەشینە، کاسەڵەشینە، باڵندەیەکە وەک بەفرەشینەیە،٤. جۆخۆرکە.

**بەفرخۆرە**: بەفرخۆرکە.

**بەفردادان**: بەفر بارین، بەفر داکردن.

**بەفرداکردن**: ١. بەفر دادان، بارینی بەفر،٢. بەفر خستنە ناو چاڵەوە لە جێی شاخاوی، ئەمە ڕوسمە بۆ هەڵگرتنی بەفر بۆ کاتی بێ‌ئاوی ئەم کارە دەکەن.

**بەفردەسی**: بەفری دەستکار.

**بەفرڕەش‌بوونەوە**: بەفر چوونەوە.

**بەفرفرۆش**: بەرففرۆش، کەسێ بەفر دەفرۆشێ.

**بەفرفرۆشی**: کاری کەسی بەفرفرۆش:

(لەوەتـی یەخچـاڵ پەیـا بـووگە، بەفرفرۆشـی ڕەونەقی نەماگە).

**بەفرکوش**: جێی سەخت و ڕژدی کوێسـتان کە بەفـری دێـر دەتـوێتەوە: (ڕەوەی جـوانی دەبینی تـۆ لەجێـی مژ/ بەجێمـاوە لە ئـارایش بەفرکوش) «مەلا م. ساردەکوێستانی».

**بەفرگر**: جێی بەرز و سارد کە بەفری زۆر لێ دەبارێ وەک کێوی قەندیل و شاهۆ.

**بەفرگرتوو**: بەفرگر: (لە وەرزی سەرماوسۆڵەدا لە لـووتکە چیـای بەفرگرتـوودا لە سـەنگەری خۆیان بەرگری دەکەن) «لەمەهاباد بۆئاراس».

**بەفرماڵ**: ١. وەروەرە، پارووە، بێـڵ، شـەپاڵۆخ: (پیرەمێردێکـی کەژناسـی حیسـابگر هەبـوو، کوتی ڕۆڵە: ئەمشەو شەوی گۆشت خواردن و بەفرمـاڵینە، بـڕۆن بەفرمـاڵ بگـرنە دەس) «ف.پ.پ.»٢. کەسێ بەفر دەماڵێ.

**بەفرمالـک**: وەروەرە، بەفرمـاڵ، بەفـرەژیلکە، بەفرەلووکە، بەفرەلوو، بەفرەلۆ، بەفریـی، پـاڵۆ، شەپاڵۆخ، بەرفینگ.

**بەفرماڵک**: بەفرمالک، وەروەرە.

**بەفرماڵین**: فڕێدانی بەفری باریو.

**بەفرنیشتن**: بەفربارین، بەفر کەوتنەزەوی.

**بەفروباران**: ١. شلێوە، شلۆقە: (ئەی شەهیدانی بەرگ خوێنین/ خۆتان بۆ ئێمە کـرد پەرژیـن/ .../ کزەی خەزانە، گەڵاڕێـزانە، بەفـر و بـارانە، گەڵاڕێزانە) «ف. بـێکەس»،٢. بریتـی لە ڕۆژی تـووش و سـەرما و سـەغڵەتی زۆر×: (ڕەبـی پیریژن بە ڕۆژێک بمری بەفـر و بـاران بـێ/ قەبرهەڵقەنــــت کەری گـــاڕان بـــێ/ یاسین‌خوێنەکەت ورچێکـی لەڕ بـێ/ بەردی ئەلحەدت تەپاڵەی تەڕ بێ) «فۆلکلۆر».

**بەفروپشۆ**: شلێوە، باوە، کرێوە.

**بەفروخونـــاف**: ١. بەفـــر و شـــەونم، بـــۆ شوبهاندنی ڕووی یار بەکاری دێـنن ٢. نـاوی جۆرێ قوماشە.

**بەفروخوون**: خوێن و بەفر، ئەو ژی تەشـبیها دێمێ یارێ پێـدکەن: (ڕوومەتـی مینـا بەفـر و خوێنە) «پەند».

**بەفروخوێن**: بەفر و خوون.

**بەفرودۆشاو**: بەفری دانار دانار کە تێکەڵ بە دۆشاو بکرێ بۆ خواردن.

**بەفرۆک**: ناوی ئافرەتە.

**بەفروهەڤرست**: ×

**بەفروهەڵەکـــۆک**: ئیشـــارە بە وتەیەکـــی نـــاو کەلەپووری کوردی کە لە سەر خـوازبێنی ئەو دوانە لێکتـر گـوتراوە: (بە دەسـت پیـری‌یەوە کۆکەکـۆکمە/ خـوازبێنی بەفـر و هەڵەکـۆکمە) «پیرەمێرد».

**بەفرەبوولکە**: ١. جـوورە بەفرێکـی زۆر ورد و ووشکە،٢. سەلاجە، ساردەر.

**بەفرەبەسەر**: بەفربەسەر، کورشە، وەرووەسەر، بەفری پەستاوتە و توند و سەر یەک کەوتـوو، کە بەسەری‌دا بڕۆی، جێی پێ دیار نابێ.

**بەفرەچـاڵ**: ١. چـاڵەبەفر، نـواڵەی نـزار کە بەفری تا ماوەیەکی زۆر لە ساڵ لێ نـاتوێتەوە، ٢. ئەو قوڵکەی لە بەرسێبەری کێـوە و بەفـری تێـدەکەن و بە گیـا دایدەپۆشـن،٣. نـاوی کێـوێکی بەرزە لە نـاوچەی کامیـاران، لای گونـدێلی وزمـانەی سـەرێ، مـرواری و کازماوادا.

**بەفرەخـــۆرکە**: ١. باڵنـــدەیەکە هێنـــدەی بولبولێـــک دەنگـــی وەک بەفرەشـــینەیە،٢. هەورێکی چڵکنە و تۆزی لێ دەبـارێ و بەفـر دەتوێنێتەوە.

**بەفرەخۆرە**: ١. بەفرێکـی تەنـک و سـووکە، بەسەر بەفریدا بباری، دەیتـوێنێتەوە،٢. جـۆری

باڵندەیە.
**بەفرەژیلکە**: بەفرەلـوکە، بەفرەڵـووکە، بنگـرە، پش، کەڕەسیسە، بەفـری زۆر دەنـکوردە زوو دەتوێتەوە.
**بەفرەسەر**: ١. بەفربەسـەر، ڕچە،٢. ڕەقەبەرف، بەفری بەستوو کە بە سەریدا دەڕۆن.
**بەفرەشینە**: ١. بەورەشـینە، جـورە گـرێ یـا بــرینێکە وە مـــووی دەچـــێ،٢. جقەشــینە، کاسەڵکەشینە، باڵندەیەکی شینە.
**بەفــرەک**: ١. بەرفەک، پەڵە و زبرایـی سـەر شاشەی تەلەفیزیۆن،٢. سەهۆڵ و زوقمـی نـاو یەخچاڵ.
**بەفرەلۆ**: بەفرمالک، وەروەرە، شاپاڵۆخ.
**بەفرەلوو**: بەفرماڵ، وەروەرە.
**بەفرەڵووکە**: بەفرالووگە، بەفرەژیلکە.
**بەفرەمبار**: بەفرانبار، هەوەڵزستان، کـانوونی پێشـــی: (وا بەفرانبــاری ڕووگـــرژ و تـــاڵە/ کوردەگیان وەختی خزانە ماڵە) «بۆکوردستان».
**بەفرەیی**: بەزۆری.
**بەفری**: بەفرین.
**بەفریاچوون**: دە هانا چوون.
**بەفریاهاتن**: دە هانا چـوون: (وێـنەگەر کـوا ڕەنگی زەردی نەرگسی بۆ ساز دەبێ/ چـاوی مەستی یارەکەی بێت و بە فریـای بـێ مەگەر) «جومعەکان».
**بەفریاهاتوو**: دە هانا هاتوو: (هەمـان ڕۆژ لە نیوەی شەودا فەوجە بە فریا هاتووەکە گەیشتە جێ) «لەمەهاباد بۆئاراس».
**بەفری پــار**: بریتـی لە شـتی هـیچ×: (ئەم شەهریارە و ئەم هەمـوو نـاودارە وەک بەهـار/ باویان نەما تـوانەوە وەک بەفـری سـاڵی پـار) «پیرەمێرد».
**بەفری پیری**: سپیبوونی مووی سەر.

**بەفری پیرێژن**: بەفـرێکە کە لە کـاتی سـەرمای پیرێژن دابارێ.
**بەفری سەر**: بریتی لە سەری وەک بەفر سپی: (خــۆزگە بەو ڕۆژەی گەڵای تەمەن ورشــەی دەهات/ گەرچـی مـووی سـەر بەفـری سـەر خۆڕاگری سەرماترە) «جومعەکان».
**بەفری شادی**: شتێکە وەک ئەفـکەن لە کـاتی زەماوەن دەیکەن بە سـەر و چـاوی بـووک و زاوادا.
**بەفریــک**: سـەهۆڵخانە، زۆزانیـک، بەفریکـار، بەفرخەرەوە، سیپە، سەهۆڵکار، سەهۆڵدان.
**بەفری کۆنە**: ١. بەفـری سـاڵی پـار و پێـرار: (قەنـدیل بەفـری کـۆنەی لـێ نـابڕێ)،٢. ئەو بەفرەی زۆر لەمێژ، لە هەوەڵی زستان بـاریوە: (شەماڵی بەهاری هات بەفری کـۆنە دەتـواوە) «ماملێ».
**بەفری کوێســتان**: ١. بەفـر، بەفـری کۆسـان،٢. بریتـی لە زۆر سـپی: (ئەسـمەرێ دولـبەرێ گــوارەکەت زێــوە/ چــوون بەفــری کوێســتان زەردەی خۆر پێوە) «حەسەن زیرەک».
**بەفرین**: ١. وەک بەفر، سپی لە ڕەنگـی وەفـر: (خــاڵۆ ســەیفوڵڵا مێــردی نەنکــم بە ســەر بەرمــاڵەوە ... ئەویـش بە ئـارامی فرێسـک و سـمێڵ و ڕیشــە بەفــرینەکەی فرمێســکاوی دەکرد!) «کـۆردەرە»،٢. بەفـراوی، داپۆشـراو بە بەفـر: (زەردەپەڕی کـاڵی زێـڕین/ ئەتـوێتەوە دەشتی بەفرین) «کامران موکری»،٣. جێی تژی ژ بەفـر: (لە ژێـر ئاسـمانی شـینا/ لە پـاڵ لــووتکەی بەفرینــا/ کوردســتان گەڕام/ دۆڵاو دۆڵ پێــوام) «گــۆران»، (گونـدێ مە گەلەک بەفرینە)،٤. خاوێن، پاقژ: (چ بێ ڕەحم و دڵـی زستان سەرت کردم بە کۆی قەنـدیل/ کەچـی کوێســتانی دڵ هێشــتا بە هەویــای عەشــقی

بەفرینە) «جومعەکان».٥. ناوە بۆ کچان.

**بەفرینە**: ١. بەستەنی، دۆڵدرمە، حەلاوێ، شیر و شەکر و بەفر.٢. شتی گرێدراو بە بەفرەوە.

**بەفریوچوون**: گوڵخواردن، فریوخواردن: (بۆ دانەیی خاڵت بەفریو چووم دڵی کێشام/ غەرقی غەم و سەوداسەر و ئاشوفتە و شەیدام) «ئەدیب».

**بەفریهاوین**: ئەو پەڵە بەفرەی لە پەسار و نساری کێوی بەرز و فێنک خۆی ڕادەگرێ و ناتوێتەوە: (کەروێشکەی گەنم بەهاران/ بەفری هاوین لە پەساران) «بۆکوردستان».

**بەفرییەکشەوە**: ١. نوا بەفرێک کە شەوێک بە سەر بارینیدا تێپەڕیبێ و چڵکن نەبووبێ.٢. بریتی لە زۆر سپی و جوان و بێگەرد: (ڕووخساری وەکوو بەفری یەکشەوە پاک و ڕوون بوو) «دمدم».

**بەفریی**: وەروەرە، بەفرمالک، پارو، پالۆ، پالدەر، بەرفینگ.

**بەفش**: ١. بەفشک، شانە، شە، فرچەی تەونکرنە ٢. شێ، شەی جۆڵایی.٣. دوو ددانی پێشین بێ جێفەنگا ژۆرین.

**بەفشک**: ١. گەردنی پێ، باریکایی خوارەوەی لولاق ٢. پازەند، بەفشی گچکە، باریکایی باسک ٣. زەند، مەچەک، مەچەکە: (کچی لەباری ڕەوەند/ هەڵێکرد بەلەک و زەند) «هێمن» ٤. فرچەی بچووک.

**بەفشی**: باسک، قەلوین.

**بەفکرە**: لە بیرە، لە یادە، لە چاودایە: (هەر نانی خۆت بە فکرە، ئەمەگی منی قەلەندەرت بە فکر نینە، ئەتۆ گوڵێک بووی لە وانی نفرینە) «برایمۆک».

**بەفوای**: بەفیای، بەفیدای: (بەفوای دەمت بم باڵاعەرعەری) «گوڵاڵە».

**بەفەر**: ١. بەپیت، بەکەڵک، بەشانوشکۆ، مبارەک: (چەکمەزێڕ و بەفەر و ڕووگەش بوون/ خاوەنی ماف و تەلار و بەش بوون) «ڕاوچی».٢. بەهرەدار، بەهونەر، هونەرمەند.٣. زەوی باش و بەکەڵک: (بۆ ئەوەی پێ زیاتر بچەسپێنێ، لەم خاکە بەفەرە نەچێتە دەرەوە) «خاک و چەوسانەوە».

**بەفیا**: بەفیدا.

**بەفیای**: بەفیدا.

**بەفیدا**: بەفیدای.

**بەفیدای**: بەفیا، بەفیای، بەفوای، بەفیدا، بەقوربان: (بەفیای ماڵەکەی ڕوو لە قەسرت بم/ بەفیای مەیلەکەی کەموکەسرت بم) «مەڵۆ».

**بەفیڕۆتیاچوون**: بەخۆڕایی تیاچوون: (ڕەوا نییە ئاوا بە فیڕۆ تیابچێ و ئێمەش ورد و هەراش بێ داڵگە بین!!) «کۆردەرە».

**بەفیڕۆچوون**: بەزایە چوون، بەلاش ڕۆیین: (خوێن بە فیڕۆ چوون و تۆڵە نەستاندنەوەش زۆر لە سەر دڵ گران بوو) «شەرەفنامە».

**بەفیڕۆدان**: بە خەسار دان، زایە کردن: (خاڵێکی کە شایانی سەرنج بێ ئەوەیە شەڕکەرانی بارزانی یەک گوللەی خۆیان بە فیڕۆ نادەن) «لەمەهاباد بۆئاراس».

**بەفیز**: دەمارزل، ترزل، بەدەعیە، برووغ، باسەر، بەهەوا، قەپۆزبلند، لمۆزبڵێند، ڕۆحگەورە: (.../ ئەمرۆکە بەفیز و قۆزی، سۆزی تۆزی/ بابردەڵە! پێت وابوو جیهان بۆ تۆیە؟!) «خەیام هەژار».

**بەفێڵ**: فێڵاوی، گزیکار: (ئەورۆکانە چەندی لە منی غەریبەماڵێ بەفێڵن) «گەنجی سەربەمۆر».

**بەفێڵفێر**: بەفێڵ، مەکراوی: (بەرهەمی پاڵە و

وەرزێڕان، دەچووە جیبی بە فێڵ فێران) «ڕاوچی».
**بەڤر**: ١. بیور، تەور ٢. بەبر، بەور، بەڤل، دڕندەیەکە لە پڵنگ وەورەترە ٣. بەتران، سەگاو.
**بەڤر**: درۆزن، بەدرۆ، هاوەنتچی.
**بەڤرا**: پێکەوە، بهەڤرا، پێکڤە، پەڤرا، ویرا: (سۆفیێ تەوحید تەڤران/ بەلکی خوەش بوونە بهەڤران) «فەقێ تەیران».
**بەڤری**: ١. سەگێ ئاڤی، بەترانی ٢. ناوە بۆ شاری بابلی.
**بەڤش**: ١. بەوش، شێ، شەی جۆلایی ٢. باسک، قۆڵ،٣. جمگەی دەست و پێ.
**بەڤل**: ١. یەکانە، تاقانە ٢. هاوشان، هاوزێ، هاوتا: (عیسێ دەلا ناڤدارە و هوشمەندەکێ بێ بەڤل و زۆرزانا) «گولواز»٣. لووت، کەپۆ، دفن ٤. دوژمن، دژ، دژمنی زۆر سەخت ٥. بەبر، بەور، دڕندەیە گەورەتر لە پڵنگ ٦. ملەکەر، هەڤرک ٧. پێچەوانە،٨. فێڵ، مەکر: (ب ڤی بەڤلەکی بالیل شیا ئاسنێن حەجی ژ هاروون ڕەشید بستینت) «گولواز»،٩. گیاندارێکە هندی پشیلەی، سواری ملێ شێری دبیت و شێر نەشێت وی ژ خۆ ڤەکەت، ئەویش لەکۆلێ نابێتەوە تا شێر دەکوژێ: (مات و بەڤلێ منێ ژ من ڤەنابی؟، هەر ژ بەر ڤێ مەبەستێ دەبێژنە دوژمنی بەڤل).
**بەق**: ١. بۆق، قورواق، شاقرواق: (بەق نکارە جۆت بکا) «پەند» ٢. چاوزەق، چاوبۆق، چاودەرپەڕیو ٣. نێرەکەو، کەوی نێر،٤. پاداو، نێرەکەو، کەوی نێر: (شاخی بەرز و بەردی ڕەق/ جێگای چێلە و جێگای بەق) «گۆران» ٥. عەبداڵ، عەڤدال.
**بەقا**: ١. مان، مانەوە، ژیانی هەمیشەیی: (ئەو بەقاش نییەن، فەناش تاقییەن/ ئێد عەتای تاقی و باقی و لاقییەن) «مەولەوی»،٢. وەفا، ئەمەگ، سۆز: (یار بێ بەقا بوو)،٣. باوەڕ، متمانە: (بەقات پێ ناکەم ژن بێ مەجازە) «حەسەن زیرەک»، (بەقا بە من ناکەی؟)،٤. باقی، باقیمەنن
**بەقاپێکردن**: بڕوا پێئانین: (بەقات پێ ناکەم، ژن بێمەجازە/ کوشتومی لێوئاڵ لە کانێنیازە) «فۆلکلۆر».
**بەقاپێهەبوون**: باوەڕ پێ هەبوون.
**بەقادار**: بایەخدار.
**بەقادارە**: بەقادار، بایەخدار.
**بەقاداری**: بەئەمەگی، بایەخداری.
**بەقار**: ١. بە قینەوە: (داش بە سەنگدا مینای جام بە قار) «بێسارانی»،٢. بەقاڵ، وردەفرۆش: (کوڕ دەڵێ: چوومە کن وەستای وەستاکاران، دووکان و توجاڕ و بەقاران) «گەنجی سەربەمۆر».
**بەقازانج**: خێردەرەوە، بەخێر: (ئەو حوکمەش بۆ پۆلیسی دەوڵەت بازاڕێکی زۆر بەقازانجی پێک هێنابوو) «چێشتی مجێور».
**بەقاکردن**: بڕواکردن، باوەڕکرن: (عەشقی باڵای بووم لە نەدیو/ بەقام پێ ناکا کچەتیو) «حەسەن زیرەک».
**بەقاڵ**: ١. دووکانداری وردەفرۆش: (سنگی دوکانی بەقاڵ، مەمکی وەکو پرتەقاڵ) «حەسەن زیرەک»،٢. دێوەرە، دەسفرۆش، چەرچی: (بەقاڵ چی لە تێرەکەیدا هەبیتن ئەوە گاز دەکا) «پەند»،٣. بەو کەسانە دەگوترا کە قەسپ و خوێیان بە بار دەهێنا و خەڵکی گوند بە گەنم و جۆ لێیان دەکڕین،٤. نازناوی کەسێکە کە بەقاڵی کردگە.
**بەقاڵقنگوسان**: لاناوە لە فیس و من من:

(بەقاڵ قنگ لەلێ وسایە).
**بەقاللۆر**: قاللۆردار، قالۆراوی: (حەیرانێ وەرە لە باسکۆڵێ بە قاللۆرە/ ڕەبی لە سەری بابی کورە حەیرانێ بێ، سندان و لە زگی دایکی بێ ڕەقە ناسۆرە) «فۆلکلۆر».
**بەقاڵە**: بەقاڵ.
**بەقاڵی**: ١. دێوەرەیی، چەرچێتی، چەرچیگەریتی، ٢. بەقاڵی، دوکانداری،٣. دوکانی وردە شت.
**بەقانامە**: باوەڕنامە، بڕوانامە، باوەڕۆک.
**بەقانن**: خوێندن کەو.
**بەقاوبەفا**: هەرایێ هەری.
**بەقاهەبون**: وەفا هەبوون: (ئەو دونیایە بەقای بۆ کەس نییە).
**بەقبووڵ**: دەنگ کاورەنێر یا نێری کێوی لە هەێن پەڕین.
**بەقبەق**: ١. گرمە، دەنگی کۆتر،٢. دەنگی بۆق: (شەڤێ مریا ژ قەبرا تینیتە دەر، ڕۆژ ژ بەقبەقا بەقا دترسیت!) «پەند».
**بەقبەقانێری**: دەنگێ پێرپێرا نێرییە د دەمێ گولێنێدا.
**بەقبەقو**: گرمە، گرمەگرم، گمەگمی کۆتر.
**بەقبەقۆک**: ١. بلقەبلقی ئاوە، قوڵتە ٢. تۆقلەی سەر ئاو ٣. بلۆقی دەس و پێ ٤. ئاڤدانک، قومقومەی ئاو،٥. ئاوی بە بلقەبلق.
**بەقبەقوو**: گرمە، گرمەگرم، بەقبەقی کۆتر.
**بەقبەقی**: ١. گۆزەڵەی بێدەسک و لوولە ٢. گۆزەڵەی لوولە تەنگ،٣. بلقەبلقی ئاو ٤. کانییەک ئاوێ لێ هەڵقوڵێ.
**بەقتاندن**: تەقاندن، تۆقانن: (هەسەن کەڤر بەقتاند).
**بەقتین**: تەقیت، تۆقین، تەقینەوە.
**بەقڕاچوون**: بەقڕچوون: (دەر و ژوور بیست ڕۆژ ڕێگا ئەبڕا/ مەل و جانەوەر ئەچوون بە قڕا) «پیرەمێرد».
**بەقڕچوون**: تیاچوون، فەنابوون: (تا کەمێ سرتەی هەیە سیسرکی دڵ/ تا بە قڕ نەچووە پەلوپۆیی بە گوڵ) «ڕاوچی».
**بەقڕدان**: تیابردن، فەوتاندن: (ئاخر ئەو دنیایە ئەمری دێتە سەر: ئاخر ببە/ یەعنی بەس ئەی فاحیشە، عالەم بە قڕ دە یەک بە یەک) «مەحوی».
**بەقڕەشک**: بەچکەبۆق،کەوچکەقوڵە.
**بەقڕەقڕ**: بەکێشە، بیانووگر: (حاجی ڕبەیەکی تایبەتی خۆی هەبوو، بەخوا بابە پیس پسۆک و لەچەر بووا! لە کاتی ئالوویردا بەقڕەقڕ و هەڵپەیە) «خاک و چەوسانەوە».
**بەقسەم**: بەقسەمە، بەکسەمە، بەکسەمەد.
**بەقسەمە**: بەکسەمەد، جۆرێ شیرینییە.
**بەقسەیدک**: جۆرێ بۆقی سەوزی وردە.
**بەققاڵ**: بەقاڵ.
**بەقک**: بۆقی گچکە.
**بەقل**: سلق، زلق، سرق، گیایەکی دەسچێنە لە چەوەندەر دەکات بۆ چێشت بەکاری دێنن.
**بەقل**: بە دانە، بە دەنکە دەنکە.
**بەقلاوە**: پاقلاوە، بەقلەوا.
**بەقلە**: بۆقلە، قەل، بەقلەموون، بەقلەموت.
**بەقلەموت**: بۆقلە، بەقلە.
**بەقلەموون**: قەلەموونە، قەل.
**بەقلەوا**: باقلاوە، پاقلاوە.
**بەقلی**: بەرسلک، سەوزییەکی گەڵاپانی خواردنە.
**بەقلیسۆک**: ڕوودامالاو، داشۆراو، ژنی بێ شەرم و ئابروو.
**بەقلیشک**: بلق، تۆقلەی سەر ئاو.
**بەقم**: ١. گۆڕاو، تێکچوو، ڕەنگهەڵگەڕاو،

ڕەنگبڕوسقاو،٢. بە قوڕ کون و کەلێنی دیوار گرتن، وێران کردن.

**بەقنگاخستن**: گوێ پێنەدان: (کارەکەی بە قنگا خست).

**بەقنگەوکەفتن**: بەقوونەوە کەوتن، کەوتن بە پشتا.

**بەقۆ**: بەقۆک، تونگە، گۆزە، گۆزک، تونگە، تۆنگە، کوپکێ گچکە.

**بەقوڕ**: قوڕاوی×: (داوای ماچێکی لێدەکردم/ بە ستۆ و ڕانی شکاو و سەرێکە بەقوڕ نەمدەدایە) «سوارۆ».

**بەقوربان**: وشەی دلۆڤانییە، عەزیزم: (شوعاع و شەعشەعەی میهری، ئەشیععە و میشعەلی بەدری/ لە سایەی پرتەوی ڕووتە بە قوربان نووری یا ناری) «حاجی قادر».

**بەقوربانبوون**: خۆ گوری کرن، فیدابوون: (ئەمن هەر تۆم دەوێ جا چیم لە ڕووح و چیم لە دین داوە؟/ بە قوربانی تەماشایەکی تۆ سەد جار سەروماڵم) «وەفایی».

**بەقوڕدابردن**: بریتی لە ماڵوێران کردن: (بە دڵ دەگەڵم وا بە/ ئەگەر وەک من نەسووتابی/ سەراوبن بە قوڕدام بە) «فۆلکلۆر».

**بەقوڕداچوون**: ١. بریتی لە ماڵوێران بوون: (لە گۆشەی بێکەسیدا ئێستە وا دڵتەنگ و خەمبارم/ نییە باکم ئەگەر ماڵم بەجارێکی بە قوڕدا چێ) «هێمن»،٢. نفرێکە: (بە قوڕێدا چی تا دەتوانی/ داست ون بێ لە سەپانی) «فۆلکلۆر».

**بەقوڕگیران**: ١. وێران بوون: (ئاغام، عەقڵت پەشۆکاوە/ یان پەریان دەستیان لێت داوە؟/ دارەلەک بە قوڕێ گیراوە/ ئاو زۆرە دەڵێی سێلاوە) «فۆلکلۆر»،٢. نفرێکە.

**بەقوڕگیراو**: بەقوڕێگیراو، کاول: (عازیزێ ئەوە کیژ دەیکوت هەتیوە خانەخرابە ئەتۆ نەتزانیوە/ حەسارەکەی ماڵە بابە بە قوڕێگیراوەکەم بڵێندە) «گەنجی سەربەمۆر».

**بەقوڕێگیراو**: کاوڤل، کاول، وێران: (ئەوە دەڵێن هەتا کوڕە لاوێ خۆن دێتەوە لە شیمالی بەقوڕێگیراو) «فۆلکلۆر».

**بەقۆک**: گۆزە، بەقۆ.

**بەقوڵف**: قولفدار، دەفری هەنگڵدار: (دوو کووپەی شینی بە قوڵف، بۆ گرتنی سرکە و دۆشاو) »حەمەجەزا».

**بەقوونداخستن**: بەقنگا خستن.

**بەقووندادان**: بریتی لە مەیدان خاڵی کردن و بەزین×: (ئیدی مام برایم هەر هەڵات، ئاوڕی نەداوە، بە قوونیدا دا و ڕۆیی) «ئەمیری».

**بەقوونیبابیەوە**: هەر تک چاوی دەرێ: (ئەگەر دەزانی زۆرت دڵ بە ئەسپەکەیەوە، بە قوونی بابیەوە، بێنە ئەمن ماچێکی دەدەمیێیە) «لاسوخەزاڵ».

**بەقووەت**: زۆردار، هێزدار.

**بەقە**: بۆق، قورواق.

**بەقەبریبابیەوە**: ١. بێمنەت بوون لە کەس،٢. بوون و نەبوونی کارێک: (کچەی بە پەلە لە مزگەوتێ مارە کرد و کوتی: مەڕەکەش بە قەبری بابیەوە) «فۆلکلۆر».

**بەقەبەق**: قوڵتەقوڵتی ئاو کاتێ لە شتێکی زارتەنگ دەکرێ.

**بەقەد**: بە قەدەر، بە ئەندازەی، هێندە، بەرتەقا، بارتەقا: (لەم حاڵەتەدا ڕۆحم وەکوو چاوی گلاوی/ ئانێکی بە قەد ساڵێ پڕی زەهری ئەلەم بوو) «گۆران».

**بەقەدر**: ١. بەقەدەر، بەئەنازەی،٢. بەنرخ، بایبدار: (ڕۆژی خۆشی و پێکەنین و داوەتە/ هەی چ ڕۆژێکی بەقەدر و قیمەتە) «هێمن».

**بەقەدرایـــی**: بە قەدەرایـی: (ئەوەم لە پـێش چاوت، زرپ و زیندووم، خـۆی ڕاوەشـاند بە قەدرایـــی ڕبەیەک گـــوللە لە لەشـــی کەوتە خواریّ!!) «هەزار ئەشکەوت».
**بەقەدووم**: سەر بە فەڕ، پیرۆز.
**بەقەدوومە**: سەر بە فەڕ.
**بەقەدوومی**: سەر بە فەڕ بوون.
**بەقەدەر**: بەقەد، بەقەدر، بەئەندازەی، هەنـدێ، هێنـــدەی: (مـــامەکەم قەحـــبەژنە، دەوڵەتـــی شـــەددادی هەیە/ تـــالعی ڕاهـــبەر و بەختـــی خودادادی هەیە) «شێخ ڕەزا».
**بەقەدەرایی**: بەقەدەر، هێندەی: (چـاوێکی بە ئاسمانا خشاند، چ ڕوانین و چاوپێداخشانێک، بەقەدەرایی سەد کتێـب پـڕ بـوو لە گلەیـی و بناشت) «پێکەنینی گەدا».
**بەقەدەرئەحواڵ**: بە پێی توانـایی هەرکەس: (بە قەدەر ئەحواڵ لە زۆر هەتا کەم) «مینەجاف».
**بەقەرا**: بەقەد، بەقەدەر.
**بەقەڕەشک**: کەوچکەقوڵە.
**بەقەری**: جۆرێ ترێیە.
**بەقەستی**: ١. لەقەستی، بەشۆخی،٢. بەدانستە، دەس‌ئەنقەس، خوازەکی، ڤیانی.
**بەقەلەموون**: بەقەلەمـووت، عەلعەلـۆک، قەل، دیکلێ ڕۆمی.
**بەقەم**: ١. ڕەنگێ کە زو کاڵ بێـتەوە: (مەتـاعم جاوە، چاوم باخەبەر بێ موشتەری/ تـا غەزەل سەودا نەکا لای تاجری چیتی بەقەم) «نالی» ٢. بێ‌قەول، پیمانشکێن ٣. بریتی ل مرۆڤێ لسەر چۆکان ناڕاوەستێت ٤. بەرقەم، دارێکی سوورە بەرێکی خڕ و شۆر دەگرێ ٥. جۆرە ڕەنگێکی سۆرە لە داری بەقەم دەیگرن بـۆ ڕەنـگ‌کردنی قومـاش بەکـاری دەبەن: (مـن مەتـاعم جـاوە، چاوم! باخەبەر بێ موشتەری/ تا غەزەل سەودا نەکـا لای تـاجری چیتـی بەقەم) «نـالی» ٦. زێـوردە، گەنـم و جـۆی تەواو گەیشـتوو بـۆ دروێنە،٧. ئەو بۆیـاخێ کـو هێکـا پـێ بۆیـاخ دکەن.
**بەقەمۆک**: دەرمانێکی تۆزی سووری چاوە.
**بەقەو**: ١. بە قـــاو، بە دەنگـــی بەرز: (بە قەو بـانگی کـرد)،٢. بەقەد، ڕادەی، بەئەنـدازەی،٣. بەقەوەت، بەهێز: (.../ ڕۆڵە بەزەییت بە بـاوکی خۆت‌دا نایە؟/ مەمشێلە بەقەو، بە هێمنـی پـێم لێ‌نێ!) «خەیام هەژار».
**بەقەوەت**: بەتوانا، بەهێـز: (دێـق و زەردووی و ئاهۆ و وەرهەم/ بە گژەبـای بەقەوەت دێـنە بەرهەم) «خەوەبەردینە».
**بەقەی**: بەقەد، بەقەدەر.
**بەقێزوبێز**: بێزەون، قێزەون.
**بەقیمەت**: ١. گـران، بـایی‌دار،٢. قەدرگـران، ڕێزدار، هێژا: (ڕەببی ڕانیە ئـاوا بـێ، ئـاوەکەی سارد و سـووکە/ ئاشـقی ئـامین گیـان بـووم، قـیمەت گـران و وەزن سـووکە) «حەسـەن زیـــرەک»،٣. لە نرخـــا: (ئەوە بۆیـــان دێنـــا و دەیاندایە لەعل و ئەشرەفی بە قـیمەت گـرانە/ دەیان‌کوت: پـووڵ بـۆ پیـاوی ئـاواڵی ڕێگـای گەورە و گرانە) «سەعید و میرسێوەدین».
**بەقین**: ١. قیندار، ڕکن: (هەوای هاوینە هەوای هـاوینە/ ئەمسـاڵ هاوینمـان زۆر لـێ بەقیـنە) «پیرەمێرد» ٢. ڕژد، بەرچاوتەنگ.
**بەقیناچوون**: غەرزین، پێداگرتن، سووربوون.
**بەقیناکەوتن**: ڕقهەستان، تووڕەبوون.
**بەقین‌داچوون**: بەقینا چوون.
**بەقین‌داکەوتن**: بەقینا چوون.
**بەقـــیە**: ١. تەقەڵ لە چەرم،٢. بـاقیە، تەقەل،٣. پینە، بزگوڕ.
**بەقییە**: پاشماوە، ماوە: (بەقییەی عومری زایع

گەر مـورادت پـێ تەدارەک بـێ/ حەیـاتی مەککەت و مەوتی مەدینەت جەبری نوقسـانە) «نالی».

**بەک**: قورواک، بەق، بۆق.

**بەکار**: ١. کارا، لێهاتوو، وەکار، ووریا، زیرەک، کـاربین، کارلێهـاتی، مەدرەکـار، تێکۆشـەر: (ئەوێستا کاکی جووتیاری بەکـاری چـابوک و مەزبووت/ بە بێباکی، بە دڵپاکی، بە پێخواسـی بە سـینگی ڕووت) «هـێمن»،٢. بەکەڵـک، بەهرەدار، خێردەرەوە: (زمانت کە ببڕی قسەت دێ بەکار/ قەڵەم دادەدەم، پەندی خۆ دادەدەم) «مەحوی»،٣. کاریگەر، کارتێکەر: (ئەو هەسـت و سۆزانە بەکارترین پشتەوان بوون) «لەمهاباد بۆئاراس»،٤. مەکینەی کە باش کار دەکات.

**بەکارئاردەی**: بەکار هێنان.

**بەکارئاما**: بەکاربراو.

**بەکارئامای**: بەکار هاتن.

**بەکارئانین**: کەڵک لێوەرگرتن.

**بەکارئاور**: بەکارهێنەر.

**بەکارئاوردەی**: بەکار هێنان.

**بەکارئاورە**: بەکارهێنەر.

**بەکاربران**: هلهلین.

**بەکـاربراو**: ١. بەکـارهێنراو، بەکارهـاتی،٢. ڕەنێوهێنراو، حاملاو، بەخێوکراو.

**بەکاربردن**: هلهلاندن.

**بەکاربوون**: کاریبوون، کـار لێهـاتن: (هـۆ کاکی جووتیار براکەم جووتت بەکار بێ/ خەلە و خەرمانت یارەبی بەرەکەتدار بـێ) «حەسـەن زیرەک».

**بەکـاربەر**: ڕەنێـوهێنەر، حـاوێن، حـاوێنەر، حەوێنەر، کەوێن.

**بەکارخواردن**: بەکارهاتن.

**بەکاروبار**: بەکار، ئازا: (ئـازا و بە کاروبـارم/ گیانلەبەرم، هوشیارم) «نیساری».

**بەکارهاتن**: بەدەردخواردن، بکێرهاتن.

**بەکارهـــاتی**: بەکـــارهێنراو، بەکـــاربراو، ڕەنێوهێنراو، نیوداش.

**بەکارەت**: پەردەی کچێنی: (نوقتەی دەهەنت وا دڵی هێناوە تەنگی/ جێگـای خەیـاڵی نییە بۆ فیکری بەکارەت) «حەریق».

**بەکارهێنان**: دەکارهانین، کەڵـک لێـوەرگرتن: (وەکی سبێ وێ گاڤێ، وێ گـۆتنێ دژی مـن ب کار بینن) «مەستوورە».

**بەکاری**: خێرایی، گورجی، زۆر کارکەری.

**بەکاکۆڵ**: کاکۆڵدار، کەسێ کـاکۆڵی سـەری بێڵێتەوە: (یەک سەرقژنە و یەکێکی بە کـاکۆڵ/ یەک خۆڵوەسـەرە، یەکـێ لەسـەر خـۆڵ) «هەژار».

**بەکامگەیشتن**: بەمراد گەیین، کامڕەوا بوون.

**بەکامگەین**: بەکامگەیشتن.

**بەکامگەیین**: بەمـراد گەیشـتن: (دەمـێ بـوو سـافیيا نادیـدە دڵ بووبـوو بە پەروانەت/ بە کـامی خـۆی گەیـی بیسـتی کە وا شـەمعی شەبوستان هات) «بێخود».

**بەکامیاوا**: مراد حاسڵبوو.

**بەکامیاوای**: بەکام گەیشتن.

**بەکامیاونای**: بەکام گەیاندن.

**بەکامیاوێ**: بەکام گەیشتوو.

**بەکاوەخۆ**: ١. هێدی، هێدیکا، خووینسارد، یەواش، لەسـەرخۆ، بەسـەبر،٢. کەسـێ لە کارکردندا پەلە ناکات.

**بەکتاش**: ١. نازناوی خزمەتکاری نک میرە ٢. ناڤێ وەلییەکی عرفانییە.

**بەکترڤا**: بـاکتری، گیانـدارێکی وردە بە چـاو نابیندرێ.

**بەکر**: ١. بەکرە مەرگەوەڕ، بەکـری شـۆفار لە

چیرۆکی مەم و زیندا: (بەکر ئەوەی بە شانی خۆی بە سووکایەتی دەزانیٚ) «توحفە»،٢. بەکرە، ناوە بۆ پیاوان: (خواستم لە کوڕی حاجی بەکر کۆنە دووکانێ/ بۆ تەجروبە نەیدا بە من دای بە دیانێ!) «شێخ ڕەزا».

**بەکر**: ١. بکر، کریار، ئەوی شت ئەسێنێ،٢. مریشکی خەوتوو لەسەر هێلکە.

**بەکراوا**: ١. ناوی گوندێکە لە کوردستان بەکر ئاوەدانی کردۆتەوە،٢. دێیەکە لە دێکۆی لەیلاخی باشووری ناوچەی قوروە: (خوا مەرگی پشیلەی کویری بەکراوای ئەدا ...) «ڕشتەیمرواری»،٣. بەکر ئاوا.

**بەکراوایی**: خەڵکی گوندی بەکراوا: (خوا مەرگی پشیلەی کویری بەکراوای ئەدا، ئەگەر بیتوانیایە پرزۆڵە نانێکی دۆسکە بەکراوایی لە خەوا ببینیایە) «ڕشتەیمرواری».

**بەکراوە**: گوندێکە لای هەڵەبجە.

**بەکرباجەڵان**: گوندێکە لە باشووری چەمچەماڵ.

**بەکربایف**: گوندێکە لە باشووری سەنگاو.

**بەکربەگی**: ١. بووزوو، جۆرە شاڵ و شەپکەکە ڕاڕایە،٢. جۆرێ هەڵپەڕینە×: (بە بەکربەگی و فەتاحپاشایی/ ئەخاتە جووڵە تەواو ئاوایی) «قانع».

**بەکرد**: کارا، کارزان، شارەزا، بزان: (دنیا تا سەر بۆ کەس نامێنێ! خاد سەلمەی دایکت، چەندە لەم ماڵەدا هەڵسووڕا! کابان، بەکرد و بزان) «هەزار ئەشکەوت».

**بەکرعەوان**: بەکرشەیتان، بەکری چیرۆکی مەم و زین.

**بەکرۆک**: ١. بەکرووک، دووزمان، قسەبەر، شەیتان، نێوانتێکدەر، گێرەشێوێن وەک بەکرۆیی: (لێ هێشتا بەکروک ساخ و بهێزن/ بەکرۆک ئێک بۆ، لێ ئەڤرۆ ڕێز ڕێزن) «سندی» ٢. بەکرۆک، گۆیا ناوی مرۆڤێک بووە خەڵکی مەرگەوەڕ، ب فەسادی و ئاژاوە ب دوو مەم و زین کەوتوە و نەهێلا کو بگەنە یەک و ب مێراز هەردو چونە بن ئاخێ.

**بەکرۆکە**: بەکرۆک، بەکرەمەرگەوەر: (بەکرۆکەی مەرگەوەڕێ، لە قەبریشم لێ ناگەڕێ!) «پەند».

**بەکرووک**: گێرەشێوێن، بەکرۆک.

**بەکرە**: ١. قرقرە، قەرەقەرە، غەرغەرە، مەکارە، گرگرە، بەشێکە لە ئامرازی ئاو هەڵگوێستن لە بیر٢. ئامرازێکە ئوستوانەیی نێوقەد باریک دەزووی لە دەور دەپێچن،٣. خر، خرپلە،٤. کورتکراوی ناوی عەبووبەکرە، ناوە بۆ پیاو.

**بەکرەجۆ**: ١. شارەدێیەکە لە خۆراوای سلێمانی، ٢. شوێنێکە لای سولەیمانی جۆگایەکی لە سەرچنارەوە بۆ کێشراوە: (دەموت دوو چاوی خۆمە ئەگەر بەکرەجۆیی ئەشک/ نەبوایە تیژ و بێسەمەر و گەرم و سوێر و سوور) «نالی».

**بەکرەژۆفار**: بەکر، بەکرشەیتان.

**بەکرەس**: جۆرێ قوماشە: (سوف جە شام ئاوەرد، بەکرەس جە باکۆ/ تورمە جە کشمیر، تەخت هۆلاکۆ) «شەفیع».

**بەکرەشۆفار**: بەکرە مەرگەوەر.

**بەکرەشەل**: گوندێکە لای شارۆچکەی سەرقەڵا.

**بەکرەشەیتان**: ١. بریتی لە مرۆی ئاژاوەگێڕ: (دوو مەیت لەوێ چاوەڕێتن، مەم و زینێک و بەکرە شۆفارێک) «شەوارە»، ٢. بەکر، بەکرۆکی ناو چیرۆکی مەم و زین: (قەر دەڵێ: بەکر ئەتوو بەکرەشەیتانی، قسەی چاکت بە زاریدا نایە) «مەموزین».

**بەکرەگەرە**: گوندێکە لای خانسوور.

**بەکرەلەبان**: جووریّ تفەنگە.

**بەکرەمەرگەڤەر**: بەکرەمەرگەوەڕ: (ئەسلێ وی دەبێن: ژ مەرگەڤەر بوو/ مەحزا وی بەشەر ب شۆر و شەر بوو) «خانی».

**بەکرەمەرگەوەڕ**: ١. بەکر، بەکرعەوان، بەکرۆکە، بەکرە شۆڤار، بەکرۆکی ناو مەم و زینی خانی: (وسوئاغا لە تۆرەی بەکرە مەرگەوەڕە) «توحفە»،٢. بریتی لە پیاوی شەڕ و خراپە.

**بەکرەیی**: ١. دروێنەی بە هەرەوەز،٢. گۆرانی تایبەتی پاڵە لە کاتی دروێنەدا دەیڵێ.

**بەکرێ گرتن**: بە مز گرتنی شتێ: (بەیانی ولاغمان لە سۆفی شێرە ناوێک بەکرێ گرت) «چێشتی مجێور».

**بەکرێ گیران**: بە کرێ کار پێکران: (مانگی بە پێنج دینار بۆ پێشنویژی بە کرێ گیرابوو) «پێکەنینی گەدا».

**بەکرێ گیراو**: ١. شتێ بە مز گیریاگ،٢. کەسی بە پارە گیراو بۆ خزمەتکردن: (قازی بەکرێگیراوی گوێلەمست، ئەوەی ناوی هەیە، نێوکی نییە) «میرزا»،٣. بریتی لە جاش و نیشتمانفرۆش.

**بەکرێ گیراوی**: ١. کارکردنی بە پارە بۆ کەسێ، ٢. نۆکەرایەتی، خۆفرۆشی.

**بەکسەمە**: بەقسەم، کولێرەی سەربازی.

**بەکسەمەد**: بەقسەم، شتێکە وەک کولیچە: (خۆ بەکسەمەد و خەپلەیی جۆ و ساوەر و گۆشت گاناوساندی زگم عەینی وەکوو ڕەشکەیی کا خوّم) «عارف سائیب».

**بەکل**: کلەڕێژ، سورمەڕێژ: (برژانگ درێژ و چاو بەکل/ شان بە کۆڵوانە شەدەشل) «هێمن».

**بەکلک**: کەشی پاشنەدار××: (ئێمەنییە سوورە بەکلک و جووتباقیەدارەکەی باوکی لە کەرکووک بۆی هێنابوو لەپێ کرد) «خاک و چەوسانەوە».

**بەکلکە**: کلکەدار، پاشڵدار، بەدوایی.

**بەکلکێ**: لاوازی لە مردن.

**بەکلەر**: ١. نازناوی میری میران کە بەسەر گەلێ بەگدا ڕادەگەیشت ٢. بێگلەر، بەگلەر، گەلەبەگ: (تیر دان ژ قەوسێ ئەسوەدە، شەهزادەیا شیرین قەدە/ کوشتینە وەک من چەند سەدە، وێ پادشاە و بەکلەرێ) «جزیری».

**بەکن**: بە لای، بە نک، بە نزیکی: (بە کن چادری خانزادخانێدا ڕۆیی) «توحفە».

**بەکۆ**: ١. ناڤێ کوڕان و کچانە ٢. بەکری چیرۆکی مەم و زینە: (دەرگەڤانێ دیوانێ، بەکۆیێ عەوان، ناهیلە مەم و زین ب مرازێ هەڤ بن) «سەنار»٣. نیشانەی تێکدانە: بەکرۆک،٤. بەعام، بەکۆمەڵ.

**بەکۆبوون**: کۆبوونە، جەمبوون: (ئەسمەران، دولبەران، وەی بە کۆ بن بۆ گوڵچنین) «حەسەن زیرەک».

**بەکۆتایی هاتن**: کۆتایی پێهاتن: (داخیل بوونی سپای ئێران بۆ مەهاباد و بە کۆتایی هاتنی تەمەنی کۆمار لە ١٥ی کانوون ١٩٤٦) «لە مەهاباد بۆ ئاراس».

**بەکورک**: کڕ، کرکەوتوو، مری کورک: (تەرازووش مریشە بەکورکت تێدا بنایەتەوە) «پێکەنینی گەدا».

**بەکوشتدان**: بوونە هۆکاری بەکوشتچوون: (ماڵمان ئەوەی دە گوێی من مبوێ، سەدکەس بە من دەڵێن ڕووی بابی ئەحمەداغای ڕەش بێ، بۆ پارووە نانێکی دوو میوانی بەکوشت دان) «فۆلکلۆر».

**بەکوفری**: بە کافرێک.

**بەکول**: بەتەواوی، یەکجاری: (کوردی زوبانی ئەسڵمە، گەر تەرکی کەم بەکول/ بۆ فارسی، بە کوللی ئەمن دەبمە بێوەفا) «مەحوی».
**بەکوڵ**: ١. ئاخدار، دەردەدار: (هەرچی ئەیبینی کە سۆز لە دڵە/ بۆ سەرگەردانیم جەرگی بەکوڵە) «پیرەمێرد»،٢. بە تاسە، حەزلێ: (تمەس، مامۆستا زۆر بەکوڵە بۆی/ پەلەپەلیەتی بۆ حەقەکەی خۆی) «قانع».
**بەکۆڵ**: لە کۆڵ، لە کۆڵدا: (ئەوانەی بەرگی خوێناوی بە کۆڵ) «کامەران موکری».
**بەکۆڵدادران**: لە کۆڵ نران: (تەمەن دوایی هات، هات نەهاتی‌یە/ ئامانج و تاسەش هەر ئاواتی‌یە/ ئەو دەردەی ئەوساڵ لە من ڕووی داوە/ ئەو کۆڵەی بە کۆڵ مندا دراوە/ ئاسن بام دەڕزیم/ کێو بام دەخزیم) «سمایلاغا».
**بەکوللی**: بەتەواوی، یەکجاری: (لە دنیا هەر کەسێ مەقسوودی عیشقە/ بکا وەک من بە کوللی تەرکی دنیا) «حاجی قادر».
**بەکۆمەڵ**: بەکۆ، بەعام، بەتێکڕایی.
**بەکوناکردن**: ١. بەزاندن، شکاندن،٢. بە کونا کردنی نێچیر کاتی ڕاو.
**بەکەرزانین**: گاڵتە بە ئەقڵی کەسێ کردن.
**بەکەرەم**: بەخشندە: (کوا کەریمی بەکەرەم سوویی گەدا کا نیگەهی) «سالم».
**بەکەرەمنەمان**: بێکەڵک بوون.
**بەکەرەمهاتن**: بەکارهاتن، بەکەڵک بوون.
**بەکەرەمی**: بەخشندەیی.
**بەکەری**: لەتلەت، لەتوپەت، پارەپارە: (سەد خەدەنگ دانە جەگەر، سینە ژ زەربێ بەکەری بو) «جزیری».
**بەکەش‌وقنگاهاتن**: تێهەڵکوتن، هەڵنان.
**بەکەڤرخابور**: گوندێکە لای زاخۆ.
**بەکەل**: بەکەڵک، بەکار.

**بەکەڵ**: چێڵ و گامێشی تامەزرۆی نێر.
**بەکەڵبوون**: وەبەرهاتن، هاتنەبەر.
**بەکەڵک**: بەکەڵک، بەهرەدار: (هێزی دواڕۆژی ئینسانین/ بەکەڵک ئەبین هەروەک جوانین) «گۆران».
**بەکەڵک**: بەبەهرە، بەفایدە، پڕسوود، پڕێژ، کەڵکدار: (فێری زۆر دەرسی بەکەڵک و باشی کردین تێشکان/ جا ببینە ڕاپەڕین و شۆڕشی ئەمجارەی کورد!) «هێمن».
**بەکەڵکئامای**: بەکەڵک هاتن.
**بەکەڵکنامای**: بەکەڵک نەهاتن.
**بەکەڵکنەهاتن**: بەکار نەهاتن، بەدەرد نەخواردن.
**بەکەڵکە**: بەکەڵک، بەهرەدار.
**بەکەڵکهاتن**: بەکار هاتن.
**بەکەڵکەی**: بەکەڵکی، بەهرەداری.
**بەکەماڵ**: جوانچاک، ڕند، خوەشیک: (عومری یا نۆ، یان دە ساڵ بوو/ زۆر زیرەک و بەکەماڵ بوو) «پیرەمێرد».
**بەکەماڵ‌وجەماڵ**: ئاقڵدار و جوانچاک: (دنیا تا سەر بۆ کەس نامێنێ! خاد سەلمەی دایکت، چەندە لەم ماڵەدا هەڵسووڕا! کابان، بەکرد و بزان، بە کەماڵ و جەماڵ) «هەزار ئەشکەوت».
**بەکەم‌بوون**: هەرنەبوون: (چ تاڵە کۆیلەیی و دیلی، چ تاڵە/ بەکەم بێ ژینی وا پڕ ئاە و ناڵە) «هێمن».
**بەکەم‌گرتن**: قەدر نەزانین: (بە کەمی مەگرە ژیانی بە ئەوین/ دە ئەوین‌دایە هەمو تامی ژین) «هێدی».
**بەکەوش**: کەوشدار، کەوش لەپێ: (پێخواس و بەکەوش و میر و ئاشێر/ سەر بەرز و نەوی، بەبێ شەل و گێر) «خانی».
**بەکەوڵ**: کەوڵلەبەر: (سەلامی دەکرد:

هێندێکی لەبەر هەڵدەستان بە کەوڵی، هێندێک بە سێ قەڵاتی) «توحفە».

**بەکەیس**: مڵاس، مات: (ئەمانیش لە بنکەکەدا خۆیان بەکەیس کرد) «لەمەهاباد بۆئاراس».

**بەکەیف**: ١. ساز، تەیار، کۆک و پۆشتە،٢. بەئارەزوو،٣. قەڵەو، بەدەماخ: (ئەو ساڵ گیابڕ زۆرە، ساڵی وام نەدیوە، ئەو حەیوانەی بەکەیف نەبا، نەدەمرد) «ئەمیری».

**بەکەیفە**: بەکەیف بۆ مێ.

**بەکەیفی**: کەیفخۆشی، دەماخساغی.

**بەکێش**: ١. بەسەبر و حەوسەلە،٢. قسەدرێژ، قیرسیچمە، درێژدادڕ،٣. بەهێز: (هەویری بەکێش).

**بەکێشە**: تەشقەڵەباز، لەبەهانە.

**بەکینە**: ڕکوونی، قینون، بوغزلەزگ.

**بەکێودادان**: ١. یاخیبوون،٢. شێتبوون.

**بەکێوداکردن**: بە شێت زانین، چەپڵە لێکوتان: (ناوێرم ئەو قسەیە بکەم بە کێومدا دەکات).

**بەگ**: ١. مەزن، گەورە: (بەرخ گوت: ئاغا ئەی بەگی سەردار) «پەرویز جیهانی» ٢. بێگ، بەیگ، خان، نازناوی ئاغاوات: (دەست و دڵگەرمی پلانی چەک بوو/ بۆرەپیاگێ لە چەکا وەک بەگ بوو) «ڕاوچی»،٣. هەخامەنشییەکان بە خولایان دەگوت بەگ،٤. بریتی لە مستەفا بەگ: (لە بەگ وابوو کە من ماتم کشی کرد/ کە من هەستام و ئەو دابوو فشی کرد) «شێخ ڕەزا»،٥. نازناوی ئەبوول حەسەن بەگ، بابی مەستوورەی ئەردەڵان: (بەگ دۆر چل ساڵ بوو، زراڤ و بلند) «مەستوورە»،٦. بە پیاوی گەورەی کاربەدەسی دەوڵەت وتراوە: (ئێستا بەگ من هەر ئەبەدی بۆ شار) «کوێرەوەری»،٧. ئەو کەسەی لە لایەن میرەوە بۆ سەرپەرستی گوندێکە ناردراوە،٨. وەک نازناوێک بەکار هێنراوە بۆ نەوە و وەچەی بەگەکان: (ڕۆستەم بەگ کوڕی حەسەن بەگ)،٩. ناڤێ خوەدێ.

**بەگا**: ١. بەگاهـ بەجێ، لەجێ ٢. زەوی ئاودراوی کەشهاتوو ئامادەی کێڵان و داچەندن: (هێندێک گێرەی کویزرێ دەکەن، بەعزێک شەغرەکێشان، کەشاوی زۆر ماڵان بە گایە) «ئەمیری»،٣. ناوی کچانە.

**بەگائاردەی**: بەجێ هێنان.

**بەگائاما**: بەجێ هێنراو.

**بەگائامای**: بەجێ هاوردن.

**بەگائامێ**: بەجێ هێنراو.

**بەگائاور**: بەجێهێنەر.

**بەگائاوردەی**: بەجێ هێنان.

**بەگائاورە**: بەجێهێنەر.

**بەگان**: کۆی بەگ، ئاغاگەل: (ئەو ژی بەگزادە بوو، ژ مالبەتا بەگان بوون) «مەستوورە».

**بەگانارەدی**: بەجێ نەهێنان.

**بەگاندایِن**: بوونە هۆی گایرانی کەسێک: (بووک بێخود، ئاغا مەست، بەربووک بە ئەنگوست هاتە خۆی/ دەستەخوشکی بە گان دا، گۆبەندی گیراو دەرپەڕی) «سالم».

**بەگانە**: ١. ئاغایانە، گەورانە، بەگئاسا،٢. خەرج و باجێک کە لە لایەن ئاغاوە خرابووە سەر وەرزێر و ڕەنجبەران.

**بەگاهـ** : لجێ، بەگا.

**بەگایەتی**: بەگێتی، بەگ بوون.

**بەگتاشی**: تایفەیگ لە یارسان هانە تورکیە و شەورەوی.

**بەگچی**: پاسەوانی شەو، حەسحەس: (چی بکات؟ ئەچێتە بەردەرگا و بەگچییەک تێئەپەڕێ) «پیرەمێرد».

**بەگداشی**: بەکتاشی.
**بەگڕ**: ١. گڕدار، ئاوراوی: (بڵێسەی پڕ دوود بە گڕ خێزا جێم/ عەزاب ڕۆی حەشر، قیامەت دا پێم) «بێسارانی»،٢. ئاشق، دڵتەڕ: (من و پەروانە دەمانکرد گرەو/ کێ لە سووتان بەگڕە، من یا ئەو؟) «بۆکوردستان».
**بەگڕبوون**: ئاور خۆشبوون، چاتر سووتان: (من و پەروانە دەمان کردە گرەو/ کێ لە سووتان بە گڕە؟ من یا ئەو) «بۆکوردستان».
**بەگرتن‌دان**: پێوەکردن، بوونە هۆی گرتنی کەسێک: (ئەی خەت بە زولفی دولبەر تۆ بوویە فیتنەیی دڵ/ دڵ بێ‌غەم و خەیاڵ بوو، تۆ هاتی بە گرتنت دا) «وەفایی».
**بەگرکەوتنەوە**: گەوتنەوە گەڕ، دەس بەکار بوونەوە: (گورگەکان بۆ نیوەڕۆ هاتنەوە، بەردومانەکەش بە گڕ کەوتەوە) «گورگ و بزن».
**بەگڕوو**: گڕووگر، بیانووگر: (وەک دەڵێن زۆر منداڵێکی گرینۆک و بەگڕوو بووم) «چێشتی مجێور».
**بەگرێ**: گرێدار: (ڕانک و چۆغە سپی، پشتێن بەگرێ/ سەبەب‌کاری مە خودا بیگرێ) «فۆلکلۆر».
**بەگزادانە**: وەکوو بەگزادەکان: (تۆش بە لەهجە و شەرمی بەگزادانەوە بۆم بێنە دوو) «جومعەکان».
**بەگزادە**: ١. خانزادە، خانزایە، بەگزایە، بەچکەبەگ، کوڕ و نەوەی بەگ: (خانووی بەگزادە لە سای درەختا/ ئارامیی بووکە، لە کۆشی بەختا) «گۆران»،٢. تایەفەی فەیزوڵڵابەگی کە لە بەینی دیواندەرە تا بۆکان نیشتەجێن،٣. عەشیرەتی ناوداری بەگزادە لە ناوچەکانی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕن: (کچە کوردەکەی محاڵی بەگزادە، محاڵی بەگزادە) «حەسەن زیرەک»،٤. لە کوردەواری‌دا چەند ماڵێکی مۆسیقاژەن هەن بە مە دەڵێن: بەگزادە، ئەم موتریبانە لە شایی و زەماوەن و جەژن‌دا ساز لێدەدەن،٥. ناوی بەگزادانی جافە: (من بۆ ئێل ئەگریم مات و دڵ خەستە/ ڕستی خێوەتی بەگزادە ڕێستە) «پیرەمێرد»،٦. گوندێکە لای خان‌سوور، ٧. دیەکەیگە لە ئارون‌ئاوا،٨. ناوی ژنانە، ٩. ناوە بۆ کوڕان.
**بەگزادەڕێس**: ڕێسراوی بەگزادانی جاف: (من بۆ ئێل ئەگریم مات و دڵ خەستە/ ڕستی خێوەتی بەگزادە ڕێستە) «پیرەمێرد».
**بەگزادەی‌باشماخە**: تیرەیەک لە کوردانی ناوچەی تیلەکۆ: (تیرەیەکمان پێی ئێژن: دۆنار، تیرەیەکمان هەمەوەیسی و تیرەیەکیش بەگزادەی باشماخە) «ئاوێنەی‌بێگەرد».
**بەگزادەی‌هەورامی**: زنجیرەی بەگ و خانەکانی ناوچەی هەورامان×: (یەکێ لە پاشاکانی عەجەم فەرمانی دابوو هەرچی بەگزادەی هەورامی هەیە بیانگرن و چاویان هەڵکۆڵن!) «ڕشتەی مرواری».
**بەگزادی**: بەگزادە بۆ مێ.
**بەگزایە**: بەگزادە: (ئاغای موزەفەر پشت پەردە قاوەز/ هەڵکێشە خەنجەر شەڕە بەگزایەس) «ئاوێنەی‌بێ‌گەرد».
**بەگزایە**: بەگزادە.
**بەگژاپەڕین**: ئاوقابوون، بەگژا چوون.
**بەگژاچوون**: ١. لێ‌تووڕە بوون: (دێم بە گژیا ئەیدڕم گەر (فی المثل) شێری نەڕە/ با نەقەومێت و نەزانن ئەم هەموو شۆڕ و شەڕە) «شێخ ڕەزا»،٢. ئاوقابوون، پالامار‌دان: (ئەو ڕۆژە گەندووش و کەمۆ دوو جاری دیکە چوونەوە گژ مێگەلەکە، دکرێکیان پێکردن با بە

دەواری شڕی نەکات) «گورگ و بزن».
**بەگژاهاتن**: بەگژاچوون: (بە تفت و تاڵ و سارد و گەرم و ناخۆشی ژیان ڕادێن/ بە گژ تین و بلێسە و بەفر و باران و هەوردا دێن) «هێمن».
**بەگژداچوون**: بەگژاچوون: (ئەو ڕق و قین و بەگژدا چوونە/ تاقە ڕێگای ڕزگار بوونە) «هێمن».
**بەگژداهاتن**: بەگژاهاتن: (دەزانێ کوڕە ئاغایە و کەس پێی ناوێرێ، دوونێ بەلاش بەگژ گونەی فەقیردا چوو) «خاک و چەوسانەوە».
**بەگژەوەنان**: بەگژدا کردن، پێا هەڵشاخاندن.
**بەگژیەکداچوون**: لەگەڵ یەکدی جەنگان: (لەو بە گژ یەکدا چوونە ملازم یەکەمی پیادە کوژرا) «لەمەهاباد بۆئاراس».
**بەگسەمەد**: بەکسەمەد، بەقسەم.
**بەگشتی**: ١. تەڤرا، تێکدا، هەموو: (لە بیری وردی تۆ سوڕماوە سەریان/ بەگشتی نووسەرانی ئەم دیارە) «حەقیقی»،٢. بە بادراوی، بە گرژی.
**بەگڵ**: بەیەڵ، شاتییە.
**بەگلک**: فئودال، دەرەبەگ، بەگێتی.
**بەگلەر**: ١. بەگ، بەک، میر، خان، ئاغاوات: (ئەو دەشتە پڕ لە نۆکەر و ئاغا و بەگلەرە) «جەوهەری» ٢. گەورەی شار یا تایفە: (دە بڕۆ خەریک بە لە کار و ئەوە پێک هات کار و بارە/ تێگرا پیرۆزباییان لێکرد پەربەسەر و میر و بەگلەر و ئیختیاردارە) «سەعید و میرسێوەدین»، ٣. پاشا: (لە سەر سینگی ئەو کیژەی خڕ کردووە جووتێک لیمۆی تەڕە/ گە بێتوو بزانن میر و بەگلەران لە سەر ئەو لیمۆیە شەڕە) «مێرووەفا»،٤. سەردار، سەردەسە، مەزن.
**بەگلەربەگ**: بەگی بەگان: (چەن بەگلەربەگان نیشتەبوون وە هەم/ چوو کەی کیانان یا جەمشید جەم) «خانمەنسوور».
**بەگلەربەگە**: بەگی بەگان.
**بەگلەربەگی**: بەگایەتی کردنی بەگان.
**بەگلەری**: ١. بگلەری، ئاغایەتی،٢. پادشایی، خونکاری،٣. مەزنی، سەرداری: (سەرم ناوێ کە فیزی بگلەری و سەرداری بنوێنێ/ دەسم ناوێ کە تیکەی زلزلی تەنهایی بگلێنێ) «قانع».
**بەگلەیی**: دەم بە گلەیی، بەگازندە.
**بەگم**: ١. وشەی ڕێزگرتنە لە ئاغا و ئاغاژن،٢. وشەی گازیکردنی بەگ،٣. وشەی بانگکردنی پیاوی خاوەن پلە و پایەیە: (بەگم بێژم چی! داوەڵێ ڕەشە) «پێکەنینگەدا»،٤. سووکە ناو بەگ و میر،٥. ناو ژنانە: (ئینجا بەگمەخاتوون دەڵێ:) «توحفە».
**بەگمقەڵا**: گوندێکە سەر بە نەغەدە.
**بەگموگزیر**: میر و گزیر، گەمەیەکە بە جگ دەکرێ: (ئەڤ میر و وەزیری یا جیهانی/ ئەڤ بەگم و گزیری یا زەمانی) «خانی».
**بەگمە**: بەگمەگزیر، یاریەکێ کوردانە: (ئەڤ میر و وەزیر یا جهانێ- ئەڤ بەگمەگزیر یا زەمانێ/ هەر دو بمسالێ یەک لەییزن- هەر دوو بە تالوویێ تەمیزن/ هەتتا وەکی کەر نەبی تو (الحق)- کەنگی دبیتە وەزیرێ (مطلق)؟) «خانی».
**بەگمەگزیر**: بەگمە.
**بەگنشین**: شوێن و جێی بەگ لێ دانیشتن.
**بەگوان**: گواندار، مانگای زاو: (پیرێژنێک مانگای بە گوانەوە چووبوو) «لاسوخەزاڵ».
**بەگوڕ**: ١. بەهێز، بەتوانا، بەقین: (تا هێزی بزووتن لە لەشما بەگوڕ بێ/ من کوڕ بووم بۆ ئاغا و ئاغا باوکی کوڕ بوو) «گۆران»،٢. بە تەوژم، بە تین، بە فشار: (بە گوڕ خۆی بە

غەنیمدا دا و لە عەرزی دا)،٣. بلەز، بەتالووکە، بەپەلە.
**بەگوراڵەســـورەوبەرزوهەیاتی:** گــۆرانیی‌یەکی هۆرامیی‌یە.
**بەگۆرانتبم:** بە جەردەت بم، هەڵتگرم.
**بەگــورد:** ١. ئـازا، چـالاک: (پـوور ئامـان بە سـەریاندا ڕادەگـا، لەسـەرخۆ و بە مشـووره، پیری لێی دیـاری دەدا، بەڵام ئێسـتا بەگـوردە) «ئەمیـری»،٢. بەهێـز، بەقەوەت: (پیـاوی وەک میـرزا لەو مەڵبەنـدەی‌دا نیـیە، تاق‌تـاق مـووی سپی لەسـەر و ڕدێنـی کەوتـووە، کەچـی پیر دیاری نادا، بەگوردە) «ئەمیری».
**بەگوڕە:** بەگوڕ.
**بەگوڕەگوڕ:** بە گوڕاندن و هەراهەرا.
**بەگوڕی:** بەگوڕبوون، بەهێزی.
**بەگۆڕی‌بابەوە:** جنێوێکە: (تاویَ لووتی داژەند و لە پاشـان کـوتی: بە گـۆڕی بـابیەوە!) «پێکەنینی گەدا».
**بەگۆڕێ‌وەرکردن:** لەبەر یەک پرژوبڵاو کردن: (تانجی و توڵە جەرگ و ڕیخۆڵەی ڕێویـان بە گۆڕێ وەر کرد).
**بەگوژم:** بەپڕتاو، بەتوندی.
**بەگوژمە:** بەگوژم.
**بەگۆشت:** ١. زەوی نەرمان، گۆشـتەزەوی،٢. قەڵەو، گۆشتن.
**بەگۆک:** ناوی کوڕانە.
**بەگۆگ:** ناڤێ کچانە.
**بەگوڵ:** گوڵدار، پشکوتوو: (تا کەمێ سرتەی هەیە سیسرکی دڵ/ تا بە قڕ نەچووە پەلوپۆپی بە گوڵ) «ڕاوچی».
**بەگوڵانوبەگوڵا:** ناوی گۆرانیی‌یەکی کوردیۆیە: (بە گــوڵان و بە گــوڵی بە گــوڵی کەنیـرێ) «مامڵێ».
**بەگوڵبوون:** ١. پشکووتنی بشکووژ: (غـونچە کە بوو بە گوڵ، گوڵ بە غونچە نابێ/ غەیـرەز دوو لێوی یار، کە جـارێ غـونچەیە و جـارێ گــوڵ) «غــوڵامی»،٢. بریتــی لە شــادبوون: (سروەی سەحەری هات و هەموو خـونچە بە گوڵ بوو/ خـونچەی دڵـی مـن یـا دەمـی تـۆ بۆچی نەپشکووت) «قانع».
**بەگون:** ١. رەشەکە، پیاوچاک، خۆش‌حەسـاب ٢. گـانێری نەخەسـاو، جوانەگـا ٣. گونـدار، گونـک، قـوڕ ٤. نێـرێکە ئـارەزووی زۆری لە پەڕین بێ ٥. بەدەمار، دەمـاردار، ئـازا، زاتـدار، زەبەردەست.
**بەگــوێ:** گوێـدێر، گــوێگر، گــوێ‌ڕایەڵ: (قۆڕەدەمـاخ نیـیە، لاسـار نیـیە، بەگــوێ‌یە) «ئەمیری».
**بەگوێ‌بوون:** گوێ‌دێربوون.
**بەگوێچکادان:** بەگوێ‌دادان.
**بەگوێچکاهاوردن:** بەگووێ هەڵێنان.
**بەگوێ‌دادان:** بە هێما تێگەیاندن.
**بەگـــوێرە:** ١. لەبـــوار، بەبەراورد، بەدیـــتن، لەڕێک، لەگـۆترە، دەمبـڕ،٢. بە پێـی، لە سـەر حیسابی: (بە گوێرەی قسەی فلانی).
**بەگوێرەی:** ١. بەگوێرە، بە بەراورد،٢. بە پێی: (بە گوێرەی وەرز شتێکی ئەوتـۆ لە ڕوونـاکیی ڕۆژ نەمابوو) «لەمەهاباد بۆئاراس».
**بەگوێ‌کردن:** ١. گوێدێری، گوێڕایەڵی،٢. بە قسـە کـردن: (بە گــوێی مـن ئەگەی دڵـداری مەکە/ دڵ گۆشـتە، تووشـی خەمبـاری مەکە) «پەند».
**بەگووێ:** بەگوێ.
**بەگووێ‌هەڵێنان:** بەگوێ‌دادان.
**بەگوێرە:** بەپێی، بەگوێرەی، لدویڤ.
**بەگە:** ناوە بۆ پیاوان: (بەگەی سـلێمان مەولان

هەبوو پیاوی مستەفا بەگی سلێمانکەندی بوو) «ڕشتەی مرواری».

**بەگەجان**: گوندێکە لە دێکۆی لەیلاخی باکووری ناوچەی قوروە.

**بەگەجانی**: گوندێکە لای سلێمانی.

**بەگەڕ**: شەڕفرۆش، شەڕانی: (قوت و قۆچاغ و بەگەڕ بوون) «ڕاوچی».

**بەگەرمی پێشوازی لێکردن**: پێشوازی کردن، چوون بەرەوپیری: (مەلا نەبی بە پیریەوە چوو، کوتی: ئەوە خەزاڵم پێشکێش کردی، دوژمنی قەویت بۆ نەوی کردم، بە گەرمی پێشوازیان لێکرد) «لاس وخەزاڵ».

**بەگەز**: گازگر: (بێ گرێ وگۆڵە، کەما بن قرتن/ قەڕنە، تەڕنێکە، بەگەز ڕم کورتن) «ڕاوچی».

**بەگەم**: گرنگ، گرینگ، بکێرهاتی.

**بەگەن**: پەسەن، پەسەند.

**بەگی**: ١. ناوی ژنی کە کچەخان بێ،٢. سووکە ناو بەگ مۆراد، بەگ مراد.

**بەگیانی تۆ**: سوێنێکە بۆ خۆشەویستی و متمانە دەگوترێ.

**بەگێتی**: بەگایەتی، بەگیتی، بەگزادەیی.

**بەگیخان**: تێت بۆ ناڤێ ژنان.

**بەگیر**: خۆڕاگر، بەسەبر، پشوودرێژ: (وتی: خۆت بگرە کافر بەگیری/ پیری و بۆ ئیمە کۆڵەکەی تیری) «پیرەمێرد».

**بەگیرکەوتن**: وەگیرهاتن، حاسڵ کردن.

**بەگیرگە**: ١. بەگیر،٢. نەبەز و کۆڵنەدەر.

**بەگیروەستان**: مچوڕک بە لەش‌دا هاتن.

**بەگیروێستان**: بەگیروەستان.

**بەگیرهاتن**: گرۆدەبوونی گیاندارێک و دووچاربوونی بە شتێک.

**بەگیرهێنان**: وەگیرهانین.

**بەگیسی**: نێوی ئافرەتە.

**بەل**: ١. ڕاست، قیت، قۆز، قنج ٢. بزنی گوێ‌لوول و نیوەقوتە و سپییە ٣. بزنێ تووکی سیخ وەستابێ ٤. شۆڕەوەبوو، ئاوێزان ٥. جۆرێکە لە ڕەنگی بزن و حەیوان: (بەلەسوورمس، بەلەمس، بەلەبۆز، بەلەبەش، بەلەکوور)٦. ئاوسان، هەلامسان: (بەل‌کرن: ئاووساندن) ٧. جوانی قەدباریک، بەژن‌زراڤ ٨. شەدار، شێدار: (تەڕ و بەلە) ٩. بزنێ کەڕیلە و گوێ‌کورت١٠. پەلە، لەز١١. درێژ: (مل‌بەل)، ١٢. بەڵکو، بەشکو: (بەل وە سروەی تۆ شنۆی زولفی ئەو/ بێدار کەن دیدەی ئازیزگیان جە خەو) «مینەجاف»،١٣. ڕەق، ڕەپ، تاوداین گون،١٤. چاڤ‌بەلۆق، چاوزەق، چاڤ‌زۆق، بەل.

**بەڵ**: ١. بڵ، زۆر گەیشتوو(فیقی) ٢. شتێ کە ڕەق و ڕەپ بێ ٣. دەرپەڕیو، شۆڕەوەبوو،٤. بەڵکوو، بەڵکە: (مژدەم بەڵ بەیۆ ناگا جە دەردا/ نیگام وراستەن وە ڕاگوزەردا)، (بەڵ ئیمشەو خەمان نەدەرۆم وە باد/ ساقی! گیان، قوربان، خاتر کەرە شاد) «مەولەوی».

**بەلا**: ١. بەڵا، مسیوەت، کارەساتی ناخۆش: (خەیر و شەڕ و مەکر وبەلا/ موهرا نەسیب و ئەجەلا/ ڕاست بوو ژ ڕۆژا ئەزەلا/ ئەمر و بەرات ژ بال تە تێ) «فەقێ تەیران»٢. بریتی لە پیاوی هار و زیرەک ٣. بلاو، بلاڤ، پەرژ: (ناڤێ سەعدی ل سەر زمانا مەزن بوو، گلی کوباریا وی ل سەر گەڕا عەردێ بەلا بوو) «گولشوون»،٤. گیرۆدەیی، گرفتاری،٥. بیەلا، بیخەرە لاوە،٦. ڕوو، بەر: (بەلای خۆ بکە ڕەخێ هتاڤ لێ دهێت، پشتا خۆ بکە ڕەخێ مەلا لێ دهێت!!) «پەند».

**بەلا**: ١. مسیبەت، پۆ، چوورتم، چەپۆک،

وەی، گێچەڵ، کارەساتی دڵتەزێن: (.../ خزمینە! نەزانین چ بەڵاییێکی زلە/ هاتوومە جیهان دەبێ نەزانم من کێم!) «خەیام هەژار» ٢. با، بێلا، بلا، بلانێ، قەیدی نییە باوابێ: (بەڵا بچم عەرزی بڕایم پادشای بکەم) «مەموزین».٣. بەڵام، ئەمما: (ئاخ لەگەڵ ئێمە حەبیبە سەر و پەیوەندی نییە/ نەیشەکەر قەددە، بەڵا بەندی هەیە، قەندی نییە) «نالی».٤. بڵاو، بلاڤ.

**بەلابون**: ١. هەستان کیر، تاوداین گون.٢. بڵاوبوون، ڕەوینەوە: (گاڤا تە دید ئەسکەرێ دوژمن ژەڤ بەلا بوون/ تو کۆم بە/ دەما بەراڤ بوون/ تو ل تەفەکورا پەلاشا خودا بە) «گولشوون».٣. بڵاو بوون، دەنگ دانەوە: (هەر کەێ بلند بوو پێ سەخا و کەرەم/ دەست نەدن ل سەر جێبێ تژی پەرەم/ ناف بەلا بوو ب باشی ل دەر و کووی/ نای گرتن دەرێ مالێ ل سەر بخوی) «گولشوون».

**بەلابەسەرهاتن**: بەڵا لێڕوودان، گرفتار بوون: (کافر کرم، مەیخوەر کرم/ دیوانە و ئەبتەر کرم/ بەلکی ژ پێغەمبەر کرم/ ئەڤ ڕەنگ بەلا ب سەر مە تێ) «فەقێ تەیران».

**بەڵابەسەرهێنان**: تووشی کارەسات و بەڵا کردن.

**بەلات**: ×٢٩×: (ڕەش‌گوهـ ڕا گۆتن: ڕابوون و ڕوونشتنا تە تەڤ شێر چا دبن، گۆت: من بەلاتا نێچیرا وی ڤەدخۆم) «گول‌شوون».

**بەلات‌کرن**: بڵاوە پێ‌کردن.

**بەلاتۆک**: پەلاتۆک، بلاڤۆک.

**بەلاتە**: ١. بەراتە، پەلاتە، بڵاوکراوە.٢. کەلاکی منداری حەیوانی گورگ‌خواردوو.

**بەلاتیتک**: پەروانە، پەپوولە، بەلاتینک.

**بەلاتینک**: بەلاتیتک، بەلاتینگ، پەپوولە، پەروانە، پەلاتینک، بەلاچیڤانۆک، بەلبەلیتانیک.

**بەلاتینگ**: بەلاتینک.

**بەلاج**: بیانەک، حەسیر، ڕایەخێکە.

**بەڵاجۆ**: بەڵاجوو: (لە دوو لا زولف بەڵاجۆ، بەڵا دەنوێنێ/ نەفی مانەندی لەتیفی ڕوخی جانانە دەکا) «سالم».

**بەڵاجوو**: سەر بە گێچەڵ، بەڵاخواز، بەڵاهێنەر: (لە ڕێگەی مەهلەکەی عیشق ئەر بەڵاجوو نی، بڕا، لادە/ ئەوی من چووم و لەوما دی هەر ئاهـ و داد و فەریادە) «مەحوی».

**بەڵاجەوی**: قەشمەرجاڕ، سەیر، سەمەرە، عەجەب، عەجایب: (لە کاغەزێکی نایافت و بەڵاجەوی‌یە) «نەگڵ».

**بەڵاچێژ**: چێژەری بەڵا×: (دوو لێوی پڕ لە داوا دێنە مژین/ بەڵاڕێژە یەک و یەکیان بەڵاچێژ) «ڕاوچی».

**بەلاچیڤانۆک**: بەلاتینک.

**بەلادا**: ١. بە لایەکدا سا لای ڕاست یا چەپ، لای پێشڤە یا پشتەوە.٢. تێ‌هەڵچەقاندنی کراس و کەوا لە پشتوێن: (کراسی کرد بە لادا).

**بەلاداشکان**: هۆگری بە لایەک، لایەنگری کەسێک: (هەر بە لای خزمەکانی خۆیدا دەشکێنێ).

**بەلاداکردن**: ١. دەبەر کەمەر چەقاندن: (ئێد وات و سوجدەی تەخت شاهی بەرد/ سەر چاک دامان ئەو بە لادا کەرد) «خانای قوبادی».٢. لادان و لە سەر چەقاندنی بسک: (زولفت لە دوو لا سابتی نەفی وەکوو تۆی کرد/ ها لادە بە لادا لە دوو لا شێوەیی لا بێ) «سالم».

**بەلاداکەفتن**: ڕازان، درێژبوونی بێ‌ئیختیاری.

**بەلاداکەوتن**: بەلاداکەفتن.

**بەلادان**: تاوەدان، ڕەقبوون، هەستان کیر.

**بەلاداهاتن**: ١. کەوتن، کەفتن، سڵلاربوونەوە، ڕەتبـرن، بەربـوونەوە بـۆ سـەر عەرزی،٢. درێژبوون، پاڵکەوتن، ڕاکشان، ڕازان،٣. مـردن لە پڕا، مەرگی لە ناکاو.

**بەڵادووربی**: دوورەبەڵا بی، دۆعایەکە.

**بەڵادووربێ**: بەڵات لێ دوور بێ.

**بەلار**: ناوە بۆ کچان.

**بەلاروبەلار**: گۆرانی‌یەکی هۆرامی‌یە.

**بەڵاروو**: گیایگە خاردار.

**بەلارەلار**: بە لەقەلەق، ڕۆیشتنی بێتوانـا: (بە لارەلار چوو بۆ ماڵی مەلا).

**بەلارێبردن**: هەڵخەڵەتاندن، فریودان: (بەڵام ئـاخ، کە نـاڵەی لاوکـی لاوان، زوو مەسـتی کردم/ بە ڕێی عەشقی پاکا نـام مـل و، تـاوان، بۆ لارێی بردم!) «گۆران».

**بەڵارێژ**: سەرچاوەی بەڵا×: (دوو لێوی پـڕ لە داوا دێـنە مـژین/ بەڵارێـژە یەک و یەکیـان بەڵاچێژ) «ڕاوچی».

**بەلازی**: چەوەندەر.

**بەلازیز**: ١. گـوڵەگەزیزە: (کـو لـێ تێـت ئەو قەبایێ ئاسمانی/ لەتیفـا شـەنگ و نـازک وەک بەلازیـز) «جزیـری» ٢. گـوڵێکی سـەرەبەهارە، عابیڕەنگە.

**بەلاس**: ××: (سـەری بەلاس بـێ، بەس بەختی خاس بێ) «پەند».

**بەلاش**: ١. خۆڕایی، مفت، موفتەکی، بێپارە: (بە مەرگی هـۆنەری کـوردی موکریـانی، قەزا دیسـا/ گـوتی: هـا وەرگـرە کـوردە، بەلاشـە وەرهەمێکی‌تـر) «ڕاوچـی» ٢. زۆر هەرزان: (بە شاباشی دەمی وا خۆش لە ژیانا/ بەلاشـە تـاج و تەخـت و مـوڵکی ڕەی بـێ) «ڕاوچـی»،٣. پەخش، پەلاش، بڵاو،٤. بێهـوودە، بێسـەبەب، هەروا، لە سـەر هـیچ: (لەمـپەری شـەرمی هەڵبـڕی/ ئـابڕووی شـێخی بەلاش کـرِی) «ڕاوچی»،٤. قسەی پڕوپووچ.

**بەلاشدان**: دانـی شـت بە خـۆڕایی و بـێبەرامبەر بە خەڵکـی: (بە شاباشـی مەزەی مـاچێ لە کـوڵمەی/ بەلاشـم دا بەهەشـت و کەوسەر و مەی) «ڕاوچی».

**بەلاشکرن**: دانی شـت بە خـۆڕایی و مفـت: (ئیرۆ دکاندارەکی گوندۆر بەلاش کربوون).

**بەلاشواردەی**: بەلاش خواردن.

**بەلاشوحەلاش**: بێکار، بێکارە، بەتاڵ: (بەلاش و حەلاش بۆخۆی بێکار دەخولێتەوە).

**بەلاشوەر**: بەلاشخۆش.

**بەلاشوەرە**: بەلاشخۆر بۆ مێ.

**بەلاشوەری**: بەلاشخۆری.

**بەلاشووەلاش**: مفت و خۆڕایی.

**بەلاشووەلاشە**: مفت و خۆڕایی.

**بەلاشە**: ١. جۆرە چنراوێکـی هەرزانە دەکرێ بە کاڵا،٢. بەلاش، بەخۆڕاییە.

**بەلاشی**: خۆڕایی، مفتەکی.

**بەلاف**: ١. گزیکـار، خـاپینۆک، خلافیـنەر، خاپێنەر، کولاهبەردار، کڵاوبەردار،٢. کۆ، کـۆم، بەلاو، جەم، خڕ.

**بەلافـرۆتن**: شـەڕفرۆتن، بەڵافرۆشـتن، ئاژاوەگێڕی.

**بەلافرۆش**: ئاژاوەچی، شەڕفرۆش.

**بەلاڤ**: ١. بەلا، بـڵاو، ولاو، وەڵاو، پەرت، پەڕاکەندە: (وەردان گولاڤ گرتن خوناڤ، لـێ من د تاڤ سۆهتن هناڤ/ مـن دی ب چـاڤ زولفێن بەلاڤ، لێ بونە داڤ بەند کر ب ناڤ) «جزیری»،٢. کۆ، کۆم، بەلاو، جەم، خڕ.

**بەلاڤبوون**: بـڵاو بـوونەوە: (نـاڤێ مـن ب نەفسەکی و چلەکـی د نـاڤ مرۆڤـاندا بەلاڤ ببە) «پەپووک».

**بەلاڤخانە**: بەلاڤۆکخانە.
**بەلاڤ کرن**: ١. بڵاو کـردنەوە،٢. بەراڤـکـرن، خڕ کردنەوە.
**بەلاڤکەر**: بەخشکەر، بڵاوکەرەوە.
**بەلاڤنامە**: پەخشنامە.
**بەلاڤـــۆک**: بەراڤــۆک، پەخشـــە، بەلاڤنـــامە، بڵاوکـــراوە، بەلاوۆک، وەشـــان، نوســـراوەی بڵاوکراوە.
**بەلاڤۆکخانە**: بەلاڤخانە.
**بەلاڤە**: ١. بڵاو، بڵاوە، پـرژ،٢. گونـدێکە لای دێرالوک.
**بەلاڤی**: ١. بڵاوی، پەرتـی، بـژالە،٢. قوماشـی شـــاش و هەراش چنـــدراو،٣. کـــری بـــاش نەتەنراو،٤. زەوی تەنک داچێندراو.
**بەلاکر**: بەلافرۆش، ئاژاوەگێڕ.
**بەلاکردن**: بـڵاو کـردنەوە: (کـوت: ڕاقەتیـنن وی پارسەکی گوستاخ کـو هاقـاس نـێعمەت بەلا کر) «گولشوون».
**بەڵاکردن**: تاودان، ڕەقکردن کیر.
**بەڵاکرین**: بەلافرۆتن، شەڕفرۆشتن.
**بەڵاکەرد**: شەڕی کرد، ئاژاوەی کرد: (شیرین بەڵا کەرد .../ ڕوێ عەزم جەزم شـــۆر و بەڵا کەرد) «بێسارانی».
**بەلاکەش**: ئـازارکێش، ڕەنـجدیە: (هەرچەنـد خەلیلـی ئەی بەلاکەش/ گـولزار ل تە دبیـتە ئاتەش) «خانی».
**بەلاکێتک**: چۆلەکەیەکە زیندەوار دەخوا.
**بەڵاکـــــێش**: دەردکـــــێش، زەجـــــرکێش، مەینەتکێش.
**بەلاگەردان**: فیدا، قوربـان، گـۆری، بەلاگێـڕ، بەڵاگێڕەوە، بەڵاوەگێڕ، قەزاگێـڕ، وەیەوگەڕێـن، دەردەوگەڕێن، نەزر: (بەڵاگەردانـی بـاڵات بـم ئەگەر چـووم/ فیـدای هینـدوویی خاڵـت بـم ئەگەر مام) «نالی».
**بەڵاگەردانی بـاڵاتبم**: فیـدات بـم، لە دەوری باڵات گەڕێم.
**بەڵاگەزتـــوو**: بەڵالێـدراو: (لەســەر کـوڵمی بەڵاگەزتوو قەتیسە شـەونمی شـیوەن/ لەسـەر لێو و دەمی شـادی، وەری نـاز و نەوا دیسـا) «ڕاوچی».
**بەڵاگێـــڕ**: ١. فیــدا، فەدا، قەزاگــر، قوربـــان، گــۆری، بەڵاگەردان، ئەوەی خـۆی لە دەوری کەسێ بگێڕێ: (قوبووڵ نەکراوە «ڕاوچـی» بـۆ بەڵاگێــڕ/ دەنــا بــاریکتر گەردن لە مــوویەک) «ڕاوچــی»، (دڵـم سـەودازەدەی بـاڵاتە، خـۆم دڵدارەیی ئەبـرۆت/ بە بـاڵا دڵ بەڵاگێـڕت، بە ئەبرۆ خۆم بە قوربانت) «وەفایی»،٢. خێرێ کە بکرێ بۆ پێشگیری لە بەڵا.
**بەڵاگێڕەوە**: بەڵاگێـڕ، بەڵاگەردان: (هەرکەس وتی ژینی بەڵاگێڕی تۆ ئەکا) «بۆکوردستان».
**بەلالک**: ترێی دەنگ ورد.
**بەلالوک**: ١. هەلهەلۆک، بەلالیک، بەڵاڵـووک، ٢. بالور، بالووکە.
**بەڵاڵــوک**: بەلالـوک، بەلالیـک، دار یـا بەری بەڵاڵـووک (مێـو و سـنجوو، کێکـف و ژاڵە و گزیچار و شـەهێن/ گـوێژ و چـوالە و بەڕوو، پەڵک و بەڵاڵووک و چنار) «قانع».
**بەڵاڵووک**: ئاڵووبـاڵوو، باڵاڵـووک، بەڵاڵـوێ، هەلهەلۆک، دارێکە بەری وەک گێلاس دەچـێ و گچکەترە: (هەرچـی گـێلاس و بەڵاڵـووکی خوارد/ سـەری هەوسـاری بە زاری ئەسـپارد) «بۆکوردستان».
**بەڵاڵووکەکێفیلە**: جۆرێ بەڵاڵووکی خۆڕسکە.
**بەڵاڵووکی کێوی**: هەلالک، هەلالووک، هلالک.
**بەڵاڵووێ**: باڵاڵووک، ئاڵووباڵوو.
**بەڵاڵێ بارین**: بەلا بەسـەردا هـاتن: (چیمەن

گـوڵ و سـەوزەپۆش و ئـێمەش سـەرخۆش/ پێموابـــێ بەهەشـــت وایە، بەڵام لێبـــاری) «خەیام».
**بەلالێدان**: بەلا ئەنگاوتن، خـودا تێـدابردن، جنێوێکە×: (دەک بەلا لێدا ژیانی وا بە نەنـگ و عارەوە) «ئاوات».
**بەلالیزک**: گوڵێکی بەهاری جوانە.
**بەلالیســـک**: جـۆرە گـــوڵێکی بچکـــۆلانەی کوێستانییە.
**بەلالیـک**: بەلالـوک: (کفـر و گەز و گـوێژ و چـــاڵوک/ گـــوێز و بـــوز، بەن و بەلالـــووک) «بۆکوردستان».
**بەلام**: ١. لام، لای مـن، بە فکـری مـن: (.../ بەلام ئـــاوی ژیـــان لاجـــانگی تـــۆیە/ بەلام ڕەشـماری بسـکت بـوونە لەمـپەر) «هەژار»،٢. بەتەنیشت مندا،٣. کوڕەکەم.
**بەڵام**: ١. بـلان، بەلان، ئەممـا، وەلـی: (بەڵام مەسـئەلە فتـوای قەزای حەق/ نە مەحـکەمەی شەرع حاکم مطلق) «مەولەوی»،٢. بەڵا بۆ من، نەگبەتـی لەگەڵـم: (بەڵام چـێش کەروو، بەڵام هەمـــڕازەن/ فەڵەک کەڵەکچـــین، چەنـــیم کەچبازەن) «مەولەوی»،٣. بەڵایەک کە بـۆ مـن دێـتە خـوارەوە: (بەڵام لێـت کەوێ)،٤. تـف، نەفـرین: (ڕێـوی بـانگی کـرد: بەڵام لە زارێ/ بەبێ کات جارێ هاتە وتارێ) «بۆکوردستان».
**بەلامک**: بزیمـک، بزمـۆک، بـزمەک، بزمـک، زاربێن، دارێکە دەیخەنە ناو دەمی کاری سـاوا تا دایکی نەمژێ.
**بەڵاموو**: بلامک، لەوتە، بزمووک.
**بەلان**: ١. گورجوگۆڵ، تونـدوتۆل، چەلەنـگ، چالاک ٢. تەژە، زەبەلاح، ناقۆڵا(پیاو) ٣. بەڵام، بلان، بلام، بەلێ: (کورد ئەگەرچی مـوددەتێکە دیل و داماوە، بەڵام/ باوەڕت بێ ڕۆحی میللی هەر ئەمێنێ، نامرێ) «ف. بـێکەس»،٤. دێـیەکە لە دێکۆی شاهۆ بەشـی نـاوچەی کامیـاران،٥. ناوە بۆ کچان.
**بەڵان**: بەڵام، بـلان، بـلام، لـێ، بەلـێ: (ئەی شەوچرای زیندەدڵان! ئەی ڕەنگ و بۆی باغی گوڵان/ ناژیم تۆ خۆش، دەمرم بەڵان، هێنـدەم بەسە تۆم بێتە کەن) «وەفایی».
**بەلانجی**: لامنجی.
**بەلانس**: باڵانس، هاوسەنگی.
**بەلانکەوتن**: خـۆ مـاتکردنی کەروێشـک و بەتەماڵ دەرنەپەڕیـن لە لانەکەی: (عەوڵا: ئاغـا بە لان کەوتـــووە، بـــا بچـــم هەڵیئەســـتێنم) «پێکەنینی گەدا».
**بەڵانەکێ**: بەڵان××: (بەڵانەکێ قەیدی نـاکە، وەکی من کرمانجە) «خاک و چەوسانەوە».
**بەلاو**: ١. بـــلاڤ، پەرت، بەلاڤ، بـــڵاو،٢. لەپێشدا، بەلاوە: (مامۆستام نییە بەلاو بخوێنێ/ ئەولادەکانم بۆ تێگەیەنێ) «قانع».
**بەڵاو**: ١. بڵاو، پـرژاو،٢. بەڵای تـۆ، بەڵات،٣. گوندێکە لای سەردەشت.
**بەڵابوون**: بڵاوە پێکردن.
**بەڵاوکردن**: بڵاوکرن، پرژاندن.
**بەڵاووک**: بڵاوکراوە، گۆڤار.
**بەڵاوۆک**: بەڵاووک، گۆڤار.
**بەلاوە**: ١. کـلا، تەرخـان، تـایبەتی،٢. تـۆم بەلاوە، تـۆ نزیکـی منـی،٣. لە پێشـدا: (ناشـی پڵاوخـۆر بە لاوە تـیکە بـۆ لـووتی ئەوا!) «پەنـد»٤. بەلامەوە: (کـۆیلەتیم بەلاوە نەنـگە/ بۆیە وڵاتم پێ تەنگە) «هێمن».
**بەلاوەتەرە**: دیەکەیگە لە چەرداوڕ.
**بەلاوەچـوون**: ١. لـێ نزیـک بـوونەوە،٢. بـۆ کەسـی تەرەف زیـاتر حەسـابکردن: (بـا سەتمەنی مـن بە لای تـۆوە بـێ، مـاڵم کـاول

نابیّ).
**بەلاوەقە**: بەلەباقە، نەخۆشییەکی بزنە.
**بەڵاوەگیر**: بەڵاگیرەوە، بەڵاگیر، قوربان: (سوارە: گایەکان کەوڵ کە، دەیان فرۆشین، گۆشتی گابۆریش بە سەر هەژاراندا وەبەشە ببێتە بەڵاوەگێڕی قۆرت و بەڵا) «شەوارە».
**بەڵاوەگێڕە**: بەڵاوەگێڕ.
**بەلاوەنان**: نیانەلاوە، وەلانان، هەڵپەساردن، واز لیٚ هێنان.
**بەلاوەشکە**: دیەکەیگە لە چەرداوڕ.
**بەڵاهاتن**: بەڵالێدان، بەڵا بۆ نازڵبوون: (لە ئاسمانا بەڵایێ بێ، لە پێشا دێتە ماڵی من/ بەڵای غەیب لەگەڵ منڎا، عەجایب ئاشناییکە!) «قانع».
**بەڵاهیر**: برێکی زۆر زۆر.
**بەڵاهیریۆ**: بەڵاهیری.
**بەڵایئاسمانی**: بریتی لە زۆر خراپ: (داین کە وان هەبوو زەمانی/ تەشبیهێ بەلایێ ئاسمانی) «خانی».
**بەڵای کتوپڕ**: بەڵای ئاسمانی، بەڵای ناگەهان: (لە کەڵەکبازی رێویەیە، مشکە/ بەڵای ناگەهان، ژەهری دووپشکە) «حەمەجەزا».
**بەڵای گیان**: ١. کەسێ یا چتێ کە ببێتە هۆی ئازار و ئێش،٢. بریتی لە یار، گراوی.
**بەڵای لابەلا**: تووش‌بوونی کێشە لە ناچاری.
**بەڵای لێدا**: خودا بیبرێ: (بەڵای لێدا لە خورد و خواردنی وا/ وەرەز بووم من لە ژینی هێندە حەستەم) «ئاوات».
**بەڵایناگەهان**: بەڵای کوتوپڕ: (بە شانمدا هات بەڵای ناگەهان/ ئەرێ چی دیکەت دەوێ، جوانێ لە منی بەستەزمان) «مامڵێ».
**بەلبوون**: ١. دەرپەرین، هەڵتۆقین ٢. بلەزچوون، گورجرۆین ٣. پەرین، بازدان ٤. بزوتن، جوڵان ٥. مەزنبوون، زلبوون ٦. گەش‌بوون، گەشانەوە،٧. هەڵامسان، ئاووسان.
**بەلبەشۆ**: ئاژاوە، جەنجاڵی.
**بەلبەلاسینگ**: بەلاتینک، پەپوولە.
**بەلبەلەتیرە**: قومقومە.
**بەلبەلەشوانە**: زرەمەندێ، زیزرەمەندێ، گیایەکە لە شێوەی تەرەتیزە، تامی توونە، وشک دەکرێ بۆ زستان بۆ ناو چێشت: (مافەتە و بەلبەلەشوانە و گەڵاچا) «چنگیانی».
**بەلبەلەشوانی**: جۆرێ گیای خواردنە.
**بەلبەلەکانی**: سەرەقوچگانی، شاخ بە شاخ کاوڕ.
**بەلبەلەگۆش**: بەگوێ، گوێڕایەڵ.
**بەلبەلەگۆشێ**: مرۆی گووێ لەمست.
**بەلبەلیتانک**: بەلاتینک، پەپوولە، پەرپەرۆک.
**بەلبەلیتانگ**: بەلبەلیتانک.
**بەلبەلیناتک**: بەلاتینک.
**بەلبەلیناتگ**: بەلاتینک.
**بەلبەنی**: پەڵپینە، دۆراخ، گیایەکە.
**بەل‌بی‌یەی**: بەل بوونەوە.
**بەلت**: دەستەبەند، نۆبەدار، تەبەقەبەند.
**بەلتک**: دەستەبەندی، قەفەسەبەندی.
**بەڵجەوان**: گوندێکە لای چۆمان.
**بەلچم**: بەلچەم، چقڵ، لقی دار: (نە بەلچم مان، نە سومبل مان/ نە رەیحان مان، نە سۆرگول مان/ نە هەڤری مان، نە هەڤدل مان/ تورابێ کێم کرن یارە) «فەقێ تەیران».
**بەلچەم**: بەلچم، لقوپۆی دار، بەلگێت داران.
**بەلچەمۆک**: پەلچەمۆک، باچمێلک، گاپەرچێڤک: (بەلچەمۆک ب شەڤ دگەرن) «پەند».
**بەلچیقا**: بەلژیک، وەلاتی بێلژیک.
**بەلچیقی**: بێلژیکی، خەڵکی بەلژیک.
**بەڵخ**: ١. کەرەو، برشی نان،٢. تویژی سەر

سرکە و قوڕە،٣. بڵخ، خڵتەی دەوری حەوز و بەردی ناو ئاو،٤. جۆرێ جلکە بە هۆی تەڕی لە هێندی شت پەیدا دەبێ،٥. تارمایی، تاریکی هەوا: (هەوا بی وە بەڵخ، زەمین بی وە تووز/ ئەوو چوو فیلەتەن یەی ئەشکەپووس/ پای چەپ دانەگەز لە یەک چینە قین/ تاج زەڕینیان تەمام بی وە خوون)،٦. ناوی وڵاتێکە: (گاهێ لە دلا، ڕوو لە تەرەف بەلخ و بوخارا/ گەهـ مایلی تالانی هەموو تورک و تەتەر بووم) «قانع».

**بەلخاندن**: ورد و خاشکردن، هاڕین، هێڕان.

**بەڵخ ئاردەی**: ١. بەڵخ هێنان،٢. کەڕوو هێنان.

**بەلخ کوچک**: بیرۆبەرتک، خەنەبەردیلە، خەنەتیلکە، خەنەگورگە، قرێژەبەرد، کرێژەبەرد، گڵەوەز، گلەوەرزە، گەنمەبەردیلە، کرێژی سەر بەرد.

**بەڵخ گرتەی**: ١. بەڵخ گرتن،٢. کەڕوو هەڵێنان.

**بەلخۆر**: بلخۆر، بەرخۆر، بەردخۆر، ساقار، ساوار، دەغڵێکە دەخورێ.

**بەڵخە**: ١. یەکانە، بەڕەک، نێرەبەراز،٢. گوندێکی هەورامانی هەریمی کوردستانە: (ئای بۆ تاقگەکەی سەر ڕێگای بەڵخە/ ئەو ئاوە سادەی بێ قەوزە و بەڵغە) «پیرەمێرد».

**بەلخەم**: بلخەم، بلغەم، خرێن، خلتێ گەوری: (جارجار باوکم دەکۆکی و بەڵخەمێکی دەکردە ناو مەقاڵەکە) «کۆردەرە».

**بەڵخەی خواروو**: گوندێکە لای هەڵەبجە.

**بەڵخەیی**: خەڵکی گوندی بەڵخە: (جارێک کابرایەکی بەڵخەیی لەگەڵ کابرایەکی عەبابەیلی دێن بۆ عەبابەیلی) «ڕشتەی مرواری».

**بەڵخی**: بەڵخە، یەکانە، نێرەبەراز.

**بەڵخین**: بەڵخاوی، بلغ گرتوو.

**بەڵخینە**: بەڵخاوی.

**بەڵسا**: ناوە بۆ کچان.

**بەڵشاندن**: هاندان، هەڵخڕاندن.

**بەڵشاندەر**: هاندەر، بزوێنەر، دنەدەر.

**بەڵشین**: تێکهەڵچوون، لێک گیربوون، بەگژداچوون.

**بەڵشێن**: نزا، کێشە، بەگژداچوون.

**بەلعین**: قووتدان، هەللووشین: (یوونس حووتێ دابەلعاندن/ کوهـ و وەسلەت ژێ نە خەلاند) «فەقێ تەیران».

**بەڵغ**: ١. بەڵخ، خڵتە، بەر بۆ سەماوەر: (ئای بۆ تاقگەکەی سەر ڕێگای بەڵخە/ ئەو ئاوە سادەی بێ قەوزە و بەڵغە) «پیرەمێرد»،٢. کەڕەکیفە، کەڕەداڵ،٣. ڕەنگێکی زەردە کە لە بەر جگەرە کێشان لە سەر ددان دەنیشێ،٤. بەڵغی لێو، باری لێو و زمان: (لێوی ڕۆژووەوان کە بەڵغ ئەگرێ/ پەردەی قاپی خوای بۆ لا ئەبرێ) «پیرەمێرد».

**بەڵغ وبۆ**: پیس و بۆگەن.

**بەلغۆبۆ**: پیسی، کەسافەت و بێن ناخۆشی.

**بەڵغە**: ١. بەڵغ، بەڵخ، بەڵغی حەوز و سەماوەر،٢. قورم.

**بەڵغەم**: ١. بلغەم، ئاختف، تفی خەست: (نە کۆکەی دەروون، نە هاژەی بەڵغەم/ نە دەستەلەرزێ، نە دیدەی پڕتەم) «قانع»،٢. دەردێکی کوشندەیە،٣. جۆرێ برینە لە دەس یا لاق دێ.

**بەڵغەم پێدان**: بریتی لە کەسێ بە هیچ دانەنان: (هێندە کابرایەکی هیچ و پووچە، ببێ بە دیوار بەڵغەمی پێدا نادەی!).

**بەڵغی**: سەرەتای چنینی بەڕە و مافوورە.

**بەلف**: فێڵ، حیلە، گزیکاری،

**بەلفاندن**: خاپاندن، فریودان.

**بەلفە**: خاپ، فند، بەلف.

**بەلقانـــدن**: بلقانـــدن، بلقـــدان، قەلـــبەزين، دەرپەڕين، هەڤقولێن.
**بەلقتاندن**: قەلاشتن، لەتلەتکرن.
**بەلقتين**: بەرقتين، قەلەشان، لەتبوون.
**بەلقران**: گيايەکە.
**بەلقوو**: کونايل هاورەديف لە قەێ پلە ئەڕاێ چفت کردن لە ناو يەک.
**بەلقەتين**: قەلشان، قەلەشان.
**بەلقيزە**: بەلقيس، ژنى سلێمان پێغەمبەر: (لـێ ئەو ئوسان ژى هێژايى بەلقيزە ڕا ژنـا سـلێمان پێغەمبەر بوو) «مەستوورە».
**بەلقيس**: ١. بەلکيس، ناوە بۆ پيـاوان و ژنـان، ٢. ناوى شاژنى پادشاى سـەبا نـاوەچەيەکە لە يەمەن بـــۆ جـــوانى نـــاو ناوبـــانگى بـــووە: (هودهودى دڵ حەبسى بەلقيسى سەباى ديوە، يەقين/ خۆى کە دامێن‌گيـرى شـاهى ئاسـەفى سـانى دەکـا) «نـالى»، ٣. پەرى: (××٤٢٨×) «جزيرى».
**بەلقيس‌ســـێفەت**: لە جـــوانى و ئاکـــاردا وەک بەلقيس، شاژنى تەمەنى: (مـن دلـبەرەک وەک دۆر هەيە، مەحبوبێ شرين‌سۆر هەيە، حۆسـن و جەمـــالەک پـــۆر هەيە، بەلقيس‌ســـێفەت مەسکەن سەبا) «جزيرى».
**بەڵقيس‌قەدر**: شـان و شـکۆى وەک بەڵقيسـى شـاژنى سـەبەئە لە يەمەن: (پەى خوسـرەوە بە ئەمر واليـدەى پـاکدين/ داناى بەڵقيس‌قەدر مەريەم‌ئاستين) «خاناى قوبادى».
**بەڵقيس‌مەکـانى**: ئەوەى پـايەى وەک پـايەى بەڵقيسە.
**بەلقينۆ**: چلمنە، بۆ سووکايەتى دبێژنە کەسـێ: (بەلقينۆ بلەز وەرن ڤر) «پەپووک».
**بەلـــک**: ١. پەلـک، گەلا(دار) ٢. نەرمەگـوێ، بەلگەى گوێ، بەلکـا گـوهـ ٣. بەرگ، جـل ٤. ريش‌سپى و گەورەى ئاوايى ٥. بەلکە، بەڵکوو.
**بەڵک**: ١. بەڵکـوو، شـايەد، شـايەتا، ٢. گەلا و پەلکى داران.
**بەلکا**: بەلک، تەقـو، بەلکـى، بەلکـو: (بەلکـو ناوم وەکـو هەلـم بە ئـازايى/ هەڵسـێ لەسـەر مەنجەلى قين بۆ بەرزايى) «پەشێو».
**بەلکاگوهـ**: بەلگەى گوێ، بەلگەوگۆش.
**بەلکانک**: جۆرە باڵندەيەکە.
**بەلکرن**: ١. خوياکرن، قيتکرنەوە، دەرخستن، ديـاکردن: (هەسـپى گوهێـد خـۆ بەلکـرن)، ٢. ئاووساندن، هەلامساندن، ٣. ئاڤ ژ کون يەکـێ ئاڤيتن، ٤. ميزتن، ميزکردن.
**بەلکرى**: ديارخراو، خوياکرى.
**بەڵکم**: بەشکم، بەلکەم، بەڵکوو: (ئەو سـەداى دەردە خەيلـێ دڵـکەش بـۆ/ دڵ تفـلان ئاسـا بەلکم دڵوەش بۆ) «مەولەوى».
**بەلکـــو**: ١. بەڵکـوو، بەلـکە، مەبـادا، تەڤـوو، بەشکەم، بەيکوو، بەلکـى: (بەلـکەم خەلاسـيم نەدەست دووريم بۆ/ بەو زۆخ زمان نەشـوون وە گلکـــۆ) «مەولەوى»، ٢. گونـــدێکە لاى خۆرهەلاتى دوکان.
**بەلکە**: بەلکە، بەلکى: (بەلـکە کريت خـودێ مـوقەدەر/ وەسـلا مە و وە، ببـت مويەسـەر) «خانى».
**بەڵکە**: ١. بەڵکوو، بەشـکوو، بەلـکە، بەلکـى: (بەلکە قيبلەى ويم جە ناکـا جـارێ/ بەيـۆ وە سەيران، عەزمى شکارێ) «بێسارانى»، ٢. جۆرێ گيايە.
**بەڵکەت**: بەلکە، بەڵکەم.
**بەلـــکەر**: گونـدێکە لە دێکـۆى سەرشـێوى مەريوان.
**بەل‌کەردەيۆ**: بەل کردنەوە.
**بەلکەم**: بەلکو، بەلکى: (بەلکى ب بهيسـتن و

ڕیوایەت) «خانی».
**بەڵـــــکەن**: بەڵـــکە، بەڵکـــوو: (بەلکـــی ب نەسیحەت و ب پەندێ/ ئازا مە بکەت ژ قەید و بەندێ) «خانی».
**بەلکی**: بەلکو، ژبەر کو، داکو، تاکو: (ئەز چم باژاری بەلکی بۆ خوە کراسەکی بکرم).
**بەلکیـــــان**: چیـــایەکی بەرزە لە بـــاکووری شەقلاوا، لە نزیک خەلیفان.
**بەڵکیم**: بەڵکوو، بەڵکە.
**بەڵکین**: بەڵکوو، بەڵکە.
**بەڵکینا**: بەکوو، بەڵکە.
**بەلکینە**: بەلگینە، زمانە گچکە.
**بەڵکینێ**: بەڵکوو، بەڵکە.
**بەڵگ**: ١. گەڵا، بەرگ، وەلک، وەڵـگ، پەڕەی دار و گوڵ: (بە وەڵگی خەزان بپۆشان سەنگم/ تا نیشانە بۆ جە زەردیی ڕەنگم) «بێسارانی»،٢. بەڵغ، بلغ ٣. گیا مێکووک ٤. قەڵافەت، شێوەی خەڵـک ٥. بەڵـگەی گـووش، نەرمـایی جێـی گـوارە،٦. مەچەک، زەنـد، سـاقوڵ،٧. لەرزانە، خشڵێکی ژنانەیە: (شەتری و زولف و بەلگ و پەر، هەمیان ل دێم دەعوی و شـەر/ ئـیلان ل سەلوێ بـونە گەڕ، عەقـرەب خویـان ئەز هەر تەرەف) «جزیری»،٨. میداڵ، میداڵ.
**بەڵگ**: ١. بەرگ، گەڵا، پەڕەی گـوڵ ٢. گەڵا، پەلکی دار: (بێ حوکمێ خودێ بەلـگ ژ دێـر ناریژە) «پەند» ٣. پەلک، پەلە، پێڵووی چـاو ٤. بەلگ لوت، نەرمەلووت،٥. پەڕەێ قاقەز.
**بەڵگچاو**: پیڵوو، پیلە، پەلە، پەڵک.
**بەڵگدان**: گەڵاکرنی دار و دەوەن.
**بەڵگستتار**: بەرگستتار، کنج زریـه کنجـێ هەسنی.
**بەڵگسیسن**: گیایەکە لە نێو ژاژی دەکرێ.
**بەڵگکرن**: لێکرنەوەی گەڵای دار.

**بەڵگگووێچکە**: بەڵگەی گووێ، نەرمەی گۆش.
**بەڵگلووت**: نەرمەی لووت.
**بەڵگمێو**: پەرمێو، پاپراغی گەڵامێو.
**بەڵگوبن**: ١. سەروبن، لەنـاو بردنـی چـت: (ماڵەکەی بەڵگوبن کرد)،٢. شرتوگوم، تمـام وندابوون.
**بەڵگوبنە**: بەڵگوبن.
**بەڵگوەران**: گەڵاوەرین، خەزەڵوەرانی دار.
**بەڵگوەشان**: بەلگ وەران، گەڵا وەرین.
**بەڵگوەشاندن**: گەڵا وەراندن: (بهار بووری ئو ئاف کێم بوون/ هەزاران باغ ل بەر دێم بوون/ پاییز داهات و گول کێم بوون/ وەشاندن بەلگ و مان خارە) «فەقێ تەیران».
**بەڵـــگە**: ١. دەلیـــل، قولـــپ، نیشـــانەی شـــتی گومبوو: (لاڵام و نـاڵام حاشـات موشـکوڵەن/ گیـــان فیـــدای تـــۆ بـــۆ، یە بەڵـــگەی دڵەن) «مەولەوی»،٢. سـەنەد بـۆ سـەلماندنی شـتێ: (ئەگەر هات بەڵگەیەک کەوتە دەست میـری!/ هەر ســـەرەو ئەپەڕێ بە دەمـــی شـــیری!) «گـــۆران»،٣. ڕابەر، ڕێنیشـــاندەر، ڕێزان، شارەزا، بەڵەد،٤. پەڕە، وەرەقەی کاغەز،٥. ماک لـووت،٦. نەرمەگـوێ، شـلکەی گـوێ، بەلکـا گۆهـ تکی گووش، چیچکە، چیچیلە، چیلـک، چیلچـیلە،٧. خلێـو، قەیسـی، قەیسیەوشـکە،٨. بەلگەهـ سەرین، سەنیر: (میر هاتی ب سـەرڤە، دی مەمێ ژار/ پال دایێە بەلگەهێ د زەرتـار) «خانی».
**بەڵگە**: ١. بەلگە،٢. ناوە بۆ کچان.
**بەلگەهـ**: ١. نڤین، نوێن،٢. جز، بەرگی پەرتووک و پەڕاو،٣. سەرمایە.
**بەڵگەدار**: نیشانەدار، خودان بەڵگە.
**بەڵگەدارە**: بەڵگەدار.
**بەڵگەکرن**: نشانی کرن، نامەزەد کردن.

**بەڵگەگرتن**: جەواز گرتن.
**بەڵگەمێو**: بەڵگی تریان، گەڵامێو.
**بەڵگەنامە**: نامەی بەڵگە لەخۆگرتوو.
**بەڵگەنەسیر**: گیایەکە: (چاوەکوتکە، خۆشهەڵکەنە/ بەڵگەنەسیر، گیابەڵگەنە) «ڕاوچی».
**بەڵگەنەویست**: حاشاهەڵنەگر، ڕوون: (گەلێک لە پیاوانی دوژمن کەوتنە بەر چاو، بەم شێوەیە بۆ سەرکردەییێکی کاروان بوو بە شتێکی بەڵگەنەویست) «لەمەهاباد بۆئاراس».
**بەڵگەهـ**: بەڵگە.
**بەڵگەی‌گووش**: بەڵگە، نەرمەی گوێ.
**بەڵگەی‌لووت**: نەرمەی لووت، ماک لووت ک لووتەوانە کەنە تێ.
**بەڵگی**: باڵنج، باڵشت: (ل دیوانخانێ ئەمانولا خان وەلی تەنێ بوو، سەرێ ڕۆژێ سەر دۆشەکا خاستووکی ڕوونیشتی، پالا خوە دابوو بەڵگییان) «مەستوورە».
**بەڵگێر**: بەرگێر، بەرگەر، ئاشێ دەستی ئێ کەڤری خۆی هێران.
**بەڵگێ‌گوهێ**: چیچیلە، چیچکە، تکی گووش، نەرمەگوێ، بەلکاگوە، نەرمکا گوهـ
**بەڵگێ‌لووت**: پەڕەی لووت.
**بەڵگینە**: بەلکینە.
**بەلل**: بەژاڤێت، ڕەخنەگرتن.
**بەللۆرە**: بالۆرە.
**بەللوور**: بلوور، بللوور: (ڕوومەتت وەک دوو گوڵی گەش، لەب وەکو یەک خونچەگوڵ/ گەردنت بەللووری بێ‌غەش، دەم دەهانی شەنگی شەنگ) «ئەدەب».
**بەللۆرە**: بالۆرە.
**بەللەبیزە**: فیچقە، جزکا ئاڤێ ب توندی، سوورکا ئاڤێ یا خونێ یا میزێ.

**بەللی**: فچ، بەڵمێ، واتا: هیچ وانیە بە گاڵتەوە.
**بەڵم**: ١. کابرنج، قرشێ برنجێ ٢. لاسکی چەڵتووک و مەرەزە کە نەکوترابێ: (عەلی بەگ کوتی: ئا ئا سمێڵ ئەوە بوو کە بە سەر لێوی عەلی بەگەوە بوو، ئەتوت باوەشە بەڵمە!) «ڕشتەی مرواری»٣. سرووت مەنێ، کەێ ژەڵم، کای کۆن،٤. پەڵپ، بیانوو، بەهانە،٥. بریتی لە ڕدێنی چرۆپر و پان: (عاجیزی شوکری تەمامی نیعەمم سەرتاپا/ کە نە ڕیش بەڵم و نە کۆسە و نە کەل و گۆج و شەلم) «نالی»،٦. گیهایێ گارس، بەڵم، بەلەم، زورەت.
**بەڵمانە**: ١. یەکێ لە تیرەیل زەنگنە،٢. دیەکەیگە لە مایەشت.
**بەڵمدەو**: بەڵموو، پەکلەو، کەسی زل.
**بەڵموو**: بەڵمدەو، پەکلەو.
**بەڵمەبڕ**: بەڵمەپەڕۆ، تفەنگێ لە دواوە بارووت و پەڕۆی تێدەخرێ.
**بەڵمەبرینج**: بریتی لە شتی هیچ و کەم‌نرخ: (هەر خۆی بە ناموس دەزانێ، خەڵکی تری پێ بەڵمەبرینجە) «شەوارە».
**بەڵمەپەڕۆ**: بەڵمەبڕ، تفەنگێکە.
**بەڵمەڕیش**: ڕدێنی چرۆپڕ و پان.
**بەڵمەڕیشە**: ١. پیاوی ڕیش پان و پرموو،٢. ڕیشی پان و تێک‌هاڵاو.
**بەڵمی**: بەڵم.
**بەڵمێ**: بەڵێ بە گاڵتەوە.
**بەلمیت**: مۆم، شەم، شەمع.
**بەلندر**: بەرندر، پەز، مەها دو، سێ سالی.
**بەلندیر**: بەردیل.
**بەلنگاز**: بەلەنگاز.
**بەلو**: بەڕو، بەلی، بەری داربەڕو.
**بەلۆ**: ١. ناوە بۆ زەلام ٢. دلساغ، مرۆڤێ دلپاک ٣. بە گورگیش دەڵێن ٤. بەران، نێری،

ئانگۆ کەوالێن نێرییێن: (نێری نەمینن دبێژن گیسکا بەلۆ بەلۆ) «پەند».

**بەلـــوا**: ۱. بەڵا،۲. ئـــازایی، ئـــازایەتی: (ڕۆژا ڤەدخـون شـەرابێ بەلـوای/ گاڤـا کـو دخـون کەبابێ سەلوای) «خانی».

**بەلۆبەلۆ**: شێواو، شپرزە، شەپرزە، وامی.

**بەلۆبی‌یەی**: بەل بوونەوە.

**بەلوتنە**: پیک، پیق، فیقەنە، پیکی زوڕنا.

**بەلوجە**: ۱. بەلـۆچە، گـیایەکە وەک ئەسـپۆن دەچێ ۲. بەڕووله، داری کورت و هەلوکی بۆ توندکرنی قوڵفی شـتێ ۳. دارێکـی چکـۆڵەیە دوسەری ویژەی پێ توند دەکرێ لە ویژانبەردا ٤. بەڕوولەی دەوار و خێوەت.

**بەلوچە**: بەرولەی ئامورر.

**بەلۆچە**: چۆغان، گیایەکە وەک ئەسپۆن دەچێ جلکی پێ دەشۆرن.

**بەلۆرە**: باڵۆرەی ئافرەتان.

**بەلۆریناتک**: بەلەک، پـووز، بۆقـل: (بەلەکـی وەک کرمــی ســپییە و پــاوانەی تێ‌کــراوە) «حەسەن زیرەک».

**بەلۆعە**: بەلووعە، بالووعە، لوولە: (حەوزێکـی تێـدایە، بەلـۆعەیەکی تێ‌گیـراوە بە ئەنـدازەی چوار میتر) «سەعیدومیرسێوەدین».

**بەلۆڤاژی**: بەراوەژوو، واژی، ئاوەژوو.

**بەلۆق**: ۱. ترووسکەدار، شـۆقدار، بەتروسـکە، ۲. چاڤبەلۆق، چاوزەق، چاڤزۆق، بەل.

**بەلۆقی**: بۆقی، پۆقی، دەرپەڕیوی گۆی چاڤ.

**بەلوقیا**: لە چیرۆکاندا نـاوی جـوێکی بـووە، زۆر شەیتان و شـۆفار و بەدفەڕ بـووە: (نـاڤێ وی مونافقێ بەکر بو/ بەلکـی ژ بەلوقیـا بەتـر بو) «خانی».

**بەلـــۆک**: ۱. زمانشـــڕ، تێـــدا نەوەســـتاو، ئاشکراکەری ڕاز،۲. بەلۆکە، میتکە: (کـورکەش دێوانەی کەپۆس نە دۆشەن/ بەلۆکەش لۆلـۆن، چۆن گەدەی مێشەن) «شێخ ڕەزا».

**بەلۆکرن**: خویاکرن، ئەشکەرەکردن.

**بەلـــۆکە**: بەلە، بەلـــووکە، میـــتکە، پیـــتکە، چەچووڵە، نێوەر، چیلکە، تیتل، تیتلک، قیـتکە، قیـتەکە، گیلـک، کـورکە، نێـوەر، نێـوەرووکە، میتک، میـتکەی ئـافرەت: (ئێـژن بەگـزادەیەک بێوەژنێکی گەشکی هێنابوو کەنیشـک بـوو، لە خۆشـیانا دەمـی بـرد بەلـۆکەی مـاچ کـردا!) «ڕشتەی‌مرواری».

**بەلۆکەبڕ**: قیتکەبڕ، خەتەنەکەر.

**بەلۆکەبڕیای**: خەتەنە کران.

**بەلۆکەبڕیەی**: خەتەنە کردن.

**بەلۆکەحیزە**: ئافرەتی داوێن‌پیس.

**بەلۆکەدرێژە**: قیتکەدرێژ.

**بەلۆکەکەردەی**: بەل کردنەوە.

**بەلونە**: شارێکی کوردستانی سورییەیە.

**بەلوو**: ۱. بەلو، بەڕوو،۲. بەلۆکە،۳. دارگەزۆ.

**بەلووتنەک**: پیق، پیک، پینکە، پێکی زوڕنا و نایە.

**بەلووت‌وپووت**: بەتۆزوپۆز، بەدەمار: (بولبـول بە گـوڵی وت: بەلووت‌وپـووت/ نـاز کەم کە، گەلێ گوڵ وەک تۆ پشکووت) «پیرەمێرد».

**بەلـــووجە**: ۱. بەڕوولەی دەوار،۲. بەڕووله،۳. دارێکی گچکەیە دوو سەری ویـژەی جـووتی پێ توند دەکرێ.

**بەلووجەخەیار**: بەڕووله خەیار.

**بەلووجەسەوە**: بەڕوولەی سەبەتە کە ئێسـقانێ یا دارێکی کورتە.

**بەلـــووچ**: تیرەیەکـی ئێرانـی سـوننی مەزەو نیشتەجێی بەلووچستانن.

**بەلووچاڵ**: کوویەیگە لە هلیران.

**بەلووچستان**: ۱. وڵاتی بەلووچان،۲. دیەکەیگە

له سۆنقۆر.

**بەلووچکە**: ١و بەڕوولەی بێستان،٢. بەلـووچە، بەڕووله، خـڕەداری گچـکه که دەچـێ به نێـو دوو داری کونکراوا بۆ توندکردنی.

**بەلووچی**: زمانی خەڵکی بەلووچستان.

**بەلوودەموبزی**: بەڕووی دەمی بـزن، مەبەسـت له شتێکی زۆر کەمی تاسوغه.

**بەلوور**: ١. بلوور، کریسـتاڵ، شووشـه ٢. لاله، لامپا، چرا،٣. بلوێر، نای، نەی.

**بەلـــووره**: بـالۆره، که له کـاتی کـوتنیدا به سەری قامکان له گەروو دەدەن.

**بەلووری**: مەرمەڕشا.

**بەلووکه**: بەلـوو، چـوچەڵە، چـیلکه، قیـتکه، کورگه، میتکه، نێوەر.

**بەلوول**: لوولدراو: (سـەنگی بەرد و سـەنگی زەرد و چەند گلۆڵە بەنی به لوول/ ئونکیرەم و ئەلیـرەم ئیـزرەم و حـۆقەی ئەسـتەمبوول) »حەمەجەزا«.

**بەلووەبوون**: بەلبوون، قیت و ڕەپبوون.

**بەلووەر**: ١. تۆنگه، گۆزه ٢. بالۆره، بەلـۆرەی ئافرەتان.

**بەلووەشین**: ١. نەخۆشـییەکی زۆر سـەخته ٢. بلبل.

**بەلوه**: گوندێکه له دێکۆی شوێی بانه.

**بەلوەشین**: ١. گول،٢. نەخۆشی گولی.

**بەلوەشێن**: نەخۆشی گران، گولی.

**بەلویتێ**: گوندێکه لای باکووری قەسرۆک.

**بەله**: ١. بـاڵە، دەسـتەوانەی تـایبەتی بـازەوان کاتی ڕاو،٢. میتکه، بەلووکه، بەلۆکه،٣. مەرێکه گوێیەکانی درێژ و لوول و ڕاست ڕاوەسـتابێ، ٤. بله، بریایم،٥. گچکه، بیچک،٦. بێه له، بـده له،٧. تاو دریاس، دارالووسه،٨. کیر، کێر.

**بەڵە**: باڵا، بیچک، گچکه(بەلەجەڕ).

**بەلهاریزیا**: میزی خوێنی.

**بەلەباریک**: ١. لەڕ، لاواز، ڕەقەڵە، باریکەڵە ٢. بریتی ژ کرکی.

**بەلەباریکڵە**: بەلەباریکه.

**بەلەباریکڵی**: بەلەباریکه.

**بەلەباریکه**: بەلەباریک.

**بەلەباریکی**: قەدزراڤی، قەدباریکی.

**بەلەباقە**: دەردەبزن، ئازارێکی کوشـەندەی مەڕ و بزنه: (بزن و مەڕ ڕووت بوون وەک سووره ساقه/ یەک دانـوو دەیکوشـت، یەک بەلەبـاقه) «سەیف».

**بەلەبان**: ١. بەردەبان، هـۆل، تـاڤێر، تـاوێر،٢. گوندێکه لای پیرانشار.

**بەلەبزان**: دیەکەیگه له پاوه.

**بەڵەبل**: زماندرێژ، فرەوێژ.

**بەڵەبڵ**: چەقەسرۆ، زۆربلێ، فرەوێژ.

**بەلەبۆر**: مەڕی بۆری گوێ ڕاست و لوول.

**بەلەبۆز**: ١. جۆرێ بزنه،٢. بریتی له گورگ.

**بەلەبەش**: بزنێکه گوێی ڕاست و لوول بێ و لەشی ڕەش و نێوچاوانی سپییه.

**بەلەبەل**: ١. تەکەتەک، گیانداری گوێقـوت،٢. دارالـــووس، ئـــاوێزان،٣. لەره، لەرزەی زۆر،٤. بەلەبەله: (ژنەکه سەیری مەلای کرد حەیته مل دابرِیـــاگی جـارانی خـۆی له ژێـر کەواکەوه بەلەبەلیەتی) «ڕشتەیمرواری».

**بەلەبەلکردن**: لەرینەوه، لەرزینەوه.

**بەلەبەلکەر**: کێرێ که هەستاوه: (مەلا سەعید کوتی ناچار منیش دامه پـاڵی قسـەکەی وتـم: نەوەڵـڵا کێـری تەحیـات وا بەلەبەلـکەر نیـیه) «ڕشتەیمرواری».

**بەلەبەله**: وشەیەکه کیری پێ ئەکرێتەوه.

**بەلەپا**: ١. بەپێ، تنڕەو، زۆر خۆشڕۆ،٢. بریتی له کەروێشک: (ساڵێک له هەورامان بـۆ ئەوەی

گالۆکیان نەیەتە سەر، باج و پارەیان کۆ کردەوە و دایان بە بەلەپا کە خێرا بیبا بۆ فەرامیرزا، چوون پارەیان بەستۆتە پشتی کەروێشک) «ڕشتەی‌مرواری».

**بەلەپێ**: قۆچاغ، خێرا، گورج.

**بەلەتاڵەبۆر**: مەڕێکە گوێی ڕاست و درێژ و لوول بێ و لەشی بۆر و پنۆک پنۆک بێ.

**بەلەتاڵەڕەش‌بەڵەک**: مەڕی بەلەتاڵەی بازگ و دووڕەنگ.

**بەلەتاڵەسووربەڵەک**: مەڕی بەلەتاڵەی لەش سوور و سپی بێ.

**بەلەتاڵەشین‌بۆر**: مەڕی بەلەتاڵەی بۆری ڕەنگ شین و سوور.

**بەلەتاڵەشین‌ڕەش**: مەڕی بەلەتاڵەی شین و ڕەش بێ.

**بەلەتاڵەی‌سپی**: مەڕی بەلەتاڵەی چەن جەغزێکی شین و سوور لە ڕووی بێ و لەشی سپی.

**بەلەتاڵەشینی‌سۆر**: مەڕی بەلەتاڵەی لەشی سۆر بێ و چەن خاڵێکی شینی پێوە بێ.

**بەلەتن**: پەلەتنگ، ڕسن گیراوە.

**بەلەتورکە**: بەلەفیرە، تەقەفیرە.

**بەلەتوورکە**: تەقەفیرە، نەخۆشی بەلەفیرە.

**بەلەتووشقە**: بەلەفیرە، زگێشە.

**بەلەتەبەش**: مەڕی بەلەتاڵەی لەش سپی و نوختە نوختە ڕەش یا سوور.

**بەلەتەبەش‌بەڵەک**: مەڕی بەلەتاڵەی سەر و مل دووڕەنگ.

**بەلەتەی**: مەڕی بەلەتاڵەی سەر و لەش تەواو سپی.

**بەلەتەی‌بەڵەک**: مەڕی بەلەتەی سەر و هەموو لەشی سپی بێ.

**بەڵەتین**: گوریس، وەریس، گوێلەسار، پەتێکە بۆ بەستنەوە بەکاری دێنن.

**بەلەجار**: بەلەجەڕ.

**بەلەجەڕ**: ١. دێیەکە سەر بە ناوچەی گەورکی سەقز: (مەمەند ئاغای بەجەڕ/ بە خۆ وتفەنگ ونۆکەر) «ئاوێنەی‌بێگەرد».٢. جاڕی بلە، جەڕی بڕایم.٣. سەدی چکۆلە، بناوانی گچکە.

**بەلەچە**: ١. بەلەچەک.٢. بەلەمرک.٣. کەلەبچە، ٤. بەترێ، لەرزین لە سەرمان.

**بەلەچەق**: بەلەچەک، بەلەمرک، ئانیشک: (گرتیان و بەلەچەقیان کرد).

**بەلەچەک**: ١. مرەبا، مورەبا، ڕیچول، ڕوب ٢. تاسمە، کولەکە و میوەی پاکراو و وشک‌کراو بۆ زستان: (بێستانە دێم بۆ خێر دەکرێ، ئەوەی خورا، خورا، ئەوەی ماوە بۆ ئەوەی زایە نەبێ دەکرێتە بەلەچەک، تێشووی زستان) «ئەمیری»٣. مرەبای کوولەکە ٤. چێشتی لێنراو لە تاسمە و نیسک و کشمیش تێکراو.٥. ئانیشک، ئەنیشک، بەلەچەق✕: (شلکەڕان و قەفی تێراوی بەلەک/ مۆمی کافوور لە پەنایا بەلەچەک) «بۆکوردستان».٦. هەڵواسراو، شۆڕ، ئاوێزان ٧. کەلەپچە، دەسبەندی بەندی.

**بەلەچەکردن**: جەوشەنە کردن.

**بەلەخش**: لەعل، لال: درەخشانی درەخشان بوو، سەنا بەرقێ تەجەللایێ/ د جاما مەی بەلەخشان بوو، ب فەیرۆزێ جەلادانی/ وەکی لەعلی بەدەخشان بوو، د دەستێ ماهسیمایێ) «میرعمادەدین».

**بەلەخەت**: کووز، تۆمەشان، خەتی جووت: (بمکە جووتیار و بەلەخەتم تەماشا کە) «شەوارە».

**بەلەد**: بەڵەد، ڕێناس، ڕێزان، ڕێنوێن، فێر.

**بەڵەد**: بەلەد، شارەزا، ڕێزان.

**بەڵەدبوون**: شارەزایی، ویڕاهاتن.
**بەڵەدە**: بەڵەد، شارزا، زانا.
**بەڵەدبی یەی**: بەڵەد بوون، زانین.
**بەڵەدکەردەی**: شارەزا کردن.
**بەلەدی**: ١. بەڵەدی، لێزانی، شارەزایی،٢. زبڵ‌ماڵ، کەسێ کە لە شاردا کار دەکا و وڵات دەماڵێ،٣. ڕووناکی، لاجوور، برووسکێ بێدەنگی عاسمان.
**بەڵەدی**: شارەزایی، ڕێزانی.
**بەلەدێتی**: شارەزایی، جهزایی، خۆجێیی.
**بەلەدیە**: ١. شارەبانی، شارەوانی،٢. شارەداری: (باقی‌ئاغا هەبوو ڕەئیسی بەلەدییەی کەرکووک بوو) «ڕشتەی مرواری».
**بەلەدیێ**: بەلەدیە، شارەوانی: (گسک و ئاوکێشی و قاپی بەلەدیێ) «مینەجاف».
**بەلەرزانە**: ناوی گۆرانییەکی کوردییە: (ئەیوەی بەلەرزانە، دە وەرە بەلەرزانە/ گێلگێلەکەی دەوری سەرت، پەخش و پەرێشانە) «حەسەن زیرەک».
**بەلەرسەر**: مەڕێکە گوێیەکانی ڕاست و لوول و درێژ و ڕاستن، سەر و ڕووی ڕەش و ملی بۆر و لەشی سپی بێ.
**بەلەڕسەربەڵەک**: مەڕی بەلەڕسەری سەر و مل بۆری خاڵ‌خاڵ ڕەش بێ.
**بەلەڕسەرشینبەڵەک**: مەڕی بەلەڕسەری بەدەن ڕەش و سپی.
**بەلەڕەش**: بزن، ماکار، یا گیسکێکە گوێی ڕاست و درێژ و لوول و ڕاست بێ، لەشی ڕەش بێ.
**بەلەڕەش‌بەش**: ئاژەڵی بەلەڕەشی دووڕەنگ.
**بەلەڕیقە**: تەقەفیرە، بەلەفیرە.
**بەلەز**: بلەز، بەپەلە، بەتالووکە، پتمار، مەکوون، وەتاو، هەشتاو: (بەلەز چووە خوارێ).

**بەلەزمانە**: بەلەزوانە، زمانەچکۆڵە.
**بەلەزوانە**: بەلەزمانە، زمانەچکۆلە.
**بەلەزوواد**: ئاڤزوونە، ئاغزوونە، ئاوزوونە.
**بەلەزووان**: ١. پڕڕوو، ڕوودار،٢. بەلگینە.
**بەلەزەت**: خۆش‌تام، بەتام.
**بەلەزەتە**: ١. بەلەزەت،٢. خۆشە، تامدارە.
**بەلەزەتی**: تامداری، خۆشیی لە تامدا.
**بەلەزی**: بەلەزێ، گوڵەپەمۆ.
**بەلەزێ**: گوڵەپەمۆ، گولی لەبان، گولێکی کێوی و دەسچێنە.
**بەلەژنانێ**: بەلەکناچی.
**بەلەسان**: ١. دارێکە ڕۆنی بەلەسانی لێ دەگیرێ،٢. دەوەنێکە کە گوڵەکانی سپییە و لە تەواوەتی ئەم دەوەنە بە داڕووشان جیوە دێتە دەر و وەک دەرمان بەکاری دێنن.
**بەلەسپی**: بلەسپی، بزنێکە گوێی ڕاست و درێژ ڕاوەستن و لەش و سەری سپی بن.
**بەلەسۆ**: گوندێکە لای مەیدان.
**بەلەسۆر**: بزنێکە گوێی ڕاست و لوول و لەش و سەری سوور بێ.
**بەلەسۆربەش**: بزنێکە گوێی ڕاست و لوول بێ و لەشی سوور و نێوچاوانی بەش بێ.
**بەلەسوور**: کەڵەکێوی ئاماڵ سوور.
**بەلەسوورمس**: ڕەنگێکە بۆ بزن و گیسک.
**بەلەسە**: ١. پەلە، لەز، پەل، پەلەپەل،٢. ئاوارە، وێڵ: (گوێلکێ بەلەسە بووە)،٣. سەرکێش، یاخی، یاغی،٤. بەلەفیشکە، فیچقەی تراو.
**بەلەسەبوون**: ١. وەپەلە کەوتن،٢. دانە دەشت و غەزرین، یاخی‌بوون، سەرکێشی،٣. مۆزکردن(پاتاڵ)،٤. سەرگەردان بوون: (کوێتە بە زین و لەغاوەوە بەلەسەی کێو بووە) «هەزار ئەشکەوت».
**بەلەسەبی یەی**: بەلەسە بوون.

**بەلەسەڕەش**: مەڕی بەلەڕسەری سەر و مل ڕەش.

**بەلەسەرڕەشبەڵەک**: مەڕی بەلەڕسەری بەڵەک و ئەبڵەق.

**بەلەسەیی**: یاغیگەری، یاخیتی.

**بەلەسی**: بەلەسە.

**بەلەشوانە**: بەلەشووانە، گیایەکی کوێستانییە گەڵای وەک گەڵای بەن واسە و لاسکی باریکترە.

**بەلەشین**: ١. لەقەمی گورگی درندەیە،٢. بزنێکە گوێی ڕاست و لوول و درێژ بن و لەشی شین بێ.

**بەلەشینبۆربەڵەک**: مەڕێکە گوێی درێژ و لوول و ڕاست بێ، لەشی بۆر و خاڵخاڵاوی بێ.

**بەلەشینبەش**: بزنی بەلەشینی نێوچاوان سپی.

**بەلەشینڕەشبەڵەک**: مەڕی بەلەشینی سەرگوێ شین و لەش ڕەش و خاڵخاڵاوی بێ.

**بەلەشینسۆربەڵەک**: مەڕێکە بەلەشین و سەری گوێی شین و لەشی سۆر و پنۆک پنۆک بێ.

**بەلەفای**: ١. دیەکەیگە لە مایەشت،٢. بەلەپا.

**بەلەفش**: ئاڵۆز، قسەی ناتواو و نابەجێ.

**بەڵەفیتک**: پەلەپیتکە.

**بەلەفیرکە**: ١. بەلەفیرە، بەلەفیرێ، تەقەفیرە، زکەشۆرێ، ئیسهالی، زەردەلە، زگێشەی مرۆڤ،٢. نەخۆشی زگچوونی ماڵات.

**بەلەفیرە**: بەلەفیرکە، بەلەڕیقە، تەقەفیرە.

**بەلەفێرە**: ١. بەلەفیرە، زگێشە،٢. بڤیشکی، ئسهال هەیوان.

**بەلەفیرێ**: بەلەفیرە، نەخۆشی ئیسهالی.

**بەلەفیشکە**: بەلەسە، فیچقەی تراو.

**بەلەڤ**: بلاڤ، بلاو: (بەسا کۆرکرنا وان بەگان، ژ وان هلدانا هەبوونا و شاندنا ژن و کەچێن وان سەنەندەجێ نۆلی برقا برووسکێ ل باژێر بەلەڤ بوو) «مەستوورە».

**بەلەڤاژی**: پێچەوانە، چەپەوانە، واژی، ئاوەژوو.

**بەلەقوڵە**: بزن و یا گیسک یا کارێکە گوێی ڕەش بن و ڕاست ڕاوەستن.

**بەلەقولەبەڵەک**: مەڕی بەلەقوڵەی سەر و مل یوور و لەش سپی و بەڵەک.

**بەلەقیت**: قۆز، قیت: (ئەی لە پووری بەلەقیتێ، هەرچی ببینی ئیشتیای دەچێتێ!) «پەند».

**بەلەک**: ١. بەڵەک، بازگ، ڕەشوسپی: (چاڤسۆری بۆ گایێ بەلەک نامینیت) «پەند»، ٢. چاوی بەڵەک: (ئی ژ غەفلەت تە ببینت کو دمینیت هەیهات/ تە ب چەهڤێن د بەلەک کوشتنە مەزلوم گەلەک) «جزیری» ٣. پووز، بۆقل، چۆقل، مەشکەلاق، مەشکەلولاق، بەلۆریناتک، بۆقی بەلەک، ساقێ پێ: (بۆ تەماشای بەلەک و زەندی سپی و چاوی بەڵەک/ نیشتووە لەم دەرە عاشق وەکوو حاجی لەکلەک) «حاجی قادر» ٤. مێکوک، بەلیەک، گیایەکی ڕەگزەرد و شیرینتاڵە، بۆ زۆر دەرمان بەکاری دێنن بەتایبەت بۆ کۆکاکۆلا و پیسی زۆر سوودی هەیە: (بەلەک و موسەک و پاتۆنیا) «چنگیانی» ٥. ئاژەڵێ کە پەڵێکی سپی بێ ٦. سپیانی ڕەنگ ڕەش و سپی یا سوور یا زەرد و سپی،٧. ڕەشانی ڕەش و سپی یا قانقان نەک تێکەڵاو یا سپی لەگەڵ سوور و زەرد،٨. چروک، ئەیاغ، سووک ٩. ناکۆکی، کاری نەرستی: (گەلەک بەلەکە)،١٠. سەونزەڕوو، ئامال سەوز،١١. ڕەنگی سپی و زەردی تێکەڵ،١٢. لە سەردەمی شەڕی جیهانی دووهەمدا فریای ئەوە نەدەکەوتن کە لە شوێنی خۆیدا شەکر بپاڵێون و سپی بکەنەوە هەر وا

بە زەردی ئەیاننـارد تـامی لە شیرینی ڕەگـی بەڵەک ئەچـوو: (کە ئەم فەلەکە پێـی نەڵـێم وەلەک/ شـەکری چاییشـم بـووە بە بەڵەک) «پیرەمێـرد»،١٣. ڕەشـبەڵەک، شـایی تـێکەڵ: (گۆڤەنـدا بەڵەک بـوو، ژن و مێـر گشـک کەتبـوون دەسـتێ هەڤ) «مەسـتوورە»،١٤. قۆنداغی منداڵی ساوا.

**بەڵەک**: ١. بـازگ، بـازو، دورەنـگ، پڵپڵـی، ئەبڵەق، شل، شڵە، بەڵەک، پـاق، بۆقـل، بـارە، پنکپنـک، پەڵەپەڵە، پنپنـی، هەر شـتێکی ڕەشوسـپی،٢. چـاوی بەڵەک: (کە دیـم لە چـاوی بەڵەکتـا تەلەمموعـاتی غەرام/ وەکـوو بریسکە نجوومی شەو دەرکەوت) «گـۆران»،٣. گایەکی ڕەنگی ڕەش و سپی یا سوور و سـپی بـێ،٤. کەسـێکی تووشـی نەخۆشـی بەڵەکـی بووبێ: (لە هەر خـاکێ کەڕ و کـوێر و بەڵەک لابەی لە ناوانا/ ئیتر ئەو خـاکە، کەی هەرگیـز! پەرۆشی بـۆ مەسـیحایە؟) «قـانع»،٥. نـاوە بـۆ کوڕان.

**بەڵەکار**: بزن، کار یا گیسکێ گوێی ڕاست و لـوول ڕاوەسـتن و سـەری گـوێی زەرد بـێ: (یەکەم کـارم قوتەپۆشـە/ دەنگـی قـارەی زۆر خۆشـە/ دوهەم کـار بەڵەکـارە/ گـوێ شـۆڕ، کۆلانی و خوارە) «خاک و چەوسانەوە».

**بەڵەکان**: ١. بلکـان، بڵکـان، بڵەکـان، جـۆرێ کنگرە،٢. ناوی تیرەیەکـی کـوردە لە نـاوچەی سعیرد.

**بەڵەکانک**: بوو، بایەقوش، کوندەبوو.

**بەڵەکانەک**: بەڵەکانک.

**بەڵەکبردین**: بەڵەکبردێن.

**بەڵەکبـــردێن**: ڕەنگاوڕەنـــگ، قومـــاش و پارچەی بەڵەک و ڕەنگی.

**بەڵەکبردێنـــی**: ١. بەڵەکـی، ڕەنگـاوڕەنگی، ٢. ڕەنگاندن، ڕەنگکرن.

**بەڵەکبەڵەک**: پڵپڵی، پڵنگی، بازک، بەڵەک.

**بەڵەکپڕ**: پـاوپووز پتەو و تونـد: (گـوڵچن، کوێستانچی کچ و کوڕ/ چـاوڕەش، هەنگێـوە، بەڵەکپڕ) «ڕاوچی».

**بەڵەکپێچ**: پـووزپێچ، پـووزوان، پـووزەوانە، پووزلـــغ، دۆلاغ، لاســـکەگۆرەوی، ســـاق، ساقپێچ، پاپێچ، پێپێچ.

**بەڵەکچـــاڤ**: چـــاڤبەڵەک، چـــاوبەڵەک: (بەرچێڵە بە خاڵان، کلیـل بە بەرۆکـان، هەنـیە بڵیندان، بەڵەک چاوان) «گەنجی سەربەمۆر».

**بەڵەکچاو**: خـاوەن چـاوی گەورە و بەڵەک: (دێـــتە گـــوێ لاوکـــی لاوان/ بـــالۆرەی بەڵەکچاوان) «هێمن».

**بەڵەکڕووت**: ئەو کەسـەی بەڵەکـی ڕووتە: (شێخۆمەرم، دوو لە ڕووتـان/ بـوو بە شـێخی بەڵەکڕووتان) «ڕاوچی».

**بەڵەکزەرد**: بەڵەکـی شـووش و باریـک و جوان: (دەڵێی خاسەکەوە و لە بەفرێدا سەری لێشێواوە/ منت بمـرم! ئەو کیـژی بەڵەکزەرد، دایکی خۆی ماوە؟) «سەعید و میرسـێوەدین»، (شۆڕ مەحموود لە ناو مەرزینگان عەقڵ مەعنا بێ نەیماوە، دەیگـوت: کیـژی بەڵەکزەردیـان بردا!) «شۆڕمەحموود».

**بەڵەککەرە**: سپیانی بێگوێ، مەڕی کەرێلە.

**بەڵەکناچی**: بەلەژنانی، ژنانیلە، ژنیلانە.

**بەڵەکناچێ**: بلەژنانێ، ئارێلە، پیاوی ژنانیلە.

**بەڵەککوور**: جۆرێ بزنە: (ئەو ڕیش و شەدەی کاکە سەیدەوانم لێ دەبـۆوە بە پرچـی نێریـێ بەلەکوورە) «گەنج».

**بەڵەکە**: ١. بەڵەک،٢. دوو ڕەنگە.

**بەلەکەتوور**: بریتی لە بەلەکی وەک تووری سپی: (نەخۆش و دەردەدارم، بۆ بەلەکەی توورەکەی) «حەسەن زیرەک».
**بەلەکەژ**: بەل، بەلەمس، ڕەشانی گوێلوول.
**بەلەکەو**: دیەکەیگە لە ناودەروەن.
**بەلەکی**: ١. بەڵەکی، دوورەنگی، بازگی،٢. چاڵەبەفر، ئەو بەرفا کو بسوورەتە کەڤی و شەپە ل کەفا چیادا هەتانی هاڤینێ دمینە،٣. ناوی گوندە××١٤٩××: (ئاڤا بەلەکییێ چییایێن کوردستانێ ب تو تەخت و تاجی ڕا ناگوهێرە) «مەستوورە».
**بەڵەکی**: ١. بازگی، دوورەنگی، خاڵداری،٢. کاژوواژ، خاڵخاڵی بوونی بەفری کێوان،٣. بەلەکی، بەڵەکێتی، نەخۆشییەکی پێستە: (ئەڵێن: ئەگەر یەکێ دەردی بەڵەکی هەبوو، بە پێی پێخاوس بە هەر شوێنێکا بڕوا، گیای لێ ناڕوێ) «ڕشتەی‌مرواری».
**بەلەکی‌بچوک**: گوندێکە لای سەرقەڵا.
**بەلەکی‌بەرف**: بەلەکی، چاڵەبەفر، بەرفا ژ هەڤ قەتیای.
**بەلەکی‌گەورە**: گوندێکە لای سەرقەڵا.
**بەلەگ**: ١. بەلەک، مێکوک، گیایەکە بۆ دەرمان دەشێ ٢. سەرمایە، مایە ٣. بەڵەد، شارەزا ٤. شێوەی بەرگ‌پۆشین.
**بەڵەگ**: بەڵەێ، بەڵەد.
**بەلەگاوی**: ١. گوندێکە لای پێنجوێن،٢. گوندێکە لە باشووری سەنگاو.
**بەلەگوشک**: نەرمەی گوێ.
**بەلەگۆشک**: بەلەگوشک، بەلبەگۆشک، کرکرۆچکەی گوێ.
**بەلەگووشە**: گیایگە ک وەڵگەیل پیەنێ دیرێ و گوڵەیل چەرمی.
**بەلەگەور**: ١. بەلەشین، لەقەبی گورگ ٢. نەهاتی، نەگبەتی،٣. سیاچارە، بەدبەخت: (بەختی بەلەگەرە، بە شەو سایەقەیە، بە ڕۆژ هەورە).
**بەلەگەورە**: بریتی ژ بەختێ بەد: (بەختێ بەلەگەورە بشەڤ ساماڵە، بڕۆژێ عەورە) «مەتەل».
**بەلەگەی‌بچوک**: گوندێکە لای کفری.
**بەڵەڵ**: بەڵەد، شارەزا.
**بەلەم**: ١. قایخ، قارب، قاییک، قەیاخ، لۆتکە، کەلەک، گەمییا بچووک ئەڕای پەڕینەوە لە ئاو،٢. بلووت، دیس، دەفری تێکردنی برنج،٣. گیهایێ گارس، بەڵم، زورەت.
**بەلەماچگ**: ١. بەلەماچە، بەلەماچێ،٢. بەلەمرک.
**بەلەماچە**: بەلەماچێ.
**بەلەماچێ**: بەلەماچە، ماهیچەی ساق پا.
**بەلەمرک**: ئارنج، ئانیشک، ئەنیشک، بەلەنیسک، بەلەنێر، قنگانیسک، قوڕانیک، کوڕنیشک، مرک، نیسک، هەنیشک: (دەس تا بەلەمرک بکە دەمیەوە کرۆژ بکە) «پەند».
**بەلەمز**: ئاژاڵێکە دەم و لووتی سپی بێ و گوێی ڕاست ڕاوەستێ.
**بەلەمس**: ١. ڕەنگێکە بۆ بزن،٢. بەلەکەژ، بەل، ڕەشانی گوێلوول: (بزنی پۆش ئەمن و تۆ خۆش، بزنی بەلەمس هەر لێی مەپرس) «ف.پ.پ.».
**بەلەمڤان**: قایخوان، بەلەمئاژۆ، بەلەموان.
**بەلەمڤانی**: قایخوانی، بەلەمئاژۆیی.
**بەلەمکێش**: ١. بەلەمئاژۆ، گەمیوان، سەوڵلێدەری گەمی،٢. پاپۆڕی ماتۆڕی کە کاری کێشانی کەلەکی بێ ماتۆڕ بێ.
**بەلەم‌کێشی**: کاری کێشانی بەلەم.
**بەلەموان**: بەلەمڤان.
**بەلەمەوان**: بەلەمڤان.

**بەلەمەوانە**: بەلەمڤان.
**بەلەمەوانی**: بەلەمڤانی.
**بەڵەمی**: داڵیت.
**بەلەمیزکە**: بەلەمیسکە.
**بەلەمیسکە**: ١. میزەچرکە، میزەچوڕکی، چرتکەمیزە،٢. شۆڕاوەی کەمی تراو.
**بەڵەن**: بڵند، بەرز: (یا ئەڵەم کاوەی حەداد بەڵەن کەی) «خانمەنسوور».
**بەلەنج**: بەلەنگ.
**بەلەنجەبەلەنجە**: گۆرانییەکی هۆرامییە.
**بەڵەندام**: شۆخ، بەژ و باڵا جوان: (خەجێ کە تەماشای خۆی کرد، خۆی بەڵەندامێک هاتە بەر چاو) «ڕشتەی‌مرواری».
**بەلەندیر**: بەردیل، بەندیر، شەکەمێ، شەکی بە بەران: (کچک گۆت: دەمێ پاش من هەژی خۆ بزانێت یا ئەز چ حەز دکم، بێژنە پاشای ڤان نەخت و خەلات بەرهەڤ بکە: شانزدە بەلەندیرا و ...) «گولواز».
**بەلەندێر**: بەردیل، بەبەران، کاوڕە مێوی دوساڵە.
**بەلەندێربڕ**: دەمی بڕینا هوریێ بەلەندیران.
**بەلەندیرە**: بەردیل.
**بەلەنگ**: بەلەنج، ئەندازە: (ئەو شێرەسوار ب پەڕڕ و چەنگێ/ خونی کربون بە لەک و بەلەنگێ) «خانی».
**بەلەنگاز**: فەقیر، بەندەوار، قژیک، قریک، دێران، هەژار، بێچارە، نەدار، ژارۆ، سواڵکەر: (بەلەنگاز چوونە دزیێ، هەیڤ ل وان دەرکەتیە) «پەند».
**بەلەنگازانە**: هەژارانە، فەقیرانە.
**بەلەنگازی**: هەژاری، ژارۆیی: (کو دەرڤیشی ژ بەر بەلەنگازی بار هلات/ ل رۆژا مرن مرن ژێ ڕا سڤکبار هات) «گول‌شوون».
**بەلەنگازێ‌قژک**: قەلێکی فەقیر: (بەلەنگازێ قژک کو برەڤ ل هەر دەری/ کو ئەو دوو بەلەنگازی و عەجەل ل دوو وی) «گول‌شوون».
**بەلەنگووش**: نەرمایی گوێ.
**بەلەنگەر**: گۆرانییەکی کوردییە: (ئەی وەی وەی بەلەنگەر/ چاوباز و ئەبرۆ سەقەر) «حەسەن زیرەک».
**بەلەنێر**: ١. بەلەنیسک، بەلەمرک،٢. گیسکەنێر.
**بەلەنیسک**: بەلەمرک، نیسک.
**بەلەوا**: لەپێشا، لەپێش‌دا.
**بەلەواتەرە**: بەلاوەتەرە، دیەکەیگە لە چەرداوڕ.
**بەلەوان**: دیەکەیگە لە سەرپیەڵ.
**بەلەواهشکە**: بەلاوەهشکە، دیەکەیگە لە چەرداوڕ.
**بەلەوبوون**: ڕاست و قیت بوونەوە.
**بەڵەوبوون**: شارەزابوون، بەڵەدبوون.
**بەلەوچکە**: بەربۆسە، کەرەستەیەکی جووتە.
**بەلەورەن**: بەلەوەرەن.
**بەلەوەرەن**: ١. بزنەکێوی دوو یا سێ ساڵە،٢. کەڵ کوویەی سێ ساڵە.
**بەڵەیٚ**: ١. ئەرێ، بەلێ، ئا،٢. شارەزا.
**بەڵەیە**: ١. بەڵەدە، شارەزا،٢. ئەو بەڵەدە.
**بەلی**: ١. بەلێ، ئەرێ ٢. ئاشکرا، دیار، خویا ٣. بەڕوو، بەلوو، بەرێکی دارمازووە،٤. بەلێ، بەلام: (سونەت سونەتە، بەلی نە د قورمی را) «پەند»،٥. قنجی، قیتی.
**بەلێ**: ١. بەڵێ، ئەرێ، ئم، ئا، با، ها، هەرێ، لەبێ، واسە، وایە ٢. بەڵام، بەلان، بەڵکوو: (ژن هەمی گاڤا ژنە، بەلێ مێر هەمی گاڤا مێر نینە!) «پەند»،٣. گیاندارێک کە گوێی بەل بێ: (مەها بەلێ)،٤. دەلێ، بێەلێ، بدە لێی.
**بەڵێ**: ١. بەلێ، ئا، ئادی، ئەرێ، بالەێ،

وەرامی پرسیاری بە ڕاست زانینە: (ئایا خۆراسان کوردی لێیە؟، بەڵێ)،٢. وەڵامی دەستوور و فەرمانە: (هەر ئێستا بڕۆماڵێ!- بەڵێ بە چاوان)،٣. سەلماندن و تەئکید لە سەر قسیەی کەسێ: (هیچ دەزانی مام ڕەسوو چەند پیاوچاکە! — بەڵێ واسە)،٤. وەرامی بانگ کردنە: (هۆی حەسۆ! — بەڵێ بابە!)،٥. وەڵامی هەیە بۆ جوابی کەسێ: (بە دەگمەن بەڵێ دەبیسترا، هەر نییە و نەوەڵڵا و نەخەیر و نیمانە بوو) «کۆردەرە»،٦. بەڵام، بەڵکوو: (بەڵێ ئەمانەت شەخسێ سۆسەنخاڵ/ سەر تا پا بێعەیب، جەمین وێنەی لاڵ) «خانای قوبادی».

**بەلیاندن**: ١. بەردارکردن، جێگیرکرن، ویەردەن ٢. ئەرێکرن، بەڵێ بۆکردن.

**بەلیبۆر**: هێوری، هێمنی، ئارامی.

**بەڵێ‌بەڵێ**: ئارێ ئارێ، ئێ ئێ، ئەی ئەی.

**بەلیتانک**: پەپولە، پەروانە.

**بەلیتگ**: بەلکینە، بەلگینە.

**بەلیتە**: جۆرە گۆرانییەکە.

**بەلیچە**: پەن، کار گەن.

**بەلیسە**: سەهۆڵ، یەخ، چلوورە.

**بەلیل**: جارچی، جاڕدەر.

**بەڵێن**: ١. سۆز، گفت، پەیمان، ئیقرار، ئەرێ، قسە، هەرێ، ڕۆوان: (دڵێ بوو داروديواری هەموو مەستی نیگاری بوو/ هەموو سووچێکی دەسکردی بەڵێنی تاقە یارێ بوو) «هەردی»،٢. ناوە بۆ کچان،٣. ناوە بۆ کوڕ.

**بەلینا**: ماسی گەورە.

**بەڵێن‌بردنەسەر**: بە قەول وەفا کردن: (من بەڵێنم بردە سەر، پەیمانەکەم نەشکاند) «مەلەکشا».

**بەڵێندان**: سۆزدان، گفت‌دان، ئیقرارکرن: (سەد بەڵێن بدەی، لەلای من ترە/ بەسیەتی ئیتر ئەم ورەوڕە/ نۆکەریت ناکەم ورگم هەڵدڕە) «ف. بێکەس».

**بەڵێندەر**: قۆنتەرچی، قۆنتەراتچی، بەڵێندەر، بڕیاردەر.

**بەلینگ‌دان**: بە غاردان، بە هەڕاتن، بە هەڵاتن: (بۆخۆی بە لینگ‌دان گەییەوە جەڵەبی خۆی) «توحفە».

**بەڵێن‌گۆڕین**: لە ژێر قەول دەرچوون: (من ئەویندداری کەزی و بسکی زراو و شۆڕم/ دڵنیاشم بەوە قەت بەڵێن ناگۆڕم) «هێدی».

**بەڵێن‌مارای**: بەڵێن شکاندن.

**بەڵێن‌مەردەی**: پەیمان شکاندن.

**بەلینە**: بەڵێن، وەعدە، واعد.

**بەڵێنی**: پەیمان، بڕیە، هەرێنی، هەرێ، ژووان، گفت، قەولی ئەرێنی: (نەهاتی گەرچی پێت دابووم بەڵێنی) «هێمن».

**بەڵێنی دان**: پەیمان‌دان.

**بەڵێنی‌لێ‌ویستن**: سۆز لێ‌وەرگرتن، قەول لێ‌سەندن: (گەر بەڵێنیم لێی بوێ دووبارە بۆ ژوانێکی تر/ پێم‌دەڵێ: شەوگار درێژە کوێ بڵێی من دیمە وێ) «هێدی».

**بەلیەک**: بەلەک، گیای شیرین‌بەلەک.

**بەم**: ١. بۆڵ، کۆر، دەنگی قەبە، دەنگی بۆڕ: (سەدای زیل و بەم مەینەت سەد تەرزەن/ خەفەت شادیشەن، خەم دەماخ بەرزەن) «مەولەوی»،٢. بم، ببم، بەرم: (نەجابەت کەی لە تۆدایە، لە دوو چاڵی چەتیوت بەم/ حەمەی تووڵینە، بەم تووڵە لە قووڵنەی هەتیوت بم) «ڕەشیدی لاوە»،٣. م بەم، دەیبەم: (بەمەیێ ماڵ)،٤. بە ئەم نزیکە،٥. ئایندەی بردن: (ئەی‌بەم)، ٦. فش، هەڵمساو،٧. کوند، کوندەبوو،٨. مرازێکی ئاهەنگ و بەزمە،٩. ژێ

و سیمی ساز کە دەنگی تیژی نەبێ،١٠. تەقەمەنی،١١. قومبەلە، نارنجۆک: (بەمباران)، ١٢. بێەم، بدەم: (چەنێ بەمە پێد؟)، ١٣. بێەمە لێ، لێیدەم: (بەمە ناو گووشد؟)،١٤. بەرندە بووم: (لەلێ بەم).

**بەما**: ١. بەرندە بووم،٢. بەمەو، دەیدەمەوە.

**بەمارەوتەڵاق**: تەڵاقی پیاوێ بە سەر ژنەوە مان: (یار و یارکۆڵەی تۆ لە ماڵی دە بابان هەر بە مارە و تەڵاقە) «فۆلکلۆر».

**بەماڵ**: ماڵدار، ساماندار: (ئەگەر بەماڵی، بە مام و خاڵی/ ئەگەر بێماڵی، بە بەیتولماڵی) «پەند».

**بەماڵانەوەگەڕان**: چوونە بەر درگای ماڵان: (ئامینەخانیش کە هاتوچۆکەری نەما، دیاری و کۆڵەباری لێبڕا، ناچار بوو بە ماڵانەوە بگەڕێ) «پێکەنینی گەدا».

**بەماڵبوون**: وەک خەڵکی بوونە خاوەنی ماڵ و حاڵ: (شەوی پایز بە ساڵ نابێ/ پیاوی گەوج بە ماڵ نابێ!) «پەند».

**بەمان**: ١. ئەوانە بەمەو،٢. لەلێیان بەمەو.

**بەمانا**: ١. لەلێیان بەمەو،٢. کلێانەو کەم.

**بەمانە**: ١. بەئەمانە، بەئەوانە، بەیانە(نزیک)،٢. ئەوانە بەمە.

**بەمانەو**: ١. لەلێیان بەمەو،٢. کلێانەو کەم.

**بەمبا**: بۆم، بۆمبا، بۆمب.

**بەمبازی**: بازە، پارچەیەکی ئەستوور و گەرمە.

**بەمباهاوێژ**: تەیارەی بۆمبهاوێژ و شەڕکەر.

**بەمبای**: هەلەلبشێو، بامبول.

**بەمبوڵە**: فێڵباز، گزیکار، فێڵاوی.

**بەمبوو**: بەموو، قامیشی هێندی.

**بەمبوول**: فێڵ، گزی، داو، ساختە.

**بەمبوولە**: مرۆی دەغەڵ.

**بەمبوون**: ١. بۆڵبوون، زیر و درشت بوون، ٢. فش بوونەوە.

**بەمپێ‌ودانە**: بەم شێوەیە.

**بەمجۆرە**: بەم چەشنە، بەم شێوەیە.

**بەمجوورە**: بە ئەم جوورە.

**بەمز**: بە کرێ، بە پارە.

**بەمزدان**: بە کرێدان.

**بەمزدەر**: بە کرێدەر.

**بەمزووە**: بەم زووانە، بەم نزیکانە: (هەر بینا بەم زووە سەری لێدان) «ئاڵەکۆک».

**بەمژی**: مێشکتیژ، زەینتیژ، زیرەک: (ڕەش و بڕش و پانکەڵەیە، بەڵام سێبڕێکی بەبڕ و چەنەویژ و شیرینبێژ و بەمژی و مێشک و بێژە) «ڕاوچی».

**بەمشوور**: ژیر، هێژا، کارزان، کاری، لێهاتوو: (وای خۆ هەڵخستبوو، سەرسواڵکەر و کچەتیوە نەبوو، سەرورووخۆش و میوانگر، ماڵدار و بەمشوور) «ئەمیری».

**بەمفتێ**: بەخۆڕایی، بەبەلاش: (تەماشام کردووە نەقشی دەراهیم سەرفی مەمنووعە/ کەچی قازی ئیزافەی کرد بە مفتی هاتە بەر چەنگی) «حاجی قادر».

**بەمگوێرە**: بەم گۆرە، بەم پێیە، بەم جۆرە: (هەناسەت بۆنی عەتری گوڵ ئەدا، مەعلوومە بەمگوێرە/ کە ئەو نازارە باری کردووە ئەم سوبحە زووارە) «مینەجاف».

**بەمل**: ملئەستوور: (چی تێدەچوو برێ زل بام/ خاوەن مەچەک و بەمل بام) «ڕاوچی».

**بەملارولاری**: ناوی گۆرانییەکە: (بەم لار و لاری، بەم لار و لەنجە/ خۆ من چم نەگوت، بۆ دڵەکەت ڕەنجا) «ماملێ».

**بەمڵبی**: زۆردار بۆ.

**بەملەگووزان**: چنگەشێو، بشێو.

**بەملەوەبوون**: بە ڕیشەوە بوون، بە شتێکەوە

گرفتار بوون: (ئەگەرچی بارزانیەکان ژمارەیەکی زۆر خێزان و ماڵ و منداڵیان بە ملەوە ببوو) «لە مەهاباد بۆ ئاراس».

**بەمل یەکداچوون**: لێک هاڵان: (سەرکوڵمی ئەوێ نازداریٚ بە من بمێنیٚ بە سوورەگوڵەکەی دە ئەوەڵ بەهاریٚ، ئەگەر بە حوکمی تەرزە و بارانیٚ بە مل یەکدا دەچوون لە ئەوبەر و ئەوبەری دە کاولە سۆمایە) «فۆلکلۆر».

**بەمم**: فش، بەرزەوەبوو.

**بەمن بمێنیٚ**: دەیشوبهێنم: (بەژنیٚ زاڵمیٚ بە من بمێنیٚ بە ڕەشەڕیحانیٚ) «گەنجی سەربەمۆر».

**بەمن چی**: ١. بەندیواری بەسەر منەوە نییە،٢. ناوی گۆرانییەکە: (کە من مردم شین و گریانت بە من چی؟) «مامڵیٚ».

**بەمن وەردی**: دەرخواردت دام.

**بەمو**: بەکوڵکە، تیسکن، موودار.

**بەمۆ**: ١. ناوی چیایەکە لە دەڤەری دەربەندیخان لە نزیک چیای زمناکۆ: (لوتکە و لاپاڵ و سنگە ڕووتەکان توێژێک بەفری لیٚ نیشتبوو، تێکڕای لەشی ڕاکشاوی چیای غەمزەدەی بەمۆ شین هەڵگەڕابوونەوە) «کۆردەرە»،٢. گوندێکە لای مەیدان.

**بەموراد**: بە پێی خواست و ئاوات: (پێت وانەبیٚ ڕیٚ هەر بەژێرە و بەمورادە/ لایێ کەوە لە دواوە مەڕوخێنە لە خۆ پرد) «جومعەکان».

**بەمۆرومایە**: بە پۆز و دەمار، خۆگر و لەخۆبایی: (هێندە بە مۆر و مایەیە دەڵێی کوڕی قەڕاڵی فەڕەنگە).

**بەم‌وزیر**: ١. دوو دەنگی بەرز و دەنگی نزم، ٢. زیر و بەم، ئالەتێکی مۆسیقایە لە دوو پارچە پێک‌هاتووە بەمەکەیان دەنگی بەرز و زیرەکەیان دەنگی نزمە: (چ شەو، چ ڕۆژ؟ وەها کورتی لەهو و لەعب و میزاج/ کە هەر دوو وەک یەک چوون بە نەغمەیی بەم و زیر) «نالی».

**بەموو**: ١. تیسکن، کوڵکن، موودار، پڕموو، تیٚرموو (مرۆ، ئاژڵ) ٢. ناوی چیایەکە لای خانقین،٣. کوویەێگە لە دالاهوو،٤. بەمبوو، قامیشی هێندی،٥. زۆر کەم، بە ئاستەم، بە حاڵدووبەڵا: (لە تەختەی عاجی ڕوخسارت، بە موو داسی نەزەر لەغزی) «ئەدەب».

**بەمووی‌مابوو**: زۆر کەمی مابوو.

**بەمە**: ١. بە ئەمە، بە ئەوە، بۆ یەکێکی نزیک گیاندار یا چت،٢. بە ئێمە: (مووددەتێکە مەیلی جارانت نییە جانا بە مە/ گەرنە، جارێکم دەدی، یا نامە، یا پەیغامەکەت) «ئەدەب»،٣. لای من، لە ڕوانگەی منەوە: (ئەو ئارەقەی دەتکیٚ لە سەری قوتری مەمانت/ دینیٚ بە مە، قەترێکی هەموو کەوسەر و زەمزەم) «بێتووشی»،٤. بدەم، بدەمە، بدەم بە: (لاو دبیٚ: ئەز نەی ئەخیرم/ زێڕ و ماڵ چ ب خوە نەدیرم/ ژ ترسا ئیٚ حەق نەوێرم/ دەست بەمە هلاکەتیٚ) «فەقیٚ تەیران».

**بەمە پیٚ**: بێەمە پیٚ.

**بەمەچەک**: بە دەس‌وبازوو، خودانهێز: (بە مەچەکین، شۆڕش‌گێڕین) «ڕاوچی».

**بەمەدا**: بەئەمەدا، بەئەوەدا، بەوەدا، لەمڕووەوە.

**بەمەزە**: بەتام، بەچێژ، خۆش: (کوڕ، یا کچی لەب نۆشین، هەر دوو بە ڕوخ و ڕەنگین/ هەر دوو بە مەزەن، شیرین، قەندە: کوڕ و حەلوا: کچ) «ئەدەب».

**بەمەستوورە**: بەم ئەستوورە، بریتی لە هینەکەی نالی: (ئاایینە بە مایینە دەبیٚ ڕەنگ نوما بیٚ/ «مەستوورە» بەمەستوورە دەبیٚ موهرەگوشا بیٚ)

«نالی».

**بەمەسەل**: هەروەک، بۆ نموونە: (حەیرانی دەمت بم بە مەسەل شووشە گوڵاوە) «ئەدیب».

**بەمەشکەدەرێنان**: کەوڵ کردنی ئاژەڵ بۆ مەشکە.

**بەمەکر**: بەناز، عیشوەگەر: (ئەمان سەبری ئامان سەبری/ سەد ماشەڵڵا چەند بە مەکری) «حەسەن زیرەک».

**بەمەلێ**: بێەمە لێ، لێی دەم؟

**بەمەندیل**: مێزەر بەسەر، سەر بە دەسرە: (پاشا گۆتیە وەزیرەکەی: گایەکی بە مەندیلم لۆ بینە، وەزیر پیاوەکی بە مەندیلی گیلی لۆ هێنا) «پەند».

**بەمەو**: ١. بەرندە بووم،٢. کلەو بکەم؟

**بەمەوا**: بەمەو.

**بەمەوە**: بەمەو.

**بەمەوەێ**: ١. لەلێ بەمەو،٢. کلێەو کەم.

**بەمەێ**: ١. بەمەوەێ،٢. ئەوڵ خوەم بەمەو.

**بەمێ**: بدەمێ، پێی بدەم: (بە خێری مردووم هەموو ئێواران/ هەنگوینی بەمێ لەگەڵ دوو سێ نان) «پیرەمێرد».

**بەمێا**: ١. بەمەوەێ،٢. بێەمێا.

**بەمێان**: ١. لەلێان بەمەو،٢. ئەوڵ خوەما بەمەو.

**بەمێانا**: ١. بەمانا،٢. کلێانەو بکەم.

**بەمێانە**: ١. ئەوانە بەمە،٢. بێەمانە.

**بەمێانەو**: ١. لەلێان بەمەو،٢. کلێانەو کەم.

**بەمێر**: بەمێرد، مێردار، شوودار: (ئەز کەوەکم ژ کەوێت نێرم/ ژ نزارا دهێم و ل بەرۆژا دنێرم/ خەلک و عالەم ئاشقێ کچانن/ ئەز ڕەبەنێ/ ئاشقێ بەژنا بلند و ژنا ب مێرم) «حەیرانۆک».

**بەمیراتبوون**: لەپاش بەجێ مان: (شەدەی سەرت بە میرات بێ/ نەحلەت لە شەرت و بەقات بێ/ هەی نەبا شێتێ بەتەمات بێ) «حەسەن زیرەک».

**بەمێرد**: بەمێر، شوودار.

**بەمێردان**: بەشوودانی ئافرەت.

**بەمێرددان**: بەمێردان.

**بەمیسلی**: وەکوو، وەکی: (عەقیمئاسا لە زگ وەستایەوە حەملی نەما ئیتر/ لەپاش تۆ دایەیی دونیا بەمیسلی مادەری عیسا) «سالم».

**بەمینەوە**: بە گریان و فینگەفینگەوە.

**بەمێەو**: ١. لەلێ بەمەو،٢. کلێەو کەم.

**بەن**: ١. هەودا، بەنک، بەند، دەزووی لە خوری ڕێسراو وەک: کری جۆلایی: (دوو بەرکۆژەی بە بەن لێنابوو) «پێکەنینی گەدا»٢. وەریس، زنجیر، بەندەک، بەند، هەر شتێکی بۆ بەستن ببێ ٣. وەن، داربنێشت، دارەبەن، دارقەزوان، وەندار، دارێکی خۆڕسکی کوردستانە: (کفر و گەز و گوێز و چاڵووک/ گوێز و بوز، بەن و بەلاڵووک) «بۆکوردستان» ٤. مەکر، گزی، فێڵ ٥. دەوروبەری ئاڤایی ٦. گیابەند، گیایەکی کوێستانییە ٧. مانەوە، وێستاو ٨. کێو، شاخ، چیا: (بەنیپیمەم) ٩. گەڵا و پەلکی دار وگیا ١٠. دیواری بە وشکەبەرد ١١. جومگە، جمگە، گە ١٢. بەس، بەست، بەندیواری ١٣. بەستە، بەندی قاقەز کە ٥٠٠ تەبەقەیە ١٤. بەن، بەشێکە لە کتێب ١٥. زیندان، گرتووخانە ١٦. دابەستن، بەستنەوەی ولاخ ١٧. بەستەی سندووق یا تفەنگ ١٨. بەند، بەندی پسپسۆک ١٩. بەنی کشت، پەرگ، پەرگە ٢٠. تەناف، پەت، گوریس، وەریسکا جلکشۆرییێ ٢١. خەم، دڵتەنگی، ٢٢. بدەن: (تا گۆشتی گیانداری ڕووی ئەرز بە یەک ژەم/ دەرخواردی دێوێک بەن، داپێچراوە دەم) «گۆران»،٢٣. بەند، هەر چشتێ کە ئەڕای بەسان بێ،٢٤. ئەوان بەن، دەیبەن،

٢٥. ئەمن، ئارام كردن: (كەس بەنێ نییەكەێ)، ٢٦. بەن خسـن، هەڵگـرتن مـووی دەم و چاو،٢٧. ڕەزم، ئەنام، ئەندام جەسـە: (بەن بەن گیانم ژان كەید)، ٢٨. پەروار، دابەستن ماڵات.

**بهن**: ١. بين، نەفەس، پشوو، هەناسە: (بهنا من تەنگ بـوو: ئـارامم لێبـڕا) ٢. بـۆن، بـۆ، بـێن: (سەحەرگا عەنـدەلیب مەسـتن ژ بهنـا وەرد و بشكۆژان/ شوبە توتاك و گۆیینان دەنـالین ئەم د فرقـێدا) «جزیـری» ٣. فەرامۆشـی، ئـارامی: (بهنا مه هات: فەرامۆشیمان هات).

**بەنـا**: ١. بەننـا، دیوارسـاز، گڵكـار، وەسـتای خانوو: (ژن بەناس و پیاگ كرێكار) «پەنـد»،٢. گیـایەكە وەك كەمـای دەچـێ و دەخـورێ ٣. گیایەكە وەك كنگر دەچێ و لەوەڕی ئاژەڵە بۆ زسـتان،٤. مەنـێ، مەنـدێ: (وڵ كەردەن بەنـا چووزە كڵـێڵە) «م.ح. دزڵـی»،٥. كـلەو كەن،٦. بەرندە بوون.

**بەناباشی**: ١. وەستا، سەروەستا: (هۆسای تای شـاوڵ دانـش وە مشـتی/ بەناباشـیی بـورج دیواران گشتی) «مەولەوی»،٢. بریتی لە خـودا: (بەناباشـیی بـورج بەرزە دیـاران/ سـفیدكاری كەرد تاقچەی موغاران) «مەولەوی».

**بەناچووزە**: چووزەرەی مەندێ.

**بەناحەق**: دوور لە حەق، دوور ژ ڕاسی.

**بەنار**: بنار، دامێن.

**بەناڕومی**: گژنیژ، گیای تاوڵێ.

**بەنـــاز**: ١. نــازدار، نازكــار، نــازنوێن، عیشوەكەر،٢. بە ڕووی نـازەوە: (هەر نـازداره، بۆ هەڵپەڕكێ جۆشـێ لە سـەریا/ لە شمشـاڵم ئەنێ، بە ناز ڕووی نیـازی جیـا!) «گـۆران»،٣. ناوی گۆرانییەكە: (ئای بەناز بەناز نازت چەنـد خۆشە/ ئارەقت گـوڵە وەی بۆنـت وەنەوشـە) «ڕەزازی»،٤. ناوە بۆ كچان.

**بەنازبەناز**: گۆرانی‌یەكی هۆرامی‌یە.

**بەنازونوز**: نازفرۆش، نازكەر.

**بەنازونوزە**: نازفرۆش.

**بەنازونوزی**: نازداری، نازفرۆشی.

**بەنازە**: بەناز.

**بەناسـۆر**: برینـێ كە تەشـەنا بێنـێ و چـا نەبێتەوە: (وەكوو ئەڵماسی تیژە بـۆ برینـی/ بە ناسۆرە هەمیشە ئەو برینی) «ئاوات».

**بەناشرمە**: ملوانكەی پیاوانە.

**بەناشوانە**: بەلەشـوانە، بەناشـووانە، نانەشـوانە، گیـایەكی بۆنخۆشـە وشـكی دەكەن بـۆ نـاو ماست و تۆراغ بەكاری دەبەن.

**بەناغ**: بناغە، بنچینە، بنگە، دەستوور.

**بەناف**: بەناڤ، داری بناو.

**بەناڤ**: ١. ناودار، ناڤدار، ناسراو، بەناوبانگ ٢. نێوپڕ، پتەو ٣. بناو، بناوچ، داری بناوێ، هەمـو دارێ سـەر ئـاو دەكەوێ غەیـری ئەم دارە ژێرئاو دەكەوێ ٤. داری ئەسـتوور و قـایم ٥. كولند، كوندك، كدو، كودی.

**بهناڤ**: ١. ئازا، زاوەردار،٢. گیایی.

**بەناڤی**: بەناڤ، داری بناو.

**بەناگوش**: بناگوێ، بەناگۆش: (هەرچی بـدیا روخ و بەناگوش) «خانی».

**بەنـاگۆش**: بنـاگوێ، لاجانـگ: (لەو تەرفـی بەناگۆشـەوە، تـاكو بە كەفـی پـا/ ئاشـوفتە و بەرگەشتە و ئاڵۆز و چەلیپا/ ...) «ئەدەب».

**بەناگووش**: بناگوێ: (ڕۆسەم وەی تەور دی، جووشـیا وە جـووش/ زیـلەی وە سـتەم دا نە بەناگووش) «چەمەنئارا».

**بەنام**: بەێنام، بەدنام.

**بەنـاموس**: بە شـەرەف، مەرد، پیـاو: (هەر خۆی بە ناموس دەزانێ، خەڵكـی تـری پـێ بەڵمەبرینجە) «شەوارە».

**بەنامی**: بەدنامی، بەیَنامی.
**بەنامییە**: بەناوبانگ، ناودار، مەنشوور.
**بەنان**: ١. نانبدە، بەخشندە، دڵفرەوان: (دڵئاوا، بەنان، میوانگر) «ئەمیری» ٢. یەخبەندان، هەوابەندان، سەرما، هەرەتی بەستن،٣. گوندێکە لە باکووری شێروانمەزن،٤. ئەول خوەیانەو بەنەو،٥. لەلیان بەنەو،٦. بیەنان.
**بەنانا**: ١. کلیانا کەن،٢. لەلیان بەنەو،٣. بیەنانەو.
**بەنانە**: ١. ئەوانە بەنە،٢. ناوی گوندیکە×: (مەلاییکی پۆشتە و پەرداخ بە کەلی خاندا تیَئەپەڕێ، کابرایەکی بەنانەیی ڕێگر تووشی ئەبێ) «ڕشتەی مرواری».
**بەنانەو**: ١. لەلیان بەنەو،٢. کلیانەو کەن،٣. بیەنانەو.
**بەنانەوا**: ١. بەنەو،٢. بەرندە بوون.
**بەنانەوە**: ١. کلیانەو کەن،٢. بیەنانەو.
**بەنانەوەێ**: ١. ئەوان کلیەو کەن،٢. ئەوان لەلیَ بەنەو.
**بەنانیَ**: بەنا، بەننا، وەستا دیوار.
**بەناو**: ١. ناودار، ناسراو، بەنیوبانگ: (بۆ بەخشش و دڵ، بەناو و دەنگن/ شێرن لە هەرا، پڵنگی جەنگن) «هەژار» ٢. بەدناو، ناوزڕاو ٣. لەڕوو، لە ڕووی پەرتوک یا پەڕاوی،٤. بە ڕواڵەت: (هەر لە سەربان دار بە داری ڕایەڵی بژمێرە وەک/ لاپەراسووی بارگیرێکی کە زیندوو بێ بە ناو) «نالی».
**بەناواچوون**: بەرەو پیری چوون، نیوەپیر بوون.
**بەناوبانگ**: بەناو، ناودار، ناسراو.
**بەناوخوا**: بە نێوی خودا.
**بەناوسک**: ورگگەورە، سکزل.
**بەناوشان**: ناوشان پان، چوارشانە: (هەرچی باوکی بوو ئێسکئەستوور و قەفەزەی سینگی پان و بەناوشان بوو) «خاک و چەوسانەوە».
**بەناوکردن**: ناوی کەسێ لەسەر شتێ دانان.
**بەناووداو**: بە دڵ و گیان: (ناڵەیان خستە ڕێ بە ناو و داو) «ئاڵەکۆک».
**بەناوودەنگ**: مەشهوور، ناسراو، ناودار: (دەنگخۆشی بە ناو و دەنگ، سەماکەر/ دنبەگژەن و تەپڵ و دەففەلێدەر) «هەژار».
**بەناوهاتن**: بەڕێوە بردن، کار لێکردن: (دوو ساڵ پێشتر گزگل، ١٠٠ دۆنم زەوی زیاتر پێ بەناو نەدەهات) «خاک و چەوسانەوە».
**بەناوهاوردن**: ڕەنێوهێنان، پەروەردەکردن.
**بەناوهێنان**: ڕەنێو هانین، هێنانە ناو.
**بەناوی**: بەدناوی، ناوزڕاوی.
**بەنایی**: بەننایی، وەستاکاری، گڵکاری، دیوارسازی، وەستایی خانی.
**بەنئەناز**: دەموچاو هەڵگر.
**بەنبادان**: ١. ڕێستن، تەشی ڕستن: (لەو بانە بەرزە بەنم با دەدا/ یارم کەوا ڕەش ماینی ئاو دەدا) «فۆلکلۆر»،٢. بریتی لە کار تێکردن لە کەسێک: (پەردە لە چرچاوت لادەم/ بەڵکوو ئاوا بەنت بادەم) «هێدی».
**بەنبڕ**: تیغ، تیخ، چەقۆ، بەندبڕ، هەرچی ببڕێ: (چ بکەم، بەنبڕم تەنیا ددانە/ چۆن هەڵکوتمە سەر ئەو دڕندانە).
**بەنبڕمددانە**: بریتی لە بێدەسەڵاتی و بێ چەک چ لە دەس نەهاتن.
**بەنبڕیا**: مرۆڤی شل و سست.
**بەنبڕیای**: شل و خاوی و سستی.
**بەنبڕین**: ١. لاناوە لە بێحرمەتی کردن،٢. درووو وتن.
**بەنبڕیێ**: مرۆڤی شل و خاو.
**بەنبۆ**: بەند بێ، گیر بێ: (شەرعەن تەڵاقە بە ترێ بەن بۆ) «م.ح. دزڵی».
**بەنبوون**: ١. مانەوە، نەڕۆیشتن،٢. سەندنی

شتێ لە کەسێ بەبێ پارە.

**بەنبەقاو**: هەیتهووت، تەشریفات.

**بەنبەند**: بەندبەند، هەموو بەندی جەسە: (لە ناڵین کەوتووم بۆ دەستی یار و موتریبی مەجلیس/ وەکوو تای پچکڕاوە تێکچووە بەنبەندی ئەعزاکەم) «وەفایی».

**بەنپرچ**: بەنجەل، بەنجەلە، بەندگیس، بنکەزی، قەیتانی کەزی.

**بەنپۆرک**: بەنپرچ، بەنکەزی: (سەرێن گولییان ڤا بەنپۆرکێن نەخشە ب قۆتکێن ڕەنگ ڕەنگی) «مەستوورە».

**بەنپێبادران**: دەرەقەت هاتن و پێوێران.

**بەنپێبانەدران**: دەرقەت نەهاتن: (من کوا بەنی ئەوم پێ با دەدرێ؟).

**بەنپێڵاو**: قەیتانی پێڵاو.

**بەنتفەنگ**: قامیشی تفەنگ.

**بەنتک**: خشڵێکە لە قەنەفل و سۆتکە و زەنگیانە دروس دەکرێ، ژنان بە یەقەی کورتەکیان دەخەن بۆ خوانی: (بای شەمار تۆزی دینی/ بەنتک و گواران تێک دارینی) «فۆلکلۆر».

**بەنتەرک**: بەن سامۆتە، سامۆرتە.

**بەنتەڕگ**: بەن سامۆرتە.

**بەنتەزبێح**: بەنێک تەزبێحی پێ دەهۆننەوە.

**بهن تەنگ**: بێن تەنگ، بێئارام، بێحەوسەلە، پشووسوار، کەمپشوو، تووڕە، تەنگەتیلکە گرتوو.

**بەنج**: ١. بەنگ، ماکێکی سڕکەرە ٢. سڕ، بێهەست،٣. سەرخۆش، مەست.

**بەنج بی یەی**: ١. سڕ بوون،٢. مەس بوون.

**بەنج کراو**: ١. سڕکراو،٢. مەسکراو.

**بەنج کریا**: بەنجکراو.

**بەنج کریێ**: بەنجکراو.

**بەنج کەر**: ١. سڕکەر،٢. مەسکەر.

**بەنج کەردەی**: ١. سڕ کردن،٢. مەس کردن.

**بەنج کەرە**: بەنجکەر.

**بەنجگەر**: بریتی لە فرزەند، مناڵ، عەزیز.

**بەنجەلە**: ١. بەنپرچ، بەندگیس،٢. بەنی جەلە پێوەکردن.

**بەنجی**: ١. سڕی،٢. مەسی، سەرووەشی.

**بەنچن**: چنراو لە بەن: (تا کڵاشی بەنچنی ژێر مەحکەمی خۆم دەس بدا/ قۆندەرەی تەسک و تروسک و لار و خوارم بۆچییە!) «قانع».

**بەنچێلک**: یەخە، ئێخە، بەرۆک.

**بەنچین**: بنیش، دانیشن.

**بەنخسن**: موو هەڵگرتن.

**بەند**: ١. هەڵبەست، هۆنراوە، سروود، ستران، گۆرانی: (قسمەت ناردمیە ئێرە، گویت لە بەندم بدێرە) «حەسەن زیرەک» ٢. بەندە، کۆیلە: (وەک دەڵێن: مەیلی بە ئازادی بەندانە، گوڵم/ گەر منم بەندە، خوایە قەتم ئازاد نەکا) «ئەدەب» ٣. چاوەڕێیی، چاوەڕوانی ٤. زیندان، زیندان، گرتووخانە: (من لە زنجیر و تەناف و دار و بەند باکم نییە/ لەتلەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن) «هێمن» ٥. دەس، دەست ٦. جومگە، جمگە ٧. گەی، گرێچک، بەندی قامک ٨. ئازا، ئەندام: (گێژی لە خەیاڵات و گلەی بەختی ڕەشت/ ڕابوێرە هەتا بەجارێ نەبڕاوە بەشت/ دەس بگرە بە بەندی سەر و پرچی جوانێک/ تا هەڵنەوەشێنراوە هەموو بەندی لەشت) «خەیام هەژار» ٩. گیر، مانەوە: (لەوێ بەند بووم) ١٠. حیلە، فێڵ، ناز، تەفرە، دۆلاب، بەندوباو: (گۆ: بەند و لەییز و جێ ب دۆرن/ هون هەر دوو جییان ب هەڤ بگۆڕن) «خانی»١١. جۆگە، شاخەت،

بەندی هەڵبەسراو ١٢. سەد، بەندی بەرگری ئاو: (لە هاوین‌دا ئاوی ئەو بەندەی بۆکان کەم دەبێ) ١٣. گرفتاری، گیروگرفت، تەنگ و چەڵەمە،١٤. پارچەیەک لە قەسیدە شیعر ١٥. کورتەگۆرانی ١٦. بەستەکاغەز ١٧. بڵندایی لە تەختانی‌دا ١٨. پێنجەم حەوتوی زستان ١٩. وەخت، کات، جەنگە: (سەروبەند) ٢٠. ساڵی جووت‌کردنی گا: (ئەم گایە دوبەندە) ٢١. قەدەغە، قاخە ٢٢. ڕستە، گەلەوتە، هەڤۆک ٢٣. تەڵە، داو، پێچەک، پەهەبەن، تەلەزگە، ڕووشە: (بۆ، تا پەی شادییش بنیەم بەندی جوور) «بێسارانی» ٢٤. پایان، کۆتایی، بنەبڕ، بەستن، ڕێگابەستن ٢٥. بێنک، جەرد ٢٦. دەستە، تیرە، جووم ٢٧. بەستە، سنوری دوو زێ یا دیواری باخ، باغ ٢٨. تەناف، وەریسکا جلک شۆری‌یێ ٢٩. زنجیر، گوریس، هەر شتی بۆ گرێدان ببێ ٣٠. بەنی تەرازووی: (بەندی تەرازووی زینەتم بڕیا/ دایەرەی مەجلیس یارانم دڕیا) «قانع»،٣١. مەرج، پەیمان، ڕەهن وەرگرتن٣٢. جوت گرێدان ٣٣. پێشگرە و گەلەک مەبەستان دەگەیەنێت: (بەندقادە، بەندوباو، بەندەل) ٣٤. پاشگرە: (شیشەبەند، دەپەبەند، پێلابەند) ٣٥. بریتی لە مارەبڕین و گرێدانێ ٣٦. بەنیر، بەندی نیر، بەنی کەڵەوەی ملی گاجوت ٣٧. بەندی ڕەشماڵ و خێوەت: (دەردت لە ماڵم کاڵێ/ کەزیەت بەندی ڕەشماڵێ) «حەسەن زیرەک»،٣٨. گرفتار، گیرۆدە: (بەند کرم گەرچی شبێ فیل بوم/ سیم بەری ساعید و بازو ژ عاج) «جزیری»، ٣٩. پەیوەند، پێوەندی زندانی: (ئەژدەهاک! کون‌بڕە، سەختە زیندانت/ ناڕووشێ بە بڕبەن بەندی گرانت!) «گۆران»، ٤٠. دوگمە: (ساتێکی خەریکی گرەهی بەندی ئوزاری/ دەستم لەپڕا کەوتە سەر ئەو مەوزیعی کاری/ ...) «ئەدەب»،٤١. داپۆشراو: (ئارۆ خەمانم چوون دەماوەند بی/ دیدەی قیبلەی ویم، بەندی شەوبەند بی) «بێسارانی»،٤٢. گرێی دەسماڵ و پەچە: (ئەی شاهیدی قودسی، ڤەکە بەندێ ژ نیقابێ) «جزیری»،٤٣. بەند و گرێی قامیش: (ئاخ لەگەڵ ئیمە حەبیبە سەر و پەیوەندی نییە/ نەیشەکەر قەددە، بەڵا بەندی هەیە، قەندی نییە) «نالی»،٤٤. شەشدەر: (نەردا مە چ بازی بنومیتن مە ژی ڕازی/ بەندین د سوئالێ و گوشادین د جەوابێ) «جزیری»،٤٥. ئاوقە، بەرەنگار: (خالۆ خان، د کەلا حەسەنابادێ‌دا بەندا وی بوو) «مەستوورە»،٤٦. دەس‌بەند، بەندی سەعات: (سەعاتی دەستت بەندەکەی زەردە/ هاتنەوەت خۆشە و چوونەوەت دەردە) «فۆلکلۆر»،٤٧. بەن، نەخ: (وە بەند دووباد مەینەت جگەر/ بوورازە تاتای جەواڵان یەکسەر) «مەولەوی»،٤٨. سەرما×: (بەند و سەرمایەکی وایە کە زەوی ڕێک دەکوشێ) «هێدی»،٤٩. خەم، کەسەر،٥٠. ببەستە، داخە: (دەرێ خوەشی بەر وێ ماڵێ بەند/ کو دەنگێ ژنێ ژ وێ دبوو بلەند) «گوڵشوون»،٥١. بڕێ لە کتێب: (بەو بەندی ئەویستاکەم، مەعلووم بووە لای عالەم/ نێو تاقمەیی هونەر، تەنیاکوڕ و تاقانە) «ئاوات».

**بەندا**: گوندێکە لای مانگیش.

**بەنداپێووری**: کۆمەڵەی هەڵبەستی شاعیران.

**بهندار**: بۆندار، بێندار.

**بەنداحەیدەری**: خشڵێکی ژنانە لە لیزگە لیرە بۆ سەر کڵاو و سەرپێچ و سەردەری، چونکە هەوەڵجار لە ناو هۆزی حەیدەرانلوی کوردا بۆتە باو، ئێستا هەر بەو ناوەوە ناسراوە: (کەوکەب و قەوس و قوزەح، لوئلویی بەندا

حەیـدەری/ تـێن تەوافا زولـف و خـالێن دلروبایێ راست و چەپ) «جزیری».

**بەنداڤ**: بەنداو، بەست، سکر، بەربەندی ئاو.

**بەندان**: ١. بەنان: (ڕێبەنـان) ٢. تێهەڵسونی بە گشتی: (خەنەبەندان)،٣. کۆی بەند، گۆرانی: (بەنــدان دەڵــێم بە زاری/ دایــدەنێم وەک مێعماری/ گوڵم دەچمە سەفەرێ/ چت بۆ بێنم بە دیاری) «فۆلکلۆر».

**بهن‌دان**: پشـوودان، وچـانـدان: (عوببەیـان دا بەر ڕکێبان/ بێحەد و قەول و حسێبان/ بەدەوا موخلیس ژ عێبان/ گاڤەکێ بهن نادەتێ) «فەقێ تەیران».

**بەنــدانە**: بەنـدەیانە، بەنـدەوار، کـوَلانە، وەک بەننە.

**بەنداو**: ١. گۆلاو، بەنـد، چـۆمی بەرگیـراو ٢. ئەسـتێر، ئەسـتێرک، ئەسـتێل، حەوز،٣. ئـاوی بەند، ئەو ئاوەی لە چۆمڕا بە شاجۆگەیدا دێ بـۆ سـەر زەوی کشـتوکاڵی: (بە دەشـتی شارویراندا دەهاتم تووشی بەنـداوێک بـووم) «چێشـتی مجێـور»،٤. قەمـتەر، زەوی تـووتن جۆگای بەکـندا دێ، لەو جـۆگەیە جێگـایەک هەیە ئـاوی جـۆگەکەی پێدەگیــرێ و بەر دەدرێتەوە، پێی دەگوترێ بەنداو.

**بەندایەتی**: بەندەیی، عەبدایەتی.

**بەندار**: بەننا، وەستا، بنگەهـ چێکەر.

**بەندباز**: تەنافبازی سیرک.

**بەندبڕ**: بەنبڕ، تێغ، چەقۆ.

**بەندبوون**: ١. مـانەوە، نەڕۆیـین: (ئەوشـۆ لە ئەگرە بەند بە و مەڕۆوە)،٢. چەسـپین، لکـان، نوسان،٣. گیربوون، گیرکردن: (کە دیتە بـاغ بە خەیـاڵم لە دەسـت و پێـی هـاڵێنم/ کەچـی بەداخەوە، خـۆ بەنـد نەبـوو لەویش دەستم) «ئـاوات»،٤. حەز لێکـردن××: (ئەو قـامەتە ڕەعنایە، بۆ من کە لە دەس نایە/ جێگەی مـن و دڵ ناکـا، سـەدها دڵـی لـێ بـوو بەنـد) «ئاوات»،٥. خەریک بوون×: (هەر لە فیشـاڵ و گـزی بەنـد بـوو، خـولی چەرخـی چەوێـڵ) «عینایەتی»،٦. پێـوە گـرێدران: (خۆشەویسـتی خـوا کە بە گیـان بەنـدە/ وەک شـەراب هەتـا کۆن بێ پەسەندە) «پیرەمێرد»،٧. مەحتەل بوون: (گاڤا ئەو هلکشـییا کۆچکـا وەلـی، عینـایەتولا خــان ئیشــق ئاغاســی بەنــدا وی بــوو) «مەسـتوورە»،٨. قەراگـرتن، جێگـرتن: (حەک بکەم دەفتەری سەعدی بە دەمی ئەربە بەیـان/ بێمە سەر مەدحی دەهانت لە دەما بەندە زمان) «سالم»،٩. بەندبوون، ڕاوەستان، پێش پێگیـران: (دلۆڤان کـا ڤـێ ژ سـەرێ کـاتی گرێـد/ چـو فەبوو نێ بەند ژ جۆی سەرێژ) «گول‌شوون».

**بەندبەنــد**: ١. داڤداڤ، ئێـک لـدوو ئێـک، پەیدەرپەی،٢. جومگە جومگە، ئازای ئەنـدام: (بەنـد بەنـدت بە تـیخ جە هەم جیـا بـۆ) «بێسارانی».

**بەندبێژ**: گۆرانیبێژ، گۆرانیچڕ، ستران‌بێژ.

**بەندبێژی**: شایەری، شایەریتی، ئستران‌بێژی.

**بەندبی‌یەی**: بەند بوون.

**بەندپساندن**: پەت‌بڕین، قرتاندن.

**بەندخستن**: بەن‌خستن، ڕوومەت هەڵگرتن.

**بهن‌دخووەدان**: خۆ بۆن‌خۆش کردن.

**بەندخەرج**: دەرئێخستن.

**بەنددەست**: جمگەکانی دەست.

**بەنــدر**: کـاوڕ، کـاڤڕ، شــەکەنێر، بەرخـی دووساڵەی نێر.

**بەنــدروو**: ئارشـوون، ئاشـوون، خـرێتە، بەن موتاوین، بەن‌دروومان، گشتەکە بەن بۆ درونـی جەواڵ: (تێــر و جەواڵ، گـــوریس، کەژوو، خۆری خۆڵە و بن‌دروو) «شەوارە».

**بەن‌درووومان**: بەندروو، گشتەکە بەن.
**بەندریٚ**: بەندەری، کەر، پیٚرۆیێ سواربوونێ.
**بەندزریٚ**: هۆنراوەیەکی زیٚوە شەدەی پیٚ قایم دەکریٚ: (سەدای لاو هەی لاو، زرەی زەرزنجیر/ سلسلە و بانیسەر بەندزریٚ و لاگیر) «مەولەوی».
**بەندقادە**: بەنقادە، بەن‌گارتە، بەندگارتە، بەندیٚ تبلان، بەنی شەغرە.
**بەنــدک**: ١. کراوات، کەراوات، بۆینباخ ٢. مەندیٚ، مەندۆک، گیایەکە تیٚکەڵ بە شیریژ و لۆرک دەکریٚ ٣. بەن، قەیتان، هەودا، ریٚسراوی لە خوری: (هەکە بەندکیٚ سۆر و زەر بی، دیٚ ب دەریٚ همبانا خوٚڤە بی) «پەند»٤. نووسراوگر، چتی نووسراوە بگریٚ ٥. گەردەبەند، گەردانە ٦. ریشە، بیٚخی گیا،٧. بەین، مابەین، تا.
**بەندکار**: بەدکار: (بەندکار کەر و جۆ لیٚک ئەکا) «ف.پ.پ.».
**بەندکر**: گرییداوە، بەستویەتەوە: (پەیکان د جەرگیٚدا چەڤی، بەند کر ب شەوکا عەنبەریٚ) «جزیری».
**بەندکران**: ١. پەخ‌کران،٢. ڕاگیر و مەحتەل کران،٣. گیران، زیندانی بوون.
**بەنکراو**: ١. گیراو، مەحتەل‌کراو،٢. بەندی، زیندانی.
**بەندکرن**: ١. بەستن، گریٚدان،٢. گیرکردن، مەحتەل کرن،٣. ڕاگرتن بۆ مانەوە: (پووریٚ گیان بەندم مەکە دەبیٚ بچمەوە)،٤. زیندانی کرن،٥. بەرهەڵستی کرن.
**بەندکەتن**: ڕارکەتن، ڕاچاڤ‌کرن، لیٚپان، کەرٍ دوو چوون، چاوەدیٚری کردن.
**بەندکەردەن**: گیرساندویەتەوە، بەندی کردووە: (جەیرانەن جەیران، جە ماچین ئامان/ نەسیب بەند کەردەن جەی مولٚک دامان) «بیٚسارانی».
**بەندکەردەی**: بەند کردن.
**بەنــدکەک**: بەنیٚک، پەتیٚک: (دیپشکیٚک ژ کونیٚ دار دەردکەڤیت، بەندکەک دئیٚخیتە پیٚی وی و بەردەتە د ناڤ کونیٚ دا و پشتی هنگی ڕادکیٚشیت) «گولواز».
**بەندکیٚدووهمبانیٚ**: بەندی دوو هەمانە، بریتی ژ مرۆڤیٚ ب کیٚرنەهاتی.
**بەندگارتە**: بەنقادە.
**بەندگریٚدان**: تابرینا بدزیا: (تابرین بەندگریٚدان و نەفەس...) «حاجیقادر».
**بەنــدگیٚڕانەوە**: بەنــدانیٚ، بــۆ ســەندنەوەی گۆرانی.
**بەندگیس**: بەن پرچ، بەن کەزی.
**بەن‌دڵ**: ١. بەنــدی دل، بەنەن دڵ، وەنەنە دڵ، ئەو هەودایەی دڵی ڕاگرتووە: (خەنجیٚریٚکی دا لە بەن دڵـی) «ئـاوێنەیبیٚگەرد»،٢. بەن‌جگەر، بەندی دڵ، بریتی لە ئازیز.
**بەندنمەبۆ**: بەند نابیٚ، گیر نـابیٚ: (هیچ بەنـد نمەبۆ، پـای بەڵاش پیٚـوە/ وەر نە هەی شاباز شۆخ شەم‌شیٚوە) «مەولەوی».
**بەندۆ**: دەنگی مۆزیکایە.
**بەندوباز**: ١. بازی، کـایە، گەمە: (مەتلـوب ژ لەعب و بەند و بـازان/ قەت نینە ب غەیـریٚ کەشفیٚ ڕازان) «خانی»،٢. بە دەس‌وبرد، بریتـی لە سەرکەوتن و باوخۆشـی لە کـایەدا: (زانـین کو مەمۆ ب بەندوبازە/ میر گۆتە مەمـیٚ: دوو دەستیٚ تازە) «خانی».
**بەندوباو**: ١. ناوونرتک، نیٚوونرتک، بەیت‌وباو، بەیت‌وبالۆرە، شایعە، دەنگ‌وباسی ناشیرین کە بخریٚتە دوای کەسیٚک: (ئیٚستا لەباتی ئەو بەنـد و بـاوە/ بەبـیٚ شـوورەیی پرچ‌بـرین بـاوە) ٢. فرت‌وفیـڵ، حـیلە، پیلانـی خـراپ: (هەر دەم

هەوڵ ئەدەین بەبێ ترس و لەرز/ لەبۆ گەیشتنی بە ئاواتی بەرز/ خۆمان لە هەزار بەند و باو ئەدەین) «دڵزار» ٣. ئەفسانە، چیرۆک، وتەی دوور لە ڕاستی و هەڵبەستراو: (ئیدیعای ئەشعار و بەیت و بەند و باوم لێدەکا) «کۆکەیی» ٤. کێشە، گەڕ، تەشقەڵە.

**بەندوباوھەڵبەستن**: قسەی ناڕاست و نارەوا سازدان بۆ بەدناوی کەسێک.

**بەندوبەس**: ١. بەنوبەس، پەیمان،٢. تەون و بەست، گزییە، کاری فێلاوی: (ئەوەندە فێڵبازە، کەس لە بەند و بەستی تێ ناگا).

**بەندوبەست**: بەندوبەس.

**بەندوبەستچی**: دەس‌وگوێبڕ.

**بەندوبەستەڵەک**: سەرمای توند: (مناڵیان ئەکوشت بەند و بەستەڵەک/ ڕیشەیان کرۆست کەرویشک و دەڵەک).

**بەندۆخین**: بەنەخوێ، دۆخین، بەندیخون، بەندەخوێن: (ناچار بەندۆخینە دەزووە دەستکرد) «غەوارە».

**بەندۆشک**: بەندی یەخە، بەندێ کو ل جهێ بشکۆکاندا پێ پێسیرا کراسی گرێ دەدان.

**بەندۆک**: ١. بیبن، بەنێکە لە پشت دەبەسرێ، ٢. بەنی ژێرچەنە بۆ ڕاگرتنی کڵاو، ٣. ئیخە، یێخە، یەقە،٤. بەنگۆکە، گیایەکی کوێستانیە.
×١٠٩ ڕاوچی×

**بەندۆکە**: ١. ژێرچەنە، ژێرچناکە، خشڵێکە: (بەدەن بە وێنەی تاقی نمروود شا/ بەندۆکە و قۆیتاس کەوتنە سەما) «سەعید و میرسێوەدین» ٢. قەیتان یا بەنێکە تاسکڵاوی پێ قایم دەکرێ،٣. بەنۆکە، بەنگۆکە، بەنک، گیایەکی کوێستانییە گەڵای واسە کەرەوز، دەخورێ،٤. گیایەکی ئاوییە لەگەڵ کووزەڵە لە ئاوا شین دەبێ.

**بەندۆڵ**: باندۆل، زەنبەلەک، فەنەری سەعات.

**بەندووش**: جووریّ کووڵەپشتی.

**بەندە**: ١. کۆلە، کۆل، بەنە، بەنە، بەنی، خولام، نۆکەری کڕاو: (بەندەیێ باخوێ بەڤێت دێ مەیلی سیم و زەر نەکت/ دا عەتایا پادشاهان بێ حەدد و ئەژمار بت) «جزیری»،٢. من، ئەمن: (کە دوونێ هاتی فەرمووت بێ و نەهاتم مەسلەحەت وابوو/ ئەوێستە چاوەکەی من چی دەفەرمووی بەندە فەرمانم) «حاجی قادر»،٣. خولقاو، مرۆ، بەشەر، عیسان: (ئەوەی لای بەندە خەیاڵە/ لای خودای گەورە پووچ و بەتاڵە) «پەند»،٤. حەپسە، گراوە، گیراوە، گیرایە،٥. ناوە بۆ کوڕان.

**بەندەخانە**: خانووی بەندە.

**بەندەخووێن**: بەندۆخێن، بەندووخین، بەندووخێن، بەنەخوێن، بەشولێن، دۆخین، هەر هەودا بەنێکی دە پزووی پاتۆڵ و دەرپێ و ڕانک و بیجامەی هەڵکێشرێ بۆ گرێدان بە کەمەرەوە: (بەنەخووێنەکەی بە سەر دەرپێ سپییەکەیەوە تاقمانەجووتی دەکرد) «پێکەنینی گەدا».

**بەندەر**: ١. بەندەرگا، دەرەگە، پەسار، پەسارگە، کەشتیگا، مینا، ئەسکەلە، ستڕینگە، لەنگەرگەی کەشتی: (بە ڕوودا قافڵەی هیجرەت، سەرای دڵمی لە خەم پڕ کرد/ خەرابەی دڵ، لە لوتفی تۆ، عەجایەب بەندەرە ئەمرۆ) «ئەدەی» ٢. شاری سەر دەریا ٣. قەراغی دەریا، ڕەخی زەریا: (غەمم دەریا، دڵم زەورەق، منم تاجر وەسڵ بەندەر/ دەبێ یا تەرکی بەندەر کەم، یا نەزدیکی ئافەت بم) «سالم»،٤. بریکار، وەکیل: (شابەندەر)،٥. گوندێکە لای مەندەلی،٦. ناوێگە کوڕانە.

**بەندەریەھلەوی**: شارێکە لە باشووری ئێران:

(کرند و قەسر و خوسرەوی/ شوشتەر و بەندەرپەهلەوی) «بۆکوردستان».
**بەندەردەیلەم**: شارێکە لە باشووری ئێران: (بەندەر دەیلەم و بەهبەهان) «بۆکوردستان».
**بەن‌دەرگای‌جەواڵ**: بەندروو.
**بەن‌دەرگای‌خێگە**: دەربێن، زاربێن.
**بەندەرەنە**: لە بەندەردا.
**بەندەری**: ١. هەر شتێ پێوەندی بە بەندەرەوە هەبێ(گۆرانی)،٢. جۆرێ کەری سپی.
**بەندەساز**: خولقێنەری مرۆڤ: (بەندەی بەندەساز خۆیەتی، ڕێگری ڕچەی خاسانە) «ڕاوچی».
**بەندەشوور**: حەمایل، بەندێ کاڤلانا شیری.
**بەندەشیر**: بەند و قایشی چەرم کە لە کالانی شمشیری دەبەستن و لە ناوقەدی توند دەکەن.
**بەندەفەرمان**: بەندەی گوێڕایەڵ.
**بەندەڤان**: زیندانبان، زیندانەڤان.
**بەندەڤە**: ١. ئاسنێکە لە ژێر پێی ئاشی دادەنرێ بۆ ئەوەی بەرداشی لەسەر بسوڕێتەوە ٢. شازادەیەک بوو ئێ بوتپەرست ژ دوژمنێت زەردەشتی.
**بەندەڤی**: جۆرە گیایەکە.
**بەندەقە**: تەوەرە، ئاسنی بن بستی ئاش.
**بەندەک**: ١. تا، لابار، لنگەبار ٢. بنبارێ داران ٣. ئەو برە لە بار کە بۆ هاوسەنگ‌کردنی باری خوار بەکاری دێنن ٤. بەزێ سەر زکێ حەیوانێ ٥. زەحمەت، دژوار، ٦. بەند، پەت، ئەو پەتەی مرۆی پێ دەبەستن: (بەرگی ڕەش ئێتر لەبەرمان دادرا/ بەندەکی دیلی و ئەسارەت هەڵبڕا) «هێمن»،٧. داڤ، داو، تەڵە: (ناکەڤێ داڤ و بەندەکێ/ بێ زلف و خال و ڕەندەکێ) «فەقێ تەیران» ×٢٢٧ هێدی× بەندەکی میوە×
**بەندەک‌کرن**: هاوسەنگ‌کردنی باری خوار.

**بەندەکە**: ١. بار، دووتا، دوولنگەبار ٢. گوریسێکە لە کۆزی بەرخدا گیای پێوە هەڵداواسن ٣. بەندۆکە، مەندێ، گیایەکە وەک کووزەڵە دەچێ و دەخورێ ٤. باقەبێن، باغەبێن.
**بەندەکی**: بارێ ب تەرزی خورجین کو پڕانی دار و بەرا ب ڤی هاڤی بار دکن.
**بەندەگەری**: بەندەگەرێتی، نۆکەرێتی، بەندەیی، کۆیلەیی، بچوکی، مزووری.
**بەندەگەرێتی**: نۆکەرێتی، کۆلەیێتی.
**بەندەگی**: ١. بەندایەتی،٢. نۆکەری، کۆلەیی، مزووری کرن بۆ یەکێک: (ڕیشوەیی گەردنکەچی ئەو گەردەنە حوکمی قەزا/ بۆ خەراجی بەندەگی سەر گەردەنی ئاهوو دەکا) «سالم».
**بەندەمان**: چاوەڕێ بوون، بە هیوا بوون: (ئەز ل بەندا تە مام).
**بەندەمانی**: چاوەڕێیی، چاوەڕوانی.
**بەن‌دەمبێن**: بەنی زار بەستنی گاگێرە.
**بەندەن**: ١. لەش، ئەندام، جەستە، بەدەن: (ئازای بەندەنی بە دەرەوە نییە) «ئەمیری»٢. چیا، شکێر، بڵندی، بەرزی، بەتەن، تەلان، هەورازی کێو: (ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵ نیم/ ئاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن) «هێمن» ٣. داوێن، بنری چیا،٤. قوپی، چڕستان، جەنگەڵ، دارستانی چڕ: (سڵاو بۆ نیشتمانی جوان و شاخی بەرز و بەفرینی/ سڵاو بۆ بەندەنی بژوێن و کانی سارد و سازگاری) «حافز»،٥. بەندە، وەسڵە، بەسراوە: (دوو شامار بەندەن، بەو چنارەوە) «بێسارانی»،٦. ناوە بۆ کچان.
**بەندەناس**: کەسێ کە بەندە دەناسێ، خودا: (بەندەناس خودایە).

**بەندەنۆ**: بە بەندەنەوە.

**بەندەنەنە**: لە بەندەندا.

**بەندەوار**: ئەڤیندار، ئاشق، عاشق، هێڤیار: (مەمێ! ئەز زینم، ئەز زینم/ ئەز کەڤۆکا پەر هێشینم/ حەتا هەبن دەور و زەمان/ بەندەوارێ تە دمینم) «سەنار».

**بەندەنەواز**: نەوازشکەری بەندە: (خاسەکابان و شێرەژنی داوێنپاک لە سەر تاتە بەردان سەری بەندەیی بۆ خودای بەندەواز بۆ زەوی نەوی دەکەن) «شەوارە».

**بەندەنیتۆرە**: بەندەنێکە لە پشتی گرشیلان.

**بەندەنیماینەخوار**: بەندەنێکە لای گوندی سوێناس.×

**بەندەنیهێلوێ**: بەندەنێکی ناودارە باراوا.×

**بەندەوار**: ١. ئەویندار، عاشق ٢. بێهەوارگە، دوورەزێد، ئاوارە ٣. چاوەڕوان، چاوەڕێ،٤. گرتی، گیراو، زیندانی، دیل: (بە دیل و بەندەواری بەجێمام لەوێ)،٥. بێکار، بێئیش،٦. ناوە بۆ کوڕ و کچ.

**بەندەواری**: ١. ئەڤینداری، کۆڤانداری،٢. گیراویی، زیندانی،٣. بێکاری، بەتاڵی،٤. بەندەیی، بەندەگێتی،٥. چاوەڕێیی.

**بەندەوان**: پیاوی بەکرێگیراو بۆ بێگاری ئاغا و خاوەنملک لە لایەن جووتیارەوە.

**بەندەوانی**: جۆرێ بێگارییە، هەموو جووتیارێک دەبێ بۆ ماوەی چوار مانگ پیاوێک بگرێ بە مێقدارێک گەنم بۆ خاوەن ملک، بەو پیاوە دەڵێن بەندەوان، بۆ هەموو کار و باری خودان ملک.

**بەندەوباو**: گیروگرفت، دەستور و ڕژێم.

**بەندهەڵگرتن**: ١. ڕوومەت هەڵگرتن،٢. جۆگە کێشان لە بناوانەوە بۆ سەر مەزرا.

**بەندهۆن**: بەنەخوێن، هۆجەنە، دۆخین.

**بەندەیانە**: کۆلەییانە، وەکوو بەندان.

**بەندەیۆش**: بەندەیەکی: (زاهیدان زانان، زاهیر بی نە عام/ شیرین بەندەیۆش سەندەن پەی غولام) «بێسارانی».

**بەندەیەتی**: بەندەیی.

**بەندەیی**: بەندەگێتی، عەبدایەتی، کۆلەیێتی: (خاسەکابان و شێرەژنی داوێنپاک لە سەر تاتە بەردان سەری بەندەیی بۆ خودای بەندەواز بۆ زەوی نەوی دەکەن) «شەوارە».

**بەندی**: ١. ناوی نێرینانە ٢. ڕاگیراو: زاوابەندی، ٣. پاشگرە جیرەبەندی، دەستەبەندی،٤. گرتوو، گیراو، گرتی، زیندانی، گراو، بارەدار: (تا نەسووتێ بەرهەمی چینی هەژار/ تا نەبێتە دیل و بەندی، خوێندەوار) «ڕاوچی»،٥. بەند، زیندان: (نەکەی بۆ بەرزی ئامانجت برای خوێنیت لە بەندی کەی) «دڵدار».

**بەندێ**: ١. بەندی، بەنی: (دیل و بەندی دێنەوە بۆ هەڵبەزین/ هەڵبەزینی ڕۆژی دوژمن پێبەزین) «ڕاوچی» ٢. مرۆ، مرۆڤ.

**بەندیبرایمۆک**: بەیتی برایمۆک.

**بەندیبەڵا**: نەهامەتی، چارەڕەشی ڕۆژگار: (هەی من گیرۆدەی بەندی بەڵا خۆم/ هەی من دوورکەوتەی زێد و ماوا خۆم) «قانع».

**بەندیپەرتووک**: شازدەلاپەڕەی کتێب کە پێکەوە دەدوورێ.

**بەندێتبلان**: بەندی قامک، بەندقادە.

**بەندیتەسبیحی**: ڕشتەی پسپسۆکی.

**بەندیجگەر**: بەندیجەرگ: (کچ نووری دیدە و چاومن/ بەندی جەرگ و هەناومن) «ناڵەی جودایی».

**بەندیجەرگ**: ١. بەندی جگەر، ئەو هەودایەی کە پێیان وا بوو جەرگ پێوەی

بەندە: (دڵبەرا پەی ڕۆی فیراقت دڵ دەناڵێنێ چون ڕوباب/ بەو دوو ئەبرۆی میسلی تاقت، بەندی جەرگم بوون کەباب) «ئەحمەدی‌کۆر»،٢. بریتی لە زۆر خۆشەویست: (وەرە ئەی بەندی جەرگ و ماکی ژینم/ وەرە ئەی هەتوانی گش دەرد و برینم/ ...) «هەژار».

**بەندی‌جەرگ‌پسان**: مردن یا زۆر ترسان لەبەر پسانی بەندی جەرگ: (هەتا ئەو مندالە وەهۆش هاتەوە وەختابوو بەندی جەرگم بپسێ).

**بەندی‌جەرگ‌پساندن**: کوشتنی کەسێک یا زۆر ترساندنی بە هەواڵی ناخۆش: (قەیتانی دوو لێوانت بەندی جەرگی پساندم/ کوفرت لە لام زاهیرە ڕوحمت لە لا نەماوە) «وەفایی».

**بەندیخانە**: ١. بەند، بەنێ‌خانە، بەندێ‌خانە، بەنی‌خانە، حەپس‌خانە، زیندان، زینان، سجن، گرتوخانە، گرتی‌خانە: (ئەوا ئێستا باغچەی ژین و شیعر و خەیاڵی/ بوو بە ژووری بەندیخانەی تاریک و خاڵی!) «گۆران»،٢. بریتی لە جێی تەنگ و تاریک.

**بەندیخانەوان**: زیندانەوان.

**بەن‌دیخون**: بەندۆخین.

**بەندی‌دڵ**: ١. بەندڵ، ئەو بەند و هەودایە کە دڵی پێوە بەندە: (ئەی‌وەی لە گوڵ، خونچەی سەرچەڵ/ دەپسێنی ڕیشەی بەندی دڵ) «حەسەن زیرەک»،٢. بریتی لە زۆر دڵۆڤان: (ئەو کچە بەندی دڵمە).

**بەندی‌دڵ‌پچڕان**: بەندی دڵ داکەوتن لە بیستنی خەبەری ناخۆش.

**بەندی‌دڵ‌قایم‌کردن**: بە ورە کردن، غیرەت وەبەر نان: (بەندی دڵت وەها قایم کردووم لە سەد پیاوانیش ناترسێم).

**بەندیر**: شەکەمێ، کاڤڕی مێوی دوو ساڵە.

**بەندێر**: ١. بەندیرە، ئاڵا،٢. ناوە بۆ کوڕان.

**بەندیرە**: بەندێر، پەرچەم، ئاڵا، سنجەق.

**بەندی‌کران**: گیران، زندانی کران: (دوور لە تۆ ڕاوچی بەشی پێ‌بڕابوو/ دەس بە دەس‌بەندەوە بەندی کرابوو) «ڕاوچی».

**بەندی‌کۆستە**: بەنداوێکە لە سەر چەمی تەتەهوو، لای کۆستەی نزیک بۆکان هەڵبەستراوە.

**بەندی‌گووارە**: زریزەو قەیتانێ کە گوارەی قورسی پێ هەڵداوەسرێ.

**بەندیل**: ١. پیاسکە، بوخچەی گچکە،٢. لەگەڵ بار دەگوترێ: باروبەندیل: کەلوپەل،٣. بەند، زیندان: (قەبرستانی کۆن جێی شارەبانی/ بۆتە بەندیل بۆ جێی زیندانی) «یادنامەی‌سەقز».

**بەندێ‌مارکرنێ**: مارەبڕین، بەدێ ژن و مێران.

**بەندی‌مەجیدخان**: بەنداوێکە لە سەر چۆمی مەجیدخان لە خوار قەرەمووسالی هەڵبەستراوە.

**بەندی‌ناوک**: ئەو لوولەیە کە بژیو دەگەیەنێ بە ئاولمە کاتێ لە ناو مندالدانداە.

**بەندێنە**: ماتڵن، مەحتەلن: (گشک بەندێنە ئەز گۆتنەک شاش بێژم) «مەستوورە».

**بەندی‌نێر**: بەنیر، بەن‌کەڵەوە.

**بەندیوار**: پەیوەند، نزیک، فڕ.

**بەندیواری**: پەیوەندی، سەروکار.

**بەندیوان**: بەندیڤان، زیندانوان، دوساخوان.

**بەندیۆەتەر**: کەسێکی‌تر، کەسن‌دی: (یا بینایی چەما! داخم تۆ بەندیۆەتەر شکەبەری، جە من بە تۆوە زیاتەر نزیک بۆ؟) «ئەفسانەی هەورامان».

**بەندیە**: بەندی.

**بەندیەقە**: بەرکۆژە، دووگمەی قەیتان.

**بەندیی**: بەندی، گیراوی، حەپسی: (ئەی

وەتەن مەفتوونی تـۆم و شـێوەتم بیـرکەوتەوە/ وەختـی بەنـدیی و ئەسـارەت پـێ بە تەوق و کۆتەوە) «ف. بێکەس».

**بەنرخ**: ١. ڕێزدار، هێژا، قەدرگران: (شاعیرێک بـوو بەنـرخ و بـێوێنە/ بیـری ڕۆشـن بـوو، چەشـنی ئـاوێنە) «هـێمن»،٢. گـران، بـایی‌دار: (دوو پیاوی دەوڵەمەند لە سەر مڵکێکی بەنـرخ کێشەیان ئەکەوێتە نێوان) «ڕشتەی مرواری».

**بەنڕستە**: ڕستە، بەنێکی ڕێسراوی باریکە کە دە ملـی تـاژی دەکەن: (نـایەڵم بەن ڕسـتەی ئاوریشمینت بۆ بێنن سـەری ڕسـتەی داڵـقەی قەڵێـدەی هەڵێـنن لە قـوڵی خـۆی ببەسـتن، بیگری بە هەموو پەنجان) «مان».

**بەنڕووبەند**: بەنڕووبەنە.

**بەنڕووبەنە**: بەندی ڕووبەند.

**بەنزین**: بێنزین، شـلەمەنیکی گیـراو لە نەفـت بۆ کاری ماشێن: (چەرخی مـاکنەی ئەم ڕۆژ و شـەوە/ بـێ هەڵـم و بەنـزین ئەخـولێتەوە) «پیرەمێرد».

**بەنزین‌خانە**: پۆمپ، جێی بەنزین.

**بەنزین‌خانەنە**: لە بەنزین‌خانەوە.

**بهنژین**: ١. پشمین، پژمین ٢. باوێشک.

**بەنساعەت**: بەندی کاتژمێر.

**بەنساموتە**: بەنساموتە: (سەری خورشـیدی بووکی بریوە/ بە بەنسـاموتە هەڵیـان واسیوە) «پیرەمێرد».

**بەنسـامۆتە**: بەنسـامۆرتە، بەنسـامەتە، بەنـدتەرکی، بەنتەرک، بەنێکـی چوارلـۆیە بە پاشکۆی زینەوە.

**بەنسامۆرتە**: بەنسامۆتە.

**بەنسامووتە**: بەنسامۆتە.

**بەنسامەتە**: بەنسامووتە.

**بەنستان**: گوندێکە لە باکووری بارزان.

**بەنسێ**: بە سێبەر، نەسێدار: (سـەری سـابلاغ بە نسێیە/ هەر ساڵێ حاکمێکی لێیە) «حەسەن زیرەک».

**بەنسیب**: بەقسـمەت: (خـودا بە نسـیبی بکـا ماچێکی لە کـوڵمی ڕاسـتی دەدەمێ بە دزی) «گەنجی سەربەمۆر».

**بەنسیمووکە**: سیمووکە.

**بەنشت**: بنێشت، جاچکە.

**بەنشـــتۆک**: بنێشـــتۆک، قەزوان، دارەبەن، داربنێشت، داری وەن.

**بەنشمشێر**: بەندی شمشیری، بەندی شیری.

**بەنشەڕواڵ**: دۆخین.

**بەنشەواڵ**: دۆخین، بەنەخوێ.

**بەنشەواڵین**: بەنشەواڵ.

**بەنق**: بانک، بانگ.

**بەنقادە**: ١. بەنـکەڵەوە، بەنیـر، بەن چەڵەمـی ملـی گـا و کەڵ ٢. گوریسـێکە بە قـادەوە بـۆ شەغرە دابەستن.

**بەنقژ**: بەنی کەزی.

**بەنقەن**: ١. بەنـی کەلـلە قەنـد،٢. لانـاوە لە بـێئەرزش: (زیـن پەڵاس و ڕەشـوە بەن قەن، قوشقونی تاڵی دەزوو) «قانع».

**بەنک**: Benk ١. بانک، بانگ، بەنق،٢. بەنگ، ڕووەکێکی سەرخۆشکەرە: (کەیفـا سـوڕێ بـێ شوبهەیە/ ئەو نە وەکـی بەنـک و مەیە/ سـاقی بـێ سـەددەق وەیە/ دژوارە بهنـا حکمەتـێ) «فەقـێ تەیـران»،٣. گونـدێکە لە بـاکووری مووسڵ.

**بەنک**: Benik ١. بەن، دەزوو، ڕیسی خوری ٢. داروەن، دارقەزوان ٣. بەنـدۆکەی ژێـرچەنە ٤. پشـتێند، پشـتوێن ٥. سـنوور، تخـووب، قەمـتەرە ٦. گرێپـووچکە، بەنکـی فسـتۆک، گرێ، ئاڵقە ٧. بەنـدۆکە، بەنـۆکە، گیـایەکە ٨.

ژێرچەنە، بەندی ژێرچناکە.
**بهنک**: دیوارێکە پارێزگاری سەنگەر و پەسیوان دەکات.
**بەنکاڵە**: شەمێند، قەیتان، بەنێ بۆ بەستنی کاڵە ببێ.
**بەنکاڵەدەبەنکاڵەخستن**: بریتی لە گێچەڵ بۆ کەسێک سازدان.
**بەنکراوە**: ١. حەپس کراوە، گیراوە،٢. بەنێکی کشتی هۆنراوەیە بۆ بەستنەوە لە کاری جووت بەکاری دێنن.
**بەنکرن**: گرتن، بەندکردن: (فەلەک ها نە فیکر سەودای مەکر و فەن/ خاک وەبێ زنجیر شێر مکەرۆ بەن) «م. پاشای جاف».
**بەنکلاوە**: بەنکەڵەوە.
**بەنکەشی**: پڕکردنەوەی کەلێنە خشتی دیوار: (دامە قەی دیوار،ماڵەیک هاوردم/ تاقنمای ناوڕاس بەنکەشی کردم) «چەپکەگوڵ».
**بەنکەلاوە**: بەنکەڵەوە.
**بەنکەڵەمە**: بەنکەڵەوە: (دارێکی وەک ئالوودار، لە چنار یا لە دارەبی، کەڵەوە و بەنکەڵەوە) «ئەمیری».
**بەنکەڵەوە**: بەنکلاوە، بەکەڵەمە، بەنقادە، بەنکەلاوە، بەنی چەڵەمەی ملی گاجووت: (بەنکەڵەوەی نیری دیلی هەڵدەبڕی) «پاشەڕۆک».
**بەنکەوانە**: گوریسی ئەمسەر و ئەوسەری شەغرەبەستن.
**بەنکەوش**: قەیتانی قۆندرە.
**بەنکەیشاخ**: گرێ، گرێی شاخی ئاژەڵ.
**بەنکێشی**: بەنکەشی دیوار.
**بەنکیخستۆک**: ناهید×××××
**بەنکێشی**: بەنکەشی.
**بەنکیفستۆک**: گرێپووچکە.

**بەنگ**: ١. گێل، گەمژە، گەمشۆ، حەپۆل ٢. ڕووەکێکی سەرخۆشکەرە: (لە بەنگ ئەم بەنگییانە چی دەبینن: خۆ لە خۆ گۆڕان/ لە دنیادا مەداری عەیش و خۆشی: خۆ نەناسینە) «مەحوی»،٣. حەشیش، حەشیشە، شیلەی وشککراوی گیایەکە بۆ کێشان: (لە لادێدا خراب زۆر کەم دەبینی نێر و مێ چاکن/ نە ئالوودە بە ئەلکۆل و نە فێری بەنگ و تریاکن) «هێمن»،٤. بریتی لە دووکەڵی باریکی بەنگ: (جیهانی کرووە سەرخۆش و مەدهۆش/ لەبی وەک بادە، خەتتی سەبزی وەک بەنگ) «مەحوی» ٥. بەند، گیر، وەستاو: (ژیانی لە سەر فرتوفێڵ بەنگە/ بە درۆ دەژی، کرداری پەنگە) «حەمەجەزا»،٦. کات، جەنگە، وەخت ٧. بەنج، ماکێکە بۆ بێهۆشی نەخۆش دەبێ ٨. دین، شێت ٩. مەست، سەرخۆش ١٠. بەڵگە، نیشانە،١١. بەڵگ، گەڵای دار،١٢. ئێک ژ دو کارکێن چیرۆکا زەنگ و بەنگێ.
**بەنگا**: ١. بەنگە، بەند، بەنیە، سەد،٢. شێلەگا، شەلەگە، جێی ئاوهەڵبڕین.
**بەنگارتە**: بەنقادە.
**بەنگان**: کۆپ، فنجان.
**بەنگبوون**: ١. مانەوە، گیرخواردن، قەتیسمان، ٢. وەستان، بەندبوون: (دوژمنی خاوەن چەکی هەمەرەنگ/ لەسەر چونی ئەو لەو ڕێیە بوون بەنگ) «کاکەی فەلاح»،٣. بێهۆش بوون.
**بەنگرێ**: باسکلاو، کلاوبن.
**بەنگرێدان**: ١.گرێدانی بەن، بەستن بە بەن، ٢. بریتی لە بەنگرێدانی شێخ بۆ خاپاندنی خەڵکی ساویلکە: (کەر نەبێ! کام پیاوی پێ غەڵەتا؟/ بەن گرێدان و تا بڕین و نەفەس) «حاجی قادر».
**بەنگز**: ×دەماخ، کەیف×: (لێ گاڤا دیتن

بەنگزیَ وی خوە نابە، عەباس میرزە بەگ گلی ئانی سەر ڕەوشا وی) «مەستوورە».

**بەنگزادە**: بەگزادە: (ڕۆکیَ نهێری بەنگزادە، مرتڤ ویَ هەما پیَ کەتنە) «گەنجی سەربەمۆر».

**بەنگزی**: قەشمەری، حەنەکچی.

**بەنگ کێش**: تریاکی، تلیاکی، بەنگی: (دوو کابرای بەنگ‌کێش لە گردەکەی زیڕینۆک شەو بوو دانیشتبوون بەنگیان ئەکێشا) «ڕشتەی مرواری».

**بەنگ کێشان**: تریاک کێشانن: (ئەوە دایکی دەیکوت: ڕۆڵە میرەمەمەی بەڵەکچاوە/ ئەوە بۆ دەڵێی وەحشی بووی، بەنگت کێشاوە؟) «مەموزین».

**بەنگڵ**: شاتیە، بەگڵ.

**بەنگڵەژلە**: بەنگڵەژیلە.

**بەنگڵەلێژە**: گیایەکە: (گیای بەنگڵەلێژە و گونکەڵەشێرە) «چنگیانی».

**بەنگڵ**: بەنگڵە.

**بەنگڵە**: بەنگڵەژیلە، بەنگڵ، بەنگڵەژیل، گیایەکە لە مێرگ دەڕوێ.

**بەنگڵەژیل**: بەنگڵە، بەنگڵ.

**بەنگڵەژیلە**: بەنگڵە، بەنگەڵ.

**بەنگەڵە**: خانووی تەنەکە.

**بەنگڵەلێژە**: گیایەکی سەوزە منداڵ بۆ یاری قامچی، فیشەکدان، کڵاوی لیَ ساز دەکەن.

**بەنگۆ**: بە ئەنگۆ: (هۆی بەردەهەڵۆ، دۆڵەکەی بەسری/ تا دەگا بەنگۆ، عاسمان بۆم دەگری) «فۆلکلۆر».

**بەنگ وباو**: بەندوباو.

**بەنگۆراو**: بەندی گۆرەوی.

**بەن گورد**: هەر کام لەو بەن و هەودایانەی کە بە گوردەوەن و بە ئامرازێکی تایبەتی کە چێویکە وەک گۆنیا بە ناوی ساچین دەڕێسریَ.

**بەنگۆکە**: بەندۆکە، گیایەکی کوێستانی‌یە: (بەنگۆکە و پیاز و کەوەر و تەرخوون/ لەگەڵ بەهارا، هەمووی پەیدا بوون) «پیرەمێرد».

**بەنگۆلە**: مێتوولکە، مێتوولە، ئەسپێی ورد.

**بەنگە**: ١. بن، بەند، سەرچاوە، سەد، شوێنی هەڵبەستنی ئاو ٢. زەنگەتەتریَ ٣. جمگە، جومگە.

**بەنگە**: پێشانگا. ×

**بەنگەری**: ڕبەنگ، شاوێری، ڕێواسی قوڵەبنە و پەلکی پانە.

**بەنگەز**: بەن ئەنازە گرتن جوولێا.

**بەنگەژ**: ڕوخسار، دیم، ئەدگار، سووڕەت.

**بەنگەڵ**: بەنگڵە، گیای بەنگڵەژیلە.

**بەنگەڵە**: خانووی لە تەنەکە: (پەنجا ساڵ کوێرەوەری و دەربەدەری و هەڵپە و تەقالای کەلایی هەیدەر، بریتی بوو لە خانەیەکی بەنگەڵەیی و تفەنگێک و پاسکیلێک) «کۆردەرە».

**بەنگەی‌شاخ**: بەنکەی شاخ، گرێی شاخی ئاژەڵ.

**بەنگەی‌ناخوون**: گرێی سەر قامک.

**بەنگی**: ١. گێژ، گێژوویژ، سەودایی، سەوداسەر، وڕ، کاس: (هەر بەنگیی و سەرخۆشیَ د بۆتان/ تیک هاتنە چەرخ و باز و لۆتان) «خانی»،٢. بەنگ‌کێش: (تا لە دەوری لێوی ئاڵی خەتتی سەبزی بوو عەیان/ عاشقانی جوملە وەک بەنگی دەبینم گێژ و وێژ) «مەحوی»،٣. بەندی، حەپسی، گیراو،٤. بریتی لە ئاشق، سەوداسەر، ئەڤیندار،٥. جۆری تریَیە.

**بەن گیان**: ١. لاناوە لە منال،٢. هاز و تووان.

**بەن گیانبڕیایَ**: لاناوە لە ناتووان بوون.

**بەنگیبوون**: بوونە بەنگیکێش: (ئەمانولا خـان سەر کەچـا حوسـێن، ڕەوشـانێ بەنگـی بـوو) «مەستوورە».
**بەنگیتی**: ئەڤینداری، ئاشقی، دلداری: (یەک ژ داستانێن بەنگیتییێ یـا خەمگـین ئـا حەسـۆ و نازێیە) «سەنار».
**بەنگێـــڕی**: شـاوێری، بەنـگەڕی، ڕێواسـی قولەبنە، جوورە ڕێواسێکە گەڵا پانە.
**بەنگیکێشی**: بەنگکێشان.
**بەنگـــین**: ١. نـاوە بـۆ پیـاوان ٢. لاو، گەنـج، خورت ٣. بەنگی، سەرخۆش ٤. مرۆڤێ کە لە چاخ و بەنگی خۆیدا دەژی،٥. عاشق، دڵدار،٦. ناوی هاواڵی مەم، لە چیرۆکـی مەم و زیـندا: (بەنگین، ئەتۆ وانـاکەی لە دڵـم ببـێ سـەفارە) «توحفە».
**بەنگینە**: بەنگین، هەوالـی کـاکەمەم: (بەنگیـنە کوتی: کـاکە مەم ئەوە چ غولـوێکە لە دەوری شاری یەمەنێ؟) «مەموزین».
**بەنمووتاوین**: بەندروو، مووی بادراو.
**بەنمـــوود**: دیمەنـدار، بەقەڵافەت: (لە خەودا هێشـتا لاو بـووم/ بەنمـوود و بەرچـاو بـووم) «هێمن».
**بەنمێشە**: دارێکە بەرێکـی ورد وەک قەزوان دەگرێ، ڕەنگی مەیلەو ڕەشـە، بـۆ شـەوچەرە بەکاری دێنن، هەم بە دارەکە دەڵـێن و هەم بە بەرەکەی.
**بەننا**: بەنا، وەستای دیوار و خانی.
**بەننایبێزەوال**: بریتی ژ خوەدێ: (ئافەریـدەی سونع بەننای بێزەوال) «زەنووری».
**بەننایی**: بەنای، وەستاکاری دیوار.
**بەننە**: بەندە، خولام، زێڕکڕیـو: (سـەختەن ئەر کەری جە بەننەی عاباد/ دیدە تۆش هەنی، تـو مەشی جە یاد) «کۆسالان».

**بهنۆ**: هێزی بۆنکردن.
**بەنۆبەس**: بەندوبەس.
**بەنوجگەری**: بەن جگەر، بەندی جگەر.
**بەنودڵی**: بەن دڵ، بەندی دڵ.
**بەنۆش**: گیای وەنەوشە.
**بەنـــۆک**: بەنـۆکە، داربەن، دارا بەنـۆکێیە ل چیایێ کوردستان شین دەبێ: (پشتا گوندێ مە ب بەنۆکە/ بەرێ گوندێ مە ب بەنـۆکە/ بەژن و بـالا کـوڕە لاوکـێ مـن چەنـد خشـکۆکە) «حەیرانۆک».
**بهنۆک**: ١. بـۆن، بـێن ٢. گـولاڤ، گـوڵاو ٣. بۆندار، بێهندار،٤. بێهنۆک، کاما، کۆما.
**بەنوکە**: بەنوڵە، گیایەکە لە ئاوا دەڕوێ.
**بەنۆکە**: ١. بەنۆڵە، بەندۆکە، بەنووکە، گیـایەکە لە ئـاوا دەڕوێ، گـوڵی سـپی ورد دەگـرێ ٢. داربەن، داروەن، داربەنۆک.
**بەنۆڵ**: گیایەکە گوڵی ورد و سپی دەگرێ.
**بەنوڵە**: بەنوکە، گیای بەنۆکە.
**بهنۆلێدان**: خۆ بۆنخۆش کردن.
**بەنووشت**: بنێشت، جاچکە.
**بەنووکە**: ١. بەنۆکە، بەنۆڵە، گیـای بەنـۆکە،٢. دارەوەن.
**بەنووڵە**: بەنۆڵە، بەندۆکە، بەنۆکە.
**بهنوونی**: نیلوفەر، لیلوفەڕ.
**بەنوەبەن**: بەنـد بە بەنـد: (زولفـان چنیـنە کەمەن وە کەمەن/ **دڵان** ئەسـیر کەن، وە ڕووژ بەن وە بەن) «خانمەنسوور».
**بەنـــوێژ**: دەس بەدەزنـوێژ، دەسـنوێژگرتوو: (دوور لە مــن بگــرە لەشــم بەنـــوێژە) «بۆکوردستان».
**بەنوێژوتـــاعەت**: موسـولمانێکی زۆر دینـدار: (پورە فاتە ئافرەتێکی بە نوێژ و تـاعەت بـوو، ســەری بچـــوایە نـــوێژی نەدەچـــوو)

«ڕشتەی‌مرواری».

**بەنوێشک**: جۆرێ قەزوانی وردە بەری دار بەنوێشک کە بنێشتی نابێ.

**بەنە**: ١. ساموتە، سامۆتە، بەن سامووتە ٢. بەندە، خولام، نۆکەر، زێرکرپو: (ئەمە نان نەبوو تۆ دات وە بەنە/ وە ڕەنجی شان و وە زۆری چەنە)،٣. مرۆڤ، ئینسان: (کار خواس و مەکر بەنە، قلێنچکە لە بان جووچکە بەنە) «پەند»،٤. من، ئەمن، ئەز: (ئەیەر باوەڕت هەس وە حەرف بەنە) «ئاوێنەی‌بێگەرد»،٥. بەندە، قەراری گرتووە، گیرساوە: (ئەرێ خاڵێک لە مابەین، گیانە ئەو دوو ئەبرۆ بەنە/ بە خودا یەکجار ئەو خاڵە لەیلێ، ڕیشەی دڵ‌کەنە) «ع. مەردان»،٦. بێەنە، بدەنە: (بەنە لێ).

**بەنْهاتن**: وێستانەوە، گیرسانەوە، دوایی‌هاتن.

**بەنەبنێ**: مەڵوەن، سەبات.

**بەنەخۆن**: بەنەخوون: (خانزادەخانی هەریری وتوویە لە دەورەی ئەو پیاوە ئەگەڕێم کە بەنەخۆنەکەی درێژە و بەنی کاڵەکەی کورت) «ڕشتەی مرواری».

**بەنەخوون**: دۆخین، بەندۆخین.

**بەنەخووێن**: بەنەخوون، دۆخین.

**بەنەخوێن‌پاک**: کەسی داوێن‌پاک و ڕووسوور: (لەو کوێستانی سەر سنووری تورکیا لە گوندی باڤو پیاوێکی زۆر لە خوا ترسی بەنەخوێن پاک هەبوو) «ڕشتەی‌مرواری».

**بەنەخوێن‌پیس**: کەسی شەڕواڵ‌پیس و ناپاک.

**بەنەخوێن‌پیسی**: کاری پیس، شەڕواڵ‌پیسی: (ئەم مێردەکەی من بەنەخوێن پیسی ئەکا و بە شوێن ئیشی خراپا ئەسووڕێتەوە) «ڕشتەی مرواری».

**بەنەر**: ١. بەندەر،٢. وێستان، ڕاوێسان.

**بەنەری**: بەندەری، کەری سوواری، کەری سپی، جۆرێ جسنی کەرە.

**بەنەزەر**: لە بەر چاودا: (سەف سەف کە دەوەستن، بە نەزەر خەتتی شوعاعن/ حەڵقە کە دەبەستن وەکو خەرمانەیی ماهن) «نالی».

**بەنەژاژ**: گوندێکە لە دێکۆی کانی سووری بانە.

**بەنەشیشۆک**: جۆرە دارەبەنێکە قەزوانی ناسک و ورد دێنێ.

**بەنەفش**: ١. بنەوشە، بنەفشە، بنەووش، گوڵەبنەوشە،٢. ڕەنگی وەنەوشەیی.

**بەنەفشە**: وەنەوشە، گوڵێکە: (بەنەفشەی پەرچەمی نیلی، کە بە ڕووی نەستەرەن پەخشە/ سەوادی زەرگەری ڕووسە، لەسەر سوخمەی تەڵا نەقشە/ ...) «ئەدەب».

**بەنەفشەزار**: وەنەوشەجاڕ، باغی بنەفشە.

**بەنەفشی**: بنەوشی، بنەوشەیی، وەنەوشەیی.

**بەنەفشین**: بنەوشی، وەنەوشەیی.

**بهەنەک**: پشوویەک، سەبرێک، تاوێک، وچانێک.

**بەنەک‌بچرێن**: ×٥٠×: (من تا دوا هەناسەم و تا ئەو دەمەی دەمێنم زیرەی بەنەک بچرێنی زەمان لەبیر ناکەم!) «کۆردەرە».

**بەنەلی**: لێی بدەن.

**بەنەن**: ١. بەندەن، قەدی چیا، لاپاڵی کێو،٢. ئێلاخ، زۆزان، کۆسان، کێفسان، کوێستان،٣. شاخێکی بەرزە لای نەگڵ،٤. زینجیرە چیایێکە لە نێوان گوندێلی کانی سەید و نووەین و سورنجداخ و ماسی‌دەرەی شێخ.

**بەنەنی**: دیەکەیگە لە ڕێژاو.

**بەنەو**: ١. ئەول خوەیانەو بەن،٢. بەرندە بوون، ٣. بێەنەو.

**بەنەوا**: بەنەو.

**بەنەوان**: ١. دەشتەوان، زێرەڤانی دەخل و دان و چاندنی ٢. بناوان، کابان: (فلانکەس ژنا وی ئەمری خودی کر، بێ بنەوان مایە).
**بەنەوخوێن**: دۆخین: (ئەڵێین ئەگەر یەکێ بەنەوخوێنی پسا) «ڕشتەی‌مرواری».
**بەنەورۆ**: بە نێورۆ، مەیلی جووت بوونی کتک.
**بەنەوش**: بەنەفش، ڕەنگی بنەوش.
**بەنەوشە**: ١. بەنەفشە، گوڵی وەنەوشە،٢. ڕەنگی مۆر: (تەنهایی سەمەن بەرگی بەنەوشە کە لەبەر کەن/ وەک نووری موئمین و زوڵماتی گوناهن) «نالی»،٣. ناوە بۆ کچان.
**بەنەوشی**: بنەوشەیی.
**بەنەووش**: بنەوشە، وەنەوشە.
**بەنەوە**: ١. بێەنەوە،٢. ئەول خوەێانەو بەنەو،٣. بەرندە بوون.
**بەنەوەی**: ١. ئەول خوەێانەو بەنا،٢. لەلێ بەنەو،٣. ئەوە بێەنەو.
**بەنهەڵکردن**: هەڵکردنەوەی ماشەر و گلۆڵەکردنی.
**بەنهەڵگرتن**: ١. جۆگە کێشان، بەند لێدان، ٢. ڕوومەت هەڵگرتن.
**بەنەی**: ١. ئەول خوەێانا بەن: (ڕەفیقەیل وە زوور قەسەم و قورئان/ تا ئاخر پلەی هریون بەنەی بان) «چەپکەگول»،٢. بێەنەی،٣. لەلێ بەنەو.
**بەنی**: ١. بەندە، کۆیلە، نۆکەر: (ڕۆم و عەرەب و عەجەم سەروبەر/ بۆ ئێمە بەنی دەبوون و نۆکەر) «هەژار» ٢. پەروار، دابەستوو، دابەستە ٣. جۆری شیرینی لە دۆشاو و گوێز ٤. زنجیرەی چیا ٥. کێو، شاخ، چیا: (بەنی باوی)، ٦. باسوخ، سجووق ٧. لەرزانە، خشڵی پلپلەدار: (دائین دبێ: یا نازەنی/ بێ زێڕ شەفەق نادەت ئەنی/ سنگێ تە و بێ زێڕ و بەنی/ خەمل تەرکرن قەت ژێ نەتێ) «فەقێ تەیران»٨. گوناهکار، سووچبار، بەندی، گیراو ٩. ئەوانەی بە دارەوە بەند کراون ١٠. بەنێکە گوێز و هەنجیری پێوە دەکرێ ١١. دارا بەنی، ١٢. گوندێکە لای سیدەکان.
**بەنێ**: بدەنێ، پێبدەن: (وتی: ئێستا ئەم هەنگوینە جوانە/ دە ڕوپیەم بەنێ، هێشتا هەرزانە) «پیرەمێرد».
**بەنێا**: ١. بەنگا،٢. بەنەوەێ،٣. بێەنەوەێ،٤. ئەول خوەێانا بەنەو.
**بەنیاتی**: بەنیەتی.
**بەنیاد**: خۆش‌نیهاد، دەروون‌پاک: (وەرە چەند خۆشە دەگەڵ برادەرێکی بە بەقا و بەنیاد) «گەنجی سەربەمۆر».
**بەنێان**: ١. ئەول خوەێانەو بەنان،٢. ئەوانە بێەنەو.
**بەنێانا**: بەنانەو.
**بەنێانە**: بەنانە.
**بەنێانەو**: بەنانەو.
**بەنی‌ئادەم**: مرۆ، مرۆڤ، بنیادەم: (چۆن نەبەم بۆ مەی و مەیخانە پەنا، تێگەیوم/ لەو وڵاتە هەموو شت زۆرە، بەنی‌ئادەم کەم!) «هێمن»، (غەم دەڵێ: «نالی» کە غەمخواریم نەکا/ ناعیلاجم من بەنی‌ئادەم دەخۆم) «نالی».
**بەنی‌بەن‌بادان**: بریتی لە تێگەیشتن لە فرۆفێڵ و کاروباری کەسێک: (بەنی تۆ بە من با نادرێ!، خۆ دە کاروباری ئەو چەرچی‌یە هەڵمەقورتێنە بەنی وی بە تۆ با نادرێ).
**بەنی‌پشتەک**: بەنی جاجم و بەرماڵ، کری جۆلایی.
**بەنی‌خاوک**: ڕێسراوی خوری بۆ یەکەمجار.
**بەنی‌دوولارە**: دوو داوە خاوەکە بێ بادانەوە

بە یەکەوە هەڵدەکرێنەوە.

**بەنیر**: بەندی نیر، بەنکەڵەوە، بەنکەڵەمە.

**بەنێرە**: ١. چەوەڕێ،٢. بنە.

**بەنێرەگا**: شوون چەوەڕێ مەنن.

**بەنیزاوا**: زاوارێوی، زاوابەندی.

**بەنیشت**: بنێشت، جاچکە، جوریەک خریەیە کو ژ دارا بەنیشتوک و ڕەها گیهایە قانگ و پاری و دانە گەنم و چەند گیهایە دن دن چێکرن.

**بەنیشتۆک**: داری بنێشت، داروەن.

**بەنیشتەخەزینە**: خەزینەگیا، گیهایە خەزینە.

**بەنیشتێ‌دەڤێ‌خەلکێ**: بنێشتەخۆشەی دەمی خەڵکان، بریتی لە ریسوایی و ناوزڕاوی.

**بەنیفریت**: گشتەکێکە لە پشتەک ئەستوورترە.

**بەنی‌کشت**: بە ڕێسراو و بادراو، دوو بەنی خاو بە یەکەوە با دەدرێن.

**بەنی‌ماوەتا**: گوندێکە لای ئاکرێ.

**بەنێنا**: گوندێکە لای هەولێر.

**بەنێو**: ١. بەناو، بەناوبانگ، نێودار، ناسراو: (جسنە تاژی ئەو بەنێون/ بەڵام هەموو خۆهەنگێون) «ڕاوچی»،٢. ناودار، ناوپڕ، تۆکمە، تووپڕ: (یەک گەورە و یەک درێژ و یەک خڕ/ واڵا و بەنێو و نیوە و پڕ) «هەژار».

**بەنیوان**: زیندانوان، زینانەوان، دوساخچی.

**بەنێوبانگ**: بەنێو، ناڤدار، ناسراو.

**بەنێوبانگی**: ناسراویی، نێوداری، ناڤداری.

**بەنێورۆ**: بەنەورۆ.

**بەنێە**: بەنگە، بەنگا.

**بەنیەتی**: بەندەیی، بەندایەتی، کۆیلایەتی، بەنیاتی.

**بەنیەخە**: بەندی یەخە، بەرکۆژە.

**بەنیەقە**: میەرگێ ک کەفێدە قەێ دویەقە.

**بەو**: ١. وەرە، بەوبەو، بەوین، بێ، بێرۆ: (بەو بەو بەو بەو، خانمە خاسەکەو/ پا بنێ وە بان چاوە ڕاسەکەم) ٢. ناوی حەپەی سەگە ٣. بەد، خراپ،٤. وەو، بەو، بە ئەو: (لا هۆر کەردە جەو، پەی ئێد تەماشا/ بەو شاد، پێد ناشاد (کلا حاشا)) «مەولەوی»،٥. لەو، لە ئەو: (بەو ماوە کەمەدا خوو ڕەفتاری دوور لە مەردایەتی و پیاوەتی نۆبەدارەکەمان بۆ دەرکەوت) «کۆردەرە»،٦. سوێندم بە ئەو: (دڵ پابەندی تۆن، شای بەینەت داران/ بەو «بابا شێخ»ە ماڵ جە بێساران) «بێسارانی»،٧. بەگ: (تیپ کەیخوسرەوبەو لە باخچەمەشە) «ئاوێنەیبێگەرد».

**بەو...؟**: بێم...؟

**بەوا**: ١. بووا، باب، بابە،٢. بە ئەوا، بە ئەودا،٣. بەبا، بەفاڵ، نێرخواز(دێڵ)،٤. بەورا، بگەڕێوە.

**بەوادە**: بەوەخت، بەجێ ×: (بای وادە وا بەوادە گەیشتە کێو و شاخان/ ڕوومەتی ڕنووی ڕنی، بە تینی شوشە داخان) «ڕاوچی».

**بەوار**: ١. خواری، لاری، چەفتی،٢. بۆ خواری: (جە مای بەرزەوە، وێش مەوزۆ بە وار) «بێسارانی»،٣. نابوودی، نیسی.

**بەوار**: بۆ خوارێ: (چەنی زوخ جە چەو ڕێزیا بە وار) «بێسارانی».

**بەواسی**: باوەسیر، بەواسیر، بەوەسیری.

**بەواسیر**: بەواسی، مایەسیری، بێوەسیری.

**بەوانزووان**: بەو زووانە: (حەسەنخان دەڵێ: شا! بەسم لەسەر بکە ناز و ئەرجووان/ ئەگەر نەم ئەستان بە وان زووان/ ڕەشم بکەن لە هەر ڕووک ڕووان) «دمدم».

**بەوبەخت**: بەدبەخت، چارەڕەش: (بەدبەختی وەک من تۆخودا سا کێ دی؟/ دەردی مجنوونم لێ هاتۆتە دی) «وەلی دێوانە».

**بەوبەو**: ١. ناوی گۆرانییەکە: (بەو بەو بەو

با بچینەوە/ ئیمشەو لە ماڵمان ڕۆژ بکەینەوە) «ع. مەردان»،٢. وەرە وەرە: (هەوهەو و بەوبەو تەڵمیت بارانەن/ گەرمیی بەزم نەزم سەر هەوارانەن) «مەولەوی».

**بەوپێوانە**: بەوپێودانە.

**بەوپێودانە**: بەو ڕەوشتە، بەو پێوانە، بەو ڕەوتە.

**بەوپێوەرە**: بەو پێودانە.

**بەوپێیە**: بۆیە، بەو هۆیە، لەبەر ئەوە: (لەو گەردەن و عیقدە کە پڕە گەردەن و گۆشت/ بەوپێیە کەنارم کە پڕە دامەن و کۆشم) «نالی».

**بەوتوویژ**: درێژدادڕ، زۆربلە، فرەویژ: (مەڵێن وتاری دوور و درێژە/ زۆر لە سەری ئەڕوا، بەوتوویژە) «مینەجاف».

**بەوتەرزە**: بەوجۆرە: (قەل هەزار ساڵی ژیا بەو تەرزە/ سەرنەوی و هێشتە هەڵۆ هەر بەرزە) «بۆکوردستان».

**بەوتەور**: بەو جۆرە: (فیراقش بەو تەور تەوانا سەندەن/ پا قوەی ڕەفتار جە لاش نەمەندەن) «مەولەوی».

**بەوجا**: بە ئەو جێگەیە: (چون نەسیم یاوا بەو جا، بە جەختێ/ ئاوێزان کەرد نە پای درەختێ) «خانای قوبادی».

**بەوجۆرە**: بەو جوورە، ب وی ئاواهی.

**بەوجوورە**: بەو جۆرە، بەو چەشنە.

**بەوچ**: شەرم، حەیا.

**بەوچێ**: ئەڕای چە، ئەڕا، بۆچێ.

**بەوحاڵەش**: سەرەڕای ئەوەش: (هەیهەی لەم ژینە، لەم بەرێچوونە/ کەچی بەو حاڵەش دڵ هەر نەسرەوت) «ئاوات».

**بەودم**: موبارەک، پیرۆز: (دەستەوارەی هەژارانەم دەخستە سەر ئەو بلێسە بە ودمە) «شەرەفنامە».

**بەودەس کردن**: گرتن، بەندکرن: (لە کێو ئەڵوەنا تۆم بەودەس کرد) «ئاوێنەی بێگەرد».

**بەودیم**: بەو دیو: (ڕجات گا بەی دیم، گا بەو دیمەدا/ ها نە گەردەلوول باد بیمەدا) «مەولەوی».

**بەور**: ١. بەبر، بەوری بەیان، دڕندەیەکی پیاوخۆری سامدارە: (سەیری سەگمەرگی ڕەقیب کە، کە غەیری ئەو سەگە/ شیری غەمزەت شێر و بەوری ڕووبەڕوو بێ، دوو قەدە) «مەحوی»،٢. بەفر، بەڤل، وەفر: (کابرا کوتی: چێشتێکی چەرمگ هەس، ئەگەر چاوتان پێی کەوت، دوو بست بەوری وە سەرەوە بوو، بڕوای پێ مەکەن، دەمی پیاو دەسووتێنێ) «ڕشتەیمرواری»،٣. بەورەشینکە، بەورەشینە، جۆرێ کوانی بەژانە ٤. بەوروو، بەوری ئاور، پریشکەی ئاور ٥. بەوج، گەوج، گەلتەک ٦. سەگ ئاڤی، سەگاوی ٧. دژ، دوژمن، بەڤل ٨. کووڤی، دڕندە، دڕنە: (گور جانداریکی بەورە)،٩. لووتکەی کێویکە لە کێوەکانی کوردستان لە ناوچەی قورووە، زۆربەی ساڵ بەفری پێوەیە،١٠. بەورگ، خۆڵەمێش،١١. ناوی دێهستانێکە لای قورووە، ١٢. بریتی لە مرۆی ئازا: (گەر بەور و پڵنگ و نێرەشێر بوو/ هەر ڕۆژی بەرێ بە ناڵە فێر بوو) «هەژار»،١٣. ناوی پیاوانە: (مێردەکەی ئەچوو بە دەوریا هەڵئەقوتی و هەر ئەیوت: قورعانەکەی بەوراغا تەقەڵی ڕانی شل بکەی) «ڕشتەی مرواری».

**بهور**: ١. بوار، دەراوی چەم ٢. گوزەر، دەربازگە ٣. ئیزن، ئیجازە.

**بهۆر**: پردەباز، بووار، بڤار، بگار، داراوی پەڕینەوە لە ڕووبار.

**بەوڕ**: ١. بەفر: (لە فیکر نایە، ئەڵێن زوسانە/

دایم وەیشوومە و بەور و بارانە) «مینەجاف»، ٢. بەبر، درندەیەکە: (ئەو دەست ئەر دەس جەلاد بەور بۆ/ تۆ خودا بازەش با بەستەی جەور بۆ) «مەجزووب»، ٣. بریتی لە پیاوی ئازا: (فەرماش شەهەنشای بەور دەریادڵ/ ئاوەردن شەخسێ چۆبتاش قابل) «خانای قوبادی»، ٤. ناوی پیاوانە.

**بەورا**: بەوا، بگەڕێوە.

**بەوراغا**: ناڤێ مێرانە: (من و بەوراغا و ئەولاغا لە خزمەت باوکمانا بووین) «ڕشتەی مرواری».

**بەوران**: کۆتر، کاڤۆک.

**بەورانماڵ**: بەفرماڵ، وەرووەرە.

**بهوراندن**: بهراندن، دەربازکرن.

**بهوراندۆک**: بهورانۆک.

**بهوراندی**: بهورانۆک.

**بهورانۆک**: بهورانەک، بواردوو، دەربازکەر.

**بهورانەک**: بهورانۆک.

**بەوراوا**: ١. دێیەکە سەر بە ناوچەی سەرای سەقز: (تا وە کاریزە، تا وە کەمەتوو، تا وە بەوراوا) «ئاوێنەیبێگەرد»، ٢. ناوچەیەکە لە قوروە.

**بەوربەیان**: بەوری بەیان، بەبر: (بەور سیاهێ لیمان بی عەیان/ نامش مەنشوورەن وە بەور بەیان) «چەمەنئارا».

**بهورتن**: بهۆرتن.

**بهۆرتن**: ١. بواردن، ڕۆیشتن: (ژ سەرکانی دێ گرتن ئاڤ ب بیل/ تژی بوونێ بهورتن سیار ب پیل) «گولشوون»، ٢. ڕابواردن، ٣. بەخشین، عەفوکرن، ٤. گوزەران، تێپەڕین: (ل هەر کیدەر ڕێچا هاڤێت دارێ قەنج/ بهورت ژ ئاسمان شاخ و پەلگێ ڤێ) «گولشوون».

**بهوردن**: ١. ڕابواردن، گوزەراندن، ٢. گوزەران، لێگەڕان: (عەقل و ئەدەب بگر پێشیا خون/ ژ وێلخەرجی ببهور) «گولشوون».

**بەوردی**: وردبینانە، سەرنجی زۆر: (بە وردی سەیر ئەم فەرهەنگە بکەی، دەزانی کە چیها بابەتی نەبیستراو دێتە پێش چاوت).

**بەورنگ**: بەورینگ، بەورووک: (پەڕە کایەک سووتا، بوو بە بەورنگ) «هەزار ئەشکەوت».

**بەورۆ**: ناوە بۆ پیاوان.

**بەورۆ**: بە ئەمڕۆ، لە ئەمڕۆدا: (پێمکوت دەستم دە ستۆ کە/ بەو ڕۆ، بە سبە و بە دوێنێ) «حەسەن زیرەک».

**بهورۆک**: بهرۆک، بهورەک، بهورۆنەک، ڕابردوو، ڕابوێر.

**بەورۆل**: دیەکەیگە لە جوانڕۆ.

**بهورۆنەک**: بهورۆک، ڕابوێر.

**بەوروو**: بەور، بەورینگ، بەورووک، سووکە بووڵ، پریشک و سووتەکی ئاور کە بڵند و بەرز دەبێ بۆ هەوا.

**بەورووک**: بەوروو، بەورنگ، بەورینگ.

**بەورە**: خۆڕاگر، دڵقایم، بوێر: (من دەمزانی تۆ ئەو کوڕەی/ زانای، بەجەرگی، بەورەی) «هێدی».

**بەورەپەڕۆ**: بەبری لە پەڕۆ: (بێقەڵەم بی، ویشکەڵێکی وشکەڕۆی/ داوەڵێکی بێگەفی، بەورەپەڕۆی) «ڕاوچی».

**بەورەسەن**: بەدرەسەن، ناجسن.

**بەورەسەنی**: ناجسنی: (لە دێی شەشۆ نێرەکەرێک هەبوو ناوبانگی دەرکردبوو بۆ بەورەسەنی) «ڕشتەیمرواری».

**بەورەشینک**: بەورەشینە، بەورەشینکە، کولکە پیرۆزە، کولکی سۆتنی، ئێشەکە پیسییە، نەخۆشییەکا چەرمییە وەکی موو لە دەس و

پەنجە تێ.

**بەورەشینکە**: بەورەشینک.

**بەورەشینە**: بەورەشینک.

**بهورەک**: بهورۆنەک، ڕابردوو، ڕابوێر.

**بەورەگان**: گوندێکە لای شەقڵاوە.

**بەورەڵۆ**: بەورەڵوو، وەروەرە، بەفرماڵ: ١٩٥× چنگیانی ×

**بەورەڵوو**: وەروەرە، بەفرماڵ، شاپاڵۆخ.

**بەورەنگ**: بەو شێوەی پێویستە: (فرسەت نەکەوتەن بەو رەنگ قادر بۆ/ جەفاش فراوان، وەفاش نادر بۆ) «مەولەوی».

**بەورەو**: بەورا، بگەڕێوە.

**بەورەوا**: لەێ نوو بەورەو.

**بەورەوە**: وەرەوە، بێرەوە، بگێڕێوە.

**بەوری**: گەوجی، گەلتەکی، بەترانی.

**بهوری**: ڕابردوو، گوزەشتە: (سەھ دکم کو ڕۆژەکی/ ژ دۆرهێلا ڕۆهلات/ ناڤبەرا دجلە، فرات/ وەکە دەورێن بهوری) «سەنار».

**بهوریان**: چوون، ڕابردوونەوە.

**بهوریبەردەڤام**: ڕابردووی بەردەوام.

**بەوریبەمل**: بریتی لە ئازای بەهێز×: (با منیش بگوژێ لەرێوە تەپلەزل/ هەر لە جێگەم جێگرە بەوری بە مل) «ڕاوچی».

**بەوریبەیان**: ١. بەبر، دڕندەیەکی زەرەندە: (ڕۆژێک دیم سوارێک دەهات لە سەردا/ پێستی بەوری بەیانی بوو ئەو لەبەردا) «بارام و گوڵندام»،٢. ناوی بەبرێکی ئەفسانەیی کە ڕۆستەم کوشتی و پێستەکەی کردە بەر خۆی،٣. بریتی لە پیاوی زۆر ئازا و شەڕانی: (لەگەڵ دوژمن ئیمامی هەر وەکوو شێری ژیان وابە/ لە پێش پردانیان ڕاوەستە وەک بەوری بەیان وابە) «ئاوات».

**بهوریدوور**: زەمانی ڕابردووی دوور.

**بهوریسالت**: ڕابردووی سادە.

**بەوریشاخی**: بەور، بەبر، دڕندەیەکە: (بەوری شاخی نەیرەتێنێ بێزەرە/ خەوتووە بێ کێشەیە، ماتە، کەرە) «ڕاوچی».

**بهوریشک**: ڕابردووی تەواو، ڕابردووی دوور.

**بهوریکەون**: ڕابردووی دوور.

**بهوریگۆتی**: ڕابردووی گێڕاوە.

**بەورین**: ڕابووردن، گوزەران، چوون.

**بهورین**: ١. گوزەران، چاو پۆشین: (چا پشتڤانا ئەخلاقێ بەرفرەها مەزنان کو عەیبا بندەستان ڤەدشێرن، ژ شەهدیبا گوناهێ بچووکان دبهورن) «گولشوون»،٢. ڕابوردن، ڕابردن، تێپەڕین، چوون: (یێ پر عەمر و سالێن درێژ ببهورن/ کو گەلەک خەلق ل سەر مە ڕا بێن هەڕن) «گولشوون».

**بەوررینگ**: بەوروورک.

**بەوز**: ١. بەووز، بووز، داربووز، دارمێشوولە ٢. بۆز، ڕەشوسپی تێکەڵ ٣. بقز، زقیرک، زەرگەتە، زەردەواڵە، زرکێتکەکە.

**بهۆز**: بەردەباز، بەردەواز: (بێخوتوورم، بەردەبازم کەلـلەیە/ تا ئەگەم بەو قیبلەیە!) «گۆران».

**بهۆژاندن**: چۆقاندن، تواندنەوە، هەلادن، قاڵکرن(ڕۆن).

**بهۆژین**: بهۆژان، تواندنەوە: (دلکێ بابی چەندێ دسوژیت/ وەکی بەفرا سەرێ کیریا هەر دبهوژیت) «گولواز».

**بهۆژین**: توانەوە، هەلان، هەلیان: (قەریسە ژ بەر گەرما تاڤێ بهۆرژی).

**بهۆست**: ١. بست، بوست: (ئاڤا دا سەری، چ بهۆستەک، چ چار تلی) «پەند» ٢. بستی ئاسن.

**بهوستەک**: بستێک، بوستێک: (ئەگەر دونیا

هەمی دوژمن بیت، بهوستەکێ ژ مـن دویـر بیت) «پەند».

**بەوش**: ١. شە، شێ، شەی جـۆڵایی ٢. قـۆڵ، بازوو، باسـک، نێـوان ئانیشـک و سەرشـان،٣. پـانیەکێش، پـاژنەهەڵکێش،٤. شـایی، شـادی، خوەشی.

**بهوشت**: بهۆشت، بەهەشت.

**بهۆشت**: بەهەشـت، بەحەشـت، بهشـت: (بهۆشت روویێ ئەردێیە) «پەند».

**بەوشک**: بەدرێخت××٩٧: (هەی بەوشـکی بەخەت، خەڵک کارەبا دەیگرێ، ئێمە قەنـیلە!) «کۆردەرە».

**بەوش‌مل**: پانایی پژمل، پشتەسەر.

**بەوشیقۆڵ**: قۆڵ لە ئانیشکەوە تا سەرشان.

**بەوفەڕ**: بەدفەڕ، ناجسـن: (کەوتە وە بەردەم ئەو مەرد بەوفەڕ) «ئاوێنەی‌بێگەرد».

**بهۆک**: بێ، بەهێ، بەی، بیهـ بییۆک.

**بەوگرینەوە**: بەگریانەوە: (چوون تیفلان مـاچۆ بەو گرینەوە) «بێسارانی».

**بەوڵ**: ××: (قەوڵی واسە بەوڵی) «پەند».

**بەولکان**: بەوڵە، وەیلکان.

**بەولـی**: ١. دیەکەیـگە لە نزیـک سـوومار،٢. هووزێگن لە کوردەیل.

**بەومحەل**: بە کەیفی خـۆت: (بـانە بخـۆ بەو محەل/ تا بە چەرخی زەمانە) «ئاوێنەی‌بێگەرد».

**بەون**: ١. بـاێر، بەیـار، بـوورە، زرِوان،٢. زەوو ئـایش،٣. نـاو هەیـن زەوو ک گیـاێ فرەیـگ دیرێ،٤. فرە، فرەوان،٥. بۆن، بێن، بێهن، بۆ.

**بەوناوی**: بەدنامی، بەدناوی.

**بهۆنە**: بهوونە، بچنە، فەرمانی هـۆنینەوە: (ئەم مورەوانە بهۆنە).

**بەونی**: فرەوانی.

**بەوو**: بووک، وەوو.

**بەوور**: بەبر، بەفر، بەڤل، وورشەک، وەیشەک، دڕندەیەکی گەورەی گۆشتخۆرە.

**بهوور**: بووار، بڤار، دەراو.

**بهووراندن**: ڕابواردن، گوزەراندن: (لێرە ژیان خۆش دێتە بهووراندن).

**بهووربژار**: خەمخۆر، دڵسۆز.

**بهــــوورتن**: ١. گــوزەران، تێپەڕبــــوون،٢. لێخۆش بوون، بەخشـین: (بهـوورتن ل سـەر زالمان، زۆرە ل سەر بندەستان) «گولشوون».

**بەووز**: بــووز، بەوز، دارتۆفــانە، دارقەیســی ڕەشە، دارمێشوولە.

**بەووش**: ١. پانیەکێش، پاژنەهەڵکێش،٢. قۆڵ، باسک، نێوانی ئەنیشک و سەرشان،٣. دارێکـی دانەداری پانە دەیخەنە ناوەنـدی تـان و پـۆی جاجمەوە تا پێی بکوتە و سفتی کەن.

**بهووش**: زیرەک، هۆشیار: (یا بخەملین گلییـا ژ وان بهووش/ یـا ڕۆنـێ چـم وی حەیـوانی خەمووش) «گولشوون».

**بەوولکان**: بەوولە، وەیلکان.

**بەوولە**: ١. وەیلکان،٢. بەوو، بووک.

**بەوون**: بەون.

**بەوونیشـــتەیەرە**: زەحیـــری، بە خـــووێن دانیشتن، زگەشۆرەی بە خووێنەوە.

**بهوونە**: بهۆنە، بچنە.

**بەوە**: ١. بە ئەو، بە ئەوە: (بەوە بڵـــــێ)،٢. بەئەوە، بەویـــیە، لای ئەوە: (کتێـبەکە بەوە)،٣. خراپە، بەدە،٤. بێەوە، بیدەوە،٥. ت بەوە.

**بەوەج**: هێـزا، ڕێـزدار، پیـاوی قەدرگـران و بەنرخ: (لە زۆرەبانی و دەستگەمەدا چیرِ بوو، ئەگەر لە ئـــاوقەرانی خـــۆی بەوەجتـــریش نەبووبێ، کەمتر نەبووە) «خاک و چەوسانەوە».

**بەوەجە**: بەوەج.

**بەوەرز**: دڕندەیەکە لە تیرەی پشیلەکێوی.

**بەوەسیری**: بێوەسیری، مایەسیری، بەواسیر.
**بەوەش**: چ ڕاست××٥٢٥ جزیری×
**بەوەشی**: بەخۆشی، بەڕووخۆشی: (بەوەشی ماچی فەرماوە، وەرنە/ شەقم ئامادەی پەشتی پانتەن) «م.ح. دزڵی».
**بەوەفا**: ئەمەگدار، وەفادار.
**بەوەفێ**: باوەفا، سۆزدار.
**بەوەفایی**: وەفاداری، ئەمەگداری.
**بەوەکۆ**: هەروەکۆ، ئالاڤێکە ژ بۆ هەڤبەرکرنێ بکار دهێت.
**بەوەسڵ‌شادبوون**: ١. پێک شاد بوونەوە،٢. خواستن، هێنان، گواستنەوە: (ئەشێ هەر لە ماڵ خۆیشما وە وەسڵی شادۆ بویتەو) «گوڵونێرگز».
**بەوەن**: بەدەن، لەش: (ئەم حەفتا و حەفت دەرد تەولید ئەکاتە بەوەن) «گوڵونێرگز».
**بەوەی**: کوڤاندار، خەمبار: (ئەورۆ کوڕ دەڵێ: سەرێکی من دێشی، دڵێکە من ماڵوێرانێ بە وەیە) «گەنجی سەربەمۆر».
**بەوەی‌کەم**: لە کاتی سوێندخواردنا بەکاری دێنن: (بەوەی کەم نامرێ: خودا).
**بەوی**: ١. بەئەو، بە ئەو کەسە،٢. بە ئەو شتە، ٣. بەوی دی: (ئەو لێی دەدا دەیدا بە وی) «ڕاوچی».
**بەوی‌ئاواهی**: بەوتەرزە، بەوشێوە.
**بەوێت**: خۆت، بە خۆت: (بە ویت، جەی عالەم بێ‌بەقای ناسووت/ ئەر وەی گرد جیلوەی وەرین نەشناسووت) «مەولەوی».
**بەوێر**: مێرخاس، جوامێر، ئازا.
**بەویری**: بیرتیژی، زەین‌تیژی.
**بەوێری**: مێرخاسی، ڕەشیدی، ئازایەتی.
**بەویژدان**: مرۆی ویژداندار: (وتی: قانع! ئەسەف بۆ بێ‌حەیاییت/ حەیا، زۆر خۆشە بۆ پیاوی بەویژدان) «قانع».
**بەویژدانە**: بەویژدان، ڕوومەتدار.
**بەویژدانی**: ویژدانداری، ڕوومەتداری.
**بەوێش**: خۆی، بەخۆی: (شەوقی شەم بە وێش پەروانە یۆزەن) «بێسارانی».
**بەوێم**: خۆم، بۆخۆم: (چراغم بە وێم .../ ئیمشەو دۆزەخ دیم، من بە دیدەی وێم) «بێسارانی».
**بەویەر**: بگوزەرێ، خۆش‌بە: (بەویەر جە مینە وەی ئەحواڵەوە/ دڵ وە ئێش سەخت دەم وە ناڵەوە) «مینەجاف».
**بەهـ** : ١. بەهبەهـ پەحپەح، ئافەرین، وشەی پەسند کردنە: (بەهـ! چەنێ ڕەنگینە)،٢. بۆ دەربڕینی نارەزایەتی: (بەهـ لەو قسەقۆڕەت).
**بەها**: ١. نرخ، نەرخ، نەخت، بایی، مز، فیات، قیمەت، خاراج، وەج، بوها، بەهێ، بها: (دەزانم جانی شیرینم، بەهای لەعلی لەبت نابێ/ بەڵێ، ناچارییە مایە، کە بێ‌مایەم خەریدارت) «ئەدەب»،٢. گران، گرانبایی ٣. پەح، پەحی، پەهها،٤. جێی، بارتەقای: (لە بەهای موژدەیی وەسڵی قەدەمی چت بدەمێ/ دڵ ئەنیسی سەری کۆی دولبەرە جانیش گرەوە) «حاجی قادر»،٥. ڕازاوەیی: (دورجێکی موجەوهەر کە هەموو حوسن و بەها بێ/ دوڕڕێکی مونەوەر کە هەموو ئاوی سەفا بێ) «نالی»،٦. ڕووناکی: (دوڕدانەیە بێ بەهایێ جانی/ دەردایە ژ دەست خوە ڕایەگانی) «خانی»،٧. نازناوی شێعری حاجی خەلیفە مەلا محەممەد، خەڵکی دێی تیکان‌تەپەی بۆکان،٨. ناوی پیاوانە: (مەلا بەها هەبوو لە بیارە) «ڕشتەی‌مرواری»،٩. ناوە بۆ کچان.
**بەهابن**: نرخدار بن، گران بن: (هەرچەندە زیادەتر بەها بن/ بیلجوملە ب جوزئێ حوسنێ

نابن) «خانی».

**بەهـــات**: ١. بەخـتەوەر، سـەعید، کـامڕەوا،٢. ناوی کوڕانە.

**بەهـادار**: نرخـدار، بایـیدار، ب نـرخ، گـران، گرانبایی، کۆڤێک، پڕبەها.

**بەهاداری**: نرخداری، پڕبەهایی.

**بەهادر**: بەهادور، ئازا، دلێر، بوێر: (کاروانێکی نیزامـــی پێکهـــاتوو لە بەتـــالیۆنی ١ و ٢ی فەوجی بەهادر و بەتریەیەکی ٧٥ی) «لەمەهاباد بۆئاراس».

**بەهـــادوری**: نــاوی خێلاتــێکە لە دەڤەری ورمێ: (مەلا مستەفا لەگەڵ خێلانـی هەرکـی، شـکاک، زێــڕۆ و تەهــا بەگ و بەهــادوری کەوتۆتە وتوویژ) «لەمەهاباد بۆئاراس».

**بەهار**: ١. بوهار، بۆهـار، بـوار، بـووار، باهـار، جەژنی گوڵان، گوڵهێنەر، گیانپەروەر، ڤەهـار، وەهار، سێ مانگەی نەورۆز: خاکەلێوە، بانەمەڕ و جۆزەردان: (وەهار وەهارەن شـەوی تاریـک مەیۆ/ وەهـار وەهـارەن زەردی باریـک مەیـۆ) «مەولەوی» ٢. ساڵ لە نێو خەڵکیدا: (ئەو ساڵ دوو بەهـــارە کـــوڕەکەم چـــۆتە ســـەربازی)،٣. بریتی لە جەنگەی لاوەتی،٤. بریتی لە خۆشـی و سـەرکەوتن: (بەهـار بـوو فەسـڵی زسـتانم، ئەگەر یارم لەگەڵ بـا) «هـێمن»، (پـایز لە مـن بەهار لە تۆ)،٥. جۆرە هەڵپەڕکێـی کـوردییە،٦. ئـاوازێکی گـۆرانی کـوردییە: (بەهـار هـاتەوە، بەهـار هـاتەوە/ دۆسـت و دەزگیـران ئاشـت دەکـــاتەوە) «فۆلکلـــۆر»،٧. شـــکۆفەی دار،٨. گیـایەکە گـوڵی زەرد و جـوان دەگـرێ و بـۆ جوانی دەیچێنن: (ئەو باغ و بەهـار و بەرگ و ئەسـمار/ ئەنـوار و شـکوفە جەمعـی ئەزهـار) «مەموزین»،٩. ناوە بۆ ژنان.

**بەهـــارات**: ئەزبـی، ئیسـوەت، دەرمـانگەرم، چێشتخۆشـکەرە، ئـاڵەت، ئـالات، ئەزبـیە، ئەزبۆڵە، هەزبێڵە.

**بەهارارا**: هەڵبەست بە وەهارا هەڵگوتن.

**بەهـــاران**: ١. وەهـــاران، لە چـــاخی بەهـــاردا: (بەهاران خۆشـە زمزیـران/ لە خـڕێ و دۆڵـێ دەس دەگیـران) «فۆلکلـۆر» ٢. چەن بەهـار،٣. هەموو بەهارێـک،٤. نـاوی شـارۆچکەیەکە لە سنە،٥. ناوە بۆ کچان.

**بەهاراو**: ١. ئـاوی شـیو و دۆڵێـک کە تەنهـا بەهار هەبێ و دوایی ئیشـک بـێ،٢. گونـدێکە لای مەریوان،٣. ××١٠٤×: (کەنەن کە نـاوەن، بەهاراو کەنەن/ لەولای ئەو کەنە، دزکوشـگەی هەنەن) «خانمەنسوور».

**بەهارئەشک**: ئەشکت وەک بەهـار سـاف و بێگەردە: (چـووار فەسـڵی، لە هەر فەسـڵێ بە یەک دەم وا لەلای سـالم/ بەهـار ئەشـک و خەزان ڕەنـگ و زومسـان ئـاە و دڵ هـاوین) «سالم».

**بەهاربوند**: بەهاربەند.

**بەهاربەن**: بەهاربەند.

**بەهاربەند**: ١. تەویلە، کۆز، حەسار و گەوڕی سەر ئاواڵە کە ئاخوڕی تێدا بێ: (لامێژ و پەچە و بەهاربەندۆ) «چنگیانی» ٢. سەرگیر، تـارمەی پێش پەنجێرە.

**بەهاربەندۆ**: بەهاربەند.

**بەهاربەندەنە**: لە بەهاربەنددا.

**بەهاربەنی**: بەهاربەند، تەویلەی لە تەیمـان و پەرژیـن و سـەرئاواڵە بـۆ داکردنـی ئـاژەڵ لە بەهاردا.

**بەهارخەو**: وەتـاغی سـەرەوەی باڵەخـانە بـۆ خەوی بەهاران.

**بەهارخێر**: سەرەتای شینایی گیای بەهاری.

**بەهارستان**: ١. جەنـگە و هەڕەتـی بوهـار ٢.

جێهێن پڕ گوڵ و لاله: (دنیا هەمی بەهارستانە ئیمرۆ/ لەلای من هەر چلەی زستانە بێ تۆ) «کوردی»،٣. گەڕەکێکە لە شاری سەقز: (بەهارستان و قەوخ و حاجیئاوا) «یادنامەیسەقز»،٤. بریتی لە جوانی ڕووی یار×: (تەماشا کەن بەهارستانی ڕوویی دولبەر خەزان دێنێ/ لە چیهرەیی سالمی بێچارە ڕەنگی کارەبا زاهیر) «سالم».

**بەهارکردن**: خۆش‌کردن، لە بەڵا پاراستن: (ئیلاهی ئەم گوڵی نەورستە هەر دایم بەهاری کەی/ لە باخی پڕ لە میوەی توولی عومرا کامگاری کەی) «بێخود».

**بەهارلوو**: گوندێکە لە دێکۆی چواردۆڵی خۆرهەڵاتی ناوچەی قوروە.

**بەهارنارنج**: ١. بەهانارینج بۆ سەری بووک، ٢. پەڕەی گوڵی نارنج کە گوڵێکی بۆنخۆشە و بۆ دەرمان و مرەبا بەکاری دێنن.

**بەهارنوێبوونەوە**: بووژانەوەی گژوگیا لە ئاخری بەهاردا بە هۆی بارانەوە.

**بەهاروو**: بەهارە، بەهاری، بهارە، جۆرێک گەنمە بەهارییە کزتر لە گەنمی پایزەکێڵە، کە سەرەتای بەهار دەچێنرێ و نانی باشی لێدێ: (سوورە تێگەیشت کە بەهاروو کاری خۆی کردووە، گازەرد عەمری درێژی بۆ جووتیاری بەجێ هێشتووە!) «شەوارە»، (وەک ئاردی بەهاروو وایە هەموو شتی لێ دروس دەبێ).

**بەهارووی‌سپی**: بەهارەچەرمگ، جۆرێک بەهارووە، گوڵ ڕووتە و ئاردی سپییە.

**بەهارووی‌سوور**: جۆرێک بەهارووە، گوڵی هەیە و ئاردەکەی سوورە.

**بەهارە**: ١. بەهاروو، گەنمە بەهارە: (بەشی خەڵقی بەهارەی بێ مرۆری سیحەت و شادی/ بەشی ئێمەش هەموو حاجیبەیانی دەرد و میحنەت بوو) «بێخود»٢. پەیدابوو لە بەهاردا: (ئەم بەرخە بەهارەیە)،٣. بەستەیەکە لە گۆرانیەکانی ساباڵاخ،٤. نەخۆشیەکی چاوە لە کاتی وەهاردا،٥. شێعرێکە کە بە سەر بەهردا هەڵکوترابێ: (بەهارەی مامۆستا هێمن کە ناوی بەهاری کوردستانە)،٦. حاسڵاتی داچێنراوی بەهاری: (ئەم نۆکە بەهارەکێڵە)،٧. بەهارات، ئەزبیە: (سوورە پیواز و بەهارە و ئاولیمۆ و ڕۆنەکەرە و نانی لێوەرگرتن) «شەوارە»،٨. ناوە بۆ کچان.

**بەهارهاتەوە**: گۆرانییەکی کوردییە: (بەهار هاتەوە گیان بەهار هاتەوە) «حەسەن زیرەک».

**بەهارەچەرمگ**: بەهارووی سپی.

**بەهارەزێ**: بەرخی زاو لە بەهارا.

**بەهارەکانی**: کوێرەکانی، بوهارەکانی، هانەدرۆزنە، بوارەکانی، بێلوو، وهارەکێنی، دەهنگابە.

**بەهارەکێڵ**: شوی زەوی لە بەهارا.

**بەهارەگە**: دەمێ بهار، بهارگا: (بهارە لبادە رەشکێ/ قیڤارێ دایە سەر کەبەشکێ) «پەند».

**بەهارەمیز**: بەو شوێنە دەڵێن کە لە بەهاردا حەیوانی لێ ڕادەگرن بۆ ئەوەی بەهێزێت.

**بەهارەوار**: جێی چادر هەڵدان لە نزیک گوند بەر لە چوون بۆ زۆزان.

**بەهارەهەوار**: هەوارگەی وەهاری، وارگە.

**بەهارهێنانەچۆکان**: بریتی لە زۆر بە هاسان گرتنی کار و مەسەلەیەک.

**بەهاری**: ١. بوهاری، پێوەندیدار بە بەهارەوە: (بۆن و بەرامە و هەوای بەهاری/ عیشق و هەوەس و مەستی لێباری) «هێمن»٢. کاتی بەهار: (ژینی بەهاری عەشق و جوانی!/ جیلوەگای حوسنی، ڕێی باخ و کانی!) «گۆران»،٣. بەهاروو، گەنمەبەهارە ٤.

بەرهەمەکانی بەهاری،٥. ناوە بۆ مرۆڤ: (با لە سەر تۆ لە دارم دەن/ هەر وەک سیتوان بەهاری) «فۆلکلۆر»

**بەهاریٚ**: ١. لە کژیٚ بوهاردا،٢. ناوە بۆ کچان.

**بەهاریٚ تەڕ**: بەهاریٚک کە بارانی فرەس: (لە نێرینەی بەهاریٚکی تەڕدا) «ف.پ.پ.».

**بەهاریساوا**: قۆناغی یەکەمی بواران، سەرەتای بەهار کە دەشت و دەر سەوزایی پەیدا دەکات و دار چرۆ دەگریٚ، دووهەم قۆناغ ناوەندی بەهارە، سێهەم قۆناغ نێرینەی بەهارە، کە کۆتایی وەرزی بوارانە.

**بەهاریٚعومر**: سەردەمی گەنجی و لاوەتی مرۆڤ: (بەهاری عومر ئەوا گەییە حوزەیران/ کەچی وەک کۆدەک ئێستە دەچمە سەیران) «مەحوی».

**بەهاریٚکوردی**: لە ناوچەی کرندی مەڵبەندی کرماشان، پاش ئەوەی بە حیسابی نەوروز چل و پێنج ڕۆژ لە زستانی ڕابرد، دەڵێن بەهارە و ناویشیان ناوە «بەهاری کوردی»، و سیٚ مانگ سیٚ مانگ حیسابی دەکەن و هاوین و پایز و زستان دەبەنە سەر.

**بەهاریماکەری**: ئەوپەڕی جحێڵی و لەباری لە تەمەنی ماکەردا: (ناچار ماکەریٚکی تازە لە بەهاری ماکەریدا ئەخەنە پێشی نێرەکەر) «ڕشتەیمرواری».

**بەهاز**: ١. بەهێز، هێزدار، زۆردار، گوڕدار،٢. ناوی پیاوانە.

**بەهاشەن**: قیمەتیەتی: (بەڵیٚ ئەسپ من عالەم بەهاشەن/ بەڵکە گشت عالەم بەهای یەک پاشەن) «خانای قوبادی».

**بەهاکردن**: ١. نرخ پرسین،٢. فرۆشتن: (تو چێکە سەلکێد چاکە/ بینە دەرگاهی بەها کە/ میر حەقیٚ تە دیٚ ئەدا کە/ شوغلەکە خێرا تە تیٚ) «فەقیٚ تەیران».

**بەهاناچوون**: دە فریا کەوتن: (کەتیبەیەک لە فەوجی ٣٢ بە شەو بە لۆری بۆ بەهاناچوونی ڕائید کلاشی چوو) «لەمەهاباد بۆئاراس».

**بەهانوو**: بەهانە.

**بەهانە**: ١. بیانک، بیانو، بیانومارک، بۆنە، بهانە، وورک، ویانگ، پرزە، لام، مهانە، پەلپ، گرو، تەشقەڵە، دەسپچگ، عوزریٚ نە ل جیٚ: (بەڵام مشیۆ تۆ وە فەصڵەکەی ویٚت/ کردەی من نەبو بەهانە پەریٚت) «مەولەوی»،٢. ئیراد، عەیب،٣. هۆ، هۆکار، سەمەد،٤. حیلە، تەڵەکە، فێڵ: (ئەڤ پۆل ئەگەرچی بیٚ بەهانە/ یەکرونە و ساف و بیٚ بەهانە) «خانی»،٣. بەکانی ××کۆسالان

**بەهانەئاردەیۆ**: بیانوو هێنانەوە.

**بەهانەئاوردیۆ**: بەهانە هێنانەوە.

**بەهانەبڕین**: پەرزەبڕین.

**بەهانەپیٚگرتن**: پەلپ پیٚگرتن: (گەوهەریٚ گەوهەریٚ بەسەم پیٚگرە بەهانە/ ڕەببی مێردەگولەت مریٚ بۆخاتری ئەو قورعانە) «حەسەن زیرەک».

**بەهانەجۆ**: ١. بیانوگر، پەلپگر: (ئاشنا بۆییٚ، بیٚگانە خۆییٚ/ بەهانە جۆییٚ، بەها نەجۆییٚ) «مەولەوی»،٢. ئەوەی داوای نرخ ناکا: (دووری مەبینە تۆ لە کەریمی بەهانەجۆ/ هەرچی کە کوردە پاکی ببەخشیٚ بە «بوالوفا») «مەحوی».

**بەهانەجۆ**: بە قیمەت و ماڵ ڕازی نەبوو: (ئاشنا بۆییٚ، بیٚگانە خۆییٚ/ بەهانە جۆییٚ، بەها نەجۆییٚ) «مەولەوی».

**بەهانەگرتن**: بیانووگرتن، پەلپگرتن: (ئەگەر شێت نەبی و نەبی دیٚوانە/ تۆ وەکوو مەجنوون نەگری بەهانە) «بارام و گوڵندام».

**بەهانەگرتەی**: بەهانە گرتن.
**بەهانەگیر**: بیانووگر.
**بەهانەگیرە**: بیانووگر.
**بەهانەهێنانەوە**: بیانووهێنانەوە.
**بەهانی**: بەهانە.
**بەهــبەهـ**: ١. پەهــپەهـ ئـافەرین، ئیفـت، تەف، بەح، پەحــپەح، پەححـا، بەه، بەهــبەهـ وشــەی پەســندانە: (بەهــبەهـ لەبەر ئەو قــامەت و ئەو زولفــی ســەمەن ســا/ دوو ڕشــتەیی مشــکینی، طەڕازی قەدی ڕەعنـا/ ...) «ئەدەب»،٢. وشــەی سەرکۆنەیە: (بەهبەهـ ئەوە دەرست خوێند).
**بەهبەهان**: شارێکە×: (٨٤×) «بۆکوردستان».
**بەهتاندن**: ١. ترساندن، تۆقانن ٢. کـاس‌کردن، واق و وڕکردن.
**بەهتـــی**: ١. سەرســـووڕماو، واقوڕمـــاو ٢. ترســیاگ، ترســـاو ٣. ترســەنۆک، خــوێڕی، بێ‌غیرەت.
**بەهتـــین**: ١. تــوانەوە، تــاوانەوە، حەلــین ٢. وڕمــان، سەرســووڕمان: (ببەهــتە: ووڕبمێــنە، بترسە) ٣. ترسان، ڕەنگ زەرد بوون.
**بەهجاندن**: ترسانن، تۆقاندن.
**بەهجەت**: بێهجەت، ناڤێ مێرانە.
**بەهجـین**: ئـازربوون، تۆربــوون، خەییــدین، ســنجرین، ســڵبوون، ســۆربوون، قەهــرین، ئەنرین، هێرس‌بوون.
**بەهدینا**: بادینان××: (دلکێ منۆ دلەکێ بەندە/ سپنێ بەهدینا ب کۆر و کەنـدە/ کچکـا دەلال دێ بتە کۆچەر/ ئەز ڕەبەنێ خودێ دێ ژێ ڕا بم ڕەڤەندە) «حەیرانۆک».
**بەهدینان**: بادینان، دەڤەرێکە لە کوردستان.
**بەهدینی**: ١. بادینی، خەڵکی ناوچەی بادینــان ٢. زمانی ئاخاوتنی بادینی ٣. ئۆلا زەردەشت.
**بەهر**: ١. بەش، پاژ، پشــک، بــێش، بەحــر: (د نــاڤ کــوردەوارییێدا بەهــرا پتــرا خەســێیا د خەسیسن) «گولواز»٢. بەهرە، قازانج، سوود،٣. ڕووناکی زۆر بەهێز ٤. تترووسکە، بروسـکە،٥. بەحر، دەریـا: (خەنقـین پێلـێن بەهــران/ ئـاخ، لاندکا ژینا مە/ مخابن هەژینێ کەت) «سەنار»، ٦. پەی، بۆ، لەبەر: (دائیمەن ســوبح و ئێــوارە تەشنەئاسا بەهری ئاب) «ئەحمەدی‌کۆر».
**بەهەر**: پان، بەرین.
**بەهراڤا**: گوندێکە لای زاخۆ.
**بەهراڤان**: گوندێکە لای شارۆچکەی دەرکار.
**بەهرام**: ١. ناڤە بۆ مریخێ: (بەرجیس و ناهید، کەیوان و بەهرام/ بە خەت شــەریف عەتاریــد تەمام) «خانــای قوبــادی»٢. نــاوی پــاڵەوانێکی ئێرانییە: (دڵ گەر بکا شکایەتی تیــری نیگــاهی تۆ/ ناکا کەسێ حیکــایەتی بەهــرام و ســەیدی گوور) «سالم»،٣. دیەکەیگە لە سۆنقۆر،٤. نــاوە بۆ پیاوان.
**بەهرام‌ئاباد**: ١. دیەکەیگە لە ئیلام،٢. دیەکەیگە لە بێلەوار،٣. دیەکەیگە لە مێهران.
**بەهرامخانی**: دیەکەیگە لە بەدرەێ ئیلام.
**بەهرامســیفەت**: وەک بــارامی گــۆر: (عــالەم وەکوو گۆری کە لە نێو مێــرگ و چەمەن بــێ/ بەهــرام ســیفەت، حــازری چەن تیــر و تەبەر بووم) «قانع».
**بەهراوەزاهیر**: گوندێکە لای بەردەڕەشی هەرێم.
**بەهراوەی‌فەقی‌عەلی**: گوندێکە لای ئاکرێ.
**بەهراوەقەرەنــی**: گونــدێکە لای بەردەڕەشــی هەرێم.
**بەهراوەی‌مووسا**: گوندێکە لای ئاکرێ.
**بەهراوەنوێ**: دێیەکە لای بەردەڕەشی هەرێم.
**بەهرخواری**: بەشخوراو،
**بەهرپار**: بەش، پشک، بەهرە.
**بەهردار**: بەشدار، خاوەن‌بەهرە.

**بەهرک**: دەریاچە، گۆل، گۆلاو.

**بەهرکرن**: بەش‌کرن، دابەشین.

**بەهـــرە**: ١. داهـات، قـازانج، فایـدە، نـاف، بەهرەک: (لەرەی دەنگـی شـادمانی و نەشئەم خنکابوو/ شەپۆلی بای بەهرە و جۆشم مەنـگ ڕاوەسـتابوو) «گـۆران» ٢. نـیعمەت، خـوداداد: (شێخ دەوڵەمەند بەهـرەی سـەرمەدی/ یـاگەی حەقیقەت جیلـوەی ئەخـمەدی) «مەولەوی»،٣. بەش، پشـک، پـش، دۆ، بەرە،٤. توانـایی و هونەر لە کارێکدا: (دە ئەی بەهـرە و قەڵەم بە جـووت/ ئێـوەش هەر دوو بـکەونە خـۆ) «کاکەی فەلاح»،٥. ناوە بۆ کچان.

**بەهرەبەر**: بەشبەر، بەشگر.

**بەهرەچە**: بەهرە، دەرامەت.

**بەهرەخواردن**: میوە لێ‌خـواردن، بەرخـواردن: (تالان بکم ئەز ئەوان تەمامی/ دا بەهرە نەخون ژ وان چو عامی) «خانی».

**بەهرەدار**: ١. بەقازانج، خێـردەرەوە،٢. مـرۆی لێهاتـگ، بلـیمەت: (هـۆ شـوانی بەهـرەدار، تێخوڕە چاوەڕێین/ ئاڕایشـت تەواوە، ئامـادەی هەڵپەڕکێین) «گۆران».

**بەهرەداری**: بەهرەمەندی.

**بەهرەدان**: ١. قازانبوون،٢. لێ‌وەرگرتنی قسە: (لە دەرکەی ژوورەکەی هاتمە دەر و کردیانمە تەویلەیەکەوە، پتر لە حەفتا کەسـی تێـدا بـوو، دایکتان چاک، بابتـان چـاک، نەخێـر بەهـرەی نەبوو) «چێشتی مجێور».

**بەهرەک**: بەش، پش، پشک.

**بەهرەمە**: ١. درێل، برغو، مەتـکەب، مەتـکەو، مەتەی دارتاش،٢. سەری مەتە.

**بەهرەمەن**: بەهرەمەند.

**بەهرەمەنـــد**: ١. بەهـــرەوەر، خاوەن‌فایـــدە، بەهـــرەدار ٢. خـاوەن‌بەش، بەشـدار،٣. نـاوی پیاوانە.

**بەهرەمەنـــدی**: بەهـــرەداری، ســوودمەندی، بەهرەوەری.

**بەهـــــرەوەر**: ١. بە هرەمەنـد، بە سـوود، بە کەڵک، خێردەرەوە: (دەمـا مێـر ژ هـونەر بـوو بەهرەوەر/ هـونەر خـو دێرێـد نە خـویی یـێ هونەر) «گولشوون»،٢. پـاردیتی، فایـدەدیتوو، خێـر پێگەیشـتوو: (دژمـن کـو ژ عیشـقێ بەهرەوەر بن/ بەس دۆست نە دێ د موعتەبەر بن؟) «خانی»،٣. ناوی پیاوانە،٤. نـاوی کچـانی کوردییە.

**بەهرەوەری**: بەهرەمەندی.

**بەهرێ**: بەهرە، سوود، قازانج.

**بەهرێز**: پارێز، خۆبویێری لە خواردن.

**بەهزاد**: ١. ڕەسەن بـاش، نـژارقەنج ٢. نـاوی زەلامانە.

**بەهزی**: مەڕێکە سەری کەمێ زەرد بێ.

**بەهس**: ١. بـاس، بەحـس، گوتـوبێژ،٢. پـاس، بەش، بارە: (پاسی شەو: برێ لە شەو).

**بەهسک**: مێشوولە، پیشوولە.

**بەهشت**: بەهەشت.

**بهەشت**: بەهەشت.

**بهەڤ**: پێکرا، پێکەوە، پێکڤە: (عشقێ کو ب یەک دو ئەرواح/ پەیوەستە دڤی ب هەڤ بـن ئەشباح) «جزیری».

**بهەڤ‌ئالین**: تێک گیران، کەوتـنە شەڕەقسـە: (من و وی ب گـۆت و بێـژ ب هەڤ ئـالین) «گولشوون».

**بهەڤ‌ئانین**: پێک‌هێنان، ڕێک‌خسـتن: (لـێ ژ مەلێ عەببـاس شـێخ ئـوول ئیسـلام ڕا ژی ل هەڤ نەهات محەمەد حەسـەن خـان و وەلـی ب هەڤ بینە) «مەستوورە».

**بهەڤدرووتن**: پێکەوەنان، پـێکڤە دوورین:

(ب هەڤ ڤەددرووتن و ژ وان هن جلێن دی چێ دکرن) «پەپووک».
**بهەڤرامرن**: پێکەوە مردن: (ل حەزرەتـا هەڤ ناگرن/ ل بەر سورێ ناسەبرن/ هەر دو بهەڤـرا دمرن/ ل وێ گهانە وەسلەتێ) «فەقێ تەیران».
**ب هەڤ شاد**: پێکگەیشتوو.
**ب هەڤ شـادبوون**: بە یەک گەیشـتنەوە: (تاجـدین و سـتی کـو بـون ب هەڤ شـاد/ وەسلێ کرن ئەو ژ هیجرێ ئازاد) «خانی».
**ب هەڤ کرن**: پێککردن: (ئایا نە تە چـێ کـرن موقابیل؟/ هەر یەک تە بهەڤ کرن موعادیل؟) «خانی».
**بهەڤین**: لەگەڵ یەکتر: (ب وی گـۆت: ببهـور ب هەڤین نە ئوساکین/ کو وەک گور ل سـەر تە پەز بهەرکین) «گولشوون».
**بەهک**: نەخۆشییەکی پێستە.
**بەهلنگی**: سەرین، نازباڵنجی بەرپێ.
**بەهلوول**: ١. نێوچـاوگەش، ئەنـی ڤەبـوی،٢. باڵوول، برای هاروون ڕەشید بـووە، کەسـێکی زۆر لێزان و زیرەک بووە، ناسراوە بە بـاڵوولی دانا،٣. باویل، بالول، ناوی کوڕانە.
**بەهلوولک**: باڵۆکە.
**بەهمەن**: ١. ڕێبەندان، نـاوی مـانگی یـازدەی ئێرانە، شوبات، کانوونی دوهەم: (کوڕ بۆ دەمی فەروەردیـن، کـچ بـۆ چلەیـی هـاوین/ کـچ: بەهمەن و کچ: تشرین، گەرما: کوڕ و سـەرما: کچ) «ئەدەب»،٢. هەرەس، ڕنۆ، ڕەنیا بەفـرێ: (خسـتیە چەوتـا ڕۆسـتەمی بەخـتم نەدامەت وەک شوغاڵ/ بەهمەنی غەم عەرشـی تێـک دا هەر وەکـوو ئەیـوانی زاڵ) «سـالم»،٣. نـاوی دوهەمین ڕۆژی هەموو مانگێکیشـە،٤. ئێـک ژ ئەمشاسـپەندانە،٥. بیرچـاک، دەروونپـاک،٦. کوڕی ئەسـفەندیار، پادشـایەکی کەیانەکـان،٧. ناوی پیاوانە: (ڕەبی دوژمن بەحـاڵی بەهمەنـی بێ/ لەداخا ڕەنگە لووتی داژەنی بێ) «هێمن».
**بەهمەنـاوا**: دێـیەکە لە دێکـۆی قوڕووچـای ناوچەی قوروە.
**بەهمەنئاباد**: دیەکەیگە لە دەڕەشار ئیلام.
**بەهمەنیی**: سوور.
**بەهناف**: ١. بەهنـام، باشـترین نـاو ٢. بێهنـام، ناوی نێرینانە.
**بەهنام**: ١. بەهناف،٢. زنجیرە چیایگە لە نێوان باغچەڵە و کانیکەووە.
**بەهنامدژ**: ناوی قەڵایێک بووە لە سەر چیـای بەهنام بۆ بەرگری و پاراستن دروس کراوە.
**بەهۆ**: دەرێ ئەیوانێ.
**بەهۆرامانْدا**: گۆرانییەکی هۆرامییە.
**بەهۆرە**: بەورە، خودان عەزم و ئیرادە.
**بەهۆش**: هشیار، هۆشیار، ژیـر: (ئـاوی چـاوم بۆتە مایەی سۆزش و گریانی من/ گا نەخۆش و مەست و حەیران، گا بەهـۆش و بـاخەبەر) «وەفایی».
**بەهۆشهاتنەوە**: هـۆش پێـدا هـاتنەوە، وشـیا بوونەوە.
**بەهۆک**: بەهـ بەی، بێ، دار یا میوەی بەهێ.
**بەهووردە**: ١. بلیمەت، کەمۆ، ڕامیـار، بەرگەر ٢. سەلیقەدار، بەسەلیقە.
**بەهە**: بەهـ بەهبەهـ پەحپەح، وشەی پەسنْدانە.
**بەهەجانـدن**: ١. تـوڕەکرن، ڕەنجانـدن ٢. ڕژدی، چاونزاری، چاونزێری.
**بەهەجۆک**: سڵ و تووڕە، قەڵس.
**بەهەچ حاڵێ**: بە هەر حاڵێک.
**بەهەچ حاڵێو**: هەرچۆنێک بێ.
**بەهەدەر**: بەفیڕۆ، بەزایە: (بێسەر ئەبێتە ڕێزی تـاجوەر/ خـوێنی چەن مەزڵـووم ئەدەی بەهەدەر) «قانع».

**بەهەر**: جگەر، جەرگ، مێلاک.

**بەهەرا**: دەنگدار، بەدەنگ: (هێندێ بەهەران و هێندێ وستن/ دەستێک پەلەکار و هێندێ سستن) «هەژار».

**بەهەرحاڵێو**: بە هەر حاڵ.

**بەهەرکلۆوەجی**: بە هەر کلۆجێ، بە هەر شێوەیێک.

**بەهەرمێ بەهەرمێ**: ناوی گۆرانییەکە: (بە هەرمێ بە هەرمێ، جا دەچم هەرمێت بۆ دێنم) «ماملێ».

**بەهەزارحاڵ**: زۆر بە زەحمەت.

**بەهەست**: ١. هەستیار: (کەژی بە بیری ڕابردووی ئەمن/ شوێنی بە هەستی نەمردووی ئەمن) «ب. ئەفخەمی»،٢. ناوە بۆ کچان.

**بەهەشت**: ١. بەحەشت، بەهەیشت، بهوشت، جەنەت، جەننەت، باغاتی خودێ: (لە کن مـن ئەسڵی نییە و نەبووە عەیشی تەنها خۆش/ نییە بەهەشتی خودا هەم بە بێ ئەحیببا خۆش) «نالی»،٢. بریتی لە جێی زۆر خۆش و دڵڕفێن: (ناچار لەگەڵ هاوڕێم هەڵساین/ خەم ئەم بەهەشتەی لەکیس داین!) «گۆران»،٣. ناوە بۆ کچان.

**بەهەشتاو**: بە پەلە، بە لەز، بە تاڵوکە: (دەهات بە گریان و بە هەشتاوە/ هەتتا دەگەییە میر مەمی، دەیگوت: بە قوربانت بم کوێت ئێشاوە؟) «مان».

**بەهەشتئاین**: وەک بەهەشت، لە شێوەی بەهەشتا: (هەر لێرە هەتا دەشتی بەهەشتئاینی لاجان/ ئاهیستە بڕۆ، نەک وەکوو دێوانەیی هەرزە) «حاجی قادر».

**بەهەشتبۆ**: بۆنی وەک بۆی بەهەشت: (سا یاوا بەو مولک ڕەوزەی بەهەشتبۆ/ دیش گوڵشەن گوڵشەن گوڵ نە سارا کۆ) «خانای قوبادی».

**بەهەشتبێز**: زۆر خۆش کە وابێ بەهەشت لەبەر چاو ببێزرێنێ: (جەو بۆن بوزرگان بەزم بەهەشتبێز/ نامشان نیا «خوسرەو پەروێز») «خانای قوبادی».

**بەهەشتۆک**: گیایەکی کێوی گوڵی سپی دەگرێ.

**بەهەشتنە**: لە بەهەشتدا.

**بەهەشتوێنە**: بەهەشتی، خۆش وێنەی بەحەشت: (با ساتێ لەگەڵ ڕۆحی شیعردا سەفەرێ کەین/ بۆو شوێنە بەهەشت وێنە کە هێشتا نەگەڕاوم) «جومعەکان».

**بەهەشتی**: ١. دیندار، لەخواترس،٢. کەسێ کە دەچێتە بەهەشت، واژی جەهەنـدەمی: (ئەو دەمەی بابی بەهەشتی مـن مرد/ دوور لە تۆ دەرد و بەڵای ئێوەی برد) «خەوەبەردینە»،٣. کەیبانووی ماڵ لە زاراوەی فەقێدا کە دەچنە دەقنە.

**بەهەشتیباقی**: بەهەشتێک کە هەمیشە هەیە: (وەکوو ئەو حۆریانەی بەهەشتی باقی داینا) «شۆڕمەحموود».

**بەهەشتیجاویدان**: بەهەشتێ کە هەر بووە و دەشبێ.

**بەهەشتیچ**: بەهەشتیش: (مەر جە باقی نە بەهەشتیچ بەروو) «م.ش. مەردوخی».

**بەهەشتیدڵ**: خۆشی دڵ.

**بەهەشتیسەرزەوی**: ١. وڵات و جێی خەملاو، ٢. بەهەشتی دەسکردی مرۆڤ بۆ بەربەرەکانێ دەگەڵ بەهەشتی خودا.

**بەهەشتیشەدداد**: ١. باغێک کە شەدداد هاوویێنەی بەهەشت سازی کرد،٢. بریتی لە جێی زیدە وەش: (مەجلیسی میری وەکوو بەهەشتی شەددادی دەڕازاوە) «سەعید و

میرسێوەدین».
**بەهەشتی‌میسال**: وێنەی بەهەشت: (پرسیم ئەی تەختی بەهەشتی میسال) «پیرەمێرد».
**بەهەشتی‌نێرەکەر**: دونیا بەهەشتی ئەو کەسانەیە کە گوێ نادەنە هیچ شتێک و خەمی هیچ ناخۆن: (دنیا بەهەشتی نێرەکەرە!).
**بەهەشتیە**: بەهەشتی.
**بەهەق**: بەرحەق، حەق: (ئەمە دینمە و دینێکی بەهەق/ لە سەر بەیتی خۆم ئەگەر بکرێم شەق) «پیرەمێرد».
**بەهەڵپە**: بەتەما، بەتەماح: (با سێ چوار ڕۆژ لێرە بمینمەوە، جا ئەزانی من لە تۆ بەهەڵپەترم) «پێکەنینی گەدا».
**بەهەڵم**: ١. بە هەڵم و بۆغ،٢. خێرا، گورج،٣. تاژی ئازا و چالاک لە ڕاودا.
**بەهەم**: پێکەوە، بهەڤرا.
**بەهەم‌ماوەرۆ**: پێکدێنێ، پێکەوە دەنێ: (موفلیس مەنیشۆ، خەیاڵ مەکەرۆ/ بەو خەیاڵ گەنجێ بە هەم ماوەرۆ) «بێسارانی».
**بەهەندگرتن**: بایەخ پێدان: (بە هەندی هەڵمەگرە پیاوەکە، مەلاژن ئافرەتێکی زۆر ئاقڵە) «خاک و چەوسانەوە».
**بەهەو**: ××: (دەڵێم بابەکەی بابم ئەوە بەهارە بەهەوە/ مەڕ و مێگەلانم کەوتووە گەرمەزەوە) «فۆلکلۆر».
**بەهەوا**: ١. بەحەوا، بەبەرزی،٢. بەفیز، بستە، بەدەمار.
**بەهەوابوون**: فیزداربوون، لووت‌بەرزی، پەگهین، پەنگهان.
**بەهەوادارۆیین**: بە هەوادا چوونی فڕۆکە یا تۆز و پووش و پەڵاش.
**بەهەوایی**: بەفیزی، دەماربڵندیی.
**بەهەویابوون**: هیوادار بوون، بەتەما بوون: (دوێنێ دەیفەرموو بە هەویای وەسڵی ڕوخسارم مەبە/ تا وەکوو زولفم نەبی گەردن‌کەچ و دەستەونەزەر) «وەفایی».
**بەهەیبەت**: ترسێنەر، سامدار: (شێری سامناک و بەهەیبەت ئەخەنە لەرز و یاو) «حافز».
**بەهەیشت**: بەهەشت.
**بەهی**: ١. زەردهەڵگەڕاو، وشکبوو، چرمسی، سیس ٢. سەرەخۆشی، تازیە، زێمار، پرسە، پورسە: (ل مزگەفت و بەهیا بەراهیێ بزانە، ژ نوی بکە گری) «پەند»،٣. دێهاتی بۆکان بەرەو سایین‌قەڵا، بەهی فەیزووڵڵابەگی و بەهی دێبوکری.
**بەهێ**: ١. بێ، بەی، بەهـ یهۆک، بەهۆک، بیووک، بیۆک، بینۆک، هێوە، بەری دار بەی لە هەرمێ گەورەترە. چەن جۆری بەهێ: خاتوونی، شامبیرن، کرماوە، گوڵاوی: (تا بە سەر باغی دڵا بێ، بای خەزانی فیرقەتت/ عارزم بۆ سێوی ڕوخسارت لە ڕەنگی بەی دەکا) «سالم»،٢. بایی، بەها، نرخ: (یەک عیشوە «مەلا»یێ ب بوها بێتە ژ لەعلان/ سەد جان مە هەبن هێژ کو موقەسیر د بەهێ من) «جزیری» ٣. بریتی لە مەمک: (مەمکی چەپت زەردە بێیە، ئەوی دیکەت هەنارە) «فۆلکلۆر»،٤. گوندێکە لای پێنجوێن،٥. بەشێک لە بلووکی شاری بۆکان کە چەند گوند لە خۆی دەگرێ: (بۆکان چوار بلووکی هەیە: بەهێ، تورجان، یەڵتەمر، یەختەچی) «پێکەنینی گەدا»،٦. ناوی ئافرەتە.
**بەهیا**: ناوە بۆ کچان.
**بەهی‌پۆش**: ڕەش‌پۆش، عازیەتبار.
**بەهیت**: ترساو، ترسیاگ، بزدیای.
**بەهیت‌مان**: بەهتین.
**بەهیتم**: توامەوە، چۆقامەوە: (سەراسەر تێک

بەهیـــتم ئەز ژ دەردێ فەرق و هیجرانـــێ) «جزیری».

**بەهیـتن**: ١. ترسـان ٢. تـوانەوە، تـاوانەوە، چۆقـان: (غەمـا عیشـقێ پەریهـتم ئەز، حەبیبـا غەمرەوین کانێ/ سەراسەر تێک بەهیـتم ئەز ژ دەردێ فەرق و هیجرانێ) «جزیری».

**بەهیجە**: بەییجە، ناوە بۆ ژنان.

**بەهـیچ**: لەخـۆڕایی، بێهـوودە: (قەڵەم مەردانە نوتقی دا، جوابی دامەوە، فەرمووی:/ بە هـیچ ئەقڵت ئەشێوێنی، خەرافەت بۆ ئەکەی ئیزهار) «قانع».

**بەهیچڕەنگیٚدا**: بە هیچ جۆرێک: (نوور بینایی جە دیدەم جییـان/ بە هـیچ ڕەنگـیٚدا مەتـاوو دییان) «بێسارانی».

**بەهـیچن**: مـرۆڤێن د چـن بەهییـا خـوەدییێ مری: (ئەڤرۆ گەلەک بەهیچن ژ گوندی هـاتن بەهییا مە).

**بەهیـــدار**: تـــازیەدار، خەمبـــار، بەشـــداری سەرەخۆشی.

**بەهیـداری**: تازیەبـاری: (پشـتی چەنـد ڕۆژا گەهشتە کوچکا حەسەن بەگی و ڕێونشتن کو بەهیداری و تازیٖیە وان کر) «گولواز».

**بەهیداندن**: سەرەخۆشیکردن، چوونە تازییە.

**بەهیـــر**: بەخـــتەوەر، بەختیـــار: (شـــادی و ئاسـوودەیی بە سـەر هەسـت و هۆشـیدا زاڵ بوو و لە دوورەوە بە دەنگێکی بەرز دەیکوت: هیرم هەسـتایە هیـر، ئـۆخەی خودایـا چەنـدە بەهیرم هیرا!) «خاک و چەوسانەوە».

**بەهێز**: ١. بەقەوەت، هێـزدار، خـورت، بـۆکە، ئازا: (ئاویزانی بوو، گرتی لە ئامێز/ گووشی بە بە باهۆی مەردانەی بەهێز) «هێمن»،٢. خـودان چەک، تانگ و تۆپـدار: (قەت مەڵـێن دوژمـن بەهێــزە، تــۆپ و تەیـــارەی هەیە/ ...) «ف. بـێکەس»،٣. حـاڵی قسـە یـا نووسـراوەی بەبڕشت،٤. ناوە بۆ پیاوان.

**بەهێستانی**: بە ئاسانی، بە سانایی.

**بەهیشت**: بەهەشت: (ژ گولستانی جەمـالا تە گـولەک بێـتە زهـووریٚ/ ژ دنـیٚ بچـتن نـاڤێ بەهیشتا ئیرەمێ) «جزیری».

**بەهێشت**: بەهەشـت: (مانێشـت کەفـتەو دەر ڕوحم بوو تازە/ چمان دەر قاپیٚ بەهێشت لـێم وازە) «خانمەنسور».

**بەهیڤ**: ١. بادام، بـاوی، بـاهیڤ، بەعیـڤ ٢. کۆتر.

**بەهیڤئاژنگ**: باویەتـاڵە، بەهیڤەتـاڵە، بـادامی تاڵ.

**بەهیڤتاڵ**: بەهیڤئاژنگ.

**بەهیڤتەڕ**: چوالەبـادام، بـادامی تەڕ، بـادامی سەوز.

**بەهیڤتەڕک**: بەهیڤتەڕ.

**بهێڤرا**: پێکەوە، پێکڕا، بە یەکەوە.

**بەهـــین**: ١. وشـــکبوون، زەردهەڵـــگەڕان، چرمسین(گیا) ٢. بازدان، هەڵبەزینەوە ٣. بـاز، قەڵەمباز، هەڤبەز،٤. بە وانێک، بە شت.

**بەهێندگرتن**: گرینگی پێدان.

**بەهییە**: گوندێکە لای مەندەلی.

**بەهیٚیی**: زەردی وەک بەهیٚ: (کەوا و پـاتۆڵ زەرد، زەردی بەهیٚیە/ تۆبەکاریەکەم بەخـاتری تۆیە) «فۆلکلۆر».

**بەی**: ١. بەهیٚ، بەیانە، دار یـا میـوەی داربەی: (کـێ دەسـتی دەگـاتە بەی و نـاری نەگەیشتووت/ لەو تەختە کە وا ساحیبی مۆرن بە سەدارەت؟) «نـالی» ٢. بریتـی لە زەرد: (تـا بەسەر باغی دڵا بێ، بـای خەزانـی فیرقەتـت/ عارزم بۆ سـێوی ڕوخسـارت، لە ڕەنگـی بەی دەکا) «سالم»،٣. بەم، بە ئەم: (سیوای تۆ ئـازیز

نەی زەمـــــانەدا/ کـــێن گـــوزەر کەرۆ بەی ویرانەدا؟) «مەولەوی»،٤. بۆچی، لۆچی، بۆ، لۆ ٥. بەیـانی، سـبەینێ، سـوح ٦. بێـی، بێیـت: (شـنەفتم، گیـانم بـاڵا تـووڵ نەی/ ئیـرادەت کەردەن چەنـی خەسـتەت بەی) «مەولەوی»،٧. بێ، بێـت، بێـتەوە: (فیـدات بـوون ئامـان سـا هۆرکەر بـا بەی/ وە سـەر کشـتمدا پەی پەی جەو جۆی مەی) «مەولەوی»،٨. بـدەی: (قەف قەف برِی هەڵقەی زنجیر/ وەک لە مـۆم بەی، بە دەمی شیر) «گـۆران»،٩. بەرە، بـبە: (نەسـیم هـۆربێزە تـۆ بەی نـامەوە) «م.ح. دزڵـی»،١٠. بریتـی لە مەمکـی تـورت و خـرِ: (دەسـتی لەرزۆکـم هەتـا تێـدایە هێـزی بەی گوشـین/ لێمگەرێ لە باخی سینە میوان ببمەوە) «نـاڵەی جودایی»، (کەف لەناو کەف، دەم لەسەر گـوڵ بەی گوشین و پێکەنین) «ئەدەب»،١١. بەرنـدە بود،١٢. دیەکەیگە لە ئیلام،١٣. مۆرکە،١٤. ناوە بۆ کچان.

**بەیْ**: ١. بهـێ، بـێ، بە،٢. بریتـی لە مەمـک: (مایشتەیێ دارایی دان لە دەور بەیْ/ گاگا چـو سەرسەوز دەلیا مەکەن تەیْ) «خانمەنسـور»،٣. ئەو بەیْد،٤. بەرندە بـود،٥. بەنـامی: (ئەیْ لەیْ بەیە).

**بهی**: ١. بەی، بـێ، بەهـێ،٢. ئـاین و ئـولێکە لای چارداوڵیگەل.

**بهێ**: نرخ، بەها، گرانی، بوها.

**بەیـــــا**: ١. بەرنـــدە بـــودن،٢. بەیـــدا، دەیگەرێنیـتەوە؟،٣. بێفایـدە، بێکەڵـک: (هـا نەختـێ مەنەن بەیـا نە سـەردا/ وا چـون قنگەلاشـک بەرۆش وە هەردا) «م.ح. دزڵـی»، ٤. بەیـان، سـوح: (کە وەختـێ بەیـا تلـوع دەرکەوت/ بولبـولی هەژار ئیتـر نەسـرەوت) «قانع». ×میرزا هو، تۆ١٠×

**بەیا**: ١. بەرندە بوودن،٢. بەیْدا، دەیباتەوە.

**بەیابان**: بیابان.

**بەیـــات**: ١. پـاتە، پەوپـاتە، پەزێـرە، کـۆن، کتووت، نان و چێشتی شەوماوە ٢. هەوایەکـی مۆسیقایە چەن جـۆری هەس: بەیـاتی کـورد، بەیاتی تورک، بەیـاتی ئیسفەهان ٣. هـۆزێکی کورد لای شاری کەرکووکە: (بە درێژی وەکـو مەولان بەگەکەی میری بەیات/ بە جەسـامەت وەکو کوێخـا زلەکەی بیبـانی) «شـێخ رِەزا»،٤. نژادێکــــی تورکمـــــانی دەڤەری کەلارن: (دانیشـتووەکانی عەرەب و تورکمـانی بەیـات بـــوون) «رِاگواســـتن»،٥. دەڤەرێـــکە لای کەرکووک×: (لە رِێی خورمـاتوو لە بەیـاتەوە/ برِۆین وا تەرمی شێخمان هاتەوە) «مینەجاف».

**بەیاتە**: ١. بەیات، چێشتێ شـەوی بە سـەردا هاتبێتەوە،٢. رِۆنی هەڵکزاوی بەز و دووگ.

**بەیاتی کورد**: جۆرێ گۆرانی کۆنە.

**بەیـاخ**: ئـاڵا، بەیـداخ: (بەیـداخێک هەڵئەکـا وێنەی تۆ لەسەر/ بۆ گشت لای وڵاتی ئەکا بە سێبەر) «گۆران».

**بەیاخ**: ١. بەیْداخ، ئاڵا،٢. چل، چووزەرە.

**بەیاخدار**: ١. بەیداخدار، ئـاڵاهەڵگر ٢. بریتـی لە ژنی بێحەیا.

**بەیاخدار**: بەیاخدار، ئاڵاهەڵگر.

**بەیاخە**: بەیاخ، چووزەرە.

**بەیاخەکیشان**: بەیاخ دان، پەل وەشانن دار.

**بەیاد**: ١. لە یادگیر،٢. ناوی پیاوانە.

**بەیادکردن**: وەبیر هێنانەوە و باسکرن.

**بەیادمکە**: نـاوی گـۆرانییەکە: (بە یـادم کە لە یادمی نازەنین/ بگە فریـادم تیمـاری کە زام و برین) «ع. مەردان».

**بەیادمکەبەیادمکە**: ناوی گـۆرانییەکە: (بە یـادم کە، بە یـــادم کە/ بە ماچێکـــت دڵشـــادم کە)

«حەسەن زیرەک».

**بەیادی**: لەبەر، بۆ بیرەوەری: (پێم دەڵێن: شێعری «ئەدەب» یا سیحرە، یا جادوو، بەڵێ/ شێعری من: جادوو بە یادی چەشمی سەححاری دەکا) «ئەدەب».

**بەیادیکردن**: بێئۆقرەیی لە دووری ئازیز یا بە هۆی نەخۆشی.

**بەیار**: ١. بوورە، بەیاز، بایەر، بوور، بیوور، دهم، سهر، نەڤەکری، زەوی نەکولایی: (دێتە دەر بوورە و بەیار و بەندەن و نیساری کورد) «هێمن» ٢. قسەی پێچراوە و نەڕوون: (وەڵام هێشتا بەیارە/ لاوەزە، کوڵەوارە) «ڕاوچی» ٣. زەوییەک کە تازە قاشۆی مێوی لێ بچەقێنن تا دوسێ ساڵان بەیاری پێ دەڵێن،٤. ناساخ، بێدیققەت ٥. بێکەڵک، بێخێر، شەخرە ٦. خودان، خاوەن، ساحێب: (شڤانێ ڕند دتەرکینە، بەیارێ کوتی نوکو) «پەند» ٧. ناوی کچانە،٨. ناڤێ مێرانە.

**بەیاربڕ**: ١. بوورەکێڵ، بایرکێڵ،٢. بەو زەوییە دەڵێن کە یەکەم جار دەکێڵدرێ.

**بەیارکێلان**: کێلانی بەیار وبوورە: (کەرستەی جووتی بۆ پیاوەکە ساز دەکەن، دەیێرنە بەیارکێلانێ) «ف.پ.پ.».

**بەیارە**: بەیار، بوورە.

**بەیارهێلان**: هێشتنەوەی زەوی و نەکێلانی: (چەمێ خوە هێلا بەیار).

**بەیاری**: خۆڕسک، خۆڕست، سرووشتی.

**بەیاز**: ١. بوورە، بەیار ٢. کەشکۆڵ، دەفتەری شیعر و بیرەوەری: (ئەم شیعرە زەریفە خەتتە چاکە/ نووسیومەتەوە لە ڕووی بەیازی) «حاجی قادر»،٣. داشی دۆمینەی سپی،٤. سپی، چەرمگ: (زولفەکەت گرتمی، بەیازی گەردنت سووتاندمی/ خوێنی پەروانە بە دەستی شەو لە سەر ئەستۆی شەمە) «وەفایی»،٥. سپێتی، چەرمگی: (سووەیدای پەرچەمی وەک فەجری کازیب زوڵمەتئەفشانە/ بەیازی گەردەنی وەک سوبحی سادیق پورتەوئەندازە) «بێخود».

**بەیاز**: بیاز، هاماری، دەشتی تەخت.

**بەیازە**: لقی سەرقرتێنراوی داری یەختەکراو.

**بەیازیعارز**: ڕوخساری سپی، ڕووی چەرمگ: (گەر بەیازی عارزت دەرخەی لە ژێر چارشێوی ڕەش/ بەفری کوێستانی چ جیلوە؟ تەرزەلووکەی تەڕ چییە؟) «قانع».

**بەیاف**: زەمین، ئەرد بیف: (دەروێش گۆت: ئەز دی حەتا بهاری دوعا کەم کو ئەڤ چیایێ گارەی ڕاست ببیت و ژ ڤی رێ بچیت و جهێ وی ببیتە دەشت و بەیاف بۆ جووت و کیل!) «گولواز».

**بەیاڤ**: بەیاف، زەمین: (کابرا گۆت: برا تۆ نیڤێ سێکا من شول ناکەی و بەیاڤێ من و تە هندی ئێکە) «گولواز».

**بەیان**: ١. دیار، ئاشکرا، خویا: (بۆمان بەیان کە) ٢. سپێدە، بەیانی، سوزو، شەوەکی، سوح، ٣. بێن، وەرن: (تەمام سەڕافان جە ڕوی سەرزەمین/ بەیان بوینان ئاینەی جەمین) «بێسارانی»، (با ڕەندان بەیان)،٤. بێن، بینەسەرم: (هامسەران بەیان نەزانان من کێم) «م.ح. دزلی»،٥. ببارێن، لێمبدرێن، بمپێکن: (ئازیز با بیان خەدەنگان خاس خاس) «بێسارانی»،٦. شەرح، شیکاری، دەربڕین: (لە بۆ ئەربابی دنیا قەت مەدە بەسط و بەیانی عیشق/ کە «مەحوی» شەرحی نوکتەی جانفزا بۆ مردوو زایع) «مەحوی»،٧. وتار، قسە: (ئەڤ ڕەنگی فەساحەت ژ بەشەر سیحری حەلال/ ئیعجازی بەیان ئانییە بەر تەدوینێ) «جزیری»،٨. ئاخڤتنا ڕەهوان و جوان و

بێ گـــرێ،٩. دوو بەهـــێ،١٠. بریتـــی لە دوو مەمک: (ماران و بەیان هەر مەلەرزانی/ نـمەز چ سیرەن نمەگەزانی) «بێسارانی»،١١. بریتی لە سەرکەوتن×: (مژدەی بەیانی بۆ گەلی دوور و نزیک ئەبرد) «پیرەمێرد»،١٢. شاخێکە لە نزیـک قوراوا،١٣. ناوی هێزێکی پێشمەرگەی سـەر بە شـاری بۆکـان بـووە،١٤. بەیننـامە،١٥. نـاوی کچانە: (سپاس بۆ تۆ بەیان، بەڕاستی دەرحەق بە من خاوەن چاکەی) «نیساری».

**بەیاڵ**: ١. دەشـت و مەزرایەکە لای نەگـڵ،٢. گوڵ سوو،٣. بەیدان، ئەوانە دەبەن.

**بەیانا**: ١. لەلێـان بەیـدەو؟،٢. ئەول خـوەدەو بەید؟

**بەیاڵا**: ١. لەلێان بەیدەو،٢. کلیانەو کەید.

**بەیانـان**: ١. بەری بەیـان: (چـیم بەسـەر دێ پاشـەڕۆژ دێـوی شـەو سـەدان جـاری/ لای بەیانـان دێ دەبینـێ، هەر هەزارانـم ئەمـن) «بێتووشی»،٢. گوندێکە لای چوارتا.

**بەیاڵان**: کۆی بەیـان، شـەوەکیان، لە وەختـی بەیاندا: (هەموو ڕۆژێ بەیانان بە ئـاوی سـارد حەمامێ دەکا!).

**بەیـانئەنگووتن**: شـــەبەقدان، پەیـــدابوونی سەرەتای بەیـانی: (زەردە زۆر کەوت و بەیـان زۆر ئەنگوت) «هێدی».

**بەیـــانبوون**: ١. دەرکەوتـــن، خویـــابوون: (عەجەب سرێ لە ئەبرووتا بەیـانە/ موخـالیف پێکەوەن هەم تاق و هەم جووت) «تاهیربەگ»، ٢. هەڵاتن، دەرکەوتنی ڕووناکی: (وا زولفی لە سەر گەردنی لاچوو بە هەناسەم/ شەو فەجری بەیان بـوو، کە نەسـیمی سـەحەر ئەنگـووت) «وەفایی».

**بەیانبەربوون**: بەیان ئەنگووتن، ڕۆژ بـوونەوە: (وا خستمی چاوی کە بە داو زولفـی وەلا دا/ شەو ڕۆیی، بەیان بەربوو، ئەمـن هەر لە خەوا بووم) «وەفایی».

**بەیانبەردان**: کاتی تاوهەڵاتن: (بەیان بەردانـی ڕۆژی ٢٣ی مـــانگی ڕەشـــەمە) «لەمەهابـــاد بۆئاراس».

**بەیـــاندا**: دەرکەوت، هەڵات: (جەسـتەم هەر گریان، تا سوب بەیان دا/ سوب بـاڵام نیشـان سفتەدڵان دا) «بێسارانی».

**بەیـــاندان**: ١. دەرکەوتـــن: (لە دوگـــمەی سـوخمەی دوێنـێ نـوێژی شـێوان/ بەیـانی دا سفیدەی باغی سێوان) «نالی»،٢. بـوونە بەیـان، ڕۆژ بوونەوە: (جا کە سـبحەینێ بەیـانی داوە) «توحفە».

**بەیانداهـــاتن**: بەیـــان ئەنگـــووتن: (بەیـــان ئەنگووت و شەو ڕابورد و مـن هێشـتا خەوم نایە/ دەخوێنن بولبول و قومری بەڵام قاسـپەی کەوم نایە) «ناڵەی جودایی».

**بەیانـدن**: درکـانن، درکانـدن، ئاشـکرا کـرن: (گۆشەیێن نونان ب سەر بادان ژ قەوسـی بـێ وەتەر/ میسـلی ئەنگوشـتانە بـێ سـەد سـیر بەیاندن ماهی نەو) «جزیری».

**بەیاندەرە**: دێیەکە سەر بە شاری بانە.

**بەیانشـــاکەرمێ**: دامنـــاوە، گوتـــوومە، بیـــانم کـردووە: (چـن شـێعرێ سادەی بە عیوانـوو وەسیەت پەی مەزهەری و بـرا و واڵا بەیانشـا کەرمێ) «د. نێعمەتی».

**بەیانفەرموون**: دانان، گوتن، گـۆتن: (شـیعرێ کە تۆ بە چاکی دەزانی شیاکەیە/ نەزمێ کە تۆ بەیانی دەفەرمووی گەن و گووە) «شێخ ڕەزا».

**بەیانکرن**: ١. گـوتن، دەربـڕین: (وەرە سـەر سەیر چەپگەردی زەمـانە و گەردشـی دەووار/ چ لازمە من بەیـانی کەم؟ بە واتە، یـا وەکـوو ئەشـعار) «قـانع»،٢. خویـاکرن، دەرئێخسـتن،

شـرۆڤەکرن، ڕوون کـردنەوە: (دا بەیـان کەم شـەرحی حـالی دل ب حەرف و نـوکتەیە) «جزیری».
**بەیانکری:** خویاکری، دەرکەوتوو، ئاشکرا.
**بەیانکەردەی:** بەیان کردن.
**بەیانلوو:** ١. گوندێکە لای بیجاڕ،٢. گوندێکە لە هەریمـی کوردسـتان: (لە ئـاوایی بەیـانلوو شایی ئەبێ، دەنگی گەلـێ لا ئەکەن) «ڕشـتەی مرواری»،٣. ناوی ڕووبارێکە: (کابرایەکی سیان لە سـەر ڕووبـارەکەی بەیـانلوو دەسـنوێژی ئەشۆرد) «ڕشتەیمرواری».
**بەیاننـامە:** بەیـان، داخویـانی، داخـوەیـانی، ڕاگەیەندراو و نوسراوەیەک لە سەر شـتێک کە دەوڵەتەکان و ڕێخراوەکان دەری ببرن.
**بەیـانوبۆیەران:** بـێن و بچـن: (وە گریـاتەدا بەیان و بـۆیەران/ کـڵاش چەرمە و سـوور نە پای دڵبەران) «م.ح. دزڵی».
**بەیانە:** ١. بەی، بەهێ، بـێ، میـوەی بەهـێ ٢. بەمـانە، بەوانە، بەئەوانە ٣. گـوڵێکی سـور و زەرد و سپی و بێبۆنە.
**بەیانەخۆشـە:** نـاوی کوێسـتانێکە لە بەشـی سەرشیو.
**بەیـــانەکی:** بەرەبەیـــان، تاریـــکوڕوون، پەزووودان، تـاریگەوور، تـاریکەورک، سـۆزی، سبەهی، شەوەکی، سپێدەزو.
**بەیانەو:** ١. بەیدانەو؟،٢. ئەول خوەدەو بەیدەو؟
**بەیانەو:** ١. بەێدانەو،٢. ئەول خوەیا بەێدەو.
**بەیانەوە:** دووبەی ×١٠٦ بێسارانی××
**بەیـــانی:** ١. شـەوەکی، سـپێدەزو، سـبەینێ، سـۆزی، سـبەهی، بەیـانەکی، تـاریگەوور، تـاریگەورک، پەزووودان، مەلابەنگـدان: (جـادە چۆڵ و سێبەر بوو، کـاتی بەیـانی/ ئەڕۆیشـتم، خەیاڵاوی ئەمڕوانی) «گۆران» ٢. سبەی، ڕۆژا پاشـی: (بەیـانی، نیـوەڕۆ دێـم)،٣. لە کـاتی بەیاندا، بەیانیان،٤. بیـانی، بێگـانە: (کـابرایەکی کـورد ئەچێـتە ئیـدارەخانەی ڕۆژنـامەیەکی بەیـانی) «ڕشـتەیمرواری»،٥. دڕنـدە، داعبـا، بیانی، سەوالێن هۆڤ و کوڤی.
**بەیانی:** بەیانی، شەوەکی.
**بەیانیـــان:** ١. سـبەینان،٢. هەمـوو بەیـانییەک: (هەمـوو ڕۆژێ بەیانیـان/ ئەچـوو بـۆ کێـو و شاخان) «پیرەمێرد».
**بەیانیئەحوال:** دەربڕینـی بـارودۆخ: (شـەمعێ ب زەبانێ حالێ بـێ قـال/ ئەڤ ڕنـگەهە کـر بەیانێ ئەحوال) «خانی».
**بەیانیبـاش:** سـبەینە بـاش، بەیانیـت بـاش: (بەیانیت باش ئـازیز لە خەو هەسـتاوی/ یـان وەک ڕۆژان ئەورۆش هەر لە خەو مـــاوی؟) «هێدی».
**بەیـانیبەردان:** ڕوونـاکی پەیـدا بـوون دوای شەفەق.
**بەیانیدا:** ١. ڕۆژ بووەوە: (بەیـانی دا، نەسـیم لای تـــۆوە هـــات، بـــۆنی وەتەن پێـــوە) «پیرەمێـــرد»،٢. بۆمـان ڕوون بـۆوە: (شـەوی بەهـاری جـوانیی خەوێ بـوو پرتەشـویر/ لە فەجـری پـایزی پیریـی بەیـانی دا تەعبیـر) «نـالی»،٣. ڕۆشـنایی دەرکەوت: (لە دوگـمەی سینە دوێنێ نوێژی شێوان/ بەیانی دا سـپیدەی باغی سێوان) «نالی».
**بەیانیدان:** ڕۆژ بـوونەوە: (مـام ئـاهووره تـا بەیـانی دا، مەشـقی قـوچ وەشـاندنی بە هەر شەش جانفیداکان کرد) «گورگ و بزن».
**بەیانیزوو:** شەوەکەی، دەمەدەمی بەیانی.
**بەیاوەرووە:** بینە بەرۆ.
**بەیاوەلێوە:** بەیا وەرووە، بینە بەرۆ.
**بەیـــایی:** گریـانێکی بە کـوڵ وەکـو گریـانی

منداڵێ کە لە داکی دوور کەوتبێتەوە: (ئەمجا ئیتر کەوتوومە بەیایی/ بۆ جوانێکی پێش ئاشنایی) «گۆران».

**بەیایی کردن**: بەیادی کردن، یاد کرن.

**بەیان**: ناوی گوندە.

**بەیبوون**: ١. بیبوون، بەیبوونە، بابوونە، بابوونگ، گوڵەفەقێ، گوڵەبەیبون، گوڵێکی بێنخۆشە بە چا دەخورێتەوە بۆ زگ باشە: (لە لێواری حەوزا گوڵاڵە و بەیبوون/ ساوان ئەلەرزن لە تاو نوقوم بوون!) «گۆران»،٢. ناوی کچانە.

**بەیْبوون**: بەیبوون، گوڵێکە.

**بەیبوونە**: بابوونە، بەیبوون، گوڵێکە: (سوێسن و بەیبوون و شللێر/ ڕواون لە جێگای زەنوێر) «هێمن».

**بەیبوونەکێوی**: گوڵی هەمیشە بەهار.

**بەیبەیانەوە**: گۆرانییەکی هۆرامییە.

**بەیبین**: ١. گوڵی بەیبوون: (چوخێ منۆ، چۆخێ تە ئەیازو/ ژ هریا بەرانان، بەرانێن زۆزانان/ زەری‌یا ئەسمەران، پەریا ڕستن/ ڕوندک لێ ڕشتن/ ب بەبینان، ب نێرگزان) «سندی»،٢. ناوە بۆ کچان.

**بەیبیناوە**: گوندێکە لای ئاکرێ.

**بەیپیشاندن**: جۆرێ کولاندنی بەی بە هەڵمی ئاو.

**بەیت**: ١. داستان، چیرۆک، هەڵبەستی درێژی دڵداری یا کارەساتی دڵتەزێن و خەماوی وەک: بەیتی باپیراغای بابی هەمزاغای، برایمۆک، جولندی، حەبیباغای سیاوی، خورشیدی چاو بەخاڵ، خەجێ و سیامەن، خەزیم، دمدم، زەمبیل‌فرۆش، سەیدەوان، شەم و شەمزین، عەبدوڕەحمان پاشای بەبە، عەلی عاشق، فەرخ و خاتوون ئەستێ، قوچ‌عوسمان، قەل و گوڵزار، کاکە میر و کاکە شێخ، کەریم و ستێ، لاس و خەزاڵ، لەشکری، محەمەد و برایمی دەشتیان، محەمەد و سێوێ، مەم و زین، مەمی ئالان، ناسر و ماڵماڵ،٢. قسەی دوور و درێژی بێ مانا: (ئەوە تۆ باسی چ دەکەی هەر دەڵێی بەیتان دەڵێی)،٣. هەوای گۆرانی: (بە بەیت و بالۆرە بە یەکتریان هەڵگوت) ٤. تاقە شیعر: (بەیتی زاتی تۆ لە دیوانی وجوود/ مۆری حەق‌کردە بە نوقتەی ئینتیخاب) «مەحوی»،٥. خانوو، ماڵ: (دار و بەردی پەنجەرەی وەک نەسجی بەیتی عەنکەبووت/ مەنعی هیچ ناکا، حەتا مێشیش کە خۆی لێدا بە تاو) «نالی»،٦. کەعبە، ماڵی خوا: (ژ سەر نیقاب ئاڤێت و دەستورا تەوافێ دا/ د سەعیێ بەیت و ئیحرامێ و من ئەسوەد زیارەت کر) «جزیری»،٧. خێزان، بنەماڵە✕: (تەتیممەی هەر سەلات و خاتیمەی حەمد و تەحییەی حەق/ سەنا بۆ ئاڵ و بەیتە، باقی هەر ئەفسانە و بەیتە) «حەریق».

**بەیْت**: بەیت.

**بەیتار**: بەیتاڵ، بایتار، مەیتەر، دوکتوری ئاژەڵ: (یەکێ دەستی بشکێ دەیبەنە لای بەیتارێکی شارەزا!) «ف.پ.پ.».

**بەی‌تار**: بەمجۆرە: (چون شاپوور جەو شەخس جیهاندیدەکار/ تەعریف شەبدێز شنەفتش بەی‌تار) «خانای قوبادی».

**بەی‌تارە**: بەم جۆرە.

**بەیتاری**: ١. بەیتاڵی، دوکتوریی ئاژەڵان،٢. شارێکە لە باکووری کوردستان لە نزیک سیرت.

**بەیتاس**: گوندێکە لە نزیک مەهاباد: (بەیتاس و گیادروانە/ وزنەدەرێ و قەرەچەلانە) «فۆلکلۆر».

**بەیتاک**: بەیتک، چۆلەکە.
**بەیتاڵ**: بەیتار، پزیشکی ئاژاڵ و وڵاخ: (مرۆڤەک چاڤێ وی دئیشییان چوو ل جەم بەیتار) «گولشوون».
**بەیتاڵ**: بەیتار، بەیتال، بەیتەڵ.
**بەیتاڵچی**: بەیتارچی: (بەیتاڵچییەکانمان کاتێ ویستبوویان) «ڕیچ».
**بەیتاڵخانە**: جێی چارەسەری نەخۆشی ئاژەڵ.
**بەیتاڵی**: بەیتاری.
**بەیتانەسیحەتان**: قەسیدەی زۆر درێژ و سێ بەندییە: (هەتا نەبیتە لزام، نەچە جهێ بیانی/ ئەو مەعنەکا بێلغام، قاتلێ سەرێ خودانی/ تە هن هەبن عەقل و فام، ریا مالا خۆ بزانی) «باتەیی».
**بەیتبێژ**: ١. کەسێ دانەری بەیت بێ: (ئەوانەی بەستەدارێژن، شاعیرن یا بەیتبێژن) «ڕاوچی»،٢. بێژەی بەیت و باو وەک: عەلی بەردەشانی و عەلی کەردار و ڕەحمان بەکر: (تا شەو درەنگ دەبوو بەیتبێژ و حیکایەتخوان دەیخافڵاندن) «توحفە».
**بەیتبێژی**: خوێندنی بەیت لە کۆڕ و مەجلیساندا.
**بەیتزان**: زانای بەیت، بەیتبێژ: (گەلێ کورد پیرەپیاو و قامبێژ و بەیتزانی وای تێدا هەڵکەوتووە) «شەوارە».
**بەیتک**: ١. چۆلەکە، سڤاندۆک، بەیتاک، پاساری: (پاساری لاوی گوێسوانان/ هاتە نێو ڕیزی خۆشخوانان) «بۆکوردستان» ٢. چتێ بێکەڵک.
**بەیتلشا**: هیچوپووچ، گێلۆکە، گەمژە.
**بەێتمەشکە**: ١. جوورێ لوورەس ک هەێن مەشکەژەنین خوەنن،٢. لاناوە لە دراوە.
**بهیتن**: ١. تاواندنەوە، حەلاندن ٢. تاوانەوە، حەلین، بهتین، بهێتن: (جەورا تە بهیتن و جەفایە تە پەرێتن/ قوربانێ تە بم گۆە بدە جارەک گلەهێ من) «جزیری» ٣. بیستن، ژنەفتن.
**بەیتوبالۆر**: بەیتوبالۆرە: (وا نەخشی دەکرد بە ڕەنگی چەند جۆر/ وای بۆ دەگوتم بە بەندوبالۆر) «هەژار».
**بەیتوبالۆرە**: بەیتوباو، درۆ، دەلەسە، تۆمەتی ناڕەوا: (بەیت و بالۆرەی هەزار جار بۆ بڵێ کۆنەپەرست/ تازە ویژینگێکی نادا دیدەکەی بێداری کورد) «هێمن».
**بەیتوباو**: ١. دەنگۆ، قاو، بەیت و بالۆرە، درۆ، دەلەسە: (قسەیەک لەلای میرزا بکوترێ وەک لە گۆمی هاوێن، بێ قسەوباس و بەیتوباوە) «ئەمیری»،٢. بەیت، چیرۆکی کۆن: (زۆر بەیت و باوی دیکەیان لە مردن ڕزگار کردووە) «نیساری».
**بەیتۆش**: ناوی گوندێکە سەر بە پارێزگای سلێمانی.
**بەیتوششەباب**: شارێکی کوردستانی تورکیا لای شیرناق.
**بەیتۆشە**: بێڕزق، بێڕۆزی، بێخێر.
**بەیتۆشی**: زانایێ بناڤ و بانگە کو ناڤێ وی عەبدوڵلا بووە و مەنسووبە بال وی گوندی.
**بەیتولشەباب**: شارۆچکەیەکە لە نزیک شەرناخ.
**بەیتولحەزەن**: ماڵی خەفەت: (با لە ژێر شالاوی داخی تۆ خەوم لێ هەڵبڕێ/ با بە ناڵەی من بسووتێ خەڵوەتی بەیتولحەزەن) «ڕاوچی».
**بەیتوڵڵا**: کابە، کابەتوڵلا، مالا خودێ: (بە حەلقەی تەهلیل ئەولیائوڵڵا/ بە قەندیل نوور گۆشەی بەیتوڵڵا) «قانع».
**بەیتوولی**: گوندێکە لای ساینقەڵا.

**بەیتوون**: بەیار، بووره، زەویی چۆڵ و کاکی بە کاکی کە بۆ کێڵان نابێ.

**بەیتوونی**: بەیتوون، بەیار.

**بەی تووی**: بێ خودان.

**بەیتە**: بەیت.

**بەیتەرە**: ئاژەڵداری، مەڕداری.

**بەیتەشە**: ١. گێلۆکە، شێتۆکە، کەمتەرخەم، گوێنەدەر، خەمسارد ٢. دەمهەراش، بێحەیا، ٣. بێچاوەڕوو، بێئەمەگ،٤. بێتەشە، ئێسترێکە بۆ بارکردن ناوەستێ،٥. زۆر، گەلەک.

**بەیتەشەیی**: بێ تەشەیی.

**بەیتەشی**: بەیتەشە.

**بەیتەڵ**: بەیتاڵ، دامپزشک.

**بەیتەڵعەیۆ**: تیتاڵی، توولەکی کردن.

**بەیتەڵوەس**: شاعیر، هەڵبەسڤان.

**بەی تەور**: ١. بەم شێوە، بەم جۆرە: (ئەویچ چوون جەستەی من دەردەدار بۆ/ یا بەی تەور زەدەی زامەتی خار بۆ) «بێسارانی»،٢. بە جۆرێ: (سپای غەم بەیتەور زۆر گرتەن وەنەم/ هەر ساتێ مەرگێ مەنمانۆ پەنەم) «بێسارانی».

**بەی تەورەن**: بەم جۆرەیە: (چونکە بەی تەورەن جەفا کێشانم) «بێسارانی».

**بەی تەورەنی**: بەم جۆرەی: (واتش: یە چێشەن، چۆن بەی تەورەنی؟) «بێسارانی».

**بەیتێ**: ١. بێە، بدە،٢. یەیێ بەیێت.

**بەیتی برایمۆک**: بەندی برایمۆک، برایمۆک: (ئەگەرچی بەندی سەلیس وەک برایمۆکی دەبن مابووی/ کرێوەی بەفری زستانی تەواو عومری بەسەر بووری) «شەوقی».

**بەیتی بلە**: بریتی لە درێژە پێدان، نەبڕانەوەی ڕووداو: (بەبێ تەسوید و تەسحیح و موبالات/ وەکوو بەیتی بلە هەرچۆنێ بۆم هات) «خاجی قادر».

**بەیتێ بێنم**: بێە پێم، بدە پێم.

**بەیتی قودس**: ماڵی قودس کە جێیەکی پیرۆزە لە ئیسراییل: (دبتن بەیتی قودس، ئەهلی زیارات ژ حەبەش تێ) «جزیری».

**بەیتی مەعموور**: ١. ماڵی ئاوەدان: (خەرابات دڵی «نالی» مەفەرموو: خاڵییە، نایەم!/ بە مەرگی تۆ قەسەم، چاوم! بە زیکرت بەیتی مەعموورە) «نالی»،٢. بریتی لە ماڵا خودێ، کابە: (ب حەققێ بەیتێ مەعموور کەی/ ب ڤێ نەجمێ ب ڤێ توور کەی) «فەقێ تەیران»،٣. شوێنێکە لە ئاسمان.

**بەیجە**: نێردیوان، ناردیوان، پەیژە، سلەم.

**بەی چەسپانە**: بەو خێراییە، بەو گورجوگۆڵییە: (عەجەب مەند خوسرەو شای والاگوهەر/ وات: بەی چەسپانە چۆن بەرشی وەبەر) «خانای قوبادی».

**بەیچەڵ**: ١. نەزۆک، نەزووک، ستێور بۆ هەموو گیاندارێک بەکار دەبرێ: (سەدان «ئاسۆ» لە ئاسۆگی هیوا بەشدار و پسپۆڕن/ فەلەک حەیتەزەلامێکە، خەیاڵی بەیچەڵ و تۆڕن) «ڕاوچی»،٢. وڕگین، بەهانەگر: (پیزە لاقباریک و گەدەزل بوو، چەنەوەر و خولێرکاوی و بەیچەڵ) «شەوارە»،٣. چارەوای هەیشەراتی.

**بەیخان**: ناوە بۆ کچان.

**بەید**: ١. بەی،٢. بید، بیابان: (یاران لێم گوم بوو سەرگوشتەی بەیدم) «پیرەمێرد».

**بەیێد**: بەیێ.

**بەیدا**: دەشت، چۆڵ، سەحرا: (نە بەیدای هیجران ڕەهنومامەنی) «مەولەوی».

**بەیداپێو**: چۆڵپێو، سەحراگەڕ: (جەستە خەستەی خار خەم خەڵاتەنان/ بەیداپێو گێل

دوور وڵاتەنان) «مەولەوی».

**بەیداخ**: ١. ئاڵا، بەندێر، بەیاخ، درەوش، عالا، بێداخ، ئاڵایی، پەرچەم: (شڕ دەبێ بەیداخی زوڵم و شۆر و شەڕ/ شل دەبێ، شەڵواری هاروهاج و گەڕ) «ڕاوچی»،٢. کەرەستەی دەرویشانە بۆ سواڵ: (ئێوە چیتانە لە پرد و جادە؟/ تەپڵ و بەیداختان بکەن ئامادە) «قانع»،٣. بەرگ، جل، چارشێو: (کچانمان لە ژێر بەیداخی ڕەشدا/ چاو هەڵنەهێنن بە خوێنی گەشدا) «پیرەمێرد»،٤. ناوی پیاوانە.

**بەیێداخ**: بەیداخ.

**بەیداخدار**: ١. ئاڵاهەڵگر، درەوشدار، بەیاخدار، ٢. ناوی پیاوانە.

**بەیداخداری**: ئاڵاداری، ئاڵاهەڵگری.

**بەیداخهەڵدان**: ئاڵا هەڵدان: (قەلەبەرد بێ‌دەرد هەڵئەدا بەیداخ/ کۆنەهەوارگەی یاری پردەماخ) «قانع».

**بەیداخیڕەش**: بریتی لە ئاڵا یا بەرگی تازیەباری: (کچانمان لە ژێر بەیداخی ڕەشدا/ چاو هەڵنەهێنن بە خوێنی گەشدا) «پیرەمێرد».

**بەیداغ**: بەیداخ، ئاڵا: (دەیشەکێنێ بای فەرەح بەیداغی سەوز و سووری کورد) «ئاوات».

**بەیداغدار**: ئاڵاهەڵگر.

**بەیداغداری**: ئاڵاداری، ئاڵاهەڵگری.

**بەیداغهەڵکردن**: ئاڵا هەڵدان: (ئەما ئەوە من لە عەرزیم و ئەو بەیداغی هەڵکردووە لە مابەینی عەرز و عاسمانێ) «سەعید و میرسێوەدین».

**بەیدامالّی**: بەیدا ماڵی شێخبزەینی، زیرە، دارهەنجیرێکە کە هەوەڵ بەری خۆی وەراند تەنها چەن دەنکێکی پێوە دەمێنێ.

**بەیدان**: ١. وەل خوەدەو بەیدن،٢. لەلیان بەیدەو،٣. ئەوانە بێەیدە.

**بەیێدان**: ١. ئەول خوەیا بەیێدن،٢. بێەیێدە: (بەیانە براگەم)،٣. لەلیان بەیدەو.

**بەیدانە**: بێ‌دانە، دەنکی بێ، دەنکی بەهێ.

**بەیدن**: ١. بەرندە بودن؟،٢. بەیدەو؟،٣. بێەیدن.

**بەیێدن**: ١. بەرندە بوودن،٢. بەیێدەو،٣. بێەیێدن.

**بەیدە**: ١. بەیەیدە: (بەیدە فلانی)،٢. بووەیێدە: (بەیدە ماڵ خوەمان).

**بەیێدە**: ١. بێەیێدە: (بەیێدە تەقی)،٢. بەیێدنە: (بەیێدە ماڵ خوەیان).

**بەیدەر**: بێدەر، خرمان: (میزماری شەهسەواریی تۆیە کە سەف سەفە/ کۆگایی حاسیلاتە بەیدایی بەیدەرە) «نالی».

**بەیدەس**: بەیدەست.

**بەیدەست**: ١. دەستەمۆ، ڕام: (چاوەکەی بەیدەستی مەستیشە، کەچی/ هەر بە لەحزێ فیتنەیی بەرپا دەکا) «مەحوی»،٢. ملدەر، بەردەس، تەسلیم،٣. سڵ، قوشقی، ڕامنەبووگ: (کوڕێکی قەشمەری کوردی گەشاوە/ چ خۆشە هەڵکەوێ بکرێ بە زاوا/ گراویلکەی بە بووکی بێتە بەر دەست/ هەوێردێکی حەمایەت بێ نە بەیدەست) «ڕاوچی»،٤. دەسەپاچە، داماو،٥. دیل، یەخسیر، بەندی،٦. دەسوپێ سپی و کارنەکەر،٧. جۆرێ دارهەنجیرە کە یەکەم بەری خۆی وەراندووە، چەن دەنکێکی پێوە ماوە کە پێی دەڵێن: باقۆ، پێش هەموو هەنجیرێکی دی لە بەهارا دەگاتێ.

**بەیدەستکردن**: ١. تەسلیم کرن،٢. دەسەپاچە کردن،٣. ڕام کردنی ئەسپ،٤. ژاکاندن: (لاوسی ناو بوو بەرەزای پەست کرد/ پەلی چنار و سەولی بەیدەست کرد) «پیرەمێرد».

**بەیدەستوور**: بەم دەستوورە، بەم شێوە: (چون تەتار شۆخ کەمەند نە پێڵەن/ بەی دەستوور

چـار فەسـڵ نە گەشـت و گـێڵەن) «خانـای قوبادی».

**بەیدەستی**: ژێردەستی، ئێخسیری.

**بەیدەسـکەر**: ١. زنـدانیکەر، بەنـدیکەر،٢. تەسلیمکەر×١٩٥×: (لەپڕ هاواری ژنێک وەک قریشکەی ماهەڵۆیێک بە نـاو هەوردا تێپەڕی، گەیشـتە گـوێچکەی بەیـدەس‌کەری سـوڵتان بایەزید) «پێکەنینی‌گەدا».

**بەیدەق**: ١. ڕێگا پیشـاندەری ڕێ،٢. پیـادە،٣. سەربازی شـەترەنج: (مـاتم، وەکـو زولفەینـی سـییەهـ گرتـی سـەراپات/ پۆشـی لە ڕوخـت تەعبییەیی بەیدەق و شامات) «نالی».

**بەیـدەو**: ١. ئەول خـوەدەو بەیـدنەو،٢. بێەیدەو،٣. لەلێ بەیدنەو.

**بەیێـدەو**: ١. بەرنـدە بـوود،٢. وەل خـوەیەو بەیێدنەو،٣. بێەیێدەو.

**بەیدەوا**: بەیدەو.

**بەیێدەوا**: بەیێدەو.

**بەیدەوەێ**: ١. لەلـێ بەیـدەو،٢. وەل خـوەدا بەیێدەو،٣. ئەوە بێەیدەو.

**بەیێدەوەێ**: ١. لەلـێ بەیـدەو،٢. وەل خوەیـا بەیدەو،٣. بێەیێدەوەێ.

**بەیـدەێ**: ١. لەلـێ بەیـدەو،٢. ئەول خـوەدا بەید،٣. بێەیدەێ وە.

**بەیێدەێ**: ١. وەل خوەیا بیەیێدن،٢. بێەیـدن،٣. بەرندە بوودن.

**بەیدی**: بێن، وەرن.

**بەیدێ**: بێن، وەرن: (بەیدێ وە لای من حاڵم بەدحـاڵەن/ جە دووری ئـازیز تەن کـۆی زووخاڵەن) «مەولەوی».

**بەیدیا**: بەیدەوەێ.

**بەیێدیا**: بەیێدەوەێ.

**بەیدیان**: بەیدان.

**بەیێدیان**: بەیێدان.

**بەیدیانا**: بەیدانا.

**بەیێدیانا**: بەیێدانا.

**بەیدیانەو**: بەیدانەو.

**بەیێدیانەو**: بەیێدانەو.

**بەیدیم**: بەم دیو: (ڕجات گـا بەی دیـم، گـا بەو دیـمەدا/ هـا نە گەردەلـوول بـاد بـیمەدا) «مەولەوی».

**بەیدیەو**: بەیدەو.

**بەیێدیەو**: بەیێدەو.

**بەیـر**: بـارە، بەهـرە، سـوود، سـەمەر، خێـر، درامەت، داهات.

**بەیر**: ١. بار، بێنە،٢. فدا، فیـدا، خـڕ،٣. کـاری بێزداین جووجگەیل،٤. مانگـا یـا مییەیـگ ک شیر نیەیێ.

**بەیڕ**: دەسوور وە دڕین، بدڕە.

**بەیڕا**: بەمڕێگە: (بەی ڕای نـاڕەزای قەسـتی قەزاوە) «بێسارانی».

**بەیرانن**: ١. بێزداین جووجگەیل،٢. مانگایـگ ک شیر وە گوورەگەێ نییەیێ.

**بەیراوا**: دیەکەیگە لە ڕەوانسەر.

**بەیڕاوە**: لەم ڕێگەوە، بەم ڕێگەدا: (قاڵب بێ ئەرواح ئامان بەی ڕاوە) «بێسارانی».

**بەیرگرد**: دیەکەیگە لە حەمەیل.

**بەیرۆ**: ناوی پیاوانە.

**بەیرەبۆغە**: گوندێکە سەر بە نەغەدە.

**بەیرەق**: ئاڵا، بەیداخ، پەرچەم: (چەرم و داری کاوەیە دەستی سروشـت گێـڕاویە/ بەیرەقـی پاراستنی ئەو خاکەیە هەر ماوییە) «هێدی».

**بەیرەقدار**: ١. ئاڵاهەڵگر، ئاڵادار ٢. بنەماڵەیەکی کوردن لە شامێ.

**بەیرەقداری**: ئاڵاداری، ئاڵاهەڵگرتن.

**بەیرەم**: ١. بار، دەیلەم، لۆسە، نویـڵ، بـاریە،٢.

ئاه و ناڵە، سکاڵا: (ئەگەر بۆ کەمی دنیا دەکەی بەیرەمیٚ/ تا زێـر و زێـو و خەزێـنەی دەمـیٚ) «بارام و گوڵندام»،٣. گوندێکە سەر بە مەهاباد لای گـردەبەران: (قوڵقـوڵەی بەیرەمـی وا لەو بەرزە/ لە سـەری سـوکە وچانێـک فەرزە) «هێدی».

**بەیرەمقەڵاتـی:** بەیرەمقەڵاسـی، بایرامقەڵاسـی: (تیپیٚ هاتیە ئیرایی نیـیە/ بەیرەمقەڵاتـی و لێـر بیچاخچییە) «ئاوێنەیبێگەرد».

**بەیرەمقەڵاســی:** گونـدێکە سـەر بە شـار ساینقەڵا.

**بەیڕەنگ:** ١. لە ڕەنگـی بەی، زەردی وەک بەهیٚ: (بیٚ دابنیشین لە بن داری بەی/ نەختـیٚ بنۆشـین لە خۆشـاوی مەی/ ئەوجـا دەزانـی کامیان جوانن/ بەیڕەنگی گەردن، مەیڕەنگـی گـۆنەی؟) «بـرایم ئەحـمەد»،٢. بەوجـۆرە، بەوشـێوە: (هـوونی دڵ نە چەم یەن خـرۆش کەردەن/ سوەیل چەمەنـان بەی ڕەنـگ پـۆش کەردەن) «بێسارانی».

**بەیرەی:** ١. دێهکەیگە لە نزیک ئارونئـاوا ک چیاخشت ها ڕوویە ڕووی،٢. ناوی گونـدێکە لای شابادە.

**بهێریٚ:** گوندێکە لای ئەتریش.

**بهێریان:** بهێرین، دەربازبوون.

**بهێرین:** بهێریان، بهرین، بهورین، ڕابردون.

**بهێز:** بەهێز، زۆردار، خودان زەن و باز: (لەمـا ژی چـاکوچیٚ پـۆلا/ ل ژۆر دە ویٚ دەربـا بهێز) «سەنار».

**بەیزا:** بیزا: (بۆنی بیزا و گیابەند و خاو/ هەڵـز و کەما، بێژانی لاو) «ڕاوچی».

**بەیزە:** بێزە، بێزگ.

**بەیزەکردن:** بێزە کردن.

**بەیزی:** شکڵێکی هێندەسی وەک هێلکە.

**بەیس:** وشـەیەکە لە دوای حەیـس دیٚ: (ئەم حەیس و بەیسەی پیٚ ناویٚ/ خۆم دە باوەشـی باویٚ).

**بهیساندن:** پێڕاگەیین، پێڕاگەهاندن.

**بهیست:** بیستی، ژنەڤتی: (ویٚ بهیست چـاوان دەنگیٚ لنگان هات) «مەستوورە».

**بهیستار:** بیسەر، شنەوا، گوێدەر.

**بهیســـتن:** ١. ژنەفـتن، شـنەفتن، بیســتن، گویٚ لێبوون: (نە پێکـی نـایە سـەر لێـو و، نە بیستم ڕازی شیرینی/ نە ماڵئاوایی لێکـردم، نە ئیتـر شـێوەییم بینـی!) «هەردی»،٢. بیسـتی، ژنەڤتی: (زینیٚ کو بهیستی ئەو مەعـانی/ ئەڤ نەغمە ژ پەردەییٚ دەرانی) «خانی».

**بهیســتنەر:** بهیسـتەک، بهیسـتۆنەک، بهیسـار، بیسەر، گوێگر.

**بهیستۆک:** ١. کەرەستەی بیستنی دەنگ وەک: تێلەفۆن،٢. سەمعەک،٣. بهیستەک، بهیستۆنەک، بهیسار، بیسەر، گوێگر.

**بهیستۆنەک:** بهیستەک، بیسەر، گوێگر.

**بهیستەک:** بهیستۆنەک، بهیسار، گوێگر.

**بهیستی:** ١. گوێدار، گوهدار، بیسـەر،٢. گـویٚ لیٚبوو، هیٚزی بووی، زانی: (زینیٚ کـو بهیسـتی دەنگی ناسی/ فیلحال خـوە دایە بـن لیباسـی) «خانی».

**بەیســە:** ١. سـەهۆڵ، چلـوورە،٢. زەوچـنە، جەوشنە، لەرزین لە سەرمان.

**بەیسەکردن:** جەوشنەکردن، لەرزین لە سەرمان.

**بهێش:** بەهەشت: (من بهێش باغیٚ ئیـرەم بـو، لیٚ سەبا گو من سەبایە) «جزیری».

**بهێشـــت:** بەهەشـت، بهشـت، بەحەشـت: : (حـــوورێن بهێشـــتی ڕا دووزەخ دبـــوون جەهەننەم) «گولشوون».

**بهێشـــتی:** بەحەشـتی: (ژ پێغەمـبەریٚ هـاتیە

گۆتن: کو حەسرەتێ پر ل رۆژا قیامەتێ ئەڤن، کو بندەستێن سالێح بین بهێشتی، ئەمما مالخە ناسالێح بین دۆزەخی) «گولشوون».

**بەیشلا**: کاڵەک.

**بەیشەرات**: ١. قەول‌وقەرار، شەوبەیێن: (بەیشەراتیان بوویەسە یەک)،٢. هاز و تووان: (چمانێ بەیشەراتم بەسایدە).

**بەیشەرات‌بەسان**: قەرار نایین.

**بەیع**: معامەلە، سەودا: (ئەو تاعەتێ تەی بێ حساب/ پەنجەهـ حەج و پەنجەهـ سەواب/ مە فرۆش ب ڤێ بەیعا خراب) «فەقێ تەیران».

**بەیع کرن**: کڕین و فرۆشتن ، سەودا کرن: (پاشی ئەوی گۆ ب عورف و عادەت/ بەیعا وی بکن ل مە عینایەت) « یۆسف‌وزولەیخا».

**بهیف**: بەیڤ، بادام.

**بەیڤ**: بهیف، بادام.

**بهیڤ**: بەیڤ، بادام.

**بهێڤرا**: پێکەوە، پێکڤە.

**بهێڤی**: هیوادار، هێڤیدار: (چڤیایی ب فکر و سەرنشێڤی/ هەر لەحزە ژ دایەیێ بهێڤی) «خانی».

**بەیگر**: دز، چەتە.

**بەی گوشین**: بریتی لە مەمک گوشین.

**بەی گەیشتن**: ١. پێ‌گەیشتن، پێ‌گەیین،٢. بەهێ گەیشتن.

**بهێل**: ١. بێلا، بێلە، وازبێنە،٢. بنیەش، بینێ، داینە، داینێ،٣. بلیت، پسولە، بیتاقەی سینەما و ژووری چالاکی فەرهەنگی.

**بەیلووت**: ١. گۆرانی هەڵپەڕکێیە ٢. جۆرە هەڵپەڕینێکە.

**بەیلەر**: ١. سووکە ناو بەگلەر،٢. یەێ دەورەێ دامداری.

**بەیلەرسووت**: دڵنگ سەرانسەری کارگەرەیل.

**بەیلەسان**: بەلەسان.

**بەیلەق**: لقووز، لۆمە، تانە و بەیلەق.

**بەیلەق‌دان**: لقووزدان، تانە لێدان.

**بەیم**: ١. بەرەندە بوومن،٢. بێەیمن،٣. ئەولا بەیمن.

**بەیما**: ١. بەرەندە بوومن،٢. بێەیمنا،٣. ئەولا بەیمنا.

**بەیمان**: ١. ئەوانە ئەولا بەیمن،٢. لە لێان بەیمنا،٣. بێەیمنا.

**بەیمانا**: ١. لە لێان بەیمەو،٢. بێەیمانا،٣. ئەول خوەمانا بەیمنا.

**بەیمانەو**: ١. لە لێان بەیمنەو،٢. ئەول خوەمانا بەیمنەو،٣. بێەیمانا.

**بەیمانەوا**: ١. لە لێان بەیمنەو،٢. ئەوانە بێەیمنەو،٣. ئەول خوەمانا بەیمنا.

**بەیمانەوە**: بەیمانەوە، بەیمانەوا.

**بەیمانەوەێ**: ١. ئەوە بەیمنەوەێ،٢. ئەوە بێیمنەو،٣. لە لێ بەیمنەو.

**بەیم‌چەنی**: بێ لەگەڵما.

**بەیمن**: بەیم.

**بەیمەو**: ١. بەرەندە بوومن،٢. ئەول خوەمانا بەیمنەو،٣. دەیمنەو.

**بەیمەوا**: ١. بەرندە بوومن،٢. ئەول خوەمانا بەیمنەوا،٣. دەیمنەوا.

**بەیمەوە**: بەیمەوا.

**بەیمەوەێ**: ١. لە لێ بەیمنەو،٢. ئەول خوەمانا بەیمنەو،٣. ئەوە بەیمنەوە.

**بەیمەێ**: ١. ئەول خوەمانا بەیمن،٢. لە لێ بەیمنەو،٣. دەیمنەوەێ.

**بەی‌مەی**: بێت مەی: (با بەی مەی بەڵکم ئایر مەستی/ سۆچنۆ یەکسەر خاشاک هەستی) «مەولەوی».

**بەیمێ**: بدەین، بکوتین: (کەوتیمێ نە قەبر با

بەیمێ نە سەر) «م.ح. دزلّی».
**بەیمیا**: ١. دەیمەنەوەی، دەیدەمەوە،٢. لە لێ بەیمنەو،٣. ئەول خوەمانا بەیمنەوەی.
**بەیمیان**: ١. لە لیان بەیمەو،٢. ئەوانە بەیمن،٣. بێەیمان.
**بەیمیانا**: ١. ئەوانە بێەیمنەو،٢. لە لیان بەیمنەو،٣. ئەوانە ئەول خوەمانا بەیمنا.
**بەیمیانەو**: ١. لە ئەوانە بەیمنەو،٢. ئەوانە ئەول خوەمانا بەیمنا،٣. ئەوانە بێەیمنا.
**بەیمیەو**: ١. لە لێ بەیمنەو،٢. ئەوە بێەیمنەو، ٣. ئەول خوەمانا بەیمنەو.
**بەین**: ١. نێوەند، پەیوەندی، بەندیواری، دۆستایەتی، بەینتی ئاسایی: (گەر ڕەقیب نەبوایە مابەینی ئێمە کەی تێک دەچوو؟/ کێر بە کوز داکی موفەتین، گوو بە ڕیش بابی ڕەقیب) «شێخ ڕەزا» ٢. نێوانی دڵداری، پەیمانی سۆزداری نێوان کوڕ و کچ: (ئەر بەنت بدەو بە خەتا و خوتەن/ ئەر ڕێزەی ڕازت بدەو بە ئەرمەن) «بێسارانی»،٣. بێن، مابەین، ماعبەین، مابێن، مەعبێن، مەعبەین، مەودا، نەعبەین، نەعبێن، نێوان: (بدیە بەو دەجلەی بێ کەنارەدا/ ڕەوانەن وە بەین بەغدا شارەدا) «مەولەوی»،٤. کاتی زۆر،٥. بدەین، بکەین: (ئێستا کە ئێمەین و شاخێکی وەک کەچەڵ/ با هەر بەین بە سەرا، قوڕی خەست بە تۆپەڵ) «گۆران»،٦. ئوویە بەینەو،٧. بەرندە بوون.
**بەێن**: ١. ناوەێن، مابەێن،٢. لاناوە لە دووسی: (بەێنیان شێویاس)،٣. هنا، زەمان: (لەێ بەێنە فلانی هات).
**بهێن**: ١. بۆ، بۆن، بین: (هەریکا خوش‌بهین هندەر گەرماڤی/ گهیشت ژ دەست مەحبووبی ب دەستم) «گول‌شوون»،٢. دیەکەێگە لە مێهران.
**بهێن**: ١. بۆن، بۆ،٢. حەسانەوە، سانەوە،٣. بیستن، ژنەڤتن: (تووتی ب خوە ما شەکەر درێژن؟/ هەرچی دبێهن ئەوێ دبێژن) «خانی».
**بەینا**: ١. بەرندە بوون؟٢. وەل خوەدانەو بەین؟،٣. دەینا، دەیگەڕێنیتەوە؟
**بەینابەین**: بەین‌بەین، جارجار.
**بەێ‌نامی**: بەدنامی، بێنامی.
**بەینان**: ١. وەل خوەدانەو بەین،٢. لە لیان بەینەو.
**بەینانا**: ١. لە لیان بەینەو،٢. ئەول خوەدانا بەینەو،٣. دەینەو.
**بەینانەو**: بەینانا.
**بەینانەوا**: بەینانەو.
**بەینانەوە**: بەینانەو.
**بەینانەوەێ**: ١. ئەوە بەینەو،٢. لە ئەو بەینەو،٣. بێەینەوەێ.
**بەیناوبەین**: جارجار، جاروبار.
**بەیناوی**: بەدنامی، بەدناوی.
**بەین‌بەس**: بەێشەرات، قەول‌وقەرار.
**بەین‌بەین**: جارجار.
**بەینت**: بەین، دۆستایەتی: (چراغ بەینت بەست .../ جە نۆ چەنی من، عەهد و بەینت بەست) «بێسارانی».
**بهێن‌تەنگ**: بین‌تەنگ، پشووسوار، بێ‌حەوسەلە، بێ‌تەحەمول.
**بهیندار**: بۆندار، بۆدار، بهندار، بەبەرامە.
**بەیندار**: ١. نێوانخۆش، دۆست ٢. مەودادار.
**بهێن‌دان**: حەسانەوە، پشوودان: (ئەگەر ڕێکا گوندەکی گەلەک پان و بەرفرەهن، چونکی کاروان و ڕێڤینگ قەسد دکەنێ بۆ بهێن‌دان و نان خارنێ) «گولواز».
**بهێن‌دان**: پشوودان، حەسانەوە.

**بەین دووگوریس**: پێوانەیەک بووە لە کۆندا: (هەر بەین دوو گوریس قوللەیەک دیارە/ بۆ پاراستنی چوار دەوری شارە) «قانع».
**بەینڤەدان**: پشوودان، بێندان.
**بەین کردن**: ئاشت‌کردنەوە، ئاشتی‌دان: (سەید سەلام و حاجی حەمەش بەینیان کردن) «ئەمیری».
**بەێن گرتن**: ١. ئەدل دای،٢. مابەێن دۆ کەس یا دۆ ئێل وە یەک خسن.
**بەین‌نەمان**: ١. لێک تۆران، تێکۆچوونی نێوان، ٢. وەلانان و تەرک کردنی شتێک: (لەگەڵ جگەرە بەینم نەماوە).
**بەین‌وبەینەڵڵا**: بەینی‌بەینەڵڵا: (بەینی‌بەینەڵڵا عوبەیدی فیلەتەن کارێکی کرد/ هیچ کەسێک نایکا، مەگەر حەیدەر بە زەبری زولفەقار) «شێخ ڕەزا».
**بەێنوور**: چترگەن، بێنوور، بەدرێخت.
**بەینە**: ١. بیبەینە، بەرینە: (عەلوێ بەینە سراوێ/ لێی بڕشێنین گولاوێ) «فۆلکلۆر»،٢. بیدە، بێەنە: (بەینەێ فلانی).
**بەێنە**: هەێنە، لەێ هەێنە: (لەێ بەێنە سەرێ بێ کڵاو مەن).
**بهێنە**: بێنە، بیهێنە، بێرانە، باوەرە.
**بەینەبەینە**: بەینابەین، جارجار: (ژنەکە هەر نەنووست و بەینەبەینە کۆکەیەکیشی بۆ ئەکرد) «ڕشتەی‌مرواری».
**بەینەپێ**: بێەنە پێ، بیدە بەو.
**بەینەت**: وەفا، ئەمەگ، پەیمان، مەرج، بەقا، بەڵێنی: (هەر پاسە شادیش نیەن بەینەتش/ بەڵ بێ‌بەقا بۆ سزا و مەینەتش) «مەولەوی».
**بەینەت‌بەست**: پەیمانت بەست، بەڵێنیت دا: (شیرین بەینەت بەست .../ مەر یادت مەیۆ، ئەورۆ بەینەت بەست؟) «بێسارانی».
**بەینەتدار**: وەفادار، بەئەمەگ: (مەن جە خێڵ‌خانەی مەینەت پامالْم/ کۆن بەینەتداریێ پەرسۆ ئەحوالْم؟) «مەولەوی».
**بەینەتدارە**: بەینەتدار.
**بەینەتداری**: وەفاداری: (نە پەی ئەو ڕەویەی بەینەتداری بۆ/ نە پەی تۆیچ وە مەرگ ڕستگاری بۆ) «مەولەوی».
**بەینەشە**: بێ‌شەرم، بێ‌چاوەڕوو.
**بەینەک**: بەینێک، ماوەیەک، ماوەک: (بەینەک ڕۆیشت، برسی بوو) «پێکەنینی‌گەدا».
**بەینەکە**: بەینێکە، دەمێکە، ماوەیەکە، ماوەکە لە زەمان.
**بەینەڵڵا**: بەینی بەینەڵڵا: (جوانی بەینەڵڵا جوانی سەرتۆپی کوردستانی) «حەسەن زیرەک».
**بەینەلێ**: بیەنە.
**بەینەنە**: لە نێواندا.
**بەینەو**: ١. بەرندە بوون،٢. بێەینەو،٣. وەل خوەدانەو بەین.
**بەینەوا**: بەینەو.
**بەینەوە**: بەینەوا، بەینەو.
**بەینەوەێ**: ١. لە لێ بەینەو،٢. بێەینەوەێ،٣. وەل خوەدانەو بەینەو.
**بەینەێ**: ١. لە لێ بەینەو،٢. بێەینەێ،٣. وەلا بەینەو.
**بەینێ**: ١. پەیمانێ، بەینێک،٢. چەندێ، گایێ، کاتێ، ماوەیێ.
**بەینێا**: بەینەوەێ.
**بەینێان**: ١. ئەوانە بەینەو،٢. بێەینێان،٣. وەل خوەدانەو بەینەو.
**بەینێانا**: ١. لە لێان بەینەو،٢. بێەنێانا،٣. ئەول خوەدانا بەینەو.
**بەینێانەو**: بەینێانا.

**بەینی بەینەڵڵا**: بەین وبەینەڵڵا، ئالاقی پەسن دانە: (شێخ سەعید سەرداره، شێخ مەعرووف هەتا حەزکەی نەجیب/ بۆ جەوانمەردی و شەجاعەت بەینی بەینەڵڵا نەقیب) «شێخ ڕەزا».

**بەینیچی**: بەینیشی: (تۆ کە ئەچیتە ئەوێ، ئەچیتە مابەین شوێنی ئەو پیاوە گەورانە، ئەویش ئەڵێ: کوڕە ناچم گوو بەم بەینیچی و گوو بەو بەینیچی) «ڕشتەی مرواری».

**بەینێکە**: ماوەیەکە: (چت لێمە خەتا دیوە، کە بەینێکە کەناری/ فەرمووو، کە لە سەر چی لەگەڵ ئێمە بە قاری؟/ ...) «ئەدەب».

**بەینێوەن**: بەینێکە: (بیللا یە ئاخر نامەی ڕجامەن/ بەینێوەن وەی ڕەنگ لاڵە و نزامەن) «مینەجاف».

**بەینێەو**: بەینەو.

**بەیۆ**: ١. بێ، بێت: (بەزەییت بەیۆ وە جەستە و حاڵم/ ڕیشەم بەراما، هەرەس وە ماڵم) «مەولەوی»، (بەڵ ناکا نەی چی بەیۆ جە لاوە/ وە مەقامەکە قەقنەس ئاساوە) «مەحوی»،٢. بگەڕێتەوە، بێتەوە: (زەحمەتەن خەڵاس جە دووری وەردە/ بە هووناو بەیۆ عومر ویەردە) «مەولەوی»،٣. بێنەوە: (چێر و هور بەیۆ نە وەختی ئێوار) «م.ح. دزڵی».

**بەیواستن**: پێوەست، پێداویست، خوازە.

**بەیۆپێت**: بێ بوت، بوت بێ: (بەی تەور بەیۆ پێت تۆ جە ناسازی) «بێسارانی».

**بەیۆخزمەت**: بێتە خزمەتت: (دەخیلم ئازیز بکەر مەرەخەس/ با بەیۆ خزمەت، جەستەی تەن قەقنەس) «بێسارانی».

**بەیۆش**: بێتە لای.

**بەیوومن**: دووقۆچمە، قۆشە، نەگبەت.

**بەیوون**: بێم.

**بەیۆوەیادت**: بێتەوە بیرت: (تا بەڵ نەو سەردەم بەیۆ وە یادت/ ڕەنج بێ سامان بەردەی فەرهادت) «مەولەوی».

**بەیۆه**: بیتۆ، بگەڕێیتەوە.

**بەی وە پێت**: بیدا پێت: (سیماڵ خاسە خودا بەی وە پێت/ سای دار ئێلاخ و دڵخۆشی پای چێت) «خانمەنسوور».

**بەیویاوای**: بە یەکتر گەیشتن.

**بەیە**: ١. بەی، مۆرکە،٢. بە لە یە، لەمە بدە،٣. بێە یە.

**بەیێە**: بەیە.

**بەیەخەداکێشان**: مەبەس لەوەیە منداڵی بێگانە بکەیە منداڵی خۆت.

**بەیەخەداکێشیاگ**: کەسێ منداڵی بێگانەی کردبێتە منداڵی خۆی.

**بەیەغماچوون**: بەتاڵان چوون: (مەه و میهری بە غارەت دا بە شوعلەی شەمعی ڕوخساری/ گوڵستانیش بە یەغما چوو لە تەنگیی غونچەیی زاری) «حاجی قادر».

**بەیەغمادان**: بە تاڵان دان: (بە یەغمای داوە خەرقەی شێخی هیندی/ ڕیداو و تەیلەسانی نەقشبەندی) «حاجی قادر».

**بەیەف**: بەهیڤ، باهیڤ.

**بەیەکا**: ١. بێە یەکا، بشێون،٢. بجوور، بگەڕێ.

**بەیەکاچوون**: ١. دەگژیەکرا چوون،٢. چوونی خەڵک بە ناو یەکتردا،٣. تەنران، تەندران.

**بەیەکادان**: ١. شاڵاو بۆ سەر یەکتر بردن، جەنگان: (بە یەکدا دانی بارزانیەکان و سپای ئێران) «لە مەهاباد بۆ ئاراس»،٢. ڕووخاندن، ڕماندن،٣. شێواندن، پێکادان: (ئاغا و مامۆستا سەر کەن بە یەکا/ تەواو ئاوایی ئەدەن بە یەکا) «پەند»،٤. تێکەڵ کرن: (ئارد و ڕۆنەکە بە یەکا دە).

**بەیەکجاری**: بۆ هەمیشە، هەتا ئەبەد.

**بەیەکدادان**: بە یەکا دان.
**بەیەکرا**: بەجارێ، تێکڕا، پێکڤە.
**بەیەکڕێیان**: بە یەکجاری، تێکڕا، پێکڕا.
**ب یەکڤە**: بە یەکەوە، پێکەوە: (تەکرار ژ سەجدەیێ کو ڕابون/ ئەو چەندە ب یەکڤە هەر دو شابوون) «خانی».
**بەیەکگەیشتن**: پێکگەیین، تووشی هەڤ بوون.
**بەیەکەوە**: پێکەوە، پێکوە، پێکڤە، بهەڤرە.
**بەیەکەوەدان**: پێکەوەنان، لێکدانی دووخت.
**بەیەڵ**: ١. بەگڵ،٢. ئاڵشت، ئاڵوگۆڕ: (ئەوەز بێەڵ).
**بەیەن**: بەدەن، جەستە: (هەر تای چەکمەیێکی شێوەی خانێکە/ هەر تای لفکێکی کراس بەیەن پیایێکە) «ئاوێنەیبێگەرد».
**بەیهۆدە**: بێسوود، بێکەڵک، بێهوودە.
**بەیەوە**: باڕن، بەفری پەستاوتە دە قوڵکە.
**بەیهەڵگڕیان**: پێهەڵگەڕان، پێهەڵچوون.
**بەیی**: ١. دووزمانی، فیتنەیی، شۆفاری،٢. بەدی، خراپە، خراپی،٣. بەدی، بەڵێ، ئەرێ،٤. برۆ، ئەبرۆ،٥. نەبادا، مەبادا، نەوەک.
**بەییجە**: ١. پەیژە، پەینجە، نێردیوان،٢. بەهیجە، ناوە بۆ ژنان: (قسەیێ ئەکەم بە ڕێوجێ وێ/ کە لەیلێ نەوو، با بەییجێ وێ) «مەولەوی».
**بەییڤ**: باهیڤ.
**بەیین**: ژاکاندن، ووشککرن.
**بی**: ١. داربی، دارەبی، دارێکی بێبەرە: (بەردەممان چەم و تووتڕک و بی بوو/ دەورەمان وەرد و جاڕ و زەوی بوو) «گۆران» ٢. بێوەژن، ژنەبی ٣. ببی، بووی، ببێ ٤. بۆ پاڕانەوە و نزایە: (یاخوا هەر خۆشبی) ٥. کار، کاریلە ٦. بێی، بێت ٧. بێن، بۆ، بۆن ٨. بھ بیھ بەهێ،٩. بوو، بووە: (ئازیزا جە دووریت تەن بی کلافە/ ڕۆح بی وە تەنوین حاڵ ئیزافە) «مەولەوی»،١٠. بوویت، بووی: (پەنهان بی تەنها وەحدەتت مەوج وەرد/ پەی شناسایی زهورێوەت کەرد) «مەولەوی»،١١. هەیە، هەس: (نە توانام بی چەنی کەس دووان/ نە پام هەن بێ تۆ وە جایێ لوان) «بێسارانی»،١٢. بوو: (پەرسام ئەی چگیر، سەنگ جە سەنگ جیا/ بە دەستی کێ بی، تۆش وە هەم نیا) «بێسارانی»،١٣. دەبی، ئەبی، دەکەویە: (لالۆ لاچا بی چێرۆ) «م.ح. دزڵی»، ١٤. بریتی لە بەژن و باڵای ڕێک وەک شۆڕەبی: (کیژی حەرەبیمە/ بەژن دارە بیمە/ بە تۆ ڕازی نیمە) «فۆلکلۆر».
**بیا**: ١. وەرە، بێرۆ،٢. ببوایە، بوایە، ببوایێ: (ئەر فیردەوس بیا بخدا بێسوود بێ) «م.ح. دزڵی»،٣. بهاتایە: (دەنگی ناڵەمان نە چەمەن بیا) «بێسارانی»،٤. برابێ، بردرابێ: (سەد کەس تالان شی، منیش دڵ بیا) «بێسارانی»،٥. بووم، بوومە، بۆوم: (من بیا مەلا و تۆ ویت کەرد بە شێخ/ من قورپینە دای، تۆیچ بە زەرک و تێخ) «م.ح. دزڵی».
**بیابان**: ١. بێروون، سەحرا، چۆڵگە: (دەبا باڕەش لە دواییدا/ لە بیابانی لماویدا) «هەردی» ٢. لەخۆچوو، بوراوە، لە هۆش چوو: (دڵم بیاوان ئەکا)،٣. ناوە بۆ ژنان،٤. ناوی کوڕانە.
**بیابانبوون**: بوورانەوە، بێهۆش بوون: (دڵم لە جۆشە، دەروونم گەلێک بیابانە) «مان».
**بیابانگەڕ**: گەڕیدەی بیابان.
**بیابانگەڕی**: چۆڵەوانی: (کوژراوی بیابانگەڕیی و دەربەدەریتم) «ئاوات».
**بیابانگێڵ**: بیابانگەڕ، چۆڵگەڕ: (مەجنوونی لەیلم، بیابانگێڵم/ عالەم مەزانان، پەس لەیلێ

ویڵم) «سەیدی».

**بیابانی**: ١. سارانشین، بیابان‌نشین،٢. کەسێ کە گوێ نەداتە داب و نەریت و یاسای کۆمەڵ، ٣. هەر گیانداریکی بیابانی.

**بیاتا**: بوویاتا.

**بیار**: ١. بییار، فلفل ٢. مەزن، خان، گەورەپیاگ: (زەمین کە ژ بیاران و خانان هلگرن، دونە گورێ ڕۆت) «پەند»،٣. دێیەکە لە دێکۆی بێڵەوار بەشی ناوچەی کامیاران.

**بیارانەوە**: بگێڕنەوە: (بکیانە پەیکێ وە پاڕانەوە/ پەی کێ؟ پەی مەجنوون بیارانەوە) «مەولەوی».

**بیارە**: ١. شارەدێیەکی گەورە و زۆر خۆشە لە هەورامانی بەشی هەریمی کوردستان لە سەر سنووری ئێران: (شەمس مەشاریق، بورج بیارە/ تەلعەت نوور ئەفشان، وە هەر کنارە) «م.ح. دزلی»،٢. ناحیەیەکە سەر بە شاری حەڵەبچە،٣. ناوە بۆ ژنان.

**بیارێ**: گوندی بیارە لە هەورامان.

**بیاز**: ١. جێی چۆڵ و خەڵوەت،٢. دەشت، زەوو پان و بەرین.

**بیاف**: ١. بوار، بارە، وارە، زەمینە،٢. دەراو، بواری چەم بۆ پەڕینەوە.

**بیام**: ١. ببام، ببوام، بویتم،٢. بووم، ووم: (شار بە شار گێلام، بیام دەربەدەر) «بێسارانی».

**بیامن**: ب رایا من، بە نەزەرم.

**بیامە**: ١. ببووایەم، بوویاتامە،٢. دیەکەیێگە لە گاوارە.

**بیان**: ١. بووم: (ئیجازەم واستەن جە ئیجازەداران/ مولەمما بیان شەو چەنی یاران) «بێسارانی»،٢. بێن،٣. شاخێکی بەرزە لە بەینی سەقز و دیواندەرە.

**بیانک**: بیانگ، بەهانە.

**بیانگ**: ١. بیانوو، پەڵپ، گەزەک، وورک، بیانک: (خەپکە، خەپکەکەی بەر گوانگم، خوا تۆ خۆش بکا بۆ بیانگم) «پەند»٢. هۆ، بەڵگە، دەلیل.

**بیانگە**: بیانگ، بیانوو: (بیانگەی پێمان گرتگە).

**بیانوو**: ١. پەڵپ، بەهانە: (بیانوو بگرە، شێوەی خۆت بشێوێنە بە من کوشتن/ وەها چاوی بەدت لێ لادەدەم، بڕوانە چۆنم بۆت!) «مەحوی»،٢. هۆ، سۆنگەی: (ئەتۆ وەرە خوار بە بیانوی ڕاوێ/ ئەمن دێمە خوار بە بیانووی ئاوێ/ دوو ماچان دەکەین لەبری سڵاوێ) «فۆلکلۆر».

**بیانووبڕینەوە**: وەڵام دانەوەی هەموو عوزر و بیانوویەک: (هەرچەند بیانووی هێناوە کە سبەی نایەین، هەموو بیانووم لێ بڕیەوە و کوتم: هەر دەبێ بێی).

**بیانووپێ‌گرتن**: پەڵپ لێ‌گرتن، گێچەڵ پێ‌گێڕان: (هێمان پێمان ڕەوا نەبینن و بیانی بێ‌بەزەیی بیانوومان پێ‌بگرن) «شەرەفنامە».

**بیانووپێ‌نەمان**: بڕینەوەی بیانووی کەسێ بۆ ئەنجامی کارێک.

**بیانووگرتن**: بەهانەگرتن.

**بیانوونەگر**: بێ پەڵپ و بیانوو: (حەمە مەلا، مەلا بەکر/ حەمە سەوزەی بیانوونەگر) «ڕاوچی».

**بیانەتی**: نامۆیی، غەریبی، دەردی بێگانەیی و ئاوارەیی.

**بیانەتی‌کرن**: هەست بە غەریبی کردن: (ئەڤ بزنە یا بیانەتی‌یێ دکە).

**بیانەک**: بەلاج، حەسیر، حەسیل، ڕایەخێکە.

**بیانی**: ١. بەهانە، پەڵپ ٢. بێگانە، تاچیک، غەوارە: (گۆشتێ رانی بدی بیانی، هەرێ پێشمانی) «پەند» ٣. سۆرەوتۆرە، هەنەزاگ.

**بیانێ**: گوندێکە لای چوارتا.
**بیانیم‌وەسەر**: بێنە سەرم: (تا ئەر مەلەکان بیانیم وە سەر/ ویناں ئەو زوننار تۆم بەستەن کەمەر) «بێسارانی».
**بیاوان**: ١. ئاران، بیابان، چۆل، دەشت، سارا، سەحرا، شەپاڵ، مەخەر، هاموون: (بە جارێ کەوتە کێو و دەشت و باوان، تەرکی شاری کرد) «دیوان»،٢. بیابان، بێخود، بێهۆش.
**بیاوان‌بوون**: بێهۆش‌بوون.
**بیاومێ**: بگەن، بگەنە: (بۆ نە ڕای ئەڵڵا بکەرە کارێ/ بیاومێ بە وەسڵ ئەو دڵبەر جارێ) «بێسارانی».
**بیاوناش‌بەهەم**: بمانگەیەنێ بە یەک، پێکمان بگەیەنێ: (شەوێ من و تۆش بیاونا بە هەم/ من چوون پەروانە، تۆ بە وێنەی شەم) «بێسارانی».
**بیاونۆ**: بگەیەنێ.
**بیاوۆ**: بگات، بگەیێ: (جە وەش‌نەفەسی، چەنی ئێشی زام/ هەر شەو بیاوۆ، ساحێب‌زام بە کام) «بێسارانی».
**بیاوۆ**: بێنێ: (زەرەر بیاوۆ بەو گۆنا و جەمین) «بێسارانی».
**بیاوون**: بگەم.
**بیاوە**: بگەهە، بگەیێ، بگەرە.
**بیاوەشەرە**: ڕاخستنی بەرە و مافوورە.
**بیاوەم**: بگەرە من، بگەهە من.
**بیاوەم‌پەنە**: بگە پێم، بگەرە پێم: (ئامان و دەخیل بیاوەم پەنە/ کیسەی تەماکۆم تۆزش نەمەنە) «م.ح. دزڵی».
**بیاوێ**: گوندێکە لە باکووری دێرالوک ل دەڤەرا زێبارێ: (دبێژن ڕۆژەک خەلکێ گوندێ هێتیت کۆم بوون ب مەرەما هندێ کو بچن تۆلا خۆ ژ گوندێ بیاوێ ڤەکەن) «گولواز».
**بیاوێڵە**: گوندێکە×٥٥٩×: (کابرایەکی بیاوێڵەیی ئەچێتە هەڵەبجە) «ڕشتەی‌مرواری».
**بیای**: ١. ڕچان، ڕچین، بەستن،٢. بوویای.
**بیای‌کەسێو**: بۆ کەسێک: (وەی من دەردەدار .../ وەی من سا بیای کەسێو دەردەدار) «بێسارانی».
**بیایی**: بەستەنی، بەستنی ئاو.
**بیب**: دید، بوق، بووق ماشین.
**بیبا**: ١. هەی‌بوایە، بوایتی، ببوایە،٢. بیوات، بیبات.
**بیبار**: ١. ئاڵات، دەلووجە، هەوجهار، بیار،٢. سەوزییەکە تیژوناوک بە تۆوە.
**بیبارەکێویلە**: گیایەکە بەرێکی ورد دەگرێ، وشکی دەکەن و دەیهاڕن بۆ زگێشە باشە.
**بیبارێ**: گوندێکە لە باکووری بارزان.
**بیباری‌ترشی**: بیباری دۆڵمە بۆ ترشیات.
**بیباری‌دۆڵمە**: جۆرێ بیباری زلە بۆ یاپراغ و ترشی دەبێ.
**بیباری‌سپی**: بەری درشتی بیبارە کە لە ئودا دەیخووسێنن.
**بیباری‌سوور**: بیار، هەوجهار، دەلووجە.
**بیباری‌شین**: گیایەکی یەک ساڵەیە دەسچێنە، بەرەکەی بە کاڵی دەخورێ و تیژ و شیرینی هەیە.
**بیباری‌ویشک**: بیباری ئیشک، بیباری سوور کە ئیشکی دەکەن بۆ ناو چێشت.
**بیباڤا**: گوندێکە لای قەسرۆک.
**بیبان**: ناوی کوڕانە.
**بیبک**: ١. بیلبیلە، بیبیلە، بیبیلک، ڕەشکێنەی چاو،٢. بریتی لە زۆر خۆشەویست: (عەزیزێ دلێ منۆ/ ئەز هەفت مال و مێرا بکەم/ تو هەر بیبیکا ئەڤێ چاڤێ) «حەیرانۆک».
**بیبکە**: ڕەشکێنە، بیبک.

**بیبل**: بیبکە، بیبک.
**بیبلک**: ڕەشکێنە، بیبک.
**بیبن**: ١. بیبین، پشتێن، پشتان، کەمبەرە، کەمەربەند ٢. تەنگە.
**بیبۆک**: بیبک، بیبیلە.
**بیبەر**: بیبار، بیبارە، ئیسیوەت، فلفل، قەلەفر، دەلوبیبەر، دەرمانگەرم، گیزک: (بیبەری شیرین، تووتن زەرد و سوور) «چنگیانی».
**بیبەکر**: ناڤێ مێرانە.
**بی‌بی**: ١. لەیستۆک، بووکەڵەی زارۆکان ٢. بێ‌کەڵک، بێ‌بەهرە ٣. دادۆک، ڕاهێنەری ساوایان ٤. سەرەژن، ژنا ناڤسال چوویی ٥. خاتوون، خانم،٦. نەنک، داپیرە،٧. بیبۆک، بیبیلەی چاو،٨. پەڕێکی قومارە کە وێنەی ژن یا مەلەکەیەکی لە سەرە.
**بیبیتک**: بیلبیلە، بیبک.
**بی‌بی‌جان**: بووکەڵەی شانۆ: (تالاری دادگا، بی‌بی‌جان، قازی، لۆتی‌یە پیرەی ژێر پەردە) «میرزا».
**بی‌بی‌جان‌خانم**: جۆرێ شانۆی بووکەڵە.
**بیبیجەکی‌خواروو**: گوندێکە لای بازیان.
**بیبیجەکی‌سەروو**: گوندێکە لای بازیان.
**بیبیجەکی‌وەیس**: گوندێکە لای بازیان.
**بی‌بی‌چنگ**: بایەقوش، جۆرێ کوندە.
**بیبی‌چەو**: بیلبیلە، بەبەڵەی چاو، کەشکاچاڤ، بیبیلەوچەمی.
**بیبیک**: بیبک، بیلبیلە.
**بی‌بی‌کەند**: دێیەکە سەر بە شاری ساین‌قەڵا.
**بیبیلانک**: بیبیلە، بیبی‌چەو.
**بیبیلک**: بیلبیلە، بیبک.
**بیبیلکە**: باڵدارێکی گچکەیە.
**بیبیلە**: ١. بی‌بی، ڕەشکێنەی چاو ٢. ساوا لە زمانی منالدا.

**بیلبیلەگەڕە**: جۆرێ مارمێلکە.
**بیبیلەوچەمی**: بەبەڵەی چاو.
**بی‌بێ‌مەتۆ**: تووتی، باڵندەیەکە.
**بیبین**: پشتوێن، کەمەربەن.
**بیبینک**: بیبک، بیبی‌چەو.
**بیبیەم**: بمبیستایە: (لەفزێک چەند موهیمە، ناوی وەتەنی کەریم/ بیبیەم، سەماعی لاهووتە دێنە گوێم) «پیرەمێرد».
**بیبیێ**: بیبیسێ، گوێی لێ‌بێ: (بیبیێ، یا نەیبیێ، من داد و بێدادێ دەکەم/ گوێ بداتێ، یا نەداتێ، ئاه و فەریادێ دەکەم) «مەحوی».
**بیپک**: ڕەشکا چاڤ، گلێنە.
**بی‌پووڵ**: نەدار، هەژار: (پووڵدار بوود هێلن وە بان سەندەڵی/ بی‌پووڵ بەدبەخت ئوردەنگ دەنە لی) «چەپکەگوڵ».
**بی‌پەروا**: بێ‌ترس، بێباک، بوێر.
**بیت**: ١. بێ، ببێ، بێت: (من یار دیت ل کویرکی تێوۆ/ بەژن کورتە، شال ل پشتێوۆ/ تو ڕامووسانەکێ بدە من، بلا ب خێرا بابێ تە بیت/ ب زەحمەتا دایکێوۆ) «حەیرانۆک»،٢. بووی، بووگی: (کۆترەکەی ئازاد حەریم دڵ بیت/ دانەی مۆبەت چین پەی وێت غافڵ بیت) «مەولەوی».
**بیتار**: بەیتار، بەیتاڵ، دوکتۆری ئاژەڵ: (پاشی چوومە مالا بیتاری/ من پالا خۆ دا دیواری/ کێچا دگەل من کر نەیاری) «بەیت».
**بیتاقە**: بلیت، بتاقە، بەتاقە، پەتە، پسولە.
**بیتانۆ**: بیتانۆک، ناوی گوڵێکە.
**بیتانۆک**: ڕەبەنۆک، کولیلکەکی بهاریە و کیڤیە و جوان و سۆر و بێ بینە.
**بیت‌بیت**: تووتوو.
**بیتر**: بێتر، باشتر: (مەردەن بیترە لە زندەگانی/ هەم کەس نەمانوو لە دەور فانی)

«خانمەنسوور».

**بیتک**: بوکک، بووکک، باپشکێو، چنچکەسڵاو، قینچکەسڵاو، سیتکەسڵاو، ئەو پڕزکن لدۆرا قەیتانێ چاڤان هەلددەن.

**بیتنزهوور**: دەرکەوێ، خویابێ: (ئەختەرا تە ژ پەردەیا غەیبی ئەگەر بیتن زهوور) «جزیری».

**بیتواتە**: ناحیەیەکە سەر بە قەزای ڕانیە.

**بیتۆتکە**: خۆرک، مرک.

**بیتونەبت**: ببێ و نەبێ: (یەک بیت و نەبت میسال و هەمتا/ مەستوور ژ ڕەنگێ زین و عەنقا) «خانی».

**بیتونی**: گوندێکە لای شەنگال.

**بیتوێن**: ١. بتوێن، دەشتێکی بە پیتە لە نێوان ڕانیە و کۆیەدا: (لەکن بیتوێنی ئێمە دەشتی لاجان/ وەکوو ڕێی بانەیە، هەورازی بێجان) «حاجی قادر».٢. ناوی گوندێکە هەر لەو ناوچەیە: (هەی ئێران خۆشە گەرمێن، قەدقەد لێی ئالان پشتێن/ لەو پشمینەی جوانترە کە بۆی دێنن لە بیتوێن) «فۆلکلۆر».

**بیج**: بیچ، بیژو، بیژ، زۆڵ، حەرامزادە، سنۆرتە: (ئەم دەغڵە کە تەسلیمی دەکات شێخ بە هەجیجی/ نوقسانی دەکات هەر لە تەغارێ دە کەویجی/ ئەسڵ و نەسەبت دۆمە لە من بووی بە هەجیجی/ بێ مروەت و ئینساف و حەرامزادە و بیجی) «شێخ ڕەزا».

**بیجا**: پەچە، پڵچە، ڕووبەندی ژنگەل.

**بیجاد**: ١. بیجادە، ئەقیق، ئاقیق: (بە قیمەت گرانی، بیجادە و دوڕی/ نەکەی وەک باڵدار لە دڵم هەڵفڕی/ مەمکت لە دوو جێ کراسیان دڕی) «بارام و گوڵندام».٢. عەنبەر، داری عەمبەر.

**بیجادە**: ١. ئەقیق، بیجاد، جۆرە یاقوتێکی سۆرە: (سم وەکوو یەشم و لە پەشم و تووکی پێدا سەرنگوون/ چاو وەکوو بیجادە یا دوو شەوچراغی شوعلەڕێژ) «نالی»، (بە قیمەت گرانی، بیجادە و دوڕی/ نەکەی وەک باڵدار لە دڵم هەڵفڕی/ مەمکت لە دوو جێ کراسیان دڕی) «بارام و گوڵندام»٢. نمنمک، جوورە زەنگیانەیەکی درێژە.

**بیجادەچاو**: چاوی وەک بیجادە و یاقووت بێ: (شێری عەجەم، ئەسپی عەرەب، بیجادە چاو و خۆش‌لەقەب) «قانع».

**بیجار**: شارێکی کوردنشینە لە لای سنە: (کابرایەکی کورد کەڵەشێرێکی پێ ئەبێ و وەچێتە بیجاڕ) «ڕشتەی مرواری».

**بیجاڕی**: ١. گرێدراو بە بیجاڕەوە،٢. خەڵکی بیجاڕ: (لۆتیەکی بیجاڕی لە گڵێنانێ مرد، وارشیان لە دەوری کرد و ئاڵایان لە سەر چەقاند) «موکریان».

**بیجان**: بێ‌گیان، مردوو: (پڕ هێسایە ساخەک بیجان کرن) «گولشوون».

**بیجان‌کرن**: کوشتن، مراندن.

**بیجانە**: دیەکەیگە لە کرماشان.

**بیجگە**: بێجگە، جگە، بجگە.

**بیبجەک**: سوورەت کاڵا، فاکتۆر.

**بیچ**: بیج، زۆڵ.

**بیچاخ‌چی**: گوندێکە لای ساین‌قەڵا: (تیپێ هاتیە ئیرایی نیبە/ بەیرەم‌قەڵاتی و لێر بیچاخچی‌یە) «ئاوێنەی‌بێگەرد».

**بیچاغ**: وشەیەکە لە دوای قەراغ دێ: (قەراغ و بیچاغ).

**بیچک**: بووچک، گچکە.

**بیچکلانە**: بووچگلانە.

**بیچکۆلانە**: بیچکۆڵە، گچکە.

**بیچکۆڵە**: ١. بیچک، گچکە، بچووک، چکۆلانە، ٢. کەم‌تەمەن: (مزگەوتە گەورە

دەنگ دەداتەوە/ فەقێ بیچکۆڵە دەور دەکاتەوە) «فۆلکلۆر».

**بیچگ**: بیچک، گچکە.

**بیچم**: ١. شێوە، سەروشکڵ ٢. ساختەچی، فێڵباز.

**بیچکەلانە**: چکۆلوکە: (وەرە بتبینم دەم بیچکەلانە).

**بیچکەلۆکە**: بیچکەلانە.

**بیچکەلە**: بیچکەلانە.

**بیچم**: ١. شکڵ، هەندام، ئەندام،٢. تەرح، دیدار،٣. جۆر، شێوە، تەرز، چەشن،٤. گزیکار، حیلەباز.

**بیچن**: درۆڤ، درۆو، دروێنە.

**بیچێتی**: بچێتە ناوی، بڕواتە ئەوێ: (فەرمووتە: کە دڵ ڕێی نەدەنێ، سەیری جەماڵت/ کوێی دی هەیە، بیچێتێ، دڵەی دەربەدەری تۆ) «ئەدەب».

**بیحاری**: ×××١٥٨ «ئەحمەدی‌کۆر».×

**بیخ**: بێخ، بن، ڕیشە.

**بیخبر**: بنبڕ، بێخبڕ، ڕەگبڕ.

**بیخبڕین**: کاری ڕەگبڕینێ.

**بیخیر**: ناوی چیاییکە لە دەڤەری زاخۆ: (باژێرەکی دێرینێ کوردانە و دکەفیتە دەر گەلیێ سپی و ل سەر خابوری و ل پشتا چیایێ بیخیرێ و نوکە قەزایە سەر پارێزگەها دهوکێ ڤە، ناڤدارە ب بویکا بەهدینان) «گولواز».

**بید**: ١. بی، داربی، بیهۆک: (تەرزی بید بە تار .../ تەرزی بید چوون زولف مەلەرزۆ بە تار) «بێسارانی»،٢. شوێنی چۆڵ: (هامرازی شەوان، بیدی تەنیاییم/ ڕەفیقی ناڵەی سوب سەحەرگاییم) «بێسارانی»،٣. بوو: (جودا بید وە گوڵ، دوور کەفید وە باغ) «چەپکەگوڵ»،٤. ببێ: (کو عالیم ڕا باش نابید/ ژ سەفێکیا نەزان دەرباس بید) «گولشوون»،٥. ببی، بوی، بوود.

**بیداد**: ١. بێداد، زوڵم،٢. گۆشەیەکە لە دەزگای هومایونیدا.

**بیداربوون**: هەستان، ڕابوون: (لە خاو بیدار بیم وە زوور تەکان) «چەپکەگوڵ».

**بیدارگەڕیان**: بێدار بوونەوە: (دەرحال گەڕیا ژ خوابێ بیدار/ بوو عاقل و هۆشمەند و هشیار) «یۆسفوزولەیخا».

**بیدایەت**: سەرەتا، دەسپێک: (حوسن و جەمالی جانان نادێرتن توپایان/ هەرچی نەبت بیدایەت ئەسلا نەهن نیهایەت) «جزیری».

**بیدرەشان**: دێیەکە لە دێکۆی گوڵچیدەر لە خۆرهەڵاتی مەریوان.

**بیدگوڵ**: دیەکەێگە لە کرماشان.

**بیدڵ**: غەمگین.

**بیدمشک**: ١. بیمشک، بیمیسک، بیشەکەری، جۆرێ داری بی گوڵی سپی و بۆنخۆش دەگرێ کە لە شیرینیسازیدا بەکاری دێنن: (هەر عەتری بیدمشکە نەسیمی سەحەر کە دێ/ نەی دێتە ڕەقس و لەنجە دەخاتە سەمایەوە) «حەمدی»،٢. شیرنی چێکراو لە بیدمشک: (بیدمشکی ورمێ بە ناوبانگە).

**بیدمیشک**: بیدمشک.

**بیدن**: ببن، بوودن.

**بیدور**: گوندێکە لە باکووری کەرکووک.

**بیدۆر**: ١. بەڕێز، قەدرگران ٢. هێزدار، بەهێز.

**بیدوهی**: گوندێکە لای شارۆچکەی کانیماسێ.

**بیدە**: ١. فووارەی ئاودەس فەرەنگی،٢. بیدە، بدە بە وی، بیدەرێ.

**بیدەرە**: دێیەکە لە دێکۆی کەلاتەرزان بەشی

ناوچەی مەریوان.

**بیدەقی**: ×٧٢×: (مـن و وی ب گۆتـوبێژ ب هەڤ ئـالین، هەر بیـدەقی کـو وی پێشـتا داژۆتی، من بەر برری ددامی) «گولشوون».

**بیـدەمێ**: بەمـێ، پێـی بـدەم: (ئیسـە گشـت پەمگەکەی بەمێ) «پێکەنینی گەدا».

**بیـدیمەجنوون**: شـۆڕەبی: (بیـدی مەجنـوونە وجـوودم لە هەمـوو بەر بەری‌یە/ نە کەسـێ مونتەفیعی یەک بەری یا سێبەری‌یە) «نالی».

**بیر**: ١. چاڵ، چاڵاو، قوڵیت، دەڤـی: (کەسـێکو بیرەکی بۆ ئێکـی بکـۆلین، هەر ئەو بخـۆ دێ دکەڤیـتە تێـدا) «پەنـد» ٢. فکـر، یـاد، هـۆش، هۆشـی، ڕەت، ویـر، هـزر، هـویر، بیرەهـی، بیـرەوەر: (لە هەمـوو کوردسـتانا/ لە نـاو بیـر ئازادانـا) «گـۆران»،٣. تاسـە، یـاد، عەزرەت: (وەعدەی وەسڵم دەداتێ، دەچـمە لای، نـایێتە لام/ گەر دەچم زویرم دەکا، ناچم ئەگەر: بیرم دەکا) «ئەدب»،٤. ناوی کوێستانێکە لای سنە.

**بیرا**: ١. بەزەین، بیرتیژ، زیرەک ٢. خزم، کەس ٣. ژنبـرا، بـرای ژنـی پیـاو ٤. بێـرا، بێـرانە، بیهێنە(ئەمرە)،٥. ناوی کوڕانە.

**بیراجیک**: شارێکی باکووری کوردستان سـەر بە شاری ئورفە.

**بیراز**: ١. میراس، بەرەنیـا، وەرەنیـا، دەمەزەرد، گرنج گرنج، بیرازی ئاش و شامیلە،٢. تەخـت، ڕێک و بێ‌کڵۆ کردنی زەوی،٣. مەودا، بەریـن: (ئەمن ئەوان کـوڕە لاوان لە نێـوانی سـینگ و مەمکان خۆم دەنێژم، چ بکەم بیـرازی تەنـگە) «فۆلکلۆر».

**بیـــرازتن**: ١. بیراسـتن، نـژنین، ئاڤـاکرن، چاککرنەوە ٢. گۆڕ هەڵکەندن،٣. بیراز کردنی بەرداش،٤. ڕەقاندن، ڕەقاندنەوەی دەمـی داس و مەڵەغـان،٥. تەخـت و لـووس کردنـی زەوی،٦. ڕەهەنـد لێـدان بـۆ لەبەیـن بردنـی تەڕایی و زۆنگی لە زەویدا.

**بیرازکردن**: ١. بیرازتن، ڕێککردنی زەووی، ٢. تیژکردنەوەی بەرداش،٣. بریتی لە دارکـاری و تەمێ.

**بیـرازە**: گـۆڕیچە: (تەرمەکەیـان خسـتە نـاو بیرازەی گۆڕەکەوە) «ف.پ.پ.».

**بیراستن**: بیرازتن.

**بیراق**: ئاڵا، بەیداخ، پەرچەم: (لە ستاد لەشـکر بیراقێ بوو نووسرابوو) «ئاوێنەی‌بێگەرد».

**بیراک**: ئاڵا، بەیداخ، پەرچەم.

**بیراڵک**: گوندێکە لە باکووری کەرکووک.

**بیران**: ١. کۆی بیر، هزر، فکر: (چـوومە سـەر ترۆپکـی بیـران/ داوم دانـا وەکـوو ژیـران) «ڕاوچی»،٢. کۆل، تەپ، گرد: (ئەوە کویێستانم زۆر لێ فێنکە/ هەوارەپایزانم دێنەوە سەر کۆل و بیرانی) «فۆلکلۆر».

**بیرانە**: بێرانە، بێنە، بهێنە.

**بیرانین**: ١. بیرنانەوە، بیرئـانین، یـادکردنەوە ٢. بیرەوەری، یادەوەری، یادداشت.

**بیراو**: چاڵاو، چاڵ، بیری ئاڤێ.

**بیراوا**: چاڵ، بیر، چاڵاو.

**بیراوبیـر**: دوودڵـی×١٧٤×: (ئەو دەردە بـوو پیـری کـردم/ تووشـی بیراوبیـری کـردم) «ڕاوچی».

**بیراهی**: ١. یاد، بیر، هۆش، هش،٢. لە فکـردا، لە بیر کردنەوەدا.

**بیرایکانی‌قەز**: گوندێکە لای سورداش.

**بیرایی**: هەیوان، بێلایی.

**بیرئادەم**: گوندێکە لای شەنگال.

**بیرئاڤدەل**: گوندێکە لە باکووری دێرالوک.

**بیرئان**: بیرئانی، بیرەوەری.

**بیرئانی**: بیرئان، بیرەوەری، نووسینەو.

**بیرئانین**: بیرانین، بیر هێنانەوە: (ئەم بچین هەڤال بمینن/ میم و حێ بیرا خوە بینن) «فەقێ تەیران».
**بیرئسفەهانبچوک**: گوندێکە لای پردێ.
**بیرئەحمەد**: گوندێکە لە خوار توزخورماتوو.
**بیرئەحمەدلی**: گوندێکە لە خواری توزخورماتوو.
**بیرباڤا**: گوندێکە لای قەسرۆک.
**بیربتوون**: بیل بتوون، هەموو پێکەوە: (هەموو لە تەرم بەرێکردندا خەڵکەکە بیلبتوون بە پەرۆشەوە وەگەلی دەکەوتن) «غەوارە».
**بیربڕ**: تێگەیشتو، هۆشدار، زیرەک، زرنگ.
**بیربرن**: ١. لەبیرمان، ل بیر خوە ئانین،٢. لەبیر چوون.
**بیربزووێن**: هەر شتێکی کاریگەر لە سەر بیر: (بەهار وەرزێکی بیربزوێنە بۆ شاعیر).
**بیربلا**: گوندێکە لای شارۆچکەی دەرکار.
**بیربڵاو**: پەرێشان، خەیاڵاوی، کەمهۆش.
**بیربڵاوی**: کردەوەی بیربڵاو.
**بیربۆری**: بێهیش، بووراوە.
**بیربۆرین**: بێهۆشبوون، بوورانەوە.
**بیربەرز**: بیرتیژ، زیرەک.
**بیرتیژ**: ١. بەزەین، زیرەک: (ئەمین زەکی بەگ دەڵێ: ئەحمەد پاشا دوای شای بابان بووە، زۆر گورجوگۆڵ و بیرتیژ بووە) «مامەیارە»،٢. ناوی کوڕانە.
**بیرتە**: ١. ئەو گۆرانییە کە لە شایی کوردەواریدا دەبێژرێن،٢. لەبیرتە، لەفکرتە: (بیرتە ئەو ڕۆژەی بە شادومانی/ بۆ خۆمان ئەگەڕاین لە نێو ئاوایی) «فۆلکلۆر».
**بیرتەسک**: بیرکورت: (ئافرەت پایە و گەورەیی زۆر لەوە زیاترە کە بیرتەسکان بۆی چوون) «ف.پ.پ.».
**بیرجارە**: گوندێکە لای شەنگال.
**بیرجیس**: ناوێکە بۆ هەسارەی موشتەری.
**بیرچوون**: لەیادچوون، لەبیرچوون، ژ بیرکرن.
**بیرچوونەوە**: لەبیرچوونەوە.
**بیرحەلان**: گوندێکە لە باکووری مووسڵ.
**بیرخستن**: بیرهێنانەوە، خستنەوەیاد.
**بیرخستنەوە**: بیرخستن.
**بیرخستۆک**: یادداشت، بیرەوەری،
**بیرخولی**: گوندێکە لای گردەسین.
**بیردار**: زیرەک، هۆشیار،
**بیرداری**: زرنگی، زیرەکی،
**بیرداڕێژ**: تیۆرڤان، بیردۆز.
**بیرداڕێژەر**: بیرمەند، بیرداڕێژ.
**بیرداڕێژی**: بیردۆزی، تیۆرڤانی.
**بیردان**: فکر لێکردنەوە: (ساتێ سەر بنێم وە بانی سەرین/ بیر دەم وە کردار، زەمانەی بەرین) «قانع».
**بیرداودوسون**: گوندێکە لە باکووری مەخموور.
**بیردۆز**: هۆشمەند، هشیار، بیرمەند.
**بیردۆش**: زرەک، گادۆشە، مانگادۆشە، سەتڵ، مەڕدۆش، دەفری شیردۆشین.
**بیرڕوون**: بیرمەند، فرەزان: (هۆزان و بلیمەت و بیرڕوون و پتەو/ بۆ بوون و دەچن؟ کەس نە ئەمی زانی نە ئەو/ ...) «خەیام هەژار».
**بیرزان**: گیایی، ڕوەکی، شینکەیی.
**بیرزانی**: بیرزان.
**بیرزین**: گوندێکە لە باکووری هەولێر.
**بیرشکە**: گوندێکە لای سەیدسادق.
**بیرڤا**: بێهۆش، لەهۆشچوو.
**بیرڤاچوون**: بێهۆشبوون، خۆڤاچوون ، بوورانەوە.
**بیرڤاچووی**: بێهۆش، بێهۆشبوو،

خۆڤاچووی،
**بیرڤەچوون**: لەبیرچوونەوە، لەهۆش‌چوون.
**بیرقاسم**: گوندێکە لای شەنگال.
**بیرقووڵ**: بیرفراوان، بیرمەند.
**بیرک**: گوندێکە لای شەقڵاوە.
**بیرکا**: گوندێکە لای شارۆچکەی کانی‌ماسێ.
**بیرکردن**: ١. یادکردن، بەتاسە بوون: (ئەز دخازم تە زوو ب زوو ببینم، من بیرا تە کرییە) «مەستوورە»،٢. فکر لە کارێ کردنەوە، ٣. لەبیر چوون، ژ بیر برن،٤. ناشتن، لە بیر بردنەوە: (بیر دکن دەرد و خەمان/ بەرهەڤ دکن بەرهەمان) «سەنار».
**بیرکردنەوە**: وردبوونەوە لە شتێ: (بیر کەنۆ بۆ خاتری جەمشید و ئەییوبی وەلی/ بۆچی دەس هەڵناگرن؟ لەم بێ‌سەر و سامانی‌یە!) «قانع».
**بیرکرۆک**: بیرۆک، بیرنەهات، فەرامۆشکار.
**بیرکم**: ١. دەریاچە، زرێبار، گۆل،٢. بەند، بناوان: (دا تیری هەناسە کارگەر بێ/ بیرکم بشکێنێ سەد چەپەر بێ) «هەژار».
**بیرکورت**: بیرتەسک، داخراو، کەللەوشک، مێشک‌ئیشک.
**بیرکورتی**: بەرتەسکی بیر.
**بیرکۆلا**: بیرهەڵکەن.
**بیرکووڕ**: بیرقووڵ، بیرتیژ، بەئاوەز.
**بیرکەر**: ١. چاڵاوکەن، بیرکۆڵ، بیرکۆلا، یرکەن ٢. لەیادبەر، لەبیرکەر، لەبیربەر، فەرامۆشکەر.
**بیرکەفتن**: یادکەوتن، هاتنەوەیاد.
**بیرکەم**: کەم‌هۆش، فەرامۆشکار.
**بیرکەوتن**: بیرکەفتن: (مەتەلۆکێکی دیم کەوتۆتە بیر/ وەک ڕۆژ ڕوونە لای دەبیر و ژیر) «غولامی».
**بیرکەوتنەوە**: بیرهاتنەوە: (ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم و شێوەتم بیرکەوتەوە/ وەختی بەندیی و ئەسارەت، پێ بە تەوق و کۆتەوە) «ف. بێکەس».
**بیرکەهی**: جوورە بووزوویەکە.
**بیرکی**: لووتکەیەکی بەرزە لە خواری شاری دەربەندیخان.
**بیرکێ**: گوندێکە لای سەرووی دەربەندیخان.
**بیرگا**: یادگا، یادگە، بیرگە.
**بیرگە**: بیرگا، مێشک، داڵغە، زەین.
**بیرگەش**: ڕۆشن‌بیر، ڕووناک‌بیر، زانا.
**بیرمشک**: ١. بیدمشک، بیرمیشک، ڕجن، دارێکە وەک داربی دەچێ و شەربەتی لێ ساز دەکرێ،٢. جۆرێ شیرینی لە ئارەقی ئەم دارە دەگیرێ.
**بیرمکە**: چیایەکە لە نێوانی ناودەشت و شاورێدا.
**بیرموس**: گوندێکە لای ئاکرێ.
**بیرمۆک**: بنەوشۆک، بەنەشیشۆک، بەنەوشۆک، قەزوانی ورد.
**بیرمە**: بێژم.
**بیرمەند**: مرۆی ژیر و بەبیر: (تەمی داوێنی ئەو ساڵی وڵاتی نێو هونەرمەندان/ حەشارگەی بەستووە بۆچی؟ لە گەورەپیاو، لە بیرمەندان) «ڕێزان».
**بیرمیشک**: بیرمشک.
**بیرمیشکی‌پڵاو**: ڕجن.
**بیرنامە**: پەڕاوییە، یادنامە، یادگار.
**بیرنەتێ**: بیری نایەت: (هەیا خودێ لێ ئازری/ وە دبێ حەتا کچ نامری/ ئەڤ عەیب ل تە ناڤەشری/ قەت یا خودێ ڤە بیر نەتێ) «فەقێ تەیران».
**بیرنەکری**: ١. بیرت لێ‌نەکردۆتەوە،٢. لەبیرت نەکردووە: (تە بیر نەکری دوژمنیا کاڵ؟)

«پەرویز جیهانی».

**بیرنەوار**: بیرکرۆک، فەرامۆشکار.

**بیرنەهات**: بیرۆک، بیرکرۆک، فەرامۆشکار.

**بیرنەهاتی**: فەرامۆشکاری.

**بیرۆ**: ١. بیرۆڤ، خارشت، خورش، والامەنی، گەزنەک، گەزەنە، پیزۆک، نەخۆشیەکی پێستە، ٢. پەڵە، ویشکایی نەدێراوی زەوی ئاودراو: (پێش شینبوون کەردووی کێشاوە، هەر بۆیە دەنکێکی بە خەتەر نەچووە، ساماڵ شینە، بێ پەڵە و بیرۆ) «ئەمیری»،٣. ×١٨٢×: (ئەم کۆشکە ژووری میوان، نامەخانە، بیرۆ و زۆر شتی دیکەی تێدایە) «جەماڵنەبەز».

**بیروباوەر**: بیروبڕوای مرۆڤ کە بۆی تێدەکۆشێ: (من بە بیر و باوەڕ، دوژمن بە تانک و تۆپەوە) «هێدی».

**بیروبۆچوون**: بیروباوەڕ، بیروبڕوا: (زۆر دەمێکە تامەزرۆم پەنجەم شاد بکەم بە زولفت/ تا بزانم هەستی ناسکی و بیروبۆچوونی لای لوتفت) «حەمەجەزا».

**بیرۆبەرتک**: خەنەگورگە، خەنەتیلکە، خەنەبەردیلە، قرێژەبەرد، گەنمەبەردیلە، بەڵخکوچک، بەڵغەکوچک، کرێژەبەرد، گلەوەزە.

**بیرۆچکە**: حافزە، بیرگە: (لە چرگەنی بیرۆچکەما/ لە ناو دەریای مەندی خەما) «ڕاوچی».

**بیروخەم**: بیر کردنەوە و خەم بۆ خواردن: (بێهوودەیە بیر و خەم، دڵت خۆش کە برا/ پرسیار نەکرا، بەشت درا هەرچی درا/ تۆ هێشتە نەهاتوویە جیهان ڕۆژی بەرێ/ ئەو ڕۆژی دەبوو بچیە دەرێ، دیاری کرا) «خەیام هەژار».

**بیروڕا**: ١. باوەڕ، باوەڕی، ئەندێشە، ئاقیدە، بیروبۆچوون،٢. پرسوڕا، پرسومەسڵەحەت.

**بیرورد**: بیرهورد، وردبین، بیرمەند: (بەڵکوو کاوەی کورم وەک خێرومەندێکی کورد و بابایەکی بیرورد) «ڕاوچی».

**بیرۆڤ**: ١. بیرۆڤە، گەورک، نەخۆشی بیرۆ ٢. تیروێ، دارێکی دەوەنە ٣. گیایی، ڕوەکی ٤. چرۆ، خونچە، پشکۆژ٥. قوونێر، دمەڵ ٦. بەر، تووکەبەر،٧. گڵەوەز، کەوزەبەرد، کەڤزیا ل سەر کەڤران.

**بیرۆڤە**: بیرۆ، بیرۆڤ.

**بیرۆڤی**: گیرۆدەی نەخۆشی بیرۆ.

**بیرۆک**: ١. بیرۆکە، فکر، خەیاڵ: (لە ناو گوڵان دەخولامەوە/ بە بیرۆکان دەکولامەوە) «ڕاوچی»،٢. بیرۆک، بیرنەهات، فەرامۆشکار.

**بیرۆکە**: ١. ویرۆکە، ئەندێشە، فکر، خەیاڵی بە مێشکدا هاتوو: (تۆ بڵێی چەندێ بیرۆکەی فەلسەفی لە نێو ئەم چاوەبرکێنەی شاعیرانەدا شاردرابێتەوە؟) «شەوارە»،٢. گوندێکە لای شەقڵاوە.

**بیرۆکوان**: بیرۆکەوان.

**بیرۆکەوان**: ویرۆکەوان، دانەری بیرۆکە.

**بیروورد**: زیرەک، پیتۆڵ.

**بیرووردی**: پیتۆڵی.

**بیروون**: دەر، دەرەوە، دەرڤە: (پێی هەوای بشکێ پێی نەمێنێ، غەیری هۆ لە دەروون و بیروون) «ماملێ».

**بیروونودەر**: ١. دەر و ژوور، چوونە دەرێ و هاتنەوەی ژوورێی نەخۆش،٢. هەموو ولات، دەروژوور: (دڵ نایەڵێ بڵێم چییە سامانی حجەرەکەت/ هەر تاری عەنکەبووتە حیجابی بیروون و دەر) «سالم».

**بیروونهاتن**: ١. دەرهاتن، هاتنە دەرێ: (لە پیریشدا عەروسی یادی وەسڵت/ بیروون نایە

لە پەردەی ئارەزووما) «سالم»،٢. ڕزگاربوون: (لە دونیادا دڵم گەر تەرکی تووڕەی تۆ نەکا سەهلە/ بیروون نایە لە شۆر و زەمزەمە و غەوغای مەحشەردا) «سالم».

**بیروەرانی**: ب ناڤ سال ڤەچوون.

**بیروەرمان**: گوندێکە لای شەقڵاوە.

**بیروەکردن**: بیرکردنەوە: (بیر وەکە تاوێ، چها گیان و لەش/ پەرچەمی خاو و کەزی شۆڕ و ڕەش) «ڕاوچی».

**بیروهۆش**: بیر، فکر، زەین: (بیر و هۆشی خۆت بەکار بهێنە/ ئەم دانە و داوە یەک یەک ببێنە) «دڵدار».

**بیرە**: ١. بیر، چاڵ، چاڵاو ٢. ئاوجۆ، ڤەخوارنێکە لجەه دکن، نۆشاڤەیەکی مەستکەرە: (خۆ بەدایم دەس بە کاسەی/ ئارەق و بیرە و شەراب) «ع. مەردان».

**بیرهات**: بیرەوەری، یادەوەری.

**بیرهاتن**: هاتنەوەبیر، وەبیرکەوتنەوە.

**بیرهاتنەوە**: وەبیرهاتنەوە.

**بیرهاتی**: یادگار، بیرکەوتوو.

**بیرەبات**: گوندێکە لە خۆرهەڵاتی مەخموور.

**بیرەباشە**: گوندێکە لە خۆرهەڵاتی مەخموور.

**بیرەبەراز**: گوندێکە لە باکووری مەخموور.

**بیرەبیرە**: ١. کەمکەمە، یەکەیەکە،٢. وازوازی، ڕاڕایی: (وەک مەڕەکێوی بیرەبیرە خۆم/ هەر شەو لە لایێ مەنزڵگیرە خۆم) «فۆلکلۆر».

**بیرەجەک**: بیرەجیک: (تەمرپاشا ل سیوێرەک، بیرەجەک، ئامەد، ... دژییان) «سەنار».

**بیرەجیک**: شارێکە لە باکووری کوردستان.

**بیرەخەڤ**: بیرەخەو، سووکەخەو، سووکەڵەخەو، سەرخەو، نیڤخەو.

**بیرەخەو**: بیرەخەڤ، بیرەهۆش، بیروهۆش.

**بیرەشکێن**: شتێ کە لەبەر ڕپرایەخی تەنانەت بیرەش لای بێئەرزش بێ: (بیرە و ویسکیشکێنە جامۆڵەی پڕ بەفر و دۆ) «قانع».

**بیرەعارەبان**: گوندێکە لە باشووری هەولێر.

**بیرەفات**: گوندێکە لای مانگێش.

**بیرەفاتخراب**: گوندێکە لای دهۆک.

**بیرەڤەر**: ساغی، بەرڤە خەیر، لەشساغی.

**بیرەڤەری**: ١. چاکبوونەوە، هەستانەوە،٢. بیرەوەری، یاد: (ئەزقەزا ل ناڤ واندا خۆرتەک هەبوو بەرسبێلا وی تازە خوریا بوو، کورک هێ ژ باغێ ژیانێ تو ڤەخۆرن نەهلدانە، ژ بیرەڤەری یێ تو تشت تەم نەکرنە) «گولشوون».

**بیرەک**: بیرێک، چاڵێک: (کابرایەکی دزی جارەکا دی هاتیە سەر ڕێکا وی ل سەر دەرێ بیرەکا ڕیونشتییە) «گولواز».

**بیرەکا**: گوندێکە لای زاخۆ.

**بیرەکانی**: ئەندێشەکانی: (زەردێک وەکوو ڕەنگ و ڕووی خانی/ بارێک بوو چەشنی بیرەکانی) «خانی».

**بیرەکەپرا**: گوندێکە لای بارزان.

**بیرەکەپران**: گوندێکە لە خۆراوای هەولێر.

**بیرەگا**: گوندێکە لای سیدەکان.

**بیرەنان**: گوندێکە لای خواری قەڵادزێ.

**بیرەوخەر**: وەبیرهێنەرەوە.

**بیرەوکردن**: بیرکردنەوە.

**بیرەوە**: ١. بیرهات، بیرەوەری: (ئەی سەر ساڵە ئەڕای بیرەوەی باوکمان نیاینە سەی)٢. بەهۆش و بیر، هشیار، هۆشیار.

**بیرەوەخەر**: هۆشێنەوە، وەبیرخەر.

**بیرەوەر**: ١. بیرا، بەزەین، زیرەک، هۆشدار: (لەم بیرە کە، چین نهێنی پشتی پەردە؟/ هەر بیرەوەرێ، کاس و بە داخ و دەردە/ ...) «خەیام هەژار»،٢. گر، گەشە، بووژان.

**بیرەوەری**: ١. بیرهاتی، یادگار، بیر لە ڕۆژانی ڕابردوو: (مەی بیرەوەری چاخی جوانی خۆمە/ هاوڕاز و گلەی ڕۆژ و شەوانی خۆمە/ ...) «خەیام هەژار»،٢. یادداشت، نووسینەوەی ڕووداو،٣. یادکردنەوەی ساڵانەی مردوو،٤. تەندرووستی، هێشین بوون.

**بیرەهش**: بیرەهۆش.

**بیرەهشی**: بیرکرن، تشت ژ بیرا خۆ برن.

**بیرهەڵقەندن**: بیر کەنن، چاڵاو لێدان.

**بیرەهۆش**: ١. بیرەخەو، سووکەخەو،٢. بیرۆک، بیرنەهات، فەرامۆشکار.

**بیرەهووش**: بیرەهۆش، بیرکرۆک.

**بیرهێنان**: خستنەیاد.

**بیرهێنانەوە**: وەیاد خستنەوە: (دە سا هەڵسە بە قوربانی خۆت و سروەی سەحەرگات بم/ برۆ زوو بێرەوە بیری، بڵێ: مینە دەهات ئیمشەو) «مینەجاف».

**بیری**: تاسە، مەیل، حەز، لێ غەریب بوون: (بیریا وی دکەم: لێغەریبم).

**بیرێ**: ١. گوندێکە لە باکووری بارزان،٢. گوندێکە لای قەسرۆک.

**بیریتاڵ**: ١. بیرێ کە ئاوەکەی تاڵ بێ،٢. بیرەوەری تاڵ، بەسەرهاتی ناخۆش: (چون ژیان هێندی کە شیرینی هەیە، تاڵی پتر/ بیری تاڵ مێشک و دەماری تۆ دەخاتە بەر خەتەر) «جومعەکان».

**بیریتە**: گۆڤەندا فەقێیان.

**بیریڕۆژاڤا**: گوندێکە لای دێرالوک.

**بیریڕۆژهەلات**: گوندێکە لای دێرالوک.

**بیریڕەوا**: داوای ڕەوا، مەرامی حەق، دۆزی بەجێ: (عەزمی ڕەزمم جەزمە بۆ پاراستنی بیری ڕەوام/ بۆیە مۆرەم لێ دەکا، جەلادی توورە و تۆسنم) «بێتووشی».

**بیریزیار**: بیرێزکار، ئەڤ کەسە کو قەبرێ دەبێزرێ و سەرگرتی دکەت.

**بیرێژ**: گوندێکە لای خواری شەقڵاوە.

**بیریسیا**: گوندێکە لای پیران.

**بیریشەلاب**: گوندێکە لای خانەقین.

**بیریورد**: زیرەکی، وشیاری: (بە دەنگی زل و بیری ورد/ ئابڕووی زۆڵە کوردانی برد) «بۆکوردستان».

**بیریی**: بیرین، بار و جوڵانێکە بە ئافرەت یا مێینە لە کاتی زاندا دەبینرێ.

**بیز**: ١. شیشە، شیشکێن رستنا گوران،٢. تماشا، نێرین، سەح کردن،٣. تووژک، مامیز، زیخت،٤. بێز، پارێز، دووری: (تاعەتێ پڕ وی ڕیز دکر/ ژ هەرچی حەرام پەرهیز دکر/ زێدە ژ قەنجان بیز دکر/ ژ ترسا ڕۆژا ئاخیرەتێ) «فەقێ تەیران».

**بیزا**: ١. بەیزا، گیایەکی ناڤدارە بۆ ترشیات و شیرێژ دەبێ: (ملوانە لە چڵی بیزایە/ پڕ چنوور و بەڕەزایە) «بۆکوردستان»،٢. دارێکە✕: (سەد بری بە بری دە خودای بووبایە ئەمن دارێک بام لە داری دە شەنگە بیزا) «گەنجی سەربەمۆر»،٣. بریتی لە باڵای یار و گراوی،٤. ناوە بۆ کچان.

**بیزار**: بێزار، وەڕەز: (دڵ تا کەی بیزار لە زندەگی بوو؟) «چەپکەگوڵ».

**بیزاڤا**: ببی بە زاوا: (چاڤێ منۆ داوۆ گوری/ سەر عەمرێ تە سالەک بوری/ ڕۆژەک دێهێت بی زاڤا/ خودان ژن و مالەک ئاڤا) «سندی».

**بیزبۆ**: بیزۆک، ژنی دووجان.

**بیزبیز**: بیزبیزی.

**بیزبیزی**: بژ، کرژ، گرژ، زیک، بژبژی، تێل‌تێل، مووی سیخ وەستاو.

**بیزنەی**: لێبێزارکردن.

**بیــــزۆب**: ١. چیـــرە، زۆردار،٢. میکـــرۆبێکە ببینرێ.
**بیزۆک**: بێـزۆک، ژنـی دووگیـان کە ئیشـتیای شت دەکات.
**بیزونو**: بیدۆزمەوە.
**بیزە**: ١. ژاژی، سیراج، سیریژ،٢. ناوی کچانە.
**بی زەر**: ١. شـۆڕەبی،٢. بـی‌زەرد، جـۆرێ دار بییە.
**بی زەرد**: بی‌زەر.
**بیزەروو**: کووزەڵە، کویزەڵە.
**بیزی**: ١. بێزو، بێزە، مەگیرانی،٢. پەمەیی.
**بیزیلە**: بیزێلێ، گوندێکە.
**بیزیلێ**: بیزێلێ.
**بیزێلــێ**: بیــزیلە، گونــدێکە: (چــوینە ســەر گوندی بیزێلێ ئاغاکەمـان دەرکـرد کە جاشـی دەوڵەت بوو) «چێشتی مجێور».
**بیزیەی**: بێزران، بێزان.
**بیژ**: بیژوو، بیژی، سنۆرتە، حەرامزادە: (ئەوەک توخمە پیسی دچاند و نزانوو/ بێ‌فایدە چاند و هێشین بوو بیژ بەست) «گول‌شوون».
**بیژاما**: پیژامە، بیجامە، ژێرپاتۆڵ.
**بیژان**: بێژان، بۆژانە، گیای بـووژان: (سوێـسنە و بیژان و بەرۆنە/ نەشـە و گەشـەی هەر دوو بۆنە) «بۆکوردستان».
**بیژاوە**: گوندێکە لای هەڵەبجە.
**بیژبیلەک**: بیژک، بیژی، زۆڵ.
**بیژک**: ١. زۆڵ، حەرامزادە،٢. زۆڵەک، بیژۆکـی دانەوێڵە.
**بیژکار**: رەونەک.
**بیژلک**: بێژلک، بیژوو، حەرامزادە.
**بیژلۆتە**: بیژک، بیژی، زۆڵ.
**بیژمۆت**: ١. بیژوو، زۆڵ، بیژمۆتە،٢. بریتی لە منداڵی زۆر هار و شەیتان.

**بیژمۆتە**: بیژوو، بێژلک، زۆڵ، بێژمیلکە.
**بیژمیلەک**: بیژ، بیژک، زۆڵ.
**بیژن**: بێوەژن، ژنەبی، مێردمـردوو: (مـن گـۆتە تە حەز ژ ژنا ب مێر نەکە، نە چ یارن/ حەز ژ بیژنا نەکە، بێژن ئەزمان‌خوەشن) «حەیرانۆک».
**بیژو**: زۆڵ، بیچ، پینج، بیژمۆتە، بیژیـی، بیـژک، بی، بیژلک، بیـژیلەک، شـەلووف، تـوخمەحیز، توخمەتەخێڵ، حەرامزادە: (سێرەت گـرت بەو چاوە جوانە/ لە کەلەکەی ئەم بیژوانە) «هێمن».
**بیژۆ**: بیژو، بیژ، حەرامزادە.
**بیژۆتی**: بیژێتی.
**بیــژۆک**: ١. بیــژۆکە، بیــژکە، بیــژی، بیــژیکە، بیژەکە، بیژکتە، بەرهەمی نائاسایی: (ئەو گیسکە بیژۆکە زێیە) ٢. بزنێ کە هەر بە دو ساڵ بزێ ٣. ددان یا ئەنگوستی زیاد لە ئاسایی ٤. ماشێ نەگهشتی، نسکێ نەگەیشتو، مێوژی قرپۆک ٥. بیژک، زۆڵەکی دەغڵ،٦. دانەوێڵەی نەکوڵ.
**بیژۆکە**: بیژۆک.
**بیژوو**: ١. بیـژیلەک، زۆڵ: (کـوڕێ کە نـاوی قابیل بوو چووە زگ کـچە کـاولی‌یەک، زگـی پڕ کرد و بیژوویێکی بوو) «پەرەفنامە»،٢. بریتـی لە بێشەرم، بێحەیا.
**بیژەک**: بیژۆک، ئاژەڵێک کە بێچووەزا بکات.
**بیژەن**: پاڵەوانێکی ناو چیرۆکی شانامەیە کە لە زینداني دوژمنا قەتیس ماوە: (ئەڤ بلبلێ جـان د مەحبەسا تەن/ مایە ب تەنێ میسالێ بیـژەن) «خانی».
**بیژی**: ١. بیژک، بیژمۆتە، بیژمییلەک، بیژبیلەک، بیژلـۆتە، بیـژیلەک، بیـژو، بـیچ، بییژلـک، حەرامـــزادە، حەرامـــزایە، زۆڵ، شـــەلۆف، شیرحەرام، شیرحیز، نفش یـا تـوخمێ نە ب ڕێیێن رەوا پەیدا دبێ: (کورە چکۆڵە زۆڵەکەی ناردە گردەکان) «شەرەفنامە»٢. کەسێ لێبووک

و بنگەلتە،٣. بژی، هەر بژی، خۆش بێ: (گاڤا وەلی ب سییارێ نیزیکێ دەستا سەربازێن ڕێزکری بوو و سلاڤ دا وان، سەربازا ب یەکدەنگی کرە گازی، بیژی پاتشاها!) «مەستوورە.

**بیژیاتی**: بیژیتی، زۆڵی.

**بیژیتی**: زۆڵیەتی، بیژویتی، بیژیاتی.

**بیژێتی**: بیژیتی، زۆڵی.

**بیژیلەک**: بیژو.

**بیژینگ**: بێژنگ، موخل: (تاهیرخان کاغەزەک نڤیسی و گۆت: ئەگەر بەرڤاژیا فەرمانێ من بلڤی، دی ئاخ و بەرێن عەشیرا تە ل موخل و بیژینگێ کەم) «گولواز».

**بیژیی**: زۆڵ، بیژوو.

**بیس**: ١. ژنەفتن، ژنەوتن، بیستن ٢. پاشگرە بە ناوەوە دەلکێ و مانای بیسەر دەدا: (گوێبیس)،٣. سر، ڕاز، نهێنی،٤. گۆتبێژا ڤەشارتی کو هاتی بهیستن،٥. بیست، ژمارێ بیستم: (شەش تەرکەی ئەنار لا تلیش نەی/ هەر بیس ناخونم دراورد لە پەی) «خانمەنسوور».

**بیسات**: ١. ڕایەخ، ڕایخ، ڕایاخ، ڕاخەر، ژێرڕاخەر: (پادشام خەمەن، خەم بیساتمەن) «بێسارانی»،٢. ئەسپابی سەر سفرەی زەماوەند،٣. کەرەستەی دەسفرۆشی کەنار شەقام،٤. دنیا، دنێ: (ڕۆشنی بیسات لێم بیەن بە تار) «بێسارانی»،٥. وڵات، مەملەکەت: (هەر یەک پادشای سەر بیساتێ بین) «بێسارانی».

**بیساتیسەبزە**: چیمەن، چەمەنی سەوز، ڕایەخی سەوز: (چی خۆشە! مەجلیسی عەیش و بیساتی سەبزە و باغ/ بە شەرتێ سەبزە، لە دەمی جۆیبار و پای چنار) «ئەدەب».

**بیسار**: فیسار، جێناوی کەسی نادریارە.

**بیسان**: بێستان، بێسان.

**بیسپەنەج**: بیست و پێنج.

**بیست**: ١. بیس، بهیست، ڤیس، ژمارەی (٢٠) ٢. نمرەی هەرە باش لە قوتابخانە،٣. تاو، دەم، بیستێک، دەمێک،٤. گوێبیست.

**بیستان**: بۆستان، بۆیسان، بێستان، باغ، جنیک، کشتوکیاز، مەختی، مختی، مخمخک: (هەزاران باغەبانیان نیشت لە سینگی باغ و بیستانی) «دڵدار».

**بیستانسور**: ناوی گوندێکە لە هەریمی کوردستان: (کابرایەکی کورد ماڵی لە بیستانسور ئەبێ، ماڵی براکەی لە سەیسایەق ئەبێ) «ڕشتەیمرواری».

**بیستانەوان**: بێسانەڤان، بێستانچی، باغەوان، بۆسانەوان،

**بیستراو**: بیسراو، ژنەوتە، شنەوتە، بیستی: (لە هیچ کوێ نەدیتراوە و نەبیستراوە).

**بیسترێ**: گوندێکە لای مەزنێ و سۆران.

**بیستن**: ١. بیسن، ئەژنەفتن، ژنیەن، ژنیەی، شنەفتەی، شنەوتن، شنەفتن، بهیستن لە ڕێی گوێوە: (بیستم لە هەموو لایە مەیلی شەڕ و دەعوایە/ سەودا لە سەرمدایە، باکم چ لە غەوغایە) «نالی»،٢. خەبەرداربوون لە شتێک: (بیستوومە کاکت ژنی هانیوە).

**بیستنەوە**: ١. دوبارە شنەفتن،٢. بیستنی قسە دەربارەی گوتراو: (نەبیسمەوە جارێکی دی شەڕ بکەی).

**بیستوچوارساعەتە**: ١. بیست و چوار سەعاتی شەو و ڕۆژ،٢. بریتی لە هەمیشە، دایمە، کاتێکی زۆر: (بیست و چوار سەعاتە لێرەیە).

**بیستۆک**: ١. تەل، تێل، تەلەیفون ٢. گوێڕاگر، بیستەک.

**بیستونیحاجیاوا**: گوندێکە لە دێکۆی سارال.

**بیستووم**: بیستەم.

**بیستوومی**: بیستەمی.

**بیستوومین**: بیستەمین.

**بیستە**: ٨٦ شێخ ڕەزا××

**بیستەر**: بهستۆک، بهستیار، بیستەک، گـوێگر، گووێڕاگر.

**بیستەک**: ١. ڕادیـۆ ٢. گـوێگر، بیستۆک ٣. گـاڤەک، دەمەک، بیسـک: (بیستەکی هەر دو بێدەنگ مان) «مەستوورە».

**بیستەم**: بیستووم، دوای نۆزدەهەم.

**بیستەمی**: بیستوومی، بیستەم.

**بیستەمین**: یا/یێ/ یێن بیستی.

**بیستی**: بیسراو، شنەوتی.

**بیستیار**: ١. گـوێگر، بەرپەیـڤ،٢. سـیخوڕ، جاسووس، گوهڤەچن، گوێدێر.

**بیستیاری**: ١. گـوێگری،٢. گوهـداری، گوهڤەچنی، سیخوڕی، جاسوسی.

**بیستیک**: ئەستوێلک، شیشە، بستەی سەر تەنوور.

**بیستیەکیئادار**: نەورۆز، سەرەتای بهار: (ڕۆژا بیست یەکێ ئادار/ دبێژە ئەزم بهار) «سەنار».

**بیستێکی**: دەمێکی، تاوێکی.

**بیسراو**: بیستراو.

**بیسک**: گاڤەک، بیستەک، دەمەک کورت.

**بیسکادن**: ئانێکیدی، تاوێکیتر.

**بیسکار**: جنێوفرۆش، دەمشڕ، ئازاردەر، سزاکار.

**بیسکاری**: بیسکانی، دەمشڕی، ئازار، جنێو، سزا.

**بیسکانی**: بیسکاری.

**بیسکویت**: جۆرێ تۆشەیە.

**بیسمی**: بئێسمێ، بە ناوی، بە ئیسـمی: (گەر نە بیسـمی تە موعەممـا بـن حـروف/ مە ب شکلی خەت و خال چ غەرەز؟) «جزیری».

**بیسمیل**: ١. سەربڕاو،٢. ناوی خودا هێنـان لە کاتی سەربڕینی قوربـانیدا: (هەمـوو بیسـمیلە، هەر من نیمە بیسمیل/ نەبـوو کـارێ بکـا هەر بـۆ خـودا، قەت) «مەحـوی».٣. شـارێکی باکووری کوردستانە سەر شاری دیاربەکر.

**بیسمیلا**: ١. بسمیلا، بیسمیلایی، وە ناو خـوا: (حاجی بە دەم ڕێگاوە وردەدۆعاکانی خوێنـد، کە گەیشتە ماڵەوە بیسمیللایی کرد و بەربانگی کـردەوە) «پێکەنینـی گەدا».٢. دەسـپێک، دەسپێکەری وە کارێک: (تازە بیسمیلام دەکرد، دەگەڵ کوتم: بە دەستی من نەبـێ، بە دەستی ئایشـێ و فاتمـان بـێ) «ئەمیـری».٣. وشـەی سـەیرمان و پـێ سـەیربوونە: (داڵـگە لەبەر خـۆیەوە بیسـمیللا! یـا ئیمـام حوسـەین!) «کۆردەرە».

**بیسمیللا**: بیسمیلا.

**بیسمیلایی**: بیسمیلا.

**بیسن**: ژنەفتن، بیستن: (خاوەنی ئـالیکی نـاڵێم پـێ نەداوە، موتڵەقـا/ داویەتـی، ئەممـا وەکـو بیستوومە قووتی لایمووت) «شێخ ڕەزا».

**بیسۆ**: بۆسۆ، ڕژیا پینێ شەوتی.

**بیسە**: بێسە، بوویستە، ڕاوەستە.

**بیسەر**: گوێدێر، گۆهدار، گوێگر، شنەوننە.

**بیسەمەر**: بێهوودە، بێهۆ: (ڕەنجم بیسەمەر، سەودام بیسوودە) «چەپکەگوڵ».

**بیش**: ١. دانیشە، بنیش، ڕۆنێ(ئەمرە) ٢. بێشە، مێشە، بیشەلان، دارستان، جەنگەڵ: (سەنگەر و بیشا زانایان) «سـندی».٣. گیـایەکی خۆڕسـکی ژاراوی بالابەرزی چەنـد سـاڵەیە، گەلا گرنـی گرنییە.

**بیشپەنج**: ١. ژمارەیً کیشمانەیگە بەرانبەری ١٧٥ گرەم،٢. ژمارەیً بیس و پەنج.

**بیشتر**: فیشتەر، زیاتر.

**بیشتەرنا**: ١. ناڤێ خوەدێ،٢. ڕەنجدەر.

**بێشعوور**: بێئاقڵ، نەفام: (جەرگم سووراخە چو لانەی زەنبوور/ بەسکە شنەفتم قسەی جووراوجوور/ وە کورم ئووشن خەر بێشعوور) «چەپکەگوڵ».

**بێشکە**: ١. مەشک، مەشکە ٢. مەلۆتکە، مندالێ پێچای،٣. بێشکە، لاندک.

**بێشکەدار**: بێشکەی لە دار: (لەو ڕۆژەوە کە لە بیشکە دارا بوو تا ئەو ڕۆژەی کە چووە بیشکەی خاکەوە) «ڕشتەیمرواری».

**بێشکەیخاک**: بریتی لە گۆڕ.

**بیشن**: بێژن، بڵێن: (ئینجا بەوە دەسبەردار نەدەبوو، دەیوت: بیشن وە ئیمام حوسەین نان نیەخوەین!) «کۆردەرە».

**بیشە**: ١. باربوو، یارمەتی، کۆمەکی ٢. دانیشە، بنیشەوە(ئەمرە).

**بیشەک**: ناڤێ خوەدێ.

**بێشەنگ**: شۆڕەبی، شەنگەبی.

**بیشی**: ١. بێشە، لانەی شێر: (شێر د بیشیا خلاس نابن) «پەند»٢. تڵتەکونجی، کونجی ڕۆن لێگیراو،٣. دیەکەیێگە لە هووزمانەوەن.

**بیشیر**: گوندێکە لە ناوچەی پشدەر.

**بێعار**: بێعار، بێحەیا: (درەخت چوو ئەلوات پاکباختەی بێعار) «چەپکەگوڵ».

**بیعەینی**: وەکو، هەروەکی: (دیدەبیماری بیعەینی تورکی خوێنڕێژی خەتا) «مینەجاف».

**بیف**: بیڤ، کەیس.

**بیفل**: بیڤل، کەپۆ، لووت، دفن.

**بیفەتە**: گۆشتی برژاو، ڤریڤی.

**بیڤ**: ١. هەل، دەرفەت، دەراڤ، بیو، بیڤ، دەلیڤە،٢. تر، گووز.

**بیڤباڤ**: لاناوە لە بەرچەک بەرچەک کردن.

**بیڤدەر**: هەلڕەخسێن، مەجالدەر، دەلیڤەدەر، بوارڕەخسێن.

**بیڤر**: تەور، بڤر، بیوری داربڕین.

**بیڤک**: دژایەتی، دوژمنایەتی، کین، کەرب و کین: (تە بۆچی بیڤکا خۆ دایە من؟).

**بیڤل**: ١. گلێنە، بیبیلە، ڕەشکێنەی چاو ٢. لووت، کەپ، کەپۆ، دفن، بیفل.

**بیڤلەلێبریان**: واکردن، پەنەمیان، ماسین.

**بیڤۆ**: هەلخواز، هەلپەرست،

**بیڤەلەرز**: بوومەلەرزە.

**بیڤەلەرزناسی**: بوومەلەرزەناسی.

**بیڤیر**: گیایەکی بۆنخۆشە.

**بیڤێر**: ١. کەنەفت، کەلەلا، نەخۆشی لەسەر مردن ٢. جۆرێک گیای بهاری وەک جۆ، هیچ زاد تێدا نینە و گەلەک زڤرە.

**بیڤێردار**: بیڤێری، گیرۆدەی بیڤێر، دوچاری نەخۆشی بێعیلاج.

**بیڤێری**: بیقێری، بیڤێردار.

**بیق**: ١. درگ، درک، دڕوو،٢. دەنگی زراڤ،٣. نایە.

**بێقام**: بێحەد، بێسنوور، بێتوخیت.

**بیقباق**: قرمقاڵ، قرموقاڵ.

**بیک**: ١. بووک، وەوی، بوویک: (عەزیزێ دلبەرێ جانێ، ئەنی تەشبیهی قۆدێکی/ شەرابا قەلب و مێلاکان، عەزیزێ نازکێ بویکێ) «نالبەند» ٢. بووک، ژنی کور ٣. بی، داربی ٤. گیرفان، گیفان ٥. دارە، بە سستی و خاوی ڕاوەستان،٦. گەمەیەکە: (دارەک د دەست بچیکا/ پێ دکرن یاریا بیکا) «سندی».

**بیکاتی**: بووکێنی، بووکاتی.

**بیکار**: ١. ڕەندە، ڕندەی دارتاشین،٢. بێکار: (دریژ و کووتا، کاردار و بیکار) «چەپکەگوڵ».

**بیکانێ**: بوکبوکانێ، گەمەی بووکەڵە.

**بیکر**: ١. کچ، کەچی شوونەکردوو: (بۆ تۆ کە بیکر و تازە، وەکوو حۆری جەننەتی/ قەیدی

چییه عەجووزی دونیا بدەم تەڵاق؟) «نالی».٢. تازە، نوێ: (پۆی خەیاتەی فەرد بۆ عەنبەرینت/ دەسڕێسەکەی فکر بیکر شیرینت) «مەولەوی».
**بیکری**: ١. کچێتی، شوو نەکردویی،٢. تازەیی، دەس لێنەدراوی: (لە دیقەت عەرەقی فیکرم شەل دەکا وەسفی دەهانی تۆ/ بە بیکری مایەوە زکری بە من نەکرا لە نامەردی) «سالم».
**بیکرێت**: بێئەرزش، نەتۆتێشت.
**بیکمار**: مارمێلک، مارمزۆک، مارمیلکۆک.
**بیکنە**: پیکنە.
**بیکنەفسۆک**: باڵندەیەکی گچکەیە پشتی شینە.
**بیکنەوبلوور**: پیکنە و بلوور، بلوول، بلوێر، بلوێرشامی.
**بیکۆڵ**: ویکول، کۆڵەبی، بێزەر، بێزەرد، دارەبی خۆڕسک.
**بیکە**: گوندێکە لای هەڵەبجە.
**بیکەباران**: بوکەبارانە، بووکەبارانێ، بووکەبەبارانێ.
**بیکەماڵ**: بێکەماڵ، نەفام: (ئەبلەی بیکەماڵ لە مەعرفەت دوور) «چەپکەگوڵ».
**بیگ**: گیایەکە وەک ڕازیانە وایە و دەخورێ.
**بیگانە**: بێگانە، ئەغیار: (پێم دەڵێ: گێژ و خولاوەی نانی/ یا نە مووررووی ملی بیگانانی) «ڕاوچی».
**بیگبن**: ساعەتە گەورەکەی شاری لەندەن: (لە ناڵەی هەتیو لەخۆدانی ژن/ ئاوازە دەدا زەنگوڵەی بیگبن) «بۆکوردستان».
**بیگلەر**: بەگلەر: (چەند جە بیگلەران سەرحەدنشینان/ مەنزور وە خدمەت پادشای ئێران) «ئاوێنەی بێگەرد».
**بیگودی**: لوولەیەکی چووکی پلاستیکە کە ژنان بۆ لوول کردنی بسک بەکاری دێنن.
**بیل**: ١. ئاخ، خاک، خۆڵ ٢. قوڕ، هەڕگ، خەڕێ سییە،٣. کەڵلا، مەڕمەڕ، هەڵمات ٤. خاکەناس، مەربێل: (ژن ساحێوماڵ وە بیل و قوڵەنگ) «چەپکەگوڵ»،٥. کل، کڵ، کڵە، سورمە،٦. خودا، یەزدان: (زەمبیل، دەشتەبێل)،٧. بیلا، بێلا، بیلەو.
**بیلا**: بێلا، بیلا، بهێڵە، بیەلە، لێگەڕێ: (بیلا بێدار بوو ئەو شیرینخاووان/ وەوو پەنجەی شەماڵ دەس بەی وە چاووان) «خانمەنسوور».
**بیلات**: درگا، دەرگە.
**بیلاتەژبی**: بیلاتەشبی، بیلامانێ.
**بیلاتەشبی**: دوور لە ڕووت، تەشبیهات نەبێ، وشەیەکی سەر زارە لە کاتی کردەوە و ڕەفتاری نارەوادا بەکاری دێنن: (بیلاتەشبی خەڵکی ئەمڕۆ نازانن چاکە چییە!).
**بیلاخ**: تلیامەزن، تلیابەرانکێ، کلکەزلە، قامکە گەورە.
**بیلاد**: وڵات، وەلات، نیشتمان: (سەد هەزار ئەفسووس بۆ، ئەهلی بیلادی مە: «ئەدەب»/ قەت نەبوو فەرقی بکەن، کێ زەڕگەرە، کێ گۆزەتاب) «ئەدەب».
**بیلامانێ**: ١. دوور لە مانای شاراوە،٢. دوور لە ڕووت: (بیلامانێ، کابرا هەر هیچ پێی حەیب نەبوو، پاتۆڵی داماڵی و هەڵمیزت!)،٣. بیلامانع، بێبەرگر.
**بیلان**: ئەوانە بیل، ئەوانە بێلا.
**بیلانەڕاو**: مووڵەتیان بێە.
**بیلاو**: بیل، بیلا، بێلا.
**بیلباس**: بلباس، عەشیرەتێکی کوردن: (وان دەما عەشیرا بیلباس دەکەڤە سینۆرێ کوردستانێ) «مەستوورە».
**بیل‌بانان**: بیل، قورەڕەشە.
**بیلبتوون**: بەتێکڕا، بەتەواوی: (بە گەورە و

بچووک بیلبتوون هاتوون).
**بیل‌بژنەو**: ١. بگووئەژنەو، گوێ‌گر، گـوێڕایەڵ، ٢. ئایم سەرخونفام.
**بیل‌بیلۆکە**: ×٢٤٩×: (خوشکە سیمای قژنۆکە/ بچکۆلە و بیل‌بیلۆکە) «ڕاوچی».
**بیلبیلە**: گلێنە، ڕەشکێنەی چاو: (تۆ بیلبیلەکەی هەر دوو چاومی/ تـۆ شـادمانی ئالۆسـکاومی) «ع. مەردان».
**بـیلعەت**: کـاری نـاحەز و کوونیـانە: (ئێـوە جیرانیی منن، من شوانی ئێوەم، کاری بـیلعەتم کردبێ، دەبێ ئێوە بزانن) «هەزار ئەشکەوت».
**بیلفەرز**: بیلفەرس.
**بـیلفەڕس**: فەرزەن: (بـابە گیـان ئەلعـان و بیلفەرس دەبێ ژنم بۆ بخوازی) «مەموزین».
**بیل‌کولانن**: ١. کـووس ناهمێـدی کوتـان،٢. کار بێ سەمەر کردن.
**بیلکێش**: ئاخکێش، گلکەش.
**بیللا**: بیللاهی، سـوێند بە خـودا: (لە دەسـتی میحنەتت کـێ بـێ و بنـاڵێ!/ شـیفای دەردانە، بیللا میحنەتی تۆ) «ئەدەب».
**بیللاوەتەڵڵا**: سوێندە، دووجار بە نێوی خـودا: (تـۆیچ ماچـات مەلا و فلانـیچ مەلـلا/ ئێـنە فاجیعەن بیللا وەتەڵلا) «م.ح. دزلی».
**بیللاهــی**: سـوێند بە خـودا: (قـامەت نییە بیللاهی، قیامەت بـوو هەڵسا/ لەو شـۆڕش و غەوغایە، کە پەیدایە لە بالات) «ئەدەب».
**بیلمەندێ**: گوندێکە لای ئاکرێ.
**بیلو**: گوندێکە لە دێکۆی نمەشیری بانە.
**بیلە**: ١. جۆرێک کەوشی قەدیمـی ژنـانەیە،٢. بنە، بـنەڕەێ: (بـیلە مـاڵ ئـیمە)،٣. دێـیەکە لە دێکۆی سەرکەلی مەریوان.
**بیلەڕاو**: موولەت بێە، مۆڵەتی بدە.
**بیلەقڤـان**: نـاوی شـوێنە×٨٣×: (ل وەلاتـێ بیلەقڤانێ‌دا گهیشتم ل عابێدەکی) «گول‌شوون».
**بیلەک**: زەندانە، زەندپێچ، زریی باسک و قۆڵ.
**بیلەکۆ**: خۆڵەمێش، خۆڵەکەوو.
**بیلەکەرە**: بیلەکـۆ: (دەس بەرۆ پەی ئـالتوین، مۆ وە بیلەکەرە) «پەند».
**بـیلەکەوە**: بیلەکـۆ: (چەمـش ڕەشـتەن وە بیلەکەوە) «پەند».
**بیلەمان**: وازمان لێ‌بێنە، بمانهێلە: (چەن گـلە هاوار کردم، فەریاد کێشام نعـمەت ئەی کـارە وڵکە، بیلەمان وە فەقیری خۆمان) «کۆردەرە».
**بیلەمڕ**: ژیلەمۆ، خۆڵەمێشی داغ و گەرم.
**بیلەو**: ١. گلەو بێە،٢. بووسیەڕاو.
**بیلەوڕاو**: بیلەڕاو.
**بیلەوە**: بیلەو.
**بیلەهاڕ**: گیایەکی سـەوزی گەلاپـانە، لاسـکی کلۆرە، لەوەڕێکی باشە بۆ ئاژەڵ.
**بیڵیان**: بیڵیان، بیڵن: (بیڵیان بـا نەونە نـوکەر و کولفەت مەردم!) «کۆردەرە».
**بیم**: ١. تـرس، خـۆف، ڕخ، مەترسـی: (تێـدا ئوممێد و بیم و گریە و سۆز/ بەهار و پـایز و زستان و هاوین) «نالی»،٢. زەوو نەخت، زەوی پڕداهـات،٣. کـاڵ: (بـیم زەرد)،٤. بـبم، بـووم: (چەنی باوکـت بـیم: لەلای باوکـت بـووم)،٥. بـبمە، بـمە: (سـۆزیام هەی سـۆزیام، وێـنەی شـوعلەی نـوور/ بـیم سـورمەی سـوبحان ئـاوەردەی کـۆی تـوور) «مەولەوی»،٦. بـووم، هەمبوو: (بەو حاڵە من بیم، ئەمشەو تـا بە ڕۆ/ هەر حــالێ بەدواز، دەوری دیــدەت بــۆ) «بێسارانی»،٧. بوومەوە، هـاتمەوە: (خەبەر بـیم هۆشم ئاما وە بەردا/ ئەو لا گیـان، ئەو لا دڵ، دام وە سەردا) «مەولەوی»،٨. بووین، بـووگین: (ئەر ئێمە مەحرووم دینـت بـیم یەکسـەر/ تـۆ شاد بی وە دین خودا و پەیغەمبەر) «مەلەوی».

**بیماد**: بەدخوو، تورە، ڕووگرژ.
**بیمار**: ١. ناساغ، نەخـۆش، نەسـاغ: (چەشـمی بیمارت: تەبیبی ئەو دڵەی بیماری مە/ سـەیری بیماری کە، بیماری پەرستارە ئەدەب) «ئەدەب» ٢. بریتی لە چاوی بە خومار: (بە مەرگی مـن، بە ڕەمزێکی بڵـێ بەو چـاوە حـاڵیم کـا/ ئەتـۆ نازدار و بیماری، ئەمـن بـۆچ زار و بێحـاڵم؟) «وەفـایی»،٣. کـویەیگە لە هـووکیەنی نزیـک ئیسـلام ئابـادی غەرب،٤. نازنـاوی شـاعیر و هەستیارێکە بە ناوی «میـرزا مووسـا»، لەدایـک بـووی زەردیـاوای قەرەداغ بـووە،٥. نـاوی گوڵێکە: (گوڵە سوسەنان نازک و نازدار/ شفایە بۆ دەرد شەقشەقە و بیمار) «پیرەمێرد»،٦. ناوی کوڕانە.
**بیماربوون**: ١. نەخـۆش بـوون،٢. بە خومـار بوونی چاو: (دڵ بۆیە خۆشی دێ لە نەخۆشی پڕ بە دڵ/ بیمارە چاوی یـار و خۆشـی دێ لە دەرد و دا) «مەحوی».
**بیمارپەرس**: نەخۆشوان، ناساخپەرس.
**بیمارپەرسی**: نەخۆشوانی.
**بیمارخانە**: بیمارستان: (بە دیدەی بیمار، شەفا پەیمـانە/ تـاقی ئەبـرۆ کەرد وە بیمارخـانە) «بێسارانی».
**بیمارسا**: وەکی نەخۆش.
**بیمارسان**: نەخوەشخانە، بیمارستان.
**بیمارستان**: ١. بیمارسـان، نەخۆشـخانە، خەسـتەخانە،٢. نـاوی گەڕەکـێکە لە شـاری سـەقز: (بیمارسـتان و بلـوار و بەردبـڕان) «یادنامەی‌سەقز».
**بیماری**: نەخۆشی، نەساخی: (ئەزانێ! چـاوی تۆ دایم لە خوێنی دڵ منا مەستە/ بە بیمـاری ئەمێنێتۆ، پزیشک هەرگیز دەوای ناکا) «قانع».
**بیمان**: فیسار، هەرامە، وانێک.
**بیمبێدار**: بێداربیم، هەستام: (سـوب کە سـپی بی، جە خاو بیم بێدار) «بێسارانی».
**بیمخجل**: خەریک بووم.
**بیمخەستە**: نەخۆش کەوتم.
**بیمڕۆس**: ڕووگرژ، مۆن، خەمبار.
**بیمزەرد**: زەردووڵ، زەردەڵ.
**بیمشک**: بیرمشک.
**بیمن**: بوومن، ئیمە بوومن.
**بیمناک**: ترسێنەر، سامدار.
**بیمنە**: بوومنە، ئیمە بوومنە.
**بیمنەبیم**: بـووم نەبـووم: (پەشـتانی بـاڵات جارێ بیم نەبیم) «بێسارانی».
**بیموش**: گوندێکە لە ناوچەی پشدەر.
**بیموەسایەقەت**: بە سـەدەقەت بـم، لە دەورت گەڕێم.
**بیمە**: ١. مەخـتە، دابـین، سـیگۆرتە، کـاری جـوبرانی خەسـارەت،٢. ئێـدارا جوبرانـا خسارەت.
**بیمەغز**: ١. کەسـی گەوج،٢. بێنـاوەرۆک، قسەی پووچ: (قسەیێ بی مەغز و مەغزئازار و پووچ و بی لەزەت) «چەپکەگوڵ».
**بیمەلەرز**: بومەلەرزە، زەلزەلە.
**بیمیشک**: جۆرێ بیە گوڵی سپی بۆنخـۆش دەکا.
**بین**: ١. هەناسـە، نەکـس، نەفەسـی ژێـر ئـاو: (فلانـی بینـی چـاکی هەیە بـۆ ژێـر ئـاو)،٢. هەناسە، نەفەس: (دەڤێ خوە ڤەکر و بینا خـوە کـوور کشـاند) «مەسـتوورە» ٣. دەم، زار: (بەزەیی من دەریـایەک بـوو، بینیـان پێوەنـا و هەڵیان مشت!) «پەشێو»،٤. بین کاتی ژەنیـاری: (پەنجەت بەو نەغمەی بین وە تینەوە/ بـاوەرە ئەی بەیـــت وە حەزیـــنەوە) «مەولەوی»،٥. پاشگری بکەری بۆ دیاریکرنا تشتەکی دور یـا

هوور: (دووربین، زەڕەبین، زراڤبین) ٦. پیران کردن و توند خولانەوەی مەزرەق،٧. بم، بەم: (سەد جارە، کەمە پادشەهی مولکی هونەر بین/ هەر تاجی سەری، فەخری مەیە، خاکی دەری تۆ) «ئەدەب»،٨. بێنە، بهێنە: (ژ ژەنگ و زەرقێ تا دل بشۆتن/ جاما سەدەف بین رەند و کەرامەت) «جزیری»،٩. گەروو، قورگ، بینەقاقا: (دەتکوت دەستیان لە بینی ناوە) «حەمەدۆک»،١٠. بۆ، بۆن، بەرامە: (ژ باجا ڤەکری، ب سورا سبێ را، بینا بهارێ داکوتا هوندور) «مەستوورە»،١١. بوون.

**بینا**: ١. کەسێ کە ببینێ، واژی کوێر: (هەلگرتم و برمە تووری سینا/ بینەندە کرم دگەل خوە بینا) «خانی»،٢. چاوتیژ، چەوتیژ، زۆربین، وردبین،٣. ئاگادار، وریار،٤. سۆ، سۆما، هەتەر، ٥. بناغە، بنچینە، بونیات: (فەلەک زەحمەت لە دڵ مەیلت بەدەر کا/ بینای هەستیم ئەگەر زێروزەبەر کا) «سالم»،٦. لەگەڵ (هەر، هە، ها) دێ و مانای دیتت دەدا، لەپڕ، لەنەکاو: (هابینا سبەی مردین، بە مراد نەگەیشتین!)،٧. ببینم ×٧٠×: (بینا قەدەح ژێ دهاتە من/ ئەو بین ژ بونیادا تەتێ) «فەقێ تەیران»،٨. ناوە کچان،٩. ناوی کوڕانە.

**بیناغە**: بناغە، بنچینە: (دیسان لافاوی غەم هات هەروەکوو بارانی نیسانی/ بیناغەی قەسری مەعموووری تەرەب ڕووی‌کردە ویرانی) «بێخود».

**بینافسۆک**: غەمگین، خەمناک، بەپرۆش.

**بیناقاقا**: بینەقاقا، گەروو: (لە ناکاو شێخ پاڵدەوە قەپێکی توندی لە بیناقاقای گرت و شێخ مەترسە توند لاقەکانی و شێخ بخۆ دەستەکانی گرت و بەرزەفتیان کرد) «گورگ و بزن».

**بیناکاران**: ١. بناغەی هەموو کاران،٢. بریتی لە خودێ: (هیمەت بەو کەس بینا کارانەن) «بێسارانی».

**بیناکردن**: دانان، دارشتن، سازدان: (سەدها ئاواز زۆر جوانم دانا/ چەنەها مەقامم بۆ کردن بینا) «عەلی مەردان».

**بیناکردە**: دروس‌کراو، دانراو.

**بیناکەر**: دەس پێ بکە.

**بیناکەردە**: دروس‌کراو، ساختە: (بەڵام نازانم لە کەیۆ شاری؟/ بیناکەردەی دەست کام شەهریاری؟) «قانع».

**بینام**: ١. بەستم، بەسم،٢. بینایم، چاوانم: (تاوانم چی بوو وات بەسەر هێنام؟/ لێوت کردم و کوێرت کرد بینام) «ع. مەردان».

**بینان**: ١. گریدان، بەستن،٢. ناوی شوێنە: (مەشکە دەژێ لە بینان/ دەچمە کانێ شەمزینان) «فۆلکلۆر».

**بیناندن**: ١. بارکردن ٢. بەستنەوەی وڵاخ.

**بیناندنەوە**: ١. دیتنەوە، دۆزینەوە،٢. بەستنەوە.

**بینانەوە**: بەستنەوە.

**بینانی**: وەک، وەکوو، وەکی، وەکە، چەشنی، مینا،

**بیناو**: دیمەنی خەیاڵی.

**بیناوی**: بینایی، چاو، چەم: (ضیای بیناییم، نوور چەمانم/ سەرمایەی حەیات دین و ئیمانم!) «مەولەوی».

**بیناهی**: بینایی، سۆ، سۆما، سۆمایی چاوان: (بریقەی بەرقی جیلوەی کێ جەلابەخشی بیناییمە/ کە قورسی ئافتاب و مەه وەکوو تەم دێتە بەرچاوم) «مەحوی».

**بیناهی‌چاو**: بینایی چاوان: (قەسەم بە وەی کەم ئەگەر بیناهی چاوە/ هەتا زیندووم و ڕووح لە سەر یەخەی کراسم ماوە) «شۆڕ مەحموود».

**بیناهی‌یاچەهڤان**: ١. سۆما، بینایی چاوان،٢.

دڵدار، یار،٣. بریتی ژ خودێ: (وەرە بیناهی‌یا چەهڤان/ ببینم بەژن و بالایێ) «جزیری».

**بینای**: ١. بەستن، پێش‌گرتنی ئاو،٢. بوونە سەهۆڵ،٣. بینایی: (بینایيم کوێرە، هەڵنایێ بە ڕووی کەس/ موژەم یەک یەک دەڵێی بزمارە بێ تۆ) «نالی».

**بینای‌چاوان**: لاناوە لە ئەزیز گیانی، نوور چەوەیل.

**بینای‌کاران**: سەرچاوەی هەموو کاروبارێک: (هەم نیاز بەو کەس بینای کارانەن) «بێسارانی».

**بینایی**: ١. ڕۆشنایی، بیناهی، سۆ، سۆمایی، سۆمای چاو: (نە تاو دووری دڵ بێقەرارەن/ بینایی دیدەم جە خەفەت تارەن) «مەولەوی»،٢. بینایی، ژیرڤانی، ئاگەهی دەروونی لە شت: (دڵ لە ئیدراکی حەقیقەت بێبەشە، بێ داغی عیشق/ مەحویا دانا دەبێ بەم چاوە بینایی بکا) «مەحوی»،٣. چاو، دیدە، دیە،٤. خۆشەویست، عەزیز: (ئەرێ بینایيم .../ ئەرێ خاتردار، مایەی بینایيم) «بێسارانی».

**بینایی‌چاو**: بینایی چاوان.

**بینایی‌چاوان**: ١. سۆما، ڕەوشەنی چاو: (ڕووناکی دڵ و بینایی چاوان/ گەر تۆ نەبی کێ ئەوینی داوان؟) «هەژار»،٢. دیدە، چاو،٣. خودا، خودێ: (ئەیوت خوای خۆم بینایی چاوان/ ڕۆژێک وەرە لام ببە بە میوان) «پیرەمێرد»،٤. بریتی لە خۆشەویست، دلۆڤان: (ئەمان، هەی ئازیز بینایی چاوان/ گلەم هەن جە تۆ خەیلێ فراوان) «مەولەوی»، (ئەمە بینایی چاومە/ سۆنەی کانی و ئاومە) «ع. مەردان»،٥. ئەی خۆشەویستەکەم: (وەرنە یانی چێش بینایی چاوان/ وستەنت وە بێز، بەندەی بێ‌تاوان) «بێسارانی».

**بینایی‌چاوڕژان**: کوێر بوون.

**بینایی‌دیدەم**: بینایی چاوان: (خۆشەویستەکەم ئارامی گیانم/ بینایی دیدەم ڕۆحی ڕەوانم) «برایم ئەحمەد».

**بینایی‌کردن**: ڕوانین، نهیرتن: (دڵ لە ئیدراکی حەقیقەت بێبەشە بێ داغی عیشق/ «مەحویا» دانا دەبێ بەم چاوە بینایی بکا) «مەحوی».

**بینایی‌لێڵ**: کەسێ چاوی باش نابینێ: (ئێوە لە مێژووی پێشوومان وێڵن/ هەر وەکوو کوێری بینایی لێڵن) «مینەجاف».

**بین‌ئستاندن**: پشوودان، حەسانەوە.

**بین‌ئستین**: دینج‌بوون، سانەوە.

**بین‌بڕکێ**: هەناسەبڕکێ: (لەم دەریایە بێ سەر و بن و پایانەی ئەرک و سەختی و دژایەتی و بین‌بڕکێ و دەستەویەخە) «مەسعوود محەمەد».

**بینبەر**: دیمەن، مەنزەرە.

**بینبینۆکە**: ئەوک، تینتینۆکە، قورقوڕاچکە.

**بین‌پێوەنان**: خواردنەوە، دەم پێوەنان: (بۆ کەسێ کە مەی چزیلکی پێوە نێ/ بۆچی ملهوڕ لێرە بینی پێوە نێ) «ناڵەی جودایی»، (بەزەیی من دەریایەک بوو، بینیان پێوەنا هەڵیان مشت!) «پەشێو».

**بینت**: ١. بێنێ، بێنێت: (جارەکی ناڤێ مە بینت پوڕ سەوابەک زێدەیە) «جزیری»،٢. ببینێ، ببینێت: (کێ بڤێت تە بچەمینت/ دێ مرنا خو ب چاڤا بینت) «سندی».

**بین‌تەنگ**: ١. هەناسەسوار، پشووسوار، تەنگ‌نەفەس،٢. خەمبار، پەرۆش: (ژ ڤێ کرنا خان ئەحمەد خان بین‌تەنگ بوو) «مەستوورە».

**بینتەی**: بەستن.

**بینج**: بیژوو، زۆڵ.

**بین‌جکین**: بین‌چکین، تەنگەنەفەس بوون.

**بین‌چکیان**: هەناسە بڕان، نەفەس نەمان:

(گاڤا کەچ هاتە بال باڤیّ، بین لیّ چکیبا بـوو) «مەستوورە».

**بین‌چکین**: بین چکیان.

**بین‌خواردنەوە**: بلویّر یا زورنا لیّدان بە یەک نەفەس.

**بین‌خوش**: خوش‌بین، بۆن‌خۆش.

**بین‌خوەش**: بیّۆخۆش، بۆندار: (بایێ بەربانگیّ، ئیّ بین‌خوەش، پاقژ و هیّنک) «مەستوورە».

**بین‌دای**: بۆندەر، شتی بەبۆن.

**بین‌دایی**: بینۆکی، بۆن‌دەری.

**بین‌ڕاگرتن**: پشوو نەدانە دەر.

**بینـران**: بەرچـاو کەوتـن: (لە گـوڵ هەرگیـز نەبینراوە وەفا بۆ بولبولی شەیدا) «قانع».

**بینش**: بینین، دیتن: (ئەر بیـنش نـی‌یەن، هەی ئـاوات‌وازم/ بـاز هەر تەسـکینەن گـۆش وە ئاوازم) «مەولەوی».

**بین‌سـەندن**: پشـوودان، حەسـانەوە: (وەکـی ئارتێشا شاە بەری قەوخا گران چەنـدەکی بینـا خوە بستینە) «مەستوورە».

**بینش**: بینین، دیـتن: (غوبـاری کـۆیی عیشـقە کوحلی بینش/ بە خـاکی نەقشـی پـێی جانـانە سەوگەند) «سالم».

**بینفڕ**: بینفن، بێفن، بێفل، پوز، کەپۆ.

**بینفن**: بینفڕ، لووت.

**بین‌کرن**: بۆکرن، بۆن پێوەکردن.

**بین‌کێشان**: هەناسە کۆکردنەوە لە ژێر ئاودا.

**بینگ**: Bîng ۱. نەفەس، هەناسە، پشوو، بـێن، بێهن،۲. بەربین، بەرقوڕگ،۳. تڕ، گووز.

**بینگ**: Bînig گزینگ، بیلبیلە.

**بین‌گرتن**: ۱. مـان کـردن، سـووڕانی مەیـین: (ئەم خولخولە وە دەسوڕێتەوە بین دەگریّ)،۲. قرقراکە گرتن،۳. بین خواردنەوەی ژوڕناژەن.

بینگوڵ: ۱. شارێکە لە باکووری کوردسـتان،۲. پارێزگایەکە لە باکووری کوردستان.

**بین‌گۆڵ**: زنجیـرە چیـایەکە لە خـوار شـاری تەکمان لە باکوور.

**بیـــنم**: ببیـنم: (وی کـو دی دەر پـێڤەداڤە/ غەیری‌یە لیّ ڕەنگ و چاڤە/ گو: یەقـین ئەڤ، حـیلە داڤە/ ئەز دیّ بیـنم زەحمەتـیّ) «فەقـیّ تەیران».

**بینموت**: بیّ‌نموود، پۆخەکە، پوتەکە، گولەکە.

**بینن**: دیتن، دیتنەوە، بینەوە.

**بینندە**: ۱. چاوساغ، کوێرکێش: (گـۆتی: هەڕە بێژە میر و ئاغـان/ بینـندە ڤەنـاکوژن چراغـان) «خـانی»،۲. بینـا، دیتـۆخ، کەسـیّ کـو دبینـیّ: (بینندە بکی ئەمیّ د عـاجیز/ بـیّ پەردە و بـیّ حیجاب و حاجیز) «خانی».

**بین‌نەدای**: بین‌نەدان، نەبڕینەوەی باس.

**بینۆک**: بۆدەر، شتی بەبۆن، بین‌دای.

**بینوکی**: ۱. بۆدەر، بۆندەر،۲. بۆن‌دان.

**بینۆکی**: بینوکی.

**بینۆواردەی**: بین خواردنەوە.

**بیـنە**: ۱. بیهێـنە، بیتێـرە، بـارە، هیـنە: (زینهـار هنەک ژ خاکیّ دەرگاه/ بینە ژ مڕا دگەل خـوە هەمـڕاه) «خـانی»۲. بـۆ، بـۆن، بهـین ۳. بـین، هەناسە خواردنەوە لە ژێر ئـاوا ٤. هـۆبە، زۆم، ٥. ئەوان بوونە، بوونە.

**بینەخوار**: گوندێکە لە نزیک چەمچەماڵ.

**بیـنەر**: ۱. بینیـار، دیتیـار، دییـتەر، بینەنـدەی شتێک،۲. ئەوەی کە ئەبینیّ،۳. ناوە بۆ کچان،٤. ناوی کوڕانە.

**بینەڤە**: بیهێـنەوە، بـۆم بێنەوە: (زینهـار ئەگەر دبەی نگینـیّ/ زو بیـنەڤە بـۆ م دلحەزینـیّ) «خانی».

**بینەقاقا**: بینەقاقە، ناوەندی گەروو.

**بینەقاقیّ**: بینەقاقا.

**بینەقاقە**: بینەقاقا.
**بینەک**: ١. دیتەک، بینەندە،٢. دووربین،٣. بینگ، بیلبیلە.
**بینەکار**: ١. بینەکەر، بینهەڵگێش ٢. جۆرە هەنجیرێکە.
**بینەکەر**: ١. بناولێدەر، کەسێ بین دەخواتەوە، ٢. ئارەزوومەند.
**بینەکێ**: یەکبین: (ماه شەرەف خانمێ مینا کارکا چلقاس کر و ب بینەکێ را گهیشتە کەلێ) «مەستوورە».
**بینەکێش**: بینکێش، کەسی بەبین بۆ ژێر ئاو.
**بینەکێشان**: ١. بینکێشان، پشوڕاگرتن لە ژێر ئاودا،٢. بریتی لە خۆ دزینەوە.
**بینهلکرن**: لکژین، بۆ پێوە کردن.
**بینهلکەر**: لکژۆنەک، بۆژەن، بۆکەر.
**بینەلێدان**: بینە کێشان.
**بینەندە**: بینندە، چاوساغ: (هەلگرتم و برمە تووری سینا/ بینەندە کرم دگەل خوە بینا) «خانی».
**بینەی**: بینای، بەستن.
**بینی**: ١. لووت، کەپۆ: (.../ لە سمتی پڕ بەرێ حەیتارە گەورەم/ لە سنگی تێپەڕی تا گەییە بینی!) «شێخ ڕەزا»،٢. قورگ، گەروو،٣. دیتی، وینی،٤. پاشگرە: جیهانبینی،٥. ببینی: (ئای بۆ ساقییە چواردەساڵە بێ/ بینی شەرابی پڕ پیاڵە بێ) «پیرەمێرد».
**بینیا**: بەستراو، بەسیاگ.
**بینیای**: بەسران، بەستران.
**بینیایرە**: دابەستران.
**بینیایۆ**: بەسترانەوە.
**بینیایەرە**: دابەسران.
**بینیش**: ١. دیتی، بینی،٢. لووتی، دەماخی: (بۆی باخچەی ئەبەد مەیۆ نە بینیش) «مەولەوی».
**بینین**: ١. دیتن، بەرچاوکەوتن،٢. سەیرکردن: (لەوێوە بووک تا سەیوسێنان بردن/ بینینی هەر دوو پەردەی ژن بە ژن!) «گۆران»،٣. چاو پێکەوتن، دیدار کردن: (لە بەر پاساژی عیزەتی بینیم، حەپەسام، چی ببینم!)،٤. سەر دان، سەر لێدان،٥. زان، منداڵبوون: (جوانی وا کەم بوو لەسەر زەمینێ/ کەم دایک کچی وا جوان دەبینێ) «هێمن»،٦. بەستن،٧. ناوە بۆ کچان.
**بینینەوە**: ١. دۆزینەوە، دیتنەوە،٢. چاوپێکەوتنی دوورکەوتوو.
**بینیوە**: ماوەیەک.
**بینیەنە**: لە قورگدا.
**بینیێ**: بەستراو.
**بیو**: ١. بیڤ، بیف، دەرفەت، فرست، فورسەت ٢. بێوەژن، ژنەبی: (بیوی فەرتووت جواری بوو لە نزیک خانوەکەی) «سالم».
**بیوار**: ناوی کوڕانە.
**بیوارە**: بێسەنگ،
**بیور**: بڤر، تەور، باڵتە: (بە تەور دارەکەی ئەقلێشاندەوە/ بە پواز لە یەکی ئەڕەواندەوە) «پیرەمێرد».
**بیوردار**: بریندار، زامار، دەردەدار.
**بیورە**: گوندێکە: (شێخێک لە نۆڕەباب هەڵکەوتبوو شێت و هاری چا ئەکردەوە، ڕۆژێک کوێخا مستەفای بیورە چووە خزمەتی) «ڕشتەی مرواری».
**بیۆسەرنگوون**: بێ سەرنگوون، بکەوێتە خوارێ: (ج تاب گەرمای شەرارەی سەبوون/ ها وەخت بی جە ئەسپ بیۆ سەرنگوون) «ئاوێنەی بێگەرد».
**بیوک**: ١. گیایەکە،٢. گوندێکە لای هەولێر.
**بیۆک**: بەی، بەهێ، داری بەی.

**بیوکەی گچکە**: دێیەکە لە خۆرەلاتی هەولێر.

**بیوکەی گەورە**: دێیەکە لە خۆرەلاتی هەولێر.

**بیوڵە**: بودلا، گوندێکە لای بیجاڕ.

**بیوڵەت**: بێوڵەت، شووم: (سەرێ زل دەوڵەتە، پای زل بیوڵەتە) «پەند».

**بیوم**: بووم، بووگم.

**بیوور**: بوور، تەوور، بڤر، بەڤر.

**بیوە**: بێوەژن، ژنەبێ: (پیـاوی ترسـەنۆک وەک پووشکە سووکە/ ژنی بیوە بە کورکە و نـووکە نووکە) «کۆیی».

**بیوەپیاک**: ڕەبەن، بێ‌ژن.

**بیوەپیاو**: ڕەبەن، پیاوی بێ ژن.

**بیوەر**: بێ‌بەهرە، بێ‌سـوود: (شـەو تـا سـوب نەخەف، رەنج بیوەر وەخوەم) «چەپکەگوڵ».

**بیوەژن**: بیوە، بێوەژن.

**بیوەژنکوشی**: بێوەژن کۆشی.

**بیوەکە**: گوندێکە لای شارۆچکەی بنگرد.

**بیوەنیج**: مەڵوەنێگە لە گاوارە.

**بیوێری**: بیڤێری.

**بیوێژان**: بێژان، مێویژان، گیایەکە بۆنی توندە.

**بیە**: ١. ببـی، ببـیە، ببیتە، ببـی بە: (ڕۆڵە! گەر حەز دەکەی بیە شاکوڕ/ پەنـدی «مەحـوی» لە گوێ گرە وەک دوڕ) «مەحوی»،٢. بـوویە، ئەو بوویە،٣. بـدە: (یـا فیشـەکانم سـەنگەر بەسـتە پشت/ یا لە سـەنگەرا مـن بـیەی وە کوشـت) «ئاوێنەی‌بێگەرد».

**بیە**: ١. داری بەهێ ٢. بەهێ، بەی، میوەی بێ: (کەر بیهنا بیهێ تزانیت) «پەند».

**بیهـانی**: بێگـانە: (مێرکـێ بیهـانی، تـو بـدێ گۆشتێ جانی، عاقبەت پۆشمانی) «پەند».

**بیهـتەر**: چـاکتر، باشـتر: (دی قەدر بیهـتەر بناسی، مەقعەدی سیدقێ جەزابە) «جزیری».

**بیهتەرین**: ١. چاتر، چاکتر،٢. چاکترین.

**بیەدەرە**: دێیەکە لە دێکـۆی کۆماسـی بەشـی ناوچەی مەریوان.

**بیهر**: تاسە، حەز، ئارەزوو.

**بیەسا**: واز بوویە.

**بیەسان**: لەو شوونە بوویان.

**بیەسووتاو**: ناوی شیو و دۆڵێکە.

**بیەسە**: بووەتە، بوویەسە: (داراییم بیەسە چوار دوێت و یەی کوڕ) «چەپکەگوڵ».

**بیەسەو**: بوویەسەو، باز بوویە.

**بیەسەێ**: بوویەسەێ.

**بیەسێان**: بیەسان.

**بیەش**: بەش، پشک، پاژ.

**بیهڤل**: کەپۆ، لووت، دفن.

**ب یەقین**: بێ‌گومان، بەڕاستی: (ب یەقین قافە ل ڕوژێ وەرە دەر سینە نیقابە) «جزیری».

**ب یەکێ**: پێکەوە، بەتێکڕایی: (لەبـی لەعلـێن تە دبـی هەر ب یەکـێ نـوقتەیێ عـیلمن) «خانی».

**بیەن**: ١. بوون، بـووە، بـووگە: (ئەورۆ بینـایی دیدەم بیەن کەم/ فەڵەک جییاش کەرد ئـێمە و تۆ جە هەم) «بێسارانی»،٢. بوون: (ئـاخ ئـاخ و داخ داخ، وەی وەی و ڕۆ ڕۆ/ هەر هەشت بە غەزەب لێم بیەن بە کۆ) «بێسارانی»،٣. بیسـتن، ژنەفتن: (خەڵکی هەموو کەڕن، منی خەودیـتە، بـێ‌زوان/ توانـام نییە بڵـێم و بڵـێم، نـای‌بیەن ئەوان) «بۆکوردسـتان»،٤. وەرن، بـێن: (بـیەن بژنەڤن ئەی حیکایەتە/ یەی پەنـد بگـرن لەی ڕەوایەتە) «چاردۆڵی».

**بیهن**: ١. بۆ، بۆن، بێن، بێهن: (بیهن و شەفەق و نازکیـیا نەسـرینێ) «جزیـری» ٢. نەفەس، هەناسە، بین، وچان: (پشتی بیهنەکـی یـێ کەڕ گوتە نەخۆشی) «گولواز».

**بیەنا**: بـووگم، بـووم: (خاسـت فەرمـاوا مەڵا

نیەنا/ ئەجدادم شێخ و هەر شێخ بیەنا) «م.ح. دزڵی».
**بیەنان**: بووم، ویم: (قیبلەم سا شەرتەن حاڵم بزانی/ بێزار بیەنان جەی زیندەگانی) «بێسارانی».
**بیەنجەم**: جەم بیەن، کۆبوونەتەوە: (چنوور جە سەر کۆ، وەنەوشە جە چەم/ گوڵ جە گوڵستان وەهەم بیەن جەم) «بێسارانی».
**بیەنخەجڵ**: داماوە، داماگە.
**بیهندار**: بۆندار،
**بیهندان**: پشوودان، حەسانەوە: (پیچەکی بیهنا خۆ بدە).
**بیهنشک**: ١. باوێشک،٢. پشمە، پژمە، پشمین.
**بیهنفرەهـ**: بۆنزۆر.
**بیهنکرن**: بێهنکردن، بۆنکردن: (مەخموری کو دەفع کر مەیا ناب/ بیهن کر گول و سونبولێ د سیراب) «خانی».
**بیەنکەیل**: پڕبووە، کەیلبووگە: (تۆی دەروون جە سەیل زووخاو بیەن کەیل/ گڕ وەستەن نە دڵ، کزەی دووری لەیل) «مینەجاف».
**بیهنگرتن**: بێهنڤەدان.
**بیەنۆدەسم**: بدەنەوە دەستم: (شا و وەزیر بکەرۆن قەسم/ خوێن ئەم حاکمە بیەنۆ دەسم) «ئاوێنەیبێگەرد».
**بیهنۆک**: بێهنۆک.
**بیەنە**: بیهێنە، بیتێرە.
**بیهنەکی**: پشوویەک، وچانێک: (پشتی بیهنەکی یێ کەڕ گوتە نەخۆشی) «گولواز».
**بیەنی**: بوون، بوونەتە: (شەو و ڕۆ نە ڕات پەرێ ئی سەودا/ یەک یەک بیەنی شکەستەی مەودا) «بێسارانی».
**بیهۆرک**: بێ، بەهێ.
**بیهۆک**: بی، دارەک بێبەر، ئاڤییە، جوان و سێبەر خۆشە.
**بیهوودە**: کاری بێکەڵک و هیچ: (بەلێ مێر ئەو کەسا ژ ژیری و تەحقیق/ کو خەشم دانی ژێر ژ بیهوودە گەری) «گولشوون».
**بیەوێونەیەوێ**: بڤێ و نەڤێ.
**بیهەژینە**: بیژینە، بیهەژێنە، ڕاپێژێنە.
**بیهەژێنە**: بیهەژینە، ڕاپێژینە.
**بیهەنجیر**: گەرچەک.
**بیهەوا**: بێترس، بێباک.
**بیهەوێ**: بیەوێ، گەرەکی بێ: (بنیادەم ئەگەر بیهەوێ بژی) «حەمەدۆک».
**بیەی**: ١. بوون، وجوود،٢. ڕچان.
**بیی**: ١. بی، داربی: (کە نواڕی بۆ من شێخی باڵابەرز/ وەک بیی ڕووی شەتاو کەوتمە لەرزەلەرز) «قانع»،٢. بێ، بەبێ: (دبێژن کابرایێکی سەیەک هەبوو گەلەک حەژ سەیێ خۆ دکر و گاڤەکی ژی بیی وی نەدژیا) «گولواز»،٣. بێوەژن، ژنا بێ مێر.
**بیی**: ژنەبی، بێوەژن.
**بییێ**: ١. گوندێکە لای باکووری قەسرۆک،٢. گوندێکە لای شارۆچکەی بجێل.
**بییا**: وەرە، وەر، بێ، بەو، بۆ،
**بییان**: ناوی دەشتێکە.
**بییانی**: بێگانە، دوژمن: (وان کەسان کو ڕەشەکی و نۆکەریا دوژمنێ مللەتێ خۆ دکەن بۆ بییانییا) «گولواز».
**بییۆک**: بهۆک، دارەکا ب فیکی.
**بییە**: هەبوو، ئەوەی هەیە.
**بییەڕەش**: گوندێکە لە باکووری کەلار.
**بییەن**: ١. بوون، بووگن: (بسیار وینەی تو لەی باغە بییەن/ ئمرووز ئاساری لە لیشان نییەن) «چەپکەگوڵ»،٢. بووە، بووگە: (چون جە زێد ویش بییەن ئاوارە/ غەریبەن قەدرش

نیگا بدارە) «مەولەوی».

**بییەی**: هەبوون، بوون.

**بییەیرە**: دابوون.

**بییەینە**: تێبوون.

**بییەیۆ**: بوونەوە.

**بییەیەنە**: تێبوون.

**بییێ**: بییە، هەبوو.

**بــێ**: ١. نـاوی دووهەم پیتـی ئەلفـوبێیە «ب»: (ڕووڕەش کە ب ناقێ خەتـت و خـالان/ بەد نام بکە ب بێ و دالان) «خانی»٢. وەرە، بێـرۆ: (بێ، سەروی ڕەوانم! کە لەبەر ئەشکی ڕەوانم/ خەرقە بووەتە غەرقە، کەوا سـەوزە لە بەرما) «نالی» ٣. بی، داربی: (کانێ بەر مالان بە چنـار و بێیە/ پیرێکی دۆستدار حـاکمی ورمـێیە) «فۆلکلـۆر» ٤. بەی، بهنـۆک، دار یـا میـوەی بەهـــێ: (داری ســـێو و هەڵـــووژە و بـــێ) «بۆکوردستان»، (دەڵێم کـاکە چەنـد خۆشـە لە سەری سەفینێ/ کەپرێکی لەبۆ بەژنێ باریک و ئەوە نـازدار حەیرانـێ خـۆم دروسـت کەم/ دیواری شووشە بێ، هەلاشی گـوڵە وەنەوشـە بێ/ دەرکە و پەنجەرەی لە داری بێ) «گەنجی سـەربەمۆر»٥. بریتـی لە مەمـک: (سـینگۆڵەت باغی بێیە/ جووتێ نـارنجی لـێیە) «حەسـەن زیرەک»،٦. پێشگری نەفییە: (بێپـارە) ٧. پـاش وشە: بوێ، ببێ، مانـا دەدات ٨. هەبـوو، بـوو: (تـا قووەمـان بـێ، فیکریمـان نەکەرد) «م.ح. دزلی» ٩. بابێ، بابێت، بۆ کەسی تاکی سـێهەم: (زەمانی بەزمی ڕەندانە، بدە ساقی بە پەیمـانە/ لەبەر تەعزیمی مەیخانە، بڵێن: پیری موغان بـا بێ) «کـوردی» ١٠. ئـالاقێ نەیـیکرنـێ: نابـت، نەییـنی، نەتێ، ١١. بێتوو، ئەگەر بێتوو: (لێـوی دەرخست و بە ناسیح لەرزەی خست ئەگەر/ بـێ تەبەسـسوم کـا، دەبێـتە ئـافەتی تەوبەی نەسووح) «مەحوی»،١٢. ببـێ، بـوێ: (نە خەو، نە خۆراک، نە ڕاحەتـم مـا/ حەیـاتێ کە بـێ، زیندەم بە نامت) «ئەدەب»،١٣. هـات: (دەنگـێ وی بـێ، بەرز و ئـازا/ کەتە چیـا و زانـگ و ڕازا) «پەرویـز جیهـانی»،١٤. بـێلە، بـێجگە، غەیری،١٥. بێنە، بێرانە: (سەبا! سـاتێ بە سـەر گێسوو یارا/ دەماغم وشکە، بێ: بـۆی مشـکی تەتار) «سالم»، ١٦. بـا، جـووڵانەوەی هەوا،١٧. ببـێ، بێـژە، بڵـێ: (گاڤـا کـو ئەوی دکـی تـو مەغلوب/ بێ ڕاست ببێ کـیيە تە مەتلـوب؟) «خانی»،١٨. بێژم، بڵێم: (دەردی دڵی خـۆم بـێ لەم وتـانە/ زیـن و مەم ئەدی چـین؟ بەهـانە) «هەژار»،١٩. باشتر، بێهتەر: (جامێرێ فاسێق کو خۆر و دا/ بـێە ژ عابێـدی ڕۆژی گـر و نەدا) «گولشوون».

**بێابەست**: بەێنوبەست، بەێشەرات.

**بێار**: زێز عارف، تونخو، تنەتەیوەت: (سەوزە واشەگەی خوەی لە ڕێ لەقن/ بێار و عـارف بن کیسە تەکن).

**بێاز**: بەیاز، باز، کراوە.

**بێازە**: قورگ، قوڕێ، نای گەردن.

**بێازەێمل**: بیازە، بلوورەێ مل.

**بێازی**: هاماری، هاواری دەیشت واز.

**بێاشۆش**: دیەکەیگە لە جوانرۆ.

**بێاڵێ**: نەباڵێ، ئاوا نییە: (بیاڵێ کورە ...).

**بێان**: ١. ڕۆژ، زێز شەو،٢. بەیان، شەوەکی.

**بێانگ**: وێانگ، بەهانە، دەسپچگ.

**بێاوان**: ١. زڕوان، بایڕ،٢. پەرکام، بێهۆشی.

**بێاوانبوون**: تاسەو بردن.

**بێای**: بایس، بایسەس.

**بێئـابڕوو**: ئـابڕوونەدار، بێئـاوڕو، بێشـەرم، بێحەیا، ڕیسـوا، ڕسـوا، بێشـەرم، بێئـاڤڕوو، پێکـراو، زمـاندرێژ، قـاڵ، سـواو، سـوواو،

چەختی، چەقەسوو، پەل، ڕووزەرد، ڕووڕەش، هاروهاج، قۆشمە، ئەتککراو، سڤک، سووک: (هومێدم ببیە پیاوێک ... خەڵک و خوا خۆشیان بوێی و نەڵێن پیاوێکی بێئابڕووە) «چێشتی مجێور».

**بێئابڕووکردن**: ئابڕووبردن، حەیانەهێشتن: (ئەحمەدەکوێر کوتی: پتو لە من، هەتیوێکی خوێڕی لەو لالڕا دێ میری شەمێ دەبێ ئەمن بێئابڕوو بکا) «تۆحفە»

**بێئابڕوویی**: بێشەرمی، سووکی: (لەشکری بابان مەیدانی قارەمانی و ئازادییان بەجێ هێشت و ڕێگای ترسەنۆکی و بێئابڕووییان گرتەبەر!) «مامەیارە».

**بێئار**: بێعار، بێشەرم، بێئابڕوو.

**بێئارام**: بزۆز، نەسرەوتوو، بێئۆقرە، دانەسەکناو، نەتەبتی، نەتەبا: (بێئارامم، ئارامیی من چرایەک بوو، ڕەشەبای دەورم خوێنی ڕشت) «پەشێو».

**بێئارامی**: بێتاقەتی، نەسرەوتوویی: (جە بێقەراری، جە دەس دووری/ جە بێئارامی، جە ناسەبووری) «مەولەوی».

**بێئاری**: بێعاری، بێئابڕویی، بێفهێتی.

**بێئازار**: ١. بێدەرد، بێئێش،٢. بێوەی، کەسێ ئازاری بۆ کەس.

**بێئازاربی**: فرۆشیار لە وەڵامی کڕیار یا ڕێبوارێکدا دەیڵێن کە، وەکو ماندوو نەبوونی پێیدەڵێن: بازاڕت بێ، ئەویش لە جوابدا دەڵێ: بێئازار بی، ئازارت نەبێ.

**بێئاف**: ١. دێم، دێمەکار،٢. وشک، جێی بێ ئاو: (دووری ژ ئەقلن گەر جەواهێر ببن قوومێ بێ ئاڤان) «گولشوون».

**بێئاڤان**: بیابان، چۆل، سارا: (بەرچاڤێ خن دیدم ل چۆل بێئاڤان/ فەسال هێدی بدەرباس بوو ژ لەرزان) «گولشوون».

**بێئاقل**: گەوج، کەمفام: (دوو بێئاقل هەنە ل دنێ، یێ دچیت ل ڕێ ب تنێ، یێ گوهێ جۆ بدەتە ژنێ) «پەند».

**بێئاقڵانە**: نەفامانە، گەوجانە.

**بێئاقڵیتی**: بێئاقڵی، کاری نەشیاو.

**بێئاقڵی**: بێئاقڵیتی.

**بێئاکار**: بێڕەوشت، بەدکار.

**بێئاکام**: بێئەنجام: (سەد پینەم لە شانی عیشقی بێئاکام درا) «جومعەکان».

**بێئاگا**: ١. ناشارەزا، نابەڵەد،٢. ئاگا لێنا: (بەختی ڕەشم لەوەدا بوو/ باخەوانم بێئاگا بوو) «حەمەجەزا».

**بێئاگاه**: بێخەبەر، ناشارەزا، نابەڵەد، های لێنا، های لەهیچ نا.

**بێئاگاهی**: ناشارەزایی، بێخەبەری.

**بێئاگایی**: بێئاگاهی، نائاگایی.

**بێئاگەهـ**: بێئاگا، بێخەبەر: (شەیخ عاشقە بێئاگەهە/ قەت های ژ حالێ مە نەهە) «فەقێ تەیران».

**بێئالایی**: بەبەیداخی، بێپەرچەمی، نەبوونی وڵاتێکی سەربەخۆ: (ئەوە لە نەزانیمان نەبووە، بەڵکوو لە بێئالایی و بێدەسەڵاتیمان بووە) «نیساری».

**بێئالی**: بێئالایەن، نە ب تو ئالیان.

**بێئامان**: ١. بێدەرفەت، بێمۆڵەت: (چی بوو دژی ئەو ئاوە بێئامانە وەخۆ کەوت) «حافز»، ٢. بریتیی لە زۆردار، بێڕەزا: (ئەی کوردە بەسیەتی تاکەی ئەم شیوەن و فوغانە/ بێسوودە ئۆف و ئامان، لەم عەسرە بێئامانە) «ف. بێکەس»،٣. پرمەترسی، پڕخەتەر، بێڕەزا: (چەند شەڕوشۆری بێئامانت دی؟) «ف. بێکەس».

**بێئامانی**: بێڕەزایی.

**بێئان**: هەمیشە، دایمە: (خاڵخاسان بێئان هەر بار وە لێو بان/ هێلانەی دڵان با هەر پەشێو بان) «مەولەوی».

**بێئاو**: وشک، ئیشک: (شەو لە نالەی من وەی سیروان بێئاوە) «حەسەن زیرەک».

**بێئاواڵ**: بێهەڤال، بێڕەفیق، بەتەنیا: (گریانم بەو حالەی دێ/ شەوێ دەنووم بێئاواڵ) «فۆلکلۆر».

**بێئاوڕوو**: بێحەیا، بێئابڕو.

**بێئاوڕوویی**: بێحەیایی، داماڵیاگی.

**بێئاوەڕوو**: بێئابڕوو.

**بێئاوەڕووە**: بێئابڕوو.

**بێئاوەڕوویی**: بێئابڕوویی.

**بێئاوەز**: بێعەقڵ، هەقمەق، گەوج.

**بێئاوەزە**: بێئاوەز، گەوج.

**بێئاوەزی**: بێئاقڵی، نەفامی.

**بێئاوی**: وشکەساڵی، ساڵی کەمئاوی.

**بێئاهوو**: بێعەیب: (ئازیز شۆخ شەنگ شیرین تارەنی/ ئاهووی بێئاهووی وەش ڕەفتارەنی) «مەولەوی».

**بێئایین**: بێدین، خوانەناس، کافر.

**بێئایینوئۆین**: بێنازونوز، بێ چەپ و پێچ، بێعیشوە.

**بێئایینە**: بێئایین.

**بێئایینی**: بێدینی، خووانەناسی.

**بێئختیار**: بێدەسەڵات: (ئەو عابدێ قائم ل ڕێ/ جارەک نەزەر دا دێمدوڕێ/ تەیرێ دلێ شەیخ هلفڕێ/ بێئختیار کر قامەتێ) «فەقێ تەیران».

**بێئسول**: بێئیحترام.

**بێئۆرت**: نەجێی باوەڕ، بێباوەڕ، درۆزۆر، درۆزن.

**بێئوسووڵ**: بێشێواز، بێنەریت.

**بێئوسووڵە**: بێشێواز.

**بێئوسووڵی**: بێشێوازی، بێنەریتی.

**بێئۆقرە**: بێئارام، نەسرەوتوو.

**بێئۆقرەیی**: نەسرەوتوویی.

**بێئۆقری**: بێئۆقرە، نائارام.

**بێئۆل**: بێدین، بێئاین، کافر.

**بێئۆلی**: کافری، بێدینی،

**بێئومێد**: بێهیڤی، دڵسارد.

**بێئومێدی**: دڵساردی، هیوابڕاوی: (هاڤێتن زەریایێن بێئومێدی/ یا ژوانا زین بێهیڤی بو ئێدی) «سندی».

**بێئوورت**: بێئەمەگ، نانکوێر، سپڵە، پێنەزان.

**بێئوورتی**: بێئەمەگی، نانکوێری.

**بێئەختوبار**: بێباوەڕ، بێبەقا: (حەز ژ کچا کچین نەکە، کچکێت کچین/ هەڤالهێلن، بێئەختوبارن) «حەیرانۆک».

**بێئەخلاقی**: بێئەدەبی: (بێئەخلاقی کارێ وای کرد بە تەقڵە بۆ دواوە دەڕۆن) «جومعەکان».

**بێئەخماز**: بێچاوڕوو، بێچەوڕوو.

**بێئەدەب**: بێئاکار، بێئەدەو، فێری نزاکەت نەکراو: (مەنفوور و سەگ و بێئەدەب و شەرم و حەیایە) «ئاوات».

**بێئەدەبانە**: بە شێوەی بێئەدەبان.

**بێئەدەببییەی**: بێئەدەب بوون.

**بێئەدەبە**: بێئەدەب.

**بێئەدەبی**: بێئەخلاقی، کردەناشیرنی: (بە حەدێ بێئەدەبی باوە، لەمەولا سەییاد/ پەکی ڕاوی بکەوێ کەلبی موعەللەم بوە قات) «مەحوی».

**بێئەدەو**: بێئەدەب: (مەچید ئەو حوزوور

پای تەخت عالی/ بێئەدەو حەرزەی وێش نەکەی حالی) «خانمەنسوور».
**بێئەدەوییە**: بێئەدەبی نەبێ.
**بێئەژمار**: بێدەر، بێبژاردن، زۆر: (هەرچەندە کە زۆر و بێئەژمار بوون/ گچکە و زل و خوێڕی و بەکار بوون) «هەژار».
**بێئەساس**: بێبنەما، بێپایە: (حووڕیەت و عەداڵە درۆیە بێئەساسە/ بۆ دەسبڕینە گشتی ئەم هەموو دەنگوباسە) «ف. بێکەس».
**بێئەسڵ**: بێبونیاد، بێبنچینە، بێڕەگەز، نانەجیم: (خەلقێ نائەهل و بەدشکل/ کەززاب و خوارن بەدعەمەل/ دوورن ژ توخمێ بێئەسل/ تۆڤێ خراب بکێر نەتێ) «فەقێ تەیران».
**بێئەسەر**: ئەو کەسەی ڕۆیشتبێ بۆ سەفەرێکی وەک شەڕ و ماوەیەکی زۆر هەواڵی نەبێ: (وەسفی ڕوخساری لە فیکری بەنی ئادەم بەدەرە/ ئیبتیدای مەدحی دەمی وەک خەبەری بێ ئەسەرە) «نالی».
**بێئەغیار**: بێدوژمن، بێنەیار: (سەبا موژدەی بەرە بۆ شاری عوششاق/ کە مەجلیس خۆش و بێئەغیارە ئەوشۆ) «ئاوات».
**بێئەقڵ**: گەوج، گێل، گەمژە.
**بێئەقڵی**: گەوجی، کەمفامی: (چوار شتن ئەمرۆکە بوونە، نەگبەتی کوردی هەژار/ جەهل یەک، بێئەقڵی دوو، دڵپیسی سێ، داوا چوار) «قانع».
**بێئەمان**: بێئامان، مەترسیدار، نەپارێز: (بە کەم مەگرە سروشک و ئاه و نالەی بێنەوایان/ کە سەیلی بێئەمانە، تیری دڵدۆزە، گولەی وەروەر) «مەحوی».
**بێئەمری**: بە قسە نەکردن: (بێئەمری فەرمان ئازیز تا وە کەی؟/ های دەروێش! نەیچی، مەیچی، مەی، نەی) «مەولەوی».
**بێئەمە**: بەبێ ئەمە، بەبێ ئەوە.
**بێئەمەک**: بێئەمەگ، بێوەفا: (بێشەرت و بێوەفا بێتانە و بێپۆ/ کافر بناسم چاترە لە تۆ!) «مەلۆ».
**بێئەمەگ**: بێبەینەت، بێئوورت، سفلە، سپڵە: (بەقایان نییە ئەسپ و ژن و چەک/ بێجگە لەمانە زۆرن بێئەمەگ) «غولامی».
**بێئەمەگی**: بێئوورتی، بێوەفایی.
**بێئەندازە**: بێشۆ، زۆر، فرە: (تۆ هەر سات شادیت بێئەندازە بۆ/ مـن هەر لاد دەردێ پەرێم تازە بۆ) «مەولەوی».
**بێئەندازێ**: بێئەندازە، لەڕادەبەدەر.
**بێئەندێش**: ١. بێ بیر و خەیاڵ،٢. بێترس، نەترس: (ئەو چاوانت ڕەش و بێشن/ ئەبرۆت بە جووت قەڵەمکێشن/ وەک ماری ڕەش بێئەندیشن) «حەسەن زیرەک».
**بێئەنوا**: بێپەنا، بێپەسیو، بێجێ و ڕێ، بێچت: (حەساوە پیاوی ڕووتوقووت و بێئەنوا و بێئیروو/ ژیاوە گیانلەبەر دیسان، لە کون هاتەدەرێ مێروو) «هێمن».
**بێئەنوایی**: بێپەنایی، نەداری.
**بێئەنوێ**: بێئەنوا، بێپەنا.
**بێئەنەک**: بێمەبەست، بێغەرەز.
**بێئەنەکی**: بێمەبەسی، بێغەرەزی.
**بێئەو**: بەبێ فلانی: (شەو دەکێشم شەونخوونی و بێخەوی/ زۆر دەچێژم دەرد و داخی بێئەوی) «ناڵەی جودایی».
**بێئەوڵەت**: بێەوڵەت، بێدەوڵەت، نەدار.
**بێئەوە**: بەبێئەوە.
**بێئێپوزیپ**: دوودڵ، نیگەران، دڕدۆنگ، گوماناوی.
**بێئیپوزیپی**: نیگەرانی، دوودڵی.

**بێ ئیتیفاق**: یەکنەگرتـو، نـاکۆک، ناتەبـا، دژ: (تا وەها بێئیتیفاق و سەرکەشی بێ شـێوەتان/ تاجی کیبر و نیخـوەت و غیـرەت لە سـەرتان دادەنێ) «حاجی قادر».
**بێ ئیتفاقی**: یەکنەگرتووی، ناکۆکی: (لە دنیـادا ئیلاهـی هەر بمێـنن/ بـنەی بـێ ئیتیفـاقی هەڵقەنێنن) «حاجی قادر».
**بێ ئیجازە**: ئیجازەوەرنەگر، سەرەڕۆ: (میسـلی ماری بێ ئیجازە/ لە دڵی عاشق دەگرێ گـازە) «حەسەن زیرەک».
**بێ ئیختیار**: بێدەسەڵات: (هەموو هەر قافڵەی بێئیختیـاری سـەرزەمینێکین/ هەمـوو دێـین و دەڕۆین، تاکو ئەگەیـن، یەعنـی ئیتـر ئەمـرین) «گۆران».
**بێ ئیختیاری**: بێدەسـەڵاتی، دەسنەڕۆیشـتن: (ئەگەر گریام لەبەر بێهۆشی کـوردان/ مەکەن مەنعم کە چۆن بێئیختیارم) «قانع».
**بێ ئیش**: ١. بێکار، بەتاڵ، کەسێ کاری نەبـێ: (.../ زۆر شەرمە لە چەرخی بیستەما ئینسـانێ/ بێئیش بـێ و سـکی خـۆی هەڵلووشـێ بـۆ نانێ!) «گۆران»،٢. شتێ کەس کاری پێی نەبـێ: (نەچمە سەر چاو وەک برۆ، واچـاکە مـن بـۆ ماوەیەک/ هەروەکوو ڕیشێکی بێئیش، جـوانە هەر لەو خوارە بم) «ئاوات».
**بێ ئیفلەح**: شووم، هوم، بێفەڕ.
**بێ ئیلتیفات**: سارد، ساردوسڕ: (لاس دەیکوت: کیژێ بەوجوورە بێئیلتیفاتم مەدوێـنە/ ... وردە پەرەنـــگ لە گـــواران بە جەولانە بێــــنە) «لاسوخەزاڵ».
**بێ ئینساف**: دوور لە ڕاستی و دروستی.
**بێ ئینسافی**: ناحەقی، بێمروەتی، حەقکوژی: (بۆچیم دەکوژی هەی بە بێئینسافی) «حەسەن زیرەک».
**بێ ئیشتیا**: بێمەیل، بێمەگێز، دڵنەبرن.
**بێ ئیشتیایی**: دڵنەبردن، بێمەیلی.
**بێ ئیشی**: بێکاری، دەسبەتاڵی: (عیشـقبازی و هەوایـی دەروێشـی/ میللەتـی خسـتە فەقـر و بێئیشی) «حاجی قادر».
**بێ ئیمان**: ١. بێباوەڕ، کافر، بێدین: (تـو بـێ ئیمانی گەر نەراستبێژ بی) «سندی»،٢. بریتـی لە کەسێک کە خیلافێکـی کـرداری کردبـێ و تاوانبار بـێ: (قـاوی کـرد: جەلیـل دایـک بـێ ئیمـــان) «ئـــاوێنەیبێگەرد»،٣. چـــالاک، فـــرز: (کەرویشک دەعباییکی ترسەنۆکە، خـۆشبەزە، گەلێک بێئیمانە) «توحفە».
**بێ ئیمانی**: بێباوەڕی، کافری: (یەکـێ دەکـاتە قوتبی ڕەببانی/ یەکـێ دەکـوژێ بە بێئیمـانی) «غولامی».
**بێ ئێوەناخۆش**: ئەم وتەیە بۆ کەسـی گـوێگر بەکاری دێـنن لە پەیڤـیندا واتە جێـی ئەنگـۆ خاڵی: (لە حەمـاڵاوا کردمـانە ئەم بەرۆ، شـەو چوینە ماڵ ئاحەمەی سەرا، پلاو و گۆشتێکمان خوارد بێ ئێوە ناخۆش) «ئاوێنەی بێگەرد».
**بێ باب**: ١. بێباوە، بێباڤ، بـابمری، کەسـێ بابی مردبێ،٢. هەتیو، سێوی، هەتیم: (گۆ: مـن دو کورک هەین د مەعسووم/ بێ باب و یەتیم و ژار و مەحرووم) «خـانی»،٣. بیـژی، زۆڵ ٤. بێوژدان.
**بێ بابی**: ١. بێباڤی، هەتیوی: (بێبـابی مـن و تۆ بوو بە تەمەننا/ بێبابی دوعـایی مـن و تـۆ بوو بە موناجات) «نـالی» ٢. بێوژدانـی، خـوە نەناس.
**بێبادئیسلام**: گوندێکە لای ئەتریش.
**بێبادنەسارا**: گوندێکە لای دێرالوک.
**بێبار**: ١. بێبارە، بێبەش، بەشـخوراو: (ڤێجـا چ شـولێ ناڤمـالی ئـان خـزمەت کـرن بیـت ژ

سەخمەراتی بو هەمیان پێکڤەیی و کەسی ژی بێ‌بار نینە) «گولواز»٢. نالەبار، وازوازی، هەردەمی، هەردەم‌مەجازێ ٣. کەللای خوار و خێچ و لاپان ٤. بێ‌بەر، بەرنەدەر، بێ‌میوە: (مێر بێ‌کار، داری بێ‌بار، بزنێ بێ کار نالا هەڤن) «پەند» ٥. مرۆی نالەبار و بێ‌کەڵک: (باوکم وەک هەمیشە بێ‌کار و بێ‌بار لە گۆشەیەکەوە کزۆڵەی دەکرد) «کۆردەرە»٦. دەواری بار لێ نەنراو،٧. بێ دەرد و مەینەت: (دڵی بێ‌بارە، مایەی کارە، هەرکەس کار و باری خۆی/ لە دنیادا، موەففەق بوو بە دڵ تەفویزی باری کرد) «مەحوی».

**بێ‌باران**: ١. وشکەساڵ، سالا هشک و کێم‌باران: (ئەمساڵ بەهارمان کە بێ بارانە/ گوڵاڵەی سوورمان جەرگی یارانە) «پیرەمێرد»،٢. باران لێ نەباریو: (هەوڵ و تێکۆشین بە تەنها هەر بە دەم کەڵکی نییە/ گرمەگرمی هەوری بێ‌باران نیشانەی زەیقەتە) «ف. بێکەس».

**بێ‌بارانی**: ١. باران نەبارین،٢. ئیشکەساڵی: (بێ‌بارانی و وشکەساڵی‌یە و خەلە گران بوو) «پێکەنینی گەدا».

**بێ‌بارە**: ١. بێ‌بار، بێ‌بەش، بێوەری، بەشبڕاو، ٢. بێ‌کەڵک، بێ‌بەهرە، بێ‌سوود: (ئاخر جەفاشان بێ‌بارە بیەن) «بێسارانی».

**بێ‌بارە**: ١. بێ‌بار،٢. بێدەنگ، بێ‌هەرا،٣. بەشخوراو: (بێدەنگ و سەدا و قارەیە، بێ‌بارەیە کامیل) «ئاوات».

**بێ‌بارەن**: باری نییە، بەهرەی نییە: (هەر دڵێ بێ ڕەنگ، وێنەی سەنگی خار/ بێ بارەن، جە نەقش ڕشتەی نەوبەهار) «بێسارانی».

**بێ‌باری**: ١. لاساری، گوێ‌نەدەری،٢. بەهرە نەدان.

**بێ‌بازاڕ**: بازاڕخەوتوو، بازاڕکەساد،

**بێ‌بازاڕی**: بازاڕکەسادی،

**بێ‌بازۆک**: دێیەکە لە باشووری کوێسنجەق.

**بێ‌باس**: ١. بێ‌قسە، بێ‌قسەوباس،٢. گوم، ون، بێ‌سەروشوێن: (چەن ساڵە لە نێو کێوی هیجرانی بەڵادا دڵ/ وەک بەرخی بەبێ ساحەب، بێ‌باس و سەروشوێنە) «ناری».

**بێ‌باسک**: ١. تەنیاباڵ، بێدەر، تەنیا، بێ‌کەس و کار ٢. بێ‌قۆڵ، بێ‌دەس، بێ‌باسک.

**بێ‌باسکی**: ١. تەنیاباڵی، بێکەسی ٢. بێ‌قۆڵی، دەس‌قرتاوی.

**بێ‌باس‌وخواس**: بەئەدەب، بێ‌قسەوباس.

**بێ‌باڤ**: ١. هەتیو، سەغیر، بێ‌باوک، باب‌مردو، سێوی ٢. بریتی لە مرۆی بێ‌ئاکار و پیس، پەست ٣. زۆڵ، بیژو، بیژوو.

**بێ‌باڤی**: ١. بێ‌بابی، بێ‌باوکی،٢. نزمی، پەستی، نالەباری،٣. زۆڵی، بیژوویتی.

**بێباک**: ١. نەترس، گوێ‌نەدەر، بێ‌پەروا، شتیار، گوهڤرە، بوێر، بێ‌گەم: (چاوەڕوان بم سا کەی گەردوون، گەردوونی بێ‌باک/ جانەوەری گۆڕ هانئەدا بمکاتە خۆراک؟) «گۆران»،٢. ناوی کوڕانە.

**بێباکانە**: بوێرانە، نەترسانە.

**بێباک‌بوون**: وێران، نەترسان: (من دەم‌گوت: پێشمەرگەی چاکم/ دەم‌گوت لە مردن بێباکم) «هێدی».

**بێ‌باکە**: بێ‌باک.

**بێباکی**: بوێری، نەترسی، ئازایی: (بێ‌باکیم عیللەت دڵسەردی نی‌یەن/ بێ‌مەیلیم جە تەرک هام‌فەردی نی‌یەن) «مەولەوی».

**بێباکێ**: گوندێکە لە باکووری دێرالوک.

**بێباکیی**: بێباکی.

**بێ‌باڵ**: ١. نەدار، دەسکورت،٢. فڕندەی

بێباڵ.
**بێبالاَن:** گوندێکه لای ڕانییه.
**بێباڵی:** دەسکورتی، هەژاری.
**بێبان:** ١. خانوی بێ میچ، ماڵی سەرئاواڵە ٢. ناوی گوندێکی کوردستانی عێراقە لە باکووری کەرکووک،٣. گوندێکه لە باکووری مووسڵ.
**بێباو:** لە باو کەفتگ: (شێعرۆکە و بەیتوباوی باودار و بێباو) «ڕاوچی».
**بێباوان:** بێکەس و بێنەوا.
**بێباوک:** بێباڤ.
**بێباوگ:** بێباوک.
**بێباووک:** ١. بێباڤ، بێباب،٢. زۆڵ، بیژوو، بیژگ.
**بێباوەڕ:** ١. بێبڕوا، بێبەقا، بێبەڵێن، پەیمانشکێن: (ئەگەر بێباوەڕی بڕوانە ئاوێنەی دڵی خۆت/ کە قوربانی دڵی ئاوێنە و حوسنی تەماشاتم) «بێخود»٢. کەسێ باوەڕی بە خۆی نەبێ: (ئەڵێ خەم مەخۆ خودا ڕازقە/ پیاوی بێباوەڕ، مەعلووم فاسقە) «قانع»٣. بێدین، لامەزەو: (وان دگۆت: لوقمان تەبیبە/ گۆتە من خەف عندەلیبە/ شافیێ دەردان حەبیبە/ بێ باوەڕ و ئیمانم ئەز) «فەقێ تەیران»،٤. لاواز.
**بێباوەڕی:** ١. بێبەقایی، بێبڕوایی ٢. بێدینی، بێئایینی ٣. لاوازی، کزی.
**بێبڕ:** ١. کەمبڕشت، بێبەرهەم، کەمدەرامەت، کێمداهات(زەوی) ٢. بێبەرەکەت، بێڕێژ، بریتی ژ ئەو کەسی کو کار لبەر ناچن ٣. بێبڕشت، کێمتوانا، بێدەسەلات: (ڕانک و چۆغەی بەرم شڕن/ لە بەختی تۆ بێبڕترن) «ڕاوچی».
**بێبراکردن:** برا لە کەسێک سەندن: (مەعشووق ئەکەی بە دوشمنی عاشق وەکوو ڕەقیب/ باوک لە کوڕ ئەکەیت و برا بێبرا ئەکەی) «بێخود».
**بێبڕانەوە:** نەبڕاوە، جاویدان، پەیدەرپەی، پەیتاپەیتا، یەکبینە: (.../ هەر عیشقی بێ بڕانەوە بوو عومری کورت و کەم!) «گۆران».
**بێبرد:** گوندێکه لە باکووری ڕانییه.
**بێبڕست:** برس، توان، توانا: (بێبڕست و پووڵپەرست و پووچەڵە/ پێکوڵە، دڕکە، بژارە، هەژگەڵە) «ڕاوچی».
**بێبڕشت:** ١. کول، نەبڕ،٢. کەم بەرەکەت، زەوی کە حاسڵی چاکی نابێ،٣. نەبوونی توانایی و زافتە لە کار و فەرماندا.
**بێبڕوا:** بێباوەڕ، بێبەقا.
**بێبڕوایی:** بێباوەڕی، بێبەقایی.
**بێبرووسک:** باگژ، باگەر، باگەڕ، گێژەڵووکە.
**بێبڕیا:** بێبڕ.
**بێبزووڕتی:** گوندێکه لای شنۆ.
**بێبژار:** ١. زەوی خاوێن و بێ گیای بژار،٢. بێژمار، زۆر، خەیلێ.
**بێبژیو:** ١. بێنان و خۆراک: (بێ سەروسەوا هەتا سەر چۆن بژی/ پیرەپیاوی بێبژیوی دەربەدەر) «ڕاوچی»،٢. بریتی لە نەدار، هەژار: (خوێندنە ڕێچاری ژینی بێبژیو/ خوێندنە خوێنی گەلانی ڕاپەڕیو) «ڕاوچی»،٣. بریتی لە ڕووتەن، زەوینی قاقڕ: (گوڵم تەیری تەلانی بێبژیوی؟/ لە دەس داڵی خەیاڵی دژ ڕەویوی؟) «ڕاوچی».
**بێبگار:** بێپەی، بێبن، بێبوار، قووڵ، پەینەدەر، بێڕەووز.
**بێبن:** ١. قووڵ، کویر، کوور، بێپەی: (شێعرێک وەکو دەریای بێبن/ گەرمتر لە باوەشی ژن) «هێمن»،٢. چتێکی نەبڕاوە و بێدوایی: (لەم بیرە کە، چین نهێنی پشتی

پەردە؟/ هەر بیـــرەوەریێ، کـــاس و بە دەخ و دەردە/ ئەفسـانەیەکی دوور و دریـێژ و بـێ‌بن/ دەسـتێ بەرە بـۆ پیـاڵە، دەسـت لەو بەردە) «خەیام هەژار»،٣. کچێنی نەماو، کچـی بـێ‌بن: (عالەم و دنیا ئەزانێ شوکرییە کـوێر خەرجـی منە/ شۆخ و شەنگە هەروەکو ڕەققـاس ئەڵێـی مـوتڵەق ژنە/ دایکـی حیـزی بەغـدا و بـاوکی گەووادی سنە/ وەک بەدیعەی بنت بەکراوا بێ چـاو و بـێ بـنە) «شـێخ ڕەزا» ٤. بێ‌بنـاغە، بێ‌بنێشە، گۆتنا ڤالا.

**بێ‌بن‌بوون:** بن پژانی کچ بەر لە شوو کردن.

**بێ‌بنتار:** بێ‌بناوان، بێ‌کابان، بێ‌ژن.

**بێ‌بنج:** گیای کەم بنج و ڕیشە.

**بێ‌بنجە:** بێ‌بنج.

**بێ‌بن کراو:** کچی بن پژاو.

**بێ‌بن کرن:** ١. ژێری شتێک لابـردن ٢. بـێ‌بن کردنی کچ.

**بێ‌بن کریا:** بێ‌بن‌کراو.

**بێ‌بن کریای:** بێ‌بن کران.

**بێ‌بن کریێ:** بێ‌بن‌کراو.

**بێ‌بن کەر:** کەسێ کچێک بێ‌بن دەکات.

**بێ‌بن‌کەردەی:** بێ‌بن کردن.

**بێ‌بن کەرە:** بێ‌بن‌کەر.

**بێ‌بنگەهـ:** ١. بـێ‌بن، بێ‌بنەمـا، پووچ(قسـە)،٢. بێ‌ڕەچەڵەک، ناعەسڵ.

**بێ‌بنە:** ناڕاست، نەدروست، بێ‌سەروتەهـ

**بێ‌بنی:** ١. قـووڵی، کـووری،٢. پڕکـوور، زۆر قووڵ، بێ‌بگار،٣. کچێنی نەمان،٤. پووچ، ڤـالا، کێرنەهاتی.

**بێ‌بنیـات:** ١. بەدنـژاد، ناڕەسـەن، بەدڕەسـەن: (خەلکی حیبەتی مان و گۆتە میری یـا کچـێن میر و ئاغـا هەنە، تـۆ بەحسـی ڤـێ بێ‌بنیـاتێ دکەی؟!) «گولـــواز»٢. بـێ‌دەوام، بـێ‌ڕەگ و ڕیشە.

**بێبـو:** ١. گونـدێکە لە بـاکووری دێرالـوک،٢. ناوی کوڕانە.

**بێ‌بۆ:** بێ‌بۆن، بێ‌بوو.

**بێ‌بـــوار:** قـووڵ، ڕێـی پەڕیـنەوەی نیـیە: (عەشرەت هاوارە، عەشرەت هاوارە/ کەوتوومە ئاراس، ئاو بێ‌بوارە) «پیرەمێرد».

**بێ‌بوارلەئاودان:** بەبێ بیرکردنەوە کارێ کردن.

**بێبێۆرێ:** گوندێکە لای ئەتریش.

**بێبۆک:** گلێنە، ڕەشێنکەی چاو.

**بێ‌بۆن:** بێ‌بـۆ، دوور لە بـۆن، واژی بـۆندار: (ونـی کـا بـا لەبەر چـاوم نیگـاری چـاوی فێلاویت/ گوڵی بێ‌بۆنی جوانیت و بزەی سەر لێوی زەهراویت) «هەردی».

**بێ‌بونیـــاد:** بێ‌پـایە، بێ‌بنەمـا: (جە جەور و جەفـای چەرخـی بێ‌بونیـاد/ ڕوومـان کەرد بە چۆڵ، هەرچە بادا باد) «بێسارانی».

**بێ‌بوو:** ١. بێ‌بۆن: (ئافرەتێ بێ ویـڵ ئەزانـی چۆنە/ بەخوا هەر وەکوو گـوڵی بێ‌بـۆنە) «ف. بێکەس»،٢. بێ‌حاڵ و خەوەر.

**بێ‌بوونیات:** بێ‌بنیات، بێ‌پایە.

**بێ‌بووە:** بێ‌بۆ.

**بێ‌بوهـــا:** ١. هەرزان، بێ‌نـــرخ،٢. گـــران، لەکڕین‌نەهاتوو: (دا ببت ئەو زیندە ڤیرە، یاری سادق بێ بوهایە) «جزیری».

**بێ‌بۆیی:** بێن‌نەبوونی، بۆ لێ نەهاتن.

**بێ‌بەتاوێ‌چارۆکێ:** ناوی گـۆرانیەکە: (هەوران تێکیان دەخوڕی، دەبا بێ بە تـاوێ چـارۆکێ) «ماملێ».

**بێبەخت:** ١. چـارەڕەش، کلـۆڵ، قەرەبەخـت، ئاوان، تەپڕەش، سـیاچارە: (بەخـتەوەر ئەوەک خـۆر و چانـد/ بێ‌بەخـت ژی ئەوەک مـر و هیشت) «گول‌شوون»،٢. بێ‌ئامان، پەیمان‌شکێن

٣. خوەفرۆش، خۆفرۆش ٤. بێباوەڕ ٥. دڵڕەق، بێبەزەیی: (تروانشێ وا د کۆرێدا/ رۆژکا مە هەلات و شەوقێ لێدا/ خودێ مالا بێبەختا خراب بکەت/ لاوکێ من کوشتن د خەوێدا) «حەیرانۆک».

**بێبەختکار**: بێبەخت، چارەڕەش: (نازێ وەفادارە، لێ ژنتیبا وێ بێبەختکارە) «سەنار».

**بێبەختی**: ١. بوختان، تۆمەت ٢. ئاوانی، تەپڕەشی، سیاچارەیی: (ژ دەستێ بێ بەختیێن تە/ وەکە دیا کور لێ مری/ ژ کووریا دل دنالم) «سەنار»٣. خوەفرۆشی ٤. دلڕەقی، بێڕوحمی.

**بێبەدەل**: بێهاوتا، بێوێنە: (ئەو حور و پەری د بێبەدەل بون) «خانی».

**بێبەر**: ١. بەرنەگر، داری بێمیوە: (میوەڕن، کەی بەرد ئەخا هەرگیر بە داری بێبەرا؟) «قانع» ٢. نەزۆک، قسر، ژن یا مالاتی نەزۆک ٣. مایین نەزۆک،٤. بێخێر، سەودای بێسود ٥. بەشبڕاو، بێبەش، بەشخوراو ٦. تەسک، تەنگ، قوماشی بێبەر،٧. کردەی بێکەڵک: (نازش بێبەر بی، چون بۆ قەرارش؟) «بێسارانی».

**بێبەراتە**: سەراگوم، بێنیشان، بزر.

**بێبەرخا**: گوندێکە لە باکووری دێرالوک.

**بێبەرد**: زەوی نەرمان کە بەردی نەبێ: (گردی خەزنەشی بە خۆوە گرتووە، ڕاستانێکی نەرمان و بێبەرد) «خاک و چەوسانەوە».

**بێبەرق**: ١. تاریک، تار،٢. بێترووسکە.

**بێبەرقی**: ١. بێبریقەیی، بێترووسکەیی،٢. بێکارەبایی.

**بێبەرکەم**: بێکۆسپ، بێلەمپەر.

**بێبەرگ**: ١. ڕووت، ڕەجاڵ: (شۆڕی عیشقت کەوتە سەر عوششاقی بێ بەرگ و نەوا/ بۆیە بێ پەردە دەناڵێنن، وەکوو تار و روباب) «ئەدەب»،٢. گەڵاوەریو، ڕووتاوە: (پاییزە دار و دەوەن بێبەرگە/ دڵ پەشۆکاوی خەیاڵی مەرگە) «خەوەبەردینە».

**بێبەرگری**: بێبەرگیری، بێکۆسپ.

**بێبەرگوبار**: ١. نەدار، ڕووتورەجاڵ: (بە داخی تۆوە وەک من سەد هەزارانێ گرفتارن/ لە ناویانا منی بێبەرگ و بار، وەک چقڵی پەرژینم) «پیرەمێرد»،٢. داری ڕووتاوە و بێگەڵا: (ئێستە بۆ ڕووت و بێ بەرگ و باری/ سەر شۆڕ و ڕەنگ زەرد، کز و غەمباری) «پیرەمێرد».

**بێبەرگونەوا**: ڕووت، لات، بێناز: (یا ڕەئسی یەتیمێکی کە بێ بەرگ و نەوا بێ/ غەڵتان و سەراسیمە، نە داکێک و نە بابێ) «نالی».

**بێبەرگی**: ١. ڕووتی، عۆریانی، بێجلی،٢. هەژاری، نەداری: (ئەی شۆخ و شەنگ، ئەی پەری/ زۆرتر بۆ ئەوە بگری/ کە بێبەرگی و بێنانی/ خۆی لە ڕووی تۆ ئەزانی) «گۆران».

**بێبەرگیری**: بێڕاوست، بێبەر و ڕاست.

**بێبەروبۆ**: بێکەسوکار، تەنیا: (مەرگی پیرە ڕووداوێکی چووکە نەبوو، بە تایبەتی بۆ سۆفی، سۆفی تەنیا و بێکەس، تەنیا و بێهەواڵ، بێبەروبۆ) «ئەمیری».

**بێبەرەکەت**: ١. بێ پیت و بەرەکەت، بێ ڕزق و ڕۆزی،٢. بێقازانج.

**بێبەری**: بێبەش، بێوەری، دوورلە، بەشبڕینی کەسێ لە ماڵ و میرات: (ژنەکەی لە میرات بێبەری کرگە).

**بێبەریبوون**: ١. بەش بران، لە بەش کەوتن: (قامەتی تۆ کە گوڵ و بەی بەری بێ، بێبەری بێ/ بۆچ دەڵێن ئیدی سنەوبەر بەری بێ،

بێبەرییە) «وەفایی»،٢. نەبوون: (لە پیاوەتی بێبەرییە).
**بێبەری کردن:** لە بەش بڕینەوە: (باوکم منداڵەکانی لە میرات بێبەری کردگە).
**بێ بەزوپیو:** بریتی لە خەڵکی لاواز و کز و هەژار: (لە بارەی بێبەز و پیوان، ڕووت و ڕەجاڵ و هەتیوان) «ڕاوچی».
**بێ بەزە:** دڵڕەق، بێڕوحم: (هەروەها دەستی بێبەزەی تەقدیر/ نایەڵێ چووک و گەورە جوان و پیر) «هێمن».
**بێ بەزەیی:** ١. دڵڕەقی، کاری بێڕەحمانە،٢. دڵهشک، دڵڕەق، نامیهرەبان: (سەددام کەسێکی بێبەزەیی بوو).
**بێ بەزەییتی:** دڵهشکی، دڵڕەقیتی.
**بێبەژن:** کورتەباڵا، گولەکە، چلەنۆک.
**بێ بەستێن:** بێسنوور: (لێرەش لە نێو دەریای ڕەقی بێ بەستێن) «هێمن».
**بێ بەش:** ١. بێپارە، بێبەهرە، بەشبڕاو، دابڕاو، هیچ پێنەبڕاو: (کەی گەلی بێبەش دەڵێ زیندووم و هەم؟/ کەی دەبێتە، خاوەنی دەست و قەڵەم) «ڕاوچی»،٢. ناوی کوڕانە.
**بێبەش کردن:** بەشبڕین، لە بەش خستن: (کەچی ئەو زیاتر نوقمی ئەکا لە هەش/ لە زیندەگانی چاک ئەیکا بێبەش) «ع. مەردان».
**بێبەش نەکردن:** بریتی لە کەس نەپاراستن لە قسەی خراپ: (چایچی کێری خۆی کرد بە پلار/ بێبەش ناکا مشتەری و ڕێبوار) «پیرەمێرد».
**بێ بەشی:** بێبارەیی، بەشبڕاوی.
**بێ بەقا:** بێباوەڕ: (بە ویت، جەی عالەم بێبەقای ناسووت/ ئەر وەی گرد جیلوەی وەرین نەشناسووت) «مەولەوی».
**بێ بەلک:** بێ گەڵا، بێ بەرگ، ڕووت.
**بێ بەلگ:** ١. بێ بەڵگە، بێ دەلیل،٢. بێ گەڵا، ڕووت: (بهاران کو دار گول و بەر دئینن/ زڤستان چارەنا بێ بەلگ دمینن) «گولشوون».
**بێ بەڵێن:** بەدقەول، بێسۆز: (یاران هەروا پەیمانشکێنن؟/ هەروا بێقسە و وا بێ بەڵێنن؟) «برایم ئەحمەد».
**بێ بەڵێنی:** بێ گفتی، بێسۆزی: (هەموو ئەو نیاز و ئاواتەی لە ناو ناخی دەروونا بوو/ لە داخی بێبەڵێنی ئەو، بەجارێ تەفر و توونا بوو!) «هەردی».
**بێ بەندوبار:** بێبەند، نەڕێکوپێک: (ماشێنە بۆریش بێ بەندوباوە، جارجار مان دەگرێ) «شەوارە».
**بێ بەنوباو:** بێقسەوباس: (نایەوێ مێردی گەزەندە و پیس بێ هەروەکو کوێرەمار/ کاسبێکی گورج و گۆڵ و بێ بەنوباوی ئەوێ) «خاتوون خورشید».
**بێ بەو:** بەو ببێ: (هەرچەندە کە شیرینە، شەکەر تەعمی لە دەمدا/ حەددی چییە بێ بەو، دوو لەبی گوڵشەککەری تۆ) «ئەدەب».
**بێ بەها:** ١. خۆڕایی، مفت،٢. بێقیمەت، بریتی لە سووک و چرووک: (بمکڕێ چەرخی زەمانە گەر لە خەم سەهوی زلە/ بۆ مەتاعی بێبەها، کێ مامەڵە و سەودا ئەکا) «قانع»،٣. گران، قیمەتی، لە کڕین نەهاتوو: (سۆفی مەستووری ڕووت و موفلیسی خستە تەمەع/ سەیری خاڵی بێ حیساب و ماچی لەعلی بێ بەها) «نالی».
**بێ بەهاوتەخمین:** زۆر گران و لەکڕیننەهاتوو: (مەم ژی فکری د دەستێ تاجدین/ ئەلماسەکە بێ بەها و تەخمین) «خانی».
**بێ بەهر:** بێبار و پشک.
**بێ بەهرە:** بێبەش، بەشبڕاو، زڕبەهە.

**بێبەهرەیی**: بێبەشی، بەشبڕاویی.

**بــێبەین**: بــێبەینەت، بێبڕیــار: (چــوون تــۆ بــێبەینەن، ئەحــواڵ نــاوەردەن/ شــەودایی سیفەت، خەیاڵ نە سەرەن؟) «بێسارانی».

**بێبەینەت**: بێئەمەگ، بێبەین، بێوەفا، سپڵە: (کەس بە وێنەی من پڕ مەینەت نەبۆ/ گورفتار دۆس بێ بەینەت نەبۆ) «مەولەوی».

**بێبەینەتی**: ١. بێئەمەگــی، بێوەفــایی،٢. تــۆ پەیمانشکێنی: (چراغم وەفــات .../ بێبەینەتــی هیچ نیەن وەفات) «بێسارانی».

**بێبیــر**: ١. بێهــزر، بــێواز، بیرخــراپ،٢. فەرامۆشکار، بێهۆش.

**بێبێز**: بێبێزوبۆ: (شێخ بوو، بەهێز بوو، بێبێز بوو/ فریشتێکی بەپارێز بوو) «ڕاوچی».

**بێبین**: ١. بێســەبر، بێنتەنــگ، بێنکــورت ٢. بێبەرەکەت، خێرنەدەر،٣. بێبۆ: (بێ بێنە گوڵی ژاڵە، هەم بــێ بەرە، هەم تــاڵە/ قەد ســەرو و سنەوبەر کچ، چاو نێرگسی شەهلا کچ) «نالی».

**بێبێن**: ١. بێبۆن، بێبۆ ٢. بێپشوو، بێوچان، بێحەســـانەوە ٣. بینتەنـــگ، پشووســـوار، بێهەوار، کەمحەوسەلە، بێبێهن،

**بێبیهن**: بێبین.

**بێپا**: ١. بێپــێ، بــێلاق ٢. شــەل، لەنــگ ٣. خــۆڕایی، وتەی پڕوپــوچ،٤. بریتــی لە نەدار، هەژار: (بەربەڕۆچکێکی بەهاری نوێ بوو/ بــۆ بەرەی پێکز و بێپێ، پێ بوو) «ڕاوچی».

**بێپابەرە**: بێدەرپێ.

**بێپابەرەیی**: بێدەرپێیی.

**بێپابەرێ**: بێدەرپێ.

**بێپــار**: ١. بێبــەش، بێپشــک، بێنســیب،٢. بێپارە، بێپووڵ، نەدار: (خازی تو بێپار نەبــی کو ژ دنێ و ئــاخرەت/ خەلــق بــدوومین چــو خودا ل تە کەرەم کر) «گولشوون».

**بێپارە**: بێپووڵ، بێدراڤ، هەژار.

**بێپارەپار**: بێپاڕانەوە، بێلاقلاڤ.

**بێپارەیی**: بێپووڵی، نەداری: (دەستەویەخە لەگەڵ بێپارەیی و نەبوونیدا چەنــد ســەختە) «پێکەنینی گەدا».

**بێپــارێز**: بێســەنگەر، بێپەناگــا: (چ بــکەم نێچیــر مــامزی بێپــارێزە/ ڕاو چەنــد پەیــتە، ڕاوچی هێندە بێهێزە) «هێدی».

**بێپال**: بێکەس، بێپەنا، بێپەسیو.

**بێپاڵا**: بێکەوش، پێخاوس.

**بێپاڵایی**: بێکەوشی، پێخاوسی.

**بێپاڵیێ**: بێکەوش.

**بێپاڵپشت**: بێلایەنگر، لانەواز، بێپەنا.

**بێپاوپەل**: بێ دەسوپێ، هیچ لە دەس نەهاتگ: (نە پێیەک هەڵگرێ شوێنی، نە دەســتێ گەیــیە داوینی/ خودا دەرحەق بە ئەحــواڵی منــی بــێ پاوپەل، چارێ) «مەحوی».

**بێپاوەرە**: بێپابەرە.

**بێپاوەرەیی**: بێدەرپێیی.

**بێپاوەری**: بێپابەری.

**بێپایـــان**: ١. بێبــڕانەوە، بێدوایــی: (قەت نەدەی ئازاری گیانی مەست و بێدارانی شــەو/ خۆت نەخەیتە بە شــەپۆلی ئەشکی بێپایــانی شــەو/ ...) «هەردی»،٢. بێســنوور، زۆر پــان: (من لە دەریای بێ پایانەوە) «بۆکوردستان».

**بێپایانی**: بێکۆتایی.

**بێپایە**: ناڕاست، درۆ.

**بێپدەر**: بێباب، بێباوک: (شەرتە ڕەشپۆش بم لە داخی باخی عومری بێسەمەر/ دابنیشم دەســت بە ئەژنــۆ وەک هەتیــوی بێپــدەر) «تاهیربەگ».

**بێپدەری**: بێباوکی، بــاوک مردگــی: (لە بەر چاوی تەڕم سۆرانی بــڕزێ/ گەهــێ بێدایــک،

گاهێ بێ‌پەدەر بم) «وەفایی».

**بێ‌پرس**: ١. خۆکردی، خۆکرد،٢. ڕاستەوخۆ: (من ژ بۆغچەیا یا زەیینی بێ‌پرس یەک سێڤەک چنی) «جزیری».

**بێ‌پرسا**: بێ‌پرس، ڕاستەوخۆ: (بشۆ چون یاوای وەی دووی سەردەوە/ بێ‌پرسا بناڵ وەی دوو فەردەوە) «مەولەوی».

**بێ‌پرس‌وڕا**: بێ تەقولباب، هەروا: (حوسێن قولی بێ پرس‌وڕا چووە ژوورەوە) «پێکەنینی گەدا».

**بێ‌پرڤا**: بێ‌ترس، بێ‌خۆش: (ل قاسا هەبوونێ دایی بێ‌پرڤایی/ ل قاسا تونەبوونێ دایی برینداری) «گول‌شوون».

**بێ‌پریسک**: تەیر، دویل‌مەقەسک.

**بێ‌پسیار**: بێ‌پرس، بێ‌سوال.

**بێ‌پشت**: بێ‌کەس، بێ‌خزم.

**بێ‌پشت‌وپەنا**: بێ‌خزم و کەس: (دەس‌کورتە، نەدارە، بێ دایی و بابە، بێ پشت و پەنایە) «ئەمیری».

**بێ‌پشو**: بێ‌وچان، بێ‌وەستان: (چاوی نەترسێ بچێ بێ پشو) «کاکەی فەلاح».

**بێ‌پڤانی**: ١. گەورەیی، هەوایی ٢. گۆشادی، هەراوی، فرەیی.

**بێ‌پۆ**: ئەوەی بنەچەی ناتەواو بێ×: (هەرکەس دڵشاد بۆ بەی دنیای بێ‌پۆ/ ئاخر پەشیمان، ڕەنجەڕۆ مەبۆ) «کۆماسی». ×(کە غەمخواری بکا بۆ میللەتی خۆی/ لە بەینی گەورەکان و شێخی بێ‌پۆی) «حاجی قادر».×٢٥٣

**بێ‌پۆپ**: بێ‌پۆپە.

**بێ‌پۆپە**: مەلی بێ تاج سەر.

**بێ‌پۆر**: تەوور، تەوەر.

**بێ‌پۆژ**: تەور، تەوەر، تەوور.

**بێ‌پووشین**: ڕووت، بێ‌دەسماڵ: (بە ناز لار بگرە، سەری بێ پووشین/ با بریقەی بێ کلاوزەڕ چین چین!) «گۆران».

**بێ‌پووڵ**: هەژار، نەدار، خزان، بەلەنگاز: (پووڵدار بە کەباب مل‌ئەستوور دەبێ/ بۆنەکەی بێ‌پووڵ پێی ئەستوور دەبێ) «غولامی».

**بێ‌پەچە**: بێ حیجاب، بە ڕووتی.

**بێ‌پەر**: بێ‌پەڕ، بێ‌تووک: (نەزانەکی بێ‌ئاگا عاشێقەکی بێ‌ماڵە/ ڕێویکی خشیم، مریشکاکا بێ‌پەرە) «گول‌شوون».

**بێ‌پەڕ**: بێ‌پەڕوپۆ، توکوەریو، پەرنەماو: (بە دەستی دێوی نەفسم دڵ وەکو مورغی بێ‌پەڕ وایە/ وەکو پەروانە بۆتە شەمعی تەلەسمی ئەو بێ‌پەروایە) «حەریق».

**بێ‌پەڕبوون**: ١. پەڕوەرین،٢. فیز نیشتنەوە.

**بێ‌پەرچین**: بێ‌پەرژین.

**بێ‌پەرداخ**: بێ‌زەوق، بێ‌ڕەوش: (دڵ نە گەردەلوول بێ پەرداخی‌یەن/ دەماخم نە گێج بێ دەماخی‌یەن) «گۆران».

**بێ‌پەرداخی**: بێ‌زەوقی، ناشادی: (دل نە گەردەلوول بێ‌پەرداخی‌یەن/ دەماخم نە گێج بێ‌دەماخی‌یەن) «مەولەوی».

**بێ‌پەردە**: ١. بن‌پژاو، کچێنی نەماو،٢. هەر شتێ پەردەی نەبێ،٣. ڕەپ‌وڕاست، ب ڕاشکاوی: (قیسسە بێ‌پەردە و کینایە خۆشە، شاهی من کە وا/ عادیلێ بوو قەت عەدیلی ئەو لە دنیا نەبوو) «نالی»،٤. نە لە سەر ئاهەنگێکی تایبەتی مۆسیقا: (ئەو نەی نە حەلال و نە حەرامە/ بێ پەردەیە، لێ نە بێ مەقامە) «خانی»،٥. بێ سەرپۆش، بێ دەسماڵ: (حوران کرە مەسکەنێ خوە جەننەت/ بێ پەردە و بێ مەلال و میننەت) «خانی».

**بێ پەردەیی**: ١. بنپڕاوی،٢. ڕووتی لە پەردەدا بۆ ماڵ.

**بێ پەردێ**: بێ پەردە.

**بێ پەرژان**: بێ لەمپەر، بێ بەرگری.

**بێ پەرڤا**: بێ ترس، بێ باک، جەسوور: (زالم ژ وی گلی ئێشی و بێ پەرڤا ژ وی ڕوو زڤرانـد) «گوڵشوون».

**بێ پەرکەم**: ١. بێ لەمپەر، بێ کۆسپ، بێ بەرگـر، ٢. بێ دووچک و کلک، بێ عائق.

**بێ پەرگ**: بلەز، بەتالووکە، بەپەلە، گورجێ.

**بـێ پەروا**: ١. بێ خـۆف، بێ تـرس، بێ بـاک، بـێ هەراس: (جـگەر دەبـڕێ، دڵ دەڕفێنێـت و دەڕوا/ چ بێ مروەت، چ بێ پەروا، چ بـێ بـاک) «مەحـوی» ٢. بێ مەیـل، بێ ئـارەزوو،٣. نـاوی کوڕانە.

**بێ پەروازە**: بێ تار و ڕۆخ.

**بێ پەروایی**: بێ ترسی، بێ باکی.

**بێ پەروایێ**: بێ باکێ، بێ ترسێ: (یاری ئەغیار و بە خۆی موئمین و کافر بێ بەسەرێ/ خزمی دوشمن ڕەوش و قاتیلی بێ پەروایـێ) «حـاجی قادر».

**بێ پەڕوبال**: ١. پەڕشکسـتی، بێ بـاڵ(مەل) ٢. بەلەنگـاز، نـاتوان، هەژار، نەدار، خـزان: (ئەو هەموو زولفە بە زەنجیری مەکە بۆ ملـی مـن/ تەیرێ وا بێ پەڕوبال کەوتبێ، داوێکی بەسـە) «ئاوات».

**بێ پەڕوباڵی**: هەژاری، نەداری.

**بێ پەڕوپۆ**: بێ پەڕوباڵ، باڵشکاو: (کوڕکـوژاو و بەخەم و ئـاوارە/ ڕووتەڵ و بـێ پەڕوپـۆ و بێچارە) «ڕاوچی».

**بێ پەرە**: ١. بەفیـڕۆ، بەخـۆڕایی،٢. بـێ وەرەق، بێبەرگ.

**بێ پەسیو**: بێ پەنا، بێ سـەرپەنا: (مـن و تـۆی برسی و بـێ پەسـیو/ لە کـونجێ خزیـو، بـێ بژیو) «بۆکوردستان».

**بێ پەل وباڵ**: بێ پەڕ و باڵ.

**بێ پەنا**: ١. بێ ئەنوا، بـێ مـاڵ و حـاڵ: (ئەوا ڕووڕەش و بێ پەنا مام/ لە ناو گشـت قەوم و گەلا) «ع. مەردان»،٢. بـێکەس، بێ پاڵپشـت: (بێ پەنا، بێ کەس، بێ حاڵ و بێ کاک/ بمرین بێ کفن، بێ هەڵگر، بێ خاک) «بۆکوردستان».

**بێ پەناوپەسیو**: هەژار، بێکەس.

**بێ پەنـاه**: ١. بێ ئەنـوا، نەدار: (یـارەب وە حورمەت شاهەنشای شاهان/ نگەهـداری کەر، وە بێ پەناهـان) «چەپکەگـوڵ»،٢. بـێ کەس، بێ پاڵپشـت: (قیرتاسـیە مە بـێ پەناهـان/ بـێ زەربێ قەبولێ پادشاهان) «خانی».

**بێ پەنایی**: ١. بێ ئەنوایی،٢. بێ پاڵپشتی.

**بێ پەی**: ١. قووڵ، بێ بن: (نەتاوات وێت دەی وە مەودای وەی‌دا/ گێج بدەی نە گێج دەریای بـێ پەی‌دا) «مەولەوی»،٢. بێ ئەنـدازە،٣. دووردرێـژ، بێ بـڕانەوە: (کەم کەم خەیـاڵ بردیەوە، چووە نـاو بیرکردنەوەیەکـی قـووڵ و بێ پەی) «نەگڵ».

**بێ پێ**: بێ پا.

**بێ پیت**: بێ بەهرە و بەرەکەت.

**بێ پێچە**: تووربین.

**بێ پیـر**: ١. جـۆرێ جـوێن،٢. بـێ گەورە، بێ مورشـید، کەسـێ ڕێنـوێنیکەری نەبـێ،٣. لاناوە لە بێ دین.

**بێ پێز**: بێ تین، بێ گـوڕ: (دۆسـت و دوژمـن، ڕەش یا بۆرن، بەهێـز بێ پێـز، نـیخن ورگـن) «ڕاوچی».

**بێ پێژن**: ئارام، هێدی، هێور.

**بێ پێژنی**: ئارامی، هێدیتی.

**بێ پێشک**: بەدکارە، نەپاک، داوێن‌پیس.

**بێ پیشە**: ١. پەڵپینە، گیایەکە،٢. بێکار.
**بێ پێشە**: بێناوک.
**بێ پێشگر**: بێ بەرهەڵست، ئازاد، سەربەست.
**بێ پێش ودووا**: بێسەروبن.
**بێ پێش ودووایی**: بێ بەروو دووایی.
**بێ پیشە**: ١. پەڵپینە،٢. بێشۆل، بێکار.
**بێ پێشەکی**: ١. شتی کرێی کە پێشەکی نەبێ: (ئەم خانووەم بێ پێشەکی بە ئیجارە گرتـووە)، ٢. لەپڕ، لە کوتوپڕ: (لەو تاریکە شەوەدا دەنگی سەگوەڕ و دەسرێژی بێ پێشەکی بەرەوڕوومان بووەوە) «لەمەهاباد بۆ ئاراس».
**بێ پێشە**: گۆشتەنەرمەی بێ ئێسقان.
**بێ پێشی**: جـۆرە تـوورەکەیەکی زۆر ناسـکی شیرینی بەتامە.
**بێ پیڤـان**: ١. بێ پێـوان، بێ پێـوانە، بێ کێشـان، لەگۆترە ٢. زۆر، گەلەک، ئێگجار زۆر.
**بێ پیڤان وکێشان**: بێپێوان و کێشان، لەگۆترە.
**بێ پێلەکەرە**: بیپیلەکەرە، مارمێلک.
**بێ پێلەکەوە**: قومقومۆکی گچکە، بیلبیلەگەڕە.
**بێ پێوان**: ١. لەبڕ، بەراوردی لە گۆترە،٢. بـێ ئەندازە گرتن.
**بێ پێویست**: دارا، تێر: (دزی تێر و بێ پێویستی نارده سـەر برسـی/ وتیـان دزه و پرسیارێکی زۆریان لێ پرسی) «گۆران».
**بێت**: ١. بێ، بێ بـۆ ئەگـرە: (بێـژن وە فلانـی بێت)،٢. ببێ، بـوێ: (سـۆفیی خەڵوەنشـین بـۆ نەزەرێکی گوڵی ڕووت/ ڕەنگە وەک نەرگسی تەڕ، چاوی سپی بێت و دەرێ) «نالی».
**بێ تا**: ١. بـێ دەزو، بـێ داو ٢. بێ هاوتـا، تـاق: (پەی چـێش؟ بینـایی هەر دوو دیـدەنی/ بـێ تای، بێ هامتای، بەرگوزیدەنی) «بێسـارانی» ٣. خەونووچکە، چۆرت،٤. نێوی نێرینانە.
**بێتاب**: ١. بێ توانا، بێ هێز، بێ تـاقەت، مانـدوو: (مەپرسن بـۆچی ئیمشـەو زولـفەکەی جانـانە پڕتابە/ هەر ئەو زولفە نەبـوو ئەمـڕۆکە کـردی عالەمی بێ تاب) «مەحوی»، ٢. ئـۆقرە لێبڕیـوو، نەسـرەوتوو: (چ بەرقـی جیلـوەیەک هەوری بەهاری کـردووە بێ تـاب/ بە نـاڵە و گـرییەوە دێت و دەچێ، وەک تازە دێوانە) «مەحوی».
**بێ تاب بوون**: بێ تاقەت بوون: (لەورا کـو دو تەشنەلەب دبـێ گـاڤ/ بـێ تـاب بـبن، ژ بەر فرەک ئاڤ) «خانی».
**بێ تـابی**: بـێ تـاقەتی، مانـدوویی، مانـدوێتی: (دەمێ بوو یار و هەمدەم بـوو لەگەڵ سـەبر و هۆش ئاخر/ لەبەر بێتابی، ئەو تەشریفی بـرد و بێ ڕەفیق ئەم ما) «مەحوی».
**بێتـار**: ١. بەڵا، دەرد، کارەسـات، مسـیبەت ٢. بێهۆشـی، بـوورانەوە ٣. نقروسـک، چـۆرتم، چۆرت، هێنژین، پۆنژین.
**بێتاری**: کارەساتی، گێچەڵی.
**بێتاس**: ١. گونـدێکە لای زاخـۆ،٢. گونـدێکە لای دهۆک.
**بێ تاشا**: ١. ڕاس و درس،٢. بێباک، نەترس.
**بێ تاڤان**: بێ تاوان، بێ گوناح: (هەر وێ دەمـێ مـرۆڤن/ کـو سـەرێن بێ تاڤـانن/ ل هەڤ ڕە پێشکێش بکن!) «سەنار».
**بێ تاڤی**: بێ تاوی، بێ تاقەتی: (ئاخرسەر لاوک ژ بەر بێ تـــاڤی شـــکایەت ل بـــاڤێ کـــر) «گولشوون».
**بێ تاق**: تاق و تەنیا کەوت.
**بێ تاقەت**: ١. بێ حەوسەلە، وەڕەز: (من و تۆ بـۆ ئەو دەنووسـین و ئەویـش بێ تـاقەت و کەم تـامولّ و تەنگەجیقڵـدان) «کـۆردەرە»،٢. بێ وزە، بێ قەوەت، بێ تاب، بێ توانا: (کە سـەیر خۆم ئەکەم بێ تین و تاقەت) «ع. مەردان».
**بێ تاقەتـانە**: بە وەڕەزی: (ئـێمەش چـوون

بەدیل گیراویـــک بێ تاقەتـــانە و گەڵبـــڵاوانە هەنگاومان دەنا) «کۆردەرە».

**بێ تاقەت بییەی**: بێ تاقەت بوون: (چو بێتـاقەت ب گـولاش ژ قـاف سـاری/ قەرچمـی نـاڤ پەنجێ گولاش گیرا) «گولشوون».

**بێ تـــاقەتی**: ١. بێ هێـزی، بێ توانـایی: (لەبەر بێ تـاقەتی دێوانەئاسـا/ لە غەواسـانی دەریـا بـێخەبەر بـم) «وەفـایی»،٢. وەڕەزی، بێ تـابی، بـێقەراری: (یـاران! مەکەن مەلامەتـی بێ تـابیی دڵان/ بیللا کە تیغی شەوقی ویسـالی بە جـان گەیشت) «ئەدەب».

**بێ تـــالع**: بێ بەخـت، چـارەڕەش: (ژ هـزرێن خاڤ خلاس بـوو و هەوار کـر: وەی ل منـێ برەشـێ و بێ تـالعێ، کـورێ مـن خەنـدەقی!) «گولواز».

**بێ تالی**: بەبێ ڕەنج، بێ ماندوو بوون.

**بێ تالیم**: نەزان، نەفام.

**بێ تــــام**: ١. بێ چێــژ، نــاخۆش، بــێ مەزە ٢. ڕەزاقورس، خوێن تاڵ ٣. بێ چەورایی، بـێ ڕۆن (چێشت)،٤. قسەی پڕوپووچ.

**بێ تامی**: ناخۆشی، بێ مەزەیی.

**بێ تان**: ١. بێ هێز، سست، شل ٢. بـێ پەرژین، پەرژین نەکراو ٣. ئاشکرا، دیار.

**بێ تانوپۆ**: ١. بێ عەسڵ و نەسەب،٢. بێ ڕایەڵ و پۆ، تان و پۆی نییە: (وەفـای چەرخ چەپ، ڕاس بێ تانوپـۆن/ جەفـا بێ پایـان، دەردەسـەر بێ شۆن) «مەولەوی».

**بێ تاو**: ١. بێ هێـز، بێگـوڕ، سسـت ٢. سـایە، بێ خـۆر، سـێبەر(دار) ٣. سـپی ڕۆژ، ڕۆژێ کە خـۆر بە دەرەوە نەبـێ ٤. ئـاوری بـێ تین ٥. یەکسـمێکە زۆر ڕانەکـات و پڕتـاو نەبـێ،٦. بێقەرار، نەسرەوتوو.

**بێ تاوان**: بێ سـوچ، بێ گونـاح، بێ خەتـا: (هەر بە حەسـرەت، نەک بە زەربەت کوشـتمی/ دا نەڵێن ئەم قەتڵی بێ تاوانە بۆچ!) «مەحوی».

**بێ تاوانی**: بێ سووچی، بێ گوناحی.

**بێ تاوی**: بێ تاقەتی، بێ ئارامی.

**بێ تای**: بێ هاوتای، تۆ تاقی.

**بێتــر**: ١. خاسـتر، چـاکتر: (مـردن بێتـرە لە زنـدەگانی) «خانمەنسـوور»،٢. پتـر، زیـاتر، زێدەتر، ئالاڤێ زێـدەکرنێیە: (گاڤا ئەو دچـوو دیوانا وەلی ژێ بێتر بێدەنگ دما) «مەستوورە».

**بێترخە**: گوندێکە لای شارۆچکەی هێرۆ.

**بێ تریان**: گوندێکە لای شنۆ.

**بێترین**: پرترین، زۆرترین.

**بێ ترس**: بێ خۆف، بێ باک، ڕووقایم.

**بێ ترسی**: بێ باکی، ئازایی.

**بێ ترمە**: کانیەکە لای ڕۆژهەڵاتی شەقڵاوایە.

**بێ تشک**: ترسوو، ڕخوو.

**بێ تفاق**: ١. کەسێ لە ئاخری زستان لە گوند تفاقی لێبڕابـێ،٢. یەکنەگرتـوو، نـاکۆک: (لەو پێکڤە هەمیشە بێ تفـاقن/ دایـم ب تەمەڕود و شیقاقن) «خانی».

**بێ تفاقی**: ١. ناکۆکی، دژایەتی: (یەکیتی یـانی تفــاق و یەکبەرەکـــی، ل دژی بێ تفـــاقی) «سەنار»،٢. تفـاق لێبـڕان لە ئـاخری زسـتاندا: (شـــوکور بخورمـــان زۆرە، زستانەکەشـــی لە ســـاڵان درێژتـــر بـــوو، خەڵـــک بە دەس بێ تفاقییەوە سکاڵایەتی) «هەزار ئەشکەوت»،٣. کەموکووڕی، عەیب: (نا نا، نان و خـوانی تـۆ هـــیچ بێ تفـــاقی پێـــوە دیـــار نەبـــوو) «ڕشتەی مرواری».

**بێ تڤاب**: بێ هێز، بێ وڕە، بێ تاقەت.

**بێ تک**: ١. باپشکۆ، چنچکەسلاو ٢. پاسـاری، چۆلەکە.

**بێتکار**: نـاوی گونـدێکە ل دەڤەرا بەهـدینان:

(بێتکارێ گوندەکێ و دکەڤیتە نێروە ڕێکان و یێ ل سەر چیایێ چار چەلێ ئێ ل هنداڤ ڕوبارێ زێ یێ بەهەدینان و هەڤتوخیبە دگەل سنوورێ کوردستانا باکوور) «گولواز».

**بێ تلشا**: ١. پتری، زۆرتری ٢. ولاخ، وولاخ.

**بێتن**: ١. پێژان، پێژتن(نان) ٢. بێژتن، دابێژتن، دابێژان(خۆڵ)،٣. گوتن، وتن،٤. بێنن، بخوێنن: (هەرچی بێڤیری کو ناڤێ دلبەرێ بێتن ل سەر) «جزیری»،٥. بێ، بێت: («مەحوی» ئەمرۆ زۆر نەخۆشە قەت شیفای نایێ بە هیچ/ گەر شیفای بێتن، بە بۆیی زولف و ئەر ئەگریجە دێ) «مەحوی»،٦. ببێ، ببێتە: (لەوەی خۆشتر نییە هەرگیز کە یار بێتن بە غەمخوارت/ ووتی شەرت بێ هەتا ماوم منم یاری وەفادارت) «ئەحمەد».

**بێتنووری**: گوندێکە لای شارۆچکەی کانیماسێ.

**بێ تو**: ١. بەبێ تۆ: (لە لای من، با وجوودی ناس و ئەجناس/ کەسی تێدا نییە ئەم شارە بێ تۆ) «نالی» ٢. وەگەر، ئەگەروکانێ، گریمان: (بەڵێ! ئەگەر بێتو ڕۆژێ لە ڕۆژان/ لە کۆشتا لێک بدەن جوانیی هەردووکیان) «گۆران» ٣. ڕاست: (ئەگەر بێتو وابێ: ئەگەر ڕاست بوو وابوو).

**بێ تۆ**: ١. بەبێ تۆ، تونەبی، وەیێ ت: (دونیام ناوێ بە بێ تۆ) «فۆلکلۆر» ٢. بێتەوە، بگەڕێتەوە،٣. بێ دەنک، بێ تۆم و بەزر و نێوک.

**بێتواتە**: ١. شارۆچکەیەکە نزیک ڕانیە: (بەڵام مستەفا خۆشناو لە ڕێگەی هەولێرەوە بەرەو بێتواتە گەڕایەوە) «لەمەهاباد بۆئاراس»،٢. گوندێکە لای چوارتا: (مەلا فەتحوڵڵای هەرتەل لە گوندی بێتواتە ئەگەڕێتەوە بۆ گوندی هەرتەل) «ڕشتەی مرواری».

**بێ توافەت**: بێ تەفاوەت، بێ جیاوازی.

**بێ توافەتی**: ١. بێ تەفاوەتی، یەکسانی،٢. کەمتەرخەمی.

**بێتوان**: بێ تاو، بێ دەرەتان، ناتوان.

**بێ توانا**: بێ هێز، بێ گوڕ.

**بێ توانایی**: بێ هێزی، بێ تینی.

**بێ توانێ**: بێ هێز، بێ گوڕ.

**بێتوبرت**: بێ و بڕوا: (دووره دەستین ژ خەیالان مە دڤێ یەک ژ خودێ ڕا/ خەف د بەحسا مە ژ دل بێت و برت عەینی سەوابە) «جزیری».

**بێتوبێ**: بێ و بێ، هەر بێن و نێن: (چەندەکی سالیک موجەددەد بێت و بێ، زاری تە بێ) «جزیری».

**بێتوبێت**: جۆرێ گەمەی منداڵانە.

**بێ توتە**: ڕەبەن، ماڵ لەکۆڵ، بێ ئەنوا، هەژار،

**بێ تودیش**: بێتام، تامسار،

**بێ تور**: ١. بێکار، بەتاڵ، دەسەووستان ٢. بێ ئەدەب: (ژ وێ ڕێ چوومە ئۆرە/ من دیت کێچێت وان گەلەک بێ تورە/ هەچییا من گۆتی: چاوانی/ دگۆتە من: زوی ببۆرە) «بەیت».

**بێ تۆرە**: بترەک، بێ ئەدەب، بێ شێواز: (گۆر گۆت: بێ ئەدەب بەرخا بێ تۆرە) «پەرویز جیهانی».

**بێتوڕەت**: بێت و بڕوات، بێت و بچێ: (شاهباز ئەرچەند پەروازی ب بالا بێت و ڕەت) «جزیری».

**بێ توز**: بێگەرد، ساف، پاک.

**بێ تۆشە**: نەدار، بێ قووت، بێ نان: (ئەگەر چاکەت لەگەڵ بێ تۆشەیێ کرد/ لە وەختێ تر مەڵێ، من یارۆ کابرام) «قانع».

**بێ تۆک**: ١. بێ توێخڵ، بێ تۆخڵ،٢. بریتی لە

نەرم و نیان.
**بێ توکڵ**: بێتوێکڵ.
**بێتۆن**: سیمان و خیزی تێکەڵ و گیراوە.
**بێتۆن ئارمە**: تێکەڵی بێتۆن و ئالماتوڕ بۆ بینا.
**بێتۆن ڕێژی**: دارڕژتن و پڕکردنەوەی خەندەک و میچ بە بێتۆن.
**بێت و نە بێت**: ببێ و نەبێ، هەر ئیسەرەم.
**بێ تونە**: فەقیر، نەدار، بەلەنگاز.
**بێ تونەی**: تونەبی، نەدار: (تو هەر کو بەلەنگازی و بێ تونەی ببینی بۆی پێ خۆرن خو داویژن ل سەر هەر ئاگری) «گولشوون».
**بێتۆنی**: هەر شتێ لە بێتۆن چێ کرابێ.
**بێتوو**: ١. ڕاست: (ئەگەر بێتوو وابێ: ئەگەر ڕاست بوو وابوو)،٢. یەیڕوو، یەکڕوو، درس، دەس پاک،٣. بێتو، بەبێ تۆ.
**بێ توو**: بێ تۆو، تووی نییە، بێ بنەتوو.
**بێ تووان**: ناتووان، بێتاو، بێدەرەتان.
**بێتووانی**: ناتووانی، بێتاوی.
**بێتووتە**: ١. بێ ئەنوا، بێ ماڵ،٢. وازلێهێنراو، پشت تێکراو.
**بێتووش**: گوندێکە مێژوویی لە دۆڵی ئالانییە لە نزیک پردی تەیەنێ، لە ژێر دەسەڵاتی قەڵادزێیە.
**بێتووشی**: ١. خەڵکی گوندی بێتووش: (ڕۆژێک کەسێکی بێتووشی ئەچێتە ئەوێ) «ڕشتەی مرواری»،٢. ناوی مەلا عەبدوڵڵای بێتووشی، شاعیرێکی گەورە بووە: (وەکوو بێتووشی شاعیری عەرەبی/ تا قیامەت نە کەس بووە و نە دەبێ) «حاجی قادر».
**بێ تووک**: ١. سادە، بێ کوڵکە، بێ موو: (خونچەدەم و ڕووبەخاڵ و خوێن سووک/ لاوی تەڕ و تازە و لووس و بێ تووک) «هەژار»،٢. بریتی لە نەدار و نزار: (فەرشی پەلاسە، دۆشەکی خاکە، سەرینی بەرد/ بێ تووک و ڕووت و قووت و، فەقیر و قەلەندەرە) «نالی»،٣. لەڕولاواز، ڕیوەڵە، کز،٤. ناشاد، بێکەیف،٥. بێدۆعا و نزا،٦. بێ پێس، بێ پووس،٧. ناوێگە ژنانە.
**بێتووکی**: ١. مرک،٢. نەداری، فەقیری: (بێتووکی جیفەخواری و گورگین و بێوجوود/ لەم ئاو و خاکە زاهیر و باتین موکەدەرە) «نالی».
**بێتوێن**: بیتوێن: (دەجا براینە برادەرینە بێتوێن لە من بێتوینە، ئەرێ بابە بێتوێن لە من دە لایە) «گەنجی سەربەمۆر».
**بێتە**: ١. ببێ، ببێتە: (خووم بێنە، کەدوو بێنە، سەبوو بێنە، لەباڵەب/ ئەمشەو کە شەبستان مەهـ با بێتە مولستان) «ئەدەب» ٢. بێ تۆ، بەبێ تە: (مەستی جەورا تە، مە بێ بادە و بەنگ/ بێتە جانا، ل مە عالەم بویە تەنگ) «جزیری»،٣. هاتنێ بکا: (با بێتە ئێرە).
**بێ تە**: بێ تۆ، بەبێ تۆ.
**بێ تەبیب**: بێ پزیشک، بێدوکتور: (یارەب کەس وەک من شەو غەریب نەبێ/ دڵ بریندار و بێ تەبیب نەبێ) «حەسەن زیرەک».
**بێتەبیعەت**: بەدخوو، بەدڕەفتار، نارەسەن.
**بێ تەجروبە**: بێتەجرەبە.
**بێ تەجرەبە**: بێئەزموون، نابەڵەد: (قسەیەکم هەیە دەیکەم مەڵێ بێتەجرەبەیە/ باوجوودی ئەوی نادانە، لە لای وەک گەمەیە) «حاجی قادر».
**بێ تەدبیری**: بێتەگبیری، بێسەر و بەرەیی: (بەڵام تۆ قەزا و بێتەدبیری وێت/ کەردەن پێت ئانا هەرچیو کەردەن پێت) «مەولەوی».
**بێتەر**: بێهتەر، باشتر: (سرا خو ڤەشاردی دخۆزی ب کەس نەبیژە/ چ کەس ژ تە بێهتر

لێ مقات نابە) «گولشوون».
**بێ تەربیەت**: بارنەهاتوو، بێ ئەدەب.
**بێ تەربیەتی**: بێ ئەدەبیی، نەعاملاوی.
**بێ تەرش**: مرۆی بەدخوو و بەدڕەفتار.
**بێ تەرشە**: بێ تەشە، بێ ئەندازە.
**بێ تەرەف**: بێ لایەن، تەریک.
**بێ تەرەفە**: بێ تەرەف.
**بێ تەرەفی**: بێ لایەنی.
**بێ تەشە**: ١. بێ تاقەت، لەکارکەوتە، بێ هێز ٢. گۆتن و کریارێن سڤک ٣. زۆر، بێ ئەندازە،٤. هێستری سڵ کە بۆ بارکرن ناوەستێ.
**بێ تەفاوت**: بێ جیاوازی: (هەر د مەدحێ تە و سەنایێ سینە و قەلبی مەلێ/ بێ تەفاوت قولزوما پور لوئلوئی مەنسور بێ) «چزیری».
**بێ تەڤ**: وشک، بێ تف: (گەوریا وێ بێ تەڤ گەر) «پەپووک».
**بێ تەڤزوتیز**: بێ گاڵتە و قەشمەری، بێ شۆخی و جەفەنگ.
**بێ تەقوور**: بێ دەغدەغە، بێ ئەنگەمە.
**بێ تەکلیف**: حاڵی کەسێ کە داهاتوو و چارەنووسی دیار نەبێ.
**بێ تەکلیفی**: بێ تەکلیف بوون.
**بێتەل**: لاسلکی، بێ سیم: (خەڵکی دنیا ڕازی دڵداری بە بێتەل پێک دەڵێن/ ڕاسپاردەی لاو و کیژی کوردە ئێستاکەش شنە) «هێمن»، (بێتەل چیە؟ شیعری ماریکونی) «مەلا فەتاح وەهبی».
**بێ تەم**: ساف، سامال، بێ مژوغوبار: (سوپاس بۆ یەزدان، یەزدانی گەورە/ ئاسۆی هیوای کورد بێ تەم و هەورە) «ف. بێکەس».
**بێ تەماح**: قانع، ڕازی، کەسێ کە تەماحی نەبێ: (میرزا قادر پیاوێکی دەروێش و بێ تەماح بوو) «میرزا».
**بێ تەماحی**: کار و کرداری کەسی بێ تەماح.

**بێ تەمیز**: بێ ئاقڵ، گەوج، کەسێ چاکە و خراپە لێک ناکەتەوە: (زوانی خۆت بگرە دەخیلە، لەو وشانەی وا حەقە/ چونکە مەشهوورە کە حەق لای بێ تەمیز تاڵ و ڕەقە) «قانع».
**بێتی**: بێژراو، دابێژراو، دابێژرای.
**بێ تیتاڵ**: بێ لەکە، بێ گاڵتە.
**بێ تێل**: بێسیم، بێ تەل، تێلسز، لاسلکی.
**بێ تیمار**: دەرد و زامی تیمار نەکری: (چۆن نەناڵێ دڵ لە داخا، چۆن نەگریە چاو بە خوێن؟/ چۆن نەبرژێ دڵ بە دەردی گەرمی بێ تیماری کورد) «قانع».
**بێ تین**: ١. لاواز، لەڕ، چلەک: (دەروون زامدار و دڵ غەمگینە بێ تۆ/ سەرم گێژ و تەنم بێ تینە بێ تۆ) «کوردی»،٢. شتێ کە گەرم نەبێ ٣. بێ گیان، مری، مردگ ٤. ئێرەیی،٥. بریتی لە نەدار، هەژار: (لە شێخ پرسن لەبۆ بێ تین، چلۆن مەیدانی ئیحسان بوو؟) «قانع».
**بێ تێن**: بێهێز، کز، لاواز، لەڕ: (دەروون: زامدار و دڵ: خەمگینە بێ تۆ/ سەرم: گێژ و تەنم: بێ تینە بێ تۆ) «کوردی».
**بێ تێنی**: ١. بێ تینی، چلەکی، لاوازی،٢. ساردی، سەردی، کەمتینی: (تووشی ڕووزەردی و بێ تینی ئەکەن تیشکی هەتاو) «حافز».
**بێ تێهن**: بێ تین.
**بێج**: ڕەنگی گۆشتی.
**بێ جا**: ١. بێ جێ، بێ نرخ، بێ سەروبەر: (زاهیدان تەزویری بێ جایانە، بۆ تەکفیری ئەدەب/ زولفی یارم خۆی گەواهە، ئەهلی زننارە ئەدەب) «ئەدەب»،٢. غەڵەت، هەڵە: (گەر بە نازۆ بێتە سەر باری کەرەم بۆ عاشقان/ سەد کەڕەت بێجا ئەکا، شێخ ڕوو

ئەکاتە سەر سلووک) «قانع»،٣. نابەجێ، نە لە جێی خۆیدا،٤. زوو، بێوەستان: (بێ حیساب قاریێ نە دڵ مبەرۆ/ بێ جا دەهانش شکەست مدەرۆ) «بێسارانی».

**بێجادە**: یاقووتی سوور.

**بێجار**: بیجاڕ: (هەر لە بێجارەوە هەتا شەمزین/ کچ و کوڕ، لاو و پیری کورد شەمزین) «هێمن».

**بێجاکردن**: ١. قسەی نابەجێ کردن،٢. هەڵە کردن، شەکەر خواردن،٣. بریتی لە گوو خواردن: (گەر بە ناز بێتە سەر باری کەرەم، بۆ عاشقان/ سەد کەڕەت بێجائەکا، شێخ ڕوو ئەکاتە سەر سلووک) «قانع».

**بێجامواتەن**: بێجام کردووە، باشم نەووت: (ئەر تۆ ئاینەت نەگێلان جە ڕەنگ/ من بێجام واتەن، سەرم دان وە سەنگ) «بێسارانی».

**بیجامە**: بێجامە.

**بێجامە**: ١. دەرپێ، جلکی شەڤێ، بیژامە، ژێرپاتۆڵی خەف ٢. کارک و بەرخێت تازە پەیدا.

**بێجان**: ١. مری، مردوو، بێگیان: (مووسا گیانی وەبەر بێگیان دینا) «توحفە» ٢. کێویکە لە باشووری ڕەواندزە: (لەکن بیتوینێ ئێمە دەشتێ لاجان/ وەکوو ڕێی بانەیە، هەورازی بێجان) «حاجی قادر»،٣. ناوی کوڕانە.

**بێ جاوڕا**: بێ جێ وڕێ.

**بێ جاوڕایی**: بێ جێ وڕێیی.

**بێ جاوڕێ**: بێ جێ وڕێ.

**بێجایی**: بێ جێیی.

**بێجقە**: بێ نیشان، ساکار، سادە.

**بێجگە**: غەیری، بەجگە، بل، بێ لە، بێژ، ژبل، ژبلی، بەدەر، خەین، بژلەوی: (قەت لە دنیادا نەبوو بێجگە لە ناخۆشی بەشم/ ...) «هێمن».

**بێجگەلە**: بێج لە، بێ لە، غەیری: (بەقایان نییە ئەسپ و ژن و چەک/ بێجگە لە مانەش زۆرن بێئەمەک) «حافز».

**بێجگەییتی**: ئاوارتە، هاوێر، ڤەژارت.

**بێ جل**: جل نەکراو، زین نەکری: (هەی دل، هەی دل/ سوار نەبە ل ماهینا بێ جل) «حەیرانۆک».

**بێج لە**: بێجگە لە.

**بێجنەوەن**: بێژنەوەن، دیەکەیگە لە چەرداوڕ.

**بێجوان**: باجلان.

**بێجوانا**: گوندێکە لای سیدەکان.

**بێ جورم**: بێتاوان، بێسووچ: (نازکبەدەنا لەتیفە، مەعسووم/ بێ جورم بکی ژ عومرێ مەحرووم) «خانی».

**بێ جووت**: بێوێنە، بێهاوتا: (مەڵێ بووم لە باخچەی هونەرا بێجووت/ بۆ جوانیم ڕێکئەخست شیعری دڵداری!) «گۆران».

**بێ جە**: ١. بێ جێ، بێوار، بێهەوار، بێماڵ،٢. نابەجێ، نەگونجاو: (پرسا فەقی بێ جە نەبوو) «فەقێ تەیران».

**بێجەرگ**: ١. ترسەنۆک، خوێڕی، ڕخوو، بێزات، نەوێرۆک: (ساحێب غیرەت بە پەلەن و دەرۆن، بێجەرگان چاریان بێ چارە/ ئی وا هەیە خۆی دەدزێتەوە، خۆی دەگرێ لە پەسیو و لە کەنارە) «لاس وخەزاڵ»٢. بێ جگەر.

**بیجەک**: کاغەزی فاکتۆر، سیاهەی لیستی کڕینی شت.

**بێ جەم**: بێژەم، بێنان: (ڕووتەڵ، بێشام، شایی بەخۆ/ بەخەم، بێجەم، بێنان و دۆ) «ڕاوچی».

**بێ جەماڵ**: بێجوانی، ناشیرین: (گوڵزار لە چاوی من درک و داڵە/ سەوزە و گوڵ و گیا، لام بێ جەماڵە) «وەلی دێوانە».

**بێجەوهەر**: بێهونەر، بێسەلیقە، گێل، واژی هونەروەر: (تەنیا و بەبێ یاوەر و بێ پشت و پەنا خۆم/ بێجەوهەر و بێقیمەت و پڕ جورم و خەتا خۆم) «قانع».

**بێجی**: ١. بێجێوڕێ، ئاوارە، بێسەرپەنا،٢. نەشیاو، کاری نابەجێ: (بە بێجێ کەسێ بکا غەیبەتم/ سەگی هارە، دێ دەمگەزێ پڕ بە دەم) «مەحوی»،٣. بێولات، بێنیشتمان،٤. قەرزێ کە لە جێیدا نەتبێ،٥. بێجێگە، جێی کەم و تەنگ.

**بێجێ**: ١. بێجا، نابەجێ: (لەگەڵ دڵ چووم و بێ دڵ دێمەوە، ئەم گەوهەرە یارەب/ لەوێ کەوت و بەجێ ما، یا لە رێدا کەوت و بێجێ کەوت) «مەحوی» ٢. لە قەرز نابوت: (قەرزەکەی کروە ئیسا بێجێ دەرچووە)،٣. بێمەکان، بێجێوڕێ، بێداڵدە: (بێجێ و بێمەکانی/ لە هەر جێگە عەیانی) «ڕاوچی»، (هەرچی هەیە لێی جیا و جیا نی/ بێجێیی و چ جێش نییە تیانی) «هەژار».

**بێجیازی**: ١. بێجیاوازی، بێجودایی،٢. بووکێ کە جیازی نەبێ.

**بێجیکەڵدان**: کەمجیقڵدان، بێتاقەت.

**بێجێگە**: بێجێ.

**بێجێیی**: بێڕێیی، بێشوێنی، بەرهەوایی.

**بێچ**: ڕەنگی گۆشتی.

**بێچ**: برچی، برسی، بێ چی.

**بێچارە**: ١. بێشانس، بێبەخت، چارەڕەش، کلۆڵ، بەستەزوان، هەژار، بێگاف، بارکەوتو: (ئەو عیشوەبازە دەرحەقی من چارەگرژە باز/ بێچارە ماوە بەندە، خوداوەندی چارەساز!) «مەحوی» ٢. ناوی نێرینانە ٣. پیر، بەتەمەن ٤. پارچەدارێکە بۆ هەڵکەندنی جۆگا.

**بێچارەمەئەز**: من بێچارە و داماوم و کلۆڵم: (ئەی واقفی ڕەمز و کاشفی ڕاز/ بێچارەمە ئەز، تو چارەپەرداز) «خانی».

**بێچارەنووس**: بێتەکلیف، سەرنەویشت نارِوون.

**بێچارەنووسی**: سەرنویشتی نارِوون: (نە بەیداغی هەیە نە تەپڵ و کووسی/ ئەمەندەی پێکرا بێچارەنووسی) «حاجی قادر».

**بێچارەیی**: ١. چارەڕەشی، کلۆڵی، بێدەرەتانی ٢. پیری، ساڵداری،٣. نەداری، هەژاری، فەقیری، بەلەنگازی.

**بێچاڤ**: بێچاو، بێبینایی، کوێر، کۆر، کۆرە.

**بێچاڤڕوو**: بێچاڤوڕوو.

**بێچاڤوڕوو**: بێچاوەڕوو، بێشەرم، بەڕو، ڕوودار، بێئەمەک.

**بێچاڤینی**: بێچاوێنی، بێچاوانی، بەبێ حەسوودێ پێدا بردن.

**بێچاق**: چەقو، چەقۆ، کێرد: (گا کە دکەڤە، بێچاق پڕ دوە) «پەند».

**بێچاڵوچۆڵ**: ساف و بێگرێ.

**بێچانلوو**: گوندێکە سەر بە نەغەدە.

**بێچاو**: کۆر، کوێر، حافز: (دۆستی تا سەر بۆ نەدار و تاقمی بێچاو نییە) «حافز».

**بێچاوانی**: بێچاوێنی.

**بێچاوڕوو**: بێچاڤڕوو: (ناو و پێناسەی خۆی لەبیر چووە/ بێ شەرم و شکۆ، بێ چاو و ڕووە) «حەمەجەزا».

**بێچاوسوور**: بێداشدار، بێچاوەدێر.

**بێچاوسووروبێداشدار**: بێچاوسوور.

**بێچاووڕوو**: بێچاوەڕوو، بەڕوو.

**بێچاوەڕوان**: لە چاوەڕوانیدا نەبوون.

**بێچاوەڕوو**: بێشەرم و حەیا: (خەڵکی بێ چاوەڕووی هەیە ئەم شارە) «پێکەنینیگەدا».

**بێچاوەڕووی**: بێشەرمی، بێحەیایی.

**بێ چــاوێنی**: بێ چــاوانی، بەدوور لە چــاوی پیس: (یار شێوەی چۆنە، یـار شـێوەی چـۆنە/ بێ چاوێنی بێ، یار شێوەی چۆنە) «پیرەمێرد».

**بێ چاوێنی بوون**: لە چاوی پیس بەدوور بوون: (یاخوا بێ چاوێنی بێ، زۆر جوانە).

**بێ چاوێنی بێ**: لە چاوی پیس بەدوور بێ.

**بێ چای**: بێ چاوێنی.

**بێ چــــرپە**: بێ هەســـت، بێ دەنــگ: (حەمە بێ چـرپە لە قوونەبـانی مـاڵە کوێخـا وەسـەر کەوت) «هەزار ئەشکەوت».

**بێ چرتە**: بێ چرپە، بێ چرکە، بێ خوسـت: (تـا ئەو کــاتە خەنـــجەر لە لاکــۆ دانەبڕابـــوو هەردووکیان بە پەنادزە، بێ چرتە و هەست لە ســەر پەنجــان بە دوای شــێخەکان کەوتــن) «گورگ و بزن».

**بێ چرکە**: بێ خوسـت، بێ هەسـت: (ژانـی لە قوژبنێکـا ژنە دراوسـێکەی دی بــێ چـرکە کەوتبوو) «پێکەنینی گەدا».

**بێ چرگە**: بێ هەست، بێ دەنگ.

**بێ چڕوچاف**: ١. بـێ نـان و خـوێ، بێوەفـا،٢. چاوکز، چاڤکز، چاو مژومۆر.

**بێ چڕوچاو**: بێ چڕوچاف.

**بێچڤــان**: بێچــووەوان، بێچڤـــان، بەرخەوان، کارڤان، کارەوان.

**بێچڤانی**: بەرخەوانی، کارەوانی، شوانی.

**بێچک**: بێچی، بێچکە، قامکی پێ.

**بێچکە**: ١. بێچی، بێچوو، بەچکە، ساوا، سـاڤا، ٢. قامک، ئەنگوست، بێچی.

**بێچنگ پەل**: بێدەسەڵات.

**بێچنگ چەیل**: بێ دەس و پێ.

**بێچنگ چیل**: بێچنگ پەل.

**بێ چنە**: بێ هۆ، بێ هۆکار، بێ سەبەب، لەخۆڕا.

**بێچو**: بێچوو.

**بێچۆک**: غارا،

**بێچــولە**: ١. تــوولە، بەچــک، بەچکە(مــار) ٢. لوولە، ماسولکەی خەڕەک.

**بێچۆن وچرا**: بێ کێم وزێد، بێ هندە و هندە،

**بێچوو**: ١. منداڵ، زارۆک: (بێچووەکانم سـەر لە سـبحەینێ هەمـوو دەورم دەدەن/ ئەو ئەڵـێ پوولم نەماوە، ئەم دەڵێ بێچووم دەوێ) «شـێخ ڕەزا»،٢. بەچی، بەچە، بیچی، وەچکە، وەچە، زا، دۆل، سـاوای گیانــدار و مەل و خشــۆک: (دەبـێ چـۆن فێرکرابـێ بـاڵ بکـا کـل/ لەبەر پلــلاری دوژمــن بێچــووە بلبـل) «هـێمن»، ٣. جۆرێ پووڵی عوسمانی: (کـابرا ناچـار خـۆی هەستا بێچوویەکی هەڵگرت و خستیە مشتەوە) «ڕشتەی مرواری».

**بێچووان**: کۆی بێچـوو، بەرغەل: (سـاڵی مەلا خەلیل دەچوومە بەر بێچووان).

**بێچووساوا**: ١. سـاوی گچـکەی گیانـدار،٢. منداڵ، سـاوای مـرۆڤ: (دەجـا دەڵـێم کـاکینە دووبـارە ئەوە ڕۆژ دێـتەدەرێ لە بــن مــاکێ/ بەژنێ باریک پـارەکەینێ ئەوان دەمـان بێچـوو ســـاوا بـــوو لە دوای دایکـــێ) «گەنجـــی سەربەمۆر».

**بێچوولە**: ١. بەچکی ساوا،٢. لوولە، ماسولەی خەڕەک،٣. پارچەیەکە دەکەوێتە ئاستی نیفەکی ژنانەوە.

**بێ چوون**: ١. بێ هاوتا، بـێ وێنە: (لە چەنـد و چونی دنیـادا بە زایە چـوونی عـومرم چەنـد!/ خودایا بە بەس بە زایە چم، بە حەققـی زاتـی بێ چوونت) «مەحوی»،٢. بریتی لە خودا: (ئێـد وەزیـفەی گـڵ، ئەو لەتـیفەی دڵ/ ئەو چـون مەنزەڵەن، ئێد بێ چوون مەنزڵ) «مەولەوی»،٣. بەبێ ڕۆیشتن.

**بێچووەتریاکی**: کوڕی کەسی تلیاکی: (بێچووە

تریاکی تولەی بابۆگەڕن/ بێفەڕ و قرتی وەر و پاشەڵ تەڕن) «ڕاوچی».
**بێچووەتوجــار**: منـداڵی تـاجر و بازرگـان: (باسـکت وە ژوور سـەرم دە، کـورتێ بێچـوە توجاڕی) «حەسەن زیرەک».
**بێچووەدەوڵەمەن**: منداڵی دەوڵەمەنـد: (چـونکە ئەو کچە نازک و نـازدارە/ بێچـووە دەوڵەمەن! لە دێ دیارە) «قانع».
**بێچووەڕێوی**: بەچکەی ڕێوی: (خۆزگە ڕۆژێ لە ڕۆژان/ یەک بێچووە ڕێوی زۆرزان) «ئەمین محەمەد».
**بێچووەزەنگی**: ١. منداڵی قولەڕەشە،٢. بریتی لە خاڵ: (ددان مرواری‌یە و هەریەک لەوانە/ لە نرخا گەنجی قـاروون نـاتەوانە/ لە سـووچی لێـوەکەت خاڵێـک دیـارە/ لە گەنجـت بێچـوە زەنگی پاسەوانە) «هەژار».
**بێچووەسۆنە**: بەچکەی مراوی: (وەک بێچـووە سۆنە وانە، لەگەڵ لە هێلکە دەرچوون/ ئەڕۆنە بەحـری بـێ‌پەی، گەر ئـاوی لـێڵە و ڕوون) «قانع».
**بێچووەسەگ**: بەچکەسـەک: (هـاکە تەور و قۆچەقانی بـوونە چەک/ دەنگـی داوە چغ بە چغ بە بێچووە سەگ» «ڕاوچی».
**بێچووەشێر**: ١. شێرکۆ، شێرکۆڵە،٢. بریتـی لە مــرۆی ئــازا و بــوێر: (دوکەڵ کەوتە ڕووی ئاسمان/ مەترەلۆزان ئاگر دران/ بێچووە شـێران شەهید کران/ منداڵانمان بێ بـاوک مـان) «ف. بێکەس».
**بێچووەعەیـارێ**: سـاقییەکی جـوانی عەیـار و شۆخ: (.../ سەبا یارانی مەجلیس گەر هەواڵـی من بپرسـن لێـت/ بڵـێ کێشـایە مەیخـانە دوو چاوی بێچووە عەیارێ) «شێخ ڕەزا».
**بێچووەفەرەنگ**: فەرەنگی، منـداڵی فەرەنـگ: (مــن موســوڵمانم ئەو بێچــووە فەرەنــگ) «حەسەن زیرەک».
**بێچووەقوتب**: منـداڵی قوتـب، زادەی پیـری تەریقەت: (ئەسڵی لە نەسڵی قوتبی شیمالە، بە ڕۆشنی/ وەک بێچـووە قـوتبە مەرکەزی زەورا نشیمەنی) «پیرەمێرد».
**بێچووەمامز**: کارژیلە، کارمامز.
**بێچووەمـــوغ**: مــوغبەچە: (وا لە دووریــت هەڕەتـی مەرگـمە هـاوار/ جوانەکـان بێچـووە موغان، بادرەفرۆشان هاوار) «پیرەمێرد».
**بێچــووەمەل**: جـوچکەی باڵنـدە: (کە چـۆن خۆیان دابوو حەشار/ وەک چوار بێچووە مەلی هەژار) «کاکەیۆفەلاح».
**بێچووەوان**: بەرخەوان، کارەوان، بێچڤان.
**بێچەپەر**: ڕاساماڵ، بێ یەک و دوو.
**بــێ‌چەک**: بێ‌ســلاح، نەچەکــدار، ڕووت لە چەکی شەڕ.
**بێ‌چەککری**: مرۆی چەک لێ وەرگیراو.
**بێچەکی**: نووشێ ک زووتر لە وایە زایە.
**بێچەڵ**: بەیچەڵ.
**بێ‌چەندوچۆن**: بێ چەن و چۆن.
**بێ‌چەنــگ**: ١. بــێ‌پەر(مەل) ٢. بــێ‌ڕێ، بەندەوار.
**بێ‌چەنـگ‌کرن**: ١. تـووک لێبرین(باڵنـدە) ٢. بێ‌ڕێ کردن، بەندەوارکرن.
**بێ‌چەن‌وچــۆن**: ١. بەبــێ پەیمــان و مەرج، بێ‌وەفا، بـێ‌ئەمەک،٢. بەبـێ سـوئال و جـواو: (بارزانییەکان پیاوی شەڕوان و ئازا و گیـان لە سەر دەستن، فەرمانی سەرۆکانی خۆیـان وەک بڕیاری ئاسمانی دەژمێرن و بێ چەند و چـۆن بەجێی دەگەیەنن) «لەمهاباد بۆئاراس».
**بێچی**: ١. بێچو، بەرخ و کاریلە ٢. ئـاولەمە،٣. پێچک، قامک، ئەنگوست،٤. قامکی پێ، تلییێن

پێیان.
**بێ‌چی**: برچی، بێ چ.
**بێ‌چیز**: بێ‌نان و نەفەقە، بێ بژیو: (جەوانانی سەهیٖ‌قەد بە سکی داماون لە بێ‌چیزی) «سالم».
**بێ‌چیزی**: نەبوونی، بێ‌نانی: (گەدان و بۆ گەدا دەرگانە وا ناکەن لە بێ‌چیزی) «سالم».
**بێچیڤان**: بەرخەڤان، بەرخەوان، شوانی بەرخ و کارژیلە.
**بێ‌چیک**: نازیرەک، کەودەن، گێل.
**بێ‌چینی**: پالە، درووێنەوان.
**بێح**: ١. بێحانە، بێع، مامەڵە،٢. پارەی پێشەکی معامەلە.
**بێ‌حاسڵ**: ١. بێ‌داهات، بێ‌بەهرە: (کلێلەی خەفەت نە سەر کاوەی دڵ/ مەزرەعەی شادیم کەردەن بێ‌حاسڵ) «مەولەوی»،٢. کاری بێ نەتیجە و ئاکام: (دایەگیان سوێندم بە فرمێسکی گەش و ئێشی دڵت/ دایەگیان سوێندم بە جەور و مەینەتی بێ حاسڵت) «شەریف».
**بێحال**: ١. نەخۆش، ناساغ، نەخۆشی شەکەت و کەشەنگ: (بە مەرگی من بە ڕەمزێکی بڵێ بەو چاوە حالیم کە/ ئەتۆ نازدار و بیماری، ئەمن بۆچ زار و بێحالم) «وەفایی»،٢. پەرێشان، نائارام: (خەنجەری غەمزە لە جەرگم داوە، بێحالی ئەوەم/ مەرهەمی زەخم حەواڵەی زولفی خۆنخواری دەکا) «ئەدەب»،٣. هەژار، نەدار، دەستەنگ.
**بێ‌حاڵ‌بوون**: دڵ‌بوورانەوە.
**بێ‌حاڵ‌کردن**: نەخۆش و لە گیانەڵڵا خستن.
**بێحالی**: ١. نەخۆشی، ناساغی،٢. ژیان‌تاڵی، بێ‌ژیانی، بێ‌گوزەرانی: (گەر دەپرسی چۆنە بێ تۆ حالی من، بێ‌حالی‌یە) «عەلی» ٣. گیانەڵایی، سەرەمەرگی،٤. هەژاری، نەداری.
**بێحانە**: بێح، بێع.
**بێ‌حدوور**: بێ‌داروبار، لەڕ، لاواز: (لێوبەبار و بێ‌حدوور دەتگوت خۆلی مردووانی بە سەردا کراوە) «توحفە».
**بێ‌حس**: بێدەنگ، بێ‌سەروسەدا.
**بێ‌حساب**: زۆر، فرە، بێ‌حیساب: (داغ و کۆڤان بێ حسابن/ محنەت و ئێش و عەزابن/ غەم ژ قەلبێ من ڤەنابن/ ئای دلێ من ئای دلۆ) «فەقێ تەیران».
**بێ‌حسێب**: زۆر، گەلەک: (ب حیلە و ب لیبە/ وان کوشتن بێ حسێبە) «فەقێ تەیران».
**بێ‌حش**: بێ‌ئەقڵ، بێ‌ئاوز.
**بێ‌حش**: بێ‌هۆش، بێ‌هەست، گەمژۆکە: (بێحشەک هین دکر و کەر پێ گلی/ ل سەر خەوات پر دکر ب دل خوشی) «گول‌شوون».
**بێ‌حشی**: بێ‌هۆشی، گومڕایی، نەزانی: (ل ناڤبەرا دو کەس‌دا ئاگر ڤێخستن/ بێ‌حشی‌یە وێران کرن و خو فرۆتن) «گول‌شوون».
**بێ‌حوودود**: ١. بێ‌مەرز، بێ‌سنوور،٢. زۆر، لە ئەندازە بەدەر.
**بێ‌حورمەت**: بێ‌ڕێز، بێ‌قەدر: (حەیادارانی بێ‌حورمەت لە تاو بێ ماڵی و عوسرەت) «سالم».
**بێ‌حورمەتی**: بێ‌قەدری، بێ‌ڕێزی: (فەرقی کۆساران لە پاساران دەفەرمووی وەک چییە؟/ وەک عەزیزیی باز و وەک بێ‌حورمەتی پاسارییە) «نالی».
**بێ‌حورمەتی‌پێ‌کران**: سووکایەتی پێ‌کران.
**بێ‌حورمەتی‌پێ‌کردن**: سووکایەتی بە کەسێک کرن.
**بێ‌حورمەتی‌کردن**: بێ‌ڕێزی کردن.
**بێ‌حەد**: زۆر، پڕ، گەلێ: (زانم پەرێشانی ژ

دل، بێ‌حەد ب ئێشانی ژ دل/ تەشبیهی بریانی ژ دل، باللە نە ئینسانی مەلا!) «جزیری».
**بێحەدوحەساو**: بێ‌حەدوقیاس: (قاو بڵاو بۆوە هەچکەس کۆترێ چەرمووی چاوڕەش بگرێ ئەونەی خەرات و بەرات پێ ئەدەن، بێ‌حەدوحەساو) «ئاوێنەی‌بێگەرد».
**بێحەدوقیاس**: بێ ئەندازە و پێوانە: (هەرچەند کو بێ حەد و قیاس بوون/ عامی و خەودام و خەواس بوون) «خانی».
**بێحەز**: خۆنەویست، خۆنەخواز.
**بێحەساب**: زۆر، بێ‌حساب، لە ژمارە بەدەر: (بێ‌حەسابن کوشتەی پەیکانی غەمزەی چاوەکەت/ گەر وەکوو ئەمسالی ئێمە، بێنە سەر حەد و حیساب) «ئەدەب».
**بێحەسیەت**: بێ‌شەرەف.
**بێحەسیەتە**: بێ‌شەرەف.
**بێحەسیەتی**: بێ‌شەرەفی.
**بێحەل**: بێ‌چارەسەری.
**بێحەلاب**: لە کایەی مێشێن یا یاری تردا وشەیەکە واتا: حیساب نییە.
**بێحەمد**: بێ‌دەسەڵات.
**بێحەمدی**: غەیری ئیرادی، بێ ئاگالێبوون.
**بێحەو**: بێ‌حەد، بێ‌ئەندازە.
**بێحەواس**: بێ‌هۆش، بێ‌ئاگا، نەوریا: (لەبەر پیری ئەوەندە بێ‌حەواسم/ دەڵێی ئەرکانی ئیسلامی ئیناسم) «حاجی قادر».
**بێحەوسەلە**: بێ‌حاڵ، بێ‌تابشت، بێ‌تاقەت، وەڕەز، جاڕز.
**بێحەوسەلەیی**: بێتاقەتی، وەڕەزی.
**بێحەیا**: بەدفەڕ، شلووق،٢. بێ‌ئەدەب، بێ‌شەرم، حەیاتکاو، حەیا لێ‌هەڵگیراو: (بێ‌حەیان، جوملە خوصوصەن ژنە سۆزانییەکەی/ ڕەوشتی دێڵەسەگ و قەحبەیی بەغدادی هەیە) «شێخ ڕەزا».
**بێحەیابوون**: دەم‌شڕبوون: (حاجیب و حاجی هەموو ڕۆژێ بەگژ یەکدا دەچوون/ بێ‌حەیا بوو ئەو سەگەی عاری نەبوو، حاجی بەزی) «حاجی قادر».
**بێحەیایەتی**: ١. بێشەرمی،٢. شلووقی.
**بێحەیایی**: ١. شلووقی، هاری،٢. بێ‌ئەدەبی، بێ‌شەرمی: (بێ‌حەیایی باوە ئەمڕۆ، قوڕ بەسەر داکا حەیا/ کەندەڵان سەربەرز و شادە، خۆی بشاریتۆ چیا) «قانع».
**بێحەیب**: بێ‌عەیب، بێ‌کەمایەسی: (گایەکان گای کارین، بۆخۆم فێرە جووتم کردوون، ئەوانە بێ‌حەیبن) «ئەمیری».
**بێحەیف**: بێ‌نرخ، هەرزان: (ژ زالمی چیرۆنەکەک دێ گۆتن کو ئاردوویێ ئاردووڤانا بێ حەیف دکری و ب قیمەت دفرۆت ب زەنگینا) «گوڵشوون».
**بێحیا**: بێ‌حەیا، بێ‌ئابڕوو.
**بێحیای**: بێ‌ئابڕوو.
**بێحیجاب**: بێ پەچە، بە ڕووتی: (موسکیر ئەز کەئسی شەڕابە، چی دەبێ جارێک بە خوابە/ ڕووت ببینم بێ حیجابە، دڵبەری عالی‌نەسەب) «ئەحمەدی‌کۆر».
**بێحیچ**: بێ‌هیچ، هەروا.
**بێحیساب**: ١. گەلێ، زۆر، فرە: (سۆفی مەستووری ڕووت و موفلیسی خستە تەمەع/ سەیری خاڵی بێ حیساب و ماچی لەعلی بێ بەها) «نالی»،٢. پاک لە پاک، هیچ لە هیچ: (قەرزەکەم دایەوە، من و تۆ بیحیسابین).
**بێحیسابی**: ١. غەدر، زوڵم، ناحەسابی،٢. پاک لە پاکی، حاڵەتی نەمانی قەرز.
**بێحێل**: بێ‌تین، بێ‌هێز، خەستە.
**بێحیلەوحەواڵە**: بێ‌فرۆفێل.

**بێ حیلەوحەواڵێ**: سادە، پاک.

**بێ حییێ**: بێ ئابڕوویی.

**بێخ**: ١. بن، ڕیشە، ڕەگی دار و گیا: (بۆ بدیە وە بەرگ، بێخ باڵامان/ من دڵ سفتەنان، ئادیشان دامان) «بێسارانی»،٢. ڕیشەی هەر تشتەکی: (پەژارەت شادیم جە بێخ ئاوەردەن/ دووریت ڕیشەی دڵ خەیمە کەن کەردەن) «مەولەوی»،٣. بن، تەختایی گۆم: (ئیسە دیدەی دڵ دیوانەکەی ویت/ نە بێخ ئاودا مەگێڵۆ پەریت) «مەولەوی»،٤. بندیوار،٥. کونجی لای خوارەوەی ماڵ: (لە بێخ ماڵەکەدا دانیشتبوو)،٦. ٧. گوڵێکی کوێستانییە.

**بێ خار**: بێ دڕک، بێ دڕوو: (سەودازەدەکەی زولفت، ئەزهاری لەکن پەشمە/ دوور لەو گوڵە بێ خارە، گوڵزاری لەکن پەشمە) «نالی».

**بێخاست**: بێ خواست، نابەدڵ.

**بێ خاڵ**: ١. سادە، ساکار، بێ نیشان،٢. بێ خەوش، بێ گەرد، ساف،٣. بێ خاڵۆ،٤. ناوی هاوینەهەوارێکە لای ڕواندزیە تاڤگەی پێدا دێتەخوارێ: (سوارەتووکە و سولاو/ بێخاڵ، هێران لە خۆشناو)،٥. چیایەکە لە هەریمی کوردستان: (تەرمی دوژمن لەسەر ئاوی بێخاڵ/ بۆتە چێشتان و بژیوی قەل و داڵ) «هێدی»، ٦. گوندێکە لای سۆران،٧. ئەشکەوتی بێخاڵ، لە نزیک گوندی دێی هەودیان،٨. ناوی ژنانە.

**بێ خانومان**: بێ ماڵوحاڵ: (یەکێ خاوەن تەلار و کۆشک و دوکان/ یەکێ بێ خانومان و لات و بێ نان) «قانع».

**بێ خانەولانە**: بێ جێوڕێ، بێ ماڵوحاڵ، نەدار: (من بێوەژنێکی بێ پەسیوم/ بێ خانە و لانە، بێ بژیوم) «هەژار».

**بێ خانی**: بێ خانوو، بێ ماڵ: (سەعدی ئەیامی خۆی نەبوو نانی/ وەکو من بوو گەڕۆک و بێ خانی) «حاجی قادر».

**بێ خاو**: بێ خەو، خەو تێ نەچوو: (خاو و بێ خاوی دو زولفی خاوم ئەز/ چاوەچاوی یەک غەزالەچاوم ئەز) «نالی».

**بێ خاوخێزان**: سەڵت، ڕەبەن، بێ ژن و منداڵ.

**بێ خاوەن**: ١. بێ ساحەب، بێ خوداوەند،٢. بەرەڵڵا، بەربەرەڵڵا: (باغی بەرەڵڵا).

**بێ خاوەنی**: بێ ساحەبی، بێ گەورەیی: (گەرچی سەرۆکەکانی گەلْباغی و مەنمی گەلێ کەسیان وێران کرد، ... بەڵام ئەمانە لە ڕووی نەزانی و بێ خاوەنیەوە بووە) «ڕشتەی مرواری».

**بێ خاوی**: بێ خەوی، خەوزڕاوی: (ئێمە بەبێ تۆ سا لێوەی سەرسام/ خەیاڵ چەنی دەرد بێ خاوی بێ ڕام) «بێسارانی».

**بێخ بڕ**: بنبڕ، ڕەگبڕ، ڕیشەکێش.

**بێخ بڕبوون**: ڕیشەهەڵکەنران.

**بێخ بڕ کردن**: بنەبڕکرن، ڕیشەدەرێنان.

**بێخ بڕ کەردەی**: بێخ بڕ کردن.

**بێخ بەستن**: ١. ڕیشە داکوتان،٢. بن گرتنی چێشت.

**بێخ پەڕ**: چلی پەڕی باڵندان.

**بێخ پەیداکردن**: درێژکێشانی کار.

**بێخ جوجکە**: کلێنچک، بنجوجکە، بندوو، بێخدوو.

**بێخ درەخت**: ڕەگ و ڕیشەی دار.

**بێخ دیان**: پووک، پدوو، هاروو.

**بێخ دیوار**: بن دیوار، بنەڕەت، بنیاد.

**بێخ ڕان**: بنڕان.

**بێخری**: گوندێکە لای دێرالوک.

**بێخ ڕیش**: ١. بنی ڕیش،٢. بەسەر دەستەوە مان: (ماڵی قەڵب بێخی ڕیشی ساحەبی).

**بێخش**: بێکەموکووڕی.
**بێخ گرتن**: ١. سووتانی چێشت بە بنی قاپەوە، ٢. نیشتنی خڵتەی تراو.
**بێ خڵتە**: ساف، ڕوون، بێلیتە.
**بێخ مل**: بنامل، ژێرمل، بینەقاقا.
**بێخمە**: گەروێکە زێی پێدا دەڕوات کەوتۆتە لای ڕۆژاوای باکووری باتاسێ، جێیەکی زۆر دڵگیرە.
**بێخمێ**: گوندێکە لای شارۆچکەی بجێل.
**بێخ ناخوون**: بن‌نینۆک، نازە، ژێر ناخوون.
**بێخ نشین**: تانشین.
**بێخ نیشتن**: لەبن نیشتن.
**بێ خو**: ١. بێ‌هێز،٢. بێ‌کەیف، ناشاد.
**بێ خۆ**: ١. سەربەخۆ، بێ‌ترس، هەروا،٢. بێ‌هۆش، بێ‌حاڵ،٣. بێ‌هۆ، بێ‌دەلیل،٤. بێ‌جێ، نابەجێ.
**بێ خواب**: بێ‌خەو، بێ‌خەف: (مەلا زانم ژ مەدهوشی، تە دل بێ‌خواب و بێ‌خوردە) «جزیری».
**بێخ وبن**: بنج‌وبناوان، بنەڕەت، بنچینە.
**بێخ وبناوان**: ڕیشە و ڕەگەز، بنەما، بنچینە.
**بێخ وبنج**: ڕەگ و ڕیشە، بنج و بناوان.
**بێ خوتوور**: بێ‌خەیاڵ: (بێ‌خوتوورم، بەردەبازم کەللەیە/ تا ئەگەم بەو قیبلەیە!) «گۆران».
**بێخود**: ١. بێ‌هۆش، لەخۆچوو، ماندوو، مەلەنگ: (بووک بێ‌خود، ئاغا مەست، بەربووک بە ئەنگوست هاتە خوێ/ دەستەخوشکی بە گان دا، گۆبەندی گیراو دەرپەڕی) «سالم»،٢. پووچ، بێهوودە، فیڕۆ،٣. بیابان، بیاوان،٤. نازناوی شێعری مەلا مەحموودی موفتی، لە سلێمانی هاتۆتە دنیاوە ١٢٩٦- ١٣٧٦ک.: (بە فیکری ئیلتیفاتی ئاسکەکەی شێرئەفگەنی چاوت/ بە دەشتی شارەزوورا بێخودی دێوانەکەی خۆت هات) «بێخود».
**بێخۆد**: بێخۆ، سەربەخۆ، بێ‌پرس، بێ‌مانا.
**بێ خودا**: ١. کافر، بێ‌دین،٢. بریتی لە بێ‌بەزەیی، دڵڕەق.
**بێ خودان**: ١. بێ‌خاوەن، بێکەس: (ئێستا هەزار و چوارسەد ماڵی خۆم و مامم سەرەویرانە/ خانزادەخانی حەریری بێ‌ساحێبە و بێ‌خودانە) «مان»،٢. خودایان نییە.
**بێخودانی**: بێکەسی، بێ‌خاوەنی: (ژ بێ خودانی و نەچاڤدانێ ئەو هەمی نوکە کاڤل بووینە) «سندی».
**بێ خودایی**: بێ‌ڕوحمی، دڵڕەقی.
**بێخودبوون**: بوورانەوە، بێهۆش بوون: (وەخت بوو دڵم بێخود بێ).
**بێخودی**: ١. سەربەخۆ، بێخۆ ٢. بێ‌خودان، بێکەس ٣. بورانەوە، بێهۆشی.
**بێ خودێ**: بێ‌ئینساف.
**بێ خودێیی**: بێ‌ئینسافی.
**بێ خۆراک**: بێ‌خورد، ئەوەی هیچی پێ نەخورێ.
**بێ خۆراکی**: کەم‌خۆراکی، نەداری، هەژاری: (تا ئەویش لەبەر بێ‌خۆراکی و کەم حەسانەوەیی مرد) «پێکەنینی گەدا».
**بێ خورد**: بێ‌خۆراک: (پەرێشان، عاشق، دەوەندەن بە تاو/ بێ سەدا و ئارام، بێ خورد و بێ خاو) «بێسارانی».
**بێخوز**: کیسەی بێ زامبینە.
**بێ خوست**: وس، بێ‌جووڵە، بێ‌تەکان، بێ‌هەست، بەئەسپایی.
**بێ خوستبوون**: بێ‌هەست‌بوون.
**بێ خوسر**: بێ‌زیان، بێ‌زەرەر: (بێ عوسر، ژ بۆ وی ڕا مویەسەر/ بێ خوسر ژ بۆ وا ڕا

موقەددەر) «خانی».

**بێخۆکاو**: بێخۆ، بێترس: (دوای چەنداوێک گورگ وارە وارە، بێخۆکاو بەرەو دیوەخان دەچوو) «پەند».

**بێخوڵق**: بێخوڵک.

**بێخوڵک**: ١. بێخوڵق، بێکەیف، وەڕەز، ڕەنگزەرد، زەردهەڵگەڕاو، ڕوخساردااماو،٢. خوڵک ناخۆش، ساردوسڕ: (ئێوارە دیتم بە جەلالەوە، خوڵکی نەکردم بێمە ماڵەوە) «فۆلکلۆر».

**بێخوڵکتوو**: ١. خوەشڕوو،٢. بێڕوودەربایس.

**بێخووەدی**: بێخێوی، بێخاوەنی.

**بێخووی**: بێساحەب، بێخاوەن.

**بێخوەدی**: بێخودان، بێکەس.

**بێخوی**: بێخودان، بێساحەب.

**بێخوێ**: ١. خواردنی بێنمەک: (شێڤا دوو کابانین ئان سوێرە، ئان بێخوێ) «پەند»٢. مرۆی سست خاو، مرۆی بێخوێ.

**بێخویایێ**: دەرکەوێ: (وەکی دەما شەران ژی ب سۆربوونا ئاسمان بێ خویایێ) «مەستوورە».

**بێخوین**: گیانداری کە خوێن لە لەشیدا نەبێ.

**بێخوێنی**: ١. کەمخوێنی، بێخوێنی(گیاندار)، ٢. خوێن ونی، بێسەروشۆنی: (تا نەخوێنی هەر بە بێخوێنی دەڕۆی/ یا نەماوی، یا کە ماوی ڕەنجەڕۆی) «ڕاوچی».

**بێخە**: بێخە، بێخەرە: (ژەو پاشی تو بێخە وەقتێ فرسەت/ زینهار مەدی ئەمان و موهلەت) «خانی».

**بێخەبەر**: ١. بێئاگاداری، بێئاگا: (بێخەبەر هات)،٢. بێئاگا، نەیزانی: (یاری مە بۆ حەسرەتی مە، مووی لە ڕووی کردە نیقاب/ بێخەبەر ئەمما کە: سایە، بوو بە زیبی ئافتاب) «ئەدەب»،٣. کەسێ، کەسێک: (.../ ئێمە وەکو خۆت ئەبەی! سبەینێ خۆشت/ وەک ئێمە دەبی بە گۆزە، لای بێخەبەرێک) «خەیام هەژار»،٤. کوتوپڕ، لەپڕ، لەناکاو،٥. ناوی کێوێکە لای بیجاڕ.

**بێخەبەربوون**: خەبەر لێنەبوون: (خۆشە ڕۆژێ لە عالەم دەربەدەر بم/ لە نێو ئەوزاعی دونیا بێخەبەر بم) «وەفایی».

**بێخەبەرکەوتن**: تێداچوون، سەردانان: (لە کێ یارەب خەبەرپرسی بکەم من/ کە هەرکەس بۆ خەبەر چوو، بێخەبەر کەوت) «مەحوی».

**بێخەبەرەنی**: بێخەبەری: (ئوساگیان تۆ وێت بێ خەبەرەنی/ جە گر عالمێ عالم تەرەنی) «م.ح. دزڵی».

**بێخەبەریی**: بێئاگایی، خەبەردار نەبوون.

**بێخەتا**: لە ناحەق: (بێخەتا ئەو شەهە لەو بەردەرە «مەحوی»ی دەرکرد/ بۆ چ کەس سەرنەچووە شەوکەتی ساحێب جاهی) «مەحوی».

**بێخەتەر**: بێمەترسی، ئەمن: (وان حەز کن ژ دل و جان تا ڕوونی بێخەتەرن) «گولشوون».

**بێخەرجی**: بێپارە و خەرجی.

**بێخەزان**: باخچەیێ کە گوڵی هەڵناوەرێ: (باخچەیێکی بێخەزانە و چقڵی چاوی سەد بەهار) «ئاسۆ».

**بێخەڵاتوبەرات**: بەخۆڕایی، مفتێ: (نۆکەری بێ خەڵات و بەرات تانجی سەری ئاغایە) «پەند».

**بێخەلە**: بێدەغڵ و دان، بێخەلە و خەرمان.

**بێخەم**: ١. ئاسوودە، ئەرخەیان، خاترجەم: (ئێستە بۆ چاری خەمم گۆشەیی مەیخانە

جێم/ من کە دەمەویست میللەتەکەم بێخەم کەم) «هێمن» ٢. خەمسارد، کەمتەرخەم.

**بێخەمبوون**: ١. ئاسوودە بوون: (دەتهەوێ تاوێ لە خەم بێخەم بی) «ڕاوچی»،٢. خەمسارد بوون.

**بێخەمە**: گوندێکە لای شەقلاوە.

**بێخەمی**: ١. هێوری، ئاسوودەیی ٢. خەمساردی، کەمتەرخەمی.

**بێ خەو**: ١. بێدار، نەخەوتوو،٢. خەو لێزڕاو: (چندێ دڵ پەشێو ناڵەی شەوان بیم/ جەلابەخشی دەرد، گشت بێ خەوان بیم) «بێسارانی»،٣. کەسێ کە قەت خەوی نایێ،٤. ناوی کوڕانە.

**بێ خەوش**: ١. خالیس، بێ تێکەڵی(دەغڵ)،٢. ڕوون، ڕۆشن، بێ گەرد، ساف: (بێ خەوش وەک ئاونگی گوڵ/ پڕپڕ لە هەست و سۆز و کوڵ) «هێمن»،٣. بێ عەیب: (دیدەی کۆر هیجر باڵای بێ خەوشت/ نەوینۆ سورمەی گەردەکەی کەوشت) «مەولەوی».

**بێ خەوشە**: ناوێگە دویەتانە.

**بێ خەوشی**: بێگەردی، پاکیی، خاوێنی.

**بێ خەوف**: بێ ترس، بوێرانە: (بێ خەوف جە تانەی ڕەقیب و ئەغیار) «بێسارانی».

**بێ خەوەر**: نائاگا، بێ ئاگا: (بێ خەوەر جە من دەردم کاری یەن/ سەیر و سەفای ئەو پەی من زاری یەن) «مینەجاف».

**بێ خەوی**: ١. بەخەبەری، بێداری،٢. خەوزڕاوی: (سەر و ئەستۆ لە بەر پێتا نەوی بوون/ دوو چاوم تووشی تانەی بێ خەوی بوون) «ڕاوچی»٣. شەونخوونی: (شەو دەکێشم شەونخوونی و بێ خەوی/ زۆر دەچێژم دەرد و داخی بێ ئەوی) «ناڵەی جودایی»،٤. کەم خەوی: (بێ خەوی لێی بۆتە عادەت) «ئەمیری».

**بێ خەیاڵ**: ١. ئاسوودەخەیاڵ،٢. کەمتەرخەم، بێ مشوور، گوێ نەدەر: (ئەرێ کزەیەک لە من، یەکێک لە شەماڵ/ ئەرێ بیبرن بە باڵای یاری بێ خەیاڵ) «حەسەن زیرەک».

**بێ خەیاڵی**: ١. بێ خەم و خەیاڵ بوون،٢. بێ مشووری، کەمتەرخەمی.

**بێخی**: ×٢٢٠×: (تەڵەبێ دەکەم لە خودای لە کن چادری مەی بێخی) «ماملێ».

**بێ خێ**: بێ خوێ: (زادێ دوو کابانی یا یێ بێ خێ یە) «پەند».

**بێ خیجاف**: بێ دەنگ.

**بێ خیر**: بێ خێر: (ئەیا بێ کەسپێ بێ خیرە؟/ یەقین عەقلێ تە تەخسیرە) «فەقێ تەیران».

**بێ خێر**: ١. بێخێرە، بێ سوود، بێ کێر، بێ کەڵک: (تەمبەڵی کاری حیز و بێ خێرە/ دەستی ماندی لەسەر زگی تێرە) «حاجی قادر» ٢. ناوی چیایێکە لە لای دهۆک.

**بێ خێروبەرەکەت**: بێ کەڵک، بێ سوود.

**بێ خێرە**: بێ خێر، بێ کەڵک: (یەکێ منداڵی زۆر و بێ خێرە/ یەکێ تا دەمرێ وەجاخی کوێرە) «غوڵامی».

**بێ خیرەت**: ١. بێکارە، تەمەڵ، تەوەزەل، تەنبەل: (د گوندەکێ دا سێ کەس هەبوون گەلەک تەنبەل و بێ خیرەت د شولێ دا) «گولواز»٢. بێ نامووس، ئابڕووفرۆش ٣. بێ عەقڵ، گەمشۆ، گەوج.

**بێ خێری**: ١. بێ کەڵکی، بێ سوودی،٢. ناوی شوێنە: (هەوارە بڵێ هەوارە/ هەڵیاندا لە بێ خێری/ سەر دەکەمە سەر ڕانت/ بمشێلە ناسکەبێری) «فۆلکلۆر».

**بێ خیلاف**: ڕووڕاس، بێ درۆ: (مەم فێرس و بەتل و سینەسافە/ خاسا ب تەڕا خوە

بێ خیلافە) «خانی».

**بێ خێو**: بێ خودان، بێ سەرپەرست.

**بێ خێوی**: بێ خودانی، بێ سەرپەرستی: (ژێر و بەدڵن گەلێک دەزانن/ بێ خێویە بێ سەر و زمانن) «هەژار».

**بێد**: ١. بی، دار قەی،٢. چۆڵ، چۆڵستان: (مەر مەلان مەردەن، بێدشان ماوان؟) «بێسارانی».

**بێدا**: ١. زۆر، زیاد لە ئەندازە،٢. بێداد، زوڵم.

**بێداخ**: ١. بەیداخ، ئاڵا: (داخۆ بۆ، بەی وە بەیداخەوە؟/ مەیل کەی بە حەستەم، بە دەماخەوە؟) «بێسارانی»،٢. بێ دەرد، بێ کەسەر.

**بێداخدار**: بەیداخدار، پەرچەمدار.

**بێداخدارە**: بەیداخدار، ئاڵاهەڵگر.

**بێ داخە**: بەیداخ، ئاڵا.

**بێداد**: ١. زۆر، گەلێ، زیاتر لە ئەندازە: (ئەو پارەیە بێداد زۆرە)٢. هاوار، دادوبێداد، سکاڵا: (یاگێوتەر نیەن داد ویم کەروون/ جە دەس تۆ بێداد وە لای کێ بەروون) «مەولەوی»٣. خۆرت، زۆردار ٤. زۆر، ستەم، جەور: (دولبەر و بێداد و ناز، عاشق و دادی نیاز/ خاڵە: بە رووەمەت درا، داغە: نرایە جگەر) «مەحوی»،٥. شکات، سکاڵا: (یاگێو تەر نیەن داد ویم کەروون/ جە دەس تۆ بێداد وە لای کێ بەروون؟) «مەولەوی»، ٦. دەیشت هەڕاق، دەشتی پان.

**بێدادی**: زۆری، خورتی، زۆرداری: (منیش بێدادی شاباڵی شکاندم/ بە ناکامی لە خوێناوی تلاندم) «هێمن».

**بێدار**: ١. نەخەوتوو، بەخەبەر: (من شەوێ ناڵەم جۆش ئاوەردە بۆ/ سەگی ئاسەنەت بێدار کەردەبۆ) «مەولەوی»،٢. وریا، ئاگادار: (شەو لە ناو جێ، تا سەحەرگاهان بە یادی ماهی ڕووت/ ساتێ ئەختەر، باری ئەشک و ساتێ بێدارە ئەدەب) «ئەدەب»، ٣. لاواز، کز ٤. بێ درەخت، بێ داروبار،٥. نەدار، بەلەنگاز،٦. ناوی کوڕانە.

**بێ دار**: بێ ماڵ، بێ خانوو: (ئەی بێ نەزیر و هەمتا، هەر تۆی کە بەرقەراری/ بێ دار و بێ دیاری، بێدار و پایەداری) «حاجی قادر».

**بێداران**: چیایەکە بەرزە لە لای مێرگەسوور.

**بێداربۆ**: بێدار بێ، نەخەوتبێ: (وێت واتەن هەرکەس شەوان بێدار بۆ/ مشێو مەست زەوق بادەی مەی خار بۆ) «مەولەوی».

**بێداربوون**: ١. خەو بەردان، هەستان: (بێدار نەبوون فیتنەیی ئەو نێرگسی جادووت/ ئاهی سەحەری ئێمە، دڵی باخەبەری کرد) «ئەدەب»،٢. بە ئاگا بوون.

**بێداربوونەوە**: ١. هەستان لە خەو،٢. ووشیار بوونەوە: (بوڵەن کەر دڵسۆز سەدای دڵتەنگی/ بەڵکم بێدار بوو جەی خاو سەنگی) «مەولەوی».

**بێداربەر**: ١. هەستە، بێدار بە: (دانگێ شەو مانۆ، بێدار بەر جە خەو) «بێسارانی»،٢. وریا بەوە: (وەس خاکبازی کەر بێدار بەر ئامان/ بڕیانەوەی تۆیچ سەر وەختش ئامان) «مەولەوی».

**بێداربی**: هەستا، بێداربوو: (شەهزادە جە خواب شیرین بی بێدار/ بەردش سوجدەی شوکر خوداوەند سەد جار) «خانای قوبادی».

**بێداربیەیۆ**: بێدار بوونەوە.

**بێداربییەی**: بێدار بوونەوە.

**بێدارخەو**: ١. سووکەخەو، وەنەوز،٢. حاڵەتی بەینی بەخەبەری و نوستوویی،٣. حاڵەتی کەسێ کە بە دەم خەووە دەڕوات.

**بێدارک**: گوندێکە لای ئەتریش و شێخان.

**بێدارکەردەن**: هەستاندن: (بە میروەحەی

قورس بۆنی عەنبەر/ بێدار کەرد جە خاو سالار مەحشەر) «خانای قوبادی».
**بێدارکەرۆ**: بێداری کات، هەڵیستێنێ: (با بێدار کەرۆ تا کەی بۆ غافڵ/ دەف وە سەدای گیان، جام وە ڕەشحە دڵ) «مەولەوی».
**بێدارمەبۆ**: لە خەو هەڵدەستێ، بێدار ئەبێ: (جە سامی موژەی ویش، بێدار مەبۆ/ دەرسات بێپەروا، جە ڕەم تار مەبۆ) «بێسارانی».
**بێدارو**: گوندێکە لە خۆرهەڵاتی داقوق.
**بێداروبار**: ڕەقوتەق، ڕەقەڵ، کزولاواز: (گەورەکەیان مێینە و ئەوانی دی نێرینە، هەرەشەکەیان حەمە ڕەحیمە، بێ داروبار، ڕەقوتەق) «خاک و چەوسانەوە».
**بێدارۆبییەی**: بێدار بوونەوە.
**بێدارۆکەردەی**: بێدار کردنەوە.
**بێدارودرەخت**: زەوییەک کە داری لێنەبێ.
**بێداروماڵ**: نەدار، بێ ماڵ و حاڵ.
**بێداروون**: گوندێکە لای مێرگەسوور.
**بێدارە**: گوندێکە لە نزیک پیرەمەگروون.
**بێدارەوەکردن**: وشیارکردنەوە.
**بێداری**: ١. نەخەوتوویی، بەخەبەری: (قەت بە بێداریم نەدی تالیع، ئەڵێی مامانی دەهر/ گۆشی ئەم منداڵە بەدبەختەی بە نووستن کردووە) «بێخود»،٢. وریایی، ئاگاداری: (وەها مەستی تەماشای چاوتە «نالی» کە نازانێ/ بە بێداری دەبینێ، یا لە نەشئەی مەستی و خەودا) «نالی»،٣. کاتی هەستان لە خەو: (دەمی بێداری کە دەستی مریەم/ قۆناغی عیسا ئەشوا لە سەر چەم) «پیرەمێرد».
**بێداشت**: بێهداشت، پاکوخاوێنی: (تەمیسی و بێداشت پێویستە بۆ گشت/ بۆ پیر و جوان، بۆ ورد و دروشت) «ئەهوەن».
**بێداشدار**: بێچاوسوور، بێکەس‌وکار.
**بێداغ**: داغ نەدیتوو، ئازار نەچەشتوو: (ژ هەر بێداغ و بێدەردێ مەپرسن میحنەتا عیشقی/ چ زانن بێخەبەر ژانا دلێ داغ و کەسەر تێدا) «جزیری».
**بێداغدار**: ئاڵاهەڵگر.
**بێداغدارە**: ئاڵاهەڵگر.
**بێداغداری**: ئاڵاهەڵگری.
**بێداغە**: بێداخە، ئاڵا.
**بێداق**: گوندێکە لە هەرێمی کوردستان: (ڕۆژی ٢٥ی مانگ لە گوندی بێداقی عێراقەوە پەڕینەوە بۆ گوندی بای لە ناو خاکی تورکیا) «لە مەهاباد بۆ ئاراس».
**بێدالدە**: ١. بێپەنا، بێپشتیوان، بێنەوا،٢. بێبناوان، بێکابان.
**بێدامان**: بێتووڕەیی.
**بێدان**: ١. بێتۆم، بێتوو،٢. بێددان، بێدیان، ددانکەوتوو: (لە داپیرێکی سەرسپی بێدان/ تێگەیشتین هۆی چۆڵیی قارەمان) «گۆران»،٣. ناوی شەخسێکە لای بانە خەڵک پێی دەڵێن سوڵتان مراد.
**بێدانوئاو**: دان و ئاو لێبزاو: (تەیری بێ دان و ئاوم، پەروانەی باڵ سووتاوم) «حەسەن زیرەک».
**بێدانە**: ١. بێدان،٢. جۆرێ ترێی بێدەنکە،٣. بەیدانە، دەنکی بەهێ.
**بێداوی**: ١. بێدووایی، بێدومایی، بێبڕانەوە، بێپسانەوە ٢. کاری بێبەهرە و ئاکام.
**بێدایک**: دایکمری، بێداڵک: (کچی بێ دایک وەک باغی بێ پەرژینە) «پەند».
**بێدایوباب**: ڕۆڵەی بێ دایک و باب: (ئەوە لانک و بێشکەی بێ دای و بابی/ لەبەر سوورەتاوی هاوینان دەکەوتن) «فۆلکلۆر».
**بێدایی**: بێدادی، هاوار لە زوڵم: (هەڵبەت

پاڵەوان دڵ بێدایی ئەکا) «ئاوێنەی بێگەرد».
**بێدایی وباب**: بێدای وباب، هەتیو، سێوی: (دەس کورتە، نەدارە، بێ دایی و بابە) «ئەمیری».
**بێددان**: ١. کەسێ ددانی لە زاریدا نەمابێ،٢. کەل، پیری ددان نەماو: (خوەدێ گۆشتی ددەت بێددانان) «پەند»،٣. کەسی کەم ددان بۆ تەوس و گاڵتە.
**بێدراڤ**: ١. بێ پارە، نەدار ٢. بێ بوار، بێدەراڤ.
**بێدران**: بێددان: (کەڕ بم، لاڵ بم لە تاو تۆ/ دەتبەن بۆ بژاری بێستان/ بە قوربانی تۆی دەکەم/ سەد پیرێژنی بێدران) «فۆلکلۆر».
**بێدراو**: بێدراڤ، بێ پارە، نەدار، فەقیر: (زێڕ گەرچی نەسەرمەیانی پیاوی ژیرە/ بێدراو هەژار، لە سەر زەوی یەخسیرە/ ...) «خەیام هەژار».
**بێدرک**: بێدڕوو، بێ ئستڕی،
**بێدڕک ودالْ**: گیای بێدڕوو، گیای خالیسی ئاخری پاییز: (دلگیری، جوانی، بێ دڕکو داڵی/ دوا یادگاری بەدیعی ساڵی!) «گۆران».
**بێدرۆ**: بەڕاستی، بێ گەزاف: (تاقە یارم ڕۆ، کوا ڕۆیی بۆ کوێ؟/ بۆی ئەکەم ڕۆڕۆ، تا هەم بێدرۆ) «ع. مەردان».
**بێدرەنگ**: بێ ڕاوەستان، بێ تەفرە: (شەماڵ شۆ هۆرکەر بدەر بێدرەنگ/ سەیل و تەم زەردەی دیدە و دڵ و ڕەنگ) «مەولەوی».
**بێدریغ**: بێ کەمتەرخەمی، بە دڵنیایی: (تیغی بێ دریغ بنیەم نە گەردەن/ تۆ ساحیب سەواب من شاد وە مەردەن) «بێسارانی».
**بێدڤە**: گوندێکە لە باکووری دێرالوک.
**بێدگان**: بێددان، بێدنان، بێدیان.
**بێدل**: ١. ناچار، زۆری، بە نابەدڵی ٢. بێ جەرگ، ترسەنۆک: (هەرکەسێ ئەربابی دل بێ، جەرگی دایم لەتلەتە/ بێ تەماشای بێ دڵیش کە، چۆن لە ناز و نیعمەتە) «قانع»٣. دڵمردو، دلمری، ئەوەی حەزی لە دڵداری نەبێ: (ژن بێدل وەکوو کراسی سەر مل) «پەند»،٤. وشک، ساردوسڕ: (هامدەرد بوون چەنی دەردی بێدڵان) «بێسارانی»،٥. نازناوی شاعیرێکە: (وەک «بێدل» ئەڵێ حەیفە کە وا ساکنی باغی/ بولبول لە دڵت دەرئەکەی و تێکەڵی زاغی) «بێخود»،٦. ناوی پیاوانە.
**بێدڵار**: بێ دڵدار، بێ ئەڤیندار: (بزانین دڵی بێ دلار چۆنە/ ڕەنگوڕووی گوڵی لە بن خار چۆنە) «ڕاوچی».
**بێدڵخە**: یەکێ لە چار حەوتوی دوماهیا زستانێ: (ئێدە، بێدلخە، یۆخەننە، مریەم)، (ئێلدە بێدلخە هەرکێ بچێت مالا خوە، دێ بیتە قاتلێ سەرێ خوە).
**بێدڵی**: نابەدڵی، دڵشکاندن: (پیاوێک هەبوو لە شاری سنە، تەنها کوڕێکی هەبوو، ئەویشی زۆر خۆش ئەویست، هەر شتێکی ئەکرد بێدڵی نەئەکرد) «ڕشتەی مرواری».
**بێدڵێوە**: شۆڕەبی، شوڕەبەێ، جووریێ دار ڤەێ.
**بێدڵی**: ترسەنۆکی.
**بێدڵی کردن**: دڵ شکاندن.
**بێدموشک**: بیدموشک، دارێکە بۆنی گوڵەکەی زۆر بەناوبانگە: (بێدموشک لای ئەو بۆنی نەماوە/ ئەو سێوە ڕیشەی ڕۆحی کێشاوە) «پیرەمێرد».
**بێدن**: ناوی گوندێکە لە ناوچەی تانجەرۆ، لە لیوای سلێمانی: (گەر کەتان و ڕۆژپەرستی ئێوە نیم، بۆ ڕۆژ و شەو/ ڕووم لە مانگ و ڕۆژی وارماوا و بێدن کردووە؟) «بێخود».
**بێدنان**: بێدگان.

**بێ دۆ**: ١. دۆ لێبڕاو،٢. کەسێ بەبێ دۆ و ئافرەت لە شاییدا هەڵپەڕێ: (لە شایی ئێمەدا نابینی ئێستا/ کچێکی دڵ بەخەم، لاوێکی بێ دۆ) «هێمن».

**بێ دوا**: بێ پاش، بێ دوای، بێ ئەنجام.

**بێ دوان**: بێ زمان، بێ ئاخافتە: (ئێد کە واتش پێم سەنگی بێ دوان/ من جە ئەو بەتەر لاڵ بیم جە زوان) «وەلی دێوانە».

**بێ دوایی**: بێ داوی، بێ کۆتایی.

**بێدود**: گوندێکە لای پیران.

**بێدور**: گوندێکە لای مەزنێ و سۆران.

**بێدۆر**: ١. بەڕێز، ڕێزدار ٢. بەهێز، هێزرا، قەوی، خورت.

**بێدۆروکلیل**: بێ قوفڵ، بێ قفڵ.

**بێ دۆست**: ١. تەنیا، تەنیاباڵ، بێ هەڤاڵ،٢. کەسێ دۆستی دڵداری نەبێ: (کانێ بەر ماڵان بە چنار و بێ یە/ پیرێکی دۆستدار حاکمی ورمێ یە/ جحێڵی بێ دۆست، سەگی کرمێ یە) «فۆلکلۆر».

**بێدۆش**: بێرەدۆش، شیردۆش، مەڕدۆش، چێلدۆش، مانگادۆش.

**بێ دوندان**: ١. نەزۆک، بێ منداڵ، قسر، ٢. بێ دووایی، شوێن بڕاو.

**بێ دوندە**: کۆردوندە، وجاخ کوێر، بێ زڕیەت.

**بێ دوو**: بێ دووکەڵ، بێ کادو.

**بێ دووا**: بێ پایان، بێ کۆتایی.

**بێ دووایی**: بێ کۆتایی، بێ بڕانەوە.

**بێ دوود**: بێ دووکەڵ: (ڕەزاش لەو نەسلەیە، بیبەخشە یاڕەب، چونکە قەت نابێ/ گوڵی بێ خار و بەحری بێ بوخار و ئاگری بێ دوود) «شێخ ڕەزا».

**بێ دووکەڵ**: بێ دوو، دووکەڵ لێ نەهاتوو: (لەگەڵ بلوێرت تێکەڵم/ سووتاوێکی بێ دووکەڵم) «ڕاوچی».

**بێدە**: گوندێکە لای باکووری دێرالوک.

**بێ دەبر**: بێچارە، نەدار: (دبێژن خواجە بێ دەبرە/ د مەعنێ دە دکان قەبرە) «فەقێ تەیران».

**بێدەر**: ١. بەیدەر، خەرمان، خرمان، جۆخین: (وە دینەک گۆتن: ئاگرێ نەبەردەیە بێدەرێ، گۆت تە یا نیشا من دای) «پەند» ٢. بێکەس، بێنەوا: (لێرە بەولاوە مرۆ ڕاو نەکرێ/ دەربەدەر، بێکەس و بێدەر نەمرێ) «ڕاوچی».٣. نیوی کوڕانە ٤. بێ پەژمار، بێدەرەتان ٥. بێ فهێت، بێ شەرم،٦. بێ کوناوچە و درگا: (بۆیە دڵ دایم لیباسی ماتەمی وا لەبەرا/ خانەخوێ یە، ناڕوا دووکەڵ لە ماڵی بێ دەرا) «قانع».

**بێ دەر**: بێ درگا: (لە سەر منارە سەربەرزی بێ دەر/ بڵند بوو بانگی ئەڵلاهوئەکبەر) «پیرەمێرد».

**بێ دەراڤ**: بێ هەل و دەرفەت، بێ دەلیڤە.

**بێ دەربەستانە**: بێ موڕاعاتانە، بێ ڕیعایەتانە: (باوکم کەوتە چغەچغە کردن، چغە خوێڕی، بێ دەربەستانە لە سەر ڕێتمی خۆیان دەوەڕین) «کۆردەرە».

**بێ دەرپێ**: لنگ ڕووت، بێ پاتۆڵ: (تاکەی دارتاش بم بێ دەرک و کورسی/ جۆڵا و جوتێر بم بێ دەرپێ و برسی؟) «بۆکوردستان».

**بێ دەرد**: ١. بێ غەم، بێ ڕەنج، بێ وەی،٢. بێ دەرد، بێ ئازار: (دڵە بەشقی حەق مەبە سەرگەردان/ مەشۆ جامەی گرۆی بێ دەردان) «بێسارانی»،٣. سست، کەمتەرخەم.

**بێ دەردی**: بێ ئازاری، بێ پەرۆشی.

**بێ دەردیسەری**: بێ گرفتاری، بێ ئەرگ، بێ سەرێشە.

**بێ‌دەرف**: نامرۆڤ، بێ‌ویژدان.

**بێ‌دەرمان**: ١. بێ‌عیلاج، چارە نەهاتوو: (خوەش برینـدارەکی بێ‌دەرمانم/ جارەکی شەفقە کە، ڕوحم! جانم!) «جزیری»،٢. برین یا نەخۆشییەک دەرمانی نەبێ.

**بێ‌دەروازە**: چاکێکە لە دێی خورخورەی مەهاباد.

**بێ‌دەروو**: بێ‌دەرەتان، ڕێ لێ‌براو: (با مرووی بشکێ دەم و لێو و گەرووم/ شاعیرێکی هەردی کوردی بێ‌دەرووم) «ڕاوچی».

**بێ‌دەرەتان**: ڕێ لێبڕاو، چارەنەماو.

**بێ‌دەرەوە**: بێ‌درۆ، بێ‌گومان، ڕاست(قسە).

**بێدەری**: بێ‌نەوایی.

**بێدەس**: بێدەست.

**بێدەست**: ١. دەسپاچە، دەستپاچە ٢. بێ‌مەبەست، بێ‌مرام: (کەی حوقوق ئەدرێ؟ ئەسەنرێ، عەیبە ئیتر تێبگەن!/ سەربەخۆیی چۆن نەسیبی قەومی وا بێ‌دەست ئەبێ) «ف. بێکەس» ٣. هەژار، نەدار: (خوا ئەو چاوە ڕوون کا کە تەماشای حاڵی بێدەس کا) «قانع» ٤. گۆج، بێدەس، دەستنەماو، دەس‌بڕاو ٥. کەسێ کە دەسی نییە، ٦. نە بە ئانقەستە،٧. بریتی لە هیچ لە دەس نەهاتگ، زوڵم لێ‌چوو: (بەڵێ دەستدار بێ دەستی ئەخوارد) «ڕشتەی‌مرواری».

**بێ‌دەستڵات**: ١. ناچار، بێ‌پەلام،٢. بێ‌پشتیوان: (بۆ بێ‌دەسەڵات بەخشش بنوێنە/ جوێنی پێ مەدە و وازی لێبێنە) «قانع».

**بێ‌دەستڵاتی**: ناگوزیری، ناچاری.

**بێ‌دەستنوێژ**: کەسێ دەسنوێژی نەبێ.

**بێ‌دەستوپا**: سڕوسەپۆل، دەسەوسان.

**بێ‌دەستوپل**: بێچارە، بێزمان.

**بێ‌دەستوپێ**: ١. کەسێ کە دەس و پێی نەبێ،٢. بریتی لە هیچ لەدەس نەهاتگ.

**بێ‌دەستەڵات**: بێ‌دەسەڵات، بێ‌برشت: (قەزا بێ‌دەستەڵاتت کا، چییە غەیری ڕەزا چارە؟/ لە بەر دەستی جەلابا ڕێوی‌یێکە شێری پەل‌بەستە) «مەحوی».

**بێ‌دەستەڵاتی**: بێ‌دەسەڵاتی.

**بێ‌دەستی**: ١. بێ‌دەسەڵاتی، دەسکورتی: (سەراپامی بەر ئەشکەنجەی عوقووبەت گرتووە دەوران/ لەبەر بێ‌دەستی‌یە وا تێدەگەن خەڵقی کە بێچارەم) «مەحوی»،٢. بێ‌دەستێتی، دەس‌بڕاوی.

**بێ‌دەسەڵات**: بێ‌دەستەڵات، دەس‌کورت: (هیچ گوێ نادەیتە دەرد و ئاواتم/ چونکە ئەیزانی بێ‌دەسەڵاتم) «ف. بێکەس».

**بێ‌دەسەڵاتانە**: وەک بێ‌دەسەڵاتان: (حەمە بێ‌دەسەڵاتانە بە دیاری‌یەوە داماوە) «هەزار ئەشکەوت».

**بێ‌دەسەڵات‌بوون**: بێ‌برشت بوون: (بێ‌دەسەڵات بی هەڵدێنە سەرت/ ئەگەر لێت ترسان، ئەمرن لەبەرت) «پیرەمێرد».

**بێ‌دەسەڵاتی**: بێ‌برشتی، دەس‌نەڕۆیشتوویی: (ژیان بە لاتی و بێ دەسەڵاتی/ هیچ درۆی نەبێ، سەد مەرگە ساتی) «برایم ئەحمەد».

**بێ‌دەسهەلات**: بێدەسەڵات، بێچارە: (خودێ دگەل تە بکەت ئەگەر من چ پیچینا بیت چونکی من مرۆڤەکی بێ‌دەسهەلاتم) «گولواز».

**بێدەسی**: بێدەست.

**بێ‌دەعیە**: بێ‌فیز، خاکینە و خۆڵینە: (بەڕاستی قەت ئەوەندە مودەڕیسی بێ‌دەعیە و ڕۆح‌سووکم نەبووە) «چێشتی مجێور».

**بێدەق**: ڕەنگ‌پڕوکاو، دەق‌شکاو، هەژار.

**بێ‌دەلان**: گوندێکە لای قەڵادزێ.

**بێ‌دەلنگ**: بێ‌شەرم، بێ‌هەتک.

**بێ‌دەم**: ١. شەرمن، شەرمێون، کەمڕوورەگا،٢. بێ‌وەخت، بێ‌کات، ناوەخت: (نەکی لەزێ ل خەبەر دانا بێ دەم/ ئەگەر باش بفکری و دەرەنگ چ غەم) «گولشوون»،٣. بێ دەم‌ودوان، قسەنەزان، بێدەو: (من ئەو دەمیش بێ‌دەم نەبووم) «ڕاوچی»،٤. تانجییێک کە لە کاتی ڕاودا درەنگ نێچیر هەڵدەگرێ و دەمساردە.

**بێ‌دەماخ**: ١. بێ‌کەیف، ناشاد: (پەرێش کەر سای وەڵگ هیممەت وە یاتاخ/ نەکەرۆش سەردیی ئێلاخ بێ‌دەماخ) «مەولەوی»،٢. بێ‌ئەقڵ، گەوج،٣. سیس، ژاکاو: (بە دەماغ خۆی دا لە دەماغی من/ ئاخ بێ‌دەماغە گوڵەباغی من) «پیرەمێرد».

**بێ‌دەماخی**: بێ‌کەیفی، بێ‌شەوقی: (دڵ نە گەردەلوول بێ پەرداخی‌یەن/ دەماخم نە گێج بێ دەماخی‌یەن) «گۆران».

**بێدەمار**: ١. خۆ بەزل نەزان، خاکینە، بێ‌فیز: (ئەحمەد بەگی فەتاح بەگی ئەرازی پیاوێکی بۆشناغ و بە دەمار بوو، بە پێچەوانەی ئەو فەتاح بەگی باوکی پیاوێکی ساویلکە و بێ‌دەمار بوو) «ڕشتەی مرواری»،٢. بێ‌غیرەت، بێ‌نشا،٣. جۆرێ توتنە کە ڕەگی تیا نەبێ: (کابرایەکی کۆنەفرۆش هەرای ئەکرد: کەواکۆن، سەڵتەکۆن، توتنی بێ‌دەمار) «ڕشتەی‌مرواری».

**بێ‌دەماغ**: بێ‌دەماخ.

**بێ‌دەم‌وپل**: ١. بێ‌دەم، شەرمن،٢. بێ‌دەم و دوان، قسەنەزان، کەمدوو، قسەناڕەوان.

**بێ‌دەم‌وپلی**: قسە ناڕەوانی.

**بێ‌دەم‌ودوان**: نەدوێن، کەم‌قسە، نەدوێن.

**بێ‌دەم‌ودوود**: بێ‌دەم‌ودوان، کەمبلێ.

**بێ‌دەم‌وزمان**: ١. بێدەم، سڕوسەپۆل، کەم‌قسە، نەدوێن،٢. بریتی لە ناتوان.

**بێدەمی**: ١. نەدوێنی، بەدەم‌وپلی،٢. دەمساردی، کەوخۆری، حاڵەتی حەیوانێک کە خاوەخاو دەخوا.

**بێدەن**: گوندێکە لای خواری شارەزوور.

**بێدەنگ**: ١. کپ، کڕ، مت، قسەنەبێژ، بێ‌قسە، هیچ‌نەوێژ: (بێ‌دەنگی زکێ پربێژی دراند) «پەند» ٢. ئارام، هێدی،٣. مات، خەمناک، کز،٤. ئەو دەنگانەی ناو ئەلف و بێی زمانێ کە کپن، وەک: ب، پ، ت، س، هیتر،٥. ناوی کوڕانە.

**بێ‌دەنگ‌بوون**: ١. هش‌بوون، مت‌بوو،٢. ئارام بوون.

**بێ‌دەنگ‌دووم**: بێدەنگ، کڕومات.

**بێدەنگە**: مەکەش، جوورێ کەتەس.

**بێدەنگی**: ١. متی، کەری، نەخڤتن، پەنەمووسی: (سووتانی بە بێ‌دەنگییە ئادابی مەحەببەت/ وەک بولبول ئەم ئەفغانە بە پەروانە حەرامە) «مەحوی»،٢. ئارامی، ماتی، پیش‌خواردنەوە،٣. باسی نەهێنی نەکردن.

**بێ‌دەوا**: بێ‌دەرمان، نەخۆشییەک کە چارە نەکرێ: (تەبیبم هاتە باڵینم، وەهای گوت/ دریغا، دەردی عیشقە، بێ‌دەوایە) «حاجی قادر».

**بێ‌دەوام**: ١. خۆنەگر، ناقایم، بەرگەنەگر،٢. بێ‌داوی، بێ‌دوایی، ناپایەدار: (زوڵمی زاڵم بێ‌دەوامە).

**بێ‌دەواودامێ**: بێ‌دەوا و دەرمان: (زامێ ژارئالوود، بێ دەوا و دامێ) «بێسارانی».

**بێ‌دەوڵەت**: ١. لات، هەژار، نەدار: (سیەبەختانی بێ‌دەوڵەت، لەبەر بێ‌ماڵی و عوسرەت/ گەهێ حەماڵی ماڵانن، گەهێ عەللافی مەیدانن) «سالم»،٢. نەگبەت، شووم، ٣. چارەڕەش،

سیاچارە: (هەکە بزن بێ دەولەت بـوو، چیت نانێ شڤانێ خۆت) «پەند».

**بێ‌دەوڵەتی**: ١. لاتی، نەداری: (کە چوو بـێ دەوڵەتـی وەختـی فەرەح یـادی فەقـر نـاکەم) «سـالم»،٢. نەگبەتـی، شـوومی،٣. چارەڕەشـی، بێ‌بەختی: (دچم ئاش خراپ دەبێ، دچم کانی زوها دبێ، بێ‌دەوڵەتی وەها دەبێ) «پەند».

**بێدەوی**: بێ‌ئەدەبی.

**بێدەوییە**: بێدەوی.

**بێدی**: چۆڵەوانی، چۆڵگە: (جە پەی نەدیەنـت بە نائومێدی وێڵ وێڵ مەگێڵۆ، بێدی وە بێدی) «بێسارانی».

**بێدیال**: گوندێکە لای شێروان‌مەزن.

**بێدیان**: بیابانەکان: (تاکەی بسۆچوون، نەبوون بە زووخاڵ/ تاکەی بێدیان بکەروون بە مـاڵ؟) «بێسارانی».

**بێ‌دیان**: بێ‌ددان، بێ‌دندان.

**بێ‌دیاّن**: بێ‌دیان.

**بێ‌دیدە**: کوێرانە: (شەو نائیم و قائیم، عەلەمی بـابی ڕەزا بـێ/ بێ‌دیـدە هەڵسـێ بە مەسـەل عەینی عەسا بێ) «گۆران».

**بێدی گێڵ**: چۆڵگەرد، وێڵ‌گەرد.

**بێـدی گێڵ**: چـۆڵ و دەشـت گەڕا: (دەیـری بێدی گێڵ، دەوەندەی دووڕپەڕ) «بێسارانی».

**بێدیل ژێری**: گوندێکە لای ئەتریش.

**بـێ‌دیمەن**: گـولەکە، گـولە: (هەر وەکـوو بە گوێی‌دا چرپـابێ، بـاوکی ئەیـدا بە نـۆکەرێکی کـۆڵ‌کێش و دەس و پـێ ڕەش و بـێ‌دیمەن) «شەوارە».

**بێ‌دین**: ١. بێ‌ئـاین، بێ‌بـاوەڕ، کـافر، بێ‌ئـۆل، سۆتە، دووڕووزی، دلکۆچەر،٢. جۆرێ تووک و نفرە: (ئەوە ئەمن بووم لە مـاڵە گـولێکی دە گولەکی بێ‌دین بـاب زیـز دەبـووم) «گەنجی سـەربەمۆر»،٣. بریتـی لە دڵڕەق و بێ‌بەزەیـی: (دەنـا بەو نەحـلەتە بـی کە خـودا کـردی لە شەیتان/ ڕوحمی خێرت لە دڵا نییە کافری بـێ دین و ئیمان) «فۆلکلۆر».

**بێ‌دین‌بـــاب**: ١. کـــافرزادە،٢. جنێـــوێکە: (نە مەنسـووری هەڵـلاجە، نە کێـو بە پەڕەکـرانە/ ئەوە ئەمن بووم لە ماڵە گولێکی دە بێ‌دین‌باب زیز دەبووم، دەچوومەوە لە بۆ ماڵی دە بابـانە) «ئازیزە».

**بێدین‌ژۆری**: گوندێکە لای دهۆک.

**بێدین‌ژێری**: گوندێکە لای دهۆک.

**بێ‌دینی**: بێ‌ئـاینی، بێ‌بـاوەڕی: (حەز دەکەی تێ‌بگەی لە بێ‌دینی/ ببە دەروێشـی شـێخەکان بە هەوەس) «حاجی قادر».

**بێدی‌وەبێدی**: چۆڵەوانی بە چۆڵەوانی.

**بێر**: ١. کۆکردنەوەی مەڕ و بـزن بـۆ دۆشـین: (بێر و هاوێری لەگەڵ کاکی نەکردبا بن‌پشـک/ چۆن دەمان‌بوو ئەو هەموو گۆشـت و پەنیـر و بەرگنە؟) «هێمن» ٢. کاتی مەڕدۆشین: (یەکبێر، دوبێـــر) ٣. کـــاری مەڕ دۆشـــین: (لە لایەک باســـکی هەڵمـــاڵیوە بێـــری، مەڕ دراوە بێـــر) «هێمن» ٤. پیمەرە، بێڵ، بێرک، خاکەناس: (ژن و مێر وەکە تەڤر و بێـر) «سـەنار»،٥. دۆرەمەڕ، بەردەبێـر، بەردی حەیـوانگر بـۆ دۆشـین ٦. بەهرە، کەڵک ٧. زەوی وشک و بـایێر،٨. بـار: (کەران سێ بێر، دیهقێن سێ کێـر، ژنـان سـێ ئێر دخوازن) «پەنـد»،٩. بەو، وەرە،١٠. بێـرانن، بێنن.

**بێـــرا**: ١. بـێلا، هەیـوان: (سـینگ مـافوورەی خۆرەسان، هێنام لە لای بەغدایێ/ ڕۆژێ یـارم میوان بێ، ڕای‌بـخەم لە بێرایـێ) «فۆلکلـۆر»،٢. بێرانە، بیهێنە، بیتێرە.

**بێ‌ڕا**: ١. بێ‌ڕێ، بێ‌ڕێگا، بێ‌ڕێـواز، بێ‌ئـایین،

بێڕەوشت، بێعەقیدە: (ئاما و شیانی .../ چەند ڕا، وە بێ ڕا، ئاما و شیانی) «بێسارانی»،٢. کوێرەڕێ، بزنەڕێ، ڕچە: (وە وەخت و ناوەخت، نە ڕاگە و بێڕا/ نەکەری درەنگ نە چۆڵ و سارا) «مینەجاف».
**بێراخ**: پرچم، پەرچەم، ئاڵا، بەندێر، بەیداخ.
**بێڕادە**: زۆر، فرە: (پیاوانی بارزانی بێڕادە نەترس و بێباکن) «لەمەهاباد بۆئاراس».
**بێراسپی**: ناوی چیایەکە لە کوردستانی ئێران: (بنکەکانی سپا یەکیان لە خرینەیە و ئەوی‌تریان لە «بەزسینا»یە لە زەوی ئێراندا لە جێیەکە بە ناوی چیای بێراسپی) «لەمەهاباد بۆئاراس».
**بێراڤک**: سەول، سەلپ، سەلپە، بیر، بێڵی بەلەمڤان.
**بێراق**: بەیرەق، ئاڵا، بەندێر.
**بێڕام**: ١. نائارام، بێسەبر: (ئێمە بەبێ تۆ سا لێوەی سەرسام/ خەیاڵ چەنی دەرد بێخاوی بێڕام) «بێسارانی»،٢. بێبەزەیی، بێڕوحم: (چراغم بێڕام .../ مەتەرسوون نە جەور، گەردوونی بێڕام) «بێسارانی».
**بێڕامەن**: بێڕوحمە: (جگەر پەنهان کەرد، مەر دڵ نەزانۆ/ بێڕامەن، نەبا چەنەش بسانۆ) «بێسارانی».
**بێران**: گوندێکە لای سەردەشت.
**بێرانان**: زنجیرە چیایەکە لە باکووری قەرەداخ: (ل باکووری قەرەداغ چار زنجیرە چیا ژی هەنە: بێرانان، ئەزمیر، کورخاکەزەڤ و چیاییێن زاگرۆسێ) «مەستوورە».
**بێرانبێران**: بێنە و بەرە، هاتوچۆی زۆر: (کوا بێران بێران حاکم دەستووری) «ئاوێنەی‌بێگەرد».
**بێراندن**: باراندن، داباراندن.
**بێرانن**: بەیرانن، بێر، بێنن.
**بێرانوەن**: دیەکەیگە لە کفراوڕ لە گێلان غەرب.
**بێرانە**: بێرا، بهێنە، بێنە، بیهێنە: (شایی کوڕمانە ڕەزیلی مەکە هەر پەنج کەس دوو نان بێرانە).
**بێڕاو**: دوورەڕاو، بێنەچیر: (نازەنین! وەرزی دڵم بێکەش و بێئاوە بڕۆ/ شاهەڵۆی بەرزی چیا، پێکز و بێڕاوە بڕۆ) «ڕاوچی».
**بێڕاوجا**: بێجێوڕێ.
**بێڕاوست**: بۆکۆسپ، بێبەرگری.
**بێراوە**: گوندێکە لای بالیسان.
**بێڕای**: بێڕێگەی، سەرگەردانی: (بێڕای، چوون چەرخ غەزەب گرتەن لێت) «بێسارانی».
**بێرای**: بێنە، بیهێنە: (بێرای بۆ سەنگەر خان فەیزوڵاخان) «ئاوێنەی‌بێگەرد».
**بێرایی**: هەیوان، باراننەگر، هەیوانۆکە.
**بێڕایی**: ١. لاڕێیی، گومڕایی، کەچڕەویی،٢. هیچ‌وپووچی، هیچ‌وپووچیەتی.
**بێربێرۆک**: بسبسۆک، گوڵئەستێرە، کرمێکی فوسفورییە بشەڤ دتەیسیت.
**بێرتێ**: گوندێکە لای سیدەکان.
**بێڕجن**: بێشانس لە ڕۆزیدا.
**بێڕجنە**: بێڕجن، بێشانس.
**بێڕح**: ١. بێڕۆح، بێگیان: (بێ ڕح ل عەردێ ڕا دمەشی/ بێ دەست و پێ تو ژ کووڤە تێ) «فەقێ تەیران» ٢. لاواز، لەڕ، کز.
**بێردۆش**: ١. مەڕدۆش، سەتڵی مەڕدۆشین،٢. بێری، شیردۆش.
**بێڕزق**: بێڕۆزی، بێبژیو.
**بێڕزگار**: ڕزگار ببێ: (گوتیان بە کوڕان، بەرەی کەس‌وکار/ یان بمرن، یانە مەم بێ زرگار) «خانی».
**بێرغە**: بێرقە، برکا ئاڤێ.
**بێرک**: ١. جۆ، جۆگە، جۆبار ٢. بێڵ، پێمەرە، خاکەناس، خاکەناز، بێڵی بچوک ٣. گیرفان،

بەریک، جێو، بەرک ٤. بێر، بێرە، جێی تایبەتی مەڕگــر ٥. گــۆمیلکە لە چیــا ٦. خێــر، بەرەکەت،٧. شەپیلک، ئێسکی شان.

**بێرکردن**: مەڕ دۆشین.

**بێرکردنیبەهــاران**: مەڕ دۆشــینی بەهــاران، لە وەهــاردا دوو جــار بێــر دەکــرێ، ســبەینان لە پەڕگەی گوند و ئێواران لە دەشت.

**بێرکردنیهاوینان**: مەڕ دۆشینی هاوین.

**بێرکم**: بێر، بیر، توولە، قەفەز، قەفەس، قەوەز، ڕکە، ڕەکک.

**بێرکۆت**: زێدی شاعیری ڕۆشنبیر «عەبدوڵڵا پەشێو».

**بێــرکەر**: ئەو کەســانەی مەڕ ڕیــز دەکەن و بەری دەدەنە شــوانی ســەر داربێــر لێنــاگەڕێن بیدۆشین هەڵبێن و دە پشت شــوانەکە بــکەون لە کاتی مەڕدۆشین.

**بێرگ**: ١. بێرک، قەفەز،٢. مووروو، موورگ،٣. خاکەنازی دەم پــان و گەورە،٤. بێــرگە، جێــی تایبەتی مەڕدۆشین.

**بێرگە**: بێرگ، جێی بێری کردن.

**بێرم**: ١. ئەستێر، حەوزی ئــاو ٢. لیــتە، قــوڕێ بە گــۆم ٣. زرێچەیێکــی قــووڵ و بــێبن، نە ئاوی لەبەر بڕوا و نە بۆی بێ ٤. زەل، زەلکلو، زۆنگ، خمخمۆرک،٥. بەند، سەد ٦. بیــرمە،٧. بێنم، بهێنم، بیتێرم.

**بێرنای**: بێرنەی.

**بێرنەی**: ١. دوورخستنەوە،٢. پرینگاندن.

**بێــرۆ**: ١. وەرە، بــێ،٢. بگەڕێــوە، وەگەڕێ، وەرەوە.

**بێڕوح**: بێڕۆح، کز، لاواز: (ژ بەدەنا بێڕوح ئۆلام چێ نابە) «گوڵشوون».

**بێڕۆح**: بێگیان.

**بێڕوحم**: بێبەزەیــی، دڵــڕەق: (دنــێ مەهــدە دنێ ماکە/ دنێ تینە، دنــێ خــاکە/ ب ئەولادان ئەبەد ناکە/ ئەوا بــێ ڕێحــم و دژوارە) «فەقــێ تەیران».

**بێڕوحمی**: دڵڕەقی، بێبەزەیی بوون.

**بێــــڕوخ**: ١. نــاوچەیەکە لە کوردســـتان،٢. گوندێکە لە هەرێمی کوردستان.

**بێڕۆخ**: بێڕوخ.

**بێڕۆزنا**: گوندێکە لای دوهیکێ.

**بــێڕۆزی**: کەمڕزق، کەمڕســق، کــێمڕۆزی، چۆلەکەڕۆزی.

**بێڕۆژوو**: کەسێ ڕۆژوو ناگرێ: (تــام لەلای ژنــی دریــژە/ بــاوی بــێ ڕۆژوو و نــوێژە) «پیرەمێرد».

**بێڕۆژی**: بێڕۆزی: (سەری بێڕۆژی لە ژێر خاکایە) «ف. بێکەس».

**بێروشمە**: گوندێکە لای سیدەکان.

**بێرۆک**: بێل، بێڵی دارین.

**بێرون**: ١. چۆڵ، بیابان، بیاوان،٢. بەشــەخانوی میوان و پیوان، واژی ئەندەروون.

**بێڕۆن**: بێچەوری.

**بێرۆنەسوور**: دێیەکە لای شارۆچکەی بنگرد.

**بێرونی**: بیرون، خانووی میوانخانە.

**بێــڕوو**: ١. شــەرمن، شــەرمێون، شــەرمەزار، فهێتکار، کەمڕوو ٢. ڕوودار، بێشەرم، ڕووقایم.

**بێرووت**: ناوی شارێکە لە وڵاتی لوبنان.

**بــێڕووت**: بە بــێ ڕووی تــۆ: (نەســیمی سوبحدەم! شەبگیرییێ تا ئەسکەلەی بێرووت/ بڵێ بەو ئاشنایە: بــێ چــرایە شــامی مــن بــێ ڕووت) «مەحوی».

**بێڕووح**: بێڕۆح.

**بێڕوورەگا**: کەمڕوو، شەرمن.

**بێرووک**: بەرک، گیفان، گیرفان.

**بێڕوومەت**: بێنرخ، بێقەدر، بێئابڕوو.

**بێروون**: ١. دەر، دەرەوە،٢. بیابان، چۆڵگەیەک ئاوی بۆ شینایی و خواردن لێ چنگ نەکەوێ: (دەبڕم چۆڵ و چیا و پێدەشت و بێروون) «هێمن».

**بێ ڕوون**: بێ چەوری، کەم ڕۆن.

**بێروونی**: دیوەخانە.

**بێ ڕووە**: شەرمن، فەدیکار.

**بێ ڕوویی**: شەرمنی، فەدیکاری.

**بێروێ**: گوندێکە لای بالیسان.

**بێرە**: ١. بێر، بێرگ، جێگەی دۆشینی مەڕ بە کۆمەڵ: (ڕاوی ڕێوی هەموو لە بۆ کەوڵە/ گورگ لە بۆ بەرخە دێتە ناو بێرە) «شێخ ڕەزا» ٢. ڤەگێرانا پەز بۆ جهێ دۆشین ٣. بێرۆ، وەرە ٤. بیهێنە، باوەرە، باوەرە، بارە، بارەی: (بێرەوە گوڵەگیان ئارامی دڵ و گیان) «دیوان»،٥. بە ئێرە، بەم شوێنە: (چەندێکە بێرە فێر بووە ناڕوا)،٦. بێری، بهور، بوار، گوزەرگا،٧. ناوە بۆ کچان.

**بێڕە**: ١. بێنە، بێرانە، باوەرە ٢. وەرە ٣. بێر، هاتنەوەی مەڕ بۆ دۆشین لە نیوەڕۆدا ٤. بێ ڕیش،

**بێرەبا**: ١. شنەبا، کزە، سروە،٢. بێلەبا، بە بێل شەنکردنی خەرمان.

**بێرەبێر**: ناڵەناڵ: (ئەمن دەڵێم بابی خۆم پایز لە من بێرە بێرە) «گەنجی سەربەمۆر».

**بێڕەبێر**: دەنگی تەگەیە لە کاتی بزن بە تەگە هاتن.

**بێ ڕەحم**: بێبەزەیی، دڵڕەق: (لەیلەکەی بێ مەیلەکەی مەحبووبەکەی عەییارەکەم/ شۆخەکەی پڕ حەملەکەی بێ ڕەحمەکەی غەددارەکەم) «کوردی».

**بێ ڕەحمانە**: بێبەزەییانە، دڵڕەقانە: (بەڵام ئەو تۆڵە ئەستاندنەوەش زۆر بێ ڕەحمانە بوو) «توحفە».

**بێ ڕەحمی**: بێبەزەیی، دڵڕەقی.

**بێرەخەو**: وەنەوزەکوت، خلماش، سەرەتای خەو، لە خەو ڕاچوون.

**بێرەدا**: بەئێرەدا، پێگەنە، ڤێرا، ڤێرێدا، واوە، وێڤە، هێڤە.

**بێرەدۆش**: ١. مەڕدۆش، ئەو کەسەی ئاژەڵ دەدۆشێ: (بێرەدۆشی چاکە، لەگەڵ یەکێ لە براژنەکانی مەڕ دەدۆشێ) «ئەمیری»،٢. دەفری شیر تێدادۆشین.

**بێ ڕەز**: بێسوود، بێبەر: (شەتهاکی ڕا گۆتن: خودا هاقاس دار و بەرێ بلند خەلق کرن، گشت پڕرەزن/ قەت یەک وان را نەگۆتن سەرفەرازن، خێنجی مەرغ و چاما بێ ڕەزن) «گولشوون».

**بێ ڕەزا**: ١. بریتی لە ماری شەڕخواز: (.../ ڕەزا بە ناڕەزایی وەک ماری بێ ڕەزایە) «شێخ ڕەزا»،٢. بریتی لە کێری نەحەواوە: (بێ ڕەزایە بۆ ڕەزای خوا چاکە نەیجووڵێنی چۆن/ بۆ میانی هەردوو لا ئیخلاسەکەی پێشووم دەوێ) «شێخ ڕەزا»،٣. ڕەزاتاڵ، خوێنتاڵ،٤. زیاندەر، بێئامان، زۆردار، دڵڕەق: (چەتە و پیاوکوژێک لەو تەقەیەدا بریندار بووە، ئەو چەتەیە زۆر بێ ڕەزایە) «هەزار ئەشکەوت»،٥. بێحەیا، دەمشڕ: (با زاری خەزاڵی لێ نەکەمەوە، کچی دایکیەتی، بێ ڕەزایە، زمانی گەزێک درێژە) «ئەمیری»،٦. ناخۆش، خەفەتاوی، دەردەدار: (ئیمجا حەسەن خان کاک کوتی:/ ڕۆڵە فەقێ نازانی دڵ بووە بێڕەزا) «ئاوێنەی‌بێگەەرد».

**بێ ڕەسم**: ڕێنەزان، بێئەدەب، تۆرە.

**بێرەڤان**: ١. مەڕدۆش، پەزدۆش: (ئەز حەلاندم بێریڤانا پەزی) ٢. بیرەوەری، یادگار.

**بێ ڕەقیب**: بێوێنە، یەکتا: (بە وەسڵی ئەو

نیگارە بێڕەقیب، زەحمەت بگەی بێخود/ لە دنیادا کەسێ بێ ئەژدەها نەیدیوە گەنجینە) «بێخود».

**بێڕەگ**: بێغیرەت، بێناموس: (چیم ڕەسیم وە سەر سێڕای ساراوەگ/ جەم بین یەی عەدە جوان بێڕەگ) «چەپکەگوڵ».

**بێڕەمەق**: ناتەوان، بێهێز، لەگورکەوتوو: (بێڕەمەق وا کەوتووم من قووەتی نالەم نییە/ ئەی نیگارا بۆ زەعیفان کوانێ ئاخر مروەتت) «سالم».

**بێڕەنج**: ڕەنج بۆ نەکێشراو: (عومری جوانیم لە هێلانەی بێڕەنجا/ چەن بێتاسە، چەن ئاسوودە ئەگونجا؟) «گۆران».

**بێڕەنگ**: ١. کەمڕەنگ، کاڵ،٢. زەرد، زەردەڵ، لاواز، کز: (وتی: بۆچی واها بێتین و بێڕەنگ؟/ وتم: تۆ بۆچ ئەوەندە شۆخی و شەنگ؟) «مەحوی».٣. لووتکەیەکی بەرزە لە نزیک گوندی هەورەبان لە هەریمی کوردستان، ٤. گۆیا پێغەمبەر هاڵەیەک نوور بووە×٣٢×: (دەنگی بێڕەنگی سەدای هات، ڕەنگ و دەنگم پێنەما/ باغی ڕۆحئەفزا دەپشکووتن لە پووش و ئەشکی سوور) «وەفایی».

**بێڕەنگی**: ١. کەمڕەنگی، ناحەزی لە بواری ڕەنگدا،٢. لاوازی، زەردەڵی: (وەشڕەنگی بازەم، سا دەی بێڕەنگی/ شادی با وەس بێ، وەختەن دڵتەنگی) «مەولەوی».٣. بێهاوتایی، بێچوونی.

**بێڕەو**: ١. وەرە، بێ،٢. وەرەوە، بگەڕێوە.

**بێڕەواج**: بێبرەو، بێڕمێن.

**بێڕەواجی**: بێبرەوی، کەسادی.

**بێڕەوشت**: بێئاکار، کارچەپەڵ، خراپ: (دبێژن د گوندەکی دا ژنەکا گەلەک بێڕەوشت و تورنزم هەبوو) «گولواز».

**بێڕەونەق**: ١. بێڕەواج،٢. بێشەوق،٣. سیس، ژاکاو، چرمسی.

**بێرەوە**: ١. بێرۆ، بگەڕێوە، وەگەڕێ: (بێرەوە تۆ بێرەوە دووری بەسە) «م. ئێلخانیزادە»،٢. لە ئەگرە، لە ئێرەوە.

**بێڕەویە**: بێڕەوشت، بێکردار: (کێ مەدۆ وە دەست چوون تۆ گەدایێ؟/ جە گەدا بەدتەر، بێڕەویە و ڕایێ) «بێسارانی».

**بێڕەهـ**: ١. بێڕەگ، بێغیرەت،٢. بێڕەگ، بێریشە: (دارا بێ ڕەهە یا بێ بەلگە) «پەند».

**بێڕەی**: ١. بێڕەگ، بێغیرەت،٢. بدرەێ، بدرێ.

**بێری**: ١. بێریڤان، بێروان، بێرڤان، دۆشەری ئاژڵ، شیردۆش، مەڕدۆش: (وەرە ئێرە و ببینە وردەهەنگاوی بەرەو جێژوان/ وەرە ئێرە و ببینە نازی بێری و دەسبزێوێ شوان) «هێمن» ٢. یاد، بیر: (م بێرییا تە کربو) ٣. بێر، جێگەی ئاژەڵدۆشین ٤. گیرفان،٥. گوزەر، دەربازگە، بهر، بهور،٦. ناوە بۆ کچان.

**بێرێ**: ١. پێیبلێ، پێیبێژە(ئەمرە)،٢. ناوی گوندە لای هەولێر: (ئەمن دەڵێم براینە برادەرینە وەرن لە کوێ/ لە دەشتی مێرگان، لە گوندی بێرێ/ پێش دە مەخمووری پشت دە هەولێرێ) «گەنجی سەربەمۆر».

**بێڕێ**: ١. لاڕێ، گومڕا، سەرلێشێواو: (.../ کەوتوونە بیابانی نەزانی، بێڕێ/ کوێرن، لە شەوی ڕەشان و خۆ لێکدانە!) «خەیام هەژار» ٢. بێجێ، بێشوێن، بێجێوڕێ ٣. کاری بێجێ و ناپەسن ٤. بریتی لە بێئاکار و ناپەسند،٥. کیرکەڵەگا، گیایەکە لە لاسکی توتن دەهاڵێ و لەناوی دەبات،٦. بێڕا، لاڕێ، چەپەڕێ، نە بە شەقامدا.

**بێڕیا**: ١. دڵساف، دڵپاک، ڕاست، موخلیس:

(ئەوەنـد ئەرجـوو دەكـا «نـالی» كە جارجـار/ بـكەن یـادی مـوحیبی بێڕیاتـان) «نـالی»،٢. بەدوور لە درۆ، خالیس: (نەزەرا شـەیخ كیمیـا بـوو/ پـاک وجـود بـوو، بێڕیـا بـوو) «فەقـێ تەیران».

**بێریاتەدكەم**: ژ تە غەریبم، هزرا تە دكەم.

**بێریـانی**: جۆرێـک شـەدە بەسـتنە: (شـەدەی بەستووە بێریـانی، دەسـرۆكەی كەمێـک تـیلە/ قامكی بۆ ئەنگوستیلە، بەرۆكـت بـۆ دەرزیـلە) «حەسەن زیرەک».

**بێریای**: ١. دوورخرانەوە،٢. پرینگانەوە.

**بێریبێری**: ناوی نەخۆشـییەكی ماسـوولكە و پووكە بە هۆی كەمبوونی ویتامین B.

**بێرێتە**: جۆرێ سەمای بە كۆمەڵ.

**بێریجان**: گوندێكە لە نزیک كەركووک.

**بێڕێزی**: بێقەدری، ڕیسوایی.

**بـێڕیش**: ١. كۆسـە، لووسـكە، بێتـووک،٢. ڕیش تاشراو.

**بێریڤـــان**: ١. مەڕدۆش، دۆشـــەری ئـــاژەڵ، بێریـوان، بێـری: (ئەز كچـم، كچـا كـوردانم/ كولیلكا سەرێ لاوانم/ ڕیحانا ڕەز و چەمـانم/ لاوكۆ ئەز بێریڤانم) «سندی»٢. پیاوی دەشتەكی ٣. بهورڤان، دەربازڤان، دەرڤازەبان،٤. نـاوە بـۆ كچان.

**بێریک**: گیرفان، گیفان، بەرک.

**بێریكرن**: ١. بێریتیكرن، ئاژەڵدۆشین،٢. مەڕ هێنان بۆ بێری.

**بێڕێگە**: هەڵەت، گومڕا.

**بێرین**: بێری.

**بێریوان**: ناوە بۆ كچان.

**بێریوانە**: بێری، مەڕدۆش.

**بێریەی**: ١. دوورخرانەوە،٢. پرینگانەوە.

**بێز**: ١. واز، ئیشتیا، دلڕەشـی: (بێـزێ دكـت ژ قەنجـان، ژ ڕەمـز و نـاز و غەنجـان/ قەدرێ گولان چ زانیت، كەربەش دڤێت كەرێ ڕەش) «جزیری» ٢. قێز، قیز، قیل: (بێزم لێی دەبێتەوە) ٣. بلـووری، مەرمەڕشـا،٤. سـینە، سـینگ،٥. ڕەنگ: (ئەم قاڵییە لە بێـزی هاوتـاكەی نیـیە) (بەهەشت هەر وە بێزی كوردستان دەچێ)،٦. بێـرانن جووجگەیـل،٧. وەكـل چەو دایـن: (دامەیْ بێز چەو)،٨. گورِ سێوڵ: (بێز سـێوڵ)، ٩. واداری: (چ بێــزێ گــرتیە)،١٠. بــدزە، دەسوور وە دزین.

**بێـــزا**: ١. بەیـزا، بیـزا، گیـایەكی بۆنخۆشـی كوێسـتانییە لە نێـو شـیرێژ دەكـرێ: (هەڵـز و بێزای نیسێیان/ كارگ و كـوڕادەی بەرپـاڵی/ لە قریـوەی شـوان و بێریـان/ لە دەنگـی مەڕ و ماڵی) «فۆلكلۆر»،٢. بێـزرا، لەبەرچـاوی كەوت: (فەرهاد جە ئاهم بێستون بێزا/ مەجنـوون جە نالەم جە نەجد گوریزا) «بێسارانی».

**بێزابێ**: بێزراندبووی.

**بێزات**: ترسەنۆک، ترسۆنەک، بێزراو.

**بێزاتهیممەت**: بێزات، خوێڕی: (دها زانی كو ئەی بێزات هیممەت/ كـو چـا بیـر كـن ژ تە رزق ئەی هەڤال) «گولشوون».

**بێـــزاد**: بێتێشـــوو، بێخـــۆراک، بێدەغڵـــی خواردن.

**بێـــزار**: ١. ئاسـی، وەڕەز، تەنگـاو، تەنگـاڤ، كەوەڕێ، وەڕەس، لـۆس، جـاڕس، جـاڕز: (چون وە زام دووری سەرشارەن/ ویانە مـارۆ، بەدەن بێزارەن) «مەولەوی» ٢. بـێدەم، بـێدەو، بێزمـان، ئەوەی دەمـی نەبـێ: («نـالی» ئەو غـونچەدەمە بــێزارە/ مەكە مـاچی دەمـی، ئەرجوو، بە عەبەس) (وتم ئایا بە زاری خۆت دەپرسی حاڵی زاری من؟/ بـرۆی هێنـایە یەک وەک شكڵی لا یەعنـی كە بێـزارم) «نـالی» ،٣.

دەمخوار،٤. نێوی نێرینانە.

**بێزارانە**: بە بێزاری و عاجزی‌یەوە: (مامۆستاکانیش زۆر بێزارانە وانەیان دەکوتەوە) «ڕاگواستن».

**بێزاربۆ**: بێزارم، بێزراوم: (بنۆشۆ جامێ پێم یاوۆ مەستیی/ بێزار بۆ جە دین دنیاپەرستیی) «بێسارانی».

**بێزاربوون**: هەراسان بوون، وەڕەزبوون: (نەققاشی دەمی نوقتەکی دانا بە نیشانی/ زانی کە زەمی کردووە، بێزارە لە مانی) «حاجی قادر».

**بێزارەنان**: بێزارم: (من بێزارەنان جە دینت بەی تەور) «بێسارانی».

**بێزاری**: ١. تەنگاسی، تەنگاڤی، تووڕەیی: (کە هاتی و تێغی بێزاریت لە سەر دام/ سەری خۆم خودبەخود هەڵگرت و ڕۆییم) «نالی» ٢. دەمخواری ٣. قسەنەزانین،٤. بێ‌دەمی.

**بێزارێ**: ناوی ئافرەتە.

**بێزاریت**: بێزراویت، جاڕسیت: (جەستەی بێزاریت سەنگەسار خاسەن) «بێسارانی».

**بێزاڵە**: بێ‌زاوەر، ترسەنۆک.

**بێزامەوە**: بمدۆزنەوە: (بازدێم وەی زامەت، وەی ئەندامەوە/ بەڵ بەیان وە شۆن باز بێزامەوە) «مەولەوی».

**بێزان**: ١. بێزۆکرن، بێزران، وەڕەزبوون: (هێندەم نەمێنێ بمخەنە گوێزێ/ نە چاو تێر دەبێ، نە دڵ دەبێزێ) «حەسەن زیرەک»،٢. بێزاند، وەڕەزکرد: (من دەردێم پێوەن جە دووری خەزان/ سەدجار جەفای دەرد، ڕۆی مەرگش بێزان) «بێسارانی»،٣. پێچانەوە، گوێزانەوە، گواستنەوە: (هەناسەی سەردم نە دڵ خێزاوە/ خێڵ‌خانەی کەیفم هەوار بێزاوە) «مەولەوی».

**بێزای**: گواستنەوە.

**بێزدان**: لێزدان، مریشکێ کە جووچکی گەورە کردگە و لە خۆی دوور دەخاتەوە.

**بێ‌زرار**: بێ‌زیان، بێ‌زەرەر: (ل گاڤا ژ پێک ئانینا عەمەلەکی‌دا، دوو دلی/ تو ژ وی ئالی بگر کو بێ‌زراری) «گولشوون».

**بێ‌زراڤ**: ترسەنۆک، بێجەرگ، نەوێر، نەوێرۆک: (بێ‌زراڤ ئەمر درێژە) «پەند».

**بێ‌زراڤی**: ترسەنۆکی، نەوێری.

**بێزران**: بێزان، بێزیان، وەڕەزبوون: (گۆتمێ بێنە ماچت کەم، خۆی هاوێشتمەی ئامێزێ/ لەبەر ئەو کیژە جوانە، دنیام لەبەر دەبێزێ) «فۆلکلۆر».

**بێزراو**: ١. بێزاو، وەڕەز، جاڕز: (ئەمن پێم‌خۆش نییە ئاوەدنگی قەل بم/ ئەمن پێم‌خۆش نییە بێزراوی گەل بم) «هێمن»،٢. ترسەنۆک، خوێڕی،٣. تەرە، مەلی لە هێلانە بێزراو،٤. لەبەرچاوکەوتوو(خۆراک).

**بێ‌زڕیەت**: بێ‌دوندە.

**بێزسێوڵ**: جەڕ سێوڵ دان.

**بێزکار**: جنێودەر، دەم‌پیس.

**بێزکاری**: جنێو، دەم‌پیسی.

**بێزکردن**: دڵهەڵەنگوتن، قێزلێکرن.

**بێزکرنەڤە**: بێزکردن، دڵ هەڵکەوتن.

**بێزکێ**: حەسەنی بێزکێ شایەرێکی کوردە لە چیای مازییە لە کوردستانی باکووری.

**بێزگ**: بێزو، بێزە، بێزی، مژن، مەگیرانی: (وەک ژنێ بێزوو بکا، بێزووی ئەکرد بۆ چۆڕێ ئاو) «قانع».

**بێزگرتن**: ١. لێزگرتن، بێزدان،٢. وادار بوون.

**بێزگەڤان**: بێزوکەر، بێزووکار، مژنەوان، مەگیرانی‌کەر، بێزگەوان(ژن)،

**بێزگەوان**: بێزگەڤان، بێزۆکەر.

**بێزلێبوونەوە**: بێز لێ هەستان، بێمەیلی و دڵ شێویان لە خواردنێک.

**بێزلێکردن**: بێز لێ هەستان، دڵ نەبردن.

**بێزلێهەستان**: دڵ نەبردن.

**بێزمان**: ١. ئاژەڵ، ولاخ ٢. لاڵ، کپ، خامۆش، بێئەزمان: (لە باغچە و مەیدان و جێگاگشتییەکان/ بە ڕاستی بێزمان دێنە زمان!) «گۆران»،٣. بەستزمان، پەپووک: (ئەم قەومە وەکو مەڕی بێزمان/ دوای هەر کەسێ کەوت نەیبردە ناو ڕان) «پیرەمێرد»،٤. قسەنەکەر، بێدەم و پل.

**بێزمانی**: کپی، لاڵی، هیچ نەوێژی: (تەن فسوردەی بێزمانی، تەن بە تەن عالەم مەلوول) «سالم».

**بێزنای**: بێزاندن، لێ بێزارکردن.

**بێزنوور**: گوندێکە لە باکووری دێرالوک.

**بێزنەهاتن**: ١. ئارەزوو نەکردن،٢. باور پێ نەکرن.

**بێزنەی**: لێبێزارکردن.

**بێزۆ**: ١. بێزگ، مەگیرانی،٢. ئەبێزێ.

**بێزوان**: بێزووان.

**بێزوبۆ**: پووشڵ، موونج، جارس: (بێز و بۆی نییە، دەچێ لە سەر دڵانە) «ئەمیری».

**بێزوبۆکار**: بێزیاو، بێزراو.

**بێزوبۆکاری**: بێزراوی، بێزیاوی.

**بێزوبۆکردن**: بێزران، بێزیان: (من خەیاڵم بوو بە بێزوبۆنی خونچەی گوڵ بکەم/ بەختەکەم هێندە زەعیفە، دەس نەکەوت بۆم خاری باخ) «قانع».

**بێزۆر**: بێزیان، بێزەڕ، بێزەرەر: (لە گورگیان کڕیاری پۆستم/ بۆ بێ زۆریان یار و دۆستم) «بۆکوردستان».

**بێزۆک**: ئەو ژنە ل ڕۆژێت ئەولی ئاڤسبوونێ.

**بێزۆکرن**: بێزبۆکرن، مەگیرانی کردنی ژن ئاوس.

**بێزۆکەر**: مەگیرانیکەر، بێزگەوان.

**بێزوو**: ١. بێزە، بێزی، بێزبۆ، مگێز، مەگیرانی: (چییە دنیا، ژنێکە هەر شەوی سکپڕ بە سەد فیتنە/ سبەینێ زوو بە خوێنی جەرگی ئەهلی دڵ دەکا بێزوو) «مەحوی»،٢. بیزا، گیایەکە لە سیریژ دەکرێ.

**بێزووان**: ١. بێزمان، بەسزوان، بریتی لە حەیوان، ٢. لاڵ،٣. بێ چەنگ و پەل،٤. کەلیمەیێگ لە ڕوو بەزەیی هاتن: (وەێ بێزووانەگە).

**بێزووکار**: مەگیرانیکار.

**بێزووکردن**: مەگیرانی کرن: (دەمێکە وەک ژنی سکپڕ زەمانەی بەدخوو/ بە خوێنی سەیید و شێخ و مەلا ئەکا بێزوو) «بێخود».

**بێزووکەر**: بێزگەڤان، ژنا مەگیرانیکەر: (چووزەرەی ژنی تێ دەورووژێ/ بێزووکەر تەرزی دادەکرۆژێ) «پیرەمێرد».

**بێزووە**: ببێنێتەوە××١ ئەفسانەی هورامی×

**بێزوە**: گوندێکە لە باکووری ڕانییە.

**بێزە**: ١. تۆل، پێزی، پس، پز ٢. ژاژی، سیرێژ، سیراج ٣. پارەیەکی کەم: (بە بێزەیەک نایکرم) ٤. بێزوو، بەیزە، مژدی، مگێز، مەگیرانی.

**بێزهاتن**: ١. دڵ هەڵگرتن، بۆخوران،٢. بۆ کران: (بولبولی کورد وەکوو قەل دەنوێنێ/ بێزی بێ بۆ کوڕی شا بخوێنێ) «بۆکوردستان».

**بێزەحمەت**: ١. بێئەرک و دەردیسەری،٢. زەحمەت نەبێ، بۆ ڕێزگرتن بەکاری دێنن.

**بێزەر**: بێ، زەردەبێ، داربێ زەرد.

**بێزەڕ**: بێزەرەر: (ڕاوچی بە زمانی هەموو جانەوەرێکی کێوی، بەزەڕ و بێزەڕ حاڵییە) «ڕاوچی».

**بێزەرۆ**: گیایەکی گەڵاوردی ناو ئاوە، تیژە وەک کوزەڵە واسە.

**بێزەڕوو**: ١. کووزەڵە، گووزەڵە، گیایەکە وەک کووزەڵە وایە و دەخورێ،٢. ڕیشاڵۆک، تەرخوون، جۆرێ سەوزییە.

**بێزەڤەر**: خراپ، نالەبار، بێزراف: (پالێ بێ زەڤەر داسکان دگوهوریت) «پەند».

**بێزەقەریان**: گوندێکە لای سیدەکان.

**بێزەل**: کوویەیگە لە شاخ شمیران قەسر.

**بێزەلەت**: بێلەزەت، بێتام.

**بێزەلێ**: گوندێکە لە باکووری دێرالوک.

**بێزەن**: لە بەر چاو دەخا: (جەو بۆنۆ فەردم ئیستیفا بێزەن/ دامەنەش لایق ئەی پەراوێزەن) «مەولەوی».

**بێزەواد**: بێنان و بژیو لە ماڵدا.

**بێزەوار**: بێزەواد: (جۆتیارێک سەر سەدەی بۆ ڕاکێشا بوو، جووتی دەکرد، ئاگای لە عەبدی بێزەوار نەبوو) «ف.پ.پ.».

**بێزەوال**: بێفەوتان، نەمر، ماندگار، هەمیشەیی: (ئەی باقیی بێ زەوال و دائیم) «خانی»، (زاڵێکی بێزەواڵی/ گەورەتر لە خەیاڵی) «ڕاوچی».

**بێزەوق**: ١. ناشاد، کپ، بێدەنگ: (سەیری شار بکەی کە چەند تاریکە/ بێزەوق و بێدەنگ بێئەلتریکە) «ف. بێکەس»،٢. سیس، ژاکاو،٣. بێسەلیقە، کەچسەلیقە.

**بێزەون**: قێزەون، بەقێزوبێز.

**بێزەوەر**: ١. ڕزیو، هەڵوەریو،٢. پیس، چڵکن، ٣. نارێک، ناهەموار،٤. بێدەسەڵات، هەژار.

**بێزەوەرکردن**: ڕزانن، داوەشاندن.

**بێزەوەری**: ١. ڕزیوی، پواوی،٢. وەڕسی.

**بێزهەستان**: بێزلێکردن، بێزیان: (بیبینێ بێزی هەڵدەستێ/ دووراودوور لێی ڕادەوەستێ) «هێدی».

**بێزەهلە**: بێورە، ترسەنۆک: (لەشکر دادردادڕ بوو، چوون لێک دوور بوون، شەو بوو، پیاوی بێزەهلە پێی شل دەبوو هەنگاو) «سەعید و میرسێوەدین».

**بێزهێ**: گوندێکە لای زاخۆ.

**بێزی**: بێزو، بێزگ، مەگیرانی.

**بێزێ**: ١. بێز، بێزگ، بەیزە،٢. ناوە بۆ ژنان.

**بێزیا**: بێزراو: (کەفتەی بێقیمەت بێزیای ڕازەن) «بێسارانی»، (ها بیم وە مەجنوون بێزیای هۆزان/ ئەگەر وەدۆزام، بەیان دڵسۆزان) «وەلیدێوانە».

**بێزیادوکەم**: تەواو، تواو، بێکەم و زۆری: (بە بێ زیاد و کەم دێنێتە پێش چاو/ سەرنجی کوێران لە نامەی نووسراو!) «گۆران».

**بێزیاگ**: بێزاو، بێزراو، بێزوبۆ لێکراو.

**بێزیام**: بێزرام، جاڕزبووم: (چوون بێبەینەت بی، بێزیام جە تۆ) «بێسارانی».

**بێزیان**: ١. بێزران، جاڕزبوون: (قالەی حاجی حەمەی گوێزێ/ ڕاودۆستێکە قەت نابێزێ) «ڕاوچی» ٢. لێم بێزران: (ئەوان پەرێ دۆست بەرگشان ڕێزیان/ من بەرگی بێخم پەی ئەو بێزیان) «بێسارانی»،٣. بێخارە.

**بێزیان**: بێزەرەر، بێگەزەند: (گوو بە ڕیشی تەنکی عەبدوڕەحمان بەگی قایمقام/ ئەو کە بەینێک بێزیان بوو، بازیان مەغرووری کرد) «شێخ ڕەزا».

**بێزیاو**: ١. بێزوبۆکەر ٢. بێزراو، ژ بەر دل ڕەشبوویی.

**بێزیای**: ١. بێزران، بێزان،٢. بێزراو، بێزیاگ، دل ڕەشبووی: (بێزیای هۆزان، بێزیای هۆزان/ ها بیم وە وەجنوون، بێزیای هۆزان) «وەلی دێوانە».

**بێزیکەر:** بێزگەڤان.
**بێزینە:** گوندێکە لە باکووری بارزان.
**بێزیوان:** بێ زبڵ و زاڵ و زریزانە: (سێبەری بەزەی خوای کێوپاران و هەناسەی ژیانی بێ زیوانە) «شەوارە».
**بێزیەی:** بێزران، بێزان.
**بێژ:** ١. پاشگری بە مانا بێژەر: گۆرانیبێژ ٢. پاشگری بە واتا ژەنیار: (بلویربێژ) ٣. پاشگرە بە واتا بێژەر، دابێژەر، داتەقێن: (ئاردبێژ) ٤. بێژە، بڵێ: (گۆ: ئەی خزرێ ڕەهێ هیدایەت/ بێژ: ئەڤ چ بەلایە بێ نیهایەت!) «خانی»،٥. بێجگە، بێ لە،٦. پێش، پێشین: (بێژ دیان، پێش دیان).
**بێژا:** ناوە بۆ کچان.
**بێژار:** ١. بزگور، ریتاڵ، دڕاو: (کراس و کەوای بێژار بێژارە) ٢. بێژەهر، مار بێسام.
**بێژاربێژار:** کونکون، هەلاهەلا، پرتپرت، ریزیگال، ریزگال.
**بێژان:** ١. بێژانە، بۆژانە، بووژان، گیایەکی گوڵزەردە، لەبەر بۆنی توندی میش لێی هەڵدێ: (بێژان و گوڵەبەڕۆنە و هەڵاڵەهەنگانە) «چنگیانی» ٢. دابێژان، لە هێڵەگدان ٣. گوتن، دوان، ئاخافتن،٤. بڵێن، بووشان،٥. دابێژان، کونکون کردن بە گولە،٦. وێران کردن: (هەرچی بوو بە ئاغا، کوردستانیان بێژا)،٧. گوندێکە لای سۆران،٨. کوڕی گیوی بووە لە شانامەی فیردەوسیدا،٩. بویژان، ئەوانە لاڵ کەن،١٠. ناوە بۆ کچان: (بزۆز و چاوچنۆکی، مەڕوانە پەرچ و گێژان/ کچان لەوێ لە شیون، ڕووتن شلێر و بێژان) «ڕاوچی».
**بێژان:** بێئێش، بێدەرد، نە ژان.
**بێژاندن:** بێژانن.
**بێژانن:** ١. دابێژان، بێژان ٢. گوتنەوە، بێژانەوە، ٣. دابێژاندن، کونکون کردن بە گولە.
**بێژانە:** بۆژانە، گیای بێژان: (عەتر و گوڵاو لە جاتر و بێژان وەردەگرێ) «ڕاوچی».
**بێژانەسیاوە:** بووژانەسیاوە، ڕەشە شابەنگ، بووژانەی کێوی.
**بێژانەوە:** ١. لە هێڵەگدانەوە: (بۆ کەناری سەوزەیی دەوری گوڵی ڕووت شین دەکەم/ خاکی کۆی عیشقت بە بێژنگی سەرم بێژایەوە) «حەریق»٢. دوپاتە کرنەوەی قسە.
**بێژانی:** بێئێشی، نە ئێشی.
**بێژاوێ:** گوندێکە لای شنۆ.
**بێژبیرەڕەش:** گەنمێکە گوڵی ڕەش بێ.
**بێژتن:** ١. بێژان، بێژانن، دابێژان، دابێژتن، لەهێڵەکدان: (نووری چاوم! چاوەکەم بێ نوورە بێ تۆ، زەرڕەیی/ خاکی دەرگاکەت ببێژم، بیکەمە کوحلی بەسەر) «نالی»،٢. گوتن، پەیڤین: (دبێژم، دبێژی، دبێژێ، دبێژین، دبێژن، دبێژن).
**بێژتی:** دابێژراو، لە هێڵەگدراو.
**بێژدگان:** بێژ دیان، پێش دیان.
**بێژریان:** دیانێ کە لە ژێر دیان وەک سەونز کەیێد.
**بێژک:** بژ.
**بێژگە:** بێ، بێجگە، غەیری.
**بێژلک:** بێژوو، بێژمۆتە، ژنی کەمشیر.
**بێژمار:** زۆر، فرە، لەڕادە بەدەر.
**بێژمۆتە:** بێژوو، بێژلک، بێژمیلکە.
**بێژمیلکە:** بێژمۆتە.
**بێژن:** ١. بێژە، بڵێ، پێیبڵێ،٢. ئێوە بڵێن(کۆ) ٣. بێژنگ، سەرەند، هێڵەگ، قەلبیر، مۆخل: (.../ بژانگی تۆ دڵی کردوومە بێژنگ/ کوڵ و خوێنی ئەوینی دادەبێژم!) «هەژار» ٤. دەنگی جولان و بزوتن.

**بیَژن**: ١. سەڵت، زگورد، ڕەبەن، ژن نەئینای، کوڕ زبوورد: (تاک‌تاک مێزی وەکو هی من/ دەوری داوە کۆڕی بیَ‌ژن) «گۆران» ٢. بێوەژن، ژنەبی.

**بێژندە**: بێژ، بێژەر، پەیڤدەر.

**بێژنگ**: بێژن، بێژینگ، هێلەگ، قەلبیر، مۆخڵ، ویچنە، ویژنگ: (.../ بێژنگی لە دەس دەرینە! بەس دابێژێ/ کەللەی سەری پاتشا و میر و وەزیر) «خەیام هەژار»، (ئاڤ ب بێژنگێ نایێ جڤاندن) «پەند».

**بێژنگ‌بەسەر**: ١. کێویکە لە نزیک قلیج و تبت و قاتانقور،٢. کێویکە لە ناوچەی پلەی ئاسانەی سەقز کانی ئاسنی تێدایە: (چاوت ئەستێرەی سەحەریێ/ هەڵدێ لە بێژنگ‌بەسەریێ) «حەسەن زیرەک»،٣. چیایەکە لای هەولێر: (هەر ملەیەکی زورگەزراو تۆقەڵەی بێژنگ‌بەسەری دۆندەی چیا بلباسان کە بە هەڵە، ناوی زنجیرەکەی بە سەرد سەپاوە) «خاک و چەوسانەوە».

**بێژنگەر**: بێژنگساز، چێکەری بێژنگ.

**بێژنگی‌دۆم**: ١. بێژنگ، قەلبیر،٢. بریتی لە زۆر کون‌کون: (لەبەر خوێن و خوڕ دەشتی شەڕ ببووە گۆم/ لە تیران مەتاڵ بوونە بێژنگی دۆم) «شەرەفنامە».

**بێژنگی‌شڕ**: بریتی لە زۆر کون‌کون: (هەر ئێستە بەو تاپڕە/ دەیکەم بە بێژنگی شڕە) «ڕاوچی».

**بیَ‌ژنی**: ڕەبەنی، سەڵتی، قازاخی: (پای پەتی خاسە لە پێلاوی تەنگ، بیَ‌ژنی خاسە لە مارەکە و جەنگ) «پەند».

**بێژنێ**: پێی بڵێن: (بێژنێ برا پشتی نیڤرۆ بێ) «مەستوور».

**بێژو**: بێژوو، بێژەک، ژن یا ئاژەڵی کەم‌شیر.

**بێژۆ**: پڕبێژ، فرەوێژ، بێژۆک.

**بێژۆک**: ١. چەنەباز، چەقەسرۆ، زۆربڵێ، پڕبێژ: (بێژۆکۆ ما دەڤێ ناکەڤت سەر ئێک؟) ٢. بێژەر، قسەکەر،٣. جێی کۆبوونەوە بۆ ئاخاوتن ٤. شاز، ناوێژە، ناساز، ناوازە،٥. زۆڵەک، دەنکە گەرمەشانی نەتۆقیو،٦. دانەوێڵەی نەکوڵ،٧. دەنکە دانەوێڵەی نەکوڵیوی ناو چێشت،٨. دەنکە میوەی نەگەیشتووی ناو کۆگای میوە.

**بێژۆکە**: بێژۆک.

**بیَ‌ژومار**: زۆر، فرە: (هاتەدەر لاشەی مەڕومالّ، بیَ‌ژومار و بیَ‌حیساب) «ئاوات».

**بیَ‌ژومێر**: بیَ‌ژومار: (لە ئاسۆگەی هومێدی مەش ستێرە/ گەلێ هاتوون و ڕۆیین بیَ‌ژومێرە) «ڕاوچی».

**بێژوو**: بێژمۆتە، بێژلک.

**بێژوێ**: گوندێکە لای سەردەشت.

**بێژۆیتی**: چەنەبازی، فرەوێژی.

**بێژە**: ١. بلێ، پێیبلێ، بوویژە، بووشە: (ژ عشقا کێ هەر تیی و تیی/ هەتا کەنگی هەر بیی و بیی/ بۆ من بێژە حەرانێ کیی/ دا ئەز بزانم قسەتێ) «فەقێ تەیران»٢. وشە، واژە، کەلیمە ٣. قسە، پەیڤ، گوتە ٤. ویژە، ئەدەبیات.

**بێژەبەفربواریێ**: یانی هەر ئەمرێ بکەی، ڕەوایە.

**بێژەر**: ١. بێژۆک، بێژندە، قسەکەر، پەیڤدەر،٢. ناوی کوڕانە.

**بێژەری**: قسەکردن، دوان، بێژیاری.

**بێژەڤان**: بێژەکەر، بێژەدار، قسەکەر.

**بێژەک**: ١. بێژوو، ئەبرەش، بیَ‌شیر، کەم‌شیر، مەڕ و بزنێ کە دوای زان شیریان وشک دەبێ،٢. قەوان، گرامەفۆن، سنووقی ستران.

**بێژەکەر**: بێژەر، پەیڤدەر.

**بێژەن**: ١. ناوی پیاوانە،٢. بیَ‌ژن،٣. گۆرانی‌بێژ:

(بێژەنی چاهی زەقەنی تۆیە دڵ/ ڕاهی نەجاتی فەلەک و ڕێسمان) «حاجی قادر»،٤. ئیشارە بە چیرۆکی بێژەن و ئەفراسیاب، بێژەن کوڕی گیو و خوشکەزای ڕۆستەم بووە، دڵی ئەچێ لە مەنیژە کچی ئەفراسیاب، ڕۆژێک ئەفراسیاب لە ماڵی خۆیدا ئەیبینێ و زیندانی ئەکا، پاشان ڕۆستەم ڕزگاری دەکا: (بە غەمزەی چاوی مەستی ساحری سەیدی دڵی واکرد/ وەکو بێژەن لە چاهی ئەفراسیابی مەینەتا ماوە) «بەها».

**بێژەنگ**: ١. بێقووڕ، بێ خڵت و خەوش،٢. ناوێکە کوڕانە: (بڕزووی خوسرەو، کوڕی هەشتەمی خوسرەو/ نەوزاد کوڕی قوباد، بێژەنگی پڕتەو) «گۆران».

**بێژەنی حەپس**: بێژەن، بیژەن، ئیشارە بە چیرۆکی بێژەن و ئەفراسیاب: (ئەگەرچی بێژەنی حەپسم لە زیندانی غەم و دەردا/ بە قوەی هیممەتی ڕۆستەم، خدێوی چین و ماچینم) «قانع».

**بێژوەی**: بێشوە، گوندێکە لای سەردەشت.

**بێژی**: ١. بیژو، زۆڵ، حەرامزادە،٢. یاڵ، بژ، مووی سەر ملی ئەسپ و شێر.

**بێژێ**: بڵێی، ببێژێ: (بێژێ ب دلێ خوە مەن مەم و زین/ هەر دوو ب حەلالی دانە تاجدین) «خانی».

**بێژیار**: گوتیار، بێژەر، وتەبێژ، گۆیەندە، گۆتۆ، قسەبێژ.

**بێژیاری**: بێژەری، ئاخاوتن.

**بێژیان**: ١. ئیشتیا بۆچوون: (دلێ وێ جارنا دبێژییا تشتێن ترش) «پەپووک»،٢. گوندێکە لە باکووری شێروانمەزن.

**بێژیر**: ئەبلە، بێقاچ، کەرچوقە، گەمشو، گەمشۆ، گێژ، حۆل.

**بێژیڕەش**: گەنمە گوڵڕەش.

**بێژیل**: بنبێژنگ، ئەو تشتێ ژ بێژنگ دەرباز بییە.

**بێژین**: ١. دابێژتن، دابێژان، بێژتن،٢. بێزو، مەگیرانی،٣. ئەم بێژین، بڵێین.

**بێژینک**: بێژینگ، بێژنگ، وێنچە: (ئێستاش بە یارمەتی جگەرەکێشان پەرۆشی و پەژارەی شەوێی لە مێشکیدا لە بێژینگ و هێڵەگ دەدا) «پێکەنینی گەدا».

**بێژینگ**: بێژنگ، موخڵ، سەرراد: (بێژنگێ بگرە بە ڕووتەوە) «پەند».

**بێژینگبەسەر**: ١. چیایەیەکە لە نزیک قەرەجوغە، سەری وەک بێژنگ خڕە،٢. چیایەکە موکریان: (چاوت ئەستێرەی سەحەرێ/ هەڵدێ لە بێژینگبەسەرێ) «فۆلکلۆر».

**بێژینگفرۆش**: ١. بێژنگفرۆش،٢. بریتی لە قەرەچی، بێحەیا.

**بێژینگفرۆشی**: ١. کاری بێژنگفرۆش،٢. بریتی لە بێحەیایی.

**بێژییار**: بێژیار، بێژەر، بێژۆک.

**بێژییاری**: بێژەری، خەبەربێژی.

**بێس**: ناوجێکەر، ناوبژیوان.

**بێساحێب**: بێخاوەن، بێخودان.

**بێساران**: ١. ناوی دێهستانێکە لای مەریوان: (بێساران ماوا، شێخی بەحر و بەڕ/ ئاما وە یانەت یەکانە و دوو دەڕ/ جە دەوری یانەت مەکەران هۆڵە/ پێشان کەرەم کەر جفتێ پارکۆڵە) «ڕشتەی مرواری»،٢. ناوی گوندەکەی بێسارانی شاعیر بووە لە ناوچەی ژاوەرۆ، باباشێخیش هاوچەرخی ئەو بووە و هەر لەو گوندە ژیاوە: (دڵ پابەندی تۆن، شای بەینەتداران/ بەو «باباشێخ»ە ماڵ لە بێساران)

«بێسارانی».

**بێسارانی**: ١. خەڵکی گوندی بێساران،٢. نازناوی شاعیری گەورە مەلا مستەفا کوڕی مەلا قوتبەدین کوڕی مەلا شەمسەدین (١٧٠٢- ١٦٤١ز.)،٣. ناوی دێیەکە لە ناوچەی ژاوەڕۆی نێوان هەورامانی تەخت و گاوەڕۆ،٤. ناوی کوڕانە.

**بێ‌سام**: بێ‌ترس، بێ‌زافتە، بێ‌واهیمە.

**بێ‌سامان**: ١. فرە، زۆر، لە ڕادە بەدەر: (ترس بێ‌سامان زەحمەت جە لای من/ جەور دڵبەرەن مەنیەی نە ڕای من) «مەولەوی»،٢. بێ‌ماڵ، بێ‌دەوڵەت، ڕەجاڵ، ڕووت، فەقیر ٣. بێ‌ڕێ و جێ، بێ‌یاسا، نارێک،٤. بریتی لە نەبوونی سۆزی ئەویننداری و خۆشەویستی: (سەر و سامانەکەم تا بوو، نەبوو کەس بۆ سەروکارت/ لە بێ‌سامانیی ویستا، دەگەڵ غەیرە، سەروکارت) «ئەدەب».

**بێ‌سامانی**: ١. نارێکی،٢. ڕەجاڵی، ڕیپاڵی.

**بێ‌سام‌وسڵ**: بێ‌ترس و خۆف: (چی باڵندە و پەلەوەرن بێ سام و سڵ) «مەلەکشا».

**بێسان**: بێستان، جێی تەرەکاڵ: (خاوەنی باغ و بێستان، شەرمەزارە بە زستان) «پەند».

**بێسانەوان**: بێستانەوان، بێستانچی.

**بێسانەوە**: هەمیشە ماندوو.

**بێساو**: داسی کول کە تیژکردنەوەی دەوێ.

**بێ‌ساو**: بێ‌ساحەو، بەرەڵا، یەتیم‌یەڵەشە.

**بێساوە**: گوندێکە لای شارۆچکەی هێرۆ.

**بێ‌سایەومایە**: بێ‌ئەرزشت، بێ‌نرخ: (دنیای هەووچ پووچ بێی سایە و مایە/ ئەوڵە ئەو کەسە وەێ دنیا شایە).

**بێ‌ستار**: بێ‌پەنا، بێ‌پەناگا،

**بێستاژۆری**: گوندێکە لای قەسرۆک.

**بێستاژێری**: گوندێکە لای قەسرۆک.

**بێستان**: ١. بێسان، بۆستان، بۆیسان، بیستان، کشت و کیاز، مەختی، مختی، جێی کاڵەک و شووتی و تەرەکاڵ،٢. بریتی لە سینگ و بەرۆکی یار: (گا زیبی زەنەخدان و دەمێ زینەتی غەبغەب/ گا زینەتی بێستان و دەمێ شەوکەتی دیدار) «ئەدەب»،٣. ناوە بۆ کچان.

**بێستانجار**: جێی بێستان.

**بێستانچایی**: بێستانی چۆم، بێستانی قەراغ ئاو.

**بێستانچی**: بێستانەوان.

**بێستانڕن**: کەسێ بێستان دەڕنێ: (شۆڕەژن بنکۆڵ نەکا بڕکەی بە قرچەی نیوەڕۆ/ چۆن لە کاڵەک تێر دەبێ ئەو زگزلە بێستانڕنە؟) «هێمن».

**بێستانگەورە**: گوندێکە لە باشووری هەولێر.

**بێستانە**: ١. گوندێکە لای پێنجوێن،٢. گوندێکە لە باشووری سەنگاو،٣. گوندێکە لە دۆڵی خەلەکان،٤. گوندێکە لای هەولێر.

**بێستانەدێم**: بێستانی لە دێم کراو: (بێستانە دێم، گرکە دێم، چەندی زگت دەیەوێ) «ئەمیری».

**بێستانەمارە**: کاڵەکەمارانە، گیایەکە وەک مالۆنچە وایە بە زەوی‌دا پان دەبێتەوە و دەور و بەری خۆی دادەگرێ.

**بێستانەوان**: بۆیسانەوان، بێسانچی.

**بێستانەوانی**: بێستانچێتی.

**بێستانەی‌گەورە**: دێیەکە لە باشوری هەولێر.

**بێستانی‌چۆم**: چواربێستان، بێستانی خیزی.

**بێستانی‌خیزی**: بێستانی چۆم.

**بێستانی‌ڕەشید**: گوندێکە لای مەندەلی.

**بێستری**: گوندێکە لە هەریمی کوردستان.

**بێستوون**: ١. بێ‌ئەستوندەک، بێ‌ئستون، بێ‌کۆڵەکە: (من بەبێ ئومێدی وەسڵی، بێ‌ستوونە مەسکەنم) «قانع»،٢. ئاواییەکی کۆن

و بڵندی لای قەسری شیرینە: (هاتمە بێستوون لای قەسری شیرین/ بۆ فەرهاد گریام بە دیدەی نمین) «پیرەمێرد».٣. دیەکەیێگە لە چەمچەماڵ سەحنە،٤. چیایەکە لای کرماشان، نەخشی تاقۆسانی دەسکردی فەرهادی پێوەیە: (گا وە بێستوون هەستیی بیناوە/ حوسنش وە گوڵگوون وەش ئیستیغناوە) «مەولەوی».٥. شارێکە لە بەینی کرماشان و سەحنە،٦. بریتی لە ئاسمان: (لە شیرینی ئەتۆ، ئەی خوسرەوی تەختی زەمین، ڕەنگە/ بگاتە ئاسمان بێستوون فەرهادی هاوارم) «نالی».٧. ناوە بۆ کوڕانە.

**بێستووندڕ**: بێستوونکۆڵ، هەڵکەنی بێستوون: (ئەگەر ناوی فەرهادی کوردی کەلهوری زەرد و ماهی بێستووندڕی شیرینکار) «خانی».

**بێستە**: بێسە، بوێستە، ڕاوەستە.

**بێسرەوت**: بێسرەفت، بێوەستان، بێوچان: (تا ڕۆژی کەوتنم گەیشتە شەش و حەوت/ ژوور سەری بەرنەدام هاودەردی بێسرەوت/ ...) «گۆران».

**بێسرێ**: گوندێکە لای دهۆک.

**بێسعود**: بەدبەخت، کڵۆڵ، چارەسیا.

**بێسفکیچۆری**: گوندێکە لای مانگێش.

**بێسفکیژێری**: گوندێکە لای مانگێش.

**بێسفەت**: بێئەمەگ، پێنەزان.

**بێسقان**: ١. نەرمەگۆشت، گۆشت بێ ئێسک، ٢. نەرم، چارویێ سواری خۆش: (ماین کەو کەژەڵ خان/ دەلیابڕ و بێ سقان).

**بێسکە**: ناشیرین، بێنوور، بەدریخت.

**بێسکێ**: گوندێکە لای مانگێش.

**بێسڵەمین**: گوندێکە لای دەربەندیخان.

**بێسمەت**: بێسەمت، بێوترس.

**بێسمەگران**: دێیەکە لای شارۆچکەی بجێل.

**بێسنوور**: بێسەرحەد، زۆر پان و گەورە: (جوانترە لە لای من لە دەریای بێسنوور/ شەپۆلی باتە بەر تیژگی ڕۆژ، شڵپ و هووڕ) «گۆران».

**بێسو**: ڕەبەت، بۆسە، سیپە، مردە و زیندە، حەشارگەی ڕاوچی.

**بێسۆ**: ١. بێگومان، بێشک، ڕاست، دروست: (بە سەنگی فیرقەتی دڵدار و بێشک/ کە وا شیشەی دڵم مەکسوورە ئیمشەو) «فایز».٢. بۆسۆ، بۆنی لۆکەی سوتاو.٣. ڕەبەت، بۆسە، کەمین.

**بێسوڕ**: بێمێیل، مژوول، نیگەران.

**بێسۆز**: بەدقەول، پەیمانشکێن.

**بێسۆزی**: بەڵێنشکێنی، بێگفتی: (بێسۆزی مەنزڵ دڵ کەرد وە یاتاخ/ پەی ئاو و هەواش ئاو ئاه و ئەو داخ) «مەولەوی».

**بێسوس**: پیڤسۆز، پیوسۆز(چرا).

**بێسۆس**: ١. بێسۆز، بێبەڵێن ٢. جێی چرا، تاقەچرا.

**بێسۆک**: گوندێکە لای سیدەکان.

**بێسۆما**: بێکون، کون نەکری.

**بێسوو**: حەشارگە، کەمینگا.

**بێسوو**: ١. کەمسوو، چەو کەمبڕشت،٢. بێکونا، شتی کوننەکری،٣. بێگومان.

**بێسووا**: ١. بێشک، بێگومان، بێدڵاودڵی ٢. بۆسۆ ٣. سیپە، بێسۆ، بۆسە، ڕەبەت، حەشارگەی ڕاوچی.

**بێسووای**: بێجگە، بێجلە: (بێ سووای خوەم پەنج کەسیم).

**بێسووچ**: بێگوناح، بێتاوان: (بێسووچ بکووژە، سەربەست دیل کە/ دەرگای مێشک و دەم کلیل کە) «گۆران».

**بێسووچی**: بێتاوانی.

**بێسوود**: بێ‌قازانج، بێ‌خێر، بێ‌موفا، بێ‌قازانج: (ئیش دەکا و ڕەنج دەدات و ڕووت و قووت و زگ بەتاڵ/ ئاخیری بێسوود دەمێنێ، ساڵ کە بارانی نییە) «دڵدار».
**بێسووس**: مۆمدان، شەمدان.
**بێسە**: ١. بێ‌نرخ، سووک، پەست،٢. بێستە، ڕاوەسە، ڕاوەستە.
**بێ‌سەباتی**: دانەمزراوی، نائارامی: (ئاشتی تۆ، تۆری من، بۆ بێ‌سەباتی هەر دوو یەک/ گەیوەتە حەددی یەقین، ئەم دوو یەقینە هەر دوو شەک) «مەحوی».
**بێ‌سەبر**: بێ‌تاقەت، بێ‌مۆڵەت، بلەز، بەلەز.
**بێ‌سەبەب**: بێ‌هۆ، لەخۆڕا: (بێ سەبەب خۆم کوشت ئەمن، بێ تۆ، لە دووریی ڕوویی تۆ/ نە گوناهی کەوتە سەر تۆ، نە بە خۆمی بوو سەواب) «ئەدەب».
**بێ‌سەدا**: بێ‌دەنگ: (زەخمدارانی خەدەنگت، گەر دەفەرمووی: بێ‌سەدان/ زەخمیان وا کاری‌یە، ناگاتە سەریان کەس بە دەنگ) «ئەدەب».
**بێ‌سەر**: ١. گوێڕایەڵ، فەرمانبەر ٢. سەرئاواڵە، بەبێ‌سەر ٣. بێ‌سەردار، بێ‌پێشڕەو: (قەومی بێ‌سەر نییە ئەمڕۆ لە عالەمدا/ ئەتەوێ تاجی سەری بی، بە هەوا گێژی نەکەی) «شوکری فەزلی» ٤. ئازاد، بێ‌هەژمار، بێ‌پایان،٥. ویڵ، بێ‌ڕێ‌وجێ: (سەرێ خۆی بەرز بێ و چش بکا لە هۆز/ بێ‌سەر ببینێ و خۆی بکا بە قۆز) «قانع»،٦. بزر، بێ‌شوێن، بێ‌قولاغ،٧. ناوی گوندێکە: (ئەڵێن شەیتان جارێک لەو بەر کێوە تووشی کەسێکی بێ‌سەری بوو) «ڕشتەی مرواری».
**بێ‌سەربن**: بەملەگووزی، تێکەڵپێکەڵ.
**بێسەربەراتە**: بێ‌سەروبەراتە، بێ‌سەروشوێن.
**بێ‌سەرپا**: لات، وەرەڵڵا، بەرەڵا.
**بێ‌سەرخو**: ئەگەر هەڵکەوت، دنیابوو.
**بێ‌سەردار**: ١. بێ‌سەرۆک: (عەشرەت بێ تەدبیر هم بێ سەردار بێ) «م.ح. دزلی»،٢. ماڵی بێ‌گەورە: (دەیبەنە ماڵێکی بێ‌سەردار، یەک دوو منداڵ دەبێت) «ف.پ.پ.».
**بێ‌سەرزووان**: شەرمێون، بێ‌دەم و زووان.
**بێ‌سەرسەدا**: بێدەنگ دووم، کرۆکپ.
**بێ‌سەرسەودا**: بێدەنگ دووم، ساکت.
**بێ‌سەرشوون**: بێ‌سەروشوون، بێ‌شوون‌توون.
**بێ‌سەروبن**: ١. ئاڵۆزیای، تێکەڵوپێکەڵ ٢. لە ڕادە و ژومار بەدەر، بێ‌پایان،٣. بێ‌ئەوڵ و ئاخر، زۆر دوور و درێژ.
**بێ‌سەروبنی**: هیچ‌وپووچی، بێ‌مەغزی.
**بێ‌سەروبەر**: ١. تێکەڵپێکەڵ، تێکەڵوپێکەڵ، بێسەرەوبەرە ٢. ویڵ، بێ‌جێ‌ورێ،٣. لێفەوماو، حاڵ‌شڕ، بێچارە: (تە دزانی فنکا تە نە مکانێ غزلانە/ چ بها نینە متاعێ تەبی بێ‌سەر و بەرە) «جزیری».
**بێ‌سەروبەرە**: پاشاگەردانی، تێکەڵپێکەڵ: (ئەو ماڵە زۆر بێ‌سەروبەرەیە).
**بێ‌سەروپا**: بێسەروپێ: (کەلامی من وەکوو شێعری فلانی بێ سەروپا نین) «سەیف».
**بێ‌سەروپێ**: ١. شەلاتی، لات، چەورە، خۆڕی و تۆڕی، خوت‌وخوێڕی: (لە ئەمڕۆ لازمە هەرکەس بزانێ کە کوڕ کێیە/ یەقین هەرکەس نژادی خۆی نەناسێ، بێ‌سەروپێ‌یە) «قانع»٢. بێ‌سۆز، بێ‌پەیمان: (بە ئومێدی ئەسەری حوسنی ڕەزا دەچنە وڵات/ شێعرەکانم کە سەراپا وەکوو خۆم بێ سەر و پان) «حاجی قادر»،٣. بریتی لە نەدار، هەژار: (نەبوو دەستی لە کوردستانەدا بێ پارە و ئومێد/ کە پشتی بێ‌سەروپێیی، بە دڵسۆزانە بخورێنێ) «قانع».

**بێسەروپێیی**: بێسەروبنی.
**بێسەروتا**: بێسەروپا.
**بێسەروچاف**: بێچاوەڕو، بێهەتک، ناپیاگ، بێڕوومەت، نەجامێر، ناپیاو، سپڵە، بێنان و خوێ، پێنەزان.
**بێسەرودەر**: تێنەگەیشتوو: (چ بکەم! وەکوو یارانی ترم بێسەرودەر نیم) «قانع».
**بێسەروزمان**: ١. بێقسە، قسەنەزان، بێدەموپل: (ژیر و بەدڵن گەلێک دەزانن/ بێخێوییە بێسەر و زمانن) «هەژار»،٢. نەخۆشی بێهۆشی لە مردن.
**بێسەروساما**: بێماڵ، بێسەروسامان، نەدار.
**بێسەروسامان**: ١. بێسەروبەرە، شێواو، ئاڵۆز: (بێسەروسامانی خۆم سەد چەل بە توون/ داخەکەم بۆ بێسەروسامانی دڵ) «ئاوات»،٢. نەدار، بێدارایی، بێئەنوا: (عاشقی نازک و مەحبوبانم/ تو مەبین بێسەر و بێسامانم) «جزیری».
**بێسەروسامانی**: ١. شێواوی، ئاڵۆزاوی،٢. نەداری، هەژاری، بەلەنگازی: (بیر کەنۆ بۆ خاتری جەمشید و ئەییوبی وەلی/ بۆچی دەس هەڵناگرن؟ لەم بێسەر و سامانییە!) «قانع».
**بێسەروسەدا**: ١. بێهەست، بێدەنگ، بێقاروواڕ،٢. جێی خەڵوەت و بێدەنگ،٣. کردنی کارێک بە نهێنی.
**بێسەروسەواد**: بێدەنگ و هەرا.
**بێسەروشۆن**: ون، بزر، وندا: (ژن پیاوی دەوێ، پیاو دەیەوێ ژن/ هەزارانی واش بێسەروشوێن بن) «هێمن».
**بێسەروشوێن**: ون، گوم، نادیار، ناخویا: (بە سەر لانەی دڵا ڕوخا، تەپوتۆزی خەمی هێنا/ بە دوی باڵداری ئاواتی فڕیوی بێسەروشوێنا) «هەردی».
**بێسەروشوێنچوون**: گومبوون، فەوتان، تێداچوون: (بەڵام ناسۆری هەرە گەورە و جەرگبڕ، بێ سەر و شوێن چوونەکەمان بوو) «شەرەفنامە».
**بێسەروشوێنمان**: هیچ هەواڵ لێنەبوون: (لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتووە، تۆراوە دڵی من/ هەرچەند ئەگەڕێم بێسەروشوێن ماوە دڵی من) «بێخود».
**بێسەروشین**: بێسەروشوێن: (ڕۆژا پاشتر ئێکی گایێ وان دزی و بێسەروشین بوو) «گولواز».
**بێسەروقنگ**: بریتی لە کەسێلی بێنەزم.
**بێسەرە**: ١. بێخاوەند، بێخاوەن: (ئێمە بڵاو و بێسەرە ماوین، لە دەشت و کێو) «سەیف»،٢. ئاڵۆز، تێکەڵ.
**بێسەرەتا**: هەمیشە، بێبەرایی، بێچاوگە، بێچاوانە، ئەزەلی.
**بێسەرەتایی**: هەمیشەیی.
**بێسەرەدەر**: بێدەرەتان، بێبوار: (بیرم لەوێوە گیرە/ بێسەرەدەر ئەسیرە) «ڕاوچی».
**بێسەرەدەری**: سەرودەر نەکردن، ڕێی نەدۆزینەوە بۆ کارێک: (ماوەیێکە خەم و پەژارە لە ژاروژەنگی ناوم، بێ سەرەدەری هەموو دەرگای لێ پێوەداوم) «شەوارە».
**بێسەرەوبەرە**: بێقانوون، کەسلەکەس.
**بێسەری**: ١. بێسەرداری، بێپێشەوایی،٢. بێسەریی، خەڵکی دێی بێسەر: (جارێکی مەحمود پاشا ڕێی ئەکەوێتە ماڵی کابرایەکی بێسەری) «ڕشتەی مرواری».
**بێسەریی**: بێسەری: (ژنێکی بێسەریی هەبوو پیزەی ناو بوو) «ڕشتەی مرواری».
**بێسەکنەئی**: نائارامی، بێئۆقرەی: (بێ ڕاحەتی و بێ سەکنەئی) «فەقێ تەیران».

**بێسەڵا**: بێکەس، هەژار، بێدەسەڵات: (کیژۆڵەیەکی جوان، نەشمیلەیەکی بەدیمەن، شل و قژکاڵ، شەوەی گیانهەڵکوشی ناو جۆلانەی لاوی، بەڵام هەژار و دەسبەتاڵ و بێسەڵا) «شەوارە».

**بێسەڵمێن**: ناوی شوێنێکە: (حەسەن بەگ لە «بێسەڵمێن» خستبووی، منی نارد بۆ سەر عەشیرەت و ئاوایيەکان کە ملکانە و دەرامەتەکەی بۆ کۆ کەمەوە) «رشتەیمرواری».

**بێسەلیقە**: ١. بێزەوق، بێگز،٢. گەوج، گێژ، بێعەقڵ.

**بێسەمەر**: بێموفا، بێبەر، بێبەهرە: (کە من نەخلی مرادم بێ سەمەر بێ/ بە من چی باخی عالەم جوملە، بەر بێ) «سالم».

**بێسەمیان**: بێسەرپەرست: (دل ژ دل پر کولە، دل بێ سەمیانە گەلۆ) «سندی».

**بێسەنگ**: سار و سڤک، کەمکێش.

**بێسەواد**: ١. نەخوێندەوار، نەخووەنە، کەسێ نەیخوێندبێ،٢. نەزان، بێئاگا: (شەخس وەختێ عالمە، عالم بە هەر ئەشیا ببێ/ بێسەواد وا تێئەگا، زانین هەمووی دەسنوێژ و نوێژ) «قانع».

**بێسەوادی**: نەخوێندەواری، بێسیواتی: (بێسەوادی دەردە کاکە، بێسەوادی عارییە/ بۆ مرادی نیشتمانم رووم لە دەرکی بارییە) «رێزان».

**بێسەوایێ**: ١. بێجگە، جگە،٢. تاتەنانەت: (بێ سەوایێ! فلانییش بوویەیێ).

**بێسەیی**: گوندێکێە لای باکووری دێرالوک.

**بێسی**: ماستی هەڵگەڕاو یا ترشاو.

**بێسیر**: ١. بەرسیلە، قۆرە ٢. ترێی تازەگەیشتوی هێژ ترش ٣. جۆرێ ترێ.

**بێسیرە**: ١. بەرسیلە، بەسیلە، قۆرە، پەسیرە، جۆرێ ترێ: (بێسیرە بسەبرێ دبیتە حەلوا) «پەند» ٢. بێنیشان، بێئارمانج.

**بێسێرە**: ١. نەوردکار، نەپێک، ئەوەی نیشانە نەپێکێ ٢. کەمتەرخەم، گوێنەدەر، گەللایی، حولحولی.

**بێسیرەت**: ١. بێرەوشت، بێکردار، بێئەخلاق، ٢. بنپژاو، ئابرووچوو.

**بێسێرەیی**: نەوردکاری، نەپێکانی نیشانە.

**بێسیم**: ١. بێتەل، بێتێل، تەلسز، لاسلکی: (ڕادوێ، بێسیم و تەلەیفوون/ ئەمانە دەسکاری کێ بوون؟) «تەقیلە»،٢. بێزیڤ، بێزیو.

**بێسیمچی**: بێسیمهەڵگر.

**بێسیو**: گوندێکە لای سیدەکان.

**بێسیوات**: بێسەواد.

**بێسیواتی**: بێسەوادی.

**بێسێودوو**: بێ بیر لێکردنەوە: (برا زۆر سەیرە زوو نەمناسی من هەر زۆر لە زوو کوردم/ کە تۆ پێنج شەش کەڕەت گۆڕاوی، من بێ سێ و دوو کوردم) «هەژار».

**بێش**: ١. بێشە ٢. بەش، پشک، باربو، بەهرە ٣. باج، پیتاک ٤. بلێ، بێژە،٥. زۆر، زیاد، فرە: (بێش و کەم بێ شکەم و حیرس، وەکوو تیفلی ڕەضیع/ زاوییە بێشکەم و بێ شکەم و بێ حییەلم) «نالی»،٦. پێنج، پەنج لە یاری تەختەدا: (شەش و بێش)،٧. ڕەش، قەترانی: (چاوی ڕەشت ڕەش و بێشن/ وەک ماری ڕەش بێ ئەندێشن) «حەسەن زیرەک».

**بێشاتوشوت**: بێهەراوهوریا، بێشیتەشیت.

**بێشاخ**: کۆل، حەیوانێ کە شاخی نەبێ.

**بێشامان**: بێسنوور: (چەن چوڵی ئەربەت، بەڕی بێ سامان/ چەن گێجی گلاو، دەریای بێ شامان) «بێسارانی».

**بێ‌شبهە**: یەقین، بێ‌گومان: (بێ‌شبهە مورید و هەم موڕادی) «خانی».
**بێشبیرلک**: زێرێن ل سەرێ بووکێ کو پێنج هەبێن ژ هەڤ و ب هەڤڕەیە: (ژ هنەکان ڕە بێشبیرلکە، ژ هنەکان ڕە سەفەربەرلکە) «پەند».
**بێشتنەوە**: ×٢٥٨×: (هێرشی توندی خەیاڵی خاوم/ گیانی بێشتوومەوە پێ‌فەوتاوم) «ڕاوچی».
**بێشتەر**: زیاتر، فرەتەر: (ڕۆ جە ڕۆ بێشتەر مەیل تۆ پێش بۆ) «شەفیع».
**بێشدان**: باجدان، پیتاک دان.
**بێش‌ستاندن**: باج‌ستاندن.
**بێ‌شعوور**: بێ‌ئەقڵ، نەفام، گەوج: (ئەمجار ئەگەر لە تەعنەی ئەغیار دەبم خەلاس/ ناکەم ئەبەد ڕەفاقەتی ئینسانی بێ‌شعوور) «سالم».
**بێ‌شعووری**: نەفامی، گەمژەیی.
**بێشک**: Bêşk بێشکە، لانکە، لانک، لاندک، دەرگوش، گاوارە، دەیدیک: (بە چەند ڕۆ چۆب‌تاش، ئەو دانای پەیکەر/ تاشا بێشکێ نە نیشان زەڕ) «خانای قوبادی»، (بزەی ناو بێشکەین بۆ دایکان/ ڕووناکی چاوین بۆ باوکان) «گۆران».
**بێ‌شک**: Bêşik بێگومان، بێ‌سۆ، بێ‌سوو: (ئەمرت دلگیرەن، فەرمووده‌ت خاسەن/ بێ‌شک ماهەنی، ماهانەت ڕاسەن) «مەولەوی».
**بێ‌شکست**: ١. کۆڵ‌نەدەر، بێ‌نکوول.٢. ساخ، بێ‌شکاو، نەشکاو، ساغ.
**بێش‌کردن**: بەش‌کرن، دابەشین.
**بێشک‌کرتمە**: بچووک بە بچووک، کچە بە کچە، مارەکردنی کچی منداڵ لە سەر لانکە.
**بێشکە**: ١. بێشک، لانکە: (بەڵێ، بەرخم! ئەگەرچی هەروەکو یەک ژینی گشت لایە/ لە بەینی بێشکە و قەبرا، برینی عەینی ڕێگایە!) «گۆران».٢. ساوا لە بەرخ و کار ٣. مەشکە.
**بێ‌شکە**: بێ‌گومانە: (عاشقی بێ‌دڵ دەناڵێ، مەیلی گریانی هەیە/ بێ‌شکە هەورەتریشقە تاوی بارانی هەیە) «نالی».
**بێش‌کە**: دابەش‌کە، بەشی‌کە.
**بێشکەر**: پارکەر، دابەشکەر.
**بێشکەڕاژاندن**: ڕاژەندنی منداڵی ساوا لە بێشکەدا: (هەتا مناڵە پەڕۆگووشۆرین/ بێشکە ڕاژاندن لە کاتی گرین) «قانع».
**بێشکەژێنی**: لانکەژێنی، ڕاژاندنی لانکە: (ئەونەم کردووە بێشکەژێنی/ سەرم بووە بە تەپڵەگوێنی) «فۆلکلۆر».
**بێشکەی‌بەمنداڵەوە**: لانکەی منداڵ تێدا: (نەخش و نیگاری شووشە و قوتووی ڕەنگاوڕەنگ جارجار لە هەڵهەڵەی لافاودا نیونیگا دەردەکەوتن، تەنەکە ڕۆنی ڕەنگاوڕەنگ و هەتاکوو جارێکیان بێشکەی بە منداڵەوە هێنا!) «کۆردەرە».
**بێشکێ**: ١. بێشکەیەک، لانکەیەک.٢. گوندێکە لای سەردەشت.
**بێشکێک**: بێشکێ.
**بێشم**: بێژم، بڵێم: (داڵگە ئێمەی کزۆڵ لە پاڵ دیوارەکەدا ئەبینی، دەیوت: ئاخە شەو چە وەو باوکسەگە بێشم!) «کۆردەرە».
**بێ‌شمار**: بێ‌ژمار، زۆر.
**بێشن**: بێژن، بڵێن.
**بێ‌شندی مندی**: بێ هێڤە و هوڤە، بێ بگیر و بکێش.
**بێ‌شو**: ١. بێ‌مێرد، بێوەژن، ژنەبی ٢. بێ‌ژمار، زۆر، بێ‌پایان، بێ‌حەد: (یارب من بندە نافرمان توم، بێ‌پەروا چە فعل عسیان بێ‌شوم/ چون من گونابار مینت وەکویی، چون تۆ بخشندە کرە بێشوی) «خانای قوبادی».

**بێ‌شـۆ**: ١. فـرە، زۆر، لە ڕادە بەدەر، بێژمـار: (واوەیلام بێ‌حەد، زاریـم بێ‌شـۆمەن/ جە لای تـۆ فەریـاد جە دەس تـۆمەن) «مەولەوی»،٢. بێشێ، بئێشێ: (دیدەی تـۆ نەیشـۆ پـڕ بـادەی کەیفەن/ دیدەی من بێشۆ کێ ماچۆ حەیـفەن) «بێسارانی»،٣. بێ‌پەیمان، بێ‌بەڵێن: (کەردات وە سەرمەشـق زەمـانەی بێ‌شـۆ) «بێسـارانی»،٤. بێ عەیب و ناتەواوی.

**بێ‌شـــوانی**: نەبـــوونی گـــالەوەڕێن: (لەبەر بێ‌شـوانی هـاوین گایەکـانم نـاردە ئەو دێـیە) «جەوهەری».

**بێ‌شوبهە**: ١. بێ‌گومان، بێ‌شک: (بێ‌شوبهە و موریـد و هەم مـورادی) «خـانی»،٢. بـێ‌وێنە: (تەماشای ڕەنگ و ڕوخسـاری خەبیسـی کەی کە دەبینـی/ بەبـێ شـوبهە گەلـێ شـێوەی لە شێوەی شکڵی تووشێیە) «حەمدوون».

**بێشۆخی**: ١. ڕاستەقینە، بێ‌گاڵتە،٢. بۆ پرسیارە: بەڕاستە؟، شۆخی ناکەی؟

**بێ‌شۆق**: بێ‌ڕووناکی، بێ‌نوور: (گەلێکـی دی هەرا و بەزم و تەقوتۆق/ چرای ژینـی نەبـوو وەک ئێستە بێ‌شۆق) «هێمن».

**بـــــێش‌وکەم**: کەم و بـــــێش، زۆر و کەم: (مـاجەراییکم هەیە بێ بێش و کەم/ هیچ درۆی تێدا نییە با بۆت بکەم) «حاجی قادر».

**بێ‌شومار**: زۆر، فرە، بێژمار: (سوودی خـاکی کوردســـتانم، چەن هەزاران دەر هەزار/ بـۆت بنووسم کـاکی کـوردم، میـوەییکی بێ‌شـومار) «قانع».

**بێ‌شون**: پەیمانشکێن، بێ‌وەفا.

**بێ‌شـۆن**: زۆرە، لە ڕادە دەرچـووە: (حەلـق جەیرانان تەشنەگی بێ‌شۆن/ ئینتیزار ئاو سـاف تێغ تۆن) «مەولەوی».

**بێ‌شۆنی**: تۆ بێ‌عەیبی.

**بێ‌شـــۆنیی**: ١. بێ‌جێگـــایی، بێ‌جێـــوڕێیی،٢. بێ‌پەیمانی، پەیمانشکێنی.

**بێ‌شوو**: ١. بێ‌ژمار، بێ‌شـمار، بێـداد، بێـداو، زۆر، فرە،٢. بێوەژن، بێ‌مێرد.

**بێشوون**: گوندێکە لای پیران.

**بێ‌شـــوون**: بێ‌شـــوونوون، بێ‌سەروشـــوێن: (مەعلـــووم بـــی جە لاش دنیـــا بەدتەوورەن/ عەجووزەی بێ‌شـوون، پـڕ مەکـر و جەورەن) «خانای قوبادی».

**بێ‌شوونوون**: بێ‌سەروشوێن.

**بێشوە**: گوندی بێژوەی لای سەردەشت.

**بێ‌شـــوێن**: ون، ونـــدا، بێ‌جـــێ: (ڕازایەوە گڵکۆی شەهیدی بێ‌شوێن) «هێمن».

**بـــێ‌شـــوێن**: ١. بێ‌سەروشـــوێن، ون، گـــوم، ونـدابو، شـەرت‌وگوم،٢. بـێ جـێ و مەکـان: (خوای گەورە و بزورگ پادشای ڕێی نیاز/ بێ هاوبەش، بێ کەس، بـێ شـوێن بـێ هـاوڕاز) «پیرەمێرد».

**بێ‌شوێنی**: بێ‌جێیی، ونداییی.

**بێشـە**: ١. مێشـە، وێشـە، کوواشـە، بێشـەڵان، چخور، شەخەڵ، چغور، دەحل، چەم، دارسان، لیڕەوار، لیڕی دەسنێژ: (دڵم وەک شێری بێشـە شـوعلە گرتـوو/ لە سـینەی پـڕ لە سـۆزم دەربەدەر کەوت) «مەحوی»،٢. ناوی شـوێنێکە لە قەزای قەڵادزێ کە تـوتنی بۆنـداری هەیە: (بۆ تووتنەکەی بێشەمە و شار و شێتنە/ شـێت بووم و نەهات، وەختە دڵـم دەرچـێ لە داغـا) «شێخ ڕەزا»،٣. ویشە، جێی، شوێن،٤. گوندێکە لای سمێلان،٥. ناوە بۆ کچان.

**بێ‌شەبیە**: بێ‌وێنە: (شتێکە بێ‌شەبیە و جینس و فەسڵ و کەشـف و تەقریـرە/ مـوبەڕڕایە لە تەقریر و حەدیثی حادیث و ڕاویی) «نالی».

**بێشەدە**: بێ‌بەرچاڤک، بێ‌پەردە.

**بێشەڕ**: ئاشتیخواز.
**بێ شەرت**: ١. بێ وەفا، سپڵە: (بەڵام بینایيم، من دۆس گیانیم/ نەک چون بێ شەرتان نانی و زوبانیم) «مەولەوی»،٢. بێ مەرج، هیچ شەرتێ لە بەین دا نەبێ.
**بێ شەرت وشوێن**: بێ شەرت وشوێن، بێ وەفا، بێ بەڵێن: (بێ شەرت و شۆن، بەین نادروستەن/ دەها چەند شاهان جە شاهی وستەن) «خانای قوبادی».
**بێ شەرت وشۆن**: بێ شەرت وشۆ: (هەڵی تەکینە گەنمی دێ کۆنە/ کیژ باوەحیزە بێ شەرت و شۆنە) «فۆلکلۆر».
**بێ شەرت وشوێن**: بێ شەرت وشۆ.
**بێ شەرتی**: بێ وەفایی، پەیمان شکێنی: (بێ شەرتیش دۆسی، قارش وەفامەن/ مەزەی قین لەزەت، حەفاش سەفامەن) «مەولەوی».
**بێ شەرعەت**: بێ شەرعی: (خەونا وە دی بێ شەرعەتە/ دیتنا مەحرەم عەورەتە) «فەقێ تەیران».
**بێ شەرعی**: ناشەرعی، کاری دوور لە شەرع: (ئەگەر بێ شەرعی نەبا، هەتا مردن لە سەرت دەگریام) «ئەمیری».
**بێشەرم**: بێ ئابڕوو، ڕووقایم، کاولی، ڕووش، قولتەش، کولەش، بێ فەهیت، ڕووهەڵماڵاو، بێ حەیا، بەڕو، داشۆریاگ: (شێخێ بە ژنێ خراپی گوت: بێ شەرمی/ بۆ هەرچی دەستت بۆ بەرێ ساز و نەرمی/ پێی گوت: بەڵێ من وەکوو دیارم، هەر وام/ تۆش داخۆ وەکوو نیشان دەدەی، دڵگەرمی؟) «خەیام هەژار».
**بێشەرمانە**: ڕوودارانە، بێ حەیایانە: (ڕۆژێک تۆپی فتبۆڵێنی چەند منالێک کەوتە حەوشەکەوە، ئازا تۆپی گرتەوە و چەقۆیەکی پێداکرد و تەقاندیەوە و بێ شەرمانە قاقا پێدەکەنی!!) «کۆردەرە».
**بێشەرمی**: بێ حەیایی، بێ حەیایی: (بە دوای لێو و دەم گیرا دەم و مەم هاتە نێو دەستم/ مەکە و شەرم و حەیا تۆرا لە بێشەرمی دەم و دەستم) «ڕاوچی».
**بێشەڕەف**: ١. بێغیرەت، بێناموس،٢. پەست، ڕەزیل.
**بێ شەریک**: ١. بێ هاوبەش: (بەشەر نی، بێ شەریکی/ لە هەرچی هەس نزیکی) «ڕاوچی»،٢. تاق، تەنها: (بەو خودایەی بێ شەریک و لامەکان و واحیدە/ عەشقی تۆ نەوعێ لە دڵما ئاگری کردۆتەوە) «ف. بێکەس»،٣. بریتی لە خودا.
**بێشەزار**: بێشەڵان، مێشە: (پۆڕ جوانترین مەلی بێشەزارە) «ڕشتەی مرواری».
**بێشەلان**: بێشە، بێشەچخوڕ، جەنگەڵ، چغور، دارستان، شەخەڵ، لێڕ، لێڕەوار، ویشەڵان: (هەر بێشەیەکی پڕ لە هوژەبر و پڵنگ و شێر/ بۆ ڕۆژی ئیحتیاجی وەتەن، جانفیدا و دلێر) «پیرەمێرد».
**بێشەلانک**: دالاف، دەلاف، ڕێ ئاف ل دالانا ئاش.
**بێشەڵانک**: قولکەی ئاش کە ئاوی ئاشی لێ دەر دەکەوێ.
**بێشەڵستان**: بێشە، دارستان: (ئەترسم گەر بڵێم شێرم نەماوە کەس نەکا باوەڕ/ ئەگەرچی شاهیدە بۆ من خرۆشی بێشەڵستانم) «قانع».
**بێشەما**: بێشەمە، جۆرێ توتنی بۆندارە.
**بێشەمە**: بێشەما: (بۆ توتنەکەی بێشەمە و شاور و شێتنە/ شێت بووم نەهات، وەختە دڵم دەرچێ لە داغا) «شێخ ڕەزا».
**بێشەنگ**: ١. گرینۆک، گرەزۆک،٢. بێ شەنگ، شۆڕەبی،٣. ناوە بۆ کچان.

**بێشەهامەت**: نەوێر، بێجەرگ، بێزاڵە، قزە، ترسەنۆک، خوێڕی.

**بێشـــەیەی**: مێشـــەی قـــامیش، نەیـــزار، قامیشەڵان: (حـاڵی عیشـق و تابشـی هیجـرت نیشانی دا بە من/ ئاگری سـۆزندە هەر کـارێ بێشەی نەی دەکا) «سالم».

**بێشی**: ١. بیشە، مێشە، چغور،٢. ئازا، بـێوەی، ٣. جـوزئی، سـەتحی، سەرسـەری،٤. بێشـکە، هێلەچان، هێلەکان.

**بێشـــیان**: بێکێـــر، سســـت، لاواز، بەکەڵـــک نەهاتویی.

**بێشیر**: کەمشیر، بێژەک، ئاژەڵ بیژۆک.

**بێشیرە**: بەرسیلە، قۆرە.

**بێشیری**: کەمشیریی.

**بێشیک**: بێشکە، لانک.

**بێشیگە**: بێشکە، لانکە.

**بێشێل**: نارێک، ناجوان، ناپوخت.

**بێشیلەوپیلە**: پاک، بێدەغەڵی و فێڵبازی.

**بێشینکێ**: گوندێکە لای مانگێش.

**بێشـــێو**: بێشـام، بێنـانی شـەو: (سـەمەد بە هەژاری پێگەیـوە، بە چـاوی خـۆی منـاڵانـی بێشێوی قاڵیچنی لادێکانی ...) «نیساری».

**بێع**: بێح، بێعانە، بەیعانە، پێشەکی سەودا.

**بێعار**: ١. بێشەرم، دەمهەراش،٢. نەسـرەوتوو، هاروهاج: (من دەڵێم ساتێ وچانی نییە بێعـارە دەڕۆم) «جەمیل».

**بێعاربوون**: بێعاری، ڕوودار بـوون: (بێعـارم ئەکەم باس دڵدارەکەم/ باس قەد و باڵای تـاقە یارەکەم) «ع. مەردان».

**بێعـــاری**: ١. نەسـرەوتوویی،٢. بێئـابڕوویی، بێحەیـایی، بێشـەرمی: (کە هـاتە گـوێمەوە دەنگت بە نەغمەیـی نەرمـت/ وتـت: چ مفتە تەماشا بە نرخی بێعاری!) «گۆران».

**بێعانە**: بێع، بێح.

**بێعللەت**: باش، چاک، گۆشتەزەوو: (تـۆڤی بژارێ بێ غللەت/ باڤێژە ئەرزێ بـێ علـلەت) «فەقێ تەیران».

**بێعلموخەت**: نەخوێندەوار، ناتێگەیشتوو: (ئێ مسلێ من بێ علم و خەت) «فەقێ تەیران».

**بێعلمـــی**: نەزانـــی، نەخوێنـــدەواری: (لەبەر بێعلمـی سـەرتان سرِ مـاوە/ نـاوی ئێمەتـان بتخانە ناوە) «مینەجاف».

**بێعورزە**: ١. بێلیـاقەت، نـالایق، سـووک،٢. کارلێنەهاتوو.

**بێعوزروبەهانە**: بێلاموجومی، بێبڕوبیانو.

**بێعەجمان**: بێحەجمان، نەسرەوت، بێئۆقرە.

**بێعەجەلە**: بەکاوەخۆ، بەسەبر، لەسەرەخۆ.

**بێعەدەبی**: بێئەدەبی، ڕووداری: (کـابرایەک ئەڵێ: ئەرێ مامۆستا، بێعەدەبی نەبـێ کە پیـاو چووە سەر ئاودەستان چەندە قنگـی بشـواتەوە پاک ئەبێتەوە؟) «ڕشتەی مرواری».

**بێعەدەد**: زۆر، فرە: (بێنیهایەت پوڕ مـراد و بێعەدەد مەنسور بێ) «جزیری».

**بێعەرزی**: بێشەرمی، بێئابڕوویی: (پیـت و بەرەکەت ئەڕوا لە ئەرزی/ کـوڕ و کـچ پێـک دێن لە ڕووی بێعەرزی) «پیرەمێرد».

**بێعەسل**: نەهێـژا، نـانەجیم: (ئەز وە نـاکەم/ ئویجاخا مالا بابێ خوە/ شەهمزار نـاکەم/ کـو دێ ئێکـا وەکـی تە بـێ عەسـل مـار کەم) «حەیرانۆک».

**بێعەمەل**: بێحەمەل، بێکردەوە: (بڵـێم چـی پیری پێی وتـم وا چـاکە بیزانیـت/ کە ڕیشـی بـێعەمەل هەرگیـز لەبـۆ ئیشـی خـودا نـابێ) «قانع».

**بێعەنوا**: بێئەنوا، پڕنسی، پێدەر، بێجێوڕێ: (بێئەنـــوا و بێداشـــدار و دڵسـۆز مـایەوە)

«پێکەنینی گەدا».
**بــێ عەوەوی**: بێ عەدەبــی: (کـابرا کــوتی: بــێ عەوەوی نەوێ تــۆ خەڵکــی کــوێ؟) «ڕشتەی مرواری».
**بێ عەهــد**: بێ وفـا، بــێ ئەمەگ: (لەو وەعــدە ڕەقیبم گوتی: بێ عەهــد و وەفـایە/ مەعلــووم نەبوو لەم عالەمەدا ڕاست و درۆشی) «حـاجی قادر».
**بێ عەیب**: ساخ، ساغ، بێ ئیراد.
**بێ عەینی**: بەعەینی، عەینەن، کوت وەمت: (لەم حوجرەدا، لەبەر پەنجەرە کەوتووم و دەخوێنم/ بێ عەینی دەڵێی بولبولی گۆشــەی قەفەسـێکم) «نالی».
**بێ عیلمی**: بێ علمی.
**بێغ**: باغ، باخ، چەم: (ئاڤاتێ مێر مەرارە، رنـدێ بێغ ژی نارە) «پەند».
**بێ غایە**: تەواونەبـوو، زۆر: (چییە ئەم گـریە بێ غایە، کڕووزەی نیوەشـەو خـوڕپێن؟/ چییە ئەم قەتــرە وردانەی لە چــاوت بێ مەئــال ئەڕژێن؟) «گۆران».
**بێ غــایەت**: زۆر، فـرە: (یەکێکیـان شـیرینە بێ غـایەت/ ســەکێکیان تــرش و مەزەدار) «حەسەن زیرەک».
**بێ غللەت**: پاک، بێ دەغەڵە: (تۆڤێ بژارێ بێ غلـلەت/ بـاڤێژە ئەرزێ بــێ علـلەت) «فەقــێ تەیران».
**بێغەبار**: گوندێکە لای شارۆچکەی باتوفا.
**بێغەبارژۆری**: گوندێکە لای شارۆچکەی باتوفا.
**بێ غەرەز**: بێ کینە، بێ بوغز، ڕاست وڕەوان.
**بێ غەش**: دڵپاک، دڵساف: (ســەرم ســووڕماوە نازانم چ شەخسێ بێ غەش و چاکە/ لەناو ئەم قەومەدا کێیە لەگەڵ هاوجنسـی خـۆی پـاکە) «ف. بێکەس».

**بێ غەل**: بێ غەل و غەش: (هەڵم گرن بە پێـنج و شەش/ دەی هەڵم گـرن بــێ غەل، بــێ غەش) «حەسەن زیرەک».
**بێ غەللوغەش**: ١. بێ تێکەڵـی، خـالیس(زێڕ)، ٢. ڕاست، دڵپاک، بێ ڕیا: (شاعیرێکی ڕاست و یەکڕووم و فیداکار و نەبەز/ کوردە موحتـاجی محەک نیم، زێڕی بێ غەلل و غەشم) «هێمن».
**بێ غەم**: ١. بێ خەم، ئەرخەیان،٢. کەمتەرخەم.
**بێ غەوش**: بێ خەوش.
**بێ غیرەت**: ١. ناموسفرۆش، ناپیاو، نـاکەس، ٢. ترسەنۆک، خۆڕی، خـوێڕی، بــێ زات: (تـو بنهێـڕ ئەو بێ غیـرەت کـو توجـار/ کـو نـایین ڕەنگ و ڕوویە خوش بەختی) «گولشــوون»،٣. خائین، نیشتمانفرۆش.
**بێڤ**: بێڤ، هەل، دەرفەت، بێو، فرسەت.
**بێ فــام**: کەم فـام، کێـوی، وەحشــی: (وەک ئـاهووی تاتـار لە سا سـاڵ کەردە/ وەحـش و بێ فامە وەک ئاهووی هەردە) «مینەجاف».
**بێ فایــدە**: بێ کەڵـک، بێ سـوود: (ئەو نـاڵینە بێ فایدەیە/ بۆچی نازانی، نەت دیوە؟) «هێمن».
**بێڤاچ**: بێ ڤاچ، نەمەعقوول.
**بێ فایــدە**: بەخـۆڕایی، بێ کەڵـک، بێ سـوود: (ســەر فوســودی نەقــدی دڵ لەم عــالەمە بێ مایەیە/ تـابەکەی بێ فایـدە ســەرفی گەنجی کەی خوسرەو دەکەم) «سافی».
**بێ فرســەت**: بــێ دەرفەت، مـاوەنەدەر: (فەڵەک بێ فرســەت، فەڵەک بێ فرســەت/ ئەی چەرخ چەپگەرد، بێ سەبر و فرسەت) «مەولەوی».
**بــێ فرشــک**: بێن تەنـگ، ناپایـدار، بێ خێـرە، بێ کەڵک.
**بێ فرمــان**: ١. بێکـار، بــێ ئیش، بێ شـۆل،٢. بێ ڕۆڵ، بێ فەرمان(ماشێن).
**بێ فرۆفێڵ**: سادە، ساکار: (هەمووویـان تونـد و

تۆڵ و گورج و گـۆڵ و چوسـت و چـالاکن/ هەموویان بێ‌فرۆفێڵ و بەکار و ساده و پـاکن) «هێمن».

**بێ‌فزه**: بێ‌کرچه، بێدەنگ.

**بێ‌فکر**: بـێ بیرلێکـردنەوە: (لا ب وێ لێپـێ نزانـی/ بـێ فکـر ئەو چـوویە بـانی) «فەقـێ تەیران».

**بێڤل**: بیڤل، دفن، لووت.

**بێ‌فلس**: بێ‌فلوس.

**بێ‌فلوس**: بێ‌پاره، نەدار: (قانعا گشـت کەس ئەزانێ تۆ کـزۆڵە و سـەرکزی/ تـۆ لە گشـت کەس بێ‌فلـوس و بــێ‌دەس و ڕیســواتری) «قانع».

**بێڤن**: بینفن، بێڤل، پـوز، کەپـۆ: (ژ بێڤنـا زۆر شیرێ ماکی بینە خارە) «گول‌شوون».

**بێ‌فەدی**: بێشەرم، بێ‌فەهێت، بێ‌حەیا.

**بـــێ‌فەڕ**: ۱. بێ‌ڕێــز، بێ‌بهــا، بێ‌ســەنگ، بێ‌ڕوونایی، شووم، بەدودم، نـاپیرۆز: (بـووکی دنیا وەک دەڵێن، وا بێ‌حەیـا و بـێ‌فەڕ نەبـوو/ هێنـده دامەن هەڵکـراو و حییـز و مـالاّن‌گەڕ نەبـوو) «حـاجی قـادر».۲. کـز، لاواز، چەقەڵ: (ئەحەی کرنـوو قەسـابی ئەکـرد ڕۆژێـک مەڕێکی سەر بڕی، زۆر لاواز و بـێ‌فەڕ بـوو) «ڕشتەی‌مرواری».

**بێ‌فەرق**: بێ‌جیاوازی، بێ‌جودایی: (بـێ‌فەرقە لەبۆ غەرقی من و لاو و کوڕ و پیر) «ئاسۆ».

**بێ‌فەرقەن**: فەرقی پێ ناکا: (خودای مێهرەبان بـێ‌فەرقەن جە لاش/ تـۆ عەیـبش واچـی، یـا حەمد و سەناش) «کۆسالان».

**بێ‌فەرمان**: بێکار، بێ‌ئیش.

**بێ‌فەرمانی**: بێکاری.

**بێ‌فەرهەنـگ**: ۱. بێ‌کەلتـوور، بـێ‌ئەدەب،۲. داب‌نەزان، دواکەوتوو، دووره شارستان.

**بێفەڕی**: بەدفەڕی، ناپیرۆزی، شوومی.

**بێ‌فەزیحەت**: بێ‌فەزیحەتی، سووکاتی: (پووره گوڵە هەر دوو دەستی ناوەتە کەلەکەی و وەک لۆک گەرم بووه و بێ‌فەزیحەتی بە فاتم و زارا دەکا) «هەزار ئەشکەوت».

**بێفەزیحەتی**: هەتـک، سـووکایەتی: (پـووره گـوڵە کـردوویەتە سـەربان، بێ‌فەزیحەتـی بە خەڵک دەڵێ) «هەزار ئەشکەوت».

**بێ‌فەسال**: بێ‌تەرح، نـاقۆلا، لەکەس نەچـوو: (بکی لاورەکی وسا بێ‌فەسال کو، نە شبە چـو لاورەک ژی) «پەپووک».

**بـــێ‌فەهێــت**: بێ‌ئـابڕوو، بێ‌شـەرم، ڕووقـایم، بێ‌فەدی.

**بێ‌فەهیتی**: ناشایانی، ڕووقایمی.

**بێ‌فیز**: بێ‌تـۆز، خـاکینە، سـاده: (لە کرماشـان هـاواڵێکم بە منـی بە پیـاوێکی بـاش سـپارد، خاکینە و بێ‌فیز بوو) «پێکەنینی‌گەدا».

**بێفیکر**: ۱. بێهۆش، بێ‌ئاوەز،۲. بێ‌خەیاڵ.

**بێفێل**: پەست،

**بێ‌فێڵ**: ساده، پـاک: (بش‌بـووبێ وەفـا ئێسـتە وەجاخی کوێره/ کـێ ڕاسـتە لە وانـی دیـوتە؟ یەک بژمێره/ هەر کووپەمەیە، هەواڵی دڵپاکە و بەس/ بـێ‌فێڵە، مەترسـە! خـۆتی پـێ بسـپێره) «خەیام هەژار».

**بێفێلی**: پەستی،

**بێڤ**: ۱. بێف، هەل، فرسەت ۲. سیتە، سـولتە، جۆرێ تۆڕی ماسی‌گرتن لە چەپەر.

**بێڤا**: نابەجێ، بێتام، قسەی قۆڕ و بێ‌مانا.

**بێڤاج**: ۱. گێل، گەمشۆ، حۆل ۲. نەمەعقـوول، شتێ کە عەقڵ نەبڕێ.

**بێڤاچ**: بێڤاج.

**بێڤـان**: ئەوک، فیسـار، فلانـی، هـین، کـابرا، وانێک، وانەک، هەرامە.

**بێڤان کەس**: بێڤان، فلانکەس.

**بێڤل**: ١. لووت، کەپۆ، کەپ، دم، پۆز، قەپۆز، دفن: (جارنا سەر هێرس دبوو، چیە سبێ حەتا ئێڤارێ بێڤلا تە ناڤ وان کتێبان دەرنایێ) «مەستوورە» ٢. خمخمک، کونای لووت.

**بێڤەر**: ناهومێد، هەناسەسارد،

**بێڤەری**: بێڤەریی، هیوابڕاوی، دڵشکستی، هەناسەساردی.

**بێڤەرێژ**: بێبەرهەم، بێبەر.

**بێ ڤەڤا**: بێوەفا، پێنەزان.

**بێ ڤەفاتی**: بێوەفایی، سپڵەیی: (یەک ژ وان کو بێڤەفاتی کربوو ل مرا هەڤال بوو) «گولشوون».

**بێ ڤەڤایی**: بێوەفایی، بێئەمەگی.

**بێ ڤێج**: بێڤێژ، بێویج، بێئرادە.

**بێڤیر**: نەخۆشی لەسەر مردن، نەخۆشی لەمردن: (هەرچی بێڤیری کو ناڤێ دلبەرێ بیتن لسەر/ خوەش دبت حادر د گاڤێ بێگومان و شوبهەیە) «جزیری».

**بێڤێری**: ناهومێدی، هیوابڕاوی.

**بێ ڤێژ**: بێسەرنج، بێبال.

**بێڤێل**: لووت، پۆز،

**بێڤێن**: بێگێول.

**بێ قابیلەت**: سووکوچرووک، هەرزە، بێڕێز، ناقابیل: (لە سەر گرکەیەکی بێقابیلەت لەگەڵمان بەشەڕ هات).

**بێ قاچ**: ١. کەسێ پای نییە،٢. دوور لە پەرژاندنی عەقڵ.

**بێ قال**: بێ قیرە و هەرا، بێکێشە: (عارف وەهە گۆتە رۆستەمێ زال/ ئەڤ ئەمر ب من محالە بێ قال) «خانی».

**بێقام**: ١. گومڕا، نەڕێک، سەرکێش، لەڕێ دەرچوو ٢. قوول، گومێک کە لە بەژنێک قووڵتر بێ.

**بێ قانوون**: ١. زۆر، زوڵم، ناحەقی،٢. بێسەرەوبەرەیی، کەس‌لەکەسی.

**بێ قرار**: بێوەفا، بێبەڤێن: (من نەزانی کورکێت ڤی دەوری/ چ بێقەولن، چ بێقرارن) «حەیرانۆک».

**بێقرام**: بێکەس، بێخاوەند.

**بێ قسوور**: بێڕاوەستان و کەمتەرخەمی: (هەڵمگرن بەبێ قسوور) «حەسەن زیرەک».

**بێ قسە**: ١. بێ لێدوان، بێ جەڕوباس: (بێ قسە با بچین بۆ ماڵە مە)،٢. بێگفت، بەدقەول: (یاران هەر وەها پەیمانشکێنن؟/ هەروا بێقسە و وا بێبەڵێنن؟) «برایم ئەحمەد»،٣. ئارام، بەئەدەب، باش: (کوڕێکی باشە، بەعەدەبە، بێ قسەیە) «ئەمیری».

**بێ قسەوباس**: بێقسە، بەئەدەب، هێور، باش.

**بێ قسەیی**: بێگوێیی، بە قسە نەکردن.

**بێ قسەیی کردن**: جواب نەدانەوە.

**بێ قسیە**: بەبێ مەنزوور و مەبەسەتی خاس.

**بێ قور**: بێقەدر، بێئەرزش: (ئەوەڵ لە سایەی جوقەی شاعەباس/ لە لام بێقوریە یاقووت و ئەڵماس) «ئاوێنەی بێگەرد».

**بێ قۆرت‌وگرێ**: بێگیروگرفت: (وێکڕا دەرئەچوو بە ڕێکوپێکی/ بێ قۆرت و گرێ، بە لووس و لێکی) «خانی».

**بێ قوسوور**: کۆتایی نەکەر، درێخی لە کارا نەکەر: (بەرگی بێگەرد و سپیشی دیارە وا هاوار ئەکا/ قەومی کورد دڵساف و میللەتێکن بێقوسوور) «ف. بێکەس».

**بێ قوشقن**: بێ تەقوور، بێ هیچ دەردیسەرێ.

**بێ قۆل**: بێبەڵێن، بێگفت.

**بێ قولاخ**: بێسەروشوێن، بزر، وندا.

**بێ قولاغ**: بێقولاخ.

**بێقـــولکێ**: گونـــدێکە لای شـــارۆچکەی کانی ماسێ.
**بێ قۆلە**: بێ پەیمان و بەڵێن.
**بێ قولەتێن**: بێ پەیمان، بێ باوەڕ: (مرۆڤی درەوا بکەت د ناڤ خەلکی دا گەلەک بێ بهایە، ئەگەر ڕاستی یا وی دێ یا بێ قولەتێن بیت) «گولواز».
**بێ قۆلی**: بێ پەیمانی.
**بێقووت**: بێ زاد، بێ زەواد.
**بێقوون**: بێ ڕەچەڵەک، بێ بنیچە.
**بێ قوونەبان**: تەمەڵ، تەوەزەل، زەغەڵ.
**بێقەپوشک**: گوندێکە لای سیدەکان.
**بێ قەدار**: زۆر، بێ حەد: (من بێ قەدار ئەو سیر ڤەشار، عیشقا غەدار سوهتی سیتار) «جزیری».
**بێ قەدر**: بێ حورمەت، بێ ڕێز، بێ نرخ: (لەمـێ مەیدانی عیشقە، کلکەڕێوی ڕیشی تۆ، زاهیـد/ چ بێ قەدری؟ دەبێ گەر شـێری بێتـێ کلکـی ڕاکێشێ) «مەحوی».
**بێ قەدربـــوون**: لە حـــورمەت کەوتـــن: (ئەگەر شەڤ گ قەدر دبوون/ شەڤا قەدر ژی بێ قەدر دبوون) «گولشوون».
**بێ قەدرکرن**: سووک کردن، حورمەت شکاندن: (زینهار مە هەر دوو: بـوک و زاڤـان/ بـێ قەدر نەکی ل پێشێ چاڤان) «خانی».
**بێ قەدری**: بێ ڕێزی، سووکایەتی.
**بــێ قەرار**: ١. گــۆڕا، زووگــۆڕ، ناپـایەدار،٢. نائــارام، بێ ســەور، نەســرەوتوو: (هــیچ کەس مــوبتەلای دووری یــار نەبــۆ/ چــون مــن سەرگەردان، بێقەرار نەبۆ) «مەولەوی».
**بــێ قەراربیەن**: نائــارام بــووە، ئــوقرەی لــێ هەڵگیراوە: (ســۆز، جە ســۆزی مــن، بــێ قەرار بــیەن/ دەرد جە پەی دەردم، دەردەدار بــیەن) «بێسارانی».
**بێ قەرارەنان**: بێ ئارامم: (بەی گشت شێوەوە بێ قەرارەنان/ پەی نثاری ئەو مـنەت بارەنـان) «بێسارانی».
**بێقەراری**: ١. نائارامی، بێ ئـۆقرەیی،٢. زەوت نەبوون، نەسرەوتن بە جێیەکەوە،٣. نیگەرانی.
**بێ قەراغ**: نـانی بـێ قەراغ، نـانێ کە لێـواری ئەسـتووری نەوێ: (نـانی بـرژاو و بـێ قەراغ) «ئەمیری».
**بێ قەزا**: بێ بەڵا، بێمـزرەت، دوور لە چـۆرتم: (وجوودت سالم بەدەن بێ قەزا) «م.ح. دزلی».
**بێ قەزابوون**: بێ بەڵابوون: (بێ قەزا بـی مـامە سۆفی تا بێ ڕیشی پان ئەکا) «قانع».
**بێ قەڵەم**: ١. نەخوێندەوار،٢. بەبـێ پێنـووس: (بێ قەڵەم، کۆمەڵ بەرەو تۆف و مژە/ سـواری ئەسپی باووبژ بێ خۆکوژە) «ڕاوچی».
**بێ قەوارە**: ١. ناشیرین، نـاحەز،٢. زەوی کەچ و خێشـکی و کەچ و کـووڕ،٣. هەر شـتێکی ناڕێک: (ماڵی بێ قەوارە).
**بێ قەول**: بێ گفت، بێ شەرت.
**بێ قەیری**: بێ ئەدەبی، بێ حورمەتی: (بێ قەیری نەبێ ناوت نـازانم/ نـاووم قـانیعە و شـەیدای نیشتمانم) «قانع».
**بێ قیاس**: بێ ئەندازە، فـرە: (ڕەئـی و تەکبیـرم خلاس بوون/ زلـف چوگـان چەپ و ڕاسـت بوون/ گلە و گازن بێ قیاس بـوون/ ئـای دلـێ من ئای دلۆ) «فەقێ تەیران».
**بێقیام**: گۆشەنشین، پارسا.
**بێ قێزوبێز**: بێ بێزوبۆ، دڵساف: (خاوەن زیپک و هەسـت و هێـزن، لە دۆسـتان بێ قێزوبێـزن) «ڕاوچی».
**بێ قیمەت**: ١. بێ نـرخ، بێ بەهـا، بەهەرزان،٢. گران، بەقیمەت: (پاکی گوارەی گـوێی زێـڕی بێ قیمەتە، قیمەتی لە خەزێنەی کەس دا نییە) «لاس و خەزاڵ»،٣. بــێ ئەرزش، ناقابـــل: (نە

ڕەندی، نە قەڵەندەری، نە فارسی، نە بەربەری/ کوردێکی پڕ دەردیسەری، بێقیمەتی وەک تووری تەڕ) «قانع».

**بێک**: بە یەک، بۆ یەک: (هاواریشی برد بێک جایە و ڕێیێ) «ئاوێنەی بێگەرد».

**بێ کابان**: بێکەیبانوو: (ڕۆحی ڕەوانم، شیرین، شیرین گیان ماڵ بێکابانم) «حەسەن زیرەک».

**بێکار**: ١. بێشوول، بێعەمەل، بێفەرمان، بێهەرمان، بێئیش، ئەوارە، گردنشین، چرۆت، وولْوول، پالووتە، دەستەپارچە: (بێکار، خودێ ژێ هەیە بێزار) «پەند».٢. بێکارە، هەرزە.٣. سەڵت، بێژن.٤. کەسێ کە ڕۆژێک کاری نەبێ: (وەرزێر ئەو ڕۆژەی بێکار نەبن، ئەوە خۆشی و جەژنیانە) «پێکەنینی گەدا».

**بێکاربەتاڵ**: بێکار.

**بێکارە**: ١. شتێکی کە بەکەڵک نایە.٢. تەوەزەل، تەمەڵ، بەتاڵ، وڵگە: (لە حەفتا تێپەڕیم و حەفتەیەک بۆ دین و بۆ دنیا/ بەکاری خۆم و کاری کەس نەهاتم، وەی چ بێکارەم!) «مەحوی».

**بێکاری**: ١. بێشوولی، بێئیشی، چرۆتی، خاوی، بەتاڵی: (کوردە! تاکەی بێخەبەر بی؟ نووستنت بێعارییە/ واسیتەی دواکەوتنت ئەمڕۆ هەر بێکارییە) «ف. بێکەس»، (شەڕ ژ بێکاری باشترە) «پەند».٢. دەرکراوی لە کار.٣. کاتی پشوو و ئسراحەت: (یاری کە، ڕا کە، پێکەنە/ جلی بێکاری داکەنە) «ف. بێکەس».

**بێ کاسبی**: بێکار، بێئیش: (حاسڵی بێکاسبی و کار، دائەنیشێ بێقەدر/ بێمەزییەت خۆی ڕەزیلی خزم و ناو یاران ئەکا) «ف. بێکەس».

**بێ کراس**: ١. ڕووت، عۆریان: (سەرمات ئەبێ، بێ کراس هاتویە دەرێ).٢. کەسی نەدار، هەژار: (بێکراس گەزە جاو بە خەو دەبینێ) «پێکەنینی گەدا».

**بێ کرچە**: بێفزە، بێدەنگ.

**بێ کرێ**: خۆڕایی، مفتێ: (نەخشی سوارانی عەشایر ڕۆڵی نۆکەری بێ کرێیان پێ درابوو) «لەمەهاباد بۆئاراس».

**بێ کریار**: بەدکردار، کارخراب: (گۆتنا بێکریار وەکی دارەکا خرش و بێبەرە) «گولواز».

**بێ کش**: بێدەنگ، کپ، مات.

**بێ کفن**: کەفەن بۆ نەکراو: (ئەستێنراوە تۆڵەی بێکفن نێژراو) «هێمن».

**بێ کل**: بێ کلتوور، بێ سوورمە: (ئەمەیە چاوڕەش بێ کل/ تەوق ئەسیری خستە مل) «ع. مەردان».

**بێ کلۆ**: گوندێکە لای قەڵادزێ.

**بێکلەر**: ١. نازناوی میری میران بووە کە بەسەر گەلەبەگێکدا ڕادەگەیشت.٢. بەکلەر، گەلەبەگ: (کوشتینە وەک من چەند سەدە وێ پادشاە و بێکلەرێ) «جزیری».

**بێ کلەس**: گوندێکە لای قەڵادزێ.

**بێ کنج**: ڕووت، بێجل و بەرگ.

**بێ کو**: بەبێ ئەوەی کە: (ئاخێ بێ کو شەرم و فەدی بکە) «پەپووک».

**بێکوانە**: دەموکانە، دمکانە، دەمکانە، دوگانە، جاجک یا جیوکا کەزوانێ.

**بێ کوتا**: بێدوماهی، بێکۆتایی.

**بێکۆدیان**: ناوی گوندێکە لە دەڤەری پشدەر.

**بێ کوڕ**: وەجاخکوێر: (شەیتان دبێ: کچئاوڕم/ خور و خیس و ڕێبڕم/ حەیف و مخابن بێکورم/ قەت یەک ژ وە ب کێر نەتێ) «فەقێ تەیران».

**بێکۆس**: گوندی بێکۆس.

**بێکۆسە**: گوندێکە سەر بە شاری سەردەشت: (سۆستان و ئاڵوەتانە/ بێکۆسە و گرشەیتانە) «فۆلکلۆر».

**بێ‌کۆسێ**: گوندێکە لای پیرانشار.

**بێ‌کوک**: نارەسەن، بەدڕەسەن.

**بێکول**: ١. بێکۆڵ، ویکول، داربی لێواری چەم ٢. بێدەرد، بێ‌دەردیسەری، بەئاسوودەیی،٣. توانایی، دەسەڵات: (ئەڤ شیان و بێکولا دوژمن ژی دزڤرینەڤە بۆ کێماسی و لاوازی‌یا هەر گەلەکی) «گولواز».

**بێ‌کوڵ**: بێ‌کەسەر، بێ‌دەرد، ئاسوودە.

**بێکۆڵ**: جۆرێ داری بییە.

**بێ‌کەدەر**: ڕوون، ڕۆشن، ساف: (جەمین جامی جەم بێ‌کەدەر نەبۆ/ گەردن بلووری جەلادەر نەبۆ) «مینەجاف».

**بێ‌کەس**: ١. بێ‌پاڵ، بێدەر، بێ‌مرۆڤ، تەنیا: (دلێ بێ‌کەسان لسەر هەمی کەسان دشەوتە) «پەند» ٢. ناڤێ «فایەق بێکەس و شێرکۆ بێکەس»، دو شاعرەکی مەزنێ کوردە ل پارێزگای سلێمانی: (بێکەسی دنیای نووسین/ دانەری بەستەی شیرین) «گۆران» ٣. ڕەنجدراو، زوڵملێکراو: (با زۆر بێ، بە کەم مەگرە ئاهی بێ‌کەسان/ بەم سروە بایە عەرشی خودا دێتە ئیهتیزاز) «مەحوی»،٤. ناڤێ خوەدێ،٥. ناوی کوڕانە.

**بێ‌کەسانە**: وەک بێ‌کەسان: (بێ‌کەسانە مەچۆ دلا میحنەت/ نییە ڕێگەی ئەگەرچی بۆ حەرەمە) «سالم».

**بێ‌کەسپ**: بەکاسبی، بێکار: (دنێ قەنجە تەژی شێر بن/ ژ خێران ڕا د خوەش‌مێر بن/ نە مسلێ من د بێ کێر بن/ د بێ کەسپ و د بێ کارە) «فەقێ تەیران».

**بێ‌کەسر**: زنجیرە شاخێکە لە خۆرهەڵاتی ئاکرێ.

**بێکەس‌کرن**: لە کەس و کار خستن: (خودێ کەس بێ‌کەس نەکە).

**بێکەس‌کوژکردن**: بریتی لە کەسێ کە بە تەنیا دەس دوژمن بکەوێ و نامەردانە بیکوژن.

**بێکەس‌مان**: بێ‌کەس و کار مانەوە، لە کەسداری کەوتن.

**بێکەس‌وکار**: بێ‌خزم‌وکەس، بێ‌فەکوفامیل.

**بێکەسە**: ١. گوندێکە: (دەرویشێکی جاف ڕۆژێکی لە بێکەسە تووشی پیاوێکی مۆریاسی دەبێ) «ڕشتەی مرواری»، ٢. ناوی گرد و تەپێکە: (ڕۆژێک لە سەر گردی بێکەسە هەڵیاندابوو) «ڕشتەی مرواری».

**بێ‌کەسەنی**: بێ‌کەسی: (کەسی کەسانم تۆیچ بێ‌کەسەنی) «بێسارانی».

**بێکەسی**: ١. بێ‌خزم‌وکەسی: (دۆستەکەی ساکاری دێرین تۆم فریشتەی بێ‌کەسی/ تیشک و تیری نیونیگاکەت، لادەبا بۆم هەر کەسێ) «ڕێزان»،٢. بێ‌مرۆیی، تەنیایی، تەنیابالی: (موسوڵمانان دەپرسن حاڵی «نالی»/ لە کونجی بێکەسی مەهجوورە ئەمشەو) «نالی».

**بێکەش**: گوندێکە لای دۆڵهەرزنی بانە.

**بێکەلک**: بێکەڵک.

**بێکەڵک**: بێخێر، بێ‌مەفا، بێ‌سوود: (پاڕانەوە و کەساسی بێ‌کەڵکە پارە ناکا/ عەزم و سەبات و غیرەت پێویستە لەم زەمانە) «ف. بێکەس».

**بێ‌کەم‌وزیاد**: ١. بەئەندازە، نە کەم نە زیاد،٢. تەواو، پڕبەپڕ، تەواوکەماڵ.

**بێ‌کەم‌وکەسر**: بێ‌کەمایەسی، تەواو.

**بێ‌کەنار**: ١. بێ‌لێوار، بێ‌قەراخ،٢. بریتی لە چەمی زۆر و سەرکردوو: (بدیە بەو دەجلەی بێ‌کەنارەدا/ ڕەوانەن وە بەین بەغدا شارەدا)

«مەولەوی».
**بێکەیس**: شتێ بە پێی ڕەوشت و یاسا نەبێ.
**بێ کەیف**: دامایی، بێ گێول، ناشاد: (وەکی ئەز بێ کەیفم، ئیشەڤ نکارم هەرم دیواخانێ) «مەستوورە».
**بێ کەیفی**: ناشادی، داماویی: (قسەی ترش و قسەی خۆشم ورپنەی حاڵی ناخۆشە/ بە بێ کەیفی کە لە زۆر و کەم خەبەردار نییە لە میقداری) «حەریق».
**بێ کێر**: ١. بێکار، بەتاڵ: (ئوندابوویی وەکی بێکێر بە، خەلک وی ل سەر ناڤێ گەلێ وی) «سەنار»،٢. بێ کەڵک، بێ سوود، بێ خێر، بێ وج: (دنێ قەنجە تەژی شێر بن/ ژ خێران ڕا د خوەش مێر بن/ نە مسلێ من د بێ کێر بن/ د بێ کەسپ و د بێ کارە) «فەقێ تەیران».
**بێکێس**: نارێک، نەگونجاو، بێ جێ.
**بێکێسی**: نارێکی، ناسازی.
**بێ کێڵ**: گوندێکە لە نزیک بێتواتە.
**بێکین**: دڵپاک، دڵساف.
**بێ کینە**: بێ کین، پاک: (سینەی دڵی بێ کینە، سافە وەکوو ئایینە/ مەستوورە بە پەشمینە، ئەسراری لە کن پەشمە) «نالی».
**بێگ**: ١. بەگ، گەورە، ئاغا ٢. پیادەی شەترەنجە.
**بێگا**: بێگاف، ناوەخت، درەنگ، درەنگان.
**بێگار**: ١. فەزخە، جزار، سوغرە، سوخرە و زبارەیێ ب کوتەکی ب خەلکی کرن: (لە ستەم و جەور و بێگار/ لە قەدەغە و ئەشکەنجە و دار) «گۆران» ٢. هەوار، هاوار، قیڕی ٣. گریان، گیریان: (شین و بێگار)،٤. بێکار،٥. خاڵی، ڤالا: (دیکەگە بێگار کە بوومەوەێ)،٦. بەتاڵ، کارێگ نیاشتن: (بیلادەسم بێگار بوود ئەوسا تییەم).
**بێگارانە**: جۆرێ باج بووە کە ئاغا لە وەرزێڕ و جووتیاری سەندووە: (وەک جاران جووتیار دەستیان نەدەڕۆیشت بێگارانە بدەن، ناچاربوون خۆیان بچنە بێگاری ئاغا) «پێکەنینی گەدا».
**بێگاربوون**: ١. لە کارێگ خەلاس بوون،٢. خاڵی بوون.
**بێگارپاپەتی**: بێکارە، وڵگەی سەر خەرمان.
**بێگارچی**: سوخرەچی، بێگاریکەر: (کاتێ گەیشتنە ناو بێگارچی‌یان و دیتی هەموو هەرزەکار و کوڕ و کاڵن) «پێکەنینی گەدا».
**بێگاری**: سوخرەیی، کاری بێگار: (هەرچی مەحبووبان دەکەن خۆشە، بەڵام داخی ڕەقیب/ دەمکوژێ، تەرحی مرێ، هەر وەک کەری بێگارییە!) «نالی».
**بێگاریکەر**: بێگارچی: (دەتگوت دەمی گزیری پیرە لە گەڵ بێگارچییەکان ددانی تاق و واز کەوتووە) «پێکەنینی گەدا».
**بێگاف**: ١. ناوەخت، بێ وەخت، درەنگ، درەنگوەخت، لەناکاو، کتوپڕ: (عاشقان بێ گاف لەو کالین ژ دل تێن شوبهێ ڕەعد/ وان ژ بالا لێ دبارن وەک برۆسکان ڕەمز و ناز) «جزیری» ٢. ناچار، نەچار، زۆرەملی، زۆر.
**بێگافی**: ١. بەناوەختی، بێگاف ٢. زۆرەملی، ناچاری.
**بێگافی کری**: زۆر لێکراو، ناچارکریاگ.
**بێگانە**: ئاوارە، ئەغیار، بیانی، تاچیک، تاجیک، خاوارە، خەریب، خلەوە، غەریب، غەریبە، غەوارە، غەیرە، لاوەکی، مغەیرە، نامۆ، نەناس، نەشناس، نەناسراو، هاڤی: (گەر لە برسان و لەبەر بێ بەرگی ئیمڕۆ ڕەق هەڵیم/ نۆکەری بێگانە ناکەم تا لە سەر هەردم ئەمن) «هێمن».
**بێگانەبوون**: بوونە بێگانە: (تۆ یاری من و

یاری دڵم هەر غەمی تۆیە/ بێگانە بووم یەکسەر بۆ تۆ لە کەس و خوێش) «سالم».
**بێگانەبەخوێش**: بێگانەپەرستی: (هەر کەس بکا بێگانە بە خوێش/ کردی بە سەریا خۆڵ بە دەستی ویش) «حافز».
**بێگانەبەدەر**: خۆماڵیمان، وشەیەکە بۆ رۆیشتنی غەوارە لە کۆڕ: (بێگانەبەدەر بە رۆشنایی/ کش بوو، کشوماتی تاریکایی) «خانی».
**بێگانەپەرست**: جاش، نیشتمانفرۆش.
**بێگانەپەرستی**: جاشیەتی، دۆستیا بێگانەی: (سەت ساڵی بکەی بێگانەپەرستی، ئاخری دینی نشوستی) «پەند».
**بێگانەخۆ**: کەسێ بێگانە بە خۆ بزانێ: (ئاشنا بوێێ، بێگانە خوێێ/ بەهانە جوێێ، بەها نەجوێێ) «مەولەوی».
**بێگانەخوازی**: نیشتمانفرۆشی، بیانیدۆسی.
**بێگانەیەتی**: نامۆیی.
**بێگانەیی**: بیانێتی.
**بێ گانی**: دوورە گان: (جینسی خۆی جووتە مریشکێ بەری حەملەی بگرێ/ نەکو سوێی بێتەوە بێچارە لەبەر بێ گانی) «شێخ ڕەزا».
**بێگاهـ**: بێوەخت، بێگاڤ، بێگە،
**بێگرس**: گوندێکە لای ئاکرێ.
**بێگرۆ**: گوندێکە لە باکووری بارزان.
**بێ گری**: بێچەپ و خواری.
**بێ گرێ**: ١. بێفێڵ،٢. بێ قۆرت و خواری: (ئەبرۆ چ کەوانی بێ گرێ و ڕێک/ پەیکانی بژانگ چ تیری دڵپێک) «هەژار»،٣. ڕاست ڕاکشاو: (ئێستە بۆ عاشق کەمەندی زولف نەماوە بیگرێ/ خۆم لە بەر پێی جوانەکانا ڕائەکێشم بێگرێ) «پیرەمێرد»،٤. ڕەوان، ڕاست، پوخت، پاراو: (بۆ لە خاکی پاک و زاری بێ گریم/ غەدر ئەکەی؟ نابەخشی پێم؟) «گۆران».
**بێ گرێوگۆڵ**: ساف، بێ گرێ: (بێ گرێوگۆڵە، کەما بن قرتن/ قەڕنە، تەڕنێکە، بەگەز ڕم کورتن) «ڕاوچی».
**بێگلەر**: بێکلەر.
**بێ گلەیی**: گلەیی نەبێ.
**بێگمە**: گوندێکە لای شارۆچکەی بنگرد.
**بێگۆ**: بۆژۆ، گیای بۆگرتوو.
**بێ گۆتنە**: ناتوانێ بدوێ: (ما ئەز دبێم ڤێ گۆتنێ/ بێی تە زبان بێ گۆتنە) «فەقێ تەیران».
**بێ گور**: بێتین، لاواز، کز: (مەدە تانە لە وێنەی بێگوڕ و باوم/ لە زیندانی خەماوی‌دا، لەمێژە بێبەشی تاوم) «ڕاوچی».
**بێ گورتینەکردن**: بن پڕژاندن، کچێنی بردن.
**بێ گورد**: بێهۆش، سەرمەس.
**بێ گوڕوو**: بێبەهانە، بێبیانوو: (بە عیشقی پاک و سۆزی بێگوڕووتان/ بە فرمێسکی زوڵاڵی هاووهووتان) «ڕاوچی».
**بێ گۆش**: بێگووێ.
**بێ گۆشت**: کز، لاواز، لەڕ: (شێعرۆکە و بەیتوباوی باودار و بێباو، بە دەستێکی بێگۆشت و چەرمن و لەرزۆک) «ڕاوچی».
**بێ گۆشی**: بێگووێیی.
**بێگۆڤا**: ناوی گوندێکە لە کوردستانی باکووری.
**بێ گولتە**: بێپاڵەوانە، دیواری بێپشتکۆڵ.
**بێگومان**: بێشک، بێسوو، ئالاقێ مسۆگەر کردنە: (بێگومان، ئەو ژی دێ ڤێ خەبەرێ ببهێزە) «پەپووک».
**بێ گومانی**: بێشکی، بێسوویی.
**بێ گونا**: بێگوناح، بێتاوان: (وێ بێ گوناهێ ژ توهمەتێ دوور) «خانی».

**بێ گوناح**: بێ‌تاوان، پاک، بەری.
**بێ گوناه**: بێ‌تاوان: (کەوانئەبرۆ بە تیغی غەمزە تاکەی/ لە جەرگم بێ‌گوناه نیشانە ئەگری؟) «بێخود».
**بێ گونەه**: بێ‌تاوان، بێ‌سووچ: (پادشاهەکی فەرمان کر ل سەر کوشتنا بێ‌گونەهەکی) «گولشوون».
**بێگونیا**: گولێکە گەڵا گەورە و دڕکاوییە.
**بێ گووێ**: ١. کەڕ، نەژنەوا،٢. بێ‌گۆش، لاسار، سەرکێش.
**بێ گوێیی**: ١. کەڕی،٢. کەللەڕەقی، لاساری.
**بێگوە**: ١. بێ‌گوێ، لاسار، کەللەڕەق، نەژنەو، نەبیس، سەرسەخت ٢. بێ‌گوێچکە، بێ‌گوێ،
**بێگۆه**: ناحاڵی، گوە نەسمتی، بێ‌گوێ،
**بێ گوێ**: ١. بێگۆش، بێ‌گوێچکە،٢. بریتی لە لاسار، یاخی، سەرکێش، سەرڕەق، سەهندە، گوێ‌نەدەر: (ئای ڕۆڵە، چەندە بێ‌گوێی، نە بە نەسیحەتی من دەکەی، نە بە لێدانی بابت!) «نیساری».
**بێگە**: ١. بەگ ٢. ناوی گوندێکە لای شێخان ٣. گوندێکە لای شارۆچکەی ئەتریش،٤. گەهبڕی.
**بێ گەڕ**: بێ‌کێشە، کەسی ئاسوودە: (ئاغا و کوێخا و سووورباش وێڕا، گەڕیان بۆ بێ‌گەڕ دەگێڕا!) «ڕاوچی».
**بێگەران**: بێکەران، زۆر، زەوەندە.
**بێ گەرد**: ١. بێ‌تاوان، بێ‌گونا، بێ‌سووچ: (ئەوان چەشنی فریشتەن و بێگەرد و پاکن/ دنیا بۆ ئەوان خولقا ئەوەندە چاکن!) «گۆران»،٢. خاوێن، گەرد لێ نەنیشتوو: (شان و مل و گەردنی ڕووتی بێ‌گەرد/ سنگی نەرم و، مەمکی قوتی توند وەک بەرد) «گۆران»،٣. ساف، ڕوون: (تەخت یەکپارچە یاقووت بووم زەرد/ تەنیشان بە دوڕ فەیرۆزەی بێگەرد) «خانای قوبادی»،٤. ناوە بۆ کچان.
**بێ گەزاف**: ١. بێ‌وەر، بێ‌بەهرە: (هەردەم مبەخشا گەنج بێ گەزاف/ بەغەیر جە خەڵات دارایی و زەڕباف) «خانای قوبادی»،٢. بێ‌درۆ، بەڕاستی: (مودەتێکە تاسەخوازی دیدەنیم بۆ میری جاف/ حوببی وەک داری ژیان سۆزە لە دڵما بێ‌گەزاف) «مینەجاف»
**بێگەزاڵ**: ١. چەتاڵ،٢. ئایم بێمزڕەت.
**بێگەف**: ئازا، زاتدار.
**بێگەفی**: بێگەڤی، ئازایی.
**بێگەڤ**: ١. ئازا، بوێر،٢. لاسار، گومڕا، گەوج، ڤاڕێ، سەرسەری، هەقمەق.
**بێگەڤی**: ١. گەوجی، گەمژەیی، ڕاڕایی ٢. ئازایی، زاتداری.
**بێ گەڵا**: تووڵی گەڵا لێ نەڕواو: (دەبەر ئەو بەژنەت دەمرم وەک غەڵفی بێ‌گەڵایە) «مامڵێ».
**بێگەن**: بۆگەن، بێن‌گەن.
**بێ گیان**: ١. هەر شتێ کە گیانی نەبێ، وەک بەرد: (هەوێنی خوار و سەری کۆمەڵ و هەرچی بێ‌گیان و گیانلەبەرە) «ڕاوچی»،٢. گیانداری مری، مردوو، بێ‌جان: (لەوێ مان کەلاکی بێ گیان/ ئەوەش تفەنگی هەر دووکیان) «هێدی».
**بێ گیانی**: بێ‌ڕۆحی: (بە بێ‌گیانی لە باوەشیا کە خەوتم/ وەکوو گیانێ لە ناو لەشیا سرەوتم) «ڕاوچی».
**بێ گێول**: بێ‌کەیف، ناشاد، دامای، مەلوول.
**بێ گێولی**: دڵچەرمسی، ناشادی، بێ‌دەماخی.
**بێل**: ١. مەرە، بێمەرە، پامەرە، پێمەرە، مەرک، مەرگ، مەرپێر، مەرپێل، بێر، بێڵ، خاکەناز، بێڵە، بالە، دۆلەمەڕ، ئەسپار، مەرپێرک: (بلێ

«نالی» بە ئەربابی وەفا: بێن/ هەموو موحتاجی خاک و بێڵ و پاچین) «نالی» ٢. بێڵ، پارۆی دارین،٣. گوندێکە لە هەریم کوردستان، ٤. تیپ، گرۆپ، تاقم،٥. ڕەوش، ڕێمەش، هەروەکی: (قاز بێلا بەتێ چوو، کەت لنگ ئشکەست)،٦. بریتی لە شتی پان: (لەو کافری دە بەفێلە/ سەری ڕمبان دەلێی بێلە) «دمدم»،٧. ×١٢؟×: (ئەو تەقسیر و ڕاگرتن ل بەر بەربهێرییا خدمەتا بارگاها پادشا دا دێ دیدن، ل بەر وێ‌یە بێلەک شارزایە) «گولشوون».

**بێڵ**: ١. بێل، پێمەڕە: (چ یانگە بێڵ هەنەن ئاو نیەن، چ یانگە ئاو هەنەن، بێڵ نیەن) «پەند»،٢. خولەکوو، خۆڵەمێش.

**بێلا**: ١. بێ‌لایەن، بێ‌تەرەف، بێ‌ڕەخ ٢. باڵەخانە،٣. هەیوان، ئەنوا، بێرا، بارانەگر: (نە بێلا و بەرنەوایێ/ تۆ لە کوێ بووی خوایێ؟) «ڕاوچی»،٤. ماڵی دوونهۆم.

**بێڵا**: ١. بێلا،٢. لێگەڕێ، لێی گەڕێ.

**بێڵاسن**: پێمەڕە، بێڵ، ئەستیو: (لە باوکێکی بێڵاسن بە قنگێ) «گوڵونێرگز».

**بێلان**: ١. بێ‌هێلینک، بێ‌هێلانە، بێ‌لانە ٢. بریتی لە ڕەبەن و بێ‌ئەنوا، داماو: (ڕابە گازوو بێلانێ بلند کەڤە) «گەنجی سەربەمۆر»٣. جێی گەرم و هشک، بەری ٤. جێی بلند د ناڤبەرا دو چەمان ٥. پلە، پەیسک،٦. ناوە بۆ کوڕان.

**بێڵان**: کۆی بێڵ، پێمەڕە: (زرمەی پاچ و کرڕەی بێڵان، دیتە گوێی سۆفی) «ئەمیری».

**بێڵاندن**: باڕاندن، باقاندن: (کارژیلە دەبلێنێ).

**بێ لانە**: ١. بێ‌نەوا، بێ‌دالدە، بێ‌ئەنوا، بێ‌ماڵ: (دەروێشم و دڵڕێشم، دیوانە و بێ‌لانەم/ وەک کوندم و هەڵنیشتووی، کاولاشم و وێرانەم) «ئاوات»،٢. زنجیرە چیایەکە لە ناوچەی بادینان.

**بێڵانە**: بێڵا، بلا، لێی گەڕێ.

**بێڵاو**: ئاودێری دەغڵ بە هۆی بێڵ و پێمەڕە: (یەک بێڵاو، سەت سێڵاو!).

**بێڵاونە**: بێڵەوە: (بەش ئاشتی تیا بێڵاونە) «پەند».

**بێڵایە**: بێڵایی، بەرهێوان، بەرهەیوان: (کە کیسە و قەننەم دەس دایە/ هاتم بگەمە بێڵایە) «هێدی».

**بێ لایەن**: بێ‌ئالی، تا نەگر، بێ‌تەرەف: (هەرکەس بە چاوێکی بێ‌لایەن لە دەراوێکی ڕووناکەوە سەیری سەربهۆردی ئەم گەلی کردە بکا) «شەرەفنامە».

**بێ لایەنی**: بێ‌ئالییەتی، بێ‌تەرەفی.

**بێلایی**: بەرهەیوان، سەکۆی سەرگیراو.

**بێڵایی**: بێلایی، ئەیوان، داڵان.

**بێلبێلاڤا**: یارییەکی زارۆکانە.

**بێڵ تەپ کردن**: بنکۆڵ کردنی دار لە بەهارا.

**بێڵتە کردن**: کوزماڵی بن دار و کێڵانی، تەکمیش کرن.

**بێڵچە**: ١. بێرک، بێلۆچکە، بێڵ بووچگ، پێمەڕەی گچکە،٢. بێڵکە، کەفە، ئاسنێکە پاڵاندروو دەیکاتە دەستی بۆ پاڵ پێوەنانی سوژن.

**بێڵدان**: کۆڵین، هەڵکەندن بە بێڵ.

**بێڵدەخە**: ناوی حەوتوویەکی زستانە.

**بێڵشا**: لاوی بێ‌مێشک، گەنجی گێل.

**بێڵڤان**: بێلەوان، بێلەڤان، سەلپەزان.

**بێڵکار**: ١. بێڵچە،٢. پێمەڕەکار،٣. جووتیار، وەرزێر کارامە.

**بێڵکاری**: ١. کاری بە پێمەڕە،٢. وەرزێری بە بێڵ، ژێرڕوو کرن زەوو.

**بێڵ کرن**: کۆڵین، کەنن، هەڵکەندنی زەوی بە بێڵ.

**بێڵکوو**: خوڵەکوو، خوڵەمێش.

**بــێلکە**: کەفە، بــێڵچە، ئاســنێکە پاڵانــدروو دەیکاتە دەستی بۆ پاڵ پێوەنانی سوژن.

**بێ لکە**: بێ‌پەڵە، خالیس، پاک: (من کە ڕۆڵەی هۆزەکوردی بێ لکەم/ با بە قوربانی گەلم بێ خوێنەکەم) «ڕاوچی».

**بێلکێب**: گوندێکە لای ئەتریش.

**بێڵ لەبەری میچی چەقانـــــدن**: بریتـــــی لە تەواوکردنی کار و دەس بەتاڵبوون: (یارە مەڕ و ماڵاتی دامەزراندووە، بێڵی لە بەری میچی چەقاندووە) «ئەمیری».

**بێڵ ماڵ**: ماڵین بە بێڵ: (ژنەکان دەرک و بانیان بۆ بێڵماڵ و گەسک‌ماڵ دەکرد) «ئەمیری».

**بێلندان**: بێلننە.

**بێڵندانە**: ١. بێڵمان دانا،٢. جێژنێکـی کـوردی کرماشانییە،٣. جەژنێکی نەتەوایەتی کـوردانە لە ٤٥ی زستاندا دەکرێ.

**بێلننە**: بێلندان، جەژنێکی فەلانە.

**بێلو**: ١. گونـدێکە لە دێکـۆی خـاوومیراوای مەریـوان،(مەلا مـحەمەدی بێلـو کە بە نـاری بەناوبـانگە لە مەریـوانەوە نـامەیەک بـۆ شـێخ مەحمـوودی حەفیـزادە ئەنووسـێ) «ڕشـتەی مرواری»،٢. گوندێکە لای بانە.

**بێلۆ**: کوێرەکانی، کانی بەهارەزێ.

**بێڵۆ**: ١. بەهارەکانی، کانی بەهاری،٢. ناوە بـۆ کچان.

**بێ لوتفی**: بێ‌مەیلی، ساردی، ساردوسڕی: (لە بێ‌لوتفیەکەت ئەی وەی جەرگـم بـڕاوە دەی/ سەیی تۆ شـاڵت مـردم، بەرکە بەم لاوە دەی) «حەسەن زیرەک».

**بێڵۆتە**: داوەت و گوڤەندێکە فەقێ و سـوختە دەیکەن و هەڵدەپەڕن.

**بێڵۆچکە**: بێڵچە، بێڵکار، بێڵی دارینی گچکە.

**بێڵۆچکە**: بێڵچە، بێڵی گچکە.

**بێڵوز**: جۆرێ هەرمێ.

**بێلوژە**: جۆرێک هەرمێ.

**بــێ لــوک**: بەبــێ لۆقەلـۆق، ڕۆیشـتنی بـێ گورگەلۆقە.

**بێ لۆک**: بێ‌لوک.

**بێلوکە**: ناوی چۆمیلکەیەکە لە بەشی خورخورە، لە کوێستانی قەرەج‌دامان سەرچاوە دەگرێ.

**بێڵــۆکە**: ١. بێڵـی گچـکە،٢. گونـدێکە لای سەردەشت.

**بێلوو**: ١. ناوە بۆ کچان،٢. بێڵـۆ، بەهارەکـانی، کـانی بەهـاران،٣. گونـدێکە نـاری لەوێ مەلا بووە و هەر لەوێش نێژراوە.

**بێڵوو**: کوێرەکانی، بەهارەکـانی: (سـەرچەمەی بێڵووی ئەشعارم جۆشان) «م.ح. دزڵی».

**بێ لــــووت**: ١. نۆکەسـپی، نۆکەسـپیلکە،٢. بێ‌دەماغ، ماشێنێ کە ماتۆڕی لە پاشەوەیە.

**بێ لووتە**: جۆرێ نۆکە سپیلکەیە بۆ لەبلەبی.

**بێلوور**: کلۆ، کولۆ، کریست، بلوور.

**بێلووری**: کلۆیی، بلووری.

**بێلووژە**: جۆرە هەرمێیەکە.

**بێڵ وەشاندن**: بە بێڵاسن کار کردن: (بە چنگ و ناخون ئاووم بۆ دێنن/ شەو تـا بەیـانی بێـڵ ئەوەشێنن) «قانع».

**بێلویزان**: ناوی دو دێیەکە لە نزیک بامەرنی.

**بێلە**: ١. بێجگە، جگە، بێژ،٢. جـۆرێ پـێڵاوی ژنان بووە،٣. باعە، بـالە، بـاڕە، دەنگـی بـزن و مەڕ.

**بــێڵە**: ١. بهـێڵە، بـێڵا، وازبێنە: (دەسـتی مـن تەعویزە بۆ ڕەدی بەڵا/ با حەمایل بـێ لە ماتـا بێڵە سا) «سالم»،٢. باڕە، هاواری بزن،٣. دێیەکە لە دێکۆی سەرکەلی مەریوان.

**بێڵەبا**: شەن‌کردنی جەغزی دانەوێڵە بە بێڵ.

**بێڵەباو**: ڕادانی قوڕ و خۆڵ بە دەمی بێڵ.
**بێ لەبت**: پایەدار، نەگۆڕ.
**بێڵەبێل**: بارەبار، باعەباع.
**بێڵەبێڵ**: بارەباری بزن: (ئەمن بەهارم گەلێ پێخۆشە/ لەبەر فیتەفیتی شوانان، لەبەر بێڵەبێڵی شاخداری) «گەنجی سەربەمۆر».
**بێڵەتاو**: باخ و سراوێگە لە ڕەنگین لە جوانڕۆ.
**بێڵەجۆ**: گوندێکە لای سلێمانی.
**بێڵەدارینە**: بێڵی لە دار چێکراو.
**بێ لەزەت**: ١. کەلاک و مەیتێ کە زۆر لەتوپەت کراوە،٢. ناخۆش، بێ تام،٣. زۆر، گەلێک،٤. ناشیرین، ناحەز: (چاوان مەبرە لە ڕەنگ و ڕووی بێ لەزەتم) «حەمەجەزا».
**بێڵەساو**: خاوێک کردنەوەی کارێز و کانی.
**بێڵەڤان**: بێڵەکان، پیشک، پیشەکان.
**بێڵەق**: تانە، تەشەر، لاتاو.
**بێڵەقان**: بێڵەکان، پیشکان: (بچۆرە ماڵی کوللەخۆرەکان/ زمانی بەدیان ببرە بە بێڵەقان) «فۆلکلۆر».
**بێڵەق دەر**: تانەلێدەر، لۆمەکەر.
**بێڵەکان**: ١. بێڵەقان، پیشکان، پیشک، گیاکەن، بژارچن: (دارێکی زۆرم کرد بە بێڵەکان/ ئەیدەم بە ئێوە بۆ بن گوزروان) «پیرەمێرد»،٢. کۆی بێڵ، پێمەرە.
**بێڵەکۆ**: خۆڵەکەوو، خۆڵەکەوە، مشکی.
**بێڵەکوو**: ١. بلکان، بێڵەکان: (هەڵەکۆک کە باو لە بەفر ئەسێنێ/ بێڵەکان سەر و بنی دەردێنێ) «پیرەمێرد»،٢. بێڵەکۆ.
**بێڵەکەرە**: ١. شەوگەرد، مارمێلکی شەوگەڕ،٢. سولسۆلە، جۆرێ دووپشکی زۆر بچووکە.
**بێڵەمر**: ژیلەمر، ژیلەمۆ.
**بێ لەنج**: خووێن گەرم.
**بێ لەنجی**: خووێن گەرمی.

**بێڵەنگە**: گوندێکە لای هەڵەبجە.
**بێڵەوار**: ١. محاڵێکی گەورەیە لە خاکی ئەردەڵانیدا،٢. دیەکەیێگە لە کرماشان،٣. ناوی دێهستانێکە لە کامیاران،٤. ناوە بۆ کوڕان.
**بێڵەوە**: بهێڵەوە، ڕابگرە.
**بێڵەهوو**: دیەکەیێگە لە گاوارە.
**بێڵەهەر**: کەمەو بێڵەهەر، گیایەکی کوێستانییە دەکرێتە گزرە: (بێڵەهەڕ و گندۆر و پونگە و خەرپونگە) «چنگیانی».
**بێڵەیی**: دیەکەیێگە لە جوانڕۆ.
**بێڵیار**: بێڵکار خاس.
**بێڵیان**: بێلیان، لێیانگەڕێ: (بێڵیان با نەونە نوکەر و کولفەت مەردم!) «کۆردەرە».
**بێلیتڤان**: گۆرانیبێژ، سترانبێژی گۆڤەند.
**بێلیتە**: ١. هەلپەرکێکەر، چۆپیکێش ٢. گۆرانیبێژ، سترانوێژ، مقامبێژ ٣. سەما و ستران پێکڤە ٤. بێریتە، جۆرێ هەڵپەڕکێ ٥. سروود، گۆرانی قوتابخانە.
**بێلیتەڤان**: هەڵپەڕ، سروودبێژ.
**بێلیتەڤان**: ڕەقاسکەر، چۆپیکەش: (بێلیتڤانۆ، بێلیتڤانۆ/ بە ئادای سەلپەی مەزانۆ) «غزال مشکۆ».
**بێ لێڤ**: بێ لێو، ئەو کەسەی هیچ سنورێک بۆ ئاخاوتنی خۆی دانانێ و هەرچی بە سەر زاریدا هات دەیلێ.
**بێلیڤە**: هەژار، بێ دەرەتان،
**بێ لیلە**: گوندێکە لای مەیدان.
**بێلینگری**: گوندێکە لای سۆران.
**بێلینگە**: گوندێکە لە خواری شەقڵاوە.
**بێ لێوار**: بێ کەنار، بێ قەراغ، بێ سنوور: (چییە ئەی ڕۆحی بێ لێوار و بێ پەی/ لە تۆ، ناشارەزایی من هەتا کەی؟) «گۆران».
**بێم**: ١. بام، وەرم،٢. دەڵێم، دەبێژم: (ئەز بێم و

لۆنینه)،٣. بێژم، بڵێم: (چ وەسفان بێم خەبەر نایێ) «جزیری»،٤. بەبێ من.
**بێماتڵی**: بێوەستان، گورج، فەورەن.
**بێماد**: بێکەیف، ناشاد، ڕەنگ و ڕو ناخۆش.
**بێمار**: ١. بێمارەیی، قەپاتمە،٢. بیمار، نەخۆش: (وا حەکیم دەڵێ ئەی دڵی بێمار/ سیحەت دەبێ بە چاو بێمارم) «سالم»،٣. ناوی کوڕانە.
**بێماف**: بەبێ مز، بەبێ کاڵەدڕانە.
**بێماک**: ١. بێدایک، بەرخ یا کاری بێدایکە ٢. نێرینەی بێ هێلکەگون.
**بێماکی**: ١. بێ دایکی کار و بەرخ،٢. نەبوونی هێلکەگونێکی نێرینە.
**بێمال**: بێماڵ.
**بێماڵ**: ١. بێسامان، بێدارایی، نەدار، هەژار،٢. بێخانوو: (هەر منم ئێستا وارسی عیسا/ بێ ژن و ماڵ و بێ کوڕ و مەئوا) «حاجی قادر»،٣. مقامەکی خۆشی کوردییە.
**بێمالتی**: بێماڵی، نەداری: (دووست وی زانم دەگرە دەستە دوست/ واختێ پەرێشانحالی و بێمالتی) «گولشوون».
**بێمالۆ**: نەدار، بەلەنگاز، هەژار: (بێمالۆ، بێخاتی بێخالۆ، بمالۆ، بخاتی بخالۆ) «پەند».
**بێمالوحال**: بێماڵ و حاڵ و جێی ژیان: (سوهتم و دەردێ ئەڤینێ/ کوشتیمە ناکەت یەقینێ/ کەس باوەڕ ناکەت ڤێ ژینێ/ لەو بێ مال و حالم ئەز) «فەقێ تەیران».
**بێماڵوحاڵ**: بێجێگا و ڕێگای ژیان: (یەکێ زانایە، ژیانی تاڵە/ یەکێ گەوج و نەزان، بێماڵ و حاڵە) «غولامی».
**بێمان**: بێبەقا، نەجاوید.
**بێمانا**: بێمەعنا، بێواتا، قسەی پووچ: (خۆشە دنیای مناڵی/ نامۆیە دەرد و تاڵی/ بێمانیە ڕق و قین/ چ خەشە ئامێزی ژین) «نیساری».
**بێماوەی‌تازە**: گوندێکە لای پێنجوێن.
**بێماوەی‌کۆن**: گوندێکە لای پێنجوێن.
**بێمایە**: ١. بێکارە، بێدەسەڵات: (حیرەتزەدە وا دیدە وەکوو حەڵقەی دەر ما/ بێمایە نییە عاشیقی بێچارە، بفەرما!) «نالی»،٢. کەمسەرمایە، بێماڵ: (دەزانم جانی شیرینم، بەهای لەعلی لەبت نابێ/ بەڵێ، ناچارییە مایە، کە بێمایەم خەریدارت) «ئەدەب»،٣. نەزان، تێنەگەیشتوو،٤. مرۆی بێقەدر و ڕێز،٥. فەتیر، نانێ کە هەویرەکەی هەڵنەهاتبێ.
**بێمتەق**: بێجووڵە، بێهەست: (چوار پێنج ڕیز نوێژکەر لە سەر چۆک دانیشتبوون، بێ متەق هەستی خۆیان بە پەرۆشەوە ڕاگرتبوو) «خاک و چەوسانەوە».
**بێمدار**: بێ ڕاوەستان.
**بێمدارا**: ١. بێقەرار، نائارام: (ئەو جە دەردی وێش بێمدارا بی/ خار چەنگی زامەت لێش ویارابی) «بێسارانی»،٢. بێ وەستان: (ئەو دیدە ئەسرش بێ مدارا بۆ) «بێسارانی».
**بێمدوو**: بێهوو، بێهۆ.
**بێمدووم**: بێمدوو.
**بێمراد**: ناکام، کام نەدیتو، بێمراو، بێمراز، بە مراد نەگەیشتوو: (مەرگی ئەو سێ جوانە بێمرادە/ ماتەمی خستە ئەو مەهابادە) «هێمن».
**بێمرادکردن**: دڵشکاندن، هیوابڕین: (نازدار و نازدار، نازدارت کردم/ بێ سووچ و بێ تاوان، بێ مرادت کردم) «حەسەن زیرەک».
**بێمرادی**: ناکامی، هیوابڕاوی: (ئەوێستا تۆ لەوێ دیلی دەستی بێگانەی و ئەمنیش/ لە دووری تۆ دەکێشم ڕەنج و دەردی و داخی

بێ‌مرادی) «هێمن».
**بێمـــراز:** چـــارەڕەش، بێبەخـــت، بێمـــراد، هیواشـكاو: (مەم و زیـن نیشـانا ئەڤینـدارێن بێمراز و رۆژنەدیتی) «سەنار».
**بێمرازتـر:** چـارەڕەش‌تر: (ژ خەلـق‌ئێشـان بێ‌مرازتر كەس چ نین) «گول‌شوون».
**بێ مرۆس:** مۆڕ، مۆن، ڕووتاڵ.
**بێ مرۆڤ:** بێ‌كەس‌وكار، بێ‌خزم‌وكەس.
**بێ مروەت:** ١. بێ‌ویـژدان، نائینسان: (واتـش بێ‌مروەت، جە مەیل سەردەنی/ چەنی نەنـاڵو، مەر بێ دەردەنی ...؟) «بێسـارانی».٢. ناپیـاوانە، بێ‌جوامێری: (جگەر دەبـڕێ، دڵ ئەڕفێنێـت و دەڕوا/ چ بێ‌مروەت، چ بـێ‌پەروا، چ بێ‌بـاك) «مەحوی».
**بێ مروەتی:** ناپیـاوی، بێ‌جـوامێری: (یە بـێ مروەتی، ئی زام لێم كەردەن) «بێسارانی».
**بێ مـــرێس:** بێ‌كەیـف، بێ‌مگێـز، بێ‌ئیشـتیا، نائاسایی، بێماد.
**بێ مرێسی:** بێ‌مگێزی، بێ‌ئیشتیایی.
**بێ مزڕەت:** بێ‌مزەڕەت، بێ‌بەڵا، وە سـلامەت: (هەی لایە لایە لای دە غەیبەرێ/ ئەوە ڕۆژ لە بورجی مـنەووەر سـەر دێنێـتە دەرێ/ یـاخوڵا خـاڵ و مـامی بێ‌مـزەڕڕەت بێـنەو لە وێ سەفەرێ) «فۆلكلۆر».
**بێ مزەڕەت:** ساغ، بێ‌وەی، بەگەزەن.
**بێ مزەڕەتـــی:** سـاغی، سـلامەتی: (مـامەی ڕیش‌سپی تۆزێ خۆی بۆ جووڵاند و یەكێكـی كەڕەنای بۆ كێشا، بە بێ‌مزەڕەتی سەری خۆت و بۆزەی هاوڕێت) «ڕشتەی مرواری».
**بێ مسال:** بێ‌وێنە، بێ‌هاوتا: (ئەڤ شەرەك بێ مەئالە/ بەتلێد د بێ مسالە/ درێژكـرن مەرتـالە/ كو لێك بدەن مەجالە) «فەقێ تەیران».
**بێ مسل:** بێ‌وێنە، بێ‌هاوتـا: (گـۆتی: مە هەیە زیادە لاتەك/ بێ‌مسلە نەهـن د هەر وەلاتەك) « یۆسف‌وزولەیخا».
**بێ مشتێ:** بێ‌بڕوا، ئایم ناموتمەئن.
**بێ مشك:** بیرمشك.
**بێ مشوار:** ١. بێ‌ودم، بێ‌فریشك،٢. بێ‌فرشك، ناپایدار.
**بێ مشواری:** ناپایداری.
**بێ مشـــوور:** ١. بێ‌تەگبیـر، بێ‌سـەلیقە،٢. بێ‌خەمخۆر، بێ‌دڵسۆز: (هەرچەنـد نەخۆشـی عیشق و زەدەی پەنجەیـی پەریـم/ هەرچەنـدە بێ‌مشوورم و هەرچەندە سەرسەریم) «ئاوات».
**بێ مشووری:** بێ‌تەگبیری، بێ‌فكری.
**بێ مقـــدار:** سـووك، هـیچ: (قەتـرەی جە ڕەحـمەت دەریـای گرانبـار/ وەزی نە زوان بەندەی بێ‌مقدار) «ئاەی بێگەرد».
**بێمـك:** فەریـكە قەزوان، كەسـكان، قەزوانـی بنەوشـیلە: (بووكـا مامعوسـمانی ب ڕۆژێ دگەریـت سـەربانی/ شـەڤێ دچیـت بێمـك و كەزوانی) «مەتەلۆك».
**بێ مل:** كز، لاواز: (شاعیر نووسەری قسـەزل، بەمل بێ‌مل) «ڕاوچی».
**بێ من‌وتۆ:** بێ ڕوودەربایس.
**بێ منەت:** منەتـی نییە، بـێ‌منەتە: (بـێ‌منەت ڕزقێكە غەم، بمرم لە برسان ئەو دەخۆم/ تەفرە ناخۆم و تەڵەب ناكەم لە دنیـا قـووتی ڕووح) «مەحوی».
**بێ موبالات:** كەمتەرخەم: (ئەگینا چەتەیەكـی كۆنەكـاری وەك وی بێ‌موبـالات نـابێ) «حەمەدۆك».
**بێ موبالاتی:** كەمتەرخەمی: (دەمێـك قـاری لە بێ‌موبالاتی و خەمساردی دەرحەقیان خـوارد) «خاك و چەوسانەوە».
**بێ مـــۆخ:** ١. بـێ‌كەللە، بێ‌مێشـك،٢. ئەوەی

کردەی لە ڕووی ئەقڵەوە نییە.
**بێمودارا**: بێئۆقرە، نەحەساوە: (ئەو دیدە سزاش بێمودارا بۆ/ ئەو زبان بە سەنگ سیای سارا بۆ) «بێسارانی».
**بێموداری**: نەوەستان، بێمودارا: (ئەی سۆز و سەودا، ئەی بێقەراری/ ئەی چەرخ و قسە، ئەی بێموداری) «بێسارانی».
**بێموش**: گوندێکە لای شارۆچکەی بنگرد.
**بێمۆک**: جۆرێ قەزوانی وردە.
**بێموو**: ١. کەچەڵ، بێتووک، بێپرچ، سەرتاووسی،٢. سەرتاشراو،٣. هەر شتێ مووی نەوێ: (پیاو موودار و ژن بێ موو، ڕەسەن و پەسنن) «پەند»،٤. لووسکە، هەرزەکار.
**بێمۆهلەت**: بێمۆڵەت، ماوەنەدەر: (دۆست چوو چەرخا عادەت ئەمان/ وان گەلەکی مەحبووب ڕەڤان/ جان وی د نێڤ ئاخێ نهان/ ئەی فلەکێ بێ مۆهلەتێ) «فەقێ تەیران».
**بێمە**: ١. بێم: (بلێی بێمە ماڵتان ڕۆژێکی)،٢. دەبێژم: (چەهڤەنێرم گۆە ل ڕێمە، لێ سەبا ڕێ دایە بێمە) «جزیری»،٣. بەبێ مە، بەبێ ئێمە: (گەل گریا کە دیتی تۆ نی/ نازانم تۆ بێمە چۆنی؟) «هێدی».
**بێمە**: ١. بێ ئێمە، بەبێئێمە ٢. بێم.
**بێمەجاز**: ناڕاست، درۆزن، درۆکەر: (بەقات پێ ناکەم ژن بێ مەجازە/ کوشتومی لیوئاڵ لە کانیNیازە) «حەسەن زیرەک».
**بێمەراق**: ناهومێد، دڵسارد.
**بێمەراقی**: ناهومێدی، دڵساردی: (تێگەیشتوو هەر ئەناڵێنێ لە ژێر باری خەما/ بێمەراقی بۆ کەسێکە سەرسەری و دێوانە بێ) «موفتی پێنجوێنی».
**بێمەرگ**: ناودار، ناڤدێر،
**بێمەرگی**: ناوداری، ناڤدێری.
**بێمەرۆک**: گوندێکە لە نزیک دەربەنیخان.
**بێمەرێز**: قرێژی، نەی پاکژ،
**بێمەرێزی**: قرێژیاتی،
**بێمەزە**: بێتام، ناخۆش.
**بێمەزەب**: بێدین، بێئایین: (وردە کۆمەگەی بێمەزەب، بوونە هاودەم، بوونە برا) «ڕاوچی».
**بێمەزەیی**: ناخۆشی.
**بێمەژگ**: بێمێشک، بێمەژی، بێمێژی.
**بێمەژگی**: بێمەغزی، گەوجی.
**بێمەژی**: ١. گەوج، هێر، بێمێشک،٢. وەبێ ئێمەیش.
**بێمەسکەن**: بێماڵ، بێجێوڕێ: (وەکو دەروێشی بێمەسکەن، لە سەر نێم تاجی ڕیسوایی) «قانع».
**بێمەسەو**: لامەسەو، لامەزەو.
**بێمەشق**: ڕانەهێنراو، مەشق پێنەکراو: (کە تفلی عیشقی بێمەشقم لە نێو بازاڕی سەودایە/ بە ئەو سەودایە سەرخۆشە دەڵێ کارم لە سەودایە) «حەریق».
**بێمەعد**: بێماد، بێمرێس.
**بێمەعنا**: ١. پووچ، بێمانا: (ئاگری هەولم بەجۆش و هەڵمەتی حیرسم گران/ دائیما غەرقی خەیاڵی پووچ و بێمانا منم) «قانع»،٢. لێڵ، ناڕوون، نەزانراو: (حەقت بوو ئەو هەموو گریانی نامەفهووم و بێمەعنا/ زمانی بەسط و تەقریری شکاتت بێ لە دەست دنیا!) «گۆران».
**بێمەغز**: بێمێشک، تێنەگەیشتوو: (سۆفی کە گرانبارە، بێمەغز و سەبوکبارە/ سۆفپۆشی غەمی بارە، ئەوباری لەکن پەشمە) «نالی».
**بێمەغزی**: بێمێشکی، گەوجی.
**بێمەڤە**: بێمەوە، بگەڕێمەوە: (دەستوور بدە من

ئیشەڤە/ دا چم ب نک باقێ خوەڤە/ جارەک ببینم بێمەڤە/ داخاز بکم ژێ شیرەتێ) «فەقێ تەیران».

**بێمەقام**: بێجێگە و ڕێگە: (یەقین هەرزەگەرد بێمەقامەنی/ چوون سارائیان خەیاڵ خامەنی) «بێسارانی».

**بێمەکان**: بێجێ، بێجێگای تایبەت: (بەو خودایەی بێ مەکانە، غەریبم لێرەکانە) «حەسەن زیرەک».

**بێمەنەسب**: بێمدووم، بێدەلیل: (بێ مەنەسب نییە هەر تێ).

**بێمەودا**: هەڵوەدا، ئاوارە: (عشقێ گەلەک سەودا کرن/ بێماڵ و بێمەودا کرن) «فەقێ تەیران».

**بێمەوزوون**: ناڕێکوپێک: (جە پێکای ئەو لاف بێ مەوزوونەوە/ هێمای دەهانش ها وە خوونەوە) «بێسارانی».

**بێمەیل**: ١. کەسێ مەیلی کارێکی نەبێ،٢. نەویست، نەخواز، سارد، سارد و سڕ: (ئەزانی یار بێمەیلە ڕەقیبی بەدگوهەر پەی پەی) «قانع».

**بێمەیلی**: ١. ساردی، ساردوسڕی، بێئیشتیایی: (وەنەوشە و دەستەخوشکانی لە بێمەیلی هەناسەی تۆ/ هەناسەی دەرنەچوو دەمیان و تاساشن لە تاسەی تۆ!) «هەردی»،٢. بێقسەیی، جوابەجەنگی: (چونکە بێمەیلی ئەتۆم زۆر کرد، هەتا توانیم خودا!) «ئاوات».

**بێمێ**: ١. بۆی بێم،٢. بێژمێ، پێی بڵێم: (ئەز دێ بێمێ خولام بوو هات جهۆری بدەتە سەر نووبەرێ) «حەیرانۆک».

**بێمیارا**: بێتاشا، بێترس.

**بێمێر**: وێمێر، هەوارگەی پاوە.

**بێمێر**: بێوەژن، ژنەبی.

**بێمێز**: گەورە، پان، پەهن.

**بێمێزی**: گەورەیی، پانی.

**بێمێژی**: بێکاکڵ، پووچ، گوێزی کوێر: (ئادەمی ڕا زمان فەزیلەت ددن/ گووزێ پووگرا دبید کاکلێن بێمێژی) «گولشوون».

**بێمیسال**: بێوێنە: (عیشقا ژ نورا لایەزال/ حوسن و جەمالا بێمیسال) «جزیری».

**بێمیسل**: بێوێنە: (عەبیر و میسکە ئەو خاکە، بەبێ میسلە، دەڵێم تاکە) «ناجی».

**بێمێشک**: بێمێژی، تێنەگەیشتوو، نەزان.

**بێمێشکی**: گەوجی، گێلی.

**بێميناک**: بێهەڤال، بێهەمتا، کەموێنە.

**بێمیوان**: ماڵێ کە میوان ڕووی تێنەکا: (ماڵی بێ میوان، ئاشی ئاو لێبڕاوە) «پەند».

**بێمێهر**: ساردوسڕ، بێمەیل: (ماهی بێ میهرم لە دەرگا هاتە ژوور/ ماتەم و شین و غەمی کردم بە سوور!) «حاجی قادر».

**بێمێهری**: بێمەیلی، ساردی، ساردوسڕی: (تابی بێمێهری نەبوو یەکدەم وەکوو سالم، ڕەقیب/ سەگ بە تۆپین چوو لە قەحتا گورگی باراندیدە ما) «سالم».

**بێمێل**: بێسوڕ، مژوول، نیگەران.

**بێن**: ١. وچان، سەبر، پشوو، سانەوە: (بێندرێژ: پشوودرێژ) ٢. بێهن، بۆ، بۆن: (خاتری زاهیدی خاڵی، خاڵی/ نییە، ئەڵبەتە، لە بێنێکی ڕیا) «نالی»، (بێن هاتیە سەرێ دفنا من) ٣. بەند، بەندکەر: (زاربێن) ٤. بابێن، نزیکبنەوە، بۆ دوهەمکەسی کۆ: (بێن تا بتانبینم) ٥. گەروو، تینتینۆکە، ئەووک ٦. دەم، کات، سات، وەخت، چاخ: (بێنێکی: دەمێکی) ٧. پاشگرە بۆ ناوی ئامێر: (پشتبێن)،٨. دەزوو، بەن.

**بێنا**: تاسەر، هەرماو، هەمیشە، لە بڕان بەدور.

**بێناتا**: ١. گوندێکە لای دوهیکێ،٢. گوندێکە لای گردەسین.
**بێنار**: ١. بنار، دامێنی چیا: (شۆڕ مەحموود لەپێش‌دا پێی لە سەر ڕاستەی ڕکێفی دادەناوە/ بە بێناریێدا دەڕۆیی، جارجار بە نەرمە و جارجار بە پڕتاو) «شۆڕمەحموود»،٢. ناوی ڕێگایەکە دەکەویتە ناو خاکی تورکیا کە خێڵی بارزان کاتی هاتن بۆ ئێران لێوەی هاتن: (هەروەها لەوانەبوو چەکدارانی بارزانی لە ڕێی دۆڵی بێنارەوە بچنە ناو ئاخی تورکیا) «لەمەهاباد بۆئاراس».
**بێنارینگ**: دێیەکە لای شارۆچکەی ئەتریش.
**بێ‌ناز**: ١. دوورە ناز، ناز نەکێشراو، بێ‌خەمخۆر: (بۆچی فرمێسکی سکاڵا و ڕازم/ ئەشۆریتەوە گۆنای بێ‌نازم؟) «کاکەی فەلاح»،٢. ناوە بۆ کچان.
**بێ‌نازی**: ناز نەکێشران: (دڵ بە حاڵی ئەم گەلە تاکەی نەسووتێ ئەی ڕەقیب!/ سەیری بێ‌نازی زمان و خاک و سامانی بکە) «قانع».
**بێناسا**: گوندێکە لە باشووری سەنگاو.
**بێ‌ناسە**: گوندێکە لای شارۆچکەی هێرۆ.
**بێنافتی**: جوورە هەنجیرێکە.
**بێنافسۆک**: پەرۆشدار، خەمناک.
**بێناڤ**: ١. بێناو، نادیار، کەس‌نەناس، گومناو،٢. بێ‌ناوک، بێ‌ناوکە،٣. بێ‌ئابڕوو، سووک،٤. ناوە بۆ کچان.
**بێناڤبوون**: ١. بێ‌ناوبوون،٢. ئابڕوو چوون.
**بێ‌ناڤ‌کرن**: ئابڕوو بردن، ناو زڕاندن: (هەڤاڵێ نامیسی ژ سەخمەراتی بێ‌ناڤ کرن و بێ‌ڕەوشتی خۆ دکەتە دۆست) «گولواز».
**بێناڤی**: ١. بێناوی، گومناوی،٢. بێ‌ئابڕوویی.
**بێ‌نام**: بێ‌ناو، نەناسراو: (فسانەی من بووە زینەی مەجالیس، ئافەرین ئەی عیشق/ چەها بێ نام و خامی وەک منت کردۆتە ساحێب‌نام) «مەحوی».
**بێ‌نام‌ونیشان**: بێ‌نام، نەناسیاگ، نەناسراو: (ناوی سەید بۆچ ئەبەی دەیووسی بێ نام و نیشان/ گورگە بو دومبە سورینی کۆنەحیزی تاڵەبان) «شوکری فەزلی».
**بێ‌ناموس**: ١. گەواد، گەوواد، دەویت، ناموس‌فرۆش: (بۆ ئەودیوی شێخ و مەلا بەشی زۆر جاسووس/ زۆربەی بە پێست مەرد و، بە ئێسک بێ‌ناموس) «گۆران»،٢. جنێوێکە: (ئەگەر دالگە بۆی دەرکەوتایە نانمان دزیوە، ئەوا گەلێک دلگیر و پەکەر دەبوو، دەیکوت: بێ‌ناموس‌گەل، ڕیامە گۆڕ باوگ ئەو کەسە منی دایە شوی!) «کۆردەرە».
**بێ‌نامە**: لاناوە لە مار.
**بێ‌نامی**: بەنامی، بەێ‌نامی، بێ‌ناوی، نەناسراوی: (شوکر موورم بووە پامالی میرێ/ بە بێ‌نامی ژیام و نامەوەر چووم) «مەحوی».
**بێنان**: ١. بەستان، بە سەهۆڵ‌کردن، عەردبێنان ژ بەر سەرمایێ٢. نانکۆر، بەبێ نان ٣. پێچان، گرێدان، بەستن.
**بێ‌نان**: ١. هەژارێ نانی نییە بیخوات: (سوێندم بە ڕەنگی زەردی بێ‌نانان/ سوێندم بە نووستووی شەو لە کۆڵانان) «بۆکوردستان»، ٢. کەسێ دەغڵی لێبڕاوە: (ڕۆژ گەیوەتە ڕۆژاوا، مانگ نوێۆیە و بە قەدەر دەمەداسێ بە ئاسمانی خۆراواوە وەدەرکەوتووە، مزگێنی جۆزەردان بە بێ‌نان دەدا) «هەزار ئەشکەوت».
**بێ‌نان‌وخوێ**: بێ‌ئەمەک، سپڵە، پێنەزان.
**بێ‌نان‌ومەک**: بێ‌نان‌ونمەک: (سەگ ل مرۆڤێ بێ نان و مەک چێترە) «پەند».
**بێ‌نان‌ونمەک**: بریتی لە پێنەزان و سپڵە.
**بێ‌نانی**: ١. گرانی، نەبوونی نان: (لێرە ناڵەیە

لەبەر بێنانی/ لەوێ جارییە شەتی شامپانی) «بۆکوردستان»،٢. هەژاری، دەسکورتی: (چون لە فیلّ و فەرەج نە پیشەمان بوو/ بێنانی بەشی هەمیشەمان بوو) «هەژار».

**بێناو**: ١. بێناڤ، بێنیو، گومناو، کەس نەناس: (هیی ئەوەی نیگارێک لە یادم کێشراوە/ شۆخێکی نایابە، بەڵام ئاخ، بێناوە!) «گۆران»، ٢. ناوە بۆ کچان،٣. ناوە بۆ کوڕان.

**بێناوبڕ**: بێ پشوو، بێ وچان.

**بێناوک**: بێدانە، میوەی بێدەنک.

**بێناوکە**: ١. بێناوک،٢. بێناوەڕۆک، بۆش، فش،٣. کەسێ بە ڕواڵەت دارا و لە ناوەڕۆکدا ڕووت و ڕەجاڵ بێ.

**بێناونیشان**: ١. بێناو، نەناسیگ،٢. بریتی لە سووک و چرووک و بێقەدر: (سەیری کە و تێفکرە نەختێ، چی بەسەر هات قەومی کورد/ سووک و بێناوونیشانە و ژینی دەرد و زیللەتە) «ف. بێکەس».

**بێناوە**: سندان، سنان، سریتان، سەرەتان.

**بێناوی**: بێناڤی، گومناوی، کەس نەناسی: (هەڵگری کۆتەڵی خوێناویمان/ لابەرێ لەمپەری بێناویمان) «ڕاوچی».

**بێنایی**: ١. بێنافتی، جۆرێ هەنجیر ٢. گرێدایی، بێناندی.

**بێنبێن**: ١. هێواشهێواش، لەسەرخۆ، بێننێنە ٢. جارجارە، جارجار، بەینابەین.

**بێنبێنە**: بێنبێن.

**بێنت**: وە ت، ئەڕای ت.

**بێنتو**: وە ئویە، ئەڕای ئویە.

**بێنتەنگ**: پشووتەنگ، هەناسەسوار، بێسەبر.

**بێنخۆش**: بۆخۆش، بۆنخۆش.

**بێنخۆشک**: کتێرە.

**بێند**: بڵند، بەرز.

**بێندار**: بۆدار، بۆندار.

**بێنداری**: بۆنداری.

**بێندان**: پشوودان، وچاندان، تەحرەڤەکرن.

**بێندر**: بێنسار، بێنسەحر،

**بێندرخە**: بندرخە، حەوتوی هەشتم لە زستان.

**بێندرێژ**: پشوودرێژ، بەپشوو، بەسەبر، سینگفراوان، ملپان.

**بێندرێژی**: پشوودرێژی، بەسەبری.

**بێندن**: بەستن، گرێدان.

**بێندۆر**: گوندێکە لە باکووری شێروانمەزن.

**بێندۆش**: بێدۆش، شیردۆش، مەڕدۆش، چێڵدۆش.

**بێندەر**: بێدەر، خەرمان، خۆیان: (شەڕێ لە شۆڤێ، نە قەرقەشا ل بێندەرێ) «پەند».

**بێندەری**: دوو هێندە مستەدان(دەغڵ).

**بێنرخ**: ١. بێبها، بێسەنگ،٢. سووک، هیچ: (بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ وا دیار بوو هاوڕێکەی منیش لەو ناوەدا لە پێنج قرانی گۆرین بێنرختر نەبوو) «پێکەنینی گەدا».

**بێنرخی**: ١. بێقیمەتی، بێسەنگی،٢. سووکی، هیچوپووچی.

**بێنز**: ١. لەڕ، زایف،٢. بێگیان، بێحاڵ.

**بێنزە**: بێفزە، بێدەنگ.

**بێنزین**: ماکێکە لە نەفت دەگیرێ بۆ ماشێن دەبێ.

**بێنژ**: ئارۆشک، پژمە، پشمە.

**بێنژاندن**: ١. ئارۆشان، پژمیان، پشمین،٢. بێنژ ئانین، پشماندن.

**بێنژاندۆک**: ئارۆشکراو، پشمینهێنەر.

**بێنژاندەک**: بێنژاندۆک، ئارۆشکراو.

**بێنژانۆک**: بێنژانەر.

**بێنژانەر**: بێنژانۆک، پشمینهێنەر.

**بێنژانەک**: بێنژاندەک، بێنژاندۆک، ئارۆشکراو.

**بێنژۆک**: بێنژینۆک، پژمیاو، ئەوی دەپشمێ.
**بێنژۆنەک**: بێنژۆک.
**بێنژەر**: بێنژۆک.
**بێنژەک**: بێنژ، پشمە.
**بێنژی**: پشماو، پشمیو.
**بێنژیان**: پشمین، بێنژین.
**بێنژیای**: پشمیو، پژمەکردوو.
**بێنژین**: پژمین، پشمین، پنژین، بێنشین.
**بێنژینۆک**: بێنژۆک.
**بێنسرین**: بێغەم، بێخەفەت: (میر دەڵێ: کاکەمەم بەو خولایەی کەم بێنسرینە/ پادشاییکی بێشەریکە، هیچ شەریکی لە بۆ نینە) «مان».
**بێنسۆ**: بۆسی،
**بێنسیب**: بێبەش: (یارەب! ئەو کەسەی باعیسی دووری من و تۆ بوو لە یەک/ بێنسیبی کەی لە مەحشەردا، لە حەشری موستەفا) «ئەدەب».
**بێنسیو**: بێنەسیب، بێبەش: (من لەی بەخت بەد بێنسیوەوە) «خانمەنسوور».
**بێنشان**: نادیار، ناخویا: (ژ حوسنا بێنشان نادەی نیشانەک/ «نیشانی» گەر ژ دل نەکرا تە پەرهیز) «جزیری».
**بێنشتن**: پشمین، بێنژین.
**بێنشک**: ١. پژمە، پێنژین، پشمین،٢. باوێشک، باوشک،٢. خەونووچکە، چۆرت، وەنەوزە، گورگەخەو.
**بێنشین**: پژمین، پشمین،
**بێن فال**: بۆتەگە، بۆدرنی نیری.
**بێن فرە**: پشوودرێژ، بەسەبر، بەچیکڵدانە.
**بێن فرەهی**: پشوودرێژی، بەسەبری.
**بێن فەرە**: بەتابشت، بەتاقەت.
**بێن ڤەدان**: پشوودان، حەسانەوە، وچانگرتن.
**بێنڤیژ**: بێنوێژ، گەمار، هەرمی،
**بێنەڤیژی**: بێنوێژی ژن،
**بێنک**: بەند.
**بێنکار**: گوندێکە لای دێرالوک.
**بێن کرن**: بۆنکردن، هەڵمژین: (د پاشی وان خال و نشانان/ قەت نەما بێن کەم ڕیحانان/ ژ مەختوم و ئیشان و ژانان/ تیرەک ژ تیرا فرقەتێ) «فەقێ تەیران».
**بێن کورت**: کەمحەوسەلە، بێنتەنگ، کەلەسوسک،
**بێن کوری**: بۆکرۆز، کزک،
**بێن کوزیرک**: بێنکورزیک، بۆکرۆز، بۆنکرووز.
**بێنگۆڵ**: شارێکە لە باکووری کوردستان، ناوەندی پارێزگایە.
**بێنگوین**: گوندێکە سەر بە مەهاباد.
**بێنم**: ١. وە م، ئەڕاێ م،٢. سیەتای بێ نم.
**بێنما**: بێنوێژ.
**بێنمابییەی**: بێنوێژ بوون.
**بێنمازی**: بێنوێژی ژنان.
**بێنمایی**: بێنوێژی، حەیز.
**بێنماییژەنا**: بێنوێژی ژنان.
**بێنمو**: وە ئیمە، ئەڕاێ ئیمە.
**بێنموود**: بینموت، پۆخەکە، پوتەکە، گولەکە.
**بێنمەک**: ١. بێخوێ،٢. سپڵە، پێنەزان: (دەس بێنمەک خەیر و بەرەکەتی نییە) «پەند».
**بێنمێ**: ئافرەتی بێنوێژ.
**بێنمێژ**: ١. بێنمێ، ئافرەتی بێنوێژ،٢. کەسێ جلەکانی بۆ نەوێژ نەبێ،٣. تەرکەنوێژ، نوێژنەکەر: (ڕەوجی مەدە ل وی کەسی بێنمێژن/ گەر چ دەڤ ل وییا دما کو بژەڤن) «گولشوون».
**بێنوا**: بێنەوا، بێچارە: (چەکدارە بێنواکانی

ئەوان تۆپباران بکا) «لەمەهاباد بۆئاراس».
**بێن وبچن**: بێن‌وبڕۆن، هاتوچۆی زۆر: (جوان بێن و بچن لە دەوروبەرمان/ با بێنە سەما لە دەوری تەرمان) «خانی».
**بێ نۆبە**: خاریج لە نۆبە: (دوو کەڕەت ڕەسمە بەرەو بۆگەنکە چوون/ جورمی شێلاقی هەیە بێ نۆبە چوون) «ڕاوچی».
**بێنوریا**: گوندێکە لای سۆران.
**بێنۆن**: وە ئەوان، ئەڕای ئەوان.
**بێنوو**: بیانوو، بەهانە: (دەڵێ: هەتیوە لاوکە نازانی! بێنە کاوڕێکی بە ماڵە بابی من بسپێرە/ هەموو ڕۆژێ بە بێنووی کاوڕۆکە وەرەوە بۆ ئێرە) «گەنجی سەربەمۆر».
**بێ نوور**: بەێ‌نوور.
**بێ نووزە**: بێ‌کرچە.
**بێ نوون**: بێ‌شوون و نوون.
**بێ نوێژ**: ١. حاڵی ژن یا پیاوێ کە لەشی پیس بووە، ٢. پیس، پیسار، بێنڤێژ، قرێژی، خوێن‌کەفتگ، ژن لە کاتی حەیزدا: (نوێژنەکەر هەر ئەوانەی بێ‌نوێژن) «حەقیقی»،٣. چڵکن، پیس: (لێرە بەولا خولەگێژ، دەم پەڵوڵە، چڵکن بێ‌نوێژ) «شەوارە».
**بێ نوێژی**: ١. لەش‌پیسی،٢. بێنمایی، بێنڤێژی، حەیز، ب دەشتان، بێ‌نمایی ژەنا.
**بێنە**: بهێنە، بێرانە، بێرا، بێرە، باوەر، باوەرۆ، بارە، بووەرەی.
**بێنەبەرە**: بگرەوبەردە، کێشە: (هەر بێنەبەرە و هەڵخول و هات و چۆیە/ گوێ هەڵخە، هەموو دەنگی بژی و ڕۆڕۆیە/ ...) «خەیام هەژار».
**بێنەبێن**: ١. ئاڵۆز، شێواو، شپرزە،٢. هەرا، هەرمێن، دەنگە دەنگی زۆر: (هەڵڵاهەڵلا و گرمەگرم و بێنەبێنە/ مەرزینگان دەگری بە دوو چاوی باز و بە ئەبرۆیەکە شەهێنە) «شۆڕمەحموود».
**بێنەبێنە**: ١. هەرمێن، هەرا، هەنگامە،٢. ناوی گۆرانی‌یەکە: (هەی بێنە بێنە ئازیزم دەمەکەت بێنە) «فۆلکلۆر».
**بێنەتان**: گوندێکە لای بالیسان.
**بێنەتە**: ببێژنە تۆ: (کەنگێ ژ تەڕا دبن مویەسەر؟/ دێ بێنە تە: موفلیسۆ هەرە دەر!) «خانی».
**بێنەر**: ١. بێکەمە، بێکمارە،٢. دیەکەیگە لە گاوارە.
**بێ نەزیر**: ١. بێ‌وێنە،٢. بریتی لە خودا: (ئەی بێ‌نەزیر و هەمتا، هەر تۆی کە بەرقەراری/ بێ دار و بێ دیاری، بێدار و پایەداری) «حاجی قادر».
**بێ نەسیب**: بێ‌نەسیو، بێبەش، بێ‌بارە: (دوورەدەستم، بێ‌نەسیبم، دلبەرم خانم حەبیبم/ پوڕ ژ دیتنا تە غەریبم، ڕوح و ڕاحەت من لیقایە) «جزیری».
**بێ نەسیبم**: ناوی گۆرانییەکە: (بێ‌نەسیبم، عەزیزم بێ تۆ غەریبم/ بە بەر چاومیدا دەبەن یار بۆ ڕەقیبم) «مامڵێ».
**بێ نەسیبی**: بێ‌نەسیوی، بێبەشی: (ئەز ژی ژ زەلیل و بێ‌نەسیبی/ زەر بوومە ژ هجرێ عەندەلیبی) «خانی».
**بێ نەسیو**: بێ‌نەسیب، ئافەرۆز.
**بێ نەسیوی**: بێ‌نەسیبی.
**بێن هاتن**: ئۆقرەگرتن، تەنابوون.
**بێ نەسیب**: بێبەش، بەش‌براو: (ئەی چاوی پڕ نەدامەت، دڵ پڕ غەم و غەرامەت/ بگری، کە وشکەسۆفی لەم فەیزە بێ‌نەسیبە) «نالی».
**بێنەماچ پێمەکەنە**: ناوی گۆرانییەکە: (بێنە ماچ پێمەکەنە، بێنە ماچ پێمەکەنە/ ڕەبی لێت

مەبارەک بێ، گوڵ و گوارە و ژێرچەنە) «حەسەن زیرەک».

**بێ نەمەک**: بێخوێ: (زکرێ جڤاتا بێ مەلەک/ سەد جار بکن عامی گەلەک/ شوبهێ تەعامێ بێ نەمەک/ دوورە ژ زەوق و لەززەتێ) «فەقێ تەیران».

**بێنەوا**: ١. بێئەنوا، هەژار، بێچارە، بێدالـدە، هەژار، قەلەندەر، لات، ڕووت، ڕووت و ڕەجاڵ: (تۆ غەنی من بێنەوا، تۆ پادشا و من گەدا) «وەفایی»، (دەستەداری بێنەوایان خودێ) «مەلایونس دهۆکی» ٢. بێئاواز، بێدەنگ: (هەتا لەو یارە دەمسازە جودا مام/ وەکوو نەی بێنەوا کەوتووم و بێدەنگ) «مەحوی»،٣. عاجز، داماو، گرفتار: (ئەم خاکە پاکە عەینی بەهەشتە حەیفە وا بێ/ وێران و سووک و بێکەس، ئەسیر و بێنەوا بێ) «ف. بێکەس»،٤. نێوی نێرینانە.

**بێنەوایان**: بێکەسان، هەژاران: (بێنەوایان مولکی کوردستان/ هەر لە گاوانی تا دەگاتە شوان) «حاجی قادر».

**بێنەوایی**: هەژاری، بێچارەیی: (کەسێ داوای تەخت پادشاهیشەن/ کەسێ فکری بیر بێنەواییشەن) «قەمبەر عەلی».

**بێنەوبەر**: ئەوانەی دێن و دەچن: (بەرقی گشتی سەر پەنجەران، زرپ و زۆپی بێنە و بەران) «شەوارە».

**بێنەوبەرە**: ئازار، ئەزیەت: (بێنە و بەرەیەکی زۆریان پێ کردم).

**بێنەوبەرەپێکردن**: زۆر هێنان و بردن.

**بێنەوبەستە**: بێنەو ببەستە، هاتوچۆ، کەین و بەین.

**بێنەونیيە**: بریتی لە نەداری، هەژاری: (بێنە و نییە ماڵ مەلات نەبیستووە و نەتدیوە) «پەند»، (ئەوانەی بەر شکستی ئیلتیزامی حاسڵی ڕۆمن/ لە تاو بێنە و نیە گاگەڵچەرێنی میری جافانن) «سالم».

**بێن هەلگر**: ئەو کەسە کو ژ دووربێنێ هەلگریت.

**بێن هەلمای**: هەناسەسوار، نەفەس‌تەنگ،

**بێنێ**: ١. بووم: (تا جوان بێنێ چون شێری پڕتاو) «م.ح. دزلی»،٢. وە ئەو.

**بێ نیاز**: ١. تێروتەسەل، دارا، دەوڵەمەند،٢. بێنیاز لە هەر شتێ، خودا×: (دڵخوازی و خۆت ئەوین و نازی/ کارسازی و ساز و بێنیازی) «هەژار»،٣. ناوی کچان و کوڕانە.

**بێ نیازی**: دەوڵەمەندی، ساماننداری×: (خێوی ئەو چۆمەیە خوای لێ ڕازی/ ڕادەماڵێ لە دڵان بێنیازی) «ڕاوچی».

**بێ نیزام**: ناڕێکوپێک، بێسەقام: (تا وەقتێ دوزدی نیمەشەبن ترکی بێنیزام) «سالم».

**بێ نێش**: بێچزوو: (قامەتت نەخلە، بە شیری، فائیقەی پەی کردووە/ نەحلی بێنێشی مەمەت، شەهدی سپیی قەی کردووە) «نالی».

**بێ نیشان**: ١. بێهاوتا، بێوێنە: (لە بەحری نووری حوسنی بێنیشان ئیشفا کە یەک مەوجە/ نیشانی دە بە عالەم ئیختیراعی حەشری بێوادە) «مەحوی»،٢. بێ ناو و نیشان، بێئەسەر: (ئیمشەو من گریام، خەروس کەرد ناڵین/ سوب ئەو بێ نیشان، من زوخ جە باڵین) «بێسارانی»،٣. بێخاڵ، یەکدەست،٤. بێشوێن، بێقولاخ، بێسەروشوێن،٥. بێمیداڵ.

**بێ نیقاب**: بێڕووبەند، سەرپەتی: (گا نە سەرپەنجەی بانووی بێنیقاب/ چون سوەیل ڕەونەق پەنجەی ئافتاب) «مەولەوی».

**بێنێک**: کەمێک، دەمێک: (بە بیرکردنەوە ژبەر خۆوە بێنێک داما) «خاک و چەوسانەوە».

**بێنی کا**: بۆنی کا، بۆنی پێوەکا: (بۆ کەمێ لەو عەنبەرە، بۆ تەقوییەی ڕۆحی دەماغ/ بێنی کا، وەک ئێمە، دایم چاوەڕێی ئیحسانە ڕۆژ) «مەحوی».

**بێنی کورزیک**: بۆنکرووز.

**بێنین**: ١. بەستنی وولاخ،٢. بەستنی ئاو،٣. بینین، دیتن.

**بێ نێوبڕ**: بێپشوو، پەیتاپەیتا، پەیدەرپەی، لەسەریەک: (دوو ساعەت بێ نێوبڕ قسان دەکا).

**بێنیە**: بێنە، بهێنە، بێرانە: (بێنیە ماچت کەم تۆ مەرگی براکەو) «فۆلکلۆر».

**بێنیەو**: بێنەوە، بیهێنەوە: (قەدەح پەیاپەی پڕ کە لێواولێو/ بێنیەو مەترسە لە تەعنە و جنێو) «ف. بێکەس».

**بێ نیهایەت**: ١. بێبڕانەوە، بێگامە: (مەخمورێ غەبوقێ بێنهایەت/ موشتاقێ سەبوحێ بون بغایەت) «خانی»،٢. زۆر، بێحەد: (بێنیهایەت پوڕ مراد و بێعەدەد مەنسور بێ) «جزیری».

**بێو**: ١. بێتو، ئەگەر وابێ: (فکری کردەوە ئەگەر بێو لە هەر دوو بەرەدا دەست بە هێرش بکرێ) «لەمەهاباد بۆئاراس»، ٢. بێ، بێت/ببێ×٢٣٠: (ئەو بێو وە مەڵهەم ڕەشحەی خامەکەت/ نەبۆن وە دەوای دڵ پڕزامەکەت) «مینەجاف».

**بێ وادە**: ١. نەخوازراو، نەخووازتراو، بێکات، ناوەخت: (ڕۆی حەشر دووری گەردەن بێگەردان/ بێوادە پیر کەرد کاوان سەرهەردان) «مەولەوی»، ٢. درەنگ، درەنگوەخت، درەنگان: (یاخوا خێر بێ بەم ئێوارەوەختە و بێوادە هاتی؟).

**بێ وار**: ١. ئاوارە، بێولات، بێشوێن، بێهەوارگە، مشەخت ٢. وەجاخکوێر، نەزۆک، قسر ٣. ناوی مێرانە.

**بێوارە**: غەوارە، بێگانە، نەناس.

**بێ واری**: ١. بێشووێنی، بێجێگایی،٢. وەجاخکوێری.

**بێ واز**: ١. جاڕس، جاڕز، بێزار، بێحەوسەلە: (جوانەمەرگێکی بێواز کەوتووە/ کچێکی کوردە و لە ناز کەوتووە) «ڕاوچی»٢. بێوەعز، نەدار، هەژار، ژیانناخۆش: (کەس نازانێ بۆ بێوازم/ گیرۆدەی دەستی سەربازم) «مامڵێ»،٣. گوندێکە لای سیدەکان.

**بێ وازی**: ١. جاڕسی، وەڕەزی، بێزاری: (هاتە لای قەل بە کزی و بێوازی) «خەوەبەردینە»،٢. هەژاری، نەداری، بەلەنگازی.

**بێ واسیتە**: ڕاستەوخۆ، بێپێوەنددەر، بێدەڵاڵ، بێنێوبژ.

**بێوان**: بیاوان، بێروون.

**بێوج**: بێکەڵک، بێمفا، بێفایدە.

**بێ وجاغ**: ١. نانەجیم، نەڕەسەن،٢. پیسکە، ڕژد: (شنۆ و سەردەشت و سابلاغ/ وجاخدار و بێوجاخ/ بوو ڕوبابەی گەردنزەرد/ ئەو کیژەی قەرەپەپاغ) «فۆلکلۆر».

**بێ وجوو**: ١. بێوجوود، شتێ کە بوونی نەبێ، ٢. شتێ کە مانەوەی بۆ نەبێ: (یەعنی کو وجوودە بێ وجوودە/ خوەش خیلقەتە، حەیفە بێ خولوودە) «خانی»،٣. بێڕێز، بێقەدر، بێبایەخ،٤. گولەکە، نابووتە.

**بێ وجوود**: بێوجوو.

**بێ وچان**: بێڕاوەستان، بێپشوو، پەیدەرپەی، یەکپشت: (بێوچان دەڕواتە پێش و ڕێگە دەبڕێ بۆ هەدەف/ زۆر لە ساڵان ڕوونترە ئەو ساڵەکە ئەفکاری کورد) «هێمن».

**بێور**: ناوچەیەکە لای سەردەشت: (لە پشتی

نەشکۆڵان لە بێور و بێوران، لە کوڕبناوێ) «فۆلکلۆر».

**بێوران**: ناوی دو گوندە سەر بە شاری سەردەشت، بێورانی خوارێ و سەرێ: (حەیران دەڵێم دیسان شەڕە، تەقەیە هەڵلایە/ لە پشتی نەشکۆڵان لە بێور و بێوران، لە کوڕبناوێ) «فۆلکلۆر».

**بێورە**: بێورێ، گوندە: (ئەمن چ بکەم بۆ دۆستێکی بە بەین و بەقا/ بینێرمەوە کن هەتیوی لاوکێ خۆم/ ئەوە گیراوە لە وڵاتەکەی دە بێورە بێورانێ) «گەنجی سەربەمۆر».

**بێورە**: ترسەنۆک، بێزات: (چەن ترسەنۆک و بێورە بوون گەورەکانی کورد/ نەومید ئەبن، بە بایەکی، بێ وادە، دەستوبرد) «پیرەمێرد».

**بێوری**: ئیشتیا، بێزوو، مەگیرانی: (مرخێکی وا کە دڵی بۆ ئەتوایەوە، وەیا ڕاستەو ڕاست بڵێین بێوری ئەکرد بە سی و جگەرەوە) «ڕشتەی‌مرواری».

**بێورێ**: گوندێکە لای چوارتا: (کە هەر دووکمان قۆمیسەری سەر سنوور بووین بڕیارمان دا لە دێی بێورێ کۆ ببینەوە) «ڕشتەی مرواری».

**بێوژدان**: دڵڕەق، نامرۆڤ، خودانەشناس.

**بێوکە**: ١. مۆریانە، مۆرانەی ووردی بەن و خوری،٢. مۆرکە، مۆرانەی دارخۆر.

**بێولا**: گوندێکە لای سمێلان.

**بێولگ**: داری وشک.

**بێولە**: بێوەڵە، بەچکەی ورچ.

**بێوڵە**: دیەکەیگە لە جوانڕۆ.

**بێوڵەت**: ١. بێبەخت، چارەڕەش، شووم، نەگبەت: (مـن خووار و ژوور لەدەست چووەکەی بێوڵەت، ئەوان/ وەک خێڵی خوار و ژوورکەری کورد، ویڵی ئاسمان) «پیرەمێرد»، ٢. خوێڕی، هیچوپووچ: (ئێمە کەردەنما جەنگ و دەوڵەتا/ چێش‌شا گەرەکا ئی بێوڵەتا؟) «م.ح. دزلی».

**بێوڵەتی**: ١. نەگبەتی، شوومی،٢. خوێڕیەتی: (جفتێ گای لە بێوڵەتیا ئەگەڕێ!) «پەند».

**بێونەبێ**: ببێ و نەبێ، بێت و نەبێت، ڕەنگە: (ماڵە زۆر سەرقاڵن، بێ و نەبێ شتێک قەوماوە).

**بێ‌ووچان**: بێ‌پشوو، بێ‌حەسانەوە: (کێشە و گێرەی خەرمانم ئەکەم/ بێ ووچان ئیش و فەرمانم ئەکەم) «ع. مەردان».

**بێوور**: ناوی کوڕانە.

**بێوە**: ١. بێوەژن، ژنەبێ: (دەچووە بێشە و ئاو و زنان/ جێگەی مەلەی بێوەژنان) «ڕاوچی» ٢. بێوەمێر، ژنمردگ، ٣. ببەوە، بەوە: (ڕەزا لەی کارە پەشیمان بێوە/ بزانی ڕەزای خودا ها وە کوێوە) «پیرۆزە».

**بێ‌وە**: بێ ئەوەی، بەبێ ئەوەی: (خولەی ئەلی کەوکوژ وە خۆی و وە زوڕنایەوە پەیدا بوو، بێ وە کەس پێ بێژێ، پێکی زوڕنای لێ خۆش‌کرد) «ڕشتەی مرواری».

**بێوەپیا**: بێوەپیاو.

**بێوەپیاگ**: بێوەپیاو.

**بێوەپیاو**: ژنمردوو.

**بێ‌وەتەن**: بێ‌زێد، بێ‌نیشتمان، بێ‌وڵات: (تۆش لە سەر وەتەن بێ وەتەن وەک من/ تۆش پەنا بردوو بە ماڵی دوژمن) «بۆکوردستان».

**بێ‌وەج**: بێ‌نرخ، بێ‌قیمەت، بێوەرج، بێ‌کەڵک.

**بێ‌وەجاخ**: وەجاخ‌کوێر: (گەر حەوا نەبوایە ئێستەش ئادەمێ بوو بێ‌وەجاخ) «قانع».

**بێ‌وەجهـ**: بێ‌سەبەب، بێ‌هۆ: (بێ‌وەجهـ ل من

تو بویی وەحشی/ داخواز تە کر کو من
نەبەخشی؟!) «خانی».

**بێوەجهە**: بێمانایە: (دەردێ نیە دەردم، کە
ئەوا چارە قبوول کا/ بێ وەجهە لە لام،
ڕەنجی تەبیب، سەبر و دەوا چەند؟) «ئەدەب».

**بێوەخت**: ١. بێگاڤ، ناوەخت، کاتی ترس و
بڤە: (درەنگانە، بێوەختە بۆچی هاتی؟)،٢.
ئێوارە، خۆرەزەرد، زەردەمابی،٣. بێدەرفەت،
بێپەردژ، بێدەسرەس،٤. بێوەقت، نابەجێ:
(ئەو خەندەی بێوەخت مەیۆش وە دەمدا/
مەگێلۆ ماچۆ نەو گێج و تەمدا:) «مەولەوی»،
(دەڤێ خۆ بێوەخت ڤەمەکە) «پەند».

**بێوەختی**: لەکاتی ڕۆژاوادا.

**بێوەر**: ١. بێبار، بێبەر، بێمیوە ٢. بێبەهرە،
بێخێر، زامەت فرەوان و هیچ: (بۆیە هەر
دەڵێم ڕەنجی بێوەرم/ کەڵکەڵەی خارج چۆن
کەوتە سەرم) «حەمەجەزا».

**بێوەڕ**: بێوەڕین×١١٢×: (کەسەل و بێوەڕ
و لە پاس کەوتوو/ نانی شوانم دەخوارد و
هەر لاتم) «ئاوات».

**بێوەرج**: بێوەج.

**بێوەرمیی**: بێخەوی: (نازاران بە خەشم
غەزەب گێرتەن لیم/ بێوەرمیی شەوان، بیەن
وە خدیم) «بێسارانی».

**بێوەری**: ١. بێبەش، بێبارە،٢. خافڵ، غافڵ.

**بێوەزن**: ١. بێکێش، سووک،٢. بێنرخ.

**بێوەژن**: ١. ژنەبی، ژنبی، بێوە، شومردو،
شومری، شومردێ، بێشوو، بێژن، ژنا مێر
لێمری: (بێوەژنە یا کچە هەر دەڵێی شەکی
کاڵە/ سەعات لە چواری شەوێ ماچ کەم ئەم
خەت و خاڵە) «زیرەک»،٢. ژنی تەڵاقدراو:
(ئەوەی بە بێوەژنی ئەیکەیت، بە کچی
بتکردایە) «پەند».

**بێوەژن کۆشی**: ژنەبییەتی، سەغیرباری، ئەو
ژنە مێر لێ مرییە و کو لسەر هێتیمان دانیشتیە
و کار دکات بۆ خودانکرنا وان.

**بێوەژنی**: ژنەبییەتی، بێمێردی: (باڵام بە
باڵات بە بێوەژنی/ قودۆکەت بێنە تێیکەم
تووتنی) «فۆلکلۆر».

**بێوەسیری**: مایەسیری، باوەسیری، بەواسی.

**بێوەش**: بێهێز، بێتین.

**بێوەعد**: پەیمانشکێنی×: (سەوگەند بەو
خودای فەردی بێهەمتا/ وە بێوەعد کەرد،
قەیس جە لەیل جیا) «کۆماسی».

**بێوەعدە**: نەخوازراو، بێوادە: (بەفری بێ
وەعدە ڕەشانگی بڕی/ ڕەشانگ و سپی، پاکیان
سەربڕی) «پاشەڕۆک».

**بێوەعز**: بێحاڵ.

**بێوەغەر**: شوم، سەرەخۆر.

**بێوەفا**: ١. بێبەقا، بێقەول، بێشەرتوشۆ:
(سا بێوەفایان پەرێ ئەو یاران/ وەفا و
مەیلشان، بەبێ موداران) «بێسارانی»،٢.
بێوەفای، بێبەقای: (ئەر سەد خەیاڵت شەوان
چوون خارەن/ بێوەفا، ئاخر جەفات بەی
کارەن) «بێسارانی».

**بێوەفاتی**: بێوەفایی: (شەشکێن بێوەفاتیێ/
تە تژی پیشا خوە کریە) «سەنار».

**بێوەفایی**: بێپەیمانی، بێعەهدی: (بێوەفایی
حەققە، ڕەسمی گوڵعوزارانە بەڵام/ نەک
دەگەڵ یاری وەکوو من، ساحێبی میهر و وەفا)
«ئەدەب».

**بێوەفاییش کەرد**: بێمەیلی کردووە: (دیدەکەم
ماچان بێوەفاییش کەرد/ شەرت و عەهد
بەین وەرین، جە یاد بەرد) «مەولەوی».

**بێوەقرە**: بێئارام، نائارام، جیکەنە.

**بێوەک**: گوندێکە لای پێنجوێن.

**بێ وەک**: بێ هەوتا، بێ وێنە: (دایکا بێ وەکا من).
**بێوەلە**: بێولە، بەچکەبەراز.
**بێوەڵە**: بێوەل، بێولە.
**بێوەلەت**: بێوڵەت، بێ وەلات، بەختڕەش.
**بێوەلەتی**: بێولاتی، بەختڕەشی،
**بێوەلێت**: بێ ولات،
**بێوەڵیفەت**: بێ پاداشت، بێ دەساوە.
**بێوەمێر**: ڕەبەن، بیوەپیاو، ژنمردو، بێ ژن: (گاوانی گوندی بەربیانێ بێوەمێرد بوو) «ف.پ.پ.».
**بێوەمێرد**: بێوەمێر: (سۆرمێ ژنی یەکەمی دوای کوڕ و کچێک خوا ئامانەتی خۆی وەرگرتەوە، دوو ساڵ بە بێوەمێردی ژیانی بەسەر برد) «غەوارە».
**بێوەمێردی**: بێ ژنی، ژن مردوویی: (دەبوو ژن بێنمەوە هەر بە بێوەمێردی نەمێنمەوە) «چێشتی مجێور».
**بێوەن**: دیەکەیگە لە جوانڕۆ.
**بێوەنیج**: مەڵوەنێگە لە ناوچەی گووران.
**بێ وەی**: ١. بێ زیان، بێ ئازار، بێ ڕووش، سلامەت: (بێ وەی بی)،٢. بەبێ ئەوەی، بێ ئەوەی: (ڕۆیی بێ وەی گەلی بگا بە مراد/ ڕۆیی بێ وەی ببینێ کورد ئازاد) «هێمن»،٣. خەڵکی ئاسایی: (هەتا بکرێ کەمتر زیان بە دانیشتوانی بێ وەی بکەوێ) «لەمهاباد بۆئاراس»،٤. ناوی کوڕانە.
**بێ وەیبوون**: ١. بێ بەڵا بن، دۆعایە بۆ پاداشت دەکوترێ،٢. لە هەمبەر کەسێلی دەوروبەر سلامەت و بێ ئازار بوون: (سەبارەت بە وەی کە هێدی و هێمن و بێ وەی بوون، خەڵکی ئاوایی خۆشیان دەویستن) «پێکەنینی گەدا».

**بێوەیبی**: بێ زیان و بەڵا بی.
**بێویانی**: دیەکەیگە لە سەرپیەڵ.
**بێ ویجدان**: بێ ویژدان: (فیتنە و ئاشووبی خیتە ناو دەروونم خاڵەکەی/ چەندە بێ ویجدانە هات گۆبەندی گیرا و ڕۆیوەوە) «مینەجاف».
**بێ وێری**: ١. بیڤیری، بێدەرفەتی،٢. نەخۆشی بێ عیلاج و چارە.
**بێویژان**: بێویژان، بیژان، گیایەکی بۆنتوندە و مار حەزی لێ ناکات.
**بێ ویژدان**: ویژدان خەوتوو.
**بێ وێژدان**: بێ ویژدان.
**بێ ویژدانی**: بێ ئەخلاقی، نامرۆڤی: (بێ ویژدانییەکا وییا دی ئەو بوو کو) «پەپووک».
**بێ وێڵ**: بێ ئەدەب، بێ شەرم: (کوتی: تەماشای مەلاکان کەن هیچ وێڵیکیان نییە، منیش کوتم: سەیری ئەم ئەفەندییانە کەن چەن بێ وێڵن!) «ڕشتەی مرواری».
**بێ وێنە**: ١. بێ نەزیر، بێ هاوتا، بێچوون: (چەرخی چەپی گەردوونە، ڕاست و چەپی چەند دوونە/ بێ چاکە چ بێچوونە، ڕاستی لە چەپی نایە) «نالی»،٢. بریتی لە خودا: (ئەی بێ نەزیر و هەمتا، هەر تۆی کە بەرقەرای/ بێ بار و بێ دیاری، بێدار و پایەداری) «حاجی قادر».
**بێ وێنەیی**: بێ هاوتایی، وێنە نەبوون.
**بێە**: ت بێە، تۆ بدە.
**بێهـ**: ١. بەهێ، بەی،٢. بریتی لە مەمک: (بادامێ سیەهـ و چەشمێ شەهلا/ نار و بێهـ و سێڤ و شاخێ بالا) «خانی»،٣. بێهتەر، باشتر: (ل تە تونین کەمال و زان، ئەو بێهی) «گولشوون».
**بێ هاریکار**: تەنیانال، بێ کەس.

**بێ‌هاز**: بێ‌تاوشت، بێ‌تووان.
**بێ‌هاف**: بێ‌هش، بێ‌هۆش، بێ‌هاگا.
**بێ‌هاڤل**: بێچارە، بێ‌دەرەتان: (هەڤێ سێوی و ژنەبییـان، هەڤـێ بـێ‌کەس و بێ‌هـاڤلان ژێ ستاند) «پەپووک».
**بێ‌هامتا**: بێ‌هاوتا، تاق، تاقانە: (پەی چـێش؟ بینایی هەر دوو دیدەنی/ بێ تای، بێ هامتـای، بەرگوزیدەنی) «بێسارانی».
**بێ‌هاوتـا**: ١. بـێ‌وێنە، تاقـانە، کەمیـاب: (لە گشت فەرمانی بێ‌هاوتا نەبێ/ غیرەتی کـوردی لە دڵدا نەبێ/ خوایە بەشی ئەو هەر کەساسـی بێ) «دڵزار»،٢. ناڤێ خوەدێ،٣. ناوی کوڕانە.
**بێ‌هاوتایی**: تاقانەیی.
**بێ‌هاودەم**: بێ‌یار، بێ‌غەمخوار: (سەراپا چون موتاڵام کرد، سەلامی یاری بێ‌هاودەم) «ئامینە».
**بێ‌هاوسەر**: بێ‌ژن، بێوەمێرد.
**بێ‌هاوسەری**: بێ‌ژنی، بێوەمێردی: (دەردی بـێ هاوسـەری دەرمـان کـردم/ ڕەقەنـی بێـدەری نەرمان کردم) «بۆکوردستان».
**بێ‌هایی**: ١. بێ‌ئاگایی،٢. نەزانی، گەوجی.
**بێهتر**: باشتر، چاکتر: (خەلاتـا مـاقوول هەر چ قاس خاس بن/ پەرتی‌یە تە خو ژ وێ بێهتـر) «گولشوون».
**بێەر**: بدەر، ئەوەێ ک دەێد.
**بێەرا**: بێەرەو، بیدەوە.
**بێەران**: ئەوانە بێەرا.
**بێەرانا**: بەرانا.
**بێەرانە**: ئەوانە بێە.
**بێەرانەو**: بەرانەو، ئەوانە بدەوە.
**بێەرانەێ**: ئەوانە بێەرە.
**بێەرەو**: بێەرا.
**بێەرەوەێ**: ئەوە بێەرەو.
**بێەرەێ**: ئەوە بێە.
**بێ‌هژمـار**: بێ‌شـومار، لەڕادەبەدەر: (وی هەر زاوادە کار دەکـر/ زکرەکـێ بـێ هژمـار دکـر) «فەقێ تەیران».
**بێهش**: بێ‌هۆش، بێخۆ: (مەدهـوش بـوین ب وێ مودامێ/ بـێهش وەکەتـن ژ سـەر قیـامێ) «خانی».
**بێهش‌کرن**: بێ‌هۆش کردن: ((یـا لیتنـی کنـت فخور)/ وەی نازکا من تە ژ دوور/ بێهش کرم خـالێ د هـوور/ ویـران ئەزم، مـالم خـراب) «فەقێ تەیران».
**بێ‌هش‌کـری**: ١. بێهـۆش کـراو،٢. بێهۆشـی کردبوو: (وێ سەبزەسـیفەت ل سـەر زەمینـێ/ بێ‌هش کری دارویێ ئەڤینێ) «خانی».
**بێهشی**: بێهۆشی، بێخودی: (تیرا وی ل کەتـی تە لێدا/ ئەو داروێ بێهشی تە پێدا) «خانی».
**بێەلا**: بێەولا، لایدە.
**بێ‌هلار**: پیادە، پەیا، نە سەوار.
**بێ‌هلبار**: بێ‌هلار: پیادە، پەیا، نە سەوار.
**بێ‌هلم**: ئاێم یا حرامی بێ‌چەوڕوو.
**بێەم**: م بەمەو.
**بێەما**: بێەمەو، ئەوانە بدەوە.
**بێەمان**: ئەوانە بێەمەو.
**بێهمان**: وشەیەکە دەگەڵ فلان ئێژنی.
**بێەمانا**: کلێانەو بکەم.
**بێەمانەو**: کلێانەو بکەم.
**بێەمە**: بێەم وە.
**بێەمەو**: کلەو بکەم.
**بێەمەوە**: بێەمەو.
**بێەمەوەێ**: ئەوە کلەو بکەم.
**بێەمەێ**: ئەوە بەمە.
**بێەمێەو**: بێەمەو.
**بێەن**: ئویە بێەن.
**بێهن**: ١. بـۆ، بـۆن، بـێن: (ئەوێ کـو سـیرێ

نەخـوە بـێهن ژ دەڤـێ وی نـاییّ) «پەنـد» ٢. پشوو، وچان، حەسانەوە: (مە نە ڕەنگ مـا، نە قامەت ما/ مە نە خەو ما، نە ڕاحەت ما/ مە نە بێهن ما، نە سیرەت مـا/ هەمـی بـۆرین دنـێ سارە) «فەقێ تەیران»٣. هەناسـە، نەفەس، بـین ٤. گاڤەک، دەمەک، تـاوێ ٥. کـاری دفـن بـۆ ناساندنی بۆن ٦. بن، وەبن: (ئاڤا ل گـۆلێ مـا، بێهن دکەڤیتێ).

**بێەنا**: بێەنەو، بیدەنەوە.

**بێهناخـــاش**: بـۆنی خـۆش: (بەهـبەە بنێـرە هەواییّ/ ل بێهنـا خـاش و سـەفاییّ) «پەرویـز جیهانی».

**بێهناخوەبەردان**: حەسانەوە، پشوودان.

**بێهناڤ**: ترسەنۆک، خوێڕی،

**بێهناڤی**: ترسەنۆکی، خوێڕیگەری.

**بێهناگولاڤ**: بۆنی گولاو: (نـاڤێ پیـرۆز نـاڤ کوردان بەلاڤ بوو/ هـزرا شـێخی وەک بێهنـا گولاڤ بوو) «سندی».

**بێهنـــام**: ١. نـاوخۆش، ناوچـاک، خۆشـناو،٢. بێهنامدژ،٣. ناوە بۆ پیاوان.

**بێهنـــامدژ**: قەڵای بێهنـامدژ، بێنـام، نـاوی قەڵایەکە لە باشـــووری ســـەقز: (دوای ئەوە قەڵای بێهنامدژیـــــان دروس کـــــــرد) «ئاوێنەی بێگەرد».

**بێەنان**: ئەوانە بێەنەو.

**بێەنانا**: بێەنانەو.

**بێەنانەو**: بێەنانا.

**بـێهنبەردان**: بـۆندان، بڵاوکـرنەوەی بـۆن و بەرامە.

**بێهنپاک**: دلساف، چاک، هێژا.

**بێهنپاکی**: چاکی، دڵسافی، هێژایی.

**بێهنپێکەنین**: بۆنگرتن، بۆگەنبوون.

**بێهنتەنگ**: ١. پشووسـوار، هەناسەسـوار: (وا بـێڕەحم و بـێهنتەنگە/ هەرڕۆژ قـالە، هەرڕۆژ جەنـگە) «فەقـێ تەیـران»٢. عـاجز، تـوورە، هێرسـی، تەنگـاڤ: (جارنـا کـو دامـاری ژ تشتەکی دی ژی بێهنتەگ دبوو) «پەپووک».

**بێهنتەنگی**: ١. هەناسەسواری ٢. تەنگاڤی.

**بێهنچک**: هەناسەبڕکێ، تەنگەنەفەسی، مـرۆڤ یا جاندارەک کە بە دژواری هەناسە بکێشێ.

**بێهنچکـــــی**: تەنگەنەفەســـــی، نەخۆشـــــی هەناسەسواری.

**بێهنخـــوەش**: بـۆنی خـۆش: (د پاشـێ وان دەردێ د گەش/ سـەد حەیـف ل ڕەیحـانێ د ڕەش/ کـێم بـوون ژ وان بێهنـێ د خـوەش/ نیشان و خالێ جەبهەتێ) «فەقێ تەیران».

**بێهندار**: بۆدار، بۆندار.

**بێهندان**: ١. پشوودان، حەسانەوە: (تاهیر خـان بێی کو بێهنا خـۆ بـدەت، کـاغەزەک نڤیسـی) «گولواز»،٢. خوە خەڤ کـرن ٣. بۆنـدان، بـۆن لێهاتن،٤. نێرین، باڵکشاندن.

**بێهنژاندن**: پشماندن.

**بێهنژک**: بێهنشک، پشمە.

**بێهنژین**: پشمین، پژمەکرن.

**بێهنسەرکەتن**: بۆن بە لووت گەیشتن: (ئـاڤ و گلێز دەڤـی کەت/ دل بژییـا، بـێهن سـەری کەت) «پەرویز جیهانی».

**بێهنشک**: پشمە، پژمە، پشمین.

**بێهنفرەه**: پشوودرێژ، بینفرە، بەسەبر.

**بێهنفرەهی**: بیندرێژی، پشوودرێژی.

**بـێهنڤەدان**: پشـوودان، وچـاندان، سـانەوە، حەسانەوە: (شێرزاد گۆ: دادێ ئەز ناهێم بـازار، دێ بـۆ خـۆ یاریـا دکەم، خـۆ ل بێهنڤەدانـا هاڤینێ ژی ئەز نەشـێم یاریـا بـکەم) «بێریڤـان وهێڤی».

**بێهنکرن**: ١. بۆنکردن، بـۆ هەڵمـژین: (قەت

ئەما بێهن کم چ وەردا/ چیچەکێ بێهن‌خوەش ل عەردا/ پاشـــی مەحبــوب کـــو ب دەردا/ چیمەنــا ژ دۆرا تە تــێ) «فەقــێ تەیــران». ٢. شوێنی بۆن هەڵگرتن(سەگ).

**بێهن‌کور**: بۆن‌کوێر، نەمانی هەستی بـۆن‌کردن بە هۆی نەخۆشی و شتی‌تر.

**بێهن‌کـــــورت**: تەنـــگەنەفەس، بێهن‌تەنـــگ: (پیرەمێرێ گـۆت: ئەز گەلەک دکـوخم، بێهنـا من کورت دبیتن) «گولواز».

**بێهن‌کورتی**: تەنگەنەفەسی.

**بێهن‌کـــــوری**: بێن‌کـــوێری، بۆن‌کـــوێری، کوێربـــوونەوەی هەســـتی بـــۆن‌کرن بە هـــۆی نەخۆشی.

**بێهن‌گرتن**: بۆن‌گرتن: (جلەکانم بۆنی دوکەڵی گرتووە).

**بێهەنگوین**: گوندێکە سەر بە شاری مەهاباد: (گاگەش و کیسەڵانە/ بێهەنگـوین و بـۆدوانە) «فۆلکلۆر».

**بێهن‌لێ‌چکاندن**: نەفەس لێ‌برین.

**بێهن‌لێ‌چکین**: نەفەس تەنگ‌بوون.

**بێهن‌وبۆ**: بۆن‌وبەرامە، بێهنا خوەش: (سەرگەرم بـووین ب گفتوگـۆیێ/ سەرمەسـت بـووین ژ بێهن و بۆیێ) «خانی».

**بێهنوش**: ناڤێ ژنانە.

**بێهنـــۆک**: کامـا، کۆمـا، نیشـانەیەک لە کـاتی وەستان لە نێوان ڕستە بەم شێوە ( ، ).

**بێەنە**: بێەنێە، بیدەن بە.

**بێهن‌هـــاتن**: حەســانەوە، ئـارەزوو شــکان: (کەچەلـــۆکێ ب وی حەجەتــی هەر دوو دەستێن خوە ئێخستە سەر ســەرێ خـۆ، ڤێدا ئێنانە خـارێ حەتـا کـو بـاش ســەرێ خـۆ خوراندی و بێهنا وی هات) «گولواز».

**بێهنەفس**: چڵێس، نەوسن.

**بێهنەفسی**: چڵێسی، چاوچنۆکی.

**بێهنەک**: وچانێـک، پشـوویەک: (هەڤالێـت وی هــاتنە نــک و گــۆتی: مە پێخۆشـە بێهنەکـێ دەرکەڤین؟) «گولواز».

**بێەنەو**: بێەنا، بیدەنەوە.

**بێەنەوە**: بێەنەو، کلەو بکەن.

**بێەنەوەێ**: ئەوە کلەو بکەن.

**بێەنەێ**: بێەنەو، بیدەنەوە.

**بێەنێە**: بێەنە، بیدەنەوە.

**بێەنێەو**: کلێەو بکەن.

**بێ‌هۆ**: بێهوودە، بەخۆڕایی.

**بێهۆرک**: بێ، بەهێ، بەی.

**بێهۆش**: ١. کاس، بێهش، دڵبوراوە، بێخود ٢. گێژ، گەمژە، حەپۆل، نازیرەک: (ئەوەندە گێژ و بێ‌هۆشن/ حەیا و ناموسـێ دەفرۆشـن/ لەبـۆ ئـازادی ناکۆشــن/ ئەمــن دەیلـێم و بێ‌بــاکم) «هێمن».

**بێهۆش‌بوون**: ١. بێهۆشی، بێخـودی،٢. مەسـت بـوون: (گەلـێ سـزام دی لە ڕووی عەقـڵەوە/ بـادەی مەی بخـۆم، بێهـۆش و کەر بـم) «ف. بێکەس».

**بێهۆش‌دارو**: دەرمانی بێهۆشی.

**بێهۆشکار**: بێهۆشکەر.

**بێهۆشکاری**: بێهۆشکەری.

**بێهۆش کردن**: بێخودکرن.

**بێهۆش‌کەوتن**: بێخودبوون: (بێ‌هـۆش دکەڤـن گەلەک دمیـنن/ گاڤـا وەکـو ڕادبـن د دیـنن) «خانی».

**بێهۆشـــــی**: ١. کاســی، وڕی، بێخـــودی ٢. گەوجـی، حەپـۆلی،٣. مەسـی، سەرخۆشـی: (گەلـێ نـاحەز ئەبیـنم وا لە بەرگـی دۆسـتی دێرینـا/ لە مەسـتی وائەڵـێم یـا قسـەی کـاتی بێ‌هۆشیمە؟) «کاکەی فەلاح».

**بێهۆدە**: بێهوودە.
**بێ‌هونەر**: ١. حیز، بڵح،٢. ناشارەزا،٣. بێکار، بێ‌ئیش.
**بێ‌هونەری**: ١. حیزی،٢. نابەڵەدی،٣. بێکاری.
**بێهوو**: بێهوودە.
**بێهوودە**: خۆڕایی، فیڕۆ، بێ‌فایدە، بێ‌سوود، بێخود: (هات‌وچو بە بێهوودە منالّی و جوانیم/ پیر بووم و بە بێ داخەکەم و خۆزیا نیم/ ...) «خەیام هەژار».
**بێهوودەبرن**: عومر بە فیڕۆدان: (دوو کەس ئۆلام بێهوودە برن/ خەوات بێ‌فایدە کرن) «گول‌شوون».
**بێهوودەیی**: بێ‌فایدەیی، بێ‌سوودی.
**بێهووش**: بێگورد.
**بێەولیسکە**: زەوو گەڕاڵ، زیز زەوو نەخت.
**بێ‌هەتک**: ئابڕووبەر، ئابڕووبەرە، بێ‌حەیا.
**بێ‌هەتکی**: بێ‌حەیایی، بێ‌ئابڕوویی.
**بێ‌هەرمان**: بێکار، بێ‌فەرمان.
**بێ‌هەرەج**: نامەڕبووت، بێ‌مەربووت.
**بێ‌هەست**: ١. بێ‌ئاگا، کەسێ کە لە هەمبەر کارێک کاردانەوەی نەبێ: (هەلە تا چاوی خەوالّوو مەستن/ تا جەزایرچی بەیان بێ هەستن) «بۆکوردستان»،٢. بێدەنگ، کپ: (کپ و بێ‌هەستە هەوار خامۆشە) «هێدی».
**بێ‌هەست‌وخوست**: بێڕەنگ، بێ‌هەست: (ئەوکی گەزی، ژاری تێخست/ خۆی دزییەوە بێ‌هەست‌وخوست) «ڕاوچی».
**بێ‌هەڤال**: ١. تەنێ، تەنیا ٢. بێ‌دۆس، بێ‌یار، بێ‌هەڤال،٣. بێ‌هاوتا، بێ‌وێنە: (چاخا ئەو قودرەتا بێ هەڤال/ یەکی ژ تەختێ شاهی دخینید/ ئێدن ل زکێ ماسی‌دا ساخ دهێلید) «گول‌شوون».
**بێ‌هەڤبەر**: بێ‌هاوشان، بێ‌هاوتا، تەک.
**بێ‌هەڤبەری**: یەکێتی، بێ‌هاوشانی.
**بێ‌هەڤتا**: بێ‌هاوتا، بێ‌وێنە، نموونەیی.
**بێ‌هەڤسار**: بەرەڵلا، سەربەردای.
**بێهەم**: بێغەم، بێخەم: (ئێستەکە کوردە هەموو بێهەم و بێدەرد و خەمە/ شادە، ئازادە، دەکا گاڵتە و گەپ، کەیف و گەمە) «هێمن».
**بێ‌هەمبەر**: بێ‌هاوشان، نایاب.
**بێ‌هەمبەری**: بێ‌هاوشانی.
**بێ‌هەمپا**: بێ‌هەمتا، بێ‌وێنە.
**بێ‌هەمپایی**: یەکتایی، بێ‌هاوشانی.
**بێ‌هەمتا**: ١. بێ‌هاوتا، بێ‌وێنە، تاق: (قیبلەم، بەو ئەحەد بێ هەمتای فەردەن/ سەوگەند یەکێوەن چەنی تۆم وەردەن) «مەولەوی»،٢. بریتی لە خودای گەورە: (مەنزڵ موبارەک بێ‌هەمتات یار بۆ/ شەفاخوات ڕەسووڵ خاسەی موختار بۆ) «مەولەوی».
**بێ‌هەمتایی**: بێ‌وێنەیی، بێهاوتایی.
**بێ‌هەمدی**: بێ‌حەمدی، غەیری ئیرادی.
**بێ‌هەناڤ**: ترسەنۆک، ترسۆک، خوێڕی، بێ‌زراڤ، بێ‌هەناو.
**بێ‌هەناڤی**: ترسەنۆکی، بێ‌زاتی.
**بێ‌هەناو**: ترسەنۆک.
**بێ‌هەنجیر**: گەرچەک، دار یا تۆی گەرچەک.
**بێ‌هەنگام**: وەڕەزکەر، مرۆی کات‌نەزان.
**بێ‌هەوا**: بێ‌فیز، بێ‌دەعیە: (خۆماڵیانە دابێژەر بە، بێ‌هەوا بە) «ڕاوچی».
**بێ‌هەواس**: ١. شەکەت، ماندی: (ئەگەر داوەتڤانی ژ شایا مەهەکێ، ژ رییا دوور هنەکی وەستییابوون، هنەکی بێ‌هەواس ببوون) «مەستوورە»،٢. بێ‌هۆش، بێ‌هەست و ئێحساس: (بۆ هند بێ هەست و هەواسی) «پەرویز جیهانی».
**بێ‌هەواڵ**: بێ‌خەبەر، بێ‌ئاگاداری.

**بێهەواڵی**: بێخەبەری: (مودەتێکە بێهەواڵـی حاڵی وا شڕ کردووم/ بوومە گەپچاڕ و گەمەی کوند و قەلی شاخە ڕەقەن) «ڕاوچی».

**بێهەولا**: بێئختیار: (بێ هەولا هاتە ڕام).

**بێهەوەس**: بێکەیف.

**بێهەوەسی**: بێکەیفی.

**بێهەوەڵ**: بێسەرەتا: (بێ هەوەڵ و ئـاخری/ سەما و زەوی ڕاگری) «ڕاوچی».

**بێهەوەلا**: بێتاشتا، بێئختیار.

**بێهەیام**: سەرزەدە، بێوەخت.

**بێەی**: ت بێەید، بێەید.

**بێهی**: بێهتەر، باشـتر: (ل تە تـونین کەمـال و زان، ئەو بێهـی/ کـو گلـی بـن زمـانێ خـودا بهێلی) «گولشوون».

**بێەێ**: بێەێد.

**بێەید**: بێەی، تۆ بیدەی.

**بێەێد**: بێەێ، بیدا، ئەو بیدات.

**بێەێدا**: بەێدنا، بیداتەوە.

**بێەیدان**: ئەوانە بێەیدنەو.

**بێەێدان**: ئەوانە بێەێدەو.

**بێەێدانا**: ئەوانە بێەێدەو.

**بێەیدانا**: ئەوانە بێەیدەو.

**بێەێدانەو**: کلێانەو بکەێد.

**بێەیدانەو**: کلێانەو بکەید.

**بێەیدیان**: کلێانەو بەکەید.

**بێەێدیان**: کلێانەو بکەێد.

**بێەیدیانا**: کلێانەو بکەید.

**بێەێدیانا**: کلێانەو بکەێد.

**بێەیدیانەو**: کلێانەو بکەید.

**بێەێدیانەو**: کلێانەو بکەێد.

**بێهێز**: بـێوزە، بـێورە، بێتـاقەت، بێتـوش، بێتابشت: (لەگەڵ دەستی قەزا چ بکا دەسـتی بێهێز و لەرزۆکـم/ لە گوڵخـانەی ژیـانی تـۆ وەشا دەستی عەزا دیسا) «ڕاوچی».

**بێهێزی**: وەڕەزی، سستی، لاوازی.

**بێهێڤی**: ناهومێـد، بێهیـوا: (دلنیـایی نـامینە/ کوندێ بێهێڤییێ/ ل سەر زانگـا هەری ڕەش/ هێلوونا خوە چێ دکە) «سەنار».

**بێهێڤیاتی**: ناهومێدی، بێهیوایی.

**بێهێڤیتی**: ناهومێدی: (دیماهیکێ ژ هەسـپێ خۆ بێهێڤی بـوو کـو چارەنڤیسـێ وی خویـا نینە) «گولواز».

**بـێهێلین**: بـێهێلانە، بـێوار، تەرە، ئـاوارە، مشەخت.

**بێەیم**: ١. بێەیمن، بیدەینەوە،٢. کلەو بکەیمن.

**بێەیما**: بێەیمنا، ئەوانە بدەینەوە.

**بێەیمان**: بێەیمنان، ئەوانە بدەینەوە.

**بێەیمانا**: بێەیمنانا، ئەوانە بدەینەوە.

**بێەیمانەو**: بێەیمنانەو، ئەوانە بدەینەوە.

**بێەیمن**: بێەیم.

**بێەیمەو**: بێەیمنەو، بیدەینەوە.

**بێەیمەوە**: بێەیمنەوە، ئەوە بدەینەوە.

**بێەیمەوەێ**: بێەیمنەوەێ، بیدەینەوە.

**بێەیمەێ**: بێەیمنەێ.

**بێەیمێا**: بێەیمنێا، ئەوە بدەینەوە.

**بێەیمێان**: بێەیمنێان، بیدەینەوە.

**بێەیمێانا**: بێەیمنێانا، بیدەینەوە.

**بێەیمێانەو**: بێەیمنێانەو.

**بێەیمێەو**: بێەیمنێەو.

**بێەین**: ١. ئوویە بێەینا،٢. کلەو بکەین.

**بێەینا**: بێەنا، بیگەڕیننەوە.

**بێەینان**: بێەنان، بیدەنەوە.

**بێەینانا**: بێەنانا، بیدەنەوە.

**بێەینانەو**: بێەنانەو، بیدەنەوە.

**بێەینەو**: بێەنەو، بیدەنەوە.

**بێەینەوە**: بێەنەوە، بیدەنەوە.

**بێەینەوەیٚ**: بێەنەوەیٚ، بیدەنەوە.
**بێەینەیٚ**: ئەوە بێەینەو.
**بێەینێا**: بێەنێا، بیدەنەوە.
**بێەینێان**: بێەنێان، بیدەنەوە.
**بێەینێانا**: بێەنێانا، بیدەنەوە.
**بێەینێانەو**: بێەنێانەو.
**بێەینێەو**: ئەوە بێەینەو.
**بیٚهیوا**: بیٚهێڤی، دڵشکست.
**بیٚهیوایی**: دڵشکاوی، بیٚهێڤیتی: (خورپە، هەناوەکوتە، ڕاچڵەکین، ترسان، بیٚهیوایی، گومان) «شەوارە».
**بیٚ ی**: بەبیٚ، بێجگە، بیٚ لە، نەدگە، نەپێرا: (چەرخیٚ د نێڤ چەرخا ئەزم/ ڕوح و ڕەوانا من تویی/ ئەز هشکەدارم نارزم/ خەمل و ڕحانا من تویی/ بیٚ ی تە نەشێم گاڤەک بەزم/ خانم مرادا من تویی) «فەقیٚ تەیران».
**بیٚیار**: بیٚدۆست. تونەبە: (بێی تە ئەز ناچم).
**بیٚیارویاوەر**: بیٚیاریدەدەر، بیٚدۆست و ڕەفیق.
**بیٚیاری**: بیٚدۆستی.
**بێیاڤان**: بیٚئاڤان، بیابان، بەیار.
**بیٚیاقیدە**: بیٚباوەڕ: (هەموویان بەرانبەر بە شێخان بیٚ یاقیدەن) «چێشتی مجێور».
**بیٚیاوەر**: بیٚئاریکار، بیٚیارمەتیدەر: (چەند گێلا وە کۆ، هەر شەو بیٚ یاوەر) «بێسارانی».
**بێیت**: بێی، ئەتۆ بێی.
**بێی تە**: بەبیٚ تۆ، بەغەیری تۆ: (قەت بێیی تە ڕوح نالڤن/ زولفێد شەنگ ل سەر ناجڤن/ ئاگر ب قەلبان ناکڤن/ ناریٚ مەجازا خرقەتیٚ) «فەقیٚ تەیران».
**بێی خۆ**: خۆنەویست،
**بێی ڕەحم**: ١. دڵڕەق، بیٚبەزەیی،٢. دڵڕەقی: (ڤەزیر گۆت: بێی ڕەحما پاشا ب عەدیل ڕوونانن) «گولشوون».
**بێی زەرد**: ١. بەهێی زەرد،٢. بریتی لە زۆر ڕەنگزەرد: (ناز مچوڕکێکی پێدا هات، چی نەمابوو دەستی بە شانە کون کا، وەک بێی زەرد بەڵام زمانی خۆی گریٚ دا) «ئەمیری».
**بێی کو**: بیٚ ئەوەی، بەبیٚ ئەوەی: (تاهیر خان بێی کو بێهنا خۆ بدەت، کاغەزەک نڤیسی) «گولواز».
**بێی وبچت**: بیٚ و بچیٚ، بیٚ و بڕوات: (مە دڤیٚ پەرییا دل بەری، لیٚ هەی ل ئوسلوبا بەریٚ/ لیٚ کفش بببیتە پەنجەریٚ، بێی و بچت تەشبیهیٚ با) «جزیری».
**بیٚیۆم**: بیٚوەغەر،
**بیٚیومن**: ناموبارەک، بیٚودم، بەدقەدەم.
**بێی یەڤە**: بێیەوە، بگەڕێیتەوە: (ئەم ل بەر شەوقا هیڤی یان چاڤ مە لێیە بێیەڤە) «سندی».
**بێیی**: بیٚئەوەی: (پاشیٚ بێیی تشتەکی بێژە، بەریٚ خوە دا خێبەتا خوە) «مەستوورە».
**بێیی حەمدیٚ من**: بەبیٚ قەست و ئاگاداری من، لەخۆڕا، هەروا: (خویشکیٚ وەللە وەختیٚ تە حەبەکی خوە خوار کر، ئەز ترسیام، بێیی حەمدیٚ من درانیٚ من پشتا تەدا چوو) «سەنار».
**بێیید**: بێت، بێتە: (گلیزانە شارزا کو ئەو پیریٚ کال/ ب فکرە و پاش ویٚ کو بێیید ب قال) «گولشوون».
**بێیی شەڕ**: بەبیٚ شەڕ و جەنگ: (وی هیٚ ڕاست دیت دژبەرییا د ناڤبەرا خوە و خالۆ خاندا بێیی شەر سافی بکە) «مەستوورە».
**بیٚ یی مە**: بەبیٚ ئێمە: (دیٚ دەمەک ئێتن، دیٚ تێگەهت/ بەهشت بیٚ یی مە نابت بەهشت) «سندی».

**سەرچاوەکان١**: بەشی فەرهەنگ:

. ئەحمەدی، ئیبراهیم، «فەرهەنگی کینایە»، سنە، ئینتشارات دانشگا کوردستان، چاپ یەکەم، ١٣٨٦ی هەتاوی،
. ئەمینی، ئەمیر، فەرهەنگ گیاهان داروویی، کردی- ئینگلیسی، فارسی، عەرەبی، ئینتشارات تاق بوستان، چاپ دوهەم، ١٣٧٦ی هەتاوی،
. بۆرەکەیی، سەدیق، فەرهەنگی ماد، بەرگی ئەوەڵ، چاپ تاوسانی ١٣٦١ی هەتاوی،
. بەحری، ئەحمەد، «فەرهەنگی باڵندە»، هەولێر، ئاراس، چاپ یەکەم، ٢٠٠١ی زایینی،
. پایانیانی، سەلاح، «فەرهەنگی زارەکی موکریان»، بەرگی: (ئا، ب، پ، ... )، مەهاباد، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕەهرەو، چاپ یەکەم، ١٣٨٥ی هەتاوی،
. تەیب، موئەید و یامیلا گرانت، «فەرهەنگا کەپر وێنەدار»، دهۆک، چاپخانەی خانی، ٢٠٠٨ی زایینی،

. جەلیلیان، عەباس(ئاکو)، «فەرهەنگ باشوور»، کوردی- کوردی — فارسی، تاران، ئینتیشارات پرسمان، ١٣٨٥ هەتاوی،
. حەبیــــبالله ، جەمال(بێـــدار)، وەرقـــوڵ، فەرهەنگـــی هـــۆرامی- ســـۆرانی، ســـلێمانی، بەرێـــوەبەرایەتی چـــاپ و بڵاوکـــردنەوەی سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨ی زایینی،
. خاڵ، شێخ محەمەد، «فەرهەنگی خاڵ»، سـێ بەرگ، سەقز، ئینتشـارات مـحەمەدی، ١٣٦٧ی هەتاوی،
. دەرویشـــیان، عەلیئەشـــرەف، «فەرهەنـــگ کـــوردی کرمانشـــایی»، تـــاران، ئینتشـــارات سەهەند، ١٣٧٥ی هەتاوی،
. ڕازی، موحسین، «وشە گوڵینەکـانی ئـاویەر»، هەولێر، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٩ی زایینی،
. زەبیحـی، عەبـدوڕەحمان، «قامووسـی زبـانی کـوردی»، ورمـێ، ئینتشـارات سـەلاحەددینی ئەیوبی، چاپ یەکەم ١٣٦٧ی هەتاوی،
. ساڵح، خالید، «گوڵوڵک هەڵچنین»، دهـۆک، سپیرێز، چاپا ئێکێ، چاپخانەی خانی، ٢٠٠٧ی زایینی،
. ســـەقزی، بابـــان، «فەرهەنگـــی ئاوێســـتا»، کوردی- کوردی،×
. شـــــەرەفکەندی، عەبـــــدوڕەحمان(هەژار)، هەنبانەبۆرینە، فەرهەنگـی کـوردی- فارسـی، چاپ سێهەم ١٣٨١ هەتاوی، تاران، ئینتشارات سرووش،
. شـــێخانی، عەبـــدولوەهاب، «فەرهەنگـــی شـــێخانی»، کـــوردی- کـــوردی، دهـــۆک، چاپخـــانەی خـــانی، چـــاپ یەکەم، ٢٠٠٩ی زایینی،
. غـــولامی، نـــادر، «فەرهەنـــگ چـــاردۆڵی»، ئینتشارات زانکۆ، چاپ ١٣٩٥،
. فلاحپـــوور، حوســـێن(زیلان)، فەرهەنـــگ کوردی، زانیاریـا کـوردی، ورمـێ، ئنتشـارات مانا تائب، چاپ یەکەم، ١٣٨٢ی هەتاوی،
. فەلاحپوور، حوسێن(زیلان)، ڕێزمان ژ هەڤده تا هەڤۆک/ ئینتشاراتی حوسەینی ئەسڵ، ورمێ ساڵی ١٣٨٩ی هەتاوی،
. فەیـــزیزادە، تاهـــا، «فەرهەنگـــی وشـــە دووانەکانی زمانی کوردی»، ورمێ، ئینتشـارات ســـەلاحەدینی ئەیـــوبی، چـــاپ یەکەم ١٣٦٧ی هەتاوی،
. قاسـمی، محەمەدعەلـی و خـانی عەلـیرەزا، دیـوان کامـل شـاکە و خانمەنسـوور، ورمـێ، ئینتشارات سـەلاحەدین ئەیـوبی، چاپ یەکەم ١٣٧٩ی هەتاوی،
. کامێران سلێمان بۆتی، «فەرهەنگـا کـامێران»، کوردی- کوردی(بادینی)، چاپەمەنی سـپیرێز، ٢٠٠٦، دهۆک،
. کەریمپور، کەریـم، «خـۆرهەڵات، فەرهەنـگ گویش کردی کلهری»، سێ بەرگ، ××
. گەدیگلانـــی، ئەمـــین، «فەرهەنگـــی ڕێـــژگە»، کـــوردی- کـــوردی- فارســـی، چـــاپ دوهەم، ٢٠١٠ی زایینی،
. مزوری، مستەفا، «فەرهەنگا ناڤێـت کـوردی»، هەولێر، چاپخانا وەزارەتـا پەروەردێ، ٢٠٠٥ی زایینی،
. مشـەختی، مەلا خەلیـل، فەرهەنگـا مەرگ و ژی، هەولێر، دەزگای چـاپ و بڵاوکـردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦ی زایینی،
. مـوکری، کـامەران، «فەرهەنگـی کـامران»، دهۆک، سپیرێز، ٢٠٠٦ی زایینی،
. موکری، مـحەمەد، «فرهنـگ نـام پرنـدگان»، ئینتشارات ئەمیرکەبیـر، تـاران، چـاپ ١٣٦١ی هەتاوی،

. موکریانی، گیوی، فەرهەنگی کوردستان، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ١٩٩٩ی زایینی،
. موکریانی، گیوی، «ناوی کچ و کورانی کوردی»، هەولێر، چاپ چوارەم، ٢٠٠٢ی زایینی،
. مەردوخی کوردستانی، ئایەتوڵلا شێخ موحەمەد، «فەرهەنگی مەردۆخ»، چاپ یەکەم، ١٣٨٨ی هەتاوی،
. نانەوازادە، عەلی، «فەرهەنگی کوردی هەرمان»، بەرگی یەکەم و دووهەم، پیتێلی ئا و ب، پ، ت، هەولێر، چاپ دووهەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٥ی زایینی،
. ناوخۆش، سەلام، «فەرهەنگی دوانەی ئۆکسفۆرد»، ئینگلیزی- کوردی، کوردی- ئینگلیزی، هەولێر، چاپ چوارەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، ٢٠٠٨ی زایینی،
. ناهید، محەمەد، «فەرهەنگی ناهید»، کوردی- کوردی- فارسی، هەولێر، ٢٠١١ی زایینی،
. نەریمان، مستەفا، دیوانی مینەجاف، چاپ بەغدا، ١٩٩٠ی زایینی،////////////٣٣

.

**سەرچاوەکان٢**: بەشی دیوانی شێعر و پەخشان و ...

. ئوسکارمان، «توحفەی موزەفەریە»، وەرگێرانی: هێمن، مەهاباد، چاپخانەی سەیدیان، چاپ ئەوەڵ، ١٣٦٤ی هەتاوی،
. ئەحمەد، نەجیبە(ژووان)، «ڕاسان»، کورتە چیرۆک، بانە، ئینتشارات ناجی، چاپ یەکەم، ١٣٧٢ی هەتاوی،
. ئەحمەد، وریا، «ئامێراکانی مۆسیقای کوردی»، لە بڵاوکراوەکانی ئەمینداری گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، چاپ یەکەم، ١٩٨٩ی زایینی،
. ئەحمەدزادە، عیسا، «مێژووی نەگڵ»، سنە، ئینتشارات کوردستان، چاپ ١٣٨٢ی هەتاوی،
. ئەحمەدی کۆر، دیوانی شێخ ئەحمەدی کۆر، لێکدانەوەی: مەلا مستەفا ڕەشیدی(زاواکێو)، چاپ ١٣٩٣ی هەتاوی،
. ئەحمەدی کۆر، دیوان و شەرحی حاڵی شێخ ئەحمەدی کۆر، عەزیز موحەمەدپور، چاپ ١٣٧٨ی هەتاوی،
. ئەفخەمی، ئیبراهیم، «تاریخ فرهنگ و ادب مکریان بوکان»، سەقز، ئنتشارات محەمەدی،

. ئەمیری، فەتاح، میرزا، ورمێ، ئینتشارات سەلاحەدینی ئەیوبی، چاپ یەکەم ١٣٧٢ی هەتاوی،
. ئەمیری، فەتاح، هاوارەبەرە، ورمێ، ئینتشارات سەلاحەددینی ئەیوبی، چاپ یەکەم، ١٣٦٩ی هەتاوی،
. ئەنساری، جەهانگیر، «نگینی هەورامان»، دیوانی جەهانگیری ئەنساری»،×
. ئێلخانیزادە، سوارە، «خەوەبەردینە»، پەخشانگەی ئازادی، چاپ دوهەم، کوردستان ٢٧١٢ی کوردی،
. ئێلخانیزادە، مستەفا، «جوانی و ئەوین»، ورمێ، ئینتشارات فەرهەنگی ڕیمائورم، چاپ ١٣٨٠ی هەتاوی،
. ئیمامی زەنبیلی، سەید کامیل، «شاری دڵ، دیوانی ئاوات»، تاران، ئانا، چاپ یەکەم ١٣٩٢ی هەتاوی،
. بدلیسی، شەرەفخان، «شەرەفنامە»، وەرگێرانی: هەژار، هەولێر، ئاراس، ٢٠٠٦ی زایینی،
. بەحری، ئەحمەد، «گەنجی سەر بە مۆر»، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، ٢٠٠٠ی زایینی،
. بێسارانی، مەلا مستەفا، «دیوانی بێسارانی»، لێکدانەوەی: حەکیم مەلا ساڵح، سنە، گۆران، چاپ یەکەم، ١٣٧٥ی هەتاوی،
. بێکەس، شێرکۆ، «دەربەندی پەپوولە»، سلێمانی، چاپخانەی ئاسا، چاپی سێیەم، ٢٠٠٠ی زایینی،
. بێکەس، شێرکۆ، «کتێبی ملوانکە»، سلێمانی، ڕەنج، چاپ ٢٠٠٧ی زایینی،
. بێکەس، فایەق، «دیوانی فایەق بێکەس»، ڕێکخستنی حەمەی مەلاکەریم، سەقز، ئینتشارات محەمەدی،
. بێهڕەنگی سەمەد، «خەرمانە چیرۆک»، تەرجومەی سەلاح نیساری، هەولێر، دەزگای موکریانی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، ٢٠١٠ی زایینی،
. پایانیانی، سەلاح، «کانی مرادان»، ورمێ، ئینتشارات سەلاحەددینی ئەیوبی، چاپ یەکەم، ١٣٨١ی هەتاوی،
. پەشێو، عەبدوڵڵا، «دیوانی دوکتور عەبدوڵڵا پەشێو»، سوئێد، چاپ یەکەم، ٢٠٠٢ی زایینی،
. پەشێو، عەبدوڵڵا، «شەونامەی شاعیرێکی تینو»، مەهاباد، چاپخانەی سەیدیان، چاپ یەکەم، ١٩٧٣ی زایینی،
. پەشێو، عەبدوڵڵا، «فرمێسک و زام»، بتی شکاو، سەدان ساڵە»، ١٩٦٧ی زایینی،
. پیرەمێرد، حاجی تۆفیق، «پیرەمێرد» و پێداچوونەوەیەکی نوێی ژیان و بەرهەمەکانی»، هەولێر، چاپ یەکەم، ٢٠٠١ی زایینی،
. تاڵەبانی، شێخ ڕەزا، «دیوانی شێخ ڕەزا»، کۆکردنەوە شێخ محەمەد خاڵ و ئومێد ئاشنا، هەولێر، ئاراس، ٢٠٠٣ی زایینی،
. تۆسنی، ڕەشید، «مەستوورە»، «سەری هێژرایی تاج بوو»، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپ یەکەم ٢٠٠٥ی زایینی،
. جزیری، «دیوان مەلای جزیری»، شەرح و تەرجەمە شەفیع سادەقی، ورمێ، ئینتشارات حسێنی ئەسڵ، چاپ یەکەم، ١٣٨٨ی هەتاوی،
. جەوان، ڕەحمان(وەرگێران)، «پەپووک»، چاپی ئامەد، ××
. جەعفەر، حەجی، «پەژن و گۆتنێت کوردی»، سپیریز، ٢٠٠٦ی زایینی،
. جەوهەری، مەلا حەسەن، «دیوانی

جەوهەری»، کۆکردنەوەی: عومەر خوسـرەوی، چاپ ١٣٧٦ی هەتاوی،
. جیمس ریچ، کلودیـوس، «گەشتی ریـچ بـۆ کوردسـتان»، ١٨٢٠ ز.، وەرگێـران: مـحەمەد حەمەبـاقی، چـاپ یەکەم تەوریـز، ١٣٧١ هەتاوی،
. جیهـانی، پەرویـز، «رێنڤیسـا کـوردی ب دو شـێوەیان»، ورمـێ، ئینتشـارات سـەلاحەدین ئەیوبی، چاپا یەکێ، ١٣٧٠ی هەتاوی،
. چاک، ئامین، «کۆمەڵە شیعر»، ×
. چنگیانی، میرزا سەدیق ئەحمەد، «گـژ و گیـا و ئاژەڵ»، سلێمانی، چاپخانەی ئاشتی، چاپ ١٩٩٠ی زایینی،
. حەمە جەزا، «هۆنراوەکـانی هونەرمەنـد و پێشمەرگە»، ئامادەکاری: عەبدولواحید ئیدریس شـەریف، چـاپی یەکەم، ٢٠١٠، چاپخـانەی سەردەم،
. حیجـازی فـاتمە، موفیـد مەزهەر، یجـازی، لوقمان نادرپور، حەیـدەر لوتفی‌نیـا / «گـوڵ و نێرگز»، دەسێ گوڵ و دەسێ نێرگـز، چیرۆکـی فۆلکلۆری ناوچەی سەقز/ ،
. حیسامی، خالید(هێدی)، «کـاروانی خەیـاڵ»، هەولێـر، چاپخـانەی زانکـۆی سـەلاحەددین، چاپ دوهەم، ١٩٩٧ی زایینی،
. حیکمەتـی کەریـم/ «گزنـگ»، شـێعر، سـاڵی چاپ ١٣٩٥ هەتاوی،
. خالیـدی، شـۆڕش، «نەخشـەی موکریـان»، گوندەکانی ناوچەی موکریان،
. خانی، ئەحمەد، «مەم و زین»، ئامادەکـاری و پەراوێز هەژار، چاپ پاریس، ١٩٨٩ی زایینی،
. خەزنەدار، مارف، «مێژووی ئەدەبی کـوردی»، بەغدا، ١٩٨٤ی زایینی،
. خوسرەو جـاف، کـۆردەرە، بەغـدا، ١٩٨٩ی زایینی،
. دزڵی مەردۆخی، مەلا حەسەن، «دیـوانی مەلا حەسـەنی دزڵـی»، لێکـۆڵینەوەی: ئەحـمەد نەزیری، سنە، ١٣٧٩ی هەتاوی،
. دەباغی، مەلا غەفـوور، «دیـوانی مەلا غەفـور دەبباغی»، حافزی مەهابادی، سـەقز ئینتشـارات محەمەدی، چاپ ١٣٧٩ی هەتاوی،
. دیـلان، مـحەمەد سـالح، «بـارانی سـلێمانی» بەرهەمە بلاونەکراوەکانی محەمەد ساڵح دیلان، ئامادەکـاری: ئومێـد ئاشـنا، هەولێـر، دەزگـای ئاراس،٢٠٠١ی زایینی،
. ڕاوچی، مەلا کەریـم ساردەکۆسـانی، «بـزەی شۆڕش»، دیوانی ڕاوچـی، کـۆکردنەوەی کـاوە عەزیزنژاد، سلێمانی، چاپ ئاراس،
. ڕاوچی، مەلا کەریم ساردەکۆسـانی، «بـووکی گۆرستانی کۆن»،
. ڕاوچـــی، مەلا کەریـــم ساردەکۆســـانی، «شـــەوارە»، کـۆکردنەوەی کـاوە عەزیزنـژاد، بلاوکەرەوەی کۆڵەپشتی، ١٣٩٣ی هەتاوی،
. ڕەئـــوف، یـــونس، «دڵـــدار، شـــاعیری شۆڕش‌گێری کورد»، نووسـینی: عەبـدولخالق عەلائەدین، بەغدا، ١٩٨٥ی زایینی،
. ڕەزازی ناسـر، «گۆرانی‌یەکـانی ناسـری ڕەزازی»، چاپخـانەی ئەلـحەوادس، بەغـدا، ١٩٨٣ی زایینی.
زارعزادە، مـــحەمەد، «حەمە دەنـــگ‌خۆش»، «یادنـامەی سـەقز»، چـاپ گوتـار، ١٣٩٣ی هەتاوی،
. زارعی، ئیسماعیل، «پەند، فەرهەنگی پەنـدی کـوردی»، هەولێـر، چـاپی یەکەم، ٢٠١٠ی زایینی،
. زیرەک، حەسـەن، ،سـەرجەم گۆرانی‌یەکـانی حەسەن زیرەک، «ناڵەشکێنە»، ئامادەکاری: قادر

نەسیری‌نیا، دەزگای ڕۆشن‌بیری گۆران، چاپ دوهەم، ٢٧٠٧ی کوردی،

. ساحیبقران، ئەحمەدبەگ، «دیوانی حەمدی»، ساغ‌کردنەوەی جەمال محەمەد محەمەد ئەمین،

. ساحیبقران، عەبدوڕەحمان، «دیوانی سالم»، سەقز، ئینتشارات محەمەدی،

. سالح، خالید، «کورد ل خوراسانێ»، دهۆک، سپیریز، چاپا ئێکێ، ٢٠٠٦ی زایینی،

. سەپنجی، هادی، «هاوار» بەشەی جە شێعرکانو «محەمەد یوسف ڕەسوڵ ئابادی»، چاپ سنەندەج ئاراس ١٣٨٨،

. سەجادی، عەلائەدین، «ڕشتەی مرواری»، دوو بەرگ، چاپ ١٩٧٢ی زایینی،

. سەفاری، باقی، «ئەفسانەی هەورامان»، ×

. سەمەدی، محەمەد، «تاریخ مهاباد»، مەهاباد، ئینتشارات ڕەهرەو، ١٣٧٣ی هەتاوی،

. سەنەندەجی، مەهدی(هەوار)، «وشەوان»، سنە، دانشگا کوردستان، ١٣٩٢ی هەتاوی،

. شافیعی، مەلا جەلالەدین، «جوغرافیای تاریخی کوردستان»، تاران، ئینتشارات قەڵەم، چاپی یەکەم، ١٣٧٨ی هەتاوی،

. شاکەلی، سەلاح، ....، ڕاگواستن و ئاوەدانکردنەوە، چاپ هەولێر، دەزگای موکریانی، ٢٠٠٨،

. شامی کرماشانی، «چەپکەگوڵ»، ئامادەکردنی: ماجد مەردۆخ ڕۆحانی، پەخشانگای ئانا، سنە، ١٣٩٠ی هەتاوی،

. شەرەفکەندی، عەبدوڕەحمان(هەژار)، «ئاڵەکۆک»، ××

. شەرەفکەندی، عەبدوڕەحمان(هەژار)، «بۆ کوردستان»، هەولێر، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپ چوارەم، ٢٠٠١ی زایینی،

. شەرەفکەندی، عەبدوڕەحمان، «چوارینەکانی خەیام»، وەرگێڕدراوی هەژار، تاران، ئینتشارات سرووش، چاپ ١٣٦٩ی هەتاوی،

. شەرەفکەندی، عەبدوڕەحمان(هەژار)، «چێشتی مجێور»، چاپ یەکەم، پاریس ١٩٩٧ی زایینی،

. شەریعەتی، عەلی، «دایە، باوە، کێ خراوە؟»، وەرگێڕانی هەژار، تاران، ئینتشارات سرووش، ١٣٥٩ی هەتاوی،

«شەریف» مامۆستا شەریف،/ ملوانکەی شین، چاپ ٢٠١٠ هەولێر،

. شێخەڵلا دەشتەکی، عومەر، «پەندی کوردی: چیرۆکەکەی»، هەولێر، چاپ یەکەم ٢٠٠٦ی زایینی،

. شێربەگی، حسێن، «دۆنادۆن»، کۆچیرۆک، بۆکان چاپ ١٣٨١ی هەتاوی،

. شێربەگی، حسێن(تەرجومە)، «دایە، باوە، کتێبم بۆ بخوێنەوە»، سنە، چاپ ١٣٨٥ی هەتاوی،

. عەبدوڵلابەگی، عومەر، «بەرزاییەکان سەرکەوتن، جوغرافیای سەقز»، هەولێر، ئاکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، ٢٠١٣ی زایینی.

. عەزیزی مەلاڕەش، «خاک و چەوسانەوە»، ڕۆمان، بەرگی یەک، هەولێر، ١٩٩٨ی زایینی.

. عەزیزی مەلاڕەش، «گورگ و بزن»، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریتی گشتیی ڕۆشن‌بیری و لاوان،

. عەسکەری، خالید، «ئاسکە»، کۆمەڵە چیرۆک، چاپ یەکەم، ئاژوان، ١٣٩٢ی هەتاوی،

. عەلائەدین سەجادی، «ڕشتەی مرواری»، بەرگی ١،٢

. عینایەتی، خالید، «بزەیەک لە تاریکی دا»،

تاران، ئینتشارات عابید، چاپ یەکەم، ١٣٩١ی هەتاوی،

. فاروقی، عومەر، «نەزەری بە تاریخ و فرهەنگ سەقز کردستان»، چاپ ئەوەڵ، ١٣٧٤ی هەتاوی،

. فەقێ تەیران، «دیوانا فەقێ تەیران»، هەولێر، توێژینەوەی: سەعید دێرەشی، چاپخانەی وەزارەت پەروەردە، چاپی یەک،

. فەللاحپۆر(زیلان)، حوسێین، «گولشوون»، گولستانا سەعدی ب زمانێ کوردی، ئینتشاراتا حوسێینی ئەسل، چاپ ١٣٨٧،

. فەللاح، کاکە، «دیوانی کاکەی فەللاح»، ئامادەکاری بنەماڵەی شاعیر، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، ٢٠٠٤ی زایینی،

. فەهیمی، عەبدورەحمان(دەرویش)، «تەقیلە»، شێعر، ١٣٧٨ی هەتاوی،

قزڵجی حەسەن، «پێکەنینی گەدا»، ئامادەکاری: محەممەد ئەمین شاسەنەم، بڵاوکراوەی کوولەپشتی، ١٣٩٣ی هەتاوی،

. قوبادی، خانا، «شیرین و خوسرەو»، لێکدانەوەی: محەممەد مەلاکەریم، ورمێ، ناوەندی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی، چاپ ١٣٦٣ی هەتاوی،

. قولیکی میلان، مووسا «سەنار»، «مزگنی»، ئینتشاراتی حوسەینی ئەسل، ورمێ، چاپ ١٣٨٨ی هەتاوی،

. کابلی، محەممەد، «دیوانی قانع»، کۆکردنەوەی: بورهان قانع، سلێمانی، چاپ چوارەم، ٢٠٠١ی زایینی،

. کۆیی، حاجیقادر، «دیوانی حاجی قادر کۆیی»، لێکۆڵینەوەی: سەردار حەمید میران و کەریم مستەفاشارەزا، چاپ ١٩٨٦ی زایینی،

. گۆران، عەبدوڵلا، «دیوانی گۆران»، سلێمانی، چاپ دوهەم، ٢٠٠١ی زایینی،

. گەردیگلانی، ئەمین، «شنەی پشکووتن»، تاران، بڵاوکەرەوەی کوڵەپشتی، چاپ یەکەم ٢٧١٢ی کوردی،

. لوتفینیا حەیدەر، نادرپوور لوقمان، «ئاوێنەی بێگەرد»، چەن بەیتی فۆلکلۆری ناوچەی سەقز، چاپی ١٣٩٤ی هەتاوی،

. لەیلان ئیسماعیل، «پێریڤان و هیڤی»، چیرۆکێت زارۆکان، چاپخانەی خانی، دهۆک ٢٠١٢ی زایینی،

. مازی، چیا، «فەرهەنگا گوتنێن پێشینان»، دهۆک، چاپا ئێکی، ٢٠٠٦ی زایینی،

. ماملێ، محەممەد، سەرجەم گۆرانییەکانی محەممەد ماملێ، «یادی بەخێر»، مەهاباد، ئینتشارات رەهرەو، چاپ دوهەم، ١٣٩٠ی هەتاوی،

. مشەختی، مەلا خەلیل، «بهارا دلا»، دهۆک، سپیرێز، چاپا ئێکی، ٢٠٠٦ی زایینی،

. مفتی، مەلامەحموود، «دیوانی بێخود»، کۆکردنەوەی محەممەدی مەلاکەریم، سەقز، ئینتشارات محەممەدی، چاپ نیکنام،

. مودەریسی، محەممەدعارف، «پەندی پێشینیان»، کەلەپووری کوردی، کتێبفرۆشی شێخی، چاپ یەکەم، ١٣٦٤ی هەتاوی،

. موکری، کامەران، «دیوانی کامەران موکری»، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری کاروان، چاپ ١٩٨٨ی زایینی،

. مەحوی، محەممەد، «دیوانی مەحوی»، لێکدانەوەی: مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس، محەممەد مەلا کەریم، سنە، ئنتشارات کوردستان، چاپ ١٣٨١ی هەتاوی،

. مەردان، عەلی، «گۆرانییەکانم»، بەغدا، وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن، ١٩٨٤ی

زایینی،
. مەسعوود محەمەد، «بەرکوتێکی خەرمانی کورد ناسی لە ئوروپا»، بەغدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری، ١٩٧٤ی زایینی، ××
. مەولوودی، عومەر، «دیاری شوان»، ڕۆمان، چاپ بەهاری ١٣٧٧، بۆکان،
. مەلەکشا، جەلال، «زرەی زنجیری وشە دیلەکان»، سنە، بڵاوگە: پەرتووبەیان، چاپ یەکەم، ١٣٨٣ی هەتاوی،
. مەولەوی، «دیوانی مەولەوی»، لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس، سنە، ئینتشارات کوردستان، چاپ ١٣٧٨ی هەتاوی،
. میرزای هەورامی، محەمەدئەمین، «سەوزەی کۆسالان»، تاران، چاپ ١٣٦٢ی هەتاوی،
دیوان مەلای جزیری/
. میسباح دیوان، عەبدوڵلا، «دیوان ئەدەب»، لێکۆڵینەوەی محەمەد حەمەباقی، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپ یەکەم، ٢٠٠٥ی زایینی،
. ناری، مەلا کاکە حەمەی بێلوو، «دیوانی ناری»، کۆکردنەوەی: کاکەی فەلاح، سنە، چاپ ١٣٨٢ی هەتاوی،
. نالی، مەلا خدر، «دیوانی نالی»، شەرح: مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، سنە، ١٣٧٩ی هەتاوی،
. نزامی، سەید جەلال، «هەزر و هیقی»، هەلبەست، ناشر: ئینتشاراتی حوسەینی ئەسڵ، ورمێ، ١٣٨٣ هەتاوی،
. نوورەدین ئەبوبەکر، سەدرەدین، «بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی»، هەولێر، وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپ ٢٠٠٥ی زایینی،
. نیساری، سەلاح، «تروووسکەیەک لە تاریکیدا»، چیرۆک، ئینتشارات عابد، چاپ یەکەم، ١٣٨١ی هەتاوی،
. نیساری، سەلاح، «سەفەرنامەی عەشیرەتی بەختیاری»، نووسراوەی: ئەسغەر کەریمی، تەرجمەی نیساری، چاپ هەولێر ٢٠١٣ز.
. هەردی، ئەحمەد، «ڕازی تەنیایی»، سەقز، ئینتشارات محەمەدی، چاپ سێهەم، ١٩٩١ی زایینی،
. هێمن، «پاشەرۆک»، مەهاباد، چاپەمەنی سەیدیان، چاپخانەی پیرۆز، ١٣٦٢ی هەتاوی،
. دیوان فەقێ تەیران/
. هێمن، «تاریک و ڕوون»، بنکەی ئەدەبی پێشەوا، ١٩٩٩ی زایینی،
. یاشارکەماڵ، «حەمەدۆک»، وەرگێرانی: عەبدوڵلا حەسەنزادە، بەرگی دوو، چاپ پ٩٩١ی زایینی،
. یەتیمی، مریەم، «سووری چاوکاڵ»، سەقز، گوتار، ١٣٨٨ی هەتاوی،
. یەتیمی، مریەم، «هەتاو»، سەقز، ئینتشارات گوتار، ١٣٨٨ی هەتاوی، ////////////////١١٩
.×× گۆرانی‌یەکانی تاهیر تۆفیق/ ×/

**بەشی بەیت****٣**:

بەیتێلی: (ئاسێ و حەسەنیکۆ، برایمۆک/ زەمبیلفرۆش، سەیدەوان، قۆچ عوسمان/ لاس و خەزاڵ/ ناسروماڵماڵ/ شێخ فەرخ و خاتوون ئەستێ/ مەحمەڵ و برایمی دەشتیان/ جوڵندی/ خەزێم/ کاکە میر و کاکە شێخ/ لەشکری/ قەر و گوڵەزەر/ زەمبیلفرۆش/ باپیراغای مەنگوور/ عەبدو ڕەحمان پاشای بەبە/ دمدم/ ...)، )
×بەیتێن کوردی/ کۆکەرەوەی: محمد عەبدلا/ هەولێر، دەزگای سپیرێز، چاپ یەکەم، سالا ٢٠٠٢ی زایینی/«بەیت»/
×«حەیرانۆک»/ عەبدولعەزیز خەیات/ هەولێر،

چاپخانەی وەزارەتا پەروەردەی/ ٢٠٠٢

**بەشی گۆڤار و بلاڤۆک٤**:

پەپوولە، ژمارەکانی: ١٨٧، ١٧٩،

جگەرگۆشەکان، ژمارەکانی: ٢٠٥،٢١٧، ١٩٩، ١٩٦، ١٣٨،١٤٢، ١٣٩، ١٣٦

حاجیلە ژمارەکانی: ٢٩،

خەندە ژمارەکانی: ٨٩،

سمۆرە ژمارەکانی: ٢٤٤،

گوڵەکان ژمارەکانی: ٧١،

هەنگ ژمارەکانی: ١٣٤،

هەنگوین ژمارەکانی: ٢٢٢٠ ساڵی ٢٠١١،

هێلانەی منداڵان، ژمارەکانی ١٤٤،١٦٤،١٤٠،

**نەخشەی جوغرافیا٥**:

. نەخشەی هەریمی کوردستان،

. نەخشەی تەواو ئوستان و شارەکانی چوار پارچەی کوردستان، هۆشیار محەمەد ئەمین رەشید/ کەرکووک ساڵی ٢٠١١ی زایینی.

. نەخشەی ئۆستانی ئازەربایجانی خۆراوا، ئینتشارات ئەنزەلی، ورمێ،

. نەخشەی ئوستانی کوردستان، موئسسەی جوغرافیایی و گیتاشناسی.

.............................................................

٣٢ فەرهەنگ/ ١٢٠ سەرچاوەی غەیرە فەرهەنگ وەک پەخشان، دیوان .../

**شێخانی**-کوردی ٥٨٧سفحه- الف/ ب/ تەواو-

آبیدەر- الف تواو بوو-

ایلات و عشایر کردستان- سجادی-

× سەید- سەید یاقووبی ماهیدەشتی-

×ف. وشە دوانەکان/ قاموسی زاراوەیی/ تاها فەیزیزاد/ نیوەی تەمام

× فەرهەنگی موکریان/ ئا /تەواو،

**دەروێشیان/ کرماشانی**/

**کەریمپور/ کرماشانی**/

خاڵ-

مەردوخ- الف تواو -

ماجد روحانی-

هژیر-

کرمانشایی(١. عەلی ئەکبەر دەروێشیان،٢. فرهەنگ باشوور عەباس جەلیلیان/ ٣. خۆرهەڵات کەریمپوور)

١.وەرقوڵ- فەرهەنگ هەورامی- سۆرانی.

**٢.وشەنامە**: هەورامی، سۆرانی.

خانای قوبادی- فەرهەنگۆک-

- ناوداران ***************
- ئاسۆ: (مامۆستا سەعید نەجارِی/ گەزیزە)
- ئاسێ و حەسەنیکۆ،
- ئاگری/ د. عەلی گەلاویژ، خەڵکی بۆکان،
- ئاڵەکۆک(هەژار ١)،
- ئامینە(حەسەن و ئامینەی دڵداری هەم)
- ئامینەگول(بەیت/ مستەفا سریلە)
- ئاوات (شاری دڵ/ دیوانی ئاوات)،
- ئامینە/ (حەسەن و ئامینە)
ئاوێنەی بێگەرد/ بەیتی فۆلکلۆری دەڤەری سەقز/ حەیدەر لوتفی‌نیا/ لوقمان نادرپوور/
- ئەحمەدبەگی کۆماسی،
ئەحمەد بەهرامی(باخچەی منداڵان/ چاپی زستانی ٩٢ بڵاوکەرەوەی ئاراس- سنە)
- ئەحمەد(ئەحمەدموختار جاف)،
- ئەدەب،
- ئەدیب،
- ئەفخەمی (ئیبرایم ئەفخەمی)،
ئەفسانەی هەورامان/ باقی سەفاری- پاوە/
- ئەمیری فەتاح/ هاوارەبەرە/ ئینتشاراتی سەلاحەددینی ئەیوبی/ چاپی یەکەم، ١٣٦٩ی هەتاوی، تەواو)،
- ئەنساری: (نگینی هەورامان/ جەهانگیری ئەنساری)،
- ئەورەحمان بەگی بابان،
- ئەویندار(حوسێن شەریفی سەقز)،

ئەهوەن(نەرمۆڵە/ محەمەد ئینساف‌جویی/ چاپی دەزگای ڕۆشنبیری گۆران- سنە ٢٧٠٤ کوردی)
- بابەراخ؟،
- باتەیی: (مەلایێ باتەیی/ مەڤلوودا پێغەمبەر)،
- بارام و گوڵەندام/ بەیت، قادر فەتاحی قازی،
- بارزانی: (شۆرِشی ئەیلوول/ مەسعوود بارزانی)،
باشوور/ (فرهنگ باشوور کردی کردی فارسی/ عباس جلیلیان، ئاکو)
- برایم ئەحمەد/ کوێرەوەری،
- برایم ئەحمەد/ ژانی گەل ×
برایمۆک- بەیتی برایمۆک-حەمەدی بەیتان
- بریفکانی،
- بۆکوردستان (هەژار ٢)،
- بەها(حاجی خەلیفە مەلا محەمەد)،
بەهارە/ ناوی بەیتێکە/
- بهنسا کوردی؟،
- بهنسایێ؟،
بەیت: کۆمەڵێ بەیت بە زاراوەی بادینی ××
بیتووشی: (کاک هێرش بیتووشی- سەردەشت)
- بێخود،
- بێسارانی،
- پاشەرۆک(هێمن ١)،
- پەپووک (و. ڕەحمان جەوان لە لاتینەوە)،
- پەروێزی جیهانی،
پەروین ئیعتسامی؛
- پەشێو: (عەبدوڵڵا پەشێو/ دیوان/ فرمێسک و زام/ شەونامە)
- پەند: (١. کورد ل خوراسان و پەندا کرمانجی/ خالد سالح/ ٢. کەلەپووری کوردی، محەمەد عارف مودەڕیسی، ٣. پەند، ئیسماعیل

زارعی / هەولێر)
- پیرشالیار،
- پیرەمێرد،
- پێکەنینی گەدا (حەسەن قزڵجی/ چیرۆک)
- تاپۆ(فیقی تاپۆ)،
تالعی: نازناوی شێعری حەمە ئاغای دەربەند فەقەرە.
- تاهیر(مەلا عەبدورەحمانی تاهیری)،
تاهیربەگ: (تاهیر بەگی جاف)،
- توحفە(تـوحفەی مـوزەفەریە/ تەرجـومەی مامۆستا هـێمن / مەم و زیـن/ لاس و خەزاڵ/ ناسروماڵماڵ/ برایمۆک/ شێخ فەرخ و خاتوون ئەسـتێ/ مەحـمەڵ و برایمـی دەشـتیان/ قـۆچ عوسمان/ جوڵندی/ خەزێم/ کاکە میـر و کـاکە شــــێخ/ لەشـــــکری/ قەر و گـــــوڵەزەر/ زەمبیـلفرۆش/ باپیراغـای مەنگـوور/ عەبـدو ڕەحمان پاشای بەبە/ دمدم/ ...)،
- تورجانیزادە،
**تۆرکەمیر** / ؟//؟//جلیلیان؟
جزیری،
جگەرخوێن،
جنگیانی،
جوغرافیـای تـاریخی کوردسـتان، مەلا جەلال شافیعی، تەواو بوو
جەمیل: (سەید جەمیل هاشمی)
جەنابی مەلا؟×
جەنگنامەی خالی،
جەوهەری (دیوانی مەلا حەسەن جەوهەری)،
چاک(ئامینە خانمی چاک)،
چروستانی،
«چەپکێ گوڵ»/ چەپکێ گـوڵ چەپکـێ نێگـز، هێمن/ مەهاباد، چاپی دوهەم، ١٩٩٩چـاپەمەنی و ئینشاراتی ڕەهرەو،

چەمەنئارا: (د. بێرووز چەمەنئـارا/ هەورامـی/ ڕۆسەم و بەور بەیان)
چیا مازی/
چێشتی مجێور(هەژار ٣)،
حارسێ بدلیسی (یووسف و زویەیخا)،
«حافز» (مەلا غەفووری دەباغی)،
حەریق(مەلا ساڵحی حەریق)،
حەسەن/ (حەسەن و ئامینە)
حەسەن زیرەک، / ناو گۆرانی تەواو/
–حەسەن قزڵجی/ سەرتا مەم و زینی خانی/
–حەمدوون(مەلا حەمدوون سلێمانی)
–«حەمدی» (ئەحمەد بەگی ساحەبقران)،
حەمدی/ (مەلا حەمدوون/ )××
حەمەتاڵ/ بەیت، سەید حوسێن ڕەسووڵی/
حەمەدۆک/ نوسـینی یاشـار کەمـاڵ/ تـرجمە: عەبدوڵا حەسەنزادە/
حەیدەری(عەلی بەگـی حەیـدەری ناسـراو بە سالار سەعید)،
حەیرانـۆک: کـۆمەڵێ حەیرانــی بە زاراوەی بادینی/ فایل عەزیزی×××××××
حیکمەتی/ گزنگ، شـێعر، کەریـم حیکمەتـی، ساڵی چاپ ١٣٩٥ هەتاوی،
خادیم،
خالد سالح،
خاڵەمین(حـاجی سـەید مـحەمەد ئەمینــی بەرزەنجی)،
خانای قوبادی، (+ فەرهەنگۆک+ شێعر)
خانمەنسوور: (دیوانی شاکە و خان مەنسوور)
خانی/ تەواو/،
خەلیفە سەلیم،
خەوەبەردینە(سوارە ئیلخانیزادە)
داخی،
دایە باوە ×××

دڵدار(یونس ڕەئووف)،
دڵزار ××××
دمدم،
دەروێشـــیان(عەلی ئەشـــرەف دەروێشـــیان/ فەرهەنگ کردی کرمانشاهی)،
«دەســـتەبوخچە»/ زاراوەی ژنـــانی موکریـــان، جەعفەر حوسـێنپوور، هێـدی، ١٩٩٩، کتێبـی هەرزان، سوید،
«دەسێ گوڵ و دەسێ نێرگز»/ موفیدە مەزهەر/ فاتمە حیجـازی/ لوقمـان نـادرپوور/ حەیـدەر لوتفی‌نیا/ فۆلکلۆری ناوچەی سەقز/ دیـــــلان/ بــــارانی ســــلێمانی/ بەرهەمە بڵاونەکراوەکـــانی مـــحەمەد ســـاڵح دیـــلان/ ئامادەکـاری: ئومێـد ئاشـنا/ هەولێـر، دەزگـای ئاراس/٢٠٠١ی زایینی/
دیوانی ئەحمەد،
ڕاوچی(دیوانی ڕاوچی،١)،
ڕشتەی مرواری/ عەلائەدین سەجادی/ بەرگـی ١ تەواو بوو/
ڕەزازی(ناسر ڕەزازی)،
ڕەسووی نادری/ ڕەشووڵی نادری،
ڕەش‌ئەحمەدی؟؟،
ڕەشیدی لاوە،
– ڕیچ: (گەشتی ریچ بۆ کوردستان/ ١٨٢٠)،
– ڕێـزان (هەنگـاو– کـۆمەڵە شـێعر/ مـحەمەد حسێن‌پوور/ بۆکان)
زاری: (مەلا عەبدولکەریمی زاری)
زمانی کوردی(دوکتور فوئاد محەمەد خورشید زێوەر/
زیـلان: دەسـتوور زبـان کـوردی/ ڕێزمـان ژ هەقدە تا هەقۆک/ حسێن فەلاحپـوور، زیـلان/ ساڵ ١٣٨٩/
سافی، ×××××××
ساکار. عەبدوڵلا حەسەن زادە/
سالم،
سندی: (زیمارێن چیای/ د. بەدرخـان سـندی/ تەواو/ ٩٤/١٢/١٥// یۆسف و زلێخا و لەیلی و مەجنون ماوە!)،
سوارە/ بەیتێکە/ حەمەی ئاغای/
سوارۆی ئایشەگوڵ/ بەیت،
سوارە ئێلخانیزادە،
سۆز(مریەم یەتیمی/ هەتاو/ سووری چاوکاڵ)،
سەعد ئەیوبی،
سەعید و میرسێوەدین/ بەیت، فەتـاحی قـازی، + ئەحمەدی لوتفی.
«سـەنار»/ ١. مزگینـی/ مووسا قـولکی(قلیکی) میلان/ شێعر بادینی/ لاتین/٢. پێـنج کاریبـار×/ ٣. هـــین بوونـــا زمـــانێ کـــوردی ب دوو ڕێنڤیسان×
سەید حەمەسەعیدی نوورانی،
سەید یاقوبی ماهی‌دەشتی«سەید»،
سەیدی: (١١٩٩– ١٢٦٥)××
سەیف(سەیفی قازی)،
شاگاهیراتا ×××××××××××××
ش. ئە. ســـریلاوایی (شـــێخ ئەحـــمەد سریلاوایی×).
«شنەی پشکووتن»/ ئەمین گەردیگلانی/
شوانە/ دیاری شوان/ ڕەسووڵ چوپانی جانبلاغ
شوکری فەزلی،
شەرەفنامە،
شەریف/ ، ×
شەوارە: (مەلا کەریم ڕاوچی ٢)
شەوقی(مستەفا شەوقی)،
شەهید////////////////
شەیخ‌ئەمیر/ ؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟جلیلیان؟
شەیدا/ (عەبدولخالەق ڕەحمانی)

شێخ ڕەزا،
شێخ عەبدوڕەحمان ئاختەپەیی،
شێخ فەرخ و خاتون ئەستێ- بەیت
شێخی سەنعان،
شێربەگی(حسێن شێربەگی)،
«ش. بێکەس» (شێرکۆ بێکەس/ دەربەندی پەپوولە)،
-عارف سائیب(شاعێرێکی کوردی شەڕی گیتی یەکەم نازناوی شێعری «عارف» بووە)
عوسمان عەونی ×
عەباس باباخانی//////////////////
عەتری ××٥٨ ف وشەدوانە×
عەسکەری: (خالید عەسکەری/ ئاسکە/بۆکان)،
عەلی/ (عەلی بەگ سەلار سەعید)
عەلی مەردان،
عینایەتی (خالید عینایەتی/ بۆکان)،
غالب،
غولامی/ (ڕەحیم غولامی/ خەلکی بۆکان)
غەریقی/ (فەقێ محەممەدی وەلەدان)
غەزال مشکۆ،
فانی/ (مەلا حەسەنی ئالبلاغ)
فایز/ (حاجی مەلا ئەحمەد ئەوەل نازناوی شێعری زاری بووە دوای کردوویە بە فایز)
«ف. بێکەس» (فایق بێکەس/ تەواو بوو)،
ف.پ.پ. (فەرهەنگا گوتنێن پێشینیان/ چیا مازی )
فۆلکلۆر: (ئامین پینەچی/ ئایشێ حەلی حەزیزی/ حەمە گەردان/ خەجێ نان نەخۆر/ ڕەسوول شیرمۆخ/ ڕەسووی نادری/ زلەخا پوورەئەحمەد/ سمایلی حاجی/ عەلی کەردار/ عەولا گوڵناز/ فەقێ عەولای کاولانی/ قالە شین/ مام عەلی سەقزی/ محەممەد خەلیل شا وسێن شەشە/ هاجەر کولتەپەیی/ )

فەتحی/ (مەلا عەبدوڕەحمانی سلێمانی)
فەرزانە،
فەقێ تەیران، دیوانی فەقێ تەیران/ شێعر/ کوردی کرمانجی/
فەیلی: (کوردانی فەیلی/ وەرگێڕان: ڕەحمان جەوان)،
فیدایی(مەلا کەریم فیدایی× ماوە کتێبە وەرگرم)،
قەدری‌جان،
ڤاچ،
قانع،
قۆچ عوسمان/ بەیت///////////////////
قەدری جان،
قەر و گوڵەزەر- بەیت- تۆحفە
کاریتە (چ سەرچاوەیەکە؟)×
کاکەمیر و کاکەشێخ- بەیت-
کاکەی فەلاح،
کامران موکری،
کانی،
کانی‌مرادان- سەلاح پایانیانی/ تەواو/
کوردی(مستەفا بەگی کوردی ١٨٥٠- ١٨١٢ز.)،
کۆسالان/ دیوانی میرزای هەورامی/
کۆشکی/ نازناوی شیعری مەلا شاوەیسە/
کۆکەیی(مەلا مارفی کۆکەیی٤٠٢ ×ئەفخەمی)،
کۆماسی: (ئەحمەدبەگ کۆماسی/ خالۆی کۆماسی ١٢٩٦- ١٢١٣)
کویرەوەری(برایم ئەحمەد)
کۆیی (دیوانی مەلا محەممەدی کۆیی)
کەرکوژ×××××××
کەل و شێر/ بەیت×××
گۆران،
«گوڵچنینەوە»
«گوڵشوون»/ گولستانا سەعدی ب زمانێ

کوردی/ حوسێین فەلاح پور/ زیلان/
«گولواز»/ شەوکەت ئاقدەل/ مەسعوود سەرنی، چاپی سالا ٢٠٠٥/ چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ- هەولێر
«گوڵونێرگز»/ دەسێ گوڵ و دەسێ نێرگز، چیرۆکی فۆلکلۆری ناوچەی سەقز/ موفید مەزهەر، فاتمە حیجازی، لوقمان نادرپور، حەیدەر لوتفی‌نیا/
گەردیگلانی(شنەی پشووکوتن)،
گەنجی سەربەمۆر(ئەحمەد بەحری)،
گێلەپیاو؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟
–لاس و خەزاڵ/ توحفەی موزەفەرییە/ هێمن/
ماملێ، ناوی گۆرانی تەواو/
مایل/ (مەلا ڕەشیدی لاوە)
متلوک،
محێدینی عەرەبی ×
مستەفا ئێلخانیزادە،
مشتاخ،
ملوانکەی شین/ مامۆستا شەریف سنە/
موخلیس/ (شێخ مستەفای سلێمانی)
موکریان/ فەرهەنگی زارەکی موکریان سەلاح پایانیانی- مهاباد.
«مەجزووب»، نازناوی شاعیری هەورامی، ئەحمەد پریسی،
مەحوی،
مەدهوش(مەدهوشی شاعیر):
مەدین مەلا××××
مەستوورە: (تۆسنی ڕەشید/ سەرێ هێژایی تاج بوو)،
مەسعود تایر سەرنی،
مەسعوود محەمەد/ کورد ناسی/
م.ح. دزلی: (مەلا حەسەنی دزلی)،
مەلامارف؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟

مەلایۆنس دهۆکی/////////
مەلەکشا(زرەی زنجیری وشە دیلەکان، جەلال مەلەکشا)،
**مەموزین**/ بەیتی مەم و زین توحفە/
مەولا دەردینی،
مەولانا ڕۆمی ×
مەولەوی،
میر ئەمادین.
مێر و وەفا،
– میرزا (فەتاح ئەمیری)،
– مینەجاف،
– مێهر و وەفا/ فەتاحی قازی/
– ناتیق(شاعیرێکی کوردی ئاوارەی شام و سووریە لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا)
– ناجی/ (محەمەد خەڵکی قەرەداغ)
– ناری(مەلا کاکە حەمەی بێلوو)،
– ناکام (کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا/ و. سەعید ناکام)،
– نالبەند،
– ناڵەی جودایی(هێمن ٣)
– نالی،
نووری/ (محەممەدی نووری عەتری گوڵۆڵانی)
نەجمەدین مەلا،
نەجمەدی غولامی/ هونەرمەند/
نەجیبە ئەحمەد/
نەخشەی **موکریان**/ موهەندیس شۆڕش خالیدی/ گوندەکان بۆکان١٩٥/ مهاباد١٩٠/ میاندواو٣٣/ شنۆ٧٣/ پیرانشار١٤٥/ نەغەدە٨٥/ تیکاب٦١/ سەردەشت ٢٣٦/ساین‌قەڵا تەواو بوو٩٣/
نەخشەی کوردستان/ شارەکان و چیا و چۆمەکان/
– نەگڵ/ (مێژووی نەگڵ/ عیسا ئەحمەدزادە)

- نیساری(سەلاح نیساری)
- وەفایی،
- وەلی دێوانە،
- هەردی،
- هەڵۆ: ×لە ڕەگ و ڕیشە× هاتوە××
- هێدی،
- هێمن(تاریک و ڕوون/ هێمن ٤) ٢٠٦

هەورامی:

دیوانی مەولەوی/ دزڵی/ بێسارانی/ کۆساڵا/ مینەجاف/ ف. وەرقوڵ/ ف. وشەوان/ خانای قوبادی/

کرمانجی ژووروو

دیوانی جزیری/ خانی/ فەقێ تەیرا/ سندی/ جگەرخوێن/ ف.پ.پ./ ف. کامران/ ف. کەپر و وێنەدار/ مەستورە/

تۆ بڵێی ئاخۆ:

وردبینی و ناسکخەیاڵی و دڵتەڕی و ئەوینداری شاعیرانی ڕەسەنی کوردی، وەک نالی، مەحوی، هێمن، هەژار، ... تێکەڵ بە فەرهەنگی دەوڵەمەند و زەنگین و پاراوی زمانی کوردی بکەی، ئاخۆ چ ماجووم و هەتوانێکی بۆ زامی قووڵی کوردان لێ چێ ببێ؟!!

هەتا گەنجم بە دوورم لە ئاویلکە
لابەر، حەیفەن بۆ چاوی تۆ چاویلکە
چما ئەمە ئەسرە، یاخۆ تراویلکە
لە سویێت گێژم و ویژ و ساویلکە
پێشکەش:
پێشکەش و دیاری بۆ هاوژینی دلۆڤانم
هەرچییەکم هەس، یارەب! ژ وی دەزانم
لە مالا دنێ ئەم سەروەتە، مایەی ژیانمە
ماندگار، نەمر، شیرینتر ژ ڕۆح و گیانم
من هەلۆی لووتکەی بەرزی سولتانم
دەماخم بەرزە، وەک قالاو چینە نازانم
دەنووسم، بۆ گەل و نەتەوە و کوردستانم
**مەحوی:**
چ بکەم! نە ئەو کەسەم کە کەسم بێ لە لا بە کەس/ خۆشم نەگەیمە ئەو کەسەی من بکا بە کەس
لە سەر زار و زمانان گەرچی سووکە/
لە میزانی حەقیقەت زۆر گرانە/ کۆیی
جزیری/
غالیبا ئەهلێ زەمانە ما مەلا ئادەمیین؟/
ڤە نوماین ژ کەرێ مەیێ ڕەش و گایێ تەیێ بەش/
ڕاستی بابەت:
ئەم ڕاستییە ناشارێتەوە کە مانای ڕاستەقینەی وشە، لە ناو ڕستەدا دەردەکەوێ، ئەمە حەقیقەتێکە کە کەسێ فەرهەنگنووس دەبێ زۆر زۆر سەرنجی پێ بدات، وە خۆی خالێکی بەهێزە لە فرەمانایی فەرهەنگدا.

مەولەوی:
(بەتالەن هەوای دۆس کۆچکەردە/ مەحالەن ئامای عومر ویەردە)
خانای قوبادی/
پەی چێش؟ نە دەوران ئەی دنیای بەدکێش/ مەحفوزەن هەرکەس بە زوبان ویش
(هەرکەس وینەی تۆ گەوهەر بارشەن/ دانا و بزورگان خریدارشەن) «خانای قوبادی».
(وەرنە جە دەوران تۆ جە بێکاری/ عومرێ بە زایە و بە پووش مویاری) «خانای قوبادی».

ئایشێ/حەیات/ئیستیفا/ / ×/ ×/ ماریا/ ئەسرا/

پیتی س سابوون و ت تەناف عەرەبی لە بەرجەستە دا هەس×

بۆچوون:

(لە سەر زار و زمانان گەرچی سووکە/ لە میزانی حەقیقەت زۆر گرانە) «کۆیی»

(هەرکەس وینەی تۆ گەوهەر بارشەن/ دانا و بزورگان خریدارشەن) «خانای قوبادی».

خوینەری ڕێزدار و هێژا:

ئەم فەرهەنگەی کە لە بەر دەستی تۆی بەرێز و گرانقیمەتایە، کۆکراوەی کۆمەڵێ فەرهەنگی کوردی – کوردی و کۆی چەند دیوانی شێعری و کتێبی پەخشان و چیرۆکان و بەیت و بالۆرە و حەیران و گەلۆ و گۆرانی و ئاوازە، کە لەوەپێش نووسریاگن و بێژراون و لێرەدا لێکدراونەتەوە و کۆکراونەتەوە و سەرلەنوێ دارێژراونەتەوە.

ئەم فەرهەنگ و دیوانانەی کە وەک ژێدەر و چاڤکانی بەهرەیان لێ وەرگیراوە، ئەمانەن:

١. کۆمەڵێ فەرهەنگ سۆرانی: هەنبانەبۆرینە، کوردستان، مەردووخ، …

٢. کۆمەڵێ فەرهەنگی کرمانجی(بادینی): مشەختی، کانی، گولۆک هەڵچنین، فەرهەنگا گوتنێن پێشینیان، پەژن و گۆتنێت کوردی، …

٣. کۆمەڵێ فەرهەنگی کرماشانی و لەکی: فەرهەنگی باشوور، خۆرهەلات، ع.ا. دەروێشیان، …

٤. کۆمەڵێ فەرهەنگی هەورامیێ: وەرقول، وشەوان، فەرهەنگۆک خانای قوبادی، …

٥. کۆمەڵێ دیوان و سەرچاوەی سۆرانی: نالی، مەحوی، حاجی قادر، هێمن، هەژار، ئەدەب،

ڕاوچی، گەنجی سەربەمۆر، کانیمرادان، توحفەی موزەفەریە، حەمەدۆک، ڕشتەی مرواری،
سوارۆ، گەلۆ، گولێ، چەپکێ گوڵ، حەیران، زەمبیلفرۆش، سەیدەوان، ...
هەر بۆیەش تکا و ڕجا و لاڵە لە
خوێنەرەکەی دەکەم: لە هەر کوێ حەزی لێیەتی، دوو لاپەڕەی لێ وەکە، لێی بنێڕێ، لێی
وردبێتەوە، لەگەڵ فەرهەنگێلی پێش خۆی بە قەد و بەژن و باڵای یەکیان بگرێ، جیاوازی

ڕاوچی، گەنجی سەربەمۆر، کانیمرادان، توحفەی موزەفەریە، حەمەدۆک، ڕشتەی مرواری، سوارۆ، گەلۆ، گولێ، چەپکێ گوڵ، حەیران، زەمبیلفرۆش، سەیدەوان، ...

٦. کۆمەڵێ سەرچاوەی بادینی: دیوانی مەلای جزیری، مەم و زین، فەقێ تەیران، ...

٧. کۆمەڵێ سەرچاوەی کرماشانی: دیوانی شاکە و خان مەنسوور/ ×

٨. کۆمەڵێ سەرچاوەی هەورامی: مەولەوی، بێسارانی، دزڵی، خانای قوبادی ...

٩. نەخشەی جوغرافیایی ناوی شار و گوند و چۆم و شاخەکانی کوردستان،

١٠. کتێبی ناوی کوڕ و کچانی کوردەواری،

١١. مێژووی مۆسیقای کوردی، ئامێراکانی مۆسیقای کوردی،

١٢. فەرهەنگی باڵندە، فەرهەنگی ئاژەڵان، ...

بە پێیەی سەرچاوەکان، ئەم فەرهەنگە داڕێژراوێکی نوێی فەرهەنگی زمانی کوردییە، واتا بۆ سەری مار و مێروو بگەڕێی، پەکت ناکەوێ و دانامێنی!

ئەوەی کە جێی سەرنجە، ڕادەی سەرواژەی ماناکراو و ڕادەی مانای لێکدراوە و ڕادەی وێنە شێعر و پەند و مەتەڵ و مەتەڵۆکییە. وا بۆ سەلماندنی ماناکە نووسراوە. بە دڵنیایی دەڵێم لەم بارەوە شێوەکاریکی تایبەتییە، تا نهۆ نەکریاگە و ڕەنگە بەو زووانەش نەیەتە ئاراوە. ئەوەی کە تۆ وێنەشێعرێکی: (نالی، مەحوی، مەولەوی، جزیری، فەقێ تەیران و ...) دێنێتەوە بۆ گەیاندنی ماناییک، شک و گومان و دوودڵی لە سەر ئەو مانایە دەڕەوێ و نامێنێ. ئەو کات بۆ خوێنەر گەلێک پرسیاری جوان دێتە ئاراوە، کە ئەو حەمکە بەرهەمە چۆن لێکدرابێتەوە، چۆن بەبێ هەڵە و پشتئەستوور وە کام زانیاری لە جێی خۆی دانرابێ، ئەوە جێی وردبینی و بایەخ پێدان و لێوردبوونەوەیە و ...

هەر بۆیەش تکا و ڕجا و لاڵە لە خوێنەرەکەی دەکەم: لە هەر کوێ حەزی لێیەتی، دوو لاپەڕەی لێ وەکە، لێی بنێڕێ، لێی وردبێتەوە، لەگەڵ فەرهەنگێلی پێش خۆی بە قەد و بەژن و باڵای یەکیان بگرێ، جیاوازی و خاڵە هاوبەشەکانیان بخاتە بەر چاو، ئەوسا دەزانێ کە من بۆ نووسینی ئەم فەرهەنگە چەندەم شەکەتی چەشتووە، چەندەم ئارەق سڕیوە، چەندەم شەو و شەونخوونی دیووە، چەندەم تانەی بنەماڵە و گلەیی خزم و سکاڵای ئەقرەبا و دۆسانم بە گوێ گەیوە!

خاڵێکی دی لەم فەرهەنگە جێی باس و لێدوانە، ئەمەسە کە من فەرهەنگێکی فرە زاراوەیی و فرە ڕەهەندی زمانی کوردیم کۆ کردۆتەوە. فرەزاراوەییـیە چون لە هەموو زاراوە سەرەکیەکانی زمانی کوردی وەک: کرمانجی ژووروو(بادینی)، کرمانجی ناوەڕاست (سۆرانی)، کرمانجی خواروو(کرماشانی و لەکی)، هەورامی کەڵک وەرگیراوە. هەم لە سەرواژەکان و هەمیچ لە مانا و شرۆڤەدا. فرەهەنگێکی فرە ڕەهەندی و گشتییە، چون باسی هەموو شتێکت بۆ دەکا،

له گژ و گیا و ئاژەڵڕا بگرە تا گیاندار و بێگیان، داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و باسی مێژوویی و کەلتووری زۆر کۆن و قەدیمی، بەیت و باڵۆرەی دنیات بۆ خڕ دەکاتەوە. وشەی کۆن و ڕەسەن و سواو و شڕە لێبڕاوی زۆری تێدا کۆ بۆتەوە. هەر خۆی بە وشە نەبەستۆتەوە، تەنانەت کردار و دەستەواژە و شێوە ڕستەی زۆری تێدا کۆبۆتەوە. ناوی زۆربەی شار و شارۆچکە، دێهات و گوند، چۆم و چاڵ، کەند و لەند، تەپ و تەپۆلک و شیو و دۆڵێکی کە دەستم کەوتبێ لەخۆی گرتووە. هەر بۆیا بۆ هەموو کەسێلی بادینیزمان، سۆرانیزان، هەورامیواچ، کرماشانی و لەکی جێی کەڵک لێ وەرگرتنە.

من قەت ناڵێم بادینیزانم، داوای ئەمەش ناکەم لە هۆرامی و کرماشانی نیمچەزانام، بەڵکوو دەڵێم: هێندێ سەرەتەقەی لە شێوەزاری سۆرانی دەکەم، کوێرە سیواتێکم لەو بەشەیدا هەیە، بە پێی ئەرکی سەرشانم ئەو کارەم کردووە تا خزمەتێکی زۆر گچکە و بیچکی زمانەکەی خۆمم کردبێ، تا کەلێنێکم لە کتێبخانەی کوردی پڕ کردبێتەوە. جا ئەوە کە ئامانج پێکاوە یا نا، قەزاوەت و بڕیار بە ستۆی خوێنەر بێ!

لە بواری هەڵە و پەڵەی نەدێراوی کاریچدا، بە پێی ئەوە کە منیش وەک ئەنگۆ مرۆڤم، هیچم لە کەس زیاتر نییە، ڕەنگە هەڵە و ناتەواویش هاتبێتە ئاراوە. وێدەچێ شتێکم بە هەڵە لێکدابێتەوە، جا هەر بۆیە داواکارم، ئەگەر لە شوێنێ هەڵەیێک بەرچاو کەوت، لێم نەقوولێنن! لێم لە هەڵڵا نەدەن! وابزانن کارەکە هی خۆتانە. بە بەڵگە و سەنەد پێم بسەلمێنن کامە هەڵەیە و ڕاستی بابەتەکە کامەیە، ئەوسا

منیش دەس و چاوتان ماچ دەکەم. عەیبی من هی تۆیە و بە پێچەوانەش! با بە هەر دوکمان دەس خەینە ناو دەسی یەکتر و کارەکە ڕەنگینتر و زەنگینتر کەین.

## سپاس و پێزانین:

لە کۆتاییدا زۆر سپاسی هەموو دۆست و برادەر و ڕەفیقانم دەکەم کە بە جۆرێک هاوکاری و هاوفکرییان کردووم، وەک: زۆر بەڕێز خانم دوکتور فاتمە مودەرسی مامۆستای زانکۆی ورمێ، دوکتور حوسێن مکایلی مامۆستای زانکۆی ئازادی بۆکان، هاوڕێی هەمیشەیی کاک ئیرەج نادری ماستێری ئەدەبیات و مامۆستای دواناوەندی بۆکان، مامۆستا حوسەین شێربەگی، کاک سەلاح نیساری، هەڤالان سەید حەمەدەمین و سەید یاسین قورەیشی، مامۆستا ئاسۆ، مامۆستا ئەمین گەردیگلانی، مامۆستا خالید عینایەتی، مامۆستا محەمەد حوسێنپوور، مامۆستا کاوە عەزیزنژاد، مامۆستا مستەفا ئێلخانیزادە، دوکتور عەلی ڕەزا خانی (ئەیوان)، کاک بێهزاد زارعی(بانە)، بنەماڵەی بەڕێزم: مەنجە خاتوون فەکنازی، موهەندیس ئەرەستو جەوان، عێرفان جەوان، ئێلناز جەوان.

(لە سەر زار و زمانان گەرچی سووکە/
لە میزانی حەقیقەت زۆر گرانە/ کۆیی)
(چقاس سستی، چقاس کەهلی/ تو خۆ یەکجار د خەو نەهلی/ مەبە خەرگووش د نێڤ دەحلی/ سەیادێ تە کڤانداره) «فەقێ تەیران».
(دنێ قەنجە ژ مێران ڕا/ عەجەب مولکە ژ شێران ڕا/ کو ئاڤا کن ژ خێران ڕا/ عەجەب

هەر بۆیەش تکا و ڕجا و لاڵە لە خوێنەرەکەی دەکەم: لە هەر کوێ حەزی لێیەتی، دوو لاپەڕەی لێ وەکە، لێی بنێڕێ، لێی وردبێتەوە، لەگەڵ فەرهەنگێلی پێش خۆی بە قەد و بەژن و باڵای یەکیان بگرێ، جیاوازی

هەر بۆیەش تکا و ڕجا و لاڵە لە خوێنەرەکەی دەکەم: لە هەر کوێ حەزی لێیەتی، دوو لاپەڕەی لێ وەکە، لێی بنێڕێ، لێی وردبێتەوە، لەگەڵ فەرهەنگێلی پێش خۆی بە قەد و بەژن و باڵای یەکیان بگرێ، جیاوازی

مەزرەع و عەققارە) «فەقێ تەیران».
(تو قووتێ خوە نها چار کە/ زەوادێ ئاخرەتێ کار کە/ بلەزینە ئو زوو بار کە/ دنێ سووکە ئو بازارە) «فەقێ تەیران».
(دنێ شەهرە، دنێ سووکە/ دنێ پیرە، نە نووبووکە/ هەچی مێرێ کو ئەو شوو کە/ گری گرت و نها خارە) «فەقێ تەیران».
(ئاخر واچە پێم گیانم فدێت بۆ/ سەرم بە سەرگەرد ئەی ماوا و جێت بۆ) «خانای قوبادی».

(بە سەربەستی مەترسە پێ لە دەریای قووڵی بێ پەی نێ/ ئەگەر «ناخوا» لەگەڵتا ڕاس ئەکا دڵپاک و ئاشنایە!) «قانع».

(گەر کەمێ نەخشت هەبێ بۆ پێکز و چینی هەژار/ پاشی مردن تۆ دەناسێنێ بە کۆمەڵ، پاشەوار) «ڕاوچی».
(ژینی کورتم دی پڕاوپڕ بوو لە شانازی و شەرەف/ عومری زۆرم دی کە دوایی هات بە ڕیسوایی و نەدەم) «ناڵەی جودایی».
(گەر لە دنیا چاکەیێ سادر بوو، تەفرەی پێ نەخۆی/ ڕووسپی هەر ڕووڕەشە، گەر بێ سەد ئازایی بکا) «مەحوی».
× بەو کاری بەڵگە دانان و سەلماندنی مانایە، من فەرهەنگم عیلمیتر و زانستیتر کردووە×
(هەرکەسێ ئەربابی دڵ بێ، جەرگی دایم لەتلەتە/ بێ تەماشای بێ دڵ کە، چۆن لە ناز

و نیعمەتە) «قانع».
(ناوی قانوون و عەداڵەت وەک پڵاوی خانەقا/ ئیسمی بێ جسمن سەراسەر کردەیی شەیتانییە) «قانع».
(ئەم نامە کە خاوە یان لە باوە/ سەد ڕەنجی لە ڕێگەدا دراوە) «هەژار»

(هەرچی کو کەسەک بکەت ئیرادە/ یا عیشق موردیە یا مورادە) «خانی».
(هن سەرف دکن ب عەیشێ دونیا/ هن پێ دکرن سەرابێ عوقبا) «خانی».
(تەماشای عیشوە و نازی بەڕەزای پاڵی تاوێر کە/ ئەڵێی مەحبووبی تۆراوە لە سایەی بەر قەتارێکە) «مینەجاف».
(ئەگەر داڵگە وا کۆڵەواری برسیەتی و هەژاری و دەردەداری نەبێ، ئەوا دەزانێ پێبکەنێ!) «کۆردەرە».

(وەسیەتی من بێ جوانت خۆش نەوێ/
کێ دیویە وەفا لای جوان دەسکەوێ؟)
«پیرەمێرد»
(مەیلت کۆن نابێ بە سەد ساڵ پیری/
بیشمرم لەولا هەر تۆم لەبیری)
«پیرەمێرد»
(لە شیرەخۆری هەتاکوو ژیری/ مەیلم لای تۆیە، بەبێ زویری) «پیرەمێرد».
یانە: ماڵ
(ئەبێ بەخشندە مل کەچ کا لە ڕاستی مووچەخۆری خۆی/ سوراحی بۆ پیاڵە سەر

دەچەمێنێ کە تێ‌کا بۆی/ کە ئاو داری لە سەر سەر گرتووە، ئەزانێ چی تیایە ...) «پیرەمێرد٣٥٨»

(چرا ڕووناکی بۆ ژێر خۆی نییە ڕەحمەت لە بابی با/ ئەوی ڕووناکی کەچ بینایە، گۆڕە ڕەنجی با بیبا) «پیرەمێرد»

(بە گەرد و خولی چەرخی بێ‌وەفا/ جەفا بوەتە سەرقافڵەی سەفا) «پیرەمێرد».

(تا شیرت دەبڕێ، مەردانە هەستە، ناوی پیاوەتیت بمێنێ بەستە) «پەند».

(نە هەر مل لایقە دەستی بە سەربەستی لە گەردن کەی/ نە هەر سەر واجیبی دەستەی گوڵ و سەرپۆش و پووشینە) «ناری»

(تفوو لەم دەهرە پڕ قینە، لە خۆشی و سەروەت و بوونی/ ئەوی دانایە بۆی نایە، سەفایە لای کەر و کوونی) «ف. بێکەس»

(گەلێ کەس پێم ئەڵێن شێتی کە وا خوێت مەحوو و بەرپا کرد/ لە ڕێی ئەم خاکەدا فەوتای و سەد لەککەت کە پەیدا کرد) «ف. بێکەس»،

(گەر دخوەزی مراریان/ ئاقژەنی بکە ناف دەریان) «سەنار»

(مەرجە بەستوومە کە لێی لا نادەم/ بۆ ژیان جەوهەری گەوهەر نادەم) «ڕاوچی».

(دەتهەوێ چاو لە تۆ بێ ڕانەری چاو و سەرت/ پاشی مردن پڕ بە دڵ بێ، دێبەری بەرگ و بەرت/ چا بڵێ، بۆ گەل بڵێ، بۆ گەل لە ئارا خە سەرت/ وا نەژی پیسە ژیانی بێ‌سەری هەر دوو سەرت) «ڕاوچی».

(ڕووسووری ئەوەم لە سوێی گەل سووتا/ کێ لە گەل ڕۆییەدەرێ، ڕووی ڕەش بوو) «ڕاوچی».

(گەڵای سەوز و زومەڕەد هەر دوو ڕەنگین/ بەڵان پێ‌شێلە ئەویان، ئەو نگینە) «نووری»

(لە ئاسۆگەی هومێدی مەش ستێرە/ گەلێ هاتوون و ڕۆیین بێ‌ژومێرە) «ڕاوچی»،

(میرزای لە نووسراوان حاڵی، نامۆی لە زمانی خۆماڵی، هەموو شێوەخەتی لاوە دەخوێنییەوە لەلات باوە!!) «ڕاوچی»

(گاهێ مشتەری ڕووتم بە جان/ خۆشە بۆ ڕووتی گەدا ڕۆژی هەتاو) «سالم»

(حاسڵی عیشقم کراسی میحنەتە/ موردە نابا ماڵی دونیا غەیری جاو) «سالم»

××××××××××××××××××××××

یادی بەخێر:

ئەو گوڵەی مەشهووری گشت عالەم بوو کوا، یادی بەخێر/

مەیلی وی دەرمانی دەردی من بوو، کوا یادی بەخێر/

چۆن دەبێ فیکرت نەبێ تیرت لە جەرگم کاری‌یە/ ئەو دەمەی بوومە نیشانەی تیری تۆ یادی بەخێر/ ماملێ/

ئەو پەنجە شلکەی وا لە ناو دەستم بوو، یادی بەخێر/ ئەو چاوە ڕەشەی وا بزوێنی هەستم بوو، یادی بەخێر/

ئەو کیژەی وا نەهارێ میوانی بووم، یادی بەخێر/ میوانی هەستی گەرم، چاوی جوانی بووم، یادی بەخێر/

چۆن دەبێ فیکرت نەبێ تیرت لە جەرگم کاری‌یە/

ئەو دەمەی بوومە نیشانەی تیری تۆ، یادی بەخێر/ ئەو یارەی دانیشتین لە ئاویەر، یادی بەخێر

ئەو کیژەی دەم برد بن بەرد و بن بەرد، کوا یادی بەخێر

هەر بۆیەش تکا و ڕجا و لاڵە لە خوێنەرەکەی دەکەم: لە هەر کوێ حەزی لێیەتی، دوو لاپەڕەی لێ وەکە، لێی بنێرێ، لێی وردبێتەوە، لەگەڵ فەرهەنگێلی پێش خۆی بە قەد و بەژن و باڵای یەکیان بگرێ، جیاوازی

هەر بۆیەش تکا و ڕجا و لاڵە لە خوێنەرەکەی دەکەم: لە هەر کوێ حەزی لێیەتی، دوو لاپەڕەی لێ وەکە، لێی بنێرێ، لێی وردبێتەوە، لەگەڵ فەرهەنگێلی پێش خۆی بە قەد و بەژن و باڵای یەکیان بگرێ، جیاوازی

ئەو گوڵەی شەو بە حەزی من دەنوێ،
یادی بەخێر
ئەو چاو نێرگسەی لە شاشە ئاشقم بوو،
یادی بەخێر
ل نەورۆزا عیدا مەزن/ دو یار دلێ من دخوەزن/ یەک چاڤڕەش و گولنارە/ هەر ئەڤ بۆم تەنێیارە/ ئەڤ دی یارێ دەلال/ ڕند و خوەشیک و خودان کەماڵ/ ئەو زیدە شیرین و هێژا/ جارەک ماچ کر و لێ چێژا/ پوستان توند وەکی شەمام/ من ژ ئەندامێ وی گەلەک مام/ خوەزی دەخوازێ ئەو یارێ/ دەم بنێ ل ناڤ دەمم جارێ/ بمژێ گەر بەر دەسی کەوم/ ئەو یاری هەمیاری شەوم/ ل پاشی ئومرێ دەه ساڵ/ ڕۆژەک پرسی حاڵ و ئەحواڵ/ گەلۆ حالێ تە چ وایە؟/ تە یارێ منێ بێوەفایە!/ من ژێ گۆ: پەیڤا تە ڕاستە/ ئەم نکارم دلێ تە بجی ئارم/ ئەو گۆ: ئەز تە پر د ئەڤینم/ هەر ژ بۆ تەیە گرین، شینم/ من ژێ گۆت: ئەز ژێ تە خوەش دڤێ/
ئەو دەمەی بوومە نیشانەی تیری پڕخەتەر، یادی بەخێر/ ئەو یارەی دانیشتین لە ئاویەر، یادی بەخێر،
تامی ماچێکی عیشقێکی قەدیمیم زۆر لەمێژە داوە حەشار/ تازە بەم عومرە کە بەرەو پەنجایە، نیشانی نادەم!
لەزەتی دەس کوشینی دڵدارێکی چاوڕەش
تازە لای کەس ناکەم من ئاشکار
لە بەرواری ٨/ گولانی ٩٥ دوای ساڵێک پەیوەندی بۆ هەتا هەتایە ماڵئاواییمان لێک خواست و ئەو بخێر و من ژی ب سلامەت!!

(ئەگەر ئەتەوێ تۆ ببی بە مەرد/ هەوا و هەوەسی خۆت بکە بە گەرد) «پیرەمێرد».
(زمان ل ناڤ دەڤێ خرەدمەند چمان/ کلیدا دەرێ هەبوونا ساحێب هونەر) «گولشوون».
(چو دەرێ لێگرتی بوو چ کەس پێ دزان/ کو گۆهەرفرۆشە ئەو یان پیلەوەر) «گولشوون»
(ڕاستی گەرەک ژ دەرگاها خودا خۆست/ کەس نەدیدم کو ئێندا بوو ژ ڕێیا ڕاست) «گولشوون»
(هەرکی کو ڕەنگێ ڕاستان لێ هەنە/ سەرێ خدمەت ل سەر پێ دەریانە) «گولشوون»

(دوو سەنگین سەنگی با وەزنن غەم و پیری دوو تا حازر/ خەریکی کەشمەکەش دڵ دووسەرە لەم وەزنە وەززانە) «سالم»،
(مەرگ و سحەت لە بەدەنما بە جەدەل دێن و دەچن/ وا لە ئازاری فیراقا شەوی بوحرانی منە) «سالم»
(بە حەیا بێرە حوزووور و بە ئەدەب سجدە بەرە/ خەڵوەتی دلبەرە سالم ئەمە مەیخانە نییە) «سالم».
(سەد ساڵ دمای مەرگ ئەر بەی وە گڵکۆم/ وینیم چون لالە دڵ وە داخ تۆم) «هاوار».
(ئێوە لە مێژووی پێشوومان وێڵن/ هەر وەکوو کوێری بینایی لێڵن) «مینەجاف»

(ئێشی حبەی زولفی لەیلا ڕاستە مەجنوونکوژ بووە/ خۆ گەزیدەی ماری وا نامرێ هەر حەی دەبێ) «سالم»

(مەبە تالب بە زولفەینی بە میسلی شکڵی لا وایە/ ئەگەر لەو لایە خـــــوت لادەی، لە لام تەحقیقە ئەو لایە) «حەریق»،

(زولفت لە دوو لا سابتی نەفی وەکوو تۆی کرد/ ها لادە بە لادا لە دوو لا شێوەیی لا بێ) «سالم»

(شێت ئەگەرچی زەڕی بۆ کەس نییە زنجیری دەکەن/ ئاشکرا خەڵکی دەکوژێ وەلییە ئاقڵەکەم!!) «جومعەکان»،

یار دەپرسێ لە حاڵم:

وەڵامی نامەیێک:

لە وەڵامدا دەڵێم: تا پرشەنگی هیوا و هومێدم لە خۆرەتاوی تۆوە بۆ بێ، تا زنەی شینایی‌بووژێنم لە کوێرەکانی و شێوەڵەی تۆوە بۆ جاری بێ، تا تروسکەی شۆق و سۆز لە دەلاقەی پەنجەرەی تۆوە بدرەوشێ،
دڵنیا بە چاکی چاکم!! وەک سەوزە و ڕووەکی بەهاری لە گەشە و نەشەم، گوڵی هیوام دەپشکوێ.

کوێت ماوە ماچی نەکەم!

هەر لە پێ تا تەوقی سەر
گش باڵای بەرزت بگرمە بەر
کامیان ماوە دەرچن لە دەس
ماچ نەکرابن بۆ نیاز،
بۆ مەبەس
دەست و مەچەک، قۆڵ و بازوو
ماچ نەکرابن زوو بە زوو،
سینە، بەرۆک، گۆنا
و کوڵمە
گەردن، لاجانگ، بناگوێ
ئەو جێیەی ئاواتی دڵمە
هەر کام بۆ نیاز و ئاواتێ
هەر کام بۆ سات و نیم ساتێ
یەک بۆ ڕۆژە، یەک بۆ شەوە
یەک بۆ کاتی خرپەی خەوە
یەک بۆ سەر جێ، کاتی نوستن
بۆ خەوێکی خۆش،
بۆ شیرین‌خەو،
بۆ تۆ و بۆ من،
یەک بۆ هەستانی بەیانە
کاتی زەردەی سەر کۆیانە
ئەو کاتەی جریوەی دێ
مەلووچکی گوێسوانەی دێ
یەک بۆ ساتی چێشتەنگاوان
دانیشتبووین لە شەتاوان
یەک بۆ کاتی فراوینە
جەنگەی گەرمای هاوینە

(گوڵی غمنچەی گوڵستانم مەلیحە/ بینایی و نووری چاوانم مەلیحە) «مینەجاف»
عەزیزم قیبلەکەم جێگەی ئومێدم
شیفای دەرد و دەرمانم مەلیحە
نەمامی نەورەسی باغی ژیانم

هەر بـۆیەش تکـا و ڕجـا و لاڵە لە خـوێنەرەکەی دەکەم: لە هەر کـوێ حەزی لێیەتـی، دوو لاپەڕەی لێ وەکە، لێی بنێڕێ، لێی وردبێتەوە، لەگەڵ فەرهەنگێلی پێش خـۆی بە قەد و بەژن و باڵای یەکیان بگرێ، جیاوازی

هەر بـۆیەش تکـا و ڕجـا و لاڵە لە خـوێنەرەکەی دەکەم: لە هەر کـوێ حەزی لێیەتـی، دوو لاپەڕەی لـێ وەکە، لێـی بنێـڕێ، لێـی وردبێتەوە، لەگەڵ فەرهەنگێلی پێش خۆی بە قەد و بەژن و باڵای یەکیان بگرێ، جیاوازی

گولاڵەی گوڵشەنی گیانم مەلیحە
سروور و کەیف و ڕەوق و عەیش و شادیم
زیاو و لۆکسی ئیوانم مەلیحە
لە جێگەی کەوکەب و تاج و سەریرم
حەلاوەی بەختی ڕەخشانم مەلیحە
ئەپرسی گەر لە حاڵم سوێن بێ وەڵڵا
ئەتۆی تەهلیلەیی زوانم مەلیحە
لەباتی زیکر و فیکر و نوێژ و تاعەت
لە دووریت وا پەرێشانم مەلیحە
وەکوو سەنعان لە عیشقی سەروی باڵات
بە تالان چووە ئیمانم مەلیحە
بە عەودالی ئەڵێ مینە بە قوربان
وەکوو ئەو وێڵی هەردانم مەلیحە

(ڕاستە وەرزی تەمەنم پاییزە ئەمما بە خـودا/ بە کەشـاوی خەمـی شـێعرێکی تەڕت هەر لە کەشم) «جومعەکان»

(لەپـێش هەمـوو شـتێکا چـونکی کـوردم/ چۆلەکەی ناو هەزاران داوی وردم) «گۆران».

## باران

دیسان باران بە گۆرانی
بە خرمەخرمی گەوهەرەکانی
ئەکەویتە سەر بانی ماڵەکان
دێنێتەوە بیرم ڕۆژی باران
سەیرانی ڕۆژێکی دێرین
خۆش و شیرین
لە ناو دارسانی گێلان،
منداڵێکی دە ساڵان بووم
شاد و خورەم
نەرم و ناسک
فرز و چابوک
بە دوو لاقی منداڵانە
هەڵدەهاتم وەکوو ئاهوو
ئەپەڕیم لە لێواری جوو
دوور ئەکەوتمەوە لە ماڵان
دەمبیست لە مەلی باڵدار×
لە لێوی بای هەڵکردوو
داستانەکانی نیهانی
ڕازگەلی زیندەگانی
بەرق وەک شمشێری بوڕاو
دەپێچران هەورەکان×
چەخماخەی دیوانە بە شریخە
هەورەکانی دەهەژاند
جەنگەڵ لە دەس با، گوریزان
شەپۆلی ئەدا چون دەریا
دەنکەکانی خڕی باران
بڵاو دەبوونەوە لە هەر کوێ
سەبزە لە ژێر دارەکان
پەیتا پەیتا بوو بە دەریا
لە نێو ئەم دەریای جۆشان
جەنگەڵێکی ئاوەژوو پەیدا
بەس گەوارایە باران
بەە چ زیبایە باران
دەمبیست لەم گەوهەرپڕژێنییە
ڕازگەلی جاویدانی
پەندگەلی ئاسمانی
ببیسە لە من، منداڵی من
لەبەر چاوم پیاوی سبەینێ
زیندەگانی چ تیرە بێ
چ ڕۆشن،
جوانە
جوانە
جوانە
وەرگێر: ئێلناز جەوان
نووسەر: گوڵچینی گیلانی

## ڕێوی و قەل

قەلێ قالبێکی پەنیری دی
بە دەنوک گرتی و فری
چووە سەر دارێک لە ڕێیەک
کە لەوێوە تێدەپەڕی ڕێویەک
ڕێوی فێڵباز و حیلەباز
چووە بن دارەکە بە تەقلە و باز
کوتی: بەە بەە چەند جوانی
چ سەری، چ کلکێ عەجەب پایی

هەر بــۆیەش تکــا و ڕجــا و لاڵە لە خــوێنەرەکەی دەکەم: لە هەر کــوێ حەزی لێیەتــی، دوو لاپەڕەی لێ وەکە، لێی بنێرێ، لێی وردبێتەوە، لەگەڵ فەرهەنگێلی پێش خــۆی بە قەد و بەژن و باڵای یەکیان بگرێ، جیاوازی

هەر بــۆیەش تکــا و ڕجــا و لاڵە لە خــوێنەرەکەی دەکەم: لە هەر کــوێ حەزی لێیەتــی، دوو لاپەڕەی لــێ وەکە، لێــی بنێــرێ، لێــی وردبێتەوە، لەگەڵ فەرهەنگێلی پێش خۆی بە قەد و بەژن و باڵای یەکیان بگرێ، جیاوازی

پەڕ و باڵت ڕەش و قەشەنگ
نیە باڵاتر لە سیاهی ڕەنگ
ئەگەر دەنگ‌خۆش و خۆش‌خوێنی
دەبێ جارێک بۆمان بخوێنی ×
نەبوو لە سەر تۆ لە ناو مورغان ×
زاغ ویستی قارقاڕ بکە
تا کە دەنگی ئاشکار بکا
پەنیر کەوتە خوارێ لە دەم
ڕێوی هەڵات و پەنیری فڕاند

قشقەڕە

من قشقەڕەم
ڕەنگین و دەنگ بە قرەم
دەنووم لە ناو لێڕ و داران
لە سەر چڵ و شاخساران
هێلانەم لە پەلکی دارە
دوور لە دەسی هەڵۆ و مارە

هێلکە دەکەم سێ و چوار
هەڵیدەهێنم لە بەهار
بەچکەش وەک خۆم بەڵەکە
فێڵزان و حوقە و کەڵەکە
دێن و دەچن لە سەر داران
دەکشێن بۆ نێو ڕەز و نزاران
هەر بەیانی لە خەو هەستم
دەشۆم چڕ و چاو و دەسم
باڵ دەگرم ڕوو بە ماڵان
بۆ پشکنینی خەوڵ‌وخاڵان
ڕسقی خۆم پەیدا دەکەم
بەزیاد بێ چ زۆر، چ کەم
لای خەڵک دەنگم ناخۆشە
بە من دەڵێن شووم و قۆشە
بەڵام دەروونی من پاکە
سپڵە نیم بەم خەڵک و خاکە
من قشقەڕەم
ڕەنگین و دەنگ بە قرەم

کۆتر و ڕاوکەر (شێخ سەلام)
کۆترێکی جوانی خاڵ و مل نەخشین
پەڕوپۆ شین و قاچ و قول ڕەنگین
هێلانەیەکی گەرم کرد بە تووک
پووشی بۆ هێنا بە نووکی دەنووک
لە سەر دارێکی بەرزی گەڵادار
هێلانە و هێلکە و خۆی تیا دا حەشار
دوو هێلکەی کرد و کۆتر کەوت کڕ
پشتیوانی بوو دارستانی چڕ
ڕۆژی ڕاوکەرێ بۆ ڕاو و شکار

ورد ورد ئەگەڕا بن دار بە بن دار
مەلێکی ئەدی ڕاوکەر لە ڕاوا
وەخت بوو لێلایی بێ بە سەر چاوا
ملی ڕێگەی گرت زۆر بە داماوی
بڕوات بۆ ماڵ و بێ کەڵکە ڕاوی
کۆتر نەفام بوو، بێ عەقڵ و کەماڵ
بەرزی کردەوە ملی پڕ لە خاڵ
نەزانین — برا- دەردە بۆ هەموان
دەردێ، دەردی سەقەت، دەردی بێدەرمان
خۆت ڕزگار بکە زوو لە نەزانین
هەتا تووش نەبیت وەک کۆتری نەخشین
کۆتر دەستی کرد بە حاقوو حاقوو
ڕاوکەر و ڕاوی هیچ لە بیر نەبوو
ڕاوکەر بە دەنگی کۆتر دڵخۆش بوو
هیلاکیی ڕێگەی لای فەرامۆش بوو

بەیانی: (بێکەس)
بەیانییە وا ڕۆژ هەڵات
شەو پشتی هەڵکرد و هەڵات
چیا و دۆڵ و دەشت و دەر
بەرگی ڕووناکی کردە بەر
زەمین دەمی بە پێکەنین
وەک دولبەرێکی نازەنین
پڕ گوڵ و پڕ لە یاسەمین
پڕ لە ئەرخەوان و نەسرین
پەرەندە وا بە دارەوە
بە سەر لقی چنارەوە
بە بولبول و هۆزارەوە
بە دەشت و کۆهسارەوە
مەستە، خەریکی خوێندنە
ئەڵێ: چ وەختی خەوتنە!
خەریکی یاری کردنە
هەستە دەم و چاوت بشۆ
کتێبت هەڵگرە بڕۆ
بۆ مەکتەبت خێرا بچۆ
لە ئێستاوە هەوڵ بدەن
چاوی لە ئێوەیە وەتەن

بەفرباریـن(لەتیف هەڵمەت)
ئای لەو بەفرەی باریوە
زەوی یەکپارچە زیوە
نە بەرد دیارە و نە درەخت
نە هەورازی بەرز و سەخت
هەموو لە بەفر کپە
بێ سرووەیە و بێ چپە
منداڵان دەی یاری کەن
جێی یاری ..........
دەی گورج بینە دوو بەرە
هێمن ڕاکە، هێرش وەرە
هیوا .........
گوێی ...... سرکە

بەرخەکەم(پیرەمێرد)
دایە سەیری ئەم بەرخە کە چەند جوانە!
ڕۆڵە، ئەوە بەرخی مەڕی خۆمانە

جوانی بەهار: (کامەران موکری)
ئاوی قەڵبەزەی سپی ڕەنگاوڕەنگ
لە گەرووی کەژا ئەیکا بە ئاهەنگ
وەختێ کە تاڤگە دێتە پێکەنین
مەلانی بزێو دێنە هەڵپەڕین
بووکی بەهاری جوانی ڕازاوە
لە کوردستاندا خەیمەی هەڵداوە
لە سەر لووتکەی شاخ تاجی زەردەپەڕ
پرشنگ ئەهاوێ بۆ ناو ئاوی کەڕ
لە سەر کەناری چەمی پڕ نەغمە

هەر بـۆیەش تکـا و ڕجـا و لاڵە لە خـوێنەرەکەی دەکەم: لە هەر کـوێ حەزی لێیەتـی، دوو لاپەڕەی لێ وەکە، لێی بنێڕێ، لێی وردبێتەوە، لەگەڵ فەرهەنگێلی پێش خـۆی بە قەد و بەژن و بالآی یەکیان بگرێ، جیاوازی

هەر بـۆیەش تکـا و ڕجـا و لاڵە لە خـوێنەرەکەی دەکەم: لە هەر کـوێ حەزی لێیەتـی، دوو لاپەڕەی لـێ وەکە، لێـی بنێـڕێ، لێـی وردبێتەوە، لەگەڵ فەرهەنگێلی پێش خۆی بە قەد و بەژن و بالآی یەکیان بگرێ، جیاوازی

ئەو خونچە سوورەی ناسک و نەرمە
بەرگی داماڵی سەوزی ئاودامان
خۆی شت بە قەترەی بەفراوی کوێستان
وردە شەپۆلی جۆگەلەی بلاو
ختۆکەی بەرد لە کەناری ئاو
وەکوو فریشتە گوڵی هەڵوەریو
لە سەر سنگی ئاو، جۆگەلەی وەک زیو
ئەڕۆن بەرەوخوار بە پشتەمەلە
ئەپژێتە دەمیان تیشکی ئەو کەلە
گەلآی پان ئەکا بە جۆلانە، مەل
گوژمە گوژمێتی لەم پەل بۆ ئەو پەل
یا گەلآ مێویک ئەکا بە لانکە
شەونم لە سەر گوڵ وەکوو ملوانکە

شەرەفخان(مەجید دڵنیا)
شەرەفخانی بەدلیسی
گەر دەتەوێ بیناسی
مێژوونووسێکی کوردە
نووسەرێکی ۆزر وردە
ئەویش وەکوو من و تۆ
بە کوردی هاتۆتە گۆ
ئەو مێژووی کوردی نووسی
بە بیر و پێنووسی
بەو دەست و بەو خامەیە
خاوەن شەرەفنامەیە
چی ڕووداوی ڕابردوو
خستیە سەر پەڕەی مێژوو
دەبا هەموو ڕاستگۆ بین
هەوڵ دەین سەربەخۆ بین

با ئێمەش وەک شەرەفخان
بە وەفا بین بۆ گەلمان

قەل و ڕێوی(دڵدار)
ڕۆژێ لە ڕۆژانا قەلێ
وەستا لە سەر کۆلکە چلێ
سەلکێ پەنیری لە دەنووک
ویستی کە بیخوا لە هەلێ
ڕێوی بە لایدا تێپەڕی
چاوی بە قەل کەوت و مەلێ
ویستی بە فێڵێ لێی سەنێ
دەستی پێکرد پێی هەڵبلێ
ووتی: ئەی بلبلی زەمان!
ئەی نەغمەخوانی سەر تەلێ!
بیستوومە من ناوبانگی تۆ
تۆ خوا گۆرانیم بۆ بلێ
قەل وەختێ زاری داپچڕان
پەنیری کەوتە بن تەلێ
ڕێوی پەنیری قۆستەوە
بەلآم لە پێش ئەوەی هەلێ
ووتی: ئەوجا بەسە، نەفام!
گوێت لێ بێ ڕێوی بۆت بلێ
وەختێ شتێکت گرتە دەم
کەر مەبە، گۆرانی مەلێ/

(تا فوارەی خوێنی جەرگم، قرمە کاتە حەوزی دڵ/ نـاتوارم جـارێ تـر، هەرگیـز بە حەوزی کەوسەرا) «قانع ١».

(بە ڕەنگی ئاسمان، تامی نەباتە/ بە سافی کەوسەر و ئاوی حەیاتە) «حاجی قادر٢»،
(خاوەنی حەوز و حەیات و مەرمەڕ و جۆگە و چنار/ کەوسەر و جۆگەی دەڵێنە یا بناری سەرچنار) «قانع٣»،
(گا ساکینی فیردەوس و دەمێ خاریجی جەننات/ گاهێ لە لەبی کەوسەر و کونجی دوو لەبی یار) «ئەدەب٤»،
(ئەگەر شاد بم بە ماچی لێوی یاری قەدچناری خۆم/ لە ئاوی کەوسەری سۆفی و لە حۆری لار و خوارم چی) «قانع٥»
(من پووستەکێ باقی دڤێ/ کەوسەر ژ دەست ساقی دڤێ/ قەلبێ خوە موشتاقی دڤێ/ بۆرەک دڤێ، کچ پێ رەتێ) «فەقێ تەیران».
(دەمێ چێژتی دەمم کەوسەر لە لێوی/ دەمی وا خۆش مەحاڵە دینەوەی بێ) «ڕاوچی».
(تەیبە کە یەعنی تەییب و تاهیر بە ڕەوحی ڕۆح/ فەرقی ئەڵێن: گڵی بە گوڵ، ئاوی لە کەوسەرە) «نالی»
(من پووستەکێ باقی دڤێ/ کەوسەر ژ دەست ساقی دڤێ/ قەلبێ خوە موشتاقی دڤێ/ بۆرەک دڤێ، کچ پێ رەتێ) «فەقێ تەیران»
(وا زەن مەبە گیانسەخت و سەمەرگم کە نەمردم/ ئومێدی ویسالت وەکوو لوقمانی تەبیبە) «حەریق».
(قوولکەی بەر گەردنت بە من بمێنێ بە حەوزی دە کەوسەرێ/ ڕۆژی مەحشەرێ پیر و پیاوچاک/ نەجاتیان دەبێ لە تەرازوو و نیزامێ، لە سەر پردی سیراتێ) «گەنجی سەربەمۆر».
(.../ مەی و کەوسەر لە گۆشەی لێوی ئاڵە/ بەهەشتی خۆش لە شێوی ناو مەمانە) «هەژار».
(بە نەهری کەوسەر و شیر و عەسەل، چەند تینووە سۆفی/ لەبی «نالی» دوو چەندان بۆ لەبانی لەعلی موشتاقە) «نالی».
(تا فوارەی خوێنی جەرگم، قرمە کاتە حەوزی دڵ/ نانوارم جارێ تر، هەرگیز بە حەوزی کەوسەرا) «قانع».
(ئەو ئارەقەی دەتکێ لە سەر قوتری مەمانت/ دێنێ بە مە، قەترێکی هەموو کەوسەر و زەمزەم) «بێتووشی»

هەر بۆیەش تکا و ڕجا و لاڵە لە خوێنەرەکەی دەکەم: لە هەر کوێ حەزی لێیەتی، دوو لاپەڕەی لێ وەکە، لێی بنێڕێ، لێی وردبێتەوە، لەگەڵ فەرهەنگێلی پێش خۆی بە قەد و بەژن و باڵای یەکیان بگرێ، جیاوازی

هەر بۆیەش تکا و ڕجا و لاڵە لە خوێنەرەکەی دەکەم: لە هەر کوێ حەزی لێیەتی، دوو لاپەڕەی لێ وەکە، لێی بنێڕێ، لێی وردبێتەوە، لەگەڵ فەرهەنگێلی پێش خۆی بە قەد و بەژن و باڵای یەکیان بگرێ، جیاوازی

(جا ئەو هەلـی، گەردنـی دەکەمەوە حەوزی کەوسـەر و بەژنـی دەکەمەوە بە بەیـداغی ڕۆمیانە/ لە بن وی دا ئیستراحەت دەکەم، ئەو هەلە دەگـرمەوە ئارامگـا و وچـانە) «شۆڕمەحموود»، (ئەگەر شـاد بـم بە مـاچی لێـوی یـاری قەدچنـاری خـۆم/ لە ئـاوی کەوسەری سۆفی و لە حۆری لار و خـوارم چی) «قانع».

(ئەگەر شـاد بـم بە مـاچی لێـوی یـاری قەدچناری خۆم/ لە ئاوی کەوسەری سۆفی و لە حۆری لار و خوارم چی) «قانع».
(شـەهدی دەمـی قەدری نەبـاتی نەهێشـت/ وەک لە لەبـی، لەززەتـی کەوسـەر شـکا) «ئەدەب»،
(بە نەهری کەوسەر و شیر و عەسـەل چەنـد تینووە سۆفی/ لەبی «نالی» دوچەندان بۆ لەبانی موشتاقە) «نالی»
(دەمێ چێژتی دەمم کەوسەر لە لێوی/ دەمـی وا خۆش مەحاڵە دینەوەی بێ) «ڕاوچی».
(تەیبە کە یەعنی تەییـب و تـاهیر بە ڕەوحـی ڕۆح/ فەرقی ئەڵێن: گڵـی بە گـوڵ، ئـاوی لە کەوسەرە) «نالی»
(من پووستەکێ باقی دڤێ/ کەوسەر ژ دەسـت ساقی دڤێ/ قەلبێ خوە موشتاقی دڤێ/ بـۆڕەک دڤێ، کچ پێ ڕەتێ) «فەقێ تەیران».
(ب سـەر ئەنگوشـتێ عەقیقـێ بـدە فینجانـا ڕەحیـق/ ئـابێ حەیـوانێ تە چـین؟ نـاڤێ ژ کەوسەر مەکە بەحث) «جزیری»،

(تا نەشئە نەچێژن لە لەبی کەوسـەری سـاقی/ بێچـارە چـووزانن، کە هەمـوو مەسـتی زەقوومن؟!) «نالی».
(سـەر ددت ئـابێ کەوسـەرێ، زەمـزەمە و سـەمایێ زۆلـف/ سـایە نۆمـایێ خـاوەرێ، سێدرەیێ مونتەهایێ زۆلف) «جزیری»،
(بە ڕەنگـی ئاسـمان، تـامی نەبـاتە/ بە سـافی کەوسەر و ئاوی حەیاتە) «حاجی قادر»،
(گـا سـاکینی فیـردەوس و دەمـێ خـاریجی جەننات/ گـاهێ لە لەبـی کەوسـەر و کـونجی دوو لەبی یار) «ئەدەب»،
: (بـۆ شوشـتنێ دەسـت و پـێ و چەعـوان/ کەوسەر کربو سەبیل ڕزوان) «خانی»
(خاوەنی حەوز و حەیات و مەڕمەڕ و جـۆگە و چنار/ کەوسەر و جۆگەی دەڵێنە یـا بنـاری سەرچنار) «قانع»،
(کـوڕ، یـا کچـی خـۆش سـووڕەت، یەک جەنـنەتە، یەک لەززەت/ کـوڕ، بـۆیی وەکـوو: کەوسەر، قەد: شاخەیی تووبا: کچ) «ئەدەب»،
(.../ مەی و کەوسەر لە گۆشـەی لێـوی ئـاڵە/ بەهەشتی خۆش لە شیوی ناو مەمانە) «هەژار»،
(وا ئەزانم مونسی سەد کەوسـەر و عەدنـانتم) «قانع».
(بە نەهری کەوسەر و شیر و عەسـەل، چەنـد تینووە سۆفی/ لەبـی «نـالی» دوو چەنـدان بـۆ لەبانی لەعلی موشتاقە) «نالی».
(ئەو ئارەقەی دەتکێ لە سەر قوتری مەمانت/ دێنـێ بە مە، قەترێکـی هەمـوو کەوسـەر و زەمزەم) «بێتووشی»،

(ئەگەر شاد بم بە ماچی لێوی یاری قەدچناری خۆم/ لە ئاوی کەوسەری سۆفی و لە حۆری لار و خوارم چی) «قانع».

(شەهدی دەمی قەدری نەباتی نەهێشت/ وەک لە لەبی، لەززەتی کەوسەر شکا) «ئەدەب».

(خاوەنی حەوز و حەیات و مەرمەڕ و جۆگە و چنار/ کەوسەر و جۆگەی دەڵێنە یا بناری سەرچنار) «قانع».

(دەمێ چێژتی دەمم کەوسەر لە لێوی/ دەمی وا خۆش مەحاڵە دینەوەی بێ) «ڕاوچی».

(تەیبە کە یەعنی تەیب و تاهیر بە ڕەوحی ڕۆح/ فەرقی ئەڵێن: گڵی بە گوڵ، ئاوی لە کەوسەرە) «نالی»

(من پووستەکێ باقی دڤێ/ کەوسەر ژ دەست ساقی دڤێ/ قەلبێ خوە موشتاقی دڤێ/ بۆرەک دڤێ، کچ پێ ڕەتێ) «فەقێ تەیران».

ب سەر ئەنگوشتێ عەقیقێ بدە فینجانا ڕەحیق/ ئابێ حەیوانێ تە چین؟ ناڤێ ژ کەوسەر مەکە بەحث) «جزیری».

(تەیبە کە یەعنی تەیب و تاهیر بە ڕەوحی ڕۆح/ فەرقی ئەڵێن: گڵی لە گوڵ، ئاوی لە کەوسەرە) «نالی»

(سەر ددت ئابێ کەوسەرێ، زەمزەمە و سەمایێ زۆلف/ سایە نۆمایێ خاوەرێ، سێدرەیێ مونتەهایێ زۆلف) «جزیری».

(گا ساکینی فیردەوس و دەمێ خاریجی جەننات/ گاهێ لە لەبی کەوسەر و کونجی دوو لەبی یار) «ئەدەب».

(بۆ شوشتنێ دەست و پێ و چەعوان/ کەوسەر کربو سەبیل ڕزوان) «خانی»

(خاوەنی حەوز و حەیات و مەرمەڕ و جۆگە و چنار/ کەوسەر و جۆگەی دەڵێنە یا بناری سەرچنار) «قانع».

(قووڵکەی بەر گەردنت بە من بمێنێ بە حەوزی دە کەوسەرێ/ ڕۆژی مەحشەرێ پیر و پیاوچاک/ نەجاتیان دەبێ لە تەرازوو و نیزامێ، لە سەر پردی سیراتێ) «گەنجی سەربەمۆر»،

(کوڕ، یا کچی خۆش سووڕەت، یەک جەننەتە، یەک لەززەت/ کوڕ، بۆیی وەکوو: کەوسەر، قەد: شاخەیی تووبا: کچ) «ئەدەب».

(من پووستەکێ باقی دڤێ/ کەوسەر ژ دەست ساقی دڤێ/ قەلبێ خوە موشتاقی دڤێ/ بۆرەک دڤێ، کچ پێ ڕەتێ) «فەقێ تەیران».

(ب سەر ئەنگوشتێ عەقیقێ بدە فینجانا ڕەحیق/ ئابێ حەیوانێ تە چین؟ ناڤێ ژ کەوسەر مەکە بەحث) «جزیری».

(سەر ددت ئابێ کەوسەرێ، زەمزەمە و سەمایێ زۆلف/ سایە نۆمایێ خاوەرێ، سێدرەیێ مونتەهایێ زۆلف) «جزیری».

(گا ساکینی فیردەوس و دەمێ خاریجی جەننات/ گاهێ لە لەبی کەوسەر و کونجی دوو لەبی یار) «ئەدەب».

(بۆ شوشتنێ دەست و پێ و چەعوان/ کەوسەر کربو سەبیل ڕزوان) «خانی»

(شەهدی دەمی قەدری نەباتی نەهێشت/ وەک لە لەبی، لەززەتی کەوسەر شکا) «ئەدەب».

(دەمێ چێژتی دەمم کەوسەر لە لێوی/ دەمی وا خۆش مەحاڵە دینەوەی بێ) «ڕاوچی».

(هەر وەکوو ناوێ لە ڕێوی چاوەڕێی شێری بکەی/ قەت مەزانە شێر ڕۆژێ ڕێڕەوی ڕێوی بکات) «هاوار».

(ئەی شەماڵی نەساغان وەرە تۆ بێ و خاڵی ڕووی یار/ بە گوڵ و وەنەوشەی باغان بگەیەنە دۆعا و سڵاوم) «وەفایی»

(بە یادی بۆسەیی لەعلـی لەبـت ئەزبەس کـی لەب خوشکم/ ئەبەد توشنەم ئەگەر فەرزەن لە گۆشەی حەوزی کەوسەر بم) «سالم»

(کەوسەر وەکوو تەنوورەیی چاوی پـڕ ئـاوەمە/ دۆزەخ وەکـوو تەنـووری دڵەی پـڕ هەڵاوەمە) «بێخود».

(هەتا گوڵ گوڵ ببێ کفنم، بە زووخی جەرگ و خوێنی دڵ/ لە زەمـزەم جـێم بـووی گیانـا، چلۆن مەیلم بە کەوسەر دەم) «قانع»

(نە هەر مـل لایـقە، دەسـتی بە سەربەسـتی لە گەردن کەی/ نە هەر سـەر، واجیبـی دەسـتەی گوڵ و سەرپۆش و پووشینە) «ناری».

**(نە هەر مل لایقە، دەستی بە سەربەستی لە گەردن کەی/ نە هەر سەر، واجیبی دەستەی گوڵ و سەرپۆش و پووشینە)**

«ناری»

(سەعدی‌یا مێرێ جامێر نـاڤ نـامر، توجـار/ مری ئەو بە کو هەر نـاڤ ب جـامێری نەبـر) «گولشوون»

(بەختەوەر ئەوەک خوٚر و چاند/ بێ‌بەخت ژی ئەوەک مر و هیشت) «گولشوون»

(مەکن نمێژ ل سەر وی کەسی توتشت نەکـر/ کو عەمر ل سەر هەبوونێ مال کـر و نەخوٚر) «گولشوون».

(ئەو کەس کو پێ دینار و دێرەم نە خێـر کـر/ سەرعاقبەت ڤێـدا لسـەر دینـار و دێـرەم کـر) «گولشوون».

(ل هەر کیـدەر ڕێچـا هاڤێـت دارێ قەنـج/ بهـورت ژ ئاسـمان شـاخ و پەلگـێ ڤـێ) «گولشوون».

(ئەگەر تە دخوٚسـت ژ وی بەر بخـوٚی/ ب منـــــــەت مەدە ئەررە ب لنگـــــــێ وی) «گولشوون»،

(قەنجی نە ئەون خزمەتا سولتان کری/ قەنجی ژ وی بـــزان ل خزمەتـــا تـــو هیشـــتید) «گولشوون».

(مەعشووقا هەزار دۆست ڕا دل مەهێلـی/ گەر دهێلـــــی ئەو دل ب جـــــودایی بهێلـــــی) «گولشوون».

(هەرکی ل ژیانێ‌دا نان ژێ نەبرن/ واختا مـر، ناڤە وی ژێ دمرن) «گولشوون».

(نەبید حەیر کو تەنگ بـوو نەفەسـا وی/ گەل بلبلێ ڤژ بوو هەمقەفەسا وی) «گولشوون».

(بەلەنگازێ ڤژک کو برەڤ ل هەر دەرێ/ کـو ئەو دوو بەلەنگـــــازێ و عەجەل ل دوو وی) «گولشوون»

(کەسی ل تە کر پاکی، تو ل وی ببید خولی‌یا پی/ ئەگەر ل تە کر پیسی، تو خـولی ب هەر دو چاڤا کی) «گولشوون».

(ناچی‌ببید تەیر ل ئالی دەنئاویژان/ ئـاکە دیـد تەیری ل بەند ل تەلێ دان) «گولشوون».

(کەو شینێ دوو را کو شاد بید چێتری/ ژ وی شایێ دوو را ک تو شین بگری) «گولشوون»،

(عەردێ ڕا ژ ئەسمان دبید باران/ ئەسمان ڕا ژ عەردێ دچید دۆخـان) «گولشـوون»، هـونەر وایە کەسـێ کە مەردگـوزین بـێ/ بە چـاکە و خزمەت ئەستێرەی زەمین بێ) «پیرەمێرد»